هه نبانه بورینه

فرهنگ
کُردی فارسی

هه ژار

یک جلدی

هەنبانەبۆرینە

فرهنگ کردی ـ فارسی

هەژار

یک جلدی

سروش
تهران ۱۳۶۹

شرفکندی، عبدالرحمن، ۱۳۰۰ —   گردآورنده
فرهنگ کردی ــ فارسی / هه ژار؛ ویراستار محمدماجد
مردوخ روحانی. ــ تهران: سروش، ۱۳۶۹.
سی و پنج، ۱۰۳۶ ص.
عنوان به کردی: هه نبانه بورینه.
۱. کردی ــ واژه‌نامه‌ها. ۲. کردی ــ واژه‌نامه‌ها ــ فارسی.
الف. مردوخ روحانی، محمدماجد، ویراستار. ب. عنوان.
ج. عنوان: هه نبانه بورینه.
PIR ک۹فا۲

تهران، خیابان استاد مطهری، نبش خیابان دکتر مفتح، ساختمان جام‌جم
چاپ اول: ۱۳۶۹
ویراستار: محمدماجد مردوخ روحانی
بازنویس: سیداحمد سعادتی
نمونه‌خوان: محمود مفتی
پانچیست: مریم سلوکی و سهیلا آبگینه
صفحه‌آرا: محمود نیکفرجام
ناظرچاپ: امیرحسین ایزدی
لیتوگرافی: تندیس
این کتاب در شش‌هزار نسخه در چاپخانهٔ پویا چاپ و در صحافی فرد صحافی شد.

بها: ۹۶۰۰ ریال

آنجا که هر نویسنده آرزوی بلندآوازگی در سر می‌پروراند، فرهنگ‌نویس امیدی جز این نمی‌تواند داشته باشد که از آفت مذمّت برکنار بماند؛ و غالباً همین سعادت نیز نصیب کمتر فرهنگ‌نویسی شده است.

دکتر ساموئل جانسون
نقل از: دیباچهٔ فرهنگ زبان انگلیسی

یادداشت ناشر

خوانندهٔ ارجمند! انتشار جلد نخست این فرهنگ، موجب استقبال و همچنین انتقاد دوستدارانِ فرهنگ و ادبیّات این مرز و بوم بود. از دلیل یا دلایل استقبال می گذریم و به عمده‌ترین علّت انتقاد می پردازیم:

اکثریت خوانندگانی که ما را از نظریات خود آگاه ساختند، از ریزبودن حروف شکایت داشتند؛ تا آنجا که برخی کتاب را به همین دلیل غیرقابل استفاده می‌دانستند.

واقعیت آن است که ما نیز به این مسأله بی‌توجه نبودیم؛ امّا از آنجا که اصولاً کتابهای مرجع را لازم نیست سطر به‌سطر و صفحه‌به‌صفحه مطالعه کرد، لذا خواندن یك یا چند سطرِ هرچند ریز ــ آن هم هرازگاهی ــ نباید چندان دشوار باشد. خوانندگانی هم که ضعف بینایی دارند، برای خواندن یکی دو سطر، به کمك ذرّه‌بین می توانند رفع مشکل کنند.

در هر حال جهت احترام به رأی و نظر آن دسته از دوستانی که احتمالاً دلایل ما را نپذیرند، همزمان با انتشار جلد دوم با همان قطع و اندازهٔ حروف، فرهنگ یك جلدی حاضر را نیز با قطع بزرگتر و حروف درشت‌تر منتشر کردیم. با این امید که موجب رضایت خاطر فرهنگ‌دوستان عزیز باشد.

یادداشت ویراستار

سرانجام پس از سالها کار و تلاش پیگیر، این سعادت دست داد که با انتشار نخستین فرهنگ کردی به کردی و فارسی، به وعده‌مان عمل کنیم و این کار ارزندهٔ بنیادی را در اختیار علاقه‌مندان و دوستداران زبانها و ادبیات این سرزمین پهناور قرار دهیم.

باید دانست که کاری چنین سترگ به انجام نمی‌رسد، الّا با عشق به آن از سویی و درک عمیق ارزش کار از سوی دیگر. و به راستی که در خصوص این کتاب آن هردو جمع شدند و اعتماد و دلگرمی و شوق آوردند که با انتشار فرهنگ حاضر به ثمر نشست.

تلاش و کوششی که اُستاد عبدالرحمن شرفکندی (هه‌ژار) و معدود همکارانش مبذول داشته‌اند، هماهنگ با وظایف و بلکه توان آنان نیست و نیز سرمایه‌ای که انتشارات سروش براین کار گذارده است، هرگز توجیهی صرفاً اقتصادی ندارد. نتیجه آنکه هرچند کتاب حاضر نخستین فرهنگ کردی به کردی است که درایران منتشر می‌شود ــ صرفنظر از ستون فارسی آن ــ با مباهات می‌توان گفت که در مقایسه با همهٔ فرهنگهای کردی دیگر که تاکنون به چاپ رسیده‌اند، کامل‌ترین نیز هست. امّا همین جا باید اذعان داشت که این تازه به بازار آمده هم کالای بی‌عیب و نقص نیست و هنوز تا رسیدن به آن پایه، راهی نه چندان کوتاه در پیش دارد.

در جریان کار به خوبی دریافتیم که دامنهٔ آن تا چه اندازه وسیع است و برای جمع‌آوری لغات و اصطلاحات پنج لهجهٔ اصلی زبان کردی ــ که از شمال آذربایجان تا جنوب لرستان پراکنده است ــ و گویش‌های فراوان هریك از این لهجه‌ها، به چه میزان امکانات و مهم‌تر از آن افراد اهل فن نیاز هست. مرحوم دکتر محمد معین در مقدمهٔ فرهنگ معین، چند صفحه

را به سپاس از همکاران اختصاص داده و در آن جدا از افرادی که در کارهای حروفچینی، صفحه‌آرایی، چاپ، صحّافی و غیره شرکت داشته‌اند، از هفتاد تن استاد همکار و چهارصد نفر از دانشجویانی که به عنوان واحد درسی در تدوین فرهنگ تلاش کرده‌اند، قدردانی کرده است. جالب است خوانندگان بدانند کسانی که در امر تدوین فرهنگ کردی به کردی وفارسیِ حاضر کوشیده‌اند، تعدادشان از عدد انگشتهای یك دست متجاوز نیست. به علاوه گفتنی است که فرهنگ معین را — از جمله — منبعی ارزشمند چون *لغت‌نامهٔ* مرحوم علامه دهخدا پشتوانه بوده است که مجموع منابع کتاب حاضر با آن در قیاس نمی‌گُنجد.

هدف از مقایسهٔ فوق، تعدیل انتظار خوانندگان فرهنگدوست از این فرهنگ است؛ و راستی چه بجاست که به مدد بودجه‌ای کافی، گروهی صاحبنظر گردهم آیند و با برنامه‌ریزی مناسب، آشنایان به لهجه‌های مختلفِ زبان کردی در مناطق کردنشین ایران و ترکیه و عراق و سوریه به گردآوری واژگان زبان کردی در همهٔ لهجه‌ها و گویش‌هایش بپردازند، در موارد لازم از گیاهان، ابزار، البسه و اماکن و غیره تصویر بردارند. سپس جمعی دیگر از زبانشناسانِ آشنا به زبانهای فارسی و کردی به یافتن معادلهای فارسی، قواعد دستوری و نِکات جالبِ توجّه تشابه و تفاوت این دو زبان با هم و با دیگر زبانهای هند و اروپایی و خصوصاً هند و ایرانی همّت گمارند، فیشها را تصحیح کنند و ترتیب مطلوب بدهند و آوانویسی دقیق هر واژه را پس از حصولِ اطمینان از چگونگی تلفّظ آن بنگارند. وسپس به مؤسسه‌ای توانا در کار انتشارات، چون سروش — که توانایی و صلاحیّت خود را به اثبات رسانده است — بسپارند تا ویرایش، حروفچینی، نمونه خوانی، صفحه‌آرایی و مراحل مختلف چاپ را به عهده بگیرد؛ چه هریك از این مراحل نیز دقت و ظرافت خاصّ خود را داشته و نیاز به دلسوزی فراوان دارد.

این دعوت را شایسته است که تعمیم دهیم و از همهٔ زبانشناسان و لهجه‌شناسان زبانهای سرزمین پهناور ایران بخواهیم تا در تمام زمینه‌های موجود تحقیق کنند و حاصل کارشان را به فرهنگ و زبان و فرهنگستان کشور عرضه دارند. مگر نه این است که هر زبانی برای زنده ماندن و پویایی به گسترش و واژه‌های جدید نیاز دارد؟ و مگر نه این است که امروز زبان فارسی در مسیر تهاجم واژه‌ها و ترکیبهای بیگانه قرار گرفته؟ بنابراین شناخت واژه‌ها و گویش‌های زبان فارسی و زبانهای هند و ایرانی، علی‌الخصوص زبان توانای کُردی، برای واژه‌گزینی و معادل‌سازیِ لغات و اصطلاحات بیگانه، کاری عقلانی، ضروری و بلکه اجتناب ناپذیر است.

بررسی اجمالی فرهنگ حاضر، به خوبی آشکار می‌سازد که بسیارند لغات و

اصطلاحاتی که ریشهٔ ایرانی دارند و به کردی متداولند، امّا زبان فارسی به دلیل بی اطّلاعی از آنها، ناچار دست به دامان زبانهای بیگانه شده است. البته این حقیقت زمانی به درستی نمایان می‌شود که آنچه را پیشنهاد کردیم در عمل ببینیم و فرهنگی چنان جامع را در اختیار اهل قلم بگذاریم.

حال از آرزوها بگذریم و به آنچه که داریم التفات بیشتری داشته باشیم. فرهنگ حاضر ــ به دور از تعصّب و با وجود مشکلات و محدودیّت‌های بسیار ــ توانسته است به چند لحاظ کاری در خور تحسین و دارای ارزشهای منحصر به خود باشد. اولاً سعی شده است که محدود به گویش و یا حتی لهجه‌ای نباشد و درعمل می‌بینیم که بسیاری از لغات لهجه‌های مختلف را دربردارد. در ثانی ستون فارسی آن، راهنمای خوبی برای فارسی زبانان آشنا و یا علاقمند به زبان کردی و نیز کردزبانان دوستدار زبان فارسی است. و ناگفته نماند که یکی از مشکلات کار نیز همین یافتن معادل فارسی واژگان بود. ترجمهٔ فارسی عمید به کردی توسط استاد شرفکندی (هه‌ژار) ومرتب کردن آن به ترتیب لغات کُردی، در یافتن برخی از معادلهای فارسی مفید بود؛ امّا فرهنگ حاضر بسی جامع‌تر از عمید است و هنوز بسیارند لغاتی که معادل فارسیشان را نیافتیم و ناچار به شرح واژه شدیم. به مثالی در این باره توجه کنید:

مرغ خانگی تخم گذار، اغلب تخمش را در یك جا نمی گذارد و گویی قصد پنهان کردنش را دارد؛ لذا یافتن آن مشکلی است. اگر تخم مرغی را درگوشه‌ای از لانه‌اش بگذاریم، مرغ تخم تازه را کنار آنکه در لانه است می گذارد و بدین ترتیب مشکل حل می شود. در زبان کردی تخم مرغی را که خود در لانه گذاشته‌ایم «مارْکه» می گویند. حال معادل فارسی را چه بنویسیم؟ و به راستی کدام فارس زبان شهرنشین می داند که «مارْکه» را در زبان فارسی چه می گویند؟ ناچار باید شرح لغت را نوشت که چنین کرده‌ایم. و به قول دکتر معین: «این کاریست که توانسته‌ایم، ولی آن نیست که خواسته‌ایم».

درخاتمه از خوانندگان صاحبنظر درخواست می کنیم که با باریك بینی و دقت خویش ما را یاور باشند وهرجای فرهنگ اشکالی دیدند و ایرادی یافتند، متذکّر شوند و نیز اگر واژه یا اصطلاحی را که خود می دانند، در این کتاب نیافتند، به آدرس ما (انتشارات سروش ـ بخش کُردی) ارسال دارند. و هیچگاه تذکّرات و رهنمودهای ولو جزئی خود را دست کم نگیرند. چه اگر عموم علاقمندان دراین کار مشارکت داشته باشند، بی تردید شاهد رشد قابل توجه و همه جانبه‌ای در چاپهای بعدی این فرهنگ خواهیم بود؛ که از قدیم به درست گفته‌اند: همه چیز را همگان دانند.

محمّدماجد مردوخ روحانی

راهنمای خط و کتابت در زبان کردی

برای نوشتن زبان کردی، غالباً از الفبای عربی ــ که خود بازماندهٔ خط سریانی آرامی است ــ استفاده می‌شود؛ امّا برای کم شدن فاصلهٔ نوشتار با گفتار و نیز بیان برخی از ویژگیهای زبان کُردی، تغییراتی چند در این رسم‌الخط وارد شده است، که به اختصار بیان می‌شود:

حرکات و اِعراب در رسم‌الخط کردی

۱ ـ زَبَر (فتحه). به جای گذاشتن علامت زَبَر روی حروفی که این حرکت را دارند، به آخر آن حروف، حرف «ـه» یا «ه» اضافه می‌شود. مثال: حَسَن = حه‌سه‌ن، بَهمَن = به‌هه‌ن، بَرادَر = به‌راده‌ر.

۲ ـ زیر (کسره). در وسط کلمه «یـ» و در حالت پیوستگی به آخر کلمه یا آزاد «یْ» نوشته می‌شود. مثال: کِتاب = کیْتاب، زِمِستان = زیْمیْستان، پِسر = پیْسه‌ر[1].

۱ـ هرچند ابتکار تبدیل حرکات به حروف روی الفبای عربی، تا حدّ زیادی در کم کردن اختلاف نوشتار و گفتار موفق است، امّا باید اذعان داشت که این رسم‌الخط هنوز در بیان دقیق تلفظ اصوات و صامتهای زبان کردی کاستی‌هایی دارد.

حال اگر بخواهیم زبان فارسی را نیز با این شیوه بنویسیم، نارسایی بیشتری مشهود است؛ فی‌المثل اگر به جای کسره (زیر)، «یْ» بگذاریم ــ که البته چارهٔ دیگری هم نداریم ــ کسره را قدری کشیده‌تر از آنچه که تلفّظ می‌شود نگاشته‌ایم.

۳ـ **پیش (ضمّه)**. ضمّهٔ کوتاه را یك واو و ضمّهٔ کشیده را دو واو می نویسند.

در این فرهنگ برای اجتناب از اشتباهاتی که در ترتیب الفبایی کلمات رخ می دهد، برای نشان دادن ضمّهٔ کشیده بر روی واو همان ضمهٔ عربی گذاشته شده است. مثال: **کردستان** = کوردستان، کافور = **کافوُر**، هاروت = **هاروُت**.

۴ـ **تشدید (ّ)**. حروف مشدّد به صورت تکرار حرف نشان داده می شوند. مثلا: «**مُحَمّد**» را «**موحەممەد**» و «**مکه**» را «**مەککە**» می نویسند.

۵ـ **کسرهٔ کوتاه**. صوتی کوتاه نزدیك به صوت کسره است که در رسم الخط لاتین به صورت «i» نشان داده می شود؛ عرب آن را کسرهٔ مختلسه یعنی کسرهٔ دزدکی می خوانند. در الفباهای تابع خط عربی علامتی برای این کسرهٔ نیم بند منظور نشده است. در این کتاب برای نشان دادن این کسره، علامت سکون عربی (ْ) به کار رفته است. برای مثال در واژهٔ «**بینْگ** به معنی نَفَس، حرف «ن» با این کسرهٔ کوتاه تلفظ می شود. برای ادای صحیح این کلمه بین دو حرف «ی» و «ن» توقّفی کوتاه می کنیم و درنتیجه واژه دوسیلابی می شود؛ سیلاب اوّل «بیـ» و سیلاب دوم «نگ». به این ترتیب حرف «ن» با این کسرهٔ کوتاه بیان شده است.

۶ـ **الف (ا)**. در وسط یا آخر کلمه می آید و معادل حرف الف در وسط و آخر کلمات فارسی است؛ و در اوّل کلمه، همزه (ئـ) می آید. مثال: **باران** = **باران**، **احمد** = **ئەحمەد**، **آشنا** = **ئاشنا**.

۷ـ نشانه‌های اصواتی که از خصوصیّات زبان عربی اند و در زبان کردی نیستند، از الفبای کردی حذف شده اند. از قبیل: ث، ص، ذ، ض، ط و ظ، که کُردان آنها را تلفّظ نمی کنند و در الفبا جایی ندارند. به جای «ث» و «ص» از حرف «س» و به جای «ذ»، «ض» و «ظ» از حرف «ز» استفاده می شود. همچنین جای «ط» را «ت» گرفته است.

۸ـ نشانه‌های اصواتی را که در زبان کردی تلفظ می شوند و زبان عربی فاقد آن است، با علایم ویژه نشان داده و به الفبای کردی افزوده اند، که عبارتند از: «پ»، «چ»، «ڕ»، «ژ»، «ڤ»، «گ»، «ڵ»، «ۆ» و «ێ».

حرف «ڕ» یا رای بزرگ، در برخی کلمات فارسی نیز تلفظ می شود مانند کر = **کەڕ** به معنی ناشنوا و پرگار = **پەرگار**.

حرف «ڤ» معادل V در خط لاتین، نمایانگر صوتی است، که فارسی زبانان یا به طور اصح تهرانیان در تلفظ کلمات «اوّل» و «مرودشت» در مورد حرف واو دارند.

حرف «ڵ» در زبان فارسی تلفظ نمی شود و در میان زبانها ی ایرانی، از اختصاصات زبان کردی است. برای تلفظ این حرف باید سطح بیشتری از نك زبان را به سقف دهان چسبانید

و آنگاه صدای «ڵ» را از ته دهان تلفظ کرد.
حرف «ۆ» واو مجهول در زبان فارسی امروز نیست. برای تلفظ آن مانند تلفظ واو لب راگرد کرده و دهان را قدری بیشتر باز می کنیم و صدای واو را ادا می کنیم.
حرف «ێ» (یای مجهول) در فارسی هم تلفظ می شود و در واقع شبیه کسره ایست که زیر حرفی قرار بگیرد. مثال: کِتاب = کێتاب.
باید دانست که «ڵ» هیچگاه در اوّل کلمه نمی آید و بر عکس اگر کلمه ای با حرف «ر» شروع شده باشد حتماً «ڕ» تلفظ می شود.

جدول مقایسه‌ای حروف الفبای کردی

اسم حرف	شکل حرف	معادل فارسی	آوانویسی
هەمزە	ئـ	أ	a
بێ	بـ - بـ - ـب - ب	بـ - بـ - ـب - ب	b
پێ	پـ - پـ - ـپ - پ	پـ - پـ - ـپ - پ	p
تێ	تـ - تـ - ـت - ت	تـ - تـ - ـت - ت	t
جیم	جـ - جـ - ـج - ج	جـ - جـ - ـج - ج	j
چێ	چـ - چـ - ـچ - چ	چـ - چـ - ـچ - چ	č
حێ	حـ - حـ - ـح - ح	حـ - حـ - ـح - ح	h
خێ	خـ - خـ - ـخ - خ	خـ - خـ - ـخ - خ	x
دال	ـد - د	ـد - د	d
ڕێ	ر	ر	r
ڕێ بزرگ	ڕ	-	r̄
زێ	ز	ز	z
ژێ	ژ	ژ	ž
سین	سـ - سـ - ـس - س	سـ - سـ - ـس - س	s
شین	شـ - شـ - ـش - ش	شـ - شـ - ـش - ش	š
عین	عـ - عـ - ـع - ع	عـ - عـ - ـع - ع	ʿ
غین	غـ - غـ - ـغ - غ	غـ - غـ - ـغ - غ	x̌

دنباله جدول مقایسه‌ای حروف الفبای کردی

اسم حرف	شکل حرف	معادل فارسی	آوانویسی
فێ	فـ ـ ـفـ ـ ـف ـ ف	فـ ـ ـفـ ـ ـف ـ ف	f
ڤێ	ڤـ ـ ـڤـ ـ ـڤ ـ ڤ	—	v
قاف	قـ ـ ـقـ ـ ـق ـ ق	قـ ـ ـقـ ـ ـق ـ ق	q
کاف	کـ ـ ـکـ ـ ـك ـ ك	کـ ـ ـکـ ـ ـك ـ ك	k
گاف	گـ ـ ـگـ ـ ـگ ـ گ	گـ ـ ـگـ ـ ـگ ـ گ	g
لام	لـ ـ ـلـ ـ ـل ـ ل	لـ ـ ـلـ ـ ـل ـ ل	l
لام بزرگ	ڵـ ـ ـڵـ ـ ـڵ ـ ڵ	-	ɫ
میم	مـ ـ ـمـ ـ ـم ـ م	مـ ـ ـمـ ـ ـم ـ م	m
نون	نـ ـ ـنـ ـ ـن ـ ن	نـ ـ ـنـ ـ ـن ـ ن	n
واو	و	و	w
واومجهول	ۆ	-	ö
هێ	هـ ـ ـهـ ـ ـه ـ ه	هـ ـ ـهـ ـ ـه ـ ه	h
یێ	یـ ـ ـیـ ـ ـی ـ ی	یـ ـ ـیـ ـ ـی ـ ی	y
یای مجهول	ێـ ـ ـێـ ـ ـێ ـ ێ	-	ē

اشعاری به زبان فارسی را با هردو شیوهٔ رسم الخط فارسی و کردی ذیلاً می نویسم، تا از مقابلهٔ آن، فارسی خوانان، با خط کردی آشنا شوند و بتوانند از فرهنگ استفاده کنند.

تو کز محنتِ دیگران بی‌غمی   نشاید که نامت نهند آدمی

تو کەز میحنەتێ دیگەران بی غەمی   نەشایەد کێ نامەت نەهەند ئادەمی

مشکلی دارم ز دانشمند مجلس بازپرس   تو به‌فرمایان چرا خود تو به کمتر می کنند

موشکێلی دارەم زێ دانیشمەندێ مەجلیس بازپورس

تەوبێ فەرمایان چێرا خود تەوبێ کەمتەر می‌کونەند

بازگویم ای گل ار شرح پریشانحالیم همچو گیسوی پریشان خانه بر دوشت کنم
بازگویەم ئەی گول ئەر شەرحێ پەریشانحالیەم
هەمچوٚ گیسویێ پەریشان خانێ بەردوشەت کونەم

چون بتکدهٔ کُهنه به نزدیکی کعبه گویا که خدا خواسته آباد نگردیم
چون بوتکەدەیێ کوهنە بێ نەزدیکی یێ کەعبێ گویا کێ خودا خاستە ئاباد نەگەردیم

راهنمایی

خوانندهٔ عزیز همان‌طور که می‌دانید، در فرهنگ حاضر، واژگان زبان کُردی نخست به زبان کردی، لهجهٔ سوّرانی شرح و توضیح داده شده‌اند و سپس معادل فارسی آنها آمده است. برای مشخص شدن بخش فارسی از کردی و اجتناب از دوستونی کردنِ شرح هرلغت، در جایی که توضیح کردی به پایان آمده، علامت [ف] به نشانهٔ معادل یا شرح به زبان فارسی قرارگرفته است. به عبارت دیگر دوبخش کردی و فارسی با علامت مذکور از یکدیگر مشخص شده‌اند.

نرخی فەرهەنگ

زۆر لەرۆژ ئاشکراترە؛ پێناسی گەلان لەجیهان، درۆشمی نەتەوایەتی، ئامیانی رەگەزایەتی زمانەو بەس.

گەلێك چەلان زۆر لە گەلانی سەربەخۆی سەرزەمینێ، کە ژێرکەوتون و زمانی داگیرکەر فێربون و زوانی نەتەوەیی خۆیان لەدەست داوە، لەناو گەلی داگیرکەردا ــ کە زوانی خۆی بەزۆر بەسەردا سەپاندون ــ تواونەتەوەو هەستی نەتەوەیی خۆیان تەواو لەبیر بردۆتەوە. پێشی ناوێ دانەداتە بەڵگەو نمونە نیشاندەم؛ هەرکەس تاریخان وەخوێنێ، لە هەزارجێ توشی نمونەی زۆر زەق دێت. هەر لە دەورو بەری خۆمان وا دەبینین: فینیقی سوریەو لوبنان، قیبطی میصر، رەش و برشەکانی سودان و زۆر رەشی تری ئەفریقا، گەلی بەربەر لە جەزایرو مەراکیش، ئێرانیەکانی مەداین، جگە لە هەزاران هەزار هۆزو تیرەو ماڵەکوردی پەرژو بڵاو کەزوانیان بوەتە عارەوی و زواتی خۆیان لەدەس داوەو ئەوەهیچ کە بونەعەرەب، دەکرێ بێژین لەعارەویش عارەبترن.

ئەگەر گەلناس و زانایان لایان وایە تاریخ بۆ داری کەونارای گەلایەتی هەموگەلان وەك شارەگەو هەرکۆمەڵێك لە نەژادێکی سەربەخۆ، تاریخی نوسراوی نەبێ، وەك شارەگی داری ژێنی لەسەر تات ورەقەن روابێ و ناوی نەبێ،شتینەوەی هەرسەرێکەو تاسەر بەپێوە ناوەستێ و هەروا دێت و بەربەوشکەڵی و گەندەڵی و کرموڵی و تێك شکان دەچێ، هەر ئەو گەلناسانەش ئێژن: گەڵاو پەلك و لك و پۆپ و چڵ و گوڵی ئەوداری بەڵگەی نەژادە، زمانە خۆماڵیەکەیە. وەچ و بەرەی هەر نەژادێك زمانی خۆی پارازتبێ و بەدەورو بەریا هاتبێ، نیشانەی تەزوتیراوی رەگوپنجی داری مانی وەك نەتەوەیەکی زیندو نیشانداوەو دیارە ئەوگەلە هەر ماوەو هەر دەشمێنێ و بەخۆدا دێ و لك و پۆپ پتر دەردەکا و رەشەباو کرێوەو باگەر، ناتوانێ لەبنی بهێنێ.

بەڵام ئەگەر زوبانەکەی زەبون بوەو بەرەو کزیو سیسی دەچێ، خویا دەکا ڕەگەزی ڕەگەزایەتی ئەوگەلە لە وشك بونداو، هەربایەکی تۆزێك بەهێزی لێ هەلکات، قرچە دەکاو بەلادا دێو دەشکێندرێو دەکرێتە ئێزنگی تەندورو دەبنە خۆڵەکەوەی بەربا.

گەلی خاوەن تاریخو زمان پارێزراو،ئەگەر توشی توشیش بێو نەخۆشیش کەوێو بکەوێ، بەهیچ ئاوا مەرگ تخونی ناکەوێو بەهیچ تینێك بە یەکجاری ناتوێتەوەو لەهەلو دەرفەتێ دیسان سەرلەجێ هەڵدێنێتەوەو ژنو بەخودا دێتەوە.

گەلی عارەب پێنسەدساڵی لەژێر ترکاندا دەناڵی؛ بەڵام هەرسێبەری شومی کوندەبوی داگیرکەرانی لەسەر ڕەوی، چونکە تاریخو زمانی پارێزرابو، وەك لێی نەفەومابێ وابو. ئەنانەت دەتوانین بێژین ئەمڕۆ سەدقات لە داگیرکەرەکەی دوێکەی بەهێزترە. جا ئێستاکێ کە عەرەبمان بە نمونەی وێژەو مێژوی پارازتوی لەبنەنەهاتو هێنایەوە،با لەمەڕ زوانەکەشیەوە تۆزێك بدوێین.

— ئەگەر ئەزانین و ئێژین زوانی عەرەو زۆر پتەوەو زور پانو پۆڕو زەنگینەو بۆ هەرشتێ چەندناوی سەربەخۆی هەیەو هەرگیز بۆ کەرستەی نوسین بەڕەوانی لەسەر هیچ پەکی ناکەوێ، لە چیڕایە؟

— لەپاش پەیابونی قورعان، لە هەر دەورو زەمانێکا، چەندین زانای زمانپاراوی عەرەب دۆست، کالاو بالاو زەنگاڵیان لێ داپێچاوە وەرێکەوتون و وێکەوتون؛ هیچ مەلبەندو ناوچەیان نەپارازتوە. سەریان لە هەموبازێرو دێهاتو ڕوتەنو لێڕو گۆزو کێفو کەژو ملەو کەلو زورگەنو هوزو شکێرو شکفتو ئاوێژەو بەژی وڵاتی عارەبان داوە. شار بەشارو تاخ بەتاخو گوند بەگوندو هۆبە بەهۆبە گەڕاون. چینەکانی شاریو مەلا، گوندیوفەلا، ڕەوەند، ڕێوان، خۆیماڵ، مێوان، چۆلپەرستو شوانەوێلەو مناڵو مەزنیان دواندوە. چەنەچەنو شەڕە جوێنیان دەگەڵ پیاوەپیرەکانو پیرەکەکانیان کردوە. گوێیان لەچیروکڤانانو بەیتو باڵۆرەزانانو گاڵتەبێژی خۆشدەمو ڕاوێژ گرتوە. هەرچی لە دەمیان دەرچوە، لە هەوا قۆزتویانەسەو. لەوگش پەریزە بەریزەی بەرێژەوەی هەمەتۆمەو هەمەتامەی لە ڕواڵەتا لێکتر جوداو لە ناوەرۆکدا یەك واتا، وەك هۆشەچین، وشەچین بون. سەوەو جۆرك و خورج و تێرو هەگبەو توربێنو کۆڵوانەو بەرو باوەشو بەریكو کۆشو شاکەلیان لێ هەلاخنیوە. بەنیخەنیخ کێشاویانەتە جێ خەرمان؛ وەك خۆیانێك لەسەر یەکیان هەڵچنیوەو بەراستە کوتاویانە. بە شەنو کەویان کردوە، بەرباو گێژەویان کردوە، بەبێ ئەوەی بەهیچ ئاوا ئاوی هۆزو تیرەکانی خاوەنی شێوەزمانی تایبەتی بە خۆیان ببرێ، بەتێکڕایی بەناوی زوانی عارەب لەسەر قاقەز نوسیویانەو ڕیزکراوە. دە بەرگەپەڕاو گیراوەو هەڵگیراوە. بەرەبەرەو چین لەدوچین پەرەیان بەم کارە داوە. جار دەگەڵ جارو ساڵ بەساڵ وشەگەل تازەداهاتوی،یان

لەبیرچوی سەرخراوە. وائێستا بو یتە *المنجد* کە هەر دەبێ بچیە سەیرو تەماشایە. دەڵێی بوکی ئاقانەی دەولەمندانەو بە خشڵ و زەمبەر خەملاوە.

سا ئەگەر بیستت کە وشتر بەعارەبی سەد ناوی هەس و ناوی شێر لە سەتومەتیش تێپەڕ نەکات، تەنانەت مام گورگ و ڕێویش هەریەك خێوی چەندنێوی جوداجودایە،لات وانەبێ هەر عەرەبێ تۆ توشی بیت، ئەم ناوانە گش دەزانێ. بۆنمونە ناوی شێر لە ناو عارەبی نەخوێندەواری عیراقی سەبع نەبێ چیترنیە. تۆ هەزارساڵ لایان بێژە: ئەسەد، حەیدەر، لەیث، هەیصەر، صارم، ضرغام، ضەیغەم، نەههام، قەسوەرە، هوزەبر، هەرثەم، هەترەك، ئوسامە، غضنفر، دەرباس، هەرماس، غادی، زەنبەر، فەرناس، هەرراس، هەریت، ئەبوخومەییس، بوشبێل و دەیان شێلەو بێلەی تریش ــ کە لەقەم و کونیەو ناون بۆ ئاغاروبەڵەی جەنگەڵ ــ وادەزانن تۆ بریسکان دادەکروژی و نازانن ناوی شێردەبەی تا بترسن.

منداڵ و ژنەبەغدایی بە حوشتری خزمی خۆیان ئێژن **ئەبوحەلگل جایف** (دەم بۆگەنیو!). لاگەییش پێی ئەوشن بعێر، وە ماکەشی ئەلێن ناگە. هەرناوێکی دیکەی وشتر لەسەد لەقەم و ناوەکەی ــ کە لە کتێباندا دەنوسرێن ــ لە لای عارەبی دەشتەکی لەخوێندن دوری عیراقی بدرکێنی وادەزانێ بەیتی بلەی بۆدەخوێنی، هەر تەقە لە سەریەوە دێت. لای هەر خاوەن شێوازی هەر زاراوەیەك لە ولاتی عارەب نشین دا وەکو عیراق، هەرناوێك و دوان بۆ وشتر و بۆ شێر هەیەو دەبڕێتەوە. فەرهەنگە ئەوگش ناوانەی کە هەریەك و دوان و سیانی سەربەشێوەی هۆزو کەرکێکی تایبەتی و شێوەجیاواز لەیەکترن، دەهامێزی خۆی گرتوەو بەڵگەی هەرمانی عارەبی بە پاوانی زمانەکەی بەئامانەت ڕاگرتوە.

من عەرەبم بۆ نمونە هێنایەوە؛ هەموو گەلانی سەرزەوی ــ جگە لە خۆمانی کلۆل ــ ئەم کارەیان ئەنجامداوە.ئێستاش هەروا دەیکێشن و تابیشی کێشن لەدوی دێت. لە هەر چەرخ و خولێکی نوێ، کەرستەی بەرهەم، چەکی شەڕ، بەرگ و شمەك، خدەو نەریت، دێنە گۆڕین. باوی کۆنە لەناو دەچن و ناوەکانیشیان گوم دەبن. مەگین لە قاقەز نوسرابێ و بۆ بەرەی تازەو ئایندە هەڵگیرابێ و نەفەوتابێ. کە بە ناشکوری خوا نەبێ! ئێمە لەبەر بێ فەرهەنگی، هەزاران وهەزاران وشەی ڕەنگین و بەنرخ وخۆش وسەنگینمان دەگەڵ گۆڕانی زەمانە،لەدەس داوە، چونکە بۆمان نەنوسراوە. جا وەك دەڵێن زەرەر لەنیوەش وەگەڕێ هەر قازانجە، لەم ئاخر ئوخریانەدا، چەند پیاوێکی قوچاغ وزیت، قۆڵ و زەندیان هەڵمالیوەو هەر کەسە لە مەڵبەندی خۆی ویکەوتوە؛ وشەدانی شێوەزمانی خۆی نوسیوە. زۆر لەوانە بەرامبەر بەپێویستی ڕۆژ، هەڵویستی باری ژیان و دەم بەستنی بەرهەڵستان، سەرەڕای خۆهەڵقرچان و ماتەدانیان لە قاپێلکی تەنگ و تەسکی ناوچەو مەڵبەندی خۆیاندا هاتون ماتای

وشەکوردیەکانی خۆیان بە عارەبی یان فارسی لێداوەتەوە، یان بە هەرکان. هەر کوردێکی بۆ وشەیەك لە فەرهەنگەکەی بگەڕێ و هەڵوەدای شوێن ماناکەی بێ، گەرەك فارسی یان عارەبی باش بزانێ، تا بزانێ واتای وێژەی مەبەستی خۆی لێ وەدۆزێ. **شێخ محەممەدی خاڵ** نەبێ، کە بۆ یەکەمجار لەمێژو، فەرهەنگی کوردی بەکوردی بۆنوسیوین. بە چاوێکی زانایانەو کوردانەی پاكو بوکورد دلسۆزو سینەچاك، سەیری هەمو شێوەکانی ناوکوردەواری کردوە؛ شەڕەزاراوەی بۆتانی و سولەیمانی و ئەردەڵانی و موکوریانی و هەورامانی وەلاناوە. هەمو وشەیەکی کوردی ــ هەرهێندە پەیدای کردبێ ــ بە جگەرگۆشە داناوەو لە فەرهەنگە هێژاکەیدا جێگەی داوەو لەراستی دا دادی داوە.

ئەگەر سەیدایێ **جوگەرخون**، یان سەیدا **گیومو کوریانی**،ئان زانای هەرەبلیمەت **ئایەتوڵلا کوردستانی**، لەمرێگەدا زۆر ماندوبون. ئەرکی زۆر دژواریان داوەو ئەشێ کورد سوپاسیان بکات؛ مالمهەقە کاری هەموانیان گش لەگش، لە بەرانبەر ئەرکو کاری شێخی خالدا ئەستێرکن لەچاو زرێبار.

هەروەك **جەوهەری فارابی** (؟ ـ ١٠٠٥ ـ م) بۆیەکەمجار فەرهەنگی بۆعەرەب نوسی و بە **صحاح** ناوبانگی دەرچو، **چغانی** کۆنەنێرانی خەلکی لاهور (١١٨١ـ١٢٥٢ـ م) مۆرەوچینی لەسەر داناو، **ئیبنومەنظور** (١٢٣٢ـ١٣١٣ـ م) دارەڕای کردو هەلاشی هاویشتە سەرێ. قوزەبان و گلەبان و باگردان لەسەرگێڕانی بەر **فەیروزابادی** کەوت (١٣٢٩ـ١٤١٤ـ م)، قاموسی لێ هاتە بەرهەم. ئێستاش *رائد و المنجد* نومای پڕنەخش و نیگارو کاشی کاری ئەو کۆشکە کەونارایەیە کە جەوهەری هونەری لێ دەکارکردو بناغەی وا پتەو دارشت کە تا رۆی سەلا لە بەلای هەردو عاسمانان بەدورەو چاوێنیش کاری لێ ناکات؛ فەرهەنگەکەی شێخی خالیش، بۆ چینی ئێستاو دواڕۆژی، وەچەو بەرەی کوردەواری، ئەو خیمەیە کە بەقوزقوشم دارژاوە؛ هەرچەندی دەسکاری بکرێ و چینەی دیکەی وەسەربخرێ، هەر هەلدەگرێ. زۆر سوپاس بۆ مامۆستای خال، ئەرکە هەرە دژوارەکەی لە کۆل چینی وشەچینی نوکەو دواڕۆژ کردوتەوە، لە مەیدانی کێ بەرکێی وشەوانان‌دا بێ سوگرۆی بردوتەوە. خودا دەس بەعەمری بگرێ، تا دەورو عەیامێکی زۆر، بۆ خزمەت بەکوردی خزمی دورەنازو لانەوازو بەلەنگازی، وا زو نەمرێ.

چۆن لەفەرهەنگ بەهرە ئەبەین؟

هەر فەرهەنگێك یان ئەگەر کوردانەبێژین،وشەدانێك بۆ هەر زمانێك دانرابێ، بۆیە نابێ و ــ قەتیش نەبوە ــ خوێندەواران وەك پەرتوکی سەرگەرمکەر یان بۆ هۆینبونی سیوات و مەبەستی زانستی و هونەر، یان وەکو چیرۆك و دیرۆك تماشای کەن. مەکۆی وشان تەنیاو تەنیا بۆ دومەبەستان بەکەڵکە:

١ ـ ئەوخوێنەرەی بەزمانی هاوزمانان و کەس وکارو خزمانی خۆی نوسراوەیەك وەدەخوێنێ، جارجار توشی وشەی وادێت کە لەوەبەر، وەبەر گوێچکەی نەکەوتوەو ماناکەی لێ بەرپیوارە؛ پەنا دەباتەبەر فەرهەنگ، دەیدۆزێ و دەیدۆزێتەوە. ئیتر لێکی دەنێتەوەو بە رفحەی دەسپێرێتەوە.

٢ ـ هاناو کۆمەکی ویژەرو نوسەرانە کە وشە هاوماناکانی شێوەکانی جوداجودای زمانەکەی لەفەرهەنگ بینێتەدەرێ و بەرانبەربە یەکیان دانێ و گشتیان لەبەر یەکتر ڕانێ. کام وشە بۆ نوسینەکەی یا بۆ شیعر هۆنینەکەی لەبارەو لەسەرزار سوکەو لەبەر چاو قشت و خوشکۆکەو لەگوێچکەی گۆهدار ڕەوانە، هەڵبژێرێ و لە وشەی زلحۆرت و قەبەو گڕنی و زبر و زۆرو بەکلۆی خۆی دەیزانێ وازبهێنێ و زیکەڵەکەی لەجێ دانێ. ناشێ شەڕەگەڕەك بکاو پێ دابگرێ کە هەر چونکە خۆی لەدایکی نەبیستوەو نەنکی خۆشی نەویستوە، کوردی نیەو گەرەك قت بکرێ و لابدرێ و بۆ کایە لەسەری نەکرێ. سوربون لەسەر هەڵقرچانی شیعر و پەخشان هەر بە شێوەی تەنیا مەڵبەندێکی بەرتەنگ، هەرچەنگ نوسەر زۆریش زۆری بۆخۆی بینێ و بنەقبنێ و خۆی ڕاژێنێ و بۆی ڕامێنێ و سەر بەنیتۆك هەڵکرێنێ و چاو بە مۆلەق بوەستێنێ، ئەوکرەی بەرهەمی دێنێ هێند نەگریس و هەڵ و بێ شۆو تەختە تەسك و بێ پۆ دەبێ لەسەرەوە شانگر نابێ و لەژێرەوەش ــ بیلاتەزبی ــ عەدەبی پێ داناپۆشرێ. بۆنمونە ئەگەر موکوری و سۆرانی بەبێ ناو ئێژن «وشکانی»، بۆچی «بەژ» کە کرمانجی یە جوانترنیە؟

لەبیرمە جارێ هاوکارێ قیت و زیت و لەباری چاویلکەلەچاو، بەنێو خێوی کۆشێك شادەو بڕوانامەی خوێندەواری پلەی ژوروو، زۆریش گەرمی کوردایەتی، تەوس و توانجی دە مەم وزینەکەم دەگرت کە بۆچی «بیتە»ت نوسیوەو نەت زانیوە شێوی هەولێر ناڕەوانە؟! عەرزم کرد چۆنم نوسیبا ڕەواتربو؟ فەرموی ئەبوا «بیێتەوانێ» بوبایەت کەشێوەی سلێومانی یە!.

وەناشکوری خودا نەوێ ئەم نەخۆشینە گرانە؛لە مهاباد، سولەیمانی، لای هێندێکیش نوسەرانی بادینانی لەتەشەنا کردنایە. ئەگەر زۆر زو چاری نەکەین، لەشەڕەشارو شەڕەتاخ دەس بەرنەدەین، ئەم شەڕەشاخە وێڵ نەکەین؟ دەبێ ــ خوا بەوروژە نەکا ــ ئەوەندوکۆ کە

زمانەش کە لە چوارپەلان گوێی ساغەو ئاهێکی پێوە نەماوە، لەناخی ئاخدا بنێژین و ئەلفاتیحای بەعەرەبی بۆ دابدەین.

دۆستی نەزان بەڵای خوایە

دەڵێن مەیمون خۆی زۆر جوان بو ئەمجار خوروکەشی لێهات. سەرەڕای پەرژوبڵاوی و بێ کڵاویمان، لەمەڕ فەرهەنگ و زمان و هەمو عاشتەبایەکی تر، بەتازەگی چینێك منالی ریش سپی و پیری بەلانك و دەسرازە، بەناوی کوردایەتی تۆخ، لەزمانە بەستەزمانەکەی وا لاوازو پەرەوازەو بێ خودانمان بونە مێمڵ، قل بەقل و چڵ بەچڵی زۆر بە وردی دەپشکنن، هەر وشەیەك بۆنی عارەبیەکی کۆنی یان فارسیەکی مردوی هەزارساڵەی لێ بێت، ئەوزانا کوردپەروەرانەی پێ شێت دەبن. وەك دزێکیان لەناو کادێن دا گرتبێ، دوژمنی رای ئیمانت بێ، چەی پێ دەکەن! هەروا چەقۆیەو لێی دەسوێن، دەیدەنە بەرپلارو جوێن؛ کارێکی بەسەر دەهێنن دۆم بە ژنێ خۆی نەکردبێ. ئاوڕوی وێژەری وشەکەش بە مەرەدی کاورای پیوازفرۆش ئەوەن! مەڵێ قەڵەم! بێژە پێنوس. مەیژە کاغەز! بوشە تێنوس. نەبێژ دەفتەر! بڵێ پەڕاو.

— ئێمە ئەبێ زوانەکەمان لە وشەگەل بیانی و نامۆ هەڵوەژێرین.

— خێرە ئیشاڵلا! دەی خودا ممبارەکی کات.

— ممبارەك و خێرو ئیشاڵلاش لەوانەن کە دەبێ شاربەدەر کرێن.

کەسیش نیە پەنامەکی دەگوێی یەکێك لەم تازەبابەتانەدا بسرکێنێ: کاکی هەڵەی پڕ لە پەڵە! کامە گەلی هەرەزلی هەرە داراو هەرە رزگاری سەرزەوی گومان ئەبەی زمانەکەی وشەی نامۆی تێدا نەبێ؟ ئینگلیس؟ ئاڵمان؟ فەرانسە؟ روس؟ کەست دیون، لێت پرسیون؟ تاپێت بڵێن لەسەتا چەندی زمانیان لەیەکتری خواستوتەوە؟ لە ریزەزمانەکانی ئوردی، دەری، فارسی و بەنگالی شارەزای؟ ترکی ئەستەمولٚ دەزانی؟ کە تا ملان لە عارەبی ئاخنیاون. رەنگە مەبەستت زمانی عەرەبان بێ؟ داخی گران کە عارەبیش وەك پێداویستە نازانی، تا بزانی ئەو زمانی وا پان و پۆڕو بەربڵاو کە هەزارو چوارسەدساڵە پێنسەدمیلیۆن موسوڵمان خزمەتی دەکا، بەهەزاران وشەی نامۆی لەناوخۆیدا پەنا داوە. تەنانەت قورعانی پیرۆز — کە لە پاکی و رەوانی دا مۆجیزاتە — دەیان وشەی نەژاد رۆمی، سانسکریتی، پەهلەوی، یۆنانی، کوردی وئارامی کۆنی تێدایە؛ وەکو: برهان، دین، ملکوت، طوبیٰ، رضوان، فردوس، ارائك، زرابی، نمارق، کافور، کأس، قواریر، زنجبیل، سندس، استبرق، مائدە، رزق، زخرف، سراج،

صراط، قسطاس، رهبان، دأب، بیعه، كنز، سراویل، دراهم، بخس، أمد، أبد، صدقات، قطمیر، اصنام، جُناح، سُخط، برزخ، جحیم، تنور، زبانیه، جهنم، زمهریر، صرصر، شواظ، شنار، قمطریر، غساق، ضنك، شیئ، كهل، كهف، دلو، یمّ و سراب و هی تریش[1].

خۆ نەخوازا کتێبەکانی عارەبی و عارەبی بەدەم ئاخافتن، هەزاران وشەی ئینگلیسی و فەرانسی و هیندی و ئیتالی و یۆنانی و تورکی و فارسی و کوردی تێ خزاوەتەوا دەشبینین کە هیچیەك لەو گەلانەی وشەگەلی بێگانەیان لەناو خۆدا هێشتۆتەوە هیچ زەرەرێك وەعەمر و ماڵیان نەکەوتوەو عاسمان کۆڵەکەی نەوبستوەو سەربەخۆیی هیچ کامێکیان نەکەوتۆتە بەر بفەوە.

پسپۆرانی زمان‌زانی لەو بڕوایەن بەشێکی زۆر لە وشەگەلی لاوەکی کە تێکەڵ بە زمانێك بوەو زۆر لە هەواری تازەیدا ماوەتەوەو نەخوێندەواری میواندار فێری بوەو لەسەر زارو زمان خۆش تێ،نابێ هیچ دەستی لێ بدرێ و ناشێ هەرگیز وەلا بنرێ؛ ئەوە تازە بۆتە ملکو بەکەڵك دێ و خزمەتکاری بێ‌موچەیە. پێشونانیش فەرموویانە: «نۆکەری بێ‌مزەو خەلات، تانجی سەری ئاغایەتی». بۆنمونە تۆ بە شوانێك، رەوەندێك کە هەرنەزانێ خوێندن بەری یەکوێ وەیە، قەڵەم بێژی دزانێ مەبەستت چیە؛ بەڵام بێژە پێنوس، داخوا، لێت ناپرسێ پێنوس چیە؟ تۆ بۆ ئەوە حاڵی بکەی دەبێ بێژی نیازم لەپێنوس قەڵەمە.واتا تۆ دەبێ کوردیەکەی پەسندی خۆت تەرجەمەکەی تا خاوەنی زمانی رەسەن کە چینی نەخوێندەوارە تێ بگا. ئەویش بەچی؟بەو وشەیەی کە لات‌وایە عارەبی یەو دەبێ لەکوردی دەربکرێ!

هەزاران وشەی وەك قەڵەم،کە بە دوژین و پشکنین خزمی عەرەبن یان عەجەم،وا لەناو کوردا بونە ماڵ کە هەموکات بەسەر دەم و زارانەوەن و بێ ئەوان زوانەکەمان بێ‌پۆ دەبێ. کام کوردی نەخوێندەوار هەس دوکان و قەباڵەوماڵ وحاڵ و باڵ و قەوم و خاڵ و ئیش و عەمەلەو عەنباڵ و عەتاڵ، بەتاڵ،قەساب و چەرچی وبەقاڵ و قفڵ و صندوق، خەڵك و مەخلوق، شەربەو شەربەت، شلوق، زەحمەت، مەلاو منارەو میحراب و خودبەو رکات و زەکات و سەرفترەو خەرج و بەرات و،جبەوعاباو فەقێ و تەلاق، ئیسقات، خێر و فەرز، نەغدو قەرز؛ جومعەو جەمات، کفن، دفن، ئەلحەد، وەفات، شێخ و تۆباڵ و جرجاڵ و خەلیفەو زیکر وتالیلەو مریدو

1ـ بەڵگەی راستی ئەم مەبەستە لەم کتێبانەی ژێرودا دەست دەکەون:

المعرب من الكلام الاعجمی علی حروف المعجم، لأبی منصور الجوالیقی (۴۶۶ ـ ۵۳۹) کۆچی، چاپی میصر.

الالفاظ الفارسیّه المعرّبه، تألیف ادّی شیر، ۱۹۰۸ زایینی، چاپی بیروت.

المنجد.

تریدو سۆفی و جەزمەو خەتم و تەزبیح و ئیشتیای یاپراخ و سواڵکەر و عەزرەت و دوعاو روحم و حەلامەت و غەزەب، حەشر و قیامەت و تۆبەوشفات نەزانێ چین؟ لەولاشەوە هیچی تریش شك پێ نابەن کە لەجێگای ئەمانەو هەزارانی تر لەم بابەتانەیان دانێن. بەڵێ کاکە ئەو گفتانەی بەهاسانی نەخوێندەواران تێی دەگەن و لەناو خۆیاندا دەیان ڵێن، هەزارساڵە بۆگنە کوردو هەزارساڵی لوت هەڵکەی و قوڵ هەڵماڵی و خۆ لە هەزار بەردو داردەی، لەکوردی ناشۆرێنەوە ئەوانەش وەك سەیدەکانمان لەخۆمان و هین خۆمانن. بەڵام هێندێك وشەی واش هەن، کۆلکەمەلاو سوێنکە کەشکی ئوروپاچوی هیچ فێر نەبوی خۆپفدەری شات وشوتکەر، بۆ سواغدانی شەرم و شورەیی نەزانی، قسەی عارەبی رەق و تەقی حەلەق مەلەق، رستەی ئینگلیسی و فەرانسی بەنازو فینگەو مینگەوە کاوێژ دەکەن، سەری خەڵکیان پێ گێژدەکەن؛ گوایە بە خەیاڵی خۆیان، خۆیان لەریزی بۆرەپیاگ هەڵداوێرن. بەراستی ئەمانە بەڵان، بەراستی زمانەکەمان دەشێوێنن. دەبێ بۆ ترۆکردنی ئەم جۆرە زبڵ و زاڵانە تێ بکۆشین. کۆشێنێکی زانایانە. ئەگەر بۆ پاڵپێوەنان و راماڵینی ئەم چەند رەزاگرانانەش پێودانێکی زانایانە رەچاو نەکرێ — وەکو ئێستا بە پەت پساوی دەچتەرێ — ئەوسا هەرکەس دوپێت و لەتێکی زانی، خۆمان لێ بکاتە مام هۆرتك، لەوانەیە هەزار رەحمەت بۆ خوێنتاڵە قەدیمیەکان بەرێ بکەین.

گەرەك لە هەمو شێوەکان زمان زانانی لەزەبر لەدەوری یەك کۆ ببنەوەو کۆڕ ببەستن. یەکە یەکە ئەو وشانەی کە لای نەخوێندەوارانمان بێگانەن و تیان ناگەن، بژاربکەن؛ وشەی هاسانی خۆماڵی لەجێ دانێن. ئەوجار ئەو تازە بژاردەش لەبەر ئاپورەی رەمەکی رانێن و پرسیان پێ بکەن کە ئاخۆ پەسندە یانا؟ هەرگا زوربە دەنگی دایە، ئەوێ دەمێ رایگەیێنن کە فلانە وشەی کرمانجی، لەشوێن فیسار وشەی فشی ئێسك قورس و رەزاگران دەکاربێنن.

وەك دەشزانین هەتا ئاوها بێ خودانین، ناتوانین ئەم کارە بکەین، دڵ چەپەڵان لێ ناگەرێن بەیەك بگەین و تێك بگەین. چاك هەروایە لەناچاری تا هەل و دەرفەت دەرەخسێ، بەهەژاریمان بچارین و هەولبدەین ئەوی بۆمان لەباپیران بەکەلەپور ماوەتەوە — تا لێمان نەتواوەتەوە — کەم و زۆرو مۆرو بۆری، جسن و رەسەن و نارەسەن، هەرچی کوردی نەخوێندەوار فێری بوەودەیان زانێ، خڕ و پڕی کۆکەینەوە بۆ رۆژی خۆی؛ بۆ ئەوڕۆژەش خوا کەریمە.

من و فەرهەنگ؟

زوردەمێك بو بەئاوات بوم،وشەدانێك هەڵدورم و زوانی کوردی کۆکەمەوەو بیکەمەنوستەی سەردڵم. بەڵام چەندم دێناو دەبرد، سەرەودەرەم دەرنەدەکردکە چۆن چۆنی شان بدەمە بەر ئەم ئەرکە. ئەو لەمپەرانەی لەبەرمن، بۆمن هەیهاتە راهی بن:

١ـ مەودام نیە سەری سەودابیم هەڵگرم، بەشوێن یارا بیمە عەودال،بۆ هەموسوچ و قوژبنی ولاتەکەم سەفەر بکەم. گوندبەگوندو دوندبەدوندو دەشت و بنارو کەنارانی بۆبگەرێم. لە ئاران و لە هەواران، لە هەرشوێنێ چەند شەوێ شەوێنێ بگرم. لە پرسیاران شەرمێ نەکەم و نەترسم، بپرسم و پەرسف لەم و لەو بژنەوم و گورجێ لە ئالا بنەوم و بینوسمەوە.

٢ـ دارژتن و خاڵ ومیل رشتنی فەرهەنگ بەتەکوزی، دروێنەنیە شنەشن، ئاردبێژانەو گیان کێشانە. ئاو لەدوی ئاو، پیت لەشوێن پیت، بەشوێن یەکدا جەلەکردن، هەروشەیەك لەشوێنی خۆیدا هاوردن، لەجیهانی زیاری ئەم رۆژگارەدا،زانستێ پڕتان وپۆیەو لە دانشگا وانەیەکی سەربەخۆیە.من و خوێندنی دانشگا؟ورچ و عەبا؟! هەیهوی دەوێ.منی هەژاری ژیان تاڵ، وا لەخوێندندا کرچ و کاڵ، چۆن دەم بۆ ئەم بڤە بەرم؟

٣ـ فەرهەنگ دانان ــ بام لە زانیاریشەوە بێ ــ کاری یەکێك و دوان نیە: گەرەك زۆر و زەبەند پیاوی دەمپاراوی پسپۆڕ لە زمانەوانیداو ئاگا لە زۆر شێوەی جۆرجۆر، لەمەڕ ئامرازو کەرستە تەیارو ساز، ژوانگەیەکیان بۆدابنرێ و رۆژبەرۆژ لێك کۆبنەوەو جگە لە فەرهەنگ دارژتن هیچ کارێکی تریان نەبێ. منی هەژاری ئاوارەی لەش بەباری تەنیا باڵی شەو خەوزڕاو لەشوێن جێ خەو، رۆژ هێزبڕاو بۆ تانی شەو،سیوات واکەم، قورتم واجەم، بچم دەس لە کاری وادەم؟ وشترو بلوێرلێ دانەو ئەوم بەپەندی زەمانە.

وردەوردە تامەزرۆیی منالیەکەم کوڵ وکۆی دادە مرکاوە ئا یەکجاری ژیلەمۆکەشی کوژاوەو بوبە خوڵەمێشی ساردو بەفەرامۆشیانم ئەسپارد. کەچی دیسان جاروبارە،ترك گوتەنی هاردان بیر،لە قوژبنی قوڕی دڵی شێت و شوری ئەویندارم، ورتەورتو کورکەکورکێ دەهاتەگوێم. عارەب ئێژێ: هەرچی هەموی دەسناکەفێ، واز لە هەموی ناهێندرێ؛ تۆ لە سونگەی دەربەدەری و چەرمەسەری چەندین ساڵە، لەناو خاوەن شێوەکانی ناودەشتایی و کێوەکانی ناو کوردەواریدا ژیاوی! فەقێلەبوی لە موکوریان، هێندت بۆنان چنینەوەو راتوەی فەقێ ئەم ماڵ و ئەوماڵ کردوە سەی هیچ دەرکێك پێت ناوەڕێ! لەدەس زەبری دەم و دەزگای شای ئێران پەڕەوازەبوی بۆ کوردستانی بەردەست و داگیرکراوی عیراق چوی! لەسایەی نەداریتەوە دەگەڵ خێڵی هەژاراندا بەشوێن ناندا ماڵ پشکنی ئەوێشت کرد!پۆلیسی عارەب راوی نای، لەناوکوردی شیوەکرمانجی پەستاوتی! زۆرجار بەتاڵ کەمجار پاڵە،دەپازدەساڵ دەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان لە هەموشێوەو

زاراوە، بەبەندەن و کەژوچیاو شیوەڵەی کوردستانەوە هاوبنکەو هاوسەنگەر ژیاوی. یەکجار زۆرت وشەی کوردی هەمەجۆرە بەلاگوێدا تێ پەڕیوە. زۆریشت لەرێی متالاو خوێندنەوەی نوسراوی کوردی بەچاودیوە! تۆ هیچ نەوێ ئەم کەمانەی دەیانزانی بیان نوسەوە؛ هەرچی بێ لەهیچ باشترە. دەی وەرە شنگڵ لەخۆدەو هێلێك لەو کۆدە بکێلە. ئەوە خوایە بەشکە پیاگێ لەتۆ بەبڕشت وزاناتر، ئەم تۆزە ڕوشاندنەی تۆ هانەی بدات. بەجوتی کوتان شوی بکاوتۆمێ باشی لێ بچێنێ.

ئەم فەرمایشتانەی دڵەم هەر لەلا خەیاڵ پڵاوبو. دەمگوت ئەوا گریمان کرد بەدڵم کردی، ئەو کەمەش کە خۆم دەمزانی نوسیمەوە؛ لەکوێی دانێم؟ لە دەلاقە؟ ماڵم هەیە تا دەلاقەی بۆ کرابێ؟ هەتا کەنگێ؟ هەتا ڕۆژێ زڕتە بۆزێکی بێگانەی قوڵەچۆماغی داگیرکەر، بێتە سەری و بەئارەزو شەمچەیەکم بۆ پێوەنێ و بەحیلکەوە دەستی لەبەر گەرم وەکا؟ ئەویش وەك چەند بەرهەمی نوسراوی پێشوم ـــ کە تاڵان کران و سوتان ـــ لیم ببێتە کوڵ و جغار؟ ئەوا ئەسو زیاو پوژ نەکرا، کێ ڕێم ئەدا چاپی بکەم؟ ڕێگەیان دا؟ مزەی چاپی لەکوێ بێنم؟ چۆنی بڵاوبکەمەوە؟ کێ کا بە کڵاوم دەپێوێ؟

نەخێر ئەی دڵ! گەرەکە ئەم ئاواتەشت وەکو زۆر ئاواتی دیکەت بەریە بن گڵ.

لە ۱۹۷۵دا کە شۆڕشی ڕزگاریخوازمان بۆڕی خواردو جاڕی ئاش بەتاڵیان کێشا، بە دڵێڕی و بە سەرشۆڕی بەرەو ئێران شۆڕبوینەوەو بومە بەناهندەپیرەی بێ جیرەی نان لەسەرخودا. بەرەو تاران هەڵیانداشتم، تا لە کەرەج گیرسامەوە. بۆخۆم خاوەن ورگ و دەم و منالی نانخۆرشیم بون. ئەبوا بۆ ژیانی ڕۆژانەم هەوڵێ بدەم. لەناو پسولێکا نویسم: من کوردێکی ئاوارەی دنیا گەڕیدەو نیمچە گورگی بالان دیدەم. زوانی زگماکم کوردی یەو عارەبی و فارسیش دەزانم، لە زوانی ئازەریشدا کەمتا کورتێك قرتەقرتێکم پێ دەکرێ: کێ بە نانەزگ دەمگرێ و دەکارم کات؟ وەناو شاری تاران کەوتم، ئاڵقەڕیزی گەلێك دەرگایانم کوتا، کەس نەیوت کێی؟ لە ئاکامی ئەم هەمو گەڕو خولەمدا، ڕۆژێ لوتم توسی لوتی سەرگزیری چاپ و پەخشی دانشگابو؛ پسولە بۆرم نامشتی، فەرموی: ئەگەر تۆ قانونی ئیبنوسینام بۆ وەربگێڕیە سەر فارسی، فارسی فەرهەنگی عەمیدم بۆ وەربگێڕیە سەر کوردی، ئەگەر ئەویشت تەواو کرد فەرهەنگێکی کوردی بەفارسیم بۆبنوسی، وەدەکەم ئەشتەکت پێ بکا.

منێك کە بڕیارم دابو جگە لە کوردی نەنوسم، دەمگوت چرا هەتا بۆ ماڵخۆ پێویستە، ئاشێ بدرێ بە مزگەوت، وا ئانیشم لێ پەڕیوەتە پشتی شێر. دودڵ ماوم؛ دەیکەم خزمەت بە وێژەی گەلی خۆم نیە، نایکەم نانی ڕۆژانەم چتۆ پەیداکەم؟ چاری ناچار ملم بۆ مەرج ڕاکێشا. لە ئیدارەیەکی میری بە هەقدەستێکی ڕۆژانە، بە لەقەمی پەژوهیشگەر دامەزرام و شانم دایە بەر

کارەکەو ملم لێنا. هەوەڵ پاژی قانونە ئیبنوسیناکەم کردە فارسی، بەڵاسی وشەدانەکەی فارسی کوردیم هێشتا لەدار نەکرابۆوە، گێزەڵۆکەیەك هەڵیکرد کڵاوی پاشا بابردی. پشیلەی کەلەم بەکوڵی دروشمی ئاڵای شاهەنشا سەدخۆزگەی بە فسۆس دەخوارد. پشتەو پاهۆز کلکی خستە گەلۆزەوە تۆزی دەکرد. سەی لەپاشەوە نەدەژیا، لە شەکەتیان جوت پاشوی دەپۆزی هاڵقاو گلارەوبو، چوارپەلی راکێشاو تۆپی.

بەرەی تازە وەسەرکەوتو وەخۆ کەوتن، داوێن و قۆڵیان هەڵماڵی، بەگەسکو بێڵ وەزیر، وەکیل، سورباش، رەشباش، سەردار، ژێردار، سەرکار، بەرکار، هەرکەسێکی دەنکەجۆیەکی دەگەڵ شا لەسەر ئاخوڕ کرۆشتبێ، یان جۆی بەشا فرۆشتبێ، پاك کردەوەو رایان ماڵی. روانیانەمن کە لە تابوت نزیکترم تا لە تاغوت. نەجۆخۆر نە کافرۆشم. خواخوایان بو داوای بەشەخێرێك نەکەم! گوتیان لەمەوبەر چیت نەکرد، ئێستەش بیکە. ئەم کارەی تۆ هیچ زەرەری بۆ پەز نیە.

قسەکە لەناو خۆمان بێ — وەك پێم گوتن — من ئەم کارەم کە لەبەر ناچاری دەکرد، وەکو بێگارێك دەزانی کە هیچ دڵم پێ خۆش نەبو. بەقێزو بێزەوە دەمکرد. بەڵام دوای ماوەیەك دیتم ئەم وردەوردە بێگارە قەبارەی بەرز بۆتەوە، خوانەخوایی زۆری وشەی کوردەواری دەخۆیدا کۆ کردۆتەوە. تۆزێك دڵی گەرم کردم وتم شایەت ئەمەش رۆژێك وەکارخۆی بێت. سەرگەرمتر دەسم دایەو ئەمەی کە ئیسە دەیدۆنن، بەرهەمی ئەو بێگارەیە[1]. رەنگە گازندان هەربکەن کە

---

١ ـ زۆر لە مامۆستا پاڕامەوە کە ئەوهەمو ئەرك و ئازارە بۆ پێك هێنانی فەرهەنگ وەسەرشان خۆی خستوە، پێ ئەڵێی بێگار، وەکو نەیبیستبێ وابو. خوداش هەڵناگرێ خوێنەری هێژا نەزانێ کە بەڕاستی کارێك مامۆستاهەژار لەبابەت ئەوکتێبەوە کردویە، مەگەر ببێتە فیلم و بەچاو ببینێ دەنا قەت لەنوسین نایەت.

جارێك تەلەفۆنم لێکرد، جوان قسەی پێ نەدەکراو باش لە فەرمایشەکانی نەدەگەیشتم؛ پرسیم: قوربان نەخۆشیەکەت سەری هەڵداوەتەوە؟ فەرموی: نا، بەڵام دوورۆژە نەنوستوم و تا ئەو بەشە لە کارەکە (کاری فەرهەنگ) تەواو نەکەم و بۆتی نەنێرم، خەوم لێ ناکەوێ.

فەرهەنگێك کوردی بە ترکی ئەستەمبولی کە بە لاتین نوسرابوەوە، دەستی کەوتبو؛ باش لە ئەستەمبولیەکە نەدەگەیشت. ئەمجار فەرهەنگێك ترکی ئەستەمبولی بە فارسی هێنابو، یەك بەیەك مانای وشە ترکیەکانی بە فارسی دەدۆزیەوە تا مانای دێرە ترکیەکەی بۆ دەردەکەوت و بەم جۆرە تاقە وشەیەك کوردی دەدیتەوە. کەوابو بۆ دیتنەوەی وشەیەك کوردی، لای کەم سەعاتێك خەریك دەبو.

شەوێك لەبەر کاری زۆرو شەکەتی و بێ خەوی حالی تێك چوبو؛ لەبیمارستان چەند دوکتور کە دیتیان، کوتیان دەبێ قەت خۆی ماندو نەکاو شەوورۆژ لەشەش سەعات زیاتر نەنوسێ و هەشت سەعات بنوێ، بەڵام ئەگەر هاتەوەماڵ، زۆرشەوان تا بەیانی وەخەبەر دەبوو کاری دەکرد، هەرچەندیش

←

بۆچە تۆیش هەر وەشوێن ئەوانەدا چوی کە خۆت گلەییت لێ کردون.چما بەعارەوی و فارسی فەرهەنگمان بۆ ئەنوسێنن؟! سەرکۆنەی ئێوەم قەویلە، بەڵام چی بکەم ناعیلاجی گەلێك ئیشمان بەپیاو دەکا" بەهومێدم ئەوکەسانەی لە دواڕۆژا فەرهەنگی کوردی بەکوردی و تەکوزو رێکتر دەنوسن، لەم کارە نەبەگەی منیش، کەم و بێشێك سودو بەهرە هەڵگرێن. خودایاربێ.

دەپاڕاینەوە گوێ نەدەدا.لەئاکامدا سوێندم بۆی خوارد ئەگەر شەوان لای کەم چوارسەعات نەنوێ، کارەکە بەجێ دێڵم.

خوێنەری بەڕێز! لەو چەندساڵەدا کە مامۆستا شانی‌داوتە بەرکاری فەرهەنگ، لەم‌چەشنە خۆماندوکردن و لە خەوو خواردن بوردن لەبەر کاری زۆر، کەم‌ئەبوە بگرە زۆرتر هەروای کردوە؛جاخۆت دەکەمە قاضی بەوە دەبێ بڵێی بێگار؟!

٢ ـ لێرەشدا ناعیلاج دەبێ ئەوە بێژین خواوزاسان هەوەڵ‌جار قەول و قەرارمان لەسروش، پێك‌هێنانی فەرهەنگێکی کوردی بەکوردی‌بو. بەڵام لەکۆبونەوەیەکدا پێشنیار کرا ئەگەر دێڕی فارسیشی لێ‌زیادکەین، قازانجی زۆرتر دەبێ؛ ئەوا هاتو کوردێك هەبو ئەلە وشەکە تێ گەیشت نەلە شەرحە کوردیەکەی،با بە فارسیش بۆی مانای کەین، بەڵکو تێ‌بگا. کە لە ئێران زۆرتر لەکوردان ــ بەناشوکری نەبێ ــ فارسی لەکوردی باشتر دەزانن و بگرە کوردی هەر نازانن. هەروەها دەبێ فارس‌زمانێ یا فارسی زانێ وشەیەك کوردی ببیسێ و بیەوێ ماناکەی بزانێ، بۆ ئەوتاقمەش بێ‌کەڵك نیە.

لەسەر ئەو پێشنیارە دێڕی فارسیش لەفەرهەنگ زیادکرا. بەڵام، «ئەرێ فلان شت و فیسارە وشە بەفارسی چی‌پێ‌دەڵێن؟» دەردیکی پێ‌داین، مەپرسە!

جا کەوابو،ئەبێ‌بێژین ئەم فەرهەنگە لەڕاستی‌دا کوردی بە کوردی بەفارسیەو لەوانەی مامۆستا گلەی لێ کردون جیاوازە ـ محمدماجد مردوخ روحانی

شێوەی نوسین

وشەی کوردی ئەم فەرهەنگە بەوشێوە خەتە نوسراوە کە ئێستا لەناومان باوە؛ سەرو ژێرو بۆرەکانی بەم ئاوایەن:

ە ـ لەجیاتی سەری بەپیتەوە نەلکاو. وەك: بڕەوە.

ـە ـ سەری بەپیتەوە نوساو. وەك: سەر.

و ـ بەری سانایی و بێ گرێ. وەك: کوردو، وەك: کوردەواری، وەك: هاتو، بو.

ۆ ـ بۆری والا. وەك: بۆر، وەك: زۆر، بڕۆ، بخۆ.

یـ ی ـ لەجیاتی ژێری سانایی. وەك: کاریتە، وەك: ماڵی من.

ێـ ێ ـ ژێری والا. وەك: دێو، وەك: کێو، وەك: خوێ، وەك: گوێ.

وو ـ من لێرەدا ــ وەکو فەرهەنگەکانی تر ــ بۆ واوی قوچاو دو واوم نەنوسیوە. بۆیێ داکشاویش هەوەتر. چونکە لام وابوە زۆر زیادین. بۆنمونە وشەی (وتار) ئەگەر هەر بە یەك واو نوسرا، کێ نایخوێنێتەوە وتار؟ دەیسا بۆچ (ووتار!) بنوسین؟ یاخۆ ئەگەر نوسیمان (پیر) کێ دەڵێ ئەمە جحێلە. هیچ نایەوێ (پییر) بنوسین. تاك تاکە ــ ئەویش بەدەگمەن ــ تووشی هێندێ وشە دەبین کە خوێندەواری ساویلکە رەنگە بۆی نەچنەوە سەریەك. وەك دو وشەی: کوڕ و کوڕ. کە یەکەمیان رۆڵەی نێرەو دوهەمیان پشت دەرپەڕیوە. من فرزەندە نێرینەکەم (کوڕ) نوسیوە؛ بۆ پشت قۆزیش بۆرم لەسەر بۆر داناوەو نوسیومە (کووڕ). لەوشوێنانەی وەك ئەوانەن ــ کەوەك وتیشم زۆرکەمن ــ واوێك و بۆرەکەی سەری شانی دەدەن.

ْ (زەنە) ـ بزاوێك هەیە نەژێرە، نەژێر نیە. تۆزێك زمان داگرتنە. وەکو وشەی: کرْن، برْن، بزْن، ئەم بزاوە لە خەتی لاتین دا هەیەو نیشانەی بۆ دیار کراوە؛ ئەلفوکێکی لاوازو کورتە بالایە

(i): KRiN، BZiN، که ئێمه به‌کوردی نیمانه‌و پێویستیشه.من بۆ ئه‌م بزاوه کژه،زه‌نه (ـٚ)م ده‌به‌رچاو گرتوه. ده‌بێ ئه‌وه‌نده‌ش بزانین زۆربه‌ی ئه‌و پیتی وشانه‌ی ئه‌و نیوه‌ژێره‌یان هه‌یه له‌کاتی ئاوێته (اضافه)بونا، ژێره‌که خۆبه‌خۆ ده‌سوێ و ئه‌وسا زه‌نه‌ی ناگه‌ره‌که.بۆ نمونه: ئه‌گه‌ر بێژین (سۆفی بزن)، گه‌ره‌کیه‌تی. به‌ڵام ئه‌گه‌ر نوسرا (بزنی به‌ڵه‌کم خۆشده‌وێ)، ژێره لاوازه‌که‌ی ناوێ و رۆت ده‌نوسرێ.

لامی لاوازو رێی باریك وه‌ك له لاوازوباریکدا بێ هیچ هێما دێنه‌نوسین، به‌ڵام لامی وه‌ك به‌ڵام و ڕێی به‌کره‌، ئه‌وکڵاوه دوقلیقانه‌یان له‌سه‌ره،که‌بۆ واوو یێ ئاواڵه نیشانمانداڵ. پێویسته ئه‌مه‌ش بزانین ڕێی (ر) پێش وشه هه‌مو کوردێك هه‌ر گه‌وره‌ی ده‌خوێنێته‌وه که‌وابو وشه‌ی وه‌کو: رۆژ، روگه، رێواس و هی تریش پێی ناوێ سه‌ربه‌کڵاوه‌بن.

ـّ (گیره)، که له عاره‌بی و فارسی‌دا فریه هه‌یه، له‌باتیانی پیته‌که دوجار ده‌نوسین؛ محمّد، محه‌ممه‌دده‌بێ. چونکه بزاوی سه‌رپیتان هه‌ر به‌پیت دیاری کراوه و بریه‌تی له هێ (ه) و یی (یـ) و واوه (و)، ناچار له جه‌له‌و زنجیره‌ی یه‌ك له‌دویه‌کی وشه‌کان، بزاویشمان وه‌کو پیتی ره‌سه‌ن و سه‌ره‌کی دانا: بۆنمونه: ره‌وه‌ز که‌وتوته پێش ره‌هه‌ند: چونکه ره‌هه‌ند به‌سێ هێ له‌دوی ڕێیه که ژمێراوه. هه‌روا‌هوژه پێش هه‌ژار ده‌که‌وێ؛ چونکه هه‌ژار به دوهێ یه‌ك به‌دو یه‌کدا دێته‌ژمار.

ئه‌لف (ا)، هه‌ر بزاوی هه‌ڵکشانه‌و ده‌گه‌ڵ هه‌مزه لێك‌جیایه. (ئا) پیتێك و بزاوێکه، وه‌کو: ئاو، ئاتر، فوئاد.

بزاوێکی تریش هه‌یه، عه‌ره‌ب و فارس نیانه، وه‌ك بزاوی: زۆیر (زیز)، پۆیل (دراو)، قۆیل (دزی په‌ل). تورك به‌لاتینی خۆیان، Ü ده‌نوسن.من بۆرم له‌سه‌ر واونوسی، خواته‌خوایی هه‌رگا واوێکی قوچێندراو توشی یێ‌یه‌کی ساکار هات، ئه‌وده‌نگه‌ی لێ په‌یدا ده‌بێت.

با وێستا پێدا بچینه‌وه،وا له‌م که‌رت‌به‌نده‌ی ژێره‌وه، نمونه‌ی بزاوه‌کان و خوێندنه‌وه‌یان له‌رسته‌دا نیشان ئه‌ده‌ین:

بزاو	جۆری نوسین	ماناى وشه	نمونه‌ی له‌رسته‌دا
وڵ	قوڵ	پوزو بەلەك	قولت هەڵکە با تەڕ نەبی
وڵ	قوڵ	کورت، کن	کلکە قوڵەی مامڕێوی دا
وۆڵ	قۆڵ	لای سەروی ئانیشك	هەڵیان کەدەماڵی قۆڵ و بازن جێداربو لەسەر جیهان پنازن
وُڵ	قوُڵ	کوُر، دژی پەل	لەقوُڵایی دڵمەوە خوشم دەوێ
ور	کور	سێ بەشی کورك	دایکی بوکێ دەکورکێنێ
وڕ	کوڕ	زاروی نێر	کچ لەکوڕ بەروحم تره
ۆر	کۆر	کوێر، نەوین	ئەوشن ئەولەسەن کۆربیە
ۆڕ	کۆڕ	مەجلیس،مەکۆ	بالەم شوێنە کۆڕ ببەستین
وُڕ	کوُڕ	پشت قوز	لەخەفەتان کوُڕ بومەوە
وێـ	پوێل	دراو، پوُڵ	گش کارێ وەپوێل ئەکرێ
یـ	پیر	بەتەمەن	ئەی تازەجوان پیربی، کە ئیفتادەم و کەوتوم دەستێ بدەرە دەستی شکستم کە لەدەست چوم
ێـ	پێرار	دوساڵ پێش	هەمو ڕۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ تەمەنناى مردنی پێرارە بێ تۆ
ێ	کێ	کام کەس	مەیگێڕ وەرە بوم تێکە دڵم زۆر تەنگە کێ باشە؟ هەموکەس دەڕوەو سەدرەنگە
ی	بابی	باوکی	ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی موحەققەق دایکی...و، باوکی...
ی	فڕی	لەشەقەی باڵی دا	باڵداری جوانیم لەلکی ئاواتم هاوارە لەمن چڕو بەزو نیشت و فڕی؟!
ێ	گوێ	ئەندامی بیستن	گوێ هەڵخە هەمو دەنگی بژی و ڕۆژویە
ـە	حەسەن	ناوە، بەمانا جوان	ئەم قافیەت بەسانی دڵی موددەعی حەسەن تەنگە درەنگە مەیلی بەجەنگە هەڵێ مەڵێ
ە	وەرەوە	بێرەوە	وەرەوە بەشەرتی جاران، گیان و ماڵم فیدات بێ
ـْ	مرْن	مردن	مرْن بمیرانی خۆشە
	مەژْن	گەورە	بۆکورداژی خودێ مەژْنە

پیتە چەقیوەکانی کوردی یەك بەدویەکا:

ئـ-ب-پ-ت-ج-چ-ح-خ-د-ر-ڕ-ز-ژ-س-ش-ع-غ-ف-ڤ-ق-ک-گ-ل
-ڵ-م-ن-و-ۆ-ھ-ی-ێ

سەرچاوەکان

بۆ لێکدانی ئەم فەرھەنگە جگە لەوەی کەخۆم زانیومەو لەبیرمە، لەم چەند فەرھەنگانەی ژێروش بەھرەوەربوم:

١ - فەرھەنگی خاڵ - کوردی، کوردی. بەزاراوەی سۆرانی و زازاو بادینی و ئەردەڵانی لە سێ پاژدا.

٢ - فەرھەنگ ئایەتوڵلامەردۆخ - شێوەکوردی ئەردەڵانی و ھەورامانی، راڤە بەفارسی وعارەبی لە دوپاژدا.

٣ - فەرھەنگی کوردی ـ عارەبی مەلا خەلیل سولەیمانی ـ بەشێوەی کرمانجی و شەبەك، چاپ نەکراوە.

٤ - فەرھەنگی *سەیدا* جەگەرخوێن - لەشێوەی کوردی بۆتانی بۆ عارەبی، دوپاژە چاپکراوەکەی.

٥ - قامۆسی *سەیدا* زەبیحی، دوپاژە چاپکراوەکەی ـ کە بریەتین لە ھەمزەو بێ.

٦ - فەرھەنگۆکی بۆزئەرسەلان ـ کە کردویە بە پاشکۆی مەموزینەکەی شێخی خانی کە بەلاتینی نوسیوەو بەترکی وەری گێڕاوە.

٧ - ئەستێرەگەشە - فەرھەنگی کوردی ـ عارەبی، نوسراوی کاك فاضل نظام الدین، چاپی بەغدا.

٨ - فەرھەنگا کوردی نوژەن ـ کوردی ـ عارەبی، بە قەڵەمی ماموستا عەلی سەیدۆگۆرانی، چاپی عەممان ـ اردن.

٩ - فەرھەنگی دملکی *(زازاکی)* - شێوەی زازایی بەتورکی ئەستەمبوڵی و بەخەتی لاتینی، نوسراوی مامۆستامال میسانز، چاپی چاپخانەی ژینانو، پاریس ١٩٨٤.

١٠ - فەرھەنگی کوردی - ترکی، بەخەتی لاتینی، نوسراوی د. ئیزۆلی، چاپی ھولەندە ١٩٨٧.

١١ - فەرھەنگۆکی *لەکی و لوری* - فارسی و کوردی، نوسراوی کاك حەمید ئیزەدپەناە، وازی کردنی مەحمود زامدار، چاپی بەغدا.

١٢ - واژەنامەی فارسی - کوردی، نوسراوی دوکتور تەقی برایم پور، چاپی تاران.

١٣ - مەم وزینی شێخی خانی و دیوانی مەلای جزیری کە بۆ وشە کرمانجیەکان پشکنیومن.

پڕ بەدڵ سوپاسی ئەو خوشك و برا كوردانە دەكەم كە بەم فەرهەنگەوە خۆیان ماندو كردوەو لە یاریدەدانم دریغیان نەكردوە، كە ئەمانەن:

خانم **رضوان متوسل**، پژوهشگر لە ئیدارەی پژوهش ایران زمین (واحد فعالیتهای فرهنگی) كە پێش ئاشنابوُنم لەگەڵ سروش دا، هاوكاری كردوم و ئاوانوُسی بەلاتینی خستە ئەستو، بەڵام واز لە لاتینەكە هێنرا. زۆریش وشەی زاراوەی سنەی خستەسەر.

مامۆستا **هادی مرادی**، سەیدای دانشگای تاران و دانشگای ئازادی كەرەج، كە زۆر وشەی هەورامانی خستە پاڵ ئەم كتێبەوە.

كاكە **ماجد روحانی** و كاكە **محمود مفتی**، كە بەراستی ئەوپەڕی ئەركیان خستەسەر خۆیان و جگە لە زەحمەتی زۆریان، بەزۆر وشەی شاری سنەو مانای فارسی بڕێ لە وشەكان دەستیان گرتم.

كاك **سیداحمدسعادتی**، كە جیالە ئەركی پاكنوسی، گەلێك وشەی ناوچەی لاجان و مامەش و هۆزی پیران و هۆزەكانی موكوریانی بیر خستمەوە.

خۆێنەری دەلال و هێژا!

تۆش ئەیژی من خۆم ئەیزانم ئەم بەرهەمە هەژارانەم كورت و كەمەو بۆیە نابێ تێرو پاراو دڵ ئاوی لێ بخواتەوە؛ لە وزەو هێزی دا نیە پەرسڤی هەمو پرسێكت بداتەوە. زوانی كوردی زۆر لەوە دەوڵەمەندترە كە هەژارێكی وەكو من تاك و تەنیاو ئاوارە لە نیشتمان و وەك پێویستە كوردی نەزان و تەرە لە وڵاتی بێگانە بتوانێ لە دە یەكێكی كۆكاتەوە. حەزم دەكرد هەمو وشەی هەمو شێوەكانی كوردیم دەسكەوتایەو لەسەر رویەری ئەم نامەم رابنایە؛ بەڵام بە حەزو ئارەزو كارێك نایە. ئەگەر باوەڕم پێ دەكەی من بەپێی هێزو توانای خۆم هیچ دریخیم نەكردوە. ئەگەر خۆم لە پاڵەخۆمدا بە شەرمەزاری نەزانی و دەس كورتیم لە خزمەت كردن بە گەلی كوردم دەزانم: دەشزانم كە پێناوانم و لەوە پترم لەدەس نایە. ناوی وەدانەكەی خۆم ناوە: **هەنبانەبۆرینە**، كە لە چیرۆكاندا دەڵێن: هەرچیت بوێ دەستی تێخە دێتە چەنگت. جا ئەگەر بۆ وشێك گەڕیای و دەستت لەژێر هەمانە بۆرەوە دەرچو، تۆرە مەبەو تۆزی مەدە، هەوڵبدە ئەوەی كە خۆت تۆشی نەبوی، یان ئەوانەی كە ئەزانی لەوێدا نین، تۆ لە لاوە كۆیان كەوەو بیان نوسەوە. ئەوە خوایە، جارێكی تر من یا هەژارێكی دیكەی لەمن چاترو زاناتر لە چاپەكانی داوارۆژدا بیان خاتەسەر.

دۆستی ئێوە: هەژار

١٣۶٧/۶/٢٥ شمسی

١٩٨٨/٩/١۶ میلادی

ئـ

ئا: ۱) بەڵێ: (دەچیە قیڕ گە؟ ئا)؛ ۲) بۆ پرسیار: (دەگەڵ تۆم بو. ئا؟)؛ ۳) وشەی ڕێزگرتن، سوکەڵەی ئاغا: (ئاحەسەن)؛ ۴) ڕاناوی مێوینەیە: (تـو پوژێبجسـان و خوەی نەشمی / لەدەرویشـان ئا بێ‌خەشمی) «جزیری»؛ ۵) هین، هی. (ئامنە: هی‌منە) [ف] ۱) بلی، آری؛ ۲) کلمهٔ پرسش؛ ۳) کلمهٔ احترام، مخفف آقا؛ ۴) ضمیر مؤنث؛ ۵) کلمهٔ مالکیت.

ئائەمە: ئەم‌یەکە: (لەمانە کامت گەرەکە؟ ئائەمە) [ف] همین، این یکی.

ئابـات: پاشگری بەمانای ئاوەدان کەرەوە: (گوندی **حەسەنابات**) [ف] پسوند بەمعنی آبادکننده.

ئابجو: بیرە، ئاوجو [ف] آبجو.

ئابخانە: ئاودەست، دەستاو، سەراو، سەرپێشاو [ف] مُستراح.

ئابدار: قاوەچی و چایچی دیوەخانی گەورەماڵان [ف] آبدار، قهوەچی.

ئابدارباشی: سەرۆکی چایەز و قاوەچی دیوەخان [ف] آبدارباشی.

ئابـدارخـانە: ۱) ژوری چالێنان و قاوە سازکردن بۆ دیوەخان؛ ۲) بارو بنەی تایبەتی پیاوی گەورە لە سەفەردا [ف] ۱) آبدارخانە؛ ۲) وسایل مخصوص سفر اشراف و ثروتمندان.

ئابدۆزەك: ۱) شرینقە، فیچقە، دەرزی کە دەرمانی پێ دەلەش دەکەن؛ ۲) لولەشوشەی دەم تەنگ کە تنۆکە دەرمانی پێ دەچاو دەکەن [ف] ۱) سرنگ؛ ۲) قطرەچکان.

ئابدەست: ئاودەس، سەرپێشاو [ف] مستراح.

ئابدەستخانە: ئابخانە [ف] دستشویی.

ئابرا: بەبرای گەورە دەڵێن [ف] داداش.

ئابڕو: شەرم، ناموس: (بێ‌نرخە ژیش و زۆر کە نەزەنگێ بە **ئابڕو**) «هەژار» [ف] آبرو.

ئابڕوبردن: ڕوسیاکردن، ئاوڕزاندن [ف] رسواکردن.

ئابڕو بەرە: ئاوڕوبەر، هۆی ئابڕوچون [ف] رسواکننده.

ئابڕوتکان: ڕوسیابون، ئاوڕزان [ف] رسوایی.

ئابڕوتکاو: ڕوسیا، سوك و چروك [ف] رسوا، بی‌آبرو.

ئابڕوچون: سوكبون لەبەرچاوان، ئاوڕزان [ف] رسواشدن.

ئابڵۆقە: دەورەدان، چواردەورە گرتن: (قەڵا **ئابڵۆقە** دراوە) [ف] محاصره.

ئابـوتـاب: جوان و ڕێك و پێك: (دەڵێن فسـان زۆر بە **ئاب‌وتـاب** دەکا. ئەقڵەکەی بە ئاب‌وتاب گێڕایەوە) [ف] آب و تاب.

ئابوُر: ۱) ڕێز، شەرم، ناموس، ئابڕو؛ ۲) سازدان، تەکوزکردن، پێك‌هێنان: (مەکارا خۆ ئابوُر کر) [ف] ۱) آبرو، آزرم؛ ۲) فراهم آوردن، مهیّا ساختن.

ئابۆری: مایەی گوزەران و بژیو [ف] اقتصاد.

ئابونمان: مزی ساڵانە یا شەش یا سێ مانگەی ڕۆژنامەو گوڤار لەبڕ [ف] آبونمان.

ئابونە: پارەی ڕۆژنامە یا گوڤارێك لە پێشدا دان و لەسەریەك وەرگرتنی [ف] آبونە.

ئابۆنە: پیاوی تەژەو زلحۆرت [ف] تنومند و لندهور.

ئاپ: مام، برای باوك [ف] عم.

ئاپۆ: ئاپ، بۆ بانگ کردنی مام دەڵێن. دەشڵێن پیرۆت **ئاپۆی** منە [ف] عمو.

ئاپۆر: بەلا، بەسەرهاتی خراپ، تەگەرەو تۆشی [ف] مصیبت.

ئاپـۆرە: ۱) بەلا، ئاپـۆر؛ ۲) کۆمـای خەڵـك پێکـەوە: (خەڵکێکی زۆر لەدەوری مزگەوت **ئاپۆرەیان** داوە) [ف] ۱) بلا، مصیبت؛ ۲) شلوغی و ازدحام.

ئات: هیمایە بۆ کۆمەڵ و کۆ: (حەشامات، ئاغاوات، دێهات) [ف] پسوند اجتماع و ازدحام.

ئاتاج: چاو لەکۆمەك، هەژارو نەدار، موحتاج [ف] محتاج، نیازمند.

ئاتاجی: احتیاج، کەمایەسی [ف] احتیاج، نیاز.

ئاتون: ئاگرداتی حەمام، تونخانە [ف] آتشدان حمام.

ئاتەر: ئاگر، ئاور، ئایەر [ف] آتش.

ئاتەران: ڕاوە، قسەبەڕاندن [ف] هذیان.

ئاتـەشبـازی: تەقـەکردن و فیشەکەشێتە هەڵدان لە جێژن و خۆشی‌دا:

(ئاتەشبازی بەکنگی خاڵی ناکرێ) ف آتشبازی.

ئاتەشپارە: ١) بە منالی هاروهاج دەڵێن: (منداڵەکەیان چەند شەیتانە هەر **ئاتەشپارەیە**)؛ ٢) بە پیاوی زۆر زرینگ‌و ئازا لە شەڕو بازرگانی‌دا دەڵێن: (فلان لە شەڕدا ئاتەشپارەیە) ف ١) بچهٔ بازیگوش، آتشپاره؛ ٢) مردی که در تجارت یا در جنگ زیرک باشد.

ئاتەشخان: ١) تونخانەی حەمام؛ ٢) قوڵکەی ژێر تیانە کە ئاگری تێدا دەکەنەوە ف ١) آتشدان حمام؛ ٢) اجاق سنگی.

ئاتەشخانە: تەندورەی سەماوەر، پەنگردانێ سەماوەری چای‌چێ کرنێ ف آتشخانهٔ سماور.

ئاتەشکەدە: کوانوی ئاگرپەرستان، ئاگردانی پیرۆزی گاوران ف آتشکده.

ئاتەشگا: ١) ئاتەشکەدە؛ ٢) ناوی کێوێکە لە کوردستان ف ١) آتشکده؛ ٢) نام کوهی در کردستان.

ئاتەشی: ١) ڕەنگی گوڵی سوری تاریک؛ ٢) پیاوی زۆر توندە تەبیات، بەبنیام تۆڕە ئەبێزن ف ١) رنگ سرخ آتشی؛ ٢) آدم آتشین‌مزاج.

ئاتەگ: ١) داوێنی کەوای شۆڕ: (نوێژی لەسەر ئاتەگی دەکرێ)، شاقەل؛ ٢) بریەتیە لەبنارو داوێنی‌چیا ف ١) دامن قبای بلند؛ ٢) دامنهٔ کوه.

ئاتی: زێڕ، تەلا، ئاڵتون ف طلا.

ئاجاخ: دیاردی‌و ئاشکرا، خویا ف آشکار.

ئاجار: پنجار، ڕەگ‌و بنی گیا ف بیخ و ریشهٔ گیاهان.

ئاجگی: دەست ڕژد، خەسیس، چکوس، دەست‌قوچاو ف خسیس.

ئاجوج: دەگەڵ یاجوج دەگوترێ و ناوی هۆزێکی جیرۆکی‌یە. دەڵێن *پادشایەکی دوشاخ (ذوالقرنین) گرتونی‌و دیواری بەردینی لەپێش هەڵچنیون* ف یأجوج.

ئاجور: خشتی لەو ڕەڵمی سورەوەکراو، کەرپوچ ف آجر.

ئاجیل: چەرەز، بادام‌و نۆک‌و تۆم‌و تۆکولەکەی شەوچەرە ف آجیل.

ئاچخ: ڕەنگی کاڵ، بەرانبەر بە ڕەنگی تاریک‌و تۆخ: (پارچەی کەواکەم شینی **ئاچخە**) ف رنگ روشن.

ئاچوخ: ١) ئاچخ؛ ٢) وەکری، ئاواڵە، بەرانبەری داخراو: (دەرگا کەتان ئاچوخ بو، دانەخرابو) ف ١) رنگ روشن؛ ٢) باز، مقابل بسته.

ئاچەر: کلیل، هاچەر ف آچار.

ئاخ: ١) هاوار لەبەر ئازار؛ ٢) خۆزیا: (**ئاخ** هێندە نەدەمردم کوردستانم بە ڕزگاری دەدیت)؛ ٣) خاک، خۆڵ: (هەرجێکی لەناخی **ئاخ**‌و دەریان / هی‌جۆتە بناو ئەوی لەسەریان) «مەم‌وزین»؛ ٤) وشەی دەربڕینی شادی: (**ئاخ** ئەم داوەتە چەند خۆشە!) ف ١) حرف درد، آخ؛ ٢) کاشکی؛ ٣) خاک؛ ٤) حرف تعریف، به‌به.

ئاخا: ئاغا: (من ئاخاو تۆ ئاخا، ئەی کێ جێمان بۆ ڕاخا؟) «مەسەل» ف آقا.

ئاخافتن: قسەکردن، پەیڤین، ئیشتیغالی، گوتن، وتو وێژ ف گفتگو.

ئاخایوک: بە کەسێ دەڵێن کە خۆی بە گەورە دەزانێ‌و لە گەورەیی نازانێ ف خودبزرگ‌بین.

ئاخباران: تۆزباران، تەپ‌وتۆز، تۆزوغومار، تۆزو خۆڵ کە بەدەم باوە دا دەبارێ ف بارش گردوغبار.

ئاخبان: گڵەبان، ئاخەبان، بانەناو ف گل اندود بام.

ئاخچەباش: گیایەکە لەریزی گیا دوکڵیوان ف گیاهی است.

ئاخدار: خەمبار ف غمگین.

ئاخر: ١) بەرانبەری هەوەڵ، دوایین؛ ٢) مەگەر: (**ئاخر** نەمگوت باش بەو جاش مەبە؟)؛ ٣) دەسا، ئیتر: (**ئاخروا** نابێ وەک تۆ دەیکەی)؛ ٤) بڕانەوە، دوایی هاتن: (تۆزێک ڕوت خۆش بێ خۆ دنیا **ئاخر** نابێ)؛ ٥) بەسەرهاتی دواڕۆژ: (وەفایی **ئاخری** خێر بێ دەمێکە بێ‌سەرو شوێنە) ف ١) انتها؛ ٢) مگر؛ ٣) اینکه؛ ٤) پایان؛ ٥) عاقبت، آخرت.

ئاخرخێر: پیری پیاوچاک ف نیک‌فرجام.

ئاخرزەمان: بەو ڕۆژگارە دەڵێن کە کەوتوتە دوای پێغەمبەری ئیسلامەوە ف آخرالزمان.

ئاخرشەڕ: پیری بەدفەڕو نەگریس: (پیری **ئاخرشەڕ** وەتەنت فرۆشت / ئابڕوت گۆڕیەوە بە پڵاوو گۆشت؟!) «هەژار» ف بدفرجام.

ئاخرکە: ئاخوبرک، مێشولەی زۆر ورد ف پشهٔ خاکی.

ئاخرونۆخر: ئیزیک بە بڕانەوە: (لە **ئاخرو نۆخری** پاییزدا میوانی بوین) ف اواخر.

ئاخرەت: سڵا، ڕۆژی قیامەت، بەسڵان، هەستانەوەی پاش مردن ف آخرت.

ئاخرەمین: هەرەپاشین: (ئەوە **ئاخرەمین** جار بێ‌پێت بڵێم، ئیتر پێت ناڵێمەوە) ف واپسین.

ئاخری: ١) دوایی: (**ئاخری** ملی‌داو هات)؛ ٢) لەپرسیاردا: (**ئاخری**؟ دەی دوایی چی؟) ف ١) سرانجام؛ ٢) عاقبت چه شد؟

ئاخسبات: یازدە ڕۆژی ئاخری چلەی زستان ف دوهفتهٔ آخر چلهٔ زمستان.

ئاخش: ئۆخەی، ئای چەندە خۆشە ف آخیش.

ئاخلە: ١) خەرمانەی مانگ: (**ئاخلە** لەدەوری مانگ دیارە)؛ ٢) پابۆکەی مار: (مارەکە **ئاخڵەی** دابو)؛ ٣) بە ژورێکی کورتەدیواری سەردانەپۆشراو دەڵێن کە بۆ کاو گیا ساز دەکرێ ف ١) هالهٔ ماه؛ ٢) چنبره زدن مار؛ ٣) کاهدان.

ئاخڵەوێک: تاوەی شت تێدا سورکردنەوە ف تابه.

ئاخلێف: بافیش‌و دەاسەو درۆ، فڕ ف مکر و دروغ.

ئاخلێقە: هەوەڵ بەهار کە شینکە بەحاڵ‌و حاستەم سەری دەرێناوە. *لەو سەردەمەدا کە ئازەڵ دەلەوەڕێ خۆڵ‌و گیا پێکەوە هەڵدەگرێ، ئاخ بەلێویەوە دیارە* ف سرآغاز بهار.

ئاخن: پەستاوتە، ناوەڕۆک: (نێوئاخنی لێفەکە لۆکەیە) ف آگنه.

ئاخناو: تێ‌پەستراو، پەستواو: (مێزە هەتا ملان لەڕۆن ئاخناوە) ف آکنده.

ئاخندراو: ئاخناو ف آکنده.

ئاخنراو: ئاخناو ف آکنده.

ئاخنەبا: دواڕۆژەکانی زستان، دەمێ کە حەوت ڕۆژ لە چلەی چوک مابێ ف هفتهٔ آخر چلهٔ زمستان.

ئاخنین: پێ‌پەستاوتن، بەزۆر تێڕا کردن ف آکندن.

ئاخنینەوە: ئاخنین: (خەریکی **ئاخنینەوەی** پیستە پەنیرانم، دوپیستەم **ئاخنیوەتەوە**) ف آکندن.

ئاخۆ: ئایا، تو بێژی، لەوانەیە: (سەری هەردوکوڵمی **ئاخۆ، گوڵی** نەوبەهارە **یاخۆ** / طَرَفی نەهارە زولفی، زُلَفٌ مِنَ اللَّیالی) «نالی» ف آیا، تو گویی.

ئاخوا: ئاخۆ ف آیا، تو گویی.

ئاخوڕ: شوێنیهەڵبەستراوبۆ جێی خۆراکی ئاژەڵ، ئاڵفدان، ئافر ف آخور.

ئاخۆران: دەگەڵ *ئاخۆران* دێت. ١) بشێوە، بشێوی و ئاژاوە: (**ئاخۆران** باخۆرانیکە سەگ خاوەنی خۆی ناناسێ) ٢) کۆمەڵی دزو تالانچی: (**ئای لەو ئاخۆران باخۆرانە، خۆ هیچیان پێ نەهێشتن**) ف ١) هرج و مرج و آشوب؛ ٢) حرامیان.

ئاخون: ١) مەلای عەجەمان؛ ٢) نینۆك ف ١) آخوند؛ ٢) ناخن.

ئاخوند: مەلای عەجەمان ف آخوند.

ئاخویرك: جۆرە مێشوڵەیەکی زۆرورد، پێشی گەلەك هوُر ف نوعی پشهٔ بسیار ریز.

ئاخەبان: ١) گڵەبان، بانەناو؛ ٢) بانی لێك و لوس ف ١) گل اندود بام؛ ٢) بام بدون ترك خوردگی و صاف.

ئاخەبانو: جامانە، ئاغابانو، ئەنراوێکی سپی رەش یا سپی و سورە کە پیاوان لەسەری دەبەستن ف نوعی دستار مردانە.

ئاخەلێوە: ئاخلیقە، کاتی تازە شین‌بونی دەشت، سەرەتای بەهار ف اوایل بهار.

ئاخ هەڵکێشان: لەخەمان ئاخ‌وداخ گوتن ف حسرت خوردن.

ئاخی: یاخی، یاغی، سەرکێش، بێ‌چەقێ ف یاغی.

ئاخێز: ١) نیوەهەڵسان: (جریە ماڵی مام‌پیرۆت لەبەرت هەستا؟ بەخوا نەتەواو، هەروا **ئاخێزێکی** کرد)؛ ٢) هەستان بەتەواوی: (بانو ئێد شنەفت ئەجا کرد ئاخێز) «خانای قوبادی» ف ١) نیم‌خیز؛ ٢) برخاستن.

ئاخیە: گوڵمێخ، سنگی ئاسنی ئاڵقەدار یا سنگی ئەستوُری دارین ف میخ آخور.

ئاخین: ئاخ هەڵکێشان ف آه سردادن.

ئاد: دورگە، جزیرە، وشکانی لەناو ئاودا ف جزیره.

ئادا: ١) دلاوایی، سەخاوەت؛ ٢) پسپۆڕی، لێزانی ف ١) سخاوت؛ ٢) مهارت.

ئادار: مانگی رۆمی، بیست رۆژ لە خاکەلێوەو دەرۆژ لە رەشەمە ف ماه مارس.

ئاداروك: گوڵێکە لەسەر بەهاردا دەپشکوێ ف گلی است کە اوایل بهار می‌روید.

ئادان: زەوی بەپیت و بەرەکەت ف زمین حاصلخیز.

ئادودە: قامیش یا داری درێژ کە ماڵی پێ پاك دەکەنەوە ف گردگیر.

ئادە: ١) تەڵە کەورێشك، جۆرێك تەڵەی لەدار؛ ٢) بژاری گیا لە شینایی ف ١) نوعی تله؛ ٢) وجین.

ئادەر: کەحێل، جسن، رەسەن، حدود ف اصیل، نجیب.

ئادەم: بابەدەم، مێردی دایکەوا، هەوەڵین باپیری مرۆ ف حضرت آدم.

ئادەمی: مرۆ، عیسان، بەشەر ف آدمی.

ئادەمیزا: مرۆ، ئادەمی ف آدمیزاد.

ئادەمیزاد: ئادەمیزا ف آدمیزاد.

ئادی: ١) ئەویتر، ئەویکە؛ ٢) بۆچەنە ف ١) آن دیگر؛ ٢) چرا، درست است.

ئادێ: ئەوان، ئەوانە ف آنها.

ئادێچی: ئەوانی دی، ئەوترەکان ف آن دیگران.

ئادیشا: ئەوان خۆیان ف ایشان.

ئار: ١) ئارد، دەغڵی هاڕیاوی ئامادەی نان؛ ٢) جێگە: (**نزار** یا **نسار**: جێی نسێ، **هەوار**: جێی هەوا ، **شار**: شوێنی گەورە)؛ ٣) ئاگر: (زستانان ئارو ئەز) ف ١) آرد؛ ٢) پسوند مکان؛ ٣) آتش.

ئارا: ١) دۆستی و نێوان خۆشی؛ ٢) جێگەی ژینی هەمیشەیی؛ ٣) وجودو بوُن: (باسی تۆ دە **ئارادا** نیە) ف ١) دوستی؛ ٢) محل ثابت زندگی؛ ٣) وجود داشتن.

ئاراز: روبارێکە لە سنوُری ئێران و روسیا ف رود ارس.

ئاراستە: روی شتێك بەرەو کەسێك کردن: (تیرێکی **ئاراستە** کرد، تۆمەتێکی ئاراستە کردم) ف چیزی را متوجه کسی کردن.

ئاراق: شیو و کوڵ، سابون یان ئەسپوُن و ئاوی حازرکراو بۆ جل‌شتن ف وسایل لباسشویی.

ئارام: بێ‌جوُڵە، هێدی، هێمن، مەند، ئۆقرەگرتو ف آرام.

ئاران: ١) بنکەی ژیانی زستانەی کۆچەران، گەرمەسێر: (هەمو چوُنە هەواران، ئێمە ماوین لە **ئاران**)؛ ٢) عەزیەت و ئێش ف ١) قشلاق، مقابل ییلاق؛ ٢) درد و آزار.

ئاراندن: عەزیەت‌دان، ئێشاندن ف آزردن.

ئاراو: کەفاوی جارێك بۆ جل‌شوتن دەکار کراوی هێشتا بەکەڵك ماو ف پساب آب صابون.

ئارایشت: رازانەوە، خەمڵ، خۆ جوان کردن ف آرایش.

ئارج: دارحەیزەران کە دەکرێتە گۆچان و دیرەگە خێوەت ف چوب خیزران.

ئارخاڵك: ١) چێشتی ئاردورۆن؛ ٢) کولێرەی بەشەکر و ئارد ف ١) آردە؛ ٢) کاچی.

ئارختك: مۆتەکە، شەوە، ئەوی لەخەودا دەت‌ترسێنێ و هاوارت بۆ ناکرێ ف کابوس.

ئارخەیان: خاترجەم، بێخەم، بێ‌ترس و دودڵی ف مطمئن.

ئارد: ئار، دەغڵی هاڕیاو ف آرد.

ئارداوی: ١) تۆزی آش گرتو؛ ٢) بریەتیە لە تۆمەت بەخۆ کردن. دەڵێن: فلان *دەهیچدا* نەبو بەلام خۆی *ئارداوی* دەکا ف ١) گرد آسیاب گرفته؛ ٢) کنایه از خود را متهم کردن.

ئارداویژ: ١) ئەو شوێنەی ئاردی لە لێواری بەرداشەوە تێ دەڕژێ؛ ٢) لێوارە بەرداش لە گەڕاندا کە ئارد دەهاوێژێتە ناو قولکە؛ ٣) بریەتیە لە

دەراوی دەمی وێژەر: (فلانکەس ئارداوێژی دەمی خۆشە) ف ١) جای بیرون ریختن آرد از آسیاسنگ؛ ٢) لبهٔ آسیاسنگ؛ ٣) کنایه از طرز سخن گفتن.

ئاردپێج: جۆرێك هەڵوایە لە ئاردو شەکر ف نوعی حلوای شکری.

ئاردکێش: بێڵۆکەی دارینی ئاشەوان کە ئاردی پێ لە قوڵکە دەردەدا ف پاروی آردکش آسیابان.

ئاردماڵك: ئەو کۆنە پەڕۆیەی ئاشەوان جێ ئاردی پێ دەماڵێ ف کهنهٔ پاك کردن تەماندهٔ آرد در آسیاب.

ئاردن: هاوردن، هێنان، ئانین ف آوردن.

ئاردو: ١) سوتمان، ئاگر کەوتنەوە؛ ٢) سوتەمەنی، ئاوردو ف ١) حریق؛ ٢) سوخت.

ئاردو رۆن: میوانی، چێشتی ئارد بەڕۆن‌دا چاندن کە زۆرتر بۆ زەیستان دروست دەکرێ ف کاچی.

ئاردە: تازە داهاتو، تازە بابەت، نۆهاتی ف نوآمده.

ئاردە بارە: بەشە ئاردێك کە ئاشێر بۆ هەر بارێك کەمێکی بەخۆشی خۆی بە ئاشەوان دەبەخشێ ف بخشش آرد به آسیابان.

ئاردەشان: ئارداوێژ، ئەو شوێنەی بەرداش ئاردی لێوە دەخاتە قوڵکە ئاشەوە: (هەنی چێش واچون، چۆن مەکەرۆ چون / گەرد ئاردەشان ئاسیای گەردون) «مەولەوی» ف نگا: ئارداوێژ.

ئاردەڵ: نۆکەری بەردەستی خانی گەورە، باب نۆکەر، ڕاوێژکەری خان ف آردل.

ئاردەلۆکە: ١) وردە ئاردی سەر لێوی قوڵکە لە ئاشدا؛ ٢) بەفری زۆر وردو وشك کە دەبارێ ف ١) گرد آرد در آسیا؛ ٢) برف ریز و خشك.

ئاردەلێن: تۆز ئاشی زۆر نەرم ف گرد آرد در آسیا.

ئاردە مشار: بڕەمشار، ئاردی هەڕە ف آرد اَرّه.

ئاردەوا: پەڵوڵە، چێشتی گزمۆڵە هەویر و کۆزەڵە ف آشی است با خمیر و ترتیزك آبی.

ئاردەوارە: ئاردەبارە ف بخشش از آرد به آسیابان.

ئاردەی: هاوردن، هانین، هێنان، ئانین ف آوردن.

ئاردەینە: داهێنراو، داهاتو، ژنوهاتی، نوچێبویی ف اختراع.

ئاردی: ئاردەوا، پەڵوڵە ف نگا: ئاردەوا.

ئارزی: ئاوات، ئارەزو، هێوی، دڵخواز ف آرزو.

ئارزینگ: چەنە، چەنەگە، چەناگە، چناکە ف زَنَخ، چانه.

ئارژنگ: دارێکی سورێستە وەك بلاڵوك کە گۆچانی لێ دروُست دەکەن ف درختی است.

ئارسم: هەڵامەت، زوکام، پەسیو ف زُکام.

ئارسمی: هەڵامەت دار، پەسیو دار ف زُکامی.

ئارڤتە: لە کار کەوتە، پەك کەوتە، کەڵك بڕاو، وێران، تێك تەپاو ف از کار اُفتاده.

ئارگا: ئاورگ، ئاگردان ف آتشگاه.

ئارگۆن: سورو گەش لە ڕەنگی ئاگر ف آتشگون.

ئارمانج: ١) نیشانە، کێلك؛ ٢) دۆز، مەبەست، نیاز لە ژیانا ف ١) هدف؛ ٢) مرام.

ئارمانجانێ: نیشانە داکردن، کێ بەرکێ لە تفەنگو تیر هاوێژی‌دا، ئەزمونی ئەنگێوەیی ف هدفگیری.

ئارموش: ئاوریشم، هەوریشم، هەورەمیش، داوی لیکاوی کرمی ئاوریشم، تاڵی حەریر ف اَبریشم.

ئارمویش: ئارموش، هاوریشم ف اَبریشم.

ئارمیش: ئاوریشم، ئارموش ف اَبریشم.

ئارنج: مێخ زنجیر بۆ وڵاخ بەستنەوە، ئاخیە ف میخ طویله.

ئارنگ: دەردێکی ئاژاڵە، نەخۆشیەکە توشی حەیوان دەبێ ف مَرَض احشام.

ئارو: ١) خەیار، هاروێ؛ ٢) ئاڵو؛ ٣) پوُك ف ١) خیار؛ ٢) لوزتین؛ ٣) لَثّه.

ئارۆ: ئیمرۆ، ئەورۆ، ئەمڕۆ، ڕۆژی نێوان دوێنێ و سبەینێ ف امروز.

ئار وان: ١) ئازۆخەی ئارد لە ماڵدا؛ ٢) وشترێ سێ بەهاری دیبێ ف ١) آذوقهٔ آرد؛ ٢) شُتر سه ساله.

ئاروانە: وشتری چوار بەهار دیتو ف شُتر چهار ساله.

ئاروت: فرشتەیەك بوە هاواڵی ماروت لە چیرۆکاندا پێکەوەیان دەڵێن: (ئاروت ماروت) سەرەو نخون لە چاڵاوی بابل‌دا هەڵاوە سراون و تینویانەو ئاویان لەبەر چاوەو دەمیان ناگاتێ ف هاروت.

ئارۆزیان: هروژان، وروژان ف بەهیجان آمدن.

ئاروشك: پژمین، پشمین، پنژین ف عطسه.

ئارۆك: کفتە ساواری پانکەڵە کە لە گەنمە کوتاویش دەیکەن ف نوعی کوفتهٔ بلغور.

ئارون و قارون: بریەتی‌لە زۆر دەوڵەمەندو دارا ف کنایه از بسیار ثروتمند.

ئاروێ: هاروێ، خەیار ف خیار.

ئارهان: ژان و ئێشی ئەندامی سوتاو ف درد سوختگی.

ئارهاندن: چزاندن، داغ کردن بەئاگر ف داغ کردن.

ئارەزو: هێڤی، ئاوات، دڵخواز ف آرزو.

ئارەزومەند: بەتاسە، بەئاوات، بەعەزرەت ف آرزومند.

ئارەڤتە: وێران و لەکەڵك کەوتو ف خراب و از کار افتاده.

ئارەق: ١) تەڕایی لەش لە گەرمان یان لە شەرمان یان لە نوبەتێوە یان لەماندو بونەوە؛ ٢) شلی لە هەڵم تکاو، وەك ئارەقی سەرخۆشکەرو ئارەقی جاترەو هی‌تریش ف عَرَق.

ئارە قاوی: لەش بە ئارەق ف عَرَق کرده.

ئارەق‌چن: تەقیلە ف عَرَق‌چین.

ئارەق دەردان: تەڕی ئارەق لە ئەندام دەرکەوتن ف عرق بیرون دادن.

ئارەق کردن: ئارەق دەردان ف عَرَق کردن.

ئارەقگیر: پارچە لبادێکی تەنکە لەبن زینەوە دەخرێتە سەر پشتی وڵاخی سواری ف عرقگیر.

ئارەقە: ١) ئارەقی لەش؛ ٢) دارێك لەناو چینەی دیوار دەخرێ بۆ قایمتر بونی دیوار ف ١) عرق؛ ٢) چوب لایهٔ دیوار.

ئارەی: پڕ، تژی، دارماڵ ف پُر، مالامال.

ئاری: ١) نیشتەجێ، بەرانبەر بە کۆچەر؛ ٢) کۆمەگ، یاریدە، هاریکاری؛ ٣) لە ڕەسەنی قەومی ئاری، ئاریایی؛ ٤) خۆڵەمێش، مشکی، خۆڵەکەوە ف ١) مقیم؛ ٢) کمک؛ ٣) آریایی؛ ٤) خاکستر.

ئاریّ: بەڵێ، هەریّ ف آری.

ئاریان: ١) دڵ تێك چوُن و دڵ هەڵشێوان لە خواردنەوە؛ ٢) کوان و زیپکە لەلەش هاتن ف ١) حالت تهوع؛ ٢) ظاهرشدن جوش بر پوست.

ئاریباری: ١) هەڵوچەی سوُری پایزە؛ ٢) بەلاّ لوُك، ئالو باڵو ف ١) آلو سرخ؛ ٢) آلبالو.

ئارێخ: مێخ زنجیری تەویلە کە ولاّغی پێ دەبەستنەوە ف میخ طَویله.

ئاریختێ: میراو، ئەوکەسەی کە ئاو دابەش کردنی بۆ ئاودێران بەدەستە ف میراب.

ئارێز: کەلێکی بەناوبانگە لەنێوان ڕێگای سنەو مریوان دا ف گردنەای در راه سنندج مریوان.

ئاریشە: دژوار، چەتون، زەحمەت ف دشوار.

ئاریکار: یاریدەر، هاریکار، کەسێ کۆمەگ بە کەسێ دەکا ف یاری دهندە.

ئاریکاری: کۆمەگ، یاریدە، هاریکاری ف کُمك.

ئاریلە: پیاوی ژنانیلە، ژنەرەنگە، ئاڵی پیواز، یوُسف ئەفەندی: (نێرێکی **ئاریلەیە**، لاسای مێ دەکاتەوە) ف مرد زن‌نما.

ئارێنج: کوانی بن هەنگڵ، قونێر کە لە بن باخەڵ دەردەچێ ف دُمل زیر بَغل.

ئارینوُك: لەپە، لەتکە نوُك، نخوُشەر ف لپّه.

ئاز: ١) زیپکەی شیری، تەو چینچك و زیپکانەی لە ڕوی منالی شیرەخۆرە دێن؛ ٢) ساغ و ڕاست و بێ فڕوفێڵ ف ١) جوش صورت بچەهای شیرخوار؛ ٢) درست کار.

ئازا: ١) نەترس، ڕەشید، بەغیرەت؛ ٢) زو، بەپەلە: (**ئازا بڕۆ ئازا بگەیە**)؛ ٣) بەکاکڵ: (**وەك گوێزی ئازایە**)؛ ٤) ڕزگار، ئازاد: (گەردەنم **ئازاکە**، گەردنت **ئازابێ**)؛ ٥) ئەندامی لەش: (**هەمو ئازای لەشم ژان دەکا**) ف ١) شجاع؛ ٢) شتاب؛ ٣) با مغز؛ ٤) آزاد؛ ٥) اندام بدن.

ئازاتی: نەترسان، مێرخاسی، زیخی، گەڕناسی، ڕەشیدی ف شُجاعت.

ئازاد: ڕزگار، راهی، سەربەست ف آزاد.

ئازاد کردن: ١) لە گیروُدەیی راهی کردن، لە زیندان بەردان؛ ٢) لێ خۆش بوُن، عافو کردن ف ١) و ٢) آزاد کردن.

ئازادی: ڕزگاری، سەربەستی ف آزادی.

ئازادیخوا: داواکاری سەربەستی، ڕزگاریخواز ف آزادیخواه.

ئازادیخواز: ئازادیخوا ف آزادیخواه.

ئازار: ١) ئێش و ژان؛ ٢) پەتاو دەرم، ئاهۆ؛ ٣) مانگی ئادار، مارس ف ١) آزار؛ ٢) مَرَض واگیردار؛ ٣) ماه مارس.

ئازاردان: عەزیەت دان، ئێش پێ گەیاندن ف آزردن.

ئازاری سی: دەردەباریکە، ئازاری سیل و دیق ف مرَض سِل.

ئازاڵە: سوختی زستانە، ئاوردو بۆ زمسان ف سوخت زمستانی.

ئازانە: ئازایانە، وەك پیاوانی نەترس و بەجەرگ ف شجاعانە.

ئازایانە: ئازانە ف نگاه: ئازانە.

ئازایەتی: نەترسان، گەڕناسی، غیرەت ف شُجاعت.

ئازایی: ١) ئازایەتی؛ ٢) ڕزگاری و ئازادی: (بە گەردن **ئازایی** دەت‌دەمێ) ف ١) شجاعت؛ ٢) آزادی.

ئازپیش: چێشت لێ نەر، ئاشپەز ف آشپز.

ئازراندن: عەزیەت‌دان، ئێشاندن ف آزردن.

ئازری: برینی بەچڵك و کێم و هەوا ف زخم چرکین.

ئازگار: تەواو، بەشوێن یەکدا بێ بڕانەوەو نێوان: (دوساڵی **ئازگار** لە زیندان بوم) ف بی کم‌وکاست، متوالی.

ئازموده: تاقی کراوە، تەجرەبە کراو: (ماستی **ئازموده** لە کەرەی نا **ئازموده** چاترە) «مەسەل» ف آزموده.

ئازنگ: خانوی بەسەر تەختەبەردی پانەوە دروس کراو ف خانەای کە بر تختەسنگ بنا شده باشد.

ئازوباز: ئۆباڵ، تاوان و گوناح ف بزه، وبال.

ئازوبەزە: ئۆباڵ، ئازو باز، هۆباڵ: (**ئازوبەزەت** وە ملم من ئەم کارەم نەکردوە) ف بزه، وبال.

ئازوخە: بژیوی پێداویست لە ماڵدا، تفاق ف آذوقه.

ئازوخەدا خستن: بژیوی زستانە دابین کردن، تفاق کۆم کردن ف آذوقه اندوختن.

ئازوقە: ئازوخە ف آذوقه.

ئازەب: جحێڵی بێ‌ژن یان بێ‌مێرد ف عَزَب.

ئازەبەت: زیپکەی دەم و چاوی تازە لاوان، عازەوی، عازەبی ف جوش عزبی.

ئازەپ: کۆیلەی بەدراو کڕدراو، بەندەی زەرخری ف بردهٔ زر خرید.

ئازەخ: بالوُکە، بالوُك، زیپکە ئاساییەکی ڕەقی بێ‌ژانە لەدەست و پل دێت ف زگیل.

ئازەر: نۆهەمین مانگی ئێرانی بەرانبەر بە سەرماوەز ف آذرماه.

ئازەنتی: ڕاوە، مانالێ دانەوە، شی کردنەوەی نوسراوێك بە نوسراوێك ف شرح و تفسیر.

ئازیز: خۆشەویست، بەڕێز: (**ئازیز** دیارەن وادەی لوامەن / ئەلوەدای ئاخر نەوە نامامەن) «مەولەوی» ف عزیز.

ئازیز مەردە: ئازیەت بار، خۆشەویس مردو ف عَزادار.

ئازیزە: ناوی هەوایەکی گۆرانی کۆنی کوردە ف از آهنگهای قدیمی کردی.

ئازیەت: تازیە، خەم داگرتن بۆ تازە مردگ، ماتەم ف عزا، ماتم.

ئازیەت‌بار: خەمباری خۆشەویست مردو، ماتەمین ف ماتم‌زده.

ئازیەتی: ئازیەت باری ف سوکواری.

ئاژ: بەرانبەری لوس و لێك، زبر و زوُر، نەبوُر ف ضد صاف، خشن.

ئاژار: بەهرەو دەرامەتی زەوی، حاسڵاتی زەوی و زار ف محصول زَمین.

ئاژاژك: باوێشك، لەبەر خەو دەم داچەقاندن ف خمیازه.

ئاژاشکە: ١) باوێشك؛ ٢) مچورك، تەزو، موچرك ف ١) خمیازه؛ ٢)

مو رەمو رسدن یدن.
ئاژاڵ: ١) یاتاڵ، وڵسات، گاو گۆڵ و مەڕو ماڵات؛ ٢) پڕو پوش و چیلکەو چاڵ ف ١) دام، احشام؛ ٢) علف و خس و خاشاك.
ئاژان: پۆلیس، قۆڵچی، شاگرد داروغە ف آژان، پاسبان.
ئاژاولە: پشێوی و کەس لەکەس، ئاژاولە ف آشوب، بلبشو.
ئاژاولە: ئاژاولە ف آشوب.
ئاژاوە: ئاژاولە ف آشوب.
ئاژاوەچی: کەتن گێڕ، مایە فتنە، سەرە سۆدرە، شەڕ هەڵایسێن، شەڕ هەڵ خڕێن ف آشوبگر.
ئاژاوە نانـەوە: کەتن گێڕان، فتنـە نانـەوە، شەڕ هەڵخڕانـدن ف آشوبگری و فتنەانگیزی.
ئاژدا: باپیران، ئەجداد: (هەرکەس بێگانە بەرستە نەحلەت لە ئاژداشی بێ) ف نیاکان.
ئاژداد: ئاژدا ف نیاکان.
ئاژر: رك، ڕق، تووڕەیی، قین ف خشم.
ئاژری: تووڕە، ڕق هەستاو، بەڕك ف خشمناك.
ئاژن: ١) زۆر تێ چەقـاندن، بە دەوری یەکا تێوە کردن. (هەمو گیانیان دەرزی ئاژن کرد)؛ ٢) کوڵینەوەی ددان بۆ خاوێن کردنەوەی لە وردە گۆشت و... ف ١) خلانیدن؛ ٢) دندان خلال کردن.
ئاژنی: مەلە، مەلەوانی، سۆبایی ف شنا
ئاژنین: ١) کوڵینـەوەو تێوە کردنی نوك تیژ بە شتێکدا: (خەریکی ددان ئاژنینـە)؛ ٢) داخستن. (دەرگاکە باژنە)؛ ٣) داکەندن: (کراسەکەم ئاژنی، دامکەنـد)؛ ٤) زبـرکردن، زرب کردن، کونجرکونجر کردنی بەرداش ف ١) خلانیدن؛ ٢) بستن؛ ٣) درآوردن؛ ٤) زبرکردن آسیاسنگ.
ئاژۆ: ١) لێخوڕ، کەسێ کە بارەبەرلێ دەخوڕێ: (باژۆ سوارۆ ئەسپێ خۆ باژۆ)؛ ٢) شوێن هەڵگرتن، شوێن گێڕی؛ ٣) لك لێ بونەوەی ریشە ف ١) رانندە؛ ٢) ردیابی؛ ٣) ریشە دوانیدن.
ئاژۆتن: لێخوڕین: (لە ترومبیل ئاژۆتن دا زۆر بەکارە) ف رانندگی.
ئاژۆتنەسەر: پەلامار بۆ بردن، هەڵکوتانە سەر ف هجوم، یورش.
ئاژۆدان: بۆ شەو لەوەڕ بردنی مێگەل ف بردن گلە در شب برای چرا.
ئاژەڵ: ئاژاڵ، ماڵات، وڵسات ف احشام.
ئاژەڵداری: حەیوان ڕاگرتن، ماڵات بەخێو کردن، دەوڵەتداری ف دامداری.
ئاژین: زبر بون، زبر وەك زبری بڕ بەندو بەرداش ف زبر بودن.
ئاژینە: چەقـەنـەی تاش، چەقچـەق، چەقچـەقـە، چەقچـەقۆك؛ ٢) چەکوشی بیرازکردن کە سەرەکەی ددانەی هەیە ف ١) لکلکۀ آسیاب، کُلندۀ آسیاب؛ ٢) آژینە.
ئاس: ١) قاقوم: *جانەوەرێکە توك سپی لەتیرەی بانبانك و سمۆرە، کە کەوڵی زۆر بەنرخە*؛ ٢) پەڕێکە لە پەنجاودو پەڕی قومار؛ ٣) کەنەفت و مانـدو، *بەم مانـایە بە تەنیا ناگوترێ وە لەگەڵ پەلاس دا دێ*: (بـە سوێندانەوە **ئاس و پەلاس دەبێتەوە**)؛ ٤) ڕوت و ڕەجاڵ: (کابرا ئاس و پەلاسە، هیچ شتی نایماو) ف ١) قاقم؛ ٢) تکخال ورق بازی؛ ٣) خستە؛ ٤) پابرهنە.
ئاسا: وەکو: (منیش خۆت **ئاسا** ئەم کارەم کرد) ف آسا.
ئاسار: شوێنەواری، بنەڕەت ف آثار، پایەو اساس.
ئاسان: هاسان، سانایی ف آسان.
ئاسـانە: ١) سەردەرانە، ژێردەرانە؛ ٢) بڕیەتیەلە بەرماڵی گەورە ماڵان: (من شەوێ نالەم جۆش ئاوەردەبێ / سەگی ئاسانەت بێدار کەردەبێ) «مەولەوی» ف ١) و ٢) آستانە.
ئاساو: ئاشی ئاو، ئاسیاو، ئێشی دەخڵ هاڕین ف آسیاب.
ئاسایشت: ئاسودەیی، ئیسراحەت، بێ خەمی ف آسایش.
ئاسایی: ١) ئاسا: (پیاوێ خۆت **ئاسایی** باش بو)؛ ٢) عادەتی، پەرانبەر بە یاسـای کۆمەڵایەتی: (شەڕو شۆڕ باری **ئاسایی** تێك داوە) ف ١) مانند؛ ٢) معمولی.
ئاسپایی: هێدیکا، بەسەبر، هێواش، لەسەر خۆ ف یواش.
ئاست: ١) زەحمەت، چەتۆن؛ ٢) جێگا، شوێن: (لەو **ئاستە** تۆشی بوم)؛ ٣) بەرانبـەر، ڕوبـەڕو: (لـە **ئاستت** چاوم هەڵنایە) ف ١) دشوار؛ ٢) مکان؛ ٣) مقابل، روبرو.
ئاستاش جیا: بەجێمی هێشت ف مرا بجا گذاشت.
ئاستش: هێشتی، ڕێگەی دا، تلی ف اجازە داد.
ئاستش جیا: بەجێ هێشت ف جاگذاشت.
ئاستن: هێشتن، دەس لێ هەڵگرتن ف هشتن.
ئاستۆن: بەر دەرگا، بەرماڵ ف جلو در.
ئاستەبو: بەجێ هێشتنی ئاسەوار ف اثر بجاگذاشتن.
ئاستەڕ: ئاسـەڕ، بەر، بەرە کەوا، بەرەلێفە: (کەوای قوتنی **ئاستەڕی** جاوە) «مەسەل» ف آستر.
ئاستەم: ١) کەموکە، بەحاڵ، کەمترین ئەندازە: (بە**ئاستەم** دەستم لێدا هاواری کرد، دەستم بە **ئاستـەمێك** روشاوە)؛ ٢) دژوارو هەڵەموت: (تەرەغە کێوێکی **ئاستەمە**) ف ١) اندك؛ ٢) سخت و صعب‌العبور.
ئاستەنگ: جێگەی سەخت و هەڵەموت ف کوە و راە سخت.
ئاستەی: هێشتن، ئاسەی، تلین ف اجازە دادن.
ئاسرم: هەڵامەت، پەسیو، زوکام ف زُکام.
ئاسرمە: باریکە چەرمێکە لە کورتاندا کە دەکەوێتە سەر کلکی بارەبەر ف نوار چرمی پالان کە بر دم حیوان باربر افتد.
ئاسك: مامز، کەژاڵ، خەزاڵ، مامبز ف آهو.
ئاسکۆل: کارمامز، بیچوە ئاسك ف بچّە آهو.
ئاسمـان: حەوا، عاسمـان، بەرزایێ کە ئەستێرەو مانـگ و ڕۆژی لێوە دەبیندرێن، ئەزمان، ئەزمێن ف آسمان.
ئاسمانە: ١) میچی بەرز؛ ٢) مەڵاشوی زار، ئاسمانەی دەم ف ١) سقف بُلند؛ ٢) سق.
ئاسمانی: شین بەڕەنگی ئاسمان، عابی ف آبی‌رنگ.
ئاسمین: یاسەمەنە، گوڵێکی دارەکەی سپی و بۆن خۆشە ف یاسمن.
ئاسن: ئێسن، هەسن ف آهن.

ئاسنجاو: قاپو قاچاغی مسین، دەفرو بەرۆشی لەمس چێکری ف ظروف فلزی و بیشتر مسی.

ئاسندڕك: دڕکە ئاسنینە، تێلی وارشی دڕكدار ف سیم خاردار.

ئاسنگەر: وەستای ئامرازی ئاسن، وەستا خاڵە ف آهنگر.

ئاسنەواڵە: لەکارکەوتەو لەتو پەتی ئامرازی ئاسن، قوڕازەی ئاسنی ف خُرده فلز، سقط.

ئاسنی: ئاسنین ف آهنین.

ئاسنین: ١) دروس کراو لە ئاسن؛ ٢) قایمو بەهێز وەك ئاسن ف ١) و ٢) آهنین.

ئاسۆ: ١) کەنارەی ئاسمان، قەراغی ئاسمان؛ ٢) تارمایی، ڕەشایی لەدور ف ١) اُفُق؛ ٢) سایه‌ای در تاریکی.

ئاسودە: ڕەحەت، بێ خەم، بەئیسراحەت ف آسودە.

ئاسودەیی: ئیسراحەت، ڕەحەتی ف آسودگی.

ئاسۆگ: کەنارەی عاسمان، ئاسۆ ف اُفُق.

ئاسەڕ: ئاستەڕ ف آستر.

ئاسەوار: ١) شوێنەواری کەون؛ ٢) پاش ماوەی ڕەچەڵەك: (هەی ئاسەوارتان ببڕێ) ف ١) آثار؛ ٢) نسل، نژاد.

ئاسەی: ئاسەی، هێشتن، تلین ف اجازه دادن.

ئاسێ: ١) سەختو دژوار: (مانای ئەو وشەیە زۆر ئاسێیە، نایزانم)؛ ٢) عەڵە موتو هەزار بەهەزار: (چیایەکە گەلەکی ئاسێیە) ف ١) سخت و مُشکل؛ ٢) کوه مُرتفع.

ئاسیا: بەشێکی گەورە لە چوار قوڕنەی دنیایە، پارچە وشکانی هەرە زل لە جیهانا ف قارّهٔ آسیا.

ئاسیاو: ئاشی ئاو، ئاساو ف آسیاب.

ئاسیاوان: ئاشەوان ف آسیابان.

ئاسیدە: هەڵوایەکە لە ئاردو ڕۆن و دۆشاو، هەڵوای بەدۆشاوی ف حلوا.

ئاسێرە: ئەستێرە ف ستاره.

ئاسین: ١) قوڵـە کراس، سوڕانی، قوڵە کەوا، ئەنگوچك؛ ٢) سورەتی یاسین: (ئاسینەکی سەر ئەخۆش بخوینە) ف ١) آستین؛ ٢) سورهٔ یاسین.

ئاسیو: زیان، زەرەر، عەزیەت، بەڵا، ئازار ف آسیب.

ئاسێو: ١) ئاسێ، سەختو دژوار؛ ٢) داروکەی سنجوەتاڵە کە ئاگری زۆر بەتینە ف ١) سختو دشوار؛ ٢) هیزم سنجد تلخ.

ئاش: ١) ئاسیاو؛ ٢) ئاشتو نێوان خۆش؛ ٣) چێشتی ماس و گیا، دۆ کولیو، دۆکلیو؛ ٤) شۆی پارچەو یاخەکراس، دەق ف ١) آسیاب؛ ٢) آشت؛ ٣) آش ماست؛ ٤) آهار.

ئاشاخە: ١) میوەی ڕزیو، قرپۆك؛ ٢) حەیوانی بێ بڕو لە جەڵدبدا؛ ٣) هەرشتی ئالەبارو بێکارە ف ١) میوهٔ گندیده؛ ٢) حیوان کم‌بها؛ ٣) مُنجُل.

ئاشاعە: ئاشاخە ف نگا: ئاشاخە.

ئاشانە: دەیەکی مزاش کەبەشی خاوەن ئاشەو ئاشەوان دەیداتێ ف مُزد آسیا.

ئاش بەتاڵ: دەس لەکار کێشان ف دست از کار کشیدن.

ئاشپەز: شیوکەر، چێشت کەر، چێشت لێنەر ف آشپز.

ئاشپەزخانە: مۆبەق، کارخانە، متبەخ، جێگەی شیولێنان ف آشپزخانه، مَطْبَخ.

ئاشپەزی: شیولێنان، چێشت کەری ف آشپزی.

ئاشت: نێوان خۆش، دۆست، بێ شەڕو داوا ف آشت.

ئاشتبونـەوە: دوای نێوان ناخۆشی، پێكهاتن و بونە دۆست، مەسلەت کردن ف صُلح کردن.

ئاشتەبا: شت ف موجودی.

ئاشتی: هێمنایەتی، نێوان خۆشی ف آشتی.

ئاشتیخواز: هێمنایی خواز، ئەوەی دژی شەڕو هەرابێت ف صُلح‌طَلَب.

ئاشتێنی: نێوان خۆشی، ئاشتی ف آشتی.

ئاشچی: ئاشپەز، شیوکەر ف آشپز.

ئاشخانە: چێشتخانە، جێگەی نان و چێشت لێ کڕین ف رستوران.

ئاشرمە: ئاسرمە ف نگاه: ئاسرمە.

ئاشڤان: ئاشەوان، ئاسیاوان ف آسیابان.

ئاشق: دڵدار، ئەویندار، بەندەوار ف عاشق.

ئاشقە: ئاشق: (ئاشقەوماشقە) بۆماری نێرومێ دەگوترێ ف عاشق.

ئاشك: ١) ورگ، مەدە، عور؛ ٢) هێز، وزە، توانایی، تاقەت؛ ٣) ئەویندار ف ١) شکمبه؛ ٢) توان؛ ٣) عاشق.

ئاشکرا: خویا، دیار، دیاری، بەرچاو ف آشکار.

ئاشکرابون: ١) دیاری دان، خویابون؛ ٢) دەرکەوتنی نهێنی، دیاردانی وەشارتی ف ١) آشکارشدن؛ ٢) فاش شدن.

ئاشکـرا کـردن: نهێنی دەرخستن، پەنامەکی خستنەرو: (ڕازە کەم ئاشکرابو). ف فاش کردن.

ئاشکرایی: خویایی، دیاردە، دژی نهێنی ف آشکارا.

ئاشگێڕ: ئەندازەئاوێکی ئاشی پێ دەگەڕێ ف آب آسیاب گردان.

ئاشمای: قەخوارن، خواردنەوە، فڕکردن ف آشامیدن.

ئاشنا: ١) ناس، ناسکری؛ ٢) دۆستو یار: (دەگەڵ فلاندا زۆر ئاشناین) ف ١) و ٢) آشنا.

ئاشنایەتی: نێوان خۆشی، ناسیاوی ف آشنایی.

ئاشو: کێمو زوخی برین ف ریمو چرك زخم.

ئاشۆ: ١) وچان، پشودان، تۆزێك وێستان بۆ ئیسراحەت کردن؛ ٢) کێمو زوخی برین؛ ٣) پەشێوی و ئاژاوە ف ١) وقفهٔ کوتاه؛ ٢) چرك زخم؛ ٣) آشوب و بلوا.

ئاشۆپاشۆ: ١) قسەی سڕ و بێ تام؛ ٢) خەو دیتنی پەرێشان و بێ سەروبن ف ١) یاوه؛ ٢) خواب و رؤیای آشفته.

ئاشۆت: ڕنی، ڕنو، کلێلە، هەرەس، بەفری کۆمەڵ لە بارنەوە بەچیاوە ف بهمَن.

ئاشوژن: گشتەکی جەواڵ درون ف رشتهٔ جَوال‌دوزی.

ئاش وەستا: وەستای ئاش چاك کردن ف استادکار آسیاب.

ئاشـە بەتـەنـدورە: گاڵتەی زاڕۆکان، دەستەی تێکەوتو بەپێوە

سەربەسەری یەکەوە دەنێن سەرکەو تو دەچنە کۆڵیان، گەمەی کەری سوری پشت درێژ ف نوعی بازی کودکان.
ئاشەتەندورە: ١) گێژاو، سوڕی ناوی گۆمی قوڵ؛ ٢) گەمەی ئاش بەتەندورە؛ ٣) ئاشێکی دوڵەکەی بەقسڵو بەرد ئەکەن تا بە ئاوی کەمیش بگەڕێ ف ١) گرداب؛ ٢) نوعی بازی؛ ٣) نوعی آسیاب.
ئاشەقولانێ: گاڵتەیەکی منالانەیە ف نوعی بازی کودکان.
ئاشەگورێز: ناوی شتێکی نەبوی خەیاڵیە وەك درنج منالی پێ دەترسێنن ف از موجودات خیالی، لولو.
ئاشەوان: ئاسیاوان، ئاشقان ف آسیابان.
ئاشێ: دەردو کوێرەوەری ف زحمت و دردسر.
ئاشێڕ: کەسێ کە باراش دەبا بۆ ئاش ف مراجع آسیاب.
ئاشێف: ئاشێڤ ف تکمیش.
ئاشێڤ: بنکوڵ کردنی سەوزەوات بۆ بەهێز بونی ف تکمیش.
ئاشێگە: زەوی سەخت و ڕەقەن ف زمین سخت.
ئاشێو: ١) دەردو بەڵاو بەسەرهاتی خراپ؛ ٢) پەشێوی و ئاژاوە ف ١) مصیبت؛ ٢) آشوب.
ئاغا: لەقەمە بۆ پیاوی زل، بۆ خاون گوند، لە ئێراندا وەپێش ناوی هەمو پیاوێك ئەکەوێ، کابرا ف آقا.
ئاغابانو: پارچەیەکە بۆ لەسەرنانی پیاوان بەکاردێ، ئاخەبانو ف آغابانو.
ئاغاتی: گەورەیی، خاون موڵکی، بەڕێوە بردنی ڕەعیەتان ف آقایی.
ئاغاژن: ژنی ئاغا، ناوەکە دوای ئەو لەقەمە دەکەوێ وەك: (ئاغاژنە فات) ف همسر ارباب.
ئاغایەتی: ئاغاتی، مەزنایەتی، گەورەیی ف آقایی، سروری.
ئاغزونە: ئاڵقەی ددانەداری کانزا کە زمانەی تێدایەو بۆ داخستنی قایشی پشت و کەوش و بەرەزین و ... بەکار دەهێنرێ ف سگک.
ئاغزە: قونچکە سیغار، کاغەزێکە دەیپێچن و دەیخەنە بنی قامیشە سیغارەوە، بنکی جغارە ف فیلتر سیگار.
ئاغڵەب: زوربە، زۆرجاران ف اَغلَب.
ئاغڵەویك: ئاخڵەویك، تاوە ف تابه.
ئاغە: ئاغا ف آقا.
ئاغەبانو: ئاغابانو ف آغابانو.
ئاغەبرا: بەبرای گەورە دەڵێن ف داداش.
ئاغەجەواش: گیایەکی بۆنخۆشە کەلەدۆ کولێوی دەکەن ف از گیاهان معطّر.
ئاغەڵ: غەڵ، جێی داکرتنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا، هۆڵ ف آغُل.
ئافات: دەردو ئازار، بەڵاو بەتا: (تاقانە یەتیمی خەڵەفی ئاخری نیسان / نۆ خۆش بی سەدەف بو بە فیدات دور بی لە ئافات) «نالی» ف آفات.
ئافتا: هاوتا، ئامتا، هامتا، هەمبەر: (ئەگەر چاوی خۆم بەیایە زینێ هەڵدێنایە / وەهام دەدی ئافتای کاکە مەمێ جوانە) «بەیتی مەم و زین» ف همتا.
ئافتاو: خۆر، ڕۆژی بەرانبەری مانگی عاسمان ف خورشید.
ئافتاو گەردان: پێشەسەرێکە درونەوان لە توێڵیان دەبەستن تا تاو لە چاویان نەدات ف سایەبانِ کلاه دِروگران.
ئافتاوە: مسینە، لولێنە، مەعدەنی، مسینك ف آفتابه.
ئافر: ئاخور، جێ خۆراکی ئاژاڵ کە لە قوڕ هەڵبەستراوە ف آخور.
ئافران: دروس بون، هاتنەدی، چێ بون ف خلق شدن.
ئافراندن: خوڵقاندن، دروس کردن، بەدی هێنان: (خودێ هەردو ئەزمین ئافراند) ف آفریدن.
ئافرەت: برێتیە لە ژن، مێوینەی مرۆ، عافرەت، زەعیفە ف کنایه از زن.
ئافشوژن: گشتەکەبەنی تێڕو جەوالدروێن ف نخ جوالدوزی.
ئافور: گاکێوی ف گوزن.
ئافەت: ئافات ف آفت.
ئافەریدە: دروس کراو، خوڵقاو، رسکاو، مەخلوق، وەدیهاتو، دا هێنراو ف آفریده.
ئافەرەم: ئافەریم ف آفرین.
ئافەریم: کارێ باشت کرد، دەس خۆش، باریکەڵڵا ف آفرین.
ئافەرین: ئافەریم ف آفرین.
ئاڤ: ئاو ف آب.
ئاڤا: ئاوەدان، ئاوا، بەرانبەر بە وێران ف آباد.
ئاڤاتەزی: ئاوی سارد ف آب خنك.
ئاڤابەرف: بەفراو، سەهۆڵاو ف برف آب.
ئاڤار: کەوڵ و پێستەی ئاژاڵ بەرلە دەباغ ف پوست دباغی نشده.
ئاڤاڕو: ئاوڕو، ئابڕو ف آبرو.
ئاڤارێ: لەرێ دەرچوگ، گومڕا، لەرێ لادەر ف گمراه.
ئاڤاهی: ١) گوند، دێ، ئاوایی، ئاوەدانی؛ ٢) کۆشك، خانو بەرە، خانو ف ١) آبادی؛ ٢) خانه.
ئاڤ پەنگ: ئەو قولکەی یان ئەو بەردە قوڵەی کە ئاوی بارانی تێدا رادەوەستێ ف جای جمع شدن آب باران.
ئاڤ پیڤاز: پیوازاو، پیازاو، چێشتی ڕۆن و پیوازو ئاو ف سوپ پیاز.
ئاڤخێز: ئاوێ کە بە مەندی و لەسەرخۆ بڕوا، دژی خوڕ ف آبخیز.
ئاڤدانك: دەفری ئاو ف ظرفِ آب.
ئاڤدونگ: ١) شۆربای بێ ڕۆن و ناخۆش؛ ٢) ئاڤرێژ، جێ مێز، ئاودەسخانە ف ١) سوپ بدون چربی؛ ٢) مُستراح.
ئاڤدەست: ١) ئابخانە، ئاودەست، ئاودەستخانە؛ ٢) دەسپاك، ئەمین، جێ باوەڕ ف ١) مُستراح؛ ٢) شخصِ امین و درستکار.
ئاڤدەڤ: قومقومە، مەتارەی ئاو ف قمقمه.
ئاڤدەل: نێرە پۆڕ ف دُرّاج نر.
ئاڤدین: تۆڵە کردنەوە، لەحەق هاتن ف تلافی.
ئاڤرێژ: جێ مێز، ئاودەسخانە ف مستراح.
ئاڤزە لێلك: نەخۆشی ئاوبەند، دەردی ئیسقایی ف بیماری استسقا.
ئاڤزەمکی: درەنگ ڕەسیو، وڵامێك درەنگ بگا، دیاریەك یا ناردراوێك دێر بگات ف دیر رس.
ئاڤزێم: کانی و سەرچاوەیەك کە هاوینان وشك بکا، کوێرە کانی ف چشمهٔ زاینده.

ئاڤزین: بلندایی و گیژی نیرینه‌ی ئاو ف کوههٔ آب.

ئاڤژەن: ١) مەلەوان، سوبایی کەر؛ ٢) سەولی بەلەم لێ خوڕین، سەولی کەلکە وانی ف ١) شناگر؛ ٢) پاروی قایقرانی.

ئاڤژەنی: مەلەوانی، سوبایی ف شناگری.

ئاڤس: ئاوس، زکپڕ، تۆل لە زگدا ف آبستن.

ئاڤسین: ١) زک پڕ بۆن؛ ٢) ئەستوور بون و هەلامسان ف ١) آبستن شدن؛ ٢) آماسیدن.

ئاڤشۆ: چلکاو، ئاوی شت پێ شوراو ف پس‌آب.

ئاڤشیز: ئاوی لیخن و پڕ لم و لیتە ف آب گِل‌آلود.

ئاڤشیلە: ئاوی قورە، گوشراوی بەرسیلە ف آبغوره.

ئاڤکینە: تونگەی لولەداری لەشوشە ف تُنگ شیشه‌ای.

ئاڤگیر: قورت و قولکەی کە ئاوی باران ڕادەگرێ ف جای جمع‌شدنِ آبِ باران.

ئاڤرێ: لادەر لە ڕێگە ف مُنحرف.

ئاڤەریس: ئاوریشمی خاو، هاوریشمی هێشتا نەڕێسراو ف ابریشم خام.

ئاڤی: ١) بەراو، ئاوی، بەرانبەری دێمی؛ ٢) شەونم؛ ٣) هەلوەداو ئاوارە؛ ٤) جانەوەری ئاوی ف ١) آبی، مقابل دیمی؛ ٢) شبنم؛ ٣) آواره؛ ٤) آبزی.

ئاڤیاری: بەیارمەتی، لەسایەی ف کمك، یاری.

ئاڤیتن: هاویشتن، توردان، فڕێدان ف پَرت کَردن.

ئاڤێر: وچانی تەلاقدراو یا مێرد مردو، عیددە ف عدّهٔ زن.

ئاڤێژ: فڕێدەر، توردەر، هاوێژەر، دەبێتە پاشگر ف پَرت کُننده.

ئاقار: ١) شوێن و جێگە؛ ٢) دەورو بەر؛ ٣) مەلبەندو ناوچە: (مالمان لەو ئاقارانە بو) ف ١) جای؛ ٢) پیرامون؛ ٣) منطقه.

ئاقل: بەئاوەز، زانا، ژیر، عاقل، وریاو فامیدە ف عاقل.

ئاقو: جۆرێ کوتر ف نوعی کبوتر.

ئاقوت: یاقوت، بەردێکی بەنرخەو غالبەی بەڕەنگی سوری گەشە ف یاقوت.

ئاقویت: ئاقوت ف یاقوت.

ئاقیبەت: عاقیبەت، دوماهی ف سرانجام.

ئاقید: دۆشاوی خەست، دمسی تیر ف شیرهٔ غلیظ.

ئاقیدە: بیر و بڕوا، دۆز، عاقیدە ف عقیده.

ئاقیق: گەوهەرێکە بەزۆر ڕەنگان دەبێ. یاقیق ف عقیق.

ئاك: پاشگرێکە وشەی ئامرازو هۆ دەدا وەك: پۆشاك، خوراك کە واتای خواردەمەنی، پۆشیدەنی دەدا ف پسوندی است.

ئاکابر: پیاوە گەورەکان، مرۆڤێت مەزن ف بزرگان.

ئاکابرانە: ئاکاری پیاوانە، شیاوی گەورە پیاوان ف شایستهٔ بزرگان.

ئاکار: خو، ڕەوشت، کردەوە، ئەخلاق ف کردارو اخلاق.

ئاکام: ١) دوماهی، دوایی، پاشینە؛ ٢) کاتی مەرگ، هەنجەل، ئەجەل: (زینده بەئاکامە) ف ١) انجام؛ ٢) اَجَل.

ئاکنجی: نیشتەجێ لەکونەوە، ڕەعیەتی قەدیمی ف مُقیم از قدیم.

ئاگا: ١) خەبەر، های: (ئاگات لەو کارە هەیە؟)؛ ٢) زاناو فامیدە؛ ٣) ئاگا، نەخەوتو، بێدار: (فلان خەوتوە یاز ئاگایە)؛ ٤) قەیران و تیژبونی نەخۆشی، بوحران ف ١) خبر؛ ٢) آگاه؛ ٣) بیدار؛ ٤) بحران مرض.

ئاگابونەوە: لەخەو هەستان، لە بێهۆشی وشیار بونەوە ف بیدارشدن.

ئاگادار: ١) های‌لێ، خەبەردار؛ ٢) پارێزگار: (ئاگادارت خودایێ) ف ١) آگاه؛ ٢؛ نگهدار و حافظ.

ئاگر: ئاور، ئێگر، ئاهر، ئایەر، ئاتەر ف آتش.

ئاگرباران: ١) برێتیە لە شەڕە تفەنگی زۆر؛ ٢) برێتیە لە گەرمای زۆر و بەتەوژم ف ١) کنایه از تیراندازی شدید با تفنگ؛ ٢) گرمای بسیار شدید.

ئاگربازی: فیشەکەشێتە هەلدان و ئاگر پژاندن لە جێژندا ف آتش‌بازی.

ئاگربڕ: دامرکاندنی سوتمان، تەمراندنی شەوات ف فرونشاندن آتش، اطفای حریق.

ئاگر بردن: سازو ئامادەبون بۆ زو سوتان ف قابل اشتعال بودن.

ئاگر بەر: ئامادە بۆسوتان: (پوشوە کەت زۆرباش و ئاگربەرە) ف آماده برای سوختن.

ئاگر بەربون: سوتمان، شەوات، ئاور بەربونەوە ف حریق.

ئاگر بەردانەوە: ئاور دەولات بەردان، سوتمان نانەوە ف آتش‌افروزی و ایجاد حریق.

ئاگر پارە: هارو هاج، وریاو زیت، ئاتەشپارە ف آتشپاره.

ئاگر پژێن: کێوێ کە سەرەکەی ئاگر دەپژێنێ، ئاگری ف آتشفشان.

ئاگر پەرست: گاور، مەجوسی، پەیڕەوی دینی زەردەشت ف آتش‌پَرست.

ئاگرتێ بەربون: ئاگر گرتن، گڕگرتن ف مُشتعِل شدن.

ئاگرخانە: کورەی ئاسنگەر ف کورهٔ آهنگر.

ئاگر خورە: وشترمر، جۆرە مریشکێکی زۆر زەبەلاحە، پێڕەوەو نافڕێ دەلێن ئاگریش دەخوا ف شُترمُرغ.

ئاگر خۆش کردن: ١) گڕدار کردنی ئاگر؛ ٢) برێتیە لەشەڕ بەرپا کردن و دنەدان بۆ هەراو کێشە ف ١) دامن زدن به آتش، آتش برافروختن؛ ٢) فتنه بر پا کردن.

ئاگر خۆش کەر: کەسێك گڕی ئاگر زۆر دەکا، دنەدەر بۆ شەڕو هەرا، مایەفیتنە ف کنایه از فتنه‌انگیز.

ئاگرخۆش کەرە: ئاگر خۆش کەر ف فتنه‌انگیز.

ئاگردان: ١) ئاوگۆڕك، مقەلی، جێ ئاگر، ئاورگ؛ ٢) جێ ئاگر لە سەماوەردا؛ ٣) هاویشتنی توپ و تەقاندنی بەرد بەهۆی باروت ف ١) آتشدان؛ ٢) آتشخان سماور؛ ٣) منفجر کردن.

ئاگر گرتن: ئاور تێ‌بەربون ف مُشتعل‌شدن.

ئاگر گوشك: چەنە، ئەرزینگ، ئارزینگ، چەناگە ف زَنَخ.

ئاگر گەشاندنەوە: ئاور خۆش کردن بەهۆی باوەشێن ف آتش باد زدن.

ئاگر گیرە: دەستەو پۆش و پەلاش بۆ بن ئاگر ف افروزنه.

ئاگر لێ‌بارین: برێتیە لە توشی بەلاو دەرد هاتن ف کنایه از دچارشدن به مصیبت.

ئاگروچکە: ئاوروچکە، ئاگری مندالان بۆ گەمە ف آتش افروختن

کودکان.

ئاگرودوُ: ئاورو دوُکەڵ، بریەتیە لە بوُنی ماڵو حاڵ [ف] کنایه از خانه و کاشانه.

ئاگـروٚك: ١) بای گەرم کە گیاو سەوزە وشـك دەكـا؛ ٢) تاوره که جوٚره زیپکـەیەکـە لەدەمو چاو دەردیٚت [ف] ١) باد سوزانی که سبـزەهـا را میخشکاند؛ ٢) آتش پارسی.

ئاگروٚکە: ئاگروٚچکە [ف] نگا: ئاگروٚچکە.

ئاگرە: ١) زیپکەی چەنەو دەمو چاو، ئاگروٚك؛ ٢) بای گەرم کە بوٚ زەرعات زیانی هەیە [ف] ١) آتش پارسی؛ ٢) باد گرم آفتِ مزروعات.

ئاگرەکە: ئاگرە [ف] نگا: ئاگرە.

ئاگری: چیای ... بەرئاگر، ئاگر پژیٚن: (چیای ئاگری سەریٚ ویٚ بئاگر بویه) [ف] کو ... آتشفشان.

ئاگری بن کا: بریەتیە لە ئاژاوەچی، بنەمای شەڕ‌کیٚشە، سەرکزو لکەی بەدفەڕ [ف] کنایه از آدم آشوبگر و تودار.

ئاگریٚ خودیٚ: بەلاٰی عاسمانی [ف] بلای آسمانی.

ئاگری ژێرکا: ئاگری بن کا [ف] کنایه از آدم فتنه‌انگیز.

ئاگـرین: وەك ئاگر، لەئـاگر، بریەتیە لە مروٚی زوٚر ئازاو بەکار یان زوٚر دڵگەرم [ف] آتشین، کنایه از آدم بسیار شجاع و پُرکار.

ئاگو ردی: ئاوردو، سوتەنی، سوخت، سوتەمەنی [ف] سوخت.

ئاگە: ئەویٚ، ویٚدەریٚ، ئەویٚدەریٚ، ویٚریٚ [ف] آنجا.

ئال: قامکی ... لە پەنجەدا، تبلی ئاوی، زەڕ نەقوتە [ف] انگشت وسطی.

ئاڵ: ١) رەنگی سوُری کاڵ؛ ٢) ددانی بەتـرشی کول؛ ٣) جنـدوٚکـەی دوژمنی زەیـستـان، هاڵـه [ف] ١) سرخ کمـرنگ؛ ٢) کندی دندان از ترشی؛ ٣) ... زائوکش.

ئالا: ١) بەرگی بوکەی منداڵ: (ئالا بوك)؛ ٢) پارچەی شاش بوٚ ورد ... (ئالا ...)؛ ٣) بەیداخ، عالا؛ ٤) قەلـەم: (ئالاگرت بەدەس خورشـیدی خاوەر / نوسـیا بوٚ لای بەهـرەوزی سەروەر «بـەیتی خورشیدی خاوەر») [ف] ١) لباس عروسك؛ ٢) پارچهٔ تنك و نازك؛ ٣) پرچم؛ ٤) قلم.

ئالاٚخ: ئەو گیا بیٚ کەڵکانەی کە دەبیٚ فڕیٚ دریٚن، بژار [ف] گیاه هرزه.

ئالات: بەهارات، ئیسیرەت‌و ئەدوا [ف] ادویه، فلفل.

ئالاستن: لستنەوە، لیٚسان، لیٚسین [ف] لیسیدن.

ئالاٚش: هەلاٚش [ف] نگا هەلاٚش

ئالئال: گوڵیٚکی بوٚن خوش‌و سوُرە: (سونبول بسەماتیٚر‌و گولان پەردە درانـدن / بشکفتنه ئالئال و هنین بوٚنه تەرازن) «جزیری» [ف] گُلی است سُرخ رنگ.

ئالاٚمەت: هەلاٚمەت، پەسو، زوکام [ف] زُکام.

ئالاٚن: خوڵیٚ هالاٚندن [ف] پیچ خوردن.

ئالاٚن: مەڵبەندیٚکە لە کوردستاندا [ف] منطقه‌ای در کُردستان.

ئالایش: شەونشینی بەکوٚمەڵ بوٚ رابواردن، کوٚڕبەستنی شەوانەی دوٚستانه [ف] شب‌نشینی.

ئالاٚیی: ١) رەنگـاورەنـگ؛ ٢) بەشیٚك لە لەشکـری تورکـان [ف] ١) رنگارنگ؛ ٢) گروهی از سپاه عُثمانی.

ئاڵ بردنـەوە: مردنی زەیستـان یان کوٚرپـەی ساوا بەدەست جنوٚکەی ئاڵەوە [ف] مرگِ طفل یا مادر بوسیلهٔ آل.

ئاڵبونەوە: کولبونی دان بە ترشی [ف] کُندشُدن دندان از تُرشی.

ئاڵتون: زێڕ، تەلاٚ [ف] طلا.

ئاڵتی رەم: کیٚشانەیەکە بەرانبەر بە پەنجاوپیٚنج گرام [ف] واحد وزنی است مُعادل پنجاه‌و پنج گرم.

ئاڵچاخ: سوُکوبیٚ ئابڕو، بیٚ حەیا، دەسبڕ [ف] چاخان.

ئالخواج: قامکی ش‌ده، تبلی دوٚشاو مژە [ف] انگشت سبّابه.

ئاڵدوز: زێڕ یا زیٚو ... ،ڕوکیٚشی زێڕو زیٚو [ف] زَراندود.

ئالستن: لیٚستنەوە [ف] لیسیدن.

ئاڵشت: سەوداو مامەلە، داو ستان [ف] مُعامله، دادوستد.

ئاڵشان: زوقم، سیخوار، خوسار، خوٚس [ف] سرماریزه، یخ.

ئاڵشو ویٚرش: سەوداو مامەلە، ئاڵشت [ف] دادوستد.

ئاڵف: خواردەمەنی ماڵاٚتی بەرەو ئاژاڵی وردە [ف] عَلَف.

ئاڵفانه: پوشانە، ئەو باجەی بوٚ لەوەڕ دەستیٚندریٚ [ف] باجِ چراگاه.

ئاڵفته: هوٚگر، خوپیٚوە گرتو [ف] خوگرفته، الیف.

ئاڵفجار: گیاجاڕ، لەوەڕگە، چایەر [ف] عَلَفزار.

ئاڵقه: گەو، قوڵف [ف] حَلقه.

ئاڵقه بەگویٚ: بریەتیە لە کوٚیلەو بەنی [ف] کنایه از غلام حلقه‌بەگوش.

ئاڵقەتیز: گیایەکی گەڵا خڕی رەنگ زەیتونی‌یە شیرەکەی مایەی زگ چونە [ف] از گیاهان داروئی.

ئاڵقەتیس: ئاڵقەتیز [ف] نگا: ئاڵقەتیز.

ئاڵقه ریز: زنجیروٚکەی دەرکە داخستن [ف] چِفت.

ئاڵقەزوٚنه: ئاغزوٚنە [ف] ...ك.

ئاڵقەلەگویٚ: ئاڵقه بەگویٚ [ف] نگا: ئاڵقه بەگویٚ.

ئالك: جەمەجوٚی و لاخی یەکسم [ف] علیق.

ئاڵك: ئالو، لوٚزتیٚن [ف] لوزتین.

ئالگ: شویٚنە برین، شویٚنی لیٚدان، نیشان لە لەش [ف] اَثرزَخم یا ضربت.

ئاڵگ: لوی دیاری، گریٚ لە گوٚشتی لەشا [ف] غُدّه.

ئالنگ: خڕبوُنی بن هەنگڵ [ف] وَرَم کردن زیر بغل.

ئاڵو: ١) هاڵو، بادامەی گەرو لەبن چەنە؛ ٢) نیوەتیٚکەڵ: (خەواڵو) [ف] ١) لوزتین؛ ٢) آلود.

ئاڵوٚ: خاڵ، برای دایك، لالوٚ [ف] دائی.

ئالوُبالوُ: میوەیەکی خڕو ترش‌و سوُری تاریکە، بەلاٚلوك، هەلهەلوك [ف] آلبالو.

ئاڵوبخارا: هەڵـژە پایزەی سوُری ئامال رەش [ف] آلو بخارا

ئاڵوبوڵ: قورە، ئاوتیٚ تراوی ترش‌و شیرین [ف] میوهٔ نارسیده، کال.

ئاڵوبەلاٚلوك: ئالو ... [ف] آلبالو.

ئاڵوچه: هەڵوژە ... هەلوکە [ف] آلوچه

ئاڵودار: ئەو دارانەی لە خانو دابۆشینیدا دەکەونە سەر کاریتە ف چوب سقف بر دراك.

ئالودە: گیرۆدە، خو پێگرتو (ئالودەی جگەرەیە) ف مُعتاد.

ئاڵـۆز: ١) تێك هاڵاو: (بـەنەکە ئاڵۆز بوە)؛ ٢) نەسازاوی توش و تورە: (پیاوێکی زۆر ئاڵـۆزو بەد میجـازە)؛ ٣) پشێوی و ئاژاوە: (دنیایەکی ئاڵۆزە) ف ١) سَردرگُم؛ ٢) آدمِ ناهنجار و بدخُلق؛ ٣) آشوب و بلوا.

ئالوز: خەم و کەسەر ف غم و اندوه.

ئاڵۆش: ١) خارشت و خوروی لەش؛ ٢) ئارەزو کردنی نێر: (ژنێکی زۆر بە ئاڵۆشە) ف ١) خارش تن؛ ٢) کنایه از زن شهوت‌ران.

ئاڵـوگـۆڕ: ١) پێك گۆڕینـەوە؛ ٢) داکـەندنی بەرگ و پاك دەبەر کردن: (جل کانت ئاڵوگۆڕ کە) ف ١) مبادله؛ ٢) عوض کردن لباس.

ئالـولـە: ١) کۆلانی تەسـك و باریك؛ ٢) پیاوی بێ‌شەرم و نابڕو ف ١) کوچهٔ تنگ؛ ٢) مرد بی‌حیا.

ئالو والا: پارچەی رەنگاورەنگ ف پارچهٔ رنگ وارنگ.

ئاڵوێر: سەوداو مامەڵە، ئاڵش‌وێرش ف داد و ستد.

ئاڵـە: ١) جنۆکەی زەیستانی کوژ؛ ٢) جلەبۆکی منالان؛ ٣) پەڵەی دەم و چاوی ئاوس؛ ٤) پارچـەی شاش بۆ دابێژتن؛ ٥) نەخـۆشیەکە لەناو گەڵ پەیدا دەبێ ف ١) جنّ زائـوکُش؛ ٢) لبـاس عروسـك؛ ٣) لکهٔ صورتِ زن آبستن؛ ٤) الك پارچه‌ای؛ ٥) مَرضِ آتشك.

ئاڵەبێژ: بە بەرۆی تەنك و شاش دابێژتن ف بیختن با وال.

ئالها: ئارەزو، تەما، هیوا، تاسە ف آرزو.

ئاڵەت: ١) ئیسیرەت، ئیسوت؛ ٢) دارو کەی بەروازی شوشە پ نجەرەی قەدیم ف ١) قفل؛ ٢) چهارچوب شیشه‌های پنجرهٔ اُرسی.

ئاڵـەتـانج: هەڵەتانج، جۆرێك مراوی کێوی سەر بە کلاوەیە ف نوعی مرغابی وحشی کاکلی.

ئاڵـەکۆك: جۆرێ ئەسینگی تۆکنە بنکێکی هەیە لە جۆزەرداندا دەری دێنن و دەیخۆن: (دیاری شوانە ویلە ئاڵەکۆکە) ف گیاهی است شِنگ مانند.

ئالەکە: نەخۆشیەکی چاوە، تەراخم ف تَراخُم.

ئاڵەم: عالەم ف جهان.

ئالی: لا، تەرەف، رەخ ف طَرَف، سو.

ئالی: ١) پیاوێ کە لە ژنەکەی بترسێ: (فلانەکەس ئالی بیوازە، ئالی‌یە)؛ ٢) سوکەڵە ناوی عەلی: (قۆپیەی بابا ئالی) «مەسەل» ف ١) مردی که از زنش بترسد؛ ٢) مُخفّف علی.

ئالیان: ئالان، لێ‌پێچان ف بر پیچیدن

ئالیسۆر: هەرمێ لاسورە، سێوە لا سورە ف گلابی و سیب نیم‌سرخ و نیم‌زرد.

ئالێك: ئالك، جەمەجۆی یەکسم ف علیق.

ئالیکار: یارمەتی‌دەر، هاریکار ف کمك کننده.

ئاڵین: ئالان، پێچ‌خواردن ف پیچ خوردن.

ئالینك: گیایەکە لەداران دەهاڵێ ف پیچَك.

ئام: ١) مام، برای باوك، ئاپ؛ ٢) پێشگـرێ‌هاوبەشی، ئامکار، هاوکار، هامکار؛ ٣) هاتن: (ئامو شۆت ناکەم) ف ١) عمو؛ ٢) پسوندِ اِشتراك؛ ٣) آمدن.

ئاما: هات بۆپیاو ف آمد.

ئامادە: ساز، تەیار، حازر ف آماده.

ئامارات: ئەسپابات و ئامراز ف ابزار.

ئاماژ: نیشانە، ئامانج ف آماج.

ئاماژە: ١) سەرەرا، سەربار، زیادە لەوە؛ ٢) هێما، ئیشارە ف ١) به‌علاوه، اضافه؛ ٢) اشاره.

ئاماڵ: وێچو، نزدیك‌بە: (فلانکەس ئاماڵ شێتە، رەنگی بۆزوەکە ئاماڵ شینە) ف متمایل به.

ئامام: هاتم ف آمدم.

ئامـان: ١) تاپ و تاچاغ، تیر بار؛ ٢) هاتوە (بۆنێرینە)؛ ٣) دەخیل؛ ٤) وشەی پەنابردن، هانا ف ١) ظروف؛ ٢) آمده است (برای مُذکّر)؛ ٣) کلمهٔ پناه خواستن؛ ٤) کلمهٔ حمایت.

ئامانج: ١) نیشانە، کێلك، ئەوشتەی بۆ تیر هاویشتن دەبەرچاو دەگیرێ؛ ٢) دۆن، مەرام، مەبەست لە ژیانا؛ ٣) خزم و کەس و کار ف ١) آماج؛ ٢) مَرام؛ ٣) اقوام.

ئامـــان خواستن: داوای تەسلیم‌بون کردن، پەنـا بەکـەسێك بردن کە بت‌پارێزێ ف امان خواستن.

ئامانەت: ١) پارێزگاری؛ ٢) سپاردە، بۆ ماوەیەك وەرگرتن یان بەکەسێك سپاردن ف ١) درستکاری؛ ٢) سُپرده.

ئاماوزێ: پەڕۆیەکی تەنکە دەشەمێ هەڵدەکێشن و دەیخەنە سەر کوان و برین، مشەما ف نوعی مُشمّع.

ئاماولوای: هاتوچو ف آمدوشد.

ئامای: هاتن ف آمدن.

ئامایی: نەدین، کوێری، کۆری ف نابینایی.

ئامباز: بەتەوژم دەستەملان بون، ئاوقا، تێك هاڵانی دوزیندو ف گلاویز.

ئامبـازبـون: بە هەڵـە داوان بۆ یەکترچون و دەس لەمل یەك کردن ف یکدیگر را در آغوش فُشردن.

ئامپـــا: ١) هاوپیشـــە، هاوپە لە کاردا: هـەردوکمـان جوت بەنـدەی ئامپاین؛ ٢) جوت بەندەی بەدەوڵەت و دارا ف ١) هم درجه؛ ٢) هم پیشه.

ئامپیاڵە: هاودەم، هاونشین، هاوکردار و هۆگر ف ندیم.

ئامراز: ئەسپاب، کەرستە، ئالات ف ابزار.

ئامڕاز: هاوسوڕ، هامڕاز، لەیەکتر ئەمین، هەواڵی راست ف همراز.

ئامشۆ: هاتوچۆ، دیداری دۆستانە، سەر لەیەکدانی هاوسایان ف آمدوشُد.

ئامك: خوشکی باوك، پورری باوکی، مەتك، پل، مەتی ف عمّه.

ئامڵە: پوڵ، پارە، دراو ف پول.

ئامۆ: ١) مام، برای باوك، مامۆ: (ئامۆزا)؛ ٢) ئامور ف ١) عمو؛ ٢) خیش.

ئاموچیار: ئامۆژگاری کار ف ناصح، اندرزگو.

ئاموچیاری: ئامۆژگاری ف نصیحت.

ئامۆر: هەوجاڕ، هێش، داری مابەینی نیر و دەندە ف خیش.

ئامۆزا: فرزەندی مام، برازای باوك ف عَموزاده.

ئامۆزازا: منالی ئامۆزا ف فرزند عموزاده.

ئامۆژگار: نسحەتکەر ف اندرزگو.

ئامۆژگاری: نسحەت، پەند ف اَندَرز.

ئامۆژن: ژنی برای باوك، مامۆژن، ژن‌ئاپ ف زن‌عمو.

ئامۆژیار: ئامۆژگار ف اندرزگو.

ئامۆژیاری: ئامۆژگاری ف پَند.

ئامۆش: ئارام ف خاموش، آرام.

ئاموشۆ: هاتوچۆ، ئامشۆ، گەڕان، هاتن‌وچون ف آمدوشُد.

ئاموشۆکەر: ئەوانەی دێن‌و دەچن، کەسانێ دۆستانە یا بۆ کارێك سەر لە بیاو دەدەن ف در آمدو شُد.

ئامۆیر: ١) ئامۆر؛ ٢) ئامرازو ئەسپاب ف ١) خیش؛ ٢) ابزار.

ئامە: ١) دایك، دێ، داڵك؛ ٢) سوکەڵەی ناوی ئامینە؛ ٣) سوکە ناوی ئامان الله ف ١) مادر؛ ٢) مُخفّف آمنه؛ ٣) مُخفّف آمان‌الله.

ئامەد: بەخت‌و هات، ڕیکەوتی باش‌ودڵخۆشکەر ف شانس و اقبال.

ئامەشۆ: ئاموشۆ ف آمدو شُد.

ئامەو: ئامەد، هات‌و بەخت ف اقبال.

ئامیار: هەواڵ، هاوکار،یاریدەر ف همکار، یاور.

ئامیان: هەوێن، مایەی پەنیر و ماست‌و ... ف پنیرمایه.

ئامێتە: تێکەڵ، تێکەڵاو، لێکدراو، ئاوێتە ف آمیخته.

ئامیتە: ئامێتە ف آمیخته.

ئامیتن: تێکەڵ‌کردن، لێکدان، تێ‌کردنی شتێ لە ناوشتێ ف آمیختن.

ئامێد: ناوی شاری دیار بەکر ف شهری در کردستان.

ئامێدی: شارێکە لە کوردستان، عیمادییە ف شهری در کُردستان.

ئامیر: ئەسپاب، ئامراز ف ابزار.

ئامێر: ئامیر ف اَبزار.

ئامێز: ١) باوەش، هەمێز، هامبێز، سنگ‌و بەر؛ ٢) تێکەڵ ف ١) آغوش؛ ٢) مخلوط.

ئامێژە: هەوێن، مایەپەنیر، ئامیان ف پنیرمایه.

ئامێژەن: ١) ئامێژە، هەوێن؛ ٢) شتی‌تێکەڵ کردن، ئامیتە ف ١) پنیرمایه؛ ٢) آمیخته.

ئامێژەن کردن: تێکەڵاو کردن، دوتشت تەڤ لهەڤ کرن ف بهم‌آمیختن.

ئامین: ١) خوایە قبوڵی کەی؛ ٢) سوکەڵە ناوی ئامینە ف ١) آمین؛ ٢) مُخَفَّف نام آمنه.

ئامێنە: هاتوە (بۆژن) ف آمده است (برای مؤنث).

ئان: ١) یان، یا؛ ٢) وەخت‌و عان، حان، دەم،کات، نا ف ١) یا؛ ٢) وقت، موقع.

ئانقەس: هەڵە لە ڕوی ئاگاداریەوە، لەقەست، لەقەستی ف عَمداً.

ئانقەست: ئانقەس ف عمداً.

ئانگو: مێلاق، ئەوترێ‌یەی بۆزستان هەڵی دەواسن ف آونگ.

ئان‌و ئون: ١) ناین‌و ئوین، نازو نوز؛ ٢) فیڵ‌و تەڵەکە ف ١) ناز؛ ٢) مکر و حیله.

ئانە: ١) هۆوە، ئەوە، هیمای دور؛ ٢) پاشگری بەواتا شیاو: (**پیاوانە**، **ژنانە**، شیاوی پیاوان، شیاوی ژنان)؛ ٣) پوڵێکی هیندستانە؛ ٤) دایك ف ١) آن؛ ٢) پسوند شباهت؛ ٣) واحدی در پول هندوستان؛ ٤) مادر.

ئانی: هێنای، هانی، هاوردی ف آورد.

ئانیسك: ١) هەنیسك، نزگەرەی گریان؛ ٢) بەندی نێوان زەندو قوڵ، هانیشك ف ١) سکسکهٔ گریه؛ ٢) آرنج.

ئانیشا: ئەوان، ئەمان، ئەو ف آنها.

ئانیشك: بەندی نێوان قوڵ‌و باسك ف آرنج.

ئانیشکە: ١) جەم سەری پەرچ دراوی لولە سۆپە یان ئاسنی دەدیوار گیراو؛ ٢) دارێکی دۆپەڵە لە ئاسیاودا پێ بەرداشی پێ بەرزو نزم دەبێتەوە ف ١) زانوی لوله؛ ٢) ابزاری در آسیاب.

ئانیك: بەرنیسکێ ف نَفَس‌نَفَس زدن از شدّت گریه، های‌های گریه.

ئانین: هاوردن، هێنان، ئینان ف آوردن.

ئاو: ١) ئاڤ؛ ٢) پێشگری هاوبەشی، ئام؛ ٣) برێتی لە شاوەت ف ١) آب؛ ٢) پسوند اشتراك؛ ٣) کنایه از مَنی.

ئاوا: ١) بەم جۆرە؛ ٢) ئاوەدان: (ماڵیاواکۆنە هاودەردم / بەدوُر بی لەئاهی سەردم) «هەژار»؛ ٣) پیوار، ون‌و نادیار: (مانگ**ئاوا**بو، ڕۆژ**ئاوا**بێ دێمە ماڵتان) ف ١) اینچنین؛ ٢) آباد؛ ٣) گم و ناپیدا.

ئاوات: ئارەزو، تاسە، هێڤی، هیوا ف آرزو.

ئاوات‌خواز: بەتاسە، بەئارەزو، هێڤی‌دار، هیوادار، بەهەویا ف آرزومند.

ئاواتەخواز: ئاوات خواز ف آرزومند.

ئاواتەواز: ئاوات خواز ف آرزومند.

ئاوار: ١) جودا؛ ٢) هەڵوای ئاردو دۆشاوی وشك هەڵاتو بۆزستان؛ ٣) چای لێنەری ماڵ؛ ٤) دارو پەردوی خانوی ڕوخاو ف ١) جُدا؛ ٢) حلوا؛ ٣) آبدارچی؛ ٤) آوارخانهٔ ویران.

ئاوارتن: جوداکرن، هەڵاوارتن، دوُرەوە خستن ف جُداکردن.

ئاوارتە: جیا کراوە، دوُر خراوە ف جُداشده.

ئاوارە: هەڵوەدا، دور لە ژێگەی خۆ، تەرە ف آواره.

ئاوارەیی: هەڵوەدایی، دوری لە وڵاتی خۆیی ف آوارگی.

ئاواز: دەنگ‌و سەدا، دەنگی یەقەو، دەنگی ئامرازی موسیقا ف آواز.

ئاوازە: ناوبانگ، دەنگ‌وناو ف شُهرت.

ئاوازەخوان: گۆرانی بێژ، دەنگ‌بێژ، قام‌بێژ، ستران‌بێژ ف خواننده، ترانه‌سرا.

ئاوازەخوێن: ئاوازەخوان ف خواننده.

ئاواژێ: بەراوەژو، سەرەونخون ف واژگون.

ئاواسی: ئەنگوچك، هەنگوچك، گوچك، سۆرانی، قۆڵەکراسی فش‌و درێژ ف آستین بُلند.

ئاواق: ١) چۆڵ‌و بیابان، چۆڵگە؛ ٢) خانوی چۆڵکراوی بێ ئاوەدانی ف ١) بیابان برهوت؛ ٢) خانهٔ متروك.

ئاواکردن: ١) بنیات‌نانی خانو، خانو کردن؛ ٢) زەوی نەکێڵدراو کێڵان‌و چاندن ف ١) پی‌ریختن خانه؛ ٢) شخم‌زدن‌و آباد کردن زمین بایر.

ئاواکردنەوە: لە دوای چۆڵی و ویران بون دوبارە ساز کردنەوەو کار تێدا کردن ف دوبارە آباد کردن.
ئاواڵ: هەڤال، دۆست، هاوڕێ ف رفیق، دوست.
ئاواڵ دەرس: هاوپـۆل، هاوکـلاس، کەسانێ کە پێکەوە لە فێرگەدا لە پۆلێکا بن ف همکلاس.
ئاواڵ زاوا: دوپیاو کە ژنی هەرکیان خوشکن ف باجناخ.
ئاواڵ کراس: دەرپێی ژنان ف شلوار زنانە.
ئاواڵ منداڵ: کیسەیەکی پڕ لە ئاوی منداڵدان کە لە دوای منداڵ لە زکی زەیستان دەر دەچێ، جفت ف جُفت.
ئاواڵە: وەکری، والا، کریاوە، دژی داخراو ف بازو گشادە.
ئاواڵەتی: دۆستی، ڕەفێقایەتی، هەڤاڵی ف رفاقت.
ئاوان: ١) ئاوا، دژی چۆڵ؛ ٢) ئاونگی دەسکـاونـگ بۆ شت کوتان؛ ٣) کرێ، مزە؛ ٤) گوشــادە، هەراو؛ ٥) قاپو قاچــاغ؛ ٦) بێ فەڕی و ناڕاستی ف ١) آبــاد؛ ٢) هاون؛ ٣) مُزد؛ ٤) گشــاد؛ ٥) ظروف؛ ٦) کجی و نادرستی.
ئاواناش: مزاش، کرێی ئارد هاڕین کە ئاشەوان دەیسێنێ ف مُزد آسیابان.
ئاوانتە: ١) خۆڕایی، بەلاش، مفت؛ ٢) حیلەو حەواڵەو تەشقەڵە ف ١) مفت؛ ٢) کَیدو فریب.
ئاوانتەچی: مفتەخۆر، دەسبڕو فێڵەبازو دەبەکار ف مُفتخورو کلاه‌بردار.
ئاوانی: ئاوایی، دێ، خانو، دژی چۆڵی ف آبادی.
ئاوا ووک: گاڵتەچی، زۆربڵێ و چەنەباز، چەقەسرۆ، چەقەسو ف وراج.
ئاواهی: ئاوانی، خانو ف آبادی.
ئاوایی: ئاوانی ف آبادی.
ئاوبارە: ١) داری درێژو ئەستوورو کۆڵدراو کە بۆ پەڕاندنەوەی ئاو بە سەر کەنداڵیدا دەکێشن و دەبێتە جۆگە، قەمتەرە؛ ٢) ئەوشیرەی کەهەنگ لە گوڵانی دەمـژێ و دەیکـاتە هەنگوین ف ١) قنطره؛ ٢) شیرهٔ گل که زنبور می‌مکد.
ئاوباز: مەلەوان ف شناگر.
ئاوبڕ: ١) نەخۆشیەکی ئاژاڵە کە لە خواردنەوەی ئاوی زۆرساردەوە توشی دێت؛ ٢) جێگەی دادڕین بۆ گوێزانەوەی ئاو ف ١) نوعی بیماری دام؛ ٢) محل بستن و عوض کردن مسیر آب.
ئاوبردە: بریەتیە لەو شتەی بە فیرۆ دەچێ و خەسار دەبێ ف مُفت ازدست رفته.
ئاوبەر: سەقا، ئاوکێش ف سقّا.
ئاوبـەرە: ١) ئەو کاروانـە هەنگەی لە کاتی شانە هەڵبستنا دەچنە سەر کانیاو ئاو دەبەنە پلوورەوە؛ ٢) ئەو هەنگە لە بەر بەرزەفڕی پلوورەی لێ گوم دەبێ ف ١) زنبـورانی کە از چشـمه آب به کنـدو می‌برنـد؛ ٢) زنبورانی که به علّت بلندپروازی راه کندو را گم می‌کنند.
ئاوبەند: نەخۆشی زگ ئاوسان، ئیسقایی ف بیماری استسقا.
ئاوپاش: ئاوپژێن، دۆڵچەیەکی مەعدەنی کە سەرێکی کون کونی پێوەیەو ئاوی پێ دەپرژێنن ف آب‌پاش.
ئاوپاڵ: سوزمە، کەوگیر ف کفگیر.
ئاوپـرژێن: ١) ئاوپـاش؛ ٢) ئاو بە زەویدا یان بە ئاندا پرژاندن ف ١) آب‌پاش؛ ٢) آب بر زمین یا برنان پاشیدن.
ئاوپژێن: ئاوپاش ف آب‌پاش.
ئاوپەڕ: ١) زەنبورەی ئاش، دارێکی کونکراوە لە بنی دۆڵاش‌دا تا ئاوەکە بە تەوژم لە پەڕە بدا؛ ٢) ئەستـوور بونی برین ف ١) چوبــک مُدوّر سوراخ در دهانهٔ زیرین ناو آسیاب؛ ٢) دُمَل ورم کرده.
ئاو پەڕە: حەیوانی ئاوەکی ف حیوانِ از گلّه بجای مانده.
ئاوپـــەڕێن: دژاو، زەویەکی ئاوداشتنی دژوار بێ ف زمینی که آبیاریش دشوار باشد.
ئاوتێ‌زان: ١) ترێ کە تازە دێ ئاڵو بوڵ بێ؛ ٢) ئاوێ کە لەدیتنی ترشی لەزمان پەیدا دەبێ؛ ٣) ئاوێ کە لە پاك کردنی پیواز لەچاو دێت ف ١) آبدارشدن قورهٔ انگور؛ ٢) آب در دهان جمع شدن با دیدن ترشی؛ ٣) آب از چشم آمدن از پاك کردن پیاز.
ئاوجـز: ١) ئاودز، قەڵشت و کەلێن کە ئاو بدەڵێنێ؛ ٢) کۆبونەوەی کێم و زوخ لە بریندا ف ١) جای ترشح آب؛ ٢) جمع شدن ریم در زخم.
ئاوجۆ: ئەخوارنە کە لجەهـ چێدکن، بیرە ف آبجو.
ئاوچاودان: لە تماشا دڵخۆش بون ف از دیدن لذّت بردن.
ئاوچاوسەنن: ترساندن، زراو بردن، تۆقاندن ف زهره ترك کردن.
ئاوچایگ: ئاوی سارد، ئائا تەزی ف آب خنك.
ئاوچنین: ئاوگرتن لە مێوەو ... ف آب گرفتن از میوه و...
ئاوخانە: ئاودەست، ئاودەسخانە، ئاوڕێژ ف مُستراح.
ئاوخواردنەوە: ئاق قەخارن ف آب نوشیدن.
ئاوخـــواز: خواردنێك کە تونیایەتی دێنێ. دەڵێن: (کـــەشـــك و نیســك **ئاوخوازن**) ف غذای شورو آبکش.
ئاوخۆر: کەسێ کە ئاو دەخواتەوە، ئاوگێڕ لە مزگەوت و کوڕ بانگ دەکا: (ڕەحمەت لە **ئاوخۆر**) ف آب آشام.
ئاوخـۆرە: ١) ڕەگی سەرەکی گیاو دار کە زۆر تەڕایی هەڵـدەمـژێ؛ ٢) ئاوەرۆکی لێ کە تەڕایی ڕا دەگوێزێ؛ ٣) پیاڵەو شەربەی ئاوخواردنەوە، لیوان، قومقومۆك ف ١) آبخور درخت؛ ٢) آوند گیاهان؛ ٣) ظرف آبخوری.
ئاوخـــۆری: ١) هەرچی ئاوی پێ دەخـۆنـەوە، شەربـە، زەرك، لیوان، قومقومۆك؛ ٢) دانە لغاو، ئەو ئاسنەی دەچێتە ناو دەمی یەکسمەوە ف ١) ظرف آبخوری؛ ٢) دهانهٔ لگام.
ئاودادان: ١) ئاو قوتدانی زەوی؛ ٢) نەخۆشیەکە لاقی یەکسم و بەرزە ولاخی پێ دەماسێ ف ١) فرورفتن آب در زمین؛ ٢) پاغر.
ئاودار: ١) ولاتی ئاو زۆر؛ ٢) مێوەی پڕاو؛ ٣) تیغی جەوهـــەردار ف ١) منطقهٔ پُرآب؛ ٢) میوهٔ آبدار؛ ٣) بَرَند.
ئاوداشتن: ئاودێران، ئاودێری، ئاودانی زەوی ف آبیاری.
ئاودامان: کراس یان کەوای داوێن شۆڕ: (کەوای مەلایان **ئاودامانە**) ف پیراهن بُلند.
ئاودامێن: ئاودامان ف پیراهن بُلند.
ئاودان: ١) ئاوداشتن؛ ٢) مالات تێراو کردن؛ ٣) تیخ سوور کردنەوەو بە

ئاواکردن بۆ ڕەقتر بون ف ١) آبیاری؛ ٢) سیراب کردن دام؛ ٣) آب دادن تیغ.

ئاودڕ: ئەو جێگەیەی کە ئاو دای‌دڕیوە ف آبْکَند.

ئاودڕکە: ئاودڕ ف آبکَند.

ئاودڕگە: ئاودڕ ف آبکَند.

ئاودز: ١) درزو قەڵشتی ئاودەڵێن: (مەنفەزو درزو **ئاودزی** هەرچەند / دەیگرم، دیکوتم بە دەست و بەپێ) «شێخ ڕەزا»؛ ٢) ئاوجز، کێم کۆ بون لەزاما ف ١) تکاب؛ ٢) هو.

ئاودوزەك: ١) ئەو لولـە شوشـە دەم تەنگەی تنۆکە دەرمانی پێ دەچاو دەکەن، قەترە چەقان؛ ٢) سرینگ ف ١) قطرەچکان؛ ٢) سُرنگ.

ئاودەر: ١) کەسێ کە ئاو دەدا بە خەڵـکی مەجلیس؛ ٢) ئاودێر ف ١) ساقی؛ ٢) آبیار.

ئاودەردان: ڕشتنی ئاوی ڕاوەستاو بە سەتڵ و دەفری تر ف تخلیهٔ آب با سطل و...

ئاودەس: ئاوخانە، ئاودەست، پێشاو ف مُستراح.

ئاودەست: ئاودەس ف مُستراح.

ئاودەل: پۆڕی نێر ف دُرّاج نَر.

ئاودەڵێن: ١) گۆزەو دیزەیەکی تەڕایی دەداتەوە؛ ٢) ئەستێرکێ کە ئاوی لە درزانەوە لەبەر بڕوا ف ١) کوزەای کە نَم پس دهد؛ ٢) استخر درز دار.

ئاودەم: لیکاوی‌زار ف آب دهن.

ئاودەنگ: ١) هاوبیر، هاوقسە؛ ٢) خەمڕەوێن، هۆگر ف ١) همفکر؛ ٢) همدم.

ئاودێر: ئاویار، کەسێ کە زەوی‌و سەوزە ئاو دەدا: (جەبباری بێ‌فتوٚری، سوڵتـانی بێ‌قسوٚری / ڕەززاقی مارو موٚریی، **ئاودێری** دێمەکاری) «حاجی» ف آبیار.

ئاور: ١) ئاگر، ئایەر، ئێگر؛ ٢) ئاوس ف ١) آتش؛ ٢) آبستن.

ئاوڕ: بۆ دواوە ڕوانین ف واپس نگری.

ئاورا: برسی، نێز، برچی ف گُرسنه.

ئاورای: برسیەتی، برچینی ف گرسنگی.

ئاورپەرست: ئاگر پەرست، گاور، زەردەشتی ف زرتشتی.

ئاورجا: ئاگردان ف آتشدان.

ئاورخانە: ئاگرگەی پیرۆزی زەردەشتیان ف آتشکده.

ئاوردان: ١) ئاگردان؛ ٢) تەقاندن ف ١) آتشدان؛ ٢) مُنفجر کردن.

ئاوڕدانەوە: بۆ دواوە ڕوانین، لاکردنەوە ف واپس‌نگریستن.

ئاوردو: سوخت، سوتەمەنی ف سوخت.

ئاوڕشتن: بریەتیە لە میزکردن ف کنایه از شاشیدن.

ئاوڕشێن: ئاو پرژێن چلە زەوی، چلەو شتەی بتەوێ نەرمی کەیتەوە ف آب‌پاشی.

ئاورگ: وەجاخ، ئاگردان، تفك، کوانو ف اُجاق.

ئاورنگ: ١) پریشکە ئاگری وردیلە کە لە کوتانی ئاسنی سوٚرەوەکراو دەپەڕێ؛ ٢) بریقەوترۆسکە ف ١) شرارهٔ ریز؛ ٢) درخشش.

ئاورنگدان: بریقەدان، بریسکـان، بروسکین، ورشەدان ف شراره پراگندن، درخشیدن.

ئاوڕلێدانەوە: ١) بریەتیە لە لاواندنەوەو چاکە دەگەڵ کردن؛ ٢) بەرەودوا لێ ڕوانین ف ١) التفات؛ ٢) بدنبال خود کسی را نگریستن.

ئاوڕو: ئابڕو، شەرەف، شەرم‌و حەیا ف آبرو.

ئاوڕوبەر: ئابڕو بەرە ف رسواکننده.

ئاوڕوت: ئاوەڕوٗت ف نگا: ئاوەڕوٗت.

ئاوڕوچون: ڕوسیا بوٗن، ئابڕو چوٗن ف رسوا شُدن.

ئاوڕۆشن کەرە: جانـەوەرێکی ڕەش‌سوٗری چکۆڵـەیە بەسـەر ئاوی لیخن‌دا بەپەلە دێت و دەچێ ف دبیب.

ئاو ڕوشنەو کەرە: ئاوڕۆشن کەرە ف دبیب.

ئاوروٗن کەرە: ئاو روشنەو کەرە ف دبیب.

ئاو ڕون کەرەوە: ئاوڕۆشنەوکەرە ف دبیب.

ئاورە: جۆرێ زیپکەی تەڕە لەڕو دێت، ئاگرە ف آتش پارسی.

ئاورە گڕە: ئاگری بلێسە بڵند کە گڕ مەلاشی پێ دەڵێن منالان بۆ گەمە دەیکەنەوە ف آتش زبانه کش.

ئاوری بن کا: سەرە سوٚدرە، مایه فتنه ف کنایه از فتنه‌انگیز.

ئاوڕێژگە: ئەو شوێنەی چوٚم تێکەل بە ڕوخانە ئەبێ ف مَصب.

ئاوڕیش: بەگڕدا هاتنی بێ‌سەبەب ف بی‌دلیل درگیرشُدن.

ئاوریشم: هەورێشم ف ابریشم.

ئاورینگ: ئاورنگ ف نگا: ئاورنگ.

ئاوز: هۆش، فام ف فهم و هوش.

ئاوزان: ١) تابشت، تاقەت، توانایی؛ ٢) فامین، تێگەیشتن ف ١) نیرو، توان؛ ٢) فهمیدن و درك کردن.

ئاوزانە چاو: ئاو تێزانی چاو، چاو ئاو کردن ف آب در چشم آمدن.

ئاوزانەدەم: ئاو دەزار گەڕان ف آب در دهان جمع شدن.

ئاوزوٗنە: ئاغزوٗنە ف سگك.

ئاوزەنگی: زەنگوٗ، رکێف، پلەکـانی ئاسنی سەر کەوتنی خوانی زین، وزنگی ف رکیب، رکاب.

ئاوزیاگ: میوەی تەڕایی تێ‌گەڕاو، ئاو تێ تزاو ف میوهٔ نیم‌رس.

ئاوزیان: ئاوزان ف نگا: ئاوزان.

ئاوزین: ئاوزان ف نگا: ئاوزان.

ئاوزینگ: ئاویلکە، گیانەڵاو، دوا هەناسە، دەمی مەرگ ف واپسین دم.

ئاوس: زك‌پڕ ف آبستن.

ئاوسا: جیران، هاوسا ف همسایه.

ئاوساگ: پەنەماو، هەڵمساو، ئاوساو ف آماسیده.

ئاوسان: هەڵامسان، ئەستوٗر بوٗن، پەنەمان، پەنەمین ف آماسیدن.

ئاوساو: هەڵمساو، ئەستور، پەنەماو ف آماسیده.

ئاوسبون: زك‌پڕ بوٗن ف آبستن شُدن.

ئاوس کردن: زك پڕکردن، بێچو خستنە زگی مێوینەوە ف آبستن کردن.

ئاوسیاگ: هەڵمساو، ئاوساو ف آماسیده، ورم کرده.

ئاوسیان: ئەستوٗر بوٗن، ئاوساو ف آماسیدن.

ئاوشان: لە یەك پلەدا، هەمبەر، هاوشان ف هم‌شأن.

ئاوشنگ: حەیوانی بێچوُ مردوی شیر وشك کردو کە وەشیر دێتەوە ف حیوان شیر خشك شده کە دوبارە شیر بدهد.

ئاوقـا: تێکـەوە گلان، یەکتر گرتن بەدەست، گەیشتنە یەکتر بەدەست‌و تێکەڵ بوُن ف گلاویز شدن.

ئاوقات: پارێزەر، وەکیلی حقوقی ف وکیل دادگستری.

ئاوقاتی: ئاوقات ف وکیل دادگستری.

ئاوقۆرە: گوشراوی بەرسیلە ف آب‌غوره.

ئاوکردن: ١) ئاولەچاوهاتن بێ گریان؛ ٢) پەیدا بوُنی زنجکاو لە برین‌و کوان؛ ٣) ئاو پرژاندنی نان‌و ... ف ١) آب در چشم جمع شدن مثلا از سرما؛ ٢) عفونت کردن زخم؛ ٣) آب‌پاشی نان و...

ئاوکێش: ١) سەقا، ئاوبەر؛ ٢) خۆراکی ئاوخواز ف ١) سَقّا؛ ٢) غذای آبکش.

ئاوکێشی: ئاو بۆماڵان بردن، سەقایی ف سقایی.

ئاوگرتن: ١) ئاو تێگەڕانی میوە؛ ٢) لەنۆرەدا ئاووەر گرتن بۆ ئاوداشتن؛ ٣) گوشینی میوەو گیا ف ١) آبدارشدن میوە؛ ٢) بەنوبت آب گرفتن برای آبیاری؛ ٣) آب‌گیری.

ئاوگۆشت: گۆشتاو، شۆرباو گۆشت ف آبگوشت.

ئاوگــەردان: دەفـرێکی مەعـدەنی دەسـك‌دارە ئاوی پێ لە مەنجـەڵ هەڵدێنجن ف آبگردان.

ئاوگیر: ١) شاگرد حەمـامچی؛ ٢) پرۆشـەکردن لە خواردن تانان‌و شیو دێنن ف ١) شاگرد حمامچی؛ ٢) چونەکردن.

ئاوڵ: دۆڵی چکۆلە ف درّهٔ کوچك.

ئاوڵاوی: خوروێلکەدار، کەسێ کە لە خوروێلکەوە دەم‌و چاوی کڕۆز بوە ف آبلەگون.

ئاوڵە: خوریکە، خوروێلکە، هاوڵە ف آبلە.

ئاوڵەدەردان: خوروێلکە لێ‌هاتن ف آبلە درکردن.

ئاوڵەکوت: بژیشکی خوروێلکە کوت ف آبلەکوب.

ئاوڵەکوتان: هاوڵە کوتان، خوروێلکە کوتان ف آبلەکوبی.

ئاوڵەمە: بێچوی ئاوزگ کە هێشتا خۆی باش نەگرتوە. تۆل لە هەوەڵ ڕۆژەکانیا ف جنین هنوز جان نگرفته.

ئاولێچــــون: تکـە کردنی دیزەو مەنجـەڵی بەدرزو کون‌تێ‌بو ف نشت ظروف درز برداشته.

ئاوماڵ: ١) شەریك‌و هاوبەش؛ ٢) هاوسای زۆر نزیك ف ١) شریك؛ ٢) همسایهٔ دیوار بەدیوار.

ئاوماڵك: ئەو چیلکەو چاڵەی لافاو هاوردویەو داویەتە کەنار ف آب آوردە.

ئاوماڵە: ١) هاوسا؛ ٢) ئاوماڵك ف ١) همسایە؛ ٢) آب آوردە.

ئاومرواری: نەخۆشیەکی چاوە، ئاوی‌سپی هەڵدێنێ ف آب مروارید.

ئاوملی: دەستەملان ف دست در گردن.

ئاونـگ: ١) ئەو زەردە قوڵـەی شتی تێدا دەکـوتن؛ ٢) شەونم؛ ٣) ئەو ترێ‌یەی کە بۆ زستان بە پەتەوە هەڵی داوەسەن، مێلاق ف ١) هاون؛ ٢) شبنم؛ ٣) اونگ.

ئاونە: لوُلەی نێرگەلە، لوُلە قلیان، میلاوقلیان ف میل قلیان.

ئاووا: ئاوها، بەم‌جۆرە ف کە اینطور.

ئاووتام: چێشتی پیازاو ف آش پیاز.

ئاووتاو: ئاب‌و تاب ف آب و تاب.

ئاوو گڵ: ١) بریەتیە لە وادەی مەرگ، هەنجـەل، ئەجـەڵ، ئاکـام؛ ٢) رسکان، سرشت ف ١) کنایە از اَجَل؛ ٢) سرشت.

ئاوو گۆشت: ئاوگۆشت، گۆشتاو ف آبگوشت.

ئاوو هەوا: کەش، چۆنیەتی سەرماو گەرماو سازگاری‌و ناخۆشی مەڵبەند ف آب‌و هوا.

ئاوها: بەم جۆرە، بەو تەرحە، بەم تەرزە، ئاوەها، ئاوُوا ف کە اینطور.

ئاو هاتنەوە: رەحەت بو ن، شاوەت ڕژاندن ف مَنی ریختن.

ئاوە چۆڕە: ١) ئاو تکان لە شتی تەڕ؛ ٢) بارانە بە دیواردا هاتنە خوار؛ ٣) ئاو لەبەر بەفر هەڵنیشتن ف ١) چکهٔ آب از جسم خیس؛ ٢) شُرشُر؛ ٣) چکیدن آب از برف.

ئاوە خۆرە: ئاوەرۆکی دار یا لق ف آبخور درخت، مغز درخت.

ئاوەدان: دژی چۆڵ، ئاوا ف آباد.

ئاوەدان بونــەوە: پاش وێرانی و دەست لێ‌هەڵگـرتنی خانو یان زەوی دوبارە ساز بونەوە ف دوبارە آباد شدن.

ئاوەدان کردنەوە: پاش وێرانی ساز کردنەوە ف دوبارە آباد کردن.

ئاوەدانی: ئاوایی، دژی چۆڵی ف آبادی.

ئاوەدز: ئاودز ف نگا: ئاودز.

ئاوەر: برْواو متمانە ف عقیدەو باور.

ئاوەردە: هاوردراو، هاوریاگ ف آوردە شُدە.

ئاوەڕۆ: ڕێگەی ئاوی پیس، گۆنجە، رەهەند ف آبراهە، مجرای فاضلاب.

ئاوەڕوت: ڕوتاندنەوەی سەروپێ یان مەلی سەر بڕاو بەهۆی ئاوی کوڵیو ف پَرکندن پرندە با آب گرم.

ئاوەڕونکە: ئاوروشنەوکەرە، ئاورون کەرەوە ف دبیب.

ئاوەرە: ١) ئاخوڕ، ئافڕ؛ ٢) دادەی بێ، داوەرە، ئابۆ ف ١) آخور؛ ٢) هان بیا.

ئاوەڕێژ: رەهەند، گونج، گۆنجە، ئاوەڕۆ ف آبراهە.

ئاوەڕێس: ڕێسراوی لوُس‌و باریك ف رشتهٔ صاف و باریك.

ئاوەز: هۆش، فام: (لە دنیادا ڕەفێقی پیاوی کەر هەرگیز نەکەی ئەحمەد! / لەدەس ئینسانی بێ ئاوەز هەتا ئاخرسـەرا ڕاکە) «ئەحمەد موختار» ف فهم و هوش.

ئاوەزا: ١) زۆنگ، زەویەکی ئاوی کەمی لێ هەڵدەقوڵی‌و تەڕو شلە؛ ٢) ئاودز، ئاوجز ف ١) زمین شُل‌و باتلاقی؛ ٢) عفونت زخم.

ئاوەزێ: زەوی زەنەك، زەویەکی ئاو دەدەڵێنێ، ئاوەزا ف زمین شُل‌و باتلاقی.

ئاوەزێڕ: زێڕکفت، ڕوکێشی زێڕین ف زَراندود.

ئاوەزینگ: دوادەمی مەرگ، ئاوزینگ، گیانەلاو ف واپسین دم مرگ.

ئاوەزێو: ڕوکێشی زێوین ف سیم‌اندود.

ئاوەژو: بەرەواژی، پشت‌ورِو، واژی: (ڕێوی کەوڵی خۆی ئاوەژودەکرد / ژیشك کەوڵی موی ئارەزو دەکرد) «سەیفی قازی» ف وارونە.

ئاوەژەنـە: کە لەبـەرێك کە لەکاتی ئاش وێستاندا ئاوی ئاشی لێوە بەر دەدەنەوە ف آبریزگاه آسیا در حال توقف.

ئاوەسو: ١) بەردێکی لەبەر زۆر ئاو بەسەراهاتن لوس بوبێ؛ ٢) بریەتیە لە بێ‌شەرم‌و گوێ نەدەر؛ ٣) ژنی لەزگ وەستاو، عوزر نەشۆر ف ١) سنگ آب سائیده؛ ٢) بی‌شرم؛ ٣) زن یائسه.

ئاوەسـەر: ئەو زەویەی ئاو قوت نادا. شۆنە ف زمینی کە آب درآن کمتر نفوذ کند.

ئاوسێ: ئەنگوچکە سۆرانی، فەقیانە ف آستین بُلند.

ئاوەشکێنـە: شوێنێك لەسـەر نیای ئاش کە ئاوی ئاشی لێ دەبڕن ف نگا: ئاوەژەنە.

ئاوەشی: ١) نەخـۆشی گوانی مەڕ کە ڕەق دەبێ‌و نادۆشـرێ؛ ٢) بەئاو کەوتنی دەغڵ لەبەر ئاودانی زۆر: (دەغڵەکەمان ئاوەشی بوە، زۆر جیێ لێ وشك بوە) ف ١) نوعی بیماری پستان میش؛ ٢) زرد شدن زراعت در اثر آبیاری زیاد.

ئاوەکوڵ: ١) جل دەنێو ئاودا کوڵاندن؛ ٢) ئاوەڕوت؛ ٣) ئاوی کوڵ‌هاتو ف ١) لباس در آب جوشاندن؛ ٢) نگا: ئاوەڕوت؛ ٣) آب جوش.

ئاوەکی: ١) شل، تراو، دژی خەست؛ ٢) ئاژەڵێك لە مێگەل تەرەبو بێ‌و چوبێتە ناو مێگەلێکی بێگانە ف ١) آبکی، ٢) گوسفند از گله آوارەشدە.

ئاوەڵ: ١) دۆسـت، ڕەفیق، هاوڕێ؛ ٢) نەخـۆشی چۆکی ئاژەڵ ف ١) رفیق؛ ٢) نوعی بیماری دام.

ئاوەڵا: ئاواڵە، گوشاد، وەکری، واز ف باز و گشادە.

ئاوەڵانە: شیرنی شوان کە بەرخ‌و کاری تازە زاو لە دەشتەوە دێنێتەوە ف انعامی کە چوپان بەوقت آوردن نوزاد دام می‌گیرد.

ئاوەڵ دامان: ئاودامێن، داوێنی شۆڕ، ئاوداوێن، ئاودامان ف دامن بُلند.

ئاوەڵ داوێن: دامێنی شۆڕ وەك کەوای مەلایان ف دامن بُلند.

ئاوەڵ زاوا: ئاواڵ زاوا ف باجناغ.

ئاوەڵ کراس: ئاواڵ کراس، دەرپێی ژنان ف شلوار زنانە.

ئاوەڵناو: بری‌ناو، سفەت لە ڕێزماندا ف صفت دستوری.

ئاوەڵە: ئاواڵە، واز، گوشاد ف باز و گشاد.

ئاوەنیا: ڕەپستـە، دەغڵێ کە لەپێشـدا زەویە کەی ئاو دراوەو شو کراوەو دوایی تۆی لێ چێندراوە ف آبستە، بساردە.

ئاوەوەرە: ١) شەربـە، زەرکی ئاوخـواردنـەوە، لیوان، گڵاس؛ ٢) ڕاوی سەرکانی بۆ کوڕکوڕو کەو ف ١) لیوان؛ ٢) روشی در شکار طیور.

ئاوەهـا: ١) بەم جۆرە، ئەم تەرزە؛ ٢) بۆ پرسیارو سەیرمان: (ئاوەها ئەم کارەشت کرد؟!) ف نگا: ئاووا.

ئاوهـەڵکـردن: ئاو بۆ سەرزەوی بردن بۆ ئاو داشتن ف آب را بە زمین زراعتی رساندن.

ئاوهەڵگرتن: ١) جۆگە سازکردن بۆ ئاوهێنانە سە رزەوی لەسەر چاوەڕا؛ ٢) هەڵمـژین‌و ئاو تێدا کۆ بونـەوە: (جەواڵەکە لە کانی‌دا بۆ بارێکی ئاوهەڵگرتوە) ف ١) جوی برداشتن؛ ٢) آب برداشتن.

ئاوهەڵێنجان: ئاو بەسەتڵ یان دۆڵچە یان ئامانێك هەڵکێشان ف بوسیلە سطل یا... آب را برکشیدن.

ئاو هێنـان: ١) ئاو هاوردن بۆ کارو خواردنەوە؛ ٢) نەخۆشیەکی چاوە: (چاوی ئاوی هێناوە)؛ ٣) نەخۆشی لاق ئەستوربونی یەکسم ف ١) آب آوردن برای مصرف؛ ٢) نوعی بیماری چشم؛ ٣) آماسیدن پاغر ستور.

ئاو هێنانەوە: دەسپەڕ کردن، بەدەس شاوەت هێنانەوە، جڵق، مشتە ف جَلق، استمنا.

ئاوی: ١) بەراو، دژی دێم؛ ٢) شوێن‌و جێگـە: (شـێلان ئاوی: جێ شێلان)؛ ٣) تێ هەڵسواو، قوڕاوی، هەویراوی، ناردواوی، ئالو...؛ ٤) جانـەوەرێ لە ئاودا دەژی: (مـاری ئاوی، بۆقی ئاوی)؛ ٥) ڕەنگی شینی ئاچـخ، عاسمـانی، عابی ف ١) آبی؛ ٢) پسـونـد مکان؛ ٣) علامت آلودگی؛ ٤) آبزی؛ ٥) رنگ آبی.

ئاویار: ئاودێر ف آبیار.

ئاویاری: ئاودێری، ئاوداشتن ف آبیاری.

ئاویتن: هاویشتن، فڕێدان ف پَرت کردن.

ئاویتـە: ١) تێکلاو، تێکەڵ: (هەرزن بێ ئاویتە نانی لێ نایە)، (چاوی کیژیش ئەمنی خستە ئەو گوڵە / ئیستە ئاویتەی گڵە، کوشتەی دڵە) «هەژار» ٢) بێچوی لەزگدا مردو ف ١) آمیختە؛ ٢) جنین سِقط‌شُدە.

ئاوێتە: ئاویتە ف آمیختە.

ئاویر: ئاگر، ئاور، ئایەر، ئێگر ف آتش.

ئاوێر: ئاودێر، ئاویار ف آبیار.

ئاوی‌ڕەش: دەردێکی چاوە، دەڵێن: (ئاوی ڕەشی هێناوە) ف آب سیاە چشم.

ئاوێز: ١) هەڵـواسین، داڵـەقـان، لەسەرەوە شۆڕکردنەوە، داهێشتن؛ ٢) کەنارنشین: (پەڕاوێزی کەوا) ف ١) آویختن؛ ٢) حاشیە.

ئاوێزان: ١) داڵـەقـاو، هەڵـواسـراو، داهێڵدراو، شۆڕەوەبو؛ ٢) خۆ پێوە هەڵاوەسین: (وەرگەرێ ئاوێزانت بم) ف ١) و ٢) آویزان.

ئاوێزە: ١) ئاوێز؛ ٢) چلچرا؛ ٣) پێڵەو سسڵەی خشڵی ژنان ف ١) آویزە؛ ٢) چلچراغ؛ ٣) زیور زنانە.

ئاوێژ: پاشگری بەمانا فڕێدەر، هاوێژەر: (تفەنگ ئاوێژێکی دەس ڕاستە) ف پسوند بەمعنی انداز.

ئاوێژە: زەوی بەراو، بەرانبەری دێم، ئاوی ف زمین آبی.

ئاوێستا: کتێبی پیرۆزی زەردەشت ف اَوستا.

ئاویشتن: هاویشتن، فڕێدان، ئاڤیتن ف انداختن.

ئاویلکە: گیانەلاو، سەرەمەرگ ف درحال احتضار.

ئاوێنە: قودیك، عەینك، نەینك، نەینوك، جام ف آینە.

ئاوێنەبەند: ژوورێك کە ئاوێنە لە دیوارە کانی درابێ ف آینەبند.

ئاویە: ١) سواغ، سواق، قوڕ تێ هەڵسوونی بان‌و دیوار؛ ٢) جۆشی شتی کانزا؛ ٣) زەوی ئاوی ف ١) گل‌اندود؛ ٢) جوش و لحیم؛ ٣) زمین آبی.

ئاویەدان: ۱) جۆشدان، لەحیم کردن؛ ۲) سواغ دان، قوڕ تێ هەڵسون‌و لوس کردنی بان‌و دیوار ف ۱) جوش دادن؛ ۲) گل اندودن.

ئاویەر: کێوێکە لە باشوڕی شاری سنە ف کوهی در جنوب غربی شهر سنندج.

ئاه : ۱) ئاخ‌و داخ، هەناسەی خەمباری؛ ۲) هێزی کەم: (**ئاهێکی** تێدا نەماوە، نزیك بەنەمانە) ف ۱) آه تحسّر؛ ۲) رَمَق.

ئاها: ۱) کەی وایە؟ کێ باوڕ دەکا؟؛ ۲) وشەی ئاگا کردن: (**ئاها** دەگەڵ تۆمە) ف ۱) کی چنین است؟؛ ۲) حرف انذار.

ئاهــۆ: ۱) پەتـا، درم، ئازار، نەخـۆشی گیرۆ: (تـاعـون **ئاهـۆیە**کی زۆر حەستەمە)؛ ۲) شێتی، لێوەیی؛ ۳) عەیب‌و کەمایەسی؛ ۴) فێ ف ۱) مرض واگیردار؛ ۲) دیوانگی؛ ۳) کاستی؛ ۴) صرع.

ئاهۆ: ۱) کەمایەسی؛ ۲) ئاسك، کەژاڵ ف ۱) کاستی؛ ۲) آهو.

ئاهوناڵە: ئاخ هەڵکیشان‌و ناڵاندن ف آه و ناله.

ئاهو نزۆلە: توك‌و دوعای خراپ، نەفرین ف دُعای بد.

ئاهەڕا: کوێرەڕێ، بزنەڕێ، ڕێچکە ف کورەراه.

ئاهەك: قسڵ، کلس، کسڵ ف آهك.

ئاهەنگ: ۱) بەزم‌و شادی؛ ۲) هەوای گۆرانی؛ ۳) دەنگ ف ۱) بزم؛ ۲) آهنگ؛ ۳) صدا.

ئاهەنگ گێڕان: بەزم سازدان، کەیف‌و زەماوەن ف بزم و شادی کردن.

ئاهی: ئاسك، کەژاڵ، جەیران ف آهو.

ئاهیر: ئاگر، ئێگر: (ئازیزم **ئاهیر** دوری باڵای تۆ / جەستەم کەرد وەبوڵ شەماڵ بەرد پەی کۆ) «مەولەوی» ف آتش.

ئاهیرین: ئاگرین، گەرم وەك ئاگر: (نامەکەت یاوا کۆسم کەفتەوە / دڵەی **ئاهیرین** دا وەنەفتەوە) «مەولەوی» ف آتشین.

ئاهێن: ۱) ئاسن، هەسن، کانزای، بەناوبانگ: (جەزبەی **ئاهێنم** دەماخ دان پەرداخ / میقنـاتیز تۆی جام کەردەن وەیاتـاخ) «مەولەوی»؛ ۲) ناڵین ف ۱) آهن؛ ۲) نالیدن.

ئاهێنگـەر: وەستـا خاڵـە، ئاسنگەر، هوستای هەسنان: (نەئاهێنگەرێ نەئاهینگەرێ / ئارۆ ڕاگەم کەفت نە**ئاهینگەرێ**) «مەولەوی» ف آهنگر.

ئاهی نەگرفتە: دوبەختی، شانسی ف شانسی.

ئای: ۱) هاوار لە ئێشـان (**ئای** مردم)؛ ۲) وشەی سەیرمان: (**ئای** چەند سەیرە!) ف ۱) حرف درد؛ ۲) حرف تعجُّب.

ئایا: داخـۆ، تۆ بڵێی؟: (زارم وەکـو خیلال‌و نەحیفم وەکـو خەیاڵ / **ئایا** دەکەومە زارو بەدڵدا دەکەم ختوُر) «نالی» ف آیا.

ئایاکو: ئایا، داخۆ، ئاخۆ ف آیا.

ئای‌ئای: وشەی سەیرمانە: (**ئای ئای** لوتی چەند زلە!) ف حرف تعجُّب.

ئایر: ئاگر ف آتش.

ئایرە: ئاگرە، جۆرێ زیپکە لە چەنەو دەم‌و چاو دێت، ئاورە ف آتش فارسی.

ئایرین: ئاگرین، ئاهرین ف آتشین.

ئایســان: پێ‌بونی ئاگر، گڕ بڵنـدبون، پێ‌بونی چرا، گڕیان ف مُشتَعِل شدن آتش.

ئایساندن: پێ کردن، هەڵکردن، داگرساندن ف برافروختن.

ئایش: ۱) ئاخ، ئۆف؛ ۲) سوکـەڵـە ناوی عایشە ف ۱) حرف درد؛ ۲) مخفّفِ عایشە.

ئایشا: ئەوان ف ایشان.

ئایشە گوێدرێژ: جنۆکەیەکە دایك منالّی پێ دەترسێنێ ف لولو.

ئایشێ: سوکەڵە ناوی عایشە ف مخفّف عایشە.

ئایل: ۱) مندال، زارۆ؛ ۲) کەسێ کاری ناهەق دەکا ف ۱) بَچّە؛ ۲) ستمگر.

ئایلەمەن: عایلەمەن، خەزایی ف پرندۀ سار ملخ‌خوار.

ئایم: بنیادەم، مرۆ ف آدمی.

ئاین: مەزەب، ڕەوشت ف آیین.

ئایندە: لەمەبەولا، دوارۆژ، ئەوەی کە پاشان دێت ف آیندە.

ئاینو ئۆین: ۱) نازو نوز؛ ۲) فێڵ‌و مەکر ف ۱) ناز و اَدا؛ ۲) مکر و فَریب.

ئاینی: دینی، مەزەبی ف دینی.

ئایۆ: دێت، پەیادەبێ: (کەشەو گیرۆم خەیاڵی تە بە ئاغوش / سەهەر ئەز بوستەرم بۆیی گوڵ **ئایۆ**) «بابەتایەر» ف می‌آید، پیدا می‌شود.

ئایە: ۱) ئاخۆ، ئایا؛ ۲) پوُر ف ۱) آیا؛ ۲) عمە.

ئایەت: بەندوبڕێك لە سورەتی قورعان ف آیتِ قرآنی.

ئایەتی: ۱) پاشگرێکە واتای حاڵات دەدا: (کورد**ایەتی**، خوشک**ایەتی**، بر**ایەتی**)؛ ۲) مەڵبـەندو زێگە: (مەنگوڕ**ایەتی**: وڵاتی مەنگوڕان، باڵەک**ایەتی**: وڵاتی باڵەکیان) ف ۱) و ۲) پسوند حالت و مکان.

ئایەر: ئاگر، ئاور ف آتش.

ئایەکو: داخوا، تۆبێژی ف آیا.

ئایەنە: ئایندە، لەوەودوا، پاشەڕۆژ ف آیندە.

ئایی: پاشگر، صفەت دەکاتە چاوگە: (درێژ**ایی**، پان**ایی**) ف پسوند صفت.

ئاییا: ۱) مەت، پوُر، خوشکی باوك؛ ۲) دایك، داڵـك، دێ، تەدا ف ۱) عمّە؛ ۲) مادر.

ئاییسان: ئایسان، پێبونی ئاگر ف مُشتعل شدن.

ئایین: ئاین، مەزەب، دین، ڕەوشت ف آیین و دین.

ئاییە: ۱) مەتك، خوشکی باوك؛ ۲) دایك ف ۱) عمّە؛ ۲) مادر.

ئاییەی: وشەی سەیرمان: (**ئاییەی** لەم لوتە زلە!) ف حرف تعجُّب.

ئتلیس: قێز، لێ‌وەڕەزی، قێزوبێز ف نفرت‌و دوری.

ئسپار: تەکمیش، بەپێمەڕە وەرگێڕانی ناو باخ ف کَندنِ زمینِ باغ.

ئستران: گۆرانی، مقام ف ترانە.

ئستێرك: هەرزال، پێرك، ئەستێرك، سەکۆی لەدار یان لەقوڕ لە ڕەشماڵ یان ژوُر بۆ شت لەسەر دانان ف چوب‌بست سَکومانند، تلی‌بار.

ئستێرك: گۆلاو، گۆل ف استخر کوچك.

ئستینك: ۱) زەردەواڵە؛ ۲) ژەنگەسورە ف زنبور.

ئشکێل: چوارپەل بەستن‌و بە عەرزا دان، چوار مێخە ف چهار میخ کشیدن.

ئم: ١) وشەی نارەزایی: (ئم لەو تەرح و دیدا رەت) زۆرتر دەگەڵ پۆکاولە لێناندا دەگوترێ؛ ٢) بەڵێ، ئا، ئارێ ف ١) حرف تنفر؛ ٢) آری.

ئمجا: دەی چی‌تر ف پس چی.

ئنجا: ١) ئمجا؛ ٢) ئەمجار، لەوەپاش ف ١) پس چی؛ ٢) سپس.

ئۆ: ١) حەیفێ، مخابن: (ئۆ بۆ ئەورۆژی لەدەسمان چو)؛ ٢) وشەی بانگ کردن: (ئۆ فاتێ، ئۆ رەشۆ!)؛ ٣) وشەی سەیرمان: (ئۆ چ سەیره!)؛ ۴) ئاو ف ١) حرف تأسف؛ ٢) حرف ندا؛ ٣) حرف تعجُب؛ ۴) آب.

ئو: هاوار لەئێش ف حرف درد و آزار.

ئۆباڤ: باوك، باو، تاته ف پدر.

ئۆباڵ: ئازو یەزە، گوناح، وەباڵ: (ئۆباڵ بەستۆم زۆر جوانی، بۆ تۆ خۆم توشی ئۆباڵ ناکەم) ف گناه، بزه.

ئۆبە: کۆمەڵێك رەشماڵ پێکەوە، زۆم، هۆبە ف اوبه.

ئوتو: ئاسنێکە گەرمی‌دەکەن بۆ لابردنی گنجی قوماش ف اُتو.

ئوتوز: گلاربونەوە، جاڵەبون (بەردێك لەکێوە کە ئوتوز بو، دەچۆم کەوت‌و بەری ئاوی گرت)، تلەو بونی بەرد ف غلتیدن.

ئوتوس: ئوتوز ف غلتیدن.

ئوج: قامیشی قەڵەم ف قلم نی.

ئۆحە: وشەی گەڕاندنەوەی رەشەولاغ: (ئۆحە گارەش) ف حرف راندن و بازداشتن گاو.

ئۆخ: چ‌خۆشە، وشەی شادی: (دلبەرێ ئیرۆ سەحەر ئاڤیتە جەرگێ من دودۆخ / یەك لسینە، یەك لدلدا لەو لمن تێن ئاخ‌و ئۆخ) «جزیری» ف کلمهٔ اظهار شادی.

ئۆخر: دوایی، دوماهی، لەدوای ئاخرە وەدێت: (ئاخر و ئۆخری میوەبو) ف نهایت.

ئۆخژن: ئۆقرە، ئارام: (بە دیتنت ئۆخژنم هات) ف آرامش.

ئۆخە: ئۆخژن ف آرامش.

ئۆخەی: ئای چەخۆشە: (ئای چەندەم خۆش دەوێ، ئۆخەی چاوم پێ کەوت) ف آخش.

ئۆخەیج: ئۆخەی ف آخش.

ئۆخەیش: ئۆخەی ف آخش.

ئۆدا: دایك، دێ، داڵك ف مادر.

ئۆدە: ژوور، وەتاغ، چاوەماڵ ف اُتاق.

ئۆرت: ١) ناوەڕاست، نێوان: (رەشۆ لئۆرتا ئەزو بابۆدا رۆنیشتی بو)؛ ٢) ئێحتوبارو رێز ف ١) وسط، میانه؛ ٢) ارزش و اعتبار.

ئۆرتز: وشەی فەرمانە: بازدە، هەڵبەزە ف کلمهٔ امر.

ئۆرتە: مافوورەی گەورە لە ناوەڕاستا رادەخرێ ف فرشی که در وسط اتاق اندازند.

ئۆردو: لەشکر، سپا ف اُردو، سپاه.

ئۆردو بەز: جێگە دابەزین‌و ئیسراحەتی لەشکر ف جای اُطراقِ اردو.

ئۆردی: ئوردو ف اُردو.

ئورزان: هەڵپەرکێ، هەڵبەزین ف پایکوبی و رقص.

ئۆرین: قوڕە قوڕی گا و... ف صدای بُلند گاو و...

ئوسا: ١) بەم جۆرە؛ ٢) وەستا، سنعاتکار ف ١) اینطور؛ ٢) اُستادکار.

ئوُسا: وەستا، کارزان، پیشەساز، سنعتکار ف اوستا.

ئوستا: وەستا، مامۆستا، ئوُسا، یوسو ف استادکار.

ئوستاد: ئوستا ف اُستاد.

ئۆسپ: سوکەڵە ناوی یوسف ف مخفّف یوسف.

ئوسترە: گوێزان، گیزان، کێردو تیخی موتاش ف تیغ موتراش.

ئوسترلاب: عاسمان پێو، ئامرازێکە لای ئەستێرە ناسان بۆ لێکدانەوەی نێوان ئەستێرەو ئەستێرە ف اُسطُرلاب.

ئوسکوف: ئەوکڵاوە چەرمینەی دەسەرو چاوی بازی دەدرون تا کەوی بێت ف چشم‌بند باز شکاری.

ئوسوُ: سوُکەڵە ناوی یوسف ف مخفّف یوسُف.

ئۆغر: ١) سەفەر؛ ٢) خێر دیتن لە سەفەردا ف ١) سفر؛ ٢) یُمنِ سفر، اوغور.

ئۆغز: ناوە بۆ پیاو: (ئاغایێ مە ئۆغز بەگە) ف نامی است برای مردان.

ئۆغلمە: شەڕ بەتێك چڕژان‌و پێك هەڵپرژان، جەنگی مەغلوبە ف جنگ مغلوبه.

ئۆغەن: دوامین حەوتوی چلەی بچوُك ف آخرین هفتهٔ چلّه کوچك.

ئۆف: هاواری دەردو ئازار ف کلمهٔ اظهار درد.

ئوُفـە: نەخـۆشیەکی یەکسمە وەك هەڵا مەت ئاو بەلوُتیا دێت ف نوعی بیماری دام.

ئوڤە: بۆ ترسانی منداڵ لەشتێك، بقە ف کلمه‌ای برای برحذر داشتن کودك.

ئۆقرە: ئارامی، هەدا، ئۆخژن ف آرامش.

ئۆقرە گرتن: هەدادان، ئارام‌بون، داسەکنان ف آرام گرفتن.

ئۆك: پاشگـری وشە بۆ زۆرکردن: (منالێکی گرینۆکە، گلۆکە، پیاوێکی ترسـەنۆکـە)؛ ٢) پاشگـر بۆ چوُك‌و کەم کردن: (خدرۆك، چنارۆك، بەگۆك، کسۆك، زارۆك) ف ١) پسوند مبالغه؛ ٢) پسوند تصغیر.

ئوك: ئەوك، گەروُ، قڕگ، قوڕگ ف گلو.

ئۆکـە: پاشگـری بچوك نیشاندان: (منالۆکە، کانیلۆکە، گردۆکە) ف پسوند تصغیر.

ئوکـە: بۆ بچـوك نیشان‌دان دەبێتە پاشگر: (ئەوەندوکە، بەردوکە) ف پسوند تصغیر.

ئۆگر: خوێ گرتو ف اُنس گرفته، مأنوس.

ئۆگە: ئەوێ، وێدەرێ ف آنجا.

ئۆڵ: ١) پاشگـرە بۆ زۆری‌و زیادی: (فرتۆڵ، شرۆڵ، کولۆڵ، کرمۆڵێ)؛ ٢) بۆ بچـوك شانـدان: (مچۆڵ، رەشۆڵ، خانمۆڵ) ف ١) پسـونـد مبالغه؛ ٢) پسوند تصغیر.

ئۆل: ١) پاشگری بچوك شاندان: (مچۆل)؛ ٢) دین‌و مەزەب: (ئۆلامە ئیزدی‌یە) ف ١) پسوند تصغیر؛ ٢) دین.

ئولاخ: ولاغ، ئاژەڵی بەرزە، گاو گوڵ‌و یەکسم ف احشام، حیوان سواری.

ئولاغ: ئولاخ ف احشام.

ئولاغدار: چارەوێدار ف چاروادار.
ئوڵك: مێخ زنجیر ف میخ طویله.
ئولکه: پاشگری چوك نیشاندان: (گردولکه) ف پسوند تصغیر.
ئوڵکــه: مەڵبەنـد، مەیدان: (لـه **ئوڵکـەی** جوانی یا گەر لافی شاهی لێ بدەی، لێت دێت) «بێکەس» ف منطقه.
ئوڵکه: پاشگری چوك شاندان: (تەپوڵکە) ف پسوند تصغیر.
ئوڵه: ئولکه: (ناسکوڵە، نەرموڵە) ف پسوند تصغیر.
ئوله: ئوڵه: (گزموله، پسوله، خنتوله) ف پسوند تصغیر.
ئومك: پوکاوله، چەموڵە، چەمبوڵە ف با پنجهٔ باز ام کردن.
ئومەت: دەستەی پەیڕەوانی دینێکی تایبەتی: (**ئومەتی** مُحمَّد، **ئومەتی** موسا) ف امّت.
ئومێ: هومێد، هیوا ف اُمید.
ئومی: ١) نەخوێندەوار، بێسیوات؛ ٢) جگەلەسەید ف ١) ناخوانده؛ ٢) غیرسیّد.
ئومێد: هیوا، هومێ ف اُمیّد.
ئونه: هوَنەوە ف اینك آن.
ئووەی: ١) بۆ شەرم کردن: (ئــووەی کچــەکــێ پیاو دیتیانم)؛ ٢) بۆ دەربڕینی خەم: (**ئووەی** حەیفو خەساری) ف ١) اَی وای؛ ٢) ای آخ.
ئونیشك: نویشك، کەرە، ڕۆنە کەرە، فەریکە ڕۆن ف کره.
ئوه : ١) شەونم، ئاونگ؛ ٢) وشەی وەڕەزی: (**ئوه** چەند ناخۆشە) ف ١) شبنم؛ ٢) حرف تنفر.
ئوی: ١) هاواری دەرد، وەی؛ ٢) وشــەی دەنگــدان: (**ئوی** هەتیو دەت کوژم)، هوی ف ١) فریاد از درد، وای؛ ٢) حرف انذار، های.
ئویف: بەهبەهـ! پەك چباشە! چجوانە! پەك ف بەبە.
ئویمە: جۆرێ کراسی ژنانەیە ف نوعی پیراهن زنانه.
ئوین: فێڵو مەکر ف فریب.
ئوین باز: بەمەکرو فێڵباز ف مَکّار.
ئویە: ١) پوڵـەکـە، پوڵـەکە، ئەو وردیلە تەنکانەی لە کەناری دەسماڵی سەری دەدرون بۆ خشـڵ، بریقە؛ ٢) تیسماڵکی پارچەی کون کونی ناسك کە لە کەناری کەوای دەدرون و بریقەی وێدەخەن ف ١) پولك زینتی؛ ٢) نواری که پولك بر آن دوزند.
ئوییە: ئویە ف پولك زینتی.
ئە: ئامرازی گەیاندنی ئاینده: (**ئە خوَم، ئەنوم**) ف علامتِ مُضارع.
ئەبتەر: شێتوکە ف خل، دیوانه.
ئەبدال: ١) تیرەی پوڕ کە مەلێکی کێوی خۆش گۆشتە: ٢) سوکەڵەناوی عبدالله: ٣) دەرویشی گەڕیده ف ١) دُرّاج نر؛ ٢) مَخَفّف عبدالله؛ ٣) درویش جهانگرد.
ئەبرۆ: برۆ، برە ، خەتە موی بەر توێڵو باڵای چاو: (**ئەبرۆ** چکەوانی بێ گری و رێك؟ / پەیکانی بژانگ چتیری دڵبێك!) «مەموزین» ف اَبرو.
ئەبرەش: مەڕ یا بزنەزاو کە شیر وشك دەکاو بێچو تێر ناکا، عەبرەش ف گوسفند یا بزی که شیرش قطع شده باشد و نتواند بچه‌اش را سیر کند.
ئەبله: نەفامو تێ نەگەیشتو ف اَبله.
ئەبڵەق: ١) ئەسپو ماینی دوڕەنـگ، ڕەش و سپی، سورو سپی، بازگ، بازو؛ ٢) موڵەق بونی چاو: (کە زینیان کرد لە پشتی ماینە ڕەشکوێت / گەڕا چاوم لەوێدا زەردو **ئەبـڵەق**) «شێخ ڕەزا» ف ١) اَبْلَق؛ ٢) خیره شدن چشم.
ئەبەد: ١) بێ بڕانەوە، تاهەتا؛ ٢) هەرگیز، قەت ف ١) بی نهایت، اَبَد؛ ٢) هرگز.
ئەبەدەن: نە بە هیچ جۆر، هەرگیز: (**ئەبەدەن** نەمدیوە) ف اَبَداً.
ئەبەدی: هەرهە، نەمر، لە نەمان بەدور ف اَبَدی.
ئەبەر: لەبەر، بۆ خاتر، لەڕوی: (ئەشێ جوانان سوژدە **ئەبەر** تۆ بەرن) ف بەخاطر، برای.
ئەپرەخ: دوڵمەی گەلاّمێو، یاپراخ ف دُلمهٔ برگ مَو.
ئەتراف: دەوروبەر، مەڵبەند ف پیرامون، منطقه.
ئەترەش: زەندەق، زەنەق، ورە، هێزی دڵ، زات ف زَهره.
ئەتك: سوکایەتی، شوُرەیی ف هَتك.
ئەتك کردن: سوکایەتی بەسەر هێنان، ئابڕو بردن ف هَتك کَردن.
ئەتڵەس: پارچــەیەکی جوانو بەقیمــەتــە: (یاخـوا لێت ممبــارەك بێ **ئەتڵەس**و کیمخاو خارا) ف پارچهٔ اطلس.
ئەتوُ: توَ، تە، توُ: (**ئەتوُ** خوَت هەڕو) ف تو.
ئەتـوَ: ئەتوُ: (**ئەتۆ** ئەی چرچە پیسەی لینگ گوُاوی! / لەگەڵ زەرراتی عالەم تێکەڵاوی؟) «جەنابی مەلا» ف تو.
ئەتوا: دەوێ، دەخوازێ: (تۆ چەت **ئەتوا**)، (ئەم چی **ئەتوا**؟) ف می خواهد.
ئەتـوار: ڕەوشت و کردەوە: (مـەشرەبی نالی گەلێ ئابیو ترشە بەڵێ / موعتەریفە خوَی دەڵێ: چاپە **ئەتواری** من) «نالی» ف اطوار.
ئەتوام: گەرکمە، ئەمەوێ، دەخوازم ف میخواهم.
ئەتـوان: ١) مەڵحـەم، ڕوَنێك کە لەســەر کوان و برینی دائـەنێن یان تێ هەڵدەسون، مەرهەم؛ ٢) خوازتن ف ١) مَرهَم؛ ٢) خواستن.
ئەتەر: شوَپ، شوێن، نیشان ف اَثر.
ئەتەك: داوێن، شاقەل، ئاتەگ ف دامَن بُلند.
ئەتەگ: ئەتەك ف دامَن بُلند.
ئەتەم: گەرای وەگیان هاتو ف جنین تازه تشکیل شده.
ئەتی: پاشگرێکە ناو دەکاتە چاوگە: (**پیاوەتی، جیرانەتی**) ف علامت مصدری.
ئەجر: سزای باش، پاداشت ف اَجْر.
ئەجـزا: ١) شتی لەنـەوت و بنێشت دروس کراو: (تەزبێحەکەم **ئەجزایە**، شەمچــەی پێوە نێ بۆچـروکی دێت)؛ ٢) دەرمـان ف ١) مصنـوع پلاستیکی؛ ٢) دارو.
ئەجزاچی: دەرمان فروَش ف دارو فروش.
ئەجزاخانە: دەرمانخانە، دوکانی دەرمان فرۆشتن ف داروخانه.
ئەجنـدە: جندوکە، ئەجنە، جانەوەرێکی خەیاڵی دەڵێن پیاو شێت دەکاو

پشکەڵ دەخوا ف جنّ.

ئەجنە: ئەجندە، عەجنە،جنۆکە ف جنّ.

ئەجـەل: ١) ماوە، مەودا: (ئـەومـاڵـەت بە **ئەجـەلی** دومـانـگ بەقەرز ئەدەمێ)؛ ٢) ئاکـام، وادەی مەرگ: (بـزن **ئەجەلی** هات نانی شوان دخوا) «مەسەل» ف ١) مدّت؛ ٢) اَجَل.

ئەجی: ئەیژی، وەك ئەویە: (وێش **ئەجی** سەڵوێنە مدرێنە یاوە) «سەیدی» ف تو گویی.

ئەجێ: نێوی ژنانە ف اسمی زنانە.

ئەچنەو: وێدەچێ، دەشبێ، دەشبهێ ف می‌ماند.

ئەح: وشەی گوێ پێنەدان: (**ئەح** جی لێ بکەم)، ئەه ف حرف بی‌اعتنایی.

ئەحا: وشەی باوڕ نەکردن‌و سەیرمان: (**ئەحا** لەو درۆیە)، تەحا، بەحا ف حَرف تَعَجُب.

ئەحئەح: وشەی دەرکردنی پەز لە ئاغەڵ ف حرف راندن گَلّە از آغُل.

ئەحمـەق: کەرو گەلـلایی‌و نەفـام، هەقمەق: (وەکوُ یەك دێتە بەرگوێ پیاوی **ئەحمەق** / سەفیری بولبول‌و ئاوازی لەقلەق) «شێخ ڕەزا» ف اَحْمَق.

ئەحۆ: سوکەڵە ناوی ئەحمەد ف مُخَفَّف احمد.

ئەحواڵ: چۆنیەتی باری ژیان، حاڵ‌و حەواڵ، هەواڵ ف اَحوال.

ئەحواڵپرسی: چاك‌و چۆنی، بەسەرکردنەوە ف احوالپُرسی.

ئەحە: سوُکەڵەی ئەحمەد ف مخفّف احمد.

ئەحەکە: ئەحمەدۆکە ف احمد کوچولو.

ئەحیانـە: ئەگەر، ئەگەر هاتو، دەسورەتێکا: (**ئەحیانە دیتت سڵاوی پێ** بگەیەنە) ف اگر، در صورتی.

ئەخبار: دەنگو باس ف اَخبار.

ئەخت: کۆششت‌و تەقـالا، دەگەڵ وشـەی چاردا دەگوتـرێ: (هەرچەند **ئەختو** چارم کرد نەهات) ف تلاش.

ئەختان: فرسەت، دەرفەت ف فُرصت.

ئەخترمە: ئەسپی لە دوژمن گیراو ف اسب به غنیمت گرفته از دُشمن.

ئەختـە: ١) گون دەرهاتو: ٢) داری شینی سەر قرتاو ف ١) اخته: ٢) درختِ سبزِ هَرَسْ شُده.

ئەخشاڵ: وردەو پردەی ناوماڵ ف خرت‌و پرت.

ئەخلەخ: جلی ژێر کەوا، سوخمە ف ارخالق.

ئەخم: ڕوترشی، رو گرژکردن ف اَخم.

ئەدا: ١) ڕەوشت‌و ئاکـار: (پیاوێکی بە**ئـەدا**یە)؛ ٢) نازو نوزو عیشوەو کرشمـە: (دڵێکی غەمـزەدەم بو مەحرەمی ڕاز / ئەویشت لێم بەسەد شێوەو **ئەدا** سەنـد) «ئـەدەب»؛ ٣) دانەوەو قەرەبو: (هەرچەندە وەکو خەنجەری ئەڵماسە زمانم / نابڕێ سەری مویێ لە **ئەدای** شوکری نیعـەمتـان) «شێخ ڕەزا»؛ ٤) لاسایی‌و دەمەلاسکە: (چڕات دەکەوێ ئەدام دەردێنی؟)؛ ٥) دایك؛ ٦) حازرو نەفـەوتـاو: (فڵانەکەس هەمو نوێژان بە **ئەدا** دەکاو قەزای لەسەرنیە)؛ ٧) دەدا: (پارەم پێ نادا، جوێنم پێ **ئەدا** ف ١) اخلاق؛ ٢) نازو کرشمە؛ ٣) اداکردن و بجای آوردن؛ ٤) ادا درآوردن؛ ٥) مادر؛ ٦) انجام دادن تکالیف دینی در وقت خود؛ ٧) می‌دهد.

ئەدابابا: گوڵێکی سورە وەك پەنجە دەچێ ف گُلی است.

ئەددی: وشەیەکە بۆ پوُچاندنەوەی وتەی وێژەر بەگاڵتەوە: (**ئەددی!** چاك نەت بردەوە) ف اصطلاحی در گفتگو برای بی‌بها نشان دادن سُخن مخاطب.

ئەدوا: ١) ئاڵات، داو دەرمانی چێشت خۆشکەر: (ئیسیوەت‌و **ئەدوا**)؛ ٢) وتـارو باس، ڕابـردوی دوان: (کـاکم دەربارەی منەوە **ئەدوا**) ف ١) ادویە؛ ٢) گفتار.

ئەدەب: ١) شەرم؛ ٢) ناوگەڵ: (**ئـەدەبت** داپـۆشـە)؛ ٣) وێژە، شعرو پەخشـانی جوان؛ ٤) تەمێ: (جابزانە چۆن **ئەدەبت** دەکەم!) ف ١) ادب؛ ٢) کنایه از عورت؛ ٣) ادبیّات؛ ٤) تنبیه.

ئەدەبخانە: ئاودەست ف مُستراح.

ئەدەبی: هەر نوسراوێك پەیوەندی بە وێژەوەوە هەبێ ف اَدَبی.

ئەدەبیات: وێژە، شیعر و پەخشانی دڵگر و خۆش ف ادبیّات.

ئەدی: ١) ئیدی، چیتـر: (ئەوکارەت‌کرد، **ئەدی** مەیکە)؛ ٢) ورامە وەك ئارێ، بەڵێ: (شـەو نانت خوارد؟ **ئەدی**)؛ ٣) کەوابـو: (ئەگەر ئاشت بونەوە **ئەدی** بۆ ناچیەوە؟)؛ ٤) مەگەر: (**ئەدی** نەمگوت وامەکە؟!)؛ ٥) پرسیار بۆ پتەوی، تاکید: (**ئەدی** چۆن نایەم؟) ف ١) دیگر، بعد ازاین؛ ٢) آری؛ ٣) پَس؛ ٤) مَگر؛ ٥) سؤال تأکیدی.

ئەدی کو؟: مەگەر چۆن؟ ف مگر چطور؟.

ئەدی کوا؟: کەوابوُ لەکوێیە؟ ف پس کجاست؟.

ئەدی کوانێ: ئەدی کوا؟ ف پس کو؟.

ئەدی‌نا: مەگەر وانیە؟ ف مگر نه؟.

ئەر: ١) ئەگەر؛ ٢) پاشگرێکە کە وشە ئەکاتە کرگاری: (**نوُسەر، هاوێژەر**) ف ١) اگر؛ ٢) علامت اسم فاعل.

ئەڕا: ١) بۆچی، چما، لەبەرچی؟: (**ئەڕا** ناچی؟)؛ ٢) بۆ، لەبەر: (**ئەڕات** هاوردم)؛ ٣) مشار ف ١) چرا؟؛ ٢) برای؛ ٣) ارّه.

ئەراگێڵ: هەڵوەدا ف آوارە.

ئەڕامـەنـدە: پەرێشـان‌و دامـاو: (جە واتەی شێرۆ سەرەفکەندە بین / جەسەودای گەردوُن **ئەڕامەندەبین**) «خانا» ف پریشان، واماندە.

ئەربـاب: ١) خاوەن: (لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ‌و مەلاو زاهید / مطافی کەعبەبۆ **تەربابی** حاجەت گردی سەیوان بوُ) «شێخ ڕەزا»؛ ٢) روخۆش‌و سەودا خۆش‌و دڵاوا: (**کوڕێکی زۆر ئەربابە**) ف ١) ارباب؛ ٢) آدم خوش برخورد و خوش اخلاق.

ئەرجـو: پاڕانەوەو تکا: (ئەوەند **تەرجو** دەکا کوردی کەجارجار / بکەن یادی موحیببی بێ‌ڕیاتان) «کوردی» ف رِجا، خواهش.

ئەرخوت: لوُلەپە مەشکە، دوداری گرۆڤەری خەڕاتی کراوی دە دۆژەنگ خراو ف دستگیرهٔ مشك.

ئەرخە: یاریدەر، کۆمەگ، پشتیوان ف پشتیبان.

ئەرخەوان: دارێکە گولێکی سوُری ئاماڵ بنەوش دەکا، *پاش گوڵ گەڵا دەردەکات* ، ئەرغەوان ف آرغوان.

ئەرخەوان سوور: بریەتیە لە هەوەڵی نەوروز [ف] اوّل بهار.
ئەرخەوانی: بەرەنگی ئەرخەوان [ف] ارغوانی رنگ.
ئەرخەیان: خاترجەم، بێ‌خەم، ئارخەیان [ف] مُطمئن.
ئەرد: هەرد، عەرز، زەوین [ف] زمین.
ئەردێن: ردێن، ریش، مووی چەنەگە [ف] ریش.
ئەرز: ئەرد، عەرد [ف] زَمین.
ئەرزاق: تفاق، ئازوخە، ئازوقە [ف] آذوقە.
ئەرزان: ١) هەرزان، کەم‌نرخ؛ ٢) بێ‌مبـالات، گوێ پێ نەدەر [ف] ١) ارزان؛ ٢) بی‌مُبالات.
ئەرزن: هەرزن، باچیك [ف] ارزَن.
ئەرزنی: جۆرێ هەنجیر [ف] نوعی انجیر.
ئەرزەن: چەنـە، چەنـاگە، ئێسکی دەرپـەڕیوی ناوەڕاست قوڵی نێوان بەرچیلەو لێو [ف] زَنَخ.
ئەرزینگ: ئەرزەن، چەناگە [ف] زَنَخ.
ئەرژنگ: دارێکە لە داری ئەرخەوان ئەکا [ف] درختی مثل ارغوان.
ئەرش: عەرش [ف] عَرش.
ئەرڤاز: هەوراز، سەر بەرەوژور، هەڵ، عەڤراز [ف] سَر بالایی.
ئەرك: ١) پێویستی سەرشان، کاری لازم: (ئەرکی سەرشانمە خزمەت بکـەم)؛ ٢) زەحمـەت‌و چەوسان: (هێندم ئەرك داوە نەبێتەوە) [ف] ١) وظیفه، مسئولیّت؛ ٢) رنج و زحمت.
ئەرکان: رەخت‌و ئەسپابی شەڕ [ف] جنگ‌افزار.
ئەرمانای: پێ‌نیشان‌دان، شان‌دان [ف] نشان دادن.
ئەروا: گیان، رۆح: (قـالبم بێ‌رۆح ئەروام نەمەندەن / من‌دان حەیات زندگیم کەندەن) «مەولەوی» [ف] جان.
ئەرواو: خاوەن موڵك، ئاغادێ [ف] ارباب.
ئەرە: مشار، هەرە، برەك [ف] ارّه.
ئەرەبەستە: پەروار، دابەستە [ف] پرواری.
ئەرەج: مەچەك، بەندی نێوان پەنجەو باسك، جومگە [ف] مُچ.
ئەرەقگیر: ١) ژێر زین، ئارەقگیر؛ ٢) تونگەی بەلوولە بۆ ئارەق‌و گولاو گرتن [ف] ١) نَمدزین؛ ٢) وسیلهٔ عرقگیری.
ئەرەوەسای: داخوەستن [ف] پایین آمدن.
ئەرەمەردەی: داسەکنان، هەدادان، ئارام‌بون [ف] آرامش.
ئەرێ: ١) ئاخـوێ؛ ٢) با، بەڵێ: (کارەکەت کرد؟ ئەرێ کردم)؛ ٣) پێش پرسیارێکی ئاگاکردن، هەی: (ئەرێ ئەی شێخە پیسەی بۆری چڵکن / ئەرێ ئەی زك هەمانەی غازی بۆگەن) «مەلای گەورە» [ف] ١) آیا؛ ٢) آری؛ ٣) هان.
ئەرێ نەرێ: دودڵی‌و ڕاڕایی: (چیتـە هەر ئەرێ نەرێتـە؟!)، بکـرێ نەکرێ؟! [ف] دودلی و تردید.
ئەز: من، م: (ئەگەر دیتبانم ئەزم، ئەگەر نەیاندیم دزم). «مەسەل» [ف] من.
ئەزبوڵە: وشکەگیای بۆن خۆش کردنی چێشت [ف] گیاهان تیرهٔ ازبیه.
ئەزبەنی: وشەی ڕێزلێ‌نان واتا: من کۆیلەتم [ف] قربان.
ئەزبێ: ئەزبوڵە [ف] گیاهان تیرهٔ ازبیه.

ئەز خدام: وشـەی ڕێزلـێ‌نانـی ژن بۆ گەورە تر لە خۆی واتـا: من خزمەتکارتم [ف] کلمهٔ احترام زنانه.
ئەزخولام: وشەی ڕێزگرتن واتا: من نۆکەرت [ف] نوکرتم.
ئەز خولام: ئەز خولام [ف] نوکرتم.
ئەزرۆ: ئارەزو: (تام ئەزرۆ) [ف] آرزو.
ئەزغولام: ئەزخولام [ف] نوکرتم.
ئەزقوربان: من قوربانت، قوربان، وشەی ڕێزلێ‌نان [ف] قربانت.
ئەزگۆری: من قوربان، وشەی ڕێزو خۆشەویستی [ف] قربانت.
ئەزم: منم، خۆمم؛ ٢) هەڵتاواندن، هەزم، خۆراك لە زکا تاواندنەوە [ف] ١) مَنم؛ ٢) هَضم.
ئەزمان: ١) عاسمان؛ ٢) زمان [ف] ١) آسمان؛ ٢) زبان.
ئەزماناشین: عاسمانی کەوە [ف] آسمان آبی.
ئەزمان رەش: دەم‌پیس، زمان پیس [ف] بَدزبان.
ئەزمو: تەجرەبەکراو [ف] آزموده.
ئەزمـودە: ئەزمـوو: (مـاستی ئەزمـودە لە کەرەی نا ئەزمـوودە باشترە) «مەسەل» [ف] آزموده.
ئەزمون: تاقی‌کردنەوە، جەڕباندن، ئیمتیحام، ئیمتیحان [ف] آزمودن.
ئەزمە: تاقی کەرەوە. «میرد ئەزمە» دێوێکە پیاوان تاقی دەکاتەوە [ف] آزمای.
ئەزوا: ١) دەرمانێکی تاڵە کە سیبریشی پێ دەڵێن؛ ٢) ئالات‌و ئیسوت‌و ئەدواو گیای بۆن خۆشی چێشت [ف] ١) اَلوا؛ ٢) ادویه.
ئەزەل: هەربو، پێشینەترین [ف] اَزَل.
ئەزەڵ: ئەزەل [ف] اَزَل.
ئەزەلی: بێ‌پێشینە، هەربووگ [ف] اَزَلی.
ئەزەڵی: ئەزەلی [ف] اَزَلی.
ئەزیەت: ئازار، عەزیەت [ف] آزار.
ئەژدا: ئاژدا، باپیران [ف] نیاکان.
ئەژداد: ئەژدا [ف] نیاکان.
ئەژدەها: حەزیا، زەها، هەژدیها، ماری گەورەی چیرۆکان، حەڤی [ف] اژدها.
ئەژدیها: ئەژدەها [ف] اژدها.
ئەژمار: ژماردن، بژاردن [ف] شُمُردَن.
ئەژماردە: ١) ژمێردراو؛ ٢) هەڵبژێراو، هەڵبژاردە [ف] ١) و ٢) شُمُرده شُده.
ئەژماە: ژمارە، بژارە [ف] شماره.
ئەژنۆ: زرانی، ژنۆ، وژینگ، وژنگ، هەژنۆ، زەنگۆڵ [ف] زانو.
ئەژنەفتن: بیستن، گوێ لێ‌بون، ژنەوتن [ف] شنیدن.
ئەژنەوتن: ئەژنەفتن [ف] شنیدن.
ئەژی: ١) دێنێ، دەهێنێ، ئەم نرخـەی ڕەوایە: (مـاچێکت هەزار زێری سوور ئەژی)؛ ٢) نامرێ؛ ٣) منیش: (ئەژی پیر بوومە) [ف] ١) می‌ارزَد؛ ٢) زنده می‌ماند؛ ٣) من نیز.
ئەژێ: دەهێنێ، ئەژی؛ ٢) رادەتلەکێ: (مەشکە ئەژێ‌و دەژێندرێ) [ف] ١)

می ارزد؛ ٢) می جنبد.

ئەساس: بنەڕەت، بنچینە فا أساس.

ئەساسی: بنەڕەتی فا أساسی.

ئەساسیە: کەل‌و پەلی ناوماڵ فا أثاثیه.

ئەسام: کڕیم، سەندم فا خَریدم.

ئەساوی: کڕین، سەنن، خڕید فا خَرید.

ئەسای: کڕین، ساندن فا خریدن.

ئەسپ: نێری ماین، هەسپ، حەسپ فا أسب.

ئەسپاب: ئامرازو کەل‌و پەل فا اسباب.

ئەسپاو: ١) ئەسپاب؛ ٢) کێرو گون فا ١) اسباب؛ ٢) کنایه از عورت.

ئەسپاردن: ١) *شتێ یاکەسێ دان بە کەسێ یا دانان لای کەسێ ئاگای لێ‌بێ*، ئامانەتی؛ ٢) ولاّم قسەیەك بە یەکێکدا بۆ یەکی تربنێری، قەوینتی فا ١) اَمانَت؛ ٢) سفارش.

ئەسپاردە: ئامانەتی‌و سفارشت، قەوینتی کری فا سِپُرده.

ئەسپایی: لەسەرخۆیی، هێواش فا یواشکی.

ئەسپ‌سوار: سیاری حەسپ، سوار فا اسب‌سوار.

ئەسپشێ: سپێ، ئەسپێ، زیندوی خوێنخۆری لەش، هاوکاری کێچ فا شپش.

ئەسپەنگ: شنگ فا شنگ.

ئەسپوڵ: سپڵ، پارچە گۆشتێکی پانی ڕەشە لە ورگا فا طحال.

ئەسپۆن: سپۆن، بنەگیای بەکەف بۆ جل‌و دەس شتن فا چوبك، اشنان.

ئەسپە: سوریجە، سوُریژە، نەخۆشی زارۆکانە کە زیپکەی وردی سوُریان لێ‌دێ فا سُرخَك.

ئەسپەئاسنینە: دوچەرخە فا دوچرخه.

ئەسپەدارینە: پایسکل، دوچەرخە فا دوچرخه.

ئەسپەر: جێگەیێ لە پێمەڕەدا، ئەودارەی دە دەسکەبێڵی ئاسنی رادەکەن‌و دو زیادی هەیە پێمەڕەکار پای پێدا ئەداو باشتر زەوی ئەگەنێ فا جای پا در بیل.

ئەسپەرە: ١) ئەسپەر، ٢) پارچەدارێکە دەخرێتە نێوان میچ‌و کۆ لەکەوە؛ ٣) گیازەرتك کە بەنی پێ ڕەنگ دەکەن، گێنو فا ١) جای پا در بیل؛ ٢) سرستون؛ ٣) گیاه رنگرزی.

ئەسپەشینە: کاسەلەشینکە، مێش‌خۆر، زەردەواڵە خۆر، باڵندەیەکی بەقەد ریشۆڵەیەو شینە فا پرندهٔ سبزقبا.

ئەسپەك: نەخۆشیەکی مێشکە زیپکە لە سەرو توێل دەردەخاو نەخۆش وەك شێتی لێ دێت فا نوعی بیماری در مغز که از تیفوس بوجود می‌آید.

ئەسپەناخ: گیایەکە دەیچێنن‌و لە ئاشپەزیدا بەکار دێ، ئەسپەناغ فا اِسفناج.

ئەسپەندەر: گیایەکە بەرێکی گزمۆڵە دەگرێ بۆ پوچ کردنی چاوزار دەیسوتێنن فا سِپند.

ئەسپی: جانەوەری هەواڵی کێچ، ئەسپشێ فا شپش.

ئەسپێ: ئەسپی فا شپش.

ئەسپێراو: ئەسپاردە فا سپُرده.

ئەسپێ کوژە: قامکە گەورە، تلیا ستوُر، تبلا مەزن فا انگشت شَست.

ئەسپین: هۆرە، پواز، داروکێکە دەخرێتە قەڵشی کۆلکەدارەوە تا یەك نەیەتەوەو بە تەور بیشکێنن فا فانه.

ئەسپیندار: سپیدار، سپیندار، دارێکی بێ‌بەری تێکوڵ‌سپی بۆ دارەڕاو سنعات دەکار دێ فا درخت تبریزی.

ئەسپینگ: ئەسپنگ فا گیاه شنگ.

ئەسپێون: کەسێ کە زۆری سپێ پێوەبێ فا شپشو.

ئەستاندن: وەرگرتن، داگیرکردن، ستاندن فا گرفتن.

ئەستاندنەوە: ١) لێ سێنراو وەرگرتنەوە؛ ٢) قەرەبو: (تۆڵەی خۆم **ئەستاندەوە**) فا ١) باز پس گرفتن؛ ٢) جبران کردن.

ئەستران: ستران، گۆرانی فا ترانه.

ئەستری: دڕك، چقڵ، دڕو، تیکان فا خار.

ئەستریلك: سرێش، چرێش، گیایەکە بنەکەی دەکوتن بۆ چەسپ دەبێ، ئەسرێلك فا سریش.

ئەستڕین: ١) ماڵین‌و پاك کردنەوەی پەڵە بە پەڕۆ: (شوشەکانم **ئەستڕی**)؛ ٢) وشك کردنەوەی تەڕ: (دەستم بەخاولی **ئەستڕی**) فا ١) سِتُردن؛ ٢) خُشك کردن.

ئەستڕینەوە: ئەستڕین، سڕین فا نگا: ئەستڕین.

ئەستنگ: ١) زەردەواڵە، زەرگەتە؛ ٢) چوزەی هەنگ‌و زەردەواڵەو مۆزو زەرگەتەو ...؛ ٣) پلە بەردینەی شاخ فا ١) زنبور؛ ٢) نیش زنبور و...؛ ٣) پلەهای سنگی کوه.

ئەستوُ: مل، گەردن، ستۆ، بەرزایی نێوانی شان‌و سەر فا گَردَن.

ئەستۆ: ئەستوُ: (دەستم کە لەسەد جێگە بەسەد وەعدە شکاوە / جەبریی‌نیە ئەم کەسرە هەتا نەیخەمە **ئەستۆ**) «نالی» فا گردن.

ئەستوُر: ستوُر، قەوی، کوڵوفت، دژی باریك فا کُلُفت.

ئەستوُران: ریسی ئەستوُر کە دەکرێتە گورێس فا ریس کُلُفت.

ئەستوُرایی: رادەی ئەستوُری: (**ئەستوُرایی** دارەکە دوهامێز بو) فا کُلُفتی.

ئەستوُربوُن: پەنمان، ماسین فا آماسیدن.

ئەستورك: کوللێرە، نانی خڕکەڵەی ئەستور فا گردهٔ نان.

ئەستورکە: ئەستورك فا گردهٔ نان.

ئەستوکوردە: پشتەمل فا قفا.

ئەستوگوردە: پشت مل، بۆق مل، پشت گەردن، ئەستوکوردە فا قفا.

ئەستون: کۆڵەکە، دار یان بەردی درێژ کە وە بەر بانی دەدەن، ستون فا ستون.

ئەستوندەك: داری کۆڵەکەی خێوەت‌و ڕەشماڵ: (چادرە کەیان لەسەر نۆ ئەستوندەکانە) فا سُتون خَیمه.

ئەستونگ: ئەستون فا سُتون.

ئەستونە زێڕینە: کۆڵکە زێڕینە، کەسکەسۆر، کێرستون، پەلکەزێڕینە. *کەمەیەکی زۆر گەورەی ڕەنگاوڕەنگ پاش باران لە هەتاوا لە عاسمان*

دەبینرێ ف رنگین کمان.
ئەستونەك: ئەستوندەك ف سُون خیمه.
ئەستەخفیرەڵڵا: وشەی پەشیمانی واتا: بوردن لەخوا دەخوازم ف استغفرالله (از خدا آمرزش می‌خواهم).
ئەستەم: دژوار، ئاسێ، حەستەم: (ئەم چەرخە کۆنە، ماشینەکەی ژەنگی گرتوە / چەوری نەکا بە خوێنی‌مە، سوڕانی **ئەستەمە**) «پیرەمێرد» ف دُشوار.
ئەستەویر: ستێور، ئەستێور، قسر، ئاژاڵی مێ کە ساڵێك زكی پر نەبوە، لە زاوەستاوی کاتی ف حیوانی کە موّقتاً نازا شده باشد.
ئەستێ: ستە، ستێ، ئاسنێکە لەبەر دەستێ دەدرێو پریشکەی لێ هەڵدەکا ف آهنی کە بە سنگ آتش‌زنە زنند.
ئەستی: ناوێکی ژنانەیە ف اسمی زنانە.
ئەستێر: گۆل، ئەستێل، کەمەئاو کە بەری بگیرێ بۆ ئاوداشتن، ئەستێڵك، ئەستێرك، هەسێڵ ف اِستَخر.
ئەستێرك: ئەستێر ف استخر.
ئەستێرك: ١) ئەستێر؛ ٢) هەرزاڵ، پێزك، سەکۆی لەگڵ یان لە دار بۆ کەل و پەل لەسەر دانان ف ١) استخر؛ ٢) تلی بار.
ئەستێروك: گو لە ستێرە، گوەستێرە، کرمێکە باڵدار شەوانە قونی دەترووسکێ ف کرم شب‌تاب.
ئەستێرە: ستێر، هەسارە، ئەوشتانەی لە مانگ بچوکترن و شەوانە لەعاسمان دەبریقن: (ئەستێرە بەرزەکان ئەدرۆشێنەوە بەشەو / وەك چاوەکانی من نەسرەوتیان هەیەو نەخەو) «پیرەمێرد» ف ستارە.
ئەستێرە ژمێر: جۆرێك مۆرگی بریقەدارە ئەکرێتە خشڵ ف نوعی زیور.
ئەستێرەشناس: ئەستێرەناس، نجومگەر ف ستارەشناس.
ئەستێرەکە: ئەستێرەی رۆژێ، ئەستێرەی بەربەیان ف ستارۀ سحری.
ئەستێرەگەری: کەسێ کە لە ئەستێران دەڕوانێو تالحی تێدا دەبینێ: (ئەستێرەگەری دەکرد لە چاڵا / چارەی ڕەشی خۆی دەدی لە خاڵا) «مەم و زین» ف ستارەشناس، طالع بین.
ئەستێرەناس: نجومگەر، شارەزای زانستی ئەستێرە ناسین ف ستارەشناس.
ئەستێرەی بەربەیان: ئەستێرەی رۆژێ ف ستارۀ سحری.
ئەستێرەی بەیان: ئەستێرەی رۆژێ ف ستارۀ سحری.
ئەستێرەی رۆژێ: ئەو ئەستێرەی کەپاش نیوەشەو هەڵدێو دەبەربەیاندا شۆقی لە ئەستێرەی دیکە زۆرترە ف ستارۀ سحری.
ئەستێفك: کەوگیر، دەفری کون کون بۆ پاڵاوتن ف کفگیر، سوزمە.
ئەستێل: ئەستێر، گۆل ف استخر.
ئەستیلان: پشکیلان، گەمەیەکی دوودەستەیە، لایەك شتێك لە باخەڵی یەکێکدا دەشێرێتەوە لایەکەی تر بیدۆزنەوە دەیبەنەوە، کەڵەمستێن ف نوعی بازی بچەها.
ئەستێن: پاشگری کرگاری‌یە: (سەدبری باج **ئەستێنی** ماچان بام لەسەر زێێ خێڵاتی)، وەرگر ف پسوند فاعلی بەمعنی ستان.
ئەستیو: خاکەنازی ئاگر گوێزانەوە ف خاك انداز بُخاری.

ئەستێ و بەرد: پارچە ئاسن و بەردێ کە ئاگری پێ دەپۆشو بەر دەدەن ف سنگ آتش‌زنەو هود.
ئەستێ و پۆشو: بریەتیە لە دژایەتی توند: (ئەو دوانە پێکەوە ئەستێ و پۆشون) ف معادل کارد و پنیر در فارسی.
ئەستێور: ئەستەویر، ناتاوس ف نگا: ئەستەویر.
ئەستێوڵك: ئاسنێکە بۆ ئاگر تێك وەردان، بۆ کوڵو لە تەندور دەرێنان ف آهن تنور بهم‌زنی.
ئەسر: ئەسرین، فرمێسك، ڕۆندك، ئاوێ لەخەمان لەچاو هەڵدەوەرێ ف اَشك.
ئەسرۆ: قۆچ، شاخە حەیوان، شەقۆن ف شاخِ حیوان، سرو.
ئەسرێڵك: ئەسترێڵك، سرێش ف سِریش.
ئەسرین: ئەسر، رۆندك ف اشك.
ئەسك: وێنە، عەکس، شکڵ ف عکس.
ئەسکڵ: پوڵ، پوڵو، سکڵ، پەرەنگ، پەن، پەنگر، بژ، پەل، خەڵوزی سوورەوەبو ف اَخگر.
ئەسکنجە: جوجکە سمت، جومگەی نێوان ڕانو پشت ف بند بالای ران.
ئەسکو: ئەسکوێ، کەوچکی گەورەی کلكدرێژ ف ملاقە.
ئەسکوێ: ئەسکو: (بۆتە ئەسکوێ لەهەمو چێشتان هەیە) ف مَلاقە.
ئەسکەلە: بەندەرگە، لەنگەرگا، ئاوایی کەنار دەریا کە گەمیەی لێ ڕادەوەستن ف بندرگاه.
ئەسکەمڵ: ١) کورسی لەسەر دانیشتنی یەك کەس، سەندەڵی؛ ٢) قوماری شێر و خەت، بەرزیلان ف ١) صندلی؛ ٢) بازی شیر و خط.
ئەسکەملی: ئەسکەمڵ، سەندەڵی، کورسی یەك نەفەرە ف صَندلی.
ئەسکەناس: پوڵو پارەی قاقەز ف اسکناس.
ئەسکەنجەبین: شەربەتی سرکەو هەنگوین ف سکنجبین.
ئەسکەنجەمین: ئەسکەنجەبین ف سکنجبین.
ئەسکەنە: ئامرازێکی دارکوڵێنی دارتاشانە ف اسکنۀ نَجّاران.
ئەسکیناس: ئەسکەناس ف اسکناس.
ئەسڵ: ١) هەرخۆ: (ئەم چینیە **ئەسڵە** بەدەڵ نیە)؛ ٢) بنیچە بەرێزو گەورە: (ئەسڵە لە بنەماڵەیەکی گەورەیە)؛ ٣) بۆ سەیرمانی نابەدڵ: (بەخوا بابە **ئەسڵ**: خۆ گاڵتەشم پێدەکا) ف ١) اصل؛ ٢) نجیب؛ ٣) حرف تَعَجُّب و بیزاری.
ئەسڵزادە: دایکو باب نەجیم، فرزەندی چاك و بنیچە باشان ف نجیب.
ئەسڵەحە: چەكو ئامرازی شەڕو جەنگ ف اسلحه.
ئەسلەحە: ئەسڵەحە ف اسلحه.
ئەسڵەن: ١) لەڕاستی‌دا، راستت دەوێ؛ ٢) لەبنەڕەت‌دا: (دێبوکری **ئەسڵەن** دۆم بون)؛ ٣) هەرگیز، بەهیچ جۆر: (**ئەسڵەن** نایدوێنم، **ئەسڵەن** شتی وا نەبوە) ف ١) راستش؛ ٢) در اصل؛ ٣) هرگز.
ئەسمەر: گەنم رەنگ، گەندمی، سپی‌و زەردی ئاماڵ ڕەش: (دەما دڵ‌دی بەمەحبوبان / بشو خو شەنگ و **ئەسمەر**دە) «جزیری» ف گندمگون.
ئەسمەرپێچ: چیغی چادری بە بەنی رەنگاورەنگ نەخشاو: (چێخی

ئەسمەرپێچ ڕەشمالانی جاف / روپۆشی شێوەی شای مشکین کەلاف) «شێخ سەلام» فا چیغ.

ئەسەر: ١) شوێن، شوێنەوار: (نالی **ئەسەری** بێ‌ئەسەری غایبە ئەمما / نالەیکی حەزین دێ لە مناجاتی سەحەردا) «نالی»؛ ٢) لەسەر فا ١) أثر؛ ٢) بَر.

ئەسیر: دیل، گراو، یەخسیر: (ئەگەر بێ یادی زولف‌و چاوەکەت یەك لەحزە سابیر بم / **ئەسیری** بەندی کافر، کوشتەیی بێدادی ساحیر بم) «وەفایی» فا اسیر.

ئەشت: شت فا موجودی.

ئەشخاڵ: ئەخشاڵ، وردەی ناوماڵ فا خِرت‌و پرت.

ئەشخەڵ: دەوەن فا بوتەهای جنگلی.

ئەشرەفی: سکە زێڕێکی بچوکە بۆ خشڵ دەکار دێ، سوڕەت شایی: (هەرگا دیم هیلال ئەو ئەبرۆی سێوەنگ / یە سیم ئەسرین، یە **ئەشرەفی** ڕەنگ) «مەولەوی» فا اشرفی.

ئەشقەمە: ورگی ئاژەڵ بە ریخەوە فا شکمبە.

ئەشق: عیشق، دڵداری، ئەویندارى فا عشق.

ئەشقی: یاخی، ملهوڕ، گوێ‌نەدەر بە یاساو ڕێ‌و شوێن فا یاغی.

ئەشقیا: ئەشقی فا یاغی.

ئەشك: ١) فرمێسك، ڕوندك: (**ئەشکم** کە دەگەڵ عەشقمە تفلێکی فەهیمە / هۆشم کەدەگەڵ خۆشمە پیرێکی نەزانە) «نالی»؛ ٢) ئەوین، دڵداری فا ١) اشك؛ ٢) عشق.

ئەشکال: هەمەڕەنگە، هەموجۆرە: (دوکانەکەت **ئەشکالی** تێدایە) فا از همە رنگ.

ئەشکنج: ئەسکنجە، جوجکەسمت، بەندی نێوان ڕان‌و پشت فا بند بالای ران.

ئەشکنجە: ١) جەڕو مەنگەنە، ماوش، ئەشکەڵە؛ ٢) گیرەی دارتاش‌و ئاسنگەران بۆ قایم ڕاگرتنی تەختە یا ئاسن لە بڕین‌و بڕ بەند لێداندا؛ ٣) ئازارو جزیا فا ١) و ٢) منگنە؛ ٣) شکنجە.

ئەشکۆڵ: داری پشت‌دەرگا بۆ داخستن فا چوبی کە با آن در را قفل کُنند.

ئەشکەرە: خویا، ئاشکرا، دیاری، دیار فا آشکار.

ئەشکەفت: شکەفت، غار، ڕەهۆڵی زل لە شاخدا فا غار.

ئەشکەڵە: ١) مەنگەنەی نەجارو ئاسنگەر؛ ٢) دا رۆکێکی لەلە کراو بۆ پێکەوە لێکدانی تەختە دەوار؛ ٣) ئامرازێکی جەزرەبەدانە هەر قامکەی تاوانباریان دەناو کونە تەختەیەکی خڕ دەتاو بەپەت جەڕە بابەیان دەدا، چێوجەلە فا ١) منگنە؛ ٢) چوبك بهم‌بستن چادر؛ ٣) از وسایل شکنجە.

ئەشکەنە: کاروانـاشی، گۆشتاوێکی خەست‌و خۆڵە بە پیوازەوە فا اشکنە.

ئەشکەو: دەفری سواڵەت فا ظرفِ سفالین.

ئەشکەوت: ئەشکەفت، هلۆڵ‌و ڕەهۆڵ لە کێودا فا غار.

ئەشکەولەت: بنە دێزەو گۆزەی شکاو کە یەکجاری لەکار نەبوە، کاسەکەل فا تە کوزهٔ شکستە.

ئەشکێل: ١) ئشکێل، چوارپەل بەستن‌و بەزەویدا دان، چوارمێخە؛ ٢) سندم، پێوەند، زنجیر و ئاڵقەی کە دەیکەنە پای یەکسم‌و بەندی فا ١) چهارمیخە؛ ٢) پایند آهنی.

ئەشمەك: شمەك فا اسباب.

ئەشەدبۆ: گیایێکی بۆن خۆشە فا گیاهی خوشبو.

ئەشێ: ١) دەبێ، گەرەکە، پێویستە؛ ٢) دەتوانێ؛ ٣) شیاوەیەتی فا ١) باید؛ ٢) می‌تواند؛ ٣) سزاوار است.

ئەغز: زوڵم، ناهەق، دەست درێژی کردن فا سِتم.

ئەغزە: قونکە جگەرە فا فیلتر سیگار.

ئەغڵەب: زوربە، زۆرتری، پڕایی، زۆرینە فا اَغلب.

ئەغیار: ١) بەهۆش، دژی سەرخۆش؛ ٢) بێگانە، بیانی، غەوارە فا ١) هُشیار؛ ٢) بیگانە.

ئەفسون: جادوسیعر، سیحر فا اَفسون.

ئەفسون گەر: جادوگەر، سیحر باز فا افسونگر.

ئەفسەر: پلەمەند، دەرەجەدار لە سپادا فا اَفسر.

ئەفرۆز: لە حیساب دەراویشتن، بەهیچ نەگرتن، پش‌گوێ خستن، فڕێدان فا اُفت.

ئەفەندی: وشەی ڕێزلێ‌نان وەك بەگ، ئاغا فا حرف احترام برای مردان.

ئەڤدال: ئەبدال، نێرەپوڕ فا دُرّاج نر.

ئەڤشەڤە: ئەمشۆ، ئەمشەو، شەوێ کەتیاین، نە دوێشەو نە سبەیشەو فا امشَب.

ئەڤشین: ١) ڕاگرتن‌و هێشتنەوە؛ ٢) ئاژەڵی لەشیردان وەستاو فا ١) نگهداری؛ ٢) حیوانی کە شیرش خشك شدە باشد.

ئەڤکینگ: ئەو ئاردە کە پێش پانکردنەوە بە ئەنگوچکە هەویری دا دەکەن فا آردی کە بر چونە پاشند.

ئەڤین: دڵداری، عیشق، خۆشەویستی دڵبەر، حەزلێکردویی، حەزلێکەری فا عشق.

ئەڤینی: دڵداری، عیشق فا عشق.

ئەقڵ: ئاقڵ، ژیر، بەئاوەز فا عاقل.

ئەقەللەن: لانی کەم، هیچ نەوێ، بەلای کەمەوە فا اقلاً (دست کم).

ئەك: ١) پاشگرێکە ناوی تایبەتی لە ناوی گشتی ساز ئەدا: (پەشمەك، کرمەك، ناخونەك)؛ ٢) دوای پەسن (صفت) ئەکەوێ‌و ئەیکاتە ناو: (کالەك، خامەك، کورتەك)؛ ٣) دوای ڕیشەی چاوگ (مَصدر) ئەکەوێ‌و ئەبێتە ناو: (پەستەك، ڕنەك)؛ ٤) لەدوای ڕیشەی چاوگ واتای زیادەڕەوی دەدا: (بڕەك، نۆسەك، زیرەك، ژیرەك)؛ ٥) یەك: (گوندەك، پیاوەك، ژنەك)؛ ٦) پێشگرێکە واتای عەزرەت‌و داخ دەدا: (ئەك نەژیم لە پاشی تۆ، دەك، حەك) فا ١) پسوندی است از اسم عام اسم خاص می‌سازد؛ ٢) بعد از صفت آید و آن را بەاسم تبدیل می‌کند؛ ٣) بعد از ریشهٔ مصدر می‌آید و اسم می‌شود؛ ٤) بعد از ریشهٔ مصدری می‌آید و معنی افراط می‌دهد؛ ٥) بەتنهایی معنی یك می‌دهد؛

٥) دەغیلە: (ئەمان نەکەی توخنی کەوی)؛ ٦) هاوار: (**ئەمان** بمگەنێ خورام) ف ١) کلمهٔ بیزاری؛ ٢) اشاره بەجمع غایب نزدیک؛ ٣) اَمن و اَمان؛ ٤) لیکن؛ ٥) زنهار؛ ٦) فریاد.

ئەمانە: ١) ئەم نزیکانە، یانە، ئەڤانە: (**ئەمانە** جیان لەمن دەوێ؟) ف اینها.

ئەمانەت: ئامانەت، ڕاگرتن بۆ دانەوە ف اَمانَت.

ئەمانەتی: ئامانەتی، راگیراو بۆ دانەوە ف اَمانَتی.

ئەمبار: ئەمار ف اَنبار.

ئەمجا: ١) ئەم جارەکە، ئەم کاتە؛ ٢) دوای ئەوە، بەشوێن ئەمەدا: (**ئەمجا** دەچویتە شارەوە ناومالّی عاسمە خان / دوبارە ئەیشەکاندیەوە باجگر بەبێ وچان) «پیرەمێرد» ف ١) این بار؛ ٢) بعد از این.

ئەمجار: ئەمجا ف این بار.

ئەمجارە: ئەمجا ف این بار.

ئەمدەمە: ئەمجا ف این بار.

ئەمر: ١) فەرمان، دەسور، عەمر؛ ٢) تەمەن ف ١) اَمر؛ ٢) عُمر، سن.

ئەمرۆ: هەرمێ، هەمرۆ ف گلابی.

ئەمڕۆ: ڕۆژێ کە تیاین، ئەدویکە، ئەسۆزی، ئیمڕۆ، ئیرۆ، ئارۆ، تارۆ ف اِمروز.

ئەمسار: ئیمسالّ، سالّێ کە تیاین ف امسال.

ئەمسالّ: سالّێ کە تیاین، ئیسالّ ف اِمسال.

ئەمسەر: ئەمسار ف امسال.

ئەمسەرڤەرا: سالّێ کە دوای ئەمسالّە دێ ف سال آینده.

ئەمشۆ: ئەمشەو ف اِمشب.

ئەمشەو: شەوێ کە تیاین، ئیمشەو، ئەڤشەوە، ئیشەڤ ف اِمشب.

ئەمما: بەلاّم، بەلاّن، ئەما، وەلێ ف امّا.

ئەمـــن: ١) من، ئەز، وژم، م، تاکـی و یژەر؛ ٢) بێ ترس، هێمـن: (ولاّت **ئەمنە**) ف ١) مَن؛ ٢) اَمن.

ئەموو: مام، برای باوك، ئاپۆ، ئاپ ف عَمو.

ئەموست: تلی، قامك، ئەنگوست، تبل، پەنجە ف انگُشت.

ئەموستانە: قوچەکە، ئەنگوستیلەی درومان ف انگُشتانه.

ئەموست بەستە: بریەتیە لە فریودراو، هەلّخلّە تاو ف فریب‌خورده.

ئەموستەچاو: تاریکایی خەست، ئەنگوست لەچاو ف بسیار تاریك.

ئەموستەوێلّە: کلکەوانە، ئەنگوستیلە، ئالّقەی خشلّی قامك ف انگُشتری.

ئەمە: ١) ئێمە، مە، ئەم، من و کەس یا کەسانی تر؛ ٢) ئەوەی نزیك، یە، هەوە، ئینە ف ١) ما؛ ٢) این.

ئەمەتا: ئینەشا، ئائەمەیە، ئەوهەیە، خۆیەسی ف این خودش است.

ئەمەتانێ: ئەمەتا ف این خودش است.

ئەمەتە: ئەمەتا ف این خودش است.

ئەمەسە: ئەمەتا ف این خودش است.

ئەمـەك: ١) رەنـج و ئەرك و زەحمـەت کێشـان؛ ٢) چاکە لە چاوابون، سپاسی چاکە، پیاوەتی: (**ئەمەك** بەخەسار: رەنج بەفیرۆ چو)، **ئەمەك** بە سەرەوە بون: چاکــە دەگەلّ کراوی، (**ئــەمــەکدار**: بەسپـاس بۆ چاکـە)، (**ئــەمەك** دانەوە: قەرەبوی چاکە کردنەوە)، (**ئەمەك** دەگەلّ دان: زەحمەت کێشان بۆ...) ف ١) رنج و زحمت؛ ٢) نیکی و احسان.

ئەمەگ: ئەمەك، وەفا ف نگا: ئەمەك.

ئەمەل: هومێد، ئاوات ف اَمَل، آرزو.

ئەمەن: ئەوەند، هێندە، ئەوقاس، ئەونە ف آنقدر.

ئەمەندوچکە: ئەم تۆزە کەمە، ئەم تۆسقالّە، ئەم کەموکە، شتۆکێکی زۆر کەم دەست نیشانکردن ف این یك ذرّه.

ئەمەندوسکانە: ئەمەندوچکە ف این اندك.

ئەمەندوسکە: ئەمەندوچکە ف این اندك.

ئەمەندوکانە: ئەمەندوچکە ف این اندك.

ئەمەندوکانێ: ئەمەندوچکە ف این اندك.

ئەمەندوکە: ئەمەندوچکە ف این اندك.

ئەمەندە: هێما بەدەست بۆ بارستی شتێك ف این اندازه.

ئەمەنە: هێندە، ئەوەندە، ئەونە ف این‌قدر.

ئەمــەنی: پاشگـرێکـە واتـای شیان، شیاوـەدا، خواردەمەنی، شیاوی خواردن ف پسوند شایانی.

ئەمەها: ئەوەتا، ئەوەتانێ، ئەمەتا ف این خودش است.

ئەمەهە: ئەمەتە، ئائەمە: (لەو گشتە **ئەمەهە** م گەرەکە) ف همین.

ئەمەهەی: ئەمشتەی فلان ف آن چیز.

ئەمێ: ١) ئەگرە، ئێرە، ڤر، ڤرا؛ ٢) ئێمە ئەبێ، گەرەکە ئێمە؛ ٣) ئەمێ، مێ، مێوینە: (جوانوی ماینەکەمان **ئەمێ**یە، نێر نیە) ف ١) اینجا؛ ٢) ما باید؛ ٣) مادینه.

ئەمیان: ئەم نزیکەیان، هێما بۆ یەکی نزیك لەناو هیتردا: (**ئەمیان** لەمانی تر جوانترە) ف این از آنها...

ئەمیتر: ئەویکە، ئەویدیکە ف آن دیگر.

ئەمیج: ئەمیش، ئەویەکەش ف اینهم.

ئەمیچە: ئەمیج ف اینهم.

ئەمیر: فەرمانڕەوا، مەزنی خەلّك، سەرەك ف اَمیر.

ئەمێستا: هەرئێستا، ئیستاکە، بێ‌درەنگ، نهۆ، نوکە، ئانا، هەوکە ف بی‌درنگ.

ئەمێستاکە: ئەمێستا ف همین حالا.

ئەمێستاکێ: ئەمێستا ف همین حالا.

ئەمێستە: ئەمێستا ف اکنون.

ئەمێستەکانێ: ئەمێستا ف همین حالا.

ئەمێستەکێ: ئەمێستا ف همین حالا.

ئەمیش: ئەوی دیکەش، دیترژی، ئەڤژی، ئەمیج ف اینهم.

ئەمین: ١) دەس‌پاك و ڕاست، جێ متمانە؛ ٢) خاترجەم: (لێت **ئەمینم**)؛ ٣) ئێمەین ف ١) دُرُست‌کار؛ ٢) مطمئن؛ ٣) ما هستیم.

ئەنا: ١) وەگەرنە، دەنا، ئەگینا؛ ٢) ئیستە ف ١) وگرنه؛ ٢) اکنون.

ئەنار: هەنار ف اَنار.

ئەنارلو: باغی هەنار، هەنارستان ف اَنارستان.

ئەناز: داخراو، فرێدراو، راخراو: (زێڕ و خاوەن زێڕ پایەنازت بوّ) ف آنداز.
ئەنازە: ئەندازە، بارست، قاس ف اندازە.
ئەنام: ئەندام، ئازای لەش ف اندام.
ئەنبار: ئەمار، عەنبار ف انبار.
ئەنباز: هاوئامێز، هاو باوەش، باوەش تێك وەرێناو ف همآغوش.
ئەنتەر: جوٚرێك مەیمون، قونسوڕ، حەمتەر، عەنتەر ف عَنتر.
ئەنتیکە: ١) کەموێنە؛ ٢) کەلو پەلی زوّر کەونارا ف ١) کمیاب؛ ٢) عتیقە. ٣) [illegible]
ئەنتیکەخانە: خانوی کەلو پەلی زوّر لەمێژینەی تێدا هەڵدەگیرێ، موٗزە ف موزه.
ئەنتیکەفروّش: فروّشیاری شتی کەونارا ف عتیقه فروش.
ئەنتیکەناس: ئەوی لەشتی کەونارا شارەزایە ف عتیقه‌شناس.
ئەنجا: ئەمجار، ئەم دەحەفەیە، ئەمجا، ئەم دەحە ف این‌بار، این‌دفعه.
ئەنجار: ئەمجار، ئەنجا ف این‌بار.
ئەنجام: دوایی، دوماهی، ئاقیبەت ف اَنجام.
ئەنجامە: لاولاوەی دەرك و پەنجەرە ف لولا.
ئەنجن: وردکردن و جنین بە تیخ: (**ئەنجن ئەنجن**: زوّروردکردن بەتیخ)، (کەسینەی ریشمی بەوتیغی نازەی **ئەنجن ئەنجن** کرد / وتی: پەژمردەیە ئەم لازارە ئاوی تێدەگرم) «مەحوی» ف انجیدن.
ئەنجناو: لەت لەت کراو بە تیخ ف انجیده.
ئەنجراو: ئەنجناو ف انجیده.
ئەنجنین: وردکردن بەتیخ ف انجیدن با تیغ.
ئەنجوڕ: عەنجور، خرچە، کاڵەکی کاڵ، گندوّرە ساوای نەگەیشتو، قەرە خرچە ف خر بزهٔ نرسیده.
ئەنجومەن: کوّڕ، کوّمبون، مەجلیس، مەلیس ف اَنجُمن.
ئەنجە: وردە پارچەی بچوك و باریك ف ریزه.
ئەنجەت: بەهانە، بیانو، مەهانە، بیانگ، بیانێك ف بهانه.
ئەنجەل: ئەجەل ف اَجَل.
ئەنجینە: قەڵا شکەری، داری شکاو بوٚ ئاگری زستان، ئێزنگ، ئێزینگ ف هیزم.
ئەنجینـە: ١) ئەنجینە؛ ٢) ناوی گوندێکە لای بانە ف ١) هیزم؛ ٢) نام دهی است در اطراف بانه.
ئەنحام: بەخشش، پاداشتی خزمەتکار سەرەڕای مز، ئەنعام، خەڵات ف انعام.
ئەنـد: لەدوای ئەوە یان ئەمـە دێت، واتا: (**هەند، هێند، چەند**). (**ئەوەند** وشیارە «مـەحوی» تێدەگا دنیا خەراباتە / خەرابەی گەردەکا ئەهلی خەرابە بوٚچی لێ دەگرم) «مەحوی» ف پسوند بعد از این یا آن می‌آید. بەمعنی مقدار.
ئەنداز: ئەنازە ف آنداز.
ئەندازە: ئەنازە ف اَندازه.
ئەندازەگر: پێوەر، لەگەزدەر ف اندازه‌گیر، مسّاح.
ئەندازیار: زانای ئەندازە گرتن، موهەندیس ف مُهندس.

ئەندام: ١) ئەنام، لەش، ئازای لەش؛ ٢) هاو بەش لە کوّمەڵێکدا ف ١) اَندام؛ ٢) عضو.
ئەندامەتی: هاوبەشی لە کوّمەڵێکی هاومەبەست و هاودوّزدا ف عضویّت.
ئەندوّ: کوڵ، خەم، کەسەر، غەم، پەژارە، خەفەت: (ئەوەند زاری کەرد نە **ئەندوّی** دەروٗن / خوڕوّش کەرد نەسەنگ قولەی بێستوٗن) «خانا» ف اَندوه.
ئەندوکە: ئەوەندوکە، هێندێکی کەم ف مقداری کم.
ئەنـدەرون: ١) هەناو، ناو ورگ؛ ٢) خانوی ژن و منالی پیاوی گەورە، هندرو، هوندرو ف ١) درون؛ ٢) اَندَرونی.
ئەندێش: ١) بیر کردنەوە؛ ٢) ترس و خوٚف ف ١) اندیشه؛ ٢) بیم و هراس.
ئەندێشە: ئەندێش ف نگا: ئەندێش.
ئەنزەروت: جیوەی دارێکی تاڵە بوٚ دەرمانی برین دەکار دەکرێ: (پشتی ریش و شانی زامدار و جدەو بو ناعیلاج / چەند قروٚشێکم هەبو، بوٚمدا بە نەوت و **ئەنزەروت**) «شێخ رەزا» ف اَنْزَروت.
ئەنعا: راستی وەشارتن، ئینکێری، ئینکار ف اِنکار.
ئەنعام: ئەنحام، خەڵات ف اَنعام.
ئەنقەست: ئانقەست ف عَمداً.
ئەنقەست: ئانقەست ف عَمداً.
ئەنگ: پاشگری ئامرازیە: (**کوڵەنگ، تفەنگ**) ف پسوند ابزاری.
ئەنگافتن: پێکان، هەنگاوتن، لەنیشانەدان، لئامانج خستن ف بەهدف زَدن.
ئەنگافتە: پێکراو، هەنگواو، هەنگاوتە، هەنگاوتو ف تیرخوردە.
ئەنگامە: ئاپوٚرەی مەردم و هەراو هوریاو زەنا زەنا ف هنگامه.
ئەنگاوتن: ئەنگافتن ف بەهدف زدن.
ئەنگاوتو: ئەنگافتە ف تیرخوردە.
ئەنگاوتە: ئەنگافتە ف تیرخوردە.
ئەنگـڕان: لە ئەنـدازە دەرچون، لە ڕادە بەدەر: (هێند دارایە **ئەنگڕاوە**)، هەنگڕان ف از حَدّ گُذشتن.
ئەنگڵ: ١) دەسکە دەفری بەئاڵقە، قولف، هەنگڵ؛ ٢) قوڵ لە لای شان: (بنەنگڵ) ف ١) دستهٔ سَبو؛ ٢) کتف.
ئەنگوّ: هنگ، هنگو، ئێوە، هون، هەوە، وە، توّ و خەڵکی تر ف شُما.
ئەنگوا: پێکرا، لێدرا، هەنگاوترا، پێکیا ف زده شد.
ئەنگوان: پێکران، پێکیان، هەنگێوران ف بەهدف خوردن.
ئەنگواو: پێکراو، ئەنگافتە ف تیرخوردە.
ئەنگـوتك: گوتك، گونتك، گونك، توّپەڵە هەویری خڕ هەڵدراو بەشی نانێك. (**ئـەنگـوتـك** بڕێر: خەسیس و ڕژد). (**ئـەنگـوتك** گرتن: خڕ هەڵدانی هەویر بوٗنان) ف چونە.
ئەنگوٗتن: ١) هەڵاتنی تاك ئەستێرە: (گەلاوێژ **ئەنگوت**)؛ ٢) هەڵکردنی بای هێدی: (هەناسەم زولفەکەی لاداو مەیلێکی نەکرد چاوی / نەسیم **ئەنگـوت** و شەو رابـردو نەرگس هەر لەخـەودایە) «نـالی»؛ ٣) پاش وشەی «هەڵ» دێت بەمانا توش بوٗن، کەوتن ف ١) طلوع ستاره؛ ٢)

وزیدن مُلایم؛ ٣) پسوند بەمعنی دُچار شدن.

ئەنگوچك: لەوەندی، گوچك، فەقیانە، فوڵە کراسی قش‌و فوڵ‌و درێژ ف آستین بُلند.

ئەنگوچکە سوّرانی: ئەنگوچك ف آستین بُلند.

ئەنگوُر: ترێ، تری، بەری رەز، میوەی داری مێو ف اَنگور.

ئەنگوّرە: ١) دەمی ئێوارە؛ ٢) سەرەتای هەرەت: (لە ئێستاڕا **ئەنگوّرەی** میوەیە)؛ ٣) ئەوکاتـە، ئەوسا، ئەودەم: (مەسلەحەت ناکرێ بەزوّرە با ئێوارە داین، **ئەنگوّرە**، تێی دەبینین مەسڵەحەتێ...) «فوّلکلوّر» ف ١) تنگ غروب؛ ٢) موسم؛ ٣) آنگاه.

ئەنگوُس: قامك، کلك، تبل، تلی ف انگُشت.

ئەنگوست: ئەنگوس، ئەنگوستەچاو: زوّر تاریك ف انگشت.

ئەنگوستەویلە: کلکەوانە، هەنگولیسك، ئەنگوشتەر ف انگُشتری.

ئەنگـوستیلە: ١) ئەنگـوستـەویلە: (**ئـەنگـوستیلەی** دروماناں)؛ ٢) ئەنگوستانە ف ١) انگشتری؛ ٢) انگشتانە.

ئەنگیر: ئەنگور، هەنگور ف اَنگور.

ئەنگیز: هەڵایسێن، هانەدەر، دنەدەر ف انگیز.

ئەنگیز: ئەنگێز: (ژرەعنـا نێرگزێن تەی مەست‌و خونـریز / زەمـان بو عەهدی جەنگ **ئەنگیزی** چەنگیز) «جزیری» ف انگیز.

ئەنگێزە: هوّ، مایەی سەرەکی ف انگیزە.

ئەنگێو: پێکـەر، لێدەری نامـانـج: (نیشانە **ئەنگێوی** چاکە، شینی گا ئەنگێو) ف هَدَف‌زن.

ئەنگێوران: پێکران، ئەنگوان، وەنیشانەکەوتن ف بە هدف خوردن.

ئەنگێوراو: پێکراو، هەنگواو، ئەنگافتی ف تیر خوردە.

ئەنگێوە: ١) دەست راست، نیشـان ئەنگێو، لەنـامـانج دەر؛ ٢) زەنەی سەرپیت ف ١) تیرانداز ماهر؛ ٢) سکون حروف.

ئەننە: ئەونە، ئەوەندە ف آنقدر.

ئەنو: ئەندوّ، خەم، پەژارە ف اَندوه.

ئەنوا: ١) پەناو پەسیو، جێ حەوانەوەی شەو؛ ٢) شوێنی باران نەگر ف ١) پناهگاه، جای آرمیدن شب؛ ٢) جایی کە باران آن را نگیرد.

ئەنوچك: ئەنگوچك ف آستین بُلند.

ئەنوُیر: ترێ، بەری رەز، هەنگور ف اَنگور.

ئەنە: هەوێ، هەڤی، هەوە، هەوو: (دوژنی مێردێك **ئەنەی** یەکترن) ف هَوو.

ئەنەزا: توّرە، کچی هەوێ، قیزا هەڤی ف دُختر هَوو.

ئەنی: هەنیە، توێڵ، ناو چاوان ف پیشانی.

ئەنێش: ئەندێشە ف بیم.

ئەنیشك: ئانیشك ف آرنج.

ئەنیوُر: ترێ ف انگور.

ئەو: ١) هێما بوّ یەکی دور؛ ٢) هێما بوّ یەکی نزیك؛ ٣) هێما بوّ کوّمەڵی نزیك یان دور؛ ٤) لە: (سەوزە وستەن فەرش **ئەو** چەمەن دەس دەس) «مەولەوی» ف ١) آن؛ ٢) این؛ ٣) اینها، آنها؛ ٤) در.

ئەوا: وشەی خەبەردان لە روداو: (**ئەوا** لەیلا بەروّژی حەشر ئەدا وەعدەو دەڵێ «مـەحـوی» / هەتـا قامی قیامەت ئاهو واوەیلا نەکەم چبکەم) «مەحوی» ف اینك.

ئەوار: ١) پاشگـری هەبون: (خوێندەوار، ئومێدەوار)؛ ٢) شوێن‌وجێ: (شوێنەوار، ئاسەوار) ف ١) پسوند مالکیّت؛ ٢) پسوند مکانی.

ئەواری: ١) پاشگـر بەواتـا هەبـون: (کـوّڵەواری)؛ ٢) بەمانا جێگە: (کوردەواری) ف ١) پسوند ملکی؛ ٢) پسوند مکانی.

ئەواگل: گەڕانەوە، ڤەگەر، وەگەڕان ف بازگشت.

ئەوان: ١) ئەوا نەی دور؛ ٢) ئەم نزیکانە؛ ٣) پاشگری ئاگادار، پارێزگار: (باخەوان) ف ١) آنها؛ ٢) اینها؛ ٣) پسوند حفاظت.

ئەوانتر: کەسانی دیکە ف آنهای دیگر.

ئەواندن: خوّش‌ویستن، حەباندن، خوەش گەرەك بون ف دوست داشتن.

ئەوانە: یانە، ئەو چەند کەسە، ئەو چەند شتە ف آنها.

ئەوبەر: ڤێ رەخی، لای ئەولا ف آن‌طرف.

ئەوتر: ئەوی‌تر، ئەوی‌دیکە ف دیگری.

ئەوتوّ: بەم‌جوّرە، وتوّ، ئەوها ف این‌طور.

ئەوج: تەشق، بڵندایی ف اوج.

ئەوجا: ١) ئەم کەڕەتە، ئەوسایە، ئەم‌دەم؛ ٢) کەوایە، کەوابو ف ١) این‌بار؛ ٢) پَس.

ئەوجار: ئەوجا ف دیگر.

ئەوجـاڕ: ١) دو خوشکی ژنی دوبـرا بوّ یەکتر؛ ٢) یەرەق ف دو خواهر همسر دو برادر؛ ٢) خیش.

ئەوجارە کانێ: ئەوجا ف این‌بار.

ئەوجارە کە: ئەوجا ف این‌بار.

ئەوجە: نیاز، ناتاجی، پێداویستی ف احتیاج.

ئەودال: هەڵوەدا، ناوارە ف آوارە.

ئەودەر: دەرەوە، بەرانبەر بە ژورەوە، دەرڤە ف بیرون، خارج.

ئەور: هەور، عەور ف اَبر.

ئەورا: برسیەتی، نێز، برسیایەتی ف گُرسنگی.

ئەوراز: عەڤراز، هەوراز، سەربەرەو ژورە، بەرەوژور ف سر بالایی.

ئەورە: ئەوێ، ڤێدەرێ، بەرانبەری ئێرە ف آنجا.

ئەوسا: ئەودەم، ئەوکات، ڤێ گاڤێ ف آن دَم.

ئەوساکە: لەودەمدا، لەوێ چاخێدا ف آن‌دَم.

ئەوسار: هەوسار، پەتوکەی بە رشمەوە بەستراو، پەتی ملی گوّلك، دەسکە رەشمە ف افسار.

ئەوق: قەتیس، دەرەتان لێ بڕاو، گیر خواردو ف گرفتار.

ئەوقە: گیروّدە، دوچار، توش ف دُچار.

ئەوك: گەرو، قورڕ قوڕاچکە، بەرەلو ف گلو.

ئەوکێ: فلانکەس، هین، وانێك، هەرامە، واك ف فُلان.

ئەوگار: کزو داماو، سیس هەڵگەڕاو ف اَفگار.

ئەولا: ڤێ رەخ، ئەو تەرەف ف آن‌طَرف.

ئەولاتر: دورتر، بەولاوەتر ف آن‌طرف‌تر.

ئەولایە: ئەم تەرەفە، ئەم بەرە ف این طرف.
ئەولاد: رۆڵە، فرزند ف أولاد.
ئەولە: خاترجەم ف بطور قطع، يقيناً.
ئەولەق: ئەبڵەق، دورەنگ، بازو، بازگ ف أبلَق.
ئەوە: هێما بۆ دورو نزيك، یە ف این، آن.
ئەوەتا: خۆیەسی، هەوە ف خودش است.
ئەوەتە: ئەوەتا ف خودش است.
ئەوەتەی: لەوساوە، لەوكاتەوە، ژڤێ ڤەختێ، لەودەمەوە ف از آن دم.
ئەوەتی: ئەوەتەی ف از آن دَم.
ئەوەجە: موحتاج، ناتاج ف مُحتاج.
ئەوەر: پاشگری بون و خاوەن: (بەختەوەر، سەروەر، هونەروەر) ف پسوندِ مالكيّت.
ئەوەسا: ئەمەیە، ئەوەتا ف این است.
ئەوەسە: ئەوەسا ف این است.
ئەوە كە: شتەكە، وانەكە، هەرامەكە ف چیز.
ئەوەڵ: یەكەم، نێكەمین، هەوەڵ ف اوّل.
ئەوەنامای: رۆیشتنی بێ گەڕانەوە ف رفتن بی‌بازگشت.
ئەوەند: ئەوچەندە، هێندە، ئەوقاس ف اَند، آن‌قَدَر.
ئەوەندە: ١) ئەوهەندە، ڤێقاسێ: (ئەوەندە چەندە؟)؛ ٢) هەرچەندێ: (ئەوەندە دەكەم نایەتە ڕادایە) ف ١) آن‌قدر؛ ٢) هرچند.
ئەوەهە: ئەمە، ئەڤە، یە ف این.
ئەوەی: ئەوكەسەی، ئەوشتەی، ئەوی، ئەڤێ ف آن كس، آن چیز.
ئەوەیان: لەو چەندانە، ئەم یەكە ف این یكی.
ئەوی: هەركێ، هەركەسێك، هەرچی ف هركسی، هركه.
ئەوێ: ١) دەبێ، پێویستە؛ ٢) ئێرە نا ئەوێ، بۆ دورتر؛ ٣) شایەت، وێدەچێ: (تۆ بێژی ئازادبین؟ ئەوێ)؛ ٤) فەرمانی پێك‌هاتن، لازم: (ئەوێ هەر بچی بۆشار) ف ١) لازم است؛ ٢) آنجا؛ ٣) شاید؛ ٤) باید.
ئەویان: تاق‌كردنەوە: (ئەویانم گەرەكە، ئەویان ناردبو) ف او را.
ئەویانە: ئەویان ف او را.
ئەویتر: ئەوەكەی دیكە، ئەڤێ دیتر ف دیگری.
ئەویچ: ئەویش: (نەك تەنها من یا تۆ، ئەویچ هاتبو، ئەویچ خزم خۆمانە) ف او نیز.
ئەویدی: ئەڤیتر، ئەوی‌دیكە ف آن دیگر.
ئەوی‌دیكە: ئەویدی، ئەوێ‌دن ف آن دیگر.
ئەوێستا: ١) كتێبی زەردەشت؛ ٢) نهۆ، نۆكە: (هەتا تۆم ئاشنا بوی ئاشنا بون/ئەوێستا مۆبەمۆ ئەغیارە بێ‌تۆ) «نالی» ف ١) أوستا؛ ٢) اكنون.
ئەوێستاكە: هەرئێستا، هەمانهۆ، نۆكە، هەوكە ف هم‌اكنون.
ئەوێستاكێ: ئێستا، ئەم دەمە ف اكنون.
ئەویكە: ئەویتر، ئەڤێ‌دن ف آن دیگر.
ئەوین: ئەڤین، دڵداری ف عشق.
ئەویندار: عاشق، دڵدار ف عاشق.
ئەوینداری: عاشقی، حەزلێكەری، دڵداری، ئەڤینی ف عاشقی.
ئەوینی: ١) دڵداری، عشق؛ ٢) چاوت پێ دەكەوی، دەبینی، ئەیوینی ف ١) عشق؛ ٢) می‌بینی.
ئەوینێ: دەبینێ، دێتە بەرچاوی، چاوی تماشای هەیە ف می‌بیند.
ئەوێها: ئەوەتانێ، خۆیەسی ف خودش است.
ئەهـ: وشەی وەڕەزی و گوێ نەدان: (ئەهـ چی لێ بكەم؟) ف حرفِ تنفُّر.
ئەها: ١) وشەی ئاگا كردن: (ئەها هات)؛ ٢) وشەی عەزرەت: (ئەها شێرە كە ڕژا)؛ ٣) وشەی باوەڕ بە سەیرمانەوە: (ئەها كەوایێ خەنی بوە) ف ١) حَرفِ تنبیه؛ ٢) حرفِ تَحَسُّر؛ ٣) حرفِ تصدیق و با تَعَجُّب.
ئەهاك: قسڵ، كلس، ئاهەك ف آهك.
ئەهالی: خەڵكی ئاوایی تێكڕا: (كوێخا بە ئەهالی گوندی ڕاگەیاند بچنە بێگار) ف اهالی.
ئەهاو: ١) هۆ، بانگ كردنی دور، هۆی؛ ٢) وشەی گەمەپێ كردن: (ئەهاو بۆ كارێ كردب) ف ١) اهان؛ ٢) كلمهٔ تَمَسخُر.
ئەهای: هۆی، بانگ كردنی دور ف اهان.
ئەهل: ١) دانیشتوی جێگەیەك، خەڵكی ئاوایی: (كاورا ئەهلی شارە)؛ ٢) شیاوی هەواڵەتی و مەرد: (فڵان لە ڕەفاقەتدا زۆر ئەهلە)؛ ٣) هۆگرو خەریك: (ئەهلی ئیمان، ئەهلی حاڵ، ئەهلی خێر، ئەهلی كەیف‌و...) ف ١) مُقیم؛ ٢) شایسته؛ ٣) مشغول به.
ئەهو: وشەی سەیرمان و وەڕەزی: (ئەهو ئەوە دەڵێی چی؟) ف حَرفِ تَعَجُّب و تنفُّر.
ئەهۆ: ئەهو ف حَرفِ تَعَجُّب و تنفُّر.
ئەهۆی: هۆهۆ، بانگ كردنی دور ف های.
ئەهێو: وشەی گاڵتە پێكردن: (ئەهێو، تەڕت پێك نەهێنا) ف تَمَسخُر.
ئەی: ١) وشەی گازی: (ئەی بابە سوتام)؛ ٢) ئەدی: (ئەی كەی دێت؟)؛ ٣) مەگەر: (ئەی نەمگوت مەچۆ؟)؛ ٤) ئەمە، ئەیە، یە: (جارێ تر ئەی قسیە نەكە)؛ ٥) بۆ سەیرمان: (ئەی كە سەیرە!)؛ ٦) بۆ كوڵ و داخ: (ئەی‌ڕۆ، ئەی ماڵی وێرانم!) ف ١) حرفِ ندا؛ ٢) پس؛ ٣) مگر؛ ٤) این؛ ٥) حرفِ تَعَجُّب؛ ٦) حرف تأثُّر.
ئەیار: مانگی پێنجەمی خاچ‌پەرستان، لەنێوان خاكەلێوەو بانەمەڕدا ف ماه پنجم مسیحی.
ئەیارە: پێوانە، دەفرێ كە شتی وردی وەك دەغڵ پێ دەپێون، عەیارە ف پیمانە.
ئەیاغ: ١) چروك، قرپۆك، بێ‌برەو: (مەڕەكانت بە ئەیاغەوە لێ دەكڕم، یان، ئەیاغی لێ دەردەاوێژم)؛ ٢) ڕەهەند، ژێراوی ئاوی پیس و ئاودەسخانە ف ١) بُنجُل؛ ٢) فاضلاب.
ئەیر: ئاگر، ئاور ف آتش.
ئەیڕۆ: ١) وشەی سەیرمان: (ئەیڕۆ خوشكێ چەند سەیرە؟!)؛ ٢) وشەی خەم خۆری: (ئەیڕۆ ڕۆڵەڕۆ)، هەیڕۆ ف ١) حرف تَعَجُّب؛ ٢) حرف تأسُّف.
ئەیرە كڵێ: گەمە بە ئاگر، ئاتەشبازی، ئاگر بازی ف آتش‌بازی.
ئەی‌لۆ: هەڵـۆ: (ئـەیلویێ پیر)؛ ٢) بچكۆڵەی قشت و جوانكیلە: (ئەیلۆ

گەزەگەزە نازانێ) [ف] ١) عُقاب؛ ٢) حرفِ نوازشِ کودك.

ئەیلول: مانگی نۆیەمی خاچپەرستان، لە نێوان رەزبەرو خەزەڵوەرا [ف] ماهِ سپتامبر.

ئەینْك: ئاوێنە، جام [ف] آینە.

ئەینە: ئەوێ، بەرانبەری ئێرە [ف] آنجا.

ئەینی: ئین، هەینی، هەینو، رۆژی جوعمە [ف] روزِ جمعە.

ئەیوان: هەیوان، سەکۆی سەر داپۆشراو [ف] ایوان.

ئەیە: ئەمە، ئەڤە [ف] این.

ئەیەت: دێت، دێ، دەگاتە ئێرە [ف] می‌آید.

ئەیەڕۆ: وشـەی سەیرمان: (**ئەیەڕۆ** خوشکێ جاتۆ باوەڕ دەکەی؟!) [ف] حَرفِ تَعَجُّب.

ئەیەلۆ: بۆ دواندنی منالّی خشپیلانە [ف] حرف نوازش کودك.

ئەیهۆ: وشەی نارەزایی و وەڕەزی: (**ئەیهۆ** چەند قسە دەکەی) [ف] حرف تنفر.

ئەیهوُ: وشەی هەرگیز نەشیاو،هەیهات: (**ئەیهوُ** تازە من گەنج دەبمەوە؟!) [ف] هَیهات.

ئەیهوُت: چلەی بچوك [ف] چلّه کوچك.

ئەیی: کەوابو، کەوایە [ف] که این‌طور.

ئی: ١) وشەی مڵکایەتی: (ئەو ماڵە **ئی** منە، **ئی** تۆ بو دایان بەمن)؛ ٢) ئەم، یە: (ئیرۆ، ئیشەڤ، ئیساڵ، ئیجا)؛ ٣) بۆپرسیار: (ورچێکم گرت. ئی؟!) [ف] ١) حرف تملُّك؛ ٢) این؛ ٣) سؤال تأکیدی.

ئێ: ١) دەی، دەت فەرموُ؛ ٢) بەڵێ: (دەڵێن پەلەی داوە. **ئێ** ڕاستە)؛ ٣) شانــدەری جسنی مێوینــە: (کیژێ، خانمێ، دایکێ)؛ ٤) وشـەی مڵکایەتی: (**ئێ** من بی تە بۆ خۆ برد) [ف] ١) بعد؟؛ ٢) آری؛ ٣) علامت تأنیث؛ ٤) حرف تملُّك.

ئیبنوعەبباسی: تایفەیەکە تفیان دەرمانی مارەو خوێنیان دەرمانی هارە [ف] طایفه‌ای که آب دهانشان درمان مارگزیده و خونشان درمان هاری است.

ئیبۆ: سوکەڵەی ناوی ئیبراهیم [ف] مخفّف ابراهیم.

ئیپە: بەنی قایشە جوت، بەندی قایشە نیر [ف] حلقهٔ چرمی که با آن یوغ را به خیش می‌بندند.

ئیتر: ئیدیکە، ئێدن [ف] دیگر.

ئیتریس: رەزاگەران، جێقێز، خوێنتاڵ [ف] بدشکل.

ئێتی: پاشگر بەواتای ئایەتی: (**برسێتی**، **کوردێتی**) [ف] پسوندِ نسبت.

ئێتیم: سێوی، بێ دایو باب، هەتیو، هەتیم [ف] یتیم.

ئیجا: دەی ئەمجار چی؟ ئەوجا [ف] حالا چطور.

ئیجاب: پێویست: (ئیجاب ناکا خۆت ماندوکەی) [ف] لازم.

ئیجات: ئیجاد [ف] ایجاد.

ئیجاد: بنیات، سازدان، ئاواکردنەوە: (ئەم خانوە تازە **ئیجادە**، ئەم زەویە چۆڵ بو خۆم **ئیجادم** کرد) [ف] آباد کردن.

ئیجار: ١) ئەمجار، ئەمکەڕەتە؛ ٢) کرێ [ف] ١) این‌بار؛ ٢) کرایه.

ئیجارە: کرێ: (باغم **ئیجارە** کردوە)، (**ئیجارەدار**: کرایەچی) [ف] اجاره.

ئیجـازە: ١) ماوە، دەرفەت، وچان: (**ئیجازەی** دو ڕۆ ژم دەیە، **ئیجازەی** پێ نەدام بچمە ژور)؛ ٢) فتواو دەستور: (**ئیجازەی** ماری هەیە، فەقێ **ئیجازەی** وەرگرت) [ف] ١) فرصت؛ ٢) فتوا و دستور.

ئیجبار: زۆرەکی، خورتی، ناچارکردن: (بە **ئیجبار** ناردمی، ئاغا **ئیجباری** کردم نان بخۆم) [ف] اجبار.

ئیجباری: سەربازی زۆرەکی لە دەوڵەتدا [ف] سربازی وظیفه.

ئێجگـار: زۆرو زەمـەنـد، فرەفرە، گەلەك، زێدە، یەکجار: (**ئیجگار** زۆر باشم) [ف] بسیار.

ئێجگاری: یەکجاری، بەتەواوی، بێ‌وەگەڕان و دوپات کردنەوە، هەرگیز، ئیتـر قەت: (**ئێجگـاری** بارم کرد، **ئێجگاری** نایدوێنم) [ف] یکباره، بەتمامی.

ئێجگارەکی: ئێجگاری [ف] یکباره.

ئیحتـوبـار: ١) قورسـاغ، وەج و ڕێز؛ ٢) متمانە، باوەڕی: (پیاوێکی بە **ئیحتوبارە**) [ف] ١) و ٢) اعتبار و آبرو.

ئیحتـیات: ١) پارێز: (دەچـیە چیا لە مار **ئیحتـیاتت** هەبێ)؛ ٢) کار قایمی: (پیاوێکی بە **ئیحتیاتە**) [ف] ١) احتیاط؛ ٢) محکم‌کاری.

ئیحتیلام: ١) خەو بەگانـەوە دیتن و ئاوی شاوەت ڕشتن؛ ٢) لە منـاڵی رەهابون، بلۆق‌بون: (مناڵ‌نیە **ئیحتیلام** بوە) [ف] ١) احتلام؛ ٢) بُلوغ.

ئیحتیاج: ئاتاجی، چاولەدەستی [ف] نیاز، احتیاج.

ئیحتیمال: وێچون، لەوانەیە: (**ئیحتیمالی** هەیە بچمە شار) [ف] اِحْتِمال.

ئیحـرام: خاولی و فوتەی حاجیان کە لە وەختی حەج کردنا بە خۆیانەو دەگرن [ف] اِحرام.

ئیحیا: بوُژان، وەگورد کەوتن: (بـەو یارمەتیەت **ئیحیات** کردومەوە، ئەم مەزرایە خۆم **ئیحیام** کردۆتــەوە، زۆر کزو کەنـەفت بو ئێستـا **ئیحیا** بۆتەوە) [ف] اِحیا.

ئیخ: چۆك دادانی وشتر: (وشترەکە **ئیخی** خوارد، ئەم وشترە **ئیخ** بدە) [ف] خوابانیدن شتر.

ئیخبار: خەبەرلێدان، راپۆرت، شەیتانی کردن [ف] گُزارش دادن.

ئیخبـاریە: نوسین بۆمیری لە دژی خەڵك، راپۆرت، نامەی شوفارانە، شوفاری نامە [ف] گزارش، راپورت.

ئێختە: ١) گون دەرهاتو؛ ٢) داری شینی سەرقرتاو، ئەختە [ف] ١) نگا: ئەختە.

ئێختـەرمە: ١) ئەسپی یەدەگ؛ ٢) ئەسپ و چەکی تالانی؛ ٣) لاشەی کوژراوی دوژمن [ف] ١) اسبِ یدك؛ ٢) اسب و اسلحهٔ غنیمتی؛ ٣) جسدِ دشمن.

ئیختیار: ١) هەڵبژاردن: (لەم دو خوشکانە کامیان **ئیختیار** دەکەی)؛ ٢) پیرو کۆنە ساڵ: (ریشم سپی بو تەواو **ئیختیار** بوم) [ف] ١) انتخاب؛ ٢) پیر و سالخورده.

ئیختیدار: ١) توانـایی لەمـاڵ یان لە هێزی لەشدا: (ئێستا هەژارم ئەز **ئیختیدارەم** نەمــاوە، **ئیختیداری** کارکــردنم نیە ئیختیار بوم)؛ ٢) دەسەڵات: (**ئیختیداری** دەوڵەتم نیە) [ف] ١) قدرت مالی یا بدنی؛ ٢)

سُلطه.

ئیخراج: وەدەرنان: (وەتمان لەکار **ئیخراج** کراوە) فا اِخراج.

ئێخستن: بەعەرزادان: (دەت **ئێخم**و بەخستن لێخەت نابمەوە، چاکە بکەو دە ئاوی‌**خە**) فا بر زمین زدن.

ئێخسیر: ١) دیل، گراو لەشەڕ؛ ٢) هەژارو جێگەی بەزەیی فا ١) اسیر؛ ٢) بینوا.

ئیخفال: فریو، دەس خەرۆیی، هەڵخەڵەتاندن، دەس خەڕەیی فا اِغفال.

ئێخلاس: دڵپاکی، ئەمەگ: (پیرۆت بە **ئیخلاس** کار دەکا، بۆ گەورەی خۆی بە**ئیخلاسە**) فا اِخلاص.

ئێد: ئەمە، ئەم فا این.

ئیدارە: ١) دەزگای دەوڵەت؛ ٢) باش پێ‌ڕاگەیشتن: (ماڵاتی زۆری هەیە پێی ئیدارە ناکرێ) فا ١) ادارە؛ ٢) ادارە کردن.

ئیدعا: داوا فا اِدّعا.

ئێدن: هی‌دی، دوبارە، هی‌دیکە فا دوبارە، ایضاً.

ئیدی: ١) جارێکی‌تر: (**ئیدی** مەیە ماڵمـان)؛ ٢) هیتـرت: (ئەوەی دیتم باشە **ئیدیت** هەیە؟) فا ١) بار دیگر؛ ٢) دیگر هم.

ئیدیکە: ئیدی فا نگا: ئیدی.

ئێر: ئاگر، ئاور فا آتش.

ئێرا: ئەم جێگە، ئێرە، بەرانبەری ئەوێ فا اینجا.

ئیراد: ١) داهاتی ساڵ؛ ٢) ڕەخنەگرتن فا ١) واردات؛ ٢) ایراد.

ئیرادە: خواست، لێ‌بڕان فا اِرادە.

ئێراق: بەربەرۆچکە، جێگەی خۆهەڵخستن لە بەر تاو فا آفتابگیر.

ئێران: وڵاتێکە فا ایران.

ئێرانە: ئێرا، ئەم شوێنە، ڤر فا اینجا.

ئێربار: قاپ‌و قاچاغی ناوماڵ، هەوڕ: (فاتێ لە سەرکانی ئێرباران دەشوا، پوڕە شەم **ئێربار** کەرە) فا ظروف خانگی.

ئێرس: کەلەپوور، میرات فا اِرث.

ئێرقست: دارێکی لێرەواری درکدارە فا درختی است.

ئێرمان: خزمەتکار، نۆکەر، بەردەست فا نوکر.

ئێرۆ: بژیو، تفاق، پێداویستی ماڵ: (پیاو بە **ئێرۆ**و بێ زستانیش خۆشە) فا وسایل زندگی.

ئێرۆ: ئەمڕۆ، ئیمڕۆ فا اِمروز.

ئێروکانە: ئێرە، ئەگرە فا همین جا.

ئێروکە: ئێرە فا درست اینجا.

ئێرۆهە: ئەم ڕۆژە، لەم دەمەدا فا اِمروزه.

ئێرە: ئەگرە، ڤر فا اینجا.

ئێرەق: ١) کێر هەستاو؛ ٢) ڕەپ: (ئەم ئەسپە لەو ماینە ئێرەق بوە، بڕوانە ئێرەقی کردوە)؛ ٣) ئاموور، هەوجاڕی یەکپارچە فا ١) ذَکَر برخاسته؛ ٢) برآمده؛ ٣) خیش.

ئێرەقان: نەخۆشی زەردویی فا یَرَقان.

ئێرەقە: هەوجاڕی یەکپارچە کە دەندەو باسک پێکەوەن فا خیش.

ئێرەکانە: ئێرە فا اینجا.

ئێرەکانێ: ئێرە فا اینجا.

ئێرەکە: ئێرە فا همینجا.

ئێرەموك: نە نێرێ نەمێ، نێرە موك فا خنثیٰ.

ئێرەیی: چاوچنۆکی، بەغیلی، حەسودی فا بُخل و حَسَد.

ئیزا: پاداشت، قەرەبو، تۆڵەدانەوە، سزا فا سزا.

ئیزبار: ڕو بەڕو فا مُقابل.

ئیزدەرەم: سوورم لەسەری فا حتماً.

ئێزرایل: پێمێرد، فرشتەی گیان‌کێشان، مەلکەموت فا عزرائیل.

ئێزرەم: کێشانەیەکە لە سەردەشت‌و سولەیمانی بەرانبەر بە نیو کیلۆ فا وزنی است برابر پانصد گرم.

ئیزن: مەرەخەستی، ئیجازە فا اجازە و رُخصت.

ئێزنگ: داری سوتاندن فا هیزُم.

ئیزوك: زیپکەی شیری کە لە دەم‌و چاوی منداڵان دێت فا جوش شیری.

ئێزی: جوڵانەی گوریسی منداڵان فا تاب.

ئیزینگ: ئێزنگ فا هیزُم.

ئێژگڵ: پڕلو، پەرەنگ، سکڵ فا اَخگر.

ئیسا: ١) ئێستا، نۆکە، نهوڕ؛ ٢) ئایسا، پێ‌بو، داگیرسا، داگرسیا؛ ٣) عیسا فا ١) اکنون؛ ٢) شعلەور شُد؛ ٣) عیسیٰ.

ئیساکە: هەرئێستە فا هم‌اکنون.

ئیساکێ: ئیساکە فا هم‌اکنون.

ئیسال: ئیمساڵ فا اِمسال.

ئیست: پشوو، وچانێکی کەم: (لێرە **ئیستێك** بگرین بحەسێینەوە) فا استراحتِ کَم.

ئیستا: نهوڕ، نۆکە، ئەلعان فا اکنون.

ئێستا: ئیستا فا اکنون.

ئێستاکانێ: ئیستا فا اکنون.

ئێستاکونێ: هەرنهوڕ فا همین حالا.

ئێستاکە: ئێستا فا اکنون.

ئیستاکێ: ئیستا فا اکنون.

ئێستر: قانتر، داك ماینی کەرباب، هێستر، هێسر فا اَستر.

ئێستر باڵانی: قاتری داك گوێرێژی باوك ئەسپ فا اَستر پدر اسب.

ئێستك: ئیسقان، ئێسك، پێشە، هەستی فا اُستخوان.

ئیستە: ئیستا فا اکنون.

ئێستە: ئێستا فا اکنون.

ئێستەکانێ: هەرئیستا فا هم‌اکنون.

ئێستەکە: ئێستا فا اکنون.

ئیستەکونێ: هەرئیستا فا هم‌اکنون.

ئیستەکێ: ئێستە فا اکنون.

ئیستێ: ئیستا فا اکنون.

ئیستیراحەت: حەسانەوە، وچان‌دان، ئاسودەیی فا اِستراحت.

ئیستیکان: پیاڵەی چای خواردنەوە فا اِستکان.

ئێستێکانێ: ئیستا فا اکنون.

ئیسحال: زگەشۆرە، سەرپێ یی، بەلەفیرە، زگچوُن، رەوانی، تەقەفیرە ف اِسهال.
ئیسخوان: ئێستك ف اُستخوان.
ئیسر: گوشینگە، شوێنی گوشینی ترێو میوەی تر ف عصاری.
ئیسراحەت: ئاسودەیی ف اِستراحت.
ئیسقان: ئێستك ف اُستخوان.
ئێسقان: ئێستك ف استخوان.
ئیسقایی: نەخۆشی ئاوبەند ف مرض استسقا.
ئیسك: نزگەرە ف سکسکە.
ئێسك: ئێستك ف اُستخوان.
ئیسكان: ئیستیكان ف استكان.
ئێسك سوُك: رەزاسوُك، خوێن شیرین، روح سوُك ف دوست‌داشتنی.
ئێسك قورس: خوێنتاڵ، رەزاگران، كرێت ف بداَخم.
ئێسك گران: رەزاگران، بەرابەری ئێسك سوك ف نامحبوب.
ئێسكو پروسك: نیوە رزیوی لاشی مردو ف پوسیدهٔ جَسَد در گور.
ئیسكە: نزگەرە ف سكسكە.
ئیسلام: ۱) دینی مُحمَّد(ص)؛ ۲) موسوڵمان ف ۱) اسلام؛ ۲) مسلمان.
ئیسلامەتی: موسوڵمانەتی، ئیسلام ف مسلمانی.
ئیسم: ناو، نێو: («ئیسمی عەزەم» دوعای هەرە بەهێت) ف اسم.
ئیسوت: بیباری رەش، ئیسیوەت، فلفل ف فلفل سیاه.
ئیسهاڵ: ئیسحال ف اِسهال.
ئیسیوەت: ئیسوت ف فلفل سیاه.
ئیش: ۱) وشەی پارێز لە پیسی، قخ، پیسە؛ ۲) كارو فرمان؛ ۳) زاڵە لەپاش مل ف ۱) كلمهٔ تحذیر؛ ۲) كار؛ ۳) پَس گردنی.
ئێش: ئازار، ژان ف درد.
ئیشار: جۆرێ سەرپۆشی ژنانە كە شانو پیل دەگرێ، چارۆكە، كوڵوانە ف نوعی سرپوش زنانە.
ئیشاعە: دەنگ داكەوتن بە درۆ ف شایعە.
ئیشاڵلا: خوا حەزكا، حەز دەكەم ف انشاءالله.
ئێشاگران: كەوتویی، گرانەتا، گرانەتێ، نەخۆشیەكی گیرۆیە ئەسپێ رایدە گوێزێ ف تیفوس.
ئێشان: ژان، ئازار، بەئازار ف درد، آزار.
ئێشای: ئێشان، ژان ف درد، آزار.
ئیشت: شەپەزلەی پشت‌مل، عیشت ف پَس گردنی.
ئیشتیا: واز، كەیف، ئارەزو، هەوەس ف اشتها.
ئیشق: ئەڤین، دڵداری، عیشق ف عشق.
ئیشقلكێ: هەنگڵە شەلە، لەسەر یەك پا رۆیشتن ف لی‌لی.
ئیشك: ۱) وشك، زوها، بەرانبەری تەڕ؛ ۲) رەق و سەخت، دژی نەرم ف ۱) خُشك؛ ۲) سِفت.
ئێشك: ۱) هێچك، ئاڵقەداری سەر گوریس و كەژو؛ ۲) كێشك، پاس: (ئەمشەو من ئێشك دەكێشم، تۆ ئێشك بگرە) ف ۱) حلقهٔ باربند؛ ۲) كشیك.

ئیشكارۆ: بیاوانی بێ ئاو، بێرۆُن ف بیابان بی آب.
ئیشكال: چەتون، دژوار، زەحمەت ف مُشكل.
ئیشكانی: ۱) بەژ، بەرانبەری دەریا؛ ۲) زەوینی پەنا ئاو ف ۱) بَرّ؛ ۲) خُشكی نزدیك به آب.
ئیشكاو: دواچوڕی ئاو: (گۆلەكە ئیشكاوی هات، ئیشكاو هاتن، ئیشكاو داهاتن: دوا چوڕ لێ بڕان) ف خوشیدنِ چشمه یا استحر.
ئیشكاوز: تۆی بەوشكیەوە كراو، خەفتان ف كاشتن قبل از باران.
ئیشكاوس: ئیشكاوز ف كاشتن قبل از باران.
ئیشكایی: وشكیایەتی، ئیشكانی ف خُشكی.
ئیشك بون: ۱) لەتەڕی قوتار بون؛ ۲) بێ جوڵان لە شوێندا قەتیس: (لە عەیبەتان هەر لە جیێ خۆم ئیشك بوم) ف ۱) و ۲) خُشك شُدن.
ئیشك بونەوە: لە تەڕی رزگاربون ف خُشك شدن.
ئێشك چی: پاسدەری شەوانە، جەزایەرچی، («ئێشك چیەتی»: پاسدەری) ف نگهبان.
ئێشكدان: ۱) شەتەكدان، توندبەستن، جیرەبابە؛ ۲) ئێشك كێشان، جەزایەرچیەتی ف ۱) مُحكم بستن؛ ۲) نگهبانی.
ئیشك كردن: ۱) لە تەڕی رزگار كردن؛ ۲) لە شیردان وەستانی شیردەر: (چێڵەكەمان ئیشكی كرد) ف ۱) خشك كردن؛ ۲) خُشك شُدنِ شیرِ حیوانِ شیردە.
ئیشك كردنەوە: لەتەڕی خەلاس كردن ف خُشك كردن.
ئێشك گر: پاسەوانی شەو، جەزایەرچی ف نگهبان.
ئێشك گرتن: پاسداری ف نگهبانی.
ئیشك و برینگ: تەواو وشك، وشك و برینگ ف تمام خُشك.
ئیشكە: ۱) كۆن‌دۆ، ئاژەڵێ كە نەزابی و شیر بدا، ئیشكەدۆ؛ ۲) پارەی نەغد لە ماڵدا ف ۱) گاوی كە بچە نیاوردە شیر بدهد؛ ۲) نقدینە.
ئیشكەبەرد: دیواری بەبەرد هەڵچناوی بێ قوڕ، وشكە كەڵەك ف دیوار سنگی.
ئیشكەدۆ: ئیشكە، كۆن‌دۆ ف نگا: ئیشكە.
ئیشكەر: كاركەر، ئەوكەسەی كار دەكا، بەكار ف كارگر.
ئیشكەڕن: ۱) مو رنین لە كەوڵی ئاژەڵ؛ ۲) گاڵتەجاڕی گەمەی تەنافبازی ف ۱) چیدن کُرک از پوستِ حیوانات؛ ۲) دلقك.
ئیشكەڕۆ: ۱) یەكسمی فێرەروت نەكراو؛ ۲) چۆمێ كە هاوین وشك دەكا ف ۱) اسب تعلیم ندیده؛ ۲) رودخانەای كە در تابستان می‌خُشكد.
ئیشكەساڵ: ساڵی كەم‌باران ف خُشكسال.
ئیشكەسۆفی: خودا خوازی هیچ نەزان ف زاهدِ اَبلە.
ئیشكەسەرما: سەرمای سەختی بێ بەفر ف سرمای سخت بدون برف.
ئیشكە كەڵەك: ئیشكەبەرد ف دیوار سنگی.
ئیشكەڵ: وشكە لق و چرۆ كە بۆ سوُتان دەبێ، چڕوچیلكە ف هیمە.
ئیشكەڵوا: هەڵوای دۆشاو كەبۆ سەفەری دەبەن ف نوعی حلوا برای مُسافرت.
ئیشكەمز: كرێی نەغد بەبێ خواردن دان بە كرێكار ف مُزد بی‌خوراك.

ئیشکەمس: ئیشکەمز ف مُزد بدون خوراك.
ئیشك هەڵاتن: ١) لەخۆوە وشك بون؛ ٢) لە خەم و خەفەتان كزبون ف ١) خُشك شدن بطور طبیعی؛ ٢) ضعیف شدن از غم و غصه.
ئیشك هەڵێنان: ١) بە تەقالا وشك كردن؛ ٢) خەمدان بەكەسێك و لاواز كردنی ف ١) خُشك گردانیدن؛ ٢) كسی را غصەدار كردن.
ئیشكێڵ: ١) لاولاوی دارین، پارچــە تەختــەیەكی سێ‌سوچــە كە پەنجـەرەی پێ قایم دەكـەن، زمـانە؛ ٢) شەیتانۆكە، سەدەفۆكەیەكی سپی وەك گوێ ماسیلكـە بەهاران پاش باران دەزێتەوە ف ١) چوبك پنجرەبَند؛ ٢) حَلَزون.
ئیشلك: جۆرێ كەوا، كورتەك، كورتە ف نوعی قبای مردانە.
ئیشلەك: سوخمە، یەلەك ف یَلَك.
ئیشەڤ: ئەمشەو ف اِمشب.
ئیع: وشەی قێزوبێز: («**ئیع**! چپیسە!»: بێزم هەستا) ف كلمهٔ ابراز تهوع و دل بهم آمدن.
ئیعان: ئیستە ف اكنون.
ئیعانە: باربو، یارمەتی، پیتاك ف اِعانە.
ئیعدام: كوژران یان خنكان لەلایەن دەوڵەتەوە ف اِعدام.
ئیغبال: بەخت، تالح، تاڵە، ئیقباڵ ف شانس و اقبال.
ئیغدام: غیرەت، نەترسان، بوێری ف شجاعت و بیباكی.
ئیف: ١) تای چباشە؛ ٢) فێ، نەخۆشی خوداری: («**ئیفدار**»: فێدار) ف ١) كلمهٔ تحسین بەمعنی بەبە؛ ٢) صرع.
ئیفـادە: ١) دەعیە، فیز؛ ٢) لێ‌پرسین و جواب دانـەوە ف ١) اِفادە؛ ٢) سؤال و جواب.
ئیفتـادە: پیری لەكـار كەوتـە: (ئـەی تازەجـوان پیر بی كە **ئیفتادە**م و كەوتوم) «نالی» ف پیر و از كار افتادە.
ئیفتار: بەربانگ،ڕۆژو كردنەوە ف اِفطار.
ئیفتیخار: شانازی، خۆ پێوە هەڵدان ف اِفتخار.
ئیفتیرا: بوختان ف بُهتان.
ئیفلاس: نابوتی، ماڵی دنیا نەمان، مزمەعیل ف ورشكستگی.
ئیفلیج: شەپلە، شەپلە لێدراو: («**ئیفلیجی**»: نەخۆشی شەپلە) ف فَلَج.
ئیقلاب: بەركوت، بەر لە خەرمان كەمێ گەنم كوتان بۆ نانی پێداویست ف پیشكوب خَرمَن.
ئیقلیم: وڵات، مەڵبەند، ناوچە ف اِقلیم.
ئیقناع: هێنانە سەربار، رازی كردن، تاوكردن ف راضی كردن.
ئیك: یەك، نیمەی دو ف یك.
ئێكانە: نێرەبەراز، یەكانە ف گُراز نر.
ئێكاوئێك: دەرمان یا نوشتەی زۆركاری: (نوشتەی من بۆ تا ئێكاوئێكە، ئەم دەرمانە **ئێكاوئێكە**) ف داروی مؤثر.
ئێكجار: ئێجگار ف بسیار.
ئێكجارەكی: ئێجگارەكی ف یكبارە.
ئێكجاری: ئێجگاری ف یكبارە.
ئێكلام: كڕنوش، سەرچەماندن بۆ ڕێزگرتن: («**ئیكلام كردن**»، «**ئیكلام** كێشان») ف تعظیم.
ئیکمـال: كرچـە ئەزمـون، ئەزمـونی نیوەچـڵ، ئەو شاگردەی لەچەند دەرسێك دەر نەچوەو دەبێ سەر لەنوێ پایز بی ئەزمون ف تجدیدی.
ئیكو: چلۆن، چۆن، چاوا: (**ئیكوی**؟ باشی؟)، («**ئیكوە**: چلۆنە؟») ف چطور.
ئیكە: هیتر، یادن، ئیدیكە ف دیگری.
ئێگجار: ئێجگار ف بسیار.
ئێگجارەكی: ئیجگارەكی ف بەیكبارە.
ئێگجاری: ئێجگاری ف یكبارگی.
ئێگر: ئاگر، ئاور ف آتش.
ئیگـرەم: كێشـانـەیەكـە بەرانبەر بە دوسەد گرام ف وزنی است معادل دویست گرم.
ئیگل: ئەمجارە، جارێكی تر ف این بار.
ئێگە: لێرە، لەئەگرە، لڤر، ئێرە ف اینجا.
ئێل: خێڵ، كۆمەڵە كۆچەرێك پێكەوە، عێل ف ایل.
ئێلات: رەوەند، ئەوانەی دەچنە بانەمەڕ ف ایلات.
ئێلاخ: زۆزان، هەوار، هاوینەوار، ئێلاخ ف ییلاق.
ئێڤار: ئێوارە، ئەنگۆرێ، عەسر، حەسر ف دَم غروب.
ئێق: ١) هێڵنج، دڵ شێوان، پێشایی ڕشانەوە؛ ٢) كشانەوی ئاو یا خەڵك لەبـەر زۆری و بێ دەرەتـانی: (ئـاوەكـە پێشی گیرابـو **ئێقی** دایەوە، حەشامات هێند زۆرەو پێشی نارۆوا ئێقی كردوتەوە)؛ ٣) نم كێشان ف ١) حالت تهوع؛ ٢) عقب كشیدن آب یا جمعیت بەدلیل ازدحام؛ ٣) نم كشیدن.
ئیقامەت: قامەت، دوعای پێش‌نوێژی جەماعەت ف دعای قبل از نماز جماعت.
ئیقبال: ئیغبال، تاڵە، بەخت ف اِقبال.
ئیقدام: ئیغدام ف اِقدام.
ئیقرار: دركاندن، ڕاستی گوتن ف اِقرار.
ئیقل: هەر ئەوەندوكە، هەر ئەوتۆزە ف همین یك ذرّه.
ئیلاقە: ١) پەیوەندی، ئاشنایی؛ ٢) گاتی نارەوا: (لەسەر فلانەیان گرتوە، دەڵێن **ئیلاقەی** كردوە) ف ١) علاقە و پیوند؛ ٢) تعرّض بە ناموس.
ئیلان: ١) پاشگـری گچكـەیی: (بـا**بیلان**)؛ ٢) هێلانـە ف ١) پسوند تصغیر؛ ٢) آشیانە.
ئیلتیفـات: لاواندنەوە، روخۆشی، ئاوڕ وێدانەوە: (ئاغا دەگەڵما زۆر بە **ئیلتیفات** بو) ف التفات.
ئێلجار: گەلەكۆمەگی، زۆر كەسی خزم لە شتێك یا لە كەسێك كۆ بونەوە: (من تەنیا بوم ئەوانیش **ئێلجـارێ**یان لێكـردم دەرۆستیان نەهاتم) ف همكاری گروهی.
ئێلدە: دە گەڵ بێلدە دەگوترێ، پازدە ڕۆژی هەرەسەرمای زستان ف پانزده روز اوج سرمای زمستان.
ئیللا: ١) جگـە، بل، غەیرەز؛ ٢) وشـەی سوربونو پێداگرتن: (بڵێن نەڵێن **ئیللا** هەر دەچم)؛ ٣) لەسەر پشت كەوتنی میچ، چكە لەجۆرێ

قاپێن دا دەڵێن ف ۱) بغیر از؛ ۲) حرف اصرار؛ ۳) بر پُشت افتادن شتالنگ.
ئیلَلان و بیلَلان: پێداگری‌و سوربـون: (لە ماڵدا غەزریوە **ئیلَلان و بیلَلان** دەر ناکەوێ) ف حرف اصرار و پافشاری.
ئیلَلا و بیلَلا: ئیلَلان و بیلَلان ف حرف اصرار و پافشاری.
ئیلکـە: پاشگـری چوك شانـدانـە: (سـاویلکە، کانیلکە، گۆمیلکە، جامیلکە) ف پسوند تصغیر.
ئیلە: پاشگری گچکەیی: (بابیلە، کاکیلە) ف آلت تصغیر.
ئێڵەك: هێڵەگ، ئامرازی ئارد پێژان، مۆخڵ ف اَلَك، مو بیز.
ئێڵەگ: سوخمە، یەلەك ف یَلَك.
ئیلەگ: ئێڵەگ، سوخمە ف یَلَك.
ئیلێ: پاشگـر بۆ ناوی مێوینەی نازدار: (خەجیلێ فاتیلێ) ف پسوند، علامت محبت برای مؤنث.
ئیلیان: هێلان، هێلین، هێلانە، ماڵی مەل ف آشیانە.
ئێم: ئالکی یەکسم ف علیق ستور.
ئیم: ۱) ئێم؛ ۲) ئەم: (ئیمرۆ، ئیمساڵ) ف ۱) علیق ستور؛ ۲) این.
ئیما: هێما، عاشیرەت وە چەم یا وە دەس: (بە **ئیمای** دیدەیی مەعشوقە عاشق کێو لەبن دێنێ / لە لای «سالم» کەنندەی بێستون موژگانی شیرین بو) «سالم» ف اِشارە.
ئیمـام: ۱) سەرداری ئاینی؛ ۲) پێش نوێژ؛ ۳) دەنکـە هەرە درێژەکـەی تەزبێح ف ۱) امام؛ ۲) پیش‌نماز؛ ۳) درشت‌ترین دانە تسبیح.
ئیمامە: دەنکە درێژەکەی تەزبێح ف درشت‌ترین دانۀ تسبیح.
ئیمامەتی: پێش نوێژی ف پیشنمازی.
ئیمان: بڕوا، باوەڕی، ئتقات: (**ئیماندار:** خاوەن باوەڕ) ف ایمان.
ئیمتیحان: ئەزمون، تاقی کردنەوە ف امتحان.
ئیمجا: ئەمجار ف این‌بار.
ئیمجار: ئیمجا ف این‌بار.
ئیمچون: هەرچوار پەل، دەست‌و پا: (خڕ**مچون** ناڵم‌کرد) ف هر چهار دست و پا.
ئیمرۆ: ڕۆژێ کە تیاین ف اِمروز.
ئیمزا: ناوی نوسراو لەبن نامەو قەباڵەو ... ف امضا.
ئیمساڵ: ئەمساڵ ف اِمسال.
ئیمشەو: ئەمشەو ف اِمشب.
ئیمکان: ۱) لەکردن هاتو: (**مومکن:** شیاوی وەدی هاتن)؛ ۲) توانایی‌و هێز: (لە ئیمکانمدا نیە) ف ۱) و ۲) اِمکان.
ئیملا: نوسینەوەی وتەی خەڵك ف اِملا.
ئێمە: من‌و خەڵکی‌تر، ئەم، مە ف ما.
ئیمە: ئێمە ف ما.
ئێمەگەل: ئێمە ف ما.
ئێمەمانان: من‌و کەسانی وەك من لە ژیاندا ف مَن و أمثال مَن.
ئێمەنی: جۆرێك کەوشی سوُری بێ‌پاژنەی پیاوانە ف نوعی کفش مردانە.
ئێمەومانان: ئێمەمانان ف نگا: ئێمەمانان.
ئێن: ۱) پاشگـرێکـە بەدوای گاڵتـەو قومـاردا دێت: (نەردێن، جگێن، مێشێن، تۆپێن)؛ ۲) خەبـەر دانی هاتنی کۆیە: (ئـەمڕۆ **ئێن** بۆماڵی ئێمە) ف ۱) پسوند بەمعنی بازی؛ ۲) می‌آیند.
ئین: ۱) هەینی، هەینو، جومعە؛ ۲) پاشگری پەسنە: (شیرین، ڕەنگین، زێڕین)؛ ۳) دروشمی چاوگە: (گرین، کوڵین، کڕین) ف ۱) جمعە؛ ۲) پسوند توصیف؛ ۳) علامت مصدر.
ئینا: کاری ڕابردوە، هێنای، هاوردی، نانی ف آورد.
ئینات: لاساری ف بدرفتاری.
ئینان: ۱) هاوردن، هێنان، نانین؛ ۲) باوەڕ، متمانە: (**ئینان** بکە من ماڵی تۆم نەدزیوە) ف ۱) آوردن؛ ۲) باوَر.
ئینتەلا: نەخۆشی گرفت کە لە ئەزم نەکردنی خواردنەوە توشی دەبن ف بیماری امتلاء.
ئینتیحام: ئەزمون ف اِمتحان.
ئینتیخابات: هەڵبژاردنی بریکار لە دەوڵەتا ف اِنتخابات.
ئینتیزار: ۱) چاوەنۆڕی، چەمەڕایی؛ ۲) چاوەنۆر، چەمەڕا ف ۱) انتظار؛ ۲) مُنتظر.
ئینتیقام: تۆڵە، حەیف، تۆڵ ف اِنتقام.
ئینج: بەشێك لە دوازدە بەشی پێ ف اِینج.
ئینجا: ۱) کەوایە، کەوابو؛ ۲) ئەمجار ف ۱) که این‌طور؛ ۲) این‌بار.
ئینجار: کەواتا، کەوابو ف پس.
ئینجارە کانی: ئینجار ف پس.
ئینجارە کێ: ئینجار ف پس.
ئینجاکو: ئینجار ف پس.
ئینجاکونێ: ئینجار ف پس.
ئینجانە: دەفری گڵین بۆ گوڵ تێدا چاندن، گوڵدان ف گُلدان سُفالی.
ئینجـە: دەگەڵ فینجـەی دەڵێن: فیزو خۆ بەزل زانین: (کـاورایەکی بە**ئینجەو** فینجەیە) ف فیس و افادە.
ئینجەت: ئەنجەت، بەهانە ف بهانە.
ئینساف: پیاوەتی، ویژدان، هەقانیەت ف اِنصاف.
ئینسان: حیسان، عیسان، مرۆ ف اِنسان.
ئینسانەتی: پیاوەتی، جوامێری، بەزەیی ف انسانیّت.
ئینشا: پەیداکردنی وشەو ڕستی جوان بۆ نوُسین ف اِنشا.
ئینشابەند: کەسێ ئینشای باشە، مونشی ف منشی.
ئینقیلاب: شۆڕش، هەڵگەڕاندنەوەی دەزگای دەوڵەت ف اِنقلاب...
ئینکار: ۱) دان پێدا نەهێنان، نەدرکاندنی ڕاستی، حاشا؛ ۲) حاشاکەر، بێ‌باوەڕ بەڕاستی ف ۱) انکار؛ ۲) منکر.
ئینکاری: پیاوی ئینکار کەر، حاشاکەر ف مُنکر.
ئینکەبەری: لاساری، گوێ نەبیسی ف لجبازی.
ئینکێری: ئینکاری، ئینکار ف اِنکار.
ئێنە: پاشگرێکە پەسن دەکاتە ناو: (زەردێنە، سپێنە، نیسکێنە، ماشێنە) ف پسوندی صفت را بەاسم تبدیل کند.

ئینـه: ۱) ئەوانـه، ئەمانه، یانه؛ ۲) ئەمه، ئەم یەکە؛ ۳) پاشگری گاسی کردن: (کوڕینه وەرن)، (کوردینه تاکەی ئێمە لەکێوان میسالی دێو / دێین و دەچین و بۆمە نەبێ قەت خودان و خێو) «سەیف»؛ ۴) پاشگری بەسن: (کۆلکە زێڕینە، شێرە بەفرینە) ف ۱) آنها؛ ۲) این؛ ۳) پسوند ندا؛ ۴) پسوند توصیف.

ئینەشا: ئەوەتانێ، ئائەوەیان ف همین است.

ئێو: جۆ، دەغڵی ئامۆزای گەنم، جە ف جَو.

ئێوار: دەمی عەسر، ئێڤار ف عصر.

ئێوارە: ۱) ئێوار؛ ۲) تاریکان، وێرە گا ف ۱) عصر؛ ۲) تنگِ غروب.

ئێواش: لەسەرخۆ، سەبر، هێواش، بەئەسپایی ف یواش.

ئێوە: ۱) تۆ لەگەڵ کەس یا کەسانی تر، هون، ئەنگۆ، هنگ؛ ۲) پیاوی بێ‌ژن، ژنی بێ‌مێرد ف ۱) شما؛ ۲) بیوه.

ئێوەت: بەخێو کردن، ئاگاداری کردن، سەرپەرشتی ف سَرپَرستی.

ئیە: ئەمه، ئەیە ف این.

ئیەتی: پاشگری چۆنیەتی: (برسیەتی، ژنیەتی، تێریەتی) ف پسوند حالت.

ئێهێ: ۱) بەڵێ بەڵێ؛ ۲) بۆ گازی: (ئێهێ فلان وەرەوە) ف ۱) بلی بلی؛ ۲) کلمهٔ ندا.

ب

ب: *لەپێشەوە بێ چەند واتا دەدات* : ١) فەرمان: (بخوێنەوە، برۆ)؛ ٢) بلا، قەی ناکا: (دەچی؟ بچۆ، دەشوی؟ بشو)؛ ٣) ئەگەر: (بباریبا خۆش بو، بچیە شار کارم هەیە)؛ ٤) ئامراز: (بلوێر، بلوێر: ئامرازی لۆراندنەوە)؛ ٥) کارکەر: (بگێڕ، بخۆر، بکوژ) ف *بەعنوان پیشوند بەچند معنی می‌آید:* ١) امری؛ ٢) مانعی ندارد؛ ٣) اگر؛ ٤) علامت ابزار؛ ٥) علامت فاعلی.

با: بەڵێ، ئارێ، لە وەرامی پرسیارێ کە «نای» تێدا بێ: (تۆ نەچوی؛ **با**، مۆچەت وەر نەگرت: **با**)؛ ٢) لێگەڕێ، بهێڵە: (**با** بچێ، **با** بخوا)؛ ٣) گریمان کرد: (**با** بچو بای خۆ نەدەمردی)؛ ٤) بزوتنەوەی توندی هەوا: (بای شەماڵ)؛ ٥) ئارەزوی هێندێ جانەوەری مێچکە بۆ نێر: (دێڵە بەبا، پشیلەکە وەبا هاتوە کە ئەم وشەیە لەناو عەرەب بویتە «باە»و بە وزەی گان کردن دەڵێن)؛ ٦) لەکن، لجەم، لنك: (کالکێ من **با** تەیە، تز بیاتە بامنە)؛ ٧) نەخۆشیو ژانێکی نادیاری لەشە: (کاورا **با** دارە دەچێتە سەر چاکیبا، مەلاش بای بۆ بڕیوە)؛ ٨) بریەتیە لە هەڵمسانی زگ: (زگم **بای** کردوە)؛ ٩) بریەتیە لە تڕو تس: (مناڵەکە بای لێ دەبێتەوە)؛ ١٠) پێچدان: (ئەو بەنە **با** دراوە)؛ ١١) ئەستوربونی لەش: (دەستم **بای** کردوە)؛ ١٢) بانگ کردن: (حەسۆباکرە ژناخۆ) ف ١) آری؛ ٢) بگذار؛ ٣) گیرم؛ ٤) باد؛ ٥) باه؛ ٦) نزد؛ ٧) رُماتیسم مفصلی؛ ٨) آماسیدن شکم؛ ٩) بادَ شکم؛ ١٠) تاب؛ ١١) آماس اندام؛ ١٢) صدا زدن.

باام: بادام، بەهیڤ، باوی، چوالە ف بادام.

بائەنگێو: کونەبا، قەڵشێك یا کونێ کە بای لێوە دێ ف مَنْفَذِ باد.

باب: ١) باوك، باڤ؛ ٢) شیاو، رەوا: (ئەم کارە **بابی** تۆ نیە)؛ ٣) باو، داب: (ریش تاشین قەدیم **باب** نەبو)؛ ٤) بەشێك لە کتێب ف ١) پدر؛ ٢) لایق؛ ٣) مُد؛ ٤) قسمی از کتاب.

بابا: ١) بەڵێ بەڵێ: (هەر ناچی؟ **بابا** دەچم)؛ ٢) کەسی بێناو: (**بابا**یەکی وەك من قەلەندەر)؛ ٣) ناوی باوك بەرێزەوە هێنان؛ ٤) باپیر ف ١) آری آری؛ ٢) شخص گُمنام؛ ٣) با احترام اسم ازپدر بردن؛ ٤) پدربُزرگ.

بابان: ماڵەباب: (**بابانت** شێوێ)؛ ٢) مەڵبەندو هۆزێك لەشارەزوُرو ئەردەڵان ف ١) خانۀ پدری؛ ٢) منطقه و عشیرتی در شهر زوروکردستان.

بابڕ: ١) سوێڵی قەوی، سمێڵی ئەستورو فش: (سمێڵ **بابڕ** بەکەیفی خۆت سمێڵی خۆتی لێ بادە) «مەلا مارف»؛ ٢) بانو دیوارێك باش سواغ درابێو بابوێری نەمابێ: (وام دادا **بابڕبوە**) ف ١) سبیلِ کُلفت؛ ٢) بامِ خوب اندوده.

بابردە: ١) بابردو، بەفیڕۆ چو؛ ٢) تەواو روتو نەدار ف ١) بر باد رفته؛ ٢) مُفلس.

بابردەڵە: پوشو قانگەلاشکی بەربا ف گیاه بادبُرده.

بابردی: جۆرێ پارچەی بەرگی ژنانە ف نوعی پارچۀ لباس زنان.

بابلەکانێ: جۆرێك هەڵپەرکێیە ف نوعی رقص.

بابلیچك: پەنجە توُتە، تلیا گچکە، قامکە چکۆڵە، ئەنگوسە توتەلە ف انگشت خنصر.

بابلیسك: گێژەڵوُکە، شایی جندۆکان، گەردەلول، باهۆز ف گردباد.

بابن: گوڵە بەیبونە، بەیبون ف گُلی بسیار خوشبو.

بابنۆکەر: خولامی شەڕکەر، چەکداری ئاغاو خان ف نوکر مسلّح خان.

بابۆ: ١) وشەی ریزلێنانو گازیکردنی باب؛ ٢) هەستی تۆڵە ف ١) کلمۀ احترام برای خطاب پدر؛ ٢) حسّ انتقامجوئی.

بابوباپیر: ئەژدا، باڤو کال ف نیاکان.

بابوتان: گەمەیەکی منالانە ف نوعی بازی بچەها.

بابوسکە: سوتو، خۆڵەجگەرەو قاقەزو پەڕۆی سوتاو ف خاکستر سیگار و کاغذ و...

بابوکال: بابو باپیر: ئەژدا ف نیاکان.

بابۆڵە: ١) تیکەی درێژ؛ ٢) قۆنداغ بۆ کۆرپە ساوا تێ پێچان؛ ٣) گرۆڤەری ئەستور: (ئەوە **بابۆڵەی** باسکیەتی) ف ١) ساندویچ؛ ٢) قنداق؛ ٣) استوانه‌ای قطور.

بابۆڵەپێچ: ١) بەنی بابۆڵەی مناڵ؛ ٢) مناڵی لەبابۆڵەوە پێچراو ف ١) بند قُنداق؛ ٢) کودك در قنداق پیچیده.

بابوُنه: گوڵە بابوُنه، گیایەکە سەرەبەهاران دەردێ وگوڵێکی سپی دەکا ف از گُلهای بهاری.

بابویر: کون یا قەڵشتی لە خانوُدا کە بای پێدا دێ ف منفذ باد در دیوار.

بابه: بابۆ ف نگا: بابۆ.

بابەت: ١) تەرحی کوُتاڵو کەلو پەل: (چەرچی دە **بابەتی** شت هێناوە)؛ ٢) بەرانبـەر، لەبات: (**بابەت** ئەم کتێوە چەت پێ بەم؟)؛ ٣) دەربارە، لەمەڕ: (لە **بابەت** منەوە تەدوان)؛ ٤) رەوا، شایان: (ئەمە **بابەتی** تۆ نیە) ف ١) کالا؛ ٢) درمقابل ؛ ٣) درباره؛ ۴) شایسته.

بابەدەست: روتو نەدار ف باد بەدست، بینوا.

بابەخولێ: باوە خولێ، سوڕ خواردن، باوە سوڕێ ف دور خود چرخیدن.

بابـەعـەمـرە: چلەنۆك، گونەگێسك، باوا قۆرەت، نیو بست، بەرواڵەت منالی ئەمەن زۆر ف کوتوله.

بابەگەورە: باپیر، کالك، باوکی باوك ف پدر بزرگ.

بابەلێ: باوکە چکۆڵە، بۆ خۆشەویستی دەڵێن ف لفظ محبت‌آمیز پدرانه.

بابی: لەسەر دینی بەهایی ف بهائی.

بابی‌بابی: کەری سور، گەمەیەکی منداڵانەیە ف نوعی بازی بچّه‌ها.

بابیتانێ: لە جۆلانەی گوریس نیشتن، دیلەکانێ ف تاب بازی.

بابیلان: وشـەی خۆشـەویستی بۆ دوانـدنی لەخـۆ گچکـەتر ف لفظ محبت‌آمیز برای نوازش کوچکتر.

بابینی: هەڵامەت، ئاڵامەت، پەسیو ف زُکام.

بابینی: کەلەپوُری باوکی مردو، میراتی باب ف میراث پدری.

باپشکێو: چینچکە سڵاو، قینچکە سڵاو، سیتکە سڵاو، قینچکە سڵام ف گُل مُژه.

باپوسکە: ١) بابوسکە، سوتو؛ ٢) کڕێوەی بەفر بە باوە ف ١) خاکستر کاغذ و...؛ ٢) کولاك.

باپوك: کڕێوەو تۆفی بەفر کە با ئەیهێنێ ف کولاك.

باپەڕ: دەرد لە سەرماوە، سەرما بون ف سرماخوردگی.

باپەسیو: ئەنوایەك با نەیگرێتەوە، پەنابا، باپەنا ف باد نگیر.

باپەنا: باپەسیو ف باد نگیر.

باپێچ: ١) ژان لەزگ وەستان؛ ٢) شوێنێ کە زۆر باگر بێ، دژی باپەنا ف ١) دل‌پیچه؛ ٢) بادگیر.

باپێچك: شەتەکدان، توند بەستن، گوریس پێچ ف طناب‌پیچ کردن.

باپێدان: بادان، گشت‌کردنی بەنو شتی تر ف تاب دادن نخ و...

باپیر: بابەگەورە ف پدربزرگ.

باپیرە: ١) باپیر؛ ٢) گازیکـردنی باپیر ف ١) پدربـزرگ؛ ٢) کلمـه‌ای خطاب به پدربزرگ.

باپیری: جۆرێ هەنجیر، توخمەك هەژیر ف نوعی انجیر.

باپیش: دەردی چاوێشە ف چشم‌درد.

باپێشك: بای پێش باران ف باد قبل از باران.

باپیڤ: قسەزلی هیچ‌کارە، خۆهەڵکێشی بێ‌هونەر ف لافزن بیکاره.

باپیڤان: زمان هەڵەبی، خۆ هەڵکێشانی بێ‌مانا ف بلوف‌زدن.

باپێو: ئامرازێ کە لای هاتنی باو توندی‌و سوکی با شان‌دەدا ف بادسنج.

بات: نك تە، جەم تە، لای تۆ ف نزد تو.

باترزا: جەژنێکی یەزیزیدیانە لە زستاندا ف از اعیاد یزیدیها.

باتری: پیلی چراگازو ترومبیل ف باتری.

باتسکە: جۆرێ هەنجیر کە زوتر پێدەگا ف نوعی انجیر.

باتسمێ: جێژنی گەورەی یەزیدیان ف عید بزرگ یزیدیان.

باتلاخ: زەلکاو، زەل، زۆنگ، چەق ف باتلاق.

باتلاغ: باتلاخ ف باتلاق.

باتمان: کێشانەیەکە هەمبەری شازدە کیلۆو نیو، پێوانە ف باطمان، پیمانه.

باتو: گون، گونگ: (**باتوی** کەرو باینجانی، لەنەزانی، یەك دەزانی) ف خایه.

باتوڤ: گیایەکە گوڵی سور دەکا ف گیاهی است با گل قرمز.

باتۆم: قوڵەداری دەست داروغە ف باطوم.

باتە: بات، لای‌تۆ، لە نزیك تۆ، لجەم تە ف نزد تو.

باتەقا: بەرانبەر لە باڵا یان لە کێش‌دا، هەمبەر، بارتەقا ف مُقابل.

باتی: لەجێگەی، لەبری، جیات: (تۆ لە**باتی** من بچۆ) ف به‌جای.

باتێدان: ١) نەخۆشی باداری گرتن؛ ٢) بەدرۆ بەیەکێك هەڵگوتن‌و لەخۆ دەربردن ف ١) مُبتلا شُدن به روماتیسم؛ ٢) به دروغ کسی را مغرور کردن.

باتیزك: بێ‌شەرم‌و ڕو هەڵماڵاو، باتزۆك ف بی‌شرم و حیا.

باتیزۆك: روگرژی خۆ بەزل‌زان ف اخموی خودپسند.

باتیسك: خوشکی ژن، ژن خوشك ف خواهر زن.

باتینك: خونچەی تازە پشکوتو ف غنچهٔ تازه بشکفته.

باتینۆك: رەبەنۆك، گوڵە مێلاقە، ئالالە، گوڵاڵە سورە ف آلاله.

باج: ١) پیتاك، خەرج، ئەو پارەی پیاوی میری لە خەڵکی دەسێنێ؛ ٢) تاوان، ئەو قەرەبوەی هۆز یان دەوڵەتی تێ‌شکاو بە سەرکەوتوی دەدا؛ ٣) بارانە، سەرانە؛ ٤) خاوە، ئەوەی بەملهوڕی دەستێنن ف ١) باج؛ ٢) تاوان؛ ٣) سرانه؛ ۴) باج سبیل.

باج ئەستێن: ئەوەی باج کۆ دەکاتەوە ف باجگیر.

باجان: باینجان، باینجانە رەشە، بادنجان ف بادنجان.

باجاناسۆر: تەماتە، باینجانە سورە، تۆماتێز ف گوجه‌فرنگی.

باج‌سێن: باج‌ئەستێن ف باجگیر.

باجگر: باج‌ئەستێن ف باجگیر.

باجگرتن: بارانە ساندن ف باجگیری.

باجگە: ئەوبنکەی باجگری تێدان ف پُست باجگیری.

باجـوج: ١) هەواڵی ئاجـوج: (یاجـوج ماجـوج)؛ ٢) خەڵکی زۆری تێکەڵو پێکەڵ: (ئای لەو ئاج‌و **باجوجە**) ف ١) یاجوج؛ ٢) شلوغی و جنجال.

باجە: خوشکی گەورە ف خواهر بزرگ.

باجەوان: باجگر ف باجگیر.

باجـی: ١) خوشـکـی گـەورە؛ ٢) خوشـکی مێرد، خوشکی شوُ ف ١) خواهر بزرگ؛ ٢) خواهر شوهر

باچ: باج ف باج.

باچاندن: خۆ دزینەوە، کوُزوُبون، لە پەنایەکەوە بۆی دەرچون ف دزدکی رفتن، جیم شدن.

باچك: ١) بەلاَلوُکە کێویلە، ئالو بالوی جەنگەڵی؛ ٢) گەنمەشامی سور، زراتی سور ف ١) آلو بالوی وحشی؛ ٢) ذرّت قرمز.

باچوُرە: قسەی ناماقوڵ ف حرف باورنکردنی.

باچـەڕێ: کاڵـەدڕانـە، پاداشتی دز کاتێ ماڵی دزیەتی دەداتەوە ف مُزد برگرداندن مال دُزدی.

باچیك: هەرزن، گاڵ ف ارزَن.

باخ: دارستانی میوە، ڕەز، باغ ف باغ، تاکستان.

باخچە: بوخچە، باغی چکۆلە، جێی گوڵو سەوزی چاندن ف باغچە.

باخلە: توربێن، خورجی تۆودان، تۆمدان، تۆمەدانە ف تو برە برزگران.

باخن: شوێنێك کە بای لێوەدێ، کونەبا ف منفذ باد.

باخواردن: گشت بون، پێچ حواردن ف تاب‌خوردن.

باخۆر: کەلێنی بچوك کە بای لێوە دێ، بابوێر ف ترك‌و درز دیوار، منفذ باد.

باخۆش: بڵندبالاتر، لە سەرتر دەکایەدا ف ماهرتر در بازی.

باخوێ: ١) خودا، خوا؛ ٢) ڕەفیق، هەواڵ ف ١) خُدا؛ ٢) دوست.

باخە: ١) باقە، کۆمەڵێك گیا یان دەغڵی پێکەوە بەستراو؛ ٢) دەنگ کەوتو، دەنگ نوساو؛ ٣) جۆرێ نەخۆشی سمی یەکسم ف ١) بستهٔ گیاه؛ ٢) صداگرفته؛ ٣) نوعی بیماری دام.

باخەڵ: ١) بەر، بەرۆك، نێوانی سنگ‌و کراس، پاخڵ؛ ٢) باوەش، ئامێز ف ١) بغل؛ ٢) بر.

باخەوان: ئەوەی ڕەزو داری میوە بەخێو دەکا، ڕەزەوان ف باغبان.

باد: پێچ، با: (ئەم گشتە کە دو بادە) ف پیچ.

بادار: ١) خۆراکێ کە پیاو بای پێ‌دەکا وەك پیواز؛ ٢) نەخۆشی باداری، رۆماتیزم؛ ٣) بریەتیە لە پیاوی لوت بەرزو بەفیز ف ١) خوراك نفخ‌آور؛ ٢) بیماری رماتیسم؛ ٣) کنایه از آدم متکبّر و مغرور.

باداك: جۆرە گیایەکی باریك کە لە دار دەهاڵێ، گیایێ کە لەقەد دار پێچ دەخوا ف پیچك گیاه.

بادام: باقی، بەهیڤ، باوی، بام، چوالە ف بادام.

بادامچە: فەریکە بادام، چەقالە بادام ف چغالەبادام.

بادامـەتـاڵـە: بادامی تاڵ کە دەنکـەکـەی خۆش دەکەن‌و پێی دەڵێن: چوالەبادام، دانگۆ ف بادام تلخ.

بادامی: بەشکڵی بادام، زۆرتر بۆ پەسنی چاوی جوان دەگوترێ: (چاوی بادامی لەژێر بادا مان) «هەژار» ف لوُزی، بەشکل بادام.

بادان: ١) پێچدان، لێك هاڵاندن؛ ٢) با لێ دەرچون: (هەنبانەکە با ئەدا)؛ ٣) خەرمـــان هەڵاویشتن ف ١) تاب دادن؛ ٢) باد از چیزی خارج شدن؛ ٣) خرمن باد دادن.

بادانەوە: ١) گەڕانەوە، زڤڕین، وەگەڕیان؛ ٢) لە سوچی کێو یان دیوار بوُرین؛ ٣) پەشیمـان بونـەوە، پێژەوان بون؛ ٤) با لێ بونـەوە ف ١) برگشتن؛ ٢) از خم و پیچ گذشتن؛ ٣) پشیمان شدن؛ ٤) باد در کردن.

باداوە: تۆف، کرێوە، باکوت، بادەوە ف کولاك.

بادراو: پێچ‌خواردو، پێچ‌دراو ف تاب خوردە.

بادرز: کەلێنی تەنگی بابوێر ف درز و منفذ باد.

بادرەنگ: گیایەکی بۆن خۆشە ف گیاه بادرنگ.

بادرو: گوڵی پۆ پەکەڵە شێرە ف گُل‌تاج خروس.

بادریاگ: بادراو ف تاب خوردە.

بادگیرە: شتێ کە پێش بەبا بگرێ، بابڕ ف بادگیر.

بادە: مەی، شەراو، ئەوەی پیاو مەست ئەکا ف بادە، مَی.

بادەلێن: بادرز ف نگا: بادرز.

بادەم: بادام ف بادام.

بادەوان: بادەوەی گەمیەی با ئاژۆ ف بادبان کشتی.

بادەوە: ١) کرێوە، بارینی بەفر بە باوە؛ ٢) بایەوانی گەمیە؛ ٣) کۆلارەی لە قاقەزی منالان، بەرزە حوایلە؛ ٤) وەگەڕێ ف ١) کولاك؛ ٢) بادبان کشتی؛ ٣) بادبادك؛ ٤) برگرد.

بادی: دەفری ئاو پێ خواردنەوە ف کاسهٔ آبخوری.

بادیە: بادی، زەرك، کاسەی چێوین ف کاسهٔ چوبی.

بادینـان: مەڵبـەنـدێکـە لە کوردستـانـا واتا: دین‌باشان دەگەڵ وشەی «بهدینان»ی فارسی یەك دەگرێتەوە کە بە لاگرانی زەردەشتیان دەگوت ف منطقەای در کردستان.

بادیهەوا: ١) خۆڕایی، فیرۆ، مفت؛ ٢) بەفیزو دەعیەو لەخۆ دەرچو ف ١) مُفت؛ ٢) مُتکبّر.

بار: ئەوەی لەسەر پشتی بارەبەری دادەنێن؛ ٢) ڕەخی ئاوێ: (زرێبار)؛ ٣) پڕ وزۆر: (ڕوبار)؛ ٤) داب‌و ئاسایی: (دنیاکە لە باری خۆی نەماوە)؛ ٥) تاوان‌و قەرەبـــو: (مـــن باری جگـــی خۆم لە تۆ دەوێ)؛ ٦) ڕاستـی‌و دروستی: (پیاوێکی بێ‌بارە)؛ ٧) کارو کردە: (تـــاوانبـــار، گوناهبار)؛ ٨) قرتماغەی سەرلێو: (هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو / حەددی چی‌یە «نالی» کە بڵێ: ماچە کەفارەت) «نالی»؛ ٩) ئەرك‌و ڕەنج: (ئەمان چەند بارت گرانە)؛ ١٠) شوغڵ: (خەریکی کارو باری خۆمـم)؛ ١١) بۆخ‌و سپیایی سەر زمـــان: (زمـــانم باری گرتـوە)؛ ١٢) نەخـۆشی: (بیمارو لەش بەبارم)؛ ١٣) تۆڵ، پیزە، پز، بێچـــوی ناو زگ: (پـــورە حەبـێ باری هەیە)؛ ١٤) بەخت‌و هات: (بـــابایەکی بار کەوتوم بۆم نایە)؛ ١٥) سازوتەیاری؛ ١٦) وێنە ف ١) بار؛ ٢) ساحل؛ ٣) بسیار؛ ٤) روش؛ ٥) تاوان؛ ٦) دُرستی؛ ٧) عمل؛ ٨) تبخال؛ ٩) رنج؛ ١٠) شغل؛ ١١) جرم روی زبان؛ ١٢) بیماری؛ ١٣) جنین؛ ١٤) شانس؛ ١٥) آمادگی؛ ١٦) مانند.

بارڕ: بێچوە مەلی بەهارە: (قەلی ڕەش بە چل ساڵ بارڕە، ئەومریشکە باری پارە، بارڕەکەو) ف جوجهٔ بهارە.

بارا: باری، وەشت ف بارید.

باراش: دەغڵێ کە دەبـرێتە ئاش بۆ هاڕین تا دەهاڕدرێ ف باری کە بە آسیاب برند.

باراش‌هاڕ: کەسێ کە دەغڵ دەهاڕێ ف مُراجع آسیاب.

باراش‌هێڕ: باراش‌هاڕ ف مُراجع آسیاب.

باچ: باچ ف باج.

باچاندن: خۆ دزینەوە، کوزوبون، لە پەنایەکەوە بۆی دەرچون ف دزدکی رفتن، جیم شدن.

باچك: ١) بەلاڵوکە کێویلە، ئالو بالوی جەنگەلی؛ ٢) گەنمەشامی سور، زراتی سور ف ١) آلو بالوی وحشی؛ ٢) ذرّت قرمز.

باچورە: قسەی ناماقول ف حرف باورنکردنی.

باچەڕێ: کاڵـەدرانـە، پاداشتی دز کاتێ ماڵی دزیەتی دەداتەوە ف مُزد برگرداندن مال دُزدی.

باچیك: هەرزن، گاڵ ف ارزن.

باخ: دارستانی میوە، رەز، باغ ف باغ، تاکستان.

باخچە: بوخچە، باغی چکۆلە، جێی گوڵو سەوزی چاندن ف باغچە.

باخلە: توربێن، خورجی تۆودان، تۆمدان، تۆمەدانە ف توبرە برزگران.

باخن: شوێنێك کە بای لێوەدێ، کونەبا ف منفذ باد.

باخواردن: گشت بون، پێچ خواردن ف تاب‌خوردن.

باخۆر: کەلێنی بچوك کە بای لێوە دێ، بابوێر ف ترك‌و درز دیوار، منفذِ باد.

باخۆش: بڵندبالاتر، لە سەرتر دەکایەدا ف ماهرتر در بازی.

باخوێ: ١) خودا، خوا؛ ٢) رەفیق، هەواڵ ف ١) خُدا؛ ٢) دوست.

باخە: ١) باقە، کۆمەڵێك گیا یان دەغلی پێکەوە بەستراو؛ ٢) دەنگ کەوتو، دەنگ نوساو؛ ٣) جۆرێ نەخۆشی سمی یەکسم ف ١) بستهٔ گیاه؛ ٢) صداگرفته؛ ٣) نوعی بیماری دام.

باخەڵ: ١) بەر، بەرۆك، نێوانی سنگ‌و کراس، پاخڵ؛ ٢) باوەش، تامێز ف ١) بغل؛ ٢) بر.

باخەوان: ئەوەی رەزو داری میوە بەخێو دەکا، رەزەوان ف باغبان.

باد: پێچ، با: (ئەم گشتە کە دو بادە) ف پیچ.

بادار: ١) خۆراکێ کە پیاو بای پێدەکا وەك پیواز؛ ٢) نەخۆشی باداری، رۆماتیزم؛ ٣) بریەتیە لە پیاوی لوت بەرزو بەفیز ف ١) خوراك نفخ‌آور؛ ٢) بیماری رماتیسم؛ ٣) کنایه از آدمِ متکبّر و مغرور.

باداك: جۆرە گیایەکی باریك کە لە دار دەهاڵێ، گیایێ کە لەقەد دار پێچ دەخوا ف پیچك گیاه.

بادام: باقی، بەهیڤ، باوی، بام، چوالە ف بادام.

بادامچە: فەریکە بادام، چەقالە بادام ف چغالەبادام.

بادامەتاڵە: بادامی تاڵ کە دەنکـەکـەی خۆش دەکەن‌و پێی دەڵێن: چوالەبادام، دانگۆ ف بادامِ تلخ.

بادامی: بەشکڵی بادام، زۆرتر بۆ پەسنی چاوی جوان دەگوترێ: (چاوی **بادامی** لەژێر بادا مان) «هەژار» ف لوزی، بەشکل بادام.

بادان: ١) پێچدان، لێك هاڵاندن؛ ٢) با لێ دەرچون: (هەنبانەکە با ئەدا)؛ ٣) خەرمـان هەڵاویشتن ف ١) تاب دادن؛ ٢) باد از چیزی خارج شدن؛ ٣) خرمن باد دادن.

بادانەوە: ١) گەڕانەوە، زڤرین، وەگەڕیان؛ ٢) لە سوچی کێو یان دیوار بورین؛ ٣) پەشیمـان بونـەوە، پێژەوان بون؛ ٤) با لێ بونـەوە ف ١) برگشتن؛ ٢) از خم و پیچ گذشتن؛ ٣) پشیمان شدن؛ ٤) باد در کردن.

باداوە: تۆف، کرێوە، باکوت، بادەوە ف کولاك.

بادراو: پێچ‌خواردو، پێچ‌دراو ف تاب خوردە.

بادرز: کەلێنی تەنگی بابوێر ف درز و منفذ باد.

بادرەنگ: گیایەکی بۆن خۆشە ف گیاه بادرنگ.

بادرو: گوڵی پۆ پەکەڵە شێرە ف گُل‌تاج خروس.

بادریاگ: بادراو ف تاب خوردە.

بادگیرە: شتێ کە پێش بەبا بگرێ، بابڕ ف بادگیر.

بادە: مەی، شەراو، ئەوەی پیاو مەست ئەکا ف بادە، مَی.

بادەلێن: بادرز ف نگا: بادرز.

بادەم: بادام ف بادام.

بادەوان: بادەوەی گەمیەی با ئاژۆ ف بادبان کشتی.

بادەوە: ١) کرێوە، بارینی بەفر بە باوە؛ ٢) بایەوانی گەمیە؛ ٣) کۆلارەی لە قاقەزی منالان، بەرزە حوایلە؛ ٤) وەگەڕێ ف ١) کولاك؛ ٢) بادبان کشتی؛ ٣) بادبادك؛ ٤) برگرد.

بادی: دەفری ئاو پێ خواردنەوە ف کاسهٔ آبخوری.

بادیە: بادی، زەرك، کاسەی چێوین ف کاسهٔ چوبی.

بادینـان: مەڵبـەنـدێکـە لە کوردستـانـا واتا: دین‌باشان دەگەڵ وشەی «بهدینان»ی فارسی یەك دەگرێتەوە کە بە لاگرانی زەردەشتیان دەگوت ف منطقه‌ای در کردستان.

بادیهەوا: ١) خۆڕایی، فیرۆ، مفت؛ ٢) بەفیزو دەعیەو لەخۆ دەرچو ف ١) مُفت؛ ٢) مُتکبِّر.

بار: ئەوەی لەسەر پشتی بارەبەری دادەنێن؛ ٢) رەخی ئاوێ: (زرێبار)؛ ٣) پڕوزۆر: (روبار)؛ ٤) دابو ئاسایی: (دنیاکە لە باری خۆی نەماوە)؛ ٥) تاوان‌و قەرەبـو: (مـن باری جگـی خوم لە نۆ دەوێ)؛ ٦) راستـی‌و دروستی: (پیاوێکی بێ‌بارە)؛ ٧) کارو کردە: (تـاوانبـار، گوناهبار)؛ ٨) قرتماغەی سەرلێو: (هەرچەندە گوناهی دەمەکەت **بارە** لەسەر لێو / حەددی چی‌یە «نالی» کە بڵێ: ماچە کەفارەت) «نالی»؛ ٩) ئەرك‌و رەنج: (ئەمان چەند **بارت** گرانە)؛ ١٠) شوغل: (خەریکی کارو **باری** خۆمـم)؛ ١١) بۆخ‌و سپیایی سەر زمـان: (زمـانم **باری** گرتـوە)؛ ١٢) نەخـۆشی: (بیمارو لەش بە**بارم**)؛ ١٣) تۆڵ، پیزە، پز، بێچـوی ناو زگ: (پـورە حەبـێ **باری** هەیە)؛ ١٤) بەخت‌و هات: (بـابایەکی **بار** کەوتوم بوم نایە)؛ ١٥) سازوتەیاری؛ ١٦) وێنە ف ١) بار؛ ٢) ساحل؛ ٣) بسیار؛ ٤) روش؛ ٥) تاوان؛ ٦) دُرستی؛ ٧) عمل؛ ٨) تبخال؛ ٩) رنج؛ ١٠) شغل؛ ١١) جرم روی زبان؛ ١٢) بیماری؛ ١٣) جنین؛ ١٤) شانس؛ ١٥) آمادگی؛ ١٦) مانند.

بارڕ: بێچوە مەلی بەهارە: (قەلی رەش بە چل ساڵ **بارە**، ئەومریشکە **باری** پارە، **بارە**کەو) ف جوجهٔ بهارە.

بارا: باری، وەشت ف بارید.

باراش: دەغلێ کە دەبـرێتە ئاش بۆ هاڕین تا دەهاڕدرێ ف باری کە بە آسیاب برند.

باراش‌هاڕ: کەسێ کە دەغڵ دەهاڕێ ف مُراجع آسیاب.

باراش‌هێڕ: باراش‌هاڕ ف مُراجع آسیاب.

باران: ١) ئاوێ کە بە دڵۆپە لە هەورانەوە دا دەڕژێ؛ ٢) بارەکان، چەند باری بارەبەر ف ١) باران؛ ٢) چند بار باربر.

باراناو: ئاوی راوەستاوی باران لە قوڵکەدا ف آبِ باران جمع شده.

بارانبڕان: ئاخرو ئۆخری بەهار کە هەڕەتی بارانبارین نامێنێ، مانگی جۆزەردان ف موسم قطع شدن باران.

بارانپێو: کەسێ یان ئامرازێ لە بارشتی زەوینی باران لێدراو دەکۆڵێتەوە ف بارانسنج.

باران دادان: هەوەڵ هاتنەخواری باران ف شروع باران.

باراندا کردن: باران دادان ف شروع باران.

باراندن: لە بەرزیەوە پڕژاندن: (هەورە ڕەش **باراندی**، زاوایان **گوڵباران** کرد) ف بارانیدن.

بارِاندن: هاوارو گازی بزنو مەڕ ف صدای بز و گوسفند.

بارانـــە: ١) باران لە هەورەوە؛ ٢) ئەو باجـــەی باجگـر بۆ هەربـارێك دەیسێنێ ف ١) باران؛ ٢) باجِ بار.

بارانەو بڕان: باران بڕان ف موسم قطع شدن باران.

بارانی: ١) هەوای هەورو بێتاو: (ئـەمـڕۆ هەوا **بارانیە**)؛ ٢) باڵاپۆشی باران دانەدەر ف ١) هوای بارانی؛ ٢) پالتو بارانی.

باربـردن: ١) بارکێشانی بارەبەر؛ ٢) باردزین: (دزهات **بارەکانی برد**)؛ ٣) هەڵگردنو لێ قەبوڵکردن: (بەخوا برا من **باری تۆ نابەم**) ف ١) حمل بار؛ ٢) دزدیدن محموله؛ ٣) تحمُّل.

باربـو: یارمـەتیدانی هەژارو پەككەوتـە بە پوڵو ماڵ لە لایەن هاوساو هاوماڵانەوە ف کمك مالی.

باربەست: ئامادەی سەفەر ف مُهیّای سفر.

باربەستن: تێکنانی ئەسپاپو کەلو پەلی سەفەر ف رختِ سفر بستن.

باربەستە: باربەست ف نگا: باربەست.

باربـــەنـــد: ١) گوریســـی بار پێچـــان؛ ٢) تەویلەی سەر نەگیراوی هەڵبەستراو بۆ یەکسم، بەهاربەند ف ١) طناب باربندی؛ ٢) بهاربَند.

باربەندی: پێچاندنەوەی باروبنە ف باربندی.

باربەنی: باربەندی ف باربندی.

بارتەقا: هەمبەر، بەرانبەر، باتەقا ف برابر.

بارچەوت: پیاوی ناڕاست، بێ ئاکار ف کنایە از آدم ناراست.

بارخانە: ١) ئەو بارانەی کەلو پەلی بازرگانین: (بارو **بارخانە**یەکی زۆر هات)؛ ٢) باری لەسەریەك هەڵچناو: (هەموم لە عەنباردا لە **بارخانە** داوە)؛ ٣) وەختی توتن فرۆشتن: (قـەرزەکـەت لە **بارخـانـە**ی توتن دەدەمـەوە) ف ١) محمولهٔ بازرگانی؛ ٢) بار برهم انباشته؛ ٣) موسم فروش تنباکو.

بارخانو: هیم، خیم، بناغە ف اساس، شالوده.

بارخانی: بارخانو ف اساس، شالوده.

بارخستن: ١) ئیسـراحەتکردنی کاروان: (با لێرە **باران بخەین**)؛ ٢) بێچـو لەبـەر چون: (ئـەم بزنـە ئەمساڵ **باری خست**) ف ١) اُتراق کاروان؛ ٢) بچّه انداختن.

باردابەستن: زۆر توند پێچانی بار ف محکم باری را بستن.

باردار: زگپڕ، ئاوس ف باردار.

بارداگـرتن: ١) دەفـر پڕکـردن بە تیازی بارکـردن: (**بـاران داگـرە** تا بارکـەین)؛ ٢) هینـانەخواری بار ف ١) جوال پُرکردن؛ ٢) باری را پائین آوردن.

بارڕاست کردنەوە: ١) لاباری خوار هەڵێنان؛ ٢) بریەتیە لە کۆمەگو دەفریا هاتن: (زۆر لێ قەوماو بوم کاکم **باری ڕاست کردمەوە**) ف ١) راست نمودن بار کج؛ ٢) کنایە از کمك کردن و فریادرسی.

بارژن: بارشت، بارین ف باریدن باران.

بارسایی: بارست ف حجم.

بارست: ئەستوری و بڵندی، حەجم: (**بارستی** بەفر بستێك بو، **بارستی** ئەستورایی مارەکە قولێك دەبو) ف حجم.

بارستایی: بارست ف حجم.

بارسوك: ١) کەم ئەرك؛ ٢) خەم نەخۆر بۆ ماڵی دنیا؛ ٣) هەژارو نەدار: (کەرکوڵو **بارسوك**) ف ١) کم تعلُّق؛ ٢) سبکبار؛ ٣) بی‌چیز و ندار.

بارسوك كردن: ١) زەحمەتو دەرد لەسەر خەڵك کەمکردن؛ ٢) لەباری بارەبەر کەمکردن ف ١) کمك؛ ٢) از بار باربر کاستن.

بارسوکی: بریتی‌لە ئاسودەییو کەم ئەرکی ف سبکباری.

بارش: ١) بارین لە هەورەوە، داڕژانی بەفر یا باران یا تەرزە؛ ٢) وارش ف ١) بارش؛ ٢) حصار.

بارشت: بارش ف بارش.

بارك: جوجەڵە مریشکی بەهارە ف جوجهٔ بهاره.

بارکـردن: ١) بار لەســەر پشتی بارەبـەر دانـان؛ ٢) کۆچ کردن ف ١) بارکردن؛ ٢) کوچ کردن.

بارکەفتن: تۆشی نزوڵی هاتن، بخت کەوتن، بۆ نەهاتن، نەهامەتی ف بدبیاری.

بارکەوتن: بارکەفتن ف بدآوردن.

بارکەوتو: بۆ نەهاتو، خراپ لێ قەوماو ف بدبخت.

بارکەوتە: بارکەوتو ف بدشانس.

بارکێش: بارەبەری بەهێز ف بارکش.

بارکێشـان: زەحمـەت کێشان، ئەرکی خەڵك وەستۆ گرتن ف بار مردم بدوش کشیدن.

بارگا: دەزگاو خانو بەرەی گەورە پیاوان ف بارگاه.

بارگر: دارێ کە ئەیخەنە چینی بارە کانی بارخانە تا نەرمێ ف چوب لایهٔ بار.

بارگـران: ١) بارقورس، کەسێ کە ئەرکی زۆری لەسەرە؛ ٢) بریەتی لە میوانی چاو نەزێر یان هەواڵی خوێنتـاڵ؛ ٣) تەمـەڵو تەوەزەل، لەش قورس ف ١) رنجبر، زحمتکش؛ ٢) مهمان سِمج و گران‌جان؛ ٣) تَنْبَل.

بارگرانایی: ئەرکی زۆر ف رنج بسیار.

بارگرانی: ئەركو ماندویی زۆر، بارگرانایی ف رنج طاقت‌فرسا.

بارگـە: ١) خورجێنو بەرو بوخچـەی سەفەر؛ ٢) باری خواردەمەنیو ئەسپابی سەفەری پیاوی ماقوڵ ف ١) رخت سفر؛ ٢) بار و بنهٔ سفر

بزرگان.
بارگەتێك نان: خۆ ئامادە کردن بۆ سەفەر ف رخت سفر بر بستن.
بارگەچی: ١) کەسێ کە ئابدارباشی سەفەری ماقولانە؛ ٢) سەرقافلەی کاروان ف ١) آبدارباشی؛ ٢) قافلەسالار.
بارگەوبنە: کەل و پەل و ئەسپاوی سەفەر ف بار و بنه.
بارگیر: ئەسپی بارەبەر، ئەسپی ئارەسەن ف یابو.
بارگیل: بارگیر ف یابو.
بارگین: بارگیر ف یابو.
بارلێنان: کۆچ کردن، باری سەفەر بەستن ف کوچ.
بارماخ: قامیشە جگەرە ف ورق سیگار فیلتردار.
بارمتە: گرۆ، گریو، شتێك لەباتی شتێکی تر بە ئەمانەت داندرابێ ف گروگان.
بارن: ١) بەفرێ کە با لە بڵندایی و زەقایی بردبێتی و دە قوڵکەی پەستاوتبێ؛ ٢) میوەی کە با وەراندویەتی، باوەرێن ف ١) برفی که باد آنرا جمع کرده باشد؛ ٢) میوهٔ باد ریخته.
بارنامە: پسولەی سیایی باران ف بارنامه.
بارندۆخ: بەبارشت، بەباران، بارێن: (هەورێکی **بارندۆخ** بو) ف بارنده.
بارنەبردن: هەڵنەکردن، گوزەران نەکردن دەگەڵ یەکێ: (هەرچێ دەکەم **باری نابەم**) ف تحمُّل نکردن زندگی.
بارنەبەر: بریەتی لە گوێ نەبیس و لاسار و نەگونجاو ف بازیگوش.
بارنەوەر: بارنەبەر ف بازیگوش.
باروبارخانە: ١) کەل پەلی پارچەو شتی تر کە بە کاروان دێت؛ ٢) بەهیما بۆ کەفەڵی گەورەی ژنانی دەڵێن: (عەجەب **بارو بارخانەیەکی** هەیە) ف ١) کالای تجارتی؛ ٢) کنایه از باسن بزرگ.
باروبو: باربو ف کمك.
باروت: دەرمان تفەنگ، باروت ف باروت.
باروتخانە: جبەخانە، جەبەڵخانە، جێگەی چەك و فیشەك پڕکردنەوە ف زرّادخانه.
باروتی: زۆر ورد: (چای **باروتی** دەکرم) ف باروتی، بسیار ریز.
باروشك: بارانی بەباوە، شڵێوە ف باد و باران با هم.
بارۆشە: باوەشێن، باروشە ف بادبزن.
بارۆشە: بارۆشە ف بادبزن.
بارۆکە: جوجەڵەمریشکی بەهارەی ساڵ تەواو نەکردو ف جوجهٔ بهاری.
بارۆگ: باگر، باپێچ، شوێنێ کە زۆر با بگرێتەوە ف مکان بادگیر.
بارونە: گیایەکی بۆن خۆشە دەگەڵ پەنیر ئەیخۆن، بادرەنگ ف گیاه بادرنگ.
بارە: ١) بهێنە، وەرێنە؛ ٢) بەهرەو داهات: (**بارەی** موڵکەکەت چەند بو؟)؛ ٣) لەمەڕ، لەبابەت: (دەر **بارەی** تۆ بو، دەر **بارەی** منەوە دەدوان)؛ ٤) جار، کەڕەت، هەل، چەل: (**دوبارە** هاتەوە)؛ ٥) بەش، بێش، پار: (لەو بەش بەشێنە **بارەی** من چەندە؟)؛ ٦) قەرەبو، تۆڵ: (**بارەکەلای** خۆم دەستێنمەوە)؛ ٧) هێز، توانایی: (ئەم کارە گرانە **لەبارەی** منا نیە) ف ١) *فعل امر*: بیاور؛ ٢) حاصل و بهره؛ ٣) درباره؛ ٤) دفعه، بار؛ ٥) سهم؛ ٦) جبران، تلافی؛ ٧) توانایی.
بارە: هاواری ئاژەڵی وردە ف بَع‌بَع.
بارهاتن: هەڵکەوتن، رەخسان، خوگرتنی رۆژانی منالی: (ئەم هەتیوە باش **بارنەهاتوە**) ف بارآمدن.
بارەبار: هەراو هوریای ئاژەڵی وردە ف صدای بز و گوسفند.
بارەبو: باربو ف کمك.
بارەبەر: هەرچی باری بکەن و باری پێ بگوێزنەوە: (هێندە ڕوتە، **بارەبەری** سەگە) ف باربر.
بارەچە: داهات، دەرامەت ف درآمد.
بارەش: بیهێنە، بۆمی بێنە، بێرانی ف بیارش.
بارەش: رەشەبا، بای هەرە بەقەوەت ف باد شرقی.
بارەقەڵلا: ئافەرم، ئافارم، دەست خۆش، چاکت کرد: (حەمەی وەسنا فەتاح سەد **بارەقەڵلا** لەم هەمو ڕیشە / بەتەنیا گوێدرێژێ چۆن دەبا ئەو بارە قامیشە) «شیخ رەزا» ف آفرین.
بارەکەلا: لەجیاتی هەڵمەت، قەرەبوی مەڕمەڕی کایە ف تعویض تیله.
بارەکەڵلا: بارەکەلا ف تعویض تیله.
بارەکەڵلا: بارەقەڵلا ف بارك‌الله.
بارەکەو: جوجکە کەو ف جوجهٔ کبك.
بارەکی: بارەبەر ف باربَر.
بارەگا: بارگا ف بارگاه.
بارەنداز: جێگەی خستنی بار ف باراَنداز.
بارهنگێف: ١) بەرد یان داری پەنا ڕێگە کە باری تێ دەگیرێ؛ ٢) کەسێ کە بە گاڵتە پێ کردن خەڵك تۆڕە دەکا ف ١) مانعی در کنار راه که بار با آن برخورد کند؛ ٢) مسخره کننده.
بارەنگێو: بەردو داری پەنا ڕێ کە بار تێی دەهاڵقێ ف نگا: بارهنگێف.
بارەنناز: بارەنداز ف بارانداز.
بارهەڵگر: ١) بارەبەر؛ ٢) رنجدەرو زەحمەتکێش ف ١) و ٢) زحمتکش.
بارەی: بیهێنە، ئەوەبێنە، بۆمی بارە، بارەش ف بیارش.
باری: ١) شیاوی بارکردن، بەرانبەری سواری؛ ٢) لۆسە، باریە، ئاسنێکی وەك داردەستی دەم تیژە وەبن بەردی قورسی دەدەن تا هەڵی بێنن، مەڵغە، لەوازە، نوێڵ، دەلەم ف ١) باری؛ ٢) دَیْلَم.
بارێ: ئەیسە، هەرچۆنی بێت، باڵێ ف باری بهرجهت.
بارێزە: ١) گیایەکە لە کەرەوز تەکا؛ ٢) باوەرێن، ئەو میوەی با دەیوەرێنێ؛ ٣) وردە بارانی بە دەم باوە ف ١) گیاهی است؛ ٢) میوهٔ از درخت ریخته؛ ٣) نم‌نم باران.
باریسە: ١) فڕفڕە، فڕفڕۆکە؛ ٢) داری نێوان کۆڵەکەو کاریتە ف فِرفرهٔ کاغذی؛ ٢) چوب میان ستون و دیرك.
باریك: ١) زراف، بەرانبەری ئەستور؛ ٢) لەڕو لاواز ف ١) باریك؛ ٢) لاغر.
باریکان: ١) ریسی زۆر باریك و ناسك؛ ٢) لوتە کێو لە بنارەوە بەرەو دەشت، لای باریکایی ف ١) نخ نازك؛ ٢) دماغهٔ کوه.
باریك‌ریسی: بریتی لە دانەواندن و قسەی لوس کردن ف تملُّق.

باریك و بنێسی: لەڕیو کزی زۆر لە نەخۆشیەوە: (خەسوم داویەتە **باریك و بنێسی** لەوانەیە نەژی) ف لاغری بیش از حد.

باریکـە: ١) تیزماڵك، پارچـەیەکی کەمبەر لە چەرم یان کوتاڵ؛ ٢) ڕیزە تەقەڵی پەراوێزی جلك لە دەرەوە ف ١) نوار؛ ٢) دوختِ حاشیۀ لباس.

باریکەرێ: ڕچە، کوێرەرێ، ڕێگەی تەسك ف کورەراە.

باریکەلانە: باریکەلانە، زۆر باریك و لەڕ، باریکەڵە ف باریك اندام.

باریکەلانە: باریکەلانە ف لاغراندام.

باریکەڵە: باریکەلە، باریکەلانە ف لاغراندام.

باریکەلە: باریکەلانە ف لاغراندام.

باریکی: زراڤی ف باریکی.

بارین: ١) هاتنەخواری بەفر و باران؛ ٢) هاوردن، هێنان ف ١) باریدن؛ ٢) آوردن.

بارێن: ئەوی دەبارێنێ: (هەورێکی **بارێنە**) ف بارندە.

بارینە: وەنەوز، چۆرت، خەو نوچکە ف پینکی.

باریە: لۆسە، مەڵغە، باری، نوێڵ ف دیلم.

باز: ١) مەلی راوچی بەناو؛ ٢) دیسان، دوبارە؛ ٣) ئاواڵە، والا؛ ٤) شەقام، هەنگاوی بڵند دەگەڵ هەڵبەزین؛ ٥) ڕێگەی ناسراو: (پردە**باز**، ڕێ**باز**، بازی بێر یان)؛ ٦) ڕاکردن، هەڵاتن: (ڕەشۆ لشێردا **بازدا**)؛ ٧) بەغارو پەلـە ڕۆیشتن: (**بـازدە** زو بگەهە)؛ ٨) پاشگری لێزانی: (قومار**باز**، مەکر**باز**)؛ ٩) دوزێن: (گیان**باز**)؛ ١٠) بەواتا ئارەزوکەر: (مێ**باز**، نێر**باز**)؛ ١١) باج و پیتاك ف ١) باز شکاری؛ ٢) دوبارە؛ ٣) باز و سرگشادە؛ ٤) راه؛ ٥) راه مُشخص؛ ٦) فرار کردن، دویدن؛ ٧) باعَجلە؛ ٨) پسوندِ مهارت؛ ٩) باختن؛ ١٠) آرزومند؛ ١١) باج.

بازار: ١) شوێنی سەوداو مامەڵە، سوك؛ ٢) سەودا کردن، نرخ پرسین: (م گەنم **بازار** کر گەلەکی بوهایە) ف ١) بازار؛ ٢) مُعاملە.

بازارتیژی: گەرم بازاڕی، سەودای زۆر لە بازاردا ف بازارگرمی.

بازارخۆش: زۆرفرۆش، سەوداخۆش ف خوش معاملە.

بازارکرن: ١) نرخ پرسین؛ ٢) کڕین ف ١) نرخ پرسیدن؛ ٢) خریدن.

بازارکەر: کەسێ کە زۆر هاتوچوی بازار دەکاو شت بۆ خەڵك ئەکڕێ ف کسی کە سروکارش با بازار زیاد باشد.

بازارکەساد: کەمفرۆش ف بازارکساد.

بازارکەسادی: بازاری کەمکڕین و فرۆشتن ف رکود بازار.

بازار کەساس: بازار کەساد ف بازار کساد.

بازارکەساسی: بازارکەسادی ف کسادی بازار.

بازارگەرمی: بازارتیژی ف بازارگرمی.

بازاڕی: ١) دوکـاندار، مامەڵەچی ناو بازار؛ ٢) کەم نرخ و سوك: (گوڵ ئەمڕۆ خۆی مقابیل کرد بە روخسارت لەلای خەڵقی / بەڵێ هەردەم دڕاوو هەرزەگۆن مەحبوبی **بازاڕی**) «حریق» ف ١) بازاری؛ ٢) کمبها.

بازباز: هەڵبەز دابەزو بەخۆ هەڵدان هاتوچۆ کردن: (مشکان لەمێشکی وشکت **بازبازو** گەز گەزێنە) «هەژار» ف پرش، جهش.

بازبازان: ١) کێبەرکێ لە بازداندا؛ ٢) بزۆزی و هەڵبەزدابەز، بازباز ف ١) مسابقۀ پرش؛ ٢) جَست و خیز.

بازبازوکێ: بازبازان ف مسابقۀ پرش.

بازبازێن: بازبازان ف مسابقۀ پَرش.

بازبەند: بازوبەند، خشڵی قۆڵ، حەمایەڵی بەمت و مورەوە کە لە سەروی ئانیشکەوە دەبەستری ف بازوبند.

بازپـەڕێن: ئەوکـەسـەی لەڕاوە بازدا باز بەرەو نێچیر هەڵـدەفـڕێنێ، قوشچی، بازەوان ف بازپَران، قوشچی.

بازد: باز، شەقاوی بەهەڵبەزینەوە ف پَرش.

بازدان: ١) پەڕین بەهـەنگاو لە جوگە یان لە کەند؛ ٢) بەپەلە ڕویشتن، غاردان؛ ٣) لەترسان هەڵاتن ف ١) پریدن؛ ٢) دویدن؛ ٣) فراکردن.

بازدبازدێن: بازبازێن ف مسابقۀ پرش.

بازد بازوکێ: بازبازێن ف مسابقۀ پرش.

بازدبردن: بازدان ف نگا: بازدان.

بازددان: بازدان ف نگا: بازدان.

بازدەبەران: دوامین حەوەتەی ڕەشەمە کە خۆر لە ئاوابوندا جێ گۆڕکێ دەکاو دەراو هەراو تردەکا ف حالت آفتاب در آخرین هفتۀ اسفند.

بازدەڵبازد: بازبازێن ف مسابقۀ پرش.

بازدێ: بهێڵن، وازبێنن، بێڵانن ف بگذارید.

بازدێم: وێڵم کەن، لێم گەڕێن ف ولم کُنید.

بازڕ: باڵدارێکی بۆرو گچکەو گۆشتخۆرە، مشك گرە ف از مرغان کوچك شکاری.

بازرگان: سەوداگەر، ماڵ فرۆش ف بازرگان.

بازرگانی: سەوداگەری، داوستەد ف بازرگانی.

بازرە: ١) کەوانـــە، وێکـــەوتنی هاوێژراو لە بەرد یا دیوارو گەڕانـــەوە: (بـــەردەکـــەی هاویشتم وەدیوار کەوت **بازرەی** کردو سەری خۆمی شکـانـد)؛ ٢) دەرپەڕین و تەرەبون: (کەروێشکەکە لەلان دەرپەڕی و **بازرە**بو، بۆ **بازرە**ت کرد؟) ف ١) کمانە؛ ٢) جهش و گریز ناگهانی.

بازرەقە: ١) بازرە؛ ٢) فیچقەکردنی ئاو یا خوێن ف ١) نگا: بازرە؛ ٢) فَوَرانْ.

بازریشك: بارینی بەفر و باران بەباوە ف بارش همراه باد تُند.

بازگ: بازو، دورەنگ، ئەبلەق ف خلنگ.

بازگور: ١) یاریدەو کۆمەگ، هاریکاری: (**بازگوری:** هاریکاری کردن)؛ ٢) هیواو هومێد ف ١) کمك؛ ٢) اُمید.

بازگـە: ١) جێگـە بازدان؛ ٢) ڕێگەی هاتوچۆی حەیوانەکێوی ف ١) محل پرش؛ ٢) گُذرِ بُز کوهی.

بازگەشت: پێژیوان، پەشیمان ف پَشیمان.

بازمان: پاشەکەوت، لێبەجێماو ف پس‌انداز.

بازن: موچەوانە، دەستەوانەی ئاڵقە لە زێڕ یان لە زیو، بازنە: (لە گۆوەندی میری مەزن / دەستیان دەشت، تەڕبون **بازن**) ف اَلنگو.

بازند: بازن ف اَلنگو.

بازنە: ١) بازن؛ ٢) گەوی ئاسن کە وەك بازن لە شکستەی دەهاڵێنن ف ١) اَلنگو؛ ٢) حلقۀ آهنی.

بازو: ١) بازگ؛ ٢) باهوّ، قوّلْ ف ١) دورنگ؛ ٢) بازو.
بازوبەن: بازبەند ف بازوبند.
بازوبەند: بازبەند ف بازوبند.
بازوّر: بازرِ، مەلّیکی بوّری بچوکە، مشك‌گرە ف پرنده‌ای است کوچك بەرنگ خاکستری.
بازە: ١) بازگ؛ ٢) جوّرە کوتالّیکی ئەستور؛ ٣) ناوی سەگ؛ ۴) بهێلّە: (**بازە با دلّەکەم ساتێ بی‌خەم بوّ**) ف ١) دورنگ؛ ٢) نوعی قماش؛ ٣) اسم سگ؛ ۴) بگذار.
بازەبەر: پردەباز، بەردی ناو چەم‌و بوار کە بەسەریا باز ئەدەن بوّ پەرِینەوە ف گُدار، سنگ گُدار.
بازەبەران: بازە بەران ف نگا: بازەبەران.
بازەلّـە: ١) بەلّــەکی کەم؛ ٢) شەرم شکـــاو؛ ٣) خرکـەلّـەو هەراش: (منالّەکەتان **بازەلّە** بوە)؛ ۴) قەمچان، رِێخان، گەمەیەکە بە وردە بەردی لوس ئەکرێ، بازەلّین ف ١) دورنـگ؛ ٢) از خجـالت درآمده؛ ٣) بالندگی کودك؛ ۴) یەقول دوقول.
بازەلّین: قەمچـان، رِێخـان، گەمەیەکە کە وردە بەرد لە لەپەوە هەلّداوێنە پشتی دەست‌و هەلّیدە دەن‌و دەیگرنەوە ف یەقول دوقول.
بازەوان: ئاگاداری بازیِ راو ف نگهبان باز شکاری.
بازی: ١) گەمە، گالّتە؛ ٢) لە پاشگر یدا دەبێتە چاوگەی باز بە هەموماناوە ف ١) بازی؛ ٢) در حالت پسوند مصدر «باز».
بازێ: ١) هێنـدێ: (**بـازێ** کەس تێ‌ناگەن ئێژم چە؟)؛ ٢) هەنگـاوێکی هەراو ف ١) بعضی؛ ٢) یك پَرش.
بازی‌بەند: بازوبەند، قوّلبەند ف بازوبند.
بازیچە: لەیستوّك، ئامرازی گالّتەو سەرگەرمی ف بازیچە.
بازین: دوّران، خوسار ف باختن.
بازیوەن: بازوبەند ف بازوبند.
باژ: باج ف باج.
باژار: شار، شاروّکە ف شهر، شهرك.
باژاری: شارستانی، خەلّکی باژێرِ ف شهروَند.
باژوّ: ١) گەمیەێ بادەوەی هەبێ؛ ٢) لێخورە ف ١) کشتی بادبانی؛ ٢) بِران.
باژەلّە: ١) بازە؛ ٢) نەخوّشیەکی پێستە تایبەتی منالاّن، زیپکەیان لە دەست‌و پا دێت ف ١) نگا: بازە؛ ٢) مرضی پوستی در کودکان.
باژێر: ١) شار، شاروّکە؛ ٢) بازار ف ١) شهر؛ ٢) بازار.
باژێری: شارستانی، بازاری ف شهروند.
باژیلە: ١) نەخوّشی پێستی منالاّن، باژەلّە؛ ٢) نەخوّشی بەر مسولّدانی منالّ کە میزی پێ ناکرێ ف ١) مرض پوستی کودکان؛ ٢) شاش‌بند کودکان.
باژێلّە: ١) باژیلە؛ ٢) بازەو تەرە ف ١) نگا: باژیلە؛ ٢) نگا: بازە.
باس: ١) لێ‌دوان؛ ٢) خەبەر: (**باسی** توّمان دەکرد، دەنگ‌و **باس** چیە؟) ف ١) بحث؛ ٢) خبر.
باسترمە: گوّشتی دە ریخوّلّە ئاخنراو ف کالباس.
باستورمە: گوّشتی لێنراوی دەریخوّلّە ئاخناو ف کالباس.
باستیك: باسـوخ، باسوق، باسوز، شتێکی شیرینە لە نیشاستەو شیرە دەکرێ ف باسْلق.
باسرە: شوێنێ با زوّری بگرێتەوە ف جای بسیار بادگیر.
باسریشك: بەفر و باران‌و با پێکەوە ف بارش برف و باران و وزش باد با هم.
باس قەندە: کلکە سەبیلەی دارین ف دستهٔ بلند چُپُق.
باس‌قەنگە: باس قەندە ف دستهٔ بلند چُپُق.
باس‌قەننە: باس‌قەندە ف دستهٔ بلند چُپُق.
باسـك: ١) لە جومگەی دەستەوە تا هانیشك؛ ٢) لە سەری پەنجەوە تا شان: (مـەلـە **باسکە**)؛ ٣) ملەی کێو، بستـو؛ ۴) دار جگەرە، موّدنە، دەمنە، دارسیغار؛ ۵) بالّی مەل ف ١) ساعد دست؛ ٢) بازو؛ ٣) ستیغ کوە؛ ۴) چوب سیگاری؛ ۵) بال پرنده.
باسکردن: وتو وێژ دەربارەی شتێ یا کەسێ ف گفتگو.
باسکلاّو: گەلاّی رِێواس، رِێواسی بێ‌نێرتك، کلاّوبن ف برگ ریواس.
باسکەسەگ: سەگی دورەگ کە دایك تاژی‌و باوك سەگەو باریکە لەیە ف سگ دورگە شکاری.
باسکـــەمـــەلـە: جوّرێ مەلـە کە بە تەوژمی باسـك هاوێشتن دەبێ، مەلەباسکە ف نوعی شنا، شنای کرال.
باسکەوجار: باسکێش ف چوب درازین خیش.
باسکێش: ئێرەقە، داری نێوان نیر و دەندە، مژانە، باسکەوجار ف چوب درازین خیش.
باسلق: باسوخ، باستیك ف باسُلق.
باسمباز: حەوروّژی پرِ بارانی سەرە بەهار ف هفت روز بارانی در فروردین.
باسمە: شقلّی خەرمان ف مُهر خَرمَن.
باسمێلّ: بەفیزو خوّرانەر: (*باسمێلی: فیزودەعیە*) ف متکبر و خودپسند.
باسنامە: کتێبی چیروّکان، داستانی نوسراو ف کتاب داستان.
باسوخ: باستیك ف باسلُق.
باس‌وخواس: خەبەر، دەنگ‌و باس ف اخبار.
باسـوّر: بای‌سور، نەخـوّشیەکی گرانـە، نەخوّش تای گرانی لێ دێ‌و لاچاوی سوردەبێ، بای ممبارەك ف بیماری بادِ سرخ.
باسورمە: باستورمە ف نگا: باستورمە.
باسوق: باستیك، باسوخ ف باسلُق.
باسەر: بای لە بەرزیەوە ف تندبادی کە از ارتفاع وَزَد.
باسەرە: باسرە ف نگا: باسرە.
باسەرِە: مێرگ‌و بژوێن‌و جێ لەوەرِی باش ف چراگاه، مَرتَع.
باش: ١) چاك، دژی خراپ؛ ٢) پاشگر بە واتا: کار بەدەست: (وریا لای ئاغا بوبتە سور **باش**) ف ١) خوب، نیکو؛ ٢) پسوند بەمعنی رئیس.
باشـار: ١) دەربـردن، خوّرِاگرتن؛ ٢) بەرانبـەری، پێ‌وەستـان: (کەس **باشاری** ناکا) ف ١) مقاومت؛ ٢) مقابلە.
باشتر: چاکتر ف بهتر.
باشترین: هەرەچاك ف بهترین.

باش قەپان: جۆرە مارێكی زەردی ئامال سورف نوعی مار.

باشلوخ: سەركلاوی باران دانەدەرف كلاه بارانی.

باشۆ: واشە، باشۆكف چرغ.

باش و بۆشی: دەس بلاوی، ماڵ بەفیڕۆدانف ولخرجی.

باشوور: لای قوبلە، نێوان خۆر هەڵات و ڕۆژاوا بەرانبەر بە باكورف جُنوب.

باشۆك: باشۆ، باشۆكە، مەلێكی ڕاوكەری بچوكە چۆلەكە دەگرێ، واشە ف چرغ.

باشۆكە: باشۆكف چرغ.

باشویل: جۆرێ كۆڵوانەی ژنانەف نوعی رودوشی زنان.

باشە: ١) باشۆك؛ ٢) وشەی پەسند كردن: (پیر وت پیاوی **باشە**)ف ١) چرغ؛ ٢) خوب است.

باشەل: چارۆكەی ژنان كە دامێنی لە كەمبەریان گرێ دەدەن، كۆڵوانەف رودوشی زنانە.

باشەوالا: برێتی لە لینگ روت و بێ‌دەر پێ ف كنایە از شخص بدون شلوار.

باشی: ١) پەسنـــدی، دژی خرابی؛ ٢) باشگــــر ی بەمـانـــا سەركـار، سەردەستــە: (لـوتی **باشی**، مونشی **باشی**)ف ١) خوبی؛ ٢) پسوند بەمعنی سردسته.

باشێل: باشەل، كۆڵوانەف رودوشی زنانە.

باشیل: ئاوارەو دەربەدەرف آوارە و خانەبدوش.

باع: دەنگی مەڕو بەرخ ف بع‌بع.

باعە: باع: (**باعە**ی بەرخ دێت، مەڕ كە **دەباعێنێ**)ف صدای گوسفند.

باعیس: سەبەب، هۆ، سۆنگەف موجب، باعث.

باغ: باخ، دارستانی میوە، رەزی ترێ ف باغ.

باغبڕین: ١) لەدوژمنایەتی داری باغ بڕینەوە؛ ٢) هەڵپەرتاوتنی لكە مێو لە سەرە بەهـاردا ف ١) قطع درختانِ باغ از روی دشمنی؛ ٢) هَرَسْ كردن رَز.

باغچە: باخچەف باغچە.

باغر: لەخۆ دەرچو، بەفیزو هەوا: (كاورا بەهەوای پارە **باغر** بوە لەخۆی دەرچوە)ف مغرور.

باغە: ١) باقەی گیاو گەنم، بەستە؛ ٢) چێكراو لە بنێشت یا ماكی نەوت: (تـەزبێحـەكـەم **باغـە**یە بە ئاگر دەسـوتێ)؛ ٣) نەخۆشیەكی سمی یەكسم، باخەف ١) بستهٔ گیاه؛ ٢) مصنوع از نفت یا سقز؛ ٣) مرضی در ستوران.

باغەل: باخەل، پاخل ف بغل.

باغەوان: ئاگاداری باغ: (من كارم هەر **باغەوانی**یە)ف باغبان.

بافت: ١) شیاوی، رەوایی: (**بافتی** ئەم كارە نیە)؛ ٢) هۆنە، هۆندراو: (ئەم كەوایە زێڕ**بافتە**)؛ ٣) خەرج: (سەیدی هەرچێش بێ **بافتی** رای تۆش كەرد)ف ١) شایستگی؛ ٢) بافت؛ ٣) خرج.

بافتە: تیزماڵكێكی هۆندراو لە پەراوێزی عەبای دەدورن ف نوار حاشیهٔ عبا.

بافرۆ: بوختان و درۆف بُهتان.

بافـرە: ١) كەتیرەی سپی و بێ خەوش؛ ٢) ناوی پەڕەسیغـاریكە ف ١) كتیرای خوب؛ ٢) نوعی كاغذ سیگار.

بافڕە: فڕفڕە، هەرچی بەبا دەخولێتەوە ف بادفر.

بافس: میوەی وەریوی رزیو ف میوهٔ ریختهٔ له شُده.

بافل: ناو هەڵدێر، تافگە، سەروەشێن ف آبشار.

بافلەە : تازە موسوڵمانی خاچ‌پەرست ف مسیحی تازه مسلمان شده.

بافوور: ١) تریاك؛ ٢) ئەسبابی تریاك‌كێشان ف ١) تریاك؛ ٢) ابزار تریاك‌كشی.

بافیاگ: ١) هۆندراو، هۆنە؛ ٢) برێتی لە قسەی هەڵبەستەو درۆ ف ١) بافته؛ ٢) بهتان.

بافیش: بەخۆ هەڵگوتن، تاریفی خۆكردن ف خودستائی و لاف و گزاف.

باڤ: ١) باوك، باب؛ ٢) ئامـاڵ، نزیك لە رەنگا: (زەر**باڤ**: ئامال زەرد)، واش ف ١) پدری؛ ٢) متمایل به...

باڤبرا: برای هەر لەباوك، برای‌بابی، دوكوڕ لە بابێك و دودایك ف برادر پدری.

باڤی: بادام، بەهیڤ ف بادام.

باقاندن: هاواری جانەوەری وەك ریوی و ئەمانە لە نەخۆشی ف واق واق كردن.

باقانن: باقاندن ف واق‌واق كردن.

باقـر: ١) مس؛ ٢) مسی قەلایی لێ نەدراو؛ ٣) چێشتی لەمسدا تێك‌چو: (ئـەم چێشتە **باقربوە** مەیخۆن)؛ ٤) عەیبی نادیاری: (ئاخری **باقری** دەرهـات)؛ ٥) روسیایی و ناوزڕان: (ئیستا تەواو **باقر** بوە هەر ئابر وی پێوە نەماوە)ف ١) مس؛ ٢) مس سپید ناشده؛ ٣) غذای فاسد شده در ظرف مسی؛ ٤) عیب پوشیده؛ ٥) رسوایی.

باقـڵ: وا بیر دەبـەم، وا تێدەگەم، پێم وایە، ولـۆ هزر دبەم، بەبیرا من ف حدس می‌زنم.

باقلاو: شێوی باقلەو ئاوو رۆن ف آش باقلا.

باقلە: ١) دانە وێڵەیە لە كەلودا دەبێ و دەنك پان و درشتو سو رمەیی رەنگە لە لۆبیا دەچی و لەو زلترە؛ ٢) بەری گیایەكی گەڵا دەرزی كوێستانیە وەك كەما كە «لۆ»ی پێدەڵێن ف ١) باقلا؛ ٢) گیاهی برگ سوزنی.

باقۆ: ١) بز، جۆرێ ماسی لوسی سمێڵداری دەم گەورەیە، شیعە نایخۆن؛ ٢) هەنجیری هێشتـــا نەگەیشتـو؛ ٣) قەزوانی فەریك ف ١) نوعی ماهی؛ ٢) انجیر كال و نرسیده؛ ٣) چاتلانقوش دلمل.

باقـوڕە: ١) بەچكـە بەران، كودەڵە وەراز؛ ٢) زەبەلاح و تەژە ف ١) بچە خوك؛ ٢) لُندهور.

باقۆفە: ئەیاغی كرمێ و رزیوی میوە ف میوهٔ گندیده.

باقــە: ١) باغـــە، باوەشێك گیا یا دەغڵی بەسـراو؛ ٢) واقـەوزیقـەی ریوی و...؛ ٣) نەخـۆشیەكـە توشی بزن تێ: (بـاقە بزە كەوتۆسە ناو بزەكانم)ف ١) گیاه بسته؛ ٢) واق‌واق؛ ٣) نوعی بیماری بُز.

باقەبەس: ئەو گیایەی باقەی پێ دەبەستن ف گیاه مخصوص بستن.

باقەبەست: باقەبەس ف نگا: باقەبەس.

باقەبێن: باقەبەس [ف] نگا: باقەبەس.

باقی: ١) هەرماو؛ ٢) ماوەی ژمارەو پارە: (چەندم باقی دەدەیەوە، دینارم دایتێ **باقیەکەت** نەدامەوە) [ف] ١) باقی؛ ٢) باقیماندە.

باقیە: تەقەڵ، تیك، (کەوشەکانم جوت **باقیە** کرد) [ف] بَخیە.

باك: ترس: (من لە تیر و تانەوو زیندانو دار **باکم** نیە) «هێمن» [ف] باك و هراس.

باکردن: پەنەمان، ئاوسان، هەڵامسان [ف] آماسیدن.

باکوت: ١) بەفری بەبا پەستواو، کرێوە بەبای توندەوە؛ ٢) میوەی با وەراندو [ف] ١) برف بادآوردهٔ متراکم؛ ٢) میوهٔ باد ریختە.

باکوڕ: بەرانبەری باشوڕ، پشتەو قوبلە [ف] شُمال.

باکورە: گۆچان، گۆپال، داردەستی سەرچەمیو [ف] چوگان.

باکوزك: بای زۆر ساردی زستان، سوزەی سەرما [ف] باد سرد زمستانی.

باکوزیرك: باو بوران، توفو کرێوەو بادەوە [ف] کولاك و دَمَه.

باکوقە: باقوقە، میوەی رزیوی با وەراندو [ف] میوهٔ باد ریختە.

باکەش: ١) بابوێر، کەلێنێ بای تێدا دێ؛ ٢) کەلەشاخی حەجامەت کێش، کوپێ کە لە پشتی ئێشاوی دەگرن [ف] ١) مَنْفَذ باد؛ ٢) بادکش.

باکەف: خشتی هەڵکفاوی تەواو لەکڵ دەرنەچو [ف] آجُر نیم‌پختە.

باکێش: باکەش [ف] بادکش.

باگا: شوێنی باگر [ف] مَنْفَذ باد.

باگ: با [ف] باد.

باگر: باگا [ف] مَنْفَذ باد.

باگردان: بانگوێز، بانگوش، باگردێن، بان‌گلێر [ف] بام‌غلتان.

باگردێن: باگردان [ف] بام‌غلتان.

باگڕو: بای توند [ف] تُندباد.

باگڕوکە: گێژەڵوکە [ف] گِردباد.

باگژە: بایەکە نێونجی شەماڵو زریان [ف] باد میانهٔ شمال و جنوب.

باگوردان: باگردان [ف] بام‌غلتان.

باگوردێن: باگردان [ف] بام‌غلتان.

باگونە: گون پەنەمان لەبەر قەڵەوی [ف] آماس خایە.

باگەڕ: گێژەڵوکە، گەردەلور، باهوز [ف] گِردباد.

باگێژە: باگەڕ [ف] گِردباد.

بال: ١) لەکن، لەلا، لجەم، با، لنك. (تشتێ من **لبال** تەنە)؛ ٢) چنگێ تەیرا، باڵی‌مەل [ف] ١) نزد؛ ٢) بالِ پرندە.

باڵ: ١) دەستی باڵدار، چنگی تەیر؛ ٢) هەرچوار پەلی گیاندار: (دەسرێژیان کرد چوار **باڵیان** کردم)؛ ٣) لەسەر پەنجەوە تا چەنەگە: (گوریسەکە هەشت **باڵ** بو)؛ ٤) باخەڵ بە ڕاکشاوی: (دەڵێن پیاوی **دەباڵدا** بوە)؛ ٥) تێکەڵاوی و نزیکی: (دوماڵ **دەباڵ** یەکدان) [ف] ١) بالِ پرندە؛ ٢) چهار دست و پا؛ ٣) از سر پنجه تا چانە؛ ۴) آغوش؛ ٥) مُختَلَط بودن.

باڵا: ١) بڵندی، بەرزی؛ ٢) بەژن، قام، قەد [ف] ١) بلندی؛ ٢) قَد.

باڵابوست: باوەعەمرە، بستەبالا، چلەنوك، بەتەمەنی دەباڵانەکردو، باواقورەت [ف] کوتولە.

باڵابەرز: بەژن بەرز [ف] بلندقامت.

باڵابەرزە: سێهەم کلك لە پەنجەدا، تلیاناوی، قامکی قونێ، قامکە قوچە [ف] انگشت وسطی.

باڵابەژن: ئاوێنەی باڵاروان [ف] آینە تمام‌قد.

باڵاپۆش: جلکی سەرتاپایی، عەبا، کەپەنك،و هیتر [ف] بالاپوش.

باڵاتە: ١) سەرەتای گەیشتنی میوە؛ ٢) ناوی گوندێکە [ف] ١) آغازرسیدن میوە؛ ٢) نام دهی است.

باڵاخانە: نهۆمی‌دووەم [ف] طبقهٔ دوم.

باڵادەس: ١) دەسەڵاتدار: (یاخوا هەر **باڵادەس** بی)؛ ٢) گەورەتر: (سۆرۆ **باڵادەسی** منە) [ف] ١) بانفوذ؛ ٢) اَرشد.

باڵادەست: باڵادەس [ف] نگا: باڵا دەس.

باڵادەستە: نە درێژ نە کورت، نێونجی [ف] قد متوسط.

بالار: کاریتە [ف] دیرك.

باڵاروان: ١) ئاوێنەی گەورە، ئەینکا مەزن، جامی باڵانوێن؛ ٢) کولانکەی بان، ڕۆچنەی میچ [ف] ١) آینهٔ تمام قد؛ ٢) روزنهٔ بام.

باڵاشمە: داری دیرەگی سەرتاقەی دیوار کە داری تری بەسەردا رایەڵ دەکەن [ف] دیرکِ تاقچە.

باڵاشمەمە: باڵاشمە [ف] دیرکِ تاقچە.

بالافڕ: فڕۆك، فڕوکە، تەیارە [ف] هواپیما.

بالافس: باڵابوست [ف] کوتولە.

بالاڤ: ١) کوڵ، شیووکوڵ؛ ٢) خۆ شتن؛ ٣) جلکێدا ندراو بۆ شوشتن: (ئەو جلکێ هانا **بالاڤینە**) [ف] ١) رختشوئی؛ ٢) آب‌تنی؛ ٣) رختِ آمادهٔ شستن.

باڵاکردن: بەرز بون، گەورە بون، درێژ بون [ف] بلندشدن، رشد کردن.

باڵاگەردان: بەلاگێڕ، دەسەر گەڕان [ف] بلاگردان.

باڵان: تەڵە گورگو تەڵە ریوی: (گورگی **باڵان** دیدەیە) [ف] تلهٔ آهنی گرگ و روباه.

باڵانوێن: ئاوێنەی باڵاروان [ف] آینهٔ تمام قد.

باڵانی: ئیستری باب ئەسپی داك ماکەر [ف] استر پدر اسب.

باڵباز: چەکداری میری، سەربازی [ف] سرباز.

باڵبەست: قۆڵبەست [ف] کَت‌بستە.

باڵبەستن: قۆڵ بەست کردن [ف] کَت بستن.

باڵبەستە: قۆڵ بەست کراو [ف] کَت‌بستە.

باڵتۆز: ژن خوشك، خوشکی ژن [ف] خواهرزن.

باڵتە: ١) پاڵتاو، باڵاپۆشی ئەستور؛ ٢) بیور، تەور، تەوەر؛ ٣) چەشکە، چەژە [ف] ١) پالتو؛ ٢) تبر؛ ٣) طُعمهٔ شکار.

باڵخەنجەرە: باڵدارێکە باڵی لە وێنەی خەنجەر هەڵکەوتوە [ف] پرندەای کە بالش شبیە بە خنجر است.

باڵدار: هەرچێ بفڕێ [ف] پرندە.

باڵدان: ١) لاواندنەوە؛ ٢) پارازتن [ف] ١) نوازش؛ ٢) حراست.

باڵشمە: چوار چێوەی دەرکو پەنجەرە [ف] چهارچوبهٔ در و پنجره.

بالغ: بالق، بلوق، تیپەرکردو لە منالی، پیگەیشتو، منال کە شەیتانی دەبی ف جوان بە حدّ بلوغ رسیده.

بالق: بالغ ف بالغ.

بالگـرتن: ١) دەحـەوا چون؛ ٢) بۆ بیچوە مەلی کە تازە نەتوانی بفری ئەیلین ف ١) پرواز کردن؛ ٢) پرواز آموختن.

بالگرتنەوە: دەحەواوە چون، فرین ف پرواز کردن.

بالگە: بالشت، سەرین، سەنیر ف بالش.

بالمەمی: مۆم، شەمی، شەم، میو ف شمع.

بالمیش: بنەبر، قران، قرکردو، ئاسەوار براو ف فناشدن.

بالنج: ١) بالگە؛ ٢) ئانیشك ف ١) بالش؛ ٢) آرنج.

بالنجەك: بالگەی بچوك، نازبالنج ف نازبالش.

بالندە: پەرندە، مەل، تەیر ف پرندە.

بالنگ: ١) بارونە، گیایەکی بۆن خۆشە، بادرەنگ؛ ٢) جۆریکە لە تیرەی نارنجان ف ١) بادرنگ؛ ٢) نوعی از مرکّبات.

بالنگو: بارونە ف بادرنگ.

باللنە: هەرچی دەفری ف پرندە.

بالنە: بالدار ف پرندە.

بالو: هەرچونیك بیت، بالی، باری ف بهرحال.

بالور: هیلکەدان لە مریشکدا ف تخمدان مرغ.

بالورە: گۆرانی هەلدانی کچ و کور لە چیا کە هەوایەکی تایبەتی هەیە ف نوعی ترانۀ کُردی.

بالوری: بالورە ف از ترانەهای کُردی.

بالوعە: ئەو گونجەی کە ئاو بۆ رەهەند ئەبا ف مجرای فاضلاب.

بالوك: ١) بالوکەی پشتی دەست، بایلە؛ ٢) تازیلوکە ف ١) زگیل؛ ٢) آخوندك.

بالوکە: ١) بالوك، بالوکە، چەند قیتکەیە لە پشتی دەست دێ و زیپکەش نیە؛ ٢) جۆرە کولەیەکی باریکە لانەی زیتە، تازیلوکە، تازی ئەحمەد زاوکەرە، ئەسپی پیغەمەر ف ١) زگیل؛ ٢) آخوندك.

بالوکە: بالوکەی پشتی دەست، گەنمە ف زگیل.

بالوگرتن: هەلفرین، فرین ف پریدن، پرواز کردن.

بالول: ١) ناوی پیاویکی ناودار؛ ٢) بریەتی لەزانا؛ ٣) بریەتی لە گیلوکە ف ١) بهلول؛ ٢) کنایە از زیرك؛ ٣) کنایە از هالو.

بالولە: بابولە، تیکەی دریژ لە نان و پیخۆر ف ساندویچ.

بالولی: گوی نەدەر و شەرکرو بی باك ف متهوّر و بیباك.

بالون: ١) تورەکەی زەلامی فودراوی پر لە گاز کە بە هەوادا ئەچی؛ ٢) فرۆکە، بالافر ف ١) بالون؛ ٢) هواپیما.

بالویز: بریکاری دەولەت لە دەولەتیکی تردا، سەفیر، سپاردەی میری ف سفیر.

بالویك: بالوکە ف زگیل.

بالـە: ١) خروکـە، پورگ لەپیست، ناولـە؛ ٢) دەنگی کاریلە ساوا؛ ٣) سوکەلەی برالە ف ١) آبلە؛ ٢) صدای بزغالە؛ ٣) مخفّف (برالە: برادر).

بالە: ١) دەسکیشی چەرمین؛ ٢) بیلی ئاسن، پیمەرە، بیر ف ١) دستکش چرمی؛ ٢) بیل آهنی.

بالەبان: ١) دەهولی گەورە؛ ٢) ئیستری زەلام و بەهیز؛ ٣) پیاوی تەژەو زەبەلاح؛ ٤) سەقر ف ١) دُهُل بزرگ؛ ٢) استر گُندە؛ ٣) مردِ لَندَهور؛ ٤) چرغ.

بالەتە: بالاتە ف نگا: بالاتە.

بالـەتەپە: بال لە زەویدانی مەل لە کاتی مردنا، پەلەقاژە، هەلبزوقان ف پرپر زدن مرغ در وقت سر بریدن.

بالەتەپی: بالەتەپە ف نگا: بالەتەپە.

بالەخانە: ژور لە نهۆمی بالادا ف طبقۀ دوم عمارت.

بالەشتە: بالنجەك ف نازبالش.

بالەشورە: نەخۆشیەکە توشی مریشك و جوجك دبی بال شور دەکەنەوە ف نوعی بیماری مرغ.

بالەشوری: بالە شورە ف نوعی بیماری مرغ.

بالـەفـرە: ١) بال لیکـدانی جوجـەلـە مەل بۆ فیر بونی فرین؛ ٢) بال بەیەکادان لە ناچاری ف ١) کوشش برای پرواز؛ ٢) بهم زدن بال از سر ناچاری.

بالەفری: بالەفرە ف نگا: بالەفرە.

بالەکە: دەفەی‌شان، بازوی‌شان ف استخوان کتف.

بالـەکـەو: لەکـەویان لە داژگیردانی دەغـل لەسەر جۆخین بەپیوە ف بیختن گندم در خرمن بەحالت ایستادە.

بالەوان: سەقر، بالەبان ف چرغ.

بالی: ١) بالەدارینەی داول و بوکەبارانە؛ ٢) هەرچونیك بیت، باری ف ١) بال چوبی مترسك؛ ٢) بهرصورت.

بالیشت: بالنج، سەرین، بالگە ف بالش.

بالیف: بالگە ف بالش.

بالین: ١) پشتیوانەی دیوار و کولەکە؛ ٢) داریکە دەیخەنە پشتی دەرگای داخراو ف ١) کمکی دیوار و ستون؛ ٢) چوبی کە پشت در نهند.

بالین: بالگە، بالیف ف بالش.

بالینـە: رفیدە، شتیکە وەك دوشەکەلە نانکەر نانی پی پیـوەدەدا ف بالشتك.

بالیوز: بالویز، سەفیر ف سفیر.

بالیوزخانە: بنکەی بریکاری دەولەت لە دەولەتیکی تر ف سفارتخانە.

بام: ١) واش، نامـال، نزیك لە رەنگا، رەنگ؛ ٢) بلا، بلان، بهیلە : (بام وابکـا خۆم دەردی ئەزانم)؛ ٣) بادام؛ ٤) پاشگـر بەواتـا: ببـومـایە: (خـۆزی لەوی بام)؛ ٥) دەگەلم، لەتـەکما ف ١) فام؛ ٢) بگذار؛ ٣) بادام؛ ٤) می بود می؛ ٥) با من.

بامجان: باینجان، باجانارەش ف بادنجان.

بامجان فەرەنگی: تەماتە، باینجانە سورە، بازانا سور ف گوجەفرنگی.

بامرنی: نەخۆشی چاوقولکە، تاعون ف طاعون.

بامی: بامیە، سەوزیەکی کەلو دارە دەچیندری ف بامیە.

بامیە: بامی ف بامیە.

بان: ۱) بانگی نویژ: (مەلابانی‌دا)؛ ۲) گازی: (**بانی** کە بایێ)؛ ۳) لای سەرو: (لەبان‌ئەو کێفە)؛ ۴) سەربانی خانو؛ ۵) بانو، زەمینی دەشت‌و بڵند: (بان هۆبەتو، تاڵەبان)؛ ۶) هۆگر و خاوەن بەزەیی: (ئەو مانگایە لە گویلکەکەی نەبان بوە)؛ ۷) بین، بۆن ف ۱) اذان؛ ۲) صدازدن؛ ۳) طرفِ بالا؛ ۴) بام؛ ۵) فلات؛ ۶) مأنوس؛ ۷) باشید.

باناندن: بێچوی بێ‌دایك خستنە بەر دایکێکی تر (بانین: کاری بانۆك) ف الفت دادن بچهٔ حیوان به حیوان دیگر.

بانبارگە: بەر بوك، ئەوژنەی دەگەڵ بوك دەچێتە ماڵی زاوا، یاخەسو ف ینگهٔ عروس.

بانبانك: جانەوەرێکە لەتیرەی سمۆرە دەست کورت‌و قاچ‌درێژە لە رەوەزە بەردان‌دا دەژی ف جانوری از تیرهٔ سمور.

بانپوشین: خشڵێکی ژنانە لەسەری دەدەن ف زیوری است که برسر زنند.

بانتلێن: باگردان، بان‌گلێر ف بام غلتان.

بانجیلە: ۱) بانجێڵە، هەیوانی بێ‌بانی هاوینە بۆشەو لەسەرنوستن؛ ۲) هەربانێکی نەوی‌و چکۆڵە وەك بانێژەی ئاش ف ۱) تراس؛ ۲) هر بام کم‌ارتفاع و کوچك مانند بامك آسیا که گندم بر آن ریزند.

بانجێڵە: بانجیلە ف نگا: بانجیلە.

بانسەر: خەمڵ‌و خشڵێکی ژنانە لەسەری دەدەن، لاسەرە ف زیوری زنانە.

بانشان: ۱) چارۆکەی شان‌پۆش؛ ۲) قەڵادۆشە، نیوان‌شان ف ۱) شانه‌پوش؛ ۲) میانِ کتف.

بانق: شوێنی داوستەدی پوڵ‌و پارە، بانگ ف بانك.

بانقۆ: جۆرێك قوماری پەڕانە، بانك ف نوعی قمار با ورق.

بانك: بانق ف بانك.

بانگ: ۱) بانق؛ ۲) بانگی نویژ؛ ۳) گازی: (**بانگم** کرد گوێت لێ‌نەبو)؛ ۴) بانقۆ؛ ۵) گریانی شیوەن: (بۆیان لە **بانگی‌دا**) ف ۱) بانك؛ ۲) اَذان؛ ۳) صدا؛ ۴) نوعی قمار با ورق؛ ۵) شیون و زاری.

بانگاف: نێوان رۆژاواو خەوتنان ف میان مغرب و عشا.

بانگاواز: بەقەو هەراکردن ف فریادزدن.

بانگدان: بانگی نویژ گوتن ف اذان گفتن.

بانگدەر: بانگویژ، ئەوەی بانگی نویژ ئەخوێنێ ف مؤذن.

بانگرۆز: خلۆر، تۆتوز، گلار: (لەوبانەوە **بانگرۆز** بومەوە)؛ خلێر، تلێر ف غلت.

بانگ کردن: گازی کردن، گاسی کردن ف صدا زدن.

بانگردێن: باگردان ف بام‌غلتان.

بانگلێر: باگردان ف بام‌غلتان.

بانگوش: ۱) باگردان؛ ۲) باگردان گێڕ ف ۱) بام‌غلتان؛ ۲) بام‌غلتان گردان.

بانگوێر: باگردان ف بام‌غلتان.

بانگویژ: بانگدەر ف مؤذن.

بانگەڕ: ۱) باگردان؛ ۲) پیاوی بانگێڕ ف ۱) بام‌غلتان؛ ۲) کسی که بام‌غلتان را بر بام می‌گرداند.

بانگەڕان: بانگەڕ ف نگا: بانگەڕ.

بانگەشە: شات‌و شوت ف لاف و گزاف.

بانگەواز: بانگاواز ف فریاد.

بانگ هەڵدان: شیوەن بەدەنگی بڵند ف گریه و شیون با صدای بلند.

بانگ هێشتن: بۆ نان خواردن‌و بەزم‌و شایی خواستن ف دعوت به جشن.

بانگێڕ: ۱) کەسێ کە باگردان ئەگێڕێ؛ ۲) باگردان ف ۱) آنکه بام غلتان می‌گرداند؛ ۲) بام غلتان.

بانگێشتن: بانگ هێشتن ف دعوت به‌سور.

بانگین: هەرەبڵند، بەرزتر ف بلندترین.

بانما: ئامرازی شاندەری باهاتن، باپێو ف بادسنج.

بانماڵ: بەفرماڵ، کەسێ بەفر پارۆ دەکا ف برف‌روب.

بانو: ۱) دەشتی بەرز، بان؛ ۲) کەیوانو ی ماڵ، ژنی بەرێز ف ۱) فلات؛ ۲) بانو.

بانۆك: کەسێ بێچوی دایك مردو دەخاتەوە بەر دایکێکی‌تر ف آنکه دام مادر مرده را به حیوان دیگر عادت دهد.

بانە: ۱) ئەو هێڵانەی پێش تۆم چاندن جوتێر خانەخانەی پێ‌دیاری دەکا تا سنوری تۆ چاندنەکە دیاری بێت؛ ۲) لەوەرگەی بەهارانە بەر لە چونی زۆزان؛ ۳) بڵندایی نێوان دو دێراوی ئاودێری؛ ۴) موی تۆکەبەر؛ ۵) هاوینە هەوار؛ ۶) ناوی شارێك‌و مەڵبەندێك لە کوردستاندا؛ ۷) دەشتایی بڵندتر لە دەورو بەری خۆی ف ۱) فواصلی که برای تخم‌پاشی روی زمین می کشند؛ ۲) مرتع بهاری قبل از ییلاق؛ ۳) بلندی میان دو جوب؛ ۴) موی زهار؛ ۵) ییلاق؛ ۶) اسم شهری در کردستان؛ ۷) فلات.

بانەگا: بەرگەدە، جێگەی لێ‌ڕوانی تۆکەبەر ف زهار، شرمگاه.

بانەمەڕ: ۱) هاوینە هەوار؛ ۲) دوهەمین مانگی ساڵ، مەهێ گولان ف ۱) ییلاق؛ ۲) ماه دومِ سال.

بانەناو: سواغ، قوڕتێ هەڵسون، سیواق ف گل‌اندود.

بانەوبان: بازدان لە بانێکەوە بۆ بانێك ف پرش از بامی به بامی دیگر.

بانی: دەشتی بەرز، بانو، بان ف فلات.

بانێژە: ۱) ئەو جێگەی گەنمی باراشی لێ‌رۆدەکەن‌و لەوێوە دەرژێتە گەرو لەبو بەرداش؛ ۲) هەمو سەربانێکی نەوی‌و چکۆڵە ف ۱) بامكِ آسیاب که از آنجا گندم به گلوی آسیاب می‌ریزد؛ ۲) بام کوچك.

بان‌یەك: لەسەر یەکتر، کەڵەکە ف برهم انباشته.

بان یەك نان: کەڵەکە کردن، لەسەریەك دانان ف بر هم نهادن.

بانین: کاری بانۆك، وەبەرخستنی بێچو بەر دایکی نەبان‌و بێگانە ف عادت دادنِ دامِ مادر مرده به حیوانِ دیگر.

باو: شێوە، ئاماڵ، واش: (پارچەکە رەش باوە، شین‌باوە)؛ ۲) پاڵ، تەکاندان: (**باوێك** بە جۆلانەوە نێ)؛ ۳) وشەیەکە بۆ گەمە دەگەڵ منداڵ دەگوترێ: (بەچەکە باوا **باوباوێن** دەکەین)؛ ۴) باب، باف؛ ۵) رمێن‌و رەونەق: (تیر وکەوان لە**باو**کەوتوە)؛ ۶) هەل، دەرفەت: (**باوباوی**

تۆبو نەت‌کرد لەدەستت دا)؛ ۷) هێزو قەدو باڵا: (هەر لە تەمەنێکداین بەڵام ئەو لەمن باو خۆشترە)؛ ۸) خول‌و سوڕی توند: (خول خولەکەم باش باوەخوا)، («باوەخولێ»: گەمەیەکی مناڵانەیە)؛ ۹) شیاو: (ئەم گۆشتە باو دیانی من نیە)؛ ۱۰) هەرەت، جەنگە، تاف؛ ۱۱) وەرە، بێ ف ۱) فام؛ ۲) هُل دادن؛ ۳) کلمه‌ای که هنگام بازی با بچه‌ها گویند؛ ۴) پدر؛ ۵) رونق؛ ۶) فرصت؛ ۷) رشد و نمو؛ ۸) چرخیدن سریع؛ ۹) شایان؛ ۱۰) عُنفوان؛ ۱۱) بیا.

باوئیرك: گەوی مس یا ئاسن، ئاڵقەی مسین یا ئاسنین ف حلقهٔ مسی یا آهنی.

باوا: ۱) باپیر، کالك، («باواگەورە»: بابی باب‌و بابی دایك)؛ ۲) باب ف ۱) پدربزرگ؛ ۲) پدر.

باواقۆرەت: چلەنۆك، باواعەمرە ف کوتوله.

باواگەورە: باوکی باپیر، باپیرە گەورە ف جدّ پدری.

باوام: بادام، بەهێڤ، باڤی ف بادام.

باوان: ۱) ماڵەبابی ژن‌و بوك؛ ۲) لەلای ئەوان، لنك‌وا ف ۱) خانهٔ پدری؛ ۲) نزد آنان.

باوانی: جیازی بوك، ئەوەی بوك بۆ ماڵە زاوای دەهێنێ ف جهاز عروس.

باوالێ: وشـەی خوەشـەویستی‌و ڕێزلێ نان بۆ بـاب ف حرف محبت و احترام به پدر.

باوباوێن: گاڵتە دەگەڵ مناڵاکردن‌و باوباو گوتن ف شوخی کردن با کودك.

باوبـژ: ۱) تۆزو غومـار، تۆزو خۆڵ، غوماریّ کە با دەیهێنێ؛ ۲) قوڕەی زگ‌و تڕو تس ف ۱) گرد و غبار؛ ۲) کنایه از باد شکم.

باوجو: ئەگەرچی، هەرچەندە، دەگەڵ ئەوەشڕا ف باوجود، هرچند.

باودیان: ڕەوای ددان، شیاوی دگان ف باب دندان.

باوڕ: بڕوا، یاقیدە ف باور، عقیده.

باوسـەنـدن: ۱) وەبـرەو کەوتن، وەڕەواج کەوتن؛ ۲) وەسـەر کەوتن بەرسـەرغـەنیم‌دا؛ ۳) سوڕخـواردنی بەتەوژم ف ۱) رواج یافتن؛ ۲) ظفر یافتن؛ ۳) بشدّت چرخیدن.

باوسەنن: باوسەندن ف نگا: باوسەندن.

باوش: باوەش، هامێز، ئامێز ف آغوش، بر.

باوشك: باوێشك، دەم داچەقاندن لەبەر خەوهاتن ف خمیازه.

باوك: باب، باڤ ف پدر.

باوکـە: ۱) نێرەی باڵدار کاتێ جوجەڵەی هەیە؛ ۲) بانگ‌کردنی باب: (بـاوکە! کەوشم بۆ بکڕە) ف ۱) پرندهٔ نر هنگامی که جوجه داشته باشد؛ ۲) کلمهٔ خطاب به پدر.

باوکەڕۆ: وشەی شیوەن‌و خەمباری ف کلمهٔ شیون و نوحه.

باوکەلێ: وشەی خۆشەویستی‌و نازداری: (باوکەلێ بۆ دیارت نەبو) ف کلمهٔ مَحبّت و نوازش.

باوگ: باوك ف پدر.

باوگەوازی: شەڕە جنێو، جوێن بەیەکدان ف دشنام بهم دادن.

باول: جانتا، چەمەدان، سندوقی لە چەرم‌و مقەببا بۆ جلك تێنان ف چمدان.

باوڵ: نەخۆشی جۆکی بێچوی ئاژەڵ ف بیماری زانوی بره و بزغاله.

باوەپیارە: زڕباب، بێگانەی مێردی دایك ف ناپدری.

باوەت: بابەت ف بابت.

باوەخولێ: سوڕخواردن بەدەوری خۆدا ف بەدور خود چرخیدن.

باوەخـون: جونـەوەی بوك بۆیەکـەم‌جار بۆماڵی باوك ف اولین بازدید عروس از خانهٔ پدر.

باوەخۆن: باوەخون ف نگا: باوەخون.

باوەڕ: ۱) باوڕ، بڕوا، باوەڕی؛ ۲) سنـــوری نێوان دوزەوی، کەوشـەنی دوکێڵگە ف ۱) باور؛ ۲) مرز بین دو کشتزار.

باوەر: ۱) بهێنە، وەرێنە؛ ۲) جۆگەی ناودەغڵ ف ۱) بیار؛ ۲) مسیر آب در کشتزار.

باوەڕپێکراو: ئەمین، جێ باوەڕی ف اَمین، جای اعتماد.

باوەڕنامە: پسولەی گەوایی خوێندن، گەواهینامە ف کارنامهٔ تحصیلی.

باوەرماڵ: پاك کردنەوەی لیتەی ناو جۆگە ف لجن‌مالی جوب.

باوەرە: باوەر، بهێنە، بێرانە ف بیار.

باوەرێن: میوەی کە با وەراندویە ف میوه باد ریخته.

باوەژن: هەوێی دایك، ژن‌باڤ، زڕدایك ف نامادری.

باوەش: باوش ف آغوش.

باوەشێن: بارۆشە ف بادبزن.

باوەعەمرە: چلەنۆك، باڵابۆست، باواقۆرەت ف کوتوله.

باوەقۆت: باوەعەمرە ف کوتوله.

باوەقۆرەت: باوەقۆت ف کوتوله.

باوەڵ: ۱) باوڵ؛ ۲) بێچـــوی ئاژەڵـێ کە توشی باوەڵی بوبێت ف ۱) بیماری زانوی برّه و بُزغاله؛ ۲) برّه و بزغاله مریض.

باوەلێ: ۱) نازناوە بۆ سەیدان: (چومە خزمەت باوەلێ بۆ زیارەت)؛ ۲) پیری بەك کەوتو: (باوەلێ بایەکی بەسە)؛ ۳) جۆرێ نەخۆشی ئاژاڵ ف کلمهٔ خطاب به سادات؛ ۲) پیر و فرتوت؛ ۳) نوعی بیماری احشام.

باوەڵی: نەخـۆشیەکە توشی ساوای ئاژەڵ دەبێ‌و ئەژنۆی دەپەنەمێ ف بیماری زانوی برّه و بُزغاله.

باوەگۆ: قسە دەقسە داکەر، کەسێ لەناو قسەی یەکی‌ترا هەڵدەداتێ ف کسی در میان سخن دیگری بپرد.

باوەگێژە: باوەخولێ ف نگا: باوەخولێ.

باوی: ۱) بادام؛ ۲) نەخـــۆش بەدەردی باداری، بادار ف ۱) بادام؛ ۲) مبتلا به رماتیسم.

باوێ: باوێژە ف بینداز.

باوێژە: باوەرێن، ئەومێوەی کەبا لەداری وەراندوە ف میوهٔ باد ریخته.

باوێشك: باوشك ف خمیازه.

باویلکـە: پشیلە پایزە، گیایەکـە تۆکـەی سپی‌و سوك‌و گرژنە پایزان با بڵاوی دەکاتەوە، بایلکە، شەلەمین‌کەرە ف گُل قاصد، قاصدك.

باوێلی: باویلکە، بایلکە، پەپولەپایزە ف گُل قاصد، قاصدك.

باهـو: ۱) قوڵ، کوڕ؛ ۲) وارشی دیوار یان خەندەکی دەوری باغچە؛ ۳)

لاشیپانەی درگا؛ ٤) ئاڵوداری دارەڕا؛ ٥) شاهێنی تەرازو؛ ٦) ئاسۆگ، کەناری ئاسمان؛ ٧) شان‌و پیل ف ١) ژرف؛ ٢) خَنْدَقْ؛ ٣) دوطرفِ طولی چهارچوبۀ در؛ ٤) تیر سقف؛ ٥) شاهین ترازو؛ ٦) اُفُق؛ ٧) کتف.

باهۆ: شان‌وپیل: (ئەلا ئەی نازەنین ئاهو بە **باهۆ** / دڵی سەییادی خۆت هێنایە لەرزە) «نالی» ف کتف.

باهۆدار: زەلام‌و بەهێزو تاقەت ف تنومند و نیرومند.

باهـوڕ: وڕەبا، هۆڕەبا، بای زۆرساردی توند بەمژەوە ف بادِ سرد و سخت همراه با مه.

باهۆڕ: باهوڕ ف نگا: باهوڕ.

باهۆز: گەردەلول، گێژەلوکە ف گِردباد.

باهەڵکردن: باهاتن ف وزیدن.

باهەنجیر: باتسکە، جۆرێ‌هەنجیـری زۆر خراپ ف نوعی انجیـر نامرغوب.

باهێر: ١) زەمینی نەکێڵدراو؛ ٢) سەرگەردان‌و سەرلێ شێواو ف ١) زمین بایر؛ ٢) سرگردان.

باهیڤ: بادام ف بادام.

باهیڤۆك: پەنەمینی قاچ لەبەر ماندویی، ئاوسانی پا لەماندگی ف آماسِ پا از فرطِ خستگی.

بای: ١) شەمچـە، شخـاتە، شقاڵتە، کرمیت، گۆگرد، شقارتە؛ ٢) نرخ، قیمـەت، بایی؛ ٣) بیـی: (قبیلەم سوپـەردەی وەیسی نازار**یـای**) «سەیدی» ف ١) کبریت؛ ٢) نرخ؛ ٣) باشی.

بایام: بادام ف بادام.

بایباڵدان: گەڕان لەدەشت‌و دەر بۆ حەسانەوەو خەمڕەواندن ف تَفَرُّج.

بایجان: بامجان، باینجان، باجان ف بادنجان.

بایدە: بادیە، زەرکی ئاوخواردنەوە ف ظرفِ آبخوری.

بای دەبور: بای‌خۆر ئاوایی ف دَبور، بادِ مغرب.

بایر: زەمینی نەکێڵدراو، بور، بەیار، کۆدە ف زمینِ بایر.

بایز: سوکەڵەناوی بایزید ف مخفّف بایزید.

بایس: هۆ، سەبەب، باعیس ف سَبَبْ.

بایست: بایس ف سَبَبْ، علّت.

بایستی: بایس ف سَبَبْ.

بای‌سور: نەخۆشیەکە، بای ممبارەك ف بادِ سرخ، نوعی بیماری.

بای‌فەرەنـــگ: ئاگرە، ئاورە، زیپکـەو پۆرگ کە لە دەم‌و چاو دێت ف آتشِ فارسی.

بایلە: ١) بالوك، بالوکە؛ ٢) پارچە قوماشێکی زۆر تەنکە ف ١) زگیل؛ ٢) نوعی پارچە بسیار نازك.

بایلکە: باویلکە، پسیلەپایزە ف قاصدك.

باینجان: بامجان، باجان ف بادنجان.

باینجانی: رەنگی باینجان، سورمەیی تاریك ف بەرنگ بادنجان.

بایە: بادیە، زەرکی ئاوخواردن لەمس یا لەدار ف ظرفِ مسی یا چوبی آبخوری.

بایەخ: قەدرو ئیحتوبار، گرینگی ف ارزش، قدر.

بایەف: فەریکە بادام، چەقالە بادام ف چغالەبادام.

بایەقوش: کوندەبو، کونەبەبو ف بوف کور.

بایەو: بایەف ف چغالەبادام.

بای‌هەوا: بادیهەوا ف مُفت.

بایی: ١) بەفیزو لەخۆگوڕاو: (لەوەتا دەوڵەمەندە **بایی** بوە)؛ ٢) بادام؛ ٣) نرخ، قیمەت ف ١) متکبِّر؛ ٢) بادام؛ ٣) نرخ.

ببا: ١) ئەگەر وابو با؛ ٢) ببیا، ببوا ف ١) اگر چنان می‌شُد؛ ٢) بِبَرَد.

ببام: وابومایە، وابوایتم ف بودمی.

ببان: وابوایتن ف بودندی.

ببڕ: ١) بڕندە؛ ٢) بەبڕشت‌و هێزدار: (لەم ناوەدا بکوژو **ببڕ**هەر خۆیەتی)؛ ٣) فەرمانی بڕین: (حەوجار بگەر، جارێك‌ببڕ) ف ١) بُرّا؛ ٢) بزن بهادُر؛ ٣) اَمر به بُرش.

ببڕای: بەهیچ‌جۆر، هەرگیز: (**ببڕای ببڕای** ناچمەوە گوند) ف هرگز، ابداً.

ببڵە: بێچوی تازەزاو، ساوا، کۆرپەساوا ف نوزاد.

ببوایتن: دەبون ف می‌بودند.

ببواین: دەبوین ف می‌بودیم.

ببوایە: بوایت ف می‌بود.

ببونایە: ببوایتن ف می‌بودند.

ببە: بوە، فەرمانی بردن ف امر به بُردن.

ببیە: ببیسە، گوێ‌بگرە ف بشنو.

ببێ: ١) ببێژە؛ ٢) هەبێ، دژی نەبێ ف ١) بگو؛ ٢) باشد.

بت: ١) خودای دەسکرد؛ ٢) پێشگریکە: (**بت**خۆم، **بت**گرم) ف ١) بُت؛ ٢) پیشوند بەمعنی تُرا.

بت‌پەرس: کەسێ خوای دەسکرد بپەرستێ ف بُت‌پرست.

بت‌پەرست: بت‌پەرس ف بُت‌پرست.

بتخانە: شوێنی بتان ف بُتخانە.

بتر: ١) پتر، زیاتر، بێتر؛ ٢) هەراشتر، زوتر هەڵدان‌و بەخۆداهاتن ف ١) بیشتر؛ ٢) رشید، بالندە.

بتری: شوشەی تراو تێ کردن؛ بوتری، بوتل ف بطری.

بتەو: پتەو، مەحکەم، توندو قایم، خۆگر ف محکم.

بتی: پور، میمك ف عَمّە، خالە.

بجم: ببزو، بجوڵێ ف حرکت کن.

بچڕان: پسان، قوت‌بون، قەتیان، قرتیان ف گُسستن.

بچڕاندن: قەتاندن، پساندن، قوت‌کرن، قرتاندن ف قطع کردن.

بچـرك: ناوسـاجی، زلوبی، نانێکە لە ناو ڕونا سوری دەکەنەوە، کولێرە بەرۆن ف گردۀ روغنی، چَلپَكْ.

بچرك: بچڕك ف گردۀ روغنی، چربك.

بچڕیان: بچڕان ف گُسستن.

بچڕین: پساندن ف قطع کردن.

بچکۆك: چکۆڵە، بیچك، بچوك، کەم قەوارە، گچکە ف کوچك.

بچکۆڵ: بچکۆك، دەبێتەناو بۆکوڕان ف کوچك.

بچکۆلانە: بچکۆك ف کوچولو.
بچکۆڵە: بچکۆك ف کوچولو.
بچکە: ۱) بچکۆك؛ ۲) بێچو ف ۱) کوچولو؛ ۲) بچّه.
بچکەلانە: بچکۆك ف کوچولو.
بچکەڵە: بچکۆك ف کوچولو.
بچۆ: فەرمانی ڕۆیشتن، بڕۆ ف برو.
بچوچك: چکۆڵە ف کوچك.
بچـوك: ۱) بچکۆك؛ ۲) بەپلە کەمتر: (کوڕی من **بچوکی** تۆیە) ف ۱) کوچك؛ ۲) خدمتگزار.
بچـوکی: کەم قەوارەیی، خزمـەتکـاری و نۆکەری: (تا دەمرم **بچوکیت** دەکەم) ف خدمتگزاری.
بچوڵە: بچکۆك ف کوچك.
بچەنگانێ: ئامبازبون، مل دەبەرمل نان، دەستەملان ف گلاویزشدن.
بختیان: قسەی هەڵبەستە، تۆمەت، بوختان ف بُهتان.
بخۆ: ۱) فەرمانی خواردن؛ ۲) هەربۆخۆی، لەخۆوە ف ۱) بخور؛ ۲) خودبخود.
بخۆر: زۆرخۆر، خۆرا ف پُرخور.
بخوور: سوتەنی بۆنخۆش ف بخُور.
بخۆز: گای خەفۆك، گایەك کە لەکاتی جوت کردندا ئەخەفێ ف گاوی که در اثنای شخم می‌خوابد.
بخە: ۱) بهاویژە، باویژە؛ ۲) بێدابماڵە: (چەقۆ لە هەسان **بخە**با تیژبێ) ف ۱) بینداز؛ ۲) بمال.
بخێری: بوغاری، ئاگردانێ دوکەڵی لەسەربان بلاوبێت، مغاری ف بُخاری.
بدۆ: قسەزان و دەم پاراو ف سخنور.
بدە: ۱) بەهـرەو داهـات، دەرامەت؛ ۲) باج و پیتاکی میری؛ ۳) فەرمان بەواتـا: (وەدە، ببەخشە)؛ ۴) بەواتای دەهندە ف ۱) درآمد؛ ۲) باج و خراج؛ ۳) *فعل امر* بده؛ ۴) دهنده.
بدەر: ۱) دەهندە: (کابرایەکی نانبدەرە)؛ ۲) بدە، وەدە، بدەیە؛ ۳) بریتی لەژنی بێشەرم ف ۱) دهنده؛ ۲) بده؛ ۳) کنایه از زن بی‌شرم.
بدیە: بڕوانە، تەماشاکە ف ببین.
بڕ: ۱) کەمێك: (بڕێك ئاوم دەیە، ئەو بڕەچیە دەمدەیەی؟)؛ ۲) قەڵتەدارێکی بڕاو: (دوبڕداربێنە)؛ ۳) ساڵ لەتەمەنی یەکسمدا: (جوانوەکەیەك بڕە یان دوبـڕە؟)؛ ۴) تابشت و هێز: (بڕناکەم لەم کێفە سەر کەوم، لەگریوە غاردا بڕی نەکـرد)؛ ۵) دەستـەو کەرت: (بڕە مەڕێك هات، توشی بڕە پیاوێ بوم)؛ ۶) تیرەو تایفـە: (بـرا تۆ ئێژی جافم لەکـام بڕی؟)؛ ۷) داپـاچین و لەت کردن: (قـەڵت و بڕی تێخستن، دارەکـانی قەڵت و بـڕکـرد)؛ ۸) پاشگری بەمانا بڕنـدە: (جاران داربـڕبو ئێستـا بویتە میری سەربڕ)؛ ۹) پاشگری بەمانا کونتێکەر: (دز بەماڵبڕ دیوارەکەی بڕیوە)؛ ۱۰) دڕانـدنی پارچە بەقەیچی یان بەدەست: (حەوجار بگر جارێك ببڕ)؛ ۱۱) قوتارکەر: (ئەم هەتیوە نانودۆبڕبو)؛ ۱۲) بڕشت و کار راپـەڕاندن: (زۆر پیاوێکی بەبڕە)؛ ۱۳) گوترە بێ‌پێوان و ژمار: (بەری ئەم گوێزە لە بڕ بەچەندە؟)؛ ۱۴) قەبەڵ و یەکجارەکی: (ئەم خانوەم لەبڕ بەکـردن داوە)؛ ۱۵) بواری ئاو: (ئەم روبارە بڕنادا)؛ ۱۶) دەسکاری بەڕی قومار: (بڕی لێدە)؛ ۱۷) لەگەل دور کەوتو: (ئەم گیسکە لەمێگەل بڕبوە)؛ ۱۸) بەزۆر خستنـەنـاو: (داریان تێ بڕی)؛ ۱۹) دژی وشك: (کـراسەکەم تەڕو بڕە) ف ۱) اندکی؛ ۲) قطعهٔ بریدهٔ چوب؛ ۳) یك سال در عمر چهارپایان؛ ۴) توان؛ ۵) دسته و گروه؛ ۶) تیره و عشیره؛ ۷) قطع کردن؛ ۸) پسـونـد بەمعنی بُرنـده؛ ۹) پسـونـد بەمعنی سوراخ‌کُننـده؛ ۱۰) بریدن پارچـه؛ ۱۱) از بین برنـده؛ ۱۲) بُرش، قاطعیّت؛ ۱۳) رویهم؛ ۱۴) کُنتـراتی؛ ۱۵) گُدار آب؛ ۱۶) بُرزدن اوراق پاسور؛ ۱۷) از جمع جا مانده؛ ۱۸) بەزور جادادن؛ ۱۹) خیس.
بڕا: ۱) بڕدرا بەتیخ یان بە تەورو هەرچی: (بـەتـەور دارەکـە **بڕا**)؛ ۲) خەلاس بو، کۆتایی هات: (نانمان لەماڵ **بڕا**، مانگا مردو دۆبڕا) ف ۱) قطع شد؛ ۲) تمام شُد.
برا: ۱) نێرینـەی هاودایك و باو یان هاویەك لەوان، برێ؛ ۲) بردرا، دژی هاوردرا ف ۱) برادر؛ ۲) بُرده شد.
براباب: نێرینەی هاوباب و دایك جیا ف برادر پدری.
برابەش: هاوبەش لەماڵی دنیادا، دۆستی زۆر نزیك ف سهیم در میراث.
براتوتە: قامکی پەناقامکە چکۆڵە ف انگشت بنصر.
بڕادە: خاکەمڕمەند، وردەئاسنی بڕبەند لێدراو ف بُراده آهن.
برادەر: دۆستی نیر، دەستەبرا ف دوست، رفیق.
برادەری: دۆستایەتی و هەواڵەتی پیاو ف دوستی.
برازا: فرزەندی برا، زاروێ برا، برازێ ف برادرزاده.
برازازا: نەوەی برا ف نوهٔ برادر.
برازاڤا: برازاوا، یاریدەری زاوا لەکاتی بوك گوێزانەوەدا پشتێنەی بوك ئەو دەیبەستێ ف ساقدوش.
برازاگ: برازا ف برادرزاده.
برازاوا: برازاڤا ف ساقدوش.
برازە: نویڵ، لۆسە، باری، باریە، مەڵغە، لەوازە، دەلەم ف دیلَم، اَهرُم.
برازێ: برازا ف برادرزاده.
براژتن: برژاندن، کەواوکردن، بریانکردن، بۆدانی دانەوێڵە لەسەر ساج ف بریان کردن، بودادن.
براژن: ژنی برا ف زن برادر.
براشتن: براژتن، بۆدان ف بریان کردن، بودادن.
براشتی: برژاو، بریان کراو، بۆدراو ف بریان شده.
براکێ: برادەر، دۆستی نزیکی نێر ف دوست و برادر.
براکە: وشەی خۆشەویستی بۆ دواندنی برادەر ف حرفِ نوازش دوستانه.
برالۆ: ئالۆ بالۆ، بەلالوك، هەلهەلوك ف آلبالو.
برالوك: بەلالوك، ئالو بالو ف آلبالو.
برالۆی: برالو ف آلبالو.
برالە: ۱) وتەی خۆشەویستی بۆ دواندنی برادەر؛ ۲) ناوی گیایەکە ف ۱) کلمهٔ محبّت‌آمیز دوستانه؛ ۲) گیاهی است.

برام: ١) برای من؛ ٢) بردیانم، بریام ف ١) برادرم؛ ٢) برده شدم.

برامازگ: بەرێکە لە بەری دارمازو ف پُزغَند.

براماك: برای هەرلەدایك لەباو نا ف برادر مادری.

بڕان: ١) دوایی هاتن؛ ٢) جودایی: (**لێك بڕان**)؛ ٣) گەیشتن: (میراتت چەند پێ بڕا؟، ئەوکیژو کوڕە پێك **بڕان**)؛ ٤) دابڕین، لەت‌بون ف ١) پایان یافتن؛ ٢) جدائی؛ ٣) نصیب‌شُدن؛ ٤) قَطع‌شدن.

بڕاندن: بڕین ف قطع کردن.

بڕانە: ١) جیرەو موچەی دیاری کراو؛ ٢) باج‌و پیتاکی ساڵانەی میری ف ١) مستمرّی؛ ٢) باج و خراجِ سالانه.

بڕانەوە: بڕیانەوەو کۆتایی هاتن؛ ٢) لەت‌بونی دارو... بە مشارو تیغو... ف ١) تمام شدن؛ ٢) قطع‌شُدن.

برایانە: وەك‌برا ف برادروار.

برای‌توتە: براتوتە ف انگشت بنصر.

برایەتی: ١) برابون؛ ٢) خۆشەویستی‌و رەفتاری برایانە ف ١) و ٢) برادری.

برایی: برایەتی: (برامان **برایی** کیسەمان جیایی) ف برادری.

بڕیانە: پیاوی زەبەلاح‌و تەژە، زلی ناقۆڵا ف مَردِ لندهور و بدقیافه.

بڕبڕ: ١) کەم‌کەم، تۆزەتۆزە؛ ٢) لەت‌لەت، زۆر پارچەی بڕاو ف ١) کم‌کم؛ ٢) پارچەپارچە.

بڕبڕاگە: مۆغەرەی پشت ف ستون مهره‌ها.

بڕبڕە: ١) بڕبڕاگە؛ ٢) بڕبڕ؛ ٣) داسی ددانەدار وەك هەرە؛ ٤) خزمی نزیك ف ١) ستونِ فقرات؛ ٢) کم‌کم؛ ٣) داسِ دندانەدار؛ ٤) خویشاوندِ نزدیك.

بڕبون: جیابونەوەو ناوەکی بون: (مەڕ لەگەلە **بڕبوە**) ف جُداشدن و از جمع بُریدن.

بڕبەند: مڕمەند، ئامرازی ئاسن‌ڕنین، مورەت ف سوهان.

بربەنگ: بربەند ف سوهان.

بڕپێدان: قسە لەقسەدا کردن ف در میان سخن آمدن.

برج: ١) مزڵگەی رۆژ لەعاسمان؛ ٢) مانگی ساڵ؛ ٣) قۆنگرەی قوتی قەلا ف ١) و ٢) و ٣) بُرج.

برجی پیرێژن: دومین حەوتەی رەشەمە کە زۆرساردە ف بردالعَجوز، سرمای پیرزن.

برچی: برسی، نێز، دژی تێر ف گُرسنه.

برچەبرچ: دەنگی قوڵتە قوڵتی ئاو ف صدای غلیان آب.

برچینی: برسیاتی، برسیەتی، نێزی ف گرسنگی.

بڕدان: جیاکرنەوەی هێندێ لەهێندێ ف جُداکردن.

بردن: ١) برن، بەرانبەری هێنان؛ ٢) بریەتیەلە تێراکردن ف ١) بُردن؛ ٢) سپوختن، درآمیختن.

بردنەبەست: تەنگ پێ‌هەڵێنان، تەنگە تاوکردن ف در تنگنا قرار دادن.

بردنەسەر: ١) بەئاکام گەیاندن، ئەنجام‌دان؛ ٢) گوزەراندن، رابواردن ف ١) بەانجام رسانیدن؛ ٢) گذراندن.

بردنەوە: ١) قازانج لەقوماردا؛ ٢) گەڕاندنەوە بۆشوینی پێشو ف ١) بُرد در قمار؛ ٢) بازگرداندن.

بڕدۆنە: زەلامی ناقۆڵاو تەژە ف بلندبالای تنومند.

بڕرە: شفرە، ددانی بەراز ف شُفرهٔ گُراز.

بڕرەك: نێرەبەراز، یەکانە ف گراز.

برزە: گوم، ون، وندا ف گُم، مفقود.

برژ: بەئاگر چزان بێ‌سوتان: (گۆشتە کەهێشتا نیوەبرژ بوخواردمان) ف برشت.

برژان: ١) برشتەبون؛ ٢) مژۆل، بژانگ، موی پێلوی‌چاو، برژانگ ف ١) برشته‌شدن؛ ٢) مُژه.

برژاندن: براشتن، بریان کردن، بۆدان ف برشته‌کردن، بودادن.

برژاندنەوە: خوێن‌ڕاگرتنی برین بەدەرمان ف خون‌بست کردنِ زخم به کمكِ دارو.

برژانگ: بژۆڵ، مژۆڵ، موی پێلوی چاو ف مُژه.

برژانەوە: ١) سوزیانەوەی زام، ژانی برین‌و سوتان؛ ٢) وێستانی خوێن بەهۆی دەرمان ف ١) سوزش زخم؛ ٢) خون بندآوردن با دارو.

برژاو: ١) براشتی، بریان؛ ٢) برژانگ ف ١) برشته؛ ٢) مُژه.

برژۆڵ: ١) برژانگ؛ ٢) برزەوریشاڵی کوتاڵ؛ ٣) داسوکەی گوڵی دەغڵ ف ١) مژه؛ ٢) پرز قماش؛ ٣) پُرز خوشه گندم و..

برژی: برژاو ف برشته.

برژیاگ: برژاو ف برشته.

برژیان: برژان ف برشتهٔ‌شدن.

برژیانەوە: برژانەوە ف نگا: برژانەوە.

برژیاو: برژاو ف برشته.

برژین: برژان ف برشتن.

برژینەوە: برژانەوە ف نگا: برژانەوە.

برژیو: براشتی، برژاو ف برشته.

برساق: جۆرێ شیرینی ف نوعی قطاب.

بڕس: وزە، هێزو توانا ف توان، نا.

بڕست: بڕس ف توان.

برسی: برچی، نێز، دژی‌تێر ف گُرسنه.

برسیایەتی: بێ‌نانی، ورگ بەتاڵی ف گُرسنگی.

برسێتی: برچینی، برسیاتی ف گُرسنگی.

برسیەتی: برسیایەتی، ئاورایی ف گُرسنگی.

برش: ١) کەڕو، ئەوکەفە شینەی دەکەوێتە سەر ترشاوو نانی کۆن، کەڕەکیفە؛ ٢) ناحەزو ناشیرین: (رەش‌و برشە)؛ ٣) هەناسەو هێز: (پەك چەند گەرمە، برشم هەلات) ف ١) کَفَك؛ ٢) سیه‌چرده؛ ٣) نفس و رَمَق.

بڕشت: ١) هێزی بڕین؛ ٢) بەهەرەی چێندراو؛ ٣) زەمینی بەپیت؛ ٤) بڕس؛ ٥) پارچەیەکی بڕاو بۆ درون؛ ٦) کوُز، قاش: (**بڕشتێ** هەنی داپێم) ف ١) بُرش؛ ٢) بهرهٔ محصول؛ ٣) زمین حاصلخیز؛ ٤) تاب و توان؛ ٥) پارچهٔ برش خورده آمادهٔ دوخت؛ ٦) قاچ هندوانه و...

برشتە: برژاو ف برشته.

برشتی: برژاو ف برشته.

برغو: بزماری بەپێچ، ئامرازی کونکردنی پێچ‌دار ف میخ‌پیچ.

برغی: برغو ف میخ‌پیچ.

بڕفین بڕفین: رفاندن بێ‌پرسی خاوەن ف چپاول و غارت.

برقوك: بەتروسکە، بریقەدار ف برّاق.

برقە: درەوشین، بریقە، تروسکە ف درخشش.

برقەندەرە: تۆرك، تۆڕی، چەقەڵ ف شغال.

برك: ١) خاڵیگە، کەلەکە؛ ٢) دەردوژانی خاڵیگە؛ ٣) حەوز، ئەستێل؛ ٤) هاویشتن: («بـرکی دە»: بیهـاوێژە، فڕێی‌دە) ف ١) تُهیگـاه؛ ٢) درد تُهیگاه؛ ٣) استخر؛ ٤) انداختن.

بڕك: ١) هێلنج، دڵ تێك‌چون‌و خەریك ڕشانەوەبون؛ ٢) پنجی بێستان: (بڕکە شوتی)؛ ٣) ئەستێل، ئەستێر ف ١) حالت تهوّع؛ ٢) بوته؛ ٣) استخر.

بڕکە: ١) پنجی بێستان: (بڕکە کاڵەك)؛ ٢) کەرك، کەرت لە مەڕو ئاژەل؛ ٣) گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانە؛ ٤) پارچەی تێری جلك، قەوارە ف ١) بوتە پالیزی؛ ٢) دستەای از گلە؛ ٣) گیاهی خوشبو؛ ٤) قوارهٔ پارچه.

بڕگە: ١) جێگەی شکاندنی جۆ بۆ ئاودێری؛ ٢) شوێنی لەلەکراو لە دار یا لەئـاسن ف ١) جای بریده از جوی برای آبیاری؛ ٢) شیار زدن روی چوب یا آهن.

بڕگەبڕگە: زۆر لەلەکراو ف بریدگی بسیار.

برمـە: ١) نوزەو ناڵـەی تادار؛ ٢) جۆرێ شیرینی‌یە گوێز یا پستەی تێ دەکرێ ف ١) آه و نالهٔ تب‌دار؛ ٢) نوعی شیرینی.

بڕمـە: پڕمـە، پرمە، دەنگ لەلوت هاتنی ئەسپ لە غلوریان؛ ٢) گوڕەو بوڵەی پیاوی تورە: (کاورا بەسیەتی ئەم **بڕمە بڕمەت** لەچیە؟!) ف ١) صدای بینی اسپ؛ ٢) غُرولند.

برمـەبـرم: قسـە لەناو دەمداکردن کە پیاوتێ نەگا، بوڵەبوڵ: (کاورا هەر **برمەبرمیەتی** نازانم دەرێ چی؟!) ف زیرلب حرف زدن، غرولند.

برمێن: بەکارو ئازاو بەبرشت ف آدم کارا و قاطع.

برن: بردن، دژی هاوردن ف بُردن.

بڕناخ: کونەکەپو، کونی‌لوت، کونادفن ف سوراخِ بینی.

بڕناخە: بڕناخ ف سوراخ بینی.

برنـج: ١) دانـەوێڵەیەکی سپی‌و بژیوە، روتـەوەبوێ چەڵتوکە، لە مەرەزە بەرهەم دێت؛ ٢) کانزایەکە تێکەڵاوی مس‌و روّح ف ١) برنج؛ ٢) آلیاژ برنج از ٦٠٪ مس و ٤٠٪ روی.

برنجاڕ: مەرەزە، کێڵگەی برنج ف شالیزار.

بڕنجاڕ: پەرێز، جێگەی درەوکراوی خەلە، جاڕ ف جای غلهٔ درو شده.

برنجکـوت: ١) دینـگ، دەسکو سندوڵ؛ ٢) دینگچی: کەسێ چەڵتوك نەکوتێ ف ١) دنگ؛ ٢) دنگ‌کوب.

برنجۆك: ١) مو، نەخوشیەکی زۆر بەژانە لە پەنجە دێت؛ ٢) پارچەیەکی تۆڕی ناسك ژنان دەیکەنە دەسماڵی سەر ف ١) کژدُمه؛ ٢) پارچهٔ وال.

برنجە: کانزای مس‌و روّح، زەردی سەماوەر ف آلیاژ برنج.

برنجەجاڕ: مەزرای مەرەزە، برنجاڕ ف شالیزار.

برنجی: ١) وەك برنج: (ئەو ددانە **برنجیەت** چەند جوانە)؛ ٢) هەرەباش ف ١) بەرنگ برنج؛ ٢) هرچیز بسیار خوب.

بڕندە: بڕرا: (ددانی بڕەك بڕندەیە) ف بُرّا.

برنگ: ١) قەیچی مەڕبڕینەوە، هەورینگ، مقەستی گەورە بۆ هەڵپاچینی کوڵکەی ئاژاڵ؛ ٢) تورهەڵدان؛ ٣) زۆر وشك: (وشك‌و **برینگ**) ف ١) دوکارد؛ ٢) پَرت؛ ٣) بسیار خُشك.

برنگە: مقەستی حەیوان بڕینەوە ف دوکارد.

برنگەوان: لەمەڕ بڕینەوە وەستاو شارەزا ف استاد در پشم‌چینی گوسفند.

بڕنەو: جۆرێ تفەنگ کە کاری شاریکە بەوناوە ف نوعی تفنگ.

برنوتی: سعوتی، تۆزێکە بەکەپۆ ئەکێشری لەباتی توتن کێشان ف انفیه.

بڕنە: وشەی فەرمانە واتا: بەدەس هەڵقەنەیان بچنە ف امر به چیدن.

برنەڤە: ١) وەگەڕاندن؛ ٢) لەقومارا قازانج کردن ف ١) بازگرداندن؛ ٢) در بازی برنده شدن.

برنەوە: برنەڤە ف نگا: برنەڤە.

بڕۆ: ١) فەرمانە بۆ ڕۆیشتن؛ ٢) لەپاش تالان دەگوترێ بەواتا ڕاماڵین‌و هیچ نەهێشتن: (تالان‌و **بڕۆیەکە** مەپرسە!) ف ١) *فعل امر*: برو؛ ٢) چپاول.

برۆ: ئەبرۆ ف ابرو.

بڕوا: ١) ئیجازە، ڕەوا زانین: (دڵم **بڕوا** نادات چاوم بەمناڵی بکەوێ)؛ ٢) باوەڕ، ئیمان ف ١) اجازه؛ ٢) باور.

بڕوانامە: باوەڕنامە ف اعتبارنامه، کارنامهٔ تحصیلی.

بڕوایی: ١) باوڕێ؛ ٢) ڕەوازانین ف ١) عقیده؛ ٢) روادیدن.

بروز: ئاشکرا ف آشکار.

بڕوسك: کەموکە، تۆزکاڵ: (هەر بڕوسکێکم دەیە بەسمە) ف بسیار کم، اندك.

بروسك: ١) جەخماخەی هەور؛ ٢) تەزوی بەژان: (**بروسکێك** دەیشتم وەستا)؛ ٣) بریقە: (لەدورەوە **دەبروسکێ**) ف ١) برق ناشی از ابر؛ ٢) تیرکشیدن جسم؛ ٣) درخشش.

بروسکان: بریقەدان ف درخشیدن.

بروسکانەوە: بریقانەوە، درەوشانەوە ف درخشش.

بروسکـە: ١) بروسـك؛ ٢) تێلگراف، بەرقییە، بورقی، تەلغراف ف ١) نگا: بروسك؛ ٢) تلگراف.

بروسکیان: بروسکان ف درخشیدن.

بروسکین: بروسکان ف درخشیدن.

بڕوش: وردەی ساوار ف ریزهٔ بلغور.

بروش: مەنجەل، دیزەی لەمس ف دیگ مسی.

بڕوشە: دانەدانە بارینی بەفری تەنك‌و پانکەڵە ف بارشِ برف به آرامی.

بروقە: بریقە ف درخشش.

بڕوکە: کەموسکە، زۆرکەم ف خیلی اندك.

برویسی: برسکەی عاسمان ف برق آسمان.

بڕوێش: ١) دەنکی دەغڵی پەڕش؛ ٢) وردەی ساوار ف ١) دانهٔ بلغور؛

٢) ریزهٔ بلغور.

بڕوێشین: جێشتی بڕوێش ف آش بلغور.

بڕه : ئەبرۆ ف ابرو.

بڕه: ١) ددانـە دیارەکەی یەکانە، شفرە، کەڵبی نێرە بەراز؛ ٢) نێرەبەراز، یەکانە؛ ٣) چنینی گەنمەشامی؛ ٤) بەیاری نێوان دوکێڵگە؛ ٥) گوتره، بێ‌ژمـارو پێوان؛ ٦) خاکـەی مشـار؛ ٧) مشار، هەرە؛ ٨) بریەتیە لە فرزەنـدی مێوینـە؛ ٩) بریەتی لە پیاوی زۆر بەکارو هەڵکەوتە؛ ١٠) خاکەی بڕبەند؛ ١١) تەواو سوربونەوەی سواڵەت و توندبونی هێلکەی کولاو؛ ١٢) ببڕە؛ ١٣) مەختە، قونتەراتی ف ١) دندان پیدای گراز؛ ٢) گُراز؛ ٣) چیدنِ ذُرّت؛ ٤) فاصلهٔ میان دو زمین شخم شده؛ ٥) گوتره، سرهم بی شمارش؛ ٦) خاك ارّه؛ ٧) ارّه؛ ٨) فرزند مؤنث؛ ٩) مرد کارا و شُجاع؛ ١٠) ریزهٔ سوهان؛ ١١) خوب پختن آجر و زیاد آب‌پز شدنِ تخم‌مرغ؛ ١٢) قطع کُن؛ ١٣) کنتراتی.

بره‌ش: هەژارو بێچارە ف بی نوا.

بره‌ڤان: نێوبژی‌کار، نیوانجی کەر ف میانجی.

بڕەك: ١) نێرەبەراز؛ ٢) مشار، هەرەی دوکەس، شەقە مشار ف ١) گراز نر؛ ٢) ارّه.

برەو: ڕەواج، ڕەونەق ف رواج.

بری: ١) خۆزگە، خۆزی، کاشکا؛ ٢) بات، جیات ف ١) کاش؛ ٢) بجای.

برێ: برا ف برادر.

بڕێ: قرپ، قورپ، نرکـەی گەرو کە زۆرتـر دوای زۆرخـواردن دێت، قورقینە ف آروغ.

بڕێ: ١) کەمێك؛ ٢) پارچـەدارێکی بڕاو ف ١) انـدکی، کمی؛ ٢) تنـهٔ درختِ قطع شده.

بریا: خۆزی، کاشکا ف کاشکی.

بڕیا: بردرا، نەما، بڕا ف نگا: بڕا.

بڕیار: پەیمان، شەرت، قەرار ف شرط و قرار.

بڕیاش: ئەی‌بڕێ، ئەی‌وڕێ ف می بُرید.

بڕیان: ١) بڕین، لەت‌بون؛ ٢) دورکەوتن ف ١) بریده شُدن؛ ٢) دورافتادن.

بریان: گۆشتی براشتی ف گوشت برشته.

بڕیانەوە: بڕوانە بۆ بڕ ف نگا: بڕ.

بریانی: بەرخی بەگیپە لە تەندوردا ف گوشت برّهٔ در تنور تفداده.

برێتی: ١) هیمـای بەواتـا: کینـایە؛ ٢) پوختەی، دەکاتە: (چواروچوار برێتی‌یە لەهەشت)؛ ٢) باتی، جیاتی ف ١) کنایە؛ ٢) عبارت است از؛ ٣) بجای.

برێژ: پاشگری بەواتا برژێن: (تە گۆشت برژێبە) ف بریان کُننده.

بڕێژ: قاڵبی داڕشتن ف قالب ریخته‌گری.

برژیان: برژاندن ف برشتن.

بریس: تروسك ف درخشش.

بڕێس بڕێس: چەقەو هەراو قوڵەقوڵ، زەنازەنا ف جاروجنجال.

بریسك: ١) تەزوی بەژان؛ ٢) ئاورینگ ف ١) تیرکشیدن بدن؛ ٢) شرار.

بریسکان: درەوشین ف درخشیدن.

بریسکە: بروسکە ف برق آسمان.

بریسکەبریسك: بریقەبریق ف درخشش پیاپی.

بریسکەدانەوە: بریقەدانەوە ف درخشش.

بریسکینەوە: بریقەدان ف درخشیدن.

بڕێش: بڕوێش ف نگا: بڕوێش.

بڕێشت: بڕینی پارچەی جلك ف بُرش پارچهٔ لباس.

بریشتە: برشتە ف برشته.

برێشکە: دانەوێڵەی لەسەرساج بۆدراو ف حبوب بوداده.

برێشگە: برێشکە ف حبوب بوداده.

بریڤ: پەلەو عەجەلە ف عجله و شتاب.

بریق: ١) ئافتاوە، بریك؛ ٢) تروسکە: (لەدورەوە **بریقەبریقی** دەهات) ف ١) آفتابە؛ ٢) درخشش.

بریقان: تروسکان، بروسکان ف درخشیدن.

بریقانەوە: درەوشان، بروسکان ف درخشیدن.

بریقە: درەوشین ف درخشش.

بریقەبریق: تروسکەی بەشوێن یەکا ف درخشش پیاپی.

بریقەدانەوە: کەوانەی تروسکە لە شوشە یان ئاو ف انعکاس پرتو.

بریك: ئافتاوە، لوولێنە ف آفتابه.

بریکا: خۆزی، بریا، خۆزیا ف کاشکی.

بریکار: وەکیل، نایب ف وکیل.

بریکە: بریقە ف درخشش.

بریکەنێ: کاشکا، خۆزی ف کاشکی.

بڕین: بڕوانە بۆ بڕ ف نگا: بڕ.

برین: زام، کوان و شوێنی تیغ لەلەشدا ف زخم.

برێن: ١) مقـەستی خوری هەڵپـاچین؛ ٢) گیایەکی شیرەدارە ف ١) دوکارد؛ ٢) از گیاهان دارویی.

برین‌پێچ: هاریکاری بژیشك ف پزشکیار.

بریندار: زامار ف زخمی.

برینگ: ١) مقەستی خوری هەڵپاچین؛ ٢) بێ‌تەڕایی ف ١) دوکارد؛ ٢) تمام خُشك.

بڕینگە: مقەستی خوری هەڵپاچین ف دوکارد.

بڕینە: برینگی خوری هەڵپاچین ف دوکارد پشم‌چینی.

بڕینـەوە: ١) لەت‌کردن بەتیخ و مشارو...؛ ٢) کوڵکە هەڵپاچینی ئاژەڵ؛ ٣) لەشیر گرتنـەوەی بێچـو؛ ٤) هەنگـوین لە خەلێف کردنـەوە؛ ٥) لەقسە بەس کردن ف ١) بوسیلهٔ تیغ و ارّه و... بریدن و قطع کردن؛ ٢) چیدن پشم؛ ٣) از شیر گرفتن بچـه؛ ٤) گرفتنِ عسـل از کنـدو؛ ٥) خاموش شدن و سخن بس کردن.

بریو: پەلە، لەز ف شتاب و عَجله.

بڕیو: ئەوڕگێ، ئەپچڕێ ف پاره می‌شود.

بریەتی: برێتی ف نگا: برێتی.

بڕیەی: بڕین ف پارە کردن.

بز: ١) مناڵدان؛ ٢) زەق، زاق: (چاویز)؛ ٣) بزن؛ ٤) ناوکی ئاسکی میسک؛ ٥) جوز، سوک، قامك بۆقون بردن؛ ٦) جەغز، جوغز، خەتی کەمە لە زەوی؛ ٧) پیو، چەوری ناوزگ، بەز ف ١) زهدان؛ ٢) برجستە؛ ٣) بُز؛ ٤) ناف آهوی مُشک؛ ٥) انگولك؛ ٦) دایره؛ ٧) پیه.

بزاڤ: جوڵە، حەرەکەت ف حرکت.

بزان: زۆرزان، دانا ف دانا.

بزاو: بزاڤ ف حرکت.

بزاوتن: جوڵاندن، بزواندن ف جنبانیدن.

بزبزۆك: گوڵێکە لەنەورۆزدا دەپشکوێ ف گلی بهاری.

بزبێزی: گیایەکە گوڵی سپی‌واش دەکا ف گیاهی است.

بزپیوە کردن: قامك بۆقنگ بردن ف انگولك.

بزدان: ١) پسان، قەتیان؛ ٢) ترسان ف ١) گسستن؛ ٢) ترسیدن.

بزداندن: ١) پساندن؛ ٢) ترساندن ف ١) بگسلاندن؛ ٢) ترساندن.

بزدم: رویشتن بەسەری پەنجە ف پاورچین.

بزدنۆك: ترسێنەر ف ترساننده.

بزدونەك: ترسۆنەك، ترسەنۆك، قزە ف ترسو.

بزدهان: ترسان ف ترسیدن.

بزدیان: بزدهان ف ترسیدن.

بزدیای: ترسیاو، ترساو ف ترسیده.

بزدینۆك: بقە، خەتەر ف خطر.

بزر: ١) ون، گوم، بەرزە، وندا؛ ٢) رۆن کەتان ف ١) گُم؛ ٢) بَزرَك.

بزڕ: ١) بەگلو داوەستـان وەك رۆن دوگ؛ ٢) بزگوڕ، تیتـوڵ ف ١) لخته بستن و فاسدشدن لبنیات؛ ٢) تکەپارچهٔ کهنه.

بزڕاندن: دڕاندن، چڕاندن، دادڕینی کوتاڵ ف پاره کردن قُماش.

بزڕکـان: ١) تێکچونی شیر و ماست، هەڵگەڕانی شیرو ماست‌و دۆ؛ ٢) رەنگ پەڕین لەترسان یان لەڕکان؛ ٣) تروکانی چاو ف ١) فاسدشدن شیر و ماست؛ ٢) رنگ باختن؛ ٣) چشم برهم زدن.

بزڕکاندن: ١) هەڵگەڕاندنی شیرو...؛ ٢) رەنگ پەڕاندن؛ ٣) تروکاندنی چاو؛ ٤) راوانـدن، قسـەپەڕاندن: (ترساوە قسان **دەبزڕکێنێ**) ف ١) فاسد کردن لبنیات؛ ٢) ترساندن و رنگ باختن؛ ٣) چشم بر هم زدن ٤) هَزیان گفتن.

بزرۆك: زیپکەی زۆر ورد ف جوش ریز پوست.

بزگ: ١) موروی شیلانی گەردانە؛ ٢) بزو، پزگ، جێگەی دۆخین ف ١) مهرهٔ قرمز زینتی؛ ٢) نیفه.

بزگـوڕ: پارچـەیەکی باریك لەقـومـاشی کۆن‌و رزیو ف نوار باریك از قماش کُهنه.

بزگیر: رژدو دەست قوچاو، چکوس، سەقیل ف خسیس.

بزگیلە: گیایەکی بالابـەرزە گوڵی ئاماڵ سورە بەرەکەشی وەك گێلاس وایەو ئاماڵ سورە ف گیاه کاکنج.

بزگێلە: بەربوك ف ینگه.

بزلماجی: جۆرێ کولێرەی ساجی ف نوعی گرده نان.

بزلە: کارێلە، بەچکەبزن ف بُزغاله.

بزماتە: قرتماغەی سەری برین ف خشك ریشهٔ زخم.

بزمار: مێخ ف میخ.

بزمارڕێژ: بەبزمار قایم کراو ف میخکوب.

بزمارکوت: ١) بزمارڕێژ؛ ٢) جۆرێ هێشوە ترێی پڕو تێك پەستواو ف ١) میخکوب؛ ٢) نوعی خوشهٔ انگور.

بزمارۆك: مێخەکە ف میخچه.

بزمـارە: ١) بزماری دارین کە کون‌و کەلێنی دۆڵاشی پێ‌دەگرن؛ ٢) مێخەکە ف ١) میخ چوبین ناوبند آسیا؛ ٢) میخچه.

بزمك: دمبێنی بێچوی ئاژاڵ تا نەتوانێ شیر بمژێ، زاربێن، بزمۆك ف پوزه‌بَند.

بزمۆك: بزمك ف پوزه‌بَند.

بزمەتە: قرتماغەی برین ف خُشك ریشهٔ زخم.

بزمەك: بزمك ف پوزه‌بَند.

بزن: ئاژەڵی بەشاخ‌و ڕیشی دایکی گیسك‌و کار ف بُز.

بزنانە: پیتاکی سەرانەی بزن بۆ میری ف باج‌و سرانهٔ بز.

بزنترێنە: گیایەکە لە کەوەر ئەکاو سەلکی هەیە ف گیاهی است.

بزنلەر: باڵـدارێکـە بۆر بەقـەد قازەو گۆشتی ئەخورێ ف پرندەایست بزرگ و بەرنگ خاکستری و حلال گوشت.

بزنمژ: جۆرە مارمێلکەیەکی درێژو ستورە، تیرتیرە، تێرتێرە ف بزمجه.

بزنمژە: بزنمژ ف بزمجه.

بزنمشك: بزنمژ ف بزمجه.

بزنـەدۆخـە: بزنێ کە دەدرێ بەئـاغا دۆی بخوا ف بزی کە بهره‌اش را ارباب می‌برد.

بزنەڕیشە: گیایەکە لەشویت ئەکاو سەلکی هەیە ف گیاهی است.

بزنەکێفی: بزنەکێوی، کۆوی ف بُز کوهی.

بزنەکێوی: بزنەکێفی ف بُز کوهی.

بزنەوەس: مەشکەی بزن ف مشك از پوست بُز.

بزنێری: گیایەکە بۆلەوڕ دەبێ ف گیاهی است.

بزو: ١) جۆرێ داربی؛ ٢) سەرەتای کلکی یەکسم لەلای قونیەوە ف ١) نوعی درخت بید؛ ٢) زیر دُم ستور.

بزواندن: جوڵاندن، تل‌پێدان ف تکان دادن.

بزوت: بسوت، سەرەبزوت، چیلکەو داری سەربەئاگر ف نیم‌سوز.

بزوتك: بزوت ف نیم‌سوز.

بزوتن: جوڵان ف جُنبش.

بزوز: بێ‌ئۆقرە، هەرلەگەڕاندا ف بی‌آرام و همیشه در حرکت.

بزۆق: ١) هەڵبـەزدابـەز؛ ٢) تەنبـور: ئامـرازێکی موسیقی‌یە ف ١) وَرجَهیدن؛ ٢) طنبور.

بزوك: زیرەك‌و پڕجوڵە ف زرنگ و همیشه در حرکت.

بزۆك: ١) جوڵێنـە، جوڵێن، وەحـەرەکـەت خەر؛ ٢) زۆر بەزگ‌و زا؛ ٣) زگ‌کەر، دژی نەزۆك ف ١) مُحرِّك؛ ٢) بسیار زاینده؛ ٣) مقابل نازا.

بزە: ١) زەردە خەنە؛ ٢) بزن؛ ٣) زەق تواشاکردن: (**بزەی** لێم‌کرد ترسیام)

ف ١) لبخند؛ ٢) بُز؛ ٣) نگاه خیره.
بزەباقە: بەلەباقە، نەخۆشیەکی بزنە، باقەبزن ف نوعی بیماری بُز.
بزەبز: زەق تێوەڕامان ف خیرەخیره.
بزەڵە: کوُدەڵەبەراز، بەچکە بەراز ف بچهٔ خوك.
بزی: بەزەیی: (بزی کا ناکا هورموز وەهویچ کەس) ف رحم و شَفَقَتْ.
بزێ: بەرکەڵ، دامنەچەقان، نوهگوان، چێڵی سێ بەهار دیتی ف ماده گاو سەساله.
بزیسك: پریشکەی ئاگر ف شراره.
بزێن: گەمەی جغزێن ف نوعی بازی.
بزێو: ١) بزوز؛ ٢) پاشگری بزوێنەر: (کوردێ کە سەرهەڵێنی دەڵێن بوتە سەربزێو) «سەیف» ف ١) بی‌آرام و در حرکت؛ ٢) مُحرِّك.
بژ: ١) جگە، غەیرەز، بل؛ ٢) یاڵ، توکی ملی یەکسم و شێر؛ ٣) کاکوڵ؛ ٤) موی راست وەستاو لەترسا یا لەسەیران، گرژ، کرژ: (لەترسان هەموو موی سەرم بژ وێستان)؛ ٥) پارچە، پاژ، لەتك ف ١) جز؛ ٢) یال؛ ٣) کاکل؛ ٤) سیخ شدن موی از ترس یا تعجب؛ ٥) جُزء.
بژار: ١) گیای خراب لەناو زەرعات؛ ٢) دانەی بێگانە لەناو دانەوێڵەدا؛ ٣) خۆدۆزین؛ ٤) ژمار: (گوێزت بەبژار دەدەمێ) ف ١) وجین؛ ٢) تنقیح؛ ٣) خودجُستن؛ ٤) شُماره.
بژارتن: ١) پاك کردنی دانەوێڵە لە زیوان و شتی ناباب؛ ٢) ژماردن؛ ٣) برژاندن ف ١) پاك کردن غلات؛ ٢) شُمُردن؛ ٣) برشتن.
بژارچن: ئاسنۆ کێکی کلکداری دەم‌پانە کە گیای بژاری پێ هەڵدەکەنن، گیاکەن ف بیلك وَجین.
بژاردن: ١) ژماردن؛ ٢) نەقاندن، چاك لەخراب جیاکردنەوە؛ ٣) تاوان‌دان ف ١) شمردن؛ ٢) برگُزیدن؛ ٣) تاوان دادن.
بژاردە: ١) کەم‌وێنە؛ ٢) ژمێردراو ف ١) کم نظیر؛ ٢) شُمرده شده.
بژارکردن: ١) گیای بێ کەڵك فرێدان؛ ٢) خۆدۆزین ف ١) وجین کردن؛ ٢) خودجُستن.
بژارکەر: کەسێ بژاردە کا ف وجینکار.
بژارنەوە: ١) خەون گێڕانەوە؛ ٢) دوبارە هەژماردن ف ١) بازگوکردن خواب؛ ٢) بازشمردن.
بژارە: ١) بژار؛ ٢) تاوان؛ ٣) تەرجەمە، وەرگێڕان؛ ٤) بژاردە؛ ٥) راستەو پاستەکردنی رایەڵ کە جوڵا ئەیکا؛ ٦) خەیالاتی خەوزڕاو؛ ٧) خەولێکدانەوە ف ١) وجین؛ ٢) تاوان؛ ٣) ترجمە؛ ٤) ممتاز؛ ٥) تارەکشیدن؛ ٦) خیالات خواب پریده؛ ٧) تعبیر خواب.
بژاڵ: ١) هەڵاش، چرپی و پوشێ کەبەسەر میچیدا ئەدەن؛ ٢) گیای بژار؛ ٣) بڵاوی و پەرێشانی ف ١) خلاشه؛ ٢) گیاه هرزه؛ ٣) تشویش.
بژانگ: ١) مژوڵ، برژانگ؛ ٢) پرزەو ریشاڵی کوتاڵ ف ١) مژه؛ ٢) پُرز قماش.
بژاندن: ١) هەڵبژاردن، نەقاندن؛ ٢) برژاندن ف ١) انتخاب کردن؛ ٢) برشتن.
بژبژ: پاژپاژ، پارچەپارچە ف قطعه‌قطعه.
بژبژە: هەڵەپەزە، پەسپەسەکوڵە ف رُطیل.
بژکین: بڵاوبون، پڕژان ف پراکندن.
بژل: بەجگە، بەغەیرەز، بل ف بجُز.
بژلی: بژل ف بجز.
بژن: قژن ف ژولیده‌مو.
بژنگ: پریشکەی ئاو یا ئاگر، پریشك ف پَشنگ.
بژنیاگ: بژاردە، هەڵبژاردە، نەقاندی ف انتخاب شده.
بژنین: ١) چنینەوە، هەڵگرتنەوە؛ ٢) خۆدۆزین، خۆپشکنین بۆ زیندو؛ ٣) دانەوێڵە بژارتن ف ١) برگرفتن؛ ٢) خودجُستن؛ ٣) پاك کردن غلّه.
بژوك: ئیشتیا، ئارەزو، واز ف اشتها.
بژوڵ: بژانگ، برژانگ ف مُژه.
بژوڵك: بژانگ ف مُژه.
بژون: ١) پاك و خاوێن؛ ٢) هەردی پڕگیاو لەوەڕ، زەمەند؛ ٣) شوژن ف ١) پاك و تمیز؛ ٢) زمین پر گیاه و علف؛ ٣) جوالدوز.
بژونی: پاك و خاوینی لەش ف پاکیزگی بدن.
بژوێن: زەمەند، زەوی پڕگیاو لەوەڕ ف زمین پرگیاه و علف.
بژەن: کلیل و گوڵە، کەلون، کێلون ف کلید و قفل چوبی.
بژی: ١) کاکوڵی سەر هەنیە، گودلە، فڕ؛ ٢) وشەی رێز: نەمری؛ ٣) یاڵ ف ١) زُلف؛ ٢) زنده یاد؛ ٣) یال.
بژیاگ: هەڵبژاردە، بژاردە ف انتخاب شُده.
بژیان: پژان، بڵاوبون، پەرژبون، پڕژان ف پراکندن.
بژیشك: حەکیم؛ لوقمان ف پزشك.
بژیك: خوژی، خوژیو، کەسێ چاوی لە یارمەتی کەس نەبێ ف مُتّکی به خود.
بژیو: ١) مایەی ژیان، هەرچێ پیاوی پێ دەژی؛ ٢) بژیك ف قوت، مایهٔ زندگی؛ ٢) مُتکی بەخود.
بژیوی: پێداویستی ژیان، ئاردو دانەوێڵەو ئازوخەی ماڵ: (بژیویمان لەماڵدا نیە) ف وسایل زندگی.
بس: بۆست، بست، لەسەری توتە تا سەری قامکەگەورە بەبڵاوی، بنکس، بنکوس ف وجب.
بسبسوك: گوڵە ستێرە، گوەستێرە ف کرم شبچراغ.
بست: ١) بس؛ ٢) بستە، ئاسنی نێوان تەوەرەو بەرداش ف ١) وجب؛ ٢) قُطب آسیاب.
بستك: ١) بستەی ئاش؛ ٢) بستەی سەرتەندور ف ١) قُطب آسیاب؛ ٢) سیخ آهنی که بر بالای تنور گذارند.
بستو: ١) ملەی کێو؛ ٢) بستی ئاش، بستەی ئاسیاو ف ١) گردنهٔ کوه؛ ٢) قُطب آسیاب.
بستوگە: کوپەڵە، کوپەی چکوڵە ف بستوغه.
بستە: ١) ئاسنی نێوان گەروی دوبەرداش؛ ٢) ئاسنی سەرتەنورو ئاورگ؛ ٣) پستە، فستق؛ ٤) چەقەنە بەدەست؛ ٥) گوێ نەدەر، بێ پەروا ف ١) قطب آسیاب؛ ٢) سیخ تنور؛ ٣) پستە؛ ٤) بشکن زدن؛ ٥) بی‌پروا.
بستەباڵا: باوەعەمرە، چڵەنۆك، باوەقورەت ف کوتوله.

بستەلێدان: چەقەنە لێدان، پل‌تەقانن، تەقەلە پتەهێنان ف بشکن زدن.
بستیك: زەنگەتەتری، تیسك، هێشولکە لەهێشو ف تلسك.
بســـك: ١) موی سەرلاجــانـگ، ئەگریجـە؛ ٢) پرزەی سەریـەرگی گەنمەشامی ف ١) زلف؛ ٢) کاکُل ذرّت.
بسکوری: شەق‌و تورت‌و بەکەیف، بۆ زەرعاتی بەخۆداهاتوی دەڵێن ف شاداب.
بسکۆك: ئەوبسکەی بەرەو رومەت هەڵدەگەڕێتەوە ف خَم گیسو.
بسکۆل: پژی گەنمە شامی ف کاکُل ذرّت.
بسکۆڵە: گیایەکە لە ئەگریجە ئەکا ف گیاهی است شبیه به زُلف.
بسکە: بزەی لێو و گەشی‌رو لەخۆشیان ف تَبَسُّم.
بسکەی سمێڵ: زەردە خەنەی پەنامەکی ف خندهٔ زیرلب.
بسڵمان: موسوڵمان ف مسلمان.
بسمار: مێخ، بزمار ف میخ.
بسمــارە: ١) مێخـەکـەی‌پا؛ ٢) مو کە لەدەست دێ‌و زۆر بەژانە ف ١) میخچهٔ پا؛ ٢) کژدُمە.
بسو: وشەی فەرمان: بساوە، ڕێخە، پێدابماڵە ف بسای.
بسۆت: بزوت، چلۆسك ف نیم‌سوز.
بسۆخ: تەنبور، بزۆق ف طنبور.
بسوڵدان: ١) موسوڵدان، میزەڵدان، کیسەی میز لەدەروندا؛ ٢) بریەتی لەگون ف ١) مثانه؛ ٢) کنایه از خایه.
بسوڵمان: بسڵمان ف مسلمان.
بسە: بوێستە، وچان‌بدە: (بسە ئەز بێژمەتە) ف بایست.
بسەرڤە کرن: بەسەر کردنەوە، مشورلێ‌خواردن ف احوالپرسی و تَفَقُّد.
بسە کنە: ئارام‌بە، راوەستە، هێدی بە ف آرام بگیر.
بسیرە: بەرسیلە، قۆرە، هاڵە ف غورە.
بسێن: ١) کڕیار؛ ٢) داگیرکەر ف ١) خریدار؛ ٢) غاصب.
بسێنە: ١) وەرگرە، بستێنە؛ ٢) بکڕە ف ١) بگیر؛ ٢) بخر.
بسێنەوە: کەسێ کە بۆستران بێژ یان شیوەن گێڕ دەگێڕێتەوە ف هیأت کُر.
بشافتن: هەڵ پشاوتن، گوشین بەدەست لەناو ئاودا: (سماق **بشافتی** یە بۆشیوێ) ف اَفشردن.
بشانۆ: ١) بلەرێنێتەوە؛ ٢) باوێژێ ف ١) تکان بدهد؛ ٢) بندازد.
بشکافتن: هەڵ پشکوتن، هەڵوەشانی جێ‌تەقەڵ ف شکافتن.
بشکانن: گریان بەدەنگی نزم، بەنوزە گریان ف آرام گریستن.
بشکۆژ: ١) خونچە؛ ٢) دوگمە، قۆپچە ف ١) غنچه؛ ٢) دکمه.
بشکۆش: خونچە، بێچوە گوڵی نەپشکوتو ف غُنچه.
بشکول: پشکەڵ، کشپەڵ، کشپل، قشپل ف پشك حیوان.
بشمێ: برۆین، بچین ف برویم.
بشۆ: ١) بچۆ؛ ٢) بشۆرە ف ١) برو؛ ٢) بشوی.
بشۆرە: خەمی زۆرگران کە دیق بەپیاو دەکا ف غم جانگداز.
بشۆن: برۆم، بچم ف بروم.
بشۆن: بشۆرن ف بشویند.

بشیامێ: بچوایتین، برۆیشتبایین ف می‌رفتیم.
بشێونە: مایەفیتنە، سەرەسۆدرە، کێشە هەڵایسین، ئاژاوەچی ف آشوبگر و فتنه‌انگیز.
بشێوە: قەومان، کێشەو هەراو ئاژاوە ف آشوب.
بشێوی: ئاژاوە، بشێوە ف آشوب.
بشێوێنی: ئاژاوە ف آشوب.
بعوك: دەم‌وچاو ناحەزی پیاوترسێن ف بدریخت.
بغور: غللور، لەقەڵەوی با ڕە گوێ کەوتو ف مغرور.
بغورد: بخوُر، سوتەنی بۆن خۆش ف بخوُر.
بغوردان: ئەوەی بخوُری تێدا دەسوتێ ف بُخوردان.
بغوز: بخوز، گای خەفۆك ف گاوی که در وقت کار بخوابد.
بغــە: بریـنـدارکـردن، سەربرین بەزمانی منالەساوا: (دەس لەچەقۆکە نەدەی **بغە**ت دەکا) ف زخمی شدن به زبان بچگانه.
بفرا: هەرشتەی خاوی بۆنەدراو ف رشتهٔ خام.
بفرۆش: فرۆشیار ف فروشنده.
بڤ: ١) دەنگی ژەنگە سورە؛ ٢) وشەیەکە منالی پێ دەترسێنن، خەتەر ف ١) صدای زنبور؛ ٢) کلمهٔ تهدید بچه.
بڤـر: ١) خۆپـەسـەنـد، خۆهەڵکێش؛ ٢) بیور، تەوری داربڕین ف ١) خودپسند؛ ٢) تَبر.
بڤز: ١) بوُز، داری بوُز؛ ٢) کرێژە بەرد، قەوزەی بەرد ف ١) درخت پشه؛ ٢) گل سنگ.
بڤزیی: بەڕەنگی کرێژەبەرد ف بەرنگ گُل سنگ.
بڤڤە: بڤ، بڤە ف کلمهٔ تنبیه بچه.
بڤکێ: ژنی حیز، خۆفرۆش ف زن خودفروش.
بڤە: بڤ ف نگا: بڤ.
بڤێ نەڤێ: خوایی نەخوایی، بتەوێ نەتەوی ف خواه‌ناخواه.
بقم: دەرمانە سوری چاو، دەنکێکە سور بۆ دەرمانی چاو ف دانهٔ گیاهی است برای چشم درد.
بکوژ: ١) پیاوکوژ، کوشنندە، گوژەر؛ ٢) کوشتن: (دنیاکە بگربکوژە) ف ١) قاتل؛ ٢) کُشتن.
بکــە: ١) فەرمانی کردن؛ ٢) پکەی جگ، بەڕودا کەوتنی میچ، ئیوهی، پشتە ف ١) بکُن؛ ٢) دَمَرافتادن شتالنگ.
بەڕادان دان: ڕاسپاردن بۆ درۆست کردن: (دەستێك جلکم **بەڕادان** داوە) ف سفارش دادن.

بەراردەی: هەڵکەندن، کۆڵین ف درآوردن.

بەراز: ١) خو، خوگ، گاکوڵ؛ ٢) بریەتیە لە پیاوی زۆرهارو کۆڵنەدەرو بەکار ف ١) گراز؛ ٢) کنایه از آدمِ شجاع و نستوه.

بەرازخۆر: بریەتی لەکاکەیی، ئەهلی حەق ف کنایه از اهلِ حق.

بەرازە: ١) کەڵپی یەکسم کە لە شەش ساڵیا دێت؛ ٢) دارێ کە بەرداشی پێ بەرز دەکەنەوە؛ ٣) ملّغە، لۆسە، باری؛ ٤) کاریتە؛ ٥) قایشی جوت لە شوڵی بادراو ف ١) نابِ اسب شش ساله؛ ٢) چوب حمل سنگ آسیاب؛ ٣) اهرُم؛ ٤) بالار؛ ٥) بند خیش که از ترکه بافته شده باشد.

بەڕاس: ١) وشەی پرسیار. واتا: بێ درۆ؟؛ ٢) لەڕاستی‌دا، بەدروستی ف ١) براستی؟؛ ٢) بەدُرستی.

بەڕاستی: بەڕاس ف نگا: بەڕاس.

بەراش: بەرداش، سەنگ ئاساو ف سنگ آسیاب.

بەراڤ: ١) بەردە زورەی تیخ تیژکردن؛ ٢) شیو وکوڵ؛ ٣) زەمینی بەراو ف ١) سنگ سوهانی؛ ٢) رخت‌شویی؛ ٣) زمین آبی.

بەراڤی: کۆڕ، کۆبونەوە، جوات، جڤات ف اجتماعَ.

بەراڤێرك: دیاری جێژنە ف کادوی عیدی.

بەراڤیك: سوێنکە سابون ف تەماندهٔ صابون.

بەڕاك: هەیوان، بەربێڵایی، سەکوێ سەر داپۆشراو ف تراس.

بەرام: بۆنی خۆش، بەرامە ف نَکهَت، بوی خوش.

بەرامبەر: بەرابەر ف برابر.

بەرامبەرکێ: ١) پێك گرتن و بەبەریەك هەڵکێشان؛ ٢) ملەو کی بەرکێ، رك بەرکێ ف ١) مقابله؛ ٢) مسابقه.

بەرامبەری: ١) بەرابەری؛ ٢) بەگژداچون و لەڕودا وێستان ف ١) برابری؛ ٢) مقابلهٔ جنگی.

بەرامە: بەرام ف نَکهَت.

بەران: ١) پەزی نێر، نێرەمەڕ، قۆچ؛ ٢) ئامرازێکەلە هەوجاڕدا ف ١) قوچ؛ ٢) ابزاری درخیش.

بەرانبەر: بەرابەر ف برابر.

بەرانبەری: بەرامبەری ف برابری.

بەرانپێچ: بەروانە، بەروانکە، شیردۆش سنگ و بەری پێ دادەپۆشن ف پیشبند.

بەرانپێڵ: بەرانپێچ ف پیشبند.

بەرانگە: مۆڵگەی ڕان لەدەشت ف جای آسودن رمه در دشت.

بەرانەکێوی: نێری مەڕەکێوی ف قوچ کوهی.

بەڕانی: بیانی. بێگانە. لاوەکی ف بیگانه.

بەرانێ: قامکەگەورە، تلیامەزن ف انگشت شست.

بەراو: ١) زەمینی ئاوی، بەرانبەری دێم؛ ٢) بریەتی‌لە جێ جوێن و چەقاوەسو: (بابی خۆی **بەراو** کردوە، تازە **بەراو**بوە گوێ ناداتێ) ف ١) زمین آبی؛ ٢) کنایه از آدمِ فحش‌خور.

بەراوپشت: بەراوەژو، واژی، سەرنخون، بەرەواژی ف واژگون.

بەراودان: پێش گرتنی ئاو ف جلوآب گرفتن در آبیاری.

بەراورد: ١) لێکدانەوە، تاقی کردنەوە؛ ٢) تەخمین، بەخەیاڵ هەڵسەنگاندن، نرخاندن ف ١) آزمودن؛ ٢) حدس و تخمین.

بەراوەژو: بەراوپشت ف وارونه.

بەراوەژی: بەراوپشت، واژی، سەرنخون ف وارونه.

بەراوی: دەغڵی بەراو، ئاوی، بەرانبەری دێمی ف زمین آبی.

بەراویتن: بێچو بەمردویی هێنان ف سقط جنین.

بەراویتە: دایکێ کە بێچوی بەمرد؛ بی بوە، بێچوی نەکامڵ فڕێداوە ف مادر سقط کرده.

بەراهی: پێشایی ئاو یا لەشکر و... ف پیشاهنگ.

بەرایی: ١) بەراهی؛ ٢) ئیجازە، ڕەوادیتن: (دڵم **بەرایی** نادا ئازاری بدەن)؛ ٣) سەبوری، ئۆقرە: (دڵم **بەرایی** نایە) ف ١) پیشاهنگ؛ ٢) روا دیدن؛ ٣) صبوری.

بەربا: ١) خۆیان لەکاتی هەڵاویشتنا؛ ٢) هیچ بەسەر هیچەوە نەماو: (کەس نازانێ چۆنە؟ بەربایە!)؛ ٣) دەنکی پوچ کە لەبە باکردندا با دەیبا ف ١) خرمن زیر باد دادن؛ ٢) برباد رفته؛ ٣) دانهٔ پوك که باد

می برد.

بەرباد: بێ‌زەلەت، لە کەڵك و کارکەوتو، هیچ پێوە نەماو ف بر باد.

بەرباد کردن: لەکەڵك خستن، لەبەین بردن ف ازبین بُردن.

بەربار: ١) یەکسمی سێ ساڵە، ساڵی گرتن و بارکردنی بارە بەر؛ ٢) بریەتی لە گوێ لەمست و فەرمانبەر؛ ٣) رام، ئارام: (جاران هار بو ئێستا بەربار بوە) ف ١) ستور سەساله؛ ٢) فرمانبر و مطیع؛ ٣) رام.

بەربازن: دەستەوانەیێك کەناهێڵێ بازن هەڵخلیسکێ و خلەخل بکا ف النگوگیر.

بەربالاف: فوتەو خاولی گەرماو ف لُنگ و فوتهٔ حمّام.

بەربانگ: ١) رۆژو کردنەوە؛ ٢) بەیانی زو، شەوەکی؛ ٣) سەرەتای شەو ف ١) وقت افطار؛ ٢) صُبح زود؛ ٣) اوّل شب.

بەربڕ: نەقار، بەردتاش، سەنگ‌تراش، کەڤرتراش ف سنگتراش.

بەربژار: هەڵبژاردە، بژاردە، مونتاز ف برگزیده.

بەربو: بوکنی، ئەوانەی بۆ بوك گوێستنەوە دەچن ف ینگه، کسانی که عروس را همراهی می کنند.

بەربوارد: بەردیل کەساڵێ ئاوس بونی بواردبێ ف حیوانی که یکسال آبستن نشده باشد.

بەربواردو: بەربوارد ف نگا: بەربوارد.

بەربودی: بەربوك، ژنێ کەدە گەڵ بوك دەچێ ف ینگه.

بەربورە: ١) بەربیر، بەخەیاڵ و گومان؛ ٢) بەربوارد ف ١) بەگمان؛ ٢) نگا: بەربوارد.

بەربوری: پێش‌بینی، خەبەردان لەڕونەداو ف پیشبینی.

بەربوسە: نێوانی نیر و بوسە ف از ابزار خیش.

بەربوق: گونجە، نوێن، جوی ئاوی داپوشراو، بەوشتر گەڵو کێشراو ف مجرای آب سرپوشیده.

بەربوك: بەربودی ف ینگه.

بەربوگ: ١) بێ‌ئاکار، بەدخو؛ ٢) بەرەڵا ف ١) بداخلاق؛ ٢) رها، یله.

بەربون: ١) ئازادبون لەزیندان؛ ٢) بەرهەڵدابون، بێ‌خاوەن؛ ٣) ئاو لەگوڵەوە دەرچون ف ١) آزادشدن؛ ٢) بی‌صاحب، یله؛ ٣) خارج شدن آب از مجرایش.

بەربونەوە: داکەوتن، کەوتنەخوار، شوڕبونەوە ف اُفتادن.

بەربویك: بەربودی، بەربوك ف ینگه.

بەربەتاك: ئاواڵە، وەکری ف باز، گشاده.

بەربەخت: کیژی عازەوی وەختی شو هاتو ف دختر عَزَب.

بەربەر: سەرتاش، دەللاك ف سلمانی.

بەربەران: پەزی سێ بەهار دیتی، بەردیل، مەڕی سێ‌بەهار دیتو ف گوسفند سەساله.

بەربەرۆچك: جێگەی خو هەڵخستن لەبەر تاو، روبەڕۆژ ف جای رو بەآفتاب.

بەربەرۆچکە: بەربەرۆچك ف آفتابگیر.

بەربەروشك: سەرپێرێژن، تەمەڵی بێکارەی کە لەماڵ دەرناچێ ف تنبل و بیکاره.

بەربەرە: ١) خێشك، ئەودارە ئەستورەی دەجوتی دەخەن و شوی پێ‌راست دەکەن؛ ٢) وەروەرە، شەپالوخ، شاپەلوخ، پاروی پانی بەفرماڵین ف ١) مالهٔ زمین صاف‌کن؛ ٢) پاروی بزرگ برف‌روبی.

بەربەرەکانێ: ١) لەرودا وێستان، دەگژراچون؛ ٢) ملەوکێ بەرکێ، رکەبەری ف ١) رودر رو ایستادن؛ ٢) مسابقه.

بەربەژن: دوعاو حەمایەلێ کە دەملی دەکەن و دەچێتە سەرکەلەکە ف تعویذی که بر گردن آویزند.

بەربەس: ١) بەربەست، لەمپەری ئاوگەڕاندنەوە؛ ٢) لەمپەری سەررێگە، رێ‌بەندان ف ١) سدّ؛ ٢) راه‌بند.

بەربەست: بەربەس ف نگا: بەربەس.

بەربەسێڵ: قوراو، چێشتی گوشت و ماست ف آش گوشت و ماست.

بەربەسێڵك: بەربەسێڵ ف نگا: بەربەسێڵ.

بەربەش: دەفرو ئامرازی کانزا ف ظروف معدنی.

بەربەفش: جلف، بلح، خوهەلکێش ف آدم جلف و خودستا.

بەربەق: لێوە گوڵەمەرەزە، لێواری گوڵی چەڵتوك بوئاو بەهەمولا گەیشتن ف جوب شالیزار.

بەربەلەت: سەرسورێن ف سرسام‌آور و خیره کننده.

بەربەن: ١) دار یا بەردێ کە گونجەی ئەستێلی پێ‌دەگرن، بەردەگونجە، کونئاخنی ئەستێرك؛ ٢) سینەبەند، گەردەن‌بەندی شوڕ؛ ٣) جوری خورما؛ ٤) خشڵی ژێرچەنە ف ١) دهانه‌گیر استخر؛ ٢) گردن‌بند؛ ٣) نوعی خرما؛ ٤) زیور زیر چانه.

بەربەیان: تاریك و ڕون، شەوەکی، هەوەڵی رۆژێ ف بامداد، پگاه.

بەربیك: بەربودی، بەربوك ف ینگه.

بەربێڵ: داهاتی زەوی، بەروبو ف فرآوردهٔ کشاورزی.

بەربێلایی: هەیوان، بەرسەربانی بێ‌دیواری ئەولاو ئەولا، شوێنی باران‌نەگر ف ایوان، پناهگاه موقع باریدن.

بەربین: بەربینگ، ستوکرك، بن‌گەرولە دەرەوە ف بیخ گلو از خارج.

بەربێن: بەن‌کەڵەوە، بەندکەڵەمە ف چنبره‌بند گاو.

بەڕبین: پەڵپینە، پرپرە، گیایەکە ئەخورێ ف گیاهی خوراکی.

بەربێنکە: بەرەڵبێنە، بەرهەڵبێنە ف پیش‌بند کار.

بەربینك: ١) بەربین، پێسیر، ستوکرك، سوکر؛ ٢) بریتی لەبەهانە ف ١) بیخ گلو؛ ٢) کنایه از بهانه.

بەرپا: دامەزران، بەرپاکردن، سازکردن، بەرپابون، سازبون ف برپاداشتن.

بەرپاش: ١) پشتەورو، واژی؛ ٢) بەرەو دواوە، بەرەوپاش ف ١) وارونه؛ ٢) رو بەعقب.

بەرپرس: لێ‌پرسراو، مەسول، مەسئول، بەرپرسیار ف مسؤول.

بەرپرسیار: بەرپرس ف مسؤول.

بەرپشتوێن: بەرکەمبەر ف لای کمر بند.

بەرپشتێن: بەرپشتوێن ف لای کمر بند.

بەرپشتێنە: بەرپشتێن ف لای کمر بند.

بەرپەرچ: ١) پێچ دانەوەی بزمار؛ ٢) رێگە لێ‌برینەوە؛ ٣) قسەپێ‌برین

ف ١) پرچ میخ؛ ٢) سر راه گرفتن؛ ٣) در میان سخن آمدن.

بەرپێ: پێخوست، بەرپا، ژێرپێدراو ف زیر پامانده.

بەرپێچ: ١) واشەر، مۆرەی پێچ؛ ٢) پێش‌گری ف ١) واشر؛ ٢) پیش‌گیری.

بەرتاش: ١) بەربڕ؛ ٢) بەرگەدەتراش ف ١) سنگ‌تراش؛ ٢) موی زهارتراش.

بەرتاشین: ١) بەربڕین؛ ٢) بەرگەدە تاشین ف ١) سنگتراشی؛ ٢) موی عانەتراشیدن.

بەرتاو: شوێنێ کەتاو لێ ئەدا ف جای آفتاب‌گیر.

بەرتفك: چەخماخی تفەنگ، مقەنەزمە ف چخماق.

بەرتڤك: بەرەفڕکێ، کوچك هاویتن، بەردهاوێژی ف سنگ‌پرانی.

بەرتل: گوێچ، پارە یان‌میچ کە لەکایەدا دای‌دەکەن ف پول یا شتالنگ کە در بازی تیلە بر زمین ریزند.

بەرتوڕ: خوارو خێچ، کەچ و داهاتو ف کج‌وکولە.

بەرتەرەف: لەبەین‌چون، خەلاس‌بون: (کێشەکە **بەرتەرەف** بو) ف برطرف.

بەرتەك: بەرهێرش ف زیر یورش قرار گرفتە.

بەرتەلاش: زەبەلاحی ناقۆلای خوێنتال ف لندهور بدقوارە.

بەرتەلانە: دیاری ماڵی‌بوك بۆماڵی زاوا بەر لەگواژتنەوە ف هدیهٔ خانه عروس به خانوادهٔ داماد قبل از ازدواج.

بەرتەنگ: تەنگەبەر، بێ‌دەرەتان ف تنگنا.

بەرتێشت: قلیان قاوەڵتی، سوکەخواردنی پاش لەخەوهەستان ف ناشتا.

بەرتێلانە: بەرتەلانە ف نگا: بەرتەلانە.

بەرتیل: خاوە بۆ کارێك هێنان، ریشوەت ف رشوه.

بەرج: خەرجی خۆڕایی‌و نابێویست ف خرج غیرلازم.

بەرجفت: دەرامەتی جوت‌و گا ف محصول زراعت.

بەرجل: بەروانکەی منال ف پیشبند بچه.

بەرجۆم: جیکلدانە، سیکەتۆرە، سیقەتۆرە ف ژاغر، چینەدان.

بەرجە: لەپێش، زوتر ف پیشتر.

بەرجەوەن: ١) دیمەن، لەپێش چاورا دیار؛ ٢) بەراورد، لێکدانەوە، تەخمین ف ١) منظره؛ ٢) تخمین و حدس.

بەرجەوەند: بەرجەوەن ف نگا: بەرجەوەن.

بەرجێنگ: پێشەسەر، خشڵێکی ژێری ژنانە کە بەسەر توێڵدا دێت ف نوعی زیور زنان که روی پیشانی قرار می‌گیرد.

بەرچا: بەرتێشت ف ناشتا.

بەرچاڤك: چاویلکە ف عینك.

بەرچاو: ١) دیمەن؛ ٢) جوان‌و لەبار؛ ٣) دیاردە ف ١) منظره؛ ٢) زیبا؛ ٣) پدیده.

بەرچاوتاریك: ١) ناهومێد؛ ٢) زۆر تورەو رك‌هەستاو ف ١) ناامید؛ ٢) مأیوس و عصبانی.

بەرچاوتەنگ: رژد، بەخێل ف خسیس.

بەرچاوتێر: دڵاوا، سەغاوەت ف سخی و بخشنده.

بەرچاوکە: قایشی ریشوداری بەرچاوی ئەسپ ف پیشانی‌بند پُرزدار اسب و...

بەرچاوگە: بەرجێنگ ف نگا: بەرجێنگ.

بەرچاوە: ١) توێڵ‌پێچی بەریشاڵی ئەسپ، بەرچاوکە؛ ٢) ئافتاو گەردان ف ١) نگا: بەرچاوکە؛ ٢) پیشانی‌بند دروگران.

بەرچاویلە: بەرچاوکە ف نگا: بەرچاوگە.

بەرچایی: بەرتێشت، بەرقلیان، بەرقەننە ف خوراك ناشتا.

بەرچن: قەرتاڵەی میوەچنی، تریان ف سبد میوەچینی.

بەرچنۆکە: بەرچنی چکۆلە ف سبدك میوەچینی.

بەرچنە: بەرچن ف نگا: بەرچن.

بەرچەپ: پێچەوانە ف برخلاف.

بەرچەق: سەرچۆپی‌کێش، پێشەنگی گۆبەند ف پیشاهنگ رقص دسته‌جمعی.

بەرچەڵە: ئەستوندەکی دەرەوەی چادر لەلای چیغەوە ف ستون خارجی خیمه.

بەرچەنە: ١) خشڵێکە بەبەر چەنەگەدا دێ‌و لەدولا لەسەر دەدرێ، کرمەك؛ ٢) بەرخەبەبە ف ١) زیور زیرچانه؛ ٢) غبغب.

بەرچیت: ١) سنگی چیغ‌ڕاگر؛ ٢) بریەتی‌لە پەیاغ، گالۆك ف ١) میخ چوبین سیاه چادر؛ ٢) کنایه از چُماق.

بەرچیخ: بەرچیت ف نگا: بەرچیت.

بەرچیغ: بەرچیت ف نگا: بەرچیت.

بەرچیلك: سیکەتۆرە، بەرجۆم ف چینەدان.

بەرچیڵە: گۆشتی ژێرچەنە ف غبغب.

بەرچین: چاندنی پێش کێڵان ف کاشتن قبل از شُخم.

بەرچینە: بەرچن، تریان ف نگا: بەرچن.

بەرچینەك: بەرجۆم، سیقەتۆرە ف چینەدان.

بەرچەلینك: بۆتەی زێڕینگەران ف بوتهٔ زرگران.

بەرخ: بێچوی پەز، بەڕا ف برّهٔ گوسفند.

بەرخستن: بەراویتن ف سقط‌جنین.

بەرخڤان: شوانی بەرخان ف چوپان برّه.

بەرخوار: ١) بەرخۆر، ئەوئازوقەی بەرلە زستان دەکاردەکرێ؛ ٢) قوماش یان جلکی راست نەبڕاو ف ١) آذوقهٔ پیش‌خور؛ ٢) بُرش کج لباس یا پارچه.

بەرخواردن: ١) توش‌بون؛ ٢) بەهرە؛ ٣) میوەخواردن؛ ٤) بریەتی‌لە ئیجارەی باغ‌و...؛ ٥) ناڕەحەت‌بون لەقسەی کەسێ: (بەقسەکەی **بەرم خوارد**، پێم **بەری خوارد**) ف ١) مُلاقات؛ ٢) بهره؛ ٣) ثَمَرخوردن؛ ٤) کنایه از اجارهٔ باغ و...؛ ٥) متأثر شدن از سخن یا کار کسی.

بەرخۆر: ١) پێش‌خۆر، بەرخوار؛ ٢) بەردکرۆژ، بریەتی لە خۆهەلکێش‌و بافیش‌کەر؛ ٣) زگ‌لەوەڕێن، خۆ بەخەڵك تێرکەر ف ١) پیش‌خور؛ ٢) کنایه از خودستا؛ ٣) مُردەخور، سورچر.

بەرخوردار: مراد حاسڵ، کامڕەوا ف برخوردار، کامیاب.

بەرخوڕك: تەزرەی ورد، تەرزەی وردیلە، تەیرۆ كێدهوڕ ف تگرگِ ریز.
بەرخۆلە: بەرخەساوا ف برّهٔ نوازاد.
بەرخەبەبە: بەرچێلە، غەبغەبە ف غبغب.
بەرخەفج: مۆتە، مۆتەكە، شەوە ف كابوس.
بەرخەل: گەلەبەرخ، بەرغەل ف رمهٔ برّه و بُزغاله.
بەرخەوان: شوانی بەرخەل ف چوپانِ برّه و بُزغاله.
بەرد: كوچك، كەڤر، سەنگ، تەوەن، بەر ف سنگ.
بەردا: لەپێشدا، پێشوو ف سابقاً.
بەردار: ١) داری خاوەن‌بەر؛ ٢) هەڵگر و بەسەبر: (چۆن خوا **بەردارە**؟) ف ١) درختِ مُثمر؛ ٢) شكیبا.
بەرداش: سەنگ ئاسیاو، بەرێ ئێش ف سنگِ آسیا.
بەرداشت: ١) بەهرەی زەوی؛ ٢) بۆچون، لێكدانەوە؛ ٣) دیباچە، سەرەتای كتێب ف ١) بهرهٔ زمین؛ ٢) نتیجه‌گیری؛ ٣) دیباچهٔ كتاب.
بەردان: لێكۆڵینەوە؛ ٢) بەرەڵاكردن ف ١) دقّت و مُلاحظه؛ ٢) رهاكردن.
بەردانگ: ژێرۆ، لای خوارەوە ف طرفِ پایین.
بەردانەوە: ١) لەژوورڕا فڕێدانەخوار؛ ٢) ئاو لەئەستێر بەرەڵاكردن: (بچۆ ئاو **بەردەوە**) ف ١) انداختن از بالا؛ ٢) آب را از استخر رها كردن.
بەردانی: ڕەقەن، بەردەلان ف سنگلاخ.
بەرداو بەرد كردن: دانەمركان لەماڵاو ئاوارەی چیا ف كنایه از آوارگی و آرام نگرفتن.
بەرداوی: بەردەلان ف سنگلاخ.
بەرداوێژ: ١) بەردهاوێژ، كەسێك كوچك پەرت ئەكا؛ ٢) مەودای بەردگەیشتن بەهاویشتن ف ١) سنگ‌پران؛ ٢) بُردِ پرتابِ سنگ.
بەردایں: چاوەدێری، ئاگاداری ف نظارت.
بەردایی: بەرەڵدا، ئازاد، ئازادو بەرهەڵدا كراو ف یله و رها، رها شده.
بەردبڕ: بەربڕ ف سنگ‌تراش.
بەردتاش: بەربڕ ف سنگ‌تراش.
بەردڕانە: نوقڵانەی بەرگی تازە. شیرنی جلكی نوێ ف انعامِ لباسِ تازه.
بەردڕكانە: بەردڕانە ف نگا: بەردڕانە.
بەردڕەكانە: بەردڕانە ف نگا: بەردڕانە.
بەردریاگ: بەردراو ف رهاشده.
بەردكاری: كاری بەردكردن، بەرد دەكاركردن ف سنگ‌كاری.
بەردكێش: ١) ئەقیاكە ڤرژخەلكی راتینە؛ ٢) شەلتە، بارێكی دوتای دارینە بەردو گڵی پێ دەكێشن ف ١) سنگ‌كش؛ ٢) ظرفِ سنگ كشی.
بەردڵ: ١) خۆشەویست و لەبەردڵان؛ ٢) قلیان قاوەڵتی، بەرتێشت ف ١) محبوب؛ ٢) خوراكِ ناشتا.
بەردڵك: ١) خوشەویست؛ ٢) تورەكەی مەمكان ف ١) دوست‌داشتنی؛ ٢) پستان‌بند.
بەردڵ كەوتن: پەسندكردن ف پسندكردن.
بەردم: پێش ف جلو.
بەردو: بن‌دوگی مەڕ ف زیر دنبهٔ گوسفند.
بەردۆ: پڕژانی شیركاتی دۆشین بۆ دەرەوەی مەردۆش ف پاشیدن شیر هنگام دوشیدن به‌خارج ظرف.
بەردوخ: ئامرازێكە لەدوخی خەرەكدا ف ابزاری در دوكِ نخ‌ریسی.
بەردوگ: بنی دوگی مەڕ، بەردو ف زیر دنبهٔ گوسفند.
بەردوڵە: ١) تەشتی گڵین بۆ نان‌تێنان؛ ٢) دەفری چڵكاوی ئاسنگەرو پینەچی ف ١) تشتِ سُفالین؛ ٢) ظرفِ آبِ كارِ آهنگر و پینه‌دوز.
بەردوڵیان: ئاردەشان ف نگا: ئاردەشان.
بەردوێك: سنگ و مەمك ف سینه و پستان.
بەردە: ١) بەنی، خولامی زێڕكڕی؛ ٢) ئەوداهاتە بۆ دەرەوە دەنێردرێ بۆ فرۆشتن؛ ٣) ڕفاندن و تاڵان: (عەجەب بگرەو **بەردە**یەكە) ف ١) برده؛ ٢) صادرات؛٣) چپاول و غارت.
بەردەئازەبە: بەردێ كەخۆرت بۆ راكردنی كێبەركێ دەكەن ف سنگِ زورآزمائی.
بەردەئەستێ: بەردی ئاگرپڕێن ف سنگِ آتش‌زنه.
بەردە ئەموستیلە: نقیم، مۆرخوانە ف نگینِ انگشتر.
بەردەبار: پیاوی زاناو بەتەگبیر ف مُدبّر.
بەردەباران: كوچك واران ف سنگ‌باران.
بەردەباز: پردەباز، ڕیزەكوچكێ لەناو چەم كە بەسەریا ئەپەڕنەوە ف سنگ‌های گُدار.
بەردەبێر: بەردێ كەشوان لەسەری دەنیشێ و مێ بۆ دۆشەر دەگرێ ف سنگی كه چوپان برآن نشیند و گوسفند را برای دوشنده می‌گیرد.
بەردەبیرۆ: بەردێكە بۆ ڕەقی و سەختی نمونەیە: (وەك **بەردەبیروی** لێ‌هاتوە) ف سنگی كه بسیار سخت است.
بەردەپا: سەنگی‌پا، بەردێكی ڕەشی كڕوزە كە لە گەرماو قاچی پێ‌دەشۆن ف سنگ‌پا.
بەردەپێ: بەردەپا ف سنگ‌پا.
بەردەتات: بەردی پان و لوس لە ڕەخی كانی و ئاو بۆ نوێژو لەسەردانیشتن ف سنگی پهن و صاف كه در كنار چشمه قرار دهند و روی آن نماز گزارند و بنشینند.
بەردەتراویلكە: زیخە شینكە كەلەبەر تاو ئەترووسكێ و وەك ئاو دیار دەكا ف سَراب.
بەردەتوتن: بەشێكی توتنانە بۆئاغا ف سهمیهٔ توتون ارباب.
بەردەچەرخ: سەنگی چەخماخ ف سنگ چخماق.
بەردە چەخماخ: بەردە چەرخ ف سنگ چخماق.
بەردەرك: پێش‌دەرك، پێش درگا ف جلو در.
بەردەركە: بەردەرك ف جلو در.
بەردەرگا: ١) ئاسانە، پێش‌ماڵ، بەردەرك؛ ٢) خەڵاتێكی زاوا بۆ بوك كە ئەیەوێ بەردەو دەرگای لێ‌بكرێتەوە ف ١) آستانه؛ ٢) هدیهٔ داماد به عروس.
بەردەرێژ: سەنگ فەرش ف سنگ‌فرش.
بەردەزۆرە: بەردێكی زبرە ئاوی پێدا دەكەن و چەقۆی پێ تیژ دەكەن ف

سنگ سوهان.

بەردەس: بەردەست ف پادو.

بەردەسان: هەسان، سان، بەردێکی لوس کراوە ڕۆنی لەسەر دادەنێن و تیخی پێ تیژ دەکەن ف فسان.

بەردەساو: بەردەسان ف فسان.

بەردەست: ١) کەسێ لەبەردەستایەو خزمەتی کەسێك دەکا؛ ٢) ئەوشتەی دەستت پێ ڕادەگاو دور نیە؛ ٣) پارچە ئاسەڕی قۆڵ لەنزیك جومگەوە ف ١) پادو؛ ٢) در دسترس؛ ٣) آستر آستین.

بەردەستە: ١) ئاسەڕی قۆڵ؛ ٢) گیرۆدەو یەخسیر، ژێردەستە ف ١) آستر آستین؛ ٢) گرفتار و اسیر.

بەردەستی: ١) خزمەتکاری، نۆکەری؛ ٢) ژیانی گیرۆدەیی ف ١) نوکری؛ ٢) اسارت.

بەردەستێ: بەردە ئەستێ ف سنگِ آتش‌زنه.

بەردەشۆر: شوتنەوەی دەغل بۆ بەرد لێ جیا کرنەوە ف شُستنِ غلّه برای جدا کردن سنگ‌ریزه از آن.

بەردەعازەبە: بەردەئازەبە ف سنگِ زورآزمایی.

بەردەقك: ١) نۆکەری هاوڕێی سەفەرو بەردەست؛ ٢) وێژەر لەباتی ئاغا ف ١) نوکر همسفر با ارباب؛ ٢) سخنگوی ارباب.

بەردەقانی: قەڵماسك، قۆچەقانی، کەهنیك، تیر وکەوان ف فلاخن.

بەردەقی: شەڕەشان، کێ بەرکێ لەشان لێکتردان‌دا ف مسابقهٔ تنه‌زنی.

بەردەلان: بەرداوی، زەوینی پر بەردو ڕەقەن ف سنگلاخ.

بەردەلبەرد: بەرداوبەرد ف نگا: بەرداوبەرد.

بەردەم: ١) بەردم، پێش؛ ٢) دمهەڵپێچ ف ١) جلو؛ ٢) نقاب.

بەردەمۆر: مۆری جێ ئەنی شیعە لە سوژدەدا ف مُهر نماز.

بەردەموکانە: دەموکانە، مێوژۆکە، بەری جۆرە دەوەنێکە، *با دەبیا بە دارمازووە بنوسێت. دەروێنەوە کوان ئاسایی دەماسێ، دەیبڕن،* دەیکوڵێنن، نوسەکێکی زۆر *لەچرێش نوسەك‌تری لێ پەیدا دەبێ* ف مویزك.

بەردەموکە: بەردەموکانە ف مویزك.

بەردەنوێژ: بەردەتات ف سنگی صاف که بر آن نماز گذارند.

بەردەواز: بەردەباز ف نگا: بەردەباز.

بەردەوان: ڕازەوان، کەسێ کەباش بەشاخ هەڵدەگەڕێ، شاخەوان، زەردەوان ف سنگ‌نورد.

بەردەوك: بەردەقك، نۆکەری تایبەتیو خۆشەویستی ئاغا ف نگا: بەردەقك.

بەردەهاڕ: بەرداش ف سنگ آسیا.

بەردەی: بردن ف بُردن.

بەردیل: ١) شت لەباتی شت، پێك گۆڕینەوە، ماڵ بەماڵ، ژن بەژن؛ ٢) شەکی بەربەران ف ١) معاوضه؛ ٢) شیشكِ سه‌ساله.

بەردین: لەبەرد چێ بوو، لەبەرد تاشراو ف ساخته شده از سنگ.

بەردینە: ١) بەردین؛ ٢) سێبەری بەرد: (خەوە **بەردینە** خۆشە) ف ١) ساخته‌شده از سنگ؛ ٢) سایهٔ سنگ.

بەرڕەت کەوتن: توش هاتن و بەگیرهێنان ف گیرآمدن.

بەرز: ١) برج، خانوەقوتکەی بان‌قەڵا؛ ٢) بڵند ف ١) بُرج؛ ٢) بُلند.

بەرزا: هەوەڵ فرزەند ف اوّلین فرزند.

بەرزاخ: بەروار، قەدی کێو ف کَمَر کوه.

بەرزاخوڕ: ئەسپێ کەفێرە لەئاخوڕی بڵندبخوا ف اسبی که از آخور بُلند بچرد.

بەرزان: ١) شوێنانی بڵند؛ ٢) ناوی مەڵبەندێك و هۆزێك لەکوردستان ف ١) بلندیها؛ ٢) منطقه و عشیرتی در کردستان.

بەرزایەتی: بڵندایەتی ف بلندی.

بەرزایی: بەرزایەتی ف بلندی.

بەرزپەڕ: بەرزفڕ ف بلندپرواز.

بەرزفڕ: ١) مەلێ تا زۆر بڵندی دەفڕێ؛ ٢) چاو لەبەرەژور ف ١) پرندهٔ بُلندپرواز؛ ٢) آدمِ بُلندپرواز.

بەرزقك: تیغەو لەمپەر لە تەختەو دار ف مانع چوبی.

بەرزکردنەوە: هەڵێنان، ڕاکرن، بڵندکردن ف بُلندکردن.

بەرزە: ١) قوتکە: (لێم بوتە بەرزەی بانان)؛ ٢) قیتایی لەناو تەختایی‌دا؛ ٣) شیوی برنج، پلاو، قبوڵی؛ ٤) بزر، گوم، وندابو، ون ف ١) بُلند؛ ٢) برجستگی وسط هموارى؛ ٣) آش برنج، پلو؛ ٤) گُم، ناپیدا.

بەرزەبڵێس: ئەوی لەهەموقسان هەڵدەداتێ، زۆربێژی نەزان ف وراج و نادان.

بەرزەبا: هەستانی بەگورجی و راست وێستان: (بەرزەبا لەبەرم ڕاستەوەبو) ف با عجله قیام کردن برای احترام.

بەرزەبەڕ: بەرزەفڕ ف بُلندپرواز.

بەرزەجڕە: سیسرکی دەشت، جرجڕ ف جَراسَك.

بەرزەجورە: بەرزەجڕە ف جَراسَك.

بەرزەچڕە: بەرزەجڕە ف جَراسَك.

بەرزەحەوایلە: کوڵارەی منالان، بادەوە، تەیارەی کاغەزی ف بادبادك.

بەرزەڕێنە: زوبەرجەت، بەردێکی بەقیمەتە دەیکەنە *نقێم و قاش،* زەردێکی *ئاماڵ سەوزەو دەتروسکێ* ف زَبَرجَد.

بەرزەفڕ: بەرزفر، چاو لە بەرەژور، ناڕازی بەوژیانەی تیایە: (هەرکەسێ بەرزەفڕە زو دەمرێ / بای بڵندایی سەرودڵ دەگرێ) «هەژار» ف بلندپرواز.

بەرزەك: بڵندایی نێوان تەختایی. *ئەم وشەیە عەرەب کردویەتە «بەرزەخ»* ف بَرزَخ.

بەرزەکی‌بانان: ١) قوتکەی بەسەرلێواری بانەوە؛ ٢) بریەتی لە لاوی توڵازودڵتەڕ ف ١) برجستگیِ لب بام؛ ٢) کنایه از جوانِ چشم‌چران.

بەرزەگەوە: دەستەکی پەرژین ف تارِ پرچین.

بەرزەلنگ: گیایەکی باڵابەرزە لەتیرەی پنگ و جاترە ف گیاهی از تیرهٔ پونه.

بەرزەولاخ: یەکسم ف ستور.

بەرزەوبون: ١) ڕاست‌بونەوە، هەستان؛ ٢) تەرەقی کردن ف ١) بُلندشدن؛ ٢) کنایه از ترقی کَردن.

بەرزەهەوایلە: بەرزەحەوایلە ف بادبادك.

بەرزی: ١) بڵندی؛ ٢) گەورەیی ف ١) بُلندی؛ ٢) بُلندپایگی.

بەرزێتی: بەرزی، بەرزایەتی ف نگا: بەرزی.

بەرزیلان: شێروخەت، ئەسکەملە ف بازی شیر یا خط.

بەرزین: ئەسپ و ماینێ وەختی لێ‌سواربوُنی هاتبێ ف اسبی که هنگام زین کردنش رسیده باشد.

بەرژین: شالاّو بۆ بردن، بەپەلەبۆچون ف با عجله و شتاب یورش بردن.

بەرژەنـە: بەرەمـەشکە، کەرەی لەیەك‌جار مەشکەژاندن پەیدادەبێ ف محصول کرهٔ یکبار مَشك.

بەرژەنەك: دەپی پێوانی کری تەون ف تختهٔ اندازه‌گیری تنیدهٔ فرش.

بەرستۆ: یەخە، خوار گەردن و باڵای سینگ ف پایینِ گردن.

بەرستە: بەردئەستێ ف سنگِ آتش‌زنه.

بەرسڤ: وەرام، جواب، جوال ف جواب.

بەرسڤك: هەیوان، بەربێلایی ف ایوان، تراس.

بەرسمبێل: سەرەمـوی لێواری لێو کەمـوسـوڵمان دەیقرتێنێ: (کافرە بەرسمبێلی خۆ ناکات) ف موی سبیل که بر روی لب آید.

بەرسمێل: بەرسمبێل ف نگا: بەرسمبێل.

بەرسنجك: سوُکە نزگەرە ف سکسکه خفیف.

بەرسورکە: سیسرەی ناوماڵ وەك قالۆچە دەچێ ف سوسك خانگی.

بەرسوڤ: وەرگەڕاو، نخون، قڵپ ف وارون.

بەرسۆلینگ: سنگ بەخەنە: باڵداریکە ف پرنده‌ای است.

بەرسویڵ: بەرسمبێڵ ف نگا: بەرسمبێڵ.

بەرسیڵ: کولێرەی بەساج برژاو ف نوعی گردهٔ نان.

بەرسیلە: قۆرە، کالکی‌ترێ، ترێی هێشتا ترش، پەسیرە، پەسیلە، هاڵە ف غوره.

بەرسینگ: سینەبەندی زین ف سینه‌بندِ زین.

بەرسینگـە: ١) بەرسینـگ؛ ٢) بریەتی لە ناوقەد: (بەفر بەرسینگەی بڕیبـو)؛ ٣) پێش لێ‌گرتن و ڕێگـەی دەرچـون بڕین: (بەرسینگەی لێ‌بڕیمەوە) ف ١) سینه‌بند اسب؛ ٢) کنایه از نیم‌قد؛ ٣) جلو راه قرار گرفتن.

بەرسینە: سینەبەندی زین، بەرسینگ ف سینه‌بندِ اسب.

بەرشوش: سەرەوژێر، بەرسوڤ ف وارونه، روبه پایین.

بەرشی: هاتەدەر، دەرکەوت ف بیرون آمد.

بەرشیو: بەرکـوڵ، خواردن بەرلە چێشت پێ‌گەیشتن ف خوردن قبل از حاضر شُدن غذا.

بەرشێو: بەرشیو ف نگا: بەرشیو.

بەرشیەن: دەرکەوتوە ف بیرون آمده.

بەرشیەی: دەرکەوتن، هاتنەدەر ف بیرون آمدن.

بەرعۆدە: دەستەبەر ف متعهد.

بەرغەل: بەرخەل، گەلەی بەرخ و کار ف گَلّهٔ برّه و بُزغاله.

بەرف: بەفر، وەور، وەروە ف بَرف.

بەرفخۆر: باڵداریکە ف پرنده‌ایست.

بەرفخۆرك: جۆرێ تەرزەی ورد ف تگرگ ریز.

بەرفرە: بەرگوشاد، هەراو، پان و بەرین ف گُشاد.

بەرفرە: بەرفرە ف گُشاد.

بەرفرێدان: بەراویتن ف بچّه‌انداختن.

بەرفماڵك: پاڕۆی بەفرماڵین ف پاروی برف‌روبی.

بەرفەشۆ: شڵێوە، بەفر و باران پێکەوە بارین ف بارشِ برف و باران باهم.

بەرفەك: جۆرێ مێزەر و پێچەسەری پیاوانە ف نوعی عمامهٔ مردانه.

بەرڤاژی: بەراوەژو، سەرەونخون، پشت و ڕو ف وارونه.

بەرڤالە: دەس بەتاڵ، هەژار، نەدار ف کنایه از بینوا.

بەرڤانك: بەروانکە، سینەبەندی کارکردن ف پیش‌بند.

بەرقی: تۆپیو، کەوتی، سەکـەت، مردو لە ڕێگـەی خراپەدا، بەرانبەری شەهیدبون ف هلاك شده.

بەرقین: مردن لەڕێیِ خراپـدا، بەرانبـەری شەهیدبون: (ئەوێ مێرکوژ بەرقی) ف هلاك شدن.

بەرق: ١) بروسکە؛ ٢) تروسکە ف ١) آذرخش؛ ٢) درخشش.

بەڕق: ڕکوُنی، ڕك لەسك ف کینه‌توز.

بەرقلیان: قاوەڵتی، بەرتێشت، بەرچایی ف ناشتا.

بەرقوڵ: ئاسەڕی سەردەست لەکەوا ف آستر آستین.

بەڕقەوە: بەتوُڕەییەوە: (بەڕقەوە تماشای کردم) ف غضبناك.

بەڕقی: تروسکەی‌دا ف بَرق‌زد.

بەرقییە: تێلگراف، تەلغراف، لەتێلدان ف تلگراف.

بەرك: ١) گوللە؛ ٢) گیرفــان، جێب، جیو، باخـەڵ؛ ٣) ئەستێرەیەکـە عەرەب ناوی ناوە: «شەعـرای شامی» ف ١) گلولـە؛ ٢) جیب؛ ٣) ستارهٔ شعرای شامی.

بەرکــاتی: کرێکـاری بەوەخت و سات: (ئێمـە بەرکـاتین بەگوێرەی سەعاتە کار موچە وەردەگرین) ف کارگر ساعت کار.

بەرکار: ١) کەرستەی ئامادەکراو بۆ خانوکردن؛ ٢) کارکەر، بەرانبەری سەرکـار؛ ٣) مەفعولی ڕێزمانی ف ١) مصالحِ ساختمانیِ آمادهٔ کار؛ ٢) عَمَله؛ ٣) مفعولِ دستوری.

بەرکاز: دەلاقەی دیواو دەر، پەنجەرە ف پنجره.

بەرکـانی: ١) بەرەقانی، قەڵماسك، قۆچەقانی، کەهنیك؛ ٢) خواروی سەرچاوە ف ١) فلاخن؛ ٢) پایین سرچشمه.

بەرکاو: داوێنی‌شاخ، بناری شاخ ف دامنهٔ کوه.

بەرکرن: لەبەرکردن، بوُدەرس و ... ف ازبَرکردن.

بەرکم: ١) گوڵاو؛ ٢) قەفەس ف ١) گلاب؛ ٢) قفس.

بەرکۆ: ١) قەڵپوزی‌زین؛ ٢) بەرکوتی دەغڵ؛ ٣) لای ژێروی خەرمان ف ١) قرپوس؛ ٢) پیش‌کوبیدهٔ غلّه؛ ٣) پایینِ خَرمَن.

بەرکوت: بەرکۆی دەغل ف پیش کوبیدهٔ غَلّه.

بەرکوتە: باڵداریکە، مەلێکە ف پرنده‌ایست.

بەرکور: بەرچێڵە، بەرخەبەبەی شوُڕ ف گوشتِ زیر چانه، غبغب.

بەرکوڕە: قوڵتە: باڵداریکی بچوکە ف پرنده‌ای کوچك.

بەرکۆژە: دادڕاوی یەخە تاسەر سنگ، بەر، پێسیر: (داخ لەدڵ بۆمە گرێی بەرکۆژە) «هەژار» ف گریبان.

بەرکۆستە: ریش تەنك و کەم‌مو ف ریش تُنك و کم‌مو.

بەرکۆسە: بەرکۆستە ف نگا: بەرکۆستە.

بەرکۆش: بەرەڵبێنە، بەرهەڵبێنە، کۆش‌پۆش لەکاتی کاردا ف پیش‌بند.

بەرکوڵ: تەواو نەکوڵاو ف نیم‌پخته، سرجوش.

بەرکوڵ کردن: پێش تەواوکوڵین لەشیو خواردن ف خوردن غذا قبل از پختن.

بەرکوڵە: دارێ دولکە دەیخەنە ناو نێرەقەو مژانە ف از قطعاتِ خیش.

بەرکـە: خێر و بەرەکـەت، پیت: (مەرەسور بەرکەدا دوبەرخەمێ زاوە، هەی بەرکەکەی) ف بَرکَت.

بەرکـەتی: هەڵکـەوتـە، شیاوی رێزلێ گرتن، زۆر زرینـگو بەکار ف شایسته و محترم.

بەرکەش: سینی، مەعجۆمە، مەجومعە، یاڵتەبەق ف طبق، سینی.

بەرکەفتی: بەرکەتی ف نگا: بەرکەتی.

بەرکەك: پەیژە، پێ‌پیلکە، ناردیوان، سلەم ف نَردبام.

بەرکەڵ: نێنگون، نوێنگین، نوگوهان، دامنەچەقان ف ماده‌گاو سه‌ساله.

بەرکەل: بەرکوڵ ف سرجوش.

بەرکەمرە: بەردێکە زو ئاگر دەگرێ، خەڵوزە بەردی لەبەر رۆژورەنگ بۆر ف زُغال‌سنگ.

بەرکـەمـەر: ١) گیایەکی گەرمـەسێری و بۆنخۆشە؛ ٢) سەربەرگەدە، بەرناوك ف ١) گیاهی است خوشبو؛ ٢) زیر ناف.

بەرکـەوتن: ١) ویکـەوتن: (بـەردێ بەرسـەرم کەوت)؛ ٢) بەش لەدابەشدا: (لە گۆشت بەشێن‌دا پیلێکم بەرکەوت)؛ ٣) وەبن کەوتن: (دەستم بەرچەرخ کەوت)؛ ٤) نۆرە، نۆبە: (وا زو بەرم ناکەوێ) ف ١) اصابت کردن؛ ٢) سهم رسیدن؛ ٣) زیرافتادن؛ ٤) نوبت.

بەرکهۆر: تفنگی لولەتەنگ ف تفنگِ لوله‌تنگ.

بەرکەیە: ١) بریکار، نوێنەر؛ ٢) یاریدەر، هاریکار ف ١) نماینده؛ ٢) همکار.

بەرگ: پێشو، بەرێ: (جاری **بەرگ** هاتم نەتم‌دی) ف قبلی.

بەرگ: ١) گەڵا، پەلـك، بەڵگ؛ ٢) پشتەکتێب؛ ٣) پۆشاك، جلك؛ ٤) دۆن، مەرام ف ١) برگ؛ ٢) جلد کتاب؛ ٣) لباس؛ ٤) مَرام.

بەرگا: کەسێ پێش گای تازەجوت دەکەوی تا فێری کا ف آنکه گاو را شخم آموزد.

بەرگاز: کوتاڵی بەرپان ف پارچهٔ عریض.

بەرگـایلکـە: چوێلە کۆکـەیەکی رەش‌و سپیە لەخـەتی جوت دوای گا دەکەوێ، قون‌هەڵتەکێنە، کلك هەڵتەکێنە ف پرندهٔ دُم‌جُنبانك.

بەرگـایی: بونـەبەرگا، پێش گاکەوتن لەجوتا بۆ راهێنانی، هەڤۆتن ف عَمَل شخم به گاو آموختن.

بەرگ تێگـرتن: ١) جڵدکـردنی کتێب؛ ٢) دەقـومـاش هەڵکێشـانی لێفەو... ف ١) جلدگرفتن کتاب و...؛ ٢) ملحفه کشیدن رختخواب.

بەرگ‌درو: جلددرو، خەیات ف خیّاط.

بەرگدور: بەرگ‌درو ف خیّاط.

بەرگـر: ١) لەبـات، جلك یان دەفـرێکی کەم‌نرخ دەکار کردن تا تازەو بەنرخ کۆن نەبێ یا نەشکێ؛ ٢) پێشگر: (**بەری** ئاوەکە **بگرە**، **بەرگری** لەشکـرەکە بو، **بەری لێ گرتن**)؛ ٣) ژنێ کە منالی بەسوتان مردوە، ودمی پێیە خوێ و ترشی سمـاق بەزیپکـەو *بلۆقی ئاگرەدا* کات‌و *نەهێلی* بتەنێتەوە ف ١) استفاده از کهنه و بی‌ارزش جهتِ حفظِ تازه و ارزنـده؛ ٢) سدّ و مانـع؛ ٣) زنی که بچه‌اش در آتش سوختـه ــ بەاعتقادی ــ با ریختنِ نمك و سُماق بر جوش و تاول آنها را از بین می برد.

بەرگرانە: کۆمەك و هیمدادبۆ شەڕکەرانی چەکدار ف کمك پشت جبهه.

بەرگرتن: ١) کاری بەرگری؛ ٢) خۆراگرتن و توانست لەبەر دژواری یان لەبـەرانبـەر لەخۆ بەهێزتر؛ ٣) مێوەدانی دار؛ ٤) ناوی زاخ لەکوتاڵی رەنگ کراودان تا کاڵ نەبێتەوە ف ١) دفاع؛ ٢) تاب و مقاومت در برابر بلایا...؛ ٣) بەثمرآمدن درخت؛ ٤) بەکارگیری زاج برای ثابت ماندن رنگ پارچه.

بەرگرد: شتی نەخۆشەویست لەباتی خۆشەویست دەکارکردن، بەرگر ف بەکارگرفتن بی‌ارزش برای حفظ باارزش.

بەرگردەڵە: دارێکە دەخرێتەژێر پازناو ف چوبك زیر اهرم.

بەرگری: بەرگرتن ف دفاع.

بەرگ گرتن: بەرگ‌تێ‌گرتن ف تجلید.

بەرگن: لوا، کوڵکەی وشترو بەرخ ف پشم شتر و بَرّه.

بەرگورد: دارگورد، دارێ لەنێوان رایەڵ‌و پۆی تەون‌دا بۆ راست کردنی پۆ ف چوب میان تاروپود در قالی‌بافی.

بەرگـە: تاقـەت، توان، پێ‌وەستـان، دەربردن: (**بەرگەی** حەملەی من ناگرێ) ف تاب و توان.

بەرگەدە: جێگەی روانی تۆکەبەر، لای هەرەخواروی ورگ ف زهار.

بەرگەڕ: خوانچەی دەسفرۆشی ناو بازار ف صندوقچهٔ پیله‌ور.

بەرگـەرەکێ: جوانی گەرەك. زۆرتـر بۆ *کەڵەباب و ئەسپی دەڵێن* ف زیبای محلّه، بیشتر برای خروس و اسب بەکار می‌رود.

بەرگەش: بەرکەش، یاڵتەبەق، سینی ف طبق، سینی.

بەرگەشتە: کڵۆڵ، چارەڕەش، بەدبەخت ف بدبخت.

بەرگەشتی: بەدبەختی، نەهات ف بدبختی.

بەرگە گرتن: دەربردن، دەگەڵ دەردو دژواریدا هەڵکردن ف تاب آوردن و مقاومت.

بەرگەل: بەرخەل ف گلهٔ برّه.

بەرگەڵا: بەرێکە لەگەڵای دارمازودەر دەچێ ف از ثمرهای مازوج.

بەرگەلە: دوا شوان، یاریدەری شوان ف دستیار چوپان.

بەرگەلەوان: شوانی بەرغەل ف چوپان برّه و بزغاله.

بەرگەمێ: کیاکۆن، کۆزەڵە ف ترتیزكِ آبی.

بەرگەمێو: پەلکەمێو، گەڵامێو، ئاپراخ ف برگ مَو.

بەرگیر: ماری ژەهراوی حەستەم ف مار افعی.

بەرگیرخستن: هێنانەگیر، وەگیرهێنان ف گیرآوردن.

بەرگیرکەوتن: وەبەردەست هاتن ف گیرآمدن.

بەرگیری: پارێزگاری لەوڵات، بەگژ دوژمن‌دا چون، پێش بەدوژمن گرتن ف دفاع.

بەرگین: پێشینە، لەمێژ ف پیشینە.

بەرما: بەرماوی خواردن ف نیم‌خورده.

بەرماخ: جۆرێ پەڕەسیغاری لولەیی کە توتنی تێدەکەن، پەرە جگەرەی قامیش یا قەمیش، بارماخ ف نوعی کاغذ سیگار.

بەرماغ: بەرماخ ف نگا: بەرماخ.

بەرماڵ: ١) پێش‌دەرگا؛ ٢) ئەوی نوێژی لەسەر دەکەن، دوگرد؛ ٣) بناوانی ماڵ؛ ۴) پارچەیێ لەکاتی هاتنی بای بەهێزدا بەسەر چادریەوە دەگرن تا با زۆرکار لە رەشماڵ نەکا، باگێڕەوەی تاوڵ ف ١) جلو خانه؛ ٢) سجّاده؛ ٣) خانه‌دار؛ ۴) پارچه‌ای محکم که هنگام طوفان بر چادر زنند تا آسیب نبیند.

بەرماڵك: جاجم، مەوج ف جاجیم.

بەرماڵە: ١) بناوانی ماڵ؛ ٢) پاشماڵە، ماڵەهەژارێکی خزمەتکاری ماڵێکەو جێگەیان داوەتێ، ژێرماڵە ف ١) کدبانوی خانه؛ ٢) خدمتکاری که در خانه اسکان دهند.

بەرماڵی: بناوانی ماڵ ف خانه‌دار.

بەرماو: بەرما ف نگا: بەرما.

بەرماوە: بەرما ف نگا: بەرما.

بەرمنەت: منەت‌بار، مەمنون، چاکەلەسەر ف ممنون.

بەرموور: گەردانە لەمت‌و موروو ف گردن‌بند از مهره.

بەرموسوڵدان: ژێرمیزەڵدان، تۆزێ بەرەوژورتر لەگون ف مثانه.

بەرمەجێل: دەرگاو دیواری لەشوڵك، چەپەر ف دیواری از ترکه که بر دور حصار و باغ و قلعه و امثال آن کشند.

بەرمەمکان: منالی شیرەخۆر ف طفلِ شیرخواره.

بەرمەمکانە: بەرمەمکان ف شیرخواره.

بەرمەی‌تاوی: بەرهەیوان ف نگا: هەیوان.

بەرمیل: بۆشکە، دەفری گەورەی دارین بۆ تراو، کوپەی داری سەرگیراو ف بُشکه.

بەرمێو: پەلکەمێو، ئاپراخ، گەلامێو ف برگ مو.

بەرناق: لەقەم، لەقەب، نازناو ف لَقَبْ.

بەرنامە: پەیرەوی نوسراو بۆ کۆمەڵ‌و حیزب ف برنامه.

بەرنوێژ: ئیمامی جەماعەت، پێش‌نوێژ ف امامِ جماعت، پیشنماز.

بەرو: دادڕاوی یەخە، پێسیر؛ ٢) پێشین، لەمێژ: (لەزەمانی بەرودا)؛ ٣) ئەبەم ف ١) گریبان؛ ٢) پیشین؛ ٣) می‌برم.

بەرۆ: ئەبا، ئەیبا، ئەیوا ف می‌برد.

بەڕۆ: ١) بەری دارێکی لێڕی‌و زۆر ناسراوە، پیاویش دەیخواو دەش‌بێتە ئالف؛ ٢) بەڕێزو حورمەت: (پیاوێکی بەڕوە)؛ ٣) بێ‌شەرم‌و قسەڕەق ف ١) بلوط؛ ٢) مُحترم؛ ٣) پُررو.

بەروار: گەوە، ناوقەدی کێو ف کمرِ کوه.

بەرواڵ: بەروار ف کمرکوه.

بەڕواڵەتی: بەنما، بەزاهیر ف ظاهراً.

بەروان: سینگ‌پۆش، ئەوپارچەی لەوەختی کارا یان لەوەختی نان‌خواردنی منالان بەسینگەوە دەبەسترێ ف پیش‌بند.

بەروانك: بەروان ف نگا: بەروان.

بەروانکە: بەروان ف نگا: بەروان.

بەروانە: بەروان ف نگا: بەروان.

بەروبۆ: ١) بەهرەی زەمین، داهاتی زەوی؛ ٢) ماوەو مەودا: (زستانی ئەمسال وادیارە **بەروبۆ** درێژدە بێ) ف ١) بهرهٔ زمین؛ ٢) مُدّت.

بەروبوخچە: جلك‌و کەلوپەلی تایبەتی ژن: (**بەروبوخچەی** تێك‌ناوە، دەڕوا) ف بُخچه و وسایل مخصوص زنان.

بەروبوم: بەروبۆ ف نگا: بەروبۆ.

بەروبێشکە: لانك بەکەل‌و پەلەوە، بێشکەو ئەسپابی بێشکە، دەرگوش‌و هەرتشتێن وێ ف گهواره و لوازم آن.

بەروپشت: بەراوەژو، واژی، پشتەو ڕو ف وارونه.

بەروپیر: پێشوازی، بۆ ڕێز لەپیاوی ماقوڵ دەرکەوتن لەماڵ، بەرەو پیرایی ف استقبال.

بەرودوا: ١) بەدوی یەکا هاتن، یەك لەدویەك؛ ٢) بەرەوپاش، ڕوبەدواوە ف ١) توالی و تسلسُل؛ ٢) به‌عقب.

بەرودواخستن: ١) پێش‌وپاش کردن؛ ٢) مەحتەل کردن‌و پاشگوێ هاویشتن ف ١) پس و پیش کردن؛ ٢) پس گوش انداختن.

بەرودواکردن: پاش‌وپێش کردن ف پس و پیش کردن.

بەرودوانان: شوێن هەڵگرتن، وەدوا کەوتن بۆ پێ گەیشتن ف تعقیب کردن.

بەرۆژ: ١) بەربەرۆچك؛ ٢) گوند یا مەزرای روەو رۆژ؛ ٣) لەرۆژدا، بەرانبەری لەشەودا ف ١) آفتاب‌گیر؛ ٢) دهکده یا مزرعهٔ رو به شرق؛ ٣) در روز.

بەرۆژو: مانگرتو لەخواردن لەرۆژدا ف روزه‌دار.

بەرۆژی: بەرۆژو ف روزه‌دار.

بەروسەی: بەراویتن، بێچو بەمردویی فرێدان ف انداختن بچّه.

بەروش: بەشێکە ئاشیر دەیدا بەئاشەوان ف سهمِ آسیابان از آسیاب.

بەرۆش: قازان، مەنجەڵ، قەزان ف دیگِ مسی.

بەرۆقاژی: بەراوەژو، بەروپشت ف واژگون.

بەرۆك: پێسیر، یاخە، بەرو ف گریبان.

بەرۆك بەردان: بریەتی لەدەست لەیاخە کرنەوە، لەکوڵ کەوتن، دەڤ‌ژێ بەردان ف گریبان رهاکردن.

بەرۆك گرتن: بریەتی لەتەشقەڵە پێ‌کردن، شەڕ پێ‌فرۆشتن، گەڕ تێ‌هالاندن ف گریبان گرفتن.

بەرۆڵە: ١) خەیاری تازەگۆراوی بەقەد قامك؛ ٢) دارۆکێکە دەناو پاش‌بارەو دەستەندودا ف ١) خیار نوبر ریز؛ ٢) چوبکی در خیش.

بەروەج: ١) ئاسنێ کە تفەنگی لێ دروس دەکەن؛ ٢) بریەتی لە تفەنگ ف ١) پولاد؛ ٢) کنایه از تفنگ.

بەروەستا: شاگردی سنعاتکار، بەردەستی پیشەساز ف شاگرد کارگاه.

بەروەسێل: ناوگۆڕك، ئاگردان، تفك، کوانو ف آتشدان.

بەرە: ١) ببە، بوە: (ئەمە **بەرە** بۆ پیرۆت)؛ ٢) دەنگدانی گا بۆ گەڕانەوە لەسەری خەت، بەرکە یەم‌لاوە یان وەرەوە لای خەت‌لێ‌دراو؛ ٣) تیرە، تایفە: (خانی دمدم لە **بەرەی** برادۆست بو)؛ ٤) سینەبەندی ئەسپ کە بە تەنگە زینەوەیە؛ ٥) دەرگا؛ ٦) بەس کردنی باران؛ ٧) پلە، کەمە؛ ٨) بەهرە، داهات: (**بەرەجوت، بەرە مەشکە**)؛ ٩) مەودای نێوان شەو جوڵا لەکاتی بۆزو تەنینـدا؛ ١٠) خشت‌وخـاڵ: (**بـەرەمێو**) واتـا: خشت‌و*خاڵی ناوخەڵێف*؛ ١١) روبە: (**بەرەوخوار، بەرەوژور**) ف ١) ببَر؛ ٢) کلمهٔ صدازدن گاو هنگام شخم؛ ٣) عشیره؛ ٤) سینەبند اسب؛ ٥) درب؛ ٦) بنـدآمدن باران؛ ٧) بتدریج؛ ٨) بهرهٔ کشاورزی و کرهٔ منسك؛ ٩) فاصله بین بافنده تا دَقّه؛ ١٠) آت‌و آشغال؛ ١١) بطرف.

بەڕە: گلێم، بەڕ، لەی ف گلیم.

بەرەبـەرە: ١) کەم‌کەم‌و بەتـەدریج؛ ٢) جوٙن پاشی‌جوٙن، دەستە دوای دەستە: (**بەرەبەرە** هاتن‌و گەیشتن) ف ١) کم‌کم و بتدریج؛ ٢) صف بعد از صف.

بەرەبەری بەیان: نزیك بەرۆژ بوٙنەوە ف نزدیکیهای صبح.

بەرەبەیان: بەربەیان، بولێڵەی بەیان ف بامداد، پگاه.

بەرەبێڵ: بەرەجوت، داهاتی زەوی ف بهرهٔ زمین.

بەرەبین: دەم‌بین، زاربین ف دهان‌بند.

بەرەتـەشی: کوتەدارێکی پانکەڵەی گرۆفەرە دە کلکەتەشی ڕادەکەن تا قورس بێ ف چوبکی مدوّر و سوراخ در پایینِ دوك.

بەرەتی: بریەتی، کنایە ف کنایه.

بەرەج: چارە، عیلاج ف چاره.

بەرەجفت: بەرەبێڵ ف بهرهٔ کشت.

بەرەجوت: بەرەبێڵ ف بهرهٔ کشت.

بەرەجەژنان: بەرەجێژنان ف نزدیکیهای عید.

بەرەجێژنان: رۆژانی نزیك‌بە جێژن ف نزدیکیهای عید.

بەرەخوار: روبەلای ژێر و ف روبەپایین.

بەرەخوارە: لێژایی، نشێو ف نشیب.

بەرەخەر: ١) جێ باروبنەی کاروان؛ ٢) ماك‌و داکێك بێچویان بەمردویی دەبێ ف ١) جای اطراق؛ ٢) جنین‌انداز.

بەرەڕەت: مردەو زیندە، قوڵکەو چاڵی سەر ڕێبازی نەچیر ف کمینگاه.

بەرەریخ: دیوارۆکـەی پشتیوانـەی دیوار ف دیوار کوتـاهی که برای محافظت از دیوار اصلیِ بنا کنند.

بەرەزا: یەکەمین بێچو، یەکەم فرزەند ف نخستین فرزند.

بەڕەزا: گیایەکی زۆرجـوانـە بەکـاوانـەوە دەڕوێ: (پێش ئەوەی شنەی بەیانی زولفی **بەڕەزا** بزێوێ) «هێمن» ف گیاهی است بسیار زیبا که در کوهستانها می‌روید.

بەرەزبانە: ئاغزونە، سێر، ئاڵقەو زمانەی کەوش‌و قایشی پشت‌و ... ف سگك.

بەرەزمانە: بەرەزبانە ف سگك.

بەرەزوانە: بەرەزبانە ف سگك.

بەرەزە: تەرە، ئاوارەو سەرلێ شێواو ف آواره.

بەرەزی: میوەی درکەزی، دڕوی پەرژین ف میوهٔ خار پرچین.

بەرەژان: ژانەدرۆزنە، ژان‌لێ هاتنی زگ‌پڕ بەرلە وەختی ژانی زان ف درد کاذب پیش از زایمان.

بەرەژور: رووەو بڵندی ف سر بالایی.

بەرەژورە: هەوراز، ئەفراز، هەل ف سربالایی.

بەرەژە: جیوەی گیا ف سمغ و انگم گیاه.

بەڕەژە: گیایەکە بۆ دەرمانی منداڵان دەبێ ف گیاهی داروئی.

بەرەژەنە: بەرەمەشکە، رۆنی یەکجار مەشکەژاندن ف کرهٔ یکبار مشك زدن.

بەرەژێر: نشێو، سەرەو خوار ف سرازیر.

بەرەستی: بەرد ئەستێ، بەردی ئاگرپژێن ف سنگ آتش‌زنه.

بەڕەشك: گیایەکە ف گیاهی است.

بەرەشۆ: بەردەشۆر ف شستن و پاك کردن حبوبات.

بەرەڤان: ناوبژیکار، کەسێ کەدەبێتە مایەی ئاشت کردنەوەی دودژ ف میانجی.

بەرەڤانی: ناوبژی کردن، نێوان کردن ف میانجی کردن.

بـەرەك: ١) بەرۆك؛ ٢) بـەرەی زینی ئەسـپ ف ١) گریبـان؛ ٢) سینەبندِزین.

بەرەگـە: ١) جێ گەرانـدنـەوەی ئاو؛ ٢) رێبازی نچیر کەڕاوکەر پێشی دەگرن ف ١) سدّ، برغاب؛ ٢) مسیر عبور شکار که شکارچی در آنجا کمین کند.

بەرەگەڵا: پۆرگێکی سورو سپی کە لەگەڵای دارمازو دەردەچێ ف ثمر تاول مانندی که از برگ مازوج بیرون آید.

بەرەڵا: رەهـا، بەرەڵـدا: (ئـەسپـەکە **بەرەڵا** بوە، لەزیندان **بەرەڵا** بوم، **بەرەڵا**یە گوێ ناداتە عەیب‌و عار) ف ول، یله، لاقید.

بەرەڵبێنە: پێش‌بەند، پارچەی داپۆشی کەمەر تا ئەژنۆ لەکاتی کاردا ف پیشبندکار.

بەرەماك: بێچوی بەرەڵدا دەگەڵ دایك کە بەئازادی شیر دەمژێ‌و دایکی نادۆشن ف بچه حیوانی که تمام شیر مادر را به او بدهند.

بەرەماڵ: خانەدان، ماڵەگەورە، گەورەماڵ ف خاندان.

بەرەمۆ: بێچوی ئاژەڵ کەدەم لەگوان ناکاتەوەو بەزۆر دوری دەخەنەوە ف بچه حیوانی که به زور از پستان مادر جدا می‌شود.

بەرەمۆم: بەرەمێو ف آشغال کندوی عسل.

بەرەمەشکە: کەرەی جارێك مەشکەژاندن، بەرەژەنە ف نگا: بەرەژەنە.

بەرەمێو: خشت‌و خاڵی ناو پلورەمێش ف آشغال کندوی عسل.

بەرەندك: پێشوازی ف پیشواز، استقبال.

بەرەنگـار: دەگژراچـو، تاوقـا: (ئەو **بەرەنگارم** بو، منیش **بەرەنگاری** بومەوە) ف گلاویز.

بەرەنگاری: بەرانبەری کردن، دەگژراچون ف گلاویزشدن.

بەرەواژ: بەراوەژو، واژی، پشت‌ورۆ ف وارونه.

بەرەوبـڕ: رێ لێ‌بڕین، پێشـە بڕکێ، پێشەبڕکە: (دیتم هەڵات گورجێ **بەرەوبڕم** داوەوگرتم) ف سر راه گرفتن بر...

بەرەوبیەی: بەرەوبون، بەربونەوە ف پایین افتادن.
بەرەوپاش: روبەدواوە، بەرەو دواوە: (**بەرەوپاش** دەگەڕاوە، **بەرەوپاش** ناوڕیداوە) ف رو به عقب.
بەرەوپیر: بەپیرەوە چون، پێشـوازی: (بـاوە غەڵیفـە تەشـریفی هات، **بەرەوپیری** چوین) ف استقبال.
بەرەوپێڵ: سنگو بەردابۆشی وەختی کار، بەرانپێچ، بەرانپێڵ ف پیشبند.
بەرەوخستن: خستنە پێشەوە، کەسێك لەرێگە ئەیخەنە پێشەوە ف جلو انداختن.
بەرەوخوار: نشێو، سەربەرەژێر ف رو به پایین.
بەرەو خوار بونەوە: سەربەرەژێر چون ف سرازیر رفتن.
بەرەو خوارکردنەوە: لارەوکردنی دەفرو... ف کج داشتن ظرف و...
بەرەو خوارکە: بەرەوخوار ف بطرف پائین.
بەرەو خوارە: بەرەو خوار، نشێو ف رو به پائین.
بەرەودوا: بەرودوا ف نگا: بەرودوا.
بەرەودوانان: کەوتنە شوێن، بەرودوانان ف تعقیب کردن.
بەرهۆر: بەرکهۆر، تفەنگی خانەتەنگ ف تفنگ خانەتنگ.
بەرەوڕو: ١) ڕوبـەڕو، ئیزبار: (ئەڵێ قەرزاری نیم؟ **بەرەوڕوم** بکەوە تا پێی بڵێم)؛ ٢) حەواڵە: (وامەکەم **ڕوی بەڕوی** پیروێت بکەرەوە) ف ١) روبرو؛ ٢) حواله.
بەرەوژور: روبەبڵندی ف رو به بالا.
بەرەوژورکە: هەورازی کەم ف افراز.
بەرەوژورە: هەوراز ف افراز.
بەرەوژێر: روبەخوار، لێژ، نشێو ف رو به پایین، سرازیر.
بەرەوژێرکە: کەمێك نشێو ف سرازیری کم.
بەرەوژێرە: نشێو ف نشیب.
بەرەولا: قیچـەڵقاچ، قیلەقـاچ، خواربـردراو، خوارەوخـوار ف اریب، قیقاج، کج.
بەرەولێژ: رووەونشێو ف شیبدار.
بەرەولێژایی: رووەونشێوی ف شیبداری، سرازیری.
بەرەولێژکە: رووەونشێوی کەم ف سرازیری کم.
بەرەولێژە: رووەونشێوی ف رو به سرازیری.
بەرەولێژی: بەرەولێژە ف رو به سرازیری.
بەرەوە: ١) لایپێشەوە؛ ٢) لایژێرو ف ١) جلوی؛ ٢) زیری.
بەرەوەبون: بەربونەوە ف افتادن از بالا.
بەرهەڤ: ١) ئامادە، تەیار؛ ٢) کۆم لەسەریەك ف ١) آمادە؛ ٢) برهم انباشته.
بەرهەڵبێنە: بەرەڵبێنە ف پیشبند.
بەرهـەڵستی: ١) دوژمن، دژ؛ ٢) لەمپـەر، کۆست: (**بەرهەڵستم** زۆرن، **بەرهەڵستم** دەخەنە ریگەوە) ف ١) دشمن، مخالف؛ ٢) مانع سر راه.
بەرهەڵێخ: دیوارۆکەی بن دیواری شکست بۆئەوە نەتەپێ، پشتیوانە ف پشتیوانهٔ دیوار.
بەرهـەم: ١) بەهرە، داهات، بەش، ئینتاج، تەولید؛ ٢) تێکەڵ: (دەرهەم بەرهەم) ف ١) بهره، حاصل؛ ٢) قاطی.
بەرهەم هێنان: رەنێوهێنان، بەخێوکردن، پێ گەیاندن ف به نتیجه رسانیدن.
بەرهەنگ: نەخۆشی تەنگەنەفەسی کە زیاتر پیر توشیدێن ف تنگ نفسی.
بەرهێڤی: بەهومێد، بەئاوات ف آرزومند.
بەڕێ: رەوا، بەجێ، عاقـڵانە: (کاران **بەڕێ**و جێ دەکا، قسەی **بەڕێ**و جێن) ف روا، بجا.
بەرێ: ١) لەپێشودا؛ ٢) بەڵێ ف ١) از قبل؛ ٢) آری.
بەڕی: ١) بەرێزو قەدر، بەڕو؛ ٢) میوەی داربەڕو ف ١) محترم؛ ٢) بلوط.
بەری: ١) داری بەرهێن: (داری **بەری** بەنرخە)؛ ٢) گیرفان، بەریك؛ ٣) بێ گوناح؛ ٤) بەش ف ١) درخت میوە؛ ٢) جیب؛ ٣) بی‌تاوان؛ ٤) سَهم.
بەریان: پێش بۆ ئاو یان بۆ با: (**بەریانی** ئاو بگرە، **بەریانی** با بەردە) ف گُذر آب و باد.
بەڕێ بردن: بەخێو کردن: (کاکم **بەڕێمان** دەبا) ف سرپرستی کردن.
بەڕێچون: ژیان، گوزەران کردن ف زندگی.
بەریڤان: بەرەڤان، ناوبژیکەر ف میانجی.
بەریڤانی: ناوبژی کردن، نێوان کردن، بەرەڤانی ف میانجیگری.
بەڕێ کردن: ١) بۆ حورمەت دەگەڵ میوان ماوەیەك ڕۆیشتن تا دەڕوا؛ ٢) ناردن، شاندن ف ١) بدرقه کردن؛ ٢) فرستادن.
بەرین: ١) پان، هەراو؛ ٢) بەرۆك؛ ٣) پێشین، لەمێژینە ف ١) عریض، ٢) گریبان؛ ٣) پیشین.
بەرینایی: پانایی، پانی، هەراوی ف پهنایی.
بەرینجك: داری لەئەندازەی فەرش کەدەپشتی تەون دەخرێ ف چوبی که در عرض دار قالی قرار دارد.
بەڕینگاڵ: پەزی تیسك درێژ ف گوسفندِ پشم دراز.
بەرینی: بەرینایی ف پهنایی.
بەڕێوجێ: ١) عاقڵانەو پەسند؛ ٢) لە ئەسپابی میوانداریدا سازو تەیار ف ١) بجا، عاقلانە؛ ٢) آمادهٔ پذیرایی.
بەڕێوشوێن: ١) لەکاری کۆمەڵایەتی زانا؛ ٢) تەکوزو مورەتەب ف ١) آگاه به کارهای اجتماعی؛ ٢) مرتّب.
بەڕێوەبردن: ئیدارەکردن، پێچاران ف ادارە کردن.
بەڕیە: بیابان ف بیابان.
بەز: ١) پیو، چەوری هەناوی حەیوان؛ ٢) غاروڕاکردن: (ماینەکە خۆش دەبەزێ، ببەزەو زو بگەیە)؛ ٣) بەرەوخوار هاتن: (لە ئەسپ دابەزە)؛ ٤) خۆهـەڵدان: (هەڵبەزە)؛ ٥) دەنێو وشەدا بەواتا شکست‌خواردن: (فـڵانکەس لەشەر **بەزی**، پیروێت نەبەزە)؛ ٦) پاشگری بەواتا جێی ئیسـراحەت‌و پشودان: (ئوردو **بەز**) ف ١) پیە؛ ٢) دویدن؛ ٣) پائین آمدن؛ ٤) ورجهیدن؛ ٥) هزیمت؛ ٦) پسوند بەمعنی مکان اُطراق.
بەزا: خوشڕەو، خۆشبەز ف بادپا، تندرو.
بەزاج: شوفاریو شەیتانی، دوزمانی ف سخن‌چینی.
بەزاجکەر: شوفار، شەیتانی کەر، نێوان تێکدەر، دوزمان ف دوبهم زن،

نەمام.

بەزاخ: دوزمان، شوفار فا سخن‌چین، جاسوس.

بەزاز: کوتاڵ فرۆش، گەز فرۆش فا قُماش فُروش.

بەزان: ۱) بەزین، شکست خواردن؛ ۲) غاردان، هەڕاکردن؛ ۳) هاتنەخوار لەسواری فا ۱) شکست خوردن؛ ۲) دویدن؛ ۳) فرود آمدن، پایین آمدن.

بەزاندن: ۱) شکست پێدان: (لەشەڕدا **بەزاندم**)؛ ۲) مێز دە لانکە کردن و لە بلوێر دەرکەوتن: (منالەکە فێری **بەزاندن** بوە، شەو لەبێشکە دەمێزێ) فا ۱) شکست دادن؛ ۲) در گهواره شاشیدن.

بەزانن: شکست پێدان، بەزاندن فا شکست دادن.

بەزتن: ۱) داوەزین؛ ۲) بارخستنی کاروان فا ۱) پایین آمدن؛ ۲) اُطراق کردن.

بەزدونەك: ترسەنۆك، تەرسۆنەك، قزە فا ترسو، بُزدل.

بەزدین: ۱) ترساندن؛ ۲) ترسان فا ۱) ترساندن؛ ۲) ترسیدن.

بەزر: ۱) بزر، گوم؛ ۲) تۆم فا ۱) گُم شده؛ ۲) تُخم گیاه.

بەزرۆك: بزرۆك، زیپکە لەلەش، وردە زیپکە فا جوش ریز.

بەزرەونج: گیایەکی زۆر بۆن‌خۆشە فا گیاهی است خوشبو.

بەزگەر: وەرزێر، فەلاح، جوت‌بەندە فا برزگر.

بەزم: ۱) شادی و کەیف؛ ۲) تەشقەڵەو گەڕ: (چۆن **بەزمێکمان** پێ‌دەکا!) فا ۱) شادی و بزم؛ ۲) کنایە از بمبول درآوردن.

بەزمگا: جێگەی شادی و ئاهەنگ فا بزمگاه.

بەزوبنێشت: جاچکەو پیو کە دەرمانی کوانە فا پیە و سقز کە بر زخم چرکین نهند.

بەزە: ۱) دلۆڤانی، روحم، دڵنەرمی؛ ۲) گوناح، هەڵە فا ۱) رَحْم؛ ۲) گُناه.

بەزەتاو: پیوی لەسەر ئاگر گەرمکراو بۆ دەرمانی قەڵشتی دەست و پێ فا پیە تفیدە برای ترك دست و پا.

بەزەرەك: گیاکەتان فا بَزَرَك.

بەزەك: نەخۆشی زەردویی فا یَرَقان.

بەزەوی: بەزە، روحم فا رَحم.

بەزەیی: بزی، بەزە، روحم فا ترحُّم.

بەزی: ۱) جۆرێ سابون؛ ۲) بوڕی خوارد فا ۱) نوعی صابون؛ ۲) شکست خورد.

بەزین: ۱) شکست خواردن، لەبەر دژ دانەواندن؛ ۲) ئەسپی زین‌لەپشت؛ ۳) غاردان؛ ۴) باز هاویشتن، پەڕین؛ ۵) سواربونی فەحل لەماین فا ۱) شکست خوردن؛ ۲) اسب زین کردە؛ ۳) دویدن؛ ۴) پریدن؛ ۵) جفتگیری اسب با مادیان.

بەزێن: ۱) شکست دەر بەدژ؛ ۲) گاڵتەو گەمەیەکی منالانە فا ۱) هزیمت دهندە؛ ۲) از بازیهای کودکانە.

بەزیندی سەر: هەتا ژیا، تا زیندوبو، تاما فا تا زندە بود.

بەژ: وشکانی، بەرانبەری ئاوی، بەڕ فا برّ، مقابل دریا.

بەژا: هاوتەمەن، هاوعومر فا همسن و سال.

بەژان: بەئێش و دەرد فا دردناك.

بەژڤین: وردبون لەژێر شتی قورسدا، جیق دەرهاتن فا لِەشُدن.

بەژك: چێندراو لەبێ‌ئاو، دێمەکار فا دیمی.

بەژگداهاتن: بەگژداچون، شەڕپێ فرۆشتن فا گلاویزشدن.

بەژن: قەدوباڵا فا قد و بالا.

بەژْن: بەرانبەری بێ‌ژن فا متأهل.

بەژن باریك: ناوقەد باریك، بەرانبەری تەنگە ئەستور فا کمر باریك.

بەژن‌زراڤ: بەژن‌باریك فا کمر باریك.

بەژن زراو: بەژن باریك فا کمر باریك.

بەژی: دەغڵی دێمی، داهاتی دێمەکار فا دیمی.

بەس: ۱) چیترنا؛ ۲) ناوە بۆ ژنان؛ ۳) جێگەی مانگرتن؛ ۴) مانگرتن؛ ۵) زۆر: (**بەستر** پێرار)؛ ۶) بەست: (**هەڵی بەسە، دای بەسە**) فا ۱) بَس؛ ۲) اسم زنانە؛ ۳) بست؛ ۴) اعتصاب؛ ۵) زیاد؛ ۶) بستن.

بەسات: ۱) هۆی کردنی کارێك؛ ۲) بەوەخت و کات فا ۱) انگیزە و باعث؛ ۲) بەوقت.

بەسام: جێ‌ترس، بەعەیبەت، بەهەیبەت، سامدار فا سهمناك.

بەست: ۱) جێگەی مانگرتن؛ ۲) گرێ و لەمپەر و بەرگر؛ ۳) قەراخ چەمی خیزەڵان؛ ۴) کاریتەی دارەڕا؛ ۵) چەمی نیوە وشك، کەم‌ئاو؛ ۶) لافاو گێڕەوە، بەند؛ ۷) لێکدراو، پێکەوە نوسێنراو: (دار**بەست**)؛ ۸) پەیمان و کەین و بەین: (بەندو **بەستێك** هەیە بت‌روخێنێ) «هەژار» فا ۱) بَست؛ ۲) مانع؛ ۳) کرانە رودخانە؛ ۴) دیرك؛ ۵) رودخانۀ کم آب؛ ۶) سیل‌بند؛ ۷) بهم چسبیدە؛ ۸) بندوبست.

بەستران: ۱) گرێ‌خواردن، گرێ‌دان؛ ۲) بەجادو زاوا لەپەردودا ناهومێد بون فا ۱) بستەشدن؛ ۲) بستن داماد.

بەستراو: ۱) بەندکراو، گرێدراو؛ ۲) زاوای بوك ناهومێدکەر کە گانی پێ ناکرێ فا ۱) بستەشُدە؛ ۲) داماد بستە، عِنین شُدە.

بەسترپێر: بترپێر، بەترپیر، سێ‌ڕۆژ پێش فا روز پیش از پریروز.

بەسترپێرار: سێ‌ساڵ پێش، بەترپێرار فا سە سال پیش.

بەستن: ۱) گرێ‌دان، شەتەکدان، بەندکردن؛ ۲) سەهۆڵ کردن، مەیینی ماست و...؛ ۳) داخستن: (دەرگاکە **بیبەستە**) فا ۱) دربند بستن؛ ۲) بستن یخ و ماست و...؛ ۳) در بستن.

بەستنەوە: وەبەستن، قایم کردنی شتێ بەشتێکەوە فا چیزی را بەچیز دیگر بستن.

بەستو: ۱) بەیەخ‌بوگ، هەوێن گرتو؛ ۲) کوپەڵە فا ۱) بندآمدە؛ ۲) خُم کوچك.

بەستۆرە: چۆمێ کە لەهاوینا وشك‌دەکا فا رودی کە در تابستان می‌خشکد.

بەستۆك: ژنی داوێن‌تەڕی بەدەست هەرکەسەوە فا زنِ بدکارە.

بەستە: ۱) ئەوەندە تێرا تەدکا؛ ۲) بەهرە، فایدە: (چی‌تێدا **بەستە** نیە)؛ ۳) دەسك، چەپك، باغە؛ ۴) سەربەند، گۆرانی سوکەڵەو بن‌بزێوکە؛ ۵) سەربە: (فلانکەس **بەستەی** ئاغاژنە)؛ ۶) پەیوەند: (کارەکە **بەستە** بەتۆیە)؛ ۷) چەندشتی دەیەك‌جێ کراو یان پێکەوە بەستراو: (**بەستە**چایی، **بەستە** سیغار، **بەستەیەکم** بۆناردی کەل و پەلی منالان بو) فا ۱) تو را بس است؛ ۲) فایدە؛ ۳) دستۀ گیاه و...؛ ۴) ترانۀ شاد؛

٥) طرفدار؛ ٦) پیوند، مرتبط؛ ٧) بسته سیگار و...

بەستەر: بەندكار: (سەرمای ئەمڕۆ **بەستەرە**) ف بندآور.

بەستەزمان: فەقیرۆكە، بێدەموپل، بەسەزمان ف فقیر و بیچارە.

بەستەك: ١) دەستەنوێن؛ ٢) بەستەی گۆرانی ف ١) رختخواب؛ ٢) ترانە.

بەستەگی: پەیوەند ف بستگی.

بەستەلۆك: زەمینی سەهۆڵاوی ف زمین یخ بستە.

بەستەڵەك: بەستەلۆك ف یخبندان.

بەستەنی: ١) بەستەلۆك؛ ٢) دۆندرمە، بوزە، شیروشەكری سوڵ بەستو ف ١) زمین یخ بستە؛ ٢) بستنی.

بەستەی: بەستن، گرێدان ف بستن.

بەستی: ١) سەهۆڵ، سوڵ، یەخ؛ ٢) تەختایی بن ئاوی چەم؛ ٣) كەوی ڕاو ف ١) یخ؛ ٢) فرش رودخانە؛ ٣) كبك شكاری.

بەستێر: جۆرێ مافوروقاڵی ف نوعی فرش و قالی.

بەستێن: ڕەخی ڕوبار، دەمچەم، گوێچەم، زیخەڵانی دەم ڕۆخانە ف كرانهٔ رود.

بەسرپێر: بەسترپێر ف سە روز پیش.

بەسرپێرار: بەسترپێرار ف سەسال پیش.

بەسزمان: بەلەنگاز، بێچارە، ئارام و هێمن ف بیچارە.

بەسزوان: بەسزمان ف بیچارە.

بەسڵەك: بەستەڵەك ف یخبندان.

بەسلەمە: حەیوانی دابەستە، پەرواری ف پرواری.

بەسن: بەستن، گرێدان، شەتەكدان ف بستن.

بەسە: بەستە ف نگا: بەستە.

بەسەراچون: ١) لەنخافڵ گرتن، بێچاوەنوڕی گەینە سەریەكێك؛ ٢) نسحەت و سەرزەنشت كردن ف ١) غافلگیر كردن؛ ٢) سرزنش نمودن.

بەسەرادان: لەنخافڵ بونەمیوانی كەسێ ف سرزدە مهمان شدن.

بەسەراهاتن: بەسەراچون ف نگا: بەسەراچون.

بەسەربردن: ١) رابواردن، گوزەران كردن؛ ٢) ئەنجامدان، دوایێ هێنان ف ١) گذراندن؛ ٢) انجامرسانیدن.

بەسەرچون: ١) نەمان، بهوردن؛ ٢) هەڵەكردن، فریوخواردن، ٣) رەحەت بون، ئاوی شاوەت هاتنەوە ف ١) گذشتن؛ ٢) اشتباه كردن؛ ٣) خروج منی.

بەسەرگرتن: پەیداكردن، توشی گومبوبون ف بازیافتن گم شدە.

بەسەرگرتنەوە: بەسەرگرتن ف بازیافتن گم شدە.

بەسەرهات: ڕوداو، سەربهورد ف سرگذشت.

بەسەرهاتن: ١) توشی تەنگانەبون؛ ٢) تاڵ و سوێری زۆرچێشتن ف ١) پیشامد؛ ٢) سختی بسیار دیدن.

بەسەرەوەگرتن: توش بونی كەسێ كە گانی تاژەوا دەگەڵ گایراوی دەكا ف كسی را در حال جماع نامشروع دیدن.

بەسەرەوەگەڕان: ١) سەرپەرشتی كردن؛ ٢) بریەتی لە زگی مفت لەوەڕاندن ف ١) سرپرستی كردن؛ ٢) مُفت چریدن.

بەسەرەوەنان: یەكجێ دەم پیوەنان و هەڵقوڕاندن، بێ نێوان دان فڕكردن ف سركشیدن.

بەسەرینی: لەژیاندا ف در زندگی.

بەسەزمان: بەسزمان ف بیچارە.

بەسەزوان: بەسەزمان ف بیچارە.

بەسەڵەك: بەستەڵەك ف یخبندان.

بەسیاگ: داخراو، بەستراو ف بستەشدە.

بەسیان: داخران، بەستران ف بستن.

بەسی: مانگر ف بست نشستە.

بەش: ١) پار، بێش، بەهرە: (ئەگەر ڕەمەزانەو ئەگەر شەشەكانە، **بەشم** هەرژەم و دونانە) «مەتەڵ»؛ ٢) بەس، تێر: (ئەوتۆزە **بەشم** ناكا)؛ ٣) لەت لەت و بلاوكردن: (گۆشتەكە **بەش بەش**كەو دا**بەش** بكە)؛ ٤) ئاواڵە، والا؛ ٥) شوم و بێ فەڕ؛ ٦) ئاژەڵی نێوچاوان سپی، تویڵ چەرموگ؛ ٧) پاژ، پارچە: (دنیا لە پینج **بەش** سێ **بەشی** ئاوە)؛ ٨) بەرانبەر، بەگوێرەی: (**بەش** بەحاڵی خۆم حەزناكەم بێم)؛ ٩) واش، ئاماڵ ف ١) سهم؛ ٢) كفایت؛ ٣) تكەوپارە كردن؛ ٤) وا، توخالی؛ ٥) شوم؛ ٦) دام پیشانی سفید؛ ٧) جزء، قسمت؛ ٨) بە نسبت خود؛ ٩) متمایل، فام.

بەشاوەند: باشڵ بۆ شیعر، قافیە ف قافیە.

بەشبون: ١) دەم كردنەوەی برین، ئاواڵەبونی زام؛ ٢) پاژبون ف ١) دهن بازكردن زخم؛ ٢) مجزاشدن.

بەشبەر: میراتگر، كەلەپورگر ف وارث.

بەشبەش: ١) لەت لەت، كوت كوت؛ ٢) دابەش، تەقسیم ف ١) پارەپارە؛ ٢) تقسیم.

بەشدار: ١) خاوەن بەش، شەریك: (لەماڵدا بەشدارم)؛ ٢) بریتی لە سەگی پاس ف ١) سهیم؛ ٢) كنایە از سگ پاس.

بەشق: بەعیشق، بەنەوین. بۆ سوێندان و تكا ئەڵێن: (**بەشقی** خوا ماچێكم دەیە) ف بە عشق.

بەشقا: ١) بەڵكە؛ ٢) ڕەنگە، شایەتا ف ١) بلكە؛ ٢) شاید.

بەشك: بەگومان: (لێت **بەشك** نیم) ف شك كردە.

بەشكا: ١) تەقا، تەقو، جائەوەهاتو، بەشقا؛ ٢) وێدەچێ، شایەتا، دورنیە ف ١) گرفتم آنكە؛ ٢) شاید.

بەشكانە: مزگێنی بەرخی تازەزاو كەشوان لە دەشت ئەیهێنێتەوە ف مژدهٔ نوزاد گوسفند كە چوپان بەخانە آورد.

بەشكایە: بەشكا ف نگا: بەشكا.

بەشكایەك: ئەگەركو، دنیابو ف احیاناً.

بەشكایەكو: بەشكایەك ف احیاناً.

بەشكردن: ١) بەخشینەوەو لەت و كوت كردن؛ ٢) تێراكردن: (**بەشم دەكا**) ف ١) بخشیدن و تقسیم كردن؛ ٢) كفایت كردن.

بەشكم: بەشكا، وامان‌دانا ف گیرم.

بەشكو: شایەتا، بەشكا ف شاید.

بەشكۆ: بازرگانی هاوبەشی، شەریكە، شیركەت ف شركتِ سهامی.

بەشکە: ١) بەشکا؛ ٢) فەرمانە: بەش بکە: (وەرە لێمان **بەشکە**) ف ١) شاید؛ ٢) *فعل امر*: تقسیم کُن.

بەشکەر: کەسێ کە بەشینەوەی بەدەستە ف تقسیم کنندە.

بەشکەم: بەشکا ف بلکە، خدا کند.

بەشکی: بەشکا ف بلکە.

بەشکێکم: بەشکا ف بلکە.

بەشکێکو: بەشکا ف بلکە.

بەشگا: جێگەی دابەش کردنی ئاو، بناوانی ئاوا ف جای تقسیم آب.

بەشگە: ١) جێ بەش کردن؛ ٢) شەریکە، شیرکەت ف ١) جای تقسیم کردن؛ ٢) شرکت.

بەشوو: ژنی خاوەن مێرد، بەمێرد ف زنِ شوهردار.

بەشۆ: دەقدار، کەتیرە لێدراو ف آهارزدە.

بەشوار: سابونی زۆر بەکەف ف صابون پُرکف.

بەشوودان: بەمێردان، دانەمێر ف بە شوهردادن دُختر.

بەشە: بەش، واش، ئاماڵ ف سهم.

بەشەر: بنیادەم، مرۆ عینسان ف انسان، بنی آدم.

بەشەرت: ١) لەسەرگرێو، بەمەرج (بەشەرتی چەقۆ)؛ ٢) وەك: (وەروەوە بەشەرتی جاران) «وەفایی» ف ١) بەشرط؛ ٢) مانند.

بەشەرم: شەرمین، شەرمن، شەرمێون، فەدیکار ف محجوب.

بەشیر: ئاژەڵ یان ژنی زۆر شیردار ف شیردە.

بەشینەوە: بەخشینەوە، دابەش کردن ف تقسیم و توزیع.

بەع: ١) وشەیەکە بۆ گاڵتە دەگەڵ مناڵ کردن، باو؛ ٢) مەڕو بزن لەزمانی مناڵانەدا ف ١) کلمەای برای شوخی با کودك؛ ٢) گوسفند بەزبان بچەگانە.

بەعا: بزن و مەڕ لەزمانی مناڵانەدا، بەع ف گوسفند بەزبان بچّەها.

بەعاستەم: بەئاستەم ف بسیار کم و اندك.

بەعجان: وەرەزبون، جاڕزبون ف خستەشُدن.

بەعجاندن: وەرەزکردن، عاجزکردن، جاڕزکردن ف خستە کردن.

بەعجین: بەعجان ف نگا: بەعجان.

بەعر: دەریا، زەریا، بەحر ف دریا.

بەعز: هێند: (**بەعزێ** کەس) ف بعض.

بەعومر: پیر، بەساڵاچو ف پیر و مسن.

بەعەکە: ئاژەڵی وردە لەزمانی مناڵاندا ف گوسفند و برە بەزبان بچّەها.

بەعەمر: بەعومر ف مسن و سالخوردە.

بەعی: پێشەکی سەودا: (چەندم **بەعی** دەدەی ئەو ماڵە هی تۆ بێ)، عەڕبون ف بیع در معاملە.

بەعیڤ: بەهیڤ، بادام، باوی، بایەڤ ف بادام.

بەعینوان: شۆخ و شەنگ و بەفیز و هەوا ف زیبای متکبر و مغرور.

بەغمە: نەخۆشی دوشاخە، بوغمە، ملەخڕە ف بیماری خناق.

بەغیرەت: ١) ئازاو نەترس؛ ٢) جوامێرو بەناموس، بەخیرەت ف ١) شجاع؛ ٢) غیرتمند.

بەغیل: چاوچنۆك، بەئێرەیی، حەسود ف خسیس، حسود.

بەغیلی: ئێرەیی، حەسودی ف حسودی.

بەفاڵ: ماکەرو ماینی ئێرخوازو ئامەزروی گان ف خر و ستور نرخواە.

بەفر: وەور، بەرف، وەفر ف برف.

بەفرانبار: هەوەڵ مانگی زستان ف دیماه.

بەفراو: ئاوی بەفر ف برف آب.

بەفربەسەر: بەفری سەهۆڵبەستوی پەستواو کەپیاو تێ ناکەوێ ف برف منجمد کە بر آن روند.

بەفرخۆرکە: ١) تەرزەی ورد؛ ٢) مەلێکی بچوکە ف ١) تگرگِ ریز؛ ٢) پرندەای است.

بەفرماڵ: پاڕوی بەفرماڵین، بێڵی دارینی بەفر ماشتن، وەروەرە، شەپاڵۆخ ف پاروی برفروبی.

بەفرماڵك: بەفرماڵ ف پاروی برفروبی.

بەفرەچاڵ: *چاڵەبەفر*: ١) نواڵەی نزارکە بەفری تاماوەیکی زۆر لێ ناتوێتەوە؛ ٢) ئەو قوڵکەی لەچیا بەفری تێدەکەن و دایدەپۆشن ف ١) نسارکوە کە برف در آنجا متراکم شود؛ ٢) یخچال طبیعی.

بەفرەژیلکە: بەفرەلۆکە، بەفری زۆر دەنك‌ورد ف برفِ دانەریز.

بەفرەسەر: بەفربەسەر ف نگا: بەفربەسەر.

بەفرەلۆ: بەفرماڵ، وەروەرە، شاپاڵۆخ ف پاروی برفروبی، داموز.

بەفرەلۆکە: بەفرەژیلکە ف برف دانەریز.

بەفش: ١) فرچەی مافورماڵین؛ ٢) شەی جۆلایی ف ١) فرچۀ فرش؛ ٢) شانۀ جولایی.

بەفشك: فرچەی پچوك ف فرچۀ کوچك فرش.

بەفیز: بەدەعیە، بادیهەوا، دەمارزل ف پُرمُدَّعی و مُتکبّر.

بەفەڕ: ١) مبارەك، پیرۆز؛ ٢) بەبەهرە، بەهونەر ف ١) مبارك و فرخندە؛ ٢) بهرەمند.

بەڤرا: پێکەوە، لەگەڵ یەکا، بهەڤرا، وێڕا ف باهم.

بەقل: ١) بێقل، لوت، کەپوو؛ ٢) کێویەکی دڕندەیە لەتیرەی پشیلەکێوی؛ ٣) دوژمنی زۆر سەخت ف ١) بینی؛ ٢) درندەایست گربەسان؛ ٣) دشمنی شدید.

بەق: ١) بۆق، قوڕواق؛ ٢) چاوزەق، چاو دەرپەڕیو؛ ٣) نێرەکەو ف ١) قورباغە؛ ٢) چشم برجستە؛ ٣) کبك نر.

بەقا: وەفا، ئەمەگ: (یار بێ **بەقا** بو) ف وفا.

بەقازانج: بەخێر ف سودمند.

بەقاڵ: دوکانداری ئازوخە فرۆش ف بقّال.

بەقبەقو: گمەگمی کۆتر ف صدای کبوتر.

بەقبەقۆك: ئاوی بەبڵقەبڵق ف صدای جوشش آب.

بەقتاندن: تەقاندن: (هەسەن کەڤر **بەقتاند**) ف منفجر کردن.

بەقتین: تەقین، تەقینەوە ف انفجار.

بەقلاوە: پاقلاوە، جۆرێ شیرنی ف باقلوا.

بەقلە: بۆقلە ف بوقلمون.

بەقلەموت: بۆقلە ف بوقلمون.

بەقلەوا: باقلاوە، پاقلاوە ف باقلوا.

بەقلیسۆك: بێشەرمو ئابڕو ف بیشرم.
بەقنگـاخستن: گوێ پێ‌نەدان: (کـارەکـەی **بەقنگا خست**) ف پُشت گوش انداختن.
بەقۆ: تونگە، لوُلێنەی ئاوخۆرە ف پارچ، تُنگ.
بەقۆك: بەقۆ ف پارچ.
بەقونداخستن: بەقنگاخستن ف بەتأخیر انداختن.
بەقەد: بەرانبەر، لەئەندازەی، بەقەدەر ف بەاندازۀ.
بەقەدەر: بەقەد ف بەاندازۀ.
بەقـەم: ١) رەنگێ کە زو کاڵ بێتـەوە؛ ٢) بێ‌قەولو پەیمان شکێن ف ١) رنگی کە زود ببرد؛ ٢) بدقول و پیمانشکن.
بەقەو: بەدەنگی بەرز: (**بەقەو** بانگی کە، **بەقەو** قسەدەکا) ف باصدای بلند.
بەقەوەت: خاوەن وزەو هێز، بەتوانو تابشت ف توانا.
بەقەی: بەئەندازە، بەقەدەر ف بەاندازۀ.
بەقینـاچـون: غەزرین، یەکپێ لەسـەر شتێ سوُربـون، پێ‌داگرتن، پێ‌چەقاندن ف لجاجت و اصرار.
بەقیناچون: بەقیناچون ف لجاجت و اصرار.
بەقینداکەوتن: بەقیناچون ف لجاجت و اصرار.
بەقیە: تەقەڵ لەچەرم ف بخیە.
بەکار: کارا، زۆرکارکەر ف کارآ.
بەکارخواردن: بەکارهاتن ف بدردخوردن.
بەکارهاتن: بکێرهاتن ف بەکارآمدن.
بەکارهێنان: دەکارکردن ف بەکار گرفتن.
بەکام گەیشتن: کامڕەوابون ف کامروا شدن.
بەکام گەین: مراد حاسڵ بون، بەکام گەیشتن ف کامروا شدن.
بەکاوەخۆ: هێدی، یەواش، لەسەرخۆ، بەسەبر ف یواشکی.
بەکربەگی: جۆرێ بو زوی ڕێڕێ ف نوعی شال محلی.
بەکرۆك: شوفار، دوزمان، شەیتانی‌کەر ف سخن‌چین و نمّام.
بەکرە: قرقرە، غەرغەرە، مەکارە ف قرقرە.
بەکسەمەد: کولێرەی لەشکرچی دەوڵەت ف نوعی گردۀ سر بازی.
بەکلکە: پاشڵ‌دار، بەدوایی ف دُنبالەدار.
بەکلکێ: لاوازی لەمردن ف لاغرمردنی.
بەکەرزانین: گاڵتە بەئەقڵی کەسێ کردن ف کسی را جاهل و احمق دانستن.
بەکەرەم نەمان: لەبەهرە کەوتن، بێ‌کەڵك بون ف ازکار افتادن.
بەکەرەم هاتن: بەکارهاتن، جێگەی بەهرە ف بکارآمدن.
بەکەل: بەکەلك، بەکار ف کارآ.
بەکەڵ: چێڵو گامێشی تامەزرۆی گان ف مادە گاو گشن خواە.
بەکەڵك: بەبەهرە، بەفایدە ف مُفید.
بەکەڵك هاتن: بەکارهاتن ف بەکارآمدن.
بەکەم گرتن: قەدر نەزانین ف حقیر شمردن.
پارە: ١) پوڵ، دراو، پەرە؛ ٢) پاژ، پارچە، لەت؛ ٣) شڕ و دڕاو؛ ٤) ئەوێ بەرانبەری ئێرە؛ ٥) کەمترین دراوی تورکان: (قیمەتی ماچی دوسەد کیسەیی ساغەو نیمە / غەیری یەك کیسەیی سەد **پارە** لە گیرفانمدا) «نالی» ف ١) پول؛ ٢) جُزء؛ ٣) پاره؛ ٤) آنجا؛ ٥) کمترین مبلغ پول تُرکی.
پارەپەرەست: رەزیل، رژد ف خسیس.
پارەپیس: چروك، رژد، دەس قوچاو، چکوس، رەزیل ف خسیس.
پارەدار: دەوڵەمەند، پوڵدار، دارا ف پولدار.
پارەموڵ: دەوڵەمەند، زەنگین، پارەدار ف پولدار، ثروتمند.
پارەوکـە: منـاڵێ باش بەرێدا بڕوا: (شوکر **پارەوکە** بوە)، پێرەوکە ف بچۀخوب پاگرفته.
پارهەڵکەر: پارکەر ف نگا: پارکەر.
پاری: پارو، تیکە ف لُقمه.
پاڕیان: پاڕانەوە ف لابه‌کردن.
پاڕیانەوە: پاڕانەوە ف لابه و خواهش.
پاریخـۆر: برێتی لە خۆفرۆش بەبێگانە، چڵکاوخۆر، بێگانەپەرست ف پَست و بیگانه‌پرست.
پارێز: ١) پەهـرێز، لەهێنـدێ خۆراك دەم‌گرتنەوە؛ ٢) خۆ پاراستن؛ ٣) هجوم لە نخافڵ؛ ٤) بێستانی تەرەکاڵ؛ ٥) بۆسە، کەمین ف ١) برهیز؛ ٢) دوری کردن؛ ٣) یورش غافلگیرانه؛ ٤) پالیز؛ ٥) کمین.
پاریزان: تورەکەی پشت ف توبرۀ پشت کشاورزان.
پارێزبـردن: لەنخافڵ و بەهێواشی بۆچون، هجوم کردن ف غافلگیرانه هجوم بُردن.
پارێزچون: خۆ مەلاس کردن لەناو رەبەتدا ف در کمین نشستن.
پارێزدار: ئاگادار، لایەنگر، داژدار ف هوادار، طرفدار.
پارێزڤان: بێستانەوان ف پالیزبان.
پارێزکردن: خۆ دورخستن لەخۆراك یا لەکەسێ ف پرهیزکردن.

پارێزگـا: ١) حەشارگەی راوچی؛ ٢) مەڵبەندێکی گەورەی دەوڵەتی، ئوستان، ویلایەت: (پارێزگای هەولێر) ف ١) کمین شکارچی؛ ٢) اُستان.

پارێزگار: ١) دیندارو لەخوا ترس؛ ٢) کەسێ کەدەتوانێ بپارێزێ: (پارێزگارت خوابێ) ف ١) پرهیزکار؛ ٢) مُحافظ.

پارێزگە: پارێزگا ف نگا: پارێزگا.

پارێزنای: پاراستن ف نگهداری.

پارێزەر: ١) کەسێ پیاو دەپارێزێ؛ ٢) وکێلی دادگا، محامی، ئاوقاتی ف ١) حامی؛ ٢) وکیل دادگستری.

پارێڤ: گۆشتی پیشاو لە تەندوردا ف گوشتِ در تنور تفیده.

پارێن: گوێلهار، پارگوێل، پارگوێر، پانێر ف گوسالهٔ پارینه.

پارێنە: پارێن ف نگا: پارێن.

پاڕینەوە: پاڕانەوە ف لابه و خواهش.

پاز: ئاگاداری، ئێشك، پاس ف نگهبانی، پاس.

پازار: ١) بەردێکە بەزۆر رەنگان، بۆخشڵ دەبێ؛ ٢) رۆژی یەکشەممە: (رۆژی یەکشەممە کە مەشهورە بەرۆژی **پازار**) «شێخ رەزا» ف ١) سنگ گرانیت؛ ٢) یکشنبه.

پازدە: دەو پێنج ف پانزده.

پازدەمین: ژمارەی نۆبەتی بۆ پازدە ف پانزدهم.

پازدەهەم: پازدەمین ف پانزدهم.

پازدەهەمین: پازدەمین ف پانزدهم.

پازدەیەم: پازدەمین ف پانزدهُم.

پازگا: جێگەی ئێشك گرتن ف پاسگاه.

پازگر: جەزایەرچی، کێشكچی ف پاسدار.

پاژمـاڵـە: ماڵی خزمەتکار لەخانوی ئاغادا، ژێرماڵە ف خانهٔ نوکر در منزل ارباب.

پازناو: مەڵغەی بەرداش هەڵێنان ف اهرُم سنگ آسیا برداشتن.

پازناوك: پازناو ف نگا: پازناو.

پاژ: ١) بەش، بەشێك لەرۆژێك؛ ٢) بەڵگە، دەلیل ف ١) جُزء؛ ٢) سند و دلیل.

پاژنو: پانیەی پا، پاژنە ف پاشنه.

پاژنە: پاژنو ف پاشنه.

پاژنـەکێش: کەرەتـە، پارچێکی لوسی پێڵە، بۆ دەپێ کردنی کەوشی تەنگ دەکار دەکرێ ف پاشنه‌کش.

پاژنەهەڵکێش: پاژنەکێش ف پاشنه‌کش.

پاژنە دەرگا: بن رنسمانە، ئەو قوڵکە دارەی دەرگای لەسەر دەگەڕێ بۆ کرنەوەو داخستن ف پاشنهٔ در.

پاژوخ: وەرام، پەرسف، جواب، جوال ف پاسخ.

پاژەڕژ: شکۆفەی گەڵاگوێز ف جوانهٔ برگ گردو.

پاژی: کەم، جوزئی ف جُزئی.

پاژینە: ١) کەپەکی ئارد؛ ٢) بنژیلی گەنم ف ١) نُخاله گندم؛ ٢) تهِ غربال.

پاس: ١) پاز، ئاگاداری؛ ٢) پسولەی رێگەدان بۆ سەفەر ف ١) پاس؛ ٢) اجازهٔ سَفَر.

پاسـا: ١) وەشارتو، بەرپیوار، نادیار؛ ٢) چاوپۆشی؛ ٣) سەرپۆش؛ ٤) داپۆشەر، گوم کەر، وەشێر؛ ٥) پێ لەعەرز خستن، پا بەزەوینا ساوین ف ١) پنهـان؛ ٢) چشم‌پوشی؛ ٣) سرپوش؛ ٤) پنهان کننده؛ ٥) پا بر زمین ساییدن.

پاس پازۆك: هەڵپەزە، پس‌پسەکۆڵە ف نوعی عنکبوت.

پاساپۆرت: بەڵگە ئیجازەی سەفەر، لەدەوڵەتێ بۆ دەوڵەتێ ف پاسپورت.

پاسادان: تۆژینەوە، لێ وردبوونەوە ف پژوهش.

پاسار: ١) لێوارەی بان؛ ٢) پەند پێدانو تەمێ کاری ف ١) لب بام؛ ٢) درس عبرت.

پاسارە: لێوارەی بان، پاسار، گوێ سوانە، سوانە ف لبِ بام.

پاساری: چۆلەکەی ناو ئاوایی، چقێك، چێشکە ف گُنجشك.

پاسپۆرت: پاساپۆرت ف پاسپورت.

پاسفندە: گەندەڵ، رزیو: (ئەمدارە **پاسفندە** بوە) ف پوسیده.

پاسقاڵی: تیز، تانە، گاڵتەپێ کردن، قەشمەری، تەقلیت ف مَسخره.

پاسکـردن: ١) کێشـك گرتن؛ ٢) وەڕینی سەگ، رەوینی سە ف ١) پاسداری کردن؛ ٢) پارس سگ.

پاسگا: پازگا ف پاسگاه.

پاسگر: کێشكچی، جەزایرچی ف پاسدار.

پاسگە: پازگا ف پاسگاه.

پاسوخ: پاژوخ، جواو، جواب ف پاسخ.

پاسە: ئاوەها ف اینطوری.

پاسەبان: پاسگر ف پاسبان.

پاسەرنیان: سەردەدونان، شوێن کەوتن ف تعقیب کردن.

پاسەوان: پازگر ف پاسبان.

پاسەوانی: ئێشك‌گرتن، کێشك‌کێشان ف نگهبانی.

پاش: ١) دواوە؛ ٢) بریتی لەقنگ؛ ٣) پاشگری بەواتا پرژێن: (ئاوپاش) ف ١) پَس مُقابل پیش؛ ٢) کنایه از مقعد؛ ٣) پسوند به‌معنی پاشنده.

پاشـا: ١) لەقـەمـی مەزنـی ئێران؛ ٢) لەقـەمێکی تورکی بۆ پیاوە گەورەکانیان ف ١) پادشا؛ ٢) لقب بزرگان ترك.

پاشـا پاشـایێن: میرمیرێن، گاڵتـەیەکی هەمـوانیو دەستـەجـەمعی لەکوردستان ف یکی از سرگرمیهای گروهی در کُردستان.

پاشاخورێ: بەرماوێ ئاژەڵ لە قەسەڵو ئالف ف پس‌ماندهٔ عَلَف.

پاشاراو: ئاراو، کەفاوی جارێك جل تێدا شۆراو ف پس‌آب رختشوئی.

پاشارۆ: پاشەرۆك، مێوەی پاش چنینێ لەباغ بەجێ‌ماو ف پساچین.

پاشـاگـەردانی: بریتی لەتێکـەڵ پێکـەڵیو هەرکـەس هەرکـەس ف هرج‌ومرج و بی‌قانونی.

پاشام: پارشێو، دواشێوی رۆژوگر ف سحری.

پاشان: لەوەبەدوا، دوایێ ف بعداً.

پاشایەتی: ١) لە پلەی پاشادا بوُن؛ ٢) بریتی لە کەیف‌سازیو تەیاری: (بەپاشایەتی دەژی) ف ١) شاهی؛ ٢) کنایه از خوشگذرانی.

پاشباره: دەستەندو، جیّ دەسگرەی جوتیّر لەئامور ف دەستگیرهٔ خیش.

پاشبەن: پیّوەندی پاشوی یەکسم ف پابند ستور.

پاش‌بەند: پاشبەن ف پابند ستور.

پاشتەرك: بەشی لای‌كلك لەكورتان‌و زین ف جای خُرج در زین.

پاشتەركی: باری پاشتەرك ف بار دنبالهٔ زین.

پاشتیڵانە: سیّ رۆژانەی بوك هیّنان ف جشن سەروزهٔ عروسی.

پاشخان: وچخانە، خەڵوەتی، ژوری كەڵوپەل لەپشت ژوری دانیشتن ف پَستو.

پاشخستن: گویّ نەدان، خوّلیّ گیّل كردن، وەدرەنگ خستن ف اهمال كردن.

پاشخوان: بەرماو ف ماندهٔ خوراك.

پاشخوانە: پاشخوان ف ماندهٔ خوراك.

پاشـدار: كەسیّ یاكـەسـانیّ كە لەدوای لەشكـرەوە دەڕوّن. بەرانبەری پیّشەنگ ف دنبالەرو لشكر، مقابل طلایه.

پاشدز: دزیّ كەپاسی دزان دەدیّریّ ف دُزد پاسدار دُزدان.

پاشدزە: پاشدز ف نگا: پاشدز.

پاش‌روّ: بەرانبەری پیّشەنگ، ئەو چەكدارانەی لە دوای لەشكرەوە دەڕوّن ف پس‌قراول.

پاشقل: گردەوە كوّیی، لەدەم گیّڕانەوە، لەشتیّ شتیّ وەلانان، پاشەكەوت ف صرفەجوئی.

پاشقل‌دان: گیّڕانەوە: (ئاخری هیّندیّكی **پاشقل‌دا**) ف اندوختن.

پاشقول: ۱) پیّ لەپیّ پیّچان لە زوّرەوانی‌دا؛ ۲) پاشقل ف ۱) لُنگ كردن در كُشتی؛ ۲) پس‌انداز.

پاشكـوّ: هەگبـە، خورجیّكی پچـوكـە كە لەدوای زین لەسـەر تەركی دادەبەستن ف خُرج كە بر ترك اسب بندند.

پاشكـەوان: ۱) پاشـدز؛ ۲) فیشەك فڕیّ دەرەوەی تفەنگ ف ۱) نگا: پاشدز؛ ۲) فشنگ انداز تفنگ.

پاشكەوتن: لەدوامان، بەجیّمان ف واماندن.

پاشكەوتو: بەجیّ‌ماو ف جامانده، وامانده.

پاشكەوتە: بەجیّ‌ماو، سەرنەكەوتو ف وامانده.

پاشگـر: لەرێزمـانـدا بەوبیتانە دەڵیّن كە دەكەونە دوای وشەوەو مانایان دەگوّڕن ف پسوند.

پاشگەز: پەشیمان، پیّژەوان ف پشیمان.

پاشڵ: ۱) بەشی خوار كەمەر لە پشتەوە؛ ۲) باخەڵ؛ ۳) لاڕان‌لە دواوە؛ ۴) پاڵوی بەزەنگوڵە؛ ۵) قافیەی شیعر، وشەی دوای نیوە شیعر ف ۱) از كمـر بـپـایین از پُشت؛ ۲) بغل؛ ۳) عقب ران؛ ۴) پالدُم زنگدار؛ ۵) قافیهٔ شعر.

پاشمار: شكایەت لیّكراو ف مُدّعیٰ علیه. شكایت از او شده.

پاشمـارە: پاشماڵە، ماڵیّ كە خزمەتی ماڵەگەورە دەكاو لەوێش ماڵی پیّ دراوە ف خدمتكار كە با خانواده در خانهٔ ارباب است.

پاشماشە: فیشەك فڕیّ دەرەوە، پاشكەوان ف فشنگ انداز تفنگ.

پاشماگە: كەلەپوور، میرات ف میرات.

پاشمـاڵـە: ۱) ئەومـاڵـەی لەگەڵ خیل بوّهـەوار دەچن‌و لەبەر نەداری خزمـەتیان دەكەن؛ ۲) پاشمارە، ژێرماڵە ف ۱) خانەای كە با ایل بە ییلاق رود از فقر خدمتكار آنان شود؛ ۲) نگا: پاشماره.

پاشمامان: ژنیّ كە لەمناڵ هیّنان‌دا یاریدەی مامان دەدا ف كمك ماما.

پاشماوە: ۱) ئەوی لەبەرشتیّ مابیّتەوە، باقی، بەرماو؛ ۲) زیندوی كەس‌و كار مردو ف ۱) باقیمانده؛ ۲) تنها بازمانده.

پاشملە: خراوگوتنی كەسی نەدیار، لەپشت‌سەرەوە خویّندن، غەیبەت ف غیبت.

پاشمەرگە: مناڵیّ پاش مەرگی باوك بیّتە سەردنیا ف بچەای كە بعد از مرگ پدر بدنیا بیاید.

پاشمەندە: باقی‌ماو ف باقیمانده.

پاشمەنە: پاشمەندە ف باقیمانده.

پاشن: دوایی، دوماهی: (روّژاپاشن گەهامە) ف پسین.

پاشنی: پاژنە، پانیە ف پاشنه.

پاشنی‌كەش: پاژنەكیّش، كەرەتە ف پاشنه‌كش.

پاشو: دوپەلی دواوەی یەكسم ف پای ستور.

پاش‌وپیّش: بەرودوا ف پس و پیش.

پاشوّرە: ئاوی گەرمی دەرماناوی كەقاچی نەخوّشی پیّ‌دەشوّن ف پاشویه.

پاشوّڵ: پاشڵ ف نگا: پاشڵ.

پاش‌وەچە: نەوەو نەوی چرك ف تبیرگان.

پاشوەن: پاشبەند ف پابند حیوان.

پاشەبەرە: ۱) پاشەروّك؛ ۲) بریّتی لە دوامین فرزەند ف ۱) پساچین؛ ۲) كنایه از آخرین فرزند.

پاشەخورج: پاشتەركی، هەگبە ف خرج اسب.

پاشەدزە: پاشدز ف نگا: پاشدز.

پاشەروّژ: لەوەدوا، ئایندە، روّژانی دوایی ف آینده.

پاشەروّك: پاشاروّ، میوەی بەجیّ‌ماو، دوای باغ ڕنین ف پساچین.

پاشەكەفت: كوّوە كردن، پاشقل ف پس‌انداز.

پاشەكەوت: پاشەكەفت، گلدرباوە ف پس‌انداز.

پاشەكەوتی: گلوّدراو ف پس‌انداز.

پاشەكی: لەدوایی پارەدان، بەرانبەر بەیعانە ف پسادَست.

پاشەڵ: جلی سەرپاشڵ، بەرگی پاشل، دواوەی داویّن ف قسمت عقبی دامن.

پاشەلەقە: بەتەنبەڵی روّیشتن ف سلانه‌سلانه.

پاشـەوانـە: صندوقیّ لەپلورەی هەنگا بوّشانە تیّدا هەڵیەستن ف جعبهٔ چوبین برای شانه‌گذاری زنبور.

پاشەوپاش: پشتەوڕوّ ف وارونه، پشت و رو.

پاشی: ۱) لەدوای؛ ۲) پاشو؛ ۳) دوایە، پاشان ف ۱) بعداً؛ ۲) پای ستور؛ ۳) بعد از، پس از.

پاشیّل: پیّ‌خوست، بەرپیّ دراو، بەپاكوتراو ف لگدمال.

پاشین: هەرەدوا ف واپسین.

پاشیو: پارشێو ف سحری.

پاقك: پیفۆك، کیفۆك، گیایەکە بنەکەی دەبرژێنن یان دەکوڵێنن‌و دەیخون ف گیاهی پیازدار و خوردنی.

پاق: لینگ، لاق، قاچ ف لنگ، پاعموماً.

پاقاوێژ: ئەوەی کەلەرێ رویشتندا قاپ لەقاپ دەدا ف چهارپای سگدست.

پاقر: ١) مس؛ ٢) ژەنگی مس، پاخر، باقر ف ١) مس؛ ٢) زنگار مس.

پاقژ: پاك، خاوێن، تەمیس ف پاکیزه.

پاقژه: پەلەقاژه، لەتاوان یان بۆدەرەتان بەدەست‌و پێ تێکۆشان ف دست و پازدن.

پاقلانچکه: گیایەکی رەوانەو گەڵای ددانەداره ف گیاهی با برگهای کنگره‌ای.

پاقلاوه: شیرنیەکە بەناوبانگ، باقلاوا ف باقلوا.

پاقله: باقله، دانەویڵەیەکە دەکلودا پەروەردە دەبێ ف باقلی.

پاقلیر: گوێزی فەریکی تێکوڵ لێ داڕناو ف گردوی تر پوست کنده.

پاقلینچکانه: گیایەکە لە پرپرە دەکا ف گیاهی است شبیه خرفه.

پاقولاغ: سمی حەیوانی دوسم ف سُم حیوان جُفت سُم.

پاك: ١) خاوێن، پاقژ، پاکژ، تەمیز؛ ٢) گش، هەمو، تەواو؛ ٣) باش، پەسند، خو، چاك ف ١) پاکیزه؛ ٢) همه؛ ٣) خوب.

پاکار: شاگرد وەستا، بەردەست، خوڵامی هەمیشه ئاماده ف پاکار.

پاکان: پیاوچاکان، شێخ‌و مەشایخ ف نیکان.

پاکانه: تۆمەت لابردن: (پاکانەی خۆم کرد، پاکانەی کردم) ف تبرئه.

پاکایی: جێگەی نەپیس لە زەوین ف جای تمیز در زمین.

پاکبونەوه: پابونەوه ف نگا: پابونەوه.

پاکتاو: بێ گەرد، خاوێن، پاقژ ف پاکیزه.

پاکرانەوه: زۆرچون بۆ شوێنێ: (پای کراوەتەوە هەمو رۆژ سەرمان لێ دەدا) ف بسیار به خانه‌ای رفتن و مزاحم شُدن.

پاکردن: ١) تێکوڵ لێ کردنەوه؛ ٢) کورت‌هێنانی تیر یا بەرد لە ئامانج، بەرکردن ف ١) پوسته کندن؛ ٢) پایین هدف زدن.

پاکردنەوه: ١) خاوێن کردنەوه، تەمیس کردن؛ ٢) هێنانی کەسێ بۆشوێنێ کە لەپێشدا نەدەهات: (من پام کردەوە ئەنیا نەئەهات) ف ١) تمیز کردن؛ ٢) پاگشائی، کسی را به‌جائی که قبلا نمی‌رفت بردن.

پاکرنەوه: پاکردنەوه ف نگا: پاکردنەوه.

پاکژ: ١) خاوێن، تەمیز، پاقژ؛ ٢) پاوان، کۆده، جێ لەوەڕی قەدەغه ف ١) پاکیزه؛ ٢) قُرُق.

پاك کردن: ١) تۆکڵ لێکردنەوه؛ ٢) خاوێن کردنەوەی دانەوێڵه: (گەنمەکە پاك بکە بۆ باراش)؛ ٣) بژاری کێڵگە لە دڕك‌و داڵ ف ١) پوسته‌چیدن؛ ٢) بوجاری؛ ٣) وجین غلّه.

پاك کردنەوه: خاوێن کردنەوه، تەمیس کردن ف تمیز کردن پلید.

پاکڵ: ١) ئاگر هەڵکەر؛ ٢) کڵی پرد، پایەی پرد ف ١) افروزندهٔ کوره؛ ٢) پایهٔ پُل.

پاکڵه: پاکڵ ف نگا: پاکڵ.

پاك لەپاك: تۆڵەکردنەوه: (قەرزەکە پاك لەپاك بو) ف بی‌حساب.

پاکلیر: ١) پاقلیر؛ ٢) توێخڵی سەوزی گوێز ف ١) نگا: پاقلیر؛ ٢) پوستهٔ سبز گردو.

پاکو: ١) باوەشەگیای نەبەستراو؛ ٢) دەسکەنەی گیا، هێندەی لەبن کەوش بنرێ؛ ٣) گیای درواوی بەسەر یەکداکراوی نەبەستراو ف ١) دسته گیاه بسته نشُده؛ ٢) مقدار گیاه به‌اندازهٔ گنجایش زیر بغل؛ ٣) مجموعهٔ گیاه دروشدهٔ بسته نشده.

پاك‌وپوك: بەفیڕۆو خوڕایی لەدەستدان: (دەسمایەکەی پاك‌وپوك کرد) ف بهَدَر و بیهوده.

پاکوپیس: چاکوخراپ، رندوکرێت ف نیك و بد.

پاکو پیسکردن: چاك لەخراپ هەڵاواردن ف خوب از بد جدا کردن.

پاکوت: شێلان‌و کوتان بەپێ ف لگدمال.

پاکوتره: پێ‌چوێلەکه، پێ‌مریشکه، گیایەکەدەخورێ ف گیاهی خوردنی.

پاکوته: دەرجا، لەجێ خۆوە پێ‌هەڵێنان‌و بەزەوی‌دا دان ف دَرجا.

پاکۆدان: رنینەوەی گیا بەدەست ف چیدن گیاه با دست.

پاکۆره: کلۆی پێڕۆ، کولۆتابالی نەگرتوه ف ملخچه که هنوز زیر واز نکرده.

پاکوره: نۆکەری بەردەستان ف نوکر.

پاکه: خاوێنی، تەمیزی ف تمیزی.

پاکه‌پاکه: پەتاته، سێفەزەمینه،سێف‌زەمینی، کارتۆفڵ ف سیب‌زمینی.

پاکەت: دەفری کاغەزین بۆ نامەو هەرچی ف پاکت.

پاکەمی: ماندوەتی، شەکەتی، مانگی ف خستگی.

پاکەنه: کەوشکەن، جێگەی کەوش داکەندن ف کفش‌کَن.

پاکەوان: کەنناس، سپور، کۆڵان‌ماڵ، زبیل‌ڕێژ ف آشغالی، رُفتگر.

پاکەوەبون: ١) خاوێن بونەوه، پاك‌بونەوه؛ ٢) بریەتی لە مەرگی بێ‌فەڕ ف ١) تمیزشُدن؛ ٢) کنایه از مرگ بدسگال.

پاکی: خاوێنی، تەمیزی، پاکه ف پاکی، تمیزی.

پاکیزه: پاك، خاوێن، تەمیس ف پاکیزه.

پاکێش: یەکسم ف ستور.

پاگا: بواری چەم ف گُدار.

پاگرتن: پێ گرتن، فێرەرۆیشتن بۆتی منال ف پاگرفتن بچّه.

پاگره: نەخۆشی قاچ‌وقول ئەستور بون، واریس ف بیماری واریس.

پاگۆ: پەرسف، وەڕام، جواو ف جواب، پاسُخ.

پاگوشا: بردنی دەزگیرانی کچ بۆماڵی خەزورر ف نامزد دختر را به خانهٔ پدری بُردن.

پاگه: ١) داری ژێر ڕێسمەی دەرگا؛ ٢) تەوێله، ناغەڵمەمز ف ١) چوب زیر پاشنهٔ در؛ ٢) آغُل، طویله.

پاگەزدان: پێ چەقاندن، سوربون لەسەر کارێ ف لِجاج و اصرار.

پاگیر: پڕلە گیر وگرفت ف دست و پاگیر.

پاگیره: ١) دوده‌پی ژێر پای جوڵا؛ ٢) کیژی دەزگیران دار ف ١) تختهٔ زیر پای جولا؛ ٢) دختر نامزدشُده.

پاڵ: ١) پشت: (پاڵ بەدیوارەوە ده)؛ ٢) جێگەی پشت پێوەدان: (پاڵ پشتی لێ داندرابو)؛ ٣) ئەندەرون: (لەپاڵ خۆیدا تورّیه)؛ ٤)

تەنشت: (لەپاڵ یەکدان)؛ ٥) هاوکاری: (دوکەس بون ئەویش هاتەپاڵمان)؛ ٦) بنارو قەدی کێو: (هەڤاڵێن مە دانەپاڵی)؛ ٧) ملەی کێو: (لەو پاڵە سەری دەرێنا)؛ ٨) توروزمان بەگرێ: (لاڵ و پاڵ بوم لەترسان)؛ ٩) رەتاندن بەهێز، دەفعاندن: (پاڵی پێوەنێ، بەبێ پاڵ نابزوێ)؛ ١٠) زبڵ: (پەین و پاڵ) ف ١) پُشت؛ ٢) مُتکا؛ ٣) درون؛ ٤) جانب؛ ٥) همکاری؛ ٦) دامنەو کمر کوە؛ ٧) ستیغ کوە؛ ٨) آلکن؛ ٩) هول دادن؛ ١٠) زُبالە.

پالا: پێڵاو، پێتاو، کاڵەو کەوش و کەڵاش و... ف پای افزار.

پالاخ: ١) بێچوە گامێش؛ ٢) پڕوپوشی وشك ف ١) بچهٔ گاومیش؛ ٢) خشك گیاه.

پالادڕانە: مزی ماندوبونی پا، کاڵەدڕانە ف حق القدم، پای مُزد.

پالاس: ئەسپابی ناوماڵ ف اثاثیە.

پالاغ: پالاخ، بێچوە گامێش ف بچهٔ گاومیش.

پالافتن: بەپاڵوێنە داکردن، ساف کردنی تراو ف پالاییدن.

پالافتە: پاڵێوراو، تراوی لە خڵتەو تڵتە پاقژ کراو، بەپاڵوێنە داکراو ف پالاییده.

پالال: گوڵێکە کوێستانی ف گُلی است در کوهساران روید.

پالامـز: نرخی کاڵەدڕان، *هەرماڵێك شتێك ئەدەن بەشوان بۆ قەرەبوی پالا*. پالادڕانە ف حق لقدم، پایمُزد.

پالان: کوپان، کورتان ف پالان.

پالان: پالان ف پالان.

پالانتە: لەتە خشت، پارچە بەرد ف پارە آجُر و سنگ.

پالانچـە: ١) مایچـەی تەنیشت مۆرەغـەی پشت؛ ٢) قـسڵ و بەردێ کەلێواری جۆگەی پێ دادەبـەستن؛ ٣) تیسکـە خوری هەڵنەپاچراو بەپشتی بەرانـەوە بۆجـوانی ف ١) ماهیچهٔ میان فقرات؛ ٢) سنگ و آهك کنار جوی؛ ٣) پشمی کە برای زینت بر پشت قوچ می گذارند.

پالانە: تیسکە خوری پشتی بەران، پالانچە ف پشمی کە برای زینت بر پشت قوچ می گذارند.

پالانی: ١) بارەبـەر. کەرێ وەختی بارکـردنی هاتبێ؛ ٢) ئەسپی باری، بارگیر، بارگین ف ١) کُرّەای کە وقت بارکردنش رسیده باشد؛ ٢) یابو.

پالاو: پالافتە ف پالاییده.

پالاوتن: پالافتن ف پالودن.

پالاوتە: پالافتە ف پالاییده.

پالاوەش: پاکەنە، کەوش کەن ف کفش کن.

پاڵ پشت: ١) ئەوی پشتی پێوەدەن بۆ سانەوە؛ ٢) پشتەمێر، داژدار ف ١) متکا؛ ٢) پارتی.

پاڵ پێوەدان: پشت پێوەدان ف تکیەدادن.

پاڵ پێوەنان: بەهێز جوڵاندن، دەفعاندن ف هول دادن.

پاڵتـاو: ١) پاڵتـۆ، پاڵتـۆ، پاڵتە، بالاپۆشی لەقوماشی ئەستور؛ ٢) پاڵو، کەژوی بن کلکی بارەبەر ف ١) پالتو؛ ٢) پالدُم.

پاڵتۆ: پاڵتاو، بالاپۆشی ئەستور ف پالتو.

پاڵتە: پاڵتۆ، پاڵتاو ف پالتو.

پاڵتەك: ئەخۆشی گەروی ئاژاڵ ف گلودرد دام.

پاڵ خستن: فرێدانە سەر تەنیشت، خستنە سەرلا ف بر پهلو انداختن.

پاڵـدان: ١) پشت بە شتێکـەوە دان؛ ٢) بەهێز وەجـوڵـە خستنی شتێ: (نابزوێ، وەرە دەگەڵمان **پاڵدە**) ف ١) تکیەدادن؛ ٢) هول دادن.

پاڵـدانـەوە: ١) ئیسـراحـەت کردن؛ ٢) پشت بە پاڵپشتەوە دان ف ١) استراحت کردن؛ ٢) تکیە دادن.

پاڵدامێن: ١) لای خواروی داوێن، تەشکی داوێن؛ ٢) بناری کێو ف ١) دنبالهٔ دامن؛ ٢) دامنهٔ کوە.

پاڵداوێن: پاڵدامێن ف نگا: پاڵدامێن.

پاڵداینە: ١) پاڵدامێن، تەشکی داوێن؛ ٢) بناری چیا ف ١) دامان؛ ٢) دامنهٔ کوە.

پاڵدم: پشتەوەی داوێن ف پُشت دامن.

پاڵدو: پاڵو، کەژوی بن کلکی بارەبەر ف رانکی.

پاڵدیم: پاڵدم، پشتەوەی داوێن ف پُشت دامن.

پاڵشا: پاتشا ف پادشاه.

پاڵشت: جێگەی پاڵ پێوەدان ف تکیەگاه.

پاڵفتە: ١) پالافتە؛ ٢) دابێژراو ف ١) پالاییده؛ ٢) بیخته.

پاڵکەفتن: ١) لەسەرلا درێژبون، رازان؛ ٢) پاڵدانەوە ف ١) درازکشیدن؛ ٢) تکیە دادن.

پاڵکی: کەژاوەی سەر ئاواڵە ف کجاوهٔ سرگشاده.

پاڵ لێ دانەوە: بریتی لەئیسراحەت کردنی باش ف کنایە از آسودن.

پاڵم: پاڵوی کورتانی بارەبەر ف رانکی.

پالمە: جۆرێکە لە ئەسپنگی گەڵاپان ف نوعی شنگ برگ پهن.

پاڵمە: پالمە ف نگا: پالمە.

پاڵنان: ١) پاڵدان؛ ٢) پاڵ خستن ف ١) هول دادن؛ ٢) بر پهلو انداختن.

پاڵنگ: پڵنگ، دڕندەی بەناوبانگ ف پَلَنگ.

پاڵو: ١) کەژو یان گوریسی بن کلك گری بارەبەر؛ ٢) تەنشت: (دارەکە چوار **پاڵوکە**)؛ ٣) کوپان، کورتان؛ ٤) پالافتن ف ١) رانکی؛ ٢) پهلو؛ ٣) پالان؛ ٤) پالودن.

پاڵـو: ١) تەمـەڵ و بێکارە؛ ٢) مەڵبەندو شارێکە زازای لێ دەژین ف ١) تنبل؛ ٢) منطقەای در کردستان.

پالو: بالوك، بالوکە، بالوکە ف زگیل.

پاڵوانە: ١) پاڵوێنە، راوك؛ ٢) بەڕەسێڵکەی گوێ سوانان رەشی باڵدرێژی قاچ کورتە ف ١) پالونە؛ ٢) چلچلە.

پاڵوبەن: پشتیوان، داژدار ف طرفدار، هواخواه.

پاڵودان: پاڵدانەوە ف تکیەدادن، لَم دادن.

پاڵودە: خواردنێکە لەکرمی سپی دەکا، نیشاستەی پاڵێوراوە دە شەکری دەکەن ف پالوده، فالوده.

پاڵوگیر: ١) دەپێکە بۆ راستەو پاستەی دوڵاش بەکاردێ؛ ٢) برینی بن کلك لەزبـەری پاڵـورا ف ١) وسیلە انـدازەگیری در آسیا؛ ٢) زخم حیوان از زبری رانکی.

پاڵوێنکه: راوك، ئەوپارچە بوزوەی شیری پێ دەپاڵێون ف پالونه.

پاڵوێنه: پاڵوێنکه ف پالونه.

پاڵه: ١) شاری گەورە؛ ٢) دەربارو دیوەخانی گەورەپیاوان؛ ٣) دروێنەوان؛ ٤) کرێکار، فەعلە، عەمەڵە؛ ٥) سەپان، رەنجبەری پێنج‌یەك‌بەری داهات، یان سێ‌یەکبەر؛ ٦) پەڵە دەغڵی نەدرواو ف ١) شهر بزرگ؛ ٢) دربار بزرگان؛ ٣) دروگر؛ ٤) کارگر؛ ٥) رنجبر سهمیه‌گیر؛ ٦) قطعه‌ای از غلّهٔ درونشده.

پاڵەپەست: ١) بەزۆر ئاخنین، بەهێز تێ پەستاوتن؛ ٢) بەزۆر خۆ دەربازکردن لەناو حەشامات ف ١) با فشار آگندن؛ ٢) بزور خود را از شلوغی رهانیدن.

پاڵەپەستۆ: پاڵەپەست ف نگا: پاڵەپەست.

پاڵەقە: ١) جوتە، لوشك؛ ٢) لاقەفرتە، پەلەقاژە ف ١) لگدپرانی؛ ٢) دست و پا زدن.

پاڵەنگ: رەشمە، ریشمە، هەوساروکە ف افسار و مَهار.

پاڵەوان: ١) پیاوی زۆر ئازا، قارەمان؛ ٢) دارێ کە دەخرێتە بن کاریتەوە ف ١) قهرمان؛ ٢) چوب زیر دیرك.

پاڵەوان بازی: زۆرانی، زۆرانبازی، زۆرەوانی، زۆرەبانی، عەفرە ف زورآزمایی.

پاڵەوانە: ١) بەریکی دارمازو؛ ٢) پشتیوانەی دیواری شکست؛ ٣) داری بن دیرەگ ف ١) نوعی ثمر مازوج؛ ٢) پشتیبانهٔ دیوار ضعیف؛ ٣) شمعك.

پاڵەوی: گوڵە بەرۆژە ف گُل آفتاب گردان.

پاڵەهەنگ: کۆت‌و زنجیری پای زیندانی ف کندو زنجیر پای زندانی.

پاڵێ: ١) بێڵی دارین؛ ٢) پالاّ، پێڵاو؛ ٣) پاڵوی بارەبەر ف ١) پارو؛ ٢) پای‌افزار؛ ٣) رانکی.

پالیك: بەرسمێڵ، موی سمێڵ کە دەکەوێتە سەر ردێن ف موی سبیل که بر ریش آید.

پالیموك: گیایەکە بنەکەی دەخوری ف گیاهی است که بیخش خوردنی است.

پاڵێن: ١) ئامرازی پالاّوتن، کەوگیر و پاڵوێنە؛ ٢) سەرلە ئێوارە ف ١) پالونه؛ ٢) دَم عصر.

پاڵینان: ئێواران کاتی مەڕ دۆشین ف هنگام عصر زمان دوشیدن گوسفندان.

پاڵێو: پاشگر بەواتا ئەوشتەی دەپاڵێوی: (چاپاڵێو، برنج **پاڵێو**) ف پسوند بەمعنی پالنده.

پاڵێوران: پالاّفتن ف پالوده شدن.

پاڵێوراو: ١) پالاّفته؛ ٢) ناودێرکراو بۆکارێ ف ١) پالوده شده؛ ٢) نامزد شده برای کاری.

پاڵێوکە: پاڵوێنە ف پالونه.

پاماسێ: پاگره، نەخۆشی قاچ‌نەستوربون ف بیماری پاغر.

پامال: لەبەین چو، تەرت‌و تونا ف پایمال، تارومار.

پامالە: خێشك، ئامرازێ زەوی شوکراوی پێ رێك دەکەن ف مالهٔ کشاورزی.

پاماو: لوس کردنی سواغی گێچ بەپەڕوی تەڕ ف صاف کردن دیوار گچی با کهنهٔ خیس.

پامز: مزی‌هاتن ف پایمزد.

پامورە: ١) لیزگەموروی خشڵی قولەپێ؛ ٢) خرخاڵی پا، پاوانە ف ١) رشتهٔ زینتی مچ پا؛ ٢) خلخال مُچ پا.

پامەڕە: پێ‌مەڕە ف بیل آهنی.

پامێزە: ١) گوی مێشە نگوین کە دوای ئاو خواردن دەیکاو دەبێتە هۆی دۆزینەوەی شەڵخەمێشەکە؛ ٢) کوڵکەی پەلی ئاژەڵ؛ ٣) شاوەتی تەگە کە بەلاڕانیەوە وشك دەبێتەوە ف ١) مدفوع زنبور عسل که نشانه‌ای در یافتن جهت لانه‌اش است؛ ٢) کُرك پای دام؛ ٣) آب پُشت تکه بر بدنش.

پان: هەراو، بەرانبەری تەسك، پەهن، بەرین ف پهن.

پاناو: سەرچیای تەخت، تەختایی سەری کەژ ف جای هموار بر قُلّه کوه.

پاناوکە: گۆمیلکەی ئاو لە دەشتا ف برکه‌ای در میان جُلگه.

پانایی: بەرینی، هەراوی ف پهنا.

پان‌بونەوە: ١) دەبەرپێدا تلیخانەوە؛ ٢) لەتەسکیەوە بەرین بون؛ ٣) برێتی لە راکشان: (هەتیو چیتە؟ **پان بویەوە!**) ف ١) زیر پا له شدن؛ ٢) پهن شدن؛ ٣) کنایه از لم دادن.

پان بەپان: بەبێ رودەروایسی بەئاشکرا قسەکردن ف رُك و پوست کنده سُخن گفتن.

پانپانۆکە: خۆ بەیەکتر رەحەت کردنی ژنان ف همجنس بازی زنان.

پانپانۆکێ: پانپانۆکە ف نگا: پانپانۆکە

پانتاو: ١) پاناو، گۆڕایی سەرچیا؛ ٢) دەشتی پان‌و راست‌و بێ‌زۆرك ف ١) همواری در قلّهٔ کوه؛ ٢) جلگهٔ هموار.

پانتۆڵ: پاتۆڵ ف شلوار.

پانته: کرنوش، داهاتنەوە بۆرێزلێ نانی کەسێ ف تعظیم.

پانجاڕ: بنەگیا، *گیای خواردنی مرۆ، وەك شنگ‌و بنگ‌و گیای* سورەوەکردن ف بیخ گیاهان خوردنی.

پانجەقولێ: پا لەپا پێچان لە زورەبانی‌دا ف لُنگ کردن در کُشتی.

پاندان: قەڵەمی خۆنوس، ئەو قەڵەمەی مەرەکەفی دەپاڵ خۆی دەکرێ ف قلم خودنویس.

پانزە: پازدە، دەوپێنج ف پانزده.

پانزەمین: ژمارەی نۆبەتی بۆ پانزە ف پانزدهم.

پانزەهەم: پانزەمین ف پانزدهم.

پانزەهەمین: پانزەمین ف پانزدهم.

پانزەیەم: پانزەمین ف پانزدهم.

پانکردنەوە: ١) پێ رێ خستن؛ ٢) لەتەسکەوە بەرین کردن؛ ٣) راخستنی سفرەو بەڕەو... ف ١) پامال کردن؛ ٢) عریض کردن؛ ٣) انداختن سفره یا گلیم و...

پانکه: ١) جۆرێ بەری دارمازو؛ ٢) قولەی پان؛ ٣) جۆرێ ماسی گرۆفەر؛ ٤) باوەشێنی کارەبایی، باوەشێنی بەرقی ف ١) نوعی ثمر

مازوج؛ ٢) کوتاهِ عریض؛ ٣) نوعی ماهی؛ ۴) بادبزن برقی.

پانکەڵە: پانی خڕوچکۆڵە ف پهن گرد و کوچك.

پانۆبون: هەراو بونەوە، بەرین‌بو ن ف عریض شدن.

پان‌وپۆڕ: بەرین‌و هەراو، زۆرگوشاد ف بسیار عریض.

پان‌وفڵچ: بەرینی دڕاوی هەڵشێلدراوی لەکارکەوتە ف لەشدە.

پانەگا: جێگەی روانی‌توکەبەر ف عانە، زهار.

پانەوپان: ١) بەلای پانایی‌دا؛ ٢) بەئاشکراو بێ مەرایی: (**پانەوپان** پێم گوت) ف ١) از پهنا؛ ٢) رُك و صریح.

پانەوەبون: ١) پلیخانەوە؛ ٢) پانۆبون ف ١) لەشدن؛ ٢) عریض شدن.

پانی: ١) بەرینی، پەهنی؛ ٢) پاژنە، پانیە ف ١) پهنا؛ ٢) پاشنە.

پانی‌بەرز: جۆرێ کەوشی پاژنە بڵند ف نوعی کفش پاشنە بُلند.

پانێر: پارێن، گوێلکی پار، گوێلپار ف گوسالهٔ پارینە.

پانیە: پاژنە، پانی ف پاشنە.

پاوان: قەدەغە، قۆرغ. مێرگ یا باغی تایبەتی کەسێك نەتوانێ سەربەخۆ بچێ‌تێ: (لە باغچەی ساوای **پاوانی** سینە / پەنجەم سەرگەرمی لیمۆگوشینە) «هەژار» ف قُرغ، مکان انحصاری.

پاوانە: پاموره ف نگا: پاموره.

پاوپا: ١) دودڵی، گومان؛ ٢) خۆ وەدوا خستن ف ١) گمان؛ ٢) تأخیر کردن.

پاوپل: ١) قاچ‌وقول، لەئەژنۆ بەرەژێر؛ ٢) بڕێتی لە توانایی‌و کارایی ف ١) از پای تا زانو؛ ٢) کنایە از تاب و توان.

پاور: منالّدان ف زهدان.

پاوڕوا: پایەتی، پێخواس، خواس ف پابرهنه.

پاوشا: پاتشا ف پادشاه.

پاوشك: بەدقەدەم، پێ‌ڕەش ف بدقدم.

پاوموری: هەوایەکی گۆرانیە، قامێکە، مقامێکە ف آهنگی است.

پاون: پاوان ف نگا: پاوان.

پاونە: پێوەند، کۆت‌و زنجیر ف کندپای زندانی.

پاوە: ١) پاوان؛ ٢) ناوی شارێکە لە کوردستان ف ١) نگا: پاوان؛ ٢) شهری در کردستان.

پاوەپا: ١) هاوڕایی؛ ٢) دودڵی؛ ٣) خۆوەدوادان‌و سستی ف ١) همراهی؛ ٢) تردید؛ ٣) اهمال.

پاوەجێ: جێ‌قایم، لە لەقین بەدور ف ثابت.

پاوەجێگە: پاوەجێ ف ثابت.

پاوەرە: ١) دەرپێ؛ ٢) پێڵاو، پاپۆش ف ١) زیرشلواری؛ ٢) پای‌افزار.

پاوەمانگ: زك‌پڕ لەو مانگەدا کەتیا ئەزێ ف پابماه.

پاوەن: ١) پاوان؛ ٢) پیوەند؛ ٣) دراوێکی ئینگلیس؛ ۴) پاموره ف ١) نگا: پاوان؛ ٢) بندپای؛ ٣) واحد پول انگلیس؛ ۴) نگا: پاموره.

پاوەند: ١) پاوان؛ ٢) پێوەند ف ١) نگا: پاوان؛ ٢) بندپا.

پاوەنە: پاموره ف نگا: پاموره.

پاوەوی: پێخەسو، بەربوك ف ینگه.

پاوەی: بەربوك ف ینگه.

پاوەیو: پاوەوی ف ینگه.

پاوێنە: پاموره ف نگا: پاموره.

پاهەڵکەفتن: هەڵەنگوتن، رەت بردن ف سکندری خوردن.

پاهەڵگرتن: بەلەز چون، خۆشتر رۆیشتن ف بسرعت رفتن.

پاهەڵگیر: بارەبەر ف باربر.

پای: ١) پەردە؛ ٢) پەش، دابەش؛ ٣) عۆدە، لەمل ف ١) پرده؛ ٢) قسمت؛ ٣) عُهده.

پایا: بەردەوام، قایم، خۆڕاگر ف ثابت.

پایان: ئاخر، دوماهی، دوایی ف پایان.

پایتەخت: پاتەخت، شاری شانشین ف پایتخت.

پایدۆس: دەست لەکار هەڵگرتن ف دست از کار کشیدن.

پایدۆست: پایدۆس ف نگا: پایدۆس.

پایز: سێهەم کۆی سال ف فصل پاییز.

پایزە: ١) چاندنی پایزی، بەرانبەری بەهارە؛ ٢) جۆرێ ترێ دەنك زل لەپایزا دەگا ف ١) کشت پاییزه؛ ٢) نوعی انگور.

پایزەبرا: برێتی لەدۆستێ کە درەنگ دەیبینی ف کنایه از دوستی که کم پیدا شود.

پایزەرێز: شەختە لێدراو، سەرمابردوی پایز ف سرمازدهٔ پاییزی.

پایزی: ١) چاندنی پایزە؛ ٢) جۆرێ هەنجیر ف ١) کشت پاییزه؛ ٢) نوعی انجیر.

پایژی: لێکدانەوەی خەو ف تعبیر خواب.

پایسکل: ئەسپەدارینە، دوچەرخە ف دوچرخه.

پایکردن: دابەش کردن ف توزیع کردن.

پاین: ١) لای خوارو؛ ٢) جێگەی پێ لەگۆڕدا؛ ٣) چاودێری، ئاگالێ بون ف ١) پایین؛ ٢) جای پا در قبر؛ ٣) نظارت و مراقبت.

پایناز: بەخێرهێنانی گەرم‌و گوڕ، خۆش‌وبێش بەمێوان گوتن ف استقبال گرم از مهمان.

پایناو: ١) قوناو، ئاوێ لەئاوداشتنا لە زەوی دەردەچێ؛ ٢) سەوزەی تێراوی لەشۆق ف ١) پساب آبیاری؛ ٢) شاداب.

پایندە: خۆڕاگر، جێ‌قایم ف پاینده.

پاینە: پایندە ف پاینده.

پایوان: بەردەداری پیاوی گەورە ف پردەدار.

پایە: ١) هیم، بناغە؛ ٢) پلەو دەرەجە؛ ٣) کۆڵەکەی لەخشت‌و سمنت؛ ۴) سەروپێ، پاچە ف ١) پایه؛ ٢) درجه و رتبه؛ ٣) ستون سیمانی؛ ۴) کلّه‌پاچه.

پایەبەرز: پیاوی گەورە ف بلندپایه.

پایەدار: خۆڕاگر و جێ‌قایم ف پایدار.

پایەداری: هەرمان‌و خۆڕاگری ف پایداری.

پایەروقی: هەوای ئاڵۆزو بەتەم‌و دومان ف هوای مُنقلب.

پایەماڵ: پاماڵ ف پامال.

پایەناز: ژێر راخەر، ژێر پێ راخەر ف پای‌انداز.

پایەنداز: پایەناز ف پای‌انداز.

پایین: ۱) لای ژێرو؛ ۲) چاودێری کردن، بەچــاو ئاگالــێ بون ف ۱) پایین؛ ۲) پائیدن.

پیلە: پلپلە، زێڕەسکەی ورد لەزنجیردا بۆخشڵ ف زیور آویزه.

پت: ۱) لێدانی رەگ. نەبـز؛ ۲) خودای دەستکرد، بت؛ ۳) کەپۆ، لوت، بێڤل، دفن؛ ۴) نوختە، خاڵ؛ ۵) خونجەی گیا؛ ۶) پتە، پڵتۆك، بەنینۆك لەشتێك دان؛ ۷) ئەوەندەی لەناو سەرپەنجەی قامکی گەورەو شادەدا جێگـەی دەبێتـەوە: (**پتێ** دەرمـان، **پتێك** چای)؛ ۸) سرکـە، سرتـە، پچـەپـچ؛ ۹) نوك، سەری باریکی شت؛ ۱۰) بوڵە، ورتە؛ ۱۱) شل و سست ف ۱) نبض؛ ۲) بُت؛ ۳) بینی؛ ۴) نُقـطه؛ ۵) غُنچهٔ گیاه؛ ۶) تلنگـر؛ ۷) بار دو انگشت؛ ۸) پچ پچ؛ ۹) نوك هرچیز؛ ۱۰) غر ولند؛ ۱۱) شُل و سست.

پتاپت: سرکە، سرتە، سرت و خورت ف حرف بیخ گوش.

پتات: زۆرویژ، چەنەوەر، هەڵەوەڕ، چەقەسرۆ، زۆربڵێ، چەنەباز ف وراج.

پتپا: نوکی پەنجەی پا ف نوك پا.

پتپت: بوڵەو پرتە ف غر ولند.

پتپتك: شێوی ساواری ورد، پیرخەنیلە ف آش بلغور.

پتپتۆك: جۆرێ پەپولەی خاڵدار ف نوعی پروانه.

پتپتۆکە: گوڵێکی سوری سەرە بەهارە ف از گلهای قرمز بهاری.

پتخی: رەنگ پەڕیو، بێڕەنگ، رەنگ بزرکاو ف رنگ پریده.

پتر: ۱) زۆتر: (**پتر**بێرێ)؛ ۲) زۆرتر: (**پتر**یان نان داپێمان) ف ۱) زودتر؛ ۲) بیشتر.

پترۆ: قرتماخەی سەربرین ف کبرهٔ زخم.

پترۆخە: پترۆ ف کبرهٔ زخم، خَشك ریشه.

پترۆك: پارچەی زۆر بچوك لە هەویرو نان ف جُزءِ کوچکی از خمیر و نان.

پترۆکە: ۱) پترۆ؛ ۲) پترۆك ف ۱) نگا: پترۆ؛ ۲) نگا: پترۆك.

پتوپۆز: لچ و لێو. دەم‌وپوز ف نس. پوز.

پتە: پتکە، بەیەك قامك لێدان، پت ف تلنگر.

پتەپت: ۱) لەرزین و پت دانی گڕی چرا؛ ۲) بوڵەوپرتە ف ۱) سوسوی چراغ؛ ۲) غر ولند.

پتەو: ناوبڕ، بەهێز، قایم ف توپُر و مُحکم.

پتەی: پێتن ف پختن.

پتێتە: پەتاتە، سێڤە عەرزیلە ف سیب‌زمینی.

پتیك: گەنە ف کنه.

پتیلە: پلیتە، فتیلە ف فتیله.

پچ: ۱) پێچ، بادراو، بادان؛ ۲) کەموکە؛ ۳) سرتە، سرکە ف ۱) پیچیده، پیچ؛ ۲) اندك؛ ۳) حرف بیخ گوش.

پچانن: سرتەکردن ف در گوشی حرف زدن.

پچڕان: لەبەریەك چون، پسان، قرنیان، قەتیان ف گسیختن.

پچڕاندن: قرتاندن، پساندن ف گُسلانیدن.

پچڕاندنەوە: ۱) دوبارە پساندن؛ ۲) دڕاندنی بەرگی دڕ لە شەڕدا ف ۱) باز گُسلاندن؛ ۲) پارە کردن لباس کسی.

پچڕانن: پچڕاندن ف گُسلاندن.

پچـڕانەوە: دوبارەپسان: (بەندی گەردن بەندەکەم دوبارە **پچڕایەوە**) ف دوبار گسستن.

پچڕاو: پساو، قەتاو، قرتیاگ ف پارەشده.

پچـڕپچـڕ: ۱) پس‌پس، هەوەدای لەچـەنـد جێوە پساو؛ ۲) بەش‌بەشی کەم‌کەم: (نـانـمـان **پچـڕپچـڕ** دەداتێ)؛ ۳) دژواری؛ ۴) راوانـدن و بێ‌سەروبەر گوتن: (قسەکانی **پچڕپچڕ** دەکرد کەس نەیدەزانی دەڵێ چی) ف ۱) گسسته و پاره‌پاره؛ ۲) اندك اندك؛ ۳) دشواری؛ ۴) درهم و برهم گفتن.

پچرك: جۆرێ کولێرە ف نوعی گردهٔ نان.

پچڕۆك: ئامادەی پسان، لەپسان نزیك ف نزدیك به گسستن.

پچڕیاگ: پچڕاو ف گُسسته.

پچڕیان: پچڕان ف گسستن.

پچڕین: ۱) پساندن؛ ۲) بردن، دەست کەوتن: (بەشی خۆی **پچڕی**) ف ۱) گسلیدن؛ ۲) بُردن.

پچڕێن: کەسێ دەپچڕێنێ ف گُسلنده.

پچڕینەوە: دورکەوتن: (کاکم لەئێمە **پچڕیوەتەوە** هاتوچومان ناکا)؛ ۲) لەشەڕدا بەرگی یەکتر بەچنگ دڕاندن ف ۱) قطع علاقه و ارتباط؛ ۲) از فرط خشم لباس هم را پاره کردن.

پچکۆڵ: چکۆڵە ف کوچولو.

پچکۆڵانە: پچکۆڵ ف کوچولو.

پچکەلانە: پچکۆڵ ف کوچولو.

پچکەڵە: پچکۆڵ ف کوچولو.

پچمە: تەویلە، تەوێڵە ف اصطبل.

پچوك: ۱) چکۆڵە؛ ۲) بربەتی لە خزمەتکار و ژێردەست ف ۱) کوچولو؛ ۲) کنایه از نوکر.

پچوك‌بون: ژێردەستی کردن ف خدمتکار بودن.

پچوك بونەوە: دوای زلی کەم کردن ف کوچك شدن.

پچوك کردنەوە: لە زلی کەم کردنی شتێ یا کەسێ ف کوچك کردن.

پچوکی: ۱) چکۆڵەیی؛ ۲) خزمتکاری، نۆکەری ف ۱) کوچکی؛ ۲) نوکری.

پچە: ۱) سرتە، سرکە؛ ۲) تەویلە ف ۱) درگوشی؛ ۲) اصطبل.

پچەپچ: پچە ف درگوشی.

پچیان: پێچ خواردن ف پیچش.

پچین: شەق تێهەڵدان ف تیپا.

پخ: ۱) وشـەیەکـە بۆ دەخـەوکـردنی منداڵ دەگوترێ؛ ۲) بۆ ترساندنی بەگاڵتـە؛ ۳) سەربـڕین بەزمـانی منـداڵان ف ۱) لالایی کودك؛ ۲) بشوخی ترساندن؛ ۳) بەزبان بچّه سربُریدن.

پخك: پخ، وشەی ترساندنی بەگاڵتە ف بشوخی ترساندن.

پخۆ: بخۆ، فەرمانی خواردن ف بخور.

پخە: ۱) فڕێدە، باوێژە؛ ۲) بدەبەزەویدا، لەهەردیدە ف ۱) پرت کن؛ ۲) بر زمین بزن.

پدو: پوك، گوشتی بن ددانان ف لثه.

پر: پرد، رێبازی هەڵبەستراو لەسەر ئاو، جیسر ف پُل.

پڕ: ١) تژه، تژی؛ ٢) زۆر، زاف، گەلـەك، زیاد؛ ٣) حەشـامات، خەڵكی زیاد؛ ٤) تونـدیی و سفتی تەنـراو؛ ٥) تورەو بەرك: (دڵم لێت پڕه)؛ ٦) خەمنـاك: (دڵم پڕەو گریام)؛ ٧) زۆرزاناو دانا: (مەلایەكی پڕه)؛ ٨) چڵەكـا، چڵەپـوش: (پـڕو پـوش)؛ ٩) بێ مانـا: (پڕو پوچ)؛ ١٠) بیر: (قسـەی پڕو پیرێژنانه باوەڕ مەكە) ف ١) پُر؛ ٢) بسیار؛ ٣) ازدحام؛ ٤) بافتهٔ سفت و پُرپُشت؛ ٥) خشمگین؛ ٦) غمگین؛ ٧) عالم پُرمایه؛ ٨) خس؛ ٩) بی‌معنی، مُهمَل؛ ١٠) پیر.

پراخ: یاپراخ، دولمەی گەڵامێو، ئاپراخ ف دُلمهٔ برگ مو.

پراش: ورد، لەتی چكۆڵه ف ریزه.

پراش پراش: لەت لەت، وردوخاش ف ریزریز.

پراو: پلاو ف پلو.

پڕان: ١) دڕان؛ ٢) بڕان ف ١) پاره‌شدن؛ ٢) بُریده‌شدن.

پڕاندن: ١) دڕاندن؛ ٢) بڕین ف ١) پاره‌كردن؛ ٢) بُریدن.

پڕاوپڕ: دارماڵ، لێواولێو، لیپ ف مالامال.

پرای: پەڕین، بازی گەوره بردن، بازدان، خۆهەڵدان ف جَهِش.

پڕایی: ١) ناوەراست: (لـەپـڕایی ناوەكـەدا)؛ ٢) كۆمـەڵ و جەماوەری: (پڕایی خەڵكەكە هات) ف ١) جرگه، وسط؛ ٢) اكثریت.

پڕبار: داری زۆر بەمیوه ف درختِ پرثَمر.

پڕبون: بروانەپڕ ف پُرشدن.

پڕبـونەوه: هەڵكەندراوی گڵ تێكراو، والای دوباره نیكراو: (چاڵی بەر دەركەكە پڕبوتەوه) ف پُرشدن دوباره.

پڕبەپڕ: لیپاولیپ ف لبالب، مالامال.

پڕبەدڵ: بەراستی، لەتەهی دڵەوه ف از ته دل.

پڕبەر: پڕبار ف درختِ پرمیوه.

پڕبێژ: چەنەباز، زۆربڵێ ف وراج.

پڕپا: هەزارپێ، زێڵۆ ف هزارپا.

پرپـره: ١) پولـەكه، بریقه، نۆییه؛ ٢) پەرەنگی گواره؛ ٣) پەڵپینه ف ١) پولك؛ ٢) آویزهٔ گوشواره؛ ٣) گیاه خرفه.

پرپریك: ١) پەڵپینه؛ ٢) پەپوله ف ١) گیاه خرفه؛ ٢) پروانه.

پرپلیك: پەڵپینه ف گیاه خرفه.

پرپـۆڵ: ١) كۆنـەپـەڕۆ، پارچـەی كۆنی دڕاو؛ ٢) سست، شل، ناقـایم، خۆنەگر ف ١) كهنه پارچه؛ ٢) شُل و نامحكم.

پڕپۆڵه: ١) چێشتی گزموله هەویر و كوزەڵه؛ ٢) دانی جوجكه مریشكی تازه له هێلكه دەرهاتو ف ١) اوماج؛ ٢) زواله.

پرپه: پڕپا ف هزارپا.

پڕپیاكـردن: ١) لێ نەوین بۆ ڕفاندن؛ ٢) دەباوش گرتن لەناكاو ف ١) گرفتن بەقصد ربودن؛ ٢) ناگهان در آغوش گرفتن.

پرپیت: ١) زۆر بەبەرەكەت، بەرێژەو؛ ٢) پەلەقاژەو هەڵبزۆقینی مریشكی سەربڕاو ف ١) پُربركت؛ ٢) دست و پازدن مرغ سربُریده.

پڕپیش: پڕوپوش، گیای بابردەڵەی وشك ف خَس و خاشاك.

پرت: پارچۆكه، كلۆی چوك: (پرتێك قەندم دەیه!) ف كلوخك.

پڕتاف: لینگدانی ئەسپ بەچوارناڵه، پڕتاو ف پُرتاب، چهارنعل تاختن.

پڕتافانن: وەغاردان خستنی بەچوارناڵه ف چهارنعل تاختن.

پرتافیان: توندغاردان ف تاختن.

پڕتافین: پرتافیان ف تاختن.

پرتافێن: گرێوەغار ف مسابقهٔ اسب‌دوانی.

پڕتاڵ: ١) كۆتاڵ، ماڵی گەزی؛ ٢) پێخەف ف ١) كالای زرعی؛ ٢) رختخواب.

پرتاڵ: كەل‌وپەلی ناوماڵ ف اثاثیهٔ خانه.

پڕتان: نوێن، پێخەف ف رختخواب.

پڕتاو: پڕتاف ف پرتاب.

پرتك: پرت، بەشێكی زۆركەم لەشتێكی زۆر ف ریزه.

پرتكاندن: بەش بەش و لەت‌لەت كردن، ورد كردن ف ریزه‌ریزه كردن.

پرتكه: ورده، كەموكه: (پرتكه نانێك نادا بەباوكی) ف ریزه.

پرتوك: ١) پرتكه؛ ٢) رزین، رزی ف ١) تكه پارچه، ٢) پوسیده.

پرتوكی: گەللایی، بێ قاعیدەو قانون، بەرەڵایی ف بی‌بندوباری.

پرتوكیاگ: رزیو، رزی ف پوسیده.

پرتوكیان: رزین ف پوسیدن.

پرته: ١) پت‌دان، لێدانی رەگ، نەبز؛ ٢) تروكەی گڕی چرا؛ ٣) بوڵەی بن لێوان ف ١) نبض؛ ٢) سوسوی چراغ؛ ٣) لندیدن.

پرتەپرت: پرتەی زۆر ف «پرته»ی زیاد.

پرتەقاڵ: فلتەقان، میوەیەكی بەناوبانگه ف پُرتقال.

پرتەقاڵی: رەنگی زەردی ئاماڵ سوور ف زرد پرتقالی.

پرچ: ١) موی درێژی سەر، كەزی؛ ٢) پەڕی باڵنده؛ ٣) موی لەش ف ١) گیس، زُلف؛ ٢) پر پرنده؛ ٣) موی بدن.

پرچك: پریشكی ئاوی بەكوڵ ف قطرات پاشیده از آب جوش.

پرچن: ١) خاوەن پرچ؛ ٢) موی تێكـەڵاوی پڕی شانـه نەكراو ف ١) كاكُل‌دار؛ ٢) ژولیده‌مو.

پڕچەك: چەكداری سازو تەیار له سیلاحدا ف سلحشور.

پرچەمێك: چەك‌چەكی، شەمشەمەكوێره ف خُفاش.

پرچی ئایشەو فاتمان: كۆڵكه زێڕینه، كەسكەسوور ف رنگین كمان.

پڕچین: زۆرچین‌دار، ناصاف ف پرچین و شكن.

پرخ: دەنگی كەپۆی خەولێكەوتو، پرخه ف خُرناسه.

پرخاندن: پرخەكردن لەخەوا ف خُرناسه كشیدن.

پرخانن: پرخاندن ف خرناسه كشیدن.

پرخن: كەسێ لەخەوا بپرخنێ ف كسی كه در خواب خرونُف كند.

پرخوهوڕ: پرخەی زۆرو بەهێز ف خُرناسهٔ زیاد.

پرخه: پرخ ف خُرناسه.

پرخەپرخ: پرخەی زۆر ف خُرناسهٔ زیاد.

پرد: پر، رێباز لەبان ئاو ف پُل.

پڕدان: پڕپێداكردن، گرتن و رفاندن ف گرفتن و ربودن.

پردو: جۆرێ كاڵەك ف نوعی خربزه.

پرده: ورده ئەسپاب: (وردەو پرده) ف خرت و پرت.

پردەڵە: ١) دارەڕای سەر خەرداری ئاش؛ ٢) داریکی دریژە لە ئەسپابی جوڵایی‌دا ف ١) ابزاری در آسیاب؛ ٢) ابزاری در جولایی.

پڕز: ریشوڵەی پارچە ف پُرز پارچە.

پڕزانگ: مناڵدان، زێدان، زێ ف زهدان.

پڕزگ: زیپکەی ورد ف جوش ریز بر پوست.

پڕزۆ: ١) بەهێزو تابشت؛ ٢) خۆڕاگرو پشودرێژ ف ١) قدرتمند؛ ٢) شکیبا.

پرزوڵ: تیتوڵ، بزگوڕ ف تکه کهنهٔ کثیف و پاره.

پرزوڵە: پرزوڵ ف نگا: پرزوڵ.

پرزە: ١) قەسەڵ، بەرماوی ئالف لە ئاخوڕدا؛ ٢) لەتە قامیشی باریک؛ ٣) فڕکاندن، هەڵ پڕیواندن، ریک خستنی جلی قوڕاوی تا قوڕەکەی لێ هەڵــوەرێ؛ ٤) هێزو تاقــەت: (پــرزەم لێ بڕاوە)؛ ٥) بەش‌و ماف: (هەموی خوارد **پرزەی** منی بڕی) ف ١) پس‌ماندهٔ آخور؛ ٢) پوشال باریک نی؛ ٣) گل و خاک از لباس گرفتن؛ ٤) رَمَق و توان؛ ٥) حقوق و قسمت.

پڕژ: بڵاو، پەرژ، پەرێشان، پڕش ف پراکنده.

پڕژان: ١) بڵاوبـونی شتی ورد؛ ٢) بەزەوی وەربـونی ئاو یان تۆو: (ئاو مەپــڕژێنە، تۆو بپڕژێنە)؛ ٣) زۆر بەئێش‌و ئازار ف ١) پراکندگی؛ ٢) افشان شدن آب یا بذر بر زمین؛ ٣) دردناک.

پڕژاندن: بڵاوکردن ف افشاندن.

پرژوڵ: پڕژ ف افشان.

پڕژە: پڕیشک ف پشنگ آب.

پرس: پرسیار، وتەیێ کە جوابی گەرەکە ف پرسش.

پرسا: پرسکەر، بەپرسیار ف پُرسش کننده.

پرسانە: دیاری بۆماڵی تازیەبار ف هدیه به صاحب عزا.

پرسک: زیپکە ف جوش صورت.

پرسنامە: قاقەزی پرسیاران کەئەبێ پڕ کرێتەوە ف پُرسشنامه.

پرسە: ١) دیدارکردن لە نەخۆش؛ ٢) تازیە، تازیەت ف ١) عیادت بیمار؛ ٢) عزاداری.

پرسەگورگانە: پرس پێ کردنی رواڵەتی‌و بەقسە نەکردن ف پُرسش تعارفی.

پرسەگورگانێ: پرسەگورگانە ف پُرسش تعارفی.

پرسیار: پرس، پسیار ف پُرسش.

پرسین: پرس کردن ف سؤال کردن.

پرسینــەوە: ١) بەسەرکردنەوە؛ ٢) سەرحیساب بون ف ١) رسیدگی به زیردست؛ ٢) حساب‌رسی.

پڕش: پڕژ ف افشان.

پرشنــگ: ١) تیریژ، تیرۆژ، تیشکی رۆژ، تیشـک؛ ٢) پڕیشکـەی ئاگر، پزیسک ف ١) تابش؛ ٢) شراره.

پرشە: ١) ورشە، گرشە، درەوشین؛ ٢) پڕژە ف ١) درخشش؛ ٢) نگا: پرژە.

پڕقینە: قوڕقینە، قرپ، دەنگ لەقورگەوە لەتێری ف آروغ، آروق.

پڕک: ژانی مناڵ‌بون ف درد زایمان.

پرک: ١) برش، کەڕو، کەڕەکیفە؛ ٢) پرتک، کەموکە ف ١) کَفَک؛ ٢) اندک.

پڕکردن: تژەکردنی واڵا ف پُرکردن.

پڕکردنەوە: تژەکردنی دوبارە ف دوبارە پرکردن.

پڕکێش: بەتەماح‌و گران‌فرۆش ف آزمند و گرانفروش.

پڕکێشی: سوربون‌و پێداگرتن لەسەر مەبەست ف اصرار و لجاجت.

پرگ: ١) پرک، کەڕو، برش؛ ٢) پارچە زەوی؛ ٣) کەرکەمەڕ ف ١) کفک؛ ٢) قطعه‌ای زمین کوچک؛ ٣) بخشی از گلّه.

پڕگۆشت: قەڵەو بۆگیاندارو میوە ف گوشتالو.

پرگە: گەرا ف پوره، تخم حشرات.

پرگ هەڵێنان: کەڕوهەڵێنان، برش هەڵێنان ف کَفَک برآوردن.

پڕمە: ١) دەنگی لوتی یەکسم؛ ٢) گریانی لەناکاو: (لە **پڕمەی** گریانی‌دا) ف ١) صدای بینی اسب؛ ٢) زیر گریه زدن.

پرمێشــک: ١) زاناو بەهۆش؛ ٢) نۆسەنەک، پەنێرشک ف ١) پرمغز؛ ٢) نوعی خار در گندمزار روید.

پڕنۆ: دەلیل، بەڵگە ف دلیل، برهان.

پڕنۆڵ: بزگوڕ ف تکه لباس کهنه.

پرواندن: بەنینۆک کڕاندن‌و لێ کردنەوە: (دامێنت قوڕاویە، وشکی کەوەو بی**پروێنــە**، ئەم گەنمــەشامیە بە نینۆک **بپروێنە** با لەلاسک بێتەوە) ف زدودن با سرانگشت.

پروانن: پرواندن ف نگا: پرواندن.

پڕوپا: لاق‌و لەتەر، داودەلینگ ف ساق و دامن بالای ساق.

پڕوپاتاڵ: ١) وردەو پردەی ناوماڵ؛ ٢) خرت‌وپرتی بێ‌نرخ؛ ٣) بێکارە، بێ‌هونەر ف ١) خرت وپرت خانه؛ ٢) اشیاءِ بی‌ارزش؛ ٣) بیکاره و تنبل.

پڕوپوچ: قسەو باسی بێ‌ماناو بێ‌کاکڵ‌و ناڕاست ف خُرافات، یاوه.

پڕوپۆشتە: تەڕپۆش، کۆک، خۆش بژیو، سازو تەیار ف مُرفّه.

پڕو پەشێو: بێ‌سەرو بەر، حاڵ پەرێشان ف پریشان‌حال.

پڕوپێ: پڕوپا ف نگا: پڕوپا.

پڕوپیت: وردە حاجەتی ماڵ ف خُرده اسباب خانه.

پرۆت: هەورگەر، کاسەوکوزەکەر، هۆستای ئامانان ف کوزه‌گر.

پڕوز: بۆنی خوری سوتاو ف بوی پشم سوخته.

پڕوزان: سوتانی کوڵکە خوری‌و مو ف سوختن پشم و مو.

پڕوزانن: سوتاندنی خوری‌و مو ف سوزاندن پشم و مو.

پڕوزاو: کوڵکەی سوتاو ف موی سوخته.

پڕوزە: خوری سوتاو ف پشم سوخته.

پڕوزیان: پڕوزان ف سوختن پشم و مو.

پڕوزیاو: پڕوزاو ف موی سوخته.

پرۆژە: گەڵاڵە دانان بۆکاریکی گرینگ‌و بەبەهرە ف پروژه.

پڕوسقــان: ١) هەڵگەڕانی شیر، تێک‌چونی شیر لەسەر ئاگر؛ ٢) رەنگ پەڕین لەترسان ف ١) بریدن شیر؛ ٢) رنگ باختن.

پڕوسقیان: پڕوسقان ف نگا: پڕوسقان.

پڕۆسک: پزیسک، پریشکی ئاگر ف شرارهٔ کوچک.

پروسك: باقیماوەی لەشی مردوی رزیو: (هەرئێسكو **پروسكی** مابو) ف باقیمانده جسد پوسیده.
پڕوسكان: لەبەریەك هەڵوەشان ف ازهم پاشیده شدن.
پڕوسكە: ئاورینگ، پریشكی ئاگر، پرۆسك ف شراره.
پروش: چاوی كەمبین و نەخۆش ف چشم بیمار و كم‌سو.
پروشـە: ١) كەمكەم خواردن: (بەخوا بەحاڵ پروشە دەكا)؛ ٢) دەنكە دەنكەی بەفر كە دەبارێ ف ١) كم‌كم خوردن؛ ٢) ریزش دانه‌های برف.
پروشە پروش: وردە وردە هاتنی بەفر بۆ زەوی ف ریزش آرام برف.
پروكە: دەنكی وردی بەفر ف دانهٔ ریز برف.
پروكەپروك: فینگەفینگ، دەنگی گریانی بەسەبر ف صدای آهستهٔ گریه.
پرونان: پرواندن ف زدودن با سر ناخن.
پریاسكە: پرێسكە، بوخچەی لەدەسرۆكە ف بقچهٔ كوچك.
پریچ: چاوی پروش ف چشم كم‌سو.
پریزە: پریاسكە ف بقچهٔ كوچك.
پرێس: پەرست: (بیاكێ خوا **پرێسە**) ف پَرَست.
پرێسك: پڕوسكە ف جرقه.
پرێسكە: پریاسكە ف بقچهٔ كوچك.
پڕێش: ریزاڵ، بزگوڕ، وردوخاش، ریشاڵ ف پارچهٔ كهنهٔ پوسیده.
پڕێش پڕێش: ریشاڵ ریشاڵ، ریزاڵ ریزاڵ ف پاره‌پاره، تكه‌تكه.
پڕێشك: پشكی ئاو ف پشنگ آب.
پریشكە: دانولەی گەنم، چێشتی گەنم ف آش گندم جوشیده.
پریكە: تریقە، دەنگی بەقەوی خەنین ف صدای هرهر خنده.
پریوان: بەنینۆك یان بەرێك خستن وەراندن: (گەنمەشامی **بپروێنە**، جله قوڕاویەكەت **بپروێنە**) ف با ناخن زدودن.
پز: ١) بێچو لەناوزگدا، پیزە، تۆڵ؛ ٢) چێژەی تفت، چێژەی زوان گیر؛ ٣) قوز، كوز، شەرمی مێوینە ف ١) جنین؛ ٢) گس مزه؛ ٣) فرج، آلت تناسلی زن.
پزان: ١) بێچودان، مناڵدان، پزدان؛ ٢) ئەوی مناڵ بۆكاڵتە فوی تێدەكەن ف ١) بچه‌دان؛ ٢) بادكنك.
پزدان: پزان ف نگا: پزان.
پزدوك: چینچكە سلاو، باپشكێو ف گل‌مُژه.
پززە: نەخۆشیەكی پەزە ف نوعی بیماری گوسفند.
پزگ: ١) پزو، جێگەی دۆخین لەدەرپێدا؛ ٢) هەرچێ لێوی هەڵدورابێ و بەنی تێدابێ وەك زار كە كیسەو تورەكە؛ ٣) نەخۆشی مەڕ، پزو ف ١) و ٢) نیفه؛ ٣) نوعی بیماری دام.
پزگە: پزگ ف نگا: پزگ.
پزلی: جێگەی بێچو لەزگدا، پزدان ف زهدان.
پزو: ١) پزگ؛ ٢) مناڵدان، پزدان؛ ٣) پززە، فزرە ف ١) تنبان؛ ٢) زهدان؛ ٣) نگا: پززە.
پزۆر: ورگ و ناو، ناوزگی حەیوان ف احشاء.
پزۆژن: سۆژنێ كە لە تەبەنە درێژترو لە سوژن پچوكترە ف سوزن كوچكتر از جوالدوز و بزرگتر از لحافدوز.
پزوسك: پروسك، پریشكی ئاگر ف شراره.
پزوسكە: پزوسك ف شراره.
پزە: فزە، نەخۆشی مەڕ ف نوعی بیماری دام.
پزی: ١) تفتی؛ ٢) پزگ ف ١) گس‌مزگی؛ ٢) نگا: پزگ.
پزیسك: ئاورینگ، نەختوكە ئاگرێك، پڕیشكەی ئاگر ف شراره.
پزیشك: بژیشك، حەكیم، لوقمان ف پزشك.
پزیشكـە: نوسـەكـە، نوسـەنـەكە، بەری گیایەكی دڕكاویە بەخوری و جلكەوە دەنوسێ ف نوعی خار.
پزیم: ئاغزونە، ئاڵقەی داخستنی قایشی پشت و كەوش ف سگك.
پزینك: بلامك، دەمبێنی بێچوی ئاژاڵ ف دهان بند بچه شیرخوار حیوان.
پژ: ١) داسوكەی دەخڵ؛ ٢) لكی باریكی دار؛ ٣) یاڵی ولاخ ف ١) برز غلّه؛ ٢) جوانه نازك؛ ٣) یال.
پژاڵ: ١) لكی هەرە باریكی دار، پژ؛ ٢) پڕوپوش ف ١) جوانه نازك؛ ٢) خس و خاشاك.
پژان: ١) پرژان، بلاوبونی وردوشل؛ ٢) خوێن لەلوت هاتن؛ ٣) نەمانی كچێنی؛ ٤) زۆرەوانی، ملانێ ف ١) پاشیدن مایع؛ ٢) خون دماغ شدن؛ ٣) رفتن بكارت؛ ٤) كُشتی.
پژاندن: ١) دەخوێن هێنانی لوت؛ ٢) بردنی كچێنی؛ ٣) بلاوكردنی ورد؛ ٤) وەشـانـدن، چانـدنی تۆم ف ١) خون دماغ كردن؛ ٢) بكارت برداشتن؛ ٣) پخش و پلا كردن؛ ٤) تخم افشاندن.
پژاو: ١) كچێنی نەمـاو: (بنی پژاوە)؛ ٢) لوتی خوێن لێهاتو: (لوتی پژاوە)؛ ٣) تۆمی وەشاو ف ١) بكارت برداشته شده؛ ٢) دماغ خونی شده؛ ٣) تخم پاشیده شده.
پژبێن: پشتێن، پشتان، كەمەربەند، پشتوێن، پشتێند ف كمر بند.
پژتێن: پژبێن ف كمر بند.
پژك: ١) داروكە یەكە بۆ پینە دەمەشكەی كونبوی زادەكەن، پشك؛ ٢) خونچە، پشكۆژ ف ١) پینهٔ چوبی سوراخ مشك؛ ٢) غنچه.
پژكۆژ: پشكۆژ، خونچە ف غنچه.
پژگاڵ: كاروبار، مەشغوڵیەت ف سرگرمی و مشغولی.
پژل: سۆر لەسەرشتێ ف اصرار، ابرام.
پژلاندن: سۆربون ویاداگر تن لەسەرشتێ ف اصرار كردن.
پژم‌وهۆڕ: پژمەی بەقەو، توندپشمین ف عطسهٔ قوی.
پژمە: پشمە، پنژە ف عطسه.
پژمەپژم: پشمەی لەسەر یەك ف عطسهٔ پیاپی.
پژمین: پنزین، پشمین ف عطسه‌كردن.
پژن: ١) بەلكوپۆپ؛ ٢) پرچن و موتێكەلاو ف ١) درخت پرشاخ و برگ؛ ٢) ژولیده‌مو.
پژنچە: قاشاق، ژ نەكی یەكسم ماڵین ف برس ستور.
پژو: یاڵ، موی ملی یەكسم و شێر، پژ ف یال.
پژوپـۆ: لق‌وپـۆپ، ئەولكـانـەی هەڵـدەپـەرتێودرێن ف شاخه و برگ،

شاخه‌های هرس شدنی.

پژون: گزره ف علف پرس شده.

پژوێن: پزبێن ف کمر بند.

پژوێنه: پزبێن ف کمر بند.

پژه: پریشکه پریشکی ئاو ف پاشیده شدن آب.

پژیاگ: ١) پژاو، لوتی خوێن لێهاتو؛ ٢) کچێنی لەبەین چو؛ ٣) تۆمی چناو ف ١) خون دماغ شده؛ ٢) بکارت برداشته شده؛ ٣) تخم پاشیده شده.

پژیان: پژان ف نگا: پژان.

پس: ١) قەتین، قەتیان؛ ٢) تور، ئەوی لەباتی س، **ث** دەڵێ، پسك؛ ٣) کوڕ، فرزەندی نێر: (**پسمام:** ئامۆزا) ف ١) گسلیدن؛ ٢) کسی که «س» را «ث» تلفظ کند؛ ٣) پسر.

پسات: جوات، ئاوکۆمەڵ، جەرگەی حەشامات: (بۆتە پەندی **پساتێ**) ف اجتماع.

پسان: ١) قەتیان، لەبەر یەك چونی بەن و داو؛ ٢) مردن لەبەر ماندویی ف ١) گسستن؛ ٢) از خستگی مُردن.

پساندن: لەبەریەك بردن ف گُسلانیدن.

پسانك: بێچو: (**پسانکە** سەگ: توتەڵەسەگ) ف بچّه.

پسانن: پساندن ف نگا: پساندن.

پسانەوە: ١) دوباره لەبەریەك چون؛ ٢) دوایی هاتن: (ئەوەچبو؟ هەر نە**پسایەوە**) ف ١) دوباره گسستن؛ ٢) خاتمه یافتن.

پسپان: ١) پینەی پەڕۆ؛ ٢) سرتە، قسەی بەئەسپایی ف ١) پارچهٔ پینه؛ ٢) حرف در گوشی.

پسپاندن: سرتەکردن، سرکاندن ف حرف در گوشی.

پسپس: ١) زۆربچڕاو، بەچەندجێ لەت؛ ٢) وشەی بانکردنی پشیله ف ١) پاره‌پاره شده؛ ٢) کلمه صدا زدن گربه.

پسپستڵێ: جۆلاتەنە، جاڵ جاڵۆکە ف عنکبوت.

پسپسیك: پشیله، پسیك، پشی، کتك ف گربه.

پسپۆڕ: ١) زانا لە پەزناسین‌دا؛ ٢) چازان و لێزانی کار ف ١) گوسفندشناس؛ ٢) خبیر و کاردان.

پسپۆڕی: چازانی، هۆزان لەکارێکا ف خبرگی، تخصص.

پست: سرتە، سرکە ف حرف در گوشی.

پستان: فستان، کراسی ژنانە ف پیراهن زنانه.

پسترك: پەیژه، ناردیوان ف نردبام.

پستو: بەرۆك، یەخە ف گریبان.

پستە: ١) فستق؛ ٢) سرتە، چپه ف ١) پسته؛ ٢) درگوشی.

پستەبادام: بادامی کاغەزی، باوی تیکوڵ ناسك ف پسته بادام.

پستەپست: سرتەسرت، پچەپچ ف پچ پچ.

پستەق: مێوژی خراپ ف مویز بنجل.

پسك: ١) کەسێ زمانی «سین» و «زێ» ناهێنی، پس؛ ٢) پشیله؛ ٣) بسك، زولف ف ١) کسی که «س» را «ث» تلفظ کند؛ ٢) گربه؛ ٣) گیسو.

پسکان: دەگەڵ پێشگری *ڕا* دەیڵێن. خۆ رزگارکردن لە کەسێ کەتوندگرتویە: (خۆی لەدەستم ڕا**پسکاند**) ف فرار کردن.

پسکول: گوڵێنگی کڵاو ف منگولهٔ کلاه.

پسکە: ١) سرکە، سرتە، قسە بەدەنگی نزم؛ ٢) پارێزی ڕاوچی بۆ نچیر؛ ٣) باڵەفڕەو جیوەجیوی بەچکەمەل لەکاتی خواردن لەدەندوکی دایکی‌ڕا ف ١) حرف در گوشی؛ ٢) خیز شکارچی بەطرف شکار؛ ٣) پرپر زدن بچهٔ پرنده وقت خورن.

پسکەپسك: ١) سرتەسرت؛ ٢) باڵەفڕەو جیك‌جێکی جوجك ف ١) نجوا؛ ٢) پرپرزدن و سروصدای بچهٔ پرنده.

پسکیان: پارێزبردنی ڕاوچی ف خیز شکارچی بسوی شکار.

پسڵ: لۆشە، گیایەکە لەدۆکلیوی دەکەن ف گیاهی است که در دوغبا ریزند.

پسمام: ئامۆزای نێر، کوڕمام ف پسرعمو.

پسنچك: پنچك ف بوتهٔ درختی.

پسو: هەست ف احساس.

پسمیران: بەچکەبەگ، ئەجیمزادە ف نجیب‌زاده.

پسوك: بەنی ناقایم کەزو دەپسێ ف نخ نازك نامحکم.

پسوگرتەی: گوێڕادێری لەقسەی خەڵك هەستڕاگرتن ف استراق‌سمع.

پسەپس: ١) تورەتور؛ ٢) سرتەسرت ف ١) حالت لُکنت زبان؛ ٢) پچ‌پچ.

پسیان: قەتیان، پسان ف گسستن.

پسیزك: پزسك ف نگا: پزسك.

پسیك: پشیله، پشی ف گربه.

پسێن: ١) ئەوی دەپسێنێ؛ ٢) کڕیار ف ١) گسلنده؛ ٢) خریدار.

پسیۆز: پسپۆڕ ف نگا: پسپۆڕ.

پش: ١) فشەلۆك، ناپتەو؛ ٢) سی، جەرگی سپی، کیسەی هەناسە؛ ٣) وشەی بانگ‌کردنی پشیله ف ١) شل و ول؛ ٢) ریه؛ ٣) کلمه صدا کردن گربه.

پشاقیك: سوێنکە سابون ف تەماندهٔ صابون.

پشاوتن: گلۆفین، هەڵپشاوتن، تێك‌هەڵگوشین‌ولێك‌دان ف مُچاله کردن.

پشپش: وشەی بانکردنی پشیله ف کلمه صدا کردن گربه.

پشپشۆکە: گیایەکە لە کلکەپشیلەئەچێ ف گیاهی است شبیه به دم گربه.

پشپێنت: پزبێن ف کمر بند.

پشت: ١) لەدواوە لەشانرا تاسەر ڕان؛ ٢) ئەو دیوی هەرشتێ؛ ٣) خزمی باوك؛ ٤) داژدارو لاگر؛ ٥) وشەی دەرکردنی پشیله؛ ٦) بەرەوچین: (**پشت بەپشت** واهاتوین)؛ ٧) حیز، پیاوی گاندەر ف ١) پُشت؛ ٢) وراء؛ ٣) خویشاوند پدری؛ ٤) طرفدار؛ ٥) کلمه راندن گربه؛ ٦) نسل؛ ٧) اُبنه.

پشتاش: تۆزی ئارد لەئاشدا، تۆز ئاسیاو ف گَرد آسیاب.

پشتان: ئاوقا، دەست تێ‌وەرێنان ف در آغوش گرفتن.

پشتاو: ١) جۆرێ دەمانچەی قەدیم؛ ٢) تۆرەکەی باروتی راوچی ف ١) نوعی تپانچه؛ ٢) تو برهٔ باروت.

پشتاوپشت: ١) بابەڵباب، بەرە لەدوی بەرە؛ ٢) پێچەوانە رۆیشتن: (**پشتاوپشت** چومە ناو ئەشکەوتەوە) ف ١) نسل در نسل؛ ٢) عقب عقب رفتن.

پشت‌ئەستور: خاترجەم، بێ‌نیگەرانی ف خاطرجمع.

پشت‌بێن: پزبێن ف کمر بند.

پشت پێ بەستن: خاترجەم‌بوُن لە یارمەتی کەسێك ف اطمینان یافتن از یاری کسی.

پشت تێکردن: ١) رولێ وەرگێڕان؛ ٢) گوێ پێ نەدان: (**پشتی** دەکارەکەی **کردوە**) ف ١) اعراض و پشت کردن؛ ٢) بی اعتنایی.

پشت چوُقك: دارگورد، ئەودارە بۆی تەونی پێ‌دەکوتن ف چوبی که با آن پودقالی را می‌کوبند.

پشت‌خوُیل: پشت کوُڕ، پشت چەمیو ف کوژپشت.

پشتدار: ١) قایم، پتەو؛ ٢) خاوەن دازداروِ لاگری بەهێزو دەسەڵات ف ١) محکم؛ ٢) کسی که پارتی بانفوذ داشته باشد.

پشت‌دان: ١) هەڵاتن لەبەر دوژمن؛ ٢) تەسمیل بونی مێوە بۆنێرە ف ١) فرار از دشمن؛ ٢) تمکین ماده برای نرینه.

پشت دانەوە: ئارخەیان‌و بێ‌خەم‌بوُن: (برۆ **پشتی** خۆتی **لێ‌بدەوە**و مەترسە) ف آرامش یافتن.

پشتڕێژ: برینی پشتی یەکسم ف زخم پشت ستور.

پشتڕێش: پشتڕێژ ف زخم پشت ستور.

پشت ساردبوُنەوە: ناهۆمێدبوُن لەکار ف مأیوس شدن.

پشت‌شکان: برینی لە بەلای زۆر گەورە: (براکۆ **پشتم‌شکا**) ف کنایه از مُصیبت بزرگ.

پشتکوُڕ: پشت خوُیل ف کوژپشت.

پشتکۆڵ: داری پشت دەرگا بۆداخستن ف چوب پشت در.

پشت کۆم: پشت‌خوُیل ف کوژپشت.

پشت‌گرتن: یارمەتی‌دان، دازداری کردن ف حمایت کردن.

پشتگوێ‌خستن: گوێ پێ‌نەدان، وەدواخستن ف پشت گوش انداختن.

پشتگوێکردن: ١) برینی لە سەرچاك کردن لای دەلاك؛ ٢) موهەڵگرتنی لاملی ژن ف ١) اصلاح موی سر؛ ٢) موی صورت گرفتن زنان.

پشتگین: دوماهی، ئاخری ف واپسین.

پشتلێدان: گەمەیەکە شەڕە پشت ئەکەن ف نوعی بازی.

پشتلێدانەوە: ئاسودەبون، ئیسراحەت کردن ف لم دادن.

پشتلێکردنەوە: پشتلێدانەوە ف لم دادن و آسودن.

پشتمێر: هاریکار، یاریدەر ف یاری کننده.

پشت‌وپەنا: جێگەی بانگ‌و هاوار ان: (غەوس **پشت‌وپەنات بێ**) ف پُشت پناه.

پشتوری: ورە، هێزی دل ف قوّت قلب.

پشتوێن: پزبێن ف کمر بند.

پشتە: ١) کۆڵ‌و بار، باری کۆڵ؛ ٢) پك، لای کوُڕی میچ، جك لەسەرزك؛ ٣) وشەی دەرکردنی پشیلە؛ ٤) نێری گانـدەر، پشت؛ ٥) ناوی گوندێکە لەسەر سیروان؛ ٦) تیکوڵ فرێدانی ئاولە؛ ٧) هاوعەشیرەت ف ١) کولەبار؛ ٢) طرف برجستهٔ شتالنگ؛ ٣) کلمهٔ راندن گربه؛ ٤) اُبنه؛ ٥) نام دهی است؛ ٦) پوست انداختن زخم؛ ٧) هم‌خونی.

پشتەپا: شەق، تێهەڵدان ف تیپا.

پشتەپێ: پشتەپا ف تیپا.

پشتەڕێژە: پشتڕێژە ف زخم پشت ستور.

پشتەڕێشە: پشتەڕێژە ف زخم پشت ستور.

پشتەسور: پشت ئەستور ف نگا: پشت ئەستور.

پشتەسەر: خشڵێکە ژنان لەناوەڕاستی سەری دەدەن‌و بەپشتا بەردەبێتەوە ف زیوری است زنانه.

پشتەك: ١) پشتیوانەی دیوارو دار بۆ قایم بون؛ ٢) تیسکە خوری کە هەڵی ناپاچن‌و دەیهێڵنەوە ف ١) پشتیبانه؛ ٢) پشمی که بر پشت قوچ می‌ماند.

پشتەکی: سواربونی یەکسم: (دو**پشتەکی**) ف سوار شدن بر ستور.

پشتەمازە: موغەرەی پشت، تیغەرەی پشت ف ستون فقرات.

پشتەماسی: خەرپشتە، سەربانی کوُروەك پشتەماسی ف بام خرپشته.

پشتەملە: بێگار، کاری بەزۆرداری بۆزۆردار ف کار بیگاری.

پشتەملێ: پشتەملە ف بیگاری.

پشتەمەلە: جۆرێ سۆبایی، مەلەی لەسەر گازی پشت ف شنای پشت.

پشتەمێر: پشتمێر ف نگا: پشتمێر.

پشتەوە: دواوە ف وراء، پشت.

پشتەوەشکێن: بەلای بشتەوە داچەماو ف بەطرف پشت خم شده.

پشت هەڵکردن: قەڵس بون، رووەرگێڕان ف پشت کردن و عصبانی شدن.

پشت هەیوان: ئۆدەی لەڕوی هەیوان ف اطاق رو بەتراس.

پشتەیوان: پشت **هەیوان** ف نگا: پشت هەیوان.

پشتی: ١) سەرین؛ ٢) پاڵـەوپـشت؛ ٣) کۆڵ، باری پشتی پیاو؛ ٤) لەدوای: (**پشتی** تۆ من دێم) ف ١) بالش؛ ٢) متکی؛ ٣) کولەبار؛ ٤) پس از.

پشتیر: تەویلە، تەوڵە، گەوەڕ ف طویله، اصطبل.

پشتێر: پشتیر ف طویله، اصطبل.

پشتێن: ١) پزبێن؛ ٢) گشتەك ف ١) کمر بند؛ ٢) نخ بهم بافته.

پشتێند: پزبێن ف کمر بند.

پشتێندە: ١) دەورە، دەورەگرتنی پەرژین یا هەرچی؛ ٢) داری دەناو شوُڵی چەپەر خراو؛ ٣) جۆرێ زۆرەوانیە کە دەست دەکەمبەری یەکتر دەگرن ف ١) کمر بندی؛ ٢) پودِ پرچین؛ ٣) نوعی کُشتی.

پشتێنە: پشتێندە ف نگا: پشتێندە.

پشتیوان: ١) هاریکـار، یاریدەر؛ ٢) قایم‌کەری دیواری شکست؛ ٣) داری دەرگاداخستن ف ١) پشتیبـان؛ ٢) پشتیبـانـەدیوار؛ ٣) چوب پشت در.

پشتیوانە: دیواری دیوار ئەستێنەوە ف پشتیبانه.

پشتیوانی: یاریدەدان، هاریکاری، لاگیری ف پشتیبانی.

پشتیوانی کردن: دژداری کردن، لاگیری کردن ف طرفداری کردن.

پشڕون: چێشتی پیرخەنیلە، شیوی وردە ساوار ف آش بلغور ریز.

پشقل: پشکەڵ، کشبەڵ، کشپل، قشپل، گۆی دوسمو وشترو کەروێشك ف پشك حیوانات.

پشك: ١) خونچەی گوڵی‌دار؛ ٢) پژك، داری کونگری مەشکەوخیگە؛ ٣) دەنکی بەفر، کلوی بەفر؛ ٤) پسولەی خۆوبەخت، قورعە؛ ٥) بەش وبار؛ ٦) پڕیشکی ئاو ف ١) شکوفە درخت؛ ٢) پینۀ چوبین مشك؛ ٣) دانۀ برف؛ ٤) بلیط بخت‌آزمایی؛ ٥) سهم و قسمت؛ ٦) قطرات پاشیدۀ آب.

پشکخستن: قورعەکێشان ف قُرعه انداختن.

پشکڤین: ١) پشکوتنی خونچە؛ ٢) هەڵوەشانی درومان، هەڵپشکوتن ف ١) شکفتن غنچه؛ ٢) بازشدن بخیه.

پشکڵ: پشقل ف پشك حیوانات.

پشکن: ١) مفەتیش، ماڵ پشکن؛ ٢) لەبەریەك جیا کەرەوە: (خوریەکە بپشکنە) ف ١) مفتّش و بازرس؛ ٢) ازهم بازکنندۀ پشم و موی.

پشکنین: ١) گەڕان و تەفتیش؛ ٢) هەڵوەشاندنی خوری و لۆکە ف ١) تفتیش؛ ٢) ازهم بازکردن پشم و موی.

پشکۆ: پۆلو، پەرەنگ، سکڵ، پەنگر ف اخگر.

پشکوتن: وەبونی خونچە ف بشکفتن.

پشکۆڕ: پشتکۆڕ ف کوژپشت.

پشکۆژ: ١) خونچە؛ ٢) دوگمە، قۆبچە؛ ٣) گولۆك ف ١) غنچه؛ ٢) دکمه؛ ٣) شکوفۀ درخت.

پشکول: تەژەی ناقۆلا ف تنومند بدقواره.

پشکۆڵ: پشقل ف پشك حیوانات.

پشکەڵ: پشقل ف پشك حیوانات.

پشکیل: ئەنگوستیلەی بێ‌نقێم کە لەگاڵتەی کەڵەمستێن‌دا بەکاری دێنن ف انگشتری بی‌نگین.

پشکیلان: گەمەی کەڵەمستێن، *بازیەکی شەو نشینیە کە ئەنگوستیلە لەباخەڵی یەکێك‌دا دەشارنەوە دەستەی‌تر دەبێ بیدۆزنەوە* ف نوعی بازی دسته‌جمعی.

پشکێن: پشکن ف بازرس.

پشکیك: چەڵتوك، برنجی بەتیکوڵەوە ف شالی.

پشمە: پژمە، پنژە ف عطسه.

پشمین: پنژین، پشمەکردن، پژمین ف عطسه‌کردن.

پشنی: توێڵ، هەنیە، ئەنی، ناوچاوان ف پیشانی.

پشو: ١) هەناسە؛ ٢) پشیلە؛ ٣) ئیسراحەت، وچان ف ١) نَفَس؛ ٢) گربه؛ ٣) استراحت کردن.

پشۆر: خراب گوتنی کەسێ، نەحلەت ف بدگفتن از کسی، نفرین.

پشوسواری: تەنگەنەفەسی ف نفس‌تنگی.

پشوگرتن: وچاندان، ئیسراحەت کردن ف آسودن.

پشە: ١) پریشکی ئاو؛ ٢) پشیلە ف ١) قطرات پاشیدۀ آب؛ ٢) گربه.

پشی: ١) پشیلە؛ ٢) کەپەکی ئارد؛ ٣) سی، جگەری سپی؛ ٤) کولیچە بەڕۆن؛ ٥) پشو، نەفەس ف ١) گربه؛ ٢) نخالۀ آرد؛ ٣) شُش؛ ٤) نان روغنی؛ ٥) نفس.

پشیان: پرژانی ئاو، پریشکە کردن ف پاشیدن آب.

پشی‌پشی: ١) گەمەیەکی منالانە؛ ٢) بانگ کردنی پشیلە ف ١) نوعی بازی بچه‌ها؛ ٢) صدا زدن گربه.

پشیك: پشیلە ف گربه.

پشیلۆك: پشیلەپایزە ف گیاه قاصدك.

پشیلە: کتك، *جانەوەرێکی لەتیرەی پڵنگ بەڵام بچوك، دڕندەیشی* هەیەو کەویشی هەیە، بەنێرەکەی نێرن گوربە ف گربه.

پشیلەپایزە: بەری گیایەکە با دەیباو منالْ بۆ گاڵتە دوای دەکەون ف قاصدك.

پشیلەسوڕە: گەمەیەکی منالانە ف نوعی بازی کودکان.

پشیلەسوڕێ: پشیلە سوڕە ف نگا: پشیلەسوڕە.

پشیلەشۆر: شوشتنی ناتەواو، شۆرینی سەرچڵ ف سرسری شُستن.

پشێو: پەشێو، پەرێشان، نەباش ف پریشان حال.

پشێوە: ئاژاوە ف آشوب.

پشێوی: ئاژاوە ف آشوب.

پشێوی‌نانەوە: کەتن گێڕی، ئاژاوەنانەوە ف فتنه‌انگیزی.

پشێوێنی: پشێوە ف آشوب.

پف: ١) فو؛ ٢) وشەی وەرەزی لەبۆنی ناخۆش: (پف لەو بۆگەنە)؛ ٣) وشەی گاڵتە بەقەڵەوی زگ‌زل کردن ف ١) پف؛ ٢) کلمۀ نفرت از بوی بد؛ ٣) کلمۀ مسخره کردن به شکم گنده.

پف‌دان: ١) فودان، بەفوتێکردن هەڵمساندنی کەلاك؛ ٢) برێتی لە پیهەڵگوتنی بەدرۆ ف ١) دمیدن؛ ٢) کنایه از ستایش دروغین.

پفدراو: ١) دنەدراو، هانەدراو؛ ٢) کەلاکی بە فوهەڵمساو ف ١) تحریك شده؛ ٢) لاشۀ در کعب دمیده.

پفدریاگ: پفدراو ف نگا: پفدراو.

پفدریان: فودان ف پُف‌دادن.

پفکردن: فوکردن لە ئاگر و هەرچی ف پُف کردن.

پفکرن: پفکردن ف پف کردن.

پفکێ: جوێنی ژنانەیە، واتا: گوشاد ف دُشنام زنانه.

پفڵدان: مسولدان ف مثانه.

پفنە: کورتەبالای قەڵەو ف کوتاه‌قد چاق.

پفوڵە: کورتەبالای قەڵەو، پفنە ف نگا: پفنە.

پفە: چێشت لەزمانی منالاندا ف آش به زبان بچه‌گانه.

پفەك: ئامرازی فوی توند کردن ف ابزار دَمیدن، دَم.

پفەڵ: فشەڵۆك ف متخلخل.

پفەڵدان: فودان، فوتێکردن ف پُف دادن.

پفەڵدراو: فودراو، باتێکراو ف پُف داده.

پفیو: لەشگران و تەمەڵ ف تنبل و لش.

پك: پشتەی جك، بەرانبەرجك ف بر رو افتادن شتالنگ.

پك‌پك: نوزەنوزی منداڵ بەدەم گریانەوە ف غر ولند بچه موقع گریستن.

پکنه: پفنه ف نگا: پفنه.

پکه: ١) پشتەی میچ، پشتەی قاپ؛ ٢) فەرمانی کردن ف ١) دَمَر افتادن قاپ بازی؛ ٢) امر به کردن.

پکەن: ١) فەرمانی کەندن؛ ٢) فەرمانی کردن بۆکۆی مرۆ؛ ٣) فەرمانی داکەندن ف ١) امر به کَنْدَن؛ ٢) امر به کَرْدَن برای جمع؛ ٣) امر به لباس درآوردن.

پکەین: ئەنجام بدەین ف بکنیم.

پکێش: فەرمانی راکێشان ف امر به بکَش.

پکێشە: ١) دوُکەڵ دەگەروت کە، هەڵمژە؛ ٢) ڕاکێشە ف ١) برکَش؛ ٢) بکش.

پگر: گەمرە، کەمرە ف سرگین خشك شده.

پل: ١) تکـە، پارچـە گۆشتی چکـۆڵە، چنچك؛ ٢) پەنجە: (دەسو پلت بشـۆ)؛ ٣) قامـك؛ ٤) بادان، باوخواردن؛ ٥) تەزوی لەش، بروسکە پێداهاتن؛ ٦) چەقەنە بە پەنجە؛ ٧) لکی باریکی‌دار: (لق‌و پـل)؛ ٨) پەلکە، کەزی؛ ٩) بەلەك: (پاو پل)؛ ١٠) پێل، پرد؛ ١١) لێدانی ڕەگ ف ١) چنجـه؛ ٢) پنجـه و دست؛ ٣) انگشت؛ ٤) تاب خوردن؛ ٥) تیرکشیدن بدن؛ ٦) بشکن؛ ٧) جوانه نازك درخت؛ ٨) گیسو؛ ٩) ساق پا؛ ١٠) پُل؛ ١١) نبض.

پڵ: ١) پەڵەی پێست؛ ٢) پرد ف ١) لکهٔ پوست؛ ٢) پُل.

پلار: ١) داردەستێ کە بۆهاویشتن دەبێ؛ ٢) قسەی بەتێکوڵ؛ ٣) تانەو سەرکۆنە ف ١) تکه‌چوب انداختنی؛ ٢) متلك؛ ٣) سرزنش.

پلارتێگرتن: ١) دارهاویشتن بۆمیوە تەکاندن؛ ٢) داربەکەسێك دادان؛ ٣) سەرکۆنەو قسەی بەتێکوڵ کردن ف ١) انداختن تکه چوب برای میوهٔ درخت؛ ٢) چوب بطرف کسی پرت کردن؛ ٣) متلك گفتن.

پلاس: بەڕەی دەزو، رایەخی کەم‌نرخ ف پلاس.

پلاس ماسی: جۆرێك ماسی ف نوعی ماهی.

پلاش: گیای وشکی دەشتی، پوُش‌و پلاش ف گیاه خشك باد برده.

پلان: گەلاڵەکار، کەین‌و بەین ف طرح، نقشه.

پلان: ١) هەستی، ئیسقان؛ ٢) گلاربون ف ١) استخوان؛ ٢) غلتیدن.

پلاندن: گلاندن، گلارکردنەوە ف غلتاندن.

پلانن: پلاندن ف نگا: پلاندن.

پلاننەوە: پلانن ف نگا: پلانن.

پلاو: چێشتی برنجی بەپالوێنە پالێوراو ف پلو.

پلاوپالا: پالوێنەی برنج، سوزمە، دەفرێکی کانزای کون‌کون ف پلوپالا.

پلاوپالێو: پلاوپالا ف پلو پالا.

پلپ: ١) شل‌و شەویق‌و نەبـەگە؛ ٢) توندو خۆگر ف ١) شل و لق؛ ٢) ثابت و محکم.

پلپ بەستن: مەیین، توندبونی شل ف منعقد شدن و بستن.

پل پسکبان: نەخۆشیەکی باڵدارانە ف نوعی بیماری پرندگان.

پلپل: لەت‌لەتی چکۆڵە، ئەنجناو ف انجیده.

پلپل کردن: پارچەپارچە کردن. بۆ گۆشت دەڵێن ف قیمه‌کردن.

پلپله: پپلە، خشڵێکە ف زیوری است.

پلپڵە: پپلە ف زیوری است.

پلپلی: پەلەپەلە، پەلاوی ف لکه‌لکه.

پل‌پیز: لنگ‌و لەتەر، داودەلینگ ف ساق و پوشش ساق.

پلت: پەلە، پلتا عەورال ئەزمێن دخویان ف نگا: پەلە.

پڵت: ١) بڵ، نەرم‌و شل؛ ٢) دەنگی بەزۆر دەرهێنانی زاربێنی شوشەئاو ف ١) شُل؛ ٢) صدای بیرون آوردن دهان‌بند بُطری.

پڵتك: پڵتۆك ف تلنگر.

پڵتۆخ: نەبەگە، یەکتر نەگرتو، شل‌و شەویق ف شل و بند نیامده.

پڵتۆك: ١) پتە، بەپشتی پەنجە لەشتێك دان؛ ٢) پێی تفەنگ‌و دەمانچە ف ١) تلنگر؛ ٢) ماشهٔ تفنگ و تپانچه.

پڵتە: ١) دەنگی دەرکێشـانی زاربـەندی شوشەئاو؛ ٢) تڵتە، تڵف ف ١) صدای بیرون آوردن چوب‌پنبه بطری؛ ٢) دُردی.

پل‌تەقانن: چەقەنەلێدان ف بشکن زدن.

پلتیك: رزیو، رزیای ف پوسیده.

پلچ: فلچ، تلیخاو، پلیخاو ف له شده.

پڵچاندن: تلێخاندن ف له‌کردن.

پڵچانن: پڵچاندن ف له‌کردن.

پلدان: ١) لێدانی ئەبز بەتوندی؛ ٢) پەڕینی ئەندام وەك پەڵکی چاو و لێو ف ١) زدن نبض؛ ٢) اختلاج و پریدن اعضا.

پڵژ: سیس، کز ف پژمرده و افسرده.

پڵژیاگ: سیس‌و کزبوگ ف پژمرده.

پڵژیان: سیس‌و کزبون ف پژمردن و افسردن.

پلشت: چڵکن، پیس، چڵکاوی ف کثیف و چرك‌آلود.

پلك: ١) خوشکی باوك، پور؛ ٢) کەزی، پرچ؛ ٣) پلشت، چڵکن، گەمار؛ ٤) گلان، پل ف ١) عمّه؛ ٢) گیسو؛ ٣) چرکین؛ ٤) غلتیده.

پلکان: گلاربون ف غلتیدن.

پلکانن: گلاندن ف غلتانیدن.

پلکه: ١) بسك‌و کەزی؛ ٢) خوشکی باوك ف ١) گیسو؛ ٢) عمّه.

پلکیان: گلان، خلۆربونەوە ف غلتیدن.

پل لێدان: چەقەنە بەقامك ف بشکن زدن.

پڵمە: ١) گریانی لەنکاو؛ ٢) کەنینی بەدەنگ، پرمە ف ١) گریهٔ ناگهانی؛ ٢) قهقهه.

پلندار: دارەکەی هاویشتنێ، پلار ف نگا: پلار.

پڵنگ: ١) دڕندەی بەناوبانگ؛ ٢) تێکەڵ پێکەڵ‌و ئاڵۆز ف ١) پلنگ؛ ٢) درهم برهم.

پڵنگیان: ئاڵۆزان‌و تێك‌هاڵان ف درهم برهم شدن.

پلوپا: ١) قاچ‌و قول، لنگ‌و لەتەر؛ ٢) پەلەقاژە، حەول‌و تەقالا ف ١) پا و ساق؛ ٢) دست و پا زدن.

پلوبۆ: وزەو هێز، توان‌و تاقەت ف تاب و توان.

پلوپوش: پڕوپوش، وشکەگیا ف خشکه گیاه.

پڵوپوُش: پلو پوش ف خشکه گیاه.
پڵوچ: خواروخێچ: (پێچ و پڵوچ) ف کج‌وکوله.
پڵۆخ: ١) پڵیشـاو، رزاو؛ ٢) پیس‌و چڵکن ف ١) له و ازهم پاشیده؛ ٢) چرك‌آلود و کثیف.
پڵۆخ: سکڵ ف اخگر.
پلوُر: ١) بلوێر، بلور، نای؛ ٢) پلوسك، لوس ف ١) نی‌لبك؛ ٢) ناودان.
پلورژه‌ن: بلوێرلێده‌ر، بلوێر بێژ، نای‌زه‌ن ف نی‌نواز.
پلوره: ١) خه‌ڵێف، جێگه‌ی هه‌نگ؛ ٢) پلوسك ف ١) کندوی عسل؛ ٢) ناودان.
پلۆز: ١) پڕسوڵـه، چێشتی گزموله هه‌ویر و کوُزه‌ڵه؛ ٢) گزموله‌هه‌ویری دانی جوچکه ف ١) آش اوماج؛ ٢) آرد آبزده برای خوراك جوجه.
پڵۆز: تیکه‌ڵ پێکه‌ڵ: (کاره‌که ئاڵۆز پڵۆزبوه) ف قاطی‌پاتی.
پلوسك: لوس، لوساوك، بلور ف ناودان.
پلوسکه: گه‌روله‌ی ئاش ف گلوی گندم ریز در آسیا.
پلوسگرد: په‌ره‌سێلکه، حاجی‌ره‌شك ف پرستو.
پلۆسین: دوای پێشکری«دا»، دارکاری کردن، لێدان به توندی ف کتك‌کاری.
پلوُل: بلور، بلوێر ف نی‌لَبك.
پله: ١) خوشـــکـی باوك؛ ٢) ده‌ره‌جـــه، پایه؛ ٣) هه‌ڵ‌و ده‌رفـــه‌ت؛ ٤) پێ‌پیلکه‌ی نه‌ردیوان؛ ٥) پته، به‌قامك له‌شت‌دان ف ١) عمّه؛ ٢) درجه و پایه؛ ٣) فرصت؛ ٤) پله؛ ٥) تلنگر.
پله‌په‌رتکێ: به‌له‌پروزه، گه‌له‌ك به‌له‌ز ف شتابزدگی.
پله‌ترازیان: په‌ژیوان‌بون، پاشکه‌زبون ف پشیمان شدن.
پله‌تسیان: ١) سست‌بوُنه‌وه‌و خاو بوُنه‌وه؛ ٢) په‌شیمان‌بون ف ١) سست شدن؛ ٢) پشیمان شُدن.
پله‌زیقان: چه‌قه‌نه‌لێدان‌و سه‌ماکردن ف پایکوبی و بشکن زدن.
پله‌کان: قاڵدرمه، ده‌ره‌ج ف پلّه.
پله‌کانه: پله‌کان ف پلّه.
پله‌گۆشت: جنجك، پارچه‌گۆشت ف قطعه گوشت.
پله‌نده‌ر: ١) بێ‌ئابڕو، روسیا؛ ٢) شه‌ڕانی، بێ‌فه‌ڕ ف ١) بی‌آبرو؛ ٢) ستیزه‌جو.
پڵیته‌کێش: داروکه‌ی چرای ڕوُن گه‌رچه‌ك ف فتیله‌کش.
پڵیخ: رزین، ده‌به‌ر پێ‌دا فلچ ف له‌شده.
پڵیخان: داڕزان، فلچه‌وه‌بون ف لهیدن.
پڵیخاو: داڕزاو ف لهیده.
پلیزرگ: بلوسگر، په‌ره‌سلێرکه ف پرستو.
پلیسرك: پلیزرگ ف پرستو.
پلیش: فلچ، پلیخ ف لهیده.
پلیشان: پلیخان ف لهیدن.
پڵیشاندنه‌وه: ده‌به‌ر پێ‌دا پان کردنه‌وه ف له کردن.
پڵیشانه‌وه: فلچ بوُنه‌وه ف له‌شدن.
پڵیشاو: له‌به‌ر یه‌ك چو، پان‌و فلچ بوه‌وه ف له‌شُده.

پڵیشاوه: پڵیشاو ف له‌شده.
پلیك: پیتکه، پته، به‌سه‌ری قامك له‌شت‌دان ف تلنگر.
پلیکان: پله‌کانه ف پلکان.
پلیکه: پله‌ی نه‌ردیوان، پله‌ی پلیکان ف پلّه.
پن: ١) قڕنو، جانه‌وه‌رێکی جکۆڵه‌ی بانکه‌ڵه‌ی سو ره به پێستی ئاژه‌ڵه‌وه ده‌نوسێ؛ ٢) پوڵو، سکڵ، په‌نگر؛ ٣) نوخته، په‌ڵه‌ی چکۆڵه؛ ٤) شه‌ق، به‌لاق تێهـه‌ڵـدان ف ١) حشـره‌ای کوچـك که بر پشت حیوان می‌چسبد؛ ٢) اخگر؛ ٣) نقطه؛ ٤) تیپا.
پنت: نوخته، په‌ڵه‌ی گچکه، پن ف نقطه.
پنتك: گزموله، که‌موکه‌یه‌ك له‌قوڕو... ف اندکی از گِل و...
پنتی: ١) پیس، گه‌مار، چڵکن؛ ٢) ته‌مه‌ڵ‌و بێکاره ف ١) چرکین؛ ٢) تنبل و لَش.
پنج: ١) بنه‌گیا؛ ٢) ره‌گ‌و ریشه؛ ٣) پینه‌ی قه‌ڵشی ده‌فری گڵین ف ١) بوته؛ ٢) ریشه؛ ٣) پینه ظروف سفالین.
پنجاڕ: ١) بنه‌گیا، پنجکه‌گیا؛ ٢) گیای خواردنی نه‌چێنراو ف ١) بوته؛ ٢) گیاه خوردنی و پختنی.
پنج‌لێنان: گرتنی درزی ده‌فری گڵین به‌پینه‌ی تایبه‌تی ف مرمت ظرف سفالین.
پنج‌ومۆر: شات‌و شوت به‌درۆ: (زۆری پنج‌ومۆر له‌خوُنا) ف لاف و گزاف.
پنجه‌دڕو: بنه‌دڕك ف خاربُن.
پنج: پینه‌ی درزی ده‌فری گڵینه ف پینهٔ ظروف سفالین.
پنچك: ده‌وه‌ن، بنه‌داری پرژو چکۆڵه ف بوتهٔ درختی.
پنج کردن: درزگرتنی ده‌فری سواڵه‌تی ف پینه کردن ظرف سفالین.
پند: ١) ئه‌سپێ مریشك؛ ٢) کونی قون ف ١) شپش مرغ؛ ٢) مَقعَد.
پنـدر: ١) کزر، تونـده‌وه‌بوی شل، نیوه وشك؛ ٢) پیره‌لۆك، هه‌ڵقرچانی پێستی به‌نجـه له‌ئـاوی گه‌رم‌و سارد ف ١) نم خشـك؛ ٢) ترنجیدن پوست از آب گرم و سرد.
پندرو: کونی پاشه‌وه‌ی گیاندار، قنگ ف مَقْعَد.
پنر: پندر ف نگا: پندر.
پنژه: پشمه ف عَطسه.
پنژین: پشمین، پژمین، پێکژین ف عطسه‌کردن.
پنك: پنت ف نقطه.
پنکاف: گوڵاو، ئاوی گوڵ ف گُلاب.
پنگ: پونگه، پونگ، گیایه‌کی خواردنی مروّڤه، ناعنا ف پونه.
پنگاو: سه‌د، به‌ربه‌ندی ئاو ف سد.
پنگر: ١) په‌ره‌نگ، پوُلو، سکڵ، پن، پوُل؛ ٢) پندر ف ١) اخگر؛ ٢) نگا: پندر.
پنگرکێش: ئاسنێکی سه‌رخواری ده‌سکداره، سکڵی پێ ڕاده‌گوێزن ف اخگرکش.
پنگه: پنگ ف بونه.
پنو: پینه، پنی، پارچه‌یه‌ك به‌سه‌ر دڕاوی‌دا ده‌درون ف پینه.

پنۆ: پەڵەی چوك، لەکە، خاڵ ف لکه.
پنۆك: پنۆ ف لکه.
پنۆك پنۆك: خاڵخاڵ، پەڵەپەڵە ف دارای لکه‌های زیاد.
پنە: تەختەو دەپێکە ئەنگوتکەنانی لەسەر پان دەکەنەوە ف تخته‌ای که خمیر نان را بر آن پهن کنند.
پنی: پینە، پنو ف پینه.
پنیوز: دورکەوتن لەجێ: (**پنیوز** بوە: رویوەو دێتەوە) ف رفتن موقتی.
پۆ: ١) تیوەدانی تەون، هەواڵی رایەڵ؛ ٢) پۆکی ددان؛ ٣) لەزو پەلە؛ ٤) لكو پۆپی دار؛ ٥) رزیوی قوماش: (کوتاڵەکە عەمبارە **پۆیە**: رزیوە)؛ ٦) توانـاو هێز: (لـەپەلو **پۆ** بۆمەوە) ف ١) پود؛ ٢) لثه؛ ٣) شتاب و عجله؛ ٤) شاخ و برگ درخت؛ ٥) پوسیده؛ ٦) تاب و توان.
پوار: ١) پاكو خاوێن، پاقژ؛ ٢) کاڵای رزیو، پۆ ف ١) پاك؛ ٢) پوده.
پوارتك: رزاوی ناوەرۆکی دارو درەخت ف مغز پودهٔ درخت.
پواز: هۆرەی بچوك، پسنگێکـە لەدرزی داری قەڵشاوی دەنێن تا یەك نەگرێتەوە ف پغاز.
پوازەناو: دارێکە وەبەر بەرداشی دەدەن بۆ بڵندکردنی ف پغاز سنگ آسیا.
پوان: رزینی کاڵا ف پودن.
پواو: رزیو ف پوده.
پۆبر: کری زۆر سفتو پڕ ف نسیج سفت تنیده.
پۆپ: ١) پۆپە، قیتکەی سەری مەلو باڵندە؛ ٢) کاکۆڵی سەری مرۆ، پۆر ف ١) برجستگی سر پرنده؛ ٢) کاکُل.
پۆپر: تاڵان، پۆڕ، پویر ف غارت، یغما.
پۆپرە: پۆپە، پۆپ ف نگا: پۆپ.
پۆپکە: ١) پۆپەکەڵەشێر؛ ٢) دوندی کێو ف ١) تاج خروس؛ ٢) قُلّه کوه.
پۆپل: پۆپە ف برجستگی سر پرنده.
پۆپن: مەلی کاکۆڵدار ف مرغ کاکُلی.
پۆپنە: ١) پۆپە؛ ٢) مەلی بە کاکۆڵ؛ ٣) گیای لكو پنج تێکەڵاوی بڵاو ف ١) برجستگی سر پرنده؛ ٢) مرغ کاکلی؛ ٣) گیاه پُر و درهم شده.
پۆپنەکی: ١) سەربـەقیتکـە، کاکـۆڵدار؛ ٢) نازنـاوی چوررەیەکـە، چوررەپۆپنەکی ف ١) مرغ کاکلی؛ ٢) نوعی پرندهٔ کاکلی.
پۆپۆ: مەلێکە کاکۆڵدار ف مرغی است کاکلی.
پۆپە: قیتکەی سەر، کاکۆڵ، گۆشتی سەری کەڵەشێر و مامر ف تاج مرغ و خروس.
پۆپەرەشە: نەخۆشیەکە بەمریشکان وەردەبێ ف نوعی بیماری ماکیان.
پۆپەژمین: پێخەفێکی زۆر تەنکە لەخوری ئەیکەن ف شمد پشمی.
پۆپەکەڵە شێرە: گوڵێکی سورەلەپۆپە دەکا ف گل تاج خروس.
پۆپەشمین: پۆپەژمین ف شمد پشمی.
پۆپیتە: پۆپە، قوتکەی سەری مریشكو کەڵە شێر ف تاج خروس.
پوت: ١) بت، خودای دەسکرد، بوت؛ ٢) پوزت ف ١) بُت؛ ٢) کُرك شتر و برهٔ گوسفند.

پۆت: ١) چرچو لۆچ، قرمچی، هەڵقرچـان؛ ٢) زۆرورد، دەگەڵ خوڵ دەگوترێ ف ١) چین و چروك؛ ٢) بسیار ریز.
پوُت: ١) کورتو لاوازو بێنموت؛ ٢) والا، بەتاڵ، ناوخاڵی؛ ٣) گزرە، گیای گێرە کـراو؛ ٤) کێشێکـە بەرانبەربە شازدە کیلۆ ف ١) کوتاه و حقیر؛ ٢) میان تهی؛ ٣) گیاه پرس شده؛ ٤) وزنی است برابر شانزده کیلو.
پۆتراك: سەروگوێلاك،دیمەنی‌سەروسەرپۆش ف سروسیما، سرودستار.
پوُتك: نەخۆشی خورە ف بیماری خوره.
پۆتلاك: پۆتراك ف نگا: پۆتراك.
پۆتە: زۆرورد، پوت: (خوەڵەپۆتە) ف بسیار ریز، گرد.
پۆتەراك: پۆتراك ف نگا: پۆتراك.
پوُتەك: ١) زۆر خۆرو چڵێس؛ ٢) بێنموتو کورتو کز ف ١) شکم باره؛ ٢) لاغر و کوتاه.
پوُتەکە: بێنموت، بەرچاوتەگر: (کابرایەکی **پوُتەکەی** پیسەکەم دیت) ف بی نمود و کوتاه.
پۆتەگا: خاڵیگە، کەلەکە، لابرك ف تهیگاه.
پوُتەڵ: پوُتەکە ف نگا: پوُتەکە.
پۆتەلاك: پۆتراك ف نگا: پۆتراك.
پۆتەلاگ: پۆتراك ف نگا: پۆتراك.
پۆتی: رەجاڵە، لات: (لوتی‌و **پۆتی**) ف لات و اوباش.
پۆتێ: پۆتە ف نگا: پۆتە.
پوتیتە: ١) پەتاتە؛ ٢) پۆتە ف ١) سیب‌زمینی؛ ٢) بسیار ریز.
پۆتین: ١) کەوشی لاسـك درێژی کەمتـر لەچـەکمـە؛ ٢) زۆرورد: (خوڵەپۆتین) ف ١) پوتین؛ ٢) خاك بسیار نرم و ریز.
پوچ: ١) بێناوك، بێ کاکڵ؛ ٢) قسەی بێماناو خەیاڵی ف ١) میان‌تهی؛ ٢) یاوه.
پوُچەك: دانەوێڵەی بێ کاکڵ ف بُنشن میان‌تهی.
پوُچەڵ: ١) پوُچەك؛ ٢) بێنرخو بێبەرەو ف ١) بُنشن میان‌تهی؛ ٢) بی ارزش.
پۆخ: ١) خونچەی کولۆکی‌دار؛ ٢) میوەی زۆرگەیشتوی پلیخاو؛ ٣) بن‌و ریشەی برین ف ١) غنچه شکوفه؛ ٢) میوهٔ لەشده؛ ٣) ریشه ناسور.
پوخت: ١) پاكو تەکـوز: (کـاری زۆر **پوختن**)؛ ٢) لێنـانی شێو ف ١) مرتب؛ ٢) پخت و پز.
پوختکردن: رێك‌خستن‌و جێ‌بەجێ کردن ف ترتیب دادن.
پوختوپەز: شیو لێنان ف پخت‌وپز.
پوختە: هەڵبژاردە، بژاردەی قسە، خولاسە ف خُلاصه.
پۆخك: گوڵینگەی کڵاو ف منگولهٔ کلاه‌نمدی.
پۆخڵ: چلکن: (پیس‌و **پۆخڵ**) ف چرکین و کثیف.
پۆخڵە: بنی برین، ریشەی برین ف ریشهٔ ناسور.
پۆخڵەوات: ١) کاری پیس‌و بێ‌کەڵـك؛ ٢) خرت‌وپرتی بێ‌نرخ ف ١) کار کثیف و بی‌ارزش؛ ٢) اثاثیهٔ بُنجل.
پۆخە: خونچەی گڵۆکی دار، پۆخ ف اوّلین شکوفهٔ درخت.

پۆخین: ١) قاوتی گەنم؛ ٢) چێشتی بۆدراو؛ ٣) جێژنێکی یەزیدیانە ف ١) قاوت گندم؛ ٢) آش قاوت؛ ٣) از اعیاد یزیدیها.

پۆد: کرۆز، ژەنگ لێدراوی زبرو کون‌کون بوگ ف زنگ‌زدۀ زبر و سوراخ سوراخ شده.

پۆدای: پێوەدان، مارپێوەدان ف نیش زدن.

پودو: پوك، گۆشتی ددان ف لثه.

پۆڕ: ١) موی سەر؛ ٢) باڵندەیەکی خۆش گۆشتەو لەمریشك زلترە؛ ٣) بەرین، هەراو، گوشاد: (پان و پۆڕ)؛ ۴) ڕێك و جۆر ف ١) موی سر؛ ٢) دراج؛ ٣) عریض؛ ۴) مُنظّم.

پوڕ: زۆر، زاف ف زیاد، بسیار.

پۆڕ: ١) تالان؛ ٢) ئاخنین ف ١) غارت؛ ٢) انباشتن.

پوور: ١) خوشکی باوك؛ ٢) خوشکی دایك ف ١) عمّه؛ ٢) خاله.

پۆڕاندن: بەزۆر ئاخنین ف سپوختن.

پورت: پەڕو باڵ ف پر و بال.

پۆرت: لوا، بەرگن، تووکی وشترو بەرخ ف کُرك شتر و برّهٔ گوسفند.

پۆرت: پرتك، پرتوك ف جُزء کوچك.

پۆرتخە: بنی برین، ریشەی کوان ف ریشۀ ناسور.

پۆرتك: ١) سەرپۆش، مو داپۆش؛ ٢) رزیو ف ١) سرپوش؛ ٢) پوده.

پۆرتکان: رزین، پوان ف پودن.

پۆرتکاو: رزاو، پواو ف پوسیده.

پۆرخز: ١) جەموش، تۆڕ؛ ٢) خوێڕی و بێکارەو نەگونجاو ف ١) رموك؛ ٢) ناهنجار.

پوورزا: فرزەندی پوور ف عمّه‌زاده، خاله‌زاده.

پوورزازا: نەوەی پوور ف نوۀ عمّه یا خاله.

پوورکە: پوور ف عمّه.

پۆرگ: ١) زیبکەی هەڵتۆقیوی پرئاو؛ ٢) پینەی دەست؛ ٣) نێرتکی ناو دومەڵ؛ ۴) تیکوڵی چەڵتوك؛ ۵) ناوگۆرکی رەشماڵ؛ ۶) باری چیغ وچادر ف ١) تاول؛ ٢) پینۀ دست؛ ٣) غدۀ داخل دُمل؛ ۴) پوست برنج؛ ۵) آتشدان سیاه‌چادر؛ ۶) کیسه چادر.

پوورە: شڵخە مێش هەنگوین ف نسل نوین زنبور عسل.

پۆرە: پیا، پێدا ف برآن.

پوورەدان: شڵخەدانی هەنگ ف بیرون آمدن نسل نوین زنبور از کندو.

پۆڕیان: ڕێك‌وپێك بون، جۆربون ف جوردرآمدن.

پۆز: بەلەك، لەتەر، نێوان قولەقاپەو ئەژنۆ ف ساق.

پۆز: ١) کەپۆ؛ ٢) دەم‌و لەوس؛ ٣) زەنبورەی ئاش؛ ۴) کونی قنگ ف ١) بینی؛ ٢) نس؛ ٣) سوراخ تنگ ناو آسیا؛ ۴) مَقْعَد.

پوزکە: زەنبورەی ئاش ف سوراخ تنگِ ناوآسیا.

پۆزنکان: پوان، رزین ف پودن.

پۆزە: دەم‌ولوتی حەیوان ف پوزۀ حیوان.

پۆزە بەن: زاربێنی بێچوی شیرخۆری ئاژەڵ ف پوزه‌بند بچه حیوان.

پۆزەخۆگە: بەرێکی داری مازو ف نوعی ثمر مازوج.

پوزەوان: بەلەك پێچ ف ساق پیچ.

پۆزەوانە: پوزەوانە ف نگا: پوزەوانە.

پوزەوانە: ١) ئاڵقەی لوتی حەیوان؛ ٢) بەلەك پێچ، ساق بەند ف ١) حلقۀ سوراخ بینی حیوان؛ ٢) ساق‌پیچ.

پوژمور: سیس، چرچ هەڵگەڕاو ف پژمرده.

پوس: ١) پێست؛ ٢) بێمو، رواڵ: (لوس و پوس) ف ١) پوست؛ ٢) سادۀ بیمو.

پۆس: ١) پوس؛ ٢) مەخفەر، جێگەی پاسەوانان؛ ٣) تەتەر، جێگەی نامەگەیاندن؛ ۴) کەوڵی تیسکن؛ ۵) رزیو ف ١) پوست؛ ٢) پست نگهبانی؛ ٣) پستخانه؛ ۴) پوستین؛ ۵) پوسیده.

پۆست: ١) کەوڵ؛ ٢) نامەگەیێن؛ ٣) پۆسەخانە؛ ۴) بنکەی پاسەوانان؛ ۵) پێستی لەش ف ١) پوستین؛ ٢) پستچی؛ ٣) پُستخانه؛ ۴) پست نگهبانی؛ ۵) پوست.

پۆستخانە: دەزگای نامەگەیاندن ف پُستخانه.

پۆست کردن: نامە بەئیدارەی نامەگەیاندن دان ف نامه پُست کردن.

پۆست کەندن: کەوڵ کردن، پێست لێ کردنەوە ف پوست کندن.

پۆست کەنن: پۆست کەندن ف پوست کندن.

پۆستگاڵ: بن‌دوگی مەڕ ف زیر دنبۀ گوسفند.

پۆستگرتنەوە: کەوڵ‌کردن، پۆست کەندن ف پوست کندن.

پۆست‌نشین: برێتی لەشێخی تەریقەت ف کنایه از مرشد طریقت.

پۆستە: دەزگای نامەگوێزانەوە ف پُستخانه.

پۆستەچی: نامەبەر ف نامەرسان.

پۆستەخانە: پۆستخانە ف پُستخانه.

پۆستین: کەوڵی تیسکن ف پوستین.

پۆسك: زەنبورەی ئاش، کونی خواروی دۆڵاش ف سوراخ ناو آسیا.

پۆسکەندن: کەوڵ کردن، پۆستکەندن ف پوست کندن.

پۆسکەندە: ١) تویکڵ لێ فرێدراو؛ ٢) قسەی بێ‌خواروپێچ و ئاشکرا ف ١) پوست کنده؛ ٢) حرف رُك.

پۆسە: تێکوڵی ئاسکی هێلکەو هەرچی ف پوستۀ نازك.

پۆسەخانە: پۆستخانە ف پُستخانه.

پۆسیان: ڕزان، ڕزین ف پوسیدن.

پۆسین: ١) ڕزین؛ ٢) کەوڵی تیسکن، پۆستین ف ١) پوسیدن؛ ٢) پوستین.

پۆش: ١) پاشگری بەواتا دەبەرکەر: (چەکمەپۆش)؛ ٢) پاشگری وەشاردنەوە: (عەیب پۆش)؛ ٣) بزنی سپی گوێ رەش ف ١) پسوند بەمعنی پوشیده؛ ٢) پسوند بەمعنی پنهان کننده؛ ٣) بُزسفید سیاه گوش.

پوش: وشکەگیای دەشت ف گیاه خشك بیابانی.

پۆشاك: جلك و بەرگ ف پوشاك.

پۆشاڵ: ریشو، پرزەی قەراغی قوماش ف منگوله، پُرز.

پۆشان: دەبەرکردن، لخۆکردن ف پوشیدن، به‌تن کردن.

پوشانە: سەرانەی ئاژەڵ بۆ ئاغا، باجی لەوەڕ ف حقّ المرتع.

پوش بەقونە: جانەوەرێکی چوارباڵی قون درێژە، زەل بەقونە ف سَنجاقك.

پوش بەقنگە: پوش بەقونە ف سنجاقك.

پوشپار: وشکەگیا ف خُشک گیاه.

پوشپەڕ: ١) جەنگەی گیادرون؛ ٢) سێهەمین مانگی بەهار ف ١) موسم درو گیاه؛ ٢) خرداد ماه.

پوشت: نێری حیز، پیاوی گاندەر ف اُبنه.

پۆشتە: ١) بەرگ تازەو باش؛ ٢) بریتی لەسازو بەکەیف ف ١) شیك لباس؛ ٢) شاد و سرحال.

پۆشتەکردنەوە: ١) بەرگی کۆن بەتازە گۆڕینەوە؛ ٢) بریتی لە سازو بێ‌نیازکردنی کەسێك ف ١) لباس تازه پوشانیدن؛ ٢) کنایه از بی‌نیاز ساختن کسی.

پۆشتەو پەرداخ: ڕێك و پێكو تەیارو ساز ف مُرتّب و شیك.

پوشدانەدەست: زەرەر پێ گەیاندن ف کنایه از زیان رسانیدن.

پوشکە: چیلکە، داروکەی سوتەنی ف هیمه، تکه‌چوب کوتاه.

پوشلە: چیلکەی سەربەلوکە، *بۆ عیمالەی منالْ بەکاردێ* ف شیاف چو بی بچّه.

پوشو: هەرچی زو ئاگر بگرێ، *دەگەلْ ئەستیو بەرد دەکاردێ* ف هود، برهود.

پوشوپەلاش: گیای بابردەڵەی وشك ف خس و خاشاك.

پۆشە: ١) پشیلە؛ ٢) بزنی پۆش: (هەم بو، نەم بو، چەند قۆشە / دام بەبزنێکی پۆشە) «بەردە شانی» ف ١) گربه؛ ٢) بُز سفید سیاه‌گوش.

پوشەلان: جێگەی وشکەگیای زۆر ف جای خشك پُرگیاه.

پۆشەن: پۆشاك ف پوشیدنی.

پۆشەنی: شیاوی دەبەرکردن ف پوشاك.

پوشی: ١) ڕوبەندی ژنان؛ ٢) پوشو ف ١) روبند؛ ٢) هود.

پوشی بەرڕۆژ: بریتی لەپیاوی سوكو بێ‌نرخ ف کنایه از مرد سبك و بی‌ارزش.

پوشین: ١) دروست کراو لەلاسکە دەغڵ و گیا: (سەلەی پوشین، کڵاوی پوشین)؛ ٢) سەرپێچی ڕەشی ژنان؛ ٣) خشڵی سەری ژنانە، پێشەسەر ف ١) ساخته‌شده از ساقهٔ غلّه؛ ٢) سرپوش سیاه زنانه؛ ٣) زیور سر.

پۆشین: ١) دەبەرکردن؛ ٢) وەشاردن، پۆشان ف ١) پوشیدن؛ ٢) پنهان کردن.

پۆشین‌پێچ: خشڵی سەر سەرپێچ ف زیوَر سر.

پوشینە: زەنبیلە، تریانی لەپوش کراو ف سَبَد کوچك.

پۆغە: پانێری نەخەساو ف گوسالهٔ دوسالهٔ اخته‌نشده.

پوف: ١) سی، جەرگی سپی؛ ٢) فوی بەهێز؛ ٣) وشەی نارەحەتی لەبۆنی ناخۆش ف ١) ریه، شُش؛ ٢) پُف؛ ٣) کلمهٔ تنفّر از بوی بد.

پوفلك: پزدانی فودان کەمناڵ ئەیکەن، تیزانگ ف بادکُنك.

پوقژە: وردەزیپکەی پێست کەئاوی تیابێ، پۆرگ ف تاول ریز.

پوك: ١) پدو؛ ٢) بن‌پێست: (پوك و پێست)؛ ٣) بەتاڵ و ناوخاڵی، پوچ؛ ٤) چەپۆك، بەپانی دەست لەسەر دان؛ ٥) لاوازی، کەم‌کردن؛ ٦) کڕێوە، بەفر بەباوە ف ١) لثه؛ ٢) زیر پوست؛ ٣) تُهی؛ ٤) توسری؛ ٥) لاغرشدن؛ ٦) کولاك.

پۆك: وشەی سەیرمان: (پۆك! چەند سەیرە) ف کلمهٔ تعجُّب.

پوکانەوە: پوچانەوە، کەم‌کردن و چرچ هەڵگەڕان ف اُفول.

پوکاو: ١) ڕزیو. *بۆداری دەڵێن* ؛ ٢) چرچ ف ١) درختِ فرسوده؛ ٢) چروك.

پوکاوڵ: چەموڵە، چەمبوڵە ف صوت و حرف تَنفُّر که با بازکردن پنجه بطرف کسی گفته می‌شود.

پوکاوڵە: پوکاوڵ ف نگا: پوکاوڵ.

پوك‌وپێست: بەتاڵایی نێوان گۆشت و پێست ف بین گوشت و پوست.

پوکە: ١) گریان بەدەنگی نزم؛ ٢) بەری قامیش کەوەك لۆکە دەچێ ف ١) گریهٔ یواشکی؛ ٢) تمر نی که مثل پنبه می‌ماند.

پوکەپوك: گریانی بەدەنگی نزم، نوکەنوك ف آرام گریستن.

پۆکەر: جۆرێ قوماری بەپەڕانە ف نوعی قمار گنجفه.

پوگ: ڕەشەبای زۆر توند ف باد سخت.

پۆل: ١) سکڵ، پەنگر، پەن، پۆلو؛ ٢) کۆمەڵێك باڵندە؛ ٣) وەتاغی دەرس، سەف، کلاس ف ١) اخگر؛ ٢) گروه پرنده؛ ٣) کلاس درس.

پۆل: کەمترین نەغد، وردە، قۆشە: (بەپۆلێ نامەوێ دەرمان لەنەشئەی چاویە عیللەت) «نالی» ف پَشیز.

پۆل: پارە، نەغد ف پول.

پۆلا: جۆرێ ئاسنی ڕەق‌تر ف فولاد.

پۆلاخۆر: بریتی لەپیاوی ئازاو گوێ نەدەر بەخەتەر ف پولادخا، کنایه از شُجاع.

پۆلاد: پۆلا ف فولاد.

پۆلان: مانگی ڕەشەمە، سێهەم مانگی زستان ف ماه اسفند.

پۆلانیا: دەمەزەردی گاسن ف تیزکردن گاوآهن.

پۆلایین: لەپۆلا چێ کری ف پولادین.

پۆڵپەرست: ڕژدو چنۆك، ڕەزیل ف پول‌پرست.

پۆڵدار: دەوڵەمەن، خاوەن سامان ف پولدار.

پۆڵك: پۆڵەکە ماسی ف فلس ماهی.

پوڵك: بریقە، ئۆبیە ف پولك زینتی.

پوڵکە: پوڵك ف پولك زینتی.

پۆڵکە: گاگوز ف خِلَر.

پۆڵکە: پۆرگ، پینەی دەست، بلۆقی پێست ف تاول، پینهٔ دست.

پۆلو: پۆل، سکڵ ف اَخگر.

پوڵەزەرتکە: پوڵی چکۆڵەی زەرد کە دەکرێتە خشڵی ژنان ف پولك بُرنزی.

پوڵەکە: ١) پەڕەوردەکانی پشتی ماسی؛ ٢) پترۆخە، قرتماغەی برین؛ ٣) ئۆبیە، بریقە ف ١) فلس ماهی؛ ٢) کبرهٔ زخم؛ ٣) پولك زینتی.

پوڵەکە: پولەکە ف نگا: پولەکە.

پوڵەکەرێز: بەرگێ کە ئۆبیەو بریقەی پێدا دورابێ ف لباس پولکدار.

پۆڵەکی: ڕژدو چروك، دەسقوچاو ف پول‌پرست.

پوڵەکی: پولەکی ف نگا: پولەکی.

پۆلی: سکڵ، پەنگر، پۆلو ف آخگر.

پۆلیس: شورتە، داروغە، گزیری دەوڵەت ف پلیس.

پۆن: خوێنی ژن، حەیز ف حیض، قاعدە شدن زن.

پۆنژین: خەوبردنەوە، وێژنگدان ف پینکی.

پۆنگ: پنگ ف پونە.

پۆنگال: ناوەند، ناوەڕاست ف وسط.

پۆنگاو: گەڕانەوی ئاوی داوەستاو ف نگا: پەنگاو.

پۆنی: ژن لەحەیزدا ف زنی کە در قاعدگی باشد.

پوە: بەری قامیش کەوەك لۆکە دەچێ ف ثمر نی کە مثل پنبە می‌ماند.

پۆی: رزین، پۆ ف پودن.

پۆیاگ: رزیو ف پودە.

پۆیان: رزان، دارزان ف پودن.

پویت: بەرگن. لوا. موی وشتـر و بەرخ و کەروێشـك ف کُرك شتـر و خرگوش و امثالهم.

پوێز: پوڕ، تالان ف غارت، چپاول.

پویشك: ١) بەڵم، کای هەرزن و چەڵتوك؛ ٢) چەڵتوك ف ١) کاه شالی و ارزن؛ ٢) شالی.

پویل: پوڵ ف پول.

پۆیلانە: دیاری بۆتازەزاوا یا تازەبوك ف کادو برای داماد و عروس.

پۆیلە: ١) پۆیلانە؛ ٢) لیزگەموروی سەر بۆخشڵ لەسەری دەدەن ف ١) کادو برای عروس و داماد؛ ٢) رشتە و مهره‌های زینتی.

پەپك: پاچە، پاچك، لاق و دەست لەسەرو پێ‌دا ف پاچە.

پەپکـە: ١) جۆرێ کولێرەنان؛ ٢) خۆیانی خەرمان؛ ٣) نانەحاجی لەك لەك؛ ۴) ئەنگـوتکی هەویر؛ ۵) پاپـۆکە: (**ماریەپکەی دابو**) ف ١) نوعی گردە نان؛ ٢) خرمن نکوبیدە؛ ٣) پنیرك؛ ۴) چونە؛ ۵) چنبرە.

پەپکەبەستن: پاپۆکەدان ف چنبرەزدن.

پەپکەخواردن: پەپکەبەستن ف چنبرەزدن.

پەپکەدان: پەپکەبەستن ف چنبرەزدن.

پەپکـەمـەلیچکـانـە: نانـەحـاجی لەك لەك، تۆڵـەکـە، تۆڵك تۆرکە، نان‌حاجی لەق‌لەق ف پنیرك.

پەپو: ١) حەیف، مخابن؛ ٢) پەپو: باڵدارێکی سەربەکڵاوی بەناوبانگە؛ ٣) کوندەبومە، باڵدارێکی شومە: (واوێران بوە **پەپوی** لێ دەخوێنێ) ف ١) کلمۀ تأسف؛ ٢) هدهد؛ ٣) بوف.

پەپۆ: دەنکی میوە ف دانۀ میوە.

پەپۆك: ١) کلۆڵ و بێچارە؛ ٢) کوندەبو ف ١) بیچارە؛ ٢) بوف.

پەپوك: ژارو بێچارە، بەستەزوان ف بیچارە.

پەپۆکە: کولێرەی چکۆڵە ف گردە نان کوچك.

پەپۆڵە: ئەنگوتکەنانی چکۆڵە ف چونۀ کوچك.

پەپوسلێمانکە: پەپوسلێمانە ف هُدهُد.

پەپوسلێمانە: پەپوسلێمانکە ف هُدهُد.

پەپوسلێمانی: پەپوسێمانە ف هُدهُد.

پەپوسێمانە: پەپوسلێمانی، شانەبەسەر ف هُدهُد.

پەپـوقـژە: باڵـدارێکە وەك پەپوسلێمانە بەڵام بێ‌کاکۆڵ ف پرندەایست شبیه هُدهُد.

پەپوکەرە: کوندەبو ف جُغد.

پەپولە: نمنمۆك، پەروانە ف پروانە.

پەپولەپایزە: پشیلەپایزە ف قاصدك.

پەپولەهەڵهێنان: جۆرێ نەخۆشی ئاژەڵ ف نوعی بیماری دام.

پەپولەهەلێنان: پەپولەهەڵهێنان ف نوعی بیماری دام.

پەپۆیك: ١) کوند؛ ٢) بەستەزمان و بێچارە ف ١) جغد، ٢) بیچارە و بی‌نوا.

پەپـە: ١) کولێرەی چکـۆڵـە؛ ٢) زەردێنـەی هێلکـەی پانـەکـراوەوەی سورەوەکراو ف ١) گردە نان کوچك؛ ٢) خوراکی از زردۀ تخم‌مرغ.

پەت: ١) گوریس، لەتەگوریس؛ ٢) پارچە: (لەت‌وپەت) ف ١) رسن؛ ٢) تکّە، پارە.

پەتا: ١) نەخۆشی گیرۆ، تاهۆ، ئازار، درم؛ ٢) پەسیو، هەلامەت، تالامەت؛ ٣) نیوەنمـەك و شەڵتەی گەرمی سەربرین ف ١) واگیر؛ ٢) زکام؛ ٣) ضِماد گرم کە بر زخم نهند.

پەتاتە: سێف‌زەمینی، پارەڵماسی ف سیب‌زمینی.

پەتانی: پۆتە، خۆڵی زۆر ورد ف خاك نرم.

پەتانێ: پۆتە: (**خۆڵە پەتانێ**) ف بسیار ریز.

پەتبازی: تەنافبازی، بەسەر پەتێ‌ڕا هەنگیو راودا رۆیشتن، پاڵەوان‌بازی ف بندبازی.

پەتپەتی: ١) نیوەنمەك؛ ٢) برێتی لە ئازارو تەفرەدان ف ١) ضِماد خمیر؛ ٢) کنایە از بمبول درآوردن.

پەتپەتی پێکردن: دەستاوەدەست پێکردن، تەفرەدان، حەواڵە بەگەواڵە ف بەسر دواندن.

پەتپەتێن: سوکایەتی بەسەرهێنان و ئازاردان ف اهانت کردن و آزار دادن.

پەترمە: ١) موتوربە، پەیوەندی درەخت؛ ٢) کوتان بۆ ئاوڵە ف ١) پیوند درخت؛ ٢) مایەکوبی.

پەترۆ: قرتماغە، بەڕەی ئاسکی سەربرین، توێ ف کبرۀ زخم.

پەترۆخە: پەترۆ ف نگا: پەترۆ.

پەترۆك: ١) پەرتوك، پاژی زۆر بچوك: (**پەترۆکە** نانێکی بەکەس نەدەدا)؛ ٢) پەترۆ ف ١) قطعۀ کوچك؛ ٢) کُبرە زخم.

پەترۆکە: پەترۆ ف نگا: پەترۆ.

پەتك: ١) لەتەگوریس؛ ٢) تلپی قەزوانی رۆن لێ گیراو ف ١) رسن؛ ٢) دردی ئانکش روغن گرفتە.

پەتکـردن: ١) گوریس دەمـل خستن؛ ٢) برێتی لەهێنـان و ڕاکێشانی بەسـوکـایەتی ف ١) رسن بە گردن انـداختن؛ ٢) کنایە از آوردن و کشیدن با توهین.

پەتڵە: ١) ساوار، ساوەر؛ ٢) دانەوێڵە ف ١) بلغور؛ ٢) بنشن.

پەتۆ: هەناسە، نەفەس ف دم، نفس.

پەتو: بەتانی، بەتانیە، ئەدیاڵ ف پتو.

پەتە: ١) پسولە، جەواز، بلێت؛ ٢) پێژانی نان ف ١) بلیط؛ ٢) پختن نان.

پەتەر: بەلا، پەتا ف مُصیبت.

پەتەری: شێتۆکە، ئاقڵ سوك ف خُل و پتیارە.

پەتی: ١) روت، خواس: (پـا پەتی)؛ ٢) خالیس، ناتێکـەڵاو: (ئـاوێکە پەتی) ف ١) برهنە؛ ٢) خالص، ناب.

پەتیارە: پەتەری، گەللایی ف خُل و پَتیارە.

پەچ: ١) پێچ، پەرچ؛ ٢) دلۆپێك لەبنیشت ف پَرچ؛ ٢) تکۀ سقز.

پەچدان: خوارکردنەوەو پێچدانی بزمارو... ف پرچ دادن.

پەچدانەوە: پەچدان ف پرچ‌دادن.

پەچك: بەچك، بیچم ف سیما و قیافه.

پەچن: پڕی سەرڕێژ: (وام پڕکردوە قەڵا **پەچن**) ف انباشته.

پەچنین: پڕکردنی‌وا کەجێگەی چی‌تر نەبێتەوە ف لبریز کردن.

پەچـــە: ١) روبـەنـدی ژنـان؛ ٢) پێژانی نان؛ ٣) جێ‌خەوی مێگـەل لەدەشت، حەوشە ف ١) روبنده؛ ٢) پختن نان؛ ٣) آسایشگاهِ گلّه در دشت.

پەچەتە: پارچەی سەرکۆش لەدەمی خواردندا ف پیش‌بندِ غذاخوری.

پەچەڵ: چەپەڵ، گەمار، پیس، پۆخل ف کثیف، چرکین.

پەح: وشەی سەیرمان ف کلمۀ تعجُّب.

پەحا: پەح ف نگا: پەح.

پەحـحـا: وشـەی سەیرمان بەباوڕ نەکردنەوە: (**پەححا** لەم درۆیەت!) ف کلمۀ تعجب و انکار.

پەحتن: پێژانی نان ف پختن نان.

پەحلەوان: تەنافباز، پاڵەوان ف بندباز.

پەحن: پان. بەرین ف عریض.

پەحنی: پاژنە، پانیە ف پاشنه.

پەخ: ١) سواوی کول: (خـەنجـەراتـە **پەخ** بویە)؛ ٢) وشـەی پەسنـد لەزمانی منالاّندا ف ١) تیغ کند؛ ٢) بەبە بچّگانه.

پەخ‌بون: سوان‌و کول‌بونی تیغ ف کُندشدن تیغ.

پەخخە: زۆرجوانە، لەزمانی منالاّندا ف بەبهِ بچّگانه.

پەخش: بڵاو، پرژاو ف پخش.

پەخشان: ١) پەخش، بڵاو؛ ٢) نوسراوی بەرانبەری هۆنراو، نەسر ف ١) پراکنده؛ ٢) نثر، مقابل نظم.

پەخشان‌بون: بڵاوبون، پرژان ف پریشان شدن.

پەخشانکردن: بڵاوکردن، پرژاندن ف پراکندن.

پەخشان کردنەوە: بڵاوکردنەوە، دابەش دابەش کردن ف توزیع.

پەخشە: ١) بلاڤۆك، ئینتیشارات؛ ٢) مێشولە، پێشی ف ١) نشریه؛ ٢) پشّه.

پەخشە کوڕە: جۆرێ مێشولە ف نوعی پشّه.

پەخمە: گێل، بێ‌ئاوەز ف پَخمه.

پەخۆ: هەربۆخۆ ف خودِ شخص.

پەخوا: پێخوێ، کڵۆشی بەرپێی گاگێرە ف خرمن در حال کوبیدن.

پەخین: لەقە، پێلاقە ف لگد.

پەڕ: ١) توکی باڵی مەل؛ ٢) مەڕی سپی سەروگەردن رەش؛ ٣) قەراخ، کەنار؛ ٤) وەرەقە قاقەز؛ ٥) ئاخر، دوماهی؛ ٦) لێدراو: (بابە**ڕ**بوە)؛ ٧) دور: (پــەڕ بوە)؛ ٨) فڕین؛ ٩) پەڕین: (هــەڵ پەڕە) ف ١) پر؛ ٢) گوسفنـد سفید گردن سیاه؛ ٣) کنـار؛ ٤) ورق کاغذ؛ ٥) پسین؛ ٦) زده‌شده؛ ٧) دور؛ ٨) پروازکردن؛ ٩) پریدن.

پەر: مەڕی سەروگەردن رەش ف گوسفند سفید سر و گردن سیاه.

پەڕانپەڕ: دەوراندەور، کەنارەوکەنار ف پیرامون.

پەراســـو: ١) پەراسی، ئێسکی کەوانـەیی لەپشتدا؛ ٢) تەنشت؛ ٣) قامیشی رایەڵی چیغ‌و خانوی لەقامیش ف ١) دنده؛ ٢) تهیگاه؛ ٣) تارهای نی در بافتنی از نی.

پەراسوبەند: دەفەی سنگ ف استخوان سینه.

پەراسوە: قامیشی رایەڵی چیغو... ف تار نی در چیغ.

پەراسی: ئێسکی کەوانی لەپشتدا، پەراسو ف دنده.

پەراگەندە: ئاوەکی،حەیوانی‌لەمێگەل‌دورکەوتو ف حیوان‌ازگله‌دورافتاده.

پەڕان: ١) سواربـونی نێر لەمێ؛ ٢) لەت لێ‌بونـەوە: (دەمی چەقوەکە پەڕیوە)؛ ٣) پەرت‌بون: (دارەکە لەدەستم **پەڕی**) ف ١) گُشنی؛ ٢) تکّه‌ای از چیزی پریدن؛ ٣) پرت شدن.

پەڕانـدن: ١) سوارکردنی نێر لەمێوینە؛ ٢) لەت لێ فڕێدان: (ئەم لکە **بپەڕێنە**)؛ ٣) بەجێ هێشتن: (لە خوێندنەوەدا خەتێکت **پەڕاند**)؛ ٤) لەپێش لابـردنی کۆسپ: (لـەمپـەرم **پەڕانـد**)؛ ٥) بەدوای پێشگری «هـەڵ»دا بەمـانای رەقساندنە: (**هەڵپەڕاندن**)؛ ٦) بەدوای پێشگری «ڕا»دا بەمـانای بێدار کردنەوەیە: (**راپەڕاندن**)؛ ٧) لەدوای پێشگری «دا» بەمانای ڕەتاندنە: (دام **پەڕاندە** خوار)؛ ٨) لەپاش «لێ» بەمانای نەهێشتن: (خەو لێ **پەڕاندن**) ف ١) جُفت کردن نر بر ماده؛ ٢) جزئی از کل را قطع کردن؛ ٣) بجـای گذاشتن؛ ٤) برداشتن مانـع؛ ٥) رقصاندن؛ ٦) بیدارکردن؛ ٧) تکان دادن؛ ٨) نگذاشتن.

پەڕانـدنـەوە: ١) لەئـاو دەربازکردن؛ ٢) برێتی لە لەبەڵا رزگار کردن: (**پەڕاندوتمەوە**) ف ١) عبور دادن؛ ٢) نجات دادن.

پەڕانن: پەڕاندن ف نگا: پەڕاندن.

پەڕاننەوە: پەڕاندنەوە ف نگا: پەڕاندنەوە.

پەڕانەوە: پەڕینەوە، لەئاو دەربازبون ف عبورکردن.

پەراو: کەناراو ف مستراح.

پەڕاو: دەفتەر، کتێب، دەفتەری **پەرە** سیغار ف کتاب، دفتر، کاغذ سیگار.

پەڕاوی: پەڕاو ف نگا: پەڕاو.

پەڕاوێز: ١) کەنارەی جلك؛ ٢) حاشیەی کتێب ف ١) حاشیۀ لباس؛ ٢) حاشیۀ کتاب.

پەڕاوێزی عاسمان: ئاسۆ ف افق.

پەڕبازی: باڵەفڕەی جوچکی مەل بۆ فێربونی فڕین ف پرپرزدنِ جوجه برای پرواز.

پەڕبون: دورکەوتنەوە، بەسەهوچون ف دورشدن، اشتباه کردن.

پەڕپتین: بڵاوبون، لەبەریەك چون ف ازهم در رفتن.

پەڕپوت: ١) لەبەریەك هەڵوەشاو؛ ٢) جۆرێ مراوی ف ١) ازهم دررفته؛ ٢) نوعی مرغابی.

پەڕپەڕك: ١) پەپولە؛ ٢) گوڵی لیلوپەڕ ف ١) پروانه؛ ٢) نیلوفر.

پەڕپەڕۆك: پەپولە ف پروانه.

پەڕپینە: پەڵپینە، پر پره ف گیاه خرفه.

پەرت: ١) سەهوکار؛ ٢) هەڵدێراو ف ١) اشتباه کار؛ ٢) واژگون.

پەڕتاندن: لەبەریەك هەڵپچڕاندن ف پارەپارە کردن.

پەرتاوتن: لك هەڵپاچینی دار ف هَرَس کردن.

پەڕتوك: کتێب ف کتاب.

پەڕتەوازە: پەرەوازە، ئاوارە ف آوارە، ویلان.

پەڕتین: پەڕتان، تێك و پێك چون و پچڕپچڕ بون ف ازهم در رفتن و پارەپارە شدن.

پەرجو: موجزات ف مُعجزە.

پەرچ: پێچدانەوەی ئاسن و بزمارو...؛ ٢) پەرژین، چیل؛ ٣) سەرلکی هەڵبەرتاوتە؛ ٤) مێشەو لیڕی جوغورا ف ١) پَرچ؛ ٢) پرچین؛ ٣) شاخهٔ پیراستەشدە؛ ٤) بیشهٔ انبوە.

پەرچان: خوارکردنەوەی بزمارو... ف خواباندن میخ و...

پەرچانن: پەرچان ف نگا: پەرچان.

پەرچاوە: خوارەوەبو ف پرچدادە شدە.

پەرچدانەوە: خوارکردنەوەو خەواندنی بزمارو...؛ ٢) پێشەبڕە بڕینەوە لەریگە؛ ٣) بەدەم داهاتنەوە ف ١) پرچدادن؛ ٢) در راه از کسی پیشی گرفتن؛ ٣) جواب سخت دادن.

پەرچڤ: ماسین، ئەستوری ف ورم، آماس.

پەرچڤین: ئەستوربون، ماسین ف آماسیدن.

پەرچق: وردە، لەت ف اندك، ریزە.

پەرچقان: وردو خاش بون، لەت و کوت بون ف ریزریز و پارەشدن.

پەرچقاندن: وردولەت کردن ف تکەتکە کردن.

پەرچقین: پەرچقان ف نگا: پەرچقان.

پەرچوکە: موی لەسەر هەنیە قرتاو ف موی زینتی بر پیشانی.

پەرچە: ١) پارچە، پاژ، لەت؛ ٢) کوتاڵی گران قیمەت ف ١) جزء؛ ٢) پارچهٔ قیمتی.

پەرچەم: موی سەرهەنیە، پەرچوکە ف موی بر پیشانی.

پەرچی: بێ نرخ و سوك: (هەرچی و **پەرچی**) ف سبك و کم بها.

پەرخ: شێلان و بەدەست ماڵین ف مالش با دست.

پەرداخ: ١) پیاڵەی ئاوخوری لەشوشە، گلاس، لیوان؛ ٢) جوان و لوس کراو؛ ٣) سازو بەکەیف ف ١) لیوان؛ ٢) آراستە؛ ٣) شاد و سرحال.

پەرداغ: پەرداخ ف پرداختە، مُهیّا.

پەڕدال: پەڕەی ژێری تیر ف پرهٔ ناوكِ تیر.

پەردو: ١) ژوری بوك و زاوا لەشەوی بوك گوێزانەوە، پەردەی بوك و زاوا؛ ٢) هەڵاشی بان ف ١) حجلە؛ ٢) پودە.

پەردوخ: پڕوز ف نگا: پڕوز.

پەردوخیان: پروزان، سوتانی مو ف سوختن مُو.

پەردوگیر: تازەزاوا کە لەپەردودا بمرێ یان نەخۆش کەوێ ف دامادی کە در حجلە بمیرد یا مریض شود.

پەردە: ١) پەردو؛ ٢) روپوشی دەرگاو پەنجەرە لە قوماش؛ ٣) لا، توێ ف ١) حجلە؛ ٢) پردە؛ ٣) لایە.

پەردەپلاو: جۆرێ پلاوە کە توتوی گوشتی تێدایە ف از انواع پُلو.

پەردەپوش: رازدار، ئەمین بوسور نەدرکاندن ف رازدار.

پەردەدار: خزمەتکاری ژوری تایبەتی حاکمان ف پردەدار.

پەردەدڕان: ١) روسیابون، ئابڕو چون؛ ٢) شەرمشکان ف ١) رسواشدن؛ ٢) شرم از بین رفتن.

پەردەژی: دەس پێڕاگەین ف در دسترس بودن.

پەردەك: مەتەڵ، لەغەز، مەتەڵوکە ف چیستان، لُغز.

پەردەگیر: پەردوگیر ف دامادی کە در حجلە بمیرد.

پەردەوژ: پەردەژی ف در دسترس.

پەردەهەناو: پەردەی مناڵدان ف مشیمە.

پەردیژ: هەل، دەرفەت، کێس ف فُرصَت.

پەڕڕە: هەلاجی کردن ف پنبەزنی.

پەرژ: بڵاو ف پراکندە.

پەرژ: هەل، دەرفەت ف فُرصَت.

پەرژان: گوێ پێدان، خەریك بون ف مشغولیت.

پەرژیان: پەرژان ف پرداختن بە کار.

پەرژین: ١) هەڵی کار لەبارەی شتێکەوە: (نام **پەرژێ**)، پەرژان؛ ٢) چیل، شورەی بەدڕو ف ١) پرداختن بەکار؛ ٢) پَرچین.

پەرس: پەرست، لەپاش وشە بەمانای کەسێکە شتێ دەپەرەستێ: (خوا **پەرس**، خۆ **پەرس**، پول **پەرس**) ف پَرَست، در ترکیب بجای پرستندە *آید*.

پەرسای: پرسین ف پرسش.

پەرست: پەرس ف نگا: پەرس.

پەرستار: یاریدەری نەخوش، سیستر، خەمخورو ئاگاداری نەخوش ف پرستار.

پەرستن: خوشویستن، خذمەت کردن، بەپیروز زانین ف پرستیدن.

پەرسدار: خواپەرست ف خداپرست.

پەرسڤ: جواب، وەرام ف پاسُخ.

پەرسگە: جێگەی لەخوا پاڕانەوە ف مَعْبَد.

پەرسە: پیرسە ف پیرس.

پەرسیف: پەسیف، ئاڵامەت ف زُکام.

پەرسیار: پەرست ف پرستندە.

پەڕسێلك: پەرەسێلکە، پەرەسلێرکە ف پرستو.

پەرسیلە: قورە، بەرسیلە، پەسیلە ف غورە.

پەرسیو: پەسیف، ئاڵامەت ف زُکام.

پەڕش: ١) پەرژ، پرژ، بڵاو؛ ٢) دەغڵێکە لە جۆ ئەکاو کرەی ئەکەن ناوکەکەی وەك برنج دەکار دێنن، بڕوێش ف ١) پراکندە، ٢) از انواع حبوبات شبیە جو.

پەڕشت: پەڕش ف از حبوبات.

پەڕشە: ١) پەڕشت؛ ٢) کاوکوتی دانەوێڵە ف ١) نگا: پەڕش؛ ٢) آنچە کە از غلّهٔ بیختە دور ریزند.

پەرقۆنە: پەپولە ف پروانە.

پەرك: سەرچنی کەڵاش ف بافتهٔ گیوه.

پەڕك: ١) پەڕەمەلی چکۆلە؛ ٢) پەڕی کاغەزە سیگار ف ١) پر کوچك؛ ٢) کاغذِ سیگار.

پەڕکاڵ: ١) خرتوپرتی ناومال؛ ٢) لێك و لەبار، پەرداخ ف ١) خرت و پرت؛ ٢) ساخته و پرداخته.

پەرکەم: ١) نەخۆشی تاو هەڵامەت پێکەوە، ئەنفلۆەنزا؛ ٢) فێ، خوداری ف ١) بیماری انفلوآنزا؛ ٢) بیماری صرع.

پەڕکوڕ: جۆرێ هەڵۆی رەشی ژێر باڵ سپی ف نوعی عُقاب.

پەڕکولۆل: مەڕی سەروچاوڕەشی قەپۆز سپی ف گوسفند سر و گردن سیاه بینی سفید.

پەرکەما: تەختی کەنارەی کەڵاش ف حاشیهٔ زیرین گیوه.

پەرگ: پەرك ف نگا: پەرك.

پەڕگار: جەغزینگ ف پرگار.

پەڕگاڵ: پەڕگار ف پرگار.

پەرگەما: پەرکەما ف نگا: پەرکەما.

پەڕلەپێ: جسنێ کۆتر ف نوعی کبوتر.

پەڕمۆچ: سیس، ژاکاو، (گولام پەرموچیە) ف پژمرده.

پەڕمۆچان: سیس بون، ژاکان ف پژمردن.

پەرمون: ١) دەخۆڕادیتن، بڕوا بەخۆیی؛ ٢) رەوینەوە، سڵ کردن ف ١) اعتماد بەنفس؛ ٢) رم کردن.

پەرمێشك: نوسەکە ف نوعی خار که بر پشم می‌چسبد.

پەڕندە: فڕندە، مەلێ کە ئەفڕێ ف پرنده.

پەرنە: پەڕندە ف پرنده.

پەڕۆ: پارچە قوماشی کۆن ف وصلهٔ پاره و کهنه.

پەڕۆ: پەڕۆ ف نگا: پەڕۆ.

پەرۆ: جلکی بەخشەراو، خەڵات ف لباس بخشیده شده.

پەروا: باك، ترس، سڵ کردن ف پروا.

پەروار: دابەستە، بەختە ف پرواری.

پەرواری: دابەستە ف پرواری.

پەرواز: فڕین ف پرواز.

پەروانە: پەپولە ف پروانە.

پەرۆش: خەم، داخی دڵ ف غم و اندوه.

پەڕۆش: چیلکەو چاڵ و خشت و خاڵ ف خس و خاشاك، پوشال.

پەڕۆشك: پریشکی تراو، پرشەی شتی ئاوەکی ف پاشیدنِ مایع.

پەڕۆشە: پەڕوش، چیلکەو چاڵ ف پوشال، خس و خاشاك.

پەروەر: بەخێوکەر ف پرورانندە.

پەروەراندن: بەخێوکردن ف پرورانیدن.

پەروەردگار: خودا ف پروردگار.

پەروەردە: ١) بەخێو کردن؛ ٢) بەخێوکراو ف ١) پرورانیدن؛ ٢) پرورده.

پەروەردە کردن: بەخێوکردن ف پروریدن.

پەروەرشت: بەخێو کردن ف پرورش.

پەروەری: راهێنان ف تربیت.

پەرە: ١) پوڵ، دراو، پارە؛ ٢) برەو، رەواج؛ ٣) لەبەر ف ١) پول؛ ٢) رواج؛ ٣) برای.

پەڕە: ١) پەڕەی تۆپی ئاسیاو؛ ٢) کاری هەلاج ف ١) پرهٔ آسیاب؛ ٢) پنبەزنی.

پەڕەپا: پەڕلەپێ ف نوعی کبوتر.

پەڕەخاندن: هەڵگلۆفین، گلۆفین و چرچ کردن ف مچاله کردن.

پەڕەخەڕەك: ئامرازێکی خەرەکی پەمۆ ڕێسی ف ابزاری در دوك.

پەرەس: پەرست ف پرستندە.

پەرەسلێرکە: پەرەسێلك ف پرستو.

پەرەسلێنکە: پەرەسلێرکە ف پرستو.

پەڕەسوێلکە: پەرەسێلکە ف پرستو.

پەرەسەندن: وە ڕەواج کەوتن، لەزێدە بون، بەرەوزیادی چون ف تَرَقّی کردن.

پەرەسێلکە: پەرەسلێرکە ف پرستو.

پەرەسێن: رو لە زیادی ف در رواج و ترقی.

پەڕەك: زۆرگانکەر ف بسیار جماع کنندە.

پەڕە کردن: بەهەلاجی کردن ف حلّاجی کردن.

پەرە کە: پەراسوی حەیوان ف دندهٔ حیوان.

پەڕە کەر: حەلاج ف پنبەزن.

پەرە گرتن: لەزیادی بون ف رواج یافتن.

پەرەم: پۆل، تاقم، جۆن ف دسته.

پەرەم پەرەم: پۆل پۆل ف دسته دسته.

پەڕەناو: کلۆشی بەرپای گاگێرە ف ساقەهای جمع شده برای کوبیدن.

پەرەنشك: نوسەکە ف نگا: نوسەکە.

پەرەنگ: ١) لەرزانەی گوارە؛ ٢) پۆل، سکڵ ف ١) آویزه گوشواره؛ ٢) اخگر.

پەرەنێشك: نوسەکە، نوسەنەکە ف خاری است.

پەڕەوازە: ئاوارە، تەرە ف آوارە.

پەڕەهەڵاویشتن: لەئەندازە دەرچون ف از حدّ گذشتن.

پەرەی: بۆ، لەبەر ف برای.

پەرهێز: پارێز ف پرهیز.

پەرهێزکردن: خۆ دورخستن لەشتێ، پارێز لە خواردەمەنی کردن ف پرهیزکردن.

پەرهێزگار: دینداری ڕاست ف پرهیزکار.

پەرهێزی: پارێز لەخواردن ف پرهیز از خوراك.

پەرێ: ١) بۆخاتری، لەبەر، بۆلای؛ ٢) پیرێ، دوۆژێش؛ ٣) سوکەڵەناوی پەروین ف ١) برای؛ ٢) پریروز؛ ٣) مُخفف پروین.

پەڕی: ١) نێر سواری مێوینە بو، بۆ *حەیوانان* دەگوترێ؛ ٢) پارچەی لێ وەبو؛ ٣) هەڵدڕا: (لەسەر ئەسپ پەڕی)؛ ٤) پەلکی چاو لەرزی ف ١) نر بر ماده سوار شد؛ ٢) پارچهٔ تکه و پاره؛ ٣) پرت شد؛ ٤) پلك

چشم لرزید.

پەری: ١) فرشته، جوانی باڵداری خەیاڵی؛ ٢) پەردوی بوك و زاوا؛ ٣) نێویکی ژنانەیە ف ١) پری؛ ٢) حجله؛ ٣) اسمی برای خانمها.

پەری بڕ: منداڵێ کە خەتەنەکردنی ناوێ ف بچّهٔ ختنەشدهٔ طبیعی.

پەڕیتان: ناوەڕوت، پەڕ روتانەوە ف پرکندن مُرغ بوسیلهٔ آب داغ.

پەڕیتاندن: روتانەوەی مەل ف پَرکَندن.

پەریز: ١) جێگەی دەغڵی درواو؛ ٢) بە دزەدزە بۆنێچیر چون؛ ٣) رەبەت، بۆسەی راوچی ف ١) جای غلّهٔ درویده؛ ٢) یواشکی به طرف نخجیر رفتن؛ ٣) کمین شکارچی.

پەریزاد: برێتی لەجوان چاکی مێوینە ف پریزاده.

پەریزادە: پەریزاد ف پریزاده.

پەریژ: پەرژان ف پرداختن به کار.

پەرێش: بۆی ف برایش.

پەرێشان: ١) بلاو؛ ٢) دڵ بەخەم ف ١) پراکنده؛ ٢) اندوهگین.

پەرێشانی: بێ سەرەو بەرەیی ف پریشانی.

پەڕین: ١) هەلّدێران؛ ٢) سواربونی نێر لەمێ؛ ٣) لەرزینی پەلکی چاو؛ ٤) شکانی شتی تورت؛ ٥) بازبردن و خۆهەلّدان؛ ٦) سڕ بون لەسەرما ف ١) پرت شدن و افتادن؛ ٢) سوار شدن گشن بر مادینه؛ ٣) لرزش پلك چشم؛ ٤) شکستن چیز تُرد؛ ٥) جهیدن؛ ٦) بی‌حس شدن از سرما.

پەڕێن: لابەر: (دەغەز پەڕێنە ئالوبالو) ف زداینده.

پەڕینەوە: لە ئاو یا لە خەیابان چونە ئەوبەر ف عبور از عرض.

پەریهتن: تولانەوە، داتولان ف لهشدنِ گوشت بر اثر زیاد پختن.

پەز: ١) مەڕ، مێ، یەك مەڕ؛ ٢) مێگەل لەمەڕو بزن؛ ٣) دوای وشه بەمانای لێنەرە: (ئاشپەز، چاپەز) ف ١) گوسفند؛ ٢) گلّه؛ ٣) پزنده.

پەزاف: دوئاو، بۆجاری دوهەم ئاودانی سەوزی ف آبیاری برای باردوم.

پەزاو: پەزاف ف نگا: پەزاف.

پەزشکە: نوسەکە، نوسەنەکە، پەرەنیشك ف دوزه، خاری که بر پشم گوسفندان ـ در وقت چرا ـ می‌چسبد.

پەزمەندە: پاشەکەوت ف اندوخته و پس‌انداز.

پەزە کێڤی: مەڕەکێوی، مەڕەسورا ف گوسفند کوهی.

پەزەمەندە: پاشەکەوت، گردەوەکۆیی ف اندوخته.

پەزەمەنە: پەزەمەندە ف اندوخته.

پەزێر: قبوڵکەر ف پذیرا.

پەزێرایی: خزمەتی میوان ف پذیرایی.

پەزێرە: چێشتی شەوێ کە بۆڕۆژ بمێنێتەوە، بەیات ف خوراك شب مانده.

پەزیزانك: جیکڵدانەی مەل، جیقڵدان ف ژاغر، چینەدان.

پەزیشکە: پەزشکە، نوسەکە ف نگا: پەزشکە.

پەژ: شلك و تورت و لەگەشە ف شاداب و تُرد.

پەژار: خەمبار ف غمگین.

پەژارە: ١) خەم، کەسەر، کول؛ ٢) تاسە، ئارەزوی دیدار؛ ٣) نیگەرانی ف ١) غم؛ ٢) آرزو؛ ٣) نگرانی.

پەژارەدار: خەمبار، دڵتەنگ ف غمگین.

پەژان: پەرژین، چیل ف پرچین.

پەژك: ١) دەستەچیلەی ئاگر؛ ٢) پوشو، قاو ف ١) آتشگیره؛ ٢) پُده.

پەژم: خوری، هەڕی ف پشم.

پەژمردە: سیس و لەگەشە کەوتو ف پژمُرده.

پەژمورده: پەژمردە ف پژمُرده.

پەژمەرین: ژاکان، سیس بوُن ف پژمردن.

پەژوْم: زار، بێچارە، بێ ماڵ و حاڵ ف بینوا، بیچاره.

پەژە: پەلك، گەلا، بەلگ ف برگ.

پەژیران: قبوڵکردن ف پذیرفتن.

پەژیك: ١) پەسیو، ئالامەت؛ ٢) ئاهۆ، پەتا، ئازار ف ١) زُکام؛ ٢) بیماری واگیردار.

پەژێو: پەرێشان حاڵ، پەشێو ف پریشان‌حال.

پەژیوان: پەشیمان، پێژەوان، پۆشمان ف پشیمان.

پەژیوانی: پۆشمانی ف پشیمانی.

پەس: ١) مەڕ، پەز، مێ؛ ٢) وەرەز، جاڕز، عاجز، حێجز؛ ٣) بێ ئاکار، سوك، بێ شەرم؛ ٤) دۆڕاو لەقوماردا ف ١) گوسفند؛ ٢) پَکَر؛ ٣) پست‌فطرت؛ ٤) بازنده در قمار.

پەسا: ١) پێ خوێ، ئەوقورەی بۆسواغ گیراوتەوە؛ ٢) بێ پسانەوە، لەسەریەك؛ ٣) کەرستەی دۆلمەو... ف ١) خازه؛ ٢) متوالی؛ ٣) مایهٔ دُلمه.

پەساپۆرت: ئیجازەنامەی سەفەر بۆ دەوڵەتی بێگانە ف پاسپورت.

پەساپەسا: یەك لەدویەکا بێ پسانەوە، پەستا ف بدون انقطاع.

پەساخوڕ: پاشاخوڕ، قەسەڵی بەجێماو لە ئاخوڕدا ف تەماندهٔ علف در آخور.

پەسار: ١) لای سێبەر لەشاخ و کێو، نزار، نسار؛ ٢) پەناپا، پەنای باران نەگر؛ ٣) حەشارگەی ڕاوچی ف ١) نِسار؛ ٢) جائی که با دو باران آنرا نگیرد؛ ٣) کمین شکارچی.

پەساردن: *پاش پێشگری هەڵ*. بەلاوەنان ف کنارگذاشتن.

پەسارده: بەلاوەنراو ف کنار گذاشته شده.

پەساو: ١) پاشاو، ئاوێ کە لە ئاوداشتندا لەزەوی دەردەچێ؛ ٢) ئاراو، پاشاراو؛ ٣) جێ ئاودانی مێگەل، پەزاو، دەراوی مەڕئاودان ف ١) آبی که از آبیاری زیاد آید؛ ٢) آب و صابونی که دو بار از آن استفاده شود؛ ٣) آبشخور گوسفندان.

پەسندە: پەدفەڕ، ئاکار خراپ، ناپەسند، پەست ف پَست‌فِطرت.

پەسهۆر: سەڵیتەی زمان درێژ ف زن سلیطهٔ زبان دراز.

پەسپەسکەرە: جوڵاتەنە، جاڵجاڵۆکە ف زُرزوره.

پەسپەسە کوڵە: پەسپەسکەرە ف زُرزوره.

پەسپەسە کەرە: پەسپەسکەرە ف زُرزوره.

پەسپەندە: پەسندە ف نگا: پەسندە.

پەست: ١) ئاخن؛ ٢) نەوی، نزم؛ ٣) بێ غیرەت و بێ ناموس؛ ٤) وەڕەز، جاڕز، پەس ف ١) آکنده؛ ٢) کم‌ارتفاع، پست؛ ٣) بی‌غیرت، پَست؛

٤) پَکر.

پەستا: پەسا، بێ نێوان، لەسەریەك ف بدون انقطاع.

پەستاپەستا: بەشوێن یەکدا، بێ نێوان بڕ ف پیاپی.

پەستان: ئاخنین، بەهێز تێ‌راکردن ف آکندن.

پەستاندن: پەستان ف آکندن.

پەستاندنەوە: پەستان، بۆ پەنیر *ئاخنینەوەی دەڵین* ف آکندن.

پەستاو: ١) ئاخناو؛ ٢) ئاوی دانەوێڵەی کوڵاو: (لەواشێکی لەدوڵچە چرچەکەی دەم / وەلەو تامی نیە **پەستاوی** دانو) «ئەدیب» ف ١) آکنده؛ ٢) آب غلّهٔ آب‌پز.

پەستاوتن: ١) ئاخنین، پەستاندن؛ ٢) شێلان بە پا: (سەربانەکە **بپەستێوە**) ف ١) آکندن؛ ٢) پایکوب کردن.

پەستبون: وەڕەزو توڕە بون ف پَکَرشُدن.

پەستراو: ١) ئاخندراو؛ ٢) شێلدراو ف ١) آکنده؛ ٢) کوبیده با پا.

پەستراوە: پەستراو ف نگا: پەستراو.

پەستك: کڵۆ میوەی پێکەوە نوساو ف لتکه.

پەستن: پەستاوتن ف آکندن.

پەستنەوە: پەستن ف نگا: پەستن.

پەستو: ١) کوپەڵەی کاشی؛ ٢) وچخانە، خەڵوەتی، ژوری ئەرزاق ف ١) سبوی کوچك؛ ٢) پستو.

پەستۆ: پاڵ پێوەنانی توند، دەڵەك دانی بەنهێم: (بەپاڵە **پەستۆ** دەرمان کرد) ف هول دادن.

پەستواو: ١) ئاخنراو؛ ٢) شێلراو ف ١) آکنده؛ ٢) کوبیده با پا.

پەستە: چۆغەك، سوخمەی بێ قۆڵ لەلباد، پەستەك؛ ٢) سەربەندی گۆرانی، هەواسۆکەڵە، بەسە ف ١) چوخه؛ ٢) ترجیع و ترانهٔ شاد.

پەستەك: چۆغەك، سوخمەی بێ قۆڵی لەلباد ف چوخه.

پەستەکوڵە: هەرەوەزی نمدماڵی ف مراسمِ نَمَدمالی.

پەستی: ١) ئەویایەتی، نزمی؛ ٢) بێ ئاکاری؛ ٣) وەڕەزی ف ١) پستی؛ ٢) پست‌فطرتی؛ ٣) پکری.

پەستێن: کەسێ کە کاری پەستاوتنە: (بەفر **پەستێن**) ف چهاننده.

پەسقەڵە: قەشمەر، تیز بەخەڵك کەر ف مسخره کننده.

پەسڵان: ڕۆژی قیامەت، سەڵا ف روز رستاخیز.

پەسمەندە: ١) باقی، پاشماوە؛ ٢) پاشەکەوت، پەزمەندە ف ١) باقیمانده؛ ٢) اندوخته.

پەسمەنە: پەسمەندە ف نگا: پەسمەندە.

پەسن: ١) تاریف، پێهەڵگوتن، چاکەگوتن؛ ٢) بەردڵ و بەرانبەر بەداخواز ف ١) ستودن؛ ٢) مورد پسند.

پەسند: پەسن ف نگا: پەسن.

پەسندان: تاریف کردن، مەحت کردن ف مدح گفتن.

پەسندکردن: بەچاك زانین، هەڵبژاردن، نەقاندن ف پَسندکردن.

پەسمەندە: پاشەکەوت ف پس‌انداز.

پەسن‌دەر: پەسندار ف مدّاح.

پەسە: کەرستەی خواردەمەنی وەك ئاردوئاو بۆنان ف مواد اولیهٔ خوراك.

پەسەك: پەستەك، چۆغك ف چوخه.

پەسەن: پەسند ف پَسَند.

پەسەناز: پاشەکەوت ف پس‌انداز.

پەسەنکردن: پەسندکردن، هەڵبژاردن ف پسندیدن.

پەسەنناز: پەسەناز ف پس‌انداز.

پەسیرە: قۆرە، بەرسیلە ف غوره.

پەسێرە: بەیات، شەوەمەندە ف شب‌مانده.

پەسیسە: چێشتی زۆر کوڵاوی لێك‌هاڵاو ف آش بسیار پختهٔ درهم آمیخته.

پەسیڤ: ئاڵامەت، هەڵامەت ف زُکام.

پەسیو: ١) پەسیڤ؛ ٢) سوچ، قوژبن، کەلێن: (هیچ پەناو **پەسیوێکم** نیە) ف ١) زکام؛ ٢) گوشه.

پەش: ١) پەق، دەرهێنانو تۆقاندنی شتێ؛ ٢) وشەی لێخوڕینی گا لەجوتا ف ١) مُتلاشی کردن؛ ٢) کلمهٔ بەحرکت درآوردن گاو بەهنگام شخم.

پەشت: بەن یادەزوی بادراو، گشتەك ف نخِ تابیده.

پەشتی: گشتەك، پەشت ف نخِ تابیده.

پەشتەماڵ: پشتەماڵ، خاولی ف حوله.

پەشك: تنۆك، دڵۆپ، کەمترین ئەندازە لەئاو ف قطره.

پەشڵان: پەسڵان، سەڵا، قیامەت ف رستاخیز.

پەشم: ١) قسەی قۆڕو بێتام؛ ٢) چۆغەی بُوزۆ؛ ٣) خوری ف ١) یاوه؛ ٢) پارچه دستبافِ پشمی، شال؛ ٣) پَشم.

پەشم‌بەرگویز: ١) چۆغەورانك؛ ٢) پارچەی سەروژێری بەرگ لە بُوزۆ لەشاڵ، نۆ پە بُوزۆ ف ١) لباس کامل مردانه مطابق کت و شلوار؛ ٢) پارچه دستبافِ پشمی بەاندازه یك دست لباس.

پەشمەك: جۆرێ شیرانی‌یە وەك مویسپی دەچێ ف پَشمَك، نوعی شیرینی.

پەشمین: دروس کراو لەخوری ف پشمینه.

پەشمینە: پارچەیەکی زۆر جوانەو لەخوری ساز دەکرێ ف پارچه‌ای بسیار زیبا که از پشم درست می‌شود.

پەشۆك: پەرێشانی، شێوان ف پریشانی، آشفتگی.

پەشۆکان: سەرلێ شێوان، فکرتێکچون ف آشفته‌شدن.

پەشۆکاندن: تێکەڵاوکردنی فکری کەسێك ف آشفته‌کردن.

پەشۆکاو: شێواو، سەرلێ شێواو ف آشفته.

پەشۆکیان: پەشۆکان ف آشفتن.

پەشە: پەخشە، مێشولە، پێشی، پێشکە ف پَشّه.

پەشەبەند: کوللە، پێشکە گێرەوە ف پَشّه‌بَند.

پەشیل: وێران، ڕوخاو، هەرفتی ف ویران.

پەشیلان: وێران بون، ڕوخان ف ویران شدن.

پەشیلاندن: ڕوخاندن، هەرماندن، ڕماندن ف ویران کردن.

پەشیلین: پەشیلان ف ویران شدن.

پەشیمان: پاشگەز، پەژیوان، پۆژوان ف پشیمان.

پەشێو: پەرێشان، بیر بڵاو ف پریشان.
پەشێوان: ١) بیر بڵاوبون، فکر ئاڵۆزان؛ ٢) ئاڵۆزو پەرێشان: (مەکەن لۆمەی **پەشێوی** دڵ کە ئەمشەو / **پەشێواوە** لەبەر پەرچەم **پەشێوان**) «نالی» ف ١) آشفتگی فکری دست دادن؛ ٢) پریشان و عصبانی شدن.
پەشێواو: شێواو، ئاڵۆزاو ف پریشان.
پەشێویان: پەشێوان ف نگا: پەشێوان.
پەشێوی: شێواوی، ئاژاوە ف آشفتگی، آشوب.
پەشێوێنی: ئاژاوە، پەشێوە ف آشوب و بلوا.
پەفك: پیفۆك، کیفۆك: گیایەکە کە سەلکەکەی بەکوڵاوی یان بەبرژاوی دەخۆن ف گیاهی است که پیاز آنرا می‌خورند.
پەڤ: دەگەڵ، پێکەوە ف حرف همراهی: با.
پەڤرا: دەگەڵ یەکتر، پێکەوە، بەیەکەوە ف باهم.
پەڤك: پەفك ف نگا: پەفك.
پەق‌پەقوژك: گیایەکە ف گیاهی است.
پەقان: تەقین، ترۆقین ف اِنفجار.
پەقاندن: تەقاندن، تەرەقاندن ف منفجر کردن.
پەقپەقوشك: گیایەکە بەرەکەی لەتروکاندندا تەقەی دێ ف گیاهی است.
پەقپەقوك: بەری گیایەکە ف ثمر گیاهی است.
پەقرەج: سەتڵ ف سَطل.
پەقژ: زیپکەی ناودەمی ساوا، بۆقژە ف جوشِ دهانِ کودك.
پەقژك: بڵقی سەراو ف حُباب.
پەقویشك: پەقژك ف حباب.
پەقین: تەقین، ترەکین ف اِنفجار.
پەك: ١) هەل، دەرفەت؛ ٢) ناچاری و ئیحتیاج؛ ٣) هێزو توان؛ ٤) وشەی سەیرمان؛ ٥) وشەی دەربڕینی خەم: (پەکم پێ ناکەوی) ف ١) فرصت؛ ٢) نیاز؛ ٣) توان؛ ٤) کلمهٔ تعجّب؛ ٥) کلمهٔ افسوس و تحسُّر.
پەکخستن: بێ‌بەهرە کردن، لەکارخستن ف ازکار انداختن.
پەککو: ١) وشەی سەیرمان؛ ٢) وشەی داخ و خەم، حەیف ف ١) کلمهٔ تعجب؛ ٢) کلمهٔ تحسُّر و افسوس.
پەك کەفتن: پەك کەوتن ف درماندن، از کارافُتاده.
پەك کەوتن: دەستەوستان مان، لەکارکەوتن ف نگا: لەکارکەوتن.
پەك کەوتو: لەکارکەوتو، داماو ف ازکار افتاده.
پەك کەوتە: لەکارکەوتو، داماو، پەك کەوتو ف ازکار افتاده.
پەکو: ١) وشەی سەیرمان؛ ٢) وشەی داخ‌وخەم ف ١) کلمهٔ تعجُّب؛ ٢) کلمهٔ افسوس.
پەکەر: ١) جارز، وەڕەز ف پَکَر.
پەکی: ١) زۆر، زاف، گەلەك؛ ٢) وشەیەکە بەواتا: باش، چاك: (**پەکی** باوابێ) ف ١) بسیار؛ ٢) باشد، خیلی خوب.
پەکین: ١) هەڵدێران؛ ٢) ترازان ف ١) واژگون شدن و تلوخوردن؛ ٢) ازجا دررفتن.
پەگر: ١) تلّفی بنی تراو؛ ٢) خڵتەی کانزای تاواو ف ١) دُردی؛ ٢) تەنشین فلز گداخته شده.
پەل: ١) شەپۆل، هەستانەوەی ئاو کە لەبەرد ئەدا؛ ٢) بەرانبەری قوڵ: (دەوری **پەلە**)؛ ٣) لاق و دەست: (لەچوار **پەلان** گوێی ساغە)؛ ٤) باڵی باڵندە؛ ٥) پەلەولەز: (بەرەوکوێ **پەل** بوی؟)؛ ٦) پارچە جلك و ئەسپاب: (کەل و **پەل**)؛ ٧) دەستە، پۆل؛ ٨) لکی دار؛ ٩) دڕکی دار؛ ١٠) سکڵ، پۆلو، پەنگر، پەن؛ ١١) شیوەڵە، دۆڵ، دەرە؛ ١٢) دڕك، چقڵ: (پەلێکم لەقاچ راچوە)؛ ١٣) قڵیشەدار؛ ١٤) گەڵا، بەڵگ، پەلك؛ ١٥) پارچە، پاژ: (**پەلێکم** بۆ لەونانەوە بکەوە)؛ ١٦) تیرەیەك لەهۆزو عاشرەت؛ ١٧) بڕاوی وەك نۆکەقەڵەم؛ ١٨) باسك و پەنجە: (دەست و پەڵت پیسە) ف ١) موج؛ ٢) مقابل ژرف؛ ٣) هر یك از دست و پاها؛ ٤) بالِ پرنده؛ ٥) عجله و شتاب؛ ٦) بستهٔ لباس و وسایل؛ ٧) تیم، گروه؛ ٨) شاخه؛ ٩) خار درختی؛ ١٠) اخگر؛ ١١) درّه تنگ و باریك؛ ١٢) خار؛ ١٣) تراشهٔ چوب؛ ١٤) برگ؛ ١٥) جزء؛ ١٦) تیره و طایفه؛ ١٧) تراشیده شده؛ ١٨) دست و بازو.
پەڵ: بەرد یان سندەی گەورە بۆ هاویشتن ف سنگ یا کلوخ برای انداختن.
پەلاس: ١) بەڕە، بەڕەکۆن؛ ٢) پارچەی رەشماڵ، کوێن ف ١) پلاس؛ ٢) پارچهٔ سیاه چادر.
پەلاسی دەم: ئەو بۆخە سپیەی دەکەوێتە سەر زمانی نەخۆش ف بار زبان بیمار.
پەلاش: پوش، وشکەگیا ف خاشاك.
پەلامار: هێرش، هەڵمەت، گەمارۆ ف یورش.
پەلان: هەستی، ئێسقان، یێشە ف اُستخوان.
پەلبون: ١) قوڵ نەبون؛ ٢) وەپەلەکەوتن لەڕۆیشتن ف ١) گودنبودن؛ ٢) باشتاب رفتن.
پەڵپ: بەهانە، گڕنە، گڕو ف بهانه.
پەڵپ‌پێ گرتن: کێشە تێ هاڵاندن، گرو لێ گرتن ف بهانه‌جویی.
پەڵپ گرتن: بەهانە دۆزینەوە، گرولەکارێ گرتن ف بهانه‌گیری.
پەلپەل: ١) پارچەپارچە، لەت‌وکوت؛ ٢) پەڕەپەڕەی گیای وەریو ف ١) تکّه‌تکّه؛ ٢) پرپر.
پەڵپەلان: شەڕەبەرد ف جنگ با سنگ و کلوخ.
پەلپەلیسك: پەپولە ف پروانه.
پەڵپین: ١) نوشتەو دوکەڵی ئەسپەندەر بۆچاو زار؛ ٢) گیای پرپرە ف ١) تعویذ و دودسپند برای چشم زخم؛ ٢) گیاه خُرفه.
پەڵپینە: گیای پرپرە، پەڵپین ف گیاه خُرفه.
پەڵتە: داری نێوان کوڵەکەو بەردە کوڵەکە ف چوب میان ستون و سنگ ستون.
پەڵتەك: نەخۆشی گەروی ئاژاڵە ف گلودردِ دام.
پەلتەك: بڕکەی بێستان ف بوتهٔ پالیزی.
پەلتین: خۆگرتن، توندبوُن دوای شلی ف سفت و محکم شدن پس از شُلی.

پەلچم: گزرەی گەڵادار کە بۆزستان هەڵدەگیرێ ف گیاه پرس شده.
پەڵخ: ١) بەچکـە گامێش؛ ٢) بەچکە بەراز؛ ٣) پان‌و فلچ ف ١) بچهٔ گاومیش؛ ٢) بچهٔ خوك؛ ٣) پایمال و له شده.
پەلخان: پان‌و فلچ بونەوە ف لەشدن.
پەڵخوڕ: لەوەڕی ناو ورگی حەیوان کەهێشتا هەزم نەبوە ف علفِ نشخوارنشده.
پەڵخورد: پەڵخوڕ، نیوەجاوراو ف نگا: پەڵخوڕ.
پەڵخی: پان‌و فلچ کراو ف له و لگدمال شده.
پەلخین: پان‌و فلچ بونەوە، پەلخان ف له و لگدکوب شدن.
پەلشتی: بێکارە، تەمەڵ، خوێڕی ف بیکاره و تنبل.
پەلشقە: ناقایم، شل‌و شەویێ ف نامحکم و شُل و وِل.
پەلقوت: نیوەکوتراو ف نیم کوبیده.
پەلـك: ١) زولف، کەزی؛ ٢) گەڵا؛ ٣) لکـەدار؛ ٤) پیلوی چاو ف ١) زُلف؛ ٢) برگ؛ ٣) شاخه؛ ٤) پلك چشم.
پەڵك: دارێکە لەتیرەی چناران ف درختِ ترنگوت.
پەلکدار: جەغزبنگ، پەرگار ف پرگار.
پەل کردن: ١) بڕاندن بەتیغ؛ ٢) خوارەوخوار تاشین، پێڵە تاشین ف ١) پی کردن؛ ٢) مورب تراشیدن.
پەل کوتان: ١) دەست کوتان، لەتاریکیدا دەست گێڕان؛ ٢) بریتی لە کۆشش‌و تەقالا ف ١) جستجوی کورانه؛ ٢) کنایه از جِدّ و جَهد.
پەلکە: کەزی، پرچ ف زُلف.
پەلکەرەنگینە: کۆلکەزێڕینە، کەسك‌سوور ف رنگین‌کمان.
پەلکەزێڕینە: پەلکەرەنگینە ف رنگین‌کمان.
پەڵگ: پیلوی چاو ف پلك چشم.
پەلگر: ماشە، مقاش ف ماشه.
پەلگرك: پەلگر ف ماشه.
پەلم: ١) پەلپ؛ ٢) ئەستوری، ماسین، پەنەمین ف ١) بهانه؛ ٢) آماس.
پەڵماو: ماسیاو، ستوربو، هەڵاَمساو، پەنەماو ف آماسیده.
پەڵمان: پەنەمین، ماسین ف آماسیدن.
پەڵمین: پەڵمان ف آماسیدن.
پەلـو: ١) ئاردوئـاوی تێکەڵ بۆ دانەجوچکە؛ ٢) چێشتێکە وردەهەویر و کوزەڵەی تێدەکەن ف ١) آرد آبزده برای جوجه؛ ٢) اوماج.
پەلوپۆ: ١) بریتی لە تەقەلاو بزوتنەوە؛ ٢) هێزو توان: (لە **پەلوپۆ** کەوتم)؛ ٣) پەڕوباڵ ف ١) کوشش؛ ٢) تاب و توان؛ ٣) پروبال.
پەلوخ: پۆلوی گەش ف زُغالِ سرخ شده.
پەلـوخ: ١) داگیرسـاو، گڕتێچو، گڕگرتـو؛ ٢) دارزاو لەسوتان ف ١) مشتعل؛ ٢) بر اثر سوختن از هم پاشیده.
پەڵۆخ: ١) پیس‌و چڵکن؛ ٢) لێدان بەدارو بەدەست ف ١) کثیف؛ ٢) با شدّت زدن.
پەڵۆخان: لێدا نی توندو لەزەبر ف با مشت و لگدزدن.
پەڵۆخین: لێدان بەهێز، پەڵۆخان ف نگا: پەڵۆخان.
پەڵۆشە: ١) گیایەکە ساقەتەکەی دەکەنە پوشو؛ ٢) گوینی؛ ٣) بنەتاڵو ف ١) گیاهی که از ساقهٔ آن پوده سازند؛ ٢) گیاه گون؛ ٣) ریشهٔ گیاهی که هودشود.
پەلوك: گیای ئاڵەکۆك ف گیاهی است که بیخش خوردنی است.
پەلۆڵە: ١) چێشتی ئاردوروّن؛ ٢) گزموڵە ئاردی دانەجوجك، پەلو ف ١) اوماج؛ ٢) آرد آبزده برای خوراك جوجه.
پەلە: ١) لەز، عەجەلە؛ ٢) بناری کێو، دامێنی چیا؛ ٣) داوێن؛ ٤) پەڕە، لاپەڕەی کتێب؛ ٥) تای تەرازو ف ١) عجله؛ ٢) دامنهٔ کوه؛ ٣) دامان؛ ٤) لا، ورق؛ ٥) کفّهٔ ترازو.
پەڵە: ١) لەکە؛ ٢) بارانی تێری دەخڵ؛ ٣) پارچە زەوی؛ ٤) لەزوپەلە ف ١) لکـه؛ ٢) باران پاییزی که زمین را کامـلاً سیراب کنـد؛ ٣) قطعهٔ زمین؛ ٤) شتاب.
پەلەپچڕ: زۆر بەزەحمەت‌و پەلەکردن ف بازحمتِ تمام.
پەلەپچڕکێ: پەلەپچڕ ف بازحمت تمام.
پەلەپچڕێ: پەلەپچڕ: (لەچەنگی فلان بە **پەلەپچڕێ** نەجاتم بو) ف نگا: پەلەپچڕ.
پەلەپچوڕکێ: پەلەپچڕ ف نگا: پەلەپچڕ.
پەلەپروزکێ: پەلەپچڕ ف نگا: پەلەپچڕ.
پەلەپڕوزە: پەلەپچڕ ف نگا: پەلەپچڕ.
پەلەپڕوزێ: پەلەپچڕ ف نگا: پەلەپچڕ.
پەلەپڕوسکە: پەلەپچڕ ف نگا: پەلەپچڕ.
پەلەپڕوسکێ: پەلەپچڕ ف پەلەپچڕ.
پەلەپسکێ: نەخۆشی باڵەشۆڕەی مریشك ف نوعی بیماری مرغ.
پەلەپقە: نانی دوبارە بەئاگرەوەناو ف نان دوآتشه.
پەلەپەل: گەلەك بەلەز ف بسیار باعجله.
پەلەپیتك: بەهێز بەنینۆك لەشتدان ف تلنگر.
پەلـەپیتکە: ١) پەلەپیتك؛ ٢) بەردوکەی بەپێتکە هاوێژراو ف ١) تَلَنگُر؛ ٢) با تَلَنگُر پرت کردن.
پەڵەت: هەڵە، غەڵەت: (هەمو کارێکت هەڵەت **پەڵەتە**) ف غلط، اشتباه.
پەلەتاتە: کڕیوەو بادەوە ف کولاك.
پەلەتك: پەتك، لەتەگوریس ف رسَن پاره.
پەلـەخ: ١) پاوان، لەوەڕگەی قەدەغـە، کۆدە؛ ٢) داتوڵاو بەئاگر ف ١) مرتع انحصاری؛ ٢) بر اثر سوختن تمام از هم پاشیده.
پەڵەخ: گیایەکە لە قۆپیدا دەڕوێ‌و وەك پوش‌وایە ف گیاهی است.
پەلەخاندن: لەبەریەك بردن، دارزاندن ف ازهم پاشیده کردن.
پەلەخوڕ: ژیلەمۆ ف خاکستر گرم.
پەلەسۆرك: گەڵای پایزپێش زەردبون ف برگ پاییز قبل از ریختن.
پەلـەسـۆنـك: بن‌گەڵا، دوگەڵای بنەوەی توتن کە دەوەرێ ف دو برگ انتهائی توتون که می‌ریزند.
پەلەسیسە: نەخۆشی رەز کە گەڵای سیس دەبن ف نوعی بیماری مو.
پەلـەشت: ١) پیس‌و پۆخڵ؛ ٢) خوێڕی‌و بێکارە؛ ٣) خۆنەگرتو ف ١) چرکین؛ ٢) تنبل و بیکاره؛ ٣) نیم‌بند و نامحکم.
پەلەشتی: پەلشتی، چۆنیەتی پەلەشت ف پَلَشتی.

پەلەشەکرۆك: ناوەرۆکی سەلکی گیای کەرتەشی ف مغز خاری است.

پەلەفرتکێ: پەلەقاژە ف دست و پازدن.

پەلەفرتە: پەلەقاژە ف نگا: پەلەفرتکێ.

پەلەفرتێ: پەلەفرتکێ ف نگا: پەلەفرتکێ.

پەلەقاژە: دەستولاق جولاندنەوە بۆ رزگاربون لەچۆرتم ف دست و پازدن.

پەلەقاژێ: پەلەقاژە ف دستوپازدن.

پەلە کردن: لەزکرن ف شتاب کردن.

پەلە کوتێ: پەلکوتان ف کورکورانە دست زدن.

پەلە کێش: پەلگر، ماشە ف ماشە.

پەلەمار: پەلامار، هێرش ف هجوم.

پەلەمور: خۆڵەمێش، خۆڵەکەوە، خۆلی ف خاکستر.

پەلەندار: پلار، دارەدەست بۆ هاویشتن ف چوبدست انداختن.

پەلەنگ: پڵینگ ف پلنگ.

پەلەور: باڵدار، فرندە ف پرندە.

پەلەورگ: لەتەورگ ف تکّە شکمبە.

پەلەوەر: پەلەور ف پرندە.

پەلهەوان: ١) تازا، پاڵەوان؛ ٢) تەناف باز ف ١) پهلوان؛ ٢) بندباز.

پەلیت: قسەی بێتام: (هەڵیتوپەلیت دەڵێ) ف سخن و حرف بی‌مزە.

پەلیسە: تالان، پۆڕ، پۆیز ف چپاول.

پەلی سیاوشان: قەیتەران ف پرسیاوشان.

پەلێك: ١) چێشتی زۆرکولاوی لێك هالاو؛ ٢) پارچەی پر چ‌پێچ ف ١) آش زیاد پختە؛ ٢) زُلف‌بند.

پەم: پەمۆ، گیای لۆکە ف پنبە.

پەمبلۆکێ: دۆك، نەخۆشی رەز کە گەڵای سپی دەبێ ف سپیدك مو.

پەمبۆ: پەم ف پنبە.

پەمبۆدانە: دەنکی ناو لۆکە ف پنبەدانە.

پەمبەیی: رەنگی گوڵی، چێرەیی، رەنگی سوری کاڵ، سورەتی ف رنگ صورتی.

پەمبی: پەم ف پنبە.

پەمبی دانك: پەمبۆدانە ف پنبەدانە.

پەمبی لۆك: گیایەکە ف گیاهی است.

پەملەپڕێ: تفەنگی رەشۆکی ف نوعی تفنگ.

پەمو: پەم ف پنبە.

پەمۆ: پەم ف پنبە.

پەموانە: پەمبۆدانە ف پنبەدانە.

پەمۆدانە: پەمبۆدانە ف پنبەدانە.

پەمە: پەم ف پنبە.

پەمەتۆمە: پەمبۆدانە ف پنبەدانە.

پەمەیی: ١) پارچەی لەلۆکە؛ ٢) رەنگی چێرەیی ف ١) پارچهٔ نخی؛ ٢) رنگ صورتی.

پەمیان: پەنەمان، ماسین، ئەستوربون ف آماسیدن.

پەمیاو: پەنەماو، هەڵمساو ف آماسیدە.

پەمین: پەمیان ف آماسیدن.

پەن: ١) پۆلو، پەنگر، سکڵ؛ ٢) دەرسی عیبرەت، پەند؛ ٣) سوکایەتی: (پەنی پێدرا) ف ١) اخگر؛ ٢) درس عبرت؛ ٣) سُبُکی.

پەنا: ١) گۆشە، قوژبن؛ ٢) تەنیشت: (بە **پەنای** مندا هات)؛ ٣) جێگەی بانگو هاواران: (**پەنام** پێبرد)؛ ٤) جێگەی حاوانەوە: (**پەنای** دام)؛ ٥) نهێنی، وەشـاردو: (من پیاوێکی بێ‌پێچو **پەنام**) ف ١) گوشە؛ ٢) جَنب؛ ٣) پناه؛ ٤) پناهگاه، مکان پناه بردن؛ ٥) نهانی.

پەنابا: باپەنا، شوێنێ کەبا نایگرێتەوە ف بادپناه.

پەنابات: دەشایی ئێران، نیوەقەران، بیستیەکی تمەن ف نیم ریالِ ایرانی.

پەناباد: پەنابات ف نگا: پەنابات.

پەنابردن: چوُنە بەردالّدەی پارێزەر ف پناه بُردن.

پەنابەخوا: خوا تۆبە. بۆ خۆ *پارازتن لە* بەلا دەگوترێ ف پناه برخدا.

پەنابەر: دالدەخواز ف پناهندە.

پەناپەسیو: گۆشەو قوژبنی نادیاری ف گوشه دنج.

پەناگا: شوێنی خۆتێدا حەشاردان ف پناهگاه.

پەنـاگـرتـن: ١) درەنـگ هەلاتـنی مانگ لەشـەوی پازدەهەمـدا؛ ٢) خۆوەشارتن ف ١) حالتِ تأخیرِ ظهورِ ماه در شبِ پانزدهُم؛ ٢) پنهان شدن.

پەنـاگرتو: ١) خۆ وەشارتو؛ ٢) مانگی دوای چاردە شەوە ف ١) پنهان شدە؛ ٢) ماه بعد از شب چهاردهم.

پەنام: ١) نەدیار؛ ٢) ماسین، ئەستوری، هەڵمساوی ف ١) پنهان؛ ٢) آماس.

پەنامان: نادیاریەکان، بەرپێواران ف غیبیات، ناپیداها.

پەنامگا: حەشارگە ف مخفیگاه.

پەنامەکی: بەنهێنی، بەدزیەوە ف سرّی، نهانی.

پەناهندە: پەنابەر، کەسێ کە پەنا بەکەسێ دەبا ف پناهندە.

پەناهێنان: هاتنەبەر دالّدە، پارێزگاری خواستن ف پناه آوردن.

پەنـای بێ‌دەنـگ: گەمـەیەکـە، قروقپ، فەنـای بێ‌دەنگ ف بازی خاموشی و سکوت.

پەنبۆ: پەم ف پنبە.

پەنبی: پەم ف پنبە.

پەنج: ١) یەك‌وچوار، پێنج؛ ٢) سڕ، بێ‌حسّ ف ١) پنج؛ ٢) بی‌حس، کِرخ.

پەنجا: چل‌وده، پێنجی ف پنجاه.

پەنجاهەم: ژمارەی نۆبەتی بۆ پەنجا ف پنجاهمین.

پەنجاهەمین: پەنجاهەم ف پنجاهمین.

پەنجایەم: پەنجاهەم ف پنجاهم.

پەنجایی: مەنگەڵە، پارەی پەنجا فلسی، یەك بیستەمی دیناری عیراقی ف یك درهمِ عراقی.

پەنج کردن: تەزاندن، سڕکردن ف کِرخ کردن.

پەنجنین: پەراندنی لکی‌دار ف هرس کردن درخت.

پەنجۆڵە: دەست و پەنجەی چکۆڵە ف پنجهٔ نازك و کوچك.

پەنجە: ١) دەست بەئەنگوستەوە؛ ٢) چڕنوکی جانەوەران؛ ٣) قامك، تلی؛ ٤) جۆرێك نەخشی تەونی بەڕە ف ١) پنج انگشت با کف دست؛ ٢) چنگال جانوران؛ ٣) انگشت؛ ٤) از طرحهای گلیم.

پەنجەتوتە: قامکەچکۆڵە ف انگشتِ کوچك.

پەنجەر: شباك، پەنجەرە ف پنجره.

پەنجەڕۆك: ١) روشان بەنینوك؛ ٢) گیایەکە ف ١) خراش با ناخن؛ ٢) گیاهی است.

پەنجەرویسك: پەنجەڕۆك ف نگا: پەنجەڕۆك.

پەنجەرە: پەنجەر ف پنجره.

پەنجەشێر: شێرپەنجە، نەخۆشی سەرەتان ف بیماری سرطان.

پەنجەکێش: جۆرێ کولێرەنان ف نوعی گرده نان.

پەنجەکێشی: جۆرێ کولێرەنان ف نوعی گرده نان.

پەنجەگەورە: سپێ‌کوژە، قامکی گەورە، تلیامەزن ف انگشت شست.

پەنجەمریەم: بخورمریەم، گیایەکە بۆدەرمان دەبێ ف گیاه بخور مریم.

پەنچك: ١) قرتماغەی برین، پەترۆ، پەترۆخە؛ ٢) پاژ، پارچە: (**پەنچکە** نانێکم دەیە) ف ١) کبرهٔ زخم؛ ٢) قطعه، تکّه.

پەند: ١) ئامۆژگاری؛ ٢) دەرسی تەمێ کردن؛ ٣) سوکایەتی ف ١) پند؛ ٢) درس عبرت؛ ٣) سنبل سبُکی و قرتی.

پەندپێدان: فریودان‌و گاڵتە پێ‌کردن ف فریب دادن و مسخره کردن.

پەندێر: ئامۆژگاری کەر، وەعز دادەر ف اندرزگو.

پەنرێشك: نوسەکە، نوسەنەکە ف نوعی خار.

پەنژۆ: پێنج رۆژ لەساڵی هەتاویدا کە لەساڵێ مانگێ زیادئەکا ف خمسهٔ مُسترقه، پنج روز اضافی سال شمسی.

پەنك: ماشەرەبەن، کلاّفەبەنی گەورە ف کلاف‌ریس.

پەنگ: ١) پۆل، سکلّ؛ ٢) دەرسی عیبرەت؛ ٣) فریو؛ ٤) ماشەرەبەن؛ ٥) داوێستان‌و کشانەوەی ئاو، هێق خواردنەوەی ئاو ف ١) اخگر؛ ٢) درس عبرت؛ ٣) فریب؛ ٤) کلاف ریس؛ ٥) برگشتنِ آب و راکدشُدنِ آن.

پەنگاو: ئاوی راوەستاو ف آبِ جمع شده و راکد.

پەنگ پێدان: فریودان‌و سوکایەتی بەسەر هێنان ف فریب دادن و آبروریختن.

پەنگ خواردنەوە: راوەستان‌و کشانەوەی ئاو ف برگشتن آب و راکدشدنِ آن.

پەنگر: ١) سکلّ، پۆلو؛ ٢) ماشە، مقاش ف ١) اخگر؛ ٢) انبُر.

پەنگرکێش: ١) بێلۆکەی ئاسنی سەرخوار کەسکلّی پێ دەردێنن؛ ٢) ماشە، مقاش ف ١) اخگرکش؛ ٢) اَنبُر.

پەنگلّ: سکلّ، پۆلو ف اَخگر.

پەنگلّ کێش: پەنگرکێش ف نگا: پەنگرکێش.

پەنگلّەمێش: پشوسوار لە تورەیی ف دژم و غضبناك.

پەنم: ماسان، ئەستوری ئەندام، هەلّمسان ف آماس.

پەنمان: ئەستوربون، باکردن ف آماسیدن.

پەنماو: ئەستور، باکردو، هەلّمساو ف آماسیده.

پەنمین: پەنمان ف آماسیدن.

پەنمیو: پەنماو ف آماسیده.

پەنهان: پێوار، وەشارتی ف پنهان.

پەنهانی: پەنامەکی ف پنهانی.

پەنەڕشکە: نوسەکە، پەزیشکە ف نگا: پەنرێشك.

پەنەڕیشکە: پەنەڕشکە ف نگا: پەنرێشك.

پەنەم: ١) لای‌من، بۆمن؛ ٢) ماس، وەرەم ف ١) برای من؛ ٢) آماس.

پەنەمان: پەنمین ف آماسیدن.

پەنەمیان: پەنەمان، هەلّمسان ف آماسیدن.

پەنەماو: پەنماو ف آماسیده.

پەنەمیگ: پەنماو ف آماسیده.

پەنەمین: پەنەمان ف آماسیدن.

پەنەوا: خەنە، کەن، پێکەنین ف خنده.

پەنی: ١) پەلّەی بچوکی پێست، لەکەی پێست؛ ٢) دیار، ئاشکار ف ١) لکّهٔ پوست؛ ٢) پیدا.

پەنێر: پێخۆری برای ماست، پەنیر ف پنیر.

پەنیر: پەنێر ف پنیر.

پەنێرشك: نوسەکە، نوسەنەکە ف نگا: نوسەکە.

پەنیرۆك: دەغلّی دەنك‌شیلە تیگەراو، پێش فەریك بون ف دانه غلّهٔ نیم رسیده.

پەنیرۆکە: ١) پەنیرۆك؛ ٢) گیایەکە کاکلّی بەرەکەی وەك پەنیر دەچێ ف ١) نگا: پەنیرۆك؛ ٢) گیاهی است که ثمرش به پنیر می‌ماند.

پەنیرە: ١) پەنیرۆك؛ ٢) گیای پەنیرۆکە ف ١) نگا: پەنیرۆك؛ ٢) نگا: پەنیرۆکە.

پەوکەی: لەبەر ئەمە، بۆیە ف به‌این دلیل.

پەوکێ: لەبەرئەمە، بۆیە ف برای این.

پەهـ : وشەی سەیرمان‌و قەلّسی: (**پەهـ** لەوکارە خراپە) ف کلمهٔ تعجب.

پەهت: ١) گڕی ئاگر، بلّێسە؛ ٢) پێژان بەئاگر ف ١) زبانهٔ آتش؛ ٢) پختن.

پەهتن: پێژانی نان ف پختن.

پەهتی: پوختەبوگ، برژاو ف پخته یا برشته شده.

پەهریز: پارێز ف پرهیز.

پەهن: پان، هەراو، پوڕ ف عریض.

پەهنەك: تەختایی چکۆلّە، شانۆ، ناوگۆرك ف صحنه، تخته زمین کوچك و هموار.

پەهنی: پاژنەپێ، پانیە ف پاشنه.

پەهۆ: ئاوا، بەم‌جۆرە؟ ف اینطوری؟.

پەی: ١) ریشەرەگ، وردەرەگ؛ ٢) لەبەر، بۆخاتری؛ ٣) قەلّت، پەڕین؛ ٤) بنی‌گۆم؛ ٥) شوێن، وەدوکەوتن؛ ٦) لەدوای، پاش ف ١) پی؛ ٢) برای؛ ٣) پی کردن؛ ٤) ارتفاع آب اندازهٔ قدّ انسان؛ ٥) پیگیری؛ ٦)

پَس از.

پەیا: ١) پیادە؛ ٢) پەیدا، دیاریدان ف ١) پیادە؛ ٢) پیدا.

پەیاپەی: ١) بەدوی یەکا، بێپسانەوە؛ ٢) گش، گشت ف ١) پیاپی؛ ٢) عموماً.

پەیاك: داشی شەترنج، پیادەی شەترنج ف بیدق شطرنج.

پەیاکردن: پەیداکردن، وەدەس خستن، دیتنەوە ف یافتن.

پەیام: راسپێری، ولاّم ف پیام.

پەیامبەر: ڕاسپاردەی ولاّم ف پیامبر.

پەیامنێر: ولاّم نێر، خەبەردەر ف خبرنگار، خبرگزار.

پەیبردن: تێگەیشتن، زانین ف فهمیدن، پی بردن.

پەیت: توندو پتەو ف چابك و محكم.

پەیتا: بێپسانەوە ف بدون انقطاع.

پەیتاپەیتا: لەسەریەك بێوچانو پسانەوە ف پیاپی.

پەیتوکە: ١) جۆرێ چۆلەکەی بچوکی تیژباڵ؛ ٢) بریتی لەپیاوی زۆر بزۆزو بێئارام ف ١) نوعی گنجشك كوچك تیزپر؛ ٢) كنایه از مرد بسیار در حركت و ناآرام.

پەیجۆر: ١) شوێن‌گێر؛ ٢) تـوێژەرەوەو کۆڵەرەوە ف ١) پیگیر؛ ٢) پژوهشگر.

پەیجۆری: تاقیق کردن، توێژینەوە ف پژوهش و تحقیق.

پەیجە: ناردیوان، سولەم، پەیژە ف نردبام.

پەیچەڵ: حەیوانێ کە لەرویشتنا ئەژنۆلێك دەدا ف حیوانی كه در راه رفتن زانوهایش بهم می‌خورد.

پەیخام: پەیام ف پیام.

پەیخامبەر: پەیامبەر، خەبەربەر، ولاّمبەر ف پیامبر.

پەیخەمبەر: پێغەمبەر، ڕاسپاردەی خودا ف پیغمبر.

پەیدا: دیار، ئاشکرا، خویا ف پیدا.

پەیدابون: خویابون، ئاشکرابون، دیاردان ف آشکارشدن.

پەیداکردن: وەدەست خستن، گیرهێنان ف پیداکردن.

پەیدان: تاوێ کەپیاوی تێدا ناخنکێ ف آبی كه آدمی در آن غرق نشود.

پەیدانان: گرێو دانان، دەگرێو نان ف گروگذاشتن.

پەیدەرپەی: پەیتاپەیتا ف پیاپی.

پەیڕەو: ١) بەرنامە، دەستوری کار؛ ٢) مرید، دەست‌وپێوەند، دواکەوتوی کەسێك ف ١) برنامهٔ کار؛ ٢) تابع و پیرو.

پەیڕەوی: بەگوێ کردنو دواکەوتنی دەستورێ یان کەسێك ف پیروی.

پەیزەن: یەکسمێ کەلەرویشتنا پەل لەپەل دەدا ف ستوری كه در رفتن سُم بهم زند.

پەیزەنی: ئاکاری پەیزەن ف در رفتن سُم بهم زدن حیوان.

پەیژە: ناردیوان، پەیجە ف نردبام.

پەیژەن: پەیزەن ف نگا: پەیزەن.

پەیغام: ولاّم، پەیام ف پیغام.

پەیغامبەر: پەیامبەر، ولاّمبەر ف پیغامبر.

پەیغەمبەر: ڕاسپاردەی خوا ف پیغمبر.

پەیغەمەر: پەیغەمبەر ف پیغمبر.

پەیڤ: قسە، وتە ف گفتار، سخن.

پەیڤین: قسەکردن، وتن، ئیشتیغالی، ئاخافتن ف گفتن.

پەیك: ١) ولاّم بەر، نامەبەر؛ ٢) ئەستێرەی گەرۆك و نەچەق؛ ٣) نۆکەری بەردەستی تایبەتی ف ١) پیك؛ ٢) ستارهٔ ثابت؛ ٣) نوكر مخصوص.

پەیکار: ١) شەڕو جەنگ، کێشەو هەرا؛ ٢) سەرەتیر ف ١) پیکار؛ ٢) پیکان.

پەیکان: سەرەتیر ف ناوَك.

پەی کردن: ١) بەقـەڵت بڕین، پەڕاندن؛ ٢) دواکەوتن ف ١) پی کردن؛ ٢) تعقیب.

پەیکوت: حینچکە، کوت پێوەدان ف کلّه زدن در جماع.

پەیکوڵ: دڕکێکی سێ سوچە ف خار سه کوهك.

پەیکـەر: ١) کۆتەڵ، تیمسال، موجەسسەمە، هەیکەل؛ ٢) قالب، لەش، بەدەن ف ١) پیکر، تندیس؛ ٢) بدن.

پەیکەرتاش: کۆتەڵ لەبەردو ئاسن ساز ف پیکرتراش.

پەیکەرتراش: پەیکەرتاش ف پیکرتراش.

پەیکەردەی: دواکەوتن ف تعقیب.

پەیمان: ١) شەرت‌و بەقا؛ ٢) بەڵێن، قەول ف ١) پیمان؛ ٢) وفا.

پەیمان بەستن: قەول‌و قەرار پێکدان ف عهد و پیمان بستن.

پەیمـــان شکێن: بێبەڵێن، بێ شەرت‌و بەقـــا: (لـە ناو کوردی نەبـو **پەیمانشکێنی** / لەکێ فێربوی گوڵم **پەیمان شکاندن**) «هێمن» ف پیمان شکن.

پەیمانە: پێوانە ف پیمانه.

پەین: ١) گوی‌ماڵات؛ ٢) کوت بۆ زرعات ف ١) مدفوع ستور؛ ٢) کود.

پەینجە: پەیژە، ناردیوان، پەیجە ف نردبام.

پەینچی: تۆنەوان، ئاگرکەری گەرماو، تونچی ف تونتاب.

پەینکـە: ئاردێ کەبەسەر ئەنگوتکە هەویردا دەپرژێنرێ ف آردی كه بر روی خمیر پاشند.

پەینکێش: کەسێ بارە پەین دەکێشێ ف پهن‌کش تون.

پەیوەس: پێکەوە لکاو، نوساو ف پیوست.

پەیوەست: پەیوەس ف پیوست.

پەیوەستکردن: پێکەوە لکاندن ف بهم چسبانیدن.

پەیوەستە: هەمیشە، بێپسانەوە ف پیوسته.

پەیوەنـد: ١) متوربەی دارو...؛ ٢) تێکەڵی‌و دۆستی: (هیچ **پەیوەندمان** پێکەوە نیە) ف ١) پیوندِ درختی؛ ٢) علاقه.

پەیوەندکردن: متوربەکردنی دار ف پیوند زدن درخت.

پێ: ١) پیتێ لەپیتـەکانی ئەلف‌و بێتکە؛ ٢) لاق، قاچ، پا؛ ٣) دەستورو ڕێوشوێن: (بەو **پێ**یە ناوێ بچین)؛ ٤) ئەندازەی یەك پێ؛ ٥) پەرانبەر: (**پێ** بەپێ دێتەوە)؛ ٦) دارێکە لەئاسیاودا بەرداشی پێ بەرز دەکەن؛ ٧) وشـەی هەبون: (پارەت **پێ**یە؟)؛ ٨) پەلەپیتکەی چەکی ئاگرین؛ ٩) پدو، پوك، گۆشتی ددانان؛ ١٠) خاوەن رۆژو: (ئەورۆ دورۆژە **پێ**یە)؛ ١١) بەو: (وای **پێ** بڵێ)؛ ١٢) هەڵبـو، داگیرساو: (چراکە **پێ** کە، ئاگرە کە

پێ بو)؛ ١٣) هزر، گومان: (من پێم وایە، تۆ پێت چۆنە؟) ف ١) حرف سوّم الفبا؛ ٢) پا؛ ٣) رسم و عادت؛ ٤) به اندازهٔ یك پا؛ ٥) برابر؛ ٦) ابزاری در آسیاب؛ ٧) علامت داشتن؛ ٨) ماشهٔ اسلحه؛ ٩) لثّه؛ ١٠) روزه‌دار؛ ١١) بەاو؛ ١٢) افروخته و روشن؛ ١٣) حدس و گمان.

پی: ١) ناو بەتاڵ، پوك؛ ٢) پیو، چەورایی ناوزك؛ ٣) پدو، گۆشتی ددانان؛ ٤) بەو: (**پی** بێرە)؛ ٥) بەم ف ١) تهی؛ ٢) پیه؛ ٣) لثه؛ ٤) بەاو؛ ٥) بەاین.

پیا: ١) نۆکەر، خزمەتکار؛ ٢) بەودا: (دارێکی **پیاچو**) ف ١) نوکر؛ ٢) توی آن.

پیابردن: تێنان، دەناوخستن ف سپوختن.

پیاپەریگ: شێتۆکە، لێوە ف خُل و نیم‌دیوانه.

پیاتسان: پێدافسین، پیاتسین ف پریدن پرندهٔ نر بر ماده.

پیاچزان: گەرمو داغ وەلەش کەوتن ف شیئی داغ بر بدن افتادن.

پیاچزاندن: داغ بەلەشەوەنان ف شیئی داغ بر اندام نهادن.

پیاچزانن: داغ بەلەشەوە نان ف نگا: پیاچزاندن.

پیاچون: ١) تێوەچون، چونەناو؛ ٢) لەسەرقسە رویشتن ف ١) تو رفتن؛ ٢) به گفتن طول دادن.

پیاچونەوە: ١) دوپاتەکردنەوە؛ ٢) سەرلەنوێ کردنەوەی قسەیاکار ف ١) بازخواندن نوشته؛ ٢) ازسر گرفتن کار.

پیاچەقاندن: دەناورۆ کردن ف فر وکردن، خلانیدن.

پیاچەقێن: تێهەڵچەقێن ف فروکننده، خلاننده.

پیادان: ١) هێرش بردن؛ ٢) لەسەرو گوێلاك دان؛ ٣) بەسەرهەڵکێشانی لێفەو عەباو... ف ١) هجوم بردن؛ ٢) توسری زدن؛ ٣) بر روی کشیدن لحاف یا...

پیادرون: بەسەردا دورین ف دوختن بر...

پیادە: پەیا. کەسێك بەپێیان سەفەردەکا، بەرانبەری سوارە ف پیاده.

پیادەرێ: رێگەیی کە تەنیا پیادە دەبوێرێو سوار تیا بڕ ناکا ف راه پیاده‌رو.

پیاراگەیاندن: بەشدانی هەموانی، بەگوێدا دانی خەبەرو فەرمان ف سهم به همەرساندن، رساندنِ خبر.

پیارزك: پڕێسکە، پریاسکە، بوخچەی بچوك بۆ کەلو پەل ف بغچهٔ کوچك.

پیارە: زڕ، ناعەسڵ: (باوە **پیارە**) ف نااصل.

پیاز: پیواز، پیقاز ف پیاز.

پیازاو: شیوی پیوازو ئاوو رۆن ف آشِ پیاز.

پیاز پاك کردن: برێتی لە ریاییو تاریفی بەدرۆ ف کنایه از تملّق وریا.

پیازۆکە: گیایەکە وەك پیواز دەچێ، پیازە کێویلە ف پیاز کوهی.

پیازەخوگانە: گونگونەسەگانە، گیایەکە ف پیاز موش.

پیازەمارانە: سیرمۆکە، گیایەکە ف گیاهی است.

پیازەمشکانە: پیازۆکە، پیازەخوگانە ف پیاز کوهی.

پیازی: بەرەنگی تیکوڵەپیواز ف بەرنگ پیاز.

پیاساوین: سونەوەی شتێ بەشتێك، رێخستن ف سودن چیزی بر چیزِ دیگر.

پیاسون: پیاساوین ف نگا: پیاساوین.

پیاسە: قەدەم لێدان، راوێچکە، گەشتو گەڕانی بەپێ بۆ کەیف ف قدم‌زنی.

پیاکردن: تێنان ف فر وکردن.

پیاکێشان: ١) تێنان، تێ‌خستن؛ ٢) لێدان؛ ٣) بەسەرداداان، بەسەر هەڵکێشان ف ١) فروکردن؛ ٢) زدن؛ ٣) برسر کشیدن لحاف و...

پیاگ: ١) پیاو، مێر، مرۆی نێر؛ ٢) عینسان، مرۆ ف ١) مرد؛ ٢) آدمی.

پیاگەتی: پیاوەتی، مرۆڤایەتی ف مردانگی.

پیاگرتن: بەسەرداداان، سەر لەسەر داتان، پینە بەشتێکەوە درون ف چیزی را بەوسیلهٔ چیز دیگر پوشانیدن.

پیاگەیاندن: بەوەختی خۆی گەیاندنی شتێ ف به هنگام رسانیدن.

پیاگیران: بەدەورە داگرتن ف اطراف چیزی را گرفتن و پوشاندن.

پیاڵە: قەدەح، دەفری پچوکی قوڵ، ئیستیکان ف پیاله.

پیاڵەفرۆش: کەسێ کەشرابو ئارەق بەوردە دەفرۆشێ ف پیاله‌فروش.

پیاماڵین: ١) پیاساوین؛ ٢) لێدان بەدار ف ١) نگا: پیاساوین؛ ٢) زدن با چوب.

پیان: ١) پیاڵەی لەمس، قاپۆکەی مسین، جامیلکە؛ ٢) بەپێ، بەرانبەری بەسواری ف ١) پیالهٔ مسین؛ ٢) پیاده.

پیانان: لەسەردانان ف نهادن بر...

پینگۆل: سمکۆلی دڕندە ف پنجول.

پیانوسان: ١) گاز لێ گرتن؛ ٢) ئاو هەر بەدەم فڕکردن؛ ٣) پێوە چەسپان ف ١) گاز گرفتن؛ ٢) آب چشمه بی کمك دست خوردن؛ ٣) به چیزی چسبیدن.

پیانوساندن: بەسەرالکاندن، بەسەردا چەسپاندن ف برچسبانیدن.

پیاو: ١) مرۆی نێر، پیاگ؛ ٢) مەردوورەندو دڵاوا؛ ٣) نۆکەرو خوڵام ف ١) مرد؛ ٢) جوانمرد؛ ٣) نوکر.

پیاوانە: مێرانە، مەردانە ف مردانه.

پیاوچاك: خواپەرستی راست، وەلی، شێخی پیرۆز ف کنایه از شخص مقدّس و باتقوی.

پیاوخاس: مرۆی باش، پەیای قەنج ف جوانمرد.

پیاوخراپ: ١) چەتەو ڕێگر؛ ٢) بێ‌فەڕو نامەرد؛ ٣) خەتابار ف ١) راهزن؛ ٢) نامرد؛ ٣) مجرم و گناهکار.

پیاوخراو: پیاوخراپ ف نگا: پیاوخراپ.

پیاوخۆر: خەڵك ترسێنەر ف آدمخور، کنایه از ترسناك.

پیاوفرۆش: دەس بڕ، خاپینۆك. دۆستی ناڕاست ف فریبکار و ناراست.

پیاوکوژ: قاتڵ، میرکوژ ف آدمکش.

پیاوگوژ: پیاوکوژ ف آدمکش.

پیاوەتی: مەردایەتی، مرۆڤایەتی، کاری مەردانە، جامێری ف مردانگی.

پیاویزگە: ١) وشەیەکە زن بۆ خۆشەویستی بە مێردی دەڵێ؛ ٢) پیاوی چکۆلانە ف ١) کلمه‌ای است محبّت‌آمیز که زن به شوهر گوید؛ ٢) مرد کوچك.

پیاهاتن: ١) بەلەش‌دا بورین: (مجوڕکم **پیاهات**)؛ ٢) درێژەدان بەقسە،

لەسەرڕۆیشتن ف ١) آمدن بر؛ ٢) طول دادن به گفتار.
پیاهاتنەوە: دیسان خوێندنەوەی دەرس‌و کتێب ف بازخوانی کتاب و درس.
پیاهاڵین: ١) پێدا ماڵین؛ ٢) بەسەردا هێنان ف ١) مالیدن؛ ٢) برسر آوردن.
پیاهەڵپڕژان: ١) شەڕ پێ فرۆشتن‌و گەڕ تێ‌هالاندن: ٢) شتی تراو پێ‌هەڵپڕژان ف ١) شرانگیزی؛ ٢) جسم مایع بر کسی پاشیدن.
پیاهەڵپڕژاندن: تاو یان شتی شل بەکەسێکدا کردن ف مایعی را بر کسی پاشیدن.
پیاهەڵپەساردن: پاڵدانی شتێ بەشتێکەوە: (بێڵ بە دیوارەوە هەڵپەسێرە) ف تکیه‌دادن چیزی به چیزی دیگر.
پیاهەڵچون: بەشتی دژواردا سەرکەوتن، بەدارو بەشاخی سەختا هەڵچوون ف از درخت و صخره و... بالا رفتن.
پیاهەڵچەقین: تێ‌چەقینی دڕو یا تەلاش یا بزمار ف خلیدن.
پیاهەڵخوێندن: غەیبەت کردن، خراپ‌گوتن دەربارەی کەسێ ف بدگفتن و غیبت.
پیاهەڵدان: مەحت کردن، تاریف کردن ف ستودن.
پیاهەڵڕوانین: لەخوارەوە بۆ بەرەوژور لە شتێ روانین، تواشای بەرەوژور کردن ف از پایین به‌بالا چیزی را تماشا کردن.
پیاهەڵشاخان: روبەڕو بەگژداچو ن ف رودر رو به‌کسی دشنام دادن.
پیاهەڵشاخین: پیاهەڵشاخان ف نگا: پیاهەڵشاخان.
پیاهەڵکالان: نێرەیی بەکەسێ بردن‌و قسەی حەسودانە کردن ف غیبت حسودانه.
پیاهەڵکالین: پیا هەڵکالان ف حسودانه مذمت کردن.
پیاهەڵگەڕان: بەرەو بەرەژورە چو ن، بەکێو هەڵگەڕان ف از درخت و کوه و... بالا رفتن.
پیاهەڵمیزان: بەسەردا میزتن، لەبالاوە میز بەشتێکدا کردن ف شاشیدن بر...
پیاهەڵمیزتن: پیاهەڵمیزان ف نگا: پیاهەڵمیزان.
پیاهەڵمیزین: پیاهەڵمیزان ف نگا: پیاهەڵمیزان.
پیاهەڵنان: پیا هەڵپەساردن ف تکیه دادن چیزی به‌چیزی.
پیاهەڵنواڕین: لەخوارەوە بۆ سەر تواشاکردن ف از پایین به بالا نگریستن.
پیاهەڵواسین: دالەقاندنی شتێ بەشتێکا ف آویختن چیزی به‌چیزی.
پیاهێنان: ١) پیامالین، پیاساوین؛ ٢) برێتی لەخەلاس کردن: (دەستێکی بەماڵەکەدا هێنا) ف ١) مالیدن، ساییدن؛ ٢) بسرعت تمام کردن.
پێباز: پردەباز، بەردی پەڕینەوە لەباتی پرد، بەردەباز ف گُدار.
پێبازە: گیایەکە ف گیاهی است.
پێ‌بڕ: گۆمی قوڵی پەی نەدەر ف رودخانه بسیار ژرف.
پێ‌بڕان: بەنەسیب بو ن، بەرکەوتن: (ئەوکوڕو کچەپێک‌بڕان، لەوماڵە چم پێ‌نەبڕا) ف نصیب شدن.
پێ‌برن: شوێن گێران، دوای شوێ کەوتن ف پیگیری.
پێ‌بژیو: بژیو، مایەی ژین ف مایه زندگی.
پێبێك: گلێنەی چاو ف مردمك.
پێبون: ١) بەڕۆژو بو ن: (من ئەمڕۆ پێم)؛ ٢) لەلابو ن: (پوڵت پێ‌یە؟)؛ ٣) داگیرسانی ئاگر ف ١) روزه‌دار بودن؛ ٢) علامت داشتن؛ ٣) افروخته شدن آتش.
پێبەتاڵ: ١) پێلاوی لەئەندازە بەدەر گەورە؛ ٢) لاقی زۆر یان‌و زل ف ١) کفش بسیار بزرگ؛ ٢) پای بسیار بزرگ.
پێ‌بەدارە: ئێسکی خڕی ران‌و باسك، بۆناژەلی دەلێن ف استخوان نیم‌دایرهٔ ران و بازوی حیوان.
پێبەر: بیبار، فلفلی گیا ف فلفل فرنگی.
پێ‌بەقنگە: جۆرێ مراوی پچوك ف نوعی مرغابی کوچك.
پیپ: ١) بۆشکە، بەرمیل، دەفری زۆرزلی تراو تێکردن؛ ٢) سەبیلە، قەندە، قەنگە ف ١) بشکه؛ ٢) پیپ، چپق.
پێپڕ: قەڵەو، پڕگۆشت، گۆشتن ف چاق.
پێ‌پرژە: خوڵ بلاوکردنی مریشك بەلاق ف چینه‌کردن مرغ.
پێپڕك: قەڵەوی کورتەبنە ف چاق کوتاه‌قد.
پێ‌پشیلە: گیایەکە لە پەنجەی پشیلە ئەکا ف گیاهی است.
پیپك: چەرخی گاری‌و عەرابە، تەگەر، پێچك ف چرخ ارّاده.
پێ‌پلیکان: پلیکان، پلەکان، قالدرمە، ڕازونە ف پلکان.
بێ‌بلینك: پلەکان، قالدرمە ف پلکان.
پیپنۆك: جۆرێ خەشخاشی ناسك، چارەچەقیلە ف نوعی خشخاش.
پێ‌پێ: وردە وردە، هێدی هێدی، جارلەدوجار ف آرام آرام، به‌تدریج.
پیپیك: فیت فیتە، فیقە ف سوت.
پێ‌پیلکە: پێ‌پلیکان ف پلکان.
پێ‌پێوەنان: زۆر بەپەلە غاردان، پلەزراکرن، هەلاتن بەتاو ف با شتاب رفتن.
پێت: ١) گڕی ئاگر، بڵێسە، گڕپە؛ ٢) بەتۆ؛ ٣) لاقت؛ ٤) لات، بەگومانت؛ ٥) زۆروردو شکاو: (هێت‌وپێت) ف ١) زبانهٔ آتش؛ ٢) به‌تو؛ ٣) پایت؛ ٤) بنظرت؛ ٥) خرد و خمیر.
پیت: ١) کرم خواردو، کرمۆل؛ ٢) حەرف، دانەدانەی ئەلف‌و بێتکە؛ ٣) بەرەکەت‌و فەڕ؛ ٤) کەللەسەر؛ ٥) هەوەڵ: (سەرپیتی کایە دامەزرێنە)؛ ٦) کوفارە، فیچقە؛ ٧) قامکە چکۆڵە، توتە؛ ٨) هێدی، ئاسپایی؛ ٩) کەموسکە، هندك ف ١) کرمو؛ ٢) حرف الفبا؛ ٣) یمن و برکت؛ ٤) جمجمه؛ ٥) آغاز؛ ٦) فواره؛ ٧) انگشت کوچك؛ ٨) یواشکی؛ ٩) اندك.
پێتاتە: پێتەتە، تەختەی ژێرپای جوڵا ف تختهٔ زیر پای بافنده.
پیتاك: ١) باج‌و خەراجی دەوڵەت؛ ٢) باروبو، کۆمەگی ماڵی کۆکردنەوە ف ١) باج دولتی؛ ٢) جمع‌آوری اعانه.
پێتان: ١) بەگومانی ئێوە؛ ٢) لاتان؛ ٣) قاچتان ف ١) به‌نظر شما؛ ٢) نزد شما؛ ٣) پایتان.
پێتان: جۆرێ گاڵتە بەچەو ف نوعی بازی با شن.

پێتاو: پێ‌پۆش، کاڵەوزەنگاڵ، پاتاوە ف پاتابە.
پێتاوە: پێتاو ف پاتابە.
پیت‌چن: ئەوەی لەچاپخانە پیتان ڕێك دەکا، حروف‌چین ف حروفچین چاپخانە.
پیت‌دانــەوە: خێردانــەوە، بەهــرەدەری: (مــاینــەکەم **پیتی** دایەوە) ف پُربرکت شدن.
پیتــك: ١) کوتــك، کوتکی ئاسن؛ ٢) پتــە، بەســەری قامك لێدان؛ ٣) عەیب‌و شوُرەیی؛ ۴) چەو لەهێندیك گاڵتەدا؛ ۵) شوڕەیی، شەنگەبی ف ١) پتك؛ ٢) تلنگر؛ ٣) عیب و عار؛ ۴) شن بازی.
پیتکار: پیت‌چن ف حروفچین.
پیتــك‌خستن: زیپکــەبــەرد بەســەری قامك هاویشتن، پەلەپیتکە ف با تلنگ خردەسنگ انداختن.
پێتن: پێژان ف پختن نان.
پێتوکە: گیایەکە دەکرێتە گزرە ف علفی است که پرس کنند.
پیتە: بەڵم، کای هەرزن‌و چەڵتوك ف کاه ارزن و شالی.
پیتەبڕە: کرمی ئاسکی دەغڵ ف کرم ساقەخوار.
پیتەپیت: هێدی هێدی، سەبرە سەبرە ف یواش یواش.
پیتەپیتە: کەمەکەمە، تۆزە تۆزە ف اندك اندك.
پێتەتە: دەپ‌و تەختەی ژێرپای جۆڵا ف تخته زیر پای جولا.
پێتەخت: شاری شانشین ف پایتخت.
پێتــەك: ١) جیازی بوك کە ئەیباتە ماڵی زاوا؛ ٢) کەموسکەیەك ف ١) جهاز عروس؛ ٢) کمکی، اندکی.
پیتێ: وشــەیەکی ژنــانــەیە بۆ بانگ کردنی یەکتر ف کلمه‌ای که زنان خطاب به یکدیگر گویند، همدیگر را با آن صدا زنند.
پیچ: ١) پوچ، والا، ناوبەتاڵ؛ ٢) زۆڵ، بیژو، بیژ؛ ٣) کەم ف ١) توخالی؛ ٢) حرامزادە؛ ٣) اندك.
پێچ: ١) سەرو شەدە؛ ٢) باو، باوخواردو؛ ٣) بورغی ف ١) دستار؛ ٢) پیچ و خم خوردە؛ ٣) پیچ.
پێچاڵ: قولکەی ژێرپای جۆڵا ف پاچال.
پێچان: پێچ‌دان، باوپێدان، بادان ف پیچانیدن.
پێچــاندن: ١) پێچان؛ ٢) توند شەتەك‌دان‌و بەستن ف نگا: پێچان؛ ٢) محکم بستن.
پێچــاندنــەوە: لول‌دان، وەك *لول‌دانێ* سفرەو *کاغەز* ف پیــچیدن، نوردیدن.
پێچانن: پێچاندن ف پیچ دادن.
پێچانەوە: ١) پێچاندنەوە؛ ٢) بڕیتی لەلێ پرسینەوەو بەسەرکردنەوە ف ١) نَوردیدن؛ ٢) کنایە از بازپرسی.
پێچاو: پێچ‌دراو، باوخواردو ف پیچیدە.
پێچاوپێچ: ١) باودراوی تێکەڵاو؛ ٢) خوارو خێچی ف ١) پیچ‌پیچ؛ ٢) کجی.
پێچ‌پیاهاتن: ژانی‌سك لەپڕو نەکاو ف پیچ شکم و رودە.
پێچ‌پێچ: ١) زۆر خوارو قێچ؛ ٢) ڕێگــەی پڕ لە بادانــەوە ف ١) کج و ناهموارە؛ ٢) راه پر پیچ و خم.
پێچ‌پێچوکە: قیت‌و بەپێچ: (شەیتانۆکەی زیندو **پێچ‌پێچوکەیە**) ف حلزونی.
پێچ خواردن: باوخواردن ف پیچ خوردن.
پێچ‌خواردنەوە: ١) گەڕانەوە؛ ٢) لە ڕێگەیەگ لادان بۆ لایەکی تر ف ١) برگشتن؛ ٢) عوض کردن مسیر.
پێچ‌دان: ١) بادان؛ ٢) لول‌دان؛ ٣) سوڕخــواردن لەســەمــادا ف ١) تابدادن؛ ٢) نَوردیدن؛ ٣) چرخیدن.
پێچ‌دانەوە: گەڕانەوە،وەسوڕان: (ئای خۆزگە ببایە جێگە بۆ سانەوەیەك / لەم ڕێگەیە دوُرە سوُڕو **پێچ‌دانەوەیەك**) «خەیامی هەژار» ف بازگشتن.
پێچ‌دراو: بادراو، لول‌دراو ف پیچیدە، نَوردیدە.
پێچرا: ئامرازی لەدار یان گڵێنە کەچرایان لەسەردادەنا ف پاچراغ.
پێچران: پێچان ف پیچ‌خوردگی.
پێچراو: ١) باخواردو؛ ٢) لول‌دراو ف ١) پیچیدە؛ ٢) نَوردیدە.
پێچراوە: ١) لول‌دراو لەناو شتێکا؛ ٢) بڕیتی لە هەڵگیراو، لەبەین لابراو ف ١) نَوردیدە در چیزی؛ ٢) برچیدە شدە.
پێچــك: ١) گلۆڵــە بەنی خاوی هێشتــا بانەدراو؛ ٢) چەرخەعارەبە؛ ٣) پاچــەی ئاژەڵ؛ ۴) پایەکورسی‌و... ف ١) بناغ؛ ٢) چرخ، ارادە؛ ٣) پاچە؛ ۴) پایە کرسی.
پیچــك: ١) کفتــەی ساواری بێ‌ناوئاخن؛ ٢) گیایەکە دەخورێ ف ١) کوفتۀ بلغور سادە؛ ٢) گیاهی است.
پێچ‌کردنە: بادانەوە لەڕێگە ف عوض کردن مسیر در پیادەروی.
پێچکــە: ١) منــاڵی چکۆڵە؛ ٢) ئامرازێکی ئاسیاو؛ ٣) چەرخی گاری‌و عەرابە؛ ۴) پایەی کورسی ف ١) کودك نوزاد؛ ٢) ابزاری در آسیا؛ ٣) چرخ، ارادە؛ ۴) پایە کرسی.
پێچ‌لێدان: فریودان، دەسبڕین ف ناروزدن.
پێچن: گیایەکە بۆدەرمان دەشێ ف گیاه سداب.
پێچ‌و پلوچ: ١) خوارو خێچ؛ ٢) ئالۆز، ئالۆزو تێکەڵ پێکەڵ؛ ٣) حیلەو حەواڵە ف ١) کج و کولە؛ ٢) درهم برهم؛ ٣) مکر و فریب.
پێچ و پەنا: ١) جێگەی وەشاردنەوەی نهێنی؛ ٢) ئامەعلوم‌و ئالۆزیالۆز: (قسەکانی بەپێچ‌وپەنان) ف ١) جای پنهان کردن؛ ٢) سخن نامفهوم و رمزی.
پێچوك: ڕەوڕەوەی پێگرتنی منداڵ ف روروك کودك.
پێچوُکە: بسکی سەرتوێڵ. (**پێچوُکە** لەسەر هەنی بنەخشێ) «مەم‌وزین» ف زلف بر پیشانی.
پێچوڵەکە: گیایەکە وەك چنگی چێشکە دەچێ ف گیاهی است.
پێچ و مۆرە: بورغی‌و بنەکەی ف پیچ و مهرە.
پێچــون: ١) کات بەخــت کردن: (زۆرت پێچــو، زۆرم پێچــو)؛ ٢) کارتێکردن: (بەجنێوان **پێ‌ناچێ**) ف ١) تأخیر کردن؛ ٢) تأثیر کردن.
پێچە: پەچە، ڕوُبەند ف روبندە.
پێچــەر: ١) جەڕبــادەر، ئامرازی پێچ‌دان؛ ٢) کەسێ کەدەپێچێ ف ١) پیچ گوشتی؛ ٢) پیچندە.

پیچەك: کەمێك، توزێك [ف] اندکی.

پێچەك: داری دوفلیقانە کە نچیری پێ دەردێنن. توکی بەردەکەوێ و دەکێشن [ف] چوب دوشاخەای کە شکار را با آن از سوراخ بیرون کشند.

پێچەکولو: کلوی لوکەی خاو [ف] آغندە.

پێچەڵپاچ: ١) پێچ و پلوچ؛ ٢) قیل قاج، خوارەو خوار [ف] ١) اریب؛ ٢) چم و خم.

پێچەڵپێچ: پێچەڵپاچ [ف] نگا: پێچەڵپاچ.

پێچەن: ١) تاباری لول‌دراوی رەشماڵ؛ ٢) داری ناوتابار کە لەسەری لول دەدەن؛ ٣) داری گوریسی بارتوند کردن [ف] ١) لنگە بار چادر؛ ٢) چوبی کە چادر را بەدورش بپیچند؛ ٣) چوبی کە بار را بدان محکم کنند.

پێچەوانە: ١) دژ؛ ٢) بەراوەژو [ف] ١) مخالف؛ ٢) وارونە.

پیچی: سەری قامك، بەندی لای‌سەروی تبل [ف] بند انتهایی انگشت.

پێچی: پەنجە [ف] پنجە.

پێچیاگ: پێچ‌دراو [ف] پیچیدە.

پێچیان: ١) پێچان؛ ٢) سوڕدان لەرەقسدا [ف] ١) پیچش؛ ٢) چرخیدن در رقص.

پێچیاو: پێچراو [ف] نوردیدە، پیچیدە.

پێخ: ریپوقی چاو [ف] ژفك چشم.

پێخام: ولام [ف] پیغام.

پێخامبەر: پێغەمەر، راسپاردەی خوا [ف] پیامبر.

پێخاوس: پیڕوت، بێ‌پێڵاو [ف] پابرهنە.

پێخستن: ١) لەپێ کەوتن، مانـدوبـونی زوڕ؛ ٢) هەڵکردنی ئاگر [ف] ١) ازپا افتادن، خستگی زیاد؛ ٢) آتش افروختن.

پێخواس: پێخاوس [ف] پابرهنە.

پێخـوڕ: ١) هەرچی بەنـانەوە ئەیخون؛ ٢) کەم‌کەم و بەماڵداری [ف] ١) نانخورش؛ ٢) با اقتصاد و میانەروی عمل کردن.

پێخوس: بەرپێ دراو، پێ‌رێ خراو [ف] پامال.

پێخوست: پێخوس [ف] پایمال.

پێ‌خوشبـون: ١) شادبونی ناڵەبارو دوژمن بەپیاو؛ ٢) بەشتێ دڵخوش بون: (**پێم خوش بوهاتی**) [ف] ١) خوشحالی دشمن از کار آدمی؛ ٢) شاد شدن از کاری.

پێخولە: منالی تازە پێگرتو، پێرەوکە [ف] کودك نوپا.

پێخوێ: ١) ئەندازە قوڕێکی سواغ؛ ٢) کلوشی بەر پای گاگێڕە [ف] ١) مقداری کاهگل؛ ٢) خرمن در حال کوبیدن.

پێخەسو: بەربوك، ژنێ کەدەگەڵ بوکا دەچێ بو ماڵی زاوا [ف] ینگە.

پێخـەف: ١) نوێن، کەل‌پەلـی خەو؛ ٢) سەرپـوشی خەوتـو [ف] ١) رختخواب؛ ٢) لحاف.

پێخـەم: ١) ولام؛ ٢) ولامی عاسمانی؛ ٣) دەربەست، لەخەمی [ف] ١) پیغام؛ ٢) وحی؛ ٣) مُقیَّد.

پێخەمبەر: پێغەمبەر، راسپاردەی خودا [ف] پیامبر.

پێخەنین: پێکەنین، خەنین، کەن [ف] خندە.

پێدا: ١) دەناو: (**پێداچون**)؛ ٢) لەشوێن: (**پێداپێدا**: بەشوێن یەکدا) [ف] ١) توی؛ ٢) بەدنبال.

پێدابردن: ١) دەناونان؛ ٢) بەجێگەیەکدا بەرێوە بردن [ف] ١) توکردن؛ ٢) بەراهی بُردن.

پێداچون: ١) بەشوێنێك‌دا روێشتن؛ ٢) قسە دەسەرگرتنەوەو لەسەرقسە روێشتن [ف] ١) از جائی عبور کردن؛ ٢) ادامە دادن.

پێداچونەوە: ١) گەڕانەوە بەشوێنێکا؛ ٢) دوبارە خوێندنەوە [ف] ١) دوبارە گذر کردن از جائی؛ ٢) بازخوانی.

پێداخستن: بەرسەر دادان [ف] انداختن بر...

پێدادان: ١) بەسـەرهەڵکێشانی لێفەو پێخەف؛ ٢) داپوشین؛ ٣) لێدان بە بەردو...؛ ٤) هێرش کردن [ف] ١) برسـر کشیدن لحاف و...؛ ٢) پوشیدن؛ ٣) زدن از دور با سنگ و...؛ ٤) هجوم بردن.

پێداڕو: پنجی پینەی دیزەو گوزە [ف] وصلهٔ ظروف گلی.

پێدارە: ئێسکی سەری ران و قوڵ [ف] استخوان سر ران و بازو.

پێداساوین: پیاسون [ف] ساییدن.

پێداکردن: ١) خوڵ یا ئاو بەسەردا کردن؛ ٢) دەناونان؛ ٣) هەڵقوڕاندن و فڕکـردن [ف] ١) پاشـیدن خاك یا مایع بر...؛ ٢) لاگذاشـتـن؛ ٣) سرکشیدن مایع.

پێداکێشـان: ١) لێدانی تونـد بەدارو...؛ ٢) بەزور دەنـاوتـان؛ ٣) بەسەرردادان [ف] ١) زدن با کتك و...؛ ٢) با زور لا گذاشتن؛ ٣) بر سر کشیدن لحاف و...

پێداگـرتن: ١) مان‌گرتن؛ ٢) سوربون لەسەر مەبەست؛ ٣) سەرپوش یان پینـەدانـان [ف] ١) اعتصـاب کردن؛ ٢) اصـرار ورزیدن؛ ٣) سرپوشیدن چیزی.

پێداڵەقان: هەڵواسین بەشتێکەوە [ف] آویختن.

پێداڵەقاندن: هەڵاوەساندن بەشتێکا [ف] آویزان کردن.

پێدامالین: پێداساوین [ف] بر چیزی ساییدن.

پێدان: ١) دانی جوێن یان خەبەر؛ ٢) بەخشین، نان یان پوُل پێدان [ف] ١) دادن دشنام یا خبر؛ ٢) بخشش.

پێداویست: ١) لازم؛ ٢) نیازو پێویستی [ف] ١) لازم؛ ٢) مایحتاج.

پێداویستی: ئیحتیاجی، ئاتاجی، نیاز [ف] احتیاج و نیاز.

پێداهـاتن: ١) بەشـوێنێکا رابردن؛ ٢) لەسەرقسە رویشتن؛ ٣) مچوڕك دەلـەش گەڕان [ف] ١) ازراهی گذشتن؛ ٢) بە سخن ادامە دادن؛ ٣) تیرکشیدن بدن.

پێداهاتنەوە: ١) دوپاتەکردنی هاتوچو بەشوێنێکا؛ ٢) دوبارە خوێندنەوە [ف] ١) دوبارە گذشتن از جائی؛ ٢) بازخوانی کتاب.

پێداهانین: ١) پیاساوین؛ ٢) خستنی چادر بو بارکردن [ف] ١) بر چیزی ساییدن؛ ٢) انداختن خیمە بە منظور عزیمت.

پێداهەڵچەقان: تێڕو چون [ف] توی چیزی خلیدن.

پێداهەڵچەقین: پێداهەڵچەقان [ف] نگا: پێداهەڵچەقان.

پێداهەڵخوشان: بەربینگ پێ گرتن و کێشە تێ‌هاڵاندن [ف] ناحق گریبان

کسی را گرفتن و با او ستیزه کردن.

پێداهەڵخوشین: پێداهەڵخوسان ف نگا: پێداهەڵخوشان.

پێداهەڵدان: تاریف کردن و پێ‌هەڵگوتن ف مدح کردن.

پێداهـــەڵـــڕوانین: لە خوارەوە بۆ سەرەوە تماشای شتێ کردن، تێ هەڵڕوانین ف چیزی را از پائین به بالا نگاه کردن.

پێداهەڵشاخان: پێداهەڵخوشین ف نگا: پێداهەڵخوشین.

پێداهەڵشاخین: پێداهەڵخوشان ف نگا: پێداهەڵخوشان.

پێدرێژی: لە ئەندازەی خۆ دەرچون ف از حدّ خود خارج شدن.

پێدزکێ: خۆ کشاندنەوەی کەم‌کەم ف پاورچین.

پێدزە: پێدزکێ ف نگا: پێدزکێ.

پێدزەکێ: پێدزکێ ف نگا: پێدزکێ.

پێدەشت: دەشتایی بن‌چیا ف دشت دامنه کوه.

پیر: ١) بەتەمەن، ئیختیار؛ ٢) شێخی تەریقەت؛ ٣) مەرقەدی پیاوچاکان؛ ٤) پێشواز: (بەپیرمەوە هات) ف ١) پیر؛ ٢) مرشد؛ ٣) مزار؛ ۴) استقبال.

پێر: دوروژپێش، رۆژی بەرلە دوێکە ف پریروز.

پێرار: دوساڵ پێش ف پیرار.

پێرارەکە: پێرار ف پیرار.

پێ‌ڕاکێشان: رازی بون، قەبوڵ کردن ف راضی شدن و پذیرفتن.

پێران: نەخۆشی هەناسەبڕان، دوشاخە ف خناق.

پیران: لەهۆش چون، بوڕانەوە ف بیحال شدن.

پیران بردنەوە: لەسەرخۆچون و بێهۆش بون ف غش کردن.

پیڕاندن: پرماندن، پرمەکردنی ئەسپ ف صدای مخصوص بینی اسب.

پیڕانن: پیڕاندن ف نگا: پیڕاندن.

پیرایشۆکە: جانەوەرێکی چکۆڵەی بۆری‌خڕکەڵەیە هێلانە لەبن خۆڵدا دەکا ف خرخاکی.

پیرایی: پێشوازی، بەرەوپیر چون ف استقبال.

پیرپنتك: منداڵی قسەزل ف بچه‌ای که سخن‌های گنده‌تر از خود بگوید.

پیرپەنك: منداڵی قسەزل‌و زۆرزان ف نگا: پیرپنتك.

پیرخەنی: شێوی ساواری وردو شل ف آش بلغور ریز.

پیرخەنیلە: پیرخەنی ف نگا: پیرخەنی.

پێرست: سیایی ناوی مەبەستەکانی ناوکتێب، فیهرست ف فهرست.

پیرسۆز: قوتیلکە چرای رون گەرچەك‌و پیو، پیسوز ف پیه‌سوز.

پێرك: هەرزاڵ، جێگەی کەل‌وپەل لەسەرداناندا لە رەشماڵدا ف جانی سکومانند در چادر.

پێرك: گۆماوی خۆرست لەچیادا ف دریاچه در دل کوه.

پیرك: ١) نەنك، دایکی باوك، دایکی دایك؛ ٢) مامان ف ١) مادربزرگ؛ ٢) ماما، قابله.

پیرکی: مامانی ف مامائی.

پێرم: رەزاگران، خوێنتال لای خەڵك ف منفور در نزد عموم.

پێڕۆ: ١) کولۆی باڵ‌نەگرتو؛ ٢) باڵداری بە پێ‌بڕوا ف ١) ستارهٔ ثریا؛ ٢) ملخ بال نگرفته؛ ٢) پرنده‌ای که پرواز نکند.

پیرۆ: پێرو ف نگا: پێرو.

پێرو: ١) ئەستێرەی کۆ؛ ٢) جانەوەرێکە چاوی ئاژەڵ کوێردەکا؛ ٣) منداڵی پێ‌گرتوی فێرە رۆیشتن ف ١) ستارهٔ ثریا؛ ٢) حشره‌ای است که چشم دام را کور می‌کند؛ ٣) بچه‌ای که سرپا افتاده است.

پیرۆت: ناوە بۆ پیاوان ف از نامهای مردانه.

پیرۆز: ممبارەك ف فرخنده.

پیرۆزانە: دیاری بەهۆی سەرکەوتن لەکار یان لەجلکی نوێ ف شیرینی موفقیت یا لباس نو.

پیرۆزبایی: ممبارەك بادی ف تبریك و تهنیت.

پیرۆزە: ١) ممبارەك بادی: (جەژنە پیرۆزە)؛ ٢) بەردێکی عاسمانی رەنگی بەنرخە؛ ٣) باڵدارێکی چیرۆکی‌یە بەسەر هەرکەسا سێبەربکا دەبێتە شا ف ١) تبریك عید؛ ٢) فیروزه؛ ٣) مرغ سعادت، هما.

پیرۆزی: ممبارەکی ف فرخندگی.

پیرۆشك: داپیرۆشك، پورایشۆکە، پیرایشۆکە ف خرخاکی.

پیرۆك: ١) داری زۆرکۆنی گەندەڵ؛ ٢) پیرەلۆك،چرچ بونی دەست لەئاوی گەرم‌و ساردا ف ١) درخت فرسودهٔ کهنسال؛ ٢) چین و چروك دست که از آب گرم و سرد پدید آید.

پیرومەر: گرفت، خۆراکێ کە هەڵنا تاوێ‌و پیاو نەخۆش دەخا ف امتلاء.

پیرۆمەر: چاك‌و پیرێکی بەناو بانگە لە کوردستان ف آرامگاه امامزاده‌ای در کردستان.

پیرە: وشەی ئافەرین‌و سەیر: (پیرە! کارێکی باشت کرد) ف کلمهٔ تحسین و آفرین.

پێرە: دەنگی لوتی گاو ئەسپ ف صدای بینی گاو و اسب.

پیرەباب: ١) منداڵی زۆر زیرو قسەزان؛ ٢) کەیخوداو زانای کۆمەڵ ف ١) کودك زیرك و سخن‌دان؛ ٢) کدخدای محل.

پیرەزا: تازەمناڵی پیاوی پیر ف نوزاد مرد پیر.

پیرەژن: ژنی زۆر بەتەمەن ف پیرزن.

پێرەشەو: دوشەو پێش ف پریشب.

پیرەك: ١) جسنی ژن، مێوینەی مرۆ؛ ٢) ژنی پیاو، ژنی بەرنیکاحی پیاو؛ ٣) چرچ‌و هەڵگەڕاو لەبەر کۆنی ف ١) زن؛ ٢) زوجه، همسر؛ ٣) چروکیده براثر فرسودگی.

پێرەکە: پێر، دوروژ پێش ف پریروز.

پیرەکەمۆ: پیری فێڵبازو ناڕاست ف پیر ناروزن و مکّار.

پیرەلۆك: ١) چرچی دەست لەئاوی گەرم‌و سارد، پیرۆك؛ ٢) داری گەندەڵ‌و رزیو ف ١) چین و چروك دست از آب گرم و سرد؛ ٢) درخت کهنسال و فرسوده.

پیرەمێر: پیاوی پیر، ئیختیار ف پیرمرد.

پیرەمێرد: پیرەمێر ف پیرمرد.

پێڕەو: ١) پێڕۆ؛ ٢) یاساو بەرنامەی کۆمەڵ؛ ٣) شوێنی پیادە لەشەقامدا ف ١) پیاده؛ ٢) برنامه؛ ٣) پیاده‌رو خیابان.

پێڕەوکە: منداڵی پێ‌گرتو ف بچهٔ پاگرفته.

پیرهەڤۆك: جنۆکەی خەیاڵی کەمناڵی پێ دەترسێنن، دێوەزمە، مێردەزمە ف غول بیابان.

پیرهەڤی: پیرهەڤۆك ف غول بیابان.

پێ ڕێ: پیادەڕێ ف راه پیاده.

پیرێ: پێر ف پریروز یا پریشب.

پیری: ١) ئیختیاری، تەمەنداری زۆر؛ ٢) پێشوازی؛ ٣) وشەی بانگ کردنی نەنك ف ١) پیری؛ ٢) پیشواز؛ ٢) کلمهٔ خطاب به مادر بزرگ.

پیرێ: وشەی بانگ کردنی نەنك ف کلمهٔ خطاب به مادربزرگ.

پیرێتی: پیری، ئیختیاری ف پیری، کهولت.

پیرێژن: پیرەژن ف پیر زن.

پیرێژنۆکە: پیرۆشك ف خرخاکی.

پیرێشەو: پێرەشەو ف پریشب.

پێز: ١) کیش و هێز؛ ٢) ماك و ڕەگەز؛ ٣) مەڕ، پەز ف ١) کش و تاب؛ ٢) اصل و مادّه؛ ٣) گوسفند.

پێزان: بەئەمەگ، چاکەلەبەر چاو، باسفەت ف باوفا.

پێ زانین: ١) چاکە لەبەر چاوبوُن؛ ٢) ئاگادار بوُن لەشتی نهێنی ف ١) وفاداری؛ ٢) خبر از رازی داشتن.

پیزاڵ: گیایەکە بۆکاغەز دەبێ و دەشی چنن ف گیاه بَردی.

پیرپیزاك: چۆلەکەیەکی کاکۆڵ بەسەرە، پۆپنەکی ف نوعی گنجشك کاکُلی.

پیزل: پیزاڵ؛ ٢) کلۆش ف ١) گیاه بَردی؛ ٢) ساقهٔ غلّه.

پیزۆك: گیای زەل کە لە قۆپی و زەلکاودا دەڕوێ ف گیاه باتلاقی.

پیزۆکە: زیپکە وردیلە لەپێست ف جوش ریز پوست.

پیزوەن: جومگە وەرگەڕان، پێچ خواردنی جومگە ف پیچ خوردن بند مچ.

پیزە: ١) پز، بێچوی ناوزگ، تۆڵ؛ ٢) نەخۆشی ئاژەڵە فزە لەلوتی دێت ف ١) جنین؛ ٢) نوعی بیماری دام.

پێزە: ١) پیچ، کەم، هندك؛ ٢) ماك و ڕەگەز ف ١) اندك؛ ٢) اصل و مادّه.

پیزەدان: مناڵدان، جێگەی بێچو لەزگدا ف زهدان.

پیزەڵ: جۆرێ باقەبەس ف بستەبند گیاهی.

پیزی: کونای قنگ ف مقعد.

پیزین: فزەفز کردن لە کەپوژا ف صدا درآوردن از بینی.

پێژ: *لەدوای وشەوە دێت* : ١) لێنەر؛ ٢) دارێژ: (خشت پێژ)؛ ٣) برژێن: (نان پێژ) ف ١) و ٢) و ٣) پسوندی است بەمعنی پزنده.

پیژ: زۆڵ، پیچ، بیژوو ف حرامزاده.

پێژان: کاری پێژ: (نان **پێژان**، خشت **پێژان**) ف پختن.

پێژتن: پێژان ف نگا: پێژان.

پیژك: مێوره، لکەرەزی بڕاوی وشك ف شاخهٔ هرس شدهٔ تاك.

پێژگ: پیفۆك، گیایەکە بنەکەی دەخورێ ف گیاهی است کە ریشەاش را میخورند.

پێژن: ١) بزوتن، جوُڵە، تەکان؛ ٢) دەنگی شتی نادیاری، هەست: (**پێژنا** پافێ وێ هات)؛ ٣) دەنگ دانەوە ف ١) حرکت، تکان؛ ٢) صدای چیزی کە پیدا نیست؛ ٣) انعکاس صوت.

پێژەك: ١) نائاسایی، زیاد لە ئەندازە؛ ٢) خونچەی گوڵ و گیا ف ١) غیرطبیعی؛ ٢) جوانه گل و گیاه.

پیس: ١) گەمار، چەپەڵ؛ ٢) هێلکەی گەنیو؛ ٣) توندو تیژی: (زۆر پیس بەگژیا چو)؛ ٤) گوڵ، نەخۆشی گولی؛ ٥) برێتی لەپیاوی ڕژدو بێ ئاکار ف ١) چرکین؛ ٢) تخم‌مرغ فاسد؛ ٣) شدّت؛ ٤) جذام؛ ٥) آدم خسیس.

پێس: ١) پێست، تیکوڵی لەش؛ ٢) نەخۆشی گیرۆ، ئاهۆ، پەتا ف ١) پوست؛ ٢) واگیر.

پیسار: بێ نوێژی ژن، حەیز، خوێنی مانگانە ف حیض.

پیسایی: ١) گەماری، چەپەڵی؛ ٢) گو، ڕیاوی مرۆ ف ١) کثافت؛ ٢) مدفوع.

پیسبوون: ١) گەنینی هێلکە؛ ٢) خراوبوونی شیری دایك ف ١) فاسدشدن تخم‌مرغ؛ ٢) فاسد شدن شیر.

پێ سپاردن: ١) بەئەمانەت دانی شتێ بەکەسێ؛ ٢) ڕاسپاردن، ئامۆژگاری کردن ف ١) بەامانت گذاشتن؛ ٢) توصیه و نصیحت کردن.

پێ سپێری: ڕاسپارە، قەوینتی ف سفارش.

پیس پیسوك: هەڵەپەزە، *جانەوەرێکی زەردی چنگ قرژە، وەك جاڵجاڵوکەی زل دەچێ* ف رطیل.

پێست: پێس، چەرمی لەش ف پوست.

پیسترك: ناردیوان، پەیژە، سولەم ف نردبام.

پێستە: کەوڵی حەیوانات ف پوست حیوانات.

پێستە خۆش کردن: پێستە لەدەباغدان ف دبّاغی پوست.

پێستەخۆش کەر: دەباغ ف دبّاغ.

پیسکردن: ١) گەناندن؛ ٢) چەپەڵ کردن ف ١) فاسد کردن؛ ٢) کثیف کردن.

پیسکە: ڕەزیل، چروك، ڕژد، دەس قوچاو ف خسیس.

پیسکەیی: ڕژدی، چروکی ف خسّت.

پیسۆ: بۆسۆ ف بوی پنبهٔ سوخته.

پیسۆز: چرای ڕۆن گەرچەك، قوتیلە ف پیەسوز.

پێ سۆك: گورج وگۆڵ، چاپك، چالاك ف چُست و چالاك.

پێسە: ئاوەها ف اینطور.

پیسە: بازە، دورەنگی ڕەش و سپی ف خلنگ.

پێ سەلماندن: تێ گەیانێ کە هیچی تێدانە مێنێتەوە ف ثابت کردن موضوعی به کسی.

پیسی: ١) گەماری، چەپەڵی؛ ٢) نەخۆشی گولی؛ ٣) ڕیاوی مرۆ، گو ف ١) پلیدی؛ ٢) جذام؛ ٣) مدفوع.

پێسیر: یەخە، بەرۆك ف گریبان.

پیسێر: نیفەکی دەرپێ ف خشتك تنبان.

پێسیرە: بەرسیلە، قۆرە ف غورە.

پیش: ١) هەناسە، نەفەس؛ ٢) پوش، وشکەگیا ف ١) نَفَس، دم؛ ٢) گیاه

خُشك.

پێش: ١) بەر، بەرانبەری پشت؛ ٢) بەو، بەوی ف ١) جلو؛ ٢) بەاو.

پێشان: ١) دەپێشدا، لەبەرەوە؛ ٢) بەوان ف ١) قبلا؛ ٢) به آنها.

پیشــان: بەتین و تاوی ئاگر پێ گەیشتن: (ئــەهێ بیشینــە، لەگەرمــان پیشام) ف در اثر حرارتِ مستقیم پختن.

پیشاندان: نیشاندان ف نشان دادن.

پیشاندن: بەتین کوڵاندن و گەیاندن ف در مجاورت آتش گذاشتن و پختن.

پیشانگە: جێگەی رانان، رانگە ف نمایشگاه.

پیشانن: پیشاندن ف نگا: پیشاندن.

پیشاو: پوختەکراو بەتینی ئاگر ف در مجاورت آتش پخته.

پێشــاو: ١) بریەتی لەئــاودەست، جێگــەی دەست بەئــاو گەیاندن؛ ٢) سەرەتــای ئاوی بەردراو؛ ٣) میز، گمێز ف ١) کنــایه از آب دست و دست‌شویی؛ ٢) آب سرآغازین آبیاری؛ ٣) شاش.

پێشبار: باری کەل‌وپەل بەرێکراو لەپێشدا ف بارو‌بنه‌ای که جلو می‌فرستند.

پێش بەست: بەربەست ف سد.

پێش بەند: دەست‌بەندی چارەوێ ف دستبند اسب.

پێش بین: بریتی له مرۆی زۆر زاناو بەتوێژینەوە ف کنایه از آدم دانا و متفکر.

پێشبینی: خەبەر لەدواڕۆژدان، خەبەر لە ئاکامی کارێك دان ف پیشبینی.

پێشتەماڵ: پشتەماڵ، فوتەو بەرەلێنە ف حوله، فوته.

پێشچاو: دیمەن، چاوگە ف مَنْظَر.

پێشخانە: ژوری کەوشکەن بەرلە ئۆدەی دانیشتن ف اطاق کفش‌کن.

پێشخڕ: سەلەم، پێشکڕ، پوڵ بەسەلەم دەر ف پیشخرید، سَلَم.

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان ف پیشخدمت.

پێش خستن: ١) پلە زیادکــردن؛ ٢) بۆ رێزلێنان لە دوایە رۆین ف ١) ترقی، درجه دادن؛ ٢) جلوانداختن برای احترام.

پیشخواردنەوە: مشەمش هاتن لەرکان ف نفس حبس کردن از خشم.

پێشخوان: ١) تەپلەکی وردەواڵە فرۆشی؛ ٢) پنە ف ١) بوق دستفروش؛ ٢) پهنهٔ نانوائی.

پیش خودان: مرۆ یا ئاژەڵ بەر خۆدان: (**پێش خۆم دان و بردمنەوە**) ف به جلو راندن انسان یا حیوان.

پێشخۆر: زرعاتی بەشینی فرۆشیاو ف سَلَم فروخته.

پێشخۆرەوە: رك‌هەستاوی دەرنەبڕ ف کینه‌توز تودار.

پێشخۆری: دەوری، ماعونی پەل بۆچێشت تێدا خواردن ف ظرف پیشخوری.

پێشدەسی: دەوری بچوکی بەردەست ف پیشدستی، بشقاب.

پێشدەستی: بەرلە خەڵك هەل لێ‌هێنان ف پیشدستی.

پێشرۆ: سەرجەلە، سەرگەلە، رەمکێش ف نخراز.

پێشرەفت: تەرەقی، هەڵدان ف پیشرفت.

پێشفرۆش: بەرلە پێگەیشتن فرۆشتن ف پیشفروش.

پیشقان: فیشقان، فیکە لەلوتەوە هاتن لەترسان یان لەرکان ف صدا از بینی درآمدن از ترس یا از خشم.

پیشقاندن: فیشقە کردن ف صدا دادن از بینی.

پێش قلیانی: خوراکی لەسەر خورێنی بەیان، قلیان قاوەڵتی ف خوراك ناشتا.

پێش قەرەوڵ: سەیارە، پێشایی لەشکر ف پیش‌قراول.

پیشك: ١) داریان بێلۆکەی گیا هەڵقەندن؛ ٢) چەڵتوکی نەکوتراو ف ١) بیلك گیاه‌کنی؛ ٢) شالی.

پێشکار: کاربەدەستی خان و ئاغا ف پیشکار.

پێشکان: ئامرازی گیاکەنن، بیشك ف بیلك گیاه‌کَنی.

پێشکان: توانا، تاقەت: (توانام بەم کارە **ناشکێ**) ف توان.

پێشــکردن: رك خواردنــەوە، دەر نەبڕینی تــورەیی ف ظاهر نکردن عَصَبانیت.

پێشکۆ: ١) لوتکە، کەپك؛ ٢) قەلپوزی زین ف ١) دماغه؛ ٢) قربوس زین.

پێشکە: مێشولە، پەخشە، پێشی ف پشّه.

پێشکەش: دیاری، بەخشینی لەخۆشەویستی ف پیشکش.

پێشکــەوتن: ١) لەپێش خەلقەوە رۆیشتن؛ ٢) تورەقی کردن ف ١) از جلو مردم رفتن؛ ٢) ترقی کردن.

پێشکێش: پێشکەش ف پیشکش.

پێش گر: ١) لەمپەر؛ ٢) وشەیەك کە خۆی بە تەنیا مانا نادات و دێتە پێش وشەوە بۆ یاریدە ف ١) مانع؛ ٢) پیشوند.

پێش گرتن: بەرلێ گرتن ف مُمانعت.

پێشگری: پێش گرتن ف مُمانعت.

پێشگیری: پێش گرتن ف مُمانعت.

پێشکەشی: ئەوەی بەدیاری دەدرێ ف هدیه.

پێشکێش: بەخشینی بەخۆڕایی، دیاری ف اِهداء.

پێشمار: داواکار لەدادگا ف مُدّعی.

پێشمەرگە: چەکداری رزگاری خواز ف سرباز.

پیشن: هەمیشە تورەو بەمشەمتس ف خشمگین و بداخلاق.

پێشنوس: بەرانبەری پاکنوس ف پیشنویس.

پێشنوێژ: ئیمامی جەماعەت ف پیشنماز.

پێشنیار: تەگبیر بۆ کارێك لەپێشدا، پێش‌نیهاد ف پیشنهاد.

پێشنیاز: پێشنیار ف پیشنهاد.

پێشنیهاد: پێش‌نیار ف پیشنهاد.

پێشو: ١) لەبەرێدا، بەرلە؛ ٢) دودەستی یەکسم ف ١) سابقاً؛ ٢) دست ستور.

پیشۆ: پوشو، قاوە، ئاگرگرە ف هود.

پێشواز: پیر، بەپیرەوە چون ف استقبال.

پێشوازی: بەپیرەوەچوُن، بەپیراییەوەچوُن ف استقبال.

پێشوتر: لەمێژینەتر ف پیش‌تر.

پیٚ شۆر: جێگەی قاچ لێ‌شوتن، جێگەی پا شۆردن ف جای شستن پا.

پیشۆك: ١) پیفۆك، کیفۆك؛ ٢) گوێ ماسیلکه ف ١) نگا: هایلۆك؛ ٢) صدف.

پێشوڵه: مێشوله، پێشکه ف پَشّه.

پێشونه: لەمێژینه، دەست پێك ف باستانی، پیشینه.

پیشه: ١) سنعات، کردەی هونەری؛ ٢) کاروبار، ئاکار ف ١) صنعت؛ ٢) روش.

پێشه: ئێسك، ئیسقان، هەستی ف استخوان.

پێشهات: بەسەرهات، قەومان ف پیشامد.

پیشەساز: سنعات‌کار ف صنعتگر.

پیشەسازی: سنعات ف صنعت.

پێشه سەر: بالاتر لەتوێڵ ف جاندانهٔ سر.

پیشه کار: پیشەساز ف صنعتگر.

پێشـەکی: ١) بێع، بەیعانە، عەرەبون؛ ٢) کرێ لەپێش کاردا؛ ٣) لەپێشودا ف ١) بیعانه؛ ٢) پیش پرداخت؛ ٣) قبلاً.

پیشه‌گەر: سنعات‌کار ف پیشه‌ور.

پێشەڵ: لای پێشەوەی لەش، بەرانبەری پاشەڵ ف قسمت جلوی اندام.

پێشەم: زۆرگرینگ ف بسیار مهم.

پێشەنگ: ١) سەرجەلەی کاروان؛ ٢) سەرگەلەی پەز ف ١) پیشاهنگ؛ ٢) نخراز.

پێشەوا: گەورەی گشت، رێبەر ف پیشوا، رهبر.

پێشەوە: لای بەرێ ف جلو.

پیشەوەر: پیشه‌گەر ف پیشه‌ور.

پێشی: ١) نیمەڕۆ، نیوەڕۆ؛ ٢) مێشوڵه، یەخشه ف ١) نیمروز؛ ٢) پَشّه.

پیشیاگ: پیشاو ف کَفیده.

پیشیان: پیشان، هەڵکفین بەتینی گەرما ف کَفیدن.

پیشیاو: پیشاو ف کَفیده.

پێشین: زۆر لەبەرێدا، لەمێژ ف پیشین.

پێشینان: رابردوانی زو، لەمێژینەکان ف پیشینیان.

پێشینه: لەمێژینه، قەدیمی ف باستانی، کُهنه.

پێشینیان: پێشینان ف پیشینیان.

پێغەم: ولام ف پیغام.

پێغەمبەر: راسپاردەی خودا ف پیغمبر.

پێغەمەر: پێغەمبەر ف پیغمبر.

پیف: هەڵمساوی فوکراوی شل‌و شەوێق ف پُف کرده.

پیفك: پوشوی ئەستێ‌و پوشو ف پدپود.

پیفۆ: پیفك ف پدپود.

پیفۆك: کیفۆك ف نگا: هایلۆك.

پیفه: پیفۆ، پیفك ف پدپود.

پیفی: پوشو ف پدپود.

پیفیاگ: پوچەڵ، بێ‌ناوك ف توخالی، پوچ.

پیڤ: پیو، چەورایی ناوزگ ف پیه.

پیڤەلۆك: پیفۆك، کیفۆك ف نگا: پیفۆك.

پیڤیر: گیایەکی بەرزە بالایە. بەوشکی دەناو کورتانی دەئاخنن ف گیاهی است.

پیق: زمانەی سەری زوڕنا ف نر مادهٔ سُرنا.

پیقل: داری ژارەماسی ف درختِ زهرماهی.

پێقەله: گیایەکە تامی وەك پەلکەتورە ف گیاهی است.

پیك: ١) پیق؛ ٢) کوتکی ئاسن؛ ٣) لاسکی کلۆری گیا؛ ٤) زەنبورەی ئاش ف ١) نگا: پیق؛ ٢) پُتك آهنی؛ ٣) ساقهٔ کاوك؛ ٤) سوراخ تنگ ناو آسیاب.

پێك: ١) بەیەکەوە: (**پێك هەڵپڕژان**)؛ ٢) سازو ئامادەو لەبار: (رێك‌و **پێك**)؛ ٣) پیاڵەی شەراب ف ١) بەیکدیگر؛ ٢) مُرَتّب و مُنَظّم؛ ٣) قَدَح شَراب.

پێك ئانین: ١) رێك خستن، سازدان؛ ٢) ئاشت کردنەوەی دو نەیار؛ ٣) جێ‌بەجێ کردن ف ١) انجام دادن؛ ٢) آشتی دادن؛ ٣) تهیه دیدن.

پێك‌ئینان: پێك ئانین ف نگا: پێك ئانین.

پێکاچوُن: مل دەبەرمل نان ف گلاویز شدن.

پێکادان: بەگژیەکتراچوُن ف بەهم پریدن.

پێکـان: هەنگاوتن، پێەونیان، پێکانن ف به هدف اصابت کردن تیر، به هدف زدن.

پێکای: هەنگاوتی، نیای پێەو ف به هدف زد.

پێك‌بڕان: ١) مراد حاسل بونی دڵدارو دڵبەر؛ ٢) بەیەك ئەندازە هاتنەوە: (تۆو ئەوکراسە دەڵێی **پێك بڕاون**) ف ١) وصال؛ ٢) مُتناسب.

پێکران: ١) لەدەس هاتنی کار؛ ٢) سوُکایەتی بەسەر هێنان؛ ٣) هەڵبون ف ١) کار از دست برآمدن؛ ٢) تجاوز بەکسی کردن؛ ٣) افروخته‌شدن.

پێکـردن: ١) ناچـارکـردن لە کارێکـا؛ ٢) فریودان‌و لەخشتەبردن؛ ٣) هـەڵکردنی ئـاگرو چـرا ف ١) وادارکـردن؛ ٢) فـریب‌دادن؛ ٣) افروختن.

پێك‌زانین: یەکتر دیتنەوە، یەکترناسین ف همدیگر را پیداکردن یا شناختن.

پێکژین: پژمین ف عَطسه کردن.

پێك شادبوُن: پاش‌دوری یەکتر دین ف بەدیدار هم شاد شدن.

پێك گەیشتن: ١) پێك بڕان؛ ٢) یەکتردیتن ف ١) وصال؛ ٢) همدیگر را دیدن.

پێك گەیین: بەیەکتر گەیشتن ف بهم رسیدن.

پێ کۆتر: گیایەکە ف گیاهی است.

پێکوته: ١) دەرجەی سەربازی؛ ٢) سمکۆڵ ف ١) درجهٔ سر بازی؛ ٢) سُم بر زمین کوبیدن اسب.

پێکورت: قاچ‌قوڵه ف پاکوتاه.

پێکوڕە: ١) کوللەی باڵ نەگرتو، پێڕۆ؛ ٢) نۆکەری ناوماڵ ف ١) ملخی که هنوز پرواز نکرده باشد؛ ٢) نوکر خانه.

پێکوڵ: ١) پێکورت؛ ٢) دڕکێکی سێ‌سوچە بەزەویدا رادەکشێ ف ١) پاکوتاه؛ ٢) خارخسك، سەکوهك.

پێك وەربوون: بۆشەڕ تێك چڕژان ف گلاویزشدن دوگروه با هم.
پێك وەڕین: بڕێتی لەشەڕە جوێن ف کنایه از تبادل دشنام.
پێکەڕ: جۆرێ قامیشی ناوبڕ ف نوعی نی توپُر.
پێکەڵ: لەشوێن تێکەڵ تێ یانێ نەتەکوژ، شێویاگ ف نامرتب.
پێك هات: هەڵکەوت، روداو ف رویداد.
پێك هاتن: تفاق کردن، سازیان ف اتّفاق کردن.
پێك هانین: پێك ئانین ف آشتی دادن.
پێکەبڕە: کرمی لاسکی دەخڵ خۆر ف کرم ساقه‌خوار.
پێکەر: ١) هەڵابسێن، ئاگر داگیرسێن؛ ٢) ناچارکەر، کار پێکەر، فەرماندە ف ١) افروزنده؛ ٢) وادارکننده.
پێکەفتگ: بەرکەتی، جوان،شیرین ف برازنده و شایسته.
پێکەڤوك: گیایەکە ف گیاهی است.
پێکەنین: خەنین، کەنین، خەنە ف خندیدن.
پێکەنیناوی: گاڵتەجاڕ ف مسخره.
پێکەوتن: شیاوی ف لیاقت.
پێکەوك: گیایەکە ف گیاهی است.
پێکەوە: دەگەڵ یەك، وێکرا، تێکرا، وێڕا، پێڕا ف باهم.
پێکەوەنان: ١) داخستنی کتێبو دەفتەر؛ ٢) چاوقوچاندن؛ ۴) تفەنگ لەیەکتر تەقـاندن؛ ٥) خۆ بەیەکترەوە نوساندن ف ١) کتاب بر هم نهادن؛ ٢) چشم بر هم نهادن؛ ٣) بهم شلیك کردن؛ ۴) بهم چسبیدن.
پێك هینان: پێك ئانین ف نگا: پێك ئانین.
پێك هێنان: پێك ئانین ف نگا: پێك ئانین.
بێك هێنەر: کارجێ‌کەر ف انجام‌دهنده.
پێکیا: ١) پێکرا؛ ٢) پێکیاگ، پێکراو ف ١) زده شد؛ ٢) زده شده.
پێ گران: تەمەڵ، لەش قورس ف تنبل.
پێ گران‌بوون: بەزەحمەت زانین ف دشوارآمدن.
پێ گرتی: ١) پەیڕەو، دوای کە...ێ کەوتـو؛ ٢) تازە فێرە رۆیشتن ف ١) پیرو؛ ٢) نوپا.
پێگە: ١) کۆمەڵگای چەتەو سوپا؛ ٢) بەرپێی ماڵات لە تەویلەدا ف ١) پایگاه؛ ٢) پهن کفِ اصطبل.
پێگەیاندن: ١) بەخێوکردن؛ ٢) ئامادە کردنی چێشت‌و خواردەمەنی ف ١) پرورده کردن؛ ٢) مهیا ساختنِ خوراکی.
پێگەیشتن: ١) توش‌هاتن؛ ٢) گەورەبوون لە باڵادا؛ ٣) میوە لە کاتێدا کە بۆخواردن باش‌دەبێ ف ١) مُلاقات؛ ٢) رُشد و نمو؛ ٣) رسیدن میوه.
پێگەیین: پێگەیشتن ف نگا: پێگەیشتن.
پێل: ١) شان‌و سەرقۆڵ؛ ٢) دەست‌و پێ بە یەکەیەکە: (**پێل پێلی** کرد)؛ ٣) دراو، پوڵ؛ ۴) پرد، جیسر؛ ٥) باتری وشك ف ١) کتف؛ ٢) هر یك از دست و پا؛ ٣) پُوڵ؛ ۴) پُل؛ ٥) باطری، پیل.
پێڵ: ١) شەپـۆلی ئاو؛ ٢) جۆر، تەرز؛ ٣) ماوەیەکی زۆرکـەم، تاو؛ ۴) چاوزەق، چاوزاق ف ١) موج؛ ٢) نوع؛ ٣) یك لحظه؛ ۴) چشم برجسته.

پێڵ: پرد ف پُل.
پیلاڤ: جێشتی گراری پاڵێوراو، پلاو ف پُلو.
پیلان: ١) نەخشەی کار؛ ٢) کەین وبەین بۆ فێڵ‌بازی ف ١) طرح؛ ٢) توطئه.
پیلان‌باز: حیلەباز، گەڕباز ف حُقّه‌باز.
پیلانگێڕ: ئاژاوەچی، مایەی هەراوکێشە ف آشوبگر.
پیلانگێڕان: کەین‌و بەین کردن ف توطئه‌چینی.
پێڵاو: پێتاو، هەرچی دەکرێتە پا ف پاتابه.
پیلك: ١) پۆستەچی، قاسید، نامەبەر؛ ٢) ئەنگوست، قامك ف ١) پیك؛ ٢) انگشت.
پیلکە: پلتۆك، پتە، پیتکە ف تلنگر.
پیلو: پەلکی چاو ف پلك چشم.
پێلو: پیلو ف پلك چشم.
پێلۆ: زگ لەوەڕێن، چلێس ف شکم‌پَرَست.
پیلە: ١) بەهـانە، گەڕوتەشقەڵە؛ ٢) چەنەبازی زۆر: (**پیلە** مەکە، قسەی تۆنیە)؛ ٣) ماڵی کرمی هاوریشم ف ١) بهانه؛ ٢) جَدَل؛ ٣) پیلهٔ کرم ابریشم.
پێلە: ١) خواری نیوەکەوانی؛ ٢) وردەواڵەی دەسفرۆش؛ ٣) چاوزەق؛ ۴) گیای لاولاو؛ ٥) برشتی قوماش قیچەڵ پاچ ف ١) منحنی نیم‌دایره؛ ٢) اجناس پیلەور؛ ٣) چشم برجسته؛ ۴) لبلاب؛ ٥) پارچهٔ اریب بُریده.
پێلەقە: بەپابە شتێکاکوتان ف لگد.
پێلەدار: کۆمایەك برەدار ف توده‌ای از هیمه.
پیلەك: ١) دوگمە، قۆبچە، بشکوژ؛ ٢) پولەکە، نۆییە، بریقە ف ١) دُگمه؛ ٢) پولكِ زینتی.
پیلەکە: بریقە ف پولكِ زینتی.
بیلەگر: بەبەهانە، کێشەکەر، گڕوگر ف بهانه‌گیر.
پێلەوار: ١) چیلکەو چاڵی ئاوردو، ئێزنگ؛ ٢) کۆلکی گەورەی وشك ف ١) هیمە، هیزُم؛ ٢) کندهٔ درخت خُشك.
پێلەوەر: چەرچی، وردەواڵەفرۆش، گەڕیدە ف پیلەور.
پیم: پێو، پیڤ، چەوراییی ناوزگ ف پیه.
پێم: ١) بەمن؛ ٢) قاچم، لاقم؛ ٣) بەخەیاڵم، بەگومانم ف ١) بەمن؛ ٢) پای من؛ ٣) به‌گمانم.
پێمریشکە: گیایەکە لەپای مامر ئەکا ف گیاهی شبیه چنگال مُرغ.
پێمـە: ١) لای‌منە، بەمنە؛ ٢) قاچی‌منە، لاقمە ف ١) نزد من است؛ ٢) پای من است.
پێمەڕە: بێڵی ئاسنین ف بیل آهنی.
پێمێو: داری کەبۆ رەزی دەچەقێنن رای‌گرێت ف پشتیبانهٔ تاك.
پێن: ١) بەلای ئێمەوە؛ ٢) لاقی ئێمە؛ ٣) بەگومانمان؛ ۴) لەقە، بەلاق لێدان؛ ٥) پاژنە ف ١) نزد ما؛ ٢) پای ما؛ ٣) به‌گمان ما؛ ۴) لَگد؛ ٥) پاشنه.
پێنازان: فەخرپێ‌کردن ف مباهات کردن به کسی یا چیزی.

پێنازین: پێنازان ف مباهات کردن به کسی یا چیزی.
پێناس: هۆی ناسین، دەفتەرنفوس، شناسنامە، ناسنامە ف شناسنامه.
پێناساندن: پێدانەناس کرن ف معرفی کردن.
پێناسە: ناساندن ف شناسایی.
پێناو: ۱) خاتر، هۆ؛ ۲) ڕێگە: (لە **پێناوی** ئازادیدا خۆم بەخت ئەکەم) ف ۱) بخاطر؛ ۲) راه.
پێنج: پەنج، یەك و چوار ف پنج.
پێنج خشتەکی: بەندە شیعرێکی پێنج لەتی ف مُخمَّس.
پێنجوك: ۱) بوکاوڵە، چەموڵە، چەمبوڵە؛ ۲) بازەڵێن ف ۱) حرف تنفُر همراه با بازکردن پنجه بەطرف مخاطب؛ ۲) نوعی بازی با شن.
پێنجوکانێ: گەمەیەکە بە میچ دەکرێ ف نوعی بازی با شتالنگ.
پێنج وەختە: هەمو کاتەکانی نوێژ: (**پێنج وەختە** دۆعات بۆدەکەم) ف پنج وقت نماز.
پێنجەم: یەکێ دوای چوارەم ف پنجم.
پێنجەمین: یەکێ دوای چوارەمین ف پنجمین.
پێنج هەمین: پێنجەمین ف پنجمین.
پێنجی: پەنجا، دەجاران پێنج ف پنجاه.
پێندەڤە: ڕیخی سواغی خەلێفەمێش ف برموم، زبل داخل کندو.
پێنژ: پژمە، پشمە، پنژ ف عطسه.
پێنگاڤ: هەنگاو، شەقاو ف گام.
پێ‌نواندن: برێتی لەتۆڵە کردنەوە ف کنایه از انتقامجویی.
پێنوس: قەڵەم، ئامرازی نوسین، تالا ف قَلَم.
پینوك: وێژنگ، خەو بردنەوە ف پینکی.
پینە: ۱) پنو، پارچە بەسەر پارچەدا درون؛ ۲) قرتماغەی بەری دەست؛ ۳) پنگ، پونگە، گیای پونگ؛ ۴) کەپەکی ئارد ف ۱) پینه؛ ۲) خُشکهٔ کف دست؛ ۳) پونه؛ ۴) نخاله.
پینەپەڕۆ: پینەی لەقوماش ف مرمّت لباس با پینەگذاری.
پینەچی: پینەدۆز، مشەقە ف پینەدوز.
پینەدرو: کەسێ پیشەی پینەکردنە ف پینەدوز لباس.
پینەدۆز: پینەچی ف پینەدوز.
پینەساز: پینەدرو ف پینەدوز لباس.
پینەك: پینوك ف پینکی.
پینــە کــردن: ۱) برێتی لە داپۆشینی هەڵـەو عەیب؛ ۲) پارچــە بەسەرداگرتنی دڕاو ف ۱) کنایه از ماست‌مالی؛ ۲) پینەکردن.
پینەوپەڕۆ: سازکردنەوەی ڕوخاو یان دڕاو ف مَرمَّت.
پینی: ۱) کەپەك، بن بێژنگ؛ ۲) شیوی هێلکەو خورماو هەنگوین ف ۱) سبوس، نخاله؛ ۲) آش تخم‌مرغ و خرما و عَسَل.
پێو: پوك، پدو، گۆشتی ددانان ف لثه.
پیو: پیف، چەورایی ناوزگ ف پیه.
پێو: ۱) پاشگری بەواتا پێوەر: (گەنم **پێو**، زەوی **پێو**، قوماش **پێو**)؛ ۲) بەئێوە، بەنگۆ؛ ۳) لاقتان، پاتان؛ ۴) بەفکرتان، لاتان ف ۱) پسوند بەمعنی پیما، اندازه‌گیر؛ ۲) بەشما؛ ۳) پای شما؛ ۴) فکر شُما.

پێوار: نادیار، نەدیار، نەلەبەرچاو ف غیب، ناپیدا.
پیواز: پیاز ف پیاز.
پێوان: بەراوردکردن بەگەز یان بەکیلەوربە یان بەهەنگاو ف اندازه‌گرفتن بەهر طریق.
پێوانن: پێوان ف نگا: پێوان.
پێوانە: ۱) ئامرازی پێوان، قاپی بەراورد کردن؛ ۲) پیاڵەی شەراب ف ۱) پیمانه؛ ۲) ساغر.
پێوانەکردن: بەراورد بەپێوانە، پێوان ف اندازه‌گرفتن با پیمانه.
پێوپا: گەرای تازەدەرهاتو ف تخم حشرهٔ تازه درآمده.
پێ‌وپل: لاق و لەتەر ف ساق و پا.
پێوتـــن: ۱) پێوان، ئەنـــدازەگرتـن؛ ۲) قســە بەیەکـێ گوتـن ف ۱) اندازه‌گرفتن؛ ۲) به کسی چیزی گفتن.
پێودان: ۱) ئەندازە؛ ۲) ڕێوشوێن و دەستور ف ۱) اندازه؛ ۲) دستور و روش.
پێودانك: پێودان ف اندازه.
پێور: پێرو، ئەستێرەیەکە لە کۆدا ف ثریا.
پێورە: ئاخر بەری وێنجە کە تەواو بەرز نابێ و گوڵ ناکات ف آخرین ثمر یونجه که رشد کامل ندارد.
پێوە: ۱) بەیەکەوە؛ ۲) درێژەدان: (هەرپێوە دەچێ) ف ۱) باهم؛ ۲) طول دادن.
پێوەبوُن: ۱) لە تەڵەوداو گیرکردن؛ ۲) برێتی لە تۆش بوُنی شتی ناخۆش ف ۱) در دام افتادن؛ ۲) کنایه از گرفتار شدن.
پێوەچوُن: ۱) سەردان بەهۆیەکی خۆش یا ناخۆشەوە؛ ۲) چوُنەناو: (ئەم بەنە **پێوەناچێ**) ف ۱) دیدار کردن؛ ۲) داخل شدن.
پێوەدان: ۱) چزو تێژاکــردنی مارو گەزنـدە لەلـەشی جانـەوەر: (مـار **پێوەیدەدا**)؛ ۲) دەرگاو پەنجـەرە جوت کردن، داخستن ف ۱) نیش زدن؛ ۲) بستن در.
پێوەدەر: ۱) جانەوەری چزو بەژەهر؛ ۲) داخەری دەرگاو... ف ۱) نیش زن؛ ۲) برهم نهنده.
پێوەر: ۱) کەسێ کە دەپێوێ؛ ۲) پۆی تەون؛ ۳) بەلاو دەردو زیان ف ۱) اندازه‌گیر؛ ۲) پودقالی؛ ۳) گزند.
پێوەڕاهاتن: هۆگر بوُن، خوُپێوەگرتن ف خوگرفتن با.
پێوەڕۆیشتن: دەست بەر نەدان لەمەبەست ف پایمردی کردن.
پێوەژین: تێوەژاندن، بەشتی نوك تیژ تێ کوتان ف باشیئی نوك تیز زدن.
پێوە کردن: ۱) هۆنینەوەی موروبەداو؛ ۲) پل بە شیشەوە کردن؛ ۳) قامك بۆقوُن بردن: (جو زێکی **پێوەکرد**)؛ ۴) پێوە هەڵاوەسین ف ۱) بەرشته کشیدن؛ ۲) بەسیخ کشیدن؛ ۳) انگولك؛ ۴) آویختن.
پێوە گـــرتن: داپـۆشین شتێ بەشتێ تر: (لێفـەی **پێوە گرت**، پەردەی **پێوەبگرە**) ف پوشانیدن چیزی با چیز دیگر.
پێوەلکان: پێوەنوسان، پێوەچەسپان ف چسبیدن.
پێوەن: ۱) زنجیری قاچی ئەسپ و زیندانی؛ ۲) ئیلاقـە، ئاشنـایەتی، پەیوەند ف ۱) شکال؛ ۲) پیوند، علاقه.

پێوەنازین: فەخر پێ کردن ف مباهات کردن به.

پێوەنان: ١) لێ جوت کردن؛ ٢) بەتیر لێ دان؛ ٣) دار بەئاگرەوە نان ف ١) چسبانیدن؛ ٢) باتیر زدن؛ ٣) هیمه برآتش نهادن.

پێوەند: پێوەن ف نگا: پێوەن.

پێوەنوسان: پێوەلکان، پێوە چەسپیان ف بەچیزی چسبیدن.

پێوەنیشتن: غاردان بەکۆمەڵ بۆ چتێ ف دویدن گروهی برای چیزی.

پێوەهاتن: ١) بەخت هێنان (سەبرم **پێوە دێت**)؛ ٢) سەرلێ دان: (لە حەج هاتەوە **پێوە هاتن**) ف ١) شانس آوردن؛ ٢) عیادت رفتن.

پێوڕان: دەرەقەت هاتن ف برآمدن با...

پێویس: لازم، پێداویست ف لازم.

پێویست: پێویس ف نگا: پێویس.

پێویستی: پێداویستی ف لزوم.

پێهورچە: گیایەکی گەڵاپانە ف گیاهی است.

پێهەڵ: روەو بەرەژور، سەر بەرەو ژور ف سر بالایی.

پێهەڵا: پێهەڵ ف نگا: پێهەڵ.

پێ هەڵپرژان: ١) ئاو لەخوارەوە پرژان بەشتێکا: (پێم لێ نا قوڕو لیتەم **پێ هەڵپرژا**)؛ ٢) بریەتی لە کێشە تێ هاڵاندن و شەڕ پێ فرۆشتن ف ١) پاشیدن مایع از پایین به بالا؛ ٢) کنایه از بهانەجویی.

پێهەڵپژان: پێهەڵپرژان ف نگا: پێهەڵپرژان.

پێهەڵپەسارتن: پاڵدانی شتێ بەشتێکەوە ف تکیه دادن چیزی به چیزی.

پێهەڵپەساردن پێهەڵپەسارتن ف نگا: پێهەڵپەسارتن.

پێ هەڵچون: هەڵگەڕان بەدار یا بە شاخەوە ف بالا رفتن از درخت یا کوه.

پێ هەڵکالان: قسە بەئێرەیی گوتن ف حرف حسودانه زدن.

پێ هەڵکالین: پێ هەڵکالان ف نگا: پێ هەڵکالان.

پێ هەڵگرتن: ١) پاگرتنی منال؛ ٢) خۆش رۆیشتن لەڕێگە: (**پێ هەڵگرن** درەنگە کەشەڕ بۆمە شایی یە) «سەیف» ف ١) پاگرفتن بچه؛ ٢) شتاب در راه رفتن.

پێ هەڵگەڕان: بەرەوژور خزین ف از پایین به بالا خزیدن.

پێ هەڵمیزتن: میز بەسەرا کردن ف بر چیزی شاشیدن.

پێ هەڵمیزین: پێ هەڵمیزتن ف نگا: پێ هەڵمیزتن.

پی یە: پیو، چەورایی ناوزك ف پیه.

پێ یین: لای لاقان، لای خوارو ف طرفِ پایین.

ت

ت: ڕاناوی تاکی ڕوبەڕو: (نانت خوارد؟، بابت چۆنە) ف ضمیر مفرد مخاطب.

تا: ۱) پیتی مەودا: (لێرەوە **تا** ئەوێ)؛ ۲) پیتی ماوە: (**تامن** گەیشتم نەما)؛ ۳) بۆ ئەوە، هەتا: (من قسەم کرد **تا** ئەویش بێتە دەنگ)؛ ۴) تاك، تاق؛ ۵) هەودا، تاڵ: (**تـاتـای** زولفـەکەت)؛ ۶) لکەدارو گیا؛ ۷) نۆبەتێ، تاولەرز؛ ۸) لابار: (تایەك توتن)؛ ۹) وشەی مەرج: (**تا** نەیەی نایەم)؛ ۱۰) تای تەرازو؛ ۱۱) تەنـانەت، حەتتا؛ ۱۲) هاوشان: (کوڕێکە **تای** نیە)؛ ۱۳) لۆیەکی قوماش: (بە **تای** کراس، بەتای دەرپێ)؛ ۱۴) قەد: (کـاغەزەکە **تا** بکە)؛ ۱۵) یەك: (**تا** قرانی) ف ۱) حرف فاصلهٔ مکانی؛ ۲) حرف فاصلهٔ زمانی؛ ۳) برای اینکه؛ ۴) فرد، مقابل زوج؛ ۵) تار نخ و مو؛ ۶) شاخه؛ ۷) تَب؛ ۸) لنگه بار؛ ۹) حرف شرط؛ ۱۰) کفّهٔ ترازو؛ ۱۱) حتّی؛ ۱۲) همتا، نظیر؛ ۱۳) یك واحد از پوشیدنی؛ ۱۴) تاکردن؛ ۱۵) یك، واحد.

تابار: لایەك لە بارێکی دوتایی ف لنگه بار.

تابان: ۱) بەدرەوشین؛ ۲) هەڵاتوی مانگ؛ ۳) تاسەرو، تاسەربان ف ۱) تابان، درخشان؛ ۲) مطلع ماه؛ ۳) تا بالا، تا پشت بام.

تابگە: جێگەی لەنگرگرتنی گەمی و بەلەمو کەڵەك ف لنگرگاه.

تابڵۆ: نوسراو یان بەقەڵەم کێشراوێك بۆ هەڵواسین ف تابلو.

تابوت: داربەستی مردو گوێزانەوە ف تابوت.

تابور: دەستەیەکی هەزارکەسی لەشکر، فەوج، هەنگ ف هنگِ ارتشی.

تابون: ۱) دارودەستە؛ ۲) دەستو پێوەند؛ ۳) داهاتنەوە ف ۱) پیروان؛ ۲) دارودسته؛ ۳) خم شدن.

تابەرە: سواپ، بەردی تەنك کە منداڵ لەسەر ڕوبار گاڵتەی پێ دەکەن ف سنگِ پهن و نازك که بر روی آب اندازند.

تابەن: شیرازەچن، بن‌چندراو ف شیرازه.

تابەنی: شیرازەچنی، بن چنین ف شیرازەبندی، تەبندی.

تابین: لەشکرچی بێ دەرەجە ف تابین.

تاپاز: زەبەلاح، زلحۆرت، ئەستور ف گُنده.

تاپاڵ: هەڕەشە، گوڕەشە، گەف ف تهدید.

تاپڕ: تفەنگی ڕاو ف تفنگِ شکارچی.

تاپۆ: ۱) تارمایی، ڕەشایی لەدورەوە؛ ۲) موچەو مەزرای خەڵاتی و بێ باج؛ ۳) قەبـاڵەی موڵکایەتی؛ ۴) کارگێڕی قەباڵەی موڵك نوسین ف ۱) شَبَح، سیاهی از دور؛ ۲) تیول؛ ۳) سندِ مالکیّت؛ ۴) ادارهٔ ثبت املاك.

تاپو: کەندوی گەورە بۆدەغڵ ف سیلو.

تاپەڵە: گرانەتا ف تیفوس.

تاپی: ۱) خەندەك، ڕەهەند؛ ۲) سەنگەر؛ ۳) گۆڕیچە ف ۱) خندق؛ ۲) سنگر؛ ۳) لَحد.

تات: ۱) عارەب، عەرەو؛ ۲) ژنێ کەئێسك بەری منداڵدانی گرتوە؛ ۳) شاخی هەڵەموت و یەکپارچە بەرد؛ ۴) بەردی لوس و پان و درێژ بۆنوێژ یان بۆ مردو لەسـەرشتن؛ ۵) نمـەد، کولاڤ؛ ۶) باوك؛ ۷) تەخت و ڕاستایی ف ۱) عرب؛ ۲) زنی که استخوان مجرای رحمش را گرفته باشد؛ ۳) کوه سنگی؛ ۴) تخته‌سنگ صافی که روی آن نماز گذارند؛ ۵) نمد؛ ۶) پدر؛ ۷) هموارى.

تاتریك: سواپ، تابەرە ف نگا: تابەره.

تاتك: دادە، خوشکی گەورە، خۆها مەزن ف خواهر بزرگ.

تاتکی: فەرەنجی، قاپوت ف نوعی پالتوی نَمَدین.

تاتکێ: بڵنـدکـردن و جوڵانـەوە. دەگەڵ سەر دەگوترێ: (سەرە **تاتکێ** دەکا) ف بلندکردن و حرکت دادن سر.

تاتۆ: باوك، باڤ، بابۆ ف پدر.

تاتـە: ۱) تاتـك؛ ۲) پیرە نۆکـەر؛ ۳) مام، مامۆ؛ ۴) مێردی تایەن ف ۱) خواهر بزرگ؛ ۲) نوکر پیر؛ ۳) عمو؛ ۴) پدرخوانده.

تاتـەبـەرد: تەختـەبـەرد، کەڤـری لوس و پان بۆ نوێژ لەسەر کردن ف تخته‌سنگی که روی آن نماز گذارند.

تاتەزا: ئامۆزا، فرزەندی مام، بچوکی ئاپۆ ف فرزند عمو.

تاتـەشـوار: تاتـەشـۆر، تەختـەبـەردی جێگـەی مردو لەسـەرشتن ف تخته‌سنگی که روی آن مرده را غسل دهند.

تاته‌شۆر: تاته‌شوار ف نگا: تاته‌شوار.

تاتی: ١) مێردی تایه‌ن؛ ٢) لبـاد؛ نمـه‌د، ته‌حت؛ ٣) سه‌روژێری پیتی نوسراو ف ١) شوهر مادر؛ ٢) نمد؛ ٣) حرکت حرف.

تاتێل: دڵ په‌شێوی، دڵخورتی، نیگه‌رانی ف نگرانی.

تاج: ١) ته‌قیله‌ی سه‌ربـه‌قـوچکـه؛ ٢) کڵاوی پاشـایان ف ١) کلاه مخروطی شکل؛ ٢) تاج پادشاه.

تاج خروس: گوڵێکه سور له پۆپه‌که‌ڵه‌شێر ده‌کا ف گل بستان افروز.

تاجر: سه‌وداگه‌ر، بازرگان، مامه‌ڵه‌چی ف بازرگان.

تاجی: تاژی، سه‌گی راو، تانجی ف تازی شکاری.

تاجی لۆکه: ئه‌سپی ئه‌حمه‌د راوکه‌ره، تاژیلۆکه، حوشترخوا، بالوك ف آخوندك.

تاچه: جه‌واڵی پچوك ف جوال کوچك.

تاحین: تاعین، هه‌ڵوای کونجی‌و دۆشاو ف نوعی حلوا.

تاخ: ١) گه‌ڕه‌ك، مه‌حه‌لله؛ ٢) ته‌ره‌ف ف ١) محلّه؛ ٢) طرف و سو.

تاخم: ده‌ست له‌پۆشاك، ده‌ست له‌پیاڵه‌و... ف دسته‌ای از ظروف یا البسه.

تاخورك: عه‌ره‌به‌ی بێ‌چه‌رخ که به‌سه‌ر به‌فرا ده‌یکێشن ف سورتمه.

تاخه: باقه، به‌ستراوێ له‌گیا ف بستهٔ گیاه.

تاخه‌به‌ند: باقه‌بێن، باغه‌به‌ن ف بسته‌ای که گیاه را در آن بندند.

تاخیر: وه‌دواخستن، دره‌نگ کردن ف تأخیر.

تادار: نۆبه‌تێدار، که‌سێ تای لێ‌تێ ف مبتلا به تب.

تادانه: تانه، له‌که‌ی بان‌چاو ف لکّه در چشم.

تورمە: ١) زیوی خالیس؛ ٢) جۆرێ شاڵی بەناوبانگ ف ١) نقرهٔ سره؛ ٢) شال تُرمه.

تۆرنتە: تۆرمتە ف نگا: تۆرمتە.

توروش: زات، غیرەت: (توروش نەکر بێژێ، یانێ: نەی ویرا بیلێ) ف جرأت، شهامت.

تورونتە: مشك گرە، مەلێکی پچوکی ڕاوکەرە مشك دەگرێ ف مُرغکی است شکاری.

تۆرە: ١) شەرم، حەیا، عەدەب؛ ٢) فرزەندی هەوێ؛ ٣) زانست ف ١) آزرم؛ ٢) فرزند هوو؛ ٣) دانش.

تۆرە: ١) مێورە، لکــــەدارمێو؛ ٢) ویژە، ئەدەبیات ف ١) شاخهٔ تاك کە می‌برند؛ ٢) ادبیّات.

تۆڕە: رك‌هەستای، رق‌هەڵستاو ف خشمناك.

تۆرەڤان: زانا ف عالم، دانشمند.

تورەقی پایەبەرز بونەوە ف ترقّی.

تۆرە کانە: باجێ کەگزیر لەرایەتی دەستێنێ ف نوعی باج اربابی.

تۆرە کە: تۆرك ف توبره.

تۆرە کەرێژ: تەپۆڵکەی دەسکردی بنیادەم ف تپّهٔ دست‌ساز.

تۆرەمە: رەچەڵەك، بنەچەکە، نەژاد ف نژاد، نسل.

تۆڕەوان: راوکەری بەتۆڕ ف کسی کە با تور شکار کند.

تۆرەوان: ویژەوان، ئەدیب ف ادیب.

تۆڕهەڵدان: بەنهێم بۆ دور هاویشتن ف پرتاب کردن.

تۆڕەیی: رك، رق، کینە، قەڵسی ف خشم.

تۆڕی: ١) چەقەڵ، تۆڕك؛ ٢) بێکارەو بێ‌نرخ: (خۆڕی و تۆڕی) ف ١) شغال؛ ٢) آدم پوچ و بی ارزش.

تۆرین: زیزبون، زویربون، تۆران، قەڵس بون ف قهرکردن.

تۆرینۆك: هەمیشە تۆڕەو دڵناسك ف عصبانی و زودرنج.

تۆز: ١) متر بە، موتور بە، پەیوەندی دار؛ ٢) کۆزەڵە، کۆز؛ ٣) چرچ لابەر، جل سافکەر. *تۆتو یان هەرچی*؛ ٤) داغ؛ ٥) خلیسك؛ ٦) لکی تازەی دار؛ ٧) بیچم وقەلافەت ف ١) پیوند درخت؛ ٢) ترتیزك آبی؛ ٣) اتو؛ ٤) داغ؛ ٥) لیزی؛ ٦) جوانە درخت؛ ٧) ریخت و قیافه.

تۆز: ١) کەمۆسکە، ئەندازەی زۆرکەم؛ ٢) بابردەڵەی خاك، غومار ف ١)

بسیار کم؛ ٢) گردوغبار.

تۆزاڵ: کەمێکی زۆرکەم ف بسیار اندك.

تۆزان: ئێش‌و برژانی پێست ف سوزش پوست.

تۆزاندن: داغ پێوەنان، ئاسنی سورەوەبوُ پێدا چزاندن ف داغ کردن.

تۆزانەوە: برژانەوەو سوزیانەوەی برین یان پێست ف سوزش و دَرد.

تۆزاوی: تۆزلێ نیشتو، گەرداوی ف گردآلود.

تۆزقاڵ: کەمترین ئەندازە، تۆزولکە، نەختۆکە ف کمترین مقدار.

تۆزك: تەرەتۆرە، تەرەتیزە ف ترتیزك.

تۆزکاڵ: تۆزقاڵ ف کمترین مقدار.

تۆزکردن: متوربەکردن، پەیوەند کردن ف پیوند زدن.

تۆزکردن: ١) غومار هەڵکردن، تۆزهەستاندن؛ ٢) برێتی لە ئاژاوە نانەوە ف ١) برانگیختن غبار؛ ٢) کنایه از آشوب برپا کردن.

تۆزڵانە: تۆزقاڵ ف نگا: تۆزقاڵ.

تۆزڵقان: تۆزقاڵ ف نگا: تۆزقاڵ.

تۆزلێ هەڵنەسان: برێتی لە چرۆکی ورژدی ف کنایه از خسّت.

توزولکە: تۆزقاڵ ف اندك.

تۆزەلە: چۆزەلە، دوزەلە ف مزمار.

تۆزیان: ١) برژان‌و ژانی پێست‌و زام؛ ٢) خلیسکان ف ١) سوزش؛ ٢) لغزیدن.

تۆزیانەوە: برژانەوەی پێست‌و زام، چوزیانەوە، چۆزانەوە ف احساس سوزش.

تۆزین: تۆزاوی، خوڵاوی ف غبارآلود.

تۆژ: ١) تیژ لە برینەدا؛ ٢) تیژ لە چێژەدا؛ ٣) تۆی هەرەناسکی شیر یان برین یان هەرچی ف ١) و ٢) تیز در بُرش و در مَزّه؛ ٣) کاشه.

تۆژاڵ: توێژاڵ، توێژاڵك، تۆژ ف کاشه.

تۆژك: تۆژاڵ ف کاشه.

تۆژگ: کێرد یا خەنجەر ف دشنه، خنجر.

تۆژەر: کەسێ کە بە بنچ‌و بناوانی باسێ یا کارێکا دەڕوا، کۆڵەرەوە ف پژوهشگر.

توژی: دابەش، بڵاوکردنەوە بەناودا ف پخش کردن.

تۆژی: ١) بڕندەیی تیخ؛ ٢) چێژەی تیژوتون ف ١) تیزی تیغ؛ ٢) تیزی مزّه.

تۆس: گیای تیسوێ، تۆسی ف گیاهی است.

تۆسقاڵ: تۆزقاڵ ف کمترین مقدار.

تۆسکاڵ: تۆزقاڵ ف نگا: تۆزقاڵ.

تۆسن: سەرکێش، ناڕام ف اسب سرکش و رام نشده.

تۆسی: تێسو، تیسوێ، تسوێ ف گیاهی است خاردار.

توش: ١) روبـەرو بەیەك گەیشـتن؛ ٢) هەوای زۆر ساردو بارانی؛ ٣) چارەوای کازگرو لەقە هاوێژ؛ ۴) مرۆی بەدفەڕو بێ ئاکار ف ١) با هم روبرو شدن؛ ٢) هوای سرد و بارانی؛ ٣) اسب چموش؛ ۴) آدم موذی و بداخلاق.

تۆشال: تۆژاڵ ف نگا: تۆژاڵ.

توش بوُن: ١) روبەڕوبوُن، تێك ئاڵقان؛ ٢) گرفتاربون بەکارێکەوە ف ١) روبەروشدن؛ ٢) گرفتار شدن.

توشتیر: چوێشتیر، بزنی بەرتەگە، تێشتیر ف بزغالهٔ دوساله.

توشـك: ١) تۆژاڵ؛ ٢) کێردو خەنجـەر؛ ٣) سەختی سەرما ف ١) نگا: تۆژاڵ؛ ٢) کارد و خنجر؛ ٣) سرمای سخت.

تۆشك: تێشو ف توشه.

تۆشکردن: ١) گیرۆدە کردن: (مەیخانە پەرست نەبوم‌و **تۆشت کردم** / بەو پیریە بەرەو پیری ئەوینت بردم) «خیام»؛ ٢) روبـەرو کردن: (**توشت کردم** بەتوشی ئەو رەزاگرانەوە)؛ ٣) ناخۆش کردنی هەوا: (هەواکەی **توشکرد**) ف ١) گرفتار کردن؛ ٢) روبرو کردن؛ ٣) منقلب شُدن هوا.

تۆشل: تێخوڵ، توێکڵ ف پوست، پوسته.

توشمـاڵ: ١) سەرپـەرستی خێزان؛ ٢) گزیر، کوێخا ف ١) سرپرست خانواده؛ ٢) کدخدا.

تۆشە: ١) زاد، زەواد؛ ٢) بژیوی سەفەر ف ١) آذوقه؛ ٢) توشهٔ سفر.

توشهاتن: ١) روبەروبون؛ ٢) گرفتارو گیرۆدەبون ف ١) روبرو شدن؛ ٢) گرفتار شدن.

تۆشەبەرە: توربێنی تۆشە راگوێزان ف خُرج، توشه‌دان.

توُشـی: ١) جنگنی‌و بەدفـەڕی؛ ٢) ساردی‌و بارانی‌بونی هەوا ف ١) ستیزەجوئی؛ ٢) سرد و بارانی بودن هوا.

توشیار: ١) گیرۆدە؛ ٢) روبەروبون ف ١) دُچار؛ ٢) روبرو شدن.

تۆف: ١) هەڕەت، جەنـگـە، تاف؛ ٢) کرێوە و باپێچ؛ ٣) وارشی باغ وبێستان، شوورە ف ١) موسم، عُنفوان؛ ٢) کولاك؛ ٣) دیوار دورباغ و بُستان.

تۆفڵە: خونچەی گەڵادار ف جوانه برگ درخت.

تۆفـال: تڵیشەی تەنك لەمس کە لە کوتاندا دەوەرێ ف تکّه‌های نازك و باریك از مس که در مسگری به‌جای ماند.

تۆفاڵ: خڵتە ف تفاله.

تۆفان: ١) رۆژی زۆر توش‌و بەکرێوە؛ ٢) لافاوەکەی نوحی پێغەمبەر ف ١) کولاك؛ ٢) طوفانِ نوح.

تۆفانە: پێشکە ف پشه.

تۆفك: دانەی بۆدان‌و برژاندن لەسەر ساج ف دانه‌ای که آنرا بو دهند.

تۆفل: تۆکڵ، تێخوڵ ف قِشر، پوسته.

تۆفە: ١) کرێوەو باپێچ؛ ٢) چینەی دیوار لەقوڕ ف ١) کولاك؛ ٢) چین دیوار گلی.

تۆفیر: فەرق، جیاوازی ف فَرق، توفیر.

تۆڤ: ١) تۆم، تۆو؛ ٢) جوڕ: (**چتۆڤ**: چلۆن) ف ١) بَذر، تُخم؛ ٢) طور.

تۆق: ١) ئاڵقـە، گەو، قەف؛ ٢) تەپڵەسەر، بڵندترین جێگە لە هەرشتێ: (بەردێکی لە **تۆقی** سەرم دا)، (چیا لە **تۆقە** سەری دادژاوە تا کەمەری) «حـاجی قادر»؛ ٣) ملەوانـەی یەکپـارچـە لە زێڕ ف ١) حلقـه؛ ٢) بالاترین نقطه؛ ٣) گردن‌بند زرّین.

تۆقا: ١) تەقیەوە: (باروتەکە **تۆقا**)؛ ٢) مرد لەترسان ف ١) مُنفجر شُد؛ ٢) زَهره‌ترك شد.

تۆقان: ١) تەقینەوە؛ ٢) لەترسان مردن؛ ٣) کۆمەڵە ئاڵقە [ف] ١) انفجار؛ ٢) زهره‌ترك شدن؛ ٣) حلقه‌های آهنی.

تۆقاندن: ١) تەقاندن، ترەکاندن؛ ٢) ترساندن [ف] ١) منفجر کردن؛ ٢) ترساندن.

تۆق‌تۆقە: فیشەکە شیتە، ئەو تەقەمەنیەی کە منداڵ لەجەژنا بەکاری دێنن [ف] فشفشه.

تۆق تۆقیلە: گیایەکە بەرەکەی ناو بەتاڵە. بەدەست دیگوشن *تەقەی* دێ [ف] گیاهی است.

تۆق کردن: ماندوبون‌و وەستانی منداڵ لە گریان [ف] خسته‌شدن کودك از گریه.

تۆقلە: پۆڕك، زیپکەی پڕئاو [ف] تاول.

تۆقلە کردن: پۆڕگ کردن [ف] تاول زدن.

تۆقەسەر: بڵندترین جێ، بەرزایی هەرەبەرز؛ ٢) تەپڵی سەر [ف] ١) بالاترین نقطه؛ ٢) تارك.

تۆقیان: لەترسان مردن [ف] زهره‌ترك شدن.

تۆقین: ١) تۆقیان؛ ٢) ترەکان [ف] ١) از ترس زهره‌ترك شدن؛ ٢) منفجرشدن.

تۆك: ١) کوڵکە، مو، وردە پەڕی مەل؛ ٢) ئاکار، ئەخلاق‌و رەوشت؛ ٣) شادی بە دەماغی؛ ٤) دوعای شەڕ، نزای خراپ؛ ٥) نوك، سەری باریکی شیش‌و دەرزی‌و...؛ ٦) باڵداریکی شەوبێدارە؛ ٧) کەم، بەدەگمەن: (تاك‌وتۆك پەیدا دەبێ) [ف] ١) پر، مو؛ ٢) روش واخلاق؛ ٣) شادی و سرحالی؛ ٤) دعای شرّ، نفرین؛ ٥) نُك تیز هر چیز؛ ٦) پرنده‌ای است؛ ٧) اندك، کم.

تۆك: تێکوڵی دار [ف] پوست درخت.

تۆکانن: ١) هێلکە بەدنەوك شکاندن، تروکاندن؛ ٢) ئەزمونی هێلکە بەددان [ف] ١) شکستن تخم‌مرغ با منقار؛ ٢) آزمودن تخم‌مرغ با دندان.

تۆك‌رونی: بریتی لەکەیف سازی‌و خۆش رابواردن [ف] کنایه از خوش گذرانی.

توك کردن: ١) وردەپەڕ لێهاتنی جوجەڵە؛ ٢) دوعای خراپ کردن [ف] ١) پر درآوردن جوجه؛ ٢) نفرین.

تۆکڵ: تۆفل، تویکڵ، تێکوڵ [ف] قشر، پوسته.

تۆکمە: ١) پیاوی تێك سمڕاوی پتەو؛ ٢) هەرشتی ناوپڕی قایم [ف] ١) آدم قدکوتاه چاق و نیرومند؛ ٢) هر چیز میان‌پُر و محکم

تۆکمەچی: شیرگەر، وەستای چەکسازی [ف] اسلحه‌ساز.

تۆکن: زۆربەمو، زۆر بەتۆك، کوڵکن، بەکوڵکە [ف] پرمو، پشمالو.

تۆکنە: ١) تۆکن؛ ٢) جوجەڵەی هێشتا پەڕ دەرنەکردو [ف] ١) پشمالو؛ ٢) جوجهٔ پر در نیاورده.

تۆکە: ١) کلوە بەفر؛ ٢) وردە باران [ف] ١) دانهٔ برف؛ ٢) نم‌نم باران.

تۆکەبەر: موی بەرگەدە [ف] موی زهار، عانه.

تۆکەتۆك: نم‌نمە، بارینی هێدی هێدی [ف] نم‌نم باریدن.

تۆکەسەر: ١) پۆڕ، موی سەر؛ ٢) بریتی لە رك‌هەستاو [ف] ١) موی سر؛ ٢) کنایه از خشمگین.

تۆکەی سمێڵ: بزەی شادی: (هێندە بەکەیفە *تۆکەی سمێڵی* دێت) [ف] کنایه از شادمانی.

تۆڵ: پیزە، پز، ساوای ناوزگ، بێچوی هێشتا نەزاو [ف] جنین.

تۆڵ: ١) حەیف، تۆڵە، قەرەبوی زوڵم ساندنەوە؛ ٢) مەزبوت؛ لەش سوك. *دوای وشەی توند دێت* : (توندو‌تۆڵ) [ف] ١) انتقام؛ ٢) فرز و چابُك.

تۆڵ: ١) پارچەی زۆر تەنك‌و ناسك؛ ٢) لکی ناسکی دارو گیا؛ ٣) درێژایی: (لە *تۆڵی* عومرمدا) [ف] ١) وال؛ ٢) جوانه؛ ٣) طول.

تۆڵ: شوڵ، شو، لکی باریك [ف] ترکه.

تۆڵا: پێکەوە نوسان‌و رەق بونی زۆرشتی ورد: (تۆڵا گەزۆ) [ف] چگال.

تۆڵاز: لاوی چاولە وەڕێن‌و ژنباز، هەرزە کاری دڵدار [ف] جوان شهوت‌ران و هرزه.

تۆڵازی: حەز لەژنان کردن، چاولە وەڕێنی، نەزەربازی [ف] چشم‌چرانی.

تۆڵاش: تیزمالك، تلیش [ف] پلمهٔ چوب و سنگ.

تۆڵانەوە: لەبەر زۆرکوڵین لەبەریەك چون: (گۆشتەکە هێند کوڵیوە تۆڵاوەتەوە) [ف] در اثر پختن زیاد از هم پاشیدن.

تۆڵینەوە: تۆڵانەوە [ف] نگا: تولانەوە.

تۆڵبڕ: بریتی لە خۆ گێل کردن‌و خۆ دزینەوە [ف] خود را به کوچهٔ علی‌چپ زدن.

تولح: سەرەتای رۆژ: (*تولحی* بەیانی لە ماڵ دەرکەوتم) [ف] طلوع.

تولخ: ١) رەشی ئاماڵ خۆڵەمێشی؛ ٢) رەنگی رەشی ئاماڵ زەرد [ف] ١) سیاه مایل به خاکستری؛ ٢) سیاه مایل به زرد.

تولخی: جۆرێ ترێ [ف] نوعی انگور

تۆل دان: وێران کردن [ف] ویران کردن.

تۆلك: تۆڵکە، تۆڵەکە، نانەحاجی لەگ‌لەگ [ف] پنیرك.

تۆلکێش: لکی نەبڕاوی داری مێو ژێرخاك کردن [ف] جوانهٔ درخت مو را زیر خاك کردن.

تۆلنج: جینچك، تروشکان، هەڵتوتەکان [ف] چمباتمه.

تولوم: تەپڵ [ف] طبل.

تۆلە: ١) لکی زۆرناسکی یەکساڵە؛ ٢) نانە حاجی لەگ‌لەگ؛ ٣) سەگی چکۆڵە؛ ٤) بەچکەمار؛ ٥) ماری باریك [ف] ١) جوانه نازك؛ ٢) پنیرك؛ ٣) سگ کوچك شکاری، یوز؛ ٤) بچهٔ مار؛ ٥) مار باریك.

تۆڵە: سەگی چکۆڵەی ڕاو، قەندی [ف] یوز، سگ شکاری کوچك.

تۆڵە: تۆڵ، حەیف [ف] انتقام.

تۆڵەپڵنگ: تاژپڵنگ، هاس [ف] یوزپلنگ.

تۆڵەترش: مام ریواس. *گیایەکە دەرمانی کرمە* [ف] گیاهی است ضد انگل.

تۆڵەدانە: چێشتی تۆڕك‌و دانەوێڵە [ف] آش پنیرك و حبوب.

تۆڵەرێ: رچە، ڕێگەی باریك لە چیاوچۆڵ [ف] راه باریك در کوه.

تۆڵەزەرە: زێزەڵە، گیایەکە دەخورێ [ف] تاج‌ریزی، گیاهی است خوردنی.

تۆڵەسەوز: گیایەکە بەرەکەی لەگوێز دەکاو بەرزە باڵایە [ف] گیاهی است

بلند که ثمرش شبیه زالزالك است.

تۆڵەك: ١) وەرینی موی لەش. (ڕێوی گەزیزە خواردو **تۆڵەك** دەکا)؛ ٢) بریتی لە تازەلاوی بێموو فا ١) ریزش مو و کُرك؛ ٢) کنایه از جوان سادەرو.

تۆڵەکە: تۆڕك، نانە حاجی لەگ‌لەگ فا گیاه پنیرك.

تۆڵەمار: ١) ماری باریك؛ ٢) بەچکەمار فا ١) مار باریك؛ ٢) بچّه مار.

تۆڵە نەمام: ریشەداری باریك و ڕاست و بەرزەباڵا فا نونهال باریك و بلند.

تۆڵی سەوز: تۆڵە سەوز فا نگا: تۆڵە سەوز.

تۆلینە: قەرتاڵەی زۆر چکۆڵە فا سبدك طاس‌مانند.

توم: گرمە، هاڕە فا صدای بلند و مهیب.

تۆم: تۆو، تۆف، تۆ فا تخم، بذر.

تۆماتێز: تەماتە، باجاناسۆر فا گوجەفرنگی.

تۆمار: ١) قاقەزی نوسراوی لول‌دراو؛ ٢) نوسین لەدەفتەرا فا ١) تومار؛ ٢) ثبت در دفتر.

تۆمارکردن: نوسین لە دەفتەردا فا ثبت در دفتر.

تۆماو: شاوەت، ئاوی‌پشت فا منی.

تۆمپــز: سەرمەقــلات، جقڵمبــە، بەلینگــەو قوچی خۆ هەڵگێڕانــەوە، سەرمەقولات فا پُشتَك.

تومتوك: والآیی بن گاشەبەرد فا فراخی زیر صخره.

تۆم ڕژیاگ: لە پیاوەتی کەفتگ فا اختەشده.

تۆمك: چەشــە، چەشتــە، چێشتــە، خۆراکی فریودانی نێچیر فا طُعمهٔ شکار.

تومێن: گرماندن، هاڕەکردن فا نعره زدن.

تۆمو: دەرپێ فا تُنبان.

تۆمە: ١) تۆم، تۆف؛ ٢) ڕەچەڵەك و تایەفە فا ١) تُخم؛ ٢) نژاد.

تۆمەز: بەبڕوام، وا گومان دەکرێ، تمەز فا تونگو.

تۆمەزا: تۆمەز فا تونگو.

تۆمەرز: تۆمەز فا تونگو.

تۆمەرۆ: ڕەگی ئاوی شاوەت فا مجرای مَنی.

تۆمەس: تۆمەز فا تونگو.

تومەك: دنبەك، دمەك، دومەڵەك فا تُنبك.

تۆمەڵێ: تۆمەز، تۆمەس فا تونگو.

تون: ١) قایم؛ ٢) تامتیژ فا ١) مُحکم؛ ٢) تُندمزّه.

تۆن: ١) ئاگردانی گەرماو؛ ٢) جەهەننەم: (نایکەی بە **تۆن**) فا ١) گلخن، تون گرمابه؛ ٢) جهنّم.

تونــا: فەوتــاو، نەمــاو، لەبــەین‌چو. *دوای وشەی تەفر دێت* : (دەك یاخوا تەفرو **تونا** بێت) فا نابود.

تونــاوتــون: بەیەکجــاری فەوتــان و ئاســەوار نەمان: (ئەی زاڵم! یاخوا **توناوتون** چی) فا بەیکبارە از بین رفتن.

تونج: برنج، برنجە، کانزایەکە زەردە فا فلز برنج.

تونجك: توالێت، کاکۆڵی سەر تونڵ فا کاکُل.

تونچی: ئاگرکەری ئاگردانی گەرماو فا تونتاب، آتش‌انداز.

تونخانە: ئاگردانی گەرماو فا گلخن، تون حمام.

تونــد: ١) قایم، مەحکــەم؛ ٢) چێژە تیژ؛ ٣) بەرانبــەری نەرم: (توتنێکی **تونــدە**)؛ ۴) چابك و چالاك؛ ۵) پەلە، لەز، عەجەلە فا ١) مُحکم؛ ٢) تُندمزه؛ ٣) تلخ و گرم؛ ۴) چست و چالاك؛ ۵) عجله و شتاب.

توندبون: تۆڕەبون: (پیسم لێ **توندبو**) فا عصبانی شدن.

توندبونەوە: ڕەق بونەوەی شل، لەدوای شلی خۆ گرتنەوە فا سِفت شدن.

توندگرتن: باش های لێ بون فا محکم گرفتن.

توندوتۆڵ: مەزبوت فا چُست و چالاك.

توندوتیژ: بەزاکون، گوناه نەبەخش فا سختگیر.

توندە: چێشتی بەرامبەری شلە: (**توندە** ساوارم خوارد) فا غذای سِفت.

توندەمیجاز: هەمیشە تۆڕە فا عصبانی.

توندی: ١) نەشلی، سفتی؛ ٢) چالاکی؛ ٣) تۆڕەیی؛ ۴) تونی، تیژی؛ ۵) گەرمی لە چێژەو دوکەڵدا: (توتنێ **توندە**) فا ١) سفتی؛ ٢) زیرکی، چالاکی؛ ٣) عصبانیّت؛ ۴) تیزی و تندی؛ ۵) تندی و گرمی در مزه.

تۆنك: تفنك، لوت، کەپو فا بینی.

تونگ: ١) دەفری مل‌باریك بۆ تراو، تونگە؛ ٢) توند فا ١) تُنگ؛ ٢) تُند.

تونگە: دەفری ئاوی مل‌باریك فا تُنگ.

تونە: هەرنیە، هیچ نیە فا وجود ندارد.

تۆنەك: تنۆك فا نگا: تنۆك.

تونی: تینگ، تینو، ئاتاجی ئاوخواردنەوە فا تشنه.

تۆو: تۆ، تۆم فا تُخم، بذر.

تۆوتکاو: لەپیاوەتی کەوتو فا مردی که توان جنسی را از دست داده.

تۆوڕژاو: تۆوتکاو فا نگا: تۆوتکاو.

توەخۆرە: خەزایی، عەینەمەل فا سار ملخ‌خوار.

توەڕەشە: گاتو، شاتو فا شاه‌توت.

توەسورە: گاتو فا شاه‌توت.

توێ: ١) پارچــەی تەنــك لەگۆشت، لەتی ناسکی گۆشت؛ ٢) تاقــەت و تابشت: (تاو **توێم** نەماوە)؛ ٣) ئێش و ژان: (تاوتوێی برینەکەیە گیانم دێشێ) فا ١) شرحه؛ ٢) تاب و توان؛ ٣) درد و اَلم.

تۆی: زەماوەند، بەزم و داوەتی بوك هێنان. *ئەم وشەیە ترکیش دەیڵێن* فا جشن عروسی.

تۆیانــە: نوغــڵ و شیرینی کە دەگەڵ جیازی بوکــا دەینێرن فا نقــل و شیرینی همراه جهیزیه.

توێتکە: ئۆقرە، ئارام، سوکنا فا آرام و قرار.

توێتکەخواردن: داسەکنین، ئۆقرەگرتن فا آرام گرفتن.

توێ‌توێ: ١) پارچــەپــارچەی ناسکی گۆشت؛ ٢) وشەیەکە مانگادۆش بۆمانگای دەڵێ تا بۆدۆشین ڕاوەستێ فا ١) شرحەشرحه؛ ٢) لفظی که گاودوش با گاو گوید.

توێخ: ١) تۆژاڵ؛ ٢) تۆژك، پەتــرۆك، پەردەی هەرەناسکی سەر شیر یان سەر برین فا ١) کاشه؛ ٢) چرابه.

تویخڵ: تێکول، توکڵ ف قشر، پوسته.

تویر: ۱) تورت، ئەوی زو بشکێ و بپەڕێ؛ ۲) کیسەی قوماش، تورەکە؛ ۳) ترپ، تقر ف ۱) ترد، شکننده؛ ۲) کیسهٔ پارچه‌ای؛ ۳) تُرُب.

توێری: چەقەڵ ف شُغال.

توێڕی: توێری، چەقەڵ ف شغال.

تویرشە: ۱) بەرو بوخچەی حەمام؛ ۲) جێگەی خۆ جوان کردن و خشڵ و زیڕ ف ۱) بُقچهٔ حمام؛ ۲) آرایشگاه و محل زینت‌آلات.

تویز: کۆزەڵە، گیای کۆزاف جرجیر.

تویزەڵە: کۆزەڵە ف جرجیر.

توێژ: ۱) تویخ؛ ۲) تێژ لە بڕینا؛ ۳) تێژ لە چێژەدا ف ۱) کاشه؛ ۲) تیز؛ ۳) تندمزه.

توێژاڵ: توژاڵ ف کاشه.

توێژگرتن: پەردەی ناسك هاتنە سەر شیر یان برین ف کاشه‌بستن.

تویس: توسی ف گیاهی خاردار.

تویسو: توسی ف گیاهی است خاردار.

توێسو: توسی ف نگا: توسی.

توێسی: توسی ف نگا: توسی.

توێشتیر: توشتیر ف بُزغالهٔ مادهٔ دوساله.

توێشو: نان و زادی ڕێگە ف توشه.

توێشوبەرە: توشەبەرە ف توشه‌دان.

توێشودان: ئەو پەرۆ یا هەنبانەی تێشوی تێدا ف توشه‌دان.

توێشوکردن: ئامادە کردنی توێشو بۆ سەفەر ف توشه آماده کردن.

توێشە: تێشو، توشە ف توشه.

تویك: تێکول ف پوسته.

توێك: تویخ ف کاشه.

توێکردن: بەناسك هەڵبڕینی گۆشت: (بولبول کە گەرمی نەغمەیە ئاگر دەکاتەوە / خونچە حەزینە، جەرگ و دڵی بۆ دەکا **توێ**) «نالی» ف شَرحه کردن، بریدن به لایه‌های نازك.

توێکڵ: تێخوڵ، توکڵ، توفل، توێخڵ ف قشر، پوسته.

توێڵ: ئەنی، هەنیە، ناوچاوان، جەمین ف پیشانی، جبین.

تُویل: توڵ، شوڵك، شوڵك، لکەداری باریکی براو ف تَرکه.

توێڵاش: تلاش، تولاشە، پارچەی تەنك لەدار ف تراشه.

توێڵبەند: هەنی پێچ، ئەنی بەند، پارچە قوماشێ کە بەناو چاواندا دێت ف پیشانی‌بند.

توێن: تاوێن، تاوێنەوە ف ذوب‌کننده.

توێنەوە: تاوێنەوە: (ئەم دەزگایە مس **توێنەوەیە**) ف ذوب‌کننده.

توێڵك: ۱) تێکوڵ؛ ۲) زڕەتو ف ۱) پوسته؛ ۲) از انواع درخت توت.

تە: وشەی ڕوبەڕو، تۆ ف تو، ضمیر مُخاطب.

تەب: تا، یاو، گەرمای زیادی لەش ف تَب.

تەبا: ۱) ئاشت، نێوان خۆش؛ ۲) دەگەڵ، ڕەگەڵ، پێرا ف ۱) آشت؛ ۲) با، همراه.

تەباشیر: گەچی نوسین ف گچ نوشتن.

تەبایی: ئاشتی، ئاسودەیی، دنیای بێ شەڕو کێشە ف آشتی، آسودگی، صُلح.

تەباخ: ۱) مانگی هەشتەمی ڕۆمی؛ ۲) تەبەق، سینی ف ۱) ماه اوت؛ ۲) سینی.

تەباخچە: قاوەسینی، سینی چکۆڵە ف کَشَف فنجان قهوه.

تەبار: بارست، رادە ف حجم.

تەبارە: ۱) نێوان، لەمپەر، تیغە؛ ۲) بارست، تەبار؛ ۳) دەغڵی گەیشتوی نەدوراو؛ ۴) هەرزاڵ، پێڕك ف ۱) حائل میان دو چیز؛ ۲) حجم؛ ۳) غلّهٔ رسیدهٔ درو نشده؛ ۴) جایی سکومانند در چادر.

تەبانە: بانگوش، باگردان، بانگردێن، باگوردێن ف بام‌غلتان.

تەبت: ئارامی، هێمنایەتی ف آرامش.

تەبر: تەور، بیور ف تبر.

تەبغە: ۱) سەرانگوێلك، زبڵدان؛ ۲) کۆمای زبڵ و پەین ف ۱) آشغالدان؛ ۲) تودهٔ زبل و پهن.

تەبۆ: گەنە، جانەوەرێکی بۆری پانکەڵەیە بەئاژەڵەوە دەنوسێ ف کَنه.

تەبور: شەنە، شەن ف افشون.

تەبەتۆر: جاڵ جاڵۆکە، جۆلاتەنە ف عنکبوت.

تەبەتە: تەبەنە، دەرزی لێفە درون ف سوزن درشت لحافدوزی

تەبەر: کەللا، هەڵمات، مەرمەڕ ف تیله.

تەبەرزە: ۱) جۆرێ خورما؛ ۲) جۆرێ ترێ ف ۱) نوعی خرما؛ ۲) نوعی انگور.

تەبەرزین: تەوەرزین، چەکێ بو وەك تەور بەدەس سوارەوە ف تبرزین.

تەبەش: ئاژەڵی ناوچاوان چەرمگ ف دام پیشانی‌سفید.

تەبەق: ۱) تەبەك، یاڵتەبەق، مەعجۆمەی لەدار؛ ۲) جۆرێ نەخۆشی سمی وڵاخی بەرزە؛ ۳) نهۆم، قات ف ۱) سینی چوبی؛ ۲) نوعی بیماری سُم‌دام؛ ۳) اشکوب.

تەبەقە: ۱) نهۆم، قاتی خانو؛ ۲) نەخۆشی تەبەق ف ۱) اشکوب؛ ۲) نوعی بیماری سُم دام.

تەبەقەتڕانە: تاوان ساندن لە ترکەن ف جریمهٔ گوزیدن.

تەبەك: ۱) نەخۆشی تەبەق؛ ۲) تەشتی دارینی ناندێن؛ ۳) سینی دارین ف ۱) نوعی بیماری سُم دام؛ ۲) تَشتِ چوبی نگهداری نان؛ ۳) سینی چوبی.

تەبەلیە: قەڵماسك ئاسایەکی زلە بۆ چونەسەر دارخورما بەکاری دێنن ف وسیله‌ای فلاخن مانند که برای بالا رفتن از نخل از آن استفاده می‌شود.

تەبەنە: دەرزی درشت، دەرزی لێفەدرو ف سوزن لحاف‌دوزی.

تەبیات: ۱) ئیشتیای خواردن؛ ۲) خۆرسك، تەبیعەت ف ۱) اشتها؛ ۲) طبیعت.

تەپ: ۱) تەمەڵ لە ڕێ‌ڕۆیشتن؛ ۲) گزی، گەڕ، حیلە؛ ۳) فێ، نەخۆشی فێداری؛ ۴) گرد، تەپۆڵکە؛ ۵) کۆ، کۆما، کۆگا؛ ۶) سل، تۆپەڵەیەك گوی بنیادەم؛ ۷) هێرش؛ ۸) بێدەنگ، وس لەترسان؛ ۹) تۆز؛ ۱۰) مژ ف ۱) کُندرَو؛ ۲) سست؛ ۳) صرع؛ ۴) تپه؛ ۵) توده؛ ۶) توده‌ای از

فضلهٔ آدمی؛ ٧) یورش؛ ٨) خاموش از ترس؛ ٩) غبار؛ ١٠) مِه.

تەپار: ریخ و قوڕ کە دەمی خەڵیفە مێشی پێ سواغ دەدەن ف سرگین و گِل کە دهانهٔ کندو را با آن اندایند.

تەپارك: تەپار ف نگا: تەپار.

تەپاڵدان: شوێنی تەپاڵە لێدانان، عەنباری تەپاڵە ف جای نگهداری تاپاله.

تەپاڵە: ریخی وشکەوەبو، شیاکەی وشك ف تاپاله.

تەپاڵەپێژ: ژنێ کە تەپاڵە بەدەست ریك‌وپێك دەکا ف زنی کە سرگین را تاپاله کند.

تەپـان: ١) ژێردەرانە، پاژنەی دەرگا؛ ٢) داری جێگەی تەوەرەئاش؛ ٣) تێڵای گەڵاکوتان؛ ٤) چەپەری پشتیوانەی دەرگا؛ ٥) بەردی قورسایی سەر دینـگ ف ١) پاشنـهٔ در؛ ٢) چوب زیر قُطب اسیا؛ ٣) چمـاق برگ‌کوبی؛ ٤) پشتوانهٔ در؛ ٥) سنگ بالای دَنگ شالی‌کوبی.

تەپاندن: ١) شێلان بەلاق‌یان بەهەرچی؛ ٢) توش کردن؛ ٣) ئاخنین ف ١) کوبیدن با پای و...؛ ٢) دچار کردن؛ ٣) آکندن.

تەپانن: تەپاندن ف نگا: تەپاندن.

تەپانە: دەرپێی کورت، تنۆکە ف تُنبان کوتاه.

تەپاو: ١) شێلدراو بەلاق یا...؛ ٢) رمیاو، خەریکی رمیان ف ١) با لگد یا با بیل کوبیده شده؛ ٢) فروریخته، در حال فروریختن.

تەپاوتل: بەم‌لاو بەولادا کەوتن ف تلوتلو خوردن.

تەپتەپ: دەنگی تەپاندنەوە بەدەست یا بەقاچ ف تاپ‌تاپ.

تەپتەپان: تەپەتەپ کردن ف تاپ‌تاپ کردن.

تەپتەپە: دوچەرخەی بەماتۆر ف موتورسیکلت.

تەپ چێور: تەکمیش، بن‌کوڵ کردنی زرعات‌و دار ف پی زدن و سُست کردن خاك درخت و...

تەپخ: داتەپیو، تەپاو ف دیوار نزدیك بە فروریختن.

تەپخ‌بون: داڕوخان، داتەپین ف ریزش کردن دیوار.

تەپخ کردن: ڕوخاندن، رماندن ف ویران کردن.

تەپدان: ١) بەسەریەکا کۆمەڵ کردن؛ ٢) پەلاماردان ف ١) انباشتن؛ ٢) یورش بردن.

تەپڕەش: فێڵباز، گەڕباز، حیلەساز ف ناروزَن.

تەپس: ١) شێلان بەپێ؛ ٢) تەپین، داکـەوتنی دیوارو... ف ١) لگدمال کردن؛ ٢) ریختن آوار.

تەپسە: داتەپین، روخان ف فروریختن.

تەپسـی: دەفری پان‌و گوشـاد بۆ چێـشت تێ‌کردن ف بُشقاب غذاخوری.

تەپش: داتەپان، تەپان ف نگا: تەپان.

تەپشت: کۆششت، تەقالا ف سعی و کوشش.

تەپشو: تەشوێ ف تیشه.

تەپشوێ: تەشوێ ف تیشه.

تەپك: ١) دەوە، تەپاڵەی ژن شێلاویەتی؛ ٢) جۆرێ داوی ڕاو؛ ٣) جۆرێ تەڵە؛ ٤) گردولکە ف ١) تاپاله؛ ٢) نوعی دامِ شکاری؛ ٣) نوعی تله؛ ٤) تپه.

تەپ کردن: بێدەنگ بون لەترسان ف خاموش شدن از ترس.

تەپکە: ١) داوی لەتەختە کوتراو بۆ ڕاوی مەل؛ ٢) تەڵە لەدو داری سەر قۆڵکە بۆ ڕاوی کەروێشك؛ ٣) دەوە، تەپاڵە؛ ٤) پنجەگیا، بنەگیا ف ١) نوعی دام؛ ٢) نوعی تله؛ ٣) تاپاله؛ ٤) بوته.

تەپل: شوێن پەنجە، جێ‌قامك ف اثر انگشت.

تەپڵ: ١) دەهۆڵی لەشکر؛ ٢) بانی سەر ف ١) طبل؛ ٢) تارك.

تەپڵژەن: دەهۆڵ لێدەر ف طبّال.

تەپڵك: ١) زگدانی دیوار؛ ٢) تەپڵی بچـوك؛ ٣) بەرکـەندال؛ ٤) ئاسنی گەوکردنەوەی شتی شکاو ف ١) برآمدگی دیوار؛ ٢) طبل کوچك؛ ٣) آبکند؛ ٤) بند، پاره‌ای از آهن یا روی کە بدان ظرف شکسته را پیوند دهند.

تەپلمۆس: تەمەڵ‌و تەوەزەل ف بیکاره و سُست.

تەپلۆس: تەپ، تەمەڵ، لەش‌گران ف تنبل و گرانجان.

تەپلە: ١) کڵاوی لبـاد؛ ٢) جۆرێ کڵاوی ژنانە ف ١) کلاه نمدی؛ ٢) نوعی کُلاه زنانه.

تەپڵە: کەلارە، دەفری لەشیاکە ف ظرف از سرگین.

تەپڵەســـەر: تۆقـەسـەر، تەوقی سەر، بەرزتـرین شوێن لە هەرشتێ ف بلندترین نقطهٔ هر چیز.

تەپڵەقو: دارێکی لێرەوارە لەبەلاڵۆکە کێویلە دەکا ف درختی است جنگلی.

تەپڵەك: ١) دەپی سەرکـوڵـەکەو بن‌میچ؛ ٢) تەپەکڵاو؛ ٣) تاس کڵاوی ژنـان؛ ٤) دەفـری ژێر سیغار؛ ٥) کورسیلەی شت لەسەر دانان؛ ٦) بانی گڵەبـان نەکـراو ف ١) تخته‌پارهٔ میان ستون و سقف؛ ٢) دایرهٔ وسط عرقچین؛ ٣) نوعی کلاه زنانه؛ ٤) زیرسیگاری؛ ٥) عسلی؛ ٦) بامِ کاه‌گل نشده.

تەپڵی باز: تەپڵی بچوُك کەلەڕاوە بازا نەیکوتن ف نوعی طبل کوچك.

تەپڵی تۆپێن: گەمەیەکە منداڵ‌و لاو دەیکەن ف نوعی بازی کودکان و نوجوانان.

تەپڵی سەر: تەپڵە سەر ف روی سر.

تەپڵی گۆش: پەردەی گوێ: (پۆسێ تەپڵی گۆش نەم کێشان کەم‌کەم) «مەولەوی» ف پردهٔ گوش.

تەپڵی گوێ: تەپڵی گۆش ف پردهٔ گوش.

تەپۆ: ١) مێشوُلەی لاق‌و دندوك درێژ؛ ٢) لارومەت شۆڕی بێ‌ددان؛ ٣) نەفام‌و دەبەنگ ف ١) نوعی پشه؛ ٢) گونەها فرورفته از بی‌دندانی؛ ٣) بی‌شعور.

تەپوتـــل: هەڵس‌و کەوت، مات‌بون‌و جولاًن پێکـەوە ف جَست‌وخیز، افتادن و برخاستن.

تەپوتۆز: تۆزو غومار ف گرد و غبار.

تەپو تۆمان: ١) تۆزو غومار؛ ٢) مژی داوەستاو ف ١) گردو غبار؛ ٢) مه غلیظ و راکد.

تەپوخ: رەت بردن، هەڵەنگوتن، ساتمەکردن ف سِکندری.

تەپو دوُمان: مژی زۆری داوەستاو ف مه غلیظ راكد.

تەپوكۆ: تەپوتل ف نگا: تەپوتل.

تەپۆكە: گردولكە، تەپكی نەزۆر بڵند ف تپهٔ کم ارتفاع.

تەپۆلكە: تەپۆكە ف تپهٔ کوچك.

تەپۆڵكە: تەپۆكە ف تپهٔ کوچك.

تەپومژ: مژی بەقەوەت ف مه غلیظ.

تەپۆنكە: تەپۆكە ف تپهٔ کوچك.

تەپونم: باران و مژ پێكەوە ف هوای بارانی مه‌الود.

تەپە: ١) دەنگی كەوتنی شتی نەرمی قورس؛ ٢) دەنگی پای بنیادەم؛ ٣) تەپڵەكی ئارەخچن؛ ٤) گرد، كێوی چكۆڵە ف ١) صدای افتادن شیئی نرم و سنگین؛ ٢) صدای پا؛ ٣) دایرهٔ وسط عَرَقچین؛ ٤) تپّه.

تەپەتەپ: تەپتەپ ف نگا: تەپتەپ.

تەپـەتـڕە: برێتی لە ساوای تازەپێ گرتو كە دەكەوێ و هەڵدەستێتەوە ف کنایه از نوپای اُفتان و خیزان.

تەپەدان: بەسەریەكا كردن و لەسەریەك هەڵچنین ف توده کردن و برهم انباشتن.

تەپەدۆر: زاربێنی شوشە لەداری نەرم ف چوب‌پنبه.

تەپەدوكەڵ: دوكەڵی زۆر ف دود زیاد.

تەپەسەر: سەركۆنە، سەرزەنشت ف سرزنش.

تەپـەكـڵاو: ١) پارچەی تەپڵەسەر داپۆش لە ئارەخچن‌دا؛ ٢) تەختەی گرۆوەر لەسـەر چەلاكـی خێوەت و رەشـمـاڵ ف ١) دایرهٔ وسط عرقچین؛ ٢) کُلاهك ستون چادر.

تەپەلۆك: تەپاڵەی پێژراو ف تاپاله.

تەپیان: رمان، بەسەریەكا هاتنی دیوار ف فروریختن دیوار.

تەپین: ١) روخان، بەسەریەكا هاتنە خواری دیوار، تەپیان؛ ٢) دانەپین، نەوی بون و قوپانی شت ف ١) ریزش دیوار؛ ٢) فرورفتگی.

تەپیو: روخاو، رمیاگ ف ریزش کرده.

تهتاوك: نەعناكێویلكە ف نعناع کوهی.

تەترەك: تەرزە، تەزرە، تەیروك ف تگرك.

تەتك: ١) لەپك، دەسكێش؛ ٢) سمت و ساتان ف ١) دستکش؛ ٢) باسن.

تەتلەمیران: كرمێكە ئەستور دورێژ پای هەس، رەش وسپی یە ف کرمی است کُرك‌دار.

تەتن: قوڕ، حەڕی، هەڕ ف گِل.

تەتـە: ١) بوُكەڵەی منالان لەقوڕ یان لە هەویر؛ ٢) پوُر، خوشكی باوك، مەت، پلە؛ ٣) خێشـك بۆ زەوی لوس كردن ف ١) عروسـك گِلی یا خمیری؛ ٢) عمّه؛ ٣) بَزن.

تەتـەر: ١) شاتـر، پیاوی بەپێ؛ ٢) كەسێ نامـە دەبـاو دینێ ف ١) سریع‌السیر؛ ٢) نامه‌بر.

تەتەری: سماق، ترشی سماق ف سُماق.

تەتەشۆر: تاتەشوار، جێگەی مردو لەكاتی شۆردن ف سنگ یا تخته مُرده‌شوری.

تەتەڵە: ١) پارچە تەختە یان پارچە بەردی پانكەڵە بۆ لەسەر نوسین؛ ٢) نێوان ران و مۆغـەرەپشت، كەمـەر لە پشتـەوە؛ ٣) رومەت و لاجانگ پێكـەوە؛ ٤) پاك كردنی دەغڵ و توتن بەهەڵتەكاندن ف ١) لوح؛ ٢) کمر؛ ٣) گونه، رُخسار؛ ٤) بوجاری.

تەتەڵەكردن: ١) هەڵتەكاندنی دەغڵ و توتن بۆ پاك بونەوە؛ ٢) هەڵەكردن لەقسەداو زمان تێكەڵ بون؛ ٣) بەهەڵە چون لە نیشانە ئەنگاوتندا ف ١) بوجاری؛ ٢) زبان به تته‌پته افتادن؛ ٣) به‌هدف نزدن.

تەتەڵەمیران: ١) تەتلەمیران؛ ٢) گاڵتەو گەمە ف ١) کرم کُرك‌دار؛ ٢) شوخی.

تەتی: ١) سمت و ساتان؛ ٢) ئاودەس ف ١) باسن؛ ٢) مستراح.

تەجە: تەگە، نێرەبزن، سابرێن، ساورێن ف نهاز، پیشرو گله.

تەجەنەر: تەگە ف نهاز.

تەجیر: تامان، تەیمان، دیواری لەشوُڵ، چەپەر ف پرچین.

تەجیری: هیزە، خیگ، خیگە، پێستە ف خیگ.

تەح: وشەی سەیرمان ف حرف تَعَجُّب.

تەحا: تەح ف حرف تَعَجُّب.

تەحام: خواردەمەنی، شیو ف خوراك.

تەحامات: خواردەمەنی جۆربەجۆرو رەنگاورەنگ ف خوراکیهای رنگارنگ.

تەحت: ١) شاخ، كێوی لەبـەردی لوس و بڵند؛ ٢) لباد، نمد ف ١) کوه سنگی؛ ٢) نمد گُستردنی.

تەحتەقاپـو: ئاوایی نشین، بەرانبـەری چۆلپـەرست و كۆچەری ف تختەقاپو.

تەحتیل: وچان، رۆژی پشودان، بەتاڵی، بێكاری ف تعطیل.

تەححا: وشەی سەیرمان و سەرسوڕمان ف کلمهٔ تَعَجُّب.

تەحر: ١) تەرز، شێوە؛ ٢) بیچم ف ١) طرز، شیوه؛ ٢) سیما.

تەحرە: جەنگەی گەرمای نیوەڕۆ ف گرمای نیمروز.

تەحس: خلیسك، شەمەت ف لیز.

تەحسین: خلیسكان، شەمتین ف لغزیدن، لیز خوردن.

تەحفیل: بیسمیل، خاوێن بونـەوەی پیس بەشـوشتن ف شُستن و پاك كردن. نجس.

تەحل: تاڵ، تار، بەرانبەری شیرین ف تلخ.

تەحڵك: ١) تاڵكـە، جۆرێ گزكـە كە هەتـا كاڵـە تاڵـە؛ ٢) رەش تاڵە، ئەسمەری ئاماڵ رەش ف ١) نوعی گرمك؛ ٢) سیه‌فام.

تەحلەسێف: گوژالك، كاڵەكە مارانە ف هندوانهٔ ابوجهل.

تەحلی: ١) چێژەی تاڵی؛ ٢) تاڵیشكە، گیای كەوان ف ١) تلخی؛ ٢) نام گیاهی است.

تەحلیشك: ١) تاڵیشكە؛ ٢) ئاوی تاڵ و سوێر ف ١) نگا: تاڵیشكە؛ ٢) آب تلخ و شور.

تەحین: دۆشای كونجی، شیرەی كونجی، راشی ف شیرهٔ کنجد.

تەخ: دەنگی گەراندنەوەی گاجوت لەسەر خەت ف حرفِ هدایتِ گاوِ شخم‌زن.

تەخـار: کێش و پێوانـەیەکی دەغڵە. *لەمـوکـوریان چوار تەنـەکەیە، لە کوردستانی عیراق ٦٤ تەنەکەیە* ف واحدی برای وزن غلّه.

تەخاراو: کوپەی زەلامی سەرئاواڵە بۆ دەفری ئاو ف تغار آب.

تەخت: ١) گوڕ، ڕێك، بێ کەنـدو کلۆ و راست؛ ٢) چارپـایەی لەسـەر نوستن؛ ٣) کورسی لەسـەر دانیشتنی پاشا؛ ٤) بێ خوارو خیچی ف ١) هموار؛ ٢) تختخواب؛ ٣) اریکهٔ سلطنت؛ ٤) بدون کجی.

تەختان: گوڕایی، هەردی راست و تەخت ف زمین هموار.

تەختانی: تەختان ف زمین هموار.

تەختایی: تەختان ف زمین هموار.

تەخت بون: راستبونی شوێنی بەکـەنـدو کلۆ، بریتی لە تێك روخانی تەواو ف هموارشدن کندولند، کنایه از ویران شدن بەکلی.

تەخت‌ڕەوان: کەژاوەی یەکچاوە کە بەچواردەستان هەڵدەگیرێ ف تختِ روان.

تەخت کردن: ١) راست کردنی زەوینی ناراست، بریتی لە وێران کردنی ئاوایی؛ ٢) خۆش و سازکـــردن: (کـەیفی خۆی **تەخت** کرد) ف ١) هموار کردن زمین، کنایه از ویران کردن؛ ٢) به آرزو رسیدن.

تەختە: ١) دەپ، داری پان تاشراو؛ ٢) پانایی و راستی بەرد؛ ٣) پارچە لەکـوتاڵ یان لەکوێنی چادر؛ ٤) دوکانی داخراو: (دوکانەکەی **تەختە** کراوە، بازار **تەختەیە**)؛ ٥) تاوڵی، ئامرازی نەردێن لەسەر کردن ف ١) تختهٔ چوبی؛ ٢) تختەسنگ؛ ٣) تختهٔ قُماش؛ ٤) دکان و بازار بسته؛ ٥) تختەنرد.

تەختـەبـەن: ١) کەت، تەختی لەتەختەو چوارگۆشەو گەورە بۆ لەسەر نوستنی هاوینان؛ ٢) محەجەری ف ١) کَت؛ ٢) نردە.

تەختەبەند: تەختەبەن ف نگا: تەختەبەن.

تەختەپوت: مۆرانەی دارخۆر، مۆریانە ف موریانە.

تەختەپۆش: ١) سەنگ پۆشی ئاوەزۆ، نۆین؛ ٢) تەختەبەندی میچ ف ١) سنگ‌فرش آبراه؛ ٢) پروار، تختەهایی که سقف رابدان پوشند.

تەختەدار: دەپی دارین ف تختە.

تەختـەڕەش: دەپەڕەش، ئەوتەختەی رەش دەکرێ و لە فێرگە لەسەری دەنوسن ف تختەسیاه.

تەختەساف: کلاٌفەدەزوی لەسەر پارچەمقەبا هەڵکراو ف قرقرهٔ مقوائی پهن.

تەختەقـاپـو: ئاوایی نشین، بەرانبـەری کۆچـەری چۆل پەرست ف تختەقاپو.

تەختەقاپی: تەختەقاپو ف تختەقاپو.

تەختی ڕەوان: تەخت ڕەوان ف تخت روان.

تەخدەمە: بەرکوت، دەغڵێ کەبەرلە دروێنە هێندێکی دەدرون وەدەیکوتن ف مقدار کمی از غلّه که برای آزمایش آنرا می کوبند.

تەخسیر: ١) لەش گرانی، تای سوك؛ ٢) ژنێ کەمێرد سەرجێی ناکا؛ ٣) کۆتایی، گوناح، هەڵە ف ١) کسالت؛ ٢) زن بی نصیب از همخوابگی شوهر؛ ٣) تقصیر.

تەخش: تیری هەواڵی کەوان ف تیر، سَهم.

تەخشـان: بلاوکردن، دەگەڵ پەخشان ئێژن: (ماڵەکەی هەموٌ **تەخشان** پەخشان کرد) ف ریخت‌وپاش کردن.

تەخشك: رفحە، رفە ف طاقچە.

تەخلیت: ١) جوٌر، تەرز؛ ٢) بەدەڵ، لەباتی عەسڵی ف ١) نوع، گونە؛ ٢) بَدَل.

تەخمین: بەراورد، لێکدانەوە ف حدس.

تەخنـك: قاپی گەورەی لەمس، سەعـەندی گەورە، لەگەنی چێشت ف ظرفِ بزرگِ مسین.

تەخەر: بەشی زوربە، زۆرینە، زۆرتری ف اکثریت.

تەڕ: ١) شل، بەئاو، بەرانبەری زوها؛ ٢) وشەیەکە واتای زۆرباش دەدا: (**تەڕ**م زانی)؛ ٣) واتای گاڵتە پێ کردن: (**تەڕ**ت نەزانی) ف ١) خیس، تر؛ ٢) بەمعنی خیلی خوب؛ ٣) کلمهٔ تَمَسْخُر.

تەڕا: پاش *تاك* دێ، واتای تەنیاو چلۆنکایی دەدا: (تاك و **تەڕا** لێرو لەوێ پەیدا دەبن) ف بعد از کلمهٔ *«تاك»* معنی مهجور و تنها می‌رساند.

تەڕابـون: ١) لە بڵندەوە کەوتن؛ ٢) وێڵ بون، لەماڵ دورکەوتنەوە ف ١) پایین افتادن؛ ٢) مَهجور ماندن.

تەڕات: رمبازی ئەسپ، هاتوچۆی ئەسپ لە مەیداندا ف جولان اسب در میدان.

تەڕاتێن: رمبازی، هاتوچۆکردنی ئەسب ف جولان اسب در میدان.

تەڕاخۆمە: نەخۆشیەکی چاوە ف تراخُما.

تەڕاد: ١) پێستی خاڵێکە، پێستی سەرکەلەکە؛ ٢) گۆشتی چەقاڵتە؛ ٣) تەرات ف ١) پوست تُهیگاه؛ ٢) غُدّهٔ گوشتی؛ ٣) نگا: تەرات.

تەڕار: تاسولکەی ئاوخواردنەوە، زەرك ف طاسِ آبخوری.

تەڕاز: ١) رێك، بەرانبـەر؛ ٢) وەك، وێنە؛ ٣) ئامرازێکی بەنایانە، رێکی و بەرانبەری دیواری پێ بەراورد دەکەن ف ١) یکسان، تَراز؛ ٢) مانند؛ ٣) تراز بنّایی.

تەڕازن: تەڕەزن، مێرگی زۆر ئاودار ف چمنزار خیس.

تەڕازو: ١) ئامـرازی کێشـانی دانـەوێڵەو میوە، تەرازی؛ ٢) کۆمـەڵـە ئەستێرەیەکە لە عاسمان ف ١) ترازو؛ ٢) بُرج میزان.

تەڕازوباز: کەم‌فرۆش، کەسێ کە لە تەرازوکێشان فێڵ دەکاو کەم دەدا ف کم‌فُروش.

تەڕازومەند: تەرازوراست، بێ فێڵ لە کێشاندا ف درست کار در وزن کردن.

تەڕاش: تلیش ف تراشە.

تەراش: سەروڕیش چاك کردن ف اصلاح سر و صورت.

تەراشتن: تاشین، تراشین ف تراشیدن.

تەراشین: تاشین ف تراشیدن.

تەراف: ١) سمت و کەفـەلی یەکسم؛ ٢) تەڕاد؛ ٣) مێورە ف ١) کَفَل چهارپا؛ ٢) پوست و گوشتِ تُهیگاه؛ ٣) شاخه هَرَس شدنی تاك.

تەرافکرن: بڕینی ڕەز، باغ بڕین ف هَرَس کردنِ تاك.

تەڕاڵ: ١) تەمەڵ، تەپ، سست و بێکار؛ ٢) تەڕاد ف ١) تنبل، سُست؛ ٢) نگا: تەڕاد.

تەڕاو: ١) سواغی ماڵ بە گڵەسپی؛ ٢) نەماو ف ١) نوعی گچکاری؛ ٢) نابود.

تەڕاوبەڕا: هەڵلاداد، تێکوپێك ف هَرج و مَرج.

تەڕایی: بەئاوی، دژی وشکایی ف تَری، نمناکی.

تەڕبون: ١) شل بون، بەئاوبون؛ ٢) برێتی لە تەمێ بون و پەند وەرگرتن: (هێنــده بێ‌باره بەهیچ شتێ تەڕ نابێ) ف ١) خیس شدن؛ ٢) درس عبرت گرفتن.

تەڕ بونەوە: ١) حەیوان کە لە کاخواردن رزگار دەبێ و گیاشین دەخوا؛ ٢) برێتی لەو کەسانەی بەپیری ژن دێنن یا شودەکەن ف ١) حیوانی کە پس از گذراندن زمستان از گیاه و سبزهٔ تازه بچرد؛ ٢) کنایه از کسی کە در پیری همسر گیرد.

تەڕبی: دار بەلاڵوکە کێویلە ف درختِ آلبالوی کوهی.

تەڕپل: رەت، هەڵەنگوتن، ساتمەبردن ف سِکندری.

تەڕپلین: رەت بردن، هەڵەنگوتن، ساتمەبردن ف سکندری خوردن.

تەڕپۆش: کەسێ جلکی باش دەبەر دەکا ف شیك‌پوش.

تەڕپیر: پیری دڵ زیندوی بەهەوەس ف پیر دل‌زنده.

تەرت: ١) بلاو، پەرێشان، پەرژ؛ ٢) لەبەین‌چو، لەناودا نەماو؛ ٣) کەمرە، گەمرە؛ ٤) بێشە، دەوەن ف ١) پراکنده؛ ٢) از میان رفته؛ ٣) سرگین خشك شُده؛ ٤) بیشه.

تەرتوتونا: هەرنەماو، لەبەین‌چو، فەوتاو بەیەکجاری ف تارومار، نابود.

تەرتول: کرمێکە ئافاتی گیاشین، کرمی سەوزی ف کرمِ آفت گیاهان.

تەرجسە: شین بونەوەی شوێنی لێدراو ف کبودی اثر ضربه.

تەرجمان: دیلمانج، وەرگێڕ، پاچڤەکەر ف مترجم.

تەرجومە: دیلمانجی، پاچڤە، وەرگێڕان ف ترجمە.

تەرجەمە: تەرجومە ف ترجمە.

تەرچك: شینکەی تەڕو تازە ف سبزهٔ شاداب.

تەرح: ١) بیچم، شکڵ و سەرو سەکوت؛ ٢) وەك، لەگوێن؛ ٣) قل، لق، لاسکی گیاو گوڵ ف ١) شکل و قیافه؛ ٢) شبیه؛ ٣) ساقهٔ گل و گیاه.

تەرحەك: جۆرێ درّو، نەوعێ چقڵ ف نوعی خار.

تەرحی: جۆرێ سەرپۆشی ژنانە ف نوعی روسری.

تەرخ: وازهێنان، دەست هەڵگردن، تەرك ف تَرك کردن.

تەرخان: ئازاد لەباج و بەهرەی ئاغا ف مَعاف از مالیات و بهرهٔ مالکانه.

تەرختە: پشتەمازە، موّغەرە ف مازە.

تەرخون: جۆرێ سەوزی خواردن ف ترخون.

تەرداس: تەورداس ف داس شاخەبُری.

تەڕدەس: ١) مەزبوت، چالاك؛ ٢) زو، لەز؛ ٣) دەس ڕەنگین و چازان ف ١) چابك؛ ٢) زود؛ ٣) ماهر، زَبَردَست.

تەڕدەست: تەڕدەس ف نگا: تەڕدەس.

تەڕدەستی: ١) چاپکی؛ ٢) لێزانی و دەسڕەنگینی ف ١) چالاکی؛ ٢) مهارت.

تەڕدەم: قسەزان و بەگفت‌ولفت ف سخن‌دان.

تەرز: ١) لکی داوە بەن ئاسای رەز؛ ٢) سەرلکی باریکی برکە بێستان؛ ٣) وەك، وەکو؛ ٤) جۆر، نەوع؛ ٥) جوان و لەبار ف ١) شاخه باریك و نخ مانند تاك؛ ٢) شاخ و برگ گیاهان پالیزی؛ ٣) مانند؛ ٤) نوع؛ ٥) زیبا و دلپسند.

تەرزمان: تەڕدەم ف سخن‌دان.

تەرزوان: تەڕدەم ف سخن‌دان.

تەرزە: تەیرۆك، گللێرە ف تگرگ.

تەرزەشکێن: تەرزەکوت ف نگا: تەرزەکوت.

تەرزەکـوت: دار یان زەرعـاتێکی تەرزە لێی دابێ ف میوه یا محصول زیان دیده از تگرگ.

تەرزەلوٗکە: گللێرکە، تەرزەی ورد ف تگرگِ ریز.

تەرس: گوی یەکسم ف پهن.

تەرسە: پێچەوانە، بەراوەژی ف برعکس، وارونه.

تەرسەقول: گوی کەر بەوشکی ف سرگین خُشکیده اُلاغ.

تەرش: کەری، کەرك، کەرتکە ئاژەڵ ف بخشی از گلّه.

تەرشداری: مەڕداری، ئاژەڵداری ف گلەداری.

تەڕقام: خاوەن سەلیقە، بەزەوق ف خوش‌ذوق.

تەرفك: پارچە دەزو، داوەدەزو ف تکه‌نخ.

تەرك: ١) تەرخ؛ ٢) بەشی دواوەی زین کە هەگبەی لەسەر دادەبەستن؛ ٣) چەکی شەڕ ف ١) ترك؛ ٢) قسمتِ عقبی زین؛ ٣) اسلحه.

تەڕك: خشڵێکی ژنانە ف نوعی زیور.

تەڕك: ١) داردەستی ئەستور؛ ٢) ئێزنگی ئەستورو تەڕ؛ ٣) برێتی لەکێر ف ١) چماق؛ ٢) هیزم تر و کلفت؛ ٣) کنایه از آلت مرد.

تەرکبەند: بەن سامۆرتە ف ترکبند، فتراك.

تەرکردنەوە: لەوەڕی سەوزدان بەماڵات دوای زستان ف دادنِ عَلَفِ سبز بەدام بعد از مدتی خوردن علف خُشك.

تەرك کەوتـن: ١) لەجێ چونـی جوجکــە سمت؛ ٢) لەجێ چونی جومگەی پەلی ماڵاتی بەرزە ف ١) از جا در رفتن دنبالچه؛ ٢) از جا در رفتن مچ پای دام.

تەرکە: ١) شوُل، توُل، شولك؛ ٢) جۆرێ قامیشی ناوبڕ ف ١) ترکه؛ ٢) نوعی نی توپُر.

تەرکەدنیا: پیاوی چاکی دورەدنیا ف زاهد.

تەرکی: لای کەفەڵ لە زیندا، جێ خورج و هەگبەی سوار ف فتراك.

تەرگ: تەرزە، تەیرۆك، گللێرە ف تگرگ.

تەرگژۆك: تەرزە، تەیرۆك، گللێرە ف تگرگ.

تەرگـە: چارەکـەی کوّڵ، کوّڵـوانـە: (شیققـەی فەلـەکـول ئەتلەس و ئەستونـەیی زەڕین / بێ بیکە بەتارای سەرو تەرگەی خەزو والاّ) «نالی» ف شنل.

تەرگەوەڕ: مەڵبەندێکە لە کوردستان ف نام بخشی از کردستان.

تەڕلان: ١) مەلـێکی ڕاوکــەرە لە تیرەی بازو شەهـێن؛ ٢) برێتـی لە جوان‌چاکی دلڕفێن ف ١) از پرندگان شکاری؛ ٢) کنایه از زیبای دلربا.

تەڕلە: گیایەکی دەشتە ئەخورێت ف گیاهی است خوردنی.

تەرم: ١) بنکـوڵی ڕەز، تەکمیش؛ ٢) جەنـازە، لاشـە، جەنـدەك؛ ٣) حەوبـراله، حەوتەوانه، حەوت ئەستێرەن لەعاسمان ف ١) پی زدن و سست کردن خاك رز؛ ٢) جنازه؛ ٣) ستارگان هفت برادران.

تەرماڵ: سمتی چارەوی. کەفەڵی یەکسم ف کَفَل چارپا.

تەرمێ نویحی: ئەستێرەی حەوبراله ف ستارهٔ هفت برادران.

تەڕن: ١) فێڵباز، گەڕسان، دەس بڕ، زوان شڕ؛ ٢) بێ فەڕ و بەئازار ف ١) ناروزن؛ ٢) مردم‌آزار.

تەرنه: چەمەڕایی، چاوەنوڕی، چاف نێری ف انتظار.

تەرنەبابیله: پەڕەسێلکه، پەڕەسلێرکه، حاجی ڕەشك ف پرستو.

تەرو: تێرو، تیروێ، دارێکـی دەوەنـە بۆ بالـوکـە بنـی با دەدەن ف درختچه‌ایست جنگلی.

تەرواڵ: ١) هەرزاڵ، پێڕك، سەکۆی لەدار لەڕەشماڵدا؛ ٢) رفحه، رفه ف ١) سکوی سیاه چادر؛ ٢) رف.

تەرواڵه: تەرواڵ ف نگا: تەرواڵ.

تەڕوبڕ: زۆرتەڕ ف بسیار خیس.

تەڕوتازه: شەق‌و نێراو، لەشۆق‌و تورت ف تروتازه.

تەڕوتوش: هەوای پڕلە هەورو باران ف هوای بارانی.

تەڕوتوشی: دەمی پڕلە هەورو بارانی زۆر ف موسم بارندگی بسیار.

تەروزی: تروزی، تریزو، چەمیله، کالیاری فەریك‌و کاڵ ف خیارچنبر.

تەروەتـده: ١) کەم وێنـە، هەڵکـەوتـە؛ ٢) نۆبـەرەی گوڵ‌و میوه ف ١) کم‌نظیر؛ ٢) نوبر.

تەره: ١) ئەوقوڵکەی توتن یان میوەی تێدە کەن‌و بەگیا دای دەپوشن؛ ٢) لەلانە تۆراوی بە یەکجاری؛ ٣) برێتی لە ئاوارە ف ١) گودالی که میوه یا برگ توتـون در آن می‌گذارنـد و با گیاه می‌پوشـانند؛ ٢) از خانه رمیدن؛ ٣) کنایه از آواره.

تەڕە: ١) میوەی بێستان؛ ٢) کەوەر ف ١) میوهٔ جالیزی؛ ٢) تره.

تەڕەبار: باری میوەی بێستان ف تره‌بار.

تەڕەبەهار: بەهاری زۆر پڕ باران ف بهار پر بارش.

تەڕەبیرۆ: نەخۆشیەکی پێسته، سەودایی ف اگزمای پوستی.

تەڕەپەنه: گیایەکه ف گیاهی است.

تەڕەپیاز: پیازی شین، گەڵاپیازی ناسك ف پیازچه.

تەڕەتوره: ١) تەڕەتیزه؛ ٢) تۆڵەکه ف ١) شاهی؛ ٢) پنیرك.

تەڕەتیزه: تەڕەتوره ف شاهی.

تەرەجه: تاك، بەتەنیا ف یکه.

تەرەدوا: ١) تۆرانی یەکجـارەکی؛ ٢) دەرکردن بۆ همیشه ف ١) برای همیشه قهر کردن؛ ٢) برای همیشه اخراج کردن.

تەرەدین: پەتیاره، شێتۆکه، کەللەیی ف خُل.

تەڕەزا: حەیوانی تازەزاو ف حیوان تازه زاییده.

تەرەزن: تەڕازن ف نگا: تەڕازن.

تەڕەزەن: حەیوانی تازه زاوی زۆر شیردەر ف حیوان تازه زائیده بسیار شیرده.

تەرەس: بێ‌ناموس، خوێڕی ف پست و رذل.

تەڕەساز: شەلەمینی تەڕ، ترخێنه بەتەڕی ف آش شلغم و گندم.

تەڕەساڵ: ساڵی زۆر بە باران ف سال پُر بارش.

تەڕەسلێمانه: گیایەکه ف گیاهی است.

تەڕەشوح: ئاوەدەڵاندن، رتوبەت، نمداری ف ترشُح.

تەڕەشوع: تەڕەشوح ف ترشُح.

تەرەغه: شاخێکی بەرزە لەموکوریان ف نامِ کوهی در منطقهٔ مکریان کردستان.

تەرەف: لا، ئالی ف طرف، سو.

تەرەقه: چەشنی ف ترقه.

تەرەقی: بەرزتر بونەوە لەوباری هەیه ف تَرَقّی.

تەڕەکاری: میوەی بێستان‌و سەوزیجاتی هاوینه ف محصولات جالیز.

تەڕەکاڵ: شێوکردنی زەوینی باران لێ‌باریو ف شخم زدنِ زمینِ باران خورده.

تەرەکه: جۆرێ قامیشی باریکی ناوپڕ ف نوعی نی باریك و توپُر.

تەڕەماست: ماستێ که بۆزستان ڕادەگیرێ. پیوی بەسەردا دەکەن ف ماستی که برای زمستان نگهداری می‌شود.

تەڕەمـاش: ١) ماشی سەوز، ماش دەکەلودا؛ ٢) برێتی لەشتی نەهێژاو بێ‌نرخ ف ١) ماش سبز؛ ٢) کنایه از چیز بی‌ارزش.

تەڕەماڵه: ١) ماڵەکێشانی سواغ؛ ٢) درونەی بەلابڕ بێ سواڵه ف ١) اندودن؛ ٢) نوعی درو.

تەڕەنداز: تەڕپۆش ف شیك‌پوش.

تەڕەوەز: تۆچاندنی پاش باران ف تُخم‌افشانی پس از باران.

تەرەوەژه: مەلێکه، باڵداریکه ف پرنده‌ایست.

تەرەون: تەرو ف نگا: تەرو.

تەرەوەن: تەرو ف نگا: تەرو.

تەریان: تریان ف سَبَد کوچك میوه.

تەڕی: بەرانبەری وشکی، ئاوداری ف تری.

تەری: ١) جوچکـە سمت، کلێنچکـە، نێسکی قونێ؛ ٢) دوگ ف ١) دنبالچه؛ ٢) دنبه.

تەریب: درونی تەقەڵ درشتی قیچەڵفاچ ف دوختن با بخیهٔ دُرُشتِ مورب.

تەریبدان: دورین به تەقەڵی درشت بۆ قایمتر بون ف دوختن با بخیه بطور مورب برای مُحکم‌کاری.

تەریده: چەته، ڕێگر، گۆران ف راهزن.

تەڕیزه: خاڵیگه، کەلەکه ف تهیگاه.

تەرێف: پیس، گڵاو، گەمار، کۆتی ف پلید، نجس.

تەریق: شەرمەزار، فهێت‌کار، خەجاڵەت ف خجل، شرمنده.

تەرێق: تەریق ف خَجل، شرمنده.

تەریق بونەوه: خەجاڵەت بون، بەشەرمدا کەوتن ف شرمنده بودن.

تەرێق بونەوه: تەریق بونەوه ف شرمنده شُدن.

تەریقی: شەرم کردن، خەجاڵەتباری ف خجالت کشیدن.

تەرێقی: تەریقی ف خجالت کشیدن.

تەریك: دورەپەرێز، بێ‌لایەن: (لە زەرەران شەریکم، لە قازانجێ **تەریکم**) ف بی‌نصیب.

تەرینە: تەروف نگا: تەرو.

تەز: ١) بێ‌هەست‌بونی ئەندام، سڕبون، لەگۆچون؛ ٢) ساردی‌و فێنکی: (قسـەی ژنە بۆمێرد: زڤستان بەزو ئەز، بەهارا پەزو ئەز، هاوینێ **تەزو** ئەز، پایزا رەزو ئەز) «فۆلكلۆر» ف ١) كرخی اندام؛ ٢) برودت. سردی.

تەزبی: تەزبێح، تەسبێح، لیزگەی دەستی پیاوان، تزبی ف تسبیح.

تەزان: مروچەكردن، سڕبون ف كرخ شدن، بی‌حس شدن.

تەزاندن: مروچەپێ‌كردن، سڕكردن، لەگۆ بردن ف كرخ كردن، بی‌حس كردن.

تەزرە: تەرزە، ئەیرۆك ف تگرگ.

تەزك: سڕكەر، لەگۆبەر ف كرخ‌كننده، بی‌حس كننده.

تەزگ: ١) سڕی، بێ‌هەستـــی ئەنـــدام؛ ٢) تەزرەی درشت ف ١) بی‌حسی؛ ٢) تگرگ درشت.

تەزگا: ئاگردان، ئاورگ ف آتشدان.

تەزو: ١) سڕی؛ ٢) مچـــوڕك؛ ٣) سۆزەی سەرمـــاو بای سارد ف ١) كرختی؛ ٢) تیركشیدن اندام؛ ٣) سوز سرما.

تەزی: ١) سڕبو، لەگۆچو؛ ٢) سارد، بەتایبەتی بۆئاوەدەڵێن: (**ئاوا تەزی**) ف ١) بی‌حس شده؛ ٢) سرد.

تەزیگ: سڕبو، بێ‌هەست‌بونی ئەندام ف بی‌حس شده، كرخیده.

تــەزین: لەگۆچــون، سستیــونی ئەنــدام، سڕبون ف بی‌حس شدن، كرخیدن.

تەزیو: سڕ ف بی‌حس شده.

تەژ: لوڕ، ژێر جلی بارەبەر ف عرق‌گیر ستور.

تەژبی: وێچون، هاوێنەیی: (**بیلاتەژبی**، ئەویش وەكو تۆ زل بو) ف تشبیه.

تەژبیات: تەژبی ف تشبیه.

تەژگ: كەتان، جۆرێ قوماش ف پارچهٔ كتانی.

تەژگا: ئاگردان، ئاورگ، تەزگا ف آتشدان.

تەژنە: تینك، تی، تینو، تۆنی ف تشنه.

تەژە: ١) كۆڵەكە، ستون، ئەستوندەك؛ ٢) ئاڵودار، داری رایەڵی سەربان، دەستەك؛ ٣) تەگە، سابرێن، ساورێن، تەجە؛ ٤) زەلامی درێژی نالەبار، حۆل ف ١) ستون؛ ٢) الوار سقف؛ ٣) نهاز؛ ٤) لَندَهور.

تەژی: ١) پر، لیپاولیپ؛ ٢) تۆیش ف ١) پُر، مالامال؛ ٢) توهم.

تەژیر: هۆڵی مەڕ، ئاغەڵ ف آغل.

تەس: وشـەیەكە بۆ لێخوڕینی ئاژەڵ ف كلمه‌ایست كه برای راندن دام بەكار می‌رود.

تەسپۆك: سیخوڕ ف سیخول.

تەسـك: ١) تەنـگ؛ ٢) كـەم‌بەر، بەرانبەری بەرپان ف ١) تنگ؛ ٢) كم‌عرض.

تەسلیم: ١) خۆبـە دەستـەوەدەر؛ ٢) بریتی لە گیان دەرچون؛ ٣) دانە دەست ف ١) تسلیم؛ ٢) كنایه از جانسپردن؛ ٣) سپردن.

تەسمیل: تەسلیم ف تسلیم.

تەسە: ١) تەبەكی نان؛ ٢) تەشتی هەویرشێلان؛ ٣) كۆسپی سەر رێگە؛ ٤) رەت، هەڵەنگوتن ف ١) طبق نان؛ ٢) تشت خمیر؛ ٣) دست‌انداز راه؛ ٤) سكندری.

تەسەل: تێر ف سیر.

تەسەلا: سەبوری، قنیات ف شكیبائی.

تەسەلبون: تێربون ف سیرشدن.

تەسیار: ئێشك‌گری كاروان ف نگهبان كاروان.

تەش: ١) ئاگر، ئایەر، ئاور؛ ٢) نەتەرە ف ١) آتش؛ ٢) دوك.

تەشابی: رۆچنە، كڵاو رۆژنە ف روزنهٔ بام.

تەشاوی: تەشابی ف روزنهٔ بام.

تەشبریق: هەورە تریشقە، بروسكە ف آذرَخش.

تەشبەرە: كەللا، كەلا، هەڵمات، مەڕمەڕ ف تیله.

تەشبی: ١) تاوان، قەرەبوی گوناح؛ ٢) وەكو، چون ف ١) تاوان؛ ٢) تشبیه.

تەشبی تڕانە: تەبەقە تڕانە ف نگا: تەبەقەتڕانە.

تەشپی: ١) كاســەی دارین، بادیە؛ ٢) تەژبی؛ ٣) تاوان ف ١) كاسهٔ چوبی؛ ٢) تشبیه؛ ٣) تاوان.

تەشپی‌تڕێن: بریتی لە زۆرخۆر ف شكم‌پَرست.

تەشپیلۆكە: كاسەی دارینی گجكە ف كاسهٔ چوبی كوچك.

تەشپیلە: تەشپیلۆكە ف كاسهٔ چوبی كوچك.

تەشت: سوێنەی گەورەی هەویرو كوڵ تێداكردن ف تشت.

تەشتولكە: تەشتی چكۆڵە ف تشتك.

تەشتیر: توشتیر، بزنی بەر تەگە ف بزغالهٔ دوسالهٔ ماده.

تەشخە: تاقە، دەلاقە ف طاقچه.

تەشخەڵە: گەڕ، دەبە، شڵتاغ ف شلتاق.

تەشرین: تشرین ف نگا: تشرین.

تەشق: ١) بڵنـدایی هەوا: (كـۆترەكەم گەیشتە **تەشقی** عاسمانی)؛ ٢) توندوتیژی هەوا: (سەرما **تەشقی** نەما، لە **تەشقی** گەرمایە چوم) ف ١) اوج آسمان؛ ٢) شدت گرما و سرما.

تەشق شكـان: لەتوندی‌و بەهێزی كەوتن: (**سەرما تەشقی‌شكا**) ف از شدت كاستن.

تەشقەڵە: تەشخەڵە ف شلتاق.

تەشقەڵەباز: ئەوی گەڕ دەمەردم دەهاڵێنێ، دەبەكار ف مردم‌آزار.

تەشك: ١) بەرداوێن؛ ٢) لا، تەنشت؛ ٣) لنگ‌و لەتەر؛ ٤) داوێن؛ ٥) پانی درێژۆكە؛ ٦) تەرح، بەچك، بیچم؛ ٧) توندو تیژی سەرماو گەرما ف ١) دامـان؛ ٢) نزد، جنب؛ ٣) لنـگ؛ ٤) دامن؛ ٥) مستطیل؛ ٦) سیما و قیافه؛ ٧) شدّت سرما و گرما.

تەشكەبەڕە: بەڕەی درێژۆكە ف گلیم دراز.

تەشگا: ئاورگ، ئاگردان ف آتشگاه.

تەشلەخە: هەڕەت‌و جەنگەی سەرما ف اوج سرما.

تەشنەداری: گیایەکە هەتوانی لێ دروست دەکەن ف گیاهی است از آن یماد سازند.

تەشنی: گەروو، قورگ ف گلو.

تەشو: تەشوێ، تەپشوێ ف تیشه.

تەشوێ: تەشو ف تیشه.

تەشە: ١) رۆچنە، کلاوڕۆژنە؛ ٢) تاقەت، توان، تابشت ف ١) روزنه؛ ٢) توان.

تەشەر: تانە، قسەی بەتێکوڵ ف تَشَرْ.

تەشەکور: سوپاس، منەت، منە ف سپاس.

تەشەنا: ١) کێم و زوخاو هێنانەوەی برین؛ ٢) گرتنەوەو زیادکردنی کوان و زیپکە ف ١) چرك برآوردن زخم؛ ٢) سرایت زخم.

تەشەنە: تەشەنا ف نگا: تەشەنا.

تەشەنەك: بان مەلاشو ف جاندانه.

تەشی: تەتەرە، ئامرازی ساکاری بەن بادان ف دوك.

تەشی رستن: بەتەشی بادانی لۆکەو خوری ف دوك ریسی.

تەشیرە: ڕەوڕەوە، سێ پێچکەی منداڵ کەبەو فێرەڕۆیشتن دەبێ ف روروك.

تەشی ڕێس: ژنێ کە بە تەشی لۆکە یان خوری با دەدا ف دوك ریسی.

تەشی ڕێسك: مشك گرە، باڵدارێکی راوکەرە ف پرنده‌ای شکارچی.

تەشی ڕێسی: ١) بەتەشی بادانی کوڵکە؛ ٢) برێتی لە زمان لوسی و مەرایی ف ١) دوك ریسی؛ ٢) کنایه از تَملُّق و ریا.

تەشیلان: گاڵتەی هەڵمات، گەمەی مەڕمەڕێن ف تیله بازی.

تەشیلە: ١) هەڵمات، کەللا؛ ٢) غەڕغەڕە؛ ٣) خوری ئامادەی رستن ف ١) تیله؛ ٢) قرقره؛ ٣) پشمِ آمادهٔ ریسیدن.

تەشی هەڵکەر: ئامرازێکە لەقوڕو دار بۆ بەن لەسەر هەڵکردن ف پایهٔ دوك.

تەعام: خواردەمەنی ف خوراك.

تەعامات: خواردەمەنی جۆراوجۆر ف خوراکیهای رنگارنگ.

تەعل: تاڵ ف تلخ.

تەعەدا: دەست درێژی ف تعدی، دست درازی.

تەعەو: تاوك، دارێکی لێرەوارە، بەرێکی سوری بچوك دەگرێ ف درخت تاغ.

تەغار: تەخار ف نگا: تەخار.

تەغاراو: ١) تەخاراو؛ ٢) دەفری ئاوی پینەچی ف ١) تغار آب؛ ٢) کاسه آب پینه‌دوز.

تەغژ: ١) جۆرێ ترێی ڕەشکە؛ ٢) تلپە کشمیشی سرکە لێ گیراو ف ١) نوعی انگور سیاه؛ ٢) تُفالهٔ سرکهٔ کشمش.

تەف: میرهاتنی جگ، لەسەر باری لوس چەقینی قاب، شەگگە ف حالت بر سمت صاف ایستادهٔ قاپ.

تەفاری: جۆرێ هەنجیر ف نوعی انجیر.

تەفاریك: ١) مسکێنی تازەهاتو؛ ٢) کەسێ کە مەزرای لە گوندێکی دیکە هەبێ ف ١) تازه رعیّت شده؛ ٢) آنکه مزرعه‌اش خارج از قریه باشد.

تەفاوەت: تۆفیر، جیاوازی، تەوفیر ف تفاوت.

تەفایە: ١) مقەلی، مەنقەلی، ئاگردانی پچوك لەکانزا؛ ٢) وجاخ، ئاگردانی موبەق، تفك ف ١) منقل؛ ٢) اُجاق.

تەفتیك: کوڕوو، کوڵکەی نەرمی ژێرەوەی خوری‌وموی بزن ف کُرك.

تەفر: فەوتاو، نەماو. پێش *تونا* دەکەوێ: (یاخوا زاڵم **تەفرو تونابێ**) ف همراه «*تونا*» آید و معنی نابود دهد.

تەفرە: ١) فریو، خاپان، هەڵخەڵەتان؛ ٢) دەستاو دەست، حەواڵە بەگەواڵە ف ١) فریب؛ ٢) امروز و فردا کردن.

تەفرەخواردن: هەڵخەڵەتان، بەفریوچون، لەخشتە چون ف فریب خوردن.

تەفرەدان: ١) حەواڵە بەگەواڵە پێ‌کردن؛ ٢) فریودان، خاپاندن: (کێ **تەفرەی داوی** بەردی لێ‌باری) ف ١) امروز و فردا کردن؛ ٢) فریب دادن.

تەفسە: پەڵەی دەم‌وچاو ف لکهٔ صورت.

تەفشك: ١) تەلاش لەبەرد یان لەدار؛ ٢) کرێژە سەر ف ١) تراشهٔ سنگ و چوب؛ ٢) شورهٔ سر.

تەفشو: تەشوێ، تەشو، تەمشوێ، تەپشو ف تیشه.

تەفشوێ: تەفشو ف تیشه.

تەفشی: تەفشو ف تیشه.

تەفك: بی‌ئاقڵ، ناتێگەیشتو، کەم‌زان، گێلۆکە، دەبەنگ ف یَخمه.

تەڤ: ١) گش، هەمو، پاك؛ ٢) دەگەڵ، پێرا ف ١) همه، تمام؛ ٢) با، حرف همراهی.

تەڤا: وزە، هێز، تابشت، توان ف تاب و توان.

تەڤایی: ئاشتی و دۆستایەتی ف آشتی.

تەڤبیر: تەگبیر، شیرەت، راوێژ، پرس وڕا ف تدبیر.

تەڤدان: تێکەڵ کردن، لێکدان، تێکدان ف درهم آمیختن، بهم زدن.

تەڤدیر: تەڤبیر ف تدبیر.

تەڤر: ١) تەور، بیور، باڵتە؛ ٢) روبەند ف ١) تبر؛ ٢) روبند.

تەڤری: ١) گیایەکە؛ ٢) دارێکە لە بەلاڵوك دەکا ف ١) نام گیاهی است؛ ٢) درختی است شبیه آلبالوی کوهی.

تەڤز: تیز، گاڵتە پێکردن ف مسخره کردن.

تەڤزاندن: داپۆشین ف پوشیدنِ روی چیزی.

تەڤزك: جۆرێ هەنجیر ف نوعی انجیر.

تەڤزی: ١) تەزی، زۆر سارد؛ ٢) تەزیو، سڕ، لەگۆچو ف ١) بسیار سرد؛ ٢) بی‌حس.

تەڤزین: سڕبون، لەگۆچون، بێ‌هەست‌بونی ئەندام ف بی‌حس شدن.

تەڤزینە: دڕکەزی، زی، درویکە دەکرێتە پەرژین ف خاری است که در ساختن پرچین به‌کار برند.

تەڤژین: ١) شیاکە، ریخ، گوی شل و تەڕی ڕەشەولاخ؛ ٢) بەلەفێرە، شولین، زگ‌چون؛ ٣) پێ بونی ئاگر ف ١) پهن؛ ٢) اسهال؛ ٣) روشن شدن آتش.

تەڤگەڕ: هێدی نەدەر، دانەسکناو، هەمیشە لەجوڵەو بزوتندا ف همیشه در

حرکت، بی‌آرام و سکون.

تەڤلار: کول، تیخی نەبڕ ف کُند، مُقابل تیز.

تەڤ لهەف: تێکەڵ پێکەڵ، لێکدراو، تێك هەڵشێلدراو ف درهم آمیخته.

تەڤلی: های، ئاگاداری، خەبەرداری ف آگاهی.

تەڤن: تەون، مافور و بەڕەتەنین ف فرشبافی و گلیمبافی.

تەڤناپیری: داوی جاڵجاڵۆکە ف تار عنکبوت.

تەڤن‌پێچ: جاڵجاڵۆکە، جۆلاتەنە ف عنکبوت.

تەڤنك: داوی جۆلاتەنە، داوی جاڵجاڵۆکە ف تارعنکبوت.

تەڤنۆك: تەڤنك ف تارعنکبوت.

تەڤنەپیر: تەڤنك ف تارعنکبوت.

تەڤەر: تەوەرزین ف تبر زین.

تەڤی: پێکەوە، وێکڕا ف باهم.

تەق: ١) دەنگی ترۆقین، تۆقین: (گوللە تەقی)؛ ٢) دەنگی ڕەق وەڕەق کەوتن: (**تەق** لەدەرگام دا)؛ ٣) نەخۆشی سیل، دیق: (لەداخانا **تەقم** کرد)؛ ٤) تاك، تەنیا: (بەتەنی **تەقێ** مام) ف ١) صدای انفجار؛ ٢) تِق، صدای بهم خوردن؛ ٣) دِق؛ ٤) تك و تنها.

تەقا: ئەوەهاتو، بەڵکو، بەشکا ف فرضاً.

تەقالا: کۆششت، هەوڵ ف سعی و کوشش.

تەقالادان: هەوڵدان، ماندوبون بە کارێکەوە ف تقلا کردن.

تەقالا کردن: تەقالادان ف تقلا کردن.

تەقالك: ١) کلکە تەشی، دارێکی گرووەری کونە دەکلکی تەشی دەکرێ؛ ٢) خڕی پانی پچوك، وەك قورسی نەعنا؛ ٣) قاشە ئارو لەپانەوە ف ١) پایهٔ دوك؛ ٢) قُرص کوچك؛ ٣) قاچِ خیار.

تەقالە: چەقالە، فەریکی بادام و قەیسی ف چغاله.

تەقان: تڕەقین، تۆقین ف انفجار.

تەقاندن: تڕەقاندن ف مُنفَجِر کردن.

تەقاندنەوە: بەبێژنگ و کەوداکردنی دەغڵ بۆ بەردو قەسەڵ لێ گرتن ف بوجاری.

تەقانن: ١) تەقاندن؛ ٢) تەقاندنەوە؛ ٣) نوساندن بەتەنیشت یەکترەوە؛ ٤) گەڕانی وڵات بەشوێن کەسێ یاشتێکا ف ١) منفجر کردن؛ ٢) بوجاری؛ ٣) پهلوی هم چسباندن؛ ٤) جستجو.

تەقاوی: ماڵ بەماڵ گۆڕینەوە ف مبادلهٔ پایاپای.

تەقاویت: لەکارکەوتەی هەڵپەسارده ف بازنشسته.

تەقتەق: ١) زەوی بەردینە، زەویەکی بنی بەردو ڕەقەنە؛ ٢) ناوی مەڵبەندێك لەکوردستان ف ١) سنگلاخ؛ ٢) نام منطقه‌ای در کُردستان.

تەق تەقۆك: چەقەنەی ئاش، چەقچەق ف نگا: ئاژینە.

تەق تەقیلە: کەوشی دار، پێلاوی لەدار، قاپ قاپ، سۆلی دارین ف کفش چوبی.

تەق کردن: ١) شەق بردن لەداخا، تەقین لەداخا، دیق کردن؛ ٢) لێدان لەزمانی منداڵ دا: (پشیلەکە هات **تەقی کە**) ف ١) از غصه دق کردن؛ ٢) زدن.

تەقلدامێ: ١) پای دیوار، قەراغ دیوار؛ ٢) لێواری دیوار ف ١) پای دیوار؛ ٢) لبهٔ دیوار.

تەقلە: ١) تەقیلە، کڵاوی لە پەڕۆ یان دەزو؛ ٢) هەنجیری کاڵی وەریو ف ١) کلاه پارچه‌ای یا نخی؛ ٢) انجیر نارس از درخت افتاده.

تەقڵە: ١) جلیت؛ ٢) جلیتانێ؛ ٣) مەقولات، خۆهەڵگێرانەوە بەپشت وروداف ف ١) چوبی کوچك برای بازی سوارکاران؛ ٢) بازی سوارکاران با چوب کوچك؛ ٣) پُشتك.

تەقڵەباز: کۆترێ کە لەکاتی فڕیندا خۆی ئاوەژو دەکاتەوە ف کبوتر معلق‌زن.

تەقڵەکوت: بەپڕتاو ف باشتاب، شتابان.

تەقڵەلێدان: سەرمەقولات‌دان، خۆ ئاوەژو کردنەوە لە فڕین‌دا یان لەکاتی بازبردندا ف پُشتك زدن.

تەقلین: خلیسکان، شەمتین ف لیزخوردن.

تەقمین: ساڵ پێو، نامیلکەی باسی ژمارەی ڕوژو کژی ساڵی تێدایە ف تقویم.

تەقن: جێگەی پڕلە قوڕو لیتە ف لجنزار.

تەقو: ١) تەقا، بەشکا؛ ٢) وشەی خەمخۆری، پەکو، حەیف و خەسار ف ١) بر فرض، گیرم؛ ٢) کلمه‌ایست که برای اِبراز تأسف به‌کار می‌رود، افسوس.

تەق‌وپۆق: تەقەتەقی زۆر ف تَق‌وتوق.

تەق‌وتۆق: تەق‌وپۆق ف تَق و توق.

تەقودەو: کۆچی بەکۆمەڵ لەترسان ف کوچ دسته‌جمعی.

تەق‌وڕەو: تەقودەو ف نگا: تەقودەو.

تەقــە: ١) دەنگی وێك کەوتنی شتی ڕەق و سەخت؛ ٢) بریتی لە شەڕە تفەنگ ف ١) صدای افتادن شیئی سخت؛ ٢) کنایه از تیراندازی در جنگ.

تەقەت: وەشارتی، وەشێراو، تاقەت ف پنهان شده.

تەقەت کردن: شاردنەوە ف پنهان کردن.

تەقەتەق: تەقەی زۆر لەسەریەك ف تق‌وتوق بسیار.

تەقەتێ کەوتن: دەست بەهەڵاتنی بەکۆمەڵ کردن ف اِقدام به فرار دسته‌جمعی.

تەقەداکەوتن: خەبەر بڵاوبونەوە ف اشاعه.

تەقەفیڕە: زگ‌چونی شل، بەلەفیڕە ف اِسهال.

تەقەڵ: تیك، باقیە، جێ تێنان و دەرێنانی دەرزی بەدواوەوە ف بخیه.

تەقەلا: ١) کۆششت، هەوڵ، تەقالا؛ ٢) یەکلا: (بەهیچ **تەقەلا**یاندا نەهاتوە) ف ١) سعی و کوشش؛ ٢) یکسو.

تەقەلادان: کۆششت کردن ف سعی کردن.

تەقەڵبەست: دادوراو، دادرواو، تێرتەقەڵ کراو ف بخیه خورده.

تەقەڵ تێ هەڵدان: یەکجار دەرزی لەدورمان ڕاکردن و دەرێنانەوە ف سوزن زدن، بخیه‌زدن، آجیدن.

تەقەللا: تەقالا ف کوشش.

تەقەڵ لێدان: تەقەڵ تێ هەڵدان ف بخیه زدن، آجیدن.

تەقـەمـەنی: هەرچی ئەتـەقێندرێ. وەك باروت و فیشەك و... ف مواد مُنفجره، مُهمّات جَنگی.

تەقەنە: چەقەنەی ئاش، چەقچەقی ئاسیاو ف نگا: ئاژینە.

تەقـەوانـە: کونی تایبـەتی کەچـالەکە بۆ خۆ رزگار کردنی داناوە ف سوراخی که حیوانات برای فرار تعبیه می کنند.

تەقەو رەقە: شەڕو هەراو لێکدان ف جنگ و جدال.

تەقیاگ: هەڵتەکاو، بەتەتەڵەکراو. بۆ دەغڵی دەڵێن ف بوجاری شُده.

تەقی تەنێ: تەنیای بێ‌هەواڵ ف تنهای تنها، تك و تنها.

تەقیلە: کڵاوی لە پەروو دەزو، ئارەخ‌چن ف عرقچین.

تەقین: ترەکیان، تۆقین ف منفجر شدن.

تەقینەوە: ١) دوبارە ترەکیان؛ ٢) برێتی لەبڵاو بونەوەی خەبەرو باس ف ١) دوباره ترکیدن؛ ٢) کنایه از پخش شدن خبر.

تەقیو: ١) ترەکیاو، تۆقیو؛ ٢) تەرە لە ولات و مەڵیـەنـد، هەڵاتـو ف ١) منفجر شده؛ ٢) متواری.

تەقیە: ١) حەیا، شەرم؛ ٢) بیر و بڕوا وەشارتن لەکن شیعە ف ١) شرم؛ ٢) تَقّیه.

تەك: ١) تاق، لەتی جوت؛ ٢) لا، لەکن، لێك؛ ٣) دەگەڵ: (لەتەك منابە)؛ ٤) نانەشان، سەلە ف ١) فرد، مُقابل زوج؛ ٢) نزد؛ ٣) با؛ ٤) آبکش.

تەکان: ١) بزوتنی بەتەوژم؛ ٢) پاڵ‌دان ف ١) تکان؛ ٢) هول دادن.

تەکان خواردن: بزوتنەوە ف تکان خوردن.

تەکان دان: ١) بزوتن؛ ٢) بزواندن بەهێم ف ١) تکان خوردن؛ ٢) تکان دادن.

تەکاندن: راوەشاندنی دارو فەرش و بەرگ ف تکانیدن درخت و فرش و...

تەکانن: تەکاندن ف تکاندن.

تەکانەوە: لێ دورکەوتنەوە، دورەپەرێزی کردن ف دوری جُستن.

تەکاو: راوەشێنراو ف تکان داده شُده.

تەکبەند: کەمەربەند لە هەنبانەو جاو، هەمیان ف کَمَر بند چرمی.

تەکدان: ١) پاڵ دان بە یەکەوە؛ ٢) لاچون و رێ چۆڵ کردن ف ١) پُشت بەپُشت هم دادن؛ ٢) کنار کشیدن و راه بازکردن.

تەکدانە دواوە: بەرەو پاش کشانەوە ف واپس رفتن.

تەککو: وشەی سەیرمان ف کلمهٔ تَعَجُّب.

تەك کەوتن: بەشوێن‌دا چوُن، دواکەوتن ف تك افتادن.

تەك کەوتو: شوێن کەفتە، وە دواکەوتە ف دنبالەرو.

تەك کەوتە: تەك‌کەوتو ف دنبالەرو.

تەکلە: دەرخۆنە ف سرپوش دیگ.

تەکلیف: ١) کاری دژوار؛ ٢) خوایشت و تکا ف ١) کار دشوار؛ ٢) خواهش.

تەکمە: فەرەنجی قوڵە، قاپوتی کورتی تا ئەژنۆ ف نیمتنهٔ نمدی.

تەکمیش: بنکۆڵی رەز ف پی زدن و سُست کردن خاك رز.

تەکمیل: تەواو کردن، تممام کرن ف تکمیل.

تەکنای: تەکاندن، راوەشاندن ف تکانیدن بەمنظور گردگیری.

تەکو: ١) تەککو؛ ٢) باقی، ماو لەشتێ ف ١) کلمهٔ تعَجّب؛ ٢) باقیمانده.

تەکۆز: رێك و پێك، لەبارو بێ کەمایەسی ف دارای نظم و ترتیب.

تەکوەك: لەجێگە بزوتن، تەکان ف تکان.

تەکوێز: تەکۆز ف مُرتّب، مُنَظَّم.

تەکوێس: تەکۆز ف مُنَظّم.

تەکە: ١) تەگە، ساورێن، نێری، نێهری؛ ٢) پەڕی قوماری یەکخاڵ؛ ٣) لەرزەی هەڵاوەسراو ف ١) نهاز؛ ٢) آس تکخال؛ ٣) نوسان جسم آویخته.

تەکەتەك: ١) لەرەلەری شۆڕەوەبو؛ ٢) شلەشل رۆیشتن ف ١) نوسان شیئی آویخته؛ ٢) سلانەسلانه راه رفتن.

تەکەدان: لاکەوتن و کشانەوە ف عقب رفتن و جا بازکردن.

تەکەکردن: ١) تەکەدان؛ ٢) بزاوی هەڵواسراو ف ١) نگا: تەکەدان؛ ٢) نوسان جسم آویخته.

تەکەڵتو: جێگەی رانی سوار لە زیندا، لبادی بن قایشی تەم‌لاو ئەولای زین ف برگ زین.

تەکەمە: فەرەنجی، قاپوت ف پالتوی نمدی.

تەکەنمە: کولاوی یەك کەسی، لبادی چکۆڵەی یەك نەفەرە ف نمد یك‌نفری.

تەکیمە: تەکەنمە ف نمد کوچك.

تەکێن: کەسێ کاری تەکاندن دەکا ف تکان‌دهنده.

تەکینمە: نمەد، لباد، کولاڤ ف نمد کوچك.

تەکینـەوە: ١) دورکەوتنەوە؛ ٢) کشانەوە لەکارێ ف ١) دور شدن؛ ٢) شانه خالی کردن.

تەکیە: ١) سەکۆی بەردەرگا، خواجانە؛ ٢) دەروێش‌گە ف ١) سکوی جلو در؛ ٢) خانقاه.

تەکیەگا: پیشتیوان و یاریدەر ف حامی و پشتیبان.

تەگبیر: تەقبیر، راوێژ ف تدبیر.

تەگرك: تەزرە، تەیروك، تەرزە، گللێرە ف تگرگ.

تەگە: سابرێن، تەگە، تەجە، نێری ف نهاز، پیشرو گله.

تەگـەرە: ١) چەرخی عەرەبـانە، پێچکی عەرابەو گاری؛ ٢) دارێکە دە کونی بەرداشی ژێر و کوتراوە؛ ٣) کۆسپ و لەمپەر ف ١) چرخ ارابه و گاری؛ ٢) چوبی که در سوراخ سنگ آسیا قرار دارد؛ ٣) مانع سر راه.

تەگەرەتێ خستن: چەت لەکار خستن، کۆسپ لەرێ دانان ف چوب لای چرخ گذاشتن.

تەگەرەتێ کەوتن: تێك چونی کار، چەت‌تێ کەوتن ف بروز اشکال در کار.

تەگەگرتن: تاوس بوُنی بزن لە نێری ف باردار شدن بز.

تەل: ١) تێل، سیم؛ ٢) تام تاڵ؛ ٣) تێلگراف، بەرقی‌یە؛ ٤) تاڵێك لە بەن، لە مو، داو، هەودا ف ١) سیم؛ ٢) تلخ؛ ٣) تلگراف؛ ٤) تار مو، رشته.

تەڵا: زێڕ ف طلا.

تەلار: باڵـەخـانە، ژوری قاتی سەرەوە ف بالاخانه، اطاقی که در طبقهٔ بالائی ساختمانی قرار دارد.

تەلاس: پێ زیاد لەرادە راکێشان، سەرچڵی ف زیادەروی.
تەلاش: تەقالا ف تلاش و کوشش.
تەڵاش: تلیش ف تراشه.
تەلاق: بێبەش کردنی ژن لەمێرد ف طلاق.
تەلاقدراو: ژنی لەمێرد بێبەش کراو ف طلاق داده شده.
تەلاکاری: زێرکفت ف زراندود.
تەلاکفت: زێرکفت ف زراندود.
تەلان: بەندەن، بەرزایی کێو ف ستیغ کوه.
تەڵان: ١) تەلان؛ ٢) تەبارە، پیرێك ف ١) ستیغ کوه؛ ٢) نگا: تەبارە.
تەلانتـــەرە: گیایەکـــە لەبـــەرزایی دەروێ ف نام گیاهی است که در ارتفاعات می‌روید.
تەلبژێر: هەڵبژاردە، دانەبژێرکردن، نەقاندن ف برگزیده.
تەلبژێن: تەلبژێر ف برگزیده.
تەلبەند: تێل لەدەورە دراو، چیلی لەسیم ف پرچین سیمی.
تەلپ: تلپ، شلپە، دەنگی لە سینگ دانی نازیەت باران ف صدای بر سینەزدن.
تەڵـخ: ١) رەنگی رەشی نامـاڵ زەرد؛ ٢) تفت، شیرنی نامـاڵ تاڵ؛ ٣) روگرژ، روترش ف ١) رنگ سیاه مایل به زرد؛ ٢) مزهٔ گس؛ ٢) اَخمو.
تەلزم: تلیشکی ناسك لەدارو پەرۆو بەرد ف تراشه‌ای از سنگ یا چوب یا...
تەلسز: لاسلکی، تەلەفۆنی بێ‌تێل ف بی‌سیم.
تەلسك: زەنگەتە، هێشوی پچوك لەهێشوی زل ف تلسك.
تەڵقیز: گەمەو گەپ، گەپجاری، حەنەك ف شوخی، مَزاح، مَسخرگی.
تەڵقیس: تەڵقیز ف شوخی، مزاح، مسخرگی.
تەلمسك: تەلسك ف تلسك.
تەڵمیت: ١) ئەسپی کوتەڵ؛ ٢) ئەسپی زین‌و لغاوکراو بۆپیاوێکی گەورە؛ ٣) کۆچ‌وبار؛ ٤) جلێکی وەك لێفە بە سەرشان‌و ملی ئەسپی‌دا دەدەن ف ١) اَسب مراسم عزاداری؛ ٢) اسب زین و یراق شده؛ ٣) کوچ کردن؛ ٤) عرقگیر اسب.
تەلمیس: کۆرو کۆڕی شیوەن ف دستهٔ عزاداری.
تەلوار: هەرزاڵ، پیرێك ف نگا: پیرێك.
تەلوبال: بەژن‌و باڵا ف قدوقامت.
تەلوك: دڕکەزی ف خاری است که در ساختن پرچین به‌کار برند.
تەلۆك: شۆڵی جەمسەری چیغی رەشماڵ ف ترکهٔ چیغ.
تەلۆکە: تالۆکە، هیلاك، جێ یان کاری پڕلە مەترسی، خەتەر ف خَطَر.
تەڵۆکە: تالۆکە، لەز، پەلە ف شتاب.
تەلـە: ١) نامـرازی راو لەئاسن‌و تێل؛ ٢) جۆرێ هەڵوا ف ١) تله؛ ٢) نوعی حلوا.
تەڵەب: ١) داوا، ویستن؛ ٢) نێرخوازی ماکەر: (ماکەر بە **تەڵەبە**) ف ١) درخواست، طَلَب؛ ٢) گُشن‌خواهی ماده‌الاغ.
تەڵەبکار: داواکار ف طلبکار.
تەڵەبە: خوێندکار لە جامعە، دەرس خوێنی زانستگا ف دانشجو.

تەڵەبەرد: پارچەیەکی درێژو پانکەڵە لەبەرد ف تخته‌سنگ.
تەڵەتەقێن: برێتی لەفێڵبازو خاپینۆك ف کنایه از فریبکار.
تەڵەتەل: ماتەماتە، سەبرە سەبرەچون ف پاورچین پاورچین.
تەڵەرێوی: گاڵتەیەکە ف یکی از بازیهای محلی.
تەڵەزم: پارچەی تەنك لەدارو بەرد ف تراشهٔ چوب یا سنگ.
تەڵەس: زۆر سەرخۆش ف مَست و خراب.
تەلەسمە: کرمی نۆك ف آفت نخود.
تەلەف: لەناوچو، خراوبوگ، بەفیڕۆچو ف تَلَف.
تەلەفۆن: تەلەیفون ف تلفون.
تەڵەکە: حیلە، گەڕ، گزی ف نیرنگ.
تەڵەکەباز: فێڵباز، گزیکار ف حیله‌گر.
تەڵەمە: ئێسکی چوڵەمە ف جناغ.
تەڵەمەشکێنە: چوڵە مەشکێنە، چەڵەمەشکێنە ف جناغ شکستن.
تەڵەنانەوە: ١) داودانان؛ ٢) برێتی لەگزی کردن بۆ فریودان: (گەردون لەگەڕەو هەزار **تەڵەی ناوەتەوە**) «خەیامی هەژار» ف ١) دام نهادن؛ ٢) کنایه از مکر کردن.
تەڵەورێوی: تەڵەڕێوی ف نگا: تەڵەرێوی.
تەلهە: تەڵە ف تله.
تەلەیفون: تەلەفۆن ف تلفون.
تەلی: تەڵە ف تله.
تەلێ: ١) زێڕ، تەلا؛ ٢) ناوە بۆ ژنان ف ١) طلا؛ ٢) نامی زنانه.
تەلیس: گونیە، گۆنی، جەواڵی تەنکی لەگوش چنراو ف گونی.
تەلێر: زگ‌زل، ورگن، دەفزگ ف شکم گنده.
تەلیسم: ١) شوێنی جادوکراو؛ ٢) دوعای جادوگەر؛ ٣) نوشتەی لەسەر زێڕو زیو کە خشلێکی سەرسنگە ف ١) و ٢) طلسم؛ ٣) گردن‌بند طلا یا نقره که بر روی آن نوشته باشند.
تەلیسە: سوکەبار کە لەسەرێەوە سوارەبن ف بار سبك.
تەلیلە: گوتنی «*لااله‌الاالله*» بە کۆمەڵ ف تهلیل.
تەم: ١) مژ، دومـان؛ ٢) تۆزو غومـار؛ ٣) نەفەسدان لەسیغار، مژدان لە جگـەرە؛ ٤) بەلێو لێك تونـدکـردن خواردنی شیر و شیرینی؛ ٥) تاریکایی بەرچاو؛ ٦) برێتی لە خەم‌و کەسەر ف ١) مه؛ ٢) غبار؛ ٣) پُك زدن به سیگار؛ ٤) مکیدن؛ ٥) تارشدنِ چشم؛ ٦) کنایه از غم و غُصه.
تەما: ١) هومێد؛ ٢) نیازو لێ‌بڕان؛ ٣) تەماح؛ ٤) بەتەماح ف ١) اُمید؛ ٢) تَصمیم؛ ٣) آز؛ ٤) آزمند.
تەماتم: زمان گیری لەکاتی تۆڕەیی ف به تته‌پته افتادن در اثر خشم.
تەماتە: باژاناسۆر، باینجانی سور، تۆماتێز ف گوجه‌فرنگی.
تەماح: هومێدو داوای نارەوا، چاوچنۆکی، چاونەزیری ف آز، طمع.
تەمادار: بەهومێد ف امیدوار.
تەماداری: هومێدەواری ف امیدواری.
تەمار: ١) شارەگ، شادەمار، دەمار؛ ٢) رەشایی بەرچاو ف ١) شاهرگ؛ ٢) تاری دید.
تەمارتن: تەمراندن ف نگا: تەمراندن.

تەمارزو: تامەزرۆ ف نگا: تامەزرۆ.
تەماشا: تماشا ف تماشا.
تەماشاخانە: تماشاخانە ف نمایشگاه.
تەماكار: بەتەماح ف آزمند.
تەماكۆ: توتن ف تنباكو.
تەماڵ: دۆزینەوەی كەروێشك لەلانەدا ف پیدا كردن خرگوش در كنام.
تەمباڤ: ١) نەغمەی ژێر عەرز؛ ٢) گێژاو؛ ٣) چاڵی بەردین لەناو شاخو چیادا ف ١) نَقب؛ ٢) گرداب؛ ٣) گودال سنگی در كوه.
تەمبور: ئامرازێكی موسیقایە ف تنبور.
تەمبورە: زەمبورەی ئاش ف سوراخ تنگ ناوآسیاب.
تەمبەڵ: ١) تەوەزەل، بێكارە؛ ٢) كۆڵەكەیەك كە دەخرێتە بن دیوار كاریتە رادەگرێ ف ١) تنبل؛ ٢) ستونی كە دیرك را نگە می‌دارد.
تەمبەڵخانە: فەقیرخانە ف نوانخانە.
تەمبەڵە: كرمێكی ئەستوری خڕەكەی سپی‌یە ف كرمی است سفیدرنگ.
تەمبەڵیت: سەربار، باری زیادی لەسەر بارەوە ف اضافەبار.
تەمتور: جۆرێ خوێی قاوەیی ف نوعی نمك قهوه‌ای رنگ.
تەمتەراق: دەبدەبە، شكۆ، جەلال ف تمتراق، دَبدَبه.
تەمتەم: ڕەقەن، زەوینێ بنەكەی نەرمان نەبێت ف زمین سنگلاخی.
تەمتەمان: تەمتەم ف زمین سنگلاخی.
تەمتەمە: تمتمە، نوكی مزرەق، نوك گیزگیزە ف نُكِ آهنین گردنا.
تەمراندن: ١) داپۆشین لەخاكدا؛ ٢) كوژاندنەوەی ئاگر ف ١) زیر خاك نهادن؛ ٢) فرونشاندن آتش.
تەمرین: تەمراندن ف نگا: تەمراندن.
تەمسق: باسوق، باسوخ ف باسلُق.
تەمشو: تەپشو، تەشوێ ف تیشە.
تەمشوێ: تەمشو ف تیشە.
تەمغە: مۆری دەزگای دەوڵەتی ف مهر اداری.
تەمو: ١) تۆپی ئاش، جێگەی پەڕەی ئاش؛ ٢) خاڵیگە ف ١) جای پرّهٔ آسیاب؛ ٢) تهیگاه.
تەموخ: ڕەملی لێك هاڵاو، سندەڕەمڵ ف ماسهٔ كلوخ شده.
تەمورە: ١) پیك، زەنبورە؛ ٢) تەنبور ف نگا: تەمبورە؛ ٢) طنبور.
تەمورەژەن: كەسێ كە تەنبور لێ دەدا ف نوازندهٔ طنبور.
تەموز: مانگی حەوتەمی ساڵی میلادی ف ماه جولای.
تەمەت: بەئەندازەی، بەقەد ف بەاندازهٔ.
تەمەر: ناوی پیاوانە ف اسمی برای مردان.
تەمەرە: بەڵاو كێشەو گیرە ف بلا و كشمكش و دردسر.
تەمەز: تۆمەز ف تونگو.
تەمەزی: دەسرەی ئاوریشم، دەسماڵی هەورەمیش ف دستمال ابریشمی.
تەمەسی: تەمەزی ف دستمال ابریشمی.
تەمەڵ: لەش گران. تەپ، تەوەزەل ف تنبل.
تەمەڵخانە: جێژیانی ئەوانەی كاریان پێ ناكرێ ف نوانخانە.
تەمەڵە: بەردی بناغە، هەوەڵڕیزی هیم ف زیر بنا.
تەمەڵی: لەش گرانی، تەپی، تەوەزەلی ف تنبلی.
تەمەڵیت: ١) پاشكۆی پێچراوی دوای زین؛ ٢) بەردی بناغە؛ ٣) سەربار ف ١) بقچهٔ بەفتراك بستە شدە؛ ٢) بنیان ساختمان؛ ٣) اضافەبار.
تەمەن: عومر، عەمر، مەودای ژیان ف عُمر، سِن.
تەمەنا: ١) چەست كیشانی سەرباز بۆ ئەفسەر؛ ٢) تكاو ڕەجا ف ١) احترام گذاشتن برای مافوق؛ ٢) تَمنّا.
تەمێ: سزادان لەسەر سوچ و هەڵە ف تنبیە.
تەمیان: خەمگینی ف اَندوه.
تەمێبون: پەند وەرگرتن، لەسزادانەوە، دەست لەكاری ناڕەوا هەڵگرتن ف پند گرفتن، درس عبرت گرفتن.
تەمێ خۆر: جزیا دیتو، جزیا دراو ف كیفردیدە.
تەمیز: پاك و خاوین ف تمیز.
تەمیس: تەمیز ف تمیز.
تەمێ كردن: ١) ڕاسپاردن؛ ٢) سزادان لەسەر خەتاو تاوان ف ١) سفارش كردن؛ ٢) مجازات كردن، تنبیە كردن.
تەمین: خەمبار، دڵتەنگ ف اندوهگین.
تەن: ١) لەش، بەدەن، قالب؛ ٢) سیان، قورم ف ١) كالبد، تَن، بدن؛ ٢) دوده.
تەنا: ئاسودە، ڕەحەت ف آسوده.
تەناباز: تەناف باز، پەلهەوان ف بندباز.
تەنازول: لەمەبەست شل‌كردنەوە ف از خواستەهای خود كاستن.
تەناف: ئەوپەتەی بۆ جل لەسەر هەڵخستن رایەڵ دەكرێ ف طناب.
تەنافباز: ئەو هونەرمەندەی بەسەر گوریسی رایەڵ كراودا دەڕوا ف بندباز.
تەنافبازی: هونەری تەنافباز ف بندبازی.
تەنانە: ١) خۆ ئەگەر، هەتتاكە؛ ٢) بەتایبەت ف ١) حتی اگر؛ ٢) بخصوص.
تەنانەت: تەنانە ف نگا: تەنانە.
تەناو: چنراو، تەندراو ف تنیدە، بافتە.
تەناهی: ١) ئاسودەیی؛ ٢) خۆشی و ئارامی ف ١) آسودگی؛ ٢) صلح و آرامش.
تەنایی: تەناهی ف نگا: تەناهی.
تەنبو: ١) تۆپیو، مردارەوەبو، كەوتی؛ ٢) گەنە؛ ٣) تۆپی ئاش ف ١) مردار؛ ٢) كَنه؛ ٣) مركز پرّه‌های آسیا.
تەنبوری: كاكۆڵی پیاوانە ف كاكُل.
تەن‌بەتەن: شەڕی دوكەس پێكەوە لەمەیدانی شەڕدا ف جنگِ تن‌بەتن.
تەنبەكی: تەماكۆ، توتنی نێرگەلە ف تنباكو.
تەنبەڵە: تەمەڵە، بەردی بناغە ف بُنیان ساختمان.
تەنپەروەر: خۆ خۆشەویست، دەست‌وپێ سپی ف تن‌پَرور.

تەنتەنە: بزم بزم، سەنسەنە، جەلال و شکۆ ف جلال و شکوه.

تەنخوا: ١) کوتاڵ و ماڵی بازرگانی؛ ٢) دەسمایە، سەرمیان ف ١) کالای بازرگانی؛ ٢) سرمایه.

تەندروس: ساغ، ساق، سلامەت ف تندُرست.

تەندروست: تەندروس ف تندُرست.

تەندور: تەنور ف تنور.

تەندور پلاوی: پلاوله پەرش ف نوعی غذا.

تەندوره: ١) ئەو حەوزۆکەی لەقسل و بەرد ئەیکەن و ئاوی ئاشی تێ دەرژێ؛ ٢) گرمەگرم و هاژه: (دێوەکە بە **تەندورە** زەنە هات) ف ١) تنورهٔ آسیا؛ ٢) غُرّش.

تەنراو: تەناو ف بافته.

تەنزیل: پارچەی سپی و تەنك ف پارچه سفید درشت باف.

تەنشت: ١) کن، نك، لا، جەم؛ ٢) خاڵیگە ف ١) جنب؛ ٢) تُهیگاه.

تەنشتاو تەنشت: لەسەرلا، لاولا ف لابەلا.

تەنشدەر: لاشیپانە، لای درێژی چوارچێوەی دەرگا ف دوطرف عمودی چهارچوبهٔ در.

تەنك: ١) پانی ناسك؛ ٢) نەقوڵ؛ ٣) چاندراو یان موی نەپر ف ١) تُنُك؛ ٢) کم عُمق؛ ٣) کشت یا موی کم پُشت.

تەنکاو: ئاوێ کە قوڵ نەبێ ف آب کم عمق.

تەنکوتیول: زۆر ناسك و تەنك ف بسیار نازك.

تەنکەکردن: هەڵکێشان و سوك کردنی چاندراوی پڕ ف تنك کردن کشت پر پشت.

تەنگ: ١) کەمەر بەندی بارەبەر؛ ٢) دژی گوشاد؛ ٣) ورگی زل؛ ٤) قایشی نێوان دەفەومەکوکی جۆلایی؛ ٥) دژوار: (توشی نەفەس **تەنگی** بوە) ف ١) تنگِ زین؛ ٢) تنگ، مقابل گشاد؛ ٣) شکم گنده؛ ٤) ابزاری در جولائی؛ ٥) دُشوار.

تەنگانە: لێقەومان، بێدەرەتانی ف تنگنا.

تەنگاو: ١) وەسەر پەلە خراو؛ ٢) زۆر بۆ هاتو ف ١) شتابزده؛ ٢) در تنگنا قرار گرفته.

تەنگاوی: تەنگانە ف تنگنا.

تەنگ‌بێ: ئامرازی دابێژانی کون تەنگ ف غربال ریز.

تەنگ پێ هەڵچنین: زۆر بۆهێنان و بێدەرەتان کردن ف در تنگنا قرار دادن.

تەنگ‌دان: تەنگەکێشان لە یەکسم ف تنگ زین بستن.

تەنگدەس: نەدار، بێپارە، بێماڵ، فەقیر ف تنگدست.

تەنگدەست: تەنگدەس ف تنگدست.

تەنگر: دارێکی دەوەنە بەری، وەك بەری بادام دەچێ ف نام درختچه ایست.

تەنگز: چالوك، دارێکی پنچکەو بدرك ف سفیدخار.

تەنگژه: ١) شیوی تەنگەبەر، گەلی تەنگ، دۆڵی تەنگ؛ ٢) ناوی گوندێکە لە کوردستان؛ ٣) تەنگانە ف ١) درّهٔ تنگ؛ ٢) نام یکی از روستاهای کُردستان؛ ٣) تنگنا.

تەنگوچەڵەمە: تەنگانە، دژواری و ناخۆشی ف تنگنا.

تەنگە: ١) کەمەربەندی یەکسم؛ ٢) بریتی لەزگی زل؛ ٣) جێگەی تەسك بونەوەی دەریا ف ١) تنگ اسب یا الاغ؛ ٢) کنایه از شکمِ گُنده؛ ٣) تنگه.

تەنگەبەر: هەرشوێنێکی ناگوشاد ف تنگ، مُقابل گُشاد.

تەنگەبەری: تەنگانە، بێدەرەتانی ف تنگنا.

تەنگەتاو: ١) وەپەلە کەوتو؛ ٢) زۆر تورە؛ ٣) زۆر بۆ هێنانی میزوگو ف ١) شتابزده؛ ٢) بسیار خشمگین؛ ٣) فشارِ اجابت مزاج.

تەنگەتیلکە: ١) رق هەستاو، تورە؛ ٢) زگ‌زل ف ١) خشمگین؛ ٢) شکم گُنده.

تەنگەدان: تەنگدان، توندکێشانی تەنگە ف تُندبستنِ تنگِ اسب یا اُلاغ.

تەنگەگر: ١) پشتێنەی زین کە ئەسپ زامار دەکا؛ ٢) بریتی لە قسەی رەق ف ١) نرمه‌ای که پُشتِ اسب را زخم کند؛ ٢) کنایه از سخن دُرُك.

تەنگەگرتن: ١) بریندار بون بە تەنگە؛ ٢) بریتی لە قسەی گرچوبڕ و تورەکەر ف ١) زخمی شدن حیوان از تنگ؛ ٢) کنایه از سخن خشم برانگیز، جواب دندان‌شکن.

تەنگەڵان: تەسکایی لە زەریا، زەریای نێوانی دوچیا ف تنگه.

تەنگەنەفەس: ١) نەخۆشی هەناسەسوار؛ ٢) بریتی لە بێ‌سەبر ف ١) تنگ نَفَس؛ ٢) کنایه از ناشکیبا.

تەنگەنەفەسی: ١) هەناسەسواری کە نەخۆشیەکە؛ ٢) بێ‌ئارامی ف ١) بیماری آسم؛ ٢) ناشکیبائی.

تەنگ هەڵچنین: بریتی لە زۆر بۆهێنان و دەرەتان لێ‌بڕین ف در تنگنا قرار دادن.

تەنگی: ١) بەرانبەری گوشادی؛ ٢) ناخۆشی و تەنگانە ف ١) تنگی؛ ٢) سختی و تنگنا.

تەنگیز: گوێژ، بلچ، گێوژ ف زالزالك.

تەنوا: گەمار، چڵك، پیس، چەپەڵ ف کثیف.

تەنوایی: گەماری، چڵکنی، پیسی ف کثافت.

تەنور: تەندور، قوڵکەئاگری سورەوەکراو بۆنان کردن ف تَنور.

تەنوورداخستن: هەڵکردنی تەنور، ئاگر لە تەنوردا کردنەوە ف افروختن تنور.

تەنورشێوێن: کوڵەوەژ، دارێکی درێژ کە بنی تەندوری پێ تێك وەردەدەن ف چوبی که با آن خاکستر و آتش تنور را زیر و رو می‌کنند.

تەنوره: ١) زارکی دوڵاش؛ ٢) گێژە لوکە؛ ٣) گرمەو گورە؛ ٤) داوێنی کراسی ژنانە ف ١) دهانهٔ ناوآسیا؛ ٢) گردباد؛ ٣) صدای غُرّش؛ ٤) دامن زنانه.

تەنوشك: ناڵوهاتن، گەروێشەی لوزەتێن ف ورم کردنِ لوزه‌ها.

تهنویی: تینوەتی، تینگی، تینوایەتی ف تشنگی.

تەنە: لەشێك، تەنیا: (یەك **تەنە** بەرەنگاری بو) ف تنه، تنها.

تەنها: بەتاقی تەنێ، بێ‌هیچ هەواڵ و خزم، تاك ف تنها.

تەنەزول: هاتنە خوارەوەی نرخ و پایە ف فروکش کردن نرخ و پایه،

تنزُّل.

تەنەکە: ١) کانزایەکە دەکرێتە دەفری ڕۆن و شتی تراو؛ ٢) پێوانەیەکە نزیکەی شازدە کیلۆ دەگرێ ف ١) چلیك حلبی؛ ٢) پیمانەای معادل شانزده کیلو.

تەنەکەچی: وەستای تەنەکەکاری ف حلبی‌ساز.

تەنەکەساز: تەنەکەچی ف حلبی‌ساز.

تەنی: ١) تەنك، ناسکی سوك؛ ٢) نانی تەندوری ناسك؛ ٣) قورمی مەنجەڵ، سیان، ڕەشایی نیشتوی دوکەڵ ف ١) تنك، نازك؛ ٢) نانِ لواش؛ ٣) دوده، سیاهی دیگ.

تەنێ: تەنیا، تاقەکەسە، تاقەشتە ف تنها، یگانە.

تەنیاباڵ: بێ‌یاریدەرو هاوکار ف یکه و تنها، بی‌یار و یاور.

تەنیاگ: تەنراو، چندراو ف بافته.

تەنیایی: تەنهایی، بێ‌هاودەم و بەتاك کەوتنەوە ف تنهائی.

تەنێتی: یەکایەتی، تەنیایی، بێ‌هەواڵەتی ف وحدانیَّت.

تەنیشت: ١) لاکەلەکە؛ ٢) نزیك، نێزیك ف ١) پَهلو، جَنب؛ ٢) نزدیك، مُجاور.

تەنیلە: بەخەرەك ڕێسراوی ئامادەی کار ف رشته ریسیده.

تەنین: چنین ف تنیدن.

تەنینەوە: داگری، داگرتن، گیرۆیی: (ئەو ئاهۆیە لە **تەنینەوە** دایە) ف سرایت، واگیری.

تەو: ١) پەزی ڕەنگ بۆر، مەڕی خۆڵەکەوە ڕەنگ؛ ٢) دەنگی بانگ کردنی مێگەل بۆ ئاوخواردنەوە؛ ٣) وشەی پەسند بۆ گۆرانی بێژ؛ ٤) تا، نۆبەتێ، یاو ف ١) گوسفندِ خاکستری؛ ٢) صدای خواندن گلّه به آبخوری؛ ٣) حرفِ تحسینِ خواننده؛ ٤) تَب.

تەوا: ئارەزو، هومێد، تەما ف امید.

تەوات: سەبر و حەوسەڵە، تاقەت و پشودرێژی ف بُردباری.

تەوادار: بەهومێد، بهێڤی، بەئاوات ف اُمیدوار.

تەوار: ١) مێچکەی باز، بازی مێوینە؛ ٢) منداڵی خڕ و خۆڵ و هەراش ف ١) بازماده؛ ٢) کودكِ چاق و چلّه.

تەوازی: داوای بوردن کردن، عوزرخوازی ف مَعذرت‌خواهی.

تەواسا: تاساو، وڕو گێژ ف گیج و مَنگ.

تەواسان: ١) گێژبون، تاسان؛ ٢) دڵساردی، ناهومێدی ف ١) گیج شُدن؛ ٢) دلسردی، نومیدی.

تەواسانن: ١) تاساندن، ٢) دڵسارد کردن ف ١) گیج کردن؛ ٢) دلسرد کردن.

تەواسیان: ١) تاسان؛ ٢) ناهومێدبون ف ١) گیج شُدن؛ ٢) دلسرد شُدن.

تەواسیانەوە: دڵساردبون ف نومیدشدن.

تەواسیای تەوەس: چش لە هەرشت، بەجەحەندەم ف بەدَرَك.

تەواش: چەورایی، زەرنۆقایی ف چَربی.

تەواشا: ڕوانین، تماشا، مێزە ف تَماشا.

تەواشاخانە: جێگەی شتی خۆش و سەیردیتن ف تماشاخانه.

تەواف: خول خواردن بەدەوری ماڵی کابەدا ف طواف.

تەوافەت: جیاوازی، فەرق ف تفاوت.

تەواڵ: باڵندان، تەیر وتەواڵ ف پرنده.

تەوانچە: دەمانچە، دەبانچە ف سلاحِ کمری.

تەواندن: ١) قەدکردن، دولاکردنەوە؛ ٢) لێك پێچان، لول‌دان ف ١) تاکردن؛ ٢) پیچیدن.

تەواو: ١) تم، تمام، گش، بێ‌کەم و کوڕی؛ ٢) خەلاس، لەبەین چو ف ١) تمام، بی‌کم‌وکاست؛ ٢) پایان یافته.

تەواوبون: ١) دروست و بێ‌کەمایەسی بون؛ ٢) نەمان و خەلاس بون ف ١) بی‌کم و کسر بودن؛ ٢) بەاتمام رسیدن.

تەواوکردن: ١) پێك هێنان و ئەنجام دان؛ ٢) نەهێشتن ف ١) بەانجام رساندن؛ ٢) باقی نگذاشتن.

تەواوی: ١) بێ‌کەمایەسی؛ ٢) گش‌لەگش ف ١) بی‌کم و کاستی؛ ٢) همگی.

تەوتین: تەوات ف بُردباری.

تەوجی: باربو، کۆمەکی ماڵی بەهەرەوەز ف کار تعاونی.

تەوخ: کوُل، کوُیل، زاخە، هوڵەمەڕ لەژێر زەمیندا ف زاغه.

تەور: ١) بیوڕ، بەڵتە؛ ٢) تەنانەت؛ ٣) جوڕ ف ١) تَبر؛ ٢) حتّی؛ ٣) نوع.

تەوڕات: کتێبی پیرۆزی جوُلەکەو خاچ‌پەرستان ف تورات.

تەوراس: داسی لکەدار پەڕاندن، تەورداس ف داس دستەبُلند شاخەبُری.

تەورداس: تەوراس ف نگا: تەوراس.

تەورزین: بیوروکەی چەکی شەڕکەران و سەرشانی دەروێشان ف تبر زین.

تەورك: بللوُر، جۆرێ شوشەی جوان ف بلور.

تەورێزی: کێشێکە بەرانبەری سێ کیلۆ، مەن ف من، برابر سه کیلو.

تەوز: خشڵ، خەمل ف زیور.

تەوزاندن: ڕازاندنەوە، جوان کردن ف آراستن.

تەوزە: حەنەك، قسەی گاڵتە ف طَنز.

تەوزەپێکرن: تیز پێ‌کردن، گاڵتە پێ‌کردن ف ریشخند کردن.

تەوزی: پێویست، پێداویست ف لازم و ضروری.

تەوزیم: ئەرك، کاری سەرشان. کارێ‌کە پێویستە بکرێ ف وظیفه، تکلیف.

تەوژم: نهێم، توندوزۆرو هێزدار ف فشار.

تەوس: قسەی بەتێکوڵ، تیز، تانە ف طعنه.

تەوسکە: هەنجیرە کێویلکە ف انجیر کوهی.

تەوسین: تاسان ف هاج و واج ماندن.

تەوش: ١) تراو، شل، دژی خەست؛ ٢) هیچ و پوچ، پەشم، بێ‌نرخ؛ ٣) ناجور، نارێك ف ١) مایع؛ ٢) بی‌ارزش؛ ٣) ناهنجار.

تەوشك: کەش، هەوای دەوری زەوین ف جوّ زمین.

تەوشو: تەشوێ، تەمشوێ ف تیشه.

تەوشوێ: تەشوێ ف تیشه.

تەوفیر: جیاوازی، تەفاوەت، تەوافەت ف تفاوت.

تەوق: ١) ئاڵقەی لەئاسن؛ ٢) گەوی دەوری مل و گەردن ف ١) حلقهٔ آهنی؛ ٢) طوق.

تەوقە: ١) خشڵێکە وەك ماشەی ئاگر زلف و بسکی پێ دەگرن و رادەگرن؛ ٢) دەست لەدەست نان، دەستی یەکتر گوشین ف ١) از زیورآلات که بر زُلف بندند؛ ٢) دست دادن.

تەوقەتە: پۆپە، شوێنی هەرە بەرز لەچیاو دارو... ف بلندترین نقطهٔ کوه یا درخت یا...

تەوقەسەر: ١) بەرزترین شوێن، تەوقەتە؛ ٢) تەپڵی سەر ف ١) اوج؛ ٢) تارك سر.

تەوقە کردن: دەست ئانەدەست ف دست دادن.

تەوقەن: بەرزترین جێ ف بالاترین نقطه.

تەوقەنە: تەوقەن ف نگا: تەوقەن.

تەوڵە: تەویلە، پشتێر، گەوەڕ، تیوڵە ف طویله.

تەومان: دەرپێ ف تنبان.

تەون: تەنینی رایەخ، هۆنەی لەخوری و مو ف بافتنی.

تەونگەر: کەسێ کە رایەخ دەتەنێ ف بافنده.

تەونۆکە: تەونی جاڵ جاڵوکە، تاری کاکڵە موشان ف تارِ عنکبوت.

تەوەر: بیور، تەور ف تبر.

تەوەرگ: تەزرە، تەرزە، تەیرۆك ف تگرگ.

تەوەرگەژیلە: گلێرکە، تەرزەی ورد ف تگرگِ ریز.

تەوەرە: ١) بەڵاو دەرد، لێقەومان؛ ٢) ئاژاوەو پشێوی؛ ٣) خڕ و گرۆوەرێك کە بەرداش لەسەری دەگەڕێ ف ١) آسیب، گزند؛ ٢) آشوب و بلوا؛ ٣) محور سنگِ آسیا.

تەوەزەل: تەمەڵ، تەپ، لەش گران ف تنبل.

تەوەش: پوچ و بی بەهرە، خوڕایی، هیچ و پوچ ف پوچ و بی بهره.

تەوەشق: تەشق ف نگا: تەشق.

تەوەق: ١) سینی، یاڵتەبەق؛ ٢) نەخۆشیەکی ڕەشەوڵاخ ف ١) سینی؛ ٢) نوعی بیماری سُم دام.

تەوەل: سەرسەری، بەدفەر، بێ ئاکار ف شارلاتان.

تەوەن: بەرد، کەڤر، کوچك ف سنگ.

تەوەنتاش: بەردتاش، کەڤرتراش ف سنگتراش.

تەوەنە: ١) کۆگا، تۆپەڵ؛ ٢) تەبەنە، دەرزی لێفەدرون ف ١) تودهٔ اشیاء؛ ٢) سوزن لحافدوزی.

تەوەنەدان: لێك هاڵان، لێك کۆبونەوە ف دور هم جمع شدن.

تەوەنـەفڕێ: بـەردە فڕکێ، کەڤر بۆ هەڤدو ئـاویتن، شـەڕەبـەرد ف سنگ‌پرانی.

تەویر: جۆر ف نوع.

تەوێڵ: ناوچاوان، توێڵ، ئەنی، هەنیە، جەمین ف پیشانی.

تەوێڵە: شارێکە لە کوردستان ف یکی از شهرهای کردستان.

تەویلە: گەوەڕ، پشتێر، گەوڕ ف طویله، اصطبل.

تەه : وشەی سەیرمان، تەحا، پەحا ف کلمهٔ تَعَجُّب.

تەها: ١) تەهـ؛ ٢) بێ وێنە، یەکە ف ١) کلمهٔ تَعَجُّب؛ ٢) بی‌مانند.

تەهتاڤك: پنگەکێویلە ف نعنای کوهی.

تەهرە: دەسرۆکەی هەوری ف دستمال.

تەهس: خلیسك، جێگەی لوس و رژد کە لێی هەڵدەخلیسکێن ف لیز.

تەهسۆك: ١) خلیسکان؛ ٢) جێگەی خلیسك ف ١) لیزخوردن؛ ٢) لغزنده.

تەهسین: هەڵخلیسکان، شەمتین ف لیزخوردن.

تەهو: وشەی سەیرمان ف کلمهٔ تَعَجُّب.

تەهۆ: وشەی نەشیاوی، هەیهو ف هیهات.

تەهۆڵ: رەهۆڵ ف شکاف ژرف و گشاد.

تەی: ١) کەدی، ڕام؛ ٢) فێرەکـار، ئەکـارزان؛ ٣) مەرج، پەیمـان؛ ٤) سوڕانەوەو گەڕان: (دنیام **تەی** کرد) ف ١) رام؛ ٢) کارآمد؛ ٣) پیمان؛ ٤) طی کردن.

تەیا: ڕێك ونداکری، ڕێ گوم کردو، ڕێ لێ شێواو ف ره گم کرده، سرگردان.

تەیاخ: پەیاخ، پەیاغ، گالۆك، داردەستی ئەستوور ف چُماق.

تەیار: ١) سازو ئامادە بۆکار یان بۆ سەفەر؛ ٢) کەیف سازو دەوڵەمەند ف ١) آماده، مُهَیّا؛ ٢) ثروتمند و آسوده.

تەیارە: ١) لیسی باز لەسـەر نیشتن؛ ٢) فرۆکـە، باڵافـڕ ف ١) جای نشستن باز شکاری؛ ٢) هواپیما.

تەیان: ١) کارەکـەر، جێری، خزمـەتکاری ژن، کڵفـەت، قەرەواش، خەدامـە؛ ٢) تیان، مەنجەڵی گەورەی حەمام ف ١) کُلفت؛ ٢) دیگ بزرگ حمام.

تەیجە: سەوەتە، قەرتاڵە، هەردەفڕێ لەتوڵ تەنرابێ ف سَبَد.

تەیچە: سەلە، ئانەشان ف آبکش.

تەیر: مەل، باڵدار، باڵندە ف پرنده.

تەیرك: خشڵ و لەرزانەی کە وەك کۆتر دروس کراوە ف نوعی زیور که بەشکل پرنده ساخته شده.

تەیرۆك: تەزرە، تەرزە ف تگرگ.

تەیرە: چەتە، ڕێگر، تەریدە ف راهزن.

تەیس: بریقە، بریسکە ف درخشش.

تەیسین: ١) بریقـانـەوە، تروسکـانەوە؛ ٢) ئایسان، گڕداربون ف ١) درخشیدن؛ ٢) شعله‌ور شدن.

تەیکە: تەیجە ف سَبَد.

تەیلە: تێلەکە، کوڵ ف پشته.

تەیمان: ئامان، چەپەر، دەرك و دیواری لەشوڵ ف در و دیوار از چوب و ترکه ساخته شده.

تەینا: تەنیا، تەنها ف تنها.

تەینابال: تەنیاباڵ ف بی‌یار و یاور.

تەیوانە: خۆراك لەماڵی زاواوە بۆماڵی بوك ف غذائی که از خانه داماد به خانه عروس فرستند.

تەیەو: رامو فێرەکار ف رام و کاری.

تەیەوبوگ: راهێندراو بۆکار ف رام شده برای کار.

تەیەوبوُن: راهاتنو کارفێر بون ف رام شدن و کار آموختن.

تی: ١) تینـگ، تۆنی، تەژنـه؛ ٢) برای مێرد، شو بـرا؛ ٣) تو، تفیّ؛ ٤) تیخەی شیر و خەنجەرو کێرد؛ ٥) تیل، لەقولینچکەوە ف ١) تشنه؛ ٢) برادرشوهر؛ ٣) توت؛ ٤) تیغهٔ شمشیر و...؛ ٥) نیم نگاه.

تێ: ١) ناوی پیتی چوارەمی ئەلفو بێتکە؛ ٢) یاو، تا، نۆبەتێ؛ ٣) دەناو: (تێدا، تێ کراو)؛ ٤) دێت، بەرێوە بۆهاتن؛ ٥) سوسکە، سوێسکە؛ ٦) لەناو ف ١) حرف چهارم الفبا؛ ٢) تب؛ ٣) درون، تو؛ ٤) می آید، در راه آمدن است؛ ٥) تیهو؛ ٦) اَندر.

تیا: ١) لەناویا، تێدا ؛ ٢) رێ گوم کردو، سەرگەردان ف ١) اَندر آن؛ ٢) سرگردان.

تێ ئاخنین: بەزۆر خستنەناو، بەهێم نانەناو، بخورتی خستن تێدا ف چپاندن.

تێئالان: لێ هالان ف بەدور چیزی پیچیدن.

تێ ئالاندن: لێهالاندن ف پیچاندن به دور.

تیابردن: لەناودان، لەبەش کردن، مزمەحیل کردن ف از میان بردن، نابود کردن.

تیاترۆ: ١) تەماشاخانەی سازندەو سەماکەران؛ ٢) سازندەو سەماکەر ف ١) تآتر؛ ٢) هنر پیشهٔ تآتر.

تیاترۆخانە: تەماشاخانەی سازندەو سەماکەران ف تآتر.

تیاچون: لەناوچون، تێچون، لەئارادا نەمان ف از بین رفتن.

تیارامان: ١) سەر سورمانو سەرگەردان بون؛ ٢) بیرو هزر لێ کردنەوە ف ١) مُتَحَیّر ماندن؛ ٢) اندیشیدن.

تیامان: دامانو مات بون لەکارێکا ف درماندن.

تیان: ١) مەنجەڵی گەورەی، گوشاد؛ ٢) لەسوچو کەنارەوە، نە راستەوخۆ ف ١) دیگ بزرگ؛ ٢) بەطور غیرمستقیم.

تیانچە: مەنجەڵی دەستە، *لەتیان گچکەتر* ف نوعی دیگ.

تیانە: تیان، مەنجەڵی گەورەو گوشاد ف دیگ بزرگ.

تیبا: رەشایی لەشەودا، تارمایی ف شبح. سیاهی.

تێ بردن: دەناوخستن، تێنان ف لای چیزی گذاشتن.

تێ برین: بەزۆر دەناونان ف چپاندن.

تێ بەربون: ١) تێ هەڵگرانی ئاگر: (ئاگرم **تێ بەربو**)؛ ٢) شیرمژینی بێچو لە گوانی دایك؛ ٣) بەلاماری سەگ بۆگرتن ف ١) آتش گرفتن؛ ٢) شیرمکیدن بچهٔ دام از پستان مادر؛ ٣) یورش سگ.

تێ بەردان: ١) گرانـدنی ئاگر بەشتێکـەوە: (ئـاگری **تێ بەردا**)؛ ٢) بەرهەڵـداکردنی زا بۆماك؛ ٣) بەرهەڵداکردنو دنەدانی سەگ بەرەو شتێ ف ١) آتش زدن؛ ٢) رها کردن بچهٔ دام برای مکیدن پستان مادر؛ ٣) سگ را به چیزی پاس دادن.

تێبین: وردەکار، بیر روناك، خاوەن هزر ف اَندیشمند.

تێبینی: ١) هزرو فکرکردنەوە لەدوایی کار؛ ٢) پەیداکردنی نەزانراو ف ١) عاقبت اندیشی؛ ٢) یافتن.

تیپ: ١) کۆمـەڵ، دەستە: (**تیپە** سوارێك هات)؛ ٢) رستەی وشە ف ١) گروە، دسته؛ ٢) جملهٔ دستوری.

تێپەڕ: بوردن، رابردن: (وەرەتێ پەڕە، بێرەدا **تێپەڕی**) ف گُذر کردن.

تێپەڕاندن: پێك هێنانی کار ف انجام دادن.

تێپەڕبون: هاتنو رۆیشتن ف گُذر کردن.

تێپـەڕ کردن: ١) لەکـاتی خۆی رابـواردن؛ ٢) چونو رۆیشتن ف ١) گذشتن موعد؛ ٢) گذشتن.

تێپەڕی: رابرا، چو ف گذشت، گُذر کرد.

تێپەڕین: رابردن، کات نەمان ف گُذشتن.

تێپەست: دەناونان بەنهێم، تێ ئاخنین ف چپاندن.

تێپەستان: بەنهێم تێنان، بخۆرتی خستنەناو ف چپاندن.

تێپەستاوتن: تێپەستان ف چپاندن.

تێ پێچان: لێ هالاندن، لێ پێچان ف پیچاندن به دور...

تێ پێچاندن: تێپێچان ف پیچاندن به دور...

تیت: ١) رەنگی سوری ئاچخ؛ ٢) زولف، کەزی، پرچ؛ ٣) تو، تفێ ف ١) رنگ سرخ روشن؛ ٢) گیسو؛ ٣) توت.

تیتـاڵ: ١) قسـەی گاڵتە، حەنەك؛ ٢) ئاینو ئۆین کردن؛ ٣) بوختان، تۆمەت ف ١) لطیفه، شوخی؛ ٢) ادا و اطوار درآوردن؛ ٣) تهمت.

تیتاڵ باز: ١) قسەخۆش، گاڵتەچی؛ ٢) نازو نوزکەرو فێڵباز ف ١) لوده؛ ٢) اطواری.

تیتاڵی: ١) جەفەنگبازی؛ ٢) مەکر بازی ف ١) لودگی؛ ٢) حیلەگری.

تێ ترنجان: گیرۆدە لەشوێنی تەنگدا ف در جای تنگ گیر کرده.

تێ ترنجاندن: گیردان لەشوێنی تەنگەبەردا ف در تنگنا قرار دادن.

تیترواز: مەلێکە بەقەد چوێلەکە ف پرندەایست شبیه گنجشك.

تیترواس: تیترواز ف نگا: تیترواز.

تیترواسك: تیترواز ف نگا: تیترواز.

تیتك: ١) خشڵێکی توێڵ؛ ٢) بسكو پەرچەم؛ ٣) ئەنی بەندی زارۆك؛ ٤) میتکەی مێوینە؛ ٥) توتکە سەگ؛ ٦) خوشکی باوك ف ١) زیوری که بر پیشـانی زننـد؛ ٢) زُلف و عُذار؛ ٣) پارچـەای که بر پیشانی بچّه بندند؛ ٤) چچوله؛ ٥) تولەسگ؛ ٦) عَمّه.

تێ تکان: تنۆك کەوتنەناو، دڵۆپ تێڕژان ف چکیدن در...

تێ تکاندن: بەتنۆك تێ ڕژاندن ف چکانیدن در...

تیتکزا: فرزەندی خوشکی باوك ف عَمّەزاده.

تیتل: بێچوی چکۆڵۆکە ف بچهٔ کوچولو.

تیتلو بیبل: ١) دوبێچوی چکۆڵانە؛ ٢) ناوی دوکارژۆڵەی ناو چیرۆکی منالانە ف ١) دو بچهٔ کوچولو؛ ٢) اسم دو بزغاله در قصهٔ کودکان.

تیتلەپیچاخ: تیترواسك ف نگا: تیترواز.

تیتلیسك: گیایەکە لەئاودا دەڕوێ ف گیاهیست.

تیتن: ١) خشڵێکە، پڵپلەو لەرزانە؛ ٢) توتن ف ١) زیوری است؛ ٢) توتون.

تیتو: توتو ف نگا: توتو.

تیتۆك: شێلم، شەلەم، گیایەکە بنکی خڕەو لەتیرەی چەوەندەرە ف شَلغم.

تیتۆڵ: شڕەی پارچە، تیسماڵك لەکوتاڵی دڕاو ف پرگالهٔ پارچه، کُهنه.

تیته: ١) تیتك، خشڵی ناوچاوان؛ ٢) بەروُ لە خەیار ف ١) زیور پیشانی؛ ٢) خیار کوچك.

تێ تەقان: هەڵاتنی بەپەلەو بە ترسەوە ف ترسان گریختن.

تیتی: ١) کولێرەی لەشکڵی پەڕنـدە بۆمناڵان؛ ٢) دەنگی بانگ کردنی مریشك ف ١) گرده نان به شکل پرنده برای بچه‌ها؛ ٢) صوتی برای خواندن ماکیان.

تیج: بڵاوی‌و بێ‌سەرو بەرەیی ف پراکندگی و پریشانی.

تیچان: بڵاوبون، تارێك‌وبێك بون ف پراکندگی.

تێچانـدن: ١) وردە بەتـەندورا رژاندن؛ ٢) ئارد وردەوردە بەسەر رۆنی داغداپرژاندن؛ ٣) بریەتی لە شەیتانی‌و شوفاری کردن ف ١) سوخت در تنـور ریختن؛ ٢) کم‌کم آرد بر روغن داغ پاشیدن؛ ٣) کنـایه از شیطنت و بدگوئی کردن.

تێ‌چڕان: کۆبونەوەی حەشاماتی زۆر ف اجتماع انبوه مردم.

تێ چڕژان: تێ‌چڕان ف اجتماع انبوه مردم.

تێ چریکان: بەدەنگی بەرز گۆرانی گوتن ف آواز خواندن با صدای بلند.

تێچو: ١) تێ شکاو؛ ٢) لەبەین‌چو ف ١) شکست خورده؛ ٢) نابودشده.

تێچوُن: ١) زیان دیتن، تێ‌شکـان؛ ٢) بنـەبڕ بون‌و فەوتان؛ ٣) خەرج هەڵگرتن: (ماڵەکەم زۆری **تێ چوە**) ف ١) شکست خوردن؛ ٢) نابود شدن؛ ٣) خرج برداشتن.

تێ‌چەقان: شتی باریك بەشتی ئەستوردا چون، تێ‌هەڵچون ف خلیدن.

تێ‌چەقاندن: باریك‌و تیژ بەئەستوردا کردن ف خلانیدن.

تێ‌چەقین: تێ‌چەقان ف خلیدن در...

تێ‌چەندن: تێچاندن ف نگا: تێچاندن.

تێچێن: ١) کەسێ ئارد بەرۆنی داغدا دەکـا؛ ٢) ئەوی پشـکـەڵ‌وکـا وردەوردە بەتەندوردا دەڕێژێ؛ ٣) ئەوی شەیتانی‌و شوفاری لەخەڵك دەکا ف ١) کسی که آرد بر روغن داغ بپاشد؛ ٢) آنکه سوخت در تنور ریزد؛ ٣) سخن‌چین.

تیخ: دەمە چەقۆو شیرو خەنجەر ف لبهٔ کارد و چاقو و...

تێخ: تیخ ف تیغ.

تێخزان: لەسەرلا چونەناو ف خزیدن در...

تێخزاندن: تێنان بەهێز، تێ تەپاندن ف چپاندن.

تێخزین: تێخزان ف خزیدن توی...

تێخستن: ١) خستنی شتێ لەناو شتی‌تر؛ ٢) تێ‌ڕۆ کردن ف ١) تونهادن؛ ٢) فروکردن.

تێ‌خورین: لێ گۆڕاندن، بەقەودواندن ف نهیب زدن.

تێخونجان: تێ ترینجاندن، بەنهێم تێ‌نان ف با فشار گُنجانیدن.

تێدان: ١) کارتێکردن: (تێدانی کرم)؛ ٢) تێ هەڵسونی قوڕ یان مەڵحەم؛ ٣) تێ کردنـەوەی پارچـە، لێ‌زیادکـردنی پارچـە بەپارچە؛ ٤) سپێ کەوتنی دانەوێڵە: (برنج سپێی تێداوە) ف ١) نفوذ کردن؛ ٢) اندودن؛ ٣) تکه‌تکه بر هم دوختن؛ ٤) ایجاد شدن شپش در حبوبات.

تیر: ١) خەست؛ ٢) ئەوی بەکەوان دەیهاوێن؛ ٣) هەوەڵ مانگی هاوین ف ١) غلیظ؛ ٢) تیر؛ ٣) تیرماه.

تێر: ١) تەسـەل، دژی برسی؛ ٢) پڕ:(تێرگۆشتـە)؛ ٣) رەنگی تۆخ؛ ٤) زۆرو بەدڵ: (تێر تمـاشام کرد) ف ١) سیر مقابل گرسنه؛ ٢) پُر؛ ٣) رنگ سیر؛ ٤) از صمیم قلب.

تێڕ: خورجێنی گەورەی دوتایی ف خورجین بزرگ.

تیرئەناز: تیرهاوێژ، کەسێ کە تیر لەکەوان دەهاوێ ف تیرانداز.

تیرئەنازی: تیرهاویشتن ف تیراندازی.

تیرئەنداز: تیرئەناز ف نگا: تیرئەناز.

تیرئەندازی: تیرئەنازی ف نگا: تیرئەنازی.

تێڕاچون: تێ هەڵچەقان، تێ‌چەقان ف خلیدن.

تێ‌ڕادان: ئاو دەدەفـر وەردان بۆ خاوێن بونـەوە: (ئـاوی **تێ‌ڕادە**) ف آبکشی کردن و شُستن.

تێڕادیتن: پێدا پەرمون، متمانە پێ کردن ف اعتماد کردن، اطمینان داشتن.

تێڕادیوی: تێڕادیتن ف معتمد داشتن.

تێ‌ڕاکردن: دەناودا جێ کردنەوە، تێ‌چەقاندن ف فروکردن.

تیرانگ: مسوڵدان ف مثانه.

تێراو: سەوزەو دەغڵی نەتینو ف سبزهٔ شاداب.

تێراوی: نەتینوەتی، گەش‌و شەق‌و لەسیسی بەدور ف شادابی.

تیراوێ: برینارەش، کوانێکی زۆر حەستەمەو چا نابێتەوە ف سیاه‌زخم.

تیراوێژ: مەودایەك کە تیری هاوێژراوی دەگاتێ ف تیررس.

تیربـاران: ١) وێکڕا هاویشتنی تیری زۆر؛ ٢) کوشتنی کەسێ لەلایەن دەوڵەتەوە بەتیر ف ١) فروریختن تیرهای بسیار ومتوالی از هرطرف؛ ٢) تیرباران، اعدام.

تێربون: لەبرچێتی خلاس بون ف سیرشدن.

تێرتیرە: جۆرێ مارمێلکە ف نوعی مارمولك.

تێرتێرە: بزن‌مژە، قومقومە، خەمەگرۆُ ف بزمچه.

تێرخواردن: نەمانی برسایەتی، خواردن تا بێ‌نیازبون ف سیرشدن.

تێرخوێ: چێشتی نیوە سوێر ف آش نیم‌شور.

تیردان: هەگبەی تیران، جێگەی تیرە کەوان ف ترکش، تیردان.

تێرژتن: دەناوکردنی وردە ف ریختن توی...

تێرشتن: تێرژتن ف ریختن توی...

تیرك: ئالودار، دارەرایەڵی میچ ف تیر سقف.

تێرك: خورجێنی گەورە، جەواڵی دوتایە ف خورجین بزرگ.

تێرنج: پەراوێزی بەرگ‌و شمەك، کەنارەی جبەوکراس ف سجاف.

تێرو: ١) تیروێ، دارێکی لیرەوارەو دەوەنـە؛ ٢) جانەوەری دڕندە ف ١) درختچه‌ایست جنگلی؛ ٢) جانور درنده.

تێ‌ڕوانین: تواشاکردن بە زەقی ف خیره در چیزی نگریستن.

تیرۆژ: تیشکی خۆر ف آفتاب.

تیرۆژو: پارچەی درێژۆکە لەکراسی ژنانەدا ف قطعه پارچه بلند در پیراهن زنانه.

تیرۆك: داروکەیەکی خەراتی کراو بۆ ئەنگوتك پان کردنەوە ف نورد.

تیرۆکردن: دەناونان، تێنان ف فروکردن.

تیرویٚ: داری تێرو ف درختچەایست جنگلی.

تیرە: ۱) تایەفە. بەشێك لەهۆز؛ ۲) تەختەیە لەمەرەزە؛ ۳) سیرمە چەرمی باریك بۆ بن کلاش؛ ۴) شانەهەنگوینی لەسەر لاداندراو ف ۱) طایفە؛ ۲) کَردی از شالیزار؛ ۳) تسمهٔ چرمی که در کفش دست دوز «کلاش» بەکار برند؛ ۴) شانهٔ عسل چیده شده.

تێرەخۆرە: ئەوەندەی برسی تێردەکا، خواردنی زەمی برسیەك ف آن مقدار از خوراك که گرسنه را سیر کند.

تیرەشان: شانە هەنگوین ف کندوی عسل.

تیرەغە: مۆغەرە، مازەپشت ف مازه.

تیرەگە: درێژایی لە بەرزاییدا ف مُرتَفَع.

تیرەگەشان: ملەی کێو ف قُلّهٔ کوه.

تیرەمار: جۆرێ ماری باریك ف نوعی مار باریك.

تیری: ۱) خەستی، دژی شلیو تراوی؛ ۲) نانی تەنکی تەنـدور ف ۱) غفلت؛ ۲) نان لواش.

تێری: ۱) دژی برسیایەتی؛ ۲) تۆخی رەنگ ف ۱) سیری؛ ۲) پُررنگی.

تیریژ: سێ سوچێك لە پەراوێزی کراسدا، گرۆلْ ف تکه پارچه مثلثی در حاشیهٔ پیراهن زنانه.

تیرێژ: تیرۆژ ف آفتاب.

تیربەتی: بەرانبەری برسیەتی ف سیری.

تیز: ۱) کوزەلە، کوز، گیایەکی تیژە لە ئاودا دەڕوێ؛ ۲) گاڵتە پی کردنو تەوس تێ گرتن ف ۱) گیاهی است آبزی؛ ۲) ریشخند کردن.

تێز: کونی لای چەخماخی تفەنگی رەشۆکی کە باریکە باروتێکی تێدایە ف سوراخ زیر چخماق در تفنگ سرپُر.

تێزاب: ئاوی دۆ لەپـاش کولاندنو کردنە شیرێژو کەشك ف پس‌ماندهٔ دوغ پس از جوشانیدن و کشك گرفتن.

تیٚزان: ئاو تێدا پەیدا بوُن: (چـاوم فرمێسکی تیٚزا) ف آب یا مایع در چیزی جمع شدن.

تیزانگ: ۱) موسولدان، میزەڵدان؛ ۲) پزدان؛ ۳) کیسەی لاستیکی کە فوی تێدەکەن بۆمندالان ف ۱) مثانه؛ ۲) زهدان؛ ۳) بادکنك.

تیزپیٚ کردن: گاڵتە پێ کردن ف مسخره کردن.

تیزپێوە کردن: سوك پێوەکردن، جوزپێوەکردن ف انگلك کردن.

تێزکە: تێزی تفەنگ ف نگا: تێز.

تیزۆ: هەڵتۆزین، سڵو قەڵس ف عصبی مزاج.

تێزە: ۱) تێزی تفەنگ؛ ۲) سەرنوکی باریکی شت ف ۱) نگا: تێز؛ ۲) نُك باریك.

تێزەتێزە: پەلەپەل، گەلەك بلەز ف شتاب.

تێزەتێزەدان: پەلەپەل لیٚ کردن، وە پەلەخستن ف بەشتاب واداشتن.

تێزەتێزە لیٚ کردن: سەرنانە سەر بۆ کردنی کارێ ف بەشتاب واداشتن.

تیژ: ۱) چێژەی توندی زمان سوتێن؛ ۲) تیخی بەبڕشت؛ ۲) توند لە کارو لە رۆیشتن؛ ۴) زو: (تیژ تێ پەڕە)؛ ۵) پێ داگر، سور ف ۱) مزهٔ تند؛ ۲) برّنده؛ ۳) چابُك؛ ۴) باشتاب و عَجله؛ ۵) اصرار ورزیده.

تێژ: تیژ ف نگا: تیژ.

تیژاو: ۱) ئاوی دۆی کولاو، تێزاب؛ ۲) مەزبوتو بەکار ف ۱) پس‌ماندهٔ دوغ جوشیده؛ ۲) چالاك.

تێژاو: تیژاو ف نگا: تیژاو.

تیژباڵ: مەلی زۆر خێرا لەفڕین ف تیزبال.

تیژبـون: ۱) پێ داگری، سوربـون لەسـەر داوا؛ ۲) لەکولیەوە گۆڕان، تێژبون ف ۱) لجاج و اصرار؛ ۲) تیز و بُرّا شُدن.

تیژك: تیرێژ، تیشکی رۆژ ف اشعهٔ آفتاب.

تێژك: بەچکەساوای جانەوەری دڕندە ف نوزاد حیوان دَرّنده.

تیژکردن: ۱) ساوینو لەچەرخ دانی تیخ؛ ۲) دنەدانو هەڵخراندن ف ۱) تیز کردن؛ ۲) تشجیع.

تیژە: نانەشان، سەلەی پالاوتنی برنجو ساوار ف آبکش.

تیژەڤان: هەڵخرێن، دنەدەر، هانەدەر ف مُشَوِّق.

تێژەنگ: رێژاوی زۆربەخوڕو تەوژم ف مَصّب پرآب.

تیژی: ۱) تامی تونـــد، چێژەی زمـان سوتێن؛ ۲) بەبـڕشت بون، دژی کولی، تێژی ف ۱) تُندی مَزه؛ ۲) بُرّندگی.

تیس: ۱) تۆسی، تێسو، گیایەکی دڕکاویە. جیوەی بۆ مەرەکەب دەکار دەکەنو بنەکەی کەف دەکا وەك ئەسپۆن؛ ۲) سواپ، بەردی چکۆڵەی پانو لوسو تەنك ف ۱) گیاهی است خاردار؛ ۲) شن پهن و صاف و نازك.

تێســاو: ۱) هەسـان، بەردەزۆرە، بەردێ کەچـەقۆی پێ تیژ دەکەن؛ ۲) محەك، ئەمرازی ئەزمونی زێڕ ف ۱) سنگ سوهان؛ ۲) محك.

تێساوین: پێداساوین، تێ هەڵسون ف سائیدن بر.

تێسرەوان: لیٚدانو دارکاری لەنەخافڵ ف کُتك‌کاری ناگهانی.

تێسرەواندن: دارکاری کردن، لێدان لەپڕو نەکاو ف کتك‌کاری کردن.

تێسرەوین: تێسرەوان ف کُتك‌کاری ناگهانی.

تیسك: ۱) چەپکێکی پچوك لەکوڵکە؛ ۲) زەنگەتە ترێ؛ ۳) موی درێژ: (مەڕێکی بەتیسکە) ف ۱) دستهٔ کوچك از موُ؛ ۲) دستهٔ کوچکی از یك خوشه انگور؛ ۳) مو یا پَشم دراز.

تیسکن: زۆربەمو، کوڵکن ف پشمالو، پُرمو.

تیسکۆ: تیسکن، کوڵکن ف پشمالو.

تێسکە: ۱) تێزەی تفەنگ؛ ۲) تروسکە، درەوشین ف ۱) جامگی تفنگ؛ ۲) درخشش.

تێسکەتێسك: تروسکانەوە، لەدورەوە درەوشین ف درخشیدن از دور.

تێسمڕیاگ: مرۆی پتەوی قەد ئەستور ف بابُنیه و کَت و کُلُفت.

تێسمڕیان: پتەوبونو ئەستوری بەساغیەوە ف دُرُشتی و کُلفتی اندام.

تێسو: تیس، تۆسی ف گیاهی خاردار.

تێسون: تێ‌ساوین ف ساییدن بر.

تیسوێ: تێسو، تۆسی ف گیاهی است خاردار.

تیش: ۱) بەردی بڵندی راستو لوسو هەڵچو لەچیادا: (تیشە شاخ)؛ ۲) چوی پەل. جگی لوس‌کراو، میچی سواو؛ ۳) تیژی بەبڕشت ف

١) صخرهٔ صاف و مُرتَفع؛ ٢) شتالنگ صاف شُده؛ ٣) بُرّا، تیز.

تێشت: تاشتی، نانی بەیانی، بەرقلیان ف چاشت.

تیشـك: ١) تیرێژ، تیرۆژ، رونـاکایی خۆر؛ ٢) بریقەدانەوە؛ ٣) کوڵکەو موی درێژ، تیسك ف ١) شُعاع پرتو؛ ٢) انعکاس پرتو؛ ٣) پَشم و موی زیاد.

تێشکان: بن کەوتن لەشەڕ یان لەسەوداو مامەڵەدا ف شکست خوردن، زیان دیدن.

تێشکاندن: سەرکەوتن لەشەڕ یان لەسەوداو مامەڵەدا ف شکست دادن، زیان رساندن.

تێشکـاو: ١) ژێرکـەوتو لەشەڕدا؛ ٢) زەرەرلێ کەوتو لە سەودادا ف ١) شکست خورده؛ ٢) زیان دیده در معامله.

تێشو: بژیوی سەفەر، تۆشە ف توشه.

تێشوبەرە: ١) نان بەری جوتیار بۆدەشت؛ ٢) تۆشەبەرە ف ١) کسی که غذای دروگر را برایش می‌برد؛ ٢) توشه‌دان.

تێشودان: تۆشەدان، تۆشەبەرە ف توشه‌دان.

تێشوك: شتومەك، کەلوپەل ف اثاث و لباس.

تێشوکردن: ١) پێك هێنانی بژیو بۆ سەفەر؛ ٢) بریتی لە تێشت خواردن ف ١) آماده کردن توشه؛ ٢) کنایه از صبحانه خوردن.

تیشه: ١) تۆشە؛ ٢) رەگی تازە رواوی دەغڵ ف ١) توشه؛ ٢) جوانهٔ تازهٔ گیاه.

تێشه: تۆشە ف توشه.

تیشـــەبـڕ: شەختـەیی کە دەخڵی شین هەڵـدەتـەکێنێ ف یخ‌زدنی که ساقه‌های سبز را می‌خشکاند.

تیشەشاخ: کەڤری حولیو بڵند لەچیا، تیشەبەردی کێو ف صخرهٔ صاف و مُرتَفع.

تیشەلان: بەردەلانی سەخت ف سنگلاخ صَعب‌العُبُور.

تیشەمب: گاتو، شاتو، تویرەش ف شاه‌توت.

تێ شیشـان: بە پەلـەپـەل خەریکی کارێك بون ف بەشتـاب مشغـول بەکاری شدن.

تیغ: دەمەکێردو شیر و خەنجەر ف تیغ.

تێغ: تیغ ف تیغ.

تیغـە: دیواری تەنکی نێوانکەر، لەمپەری ناسك لەقوڕو بەرد ف حاجز دیواری، تیغه.

تیغەشان: ١) ملەی کێو؛ ٢) لاشانی چیا، تیغە ف ١) ستیغ کوه؛ ٢) تیغهٔ کوه.

تیف: ١) لوس و لەبارو رێك لەبەرچاو؛ ٢) تنۆکە ئاو؛ ٣) دەنکە باران ف ١) شیك؛ ٢) قطرهٔ آب؛ ٣) قطرهٔ باران.

تیف‌تیفـە: تیغ پێداهێنـانەوەی تاشراو: (سەرم تیف‌تیفە بدە)؛ ٢) خۆ جوان و لوس کردن: (واخۆی تیف‌تیفە داوە جحێڵان شێت دەکا) ف ١) دوتیغه کردن؛ ٢) آراستن.

تیف‌تیفەدان: تیف‌تیفە ف نگا: تیف‌تیفه.

تیفشاڵ: تویژ، تویژاڵك ف کاشه.

تیف: گیزە، دەنگی گوللەی هاویژراو ف صدای گلوله.

تیڤرگ: چۆزەپۆپنە، چویلەکەیەکی کاکۆڵ بەسەرە ف شانه‌بسر.

تیفسی: بەلەمی چێشت، دەفری گراران، دەوری دریژۆکەی گەورە ف دیس.

تیفل: ١) قسەی بەتێکوڵ، پلار، تیز؛ ٢) هیچ و پوچ و بێ‌نرخ؛ ٣) تێکوڵ ف ١) حرف نودار؛ ٢) بی‌ارزش؛ ٣) پوسته، قشر.

تیڤۆك: چێشکە، چۆلەکە، پاساری، مەلیچك ف گنجشك.

تێ قولپاندن: لەسەرەوە تێ‌رژاندن، تێدا ملپ کردنەوە ف از بالا ریختن.

تیقە: تریقە، دەنگی خەنین ف صدای خنده.

تیقەل: رزیوی دڕاو ف پوسیده و پاره.

تیقەلۆ: جل‌شڕ، شروڵ، بەرگ‌دڕاو ف ژنده‌پوش.

تیك: ١) باقیە، تەقەڵ؛ ٢) درون، دورمان؛ ٣) تیشە شاخ ف ١) بخیه؛ ٢) دوخت؛ ٣) صخرهٔ صاف و مرتفع.

تێك: ١) گش، هەمو، ٢) دەناویەکدا؛ ٣) قیت، زۆپ ف ١) همه؛ ٢) توی هم؛ ٣) قُد.

تیکان: دڕکی‌دار، دڕك، چقڵ ف خار.

تێکبردن: دەناویەکڕا کردن ف درهم فروکردن.

تێکبەربون: تێکەڵ بەیەك‌بون بۆشەڕ ف بەجان هم اُفتادن.

تێکبەردان: بەگژ یەکتردا کردن ف بەجان هم انداختن.

تێکپەڕاندن: دەپاڵ یەکترنانی دو یان چەندشت ف توی هم قرار دادن.

تێکپەڕین: چونەناویەکی چەندشت ف تداخُل اشیاء.

تێکچون: ١) شێوان، لەبەریەك بڵاوبون؛ ٢) تورەبون، لەباری ئاسایی لادان ف ١) آشُفتن؛ ٢) مُنقلب شُدن.

تێکخران: بەیەکترەوە بەستران ف بەهم بسته‌شُدن.

تێکخراو: بەیەکەوە بەستراو، پێکەوە گرێ دراو ف بەهم بسته شُده.

تێکخستن: لێك قایم کردن، بەیەکەوە گرێدان ف بەهم گره زدن.

تێکـدان: ١) خراپ کردن؛ ٢) تێکەڵ کردن؛ ٣) شێواندنی کار ف ١) خراب کردن؛ ٢) قاطی کردن؛ ٣) بەهم زدن کار.

تێکدەر: ١) وێرانکەر؛ ٢) کار خراپ‌کەر ف ١) ویرانگر؛ ٢) آشوبگر.

تێکڕا: پێکەوە، گش، هەمی ف همه‌باهم، مجموعاً.

تێکڕایی: گش لەگش، سەرپاك ف همگانی، عمومی.

تێ کردن: ١) دەناو رژاندن: (ئاوی تێکە)؛ ٢) سازدان: (سەبیل تێکە) ف ١) ریختن توی؛ ٢) مُهیّا و آماده کردن.

تێکسڕمان: تێرگۆشتی و پتەوی ف چاق و قوی‌بنیه بودن.

تێکسڕماو: گیانداری تێرگۆشتی پتەو ف چاق و قوی بُنیه.

تێکسمران: تێکسڕمان ف چاق و قوی بنیه بودن.

تێکسمراو: تێکسڕماو ف چاق و قوی بُنیه.

تێکشان: رابردنی بەپەلە: (بێرەدا هات و تێکشا) ف عبور با شتاب.

تێکشکان: بەجارێ بەسەریەکدا وردبون و شکان ف یکباره در هم شکستن.

تێکشکاندن: وردو خاش کردن بەسەر یەکدا ف خُرد و خاش کردن.

تێکشکاو: بەسەریەکدا شکاو ف درهم شکسته.

تێك كردنەوە: بریتی لە هەمو گیان شكاندن: (لەشی هەموتێك كردەوە) ف كنایه از شكستن اعضای بدن در كتك كاری.

تێك گیران: ١) دەناو یەك ترنجان؛ ٢) بریتی لە مل دەبەرملی یەك نان ف ١) درهم فروشدن؛ ٢) كنایه از گلاویز شدن.

تیكلە: ١) بەرۆشی بچوك، مەنجەڵۆكە؛ ٢) جەڕەی ناوكێشان ف ١) دیگ مسی كوچك؛ ٢) سبوی آبكشی.

تێك لهەڤ: تێكڕایی، بێ‌هەڵبژاردن ف درهم، بدون استثنا.

تیكمە: دوگمە، تۆكمە، قوپچە ف توكمه.

تێكوپێك: بەجارێك خراوكراو، بێ‌سەرەوبەرە ف داغان.

تێ كوتان: خستنەناوەوە بەزۆر ف سبوختن.

تێ كوتاندن: تێ كوتان ف سپوزیدن.

تێ كوتانن: تێ كوتان ف سبوختن.

تێ كۆشان: تەقالا كردن، هەوڵدان ف كوشیدن.

تێ كۆشین: تێ كۆشان ف كوشش.

تێ كوشین: ١) تلیت، تریت، نان‌وڵین لە شۆربادا؛ ٢) دوغرەمە، دوغورمە ف ١) ترید؛ ٢) سالاد ماست و نان خُشك.

تیكە: ١) لەت، پارچە لەشتێك؛ ٢) پابۆڵە، لەفقە؛ ٣) پاروو ف ١) پاره؛ ٢) ساندویچ؛ ٣) لقمه.

تێكە: دەناوی بڕژێنە: (چای تێكە، مێوژان تێكە) ف بریز توی.

تێك هاڵان: تێك ئاڵۆزان، لێك هاڵان ف برهم پیچیدن.

تیكەتیكە: لەت‌لەت، پارچەپارچە ف تِكّه‌تِكّه.

تێكەڵ: تەڤ لهەڤ، لێكدراو، ئاوێتە ف درهم، آمیخته.

تێكەلاو: تێكەڵ ف درهم، آمیخته.

تێكەڵ بون: ١) لێكدران، بەناو یەكدا چون؛ ٢) بریتی لە جوت بون نێر و مێ ف ١) درهم آمیختن؛ ٢) كنایه از جفت‌گیری نر و ماده.

تێكەڵ پێكەڵ: بێ‌سەرەو بەرە، هەڵشێواو، شێواگ ف آشفته، درهم برهم.

تێكەڵدان: تەڤ لهەڤ كرن، لێكدان بەدار یان بە كەوچك: (شیرەكە تێكەڵ دە) ف بەهم زدن.

تێكەڵ كردن: ئاوێتە كردن، لێكدان، ئامیتە كردن ف قاطی كردن.

تێكەڵ و پێكەڵ: ناڕێك، نەتەكوز ف نامرتّب.

تێكەڵە: وردە بەردو رەڵم پێكەوە ف مخلوط شن و ماسه.

تێكەڵی: ١) تەڤ لهەڤی؛ ٢) ئاوێتەیی؛ ٣) بریتی لە دۆستایەتی و خزمایەتی ف ١) آشفتگی؛ ٢) آمیختگی؛ ٣) كنایه از دوستی و خویشاوندی.

تێكەوتن: ١) كەوتنە ناوەوە؛ ٢) ژێركەوتن‌و تێشكان لە وازیدا؛ ٣) بریتی لەمەلەكردن بۆ لابردنی لەش پیسی؛ ٤) بەهۆی تەزاتیەوە توشی كارێك بون ف ١) افتادن توی؛ ٢) باختن در بازی؛ ٣) كنایه از غُسل؛ ٤) از روی بی‌اطّلاعی دست بەكاری رفتن.

تێكەولێكە: بەرهەڵدایی، بێ‌سەرەو بەرەیی، كەس لەكەسی ف بلبشو.

تێكەوەدان: بەناڕێكی‌و پەرێشانی هاتن‌و چون ف پریشان قدم زدن.

تێكەوەهاویشتن: تێكەوەدان ف پریشان قدم زدن.

تێك هەڕستن: بەتوندی پاڵ پێكەوەدان ف محكم به هم چسبیدن.

تێك هەژیان: لێك هاڵان بەبزوتنەوە ف بهم پریدن.

تێك هەڵچون: پێك هەڵپرژان‌و تێكەوەگلان بۆشەڕ ف گلاویز شدن.

تێك هەڵدان: ١) شەڕەشەق، بەپێ لەیەكدان؛ ٢) شەڕكردنی ئاژەل بەسەر ف ١) لگد و تیپا زدن؛ ٢) شاخ بەشاخ شدن حیوان.

تێك هەڵشێلان: بەسەریەكدا هەویركردن، دو دەرمان پێكەوە تێكەڵ كردن‌و شێلان ف درهم چلانیدن، معجون كردن.

تێكڕا: تێكڕا، گشت لەگشت ف نگا: تێكڕا.

تێكڕایی: بەگشتی، تێكڕایی ف عمومی، همگی.

تێگرتن: ١) بەرەونیشانە هاویشتن؛ ٢) پینە بە لیباسدا درون؛ ٣) بەرد دەكون‌و جادەنان: (بەردی تێ بگرە) ف ١) هدف گیری؛ ٢) پینه‌زدن؛ ٣) سنگ در سوراخ نهادن.

تێگرماندن: لێ‌خوڕین، تێ‌خوڕین ف نهیب زدن.

تێگوشین: تێكوشین، تێ‌وڵین، نان تلیت كردن ف ترید كردن.

تێگەشتن: حاڵی بون ف فهمیدن.

تێگەیاندن: حاڵی كردن ف فهماندن.

تێگەیشتن: فامین، حاڵی‌بون ف فهمیدن.

تێگەیشتو: فامیدە، حاڵی بوگ: (خوایە بۆمان بنێری ئاوی لەقوڕ نەنیشتو / یان لاوی پێگەیشتو یان پیری تێگەیشتو) «وەهبی» ف فهمیده، دانا.

تێگەیشتی: تێگەیشتو ف فهمیده، دانا.

تێگەین: فامین، حاڵی‌بون ف فهمیدن.

تێگەیو: فامیدە، بەزانست ف فهمیده، دانا.

تێ گیران: گیركردن لەشتێكا، بێ دەرەتانی ف گیر كردن.

تێگیركردن: تێگیران ف گیرخوردن.

تێگیریان: تێگیران ف گیر كردن.

تیل: ١) ئاماڵ‌خوار؛ ٢) دەرپەڕیو: (تیلی كردوە باش دیارە)؛ ٣) قەڵەمەداری تازە نێژراو؛ ٤) سوچ، قوژبن؛ ٥) خێل، خوێل؛ ٦) كەلا، هەڵمات ف ١) كج، مایل؛ ٢) بارز، مُشخّص؛ ٣) قلمهٔ تازه كاشته؛ ٤) گوشه، زاویه؛ ٥) لوچ؛ ٦) تیله.

تێل: ١) هەودای لەمس‌و ئاسن، سیم؛ ٢) بەرقییە، تێلگراف؛ ٣) ئاماڵ خوار، تۆزێ لار؛ ٤) لوس، ساف ف ١) سیم؛ ٢) تلگراف؛ ٣) كج، مایل؛ ٤) صاف.

تێڵ: توێڵ، هەنیە، ئەنی، ئاوچاوان ف پیشانی.

تیلا: سوچ، گۆشە، قوژبن: (بە تیلای چاوی لێ‌ڕوانیم) ف گوشه.

تیلا: داردەستی ئەستور، چۆماغ، پەیاغ ف كدنگ.

تیلاترین: داركاری خەست‌و خۆڵ: (كەوتەگیانی تیلاترینی كرد) ف بەشدّت كُتك‌زدن.

تیلاگ: لاسەر: (كڵاوی بەتیلاگی سەریەوە نابو) ف جانب سر.

تیلاوتیل: خوارەخوار، لەسەرلا ف كج و اریب.

تیلایی چاو: گۆشەی چاو: (تیلایی چاوی دامێ) ف گوشهٔ چشم.

تیلكردن: ١) خوار كردنەوە؛ ٢) نیشاندان لەلاوە ف ١) خم كردن؛ ٢) از

گوشه نشان دادن.
تیلکه: دیزەی چێشت [ف] دیزی.
تیلماسك: تیسماڵك، پارچەی باریك و درێژ [ف] نوار پارچه‌ای.
تیلمه: تیلماسك [ف] نوار پارچه‌ای.
تیله: ١) بێچوە سەگ توتکە کسوك، توڵه؛ ٢) سوچ، قوژبن؛ ٣) تیل، کەلا، هەڵمات [ف] ١) توله‌سگ؛ ٢) گوشه؛ ٣) تیله.
تێله: تاڵە، رەش تاڵە، ئەسمەر، گەنم رەنگ [ف] گندمگون، سبه‌فام.
تێلەکه: کوڵ، کڕاڵەپشت [ف] کوله‌پشت.
تێلەگه: تێلەکه [ف] کوله‌پشت.
تیلەمار: ١) بەچکە مار، چێلی مار؛ ٢) ماری باریك [ف] ١) بچهٔ مار؛ ٢) مار باریك.
تێلی: ناوی پیاوانەیه [ف] اسم مردانه.
تیلین: هەڵماتین، مەڕمەڕین، کەلایین [ف] تیله‌بازی.
تێم: ١) لەسەر دا؛ ٢) دەهێم، دێم، بەرانبەری دەڕۆم [ف] ١) از من؛ ٢) می‌آیم.
تیماج: پێستی ئاژەڵی خۆش کراوی دەباغ دراو [ف] میشن.
تیمار: ١) رنەك كردنی یەکسم، شاڵ و قاشاغ کێشان؛ ٢) خزمەت و ئاگاداری لە نەخۆش؛ ٣) گوندێکه لە کوردستان [ف] ١) شال کشیدن و تمیز کردن ستور؛ ٢) پرستاری و مراقبت؛ ٣) دهی در کردستان.
تیمارخانه: نەخۆشخانه، خەستەخانه [ف] بیمارستان.
تیمارکەر: ١) برین پێچ، یاریدەری حەکیم؛ ٢) خزمەتکاری نەخۆش؛ ٣) رنەك دەری یەکسم [ف] ١) پزشکیار؛ ٢) پرستار؛ ٣) مهتر اسب.
تێمان: ١) دامان، رامان، سەرگەردانی؛ ٢) دەناوماندا [ف] ١) سرگردانی و درماندگی؛ ٢) میان ما.
تیمانج: ١) تیماج، جۆرێ پێستەی تەنك؛ ٢) برشتی باریك لەچەرم [ف] ١) میشن؛ ٢) نوار چرمی.
تێماو: داماو [ف] درمانده.
تیمچه: قەیسەری، بازاڕۆکە لەبازاری گەورەدا [ف] تیمچه.
تێمروکان: تێوروکان، کۆبونەوە بەدەوری شتێکا [ف] گرد آمدن.
تێموم: دەسنوێژگردن بەتۆز لەجیاتی ئاو [ف] تَیَمُّم.
تێمیسك: کرێژی لێو لە نۆبەتێوە [ف] تبخال.
تین: ١) هێز، وزە، تاقەت، تابشت؛ ٢) گەرمای ئاو یان ئاگر؛ ٣) ئاگردانی گەرماو، تون؛ ٤) تینگ، تینو، تۆنی، تیهنی؛ ٥) بناغه، هیم [ف] ١) تاب و توان؛ ٢) گرمی خورشید یا آتش؛ ٣) گُلخن؛ ٤) تشنه؛ ٥) شالوده، اساس.
تێن: ١) لەئێمەدا، دمەدا: (تێن دایه دزی دەکا)؛ ٢) دێن، بەرانبەری دەڕۆن؛ ٣) تونی، تینگ؛ ٤) تین، گەرمای ئاگر [ف] ١) میان ما؛ ٢) می‌آیند؛ ٣) تشنه؛ ٤) حرارت و گرمای آتش.
تێنان: خستنەناو، ئێخستنە هوندور، لەدوڕنان [ف] گذاشتن تو ی.
تینشکی: نەخۆشیەکه، نەخۆش هەرگیز تێراو نابێ، ئیسقایی [ف] استسقاء.
تیشیر: نیوەساردو گەرم، شیلەتێن، شیرتین، شیلەوگەرم [ف] ولَرم.
تینك: رایەڵی بوزو، راهەنگاوتەی شاڵ [ف] تارهای افقی در شالبافی.
تینگ: ١) ئاڵو، بادامەی لای مل، لوزەتین؛ ٢) تُونی، تینو، تی [ف] ١) لوزتین؛ ٢) تشنه.
تینگی: تونیایەتی، ئاوخوازی بۆوە خواردن، تینیەتی [ف] تشنگی.
تینو: ١) تینگ، تی؛ ٢) گەرو، قورگ [ف] ١) تشنه؛ ٢) گلو.
تینۆ: یەتێکی بەناوبانگی جەنگ‌نامه [ف] داستانی حماسی و مشهور.
تێنو: تینگ، تینو [ف] تشنه.
تینواتی: تونیایەتی، تینگی [ف] تشنگی.
تێنواره: هەڵوەدا، ئاواره، بێ‌ماڵ، رەبەن [ف] آواره.
تینوارین: تواشاکردن، لێ نهێرین [ف] تماشا کردن.
تینوایەتی: تونیەتی، تینگی، تینواتی [ف] تشنگی.
تینوەتی: تینواتی، تونەتی [ف] تشنگی.
تینوێتی: تینگی، تونیەتی [ف] تشنگی.
تێنەوین: داهاتنەوە بۆ هەڵگرتن [ف] خم شدن برای برداشتن بار.
تینی: ١) تینو، تینگ، تی؛ ٢) نەفەس خواردنەوەی بلوێر ژەن [ف] ١) تشنه؛ ٢) نفس زدن سُرناچی.
تێ نیشتن: ١) دەست بەکارێ کردن؛ ٢) سواری جۆلانه بون، لەجۆلانه نیشتن [ف] ١) دست بکار شدن؛ ٢) در تاب نشستن.
تیوتی: ١) لە گوشەو کەنارەوە؛ ٢) رەت بردن بە هەردولادا [ف] ١) از گوشه و کنار؛ ٢) تلوتلو.
تیوتیوه: تیف تیفه [ف] نگا: تیف تیفه.
تیوتیوەدان: تیف تیفەدان [ف] نگا: تیف تیفه‌دان.
تێ وروکان: تێمروکان [ف] نگا: تێمروکان.
تێ وشین: تێکوشین، تێ‌وڵین [ف] ترید نان.
تیوڵ: ناسك و تەنك. لەگەڵ تەنکا دەڵێن: (تەنك و تیوڵه) [ف] نازك و لطیف.
تێوڵه: ١) تەوێڵه، تەویله، پشتیر، گەوەڕ، گەوڕ؛ ٢) پۆ، تێوەدان [ف] ١) اصطبل؛ ٢) پود بافته.
تێوڵین: تێ‌گوشین، تلێت کردن [ف] تریدکردن.
تێوه: لەناویدا [ف] اندرونش.
تێوەپێچان: لێ هاڵاندن [ف] پیچیدن تو ی.
تێوەچون: ١) کەوتنە ناو شلی ناتەمیسەوە؛ ٢) پێوە نوسان [ف] ١) فروشدن؛ ٢) آغشتن.
تێوەدان: ١) ئامیتەکردنی کەم بەزۆر؛ ٢) هەڵسوان، ساوین؛ ٣) ئالودەکردن: (خوێ قوڕاوی بۆ، منیشی تێوەدا)؛ ٤) پۆ، هەوالی رایەڵ؛ ٥) پۆ دەرایەڵ هەڵکێشان [ف] ١) آمیختن کم با زیاد؛ ٢) ساییدن؛ ٣) آلودن؛ ٤) پود؛ ٥) پود در تار کشیدن.
تێوەردان: ١) تێك وەردان، لێکدان؛ ٢) ئاوەدەفر گەڕاندن بۆ خاوێنی: (ئاوێك دەوقاپه وەرده) [ف] ١) بهم زدن؛ ٢) آب در ظرف گردانیدن.
تێوەژان: نەقیزە تێ رۆکردن [ف] سیخونك زدن.
تێوەژاندن: نەقیزەلێدان [ف] سیخونك زدن.
تێوەژەندن: نەقیزەکوتان [ف] سیخونك زدن.

تێوەشان: راوەشاندنی جلك لە تەندوردا. *بۆ مۆرانە* کوشتن ف لباس بر آتش گرفتن.
تێوەشاندن: جلك بەئاگر راداشتن. *بۆمۆرانە* کوشتن ف لباس بر آتش گرفتن.
تێوە کردن: دەناو نان بەنهێم ف تپاندن.
تێوە گلان: توش بون بەکارێك لەخۆڕایی ف بی‌دلیل درگیر شُدن.
تێوە گلاندن: گیر وەکردن بەبێ رازی بون ف بی اجازه درگیر کردن.
تیوێل: توێڵ، ئەنی، ناوچاوان ف پیشانی
تیە: دیدە، چاو ف دیده، چشم.
تیھ : تونی، تینگ ف تشنه.
تێھ : وشەی سەیرمان، تەح، تەحا ف حرف تعجب.
تێھاتن: ١) هاتنەناو؛ ٢) تێ رژان ف ١) توآمدن؛ ٢) تو ریختن.
تێھانین: بەخت هێنان، هەل بۆ رەخسان ف شانس آوردن.
تیھن: تونی ف تشنه.
تیھنی: تونی ف تشنه.
تێھەڵچون: ١) پێداچەقان: (دڕوێکم **تێھەڵچوە**)؛ ٢) چونەناو بۆ کارێك ف ١) خلیدن؛ ٢) وارد کار شُدن.
تێ هەڵچونەوە: بەسەر گرتنەوە، سەرلەنوێ کردنەوە: (بەکوردی دیسان زیندو دەبمەوە / لەودنیاش بۆکورد **تێ هەڵدەچمەوە**) «هەژار» ف استیناف.
تێ هەڵچەقان: پێداچەقین: (دڕکێك دەقاچم **هەڵچەقا**) ف خلیدن.
تێ هەڵچـەقاندن: پێـدا چەقاندن: (دڕکێکی **تێ هەڵچەقاندم**) ف خلانیدن
تێ هەڵچەقین: تێ هەڵچەقان ف خلیدن.
تێھەڵدان: ١) دۆڵچە یان دەفر دەئاوڕا کردن بۆ ئاو هەڵێنجان؛ ٢) بەشەق لەیەکێك دان ف ١) آب را با ظرف برکشیدن؛ ٢) تیپازدن.
تێ هەڵساوین: پیامالین، پێداساوین ف مالیدن، اندودن.
تێ هەڵسون: پیامالین، تێ‌هەڵساوین ف اندودن، مالیدن.
تێ هەڵقوتان: لاپرەسەنی، لەخۆوە خۆ دەکارگەیاندن ف فضولی.
تێ هەڵکردن: بەقەو دەنگ هەڵێنان لەگۆرانی ف آواز سردادن.
تێ هەڵکـەوتن: بەتـاسەوە مژ لەمەمکی دایك‌دان ف با اشتیاق مُك به پستان مادر زدن.
تێ هەڵکێش: ١) خستنـەنـاو یەکتـر؛ ٢) شیعـرێك دەنـاو شیعـری بێگانەیەکدا ف ١) لا گذاشتن؛ ٢) بین اشعار شعر دیگری را آوردن.
تێ هەڵکێشـان: ١) داو یا هەرشتێ دەنـاو شتێ خرێ: (ئـەم داوەی **تێ هەڵکێشـە**)؛ ٢) دەنـاو تراونـان و هێنـانـەوە: (ئـەوە ئاوە دەستە پیسەکەتی **تێ هەڵکێشە**) ف ١) لاگذاشتن؛ ٢) غوطەور کردن و درآوردن.
تێ هەڵـەنگان: تێ هەڵەنگوتن، توش بونی شتێك و ساتمە پێ بردن ف سکندری خوردن.
تێ هەڵەنگوتن: ١) تێ هەڵەنگان؛ ٢) لەپڕ توش‌بون ف ١) سکندری خوردن؛ ٢) ناگهانی برخورد کردن.
تێ هەڵێنان: پڕکردنەوەی زیان، قەرەبو دانەوە ف تلافی کردن.
تێ هێنان: سەرکەوتن لەکارێکا، هەل رەخسان ف موفق شُدن.

ج

جا: ١) جێگە، جێ؛ ٢) کەوابو، کەوایە: (**جا**بابێ، **جا** بابڕوا)؛ ٣) ئیتر، لە ئاکاما: (**جا** چیتان کرد)؛ ٤) ئەوسا. ئەوعانە: (بائەو بڕواجا وەرە بۆلامان)؛ ٥) پلەو دەرەجە: (پیاگێ **جادارە**)؛ ٦) جێگەو بان، نوێن: (نەخۆشە لەجادا کەفتوە) ف ١) جای؛ ٢) پس؛ ٣) در نتیجه؛ ٤) آنگاه؛ ٥) پایه و مقام؛ ٦) رختخواب، بستر.

جائاستە: بەجێ ماو، جێماو، دواکەوتو ف جامانده.

جاب: جواو، پەرسڤ ف پاسُخ.

جات: پاشگری کۆیە. *تایبەتی بۆ میوەو سەوزی دەگوترێ*: (**میوەجات**، **سەوزیجات**) ف پسوند جمع.

جاترە: نەعنا کێو یلکە ف مَرزهٔ کوهی.

جاتەنە: جاڵ جاڵوکە، جۆلاتەنە، کاکڵە موشان ف عنکبوت.

جاجر: هەڵوایەکە لە کاکڵە گوێزو هەنگوین دەکرێ ف خوراکی از عسل و گردو.

جاجك: بنێشت، بەنوشت، شیلەی دارەبەن ف سقّز.

جاجکەتاڵە: شیلەی دارەبەن کە هێشتا نەکوڵێندراوە، بنێشتە تاڵ ف سقزِ تلخ.

جاجکە خۆشە: شیرەی دارقەزوانی کوڵ پێدراو، بنێشتە خۆشە ف سقزِ شیرین.

جاجگ: جاجك ف سَقّز.

جاجم: مەوج، تەنراوێکە لەخوری، نوێنی تێوە دەپێچن ف جاجیم.

جاجیك: کاهوی هەنجناو لەناو ماستدا ف سالاد ماست و کاهو.

جاچك: جاجك ف سَقّز.

جاچکە: جاجك ف سَقّز.

جاچکە تاڵە: جاجکەتاڵە ف سَقّز تلخ.

جاچکەخۆشە: جاجکەخۆشە ف سَقّز خائیدنی.

جاخ: ١) دەسکێ لەگەڵای توتن؛ ٢) تورەکە یان، کیسەی پەڕو توتن کە سیغارکێش هەڵی دەگرێ؛ ٣) تامان، چەپەر؛ ٤) زێد. ژێگەی منالی؛ ٥) قەباڵەی موڵك؛ ٦) جێگەی ئاگر؛ ٧) کاکۆڵی سەرتوێڵ، گودلە ف ١) یك بسته از برگ توتون؛ ٢) توربهٔ توتون و کاغذ سیگار؛ ٣) پرچین؛ ٤) زادگاه؛ ٥) سند مالکیّت؛ ٦) آتشدان؛ ٧) کاکُل.

جادار: ١) بەڕێزو حورمەت؛ ٢) جێنشین، خەلفە؛ ٣) بەجێو عاقڵانە ف ١) محترم و بُلندپایه؛ ٢) جانشین؛ ٣) معقول و بجا.

جادوُ: سیحر، سیعر ف جادو.

جادوباز: سیحر باز. جادوکەر ف جادوگر.

جادوبەن: نوشتەی جادو بەتاڵ کەر ف تعویذ، باطل کُننده سِحر.

جادوبەند: جادوبەن ف تعویذ، دعای ضدِ سحر.

جادوکار: سیحر باز ف جادوگر.

جادوکەر: سیحر باز ف جادوگر.

جادوگەر: سیحر باز ف جادوگر.

جادوگەری: سیحر بازی ف جادوگری.

جادە: شەقام، کاروانەڕێ، ڕێگەی پانو پێکوت کراو ف خیابان.

جار: ١) دەحفە، هەل، کەڕەت؛ ٢) وەخت، کات ف ١) دفعه، ٢) گاه.

جاڕ: ١) پەرێز، جێگەی دەخڵی دروێنەکراو؛ ٢) شوێنی گیایەکی تایبەتی: (نەرگز **جاڕ**، کەما **جاڕ**)؛ ٣) لەوەڕگە؛ ٤) ڕاگەیاندن بەدەنگی بەرز: (**جاڕ**یان کێشا)؛ ٥) زەوی نەکێڵدراو ف ١) زمین درو شده؛ ٢) محلّ رُستن گیاهی مشخّص؛ ٣) مرتَفع؛ ٤) اعلام عمومی؛ ٥) زمین شخم نزده.

جاران: لەکاتی ڕابردودا، بەرلە ئێستە ف سابقاً.

جاربەجار: ١) کات لەدوای کات؛ ٢) کەڕەت لەدوای کەڕەت ف ١) گاهبگاه؛ ٢) دفعه‌به‌دفعه.

جارجار: بەهەڵکەوت ف احیاناً.

جارجارە: لەزۆر کاتاندا کاتێك ف گاه‌گاه.

جاڕچی: ڕاگەیەن، قاوکەر بۆدەنگو باسێك ف جارچی، مُنادی.

جاڕدان: ١) ڕاگەیاندن بەدەنگی بەرز؛ ٢) کۆکردنەوەی مەردم بۆکارێ ف ١) جارکشیدن؛ ٢) مردم را برای کاری جمع کردن.

جاڕ ڕاهێشتن: خەبەرگوتن بەقەو ف جارکشیدن.

جاڕز: وەڕەز، عێدز، بێ‌مەعد، بێزار ف بیزار.

جاڕزبون: وەڕەزبون ف بیزارشدن.

جاڕزکردن: وەڕەزکردن ف بیزار کردن.

جاڕس: وەڕەز، قەڵس ف پکر.

جاڕکێشان: جاڕ ڕاهێشتن ف جارکشیدن.

جارماز: بەرماڵ، دوگرد، جانماز ف سجاده.

جارنان: جارجارە، جاریەجاریێ ف گاه‌بگاه.

جاڕو: ۱) قسلاو و خۆڵەمێش بۆ سواغدانی حەوزو...؛ ۴) گەسك، گێزك، گزك ف ۱) ساروج؛ ۲) جارو.

جاروبار. جارنان ف گاه‌گاه.

جاڕوبـەند: سواق دراو بەجاڕو، قسڵ و خۆڵەمێش تێهەڵسواو، شوڕباو ڕێژکراو ف ساروج اندود.

جاروفك: گەسك ف جارو.

جار وەجارێ: کاتێ لەکاتان ف گاه‌گاهی.

جارە: ۱) جاڵــە، ئوتــوز، تاوێرە بەرد، بەردی گلارەوەبــو لەکێف؛ ۲) ئامرازێکی موسیقایە ف ۱) سنگ غلتیده از کوه؛ ۲) از آلات موسیقی.

جاری: ژنی برای مێرد ف زن برادر شوهر.

جارێ: ۱) کاتێك؛ ۲) ئێستا بهێڵە، لێ‌گەڕێ: **(جارێ باوابێ)** ف ۱) يك وقت؛ ۲) بگذار باشد.

جـارێ‌تر: ۱) وەختێـکی دیـکە؛ ۲) دەفعەیەکی تر ف ۱) دیگرگاه؛ ۲) دیگربار.

جاری جاران: بەرلە ئێستا، لەپێشودا ف روزهای پیشین، درگذشته.

جارێك: ۱) کەرەتێك، هەلێك؛ ۲) وەختێك، دەمێك ف ۱) یکبار؛ ۲) يك زمان.

جارێکان: ۱) وەختێ لە رابردودا؛ ۲) نەهێشتا ف ۱) زمانی در گذشته؛ ۲) نه هنوز.

جارێك لەجاران: دەمێك لەدەمان ف وقتی از اوقات گذشته.

جارێکیان: جارێك لەجاران ف یکبار در گذشته.

جاسوس: شوفار، زوانگیر، خەوەردز ف جاسوس.

جاسوُسە: مەگەزە، قوتکەی سەرلولەی تفەنگ ف مَگَسك تُفنگ.

جاش: ۱) بەچکەی کەر؛ ۲) پیاوێ ژن بەوادە مارەدەکاو کرێ دەستێنێ؛ ۳) برێتـی لە خۆفـرۆش بەداگیر کەرانـی وڵات ف ۱) کُرّه خر؛ ۲) مُحلل؛ ۳) کنایه از خودفروش به بیگانه.

جاشك: بەچکەکەر، دەحشك، جەحشك ف کُرّه‌خر.

جاشکۆڵە: بەچکەکەری ساوا ف کُرّه‌خر کوچولو.

جاشولکە: جاشکۆڵە ف کُرّه‌خر کوچولو.

جاف: ۱) جلف، بەدئــەدا، نەگونـجــاو؛ ۲) ناوی عەشیرەتێکی زۆرو گەورەیە لەکـوردستان. *کەلە هۆزی گاوانی قەدیمەوە کەوتونەوە*؛ ۳) گیایەکە لەئاودا دەڕوێ گوڵێکی وەنەوشی هەیە ف ۱) جلف و بدادا؛ ۲) نام عشیره‌ای در کُردستان؛ ۳) گیاهی است آبزی با گُلهای بنفش.

جافر: سوکەڵەناوی جەعفەر ف مُخفّف جعفر.

جافری: جەعفەری، بەقدەنوس، سەوزیە دەخوریێ ف جعفری، یکی از سبزیجات.

جافەتی: مەڵبەندی جاف‌نشین ف منطقهٔ سکونت ایل جاف.

جاکەش: دەویت، فوڕمساخ، گەوواد ف قرمساق، دیوث.

جاگرتە: دانیشتوی هەمیشەیی لەئاواییدا ف مُقیم.

جاگە: شوێن، جێگە ف مکان.

جال: بارتەقا، لەبەرانبەردا، لەتوڵەدا، قەرەبو ف در ازای، در عوض.

جاڵ: ۱) جحێڵ، نۆجوان، لاو؛ ۲) داو، داو لەهەوادا مو بۆ مەل ڕاو کردن ف ۱) بُرنا، جوان؛ ۲) دام.

جاڵجاڵوکە: کاکڵەموشان، پس‌پسەکۆڵە، پیرۆشك ف تارتنك، عنكبوت.

جالە: دار یان تەختەی بەسەر ڕوبار ڕایەڵ کراو بۆ پەڕینەوە ف چوبی که بجای پُل بر آب نهند.

جاڵە: جارە، تاوێر، ئوتوز ف سنگ غلتان از کوه.

جام: ۱) قاپ، زەرك، دەفری قوُڵی چکۆڵە لەکانزا، تاس؛ ۲) شوُشە؛ ۳) ئاوێنە؛ ۴) جێگەی من، شوێنی من ف ۱) طاس؛ ۲) شیشه؛ ۳) آینه؛ ۴) جای من.

جاماڵ: ماڵە گەورە، خانەدان ف خاندان.

جاماڵگە: هەواری چوڵ، زۆزانا کۆچەر لێ نەمایی ف ییلاق خالی شُده.

جـامانە: ئاغابانو، پارچەییـکە پیـاوان دەیکەنە مێزەر ف نوعی دستار مردانه.

جامباز: ۱) دەلاڵی ولاغ فرۆشتن؛ ۲) فێڵبازو دەسبڕ ف ۱) دلال ستور؛ ۲) کُلاهبردار.

جامبـازە: دەست بڵندکردن و هەڵبەزینی ئەسپ یان وشتر ف ورجَهیدن اسب یا شُتر.

جامبـازی: ۱) دەلاڵی ولاخ فرۆشتن؛ ۲) دەسبـڕی و فێڵبـازی ف ۱) دلالی ستور؛ ۲) کلاهبرداری.

جامچی: شوشەبڕ ف شیشه‌بُر.

جامخانە: شوێنی ڕانانی شتی فرۆشتن ف ویترین.

جاملوس: زوان لوس، ماستاوکەر، پیاوی بەکلکەسوتە ف چاپلوس.

جامولکە: زەرکی بچوك، تاسولکە ف طاسك.

جامۆڵکە: جامولکە ف طاسك.

جامۆڵە: جامولکە ف طاسك.

جامەدانە: ۱) جامانە؛ ۲) مناڵدان ف ۱) نگا: جامانه؛ ۲) زهدان.

جامەدانی: جامانە ف نگا: جامانه.

جامەلوس: دەوتەڕی ریاباز ف چاپلوس.

جامەمەرگ: کفن، بەرگی مردو ف کَفَن.

جامەك: تاوێنە ف آینه.

جامـەنـە: ۱) بەجێ‌ماو، جێ‌ماو، دواکـەوتە؛ ۲) میرات، کەلەپوڕ ف ۱) به‌جای مانده؛ ۲) میراث.

جامێر: ۱) پیاگ خاس، خۆشمرۆ؛ ۲) ئازا، ڕەشید، بوێر ف ۱) رادمرد؛ ۲) شجاع.

جان: ۱) جوان، لەبەردڵان؛ ۲) گیان، ڕوح؛ ۳) کان، مەعدەن: **(گڵەجان**

لەنێزیك خۆمانە)؛ ۴) باخچە ف ۱) زیبا؛ ۲) جان؛ ۳) معدن؛ ۴) باغچه.
جانـانه: ۱) گراوی، ماشوقە، یاری مێوینە؛ ۲) ژنی زمان‌درێژو سازنەو سەڵیتە ف ۱) معشوقه؛ ۲) زن سلیطه.
جانباز: جامباز ف نگا: جامباز.
جانبازه: جامبازه ف نگا: جامبازه.
جانبازی: جامبازی ف نگا: جامبازی.
جانتا: ۱) خورجێنی چکۆڵەی سەرشانی گەرۆکان؛ ۲) چەمەدان، باوڵی ف ۱) کوله‌پُشتی سیّاحان؛ ۲) چمدان.
جاندار: لشکرچی ترکان ف سر باز تُرك عثمانی.
جانـداران: مەلبـەندێك‌و گوندێکە لەنزیك سەردەشت لەکوردستان ف منطقه و دهی در کُردستان.
جاندارم: پۆلیسی ناوشار، قۆڵچی، داروغە ف ژاندارم.
جاندبەر: جانەوەر، زیندو ف جاندار، ذیروح.
جانفاس: ۱) جۆرێك حەریر؛ ۲) چندراو لەگوش ف ۱) بافتهٔ ابریشمی؛ ۲) بافتهٔ کنفی.
جانکوش: مجێوری کلیسا، خزمەتکاری کلیسا ف شماس.
جانگ: ۱) پێشەسەر، بانی مەلاشو لەسەرەوە؛ ۲) کەنارەی دەم‌وچاو؛ ۳) کرواس، جاو، تەنراوی جوڵا لە دەزوەلۆکە: (سۆفی‌و سەر ومێزەر، من‌و ئەگریجـەو دەستار / من کوشتەیی **لاجانگم**و ئەو کوشتەیی **جانگە**) «نالی» ف ۱) آهیانه؛ ۲) عارض، عذار؛ ۳) کرباس.
جانگی: جانگ ف آهیانه.
جانماز: بەرماڵ، دوگرد، جارماز ف جانماز.
جانو: بەچکە ئەسپ، جوانو، جانی ف کُرّه اسب.
جانو ئەسپ: بەچکەی نێری ئەسپ ف کُرّه اسب نَر.
جانومایـن: بەچکەی مێوینەی ئەسپ ف کُرّه اسب مادینه.
جانـەر: گوڵێکی سپی ئامـاڵ بۆری بۆن خۆشە ف گلی سفید مایل به خاکستری خوشبو.
جانەمەرگ: گوڵەنەورۆزە ف گلی است نوروزی.
جانەوەر: ۱) زیندەوەر، خاوەن گیان؛ ۲) حەیوانی دڕندەو ترسێنەر ف ۱) جانور؛ ۲) حیوان دّرنده و مهیب.
جانی: جانو، بەچکەی ماین‌و ئەسپ ف کُرّه اسب.
جاو: ۱) شاڵی لە داوەلـۆکـە، جانگ؛ ۲) کۆنەو شکاو: (**ئاسنجاو**)؛ ۳) پاشگری بەواتا کەسێك کە شتێك لەناو دەمدا دەجوێ: (بنێشت**جاو**، **چاچکـەجاو**) ف ۱) کرباس؛ ۲) شکسته و از کار افتاده؛ ۳) پسوند بمعنی خاینده.
جاوپێچەك: دارێ کەجوڵا جاوی تێ دەپێچێ ف چوبی که کرباس بر آن پیچند.
جاوراو: جۆراو، جاویاگ، لەدەمدا هاتوچو پێ‌کراو. وەك بنێشت ف خاییده.
جاوراوە: ئاسنی قەڵش بردە ف آهن ترك خورده.
جاونـانەوە: ۱) رایەڵ کردنی داوی جرێشاوی بۆزو؛ ۲) بریتی لە هاتو چوکـردنی زۆرو بەلـەز ف ۱) ردیف کردن تارهای شال؛ ۲) کنایه از آمدوشُد با شتاب.
جاوگ: کرواس، جاو، جانگ ف کرباس.
جاوەجـا: ۱) گوێزانـەوەو دامـەزراندن؛ ۲) هەرئێستە، جێ‌بەجێ ف ۱) جابجاکردن؛ ۲) فوراً.
جاوەرجا: جێ‌بەجێ، دەس بەجێ، هەرئێستە ف بیدرنگ، فوراً.
جاوەلۆکە: گیایەکە مەڕ بیخوا ماستی هەرەباشی دەبێ ف گیاهی است.
جاوەنە: جێ راخستن، نوێن داخستن ف رختخواب پهن کردن.
جاوی: ۱) جیوە، جەوی، شیلەی داروگیا کە خۆی دەری دەکـا؛ ۲) کاری رابردە بەماناجوُی، لەناو دەمی‌و لەژێر ددانی‌دا هاوردی‌و بردی ف ۱) انگم گیاهان و درختان؛ ۲) خایید، جوید.
جاوینـەوە: ۱) دوبـارە جاوین، دیسـانـەوە جوُن؛ ۲) بریتی لە چەنـد پاتـەکـردنەوەی قسە؛ ۳) ددان بەسەر شتێ رەق‌دا هێنان: (ئەسپەکە لغـاوەکـەی **دەجـاوێتەوە**) ف ۱) دوباره جویدن؛ ۲) کنایه از تکرار مُکرّر سخن؛ ۳) دندان بر شیئی سخت نهادن.
جاهاڵ: لاو، جوان لەعومرا ف بُرنا.
جاهێل: جاهاڵ، نۆجوان ف نوجوان.
جاهیل: نەزان، تێ نەگەیشتو، دورەزانست ف جاهل، نادان.
جاینك: لاجانگ، کەنارەی روا ف گیجگاه.
جببە: جۆرە کەوایەکی پێش ئاواڵەی مەلایانەیە ف جُبّه.
جبۆ: ۱) سوکەڵەناوی جبرایل؛ ۲) فلانی، کاورا ف ۱) مُخفّف جبرئیل؛ ۲) یارو، فلانی.
جبە: ۱) جببە؛ ۲) سوکەڵەناوی جبرایل؛ ۳) ئەسپابی شەڕ ف ۱) جُبّه؛ ۲) مخفّف جبرئیل؛ ۳) جنگ‌افزار.
جبەخانە: ئەسپاباتی شەڕ، کەرستەی جەنگ، کارخانەی کەرستەسازی شەڕ ف زرّادخانه.
جبەڵخانە: جبەخانە ف زرّادخانه.
ججاڵ: کەرسوارێکی خەیاڵیە کەرۆژێك دنیا دەگرێ، جرجاڵ ف دَجّال.
ججە: دەنگ‌دانی مەڕ بۆ دەرکەوتن لە هۆڵ ف حرف راندن گلّه از آغُل.
ججـو: جوچـکەمەل لەزاراوەی منـاڵانـدا ف جوجهٔ پرنده به زبان کودکان.
جخار: خەم، کەسەر، کوڵ ف غم، اندوه.
جدا: جیاواز، جگە ف جُدا، سوا.
جدەو: ۱) لەکار کەوتو؛ ۲) وڵاخە بەرزەی پشت بریندار: (پشتی ریش‌و شانی زامـــدارو **جدەو** بو، ناعیلاج / چەنـد قروشێکم هەبـو، بۆم‌دا بەنـەوت‌و عەنـزەرۆت) «شێخ رەزا» ف ۱) از کار افتاده؛ ۲) بارکش پُشت ریش.
جڕ: ۱) بێ هێزی: (**جڕم** دەرهات)؛ ۲) دژواری: (بە **جڕەجڕ**ام کێشا)؛ ۳) دڕان‌و لەت بون: (پارچەکەم گرت‌و **جڕم**دا)؛ ۴) زڕت بۆ گاڵتە پێکردن ف ۱) ستوه؛ ۲) دشواری؛ ۳) جر خوردن؛ ۴) شیشکی.
جڕاجڕ: شەڕەچەقە، شەڕە دندوکە، کێشەی زوانی ف نزاع لفظی.
جڕان: ۱) ئاوگی بەردین؛ ۲) بەنـدهـاتنی میز: (بەمیزەوە **دەجڕا**) ف ۱)

هاون سنگی؛ ۲) بندآمدن ادرار.

جرپن: دانەسەکناو، هەدانەدەر، ئۆقرە نەگرتو ف بازیگوش، بی‌آرام.

جرپو: جرپن ف بازیگوش.

جرپوجوپ: هەڵبەز دابەزی بێ‌فایدە ف بازیگوشی.

جرت: ۱) جلف‌و بێ‌شەرم؛ ۲) زڕت، شیڕ ف ۱) جلف، هرزه؛ ۲) شیشکی.

جرتوفرت: جرپوجوپ ف بازیگوشی.

جرتە: ۱) کەپەنك، باڵتەی لباد؛ ۲) نیوە نوزە: (هەر جرتەی دێ) ف ۱) فرجی؛ ۲) نالهٔ خفیف.

جرتی فرتی: دانەسەکناوی جلف ف بازیگوش جلف.

جرج: مشکە کوێرە، مشکی دەشتی ف موش کور، کلاك موش.

جڕجاڵ: ججاڵ ف دجّال.

جڕجڕە: چوێلە کوکێکی جوان‌و دورەنگە ف چرخ ریسك.

جڕجونگانێ: شەڕانی‌و بەدفەڕو نەگونجاو ف ناهنجار و بداخلاق.

جرد: جرج ف کلاك موش.

جڕدان: دڕاندن، دادڕاندن ف دریدن.

جڕداهێشتن: زڕت کێشان، شیڕداهێشتن ف شیشکی بستن.

جڕداهێلان: جڕداهێشتن ف شیشکی زدن.

جڕنا: قسەی بێ‌تام‌و خوێ ف جَرَند.

جڕوجانەوەر: شتی هیچ‌و پوچ ف اشیاء بی‌ارزش.

جرنگ: دەنگی بەسەریەکدا کەفتنی زیو ف صدای برهم افتادن نُقره.

جرنگو هوڕ: دەنگی زوری وێك کەوتنی کانزا ف درنگ درنگ، صدای برهم افتادن فلز.

جرنگەجرنگ: دەنگی زوری بەسەریەکدا کەوتنی زیو ف صدای زیاد برهم افتادن نقره.

جڕوجیاز: کەل پەلی ماڵ ف وسایل منزل.

جڕوکە: دەنگی خوێندنی جوجکە ف صدای جوجهٔ پرنده.

جڕها: وشەی گاڵتە پێکردن ف کلمهٔ تمسخُر.

جڕهاتن: توشی تەنگانەبون، نارەحەت بون ف بەتنگ آمدن.

جڕە بەگزادە: مەلێکی رەنگاو رەنگی جوانە ف پرنده‌ای رنگارنگ.

جڕەجڕ: ۱) زەحمەت‌و دەرد؛ ۲) شەڕەقسە ف ۱) درد و رنج؛ ۲) جَدَل.

جریت: جلیت، سوکەڵە دارێك کەسواران لەمەیداندا بە یەکتریان دادەدا ف چوبی کوچك کە سوارکاران با آن بازی می‌کنند.

جریتان: جلیت بازی، گەمەی جلیت ف بازی سوارکاران با چوب «جریت».

جریتێن: جریتان ف نگا: جریتان.

جریك: دەنگی چوێلەکە، خوێندنی چێشکە ف صدای گنجُشك.

جریکە: جریك ف صدای گنجشك.

جریکەجریك: دەنگی چوێلەکان بەزوری ف صدای زیاد گنجشکان.

جرینگە: دەنگی بەسەریەکدا کەوتنی زێڕ و زیو ف صدای سکه‌های زر و سیم.

جریوە: ۱) دەنگی چوێلەکان؛ ۲) تروکەتروکی ئەستێرە ف ۱) صدای گنجشکان؛ ۲) سوسوی ستاره.

جریوە جریو: جریوەی زور ف «جریوه»ی زیاد.

جز: دەنگی رونی داخ یان ئاسنی سورەوەبو کەناوی ویکەوێ ف صدای روغن داغ و آهن تفته در تماس با آب.

جزدان: کیسە باخەڵ، کیسەی چەرمین بو پوڵ تێکردن ف کیف بغلی.

جززە: ۱) گوشتی برژاو بەزمانی منالان؛ ۲)جز ف ۱) گوشت برشته در لهجه کودکان؛ ۲) نگا: جز.

جزقە: زەنگەتە، تلیسك ف تلسك.

جزم: ۱) پاژێ لەسی پاژی قورعان؛ ۲) جور، نەوع ف ۱) جزئی از قرآن؛ ۲) نوع.

جزمە: چەکمە، کەوشی لاسك درێژی تاژێر ئەژنو ف چکمه.

جزو: ۱) پاژێ لەقورعان؛ ۲) پاژ لەکتێب ف ۱) جزء قرآنی؛ ۲) جزء کتاب.

جزوبز: جز ف جزولز.

جزوبەند: پێکەوە دان‌و درونی پاژەکانی کتێب ف صحّافی.

جزوە: دەفری قاوە تێدا لێنان، قاوە جوش، دەللە ف قهوه‌جوش.

جزە: ۱) دەنگی رونی داغ؛ ۲) گوشتی برژاو بەزوانی زاروکان؛ ۳) بنەگیایەکە دەکولێندرێ‌و دەیخون ف ۱) صدای تفتن روغن؛ ۲) گوشت بریان به لهجهٔ کودکان؛ ۳) ریشهٔ خوردنی نوعی گیاه.

جزیلك: چزیلك، چزلێك، دوگی سورەوەکراوی هەڵقرچاو ف جزغاله.

جسن: ۱) بنیچە، نەژاد؛ ۲) عەسل زادە، رەسەن ف ۱) نژاد؛ ۲) نجیب.

جعێتنی: جورێ ئەسپی رەسەن ف نوعی نژادِ نجیب اسب.

جعیدوك: گیایەکە دژی مورانەی دار ف گیاهی است ضد موریانه.

جغار: جخار، خەم، خەفەت، مەینەت، کەسەر، کوڵ ف اندوه.

جغارە: سیغار، جگەرە، توتنی دەکاغەزەوە پێچراو بو کێشان ف سیگار.

جغارەخور: ئالودەی سیغار ف سیگاری.

جغارە کێش: جغارەخور ف سیگاری.

جغارە کێشان: کاری جغارەخور ف سیگار کشیدن.

جغجغە: شەقشەقە، قوتوی لەیستوك کە خڕەخڕی دێت ف جغجغه.

جغز: خەتی بەدەورە، کێڕی گروقەر ف دائره.

جغزانێ: گاڵتەی ناو جەغز ف نوعی بازی.

جغزێن: جغزانێ ف نوعی بازی.

جغزینگ: پەرکاڵ، ئامرازی جغزکێشان ف پرگار.

جغەرە: جغارە ف سیگار.

جغەرەچی: جگەرەفروش ف سیگارفروش.

جغەرەخور: جغارەخور ف سیگاری.

جغەرە کێش: جغارەخور ف سیگاری.

جفت: ۱) تێکولێ بەڕو؛ ۲) جوت بەرانبەری تاك؛ ۳) هاوتا؛ ۴) هەواڵ منداڵ؛ ۵) زەوی کێڵان بەگا؛ ۶) پێوە نوساو، پێکەوە لکاو؛ ۷) ژن بوشو، شو بوژن ف ۱) پوستهٔ بلوط؛ ۲) زوج مقابل فرد؛ ۳) همتا؛ ۴) زهدان؛ ۵) شخم با گاو؛ ۶) بهم چسبیده؛ ۷) همسر.

جفت‌بون: پاڵ وێکدان، پێکەوە نوسان ف جُفت شدن، بهم چسبیدن.

جفت قۆشه: ١) گای شاخ وەشێن؛ ٢) بریتی لە مرۆی نەحس و بەدفەڕ ف ١) گاو شاخزن؛ ٢) کنایه از آدم شوم و بدخُلق.

جفتـه: ١) ماشـەی دەم باریکی سەعـات سازان؛ ٢) لەقـه، جوته؛ ٣) مێوینەی حەیوان و مەل ف ١) موچین مانند ساعت‌سازی؛ ٢) جُفتك؛ ٣) جنس مادهٔ پستانداران و پرندگان.

جفته‌با: هەستان لەبەریەکێ بەپەله ف قیام سریع بخاطر شخصی.

جفتـه‌وه‌شـانن: لەقه هاویشتن، لەقه وەشـاندن، لوشك هاویتن ف لگدپرانی.

جفته‌وه‌شێن: لەقه هاوێژ، لوشك هاوێژ ف لگدپران.

جفته‌هه‌لخستن: لەقه هاویشتن ف لگدپرانی.

جفتیار: زەوی کێڵ، جوتیار ف کنایه از کشاورز.

جڤ: براو، جوڵه، جوڵان ف حرکت.

جڤات: کۆبونەوه، کۆم بون ف گردهمایی.

جڤاکی: کۆمەڵایەتی ف اجتماعی.

جڤی: دوانه، ئاواڵ دوانه ف دوقلو.

جڤین: ١) بزوتن، جوڵان؛ ٢) دژوین، دژنام، جنێو، جوێن؛ ٣) کۆبونەوه ف ١) حرکت؛ ٢) دشنام؛ ٣) اجتماع کردن.

جڤینگه: جێگەی کۆبونەوه ف مرکز اجتماع.

جق: ئاماڵ، مەیلەو ف فام، گونه.

جقـه: ١) مەلێکـه تۆزێ لەچێشکه مەزنتره؛ ٢) قیتکەی پشت پەنجەی کەڵـەشێر؛ ٣) مەنجـەڵ، بەرۆش ف ١) پرنـده‌ای کمی بزرگتـر از گنجشك؛ ٢) برجستگی پُشت پای خروس؛ ٣) دیگ.

جك: میچ، قاپ، چو، جگ ف شتالنگ.

جگ: ١) جك؛ ٢) قاپی لەسەرپشت، ورگی جگ ف ١) شتالنگ؛ ٢) حالت بر پُشت افتادهٔ شتالنگ.

جگا: جیا، جودا، جیاواز ف جُدا.

جگاجگا: بەش بەش، جیاجیا ف جُداجُدا.

جگاره: جغاره ف سیگار.

جگانێ: گەمە بەجك ف بازی با شتالنگ.

جگەر: جەرگ، کەزەب ف جگر، کبد.

جگەرئۆتی: گیایەکە دەرمانی کۆکە ف گیاهی دارویی.

جگەرچی: جەرگ‌ودڵ فرۆش ف جگرکی.

جگەرسۆز: دلۆڤان، غەمخۆر، دڵسۆز ف غمخوار و دلسوز.

جگەرسوتان: بریتی لەمردنی فرزەند ف کنایه از مرگ فرزند.

جگەرسوتاو: منال مردو ف فرزند مُرده.

جگەرگۆشه: بریتی لەفرزەند ف کنایه از فرزند.

جگەره: جغاره ف سیگار.

جگەرەچی: جغاره‌فرۆش ف سیگارفروش.

جگەرەخۆر: جغاره‌خۆر ف سیگاری.

جگەرەکێش: جغاره‌خۆر ف سیگاری.

جگێن: جگانێ، میچێن، قاپێن ف بازی با شتالنگ.

جل: ١) بەرگ و لیباس؛ ٢) کەڵ و پەلی سەرپشتی بارەبەر ف ١) لباس؛ ٢) جُلِّ سُتور.

جلبڕ: کەسێ شتومەك دەبڕێ بۆ لیباس درون ف آنکه پارچه را برش زند.

جلبڕان: کۆ بونەوه بۆ لیباسی بوك بڕین و درون ف جشن بُرش و دوخت لباس برای عروس.

جلبڕوکه: مزراویلکه، شۆربای سماق و هێلکه ف اِشکنه با سُماق.

جلبڕین: جلبڕان ف نگا: جلبڕان.

جلخۆز: گێل‌ونەزان ف هالو.

جلدان: ١) یەغـدانی جلکـان؛ ٢) چارۆکـەی سەرشان ف ١) صندوق لباس؛ ٢) رودوشی.

جلدرو: خەیات، بەرگدور ف خیّاط.

جلشتن: شیو و کوڵ، بالاف ف رختشویی.

جلشۆر: ١) بالاف کەر، بەرگ و شمەك شۆر؛ ٢) پەیاغی جل‌کوتان ف ١) رختشور؛ ٢) کدینه.

جلشۆرك: ١) جێگەی بالاف، شوێنی کەڵ‌وپەل لێ‌شوشتن؛ ٢) داری جل‌کوت ف ١) مکان رختشویی؛ ٢) کدینه.

جڵف: سوك و چروك، ئاکار ناشیرین ف قرت، جلف.

جلفڕ: هەدانەدەرو شێتوکه، گەللایی ف خُل و بی‌آرام.

جلفـو: پارچەیەکی سوره، بەسەر بازیدا تەدن تا کەوی دەبێ ف پارچهٔ قرمزی که باز را با آن رام می‌کنند.

جڵفی: هەرزەکاری و سوکی ف قرتی گری.

جڵق: ١) قەڵـب، بێ‌رەواج: (مـن کەیەك پارەیی جڵقم لە ئەزەڵ شك نەدەبرد) «شێخ رەزا» ٢) دەسپەڕ، مشته، شاوەت هێنانەوه بەدەست ف ١) بی‌رواج، بُنجُل؛ ٢) استمنا.

جڵقاو: ئاوی ناخاوێنی شیو وکوڵ ف آب پس مانده از رختشویی.

جڵقه: دەنگی قوڕو لیته که پای تێدەخەن ف صدای پا در لجن و گل و لای.

جلقێ: دژوێنێکه ژنانه ف دُشنامی زنانه.

جلك: لیباس، کەڵ و پەل، جل، پۆشاك ف لباس.

جلکار: بەرگی کارێ ف لباس کار.

جلگا: جۆرێك ماسی ف نوعی ماهی.

جلنبۆر: تەمەڵ، تەوەزەل ف بیکاره و تنبل.

جلنگه: دەنگی شکانی چینی ف صدای شکستن چینی.

جلوا: سیس و ژاکـاو: (جلوابـۆی جەوجـەمێ دتـازه / رەنگێ سەمەنی بەجای غازه) «خانی» ف پژمرده.

جلوبەرگ: کەڵ‌پەلی دەبەرکردن ف لباس.

جلوجۆڕ: بەرگ و ئەسپابی ولاخی بارەبەر ف پوشش باربر.

جله: ١) جانـەوەرێکی ئاوی هەشت‌پایه له دەریادا؛ ٢) جانـەوەرێکی خڕ و پانه لەئاودا، زیندەوەری چکۆڵه راودەکا؛ ٣) رەگ و ریشەی وردی دارەبی قەراغ ئاو که پێش بەئاو دەگرێ؛ ٤) گیایەکە وەك قەوزە سەرئاو دەکـەوێ و دەتـەنێتـەوه ف ١) اُختاپوس، هشت‌پا؛ ٢) حیوانی آبزی بالشك مانند؛ ٣) ریشه‌های بید کنار آب؛ ٤) جل وزغ.

جلەشڕه: گیای قەوزە ئاسایی، جله ف جل وزغ.

جڵەو: هەوسار، ڕەشمە، قامچی لغاو ف افسار، زمام.

جڵەودار: ١) هەوسارکێش؛ ٢) کەسێ لەپێش سوارانەوە دەڕوا ف ١) جلودار؛ ٢) راهنمای سواران.

جڵەوکێش: جڵەودار ف جلودار.

جڵەوگیر: کۆسپی سەر ڕێگە ف مانع سر راه.

جڵەوگیرە: جڵەوگیر ف مانع سر راه.

جلیت: جریت ف چوبدستی سوارکاران در مسابقهٔ سوارکاری.

جلیتاو: قوڕوچلپاو، قوڕاوی شل ف لای و لجن.

جلیتانێ: جریت‌بازی، جلیتێن، گەمەی جلیت ف نگا: جریتان.

جلیتێن: جلیتانێ ف نگا: جریتان.

جلیتبازی: جلیتانێ: (دریغ بۆ ئەو زەمانە، ئەوددەمە،ئەوحانە، ئەو ڕۆژە/ کە مەیدانی **جلیتبازی** لەدەشتی کانی ئاسکان بو) «شێخ ڕەزا» ف نگا: جریتان.

جلیتقە: سوخمەی بێ قۆڵی پیاوانە، سەدریە ف جلیقە.

جلیسقە: جلیتقە ف جلیقە.

جلێق: ١) شیلان، دڕکێکە لەپایزا بەرێکی سوور دەگرێ؛ ٢) لیچق، لیلق ف ١) نسترن کوهی؛ ٢) لزج.

جلیقە: جلیسقە ف جلیقە.

جم: بزاو، بزوتن، جوڵە ف جُنبش، حرکت.

جمان: بزوتن، جوڵان ف جنبیدن.

جمحە: جوحمە، هەینی ف جُمعە، آدینە.

جمدان: جوڵان، تەکان خواردن ف جُنبش.

جمس: جوڵە، جم ف جُنبش.

جمشت: جمدان، جمس ف جُنبش.

جمشیرگ: جمگە، جومگە، بەندی نێوان دەست و باسك ف مُچ دست.

جمك: دوانە، هەواڵ دوانە، زگەدوانە ف دوقلو.

جمکوت: پڕایی زۆری خەڵك، قەرەباڵغ ف ازدحام.

جمگە: جمشیرگ، جومگە ف مُچ دست.

جمگەجمگە: بەندبەندی ئەندام ف بندبندِ اندام.

جمنای: جوڵان، بزوتن ف جُنبش.

جموجوڵ: بزوتنی زۆر ف جُنب و جوش.

جمە: کۆمەڵ و پڕایی خەڵك: (بازاڕە کە **جمەی** دێت) ف ازدحام.

جمیان: جوڵان، بزوتن ف جُنبش.

جمین: بزوتنی خەڵکی زۆر ف حرکت انبوه مردُم.

جمێن: جنێو، دژوێن، سخێف، جوێن، دژمان ف دُشنام.

جن: جنۆکە، جندۆکە، عەجنە ف جن.

جناوەر: جانەوەر، دەعبا ف جانور.

جنجیر: ماری دورەنگ، ماری خاڵدار ف مار دورنگ، اَرقم.

جنچك: ١) دەنکی خورماو میوە؛ ٢) هەڵتوتەکان، قونەڵتس‌دان ف ١) هستە؛ ٢) چمباتمەزدن.

جنچکان: توتەکان، هەڵتروشکان، قونەڵتس‌دان ف چمباتمەزدن.

جنچکە: هەڵتروشکان ف چمباتمەزدن.

جند: جنۆکە، جن، عەجنە ف جن.

جندۆکە: جند ف جن.

جندۆکە: جند ف جن.

جندە: قاحبە، ژنی خۆفرۆش ف فاحشە.

جندەباز: پیاوی فاسق و ئاشنای قەحبە ف جندەباز.

جندەخانە: ماڵەجندە، قاحبەخانە، مەکۆی ژنانی خۆفرۆش ف محلّهٔ بدنام.

جندی: ١) ئازا، بەکار، ڕەشید؛ ٢) جوان، سپەهی؛ ٣) باش، چاك؛ ۴) جەکدار لە سوپادا ف ١) شُجاع؛ ٢) زیبا؛ ٣) خوب؛ ۴) مسلّح در سپاه.

جنسری: گوڵێکی بەهێشوی سپی بۆن خۆشە ف گُلی است.

جنك: بەرگ و شمەك، جلك، کەل‌پەل، پۆشاك ف پوشاك، لباس.

جنکە: ئاتەواو هەنجنراو ف کمی انجیدە شدە.

جنگ: ١) جم، بزاو، جوڵە؛ ٢) شمەك، کەل‌وپەل ف ١) جُنبش؛ ٢) پوشاك.

جنگدان: بزوتن، جوڵان ف جُنبیدن.

جنگز: شەڕانی، بەدفەڕ، نەگونجاو ف ستیزەجو.

جنگڵ: گینگل، خۆبزاوتن، جوڵانەوە ف جُنبیدن.

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو، جنگز ف ستیزەجو.

جنگوجوڵ: بزوتن و هەدانەدان ف جُنب‌وجوش.

جننە: جندە ف جندە.

جننەباز: جندەباز ف جندەباز.

جننەخانە: جندەخانە ف فاحشەخانە.

جنۆکە: جندۆکە ف جن.

جنە: جندە ف جندە.

جنێ: جندە ف جندە.

جنیاگ: هەنجناو، وردکراو بە چەقۆ ف انجیدە.

جنیقین: ڕاپەڕین، لەپڕ وەخەبەرهاتن ف پریدن از خواب.

جنیك: ١) لاجانگ، قەراغ ڕومەت؛ ٢) گودلە، فڕ؛ ٣) بان مەلاشو ف ١) عُذار؛ ٢) کاکُل بر پیشانی؛ ٣) آهیانە.

جنێو: جوێن، دژمان، سخێف ف دُشنام.

جنێودان: جوێن‌دان، سخێف گوتن ف دُشنام دادن.

جنێوفرۆش: زمان پیس، جوێن دەر، سخێف بێژ ف بدزبان.

جنین: هەنجنین، وردکردن بە چەقۆ ف انجیدن.

جۆ: ١) جۆگە؛ ٢) دەغلی هەواڵی گەنم، جە ف ١) جویبار؛ ٢) غلّهٔ جو.

جوو: ١) جۆگە، جۆبار، شوێنی ئاوپێداروێشتن؛ ٢) جوڵەکە، موسایی؛ ٣) گیان، ڕۆح ف ١) جوب؛ ٢) یهودی؛ ٣) جان.

جواب: پەرسف، جواو، وەرام دانەوە ف جواب، پاسُخ.

جوابدان: دەرکردن، قسەلێ نەبیستن ف راندن.

جواب دانەوە: پەرسف وەدان، جواب لێ وەگەڕاندن ف پاسخ گفتن.

جوابکردن: جوابدان، جواوکردن ف دست رَد زدن.

جوابنامە: قاقەزی جوابدانەوە ف پاسُخنامە.

جوابەجەنگی: جواوجوی، بەدەم داهاتنەوە ف بەجَدَل جواب دادن.
جوات: ١) جڤات، کۆمەڵ؛ ٢) کۆبونەوە؛ ٣) مەجلیس، کۆمەڵگا ف ١) اجتماع؛ ٢) گردهمایی؛ ٣) انجمن.
جوار: جۆرك، تۆری ئالك ف توربۀ علوفە.
جوال: کیسەی دەغلی گەورەی یەکلایی لەخوری چنراو، جەواڵە ف جوال.
جواڵ: جوال ف جوال.
جواڵدوز: شوژن، سوژن ف جوالدوز.
جوامێر: جامێر ف رادمرد، شُجاع.
جوان: ١) سپەهی، دەلال، قەشەنگ؛ ٢) جحێل، لاو، تازەپێگەیشتو؛ ٣) پەسند؛ ٤) ژوان ف ١) زیبا؛ ٢) بُرنا، جوان؛ ٣) پسندیدە؛ ٤) میعاد.
جواناو: ئارەقی سەرەمەرگ، خۆهدانی نەخۆشی لەمردن ف عَرَقِ حالِ نزع.
جوانچاك: گەلەك سپەهی، خوشیك ف زیباروی.
جوانچاڵ: جوانچاك ف زیباروی.
جوانخاس: پیاوی زۆرجوان و رێك وپێك ف خوش تیپ.
جوانکار: ١) رازێنەوە، بوك جوانکەر؛ ٢) دەس رەنگین، بەهونەر ف ١) آرایشگر؛ ٢) هنرمند.
جوانکە: نۆجوان، تازەلاو ف نوجوان.
جوانکەر: رازێنەوە، وەرازێن ف آرایشگر.
جوانکەلە: چکۆلەی جوان و بەردڵ ف زیبای کوچولو.
جوانکیلانە: جوانکەلە ف کوچولوی زیبا.
جوانمەرد: جامێر ف رادمرد.
جوانن: بزواندن، جولانن ف جنباندن.
جوانو: جانو، بێچوە ئەسپ و ماین ف کُرّۀ اسب.
جوانو ئەسپ: بەچکەی نێری ئەسپ ف کُرّۀ نر اسب.
جوانولکە: جانوی تازەزاو ف نوزاد اسب.
جوانوماین: بەچکەی مێوینەی ئەسپ ف کُرّۀ مادینۀ اسب.
جوانەزوە: عازەوی، زیپکەی دەموچاوی لاوی تازەپێگەیشتو ف عَزَبی، جوش صورت نوجوان.
جوانەزەوە: جوانەزوە ف نگا: جوانەزوە.
جوانەگا: گای سێ بەهارە، بەرجوت ف گاو نر سەبهار دیدە.
جوانەمەرگ: بەگەنجی مردو، بێ‌وەخت مردو ف جوانمرگ.
جوانەمەرگی: مردن بەلاوەتی، مەرگی بێ‌وەخت ف مرگ در جوانی.
جوانی: ١) جوانو؛ ٢) خوشیکی، قەشەنگی؛ ٣) جحێلی، لاوی ف ١) کُرّۀ اسب؛ ٢) زیبائی؛ ٣) جوانی.
جواو: پەرسف، جواب ف جواب.
جواوجوی: جوابەجەنگی ف بەجَدَل پاسخگوئی.
جواودان: ١) پەرسفوەدان؛ ٢) دەرکردن ف ١) پاسخگویی؛ ٢) اخراج کردن.
جواهێر: جەواهێرات، بەردی بەنرخ ف جواهر.
جواهێر بەن: گەوهەر بەند، بەجەواهێر رازێنراوەوە ف جواهر بند.

جۆبار: جۆگەی ئاوی زل ف جویبار.
جۆبڕ: ملە، جانەوەرێکە رەگی گیا دەبڕێ ف آبدُزدَك.
جوبرایل: ناوی فریشتەی وەلام بەری خوایە ف جبرئیل.
جوبڕك: جۆبڕ ف آبدُزدَك.
جۆبڕك: جۆبڕ ف آبدُزدَك.
حۆبڕکە: حۆبڕ ف آبدُزدك.
جۆبە: جندەخانە ف محلّۀ بدنام.
جۆت: ١) بەرانبەری تاك، جفت؛ ٢) کلاوی بەرۆ؛ ٣) پێکەوە لکاو؛ ٤) نێوان خۆش؛ ٥) ژن بۆشسو، شوبۆژن؛ ٦) کێڵانی زەوی؛ ٧) دوگا بۆ زەوی کێڵان ف ١) مقابل تاق، جُفت؛ ٢) کلاهك بلوط؛ ٣) بهم چسبیدە؛ ٤) صمیمی؛ ٥) همسر؛ ٦) شُخم؛ ٧) دو گاو شخم‌زن.
جوت: ١) کێلانی زەوی؛ ٢) حەیوانی زەوی کێلان ف ١) شُخم؛ ٢) حیوان شخم‌زنی.
جۆتانە: باجێکە ئاغا لەمسکێنی دەستێنێ ف مالیات ارباب از کشاورز.
جۆت‌بون: ١) پێکەوە لکان؛ ٢) هەواڵ بونی دوکەس ف ١) بهم چسبیدن؛ ٢) باهم ساختن.
جوت بەندە: ١) خاوەنی ئەسپابی زەوی کێلان؛ ٢) وەرزێر ف ١) مالك وسائل کشاورزی؛ ٢) کشاورز.
جوت‌قۆشە: پیاوی شوم و بێ‌فەڕ ف آدم شوم و نحس.
جۆتك: ئەو دودارەی دەخرێنە سەرکاریتە بۆ بن ئاڵودار ف دو الوار روی شاه‌تیر سقف.
جۆتکار: جوتیار، کەسێ زەوی دەکێلێ ف شخم‌زن.
جوتکردن: ١) پێکەوە نوساندن؛ ٢) زەوی کێلان ف ١) برهم نهادن؛ ٢) شخم‌زن.
جۆتکە: جۆتە، لۆشك، لەقە هاوێژی ف لگدپرانی.
جوتگرتن: نێر دەگەل مێوینە یەك گرتن بۆ پێکەوەژین ف ازدواج.
جۆتن: جاوین، جوَن، لەناو دەم لەژێر ددانا هێنان و بردن ف جویدن.
جوتنەوە: برێتی لەچەند پاتەکردنەوەی قسە ف ژاژخایی.
جۆتە: ١) جوتکە، لۆشك؛ ٢) لفەدوانە، هەواڵ دوانە؛ ٣) هاوتا، هاوسەنگ؛ ٤) ئەسپێ رەگی توێڵی زەقە؛ ٥) دوقرانی زێو، تارانی ف ١) لگدپرانی؛ ٢) دوقلو؛ ٣) همپایە؛ ٤) اسبی کە رگِ پیشانی برجستە دارد؛ ٥) سکۀ نقرۀ دوریالی.
جۆتەوەشاندن: لۆشك هاوێژتن ف لگدپراندن.
جۆتەوەشین: لەقەوەشین ف لگدپران.
جۆتەی سەران: برێتی لە دوهەواڵی هەمیشە پێکەوە ف کنایە از دو دوست جانی.
جۆتەی کەو: دوبرالە، دوئەستێرەی لێك نزیکن ف فرقدان.
جۆتەی کەوان: دوبرالە، جۆتەی کەو ف فرقدان.
جۆتەی هەنجیران: دوئەستێرەی لای کلکی برجی دوپشك ف دو ستارۀ دنبالۀ برج عقرب.
جوتیار: جۆتکار، کەسێ کە خەریکی کێلانی زەمینە ف شخم‌زن.
جوتیاری: کاری زەوی کێلان ف شُخم‌زنی.

جوتیاروك: گوڵێکه پایزی ف گل حسرت.

جوتێر: جۆتکار، جوت‌بەندە، وەرزێر ف شخم‌زن، کشاورز.

جوجاگە: ئێسکی پشت گوێ ف استخوان پُشت گوش.

جوُجك: چێشکە، مەلیچك، چولەکە، پاساری ف گُنجشك.

جوجوش: میوانی، ئاردورۆن کە بۆژنی زەیستان لێ‌دەنێن ف اوماج.

جوُجـه: ١) جوجه مریشك؛ ٢) باڵداری پچوك له زمانی منداڵاندا؛ ٣) جانـەوەرێکی پانکـەڵەی سورە لە قەڵشتە دیوار دەژی ف ١) جوجهٔ مُرغ؛ ٢) پرنده کوچك به زبان بچەها؛ ٣) ساس.

جوُجەقۆرە: گۆشت فرۆجی بەبەرسیلە لێندراو ف آش جوجه با غوره.

جوُجەڵە: جوجکی مەل کەتازە درهاتوە ف جوجهٔ پرنده.

جوُجیلە: جُوجەڵە ف جوجهٔ پرنده.

جوُچك: ١) بێچوی مەل؛ ٢) بێچوی مریشك ف ١) جوجهٔ پرندگان؛ ٢) جوجهٔ مُرغ.

جوچکە: ١) ئێسکی سمت؛ ٢) بێچوی مەل؛ ٣) کلك ف ١) دنبالچه؛ ٢) جوجه؛ ٣) دُم.

جوُچکەبڕیاگ: ١) دوابڕاو، لەزاروزیچ بێ‌بەش؛ ٢) کلك قرتاو ف ١) مُنقَطِعُ النسل؛ ٢) دُم بریده.

جوچکەلەقێ: بریتی لە مەرایی و زمان لوسی‌کردن ف کنایه از چاپلوسی.

جوحتك: لوُسك، جوته، لەقەهاوێژی ف جُفتك.

جوحمە: جۆعمە، هەینو، روژائینێ ف جمعه.

جۆخ: فاسونیا، پارچەی لەخوری بۆ کەواوپاتۆڵ ف فاستونی.

جۆخۆرە: زەردی وەری ف پرنده‌ای کوچك.

جۆخین: خەرمان، بێدەر؛ ٢) خۆیان، کلۆشی گێرە کراوی کۆم‌کراو ف ١) خرمن گندم؛ ٢) خرمن کوبیده و توده شده.

جودا: جیا، جگە، جیاواز ف جُدا، سوا.

جوُدار: گیاندار، زیندو ف جاندار.

جۆداس: گیایەکە لەجۆ دەکا ف گیاهی شبیه جو.

جۆدان: ١) ددانێکی ئەسپ کەلەپیریدا لوس‌دەبێ؛ ٢) گۆخڵ ف ١) از دندانهای اسب؛ ٢) شالیکار.

جۆدانە: جۆدان ف نگا: جۆدان.

جودایی: ١) جیاوازی؛ ٢) لێك دور کەوتنەوە ف ١) تفاوت؛ ٢) فراق.

جۆدرەو: ١) مانگی جۆزەردان؛ ٢) هەرەتی جۆدرونەوە ف ١) خُرداد ماه؛ ٢) موسم درو جو.

جوُر: ١) تەرز، نەوع؛ ٢) تەحر، ئاوا، رەوشت ف ١) نوع؛ ٢) روش.

جوُر: جۆر ف نگا: جۆر.

جۆڕ: ١) لوڕ، بن جلێکی پوش تێ ئاخنراوە دەخرێتە سەرپشتی بارەبەر لەبن سەرجلەوە: (جل‌وجۆڕی قاترەکە بێنە)؛ ٢) خورجێن؛ ٣) پارچە بەرەی کۆن ف ١) قسمت انتهائی پالان؛ ٢) خورجین؛ ٣) کُهنه پلاس.

جوراو: جاوراو، جیاویاو، جاویاگ، جوتراو ف خائیده.

جۆراو: ١) گۆرەوی؛ ٢) حۆرێ کڵاشـی بن چەرم ف ١) جوراب؛ ٢) نوعی گیوه که کفهاش چرم است.

جورجور: نەوع نەوع، چەندتەرح ف جوراجور.

جورعەت: وره، وێران، هێزی دڵ ف جرأت.

جۆرك: ١) توری کاونالیك؛ ٢) خورجێن ف ١) توربهٔ علوفه؛ ٢) خُرج.

جوُرکردن: رێك خستن، دروست کردن ف جورکردن.

جۆرکە: تورەکەی ئالف ف توربهٔ علوفه.

جوڕنە: خەزێنە، حەوزۆکەی حەمام که ئاوی گەرمی بۆ خۆشتن تێدەکەن ف خزینهٔ حمام.

جوڕە: ١) چوێلەکـوکێکە رەنگ بۆری ناماڵ زەرد؛ ٢) بازی نێر ف ١) چکاوك؛ ٢) بازنَر.

جورەپۆپنە: باڵدارێکە لەچۆلەکە گەورە ترەو کاکۆڵی هەیە ف چکاوك.

جۆرەجورە: جۆربەجۆر، نەوع نەوع ف جوراجور.

جۆرەش: جۆرێك جۆیە رەنگی رەشە ف جو سیاه.

جورە کلاونە: جورەپۆپنە ف چکاوك.

جورەنان: خەبەردان ف گزارش.

جۆری: جۆرێ ماسی ف نوعی ماهی.

جوریان: ١) گۆڕان؛ ٢) زمان بەهەڵەدا چون ف ١) تغییر؛ ٢) اشتباه لفظی.

جوز: جوُز ف نگا: جوُز.

جۆز: گوێز، گردەکان ف گردو.

جوُز: ١) بز، پەنجە بەقنگەوە کردن؛ ٢) دەنگی سەماوەر ف ١) انگلك؛ ٢) صدای سماور.

جوُزان: گوێزان، تیخی موُتاشین، موُس ف اُستره، تیغ.

جوُزپێـوەکردن: پەنجـە بەقنگەوە کردن، سوك پێوەکردن ف انگلك کردن.

جوُزە: دەنگی زۆر باریك ف صدای بسیار نازك.

جۆزەرد: هەرەتی دروێنەی جۆ ف موسم درو جو.

جۆزەردان: ١) سێهـەم مانگی بەهـار؛ ٢) هەرەتی جۆزەردبـون ف ١) خردادماه؛ ٢) موسم دروجو.

جوُزەڵە: توُزەڵە، چوُزەلە ف مزمار.

جوستوجۆ: بەشوێن‌دا گەڕان ف جستجو.

جوستە: پەراوێزی لێفە، قەراغ لێفە ف حاشیهٔ لحاف.

جوسوجۆ: جوست‌وجۆ ف جستجو.

جۆش: ١) کوڵ، قوڵتی ئاوی گەرم؛ ٢) لەحیم، پێکـەوە نوساندنی کانزا بەقەڵایی؛ ٣) پشکۆژی دار؛ ۴) زیپکەی دەم‌وچاو ف ١) جوش آب؛ ٢) جوش فلزات؛ ٣) غنچهٔ درخت؛ ۴) جوش صورت.

جۆشان: ١) وەکوڵ هاتن، هاتنەکوڵ؛ ٢) فیچقەی ئاو لە زەوی، هەڵقوڵین ف ١) جوش آمدن، غلیان؛ ٢) فوران.

جۆشانن: کوڵاندن، کەلاندن ف جوشانیدن.

جۆشانە: دەرمانی لەناو ئاودا کوڵاو ف جوشانده.

جۆش‌خواردن: پێکەوەنوُسان بەهۆی لەحیم کردن ف جوش خوردن.

جۆشـــدان: ١) بریتی لەزۆر بەتین کردنی سۆپـە؛ ٢) لەحیم کردن؛ ٣) وەکوڵ هێنان ف ١) کنایه از بسیار گرم کردن بُخاری؛ ٢) لحیم زدن؛

۳) بەجوش آوردن آب.

جۆش سەندن: ۱) جۆش خواردنی ئاو؛ ۲) بریتی لە گەرمبونی کۆڕی بەزمو موسیقا ف ۱) بەغلیان آمدن؛ ۲) کنایە از گرم شدن مجلس رامشگران.

جۆشن: خۆتێ هەڵقولێن، خۆڕێك خەر ف چرب‌زبان.

جۆشەك: دوشەك، رایەخی ئاو تێ‌خراوی نەرم ف تُشك.

جۆشیان: جۆشان ف نگا: جۆشان.

جۆشیرە: فەریکەجۆ ف جو نارسیدە.

جۆشیلە: جۆشیرە ف جو نارسیدە.

جۆشین: ۱) کوڵین، جۆشان؛ ۲) جۆرێ جۆ کەرەنگی ئامالْ شینە ف ۱) جوشیدن؛ ۲) نوعی جو کە رنگش مایل بەکبود است.

جۆشیو: ۱) کوڵیو، کوڵاو، کەلاتی، کەلی؛ ۲) فیچقەکردو ف ۱) جوشیدە؛ ۲) فوران زدە.

جوعمە: هەینی، جمحە، ئین ف آدینە، جُمعە.

جوغز: جغز، جەغز ف دایرە.

جوق: کۆمەڵ، دەستە ف دستە، گروە.

جوقن: لاوازی بێ‌هێز، جیقن ف مُردنی و بیجان.

جوقنە: مەلێکی بچکۆڵەیە لەچێشکە پچوکتر ف پرندەای کوچك.

جوقە: هەستو خوست، دەنگو بزاو ف سر وصدا.

جوقەوار: خاوەن گیانو بەهەست: (هەی **جوقەوار**تان برێ) ف ذیروح، جاندار.

جۆك: ۱) سوك، جوزن کلك بەقنگا کردن؛ ۲) جۆگەی پچوکی ئاو؛ ۳) دەنگی بەچکەمەل ف ۱) انگُلك؛ ۲) جوی کوچك؛ ۳) صدای جوجە.

جوکان: دەنگ لێوەهاتنی بەچکە مەل ف جیك‌جیك جوجە.

جوکاندن: جوکان ف جیك‌جیك جوجە.

جوکانن: جوکان ف جیك‌جیك جوجە.

جوك پیوە کردن: قامك بۆقنگ بردن ف انگُلك کردن.

جوکن: بەبوڵەوپرتە، نوزەنوزکەر ف غرولندکُن.

جوکە: ۱) دەنگی باریك، نوزە؛ ۲) دەنگی بێچوی باڵدار ف ۱) صدای نازك؛ ۲) جیك‌جیك جوجە.

جوکەجوك: دەنگی زۆری باریك ف جیك‌جیك.

جوکەنە: گیاندان، گیانەڵاو ف حال نزع.

جۆگا: جۆگەلەی ئاو، جۆ ف جوی آب.

جۆگە: ۱) جۆگا؛ ۲) هێڵەگ، موخلْ ف ۱) جوی آب؛ ۲) الك آردبیزی.

جۆگەلە: جۆگا ف جوی آب.

جۆگەنمی: موی رەش‌و سپی پێکەوە، موی ماش‌و برنجی ف موی جوگندمی.

جول: ۱) رەوانی ئاو؛ ۲) جلە بارەبەر؛ ۳) تەشکەبەرە، پەڵاس ف ۱) جاری؛ ۲) جُل باربر؛ ۳) پلاس.

جوڵ: ۱) کەرکەمەڕ، کەریاپەز؛ ۲) گیای جاوەلۆکە ف ۱) قسمتی از گلّە؛ ۲) علوفەایست.

جوڵ: بزاو. دەگەڵ جم دەیڵێن: (هەر جم‌و **جوڵ**یانە) ف حرکت.

جوڵا: بوزوتەن، شاڵباف ف جولا، بافندە.

جوڵاتەنە: داوی جاڵجاڵوکە، تاڵی کاکڵەموشان ف تارعنکبوت.

جوڵان: بزوتن، تەکان خواردن، جوڵان ف جنبیدن.

جوڵان: جوڵان ف جنبیدن.

جوڵاندن: بزاوتن، بزواندن، تەکان‌پێدان ف جنباندن.

جوڵاندن: جوڵاندن ف جنباندن.

جوڵاندنەوە: جوڵاندن ف جنباندن.

جوڵانن: جوڵاندن ف جنباندن.

جوڵانە: ۱) دەیدیك، لانکی لەگوریس‌و پەڕۆ؛ ۲) گوریسی بەدارەوە کراو بۆ لێ‌نیشتن‌و راژاندن، دیلەکانی ف ۱) ننو؛ ۲) تاب.

جوڵانەوە: بزوتن، جوڵان ف جنبیدن.

جوڵانێ: لەگوریس نیشتن ف تاب‌بازی.

جوڵاو: بزوتو، بزاوتو، تەکان پێ‌دراو ف تکان خوردە.

جوڵایی: سنعاتی بوزوچن، شاڵبافی ف بافندگی.

جوڵایی کەرە: کاکڵەموشان، جاڵجاڵوکە، پەسپەسەکەرە ف عنکبوت.

جوڵك: جوجەڵە ف جوجە.

جوڵگ: جوڵا ف بافندە.

جوڵگی: جوڵایی ف بافندگی.

جوڵلانە: جوڵانە ف نگا: جوڵانە.

جوڵە: ۱) بزوتن، تەکان خواردن، جوڵە؛ ۲) جو، موسایی ف ۱) جنبش؛ ۲) یهودی.

جوڵە: بزوتن، تەکان خواردن ف جنبش.

جوڵەکە: ئومەتی موسا پێغەمبەر، موسایی ف یهودی.

جوڵەمەرسێ: جۆرێك لەجوڵانە نیشتن ف نوعی تاب‌بازی.

جوڵیان: جوڵان ف جنبش.

جوم: ۱) جام، تاس، زەرك، قاپی مس؛ ۲) بزوتن، جمـوجوڵ؛ ۳) قسەو جواب. دەگەڵ لام دەگوترێ: (من هیچ لام‌و **جوم**م نیە) ف ۱) طاس؛ ۲) جنبیدن؛ ۳) سخن پاسُخ.

جۆم: ۱) ئاودڕ، کەنداڵێ ئاودای دڕیوە؛ ۲) دەحل، قۆپی، قامیشەڵێن ف ۱) آبکند؛ ۲) نیزار.

جۆماڵ: خاوێن کردنەوەی جۆگە لەقوڕو لیتە ف لای‌روبی جوی.

جومبوش: بزوتنی زۆر، جوڵانەوەی زیاد ف جنب‌وجوش.

جومڕانە: جمك، زگەدوانە ف دوقلو.

جومگە: بەندی ئێسك، جەمسەری دوئێسکی بەیەکتر گەیشتو ف مفصل.

جوملانە: ئاواڵ دوانە، جمك ف دوقلو.

جومە: کراس، گوملك ف پیراهن.

جۆمەڕ: جۆگەلەی نێوان تەختەو کەرد ف جوی میان کردوها.

جۆمەرد: جوامێر، پیاگ خاس، ئازا ف جوانمرد، رادمرد.

جۆن: ۱) جاوین، جوتن؛ ۲) جوێن، دژمان، سخێف، جنێو؛ ۳) ئاونگی بەردین‌و دارین؛ ۴) جوڵەکەن؛ ۵) دەس ئاونگ ف ۱) جویدن؛ ۲) دُشنام؛ ۳) هاون سنگی؛ ۴) یهودی هستند؛ ۵) دستۀ هاون سنگی.

جونــگ: ١) رك، تورەیی، قەڵـــســی، رق؛ ٢) گیایەکــی گوڵ زەردی بۆنخۆشە، چونگ ف ١) خشم؛ ٢) گیاهی است.

جۆنــگ: ١) جوز، سوُك، جوُز؛ ٢) سڵ، قوشـقی، چەمــوش؛ ٣) پا لەجێچونی ولاخ؛ ٤) بێنرخ و هیچ و پوچ: (جــڕ وجــۆنــگ) ف ١) انگلك؛ ٢) رموك؛ ٣) پای از جا در رفتن دام؛ ٤) بی ارزش.

جونگــە: ١) دەنگی باریکی ناخۆش، جوُکە؛ ٢) جومگە ف ١) صدای نازك و ناموزون؛ ٢) مفصل.

جونە: ١) مەلێکی پچوکەو رەنگاورەنگ؛ ٢) قاحبە، جندە ف ١) سیره، پرندەایست؛ ٢) فاحشه.

جونەگا: جوانەگا ف گاو نر سەساله.

جوُنــەوە: ١) دیــان جاوین؛ ٢) بریتی لەزۆر گوتنەوی قسەیەك ف ١) دوباره جویدن؛ ٢) کنایه از ژاژخایی.

جۆنی: قولکه بەرد کە شتی تێدا دەکوتن، ئاونگی بەردین یان دارین، جون ف هاون چوبی یا سنگی.

جوە: ١) کراس، گومـلك؛ ٢) جۆگەلــە؛ ٣) کاورای موســایی ف ١) پیراهن؛ ٢) جوی؛ ٣) مرد یهودی.

جوێ: جودا، جیا ف جُدا.

جوێبونەوە: ١) لێك هەڵبران، دورکەوتنەوە؛ ٢) ماڵ بەشکردنی برایان یان شەریکان ف ١) جُداشدن؛ ٢) تقسیم دارائی بین شرکا.

جویك: جمك، لفەدوانە ف دوقلو.

جوێ کردنەوە: جیاوازکردن، هەڵاواردن ف جُداکردن.

جوین: ١) جمـین، بزوتن، جوڵان؛ ٢) جاوین، جوُتن: (بنێشت **جوین** تامی زار خۆش دەکا)؛ ٣) جنێو، دژمان ف ١) جنبش؛ ٢) جویدن؛ ٣) دشنام.

جوێن: جنێو، سخێف، دژون ف دشنام.

جۆین: نانی لەجۆ ف نان جوین.

جوێندان: سخێف گوتن، جنێودان ف دشنام دادن.

جوێنفرۆش: زمان پیس، سخێف بێژ ف بددهن.

جە: لە، ل، ژ ف از.

جەب: بوردن، بەخشین لەخەتاو تاوان ف عَفو.

جەبار: ناوی پیاوانەیە ف اسمی مردانه.

جەباری: ١) کەتیرە، شیلەی زەردەگوێنی؛ ٢) ناوی عاشرەتێکی کوردە لە گەرمیان ف ١) کتیرا؛ ٢) نام عشیرەای کُرد.

جەبدان: لێ بوُردن، چاولێ پۆشین، عافوکردن ف چشم‌پوشی.

جەبر: زۆر، خورتی ف زور.

جەبری: بەزۆر، بخورتی ف زورکی.

جەبل: قوڕی بەسەر یەکدا کراو، پێخوێی قوڕ ف تودهٔ گِل.

جەبلە: ئەستورو زل، مەزن و ستور ف سِتبر و گُنده.

جەبۆ: فلان، کاورا، کابرا، ئەوەکە ف یارو.

جەبــە: ١) سڵ، قوشقی، بەیدەس؛ ٢) یاغی، سەربــزێو؛ ٣) تایبــەتی، نەوەك خەڵکی ئاسـایی؛ ٤) عافو، جەب ف ١) رموك؛ ٢) یاغی؛ ٣) استثنائی؛ ٤) عفو.

جەبەر: لا، بەر، تەرەف ف طرف، سو.

جەبەرە: سەرمای زۆر، زۆر ساردو سوڵ ف سرمای سخت.

جەبەرەنواندن: مەلەی چۆلەکە لە ئاوا کەنیشانەی هاتنی سەرمای توندە ف شنای گنجشك که علامت آمدن سرمای سخت است.

جەبەش: شوُتی، هەنی، زەبەش، شفتی، شامی ف هندوانه.

جەبەڵ: چیا، کێو، کێف، کەژ ف کوه.

جەترەقە: جۆرێ کولێرەی ساجی ف نوعی گرده که بر ساج پزند.

جەحر: ژەهر، زەهر، ژەحر، ژەقنەموت ف زَهر، سَم.

جەحش: بێچوی کەر، جاش ف کُرّه‌خر.

جەحشك: جەحش، جاش ف کُرّه‌خر.

جەحفەری: ١) جۆرێ پۆلا کە شیری لێ دروس دەکەن؛ ٢) سەوزیەکە، جافری ف ١) پولادی که شمشیرش کُنند؛ ٢) سبزی جعفری.

جەحنی: توُڕە، زیز، رقهەستاو ف عصبانی.

جەحنین: رك بوُنەوە، توُڕەبون، رقهەستان ف عصبانیّت.

جەحەندەم: دۆژە، دۆژەھ، جەهەننەم، دۆزەق ف دوزخ.

جەحەنم: جەحەندەم ف دوزخ.

جەحەنەم: جەحەنم ف دوزخ.

جەحێڵ: جوان، تازەپێگەیشتو، گەنج، لاو ف جوان.

جەخار: ١) کەسەر، مەینەت، خەم، خەفەت، کوڵ؛ ٢) ساتوڕ ف ١) غم، اندوه؛ ٢) ساطور.

جەخت: ١) پەلــەو لەز لە کاردا: (ئێوارە وەختــە، جرپن بە **جەختە**)؛ ٢) باش هێنان، بۆهاتن: (دوجار پشمین **جەختە**) ف ١) شتاب در کار؛ ٢) خوب آوردن، مبارك.

جەختی: چالاکی، مەزبوتی، گورج و گۆڵی ف چُستی و چالاکی.

جەد: باپیری عەولاد پیغەمبەر(ص)، باوەگەورەی سەید ف نیای سادات.

جەداسی: گیایەکە ف گیاهی است.

جەدد: جەد ف نیای سادات.

جەدەو: جدەو ف نگا: جدەو.

جەڕ: ١) گۆزەی مل باریك؛ ٢) تونـدکێشـان: (**جــەڕم** داوە)؛ ٣) پێچو بورغی ئامــرازی گوشینی کتێبو...: (**جــەڕو** مەنگەنە) ف ١) نوعی سَبو؛ ٢) محکم کشیدن و سفت کردن؛ ٣) منگنه.

جــەرا: بێچـوهێنـانی بەدژواری: (ناخری ماینەکە جەرابو) ف دشوار زاییدن.

جەڕاح: برینگەر ف جرّاح.

جەراحات: کێم و چڵك، هەوای برین ف ریم و چرك زخم.

جەڕان: تێ گیران بەتـوندی: (وا **جەڕاوە**، هەر دەرنایەتەوە) ف بەسختی گیرکردن لای.

جەڕاندن: جەڕانن ف نگا: جەڕانن.

جەڕانن: پێچان بەتوندی، قایم پێچدان ف محکم پیچ دادن.

جەڕب: ئەزمون، تاقی ف تجربه.

جەڕبادەر: بورغی کەرەوە، دەرنەفیس ف پیچ گوشتی.

جەڕباندن: تاقی کردنەوە ف تجربه کردن.

جەربەزە: ١) هاروهاج، بزۆز، هەدا نەدەر، دانەسەکناو؛ ٢) جەزرەبە، ئازاردان؛ ٣) غیرەت، ئازایەتی ف ١) ناآرام؛ ٢) شکنجە و آزار؛ ٣) شهامت و غیرت.

جەربەزەیی: هاروهاجی ف بازیگوشی.

جەڕبی: ئەزموده، تاقیەوەکراو ف آزموده.

جەڕبین: ئەزمون، تاقی کردنەوە ف آزمایش.

جەڕجەڕ: جەنجەر، ئامرازی کلۆش وردکردن لەدارو ئاسن؛ ٢) چەرخی ئاوهەڵکێشان لەبیر ف ١) خرمنکوب؛ ٢) دولاب.

جەڕجەڕقان: جەڕجەڕ ئاژۆ، کەسێ کە بە جەنجەڕ گێرە دەکا ف رانندهٔ خرمنکوب.

جەرخەتو: ئاوگەردان، ئاوگەردێن، چەرخی دەسکدار بۆ ئاوهەڵێنجان ف آبگردان.

جەرد: ١) دڵ دانەسەر، گوێ پێدان؛ ٢) مشکەکوێرە ف ١) جِهد؛ ٢) موش کور.

جەڕدان: جەڕاندن ف تند پیچ‌دادن.

جەردە: چەتە، گۆران، ڕێگر ف راهزن.

جەردی: سوُر لەسەر کاری خۆی، گوێدەر بەکار ف جدّی، با اهتمام.

جەڕرە: گۆزەی مل باریك ف نوعی سبو.

جەرگ: کەزەب، جەگەر ف جگر.

جەرگاوس: دڵ پڕ لەخەم، مەینەتبار ف اندوهگین.

جەرگ‌بڕ: بەسەرهاتی پڕلە خەم، بەڵای گەورە ف کنایه از مُصیبت بزرگ.

جەرگ خۆرە: خەمی گەورە، کوڵو کەسەری مەزن ف جگرخواره.

جەرگ سوتان: برێتی لە منداڵ‌مردن، زگ...وتان ف کنایه از مُردنِ فرزند.

جەرگ‌سوتاو: عەوڵاد مردو، زگ‌سوتاو ف فرزند مُرده.

جەرگ قایم: ١) بەجەرگ، ئازا، ڕەشید؛ ٢) بەسەبرو حەوسەلە ف ١) شُجاع؛ ٢) شکیبا.

جەرگ‌وناو: هەناو، دڵو گورچیلە، مێلاك ف احشاء.

جەرگە: ١) ناوەڕاست، دوڕ؛ ٢) هەڕەت، جەنگە ف ١) وسط؛ ٢) موسم.

جەرمە: ١) میوەی نیوەوشك؛ ٢) فەریکەی دانەوێڵە ف ١) میوهٔ نیم‌خشك؛ ٢) دُلُمل.

جەڕومەنگەنە: گیرە، ئامرازی توندگرتنی کتێب بۆ بەرگ تێ‌گرتن ف منگنهٔ کتاب.

جەڕە: گۆزەی مل‌باریك ف نوعی سبو.

جەڕەبابە: شەتەك‌دان، توندپێچان، شەداندن ف محکم پیچیدن.

جەرەتاو: ئاوێ کە لەوەختی ئاوێری‌دا لەزەوی دەردەچێ، پاشاو ف آبی که از آبیاری زیاد آید.

جەریدە: ڕۆژنامە ف روزنامه.

جەریفك: گەسگ، جارو، گێزگ، گسك، گزگ ف جارو.

جەریمە: تاوان، ماڵێ کە لە خەتابار دەسێنرێ ف جریمه.

جەریە: گیرەی جەرم تا دەیدرون ف پرس چرم‌دوزی.

جەزا: سزا، پاداشت ف پاداش، مزد.

جەزایەرچی: حەسەس، ئێشکدەری شەوانە ف عَسَس.

جەزبە: حاڵ لێ‌هاتنی دەروێش، جەزمە ف جَذبه.

جەزرەبە: ئازار، عەزیەت ف آزار.

جەزرەبەدان: عەزیەت‌دان، ئازاردان ف آزاررساندن.

جەزرەوە: جەزرەبە ف آزار.

جەزم‌بون: حاڵ لێ‌هاتنی دەروێش ف بەحالت جذبه افتادن.

جەزمە: حاڵ، لەهۆش تەکینەوەی دەوریش لەزیکرا ف جذبه.

جەژن: گێژن، جێژنە، ڕۆژی بەتاڵی و خۆشی ف جشن، عید.

جەژنان: ڕۆژانی جەژن ف ایّام عید.

جەژنانە: خەڵات بەهۆی هاتنی جێژنەوە ف عیدی.

جەژنە: جەژن ف جشن.

جەژنەپیرۆزە: پیرۆزبایی لە یەکترکردن بەهۆی هاتنی جێژن ف عید مُبارکی.

جەژنەچەقالە: جێژنێکی جوُلەکانە کە چوالەبادام و توێ تیا دەتروکێنن ف از اعیاد یهود.

جەژنــەفــەتیرە: جێژنێکی جوُلەکانە ئەبێ نانی کۆنی تێدا بخۆن ف از اعیاد یهود.

جەستە: لەش، ئەندام ف بَدَن، تن.

جەسە: جەستە ف تن، بَدَن.

جەغز: جوغز، جغز ف دایره.

جەفت: جفت، کڵاوی بەڕو ف جَفْت بلوط.

جەك: هەڵێن، ئامرازێکە ترومبیلی پێ بەرز دەکەنەوە ف جَك اتومبیل.

جەگەر: کەزەب، جەرگ ف جگر.

جەگەن: گیابەکە لاسکی سێ‌سوچە لەزەلکاودا دەڕوێ ف جگن.

جەل: ١) چەلاك، داری درێژ بۆ مازوتەکاندن؛ ٢) جوانەگا، بەرجوت ف ١) چوب مازوتکانی؛ ٢) گاو نر سەساله.

جەلاب: ١) سەربڕی میر، جەللاد؛ ٢) کەوی بنە ف ١) میرغضب؛ ٢) کبك شکاری.

جەلاد: میرغەزەب، سەربڕ، جەلاب ف جَلّاد.

جەلاقی: دۆشاوی خەست، دمسی تیر ف شیرهٔ غلیظ انگور.

جەلالی: عاشیرەتێکی گەورەی کوردە لە سنوُری ڕوُس و ترکاندا دەژین ف عشیرتی بزرگ در کردستان.

جەلاوی: قەوزەی سەراوان ف جل وزغ.

جەڵتە: خوێنی بەسیاگ ف خون لخته.

جەلجەلوت: دوعاو پرتەپرتی جادوگەر ف اوراد جادوگران.

جەلد: داردەستی درێژو باریك ف چوبدستی بلند و باریك.

جەلـد: شوُمـاسی، لیزگەمـاسی کە بە شولکەوە دەکرێ ف رشته ماهی صیدشده که در ترکه کُنند.

جەلدە: قامچی، شەلاخ ف تازیانه.

جەڵغــە: ١) سەهــوڵی خوێنـەگرتـو، سوڵی نیوەبـەنیوە؛ ٢) دو داری سەرتاشراوی بەیەکەوە لکێنراو؛ ٣) برێتی لەکاری ناتەواو، نیمەکارە ف ١) کاشه؛ ٢) دو چوب سر بهم آورده شده؛ ٣) کنایه از کار ناتمام.

جەللاد: جەلاد ف جلّاد.

جەلله: ریخ، شیاکە، گوی گاو مانگا ف سرگین.

جەلۆ: هەرزەپیاو، سەرسەری، ئەلوات ف اوباش.

جەلـە: ١) کۆمەڵی حەیوانە کێوی؛ ٢) ماڵاتی بەزنجیرە تێك‌خراو؛ ٣) گەردانە لەگیاو گوڵ کە ئەیخەنە ملەوە ف ١) گلهٔ بز کوهی؛ ٢) دامهای بهم بسته؛ ٣) گردن‌بند از گل و گیاه.

جەلەب: هەوسار، کلکەڕەشمە، پەتی ملی حەیوان ف افسار، مهار.

جەڵەب: کۆمەڵە مەڕو بزنێ کە بۆ فرۆشتنی دەبەن؛ ٢) ئەیاغ، حەیوانی عەیبدارو کەم‌نرخ؛ ٣) دەستەو کۆمەڵ: (**جەڵەبە** سوارێك هات) ف ١) گلهٔ تجارتی؛ ٢) حیوان بُنجُل؛ ٣) گروه.

جەڵەبچی: بازرگانی مەڕو بزن‌و ڕەشەماڵ ف تاجر دام.

جەڵەبدار: خاوەنی جەڵەب ف دارای دام تجارتی.

جەڵەبکڕ: جەڵەبچی ف تاجر دام.

جەڵەبی: نەهێزا، کەم‌نرخ ف تَقَلُّبی.

جەلـە کـردن: تێك خستنی ماڵات: (وشتـری **جەلە کردون**، گاگێرەی **جەلە کردوە**) ف بهم بستن دامها.

جەڵـەو: ١) هەوسـار، کلکـە لغـاو، کلکە ڕەشمە؛ ٢) جەڵەب، کۆمەڵی لەمـاڵات یان سواران: (**جەڵەوە** حەیوانێکم دیت، **جەڵەوە** سوارێك هات) ف ١) افسار، مهار؛ ٢) دسته حیوان، گروه سواران.

جەڵەوی: جەڵەبی ف تَقَلُّبی.

جەم: ١) نك، کن، لا: (پەرەی من **جەم** تەیە)؛ ٢) ژەم، هەلی نان‌خواردن: (**جەمی** نیوەڕۆ)؛ ٣) تابار، لنگەبار ف ١) نزد؛ ٢) وعدهٔ غذا؛ ٣) لنگه‌بار.

جەمات: کۆمەڵ، مەردم: (**جەمات** و ڕەحمەت) ف جماعت.

جەماعەت: نوێژی بەکۆمەڵ، نمێژ بەهەڤرا ف نماز جماعت.

جەماڵ: جوانی، خوشیکی، قەشەنگی ف زیبائی.

جەمـام: ڕەق‌بون‌و ئاوسـانی ئەندام، کوترانی ئەندامی لەش: (دەستم‌و پشتم **جەمام** بوە) ف کوفتگی اعضا.

جەماوەر: قەڵەبالغ، پڕایی حەڵك ف انبوه مردم، جمهور.

جەم‌بون: کۆبونەوە، خڕبونەوە، کۆمەڵ کردن ف اجتماع کردن.

جەمجستین: لێکدانی شتی تراو ف بهم زدن مایعات.

جەمقان: جەمجستین ف بهم زدن مایعات.

جەمداندن: بونە سەهۆڵ ف یخ کردن.

جەمدی: سەهۆڵ کردو، بەستو، بەستەڵەك ف یخ بسته.

جەمدین: ١) بونە سەهۆڵ، سەهۆڵ بەستن؛ ٢) سڕبون لە سەرمان ف ١) انجماد؛ ٢) از سرما کرخ شدن.

جەمسەر: جێگەی پێکەوە لکانی دوشت ف محل اتصال.

جەمـك: ١) ئەوەنـدە ماستـەی جارێك دەکـرێتـە مەشکەوە؛ ٢) بڕبڕە مژانـدنی بێچو لەگوانی دایك بۆ شیردادان: (گۆلکێ **جەمك** کە) ف ١) مقـدار ماستی کە یکبـار در مشك ریزند؛ ٢) اندك اندك مُك زدن نوزاد به پستان مادر.

جەم مردو: بێچوێك کە لەبەر کەم‌شیری دایك لەڕو لاوازە ف نوزادی کە از کم‌شیری مادر لاغر و بیجان است.

جەم‌مردە: جەم مردو ف نگا: جەم مردو.

جەمەد: سۆڵ، سەهۆڵ ف یخ.

جەمـەدانی: جامـانە، جامەدانی، ئاغابانو، پارچەیەکە پیاوان لەسەری دەبەستن ف دَستار.

جەمین: بوێڵ، هەنیە، ناوچەوان، نەنی ف پیشانی.

جەهمین: تۆپین، کەوتین: (کەرێ مە **جەهمی**‌یە) ف مُردارشدن حیوان حرام‌گوشت.

جەمـینۆك: کۆبـونەوە بۆ کـەین‌و بەین کردن ف گردهمائی برای توطئه‌چینی.

جەناب: وشەی ڕێزگرتن ف جناب.

جەنازە: تەرم، مردوی ناو تابوت ف جنازه.

جەنتك: خورجێنـی چـکۆڵە کە بەسەر شانیەوە دەکەن ف خورجین کوچك.

جەنجال: هەراو هوریا، زەنازەنا، چەقەو گوڕە ف جنجال.

جەنجەڕ: ١) چەرخ‌و دۆڵابی ئاوهەڵکێشان؛ ٢) ئامرازی لەدارو ئاسن بۆ گێرەکردنی، کلۆش ف ١) چرخ چاه؛ ٢) ماشین خرمن‌کوب.

جەندرمە: پۆلیسی تورکان ف پُلیس عُثمانی.

جەندك: جانتای چکۆڵە ف خورج کوچك.

جەندەرە: دەق، دەقاق، کەتیرە لە قوماش‌دان ف آهار زدن.

جەندەك: کەلاك، لاش، تەرم ف لاشه.

جەنقین: ڕاپەڕین ف یکه‌خوردن.

جەنگ: شەڕ، هەراو لێك‌دان بەدوژمنی ف جنگ.

جەنگاوەر: شەڕکەر، چەکداری بەشدار لە شەڕدا ف جنگاور.

جەنگە: هەڕەت، جەرگە ف عنفوان.

جەنگەڵ: لێر، دارستان، لێڕەوار ف جنگل.

جەنگەڵی: ١) سەر بەدارستان، لێرەواری؛ ٢) برێتی لەپیاوی کەم‌زان‌و گێل ف ١) جنگلی؛ ٢) کنایه از شخص احمق.

جەنگی: ١) شەڕانی، وازلەشەڕ: (کەڵەشێری **جەنگی**)؛ ٢) ناوی پیاوانە ف ١) جنگجو؛ ٢) نامی برای مردان.

جەننەت: بەحەشت، بوهیشت، بەهەشت ف بهشت.

جەنە: مان، گە ف اعتصاب.

جەنیقاندن: ماندوکردنی نیچیر و لەغار وەستاندنی ف خسته کردن و از پا درآوردن شکار.

جەنیقین: وەستان لەبەر ماندویی ف توقف بسبب خستگی.

جەو: ١) لەو: (**جەوسا**: *لەوساوە*)؛ ٢) جۆی هەواڵی گەنم؛ ٣) برینگ، مقەستی خوری بڕینەوە ف ١) از آن؛ ٢) جُو؛ ٣) قیچی پشم چینی.

جەواب: پەرسڤ، جواو، جواب ف پاسُخ.

جەواڵ: جواڵ، تێری یەك‌لایی ف جوال.

جەوان: ١) جوان، لاو، جاحێڵ؛ ٢) مەرەزەوان، ئاگاداری مەرەزە ف ١) جوان؛ ٢) شالیکار.

جەواهێرات: کۆمەڵە بەردی بەقیمەت ف جواهرات.

جەوبڕ: برینگ، مقەستی خوری بڕینەوە ف قیچی پشم‌چینی.
جەوت: جفت، جوت، کلاوەبەڕوا ف جفت بلوط.
جـەوتك: جانتـای لەچەرم، خورجێنی چەرمین ف ساك یا خورجین چرمی.
جەوز: ۱) گوێز، گۆز، قوز، گیز؛ ۲) بەرێکـە لەگوێزی بچـوك دەکـا بۆدەرمان بەکاردێت ف ۱) گردو؛ ۲) جوزبویا.
جهورك: جوڕك ف نگا: جوڕك.
جەوسەق: شەقام، جادە، کاروانەرێ ف جادە.
جەوك: جەوی، جیوەی رەشەگوێنی ف انگم گَوَن.
جەوکەر: جوڵا، جوڵای جاوتەن ف کرباس‌باف.
جەوەرە: جەبەرە، سەرمای زۆر سەخت ف سرمای سخت.
جەوەڵ: جەبەڵ، کێو، چیا، کێف ف کوه.
جەوەنـــدە: توُرەکـەی چەرمین بۆ ئاوتێدا هەڵگـرتن ف توربـهٔ چرمی مخصوص حمل آب.
جەوەنە: جەوەندە ف نگا: جەوەندە.
جەوهەر: ۱) خاڵ‌و میلی تیخی باش؛ ۲) رەنگ بۆ نوسین‌و بەن وریس؛ ۳) حونەرو ژیهاتن؛ ۴) ناوی پیاوانەیە ف ۱) پَرَند؛ ۲) جوهر نوشتن و رنگ مصنوعی رنگرزی؛ ۳) هنر؛ ۴) نامی برای مردان.
جەوهەردار: ۱) تیخی بەخاڵ‌و میل؛ ۲) جۆرێ چنار؛ ۳) هێژا ف ۱) تیغ جوهردار؛ ۲) نوعی چنار؛ ۳) با استعداد.
جەوی: جیوەی رەشەگوێنی ف انگُم گَوَن.
جەه : جۆی هەواڵی گەنم ف جَو.
جەهخۆرك: مەلێکە لەقۆپی‌و زەلکاودا هێلانە دەکا ف پرندە‌ایست کە در باتلاقها آشیانه کند.
جەهداسی: گیایەکە وەك جۆ دەچێ ف گیاهی است شبیه جَو.
جەهر: تورەیی، سڵی، رك‌هەستان ف خَشم.
جەهزەر: جۆزەرد، کاتی دروێنەی جۆ ف موسم درو جَو.
جەهوەر: جەوهەر ف جوهر.
جەهەندەم: دۆژە، دۆزەق، جەحەندەم ف جهنم.
جەهەندەمی: شیاوی ئاگری دۆزەق، گوناحکار ف دوزخی.
جەهەننم: جەهەندەم ف جهنم.
جەهەننەم: جەحەندەم ف جهنم.
جەهـــەننـەم داشی: شتێکـە وەك بەرد حەکیمی چاوان ناوپیلوی پێ دەکرێنن ف سنگ جَهنم.
جەهەننەمی: جەهەندەمی ف دوزخی.
جەهێڵ: جوان، جحێڵ، گەنج، لاو، تازە پێ‌گەیشتو ف جوان.
جەیران: ئاسك، کەژاڵ، مامز ف آهو.
جی: جێگە، جاگە ف جای، مکان.
جێ: ۱) شوێن‌و جێگە؛ ۲) دایك ف ۱) جای، مکان؛ ۲) مادر.
جیا: جدا، جودا، جگە ف جُدا.
جیابوُنەوە: لێك هەڵبڕان، جودابونەوە ف ازهم جدا شدن.
جیاز: ۱) کورتـانی وشتر؛ ۲) ئەوەی بوك بۆماڵی زاوای دەبا؛ ۳) برێتی لەکفنی مردو ف ۱) پالان شتر؛ ۲) جهیزیهٔ عروس؛ ۳) کنایه از کَفَن.
جیازی: جیاز، کەل‌و پەلی بوك بۆماڵی زاوا ف جهیزیه.
جیاکار: جیاواز، تایەبەتی، وەك هیترنا ف جُداگانه، علیحده.
جیاواز: جیاکار ف جُداگانه. علیحده.
جیاوەبوُن: جدابونەوە ف ازهم جُدا شدن.
جیاوە کردن: هەڵاواردن، لێك جداکردن ف جُداکردن.
جیایی: جودایی، لێك دورکەوتن ف جُدایی.
جێب: بەریك، گیرفان، باغەڵ، بەرك ف جیب.
جێباوەڕ: جێ‌متمانە، راست‌و ئەمین ف مورد اعتماد.
جێبڕك: جوبڕکە، مڵە ف آبدُزدك.
جێبوُنەوە: لەجێگەدا حەوانەوە: (لەم‌ژورە **جێم دەبێتەوە**) ف جای گرفتن.
جێ بەجێ: ۱) دەس بەجێ، هەرلـەجێ، هەرنێستە؛ ۲) دامەرزان‌و پێك هێنان ف ۱) فوراً؛ ۲) انجام شُدن.
جێ بەجێ بون: ۱) حاوانەوە لە خانو یان لە ئاواییدا؛ ۲) پێك هاتنی کار ف ۱) جاگیرشدن؛ ۲) انجام شدن.
جێ بەجێ کردن: پێك هێنان، کاردروست کردن ف انجام دادن.
جێ‌پێ: شوێن، شوێن پێ ف ردِّ پا.
جێ پێ لەقبـون: ۱) برێتی لە کەم‌و کورتی هێنـان لەپایەو مایەدا؛ ۲) نەتوانین لەشوێنی خۆدا مان ف ۱) کنایه از کم آوردن پول یا مقام؛ ۲) عدم امکان ماندگار شدن.
جێ پێ لێژبون: جێ‌پێ لەق بون ف نگا: جێ پێ لەقبون.
جێ پێ هەڵگرتن: شوێن گێڕان، دانەشوێن ف ردگیری.
جیت: جوت، بەرانبەری تاك ف زوج، مقابل فرد.
جێت: جێگەی تۆ: (لێرە **جێت** نابێ) ف جای تو.
جێتان: جێگەی ئێوە ف جای شما.
جیجك: جوچکی مەل ف جوجه.
جیجلقانە حندرحۆ، سیسۆ ف الاکلنگ.
جیجە: جوُچك، بیچوە مریشك ف جوجه مرغ.
جیچك: جوُجك ف جوجه مرغ.
جێ خۆش کردن: برێتی لەمانەوە لەشوێنێك بە خاترجەمی ف کنایه از آرام و قرار گرفتن با اطمینان خاطر.
جێخوُن: جۆخین ف نگا: جۆخین.
جێ خەو: جێگەی نوستن، شوێنی هەڵاژیان، جێ رازان ف خوابگاه.
جێدار: ۱) بەپلەو پایە؛ ۲) نوێنەر، وەکیل؛ ۳) بەرێ‌وجێ ف ۱) ارجمند؛ ۲) نماینده؛ ۳) به جا.
جیدانـە: ۱) کزن، دانـەویڵەیەکە گای پێ قەڵەو دەکەن؛ ۲) سیکەتۆرە، سیقەتۆرە، چینەدان ف ۱) گاودانه؛ ۲) ژاغر.
جیر: جیل، لاسیق، لاستیك ف لاستیك.
جیڕ: ۱) چیر، خۆگر و نەپس: (ئـەونـانـە زۆر **جیڕە**)؛ ۲) گڕدیاری دانی ددان: (ددانی لێ جیڕ کردمـــەوە)؛ ۳) دەنگی دادڕینی قومـاش؛ ۴) دەنگی دەرگای ژەنگـاوی لەکردنەوەدا ف ۱) کِشدار؛ ۲) دندان بهم

سایيدن از خشم؛ ٣) صدای پاره کـردن پارچـه؛ ۴) صدای لولای زنگ‌زدهٔ در.

جیران: هاوسا، هاوسایه ف همسایه.

جیراندن: دەنگ لیهاتنی تەختەی لێکدراو یان دەرگای شەق‌و شڕ ف جیرجیر کردن.

جیڕجیڕك: مەشکەدڕە، سیسرك، سیسره ف جیرجیرك.

جیڕدۆ: چڕدۆ، مانگایەکی شیر دانادا ف گاوی که بەآسانی شیر ندهد.

جیڕوهوڕ: دەنگی جیڕەجیڕی زۆر ف صدای جیرجیر بسیار.

جیره: ١) بەشەنان‌و بژیو؛ ٢) موچەو بەرات ف ١) جیره؛ ٢) مُستمری و مواجب.

جیڕه: دەنگی لەتەختە دروست کراوی شەق‌و شڕ ف جیرجیر.

جیڕەجیڕ: جیڕ وهوڕ ف جیر و ویر.

جیرەخۆر: موچەخۆر، کەسی بەمەعاشێکی دیاری کراو کاردەکا ف جیره‌خوار، حقوق بگیر.

جیرەهەر: جیرەخۆر ف جیره خوار، حقوق‌بگیر.

جێری: کلفەتی ماڵ، کارەکەر، خزمەتکاری ژن لەماڵدا ف کُلفَت.

جیز: گویز ف گردو.

جێـز: خەرمـانی سـور، خەرمانی ئامادەکراو، کۆی خەرمان ف خرمن انباشته.

جیزوك: جەزیرە، جزیرە، ئاد ف جزیره.

جیزه: دەنگی زۆر باریکی مێشولەو سەماوەرو...، گیزە ف وزوز.

جیزەجیز: گیزەگیز، جیزەی زۆر ف وزوز زیاد.

جێژن: گێژنە، عید، عەید، جەژن ف جشن.

جێژنان: رۆژانی جەژن ف روزهای عید.

جێژنانه: خەڵات‌و بەخشین لەجێژنەدا ف عیدی.

جێژن ممبارەکی: ممبارەك بادی کردن بەهوێ جێژنەوە ف تبریك عید.

جێژنه: جێژن ف عید، جشن.

جێژنه پیرۆزه: جێژن ممبارەکی ف تبریك عید.

جێژنه پیرۆزی: جێژنه پیرۆزه، جەژن ممبارەکی ف تبریك عید.

جیسر: پر، پرد ف پُل.

جیق: ١) هەنـاو: (ئەولام تات‌و ئەملام تات / وەی بابە **جیقم** دەرهات) «فـۆلکلۆر»؛ ٢) دەنگی ناچاری لە زۆربۆهاتن: (پام پیانا **جیقاندی**، **بجـیقنی**‌و بفیقنی پوڵ چەرمـوگم پێ داوی هەرئـەت خۆم) ف ١) اندرون، امعاء و احشاء؛ ٢) صدای بخصوصی که از شدّت فشار بر سینه از گلوی آدمی درآید.

جیق دەرهاتن: ناوزگ‌و هەناو بلاوبون: (رێکم کوشی **جیقی دەرهات**) ف دل و روده بیرون آمدن.

جیقڵ: دانی هێشتا عەزم نەکراو ف دانهٔ هضم نشده در چینه‌دان مرغ.

جیقڵدان: جێگەی دانی هەزم نەکراو ف ژاغر، چینه‌دان.

جیقن: لەڕو لاوازی کەلەلا کە بەحاڵ نۆزەی دێت ف لاغر و مُردنی.

جیقنه: ١) جیقن؛ ٢) گوی باڵندە ف ١) نگا: جیقن؛ ٢) فضلهٔ پرندگان.

جیقه: ١) دەنگی لاواز لە زۆر بۆهێنان‌و رێك کوشین؛ ٢) لاواز ولەجەری پیس؛ ٣) جوکه، وردەدەنگی مەل ف ١) صدای ضعیف آدم مُردنی؛ ٢) لاغر و مردنی؛ ٣) جیك‌جیك، آواز مرغان.

جیقەڵدو: جیقڵدان ف ژاغر، چینه‌دان.

جیك: ١) دەنگی بێچـوەمـەل؛ ٢) دەنگی چۆلـەکـە؛ ٣) پانیه، پاژنـه؛ ۴) چکه، قوێره، چك، لای قوڵی قاپ؛ ۵) جێگە ف ١) صدای جوجه؛ ٢) صدای گنجشك؛ ٣) پاشنهٔ پا؛ ۴) یك جانب قاب که با آن بازی کنند، مقابل بوك؛ ۵) جای، مکان.

جیکاندن: جوکەجوك کردن ف جیك‌جیك کردن.

جیکانن: جیکاندن ف جیك‌جیك کردن.

جیکڵ: جیقڵ ف چینهٔ هضم نشده.

جیکڵدان: جیقڵدان ف چینه‌دان.

جیکڵدانه: جیقڵدانه ف چینه‌دان.

جیکن: کەم‌سەبری بەبۆڵەبۆڵ ف آدم ناشکیبای با غرولند.

جیکنه: چیکەنە، دۆڵابی لوکەرستن ف دوك نخ‌ریسی.

جیکه: دەنگی باریك‌و نزم ف صدای زیر.

جیکەجیك: دەنگی مەلی چکۆڵە ف آواز مرغان.

جیکەنه: جیکنه ف نگا: جیکنه.

جێگر: نایب، نوێنەر ف جانشین، قائم‌مقام.

جێگه: جێ، شوێن، جی، جاگە ف جای.

جیل: لاستیك ف لاستیك.

جێڵ: لاو، جەحێڵ ف جوان، برنا.

جیلا: جوڵا، بۆزۆکەر، شاڵباف ف بافنده.

جیلاباف: جاڵجاڵۆکە ف عنکبوت.

جیلایی: جوڵایی ف بافندگی.

جیله: جۆگەی چکۆڵە، جۆگەلە ف جوی باریك.

جێ‌لەوەڕ: لەوەڕگا، گیاجار، چایەر ف مرتع.

جیم: ١) ناوی پیتی پێنجەمی ئەلف‌و بێتکەی کوردی؛ ٢) قسە، جواب، دەگەڵ لام دەگوترێ: (لام‌و جیم)، جوم ف ١) حرفِ جیم در الفبا؛ ٢) جواب.

جێم: ١) جێگەی من، جاگەی من: (لێرەدا **جێم** نابێ)؛ ٢) گیرفان ف ١) جای من؛ ٢) جیب.

جێما: بەجێ‌ما، نەگەیشتێ ف بەجای ماند.

جیماع: گان، جوت‌بونی نێرومێ بۆناوهاتنەوە ف جماع، جُفت‌گیری.

جێمان: ١) بەجێ‌مان، دواکەوتن، لەدواوە مانەوە؛ ٢) جێگەی ئێمە ف ١) بەجای ماندن؛ ٢) جای ما.

جێمك: جمك، دوانە، هاواڵ دوانە، لفە ف دوقلو.

جێن: جێگەی ئێمە، جاگەمان، شوێن خۆمان، جێمان ف جای ما.

جێناو: هێما بۆناو لە ڕێزماندا ف ضمیر دستوری.

جینجـك: هەڵتـروشکـان، هەڵتـوتـەکـان، قونەڵتس: (ولاتنیشو هرگزاً بالجینجك) «مەسەل» ف جُمباتمه زدن.

جینچکه: جینچك ف جُمباتمه زدن.

جینگڵ: بزوتنەوەی کەم: (مارەکە **جینگڵی** دەدا) ف جنبیدن مُختصر.

جینگن: شەڕانی، نەگونجاو ف ستیزه‌جو.
جینیات: زیندو دەلەشی پیاودا. وەك ئەسپێ و کێچ ف حشرات خانگی.
جینۆك: جۆرێ زیپکەولیر لەپێست ف نوعی جوش.
جینێر: هاوسا، جیران، دراوسێ ف همسایه.
جێنیك: لاجانگ ف موی بناگوش.
جیو: ژیان، ژی، هەبون ف زندگی.
جێو: گیرفان، بەرك، بەریك، باخەڵ ف جیب.
جێوبان: ئەسپابی نوستن، پێخەفی تەواو ف رختخواب.
جێوبڕ: گیرفان بڕ، بەرك بڕ ف جیب بر.
جێوك: جمك، جێمك، لفە، دوانە ف دوقلو.
جیوە: ١) کانـزایەکـە، داناسەکنێ و دێت و دەچی، بۆ دەرمان دەبێ؛ ٢) شیرەی رەق هەڵاتوی دار، جەوی ف ١) جیوه؛ ٢) انگم.
جیوەجیو: ١) دەنگی تێکەڵاوی مەلانی بچوك؛ ٢) تروکەو زریوەزریوی ئەستێران ف ١) صدای درهم گنجشکان؛ ٢) سوسوزدن ستارگان.
جیهان: دنیا ف جهان.

چ

چ: ١) لەجێگــەی یان دێت: (**چبخـوازی، چنـەخـوازی**)؛ ٢) چەنـد: (**چخۆشە** ئازادبون)؛ ٣) چی بۆ پرسیار: (**چت وت**)؛ ٤) بەواتا هیچ: (**چچاران**)؛ ٥) لەدوای وشـەوە بۆ بادانـەوەیە: (**ئەمیچ، ئەویچ**)؛ ٦) وشەی حاشا، بەواتا نە: (بۆ دەچی بۆ شار؟ چ) ف ١) بەمعنی یا؛ ٢) چقدر؛ ٣) ادات استفهام؛ ٤) هیچ؛ ٥) پسوند تکرار؛ ٦) حرف نفی.

چا: ١) کێو، چیا، کەژ؛ ٢) بیر، چاڵ؛ ٣) ئەوێ، وێرێ؛ ٤) چایی؛ ٥) باش: (**چابو هات**)؛ ٦) ساغ: (**چا بۆتەوە**) ف ١) کوه؛ ٢) چاله؛ ٣) آنجا؛ ٤) چای؛ ٥) خوب؛ ٦) سالم.

چابك: چوست، مەزبوت، چاپك، لەش سوك، بەپێ ف چابُك.

چابـوغ: ١) تەختــەزەوینی سێ گۆشــە؛ ٢) پارچەپینەی بن قۆڵی کەوا، گرۆڵ ف ١) قطعه زمین مثلثی شکل؛ ٢) تکەپارچۀ زیر بغلِ قبا.

چابوك: چابك ف چابك.

چابــوُن: ١) لەنـەخـۆشی خەلاس بون، چاك بوتـەوە؛ ٢) لەخـراپـە دەس هەڵگرتن: (**ئێستە چابوە**) ف ١) شفا یافتن؛ ٢) ترکِ هرزگی.

چابوُنەوە: لەنەخۆشی هەستانەوە ف شفایافتن.

چاپ: ١) نوسینەوەی کتێب بەماشێن؛ ٢) درۆ، هەڵبەستە؛ ٣) پیاڵەیەکە بۆ پێوانە؛ ٤) شەقڵی خەرمان ف ١) چاپ؛ ٢) دروغ؛ ٣) نوعی پیمانه؛ ٤) مُهر خَرمَن.

چاپالێو: پارزونی چایی، کەوگیری چا پاڵاوتن ف چای صاف کن.

چاپباز: درۆزن، بەفڕ و فیشاڵ ف چاخان.

چاپچی: ١) کەسێ کتێب لەچـاپ دەدا؛ ٢) درۆزن و بافیش کەر ف ١) چاپ کننده؛ ٢) لافزن و دروغگو.

چاپخانە: ئەوشوێنە کتێبو ... لێ چاپ دەکەن ف چاپخانه.

چاپك: چابك ف چابُك.

چاپکـردن: ١) لەچـاپدانی نوسراو؛ ٢) بافیش و درۆکردن ف ١) چاپ کردن؛ ٢) لاف زدن.

چاپکســوار: ١) سوکەڵە سوار، سواری زۆر مەزبوت لەسواری دا؛ ٢) کەسێ کەئەسب بۆخەڵك تەعلیم دەدا ف ١) چابُك‌سوار؛ ٢) کسی که اسب تعلیم دهد.

چاپکەر: ئەوی کتێب چاپ‌دەکا ف چاپ کننده.

چاپلێدان: شات‌وشوت کردن، درۆ هەڵبەستن ف لاف‌زدن.

چاپ‌وچوپ: شات‌وشوت ف لاف و گزاف.

چاپــەز: ١) کەسێ کەچـای لێدەنێ؛ ٢) قۆری کەچای سەماوەری تێ دەکرێ؛ ٣) سەماوەر ف ١) چایچی؛ ٢) قوری؛ ٣) سماور.

چاپەمەنی: بەلاڤۆك، ئەوشتانەی لە چاپ دەردەچن ف مطبوعات.

چات: ١) پارچە پەڕۆی کۆنە؛ ٢) شریتی تفەنگ پاکردنەوە ف ١) کُهنه، لَتِ پارچه؛ ٢) نوار تفنگ پاك‌کنی.

چات کردن: پەڕاندن، چاك‌کردن، نیر هاویشتنە سەر مێ ف جفت کردن نر بر ماده.

چاتکێش: ئامـرازی تفـەنـگ پاکـردنەوە کە شریتی لێ دەهاڵێنن ف ابزاری برای پاك کردن تفنگ.

چاتمــە: ١) پێك هەڵپـەساردنی تفەنگان لەکاتی وچاندا؛ ٢) کێشکچی پێشمەرگە ف ١) چاتمه؛ ٢) قراول.

چاتۆڵ: ١) داوەڵ، داهۆڵ؛ ٢) خێوەتی تەنکی هاوینە ف ١) مترسك؛ ٢) خیمۀ نازُك تابستانی.

چاتۆڵە: خێوەتی تەنکی هاوینە ف خیمۀ نازك تابستانی.

چاچك: بنێشت، جاجکە ف سقز.

چاچۆڵە: ١) شلتاغ، دەبە، تەشقەڵە، گەڕ؛ ٢) تەلیسم ف ١) شلتاق؛ ٢) طلسم.

چاچەقوڵێ: چێشتی منالان ف دست‌پُخت بچّه‌ها.

چاچی: خاوەنی چایخانە، کەسێ کە چا تێدەکا ف صاحب **قهوه خانه**، قهوه‌خانه‌چی.

چاخ: ١) وەخت، زەمان؛ ٢) قەڵەو، گۆشتن؛ ٣) سازو بەکەیف: (**دەماخم چاخە**)؛ ٤) ساز و تەیارکراو: (سەبیلەکە **چاخ کە**)؛ ٥) قەباڵەی ملك ف ١) وقت و زمان؛ ٢) چاق؛ ٣) شاد و سرحال؛ ٤) آماده و مُهیّا؛ ٥) سند مالکیّت.

چاخان: درۆزن و بەشات‌وشوت ف دروغگو و لاف‌زن.

چاخانو پاخان: شات‌وشوت، درۆودەلەسە ف لاف و گزاف.

چاخانە: قاوەخانە، چایخانە، جێگەی چایی فرۆشتن ف قهوەخانە.

چاخمـە: گەوی کونی قایشـە پشتێند لە کانزا ف حلقه کوچك سوراخ کمر بند.

چاخوچل: گردەڵی قەڵەو ف چاق و چلە.

چاخەوکردن: قەڵەوکردنی حەیوانی گۆشت ف پرورش دام.

چادان: چایدان، قۆری، چاپەز ف قوری.

چادر: کۆن، رەشماڵ، تاوڵ ف چادُر.

چادران: زوم، هۆبـــە، کۆمـەڵی رەشمـاڵ بەدەوری یەکـا ف اجتمـاع چادرهای فراوان گردهم.

چادرنشین: کۆچەر، گەرمێن کوێستان‌کەر، خێڵەکی ف چادُرنشین.

چار: ١) مەڕی رەشی گوێ سپی؛ ٢) روبەندی ژنانە؛ ٣) دەرەتان، چارە؛ ۴) ژمارەی چوار؛ ۵) مەڕی رەش؛ ۶) دەسرۆکەی نیشانەی بوکێنی؛ ٧) دەم‌وچـاو، بیچم ف ١) گوسفنـد سیاهِ سفیدگوش؛ ٢) روبند؛ ٣) چارە؛ ۴) چهار؛ ۵) گوسفند سیاە؛ ۶) دستمالِ عروس؛ ٧) سیما.

چارانچەقیلە: چارەچەقیلە، خاشخاشك، رەبەنۆك ف نوعی خشخاش.

چارانە: جلکێکی شەڕکەران بوە، چوارئاوێنە ف چهار آیینه.

چارپا: تەختی لەسەرنوستن ف تختخواب.

چارپایە: چارپا ف تختخواب.

چارپێ: ١) ئاژاڵە بەرزە، رەشەماڵ؛ ٢) سەگی پاس ف ١) دام؛ ٢) سگ نگهبان.

چارپێچی: چەرچی، دەسفرۆشی گەڕیدە ف پیلەور.

چارچار: چواررۆژی ئاخری چلەی چوکە ف چهار روز آخر چلّە.

چارچاڤ: ١) بریتی لە وشیاری و ئاگاداری زۆر؛ ٢) سەرلێ شێواو ف ١) کنایە از هشیاری کامل؛ ٢) سرگردان.

چارچمبل: چوار هەنگڵ، کوپەی چواردەسك ف خُمِ چهاردسته.

چارچەش: چارچاڤ ف نگا: چارچاڤ.

چارچەڵی: خرمچون، هەرچوارپەل ف چهار دست و پا.

چارچەك: پڕچەك ف سَلَحْشور.

چارچیق: زەوینی زۆنگ ف زمین باتلاقی.

چارچێوە: داری دەوری دەرك و پەنجەرە ف چهارچوب در و پنجرە.

چاردارە: تابوت، داربەست ف تابوت.

چارداغ: کۆخی ناوبێستان و مەزرا ف کرچە.

چارداوەرو: ١) مەڵبەندێکە لە کوردستان؛ ٢) بریتی لەمرۆی بێ‌شەرم ف ١) منطقەای در کردستان؛ ٢) کنایە از آدم بی‌شرم.

چاردە: دەوچوار ف چهاردە.

چارڕێك: جەمسەری دوریگەی تێك‌پەڕیو ف چهارراە.

چارشۆ: ١) چارشێو، ئەوجاجمەی نوێنی تێوە دەپێچرێ؛ ٢) عەبای ژنانە ف ١) چادرشب؛ ٢) چادر زنانە.

چارشەم: چوارشەمۆ ف چهارشنبە.

چارشەمب: چارشەم ف چهارشنبە.

چارشەمبۆ: چارشەم ف چهارشنبە.

چارشەمبی: چارشەم ف چهارشنبە.

چارشەو: چارشۆ ف نگا: چارشۆ.

چارشێو: چارشۆ ف نگا: چارشۆ.

چارك: ١) برینگ؛ ٢) چواریەك ف ١) قیچی پشم‌چینی؛ ٢) چارك، ربع.

چاركولۆڵ: پەزی ئەنی‌رەش و گوێ‌سپی ف گوسفند پیشانی سیاە گوش سفید.

چارگاڤی: چوارناڵە ف چهارنعل.

چارگۆشە: چوارسوچ ف مُربَع.

چارمەشقە: دانیشتنی پانەوبان ف چهارزانو نشستن.

چاروا: چارەوێ ف چهارپا.

چاروادار: وڵاخـــدار، کەسـێ کە بارەبـــەر بەکـــرێ دەدا ف کسی کە چهارپایان را کرایە می‌دهد.

چارۆك: قوماشێ کەژنان بەسەر شانیدا ئەدەن ف رودوشی زنانە.

چارۆکە: ١) چارۆك؛ ٢) گیایەکە؛ ٣) مناڵدان ف ١) رودوشی زنانە؛ ٢) گیاهی است؛ ٣) زهدان.

چارەو: چەقەنە کە دەپەنجە دەکرێ ف صنج.

چارەودار: وڵاخدار ف چاروادار.

چارەوێدار: وڵاخدار ف چاروادار.

چارە: ١) بیچم و نەرح؛ ٢) بەخت؛ ٣) دەرەتان ف ١) سیما؛ ٢) شانس؛ ٣) چارە.

چارەچەقیلە: چارانچەقیلە ف نوعی خشخاش.

چارەرەش: کلۆڵ، بەدبەخت، بێ‌سعود ف بدبخت.

چارەسەر: رێی نەجات، دەرەتان ف راەحل.

چارەك: لەچواربەش بەشێك ف رُبع.

چارەکە: چارۆك ف نگا: چارۆك.

چارەگ: چارەك ف یك چهارم.

چارەگە: چارۆك ف نگا: چارۆك.

چارەنوس: بەخت‌وهات ف سرنوشت.

چارەوا: چاروا ف چهارپا.

چارەوێ: وڵاخی سواری و باری ف چهارپا.

چاری: چارەك ف یك چهارم.

چاریار: جەژنێکی ئەهلی حەقە، جێژنێکی کاکەییەکانە ف یکی از اعیاد اهل حق.

چاریارو: کێوێکە لە لوڕستان ف از کوههای لُرستان.

چاریچی: چەرچی، دەسفرۆشی گەڕیدە، چارپێچی ف پیلەور.

چاریك: بەشێك لە چواربەش ف یك چهارم.

چارین: شیعری چوارلەتە، روباعی، چوارخشتەکی ف رُباعی.

چاری ناچار: خوایی ناخوایی، نەچاری، مەجبوری ف ناگُزیر.

چازو: فێڵباز، گەڕساز، گزیکار ف حیلەگر.

چاژ: چێژە، تام ف مَزّە.

چاسر: ١) پاسارەی بان، گوێسوانە؛ ٢) پارسەکی ماڵانگەڕ ف ١) لبهٔ بام؛

۲) گدا.

چاش: ۱) شاش، سەرگەردان، پەشـێواو؛ ۲) چێژە ف ۱) سرگردان، هاج‌وواج؛ ۲) مزّه.

چاشاندن: چێژتن، تام کردن ف چشیدن.

چاشبون: سەرلێ شێوان، بەهەڵەچون ف سرگردانی.

چاشت: ۱) چێشتـەنگـاو، قاوەڵتـون، نێوان بەیان‌و نیمـەڕۆ؛ ۲) نانی قاوەڵتون ف ۱) چاشت؛ ۲) غذائی که بهنگام چاشت خورند.

چاشتی: لەگوێن، وەکو، لەرەنگی ف همانند.

چاشتێنگا: چێشتەنگاو، نێوان بەیان‌و نیمەڕۆ ف چاشت.

چاشنی: ۱) چێژە لە چێشت؛ ۲) چەشنی، تورەقە ف ۱) چاشنی؛ ۲) ترقه.

چافك: جۆرێ کوانی بەبلۆق ف دُمل تاول زده.

چافکەر: چاوپیس ف شورچشم.

چاڤ: چاو، دیدە، دیە، چەم ف چشم.

چاڤا: چۆن، چلۆن، کو ف چگونه، چطور.

چاڤ برچی: تەماح‌کار، چاوەنەزێر، چاوچنۆك ف آزمند.

چاڤ تاری: چروك، رژد، دەس قوچاو، چکوس، نان‌نەخۆر ف خسیس.

چاڤ‌تێر: بودە، بێ‌نیاز ف بی‌نیاز.

چاڤ‌چنۆك: ۱) چاڤ برچی؛ ۲) بەئێرەیی ف ۱) آزمند؛ ۲) حسود.

چاڤ چیچك: جۆرێ ترێ ف نوعی انگور.

چاڤ‌چیلك: گیایەکە ف گیاهی است.

چاڤ‌دان: چاوەدێری، سەرپەرشتی، ئاگالێ بون ف نظارت.

چاڤ‌داتان: چاودەبەری، منەکێشان ف منّت کشیدن.

چاڤ دزەکێ: بۆ هەل‌و دەرفەت روانین ف پی فرصت گشتن.

چاڤ‌دێر: چاوەدێر ف ناظر.

چاڤ‌رەشۆك: گیـایەکـە گـەڵاکانی زۆرجـوان‌و رەنگاورەنگە ف گیاهِ حُسن یوسُف.

چاڤری: چارەوی، رەشەوڵاخ، وڵاخەبەرزە ف به یابو و قاطر گویند.

چاڤ‌زەق: چاودەرپەڕیو ف چشم برآمده.

چاڤ سست: ۱) ترسەنۆك، بێ‌غیرەت؛ ۲) بێ‌ئابرو ف ۱) ترسو؛ ۲) بی‌آبرو.

چاڤسۆر: چاوسور، خەڵك ترسێن، بەهەیبەت‌و مەترسی ف هراسناك.

چاڤ‌شکاندن: چاوداگرتن، هێمابە گۆشەی چاوکردن ف چشمك زدن.

چاڤشۆر: فهێکار، فەدیکار، شەرمەزار، خەجاڵەت، تەریق ف شرمنده.

چاڤ ڤەکری: ۱) زیرەك، تێگەیشتو؛ ۲) دڵاوا، بەخشندە ف ۱) آگاه؛ ۲) دست و دلباز.

چاڤك: گوێزلك، چاویلکە، عەینەك ف عینك.

چاڤکز: چاوپروش ف کسی که چشمانش بیمار است.

چاڤکوسکانێ: بەزەقی روانین، زەق تێ‌روانین ف خیره نگریستن.

چاڤ گرتن: چاوپۆشین، بوردن، ویەردن ف چشم‌پوشی.

چاڤ گرێدای: چاوبەستە، کوێرکوێرانە ف چشم‌بسته.

چاڤگـە: ۱) دەستـەچیلە، کەرستـەی سەرەتـایی بۆ ئاگرهەڵکردن؛ ۲) بنەمای وشە، مەسدەر ف ۱) افروزه؛ ۲) مَصدر.

چاڤ لەدەر: ۱) چاوزەق؛ ۲) چاوحیزو ژنباز ف ۱) چشم برآمده؛ ۲) هرزه‌کار.

چاڤ لێکرن: لاسا، چاولێکەری ف تقلید.

چاڤمار: چاوتیژ، چاورُون ف تیزبین.

چاڤ ماسی: گیایەکە ف گیاهی است.

چاڤ نەرم: ژنی خۆ زو بەدەستەوە دە ف زنی که می‌شنگد.

چاڤنێر: چاوەنۆڕ، چەمەڕا ف منتظر، چشم به‌راه.

چاڤنێری: چاوەنوارێ ف انتظار.

چاڤۆك: بەرچاوکەی ئەسپ ف چشم بندِ اسب.

چاڤەگا: گیایەکە ف گیاهی است.

چاڤ هیشك: بێ چاوەرو، بێشەرم‌و شورەیی ف پُررو، بی‌شرم.

چـاڤینۆك: ۱) بەئێـرەیی، چـاونەزێر؛ ۲) چاوپیس ف ۱) حسود؛ ۲) شورچشم.

چاق: ۱) پاق، لینگ، لاق؛ ۲) قەڵەو، تێرگۆشت ف ۱) لنگ، پا؛ ۲) چاق.

چاقا: لەوساوە، لەچاخێکەوە، لەودەمەوە ف از آن هنگام.

چاقۆ: چەقو، کێر، کێرد ف جاقو.

چاك: ۱) باش، قەنـج؛ ۲) داوێن؛ ۳) قەڵش‌و دەرز؛ ۴) گۆڕی پیرۆزی پیاوچاکان ف ۱) خوب؛ ۲) دامن؛ ۳) شکاف، درز؛ ۴) مَزار.

چاك‌بون: ۱) لەنەخۆشی هەستانەوە؛ ۲) باش‌بون لەدوای خراپەکردن ف ۱) شفایافتن؛ ۲) دُرُستکار شُدن.

چاك بەلاداکـردن: داوێن بەلادا کردن، شاقـەل هەڵازنین ف انتهـای دامن را به گوشهٔ کمر بستن.

چاك بین: دڵرۆن، هزرباش ف خوشبین.

چاکردنەوە: لێکدراو یان شکاو سازکردنەوە ف مرمّت و تعمیر.

چاکرنەوە: چاکردنەوە ف مرمّت و تعمیر.

چاك کردن: ۱) چاکـرنـەوە؛ ۲) ماین‌و ماکـەر لەفـەحل کێشان ف ۱) مرمت؛ ۲) مادیان و ماده خر را گُشن دادن.

چاك کردنەوە: چاکرنەوە ف تعمیر.

چاکڵ: داریکی ئاڵقەی سەری گوریسە ف وهنگ.

چاکڵە: چاکڵ ف وهنگ.

چاکوپیر: گۆڕی زیارەتگا ف مزار.

چاك‌وچۆنی: حاڵ‌و حەواڵ پرسین، چاك وخۆشی ف احوال‌پرسی.

چاکوچ: چەکوچ، چەکوش ف چکُش.

چاکوخۆشی: چاك‌وچۆنی ف احوالپرسی.

چاکە: پیاوەتی، مرۆڤایەتی ف خوبی، نکوئی.

چاکەت: کۆت، پارچەجلکی سەرەوەی پیاوانە ف کُت.

چاکەل: شاقەل، لاداوێن ف حاشیهٔ دامن.

چاکەڵ: چاکەل ف حاشیه دامن.

چاکی: باشی، پیاوچاکی، بەسندی ف خوبی، نکوئی.

چاکێتی: چاکە، باش‌بون ف نیکی.

چاگە: ئەوێ، ویدەری ف آنجا.
چال: جەواڵ، جواڵ ف جوال.
چاڵ: ١) قوڵکـەی گەورە بۆ دەغـڵ و بەفر؛ ٢) قوپاو، ڕۆچو؛ ٣) پوش: (چیلکەو چاڵ) ف ١) چاله؛ ٢) فرورفته؛ ٣) خاشاك.
چالاغ: چەموش، تۆش، رەوەك، سرك، سڵ ف چموش.
چالاڤ: بیر، چالاو ف چاه آب.
چالاك: چوست، مەزبوت، بەکار، لەش سوك ف چالاك.
چالان: ماتێن، هەڵماتێن، کەللا دەقوڵکە خستن بۆگەمە ف تیله‌بازی.
چالاو: بیر ف چاه اب.
چالایی: قوڵکە، ڕۆچواوی زەمین ف فرورفتگی در زمین.
چالخەم: چەقەڵماست، ماستاو ف دوغ چربی نگرفته.
چالك: ١) دینگ بۆ چەڵتوك کوتان، دەسکوسندوڵ؛ ٢) کوڕەبەش ف ١) دنگ، ابزار شلتوك کوبی؛ ٢) گورکن.
چالگ: کوڕەبەشە، چوالو ف گورکن.
چالمە: ١) کیسەتوتن؛ ٢) سەحاتێ کەپیاو خەبەردەکاتەوە ف ١) کیسهٔ توتون؛ ٢) ساعت شماطه‌دار.
چالو: چالەکە، کوڕەبەش ف گورکن.
چاڵوچۆڵ: زەوینی پڕ لەقوڵکە، زەمینی ناڕێك و ناصاف ف زمین ناهموار.
چـاڵوك: داروکەیـەکی دڕکاوی سپی‌یە بۆ تەندورو ئاگر دەکاردێ ف سفیدخار.
چاڵوێنەك: قوڵکەی سواغ دراو بۆ ئاوتێدا خواردنەوەی سەگ ف گودالی که برای آب خوردن سگ اختصاص دهند.
چاله: کوڕەبەش، چوالو ف گورکن.
چاڵـەبەفر: جێگەی قوڵ و بەرنزار لەچیا کە بەفری تاهاوین دەمێنێ ف یخچال طبیعی.
چاڵەچەقیلە: چارە چەقیلە، رەبەنۆك ف نوعی خشخاش.
چاڵەقوتە: مات، قوڵکەی چکۆڵە بۆ هەڵماتێن ف گودال کوچك در تیله‌بازی.
چاڵی: ١) قوڵایی؛ ٢) قوپاوی ف ١) گودی؛ ٢) فرورفتگی.
چاڵی چـەنـە: کۆری ئەرزینـگ، قـوڵایی ناوەڕاستی چەناگە ف چاه زنخدان.
چاڵێن: ماتێن، هەڵماتێنی ناو قوڵکە ف تیله‌بازی.
چام: ١) بەڵاو نسیبەت؛ ٢) قوڵکەو بەرزایی سەرڕێگە؛ ٣) خواری و پێچ؛ ٤) جۆرێ دار کە دارتـاش دەکـاری دێنن ف ١) بلا و مُصیبَت؛ ٢) پستی و بلندی راه؛ ٣) پیچ و خم؛ ٤) نوعی چوب نجاری.
چام چام: ١) ڕێگەی بەکەندو کڵۆ؛ ٢) ڕێگەی بەپێچ و خوارەکەو پێچەکە ف ١) راه ناهموار؛ ٢) راه پرپیچ و خم.
چان: ١) ئامـرازێکـە بۆ گێرەی کلۆش، باگوردێنی لەدار بەدارێکـەوە دەبـەستن و دەملی گای دەکـەن، باگردانـەکان بەسەر کلۆش‌دا دێن وردی دەکـەن؛ ٢) جەنجـەڕ؛ ٣) شتێکی سێ سوچە لەشول چندراوە وەك بێڵ دەچی، پڕویـوش و لیتـەی جۆگەی پێ دەمـاڵن، ئامـرازی جۆماڵ لە چەپەر؛ ٤) زەنگوڵەی خەبەردارکردن، زیل ف ١) جَوَن؛ ٢) چرخ خرمنکوب؛ ٣) لجن‌روب دستی؛ ٤) زنگ اخبار.
چاند: سیوات، خوێندەواری، رۆشن بیری ف فرهنگ.
چانـدن: ١) تۆ بەزەوییەوە کردن؛ ٢) چەقـانـدنی شەتـڵ و نەمام ف ١) بذرافشاندن؛ ٢) کاشتن نهال.
چاندنی: شیاوی چاندن، چێنراو ف کاشتنی.
چانکـۆچ: راوەشاندنی زەنگوڵە بۆ کاروان کە وەختی کۆچە ف بەصدا درآوردن زنگ کاروان به‌علامت رفتن.
چانکوش: مجێوری کلیسای فەلان بۆ ناقوس راژاندن ف خادم کلیسا برای زدن ناقوس.
چانن: چاندن ف نگا: چاندن.
چانە: ١) ئەوێ، ویدەرێ؛ ٢) گەسکی لەشوڵ بۆ بن خەرمان ماڵین ف ١) آنجا؛ ٢) نوعی جارودستی.
چاو: ١) پارەیەکی مغولەکان؛ ٢) چەم، چاو، چەعەف؛ ٣) بڕوانە، تواشاکە؛ ٤) خەبـەری مەرگ کە لە دورەوە هاتبێ ف ١) واحد پول مغول؛ ٢) چشم؛ ٣) نگاه کُن؛ ٤) خبر مرگ عزیز دورافتاده.
چاوا: چلۆن؟، چۆن؟، کو؟ ف چطور؟.
چاوان: ١) چلۆن، کو؛ ٢) هەردوچاو ف ١) چگونه؛ ٢) دو چشم.
چاوانە: ١) چالاو، بیر؛ ٢) چۆنە، چتۆیە ف ١) چاه آب؛ ٢) چگونه است.
چاوئێشە: ژانی چاو، نەخۆشی چاو، چاف کولی ف چشم‌درد.
چاوبـاز: ١) چاوچـڕێن، نەزەربـاز؛ ٢) برێتی لەژنی چاوجـوان ف ١) چشم‌چران؛ ٢) کنایه از زیباچشم.
چاوبازە: گیایەکە دڕکدار، گیایەکی بەچقڵە ف گیاهی است خاردار.
چاوبازی: چاو چڕاندن، چەم چەڕاندن ف نظر بازی.
چاوباشقاڵ: چاوچڕێنی فاسق، چاوحیز ف چشم‌چران.
چاوبڕ: برینگەری چاوان، ئەوکەسەی پیلو دەبڕێ ف جرّاح چشم.
چاوبرسی: تێرنەخۆر، چکوس، چاوچنۆك، چاف‌برچی ف حریص.
چاوبڕکە: بەچاو یەکتر حاڵی کردن، نێك گەیشتن بەتماشا ف سخن به اشارت گفتن.
چاوبڕکێ: چاوبڕکە ف نگا: چاوبڕکە.
چاوبڕین: زیدە گۆشت بڕینی پیلو ف جراحی چشم.
چاوبز: ١) چاوزەق، چاودەرپەڕیو؛ ٢) گزوفت ف ١) چشم برجسته؛ ٢) کسی را حسرت دادن.
چاوبزکردنەوە: بەزەقی روانین بۆ ترساندن ف چشم غُرّه رفتن.
چاوبۆرە: گیایەکی دڕکاوی‌یە ف گیاهی است.
چاوبۆق: چاو دەرپەڕیو، چاوزەق ف چشم برآمده.
چاوبەرەژێر: ١) بەرباری منەت؛ ٢) تەریق، فهێدکار، خەجاڵەت ف ١) مِنت‌کش؛ ٢) شرمنده.
چاوبەس: دەسبڕ، فێڵباز، خاپینۆك، خەڵەتێن ف حیله‌گر.
چاوبـەست: ١) چاوبـەس؛ ٢) دەسـرەیەك کە لە گەمـەدا چاوی پێ دەبەستن ف ١) حیله‌گر؛ ٢) پارچه‌ای که با آن چشم را بندند.
چاوبـەڵـەك: چاوڕەشی سپی پێست ف کسی که چشم سیاه و پوست

سفید دارد.
چاوبەن: چاوبەست ف نگا: چاوبەست.
چاوبەند: چاوبەست ف نگا: چاوبەست.
چاوپشکوتن: چاوتروکانن، دەس بەدیتن کردنی بەچکەی جانەوەر ف چشم باز کردن و دیدن نوزاد حیوانات.
چاوپشیلە: گیایەکە لە چاوی کتك دەکا ف گیاهی است شبیه چشم گربه.
چاوپۆشان: لێبوردن، چەم پۆشی ف چشم‌پوشی.
چاوپۆشی: چاوپۆشان ف چشم‌پوشی.
چاوپۆشین: چاوپۆشان ف چشم‌پوشی.
چاوپەڕین: لەرزەی پەلکی چاو، پیلو لەرزین ف لرزش پلك، چشم پریدن.
چاوپیاخشاندن: بەسەرچڵی تێ روانین ف سرسری نگاه کردن.
چاوپیس: چاڤینۆك، کەسێ کە بەچاوەوە دەکا ف چشم شور.
چاوپێ کەفتن: تۆش هاتن، دیتن ف دیدن.
چاوپێ کەوتن: چاوپێ کەفتن ف دیدن.
چاوپێ هەڵنەهاتن: ١) برێتی لە شەرم لێ کردن؛ ٢) رك لێ بونەوە ف ١) شرم کردن؛ ٢) دشمنی کردن.
چاوپێ هەڵێنــان: برێتی لە بەچاوەوە کردن، ئیرەیی پێ بردن ف چشم زخم زدن، حسادت.
چاوتاریك: برێتی لە کەسێ دواڕۆژ بەخراپ دەزانێ، بەهیچ دڵخۆش نبە ف بدبین.
چاوتاریك بون: برێتی لە رق هەستانی زۆر ف کنایە از خشمگین شُدن.
چاوترسێن: پەند وەرگرتو، تەنبێ بو ف درس عبرت گرفته.
چاوتروکاندن: لێکدانی پیلو ف برهم زدن پلکها.
چاوتروکانن: چاو تروکاندن ف نگا: چاوتروکاندن.
چاوتروکانێك: ماوەیەکی یەکجار کەم: (بە **چاوتروکانێك** دەت گەمێ) ف زمان یك چشم بەهم زدن.
چاوترە کاندن: چاوتروکاندن ف نگا: چاوتروکاندن.
چاوترە کانن: چاوتروکاندن ف نگا: چاوتروکاندن.
چاوتوند: چاوقایم ف نگا: چاوقایم.
چاوتەنگ: رژد، چکوس، دەس قوچاو، بەئیرەیی، چاونەزێر ف چشم‌تنگ.
چاوتێ بڕین: ١) تەماح تێ کردن؛ ٢) لێ مۆڕ بونەوە ف ١) چشم طمع دوختن بە؛ ٢) چپ‌چپ نگاه کردن بە.
چاوتیژ: چاورۆن ف تیزبین.
چاوچاو: ببینە چەند جوانو سەیرە ف بنگر.
چاوچلە: ١) چاوپیس؛ ٢) نوشتەی چاوزار ف ١) چشم‌شور؛ ٢) چشمارو.
چاوچڵیس: چاوحیز، کەسێکە بێ‌شەرمانە بۆ ژنان دەڕوانێ ف چشم‌چران.
چاوچنۆك: ١) بەتەماح؛ ٢) بەئیرەیی، چاونەزێر ف ١) آزمند؛ ٢) حسود.
چاوچۆڕیاگ: چاو داقڵیشاو، کەسێ پیلوی هەڵگەڕاونەوە ف پلك برگشته.
چاوچونەخەو: چاو خەواڵو بون، تازە نوستن ف تازە بخواب رفته.
چاو چەبوچێڵ: خێل، خوێل ف لوچ.
چاوچێل: خێل، یەك بەدو بین ف لوچ.
چاوحیز: ئەوی بەغەیانەت لەژنی خەڵك دەڕوانێ ف چشم زال.
چاوحیزکــردن: سەرداخستن، لەشـــەرمـان چاوداخستن ف سر بزیر انداختن از شرم.
چاوداخستن: سەر هەڵنەهێنان لە شەرمان ف سر بزیر انداختن از شرم.
چاودار: ١) چێودان، گیایەکـــە وەك گەنمو لەنـــاو گەنمـا دەڕوێ؛ ٢) چاوەنێر، ئاگاداری بەچاو ف ١) چاودار؛ ٢) زیرنظر گرفتن.
چاوداگرتن: سوچی چاو تروکاندن بۆ تێگەیاندنی مەبەستێك ف چشمك زدن.
چاوداگرسان: سورهەڵگەڕانو ژانی چاو ف چشم بەدرد آمدن.
چاوداگریسان: چاوداگرسان ف نگا: چاوداگرسان.
چاوداگیرسان: چاوداگرسان ف نگا: چاوداگرسان.
چاوداگیرسێن: دەستە چیلەی ئاگر ف افروزه.
چاودانەسەر: تەماح تێ کردن، لێ روانین بەتەمایەکەوە ف چشم طَمع دوختن بە...
چاودەر پەڕاندن: زەق تواشاکردن بۆ ترساندن ف چشم‌غُرّه رفتن.
چاودێر: چاولەشتێ بۆ ئاگالێ بون ف ناظر.
چاوڕاو: ١) شاتو شوت، درۆو هەڵبەستە؛ ٢) خۆ هەڵکێشان و بافیش ف ١) لاف و گزاف؛ ٢) خودستایی.
چاوڕشتن: کل دەچاوکردن، سورمە دەچاوکێشان ف سُرمە کشیدن.
چاوڕو: شەرم. حەیا. فهێت. فەدی ف شرم.
چاوڕوان: چاونۆڕ، چەهڤنێر، چەمەڕا ف چشم بەراە.
چاوڕۆشن کەرە: ١) دەستەچیلەی ئاگر؛ ٢) دیتنی شتی دڵخۆش کەرە ف ١) افروزه؛ ٢) خوشحال کننده.
چاوڕۆشنی: ١) مزدەی خۆش؛ ٢) دیتنی کەسێ یاشتێ کە ئارەزو دەکرا ف ١) مژدە؛ ٢) چشم روشن شدن.
چاوروگە: گیای زمانەگا ف گیاە گاوزبان.
چاورونی: ١) پیرۆزبایی؛ ٢) مزدەی خۆش؛ ٣) دیتنی خوشەویست ف ١) تبریك؛ ٢) مژدە؛ ٣) دیدار عزیز.
چاوڕەش: سیاچەم ف سیاەچشم.
چاوری: ١) چارەوێ؛ ٢) شەرم، چاوڕو ف ١) چارپا؛ ٢) آزرم.
چاوزار: بەچاوی پیسەوە بون ف چشم زخم دیدن.
چاوزەق: چاوەدەرپەڕیو ف چشم برآمدە.
چاوساخ: دەسکێشی کوێر ف آنکە شخص نابینائی را راهنمائی کند.
چاوساغ: چاوساخ ف نگا: چاوساخ.
چاوسپی بون: برێتی لەمردن: (**چاوت سپی دەکەم**) ف کنایە از مردن.
چاوسپیلکە: گیایەکی دڕکاویە ف گیاهی خاردار است.
چاوسۆتك: چاوپیس، چاڤینۆك ف چشم‌شور.

چاوسور: بریتی لە پارێزەر، سەرپەرشت، خەمخۆر ف طرفدار و غمخوار.

چاوسوور کردنەوە: ترساندن، هەڕەشەکردن، هەڕوگیف ف تهدید.

چاوسوری: ئازایەتی، نەترسی ف شجاعت.

چاوشارکێ: گاڵتەیەکە چاو دەبەستن و دەبێ بەچاوبەستراوی هاوگەمە بدۆزێتەوە ف بازی چشم‌بندک.

چاوشارەکێ: چاوشارکێ ف بازی چشم‌بندک.

چاوشاش: خێل، خوێل ف لوچ.

چاوشکان: ۱) ترسان، نەترەچوون؛ ۲) پەند وەرگرتن و تەمێ بوون ف ۱) ترسیدن؛ ۲) متنبّه شدن.

چاوشکاندن: ۱) ترساندن؛ ۲) سوک و چروك کردن؛ ۳) چاوداگرتن ف ۱) ترسانیدن؛ ۲) هتك حرمت کردن؛ ۳) چشمك زدن.

چاوشلکانێ: چاوشارکێ ف بازی چشم‌بندك.

چاوشۆر: شۆشەی تایبەتی چاوی تێشاو شوتن ف چشم‌شوی.

چاوشۆڕ: خەجاڵەت، تەریق، فەدیکار ف شرمندە.

چاو شۆڕ کردنەوە: لەبەر پەشیمانی سەرداخستن ف سر بزیر از ندامت.

چاوشۆڕی: فهێت کاری، شەرمەزاری، خەجاڵەت‌باری ف شرمساری.

چاوشێرکانێ: چاوشارکێ ف بازی چشم‌بندك.

چاوشین: چاوکەوە ف زاغ‌چشم.

چاوفڕین: چاوبەرین ف پریدن پلك چشم.

چاوقایم: ۱) بێ‌شەرم، بەروو، ڕوقایم؛ ۲) نەترس، بەغیرەت ف ۱) چشم دریده؛ ۲) نترس و دلیر.

چاوقرتانن: چاوبڕکە ف چشمك زدن.

چاوقرتکێ: چاوبڕکێ ف چشمك‌زدن.

چاوقوچاندن: ۱) چاولێك نان، چاو لەسەریەك دانان، پەلك داخستن؛ ۲) بریتی لەچاوپۆشین لەکارێ؛ ۳) خۆدزینەوە لەکار ف ۱) چشم برهم نهادن؛ ۲) کنایە از چشم‌پوشی کردن؛ ۳) از زیر کاری در رفتن.

چاوقوچانن: چاوقوچاندن ف نگا: چاوقوچاندن.

چاوقوڵ: کەسێ چاوی چاڵترە لەچاوی ئاسایی ف چشم فرورفتە.

چاوقوڵکە: تاعون، درمی ڕشانەوە ف وَبا.

چاوقونجاندن: چاوقوچاندن ف نگا: چاوقوچاندن.

چاوکراوە: لەدنیازان، تێگەیشتو ف دانا، فرزانە.

چاوکردن: وەبەرچاو هاتن، بەچاو دیتن ف بەچشم دیدن.

چاوکز: پروش، کەم بین ف دارای چشم کم‌سو.

چاوکـردنەوە: بریتی لە ئاگاداربون لەدنیاو ناسینی خەڵك ف کنایە از اطراف خود را شناختن.

چاوکسکە: جۆرە تریێ‌یەکی سپی‌یە لەبوڵ مازو دەکا ف نوعی انگور.

چاوکوتکە: گیایەکە گەڵاخر، گوڵی زەردە ف گیاهی است با گُلهای زرد.

چاوکە: ۱) بڕوانە، تواشاکە، بنهێرە، مەیزێ، فت کرێ؛ ۲) دەسەچیلەی چاوەی ئاگر ف ۱) بنگر، نگاه کن؛ ۲) افروزە.

چاوکەرەشێرە: گیایەکە تۆمێکی سور دەکات ف گیاه چشم خروس.

چاوکەڵەشێرە: چاوکەرەشێرە ف نگا: چاوکەرەشێرە.

چاوگ: ۱) دەستەچیلە؛ ۲) وردە ئاگر لە کوانودا؛ ۳) بنەمای وشە ف ۱) افروزە؛ ۲) بازماندهٔ اخگر در آتشدان؛ ۳) مَصدَر.

چاوگا: چاوگەورە ف گاوچشم، فراخ‌چشم.

چاوگل‌بوون: تۆشی چاوئێشە هاتن ف مبتلا بە چشم درد شدن.

چاوگلۆفین: گوشینی چاوان بەدەس ف چشمان را با دست فشردن.

چاوگە: ۱) دیمەن؛ ۲) سەچاوەی کانی؛ ۳) دەستەچیلە؛ ۴) دەمی برین ف ۱) منظره، چشم‌انداز؛ ۲) سرچشمه؛ ۳) افروزە؛ ۴) دهانهٔ زخم.

چاوگە داکەوتن: قوڵ‌بونی برین ف عمیق بودن زخم.

چاوگەڕاندن: چاوگێڕان، بەولاولادا ڕوانین ف بهر سو نگریستن.

چاوگەڕانن: چاوگەڕاندن ف نگا: چاوگەڕاندن.

چاوگەرم کردن: بریتی لە سوکەخەوکردن ف چُرت زدن.

چاوگێڕان: چاوگەڕاندن ف نگا: چاوگەڕاندن.

چاوڵە: بزوت، ئەخترمە، چلوسك ف نیم‌سوز.

چاولەدو: بەئاواتی، بەتەمای ف اُمّیدوار.

چاولەدوا: چاولەدو ف اُمّیدوار.

چاولەدەست: ۱) ئاتاج؛ ۲) بەنیازی بەخشش و خەڵات ف ۱) محتاج؛ ۲) چشم بەراه کمك دیگران.

چاولەدەستی: نیاز، ئاتاجی ف احتیاج.

چاولەوەڕین: تولاز، کەسێ کە زۆر چاو بوژنان دەگێرێ ف چشم‌چران.

چاولێ‌بڕین: ۱) بەتەمابون؛ ۲) لاساکردن ف ۱) اُمّیدوار بودن؛ ۲) تقلید.

چاولێ بزکردنەوە: ڕوانین بەهەڕەشەوە ف چشم غرّه رفتن.

چاولێدان: بەچاوەوە کردن، چاوی پیس لێدان، پێ هەڵکالان ف چشم‌زخم زدن.

چاولێ قوچاندن: چاوپۆشی کردن، بن لیچدان، خولێ دزینەوە ف چشم‌پوشی کردن.

چاولێ کردن: ۱) تواشا، لێ‌نوارین؛ ۲) لاسا، دمەلاسکەکردنەوە ف ۱) تماشاکردن؛ ۲) تقلید.

چاولێك نان: ۱) چاوقونجاندن، پیلوی چاو بەسەریەکا هێنان؛ ۲) بریتی لە مردن ف ۱) چشم برهم نهادن؛ ۲) کنایە از مرگ.

چاولێکەری: لاساکردنەوە، دەمەلاسکە ف تقلید.

چاولێ نوقان: چاوپۆشی ف چشم‌پوشی.

چاولێ نوقاندن: چاوپۆشی کردن ف چشم‌پوشی کردن.

چاومار: بریتی لە زۆر زرنگ و وریا ف کنایە از بسیار زیرك و باهوش.

چاومەس: کیژی چاوجوان ف دختری کە چشمان زیبا دارد.

چاومەست: چاومەس ف نگا: چاومەس.

چاونۆڕ: چەمەڕا، چاوەڕێ، چاقنێر، چاوەروان ف مُنتَظر.

چاونوسان: چاونوقان ف چشم بستن.

چاونوقان: چاوقوچان ف چشم‌بستن.

چاونەبار: بەرچاوتەنگ، بەئێرەیی ف حسود.

چاونەترس: ئازا، بەجەرگ، بوێر ف دلیر و بی‌باك.

چاونەترساو: چاونەترس ف دلیر و بی‌باك.

چاونەزێر: ۱) بەئێرەیی، چاوچنۆك؛ ۲) ڕژد، دەس قوچاو، تەماح کار ف

١) حسود؛ ٢) خسیس.

چاونەکراوە: بێ‌ئەزمون، نائاشنا بەکار، پیاوی هێشتاخاو ف ناآزموده و بی‌تجربه.

چاونهێر: چاوەنۆڕ ف چشم بەراه.

چاوە: ١) دەستەچیلەی ئاگر؛ ٢) ژورێك لەخانو؛ ٣) کانی ئاو؛ ٤) روبینی، ریا؛ ٥) کونی پلۆرە هەنگ ف ١) افروزه؛ ٢) اطاقی در خانه؛ ٣) چشمه؛ ٤) ریا؛ ٥) سوراخ کندوی عسل.

چاوەپشیلە: چاوپشیلە، گیایەکە گوڵی لەچاوی کتك دەکا ف گیاهی که به چشم گربه شبیه است.

چاوبازە: گیایەکە ف گیاهی است.

چاوەپۆڕ: گیایەکە ف گیاهی است.

چاوەچاو: روانین بەدڵ نیگەرانی، تماشای هەمولاکردن، چاوگێرانی زۆر ف با نگرانی بهر سو نگریستن.

چاوەچڵە: چاوێنی، توشی بەلاّ بون لەچاوی پیسەوە ف چشم‌زخم دیدن.

چاوەدوا: چاولەدو، چەمەورا، نیگەرانی بۆکەسێ ف دلواپس.

چاوەدێر: چاودێر ف ناظر.

چاوەدێری: چاودێری، ئاگالێ‌بون ف نظارت.

چاوەڕو: شەرم، فهێت، فەدی، حەیا ف آزرم.

چاوەڕوانی: چاڤنێری ف انتظار.

چاوەڕێ: چەمەڕا، چاوەنۆڕ ف اُمیدوار.

چاوەڕێگە: چاوەڕێ ف چشم‌بەراه.

چاوەزار: ١) دەرد لەچاوی پیسەوە؛ ٢) نوشتە بۆ چارەی دەرد لەچاوی پیس ف ١) چشم‌زخم؛ ٢) چشمارو.

چاوەسوُسکە: چاوەسوێسکە ف نگا: چاوەسوێسکە.

چاوەسوێسکە: چاوەپۆڕ، گیایەکە ف گیاهی است.

چاوەش: ١) متریب، زورناژەن؛ ٢) سەردەستەی بیست‌کەس لە لەشکرا ف ١) رامشگر؛ ٢) سردسته یك واحد بیست نفری در ارتش.

چاوەقوڵە: نەخۆشی رشانەوە، تاعون ف طاعون.

چاوەگا: گیایەکە گوڵێکی زەردی ناوسپی دەکا ف گیاهی است.

چاوەنداز: دیمەن، چاوگە، بەرچاو ف چشم‌انداز.

چاوەنوار: چەمەڕا، چاڤنێر ف چشم بەراه.

چاوەنواری: چاڤنێری ف انتظار.

چاوەنۆڕ: چاڤنێر، چەمەڕا ف چشم بەراه.

چاوەنۆڕی: چاوەنواری ف انتظار.

چاوهەڵاتن: ١) وریابون لە کاروبار، فێربونی ئەرکی سەرشان؛ ٢) ڕەوادیتن: (**چاوم هەڵنایە** لەکاری وا ناهەق) ف ١) آشناشُدن، راه افتادن؛ ٢) روادیدن.

چاوهەڵتەکاندن: هێما بەچاو، عاشیرەت وەچەم، تێگەیاندن بە بزاوتنی چاو ف ایما و اشاره با چشم و ابرو.

چاوهەڵتەکانن: چاوهەڵتەکاندن ف نگا: چاوهەڵتەکاندن.

چاویار: چاوەدێر ف ناظر.

چاویاری: چاوەدێری ف نظارت.

چاوێری: چاوەدێری ف نظارت.

چاویش: ١) نازناوی پیاوی گەورەی ئاینی یەزیدیەکان؛ ٢) سەردەستەی عەسکەری عوسمانی ف ١) لقب روحانی فرقهٔ یزیدی؛ ٢) سردسته در ارتش عُثمانی.

چاوێشە: چاوێشە، کولبونی چاو، دەردی چاو ف چشم‌درد.

چاویلکە: ١) گۆزلك، عەینەك؛ ٢) نەخۆشیەکە بەلەکی نەخۆش پۆڕگ دەردەکا ف ١) عینك؛ ٢) نوعی بیماری، که در اثر آن ساق پای بیمار تاول می‌زند.

چاویلە: چاویلکە ف نگا: چاویلکە.

چاوێنی: چاوەزار ف چشم‌زخم.

چای: ١) چا، تۆچا، دەرمانچا؛ ٢) فێنك، سارد ف ١) چای؛ ٢) خُنك، سرد.

چایگ: ساردو فێنك، هوێنك ف خنك، سرد.

چایمانی: ١) سەرمابون، نەخۆشی لەسەرماوە؛ ٢) ئارەقەی ساردی لەش ف ١) سرماخوردگی؛ ٢) عرق سرد بدن.

چایەر: لەوەڕگە ف مَرتَع.

چایی: چای، چا، تۆیەکی رەشە دەم دەکرێ و دەخورێتەوە ف چای.

چایین: سەرمابون، هەستی ساردی کردن ف سرماخوردن.

چپ: ١) دەنگی داکەوتنی دڵۆپە؛ ٢) سرتە، چپە، قسەبەدەنگی نزم ف ١) صدای چکه؛ ٢) پچ‌پچ کردن.

چپاندن: بەسرتە قسەکردن، سرکەکردن ف در گوشی گفتن.

چپانن: چپاندن ف دَر گوشی گُفتن.

چپچپ: ١) دەنگی لەسەریەکی داکەوتنی دڵۆپە؛ ٢) سرتە، سرکە ف ١) صدای چکیدن مداوم آب؛ ٢) پچ‌پچ.

چپك: لکی تازەدەرهاتوی ناسك ف شاخهٔ نورسته.

چپوهۆڕ: سرتەو خورتەی زۆر ف پچ‌پچ زیاد.

چپە: ١) سرتە، سرکە؛ ٢) دەنگی دڵۆپە داکەوتن ف ١) پچ‌پچ؛ ٢) صدای چکیدن قطره.

چپەچپ: چپچپ ف نگا: چپچپ.

چت: ١) شت، تشت؛ ٢) تۆ کام‌شتت: (**چت** لەمن گەرەکە) ف ١) چیز؛ ٢) تو کدام چیز را.

چتر: رێوی، رواس ف روباه.

چتۆ: چۆن؟ چلۆن؟ کو؟ ف چگونه.

چتوُر: چوێشتیر، تێشتیر، بزنی دوساڵە ف بُز دوساله.

چتۆڤ: چتۆ ف چگونه.

چتیر: چتوُر ف بز دوساله.

چجار: هیچگا، هەرگیز ف هیچگاه.

چجای: خۆ بەتایبەتی، خۆنەخوازا ف چه جای آنکه.

چچك: ١) گوان، گوهانی مێوینە؛ ٢) گۆی سەرمەمك؛ ٣) میتکە ف ١) پستان؛ ٢) سرپستان؛ ٣) چچوله.

چخ: چغە، وشەی دەرکردنی سەگ ف کلمهٔ راندن سگ.

چخە: چخ ف نگا: چخ.

چڕ: ١) نانی لەجاوین‌دا دژوار، چیر: (نانەکە چڕە ناجوترێ)؛ ٢) لێرەواری پڕدار: (دارستانێکی چڕە)؛ ٣) لەکێشاندا خۆگرو نەپس: (هێندە چڕە وەك جیل وایە)؛ ٤) بەدەستەوە نەدان: (چڕدەرێ‌یە)؛ ٥) بانگ کردن: (بی‌چڕە با بێت)؛ ٦) بەستنی توند، شەتەك: (چڕی‌دە با نەکرێتەوە)؛ ٧) هەورازی رژد، چیای رژد: (هەورازەکە زۆر چڕە، شاخێکی چڕە)؛ ٨) دەم‌و چاو: (بڕوانە لەو چڕو چاوە، چڕو چاوت بشۆ)؛ ٩) پاشگری بەواتا بێژ: (لاوژەچڕ: *گۆرانی بێژ*)؛ ١٠) گۆرانی، لاوك: (چڕێ بچره)؛ ١١) پوشکە، چیلکە: (چڕوچیلکە)؛ ١٢) رەنگ. *لەگەل شیر دەگوترێ*: (دەڵێی چڕی شیره) ف ١) نان بیات شُده؛ ٢) جنگل انبوه؛ ٣) کشدار؛ ٤) تسلیم نکردن؛ ٥) کسی را صدا کردن؛ ٦) محکم بستن؛ ٧) سر بالائی تُند؛ ٨) چهره؛ ٩) پسوندی است بەمعنی خواننده؛ ١٠) ترانه؛ ١١) خاشاك؛ ١٢) رنگ.

چرا: روناکی دەر لە تاریکی، لامپا، چراو ف چراغ.

چڕا: لەبەرچی؟ بوچی؟ ف چرا.

چڕابون: فێرە لەوەڕبون: (بەرخەکانمان چڕابوگن) ف چریدن آموختن.

چراچی: ١) ئەوانەی چرا لەپێش بوکا هەڵدەگرن؛ ٢) خزمەتکاری ماڵەگەورە کە چرا هەڵکردنی بەدەستە ف ١) چراغ بەدستی کە در پیشاپیش عروس راه رود؛ ٢) چراغچی، خدمتگزاری کە مأمور روشن کردن چراغهاست.

چراخ: ١) بەکەیف‌و دەماخ؛ ٢) تورت‌و تێراو؛ ٣) وریاو بەهۆش؛ ٤) جێگەی پەناو هانا: (کوێرەکانیان مەکەن بە باخ، ناکەس بەچان مەکەن بە چراخ، قەت لەپاشی چوان مەڵێن ئاخ) «مەسەل»؛ ٥) زاوا ف ١) سرحال؛ ٢) سبزهٔ شاداب؛ ٣) هُشیار؛ ٤) پناهگاه؛ ٥) داماد.

چراخان: چراهەڵکردن لە بازاڕو شارا بۆ شادی ف چراغانی.

چراخپا: ئەسپێ کە چەپۆکانە دەکاو هەردودەست بەرزۆ دەکا ف چراغپا.

چرادان: جێ‌چرا، ئەوشتە یان ئەوشوێنەی چرای لەسەر دادەنرێ ف چراغدان، چراغپایە.

چراغ: ١) برێتی لە ماڵەگەورە؛ ٢) زاوا ف ١) کنایه از خاندان بزرگ؛ ٢) داماد.

چراغی: خزمایەتی کردن دەگەڵ گەورەماڵان ف خویشاوندی با بزرگان.

چراڤ: زنە، زەل، باتلاغ ف باتلاق.

چراکەران: وەختی شێوان، دەمی چراهەڵکردن، تەنگی نوێژی شێوان ف شامگاه.

چرامۆشی: قوتیلله، قوتیلەچرا، چرافتیلە ف چراغموشی.

چڕان: پچران، لێك بوُنەوە ف ازهم گُسستن.

چڕاندن: ١) لەت کردن، دڕاندن، دادڕین؛ ٢) بانگ کردن، گازی کرن؛ ٣) دەنگ هەڵێنان لە قام گوتنا؛ ٤) لەوەڕاندن ف ١) جر دادن؛ ٢) کسی را صدا کردن؛ ٣) بەاوج رساندن صدا هنگام آواز؛ ٤) چرانیدن.

چراو: چرا، روناکی‌دەری شەو ف چراغ.

چراوك: چراوڵە ف نگا: چراوڵە.

چراوڵە: ئەختەرمە، چوڵەچرا ف مشعل.

چڕبونەوە: ١) توند بوُن دوای شلی؛ ٢) ددان بەگری نیشان‌دان ف ١) سفت شدن؛ ٢) از خشم دندان نمودن.

چرپ: ١) دەنگی شکانی داری ناسك؛ ٢) دزی، رفاندن ف ١) صدای شکستن چوب نازك؛ ٢) دُزدی.

چرپاندن: بەسرتە قسەکردن، سرکەکردن ف پچ‌پچ کردن.

چرپانن: ١) چرپاندن؛ ٢) دزین، رفاندن ف ١) پچ‌پچ کردن؛ ٢) چاپیدن.

چرپایە: تەختی لەسەر نوستن، قەرویڵە ف تختخواب.

چرپوچاپ: ١) شات‌وشوت، خۆ هەڵکێشان، بەخۆدا هەڵگوتن؛ ٢) تالان‌و بڕۆ ف ١) لاف‌و گزاف؛ ٢) دُزدی و غارت.

چرپە: ١) دەنگێکی سەبر: (چرپەی هات پێم‌زانی)؛ ٢) گەڵاو چرپی لەسەرەردان لەشەڕدا بۆ دوژمن فریودان؛ ٣) سرتەکردن ف ١) صدای بسیار آرام؛ ٢) استتار بەوسیلە شاخ و برگ درختان در هنگام جنگ؛ ٣) پچ‌پچ کردن.

چرپوهوڕ: سرتەی زۆر ف پچ‌پچ زیاد.

چرپەچرپ: سرکەسرك، سرتەسرت ف پچ‌پچ.

چرپی: چڕوی بڕدراو، بی‌و چنارو سپیداری هەڵبەر تێوراو ف شاخەهای هَرَس شده.

چرتان: ١) کرتە لێ هاتنی پەلەپیتکەی چەکی گەرم؛ ٢) لەجێ‌چون ف ١) چکاندن ماشهٔ سلاح؛ ٢) از جا در رفتن استخوان.

چرتاندن: قرتە لێ‌هێنان، پەلەپیتکەی چەك پێوەدان ف چکاندن ماشهٔ سلاح.

چرتانن: چرتاندن ف چکاندن ماشهٔ سلاح.

چرتك: قەڵەمباز، بازی گوشاد: (لۆتك‌و چرتك داڤیتن) ف پرش.

چرتون: تەندورەی ئاش ف تنورهٔ آسیاب.

چرتە: ١) جوڵەی زۆرکەم؛ ٢) دەنگی زۆرنزم: (چرتەی سەعات) ف ١) تپش و تکان بسیار کم؛ ٢) صدای بسیار آرام.

چرتەچرت: ١) دەنگەدەنگی سەبری سەعات؛ ٢) دەنگی شکانی چرپی لەمیچ ف ١) صدای تك‌تك ساعت؛ ٢) صدای درهم شکستن چیزی.

چرتەمیزە: نەخۆشی میز ڕانەگرتن، دڵوپ دڵوپی میز لێ‌تکان ف بیماری چکمیزك.

چرتی: بزۆزی هێدی نەدەر، دانەسکناو، بەهەڵبەزو دابەز ف ناآرام و بی‌قرار.

چرتیان: دەربەڕین، خۆ ون‌کردن بەهەڵاتن ف دَررفتن.

چرچ: ١) لەرز لەبەر سەرما یان لەترسان؛ ٢) ژاکاو؛ ٣) لۆچ بە سەریەکا هاتو؛ ٤) لاواز ف ١) لرزش بدن براثر سرما یا ترس؛ ٢) پژمُرده؛ ٣) چین و چروك؛ ٤) لاغر.

چرچ‌بون: ژاکان ف پژمُردن.

چرچرو: سیسرك ف جیرجیرك.

چرچ و لۆچ: ژاکان‌و بەسەریەکاهاتنی لۆی پێست ف چین و چروك.

چرچە: ١) مروی لاوازو ژاکاو؛ ٢) جۆرێ ترێ ف ١) لاغر و دژم؛ ٢) نوعی انگور.

چرچ‌هەڵاتن: سیس‌بون، ژاکان، لۆچ بەسەریەکا هاتن، هەڵقرچان ف

ترنجیدن، چروکیدن، پژمُردگی.
چرچی: ١) ژاکاوی؛ ٢) لاوازی ف ١) ترنجیدگی؛ ٢) لاغری.
چرچیان: ژاکان، هەڵقرچان ف ترنجیدن، چروکیدن.
چرخُویس: ئاردی دانەویڵە لەرۆنا سورەوکراو ف کاچی.
چڕخیس: چرخُویس ف کاچی.
چرزەڵە: چۆزەڵە، چۆزەرە ف نیش گیاه.
چرسین: رەشکەو پێشکەکردنی چاو ف سیاهی رفتن چشم.
چرغ: جۆرێ تەشی بۆ خوری رستن ف نوعی دوك.
چرف: ١) پت، نەبز، لێدانی رەگ؛ ٢) بریقانەوەی بروسکە ف ١) نبض؛ ٢) درخشش برق.
چڕك: ١) هەتوان، مەڵحەم، مەرهەم؛ ٢) دۆشاوی خەستی دوجار کوڵاو؛ ٣) چێشتی خورماو پەنیری سورەوەکراو؛ ٤) چیکەنە، ئامرازی پەمۆ خاوێن کردنـەوە؛ ٥) جۆرێ نان ف ١) مرهم؛ ٢) شیرۀ غلیظ دو بار جوشیده؛ ٣) غذای خُرما و پنیر سرخ شُده؛ ٤) ابزار هلاجی؛ ٥) نوعی نان.
چرك: ١) چڵك، گەمـاری، قرێژ؛ ٢) کێم و زوخـاوی برین؛ ٣) داری دەستی هەلاج؛ ٤) چێرگ، چرگ، مێشەسی؛ ٥) شاهـۆ باڵدارێکی دەمئاوانە ف ١) چرك بدن؛ ٢) چرك زخم؛ ٣) چوبدست پنبەزن؛ ٤) هوبره؛ ٥) بوتیمار.
چرکاندن: ١) چرتاندن، دەست بە پەلەپیتکەی چەکدا هێنان و داخستنی؛ ٢) دڵۆپەکردنی سەربان، تکەتکی ئاو؛ ٣) لۆکە بەهەلاجی کردن ف ١) چکاندن ماشۀ اسلحه؛ ٢) چکه کردن؛ ٣) پنبەزنی.
چرکانن: چرکاندن ف نگا: چرکاندن.
چرکن: گەمار، پیس و پۆخڵ، چڵکن ف چرکین.
چرکونە: شوان هەڵخەڵەتێنە، مەلێکی بۆرەلۆکەیە ف نام پرندەایست.
چرکـە: ١) کەمتـرین دەنـگ: (**چرکەت** بێ دەت کوژم)؛ ٢) کەمترین بزوتن: (دانیشـە **چرکـە** مەکـە)؛ ٣) بەشێ لەشێست بەشی دەقیقە، سانیە ف ١) کمترین صدا؛ ٢) کمترین حرکت؛ ٣) یك شصتُم دقیقه، ثانیه.
چرکەچرك: ١) دەنگەدەنگی دڵۆپە؛ ٢) قرچەقرچی ئاڵوداری میچ ف ١) صدای چکیدن آب؛ ٢) جیرجیر چوب‌های سقف.
چرکەمیزە: چرتەمیزە ف بیماری چکمیزك.
چرکیان: بزوتن، جوڵە ف تکان.
چرکیانەوە: چرکیان ف تکان خوردن.
چرگ: میشەسی، چێرگ، چرك ف هوبره.
چرمسی: سیس و ژاکاو ف پژمرده.
چرمسین: ژاکان، سیس بون ف پژمردن.
چرمقی: هەڵقرچاو، قرچاو ف ترنجیده.
چرمقین: هەڵقرچان ف ترنجیدن.
چرنگ: جرنگە، زرنگە ف جرینگ، صدای بهم خوردن طلا و نقره.
چڕنوسقاو: چەوراییی کەم لەسەر ئاوی کوڵاو ف قطرات چربی روی آب جوش.

چڕنۆك: نینۆکی تیژی پشیلەو دڕندە ف چنگ گربه و جانوران دَرّنده.
چرۆ: ١) لکی باریکی دار؛ ٢) خونچـەی تازەی گەڵادار ف ١) جوانـۀ درخت؛ ٢) شکوفۀ برگ.
چڕوچاو: تەحر، تەرح و دیدار ف سیما و رُخسار.
چڕوچەنە: تەرح و دیدار ف سیما.
چڕوچیلکە: داروکەو پڕوپوش بۆ ئاگر ف هیزم و خس و خاشاك برای آتش.
چرۆس: بریقە، بروسکین ف درخشش.
چروسان: ١) درەوشینەوە، تروسکەدان؛ ٢) لاوازبون لەخەم و خەفەتان ف ١) درخشش؛ ٢) لاغر شدن از شدّتِ غم و غُصّه.
چروسانەوە: چەوسانەوە، رەنجدانی زۆر ف رنج و محنت بسیار.
چرۆساوە: لاواز لەبەر رەنجدانی زۆر ف لاغر از رنج دیدن زیاد.
چروسکە: تروسکە، درەوشین ف دَرخشش.
چرۆك: ١) قەڵـب، بێ‌نرخ؛ ٢) رژدو دەس قوچـاو ف ١) جعـلی و بی‌ارزش؛ ٢) خَسیس.
چرۆکـان: سیرەسیر و چیرەچیر. *وەك دەنگی لێکـدانی دمەقەیچی* ف جرنگ جرنگ.
چروکانن: چرۆکان ف نگا: چرۆکان.
چروکە: دەنگی چروکان ف جرینگ جرینگ.
چرونەك: لوساوك، لوس، پلوسك ف ناودان.
چڕە: ١) گوتنی گۆرانی؛ ٢) گازی، بانگ کردن؛ ٣) قەرەباڵغی، ئاپۆرەی خەڵك ف ١) آواز خواندن؛ ٢) صدا کردن؛ ٣) ازدحام.
چڕەبەندان: پڕایی و تێکەڵ پێکەڵی مەردم ف شلوغی و ازدحام.
چڕەچەمان: ١) دوکەڵی زۆر و خەست؛ ٢) گێژەلۆکەو کرێوە ف ١) دودِ غلیظ؛ ٢) گردباد و کولاك.
چڕەدوکەڵ: کادوی زەحف، دوکەڵی پڕوزۆر ف دود انبوه و غلیظ.
چری: تەشرین، ناوی دومانگ لەمانگی رۆمی ف نام دو ماه از ماههای رومی.
چڕی: ١) پڕی دارستـان؛ ٢) گۆرانی گوت؛ ٣) بانگی لێکـرد ف ١) انبوهی جنگل؛ ٢) آواز خواند؛ ٣) او را صدا کرد.
چریائێکێ: تەشـرینی یەکەم، لەدەی رەزبەرەوە تا بیستی خەزەڵوەر ف ماه اُکتُبر.
چریاددوا: تەشرینی دوهەم، لەبیستی خەزەڵوەرەوە تا بیستی سەرماوەز ف نوامبر.
چریسك: بزوت، سەرەبزوت ف نیمسوز.
چریسکە: تروسکەی کەم ف درخششِ کم.
چریش: ئەسرێڵك، سریش ف سریشم.
چرێش: چریش ف سریشم.
چریکـە: ١) چیکەنە، ئامرازی پەنبۆ لەدەنك جویێ کردنەوە؛ ٢) دەنگی زۆر تیژی خۆش ف ١) دستگاه پنبەپاك کنی؛ ٢) صدای رسای گوش‌نواز.
چڕین: ١) گوتن، گوتنی گۆرانی؛ ٢) پچـرین، پسـانـدن ف ١) آواز

خواندن؛ ٢) گسستن.

چز: ١) دوایی، کلکـه؛ ٢) چزوی دوپشـك‌و زه‌رگه‌تـه؛ ٣) پێوه‌نـوسانی گه‌رمی سوتێنـه‌ر به‌پێسته‌وه؛ ۴) ده‌نگی رۆنی داغ له هه‌ڵچۆقاندا؛ ۵) خه‌ت کێشانی نوسراو، کوژاندنه‌وه ف ١) دُنباله؛ ٢) نیش؛ ٣) تماس جسم داغ و سوزان با پوست؛ ۴) صدای روغن داغ شده؛ ۵) خط کشیدن نوشته.

چزاندن: ١) داغ پێوه‌نان؛ ٢) پێوه‌دانی زه‌رگه‌ته‌و دوپشك؛ ٣) چۆقاندنی رۆن، قرچه‌ی رۆن ف ١) داغ کردن؛ ٢) نیش زدن عقرب و زنبور؛ ٣) صدای جوشیدن روغن.

چزپێ‌دان: درێژه‌دانی مه‌به‌ست، له‌سـه‌رباس رۆیشتن ف ادامه دادن سخن، دنبالهٔ سخن را گرفتن.

چزچـز: ده‌نگی وێك که‌وتنی سوره‌وه‌کـراو ده‌گه‌ڵ ئاودا ف صدایی که از تماس آب با جسم تافته برخیزد.

چززه: چزه ف نگا: چزه.

چزکردن: کوژاندنه‌وه‌و خه‌ت به‌سه‌ر داکێشان ف خط کشیدن بر نوشته.

چزڵێك: چزیلك، دوگی سوره‌وه‌کراو ف جزغاله.

چزمه: جزمه، که‌وشی مل‌درێژ تا زرانی ف پوتین بلند.

چزنای: پێوه‌دانی دوپشك‌و زه‌رده‌واڵه‌و... ف نیش زدن.

چزوُ: ١) نوکی باریکی کلکی دوپشـك‌و مێشـه‌نگوین‌و زه‌رگه‌ته‌و...؛ ٢) چۆن وابله‌ز ف ١) نیش عقرب و زنبور؛ ٢) چه زود!

چزوهوڕ: ده‌نگی سوره‌وه‌کردن‌و هه‌ڵچۆقاندنی رۆن ف جز و ...

چزه: ١) ده‌نگی برژانی گۆشت؛ ٢) ده‌نگی هه‌ڵچۆقانی رۆن؛ ٣) گۆشتی برژاو له‌زمانی منالاندا ف ١) صدایی که در اثر بریان کردن گوشت برخیزد؛ ٢) صدای روغن داغ شُده؛ ٣) گوشت بریان در زبان کودکان.

چزه‌چز: چزه‌ی زۆر ف جز و وز.

چزه‌لێدان: برێتی له به‌لا پێ‌گه‌یاندن ف بلا به‌سر کسی آوردن.

چزه‌پێله: جۆرێ دوپشك ف نوعی عقرب.

چزه‌لێ هه‌ستـــان: ١) داغ کردن؛ ٢) هه‌ست به‌داغ کردن ف ١) داغ کردن؛ ٢) احساس تماس جسم داغ با پوست.

چزه‌لێ هه‌ڵسان: چزه لێ‌هه‌ستان ف نگا: چزه‌لێ هه‌ستان.

چزه‌لێ هه‌ڵســاندن: داغ کردن، شتی سوره‌وه‌بو پێوه‌نان ف داغ کردن، آهن تفته را با پوست تماس دادن.

چزه‌لێ هێنان: ١) برێتی له‌پێوه‌دان؛ ٢) هه‌ستی داغ کردن ف ١) کنایه از نیش زدن؛ ٢) احساس سوختن.

چزوُنه: پێوه‌دانی دوپشك‌و ... ف نیش زدن.

چزیان: ١) چزوُ تێ‌راچون؛ ٢) برژان له‌سه‌ر ئاگر ف ١) نیش خوردن؛ ٢) بریان شُدن.

چزیلك: چزڵێك ف جزغاله.

چزیله: چزڵێك ف جزغاله.

چژێ: چله‌و، چکارێك به‌و؟ ف چه از او.

چش: ١) نه‌تـشـت، نه‌هـیچ‌شت: (چـیت هه‌یه: **چش**)؛ ٢) ده‌ست لێ هه‌ڵگـرتن: (**چش** له‌و داوایه‌ت بکـه نه‌تـه‌وێ)؛ ٣) وشـه‌یه‌که به‌واتا: ده‌بانه‌بێ ف ١) هیچ‌چیز؛ ٢) صرفنظر کردن؛ ٣) می‌خواهم نباشد.

چشه: بۆ لێخوڕینی که‌ر ده‌ڵێن ف صوتی که برای هدایت الاغ گویند.

چغ: ١) چخ، وشـــه‌ی سه‌گ ده‌رکـــردن؛ ٢) بسکی هه‌ڵگـه‌ڕاوه ف ١) کلمه‌ایست برای راندن سگ گویند؛ ٢) سر زُلف.

چغا: ته‌پۆڵکه، ته‌په، گرد، گر ف تپّه.

چغچغه: شه‌ق‌شه‌قه ف جغجغه.

چغر: پڕایی قامیشه‌ڵێن‌و دارستان ف نیزار و جنگل انبوه.

چغور: چغر ف نیزار و جنگل انبوه.

چغه: چغ ف نگا: چغ.

چف: ١) چپه، سرته، پچه‌پچ، سرکه؛ ٢) چه‌مین ف ١) پچ‌پچ کردن؛ ٢) خمیدگی.

چفـان: ١) چه‌مینـه‌وه؛ ٢) ده‌رکـران؛ ٣) سه‌رکۆنه ف ١) خم شدن؛ ٢) رانده‌شدن؛ ٣) سرزنش.

چفـانـدن: ١) چه‌ماندنه‌وه؛ ٢) ده‌رکردن؛ ٣) سه‌رکۆنه‌کردن ف ١) خم کردن؛ ٢) راندن؛ ٣) سرزنش کردن.

چفانێ: سرته‌کردن، سرکه‌کردن، پچه‌پچ کردن، چپه کردن ف پچ‌پچ کردن.

چفیای: ١) چه‌ماوه؛ ٢) ده‌رکراو ف ١) خم شده؛ ٢) بیرون رانده شُده.

چڤر: لیچق، لیق ف لَزِجْ.

چڤی: چه‌ماو، چه‌میو، خواره‌وه‌بو، داهاتو ف خَمیده، کوژ.

چڤیای: چڤی ف خَمیده.

چڤیك: پاساری، چۆله‌که، چێشکه، مه‌لیچك ف گُنجشك.

چڤ‌نك: چڤیك ف گُنجشك.

چق: ١) لکی پچوکی راست‌ده‌رچو له‌دار؛ ٢) قیتکه‌ی پاژنه‌ی که‌ڵه‌شێر؛ ٣) چه‌قاڵته ف ١) جوانهٔ تازه برآمده؛ ٢) برآمدگی پاشنهٔ خروس؛ ٣) گوشت نامرغوب.

چقا: چنه‌ندازه، چه‌ند، چه‌نێك ف چقدر، چند.

چقاس: چقا ف چقدر.

چقڵ: درك، دڕو، دڕی ف خار.

چقوڵ: چقڵ، درك ف خار.

چقه: قیتکه‌ی پاش پانیه‌ی که‌ڵه‌شێر، چق ف برآمدگی پاشنه خروس.

چك: ١) پیچ، که‌مـوسکه، شتی زۆرکه‌م؛ ٢) قوێڕه‌ی میچ، جگی له‌سه‌ر پشت که‌وتو؛ ٣) ده‌نگی دڵۆپه ئاو ف ١) اندکی؛ ٢) یك جانب قاب که با آن بازی کُنند؛ ٣) صدای چکیدن آب.

چکال: پڕوپوش ف خس و خاشاك.

چکان: ١) تکانی دڵۆپه؛ ٢) داچه‌کانی کانی‌و بیر، وشك‌بونی ئاو ف ١) چکیدن آب؛ ٢) خشکیدن آب چاه و چشمه.

چکاندن: ١) وشك کردنی ئاو؛ ٢) چه‌قاندنی شه‌تڵ؛ ٣) به‌دڵۆپه‌ڕژاندنی ئاو ف ١) خشکانیدن آب؛ ٢) کاشتن نهال؛ ٣) چکانیدن.

چکانه‌وه: کوڵاندنی تراو تا خه‌ست بێ ف بر آتش نهادن و غلیظ کردن مایعات.

چکچکه: درزی شاخ که دلۆپە ئاوی لێ دەتکێ ف شکافی در کوه که از آن آب بچکد.

چکـرم: داری سەر دەعەرز چەقاندو ف چوبی که یکسرش را در زمین فرو برند.

چکڵەچزێ: بریەتی لە ئازارو ئێشی زۆر ف کنایه از درد و رنج فراوان.

چکمەساو: باقەی نەبەسراوی گەورە لەگیا ف تودهٔ انباشتهٔ گیاه.

چکۆ: لەبەرئەوە، چونکە، چون، بۆیە ف زیرا.

چکود: رەزیل، رژد، نان‌نەخۆر ف خسیس.

چکوس: چکود ف خسیس.

چکۆڵانه: زۆروورد، بچکۆڵە، بیچکەڵە ف بسیار کوچك.

چکۆڵوکه: چکۆڵانە ف کوچك.

چکۆڵه: پچوك، گچکە ف کوچك.

چکه: دلۆپەی داکەوتو ف چکه.

چکەچك: دەنگی لەسەریەکی دلۆپە ف چکیدن پیاپی آب.

چکەچکه: وردەوردە، کەم‌کەمە ف بتدریج

چکەله: چکۆڵە ف کوچك.

چکەڵه: چکۆڵە ف کوچك.

چکی: ١) لەگۆترە، بێ‌کێشان‌و پێوان؛ ٢) پیاوەتی‌و ئازایی؛ ٣) منەت؛ ٤) سەرکــۆنــە، لۆمـە؛ ٥) برك، ژان‌و برك ف ١) گوتـره؛ ٢) دلیری و مردانگی؛ ٣) منت؛ ٤) سرزنش؛ ٥) شکم درد.

چکێ: کەمێك ف اندکی.

چکیان: چکان ف نگا: چکان.

چل: سی‌ودە ف چهل.

چڵ: ١) لکی‌دار، لق؛ ٢) سەرترۆپکی چیاودار؛ ٣) قەلەگیا؛ ٤) شەمشەمە کوێرە، چەکچــەکـی؛ ٥) پت، نەبـز لێدان؛ ٦) گێلۆکـەو کەم‌زان؛ ٧) چڵێس، نەوسن؛ ٨) تەواو، دروس: (نیوەچڵ بەجێ‌ما، کارت نیوەچڵە)؛ ٩) سەری گوان ف ١) شاخهٔ درخت؛ ٢) قُلّهٔ کوه؛ ٣) ساقهٔ گیاه؛ ٤) شب‌پره؛ ٥) نبض؛ ٦) هالو، ابله؛ ٧) شکم‌پرست؛ ٨) تمام، کامل؛ ٩) نك پستان.

چلاپه: قەڵەم‌باز، بازی بەتەوژم ف پَرش.

چلاسـك: ١) شەتڵ، گیایەك کە هەڵدەقەندرێ‌و دەنێژرێتەوە؛ ٢) بزوُت، نیوەسوتاو ف ١) نشا؛ ٢) نیم‌سوز.

چلاك: ١) نەمـام، ریشەی ئاژتن؛ ٢) کۆڵەکەی چادر؛ ٣) داری درێژی بەرتەکاندن ف ١) نهال؛ ٢) دیرك خیمه؛ ٣) چوب ثمرتکانی.

چلانن: شێلان، دەست پێداهێنانی بەقەو، داماڵین بەدەست ف چلانیدن.

چلانن: سازدان، ئامادەکردن ف آماده کردن.

چلانه: بەماڵانەوە گەڕان‌و خۆراك وەرگرتن ف کاسه‌گردانی، گدائی.

چلاو: چێشتی برنجی رۆن تێ‌نەکراو ف چلو.

چلبـەرده: ١) بازیەکـە چل کوچـك بەشـوێن یەکدا هەڵدەگرنەوە؛ ٢) چلدانە، بەرد بەکێڵە قەبرەوە نان بۆ بەخت تاقی کردنەوە ف ١) نوعی ورزش گروهی؛ ٢) نوعی فالگیری با سنگ قبر.

چلپانن: ١) مژینی مەمك بەهەڵپەو پەلە؛ ٢) دەنگی ئاوخواردنەوی سەگ ف ١) مك زدن به پستان با شتاب؛ ٢) صدای آب خوردن سگ.

چلپاو: قوڕولیتە، حەڕی‌تراو ف گِل‌ولای.

چلپولیس: دەنگی ئاوخواردنەوەی سەگ‌و پشیلە ف صدای آب خوردن سگ و گربه

چلپولێس: چلپولیس ف نگا: چلپولیس.

چلپه: ١) دەنگی خواردنەوە بەپانایی زمان؛ ٢) دەنگی خواردنەوەی سەگ وپشی ف ١) صدای لیس زدن؛ ٢) صدای آشامیدن سگ و گربه.

چلپەچلپ: چلپەی زۆرو بەشوێن یەکدا ف صدای متوالی «چلپه».

چلتوك: برنج لەتێکوڵدا، برنجی نەکوتراو ف شلتوك.

چلچرا: جرای چەندلق کە لە مزگەوت‌و ماڵەگەوراندا هەڵدەکرێ ف چلچراغ.

چلچنگ: شە، شانەی سەرداهێنان ف شانهٔ سر.

چلچەنگ: قولاپێکە چوارسەر بۆ دەرهێنانەوەی شتی دەچاڵاو کەوتو ف چاه یون.

چلچەنگ: قولاپە ئاسنێکە دەگەڵ تەڵەدا. *ئەگەر تەڵە تەقی‌و نچیر بردی لەزوەی دەگیرێ* ف قُلّاب آهنی که در تله به‌کار برند.

چلخت: ملەی کێو، شانی کەژ، کەنارەی چیا ف ستیغ کوه.

چلدانـه: چل‌بەردە: (دەچـمـە سـەری سـولتـانی **چلدانــەی** دەگرمـەوە) «فولکلور» ف نگا: چلبەردە.

چلفڕا: جەرگ‌و دڵی سورەوەکراو لە رۆندا ف دل و جگر سُرخ شده.

چڵك: ١) گەمار، قرێژ، پیسو پۆخڵی؛ ٢) کێم‌و زۆخی برین؛ ٣) پت‌لێدانی رەگ ف ١) چرك بدن؛ ٢) چرك زخم؛ ٣) نبض.

چڵکـاو: ١) پاشـاو، پاشـەراو، ئاوێ کە جارێك جلکی تێدا شۆراوە؛ ٢) ئاوی پیس بەتێکرایی ف ١) نگا: پاشاو؛ ٢) آب کثیف.

چڵکـاوخۆر: بریتی لە نۆکەرو کارەکەری بێ‌نرخ‌و بێ‌قەدر ف کنایه از خدمتکار بی‌مقدار.

چلکدار: ژن لەچلەی منالبوندا، چلەدار ف زائو بهنگام چله.

چڵکدان: لێدانی رەگ ف تپش، نَبض.

چڵك‌مرده: چڵکـەسوُ، جلکێك بەشوشتن چڵکی لێ نەبێتەوە ف لباسی که چرك آن با شستشو نرود.

چڵکن: گەمار، پیس، پۆخڵ، کۆتی ف چرکین، ناپاك.

چڵکەسو: ئەوی وا چڵکی لێ خاوێن نابێتەوە ف لباسی که چرك گرفته و پاك نشود.

چڵك‌هەڵگر: جلکی رەش‌و شین‌و بۆر کە چڵکیان پێوە دیاری‌نادات ف چرکتاب.

چلله: چلەی زستان ف چلهٔ زمستان.

چللی: ئەو هەودایەی برینی پێ دەدرونەوە ف نخِ جراحی.

چلم: ١) ئاوی خەستی کەپـۆ؛ ٢) بریتی لە نەبـەگەو خوێنەگرتی ف ١) خلم؛ ٢) کنایه از جانور شل و ول.

چلمسی: سیس هەڵگەڕاو، جلوا، ژاکاو ف پژمرده.

چلمسین: سیس هەڵگەڕان، ژاکان ف پژمردن.

چڵمن: کەسێ لوُتی هەمیشە بەچڵمە ف خلمو.

چڵمه: چڵمن ف نگا: چڵمن.

چڵمـەلـەتـە: ١) دەنكی شلكو خۆنەگرتوی بادام و گوێزو قەیسی؛ ٢) شل و خۆنـەگرتی: (بێچـوەكە هەر **چڵمەلەتە** هاتە دەر) ف ١) هستهٔ نارس بادام و گردو...؛ ٢) نارسیدهٔ شُل و وِل.

چڵمێر: لۆسەی داری درێژ، مەڵغەی دارکە بۆ بەرزکردنی شتی گران بەکار دێت ف اهرم چوبی.

چڵمێردە: چلمێر ف اهرم چوبی.

چڵمێرە: ١) چلمێردە؛ ٢) دارێکە دەیخەنە پشت دەرگا بۆ قایم کردنی ف ١) اهرم چوبی؛ ٢) پانه، چلمرد.

چلنگە: نۆزەنۆزی سەگ لەبەر ئازار ف زوزهٔ سگ از درد.

چلو: چلەی زستان ف چلّهٔ زمستان.

چڵۆ: ١) چرۆ، لكەداری یەكساڵە؛ ٢) لكەبی و چناری هەڵبەرتاوتە ف ١) نهال یك‌ساله؛ ٢) شاخه بید و چنار هَرَس شُده.

چلوبڕ: زو هاتنەوەی باڵندە لە گەرمیان ف زود بازگشتن پرندگان از گرمسیری.

چڵۆپك: ترۆپك، بڵندترین شوێن لەدار ف بلندترین نقطهٔ درخت.

چڵۆچێو: دڕك و داڵ، چیلكەو چاڵ: (دیارم دەیری عشقە، جێ بەسوتن بێ لەوێ دەگرم / کەمن مشتێ **چڵۆچێوم**، بەچی بم کەڵکی کێ دەگرم؟) «مەحوی» ف خَس و خاشاك.

چلۆرە: ١) شوشـە سەهـۆڵ، شوشـەسـۆل، سەهـۆڵێ کە بەشاخ و گوێسوانەدا شۆڕ دەبێتەوە؛ ٢) بەستەنی، دۆندرمە، دۆڵدرمە، بەسەنی ف ١) دنگاله، گلفهشنگ؛ ٢) بستنی.

چلوسك: داری نیوەسوتاوی بەگڕ، بزوتی ئایساو ف هیزُم نیم‌سوخته.

چلوفل: چڵێس، زۆرخۆر، نەوسن ف شکم‌پَرَست.

چلۆك: چڵكن، گەمار، پیس ف چرکین.

چڵۆك: ترۆپكی دار ف بالاترین نقطهٔ درخت.

چلۆن: كۆ، چۆن، كلۆن، چاوا ف چگونه.

چلۆنایەتی: چۆنایەتی، چۆنیەتی ف چگونگی.

چلۆنها: بەدەگمەن، جاروبارە ف احیاناً.

چلۆنەكایەتی: چلۆنها ف احیاناً.

چلە: ١) جونـە ئەشكـەوتی سۆفی بۆ چل‌ڕۆژ؛ ٢) چل ڕۆژەی هەوەڵی زستـان؛ ٣) بیست ڕۆژی ئاخـری مانگی دوهەمی زستان؛ ٤) بیست ڕۆژی ناوەڕاستی هاوین؛ ٥) پرسەی مردو دوای چل‌ڕۆژ لەمردنی؛ ٦) بەزم و نانـدانی چل‌ڕۆژەی لەدایك‌بونی منـداڵ؛ ٧) چل‌ڕۆژی پاش منال‌بون ف ١) چلّهٔ مُرتاضان و دَرویشان؛ ٢) چلهٔ بزرگ زمستان؛ ٣) چلهٔ کوچك زمستان؛ ٤) چله تابستان؛ ٥) روز چهلم مرگ کسی؛ ٦) مراسم روز چهلم تولد کودك؛ ٧) چهل روز که زن بعد از وضع حمل گذراند.

چڵە: ١) شتێ کە بۆخواردن بشێ؛ ٢) بەرینی پیلوی چاو ف ١) خوردنی؛ ٢) پریدن پلك چشم.

چلەبڕ: باڵدارێ کە زوتر لەکاتی خۆی لەگەرمیان دێتەوە ف پرنده‌ای که زودتر از معمول از گرمسیر بازگردد.

چلەبۆچك: چلەی چكۆڵە، لە دەی ڕێبەندانەوە تا سی ڕێبەندان ف چلّهٔ کوچك.

چلەبەچە: چلەی چۆكە، چلەی بوچك ف چلّهٔ کوچك.

چلەیـەتـان: هەڵـدانی چەنـد چادر لەپاڵ یەكەوە وا کە بوار نەمێنێ ف بر پاکردن خیمه‌ها پهلو به‌پهلوی هم.

چلەپایە: جۆلانەی لێ‌نیشتن ف تاب.

چلەپچوك: چلەبەچە ف چلّهٔ کوچك.

چلەپۆپە: ترۆپ، ترۆپك، هەرە بڵندایی ف بالاترین نقطه.

چلەچل: ١) کوڵەکوڵی گەرما، تین‌وتاوی زۆر سەختی گەرمای هاوین؛ ٢) تین و هالاوی ئاگر ف ١) بشدّت گرم شدن هوا؛ ٢) حرارت و گرمای آتش.

چلەچون: چل ڕۆژ بەسەر لە دایك بونی منال تێپەڕبون ف چهل روز از تولد نوزاد گذشتن.

چلەخـانـە: ئەونـەشكەوتە یان ژورەی سۆفی ماتەی تێدا هەڵدەگرێ بۆ چلەكێشان ف چلّه خانه.

چلەدار: زەیستان تا چل‌ڕۆژەی تەواو دەبێ ف زائو در هنگام چلّه.

چلەدان: ١) جیكڵدانی مەل؛ ٢) برێتی لە ورگ و زگی فرەخـۆر ف ١) ژاغر؛ ٢) کنایه از شکم پُرخور.

چلەك: ١) سلْ، قوشقی، سرك، بەیدەس، ڕەوەك؛ ٢) زۆرخـۆر ف ١) رموك؛ ٢) پُرخور.

چلەگە: چەڵاکی چادر ف ستون چادر.

چلەگەورە: چل‌ڕۆژ لە هەوەڵی زستانەوە ف چلهٔ بزرگ.

چلەم: چلەمین ف چهلم.

چلەمین: بیرەوەری چل‌ڕۆژە ف روز چهلم مرگ.

چلەورچ: لەڕۆژی بیست‌وپێنجی بەفرانبارەوە تا پێنجەمی ڕەشەمە ف از بیست‌وپنجم دی تا پنجم اسفندماه.

چلەوەزی: چزیلك ف جزغاله.

چلهەم: چلەمین ف نگا: چلەمین.

چلهەمین: چلهەم ف نگا: چلەمین.

چلەی بەرین: چلەی گەورە، چلەگەورە ف چلهٔ بزرگ.

چلەی گەورە: چلەگەورە ف چلهٔ بزرگ.

چلی: ١) چلەی زستان؛ ٢) چلەی هاوین ف ١) چلّه زمستان؛ ٢) چلّهٔ تابستان.

چلیان: ١) هەڵخلیسكان، خلیسكان، شەمتین؛ ٢) ئامادەبون، سازبون ف ١) لیزخوردن؛ ٢) مُهیّا شدن.

چڵیان: ١) بەرینـی پیلوی چاو؛ ٢) ڕاست‌هاتنی کار ف ١) پریدن پلك چشم؛ ٢) دُرُست شدن کار.

چلی‌چلی: ١) چەكچـەكی، شەمشـەمە کوێرە؛ ٢) باڵدارێكی چكۆڵەی زەردە ف ١) شب‌پره؛ ٢) پرنده‌ای زردرنگ و کوچك.

چڵێز: نەوسن، چاوچنۆك بۆخواردن، چەورە ف شکم‌پَرَست.

چڵێس: چڵێز ف شکم‌پرست.

چڵیسك: چلوسك، بزوت، سەرەبزوت ف هیزُم نیم‌سوخته.

چڵێسی: نەوسنی، چەورەیی، زۆرچاو لەخواردن ف شکم‌پرستی.

چلیك: ۱) تووەزەمینە، بەری گیایەکە وەك تووی سوور دەچێ؛ ۲) ئاسنی ساغ و باش ف ۱) توت‌فرنگی؛ ۲) آهن خالص و ناب.

چڵیك: گەمار، چڵکن. دەگەڵ چەورا ئێژن: (فلانی چەوروچڵیکە) ف چرکین.

چڵێك: چڵێس، نەوسن، نەفسەك ف شکم‌پرست.

چم: ۱) خونچەی گوڵوك، پشکۆزی درەخت کە هێشتا نەبووە بەگوڵ؛ ۲) کام‌شتی من؛ ۳) هیچ شتێکم: (چم‌نیە بیخۆم) ف ۱) غُنچە؛ ۲) چەچیزِ من؛ ۳) هیچ چیزم.

چما: ۱) بۆچی، ئەرا، لەبەرچی؛ ۲) مەگەر: (چما من پیاو نیم)؛ ۳) هەرئێژی، تمەز ف ۱) چرا؛ ۲) مگر؛ ۳) تو گوئی، پنداری.

چمام: مەتەڵۆکە، مەتەڵ، مەتهەڵۆك ف چیستان، مُعَمّا.

چمامك: چمام ف چیستان، مُعَمّا.

چمان: ۱) چما؛ ۲) کام‌شتمان؛ ۳) هیچ‌شتمان: (چمان نەما) ف ۱) چرا؛ ۲) کدام چیزمان؛ ۳) هیچ چیزمان.

چم‌چم: کەڵاشی بن‌چەرم ف نوعی گیوه که ته آن چرمی است.

چم‌چمە: چم‌چم ف نگا: چم‌چم.

چمچە: ئەسکوێ، ئەسکو ف چمچە.

چمك: سوچ، قولینچك: (چمکی بەڕەکە بگرە یا بیتەکێنین) ف گوشه، زاویه.

چمکە: چونکە، لەبەرئەوە، بۆیە، بەهۆی ف چونکه.

چمە: ۱) دونبەڵان، دومەڵان؛ ۲) چشتێکمە، چیمە: (ئەخۆشم نازانم چمە، حەسەن خزمی منە بەڵام نازانم چمە) ف ۱) دُنبلان؛ ۲) چەچیز من است.

چن: ۱) شتێکمان؛ ۲) کام‌شتن، ئێوەچین؛ ۳) پاشگری بەواتا تەنەر: (گۆرەوی چن)؛ ۴) لێکەرەوەی بەری‌دار: (مازوچن)؛ ۵) چێن، داچێن: (تۆم‌چن)؛ ۶) هەڵکەن: (بزارچن) ف ۱) چیزمان؛ ۲) چه هستند، چه هستید؛ ۳) پسوند بەمعنی بافنده؛ ۴) چیننده‌ٔ میوه؛ ۵) کسی که می کارد؛ ۶) کسی که بر می‌کَند.

چنا: ۱) چێندرا: (تۆمەکەچنا)؛ ۲) تەندرا: (بوزوەکەچنا)؛ ۳) لێ‌کرایەوە: (مازوەکەچنا)؛ ۴) نەهیچ‌شت: (ئەوەچت‌کرد؟ چنا) ف ۱) کاشته شد؛ ۲) بافته شد؛ ۳) از درخت چیده شد؛ ۴) هیچ چیز.

چنار: ۱) سورەچنار، چناری‌جەوهەردار، دارێکە گەڵای لەپەلکە مێودەکا؛ ۲) سپیدار، سپیندار ف ۱) چنار؛ ۲) تبریزی.

چناروك: گیایەکە ف گیاهی است.

چنارەکڵە: گیایەکە گەڵای لە گەڵای سورەچنار دەکا ف گیاهی است.

چناکا: ۱) هیچ پێك ناهێنێ؛ ۲) نرخی‌نیە ف ۱) هیچ کاری نمی‌کند؛ ۲) ارزشی ندارد.

چناکە: چەنە، چەنەگە، ئەرزینگ ف زنخدان، چانه.

چناکەدان: زۆربێژی، چەقەکەری ف وراجی.

چناکەشکیاگ: برێتی لەزۆر بڵێی چەقەسرۆ ف وراج.

چناگە: چناکە، چەنە ف چانه.

چناندن: کون‌گرتن بە تەقەڵ ف رفوکردن.

چناو: ۱) چندراو، تەنراو؛ ۲) چێندراو، تۆمی وەشیاگ؛ ۳) لەدارەوە کراو؛ ۴) سەریەك نراو ف ۱) بافته‌شده؛ ۲) کاشته شده؛ ۳) از درخت چیده شده؛ ۴) روی هم چیده شده.

چناوە: چەنە، ئەرزنگ ف زنخدان، چانه.

چنج: چنگ، چنگاڵ ف پنجول.

چنجڕۆك: پەنجەی نینۆك تیژ ف پنجول.

چنجك: دەنك ف تخم و هسته میوه.

چنجە: تۆی تروکاندن ف تُخمه.

چنچروك: چنجڕۆك ف نگا: چنجڕۆك.

چنچك: ۱) برێشکە؛ ۲) تۆی برژاو؛ ۳) دەنکی میوە؛ ۴) تروشکان، هەڵتروشکان، قوونەلێس؛ ۵) پارچەیەکی پچوك لەگۆشت ف ۱) گندُم برشته؛ ۲) تخمه؛ ۳) تخم و هسته‌ٔ میوه؛ ۴) چُمباتمه زدن؛ ۵) قطعه‌ای کوچك از گوشت.

چندراو: تەنراو ف بافته.

چندك: وزاق بەستن ف جَهیدن.

چندی: چیمان‌دیت ف چه دیدیم.

چنراو: تەنراو ف بافته.

چنکی: چونکە ف زیرا.

چنگ: ۱) پەنجەدەست؛ ۲) پەنجەی دڕندەو باڵندە؛ ۳) باڵی مەل؛ ۴) رینگەو زرینگەی وێك کەوتنی قاپی مس و... ف ۱) پنجه؛ ۲) چنگال جانوران؛ ۳) بال پرنده؛ ۴) صدای بهم خوردن ظروف فلزی.

چنگار: قرژانگ، قرژاڵ، کیفژاڵ ف خرچنگ.

چنگاڵ: ۱) قولاپی لەئاسن؛ ۲) هەرمێشك، نانی لەرۆن گوشراو؛ ۳) هەواڵی کەوچکی نان‌خواردن: (کەوچك و چنگاڵ)؛ ۴) پەنجەی پشیلەو دڕندە ف ۱) چنگك؛ ۲) نان در روغن ترید شده؛ ۳) چنگال غذاخوری؛ ۴) پنجهٔ گربه و جانوران درنده.

چنگاوڵ: پوکاوڵە، چەموڵە ف نگا: پوکاوڵە.

چنگاوەش: بەگژ یەکداچون، چنگەپرچێ ف گلاویزشُدن.

چنگ‌پان کردنەوە: برێتی لە پارسەکی کردن، گەدایی کردن ف کنایه از گدائی کردن.

چنگزین: خۆمات کردن، مات‌بون ف کِز کردن.

چنگ‌سوتەکە: چێشتی شلەساوار: (چنگ سوتەکەی بەناوو کەرۆی نردوه نانی کۆن / جوتەو لەقەی تەویلەوو هاڵاوی تەرس و بۆن) «پیرەمێرد» ف آش بلغور.

چنگ کەوتن: وەدەست‌هاتن، گیرهێنان ف بەدست آمدن.

چنگ گرتن: پەنجە لێ‌قایم کردن ف چنگ‌زدن.

چنگڵ: هەنگل ف بغل.

چنگڵە: زەنبیلە، تریان لەشوڵ یان لە جەگەن ف زنبیل.

چنگڵەچزێ: چەوسانەوە، چرووسانەوە ف کمر زیر بار سختی خم شُدن.

چنگڵەسەرە: سەرتەپڵەگوێنی، قژن ف ژولیده‌مو.

چنگن: جانەوەرێ کە پەل‌وپای فرەی هەبێ ف جانوری که دست و پای

زیاد داشته باشد.

چنگنــه: ۱) زینــدەوەریکــە بەپێستــەوە دەنــوسێ و خوێن دەمـژێ. هەریەکێکی هەڵپچـڕێنی چواری لەجێ پەیدا دەبێ، دەرمـانی تەنیا داڕوی حەمامە؛ ۲) گیایەکە [ف] ۱) گاوك، نوعی کنه؛ ۲) گیاهی است.

چنگنەسەر: سەرقژن [ف] ژولیده موی.

چنگێ: ۱) هەڵەبەزە، پس‌پسەکوڵە؛ ۲) هۆزێکی زۆر ئازای کورد بوُن لە ئێران پێان ئێژن چگنی [ف] ۱) رُطَیل؛ ۲) نام عشیرتی در کردستان ایران.

چنگنیان: گونـدێکـە لە کوردستانی بەردەستی عیراق [ف] روستایی در کردستان عراق.

چنگوڵە: دەستوی کوپەو گۆزە [ف] دستهٔ خُم و کوزه.

چنگە: ۱) هەنگڵ، دەسکەکوپەو گۆزە؛ ۲) پڕی مشتێ؛ ۳) ئازاڵە کار [ف] ۱) دستهٔ خُم و کوزه؛ ۲) یك مُشت؛ ۳) کارآمد.

چنگەپرچە: شەڕەژن کەپرچی یەکتر بەچنگ دەگرن و دەکێشن [ف] نزاع زنان.

چنگەپۆپان: شەڕەژن، چنگەپرچە [ف] نزاع میان زنان.

چنگـەچنگ: دەنگەدەنگ و زرمەو خرمەی خشڵی زێڕوزیو [ف] صدای بهم خوردن زیورآلات.

چنگەڕن: ۱) بەنجەو نینۆك لەزەوی گیرکردن، بۆسەرکەوتن لە جنگەی لێژو رژد؛ ۲) دەسکـەنـە، درونەی بەدەست [ف] ۱) چهار چنگول از صخره بالا رفتن؛ ۲) دروکردن با دست.

چنگەڕنێ: چنگەڕن [ف] نگا: چنگەڕن.

چنگەکڕکێ: ۱) پەنجە لەزەوی گیرکردن بۆ سەرکەوتن لەجێگەی لێژو رژد؛ ۲) بەنینۆك کڕاندن بۆ هەڵپریواندن [ف] ۱) نگا: چنگەڕن؛ ۲) با ناخُن چیزی را کندن.

چنگەکڕە: چنگەکڕکێ [ف] نگا: چنگەکڕکێ.

چنگەکڕێ: چنگەکڕکێ [ف] نگا: چنگەکڕکێ.

چنگـەڵـە: سریلە، باڵدارێکە بەقەد چوڵەکە کاکوڵی هەیە [ف] پرنده‌ای است کاکُلی.

چنگەمریشکە: پێ‌مریشکە، گیایەکە [ف] گیاهی است.

چنو: ئاوها، بەجۆرێك [ف] چنان.

چنوُر: گیایەکی زۆر بۆن‌خۆشە گەڵای لەشویت دەکا [ف] گیاهی است خوشبو.

چنۆك: چکوس، چاونەزێر، تەماکار، بەئێرەیی [ف] آزمند، حَسود.

چنۆکی: تەماکاری، بەئێرەیی [ف] آزمندی، حسادت.

چنوُیك: چنۆك، چکود، رژد [ف] خسیس.

چنـە: ۱) ئەوانـەچین؛ ۲) هیچ‌نا؛ ۳) پاشگری بەواتا تەنەر: (گۆرەوی چنە) [ف] ۱) اینها چیستند؛ ۲) هیچ چیز؛ ۳) پسوند بەمعنی بافنده.

چنەچن: هەڵەوەڕی، چەنەبازی [ف] وراّجی.

چنەو: بەم‌جۆرە، ئاوەها [ف] این چنین.

چنی: ۱) تۆ هیچ‌نیت، تەنەتشتی؛ ۲) تەنی؛ ۳) درونەی کرد؛ ۴) بەری داری لێکـردەوە؛ ۵) بژاری کرد؛ ۶) لەسـەریەکی دانـا [ف] ۱) هیچ نیستی؛ ۲) آنرا بافت؛ ۳) درو کرد؛ ۴) میوهٔ درخت را چید؛ ۵) وجین کرد؛ ۶) روی‌هم چید.

چنیاگ: چناو [ف] نگا: چناو.

چنیاو: چناو [ف] نگا: چناو.

چنیك: ۱) چنینی گوڵ لە تەنراو؛ ۲) وردکەنان [ف] ۱) گلدوزی؛ ۲) ریزهٔ نان.

چنین: ۱) ئەوان هیچ‌نین؛ ۲) ئێوە هیچ‌نین؛ ۳) تەنین؛ ۴) درونەکردن؛ ۵) رنینی بەری دار؛ ۶) بژارکـردن؛ ۷) لەسەر یەك دانان [ف] ۱) هیچ نیستنـد؛ ۲) هیچ نیستید؛ ۳) بافتن؛ ۴) دروکـردن؛ ۵) چیدن میوهٔ درخت؛ ۶) وجین کردن؛ ۷) روی‌هم گذاشتن.

چنینـەوە: ۱) دڕاو بەهـەودا درونـەوە؛ ۲) هەڵگـرتنـەوەی پڕژاو [ف] ۱) رفوکردن؛ ۲) برچیدن.

چۆ: ۱) بڕۆ؛ ۲) ئێرەنا، ئەوێ؛ ۳) چێو، دار [ف] ۱) برو؛ ۲) آنجا؛ ۳) چوب.

چوُ: ۱) جەنجـەڕ، جەڕجـەڕ؛ ۲) داردەست؛ ۳) داری بێ تێکـوڵ؛ ۴) لەسەرمان تەزیو؛ ۵) رابرد، رۆیشت؛ ۶) جگ، میچ، قاپ؛ ۷) کێری منـاڵ؛ ۸) بەنـدبەندی ئەندام [ف] ۱) خرمنکوب؛ ۲) چوبدستی؛ ۳) چوب پوست‌کنـده؛ ۴) بی‌حس شده براثر سرما؛ ۵) رفت؛ ۶) قاپ بازی؛ ۷) ذَکَر طفل؛ ۸) بَندبَند اَندام.

چوار: یەك‌وسێ، چار [ف] چهار.

چوارئاوێنە: چواراوێنە [ف] چهارآیینه.

چواراوێنە: جلکێکی شەڕکەرانبوە [ف] لباس جنگجویان قدیم، چهارآیینه.

چوارایـنە: چواراوێنە [ف] لباس جنگجویان قدیم، چهارآیینه.

چواربال: برێتی لە خڕمچون [ف] کنایه از چهار دست‌وپا.

چواربال کردن: برێتی لە بریندار بونی هەردوك قۆڵ بەگوللە [ف] کنایه از تیرخوردن هر دو بازو.

چواربەن: ۱) کورسی؛ ۲) چارینە، چوارخشتەکی [ف] ۱) صندلی؛ ۲) رُباعی.

چواربەندە: ۱) کورسی؛ ۲) هەمو بەندی لەش: (**چواربەندەم دێشێ**) [ف] ۱) صندلی؛ ۲) چهاربند، چهار مفصل.

چوارپا: چوارپێ، زیندەوەری ماڵی جگە لە باڵدار [ف] چهارپا.

چوارپاچکە: کورسی‌و تەختی لەسەرنوستن [ف] صندلی و تختخواب.

چوارپالو: چوار گۆشەی لەسەرو ژێرو تەنیشتەوە چونیەك [ف] مُکعب.

چوارپایە: چوارپاچکە [ف] نگا: چوارپاچکە.

چوارپـوُڵـەکە: چوار قولاغەی کەوش [ف] چهار تکه چرم مثلثی که بر کنارهٔ کفش دوزند.

چوارپەل: خڕمچون، دودەست‌و دوپێ [ف] چهار دست‌وپا.

چوارپەل قەوی: پیاوی قەڵەوی پتەوی تێك سمراو [ف] تنومند و درشت‌اندام.

چوارپـێ: ۱) زینـدەوەری ماڵی، ئاژەڵ؛ ۲) سەگی پاس [ف] ۱) دام و احشام؛ ۲) سگِ نگهبان.

چوارپینە: پینە لەپەنجەو پاژنەی کەوش [ف] پینه‌ای که بر پنجه یا پاشنهٔ

کفش دوزند.

چوارتاق: هەیوانەبەرزە ف تراس.

چوارچابوغ: گرۆڵ، چوارپارچەی لەبن هەنگڵی کەوای دەدەن ف خشتك، پارچۀ زیر بغل جامه.

چوارچاك: ۱) لاداوێنی شاقەل؛ ۲) گرۆڵ ف ۱) حاشیۀ دامن؛ ۲) خشتك.

چوارچاو: ۱) زۆر بەئاگا لەشت؛ ۲) گێژو شێواو؛ ۳) خاوەنی دو ژن، پیاوی دوژنە؛ ۴) سەگێ خاڵی رەشی لە نزیك چاوە ف ۱) بشدت مراقب؛ ۲) مبهوت و متحیر؛ ۳) مرد دو زنه؛ ۴) سگی که در زیر چشم لکۀ سیاهی دارد.

چوارچمك: چوارگۆشە ف مُربّع.

چوارچمکە: بەپانەوە رونیشتن ف چهارزانو نشستن.

چوارچنگۆڵە: کوپەو مەنجەڵی چوارهەنگڵ ف چهارگوشی، خم یا دیگی که چهار دسته داشته باشد.

چوارچنگە: چواردەسکە، چوارچنگۆڵە ف نگا: چوارچنگۆڵە.

چوارچوقوڵ: چوارچنگە ف نگا: چوارچنگۆڵە.

چوارچەقەڵ: چوارچنگە ف نگا: چوارچنگۆڵە.

چوارچێوە: چوارداری کەناری دەرگاو شکڵو... ف چهارچوب.

چوارخاڵ: ۱) چوارنوختە؛ ۲) هەرچوار تەکخاڵی بەڕی قومار؛ ۳) چوارلۆ لە پەڕی قوماردا؛ ۴) دوخەتی تێك پەریو ف ۱) چهارنقطه؛ ۲) چهار ورق تکخال در بازی ورق؛ ۳) ورق چهارلو؛ ۴) علامت ضربدر.

چوارخاڵ کێشان: برێتی لە روڕەش کردنو ئابڕوبردن ف کنایه از رُسوا کردن.

چوارخشتەك: چوارپارچەی ژێر باخەڵ لە کەوادا ف خشتك، پارچۀ چهارگوشۀ زیر بغل جامه.

چوارخشتەکی: چارین، چارینە، شیعری چوارلەتی سێ پاشل کەلەسەر کێشی (لاحولَ ولا قوّة الّا بالله) بێت ف رُباعی.

چواردانگ: ۱) چواربەش لە شەش بەشی مڵك؛ ۲) برنجی نێوەکوتاو ف ۱) دوسوم مُلك ۲) برنج نیم کوبیده.

چواردە: چاردە، سێزدەو یەکێك ف چهارده.

چواردەرێیان: جادەو شەقامی هەرەپان ف شاهراه.

چواردەستان: هەڵگرتن بە دوکەس ف حمل کردن بوسیلۀ دو نفر.

چواردەستەکی: چواردەستان ف نگا: چواردەستان.

چواردەمین: چواردەهەم، نۆرە ژمارەی پاش سێزدەمین ف چهاردهُم.

چواردەهەم: چواردەمین ف چهاردهُم.

چواردەهەمین: چواردەمین ف چهاردهُم.

چواردیوار: ۱) برێتی لەماڵ؛ ۲) ناوی گوندێکە لە موکوریان ف ۱) چهاردیواری، خانه؛ ۲) نام دهی در کردستان.

چواررێ: جەمسەری دوڕێگەی تێك پەڕیو، چارڕێك ف چهارراه.

چوارڕێگان: چواررێ ف چهارراه.

چوارڕێیان: چواررێ ف چهارراه.

چوارسروشت: ئاگرو ئاوو خاكو با ف عَناصرِ چهارگانه، آب و خاك و آتش و باد.

چوارسو: راستەبازار ف راسته‌بازار.

چوارسوچ: چوارقولینچك، چوارگۆشە ف چهارگوشه.

چوارشانە: مرۆی زەلامو ئەستور ف تنومند و قوی‌هیکل.

چوارشەم: چوارشەمۆ، رۆژی پێنجەم لە حەوتو ف چهارشنبه

چوارشەمبۆ: چوارشەم ف چهارشنبه.

چوارشەمبی: چوارشەم ف چهارشنبه

چوارشەممە: چوارشەم ف چهارشنبه.

چوارشەمۆ: چوارشەم ف چهارشنبه.

چوارشەمە: چوارشەم ف چهارشنبه.

چوارقوڕنە: ۱) چوارگۆشەی ماڵ؛ ۲) هەرچوار پارچە بەژی دنیا: (لەهەر چوارقوڕنەی دنیا شتی وا نەبوە)؛ ۳) گوندێکە لە بیتوێنی کوردستان ف ۱) چهارگوشۀ منزل؛ ۲) چهار قارۀ بزرگ جهان؛ ۳) روستایی در کردستان.

چوارقەد: دوجاروەنوشتاو، چوارلا ف چهارلا، دوبار تا شُده.

چوارقەمچ: ریشو سمێڵو بڕۆتاشین بەئەتك ف به جریمه تراشیدنِ ریش و سبیل و ابرو.

چوارگا: هەوایەکی گۆرانیە، قامێکە ف آهنگ چهارگاه.

چوارگۆشە: چوارسوچ ف چهارگوشه.

چوارلا: ۱) چوارقەد؛ ۲) خۆرەلاتو خۆرنشینو باکوڕو باشوڕ ف ۱) نگا: چوارقەد؛ ۲) چهار جهت جغرافیائی.

چوارلو: چالەکە، چوالو، کوڕەبەشە ف گورکن.

چوارلۆ: ۱) چوارقەد؛ ۲) پەڕی قوماری چوارخاڵ ف ۱) نگا: چوارقەد؛ ۲) یکی از اوراق پاسور.

چوارمەشقان: پانەوەیان رۆنیشتن، چوارمەشقە، چوارچمك ف چهارزانو نشستن.

چوارمەشقە: چوارمەشقان ف چهارزانو نشستن.

چوارمەشقی: چوارمەشقان ف چهارزانو نشستن.

چوارمێخە: هەرچوارپەل بەسراو ف چهارمیخه.

چوارمێردەکی: چوارمەشقی ف چهارزانو نشستن.

چوارناڵ: ئەسپ لنگ‌دانی توند، پڕتاو ف چهار نعله.

چوارناڵە: چوارناڵ ف چهارنعله.

چوارنیخە: چوارمێخە ف نگا: چوارمێخە.

چوارهەنگڵ: ۱) کوپەو مەنجەڵی چواردەسك، ۲) برێتی لە پیاوی پانو پۆڕ ف ۱) خم و دیگ چهاردسته؛ ۲) کنایه از آدم لَندهور.

چوارهەنگوڵ: چوارهەنگڵ ف نگا: چوارهەنگڵ.

چواریار: چوارجێ نشینی پێغەمبەر ف خُلفای راشدین.

چواریەك: لەچوارپاژ پاژێك ف یك چهارم.

چواریەکی: لە چواربەشی داهاتی زەوی بەشێك ف یك‌چهارم محصول.

چوالو: چالو، کوڕەبەش ف گورکن.

چواله: ١) بادامەتاڵەی خۆشکراو؛ ٢) چەقاله، بادامو قەیسی فەریك ف ١) بادام تلخ شیرین‌شده؛ ٢) چغاله.

چوالەبادام: دەنکەبادامی سوێرکراوی کوڵاو ف مغزبادام نمك‌سود.

چوالەتاڵە: بادامەتاڵە ف بادام تلخ.

چواو: لەبەین چوگ، نەماو ف ازمیان رفته.

چواوچوان: فەوتانی وەختی نوێژ ف از وقت نماز گذشتن.

چوبەچو: توڵەبەتوڵە، پاك‌لەپاك، داریەدار ف متعادل، برابر.

چوپ: زەوت، داگیر، بەزۆر ساندن، ساندنی بەزۆر ف غصب کردن.

چۆپ: ١) کێرەگا، رەگی کێری گا وشك دەکراو دەکرایە بڕگە بۆقەڵەم دادان؛ ٢) لای چەپ: (راست‌وچۆپیان لێ گرتم) ف ١) مقطع قلم نی که از ذکر خشکیدهٔ گاو می‌ساختند؛ ٢) طرف چپ.

چۆپ‌چۆپان: جەنگەی بەهار کە گوچان لەناو گیادا ون دەبێ ف عنفوان بهار و رشد گیاهان.

چۆپ‌چۆپێن: چۆپ‌چۆپان ف نگا: چۆپ چۆپان.

چۆپڕ: ١) کوێرێ کە جێ‌چاوی نیە؛ ٢) پەرژوبلاو ف ١) کوری کە کاسهٔ چشم ندارد؛ ٢) پراکنده.

چۆپڕیان: بلاوبون، پەرژان ف پخش شدن، پراکنده شدن.

چۆپلمە: لێهاتن، سندان، هەلتۆقانی سینگی ولاغ ف نوعی بیماری احشام.

چۆپە: ١) چەپە: (لای چەپ)؛ ٢) کەسێ بەدەستی چەپەی کاردەکا ف ١) طرف چپ، یسار؛ ٢) چپ‌دست.

چۆپەوانە: ١) پێچەوانە، بەراوەژو؛ ٢) فێرەکار بە دەستی چەپ ف ١) برعکس؛ ٢) چپ‌دست.

چۆپی: دیلان، هەڵپەرکێ ف رقص گروهی کُردی.

چۆپیك: گێلۆکە، کەمزان ف بُخمه، هالو.

چۆپی کێش: سەرچۆپی، رەمکێشی دیلان ف سردسته در رقص کُردی.

چوت: بزن ف بُز.

چوترم: وچان، پشودان ف یك‌دم استراحت.

چوتورمە: پشێوی، ئاژاوه ف آشوب.

چۆجەلە: داروکەی قایم‌کردنی تەختەکوێن بەیەکەوە ف قطعه چوبی که پارچەهای چادر را بهم پیوند دهد.

چوچ: ١) چو، کێری منالی ساوا؛ ٢) میزەرۆ، رەگی میز پێدا هاتن ف ١) آلت تناسلی پسر نوزاد؛ ٢) میزنای.

چوچك: ١) ئەسکوێ، ئەسکو، کەوچکی گەورەی کلك‌درێژ؛ ٢) کەوچکی لەدار؛ ٣) بەچکەمریشك، جوچکەمامر؛ ٤) پاساری، جێشکە، چۆلەکە؛ ٥) داری دولقی دڕو کۆکردنەوە ف ١) چمچە؛ ٢) قاشق چوبی؛ ٣) جوجهٔ مرغ؛ ٤) گنجشك؛ ٥) چوب دوشاخهٔ جمع‌آوری خار.

چوچلە: میتکە، قیتکە، خەمشە، چیچك ف چچوله.

چوچول: چوچلە ف چچوله.

چۆخ: ١) پەستەك؛ ٢) کولەبال؛ ٣) فاسونیا ف ١) جلیقه؛ ٢) نیم‌تنهٔ نمدی؛ ٣) فاستونی.

چۆخان: ئەسپۆن، بنەگیایەکە جلی پێ دەشۆن ف چوبك.

چوخت: موی توکەبەر، موی بەرگەده ف موی زهار.

چوختی: مەزبوت، لەکار دەرهاتو، وریا ف چُست‌وچالاك.

چوخك: چۆغە، سەرکەوای لەبوزو ف چوخا.

چوخم: ١) زۆری سەر ریزەوی کوچە؛ ٢) کوچەو کوڵانی تەنگەبەر ف ١) اطاقك بالای راهرو؛ ٢) کوچه تنگ و باریك.

چوخماخ: توخماخ، گوپاڵ ف چُماق.

چوخمە: چوخم ف نگا: چوخم.

چوخور: ١) چوغر، چغر، مێشەلانی پڕ؛ ٢) شوفارو شەیتان ف ١) بیشه و نیزار انبوه؛ ٢) سُخن‌چین.

چۆخە: چۆغە، سەرکەوای لە مەرەز یان خوری ف چوخا.

چۆدار: چێودار، کەسێ کە ماڵات دەکرێ و دەفرۆشێ، بازرگانی ئاژەڵ ف چوبدار.

چۆدان: چێودان، گیایەکە لەناو گەنم‌دا دەروێ و لەگەنم دەکا، چاودار ف چاودار.

چور: سپیایی زۆرسپی: (بەفر توێژاڵی بەست وێنەی **چوری** شیر) «پیرەمێرد» ف بسیار سفید.

چوڕ: ١) دلۆپ، تنۆك؛ ٢) بریەتی لە کەمێك: (**چوڕێ** ئاومان بەرێ)؛ ٣) زۆر سپی: (**چوڕی** شیر) ف ١) قطره، چکه؛ ٢) کنایه از مایعی اندك؛ ٣) بسیار سفید.

حاقۆ: جۆرێ کۆتر ف نوعی کبوتر.
حاکم: ١) کەسێ بەشکایەتی خەڵك رادەگا؛ ٢) دەستەڵات داری وڵات ف ١) قاضی؛ ٢) فرمانروا.

حالْ: ۱) چلۆنـایەتی، باری‌ژیان؛ ۲) جەزمـەی دەرویشان ف ۱) حال، حال و احوال؛ ۲) حالت جذبه در درویشان.
حالّات: جەزمەی دەرویش لەکاتی زیکرا: (دەرویش **حالّاتی لیّ‌هات**) ف حالت جذبه در درویشان.
حالم: زانا ف عالم، دانا.
حالوت: هەلّوچە، هەلّوژە ف آلوچە.
حالّەت: ۱) جەزمە لیّ‌هاتن؛ ۲) باری‌ژیان ف ۱) و ۲) نگا: حالّ.
حالّی: تیّگەیشتو: (لەقسەکەم **حالّی بوی**) ف فهمیده، درك كرده.
حالّی‌بون: تیّگەیشتن ف فهمیدن.
حالّی کردن: تیّگەیاندن ف فهماندن.
حام: گش، هەمو ف عام، عموم.
حامله: ژنی زكپڕ ف حامله.
حامیله: ژنی سكپڕ، حامله ف حامله.
حان: ۱) دەم، وەخت، کات، چاخ؛ ۲) پیاوی بەئەزمون‌و زانا؛ ۳) جیّگە: (لەم **حانە** راوەستابوم) ف ۱) هنگام؛ ۲) عالم، دانا؛ ۳) جای، مکان.
حاند: جیّگەیەکی دیار: (تەماڵەکە لەم**حاندە** بو) ف جای مشخص.
حانەحەپەشیّ: شەڕە چەقە، دەم لەدەمی یەکترنان ف درگیری لفظی.
حاوانـدنەوە: ۱) سەرپەرشتی کردن؛ ۲) پەنادان؛ ۳) بیّ‌دەنگ کردنی منـداڵی گریاو ف ۱) سرپرستی کردن؛ ۲) پناه دادن؛ ۳) آرام کردن بچه گریان.
حاوانەوە: ژیان بەسەر بردن بەئاسودەیی ف زندگی کردن بەراحتی.
حاوقان: قەتیس‌مان ف گرفتار شدن.
حای: وشەی سەیرمان ف کلمهٔ تعجّب.
حایشـان: وا حەساو کردن، وا بۆ چون: (ئەزو لۆ **دحایشینم**) ف درنظر گرفتن، پیش خود حساب کردن.
حرچ: ورچ، هرچ ف خرس.
حرّحر: حیلەی ئەسپ ف شیههٔ اسب.
حسکە: جۆرێ تفەنگ ف نوعی تفنگ.
حش: جانەوەریّکی زەلامی دڕندەی تۆکنە قەستەسەری پەزو هەنگوینە ف خرس.
حشك: وشك، زوها ف خشك.
حشکارە: ۱) وشکارۆ، چۆڵ‌و بیابانی بیّ‌ئاو؛ ۲) داری گەندەڵ‌و رزیو ف ۱) بیابان؛ ۲) درخت خشك.
حشکاوس: خەفتان، ئیشکاوس ف نگا: خەفتان.
حشکە: نەخۆشی رەق بونی مل‌و بنانگوێ ف بیماری انقباض عضلات گردن.
حشکەبەر: وشکەبەرد، دیواری لەبەردی بیّ‌قوڕ ف دیوار سنگی بدون ملات.
حشکەدرۆ: درۆی زۆر ئاشکرا ف دروغ شاخدار.
حشکەمرۆ: رەزیل، رژد ف خسیس.
حشکەمز: کریّی بیّ‌خواردن، وشکەمس ف نگا: وشکەمس.
حشکە کەل: جلك لەناو ئاودا کولاّندن بەبیّ سابون ف جوشاندن لباس در آب بدون صابون.
حشکەنمیّژ: کەم نویّژ ف آنکه ادای نمازش مرتب نیست.
حلیّب: رەوا ف جایز.
حلیّرك: لو، گریّ لەگۆشتا، تریفە ف غدهٔ داخل گوشت.
حلیّو: حلیّب ف جایز، روا.
حندرحۆ: سیسۆ، جیّجلّقانە، هیلاهۆپ ف الاکلنگ.
حندوّلی: دۆدانە ف نگا: دۆدانە.
حنگل: ۱) هەنگڵ، ژیّر باخەڵ؛ ۲) گەمەیەکە داریّکی تیژ کراو لە زەوی رادەکەن ف ۱) زیر بغل؛ ۲) نام یکی از بازیهای محلی.
حوب: حەب، قورسی دەرمان ف قرص، دارو.
حوبیّ: خەمەگرو، سەرمازەلّە، بزن‌مژە ف بزمجه.
حۆپ: وشەی لیّخوڕینی وشتر ف کلمه‌ایست برای راندن شتر گویند.
حوت: مروّی پان‌و قەلّەو ف لندهور.
حۆت: کەسیّ کەتوکی سەری وەریوە، سەربیّ توك ف سر طاس و بی‌مو.
حوترەك: کوتك ف پتك.
حوّج: ۱) ناوی پیاویّکی زۆر دریّژە لەچیرۆکاندا؛ ۲) بریّتی لەبالاّ بەرزی ناشرین ف ۱) نام مردی بسیار بلند در داستانها؛ ۲) کنایه از آدم دراز.
حوججەت: تەوژم، نهیّم ف فشار.
حوجرە: ۱) ژوور لەمزگەوت بۆ فەقیّ؛ ۲) جیّگەی بازرگانی گەورە ف ۱) حجرهٔ مسجد؛ ۲) حجرهٔ بازار.
حۆچ: حۆت ف نگا. حۆت.
حوحانە: جوریّ هەڵپەرکیّی کچۆڵانە ف رقص دختر بچّه‌ها.
حود: دەفری لچ‌و لیّو شکاوی لە سواڵەت ف ظرف گلی لب‌پر شده.
حورچ: حش ف خرس.
حورگ: ورگ، عور، مەدە ف شکمبه.
حورگش: ناوزگ، ورگ‌وناو، هەناو ف احشاء.
حورمەت: ریّزوقەدر ف احترام.
حورمیّ: وشـەی بان کردنی ژن لەلایەن میّردەوە ف واژه‌ای برای صدا کردن زن بوسیلهٔ شوهر.
حۆری: ۱) کیژی ناو بەهەشت، هۆری؛ ۲) ناوەبۆژنان ف ۱) حوری؛ ۲) از نامهای زنان.
حورزم: شەرم‌و حەیاو سەنگینی ف وقار.
حوزەیران: شەشەمین مانگی رۆمی، جون ف ماه ششم از ماههای رومی.
حوژە: ئەسبۆن، سیۆن ف چوبك.
حوسنی: ناوەبۆ پیاوان‌و ژنان ف نامی برای مردان و زنان.
حوسە: سوکەناوی حوسیّن ف مخفف حسین.
حوسیّن: ناوی پیاوانە ف حسین، از نامهای مردان.
حوشتر: وشتر ف شتر.
حوشترئالوك: وشترخۆرە ف شترخار.
حوشترخان: تەویلەی وشتران ف آغل شتر.
حوشترخوا: بالوك، تاجی مام ئەحمەدە، ئەسپی حەسەن حوسیّنان ف آخوندك.

حوشترخوار: وشترخۆرە ف شترخار.

حوشترخۆرکە: وشترخۆرە ف شترخار.

حوشتردانە: جۆرێ گەنم ف نوعی گندم.

حوشترگەرو: گۆنجەی گڵێنی تێك خراو بۆ راگوێزتنی ئاو ف شتر گلو.

حوشترگەڵو: وشترگەڵو، حوشترگەرو ف شترگلو.

حوشترمرخ: جانەوەرێکە زۆر گەورە بیچمی لەمریشك دەکا نافڕێ ف شترمرغ.

حوشترمەل: حوشترمرخ ف شترمرغ.

حوشترەوان: وشترەوان، سارەوان ف ساربان.

حۆق: هێڵنجدان بۆ رشانەوە ف تهوع.

حوقنە: ئیمالە، کەفاو لە قنگ کردن بۆ رەوان بون ف اماله.

حۆقـە: ١) مەرەکـەفـدان، دەوات، دەوێت؛ ٢) کێشێکـە، سێ کیلۆیان چوارکیلۆ؛ ٣) دەنگی گامێش ف ١) دوات؛ ٢) وزنـه‌ای معادل سه یا چهار کیلو؛ ٣) صدای کاومیش.

حۆقـەی ئەستـەمـوڵ: کێشێکە بەرانبەر حەفتاو پێنج گرام ف وزنه‌ای معادل هفتادو پنج گرم.

حۆقەی تریاك: لەئامرازی تریاك کێشانە ف حقهٔ تریاك.

حوکم: ١) فەرمـانی فەرمانڕەوا؛ ٢) بریاری قازی ف ١) حکم، فرمان شاه؛ ٢) حکم قاضی.

حوڵ: ١) گێژ، گێل؛ ٢) درێژی پێ نەکەوتوو ف ١) گیج و منگ؛ ٢) دراز بی‌قواره.

حولچەك: هەڵوچە، هەڵوژە ف آلوچه.

حولحولی: وازوازی، هەردەم لەسەر خەیاڵێك ف دمدمی.

حوللور: حولور ف نگا: حولور.

حوللەسێ: ١) گەمـەیەکـە بەسێ جگ دەکـرێ؛ ٢) برێتی لەداکـەوتن لەپاش سەرکەوتن ف ١) نوعی قاب‌بازی؛ ٢) کنایه از شکست بعد از پیروزی.

حوللەمەرەسێ: حوللەسێ، گاڵتەی حوللەسێ ف قاب‌بازی.

حولـور: وشەیەکە دەگەڵ بلوری دەڵێن، ناوی گاڵتەیەکی منالانەیە ف نوعی بازی بچەها.

حولوك: هەڵوژە، حەلوك، ئاڵوچە ف آلوچه.

حولویسك: هەوێنی پەنیر ف مایهٔ پنیر.

حولە: پشکەڵی وشتر ف سرگین شتر.

حولەسێ: هەراهەرا، زەنازەنا، چەقەوگوڕە ف هلهله و جنجال.

حولی: ١) لوس، ئەوەی دەستی لێ هەڵـدە خلیسکێ؛ ٢) هەڵوژە رەشە، هەڵـوژەسورە؛ ٣) بریەتی لەزمان لوس و هەڵخەڵەتێن ف ١) لیز؛ ٢) آلو بخارا؛ ٣) کنایه از چرب‌زبان.

حوڵی: بەچکەچێڵ، گوڵك ف گوساله.

حولیاتی: ماستاوکردن، مەرایی، روبینی ف تملق و چاپلوسی.

حوڵی بیابان: مێرد نەزمە ف غول بیابان.

حولیك: هەڵوژە، حەلوك، عەلوك، حولوك ف آلو.

حومام: گەرماو، حەمام ف حمام.

حونجە: حونجی، خوێندنی ئەلفو بێتکە بەسەرو ژێروبۆر ف هجّی کردن.

حونجەت: حوججەت، بەهێزو قووەت، ئەوزم ف فشار.

حونجی: حونجە ف هجّی کردن.

حونەر: جوانکاری، هونەر ف هنر.

حویل: سوری ئاچخ، سۆری کەمڕەنگ ف صورتی.

حۆیلانێ: هەوایەکی گۆرانی جافەتی ف نوعی ترانه کردی.

حەب: حوب، گزمولە دەرمان ف قرص دارو.

حەباندن: خۆشویستن، دڵ لەسەر بون ف دوست داشتن.

حەبی: پەمۆی بەهەلاجی کراو ف پنبه حلاجی شده.

حەبیشاندن: خواردن بەهەڵپەو لەز ف تند غذا خوردن.

حەپ: حەپە، وەڕە، ڕەوە، دەنگی سەگی توڕە ف پارس سگ.

حەپارە: بژار ف وجین.

حەپاندن: حەپەکردن، وەڕینی سەگ ف پارس سگ.

حەپ‌حەپ: وشەیەکە شەمشێربازان دەیڵێن ف اصطلاحی است در شمشیربازی.

حەپس: ١) گراو، گیراو، بەنـدی؛ ٢) گرتـوخـانە، بەند، زیندان ف ١) زندانی؛ ٢) زندان.

حەپسی: بەندی، زیندانی ف زندانی.

حەپش: گێل و نەزان، حوڵ ف احمق و خُل.

حەپلەحورچ: مرۆی کورتە باڵای قەڵەو ف آدم قدکوتاه چاق.

حەپلەری: جۆرێ هەنار ف نوعی انار.

حەپو: ١) هەمو، گش، تێکڕا؛ ٢) نەما، خەلاس بو لەزمانی منالاندا ف ١) همه؛ ٢) تمام شد، در زبان کودکان.

حەپۆڵ: زەلامی بێکارەوگێژ، تەژەی نائێگەیشتو ف لندهور بیکاره.

حەپولە: حەپۆڵ ف نگا: حەپۆڵ.

حەپە: حەپ، رەوی سەگ، وەڕەی سەگ ف پارس سگ.

حەپەحەپ: وەڕەوەڕ، ڕەوینی سە ف پارس سگ.

حەپـەسـان: واق‌وڕمـان، سەرسـامـان، لەجێ وشـك بون، مات‌بون، عەبەسان ف مبهوت شدن.

حەپەساندن: توشی سەرسامی کردن، گێژومات کردن، هۆش لێ ساندن ف گیج کردن.

حەپەساو: واق‌وڕ، سەرسام ف بهت‌زده.

حەپەسای: حەپەساو، عەبەساو ف بهت‌زده.

حەپەسین: حەپەسان ف مات و مبهوت شدن.

حەپەسێن: شتێ عەجایب کەپیاو لێی سەرسام دەبێ ف عجیب.

حەپەسیو: حەپەساو ف مات و مبهوت.

حەپـەڵوت: زرمە زلیتانێ، هەڵبەز دابەزو چەقەو هەرا ف آرام نگرفتن و سروصدا کردن.

حەپەنتی: زەبەلاح، تەژەی پانو بۆر، مرۆی زۆروزەلام ف لندهور.

حەپەنگ: حەپۆڵ ف نگا: حەپۆڵ.

حەپی: قۆزاخەی پەمبۆ ف غوزه پنبه.

حەپیشاندن: بەپەلە قوت‌دان ف با شتاب بلعیدن.

حەپین: رەوین، وەڕین، حەپەحەپی سەگ: (شەوکە هات دەم دەکاتەوە وەك هار / وائەزانم سەگەو بەمن ئەحەپێ) «شێخ رەزا» ف پارس کردن سگ.

حەتا: تا، هەیا، هەتا ف حتی.

حەتار: ١) وردەواڵە فرۆش؛ ٢) تێلاو کوتکی گێچ کوتان؛ ٣) دەرمان فرۆش ف ١) پیلەور؛ ٢) چوبی برای کوبیدن گچ؛ ٣) داروفروش.

حەتحەت: بەروگیای بۆنخۆش کە وەك نوشتە بە منالیەوە دەدرون یان هەڵداوەسن، وەك ئەسپەندەر، مێخەك، شتی‌تریش ف گیاهی است معطّر مانند میخك.

حەتحەتۆك: حەتحەت ف نگا: حەتحەت.

حەتر: عەتر، تراوی بۆنخۆش ف عطر.

حەترەك: لێدان بەتوندی، قەوی لێخستن ف محکم زدن.

حەح: وشەی سەیرمان: (**حەح چەند سەیرە!**) ف **کلمهٔ تعجب.**

حەج: زیارەتی مەکە، زیارەتی کابە ف حج.

حەجاج: حاجیان، ئەوانەی ویکڕا دەچنە زیارەتی کابە ف حجاج.

حەجامات: خوێن بەردان ف حجامت.

حەجامات کێش: وەستای خوێن بەردان، خوێن بەردەر ف حجامت‌چی.

حەجامات گرتن: خوێن بەردان ف حجامت کردن.

حەجەجە: وتەی لێخوڕینی بزنەگەل ف کلمه‌ایست برای راندن گلهٔ بز گویند.

حەجکردن: ١) دیدار لەماڵی کابە، چونەمەکە؛ ٢) بردنەوەی دوامین کەلا لە گەمەدا ف ١) حج رفتن؛ ٢) برنده شدن در تیله‌بازی.

حەجەم: ١) ئێرانی؛ ٢) ئەوی بەترکی ئازەربایجانی قسەدەکا ف ١) ایرانی؛ ٢) متکلم به ترکی.

حەجەمی: ترکی ئازەربایجانی ف ترك آذربایجان.

حەچ: شەق، کاشۆ، گۆچانی گەمەی گۆیێن ف چوگان.

حەچان: ١) شەقێن، گۆیێن، گەمەی گۆو گۆچان، کاشۆبازی؛ ٢) وەڕین، حەپین، ڕەوین ف ١) چوگان‌بازی؛ ٢) پارس کردن.

حەچاندن: ١) حەپە پێ‌کردن، دنەدانی سەگ بۆ وەڕین؛ ٢) کەرلێخوڕین، ئاژۆتنی کەر ف ١) پارس دادن سگ؛ ٢) راندن خر.

حەچچە: وشەی لێخوڕینی گوێرێژ، هەچە، حەچە ف واژهٔ راندن ستور.

حەچکۆ: هەرچۆنێك، هەرجۆر ف هرطور.

حەچە: ١) حەچچە؛ ٢) نێری؛ ٣) وەڕەوەڕی تێکەڵ پێکەڵی سەگ ف ١) نگا: حەچچە؛ ٢) بز نر؛ ٣) عوعو سگ.

حەچەحەچ: حەپە حەپی زۆرو بێ‌بڕانەوە ف پارس کردن بدون انقطاع.

حەچەل: شلتاغ، گەڕ، دەبە، بیانو پێ گرتن، تەشقەڵە ف شلتاق.

حەچولوڕ: حەپین ولوورەی تێکەڵ ف عوعو و زوزه کشیدن همراه هم.

حەچی کە: حەچکۆ ف هرطور.

حەد: ١) رادە، ئەندازە؛ ٢) شیان، راکەوتن: (**حەدی چیە باسم بکا!**)؛ ٣) سنور، کەوشەن ف ١) اندازه؛ ٢) قدر و منزلت؛ ٣) مرز.

حەدەف: تەپۆڵکە، گر، گردولکە ف تپه.

حەدیس: فەرمایشی پێغەمبەر ف حدیث.

حەراج: مەزات، هەڕڕاج ف حراج.

حەرارەت: گەرمای تاو نۆبەتێ ف تب.

حەرام: ناڕەوا ف حرام.

حەرامخۆر: کەسێ بەشی رەوای خەڵکی تر دەخوا ف حرام‌خور.

حەرامزادە: ١) زۆڵ، بیژو، بیچ؛ ٢) برێتی لە پیاوی فێڵبازو بەدفەڕ ف ١) فرزند نامشروع؛ ٢) کنایه از حیله‌گر و مردم‌آزار.

حەربلین: ١) گرێ تێکەوتنی گوریس؛ ٢) ئاڵۆزانی بەن‌و پەتك ف ١) گره‌خوردن ریسمان؛ ٢) پاره‌شدن طناب.

حەرسیل: بەردی بناغەی گۆشەی دیوار ف سنگ بنای گوشه دیوار.

حەرسیلە: حەرسیل ف نگا: حەرسیل.

حەڕش: تەختی خودا ف عرش.

حەرشی حەزیم: حەڕش ف عرش.

حەڕگ: قوڕ، خۆڵ و ئاوی تێکەڵاو، حەڕی ف گِل.

حەڕماندن: ١) بێ‌بەش کردن؛ ٢) بەخەسارداندن ف ١) محروم کردن؛ ٢) به هدردادن.

حەڕمین: ١) بێ‌بەش بون؛ ٢) بەخەسارچون، بەفیرۆچون ف ١) محروم شدن؛ ٢) به هدر رفتن.

حەرەکەت: بزوتن، جوڵان، جوڵە ف حرکت.

حەرەم: بریناوی ژن، ژنبۆمێرد: (بێزارە لەتۆ، ئێستە هەماغۆشی عەدوتە / دنیا کە لەلای خۆت **حەرەمی** موحتەڕەمت بو) «نالی» ف همسر.

حەرەمسەرا: هندرو، ئەندەرون، خانوی جێگەی ژنانی ماڵ ف اندرونی.

حەڕی: حەڕگ، قوڕ ف گِل.

حەریر: ١) پارچەی ئاوریشم، قوماشی لە هەورێشم؛ ٢) هەڵوای دۆشاو ف ١) حریر؛ ٢) حلوا.

حەریف: ١) هاوتا؛ ٢) هاوقومار؛ ٣) دۆستی ژنی بەمێرد ف ١) همتا؛ ٢) طرف مقابل در قمار؛ ٣) معشوق.

حەز: ١) ئارەزو؛ ٢) ئێشتیا، واز؛ ٣) لەپاش وشەواتا: خۆشەویست: (پیرۆت وەتەن **حەزە**)؛ ٤) پەسندو بەردڵ؛ ٥) دڵداری، ئەوین؛ ٦) دۆست؛ ٧) جوان، بەدەو: (**کچێکی ناحەزە**) ف ١) آرزو؛ ٢) اشتها؛ ٣) پسوند بەمعنی دوستدار؛ ٤) پسندیده؛ ٥) عشق؛ ٦) دوست؛ ٧) زیبا.

حەزاب: ئازار ف عذاب.

حەزکردن: خواستن، بەتەمابون ف خواستن.

حەزلێکردن: ١) ئارەزوکردن؛ ٢) عاشق‌بون ف ١) آرزو کردن؛ ٢) عاشق شدن.

حەزلێکردویی: دڵداری نێوان دوکەس ف عاشقی.

حەزلێکەری: دڵداری ف عاشقی.

حەزوناحەز: دۆست‌و دوژمن ف دوست و دشمن.

حەزیا: هەژدیها، زەها، حەفی ف اژدها.

حەزیران: حوزەیران ف نگا: حوزەیران.

حەزیرانی: جۆرێك هەرمێ، تەحرێ هەمرۆ ف نوعی گلابی.

حەژ: حەز ف نگا: حەز.

حەژدە: هەژدە ف هیجده.

حەژدەهی: دیدەنی کردنی بەکۆمەڵ ف دید و بازدید خانوادگی.

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، خەم، کول ف اندوه.

حەژێکرن: حەزلێکردن ف نگا: حەزلێکردن.

حەس: ١) هەست، ئاگاکردن، های؛ ٢) وشەی سەیرمان ف ١) آگاه کردن؛ ٢) کلمهٔ تعجب.

حەساب: ژمارە، حیساب، حەساو، لێکدانەوە ف حساب.

حەسار: حەوش، گۆڕایی ناوچوار دیواری ماڵ ف حیاط.

حەساس: جەزایرچی، پاسەوانی شەو ف عسس، شبگرد.

حەساندنەوە: بێخەم کردن، ئاسودە کردن ف راحت کردن.

حەسانن: حەساندنەوە ف راحت کردن.

حەسانەوە: ١) لەماندوەتی ڕزگار بون؛ ٢) خاترجەم بون ف ١) خستگی درکردن؛ ٢) خاطرجمعی.

حەساو: ١) حیساب، لێکدانەوە؛ ٢) وچان گرتو ف ١) حساب؛ ٢) آسوده.

حەساوگەر: حیساب گەر. فاڵ گرەوە بە تەزبیح ف فالگیر.

حەساوە: ئاسودە، دور لەماندویی ف آسوده.

حەساوی: جسنەکەری سپی و هەرەچاك ف خر سفید و چالاك.

حەسپ: ئەسپ، هەسپ ف اسب.

حەسپن: شێتی دڵداری ف مجنون دلدادگی.

حەستەم: زۆر دژوار، سەخت ف دشوار، سخت.

حەسحەس: حەساس، جەزایرچی ف عسس، شبگرد.

حەسیان: ١) خەوەردار بون، ئاگادار بون؛ ٢) حەسانەوە ف ١) خبردار شدن، آگاه شدن؛ ٢) نگا: حەسانەوە.

حەسیانەوە: حەسانەوە ف نگا: حەسانەوە.

حەسیر: ڕایەخی لە جەگەن و قامیش ف حصیر.

حەسیرچن: وەستای حەسیر دروست کردن ف حصیر باف.

حەسیرمەیدان: برێتی لە دارکاری ف کنایه از کتك کاری.

حەسیرۆ: برێتی لە: ١) خەسو؛ ٢) خەزور ف کنایه از: ١) مادرزن؛ ٢) پدرزن.

حەسین: پێزانین، ئاگاداربون، هەست پێ کردن ف خبردار شدن، آگاه شدن.

حەسینەوە: حەسانەوە ف نگا: حەسانەوە.

حەش: ورچ، هرچ ف خرس.

حەشار: ١) بۆسە، جێگەی خۆتێدا شاردنەوە؛ ٢) وەشارتن ف ١) مخفیگاه؛ ٢) پنهان کردن.

حەشاردان: وەشارتن، شاردنەوە، ڤەشارتن ف پنهان کردن.

حەشاردراو: شێراوە، ڤەشارتی ف پنهان شده.

حەشارگە: جێگەی شاردنەوە، بۆسە، ڕەبەت ف مخفیگاه.

حەشامات: ئاپۆرەی خەڵك، کۆمەڵی زۆر لە مەردم ف گروه مردم.

حەشت: هەشت، یەك و حەوت ف هشت.

حەشتێ: هەشتا، هەشت جاران دە ف هشتاد.

حەشر: ١) ڕۆژی قیامەت، سەڵا، ڕۆژی پسات؛ ٢) برێتی لە هەراو هوریای تێکەڵ و پێکەڵ ف ١) روز قیامت؛ ٢) کنایه از شلوغی.

حەشروحەلا: هەراوزەنا، چەقەوگورە ف شلوغی.

حەشرەلا: حەشروحەلا ف شلوغی.

حەشفاندن: دەراویتن، لەریزوەدەرنان ف حذف کردن.

حەشکاندن: ڕێك گوشین، وشین ف فشردن.

حەشکۆڵە: بەچکەحرچ، بیچوەورچ، بێوەلەورچ ف بچه خرس.

حەشمەت: ١) ئەریقی، شەرمەزاری؛ ٢) پەژیوانی ف ١) شرمندگی؛ ٢) پشیمانی.

حەشەرەلا: حەشروحەلا ف شلوغی.

حەشەری: ژنێ کە زۆر تینوی گانە ف حشری، حکّه.

حەشەنورە: گیایەکە لەتوتن دەکاو جاری واهەیە وەك توتن دەکێشرێ ف گیاهی است شبیه توتون.

حەشیشە: بەنگ، حەشیش، چەرس ف حشیش.

حەشیمەت: حەشامات، ئاپۆرە ف تودهٔ مردم.

حەف: ١) بوگەن؛ ٢) گەنیو؛ ٣) حەپ ف ١) بدبو؛ ٢) گندیده؛ ٣) پارس سگ.

حەفار: حەف ف نگا: حەف.

حەفت: یەك و شەش، حەوت، هەفت ف هفت.

حەفتا: شێست و دە، حەوجاردە، حەوتا ف هفتاد.

حەفتار: کەمتیار ف کفتار.

حەفتامین: جاری حەفتایەم ف هفتادمین.

حەفتانە: ١) موچەی بەحەوروژ جارێك؛ ٢) ڕۆژنامەی بەحەوروژجارێك ف ١) مزد هفتگی؛ ٢) نشریهٔ هفتگی.

حەفتاو: گڵاو، شوشتنی جێ دەمی سەگ بەجارێك قوڕاوو شەش جار ئاو ف شستشوی مکرر بدن یا لباس با آب و گِل برای رفع نجاست سگ.

حەفتاهەم: حەفتامین ف هفتادمی.

حەفتایەم: حەفتامین ف هفتادمین.

حەفتبرا: حەوبراله، حەوت ئەستێرەن وەك پیتی «ك» ف صورت فلکی هفت برادران.

حەفت جۆش: لولێنەی لە مەفرەق ف آفتابه مفرغی.

حەف حەفی: زۆرخۆری بەلەز خۆر ف شکم‌پرست.

حەفت ڕوح: برێتی لە زیندەوەرێ کە درەنگ گیان بە دەستەوە دەدا ف کنایه از زنده‌ای که دیر بمیرد، هفت جان.

حەفت ڕەنگ: ١) دوڕو، ڕوبین؛ ٢) جۆرێ مەخمەری ڕێ‌ڕێ ف ١) منافق؛ ٢) نوعی مخمل.

حەفت ڕەنگیلە: ڕەنگریژە، باڵدارێکە بەچەند ڕەنگ، حەورەنگیلە ف پرنده‌ای الوان.

حەفت رەنگە: حەوترینگە، فیل‌و فیلەتەن، چێشتێکە لەنیسک‌و نۆک‌و گەنم‌و کشمیش‌و قەیسی‌و سماق لێ دەندرێ ف نوعی غذا.

حەفت مێردە: حەوکەس کە لە غارێکدا قەتیس ماون‌و دەڵێن ئێستاش ماون ف اصحاب کهف.

حەفتۆخ: کوانێکی رەقە درەنگ چاك دەبێتەوە ف دملی کە دیر خوب شود.

حەفتوك: حەفتۆخ ف نگا: حەفتۆخ.

حەفتە: حەوتە، هەفتە، لەشەممەوە تاهەینی ف هفته.

حەفتەبیجار: حەفت رەنگە، حەوترینگە ف هفت بیجار.

حەفتە کۆك: جۆرێ سەعات کە حەوتەی جارێك قورمیش دەکرێ ف نوعی ساعت کە هفته‌ای یکبار کوك می‌شود.

حەفتە کێش: کێشانی ماین لە ئەسپ لە حەوتەی زانیدا ف کشش مادیان از اسب در هفته زادن.

حەفتەوانان: حەوتەوانە، حەوت برالە ف صورت فلکی هفت برادران.

حەفتەوانە: حەفتەوانان ف نگا: حەفتەوانان.

حەفتێ: ١) حەفتا؛ ٢) حەفتە ف ١) هفتاد؛ ٢) هفته.

حەفجۆش: حەفت‌جۆش ف نگا: حەفت جۆش.

حەفس: حەپس ف نگا: حەپس.

حەفسی: حەپسی ف زندانی.

حەفك: نەوك، قورگ، گەرو ف گلو.

حەفی: ١) هەژدیها، حەزیا، زەها؛ ٢) ماری‌زل ف ١) اژدها؛ ٢) افعی.

حەفیان: ١) زۆرخۆر؛ ٢) وەڕین ف ١) پرخور؛ ٢) پارس کردن.

حەفین: وەڕین، حەپین ف پارس کردن.

حەڤدە: دەو حەوت ف هفده.

حەڤدەم: دوای شانزدەیەم ف هفدهم.

حەڤدەمین: حەڤدەم ف هفدهمین.

حەڤدەهەم: حەڤدەم ف هفدهم.

حەڤدەهەمین: حەڤدەمین ف هفدهمین.

حەق: ١) لەمەڕ، بارە: (دەر **حەق** من باش نەبو)؛ ٢) خودا؛ ٣) کرێ، مزە، مز؛ ٤) نرخ، قیمەت؛ ٥) راستی؛ ٦) پەیوندی: (**حەقێکم** پێوە نیە)؛ ٧) هەڕەت، جەنگە: (**حەقە** پەڵەیە)؛ ٨) تۆڵە ف ١) درباره؛ ٢) خدا؛ ٣) مزد؛ ٤) قیمت، نرخ؛ ٥) راستی؛ ٦) دین؛ ٧) عنفوان؛ ٨) انتقام.

حەقانی: مرۆی راست‌و دوروست ف درستکار.

حەقایەت: حیکایەت، چیرۆك، سەربهورد ف داستان.

حەق‌حەق کەرە: تاق‌تاق کەرە، توتاك، مەلێکە شەو ناخەوێ‌و هەردە لێ تاك، قژاوکە ف مرغ حق.

حەق ساندنەوە: تۆڵە ساندن، حەیف هەڵانین ف انتقام گرفتن.

حەق کردنەوە: قەرەبودان ف تلافی کردن.

حەقلی مەقۆ: ١) گەمەی پشکێلان؛ ٢) هەراوزەنا؛ ٣) حندرحۆ ف ١) بازی پشك انداختن؛ ٢) جار و جنجال؛ ٣) الاکلنگ.

حەقلی مەمان: جۆرێ گاڵتە ف نوعی بازی.

حەقلی مەمۆ: حەقلی مەمان ف نگا: حەقلی مەمان.

حەقەپەڵە: هەڕەتی بارانی پاییز ف عنفوان بارش پائیزی.

حەقەوەسێن: ١) تۆڵە کەرەوە؛ ٢) قەرەبو ف ١) انتقام گیرنده؛ ٢) تلافی.

حەك: ١) وشەی ئاوات؛ ٢) وشەی دنەدان، دەك؛ ٣) هەڵپر یواندن؛ ٤) وشەی سەیرمان ف ١) حرف تمنا؛ ٢) حرف تشجیع؛ ٣) حك کردن؛ ٤) حرف تعجب.

حەکاك: مۆرهەڵقەن ف مهرساز.

حەکایەت: چیرۆك ف داستان.

حەکە: ئاڵۆش، خوروی لەش ف خارش پوست.

حەکەدار: حەشەری، ژنی تنوی گان ف حکّه، حشری.

حەکیم: بژیشك ف پزشك.

حەگال: پەتی سەری عارەبان ف عقال.

حەل: ١) دروست، راست: (ئەم قسەت **حەل** نەبو)؛ ٢) توانەوە: (ئەم شەکرە لەچادا **حەل** نابێ)؛ ٣) شیاو: (تۆ**حەل** نی لەم گەمەیەدا)؛ ٤) وەخت، کات: (ئەو **حەلە** نەهاتی) ف ١) راست، درست؛ ٢) حل شدن؛ ٣) شایان؛ ٤) وقت، هنگام.

حەلاج: هەلاج، کوڵکەو پەمۆ شی‌کەرەوە بەکوتك‌و کەوان ف حلاج، پنبه‌زن.

حەلاڵ: رەوا ف حلال.

حەلامەت: زۆرسەیر، عەجایب ف عجیب.

حەلان: تاوێر، جاڵە ف سنگ غلتان از کوه.

حەلاندن: تاواندنەوە، تواندنەوە ف ذوب کردن.

حەلانە: تۆڵا خورمای دەپۆشەوە پێچراو ف خرمای بسته‌بندی شده.

حەلاو: ناوە بۆ ژنان ف از نامهای زنان.

حەل بون: توانەوە، تاوانەوە ف حل شدن.

حەلحەلە: تەشقی عاسمان ف اوج آسمان.

حەلقە: ئاڵقە، گەو ف حلقه.

حەلقەدان: ١) بەدەورەی یەکترەوە دانیشتن؛ ٢) دەورەلە شتێك دان ف ١) به دور هم نشستن؛ ٢) محاصره کردن چیزی.

حەلك: ١) قسەی خۆش؛ ٢) قسەخۆش ف ١) بذله؛ ٢) بذله‌گو.

حەلکی: هێژا، بەنرخ ف ارزشمند.

حەڵلادۆشکە: حیندرحۆ ف الاکلنگ.

حەڵلادۆشە: حەڵلادۆشکە ف الاکلنگ.

حەڵلاقوچکە: ١) حندرحۆ، سیسۆ؛ ٢) بەسەریەکا دراوی قوچەوەبوگ ف ١) الاکلنگ؛ ٢) انباشته‌شده.

حەللەق: دەگەڵ وشەی مەللەق دەوترێ واتا: قسەی بی‌سەروپا ف همراه با «مەللەق» به‌معنی حرف بی‌ربط.

حەللەق مەللەق: قسەی سوك‌و چروك ف حرف بی‌معنی و مفت.

حەللەلا: زۆرسەیرە، پەکو ف واژه تعجب.

حەلو: هەڵۆژە، هەڵوچە ف آلوچه.

حەلوا: ١) هەڵوا، شیوی دۆشاو و ئاردو رۆن؛ ٢) گەڕگەری ف ١) حلوا؛ ٢) نگا: گەڕگەری.

حەلواچی: هەڵوافرۆش ف حلوافروش.
حەلوای بەشەقان: جۆرێ گەمەیە ف نوعی بازی.
حەلوایی: بەڕەنگی هەڵوا، سوری تۆخ ف بەرنگ حلوا.
حەلـۆ: لەپێش وەشـەی جەلـۆدا دێت، واتـا: رەجـاڵەو بۆرەپیاگ ف با «جەلۆ» آید بەمعنی آدم عامی.
حەلوچك: هەڵوچە، حولوك ف آلوچە.
حەلوكە: هەڵوچە ف آلوچە.
حەلوەلا: پەلەپەل و تەنگانە ف عجلە.
حەلەب: ١) دروس، قبوڵ لەناودا: (لەگاڵتەدا منیش **حەلەب**م)؛ ٢) رەوا: (ئەم كارەت **حەلەب** نەبو) ف ١) قبول شدە؛ ٢) جایز.
حەڵـەب: ١) شارێكـە لە سوریەی ئێستاو قەدیم هەموی كوردبوە؛ ٢) ناوی زنانەیە ف ١) از شهرهای سوریە؛ ٢) از نامهای زنان.
حەڵـەبی: ١) خەڵكی شاری حەڵـەب؛ ٢) تەنـەكـەی دەفـری رۆن و شتی تراو ف ١) اهالی شهر حَلَب؛ ٢) فلز حلبی.
حەڵـەق مەڵـەق: ١) حینـدرحۆ، حێجلقانە، هیلاهۆپ، حندرحۆ؛ ٢) حەللەق مەللەق ف ١) الاكلنگ؛ ٢) حرف مُفت.
حەلەلا: چەقەو هەراو تێكەڵ پێكەڵی: (عەجەب حەشر و **حەلەلا**یەكە) ف جنجال.
حەلەلە: دنەدانی سەگ بۆ تێ بەربون ف تشجیع سگ برای حملە.
حەلەم: ١) ئازار، دەرد؛ ٢) عەیب، زەدە ف ١) درد و رنج؛ ٢) عیب و زدگی.
حەلی: نەخوێندەوار بەعەلی دەڵێ ف علی بەزبان عامیانە.
حەلێ: فەرمان بە هەڵاتن، ڕاكە ف امر بە دویدن.
حەلیان: حەلان ف نگا: حەلان.
حەلێب: حەلەب، حەل ف نگا: حەلەب، حەل.
حەلێ حەلێ: گەمەیەكی تازە لاوانە ف نوعی بازی.
حەلیم: ١) بەحـەوسـەلـە، لەسەرخۆ، هێمن؛ ٢) چێشتی كەشكەك؛ ٣) ناوەبۆ ژنان؛ ٤) فەریكەكەشك ف ١) بردبار؛ ٢) خوراك حلیم؛ ٣) از نامهای زنان؛ ٤) نوعی كشك.
حەلیمـاو: هەلیماو، برنج لەئاودا كولاو، شۆربای برنج بێ‌ڕۆن ف آش برنج بدون روغن.
حەلین: توانەوە، تاوانەوە ف حل كردن.
حەلێو: حەلێب ف نگا: حەلێب.
حەم: خواردن لە زمانی منالاندا: (ئەوە فەی تۆیە **حەمی** كە) ف خوردن در زبان كودكان.
حەمـاڵ: ١) مرۆی بار هەڵگـر، عەنباڵ، حەمباڵ؛ ٢) كاریتە؛ ٣) داری لای دیوار بۆ بن كاریتە ف ١) حمال؛ ٢) بالار؛ ٣) ستون.
حەمام: گەرماو، گەرماوە، حومام ف حمام.
حەمامچی: كەسێ بەسەر حەمام رادەگا ف حمامی.
حەمـامكردن: ١) چونە حەمام؛ ٢) خۆشتن لەئاو، بەئاو ف ١) حمام گرفتن؛ ٢) شستشوی بدن.
حەمـامۆك: ١) گەمە بەخۆڵ و خاك كردنی منداڵان كە خۆڵ وەك گومبەز لێدە كەن؛ ٢) ناوی كانیو ئاوێكی بەناوبانگە لەشاری «كۆ»یە ف ١) نوعی بازی بچەها با خاك؛ ٢) نام یك چشمە مشهور.
حەمامۆكە: گەمە بەخۆڵ ف بازی با خاك.
حەمامۆكێ: حەمامۆكە ف بازی با خاك.
حەمایەت: كەوی، كەدی، رام ف رام، اهلی.
حەمایەڵ: هەرچی راستەو چەپ دەمل كرێ و شۆڕبێتەوە: (حەمایەڵی شیر، **حەمایەڵی** دوعا) ف حمایل.
حەمبـار: زۆری كەل و پەلی خواردەمـەنی و شت تیدا هەڵگرتن، عەمار، عەنبار ف انبار.
حەمبارەپۆ: كوتاڵی رزیو لە حەمباردا ف كالای داغی در انبار.
حەمبەلی: كەسێ كە هەرچی دەكالای وایە خاوێن نەبۆتەوە، وەسواس ف وسواس.
حەمتر: كەری چكۆڵەی بەكار ف خر كوچك كاری.
حەمتەر: مەیمونی لوتی، فلفل، قونسور ف عنتر.
حەمحەم: ١) وشەی دنەدانی منداڵ بۆخواردن؛ ٢) جوجە، جانەوەرێكی سوری بچوكە بەپیاو هەڵگەرێ لیر دەكا ف ١) وازەای برای تشویق كودك بە خوردن؛ ٢) ساس.
حەمد: ئاگایی، قەست: (بێ **حەمدێ** خۆ ئەڤ سول كر) ف قصد.
حەمدەن: بەقەستی، لەقەستی ف عمداً.
حەمزك: جۆرێ چێشتە ف نوعی غذا.
حەمـزەل: بازیەكـە، دەستـەیەك دادێنەوەو دەستەیەك بەسەر پشتیان‌دا بازدەدەن ف نوعی بازی.
حەمشین: هەڵوژە قەیسی، بەری دارێكە لە هەڵوچەو قەیسی پەیوەندە ف شلیل.
حەمكە: ئەندازەیەكی زۆر ف اندازەای بسیار.
حەمل: ١) زك‌پڕی؛ ٢) گاڵتەو گەپ ف ١) بارداری؛ ٢) شوخی و مزاح.
حەملە: پەلامار، شالاو ف حملە.
حەمو: گش، گشت، هەمو، سەرپاك ف همە.
حەمەدەشین: حەمشین ف شلیل.
حەمەڕەمزێ: مل ملانێ، ڕك بەركێ، رق‌بەرقە، بەربەرەكانی ف رقابت.
حەمیسەن: جۆرێ بزنە ف نوعی بز.
حەمی: هەمو، گش ف همە.
حەن: حاند ف جای مشخص.
حەنا: حەن ف نگا: حەن.
حەنبـاڵ: ١) عەمبـاڵ، كۆڵەكەی بەركاریتە؛ ٢) مرۆی بارهەڵگر ف ١) ستون خانە؛ ٢) حمّال.
حەنبەڵ: حەمایەڵ ف حمایل.
حەنبەلی: ١) كەسێ كە لەشت شوشتن دا زۆر دودڵە؛ ٢) پەیرەوی ئیمام ئەحمەدی حەنبەل ف ١) وسواس؛ ٢) حنبلی.
حەنتیكە: ١) زۆر بەقیمەت؛ ٢) زۆرسەیر؛ ٣) شتی زۆر لەمێژینە ف ١) بسیار باارزش؛ ٢) عجیب؛ ٣) عتیقە.
حەنتیكەخانە: جێگای ڕانانی شتی زۆر بەنرخ و كەونار ف موزە.

حەنجەت: بەهانە، پەڵپ ف بهانه.
حەنجەل. وەختی مردن ف اجل.
حەندرحۆ: حندرحۆ ف الاکلنگ.
حەندولە: بۆمەگەنمێکی درشت ف نوعی گندم.
حەندولی: دۆدانە، شیرمەشك ف مشك کوچك.
حەندەف: حەدەف، تەپۆڵکە، گردولکە ف تپه.
حەرزەگۆ: گیایەکە ف گیاهی است.
حەنزەل: حەمزەل ف نگا: حەمزەل.
حەنگرین: بە رق داچو ن، دە رکەوە چو ن ف لج کردن.
حەنەزا: هەنەزاگ، زرکورێ کە دەگەڵ ژن هاتوە ف پسرخوانده.
حەنەفی: ١) پەیڕەوی مەزەبی ئیمام ئەبو حەنیفە؛ ٢) شێرەی ئاو ف ١) حنفی؛ ٢) شیر آب.
حەنەك: جەفەنگ، قسەی گاڵتەو گەپ ف بذله.
حەنەکچی: گاڵتەچی، قسەسەیر، قسەخۆش ف بذله‌گو.
حەو: ١) حەوت؛ ٢) وشەی سەیرمان؛ ٣) بانکردنی بەز؛ ٤) وەڕەی سەگ ف ١) هفت؛ ٢) کلمهٔ تعجب؛ ٣) صدا زدن بز؛ ٤) پارس سگ.
حەوا: ١) بڵندایی دەوری زەمین؛ ٢) عاسمان؛ ٣) بڵندایی ف ١) جوّ زمین؛ ٢) آسمان؛ ٣) ارتفاع.
حەوادان: فڕێدان بەرەو ژور ف پرتاب کردن بەطرف بالا.
حەوار: هاوار، گازی ف فریاد.
حەواری: حەوار ف فریاد.
حەواق: بڵندی بەرەو عاسمان ف بلندی.
حەواڵە: ١) بەنوسراوە پارەوەرگرتن؛ ٢) ناردن: (بۆم **حەواڵەکە**)؛ ٣) سپاردن: (**حەواڵەی** قیامەت بی) ف ١) حواله؛ ٢) حواله‌کردن؛ ٣) سپردن.
حەواڵەبەگەواڵە: دەستی دەستی، ئەمڕۆ بەسبە، تەفرەدان ف امروز و فردا کردن.
حەوان: حاوانەوە ف نگا: حاوانەوە.
حەوانچە: فڕێدراو، هاوێژراو ف پرت شده.
حەوانچەدان: بەرەو ژورهاویشتن ف بەطرف بالا پرتاب کردن.
حەواندنەوە: حاواندنەوە ف نگا: حاواندنەوە.
حەوانن: ئاگاداری کردن و لای خۆ راگرتن ف مراقبت کردن.
حەوانەوە: حەواندنەوە ف نگا: حەواندنەوە.
حەوانەوە: ١) ئاسودەزیان؛ ٢) جێ‌بونەوە لە شوێنێك ف ١) راحت زیستن؛ ٢) جای گرفتن.
حەواوی: چاو لەحەوا، کەسێ رەشکێنەی چاوی بەرەژور دەڕوانێ ف کلاپیسه.
حەواویلکە: ١) هەڵدراو بەرەو حەوا؛ ٢) تەیارەی کاغەز، بادەوە ف ١) بەهوا کردن؛ ٢) هواپیمای کاغذی.
حەوایی: حەواوی ف نگا: حەواوی.
حەوبرا: حەوبراڵە، حەوتەوانە ف نگا: حەفتەوانە.
حەوبراڵە: حەوبرا، حەوت ئەستێرەن لە نزیك یەك ف نگا: حەفتەوانە.

حەوت: حەفت، حەو ف هفت.
حەوتا: حەفتا ف هفتاد.
حەوتانە: ١) مزی حەوتە بەحەوتە؛ ٢) رۆژنامەی لەحەوتەدا جارێك ف ١) مزد هفتگی؛ ٢) نشریه هفتگی.
حەوت‌بەند: جۆرێ شیعر ف نوعی ترجیع‌بند.
حەوت خشتەکی: پارچە هەڵبەستی حەولەت ف شعری که هر قسمت آن هفت مصرع باشد.
حەوت گوڵ: جۆرێ گەنم ف نوعی گندم.
حەوتم: شیوبەخشین بەهۆی حەوتەی مناڵبون و حەوتەی مردو ف صدقه.
حەوتو: ١) حەفتە؛ ٢) حەوروژەی مناڵبون ف ١) هفته؛ ٢) هفتهٔ زایمان.
حەوتە: ١) حەفتە؛ ٢) حەپەی سەگ ف ١) هفته؛ ٢) پارس سگ.
حەوتەکێش: حەفتەکێش ف نگا: حەفتەکێش.
حەوتەم: دوای شەشەم ف هفتم.
حەوتەمین: حەوتەم ف هفتمین.
حەوتەوانە: حەوبراڵە ف نگا: حەوبراله.
حەوتیر: جۆرێ دەمانچە کەحەوفیشەك دەخوا ف هفت‌تیر.
حەوج: نیاز ف نیاز.
حەوجۆش: حەفتجۆش، لولینەی مەفرەق ف آفتابه مفرغی.
حەوجە: حەوج ف نیاز.
حەوحەو: ١) حەپەحەپی سەگ؛ ٢) وشەی سەیرمان؛ ٣) هەراو هوریای سواران ف ١) پارس سگ؛ ٢) کلمهٔ تعجب؛ ٣) هیاهوی سوارکاران.
حەودەل: پەلۆلە ف نگا: پەلۆلە.
حەورەنگیلە: رەنگریژە، حەفت رەنگیلە، مێش خۆرە ف زنبورخوار.
حەوز: برك، جێ‌ئاو ف حوض.
حەوزانە: پیتاکی میراو ف مزد میراب.
حەوسەلە: سەبرو پشو لەسەر خۆیی ف حوصله.
حەوش: ١) حەسار؛ ٢) دەورو بەری ماڵ: (لەو حەول و **حەوشانە** بو)؛ ٣) ماڵ ف ١) حیاط؛ ٢) اطراف خانه؛ ٣) خانه.
حەوشە: ١) حەسار؛ ٢) جێ شەوێنی ئاژەڵ؛ ٣) ماڵ ف ١) حیاط؛ ٢) حیاط مانندی برای نگهداری دام؛ ٣) خانه.
حەوق: ١) پلەی نەردیوان، پلەپەیژە؛ ٢) گیروگرفتی بی‌دەرەتان ف ١) پله نردبام؛ ٢) گرفتاری.
حەوق بون: حاوقان ف گرفتار شدن.
حەول: تەقالا، کۆششت ف کوشش.
حەول و حەوش: دەوروبەر ف اطراف.
حەووا: خێزانی بابەدەم، دایکەوا ف حوا، همسر آدم.
حەویان: ١) ئاژەڵ، حەیوان؛ ٢) حاوانەوە ف ١) حیوان؛ ٢) آسوده زیستن.
حەوێق: هەرەبەرز، بەرزایی عاسمان ف بلندی آسمان.
حەوێنج: تۆوێکی وردە بەنانیەوە دەکەن ف خشخاش نان.
حەوێنجی: برێتی لەگون ف کنایه از بیضه.

حەوینەوە: حاوانەوە ف آسوده زیستن.

حەی: ١) وشەی سەیرمان؛ ٢) ناوی خوا ف ١) کلمهٔ تعجب؛ ٢) خدا.

حەیا: ١) شەرم، فەدی، فهێت؛ ٢) هەتا، تاکو ف ١) حیا؛ ٢) بەشرط.

حەیات: ١) ژیان، ماوەی ژیان؛ ٢) خۆش، دڵگر ف ١) حیات؛ ٢) دلنشین.

حەیاتکان: ئابڕوچوُن ف رسواشدن.

حەیاتکاو: ئابرونەماو، بێ‌شەرم ف رسوا.

حەیاچو: حەیاتکاو ف رسوا.

حەیاچون: ئابڕونەمان، حەیاتکان ف رسواشدن.

حەیار: فێڵباز، مەکرباز ف حیله‌گر.

حەیارە: ١) پێوانە؛ ٢) بەردەتەرازو ف ١) پیمانه؛ ٢) سنگ ترازو.

حەیاز: چقە، پاژنەی کەڵەشێر ف پاشنهٔ پای خروس.

حەیام: دەوروزەمانە، رۆژگار ف روزگار، زمانه.

حەیان: مەعلوم، زانراو: (لێم **حەیانە** تۆدزیوتە) ف عیان.

حەیب: ١) شورەیی، عەیب؛ ٢) کەمایەسی: (ماڵەکە بێ‌**حەیبە**) ف ١) عیب؛ ٢) کم و کاست.

حەیبدار: زەدەدار، نوقستان ف زدگی.

حەیبەت: مەترسی، سام، ترس ف هیبت.

حەیتە: ١) زەلامی زلحۆرت، تەڕەی ناقوڵا؛ ٢) پیاوی بەردەستی ئاغا؛ ٣) هاواروداد ف ١) لندهور؛ ٢) پیشکار مالک؛ ٣) فریاد.

حەیچە: هاواروداد ف فریاد.

حەی حەی: وشەی سەیرمان ف کلمهٔ تعجب.

حەیرا: کاورا، هۆی فلانکەس ف فلانی

حەیران: ١) عاشق، ئەویندار، بەندەوار؛ ٢) هەوای گۆرانیەکی بەناوبانگ و لەمێژینە؛ ٣) سەرلێ شێواو ف ١) عاشق؛ ٢) نوعی آواز کردی؛ ٣) حیران.

حەیز: بێ‌نوێژی ژن، بەخوێن بونی‌ژن ف حیض.

حەیزە ١) هێڵنج ورشانەوە؛ ٢) زگ‌چون؛ ٣) نەخۆشی ئیسقایی ف ١) دل بەهم آمدن؛ ٢) هیضه؛ ٣) اسسقاء.

حەیزەبون: پیرەژنی فێڵباز ف پیرزن حیله‌گر.

حەیزەران: دارێکە لەشوێنی گەرم دەڕوێ وەك قامیشی ناوپردەچێ ف حیزران.

حەیش: خۆش رابواردن ف خوشگذرانی.

حەیشو: ١) شەرمو شورەیی؛ ٢) بێ‌شەرمی، بێ‌ئابڕویی ف ١) شرم و حیا؛ ٢) بی‌شرمی.

حەیشە: حەیچە، دادوهاوار ف فریاد.

حەیف: ١) وشەی خەمباری، بەداخەوە؛ ٢) تۆڵ، تۆڵە ف ١) افسوس؛ ٢) انتقام.

حەیفێ: بەداخەوە ف افسوس.

حەین: هەروەك، تەواو لەوێنەی ف مثل و مانند.

حەینە: وس، وسکوت، بێ‌دەنگ بە ف سکوت کن.

حەینەن: حەین ف عیناً.

حەیوان: ١) ئاژەڵ، بزن‌ومەڕ؛ ٢) کەرونەفام ف ١) حیوان، دام؛ ٢) احمق و نفهم.

حەیوە: بەهێ، بێ، بەی ف میوهٔ به.

حەیهو: تۆلەکوێ، چۆن پێك‌دێت ف هیهات.

حەییەحەی: وشەی سەیرمان بەگاڵتە پێ‌کردنەوە ف واژه تعجب برای مسخره کردن.

حێ: ناوی پیتێکی ئەلف‌و بێتکە ف «ح» از حروف الفبا.

حیت: جۆرێ بزن ف نوعی بز.

حێجز: نارەحەت، وەڕەز ف ناراحت.

حێچ: یەکسمی سەرکێش‌و سڵ ف ستور سرکش.

حێدز: ١) تۆڕە؛ ٢) وەڕەز ف ١) خشمناك؛ ٢) ناراحت.

حیرس: رك‌و توڕەیی، قەڵسی ف عصبانیّت.

حیز: ١) ترسنۆك؛ ٢) ژنی‌سوك؛ ٣) پیاوی چاوباز ف ١) ترسو؛ ٢) زن تردامن؛ ٣) مرد تردامن.

حێز: هێز، وزە، توان ف توان، نیرو.

حیزاتی: ترسەنۆکی، ترسونەکی ف بزدلی.

حیزانە: ترسەنۆکانە، کاری خوێڕیانە ف از روی بزدلی.

حیزاوحیز: ترسەنۆك‌و ترسەنۆك لەراست یەکتر ف دو ترسو در مقابل هم.

حیزایەتی: حیزاتی ف بزدلی.

حیزبگیر: نامەردانە بەیەخسیر گرتنی کەسێك ف ناجوانمردانه کسی را اسیر گرفتن.

حیزەبخوێیی: ژیانی خوێڕیانەو سەرباریون ف با خفت زندگی کردن.

حێزەت: قەدر، حورمەت، رێز ف عزت.

حێزەرقانە: حیندرحۆ ف الاکلنگ.

حیزەڵ: ترسەنۆك ف بزدل.

حیزی: کاری نامەردانەکردن، شێوەی حیزان رەچاوکردن ف نامردی کردن.

حیزیەتی: حیزایەتی ف بزدلی.

حیزێتی: حیزایەتی ف بزدلی.

حیزی حیزان: لەترسنۆك ترسنۆکتر ف بسیار ترسو.

حیساب: حەساو ف حساب.

حیسابزان: ١) زانا لە ژماردندا؛ ٢) عاقڵ‌و کارلێکدەرەوە ف ١) حسابدان؛ ٢) عاقل و کارآمد.

حیسابگەر: ١) لەژمارەدا وریا؛ ٢) حەساوگەر؛ ٣) ئەستێرەناس ف ١) فالگیر با تسبیح؛ ٢) حسابگر؛ ٣) منجّم.

حیسابگەری: ١) ئەستێرەناسی؛ ٢) فاڵ گرتنەوەی بەتەزبیح ف ١) منجّمی؛ ٢) فال تسبیح.

حیش: زەوینی گڵەسورە ف زمین گِل سُرخ.

حیشتر: وشتر، حوشتر ف شتر.

حیشی: گوریسی پان‌و درێژ ف طناب پهن و دراز.

حیفریت: جندۆکەی زەبەلاح ف عفریت.

حیق: هێڵنج ف عق.

حێك: جوڵا ف جولا.
حیکایەت: حەقایەت، چیرۆك، حەکایەت ف داستان.
حێل: ١) هێز، قەوەت، تاقەت؛ ٢) دەنگێکی زۆربوّن خوّشه ف ١) توان؛ ٢) دانەای معطّر.
حێلانێ: جوّرێ هەڵپەرکێی کچوّلانه ف نوعی رقص دختر بچّەها.
حیلکانەوە: بەقاقا پێکەنین، خەنین بەدەنگی بەرز ف قاەقاە خندیدن
حیلکوهوّڕ: خەنینی زوّرو بەدەنگی بەرز ف باصدای بلند خندیدن.
حیلکە: دەنگی خەنین، کەن بەدەنگی بەقەو ف قاەقاە خندیدن.
حیلکەحیلك: حیلکەی زوّر ف خندە بسیار.
حیلکەهوّڕ: دەنگی پێکەنین ف صدای خندیدن.
حێللانێ: حێلانێ ف نگا: حێلانێ.
حێلم: ١) برەی ماقور؛ ٢) پوّیتەون ف ١) اضافه نخ قالی کە می‌برّند؛ ٢) پود.
حیلە: ١) دەنگی ئەسپ؛ ٢) گزی، فێڵ ف ١) شیهه؛ ٢) حیله.
حیلەباز: گزی کەر، فێلاوی ف حیلەگر.
حیناوە: چەنەبازی، زوّربلێیی، چەنەچەن ف چانەزدن.
حینجە: حونجی، خوێندنەوەی بەسەرو بوّرەوە ف هجّی کردن.
حینجەت: بەهانە، پەلپ: (چیم نەکروە، هەرلێم بە **حینجەتە**) ف **بهانە.**
حینچك: کوت، ژەنین ف کله، فرو بردن و برآوردن در هنگام جماع.
حینچك‌دان: کوت‌لێدان، کوت پێوەدان، لێ‌ژەنین ف کلەزدن.
حینچکە: حینچك ف نگا: حینچك.
حیندرحوّ: حندرحوّ، سیسوّ، جێ‌جلّقانە ف الاکلنگ.
حینە: حیلەی ئەسپ ف شیهه.
حێول: حوّل، گێژ، کێل ف گیج.
حێوەت: سام، ترس، هەیبەت ف هیبت.
حێوەکی: جوّرێ هەڵپەرکێ کچوّلان دەیکەن ف نوعی رقص دختر بچّەها.

خ

خا: هێك، هێلکه؛ ٢) هێلکه‌گون؛ ٣) وشه‌ی ڕێز بۆژن: (**خا** فاتم چۆنی؟) [ف] ١) تُخم پرنده؛ ٢) خایه، بیضه؛ ٣) کلمهٔ احترام برای زن، مُخَفَّف خاتون.

خابان: گڵه‌بان، ئاخه‌بان، بانه‌ناو [ف] گِل اندودبام.

خاپ: گزی، فێڵ، حیلە [ف] نیرنگ، حیله.

خاپان: فریو، خەڵەتان [ف] فریب.

خاپاندن: فریودان، خەڵەتاندن، تەفرەدان [ف] فریب دادن.

خاپاندی: فریودراو، خەڵەتاو [ف] فریب خورده.

خاپتانێ: گاڵته به‌خۆڵ کردنی منالان [ف] خاك بازی بچّه‌ها.

خاپور: ١) وێران؛ ٢) چۆمێکه له کوردستان [ف] ١) مخروب، ویران؛ ٢) رودی در کردستان.

خاپۆره: گاڵته به‌خۆڵ، خاپتانێ [ف] خاك بازی.

خاپـوره‌وڵات: وڵاتی وێران بوی که‌سی تێدا نه‌ماو [ف] منطقهٔ مخروبهٔ خالی از سکنه.

خاپه‌روك: ١) ده‌غڵ به‌باکردن که له خۆڵ پاك بێته‌وه؛ ٢) پاشه‌ڕۆکی ڕه‌زو بێستان [ف] ١) باد دادن غلّه؛ ٢) پساچین.

خاپێن: فریوده‌ر، هه‌ڵخه‌ڵه‌تێن [ف] فَریبکار.

خاپینۆك: زۆر ده‌سبڕۆ به‌فریو [ف] بسیار فَریبکار.

خات: وشه‌ی ڕێز بۆژنان: (**خات** مه‌له‌ك) [ف] مُخَفَّف خاتون، کلمه‌احترام برای زنان.

خاتر: ١) دڵ: (**خاترجه‌م**)؛ ٢) له‌به‌ر، بۆڕێز له‌تو: (**خاتری تۆبێ**) [ف] ١) و ٢) خاطر.

خاترانه: به‌هۆی دۆستی و خۆشه‌ویستی کردنی کارێك [ف] خاطر کسی را رعایت کردن.

خاترجه‌م: دڵئاسوده، ئارخه‌یان [ف] خاطر جمع.

خاترخازی: خواحافیزی، ماڵاوایی [ف] خداحافظی.

خاترخوا: عاشق، ئه‌ویندار [ف] دلداده.

خاترخوازی: خاترخازی [ف] خُداحافظی.

خاترخۆیی: ١) سه‌رپشکی، یه‌که‌م‌هه‌ڵبژێری؛ ٢) له‌به‌ر دوستایه‌تی [ف] ١) اولّین انتخاب؛ ٢) بخاطر دوستی.

خاترگرتن: ڕێزلێنان، حورمه‌ت‌گرتن [ف] احترام گذاشتن.

خاترلێ کردن: تکا لێ کردن [ف] خواهش کردن.

خاترناس: قه‌درگر، ڕێزگر [ف] احترام گذار.

خاتروخۆتر: که‌ین و به‌ین، لاگیری له‌یه‌کتر [ف] از هم حمایت کردن.

خاترێ ته: خوداحافیز، ماڵیاوا [ف] خداحافظ.

خاترێوه: خوداحافیز له ئێوه [ف] خُداحافظ شُما.

خاتون: وشه‌ی ڕێز بۆ ژنان [ف] خاتون، کلمهٔ احترام برای خانمها.

خاتونێ: وشه‌ی دواندنی خاتون [ف] کلمهٔ خطاب به خاتون.

خاتـــه: ١) خات؛ ٢) که‌یوانــو، پیاو به‌ژنی خۆی ده‌ڵێ [ف] ١) مُخَفَّف خاتون؛ ٢) کلمهٔ خطاب مرد به همسرش.

خاتێ: خاته [ف] نگا: خاته.

خاجه: بازرگانی گه‌وره [ف] تاجر عُمده.

خاجـــه‌ڕۆ: خازه‌ڵێ، گاڵتـه‌یه‌کی شه‌وانـه‌ی جحێڵانـه [ف] نوعی بازی دسته‌جمعی جوانان.

خاچ: ١) چه‌لیپا؛ ٢) ڕاست و بێ ڕاوه‌ستان: (**خاچ**‌چو ئاڤائاڤێ) [ف] ١) صلیب؛ ٢) مستقیم و بدون توقف.

خاچرکان: سێ کوچکه‌ی ئاگر [ف] سه‌سنگ پایهٔ دیگ روی آتش.

خاچك: کارگ، گوارگ، قارچك [ف] قارچ.

خاد: خات [ف] مُخفف خاتون.

خار: ١) زه‌وینـی زۆر سـه‌خـت؛ ٢) ئه‌شکـه‌وت، شکـه‌فت؛ ٣) دڕك؛ ٤) ڕاهاتن، بۆکار ده‌رهاتن؛ ٥) ڕه‌مل، ڕه‌ڵم، زیخی ورد؛ ٦) خوار [ف] ١) زمیـن سخـت؛ ٢) غـار؛ ٣) خـار؛ ٤) تربیت شـده و کـارآمـد؛ ٥) ریگ؛ ٦) کج.

خارا: ١) جۆرێ پارچه‌ی به‌نرخ؛ ٢) بۆکار ئاماده‌بو: (چه‌رمه‌که **خاراوه**) [ف] ١) نوعی پارچهٔ قیمتی؛ ٢) آماده شده برای استفاده.

خاران: له‌کار ده‌رهاتن، ڕاهاتن له‌کار [ف] آماده برای انجام کار.

خاراندن: ١) راهێنان لەکار؛ ٢) سورکردنەوەی هەوڕ ف ١) آماده کردن برای کار؛ ٢) سُرخ کردن سُفال.
خاراو: ١) راهاتولەکار؛ ٢) ئیر باری سورەوەکراو ف ١) آماده شده برای کار؛ ٢) سُفال سرخ شده.
خارچك: قارچك، کوارگ، کارگ ف قارچ.
خارخار: لەت‌لەت، شەقار شەقار ف شرحه‌شرحه.
خارخارێن: گرێوەغار ف مسابقهٔ دو.
خاردار: دڕکاوی، بەچقل، دڕواوی ف خاردار.
خاردان: ١) غارکردن، راکردن؛ ٢) غاریێ کردن، وەغارخستن ف ١) دویدن؛ ٢) دوانیدن.
خارز: ١) هەرمێشک، هەورێشک؛ ٢) چێشتی میوانی کەلە ئاردو رۆن دەیکەن ف ١) ترید نان گرم و روغن؛ ٢) کاچی.
خارسك: ژنەگاور، ژنەفەلە ف زن مسیحی.
خارش: خورو، ئالۆش، خورانی لەش ف خارش.
خارشت: خارش، خورین، خرو ف خارش.
خارن: خواردن ف خوردن.
خارۆره: هەراو ئاژاوە ف آشوب و بلوا.
خارۆز: گەردانە کەلە گوێز دەی هۆنێنەوە ف گردن بندی که از گردوی نشکسته می‌سازند.
خاروف: کوپەی دەم گوشاد ف خُم دهانه‌گشاد.
خاروك: پێلاوی لەگیا چندراو ف پای‌افزار از گیاه بافته.
خارێز: ١) پرپولە؛ ٢) هێلکەو رۆن ف ١) آش عدس و ریزه‌نان؛ ٢) خاگینه.
خارین: خاران ف نگا: خاران.
خاریو: خاراو ف نگا: خاراو.
خاز: ١) سۆر، سۆر؛ ٢) کاردو، کاردی؛ ٣) جەغز، جغز؛ ٤) خوازا ف ١) قرمز؛ ٢) گیاهی است خوردنی؛ ٣) دایره؛ ٤) خواهان.
خازباز: قالۆچەی کەسك ف سوسك.
خازبێنی: خواستنی کچ، خوازبێنی ف خواستگاری.
خازتن: داواکردن ف طَلَب کردن.
خازخازۆك: خوازە لۆك ف گدامنش.
خازر: چۆمێکه لەکوردستان ف رودخانه‌ای در کردستان.
خازگینی: خوازبێنی ف خواستگاری.
خازما: بەتایبەتی ف بویژه.
خازوق: سنگێ کەدەکنگی تاوانباریان دەبڕی ف جریمه‌ای که در مورد بزهکار اعمال می‌کردند.
خازۆك: سەر سوالکەر، زۆرشت خواز، خوازەلۆك ف گدامَنش.
خازەلێ: خاجەرۆ، گەمەیەکی شەوانەی لاوانە ف نوعی بازی گروهی جوانان.
خازی: خوێز، زۆقم، ئالشت ف پژ، سرماریزه.
خازیبار: قالۆچەی کەسك کە بۆدار زیانی هەیە ف سوسك سبز.
خاژ: خلیسك ف لیز.
خاژبون: خلیسکان، هەڵ خلیسکان ف لیز خوردن.
خاس: ١) باش، چاك، رند، خۆ، تازە؛ ٢) کاهو؛ ٣) گزی، فێڵ ف ١) خوب، پسندیده؛ ٢) کاهو؛ ٣) فریب.
خاس بونەوە: لە نەخۆشی هەستانەوە، چاك بونەوە ف شفایافتن.
خاستر: چاکتر ف بهتر.
خاسکردن: چاکردن. چێ‌کرن ف درست کردن. اصلاح کردن.
خاسگەل: باشان، چاکان ف نیکوکاران.
خاسما: بەتایبەت ف بویژه، مخصوصاً.
خاسوك: فێلباز ف مُتقلّب.
خاسه: ١) مڵکی دەوڵەت؛ ٢) تایبەتی یەکێك: (**خاسه** تراشی پیرۆت)؛ ٣) هەڵبژاردە؛ ٤) گۆشتی پەراسو؛ ٥) پێچە وانەی زڕە: (**خاسه کەو**) ف ١) اموال و املاك دولتی؛ ٢) مخصوص کسی؛ ٣) برگزیده؛ ٤) عضلات بین دنده‌ها؛ ٥) مُقابل بَدَل، اصل.
خاسەرەنگ: ١) رەنگێ کە ناچێتەوە، رەنگێ کاڵ نابێتەوە، خۆڕەنگ؛ ٢) خاکێکی سوورە بۆدەرمان‌و بۆرەنگ دەبێ ف ١) رنگ ثابت؛ ٢) نوعی خاك قرمز رنگ که مصرف درمانی و رنگرزی دارد.
خاسەکی: تایبەتی ف ویژه.
خاسەیی: تایبەتی ف ویژه.
خاسی: باشی، چاکی، رندی ف خوبی، نیکویی.
خاسیەت: رەوشتی تایبەتی، کارتێکردنی تایبەتی بەخۆی ف خاصیّت.
خاش: ١) قاش، کوز، پارچەیەکی براو لەگندۆرەو شوتی‌و...؛ ٢) نقیمی ئەنگوستیلە؛ ٣) پڕوپوش؛ ٤) زۆر ورد ف ١) قاچ؛ ٢) نگین انگشتر؛ ٣) خَس و خاشاك؛ ٤) بسیار ریز.
خاشاڵ: چیلکەو چاڵ، پڕوپوش ف خس و خاشاك.
خاشخاش: ١) خاشخاشك، رەبەنۆك؛ ٢) پاوانەی بەزەنگوڵە ف ١) خشخاش؛ ٢) زیور پای زنان.
خاشه: ١) رۆشان؛ ٢) وردو تێك‌شکاو، خاش؛ ٣) پڕوپوش ف ١) خراش؛ ٢) خُرد و خمیر شده؛ ٣) خس و خاشاك.
خاشیل: شیوی گەنمەکوتاو کە رۆنی بەسەرا دەکەن، کەشکەکی سەربەرۆن ف آش گندم نیم کوب و روغن.
خافل: بێ‌خەبەر، های لێ‌نا. بێ‌خەوەر ف غافل.
خافلان: سەرقاڵی، ناگالێ بڕان ف سرگرم شدن.
خافلاندن: ١) سەرقاڵ کردن، سەرلێ‌تێك‌دان؛ ٢) فریودان ف ١) سرگرم کردن؛ ٢) فریب دادن.
خافور: والا، ناوبەتاڵ ف میان‌تهی.
خاف: ١) خاو، نەرێسراو؛ ٢) نەکوڵاو، لێنەندراو؛ ٣) نەگەیشتو، کاڵ ف ١) تاب نخورده؛ ٢) ناپُخته؛ ٣) کال، نارسیده.
خاقر: گیایەکە دەرمانی مایەسیرییە ف گیاهی است داروی بواسیر.
خافك: ١) کەلەکە، خاڵیگە؛ ٢) کوتالی رزیوی دڕاو؛ ٣) دەسماڵی تەنکی سەری ژنان ف ١) تُهیگاه؛ ٢) پارچهٔ پوسیده؛ ٣) روسری نازك زنانه.
خاقلو: خاولی ف هوله.

خاقە: پێستی لەدەباغ نەدراو، پێستی خاو ف پوست دباغی نشده.

خاقە کی: لەسی خاوی داهێزاو ف تن سست و بی‌حال.

خاك: ئاخ، خوڵ ف خاك.

خاکاوی: تۆزاوی، خوڵاوی ف خاك‌آلود.

خاکبازی: گاڵتە بەخوڵ کردن، گەمەکردنی منالان بەخوڵ ف خاك‌بازی.

خاك بەتورەکە کێشان: برێتی لەوڵات وێران کردن و لەبەین بردن ف کنایە از ویران کردن آبادی.

خاك‌بێژ: کەو، سەرەند، هەرچی خوڵی پێ‌دابێژن ف سرند.

خاك‌ڕن: خێسك لەسێوەرددان ف صاف و هموار کردن زمین شخم شده.

خاك‌ری: خوڵەکەوە، خوڵەمێش ف خاکستر.

خاکرێز: بەخوڵ قولکە پڕکردنەوە ف خاکریز.

خاکسار: خاکەسەر، بەلەنگاز، هەژار، بێچارە ف خاکسار.

خاکسەر: خوڵەمێش، خوڵەکەوە، خوڵی ف خاکستر.

خاکشیر: گیایەکە دەڵێن دەرمانە ف خاکشیر.

خاك‌نشین: خاکسار ف خاکسار.

خاك‌وپا: کەوش و لاق ماچ کردنی گەوران ف پابوسی.

خاکە: ۱) وردەو تۆزی قەندو خەڵوزو...؛ ۲) جورێ پێشکە ف ۱) خاکە؛ ۲) نوعی پشە.

خاکەچەرمگە: گلەسپی کە بۆسواغی دیواری وەتاغی دەکار دەکەن ف نوعی خاك سفید کە دیوارها را با آن سفید کنند.

خاکەرۆ: ماڵینی بن خەرمان، گەسکدانی ژێر بەیدەر ف خاك‌روبی جای خرمن.

خاکەرۆك: خاکەرۆ ف نگا: خاکەرۆ.

خاکەری: خاك‌ری ف خاکستر.

خاکەساری: بەلەنگازی، قەرەبەختی، کلۆڵی ف خاکساری.

خاکەلێوە: ۱) سەرەتای بەهار؛ ۲) هەوەل مانگی بەهار ف ۱) اوایل بهار؛ ۲) فروردین ماه.

خاکەناز: ۱) مەدونە، بێلۆکەی خوڵەمێش دەردان؛ ۲) پێمەڕە، بێڵی ئاسن ف ۱) خاك‌انداز؛ ۲) بیل.

خاکەناس: پێمەڕە، بێلاسن ف بیل.

خاکەنداز: خاکەناز ف نگا: خاکەناز.

خاکی: ۱) بەرەنگی خوڵ، بۆرەلۆکە؛ ۲) برێتی لەمرۆی بێ‌فیزو خۆ بەزل نەزان ف ۱) بەرنگ خاك؛ ۲) کنایە از آدم بی‌افادە.

خاگ: خاو، نەکولاو، نەگەیشتو ف خام.

خال: ۱) بـرای دایك؛ ۲) نیشـان، نوختـەی سەرپێست ف ۱) دایـی؛ ۲) خال پوست.

خاڵ: ۱) لالۆ، لالە، بـرای دایك؛ ۲) نوختـەی سەرپێست؛ ۳) نوختە؛ ۴) رەشانگی ناوبەفر: (**خاڵ بەڵەك**)؛ ۵) لەدوای وشە بەمانای: بەتاڵ، والا: (خشت‌وخاڵ) ف ۱) دایی؛ ۲) خال پوست؛ ۳) نقطە؛ ۴) زمین خال‌خالی از برف؛ ۵) پسوند بە معنی تُهی.

خالان: عاشیرەتی خزمی دایك، هۆزی دایك ف خویشاوندان مادری.

خالانە: قسەی دڵخۆش کەرەی فاڵگرەوە ف پیش‌بینی فالبین.

خالانە: کاری ناشیرین و بێ‌شەرمانە ف اعمال زشت و ناپسند.

خاڵ بەڵەك: ۱) رەشانگی ناوەراستی بەفران؛ ۲) برێتی لە دوهەم مانگی بەهار ف ۱) زمین خال‌خالی از برف؛ ۲) کنایە از ماە اردیبهشت.

خاڵ بەندی: نوختە لەناو رستە دانان ف نقطە‌گذاری عبارات.

خالتیك: خوشکی دایك، پور ف خالە.

خاڵخاس: جوان، لەبەردڵ، بەدەو ف زیبا.

خاڵ خاڵ: پەڵەپەڵە، زۆرپەڵاوی ف خال‌خالی.

خالخـالـك: ۱) سیـڵ؛ ۲) خاڵخاڵۆکە، جانەوەرێکی چکۆڵەی سوری پانکەڵەبە خاڵی رەشی تێدان ف ۱) طحال، سپرز؛ ۲) کفش‌دوزك.

خالخالۆك: خاڵخاڵۆکە ف کفش‌دوزك.

خالخالۆکە: ۱) خالخالۆك؛ ۲) گولەستێرە ف ۱) کفش‌دوزك؛ ۲) کرم شبتاب.

خاڵدار: ۱) کەسێ یا حەیوانێ کە پەڵەی زۆری، پەبێستەوە بێت؛ ۲) ناوی گونـدێکە لە کوردستان ف ۱) جانوری کە بدنش خـال‌خالـی باشـد؛ ۲) نام روستائی در کردستان.

خاڵ کوت: کەسێ کە خاڵی دەسکرد لەپێست نەخش دەکا ف خالکوب.

خاڵ کوتان: کاری خاڵکوت ف خالکوبی.

خاڵۆ: برای دایك، لالۆ ف دایی.

خاڵو: خالۆ ف دایی.

خاڵۆ: خالۆ ف دایی.

خاڵوان: خالان ف خویشان مادر.

خاڵۆزا: فرزەندی خاڵ ف دایی‌زادە.

خاڵوزازا: نەوەی خاڵ ف نوە دایی.

خاڵۆزە: کوێرو، بەڵایەکی گەنمە رەشی هەڵدەگیرێ ف سیاهك آفت گندم.

خاڵۆژن: ژنی برای دایك، لالۆژن ف زن‌دایی.

خاڵـومیل: ۱) نەخشی مل‌و سینگی کەو؛ ۲) برێتی لە بەخـۆدا هاتن‌و جوانتر بونی دڵبەر؛ ۳) رەش کردنی توێڵی منالی ساوا لەترسی چاوزار ف ۱) الوان گردن و سینۀ کبك؛ ۲) کنـایە از دلـربا شدن معشـوق؛ ۳) سیاه کردن پیشانی نوزاد از ترس چشم‌زخم.

خاڵە: ۱) وشەی بانکردنی برای دایك؛ ۲) وەستای ئاسنگەر ف ۱) کلمۀ خطاب بە دائی؛ ۲) آهنگر.

خاڵەخەمە: کەسێ کە لەخەمی هەموکەس دایە ف دلسوز و غمخوار همگان.

خاڵەڕەشە: گیایەکە لە کەرەوز دەکاو دارکەکەی رەشە ف گیاهی است شبیه کرفس با ساقەهای سیاه رنگ.

خالی: مافوور، قالی ف قالی.

خاڵی: والا، بەتاڵ، بێ‌ناوك، بێ ناوەرۆك ف تهی.

خالیچە: مافووری بچوك ف قالیچە.

خاڵی‌خاڵی: گەمەیەکە پیاو یا ژن دەگەڵ منداڵی دەکەن ف نوعی بازی با بچەها.

خالیس: پاك، بێ‌خەوش، ساف ف خالص.

خالّیگه: که‌له‌که، برك، قه‌برّغه ف تهیگاه.

خام: ۱) خاو، نه‌ریّسـراو؛ ۲) نه‌کـولاو؛ ۳) قه‌نه‌وز، پارچه‌یه‌کی ینه‌وشه، خامه‌ك؛ ۴) قوماشی سپی بوّ کراس و ده‌رپیّ؛ ۵) بریّتی له فه‌قیروّکه‌و که‌م‌زان؛ ۶) چه‌رمی خوّش نه‌کراو، چه‌رمی خاو ف ۱) تاب نخورده؛ ۲) خام، نپخته؛ ۳) قناویز؛ ۴) مِتقال؛ ۵) کنایه از ساده‌لوح؛ ۶) چرم دبّاغی نشده.

خاما: کچ عه‌زه‌و، کیژیّ که وه‌ختی شوکردنی هاتگه ف دختر دم بخت.

خاماجی: خالّتیك، خوشکی دایك ف خاله.

خامبا: خانه‌با، ئاوسانیّکی که‌می بیّ برین ف اندك ورم پوست.

خامك: به‌لّمی کونجی، کای کونجی ف کاه کُنجد.

خاموّ: بانگردنی پیاوی گیّلوّکه به ته‌وسه‌وه ف خطاب کردن شخص هالو.

خاموّخ: یه‌که‌م جارئاودانی زرعات ف اولین آبیاری زراعت.

خاموّز: خاموّخ ف نگا: خاموّخ.

خاموّش: ۱) جیّگه‌ی نه‌نیاو بیّ‌هه‌راو زه‌نا؛ ۲) مروّی مات و بیّده‌نگ؛ ۳) ته‌مـرانی ئاگر، وه‌کـوژانی ئیّگـر ف ۱) جـای دِنـج؛ ۲) شخص کم‌حـرف؛
۳) آتش خاموش.

خامـوّش بون: ۱) بیّده‌نـگ بـون؛ ۲) کوژانـه‌وه‌ی ئایه‌ر ف ۱) ساکت شدن؛ ۲) خاموش شدن آتش.

خاموّش کردن: کوژاندنه‌وه‌ی ئاگر ف خاموش کردن آتش.

خاموّشی: بیّده‌نگی ف سکوت.

خاموّغ: هه‌وه‌لّین ئاودانی زه‌رعات ف اولین آبیاری کشتزار.

خامه: ۱) قه‌لّه‌م، قه‌ره‌م، ئالاّ، بنوس؛ ۲) توّلّ، شوّلّ ف ۱) قلم؛ ۲) ترکه.

خامـــه‌ك: قه‌نـه‌وز، خام، پارچـه‌یه‌کی بنـه‌وشی ئامـالّ سوّره له‌ره‌نگی ئه‌رخـه‌وان ده‌کـا: (یاخـوا لیّت ممبـاره‌ك بیّ تافتـه‌و **خامه‌ك**و خارا) «فولکلور» ف قناویز.

خامه‌کی: به‌ره‌نگی خامه‌ك ف به رنگ قناویز.

خامینه: کالّه‌ی چه‌رمی خاو ف پاتابه از چرم خام.

خان: ۱) نازنـاوی ده‌سه‌لاّت داران؛ ۲) شویّن شویّنی ناو لوله‌ی چه‌کی گه‌رم؛ ۳) کاروانسـه‌را ف ۱) خـان، لقب قدرتمنـدان؛ ۲) خان تفنـگ؛ ۳) کاروانسرا.

خان‌باجی: خوشکی میّرد، شوّخوشك ف خواهرشوهر.

خان‌چی: کاروانسه‌رادار ف کاروانسـرادار.

خان‌خان: ۱) چاوه‌چـاوه‌ی چکـوّلـه له هه‌زار پیشـه‌دا؛ ۲) خه‌ت‌خه‌تی چوارگوّشـه له‌ته‌خته‌ی دامه‌و شه‌ترنج دا ف ۱) و ۲) خانه خانه‌های متعدد و پهلوی هم روی صفحهٔ شطرنج و...

خان خانه‌کیّ: حوکمات کردنی سه‌ر هوّزان ف خان‌خانی.

خاندوك: بنی گیایه‌که ف ریشهٔ گیاهی است.

خانـك: ۱) پنـه، ته‌خته‌یه‌که ئه‌نگوتکی له‌سه‌ر پان‌ده‌که‌نه‌وه؛ ۲) زه‌میله، زه‌نبیله؛ ۳) خانوُ، مالّ ف ۱) تخته‌ای که چونه را برآن پهن کنند؛ ۲) زنبیل؛ ۳) خانه، سرا.

خانگ: مالّ، خانو ف خانه، سرا.

خانگار: خانه‌نشین و له پیری له کار که‌وته ف پیر خانه‌نشین.

خانم: ۱) وشـه‌ی ریّز بوّ ژن؛ ۲) ئه‌ی گه‌وره‌ی من! ف ۱) خانم، کلمـهٔ احترام برای زنان؛ ۲) بُزرگِ من!

خانم‌بی: له‌رزانه، خشلّیّکی سه‌ری ژنانه ف زیوری است زنانه.

خانوُ: مالّ، خانگ ف خانه، سرا.

خانوُبه‌ره: خانوُی گه‌وره ف خانهٔ بزرگ.

خانوُت: ۱) جوّلاّ؛ ۲) کاری جوّلاّ، جوّلاّیی ف ۱) جولا؛ ۲) پیشهٔ جولا، جولایی.

خانوچکه: مالّوکه‌ی له‌خوّلّ که منداڵان له‌گه‌مه‌دا سازی ده‌که‌ن ف خانه گلی که کودکان سازند.

خانوُله: خانوچکه ف نگا: خانوچکه.

خانومان: شوّخ و شه‌نگ، جوان و دلّگر ف شوخ وشنگ.

خانه: ۱) مالّ؛ ۲) چـاوه‌ی هه‌زارپیـشه؛ ۳) خه‌ت‌دراوی چـوارگوّشه ف ۱) خانه؛ ۲) خانه‌خانه‌های پهلوی هم؛ ۳) چهارگوشه.

خانـه‌بـا: ۱) بریّتی له جوُلّـه‌و بزوتنـه‌وه‌ی سه‌بری ئه‌ندام؛ ۲) ئه‌ستور بونیّکی که‌م، خانه‌ما ف ۱) کنایه از حرکت آرام اندام؛ ۲) وَرَم اندك.

خانه‌خانه: خان‌خان ف نگا: خان‌خان.

خانـه‌بگیر: که‌سیّ که ده‌مـالّه خوّیدا یه‌خسیری بکه‌ن ف کسی که در خانهٔ خود دستگیرش کنند.

خانه‌به‌کوّلّ: ره‌به‌ن، بیّ‌مالّ‌وحالّ ف خانه‌به‌دوش.

خانه‌بیّزار: له‌مالّه خوّی وه‌ره‌ز ف از خانه خود بیزار.

خانـه‌خـراپ: ۱) مـالّ‌ویّـران؛ ۲) بریّتـی له بیّ‌به‌خـت‌و کلوّلّ ف ۱) خانه‌خراب؛ ۲) کنایه از بدشانس.

خانه‌خویّ: خاوه‌نی مالّی به‌میوان ف میزبان.

خانه‌خویّگ: خانه‌خویّ ف میزبان.

خانه‌دان: ۱) نه‌جیم‌زاده، بنیچـه عه‌سلّ؛ ۲) مالّی گه‌وره‌ی به‌میوان ف ۱) نجیب‌زاده؛ ۲) خانهٔ بزرگ پُرمیهمان.

خانه‌زا: نوّکه‌ر که له‌مالّه ئاغاکه‌ی‌دا له‌دایك بو بیّ ف خانه‌زاد.

خانه‌زاد: خانه‌زا ف خانه‌زاد.

خانه‌زاو: خانه‌زا ف خانه‌زاد.

خانه‌زای: خانه‌زا ف خانه‌زاد.

خانه‌ژوُره: وشه‌ی داکردنی مریشك که بچنه کولانه‌وه ف جاجا، کلمهٔ راندن مرغ به لانه‌اش.

خانه‌شاری: ده‌س به‌سه‌ر له مالّه‌خوّیدا، ژیّر چاویّری پیاوی ده‌وله‌ت ف تحت‌المراقبه، تحت نظر.

خانه‌قا: ده‌رویّش‌دان، سوّفی‌گه، ته‌کیه ف خانقاه.

خانه‌کولانه: خانه‌ژوُره ف جاجا.

خانه‌کی: مالّی، که‌دی ف خانگی، اهلی.

خانه‌گا: خانه‌قا ف خانقاه.

خانه‌گومان: دلّ‌پیس له‌ژن ف از همسر بدگمان.

خانه‌میری: جوّریّ تریّ ف نوعی انگور.

خانه‌نشین: ۱) گرده‌نشین، که‌سیّ که له‌به‌رپیری یان نه‌خوّشی نه‌توانیّ

لەماڵ دەرکەوێ؛ ٢) کەسێ بەحوکمی دەوڵەت نەتوانێ لەماڵ دەرکەوێ ف ١) افتاده و خانەنشین؛ ٢) تحت نظر دولت.

خانەوادە: ١) ماڵەگەورە؛ ٢) تیرەو تایفە ف ١) خانۀ ثروتمندان؛ ٢) طایفه، عشیرت.

خانەوخان: ١) بانەوبان؛ ٢) ماڵەوماڵ ف ١) از بامی به بام دیگر پریدن؛ ٢) از خانه‌ای به خانۀ دیگر رفتن.

خانی: ١) ماڵ، خانو؛ ٢) کانی، سەرچاوە؛ ٣) نازناوی شاعیری بەناوبانگ ئەحمەدی خانی ف ١) خانه؛ ٢) سرچشمه؛ ٣) تخلص یکی از شعرای بزرگ کُرد.

خانێ: ١) شارێکە لە کوردستان؛ ٢) بانگ کردنی خانم بەحورمەتەوە ف ١) شهری در کردستان؛ ٢) صداکردن خانم با احترام.

خانیان: هۆزێکی کوردە کە *خانی شاعیر* سەربەوە ف عشیرتی است که «خانی» شاعر کرد از آن طایفه است.

خاو: ١) خەو، نوستن؛ ٢) سستو بێ‌هێز؛ ٣) نەکوڵاو؛ ٤) جێگەی ماڵاتو یەکسم لە زستاندا کە قەڵەو بکرێ؛ ٥) نەگەیشتو، کاڵ؛ ٦) نەرێسراو؛ ٧) چەرمی خۆش نەکراو؛ ٨) بنەمای کەرستە؛ ٩) گیاوگوڵێکی زۆر بۆن‌خۆش: (لەکن وەنەوشەو خاوو هەڵاڵو بەیبوونی / هەڵاڵی پێستەیی خاوە عەبیرو موشکی خەتا) «حاجی»؛ ١٠) پارچە گۆشتێکە لەناو ریخۆڵاندا. دەبرژێندرێ؛ ١١) پرزەی شاڵ و قاڵی ف ١) خواب؛ ٢) سُست، بی‌حال؛ ٣) نپُخته؛ ٤) جای پروردن پرواری؛ ٥) کال، نارس؛ ٦) نتابیده، ناتنیده؛ ٧) چرم دبّاغی نشده؛ ٨) موادخام؛ ٩) گُل گیاه بسیار خوشبوی؛ ١٠) قطعه‌ای گوشت عضلانی در احشای بدن؛ ١١) پرز شال و قالی.

خاوالی: خەواڵو ف خواب‌آلود.

خاوان: ١) مژول بون؛ ٢) خۆخافڵاندن ف ١) مشغول شدن؛ ٢) خود را سرگرم کردن.

خاواندن: مەشغوڵ کردن، خافڵاندن ف مشغول کردن.

خاوانن: خاواندن ف سرگرم کردن.

خاوانە: فرێت، داوی پۆ لەتەوندا ف پود قالی.

خاوبونەوە: ١) شل بونەوەی بادراو؛ ٢) برێتی لە شل‌بونەوە لە کارێک؛ ٣) نەرم‌بونی چەرمی وشک‌هەڵاتو لە ئاودا ف ١) تاب برگشتن، خام‌شدن؛ ٢) کنایه از بی‌حوصله‌شدن؛ ٣) نرم شدن چرم خشک.

خاوبەر: نیوەبادراو، تەواو بانەدراو ف نیم‌تابیده.

خاورون: هێلکەورون ف نیمرو.

خاورۆن: هێلکورون، خاورۆن ف نیمرو.

خاوزان: لێکدەرەوەی خەون ف تعبیرکنندۀ خواب.

خاوس: خواس، پێخواس، بێ‌پێڵاو ف پای برهنه.

خاوک: ریسێک کە درەنگ باودەخوا ف رشته‌یی که به سختی تاب می‌خورد.

خاوکردنەوە: ١) تماندنی چەرم لەئاودا، خوساندنی چەرم؛ ٢) لەبادراوی رەواندنەوە ف ١) خیساندن چرم در آب؛ ٢) خام کردن تابیده.

خاوکەر: قامێکی زۆر بەناوبانگە ف از آهنگهای مشهور کردی.

خاوکەرەوە: ١) شل کەرەوە لە مەبەست؛ ٢) چەرم بەئاو نەرم‌کردنەوە؛ ٣) بادراو خاوکردنەوە ف ١) از تصمیم منصرف کننده؛ ٢) چرمِ در آب خیسانده شده؛ ٣) تابیده را به خامی برگردانده.

خاولی: پشتەماڵ، مەرحەمە ف حوله.

خاون: خاوەن، خودان، خێو، ساحێب ف صاحب، خداوند.

خاونامە: کتێبی خەون لێکدانەوە ف کتاب تعبیر خواب.

خاوخلیچك: ١) شل‌وول، نەبەگە؛ ٢) تام ناخۆش و لیچق ف ١) شُل و ول؛ ٢) لَزِج و بدمزه.

خاوخلیسك: خاو و خلیچك ف نگا: خاوخلیچك.

خاوخێزان: ژن‌و منداڵ، وردەو یەخسیر، هەمو خەڵکی ماڵ ف همۀ افراد خانواده.

خاوە: ١) پیتاکی میری؛ ٢) کەرانە، قەرەبوی ماڵە پەشیمانی؛ ٣) سەرانە بۆ شەلاتی زۆردار؛ ٤) لکی تازەلەلق ف ١) باج؛ ٢) پول پرداختی بدلیل پشیمانی از معامله؛ ٣) باج سبیل؛ ٤) جوانه تازه بیرون زده.

خاوەخاو: ١) تەمەڵی و خۆدزینەوە لەکار؛ ٢) برەی تەون؛ ٣) گیای خاو کە مەشکەی پێ دەهەنون ف ١) تنبلی و شُل‌بازی؛ ٢) کُرك اضافۀ قالی؛ ٣) گیاهی است.

خاوەر: ١) خۆرهەلات، رۆژهەلات؛ ٢) ناوە بۆژنان ف ١) خاور، مشرق؛ ٢) از نامهای زنان.

خاوەرزەمین: ولاتی رۆژهەلاتی ف مشرق‌زمین.

خاوەمێ: ماستی شلی شیرنەکولاو بۆ مەشکە ف ماست آبکی مخصوص مشك.

خاوەن: خاون ف صاحب.

خاوەناش: ١) ئاشەوان، ئاسیاوان؛ ٢) فریوی‌دا، هەڵی‌خەڵەتاند ف ١) آسیابان؛ ٢) او را فریب داد.

خاوەن‌چاکە: خێرەومەند، بەپیاوەتی ف نیکوکار، خیّر.

خاوەند: خاون ف صاحب.

خاوەندار: بەساحێب ف دارای صاحب.

خاوەنداری: سەرپەرشتی ف سرپرستی.

خاوەن‌زۆر: بەدەستەلات، توانا ف قدرتمند، بانفوذ.

خاوەن‌شکۆ: نازناوی پاتشایانە ف لقب پادشاهان.

خاوەن فەرمان: ١) دەسەلاتدار؛ ٢) خاوەن‌کار ف ١) فرمانروا؛ ٢) کارفرما.

خاوەن‌قەرز: کەسێ قەرز دەدا بەقەرزدار ف بستانکار.

خاوەن‌کار: کەسێ کەکار بەکرێکاران دەکا ف کارفرما.

خاوەن‌ماڵ: ١) خانەخوێ؛ ٢) ساحێب‌خانو ف ١) میزبان؛ ٢) صاحب‌خانه.

خاوەن‌ناو: بەناوبانگ، بەناوودەنگ، مەنشور ف مشهور.

خاوی: ١) شلی‌و تەنبەڵی؛ ٢) کاڵی، نەگەیشتویی؛ ٣) نەکولاوی ف ١) شُلی، تنبلی؛ ٢) خامی، نارسی؛ ٣) ناپختگی.

خاوێر: خەو بردنەوە، نێوان بێداری‌و خەو ف پینکی.

خاوین: خەوخەو، کەسێ کە زۆر دەخەوێ ف پرخواب.
خاوێن: پاك، پاقژ، تەمیس ف پاکیزە.
خاوێنی: پاکی، پاقژی، پاکژی، تەمیزی ف پاکیزگی.
خایاندن: پێچونی وەخت: (ئەمکارە دوورۆژی **خایاند**) ف صرف وقت کردن.
خایانن: خایاندن ف صرف وقت کردن.
خاین: غەیان، بێ بەخت ف خائن، خیانتکار.
خایە: ۱) هێلکەی مەل، خا؛ ۲) هێلکەی گون ف ۱) تخم پرندە؛ ۲) بیضە.
خایەرۆن: خاورۆن، هێکورون، هێلکەورۆن ف نیمرو.
خایەن: غەیان، بێ بەخت ف بدشانس.
خایەنراو: وەدرەنگ کەوتوُ ف بەتأخیر افتادە.
خایەومــایە: هەرچی هەیە، هەست و نیست، هەرچی داراییە ف هرچـە هست، همەچیز.
خایینە: خاوورۆن ف خاگینە.
خپ: کزومات، بێ دەنگ و بێ بزوتن ف ساکت و بی حرکت.
خپر: ۱) کۆڵینەوە؛ ۲) کۆڵین ف ۱) و ۲) کنکاش.
خپـشـەمـلـە: ۱) ملهوڕ، ملئەستـوُر؛ ۲) زۆردارو لەخـۆ بـایی ف ۱) گردن کلفت؛ ۲) توانا و مغرور.
خپ کردن: بۆیەکجاری بێدەنگ کردن، برێتی لە کوشتن ف کنایە از کُشتن.
خپلاك: دەرکو پەنجەرەی شەق و شڕو لەکـارکـەوتـو ف در و پنجرۀ مستعمل و از کار افتادە.
خپلە: کورتەباڵای قەڵەو ف کوتولهٔ چاق.
خپــە: خۆ لەشتێك مات کردن، بەدزیەوە دەبـەرچـاو گرتن ف زیرنـظر داشتن، از زیر مراقب بودن.
خپەکردن: خۆمات کردن لە سوچێك ف آرام در گوشەای خزیدن.
خپهەڵاتن: بۆیەکجاری لەبزوتن کەوتن ف یکبارە از حرکت افتادن.
خت: ۱) خپ، بێ دەنــگ و جوُڵـــە؛ ۲) بێ هوُدەو خۆڕایی؛ ۳) وشــەی دەرکردنی پشیلە ف ۱) بی سر وصدا؛ ۲) بیهودە؛ ۳) کلمەای کە برای راندن گربە گویند.
ختتە: وشەی دەرکردنی پسیك ف کلمەایست برای راندن گربە گویند.
ختك: پشیلە، پشی، پسیك ف گربە.
ختکە: قانەقدی، قدیلکە ف قلقلك.
ختکی: ختکە ف قلقلك.
ختکینە: هانەدەر، دنەدەر ف تشویق کنندە.
ختل: خپلە ف کوتاەقد و چاق.
ختوُکە: ختکە ف قلقلك.
ختوُکەدان: قدیلکەدان ف قلقلك دادن.
ختولکە: ختکە ف قلقلك.
ختە: ختتە ف نگا: ختتە.
ختەخت: لێدانی دڵ لە نیگەرانی ف بەتپش افتادن قلب از نگرانی.

ختـەدان: ۱) بزاوتن، دنـەدان؛ ۲) قدیلکەدان ف ۱) تحریك و تشویق کردن؛ ۲) قلقلك دادن.
ختێ: ۱) پشیلە؛ ۲) قدیلکە ف ۱) گربە؛ ۲) قلقلك.
ختیرە: بەیسوس، بزوت، چوڵەچرا ف نیم سوز.
ختیك: چڵمی وشکەوە بو بەلوُتەوە، کەمێلە ف خلم.
ختیلکە: قدیلکە ف قلقلك.
ختێنە: ختەدان، بزاوتن ف تحریك.
خجڵ: خەریك ف سرگرم کار، مشغول.
خچ: دەرکراو لەبازی ف از بازی بیرون شدە.
خچان: دۆڕان ف باخت.
خچاندن: دوڕاندن ف باختن.
خچ خچ: وشەی دەر کردنی رەشە وڵاغ، وەحاوەحا ف واژەای برای راندن گلهٔ گاو و گاومیش.
خچۆخچۆ: وشەی بانگ کردنی رەشە وڵاغ بۆهێنانەوە ف واژەای برای خواندن گلهٔ گاو و گاومیش.
خدام: کارەکەر، کلفەت، جێری ف کُلْفَتْ.
خدامە: خدام ف کُلْفَتْ.
خدران: گونــدێکی کوردستـانــە بەعــسی وێرانی کرد ف روستـایی در کردستان عراق کە بە وسیلە بعثیها ویران شد.
خدرجیجــە: گونــدێکی کوردە بەعسی وێرانی کرد ف روستـایی در کردستان عراق کە بەوسیلە بعثیها ویران شد.
خدر وەلــی: گونــدێکی کوردە بەعسی وێرانی کرد ف روستـــایی در کردستان عراق کە بەوسیلە بعثیها ویران شد.
خدرەلیاس: شازدەی مانگی رەشەمە: (**خدرەلیاس** سەرما خەلاس) ف شانزدهم اسفند.
خدریك: گوندێکی کوردە بەعسی وێرانی کرد ف روستایی درکردستان عراق کە بەوسیلە بعثیها ویران شد.
خدوُك: قدیلکە ف قلقلك.
خدۆك: نەزیلە، کورتە چیرۆك ف داستان کوتاە.
خدوُکە: قدیلکە ف قلقلك.
خدە: خوُ، رەوشت، ئاکار ف خوی و روش.
خدێ: خدە ف خوی و روش.
خدیك: خدە ف خوی و روش.
خدیکە: قدیلکە ف قلقلك.
خڕ: ۱) کۆ، کۆم: (لـەچی **خڕ** بونەوە؟)؛ ۲) هەمو، گش؛ ۳) گر، گروُفەر: (تۆپی زەوی **خڕە**)؛ ۴) شتی کەمەیی: (کەللە بێژنگ **خڕە**)؛ ۵) ئاودڕ، جێ لافاو؛ ۶) شیوەڵە؛ ۷) گرێ لە پێستدا، هەڵتۆقین: (بن پیلم **خڕبوە** دەبێتــە کوان)؛ ۸) چوڵ، لەگەڵ خاڵی دەڵێن: (بیابانی **خڕو** خاڵی)؛ ۹) دەگەڵ خوڵ واتــا: جوان: (**خڕوخوڵ**) ف ۱) اجتماع؛ ۲) همگی، همە؛ ۳) کُروی، گِرد؛ ۴) دائرەمانند؛ ۵) آبکند، مسیل؛ ۶) درّهٔ تنگ؛ ۷) غدهٔ زیر پوست؛ ۸) مُترادف خالی؛ ۹) زیبا.
خەنەبەندان: کۆبوونەوەی شەوی پێش بووك بردن. کە خەنە دەگرنە دەستی *بووك* و *کیژان* ف مراسم شب قبل از عروسی.
خەنەتیفك: کریژەبەرد ف گُل سنگ.
خەنەران: خەندەران ف همواره خندان.
خەنەك: ١) خەندەك، خەرەند؛ ٢) خەنۆك ف ١) خندق؛ ٢) نگا: خەنۆك.
خەنەکچان: برێتی لە دامێن پاکی، بێ گوناحی ف کنایه از پاك دامنی.
خەنەڵ: بزنی شان‌وپیل بەرەنگی خەنە ف بزی که موهای شانه‌اش حنایی باشد.
خەنی: ١) بەئارەزو گەیشتو، کامڕەوا؛ ٢) پێکەنی، کەنی ف ١) کامران، کامیاب؛ ٢) خندید.
خەنیم: ١) دوژمن؛ ٢) دۆستی فاسقی ژنی کەسێك ف ١) دشمن؛ ٢) معشوق زن شوهردار.
خەنیکە: ١) قایشی نیر؛ ٢) شێوی شلەساواری ورد ف ١) یوغ‌بند؛ ٢) آش بلغور ریز.
خەنیلە: پیرخەنیلە، چێشتی وردەساواری تراو ف آش بلغور ریز.
خەنین: کەن، کەنین، پێخەنین ف خندیدن.
خەنینەوە: تریقانەوە، پێکەنینی بەقەو ف خنده با صدای بُلند.
خەو: ١) نوستن، دژی بێداری؛ ٢) خەون،شتێ کە لە خەوا دەبینرێ ف ١) خواب؛ ٢) رؤیا.
خەواتەمار: خەوی زۆر گران ف خواب بسیار سنگین.
خەوار: ١) کەسێ زۆر دەخەوێ، ئەوی زیاد دەنوێ؛ ٢) تەنبەڵ، تەمەڵ ف ١) پرخواب؛ ٢) تنبل.
خەوارە: هۆزێکی کوردە لە کوردستان ف عشیره‌ای کرد.
خەواڵو: چاو بەخەو، کەسێ لەخەو هەستابێ بەڵام خەو بەری نەدابێ ف خواب‌آلوده.
خەواندن: ١) نواندن، دەخەوکردن، خەفاندن؛ ٢) نەواندن، چەماندن ف ١) در خواب کردن؛ ٢) بر زمین خوابانیدن.
خەو بردن: لەخەو کردن، خەولێ ساندن ف از خواب محروم کردن.
خەو بردنەوە: دەخەو ڕاچون، خەولێ کەوتن، بەرانبەری بێدارمان ف به‌خواب رفتن.
خەو بەسەرچوون: لەخەواڵویی قوتاربون ف از خواب‌آلودگی رستن.
خەو بینین: خەو دیتن، لەخەودا دیتنی شت ف خواب دیدن.
خەوپەڕین: خەو بەسەر چوون، نەمانی خەواڵویی ف خواب از چشم پریدن.
خەوپەڕێن: کارێ یان شتێ کە داهێزانی خەو ناهێڵێ ف از بین برندهٔ خواب.
خەوتن: ١) نوستن، چوونەخەو، رازان؛ ٢) درێژ بوون، خۆڵەگەزدان ف ١) خفتن؛ ٢) دراز کشیدن.
خەوتنان: ماوەیەك دوای نوێژی شێوان، شەو کاتی خەوتن ف عِشاء.
خەوتوو: خەفتگ، نقستی ف خوابیده.
خەوتە: خەوخەو، خەوخۆش ف خوش‌خواب.
خەوتەقین: خەوزڕان، خەوپەڕین ف خواب پریدن.
خەوخان: وەرەزو سست بون ف سست شدن.
خەو خۆش: خەوگران، خۆش‌خەو ف گران‌خواب.
خەوخەو: کەسێ زۆر دەخەوێ ف کسی که زیاد می‌خوابد.
خەوداگرتن: خەو بەسەردا هاتن، هێرش هێنانی خەو ف سخت خواب گرفتن.
خەودیتن: رابردەی دەمی نوستن ف خواب دیدن.
خەور: ١) لێڵایی؛ ٢) دنیای بەتەم‌و مژ؛ ٣) ژەنگی تەنکی سەر ئاوێنە ف ١) کدر؛ ٢) فضای مه‌آلود؛ ٣) زنگار آینه.
خەو رۆژك: بەسەرهاتی بە درۆ گێڕانەوە ف تعریف سرگذشت دروغین.
خەوڕەوین: خەوپەڕین، خەوتەقین ف خواب‌پریدن.
خەوڕەوێن: خەوپەڕێن ف سبب پریدن خواب.
خەو زڕان: خەوپەڕین، لەخەو بێ‌بەش بوون ف بی‌خواب شدن.
خەو زڕین: خەوزڕان ف بی‌خواب شدن.
خەوزڕێن: خەوپەڕێن ف سبب پریدن خواب.
خەوسووك: لەخەوا لەسەر هەست، بەرانبەری خەوگران ف سبك خواب.
خەوش: ١) عەیب، کەمایەسی، خەش: (وەك زێڕی بێ‌خەوش وایە)؛ ٢) دەنکی چرووك‌و بێگانە لەناو دەغڵدا؛ ٣) خشڵ، زەنبەر ف ١) دَغَل؛ ٢) دانه‌های ناباب در غلّه؛ ٣) زیور.

خەوشێ: ناوە بۆژنان ف نام زنانە.

خەوقورس: خەوگران، بەرانبەری خەوسوك ف سنگین‌خواب.

خەوگا: جێ‌خەو ف خوابگاه.

خەوگران: خەرخۆش، کەسێ کەدێر لەخەو هەڵدەستێ ف گران‌خواب.

خەوگرتن: ۱) خەوداگرتن؛ ۲) خەولێ‌ساندن، بێ‌بەش کردن لە نوستن ف ۱) سخت خواب گرفتن؛ ۲) از خواب محروم کردن.

خەول: گلار، گل، تل، خلۆر ف غلت، تلو.

خەولان: گلاربونەوە، خلۆربونەوە، تل‌خواردن ف غلتیدن.

خەولاندن: تلۆر کردنەوە ف غلتانیدن، غلت‌دادن.

خەولێ: زەحف، زاف، فریە، گەلەك، خەیلێ، فرە ف بسیار، خیلی.

خەولێ کەوتن: دەخەو ڕاچون، نقستن، چاوچونە خەو ف بەخواب رفتن.

خەومەت: خزمەت، کاربۆکردن ف خدمت.

خەون: شتانێ کە لە خەوا دەبینرێن ف رؤیا.

خەونامە: کتێبی خەون لێکدانەوە ف کتاب تعبیر خواب.

خەون دیتن: دیتنی شتان لە خەودا ف خواب دیدن.

خەونوچکە: وێژنگ، وێژینگ، وەنەوز ف پینکی.

خەونی ئاڵۆز: خەوی بێ‌سەروبەر، پەرێشان ف خواب پریشان.

خەووك: ۱) خەوخەو، کەسێ کە هەمیشە کەیفی لە خەوتنە؛ ۲) گایەك کە لەکاتی کاردا دەخەوێ، خەفۆك ف ۱) همیشه آرزومند خواب؛ ۲) گاوی که هنگام شخم‌زنی بخوابد.

خەوهاتن: ئیشتیا لە نوستن بون ف خواب‌آمدن.

خەوە کوتکێ: خەوەنوچکە ف پینکی.

خەوەنوچکە: خەونوچکە ف پینکی.

خەی: ۱) وشەی خۆشەویستی، گیانە؛ ۲) وشەی هانەدان: (**خەی** ئەم‌کارە بکە)؛ ۳) چەند خۆشە، ئۆخەی؛ ۴) ئافەریم ف ۱) کلمهٔ دوست‌داشتن؛ ۲) کلمهٔ تشجیع؛ ۳) چه خوش است؛ ۴) آفرین.

خەیات: جل‌دور، بەرگ‌دور ف خیّاط.

خەیاتە: ۱) گشتەکی ئاوریشم: (زولفت **خەیاتەی** خاوە)؛ ۲) سورەساقە، زەرنەقوتە، بەچکە مەلیچکی توك لێ‌نەهاتگ ف ۱) نخ تاب‌دادهٔ ابریشمی؛ ۲) جوجه گنجشکِ پر درنیاورده.

خەیاتەکێش: دەرزی تایبەتی بۆ خەیاتە ف نوعی سوزن ویژهٔ نخ‌تاب دادهٔ ابریشمی.

خەیاتی: پیشەی جل‌دور ف خیّاطی.

خەیار: هاروێ، ئارو، ئاروێ ف خیار.

خەیارچەمبەر: بەری گیایەکە بۆدەرمان دەشێ ف از گیاهان داروئی.

خەیارچەمەر: خەیار چەمبەر ف از گیاهان داروئی.

خەیار دێمی: گوژاڵك ف هندوانهٔ ابوجهل.

خەیارشتنگ: خەیار چەمەر ف از گیاهان داروئی.

خەیارۆك: قونێر، جۆرێ کوانە کە زۆرتر لەقون‌و لا‌ان دێت ف نوعی دُمَل.

خەیارە: خەیارۆك ف نوعی دُمَل.

خەیارەك: خەیارۆك ف نوعی دُمَل.

خەیاڵ: ۱) فکر، بیر، هزر؛ ۲) شتی نەشیاو ف ۱) فکر؛ ۲) محال.

خەیاڵات: ۱) بیر و هزری زۆر؛ ۲) دەبیرەوە چون؛ ۳) فکری دورو نەشیاو ف ۱) افکار زیاد؛ ۲) در فکر فرورفتن؛ ۳) امر محال و ناممکن.

خەیاڵی: شتێ کە نەبوەو بەخەیاڵ دروست کراوە: (ئەم چیرۆکە **خەیاڵیە**) ف خیالی، افسانه.

خەیان: غەیان، بەرواڵەت دۆستی ناڕاست ف خائن.

خەیانن: خایاندن، ماوەبردن ف گذشت زمان.

خەیانەت: ناڕاستی لە دۆستی‌دا، غەدر، غەیانی ف خیانت.

خەیب: پیوار، نادیار ف غیب.

خەیبی: نادیاری، بەرپیوار، نەلەبەرچاو ف غیبی.

خەید: ۱) تورەیی، رك، رق؛ ۲) دەی‌خا، ئەی‌خات ف ۱) خشم؛ ۲) می‌اندازد.

خەیدۆك: هەمیشە تورەو ڕك هەستاو ف همیشه عصبانی.

خەیدی: تورە، رك‌هەستاو، قەڵس ف خشمگین.

خەیدین: تورەبون، قەڵس‌بون، رق‌هەستان ف خشمگین‌شدن.

خەیر: ۱) جگە، بێجگە؛ ۲) نە، نا، نەخێر ف ۱) جُز؛ ۲) خیر، نه.

خەین: جگە، بێجگە، بەجگە، جیالە ف بجُز.

خەیور: بەناموس، ناموس پارێز ف غیرتمند، غیور.

خەیویر: هەویر، خەمیر ف خمیر.

خی: خەریك‌بون، مژولی ف سرگرمی، اشتغال.

خێ: ۱) هەشتەم پیتی ئەلف‌و بێتکە؛ ۲) خوێ، خوا، نمەك؛ ۳) ئەریت، خو؛ ۴) فێ، نەخۆشی خوداری؛ ۵) ئارەقەی لەش، خوە ف ۱) حرف «ح» در الفبا؛ ۲) نمك؛ ۳) خوی و روش؛ ۴) بیماری صرع؛ ۵) عَرَق بدن.

خیا: یخ‌دانی وشتر: (هیشترێ **خیا** بکە) ف بر زانو نشاندن شتر.

خێ‌بەندان: خوێڵێن، جێگەی خوێ لەدەم زەریا ف نمکزار.

خیپ: ۱) کەل‌و پەلی فاڵگرەوە؛ ۲) بەردی نوك‌تیژی گەورە ف ۱) ابزار رمّالی و فالبینی؛ ۲) صخرهٔ نُك‌تیز.

خیپشنە: کورتەباڵای قەڵەو ف کوتولهٔ چاقالو.

خیپشە: باوەعەمرە، چلەنوك، باواقورەت ف کوتوله.

خیپك: فاڵگرەوە، تالع‌بین ف فالبین.

خیت: ۱) جغز لە زەوی. بۆ سوێنددان کە *لەناویە زیدیە کاندا باوە*؛ ۲) تەریقی، خەجاڵەتی؛ ۳) خوێڕی، بێکارە ف ۱) دایرهٔ بر خاك رسم شده؛ ۲) شرمندگی؛ ۳) بی‌عُرضه.

خێت: خەت، کێڕ، شوێن‌کێشان لەزەوی یان لە قاقەز ف کشه.

خیتك: وان، ئارەزو، هەوەس ف آرزو، هَوَس.

خیچ: ۱) فرۆ، ژەکی کولاو؛ ۲) خەت لە قاقەز یان لە زەوی؛ ۳) هێڵی جوت، خەتی جوت؛ ۴) خوێل،خێل؛ ۵) لار، خوار، چەوێل، چەوت، چەفت؛ ۶) خوشك، خوچ، خوار؛ ۷) پوچ و پوك؛ ۸) خچ، بۆ لێخورینی ماڵاتی بەرزە ف ۱) آغوز؛ ۲) کشه؛ ۳) اثر شخم‌زنی؛ ۴)

لو ج؛ ٥) کج؛ ۶) خواهر؛ ٧) پوك؛ ٨) واژه‌ای برای راندن گاو.

خێچ: لارو خوار، چه‌فت ف کج.

خێچان: دۆڕان له کایه‌دا ف باختن بازی.

خێچاندن: به‌زاندن له کایه دا ف شکست دادن دربازی.

خێچاو: دۆڕاو، ده‌رکراو له کایه‌دا ف بازنده.

خێچك: به‌ردی بازه‌ڵێن، توچك قه‌مچان ف شن‌های یه‌قول‌دوقول.

خێچ‌وپاچ: قیچه‌ڵ‌قاچ، خوارو خێچ ف کج‌وکوله.

خێچ‌وخوار: خێچ‌وپاچ ف کج‌وکوله.

خێخ: زبر، زۆر، نالوس ف زبر.

خیخك: شینۆك، جۆرێ قه‌زوانی ورد ف نوعی چاتلانقوش.

خێدار: فێدار، تۆشی نه‌خۆشی فێ ف صرعی.

خێ داری: نه‌خۆشی فێداری ف بیماری صرع.

خێر: ١) کاری چاکه؛ ٢) گۆشتی به‌خشینه‌وه به‌سه‌ر هه‌ژاراندا؛ ٣) وه‌رامی ناقابلی، نه، نا؛ ٤) قازانجی سه‌ودا؛ ٥) خه‌ت؛ ۶) سوێر ف ١) مُقابل شرّ، خیر؛ ٢) گوشت خیرات؛ ٣) نه، خیر؛ ٤) سود مُعامله؛ ٥) کشه؛ ۶) شور.

خێرا: ١) بلەز، به‌په‌له؛ ٢) به‌پێ، خۆش‌ڕۆ له‌ریگه؛ ٣) مه‌زبوت‌و چالاك له‌کار ف ١) باعجله؛ ٢) بادپا؛ ٣) چُست‌وچالاك.

خێرات: ئه‌وشتانه به‌چاکه له‌ڕای خودا ده‌درێن ف خیرات.

خێرات خانه: هه‌ژارخانه، جێ به خێو کردنی په‌ك که‌وتان ف نوانخانه.

خێراتن: به‌خێرهێنان، به‌خێراتن ف خوشامدگویی.

خێراقك: سوێراو، ئاوی شۆر، کانیاوی سوێر ف آب شو

خێراندار: خاوه‌ن چاکه ف صاحب احسان.

خێراو: ئاوی ساردی خواردنه‌وه به به‌لاش ف آب سرد خیریه.

خێرایی: مه‌زبوتی، گورج‌و گۆڵی، به‌گورجی ف چستی، چالاکی.

خێرته: ١) به‌یاری قه‌ت نه کێڵدراو؛ ٢) ناوی گوندێکه له کوردستان ف ١) زمینی که هیچ وقت کاشته نشده باشد؛ ٢) نام روستایی است.

خێرخوا: چاکه‌کار ف خیرخواه.

خێرخواز: خێرخوا، چاکه‌کار ف خیرخواه.

خێرخێر: ڕێ‌ڕێ، قوماشی خه‌ت‌خه‌ت ف پارچهٔ راه‌راه.

خێردار: به به‌ره‌که‌ت، به‌قازانج ف دارای برکت.

خێردانه‌وه: به‌هره‌دان‌و زه‌ووزوکردنی ماڵاتی کڕدراو ف سودبخشی دام خریداری شُده.

خێرده‌ره‌وه: ماڵـێکـی کڕاو که به‌هـره زۆر بدات ف خریده‌ای که سودبخش باشد.

خێردیتن: به‌هره پێ‌گه‌یشتن ف سودبردن.

خیرك: خۆره، نه‌خۆشیه‌کی پیسه ف بیماری آکله، خوره.

خێرکار: خێره‌ومه‌ند ف نیکوکار.

خێرکردن: ١) به‌خشین به‌پیاوه‌تی‌و بێ قه‌ره‌بو؛ ٢) قازانج له‌سه‌ودا بردن ف ١) احسان کردن؛ ٢) سودبردن از معامله.

خێرّو: خوێڕی، بێکاره، خۆڕی، هیچ له‌ده‌ست نه‌هاتگ ف بیکارهٔ بی‌ارزش.

خێرۆ: خێرۆك ف نگا: خێرۆك.

خێروبێر: خێر و به‌ره‌که‌ت ف خیر و برکت.

خێرۆك: ده‌خـڵـێ له‌تـۆمـی ڕژاوی پار هه‌ڵی دابێتـه‌وه ف غلّه‌ای که از تخم‌های پراکندهٔ سال پیش روید.

خیره: فاڵگره‌وه، تاڵح‌بین، فاڵچی ف فالبین، رمّال.

خێرهاتن: به‌خێراتن، خێراتن ف خوش‌آمدگوئی.

خـیـره‌ت: ١) ئازایـی؛ ٢) پیـاوتـی؛ ٣) نامـوس ف ١) شجـاعـت؛ ٢) مردانگی؛ ٣) ناموس.

خێره‌ومه‌ن: چاکه‌کار، به‌خشنده له‌ڕای خودا ف نیکوکار.

خێره‌ومه‌ند: خێره‌ومه‌ن ف نیکوکار.

خێره‌وده‌ر: خێر ده‌ره‌وه ف خریدی که سودبخش باشد.

خێڕی: خوێڕی، خۆڕی ف بیکاره و بی‌ارزش.

خیز: ١) زیخ، چه‌و، ورکه‌به‌رد؛ ٢) حیز، گانده‌ر؛ ٣) ترسه‌نۆك، ترسنۆك، ترسـونـه‌ك؛ ٤) جۆرێ کڵاوی پیاوان؛ ٥) جێگه‌ی خلیسکان ف ١) شن؛ ٢) نگا: گانده‌ر؛ ٣) ترسو؛ ٤) نوعی کلاه مردانه؛ ٥) جای لیز.

خـیـز: ١) زۆرك، ده‌شتی به‌کـه‌ندو بلـنـدایی، زه‌وی به‌گردولکه‌و قوڵکه؛ ٢) خشڵ‌و زه‌نبه‌ر؛ ٣) تۆراو، زیز، زوێر؛ ٤) تۆران، ره‌نجان، زیزبوون؛ ٥) هێڵ، خه‌ت، کێڕ؛ ۶) خۆشـانـدان: (خالان خێزیان کرد) ف ١) تپه‌ماهور؛ ٢) زیور؛ ٣) رنجیده؛ ٤) رنجش؛ ٥) کشه؛ ۶) نمایان شدن، آشکارگشتن.

خیزار: گرده‌بڕ، شه‌قه‌مشار، هه‌ڕه‌ی زه‌لامی دوکه‌سی ف ارّهٔ دونفره.

خیزاف: زۆخاو، کێم‌و خوێنی برین ف ریم‌و خونِ زخم و دُمَل.

خیزان: خیزاف ف ریم و خونِ زخم و دُمَل.

خـیـزان: ١) ماڵ‌و مناڵ؛ ٢) نان‌خۆری مـاڵ؛ ٣) که‌یوانو، ژن بۆ مێـرد؛ ٤) هه‌ژارو نه‌دار؛ ٥) حه‌کیمی فێداران ف ١) زن و بچّـه؛ ٢) افراد خانواده؛ ٣) زن نسبت به شوهرش؛ ٤) فقیر؛ ٥) طبیب بیماری صرع.

خێزاندار: خاوه‌نی نان‌خۆری زۆر ف عیالوار.

خێزاو: ١) هه‌ڵکشـانی ئاوی چه‌م‌و ده‌ریا به‌هۆی مانگه‌وه؛ ٢) شه‌پۆلی چکۆڵه‌ی چه‌م ف ١) مدّ دریا و رودخانه؛ ٢) موج کوچك.

خیزخـۆر: به‌ستێن، گوێ چه‌م که لافـاوی له‌سـه‌ر کشاوه‌ته‌وه ف کنار رودخانه که سیل از آن فروکش کرده.

خیزك: جه‌غز، جغز ف دایره.

خیزه: ١) خیگه، هیزه، پێسته‌ی ڕۆن‌تێکردن؛ ٢) نیخه، ده‌نگ له‌سنگه‌وه هاتنی نه‌خۆش ف ١) خیك؛ ٢) خش‌خش نفس بیمار.

خیزه‌ر: لکی تازه ده‌رچوی دار ف شاخهٔ تازه برآمدهٔ درخت.

خیزه‌ره: هه‌لاش، چرپی‌و پوشی سه‌رداره‌ڕاو ژێر قوره‌بان ف انبیره.

خێزه‌ره: به‌شـوێن یه‌کتـردا هاتنی زینـدوی له‌ش: (ئـه‌سپێ خێزه‌ره‌ی به‌ستبو) ف ا[illegible]هی حشرات بر تن آدمی.

خیزه‌لان: شوێنێ که زیخ‌و چه‌وی زۆره ف شنزار.

خـیـزیـان: ١) هه‌ستان، ڕاسته‌وه‌بوون له‌به‌ر یه‌کێـك، ئاخێز کردن، ڕابوون؛ ٢) هه‌راش‌بوون، بالاکردن ف ١) برخاستن؛ ٢) نمو کردن.

خیس: ۱) روگرژ، روناخۆش؛ ۲) نیخەنیخ ف ۱) ترش‌رو؛ ۲) خِش‌خِش سینه.

خێس: ۱) دەم‌و لەوس خوار؛ ۲) مل خوار ف ۱) کج دهان؛ ۲) گردن کج.

خیسار: خۆس، خوسار، زوقم ف پژ، سرماریزه.

خیسکە: پیازی وردی چاندن ف پیاز کاشتنی.

خێسە: ۱) بەگۆشەی چاو ڕوانین بەتوڕەیی؛ ۲) ئاوڕدانەوە هەر بەمل ف ۱) چشم آغیل؛ ۲) سر برگردانیدن.

خیسەخیس: نیخەنیخ، خڕخڕی سینە ف خِش‌خِش سینه.

خیسەڵان: خلیسك، شوێناشەمتین ف لیزگاه.

خێش: ۱) شەنەی دەم بەقولاپ کەشتی گرانی لەلای سەرەوەیێ دادەگرن؛ ۲) ڕاکێش، بەزەویداکشان؛ ۳) وە درەنگ کەوتن ف ۱) چنگك مخصوص پائین آوردن جسم سنگین؛ ۲) بر زمین کشیده شدن؛ ۴) دیر شُدن.

خێشاندن: وە درەنگ خستن، تەمەڵی کردن ف اهمال کردن.

خێشك: تەختەی ڕێك‌و لوس کردنی شێوەرد ف ماله صاف کردن شُخم، هبد.

خیش کردن: پیش خواردنەوە ف از شدت خشم لب فروبستن.

خێش کردن: بەسەر زەویدا ڕاکێشان ف بر زمین کشیدن.

خێشکە: لەسەرقنگ خزین ف بر باسن حرکت کردن.

خیشەخیش: هەناسە سواری ف نفس‌نفس زدن.

خێشەخێش: بەنهێم کشان بەسەر زەویدا ف کشان‌کشان.

خیشی: خەشە، جەواڵی لەمو ف جوال از کُرك بافته.

خیف: ۱) بالاکردن، هەراش بوون؛ ۲) نوبەرە، بالاتە؛ ۳) شتی نادیاری؛ ۴) تاڵە ف ۱) رشد، بالندگی؛ ۲) نوبر؛ ۳) غیب، ناپیدا؛ ۴) طالع.

خیفزان: فاڵچی، تالح‌بین ف فالبین.

خیفە: نوبەرە، خیف ف نوبر.

خیڤ: ۱) بیرتیژی بڵیمەت؛ ۲) حیساب ف ۱) باهوش؛ ۲) حساب.

خیڤزان: حسابگەر ف حسابگر.

خیڤڵك: بێهوش و گێلۆکە ف هالوی فراموشکار.

خیڤە: خیفە، خیف، بالاتە، نوبەرە ف نوبر.

خیگ: ۱) هیزە، خیزە، پێستەی ڕۆن؛ ۲) بەراز، وەراز، خوو ف ۱) خیگ؛ ۲) خوك.

خیگۆلکە: ۱) کودەلە، بەچکەوەراز؛ ۲) هیزەی پچوك ف ۱) بچه خوك؛ ۲) خیگ کوچك.

خیگە: هیزە، خیزە، پێستە بوڕۆن ف خیگ.

خیگەلە: خیگۆلکە ف نگا. خیگۆلکە.

خێل: چاوخوار، خویل ف لوچ.

خێڵ: کۆمەڵی هەوارچی؛ ۲) هۆز ف ۱) گروه چادرنشین؛ ۲) عشیرت.

خێلات: خێڵی زۆر، ڕەوەند ف ایلات.

خیلاف: ۱) درۆ، ناڕاست؛ ۲) کێشەو نێوان ناخۆشی ف ۱) دروغ؛ ۲) مُخالفت.

خیلانگ: درکێکە بۆ ئاگر کردنەوەی دەبەن ف خاری است که برای سوزاندن مورد استفاده دارد.

خیلتان: ئەو گیایەی ددان ئاژنی لێ دەکار دەکەن ف گیاهی است که از آن خلال دندان می‌سازند.

خیلۆنگ: خیلانگ ف نگا: خیلانگ.

خێلی: ۱) ڕوبەند، پەچە، پوشی، ڕوپۆش؛ ۲) سنبەرو تەم؛ ۳) نەخۆشی چاوخواری؛ ۴) تارای بوك ف ۱) روبند؛ ۲) سایه و مه؛ ۳) چشم‌چپی؛ ۴) پارچهٔ قرمزی که روی صورت عروس می‌کشند.

خیم: ۱) بناغە، هیم، بنچینەی خانو؛ ۲) گوڵمیخی لەدار، سنگ؛ ۳) ڕەچەڵەك، بنیچە، تۆرەمە، نەژاد، ڕەگەز ف ۱) اساس؛ ۲) میخ بزرگ چوبی؛ ۳) نژاد، اصل.

خێم: سەربەرە زێری، سەرنشیو ف سر بزیر.

خین: خوێن، خون، هون ف خون.

خێن: ۱) خین؛ ۲) پاشگری بەواتا. خوێندەوارو خوێندن: (دەرس خێن، ڕەش‌خێن)؛ ۳) جگە، بێجگە ف ۱) خون؛ ۲) پسوند به‌معنی خواندن و خواننده؛ ۳) بجُز.

خینالی: خوێناوی ف خون‌آلود.

خێنج: جگە، بل، غەیر ف بەغیراز، بەجز.

خیندار: خوێنەخۆ، دژمنی خوێنی ف دشمن‌خونی.

خێنژ: جگە، جیالە، غەیرەز ف بجُز.

خێنگ: خوشك، خویشك، خوار ف خواهر.

خینگر: خەنجەر ف خنجر.

خینگە: تەنگە ئەستور ف شکم گنده.

خینی: خیندار ف دشمن خونی.

خێنی: خانو، ماڵ ف خانه، سرا.

خێو: ۱) خاوەن، ساحیب؛ ۲) خودای کانی‌و تاوان، جنۆکە؛ ۳) ڕاهێنان و ژیاندن ف ۱) صاحب؛ ۲) رب‌النوع، جن؛ ۳) پرورش کردن.

خێوانە: بەرکوت، گەنمێ کە بەرلە هەڕەتی درونە دەیدرون‌و گێرە دەکرێ بۆ خواردن ف پیشکوب غلّه.

خێور: خەرەف ف خَرَف.

خێوران: توانەوە. *بۆ تاواندنەوەی خۆراکی دەیڵێن* ف ذوب شدن. *برای خوراکی گویند.*

خێوڵکە: هیزەی پچوك، خیگەی چکۆلە ف خیگ کوچك.

خێوەت: چادر، خەیمە، کۆن ف خیمه.

خیوە: نوبەرە، بالاتە ف نوبر.

خێوەند: خاوەن، خودان، خێو، ساحەب ف صاحب.

د

دْ: *لە پێش وشـەوە دێت بەمـانای* : ١) دە، ئە، نیشانەی کردەی ئێستەو ئایەنـدە: (دْچم، دْبێم)؛ ٢) پێشگـری دنـەدان، هاندان: (دْهـەڕە)؛ ٣) پێشگری دواندن بە توڕەیی: (دْدەڤ ژمن بەردە؛ ٤) جارجار زێدە لە پێویست دێت: (دْدو : دو، یەك و یەك) ف ١) *بەعنـوان پیشـونـد بەمعـانی* : ١) فعـل مضـارع؛ ٢) تشـویق و تشجیع؛ ٣) خطابِ عتاب‌آمیز؛ ۴) گاهی بدون داشتن معنی مستقل.

دا: *لەپێش وشە بەمانای* : ١) بەرەخوار: (**داکەوتن، داهێنان، داهێشتن**)؛ ٢) نوێ، تازە: (هەوایەك **داهاتوە** مامڵێ دەیڵێ)؛ ٣) هەتا، هەیا: (**دا** بۆ خۆم دێم هیچ مەکـە)؛ ٤) دەبـا، بلا: (**دابـزانـم** چیە)؛ ٥) مات، سەرگەردان: (**دامـابـوم**)؛ ٦) ئەی، هۆی: (**دا** کاك پیرۆت وەرە)؛ ٧) مەکە، وامەکە: (**دادەنگ** با گوێمان لێ بێ)؛ ٨) پێشگری خواستن: (**دابمـدەیە، داوەرە**)؛ ٩) وشـەی هاندان: (**دادەی** ڕامـەوەستن)؛ ١٠) وشـەی ڕێز لێ‌نان کچی شو نەکـردو: (**دامـریەم**)؛ ١١) بەواتا: بەخشی: (نـانی **دابـەمن**)؛ ١٢) عیلاجی نەخۆشین: (خەریکی **داو** دەرمانم)؛ ١٣) هاوارو شکایەت: (**دا** لەدەست ئاغای زاڵم)؛ *لەپاش وشە بەمانای* : ١٤) لێدان: (لەمنی **دا**)؛ ١٥) دەفرایەتی: (ئەم جەواڵە چی تێ **دا**، پارە ها لە کیسە**دا**)؛ ١٦) بەمانای دایك، دێ ف پیشوند بەمعنی : ١) فرو، فرود؛ ٢) نو، تازە؛ ٣) تا؛ ۴) بگذار؛ ۵) سرگردان؛ ۶) آهای؛ ٧) نکُن؛ ٨) خواستن و تقاضا کردن؛ ٩) حرف تشویق و تشجیع؛ ١٠) کلمـهٔ احتـرام بە دوشیزگان؛ ١١) بەمعنی بخشیدن؛ ١٢) مداوا، معالجە؛ ١٣) داد و شکایت؛ پسوند *بەمعانی* : ١۴) زدن، مضروب کردن؛ ١۵) ظرفیّت؛ ١۶) مُستقل بە معنی مادر.

دائەنێم: واحەساوئەکەم ف چنین فکر می‌کنم.

دائیخستن: کردنەباو ف متداول کردن.

دائینـان: ١) ڕوهێشتن؛ ٢) لەنـەبـوچێ کردن؛ ٣) بەمشـار بڕینـەوە؛ ٤) نەوی کردنی لکی‌دار؛ ٥) دەست پێداماڵین ف ١) فرو هشتن؛ ٢) ابداع کردن؛ ٣) با ارّە بریدن؛ ۴) کوتاه کردن شاخهٔ درخت؛ ۵) دست بر چیزی مالیدن.

داب: ١) عادەت، نەریت، دامو دەستـور؛ ٢) هوندراو لە داوموُسك ف ١) عادت، رسم؛ ٢) تنیدە از موی دُم اسب.

دابا: ئەگەر خۆی داهیناباوە ف اگر خم می‌شد.

دابارا: لەسەرڕا هاتەخوار: (میوە **دابارا**) ف فروریخت.

داباران: ١) بەرەوخوار هەڵڕژان؛ ٢) لە هەمولاوە بۆهاتن: (هەرگوتم ترێ مشتەری **داباران**) ف ١) فروریختن؛ ٢) گردآمدن بر چیزی.

داباراندن: هەڵڕژاندن لەسەرەوە بۆخوار ف فروریختن.

دابارانن: داباراندن ف فروریختن.

دابارین: داباران ف نگا: داباران.

دابارێن: کەسێ کە بەرەوخوار هەڵدەڕێژێ ف فروریزندە.

داباش: بەشوێندا گەڕان، لێکوڵینەوە، توێژینەوە ف پژوهش، جستجو.

دابڕ: کەرت، کەر، لەت، پارچە: (مەڕەکە **دابڕدابڕبو**) ف قطعەقطعە.

دابڕان: لەت‌بوُن، لێك‌جیابوُن ف از هم جداشدن.

دابڕانێ: ملە، کێ‌بەرکێ لە گوریس کێشاندا ف مسابقهٔ طناب کشی.

دابڕستن: شالاوبردن ف حملەبُردن.

دابڕسکان: پەلاماربردن بۆ ڕفاندن ف هجوم بەقصد ربودن.

دابڕسکین: دابڕسکان ف هجوم بە قصد ربودن چیزی.

دابـڕکـردن: ١) جیاکـردنەوەی کەم لە زۆر؛ ٢) بەزۆر گرتن و بردن ف ١) جدا کردن جزء از کُل؛ ٢) اشغال کردن.

دابڕین: ١) دابڕکردن؛ ٢) بریندار بوُن بەهۆی توندبوُنی بەن لە ئەندام؛ ٣) لەلـەکردنی دار بەچەقۆ ف ١) جدا کردن جزء از کُل؛ ٢) زخمی شدن توسط طناب یا ریسمان؛ ٣) اثر گذاشتن بر چوب با کارد.

دابنارتن: چە قاندنی ریشەو نە مام ف کاشتن ریشە و نهال.

دابو: هاتە سەردەستان، خۆی چەماندەوە ف خم شد.

دابوُن: چەمینەوەیەکە دەست بگاتە سەر زەمین ف خم شُدن و دست بر زمین نهادن.

دابە: ١) بچەمێوە، کۆم‌بوەرەوە؛ ٢) عادەت وایە، ڕێ‌وشوێنە ف ١) خم شو؛ ٢) عادت چنین است.

دابەڕزان: هەڵمەت، هێرشی توند [ف] هجوم سریع.

دابەڕزاندن: هەڵمەت بردن بەرلە هەوالآن [ف] قبل از بقیه یورش بردن.

دابەڕزین: دابەڕزان [ف] یورش.

دابەز: بەرەوژێر داپەڕین: (ئەم هەڵبەز **دابەز**ەت لەچیە؟) [ف] پایین پریدن.

دابەزین: لەسەر سواری هاتنەخوار [ف] پیادە شُدن.

دابەزێن: ئەوی سواران دێنێتەخوار [ف] پیادە کُنندە.

دابەستن: ١) قایم کردن، شەدانـدن، شەتەكدان؛ ٢) قامەت بەستن، دەست پێکـردنی.نوێژو نیەت: (نیەتی **دابەست**، نوێژی **دابەست**)؛ ٣) حەیوان لەمـاڵ راگرتن بۆ قەڵـەو بوُن؛ ۴) نیرو ئامـور سەرملی گاخستن‌و ئامـادەی جوُت بوُن: (جوتەکەم **دابەست**) [ف] ١) محکم بستن؛ ٢) اقـامهٔ نماز کردن؛ ٣) نگهداری حیوان و فربه کردن آن؛ ۴) مُهیّا کردن ابزار شُخم.

دابەستە: حەیوانی لەماڵ راگیراو بۆ قەڵەو بوُن [ف] حیوان پرواری.

دابەش: بەش کردن، بەش بەش کردن [ف] تقسیم.

دابەش دابەش: پارچەپارچە، جیاجیا [ف] شرحەشرحە.

دابەش بوُن: جویَ‌جویَ‌و بەش بەش بوُن [ف] قطعەقطعەشُدن.

دابەش کراو: پارچەپارچە کراو [ف] شرحەشرحە شُدە.

دابەش کردن: بەش کردن [ف] تقسیم کردن.

دابەش کەر: کەسێ کەشتێ بەش بەش دەکا [ف] توزیع کنندە.

دابەشین: دابەش کردن [ف] توزیع.

دابەشینەوە: دابەشین [ف] توزیع.

دابەلاندن: قوت‌دان، قویت‌دان [ف] بلعیدن، فرودادن.

دابەلین: دابەلاندن [ف] نگا: دابەلاندن.

دابێژ: دابێژەر، کەسێ کەئارد یان دەخڵ بەهێڵەگ قەلبیردا دەکا [ف] بیزندە.

دابێژان: بێژتن [ف] بیختن.

دابێژتن: بێژتن [ف] بیختن.

دابێژدابێژ: کون‌کون وەك بێژنگ [ف] سوراخ سوراخ.

دابێژراو: بەبێژنگ بێژراو [ف] بیختە.

دابێژە: فرمان بە دابێژتن: (ئارد **دابێژە** بوٚنان) [ف] بیختە کُن.

دابێژتن: بێژتن [ف] بیختن.

دابین: ١) خۆمـان بچـەمێنین؛ ٢) ئۆقـرەگرتو، هێدی، داسەکنان، کار پێك‌هاتـو؛ ٣) خاترجەم؛ ۴) ئارام، بێ‌کێشە [ف] ١) خود را خم کنیم؛ ٢) آرام، قرار؛ ٣) خاطرجمع؛ ۴) اَمن و امان.

دابین کردن: پێك هێنان [ف] فراهم آوردن.

دابینی: ئارامی، هێمنایەتی [ف] آرامش.

داپ: داب [ف] عادت.

داپـاچ: کەسێ بەتـەور یان بەتیخ شتێ لەسـەرەوە بەرەوخـوار دەبڕێ: (دارەکانی **داپاچی**) [ف] کسی کە با تَبَر یا تیغ چیزی را ازُ بالا بەپایین قطع کُند.

داپاچەر: داپاچ [ف] نگا: داپاچ.

داپاچین: داپاچ [ف] نگا: داپاچ.

داپاچێن: داپاچ [ف] نگا: داپاچ.

داپـاڵین: ١) پالآوتن؛ ٢) بە تنـۆك چکـانـدن [ف] ١) تصفیە کردن؛ ٢) قطرەقطرە چکاندن.

داپچـڕان: ١) زەق‌و گوشـادکـردن: (زار **داپچـڕان**، چاو **داپچـڕان**)؛ ٢) لەسـەرەوە بۆخـوار دڕان [ف] ١) بازشُدن چشم و دهان؛ ٢) از بالا بەپایین پارە شُدن.

داپچـڕانـدن: ١) داچەقاندنی دەم‌و زەق‌کردنی چاو؛ ٢) لەسەر بۆخوار دڕاندن [ف] ١) باز کردن چشم و دهان؛ ٢) از بالا بەپایین پارە کردن.

داپچڕین: داپچڕاندن [ف] نگا: داپچڕاندن.

داپڕسکان: دابەڕزین [ف] بەچیزی هجوم بُردن.

داپـڕوزقـان: روُت بوُنەوەی لکەدار یان هێشو لەگەڵاو دەنك [ف] لُخت شدن از برگ و بَر.

داپـڕوزقـاندن: روُت کردنەوەی لك یان هێشو لەگەڵاو دەنك [ف] لخت کردن درخت از برگ و بَر.

داپڕوزقانن: داپڕوزقاندن [ف] نگا: داپڕوزقاندن.

داپڕوزقیان: داپڕوزقان [ف] نگا: داپڕوزقان.

داپڕوزقین: داپڕوزقان [ف] نگا: داپڕوزقان.

داپڕوسکان: داپڕوزقان [ف] نگا: داپڕوزقان.

داپڕوسکاندن: داپڕوزقاندن [ف] نگا: داپڕوزقاندن.

داپڕوسکین: داپڕوزقان [ف] نگا: داپڕوزقان.

داپژان: بڵاوبونەوەی شتی ورد [ف] پاشیدن و پراکندەشُدن.

داپژاندن: بەرەو ژێر رشتنی شتی ورد [ف] پاشیدن.

داپسکـان: ١) بەکـزی کروشمـەکـردن؛ ٢) فس‌خواردنی مریشك بۆ کەڵەشێر، داتسیان [ف] ١) کِز کردن؛ ٢) حالت نشستن مُرغ در مقابل خُروس.

داپسکیان: داپسکان [ف] نگا: داپسکان.

داپسیان: داپسکان [ف] نگا: داپسکان.

داپلاندن: داپاڵین [ف] نگا: داپاڵین.

داپلۆخان: پێست فڕێدان لەسوُتان [ف] سوختن و افتادن پوست.

داپڵۆخان: داپلۆخان [ف] سوختن و از بین رفتن پوست.

داپڵۆخاندن: سوتاندنی پێست [ف] پوست سوزانیدن.

داپڵۆخاو: پێست داماڵاو بەسوُتان [ف] پوست انداختە از سوختگی.

داپڵۆخین: داپلۆخان [ف] سوختن و از بین رفتن پوست.

داپڵۆخیو: داپڵۆخاو [ف] پوست انداختە از سوختگی.

داپڵۆسان: دارکاری کردنی خەست‌و لەسەریەك [ف] کتك‌کاری سخت و پیاپی.

داپڵۆساندن: داپڵۆسان [ف] نگا: داپڵۆسان.

داپڵۆستن: داپڵۆسان [ف] نگا: داپڵۆسان.

داپڵۆسکان: داپڕوزقان [ف] نگا: داپڕوزقان.

داپڵۆسکانن: داپڵۆسکان، داپڕوزقان [ف] نگا: داپڕوزقان.

داپڵۆسکیان: روُتـەوەبوُنی لك یان هێشو لەگەڵاو دەنك [ف] لُخت شدن

شاخه یا خوشه از برگ و دانه.

داپلۆسین: داپلۆسان ف نگا: داپلۆسان.

داپۆش: سەرپۆش دانەر ف سرپوش گذار.

داپۆشان: ١) بریتی لە تەواوکردنی خانو؛ ٢) وەشارتن بەهۆی سەرپۆش؛ ٣) پۆشینی سوڕو نهێنی خەڵك ف ١) کنایه از تمام کردن کار ساختمان؛ ٢) و ٣) سرپوش گذاشتن.

داپۆشاندن: داپۆشان ف نگا: داپۆشان.

داپۆشانن: داپۆشان ف نگا: داپۆشان.

داپۆشراو: وشارتو بەهۆی سەرپۆشەوە ف پوشیده.

داپۆشەر: کەسێ کە دادەپۆشێ ف پوشاننده.

داپۆشین: داپۆشان ف نگا: داپۆشان.

داپەچ: قوُت دەر ف بلعنده.

داپەچنین: قوُتدان ف بلعیدن.

داپەچین: قوُت چوُن ف فروشدن در گلو.

داپەڕ: ١) بزوتنەوە بەچالاکی؛ ٢) چاونەترسان لەکار ف ١) حرکت بانشاط؛ ٢) اقدام.

داپەڕژاندن: ئاو لە سەرەوە هەڵداشتن ف آب پاشیدن از بالا.

داپەڕژنین: هەڵ پەرتاوتن، هەڵپاچینی لك و پۆپی دار ف هرس درخت.

داپەڕین: سەربەرەژێر بلەزچون ف باشتاب فروآمدن.

داپیتن: هەڵ پەرتاوتن ف هرس درخت.

داپێچ: شەتەكدان، توندبەستن، جەڕەبایە ف محکم بستن و گره زدن.

داپێچاندن: ١) داپێچ؛ ٢) رەپێچەكدان، بەرخۆدان و ژارفاندن ف ١) محکم بستن و گره زدن؛ ٢) با فشار به جلو راندان.

داپێچانن: داپێچاندن ف نگا: داپێچاندن.

داپێچین: داپێچان، داپێچاندن ف نگا: داپێچاندن.

داپیر: نەنك، دایکی دایك و باب، نەنە، نەنێ ف مادربزُرگ.

داپیرك: داپیر ف مادربزُرگ.

داپیرۆشك: ١) جاڵجاڵۆکە، کاکڵەموشان؛ ٢) پیرایشۆکە، جانەوەرێکی بۆری چکۆڵەیە، داپیرۆکە ف ١) عنکبوت؛ ٢) خرخاکی.

داپیرۆکە: پورایشۆکە، پیرایشۆکە، جانەوەرێکی بۆرو خڕکەڵە یە گڵ لەسەر کونەکەی هەڵدەدا ف خرخاکی.

داپیرە: داپیر ف مادربزُرگ.

دات: ١) کردەی رابردو لە: دان، بەخشین؛ ٢) پرسیاری‌دان بۆ رابردو: (ئاخری **دات** پێ؟) ف ١) ماضی مطلق از فعل دادن دوم شخص مفرد؛ ٢) آیا دادی؟.

داتاش: تاشەر ف تراشنده.

داتاشان: تاشران لەسەرەوە بۆخوار ف از بالا بەپایین تراشیدن.

داتاشین: تاشین لەسەرەوە بۆخوار ف از بالا به پایین تراشیدن.

داترۆسکان: راچەنین لەترسان ف یکه‌خوردن.

داترۆسکاندن: راچەناندن ف شُکه‌کردن.

داترۆسکیان: داترۆسکان ف یکه‌خوردن.

داتسیان: داهاتو ن نزیك بە رۆخان: (ئەودیو ارە **داتسیاگە**) ف کج شُدن نزدیك به اُفتادن.

داتسین: داتسیان ف نگا: داتسیان.

داتکان: دڵۆپ بەدڵۆپ بە هاتنەخوار ف چکیدن.

داتکاندن: بەدڵۆپ رژاندن سەربەرەخوار ف چکاندن.

داتکانن: داتکاندن ف چکانیدن.

داتڵیشان: جڕخواردن لەسەرەوە بۆخوار ف شکافتن از بالا بەپایین.

داتڵیشاندن: لەسەرەوە بۆخوار دڕاندن، قەڵاشتن ف از بالا تا پایین شکافتن و دریدن.

داتڵیشانن: داتڵیشاندن ف نگا: داتڵیشاندن.

داتڵیشاو: دڕاو لەسەرەوە بۆخوار ف از بالا تا پایین شکافته.

داتڵیشیاگ: داتڵیشاو ف نگا: داتڵیشاو.

داتڵیشیان: داتڵیشان ف شکافتن از بالا تا پائین.

داتوُڕاندن: فیڕاندن، توُڕاندن، بەلەفیڕەگرتن ف اسهال گرفتن.

داتوروسکان: داترۆسکان ف شُکّه‌شُدن.

داتوروسکانن: داترۆسکاندن ف شُکّه‌کردن.

داتولان: تولانەوە ف نگا: تولانەوە.

داتولاو: لەبەریەك چوگ لەکولان ف از شدّت پُختن له شُده.

داتولین: حالەتی داتولان ف لەشُدن از زیاد پُختن.

داتەپان: ١) قوُپانی سەربان؛ ٢) کوتانەوە بەبێڵ و هەرچی ف ١) فرو رفتن بام؛ ٢) کوبیدن با بیل و...

داتەپاو: ١) زەوی و گڵی قوپاو؛ ٢) کوتێنراو ف ١) زمین و بام فرورفته؛ ٢) کوبیده شُده.

داتەپکین: داتەپان ف نگا: داتەپان.

داتەپین: داتەپان ف نگا: داتەپان.

داتەقان: بەپەلەپەل دابێژران ف باعَجَله بیختن.

داتەقاندن: دابێژتنی بەپەلەپەل ف باشتاب بیختن.

داتەکان: ١) سەربەرەوخوار راوەشان؛ ٢) بریتی لە والابوُنی دەفری وەك کیسەو جەوال بەهۆی راوەشاندن ف ١) تکاندن؛ ٢) کنایه از خالی شدن محتوی کیسه بەدلیل تکاندن.

داتەکاندن: ١) لەسەرەوە بۆخوار راوەشاندن؛ ٢) بریتی لە هیچ تێدا نەهێشتن ف ١) فروتکاندن؛ ٢) کنایه از خالی کردن کیسه بوسیله تکانیدن.

داتەکانن: داتەکاندن ف نگا: داتەکاندن.

داتەکاو: راوەشاو لەسەرەوە بۆخوار ف فروتکانیده.

داتەکیان: داتەکان ف نگا: داتەکان.

داتەکی: داتەکاو ف فروتکانیده.

داتەکین: داتەکان ف نگا: داتەکان.

داتەکیو: داتەکاو ف نگا: داتەکاو.

داتەمریاگ: دامرکاو، بێ‌دەنگ و ئارام دانیشتو ف آرام و ساکت نشسته.

داتەمریان: داسەکنان، دامرکان، هەدادان ف آرام و ساکت نشستن.

داتەمین: خەمباری، مەینەتباری ف اندوهناکی.

داجۆین: بزوتنەوە، حەرەکەت کردن ف جُنبیدن.

داچاندن: ١) تۆم بەزەویەوە کردن؛ ٢) ئارد کەم‌کەم بەسەر ڕۆندا کردن ف ١) تخم بر زمین افشاندن؛ ٢) آرد بر روغن تفته ریختن.

داچزان: چزان، ئەندام بەویکەوتنی ئاگر سوُتان ف سوختن بدن از تماس مستقیم با آتش.

داچزاندن: داغ بە ئەندامی لەشەوە نان ف سوزاندن.

داچکاندن: هەڵواسین، دالەقاندن ف آویختن.

داچڵەکان: ڕاچڵەکین لەترسان یان لەخەبەری سەمەرە ف یکّه‌خوردن.

داچڵەکاندن: بوُنەهوّی داچڵەکان ف شُکّه‌کردن.

داچڵەکانن: داچڵەکاندن ف شُکّه‌کردن.

داچڵەکاو: شڵەژاو، لەنەکاو لەرزیو لە ترسان یان لە خەبەری سەیرو سەمەرەو ناخوّش ف شُکّه شده.

داچڵەکیاگ: داچڵەکاو ف شُکّه‌شده.

داچڵەکیان: داچڵەکان ف یکّه‌خوردن.

داچڵەکین: داچڵەکان، داچڵەکیان ف یکّه‌خوردن.

داچڵەکیو: داچڵەکاو ف شُکّه‌شُده.

داچناو: زەوی توّو پیّوەکراو ف زمین بَذر پاشیده.

داچنراو: داچناو ف زمین بَذر پاشیده.

داچنین: ڕیّزکردنی شت بەتەنیشت یەکەوە بە ڕیّک‌وپیّکی، لەسەریەک هەڵچنین: (دەوری‌و قاپەکان لەسەر سفرە **داچنە**، کتێبەکان لەسەر ڕفە **داچنە**) ف پهلوی هم چیدن و مُرتّب کردن.

داچوّڕان: ١) هاتنەخواری ئاوی کەم لەسەرەوەو ژیّرەوە؛ ٢) خەلاس بوُنی ئاو لە دەقرا ف ١) چکیدن؛ ٢) خشکیدن آب چشمه و...

داچوّڕاندن: بەتاڵ‌کردنی ئاو ف خُشکانیدن آب.

داچوّڕانن: داچوّڕاندن ف خُشکانیدن.

داچوّڕیان: داچوّڕان ف نگا: داچوّڕان.

داچوّڕین: داچوّڕان ف نگا: داچوّڕان.

داچون: ١) نەوی بوُن‌و قوپان: (سەربانەکە **داچوە**، هەویرەکە **داچوە**) ف فرورفتن.

داچەقان: ١) ئەکرانی دەف‌و... : (دەمی **داچەقاند**)؛ ٢) تیّراچوُن: (دڕك بەپاما **داچەقی**)؛ ٣) بەزەویدا چون: (دارەکە لەقوڕ **داچەقی**) ف ١) بازکردن دهن و...؛ ٢) خلیدن؛ ٣) فروشدن در زمین.

داچەقاندن: کردەی داچەقان ف نگا: داچەقان.

داچەقانن: داچەقاندن ف نگا: داچەقان.

داچەقاو: بەرکاری داچەقان ف صیغهٔ مفعولی از مصدر «داچەقان».

داچەقیاگ: داچەقاو ف صیغهٔ مفعولی از مصدر «داچەقان».

داچەقیاو: داچەقاو ف نگا: داچەقاو.

داچەقین: داچەقان ف نگا: داچەقان.

داچەقیّن: ئەوەی دادەچەقیّنیّ ف صیغهٔ فاعلی از مصدر «داچەقان».

داچەکان: سیس بوُن‌و مل‌کزبوُن ف افسردگی و پژمُردگی.

داچەکاو: سیس هەڵگەڕاو، مل‌داخستو لە کزیان ف افسرده و پژمرده.

داچەکین: داچەکان ف ضعف و افسردگی.

داچەلاندن: دالەقاندن، بەرەوژیّر هەڵواسین، شوّڕەوکردن ف آویختن.

داچەندراو: زەوینی توّم پیّوەکراو ف زمین بَذرپاشی شُده.

داچەنراو: داچەندراو ف زمین بذرپاشی شده.

داچەندن: توّم‌پیّدانی زەوی ف بَذرافشانی.

داچەنن: داچەندن ف بَذرافشانی.

داچەنەچەن: هیّندە مەڵیّ، چەقەمەڵە، وسکوت بە ف خاموش باش.

داچین: بابڕوین ف بگذار برویم.

داچیّن: ئەوی توّم ئەپاشیّ ف بَذرپاش.

داچیّندراو: توّم پیّوەکراو، داچناو ف بَذرافشانی شُده.

داچیّنراو: داچناو ف بذرافشانی شُده.

داحبا: ١) جانەوەری دڕندە؛ ٢) جانەوەریّ کە ناناسریّ، دەعبا، داعبا ف ١) دَدْ، دَرّنده؛ ٢) حیوان شناخته نشده.

داخ: ١) حەیف، مخابن؛ ٢) خەم، کەسەر؛ ٣) تاسە، عەزرەت؛ ۴) زوّرگەرم؛ ۵) بەئاگر چزاندن، داغ؛ ۶) لەپاش وشەی «*شاخ*» بەمانای: چیا، کێو: (لەوشاخ‌و **داخە** سەرکەوتین)؛ ٧) دروشم ف ١) دریغ؛ ٢) غم، اندوه؛ ٣) حسرت؛ ۴) بسیار گرم، حارّ؛ ۵) سوزاندن با آتش؛ ۶) کوه؛ ٧) آرم.

داخدار: خەمبار، دڵ‌بکول ف اندوهگین.

داخرا: ١) بوّ *دەرك‌و پەنجەرە دەڵێن* . پیّوەدرا، بەسترا، قفڵ‌درا؛ ٢) بوّ *بەرەو نوین دەڵێن* . ڕاخرا: (فەرش **داخرا**) ف ١) بسته شد، قُفل شد؛ ٢) پهن شد. *برای فُرش و... گفته می‌شود.*

داخراو: ١) پیّوەدراو، قفڵ‌کراو؛ ٢) ڕاخراو ف ١) بستەشُده، قُفل شُده؛ ٢) پهن شده، گُسترده.

داخرپان: داخرپیان ف یکّه‌خوردن.

داخرپیان: دڵەکوتە، شڵەژان ف یکّه‌خوردن.

داخریاگ: داخراو ف نگا: داخراو.

داخز: شوێنی لیّژ ف شیب.

داخزان: بەخشکە هاتنەخوار ف سُر خوردن و پائین آمدن.

داخزاو: بەخشکە داکەوتو ف سُر خورده و پائین آمده.

داخزین: داخزان ف سُر خوردن و پائین آمدن.

داخزیّن: کەسیّ کە بەخشکە شتیّك بەرەوژیّر دەبا ف کسی که چیزی را سُر دهد.

داخستن: ١) پان‌کردنەوە لەسەر زەوی، ڕاخستن: (بەڕەکەم **داخست**)؛ ٢) پیّوەدانی دەرك‌و پەنجەرە، قفڵ‌کردن؛ ٣) فڕیّدانەخوار لە سەرەوە: (لکەدارەکانم **داخست**)؛ ۴) لەدەست کەسیّ یاشتیّکەوە کەوتنە سەر زەوین؛ ۵) هەڵ‌کردنی تەندورو کڵی دیّزەو گوّزەو سوّبە؛ ۶) خیمدانانی خانو: (بناغەم **داخست**)؛ ٧) نەوی کردن: (لەخەجاڵەتی سەری **داخست**)؛ ٨) کوّکردن و دانان بوّ دوارۆژ: (ئازوّقەم **داخست**) ف ١) پهن کردن و گُستردن؛ ٢) بستن در و پنجره؛ ٣) پایین انداختن؛ ۴) توسط کسی یا چیزی زمین خوردن؛ ۵) برافروختن تنور و کوره؛ ۶) پی ریختن بنا؛ ٧) خم کردن و پایین آوردن؛ ٨) پس‌انداز و جمع‌آوری آذوقه.

داخ کردن: ١) بەئاسنی سوُرەوەبوُ چزاندن؛ ٢) چوّقاندنی ڕوّن؛

٣) بریتـی له فریودان و زیان لێدان ف ١) داغ گذاری؛ ٢) تفـیدن روغن؛ ٣) کنایه از فریب دادن.
داخگه: جێگەی داخ کردنی مالاّت ف مکان داغ گذاری.
داخڵ: ژوورەوە، ناوەوە، ناو ف داخل.
داخڵە: قوتوی دراوی دوکاندار ف صندوقچهٔ پول مغازه‌دار.
داخ‌لەدڵ: تووڕە لە رووداوێ ف عصبانی و دل‌ریش.
داخم: حەیف، مخابن ف دریغا، افسوس.
داخم‌ناچێ: زۆرحەیف، بەداخەوە ف متأسفانه.
داخۆ: ئاپاکوو؟، ئایا، تۆ بێژی؟ ف آیا؟.
داخوا: داخۆ؟ ف آیا؟.
داخواز: ١) پێویست، پێداویستی؛ ٢) داواکار، خوازەر ف ١) موردنیاز؛ ٢) نیازمند.
داخوازی: پێویستی ف موردنیاز بودن.
داخواستن: خواستن، ویستن ف طلبیدن.
داخو دوخان: خەم و خەفەت، دەردومەینەت، کوڵو کەسەر ف غم و غُصّه.
داخ‌ودەرد: داخو دوخان ف غم و غُصّه.
داخـوران: وردەوردە کەم‌بوونـەوەی کەنـداڵ لەدەم ئاو یان کەم‌کردنی بنی‌دیوار ف تحلیل رفتن.
داخورپان: داخرپیان ف یکّه‌خوردن.
داخورپاندن: شڵەژانی مرۆ بەترساندن یان بەخەبەری ناخۆش پێدان ف شُکّه کردن.
داخورپیان: داخرپیان ف یکّه خوردن.
داخورپین: داخرپیان ف یکّه‌خوردن.
داخـوڕیـن: ١) تێ خوڕین؛ ٢) بەخـۆ هەڵگوتن ف ١) نهیب زدن؛ ٢) لاف‌زدن.
داخۆزین: هاتنەخوار لە سواری، دابەزین، داوەزین ف پیاده شُدن.
داخواستن: داخۆزین ف پیاده شُدن.
داخۆم: داخۆ؟ ف آیا؟.
داخویان: نوسراوی پێودان و ڕێوشوێن بۆ خەڵك ف بیانیه.
داخە: ١) فەرمان بەداخستن؛ ٢) گەرمە ف ١) امر به «داخستن»؛ ٢) گرم است.
داخەر: کەسێ کاری داخستن دەکا ف صیغهٔ فاعلی «داخستن».
داخەکەم: بەداخەوە، حەیفی ف متأسفانه.
داخی‌داخانم: زۆر بەداخەوە، حەیف و مخابن: (ئێمە وتمان ئێوە ساداتن مەعاشتان نابڕن / **داخی داخانم** جەباری چۆن لە ئێوەشیان بڕی) «شێخ ڕەزا» ف با کمال تأسف.
داخی گرانم: داخی داخانم ف با کمال تأسف.
داد: ١) هاوار؛ ٢) حوکمی ڕەوا، عدالەت ف ١) فغان، فریاد؛ ٢) عدالت.
دادا: ١) وشـەی ڕێزلێنان بۆ دایك؛ ٢) تایەن، ژنی پیری سەرسپی پیرەژن پوپ چەرمگ ف ١) کلمهٔ خطـاب احترام‌آمیـز به مـادر؛ ٢) پیرزن.
دادان: ١) تاشینی قەڵـەم؛ ٢) فێرکردن: (دەرس **دادان**)؛ ٣) شان‌دان: (سەرمەشق **دادان**)؛ ٤) سەرەتا دامەزراندن: (تۆ گۆرەوویەکەم بۆ **دادە** تا بیچنم)؛ ٥) کون و کەلێـن بەتـوێـە قـوڕ گـرتن: (دیـوارەکـەم **داداوە**)؛ ٦) دەس پێکـردنی بارش: (بـاران **دایدا**)؛ ٧) دەلانـدن: (ئەم کوپە ئاو **دائەدا**، گۆزەکە **دای داوە**)؛ ٨) بەردانەوەی پەردە؛ ٩) داخستنی دەرگاو پەنجەرە؛ ١٠) دەست لەسەر زەوی نان: (هەردوك دەستی **دادایـوٌ**) ف ١) تراشیدن قلم؛ ٢) تعلیم؛ ٣) نشان دادن؛ ٤) گرەهـای اوّل بافتنی؛ ٥) ترمیم سوراخ و خرابی دیوار با گِل؛ ٦) شروع بارنـدگی؛ ٧) نشت کردن؛ ٨) انداختن پرده؛ ٩) بستن در و پنجره؛ ١٠) دست بر زمین نهادن.
دادانـەوە: ١) بەردانـەوەی پـەردە؛ ٢) کـون و کەلێـن بەقوڕ گرتن ف ١) انداختن پرده؛ ٢) گرفتن سوراخ دیوار با گِل.
دادبەر: گلی‌کار، شکایەت‌کەر ف شاکی، دادخواه.
دادپرس: فریارەس، کەسێ بەهاواری بیاو دەگاو لە شکایەتی دەپرسێ ف کسی که به شکایات دیگران می‌رسد.
دادپەروەر: خاوەن‌داد، عادڵ ف دادپرور.
دادخوا: دادبەر ف دادخواه.
دادخواز: دادبەر ف دادخواه.
دادخوازی: گلی‌کردن، شکایەت کردن ف دادخواهی.
دادخوایی: دادخوازی ف دادخواهی.
دادڕ: زۆر دڕیاو: (کراسەکەی **دادڕی**) ف پاره.
دادڕان: دڕان لەباری درێژیەوە ف پاره‌شدن طولی.
دادڕاو: داتلیشاو ف پاره شده از طول.
دادڕدادڕ: ١) لەچەند جێوە دڕاو، شڕوڕ؛ ٢) لەت لەت‌بوونی زەوی لەبەر ئاوی ئاوداشتن ف ١) پاره‌پاره شُده؛ ٢) زمین قطعه‌قطعه شُده توسطه آب.
دادروون: دوشت بەسەریەکدا دروون: (لەچکی کەواکەی بۆ **دادروم**، ئەم پینەیەم بۆ **دادرو**) ف بهم دوختن.
دادڕەس: هانا، فریارەس ف فریادرس.
دادڕیاگ: دادڕاو ف پاره‌شدهٔ طولی.
دادڕین: کاری دادڕان ف دریدن، پاره کردن.
دادك: دایك، داڵك ف مادر.
دادگا: مەحکەمە، جێگەی شکات کردن ف دادگاه.
دادگە: دادگا ف دادگاه.
دادگەر: دادپەروەر ف دادگر، عادل.
دادگێڕ: دادگەر ف دادگر.
دادوبەسەت: مامڵە، سەودا، کڕین و فرۆشتن ف معامله.
دادوبێداد: هاوار لەدەست ناحەقی کەر ف داد و بیداد.
دادوران: دادروون ف بەهەم دوختن.
دادوڕانن: دادروون ف بەهەم دوختن.
دادۆش: ١) شیردۆش؛ ٢) بریتی لەکەسێ کە بەگزی دۆستەو بەهرە دەبا ف ١) شیردوش؛ ٢) دوست دغل.
دادۆشین: ١) دۆشین تا ئاخردڵۆپ؛ ٢) بریتی لە بەهرەبردنی ناڕەوای

دۆستی گزی کار ف ۱) تا قطرهٔ آخر دوشیدن؛ ۲) کنایه از سوءِ استفادهٔ دَغَل‌دوستان.

دادوفوغان: دادوهاوار، هەراو هوریا ف فریاد و فغان.

دادۆك: تایەن، دایەن ف دایه.

دادوەر: ئەوی بەشکایەتان رادەگا ف قاضی.

دادە: ۱) فـەرمـان بە «دادان»؛ ۲) خوشکـی گەورە؛ ۳) دالـك، دایك ف ۱) فعل امر از مصدر «دادان»؛ ۲) خواهر بزرگتر؛ ۳) مادر.

دادەنگ: فەرمان بە بێدەنگ‌بون: (**دادەنگ** بزانین چبوە!) ف ساکت شو.

دادەی: ۱) ئابـزانم چۆن؛ ۲) خوشکـی گەورەی ئـەو؛ ۳) دایکـی ئەو؛ ۴) وشەی هانەدان: (**دادەی کورگـەل راکەن**) ف ۱) بگـذار ببینـم؛ ۲) خواهر بزرگتر او؛ ۳) مادر او؛ ۴) کلمهٔ تشجیع.

دادی: تایەن، دایەن ف دایه.

دادێران: راداشتن، داهێشتن، منـاڵ بەسەردەستەوە گرتن بۆ ڕیاندن ف سرپا گرفتن بچّه.

دادیلە: وشەی دواندنی خوشکی چکۆلە ف کلمهٔ نوازش خواهر کوچکتر.

دار: ۱) درخـت: (**داربـی، دارگـوێـز**)؛ ۲) چێـو: (**دار دەسـت**)؛ ۳) قەلاشکەری، ئێزنگ؛ ۴) قەنارە: (**داری ئیعدام**)؛ ۵) ڕەبەی خوێ پێوان: (**داری خوێ بەچەند؟**)؛ ۶) سامان، ماڵ، دارایی: (**دارو نەدارم ئەوەنـدە بـو**)؛ ۷) پاشگری بەواتا: خاوەن: (خێزان **دار**، مەڕ**دار**) ف ۱) درخت؛ ۲) چوب؛ ۳) هیزم؛ ۴) دار اعدام؛ ۵) پیمانه نمك فروش؛ ۶) ثروت، دارایی؛ ۷) پسوند بەمعنی صاحب، خداوند.

دارا: ۱) دەوڵـەمـەند، بـوُدە، زەنگیـن؛ ۲) جـۆرێ دەرمـانی چاوێشە؛ ۳) جۆرێ کوُتـاڵ؛ ۴) ناوێ پیاوانـە ف ۱) ثروتمند؛ ۲) از داروهای چشم؛ ۳) نوعی پارچه؛ ۴) اسمی مردانه.

دارەڕش: دارێکی لێرەوارەو زۆر ئەستوُرو بلند دەبێ ف درختی است جنگلی.

داراش: دالاش ف لاشخور.

داراغـان: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی وێرانی کرد ف روستایی در کردستان که به وسیله بعثیها ویران شد.

دارانەوە: بوُرانەوە، دڵ لەخۆچوُن، لەسەرخۆچوُن ف غش کردن.

دارایی: ۱) کۆڵـوانـە لەپـارچەی دارا؛ ۲) کارگێڕی باج‌ساندن ف ۱) چارقد؛ ۲) ادارهٔ دارایی.

داربـاز: تەنافباز، پەلهەوان ف بندباز.

داربازە: داربەست، تابوُت ف تابوت.

داربـڕ: ۱) دڕندەیەکی چکولەیە لەتیرەی پشیلە؛ ۲) کەسێ کە بە بیور داران دەبڕێ ف ۱) دڕندەی از تیرهٔ گربەسانان؛ ۲) هیزُم‌شکن.

داربۆکردن: برێتی لە سزادان‌و تۆڵە لێ‌ساندنەوە ف کنایه از انتقام گرفتن.

داربـەس: ۱) قایمـەمێو؛ ۲) تابوُتی مردوُ گوێزانەوە؛ ۳) دارلێکدان بۆ سیمان تێ‌کردن ف ۱) داربست تاك؛ ۲) تابوت؛ ۳) داربست بنّایی.

داربەست: داربەس ف نگا: داربەس.

داربەسەر: ناوی سێ گوندی کوردستانە کە دوانی بەعسی وێرانی کرد ف نام سه روستا در کردستان.

داربەند: دارلێکدانی چیمەنتۆکاری ف داربست بنایی.

داربـەنـدەخوێن: داردۆخین، دارێ کە هۆجەنەی تێدەخەن‌و لە دەرپێ رادەکەن ف وسیله‌ای که بدان بند تُنبان را در نیفه کشند.

داربەنك: دارەبەن، دار کەسکان ف درخت بنه.

داربـێر: داری رایەڵ کراوی نێوان دوشـراوو نە دۆشـراو لەکـاتـی مەڕدۆشینەدا ف چوب فاصـل میان گوسفنـدان دوشیده و نادوشیده هنگام دوشیدن گلّه.

داربێرە: داربێر ف نگا: داربێر.

دارپاچ: تەرداس، تەورداس ف دهره.

داربشکێڤ: بای وادەی نزیك بەهار ف سرآغاز باد بهاری.

دار پوُچ: داری پیری گەندەڵ ف درخت از پیری پوسیده.

دارتاش: نەجار ف درودگر، نجار.

دارتاشخانە: دوکانی نەجاری ف کارگاه نجاری.

دارتوُ: ۱) دارەتفێ؛ ۲) خڵتەی شتی تراو، تڵپ ف ۱) درخت توت؛ ۲) دُردی.

دارتورکنەك: دارکوتکە، دارکوت، دارتەقێنە، مەلێکە ف پرندهٔ دارکوب.

دارتۆفانە: بوُز، بەوز ف درخت پشه.

دارتومەك: سازو دنبەك پێکەوە، سازو دەوڵ ف ساز و ضرب.

دارتوُن: قرقرە، چرك ف قرقره.

دارتەرم: تابوُت، داربەست ف تابوت.

دارتـەڤن: دەزگا ی تەونگەران، چوارچێوەی قاڵی چنین ف چارچوبه دستگاه قالی‌بافی.

دارتەقێنە: دارکوتکە ف دارکوب.

دارتەل: داری بەرز کە تەلەفونی بەسەردا رایەڵ کراوە ف عمود تلفن.

دارتەون: چوارچێوەی تەونگەری، دارتەڤن ف چارچوبهٔ دستگاه قالی‌بافی.

دارتێل: دارتەل ف عمود تلفن.

دارجغارە: مۆدنە، دەمنە، باسك ف چوب سیگار.

دارجگەرە: دارجغارە ف چوب سیگار.

دارچك: دەوەن، چلو ف درخت بوته‌ای.

دارچین: تویکڵەدارێکە تیژو بۆن‌خۆش ف دارچین.

دارچینی: دارچین ف دارچین.

داردارۆك: برێتی لە نانی زۆر کۆن و ڕەق هەڵاتو ف کنایه از نان کهنه و خشك شده.

داردان: ۱) عەمـاری ئێزنـگ؛ ۲) جێ‌نەمـام‌و ریشـەی زۆر؛ ۳) لە قەنـارەدان، لە سێ‌دارەدان ف ۱) انبار هیزم؛ ۲) نهالستان؛ ۳) بەدار آویختن، دارزدن.

داردۆژەنـگ: داری ئەم‌لاو ئەولای مەشکـە، کە *بەزمانە* دەخرێتە *ناو لۆلەپەوە* ف دو چوب کنارهٔ مَشك.

داردەس: چێوێ کە بەدەستەوە دەگیردرێ [ف] چوبدستی.

داردەست: داردەس [ف] چوبدستی.

داردینْك: ١) داری راهەنگاو بەسەر ئاخوڕدا؛ ٢) ئاخوڕ لەداری ناو کوڵدراو [ف] ١) چوبی کە سر آخور گذارند؛ ٢) آخوری کە از چوب سازند.

دارژان: ١) داتولاّن؛ ٢) ژزین تەواوی [ف] ١) بسیار پُختن؛ ٢) پوسیدن و از هم پاشیدن.

دارژاندن: ١) تولاندنەوە؛ ٢) ژزانن [ف] ١) بسیار جوشاندن؛ ٢) پوساندن.

دارژانن: دارژاندن [ف] نگا: دارژاندن.

دارژاو: داتولاو [ف] از هم پاشیده، بسیار پخته.

دارژای: دارژاو [ف] از هم پاشیده، بسیار پخته.

دارژیاگ: دارژاو [ف] نگا: دارژاو.

دارژیان: دارژان [ف] نگا: دارژان.

دارژیاو: دارژاو [ف] نگا: دارژاو.

دارژین: دارژان [ف] نگا: دارژان.

دارژیو: دارژاو [ف] نگا: دارژاو.

دارژان: ١) لەسەرەوە بۆخوار رژان؛ ٢) دەناو قالّب کردن [ف] ١) پایین ریختن؛ ٢) ریختەگری.

دارژاندن: ١) سەرەوخوار رشتن؛ ٢) دەقالب کردن [ف] ١) پایین ریختن؛ ٢) قالب‌ریزی.

دارژاو: ١) لە سەرەوە بۆخوار رژاو؛ ٢) دەقالّبدا دروست‌کراو [ف] ١) پایین ریختەشده؛ ٢) قالب‌ریزی شده.

دارژتن: دارژاندن [ف] نگا: دارژاندن.

دارژمێر: ژماردنی ئاژەڵ کە بە داردەست هیمایان بۆدەکەن [ف] سرشماری گلە با چوبدستی.

دارژیان: دارژان [ف] نگا: دارژان.

دارژین: دارژان [ف] نگا: دارژان.

دارسان: لێڕ، لێڕەوار، جەنگەڵ [ف] جنگل.

دارسان: هەڵمەت بردن، پەلاماردان [ف] یورش بردن.

دارستان: جەنگەڵ، لێڕەوار، دارسان [ف] جنگل.

دارسکان: پەلاماردان، دارسان [ف] یورش بردن.

دارسکاندن: گرتن و بەزۆر راکێشان [ف] گرفتن و بەزور کشیدن.

دارسیواك: ئەو داروکەی نوێژکەران ددانی پێ دەماڵن [ف] چوب مسواك.

دارشاخ کردن: سوکایەتی بەسەر هێنان [ف] آبرو بردن.

دارشتن: ١) دارژاندن؛ ٢) کل دەچاو کێشان [ف] ١) نگا: دارژاندن؛ ٢) سُرمەکشیدن.

دارشتە: دەقالّب کراو [ف] در قالب شده.

دارشەق: ١) داری بن‌باڵی پاشکاو؛ ٢) کاشۆ، گۆچانی گەمەی شەقێن [ف] ١) چوب زیر بغل؛ ٢) چوبدستی چوگان‌بازی.

دارشەقێن: کاشۆ، دارشەق [ف] چوبدستی چوگان‌بازی.

دارغە: قوڵچی ناوشار، پاسەوانی شار [ف] داروغە.

دارفرسەق: داری چەقاو لەدەم ریگە بۆ ماوە دیاری‌کردن [ف] فرسنگ‌سار.

دارڤان: ١) داربڕ، کەسێ کە دار بەتەورو هەرە دەبڕێتەوە؛ ٢) دارەوان، کەسێ کە باش دەتوانێ بەدرەخت هەڵگەڕێ، دارە وان [ف] ١) کسی کە کارش قطع درخت است؛ ٢) کسی کە در بالا رفتن از درخت مهارت داشتە باشد.

دارقواخ: دولکێ کە لەزەوی دەچەقێنن و لولەتفەنگی سەر دەخەن [ف] چوب یا فلز دوسری کە هنگام تیراندازی لولۀ تفنگ را بر آن تکیە می‌دهند.

دارقەپان: دارێك کە ئاڵقەی تەرازوی گەورەی پێدا دەکەن [ف] چوبی کە قپان را بدان وصل کُنند.

دارقەسپ: ١) دار خورما؛ ٢) دارێکە بۆ جوانی رای‌دەگرن وەك دار خورمادەچێ و بەر نادا [ف] ١) درخت خرما؛ ٢) درخت خرمای زینتی.

دارقەلۆتك: لاسکی وشکی توتن و پەمو [ف] شاخۀ خشك پنبە و تنباکو.

دارقەواخ: دارقواخ [ف] نگا: دارقواخ.

دارقەوام: ئامرازی داری‌خوار راست کردنەوە [ف] ابزار راست کردن چوب کج.

دارك: دەمارە تۆتن [ف] رگۀ برگ توتون.

دار کار چْك: داری کرۆسك [ف] نوعی گلابی وحشی.

دارکاری: بەدار لێدان [ف] با چوب زدن.

دارك بژێر: ١) هەڵاواردنی دەمار لە توتن؛ ٢) کەسێ کە دەمار لە توتن جیا دەکاتەوە [ف] ١) جُدا کردن رگەها از برگ توتون؛ ٢) کسی کە رگەها را از برگ توتون جدا می‌کند.

دارکردن: ئێزنگ کۆکردنەوە [ف] جمع‌آوری هیزُم.

دارکرۆك: دارکوتکە [ف] دارکوب.

دارکرۆکە: دارکرۆك [ف] دارکوب.

دارکوت: دارتەقێنە، دارتورکنەك [ف] دارکوب.

دارکوتك: دارێ کەئاگری پێ تێك وەردەدەن [ف] چوبی کە از آن برای برهم زدن آتش استفادە می‌شود.

دارکوتکە: دارکوت [ف] دارکوب.

دارکۆرك: دارکوتك [ف] نگا: دارکوتك.

دارکۆڵك: ١) کۆڵکەداری جلیت بازی؛ ٢) کۆڵەوەژی تەنوُر؛ ٣) دەوەن و چلو [ف] ١) تکە چوب بازی سوارکاران؛ ٢) نگا: کۆڵەوەژ؛ ٣) درختچۀ جنگلی.

دارکونکەرە: دارکوت [ف] دارکوب.

دارکەپێچان: برێتی لە کزو کەنەفت، لەڕو لاواز [ف] کنایە از لاغرِ مُردنی.

دارکەر: ١) ئێزنگ کۆکەرەوە؛ ٢) داربڕ [ف] ١) هیزُم جمع‌کُن؛ ٢) هیزم‌شکن.

دارکیلە: داروکەی لێك‌کردنی کیلەی پێوانە [ف] چوبکی کە ظرفیت پیمانە را تنظیم کند.

دارگورد: داری نێوان رایەڵی تەون [ف] چوب میان تارهای قالی در

دستگاه قالی بافی.

دارگوز: داریّ که بەتەڵەوە دەیبەستن تانچیر نەتوانێ بیبا ف چوبی که تله را بدان بندند.

دارگوزدین: داریّ که لەتۆپێن‌دا لەتۆپی دەدەن ف چوب چوگان‌بازی.

دارماڵ: پڕاوپڕ، تمام‌تژە ف مالامال، لبالب.

دارمان: روخانی سەربەرەوژێر ف فروریزی.

دارماندن: روخاندن لەسەر بۆخوار ف فروریختن.

دارمانن: دارماندن ف فروریختن.

دارماو: روخاو لەسەرەوە بۆخوار ف فروریخته.

دارمین: دارمان ف فروریزی.

دارمێن: روخێن لەسەرەوە بۆخوار ف فروریزنده.

دارن: روتەوەکەر بەدەست ف پوست‌گیرنده.

دارنان: روتەوەبون بەهۆی دەست لەسەرەوە بۆخوار ف پوست‌انداختن.

دارندە: دارا، دەوڵەمەند، زەنگین ف ثروتمند.

دارنین: روتەوەکردن: (جلی لەبەرخۆی **دارنی**، هێشوی ترێکەی دارنیوە، گەڵای لێ **دارنە**) ف کندن و لُخت کردن.

دارو: ۱) هەیە؛ ۲) هەیەتی ف ۱) هست؛ ۲) دارد.

دارۆ: دەرمان حەمام ف واجبی.

داروبار: برێتی لە هێزو توان‌و لەش ساغی: (پیاوێ بە **داروباره**) ف کنایه از توانایی و سلامت.

داروبەر: ۱) برێتی لە هەموشت؛ ۲) برێتی لە جێگەی سەخت‌و چۆڵ ف ۱) کنایه از هرچیز؛ ۲) کنایه از زمین خشك و خالی از سکنه.

داروپەردو: بەردو دارو هەڵاشی خانوەڕوخاو ف ئاوار.

دارۆتان: دارنان ف نگا: دارنان.

دارۆتاندن: دارنین ف نگا: دارنین.

دارۆتانن: دارۆتاندن ف نگا: دارنین.

دارۆتاو: دارناو ف نگا: دارناو.

دارۆتای: دارۆتاو ف نگا: دارناو.

داروجان: دەنکێکی رەشە لەناو برنجدا ف کدرم.

دارۆچان: ئاوەڕۆت‌بون ف پَرکنده شدن پرنده با آب گرم.

دارۆچاندن: ئاوەڕۆت کردن ف پَرکندن پرنده با آب گرم.

دارۆچای: ئاوەڕۆت کراو ف پَرکنده شده با آب گرم.

داروچکە: چیلکە، داری چکۆڵە ف تکه‌چوب.

دارۆچکە: داهێڵراو ف فروهشته.

دارۆچکان: داهێڵان، داهێشتن ف فروهشتن.

دارۆچکاندن: داهێڵان ف فروهشتن.

دارۆچکاو: دارۆچکە ف فروهشته.

دارۆخان: گوندێکە لە کوردستان ف نام روستایی در کردستان.

دارۆخان: دارمان ف نگا: دارمان.

دارۆخاندن: دارماندن ف نگا: دارماندن.

دارۆخانە: شوێنێ لەحەمام کە دەرمانی مودامالی‌لێ دەگرن ف جای واجبی گرفتن در گرمابه.

دارۆخاو: دارماو ف فروریخته.

دارۆخیاگ: دارماو ف فروریخته.

دارۆخیاو: دارماو ف فروریخته.

دارودەستە: دەس‌و پێوەند ف دارو دسته.

دارو دەسە: دارو دەستە ف دارو دسته.

دارو دەوەن: لێرەواری بەپنچك ف تپه و ماهور.

دارۆغە: دارغە ف داروغه.

دارۆگرتن: دەرمان حەمام لە خۆدان ف واجبی گرفتن.

دارونی: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف روستایی که به وسیله بعثیها ویران شد.

دارە: ۱) خۆ بەپێوە ڕاگرتنی بەحەستەم‌وکەم: (کابرا لەڕۆیشتن‌دا **دارەی** دێ)؛ ۲) داس ف ۱) بەزحمت خود را سرپا نگهداشتن؛ ۲) داس.

دارەبازە: داربەست، دودارە، تاوت ف تابوت.

دارەبەش: دابەش ف تقسیم.

دارەبەن: دارقەزوان، داربنێشت، داربەنوشت ف درخت وَن.

دارەپیچان: دالان، ڕێگەی سەر داپۆشراو ف دالان.

دارەت: قامچ، بەردەس، نزیك بۆ دەست تێ‌گرتن ف در دسترس.

دارەتو: ۱) دار تفێ؛ ۲) گوندێکی کوردە بەعسی وێرانی کرد ف ۱) درخت توت؛ ۲) نام روستایی که بعثیها ویران کردند.

دارەدارە: چۆنیەتی رۆیشتنی منداڵی تازە پێ گرتو: (منداڵەکە **دارەدارە** دەڕوا) ف حالت راه رفتن کودك تازه پاگرفته.

دارەڕا: داپۆشینی چاوەخانو بەکاریتەو دەستەك ف سقف‌پوشی با تیرك و الوار.

دارەڕەش: ناروەن، جۆرێ داری بێ‌بەرو شەنگە ف درخت نارون.

دارەست: بەرگر، لەمپەر ف مانع.

دارەسمە: دارکوت ف دارکوب.

دارەشکێنە: دەرمانێکە بۆ برین ف دارویی که بر زخم گذارند.

دارەغال: تەرە، بازەڵە، لەلان تۆراو ف حیوان آواره از لانه، حیوان اهلی رم کرده از لانه.

دارەغان: دارەغال ف نگا: دارەغال.

دارەقوتە: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی که بعثیها ویران کردند.

دارەکەوە: دارکوت، دارتەقێنە ف دارکوب.

دارەلەك: گوندێکە لە موکوریان ف روستایی در کُردستان.

دارەمەیت: دارتەرم، داربەست، تاوت ف تابوت.

دارەوان: کەسێ باش بەدار هەڵدەچێ ف کسی که در بالا رفتن از درخت مهارت دارد.

دارەوەن: بوز، دارتوفانە ف درخت پشه.

دارهەلوك: دارە درێژەکەی گەمەی هەلوکێن ف چوب بلندِ بازی الك‌دولك.

داری: جۆرێك بەڕ، جۆرێ ڕایەخ ف نوعی گلیم.

داریّ: ١) داسی دروێنه؛ ٢) شارێکی کۆنی کورده ف ١) داس؛ ٢) نام شهری قدیمی در کردستان.

داریـانەوە: ١) بوورانـەوە، دڵ لەخۆچون؛ ٢) بەملاو بەولادا کەوتن ف ١) از حال رفتن؛ ٢) تلوتلو خوردن.

دارژتن: دارژتن، دارژاندن ف نگا: دارژاندن.

دارێژگە: قاڵبی شت تێدا تواندنەوەی پیشەسازان ف قالب ریخته‌گری.

دارێژی: کاری دەقاڵب کردنی تاویاو ف ریخته‌گری.

داری سەمـــاوات: برێتـی لە نارەحـــەت کردنی زۆر: (یەم بەیە **داری سەماواتیّ** نیمە) ف کنایه از آزرده شدن بسیار.

داریلانك: گوڵێکی بۆن خۆشە ف گلی است خوشبو.

دارین: هەرشتیّ لەدار کرابیّ ف چوبین.

دارینە: دارین ف چوبین.

دارێنە: سەلە، نانەشان ف آبکش چوبین.

داژدار: ١) قەڵاچی، پاسەوانی کەلهە؛ ٢) برێتی لە لاگر و پارێزەر ف ١) نگهبان قلعه؛ ٢) کنایه از طرفدار.

داژگیر: بێژنگی کون هەڵە بۆ گەنم پاکردن ف الك گندم پاك کردن.

داژەندن: بەرەوخوار بردن: (لوُتی **داژندوە**) ف پایین گرفتن.

داژەنن: ١) داژەندن؛ ٢) هەڵواسین ف ١) پایین گرفتن؛ ٢) آویزان کردن.

داژەنین: ١) داژەنـدن؛ ٢) لەبـەریەك هەڵـوەشاندنی کەلو پەلی وەك سەعات و چەك ف ١) پایین گرفتن؛ ٢) بهم زدن وسایلی چون ساعت و تفنگ.

داژیار: بژیو، رسق، رۆزی ف روزی، قوت.

داس: داریّ ف داس.

داسپاردن: راسپاردن، قەوینتی کردن ف سفارش کردن.

داس پەرێن: بەداس پەڕانـــدنی وێنجـەی ساوا تا پنجی قایم‌تر بیّ ف هرس یونجهٔ ضعیف برای تقویت آن.

داستان: چیرۆك ف داستان.

داسخاڵە: داسی گوشاد کە تایبەتی گیادرونە ف داس گُشاد ویژهٔ درو گیاه.

داسرەفتن: هەدادان، ئارام گرتن، داسەکنان ف آرام گرفتن.

داسرەوتن: داسرەفتن ف آرام گرفتن.

داسرەوین: داسرەفتن ف آرام گرفتن.

داسك: ١) داسی چکۆڵە؛ ٢) تەورداس؛ ٣) هەودای دەزو ف ١) داس کوچك؛ ٢) داس شاخه‌بُری؛ ٣) تار باریك نخ.

داسگ: داسوی گوڵی دەغڵ ف اخگل، سیخچه.

داس ماڵ: دروێنەی گیا بەداس ف درو گیاه با داس.

داس ماڵە: داس ماڵ ف درو گیاه با داس.

داسـنـی: ١) لەســـەر ئاینـی زەردەشتی؛ ٢) خواز بێنی کەران ف ١) زرتُشتی؛ ٢) خواستگاران.

داسوُ: پرزەی گوڵی گەنم‌وجۆ ف اخگل، داسه.

داسوُك: داسوُ ف اخگل، داسه.

داسوُکە: داسوُ ف اخگل، داسه.

داسولکە: ١) داسوُ؛ ٢) داسی پچوك ف ١) اخگل؛ ٢) داس کوچك.

داسە: داسوُ ف اخگل.

داسەکنان: داسرەوین ف آرام گرفتن.

داسەکناو: سرەوتو، ئۆقرەگرتو ف آرام گرفته.

داسەکنین: داسەکنان ف آرام شُدن، آرام گرفتن.

داسیلە: داسی پچوك ف داس کوچك.

داش: ١) کۆرەی ئاسنگەرو پیشەکاران؛ ٢) پیادەی دامەو شەترەنج ف ١) کوره؛ ٢) پیادهٔ شطرنج و دامه.

داشاخە: ئاشاخە، ئەیاغی میوەو... ف بُنْجُل.

داش بەداش: ١) وشەیەکە لە گەمەی دامەدا؛ ٢) برێتی لە تۆڵەساندنەوە ف ١) اصطلاحی در بازی دامه؛ ٢) کنایه از انتقام گرفتن.

داشت: ئاژەڵی راگیراو بۆ بەروبو ف دام نگهداری شده برای تولیدمثل.

داشتن: ١) ئاولێنان، ئاویاری، ئاودێری؛ ٢) لەسەر بۆخوار شوشتن ف ١) آبیاری؛ ٢) از بالا به‌پایین شُستن.

داشتە: ١) داشت؛ ٢) کۆنە: (نیم **داشتە** بەکاردیّ) ف ١) نگا: داشت؛ ٢) کهنه.

داشە: داشت ف نگا: داشت.

داشدار: داژدار ف نگا: داژدار.

داشداری: لایەنگری، ئاگاداری، پارێزگاری ف طرفداری.

داشدیار: بناوان، ئاگاداری ماڵ ف مُدیر خانه.

داشك: بەچکەی کەر، جاش ف کره‌خر.

داشکان: ١) هەڵبڕانی جۆگە بۆ ئاودێری؛ ٢) لەحەساو کەم‌کردنەوە؛ ٣) رەتاندن ف ١) شکستن جوی در کار آبیاری؛ ٢) از صورت حساب کسر کردن، تخفیف دادن؛ ٣) خسته کردن.

داشکاندن: داشکان ف نگا: داشکان.

داشکانن: داشکان ف نگا: داشکان.

داش کەلەرم: کەلەمی بێ گەڵای رەق وەك توُر دەخوریّ ف کلم قُمری.

داش کەلەم: داش کەلەرم ف کلم قُمری.

داشگیر: داژگیر ف نگا: داژگیر.

داشلانە: شاگردی کلیسا لە گوندەکانی کوردستان ف نام اختصاصی شاگردان کلیسا در کردستان.

داشڵیقیان: فلیقانەوە، پڵیخانەوە ف لەشُدن.

داشوّ: ١) براگەورە؛ ٢) وشەی دواندنی براگەورە ف ١) برادر بزرگ؛ ٢) واژه‌ای برای خطاب به برادر بزرگ.

داشۆران: شۆردن بەئاو لەسەر بۆخوار ف از بالا به‌پایین شُستن.

داشۆڕان: بەرەوژێر شۆڕبوُنەوە ف آویزان شُدن.

داشۆراندن: شوشتن لەسەرەوە بۆخوار ف از بالا به‌پایین شُستن.

داشۆڕاندن: شۆڕەوە کردن، داهێلان ف آویزان کردن.

داشۆراو: بەئاو لەسەر تاخوار شۆریاو ف از بالا به‌پایین شستشو شده.

داشـۆریـاگ: ١) بەئـاو شۆراو لەســەر تاخوار؛ ٢) برێتی لە بێ شەرم و ئابڕو ف ١) از بالا به‌پایین شُسته شُده؛ ٢) کنایه از بی‌شرم و حیا.

داشۆڕیاگ: داهێزراو لەسەرەوە بۆخوار، داهێڵراو ف آویزان شده.

داشۆڕین: داهێڵان، سەربەرەو ژێر داهێشتن ف آویزان شدن.

داشوشتن: نابوُت بو ن ف ورشکست.

داشەکان: خوار بوُنەوە لەملاو بەولادا ف آویزان شدن و بەهر طرف تکان خوردن.

داشەکاندن: خوارکردنەوە بەملاو بەولادا ف آویزان کردن و بەهر طرف، تکان دادن.

داشەهارە: دوامین پیادەی گەمەی دامە ف آخرین مهره در بازی دامه.

داشی: هەژاری گوڵچین لە پەریز ف خوشەچین.

داشێ: وشـەی ڕێز بۆ دوانـدنی برای گەورە ف کلمـهٔ احترام به برادر بزرگتر، داداش.

داشیار: کەیوانوی ماڵ ف کدبانو.

داشێلان: لە سەرەوە بۆ خوار بەنهێم دەس پیاهێنان: (پشتی داشێلا) ف ماساژ دادن.

داعبا: ١) جانەوەری دڕندە؛ ٢) جانەوەری نەناسراو، داحبا ف ١) درّنده؛ ٢) جانور شناخته نشده.

داعوُران: قوتدان ف فرودادن، قورت دادن.

داغ: ١) گەرم؛ ٢) خەم و خەفـەت؛ ٣) چزان بەئاسنی سوُرەوەبوُ ف ١) داغ؛ ٢) غم، اندوه؛ ٣) داغ کردن با آهن سرخ شُده.

داغان: بەرباد، تەرت و تونا، تەفر و تونا ف داغان.

داغدیە: بەلاّ بەسەرهاتگ ف مُصیبت دیده.

داغمە: مۆری دەوڵەتی، تەمغە ف مهر دولتی.

داف: ١) داو؛ ٢) گرفتاری ف ١) دام؛ ٢) گرفتاری.

دافرتان: لێ دەرپەڕین ف بیرون جهیدن.

دافرتانن: لەناوەوە دەراویشتن ف به بیرون ورجهاندن.

دافرەقان: داپلۆخان ف لە شُدن از شدّت پُختن.

دافرەقانن: داپلۆخاندن ف لە کردن.

دافرەقیان: داپلۆخان ف نگا: داپلۆخان.

دافرەقین: دافرەقیان ف لە شُدن از شدّت پُختن.

دافلیقان: پلیشانەوە ف لە شُدن، ازهم گسیختن.

دافەتان: داپلۆخان ف لەشدن و از هم گسیختن از شدت زخم.

دافەتاو: داپلۆخاو ف لەشده از شدت زخم و بیماری.

دافەتین: دافەتان ف نگا: دافەتان.

داڤ: داو ف دام.

داڤـدۆز: ١) کەوی لەداو ترسـاو کە تخـونی داو ناکەوێ؛ ٢) بریتی لە فێڵبـازو زرنگ ف ١) کبـکی کە از دام ترسیده و طـرف آن نمی‌رود؛ ٢) کنایه از آدم زیرک و مکّار.

داڤسك: داموسك، موی کلکی یەکسم ف موی ستور.

داڤك: داوی ڕاوەکەو ف دامی کە برای کبك گذارند.

داڤـەرستن: ١) خۆیێکـەوە نوسـانـدن. وەك دەنکـە ترێ بەتەنیشت یەکەوە ؛ ٢) ڕاسان ف ١) بهم چسبیدن؛ ٢) تهدید با دست.

داڤەگر: بەتاسە، بەئاوات ف تاسەخوار، آرزومند.

داقی: دوایی، دوماهی، ئاخری ف آخری.

داقرتاندن: ١) کرۆژتن؛ ٢) بە ددان شکاندن و بڕین ف ١) خاییدن؛ ٢) با دندان شکستن و بریدن.

داقرچان: ترنجان ف ترنجیدن.

داقرچاندن: هەڵقرچاندن، گرنج کردن ف ترنجاندن.

داقرچیان: داقرچان ف ترنجیدن

داقڵیشان: لەسەر بۆخوار درزبردن ف ترکیدن از بالا به پایین.

داقڵیشاندن: لە سەر بۆخوار لەت کردن، دادڕین ف شکافتن از بالا به پایین.

داقڵیشاو: لە سەر بۆخوار درزبردو ف ترکیده از بالا به پایین.

داقڵیشیاگ: داقڵیشاو ف نگا: داقڵیشاو.

داقڵیشیان: داقڵیشان ف نگا: داقڵیشان.

داقنان: پلۆخان ف لەشدن جسم.

داقناو: پلۆخاو ف جسم لە شده.

داقنین: داقنان ف نگا: داقنان.

داقنیو: داقناو ف نگا: داقناو.

داقورچاندن: قویتدان، قورچاندن ف قورت دادن.

داقوساندن: قەیچی کردن ف قیچی کردن.

داقولین: شکیان ف شکستن.

داقەلاشتن: ١) لە سەر بۆخوار لەت کردنی دار؛ ٢) بریتی لە هەلاّتنی بە پەلە ف ١) فر و شکافتن؛ ٢) کنایه از فرار با شتاب.

داقەڵشان: داقڵیشان ف نگا: داقڵیشان.

داقەڵشاندن: لە سەر بۆ خوار لەت کردن ف شکافتن از بالا به پایین.

داقەڵەشان: داقەڵشان ف نگا: داقەڵشان.

داقەڵەشاندن: داقەڵشاندن ف نگا: داقەڵشاندن.

داقەڵەشاو: داقڵیشاو ف نگا: داقڵیشاو.

داقەڵەشیاو: داقڵیشاو ف نگا: داقڵیشاو.

داك: دایك، دێ، دیا ف مادر.

داکاسان: ئوقرەگرتن، داسەکنان، هەدادان ف آرام گرفتن.

داکاسانن: داسەکناندن ف آرام کردن.

داکاسیان: داکاسان ف آرام گرفتن.

داکاسین: داکاسان ف آرام گرفتن.

داکاڵیان: نەڕاندن، خوڕین، داخوڕین ف غرّیدن، نهیب زدن.

داکتن: شۆڕەوەبون، داهێڵان ف آویختە شدن.

دەرزی: ١) دەرژەن، بچکۆلەی نوك‌تیژ بۆ دورمان؛ ٢) پارچە زەنبەریکە لە سەر دەدرێ؛ ٣) چل‌درو، خەیات؛ ٤) شرینقە، سرنگ، ئامرازی دەرمان دەپێست کردن؛ ٥) دریشوکەی مار ف ١) سوزن؛ ٢) زیوری است؛ ٣) خیّاط؛ ٤) آمپول؛ ٥) نیش مار.

دەرزی ئاژن: دەرزی کوت، بەنوکەدەرزی دە زۆرجێگە ڕۆکردن ف سوزن کوبی.

دەرزیاپشت: مۆرەغە، موروی پشت ف ستون فقرات.

دەرزیدان: قوتوڵەی دەرزیان ف سوزندان.

دەرزیك: مامزەی پاژنەی سواران ف مهمیز.

دەرزیلۆکە: گیایەکە گەڵای لە دەرزی دەچێ ف گیاهی است برگش سوزنی.

دەرزیلە: ١) دەرزیلۆکە؛ ٢) دەرزی شت پێ قایم‌کردن کە دا دەخرێ؛ ٣) پارچە خشڵێکە بۆ سەر ف ١) گیاهی است؛ ٢) سوزن چنگك‌دار، سنجاق‌قفلی؛ ٣) سرخاره، زیوری است.

دەرزی وەشێن: ئەوکەسەی دەرزی لەنەخۆش دەدا، شرینقە وەشێن ف آمپول‌زن.

دەرژەن: ١) دەرزی دورمان؛ ٢) ئاڵقەی درگا، دەرتەقێن ف ١) سوزن؛ ٢) درکوبه.

دەرس: وانە، دەرز، درز ف درس.

دەرسۆك: دەسرە دەست، دەسەسڕ، دەسماڵی دەست ف دستمال.

دەڕسە: دڕیاو، چڕیاگ ف دریده، پاره.

دەرشۆ: پەڕۆی ژێر تەشتی جل‌شۆری ف پارچهٔ زیر ظرف رختشویی که تکان نخورد.

دەرفەت: هەل، کێس ف فرصت، وقت مناسب.

دەرڤە: ١) بەرانبەری ژورەوە؛ ٢) هەندەران، وڵاتانی لاوەکی ف ١) بیرون؛ ٢) خارج از منطقه.

دەرڤەدان: مکوڕبون ف اعتراف.

دەرڤەیی: غەیارە، غەوارە ف بیگانه.

دەرق: جیقنە، ڕیقنە ف چلغوز.

دەرقەل: پارچە زەویەکی کەم و بچوك ف قطعهٔ کوچك زمین.

دەرقیل: هێچك، ئاڵقەی دارینی سەر گوریسی باربەند ف حلقهٔ چوبین سر ریسمان باربندی.

دەرك: ١) درگا؛ ٢) تێگەیشتن: (من **دەرکم** نەکر بو کە وایە) ف ١) در؛ ٢) فهم.

دەرکراو: ١) وەدەرنراو، بەرهەڵداکراو؛ ٢) لێ کەم‌کراو: (حیسابەکەت لێی **دەردە کرێ**) ف ١) رانده؛ ٢) افت در معامله.

دەرکردن: ١) وەدەرنان؛ ٢) نوسینی ڕۆژنامەو گۆڤار؛ ٣) بەنەشتەر کردنەوەی برین؛ ٤) لك لێ دەرچون: (دارەکە لکی **دەرکردوە**)؛ ٥) لە جیساب یان لە فرۆشراو کەم‌کردن ف ١) راندن؛ ٢) انتشار دادن؛ ٣) بازکردن دُمَل؛ ٤) جوانه دادن؛ ٥) افت معامله.

دەرکردە: بردە، ماڵێ کە بۆ دەرەوەی مەڵبەند دەنێردرێ ف صادرات.

دەرکریاگ: دەرکراو ف نگا: دەرکراو.

دەرکریاو: دەرکراو ف نگا: دەرکراو.

دەرکشان: شتێ لە شتێ دەرهاتن: (خەنجەر **دەرکشاوە**) ف برکشیده شدن.

دەرکوبان: دەوروبەری ماڵ، بەردرگانە ف بام و در، جلو در.

دەرکوت: دەرتەقێن ف درکوبه.

دەرکوتك: دەرکوت، دەرتەقێن ف درکوبه.

دەرکودو: ماڵ و حاڵ ف خانه و کاشانه.

دەرکودوکان: برێتی لە دەزگای دەوڵەت ف کنایه از رژیم.

دەرکە: ١) بهێنە دەر، دەرخە، دەرێنە؛ ٢) دەرك، درگا ف ١) بیرون آور؛ ٢) درگاه.

دەرکەتن: ١) دەرچون، چونە دەرەوە؛ ٢) ئاشکرابون، دیاری‌دان ف ١) بیرون رفتن؛ ٢) آشکار شدن.

دەرکەفتن: دەرکەتن ف نگا: دەرکەتن.

دەرکەفتە: ١) لە ماڵدا نەماو، دەرچوگ؛ ٢) ئاژەڵی ئاوەکی؛ ٣) ئاشکرابوگ ف ١) بیرون رفته؛ ٢) حیوان از گله پرت شده؛ ٣) آشکار شده.

دەرکەنار: ١) بێ‌لایەن، خۆ دەکارنەگەیێن؛ ٢) پەڕاوێزی نوسراو ف ١) گوشه‌گیر، بی‌طرف؛ ٢) هامش، حاشیهٔ کتاب.

دەرکەوان: خزمەتکاری بەر دەرك ف دربان.

دەرکەوتن: دەرکەتن ف نگا: دەرکەتن.

دەرکەوتو: دەرکەفتە ف نگا: دەرکەفتە.

دەرکەوتە: دەرکەفتە ف نگا: دەرکەفتە.

دەرکێشان: هەڵکێشان. باریك لە ئاو ئەستور هێنانەدەر ف بیرون،

کشیدن، آختن.

دەرکێشراو: شتێ کە لە شتێ هێنرا بێتە دەر ف بیرون کشیدە شدە.

دەرگا: دەر، درگا، زاری دەفر ف درگاه، دهانە.

دەرگابون: درگابون ف بازشدن دُمل.

دەرگابێن: زاربێنی دەفر ف دهانەبند ظرف.

دەرگاخن: پڕاوپڕ، تژە ف لبالب، پر، مالامال.

دەرگاکردن: درگابون ف سر بازکردن دُمل.

دەرگانە: دراوێ کەبۆ چوٚنە ژوٚر دەبێ بدرێ ف وروديه.

دەرگست: دەرگستی، دەزگیران ف نامزد.

دەرگستی: دەزگیران ف نامزد.

دەرگڤانك: دەرخوٚنە ف نهنبان.

دەرگوٚش: ١) لانك، دەیدیك، بێشکە؛ ٢) جوٚلانەی تێدانوستنی منالْ؛ ٣) ساوای تازە زاو ف ١) گهوارە؛ ٢) ننو؛ ٣) نوزاد.

دەرگوشادانە: بانگ هێشتن بە هوٚی چوٚنە ناو خانوی تازەوە ف سور افتتاح بنا.

دەرگوشك: دەرگوٚش ف نگا: دەرگوٚش.

دەرگە: درگا ف درگاه.

دەرگەلە: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی در کردستان کە بعثیها ویران کردند.

دەرگەلی: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی در کردستان کە بعثیها ویران کردند.

دەرگەوان: دەرکەوان ف دربان.

دەرگیل: چەپەر، دەرگای لە شولْ چندراو ف در بافته از ترکە.

دەرمالْ: ١) بەردرگانە، دەرکوبان؛ ٢) کەمەربەندی ڕەشمالْ؛ ٣) برێتی لە مالْەگەورە ف ١) جلو در؛ ٢) پارچهٔ کمر بند چادر؛ ٣) کنایە از بارگاه.

دەرمالْە: ١) دایەستە، پەروار؛ ١٢) بێچوی درەنگ زاو کە لە مالْدا دەهێلْدرێتەوە؛ ٣) نوٚکەرێ کە منـدالْی مالْەگەورە بێ ف ١) پرواری؛ ٢) نوزاد دام کە در خانە نگهدارند؛ ٣) نوکر خانەزاد.

دەرمالْی: دەرمالْە ف نگا: دەرمالْە.

دەرمان: ١) ئامرازی چارەکردنی دەرد؛ ٢) باروت؛ ٣) گوندێکە لە نزیك مەهاباد ف ١) دارو؛ ٢) باروت؛ ٣) روستایی در حومهٔ مهاباد.

دەرماناوا: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی در کردستان کە بعثیها ویران کردند.

دەرمانجە: دەبانچە ف تپانچە.

دەرمانچا: چای وشك، چای هێشتا لێ نەندراو ف چای خشك.

دەرمانچە: دەبانچە ف تپانچە.

دەرمانخانە: ئەجزاخانە، دوکانی دەرمانفروٚش ف داروخانە.

دەرمانخوار: دەرمانخواردو، دەرمانداو، کەسێ کە ژەهری خواردبێ ف زهر خوردە.

دەرمانخوارد: دەرمانخوار ف زهر خوردە.

دەرمانخواردو: دەرمانخوار ف زهر خوردە.

دەرمانخوٚر: ١) ژەهرخواردو؛ ٢) نەخوٚشێ کە دەرمان بوٚ چارەی نەخوشی دەخوا ف ١) مسموم؛ ٢) بیماری کە دوا می‌خورد.

دەرماندان: سنوقی شوشەی دەرمانفروٚش ف تبنگو، جونە.

دەرمانداو: دەرمانخوار ف مسموم.

دەرمانساز: کەسێ دەرمانی چارەی نەخوٚشی دروست دەکا ف داروساز.

دەرمانفروٚش: کەسێ کە کاسبیەکەی دەرمان بە خەلْك فروٚشتنە ف داروفروش.

دەرمانٚك: ئالاتو زەردەچێوە، بەهارات ف دیگ ابزار، ادویە.

دەرمانکردن: چارەکردنی دەردو برین ف مداوا.

دەرمانکوت: کەسێ کە باروت سازدەکا ف باروت‌ساز، باروت‌کوب.

دەرمانکەر: چارەسازی نەخوٚش و بریندار ف تیمارگر.

دەرمانگا: دەرمانخانە ف درمانگاه.

دەرمانگەر: دەرمانساز ف داروساز.

دەرمو: دەرمان ف نگا: دەرمان.

دەرمەجێل: پەنجەرەی کون‌کون لە دار کە ئەودیوی لێ دیار بێ ف غلبکن.

دەرمەجێلە: دەرمەجێل ف غلبکن.

دەرمەنجلە: چەپەر، درگای لە توٚلْ تەنراو ف در بافته از ترکە.

دەرمەنجەلە: دەرمەنجلە ف دربافته از ترکە.

دەرنجە: ١) پلەی پەیژە؛ ٢) پلەکان ف ١) پلّهٔ نردبان؛ ٢) پلکان.

دەرنخون: ١) سەرەونخون، وەرگەڕاو؛ ٢) دەرخوٚنـەی سەر تەندور ف ١) واژگون، دمر؛ ٢) نهنبن تنور.

دەرنەبردن: هەلْنەکردن، پێ نەوەستان ف تحمّل نکردن.

دەرنەخوٚن: دەرنخون ف نگا: دەرنخون.

دەرنەخین: لەسەرزگ ڕاکشان بوٚئاو خواردنەوە لەکانی ف دمر خوابیدن برای آب خوردن از چشمە.

دەرو: ١) گەلْی تەنگەبەر، شیوی تەنگ، دوٚلْی تەسك؛ ٢) دەرفەتی ڕزگاربون: (خودا **دەروی** بەرەحمەتی بکاتەوە) ف ١) درهٔ تنگ؛ ٢) راە نجات.

دەروازە: درگای گەورە، دەری مەزن ف دروازە.

دەروازەوان: دەرکەوان ف دربان.

دەروان: دەرکەوان ف دربان.

دەروایسی: ناتاج، نیاز ف حاجت، نیاز.

دەروبان: دەرکوبان ف پیرامون و جلوخانە.

دەرودراوسێ: جیرانان، هاوگەڕەك ف همسایەها، هم‌محلە.

دەرودو: دەرکوبان ف بام و در، پیرامونیهای خانە.

دەرودەشت: چوٚلْ و سارا، بەدەر لە ئاوایی ف دشت و در.

دەروٚر: بە گەلْی دا سەرکەوتن ف بالا رفتن از درە.

دەروٚزان: مالْینی ژێر خەرمان ف زیر خرمن‌روبی.

دەروٚزە: پارسەکی، گەدایی ف گدایی.

دەروٚزەکەر: پارسەك، گەدا ف گدا.

دەروژور: ١) لای سەرەوەو بنەوەی قوماش و...؛ ٢) لای ئاشکراو نادیار

ف ١) رویه و داخل؛ ٢) آشکار و ناپیدا.

دەروژورکردن: ١) بریتی له بەرەو چابون‌چونی نەخۆش؛ ٢) بریتی له تازەپاگرتنی منالْ ف ١) کنایه از شروع به شفا یافتن؛ ٢) کنایه از نو پا گرفتن بچه.

دەرۆست: وەستان، پێ‌وەستان، باشار ف تاب مقاومت.

دەرۆست هاتن: ١) پێ وەستان، دەرەقەت‌هاتن؛ ٢) دەر بردن ف ١) تاب مقاومت داشتن؛ ٢) تحمّل کردن.

دەرۆم: گە، گەگرتن، مان‌گرتن ف اعتصاب.

دەرۆم: دەچم، ئەچم ف می‌روم.

دەرون: ١) ژورەوە، ناوەوە؛ ٢) بیروبڕوای دڵ ف ١) داخل؛ ٢) نهاد.

دەروەدەر: دەربەدەر، ئاوارە ف آواره.

دەروەن: ١) دەربەند؛ ٢) زاربین ف ١) دربند؛ ٢) دهانه‌بند.

دەروەنجەڵە: دەرمەجێل ف غلبکن.

دەروێش: ١) عەوداڵ، بێ‌ماڵ و حاڵ، ڕەبەن؛ ٢) مریدی تەریقەتی قادری بە پرچ ف ١) درویش؛ ٢) مرید طریقت قادریّه.

دەرە: گەڵی، دۆڵ، شیو ف دره.

دەرهاتگ: ١) دەرکێشراو بۆ دەرەوە؛ ٢) فێرەکارکراو، ڕاهێنراو ف ١) برکشیده؛ ٢) آمادهٔ کار شده، کار یاد گرفته.

دەرهاتن: ١) دەرکشان؛ ٢) ڕاهاتن له کار ف ١) برکشیده شدن؛ ٢) کارآزمودگی.

دەرهاتو: ١) دەرکشاو؛ ٢) ڕاهاتو ف ١) برکشیده؛ ٢) تجربه‌دیده.

دەرهانین: دەرکێشان، دەرێنان ف بیرون آوردن.

دەرهاوردن: دەرهانین ف بیرون آوردن.

دەرهاوردە: دەرهاتو ف بیرون آورده.

دەرهاوێژ: هەڵاوێر، جیاکەرەوە له شت ف بیرون‌انداز.

دەرهاوێژان: هەڵاواردن ف بیرون‌اندازی.

دەرهاوێژران: دەرهاوێژان ف بیرون‌اندازی.

دەرهاوێژراو: جیاوەکریاو، فڕێ دریاو ف بیرون‌انداخته.

دەرهاوێژەر: دەرهاوێژ ف بیرون‌انداز.

دەرهاویشتن: ١) دەرهاوێژان؛ ٢) سەرمابردنی ڕەپستە ف ١) بیرون انداختن؛ ٢) پژمردن و خشك شدن کشت از سرمای سخت.

دەرەبوڵە: جۆرێ ترێی سوری دەنك گەورە ف نوعی انگور.

دەرەبەگ: مەزنی زۆر بە دەستەڵات ف خان بزرگ.

دەرەبەگی: ١) وڵاتی بێ دەوڵەت و بەرحوکمی خان و ئاغایان؛ ٢) بریتی له زۆرداری و کەڵەگایی کردن: (بە **دەرەبەگی** خواردی) ف ١) خان‌خانی، ملوك‌الطوایفی؛ ٢) کنایه از گردن‌کلفتی و زورگویی.

دەرەج: ١) پلەی نەردیوان؛ ٢) پلیکان، قاڵدرمە ف ١) پلهٔ نردبان؛ ٢) پله، نرده.

دەرەجە: پلە، پایە ف درجه، رتبه.

دەرەدوا: شوێن کەفتن، دانەدوو ف پیگیری.

دەرەڕا: باغ و زەمینی دور له ئاوایی ف ملك دور از آبادی.

دەرەڕە: دەرەڕا ف ملك دور از آبادی.

دەرەقەت: پێ‌وەستان، باشار، دەرۆست ف تاب مقاومت.

دەرەقەت هاتن: پێ وەستان، دەرۆست هاتن ف تاب مقاومت داشتن.

دەرەك: ١) دۆزە، جەحەنەم: (گوێ له واعیز مەگرە شەو تەك و تەنها وەرە لام / ڕۆژی مەحشەر بە مە گەر بمخەنە دۆزەخ بە **دەرەك**) «حاجی قادر»؛ ٢) پۆلیسی دەری شار؛ ٣) شوێنی نەناس؛ ٤) گەرچی ف ١) جهنّم؛ ٢) پلیس برون‌شهری؛ ٣) جای ناشناس؛ ٤) گرچه.

دەرەکە: لاوەکی ف خارجی، بیگانه.

دەرەکی: ١) لاوەکی، خەڵکی هەندەران؛ ٢) پۆلیسی دەری شار ف ١) خارجی؛ ٢) پلیس برون شهری.

دەرەگۆزنو: سەرپۆشی گۆزەو تونگە ف سرپوش تُنگ و سبو.

دەرەگە: لاوەکی، بێگانە ف اجنبی، بیگانه.

دەرەلنگ: ١) دەلینگە دەرپێ و ڕانك، ئەو بەشە له بەرگ کە بەلەکی پا دادەپۆشێ؛ ٢) ناو هەردو پا له ئەژنۆ بەرەژێر ف ١) پاچه شلوار؛ ٢) میان پاها از قوزك پا تا زانو.

دەرەلنگ دڕاو: بریتی له ڕوت و شڕۆڵ ف کنایه از ژنده‌پوش و بینوا.

دەرەماهی: دڕەماسی ف خارماهی.

دەرەو: ١) دەرەوە، بەرانبەری ژورەوە؛ ٢) درۆ، قڕ ف ١) بیرون؛ ٢) دروغ.

دەرەوری: دەرەڕا ف ملك دور از آبادی.

دەرەوە: ١) بەرانبەری ژورەوە؛ ٢) لای بەرچاو؛ ٣) درۆیە ف ١) بیرون؛ ٢) رویه؛ ٣) دروغ است.

دەرەوین: درۆزن ف دروغگو.

دەرهەڵبون: تۆرەبون له پڕێکا ف ناگهان برآشفتن.

دەرهەم: تێکەڵاو، تێك ئاڵۆزاو ف مختلط، درهم.

دەرهەم بەرهەم: پشێوی و تێکەڵ پێکەڵی: (دنیایەکی **دەرهەم بەرهەمە**) ف آشوب و بلبشویی.

دەرهێنان: دەرهاوردن ف بیرون آوردن.

دەرهێنراو: دەرهاوردە ف بیرون آورده.

دەری: درگا ف درگاه.

دەرێ: ١) دەرقە، دەرەوە؛ ٢) بێتە دەرێ: (ئایەی چاوت **دەرێ**) ف ١) خارج؛ ٢) خارج گردد.

دەریا: زەریا، بەحر ف دریا.

دەڕیا: ١) لەسۆنگە، لەبەر؛ ٢) گوێ دەکرد ف ١) در راه؛ ٢) می‌رید.

دەریاچە: بێرك، زرێ‌وار، بەحرك ف دریاچه.

دەریاگر: چەتەی ناو دەریا ف دزد دریایی.

دەریایی: ١) کەسێ کاری له دەریایە؛ ٢) جانەوەرێ کە له دەریا دا دەژی ف ١) کسی که سر و کارش با دریا است؛ ٢) دریازی.

دەریچە: ١) دەربیچە؛ ٢) قالبی توانەوەی زێڕ و زیو ف ١) دریچه؛ ٢) قالب ریخته‌گری زرگر.

دەرێخستن: ١) دەرهاوردن؛ ٢) ئاشکراکردن، دانەخویاکردن ف ١) بیرون آوردن؛ ٢) آشکار کردن.

دەریزان: دەرازینك ف آستانهٔ در.

دەرینان: دەرێنان فا بیرون آوردن.

دەرێنان: دەرهاوردن فا بیرون آوردن.

دەز: مالۆس، بەرازی مێ فا گراز ماده.

دەزبڕ: گزیکار، فریودەر، خاپێنۆك فا فریب‌دهنده، کلاه‌بردار.

دەزبڕی: کاری فریودان لە مامڵە دا فا کلاه‌برداری.

دەزبڕین: دەزبڕی فا کلاه‌برداری.

دەزبزاوتن: ١) بە دەست ئازاردان؛ ٢) توند کارکردن فا ١) با دست اذیت کردن؛ ٢) سریع کار کردن.

دەزبزێو: بەدفەڕ، نائارام، بەدەست ئازاردەر فا ناآرام، شلوغ، اذیت کن.

دەزبزێوی: ناثارامی، بەدەست ئازاردان فا ناآرامی.

دەزبلین: دەسرازە، منالْ‌پێچ لە بێشکە دا فا بچه‌بند در گهواره.

دەزبلینك: دەزبلین فا نگا: دەزبلین.

دەزبەجێ: هەر ئەلحان، هەر ئێستە فا فوراً.

دەزبەردار: دەست هەڵگرتو، وازهێن فا دست بردار.

دەزبیران: کیژو کوڕێ کە بڕیارە ببنە ژن و مێرد فا نامزد.

دەزبین: رستەی قۆڵی شوان کە شەو سەرێکی دە ملی سەرگەلە دە خا فا رستهٔ رابط چوپان و نخراں.

دەزبینك: خشڵ و زەنبەری جومگەی دەست، دەستەوانەی لە زێڕ و مۆروو فا دستبند زینتی.

دەزگ: تاڵی لە لۆکە ڕێسراوی زۆر باریك فا نخ.

دەزگا: ١) ئاسنی چەرم لە سەرکوتانی پینەچی؛ ٢) مەکینە؛ ٣) بریتی لە خانو بەرەی خۆش و زل؛ ٤) بریتی لە نان و خوانی جوان و زۆر؛ ٥) سندانی ئاسنگەر؛ ٦) ئەنگوستیلەی دورمان فا ١) دستگاه کفش‌کوبی؛ ٢) ماشین؛ ٣) کنایه از کاخ؛ ٤) کنایه از سفرهٔ رنگین؛ ٥) سندان آهنگران؛ ٦) انگشتانه.

دەزگر: ١) دەزبیران؛ ٢) پەڕۆی شتی گەرم پێ گرتن؛ ٣) وردە واڵەی چەرچی فا ١) نامزد؛ ٢) وصله برای گرفتن چیز داغ؛ ٣) کالای پیله‌ور.

دەزگرتی: دەزبیران فا نامزد.

دەزگرە: پەڕۆی شتی گەرم پێ گرتن، دەزگر فا دستگیره برای چیز داغ گرفتن.

دەزگەوان: وەستای مەکینە، نوسای ماشین فا مکانیک.

دەزگیر: دەزگرە فا وصلهٔ دستگیره.

دەزگێڕ: فرۆشەری گەڕیدەی بێ‌دوکان فا پیله‌ور، فروشندهٔ سرپایی، دستفروش.

دەزگیران: دەزبیران فا نامزد.

دەزگیرۆیی: باربو، یارمەتی مالی فا کمك و مساعدت مالی.

دەزگیرە: دەزگرە فا وصلهٔ دستگیره.

دەزگیری: دەزگیرۆیی فا مساعدت مالی.

دەزمایە: سەرمیان، سەرمایە فا سرمایه.

دەزنوێژ: دەسنوێژ فا وضو، دست‌نماز.

دەزو: دەزگ فا نخ.

دەزوران: دەزبیران فا نامزد.

دەزولە: باریکەیەك کە وەك هەودادەزو لە شتی لیچی‌دا دەبیندرێ فا نخ مانندی که در چیز لزج هنگام ریختن دیده می‌شود.

دەزولەکردن: تازە بەرەو توندچونی شتی تراو فا شروع منعقد شدن آبکی.

دەزی: ١) دەزگ، دەزو؛ ٢) کەڕواوی؛ ٣) بریتی لە شێوی کۆن فا ١) نخ؛ ٢) کفك زده؛ ٣) آش کهنه.

دەزێ: بێچوی دەبێ فا می‌زاید.

دەژ: ١) دەکارنەکراو، دەست لێ نەدراو؛ ٢) داغ، بە ئاسنی سورەوە بۆ چزاندن؛ ٣) دورەپەرێزی، پارێز فا ١) بکر و دست‌نخورده؛ ٢) داغ گذاردن؛ ٣) پرهیز.

دەژانچون: ئێشی زۆری ئەندام لەسەرمان فا درد شدید اندام از سرما.

دەژاندن: داغ‌کردنی ددانی ئێشاو فا داغ گذاشتن بر دندان.

دەژی: ١) نامرێ، دەمێنێ، ئەژی؛ ٢) دەهێنێ، هێژایە فا ١) می‌زید؛ ٢) ارزش دارد، می‌ارزد.

دەژێ: ١) مەشکە دەجوڵەدایە؛ ٢) نامرێ فا ١) مشك تكان می‌خورد؛ ٢) زندگی می کند.

دەس: ١) لەجومگەوە بەرەژێر؛ ٢) باڵ، لەسەر پەنجەوە تاشان؛ ٣) گەمەیەك، جارێکی کایە: (با **دەسێ** کایەبکەین)؛ ٤) کەل و یەلی تواو: (دو **دەس** لیباسیان بوسەندوە)؛ ٥) لەگوین، وەك: (ئەم گەنمە **دەسی** ئەوگەنمەیە)؛ ٦) نۆرە لە قوماردا: (**دەس** منەبازی بکەم)؛ ٧) ماوەیەك خەو: (یەك **دەس** خەفتم)؛ ٨) جاربۆگان: (**دەسێکیان گاوە**) فا ١) ازمچ تا سرانگشتان؛ ٢) از سرانگشتان تا شانه؛ ٣) دست در بازی؛ ٤) دست لباس؛ ٥) مانند، مثل؛ ٦) نوبت بازی؛ ٧) مدتی خواب؛ ٨) واحد جماع.

دەسا: ١) جاکەوایە؛ ٢) وشەی دنەدان: (**دەسا بڕۆ**)؛ ٣) دەئێتر فا ١) پس؛ ٢) کلمهٔ تشجیع؛ ٣) پس دیگر.

دەس‌ئاخر: هیچ نەبێ فا لااقل، اقلاً.

دەسادەی: دە دەس پێ بکە فا پس شروع کن.

دەساز: دەستاڕ، ئاسیاوی دەستی فا دستاس.

دەسارت: کاسبی بە دۆدی و بۆدی فا کسابت حرام.

دەساژۆ: ١) دسەمۆ، ڕام، کەوی، کدی، کەدی؛ ٢) دەس پیاهێنراو فا ١) رام شده؛ ٢) با دست مالیده.

دەساگر: دەستەچیلە، پڕو پوش بۆ ئاگرکردنەوە فا افروزنه.

دەسامو: شەمامە، جۆرێ گرکەی چکۆلەی پڕ بە دەست و خاڵ‌خاڵ فا دستنبو.

دەسان: ١) چەند دەسێ؛ ٢) چیرۆك، حەقایەت فا ١) دستها؛ ٢) داستان.

دەساندەس: نزیك و بەرانبەر بە یەك: (گوندی ئێمەو گوندی ئێوە **دەساندەسن**) فا برابر و بهم نزدیك.

دەسانقەست: دەستی، قەستی فا عمداً.

دەساو: ١) تامی دەستی چێشت لێنەر: (**دەساوی خۆشە**)؛ ٢) هەویری

جارێك نان‌كردن: (دەساوێ هەویرمان شێلا)؛ ٣) تەرزی بەخێو کردنی ماڵات: (دەساوی چاکە هەر ماڵێك ئەو بەخێوی کا زو قەڵەو دەبێ)؛ ٤) بریتی لە ئاودەست؛ ٥) ئاوی ئاودێری کە بە تەنیاکەسێك نەکرێ: (ئاوەکەی دەساوێکە دەگاتە سەر زەوی) ف ١) مزهٔ دست‌پخت؛ ٢) خمیر یکبار نان‌پزی؛ ٣) ویژگی در خوراك دادن دام؛ ٤) کنایه از مستراح؛ ٥) مقداری آب که آبیاری با آن در توان یك نفر نباشد.

دەساوان: دەسکاونگ ف دسته‌هاون.

دەساودەس: ١) لەگەڕدا؛ ٢) تەفرە ف ١) در گردش؛ ٢) طفره رفتن.

دەساور: دەساگر ف افروزنه.

دەساوێز: ١) پەلپ، بیانو، بیانگ؛ ٢) دیاری، پێشکێش، سەوقات ف ١) بهانه؛ ٢) ارمغان.

دەساوێژ: ١) پەلامار، هێرش، گەمارۆ، هەڵمەت؛ ٢) ئەسپی بە چەپۆکان؛ ٣) ماوەی بەردهاویشتن ف ١) حمله؛ ٢) اسب ناآرام؛ ٣) مسافت سنگ پرت کردن.

دەسباد: دەست بڵاو، ماڵ بەفیڕۆدەر ف ولخرج.

دەسبازی: گەمەو گاڵتە بە دەست لەیەکتردان: (کچ‌و کوڕ خەریکی **دەسبازی** بون) ف شوخی دستبازی.

دەسباندەس: گەورەتر، بەهێزتر، زیاتر ف بالادست تر.

دەس بان دەس نیان: بێکارمانەوە ف کنایه از بیکار ماندن.

دەسبڕ: دەزبڕ ف کلاه‌بردار.

دەسبرا: دەستەبرا، هەواڵی نزیك ف دوست برادرخوانده.

دەسبڕی: گزیکاری، فریودانی خەڵك ف کلاهبرداری.

دەسبڕین: دەزبڕین ف کلاهبرداری.

دەسبڵاو: دەسباد ف ولخرج.

دەس بۆ بردن: ١) دەست لەقون دانی کەسێ؛ ٢) دەست بۆ خۆراك درێژ کردن ف ١) کنایه از انگلك کردن؛ ٢) دست دراز کردن برای خوراك.

دەسبۆدەم: بریتی لە ژینی نەمرنەژی، فەقیری ف کنایه از زندگی بخور و نمیر.

دەس بۆهێنان: دەس بۆ بردن ف نگا: دەس بۆ بردن.

دەسبەتاڵ: بێ‌کار ف بیکار.

دەسبەجێ: هەرلەجێ، دەزبەجێ ف فوراً.

دەسبەدەس: ١) نەغد بە نەغد؛ ٢) دەستاودەست لەگەڕدا، بەڕەواج ف ١) نقداً؛ ٢) در گردش و رایج.

دەسبەردار: دەس هەڵگر، وازهێن ف دست‌بردار.

دەس‌بەردان: ١) وازهێنان: (**دەسی** لە کار **بەردا**)؛ ٢) جدایی، دوری ف ١) دست برداشتن؛ ٢) دوری گزیدن.

دەسبەزاخا کردن: فریودان‌و زیان‌لێدان ف فریب دادن و آسیب رساندن.

دەسبەزاخاوا کردن: دەسبە زاخاکردن ف فریب دادن و زیان رساندن.

دەس بەزرانی: دەس بە ئەژنۆ، خەمبار، مات ف زانوی غم در بغل گرفته.

دەس بەستن: هۆی بێکاربون ف از کار واداشتن.

دەس بەستە: ١) دەست بەستراو؛ ٢) کار لەدەست نەهاتو، دەستوپێ سپی؛ ٣) بریتی لە خۆ بەدەستەوە دانی بێ لام‌و جوم ف ١) دست بسته؛ ٢) بی‌دست و پا، ناتوان در انجام کار؛ ٣) کنایه از تسلیم بدون قید و شرط.

دەس بەسە: دەس‌بەستە ف نگا: دەس بەستە.

دەس بەسەر: ژێر چاوێری پولیس ف تحت‌المراقبه.

دەس‌بەسەراگرتن: داگیرکردن ف غصب.

دەس بەسەر داگرتن: دەس بەسەراگرتن ف غصب.

دەس بەسینە: لە خزمەت کەسێ ڕاوەستان ف دست به‌سینه ایستادن.

دەسبەن: ١) کەلەپچە، قفڵی دەستی بەندی؛ ٢) پێش‌بەندی یەکسم ف ١) دستبند زندانی؛ ٢) دستبند ستور.

دەسبەند: دەسبەن ف نگا: دەسبەن.

دەس‌بەیەخە: بەگژیەکتراچون، بەشەڕ هاتن ف دست به یخه‌شدن.

دەس بێن: دەزبێن ف نگا: دەزبێن.

دەسبێنك: دەزبێنك، موچەوانە ف زیور مچ دست.

دەسپاچە: سەرگەردان‌و شێواو ف دستپاچه.

دەسپاك: ئەمین ف امین.

دەسپانکردنەوە: پارسەکی کردن، سواڵکەری ف گدایی.

دەسپانکرنەوە: دەسپانکردنەوە ف گدایی.

دەس‌پڕ: بریتی لە دەوڵەمەند، پوڵدار، زەنگین ف کنایه از ثروتمند.

دەسپەڕ: ئاوهێنانەوە بە دەست، جلق ف جلق، استمناء.

دەسپەرژان: دەرفەت پەیداکردن، پێکران: (**دەستت دەپەرژێ** کاربکەی؟ دەسم نا**پەرژێ**) ف مجال یافتن.

دەسپەرژیان: دەسپەرژان ف مجال یافتن.

دەس‌پیاگرتن: ١) دەس بە ئاگرا داشتن؛ ٢) داگیر کردن ف ١) دست بر آتش گذاشتن؛ ٢) اِشغال کردن.

دەسپێچ: ١) دەزبلین؛ ٢) پەڕۆی لەدەست پێچانی نانکەر ف ١) بچه‌بند در گهواره؛ ٢) وصلهٔ نانوا که بر مچ پیچد.

دەسپێچك: خوری کە تەشی ڕێس لە جمگەی دەهاڵێنێ ف پشمی که دوك ریس بر مچ بندد.

دەس‌پێچەنە: دەسپێچك ف نگا: دەسپێچك.

دەسپیس: نائەمین، سیرمەخۆر ف دله‌دزد.

دەسپێشکەری: پێش کەسێ وەکارکەوتن: (من **دەسپێشکەری**م کرد لە بەخێر هێنان) ف زودتر به کار افتادن.

دەسپێك: سەرەتا ف سرآغاز.

دەسپێکردن: سەرەتا دامەزراندن، سەرپێك خۆش‌کردن ف شروع کردن.

دەسپێکرن: دەسپێکردن ف شروع کردن.

دەس پێوە گرتن: ئاگاداری لە ماڵ‌و ڕسق ف صرفه‌جویی.

دەست: دەس ف نگا: دەس.

دەستاڕ: دەساڕ [ف] نگا: دەساڕ.

دەستاژۆ: دەساژۆ [ف] نگا: دەساژۆ.

دەستان: دەسان [ف] نگا: دەسان.

دەستاو: دەساو [ف] نگا: دەساو.

دەستاودەست: دەساودەس [ف] نگا: دەساودەس.

دەستاوێز: دەساوێز [ف] نگا: دەساوێز.

دەستاوێژ: دەساوێژ [ف] نگا: دەساوێژ.

دەست بادان: ١) زۆر لێ کردن؛ ٢) فێڵ لێ کردن، دەسبڕین؛ ٣) فیزو دەعیەکردن [ف] ١) زورگفتن؛ ٢) کلاه گذاشتن؛ ٣) اظهار تکبّر کردن.

دەستبازی: دەسبازی [ف] نگا: دەسبازی.

دەست بەدەست: بەرانبەر لەکایەدا [ف] مساوی شدن در بازی.

دەست بردن: دەست برن [ف] نگا: دەست برن.

دەستبرن: کارکردن، ئیقدام [ف] اقدام.

دەستبڕین: دەزبڕین [ف] نگا: دەزبڕین.

دەست بزاوتن: دەزبزاوتن [ف] نگا: دەزبزاوتن.

دەست بزێو: دەزبزێو [ف] نگا: دەزبزێو.

دەست بزێوی: دەزبزێوی [ف] نگا: دەزبزێوی.

دەست بشۆڵ: خۆ تێهەڵقوتێن، لاپرەسەن [ف] فضول.

دەستبڵاو: دەسبڵاو، دەسباد [ف] ولخرج.

دەست بڵندکردن: دەست کردنەوە، بە گژ دوژمنا چون [ف] در برابر دشمن مقاومت کردن.

دەستبۆبردن: دەس بۆبردن [ف] نگا: دەس بۆبردن.

دەستبوری: قسەزلی پێك نەهین، دمەراشی بێکار [ف] پرحرف بیکاره.

دەستبون: دەسرۆیشتویی [ف] تسلّط.

دەستبوها: مزی دەلاڵی [ف] مزد دلالی.

دەست بۆهێنان: دەس بۆبردن [ف] نگا: دەس بۆبردن.

دەست بە ناوگەیاندن: بریتی لە چونە سەرئاودەست [ف] کنایە از مستراح رفتن.

دەست بە ئەژنۆ: غەمبار، مات [ف] غمناك.

دەست بەتاڵ: ١) دەستواڵا، دەست تەنگ؛ ٢) بێکار [ف] ١) تنگ‌دست؛ ٢) بیکار.

دەستبەجێ: دەزبەجێ [ف] فوراً.

دەست بەدەست: دەس بەدەس [ف] نگا: دەس بەدەس.

دەست بەردار: وازهێن، دەزبەردار [ف] دست بردار.

دەست بەردان: دەس بەردان [ف] نگا: دەس بەردان.

دەست بەردایی: ١) دەست هەڵگرتو؛ ٢) دەست بڵاو، ماڵ بە فیرۆ دەر [ف] ١) باز ایستاده؛ ٢) دست و دلباز.

دەست بەرۆوەنان: بریتی لە ناهومێدکردنی کەسێك [ف] کنایە از نومید گردانیدن.

دەست بەزاخاکردن: فریودان و زیان پێ گەیاندن [ف] فریب دادن و آسیب رساندن.

دەستبەزاخاواکردن: دەست بەزاخاکردن [ف] فریب دادن و آسیب رساندن.

دەست بەسەر: دەس بەسەر [ف] تحت مراقبت، بازداشت.

دەست بەسەراگرتن: دەسبەسەراگرتن [ف] غصب.

دەست بەسەرداگرتن: دەسبەسەرا گرتن [ف] غصب.

دەستبەقرپ: دەسباد [ف] ولخرج.

دەستبەند: دەس بەن [ف] نگا: دەسبەن.

دەستپەڕ: دەسپەڕ [ف] جلق.

دەستپەرژان: دەس پەرژان [ف] نگا: دسپەرژان.

دەستپیاگرتن: ١) ماڵداری کردن لە ئازوقەدا؛ ٢) داگیر کردن [ف] ١) جیرەبندی کردن آذوقە؛ ٢) اشغال کردن.

دەست پێچك: دەس پێچك [ف] نگا: دەس پێچك.

دەستپێچەك: دەس پێچك [ف] نگا: دەس پێچك.

دەست پێداهێنان: ١) داماڵین بەدەست؛ ٢) تەواو ڕاماشتن [ف] ١) دستمالی؛ ٢) خانە روبی بەوسیلهٔ دزد.

دەستپیس: دزی خوێڕیلە، نائەمین [ف] دلەدزد.

دەستپیسی: نائەمینی [ف] دلەدزدی.

دەست پێشکەری: دەس پێشکەری [ف] نگا: دەس پێشکەری.

دەستپێکردن: دەس پێکردن [ف] شروع کردن.

دەستپێوەگرتن: گێڕانەوە لە خەرج [ف] صرفەجویی.

دەستپێوەنان: بریتی لە دەرکردن، لەکۆڵ خۆ کردنەوە [ف] دك کردن.

دەستتەنك: کەم‌دەست، نەدار [ف] فقیر، ناتوان.

دەستتەنکی: کەم دەستی، بێدەستی [ف] ناتوانی، فقر.

دەستتەنگ: نەدار [ف] فقیر.

دەستتەنگی: دەستەنگی [ف] تنگ‌دستی.

دەست تێ وەردان: خەریك بون دەگەڵ کارێ [ف] مشغول بودن.

دەستچن: ١) بەدەست تەنراو؛ ٢) میوەی بە دەست چنراو [ف] ١) دستباف؛ ٢) میوهٔ دستچین.

دەستچێن: شیناوەردی تۆم‌وەشاو، بەرانبەری خۆڕست [ف] رستنی کاشتە شدە، مقابل خودرو.

دەست خستن: وەگیرهێنان، بەگیرهێنان [ف] گیرآوردن.

دەستخۆشانە: ١) ئەو پارەی کە بەرەندەی قومار دەی بەخشێ؛ ٢) پاداشی کاری جوان؛ ٣) شیرنی‌دان بە وەستا یان شاگرد [ف] ١) دستخوش در قمار؛ ٢) جایزە؛ ٣) انعام دادن بە استاد یا شاگرد.

دەستخەت: بەدەست نوسراو، نامە [ف] دستخط، نامە.

دەستدان: لوان، ممکن بون [ف] ممکن شدن.

دەستڕاکرن: دەسکرنەوە، بەگژدوژمناچون [ف] مقاومت در جنگ.

دەستڕاگرتن: سەبرکردن، بەس کردن لەکار، لێ ڕاوەستان [ف] دست نگهداشتن، متوقّف کردن کار.

دەستڕەس: شتێ کە دەستی پێ ڕابگات [ف] دسترس.

دەستڕەش: کەسێ کەخێری لەدەستی نابینن [ف] کسی کە از دستش خیر نبینند.

دەستڕێژ: گوللەتەقینی زۆرو تێکڕایی [ف] رگبار گلولە.

دەست ژێ هلانین: وازلێ هێنان ف دست بردار شدن.

دەست سارد: فێرەکارنەبو ف کار یاد نگرفته.

دەستسپی: کارنەزان، فێرەکارنەبوگ ف کار یاد نگرفته.

دەست سپی کردن: برێتی لە پارەدان ف کنایه از پول دادن.

دەستسڤك: ١) حەکیمێ کەنەخۆشان زۆچاك دەکا؛ ٢) کەسێ زللەی زۆر نایەشێ؛ ٣) کەسێ کە حەیوانی سەربـڕاوی زو لە بەر دەست نامرێ؛ ٤) کەسێ کە دەس بە هەر کارێ بکا زۆ تەواو بێ؛ ٥) گیرفان بڕی کارامە ف ١) پزشکی که زود بهبود بخشد؛ ٢) کسی که ضربهٔ او زیاد دردآور نباشد؛ ٣) آنکه اگر حیوانی را ذبح کند دیر جان دهد؛ ٤) آنکه هر کاری را آغاز کند زود تمام شود؛ ٥) جیب بُر ماهر.

دەستسوك: دەست سڤك ف نگا: دەست سڤك.

دەستشاش: دەسباد ف ولخرج.

دەست شۆ: دەست شۆر ف دستشویی.

دەستشۆر: جێگەی دەست لێ شوتن ف دستشویی.

دەستشۆرك: دەست شۆر ف دستشویی.

دەستشێل: قوڕی بە دەست شێلدراو ف گِل با دست آماده شده.

دەستفـرۆش: مامڵەچی سەرپـایی، چەرچـی ناو بـازاڕ ف پیلـەوەر، دستفروش.

دەستڤالا: ١) دەستەنگ؛ ٢) بێکار، دەست بەتاڵ ف ١) تنگدست؛ ٢) بیکار.

دەستڤالە: دەستڤالا ف نگا: دەستڤالا.

دەستڤانك: گیایەکە ف گیاهی است.

دەستڤەکری: دڵاوا ف سخی.

دەستڤیلك: ١) هەمیشە ئامادەی ئەمر و فەرمان؛ ٢) نەرم و نیان و بێوەی ف ١) دست به سینه و آماده برای خدمت؛ ٢) رام و بی‌آزار.

دەستقڕاندن: باسك‌بادان ف دست پیچاندن.

دەست قرمتی: ڕژدو چروك ف خسیس.

دەستقلپ: ماڵ بەفیڕۆدەر ف مال هدردهنده.

دەستقوپ: دەست ئیفلیج ف دست فلج.

دەست قوتـان: بەکـوێرەکـوێرە بۆشت گەڕان ف کورمـانـنـد با دست جستجو کردن.

دەست قوچان: ڕژدی، لەچەری ف خسّت.

دەستقوچاندن: ڕژدبون ف خسیس بودن، خسّت بەخرج دادن.

دەست قوچاو: ڕژد، لەچەر ف خسیس.

دەستقورس: دژی دەست سڤك ف مقابل «دەست سڤك».

دەست قەرز: دەستەواو، پوڵ بەقەرزدان ف کمك متقابل، وجه دستی.

دەستـك: ١) جێ دەست لە تیغ؛ ٢) دەسکـەگوڵ؛ ٣) هەنگـڵ، دەسکەگۆزەو...؛ ٤) دەستە، کۆمەڵ ف ١) دستهٔ تیغ؛ ٢) دستـه‌گـل؛ ٣) دستگیرهٔ کوزه و...؛ ٤) دسته، جمعیت.

دەستکاتی: دز، جاسوس، شوفار ف دزد، جاسوس.

دەستکار: کاری دەست ف کار دست، دست‌ساز.

دەستکاری: ١) بە دەست کارتیا کردن؛ ٢) گۆڕینی باری شت ف ١) با دست کار کردن؛ ٢) تغییر دادن حالت چیزی.

دەست کراوە: دەست ڤەکری ف سخی.

دەستکرد: دەستکار ف نگا: دەستکار.

دەستکردنەوە: بەرانبەری کردنی دوژمن ف مقاومت در برابر دشمن.

دەست کوتان: دەست قوتان ف نگا: دەست قوتان.

دەست کورت: بێ‌پارە، نەدار ف بی‌پول، ندار.

دەست کورتی: نەداری ف نداری، فقر.

دەست کوژ: حەیوانی بەدەست سەربڕاو ف حیوانی که به‌وسیله دست ذبح شده باشد.

دەستکەتی: وەدەست هاتو، قازانج ف به‌دست آمده، بهره.

دەستکەفت: بەهرە ف بهره.

دەستکەلا: ١) هەڵمات؛ ٢) برێتی لە مرۆی خۆڕەپێش خەر ف ١) تیله؛ ٢) کنایه از کسی که همیشه خود را جلو بیندازد.

دەستکەوت: بەهرە ف بهره.

دەست کەوتن: گیرهاتن ف بدست آمدن، گیرآمدن.

دەستـکـێش: ١) لەپـك؛ ٢) چاوسـاغی کوێر ف ١) دستکش؛ ٢) عصاکش کور.

دەستکێشـان: ١) چاوسـاغی کردن؛ ٢) دەست لە کـاربەردان ف ١) عصاکشی کور؛ ٢) دست از کار کشیدن.

دەستکێشانەوە: لە کار دەست هەڵگرتن ف دست از کار کشیدن.

دەستگر: دەزگر ف نگا: دەزگر.

دەست گران: ١) تەمـەڵ لەکـار؛ ٢) مشت زۆر بەئـازار؛ ٣) کەسێ کە دەسکوژی درەنـگ دەمرێ ف ١) تنبل در کار؛ ٢) مُشتْ گران؛ ٣) ذابحی که مذبوح دستش دیر بمیرد.

دەستگـرتن: ١) یاریدەدان؛ ٢) نیشان کردن بۆ دەزگیران ف ١) کمك کردن؛ ٢) نامزد کردن.

دەستگرتی: ١) دەزبیران؛ ٢) بە کارەوە خەریك ف ١) نامزد؛ ٢) مشغول کار.

دەستگرە: ١) دەزگرە؛ ٢) چاکەکار ف ١) نگا: دەزگرە؛ ٢) نیکوکار.

دەستگۆ: زەلیلی بەردەستی ژنی خۆی ف مردی که اسیر دست زنش باشد.

دەست گەیشتن: دەسترەسی ف دسترسی.

دەستگیر: برێتی لە شێخی تەریقەت ف کنایه از مرشد و مراد.

دەستگێڕ: دەستفرۆش ف پیلەور، دستفروش.

دەستگیران: دەزبیران ف نامزد.

دەستگێڕانەوە: لە خەرج کەم کردنەوە ف صرفه‌جویی.

دەست گیربون: وەدەست کەوتن ف بدست آمدن.

دەستگیرۆیی: یاریدەی ماڵی ف کمك مالی.

دەست لەدەف: ژنی نەمرنەژی ف زندگی بخور نمیر.

دەست لەبان دەست: دەس‌بان دەس ف بالا دست‌تر.

دەست لە پشت دان: دنەدان، هانەدان ف تشجیع.

دەست لێ بەردان: واز لێ هێنان ف دست برداشتن.

دەست لێدان: دەس کاری کردن ف دستکاری کردن.

دەست لێ نان: نەبز گرتن ف نبض گرفتن.

دەست لێ وەشـاندن: ١) بەچالاکی لێدان یابردن؛ ٢) بریتی لە شێت کردنی مرۆ بە دەست جنـۆکـە ف ١) ضر بـه زدن یا بردن چیزی به چالاکی؛ ٢) کنایه از دیوانه‌شدن به وسیلهٔ جن.

دەست لێ هەڵگرتن: وازلێ هێنان ف دست بردار شدن.

دەستمایە: دەزمایە ف سرمایه.

دەستمایەدار: دەوڵەمەند ف ثروتمند.

دەست مچ: رژد، چکۆس ف خسیس.

دەستمز: کرێی دەستی ف دستمزد.

دەستمیز: دەسپەڕ ف جلق، استمناء.

دەستنـدە: شت‌پێدان کەم‌کەمو بە ئەژمار ف دادن مایحتاج بەتدریج و کم‌کم، جیره.

دەستندەخۆر: بریتی لە کەسێ کە چاولەدەست بێ‌و نانی بەمنەت بخوا ف کنایه از کسی که نان با منّت می‌خورد.

دەستنمێژ: دەسنوێژ ف وضو.

دەستننە: دەستندە ف نگا: دەستندە.

دەستنوس: بە دەست نوسراو ف دستنویس.

دەستنوێژ: دەسنوێژ ف وضو.

دەست نەزەدە: دەست لێ نەدراو ف دست نزده.

دەست نێژ: ١) نەمـامی بەدەست چەقـاو؛ ٢) بریتی لە خزمـەتکـاری خۆشەویست ف ١) نهال دست‌نشانده؛ ٢) کنایه از خدمتکار محبوب.

دەست‌نیشـان: دەس‌نیشـان، دیاری کردن، نیشـان بۆدانان ف نشان کردن، علامت‌گذاری.

دەستو: هەنگڵ، دەسکی گۆزەو... ف دستگیرهٔ کوزه و...

دەستوالا: دەس بەتاڵ ف دست‌خالی، تهی‌دست.

دەستوبرد: چالاکی ف چالاکی، سرعت در کار.

دەستوپێ: کۆمەڵی خزمەتکاران‌و ژێردەستان ف خَدَم و حشم.

دەستوپێ سپی: کار لە دەست نەهاتو ف دست و پا چلفتی.

دەستوپێوەند: دەستو پێ ف خدم و حشم.

دەستوخەت: دەستخەت ف دستخط.

دەستودو: بریتی لەهێز و توانا: (لە **دەستو دو**کەوتوە) ف کنایه از نیرو و توان جسمی.

دەستودەف: دەست لدەف ف زندگی بخور نمیر.

دەستـور: ١) فەرمـان؛ ٢) ئیجـازە؛ ٣) عیمالە؛ ٤) ڕێوشوێن، داب ف ١) فرمان؛ ٢) اجازه؛ ٣) اِماله؛ ٤) راه و رسم، آداب.

دەسـتـوردان: ١) فەرمـان‌دان؛ ٢) ئیجـازەدان ف ١) فرمـان دادن؛ ٢) اجازه دادن.

دەستورکردن: عیماله کردن ف اِماله کردن.

دەسـتـومست: بریتی لە کار بە دەستی خۆکـردن: (ئـەوەی پیاوبـە **دەستومستی** خۆی نەی‌کا بەکارنایە) ف کنایه از اقدام شخص بدون اتّکا به دیگران.

دەستومشتاخ: یەکترماچ کردنی پیاوان ف روبوسی دوستانه مردان.

دەستومشتاق: دەستومشتاخ ف روبوسی دوستانه مردان.

دەستوموچ: ماچ‌وموچ، دەستومشتاق ف روبوسی.

دەسـت وەشـاندن: ١) دەست لێ وەشاندن؛ ٢) بریتـی لە شێت بون ف ١) نگا: دەست لێ وەشاندن؛ ٢) کنایه از دیوانگی.

دەست وەشێن: بریتی لە شێتێ کە هێرش بۆ خەڵـك ببـا ف کنـایه از دیوانه‌ای که به دیگران حمله کند.

دەستە: ١) نێوان ئەستورو باریك؛ ٢) نێوان درێژو کورت؛ ٣) کۆمەڵێ؛ ٤) هاومـاڵ؛ ٥) هاوعـومـر؛ ٦) هاوجسن؛ ٧) ژمـارەی دوازدە لە سەعـاتدا: (چـارەگیکی ماوە بۆ **دەستـە**)؛ ٨) جێگـای دەست لە ئامـرازدا، دەسك؛ ٩) نێوان گەورەو بچوك ف ١) بین ضخیم و نازك؛ ٢) بین دراز و کوتـاه؛ ٣) دستـه، گروه، تعداد؛ ٤) همتا؛ ٥) هم‌سنّ؛ ٦) همجنس؛ ٧) رقم دوازده در صفحهٔ ساعت؛ ٨) دسته یا دستگیرهٔ ابزار؛ ٨) بین بزرگ و کوچك.

دەستەئەژنۆ: خەمبار، دەست بەئەژنۆ ف غمناك.

دەست هاتن: بوزخواردن، بۆلوان ف از عهده برآمدن.

دەستەبرا: دۆستی خۆشەویستی پیاو بۆ پیاو ف دوست صمیمی مرد برای مرد.

دەستەبوخچە: بوخچەو پرێسکەی ژنانە ف بستهٔ لوازم زنانه.

دەستـەبەر: ١) زامـن؛ ٢) عەرەبانەی کە بە دەست لێی دەخورن ف ١) ضامن؛ ٢) چرخ دستی.

دەستەبەربون: لەملەخۆگرتن ف ضامن شدن.

دەستەبەرە: تەختێ کە بە چوار کەس شتی پێ دەگوێزنەوە ف تخت روان.

دەستەبەری: دەستەبەربون ف ضمانت.

دەستەبەندی: دژی کەسێ یا کۆمەڵێ دەستەساز کردن، خۆبەخۆیی ف دسته‌بندی.

دەستەپاچە: سەرلێ شێواو ف سراسیمه، دستپاچه.

دەستەجڵەو: دەسکەوسار، هەوسار ف افسار.

دەستەچرا: فتیله، چرادەستی ف چراغ فتیله‌دار.

دەستەچیلکە: ئەوەی بۆسوتاندن ئامادە دەکرێ ف افروزنه.

دەستەچیلە: دەستەچیلکە ف نگا: دەستەچیلکە.

دەستەخورد: داردۆژەنگ ف چوب زبانه‌دار مشك.

دەستەخوشك: دۆستی خۆشەویستی ژن بۆ ژن ف دوست صمیمی زن برای زن.

دەستەداو: کۆمەڵێك داو بوڕاو ف دستهٔ دام شکار.

دەستەدز: دایکەدزە ف شریك دزد.

دەستەدو: دەزگری هەوجار ف دستگیرهٔ خیش.

دەستەر: شەقڵ ف مهر چوبی خرمن.

دەستەرە: شەقڵ ف مهر چوبی خرمن.

دەستەریقانە: سەوقات ف سوغات.

دەستـەشکـاو: ماڵوێـران، فریوخواردو، کۆڵـەوار ف خانه خراب، فریب‌خورده.

دەستەشکێن: فریوخواردو ف فریب‌خورده.

دەستەڤایی: دەستەواو ف کمك متقابل و نوبتی.

دەستەك: ١) ئاڵودار؛ ٢) زێڕە دێراوێك ف ١) تیر سقف؛ ٢) چند ردیف کشت.

دەستەکچ: کچ عازەو ف دختر بالغه.

دەستەکدز: دەستەدز ف شریك دزد.

دەستەکردن: بەستە بەستە لەسەریەك دانان ف دسته‌دسته مرتب کردن.

دەستەکوڕ: جحێڵ، تازەلاو ف جوان، نوجوان پسر.

دەستەکوتە: دەست قوتان ف نگا: دەست قوتان.

دەستەکەوشە: دەستەدو ف دستگیرهٔ خیش.

دەستەگۆشە: دەستەدو ف دستگیرهٔ خیش.

دەستەگوڵ: ١) دەسکەگوڵ؛ ٢) یەکەم گۆرەوی هەڵگرتن لە گۆرەوی بازیدا ف ١) دستـهٔ گُل؛ ٢) گُل زدن در جوراب بازی که یك نوع بازی محلی است.

دەستـەگیرە: ١) مەنگەنەی مۆرهەڵقەن؛ ٢) دەستگیرە ف ١) دستگاه مهرکوبی؛ ٢) دستگیره.

دەستەلات: دەس ڕۆیشتن ف تسلّط.

دەستەلاتدار: دەس ڕۆیشتو ف قدرتمند، مسلّط.

دەستەلات داری: دەس ڕۆیشتن ف تسلّط داشتن.

دەست هلانین: دەست ڕاکرن، بە گژ دوژمنا چون ف مقاومت در برابر دشمن.

دەستەلە: گۆزەلکە ف کوزهٔ کوچك.

دەستەمستە: دەسگیرەی جوتیار لە پاش‌بارە دا ف دستگیرهٔ خیش.

دەستەمل: دەست‌کردنە مل ف دست به گردن انداختن.

دەستەملان: دەست کردنەمل ف دست به گردن انداختن.

دەستـــەمـۆ: ١) حەیوانێ کە رامی دەستی خاوەنی بێ و زۆبگیرێ؛ ٢) کارەکەر ف ١) حیوانی که مأنوس صاحبش باشد و زود گرفته شود؛ ٢) کُلفَت.

دەستەندو: دەستەمستە ف دستگیرهٔ خیش.

دەس تەنك: دەست تەنك ف فقیر.

دەس تەنکی: دەست تەنکی ف فقر.

دەس‌تەنگ: دەست تەنگ ف تنگدست.

دەس‌تەنگی: نەداری، بێ‌پوڵی ف نداری، فقر.

دەستەوئەژنۆ: خەمبار، مات ف غمناك.

دەستەوا: شت بەشتی وەك‌خۆی گۆڕینەوە ف دو چیز از یك نوع را با هم عوض کردن.

دەستەوار: باوەشێك دار یا سوتەمەنی ف یك بغل هیزم.

دەستەوارە: باوەشێك دار یا سوتەمەنی ف یك بغل هیزم.

دەستەوانە: لەپك، پۆشاکی دەست ف دستکش.

دەستەواو: دەستقەرز، یارمەتی یەکتردان بەنۆرە ف کمك متقابل و نوبتی.

دەستەو بەستە: کۆمەڵێ کە خۆ بەخۆیی بکەن ف دارودسته.

دەستەو دایەرە: دەستەو بەستە ف دارودسته.

دەستەوسار: دەستەجڵەو، هەوسار ف افسار.

دەستەوسان: ناچار، بێ‌عیلاج، مەحتەل ماو ف ناچار، لاعلاج.

دەستەوستان: دەستەوسان ف ناچار، لاعلاج.

دەستەوشار: بەدەست گوشراو ف دست‌افشار.

دەستەوناو: ریگەی سەر بەرەژێر ف راه مایل به شیب.

دەستەونەزەر: دەس بەسینە، لەخزمەت ڕاوەستان ف دست به سینه ایستادن.

دەستەوەر: دەستەبەر ف ضامن.

دەستـەوەکـەری: دەست کردنـەوە، بەگژ دوژمنا چون ف مقاومت در برابر دشمن.

دەستەویەخە: ١) دەس بەیەخە؛ ٢) برێتی لە نزیك بون ف ١) دست به یخه شدن؛ ٢) کنایه از نزدیك بودن.

دەست هەل: چالاك ف چالاك.

دەست هەڵگرتن: وازهێنان ف دست‌برداری.

دەست هیشک: ١) نەدار، هەژار؛ ٢) رژد و چکۆس ف ١) فقیر؛ ٢) خسیس.

دەستی: ١) نەغدی؛ ٢) قەستی؛ ٣) باقەگیا، ٤) کەوی، ڕام؛ ٥) دەستو ف ١) نقدی؛ ٢) عمدی؛ ٣) بستهٔ گیاه؛ ٤) رام؛ ٥) نگا: دەستو.

دەستیار: هاوەدەست، یارمەتی دەر ف معاون.

دەستیاو: ١) پاداشی‌چاکە؛ ٢) دەستەواو ف ١) پاداش نیکی؛ ٢) نگا: دەستەواو.

دەستی دۆڤك: دەستە ندوی هێشە، دەستە مستە ف دستگیرهٔ خیش.

دەستی دەستی: دەستی، قەستی ف عمداً.

دەستـــی‌ڕاست: برێتی لە کەسێ کە هەمـــە کـــارەو یارمـــەتی دەری کەسێکی‌تر بێ، دەستیار ف کنایه از مشاور، یاور، دستیار.

دەستی شکاوم: داخەکەم، بەداخەوە ف متأسفانه.

دەسحێب: تەزبێح ف تسبیح.

دەسخستن: وەگیرهێنان، بەگیرهێنان ف گیرآوردن.

دەسخۆر: چێشتی گراری توندەوەبو کە تێی ناگوشرێ ف آش حبوب غلیظ.

دەسخورێن: گەزگەسك، گیایەکە پێست وەخورو دەخا ف گیاهی است خارش‌آور، گزنه.

دەسخورێنە: دەسخورێن ف گزنه.

دەسخۆش: وشەیە لە جێگەی ئافەرین ف دست درد نکند، دستخوش.

دەسخۆشانە: شیرنی وەستا یان شاگرد ف انعام شاگرد و استاد.

دەسخەت: ئەوەی بە دەس نوسیاگەو چاپی نیە ف دستخط.

دەسخەر: پەیداکەر، کەسێ کە دەتوانێ شت پەیدا کا ف حاصل کننده.

دەسخەرۆ: فریودراو، خەڵەتاو ف فریب خورده.

دەسخەرۆیی: فریو، خەڵەتان ف فریب‌خوردگی.

دەسخەڕە: دەسەپاچە بوُن، بەتەمای یەکێ‌تر لە کارو کاسبی بوُن ف علاّف شده.
دەسخەلیان: دەست‌وەرگەڕان ف رگ‌بەرگ شدن دست.
دەسدار: خاون‌زۆر، زۆردار: (**دەسدار** دەبیاو بێ‌دەس دادەمێنێ) ف دارای زور و تسلط.
دەسداری: ١) دەوڵەمەندی؛ ٢) دەس ڕۆیشتن ف ١) ثروتمندی؛ ٢) فرمانروایی.
دەسداگرتن: ١) دەس لەژێرەوەگرتن؛ ٢) بەدەست پەستاوتن ف ١) دست زیر گرفتن؛ ٢) با دست چسباندن.
دەسدان: ١) هاتنەبەرقەمچ، بوزخواردن، بۆ لوان؛ ٢) خۆ بەدەستەوەدان ف ١) ممکن شدن؛ ٢) تسلیم شدن.
دەسدانان: دەگژرا نەچونەوە، دەست نەکردنەوە ف مقاومت نکردن.
دەسدرو: بە دەست دوریاگ ف دست‌دوز.
دەسدرێژ: ١) زۆرکار، داگیرکەر؛ ٢) بەدەستەڵات ف ١) غاصب؛ ٢) بانفوذ.
دەسدرێژی: زوڵم، تەعەدا، زۆری کردن ف ستمکاری.
دەس ڕاکرن: بەگژاچونەوە، پارێزگاری لە خۆکردن ف دفاع و مقاومت.
دەس ڕاگرتن: دەست ڕاگرتن ف دست نگهداشتن.
دەسرۆکە: دەسماڵی پچوك ف دستمال کوچك.
دەس ڕۆیشتن: دەسەڵات‌داری ف نفوذ، قدرت.
دەس ڕۆین: دەس ڕۆیشتن ف نفوذ، قدرت.
دەسرە: دەرسوك ف دستمال.
دەسڕەنگین: کارجوان، بەهونەر ف هنرمند، نقشگر.
دەسڕێژ: دەستڕێژ ف رگبار گلوله.
دەس سارد: دەست سارد ف کار یاد نگرفته.
دەس سپی: دەست سپی ف کار یاد نگرفته.
دەس سقك: دەست سقك ف نگا: دەست سقك.
دەس سوك: دەست سقك ف نگا: دەست سقك.
دەس‌شاش: دەس‌باد ف ولخرج.
دەس‌شێل: قوڕ یان هەویر کە بە دەست بشیلدرێ ف خمیر یا گل کە با دست چلند.
دەسفرۆش: چەرچی ف پیلەور، دستفروش.
دەسقوچان: دەست قوچان، ڕژدی ف خسّت.
دەسقوچاندن: ڕژدبون، دەست قوچاندن ف خسیس بودن.
دەسقوچاو: ڕژد، چروك، لەچەر، دەست قوچاو ف خسیس.
دەسقوچیان: دەست قوچان ف خسّت.
دەسقوچیاو: دەستقوچاو ف خسیس.
دەسقەرز: دەستەواو ف نگا: دەستەواو.
دەسك: ١) ئامرازی برنج‌کوتان؛ ٢) هەنگڵی هەر شت؛ ٣) چەپك؛ ٤) دەزو؛ ٥) گوڵی لە داس هەڵوەریو؛ ٦) جێگەی بەدەست گرتن لە هەوسارو جڵەو ف ١) ابزار برنج‌کوبی؛ ٢) دستە یا دستگیرهٔ؛ ٣) دستەگل یا گیاه؛ ٤) نخ؛ ٥) خوشهٔ بەزمین ریختە در درو؛ ٦) جای دست در افسار.
دەسکار: دەستکار ف کار دست.
دەسکاری: دەستکاری ف نگا: دەستکاری.
دەسکاونگ: ئاونگ بە دەستەکەیەوە ف هاون با دستهٔ آن.
دەسك‌دەسك: برێتی لە بێ‌شەرت‌و بەقا ف کنایە از بی‌وفا.
دەسکراوە: دەسبڵاو، دەس‌باد ف ولخرج.
دەسکرد: بەرانبەری خۆڕسك ف صنعتی، دست‌ساز.
دەسك کردن: ١) دەسك لێ‌نان؛ ٢) گوڵی لە داس وەریو هەڵگرتنەوە ف ١) نصب دستە بر ابزار؛ ٢) خوشەچینی.
دەسکلە: زەنبیلە ف زنبیل.
دەسك لەدونە کردن: برێتی لە بە قسە پێ نەوەستان: (ئەوەندە زۆر بڵێ‌یە کەس **دەسکی لە دو ناکا**) ف کنایە از حریف نشدن در حرف زدن.
دەسکوئاونگ: دەسکاونگ ف هاون با دستهٔ آن.
دەسکوت: دەسکرد، کاری دەستی ف دست‌ساز، صنعتی.
دەسکوتان: دەست قوتان ف نگا: دەست قوتان.
دەسکە: دەسك ف نگا: دەسك.
دەسکەداو: کۆمەڵێ داموسکی بادراو بۆ ڕاوەکەو ف دستەای از دام شکار کبك.
دەسکەڕەشمە: هەوساری ئەسپ ف افسار اسب.
دەسکەرەوە: ئازاو ڕەشید لە شەڕ دا ف شجاع در برابر دشمن.
دەسکەفت: دەستکەوت ف بدست آمده، بهره.
دەسکەفتن: پەیاکردن، وەگیرهاتن ف بدست آمدن.
دەسکەفتە: پەیداکراو، وەدەست هاتگ ف کسب شده، بدست آمده.
دەسکەگوڵ: ١) گوڵ پڕ قولی دەست؛ ٢) برێتی لە کارێکی نالەبار: (ئەمەش **دەسکەگوڵی** تۆ) ف ١) دستەگل؛ ٢) کنایە از کار خلاف عادت.
دەسکەم: دەستی کەم، بە لانی کەمەوە ف لااقل.
دەسکەللە: ڕەشمە، هەوسارۆکەیەك کە دە سەر کەللە دەخرێ ف افسار بافتهٔ باریك.
دەسکەلوُجە: ئامرازێك لە خەڕەکدا ف دستگیرهٔ دوك پنبەریسی.
دەسکەنك: دروێنەو ڕنینەوەی گیا بە دەست ف درو با دست.
دەسکەنە: دەسکەنك ف درو با دست.
دەسکەوان: دەسکاونگ ف هاون و دستە.
دەسکەوتن: دەستکەوتن ف بدست آمدن.
دەسکەوسار: دەستەجڵەو ف افسار.
دەسکیس: جاسوسی دز ف شریك دزد، جاسوس دزدان.
دەسکیسی: جاسوسی ف جاسوسی.
دەسکێش: ١) ڵەپك، پۆشاکی دەست کە دەیچنن؛ ٢) چاوساغی کوێر ف ١) دستکش؛ ٢) راهنمای نابینا، عصاکش کور.
دەسکێشان: چاوساغی کردنی کوێر ف عصاکشی کور.
دەسگا: دەزگا ف نگا: دەزگا.

دەسگر: دەزگر ف نگا: دەزگر.

دەسگرتن: دەزگیروِیی ف کمك.

دەسگروِیی: دەزگیروِیی ف کمك.

دەسگوش: ١) کەسێ کە دەست لە ناو دەست دەنێ؛ ٢) شتێ کە بە دەست گوشرابێ ف ١) دست فشارنده؛ ٢) دست افشار.

دەسگوشاد: دلاوا ف سخی طبع.

دەسگیر: ١) بەدەست هاتگ، پەیابوگ؛ ٢) یاریدەدەر؛ ٣) برێتی لە خەبەر بیستن ف ١) بەدست آمده؛ ٢) کمك کننده؛ ٣) کنایه از شنیدن خبر.

دەسگیرۆ: ١) یاریدەدەر؛ ٢) دەزگیران ف ١) کمك کننده؛ ٢) نامزد.

دەسگیروِیی: یاریدەی مالی ف کمك مالی.

دەسگیری: دەس گیروِیی ف کمك مالی.

دەس‌لەسەر دانان: ١) هەلبژاردن؛ ٢) داگیر کردن لە لایەن زۆردارەوە ف ١) انتخاب کردن؛ ٢) مصادره.

دەس لێ بەردان: دەست لێ‌هەلگرتن ف رهاکردن، دست برداری.

دەس لێدان: دەست لێدان ف نگا: دەست لێدان.

دەس لێك بەردان: برێتی لەجیایی نێوان دو دلدار یا ژن‌و مێرد ف کنایه از جدایی افتادن بین زن و مرد یا عاشق و معشوق.

دەس لێ هەلگرتن: واز لێ هێنان ف دست‌برداری.

دەس ماشان: دەستەکوتە، دەست‌قوتان ف کورانه دست گرداندن.

دەس ماشاندن: دەس‌ماشان ف کورانه دست گرداندن.

دەسمال: ١) دەسرەدەست؛ ٢) لەچك‌و سەر پۆشی ژنان؛ ٣) پێچ‌و مێزەر ف ١) دستمال؛ ٢) لچك، روسری؛ ٣) دستار، عمامه.

دەسماله: دەسکێشی دەست، لەپك ف دستکش.

دەسمایه: سەرمایە، دەزمایە ف سرمایه.

دەسمایەدار: دەولەمەند ف سرمایه‌دار.

دەسمز: ١) دەست مز ، مزەی کار؛ ٢) برێتی لە بەشی دەلال ف ١) دستمزد؛ ٢) کنایه از مزد دلال.

دەسمەرێزانە: دەسخۆشانە ف انعام شاگرد و استاد.

دەسمەلە: مەلەباسکە، سۆبایی بدەستان ف شنا با دست.

دەسمێ: ١) دەسنوێژ، دەسنۆژ؛ ٢) کون دەکا ف ١) وضو؛ ٢) سوراخ می‌کند.

دەسمیز: دەسپەر، دستپەر ف جلق.

دەسمێژ: دەزنوێژ ف وضو.

دەسندە: شت‌پێدان کەم‌کەمە: (نانمان بە **دەسندە** دەداتێ)، دەستندە ف دادن بەتدریج و کم‌کم.

دەسندەخۆر: برێتی لە کەسێ کە چاوی لە دەستی زردایکە یان نانی بە منەت دەخوا، دەستندەخۆر ف کسی که از نامادری خوراك می‌گیرد یا نان با منّت می‌خورد.

دەسنگە: دەستندە، دەسندە ف نگا: دەسندە.

دەسنۆژ: دەسنوێژ ف وضو.

دەسنوس: نوسراوی دەستی ف دستنویس.

دەسنوێژ: دەزنوێژ ف وضو.

دەسنویس: دەسنوس ف دست‌نویس.

دەسنێژ: ١) بەرانبەری خۆرست: (ئەم باغە **دەسنێژی** خۆمە)؛ ٢) دەسنوێژ ف ١) مقابل خودرو، کاشته شده؛ ٢) وضو.

دەس‌نیشان: دەست نیشان، دیاری کردن، نیشان بۆ دانان ف نشان کردن، علامت گذاشتن.

دەسواز: دلاوا ف دلباز.

دەسوبرد: دەستو برد ف چالاکی.

دەسوبۆس: یەکتر ماچ‌کردن ف روبوسی.

دەسوپەیمان: دەستو پێ، نۆکەرو کارەکەر ف خدم و حشم.

دەسودیم: دەسنوێژ ف وضو.

دەسور: دەستور ف دستور.

دەسورێ: دەست‌ورۆ، دەست‌و دەم‌و چاو ف دست و صورت.

دەس‌وشك: رژد، چروك ف خسیس.

دەسوکار: دەسکار، کاری دەستی ف کاردستی.

دەسومشتاق: دەستومشتاغ ف روبوسی.

دەسومۆچ: دەستومشتاغ ف روبوسی.

دەس وەشانە: دەسخۆشانە ف انعام به شاگرد و استاد.

دەس‌وەشێن: شێتێ کە لە خەلك دەدا ف دیوانه‌ای که مردم را بزند.

دەسوەن: دەستبەند ف دستبند.

دەسە: ١) دەستە؛ ٢) دەست، دەس ف ١) دسته؛ ٢) دست لباس و...

دەسهار: دەستار ف دست‌آس.

دەسهالی: دەس‌والا، دەست بەتال ف تهی‌دست.

دەسهاوردن: وەدەست هێنان، پەیاکردن ف بدست آوردن.

دەسەبرا: دەستەبرا، برادەر ف دوست مرد.

دەسەبوخچە: دەستەبوخچە، بەرو بوخچەی ژن ف بستهٔ وسائل زنانه.

دەسەپاچە: دەستەپاچە ف دستپاچه.

دەسەپارچە: دەستەپاچە ف دستپاچه.

دەسەجلەو: دەستەجلەو، هەوسار، دەسکەوسار ف افسار.

دەسەچرا: فتیلە، قوتیلکە، قودیلەچرا ف چراغ‌موشی.

دەسەچیلە: دەستەچیلکە، دەستەچیلە ف افروزنه.

دەسەچینە: تریان، قەرتالە ف تریان، سبد.

دەسەخلافکێ: بازنەی دارین بە داری بێشکەوە، خرخالەی لاندك ف حلقه‌های گهواره برای بازیچهٔ کودك.

دەسەخوشك: دەستەخوشك ف دوست زن نسبت به زن.

دەسەداس: تەوراس، تەرداس، تەورداس ف داس شاخه‌بری.

دەسەداو: دەستەداو، دەسکەداو، چەپکەداو ف یك دسته از دام شکار.

دەسەر: لەسەردانەوە، زیادی لە گۆرینەوەی شت بە شت ف علاوه بر...

دەسەرچون: سەهوکردن، لەبیرچون ف اشتباه، فراموش کردن.

دەسەرکردن: ناردنەسەر کەسێ بۆ مەبەستێ کەخۆشی لێ نایە: (بەیانی‌زو **دەسەری کردوم** بوقەرزەکەی) ف فرستادن سراغ کسی برای کاری که دوست ندارد.

دەسەرکردنەوە: زیادکردنی کوت لەجل یا شتی قوڵە ‹ف› اضافه کردن به لباس یا هرچیز کوتاه.
دەسەرگەڕان: بەقوربان‌بون، دەدەورگەڕان ‹ف› قربان و صدقه‌رفتن.
دەسەرگێڕان: بەقوربان کردن ‹ف› قربان و صدقه کردن.
دەسەرەوەچون: مۆڵەت‌دان، ماوەپێدان ‹ف› مهلت دادن.
دەسەرەوەنەچون: ماوەپێ نەدان ‹ف› مهلت ندادن.
دەسەژەن: داری دەزگیرەی مەشکە ‹ف› چوب دستگیرهٔ مشك.
دەسەژەنە: دەسەژەن ‹ف› چوب دستگیرهٔ مشك.
دەسەسڕ: دەسرە دەست، دەسماڵ ‹ف› دستمال.
دەسەسەر: سەرگەردان، گێژومات ‹ف› سرگردان.
دەسەشکێن: فێڵ لێ کراو، هەڵخەڵەتاو ‹ف› فریب‌خورده.
دەسەك: دەستەك ‹ف› نگا: دەستەك.
دەسەکردن: بە دەسك بەستن، دەسك کردن ‹ف› دسته کردن.
دەسەکەوشە: دەزگرەی جوتێر لە هەوجاڕ ‹ف› دستگیرهٔ خیش.
دەسەگیرە: دەزگرە ‹ف› دستگیره.
دەسەڵات: دەستەڵات ‹ف› تسلّط، قدرت.
دەسەلقوت: دەسەژەنە ‹ف› چوب دستگیرهٔ مشك.
دەسەملان: دەستەملان ‹ف› هم‌آغوش، دست به گردن.
دەسەمۆ: حەیوانێ کە خوی بە خاوەنی گرتوەو زۆ دەگیرێ، دەستەمۆ ‹ف› حیوانی که مأنوس صاحبش باشد، دست‌آموز.
دەسەنە: بەخشین ‹ف› بخشش.
دەسەنەدار: دڵاوا ‹ف› بخشنده.
دەسەوار: دەستەوار ‹ف› يك بغل هيزم.
دەسەوارە: دەستەوار ‹ف› يك بغل هيزم.
دەسەواکردن: پەلەکردن، لەز ‹ف› شتاب کردن.
دەسەوانە: دەستەوانە ‹ف› دستكش.
دەسەودەس: دەستاودەست، دەساودەس ‹ف› در گردش.
دەسەوسار: دەسکەوسار ‹ف› افسار.
دەسەوسان: دەسەوسان ‹ف› بیچاره، معطّل.
دەسەوەرە: دەستەبەرە ‹ف› تخت روان.
دەسەویەخە: دەستەویەخە ‹ف› نگا: دەستەویەخە.
دەس هەڕە: چەقۆی دەم مشاری ‹ف› چاقوی تیغه ارّه‌ای.
دەس هەڵبەست: درۆ، هەڵبەستە ‹ف› دروغ، ساختگی.
دەسی: ١) دەستی؛ ٢) قەستی ‹ف› ١) دستی؛ ٢) عمداً.
دەسیار: دەفری ڕۆن قاڵ‌کردن ‹ف› ظرف روغن داغ کردن.
دەسیاری: یارمەتی ‹ف› دستیاری.
دەسی‌دەسی: دەستی دەستی، تەفرەدان ‹ف› تعلّل‌جویی.
دەسینە: بازن، بازنە ‹ف› النگو.
دەسیەر: دەستاڕ ‹ف› دستاس.
دەشت: ١) سفتاح، هەوەڵ فرۆشی ڕۆژانە؛ ٢) چۆڵ‌و دور لە ئاوایی؛ ٣) زەوینی ڕاست ‹ف› ١) استفتاح، دشت؛ ٢) بیابان؛ ٣) زمین هموار.
دەشتان: ١) زەوی گۆڕ، زەمینی ڕاست؛ ٢) وڵاتی بێ‌دار؛ ٣) ژنی بێ نوێژ ‹ف› ١) زمین هموار؛ ٢) زمین بی‌درخت؛ ٣) زن در حیض.
دەشتانی: زەمینی گۆڕو تەخت ‹ف› زمین هموار.
دەشتایی: ڕاستی‌و گۆڕایی زەوی ‹ف› همواری زمین.
دەشتەبێڵ: مەڵبەندێکە لە کوردستان ‹ف› منطقه‌ای در کردستان.
دەشتەکی: ١) لادێیی، لاگەیی، بەرانبەری شارستانی؛ ٢) چۆڵ‌نشین؛ ٣) خۆکرد، خۆ ڕست؛ ٤) برێتی لە کەم‌نرخ، ئەیاغ ‹ف› ١) دهاتی؛ ٢) بیابان‌نشین؛ ٣) طبیعی؛ ٤) بُنجُل.
دەشتەوان: کەسێ کاری لە دەری ئاوەدانیە ‹ف› دشتبان.
دەشتی: ١) دەشتەکی؛ ٢) هەوایەکی گۆرانی ‹ف› ١) نگا: دەشتەکی؛ ٢) آهنگی است.
دەشتی قوڕێ: گوندێکە لە لاجان ‹ف› روستایی است.
دەشقەم: بەشکو ‹ف› شاید، بلکه.
دەشکە: دەزوی دورمان ‹ف› نخ لباسدوزی.
دەشکەم: دەشقەم ‹ف› شاید، بلکه.
دەشنە: قیمەکێش ‹ف› کارد قصابی.
دەشنێ: ١) ئەوەزێ، بایدێ؛ ٢) دەجوڵێ، ئارەزو دەکات: (لەپێ کەوتوم‌و نەفسم بۆهەوا **دەشنێ** وەکو منداڵ / لەبەر پیری سەرم خۆی ناگرێ من تازە پێ دەگرم) «مەحوی» ‹ف› ١) می‌چمد، می‌وزد؛ ٢) هوس دارد.
دەشۆ: ١) ئاوی شت پێ شوتن؛ ٢) دم‌هەراش، تێ‌نەوەستاو ‹ف› ١) آب شستشو دادن؛ ٢) دهن‌لق.
دەشە: دیمەن جوان، بەدیمەن ‹ف› خوش‌منظر.
دەشەنی: ناهەقی لێکراو، مەزڵوم ‹ف› مظلوم.
دەعبا: داعبا ‹ف› جانور وحشی ناشناس.
دەعجانی: زۆر ناحەز، ناشیرین ‹ف› بسیار زشت‌رو.
دەعوا: ١) خواست، خواستن، داوا؛ ٢) شەڕو کێشە ‹ف› ١) طلب؛ ٢) کشاکش و دعوا.
دەعوەت: بانگ هێشتن، بانگێشتن، میوانی ‹ف› مهمانی، دعوت.
دەعەجانی: دەعجانی ‹ف› بسیار زشت‌رو.
دەعیە: فیز، لەخۆ بایی‌بون ‹ف› تکبّر.
دەغ: بوڕ، بەیار، زەمینی نەچێندراو ‹ف› لم‌یزرع.
دەغا: بیژو، بیچ، زۆڵ ‹ف› حرامزاده.
دەغالەت: ١) تەسلیم‌بون؛ ٢) پەنابردن بە کەسێ ‹ف› ١) تسلیم شدن؛ ٢) پناه آوردن.
دەغڵ: دەخڵ، خەلە، دانەیەکە مایەی بژیوە ‹ف› غلّه.
دەغڵ کردن: ١) خەلەچاندن؛ ٢) خۆتێ گەیاندن ‹ف› ١) غلّه‌کاشتن؛ ٢) دخالت نمودن.
دەغڵودان: خەلەو خەرمان، دەخڵ‌و دانەوێڵە ‹ف› بهرهٔ حبوبات.
دەغمە: دەخمە ‹ف› دخمه.
دەغوڵ: فێڵباز، گزیکار، دەسبڕ ‹ف› ناروزن، حقه‌باز.
دەغەز: ١) نەخۆشی، ناساغی؛ ٢) قەڵشت، دەرز ‹ف› ١) بیماری؛ ٢) ترك، درز.

دەغـەڵ: ١) دەغـوڵ؛ ٢) گیای بێگـانە لە ناو دەغڵدا ف ١) ناروزن؛ ٢) گیاه هرزه در کشتزار.

دەغەڵباز: دەغوڵ ف ناروزن، حقه‌باز.

دەغدڵە: دەنکی بێگانە لە ناو گەنمو برنجدا ف دانهٔ ناباب در غلّه.

دەغەڵی: ناڕاستی، فێڵبازی ف نادرستی، حقه‌بازی.

دەغیـل: ١) پەنـاهێنـاو؛ ٢) تەسلیم بوگ لە شەڕدا ف ١) پنـاهنـده؛ ٢) تسلیم شده در جنگ.

دەغیلە: ١) وشـەی پاڕانـەوەیە: (**دەغیلە** نەکەی)؛ ٢) داخڵەی پارەی دوکاندار؛ ٣) دەغەڵە ف ١) زنهار؛ ٢) قلك پول مغازه؛ ٣) دانهٔ ناباب در غلّه.

دەف: ١) ئامرازێکی مۆزیك لە چەرمی بە سەر کەمەدا هاتگ؛ ٢) لەلا، نزیك، جەم، کن، نك؛ ٣) پەلە، لەز ف ١) دف؛ ٢) نزد، پیش؛ ٣) شتاب.

دەفتەر: ١) پەڕاو، قاقەزی سپی لێك دراو؛ ٢) پەڕاوی سیایی ف ١) دفتر؛ ٢) دفترلیست.

دەفتەرخانە: ئیدارەی کارگێڕی میری ف دبیرخانه.

دەفتەردار: ئۆسەری گەورەی ئیدارە ف دفتردار.

دەفحە: دەحفە، جار، چەل ف دفعه.

دەف دان: دڵ توندلێدان: (**هێند ماندوە هەردەفان دەدا**)، پشوسوار بو ن ف ضربان شدید قلب، تنگی نفس.

دەفدەفینۆك: بلوێر و زوڕنای کەفوی لە هەنبانەوە دەدەنێ ف نی انبان.

دەفر: جێگەی شت تێ کردن ف ظرف.

دەفرە: زۆرەبانی، ملانێ ف کُشتی.

دەفزك: زگ‌زل، عۆرمەزن، ورگ‌زل ف شکم گُنده.

دەفزگ: دەفزك ف شکم گنده.

دەفزەن: دەفەلێدەر، کەسێ کە دەفە ئەژەنێ ف دف‌زن.

دەفژەن: دەفزەن ف نگا: دەفزەن.

دەفك: ١) دەف؛ ٢) دمو لوت: (**بەردەفك**) ف ١) دف؛ ٢) چهره.

دەفگەم: دانەلغاو ف دهنه لگام.

دەفن: ١) کەپۆ، لوت، بێڤل، دم، تفنك؛ ٢) وەشارتنی مردو ف ١) بینی؛ ٢) دفن.

دەفە: ١) دەف؛ ٢) پانایی سنگو ناوشان: (**دەفەی** سنگی چەند پان بو، دارێکـی وە **دەفــەی** ناوشـانـی کەوت)؛ ٣) ئێسـکـی پانی شان؛ ٤) ئامـرازێکی جۆڵایی ف ١) دف؛ ٢) پهنـای سینه و کتف؛ ٣) استخوان پهن شانه؛ ٤) هف، ابزاری در بافندگی.

دەفەزکە: دەفزك ف شکم گنده.

دەفەزگە: دەفزك ف شکم گنده.

دەڤ: ١) دەم، زار؛ ٢) لەکن، لا، لنـك، جەم؛ ٣) قەراغ، کەنار، ڕەخ ف ١) دهان؛ ٢) نزد؛ ٣) جنب.

دەڤ‌ئاویتن: بەدرۆ خۆهە ڵکێشان ف لاف زدن.

دەڤ‌بدەڤ: زار بەزار، دەماودەم ف دهن بەدهن.

دەڤ‌بەردا: زارشڕ، تێدا نەوەستاو ف دهان لق.

دەڤبەش: بەتەماح، چاوبرسی ف آزمند.

دەڤ‌بێنك: ١) دەم‌بێن، زاربێن؛ ٢) دم‌بەندی حەیوان ف ١) دهانه‌بند؛ ٢) پوزه‌بند.

دەڤ‌پیس: جوێن‌فرۆش، زمان پیس ف بددهن.

دەڤ‌تۆك: کەسێ کە لە تۆڕە بو ن‌دا کەف لەدەم دە چرێنێ ف کف بردهان از خشم.

دەڤ‌چەنگ: وتو ویژ ف گفتگو.

دەڤ‌چێز: دژوێن دەر، جوێن فرۆش ف بددهن.

دەڤ‌خار: ١) زارخوار، کەوچ؛ ٢) درۆزن ف ١) دهن کج؛ ٢) دروغگو.

دەڤخۆر: تابشت، تاقەت، توان ف توانایی.

دەڤ‌خۆش: راوێژ خۆش ف شیرین سخن.

دەڤ‌دان: ١) فوو کردن؛ ٢) فوو بە بلوێردا کردن ف ١) پف کردن؛ ٢) دمیدن در ساز.

دەڤ‌درێژ: زمان درێژ، چەنەوەر ف پرچانه.

دەڤ‌ژەنگ: شەڕە دندوکە، بەتوندی یەکتر دواندن ف جدال لفظی.

دەڤ‌سڤك: بەپەلە لە گوتن‌و خواردن‌دا ف سریع در حرف زدن و خوردن.

دەڤشـۆ: ١) زمان شڕ، تێدانەوەستاو؛ ٢) بەرماوی خواردن کە دەدرێ بە سەگ‌و پشـیـلەو ئاژەل؛ ٣) ئاوی دەڤـەرشـوتـن ف ١) دهـن‌لق؛ ٢) پس‌ماندهٔ خوراك که به حیوانات دهند؛ ٣) آب ظرفشویی.

دەڤ شەوێتی: جێشتێکە، جنگ سوتەکە ف آشی است.

دەڤ فیکە: دەفدەفینۆك ف نی انبان.

دەڤ کەنۆك: هەمیشە ڕو خۆش ف خنده‌رو.

دەڤکی: راسپێری بەدەم، بەزارگوتن ف شفاهی.

دەڤگران: بەرانبەری دەڤسڤك ف سست در حرف زدن و خوردن.

دەڤ گلیز: لیکاوی دەم ف لعاب دهان.

دەڤ گەرم: ١) دڵ گەرم؛ ٢) لە وتنداخێرا ف ١) امیدوار؛ ٢) نطاق.

دەڤ گەم: لغاو ف لگام.

دەڤ گەنی: ١) دەم بۆگەنیو؛ ٢) دەڤ‌پیس ف ١) دهان بدبو؛ ٢) بددهن.

دەڤل: بەرە، تۆرەمە، بەرەباب ف نسل.

دەڤ‌لغاب: جۆرێ مار ف نوعی مار.

دەڤلۆ: تیخی دەم کروچ، تیخی زۆزەڵە ف تیغ لبه شکسته.

دەڤلی: های، خەبەردار، ئاگاداری ف آگاهی، اطلاعیه.

دەڤ‌مری: کەم قسەلە شەرمێونی ف خجول کم صحبت.

دەڤـۆك: ١) زاربێن، قەپـاغ؛ ٢) شێوەی ئاخافتن ف ١) سرپوش؛ ٢) شیوهٔ گفتار.

دەڤـە: ١) وشتر، حوشتر؛ ٢) تەپاڵەی بەدەست شێلـدراو ف ١) شتـر؛ ٢) تپاله.

دەڤەدەشتی: تەپاڵەی دەشت، ڕیخی وشك لە دەشت ف تپالهٔ بیابانی.

دەڤەر: ١) دمی تیخ، لێوی تیژی خەنجەرو شیر و کێرد؛ ٢) ئاقار، شوێن، جێ ف ١) لبهٔ تیغ؛ ٢) مکان، حای.

دەڤەرۆ: چەنەباز، چەلْتەکەر ف وڕّاج.

دەڤەژەن: دەڤەرۆ ف وڕّاج.

دەڤ‌هلو: زیایی، کلکە سوتە، ماستاو ساردکردنەوە ف تملّق.

دەڤەهـ : حوشتر، وشتر ف شتر.

دەڤ‌هەڤ‌چوُن: لە عەیبەتان و لە سەیران دەم داچەقاندن ف باز شدن دهان از تعجب.

دەڤی: دەون، پنجەداری لێرەوار ف بوتۀ درختچەهای جنگل.

دەق: ۱) بێ‌کەم‌و زیاد؛ ۲) قەد، نوشتانەوە: (کراسەکەت **دەق** بکە)؛ ۳) ڕازانەوە: (خۆی **دەق** داوە)؛ ۴) بەشوق‌و سەرکەیف: (زۆر بە دەقە)؛ ۵) باری هەمیشەیی: (کارەکە هەر لە سەر **دەقی** جارانە هیچ نەگۆڕاوە)؛ ۶) ساف‌و بێ چرچ‌و لۆچ؛ ۷) کتیرە لێ دراو؛ ۸) خاڵی کوتراو؛ ۹) گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف ۱) تماماً؛ ۲) تا، لایە؛ ۳) آرایش؛ ۴) شاداب و سرحال؛ ۵) وضع موجود، حالت همیشگی؛ ۶) صاف و هموار؛ ۷) آهار زدگی؛ ۸) خال دست‌کوب؛ ۹) نام روستایی در کردستان کە بعثیها ویران کردند.

دەقـاق: ۱) جەوی‌و کەتیرەی دەقـدانی قوماش؛ ۲) ئاسنی گەرمێ کە جلکی پێ لوس دەکەن، وتو؛ ۳) جگ، قاب ف ۱) آهار؛ ۲) اتو؛ ۳) شتالنگ.

دەقاقـدان: ۱) دەقـاق‌لێدان؛ ۲) وتوکێشـان ف ۱) آهـارزدن؛ ۲) اتو کشیدن.

دەقاقلی: دەق دراو ف آهارزدە.

دەقان: کوتانی خاڵ لە سەر پێست ف خال‌کوبی.

دەقاندن: خاڵ‌کوتان ف کوبیدن خال بر پوست.

دەقاندی: خاڵ‌لێ‌کوتراو ف خال کوبیده.

دەقاودەق: ڕاستەوڕاست، سەربەسەر ف سربەسر، در شرایط برابر.

دەقـدان: ۱) خاڵ‌کوتان؛ ۲) قەدکردن؛ ۳) ڕازاندنەوە؛ ۴) لوس کردنی چرچ‌و لۆچ؛ ۵) کوتانی ئاوڵەو شتی‌تر ف ۱) خال کوبی؛ ۲) تاکردن؛ ۳) آرایش کردن؛ ۴) صاف کردن چین؛ ۵) کوبیدن آبله.

دەقدانەوە: لە تەتەڵە دانی دەغڵ بۆ خاوێن بونەوە ف دوباره بیختن غلّه.

دەقدەلاف: گیایەکە لە ئاوا دەژی بێ گەڵایە ف گیاهی است آبزی.

دەق کردن: قەدکردن، بەسەریەکا نوشتاندن ف تاکردن.

دەق کراو: قەدکراو، وەنوشتاو ف تاکردە.

دەق‌گرتـن: ۱) قەدبون بەسەر یەکـدا بە باشی؛ ۲) جێگیـر بونی نرخ؛ ۳) بوُنـەداب ف ۱) برهـم خوب تا شدن؛ ۲) ثابت شدن نرخ؛ ۳) عادت شدن.

دەقـڵ: زەوی سەخـت کە بۆ کێڵان ناشێ، تەم‌تمـان ف زمین سخت غیرقابل کشت.

دەقلوُس: سەرمەقولات ف پشتك.

دەقلوك: جۆرێ مازوو ف نوعی مازوج.

دەقنـە: پارسەك کردنی فەقێ، نان چنینەوە لە ماڵان ف جمع‌آوری نان طلبۀ علوم دینی.

دەقۆر: بزنی ئەمەرەز نەمو، تێکەڵاو ف نوعی بز.

دەقــوُری: هۆزێکی کوردە لە کوردستـانی ئێستـای سوریە ف نام عشیرەای در کردستان سوریە.

دەقولباب: لە دەرگادان ف در زدن.

دەقەل: دەقل ف نگا: دەقل.

دەقەلۆز: خۆهەلْدان و بازی بلْند هاویشتن ف برش.

دەقەنا: لەبەر ئەمە، بۆیە ف برای این.

دەقیقە: ۱) چرکە، پاژێك لە شێست بەشی سەعات؛ ۲) تاو، دەمێکی کەم ف ۱) دقیقە؛ ۲) لحظە.

دەك: ۱) وشـەی ئاوات خوازی: (**دەك** بمـری)؛ ۲) وشەی خەمباری: (**دەك** لاڵ بم بۆ تۆ)؛ ۳) وشەی سەیرمان: (**دەك** لەو زەلامە)؛ ۴) فێڵ، حیلە، گزی ف ۱) کلمۀ تمنّا کردن؛ ۲) کلمۀ تأسف؛ ۳) کلمۀ تعجب؛ ۴) حیلە، نیرنگ.

دەکا: ۱) دەیسا، دەجا؛ ۲) کردنی لەئێستە و دوایی‌دا ف ۱) اکنون کە؛ ۲) می‌کند.

دەکارکراو: بەکارهێنراو، کارپێ کراو ف مصرف شدە، مستعمل.

دەکارکردن: کارپێ کردن، دەکارهێنان ف مصرف کردن، بەکار بردن.

دەکبوُز: تەقلە لێدان، تەقلە بازی ف پشتك زدن.

دەکرێ: لە کردن دێ ف امکان دارد، می‌شود.

دەکو: ۱) تل، بزوتن؛ ۲) لەرزین ف ۱) تکان؛ ۲) لرزش.

دەکودیم: چرۆچاو، دەم‌وچاو ف رخسار.

دەکوُش: لانك، بێشکە، دەرگوش، دەیدیك ف گهوارە.

دەکە: سەکۆ ف سکو.

:دەکەل: ۱) بێ‌مو، سادە؛ ۲) کۆسە؛ ۳) زەلامی تەمەڵ ف ۱) سادەرو؛ ۲) کوسە؛ ۳) تنومند تنبل.

دەگ: داری بلْندی ناو گەمیە کە بادەوەی پێوە قایم دەکەن ف دیرك کشتی.

دەگا: ۱) وەدەست دەکەوێ: (پولەکەی قەرز **دەگا**)؛ ۲) کورتی ناهێنێ: (دەستم تا ئەوێ **دەگا**) ف ۱) ادا می‌شود، بدست می‌آید؛ ۲) می‌رسد.

دەگمە: کەم‌وێنە، نایەب ف نادر.

دەگمەن: هەڵکەوت: (بە **دەگمەن** پەیدا دەبێ) ف بەندرت، اتفاقی.

دەگـەر: ۱) زەبر بەدەستی، کارامەیی؛ ۲) توان‌و تابشت ف ۱) مهارت؛ ۲) نیرو، توان.

دەگەل: ۱) گاڵتە و گەپ؛ ۲) زۆر زرینگ ف ۱) شوخی؛ ۲) فهمیدە و زیرك.

دەگەڵ: دگەل، پێرا ف همراە، با.

دەگـەنـەك: ۱) زۆر بەهێـز؛ ۲) زەبـەلاح، زلحـورت ف ۱) زورمنـد؛ ۲) لندهور.

دەگەنەکی: بخورتی، بەزۆری ف زورکی.

دەل: چاونەترس، بوێر ف گستاخ، جسور.

دەڵ: ۱) مێوینەی سەگ‌و گورگ‌و کەر؛ ۲) تەڕایی دەرکەتن، تەڕەشوح ف ۱) مادینۀ سگ و گرگ و الاغ؛ ۲) تراوش.

دەلاش: بەرخۆڵەی ساوا ف برۀ تازە متولد شدە.

دەلاف: ۱) گۆمیلکە؛ ۲) جێگەی ئاودانی پەز ف ۱) آب ژرف و راکد؛ ۲) جای آب دادن به دام.

دەلاق: جۆرێ ئاواڵ کراسی ژنانەی قەدیم ف نوعی تنبان زنانهٔ قدیمی.

دەلاقە: ۱) رۆچنە، کون دە دیواردا؛ ۲) تاقە لە دیواردا ف ۱) روزنه؛ ۲) طاقچه.

دەلاك: ۱) ناتـر، مرۆشـۆر لە گەرمـاودا؛ ۲) سەرتاش ف ۱) کیسه‌کش حمّام؛ ۲) سلمانی.

دەلاکخانە: دوکانی سەرتاش، سەرتاشخانە ف دکان سلمانی.

دەلال: جوان و خوێن‌شیرین ف زیبای دلکش.

دەڵاڵ: ۱) نێوئجی کەری کڕیارو فرۆشیار؛ ۲) کەسێ کە ژن بۆ پیاو تاو دەکا ف ۱) سمسار، دلّال، واسطه؛ ۲) دلالهٔ زن، دلّال محبت.

دەڵاڵانە: مزی دەڵاڵی کردن ف مزد دلّالی.

دەڵاڵخانە: هەڕاجەبازار ف بازار دلّالان.

دەلالـەت: ۱) دڵـدانـەوە، دڵخۆشی دانـەوە؛ ۲) شـارەزایی کردن ف ۱) دلنوازی؛ ۲) رهنمونی.

دەلالێ: لای‌لایی، گۆرانی بۆ دەخەوکردنی منداڵ،لایەلایە ف لالایی.

دەڵاڵی: ۱) کاری دەڵاڵ؛ ۲) مزی دەڵاڵ ف ۱) عمل دلّال؛ ۲) مزد دلّال.

دەلان: ئاولێ‌چون، دادانی تەڕایی ف تراوش.

دەلاندن: تەڕایی دادان، تەڕەشوح ف تراویدن، نشت.

دەلانن: دەلاندن ف تراویدن، نشت.

دەلاو: ۱) تەڕەشـوح کردو؛ ۲) جێگـەی زنەو هەمیشە تەڕ؛ ۳) خەلیـج؛ ۴) گیای سێ سوچـی ناو باتـلاغ ف ۱) تراویده؛ ۲) زمین و چمن همیشه خیس؛ ۳) خلیج؛ ۴) نوعی گیاه باتلاقی.

دەلاوان: ناوی دێیەکە ف نام دهی است.

دەلب: بەرگ‌و کەوشی گوشاد، هەراو ف کفش و لباس گشاد.

دەلپ: دەلب ف لباس و کفش گشاد.

دەلپ و داهۆڕ: زۆر گوشاد، فرە هەراو ف بسیار گشاد.

دەلپ‌ودۆپ: دەلپ‌و داهۆڕ ف بسیار گشاد.

دەلف: هەل، دەرفەت ف فرصت.

دەلق: عەیب‌وعار ف رسوایی.

دەلقین: ئابڕۆچون، ناوزڕان ف رسواشدن.

دەڵك: سواق، سواغ ف اندودن.

دهڵك: پشیلەی مێوینە ف گربهٔ ماده.

دەلکی: جەفەنگ باز، حەنەکچی ف شوخ طبع.

دەللە: ۱) پیالـەی دەسکـدار بۆ قاوە تێدالێنـان، قاوەجـۆش؛ ۲) فێڵ، تەڵەکە: (قەللەو **دەللە** مەکە) ف ۱) قهوه‌جوش؛ ۲) حیله.

دەلمـە: بالاپـۆشی پێش ئاوەڵـەی مەلایان، جبە؛ ۲) ناوی گوندێکە لە کوردستان ف ۱) جبّهٔ آخوندی؛ ۲) روستایی در کردستان.

دەڵمـە: دۆڵـەمـە، دۆڵـەمێ، هێلکـەی کەم‌برژاو؛ پەنیری نەگوشراو ف تخم‌مرغ و پنیر نیم‌بند.

دەلنـگ: ۱) لای خواروی قاچ، لە ئەژنـۆ بەرەژێر تا پانیە؛ ۲) جلکی بەلەك داپۆش ف ۱) پاچه؛ ۲) پاچهٔ شلوار.

دەلنـــگ هەڵکـــراو: ۱) لای خواروی دەرپێ‌و رانـك و... بەرەوژوور دانوشتاو؛ ۲) بریێتی لە ئامادەی کار ف ۱) پاچەورمالیده؛ ۲) کنایه از آمادگی.

دەلو: ۱) شێت؛ ۲) بەزمگێڕ ف ۱) دیوانه؛ ۲) خنیاگر.

دەڵ و بـەڵ: ۱) ئاڵ‌و بۆڵ؛ ۲) نەرم‌بون‌و نزیك بە ڕزیـن. بۆ میـوە ف ۱) میوه نورس؛ ۲) میوهٔ نرم شده در مرز گندیدگی.

دەلوبیبەر: بیباری شین کە دەکرێتە دۆڵمە ف فلفل سبز دلمه.

دەلـوقـەل: ۱) زۆربلـێ، چەنـــەبـاز؛ ۲) بێ‌شەرم‌و حەیا ف ۱) وراّج؛ ۲) گستاخ، بی‌شرم.

دەلۆش: بێ‌ئەمەگ، بێ‌وەفا ف ناسپاس.

دەلۆشی: بێ‌ئەمەگی، بێ‌شەرتی ف ناسپاسی.

دەلۆف: مانگی رەشەمە ف اسفندماه.

دەلوکار: نیوەشێت، گێژو وڕ ف خل، دیوانه‌مانند.

دەلـوگـوڵ گچکـە: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی در کردستان که بعثیها ویران کردند.

دەلـوگـوڵ گەورە: گونـدێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی در کردستان که بعثیها ویران کردند.

دەلۆلۆ: سەربەندی لاوك ف کلمهٔ پیش درآمد برخی از ترانه‌ها.

دەلـوێ دومـان: وشکەڕن، ئیشکەڕن، یاری دەری تەناف‌باز ف دلقك معاون بندباز.

دەلویی: شێتی، گەللایی ف خلی، دیوانگی.

دەڵـە: ۱) دەڵ، دێڵ؛ ۲) خوێـڕی‌و جلف‌و بێ‌کـارە ف ۱) نگـا: دەڵ؛ ۲) دله، هرزه و جلف.

دەڵەبەبا: مێوینەسەگی وەباهاتو ف ماده‌سگ جفت‌خواه.

دەڵەچە: ڕۆبین، ڕیاباز ف ریاباز، متملّق.

دەڵەچەیی: ڕیابازی، ڕۆبینی، کلکەسوتە ف ریابازی، تملّق.

دەڵەدەڵ: ۱) نزیك بە گەیشتنی میوە یا کوان؛ ۲) نزیك بە هێلکەکردنی مامر؛ ۳) سڵەقان، بەملاو بەولادا کەوتن ف ۱) نزدیك به رسیدن میوه یا دُمل؛ ۲) نزدیك به تخم‌گذاری مرغ؛ ۳) به‌این‌سو و آن‌سو افتادن.

دەڵەدێو: ۱) عیفریتی ژن؛ ۲) بریێتی لە ژنی ناحەز و قەڵەوی زەبەلاح ف ۱) عفریته؛ ۲) کنایه از زن چاق و بدگل قدبلند.

دەڵەسە: درۆ، قسەی هەڵبەستە ف چاخان.

دەڵەسە: سەگی مێوینە ف ماده‌سگ.

دەڵەق: دەڵەبەبا ف ماده‌سگ جفت‌خواه.

دەڵەك: ۱) جانەورێکە لە ڕێوی پچوکتر کەوڵی بە نرخە؛ ۲) پاڵ پێوەنان ف ۱) جانوری روباه‌سان؛ ۲) هول دادن، دفع.

دەلەکانێ: جۆلانەی گوریس ف تاب بازی.

دەڵەکدان: پاڵدان، پاڵ‌پێوەنان ف هول دادن.

دەڵەمە: دۆڵەمە، دۆڵەمێ ف نیم‌بند، اخته.

دەلەندە: دەزگیرانی مارە بڕاو ف نامزد عقد شده.

دەڵەوەبا: دەڵەبەبا ف نگا: دەڵەبەبا.

دەلی: نیوەشێت ف خُل.

دەلێ: دەڵێ ف می گوید.

دەڵێ: دبێژێ، ئەبێژێ، دبێ ف می گوید.

دەلیا: ١) دەریا، زریا؛ ٢) بریتی لە یەکجار زۆر ف ١) دریا؛ ٢) کنایە از بسیار زیاد.

دەلیالوُش: یەکجار زۆرخۆر ف بسیار پرخور.

دەلیان: دەلان ف تراوش.

دەڵیان: دەلان ف تراوش.

دەلی دومان: دەلوێ دومان، وشکەڕن، ئیشکەڕن ف پهلوان پنبه، دلقك، معاون بندباز.

دەلیڤە: هەل، کێس، دەرفەت ف فرصت.

دەلیقانی: ژنی بێ‌شەرمو زمان‌درێژ ف زن سلیطهٔ زبان‌دراز.

دەلیل: بەڵگە ف دلیل، حجّت.

دەلێ‌لێ: سەربەندی مقامی لاوك ف پیش‌درآمد برخی آهنگها.

دەڵین: ١) ئاودادەر؛ ٢) دبێژن، دبێن ف ١) تراوش کننده؛ ٢) می گویند.

دەلینگ: دەلنگ ف ١) پاچه شلوار؛ ٢) از زانو به پایین.

دەڵیی: هەر وەك، بیر دەبەی، خەیاڵ دەکەی، تە دبێژی ف پنداری، تو گویی.

دەم: ١) زار، دەڤ؛ ٢) کات، وەخت؛ ٢) لێوی تیغ؛ ٤) لە سەر ئاگر هێشتنەوەی برنج و چا بۆ چاك پێ‌گەیشتن؛ ٥) مُوشەدەمەی کانزا توێنەوە ف ١) دهان؛ ٢) وقت؛ ٣) لبهٔ تیغ؛ ٤) بر آتش گذاشتن برنج و چای؛ ٥) دمهٔ آهنگری.

دُهم: زەوینی بەیار ف زمین بایر.

دەما: کاتێکی، وەختەکە ف آنوقت، وقتی.

دەماخ: ١) کەیف‌سازی، شادی؛ ٢) مێشك، مژی؛ ٣) کەپوو، لوت؛ ٤) کام، نەخۆشی زاری وڵاخ ف ١) شادی؛ ٢) مُخ؛ ٣) بینی؛ ٤) نوعی بیماری دهن ستور.

دەماخ پروانن: وەڕەزکردن، کەیف تێك دان ف افسرده کردن.

دەماخ تەخت: کەیف‌ساز، تەڕدەماخ ف شاد و شنگول.

دەماخ تەخت‌کردن: بە خۆشی ڕابواردن ف به‌کام دل گذراندن.

دەماخ‌کردن: ١) بەرلوت هەڵپێچان؛ ٢) کام کردن ف ١) نقاب بر بینی کشیدن؛ ٢) به بیماری دهن مبتلا شدن ستور.

دەماخ هەڵبەستن: دەماخ کردن ف نقاب زدن.

دەماخ هەڵدان: دەماخ کردن ف نقاب زدن.

دەمار: ١) ڕەگ؛ ٢) داروکەی ناو گەڵاتوتن‌و ...؛ ٣) فیز؛ ٤) غیرەت‌و پیاوەتی ف ١) رگ؛ ٢) رگه؛ ٣) تکبّر؛ ٤) وقار و مردانگی.

دەماردەر: ئازاری زۆر چەتوون ف آزار شدید.

دەماردەرهاتن: بریتی لە تێداچون، بە یەکجاری لە ناوچون ف تارومار شدن، دمار از روزگار کسی درآمدن.

دەماردەرهێنان: بریتی لە لەناو بردن ف نابود کردن.

دەمارە کوڵ: دمارە کوڵ، دوپشك ف عقرب.

دەماغ: دەماخ بە هەمو باراندا ف نگا: دەماخ.

دەماغە: لوتکە ف دماغە.

دەمامك: لوُت‌پێچ، کەپوهەڵپێچ ف نقاب از بینی به پایین.

دەمان: وەختان، زەمان ف زمان، اوقات.

دەمانچە: دەبانچە ف تپانچە.

دەماندن: مُوشەدەمە وەکارخستن ف دمیدن با دمهٔ آهنگری.

دەمانن: دەماندن ف دمیدن با دمه.

دەمانە: ماڵ، جێی ژیان ف خانه، مسکن.

دەماودەم: ١) لە زار بۆ زار: (ئەم چیروکە **دەما ودەم** هاتوە)؛ ٢) وەختاو وەخت ف ١) دهان به‌دهان؛ ٢) گاه به‌گاه.

دەماوەر: ١) وتەپاراو، قسەزان؛ ٢) زۆروێژ، چەقەسرو ف ١) فصیح، سخن‌دان؛ ٢) پرگو.

دەماوەند: ١) بەرزترین کێوی ئێران کە لە لای تارانە؛ ٢) گوندێکی کوردستانی عیراقە بەعسی وێرانی کرد ف ١) کوه دماوند؛ ٢) نام روستایی در کردستان عراق که بعثیها ویران کردند.

دەمبڕ: گۆترە، بێ‌سەودا کردن ف الکی، کلنگی، بدون مقیاس معامله کردن.

دەمبل: ئامرازێکە لەئاسن دروستی دەکەن بۆ وەرزش ف دَمبل ورزشی.

دەمبڵ: کەسێ قسەی بەڕەوانی بۆنایە ف اَلکَن.

دەم‌بون: دەم کێشان، پێ گەیشتنی چاو برنج لەسەر ئاگر: (برنجە کە **دەم نەبوە** چایەکە لە **دەم** دایە) ف دم کشیدن چای و برنج.

دەم بەدەم: ١) دەماودەم؛ ٢) هەمیشە؛ ٣) وەختاو وەخت ف ١) دهان بەدهان؛ ٢) دمادم، همیشە؛ ٣) روزانە یکبار.

دەم‌بەدەمە: کێشەوهەرا، دم‌لەدم نان ف نزاع و کشاکش لفظی.

دەم بەردان: زمان درێژی کردن، زۆروتن ف زبان درازی کردن.

دەمبەس: دمبێن ف پوزەبند، دهانەبند.

دەمبەست: دمبێن ف پوزەبند، دهانەبند.

دەم بەیەکاهاتن: قسە جوُنەوە، قسەباش بۆ نەهاتن ف زازخایی، خوب نگفتن.

دەمبێن: دمبێن ف پوزەبند، دهانەبند.

دەم‌پاراو: دەماوەر ف نگا: دەماوەر.

دەم‌پوُچ: ١) بێ‌ددان؛ ٢) قسەنەزان ف ١) بی‌دندان؛ ٢) سخن‌ندان.

دەم‌پوچەڵ: دەم پوچ ف نگا: دەم‌پوچ.

دەمپوخت: چێشتێکە لە کفتەو کشمیش‌و لەتکەنۆك ف آشی است محلی.

دەم‌پوڕ: تفەنگی ساچمەزەن ف تفنگ سر پر.

دەم‌پیس: زمان‌پیس ف بددهان.

دەم پێکاهاتن: دەم بەیەکاهاتن ف هذیان و یاوه‌گفتن.

دەم تاڵ: قسەڕەق، خوێنتاڵ لە کاتی قسەکردنا، ڕاوێژ ناخۆش ف گرانجان در حرف زدن.

دەمتەڕ: ١) بەڵێن دەری خۆڕایی؛ ٢) زمان لوس، کەسێ بە قسە پیاو فریو دەدا ف ١) قول دهندهٔ بی‌عمل؛ ٢) چرب‌زبان، سالوس.

دەمتەڕکەرە: بریتی لە میوەو تەڕەکاری ف کنایە از میوە و تره‌بار.

دەم تەقانن: تەقە لە دەمەوە هێنان [ف] زبان به توزدن و صدا درآوردن از دهان.

دەم تێ ژەندن: ١) زارنانەناو خواردنەوە؛ ٢) بریتی لە خەرجی زیادکردن لە دارایی [ف] ١) دهان گذاشتن در آشامیدنی؛ ٢) کنایه از اسراف در خرج.

دەم تیکەڵ بون: قسە بۆ نەهاتن [ف] تپق زدن.

دەمتێوەدان: قسەلێ کردنی لاپرەسەنانە [ف] مداخلهٔ فضولانه.

دەمجاو: دمەجاو [ف] مقداری سقز که در دهان گذارند.

دەمچونە کلێڵە: زاررەق بون، قسە بۆنەهاتن [ف] از نطق بازماندن.

دەم چەپەڵ: زمان پیس [ف] فحاش، بددهن.

دەمچەفت: ١) زارخوار؛ ٢) قسەنەزان؛ ٣) لەکارنەزان و گێلۆکە [ف] ١) کج‌دهن؛ ٢) سخن‌ندان؛ ٣) ساده‌لوح.

دەمچەوت: دەمچەفت [ف] نگا: دەم چەفت.

دەمخاو: شل و ول لە قسەکردندا [ف] سست در گفتار.

دەمخۆش: ئافەریم بۆ قسەی کردت [ف] آفرین به گفتنت.

دەمخۆشانە: مزگێنی خەبەری خۆش [ف] مژدگانی نوید.

دەم داچەقان: زار ئاواڵەبون [ف] دهان بازماندن.

دەمداچەقاندن: ١) زارکردنەوە؛ ٢) بریتی لە مردن [ف] ١) دهان گشودن؛ ٢) کنایه از مرگ.

دەم داچەقانن: دەم داچەقاندن [ف] نگا: دەم داچەقاندن.

دەم داچەقاو: ١) زارئاواڵەبو؛ ٢) بریتی لە مردو [ف] ١) دهان بازمانده؛ ٢) کنایه از مرده.

دەم دادروون: ١) بێ دەنگ بون؛ ٢) بێ‌دەنگ کردن؛ ٣) زارك دروون [ف] ١) خاموش شدن از گفتار؛ ٢) وادار به خاموشی کردن؛ ٣) دهانه‌دوزی.

دەم دان: ١) تازە شین بوونی گیاو سەوزی؛ ٢) لەوەڕ (بزنەکە **دەم نەدا**)؛ ٣) دەماندنی موشەدەمە؛ ٤) لە دودان و درێژکردنەوە [ف] ١) بردمیدن سبزه؛ ٢) چریدن؛ ٣) دمانیدن دمه؛ ٤) دنباله دادن و به درازا کشانیدن.

دەم دانەوە: ١) پشکوتنی گوڵ؛ ٢) دڕانی کوان [ف] ١) شکفتن؛ ٢) سر باز کردن دُمل.

دەمدڕاو: ١) چەقەسرۆ؛ ٢) زمان شڕ [ف] ١) پرحرف؛ ٢) دهن‌لق.

دەم درو: داوبەنێ کە زارکی کیسەو جەواڵی پێ دروواوە [ف] نخ دهانه‌دوزی.

دەم درون: دەم دادرون [ف] نگا: دەمدادرون.

دەم درێژ: چەنەباز، چەقەسرۆ [ف] پرگو، وراج.

دەم دوُر: دەم درو [ف] نخ دهانه‌دوزی.

دەم دەم: گاگا، جارجار [ف] گاه‌گاهی.

دەمدەما: بەرەبەیان، شەوەکی، بولێڵە، کازیوە [ف] نزدیکیهای صبح.

دەمدەمو: بەرماو [ف] پس‌ماندهٔ خوراك و نوشیدنی.

دەمدەمی: وازوازی، هەروەختە لە سەر هەوایەك [ف] دمدمی، متذبذب.

دەمڕاس: دمڕاست [ف] نگا: دمڕاست.

دەمڕاست: دمڕاست [ف] نگا: دمڕاست.

دەمڕاست بونەوە: دوای هەژاربون دارابونەوە [ف] بازیافتن ثروت بعد از ندار شدن.

دەمرگە: دەمەقاڵە، کێشەو قیرە [ف] مشاجرهٔ لفظی.

دەمرۆت: لاوی بێ‌مو [ف] جوان بی‌مو، امرد.

دەمڕەش: کەسێ کە ستی چاك نابێژی [ف] کسی که گفتارش نحس است.

دەمڕیشە: زیپکەو کوانی ناو زار [ف] زخم دهان.

دەم سارد: ١) قسەنەزان؛ ٢) ناهومێد [ف] ١) آنکه قدرت بیان ندارد؛ ٢) ناامید.

دەم سپی: خێرخوای خەڵك [ف] آدم خیرخواه.

دەمسوُر: ١) شەڕانی، جینگن؛ ٢) بوێر و نەترس؛ ٣) بێ‌داگر، سور لە سەر کار [ف] ١) ستیزه‌جو؛ ٢) نترس، گستاخ؛ ٣) اصرار ورز، پافشار.

دەمشڕ: زوان‌شڕ، تێدانەوەستاو [ف] دهن‌لق.

دەمقاڵی: کێشە بەقسە [ف] جدال لفظی.

دەمقڕە: دەمقاڵی [ف] جدال لفظی.

دُهمك: دارێکی ئیرەوارە [ف] درختی است جنگلی.

دەمکار: ١) کارێك بە تەنیشت کارێکی کەوە؛ ٢) دیمەنی دیواری قوڕ [ف] ١) کاری در جنب کاری دیگر؛ ٢) نمای دیوار گلی.

دەمکانە: شیرەیەکی زۆر چەسپە لە داروکەیەکی دەگرن کە بە دارمازووە خۆی گرتوە [ف] مویزك.

دەم کردن: سەرداپۆشین و نانەسەر ئاگری چاو برتج [ف] دم‌کردن.

دەمکوت: ١) سەرکۆنە، لۆمە؛ ٢) بێ‌دەنگ کردن [ف] ١) سرزنش؛ ٢) وادار به خاموشی کردن.

دەمکوت‌بون: قسە پێ نەمان، دەمدروُن [ف] خاموش شدن از گفتار، چیزی برای گفتن نداشتن.

دەمکوت کردن: بێ‌دەنگ کردن [ف] وادار به خاموشی کردن.

دەمکە: کیسەی مشەمما بۆ ئاو [ف] کیسهٔ مشمّع برای آب.

دەمکەمچە: ١) کەوچکەقوڵە؛ ٢) بەچکەبۆقی هێشتا بێ دەست‌وپا [ف] ١) قاشق کوتاه؛ ٢) نوزاد قورباغه.

دەم کێشان: بە داپۆشین لە سەر ئاگر پێ گەیشتن [ف] دم کشیدن.

دەم گرتن: ١) بێ‌دەنگ بون: (**دەمت بگرە**)؛ ٢) زۆر قسەکردنی بە گەرمی: (دەستی پێ کردودە**می گرت**) [ف] ١) خموش شدن؛ ٢) جوش آوردن در گفتار.

دەمگرتنەوە: پارێز لە خواردن [ف] پرهیز از خوراك، رژیم غذایی.

دەم گرتە: گۆرانی گوتنی تێکڕایی [ف] آواز خواندن دسته‌جمعی.

دەم گەرم: ١) وتاربێژی چاك؛ ٢) تاژی لە کەروێشك گرتن خێرا [ف] ١) نطاق، سخنران ماهر؛ ٢) تازی ماهر در شکار.

دەم لارە: تونگەلەی مل خوار [ف] صُراحی گردن‌کج.

دەملە: شەپلە، ئیفلیجی [ف] فالج، بیماری فلج.

دەملێدان: زۆروتن [ف] یاوه‌گویی، پرگویی.

دەملێکدان: دەملێدان، چەنەلێدان [ف] یاوه‌گویی، پرگویی.

دەم لێك نان: ١) بێ‌دەنگ‌بو‌ن؛ ٢) برێتی لە مردن ف ١) خموش شدن؛ ٢) کنایە از مرگ.

دەمـــنـە: ١) بـاسـك، دارسـیـغـار، مـۆدنـە؛ ٢) پـیـکـی زوڕنـا ف ١) چوب‌سیگاری؛ ٢) جای لب در سُرنا.

دەمنێ: زەنبورە، دارەکونی ژێر دۆلاٚش ف چوب سوراخ زیر ناوآسیا.

دەمواکردە: شکاندنی ڕۆژو، ڕۆژوکردنەوە ف افطار.

دەموپـل: ١) زرنگـی لە کاردا؛ ٢) قسـەڕەوانی ف ١) زرنگی در کار؛ ٢) فصاحت.

دەموچاو: ڕو، ڕوخسار ف صورت.

دەموچـاو هەڵگـر: ژنێ کە هەنیە هەڵدەگرێ ف زنی کە زیادە موی از رخسار برمی‌دارد.

دەموچاو هەڵگرتن: کاری دەمو چاو هەڵگر، هەنیە هەڵگرتن ف موی هرزە ستردن از رخسار، اصلاح صورت زنان.

دەمودو: ١) دەموپل، دمودو؛ ٢) زرنگی ف ١) قوّت بیان؛ ٢) زرنگی.

دەمودوان: قسەڕەوانی ف قدرت بیان.

دەمودود: دەمودو ف نگا: دەمودو.

دەمودەزگا: دامو دەزگا ف نگا: دامودەزگا.

دەمودەس: دەس بەجێ، هەرنهوّ ف فوراً.

دەمودەست: دەمو دەس ف فوراً.

دەموفلچ: لچو زار ناشیرین ف لب و لوچە زشت.

دەموفلق: لچو لێو ناشیرین ف لب و لوچە زشت.

دەموقەوچە: دەموفلچ ف لب و لوچە زشت.

دەموکانە: دمکانە، دەمکانە ف مویزك، دبق.

دەموکاوێژ: دەراوی دەم، شێوەی قسەکردن، تەرزی ئاخافتن ف شیوۂ سخن گفتن.

دەموکە: دەموکانە ف مویزك.

دەمـە: ١) موشە دەمەی ئاسنگەر؛ ٢) لێوی تیغ؛ ٣) دەمنە؛ ٤) کزە بای ساردی سەرکێـوان لە زستـانـدا ف ١) دمۂ آهنگـری؛ ٢) لبۂ تیـغ؛ ٣) چوب‌سیگاری؛ ٤) باد سرد کوهستان در زمستان.

دەمهاتن بەیەکا: بێ‌دەنگ‌بو‌ن لە قسە ف خاموش شدن از نطق.

دەمهار: زۆر بەقسەو زۆر بلێ ف پرحرف، پرچانە.

دەمەتەقە: گفتوگۆ نێوانی دوکەس، دمەتەقە ف محاورۂ بین دو نفر.

دەمەتەقێ: دەمەتەقە ف محاورۂ بین دو نفر.

دەمەداچەقێ: برێتی لە نزیکە مەرگ ف کنایە از هنگام مرگ.

دەمەدەم: سەرەتا: (**دەمەدەمی** ئێوارە، **دەمەدەمی** بەهار) ف اوایل.

دەمەرقاچان: ئاگربازی بۆ شادی ف آتش بازی جشنها.

دەمەرقۆپان: پانتۆلی فاسۆن ف شلوار فاستونی کردی.

دەمەریزە: تیخی ژەنگاوی کروچ ف تیغ زنگ‌زدۂ لبەشکستە.

دەمەزەرد: سەرنیا، دمەزەرد ف مرمّت گاوآهن.

دەمەزەن: دەمەزەرد ف تعمیر گاوآهن.

دەمەشێر: گولێکە ف از گُلهاست.

دەمەقالێ: دمەقالێ ف جدال لفظی.

دەمەقرە: دمەقاڵە ف نزاع لفظی.

دەمەقەیچی: سەرەمقەست ف برش بازماندە از قیچی.

دەمەکوتێ: دەمەداچەقێ ف دهان گشودن، کنایە از مرگ.

دەمەل: باپشکێو، چینچکە سلاٚوە ف گل‌مژە.

دەمەلاسکە: لاسایی ف تقلید، ادا درآوردن.

دەمەلاسکێ: دەمەلاسکە ف نگا: دەمەلاسکە.

دەمەلێبێن: پەڕۆیەکە دەیخەنە سەر دەمی مردو ف وصلە کە بر دهان مردە گذارند.

دەمەنی: ئاڵامەت، هەلاٚمەت ف زکام.

دەمەوخوار: سەرەوژێر، وەرگەڕاو ف واژگون.

دەمەوڕو: ١) دەمەوخوار؛ ٢) بە سەر ڕودا کەوتو ف ١) واژگون؛ ٢) دمر.

دەمەوژێر: دەمەوخوار ف واژگون.

دەمەونخون: سەرەونخون، وەرگەڕاو ف واژگون.

دەمەوەر: ١) قسەڕەوان؛ ٢) زۆربلێ ف ١) زبان‌آور؛ ٢) زبان‌دراز.

دەم هەراش: دەمەوەر ف نگا: دەمەوەر.

دەم هەڵبەس: ١) دەمەلێبێن؛ ٢) قسەی هەڵبەستە ف ١) نگا: دەمەلێبێن؛ ٢) حرف من‌درآوردی.

دەم هەڵبـەست: ١) دەم هەڵبـەس؛ ٢) کەسـێ کە دەمو لوُتـی خۆی داپـۆشیـوە ف ١) نگـا: دەم هەڵبـەس؛ ٢) کسـی کە نقـاب بر دهـان گذاشتە.

دەم هەڵپچـڕان: برێتی لە قسە دەست پێ کردن ف کنایە از شروع بە سخن گفتن.

دەم هەڵپێچ: دەسرەی بە دەمو لوُتەوە پێچان ف دستمالی کە بر بینی و دهان بندند.

دەم هەلکی: دەمەلاسکە، دمەلاسکە ف دهن کجی، ادا درآوردن.

دەم هەڵە: ١) زۆربەقسە؛ ٢) زمان‌شڕ ف ١) پرحرف؛ ٢) دهن‌لق.

دەم هەڵێنان: دەم‌کردنەوە بۆ قسەکردن ف دهن‌گشودن برای شروع صحبت.

دەم هەڵێنانەوە: ئامادەبو‌ن بۆ وەرام دانەوە ف آمادۂ جواب شدن.

دەمێ: ١) وەختێ، کاتێك؛ ٢) ڕۆژگارێکی دور؛ ٣) زارێك ف ١) یك‌وقتی؛ ٢) گذشتۂ دور؛ ٣) دهنی.

دەمیرە: سەڵتە، کولۆچەی مەلایان ف یَلَك بالاپوش روحانیان.

دەمێك: دەمێ ف نگا: دەمێ.

دەمێکە: لەمێژە ف دیری است.

دەمین: دەماندن ف دمانیدن دمە.

دەمێو: دەمێ ف نگا: دەمێ.

دەم‌پەك‌نیان: برێتی لە مردن ف کنایە از مرگ.

دەن: ١) پەراسو؛ ٢) هەڵتاواندن، هەزم ف ١) دندۂ قفسۂ سینە؛ ٢) هضم.

دهن: ڕۆنی زەنگ، ڕۆنی قاڵ کراو ف روغن مذاب.

دەنا: ١) ئەگینا؛ ٢) مەگین ف ١) وگرنە؛ ٢) مگر.

دەناچیە: لەگەز، لیچاڕ، مەتەڵ، مەتەڵۆکە ف لغز، چیستان.

دەناندن: هەزم‌کردن، هەڵتاواندن ف هضم کردن.

دەند: جێگەگاسن لە ئامووردا ف جای گاوآهن در خیش.
دْهندان: دنەدان، هانەدان ف تشجیع.
دەندك: ۱) دانەی هەرشت؛ ۲) ناوکی میوە ف ۱) دانە؛ ۲) هستە.
دەندوك: نیکل، دەمی ڕەقی مەل ف منقار.
دەندوکچە: جۆرێ هەنار ف نوعی انار.
دەندوك لەگ لەگ: گیایەکە ف گیاهی است.
دەندە: دەند، جێگەی گاسن لە هەوجاڕ ف جای گاوآهن در خیش.
دەندەل: پەراسو ف دندهٔ پشت.
دەندی: شەتەك دراو، بەگوریس بەستراو ف محکم با طناب بسته شده.
دەنْك: ۱) پەراسو؛ ۲) دەندك ف ۱) دندهٔ قفسه سنیه؛ ۲) نگا: دەندك.
دەنکە: ۱) ناوکی هێندێ میوە؛ ۲) چۆدان ف ۱) هستهٔ میوه؛ ۲) چاودار.
دەنــگ: ۱) هەرچیەك گوێ دەیبیسێ؛ ۲) خەبـەر، باس ف ۱) صدا؛ ۲) خبر.
دەنگان: ناوبانگ ف شهرت.
دەنگاوەر: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی در کردستان که بعثیها ویران کردند.
دەنگبڕ: هەرشتێ دەنگ کپ دەکا ف صدا خفه‌کن.
دەنــگ بڕین: دەنــگ لێ گۆڕین، قسە دەگەڵ هەواڵ نەکردن ف ترك گفتگو با آشنا، قهر کردن.
دەنگبڵند: کەسێ دەنگی زۆر دەڕوا ف صدا بلند.
دەنگبەر: ئەوەی دەنگ بۆ دور ڕاگوێزێ وەك تەلەفون‌و تەلسزو بەرزەوێژ ف صدابَر، انتقال دهندهٔ صدا.
دەنگبەرز: دەنگ‌بڵند ف صدابلند.
دەنگبەرە: دەنگبەر ف صدابَر، انتقال‌دهندهٔ صدا.
دەنگبێژ: قامبێژ، گۆرانی بێژ، سترانڤان ف ترانه‌خوان.
دەنگ‌خۆش: خۆش ئاواز ف خوش‌آواز.
دەنگـدار: ۱) بەرانبەری بێ‌دەنگ؛ ۲) ئەوپیتانەی کە بزاوێنین‌و بە بزاو دەبـزون؛ ۳) بەنـاوبـانـگ ف ۱) صـدادار؛ ۲) حـروف صـامـت؛ ۳) مشهور.
دەنگدان: ۱) خەڵك وەدەرنان بۆ کارێ: (ئەمرۆ خەڵکی گوند **دەنگدە** بۆ بێگار)؛ ۲) لێ تووڕە بون؛ ۳) دەرخستنی بیر ورا لە هەڵبژاردنی نوێنەر لە پارلەمان ف ۱) بسیج؛ ۲) نهیب زدن؛ ۳) رأی دادن.
دەنگـدانـەوە: ۱) خەبەر بڵاوبـونەوە؛ ۲) گەڕانەوەی دەنگ لە چیـا ف ۱) آوازه دادن؛ ۲) صدا برگشتن از کوه و غار.
دەنگدڕان: هەراکردنی زۆر بە قەوەف فریاد با صدای بلند.
دەنگ‌دەرچون: ۱) خەبەر بڵاوبونەوە؛ ۲) وە دەنگ هاتن لە سەر شتێ ف ۱) اشاعهٔ خبر؛ ۲) به حرف آمدن از ناراحتی.
دەنگ دەرهاتن: لە تووڕەیی وەدەنگ هاتن ف از قهر وادار به حرف زدن شدن.
دەنگژار: نوزە لە قورگەوە ف نالهٔ بسیار خفیف.
دەنگ‌ڤەدان: دەنگ دانەوە ف نگا: دەنگ دانەوە.
دەنگ‌کردن: ۱) گوتنی شتێك؛ ۲) ئاشکراکردنی نهێنی ف ۱) گفتن؛ ۲) افشا کردن راز.
دەنگ کەوتن: دەنگ دەرنەهاتن لە بەر سەرمابون یان زۆر قیژاندن ف صداگرفتگی.
دەنگ گۆڕکێ: دەنگ بڕین ف قهر کردن و حرف نزدن با آشنا.
دەنگ گۆڕین: دەنگ بڕین ف قهر کردن و حرف نزدن با آشنا.
دەنگ گیران: دەنگ‌کەوتن ف صداگرفتگی.
دەنگ گیریان: دەنگ کەوتن ف صداگرفتگی.
دەنگ‌لێ‌کردن: تێ خوڕین ف نهیب‌زدن.
دەنگ‌لێ گۆڕین: دەنگ بڕین ف نگا: دەنگ‌بڕین.
دەنگ‌نوسان: دەنگ کەوتن ف صداگرفتگی.
دەنگ نوساو: دەنگ کەوتو ف صداگرفته.
دەنگ‌نێر: دەنگ‌زبر و بەرز ف صدا بلند و خشن.
دەنگۆ: ۱) شایعە؛ ۲) هەست‌و ئیحساس ف ۱) شایعه؛ ۲) احساس.
دەنگوباس: باس‌و خواس ف اخبار.
دەنگە: ۱) بانگ کردن؛ ۲) خەبەر وایە ف ۱) ندا؛ ۲) خبرچنین است.
دەنگەدەنگ: هەراهەرای حەشامات ف جنجال و همهمه.
دەنگـەشـە: ۱) دەنگەدەنگ؛ ۲) بڵاوبونەوەی خەبەر ف ۱) جنجال و همهمه؛ ۲) اشاعهٔ خبر.
دەنگەوەرە: دەنگ‌بەرە ف صدا منتقل کننده.
دەنگین: بەناو بانگ، دەنگدار ف مشهور.
دەننە: دەندە ف نگا: دەندە.
دەنوك: دندوك ف منقار.
دەنووکە: ۱) دەموکانە؛ ۲) ئەو شتەی ژێی تاری پێ لێدەدەن؛ ۳) دندوکە ف ۱) مویزك؛ ۲) زخمه، مضراب؛ ۳) برجستگی باریك.
دەو: ۱) ڕاکـردن، غار، بەزیـن؛ ۲) دۆ؛ ۳) جـۆرێ دابەش کردنی نان؛ ۴) زار، دەم ف ۱) دَو؛ ۲) دوغ؛ ۳) نوعی تقسیم بەوسیلهٔ انگشتان؛ ۴) دهان.
دەوْ: ۱) گزی‌و فێڵ‌و فەرەج؛ ۲) وەڕەزو دودڵ ف ۱) حیله؛ ۲) پکر و دودل.
دەوا: دەرمان ف دارو.
دەوات: دوێت، مەرەکەفدان ف دوات.
دەواخ: دەباخ ف دباغ.
دەواخانە: ۱) ئەجزاخانە؛ ۲) دەباخ‌خانە ف ۱) داروخانه؛ ۲) کارگاه دباغی.
دەوار: ۱) بارەبەری یەکسم؛ ۲) کوێن، پارچەی ڕەشماڵ؛ ۳) ڕەشماڵ؛ ۴) وڵاغ‌و حەیـواناتی ڕاگرتن ف ۱) سـتـور؛ ۲) پارچهٔ سیاه چـادر؛ ۳) سیاه چادر؛ ۴) چارپایان اهلی.
دەواساز: دەرمان دروس کەر ف داروساز.
دەوافرۆش: دەرمان فرۆش، ئەجزاچی ف داروفروش.
دەوال: دزی شەوانە ف دزد شبگرد.
دەواڵ: پەلە، لەز ف شتاب.
دەوان: ۱) دەبان، جۆرە ئیخێـکە؛ ۲) مەربوب، چوسـب، چـالاك ف

١) نوعی تیغ؛ ٢) چُست و چالاك.

دەوام: مانەوە، نەفەوتان ف دوام.

دەوانچە: دەبانچە ف تپانچە.

دەوبێن: دمبێن ف ١) دهانەبند؛ ٢) پوزەبند.

دەوْد: دەویت ف بی غیرت، بی ناموس.

دەوْدو: لە دەیان دو، بەشی ئاغا لە حاسلاتْ ف دوعشر، بهرهٔ مالکانه.

دەودەو: بالداریکە ف پرندەای است.

دەور: ١) خول، زفـڕین؛ ٢) دوّر، دوّرمـادار؛ ٣) پێـداچـونەوەی وانە؛ ٤) زەمانە ف ١) چرخش؛ ٢) پیرامون؛ ٣) بازخوانی درس؛ ٤) زمانە.

دەوران: زەمانە، دنیا ف روزگار، زمانە.

دەورانپشت: دوّرمادار ف حول و حوش، پیرامون.

دەوراندەور: بە هەمو لادا، دوّرمادار ف گرداگرد.

دەوردان: ١) هەمـولا لیّ گرتن؛ ٢) تێکـوّشین بوّ پێكهێنـانی نیازیّ ف ١) احاطه؛ ٢) کوشش برای عملی کردن مقصودی.

دەورکردنەوە: پێداچونەوەی دەرس ف دوره کردن، بازخوانی درس.

دەورگرتن: چوارلادان، چوارلاگرتن ف احاطه.

دەوروبەر: حەول و حەوش، دەوران پشت ف پیرامون، حوالی.

دەوروپشت: حەول و حەوش، دەوروبەر ف حوالی.

دەورەدان: ١) چوارلاگرتـن، دوّرگرتن؛ ٢) تەقـەلا دەگەلّ کەسیّ بوّ پێكهێنـانی نیازیّ ف ١) احاطه کردن؛ ٢) کوشش و دور و بر کسی رفتن برای برآوردن حاجت.

دەوری: قاپی پەل، دەفری نەقوّلْ ف بشقاب، دوری.

دەوژن: دوّکەی روّنی قالّ کراو ف کف روی روغن مذاب.

دەوس: جیّ پیّ، شوّپ ف جای پای بر خاك.

دەوساندن: ١) پیّ لیّ نان، پاپیانان؛ ٢) بە زوّر پەستاوتن ف ١) پابرجایی یا چیزی نهادن؛ ٢) چپانیدن.

دەوقاندن: ئەزموّنی هێك بەددان بوّ هێلکە شکێنە ف امتحان پوست تخم مرغ با دندان.

دەوك: دوّکە، سپیایی بەلاّی سەوزایی، شوّکە ف سپیدك، آفت نباتی.

دهوّك: شاریکە لە کوردستان ف شهری است.

دەوکیس: توّراغ، دوّی دەکیسە کراوی هەلّچوّڕاو ف دوغ کیسەای.

دەول: ١) دولّچە؛ ٢) گەلّی، دوّلّ ف ١) دَلو؛ ٢) درّه.

دهوّل: دەهوّلّ ف دهل.

دەولّەت: ١) مەڕوماڵ؛ ٢) دارایی؛ ٣) حوکمات ف ١) ثروت حیوانی؛ ٢) دارایی؛ ٣) دولت.

دەولّەتمەن: دارا، بوّد ف ثروتمند.

دەولّەتمەند: دەولّەتمەن ف ثروتمند.

دەولّەتی: شتی تایبەتی حوکمات ف مال دولت، مربوط به دولت.

دەولّەمەن: دەولّەتمەن ف ثروتمند.

دەولّەمەند: دەولّەتمەن ف ثروتمند.

دەوْن: ١) ئاوداشتە، دێردراو؛ ٢) دەڤی ف ١) آبیاری شده؛ ٢) بوتهٔ جنگلی.

دەونیك: دوّکی سەر روّن کە قالّ دەکریّ ف کف روی روغن مذاب.

دەوە: ١) دەبـە، شلّتـاغ؛ ٢) تەپـالّـەی بە دەست دروست کراو ف ١) شلتاق؛ ٢) تاپالهٔ با دست چلیده.

دەوەشاری: گوندێکە لەلای مەهاباد ف روستایی نزدیك مهاباد.

دەوەقولاّخی: گیایەکە بوّ دوّکلّیوی دێنن ف گیاهی برای دوغبا.

دەوەقولاّغی: دەوەقولاّخی ف نگا: دەوەقولاّخی.

دەوەلاّن: تەپالّدان، قەلاّغ ف مخزن تاپاله.

دەوەن: دەڤی، دەوون ف بوتهٔ جنگلی.

دەوەنبەئاش: برێتی لە کێشەو هەرای بێفایدە ف کنایه از مجادلهٔ بیهوده.

دەوەند: دەوەن ف بوتهٔ جنگلی.

دەوی: دەوەن ف بوتهٔ جنگلی.

دەویان: تماشا کردنی لەش زوّر بە وردی ف معاینه.

دەویت: دویت، بیّ ناموس ف بی ناموس، قرمساق.

دەوێت: مەرەکەفدان، دەوات ف دوات.

دەوێر: ولاّخەبەرزە، یەکسم ف ستور.

دەویقاندن: ئەزمونی هێلکە بە ددان، چێژینی هێك بوّ ڕەقی و نەرمی ف آزمون پوست تخم‌مرغ با دندان.

دەویك: ١) دوّ؛ ٢) شوّکە، دوّوك؛ ٣) دوّکی روّنی داغ کراو ف ١) دوغ؛ ٢) سپیدك؛ ٣) دُرد روغن تفته.

دەویلّ: پارچەیەکی باریك لە چەرم، زوێلّ ف نوار بریده از چرم.

دەوین: دوّکلّیو ف دوغبا.

دەه : یەك‌ونوّ ف عدد ده.

دەهبە: داعبا ف درندهٔ ناشناس.

دەهدل: دودلّ، نیگەران ف نگران.

دەهـــدەه : دنـەدانی ئەسپ بوّ خوّش ڕوّیشتن ف تشجیع اسب برای یورغه رفتن.

دەهری: ١) خوێن‌سارد، گویّ بەهیچ نەدەر؛ ٢) پیّ چەقێن، سور لە سەر مەبەس؛ ٣) زوّرتوڕە ف ١) خونسرد؛ ٢) لجوج؛ ٣) بسیار خشمگین.

دەهەڤدا: ژنی تێر گوّشتی جوان چاك ف زن گوشتالوی زیبا.

دەهل: دوّلّ، شیو ف درّه.

دەهندە: دلاّوا ف بخشنده.

دەهـوّ: ١) جاجمـی هەلّدرواو بوّ دانـەویلّە ڕاگوێزتن؛ ٢) گزی و فێلّ ف ١) جاجیم بردوخته برای حمل و نقل غلّه؛ ٢) حیله و نیرنگ.

دەهوّلّ: تەپلّی گەورەی بەزم گێڕان ف دهُل.

دەهوّلّ دان: برێتی لە مروّی زگ‌زل ف کنایه از آدم شکم گنده.

دەهوّلّ دڕان: برێتی لە ئابڕوچون، ناوزڕان ف کنایه از رسوا شدن.

دەهوّلّژەن: کەسیّ کە دەهوّلّ لیّ دەدا ف دهل‌زن.

دەهوّلّکوت: دەهوّلّژەن ف دهل‌زن.

دەهەك: دەیەك، لەدە پاژپاژێك ف یك دهم.

دەهەم: ژمارەی دوای نوّیەم ف دهم.

دەهەمین: دەهەم ف دهم.

دەهەندە: دەهندە ف بخشندە.

دەهێ: خەبەری هاتنی سێهەمیك لە ئایندەدا، تێ، دێ ف می‌آید.

دەهێن: جانەوەری زۆر سەیرو ناشیرین ف جانور بسیار عجیب و بدشکل.

دەهیەك: لە دەپاژ پاژێك ف دەیك، یك‌دهم.

دەی: ١) وشەی دنەدان؛ ٢) پاشگری دان بۆ هاودوێن: (**بدەی، نەدەی**)؛ ٣) دەنگ؛ ٤) گیشەی گەڵا لەسەر داری لێرەوار ف ١) کلمهٔ تشجیع؛ ٢) پسوند دادن برای مخاطب؛ ٣) صدا؛ ٤) برگ خوراك زمستانی حیوانات.

دەیدەك: جوڵانەی گوریس ف تاب.

دەیدیك: ١) لانك، دەرگوش، بێشکە؛ ٢) جوڵانەی تێدانوستنی منداڵ ف ١) گهوارە؛ ٢) ننو.

دەیر: دێو، گێشەی گەڵ لە سەر دار ف تودهٔ برگ برای علوفهٔ زمستان.

دەیری: دەهری ف نگا: دەهری.

دەیز: گزرە ف گیاه کوبیده برای علوفهٔ زمستانی.

دەیسێ: دایسێ ف مشتعل است.

دەیك: دایك، داڵك، داك ف مادر.

دەیلاخ: بەچکە وشتر ف بچە شتر.

دەیلاغ: دەیلاخ ف بچە شتر.

دەیلەم: باری، لۆسە، مەڵغە ف دیلم.

دەیم: دێم، چاندنی بە تەمای باران ف کشت دیمی.

دەیمەرو: زەوینی دێم ف زمین دیم.

دەیمەکار: ١) چاندنی بە تەمای باران؛ ٢) زەوی دێم ف ١) کشت دیمی؛ ٢) زمین دیم.

دەین: قەرد، واو، وام، قەرز ف وام.

دەیندار: ١) قەردار، قەرزدار؛ ٢) جۆرێ داری لێرەوار ف ١) مدیون؛ ٢) نوعی درخت جنگلی.

دەیوس: دویت، دەویت، بێناموس ف قرمساق.

دەیەك: لە دە پاژ پاژێك ف عشر، یك‌دهم.

دەیەم: دەهەم ف دهم.

دەیەمین: دەهەم ف دهم.

دی: ١) دوکەڵ، دوکێڵ؛ ٢) سۆمای چاو؛ ٣) کاری ڕابردەی دیتن: (**تۆم دی، منت دی**)؛ ٤) ئیکە: (ئەمە نا ئەوی **دی**)؛ ٥) وشەی هانەدان: (**دی** هەستە برۆ)؛ ٦) پاش وشەو پێش‌وشە لە دان بۆ هاودوێن؛ ٧) ئەگینا؛ ٨) دێو، ئەوەی ناوی بەترسە؛ ٩) گیشەگەڵ کە لە سەر دار دادەندرێ؛ ١٠) وردبونەوە ف ١) دود؛ ٢) دید چشم؛ ٣) ماضی دیدن؛ ٤) دیگری؛ ٥) کلمهٔ تشجیع و تحریك؛ ٦) دهی، بدهی؛ ٧) والا؛ ٨) دیو، موجود ترسناك؛ ٩) توده علوفه‌ای کە روی درخت ذخیره می‌کنند؛ ١٠) تأمّل و دقت.

دێ: ١) دایك؛ ٢) ئاوایی، گوند؛ ٣) گیشەگەڵاو گیای هەڵگیراو بۆ زستان؛ ٤) دێو؛ ٥) ئایندەی هاتنی سێهەمێك: (**دێ** بۆ ماڵمان)؛ ٦) دەبێ، ئەشێ: (**دێ** هەرم، **دێ** وەبیتن)؛ ٧) ڕامان و وردبونەوە؛ ٨) وشەی لێ خوڕینی کەڵو گامێش ف ١) مادر؛ ٢) دە، روستا؛ ٣) توده علوفهٔ ذخیره شده برای زمستان؛ ٤) دیو؛ ٥) می‌آید؛ ٦) باید؛ ٧) تأمّل و دقت؛ ٨) کلمه راندن گاومیش.

دیا: ١) دایك؛ ٢) ڕوانین؛ ٣) دیمەن، چاو ئەنداز ف ١) مادر؛ ٢) تماشا؛ ٣) منظره.

دیاتی: گوندی، خەڵکی دێ، لادێیی ف دهاتی.

دیار: ١) بەرچاو، ئاشکرا؛ ٢) نزیکی، جەم، لا: (لە **دیار** تۆوە بوم)؛ ٣) سەرو سیما، تەرح ف ١) پدیدار، آشکار؛ ٢) نزد؛ ٣) سر وسیما.

دیاردە: ١) دابی تازە پەیابوگ؛ ٢) بەرچاو، دیار؛ ٣) تەماڵ، کەروێشکی خۆڵەلاندا مەڵاس کردو ف ١) پدیده؛ ٢) آشکار؛ ٣) خرگوش در لانه خوابیده.

دیاردی: ١) ئاشکراو بەرچاو؛ ٢) دابی تازە؛ ٣) کێشك، پاسەوانی شەوانە ف ١) آشکار؛ ٢) پدیده؛ ٣) دیده‌بانی، کشیك.

دیارناو: ناوی ناسراو ف اسم علم، اسم معرفه.

دیاری: ١) بەرچاو، ئاشکرا، خۆیا؛ ٢) پێشکێش؛ ٣) سەوقات؛ ٤) ناوە بۆ پیاوان ف ١) آشکار؛ ٢) تقدیمی؛ ٣) رە‌آورد؛ ٤) نام مردانە.

دیاری‌دان: ١) بەرچاوهاتن؛ ٢) سەوقات‌دان ف ١) پدیدار شدن؛ ٢) سوغات بخشیدن.

دیاری کردن: ١) نیشانەکردن؛ ٢) دەرخستن تا ببیندرێ؛ ٣) نیشانەدان‌و شیرنی خواردنی خوازبێنی ف ١) دست نشان کردن؛ ٢) نشان دادن؛ ٣) سور نامزدی، نامزد کردن.

دیاك: دەهێ، دێ ف می‌آید.

دیان: ١) ددان، دران؛ ٢) دیتـیان، چاویان پێ کەوت؛ ٣) خاچ‌پەرس، فەلە، فلە ف ١) دندان؛ ٢) دیدند؛ ٣) ترسا.

دیانا: شارێکی کورد نشینە لە سنوری عیراق ف شهری است در مرز عراق.

دیان‌چەرمگ بون: دان سپی بونەوە ف کنایه از پررو شدن.

دیان‌ڕۆکڵە: دانەڕۆکە ف ولیمهٔ دندان درآوردن نوزاد.

دیان کلێڵەبون: دان‌دەبەست چون ف دندان برهم چسبیدن.

دیان لێ تیژکردن: برێتی لە تەماح کردن ف کنایه از طمع کردن در چیزی.

دیانە: ددانە ف دندانە.

دیانەڕیکێ: دانەچیرە ف دندان قروچه.

دیای: ڕوانین، دیا ف نگاه کردن.

دیبا: بەرچاو هاتبا: (ئازادیم **دیبا** بەسەمبو) ف اگر دیده می‌شد.

دیباچە: پێشەکی کتێب، سەرەتای کدێب ف دیباچهٔ کتاب.

دێباف: دایکی باوك، نەنك لەباوکەوە ف مادر پدر.

دێبکە: دەمکە ف کیسهٔ چرمین یا مشمع برای نگهداری آب.

دێبەر: زەوینی خواروی ئاوایی، بەردێ ف زمین پایین آبادی.

دیبەگ: دنگی گەورەی چەڵتوك ف دنگ بزرگ شالیکوب.

دیبەگلی: گوندێکە ف روستایی است.

دیبەگە: گوندێکە لە کوردستان ف نام روستایی در کردستان.

دیتبار: تەواو ئاشکرا ف هویدا.
دیتم: بەرچاوم کەوت ف دیدم.
دیتن: بەرچاوکەوتن ف دیدن.
دیتنەوە: پەیداکردنی گومبوگ. ف بازیافتن گم‌شده.
دیتۆخ: چاوساغ، بینا ف بینا.
دیتۆك: تازە پێداکەوتو ف نوکیسه، تازه به‌دوران رسیده.
دیتی: ۱) کەسێ شتی زۆر دیوەو بەئەزموونە؛ ۲) منالّی لە کۆلّان پەیداکراو؛ ۳) کردەی ڕابوردوی دیتن، چاوی پێ کەوت ف ۱) با تجربه، دنیا دیده؛ ۲) کودك سرراهی؛ ۳) ماضی دیدن، دید.
دیجامە: چەند پارچە پەڕۆی ڕەنگاورەنگە لێکی دەدەن‌و لە ڕاوەکەودا دەکاری دەهێنن ف دیوجامه.
دیجومە: دیجامە ف نگا: دیجامه.
دێچم: هەر دەچم ف حتماً می‌روم.
دێخۆن: دۆخین ف بند شلوار.
دێد: ۱) نازناو بۆ خوشکی گەورە؛ ۲) خوشکی باوك، پلك ف ۱) خواهر بزرگ؛ ۲) عمّه.
دیدار: ۱) سەرو سیما: (بەلاّم لە تەرحو **دیدارت**)؛ ۲) چونەدیار: (هاتومە **دیدارت**) ف ۱) سیما؛ ۲) دیدار.
دێدار: خاوەنی ئاوایی، خێوی گوند ف ارباب، مالك ده.
دیداربینی: چونەلا بۆ چاوپێ کەوتن ف دیدنی کردن.
دێدك: سپلّ ف سپر ز، طحال.
دیدە: ۱) چاو؛ ۲) دیتی، بەئەزمون ف ۱) چشم؛ ۲) باتجربه.
دێدە: وشەی دواندنی خوشکی گەورە، دادە ف کلمهٔ خطاب به خواهر بزرگ.
دێدەڕەش: دێدك، سپلّ ف طحال.
دیدەڤان: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی در کردستان که بعثیها ویران کردند.
دێدەك: جۆلانەی گوریس ف تاب طناب.
دیدە کانی: هەلّپەڕکێ، داوەت، دیلان ف رقص دسته‌جمعی.
دێدە کانێ: لەگوریس نیشتن، جۆلانەکردن ف تاب‌بازی.
دیدەن: دیدار، چونە چاوپێ کەوتن ف دیدنی، دیدار.
دیدەنمین: چاو فر مێسکاوی ف چشم اشکبار.
دیدەنی: دیدەن ف دیدنی، دیدار.
دیدەوان: ئێشکگری بان قەلاّ ف دیدبان.
دیدی: زڕدایك، باوەژن، باواژن ف زن‌پدر.
دێدێ: دێدە ف خطاب به خواهر بزرگ.
دیر: دۆر، بەرانبەری نزیك ف دور.
دێـر: ۱) درەنـگ؛ ۲) جێگـەی ڕەبەنی خاچ‌پەرست؛ ۳) **لەمێـژینە** ف ۱) درنگ؛ ۲) دیر راهبان؛ ۳) گذشتهٔ دور.
دێڕ: خەتێ لە نوسین ف سطر.
دێراخێز: تەوەزەل، تەمەلّ، لەش‌گران ف تنبل، گران‌خیز.
دیرادور: دوٚرادوٚر ف از راه دور.

دیرالۆش: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی در کردستان که بعثیها ویران کردند.
دێـران: ۱) ناوداشتن، ئاودێـری؛ ۲) گونجـان، جێگـا تێـدابونـەوە؛ ۳) بەباکردن‌و پاك‌کردنی خەلە بۆ ئاش؛ ۴) لێ‌قەوماو، کۆست کەوتە؛ ۵) وێران ف ۱) آبیاری؛ ۲) ظرفیت داشتن، گنجایش؛ ۳) بوجاری غله برای آسیاب؛ ۴) سیه‌روز، درمانده؛ ۵) ویران.
دێرانن: داشتنی زەوی ف آبیاری کردن.
دێراو: ۱) بۆ، زەمینی چالّ‌کراو بۆ ئاوی ئاویاری تێدامان؛ ۲) ئاویاری کردن ف ۱) جوب، جوی؛ ۲) آبیاری شده.
دیربین: دوٚربین ف دوربین.
دێرخێز: دێراخێز ف سست، تنبل.
دیردەس: دوٚردەست ف خارج از دسترس.
دێـرس: ۱) درەنـگ؛ ۲) وێـران؛ ۳) کەونـارا ف ۱) درنگ؛ ۲) ویران؛ ۳) قدیمی.
دێرسی: ۱) درەنگی؛ ۲) وێرانی؛ ۳) لەمێژینە ف ۱) درنگی؛ ۲) ویرانی؛ ۳) باستانی.
دێرك: جێ‌ژیانی بچکۆلّەی پیاوی ڕەبەن ف صومعهٔ راهب.
دێرکی: ۱) جۆرێ هەنجیر؛ ۲) گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف ۱) نوعی انجیر؛ ۲) نام روستایی در کردستان که بعثیها ویران کردند.
دێرگا: لەمێژینە، لەمێژ، لە زوٚرا ف دیرگاه.
دێرنـدێز: ڕۆژێکـە لە مانگی ڕێبـەنداندا فەلەی کوردستان ئاگری تێدا دەکەنەوە ف روز آتش‌افروزی ترسایان کردستان در بهمن ماه.
دێرۆخە: دێراو پڕکردن‌و شکاندنی بۆ سەر دێراوێ تر لە کەم‌ئاوی دا ف نوعی آبیاری جوب در موقع کم‌آبی.
دیرۆك: ۱) چیرۆك، ڕوداوی خەیالّی؛ ۲) ڕوداوی مێژویی ف ۱) افسانه؛ ۲) رویداد تاریخی.
دیـرۆکڤـان: ۱) چیـرۆك بێـژ؛ ۲) مێـژوبێـژ ف ۱) افسـانـه‌خـوان؛ ۲) بازگوکنندهٔ رویدادهای تاریخی.
دێرەخترێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی در کردستان که بعثیها ویران کردند.
دێرەفانی: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی در کردستان که بعثیها ویران کردند.
دیرەك: کۆلّەکە، ستوٚن، ئەستوندەك ف عمود، ستون.
دێرە کی: دێرکی ف نوعی انجیر.
دیرە گ: دیرەك ف ستون.
دێری: درەنگی ف درنگی.
دێرێ: گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی که بعثیها ویران کردند.
دێریشکێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی در کردستان که بعثیها ویران کردند.
دێریك: ۱) مێژو، تاریخ؛ ۲) زوٚر کەونارا، قەدیمی؛ ۳) ناوی شارێکە لە

کوردستان ف ۱) تاریخ؛ ۲) باستانی؛ ۳) نام شهری در کردستان.

دێرین: ڕابردەی زۆر دوور، لەمێژینە ف دیرینە، قدیمی.

دێرینە: دێرین ف دیرینە، قدیمی.

دێز: ۱) ڕەش، دژی سپی؛ ۲) ڕەشی ئامالْ بۆر؛ ۳) دیزەی شێو تێدا لێنان، دەفری گڵین بۆ چێشت تیا لێنان؛ ۴) بریتی لە شووم و جوت قوشە، بێ فەڕ؛ ۵) بۆنەهاتگ، بەدبەخت؛ ۶) گیشەی گەڵ و گیا بۆ زستان ف ۱) سیاه؛ ۲) رنگ خاکستری تیره؛ ۳) دیزی، دیگ گلی؛ ۴) کنایه از نحس؛ ۵) بدبخت، بدشانس؛ ۶) تودهٔ برگ برای علوفهٔ زمستانی.

دێزا: زڕکچ کە دە گەڵ دایکی هاتبێتە ماڵ زڕ باوکی ف دختری که همراه مادرش به خانهٔ ناپدری رفته باشد.

دیزداشە: دژداشە ف پیراهن بلند.

دیزك: دیزەی چێشت تێدا لێنان ف دیزی.

دێزك: دێز، ڕەشی ئامالْ بۆر ف خاکستری تیره.

دێزگ: ۱) دێزك؛ ۲) بێ تالح، بەوبەخت ف ۱) خاکستری تیره؛ ۲) بدشانس.

دیزە: دەفری گڵی شێو تێدا لێنان ف دیزی، دیگ گلی.

دێزە: دێز ف نگا: دێز.

دیزەبەدەرخونە: بریتی لە پۆشینی سوڕ ف کنایه از پوشیدن راز.

دیزەبەکوڵ: کەسێ لەبەر پارازتنی ماڵی زۆر ناوێرێ کۆچ بکا ف کسی که بخاطر حفظ اموالش نمی‌خواهد کوچ کند.

دێزەك: ۱) تەمەڵ، بێ‌کارە؛ ۲) بەدبەخت ف ۱) تنبل؛ ۲) بدشانس.

دیزەلۆکە: دیزەی چکۆلە، کیتەڵە ف دیزی کوچك.

دیزەلە: چوزەلە، دوزەلە ف مزمار، نوعی آلت موسیقی.

دیزەڵە: ۱) دیزەلۆکە؛ ۲) قوڵایی پشت سمت ف ۱) دیزی کوچك؛ ۲) گودی بالای باسن.

دێژنك: تەڕە تیزە ف شاهی.

دیژە: ڕەوشت، ئاین، مەزەب ف مذهب.

دیژەڵە: گوێژ، گێوژ، گڤیشك، دارێك و بەری داریکی دڕکاویە ف زالزالك.

دیس: توند پێکەوە نوساو، بەسەریەکا لکاو ف محکم چسبیده.

دیسا: ئەمجاریش، دوبارە، ئێدن ف باز، ایضاً.

دیسان: دیسا ف باز، ایضاً.

دیسانەوە: دیسا ف باز، ایضاً.

دیستان: سێ پایەی بن بە ڕوش ف سه‌پایهٔ زیر دیگ روی آتش.

دیسك: سوێنە، تەشتی قورین ف طشت سفالین.

دیسنەك: نوسەکە، نوسەنەکە، دڕکێکە بە جلکەوە دەنوسێ ف خاری است به لباس و پشم می‌چسبد.

دێسنی: داسنی، یەزیدی، ئێزدی ف نگا: داسنی.

دیسو: گوڵەسەگ کە سواری دێڵەسەگ دەبێ ف سوار شدن سگ نر بر ماده.

دیسە: مەڕە کێوی، پەزی کۆڤی ف گوسفند کوهی.

دیسێ: دایسێ ف مشتعل است.

دیش: ۱) ئامرازی کار؛ ۲) کەل و پەلی ناو ماڵ؛ ۳) تریش: (ئی دیش بێنە) ف ۱) ابزار کار؛ ۲) اثاثیهٔ منزل؛ ۳) دیگری هم.

دیشاف: دۆشاو، شۆك ف شیرهٔ انگور و...، دوشاب.

دیشاو: دیشاف ف شیرهٔ انگور و...

دیشلامە: چای تاڵ کە قەند دەنێنە دەم و دەیخونەوە ف چای قندپهلو.

دیشلەمە: دیشلامە ف چای قندپهلو.

دیشەو: دوێ‌شەو، شەوادی ف دیشب.

دیڤ: ۱) کلك، دو، دوفك؛ ۲) دوگ، دوگە ف ۱) دم؛ ۲) دنبه.

دێڤ: دێو، عیفریت کە لە چیرۆکانداهەیە ف دیو افسانه.

دێڤانە: دێوانە، شێت ف دیوانه.

دیڤۆك: هاروهاج، نەگونجاو، بزوز ف شیطنت‌باز.

دێڤونە: دێوانە ف دیوانه.

دیڤەرە: چەرچی، فرۆشیاری گەڕۆك ف پیله‌ور.

دیڤەلان: هەمیشە لەدو، دوڤ دوفك ف دنباله‌رو سمج.

دیڤەلانك: دیڤەلان ف دنباله‌رو سمج.

دیق: ۱) دەردە باریکە؛ ۲) بریتی لە خەمی زۆر: (**دیقم زۆرە**) ف ۱) بیماری دق، سل؛ ۲) کنایه از غم جانکاه.

دێق: دیق ف نگا: دیق.

دیق کردن: بریتی لە مردن لەبەر خەفەتی زۆر ف کنایه از مرگ به‌علت غصهٔ بسیار.

دیقل: کەڵەشێر، کەڵەباب، نێری مریشك ف خروس.

دیقەت: وردبونەوە، تێ ڕامان ف دقت.

دیقەدیقەدان: گاڵتە پێ کردن و تورە کردن ف مسخره کردن و آزردن.

دیك: ۱) خەڕەك؛ ۲) دیقل ف ۱) دوك؛ ۲) خروس.

دێکانە: دەمکانە، دەموکانە ف مویزك.

دێکانی: خەڵکی لادێ، گوندی ف دهاتی.

دێ کرن: لێ وردبونەوە ف دقت کردن.

دیکل: دیقل، کەڵەشێر ف خروس.

دێ کلوز: جوری چێشتە ف نوعی آش.

دیکلوك: چینچکەسلاو، باپشکێو ف گل مژه.

دێ گولان: شاروکەیەکە لەلای سنە ف قصبه‌ای در منطقهٔ سنندج.

دێگە: ۱) شوێنی دێ، ئاسەواری دێ، جێ گوند؛ ۲) خاڵتیك، خوشکی دایك ف ۱) جای دهکده؛ ۲) خاله.

دیگە: دیزە ف دیزی.

دیل: ئێسیر، یەخسیر ف اسیر.

دێل: مێوینەی جانەوەران، دێڵ ف دله.

دێڵ: ۱) مێوینەی زۆر لە جانەوەران وەك کەر، سەگ، گورگ، ڕێوی، شێر، ورچ، دێو و هی تریش؛ ۲) یەخسیر، گیراو لە شەڕدا ف ۱) دله، مادینهٔ بسیاری از جانوران؛ ۲) اسیر.

دیلاب: دولاب، دۆلاب ف دولاب.

دیلان: ۱) دەلان؛ ۲) هەڵپەڕکێ، داوەت؛ ۳) گێژ و دەبەنگ، حەپول؛ ۴) جولانە ف ۱) تراوش؛ ۲) رقص گروهی؛ ۳) گیج و خل؛ ۴) تاب طناب.

دیلاندن: دەلاندن ف تراویدن.

دیلانە: هەلپەرکێ، گۆبەند ف رقص گروهی.

دیلانێ: ۱) دیلانە؛ ۲) لەگوریس نیشتن، جۆلانە کردن ف ۱) رقص گروهی؛ ۲) تاب بازی.

دیلباز: ۱) قسەزان؛ ۲) زۆربێژ، چەنەوەر ف ۱) سخن‌دان و زیرك؛ ۲) زبانباز.

دیلبلان: دیلباز ف نگا: دیلباز.

دیلبەند: تەرجمان، پاچڤەکار ف مترجم.

دێلکە: گوندێکە ف روستایی است.

دێلم: قاش، کۆز ف قاچ.

دیلمار: جۆرێ مارمیلکەی درێژ ف نوعی مارمولك.

دیلمانج: پاچڤەکار، تەرجمان ف مترجم.

دیلندێز: دێرندێز، جەژنێکی فەلانە ئاگر دەکەنەوە ف از اعیاد مسیحیان در زمستان.

دیلۆك: سترانی داوەتێ، گۆرانی بۆ هەلپەرکێ ف ترانهٔ رقص.

دیلۆکڤان: گۆرانی بێژی داوەتێ ف ترانه‌خوان رقص.

دیلە: قورم، سیان، دودە ف دوده.

دێلە: ۱) نیشانەی مێیەتی کە پێش ناوی جانەوەر دەکەوێ: (**دێلەسەگ**، **دێلەدێو**)؛ ۲) تەختە بەردی سەربان‌پۆش ف ۱) پیشوند بەمعنی مادینه، دله؛ ۲) پوشهٔ سنگی سقف.

دێلەبەبا: مێچکەسەگی نێرخواز ف دله‌سگ جفت‌خواه.

دێلەدز: برێتی لە ژنی زمان درێژی بێ‌شەرم ف کنایه از زن سلیطه.

دێلەبەن: ۱) میچی خانوی بە بەرد داپۆشراو؛ ۲) وەستای دێلەبەنی ف ۱) سقف پوشیده با تخته‌سنگ؛ ۲) بنّای سنگ‌پوش سقف.

دیل‌بەند: دیلماج، تەرجمان، دیلمان ف مترجم.

دیلەك: ۱) تکا، پارانەوە بۆ کەسێ، شفات؛ ۲) دیرەك ف ۱) شفاعت؛ ۲) بالار، ستون.

دیلەکان: جۆلانەی گوریس ف تاب طناب.

دیلەکانێ: لەجۆلانەنیشتن ف تاب‌بازی.

دیلەکچی: تکاکار ف شفیع.

دێلەمار: ماری ژەهردار ف مار سمّی.

دێلێ: تەختەبەردی میچ‌پۆش ف تخته‌سنگ سقف‌پوش.

دیم: ۱) دەیم؛ ۲) دەم‌و چاو، ڕوخسار؛ ۳) ڕومەت، کولمە، کولم؛ ۴) دیتم، چاوم پێ کەوت ف ۱) کشت دیمی، زمین دیم؛ ۲) چهره؛ ۳) گونه؛ ۴) دیدم.

دێم: ۱) دەیم؛ ۲) بەرانبەری دەچم، تێم، یەم ف ۱) زمین دیم، کشت دیمی؛ ۲) می‌آیم.

دیماتی: جێ خۆش کردن، مانەوە لە شوێنێ ف اقامت.

دێماری: زڕدایك، باوەژن ف نامادری.

دیمان: ۱) چاو پێ کەوتنەوەی دۆست؛ ۲) دیتمان، چاومان پێ کەوت ف ۱) بازدیدن دوست؛ ۲) دیدیم.

دیمانە: دیمان، چاوپێ کەوتنەوەی دۆست: (**دیمانەت بەخێر** تاسەم کردبوی) ف بازدیدن دوست.

دێم‌جامە: ۱) دێو جامە؛ ۲) شتی خەیالّی بەبەر چاودا هاتن ف ۱) دیوجامه؛ ۲) شبح.

دێم‌چێن: دێمەکار کێلّ ف کشاورز دَیم کار.

دێمزار: زەمینی دێم ف زمین دیم.

دێمکە: دەمکە ف نگا: دەمکە.

دیمە: ۱) دیم، ڕوخسار؛ ۲) سەرکولمە؛ ۳) ڕوکێش ف ۱) رخسار؛ ۲) گونه؛ ۳) روکش.

دێمەروك: دێمزار ف زمین دیمی.

دیمەشۆر: ڕیشۆلەی حەمام، شتێ سپیە ژنان لە حەمام خۆی پێ دەشۆن ف روشوره.

دیمەشۆرە: دیمەشۆر ف روشوره.

دیمەك: ۱) داری ناو دیوار بۆ قایمی؛ ۲) دەندە، جێگەی گاسن لە ئاموردا ف ۱) جوب لایهٔ دیوار؛ ۲) جای گاوآهن در خیش.

دێمەکار: ۱) چاندراوی دێم؛ ۲) دێمەزار ف ۱) کشت دیمی؛ ۲) زمین دیم.

دیمەن: چاوەنداز، بەرچاو ف منظره.

دێمی: چاندراوی دێم ف کشت دیمی.

دێمیلە: ۱) هەرزنە گەورە، زوراّت؛ ۲) ترۆزی دێمی ف ۱) ارزن خوشه‌ای، ذرّت؛ ۲) خیارچنبر دیمی.

دین: ۱) خواپەرستی؛ ۲) شێت، لیوە؛ ۳) زان، منالّبون: (دوکوڕی بە زگێك **دیوە**)؛ ۴) چاو پێ کەوتن، دیتن ف ۱) دین، آیین؛ ۲) دیوانه؛ ۳) زاییدن؛ ۴) دیدن.

دێن: پێ خواس ف پابرهنه.

دینا: فتوا، بەڕەوا زانین ف فتوا، روادیدن.

دینار: ۱) سەدیەکی قرانێکی ئێران؛ ۲) بیست درەمی پارەی ولاّتی عارەب؛ ۳) پەڕەقومار کە خالّی خشتی چوارگۆشەی سوری تێدایە ف ۱) یك‌صدم ریال ایرانی؛ ۲) بیست درم پول کشورهای عربی؛ ۳) خالی در ورق قمار، خشت.

دیناروەند: هۆزێکی کوردە ف طایفه‌ای از کرد.

دیناو: بەگیان خودادیتن ف مکاشفه.

دیناوەر: فتوادەر ف مُفتی.

دین‌تەنك: کەم‌باوەر، کەم‌بڕوا بە دین ف کم‌باور در دیانت.

دینج: ۱) ئاسودەو بێ‌خەم؛ ۲) جێگەی تەنیایی ف ۱) آسوده؛ ۲) خلوت، دنج.

دیندار: ۱) بەدین، خواپەرستی ڕاست؛ ۲) دارێکی لێرەوارە ف ۱) متدیّن؛ ۲) نام درختی جنگلی است.

دینداری: بەجێ هێنانی کارەکانی ئاینی بەباشی ف عمل به احکام دین کردن.

دیندز: بێ‌بڕوا بە خوا، کافر ف کافر.

دینسز: دیندز ف کافر.

دینگ: ۱) دنگ، ئامرازی چەلتوك پاك کردن؛ ۲) دەسکاونگ ف ۱)

دنگ شالیکوبی؛ ۲) دستهٔ هاون.

دینگە: ۱) دنگە، کوڵەکەی لە بەردو قورژ؛ ۲) شێت خانە ف ۱) نگا: دنگە؛ ۲) تیمارستان.

دینۆك: ۱) کەمێك، تۆزکاڵێك؛ ۲) شێتۆکە ف ۱) اندکی؛ ۲) سادە لوح.

دینەوە: ۱) وەدیتن، دیتنەوەی گوم‌بوگ؛ ۲) دوبارە دیتنی کەسێك ف ۱) باریافتن گم شده؛ ۲) بازدیدن.

دینەوەر: ۱) دیناوەر؛ ۲) پردی سیرات؛ ۳) ناوی مەڵبەندێکە لە کوردستان ف ۱) مُفتی؛ ۲) پل صراط؛ ۳) منطقه‌ای در کردستان.

دینەوەری: نازناوی زانایەکی بەناوبانگی کوردە ف لقب یکی از دانشمندان مشهور کرد.

دینی: ۱) سەر بە ئاین؛ ۲) شێتایەتی ف ۱) آیینی؛ ۲) دیوانگی.

دێنێ: ۱) دوێکە، دوێنێکە، ڕۆژی پێش ئەمڕۆ؛ ۲) ئەهێنێ؛ ۳) هێژایە ف ۱) دیروز؛ ۲) می‌آورد؛ ۳) می ارزد.

دینیا: دوێکە ف دیروز.

دیو: ۱) مەڵبەند: (**دیوی** بژدەر، **دیوی** گەورکان)؛ ۲) چاوەخانو: (ماڵەکەم سێ **دیوی** هەیە)؛ ۳) لا، ئەتراف، پێش یان پشتی هەرشت: (من لەو **دیو** بوم، لەو **دیوی** پەردەکە وە ئێرە دیار نیە)؛ ۴) دیتراو، بینراو ف ۱) منطقه؛ ۲) یکباب از خانه، یك اتاق؛ ۳) طرف، جهت، پشت یا روی چیزی؛ ۴) دیده شده.

دێو: ۱) شتێکە خەیاڵی‌و ترسێنەر؛ ۲) گیشە گەڵ‌و گیا بۆ زستان؛ ۳) لا، ئەتراف، بەر یان پشت ف ۱) دیو؛ ۲) تودهٔ علوفهٔ زمستانی؛ ۳) طرف، جهت، پشت یا روی هر چیز.

دێوا: پارچەیەکی ئاوریشمە ف دیبا.

دیواچە: دیباچە ف دیباچە.

دیواخ: تارا، خێڵی ف پارچه‌ای که با آن صورت عروس را می‌پوشانند.

دیواخان: ۱) ژوری کۆمەڵ لێ‌دانیشتن؛ ۲) ئۆدەی میوانی ئاغاو خان ف ۱) مجلس عمومی دهکده؛ ۲) اتاق مهمانی ارباب.

دیواخانە: دیواخان ف نگا: دیواخان.

دیوار: هەڵچناوی بڵند لە کەرەستەی ماڵدروست کردن ف دیوار.

دیواربڕ: ئامرازی دیوارکون کردن بە دەست دزەوە ف ابزار سوراخ کردن دیوار برای دزدی.

دیوارە: لێواری بڵندکراو وەك دیوارو کورت‌تر ف کنارهٔ مرتفع.

دیوان: ۱) دیواخان؛ ۲) دەزگای میری؛ ۳) کتێبی شێعر ف ۱) نگا: دیواخان؛ ۲) دستگاه دولتی؛ ۳) دیوان شعر.

دێوان: ۱) دیواخان؛ ۲) کوێخا، گزیر، ئاگاداری گوند ف ۱) نگا: دیواخان؛ ۲) کدخدا، مباشر ارباب.

دیوان‌خانە: دیواخان ف نگا: دیواخان.

دیواندڕ: زۆر قسەزان ف سخنور مجلس.

دیواندەر: کون‌بوگ لە هەردو دیو ف سوراخ شده از دو طرف.

دیواندەرە: شارێکە لە کوردستان ف نام شهری در کردستان.

دیواندیو: بەراوەژو: (کەوای **دیواندیو** دەبەر کردوە) ف وارونه، زیرورو.

دێوانە: ۱) گێل‌و حۆل‌و نەفام؛ ۲) جۆرە دەروێشێکی شێخان؛ ۳) وەك دێو؛ ۴) تاکەتاکەی دەغڵ کە تازە سەر وەدەر دەنێ ف ۱) گیج و نفهم؛ ۲) درویش مجذوب؛ ۳) دیوسان؛ ۴) کِشتی که تك و توك سبز شده باشد.

دیوانی: ۱) سەر بە دەوڵەت؛ ۲) جۆرێ خەتی نوسین ف ۱) منتسب به دولت؛ ۲) نوعی خط.

دیواوەدەر: دیواندەر ف سوراخ از دوطرف.

دیواودیو: ۱) دیواندەر؛ ۲) دیواندیو ف ۱) سوراخ از دوطرف؛ ۲) وارونە، زیرورو.

دێوبەند: نوشتە بۆ شێت چاکردنەوە ف دعا که برای دیوانه نویسند.

دێوجامە: دیجامە ف نگا: دیجامە.

دێودڵ: بڕێتی لە ئازا، نەترس ف کنایه از پردل، نترس.

دێور: زڤر، گەڕانەوە: (دێور بکە) ف برگشتن.

دیوەخان: دیواخان ف نگا: دیواخان.

دیوەدەر: دیواندەر ف از دو طرف سوراخ شده.

دێوەڕژەن: تۆزو دوکەڵی تێکەڵاوی خەست ف دود و غبار غلیظ.

دێوەرە: چەرچی ف پیلەور.

دێوەزمە: جنۆکەیەکە شەوانە ترسەنۆك‌و ئازا دەئەزمونێ ف غول بیابان.

دێوەلوکە: جنۆکەی کورتەباڵای هەموگیان تیسکن: (وەك **دێوەڵوکە** توکی بەری بستێ هاتوە) «شێخ ڕەزا» ف جنّ کوتاه‌قد پشمالو.

دێوی: کاری وەك کاری دێو، دێوانە ف کاردیو، دیوسان.

دیە: چاو ف دیده، چشم.

دیە: ۱) وشەی دنەدان، دەی؛ ۲) دێو، گیشە گەڵای سەر دار ف ۱) هی، کلمهٔ تحریك؛ ۲) تودهٔ برگ درخت برای علوفه.

دێهات: گوندگەل، ئاوایی گەل ف دهات.

دێهاتی: لاگەیی، خەڵکی دێ، لەدێ نیشتە جێ: (هەزار ئاغای فکۆلی و شەخسی دیپلۆمە و سیاسەت‌زان / بە قوربانی سمێلی خدرە گڕوێ پیاوی **دێهاتی**) «خاڵەمین» ف دهاتی.

دیەی: دین، چاوپێ کەوتن ف دیدن، دیدار.

دێی مەلای: گوندێکە ف روستایی است.

ڕ

ڕا: ١) تەگبیر: (بیر و ڕا)؛ ٢) شیان: (ڕات ناکەوێ)؛ ٣) ڕێگە؛ ٤) بۆچی: (ئەڕا)؛ ٥) جار، کەڕەت، دەحفە: (ئەمڕا)؛ ٦) پێ ڕازی بون: (ڕام لێ نیە)؛ ٧) پێشگرێکە ڕاستەوڕاست نە بەرزی و نە نزمی ئەگەیەنێ (ڕادە، ڕاخە)؛ ٨) بلند: (ڕابە)؛ ٩) هەڵاتن، غاردان: (ڕاکە)؛ ١٠) دەگەڵی: (بەمن ڕا)؛ ١١) لایەن: (لە تۆ ڕا بۆ من)؛ ١٢) چاوێری: (لێی ڕاکەوتم بزانم چدەکا)؛ ١٣) هێشتن: (لای خۆتی ڕاگرە)؛ ١٤) چەقین: (دڕوێکم دە پێ ڕاچوە)؛ ١٥) ناوەوە: (دەستم دەو کونە ڕاکرد)؛ ١٦) فێربون: (ڕاهاتن) ف ١) رأی، فکر؛ ٢) لیاقت؛ ٣) راه؛ ٤) چرا؛ ٥) دفعە؛ ٦) رضایت؛ ٧) پیشوندی است حالت افقی را می‌رساند؛ ٨) بلند؛ ٩) دو، رفتن با شتاب؛ ١٠) همراهی، با؛ ١١) طرف؛ ١٢) مراقبت؛ ١٣) هشتن؛ ١٤) خلیدن؛ ١٥) داخل؛ ١٦) یادگیری.

ڕائاو: ١) ئاوەڕۆ؛ ٢) ڕێگەی سەفەر بە ئاوا، ئاوەڕێ ف ١) مجرای فاضلاب؛ ٢) آبراهە.

ڕائەسپاردە: کەسێ کە بە وەڵامێکەوە ناردراوە ف پیغام‌بر، سفارش شدە.

ڕائەنگاوتن: ڕاستەوڕاست درێژکردنی شتێ بە سەر بۆشاییدا: (تەناف ڕائەنگێوە، دارمان بەسەر خانو ڕائەنگاوت) ف افقی از بالا دراز کردن.

ڕابارتن: بەسەربردن، گوزەران کردن ف گذرانیدن.

ڕابڕ: ڕێگر، گوران، چەتە ف راهزن.

ڕابرد: بەسەرچو، بهورد، بوری ف گذشت.

ڕابردن: ١) بەسەرچون؛ ٢) هاتن و ڕۆیشتن ف ١) گذشتن؛ ٢) گذرکردن.

ڕابردو: ڕوداوی نەماو، گوزەراو، بوردە ف گذشتە.

ڕابردە: ڕابردو ف گذشتە.

ڕابگار: ڕێبوار، کەسێ لەرێ دەڕوا ف روندە، رهرو، رهگذر.

ڕابگردن: ڕابردن ف نگا: ڕابردن.

ڕابواردن: ١) ڕابارتن؛ ٢) برێتی لەزۆر خۆش ژیان ف ١) گذرانیدن؛ ٢) کنایە از خوشگذرانی.

ڕابوردو: ڕابردو، ڕابردە ف گذشتە.

ڕابوردە: ڕابردو، ڕابردە ف گذشتە.

ڕابوری: ڕابردە ف گذشتە.

ڕابورین: ڕابارتن، ڕابواردن ف گذرانیدن.

ڕابون: هەستان، بەرزەوەبون ف برخاستن.

ڕابەر: شارەزای پێشڕەو، ڕێبەر ف رهبر.

ڕابەری: شارەزایی کردن، بەڵەدی کردن ف راهنمایی کردن.

ڕابەزاندن: شەڕە چەقە، شەڕو هەرای هەر بە دەم ف جدال لفظی.

ڕابەستن: بەخۆوە قایم‌کردن: (فیشەکدانی **ڕابەست**) ف چیزی بەخود بستن.

ڕابێژ: تەگبیر ف مشورت.

ڕابێژگە: کۆڕی تەگبیر لە کارێ کردن ف مجلس استشارە.

ڕابێژەك: رابێژ ف مشورت.

ڕابین: ڕابون ف برخاستن.

ڕابینی: ١) بڕوا پێ کردن، باوەڕپێ‌هاتن؛ ٢) تێڕادیوی ف ١) اعتماد؛ ٢) حساب کردن روی کسی.

ڕابینین: ١) تێڕادین؛ ٢) بڕوایی ف ١) حساب کردن روی کسی؛ ٢) اعتماد کردن.

ڕاپسان: ١) لەپڕ جیابونەوە؛ ٢) ڕاسان ف ١) ناگهان جدا شدن؛ ٢) ژست حملە گرفتن.

ڕاپسکان: لەپڕو بەهێز جیابونەوە ف یکهو جدا شدن.

ڕاپسکاندن: ڕفاندنی لەنەکاو ف ربودن ناگهانی.

ڕاپۆڕ: ١) ئاخن، پەستوان، خستنەناو بە نهێم؛ ٢) خەبەری ڕوداو بۆ پیاوی لەخۆ گەورەتر ف ١) آگنە با فشار، چپاندن؛ ٢) راپرت.

ڕاپۆڕاندن: پەستاوتن، ئاخنین، بەزۆر دەناونان ف با فشار فروکردن، چپانیدن.

ڕاپۆرت: خەبەری ڕوداو، ڕاپۆڕ ف راپرت.

ڕاپۆرتچی: کەسێ کە خەبەری ڕوداو بۆ گەورە دەنوسێ ف گزارشگر.

ڕاپەڕ: توندوتۆڵی، گورج و گۆڵی، چالاکی ف نشاط و چالاکی.

ڕاپـەڕانـدن: ١) کار پێك هێنـان بە مەزبوتی، ئەنجام دان ئازایانە؛ ٢) لەخـەو هەڵستاندن، ژخەوڕاکرن ف ١) انجام دادن چالاکانه؛ ٢) از خواب بیدار کردن، از خواب پراندن.

ڕاپەڕکاندن: ١) پێ هەڵچوُن بە دارو چیا؛ ٢) چە مۆڵە دادانی سەگ و... ف ١) بالا رفتن از درخت و کوه؛ ٢) بر دو دست خوابیدن سگ و...

ڕاپـەڕمون: تێڕادیوی، تێڕادیتن، شایان زانین: (دەخوی ڕانەپەڕمو ئەوکارە بکا) ف شایسته دانستن، سراغ داشتن لیاقت در کسی، روی کسی حساب کردن.

ڕاپەڕیـن: ١) لەپڕ بڵندبـون، زوهەستان؛ ٢) گـورج دەس بەکاربون؛ ٣) لە نەکـاو لەخـەو هەستـان؛ ٤) داچڵەکان، هەڵبەزین؛ ٥) ڕاست بونەوەی گەل دژی حوکمات، شوڕش ف ١) ناگهان خیز برداشتن؛ ٢) فرز دست بەکار شدن؛ ٣) یکهو از خواب پریدن؛ ٤) یکه خوردن، ورجهیدن؛ ٥) قیام عمومی بر علیه حکومت، انقلاب.

ڕاپەڕێن: کەسێ کە ڕادەپەڕێنێ ف فاعل «ڕاپەڕاندن».

ڕاپەلکاندن: ڕاپەڕکاندن ف نگا: ڕاپەڕکاندن.

ڕاپیتە: هاتوچوی بە پەلەپەل و ئەوسەر ئەمسەر، ڕاوێچکە ف آمد و رفت باشتاب در یکجا.

ڕاپێچـان: ١) وەبـەرخـۆدانو بەغار بردن؛ ٢) خۆ گورج کردنەوە؛ ٣) رامـاشتن، ڕامـاڵین ف ١) جلوانـداختن و باشتاب بردن؛ ٢) لباس پوشیدن؛ ٣) نگا: ڕاماڵ.

ڕاپێچ کردن: ڕاپێچان ف نگا: ڕاپێچان.

ڕاتب: ١) جیرە، بژیوێ کە دەدرێ بە دەرس خوێن و کارکەری دەوڵەت؛ ٢) ئەو کەلو پەلەی ڕاوکەر لە پشتی خۆیانی دەبەستن ف ١) جیره، مواجب؛ ٢) وسایلی که صیاد بەهمراه خود حمل می‌کند.

ڕاتبە: راتوە ف کمك هزینهٔ طلبەها.

ڕاتڵەقان: هەژانی دەفری شتی تراو ف جنبش ظرف مایعات.

ڕاتڵەقاندن: هەژاندنی دەفری شتی تراو ف تکان دادن ظرف مایعات.

ڕاتڵەکان: ڕاتڵەقان ف نگا: ڕاتڵەقان.

ڕاتڵەکاندن: ڕاتڵەقاندن ف نگا: ڕاتڵەقاندن.

ڕاتو: ڕاتوە، ڕاتبە، خێری نانو شتی تر کە بە فەقی دەدرێ ف بخشش به طلبه علوم دینی.

ڕاتوە: ڕاتو ف نگا: ڕاتو.

ڕاتەکان: جوڵانی بەتوند ف تکان شدید.

ڕاتەکانـدن: ١) تەکان پێـدانی توند؛ ٢) تەکاندنـی ڕایەخ لە بڵندەوە ف ١) تکان دادن شدید؛ ٢) تکانیدن پارچه و زیرانداز از بالا به پایین.

ڕاجلفین: ڕاچەنین، شڵەژان ف یکه‌خوردن.

ڕاجە: پەیاغ، داردەستی درێژ ف چوبدستی بلند.

ڕاچ: ئەڕای چی، بۆچی، لەبەر چی ف چرا.

ڕاچاندن: ڕایەڵ کردن، ڕێزکردنی داوی چنین بۆ تێوەدانی پۆ، داچاندن ف رده کردن تار بافتنی.

ڕاچاوکرن: هەڵبژاردن و دەبەرچاو گرتنی کەسێ یان شتێ بۆ کارێك ف انتخاب چیزی یاکسی برای انجام کاری.

ڕاچڕاندن: ڕاستەوڕاست دڕاندن ف افقی دریدن.

ڕاچڵەکاندن: داچڵەکاندن ف نگا: داچڵەکاندن.

ڕاچڵەکین: داچڵەکین، راجلفین ف نگا: داچڵەکین.

ڕاچون: قوپانی زەوی ف فرورفتن زمین.

ڕاچە: ١) دارەڕای خانو؛ ٢) بۆچی، لەبەر چی؟؛ ٣) باسکێشی ئامور؛ ٤) بەرچیغ ف ١) الوار بر سقف؛ ٢) برای چه؛ ٣) سنج خیش؛ ٤) چوب میخ چیغ.

ڕاچەفت: بریتی لەکەم ئاوەزو تەگبیر نەزان ف کنایه از احمق.

ڕاچەناندن: لەپڕ ترساندن ف یکهو ترساندن.

ڕاچەنین: لەرزینی کەم لە شتێکی لەپڕ و نەکاو ف یکه‌خوردن.

ڕاچێتە: سیایی دەرمانی بژیشك، نوسخەی حەکیم ف نسخهٔ دکتر.

ڕاخ: ١) گردو کێوی سەوز لە گیا؛ ٢) خەم، مەینـەت ف ١) تپـه و کوه سرسبز؛ ٢) غم.

ڕاخران: داخران، پانکرانەوەی ڕایەخ لە سەر زەوی ف گسترده شدن.

ڕاخراندن: ڕاکێشان بە زەمیندا ف بر زمین کشیدن.

ڕاخـراو: ١) ڕایەخـی بەزەوی دا پانکراوە؛ ٢) بەڕێ کراو، وەسـەر ڕێگەخراو ف ١) گسترده؛ ٢) راهی شده.

ڕاخستن: ١) ڕاخـران. پانکردنەوەی ڕایەخ؛ ٢) بەڕێ کردن. بەڕێگەدا ناردن ف ١) گستردن؛ ٢) راه‌اندازی؛ راهی کردن.

ڕاخشیـن: ١) خوشین، شێلـەهـان، بەخزین ڕۆیشتنـی مارو خەزۆکی تر؛ ٢) ڕاکشـانی ئەستێرە لە عاسمان ف ١) خزیدن خزنده؛ ٢) تیر کشیدن ستاره.

ڕاخوڕین: ١) هەڕەشەکردن؛ ٢) هانەدانی یارەبەر بۆ خۆش ڕۆیشتن ف ١) تهدید؛ ٢) هی کردن حیوان.

ڕاخوستن: پەنابردن، چونەژێر داڵدەی... ف التجا کردن، پناه بردن.

ڕاخوشین: ڕاخشین ف نگا: ڕاخشین.

ڕاخە: لە زەویدا پانی بکەوە ف بگستر، امر به گستردن.

ڕاخەر: ١) رایەخ، بەرەو حەسیر و هەرچی لە سەر زەوی پان دەکرێتەوە؛ ٢) کەسێ ژێر ئەنداز پان دەکاتەوە ف ١) زیرانداز؛ ٢) گسترنده.

ڕاد: پەڕی تیری کەوان، چوکڵەی لای خواروی تیر ف پرهٔ تیر، سوفار.

ڕادار: ١) ڕابڕ؛ ٢) ڕێـوان، ئاگاری ڕێگـە؛ ٣) پێتاك وەرگر، باجگـر ف ١) راهزن؛ ٢) راهدار، پاسبان راه؛ ٣) باجگیر.

ڕادارانە: پیتاکی سەرەڕێ، باجێ کە لە ڕێگە دەدرێ ف باج سر راه.

ڕادارخانە: جێگەی باج ساندن لە سەرڕێگە ف باجگاه.

ڕاداری: باجگری ف باجگیری.

ڕاداشتن: ڕیاندنی منداڵ لە سەر دەستان ف بچه بر دست گرفتن برای دفع ادرار و مدفوع.

ڕادان: ١) ئەسپـاردن بۆ سازکـردن: (کـەوام بە **ڕادان** داوە)؛ ٢) وەبەر خۆدانو ماشتن؛ ٣) زیدە بوُنی ئاوی دەلیالە مانگەشەودا؛ ٤) دارێ کە لە باتی گۆڵـە بە درگایەوە دەنێن؛ ٥) داگیرسـانـدنی سۆپـە ف ١) سفارش ساختن؛ ٢) جلو روبیدن؛ ٣) مدّ دریا؛ ٤) چوبی که به جای

قفل پشت در نهند؛ ۵) افروختن بخاری.
ڕادانە: گوندێکە لە لای نەغەدە ف روستایی نزدیك نقده.
ڕادو: هەڵاتنی کچ دەگەڵ کوڕ بێ پرسی دایكو باب ف فرار دختر با پسر.
ڕادوکەوتن: کچ دەگەڵ کوڕ هەڵاتن ف فرار دختر با پسر.
ڕادونان: کەوتنەشوێن گیاندارێك بەغار ف دنبال کردن باشتاب.
ڕادوێ: ئامرازێکە دەنگی هەمو دنیا بەگوێ دەگەیەنێ، ڕادیۆ، بیسگە ف رادیو.
ڕادوێن: ڕادوێ ف رادیو.
ڕادە: ١) ئەنـدازە؛ ٢) چلۆنـیەتی؛ ٣) بارست؛ ۴) کلیلی دار بۆ قفڵی دارین؛ ۵) بڕپـێدا کردن، ڕاهێشتن ف ١) انـدازه؛ ٢) کیفیت؛ ٣) حجم؛ ۴) کلید چوبی؛ ۵) اسلحه گرفتن برای جنگ.
ڕادەر: نوژەن، تازە داهاتگ ف تازه ایجاد شده.
ڕادەست: خۆدان بە دەستەوە ف تسلیم شدن.
ڕادەست کرن: وەگیر هێنان ف گیرآوردن.
ڕادێ: ناوە بۆ پیاوان ف نام مردانه.
ڕادیۆ: ڕادوێ ف رادیو.
ڕادیۆن: ڕادوێ ف رادیو.
ڕاڕ: ١) لەبەریەك بڵاوبوگ، هەلاهەلا: (گۆشتەکە هێند کوڵبوە ڕاڕ بوگە)؛ ٢) سەگی دڕ ف ١) لهیده از حرارت؛ ٢) سگ درنده.
ڕاڕا: ١) وازوازی، هەردەم لە سەر هەوایەك؛ ٢) خەت‌خەت ف ١) متذبذب، دمدمی‌مزاج؛ ٢) راه‌راه.
ڕاڕفان: بەگیرهێنانو فڕاندن ف گیرآوردن و ربودن.
ڕاڕفانـدن: ڕاڕفان: (کەڵەشێرێ کە قەپی کرد لە بنانگوێی کەڵەشێر / ڕای ڕفێنێ بە شەقێ میسلی کەری تالانی) «شێخ ڕەزا» ف گیرآوردن و ربودن.
ڕاڕفین: ڕاڕفان ف نگا: ڕاڕفان.
ڕاڕفێن: کەسێ کە شت دەڕفێنێ، ئەوەی شت دەڕفێنێ ف رباینده‌ٔ ناگهانی.
ڕاڕەڤ: ڕێ‌گوزەر، ڕێگەی هاتوچۆی گشتی ف راهر و عمومی.
ڕاڕەڤان: ڕاڕفان ف نگا: ڕاڕفان.
ڕاڕەو: ڕاڕەڤ ف راهر و عمومی.
ڕاز: ١) شاخی بڵند، تیشە بەردی سەر کێو؛ ٢) سوڕ، نهێنی؛ ٣) چیرۆکی کورت، سەرگوزەشتە؛ ۴) قسەی دۆستانە ف ١) صخرهٔ بزرگ یکپارچه در بالای کوه؛ ٢) راز؛ ٣) داستان کوتاه؛ ۴) گفتگوی دوستانه.
ڕازاڤ: ڕازاوە، جوان کراو ف آراسته شده.
ڕازان: ١) خۆ درێژکردن، پاڵ کەفتن، ڕاکشان؛ ٢) خەوتن، نفستن؛ ٣) خۆکارکردن، ئامادەبون ف ١) درازکشیدن؛ ٢) خوابیدن؛ ٣) آمادگی.
ڕازانـدن: ١) خەوانـدن، دەخەوکردن، نوانـدن؛ ٢) جـوان کردن ف ١) بەخواب وادار نمودن، خوابانیدن؛ ٢) آراستن.
ڕازاندنەوە: جوان کردن، ڕێكوپێك‌تر نیشان‌دان لە پێشو ف زینت دادن، آراستن.
ڕازانن: جوان‌کردن ف آراستن.
ڕازاننەوە: ڕازانن ف آراستن.
ڕازانەوە: جوانو ڕێكو پێك‌بو ن ف آراسته شدن.
ڕازاوە: جوان‌کراو ف آراسته.
ڕازایی: نوستو، خەوتو ف خوابیده.
ڕازدار: کەسێ کە بە نهێنی دەزانێو نای درکێنێ، سوڕهەڵگر ف رازدار، امین سرّ.
ڕازڤان: ڕازدار ف رازدار.
ڕازقی: ١) گوڵێکی سپی بۆن خۆشە؛ ٢) جۆرێ ترێ ف ١) گل رازقی؛ ٢) نوعی انگور.
ڕازکرن: لە خوا پاڕانەوە بە سرتە ف مناجات زیرلبی.
ڕازگر: کەسێ کە بڕوات هەیە نهێنی تۆ ئاشکار ناکا ف رازدار.
ڕازنان: ڕازاوە ف آراسته.
ڕازۆنە: سەکۆی بەر دەرگا، خواجانشین ف سکوی جلو در.
ڕازە: چیرۆکی خەیاڵی ف افسانه.
ڕازەن: ڕێگر، چەتە، گۆران، خراپەکەر ف رهزن.
ڕازەوان: کەسێ لە هەڵچون بە تیشەشاخان دا زۆر بەکارە ف کوه‌پیما، صخره‌پیما.
ڕازی: قایل، قادێ ف راضی، خشنود.
ڕازێ: چیرۆك ف داستان.
ڕازیار: هاودەم، هەواڵی نزیك، رازدار ف رازدار.
ڕازیانك: گژنیژە کێویلە ف گشنیز وحشی.
ڕازیانە: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف گیاه رازیانه.
ڕازیانەوە: ڕازانەوە ف آراسته شدن.
ڕازین: ڕازان ف نگا: ڕازان.
ڕازێنەر: جوان‌کەر، وەڕازێن ف آراینده.
ڕازێنەرەوە: ڕازێنەر ف آراینده.
ڕازێنەوە: ڕازێنەر ف آراینده.
ڕاژ: کاریتە، دیرەگ ف بالار، تیر بزرگ سقف.
ڕاژا: ١) جوڵایەوە بۆ پێشەوەو دواوە؛ ٢) خەوت؛ ٣) پاڵ‌کەفت ف ١) بە جلو و عقب تکان خورد؛ ٢) خوابید؛ ٣) دراز کشید.
ڕاژان: ١) ڕازان؛ ٢) هەژیان، هەژان، جوڵانـەوە بۆ دواوەو پێشـەوە، لەریتەوە ف ١) نگا: ڕازان؛ ٢) تکان خوردن گهواره مانند.
ڕاژاندن: بەرەو پێش‌و پاشەوە بزاوتن، لەراندن ف تکان دادن گهواره مثلاً.
ڕاژاندنەوە: لەرانەوە بەرەو دو لا ف جنبیدن به دو طرف.
ڕاژانن: ڕاژاندن ف نگا: ڕاژاندن.
ڕاژانە: ١) ڕازیانە؛ ٢) ناوی گوندێکە ف ١) رازیانه؛ ٢) نام دهی است.
ڕاژانەوە: ڕاژاندنەوە ف جنبیدن و نوسان.
ڕاژۆر: ١) لای بەرز لە کۆڕدا؛ ٢) دەسـەڵات‌دار ف ١) جای بالا در مجلس؛ ٢) حاکم.

ڕاژه: ١) دیرەك، کاریتـه؛ ٢) ئاڵـوداری میچ؛ ٣) ڕاوە، مانـاڵێدانـەوە، واتـەکردن؛ ٤) کاربۆکـردن، خزمـەت ف ١) بالار؛ ٢) الـوار سقف؛ ٣) شرح و تفسیر؛ ٤) خدمت.

ڕێکبـوُن: ١) بەرانبـەر هاتنـەوە؛ ٢) ئاشنـایەتی ف ١) همطراز شدن؛ ٢) دوستی.
ڕێکخستن: ١) دوُ شت بەیەکدا ساوین؛ ٢) دوُ دژ لێك ئاشت کردنەوە؛ ٣) تەکوزکردن ف ١) دو چیز بهم ساییدن؛ ٢) دشمنان را آشتی دادن؛ ٣) منظم و مرتب کردن.
ڕێکـرن: ١) بەڕێ کردن؛ ٢) ڕێدان بۆ ڕۆیشتـن: (ڕێـم کە دەڕۆم) ف ١) روانە کردن؛ ٢) راەدادن.
ڕێك کردن: ١) تەخت کردنی زەوی؛ ٢) تەکوزکردن ف ١) هموار کردن زمین؛ ٢) مرتّب کردن.
ڕێك کوشین: بەتەوژم زۆر بۆ هەمولای کەسێ یان شتێ هێنان ف درهم فشردن.
ڕێك کەفتن: پێکهاتن ف اتّفاق، سازش.
ڕێك کەوتن: پێکهاتن ف اتّفاق، سازش.
ڕیکۆ: ڕیش درێژ ف ریش بلند.
ڕێکوپێك: لەبارو تەکوز ف مرتّب، منظّم.
ڕێ کوُرك: ڕێگە یەك کە هەتا سەر نات با ف بن بست.
ڕێکۆك: ڕێچکە، باریکەڕێ ف راە کم‌عرض.
ڕیکـە: ١) جیرە؛ ٢) سیرەی ددان ف ١) صدای نوك قلم؛ ٢) صدای دندان بەهم ساییدن.
ڕێك هاتن: ١) گرژبـوُن و ترنجـان: (ئـەو قسەی بیست ڕێك هـات)؛ ٢) جێبەجێ بوُن: (کـا... هات) ف ١) درهم شدن، بروز

ناراحتی در قیافهٔ کسی؛ ۲) درست شدن کار.

ڕێك‌هاوردن: پێك‌هێنانی کار، جێ‌بەجێ کردن فا درست کردن، فراهم آوردن، انجام دادن.

ڕێکەوت: بەهەڵکەوت فا اتّفاقی.

ڕێکەوتن: ۱) کەوتنەڕێ بۆ سەفەر؛ ۲) ڕێك کەوتن؛ ۳) پێك‌هاتنی کار؛ ۴) ڕاونـان، دواکەوتن بەغار فا ۱) راهی شدن؛ ۲) توافق کردن؛ ۳) درست شدن کار؛ ۴) دنبال کردن بەدو.

ڕێکەوتو: ۱) ڕێکەوت؛ ۲) بەڕێ کەوتو؛ ۳) پێکهاتگ فا ۱) اتّفاقی؛ ۲) راه افتاده؛ ۳) درست شده.

ڕێکی: ۱) بەرانبەری؛ ۲) دۆستایەتی؛ ۳) تەختایی فا ۱) برابری؛ ۲) دوستی؛ ۳) همواری.

ڕیگ: تۆزێکی بەبریقەیە بۆ مەرەکەف لەقاقەزمژین فا گردی است خشك کن.

ڕێگا: ڕێ، ڕا، ڕێك فا راه.

ڕێگاوبان: ڕێ‌وبان فا راه عمومی.

ڕێگاکردن: ۱) ڕێگادان بۆ ڕۆیشتن؛ ۲) ڕێ‌دروست کردن فا ۱) راه دادن؛ ۲) راه‌سازی.

ڕێگر: ڕێبڕ، پیاوخراپ، چەتە، گۆران، ڕابڕ فا راهزن.

ڕێگرتن: ۱) ڕێبڕی، چەتەیی؛ ۲) بوُنە لەمپەر لە سەر ڕێ فا ۱) رهزنی؛ ۲) مانع سر راه شدن.

ڕێگۆڕین: بریتی لە وازهێنان لە بڕوای خۆی فا کنایە از تغییر مسیر دادن در مرام.

ڕیگە: ۱) جیڕەی قەڵەم؛ ۲) سیڕەی ددان فا ۱) صدای نوك قلم برکاغذ؛ ۲) صدای بەهم ساییدن دندانها.

ڕێگە: ۱) ڕێ، ڕا، ڕێك؛ ۲) بریتی لە دۆز، ڕەوشت فا ۱) راه؛ ۲) کنایە از مرام.

ڕێگەخستن: خستنەسەرڕێ، ڕەوانەکردن فا راه انداختن.

ڕێگەوبان: ڕێ‌وبان، ڕێگاوبان فا راه عمومی.

ڕێگیر: ڕێگر فا راهزن.

ڕیل: ژاڵە، لوُرك، ڕۆلك، ڕۆل فا خرزهره.

ڕێل: ۱) جەنگەڵ، دارستان، لێڕ، لێڕەوار؛ ۲) ئاونگ، شەونم فا ۱) جنگل؛ ۲) شبنم.

ڕێ‌لادان: ڕێگۆڕین فا انحراف از راه.

ڕیلاس: ڕۆداماڵیاگ فا پررو، گستاخ.

ڕێ‌لەبەر چوُن: بەخۆشی‌و ئاسودەیی سەفەر کردن فا آسوده سفر کردن.

ڕێڵەخۆ: ڕۆخڵە، ڕیخوڵە، ڕۆدی، ڕیخەڵۆ، ڕیخەڵۆکە، ڕیخەڵۆك، ڕوُڤی فا روده.

ڕێلی: ۱) میوەو بەری دارستان، بەری لێڕەوار؛ ۲) گێوژ، گۆیژ فا ۱) میوهٔ جنگلی؛ ۲) زالزالك.

ڕین: ریان فا ریدن.

ڕێن: ۱) ڕان، مێگەل، گاگەل؛ ۲) تەڕدێن، ڕدێن، ڕیش فا ۱) رمه، گله؛ ۲) ریش.

ڕێنامە: بەرنامە، پەیڕەو فا برنامه.

ڕێنج: ۱) شوێن، ئاسەوار؛ ۲) ڕەنج؛ ۳) کرمی گیابڕ فا ۱) اثر، رد؛ ۲) آزار، رنج؛ ۳) کرمی است آفت گوسفند و بز.

ڕێنجبەر: ڕەنجبەر فا نگا: ڕەنجبەر.

ڕێنجەبەر: ڕەنجبەر فا نگا: ڕەنجبەر.

ڕینك: لەجەڕو لاواز فا لاغرمردنی.

ڕێنکە: لێك تۆپەڵ بوُن‌و وێستان فا تجمّع کردن و نرفتن.

ڕێنکەدان: ڕێنکە فا نگا: ڕێنکە.

ڕینگ: ۱) ژنگ؛ ۲) خوری کە بەدەست لە پێستەی دەڕنێنەوە فا ۱) نگا: ژنگ؛ ۲) پشمی که از پوست چینند.

ڕینگاڵ: ۱) ژنگاڵ، ژنگ؛ ۲) شڕۆڵ، جل‌شڕ فا ۱) نگا: ژنگ؛ ۲) ژنده‌پوش.

ڕینگانەوە: ۱) شیرەدانەوەی دۆشاو؛ ۲) ڕەواق؛ ۳) قسەی بێ‌تام فا ۱) شیره پس دادن؛ ۲) شهد؛ ۳) وراجی، ژاژخایی.

ڕینگوڵ: بزگوڕ، تیتوڵ فا وصله‌پاره.

ڕینگە: بوڵەبوڵ، پرتەپرت فا غرولند.

ڕینگەڕینگ: ڕینگەی زۆر فا غرولند زیاد.

ڕێنما: ڕێ‌شاندەر فا رهنما، رهنمون.

ڕێنوُس: دەستوُری نوُسین، ئیملا فا املاء.

ڕێ‌نوێن: ڕێ‌شاندەر فا راهنما.

ڕێو: ۱) ڕوُی، توُکەبەر، موی بەرگەدە؛ ۲) تەڵەکەو فێڵ فا ۱) موی زهار؛ ۲) حیله.

ڕێوار: ڕێبار، ڕێبوار، ڕیڤنگ، ڕیڤینگ فا رهگذار.

ڕێواز: ڕێباز فا راه عموم.

ڕێواس: نێرتکی باسکلاو فا ریواس.

ڕێواسی: مامڕێواس، گیایەکی بالابڵندی ترشە دژی کرمی ناوزگە فا گیاهی است داروی ضد کرم.

ڕێوان: ئاگاداری ڕێگە فا راهبان.

ڕێواو: ڕێواس فا ریواس.

ڕێوبان: ڕێگەوبان فا گذرگاه عمومی.

ڕێوبوار: ڕێبوار فا رهگذار.

ڕێ‌وجێ: ئاوەزپەسند، لەبار فا معقول، عقل‌پسند.

ڕێوڕا: ۱) هەر گورج لە ڕێگەوە؛ ۲) ڕاستەڕێ فا ۱) فوراً، از راه رسیده؛ ۲) به خط مستقیم.

ڕێوڕاست: ڕێوڕا فا نگا: ڕێوڕا.

ڕێ‌وساندن: تێراو کردن فا سیراب کردن.

ڕێوشوێن: ۱) باوی ناو کۆمەڵ؛ ۲) دەستوری کار فا ۱) عادات، تقالید؛ ۲) طرح.

ڕیوُن: ڕیحان فا ریحان.

ڕیوە: گای بەڵەك فا گاو ابلق.

ڕیوەڕیو: ۱) پرتەپرت؛ ۲) زۆرگوتنی بێ‌تام فا ۱) غرولند؛ ۲) ژاژخایی.

ڕیوەڵ: زەردەڵەی لاوازف لاغر زردرنگ مردنی.

ڕیوەڵە: ڕیوەڵ ف نگا: ڕیوەڵ.

ڕیوەن: باسکلاو، کلاوبن، بنی ڕێواس ف راوند، بیخ ریواس.

ڕیوی: ڕوڤی، ڕیڤی ف روباه.

ڕێوی: ١) ڕدێن، ئەڕدێن؛ ٢) ڕیڤی، ڕوڤی؛ ٣) ڕێبوارف ١) ریش؛ ٢) روباه؛ ٣) رهگذار.

ڕێوی کرن: ١) ڕژاندن؛ ٢) بەڕێ کردن ف ١) ریختن؛ ٢) راهی کردن.

ڕێوینگ: ١) ڕان، مێگەل؛ ٢) ڕێبوارف ١) گله، رمه؛ ٢) رهگذار.

ڕیه : ڕدێن، ڕیش ف ریش.

ڕیهتن: ١) ڕژاندن؛ ٢) ڕژیان ف ١) ریزاندن؛ ٢) ریختن.

ڕیەن: ڕان، مێگەل، ڕێن ف رمه.

ڕیهەڤ: هاواڵ، هاودەم ف همدم، رفیق.

ز

ز: ١) له، جه، ژ؛ ٢) پیتی بادانەوە ف ١) از؛ ٢) حرف عطف.

زا: ١) فرزەند: (کوڕەزا، ئامۆزا)؛ ٢) بێچوی مەڕو بزن: (**زا**و ماك تێکەڵ کراوە)؛ ٣) زان، منالّ بوُن: (لە زگ و **زا** کەوتوە)؛ ۴) منالّی بو، بێچوی بو: (مەڕەکە **زا** بەرخێکی بو)؛ ۵) تازە بەدنیاهاتو: (ئەو بەرخە دوێنێ **زا**)؛ ۶) کەوایە، دەی سا: (**زا** وەرە)؛ ۷) نۆبە لە قوماردا؛ ٨) وشك، زوها، زوا ف ١) فرزند؛ ٢) بچهٔ گوسفند و بز؛ ٣) زایش؛ ۴) زاد، زایید؛ ۵) تازه بەدنیا آمده؛ ۶) پس، حالا که اینطور است؛ ۷) نوبت در قمار؛ ٨) خُشك.

زاب: سەکۆ، دکە ف سکو.

زابت: ئەفسەر ف درجەدار، افسر.

زابرن: بردنەوەی قومار ف برد در قمار.

زابلۆق: ڕۆخڵەی ئەستور ف رودهٔ کلفت.

زابوت: زابت، خاوەن پلە لە سوپادا، ئەفسەر ف افسر.

زابوق: سەرانگوێلك، گوُفك ف جای ریختن سرگین.

زابۆق: ئاودڕ، دادڕاوی لافاو ف درهٔ مسیل باران.

زابەند: دەفتەری ناونوسینی تازەزاوان ف دفتر موالید.

زاپ: ١) لکی چۆم، لق لە چەم؛ ٢) چەوی پان و لوُس و ناسك کە منالّ گەمەی پێ دەکەن، سواپ ف ١) نهر فرعی؛ ٢) شن صاف و نازك که بازیچهٔ کودکان است.

زاپان: گەمە بە زاپ، سواپێن ف بازی با «زاپ».

زاپێن: زاپان ف بازی با «زاپ».

زات: ١) هەبوُن، هەیەتی: (بە **زاتی** خودا)؛ ٢) وێران، نەترسان: (**زات** ناکەم بچم) ف ١) وجود، ذات؛ ٢) شجاعت، جرأت.

زاتبردن: ترساندن ف ترساندن.

زاتچوُن: تەواو ترسان، تۆقین لە ترسان ف زهرەترك شدن، وحشت کردن.

زاتدار: بەزات، ئازا، نەترس ف متهوّر، شجاع.

زاتکردن: وێران، نەترسان ف اقدام، نترسیدن.

زاتۆرە: تۆرەمە ف نوه و نبیره.

زاتەنە: زەڕینی کەر ف عرعرکشیدن.

زاتیك: جێژنێکی هەرمەنیانە ف از اعیاد ارمنیان.

زاتیل: نەوەچرك، نەوەو نەتیجە ف نوه و نبیره.

زاج: ١) کاکۆڵی منالّ؛ ٢) زاخ ف ١) موی پیشانی بچه؛ ٢) زاج.

زاجلانەی: ژانی ژن لە مندالّ بوندا ف درد زایمان.

زاجلانی: هەوەڵ ژانی ژن لە سەروبەندی زارۆ هاوردندا ف اولین درد زایمان.

زاج وپەرچەم: کاکۆڵ و موی ناوچاوانی منالّ ف کاکل و موی پیشانی بچه.

زاخ: ١) کوُل، کویل، ئاغەڵی ناو کێو؛ ٢) شەب، زاج؛ ٣) گاشەبەرد؛ ۴) دنە، هانە؛ ۵) ـەوهەری تیخی خەنجەرو شمشێر؛ ۶) خەت، هێڵ ف ١) زاغه؛ ٢) زاج؛ ٣) صخره؛ ۴) تحریك، تشجیع؛ ۵) پرند؛ ۶) خط.

زاخان: بەردەلآنی زۆر چەتوُن ف سنگلاخ صعب‌العبور.

زاخاو: تاواوی زاخ کە بۆ قایم‌کردنەوەی شتی لەق بە کار دەهێنرێ ف زکاب.

زاخـاودان: ١) قایم کردن بە زاخ؛ ٢) برێتی لە تەخت کردنی کەیف: (**زاخاوی مێشکم دا**) ف ١) پیوند دادن با زکاب؛ ٢) کنایه از خوش گذشتن.

زاخاودانەوە: زاخاودان ف نگا: زاخاودان.

زاخـدار: ١) تیخی جەوهـەردار؛ ٢) برێتی لە مرۆی بەحونەر ف ١) تیغ جوهردار؛ ٢) کنایه از هنرمند.

زاخـڕ: ١) سەرە ـێری بەرداوی؛ ٢) کـوُل، ئاغـەڵی لە کێودا بڕاو ف ١) نشیب سنگلاخی؛ ٢) زاغه.

زاخۆ: ناوی مەڵبەندو شارێکە لە کوردستان ف نام منطقه و شهری در کردستان.

زاخوڕ: ڕەهوڵ ف نگا: ڕەهوڵ.

زاخۆر: ١) بەردەلانی رژدو بڵند؛ ٢) ئەشکەوت لە کێفدا ف ١) صخره؛ ٢) غار.

زاخـۆران: ١) هۆزێکــە لە کوردستـــان؛ ٢) تالآنو برۆ: (زاخـۆران باخۆرانە) ف ١) عشیرتی در کردستان؛ ٢) غارت و چپاول.

زاخۆری: پارچەیەکی لە ئاوریشم ژنان دەیکەنە لەچك ف پارچهٔ ابریشمی.

زاخۆن: ئاخەڵەمەڕی لە کێو دابڕاو، کوُل، کویل، زاخ ف زاغه.

زاخه: زاخۆن ف زاغه.

ژاخێ: قشقەڵە، قەلەباچکە ف زاغچه.

زاخێڕ: زاخڕ ف نگا: زاخڕ.

زاد: ١) توێشو؛ ٢) دەخڵو نان؛ ٣) منداڵپەیابوُن: (زادو وەڵەدیان زۆرە) ف ١) توشه؛ ٢) غلّه و نان؛ ٣) تولید بچه.

زاددان: توێشودان ف توشەدان.

زادووەڵەد: کوڕو کچ زیادبوُن ف تولید و توالد.

زادو وەڵەند: زادووەڵەد ف تولید و توالد.

زاده: فرزەند، بێچوی بنیادەم: (نەجیبزادە) ف فرزند.

زادەکان: فرزەندان ف فرزندان.

زار: ١) منـاڵ؛ ٢) دەم، دەڤ؛ ٣) دەرمـانی جانەوەرکوژ، ژەهر؛ ٤) کزو لاواز؛ ٥) پەرێشـــان و لێقەومـــاو؛ ٦) دەنـــگـی گریان؛ ٧) مۆرەی تەختەنەرد؛ ٨) پاشگری بەواتا: جێگە، جاڕ؛ ٩) شێوەی زمان: (زاری کرمانجی)؛ ١٠) توُکەبەر؛ ١١) چێندراو: (زەوی و زار)؛ ١٢) زراو ف ١) کودك؛ ٢) دهـان؛ ٣) سمّ؛ ٤) لاغر؛ ٥) پریشان‌حال؛ ٦) صدای گریه؛ ٧) مهـرهٔ نرد؛ ٨) پسـوند بەمعنی جای؛ ٩) لهجه؛ ١٠) موی زهار؛ ١١) زراعت؛ ١٢) زَهره، ترس.

زارا: ١) ناوە بۆ ژن؛ ٢) کەو، ژەرەژ؛ ٣) نـاوی شارێکە لە کـوردستان ف ١) نام زنانه؛ ٢) کبك؛ ٣) نام شهری در کردستان.

زاراخن: زارەوانە، دەمەڵبێن ف نگا: زارەوانە.

زارانج: کەو، ژەرەژ ف کبك.

زارانز: ژەرەژ، زارانج، کەو ف کبك.

زاراو: ١) دەرمـانی تراوی جانـەوەرکوژ؛ ٢) میز، مێز، گمێز؛ ٣) شێوەی ئاخافتن؛ ٤) دەراوی دەم ف ١) سمّ آبکی، زهـرابه؛ ٢) شاش، ادرار؛ ٣) لهجهٔ ویژه؛ ٤) شیوهٔ سخن گفتن.

زاراوه: ١) شێوەی تایبەتی ئاخافتن؛ ٢) دەراوی دەم، زاراو ف ١) لهجهٔ ویژه؛ ٢) شیوهٔ بیان.

زاربەست: ١) دەمبەست؛ ٢) دەمبێن ف ١) دهان‌بند؛ ٢) دهانه‌بند.

زاربێن: دەمبێن، زاربەست ف دهانه‌بند.

زاربێنك: ١) زاربێن؛ ٢) زاربەست ف ١) دهانه‌بند؛ ٢) پوزه‌بند.

زارخۆش: ١) دەمخۆش، ئافەرین بۆ گوتەت؛ ٢) دەمو کاوێژ خۆش ف ١) آفرین بر گفتارت؛ ٢) شیرین زبان.

زارخەن: خەندەی تاڵ، کەنین لە ناڕەحەتیان ف خندهٔ تلخ، زهرخند.

زارخەنە: زارخەن ف خندهٔ تلخ، زهرخند.

زاردڕاو: دەم دڕاو، دەمشڕ ف دهن‌لق.

زارزار: لاسار، پێداگر، گوێ نەدەر ف لجوج.

زارزارك: دەمەلاسکە ف ادا درآوردن.

زارشڕ: تێدانەوەستاو ف دهن‌لق.

زارقه: ١) دەمەلاسکە؛ ٢) زمان دەرێنان بۆ گاڵتە پێکردن ف ١) ادای کسی را درآوردن؛ ٢) زبان به تمسخر درآوردن.

زارك: دەمی هەمــوشت جگـە لە جانـەوەر: (زارکی مەشکـە، زارکی ئەشکەوت) ف دهانه.

زارگا: بەرگەدە، جێگەی توُکەبەر لێڕوان ف رویشگاه موی زهار.

زارگۆتن: ستران، گۆرانی، قام، لاوك ف ترانه، آواز.

زارنەرم: زمانلوُس، دەمتەڕ ف چرب‌زبان.

زاروُ: ١) کرمێکـە بۆ خوێنی پیس لە لەش مژین دەکار دەهێنرێ، زەرو، زێلو؛ ٢) زارۆ، منداڵ ف ١) زالو؛ ٢) کودك، بچه.

زارۆ: ١) فرزەند؛ ٢) منداڵی چکۆڵە ف ١) فرزند؛ ٢) کودك.

زارۆتی: رۆژگاری منداڵی، زارۆکی ف دوران کودکی.

زاروزێچ: ژنو منداڵ، خێزان بەگشتی ف خانواده.

زارۆك: زارۆ ف نگا: زارۆ.

زارۆکی: زارۆتی، رۆژگاری منداڵی ف دوران کودکی.

زارۆڵه: زارۆ ف نگا: زارۆ.

زاره: ١) گەنمەکوتاو؛ ٢) زاراو، کیسەی زەرداوی لای جەرگ؛ ٣) موی بەرگەدە، زار ف ١) گندم نیم‌کوبیده؛ ٢) زهره؛ ٣) موی زهار.

زارەترەك: برێتی لە زۆرترساو، تۆقیو لە ترسان ف زهره‌ترك.

زارەچوُن: زارەترەك ف زهره‌ترك.

زارەزار: دەنگی گریان بێ بڕانەوە، زۆڕە زۆڕ ف صدای گریهٔ متّصل، زارزار.

زارەگا: ١) جێگەی ڕوانی توُکەبەر، زارگا؛ ٢) گوڵێکە ف ١) رویشگاه موی زهار؛ ٢) گل میمون.

زارەمبێن: دەمبێن، زاربێن ف دهانه‌بند.

زارەوانـه: تۆپـەڵە پەڕۆ یان دار کە دە دەمی دەفری ڕادەکەن ف گلولهٔ و...له یا چوب که دهانه‌بند می‌شود.

زاری: ١) گریانو شیوەن؛ ٢) زارۆڵە، منداڵ ف ١) شیون؛ ٢) کودك، بچه.

زاریان: شینو شەپۆڕکردن، گریانی تازیەمانی ف شیون کردن.

زارین: گریانی بەدەنگی بەرز ف گریه با صدای بلند.

زاز: ١) ئامرازی ژێداری موسیقی، ساز؛ ٢) نەوە ف ١) ساز موسیقی؛ ٢) نوه.

زازا: ١) مەڵبـەنـدێکـە لە کوردستـان؛ ٢) شێوە ئاخـافتنێکی نزیك بە پەهلەوی؛ ٣) نەوەو نەتەوە ف ١) منطقه‌ای در کردستان؛ ٢) یکی از لهجه‌های کردی؛ ... وه و نبیره.

زازاکی: ئاخافتن ... شێوەی زازایی ف تکلم به شیوهٔ «زازا».

زاغ: خەتی خەتکیشـان، خەتی درێژ بۆ نێوانی مەبەست، کێڕ ف خط افقی و عمودی در خط‌کشی.

زاغوڕ: زاخڕ، زاخێڕ ف نشیب سنگلاخی.

زاغوُر: خەتکێش، ئامرازی خەتدان ف خط‌کش.

زاف: پڕ، زۆر، گەلێك، زەحف، زیاد، زێدە ف بسیار.
زاف‌بیایش: زاف بوُن ف زیاد شدن.
زافت: ئەفسەر ف درجه‌دار، افسر ارتش.
زافتر: زۆرتر، پتر ف بیشتر.
زافراتایی: زۆر کەم بوُنەوە ف بسیار کم شدن.
زافران: بەری گیایەکە ڕەنگ زەرد بۆ دەرمان و پلاو بەکار دێت ف زعفران.
زافرانی: بە ڕەنگی زافران ف زعفرانی رنگ.
زافزاف: فرەفرە، زۆر زیاد ف بسیار زیاد.
زاف کەردش: زیاد کردن، زێدە کرن ف زیاد کردن.
زاف نەمەند: کەم کردو، زۆر نەمان ف اندك شدن.
زافەران: ١) زافران؛ ٢) ناوی گوندێکە ف ١) زعفران؛ ٢) نام دهی است.
زافەرانی: زافرانی ف زعفرانی رنگ.
زافەی: فرەیی، زیادی، زێدەیی ف بسیاری، زیاده.
زافی: زافەی ف بسیاری، زیاده.
زافێر: زافتر، زۆرتر، زێدەتر ف بیشتر.
زاڤ: ١) ئەستێرەیەکی گەڕیدەیە؛ ٢) زۆر، فرە ف ١) ستارهٔ عطارد؛ ٢) زیاد.
زاڤا: ١) مێردی کچ یان خوشك؛ ٢) تازەمێرد ف ١) شوهر دختر یا خواهر؛ ٢) داماد.
زاڤابەندی: ئەو شوەی لە ماڵی باوکی بوُكدا دەژی ف داماد سرخانه.
زاڤانی: شەوی چوُنی زاوا بۆلای بوُك ف شب زفاف.
زاڤدان: مناڵدان ف زهدان، رحم.
زاڤر: ١) زات، وێران؛ ٢) زارە، کیسەی زراو ف ١) یارا؛ ٢) زهره.
زاڤراتانی: زافراتایی، زیادە لە کەمی دان ف نگا: زافراتایی.
زاڤزاف: زۆر زیاد، فرەفرە ف بسیار زیاد.
زاڤ نێ‌مەند: زۆری نەما، لە کەمایەتی‌دا ف اندك شدن.
زاڤوزیج: زاروزێچ ف نگا: زاروزێچ.
زاڤوزێچ: زاروزێچ ف نگا: زاروزێچ.
زاڤەی: زافی، زەحفی، فرەیی ف زیادی.
زاڤی: زافی، زەحفی، فرەیی ف زیادی.
زاڤێر: ژنی ڕازی لە گانی مێرد ف زن خوشنود از جماع شوهر.
زاق: ١) قەلەڕەشە؛ ٢) دەنگی قەلەڕەشە؛ ٣) دەربەڕیو؛ ٤) کەوە، شینی کاڵ؛ ٥) دەنگی تیژی منداڵ؛ ٦) تۆقین لە ترسان ف ١) غراب، زاغ؛ ٢) صدای غراب؛ ٣) برجسته؛ ٤) آبی روشن؛ ٥) جیغ بچه؛ ٦) زهره‌ترك شدن.
زاق‌وزڕوُق: چەقەو هەرای مناڵان ف همهمه و جنجال بچه‌ها.
زاق‌وزوُق: زاق‌وزڕوُق ف همهمه و جنجال بچه‌ها.
زاق‌وزیق: زاق‌وزڕوُق ف همهمه و جنجال بچه‌ها.
زاقە: ١) دەنگی تیژی مناڵ، زاق؛ ٢) دەنگی گریانی مناڵ ف ١) جیغ کشیدن بچه؛ ٢) صدای گریهٔ بچه.
زاك: ١) لەتکە دەنکە قەیسی کە مناڵ کایەی پێ دەکەن؛ ٢) هەوەڵ دۆشراو لە زاو، ژەك. فرچك؛ ٣) قیژەی مناڵ ف ١) نیم هستهٔ زردآلو که بازیچهٔ بچه‌ها است؛ ٢) آغوز؛ ٣) جیغ بچه.
زاك‌وزوُك: زاق‌وزڕوُق ف همهمه و جنجال بچه‌ها.
زاك‌وزیك: زاق‌وزڕوُق ف همهمه و جنجال بچه‌ها.
زاکوُن: یاساو قانوُن: (ئاغایەکی بەزاکوُن بو کەس نەی‌دەویرا لە ڕێ لادا) ف قانون قاطع.
زاکە: جیوەجیوی بەچکەمەل ف جیك‌جیك جوجه.
زاگ: ١) لەدایك بوگ؛ ٢) مناڵ بون؛ ٣) ژەك، هەوەڵ دۆشراو لە زاو؛ ٤) شەب، زاخ ف ١) زاده؛ ٢) زادن؛ ٣) آغوز؛ ٤) زاج.
زاگرۆز: ١) زنجیرەچیایەك لە کوردستاندا؛ ٢) ناوە بۆ پیاوان ف ١) سلسله جبال زاگرس؛ ٢) نام مردانه.
زاگرۆس: زاگرۆز ف نگا: زاگرۆز.
زاگۆر: پەیاغ، توخماخ ف چوبدست کلفت، چماق.
زاگە: ١) جێگەی لە دایك‌بون؛ ٢) لەدایك بوە؛ ٣) بێچوی دیوە؛ ٤) گەمەیەکی مناڵانە؛ ٥) مندالدان ف ١) زادگاه؛ ٢) از مادر زاییده است؛ ٣) بچه آورده است؛ ٤) یکی از بازیهای بچه‌ها؛ ٥) زهدان.
زاڵ: ١) سەرکەوتو بەسەر مەبەست‌دا یان بە سەر دوژمندا؛ ٢) زبڵ: (زبڵ و **زاڵ**)؛ ٣) ناوە بۆ پیاوان ف ١) چیره؛ ٢) آشغال؛ ٣) اسم مردانه.
زاڵ بون: سەرکەوتن بەسەر کاری سەختا ف چیره شدن.
زاڵم: دەست درێژکەر بۆ مافی ڕەوای خەڵك ف ستمگر، ظالم.
زاڵمایەتی: زالمەتی ف ظلم.
زاڵمکی: ناڕەوا کاری ف ظلم.
زالمەتی: زالمایەتی ف ظلم.
زالمەی: زاڵم ف ظالم.
زالمێنی: زاڵمایەتی ف ظلم.
زاڵنە: پێوەندی لە زنجیر ف زنجیر پای‌بند.
زالۆ: کیسەی زەرداو، زارە ف زهره.
زاڵو: زارو، کرمی خوێن‌مژ ف زالو.
زالە: زارو ف زالو.
زاڵە: ١) دادو هاوار لە دەست کەسێ، گلەو داد: (هەمو کەس لە دەستی **بەزاڵەیە**)؛ ٢) کیسەی زەرداو، زارە، زراو ف ١) داد و گله؛ ٢) زهره.
زالی: زارو، زەرو، زالو، زالی ف زالو.
زاڵی: ١) دەست ڕۆیشتن، سەرکەوتوُیی؛ ٢) زارو ف ١) چیرگی؛ ٢) زالو.
زام: ١) برین، ڕێش؛ ٢) مناڵم بو؛ ٣) لە دایك بوم ف ١) زخم؛ ٢) بچه آوردم؛ ٣) از مادر زادم.
زاما: زاڤا ف داماد.
زامار: ١) بریندار؛ ٢) مندالدان ف ١) زخمی؛ ٢) زهدان.
زامارکەفتن: مندالدان وەرگەڕان ف زهدان از جای در رفتن.
زامایی: زاوایەتی ف دامادی.

زامت: چلْکی برین، کێم، هەوا فا ریم، چرك زخم.
زامدار: بریندار فا زخمی.
زامرۆت: بەردێکی کەسکی بەنرخە فا زمرد.
زامرۆتی: بەرەنگی زامرۆت فا زمردی.
زامرۆتین: کەسك وەك رەنگی زامرۆت فا زمردی.
زامرۆس: گیایەکی بۆن خۆشەو بۆ بێنی دوکەڵەکەی دەیسوتینن فا گیاهی است که مصرف بخور دارد، گیاەمر.
زامق: چەسپ، کەرستەی لکاندن فا چسب.
زامق کەردە: چەسپێنراو، لکێندریاگ فا چسبانیده شده.
زامقی: لکێن، پێوە نوسێن فا چسبناك.
زامن: دەستەبەر فا ضامن، کفیل.
زامەت: ١) زامت؛ ٢) پیچ، کەم، هندك؛ ٣) ئەرکی گران، زەحمەت؛ ٤) دەردی ئەوین فا ١) چرك زخم؛ ٢) اندك؛ ٣) مشقت؛ ٤) رنج عاشقی.
زان: ١) منداڵ هێنان، بێچودیتن؛ ٢) لەدایك بون؛ ٣) پاشگری بەواتا: ئاگادار: (پیاوێکی زۆرزان بو، سیاسەت **زانە**)؛ ٤) زەرەر: (ئەم سەگە زانە خرۆیە)؛ ٥) زوان فا ١) زایش؛ ٢) زادن از مادر؛ ٣) پسوند بەمعنی داننده؛ ٤) زیان؛ ٥) زبان.
زانا: ١) دانا، شت‌زان؛ ٢) ئاگادار فا ١) دانا؛ ٢) آگاه.
زاناف: لە بیچم‌دا تەواو وەکو یەکتر فا شبیه.
زانام: ١) تێ گەیشتم؛ ٢) خەبەرم وەرگرت، زانیم؛ ٣) ئاگادارم فا ١) فهمیدم؛ ٢) خبر یافتم؛ ٣) دانا هستم.
زاناندن: تێ‌گەیاندن فا فهمانیدن.
زاناهی: دانایی، ئاگاداری فا دانایی.
زانایش: زانست، ئاگاداری، لێ زانین فا دانش.
زانایۆخ: زۆر زانا، فریەزان فا علامە.
زانایۆخی: فرەزانی، مەعلانی. بۆ ژن دەڵێن فا دانشمندی.
زانایەنە: زاناهی فا دانش.
زانایی: زاناهی فا دانایی.
زاند: منداڵ هێنان، زارۆ پەیابوون فا زائیدن.
زاندۆر: ئەشکەوتی سەهۆڵخانە فا یخچال طبیعی.
زاندە گونایش: لاڵەپەتە، تور فا الکن.
زانس: زاناهی، زانایی فا دانایی، علم.
زانست: ١) زانایی، عیلم؛ ٢) تێ‌گەیشت فا ١) علم؛ ٢) فهمید.
زانستان: فێرگەی بەرز فا آموزشگاه عالی.
زانستگا: جێگەی خوێندنی بەرز فا دانشگاه.
زانستگە: زانستگا فا دانشگاه.
زانستم: تێگەیشتم فا دانستم.
زانستی: ١) زانایی؛ ٢) تێ گەیشتی فا ١) علمی؛ ٢) فهمیدی.
زانق: چەسپ، زامق فا چسب.
زانق کەردش: زامق کەردە فا چسبانیده شده.
زانقلە: زەنگەتە، تلیسك فا تلسك.
زانقۆلە: زانقلە فا تلسك.
زانقی: نوسەکی، کەرستەی لکاندن فا چسب.
زانك: زوانە چکۆڵە، ئەلنگە فا زبان کوچك.
زانکۆ: جێ کۆبونەوەی زانایان فا مجمع دانشمندان.
زانگە: جێگەی منداڵبون فا زایشگاه.
زانو: ئانیشکە فا خم شدهٔ لوله بخاری، زانویی.
زانۆ: ئەژنۆ، زرانی فا زانو.
زانەخرۆ: سەگ یان ماڵاتێك کە زیان بە هاوسایان دەگەیەنێ فا سگ یا دام زیان‌رسان.
زانەڤان: پسپۆڕ، لەکار زان فا کارآمد.
زانەوە: ١) ئاودەرچون لە وشکانی: (تەندورەکەمان **زاوەتەوە**)؛ ٢) ئاو لە کوێرەکانی هەڵقوڵینەوە: (کوێرەکانی **دەزێنەوە**) فا ١) تراوش آب از خشکی؛ ٢) جوشیدن چشمهٔ زاینده.
زانەیش: پێ زانین، ئاگەدار بون فا آگاهی یافتن.
زانی: ١) ئانیشکە؛ ٢) تێ گەیشت؛ ٣) زرانی، ئەژنۆ؛ ٤) ئارام، هێمن؛ ٥) تواشاکە؛ ٦) ناشێ، نابێت؛ ٧) دەزانی؛ ٨) زانیوتە فا ١) خم شدهٔ لولە؛ ٢) فهمید؛ ٣) زانو؛ ٤) آرام؛ ٥) نگاه کن؛ ٦) نمی‌شود؛ ٧) می‌دانی؛ ٨) دانسته‌ای.
زانیار: دانا، زانا فا عالم.
زانیاری: زانست فا علم.
زانیایش: پێ‌زانین، ئاگەدار بون فا آگاهی یافتن.
زانیم: ١) تێ گەیشتم؛ ٢) ئەژنوم فا ١) فهمیدم، دانستم؛ ٢) زانویم.
زانین گە: بەشێکی تایبەتی لە زانستگە فا کالج.
زاو: ١) مێوینەی کە بەچکەی بوە؛ ٢) لەدایك‌بوگ فا ١) زاییده؛ ٢) متولد شده.
زاوا: زاڤا فا داماد.
زاوابەندی: زاڤابەندی فا نگا: زاڤابەندی.
زاور: ١) تاقەت، زاڤر، زراو، وێران؛ ٢) منداڵ، بێچو فا ١) یارا، زهره؛ ٢) بچه.
زاوران: مێوینە لە دەمی منداڵبون‌دا، زەیستان فا [illegible]ر در حال زایمان، زائو.
زاورچون: ١) زارەچون؛ ٢) بێچومردن فا ١) زهره‌ترك شدن؛ ٢) بچه مردن.
زاوزو: بێچو بەدنیا هێنانی زۆر فا موالید زیاد.
زاوزۆ: زاوزو فا مولید زیاد.
زاوزوە: زاوزو فا موالید زیاد.
زاوزێ: زاوزو فا موالید زیاد.
زاوق: جیوە فا جیوه.
زاوڵە: زارۆ، زارۆك فا کودك، بچه.
زاوما: مەڕو بەرخ و بزن و کاریلەی تێکەڵاو فا بره و بزغاله همراه مادران.
زاوماك: زاوما فا نگا: زاوما.
زاوە: ١) ئەستێرەیەکە؛ ٢) منداڵی بوە؛ ٢) لە دایك بوە فا ١) تیر، عطارد؛

۲) بچه آورده؛ ۳) متولد شده است.

زاوه‌ره: ۱) زارۆ، زارۆڵە؛ ۲) زاڤر ف ۱) بچه؛ ۲) یارا، شهامت.

زاویته: ۱) بای ساردی ڕۆژهەڵات؛ ۲) ناوی دۆڵێك و گوندێكە ف ۱) باد سرد شرقی؛ ۲) نام دره و دهی است.

زاوێر: ڕەحەت بونی ژن لە گان، زاڤێر ف نگا: زاڤێر.

زاهیر: بەرچاو، دیار، ئاشكرا ف ظاهر.

زای: ۱) زاخ، شەب؛ ۲) مشت‌ومالْ؛ ۳) منالْت بوُ؛ ۴) لە دایك بوی ف ۱) زاج؛ ۲) صیقل؛ ۳) بچه آوردی؛ ۴) از مادرزادی.

زایا: ۱) تۆرەمە، وەچە، بەرە؛ ۲) ژنێ كە زۆر زگ‌وزا دەكات ف ۱) نگا: تۆرەمە؛ ۲) زنی كه زیاد می‌زاید.

زایانـــدن: یاری‌كردنی دایك لە زان‌دا ف كمـك كردن مادر در زاییدن، مامایی كردن.

زای‌باتی‌زای: نەوەی برای باوك، نەوەی مام ف نوهٔ عمو.

زای‌برازازای: نەوەی برا ف نوهٔ برادر.

زای‌خالی‌زای: خاڵوزازا، نەوەی برای دایك ف نوهٔ دایی.

زایش: زان، بێچو هێنان ف زائیدن.

زای‌عەم‌زای: نەوەی خوشكی باوك ف نوهٔ عمه.

زایف: لاواز، كەنەفت، كز، لەڕ ف لاغر مردنی.

زایڵە: دەنگی شیوەن‌و گریان ف صدای گریه و شیون.

زاین: ۱) بێچوهێنان؛ ۲) لەدایك بو ن ف ۱) بچه آوردن؛ ۲) متولد شدن.

زاینگە: زانگە، ئەو شوێنەی منالی تێدا دێتە دنیا ف زادگاه.

زای‌وار زای: نەوەی خوشك، خوشكەزازا ف نوهٔ خواهر.

زایە: ۱) پیزە، تۆڵ؛ ۲) منالی بوە؛ ۳) لە دایك بوە؛ ۴) لە كار كەوتو؛ ۵) برێتی لە مردو: (پیاوێكی لە دەستی **زایە** بوە)؛ ۶) گوم، ون، وندا؛ ۷) وەچە، تۆرەمە ف ۱) جنین؛ ۲) بچه آورده؛ ۳) متولّد شده؛ ۴) از كار افتاده؛ ۵) كنایه از مرده، ضایع، تلف؛ ۶) گم، ناپیدا؛ ۷) نگا: تۆرەمە.

زایەڵە: ۱) زایڵە؛ ۲) دەنگ دانەوە ف ۱) نگا: زایڵە؛ ۲) انعكاس صدا.

زایەنـە: زاین، زان. *بۆ ئاژەڵی دەكـار دێنن* ف زائیدن *در مورد حیوان استعمال می‌شود.*

زای‌یا یك زای: نەوەی خوشكی دایك ف نوهٔ خاله.

زایی: زاو ف نگا: زاو.

زایێ: ژنێ كە زۆر زگ‌وزا دەكا ف زنی كه زیاد می‌زاید.

زایین: زان، زاین ف زائیدن.

زبارە: ئاریكاری كۆمەڵ لە كاردا، هەرەوەز ف كار تعاونی گروهی.

زبان: ۱) پلەگۆشتی سورو پانی بزۆز لە ناو دەم‌دا؛ ۲) جۆری ئاخافتنی خەڵك ف ۱) زبان درون دهان؛ ۲) زبان مكالمه، لغت.

زبر: درشت لە دەست، دژی نەرم‌و لوس، زوُر ف خشن، زبر.

زبران: كێڵگەی بەكلۆو بەردەلان ف زمین زبر و سنگلاخی.

زبرە: ۱) درشتەی ساوارو گەنمەكوتاو؛ ۲) درشتەی لەهێڵەگ دراو، كەپەك ف ۱) دانه‌های درشت بلغور و گندم كوبیده؛ ۲) نخاله.

زبڵ: ۱) شتی گەسك‌دراوی ماڵ؛ ۲) پەین‌وپاڵ ف ۱) آشغال؛ ۲) فضلهٔ دام.

زبڵچی: كەسێ كە زبڵ فڕێ دەدا ف آشغالی.

زبڵدان: جێگەی لێ‌ڕشتن یان تێ ڕشتنی زبڵ ف آشغالدانی.

زبڵ‌ڕێژ: زبڵچی ف آشغالی.

زبلگە: جێگەی زبل لێ رژتن ف زباله‌دان.

زبۆ: سوكەڵەناوی زبێر، ناوی پیاوانە ف مخفف زبیر، اسم مردانه.

زبە: سوكەڵە ناوی زبێد، ناوی ژنانە ف مخفف زبیده، اسم زنانه.

زبێ: زبە ف نگا: زبە.

زبیل: پیسایی‌و پڕوپوشێ كە لە ماڵ وەدەر دەندرێ، زبڵ ف آشغال.

زپ: تژە ف مالامال.

زپرك: زیپكە ف جوش‌پوست.

زپركە: كوانی زۆروردیلە لەسەر پێست، زیپكە ف جوش پوست.

زپك: زپركە ف جوش پوست.

زپەڕ: لە سەرپەڕ، لای پێش یان دوایی ڕێز ف اول یا آخر صف.

زت: ۱) ڕاست، بێ خواری‌و لاری، ڕەپ؛ ۲) باوخۆش. لەپێش لە كارو كایەدا؛ ۳) دژ؛ ۴) گەمەیەكە بە وردەبەرد ئەكرێ؛ ۵) ڕوُت و قوُت ف ۱) راست برخـاسته؛ ۲) بالادست؛ ۳) ضدّ؛ ۴) نوعی بازی با شن؛ ۵) لخت و عریان.

زت كەردش: ڕوُتی كردو هەرچی بوُی بردی ف هرچه داشت برد.

زتم: داخستنی دەرگاو پەنجەرەو... ف بستن در و پنجره و....

زتمی: داخراو، بەستراو ف بسته، مقابل باز.

زج: دژ ف ضد.

زچ: جانەوەریكە بە ئاژەڵەوە دەنوُسێ ڕەنگی سوُرە، قورنو ف جانوری كه به دام می‌چسبد.

زخ: ڕەلم، قوم، ڕەمڵ ف شن و ماسه.

زخت: نەقیزە ف سیخونك.

زخدان: جێگەی قوُمی فرە ف شنزار.

زخرە: تفاقی ساڵ، زەخیرە، ئازوقە ف آذوقه.

زخور: چەو، وردكە بەرد ف سنگریزه.

زدێ: هێز، توانا، تاقەت ف توان.

زڕ: ۱) دژی بچـوك، زل، گەپ؛ ۲) گوشاد، هەراو؛ ۳) ناعەسڵ، بەدەڵ: (زڕدایـك، زڕبرا)؛ ۴) داری بەر كە بەر نەهێنـێ؛ ۵) وشك، برینگ؛ ۶) خۆهەڵكێشانی بەدرۆ: (ئەو قسانە زڕن)؛ ۷) دەنگی كەر؛ ۸) تڕ؛ ۹) لاسـار ف ۱) گُنـده، بزرگ جثـه؛ ۲) فراخ؛ ۳) بدل؛ ۴) درخت بار نیاورده؛ ۵) خشـك؛ ۶) لاف بیهـوده؛ ۷) عرعر الاغ؛ ۸) باد مقعد، گوز؛ ۹) لج.

زڕئـاپ: ۱) زڕمـام، زڕبـرای باوك؛ ۲) برای باوەپیارە؛ ۳) شێت ف ۱) ناعمویی؛ ۲) برادر پدرخوانده؛ ۳) دیوانه.

زڕار: خوسار، زیان، زەرەر، زەرەد ف زیان.

زڕاری: ۱) قۆپچە، دوگمە، قو ببە؛ ۲) هوزێكی كوردە لە كوردستان ف ۱) دگمه؛ ۲) عشیره‌ای كرد در كردستان.

زڕازڕ: گۆرانی گوتنی كەر ف عرعر.

زراف: باریك ف باریك.

زراڤك: زراو، کیسەی زەرداو ف کیسهٔ زهره.

زراڤیك: زۆر باریك ف بسیار نازك.

زراق: گزینگی هەتاو، هەوەڵ شەوقی خۆر کاتی بەیانی ف اولین تابش آفتاب صبح.

زڕان: ١) بەخراپ دەرچون: (ناوزڕان، ناوی زڕاوە)؛ ٢) بڵاوبونی نهێنی؛ ٣) خەو پەڕین؛ ۴) تازە لك دەرکردنی دار ف ١) بد بر سر زبانها افتادن؛ ٢) فاش شدن راز؛ ٣) پریدن خواب؛ ۴) تازه جوانه دادن درخت.

زڕاندن: ١) درکاندنی نهێنی؛ ٢) خەوپەڕاندن ف ١) افشاکردن؛ ٢) خواب پراندن.

زڕانەوە: دەنگ دانەوەی وێك کەوتنی کانزا ف صدای بهم خوردن فلزات.

زرانی: زانۆ، ئەژنۆ ف زانو.

زراو: ١) زارە، کیسەی زەرداو؛ ٢) زاڤر، توانای بەرانبەری، وێران ف ١) زهره؛ ٢) یارا، شجاعت.

زڕاو: ١) ناوی بەخراپ ڕۆیشتگ؛ ٢) خەوی پەڕیو؛ ٣) تازە لکدەرکردگ ف ١) نام بد در رفته؛ ٢) خوابِ پریده؛ ٣) تازه جوانه داده.

زراوبردن: ترساندن ف زهره‌ترك کردن.

زراوبردو: برێتی لە زۆر ترساو ف زهره‌ترك شده.

زراوتۆقین: زارەچون ف زهره‌ترك شدن.

زراوچون: زراوتۆقین، زارەچون ف زهره‌ترك شدن.

زراوەمان: زراوتۆقین، زراوچون ف زهره‌ترك شدن.

زڕایش: ١) زەڕەزەڕ کردن؛ ٢) زەنازەناو چەقەو کوڕە ف ١) عَرعَر کردن؛ ٢) شلوغ کردن.

زرایەنە: زڕایش ف نگا: زڕایش.

زرب: زبر ف زبر.

زڕباب: باوەپیارە، شوی دایك ف ناپدری.

زڕبان: زبران ف نگا: زبران.

زڕباو: زڕباب، باوەپیارە ف ناپدری.

زڕباوك: زڕباب، باوەپیارە ف ناپدری.

زڕبرا: برا هەر لە باوك یان هەر لە دایك ف برادر ناتنی.

زرپ: ١) قەبە، زەلام؛ ٢) زبر ف ١) گُنده؛ ٢) خشن.

زڕپك: زپك ف جوش پوست.

زڕپنگ: زەڕەپنگ، جۆرێ پنگەزۆر بڵندەبێو ناشخورێ ف گیاه بدل پونه.

زرت: ١) تماشای بێ چاولێکدان؛ ٢) تەژەی گۆشتن ف ١) نگاه خیره؛ ٢) لندهور.

زڕت: ١) زل، گەپ، زەلام؛ ٢) خۆهەڵکێشانی بەدرۆ؛ ٣) تڕدان بە دەم؛ ۴) هەڕەشە، گەف ف ١) گنده؛ ٢) لاف؛ ٣) شیشکی؛ ۴) تهدید.

زڕتدان: ١) خۆ هەڵکێشان بە درۆ؛ ٢) قسەی بێ‌تام کردن ف ١) تکبر کردن به دروغ؛ ٢) سخن بی‌مزه گفتن.

زڕتك: ١) زەلامی بێ ئاوەز؛ ٢) خۆهەڵکێش؛ ٣) کونی قوُن ف ١) لندهور؛ ٢) متکبر؛ ٣) سوراخ مقعد، پیزی.

زرتلی: شەشە، ئەوی شەش قامکی هەیە ف کسی که شش انگشت در یك دست دارد.

زرتۆ: تەژەی خوێنتال ف تنومند بدقواره.

زڕتۆك: خۆهەڵکێش ف لافزن.

زڕتۆڵ: تیتۆڵ، بزگوڕ ف لتهٔ کهنه.

زرتە: زرت ف نگا: زرت.

زرتەبۆز: ١) پیری تەژەی خوێنتال؛ ٢) کەلحۆ، زەلامی ناقوڵا ف ١) پیر گندهٔ بدقواره؛ ٢) لندهور.

زرتەزرت: تماشای خێراخێراو بێ چاوتروکاندن ف خیره‌خیره نگاه کردن.

زڕتەزڕت: وەرامی کەسێ کە قسەی زۆر بێتام دەکا ف جواب خودستای ژاژخا.

زرتەزەلام: زلحورت ف لندهور.

زڕتەك: خۆهەڵکێشی بێ‌تام ف خودستای دروغ‌باف.

زڕتی: خوێڕیو بێکارە ف هرزه و هیچکاره.

زڕجان: ١) بەدرۆخۆهەڵکێش؛ ٢) جنێو فرۆش ف ١) لافزن؛ ٢) فحّاش.

زرجك: گبابەکە ف گیاهی است.

زرچ: ١) جیقنەی مەل؛ ٢) چەکەرەی تازە دەرهاتگ ف ١) چلغوز؛ ٢) جوانهٔ تازه.

زڕچایش: نەڕاندن، گوڕەوهەرا کردن ف داد زدن.

زڕچایەنە: زڕچایش ف نگا: زڕچایش.

زڕچك: جوُتە، لوشکە، لەقەی کەر ف جفتك.

زڕچوُنە: بێ نرخ، نەهێژا ف بی‌ارزش.

زرخ: زرێ، کراسی ئاسنی شەڕکەران ف زره.

زڕخوسسی: زڕخەسوُ، زڕدایکی هاوسەر ف نامادری همسر.

زڕخوشك: خوشکی هەر لەباب یان هەر لەدایك ف خواهر ناتنی.

زڕخوەه: زڕخوشك ف خواهر ناتنی.

زڕخوێنك: زڕخوشك ف خواهر ناتنی.

زڕخەزوُر: زڕبابی ژن یان مێرد ف پدرخواندهٔ همسر.

زڕخەسو: زڕدایکی بوك یان زڕدایکی مێرد ف نامادری زن یا شوهر.

زڕداك: باوەژن ف نامادری.

زڕدایك: زڕداك ف نامادری.

زڕدەلو: نێرینەی مروڤی شێتو دەبەنگ ف مرد دیوانهٔ خول.

زڕدەلوێ: مێوینەی شێتو دەبەنگ ف زن دیوانهٔ خول.

زڕدەلی: زڕدەلو ف نگا: زڕدەلو.

زڕەك: هەقمەق، نەزان، نەفام ف احمق، کم فهم.

زرز: زیز، زوُیر، قەڵس ف عصبانی.

زڕزڕ: دەنگی گریانی زبر و بەقەو ف صدای گریهٔ ناهنجار.

زڕزڕە: خڕخاشە، خشخشە ف خشخشه اسباب‌بازی.

زڕزۆپ: بێ ئابڕوُ، بێ شەرم ف بی‌حیا.

زرزی: توڕەیی ف عصبانیّت.
زڕفستق: بادامەزەمینە ف بادام زمینی.
زڕقتك: جانەوەرێکی چکۆلەی چزوداره پێوه دەدا، زەرگەتە، زەردەواڵە ف زنبور زرد خرد، موسه.
زڕقتکی: زڕقتك ف نگا: زڕقتك.
زڕقتی: زڕقتك ف نگا: زڕقتك.
زرك: ۱) بەهۆش، چوست، چالاك؛ ۲) تاسۆکە ف ۱) چالاك؛ ۲) طاس مسین.
زڕك: حەنجوڕ، خرچە، گندۆرەی کاڵ، قەرە خرچە ف خربزهٔ نارسیده.
زرکان: ناوی هۆزێکی کوردە ف نام طایفه‌ای از کُردها.
زڕکتك: ۱) زڕقتك؛ ۲) باڵدارێکی زەردی چکۆلەیە لە قەناری دەکا ف ۱) نگا: زڕقتك؛ ۲) پرنده‌ای زرد که به قناری شبیه است.
زڕکچ: کچی مێرد بۆ باوەژن یان کچی ژن بۆ باوه پیاره ف دخترخوانده، نادختری.
زڕکۆ: گیای گێرەکراو، گزره ف گیاه کوبیده، پرس.
زڕکوڕ: کوڕی ژن بۆ زڕباب یان کوڕی پیاو بۆ زڕداك ف پسرخوانده، ناپسری.
زرکوزینگ: وریاو چالاك، چوستو مەزبوُت ف چست و چالاك.
زڕکە: خرچە ف خربزهٔ کال.
زڕکەتاڵ: گوژاڵك، کاڵەکەمارانە ف هندوانهٔ ابوجهل.
زرکەتی: زرینگانەوە، دەنگی کەوتنی کانزا ف صدای افتادن جسم فلزی.
زڕکەچ: کچ حەلی، زڕکچ ف نگا: زڕکچ.
زڕکێتك: ۱) زڕقتك؛ ۲) زڕکتك ف نگا: ۱) زڕقتك؛ ۲) زڕکتك.
زڕگوێز: ۱) دارێکە لە گوێز دەکاو بەر ناهێنێ؛ ۲) گوندێکە لە کوردستان ف ۱) درختی گردوسان بی‌ثمر؛ ۲) نام روستایی در کردستان.
زڕگویزەڵە: گوندێکی کوردە بەعسی ویرانیان کرد ف نام روستایی در کردستان.
زرگـەزوك: ۱) گەزگەزك؛ ۲) ناوی گوندێکە لە کوردستان ف ۱) گیاه گزنه؛ ۲) نام روستایی در کردستان.
زڕگێزەر: گیایەکی دەشتە بنەکەی لە گێزەر دەکا ف گیاهی است شبیه هویج.
زڕگێژنۆك: گیایەکە جانەوەر بیخوا پێ دەمرێ ف گیاه شوکران.
زرم: دەنگی کەوتنی شتی نەرمو گران ف صدای افتادن جسم سنگین نرم.
زڕماك: زڕداك، باوەژن، زردایك ف نامادری.
زڕمام: بروانەبو: زڕتاپ ف نگا: زڕتاپ.
زرموکوت: زرمی زۆر ف تراپ و تروپ.
زرمە: زرم ف نگا: زرم.
زرمـەزلێ: هەڵبـەزینو مل دەبـەریەك نان بۆ گاڵتە ف گلاویزشدن و پایکوبی به‌قصد شوخی.
زرمەزلیتانێ: زرمەزلێ ف نگا: زرمەزلێ.
زرمەزلیتە: زرمەزلێ ف نگا: زرمەزلێ.
زڕنا: ئامرازێکی مۆسیقایە فوی پێدا دەکرێ، زوڕنا ف سرنا.
زڕنای: لەخەو ڕاپەڕین ف پریدن از خواب.
زرنـگ: ۱) زرك، وریا، وشیار، مەزبـوُت؛ ۲) دەنگـی مسو زێڕو زیو؛ ۳) ڕۆنی تاواوە، ڕۆنی زەنـگ ف ۱) زرنـگ؛ ۲) صدای مس و طلا و نقره؛ ۳) روغن تفیده.
زرنگان: ۱) دەنگ دانەوەی مسو زێڕو زیو؛ ۲) بریتی لە بێ قەدربون ف ۱) صدا دادن مس و طلا و نقره، درنگ؛ ۲) کنایه از بی احترام شدن.
زرنگـانەوە: ۱) دەنگ دانەوەی مسو زێڕو زیو؛ ۲) درەنگ بوُن کە بۆ شەو دەگوترێ: (شەو **زرنگایەوە** با بنوین)؛ ۳) دەنگ لە گوێ هاتن: (گوێم **زرنگایەوە**)؛ ۴) پندر بوُنەوە؛ ۵) دو جار لە کڵدا سوربوُنەوە ف ۱) صدا دادن فلـزات؛ ۲) درنگی ویژهٔ شـب؛ ۳) زنگ زدن گوش؛ ۴) نیم خشك شدهٔ تر؛ ۵) دوباره در کوره سرخ شدن سفال.
زرنگە: دەنگی وێك کەوتنی کانزا ف صدای بەهم خوردن فلزات، درنگ.
زرنگوهوڕ: زرنگەی زۆر ف درنگ درنگ.
زرنگەزرنگ: زرنگەی زۆر ف درنگ درنگ.
زرنگی: چالاکی، مەزبوُتی، چوستی ف زرنگی.
زرنگین: زرنگە لێ‌هاتن ف صدای درنگ دادن.
زڕنە: زەنگ لێدان ف زنگ اخبار زدن.
زڕنەڤان: زوڕناژەن، زوڕنالێ دەر ف نوازندهٔ سُرنا.
زڕنەقوُتە: بەچکە چێشکەی تۆك لێ نەهاتو ف جوجه گنجشك پر درنیاورده.
زرو: ۱) زبر؛ ۲) گیایەکی گەڵاباریکە ف ۱) زبر، خشن؛ ۲) گیاهی است.
زروبی: کولێرەی تەنکی لەڕۆندا هەڵقرچاو، ناوساجی ف نوعی نان روغنی.
زروُق: ۱) ترسو لەلانە دەرپەڕینی نێچیر؛ ۲) [illegible]ەی کەنی ساوا ف ۱) ترس و رمیدن نخچیر؛ ۲) صدای خندهٔ بچ[illegible]
زروُقان: ۱) بازرەبوُن؛ ۲) تریقەی پێکەنینی منداڵی ساوا ف ۱) متواری شدن نخچیر از ترس؛ ۲) هرهر خندهٔ نوزاد.
زروُقانەوە: تریقانەوەی منداڵی ساوا ف هرهر خندیدن نوزاد.
زروُقاو: بازرەبوُگ ف نخچیر از ترس متواری شده.
زروُکە: ۱) جروکە، دەنگی مەلی پچوك؛ ۲) جیکی مشك ف ۱) صدای گنجشکان؛ ۲) ماژ موژ موش.
زروُکە زروُك: جروکەجروُك ف صدای گنجشکان.
زروە: ۱) زبرە؛ ۲) گیایەکە ف ۱) زبر است؛ ۲) گیاهی است.
زروی: زروێ ف چوبك.
زروێ: ئەسپوُن ف چوبك لباسشویی، اشنان.
زروێی: زروێ ف چوبك.
زره: سەرکەوای لە ئاسن هۆنراو کە بۆ شەڕ دەبەر دەکرا ف زره.
زڕه: ۱) دەنگی ڕاتڵەکانی زنجیر؛ ۲) گۆرانی گوتنی کەر؛ ۳) زڕ، بەدەڵ ف ۱) جرنگ؛ ۲) عرعر الاغ؛ ۳) بدل.

زڕەباوێشك: باوێشکی زل وزۆر ف خمیازه متوالی و طولانی.
زڕەبلبل: مەلێکی بۆری پچوکـە دەنگی وەك بلبلە ف پرنده‌ای است کوچك خوش آواز.
زڕەپنگ: زڕێنگ ف نگا: زڕێنگ.
زڕەزڕ: دەنگی زڕەی زور ف صدای زرزر بسیار.
زڕەق: زرۆق، تریقەی ساوا ف صدای خندهٔ بچه.
زڕەقیان: کەنینی ساوا بە دەنگ ف خندیدن بچه با صدای بلند.
زرەك: تانەی سەر چاوی یەکسمو ماڵات کە لە بروسکەوە توشیان دێت ف لکهٔ چشم حیوانات از اثر برق.
زڕەك: ١) هەقمەق؛ ٢) شەڕفرۆش؛ ٣) وشکـاو، کەم کردن: (گوهانێ چێلەکێ **زڕەکان**) ف ١) احمق؛ ٢) ستیزه‌جو؛ ٣) خشك شدن.
زڕەکادەروێشی: تایفەیەك لە مەنگوڕان ف طایفه‌ای از ایل منگور.
زڕەکەو: باڵدارێکە بۆرو لە کەو پچوکتر ف پرندهٔ کبك‌سان حلال گوشت.
زڕەمار: ماری زۆرزل ف مار بسیار بزرگ.
زڕەمێر: پیاوی بە هەیکەلو قەڵافەت ف لندهور.
زرهۆك: گوڵاباتون، ئەو شریتە ڕەنگینەی کە ملی عابای پێ دەڕەنگێنن ف گلابتون.
زرێ: ١) زرە؛ ٢) دەلیا، دەریا: (**زرێبار**) ف ١) زره؛ ٢) دریا.
زڕێ ئامایش: ١) زەڕاندن؛ ٢) زەنازەنا کردن؛ ٣) بێ‌شەرم و شۆرەیی بۆن ف ١) عرعر کردن؛ ٢) شلوغ کردن؛ ٣) بی‌حیا بودن.
زریا: دەلیا، بەحر ف دریا.
زڕیاگ: ١) زڕاو؛ ٢) زنجیری ڕاتلەکـاوی دەنگ لێ‌هاتگ؛ ٣) زروڤاو، بازرە ف ١) نگا: زڕاو؛ ٢) جلنگیده؛ ٣) حیوان متواری شده.
زریان: بای باشوور، بای قوبلە ف باد جنوب.
زڕیان: زڕان ف نگا: زڕان.
زڕیانەوە: دەنگی زنجیر لە بزوتنا ف جرنگیدن.
زرێبـار: ١) ڕەخـی دەلـیا؛ ٢) وەك دەلـیا؛ ٣) دەریـاچـە، گـۆل؛ ٤) دەریاچـەیەکە نێزیکی مەریـوان ف ١) کرانهٔ دریا؛ ٢) دریاسان؛ ٣) دریاچه؛ ٤) دریاچه‌ای در مریوان.
زرێپۆش: ١) کەسێ کە زرێی دەبەردایە؛ ٢) هەرچی گوللە نایبڕێ ف ١) آنکه زره بر تن دارد، زره‌پوش؛ ٢) آنچه ضدگلوله است، زره‌پوش.
زریچ: قەڵایی، ئەو کانزا نەرمەی مسی پێ سپی دەکەنەوە ف قلع.
زرێچ: چرێش، ئەسرێلك، سرێش ف سریشم.
زرێچە: دەریاچە، زرێبار، گۆل ف دریاچه.
زرێدار: زرێپۆش ف نگا: زرێپۆش.
زریز: دڕکەزی، جۆرێ دەوەنی زۆر بەدڕکە ف نوعی درختچهٔ خاردار.
زریزانە: گیایەکە لە ناو گەنمدا دەڕوێو بۆ گەنم زیانی هەیە ف گیاهی است آفت گندمزار.
زریزە: زنجیرۆکەی زۆر باریك ف زنجیر بسیار باریك.
زریسـك: دارێکـی کەم‌باڵایە بەرێکـی ڕەش‌سوری ترش دەگرێو بەکاڵی و بەکوڵیوی دەخورێ ف زرشك.

زریشك: زریسك ف زرشك.
زریك: هاواری تیژو باریك ف جیغ.
زریکان: زریك ف جیغ.
زریکاندن: ١) بە دەنگی تیژو باریك هاوار کردن، قیژاندن؛ ٢) مچوڕك پێ داهاتنی ئەندام ف ١) جیغ کشیدن؛ ٢) تیرکشیدن اندام.
زریکە: ١) زریك؛ ٢) مچوڕك ف ١) جیغ؛ ٢) تیرکشیدن اندام.
زریمزروك: جۆرێ چۆلەکەی دەشت ف گنجشك سانی است.
زڕین: زڕان ف نگا: زڕان.
زرینچك: زەرداوی دەمی برین ف زردابهٔ دهانهٔ زخم.
زرینچکاو: زرینچك ف زردابهٔ دهانهٔ زخم.
زرینگ: زرنگ ف نگا: زرنگ.
زرینگان: زرنگان ف نگا: زرنگان.
زرینگانەوە: زرنگانەوە ف نگا: زرنگانەوە.
زرینگە: زرنگە ف نگا: زرنگە.
زرینگین: زرینگان ف صدای برخورد دوجسم فلزی.
زرێوار: زرێبار ف نگا: زرێبار.
زرێوان: کەسێ لە سەر دەریا کار دەکا ف کارگر در دریا.
زریوە: ١) ترووکەی ئەستێرە: (ئەستێرە **زریوە زریویانە**)؛ ٢) جریوەی چوێلەکە ف ١) سوسو زدن ستاره؛ ٢) جیك‌جیك گنجشکان.
زریوەزریو: زریوەی یەك لەدوی یەك ف «زریوه»ی پیاپی.
زریە: دەلیا ف دریا.
زسان: سێ‌مانگەی پاشینی ساڵ، کژی سەرماوسوڵە ف زمستان.
زستان: زسان ف زمستان.
زستانە: شتێ کە تایبەتی زستانە ف زمستانی.
زستانەزێ: بەرخێ کە لەزستاندا لە دایك بۆبێ ف برهٔ متولد در زمستان.
زستانەوار: جێ ژیانی کۆچەر لەزستاندا، گەرمەسێر ف قشلاق.
زستانەیی: زستانە ف زمستانی.
زستانی: زستانە ف زمستانی.
زشت: ١) ناپەسند؛ ٢) ناحەز ف ١) و ٢) زشت.
زغاڵ: ڕەژی، ڕەژو، خەڵوز، ڕێژی ف زغال.
زغاڵدان: ڕەژیدان ف اشبو، زغالدان.
زغاڵدو: زغاڵدان ف اشبو، زغالدان.
زغرك: بەردەورتکە ف سنگریزه.
زفت: جۆرێ قیلی کانزا کە بۆ دەرمان دەشێ ف نوعی قیرمعدنی.
زفتك: زیپکەی عازەوی کە لە ڕوی تازەلاوان پەیدا دەبێ ف جوش غرور.
زفتی: پیاوی داروغە ف مأمور شهربانی.
زفـر: وردەو پردەی پەرژبـوی ورکـە نانو گرار ف ریزهٔ نان و غذای باقیمانده در سفره.
زفقێل: سەردەرانەی ماڵ ف سَر دَر خانه.
زڤار: بزگور، تیتوڵ ف پارهٔ نواری از قماش.
زڤارزڤار: شڕو وڕ، لەتو پەت ف لت‌وپار.

زقاف: ١) جۆرێ گاسن؛ ٢) ناوی گوندێکە ف ١) نوعی گاوآهن؛ ٢) نام دهی.

زقان: جوجەڵە مریشك، بەچکەمامر ف جوجهٔ مرغ.

زقـڕ: ١) خول، سوڕ؛ ٢) گەڕانـەوە، بەرەو دوا هاتنـەوە ف ١) چرخ، چرخش؛ ٢) برگشت.

زقـڕان: ١) خول خـواردن؛ ٢) بەرەودوا هاتنـەوە ف ١) چرخـیدن؛ ٢) برگشتن.

زقـرك: جانـەوەرێکی سوورو زەردی چزو دارەو لە زەرگەتـە زلتـرە، ژەنگەسوورە، سێو ف زنبور سرخ درشت.

زقڕین: زقڕان ف نگا: زقڕان.

زقستان: زسان ف زمستان.

زقل: سەرانگوێلك، جێ ریخو شیاکە ف انبار پهن.

زقنگ: ١) ئەشکەوت؛ ٢) ناوی گوندێکە؛ ٣) زستانە هەوار ف ١) غار؛ ٢) نام دهی است؛ ٣) قشلاق.

زقیر: عاجز، ناڕەحەت ف افسرده، ناراحت.

زقیرك: گێژەڵوکە ف گردباد.

زق: ١) خوس، خوسـار، سیخـوار، خوێس، زوقم، خویز؛ ٢) سەرمـاو بەستـەڵـەك؛ ٣) رەقو بەرجـستـە ف ١) پژ، سرماریزه؛ ٢) سرما و یخبندان؛ ٣) برجسته.

زقاف: خێشك، ئامرازێکە شێوەردی پێ لێكو لوس دەکەن ف ماله برای صاف کردن زمین زراعی.

زقاق: کوچە، کۆڵان، تاخ ف کوچه.

زقاو: تەڕەزن، ئاوێ کە لە قەراغ مێرگ دەدەڵێ ف آب اضافی که از کنارهٔ چمنزار به بیرون می‌تراود.

زق بیایەنە: قیتو قنج وێستاوە ف راست ایستاده.

زقل: قسڵ، کلس ف آهك.

زقو زوا: زۆر زۆر وشك، فرە زوها ف تمام خشك.

زقوم: زۆر تاڵ وەك ژەهری مار ف بسیار تلخ.

زقـوم نایش: بە قوزەلقـورت بوُن، نۆش نەبـون ف مقابل نوش‌جان شدن، کوفت شدن.

زك: ١) لە خوار دەفەی سنگەوە تا ڕان، زگ، سك؛ ٢) نۆل، پیزە: (براژنم **زکی** هەیە) ف ١) شکم؛ ٢) جنین.

زكئێشە: دەردی ناو زك ف شکم‌درد.

زكبەردان: برێتی لە زۆر خواردن ف کنایه از پرخوری.

زكبەل: ورگن، تەنگە ئەستوُر ف شکم گُنده.

زکپڕ: حاملە، زگپڕ ف حامله، باردار.

زك پێ سوُتان: بەزە پێدا هاتنەوە ف متأثر شدن.

زك پێ شەوتین: زك پێ سوُتان ف نگا: زك پێ سوُتان.

زك تێر: نەبرچی ف سیر، مقابل گرسنه.

زك تێڕ: زۆر خۆر ف پُرخور.

زكچك: والایی لەناو دڵدا ف فراخنای قلب.

زكچوُن: بەلەفیرە ف اسهال.

زكـدڕاو: ١) برێتی لە زۆرخۆر؛ ٢) ناوی گوندێکە لە کوردستان ف ١) کنایه از پرخور؛ ٢) نام دهی است در کردستان.

زكدێلك: جۆرێ ماسی ف نوعی ماهی.

زكڕۆین: زكچوُن ف اسهال.

زكڕەش: دەبنەوەبڕ، ڕکوُنی، ڕقلەزك ف بدنهاد، کینه‌ای.

زك ڕەقی: نەخۆشیەکی حەستەمە ف کزاز.

زکزل: ورگن ف شکم گنده.

زکسوُتان: برێتی لە مناڵمردن ف کنایه از مرگ فرزند.

زکسوُتاو: فرزەند مردگ ف فرزند مرده.

زكشەوات: زكسوُتاو ف فرزند مرده.

زكشەواتی: زكسوُتان ف مردن فرزند.

زك کردن: مناڵهێنان، دژی نەزۆکی ف بچه آوردن، مقابل نازایی.

زك کوُر: چڵێس، بەرچاوبرسی ف حریص در خوردن.

زك کێشکی: لە سەر زگ خزین ف برشکم خزیدن.

زك گرتی: قەبز، دژی زگ ڕەوان ف یبوست.

زك گیری: قەبزایەتی، دژیڕەوانی ف یبوست.

زكلە وەڕاندن: چڵێسی، ماڵەوماڵ کردن بۆ خواردن ف سورچرانی.

زكلەوەڕێن: چڵێس ف سورچران، طفیلی.

زکماك: هەر کە لە دایك بوە: (کوێری **زکماك**) ف مادرزاد.

زکمانگ: زکماك ف مادرزاد.

زکن: چڵێس، زۆرخۆر ف سورچران، شکم‌پرست.

زکوزا: زاوزو ف موالید.

زکوزاکەر: ژنێ کە لە زان ناوەستێ ف زنی که از زاییدن بازنمانده.

زکوُن: چڵێس، زك کوُر ف حریص در خوردن.

زکوُنی: چڵێسی ف شکم‌برستی.

زکەشۆرە: بەلەفیرە ف اسهال.

زکەشۆرێ: زکەشۆرە ف اسهال.

زکەماسێ: نەخۆشی ئاوبەند، ئیسقایی ف بیماری استسقا.

زکیپێ: قوُلایی ناوەندی بەری پا ف قوس پا.

زکین: زکوُنی، چڵێس ف شکم‌پرست.

زگ: بڕوانە «زك»و هەرچی لەدوای ئەم وشە هاتوە ف نگا: «زگ» و متفرّقاتش.

زگار: ١) زبارە، هەرەوەز؛ ٢) کزو کەنەفتو دڵ بەخەم؛ ٣) ورکە بەرد ف ١) تعاون کشاورزان؛ ٢) ملول و افسرده و لاغر؛ ٣) سنگریزه.

زگانە: ژیاندن بە نانەزگ ف نگهداری کردن با غذای بخورو نمیر.

زگ شێلان: برێتی لە زۆرمیوان بوُنی کەسێك ف کنایه از زحمت مهمان شدن.

زگـورد: ١) ڕەبـەن، سەڵت، پیـاوێ کە ژنی نەهێناوە؛ ٢) بێچـارە ف ١) مجرّد، نامتأهل؛ ٢) بیچاره.

زگەڕۆ: زکدڕاو ف کنایه از پرخوری.

زل: ١) درێژو ئەستـور، گەورە؛ ٢) پایەبەرز، بەدەسەڵات؛ ٣) تواشا بە چاودەرپـەڕیوی: (**زل زل** تواشـای کردم)؛ ٤) پۆشکـەی باریکی

لاسكی گیا؛ ٥) ئه‌ستێره‌كه، ئه‌ستێره‌ی ڕۆژێ؛ ٦) میتكه‌ی مێوینه؛ ٧) چیتك ف ١) بزرگ‌جثّه؛ ٢) بلندپایه؛ ٣) نگاه خیره؛ ٤) ساقهٔ لخت و كندهٔ گیاه؛ ٥) ستارهٔ سحری؛ ٦) چچول؛ ٧) نی.

زلاقوونْك: پۆش به‌قنگه، زل‌به‌قوونه ف سنجاقك.

زلام: ١) گه‌پ، زل؛ ٢) نۆكه‌ر؛ ٣) پیاوی بێ‌ناو ف ١) بزرگ‌جثّه؛ ٢) نوكر؛ ٣) مرد بی‌نام و نشان.

زلان: ١) زریان؛ ٢) باهۆز، گێژه‌لۆكه ف ١) باد جنوب؛ ٢) گردباد.

زلبری: بیچه‌ك، تۆزوڵكه، كه‌موسكه، برۆكه ف كمترین مقدار.

زلبوون: ١) له‌ پچوكی ده‌رچوون، بالاكردن؛ ٢) پایه به‌ره‌ژوورچوون ف ١) نموكردن؛ ٢) بلندپایه شدن.

زلبه‌قوونه: جانه‌وه‌رێكی چوارباڵی قنگ درێژه له‌نێوان په‌پوله‌و كلۆدا، پۆش به‌قنگه ف سنجاقك.

زلپاته: زلبری ف نگا: زلبری.

زڵپك: زیك، زیركه ف جوش صورت.

زڵچه: ده‌نگی شتی ته‌ڕی نه‌رم كه پای لێ نێن یان به ده‌ست بیگوشن: (كه‌وشه‌كه‌م هه‌ر **زڵچه‌ی** دێ، پڵاوه‌كه هه‌ر **زڵچه‌ی** دێت) ف صدای جسم تر نرم كه با پا یا دست فشرده شود.

زڵچه‌زڵچ: زڵچه‌ی له دوی یه‌ك ف «زڵچه»ی پیاپی.

زلحۆ: ته‌ژه‌ی ناقۆلا ف لندهور بدقواره.

زلحۆرت: زلحۆ ف نگا: زلحۆ.

زلزل: تماشاكردنی به‌ چاوده‌رپه‌ڕاوی ف خیره‌خیره نگاه كردن.

زلزله: كێم و هه‌وای برین، چڵكی برین ف ریم، چرك زخم.

زلف: زڵف ف زلف.

زڵف: پرچ، كه‌زی، بسك، ده‌سته تۆكه سه‌ری سه‌ر لاجانگ ف گیسو، موی برعذار، زلف.

زڵفنج: ١) گیایه‌كی تاڵ و ژاراوی كه تۆزه‌كه‌ی ده‌رمانی گیانداری كرمێیه؛ ٢) جوێنێكه وه‌ك سندان، قوزه‌ڵقورت ف ١) گیاهی است ضد كرمویی دام؛ ٢) كلمه‌ای به‌جای كوفت و زهرمار.

زڵفنچك: چڵك و كێم له‌ برین ف چرك زخم.

زڵفۆ: ١) پیاوی به‌سه‌روپرچ و كاكۆڵ؛ ٢) ناوه بۆ پیاوان ف ١) مرد موی سر و كاكل‌دراز؛ ٢) نام مردانه.

زلق: بزۆزو هارو هاج ف بازیگوش، ناآرام.

زڵق: ١) سه‌وزی‌یه‌كه خزمی چۆنه‌ر گه‌لای بۆ دوڵمه‌و ئاش ده‌بێ؛ ٢) حه‌ڕی و لیته‌ی خلیسك ف ١) نوعی سبزی از تیرهٔ چغندر؛ ٢) گل و لای لیز.

زڵقاو: ١) قوڕو لیته، حه‌ڕیا تراو؛ ٢) ئاشی سڵق ف ١) منجلاب؛ ٢) شلهٔ گیاه «زلق».

زلقتی: ١) مۆزه زه‌رده؛ ٢) زه‌رگه‌ته، زه‌رده‌واڵه ف ١) نوعی مگس كه به حیوانات نیش می‌زند؛ ٢) زنبور زرد.

زلك: زڕو زه‌لام ف تنومند گُنده.

زلكوور: كه‌سێ كه چاوی به‌دیمه‌ن ساغه‌و ناش‌بینێ ف نابینایی كه عیب در چشمش ظاهر نیست.

زلكوێر: زلكوور ف نگا: زلكوور.

زلكه: ١) جۆرێ ترێ؛ ٢) جۆرێ سڵق ف ١) نوعی انگور؛ ٢) گیاهی از تیرهٔ چغندر.

زللك: ١) به‌لۆكه؛ ٢) ده‌نكه شه‌مچه ف ١) چچوله؛ ٢) چوب كبریت.

زلله: ١) به پانایی ده‌ست له‌لاڕوومه‌ت دان، شه‌ق، شه‌قام، شه‌په‌لاخه؛ ٢) گاڵته‌جار ف ١) سیلی؛ ٢) مسخره.

زڵم: ناڕه‌وایی ف ظلم.

زلمبۆ: گه‌زۆ، شیله‌ی دار مازو كه وه‌ك شه‌ونم ده‌یارێ ف شیرهٔ درخت مازوج.

زلمزۆ: گه‌زۆ ف گز قنادی.

زلوبی: زرووبی، ناوساجی ف نگا: زرووبی.

زلوبیا: جۆرێ شیرنی له شیرنی‌خانه ئه‌یكه‌ن، له ڕه‌گه‌زدا واتا: شیاوی پارولێ گرتن ف زلو بیا، زولبیا.

زلووت: ١) ڕووتی باریك؛ ٢) سه‌ربێ مو؛ ٣) ڕووت و قووت ف ١) لخت باریك؛ ٢) سر طاس؛ ٣) عریان.

زلوور: قه‌سه‌ڵی ناو ئاخوڕ، كای درشتی به‌رماوی ماڵات ف پس‌ماندهٔ كاه در آخور.

زلووره: زلوور ف نگا: زلوور.

زلۆق: زه‌ق، مۆڵه‌ق: (چاوی قێ **زلۆق** مان) ف چشم خیره و برآمده.

زلووك: ١) چیلكه‌ی كورتی باریك؛ ٢) ده‌نكه شه‌مچه ف ١) چوب كوتاه باریك، خلال؛ ٢) چوبك كبریت.

زلووكه: زلووك ف نگا: زلووك.

زله: ١) پیاوی ته‌ژه، زل: (كابرایه‌كی **زله** هاته لام)؛ ٢) شه‌قام، زلله ف ١) تنومند؛ ٢) سیلی.

زڵه: چه‌قه‌و هه‌را، چه‌قه‌چه‌ق ف همهمه و جنجال.

زڵه‌زڵ: زڵه‌ی زۆر ف جنجال زیاد.

زڵهه: زڵه ف نگا: زڵه.

زلی: ١) زلامی، ئه‌ستووری و درێژی؛ ٢) پایه به‌رزی ف ١) گُندگی و درازی؛ ٢) بلندپایگی.

زلێ: سوكه‌ڵه‌ناوی زلێخا ناوی ژنانه ف مخفف زلیخا نام زنانه.

زلیتاو: چڵپاو، قوڕو لیته ف لای و لجن.

زلێخا: ناوی ژنه‌كوێخایه‌كی فیرعه‌ونی میسر بوه كه وسوو پێغه‌مبه‌ری كڕیوه‌و خۆشی ویستوه ف زلیخا.

زلیقۆ: ده‌موكانه، جۆرێ چه‌سپه ف مویزك، نوعی چسب.

زم: سه‌رما، ساردی ف سرما، سردی.

زما: سه‌رما، زم ف سرما.

زماك: نزار، نسار، شوێنێ له چیا كه تاوی وێ ناكه‌وێ ف جای همیشه سایه در كوه.

زماكی: زمانی دایكی ف زبان مادری.

زماگ: نسار، زماك ف جای همیشه در سایه.

زمان: زبان ف نگا: زبان.

زمان‌به‌د: جنێوفرۆش ف بدزبان.

زمان‌تەڕ: دەم‌تەڕ ف چرب‌زبان.

زمانپاك: جوێن‌نەدەر ف پاك زبان.

زمانپیس: زمان‌بەد ف بدزبان.

زمانتاڵ: دەمتاڵ ف تلخ سخن.

زمـانـدار: ١) چەقـەسـرۆ، چەنـەبـاز؛ ٢) دەم راست، رەوان‌بێـژ ف ١) زبان‌دراز، پرگو؛ ٢) فصیح.

زماندرێژ: زماندار ف زباندراز.

زمان‌رەش: دەم‌پیس، قسەرەق ف بددهن.

زمان‌زان: کەسێ کە شێوەی غەوارە لە گەڵی خۆی دەزانێ ف کسی کە زبان بیگانە داند.

زمان‌شڕ: زارشڕ ف دهن‌لق.

زمان‌شکان: زمان لە گۆچون لە نەخۆشی یان لە سەرمان یان لە تینگی ف زبان از حرکت افتادن.

زمان شیرن: قسەخۆش ف شیرین زبان.

زمان شیرین: زمان شیرن ف شیرین زبان.

زمان کێشان: بریتی لە تینگی فرە کە مرۆ دەکەوێتە هەناسەدان ف کنایە از منتهای تشنگی.

زمانگا: گوڵی گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ، زوانەگا ف گل‌گاوزبان.

زمانگر: ١) مرۆی لاڵەپەتە کە قسەی باش بۆنایە؛ ٢) شوفار، جاسوس ف ١) الکن؛ ٢) جاسوس.

زمان‌گران: تور ف الکن.

زمـان‌گرتن: ١) لاڵە پەتەبوون؛ ٢) جاسوسی کردن؛ ٣) فێرە قسەبوونی منداڵ ف ١) الکن شدن؛ ٢) جاسوسی کردن؛ ٣) زبان یاد گرفتن بچە.

زمان گەز: توون، تیژڵەچێژەدا ف تندمزە.

زمان گەستن: بریتی لە پەژیوانی: (**زمانی خۆم گەست** کە بۆ ئەم کارەم کرد) ف کنایە از پشیمانی.

زمانگیر: زمانگر ف نگا: زمانگر.

زمان‌گیران: قسەبۆنەهاتن ف بە تتەپتەافتادن، زبان بند آمدن.

زمان لووس: دەم تەڕ ف چرب‌زبان.

زمـان لێـدان: ١) بریتـی لە فووپێـداکـردن، تاریـف کردنی بە درۆ؛ ٢) خاپاندن‌و هانەدان ف ١) مدح دروغین؛ ٢) فریب و تحریك.

زمـانـۆك: ١) زمـانـەچکۆڵە، ئەلەنگە؛ ٢) زمانەی زەنگۆڵە ف ١) زبان کوچك؛ ٢) زبانۀ زنگولە.

زمانە: ١) قیتکەی باریك لە ناو شتی درێژدا: (**زمانەی** قایشی پشتێندو کەوش، **زمانەی** تەرازو)؛ ٢) گڕی ئاگر ف ١) باریکۀ برجستە میان چیز دراز، زبانە؛ ٢) زبانۀ آتش.

زمانە چکۆڵە: ئەلەنگە ف لهات، زبان کوچك.

زمانـە چوێلەکە: گیایەکە بۆ ئاش‌و دۆخەوا باشە ف گیـاهی است خوراکی.

زمایش: دەنگی گریان‌و ناڵاندن ف صدای گریە و نالە.

زمبێل: سوێڵ، سمێڵ ف سبیل.

زمبێل بۆق: سوێڵ قەوی، سمێڵ زل ف سبیل کلفت.

زمبێل قەیتان: بریتی لە کەسێ کە سمێڵی رەش‌وبریقەدارە ف کنایە از کسی کە سبیل سیاه و براق دارد.

زمبێڵن: بە سمێڵ ف دارای سبیل.

زمبێلی: زمبێڵن ف دارای سبیل.

زمپەرە: بەردە سماتە، سماتە ف سنبادە.

زمڕق: چزو ف نیش عقرب و زنبور و...

زمڕوت: گەوهەرێکی بەنرخی زۆر کەسکە ف زمرّد.

زمسان: زسان ف زمستان.

زمسانە: زستانە ف زمستانی.

زمسانی: زستانە ف زمستانی.

زمستان: زمسان ف زمستان.

زمستانی: شیاوی زمسان ف زمستانی.

زمستانین: شیاوی زستان لە بەرگ‌و ئازووخە ف لباس و آذوقۀ زمستانی.

زمستو: زمسان ف زمستان.

زمستون: زمسان ف زمستان.

زمسو: زستان ف زمستان.

زملیق: دەگەڵ زەرد دیڵێن واتا: لوس‌و نەرم: (زەردو **زملیق**) ف با «زەرد» بە معنی صاف و نرم.

زمنای: ئەزموون، تاقی کردنەوە ف آزمون.

زموودە: ئەزمو، تاقیەوە کراو ف آزمودە.

زموون: زمنای ف آزمون.

زمونگە: شوینی ئەزموون ف محل آزمایش.

زمە: ١) تاقی کەرەوە: (مێردە**زمە** واتا: پیاوان تاقی دەکاتەوە)؛ ٢) شیش‌و پەتی لولەتفەنگ خاوێن کردنەوە؛ ٣) ئاسنی باریکی بەپێچی نووك تیژ بۆ کون‌کردنی دار ف ١) آزما، آزمایش کنندە؛ ٢) سنبە؛ ٣) متە.

زمهار: ئاردی ئازووخەی زستان ف آرد آذوقۀ زمستانە.

زمهەڕ: زمهار ف نگا: زمهار.

زمی: دەنگی گریان و ناڵاندن ف صدای گریە و نالە.

زمێل: سمێڵ ف سبیل.

زمیلی: ١) سمێڵ؛ ٢) چەند سمێڵێك ف ١) سبیل؛ ٢) چند سبیل.

زمین: ١) زموون؛ ٢) گریان و ناڵاندن ف ١) آزمودن؛ ٢) گریە و نالیدن.

زمی و نالە: گریان و ناڵاندن ف گریە و زاری.

زمیهتـن: ١) گاڵـەو ناڵـە؛ ٢) دەنـگ دانـەوەی زۆر کەس پێکەوە ف ١) فریاد و نالە؛ ٢) صدا بازگشتن گروە.

زن: ١) دوای وشە بەواتا: دەڵێن، تەڕەشوع کەر، دانەوەی ئاو: (تەڕەزن)؛ ٢) پاشگـری بەواتـا: بێژەر: (**درۆزن**) ف ١) پسوند بەمعنی تراوش؛ ٢) پسوند بەمعنی گویندە.

زنار: ١) بەردی زۆرگەورە؛ ٢) شاخ، تیشە ف ١) صخرۀ عظیم؛ ٢) کوە سنگی.

زنازنا: هەراو هوریا، چەقەو گوڕە ف همهمە و غوغا.

زنالۆ: خاڵۆژن ف زن‌دایی.

زناو: زەمینێ کە هەمیشە تەڕو شلەو ئاودەداتەوە ف تکاب، زمین تراوندە.

زنتوٗت: تیز، وشەی گاڵتە پێ کردن ف کلمهٔ مسخره کردن.

زنتۆل: زەلامی قەڵەو، تەژەی ئەستور ف تنومند.

زنج: ١) چارداغی لە قامیش؛ ٢) حەوشی لە چەپەرو قامیش بۆ ماڵات تێ کردن؛ ٣) چەنــاگە؛ ٤) دو شتی زەردی پانو پەل کە ئامــرازی موسیقان؛ ٥) کوتەك ف ١) کوخ از نی؛ ٢) حیاط مانندی از ترکه و نی برای نگهداری دام؛ ٣) چانه، زنخ؛ ٤) سنج از آلات موسیقی؛ ٥) چماق.

زنجار: ژەنگی سەر پاقر، ژەنگی مس کە بە رەنگی کەسك دیار دەکا ف زنگ مس.

زنجاف: پەراوێزی عاباو کەوا ف سجاف.

زنجك: جوٗتە، لوشکە ف لگدپرانی.

زنجەڵە: ئامرازێکی کەوانی بۆ ماڵوٗ کە دەگەڵ ماڵوکێش لێك بدرێ ف از وسایل کشاورزی برای صاف کردن کشتزار.

زنجی: ١) کەپــوٚ، کەپ، لوٗت؛ ٢) پاژێك لە گۆشت ف ١) دمــاغ؛ ٢) پاره‌ای گوشت.

زنجیر: چەند ئاڵقە ئاسنی تێکخراو ف زنجیر.

زنجیرلەمە: یەك بەشوێن یەکا ف یکی بعد از دیگری.

زنجیره: ١) بەرێزو یەك بەتـەنیشت یەکـەوە: (**زنجیره کێو**)؛ ٢) زبری‌و لەلــەی کەنـاری پارەی لە سکـەدراو: (ئـەم لیرەیە سواوە **زنجیرەی** نەماوە) ف ١) تسلسل؛ ٢) برش دور مسکوکات.

زنجیرەدان: بەتەنیشت یەکەوە رێزبوٗن ف بە تسلسل واقع شدن.

زنجیله: زنجیر ف نگا: زنجیر.

زنــچـك: ١) تەڕایی کەم؛ ٢) کێـمو هەوای برین ف ١) تـراوش آب؛ ٢) چرك زخم.

زنچکاو: زەرداوی برین ف زردابهٔ چرك زخم.

زنخ: گەنیو، گەنی ف فاسد بو گرفته، گندیده.

زندق: ١) دوٗڕوٗ، روٗبین؛ ٢) خوا نەناس ف ١) منافق؛ ٢) کافر.

زندو: ١) دژی مردو، لەژیاندا؛ ٢) برێتی لە کێچو سپێ: (**زندوم تێدایە**) ف ١) زنده؛ ٢) کنایه از کك و شپش.

زندەومردە: قوڵکەی بە پوٗشو پەڵاش دا پۆشراو بۆ خۆتێدا شاردنەوە ف چالهٔ سر پوشیده با خس و خاشاك.

زنژ: لوٗت، کەپۆ ف بینی.

زنگ: دەنگی زەنگۆڵە ف صدای زنگوله.

زنگازنگ: دەنگەدەنگی زەنگوڵە ف صدای جرس.

زنگایش: دەنگی زەنگوڵە ف صدای زنگوله.

زنگایەتە: زنگایش ف نگا: زنگایش.

زنگرین: تۆپین، کەوتین ف مرگ حیوان پلید، سقط شدن.

زنگل: زەنگوڵە ف زنگوله، درای.

زنگلزاوا: کژن، جۆرە دەغڵێکە گای پێ قەڵەو دەبێ ف گاودانه.

زنگلك: زەنگوڵەی پچوٗك ف زنگولهٔ کوچك.

زنگلی: جۆرێ کولیچە ف نوعی کلوچه.

زنگەزنگ: دەنگی زەنگی زۆرو بە دوی یەکدا ف صدای پیاپی زنگوله.

زنگی: ١) دەنگی وێك کەوتنی ددانـان لە سەرمان؛ ٢) لاسایی دەنگی زەنگـوڵە بە زمان ف ١) صدای دندانها از سرما؛ ٢) با دهان صدای زنگوله را در آوردن.

زنگین: دەنگی زەنگوڵە ف صدای جَرَس.

زننو: زندو ف زنده.

زننه: زندو ف زنده.

زنه: ١) چیمەنی ئاودەڵێن؛ ٢) زندو ف ١) چمن آبزا؛ ٢) زنده.

زنه کێش: گاسنێ کەقوٗڵ دەکێڵێ ف گاوآهنی که عمیق شخم می‌زند.

زنه گی: ژیان ف زندگی.

زنەیی: زنەگی، ژیان ف زندگی.

زنێر: ١) جۆرێ ماسی؛ ٢) توٗکـەسـەر لێك هاڵاوی چڵکن؛ ٣) شاخی سەخت ف ١) نوعی ماهی، زردماهی؛ ٢) ژولیده موی کثیف؛ ٣) کوه سنگی سخت.

زنینەوه: هەستانەوەی دوای مردن ف رستاخیز.

زۆ: ١) گیایەکی بوٚن خۆشە؛ ٢) قوڵکەی چاو، زەقایی چاو؛ ٣) تاك، یەك ف ١) گیاهی خوشبو؛ ٢) کاسهٔ چشم، برجستگی چشم؛ ٣) تَك، يك.

زوٗ: ١) پەلە، لەز؛ ٢) سەرەتای کاتو دەم؛ ٣) دێر زەمان، لەمێژینە؛ ٤) زا، بێچوٗ: (زاو زوٗ)؛ ٥) تاك، یەك ف ١) شتاب؛ ٢) اول وقت؛ ٣) دیر زمان، سابقاً؛ ٤) زاده، بچه؛ ٥) تَك.

زوا: ١) وشك، دژی تەڕ؛ ٢) زەق، توند ف ١) خشك؛ ٢) سفت.

زوار: هەژار، بێچارە ف بینوا.

زواڵــه: ١) پارچــەیەکی بڕیاو لە چەرم؛ ٢) گزموٗلەقوڕ ف ١) برشی از چرم؛ ٢) گلولهٔ گلین.

زوان: ١) بڕوانە زمان بە هەمو لكو پۆپەوە، زبان؛ ٢) دەنکێ ڕەشە لە ناو گەنم پەیدا دەبێ، زریزانــە، زریزان ف ١) نگــا: «زمـان» و فروعش، زبان؛ ٢) دانهٔ سیاه در گندمزار.

زوانــگ: زوهانگ، قاقەزی مرەکـەف مژ، نوسراو وشکەوکـەر ف خُشك کن.

زوانگیر: زمانگر ف نگا: زمانگر.

زوانمەلیچك: داری بناو ف درخت زبان گنجشك.

زوانه: زمانە ف زبانه.

زوانی ماری: زمانی زکماك ف زبان مادری.

زوانی‌مایێ: زوانی زکماك ف زبان مادری.

زۆباڵمه: وردە ساچمەی تفەنگی راو ف ساچمهٔ ریز تفنگ شکاری.

زوبزو: یەك بە یەك ف یك به یك.

زوبون: جۆرێ قوماشە ف نوعی پارچه.

زۆبوٗن: چاوزەقی، چەم دەرپەڕیوی ف چشم برجستگی.

زوٗبە: پەلە بکە، بلەز ف عجله کن، زود باش.

زوبەرد: زمروٗت ف زمرّد.

زوٗبینا: جگە لەو یەکە ف بجز آن.

زۆپ: ١) قیت، دەرپەڕیو، زەق؛ ٢) داردەستی ئەستوٗر؛ ٣) برێتی لە کێر؛ ٤) ئەستـوٗرو زەق؛ ٥) گاشـەبەرد ف ١) برجستـە، از دور نمایـان؛

٢) چماق؛ ٣) کنایه از آلت مرد؛ ۴) ستبر و سخت؛ ۵) خرسنگ.
زۆپـا: ١) داردەستی ئەستـوور؛ ٢) کوورەی ئاگر لە کانزا ف ١) چمـاق؛ ٢) بخاری فلزی.
زۆپ ئەستوور: بریتی لە دەسەڵات داری زاڵم ف کنایه از فرمانروای ستمگر.
زۆپ زۆپ: گەمەی جاو شارکێ لە ناو زارۆکان ف بازی قایم باشك بچەها.
زۆپك: داردەستی ئەستوور، پەیاغ، تێلا ف چماق.
زۆپۆ: زلامی تەنبەڵ و تەوەزەل ف تنومند بیکاره.
زۆپە: ١) زۆپا، کووره؛ ٢) بە دەستی زۆر؛ ٣) کوتەکی سەر زل؛ ۴) مزراح. مەزرەق ف ١) بخاری؛ ٢) قهراً؛ ٣) گرز، چماق؛ ۴) گردنا.
زوت: روتوقوت، زەلووت ف عریان.
زوتا: لەبەر ئەوە، بۆیە، سەبارەت ف از آن جهت.
زۆتا: گیایەکە لە رێحان دەکا گوڵی شینە ف گیاهی است شبیه ریحان با گلهای بنفش.
زوتك: زۆتك ف نگا: زۆتك.
زۆتك: لێواری کونی قنگ: (مناڵەکەم **زۆتکی** زامار بوه) ف کنارهٔ مقعد.
زوتۆر: دڵناسك، کەسێ کە لە هەموشت توڕە دەبێ ف زودرنج.
زۆتی: نفره، دوعای نەباش ف نفرین.
زوچ: گەمەیەکە بە وردەبەرد ئەکرێ، زت ف نوعی بازی با شن.
زۆحەل: خواردەمەنیەك کە زوو هەزم دەبێ ف خوراك زودهضم.
زۆخ: ١) توانـاو بەکـار؛ ٢) توانـایی، هێـز؛ ٣) خوێن و کێم تێکەڵ ف ١) توانا؛ ٢) یارا؛ ٣) چرك و خون مخلوط.
زووخ: زۆخ ف نگا: زۆخ.
زوخـاڵ: ١) ڕەژی، ڕەژو، خەڵوز؛ ٢) تێـلا، داردەستی ئەستـوور ف ١) زغال؛ ٢) چماق.
زۆخاو: زاخاو، مشت و ماڵدانی تیخ ف صیقل تیغ.
زووخاو: کێم و خوێنی تێکەڵاو ف چرك و خونابهٔ مخلوط.
زوخره: وردکەبەرد ف شن.
زوخروك: زوخره ف شن.
زوخرۆنەك: شوێنی زۆر وردکەبەرد ف شنزار.
زوخم: ١) زق، ئاڵشت، خوێز، خوسـار، خووس؛ ٢) بنی گیایەکی تاڵی بۆن خۆشە ف ١) سرماریزه؛ ٢) بن گیاهی تلخ و خوشبوی.
زوخمه: جلیقه، کولەجەی بێ قۆڵ، تێلەك ف یلك.
زوخور: وردکەبەرد ف شن.
زۆخۆر: لەخواردنا پەلەکەر، بلەزاخوارن ف کسی که تندتند غذا بخورد.
زۆخی: وەستای شیرگەر، کەسێ تیخ زاخاو دەداتەوە ف صیقل گر.
زۆر: ١) بۆش، فریە، گەلێك؛ ٢) هێز و توانا، تابشت، تاقەت؛ ٣) ناهەقی؛ ۴) هێـز بەکار هێنان: (بەزۆری پێم دەکەن) ف ١) بسیـار؛ ٢) نیرو؛ ٣) ظلم؛ ۴) زور و فشار.
زۆڕ: دەنگی زبری گریان، دەنگی گڕی گریان ف صدای خشن گریه.
زوور: ١) زبـر؛ ٢) هێز، تاقـەت؛ ٣) بۆش، دژی کەم؛ ۴) زڵم و ناهەقـی؛ ۵) تەپـۆڵکـەی پچـووکی زووتـەن لە دەشتاییدا؛ ۶) خەمبار و کز؛ ٧) ناقایل، تۆراو؛ ٨) تماشاکردنـی بە چاوی زەق ف ١) زبر؛ ٢) قوّت، نیرو؛ ٣) بسـیار؛ ۴) ستـم؛ ۵) یك تپـه در دشـت؛ ۶) غمگین؛ ٧) ناخشنود؛ ٨) خیره نگاه کردن.
زۆراب: ناوە بۆ پیاوان ف سهراب، نام مردانه.
زووراب: کەسێ بەیانی زو لەخەو رادەبێ ف سحرخیز.
زورات: ١) هەرزنـەگەوره؛ ٢) گەنمە شامـی ف ١) ارزن خوشـه‌ای؛ ٢) بلال، ذرّت.
زۆراتی: ١) بەشی هەرەزۆر لە کۆمەڵ، پتری خەڵك؛ ٢) بە زەبری هێز ف ١) اکثریت؛ ٢) زورکی، جبراً.
زورار: ١) ژنبرا، ژنی برا؛ ٢) ناوی مەڵبەندو هۆزێکە ف ١) زن برادر؛ ٢) نام منطقه و عشیرتی است.
زوراری: سەر بە خێڵی زورار ف منتسب به ایل «زورار».
زۆران: تێکەوە گلانی دو کەس بۆ یەکتر لە زەوی‌دان، ملانە، ملانێ ف کشتی.
زووران: ١) زەوینـی زبـر و بەرداوی؛ ٢) دەشتـی بەتەپۆڵکەی زووت ف ١) زمین زبر و سنگلاخ؛ ٢) دشت دارای تپه‌های کوچك و لخت.
زۆرانباز: کەسێ کە کاری ملانێ کردنە ف کشتی گیر ماهر.
زۆران بازی: ملانێ ف کُشتی گیری.
زۆران گرتن: ملانێ، زۆرانبازی ف کشتی گیری.
زوورانـەوە: خوروی بەژانـەوە کە پێست هەستی پێ دەکـا ف احساس سوزش در پوست.
زۆرانی: زۆران ف کُشتی.
زۆرانی گر: زۆرانباز ف کُشتی گیر.
زۆرانی گرتن: زۆرانبازی ف کُشتی گیری.
زووریاك: بای زۆر بەهێز، رەشەبا ف تُندباد.
زۆربردن: دەرەقەت هاتن، قەوەت پێ شکان ف زور چربیدن.
زۆربرن: زۆربردن ف زورچربیدن.
زۆربگیر: ڕەشبگیر ف بسیج زورکی.
زۆربڵێ: چەنەباز ف پرحرف.
زووربوون: ڕوانین بەچاوزەقی ف خیره نگاه کردن.
زۆربۆهاتن: کەوتنە تەنگانەوە ف زیر فشار واقع شدن.
سروّ: لە دوای وشەی چەقە دێت واتا: بێژ: (کابرا چەقەسروێە) ف بعد از کلمهٔ «چەقە» بەمعنی گوینده.

سروت: لاسکی گەنمو جۆ، کلۆش، ساقەتەی دەخڵ ف ساقهٔ گندم و جو.

سروُچـك: گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی وێرانی کرد ف از آبادیهای کردستان که بعثیان ویران کردند.

سرود: گۆرانی نیشتمانی، نەشید ف ترانهٔ ملّی، سرود.

سروش: فرشتەی پەیام‌بەر، جبرائیل ف جبرئیل.

سروشت: سرشت ف طبیعت.

سروشتی: سرشتی ف طبیعی.

سروه: بای بسکان، شنەبا، شنە، کزەبا ف نسیم، ایاز.

سره: نۆبە، نۆرە، باو ف نوبت.

سڕه: ۱) باگر؛ ۲) بای سارد؛ ۳) ریخو شیاکەی پەستاوتەی وشك، کەمرە؛

۴) شه‌خته‌ی پایز ف ۱) باد راه؛ ۲) باد سرد؛ ۳) سرگین لگدمال شدهٔ خشك و سفت؛ ۴) سرمای نابهنگام پائیز.

سره‌فت: ئۆقره، ئارام، داسه‌کنان ف آرامش تن.

سره‌فتن: ئۆقره‌گرتن، هه‌دادان ف آرام شدن.

سره‌وان: ۱) سره‌فتن؛ ۲) لێدان، بڕوانه تێ سره‌واندن ف ۱) آرام شدن؛ ۲) زدن.

سره‌واندن: ۱) ئارام کردن؛ ۲) تێ سره‌واندن ف ۱) آرام کردن؛ ۲) زدن.

سره‌وانن: سره‌واندن ف نگا: سره‌واندن.

سره‌وت: سره‌فت ف آرامش تن.

سره‌وت کردن: ئارام کردن ف آرام کردن.

سره‌وت گرتن: ئارام بوُن، ئۆقره گرتن ف آرام گرفتن.

سره‌وتن: سره‌فتن ف آرام شدن.

سره‌وین: سره‌وان ف نگا: سره‌وان.

سڕی: ۱) ته‌زین؛ ۲) ئه‌سترِی، ماڵیه‌وه ف ۱) بی‌حسّی؛ ۲) زدود، پاك کرد.

سرێش: چرێش، ئه‌سرێلك، سترك ف سریش.

سرێشله‌مه: کاری ناته‌واو ف کار ناتمام.

سرێشمه: ۱) سرێشه‌جاڕ؛ ۲) ناوی گوندێکه له کوردستان ف ۱) سریش زار؛ ۲) نام دهی در کردستان.

سریلاوا: ناوی گوندێکه له کوردستانی موکری ف نام دهی.

سریله: ۱) مه‌لێکی پچوکی جوانه دو په‌ڕی وه‌ك دوشاخ لێ به‌رز بۆته‌وه؛ ۲) جانه‌وه‌رێکی پچوکی وه‌ك کولله‌یه جیڕه‌جیڕ ده‌کا، سیسرك ف ۱) چکاوك؛ ۲) جیرجیرك.

سریمه: تاسیر، ژانی به‌هۆی برینداربون‌و... ف تأثیر، درد در اثر زخم و...

سڕین: ئه‌سترِین ف زدودن، پاك کردن.

سرینچك: به‌ری دارێکی دڕکاوی گه‌ڵابۆری زه‌یتونیه تێکوڵی سوُره له‌ناوه‌وه وه‌ك ئارد ده‌چێ، سنجو، لاسی ده‌سچێن ف سنجد.

سرینچکه‌تاڵه: جۆرێ سرینچك ف نوعی سنجد تلخ.

سڕینه‌وه: ۱) ئه‌سترِینه‌وه، بردنی په‌ڵه یان خه‌ت؛ ۲) خاوێن کردنه‌وه به په‌ڕۆو... ف ۱) ستردن، زدودن؛ ۲) پاك کردن با دستمال و...

سریوه: ۱) سروه، شنه، بای بسکان؛ ۲) جریوه‌ی چۆله‌کان؛ ۳) زریوه‌ی ئه‌ستێره ف ۱) نسیم؛ ۲) جیك‌جیك گنجشکان؛ ۳) چشمك ستاره.

سزا: ۱) پاداشت؛ ۲) ده‌ردو ئازار؛ جزیا ف ۱) پاداش؛ ۲) رنج و آزار.

سزاچه‌شتن: توُشی ره‌نج‌و ئازار بوُن ف درد چشیدن.

سزاچه‌شین: سزاچه‌شتن ف درد چشیدن.

سزاچێشتن: سزاچه‌شتن ف دردچشیدن.

سزاخانه: جێگه‌ی ئازاردان ف شکنجه‌گاه.

سزاخواردن: توُشی ئازاربوُن ف آزار چشیدن.

سزادان: ۱) پاداشت دانه‌وه؛ ۲) ئازاردان ف ۱) پاداش دادن؛ ۲) آزردن.

سزادانه‌وه: ۱) تۆڵه‌بۆکردنه‌وه؛ ۲) تۆڵه لێ سه‌ندنه‌وه ف ۱) جبران کردن؛ ۲) انتقام گرفتن.

سزاو: ئاوی له ماستی ناو توُره‌که تکاو ف آبی که از ماست کیسه آید.

سزك: ۱) ئاوی په‌نیر که لۆرکی لێ ده‌گرن؛ ۲) تیژاوی دۆ که ده‌کرێته شیرێژ ف ۱) آب پنیر که لور سازند؛ ۲) تیزاب دوغ که شیراز سازند.

سزگ: سزك ف نگا: سزك.

سزه: ته‌زوُی سه‌رما ف سوز سرما.

سژ: زج، زچ، سج، قڕنو ف نگا، زج.

سس: شل‌و ول، خۆنه‌گرتو ف سُست.

سسارك: سیسارگ ف کَرکَس.

سست: سس ف سُست.

سست‌وپه‌له‌شت: ته‌مه‌ڵ‌و له‌کارنه‌زان ف تنبل و بی‌مهارت در کار.

سسته‌په‌له: ته‌مه‌ڵ له کارو لێ نه‌زان ف دستپاچه و تنبل.

سسته‌سست: خۆبواردن له کار ف اهمال کردن در کار.

سسته‌ك: زه‌وی شلی ناپته‌و ف زمین سست و نامحکم.

سستی: شل‌و شه‌وێقی، ته‌مه‌ڵی، له‌ش گرانی ف سستی.

سسڵه: زنجیرۆکه‌ی زه‌نبه‌ر ف زنجیر زینتی.

سسه: سسته‌ك ف نگا: سسته‌ك.

سسێ: ژماره‌سێ ف عدد سه.

سسی: دانۆکه که‌نگر ف کنگردانه.

سعوُتی: بڕنوتی ف انفیه.

سعوُد: به‌خت، تاڵه، تالح ف بخت.

سغ: سخ ف نگا: سخ.

سفارشت: ڕاسپاردن ف سفارش.

سفت: سخ ف سفت تنیده.

سفتاح: هه‌وه‌ڵ فرۆش، ده‌شت ف استفتاح، دستفال، دشت.

سفت‌بوُن: سخ‌بوُن ف سفت شدن.

سفتۆ: بوگه‌ن ف بدبو.

سفتۆبوُن: داهێزان، له‌ش گران بوُن، نیوه نه‌خۆش ف کَسِل.

سفت‌وساده: بێ ڕوُده‌روایسی، ره‌پ و ڕه‌وان ف رك و صریح.

سفتوسۆ: چوزانه‌وه‌ی برین ف سوزش زخم.

سفتۆك: میوه‌ی گه‌نیوی رزیو ف میوهٔ گندیده.

سفت‌وسۆڵ: سخی ساف‌و لۆس ف سفت و صاف.

سفت‌وسوێ: سفت‌وسۆ، چوُزانه‌وه، توُزانه‌وه ف سوزش زخم.

سفته: ۱) ساویاو، حولی‌بوُگ؛ ۲) ڕیایی، روبینی؛ ۳) پسوُله‌ی حه‌واڵه؛ ۴) گیایه‌که بۆ ماڵات؛ ۵) سوُتاو ف ۱) سابیدهٔ صاف شده؛ ۲) تملّق؛ ۳) سفته؛ ۴) علفی است؛ ۵) سوخته.

سفته‌ك: دارێکه به‌رێکی شیرین ده‌داو گه‌ڵای له گه‌ڵای زه‌یتون ده‌کا ف درختی است جنگلی.

سفتی: توندی ته‌نراو ف سفتی بافت.

سفتیك: ده‌شتایی له نێوان کێوان ف جلگه در دره، وادی.

سفر: نوخته له نوُسینی ژماره‌دا، نوخته‌ی به‌تاڵایی ف صفر.

سفره: که‌وڵی نان، خوان ف سفره.

سفره‌بڕ: سیسرکی ماڵی، سیسرکه ف جیرجیرك.

سفره‌بڕه: سفره‌بڕ ف جیرجیرك.
سفره‌چی: خزمه‌تکارێ که به نان‌و خوان ڕاده‌گا ف گارسن.
سفره‌مار: ڕه‌قه‌مار، جۆرێ ماره ده‌ڵێن ورگی ئاواڵه ده‌کاته‌وه مێش‌و مۆزی لێ ده‌نیشتن‌و له‌پڕ ورگی وێك دێته‌وه به‌وه ده‌ژی ف نوعی مار که گفته می‌شود شکمش باز می‌شود.
سفره‌ی فه‌قێ‌یان: هه‌شت ئه‌ستێره‌ن له نێوان برجی دوپشك‌و ته‌رازودا ف هشت ستاره در میان برج عقرب و میزان.
سفره‌ی فه‌قیران: سفره‌ی فه‌قێ‌یان ف نگا: سفره‌ی فه‌قێ‌یان.
سفری: ئه‌ستێ‌و به‌ردی تفه‌نگی ڕاو ف سنگ آتش‌زنهٔ تفنگ سرپر.
سفــك: ۱) به‌رهــه‌یوان؛ ۲) سوُك، دژی گران‌و سه‌نگین؛ ۳) کۆست، له‌مپه‌ر، بڵندایی سه‌ره‌ڕێگه ف ۱) ایوان خانه؛ ۲) سبُك؛ ۳) مانع در راه.
سفکی: دژی قورسی‌و سه‌نگینی ف سبُکی.
سفکێ: ناوی گوندێکه له کوردستان ف نام روستایی است.
سفلیس: نه‌خۆشیه‌که شه‌رمی نێر و مێ داده‌گرێ ف سفلیس.
سفن: ماك، بنه‌ما، ڕه‌گ‌و ریشه ف اصل، بیخ و بن.
سفنـك: هیم، خیم، ته‌مه‌ڵـه، به‌ردی بناخه، بناغه ف اسـاس بنای ساختمان.
سفنێ: ناوی گوندێکه ف نام دهی است.
سفـور: ۱) گه‌سك ده‌ری کۆڵان؛ ۲) ژنه شارستانی بێ ڕوپۆش ف ۱) رفتگر؛ ۲) زن شهری بی‌حجاب.
سفۆر: جانه‌وه‌رێکه که‌وڵی به‌قیمه‌ته، سمۆره ف سمور.
سفۆری: بالاپۆش له که‌وڵی سمۆره ف جبّه از پوست سمور.
سفـه‌ت: ۱) په‌سن، تاریف؛ ۲) ئه‌مـه‌گ، وه‌فا: (زۆر بێ‌**سفه‌ته**) ف ۱) وصف؛ ۲) وفا.
سفی: سپی، چه‌رمگ ف سفید.
سفێده: سپێده، به‌ره‌به‌یان ف بامداد، پگاه.
سڤ: په‌رسڤ، جواو ف پاسخ.
سڤانده: سوانده ف لب بام.
سڤانك: گیایه‌که عه‌ره‌ب پێی ئێژن گونه‌ڕێوی ف گیاهی است.
سڤده: سه‌رده‌رانه به خشت هه‌ڵچنین ف ردهٔ آجری بالای در.
سڤ سڤیلك: مه‌لێکی پچوکی ڕه‌نگاوره‌نگه ف گنجشکسانی رنگارنگ.
سڤك: نه‌سه‌نگین، سفك ف سبك، کم‌وزن.
سڤکۆك: زۆرسڤك ف بسیار سبك.
سڤنك: گه‌سك ف جارو.
سڤنـگ: چنگـه‌کلۆشێ که پشتی گاگێره‌ی پێ ده‌ماڵن ف دسته‌ای از ساقهٔ غلّه که پشت گاو خرمنکوب را بدان تمیز کنند.
سڤۆره: سمۆره، سفۆر ف سمور.
سڤۆری: جلکی له که‌وڵی سڤۆره ف لباس از پوست سمور.
سڤوُك: توتم، ترشی سماق ف سماق.
سڤی: سه‌ر هێڵه‌گ، که‌په‌ك ف نخاله.
سڤێری: گیایه‌که له جۆ ده‌کا ف گیاهی جومانند.
سڤیشك: دودڵی، دڕدۆنگی ف بدگمانی.
سڤیك: ۱) میچ، بان له دیوی ژوُره‌وه؛ ۲) به‌رهـه‌یوانـۆکه؛ ۳) گه‌سك، گزگ ف ۱) سقف؛ ۲) تراس کوچك؛ ۳) جارو.
سڤیل: که‌سێ که جلکی ئوروپـایی له‌بـه‌ردابێ ف کسی که پوشاکش اروپایی است.
سڤیلانك: زۆر سڤك ف بسیار سبك‌وزن.
سقــان: ۱) پێشـه، ئێسـك، ئێسقـان، سخـان، هه‌سی؛ ۲) تیژکـردن‌و سوُنه‌وه‌ی تیخ ف ۱) استخوان؛ ۲) تیز کردن تیغ.
سق سق: جیڕه‌جـیڕ. بۆ ده‌نـگی ده‌رگای شڕ و که‌وشی *تازه* ده‌ڵێن ف صدای در کهنه و کفش تازه.
سقڵ: نه‌خۆشی خواردن نه‌تواندنه‌وه، گرفت، ئینته‌لا ف بیماری امتلا، رودل.
سقمه: ژنی تێرگۆشتی له‌بار ف زن چاق و خوش‌تیپ.
سقێف: سخێف، جوێن، دژوُن، دژمان ف دشنام.
سك: ۱) زگ، ورگ‌وناو؛ ۲) پیزه، تۆل؛ ۳) ناحه‌ز، ناشیرین ف ۱) شکم؛ ۲) جنین؛ ۳) نازیبا، زشت.
سکاسن: ده‌رمانی چه‌رم ڕه‌نگ کردن ف داروی رنگ چرم.
سکـالا: ۱) وتـو وێژی خۆشـه‌ویستانه، رازو نیاز؛ ۲) گله‌یی، لۆمه؛ ۳) شکایه‌ت، گله؛ ۴) بیری چاره ف ۱) رازو نیاز؛ ۲) گله؛ ۳) شکایت؛ ۴) چاره‌جویی.
سکـاڵـه: ۱) شکـات، شکایه‌ت، داد؛ ۲) پاڕانه‌وه ف ۱) شکایت؛ ۲) التماس، لابه.
سکان: ۱) چه‌سپین، لکان؛ ۲) جنێو، دژمان ف ۱) چسبیدن؛ ۲) دشنام.
سکـانن: ۱) چه‌سپاندن، لکاندن؛ ۲) جوێن‌دان ف ۱) چسبانیدن؛ ۲) دشنام دادن.
سك‌به‌ردان: زگ به‌ردان ف کنایه از پرخوری.
سکپ: بن‌ڕێسمه ف چوب پاشنهٔ در.
سکپڕ: زکپڕ ف حامله.
سکتـان: گونـدێکی کوردستـانه به‌عسی وێرانی کرد ف از روستاهای کردستان که بعثیان ویران کردند.
سکتر: بێده‌نگ له ناچاری: (**سکتر** به واتا: بێده‌نگ به) ف خاموشی از ناچاری، خفه‌شدن.
سکچوُن: زگچوُن ف اسهال.
سکدار: ئاوس، زگدار ف آبستن.
سکدڕاو: زگدڕاو ف کنایه از پرخور.
سکر: ۱) پاڵوێنه‌ی له توُڵ چندراو؛ ۲) به‌ربه‌ندی ئاو به توُڵ‌و گیا ف ۱) پالونهٔ از ترکه؛ ۲) سدّ آب از ترکه و گیاه.
سکرۆین: زگچوُن ف اسهال.
سکزل: زگزل ف شکم گنده.
سك‌سوُتان: زگسوُتان ف کنایه از مرگ فرزند.
سکف: سکپ ف نگا: سکپ.
سك کردن: زگ کردن ف نگا: زگ کردن.
سککـه: ۱) گوڵمیخ؛ ۲) سکـه، پاره‌ی له کانـزا، قه‌ره‌پوڵ ف ۱) میخ

طویله؛ ۲) سکّه، پول فلزّی.
سکڵ: پۆلو، پۆل، پەنگر، پەرەنگ، پەن، پن ف اخگر.
سکڵ فۆ: گەمەیەکە سکڵ بە دەرزیی و بەنێکەوە هەڵداوەسن و بەرەو یەکتر فوی لێ دەکەن، سکڵی بەفوان ف نوعی بازی با اخگر.
سك لەوەزێن: زگ لەوەزێن ف سورچران.
سکڵی بەفوان: سکڵ فۆ ف نگا: سکڵ فۆ.
سکماك: زگماك ف مادرزاد.
سکن: زگن، زگزل ف شکمو، شکم گنده.
سك نانەسەر: زگ نانەسەر ف کنایه از پرخوری.
سکور: ستۆکڕك، سورێنچکە ف خرخره، سرخ نای.
سکورد: ستۆکڕك ف خرخره.
سك وزا: زگ وزا ف زادو ولد.
سکوزان: سکوزا، زگوزا ف زادو ولد.
سکوم: تەرح و دیدار، سەرو سەکوت ف سیما.
سکـە: ۱) سکـوم؛ ۲) پارە، لەسکەدراو، زێڕ یان زیوی دەقالب کراوی نوسراو ف ۱) سیما؛ ۲) سکّه.
سکەشۆرە: زگچوُن ف اسهال.
سکەشۆری: زگچوُن ف اسهال.
سکەڵ: سکڵ ف اخگر.
سکەنجەبین: ئەسکەنجەبین، ئەسکەنجەمین ف سکنجبین.
سکەنجەمین: ئەسکەنجەبین ف سکنجبین.
سکێشە: زگ ئێشە ف شکم‌درد.
سگار: جگەرە ف سیگار.
سگڵ: بالۆك، بالۆکە ف زگیل.
سگوڕ: گوێلکی زۆر قەڵەوی غلوُر ف گوسالهٔ چاق و مغرور.
سگین: گانی سەگ، جوت بوُنی سەگی گوڵ و دێڵ ف جفت گیری سگ.
سل: ۱) تەپەگوُ؛ ۲) دەردە باریکە؛ ۳) توُڕەو قەڵس ف ۱) یك تکه مدفوع؛ ۲) بیماری سل؛ ۳) خشمناك.
سڵ: سرك، رەوەك ف رموك.
سلا: بەرزاییان، بڵندان ف بلندیها.
سلاح: ۱) چەك، ئەسپـابی شەڕ؛ ۲) سوکـەڵەناوی سەلاحەدین ف ۱) جنگ‌افزار، سلاح؛ ۲) مخفف نام صلاح‌الدّین.
سلار: تخێل، راست بەعەرزا درێژ بوُگ ف دراز کشیده بر زمین.
سلار بوُن: تخێل بوُن ف راست دراز کشیدن.
سلار بـوُنـەوە: ۱) تخێل بوُن؛ ۲) برێتی لە مردن ف ۱) دراز بر زمین افتادن؛ ۲) کنایه از مردن.
سڵاڤ: وشەی دۆست بە دۆست لە کاتی توُش بوندا ف درود، سلام.
سڵام: سڵاڤ ف سلام.
سڵامالێ: سڵاڤ، سەلام مەلێك ف سلام علیکم.
سڵامانە: دیاری لە سەفەر هێنان ف رەآورد سفر، ارمغان.
سڵامەت: ساق، ساخ ف سلامت.
سڵامەتی: ساقی، ساخی، ساغی ف سلامتی.

سڵامەلێ: سڵامالێ، سڵاڤ ف سلام علیکم.
سڵامەلێك: سڵاڤ، سڵامالێ ف سلام علیکم.
سڵان: سلا، کێوان، بڵندیان ف بلندیها، کوهساران.
سڵاو: ۱) سڵاڤ؛ ۲) پارسەنگی تەرازو ف ۱) سلام؛ ۲) پارسنگ ترازو.
سڵاوات: یەسنی پێغەمبەردان بە دەنگی بەرز ف صلوات بر پیغمبر.
سڵاودانـەوە: ۱) توێك گران کێشـانی تەرازو بۆ دڵخۆشی کڕیار؛ ۲) وشەی قوتاربونی نوێژ ف ۱) خاطرانه کمی گران کشیدن ترازو؛ ۲) سلام پایان نماز.
سڵاوەت: سڵاوات ف صلوات بر پیغمبر.
سڵاوەتە: ناوی گوندێکە ف نام دهی است.
سڵبوُن: ۱) قوت بوُن، سرك بوُن؛ ۲) توُڕە بوُن، قەڵس بوُن ف ۱) آمادهٔ رم شدن؛ ۲) خشمگین شدن.
سلبین: سڵبوُن، توُرە بوُن ف خشمگین شدن.
سڵپ: ۱) تلف، تڵتە، تڵپ؛ ۲) تەپ، تەوەزەل ف ۱) تفاله؛ ۲) سست و تنبل.
سڵتان: سوڵتان، سان ف سلطان.
سڵتان سەر: تەپڵە سەر ف تارك.
سلتێنی: زەوی بەشی دوروۆژە جوُت ف زمین به‌اندازهٔ دو روز شخم زدن با گاو.
سلخە: ۱) ڕنو، کڵێڵە، ڕنی؛ ۲) گاشەبەردی زل ف ۱) بهمن؛ ۲) صخرهٔ بزرگ.
سلسار: بێ‌شەرم، سەرسەری ف بی‌شرم.
سلسارد بوُنەوە: برێتی لە مردنی ناخۆشەویست ف کنایه از مرگ بدسگال.
سلسارد کردنەوە: برێتی لە کوشتنی ناخۆشەویست ف کنایه از کشتن دشمن.
سڵسڵە: سنسڵە ف زنجیر زینتی.
سلسەرد بوُنەوە: سلساردبوُنەوە ف کنایه از مرگ بدسگال.
سلسەردەو بوُن: سلساردبوُنەوە ف کنایه از مرگ بدسگال.
سلف: سڵپ، تڵپ ف تفاله.
سڵق: سرق ف نگا: سرق.
سڵقاو: شێوی سڵق ف آش «سرق».
سڵقی ڕوُت: برێتی لە روُت و نەداری بێ هیچ شت: (چـەند ساڵە هەوڵ ئەدەیت و گەلـێ **روُت تری لە سڵق**) «شێخ رەزا» ف کنـایه از لات آسمان جل.
سلك: ۱) سرك، رەوەك؛ ۲) سڵق، سرق ف ۱) رموك؛ ۲) نگا: سرق.
سلکاندن: دورەپەرێزی لە خەڵك ف انزوا.
سڵ کردن: ۱) رەوینەوە؛ ۲) شەرم کردن لە روی خەڵکا ف ۱) رمیدن؛ ۲) خجالت کشیدن.
سلکیان: سڵ کردن، رەوینەوە ف رمیدن.
سلکێ سوُر: چەوەندەری خۆمالێ ف چغندر.
سلکین: سلکیان ف رمیدن.

سلم: رەوو، قوشقی بوُن [ف] رم.
سلْماس: ناوچەو شارێکە لە کوردستان [ف] ناحیە و شهری در کردستان.
سلماستك: گیایەکە [ف] گیاهی است.
سلمته: بژار [ف] وجین.
سلمو: رەوەك [ف] رموك.
سلۆ: سوکەڵە ناوی سلێمان [ف] مخفف سلیمان.
سلۆری: گڕی ئاگر، پێت [ف] گُر آتش.
سلۆڤان: هۆزێکی کوردە [ف] عشیرتی از کُردزبانان.
سلۆم: هۆزێکی کوردە [ف] عشیرتی از کردزبانان.
سلوُهی: سلتینی [ف] نگا: سلتینی.
سلەم: پەیژە، پەیجە [ف] نردبان.
سڵەمـان: ۱) رەوکردن؛ ۲) سوکەڵە ناوی سولەیمان [ف] ۱) رمیدن؛ ۲) مخفف سلیمان.
سڵەمانەوە: رەوینەوە [ف] رم کردن.
سڵەمکە: گیایەکە لە دوکڵیوی دەکەن [ف] گیاهی است خوراکی.
سڵەمە: رەو [ف] رم.
سلەمەڕ: چەند پشکەڵی تەڕی پێکەوەنوُساوی مەڕ [ف] چند پشکل بهم چسبیده و خیس گوسفند.
سڵەمیانەوە: ڕەوینەوە [ف] رم کردن.
سڵەمینەوە: ڕەوینەوە [ف] رم کردن.
سلەوەجە: نەخۆشیەکە بۆ بەز [ف] نوعی بیماری گوسفند.
سلەوجێ: سلەوەجە [ف] نگا: سلەوەجە.
سلی: ۱) رەوەکیەتی؛ ۲) توُرەیی، قەڵسی [ف] ۱) رمیدگی؛ ۲) خشم.
سڵی: رەوەکیەتی [ف] رمیدگی.
سلێمان: ناوە بۆ پیاوان [ف] سلیمان، نام مردانه.
سلێمان کەندی: ناوی گوندێکە لە کوردستان [ف] نام روستایی است.
سلێمـانی: ۱) جۆرێ مورُوی ژنـانـە؛ ۲) جۆرێ ترێ؛ ۳) شارێکە لە کوردستـان [ف] ۱) نوعی مهـرهٔ زینتی؛ ۲) نوعی انگور؛ ۳) شهری است در کردستان.
سڵێمانی: ۱) مورُوی سلێمانی؛ ۲) نازناوی پەپوە: (پەپوسڵێمانی) [ف] ۱) نوعی مهرهٔ زینتی؛ ۲) لقب هدهد.
سم: ۱) سەرپەڕی رەقی پەلی ئاژەڵو وڵاخە بەرزە؛ ۲) پاشگری بەواتا: کونکەر [ف] ۱) سم چهارپا؛ ۲) پسوند بەمعنی سوراخ کننده.
سما: کونکرا [ف] سوراخ شد.
سمات: کەمرە، گەمرە [ف] سرگین سفت لگدمال شده.
سمـاتـە: ۱) بەردێکی رەشی زبر و زۆر سەختە؛ ۲) قاقەزێکی زبرکراوە ئاسن و داری پێ لوُس دەکەن [ف] ۱) سنگی سیاه و سخت؛ ۲) سنباده.
سماخ: ئاودانی تیغ [ف] آب دادن تیغ.
سماخکری: تیخی ئاودراو [ف] تیغ آبدیده.
سمـارتـە: ۱) سمـاتـە؛ ۲) سمتـاش، ئامـرازی سم تاشین بە دەست ناڵبەندەوە [ف] ۱) سنباده؛ ۲) سمتراش.
سماق: توتم [ف] سماق.
سماقان: ۱) شوێنێ کە زۆری دارسماق لێ ڕواوە؛ ۲) ناوی گوندێکە لە کوردستان [ف] ۱) سماقزار، محل رویش سماق؛ ۲) نام دهی در کردستان.
سماقاو: چێشتی سماق، مزراویلکە، جل بڕۆکە [ف] آش سماق.
سماق پاڵان: پاڵوێنەی کانزا بۆ پاڵاوتنی برنج، سوُزمە [ف] پالونهٔ فلزی، برنج پالا، شیپ پالا، آبکش.
سماق دەرێنان: بریتی لە جەزرەبەدانی زۆر [ف] کنایە از آزاردادن بسیار.
سماق شیرنی بچوُك: گوندێك لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد [ف] روستایی در کردستان کە بعثیان ویران کردند.
سماق شیرنی گەورە: گوندێك لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد [ف] روستایی در کردستان کە بعثیان ویران کردند.
سمـاقلوُ: گونـدێك لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد [ف] روستایی در کردستان کە بعثیان ویران کردند.
سمـاقـوڵی سەرچاوە: گوندێك لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد [ف] روستایی در کردستان کە بعثیان ویران کردند.
سماقوڵی گرتلە: گوندێك لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد [ف] روستایی در کردستان کە بعثان ویران کردند.
سماقە: لەش رەقبوُن لە سەرماوە، رەوەنج، رەقیتە [ف] نوعی بیماری دام.
سماقیـە: گوندێکی کوردستـانە لەلای دیاربەکر [ف] از روستـاهای کردستان.
سمان: کونبون [ف] سوراخ شدن.
سماندن: کونکردن [ف] سوراخ کردن.
سماو: کونکراو [ف] سوراخ شده.
سمایل: سوکەڵەناوی ئیسماعیل [ف] مخفّف اسماعیل.
سمـایلاوا: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد [ف] از روستاهای کردستان کە بعثیان ویران کردند.
سمبر: ئامرازی سمتاشین، سمارتە [ف] سمتراش.
سمبل: ئاوێ کە بەخێر دەدرێ [ف] آب خیراتی.
سمبلاك: زەردەماسی [ف] ماهی اوزون برون.
سمبـلانـدن: تازە سمێڵ بۆربـوُن، تازە خەتدان [ف] پا در سن بلوغ گذاشتن پسران.
سمبۆرە: سفۆر، سقۆر، سمورە [ف] سمور.
سمبەری: جۆرێ داری بێبەر [ف] درختی است بی‌ثمر.
سمبێل: ۱) موُی پشت لێوی پیاو، سمێڵ؛ ۲) گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی وێرانی کرد [ف] ۱) سبیل؛ ۲) از روستاهای کردستان کە بعثیان ویران کردند.
سمبێڵ: سمبێل، سمێڵ [ف] سبیل.
سمبێڵ بوُق: سمێڵ قیت، بریتی لە مرۆی ئازاو لەخۆ بایی [ف] کنایە از شجاع و مغرور.
سمبێڵ شوُڕ: بریتی لە مرۆی بێ ناکـارو بێ ویجـدان [ف] کنـایە از بی‌وجدان و تبهکار.
سمبێلۆك: گوڵێکی بوُنخۆشە [ف] گُلی است خوشبو.

سمبێلەك: زەردەماسی ف نوعی ماهی زردرنگ.
سمپارە: کاغەزی تەختەو ئاسن لوُس کردن، سماتە ف سنبادە.
سمت: ١) کونی دەسکرد؛ ٢) ئەستوراییی بەر کەمەر، لاقوُن: (گیر نەبو دەستم لەبـەر لوُسی بە **سمتی** خڕیەوە) «شێخ رەزا» ف ١) سوراخ مصنوعی؛ ٢) باسن.
سمتاش: سمبڕ ف سمتراش.
سمتاندن: کون کردن ف سوراخ کردن.
سمتراش: سمبڕ ف سمتراش.
سمتن: کون کردن ف سوراخ کردن.
سمتوساتان: دیمەنی سمتی ژنی جوان ف منظرهٔ باسن خوشگلان.
سمتۆك: کون کەر ف سوراخ کننده.
سمتۆڵ: سمت، لاقوُن، کەفەڵی مرۆ ف باسن.
سمتە: وردی زۆری پێکەوە نوساو، تۆڵا ف نگا: تۆڵا.
سمتەراش: سمبڕ ف سمتراش.
سمتەگڵ: گڵی پێکەوە چەسپاوی زەلام، سندە، کلۆ ف کلوخ.
سمتین: کون کردن، سمین ف سوراخ کردن.
سمدار: جانەوەری بەسم ف دارای سُم.
سمدمد: خەزایی، عایلەمەن ف سار ملخ‌خوار.
سمڕ: سڕمە ف جنجال.
سمڕاخە: چڵکی گوێ ف چرك گوش.
سمڕاو: پیاوی پتەوی توندگۆشت ف قوی بنیهٔ بهم آمده، توپر.
سمڕسمڕ: هەراو دەمەقاڵە ف جنجال و نزاع.
سمڕە: پاشڵی دوُگی مەڕو بەران ف دنبالهٔ دُمبهٔ گوسفند.
سم ڕەشی: نەخۆشیەکی ئاژەڵە ف نوعی بیماری دام.
سمسا: گیایەکی بۆن خۆشە ف گیاهی خوشبو.
سمسار: دەلاڵی بازار ف سمسار.
سمسارك: مردارخۆرێکی سپی بۆرە، سیسارگ ف کرکس.
سمسك: نەفەس پیس، چاوپیس، شوُم ف نحس، شوم.
سمسێر: سمسار ف سمسار.
سمسیرە: تڵفی ترێی گوشراو، تڵتەهەنگوُر ف تفالهٔ انگور آبگیری شده.
سمقە: زەوی نەرم و راست کە بێ جوت لێ‌دان چەڵتوُکی لێ دەچێنن ف زمین هموار نرم کە بدون شخم شالی در آن می‌کارند.
سمکاك: بەری گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف دانهٔ گیاهی دارویی.
سمکۆ: ١) سوکەڵەناوی ئیسماعیل؛ ٢) دەست بەزەویدا کوتانی ئەسپ ف ١) مخفّف اسماعیل؛ ٢) سم بر زمین کوبیدن اسب.
سمکوت: جێگەی پە سم کوتراو ف با سُم کوبیده شده، لگدکوب.
سمکۆت: کەفچی گەورەی دار ف قاشق بزرگ چوبین.
سمکـۆد: سم گەورە، پەسنی ئەسپی رەسـەنـە ف از مشخصات اسب اصیل، پیل سم.
سم کوُدك: سم گەورە، پەسنی ئەسپی رەسەنە ف پیل سم.
سم کوردك: سمکۆد ف پیل سُم.
سمکۆك: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف گیاهی است طبّی.

سمکۆڵ: سم بەزەویدا کوتانی ئەسپ، سمکۆ ف سم بر زمین کوبیدن.
سمکۆڵان: سمکۆڵ ف نگا: سمکۆڵ.
سمکولی: نەخۆشی سمی ئاژەڵ ف بیماری سم حیوان.
سمـــڵ: ١) گیایەکـــە بنێکی بۆن خۆشی هەیە، سوّتکـــە؛ ٢) گوڵێکی وەنەوشی بۆن‌خۆشە؛ ٣) گەردانەی مێخەك، مێخەکبەند ف ١) مشك زمین؛ ٢) گیاە سنبل؛ ٣) گردنبند از میخك.
سمنج: ١) رژد، رەزیل؛ ٢) سەرسەخت و نەگونجاو ف ١) خسیس؛ ٢) ناباب و سرسخت.
سمۆ: ١) مەتکەو، ئامرازی شت کون کردن؛ ٢) سوکەڵەناوی ئیسماعیل ف ١) متهٔ سوراخ کردن؛ ٢) مخفّف اسماعیل.
سموچك: قەڵشاوی ناو سم، تێوان سمی ئاژەڵی دوسم ف شکاف سم حیوان.
سمۆر: سقۆر، سفۆر ف سمور.
سمۆرتە: سامۆرتە ف بند فتراك.
سمۆرچکە: سموچك ف شکاف سم حیوان.
سمۆرە: سقۆر، سفۆر ف سمور.
سمۆقی: ١) بەرەنگی سماق؛ ٢) هۆزێکی کوردە ف ١) بەرنگ سماق؛ ٢) عشیرەای است کرد.
سمۆڵەك: سمۆرە ف سمور.
سمە: ١) مەتکەو، ئامرازی کون کردن؛ ٢) سوکەڵەناوی ئیسماعیل ف ١) متە؛ ٢) مخفّف اسماعیل.
سمەخرتە: ١) جانەوەرێکی دەست و پا کورتە؛ ٢) برێتی لە باوەعەمرە ف ١) حیوانی است دست و پا کوتاه؛ ٢) کنایە از کوتولە.
سمەخۆرکە: نەخۆشیەکی ماڵاتە ف نوعی بیماری دام.
سمەر: ساقەتە دەخڵی وردکراو، کا ف کاە.
سمەری: کای کۆن و رزیو ف کاە کهنە و پوسیدە.
سمەسا: کونەدیواری بابوێڕ ف سوراخ بادکش در دیوار.
سمەشلە: نەخۆشی سمی ئاژەڵ، سمکولی ف بیماری سم حیوان.
سمەشەلە: سمەشلە ف نگا: سمەشلە.
سمەك: کونکەر، مەتکەو، سمە ف مَتّە.
سمە کوتێ: سمکۆڵ ف نگا: سمکۆڵ.
سمەلۆچکە: قیتکەی پشتی سمی ئاژەڵ ف زائدهٔ پشت سم چهارپایان.
سمەلەك: زەردەماسی ف ماهی اوزون‌برون.
سمەوچ: جۆرێ تۆمی گەنم ف نوعی بذر گندم.
سمەوەج: جۆرێ گەنم ف نوعی گندم.
سمیارك: سمسارك ف کرکس.
سمیت: ١) جۆرێ نانی بە ئاڵقەی رەق؛ ٢) چەمەنتۆ ف ١) نوعی نان؛ ٢) سیمان.
سمیتـــك: ١) چێشتی وردەسـاواری تراو، شلەبـرۆش؛ ٢) بنەگیایەکە، گرالك ف ١) آش بلغور آبکی؛ ٢) بوتەای صحرایی.
سمێڕ: پتەوی ئەندام ف محکم اندامی، توپری.
سمێڕیان: پتـەوبـوُنی ئەندام، تێك سمڕان ف محکم شدن اندام و بهم

آمدن، تو پر بودن.

سمێڵ: سمبێل ف سبیل.

سمێڵ بابـڕ: ۱) سمێڵ زل؛ ۲) برێتی له خه‌ڵـك ترسێن‌و زۆردار ف ۱) سبیل کلفت؛ ۲) کنایه از بزن بهادر.

سمێڵه: جۆرێ ماسی ف نوعی ماهی.

سمین: کون کردن ف سو راخ کردن، سفتن.

سمێنو: ناوی گوندێکه له نێو مه‌نگوڕان ف نام دهی در منطقهٔ «منگوڕ».

سن: ۱) سمته‌گڵ، کلۆ، که‌سته‌ك؛ ۲) جانه‌وه‌رێکی چکۆله‌ی خڕی بۆره به‌ڵای گه‌نمه؛ ۳) داری دولك که پێستی سه‌گ‌و نچیری پێ باده‌ده‌ن؛ ۴) لوتکه‌ی چیا ف ۱) کلوخ؛ ۲) سن، آفت گندم؛ ۳) چوب دوشاخه که پوست حیوان را بدان تاب دهند؛ ۴) قلهٔ کوه.

سنـارچـه: گونـدێکی کوردستانه به‌عسی وێرانی کرد ف از روستاهای کردستان که بعثیان ویران کردند.

سنان: ۱) نه‌خۆشیه‌کی یه‌کسم کوژه؛ ۲) جوێنێکه ف ۱) نوعی بیماری کشندهٔ ستور؛ ۲) دشنامی است.

سنامه‌کی: گیایه‌که بۆره‌وان بۆنی زگ‌باشه ف گیاهی است مسهل.

سنبل: گوڵێکه گه‌ڵاگوڵی وردی شینه ف سنبل.

سنپنگ: گیایه‌کی بۆن خۆشه ده‌گه‌ڵ ژاژی‌و په‌نیری ده‌که‌ن ف گیاهی خوشبو که با شیراز و پنیر آمیزند.

سنت: پێن ده‌فـه، شتێکـه هه‌نـگ *دیواری خه‌ڵیفی پێ سواغ ده‌دا* ف ماده‌ای که زنبور بر کندو مالد.

سنتر: زاڕۆی بێ‌دای‌و بابی ئاواره ف یتیم بی‌سر پرست و آواره.

سنـج: ۱) دارسنجـو؛ ۲) زه‌نگـوڵه‌ی زل؛ ۳) ژاڵه، لوڕك ف ۱) درخت سنجد؛ ۲) زنگولهٔ بزرگ؛ ۳) خرزهره.

سنجاخ: ده‌رزیله‌ی زه‌نبه‌ر که له پێسیر یان له پرچ ده‌درێ ف زیوری است.

سنجاغ: ۱) سنجاخ؛ ۲) ناوی گوندێکه ف ۱) نگا: سنجاخ؛ ۲) نام دهی است.

سنجاف: په‌راوێزی جلك، که‌ناره ف سجاف.

سنجاق: سنجاخ ف نگا: سنجاخ.

سنجر: بڵێسه به‌رزبونه‌وه‌ی ئاگر ف شعلهٔ بلند آتش.

سنجران: بڵێسه‌داربونی ئاگر ف شعله‌ور شدن آتش.

سنجـرانـدن: وه‌بڵێسـه خستن، داخستنی ته‌نـدور، ته‌ندور نێڵدان ف افروختن تنور.

سنجرین: سنجران ف نگا: سنجران.

سنجك: ده‌فری گڵین بۆ بن بێشکه‌ی منداڵ ف ظرف گلین زیر گهوارهٔ بچه.

سنجو: سرینچك ف سنجد.

سنجوق: ۱) ڕۆخڵه‌ی ئه‌ستور؛ ۲) باسوخ ف ۱) رودهٔ کلفت؛ ۲) باسلق.

سنجوق: دارده‌ستی سه‌ردادراو که منداڵ له کایه‌دا ده‌یچه‌قێنن ف چوبی که کودکان در بازی بر زمین می‌کوبند.

سنجوقێن: کایه‌ی سنجوق ف بازی «سنجوق».

سنجه‌ق: ۱) سنجاخ؛ ۲) ناوچه، مه‌ڵبه‌ندێکی پچوك ف ۱) نگا: سنجاخ؛ ۲) بخش، ناحیه.

سنجه‌ی: ۱) سنجو؛ ۲) عه‌نناب، به‌رێکه له سنجو ده‌کا ف ۱) سنجد؛ ۲) عنّاب.

سنجی: ۱) سنجه‌ی؛ ۲) به‌ری دارێکه تامی ترشه ف ۱) نگا: سنجه‌ی؛ ۲) ثمر درختی است ترش‌مزه.

سنجێری: جۆرێ ترێ که بۆ دۆشاو په‌سنده ف نوعی انگور.

سندان: ۱) سنان؛ ۲) ده‌زگای شت له سه‌رکوتانی پینه‌چی‌و ئاسنگه‌ر؛ ۳) ته‌رزه‌جـوێنێکـه وه‌ك قوزه‌ڵقـورت ف ۱) نگـا: سنـان؛ ۲) سنـدان پینه‌دوزان و آهنگران؛ ۳) دشنامی است بجای کوفت و زهرمار.

سنداناوی: نه‌خۆش به ده‌ردی سندان ف بیمار «سنان».

سندانك: بستوگه، کوپه‌ڵه، کوپه‌ی چکۆڵه ف بستو، خم کوچك.

سنـداوا: گونـدێکی کوردستـانه به‌عسی وێرانی کرد ف از روستاهای کردستان که بعثیان ویران کردند.

سندروێك: داربه‌ستی مردوگوازتنه‌وه، تابوت ف تابوت.

سندریك: تابوت، سندروێك ف تابوت.

سندك: سمیتك ف آش بلغور آبکی.

سندم: پێوه‌ندی ئاسن ف شکال، بای‌بند آهنی.

سنـدوری: گوندێکی کوردستانه به‌عسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان به‌دست بعثیان.

سندوس: ناوچه‌یه‌که له کوردستان ف منطقه‌ای در کردستان.

سندوق: ۱) جانتای دارینی زل بۆ که‌ل‌و په‌لی ناو ماڵ؛ ۲) به‌ڵاگه‌ردان: (سنـــدوقی سه‌ری کوره‌کـه‌ت، به سنـدوقی سه‌رت بم)؛ ۳) قه‌وان، گرامه‌فۆن ف ۱) صندوق؛ ۲) بلاگردان؛ ۳) گرام. گرامافون.

سنـدوڵ: ده‌فـری له دار یان له به‌رد بۆ چه‌ڵتوك‌و ساوارکوتان ف ظرف چوبی یا سنگی برای شالی و گندم‌کوبی.

سندوڵان: ناوی گوندێکی شێخه‌دێ‌یه ف نام دهی است.

سنده: سمته، تۆڵا ف نگا: تۆڵا.

سنده‌گل: سمته‌گڵ ف کلوخ.

سندی: هۆزێکی کورده له‌لای زاخۆ ف عشیرتی است کُردزبان.

سندیان: سندانی پینه‌چی‌و ئاسنگه‌ر ف سندان.

سنسل: مۆغه‌ره‌ی پشت ف ستون فقرات.

سنعات: پیشه ف صنعت.

سنعات کار: پیشه‌ساز ف صنعتگر.

سنف: هاوپیشه ف صنف، همکار.

سنك: ساجور، ساژور ف ساجور.

سنکۆلك: قولێنگ، قولنگه ف کُلنگ.

سنگ: ۱) له زگ به‌ره‌ژور تا پێسیر؛ ۲) بزماری ئه‌ستور له دار یان ئاسن؛ ۳) نه‌خـۆشی کرم له زگـدا؛ ۴) ده‌رزی زه‌لامی جه‌واڵ درون ف ۱) سینه؛ ۲) میخ کلفت؛ ۳) بیماری کرم در شکم؛ ۴) جوالدوز.

سنگان: ۱) نه‌خۆشی سنان؛ ۲) جۆرێ نه‌خۆشی که له سه‌رماوه تۆشی مرۆ ده‌بێ؛ ۳) به‌ڵایه‌که تۆشی بێستان دێ ف ۱) نگا: سنان؛ ۲) نوعی

بیماری از سرما؛ ۳) یکی از آفات پالیز.

سنگاناوی: میوەی بێستانی سنگان لێدراو ف میوهٔ پالیز «سنگان»زده.

سنگان لێدراو: سنگاناوی ف نگا: سنگاناوی.

سنگ داقوتان: گوڵمیخی زل لە زەوی کوتان ف میخ کلفت بر زمین کوبیدن.

سنگ داکوتان: ۱) سنگ داقوتان؛ ۲) بریتی لە نەرۆیشتنی میوانی خوێنتاڵ: (**سنگی داکوتاوە** هەر ناروا) ف ۱) میخ کلفت کوبیدن؛ ۲) کنایه از نرفتن مهمان مزاحم.

سنگ‌دان: زگ‌دانی دیوار ف برآمدگی دیوار.

سنگ دانەپێش: خۆنواندن، خۆ تێ هەڵقوتاندن ف خودنمایی کردن.

سنگ دانەپێشەوە: سنگ دانەپێش ف خودنمایی کردن.

سنگ‌زەردە: مەلێکی بچوکی سنگ زەردە ف پرنده‌ای کوچك سینه‌زرد.

سنگ قوتان: بە لەپی دەست لەسنگدان ف سینه‌زنی.

سنگك: زیرك، زیپكە ف جوش پوست.

سنگ کوتان: ۱) بزماری زل داکوتان؛ ۲) سنگ قوتان: (دایکی دز جارێ سنگ دەخوا جارێ **سنگ دەکوتی**) ف ۱) میخ درشت کوبیدن؛ ۲) سینه‌زنی.

سنگ لێ کوتان: بریتی لە نوُك لێ کردن ف کنایه از دعای شر برای کسی کردن.

سنگە: دەرپەڕیو لە شتێك ف برآمدگی از چیزی.

سنگەباز: بازدان بە هەنگاوی بەرز ف دویدن با پرش، جهش.

سنگەبەر: سنگ لێ داکوتراو ف میخکوب شده.

سنگەبێ: چەقی، نەبزو ف ثابت، غیرمتحرّك.

سنگەچەڵەمە: دەفەی سنگ، پانایی سینە ف پهنای سینه.

سنگەسنگ: ۱) سرمەسرم، هەراو چەقە؛ ۲) خاوەخاو ف ۱) جنجال و هیاهو؛ ۲) اهمال و سستی در کار.

سنگەسنگە: خاوەخاو ف اهمال در کار.

سنگەك: عازەوی، زیپکەی روخساری تازەلاوان ف عَزَبی، نوعی جوش صورت.

سنگەوباز: سنگەباز ف نگا: سنگەباز.

سنگەوبازد: سنگەباز ف نگا: سنگەباز.

سنگ هەڵکێش: بریتی لە کەسێ خۆی نیشان دەداو تاریفی خۆی دەکا ف کنایه از خودنما و لاف‌زن.

سنگ هەڵکێشان: خۆشاندان‌و تاریفی خۆ کردن ف خودنمایی و لاف‌زنی.

سنلە: سلەگوُ، تەپەگوُ ف تکه مدفوع، سنده.

سننان: سندان ف نگا: سندان.

سنوُ: ۱) دەردی رۆخڵەکۆرە؛ ۲) بالغ بوُنی سەگ کە پاش ساڵەوەختێکە: (**سنوُی هاتوُتەوە**) ف ۱) بیماری آپاندیسیت؛ ۲) بلوغ سگ.

سنوبەر: دارێکە، سنەوبەر ف درخت صنوبر.

سنوُتە: ۱) زوڵ، بیژو، حەرامزادە؛ ۲) چەورەو بێکارە ف ۱) حرامزاده؛ ۲) اوباش.

سنوُر: حدود، کەوشەن، خەتی نێوان دو مڵك ف مرز.

سنوُر پەڕاندن: بریتی لە کاری نائاسایی کردن ف کنایه از کردار غیرعادی.

سنوُرتە: سنوُتە ف نگا: سنوُتە.

سنوُرچە: لکی تازە لە دار دەرچوُگ ف جوانهٔ تازه.

سنوُردار: کەوشەن دیاری کراو ف محدود.

سنوُردانان: کەوشەن دیاری کردن ف تحدید، تعیین حدود.

سنوق: سندوُق ف نگا: سندوق.

سنە: ۱) سندە، توڵا، سمتە؛ ۲) سڵی، رەوەکی؛ ۳) شارێکی گەورە لە کوردستان ف ۱) نگا: توڵا؛ ۲) رَم؛ ۳) شهری بزرگ در کردستان، سنندج.

سنەوبەر: دارێکی گەڵا دەرزیە بەرێکی لە بیچمی دڵی مرۆ دەگرێ ف صنوبر.

سنەی: جۆرێ ترێ کە زوُ پێ دەگا ف نوعی انگور زودرس.

سنێ: دارێکە لە لاملو کە لەکەی ئاژەڵی دە بەستن تا دەمی نەگاتە برینی خۆی ف چوبی که بر گردن و کفل حیوان می‌بندند تا زخم خود را ناسور نکند.

سنیاگ: ۱) کڕاو، کڕدراو؛ ۲) ئەستێندراو ف ۱) خریده؛ ۲) گرفته شده.

سنێتر: سنت ف نگا: سنت.

سنێر: ریخ، شیاکە، **گوُگا**، سەرین ف سرگین.

سنێرگە: جێگەی رژاندنی شیاکەو پەین، سەرەنوێلك، گوُفك ف شوله، شلته، سرگین‌گاه.

سنێژە: ئامرازێکی دەزگای جوڵایی ف از ابزار بافندگی.

سوُ: ۱) کونی دەرزی؛ ۲) گومان‌و دودڵی؛ ۳) ئێش‌و ژان؛ ۴) سارێژ: (برینم هاتوُتەوە سوُ)؛ ۵) گیایەکە دەگەڵ پەنیر دەکرێ؛ ۶) بەهرە، کەڵك: (کاردەگەڵ تۆ بێ **سوُیە**)؛ ۷) دەردە باریکە، دیق؛ ۸) دوکەڵی پەڕۆی سوتاو؛ ۹) سبەی؛ ۱۰) کەبەك، درشتەی ئارد کە لە سەر هێڵەگ دەمێنێ؛ ۱۱) کرێژی سەر؛ ۱۲) پرزەی گوڵەگەنم‌و جوُ، داسولکە؛ ۱۳) نوُر، روُناکی؛ ۱۴) کەنارەی ئاسمان: (**ئاسوُ**) ف ۱) سوراخ سوزن؛ ۲) گمان؛ ۳) درد والم؛ ۴) التیام؛ ۵) گیاهی است با پنیر آمیزند؛ ۶) بهره، فائده؛ ۷) بیماری سل؛ ۸) دود پنبهٔ سوخته؛ ۹) فردا؛ ۱۰) نخاله؛ ۱۱) سبوسهٔ سر، شوره؛ ۱۲) اخگل، داسه؛ ۱۳) روشنایی؛ ۱۴) کنارهٔ آسمان، افق.

سوُ: ۱) ئێرەیی؛ ۲) تاسە؛ ۳) فایدە، قازانج؛ ۴) بەزەیی؛ ۵) گلەیی، گازن؛ ۶) خێزانی ماڵ؛ ۷) کونی قوُن؛ ۸) رۆژی دوایی، سبەی؛ ۹) بەیانی زوُ، بەرەبەیان؛ ۱۰) داخ‌و حەسرەت؛ ۱۱) پشتێر: (**گاوسوُ**)؛ ۱۲) تیژ کردن وە هەسان؛ ۱۳) خەم؛ ۱۴) کول: (دەمەسوُ بوُگە)؛ ۱۵) بە شوشتن چڵك نەچوُن: (کراسەکەت چڵکە **سوُ بوە**)؛ ۱۶) قازانجی پارەی قەرز ف ۱) رشك، حسد؛ ۲) اشتیاق؛ ۳) سود؛ ۴) ترحّم؛ ۵) گله؛ ۶) افراد خانواده، عائله؛ ۷) سوراخ مقعد؛ ۸) فردا؛ ۹) بامداد؛ ۱۰) حسرت و اندوه؛ ۱۱) طویله؛ ۱۲) تیز کردن؛ ۱۳) غم؛ ۱۴) کُند، مقابل تیز؛ ۱۵) چرك مرده شدن؛ ۱۶) ربا.

سوا: سبەی، ڕۆژی کەدادێ ف فردا.
سواب: پاداشی چاکە لە خوداوە: (خوا سوابت بنوسێ) ف ثواب.
سواپ: ساپ ف شن صاف و نازك.
سواخ: حەڕی پیامالّین ف گل اندود.
سواخ‌دان: حەڕی مالّین بە دیوارو خانـــوُدا، قوڕســـاوین بە دیوارا ف گل اندود کردن.
سواخ کێشان: سواخ دان ف گل اندود کردن.
سوار: ۱) بەرانبەری پیادە، کەسێ کە بەسەر بارەبەر یا هەرشتێکی ترەوە سەفەر دەکا؛ ۲) زالّ، باوخۆش؛ ۳) بلّندتر، بەرزتر؛ ۴) منالێ کە قاچی لەپێش سەریدا دێتــە دنیاوە ف ۱) سوار؛ ۲) چیره؛ ۳) بلنـدتـر؛ ۴) نوزادی کە پایش قبل از سر آید.
سواربـوُن: ۱) خۆهـاویشتنە سەر پشتی حەیوان یان هەرچی؛ ۲) بلّند بەرانبەر بە نزم ف ۱) سوار شدن؛ ۲) بلندتر واقع شدن.
سوارچاك: کەسێ لە ئەسپ سواریدا زۆر کارامەیە ف سوارکار ماهر.
سوارخاس: سوارچاك ف سوارکار ماهر.
سوارخە: چیلکە ف شاخە کوتاه و باریك درخت.
سوارکردن: بەسەریەکدا بەستن ف مونتاژ کردن.
سوارە: ۱) سواری ئەسپ؛ ۲) دەستەی سواران؛ ۳) ناوی پیاوانە ف ۱) سوار؛ ۲) تیپ سوارە؛ ۳) نام مردانە.
سوارەی شەترنج: شەش جۆرەداشی شەترنج. «شا، وەزیر، ڕوخ، فیل، ئەسپ، پیادە» ف مهرهٔ شطرنج.
سواری: ۱) کاری سواری؛ ۲) بارەبەرێ کە بۆ سواری دەست ئەدا؛ ۳) ناوی گوندێکە ف ۱) سواری؛ ۲) ویژهٔ سواری؛ ۳) نام دهی.
سواژ: جەنگ، شەڕو هەرا ف جنگ و ستیز.
سواش: سواژ ف جنگ و ستیز.
سواغ: سواخ ف نگا: سواخ.
سواڤ: ۱) بەربەرۆچك، بەرۆژ؛ ۲) ئاوهەلّدێر ف ۱) آفتابگیر؛ ۲) آبشار.
سوالّ: پارسە، دەرۆزە ف گدایی.
سوالّـك: ۱) پارچەی شکاوی دەفری گلّینی سورەوەکراو؛ ۲) دەفری خواردن تێ کردن بۆ بەشدار ف ۱) سفال شکستە؛ ۲) ظرف خوراك سگ.
سوالّکردن: پارسەکردن، دەرۆزە کردن ف گدایی کردن.
سوالّکەر: دەرۆزەکەر ف گدا.
سوالّە: پڕی دەست لە دروێنە ف پردست از درویده.
سوالّەت: پارچە دیزەو گۆزە، سوالّك ف شکستهٔ سفالین.
سوان: ۱) لە ڕێك خستن ڕێك‌و لوس بوُن، ساوان؛ ۲) بڕبـەنـد ف ۱) ساییدە شدن؛ ۲) سوهان.
سواندن: ساوین ف نگا: ساوین.
سواندنەوە: زۆر ساوینەوە ف سودن زیاد.
سواندۆکە: پاساری ف گنجشك.
سواندوُکە: سواندۆکە ف گنجشك.
سواندولکە: پاساری ف گنجشك.
سواندە: پاسارە ف لب بام.
سواندیلکە: پاساری ف گنجشك.
سوانن: سواندن، ساوین ف نگا: ساوین.
سوانە: سواندە، پاسارە ف لب بام.
سوانەوە: سواندن، ساوین ف ساییدن.
سواو: ۱) ساویاگ؛ ۲) سواب ف ۱) ساییدە؛ ۲) ثواب.
سوب: ۱) بەرەبەیان؛ ۲) سبەی ف ۱) بامداد؛ ۲) فردا.
سوبا: ڕۆژی دادێ ف فردا.
سۆبا: ۱) زۆپا، کوُرەی ئاگر لە کانزا؛ ۲) مەلەوان؛ ۳) ڕەبەن، بێ‌ژن ف ۱) بخاری؛ ۲) شناگر؛ ۳) مجرّد.
سوبات: ۱) خۆڕاگرتن لە تەنگانەدا؛ ۲) پشوُ لەسەر خۆیی؛ ۳) بێ‌ژن‌و مالّ: (سەلّت‌و سوبات) ف ۱) مقاومت در مقابل مشکلات؛ ۲) بردباری؛ ۳) مجرد.
سۆباهی: مەلەوانی، مەلە ف شنا.
سۆبایی: سۆباهی ف شنا.
سوب سەحەر: بەیانی زو ف بامدادان.
سوبە: ڕۆژێ دادێ ف فردا.
سۆبە: زۆپا، سۆبا ف بخاری.
سۆبەت: عەجایب، سەیر، سەمەرە ف شگفت.
سوبەزوُ: دەست پێ کردنی ڕۆژێ دادێ ف فردا پگاه.
سوبێ: سوبە ف فردا.
سوبیانێ: سوبە ف فردا.
سوپ: ڕیزەبەردێ کە داری دەخەنە سەر بۆ ڕاوەماسی ف سنگهای ردیف در مسیر رودخانه کە چوب بر آنها گذارند برای صید ماهی.
سۆپ: ۱) جوتەگای دابەستراو؛ ۲) سوپ ف ۱) جفت آمادهٔ شخم؛ ۲) نگا: سوپ.
سوپا: لەشکر، سپا ف سپاه.
سۆپا: زۆپا، سۆبا ف بخاری.
سوپاخانە: سپاگە ف پادگان.
سۆپار: جۆرێ گاسن ف نوعی گاوآهن.
سوپاڕان: سەرکردەی سپاە ف فرماندهٔ سپاه.
سۆپاژۆ: جوتکار، کەسێ کە بە گاجوت زەوی دەکێلێ ف شخم‌زن با گاو.
سوپاس: سپاس ف سپاس.
سوپاسالار: سەرکردەی هەمو لەشکر ف سپهسالار.
سۆپە: زۆپا، سۆبە ف بخاری.
سوپەر: سپێر ف سپر.
سوپێر: سپێر ف سپر.
سوپێل: تاڤگە ف آبشار.
سوُت: ۱) قولّکـەی داو تێدانانەوە؛ ۲) قازانجی پارەی قەرز؛ ۲) خۆلّی کاغەزی سوتاو؛ ۴) بنەمای وشەی سوتان؛ ۵) شیر ف ۱) چالهٔ دام؛ ۲) ربا؛ ۳) خاکستر کاغذ؛ ۴) ریشهٔ کلمهٔ «سوتان» بەمعنی سوختن؛

۵) شیر خوراکی.
سوُتار: ۱) قولّکەی داونانەوە، سوُت؛ ۲) سنوّتە؛ ۳) تەڵە، داو، تەپکە ف ۱) چالە دام؛ ۲) شارلاتان، حرامزادە؛ ۳) دام.
سوُتال: سوُتار ف نگا: سوُتار.
سوُتان: ۱) ئاگرتێ بەربوُن؛ ۲) برێتی لە فەوتانی قەرز؛ ۳) برێتی لە نابوُت بوُن؛ ۴) برێتی لە تێپەڕبوُن لە رادەی دیاری کراو دە کایەدا ف ۱) سوختن؛ ۲) کنایه از فوت وام؛ ۳) کنایه از ورشکست شدن؛ ۴) کنایه از تجاوز از حدّ معین در بازی، سوختن در بازی.
سوُتاندن: ئاگرتێ بەردان ف سوزاندن.
سوُتانن: سوتاندن ف سوزاندن.
سوُتانەوە: برژانەوەی پێست یان برین ف سوزش پوست یا زخم.
سوُتاو: ۱) ئاگرتێ بەردراوی لەبەین چوُگ؛ ۲) قەرزی فەوتاو؛ ۳) دەسمایە لە دەس چوُگ؛ ۴) تێ پەڕبوُگ لە رادەی دیاری کراو دە کایەدا ف ۱) سوختە؛ ۲) وام از بین رفتە؛ ۳) ورشکست شدە؛ ۴) سوختە در بازی.
سوُتاوە: پێست کە توُشی سوُتانەوە بوە ف پوست کە سوزش دارد.
سوُتخوّر: کەسێ کە قازانجی پارەی قەرز دەستێنێ ف رباخوار.
سوّتك: بزوُت، سەرەبزوت ف نیم‌سوز.
سوُتك: خوّڵەمێشی نان‌و لوّکەو کاغەز ف خاکستر نان و پنبە و کاغذ سوختە.
سوّتکە: ۱) سمڵ، گیایەکە بوّ دەرمان دەشێ؛ ۲) ناوی گوندێکە ف ۱) گیاه سعد، مشك زمین؛ ۲) نام دهی.
سوُتلی: ژنی بێ‌مارەیی‌و بەکرێ‌گیراو بوّ ماوەیەك، قەپاتمە ف همسر موقّتی بدون نکاح.
سوُتمان: ئاگر بەربوُنەوە ف آتش‌سوزی.
سوّتن: سوُتان ف سوختن.
سوُتن: سوُتان ف سوختن.
سوُتو: سوُتك ف نگا: سوُتك.
سوّتە: بێ‌دین، گوناحبار ف فاسق، کم‌باور بە دین.
سوُتە: ۱) سوُتاو: (بورەن سوُتەدڵان گەردین هەمایوّم / کە دەردی سوُتەدڵ دڵسوُتە زوّنوّ) «بابەتایەر»؛ ۲) ناوی گوندێکە ف ۱) سوختە؛ ۲) نام روستایی است.
سوّتەك: ۱) سوُتك؛ ۲) بزوُت؛ ۳) زەوی ئاگرتێ‌بەردراو ف ۱) نگا: سوُتك؛ ۲) نیم‌سوز؛ ۳) زمین سوختە.
سوُتەکە: گیایەکە دەناو ژاژی دەکرێ ف گیاهی است با شیراز آمیزند.
سوُتەڵ: بزوُت ف نیم‌سوز.
سوُتەمەرو: داری تێکوڵ بەئاگر هەڵپڕوزاو ف چوب پوست نیم‌سوختە.
سوُتەمەنی: شتانێ کە بوّ ئاگر بەکار دێن ف سوختنی.
سوّتەنی: سوُتەمەنی ف سوختنی.
سوّتەی: سوُتاو ف سوختە.
سوّتی: سوُتاو ف سوختە.
سوُتیان: ۱) سوُتان؛ ۲) مەمك‌بەند ف ۱) سوختن؛ ۲) پستان‌بند.
سوُتیانەوە: سوُتانەوە ف نگا: سوُتانەوە.
سوُتێن: هەچی شت دەسوُتێنێ ئاگر یان ئاگرتێ بەردەر ف سوزانندە، سوزان.
سوُتێنەر: سوُتێن ف سوزانندە، سوزان.
سوجچە: سجە، رەنگی سوُر بوّ مار ف نگا: سجە.
سوُجگەر: جەرگ‌و دڵ بوّ برژاندن‌و لێنان ف دل و قلوە و جگر.
سوجە: سجە، سوجچە ف نگا: سجە.
سوُجەرگ: سوجگەر ف جگر و دل و قلوە.
سوُچ: ۱) تاوان، هەڵە، گوناح، خەتا؛ ۲) قوژبن، گوّشە؛ ۳) بنەمای وشەی سوُچان واتا: ئاگرتێ بەربوُن ف ۱) گناه؛ ۲) گوشە؛ ۳) ریشهٔ کلمهٔ «سوُچان» بەمعنی سوختن.
سوّچا: سوُتا ف سوخت.
سوُچا: سوُتا، ئاگری تێ بەربو ف سوخت، ماضی سوختن.
سوُچان: سوُتان ف سوختن.
سوُچبار: خەتاکار، تاوانبار، گوناحبار ف گناهکار.
سوُچدار: ۱) سوُچبار؛ ۲) بەگوّشە، قولینچك‌دار ف ۱) گناهکار؛ ۲) گوشەدار.
سوّچنای: سوُتان ف سوختن.
سوُچەر: سوُچەڕ ف تشی.
سوُچەڕ: سیخوڕ، جانەوەرێکە لە جسنی ژوُژك‌و لەو گەورەتر ف تشی.
سوّچیا: سوُتا ف سوخت.
سوّچیای: سوُتان ف سوختن.
سوّچێو: سکڵدانی کانزا، مقەڵی، مەنقەڵی، مەنگەڵ ف منقل آتش، مجمر.
سوّح: ۱) روّژێ دادێ؛ ۲) بەرەبەیان ف ۱) فردا؛ ۲) بامداد.
سوّحا: سوّح ف نگا: سوّح.
سوُخ: خوُس، خوێز، ئاڵشت، زوقم ف بژ، سرماریزە.
سوخار: جوّخین، جێ‌خەرمان ف جای خرمن.
سوُخار: سوُخ ف بژ، سرماریزە.
سوخاڵ: رەژو، رەژی، زوخاڵ، خەڵوّز ف زغال.
سوخاڵدان: رەژیدان ف اشبو، زغالدان.
سوخت: ۱) سوُتەمەنی؛ ۲) دەستەنگ، ژار، بەلەنگاز ف ۱) سوخت، سوختنی؛ ۲) بینوا.
سوّخت: سوُتەمەنی ف سوختنی، سوخت.
سوختکردن: روُت کردن، ماڵ لێ ساندن ف لخت کردن از دارایی.
سوختە: ۱) دەرس خوێنی سەرەتایی، تازە فەقێ؛ ۲) کرێژی سوُتاوی تریاك کە دوبارە دەیکێشن ف ۱) طلبهٔ دورهٔ مقدماتی؛ ۲) سوختهٔ تریاك.
سوخرە: ۱) بە رەنگی خوێن، سوُر، سوّر؛ ۲) بیگار ف ۱) سرخ؛ ۲) سخرە، بیگاری.
سوّخرە: بیگار ف بیگاری، سخرە.
سوخمە: ۱) زوخمە؛ ۲) دارێ کە وەبەر داری ترێی دەدەن ف ۱) یلك؛ ۲)

چوبی که تاك بر آن گذارند.

سوخۆر: سوتخۆر ف رباخوار.

سۆخی: ئاکام ف نتیجه.

سۆخین: لەئاکاما ف در نتیجه.

سود: ۱) قازانجی قەرز، سوت؛ ۲) قازانجی سەودا ف ۱) ربا؛ ۲) بهره، سود معامله.

سودخۆر: سوتخۆر ف رباخوار.

سوددار: بەقازانج، بەهرەدەر ف مفید.

سۆدره: شەڕهەڵایسێن، مایەفیتنە ف فتنه انگیز.

سور: سروه، شنەبا، شیبا، بای هێدی و فێنك ف نسیم.

سوور: ۱) به رەنگی خوێن؛ ۲) پڕخوێ؛ ۳) ئاشکرا، دیار؛ ۴) پێ چەقین، پێ داگر؛ ۵) رەپ و راست گوتن؛ ۶) بەزم و نان بەخشین: (خەتەنە سووران، سوورانەی خەرمان)؛ ۷) دیواری دەوری باغ؛ ۸) کۆی گەنم لە خەرماندا ف ۱) سرخ؛ ۲) شور، نمکین؛ ۳) آشکارا؛ ۴) مصر، پافشار؛ ۵) رك و صریح؛ ۶) مهمانی و سور؛ ۷) دیوار پیرامون باغ؛ ۸) توده گندم در خرمن.

سوڕ: ۱) دڵکێشی، ئاکاری دڵبەری؛ ۲) نهێنی، راز؛ ۳) ناراستی دەکایەدا؛ ۴) جێگەی سەربەرەژێری خلیسك ف ۱) دلکشی، جاذبیّت؛ ۲) راز؛ ۳) حیله در بازی؛ ۴) نشیب لیزگاه.

سووڕ: خول، زڤرین ف چرخش.

سۆراتی: رەنگ سووری ف سرخ رنگی.

سۆراحی: دۆلکە، تونگە ف تنگ، پارچ.

سۆراخ: ۱) بە دوی شتێ گومبودا گەڕان؛ ۲) هەست بە جێگەی گومبوگ کردن: (کەوتمە **سۆراخی**، **سۆراخم** کردوە لە کوێ یە) ف ۱) سراغ گرفتن؛ ۲) سراغ کردن.

سۆراغ: سۆراخ ف نگا: سۆراخ.

سۆراف: بەری دار عەننابی سوور ف تمر عناب قرمز.

سووراڤك: دەرمانێ سوور بۆ خۆجوان کردن ف غازه، سرخاب.

سورافی: بەرەنگی عەنناب ف سرخ عنابی.

سۆران: ۱) مەلبەندێکی زۆر پان و بەرین لە کوردستان؛ ۲) پارچەیەك لە چوارپارچەی خاوەن زاراوەی تایبەتی لە کورد ف ۱) منطقه‌ای وسیع در کردستان؛ ۲) یکی از چهار لهجهٔ اصلی زبان کردی.

سووران: ۱) میوانداری بە هۆی روداوی خۆش: (خەتەنە **سووران**)؛ ۲) سوورەکان، ئەوانی رەنگ سوور ف ۱) سور و مهمانی به مناسبت رویداد شاد؛ ۲) سرخها.

سووڕان: خولخواردن، زڤرین ف چرخش.

سوورانچك: ستۆکرك ف سرخنای، خرخره.

سووڕاندن: چەرخاندن، زڤراندن، خول پێدان ف چرخاندن، گرداندن.

سووڕاندنەوە: گەشت پێکردن، گەڕاندن ف به گشت وادار کردن، گرداندن.

سووڕانن: سووڕاندن ف چرخاندن.

سووڕاننەوە: سووڕاندنەوە ف نگا: سووڕاندنەوە.

سوورانە: ۱) میوانداری بەهۆی خەرمان هەڵگرتن؛ ۲) دیاری رەعیەت بۆ ئاغا بەهۆی ژنهێنانەوە؛ ۳) کیلەیەك لە هەر بنەتۆیەك لە خەرمان بۆ ئاغادێ ف ۱) جشن و سور خرمن برداری؛ ۲) هدیهٔ داماد رعیت برای ارباب؛ ۳) از هر نوع بذر پیمانه‌ای هدیه به ارباب.

سووڕانەوە: ۱) خول خواردن؛ ۲) گەڕان بەولاولادا ف ۱) چرخیدن؛ ۲) گردش کردن.

سۆرانی: ۱) خەڵکی وڵاتی سۆران؛ ۲) زاراوەی خەڵکی سۆران؛ ۳) ئەنگوچکی درێژو فش؛ ۴) جۆرێ هەرمێ، هەرمێ لاسوورە ف ۱) اهل منطقهٔ «سوران»؛ ۲) لهجهٔ اهل «سوران»؛ ۳) آستین بلند؛ ۴) نوعی گلابی.

سووراو: ۱) سووراڤك؛ ۲) جۆرێ ترێ سوورە؛ ۳) گیایەکە بۆ دۆکلیو؛ ۴) سواو؛ ۵) خوێ واوك، ئاوی سوێر؛ ۶) گوڵی پۆپەکەڵەشێرە ف ۱) غازه، سرخاب؛ ۲) نوعی انگور قرمز؛ ۳) گیاهی است در دوغبا کنند؛ ۴) نگا: سواو؛ ۵) آب نمك؛ ۶) گل تاج خروس.

سووراوە: ۱) سواو، ساویاگ؛ ۲) کون کراو ف ۱) ساییده؛ ۲) سنبیده، سفته.

سوورایەتی: سووراتی ف سرخی.

سوورایی: سووراتی ف سرخی.

سورب: مز، جۆرێ کانزای نەرمە ف سرب.

سوربازلە: گیایەکە لە گیا دوکلیوان ف گیاهی است.

سورباش: هەمەکارەی ئاغا لەدێدا ف مباشر ارباب.

سوورباو: رەنگی ئامال سوور ف مایل به سرخی.

سووربلەتی: گوێژی سوور، گێوژە سوورە ف زالزالك قرمز.

سووربۆرە: ئەسپی بۆر کە خاڵەکانی سوور بن ف اسب بور با خالهای قرمز.

سووربۆز: ئەسپێ کە خاڵەکانی سوری کاڵ بن ف اسب سفید خال قرمز.

سووربوون: ۱) رەنگی سوور بەسەرداهاتن؛ ۲) چەقین و پێداگرتن لە سەر کارێ ف ۱) سرخ رنگ شدن؛ ۲) اصرار ورزیدن.

سووربوونەوە: ۱) رەنگ سووربوونی کانزا بە تینی ئاگر؛ ۲) لەبەر حەیاو شەرم سوورهەڵگەڕان؛ ۳) لە ناو رۆنا چزان؛ ۴) رۆن بوونەوەی مەبەست ف ۱) سرخ شدن فلز از حرارت؛ ۲) سرخ رنگ شدن از شرم؛ ۳) در روغن سرخ شدن؛ ۴) روشن شدن موضوع.

سووربوە: ۱) سوورکراو لە کوورەدا؛ ۲) چزاو لە رۆندا ف ۱) سرخ شده در کوره؛ ۲) سرخ شده در روغن.

سووربەسوور: بەئاشکراو رەپ و راست ف به صراحت و رك.

سووربەش: گوندێکە لە کوردستان لەلای هەولێر بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

سوور بەشی خدری پاشا: گوندێکە لە کوردستان لەلای هەولێر بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

سووربەڵەك: سوور بەخاڵی سپیەوە ف قرمز با خالهای سفید.

سۆڕپاز: ۱) سیرەکێویلە؛ ۲) گیایەکە دەئاش دەکرێ ف ۱) سیر کوهی؛ ۲) گیاهی است آشی.

سوُرپرنوّل: دەم‌و چاو سوُری ناحەز ف آدم سرخ رنگ بدقیافه.
سوّرپەری: دلّکێش‌و دلّرفێن‌و جوان وەك فریشته ف زیباروی دلرُبا.
سوّرپەری: جوانی کولّمەسوُر ف زیباروی گونەقرمز.
سوُرپیاز: ژەنگەسوُرە، زەنگەسوُرە ف زنبور درشت سرخ.
سوُرچك: سوُرانچك ف سرخنای، خرخره.
سوُرچی: ناوی هۆزێکـو مەڵبـەنـدێکە لە کوردستان ف نام عشیرتی و منطقه‌ای در کردستان.
سورخ: مەرەکەفی سوُر، رەنگی سوُر بۆ نوُسین ف جوهر قرمز برای نوشتن.
سورخکاری: رەنگاندن بە سورخ ف نقّاشی با جوهر قرمز.
سوُرخواردن: خولدان، گەڕیان ف چرخش، گردیدن.
سوُرخوُل: مرۆی موزەردی ناحەز ف آدم مو زرد بدقیافه.
سوُرخون: ئەسپی سوُری ئاچخ بە پەڵەی سپیەوە ف اسب سرخ روشن با لکه‌های سفید.
سوُرخـەزاڵ: مرۆ یان حەیوانی سوُری پڵ‌پڵ ف آدم یا حیوان سرخ رنگ لکه‌لکه.
سوُرداش: ١) کێوێکە لە کوردستان؛ ٢) شارێك لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف ١) کوهی در کردستـان؛ ٢) شهـری در کردستان که بعثیان ویران کردند.
سوُرداگەڕان: لەشەرمان سوُربوُن ف از شرم سرخ شدن.
سوُرداگەڕیان: سوُرداگەڕان ف از شرح سرخ شدن.
سوُرداگیرسان: سوُرداگەڕیان ف از شرم سرخ شدن.
سوُڕدان: ١) خول‌خواردن؛ ٢) برێتی لە سەماو رەقس؛ ٣) خول پێ‌دان؛ ٤) تۆڕدان، ئاویتـن ف ١) چرخـیدن؛ ٢) کنـایه از رقص؛ ٣) چرخانیدن؛ ٤) پرت کردن.
سوُرسات: ئازوُقەی لەشکر کە لە رەعیەتانی دەستێنن ف سیورسات.
سوُرسنەیی: جۆرێ ترێ ف نوعی انگور.
سوُرسوُر: ١) سفرەبڕ، سیسرکە؛ ٢) مەشکە دڕە ف ١) سوسك خانگی؛ ٢) جیرجیرك.
سوُرسوُرك: ستۆکڕك ف سرخنای، خرخره.
سوُرسـوُرە: ١) مەشکـەدڕە؛ ٢) مەلێکی پچوکە؛ ٣) خول خولە ف ١) جیرجیرك؛ ٢) پرنده‌ای کوچك؛ ٣) بادفر، فرفره.
سوُرشامی: جۆرێ ترێ ف نوعی انگور.
سوُرفل: سوُرخوُل ف مو زرد بدقواره.
سوُرقـوُچ: گوڵینگی بەران رازانـدنەوە کە لە سەرە کلکی سپی بڕاوی رەشەماڵ بۆی سوُر دەکرا ف نوعی منگولهٔ زینتی برای قوچ.
سوُرك: ١) سوُرێژە؛ ٢) مۆریانە ف ١) سرخك؛ ٢) موریانه.
سوُرك: ١) ئاو هەڵدێر؛ ٢) جۆرێ زیپکەی سوُری وردە لە مندال دێت، سوُرێژە؛ ٣) هەرزن؛ ٤) گیایەکە ف ١) آبشار؛ ٢) سرخك؛ ٣) ارزن؛ ٤) گیاهی است.
سوُرك: حەوزۆکەی تاك نەفەرە لە گەرماودا، جورنە ف حوضچهٔ یکنفری در گرمابه.

سوّرکا: هۆزێکی کوردە لە سوریە دەژی ف طایفه‌ای از کُردها در سوریه.
سوُرکار: ناماڵ‌سوُر ف نگا: سوُرباو.
سوُرکارە: سوُرکار ف نگا: سوُرباو.
سوُرکراوە: ١) لە کوُرەدا سوُربوُوە؛ ٢) لە رۆندا چزاو ف ١) در کوره سرخ شده؛ ٢) در روغن سرخ شده.
سوُرکراوەوە: سوُرکراوە ف نگا: سوُرکراوە.
سوُرکـردن: ١) بە رەنگی سوُر رەنگـانـدن؛ ٢) گەنم لە کا دەرخستن: (خەرمان سوُرکردن) ف ١) سرخ رنگ کردن؛ ٢) گندم از کاه جدا کردن.
سوُرکردنەوە: ١) لەرۆندا چزاندن؛ ٢) کانزا بە تینی ئاگر نەرم‌کردن؛ ٣) ئاشکـراکـردنی مەبـەست ف ١) سرخ کردن در روغن؛ ٢) گداخته کردن فلز؛ ٣) آشکار کردن مطلب.
سورکۆك: رەنگ سوُری موُخورمایی ف سرخ‌فام موخرمایی.
سورکوێت: کوێتی رەنگ ئاچخ ف کُمیت روشن.
سوُرکە: ١) سوُڕك، سورێژە؛ ٢) سوّرك، هەرزن؛ ٣) چکۆلەی سوُر؛ ٤) جۆرێ مێوژ، مێوژەسوُرکە ف ١) سرخك؛ ٢) ارزن؛ ٣) آدم سرخ‌فام کوچك؛ ٤) نوعی کشمش.
سوُرکەلە: سوُرکەڵە ف سرخ کوچك.
سوُرکەڵە: رەنگ‌سوُری چکۆڵە ف سرخ کوچك.
سوُرکەوگ: سوُری ناماڵ‌شین ف سرخ مایل به کبودی.
سوُرکێ: سوُرکە، سوُرێژە ف سرخك.
سورگوڵ: ١) گوڵی گوڵاو؛ ٢) جۆرێ گەنم؛ ٣) برێتی لە ژنی زۆر جوان ف ١) گل‌محمدی؛ ٢) نوعی گندم؛ ٣) کنایه از بسیار زیبا.
سوّرگـوڵ: ١) گوڵـە بـاغ؛ ٢) برێتـی لە سەرپـەرستی ماڵ ف ١) گل‌محمدی؛ ٢) کنایه از سرپرست خانواده.
سوُرگوم: ونداوی بێ‌سەرو شوین ف گمشدهٔ بی‌نشان و اثر.
سورگی: زمانەی گوڵەی دەرگا ف زبانهٔ قفل چوبین در.
سوُرلام: دەم‌و رو سوُر، روخسار بەرەنگی سورکارە ف سرخ‌روی.
سورم: زەوی رُوتەن ف زمین بی گیاه لخت.
سورمە: ١) تۆزی برەی زیو بەرەنگی رەشی ناماڵ سوُر بۆ چاو یان موُ رەش‌کردن، کل؛ ٢) پەراوێزی بەزێو چندراوی عابا ف ١) سرمه؛ ٢) حاشیهٔ سیم‌باف عبا.
سورمـەدان: ١) توُرەکەی چکۆڵەی جێگەی سورمە، کلتور؛ ٢) گۆی سەر خەنجەر ف ١) سرمه‌دان؛ ٢) قبه بر دستهٔ خنجر.
سورمەدو: توُرەکەی سورمە، سورمەدان، کلتور ف سرمه‌دان.
سورمەڕێژ: پەراوێزی زێوچنی عەبا ف کنارهٔ سیم‌باف عبا.
سورمەیی: بەرەنگی سورمە، کلی ف سرمه‌ای رنگ.
سوُرنا: زوڕنا ف سرنا.
سوُرناتك: زوڕناتك ف گیاهی است دارویی.
سوُرناژەن: زوڕناژەن ف سرنانواز.
سوُرنجان: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف گیاه سورنجان.

سۆرنگ: رەگی گیایەکە بەن‌و خامی پێ سوُر دەکەن، رۆنیاس ف روناس.

سوروشت: سروشت ف سرشت، طبیعت.

سوروشتی: سروشتی ف طبیعی.

سوُرۆکردن: سوُرکردنەوە ف نگا: سوُرکردنەوە.

سوُرۆنە: گیایەکە ف گیاهی است.

سۆرە: ١) منالی هەوێ بۆ ژنی هەوێدار؛ ٢) وێدەچی، رەنگە، دوُرنیە، نەشێ؛ ٣) خزمی بەمل‌داهاتوی رەزاگران؛ ٤) جۆرێ هەنجیری سوُر ف ١) بچۀ هوو؛ ٢) ممکن است؛ ٣) فامیل مزاحم و گرانجان؛ ٤) نوعی انجیر قرمز.

سۆڕە: زۆڕە ف صدای گریۀ خشن.

سوُرە: چڕوچاوسوُر ف سیماسرخ.

سوُڕە: خول، چەرخ ف چرخش، چرخه.

سوُرەباڵە: زڕەکەو ف نگا: زڕەکەو.

سوُرەبان: ناوی گوندێکە کە جێگەی چاپخانەی شورشی کوردبوُ بەعسی ویرانی‌کرد ف نام دهی است محل چاپخانه نهضت کُرد که بعثیان ویران کردند.

سوُرەبنە: گیایەکە بۆ دۆکلیو، سوُراو ف گیاهی است دردوغبا کنند.

سوُرەبی: جۆرێ داربی ف نوعی بید.

سۆرەپەن: باڵدارێکی پێ بەپەڕی سوُرو سپیە ف پرنده‌ایست آبزی.

سۆرەت: ١) بەندێ لە قورعان؛ ٢) چارەگە لیرە؛ ٣) سیایی ف ١) سورۀ قرآن؛ ٢) سکۀ کوچك از طلا؛ ٣) لیست، سیاهه.

سوُرەتا: ١) تای سێ رۆژە، نۆبەتێ کە سێ‌رۆژ پیاو بەرنادا؛ ٢) سوُریژە ف ١) تب سەروزە؛ ٢) سرخجە.

سوُرەتاو: گەرمایی بەتەوژمی خۆر ف آفتاب گرم.

سوُرەچنار: چناری جەوهەردار ف چنار.

سوُرەچێو: جۆرێ دەوەنەدار ف درختچه‌ایست.

سوُرەداڵ: خەرتەلی ئامالّ‌سوُر ف نوعی لاشخور.

سوُرەدزە: ناوی گوندێکە ف نام دهی است.

سوُرەزرتە: موُزەردی چاوشینی ناحەز ف مو زرد چشم آبی بدقواره.

سوُرەساقە: بێچوەچێشکەی توُك لێ‌نەهاتو ف جوجه پرندۀ پر درنیاورده.

سوُرەساو: سێوەسوُرە ف سیب سرخ.

سۆڕەسۆڕ: زۆڕەزۆڕ ف نگا: زۆڕەزۆڕ.

سوُرەسەقەتە: سوُرەساقە ف نگا: سوُره ساقه.

سوُرەشامی: جۆرێ ترێ، جۆرێ هەنگور ف نوعی انگور.

سوُرەقانگ: جۆرێ مراوی سوُرو سپیە ف نوعی مرغابی.

سوُرەقورینگ: باڵدارێکی لاق‌و دندوُك سوُری بەرزەبالایە ف پرنده‌ای است.

سۆرەك: لێدان‌و کوتانی زۆر بەئازار ف کتك‌کاری جانانه.

سوُرەکوان: جۆرێ زیپکەی گەورەی سەر سوُرە ف نوعی جوش بزرگ بر پوست.

سوُرەکەروێشك: کەروێشکی سوُرباو ف خرگوش سرخ‌فام.

سۆرەگوڵ: گوڵی سوُر ف گل‌سرخ.

سوُرەماسی: قاشە، جۆرێ ماسی ف شبوط، نوعی ماهی.

سۆرەمزە: جۆرێ مێشی درشتی سوُری چزوداره بە گاو گوێلکەوە دەدا ف نوعی زنبور نیش‌دار سرخ و درشت.

سوُرەمۆز: سۆرەمزە ف نگا: سۆرەمزە.

سوُرەمۆزە: سۆرەمزە ف نگا: سۆرەمزە.

سوُرەوبوگ: سوُربۆوە، سوُرکراوە ف نگا: سوُرکراوە.

سوُرەوبون: سوُربوُنەوە ف نگا: سوُربونەوە.

سۆرەوتۆرە: خزمی سەربارو بێکارە ف فامیلهای مزاحم و بیکاره.

سوُرەو کریاگ: سوُرکراوە ف نگا: سوُرکراوە.

سوُرهول: سوُرخوُل ف نگا: سوُرخوُل.

سۆرەوەبو: سوُربۆوە، سوُرکراوە ف نگا: سوُربۆوە.

سوُرەوەبون: سوُربوُنەوە ف نگا: سوُربونەوە.

سۆرەوەرد: مەڵبەندێکە لە کوردستان کە زۆر زانای بەناوبانگی لێ پەیدا بوە ف منطقۀ سهرورد.

سوُرەوە کریاو: سوُرکراوە ف نگا: سوُرکراوە.

سۆرەویلك: باڵدارێکە ف حواصیل.

سوُرهەڵگەڕان: ١) سوُربوُن لە شەرمان؛ ٢) رەنگی سوُر بەسەرداهاتن؛ ٣) برێتی لە توُڕە بون ف ١) سرخ شدن از شرم؛ ٢) به رنگ سرخ درآمدن؛ ٣) کنایه از خشمگین شدن.

سوُرهەڵگەڕاو: ١) سوُربۆوە لەشەرمان؛ ٢) رەنگی سوُر بەسەرداهاتو؛ ٣) توُرە ف ١) سرخ شده از شرم؛ ٢) بەرنگ سرخ درآمده؛ ٣) خشمگین.

سورهەڵگێڕان: ١) برێتی لە خەجاڵەت کردنەوە؛ ٢) برێتی لە کوشتن بە چەکی گەرم ف ١) کنایه از شرمنده کردن؛ ٢) کنایه از کشتن با سلاح گرم.

سوُرەهەراڵە: گیایەکی بۆن خۆشە ف گیاهی است خوشبو.

سوُرەیاو: گرانەتا ف تیفوئید.

سوُری: سوُراتی ف سرخی.

سۆری: خەڵکی ولاتی سۆران ف اهل منطقه «سۆران».

سۆریاز: سۆرپاز ف نگا: سۆرپاز.

سۆریاس: سۆرپاز ف نگا: سۆرپاز.

سوُڕیان: سوُڕان ف نگا: سوُڕان.

سوُڕیانەوە: سوُڕانەوە ف نگا: سوُڕانەوە.

سوُری‌تاری: سوُری تۆخ ف سُرخ تیره.

سوُرێتی: سوُراتی ف سرخی.

سوُرێجە: سۆرك، سوُریژە ف سرخك.

سوُریجە: سوُرێجە، سوُریژە ف سرخك.

سوُرێچکە: سوُرانچك ف خرخره، سرخنای.

سوُریژکە: سۆرك، سوُریژە ف سرخك.

سوُریژە: سۆرك، سوُریژکە ف سرخك.

سوُريك: سوّرك، سوُريژه ف سرخك.
سوُريكه: سوّرك، سوُريژه ف سرخك.
سوُريّكه: سوّرك، سوُريژه ف سرخك.
سوّرى كەژ: سوُرى ئال ف سرخ روشن.
سورين: سمت، لاقوُن ف باسن، سرين.
سوُريّن: مەلّبەنديّكە لە كوردستان ف ناحيه‌اى در كردستان.
سوُريّنچك: سوُرانچك ف سرخناى، خرخره.
سوُريّنچكه: سوُرانچك ف سرخناى، خرخره.
سوّرينگ: رەنگ سوُر ف سرخ رنگ.
سوُريەتى: سوُريّتى، سوُراتى ف سرخى.
سوُريّنه: سوُريّنجك ف خرخره.
سوّز: ۱) گفت، پەيمان، قەول؛ ۲) شادىو كەيف؛ ۳) گوّرانى خەمبار؛ ۴) پاشگرى بەواتا: سوُتيّن؛ ۵) سوُتاو بوّدلّ دەگوتريّ: (دلّسوّز) ف ۱) قول و پيمان؛ ۲) شادى، كيف؛ ۳) آهنگ حزين؛ ۴) پسوند بەمعنى سوزان؛ ۵) سوخته كه با دل آيد.
سوّزان: سوُتان ف سوختن.
سوُزان: سوُتان ف سوختن.
سوُزاندن: سوُتاندن ف سوزاندن.
سوُزانن: سوُتاندن ف سوزاندن.
سوُزانى: ژنى بيّ‌شەرمو حەيا ف زن سليطه و بى‌حيا.
سوّزرەت: عەجايب، سەمەرە ف عجيب.
سوّزكردن: گوّرانى بەسەبروكە گوتن ف ترنّم كردن.
سوُزمانى: سوُزانى، ژنى بيّ‌حەيا ف زن بى‌حيا.
سوُزمه: ۱) برنج پالّيوى كانزا، سماق پالّان؛ ۲) چيّشتى ماش‌و برنج ف ۱) برنج پالا، شيپ پالا، آبكش؛ ۲) آش ماش و برنج.
سوُزن: دەرزى دريّژو ئەستوُر بوّ جەوالّ دروُن ف جوالدوز.
سوُزنه: سوُتيّن ف سوزنده.
سـوُزه: ۱) گوّرانى بە دەنگى نزم، سـوُز؛ ۲) تەزوُى سەرما؛ ۳) سر وەبا؛ ۴) سوّراخ كردنى خەبەر ف ۱) ترنّم؛ ۲) سوزش سرما؛ ۳) نسيم؛ ۴) سرنخ از خبر.
سوّزه كردن: ۱) بە ئارامىو دەنگى نزم گوّرانى گوتن؛ ۲) شتيّ لە خەبەر دەس‌كەوتن ف ۱) ترنّم كردن؛ ۲) سراغ كردن خبر، بو بردن.
سوُزەنـەك: نەخـوّشيەكـە لە جيّگەى شەرمى نيّر و ميّ پەيدا دەبيّ ف سوزاك، بيمارى جنسى.
سوُزەنى: پارچەيەكى قوماشە ف پارچه‌ايست.
سوّزى: روّژيّ كە داديّ، سبەى، سبەينيّ ف فردا.
سوُزيا: سوُتا ف سوخت، ماضى سوختن.
سوُزياگ: سوُتاو ف سوخته.
سوّزيان: سوُتيان ف سوختن.
سوّزيان: سوُتان ف سوختن.
سوُزياو: سوُتاو، سوُزياگ ف سوخته.
سوّژان: سوُتان ف سوختن.

سوّژاندن: سوُتاندن ف سوزانيدن.
سوُژده: تويّلّ نانەسەرزەوى بوّ گەورەتر ف سجده.
سوُژن: سوُزن ف جوالدوز.
سوُژن ئاژن: بەسوُژن كون‌كون كردن ف با جوالدوز سوراخ‌سوراخ كردن.
سوُژندان: كيسوكەى چەرمين بوّ جىّ سوُژن ف كيسهٔ چرمى جاى جوالدوز.
سوّژه: ۱) بيگار، سوّخره؛ ۲) دادوهاوار ف ۱) بيگارى، سخره؛ ۲) فرياد و فغان.
سوّژەك: پيّشكەى ورد، توّفانه ف پشهٔ ريز.
سوُژيان: سوُتان ف سوختن.
سوُژياو: سوُتاو ف سوخته.
سوّژين: سوُژان، سوتان ف سوختن.
سوّس: ۱) كەپـەك، درشتـەى سەر هيّلّەك، كريّـك؛ ۲) سويّسكه ف ۱) نخاله؛ ۲) تيهو.
سوُس: گونديّكى كوردستانە بەعسى ويّرانى كرد ف از روستاهاى ويران شدهٔ كردستان بەدست بعثيان.
سوّست: ۱) سوّس، كەپەك؛ ۲) سوّز، پەيمان، شەرت ف ۱) نخاله؛ ۲) عهد، قول.
سوستەم: جوّرىّ تفەنگى قەديم ف از تفنگهاى قديمى.
سوسرك: كلوّ، كوله، كولله ف ملخ.
سوّسرەت: سوّزرەت ف عجيب.
سوّسك: ۱) سوّس، كەپەك؛ ۲) بالّداريّكە لە جنسى كەو بەلاّم بوّرە ف ۱) نخاله؛ ۲) تيهو.
سوُسك: بالّدارى سوّسك ف تيهو.
سوّسكه: سوُسك ف تيهو.
سوُسكه: نوُسك ف تيهو.
سوّسن: گولّيكە بە چەند رەنگ دەبىّ ف گل سوسن.
سوُسن: سوّسن ف گل سوسن.
سوُسه: بەگومان دوّزينەوەى نهيّنى ف بو بردن از رازى، سراغ كردن.
سوّسه: ۱) سوُسه؛ ۲) باى نەرم، سر وە ف ۱) نگا: سوُسه؛ ۲) نسيم، باد ملايم.
سوّسه كردن: سوّراخ كردن ف سراغ كردن.
سوُسەليّ: بزنى رەشى دەمو چاوسوُر ف بز مشكى رخسار قرمز.
سوُسەمار: مارميّلكەى دريّژ ف سوسمار.
سوّسەن: سوّسن ف سوسن.
سوُسەن: سوّسن ف سوسن.
سوُسـەمبەر: گيايەكى بوّن‌خوّشى گەلاّپانكەلّەى دانەدارە ف گياهى است خوشبو، سيسنبر.
سوُسەنبەر: سوُسەمبەر ف نگا: سوُسەمبەر.
سوُسەنەك: سوُزەنەك ف سوزاك.
سوّسى: سوّسك ف تيهو.

سوسێ: ناوی گوندێکە ف نام دهی است.

سوش: گیایەکی بۆن خۆشە ف گیاهی است خوشبو.

سوعبەت: گاڵتە، گەمە ف شوخی، بازی.

سوعوتی: سعوتی ف انفیه.

سوعود: سعود، بەخت ف بخت.

سوغدو: گیپە ف نگا: گیپە.

سوغرە: بێگار، سوخرە ف سخره، بیگاری.

سوغین: ئەنجامدان، پێك هانین ف انجام دادن.

سوفەقیتە: مەلێکە ف پرندەای است.

سوفی: مریدی بێپرچی شێخان ف صوفی.

سوفیاوسافیا: دو گوندی کوردستانی لای دیاربەکرن. زۆرتر پێکەوە *ناویان دەبرێ* ف نام دو روستای کردستان.

سوفیاتی: مریدایەتی شێخان ف صوفی گری.

سوفیایەتی: سوفیاتی ف صوفی گری.

سوفیلکە: ۱) ردێن داری سیس و کزو چکۆلە؛ ۲) باڵداریکی بۆرەلۆکەی بەکاکۆڵە؛ ۳) جۆرێ کوللەی شینی پچوك ف ۱) مرد ریشوی لاغر پژمرده؛ ۲) پرندەایست خاکستری رنگ کاکل‌دار؛ ۳) نوعی ملخ سبز رنگ.

سوفیلە: ۱) دەنکی درشتی ناو تەزبیح؛ ۲) داریکە دەسەر تۆپی خەرمانی رادەکەن ف ۱) دانهٔ درشت میان تسبیح؛ ۲) چوبی که در بالای خرمن گذارند.

سوفیەقیتە: قازەلاخ، باڵداریکە لە چێشکە گەورەترەو پوپەی هەیە ف پرندەای است.

سوق: بەرانبەر سفکی، سەنگینی، قورسی، گران لە هەڵگرتن ف ثقل، سنگینی.

سوقان: ئێسقان، ئێشە، هەستی، ئێسك ف استخوان.

سوقان: سوقان ف استخوان.

سوك: ۱) حینچکە؛ ۲) سفك لە کێش؛ ۳) دەنگی سەگ لە تاوکردنی دێڵدا ف ۱) کلەزدن در حین مقاربت؛ ۲) سبك‌وزن؛ ۳) صدای عاشقانهٔ سگ مقابل دله.

سوك: ۱) سفك، هاسان لە کێشا؛ ۲) زوو بلەز؛ ۳) بازار؛ ۴) بز، پەنجە بۆ کنگ‌بردن؛ ۵) حینچکە، لە پشت ژەنین؛ ۶) بێ‌قەدر ف ۱) سبك‌وزن؛ ۲) زود؛ ۳) بازار؛ ۴) انگلك؛ ۵) کلەزدن در هنگام جماع؛ ۶) آدم بی‌وقار.

سوکایەتی: بێحورمەتی ف اهانت.

سوکبار: بارسوك ف سبکبار.

سوك پێوەدان: خۆ پێوەنان، حینچکە لێدان ف کلەزدن در مقاربت جنسی.

سوك پێوەکردن: بز پێوەکردن، ئەنگوست بۆقنگ بردن ف انگلك کردن.

سوکدان: سوك پێوەدان ف کلەزدن در مقاربت جنسی.

سوکدەس: دەست سفك، دەست سوك ف نگا: دەست سفك.

سوکر: پێسیر، مل، گەردن ف گریبان، گردن.

سوکرە: دیزە، مەنجەڵی لە گڵی سوورەوەکراو ف دیزی، دیگ گلی.

سوك سوکە: نەخۆشیەکە ف آبلەمرغان.

سوك کردن: ۱) لەکێش کەم‌کردن؛ ۲) آبڕو بردن ف ۱) سبك‌کردن؛ ۲) رسوا کردن.

سوك لێدان: سوك پێوەدان ف کلەزدن در جماع.

سوکن: ماتەهەڵگرتنی کەو لەترس راوکەر ف مات شدن کبك از ترس شکارچی.

سوکنا: ئۆقرە ف آرامش.

سوکوم: سەروسەکوت، بیچم، تەرح ف سیما.

سوکە: ۱) سوك، کوت پێوەدان؛ ۲) دەنگی سەگی سەر دێڵەبەبا ف ۱) کلەزدن در جماع؛ ۲) صدای عاشقانهٔ سگ.

سوکە سوك: ۱) لێ ژەنینی لەسەریەك، سوك پێوەدانی بێ‌پسانەوە؛ ۲) قروسکەی سەگ بۆ تاوکردنی دێڵ ف ۱) کلەزدن پیاپی در جماع؛ ۲) صدای عاشقانهٔ سگ.

سوکەلە: چکۆلەی سوك ف سبك کوچك.

سوکەڵە: سوکەلە ف سبك کوچك.

سوکەڵەخەو: خەوی کەم‌و کاتی ف خواب سبك و موقتی.

سوکەلەسوار: سوارچاك ف سوارکار ماهر.

سوکەڵەسوار: سوارچاك ف سوارکار ماهر.

سوکەڵەناو: ناوی پچوك کراو ف نام کوچك شده، مخفّف.

سوکەند: درکانی وتەیە بۆ باوەڕپێ کردن، سوند، سوێند ف سوگند.

سوکەندخواردن: قسەی گومان لەدڵ دەرکردن ف سوگند یاد کردن.

سوکی: ۱) سوکی؛ ۲) نامرازی ساوارکوتان ف ۱) نگا: سوکی؛ ۲) ابزاری است شبیه هاون برای کوبیدن بلغور.

سوکی: ۱) سفکی؛ ۲) بێ‌ئابڕوویی ف ۱) سبك وزنی؛ ۲) رسوایی.

سوکین: بناخە، بناغە، خیم، هیم ف اساس، بنا.

سول: سڵ، رەوەك ف رموك.

سول: ۱) پلوسك؛ ۲) ناوهەڵدێر؛ ۳) سورك، حەوزۆکەی گەرماو ف ۱) ناودان؛ ۲) آبشار؛ ۳) حوضچهٔ گرمابه.

سول: ۱) پێڵاو، کەوش؛ ۲) کەوشی سوکەڵەی بێ‌پانیە ف ۱) کفش؛ ۲) دمپایی.

سوڵ: ۱) پڕخوێ، خوێ‌اوی، سوێر؛ ۲) سەهۆڵ، یەخ؛ ۳) پڕپۆ، تەنراوی قایم، پاش‌وشەی سفت دێ: (سفت‌و سوڵ)؛ ۴) زۆر سپی: (سپی‌و سوڵ و نەرم‌و نۆڵ) ف ۱) شور؛ ۲) یخ؛ ۳) سفت؛ ۴) سفید.

سولا: گیایەکی دەرمانە گوڵ‌زەردی گەلاپانە ف گیاهی است دارویی.

سولاف: ۱) ئاو هەڵدێر، تافگە؛ ۲) پلوسك ف ۱) آبشار؛ ۲) ناودان.

سولان: رەسەن، عەسڵ، رەگەز ف اصل، نژاد.

سوڵان: ۱) گوڵی پۆپەکەڵەشێرە؛ ۲) سوزانی پێست ف ۱) گل تاج‌خروس؛ ۲) احساس سوزش در پوست.

سولان: گیایەکە بۆ دەرمان‌و لەوەڕ باشە، هەنگوان ف گیاه انگدان.

سوڵاندنەوە: چوزانەوە ف سوزش زخم و پوست.

سوڵانەوە: چوزانەوە ف سوزش زخم و پوست.

سوڵاو: سوڵاڤ ف نگا: سوڵاڤ.

سوڵاوك: سوڵاڤ ف نگا: سوڵاڤ.

سوڵاوگە: پلوسك ف ناودان.

سوڵبەند: ١) بەنی کەوش؛ ٢) ناڵبەند ف ١) بند کفش؛ ٢) نعلبند.

سوڵبەندان: بەستەڵەك ف یخبندان.

سولتان: زاخە، کوڵ، کویل ف زاغە.

سولتان: ١) سان، پاڵشا؛ ٢) ئەسکوند ف ١) سلطان؛ ٢) راست ایستادن شتالنگ.

سولح: ئاشتی، پێك هاتنەوەی دو دژ ف آشتی.

سوڵدرو: پێلاودرو ف کفشدوز.

سوڵغە: ناوی گوندێکە ف نام دهی است.

سوڵك: ١) پلوسك؛ ٢) گەروڵەی ئاسیاو؛ ٣) برێتی لە مناڵی تازەزاو ف ١) ناودان؛ ٢) ناودان گندم آسیا؛ ٣) کنایە از نوزاد.

سوڵك: سوڵ، کەوشی سوکەڵە ف دمپایی.

سوڵکە: ١) پاشماوەی تەنکی سابوون؛ ٢) پاشماوەی وردی کەشك لەپاش سوونەوە؛ ٣) برێتی لە ساوا ف ١) تەماندۀ صابون؛ ٢) تەماندۀ کشك بعد از ساییدن؛ ٣) کنایە از نوزاد.

سوڵکەر: پێلاودرو، کەوشدرو ف کفشدوز.

سوڵگە: جێگەی لێژو خز ف نشیب لیزگاه.

سوڵوخوا: سور، سوڵ ف شورمزە.

سولوسات: ١) سوورسات؛ ٢) حەشامات و ئاپۆرە ف ١) سیورسات؛ ٢) جمعیت زیاد.

سوڵوڵە: بەچکە دوپشك، پێچوی دمارە کوڵ ف بچە عقرب.

سولە: ١) سنگی داوێنی رەشماڵ؛ ٢) بەڵمی هەرزن و چەڵتوك ف ١) میخ چوبی بر دامنۀ چادر؛ ٢) کاه ارزن و شالی.

سوڵە: هەلاش، چرپی و گیا بۆ بن قورەبان ف گیاهی کە زیر گل اندود بام گذارند.

سوڵە: ١) بەستەڵەك؛ ٢) سەرمای توند؛ ٣) بڵێسە؛ ۴) چڵكدانی ئەندام؛ ۵) ناوی چەند گوندێکە لە کوردستان؛ ۶) چوزانەوەی پێست؛ ۷) جۆرێ دوپشکی پچووك؛ ٨) تروسکەی لە دوور ف ١) یخبندان؛ ٢) سرمای سخت؛ ٣) شعلە؛ ۴) تپش عضو از درد؛ ۵) نام چند روستا؛ ۶) سوزش پوست؛ ۷) نوعی کژدم ریز؛ ٨) سوسو زدن.

سوڵەچرا: چوڵەچرا، خەتیرە ف مشعل چوبی.

سوڵەرمە: چلوورە، شیشەسوڵ ف دنگالە.

سوڵەسوڵە: ١) چوزانەوە لە پێست یان لە زماندا؛ ٢) جۆرێ دوپشکی ورد ف ١) سوزش پوست و زبان؛ ٢) نوعی کژدم ریز.

سوڵەکە: لۆرکی سوڵ ف محصول نمکین تیزآب پنیر.

سولی: کای هەرزن و چەڵتوك، بەڵم ف کاه ارزن و شالی.

سوڵی: جەرگ و ناو، دڵ و گورچیلە و جەرگ ف دل و جگر و قلوە.

سوڵیانەوە: چوزانەوە ف بە سوزش آمدن پوست.

سوڵی کەباب: جەرگ و دڵی برژاو ف کباب جگر و قلوە.

سولێن: ژێراو ف زیراب.

سوڵینە: ١) گونجە، وشترگەڵو، ریگە ئاوی لە سواڵەت؛ ٢) خونچە ف ١) تنبوشە، آبراه سفالین؛ ٢) غنچە.

سوڵینەوە: سوزیانەوەی پێست، چوزانەوە ف بەسوزش آمدن پوست.

سوما: ١) رووناکی چاو، هێزی دیتن؛ ٢) ئاسۆ؛ ٣) تروسکەی رووناکی لە دور؛ ۴) مەڵبەندێکە لە کوردستان ف ١) سوی چشم؛ ٢) افق؛ ٣) سوسو زدن روشنایی؛ ۴) منطقەای در کردستان.

سومایی: ١) هێزی چاو، بینایی؛ ٢) رەشکێنە ف ١) نیروی دید؛ ٢) مردمك چشم

سومایی داهاتن: برێتی لە کوێر بوون ف کنایە از نابینا شدن.

سون: ١) سن، بەلای گەنم؛ ٢) سنوی سەگ ف ١) سن آفت گندم؛ ٢) بلوغ سگ.

سۆن: شیاکە، ریخ، سنێر ف سرگین.

سوون: ساوین ف سودن

سۆنت: کون ف سوراخ.

سۆنتن: سمین ف سوراخ کردن.

سۆنج: گوندێکە ف روستایی است.

سوند: سۆکەند ف سوگند.

سۆند: سۆکەند ف سوگند.

سوندروك: تابووت ف تابوت.

سوندریك: تابووت، داربەست، سوندروك ف تابوت.

سۆنك: خۆڵی زوروورد ف گرد و غبار.

سونکە: سوڵکە ف نگا: سوڵکە.

سۆنکە: ١) سولکە؛ ٢) هەل، دەرفەت ف ١) نگا: سولکە؛ ٢) فرصت، فراغت کار.

سۆنگە: لەبەر، بەهۆی، هۆ ف سبب، وسیلە، بەسبب.

سونگە: دەرفەت، هەل، سۆنکە ف فراغت، فرصت.

سونگەر: هەوری ف اسفنج.

سونگی: نێزە ف نیزە.

سونگی تاق: شەڕی سەرنێزە ف جنگ سرنیزە.

سوننەت: ١) خەتەنە؛ ٢) نوێژی نەواجب ف ١) ختنە؛ ٢) نماز سنّت.

سوننەتە: ناوی گوندێکە ف نام دهی است.

سوننی: ١) نێزە؛ ٢) موسوڵمانی جگە لە شیعە ف ١) نیزە؛ ٢) پیرو مذاهب تسنّن.

سوننی تاق: سونگی تاق ف جنگ سرنیزە.

سۆنە: نێرەمراوی، سەرکەسك ف مرغابی نر.

سونەت: خەتەنە ف ختنە.

سۆنەڤیرك: باڵدارێکی ئاویە ف نوعی مرغابی.

سوونەوە: ساوین ف ساییدن.

سونێ: گوندێکە ف روستایی است.

سۆور: پەڵخوڕ، کای خوراوی ناوزگی ئاژەڵ ف کاه هضم نشده در شکم حیوان.

سووری: سمۆرە ف سمور.

سۆوری: تیری پێشەنگ، ڕەمکێشی گەلە ف نخراز، پیشاهنگ گله.

سوه: ١) ڕۆژێ دادێ، سبەی؛ ٢) کاڵ، خاو، نەگەیشتو؛ ٣) نەمام، ریشەی چەقاندن؛ ٤) جۆرێ سەرپێچ و مێزەرەی ژنان؛ ٥) بریتی لە منالی ساوای خۆشەویست ف ١) فردا؛ ٢) کال؛ ٣) نهال؛ ۴) نوعی عمامهٔ زنانه؛ ۵) کنایه از نوزاد عزیز.

سوهان: سنێر شیاکە، ریخ ف سرگین.

سۆهانە: هۆزو تیرەیەکی کوردی یەزیدیە لە سوریە دەژی ف از فرقه‌های مذهبی کُردزبان در سوریه.

سۆهتن: سوُتان ف سوختن.

سوهر: سوُر، سۆر ف سرخ.

سوهراڤ: سۆراڤ، سوُراو ف غازه، سرخاب.

سوهرك: سۆرك، سوُرێژە ف سرخك.

سۆهری: سوُرایەتی ف سرخی.

سوهریچك: ١) کرکراکە، سوُرانچك؛ ٢) کونی قوُن ف ١) سرخنای، خرخره؛ ٢) مقعد.

سوهن: سام، ساو، ترس، عەیبەت ف خوف، ترس.

سوەی: سبەی ف فردا.

سوهیل: ئەستێرەیەکە ف ستارهٔ سهیل.

سوێ: ١) سوُی، داخ و عەزرەت؛ ٢) تاسە؛ ٣) نزیك؛ ٤) ئاسوێ؛ ٥) تماشا؛ ٦) سارێژبوُنی برین؛ ٧) ئازار، ژان ف ١) حسرت؛ ٢) اشتیاق؛ ٣) نزدیك؛ ۴) افق؛ ۵) نگاه؛ ۶) التیام زخم؛ ۷) درد و آزار.

سوُی: داخ و عەزرەت، سو ف حسرت و درد.

سوُیاگ: سواو ف ساییده.

سوُیان: سوان ف ساییده شدن.

سوێبوُنەوە: ١) غەم خواردن بۆ کەسێك؛ ٢) مردن لە خەمان ف ١) غم خوردن برای کسی؛ ٢) از غم مردن.

سویتلی: سوتلی ف همسر موقّتی بدون نکاح.

سویتە: ١) لەمپەرو پەرژینی کەوپەڕ؛ ٢) چێشتەی نچیر؛ ٣) تەپکە کەروێشك ف ١) مانعی که در راه کوچ کبکان می‌گذارند؛ ٢) طعمهٔ شکار؛ ٣) گودال تله خرگوش.

سوێتەلی: خوێڕیو بێکارە ف بیکاره و هرزه.

سویجگەر: سوجگەر ف دل و قلوه.

سوێدار: خەمبار، ئازیەتبار ف عزادار.

سوێر: ١) سوێل، سوُر، سوێلەخوا؛ ٢) تامەزرۆ، بەئارەزوبو شتێ: (**سوێرناو** واتا: تینو) ف ١) شورمزه؛ ٢) آرزومند برای چیزی.

سوێڕ: سوُر لەسەر مەبەست، پێ چەقێن ف پافشاری کننده، مصّر.

سوُیر: ١) سوُر، سۆر، سوهر؛ ٢) بەزم و میوانداری، سوُر، سوُران؛ ٣) گەرم، داخ ف ١) سرخ؛ ٢) جشن و سور؛ ٣) گرم، داغ.

سوێراو: سەرچاوەی ئاوی سوێر: (ئەم کانیە **سوێراوە**) ف چشمهٔ آب شور.

سوێرخوێ: زۆر خوێ‌تێکراو، زۆر سوێر ف بسیار شورمزه.

سوێرکە: ١) سوێرە؛ ٢) کاکڵەبادام و نۆم و شتی برژاو ف ١) نگا: سوێرە؛ ٢) آجیل.

سوێرو: ڕەشوڵە، ریشوڵە، گاوانی ف سار.

سوێرە: دەم گەڕاندنی ئاژەڵ بۆ سوێر: (مەڕەکان **سوێرە** دەکەن) ف اشتیاق دام برای نمك.

سوێرەکە: ١) چێشتێ کە لە تۆراخی دەکەن؛ ٢) جۆرێ مازو ف ١) آش از دوغ چیکده؛ ٢) نوعی مازوج.

سوێرەلوك: سوێری نیوەتاڵ ف شور مایل به تلخی.

سوێرێژك: سۆرك، سوُرێژە ف سرخك.

سوێس: تارمایی، ڕەشایی لە دورەوە هاتنە بەرچاو ف شبح.

سوێسکە: سوُسك، سویسکە، باڵداریکی گۆشت خۆشە ف تیهو.

سوێسکەیی: جۆرێ هەڵپەرکێ ف نوعی رقص.

سوێسن: گوڵێکە زۆر بۆن‌خۆش، سۆسن ف سوسن.

سوێسنایەتی: مەڵبەندێکە لە کوردستان ف ناحیه‌ای در کردستان.

سوێسنە: سۆسن ف سوسن.

سوێسنی: خەڵکی سوێسنایەتی ف اهل منطقهٔ «سوێسنایەتی».

سوێگە: ئاسۆ ف افق.

سوێل: سمبێل، سمێڵ ف سبیل.

سوێڵ: سمبێل ف سبیل.

سوێل: ١) سقیل؛ ٢) پلوسك؛ ٣) تاڤگە ف ١) نگا: سقیل؛ ٢) ناودان؛ ٣) آبشار.

سوُیل: سمبێل ف سبیل.

سوُیلاڤ: تاڤگە، ئاوهەڵدێر ف آبشار.

سوین: سوُن، سوُنەوە ف ساییدن

سوێن: سوُند، سۆند، سۆکەند ف سوگند.

سوێند: سوُند، سۆکەند ف سوگند.

سوێندخۆر: ١) هاوپەیمان؛ ٢) کەسێ کە سوُندێ دخوێت ف ١) هم‌پیمان؛ ٢) سوگند یادکننده.

سوێندکاری: پەیمان بەستنی بەکۆمەڵ ف پیمان دسته‌جمعی.

سوێندگر: کەسێ لە سوێندی بەدرۆ تۆشی بەڵا بوُبێ ف بلا دیده از سوگند دروغین.

سوێنکە: بەرماوی ورد لە سابوُن یان کەشك، سونکە، سۆنکە ف تەماندهٔ صابون و کشك ساییده.

سوێنە: تەشتی سواڵەتی، تەشتی گڵێنە ف تشت سفالین.

سوێە: سبەی ف فردا.

سوُیە: سپڵ ف طحال.

سوُیین: سوانەوە، تیژکردنی تیخ بە هەسان ف با فسان تیغ را تیز کردن.

سە: ١) سپڵۆت، بەشدار، چوارپێ، سپەڕ؛ ٢) پاشگری خەبەردان: (واسە) ف ١) سگ؛ ٢) پسوند خبری، است.

سە : سڵ و قوشقی، دڵ‌ئێشاو، ڕەنجاو ف آزرده، رنجیده.

سەب: تاو، وچان، جارێ بە ئەمانەت: (باران **سەب** وەستایە) ف موقتاً.

سەبا: ١) لەبەر، بۆ خاتری: (**سەباتە** هاتم)؛ ٢) بەرەبەیان: (**سەبای** ساڵحان)؛ ٣) بەیانی، سۆزی ف ١) برای، بخاطر؛ ٢) بامداد؛ ٣)

فردا.

سەبارەت: ١) لەبەر، بۆ خاتری، سەبا؛ ٢) دەربارەی، لەمەڕ ف ١) از برای، بخاطر؛٢) راجع، درباره.

سەبر: ١) حەوسەلە، پشولەسەرخۆیی؛ ٢) هێدی، نەتوند؛ ٣) زبڵ و زاڵی ماڵ؛ ٤) پژمـە لە سەرەتای کاریان سەفەر ف ١) شکیب؛ ٢) یواش، اهسته؛ ٣) آشغال؛ ٤) عطسهٔ شگون.

سەبرگە: زبڵدان ف آشغالدان.

سەبرگەچی: زبڵ ماڵ، کوڵان ماڵ ف آشغالی، رفتگر.

سەبرهاتن: ١) پژمین لە دەست پێ کردنی کارێکدا؛ ٢) سەبووری هاتن ف ١) عطسهٔ شگون؛ ٢) صبوری.

سەبز: رەنگێکە لە نێوان زەردو عاسمانیدا، کەسك ف رنگ سبز.

سەبـزە: ١) مرۆی سپی‌پێستی ئامـاڵ‌زەردی جوان، زەری؛ ٢) جۆرێ کشمیش ف ١) آدم سبزه‌رنگ؛ ٢) نوعی کشمش، سبزه.

سەبل: پشتیر، گەوڕ، تەوێلە ف اصطبل.

سەبنیسی: نەخۆشیەکی سەگە ف یکی از بیماریهای سگ.

سەبۆچی: لەبەرچی؟ ف برای چه؟.

سەبووری: ئارام‌بوونی دڵ لە کاتی خەم خواردندا ف صبوری.

سەبوون: بای زۆر گەرمی گیاندارکوژ، گڕەبا، گڕە: (مەزرەعەی هەستیم وای سەبوون بەردەن) «مەولەوی» ف بادسام.

سەبەب: هۆ، سۆنگە، سەمەد ف سبب.

سەبەت: دەفری لەتوول تەنیاو ف سبد.

سەبەتانە: سێرەی تفەنگ ف مگسهٔ تفنگ.

سەبەتچن: کەسێ کە سەبەت دروست دەکا ف سبدباف.

سەبەتولکە: سەبەتی پچووك ف سبد کوچك.

سەبەتە: سەبەت ف سبد.

سەبەتە بەسەرێ: بازیەکی بچووکانە ف نوعی بازی کودکان.

سەبەتەچن: سەبەتچن ف سبدباف.

سەبەل: نەخۆشیەکی چاوە ف چشم‌درد، سبل.

سەبەڵ: سەبەل ف چشم‌درد، سبل.

سەبیل: ١) سبیل، ئامرازی توتن کێشان؛ ٢) ئاوی خێرێ ف ١) چپق؛ ٢) آبی که به احسان دهند.

سەبیل تێ کەر: بریتی لە درۆزنی زل ف کنایه از دروغگو.

سەبیلچی: سەبیل‌ساز، کەسێ سبیلی توتن دروست دەکا ف چپق‌ساز.

سەبیلخۆر: کەسێ کە توتن بە سەبیل دەکێشێ ف چپق‌کش.

سەبیل‌ساز: سەبیلچی ف چپق‌ساز.

سەبیل کێش: سەبیل‌خۆر ف چپق‌کش.

سەبیلە: ١) سەبیل، ئامرازی توتن‌کێشانی لە قوڕ؛ ٢) ئاسنێ کە دەسەر بۆڕی ئاوی دەگرن ف ١) چپق؛ ٢) گیرهٔ سر لولهٔ آب.

سەپـان: ١) رەنجبـەری دەستـەبـەر کە لە پێنـج‌بەش بەشێك لە بەهرە دەگرێ؛ ٢) بەزۆر نۆش کردن ف ١) کارگر کشـاورزی که یك پنجم بهره می‌گیرد؛ ٢) تحمیل.

سەپاندن: بەزۆر نۆش کردن، بەملدا هێنان، داسەپاندن ف تحمیل کردن.

سەپـانی: ١) کاری سەپان؛ ٢) بەهرەیێ کە بە سەپان دەگا ف ١) کار زراعت در مقابل یك پنجم محصول؛ ٢) مزد «سەپان».

سەپتك: ١) بەردی کە دە جادە دەگیرێ؛ ٢) جۆگەئاوی داپۆشراو ف ١) سنگ سنگ‌فرش؛ ٢) مجرای سرپوشیده.

سەپك: ١) ئامرازی پۆی چادر کوتان؛ ٢) کولێرەی ئەستوور لە درشتەی ئارد بۆ سەگ، سەولـە، خەپلە ف ١) ابـزار پودکوبی چادربافان؛ ٢) نواله از نخاله برای سگ.

سەپکـە: ١) کولێرەی لە درشتـەئـارد، سەپك؛ ٢) ژەنگ ف ١) نواله از نخاله؛ ٢) قشو.

سەپۆل: حەپۆل، گێلۆکە ف پخمه.

سەپۆلە: سەپۆل ف پخمه.

سەپەکە: سە، بەشدار، چوارپێ، سپەڕ، سپلۆت ف سگ.

سەپەل: ١) سەپۆل؛ ٢) سپڵ ف ١) پخمه؛ ٢) طحال.

سەپەلیك: ١) جەرگی سپی، جێگەی هەناسە دان لە دەروندا؛ ٢) قلیان، قلیاناوی ف ١) ریه، شش؛ ٢) قلیان.

سەپی: پالاوتە، پاڵێوراو ف پالیده.

سەت: ژمارەی دوای نەوەتونۆ ف صد.

سەتـرل حەمـام: پارچـەیەکـە لەبـەر تاو بە چەنـد رەنگ دەنوێنێ ف پارچەایست که در آفتاب به چندین رنگ دیده می‌شود.

سەترنج: گەمەیەکە بە شازدە داش دەکرێ لە تیرەی گەمەی دامەیە ف شطرنج.

سەترە: زللە، زلە ف سیلی.

سەتك: گیایەکە بەری لە نۆك دەچی‌و بە شینی دەخورێ، سەیدۆکە ف گیاهی است.

سەتکا: هەرچەند، ئەگەرچی ف هرچند.

سەتڵ: پەقرەج ف سطل.

سەتڵ‌وجەم: نەخۆشی «ذات‌الجنب» ف ذات‌الجنب.

سەتم: داڕووخان ف فروریختن خاك.

سەتمـاندن: ١) پڕ کردنەوەی چاڵ؛ ٢) ڕووخاندنی دیوار ف ١) خاك در چاله ریختن؛ ٢) فروریزاندن دیوار.

سەتمە: ساتمە ف سکندری.

سەتە: ١) برێتی لە چەرخێ، سەدساڵ؛ ٢) سوکەڵەناوی سەتتار ف ١) سده، قرن؛ ٢) مخفّف نام ستّار.

سەجەرە: رەگەزنامە، نوسراوی ناوی باب‌و باپیران ف شجره‌نامه.

سەچت: وردبوونەوەو گەڕیان بە شوێن شتێکدا ف تفتیش.

سەچتین: پشکنین ف تفتیش کردن.

سەح: ١) پێ زانین، ئاگایی: (من ئەو خەبەر سەح نەکریە)؛ ٢) بەوردی لێ ڕوانین: (دوختور سەح کرێ زارۆکێ من چبەلایە) ف ١) احساس کردن، شنیدن؛ ٢) معاینه.

سەحات: ١) سات؛ ٢) ئامرازی کات پێوان، کاژمێر ف ١) آن، وقت؛ ٢) ساعت.

سەحکـردن: ١) خەبـەردار بوون، بیستن؛ ٢) تێ ڕوانین بەوردی ف ١)

آگاه شدن، شنیدن؛ ٢) معاینه کردن.

سەحکـەران: هەستەکان (دیتن، چەژتن، بیستن، بێن، وێ کەوتن) ف حواس پنجگانه.

سەحەت: ١) سڵامەتی، ساقی، ساغی، ساخی؛ ٢) ئاسودە: (رەحمەت و سەحەتم)؛ ٣) رەنگ‌وروو: (پیاوێکی سەحەت خۆشە) ف ١) سلامت؛ ٢) آسوده؛ ٣) سیما، رخسار.

سەحەر: بەرەبەیان ف سحر، بامداد.

سەحەری: ١) لە کاتی سەحەردا: (سبەی سەحەری دەڕۆم)؛ ٢) جۆرە ئاهەنگێکە بە زوڕنا لێدەدرێ ف ١) هنگام سحر؛ ٢) آهنگی است که با سرنا نواخته می‌شود.

سەحەن: دەفری مسی هەراو بۆ چێشت ف تشت کوچك.

سەخاوەت: ١) دڵاوا؛ ٢) دڵاوایی ف ١) بخشنده؛ ٢) بخشندگی.

سەخبیر: چاوێر، ئاگادار ف مراقب، مواظب.

سەخت: ١) رەق، تونـد؛ ٢) دژوار؛ ٣) پێداگر و لاسار؛ ٤) سەرمـای بەتـەوژم ف ١) سخت، سفت؛ ٢) دشـوار؛ ٣) سختگیر، لجباز؛ ٤) سرمای شدید.

سەختی: ١) بنەمای وشەی سەخت؛ ٢) سپاردن، راسپاردن ف ١) صیغهٔ مصدری «سەخت»؛ ٢) سفارش.

سەختیان: ١) پێستی لە دەبـاغ‌دراو؛ ٢) سفـرەی چەرمی نانکـەر؛ ٣) زوڵەچـەرم ف ١) پوست دبـاغی شده؛ ٢) سفرهٔ چرم نانوایان؛ ٣) برشی از چرم.

سەخڵەت: سخڵەت ف نگا: سخڵەت.

سەخمـە: ١) دار و پەردوی خانـووەرۆخـاو؛ ٢) دارێ کە بەر داری ترێی دەدەن؛ ٣) دارێکی بەگرێیە لە سێبـەرێدا مەشکـە و دۆدانـەی پێدا هەڵدەواسن ف ١) آوار؛ ٢) چوبی که تاك بر آن تکیه داده؛ ٣) چوبی است که مشك را از آن می‌آویزند.

سەخمەراتی: ١) سەبەب، هۆ؛ ٢) ئەگەر ف ١) سبب؛ ٢) اگر.

سەخناخ: ١) سەختان، شوێنی سەخڵەت؛ ٢) ناوی کێوێك لە کوردستان ف ١) مسیر دشوار در کوه؛ ٢) نام کوهی در کردستان.

سەخوڕ: پەڵخوڕ، کای خوراوی ناو زگی حەیوان ف نگا: پەڵخوڕ.

سەخوڕدان: جێگەی سەخوڕ ورگی حەیوان ف جای «سەخوڕ»، محل کاه هضم نشده در شکم حیوان.

سەخورگە: جێگەی سنێرلێ رشتن، گۆفك، سەرانگوێلك ف شوله، سرگینگاه.

سەخورمە: مستەکوڵە ف سقلمه.

سەخۆرە: تووی سپی نزیك بە گەیشتن ف توت نارس.

سەخەر: ئابڕوو، ناوی باش ف آبرو، خوشنامی.

سەخەربرن: ئابڕووبردن ف رسوا کردن.

سەخەری: سختیان، چەرمی ئەستووری لەدەباغ دراو ف ساغری.

سەخی: دڵاوا، بەخشندە ف بخشنده.

سەخیر: مندالی بێ‌باب، سێوی، هەتیو ف یتیم.

سەد: ١) بەربەندی ئاو؛ ٢) سەت ف ١) سدّ؛ ٢) صد.

سەدا: دەنگ، ئاواز: (سەدات دەر نەیە، سەدایەکی خۆشی هەیە) ف صدا.

سەدارە: سدارە ف نوعی کلاه.

سەدان: چەند جار سەت ف صدها.

سەددڵ: دوودڵ، دڕدۆنگ ف متردّد، دودل.

سەدرابات: گوندێکە ف نام دهی است.

سەدری: جۆرێ برنجی باش ف برنج صدری.

سەدوسەدە: برێتی لە تەواو بێ کەمایەسی ف صددرصد.

سەدە: سەتە، برێتی لە سەد ساڵ، چەرخ ف سده، قرن.

سەدەف: شتێ رەقی سپی پێشەئاسایی لە زریادا، جێگەی تیاڕسکانی مرواری ف صدف.

سەدەقـە: ماڵ‌بەخشین لە ڕای خوادا. ئەموشەیە سەدیەکە بوە عەرەب کردویەتە سەدەقە ف صدقه، خیرات.

سەدەم: ١) دوای نەوەتـونـۆهەم؛ ٢) سەبا، بۆ خاتری ف ١) صدم؛ ٢) برای، بخاطر.

سەدەمە: بەڵا، ئازار، زیان ف صدمه، آسیب.

سەدەمین: سەدەم، دوای نەوەتو نۆهەم ف صدم.

سەر: ١) هەر شتێ لە باڵایە؛ ٢) لە ئەستۆ بەرەژووری گیاندار؛ ٣) یەکێ لە بزاوی پیت: (سەرو بۆرو ژێر)؛ ٤) پارەیێ کە باقی مامڵە دەدرێ؛ ٥) جار، دەحفە؛ ٦) ئالی، لا: (لەم سەر تا ئەو سەر چوم)؛ ٧) ماوەیەك لە زەمان: (سەرێك هاتو ڕۆیشت)؛ ٨) داپۆشی دەفر؛ ٩) جەم، کن، نك: (بردومەتە سەر وەستا)؛ ١٠) تاکێك لە مرۆ و ئاژەڵ: (دە سەر خێزانم، چوار سەر بزنم هەیە)؛ ١١) ئاخر، ئاکام: (هەتا سەروا نامێنێ)؛ ١٢) بەخاتری، لەبەر: (لە سەر تۆ وام لێ هات) ف ١) هر چیز بالا؛ ٢) سر، کلّه؛ ٣) زَبَر اِعراب؛ ٤) پولی که در معامله باقی دهند؛ ٥) بار، دفعه؛ ٦) طرف، سو؛ ٧) مدّتی از زمـان؛ ٨) سرپـوش ظرف؛ ٩) نزد؛ ١٠) واحد انسان و چهارپا؛ ١١) پایان، انجام؛ ١٢) برای، بخاطر.

سەهر: ١) زڕ، بەدەڵ: (سەهرداك)؛ ٢) بێ‌بەر، بەرنەدەر ف ١) بدل؛ ٢) بی‌ثمر.

سەرئەژمێر: کەسێ کە تاك‌تاکی مرۆ یان ئاژەڵ حەسێب دەکا ف سرشمار.

سەرئەژمێری: کاری سەرئەژمێر ف سرشماری.

سەرئەنجام: بڕانەوەی کار ف سرانجام.

سەرئەنداز: ١) سەرپۆش، بەرانبەر ڕایەخ؛ ٢) ڕایەخی باریك کە کەنار دیوار پڕ دەکاتەوە ف ١) مقابل زیرانداز؛ ٢) زیراندازی مانند کناره.

سەرئەنناز: سەرئەنداز ف نگا: سەرئەنداز.

سەرئێشان: ژانەسەر ف سردرد.

سەرئێشاندن: برێتی لە جاڕزکردن ف دردسر دادن.

سەرئێشە: سەرئێشان ف سردرد.

سەرئێوارە: سەرەتای دەرەنگ‌بوونی ڕۆژ ف عصر هنگام.

سەرا: ١) مـاڵی دیوان؛ ٢) جێگە: (سەرای دەوڵەتی، کاروانسەرا)؛ ٣) ناوی گونـدێکە لە موکوریان ف ١) ادارهٔ مرکزی؛ ٢) جای؛ ٣) نام

دهی است.

سەراپا: لە سەر تا پێ، گشت لە گشت، هەمو ئەندام: (**سەراپای** گوارە زەردی ترس و لەرزە / ئەڵێی عاسی بوە لەو جێگە بەرزە) «نالی» ف سراپا.

سەراپەردە: دیوانی میر ف خانهٔ فرمانروا.

سەراپێ: ١) سەراپا؛ ٢) لەسەرهۆش، ئاگالێ بوُن ف ١) سراپا؛ ٢) مواظب، متوجه.

سەراپیتە: بان لە دیوی ژوُرەوە، بن میچ، میچ ف سقف.

سەراراو: کەفاوی تازە هێشتا شت پێ نەشۆراو ف کفابهٔ نخستین برای رختشویی.

سەرازا: ئازاد ف آزاد.

سەرازادی: ئازادی، خۆبوُن، خۆی بوُن ف استقلال.

سەرازایی: سەرازادی ف استقلال.

سەراسا: ١) تایبەتی؛ ٢) سەرانسەر، گش ف ١) اختصاصی؛ ٢) سراسر، همه.

سەراسوێ: لە بەرزترەوە ڕوانین بە نهێنی ف دزدکی از بالا نگاه کردن.

سەراسەر: گش، هەمو ف همگی.

سەراسێ: سەرێشە ف سردرد.

سەراسیمە: داماو، سەرگەردان ف سراسیمه.

سەراشیت: سەرێشەی چەل‌ومل و دەست بەرنەدەر ف سردرد مزمن.

سەڕاف: پوڵ گۆڕەوە، پارەفرۆش ف صرّاف.

سەڕافی: کاری پارەفرۆش ف صرّافی.

سەراڤ: ئاوێ کە دەگەڵ پیزە لەسکدایە ف آب همراه جنین در زهدان.

سەراڤ پەقین: ڕژانی ئاوی سەراڤ بەر لە هاتنی مناڵ ف ریزش آب قبل از تولّد نوزاد.

سەراڤك: سەراڤ ف نگا: سەراڤ.

سەراڤکانێ: گەمەکردن لە ئاوی قوُڵ داو سەر دەناو ڕوکردنی یەکتر ف بازی هنگام شنا در آب.

سەراڤکی: ڕەپ‌وڕاست، بەئاشکرا، بێ‌دەروایسی ف رُك و صریح.

سەراڤی: دەغڵێك کە پاش بارانی پەڵە چێندراوە ف محصولی که پس از اوّلین باران تُند پاییزی کاشته شده باشد.

سەراك: کوڵکەی بەشانەکراو ف پشم و موی شانەزده و پاك شده.

سەراگوم: ١) بێ‌سەرو شوێن؛ ٢) کەس نەناس ف ١) گم بی‌اثر؛ ٢) گمنام.

سەرامەت: باوخۆشتر لە خەڵکی تر ف سرامد.

سەرامەد: سەرامەت ف سرامد.

سەران: ١) پیاو ماقوُڵان؛ ٢) سلان، بڵندایی‌ەکان، کێوان ف ١) سران قوم؛ ٢) بلندیها، کوهساران.

سەڕان: زەڕەی کەر ف عرعر.

سەڕاندن: زەڕەزەڕکردن ف عرعر کشیدن.

سەرانسەر: سەراسەر ف سراسر، همگی.

سەرانگوڵك: جێگەی لێ‌ڕشتنی پەین و ڕیخ، گوُفك ف شوله.

سەرانگوێلك: سەرانگوڵك ف شوله، سرگینگاه.

سەرانوێلك: سەرانگوڵك ف شوله.

سەرانە: پیتاك لە هەر تاکێ لە مرۆو ئاژەڵ ف سرانه.

سەراو: ١) چاوەی زلی ئاو؛ ٢) زەمینێ کە نزیك چەمە؛ ٣) سەراڤ؛ ٤) ئاوەدەست؛ ٥) زەمینێ کە زو ئاو قوُت نادات؛ ٦) هەر چی بنـاو نابێ وەك دار؛ ٧) ناوی گوندێکە ف ١) سرچشمه؛ ٢) زمین نزدیك رودخانه؛ ٣) آب همراه جنین؛ ٤) مستراح؛ ٥) زمین‌رس که آب کمتر پذیرد؛ ٦) هرچه زیر آب نمی‌رود؛ ٧) نام دهی است.

سەراوان: دژی بناوان، لای سەرەوە ف طرف بالا.

سەراوتۆقین: سەراڤ پەقین ف ریزش آب همراه نوزاد.

سەراوتەقین: سەراڤ پەقین ف نگا: سەراڤ پەقین.

سەراورد: ڕابواردوُی پێشین ف گذشتهٔ دور.

سەراوەرد: سەراورد ف گذشتهٔ دور.

سەراوی: جۆرێ کوُلەکە: (کدو سەراوی) ف نوعی کدو.

سەربادان: برێتی لە ناڕازی‌بوُن ف کنایه از ناخشنودی.

سەربار: ١) شتێ کە لە سەر باری بارەبەر دادەنرێ؛ ٢) زەحمەتی زیادی ف ١) اضافه بار؛ ٢) قوز بالاقوز.

سەربارانە: باج‌سەندن لە بارەکانی کاروان ف باج گرفتن از بارهای کاروان.

سەربارە: سەربار ف نگا: سەربار.

سەرباز: چەکداری دەوڵەت ف سرباز.

سەربازخانە: بنکەی سەربازان ف پادگان.

سەربازگرتن: خەڵك بۆ سەربازی بردن ف سربازگیری.

سەربازگیری: سەربازگرتن ف سربازگیری.

سەربازی: چەکداری بۆدەوڵەت ف سربازی.

سەرباس: ئامانج لە گفتوگۆ ف موضوع صحبت.

سەرباقی: زیادە لەسەردانەوە لە گۆڕینەوەدا ف علاوه بر.

سەربال: پەڕی درشتی مەل ف شاهپر.

سەربان: دیوی دەرەوەی سەرپۆشی خانو ف پشت‌بام.

سەربدەو: دوکوڵیوی بەبرنج و ساوار ف آش بلغور و دوغ.

سەربڕ: ١) کەسێ کە سەر دەبڕێ: (لێم بوّتە میری **سەربڕ**)؛ ٢) ڕێگە بواردن بۆ زوُ گەیشتن: (**سەربڕ** ڕۆیشتم زوُ گەیشتم) ف ١) جلّاد، سربر؛ ٢) راه میان‌بر.

سەربڕان: سەر بە تیغ لە لەش جیا کرانەوە ف سر بریدن.

سەربڕانە: حەیوان کوشتنەوەو میوانداری بەهۆی تەواوبوُنی کاری وەرزێری ف قربانی کردن و سوردادن بەمناسبت پایان کار کشاورزی.

سەربڕاو: سەر بە تیغ جیاوەکراو ف سر بریده.

سەربردن: ڕابواردن ف گذراندن، بسر بردن.

سەربڕیاگ: سەربڕاو ف سر بریده.

سەربڕین: سەر لە لەش جوێ‌کردنەوە بە تیغ ف سر بریدن.

سەربزۆت: داری نیوەسوُتاوی بەئاگر ف نیمسوز.

سەربزۆك: بزۆز، نەگونجاو ف ناآرام.

سەربـزێو: ۱) سەربزۆك؛ ۲) بریتی لە ئەشقی، یاخی ف ۱) ناآرام؛ ۲) کنایە از متمرّد.

سەربزێوی: ئەشقی‌بوُن، یاخیەتی ف تمرّد، یاغیگری.

سەربڵن: ئابڕوودارو لەسەر ف سرفراز.

سەربڵند: سەربڵن ف سرفراز.

سەربڵندکردنەوە: بریتی لە راپەڕین‌و سەربزێوی کردن ف کنایە از تمرّد.

سەربڵندی: شانازی ف افتخار.

سەربلوُر: جۆرێ ماسی دەم درێژوکەی وەك بلوێر ف نوعی ماهی.

سەربوُ: سەربان ف پشت‌بام.

سەربوُری: بەسەرهات، سەرگوروشتە ف سرگذشت.

سەربە: لەمەڕ، لایەنگر: (کابرا **سەربە** دەوڵەتە) ف منسوب به، وابسته به.

سەربەتاڵ: ۱) دەفری بێ‌سەرپۆش؛ ۲) پیاوی نەزان‌و بێ‌ئاوەز ف ۱) بی‌سر پوش؛ ۲) بی‌مغز و کودن.

سەربەخۆ: ئازاد، ئازا ف مستقلّ.

سەربەخۆیی: خۆی‌بوُن ف آزادی.

سەربەدو: چێشتی کەشك‌و گەنمە کوتاو ف آش کشك و گندم نیمکوب.

سەربەدەرەوە: بەدەنگ‌و ناو ف مشهور.

سەربەردایی: کەسێ بێ‌پرس کاری خۆی دەکا ف خودسر.

سەربەرز: سەربڵن ف سرفراز.

سەربەرزکردنەوە: سەربڵندکردنەوە ف شوریدن، یاغیگری.

سەربەرزی: شانازی بە کاری باش ف افتخار.

سەربەرسق: خۆش‌بەخت، سەربەرۆزی ف خوش‌شانس.

سەربەرۆ: جۆرێ مارە سەری وەك بەرۆ دەچێ ف نوعی مار.

سەربەرۆزی: خۆش‌بەخت ف خوش‌شانس.

سەربەرۆنە: چێشتی دانەوێڵەی توند کە رۆنی بەسەر دا دەکەن ف آش غلیظ حبوبات کە روغن داغ بر سر آن ریزند.

سەربەرەخوار: رو بەلای ژێر و ف سراشیب.

سەربەرەخوارە: بەرەژێر، سەربەرەخوار ف سراشیبی.

سەربەرەژوُر: بەرەوژوُرە، روُ بە باڵا ف سر بالایی.

سەربـەرەژێر: ۱) سەربـەرەخـوار؛ ۲) شەرمـەزارو خەجـاڵەت ف ۱) سراشیب؛ ۲) سرافکندە.

سەربەرەژێرکە: بەرەوژێرە، سەربەرەخوار ف سراشیب.

سەربەرەژێرە: بەرەوژێرە ف سراشیب.

سەربەرەوخوار: سەربەرەخوار ف سراشیب.

سەربەرەوخوارە: سەربەرەخوار ف سراشیبی.

سەربەرەوژوُر: سەربەرەژوُر ف سر بالایی.

سەربەرەوژوُرە: سەربەرەژوُر ف سر بالایی.

سەربەرەوژێر: ۱) سەربەرەژێر؛ ۲) قڵپ ف ۱) سراشیبی؛ ۲) زیر و زبر.

سەربەرەوژێرە: سەربەرەژێر ف سراشیب.

سەربەزێرە: نیسکێنەی توند کە رۆنی بەسەر دا دەکەن، لەب زێرینە ف آش عدس غلیظ کە روغن بر آن ریزند.

سەربەس: ئازاد ف آزاد.

سەربەست: سەربەس ف آزاد.

سەربـەست کردن: ۱) تەرخان کردن؛ ۲) نرخێ لەسەر ماڵی فرۆشیار دانـان کەبـۆی نەفـرۆشـێ ف ۱) آزاد گذاشتـن در هر کـاری؛ ۲) نرخ‌گذاری روی کالا طوری کە بەفروش نرسد.

سەربەستە: نهێنی، پۆشراوی نەزانراو ف پوشیده و پنهانی.

سەربەستی: ئازادی ف آزادی.

سەربەسە: سەربەستە ف پوشیده و پنهان.

سەربـەسەر: ۱) شت بەیەك وەگۆڕینی بێ باقی دانەوە؛ ۲) وەك یەك، بەرانبەر ف مبادلهٔ پایاپای، بی‌علاوە؛ ۲) برابر.

سـەربەسـەرە: گان‌بەگان، دو نێـر کە یەکتر بگێـن ف مبادلهٔ دو همجنس‌باز.

سەربەسەرێ: سەربەسەرە ف مبادلهٔ دو همجنس‌باز.

سەربەسی: سەربەستی ف آزادی.

سەربـەش: کەسێ کە بەشی باش لە بەش کردندا هەڵبگرێ ف برندهٔ سهم خوب در تقسیم.

سەربەکڵاوە: مریشکی کاکۆڵدار ف مرغ کاکلی.

سەربەگۆبەن: مرۆێ کە دنەی خەڵك ئەدا ف تحریك‌کنندە.

سەربەگۆبەند: مرۆی ماکی دنەدانی خەڵك ف تحریك‌کنندە.

سەربەگۆماکردن: لەبەین بردن ف از میان بردن.

سەربەگێچەڵ: سەربەگۆبەند ف محرّك مردم.

سەربەلك: سەرگەڵای توتن ف نُخبهٔ برگ تنباکو.

سەربەمۆر: دەس لێ نەدراو ف دست‌نخورده، سر بەمُهر.

سەربەن: بەندی کەوش‌و پێڵاو ف بند پای‌افزار.

سەربەند: ۱) چەند وشەیەك کە سەرەتای گۆرانی‌یە؛ ۲) بەستەی دوای مقـامو لاوك؛ ۳) گوتنێ لە گورانی‌دا کە لەپـاش چەنـد شێعـرێك دەگەڕێنـەوە سەری؛ ۴) سەردەستـە؛ ۵) سەرپـۆشی دەفری پچوك، قەپـاخ ف ۱) پیش‌درآمـد ترانـە؛ ۲) ترانهٔ سبك بعد از خواندن آواز کلاسیك؛ ۳) مرجع ترجیع‌بند؛ ۴) سردستە؛ ۵) سرهٔ ظرف کوچك.

سەربەنگ: سەربەلك ف نگا: سەربەلك.

سەربەها: نرخی خوێنی کوژراو، خوێن‌بایی ف دیە، خونبها.

سەربەهەوێ: ژنی پیاوی دوژنە ف زن هوودار.

سەربێر: ۱) کەسێ لەسەربێر ئاژەڵی دۆشەنی دەگرێ؛ ۲) یەکەم ئاژەڵ کە دێتـە دۆشـین لەبـێردا ف ۱) کسـی کە حیوان را برای دوشیدن می‌گیرد؛ ۲) اولین حیوانی کە دوشیدە می‌شود.

سەربێش: سەربەش ف نگا: سەربەش.

سەرپا: راوێستاو، وێساو ف ایستادە.

سەرپاچ: بزاردروُن لە ناو چەڵتوُك ف ویجین در شالیزار.

سەرپاك: تێکڕا، هەمو، گش ف همە، بەکڵی.

سەرپاڵە: پێشەنگی درەو کەران ف پیشرو دروگران.

سەرپان: جنۆکەی جادوگەران کەشتیان بۆدەهێنێ ف جنّ مسخّر جادوگر.

سەرپایی: ۱) داوستەدی لەناو بازاڕا بێ دوکان؛ ۲) بریتی لە زگ‌چوُن؛ ۳) کەوشی سوکەڵەی بێ‌پانیە؛ ۴) بەلەزو پەلەو بێ‌ڕامان ف ۱) کسب و کار سرپایی؛ ۲) اسهال؛ ۳) دم‌پایی؛ ۳) باعجله، سرپایی.

سەرپڕ: ۱) تژە؛ ۲) جۆرێ تفەنگی ڕاو ف ۱) لبریز؛ ۲) تفنگ سرپر.

سەرپزو: پزو، جێگەدۆخین ف نیفه، جای بند تنبان.

سەرپشك: سەربەش ف نگا: سەربەش.

سەرپنوم: گوێ‌رەپە، نەخۆشی بنانگوێ نەستوُربوُن ف بیماری نکاف، اوریون.

سەرپۆت: کەسێ بە لەزو بێ‌لێکدانەوە کار دەکا ف سطحی، سرسری.

سەرپۆرت: بەکاکۆڵ ف کاکل‌دار.

سەرپۆش: هەرچی شتی پێ لەبەر چاو نەدیو دەکەن ف سرپوش.

سەرپەتی: سەری بێ پۆشاك، سەرڕوُت ف سر برهنه.

سەرپەڕ: ۱) ئەوپەڕی شت؛ ۲) یێکەم لاپەڕی کتێب؛ ۳) شکڵی سەر تۆپەچیت ف ۱) آنسوی؛ ۲) اولین صفحهٔ کتاب؛ ۳) عکس یا مارك پارچه.

سەرپەرست: کەسێ کە ئاگای لە شتێ یان کەسێ ئەبێ ف سرپرست.

سەرپەرشت: سەرپەرست ف سرپرست.

سەرپەل: ۱) لقی بەرەژوُری دار؛ ۲) سەر کردەی سی هەتا پەنجا پێشمەرگە؛ ۳) چاخی دەس پێکردنی بارانی پەڵە؛ ۴) نانێ کە لە سەر سکڵ ببرژێ ف ۱) شاخه‌های بالایی درخت؛ ۲) سردستهٔ نظامی؛ ۳) موسم باران؛ ۴) نانی که بر اخگر بپزد.

سەرپەڵە: ۱) جەنگەی بارانی پاییز؛ ۲) مانگی خەزەڵوەر ف ۱) موسم باران پاییزی؛ ۲) آبانماه.

سەرپەنجە: ۱) سەری پێنج ئەنگوست بە تێکڕایی؛ ۲) سەری تاکەئەنگوستێك ف ۱) سرپنجه؛ ۲) سر یك انگشت.

سەرپەنە: قایمەمێو، داری‌ترێ کەداری وە بەر دراوە ف تاکی که با چوب دیگر محکم شده است.

سەرپێ: پەلە، لەز ف شتاب.

سەرپێ‌سپاردن: بریتی لە باوەڕی تەواو بەکەسێ کردن ف کنایه از اعتماد کامل به کسی داشتن.

سەرپێچ: ۱) مێزەر، شاشك؛ ۲) یاخی، سەربزێو ف ۱) عمامه؛ ۲) متمرّد.

سەرپێچی: سەربزێوی، ئەشقیایی ف تمرّد.

سەرپێز: جەژنی هەوەڵ حەیوان زان ف جشن زاییدن اولین گوسفند.

سەرپێ کەتن: ۱) دارەدارەی زاروك؛ ۲) چاك بوُنەوە لە نەخۆشی؛ ۳) پاش تابوُتی سازبوُنەوە ف ۱) سر پا افتادن کودك؛ ۲) بهبود یافتن از بیماری؛ ۳) پس از سختی و عُسرت دوباره سرپا افتادن.

سەرپێکەوەنان: بریتی لە ژیان پێکەوە بردنەسەر ف کنایه از زندگی مشترك.

سەرپیل: شان، سەرمل ف کتف.

سەرپێڵ: ناوی شارێکە لە کوردستان ف سرپل‌زهاب.

سەرپێوەنان: بەکۆمەڵ بەرەوشتێ چوُن ف رفتن گروهی به جایی.

سەرپێ‌یی: ۱) ماملەی سەرپێ‌یی؛ ۲) بەلەفیرە؛ ۳) زوُی بەبێ ڕامان و دامان ف ۱) کسب سرپایی؛ ۲) اسهال؛ ۳) باعجله و سرپایی.

سەرتا: ۱) میوەی هەرەباش کە دەیخەنە سەر سەبەتەوە؛ ۲) سەربەنگ، سەرگەڵای توتن ف ۱) میوهٔ نمونه که سر بار گذارند؛ ۲) نُخبهٔ برگ تنباکو.

سەرتاپا: هەمولەش، گش ف سراپا.

سەرتاپێ: سەرتاپا ف سراپا.

سەرتاسەر: سەرانسەر ف سراسر.

سەرتاش: ۱) دەلاك، بەربەر؛ ۲) تیخی موُتاش ف ۱) سلمانی؛ ۲) تیغ موتراش.

سەرتاشخانە: دەلاکخانە ف دکان سلمانی.

سەرتاشراو: کەسێ موی سەری کورت کرابێتەوە ف سرتراشیده.

سەرتاشین: ۱) موی سەر کورت کردنەوە؛ ۲) بریتی لە سوُکایەتی بەسەرژن هێنان ف ۱) اصلاح سر؛ ۲) کنایه از رسوا کردن زن.

سەرتاشیاگ: سەرتاشراو ف سر تراشیده.

سەرتاق: ۱) دارەڕای سەر دەلاقە؛ ۲) بەنی بادراو کە بۆ جەوالدروُن بە جەواڵیەوە دادەنێن ف ۱) چوبکهای زیر **طاقچه**؛ ۲) نخ جوالدوزی که به جوال آویزند.

سەرتاڵ: سەری هەودا دەزو ف سرنخ.

سەرتانێ: گوندێکە ف نام دهی است.

سەرتراش: سەرتاش ف سرتراش.

سەرتقیرك: سەرچکۆلە، بۆ تیزبەکەسێ کردن دێژنی ف سر کوچك، به متلك گویند.

سەرتقلی: ڕەت بردنو بەزەمیندا کەوتن ف سکندری خوردن و بر سر افتادن.

سەرتل: ۱) کڵاوی قوُچی دروێشانە؛ ۲) کەپەنك، باڵتوی لباد ف ۱) کلاه بلند دراویش؛ ۲) پالتوی نمدین.

سەرتڵ: هەڵبژێراو، هەرەباش، سەرتا ف برگزیده، بهترین.

سەرتلی: قوُچەکە، هەنگولیسکی درومان ف انگشتانه.

سەرتلیك: ۱) رەحاتی؛ ۲) قوُچەکە، ئەنگوستیلەی درومان ف ۱) قیف؛ ۲) انگشتانه.

سەرتو: توێژی سەر شیر و ماست ف چرابه، خامه، سرشیر.

سەرتۆ: سەرتو ف خامه.

سەرتۆپ: یەکەم لە جوانی یان لە تازایەتی‌دا: (فلان لەم ناوەدا سەرتۆپە) ف بی‌نظیر در زیبایی یا شجاعت.

سەرتۆڕ: ۱) کەرکوڵ؛ ۲) سەرزل ف ۱) گیاهی است؛ ۲) کلّه‌گنده.

سەرتوُتك: جینچك، توُتەکان ف چمباتمه.

سەرتوژ: نۆك‌تیژ ف نُك‌تیز.

سەرتوێ: سەرتو ف خامه.

سەرتوێژ: سەرتو ف خامه.

سەرتەرز: شتێکە وەك دەزوو بە بڕکەی بێستان و داری رەزەوە دەبێ، تەرز ف نخ مانندی زرد بر تاك و بوتهٔ پالیزی.

سەرتەریدە: گەورەی دەستەی ڕێگران ف رئیس راهزنان.

سەرتەریە: سەرتەریدە ف رئیس راهزنان.

سەرتەزێن: ١) زۆرسارد؛ ٢) ناوی گوندێکە لای بانە ف ١) بسیار سرد؛ ٢) نام روستایی در کردستان.

سەرتەشی: کەرتەشی، گیایەکی سەرخڕی دڕکاویە ف نوعی خار از خانواده خار تاتاری.

سەرتەڵ: سەرتا، سەرتڵ ف برگزیده، نمونهٔ میوه.

سەرتەنگ: قایشێ کە بەسەر تەنگەی زیندا دێت ف نواری که بر تنگ زین آید.

سەرتەنگێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان به دست بعثیان.

سەرتەونە: سەردارو بنداری تەونێ کە بەعەرزەوە دەکرێ ف چوبهای بالا و پایین دستگاه قالیبافی.

سەرتیاچوون: بڕێتی لە بەیەکجاری فەوتان ف کنایه از نابود شدن.

سەرتیپ: گەورەی دەستە سواران ف رئیس تیپ سواره.

سەرتیر: ١) چینچکی گوان؛ ٢) تالـوداری درێژتـر لە بان کە بوێتە ئەنوایەك ف ١) نُك پستان؛ ٢) الوارهای بلندتر از سقف.

سەرتیژ: سەرتوژ ف نُك تیز.

سەرتێژ: سەرتووژ ف نُك تیز.

سەرتێشت: تاشت، نانی بەیانی ف چاشت.

سەرتێکردن: ١) سەرپێوەنان؛ ٢) ماڵ بەخت کردنی زێدە لە پێویست ف ١) رفتن گروهی به جایی؛ ٢) ولخرجی کردن.

سەرتیل: پەتێ کە دە سنگی چادر خراوە ف ریسمان رابط میخ و چادر.

سەرتیلك: سەرتلیك ف نگا: سەرتلیك.

سەرج: پارچەی لە خوری بۆ جلك، جۆرێ فاسونیا ف نوعی فاستونی پشمی.

سەرجاخ: رستەی توتن کە بە بەنەوە کراوە ف دستهٔ تنباکو.

سەرجاڕ: کەوشەنی کێڵگە ف مرز جای کشت و زرع.

سەرجال: سەرجاڕ ف مرز محل کشت و زرع.

سەرجل: پەلاسێ کە بەسەر کۆپان و جلی بارەبەردا دەدرێ ف سرپوش پالان.

سەرجە: نەخۆشیەکی ئەسپە ف از بیماریهای اسب.

سەرجـەلە: ١) هەوەڵ دانە لە ڕێز؛ ٢) پێشەنگی مێگەل ف ١) اوّلی در صف یا ردیف؛ ٢) پیشاهنگ گله.

سەرجەم: تێکرا، تێگرایی ف همه باهم.

سەرجەنجاڵ: خەریك بە کار کە ناپەرژێتە سەر شتی تر ف سرگرم کار.

سەرجێیی: نوستن لەگەڵ ژندا ف همخوابگی.

سەرچاخ: گوڵینگ و ریشوی سەری ژنان ف منگوله و رشتهٔ سرپوش زنان.

سەرچاوکە: چاوەی ئاو، کانی ف سرچشمه.

سەرچاوگە: سەرچاوکە ف سرچشمه.

سەرچاوە: سەرچاوکە ف سرچشمه.

سەرچڵ: ١) سەرەوەی لکەدار؛ ٢) بەهەڵەو لەزو بیرنەکەرەوە ف ١) بالای شاخهٔ درخت؛ ٢) شتابگر در کار بدون تفکّر.

سەرچمك: شاکەڵ، گەشترین گیای بەهار ف شاداب‌ترین سبزهٔ بهاری.

سەرچن: ١) رنینی پەلکی سەرەوە لە توتن و ریحانەو...؛ ٢) سەرتڵ ف ١) چیدن برگهای بالایی؛ ٢) برگزیدهٔ میوه.

سەرچنار: ١) سەیرانگایەکە لەشاری سولەیمانی؛ ٢) گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد؛ ٣) گوندێکە لە لای بۆکان ف ١) تفریحگاهی است در شهر سلیمانیه؛ ٢) از روستاهای ویران‌شدهٔ کردستان توسط بعثیان؛ ٣) روستایی نزدیك بوکان.

سەرچنگانە: لەسەر دەست و پێ ڕۆیشتن ف چهاردست و پا راه رفتن.

سەرچۆپی: رەمکێشی هەڵپەڕکێ ف پیشاهنگ رقص گروهی.

سەرچۆك: ١) کەشکەئەژنۆ؛ ٢) بڕێتی لە کرنووش و ئیکلام ف ١) کشکك زانو؛ ٢) کنایه از کُرنش و تملّق.

سەرچومەت: بزووت ف نیمسوز.

سەرچوون: ١) خەلاس بوون، نەمان، دوایی‌هاتن؛ ٢) بەخەڵەت‌چوون؛ ٣) هەڵچوون: (شیرەکە سەرچوو) ف ١) سرآمدن؛ ٢) اشتباه کردن؛ ٣) سر رفتن شیر و امثال آن از اثر حرارت.

سەرچە: چێشکە، چویك، چۆلەکە، پاساری ف گنجشك.

سەرچەم: دەم‌چۆم، بەستێن ف کنارهٔ رودخانه.

سەرچەماندن: ١) بڕێتی لە تەسلیم‌بوون؛ ٢) داخستنی سەر بۆ حورمەت گرتنی گەورە ف ١) کنایه از تسلیم شدن؛ ٢) سر فرود آوردن برای تعظیم.

سەرچەمە: سەرچاوە ف سرچشمه.

سەرچـەوت: ١) حیساب ناڕاست، فێڵباز؛ ٢) گوێ‌نەبیس ف ١) بدحساب، نادرست؛ ٢) حرف‌نشنو.

سەرچەوتی: نافەرمانی ف نافرمانی.

سەرچیت: ئێکەم شەوی چوونەزۆزان ف اوّلین شب کوچ کردن.

سەرچیچك: سەرگۆی مەمك ف نُك پستان.

سەرحەد: ١) سنوور، کەوشەن، حدود؛ ٢) ناوە بۆ پیاوان ف ١) مرز؛ ٢) نام مردانه.

سەرحەساو: ئاگادار، خەبەردار ف باخبر، آگاه.

سەرخان: ١) باڵەخانە، ژوور لە نهۆمی سەرەوە؛ ٢) ناوی گوندێکە لە کوردستان ف ١) بالاخانه؛ ٢) نام دهی است.

سەرخستن: ١) بردنەسەرەوە؛ ٢) دەسگیرۆیی کردن و بەئاوات گەیاندن ف ١) بالا بردن؛ ٢) کنایه از به آرزو رساندن و کمك به پیروزی کسی.

سەرخستنەسەر: تیزێ کردن، سۆعبەت پێ کردن ف سر به‌سر گذاشتن.

سەرخلۆل: دەبەنگ، بێ‌مێشك ف تهی‌مغز.

سەرخۆ: ١) سەربەخۆ؛ ٢) لەسەرخۆ هێدی، ئارام ف ١) آزاد و مستقل؛ ٢) آرام.

سەرخوار: بەرفەرمان ف مطیع.

سەرخواس: کەسێ کە هیچی لەسەر نەبەستوە ف سر برهنە.

سەرخۆبوُن: خۆی بوُن، ئازادی تەواو ف استقلال، آزاد شدن.

سەرخـۆچـوُن: ١) بوُرانەوە، بێهۆش بوُن؛ ٢) بایی بوُن ف ١) از حال رفتن، بیهوش شدن؛ ٢) مغرور شدن.

سەرخۆر: ١) دەردو بەلای خوایی؛ ٢) برێتی لە منالی شوم و بی فەڕ ف ١) بلای آسمانی؛ ٢) کنایە از کودك بدقدم.

سەرخـۆش: ١) لە بادەخـواردنەوە وەکەیف هاتگ، مەس، مەست؛ ٢) وشەی جوابی دەس خۆش ف ١) مست می؛ ٢) کلمەای در جواب دست خوش.

سەرخۆشی: ١) دلشادبوُن بە بادەخواردنەوە، مەستی؛ ٢) پرسە ف ١) مستی؛ ٢) تسلیت گفتن.

سەرخولانەوە: گێژبوُن ف گیج شدن.

سەرخولێ: گێژی ف گیجی.

سەرخوُنك: بولبول ف بلبل.

سەرخۆهاتن: لە کزی و نەخۆشی رزگاربوُن ف سرحال آمدن.

سەرخەت: سنوُر، کەوشەن، حدود، سەرحەد ف مرز.

سەرخەر: لاسار، لا، گوێ نەبیس ف حرف نشنو، لجباز.

سەرخەو: سوُکەلەخەو ف خواب سبك موقتی.

سەرخەوشکاندن: تۆزێك نوستن ف کمی خوابیدن.

سەرخەوکردن: سەرخەوشکاندن ف کمی خوابیدن.

سەرخێل: سالاری هۆزی کۆچەر ف ایلخان.

سەرد: سارد ف سرد.

سەردا: لەبالاوە، لەبلندەوە ف از بالا.

سەردائاژوتن: بەسەردادان، هێرش بۆ بردن ف یورش بردن.

سەرداخستن: لەشەرمان سەردەبەر خوتان ف از شرم سر پایین آوردن.

سەردار: سالار، رەئیس ف سردار.

سەردارعێل: گەورەی هۆز ف ایلخان.

سەرداری: ١) سالاری، رەئیسی؛ ٢) جۆرێ بالاپـۆش؛ ٣) برێشکەی گەنمەشامی ف ١) ریاست؛ ٢) لباس سرداری؛ ٣) چُس فیل.

سەرداڤ: سارداو ف سرداب.

سەرداگرتن: ١) زۆربۆهێنان؛ ٢) لەپڕ و نەکاو گرتن ف ١) فشار آوردن؛ ٢) ناگهان گرفتن.

سەردان: ١) دیەنی، دیدەنی؛ ٢) برێتی لە خۆ دەپێـناونـان؛ ٣) گۆلـك مژانـدن و لەگوان پچـڕین بۆ شیردادانی چێل؛ ٤) سەرەتنـاز ف ١) دیدنی؛ ٢) کنـایە از سر بـاختن؛ ٣) گذاشتن و بازگرفتن گوسالە از پستان بە قصد شیردە کردن گاو؛ ٤) لحاف و پتو.

سەردانان: خۆبەخت کردن، خۆبەکوشت دان ف سر باختن.

سەرداندن: لە کەو دان، بە بێژنگی کون هەلە دابێژتن ف آلك کردن.

سەردانەواندن: سەرچەماندن ف سرخم کردن.

سەرداو: سەرداڤ ف سرداب.

سەرداهاوردن: ١) سەربەشانەکردن؛ ٢) سەرباس دادزراندن ف ١) شانە زدن موی سر؛ ٢) سرسخن باز کردن.

سەرداهێنان: سەربەشانەکردن، سەر داهاوردن ف شانە زدن سر.

سەردڕ: ١) جلکێ کە لەسـەرەوە دەبـەر دەکـرێ بۆ پاراستنی جلکی باشتـری بنـەوە، بەرگر؛ ٢) تەنراو، جۆلایی کراو: (وەکو جۆلایێ کە ڕازی نەبێ بە **سەردڕی** خۆی / مەلێن فەساحەتی کوردی بە فارسی ناگا // بەلاغەتێکی هەیە هیچ زمانێ نایگاتێ / لە بێ تەعەسسو بی کوردانە بێ ڕەواج و بەها) «حاجی قادر»؛ ٣) بەرگی نوێ و تازەدوُراو ف ١) لباس بالایی کە لباس زیرین را حفظ کند؛ ٢) تنیدە، منسوج؛ ٣) لباس نو دوختە.

سەردڕانە: دەسخۆشانەو پاداشتی شاگردجلدرو ف انعام شاگرد خیاط.

سەردروُ: دروُنێ کە تەقەلەکان لە دەرەوە بن ف رودوزی، سردوزی.

سەردل: جۆرێ نەخۆشیە، گرفت ف نوعی بیماری.

سەردۆس: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی وێرانی کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان ویران کردند.

سەردۆشەك: پارچەیێ کە بەسەر دۆشەکی هەلدەکێشن ف روتشك.

سەردوکردن: ساردکردنەوە ف نگا: ساردکردنەوە.

سەردوگەرم: ساردوگەرم ف نگا: ساردوگەرم.

سەردۆل: جێگەی ڕژانی ئاوی ئاسیاو لە دۆلاش دا ف جای ریزش آب در ناو آسیا.

سەردولکە: بەندی بەمردن هەلگوتن، پەسنی مردو بە دەنگی گۆرانی ف نوحە.

سەردولکەبێژ: کەسێ کە بە گۆرانی پەسنی مردوُ دەدا ف نوحەخوان.

سەردۆلە: سفرەی چەرمی نانکەر ف سفرۀ چرمین نانوایی.

سەردەدوُنـان: دوای شتـێ کەوتـن بە غار: (تـاژی **سەری دەدوُی کەروێشك نا**) ف تعقیب کردن باشتاب.

سەردەرابات: گوندێکە لە کوردستانی موکوریان ف از روستاهای کردستان.

سەردەراڤی: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.

سەردەراڤکێ: گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.

سەردەرانـە: ١) داری سەروُی چوار چێوەی دەرگا؛ ٢) **هەلچنـدراوی** سەر دەرگا ف ١) آستانە؛ ٢) بالاییهای در.

سەردەرچوُن: ١) تێگەیشتن، فامین؛ ٢) رزگاربوُن لە بەلا ف ١) درك کردن؛ ٢) رستن از بلا.

سەردەرکردن: سەردەرچوُن ف نگا: سەردەرچوُن.

سەردەرهێنان: ١) پەیابوُن: (گیا **سەری دەرهێناوە**، **سەری** لە پەنجەرە **دەرهێنا**)؛ ٢) سەردەرچوُن، تێگەیشتن ف ١) پیدا شدن؛ ٢) درك کردن.

سەردەری: سەردەرانە ف نگا: سەردەرانە.

سەردەرێنان: سەردەرهێنان ف نگا: سەردەرهێنان.
سەردەس: جلكی جومگەپۆش ف آستین.
سەردەست: سەردەس ف آستین.
سەردەستان: ژنێ كە خەریكی زانە ف زنی كە دارد می‌زاید.
سەردەستــە: ۱) سەرداری كۆمەڵێك؛ ۲) برێتی لە بژاردە ف ۱) رئیس گروه؛ ۲) كنایە از برگزیده.
سەردەستــەكی: بەپێوە: (ســەردەستــەكی تفــەنگی هاویشت) ف ایستاده كاری كردن كه معمولاً نشسته یا خوابیده انجام می‌دهند.
سەردەسێر: زۆزان ف سردسیری.
سەردەشت: شارێكە لە كوردستان ف نام شهری است، سردشت.
سەردەفتەر: ۱) بژاردە، یەكەم؛ ۲) كەسێ كە لە دەزگای دەوڵەت بەسەر نوسەران ڕادەگا ف ۱) گزیده، یگانە؛ ۲) سردفتر.
سەردەق: ۱) نەژاكاو؛ ۲) دەس لێ نەدراو ف ۱) پژمرده نشده؛ ۲) دست نخورده.
سەردەق شكــانـدن: بەر لە خەڵــك دەست بەكارێ كردن ف پیش از دیگران به كاری دست زدن.
سەردەم: كات، وەخت ف اوان، هنگام.
سەردەمە: دەمپۆشی ساوا لە بێشكە دا ف دهن‌پوش نوزاد در گهواره.
سەردەمێ: لەڕۆژگارێكا ف یك وقتی.
سەردەمی: كاتی، وەختی، نەهەمیشەیی ف موقتی.
سردەمێك: سەردەمێ ف یك‌وقتی.
سەردەن: دەرخۆنەی كوپە ف نهنبان خم.
سەردەنشت: سەرزەنشت، لۆمە ف سرزنش.
سەردەوبوُن: ساردبوُنەوە ف نگا: ساردبوُنەوە.
سەردەوكردن: ساردكردنەوە ف نگا: ساردكردنەوە.
سەردی: ساردی ف نگا: ساردی.
سەر دیلان: سەرچۆپی ف شخص پیشرو در رقص كردی.
سەردینان: گوندێكی كوردستانە بەعسی وێرانی كرد ف از روستاهای ویران شدهٔ كردستان توسط بعثیان.
سەرڕا: ۱) ژنــوُ؛ ۲) لەژوُروڕا؛ ۳) بەوحــاڵــەش، دەگەڵ ئەمــەشــا؛ ۴) سەرڕێگە ف ۱) از نو؛ ۲) از بالا؛ ۳) علاوه بر این، با اینهمه؛ ۴) سر راه.
سەرڕاست: ۱) ڕاستەوڕاست؛ ۲) دەسپاك، بێ خواری و لاری، ئەمین؛ ۳) كارامەو لێزان ف ۱) مستقیم؛ ۲) امین؛ ۳) ماهر.
سەرڕاستی: ئەمینی، بێ گزی و دزی ف درستكاری.
سەڕاف: سەڕاف ف صرّاف.
سەرڕشتە: ۱) سەرتا، سەرتاڵ؛ ۲) لەكار زانین ف ۱) سرنخ؛ ۲) مهارت در كاری.
سەرڕوُت: ۱) كەسێ هیچی لەســەر نەبــەستبێ؛ ۲) برێتی لە منــاڵی خوێندەواری شار ف ۱) سر برهنە؛ ۲) كنایە از بچە مدرسەای.
سەرڕوشتە: سەرڕشتە ف نگا: سەرڕشتە.
سەرڕەش: ۱) برێتی لە ژن؛ ۲) مەلێكی پچوكە سەری ڕەشە؛ ۳) كەسێ نوخشــانــەی خراپ ئەدا ف ۱) كنایە از زن؛ ۲) پرندەای است؛ ۳) كسی كه نفوس بد می‌زند.
سەرڕەشە: سەرڕەش ف نگا: سەرڕەش.
سەرڕەو: پڕتاو، لنگ‌دانی توند ف پرتاب، دو سریع.
سەرڕەق: سەرسەخت ف سرسخت.
سەرڕێ‌داچو: لەڕێ لادەر، ڕێ‌گوم‌كردو ف گمراه.
سەرڕێژ: دەفری زۆر پڕ كە جێگەی تری لێ نابێتەوە ف لبریز.
سەرڕێژكردن: لێ‌ڕژان لەبەر پڕی دەفر ف لبریز كردن.
سەرزارەكی: قسەی بەدەم نە بەكردەوە ف سخن بدون عمل.
سەرزاری: سەرزارەكی ف سخن بدون عمل.
سەرزڤڕان: ۱) گێژبوُن؛ ۲) سەرسوڕمان ف ۱) سرگیجه؛ ۲) متحیّر شدن.
سەرزڤڕاندن: سەربادان ف كنایه از اظهار ناخشنودی كردن.
سەرزڤڕین: سەرزڤڕان ف نگا: سەرزڤڕان.
سەرزڤڕێن: شتی عەجایب، سەمەرە، مایەی سەرسوڕمان ف مایهٔ تعجب.
سەرزگە: لەرزینی زۆربەتەوژم لەترسان ف لرزهٔ شدید از ترس.
سەرزل: ۱) سەرزەلام، كەسێ سەری گەورە بێ؛ ۲) وشەیەكە بە گاڵتە یان بۆ سەرزەنشت دەیڵێن ف ۱) سرگنــده؛ ۲) كلمەای است كه به شوخی یا عتاب گویند.
سەرزەدە: ۱) بێ پرس‌وڕا؛ ۲) پاژی بچوُك لە خشت ف ۱) سرزده؛ ۲) قطعەای از خشت.
سەرزەنش: سەردەنشت ف سرزنش.
سەرزەنشت: سەردەنشت ف سرزنش.
سەرزەیە: ۱) سەربزێو؛ ۲) سەربزێوی ف ۱) گردنكش؛ ۲) گردنكشی.
سەرزیقكرن: سەردەرێنانی ڕوەك یان زیپكە ف بردمیدن گیاه یا جوش.
سەرزین: زین‌پۆش ف سرزین.
سەرزیوارە: سەرئێوارە ف عصر هنگام.
سەرژان: یەكەم‌ژانی بێچو بوُن ف آغاز درد زایمان.
سەرژمار: ۱) مرۆ یان ئاژەڵ ژماردن؛ ۲) كەسێ كە گیانداران دەژمێرێ ف ۱) آمار؛ ۲) آمارگیر.
سەرژماری: بژاردنی مرۆ یان ئاژەڵ ف سرشماری.
سەرژمێر: سەرژمار ف نگا: سەرژمار.
سەرژمێری: سەرژماری ف سرشماری.
سەرژنانە: پیاوێ كە كرداری ژنانە دەكا ف مرد زن‌نما.
سەرژنانیلە: سەرژنانە، ژنانیلە ف مرد زن‌نما.
سەرژنــك: پیاوێ كە لە ماڵــە خۆیدا چروُك و ڕژدە، ئەنگــوتك بژێر ف مردی كه در خانوادهٔ خود خسیس است.
سەرژنكانی: سەرژنك ف نگا: سەرژنك.
سەرساخی: سلامەتی، ساغی ف سلامت.
سەرساغی: سەرساخی ف سلامت.
سەرساڵ: جەژنی سەرەتای خاكەلێوە، نەوروز ف نوروز.
سەرسام: داماو، سەرسوڕماو، واق وڕبوُگ ف مات و متحیر.

سەرسامە: نیشانەی عەجایب‌مان لە نوُسیندا: (!) ف علامت تعجب.

سەرسبە: بەری بەیانی ف کلّه سحر.

سەرسپاردن: هاتنە بەرفەرمان ف سرسپردن.

سەرسپی: ژنی پیری بەرێزو تەگبیرکەر لە ئاوایی‌دا ف گیسوسفید کدخدامنش.

سەرسڤك: ١) کەم ئەرك؛ ٢) ئاسوُدە ف ١) کم کار؛ ٢) آسودە.

سەرسڤکی: ١) کەم‌ئەرکی؛ ٢) ئاسوُدەیی ف ١) کم‌کاری؛ ٢) آسودگی.

سەرسکلّی: سەریەل، نانێ کە لەسەر پەنگر بیرژێ ف نانی کە بر اخگر پزند.

سەرسم: زەتی یەکسم ف سکندری خوردن ویژهٔ ستور.

سەرسم بردن: رەت دانی یەکسم ف سکندری خوردن چهارپا.

سەرسم دان: سەرسم بردن ف سکندری خوردن چارپا.

سەرسم کرن: سم تراشین ف سُم تراشیدن.

سەرسنـگ: شاروکێکی زۆر هەواخـۆش و هاوینەواربوُ بەعسی وێرانی کرد ف شهرکی تابستانی و باصفا که بعثیان ویران کردند.

سەرسوالّکەر: خوازەلۆك، خازۆك ف گدامنش.

سەرسوُت: بژوُت ف نیمسوز.

سەرسوۆر: بێ‌دایك‌و بێ‌سەرپەرست ف یتیم بی‌سرپرست.

سەرسور: سەرسام ف مات و متحیر.

سەرسـوُر: ١) وەشـارتـو، نهێنی، وشەیەکە لە جۆرێ گەمەی شەواندا دەیڵێن: (**سـەرسـوُری من لەکوێ‌یە** واتا: مەبەستم یان وەشاردوە کەم چیەو لەکـوێ‌یە)؛ ٢) برێتی لە تەزکی پیاو، کێر ف ١) پوشیده، نهان شده؛ ٢) کنایه از آلت مرد.

سەرسوڕمان: دامان، سەیرمان ف متحیّرشدن.

سەرسوُری: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

سەرسوُری بن دڕاو: لە دور جوانی لە نزیك ناحەز ف زیبانمای زشت.

سەرسوُری بن‌دڕیای: سەرسوُری بن دڕاو ف زیبانمای زشت.

سەرسوُری بن‌شڕ: سەرسوُری بن دڕاو ف زیبانمای زشت.

سەرسوُڕێن: سەرزڤڕێن ف مایهٔ تحیّر.

سەرسوُك: سەرسڤك ف نگا: سەرسڤك.

سەرسوُکبوُن: خەلاس بوُن لە کار ف فراغت از کار.

سەرسوُکی: سەرسڤکی ف نگا: سەرسڤکی.

سەرسەخت: سەرزەق ف سرسخت.

سەرسەڕ: بای ساردی بەتەوژم ف باد صرصر.

سەرسەڕخانە: برێتی لە خانوی زۆر سارد ف کنایه از خانه بسیار سرد.

سەرسەری: ١) چەورە، خوێڕی‌و بێکارە؛ ٢) سەرچڵ، بێ بیر کردنەوە؛ ٣) هەردەم لەسەر خەیاڵێك، وازوازی ف ١) ولگرد هرزه؛ ٢) سطحی، بدون تأمل کردن؛ ٣) هردم بر فکری، دم‌دمی مزاج.

سەرسەکە: کوُزی باریکەڵە لە خەیارو گندورەو هەنی‌و... ف قاچ نازك از خیار و هندوانه و...

سەرسـەنـگ: ١) پارسـەنـگ، سلّاودانەوەی تەرازو؛ ٢) لاسار، گوێ نەبیس؛ ٣) گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف ١) خاطرانه کمی گران کشیدن ترازو؛ ٢) خشك سر؛ ٣) از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

سەرسەوز: نێرەمراوی ف مرغابی نر.

سەرسینگ: نێوان هەردومەمکان ف بین دو پستان زن.

سەرشـار: ١) سەری مەیدانی گەمـە؛ ٢) ئاخری مەیدانی گەمە ف ١) آغاز زمین‌بازی؛ ٢) پایان زمین‌بازی.

سەرشان: ١) ملەی کێو؛ ٢) تیشوُی رێ؛ ٣) تیشوُدان؛ ٤) بەشێ لە جل کە شانی مرۆدەگرێ ف ١) ستیغ؛ ٢) توشه؛ ٣) توشه‌دان؛ ٤) سرشانهٔ لباس.

سەرشانە: سەرۆك، بەرانبەری بنۆك ف بخش مرغوب پشم شانه کرده.

سەرشڤ: سەرتڵ، بژاردە ف گزیده.

سەرشکەستی: خەجاڵەت ف شرمنده.

سەرشکێن: بەسەرچڵی کارکردن ف سرسری انجام دادن کار.

سەرشکێنـە: پاشمـاوەی بەش دابەش کردنەوە ف باقیماندهٔ تقسیم را قسمت کردن.

سەرشۆ: جێگەی خۆشتن لەماڵدا، شۆرکە ف جای آب‌تنی در خانه.

سەرشۆر: دەلاکی گەرماو ف دلّاك حمّام.

سەرشۆڕ: خەجاڵەت ف شرمسار.

سەرشۆڕکردن: سەرداخستن لەشەرمان ف سر بەزیر افکندن از خجالت.

سەرشۆرکە: سەرشۆ ف نگا: سەرشۆ.

سەرشۆڕی: شەرمەزاری، حەیاچوُن ف شرمساری.

سەرشـۆك: ١) باڵـداریکە چکۆڵە؛ ٢) حەمام، جێگەی خۆشتن ف ١) گنجشك‌سانی است؛ ٢) گرمابه.

سەرشـە: سەرشانە، سەرۆکی خوری‌و مو کە بەسەر شانەوە دەمێنێ ف تکه پشم یا مویی که بر شانه می‌ماند.

سەرشەق: ١) پێش‌دەستی لەکاردا؛ ٢) سەرسەخت ف ١) پیشدستی در کار؛ ٢) سرسخت.

سەرشەه: سەرشە ف نگا: سەرشە.

سەرشێت: ١) بزۆزو دانـەسەکناو؛ ٢) حوّل و گێل؛ ٣) وڕو گێژ ف ١) ناآرام؛ ٢) خُل، نیم‌دیوانه؛ ٣) گیج.

سەرشیر: توێ‌شیر، سەرتوێ، سەرتو ف چرابه، سرشیر.

سەرشیفۆك: باڵداریکە ف پرنده‌ایست.

سەرشین: برێتی لە ژنی بێ‌ڕەش‌و شوُم ف کنایه از زن نحس و بدقدم.

سەرشینـك: مەلێکی بچـوُکـە بەقـەد چۆلەکە دەبێ‌و سەری شینە ف پرنده‌ای کوچك اندازهٔ گنجشك.

سەرشینکە: پۆپەرەشە، نەخۆشی مریشکانە ف وبای مرغی.

سەرشیو: ناوی مەڵبەندێکە لە کوردستان ف نام ناحیه‌ای در کردستان.

سەرشێو: ١) کاتی نانی بەیانی؛ ٢) کاتی رۆژوکـردنـەوە ف ١) هنگـام چاشت؛ ٢) هنگام افطار.

سەرشێوان: دامان، سەرسامبوُن ف شوریدگی، گیجی، سراسیمگی.
سەرعێل: سەرخێڵ ف ایلخان.
سەرف: خەرج، مەزیخ، بەخت ف خرج.
سەرفترە: باجی ئاینی لە گەنم یان دانەوێڵە بەرانبەر بە هەر موسوڵمانێ ف زکات فطر، فطریه.
سەرفراز: سەربڵند ف سرفراز.
سەرڤە: لای سەرو ف طرف بالا.
سەرقاپ: سەرپۆشی دەفر ف سرپوش ظرف، در ظرف.
سەرقاپنانەوە: داپۆشینی دەفر ف سرپوش گذاشتن بر ظرف.
سەرقاڵ: زۆر خەریکی کار ف بسیار مشغول.
سەرقژن: ۱) کەسێ کە مووی سەری ئاڵۆزو تێکەڵ پێکەڵە؛ ۲) برێتی لە جنۆکە ف ۱) ژولیده موی؛ ۲) کنایه از جنّ.
سەرقژیلکە: سەرقژن ف نگا: سەرقژن.
سەرقفلانە: پارەدان بۆ چۆڵ کردنی دوکان و خانوی ئیجارە ف سرقفلی.
سەرقفڵی: سەرقفلانە ف سرقفلی.
سەرقوپ: دوند، ترۆپك ف بالاترین نقطه، قلّه.
سەرقوت: کوتانی گەنم نە بەتەواوی ف نیم کوبی گندم بلغور.
سەرقۆت: سەررووت، سەرخواس ف سر برهنه.
سەرقوتان: چوُنەدیاری شت ف دیدار، وارسی.
سەرقۆتی: سەرخواس ف سر برهنه.
سەرقۆتین: سەرقۆت ف سر برهنه.
سەرقۆش: قەیاسە، هەیاسەی چەرم ف نگا: قەیاسە.
سەرقول: جگی ناو دوپەنجەی منداڵ کە لە جگێن‌دا بە پیرۆزی دەزانێ: (**سەرقول** دەرهات، دەجگان رۆهات) ف شتالنگی که در بازی برای یمن نگه می‌دارند.
سەرقۆڵ: ۱) سەردەستەی داروغە؛ ۲) سەردەس، جلکی جومگەپۆش ف ۱) سرنگهبان؛ ۲) سرآستین.
سەرقولە: جۆرێ ترێ ف نوعی انگور.
سەرقۆڵە: سەرقۆڵ ف نگا: سەرقۆڵ.
سەرقەبران: قەبرستان ف گورستان.
سەرقەبلاندن: سەرفترەدان ف دادن زکات فطر.
سەرقەپاغ: سەرپۆشی دەفرو سنوق ف پوشش ظروف.
سەرقەتار: ۱) پێشەنگی کاروان؛ ۲) رەئیسی کاروان ف ۱) پیشاهنگ کاروان؛ ۲) قافله‌سالار.
سەرقەل: ترۆپك، دوند ف قلّه، قلّهٔ کوه.
سەرقەلانگ: خەلەی تینوی سەرلەتینوان چەماو ف ساقهٔ از بی آبی خم شده.
سەرقەلەم: گەورە نوُسەری میری ف منشی باشی.
سەرقەلەمانە: هەقدەستی نوشتەنوُس ف مزد دعانویس.
سەرقەوی: سەرزل ف سرگنده.
سەرك: سەر قەپاغ، سەرپۆشی دەفرۆکە ف سرپوش ظرف کوچك.
سهرك: ۱) زڕ، سهر، بەدەڵ؛ ۲) قوتکەی سەر لوُلەی تفەنگ ف ۱) بدل؛ ۲) مگسهٔ تفنگ.
سەرکاب: ئاواڵ کراس، دەرپێی ژنان ف دامن.
سەرکار: کاربەدەستی ئاغا، کەسێ لە لایەن ئاغاوە بە خەلەو خەرمان رادەگا ف نمایندهٔ ارباب برای رسیدگی به امور غلّه.
سەرکارانە: باجێ کە رایەت دەیدا بە سەرکار ف مزدی که رعیّت به مباشر ارباب می‌دهد.
سەرکان: هوزێك کە زۆرتیرەی لێ جیابوُنەوە ف عشیره‌ای که تیره‌های مختلف از آن جدا شده است.
سەرکانی ئێلی: سەرەك هۆز، سەرکۆمار ف پیشوا.
سەرکاوان: سەلان، سەران ف کوهساران.
سەرکردن: ۱) تەخمین، بەراوردکردن؛ ۲) پێ‌ڕاگەیشتن؛ ۳) لەئامانج بڵندتر لێدانی تیرو گوللە؛ ۴) لاتەرازو لە لاکەی تر گرانتر بوُن: (کەس نەڵێ مەحبوُ بە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکا / خێل و قیچە یان تەرازوی نازی نەختێ **سەر دەکا**) «نالی» ف ۱) برآورد؛ ۲) رسیدگی؛ ۳) از هدف بالاتر رفتن تیر؛ ۴) سنگینی یك کفهٔ ترازو.
سەرکردن بەگۆما: سەربەگۆماکردن ف کنایه از از میان بردن.
سەرکردنەسەر: سەرخستنەسەر ف سر بەسر گذاشتن.
سەرکردنەوە: ۱) ترس لە دەستدانە کارێك؛ ۲) جۆش دانەوەی سەری ئامرازی کول‌بوی کانزا: (گاسنەکەم **سەرکردەوە**) ف ۱) واهمه از انجام دادن کاری؛ ۲) تکه جوش دادن بر سر ابزار فلزی کند شده.
سەرکردە: فەرماندەی لەشکر ف فرماندهٔ سپاه.
سەرکرن: دەمەزەر کردنەوەی گاسن ف مرمّت لبه‌های گاوآهن.
سەرکڕنیك: ۱) جندۆکە؛ ۲) بەدفەڕ، شوُم، جوت‌قۆشە ف ۱) جنّ؛ ۲) نحس.
سەرکرێ: مزەی پتر لە مزی رۆژانە یا مانگانە ف اضافه حقوق.
سەرکز: ۱) خەمگین؛ ۲) لارەمل ف ۱) غمگین؛ ۲) سرافکنده از غم.
سەرکزوڵە: پوُتەکە ف لاغر بی نمود.
سەرکزی: لارەملی و خەمباری: (چوُ بوُمە بەزمی خاسی برازا عەزیزەکەم / دوێشەو بە سەد تەوازوع و ئیخلاس و **سەرکزی**) «شێخ رەزا» ف گردن‌کجی و غمگینی.
سەرکل: ۱) چفتی دەرگا داخستن لە ژوُرەوە؛ ۲) تەرسەقول، قارسەقول ف ۱) چفت در؛ ۲) مدفوع الاغ.
سەرکڵ: سەرئاورگە: (**سەرکڵی** جەهەندەم) ف بالای آتشدان اجاق.
سەرکلاو: ۱) ماشێنەی جێ پلیتەی لامپا؛ ۲) کڵاوی خوری بۆ دەمی بەفرو باران ف ۱) جای فتیله در چراغ نفتی؛ ۲) کلاه پشمی بارانی.
سەرکلاوە: سەرکلاو ف نگا: سەرکلاو.
سەرکلۆم: سەرکل ف چفت در.
سەرکلە: سەرکل ف چفت در.
سەرکو: ۱) گەنمی سەرەوەی خەرمان؛ ۲) سەردەنشت ف ۱) گندم بالایی تودهٔ خرمن؛ ۲) سر زنش.
سەرکوپ: کڕنوش، داهاتنەوە بۆ رێزلێنان ف تعظیم.
سەرکۆت: سەربێژنگ لە کاتی دەغل گێژەوکردندا ف قشر بالایی در

غربال کردن غلّه.

سەرکوتیلك: گیایەکە بۆ لەوەڕ ف علفی است.

سەرکوڕکردن: سەرتاشین، پرچ بڕین ف سر تراشیدن.

سەرکۆزر: گوڵەخەلەی بەرگێرە نەکەوتوی درشت ف کوزر درشت مانده.

سەرکوزوڵە: سەرقژن ف ژولیده سر.

سەرکۆزەر: سەرکۆزر ف کوزر درشت مانده.

سەرکول: قەرسەقول، ڕیاوی کەر ف مدفوع الاغ.

سەرکوڵ: بەرکوڵ ف نگا: بەرکوڵ.

سەرکوڵ: ۱) سەرقوت؛ ۲) پاچەکوڵە؛ ۳) داری نیوان ئەستوون و بان ف ۱) سر برهنه؛ ۲) نوعی کلنگ لبه کند؛ ۳) سرستون.

سەرکوما: گەنمی سەرەوەی خەرمان، سەرکۆ ف گندم بالایی توده خرمن.

سەرکومار: ۱) کار بەدەست و دەسەلات داری چەند هۆز و عەشیرەت؛ ۲) رەئیس جمهور. *گەورەی وڵاتێ کە بۆ ماوەی چەند ساڵ لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ* ف ۱) سردار چندین تیره و طایفه از مردم؛ ۲) رئیس‌جمهور.

سەرکونە: سەرزەنشت، سەرکۆ ف سرزنش.

سەرکوێر: دەبەنگ، تێ‌نەگەیشتو، نازیرەك ف کودن.

سەرکوێزر: سەرکۆزر ف نگا: سەرکۆزر.

سەرکەتن: ۱) بەرەژوورچوون؛ ۲) بەکام گەیشتن لە دۆز و مەبەستا ف ۱) بالا رفتن؛ ۲) کامیاب شدن.

سەرکەش: سەربزێو ف سرکش.

سەرکەشی: ۱) سەربزێوی؛ ۲) بێ‌ڕاگەیشتن ف ۱) تمرّد؛ ۲) رسیدگی.

سەرکەف: ۱) تاویاوەی سەرکەوتوی پیو لە سابون چێکردندا؛ ۲) خوێی هەرە سپی و جوان لە خوێڵێن ف ۱) گداختهٔ پیه بالا آمده در کار صابون‌سازی؛ ۲) نمك صاف طبقهٔ بالا در نمکزار.

سەرکەفتن: سەرکەتن ف نگا: سەرکەتن.

سەرکەل: سەری چیا ف بالای کوه.

سەرکەڵ: دەستەکی چیغ قایم‌کردن ف چوبی که چیغ را نگه می‌دارد.

سەرکەللە: ۱) بەشی سەرەوەی رەشمە کە بە دەوری سەر و ژێر چەنەی یەکسمدا دێت؛ ۲) پارچەیەك لە رەشماڵ کە کورتایی تەواو کا ف ۱) جای بندافسار که پیرامون کلّهٔ ستور گیرد؛ ۲) تکه‌ای از چادر که کوتاهی را جبران کند.

سەرکەلە: سەرکەللە ف نگا: سەرکەللە.

سەرکەند: گوندێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

سەرکەنە: گوریسی دابەستنی سەر عەرەبانە بۆ کلۆش کێشان ف ریسمانی که در ساقه‌کشی به‌کار آید.

سەرکەوتن: سەرکەتن ف نگا: سەرکەتن.

سەرکەوتو: بەکام گەیشتو، تورەقی کردو ف به‌کام رسیده، ترقّی کرده.

سەرکەوتە: سەرکەوتو ف نگا: سەرکەوتو.

سەرکێش: سەرکەش ف نافرمان، سرکش.

سەرکێشان: ۱) سەرەتاتکێ کردن، روانین بەدزیەوە؛ ۲) کارگەیشتنە بارێکی دیاری؛ ۳) هەوساری بارە بەرگرتن لە ڕێگادا ف ۱) فضولانه و دزدکی نگاه کردن؛ ۲) به‌حدّی رسیدن کار؛ ۳) افسار ستور کشیدن در راه.

سەرکێشك: رەئیسی ئێشك گران ف سرکشیك.

سەرکێشی: سەرکەشی، سەربزێوی ف سرکشی، نافرمانی.

سەرکێف: سەرچیا ف بالای کوه.

سەرگ: لای ژوروو ف طرف بالا.

سەرگاویك: گیایەکە دەخورێ ف گیاهی خوردنی.

سەرگر: ۱) کەسێ حەیوانی مێوینە بۆ جوت بون دەگەڵ نێر دەگرێ؛ ۲) برێتی لە گەواد ف ۱) کسی که حیوان ماده را برای جفت‌گیری می‌گیرد؛ ۲) کنایه از جاکش.

سەرگران: ۱) تەمەڵ، تەوەزەل؛ ۲) سەرخۆش؛ ۳) برێتی لە ئەسپی ڕانەهێنراو ف ۱) تنبل؛ ۲) مست؛ ۳) کنایه از اسب تعلیم ندیده، رام نشده.

سەرگرتن: ۱) پێك هاتنی کار؛ ۲) تەواوکردنی خانو؛ ۳) گرتنی مێوینە بۆ گانی نێر؛ ۴) برێتی لە گەوادی ف ۱) انجام شدن؛ ۲) تمام کردن بنا؛ ۳) گرفتن حیوان ماده برای جفتگیری؛ ۴) کنایه از جاکشی.

سەرگرتنەوە: پەیداکردنەوەی گوم‌بوگ و دزراو ف دوباره یافتن.

سەرگرتە: خلیسکاو ف لیز خورده.

سەرگندان: داماو، پەشێو ف سرگردان.

سەرگو: ۱) سەرانوێلك؛ ۲) تەپالدان؛ ۳) سەری جێگای خڕ: (سەرگۆی مەمك) ف ۱) سرگینگاه؛ ۲) تپاله‌دان؛ ۳) انتهای گردی.

سەرگورز: سەرزل ف سرگنده.

سەرگورزی: ۱) سەرسەختی؛ ۲) تووڕەیی، تۆسنی ف ۱) لجاجت؛ ۲) تندخویی.

سەرگورشتە: چیرۆکی رابوردە ف سرگذشت.

سەرگوروشتە: سەرگورشتە ف سرگذشت.

سەرگۆری: قوربان، فیدایی ف فدایی.

سەرگوزەشتە: سەرگورشتە ف سرگذشت.

سەرگوشاد: سەرئاواڵە، بێ‌سەرپۆش ف سرگشاده.

سەرگوڵ: ۱) هەوەڵچا لە چادان؛ ۲) چاکترین، هەڵبژاردە ف ۱) اولین چای از قوری؛ ۲) بهترین، برگزیده.

سەرگوم: بێ‌سەروشوێن ف گم بی‌اثر.

سەرگۆم: گیسکی ڕیوەڵە ف بزغالهٔ لاغر بدنمود.

سەرگوم کردن: شێوان، پەشێو بون ف خبط، پریشانی.

سەرگوێلك سەرانگوێلك ف شوله، سرگینگاه.

سەرگەڕ: سیسارگ ف کرکس.

سەرگەرد: ۱) بەلاگەردان؛ ۲) قوربان ف ۱) بلاگردان؛ ۲) قربان.

سەرگەردان: پەشێو، داماو ف سرگردان.

سەرگەرم: ۱) خەریکی کار؛ ۲) تۆزە و تۆسن؛ ۳) سەرخۆش ف ۱)

مشغول کار؛ ۲) تندخوی؛ ۳) مست.

سەرگەشتە: نارازی، بێ‌مەیل ف ناخشنود.

سەرگەڤار: ڕەئیسی خێزانی ماڵ ف رئیس خانواده.

سەرگەڤاز: سەرگەڤار ف رئیس خانواده.

سەرگەلا: سەربەنك ف نگا: سەربەنك.

سەرگەلە: ڕەمکێش، پێشەنگی مێگەلەمەڕ ف نخراز، پیشاهنگ گله.

سەرگەورە: ۱) سەرگەڤار؛ ۲) سەردەستە ف ۱) رئیس خانواده؛ ۲) سردسته.

سەرگێجە: سەرگێژی ف سرگیجه.

سەرگێڕ: حەوشێکی لە تامـان بۆ ماڵات تێ کردن ف حصـار برای نگهداری دام.

سەرگێرە: گای پێشەوە لە گێرەدا ف گاو سردسته در خرمن کوبی.

سەرگیز: ناوی گوندێکە ف نام روستایی است.

سەرگین: ۱) ئەوی لە بالا، بلندتر؛ ۲) سنێر، شیاکە، ریخ ف ۱) بالایی؛ ۲) سرگین.

سەرلق: ۱) لکەداری سەرەوە؛ ۲) فەرماندەی سەد پێشمەرگە؛ ۳) جۆرێ هەنار ف ۱) شاخهٔ بالایی؛ ۲) فرماندهٔ صد مرد مسلّح؛ ۳) نوعی انار.

سەرلك: لکی سەرەوی دار ف شاخهٔ بالایی.

سەرلـە: هەر لە دەست پێکرانـەوە: (سـەرلە بەیانی، سەرلە نگورێ، سەرلە هەوەڵەوە) ف شروع هنگام.

سەرلەپ: چەپۆکانی ئەسپ ف سرپا ایستادن اسب.

سەرلەپك: پەتی زاربێنی خێگە ف بند دهانه‌بند خیگ.

سەرلەشکر: سەرکردە، فەرماندەی لەشکر ف فرماندهٔ سپاه.

سەرلەنوێ: ژنو ف از نو.

سەرلێ بادان: سەرژڤراندن ف اظهار ناخشنودی کردن.

سەرلێ تێکچوُن: پەرێشان‌بوُن، دامان ف راه چاره گم کردن.

سەرلێ تێکدان: وە سەر هەڵەخستن ف به‌اشتباه انداختن.

سەرلێ خوران: ئارەزوُکردنی کارێك ف هوس کردن.

سەرلێ دان: دیەنی کردن ف دیدنی کردن، سر زدن.

سەرلێدانەوە: چوُنەوە دیدەنی کەسێك ف بازدید کردن.

سەرلێ دەرچوُن: تێ‌گەیشتن ف فهمیدن.

سەرلێ دەرکردن: سەرلێ دەرچوُن ف فهمیدن.

سەرلێ سەندن: سەرلێ تێکدان ف به اشتباه انداختن.

سەرلێ شێوان: پەشێو بوُن ف پریشان و سرگردان شدن.

سەرلێ شێواندن: سەرلێ تێکدان ف به اشتباه انداختن.

سەرلێ کردن: ترس لە دەست بەکارێ کردن ف واهمه از انجام دادن.

سەرما: دژی گەرما، ئەو دەمانە کە مرۆ بە جلك و ئاگر ئاتاجە ف سرما.

سەرمابردگ: شتێ یان کەسێ کە سەرما زیانی پێ گەیاندوە ف سرمازده.

سەرمابردن: سەرما کارلێ کردن ف سرمازدگی.

سەرمابردو: ۱) سەرمابردگ؛ ۲) برێتی لە کەسێ کە بە سەرمایە قەڵسە ف ۱) سرمازده؛ ۲) کنایه از کسی که تاب مقاومت سرما ندارد.

سەرمابردە: سەرمابردو ف نگا: سەرمابردو.

سەرمابردەڵ: سەرمابردو ف نگا: سەرمابردو.

سەرمابردەڵە: کەسێ کە ناتوانێ خۆی لەبەر سەرما ڕاگرێ ف کسی که مقاومت سرما ندارد.

سەرمـابـوُن: ۱) نەخۆش کەوتن لەسەرمان؛ ۲) لەش هەست بەسەرما کردن ف ۱) سرماخوردگی؛ ۲) احساس سرما کردن.

سەرمازەڵە: خەمەگرۆ، جۆرێ مارمێلکە ف چلپاسه.

سەرماوسۆڵ: دەمی زۆر ساردو سەرما، سەرماو بەستەڵەك ف سرما و یخبندان.

سەرماوسۆڵە: سەرماوسۆڵ ف سرما و یخبندان.

سەرماوەز: نۆهەمین مانگی ساڵ ف آذرماه.

سەرمایە: دەسمایە ف سرمایه.

سەرمایەدار: دەوڵەمەند ف سرمایه‌دار.

سەرمایی: سەرساخی ف سلامت.

سەرمژانە: دارێکی کورتە لەنێوان نیرو ئاموردا ف چوبکی رابط خیش و یوغ.

سەرمك: سەرجەم ف همه باهم.

سەرملە: زینوُ، ملەی کێو ف گردنهٔ کوه.

سەرملەگیر: ڕێگر، چەتە ف راهزن.

سەرمەلا: ڕەئیسی گاڵتەو گەمە ف اداره کنندهٔ بازی.

سەرمۆر: سەربەمۆر ف دست نخورده، سر به‌مُهر.

شەڤە: ١) شەشەیی، جنوٚکەی ساواخنکێن؛ ٢) بەردێکی رەشی بەنرخە ف ١) جن نوزاد کش، آل؛ ٢) شبه.
شەڤەروٚك: زبارەی ساوارکوتان ف بلغور کوبی تعاونی.
شەڤهەری: شەونشینی ف شب نشینی.
شەڤی: ١) چێشت و نانێ کە لە شەڤ ماوەتەوە، بەیات؛ ٢) خوارەوەبو، چەماو؛ ٣) چەراندنی ئاژەڵ لە شەودا؛ ٤) جێگەی پشوٗدانی ئاژەڵ لە شەودا ف ١) شب مانده، بائت؛ ٢) خمیده؛ ٣) چرانیدن گله در شب؛ ٤) جای آسایش گله در شب.
شەڤین: ١) چەڕانی ئاژەڵ لە شەڤـدا؛ ٢) جێگـەی پشوٗدانی ئاژەڵ لە شەودا؛ ٣) چەماوە، خوارە و بوٗگ؛ ٤) رەش وەك شەو ف ١) چریدن گله در شب؛ ٢) جای آسـودن گله در شب؛ ٣) خمیده؛ ٤) بەرنـگ شب، سیاه.
شەق: ١) شاق، لێدان بە پشتی پێ؛ ٢) زللە؛ ٣) گوٚچانی گوٚبازی؛ ٤) شڕ، نارەحەت: (حاڵم **شەقە**)؛ ٥) تورت و تێراو؛ ٦) لە خەت دەرچوٗنی گاجوت؛ ٧) دەفەی جوٚڵایی؛ ٨) دەرز، تلیش؛ ٩) رەپ و راست؛ ١٠) تێك شکاوی سست؛ ١١) داری بن باخەڵی شەل؛ ١٢) زل و بەرین: (**شـەقە** جوٚگە)؛ ١٣) ناوەڕاست: (شەوگار **شەق** بو)؛ ١٤) سەخت و رەق: (کەللە **شەقە**) ف ١) تیپا؛ ٢) سیلی؛ ٣) چوگان گوی بازی؛ ٤) پریشان و دشوار؛ ٥) ترد و شاداب؛ ٦) انحراف گاو از خط شخم؛ ٧) یکی از ابزار بافندگی؛ ٨) شکاف؛ ٩) رك و صریح؛ ١٠) درهم شکسته و سست؛ ١١) چوب زیر بغـل شل؛ ١٢) بزرگ و پهن؛ ١٣) وسط؛ ١٤) سخت و سفت.
شەقار: ١) لەت، دڕاو؛ ٢) شوێن و لەلە ف ١) پاره و دریده ؛ ٢) شیار.
شەقارشەقار: بزڕ بزڕ، لەت لەت ف پاره پاره.
شەقازللە: زللە ف سیلی.
شەقازلە: زللە ف سیلی.
شەقاشەق: ئێرو ئەوێ ف اینور و آنور.
شەقافلوٗس: نەخوٚشی خوٚره ف بیماری خوره، آکله.
شەقال: پێڵاوی سەر بە موٗ چندراو ف چارغ، چارق.
شەقام: ١) جادە، شوٚسە؛ ٢) زللە؛ ٣) هەنگاو ف ١) جاده، شاهراه؛ ٢) سیلی؛ ٣) گام.
شەقان: گەمەی گوٚبازی ف گوی و چوگان بازی.
شەقاندن: رکە، کێ بەرکێ لە غارداندا ف مسابقهٔ دو.
شەقـانێ: ١) شەپ شەپان؛ ٢) شەپانێ؛ ٣) گوٚو گوٚچان بازی ف ١) لگدبازی؛ ٢) توپ بازی با پا؛ ٣) چوگان بازی.
شەقانشەق: سەرانسەر، لەم سەر تا ئەو سەر ف پیوسته، سراسر.
شەقاو: ١) هەنگاوی زل؛ ٢) ڕێگەی خوٚشکراو، شەقام ف ١) گام بلند؛ ٢) راه هموار شده، جاده.
شەقاوشەق: شەپ شەپان ف با لگد بەهمدیگر زدن، لگدبازی.
شەقاونان: هەنگاونان، پاگوێزانەوە لە زەوی ف گام برداشتن، گام نهادن.
شەقاوهاویشتن: شەقاونان ف گام برداشتن.
شەق بردن: ١) هەڵ تلیشان، داتلیشان؛ ٢) لەبەریەك چوٗن؛ ٣) بریتی لە توٗرەبوٗنی زوٚر: (لە داخی توٚ **شەقم برد**) ف ١) شکافتن، ترك برداشتن؛ ٢) از هم وا رفتن؛ ٣) کنایه از خشمناکی بسیار.
شەقتاندن: بەدرێژایی لەت کردنی دار ف دو نیم کردن چوب از طول.
شەقتین: روٚشان، داروٗشان ف خراشیدن.
شەق تێهەڵدان: شەپ تێهەڵدان ف تیپازدن.
شەقشەق: ١) دەنـگی ددان وێك کەوتن؛ ٢) زوٚر تورت و تێراو ف ١) صدای بهم خوردن دندانها؛ ٢) بسیار ترد و شاداب.
شەق شەقان: شەپ شەپان ف نگا: شەپ شەپان.
شەق شەقانێ: شەپ شەپانێ ف نگا: شەپ شەپانێ.
شەق شەقە: خڕخاشە، جغجغە ف جغجغه اسباب بازی.
شەق شەقێن: شەپ شەپێن ف لگدبازی.
شەق کردن: ١) دولەت کردن؛ ٢) چەند پارچە کردن ف ١) دو نیم کردن؛ ٢) چند پاره کردن.
شەقڵ: ١) شقڵ؛ ٢) چاپ ف ١) مُهر چو بی خرمن؛ ٢) چاپ.
شەقـڵاوە: شاروکێکی هاوینـەهەوارە لە کوردستان، بەعسی چەندجار بومبارانی کردوە ف از شهرهای ییلاقی کردستان.
شەقڵ شکان: موٚر لەسەر لاچوٗن ف لاك و مهر شکسته شدن.
شەقـڵ شکاندن: ١) موٚر لە سەر ماڵینەوە؛ ٢) بریتی لە لەپێش خەڵکا دەست بەکـار کردن؛ ٣) بریتی لە ئابـڕوٗ بردن ف ١) مهـر از سر برداشتن؛ ٢) کنایه از قبل از دیگران اقدام کردن؛ ٣) کنایه از آبرو بردن.

شەقڵ کردن: مۆڕ کردنی خەرمان فا مهر چوبین به خرمن زدن.
شەقڵە: شەقڵ فا مهر چوبین خرمن.
شەقوبانێ: گۆبازی فا چوگان بازی.
شەق و پەق: لەت و کوت، پارچە پارچە فا لت و پار.
شەق و شڕ: ١) تێك چوی سست و شل کە بۆ کورسی و شتی دارینی دەڵێن؛ ٢) حاڵ خراپ فا ١) نامحکم و سست که برای ابزار چوبین گفته می‌شود؛ ٢) پریشان حال.
شەق و شۆق: ١) شەق و پەق؛ ٢) تەقەتەق فا ١) لت و پار؛ ٢) سر و صدای بسیار.
شەقوق: جۆرێ دارەبەن کە قەزوانی خراپ دەگرێ فا نوعی بوتهٔ درخت.
شەقۆق: سوچ و قوژبن، گۆشەو کەنار فا گوشه و کنار.
شەقۆن: بە سەر تێهەڵدانی حەیوان. شاخ لێ دان فا شاخ زدن حیوان.
شەقوهوڕ: دەنگی زۆری شکان فا صدای شکستن زیاد.
شەقە: ١) دەنگی باڵ لە فڕیندا؛ ٢) دەنگی بە ردە فڕکەی بە قۆچەقانی؛ ٣) نیوەی توێڵ و سەر؛ ٤) مشاری دوکەسی؛ ٥) کۆتەرەی بنەمێو؛ ٦) نیو لاشە گۆشت؛ ٧) لە سەرەوە بە نیوەیی دادڕاو؛ ٨) تەقینی تەڵەو...؛ ٩) داری بن هەنگڵی شەل فا ١) صدای بال در حین پرواز؛ ٢) صدای فلاخن هنگام سنگ پرانی؛ ٣) شقیقه، نیمهٔ سر؛ ٤) ارهٔ دونفره؛ ٥) تنهٔ تاك؛ ٦) شقهٔ گوشت؛ ٧) از بالا به دو نیم شکافته؛ ٨) صدای بهم آمدن تله؛ ٩) چوب زیر بغل شل.
شەقەبەقە: پارچە پارچە، کوت کوت فا قطعه قطعه.
شەقەبەند: ١) نوشتەی سەرێشەی نیوەیی؛ ٢) ڕەخت و تەسپابی زین فا ١) دعای شقیقه؛ ٢) یراق زین.
شەقەتەل: تۆپی لە پەڕۆ چندراو بۆ تۆپێن فا توپ از پارچه ساخته شده برای بازی.
شەقەتەلانێ: گەمەی تۆپەڕاکردن فا توپ‌بازی.
شەقەجۆ: جۆباری گەورە کەئاوی هەمیشەوزۆرە فا جویبار پُرآب.
شەقەجۆگە: شەقەجۆ فا جویبار پُرآب.
شەقەزللە: زللە فا سیلی.
شەقەشەق: دەنگی زۆری ددان و باڵ و بەردی قۆچەقانی و... فا صدای پیاپی دندان وبال و فلاخن و...
شەقە کردن: دولەت‌کردن فا دونیم کردن.
شەقە کێش: کەسێ کە مشاری زل بەکار دێنێ فا اره کش.
شەقــەگل: چاوێشەیێ کە سەری پێوە ژان دەکا فا چشم‌درد سخت که سردرد آورد.
شەقەل: باری بارەبەرێك لەگیا، شەغرە فا یك بار باربر از گیاه.
شەقەلۆڕ: جۆرێ داری لێرەوارە فا نوعی درخت جنگلی است.
شەقەمشار: هەڕەی دوکەسی، شەقە فا ارهٔ دونفره.
شەقەمێو: کۆتەرەرەز فا تنهٔ تاك.
شەقــەی باڵ: برێتی لە فڕینی بەپەلـەی باڵـدار: (کـەوتـەخۆ دای لە شەقەی باڵ دیسا) «هەژار» فا کنایه ازبال‌زدن سریع پرنده.

شەقی: ١) ماندوو، خەستە، ماڵگ؛ ٢) نەشقی، یاخی فا ١) خسته؛ ٢) ممرّد.
شەقیلە: ١) چەرمی زۆر تەنك و سوك کە دە کرێتە هەمانە؛ ٢) بەرەڵبێنەی چەرمینی ژنـان لە کاتی تەشیڕستنا فا ١) چرم نازك که از آن انبان سازند؛ ٢) پیش‌بند چرمین ویژهٔ دوك‌ریسی.
شەقین: ١) جریوەی مەلیچـك؛ ٢) ملە ورکـەبەری، کێ‌بەرکێ فا ١) صدای گنجشك؛ ٢) مسابقه.
شەقێن: گۆبازی فا چوگان‌بازی.
شەك: ١) گۆچـانی گۆیێن؛ ٢) چك، قوڵایی زگی جك؛ ٣) بەرخی دو بەهـار دیتـو؛ ٤) جگ کە باری لوسی بکەوێتە سەر عەرز؛ ٥) چۆك، ئەژنۆ؛ ٦) لەرەی ئاوی چەم فا ١) چوگان گوی‌بازی؛ ٢) طرف گود شتالنگ؛ ٣) شیشك، برهٔ دوبهاردیده؛ ٤) شتالنگی که برکنارهٔ صاف ایستد؛ ٥) زانو؛ ٦) حرکت و لرزش آب رودخانه.
شەکار: چیمەن و گیاجاڕ فا چمن.
شەکال: شەقال فا پالیك، چارق.
شەکان: ١) لەرین لە بەر با؛ ٢) بازی گۆیێن فا ١) جنبیدن از باد؛ ٢) گوی‌بازی.
شەکاندن: لەراندنی با لکەدار و ئالاو... فا جنبانید باد شاخه یا پرچم یا چیز دیگری را.
شەکاندنەوە: شەکاندن فا نگا: شەکاندن.
شەکانن: شەکاندن فا نگا: شەکاندن.
شەکانەوە: لەرین لە بەر با فا جنبیدن از باد.
شەکبەران: شەکی نێری سێ‌بەهارە فا شیشك نر سه‌بهاره.
شەکر: گەزۆی چیتك و شیلەی چۆنەری وشکەوە کراو فا شکر.
شەکـرا: گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد فا نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
شەکـران: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد فا نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
شەکرانێ: گـوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد فا نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
شەکراو: خۆشاوی شەکر فا شکراب.
شەکراوخواردنەوە: کوڕی ژن‌مارەکردن فا کنایه از مجلس عقد و بله‌بران.
شەکرپەنیر: هەڵوایەکە لە شەکر و ئاردە برنج دەکرێ فا شکرپنیر.
شەکرخواردن: برێتی لە قسەی باش کردن فا کنایه‌از سخن نیکوگفتن.
شەکرخەنە: بزەی بە خۆشی فا شکرخند.
شەکردان: دەفری شەکرتێ‌کردن فا ظرف شکر.
شەکرشکاندن: ١) شەکری ڕەق‌هەلاتو وردکردن؛ ٢) برێتی لە قسـەی خۆش کردن فا ١) شکرخرد کردن؛ ٢) کنایه از سخن نیکوگفتن.
شەکرشکێن: چەکوشی شەکرشکاندن فا چکش قندشکن.
شەکرلەمە: جۆرە نانێکی زۆر ناسك و شیرینە فا نوعی نان شیرینی.
شەکرلێڤ: گفت‌ولفت خۆش، قسە شیرین فا خوش سخن.

شه‌کرلێو: شه‌کرلێف ف خوش‌بیان.

شه‌کرمز: نه‌خۆشی شه‌کر ف مرض قند.

شه‌کـروٚک: ۱)وشکه‌وه‌بوی شیله‌ی گیایه‌که تامی شیرینه؛ ۲) گیایه‌کی سه‌رخڕی درکاویه خڕێك له بن دڕکه‌کانی‌دا هه‌یه ده‌یخۆن، که‌رته‌شی؛ ۳) جۆرێ گنـدۆره ف ۱) خشکیدهٔ گیاهی است شیرین مزه؛ ۲) گیاهی است خاردار؛ ۳) نوعی خربزه.

شه‌کروٚکه: ۱) شه‌کروٚك؛ ۲) شیرنیات ف ۱) نگا: شه‌کروٚك؛ ۲) آب‌نبات.

شه‌کـره: ۱) شه‌کـروٚکـه؛ ۲) گوێنی جه‌باری، گوێنیه‌زه‌رده ف ۱) نگا: شه‌کروٚکه؛ ۲) گون کتیرا.

شه‌کره‌باوی: چه‌قاله‌بادامی شیرن ف چغاله‌بادام شیرین.

شه‌کره‌پیاو: پیاوی به‌ئاکارو بێ‌عه‌یب ف سره‌مرد، مردنیکوکار و خوب.

شه‌کره‌ژن: ژنی باش‌و به‌حورمه‌ت ف زن خوشخوی و کدبانوی خوب.

شه‌کره‌سێو: جۆرێ سێوی چکۆله‌ی سپی ف سیب قندی.

شه‌کس‌پا: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شه‌کشه‌کان: شه‌کانه‌وه ف جنبیدن از باد.

شه‌ك‌مه‌ڕ: په‌زێ که یه‌که‌م‌جار زاوه ف گوسفندی که یکبار زاییده.

شه‌کو: له‌رین، له‌رینه‌وه ف جنبیدن، تکان سبك.

شه‌کۆ: داری درێژ بۆ ئاوئاژن‌کردن یان گوێزته‌کاندن ف چوب بلند برای آبیاری یا گردوچینی.

شه‌کۆك: جۆرێ هه‌رمێ ف نوعی گلابی.

شه‌که: ۱) مێچکه‌به‌رازی یه‌کساڵه؛ ۲) کڵاوی پێسته‌مه‌ڕ؛ ۳) شه‌کان ف ۱) ماده گراز یکساله؛ ۲) کلاه‌پوستین؛ ۳) جنبش از باد.

شه‌که‌ت: ماندو، خه‌سته، شه‌قی ف خسته.

شه‌که‌تی: ماندوه‌تی زۆر ف خستگی زیاد.

شه‌که‌ر: ۱) شه‌کر؛ ۲) به‌شانه‌که‌ر، مۆله‌شانه‌ده‌ر ف ۱) شکر؛ ۲) شانه‌زن.

شه‌که‌رات: نۆقڵ، نۆغڵ، شه‌کروٚکه ف نقل، شیرینی، آب نبات.

شه‌که‌ربادام: جۆرێ هه‌ڵوا ف نوعی شیرینی.

شه‌که‌ربۆره: جۆرێ شیرنیات ف نوعی شیرینی.

شه‌که‌رپه‌نیر: شه‌کرپه‌نیر ف شکر پنیر.

شه‌که‌رخه‌ن: شه‌کرخه‌ن ف شکرخند.

شه‌که‌رگری: گریان له خۆشیان ف گریه از شادی، اشك شوق.

شه‌کروٚك: شه‌که‌روٚکه ف نگا: شه‌که‌روٚکه.

شه‌کـه‌روٚکـه: مناڵی لۆسکه که له به‌زمدا سه‌ما ده‌کا ف بچه‌ای که در مجلس بزم می‌رقصد.

شه‌که‌ری: سپات، سپی ئاماڵ‌زه‌رد ف کرم‌رنگ.

شه‌که‌شه‌ك: ته‌که‌ته‌ك، وێك‌که‌وتنی شۆڕه‌وه‌بو ف به‌هم‌خوردن فروهشته.

شه‌که‌مه‌ڕ: شه‌کمه‌ڕ ف گوسفند یکبار زائیده.

شه‌که‌مێ: به‌رخه‌مێوی دوبه‌هاردیتو ف شیشك مادینه.

شه‌که‌مێنگه: شه‌که‌مێ ف شیشك مادینه.

شه‌که‌نه: شه‌کان ف جنبیدن پواشکی.

شه‌که‌نێر: به‌رخی نێری دوبه‌هاردیتو ف شیشك نر.

شه‌کی: برێتی له مرۆیه‌ك که جلکی ناله‌بار بێ ف کنایه از شخصی که لباسش نامرتب باشد.

شه‌کێرت: جیازێ که بوك له‌گه‌ڵ خۆیا ده‌یبا بۆ ماڵ زاوا ف جهیزیه.

شه‌کی کاڵ: به‌ریـه‌ران، شه‌کێ که هێشتـا به‌رانی نه‌گرتـوه ف شیشك آبستن نشده.

شه‌کیله: پارچـه‌هـه‌مانه‌ی خۆشکراو بۆ به‌سه‌ر ده‌فر داگرتن ف قطعه انبان دهانه‌بند ظرف.

شه‌کیلی: پینه‌چی، پینه‌دۆز، مشه‌قه ف پینه‌دوز.

شه‌کێن: گۆبازی ف چوگان‌بازی.

شه‌گ: ۱) شه‌ق، گۆچـانی گۆبـازی؛ ۲) گۆبـازی ف ۱) چوگانِ گوی‌بازی؛ ۲) گوی چوگان بازی.

شه‌گه: ۱) شاگا، شاگه، خۆش‌به؛ ۲) مێچ که میر هاتبێ، جگ که له سه‌ر لاپـانـه‌کـه‌ی وێستـابێ؛ ۳) تاژی له خرتـك چوگ ف ۱) درود؛ ۲) شتالنگ که برکنارهٔ صاف ایستد؛ ۳) تازیی که مفصلش ازجا دررفته باشد.

شه‌گه‌ل: گه‌له‌شه‌ك، مێگه‌لێ که هه‌موی شه‌ك بێ ف رمهٔ شیشك.

شه‌گێن: ۱) گۆبازی؛ ۲) جۆرێ گه‌مه‌ی جگێن ف ۱) چوگان‌بازی؛ ۲) نوعی بازی با شتالنگ.

شه‌ل: ۱) له پا سه‌قه‌ت؛ ۲) به‌ڕه‌و مافوره‌ی خوارو خێچ؛ ۳) خه‌رار؛ ۴) چێنکه؛ ۵) رانك؛ ۶) روت، بێ به‌رگ‌و جل؛ ۷) له‌ت، پاژ ف ۱) لنگ، شل؛ ۲) فرش کج؛ ۳) جوال مویین؛ ۴) نگـا: چێنکـه؛ ۵) شلوار پشمی؛ ۶) لخت؛ ۷) قسمت، تکّه.

شه‌لاخ: ۱) تازیانه، قامچی؛ ۲) زلله ف ۱) شلّاق؛ ۲) سیلی.

شه‌لاخکاری: به قامچی لێدان ف شلاق‌زدن.

شه‌لاف: کلکه‌سوته، مه‌رایی ف تملّق، چاپلوسی.

شه‌لاف کرن: شالوزی کرن ف تملّق کردن.

شه‌لاق: ۱) قامچی؛ ۲) جۆرێ مه‌زره‌قی بێ تم‌تمه که به زه‌بری لێدان به قامچی به‌ن ده‌یسوڕێنن ف ۱) شلاق؛ ۲) نوعی گردنای بدون نوك آهنی.

شه‌لاقه: ۱)شه‌لاق، جۆرێ مه‌زره‌قی بێ تم‌تمه؛ ۲) مه‌لێکی لنگ‌درێژه له ڕیشۆڵه تۆزێك زلتره ف ۱) نوعی گردنا؛ ۲) پرنده‌ایست.

شه‌لال: ۱) شلاڵ، ریزه‌درومانی ده‌ره‌وه؛ ۲) درێژبون له سه‌ر عه‌رز، سلار؛ ۳) نه‌رم‌و ناسـك؛ ۴) تاڤگه، ئاوهه‌ڵدێر، سوڵاف ف ۱) زنجیره بخیهٔ بیرونی، راسته‌دوزی؛ ۲) درازکشیدن روی زمین؛ ۳) نازك و نرم؛ ۴) آبشار.

شه‌ڵاڵ: ۱) تێوه‌دراو، ئاوی: (**شه‌ڵاڵی** خوێن بوم، له خوێندا **شه‌ڵاڵ** بو)؛ ۲) شلال ف ۱) آغشته؛ ۲) زنجیره بخیهٔ پدیدار.

شه‌ڵاڵه: شلاڵ ف بخیه‌های بیرونی.

شه‌ڵاڵی: تێوه‌دراوی، ئاوی، ئاڵو ف آغشتگی.

شه‌لان: ۱) روت‌بونه‌وه، جل له‌به‌رخۆ داکه‌ندن؛ ۲) چه‌قین؛ ۳) جۆرێ

هەڵپەرکێ [ف] ۱) لخت شدن، لباس از تن درآوردن؛ ۲) بانوک در جایی گیرکردن و ثابت ماندن؛ ۳) نوعی رقص.

شەلاندن: ۱) ڕووت کردن، ڕووت کردنەوە؛ ۲) چەقاندن [ف] ۱) لخت کردن، لباس از تن کسی درآوردن؛ ۲) با نوک درجایی فرو کردن.

شەلانە: وەك شەلان [ف] لنگ مانند، ادای شل درآوردن.

شەڵانە: زەردەڵو، قەیسی، مژمژە [ف] زردالو.

شەڵانی: شەڵانە [ف] زردالو.

شەلایی: دەسرەی سرکەیی [ف] دستمال کلاغی ابریشمی.

شەلبت: پرۆش، چاو لە نەخۆشی کەم‌بینایی [ف] چشم دردمند کم‌سو.

شەلبتی: چاوێ کە تووشی پرۆشی بو بێ [ف] چشمی که مبتلا به «شەلبت» باشد.

شەڵبتی: ۱) دەنگی ئاو کە بە دەست یان بە سەوڵ لێی دەدرێ؛ ۲) هەڵـەنگوتن و کەوتن [ف] ۱) صدای با دست یا با پاروزدن به آب؛ ۲) سکندری خوردن و افتادن.

شەلت: داری باریك و درێژ [ف] چوب بلند و باریك.

شەلتە: شەختە، سەرمای سەختی پاییز [ف] سرمای سخت نابهنگام پاییز.

شەڵتە: ۱) دەرمانی تیر و خەست کە لە سەر برینی دادەنێن؛ ۲) ڕەشکەی کاکێشان؛ ۳) جۆرێ ئاواڵ کراسی ژنانە؛ ۴) بەرگی دۆشەك و باڵشت؛ ۵) شەختە؛ ۶) شڵخەمێش؛ ۷) زوقم؛ ۸) ژێرکراسێکی ژنانەیە بۆ وەختی خەو [ف] ۱) دوای غلیظ که بر پوست گذارند؛ ۲) تور کاهکشی؛ ۳) نوعی شلوار زنانه؛ ۴) روتختی و روبالشی؛ ۵) سرمای پاییزی؛ ۶) نسل جدید زنبور عسل؛ ۷) سرماریزه، پژ؛ ۸) نوعی لباس خواب زنانه.

شەڵخە: شڵخە، یوورە [ف] نگا: شڵخە.

شەڵغە: شڵخە، یوورە [ف] نگا: شڵخە.

شەڵغەم: سەوزیەکە لە تیرەی سلق و چونەر [ف] شلغم.

شەلف: ۱) ژنی خۆفرۆش؛ ۲) هەڵەنگوتن [ف] ۱) زن خودفروش؛ ۲) سکندری خوردن.

شەلفین: ڕەت‌بردن و کەفتن [ف] سکندری خوردن و افتادن.

شەلق: ۱) ڕیپۆقی چاو؛ ۲) زینچکاوی برین؛ ۳) تای هەموڕۆژە؛ ۴) میوەو سەوزەی لارزیوی سیس‌بوگ؛ ۵) داری بن‌باڵی یا سەقەت؛ ۶) کرۆسك، جۆرێ هەرمێ کێویە [ف] ۱) ژفك؛ ۲) چرك و ریم زخم؛ ۳) تب روزانه؛ ۴) میوه و سبزی پژمرده و خراب؛ ۵) چوبدستی پاشکسته؛ ۶) نوعی گلابی وحشی.

شەلقاندن: ۱) ڕاهێنانی ئەسپ بۆ خۆشڕۆیی؛ ۲) زووڕانەوەی ناوڕان لەبەر زۆر ڕویشتن؛ ۳) بریتی لە لەکۆڵ خۆکردنەوە [ف] ۱) تعلیم اسب؛ ۲) احساس درد و سوزش در ران از فرط خستگی؛ ۳) کنایه از دك کردن.

شەلقین: ڕزان و کنخان. بۆ میوەو سەوزی و هیلکە ئێژن [ف] پوسیدن و فاسد شدن. *برای سبزی و میوه و تخم‌مرغ استعمال دارد.*

شەلك: چارۆکەی شان و سەرپۆش [ف] چارقد.

شەلکە: نەخۆشیەکی سمی ئاژەڵە [ف] نوعی بیماری سم دام.

شەڵم: ۱) پام سەقەتە؛ ۲) شەڵغەم [ف] ۱) لنگ هستم؛ ۲) شلغم.

شەڵمان: گەڕەکێکە لە شاری سنە [ف] محلّه‌ای درسنندج.

شەڵم کوێرم: بریتی لە لێدانی بێ ئامانج [ف] کنایه از زدن بدون هدف.

شەلمکە: گیایەکە، سەڵمکە [ف] گیاهی است خوردنی.

شەلمە: گیایەکە لە ناو گەنم دەڕوێ و دەنکەکەی تێکەڵی گەنم دەبێ [ف] دانه‌ای که در گندمزار روید.

شەلۆ: شێلۆ، شلوێ [ف] ولرم.

شەلوار: شەڵوار [ف] نگا: شەڵوار.

شەڵوار: ۱) جۆرێ دەرپێی بەگنجی ژنانە؛ ۲) پاتۆڵی پیاوانە [ف] ۱) شلوار چیندار زنانه؛ ۲) شلوار مردانه.

شەلوپەت: لەت و پەت، تەواو دڕیاو [ف] لت و پار.

شەلوشێت: گێژ و حۆل، پەتیارە [ف] خُل، گیج و منگ.

شەلوف: ۱) کەڵەشێری خڕکەڵەی چکۆڵە؛ ۲) بیژو، بیچ، پیچ [ف] ۱) خروس ریزاندام؛ ۲) حرامزاده.

شەلۆك: داروکەیەك کە دەمووکانەی تێ هەڵدەسوون بۆ ڕاوەمەل [ف] چوبك دبق‌آلوده که پرنده را بدان شکار کنند.

شەلۆمك: شەلۆك [ف] نگا: شەلۆك.

شەلە: ۱) شوێنی هەڵبڕینی جۆگەئاو؛ ۲) یەکێ لە ئەستێرەکانی حەوبراڵە؛ ۳) شەل، پاسەقەت [ف] ۱) جای بریدن آب از جوی؛ ۲) یکی از ستاره‌های بنات‌النّعش؛ ۳) لنگ، شل.

شەلەشەل: ڕۆیشتن بە پای سەقەت [ف] لنگان‌لنگان.

شەلەگە: جێگەی دادڕینی جۆگە [ف] جای بریدن آب از جوی.

شەلەگەڤری: گیایەکی شیردارە [ف] گیاهی است.

شەلەم: شەڵغەم [ف] شلغم.

شەلەم‌شۆربا: بریتی لە کاری نارێك و تێکەڵ‌پێکەڵ [ف] کنایه از درهم برهمی کار.

شەلەم‌شۆروا: شەلەم‌شۆربا [ف] نگا: شەلەم‌شۆربا.

شەلەم‌شێوێن: دارێ کە شەلەمی لە دیزەدا پێ تێك‌وەردەدەن [ف] چوب ویژهٔ شلغم بهم‌زدن در دیگ.

شەلەمە: ۱) گیایەکە بنکەکەی لە پەتاتە دەکا و زۆر ڕەوانە؛ ۲) سەرپۆشێکە ژنانە [ف] ۱) گیاهی است مسهل و شبیه سیب‌زمینی؛ ۲) سرپوشی زنانه.

شەلەمین: چێشتی ترخێنە [ف] نوعی آش محلی.

شەلەمین کەرە: پشی پایزە [ف] قاصدك.

شەلەنگ: بەلەنجەولار [ف] خرامان.

شەلەنگی: لەنجەولار [ف] خرام.

شەلی: ۱) سپینـدار، شۆخ؛ ۲) ڕووتـەوەکراو، جلك لە بەر داماڵدراو؛ ۳) تاڵان کراو [ف] ۱) چنار، درخت تبریزی؛ ۲) لخت شده از لباس؛ ۳) غارت شده.

شەلیای: ۱) ڕووت کراو بە دەستی چەتـە؛ ۲) جل لەبەرخۆ داکەندو؛ ۳) پاسەقەتی [ف] ۱) غارت شده توسط راهزنان؛ ۲) لخت شده از لباس؛ ۳) لنگی.

شه‌لیت: شریت ف رشتهٔ تابیده.

شه‌لیته: ژنی بێ‌شه‌رم، سه‌لیته ف زن زبان‌دراز.

شه‌لیهان: مۆزه‌شینه ف نوعی زنبور.

شه‌لیك: شلیك، توی زه‌وینه ف توت زمینی.

شه‌لین: ۱) ڕووت‌بوونه‌وه له جلك‌و شمه‌ك؛ ۲) شه‌ل‌ڕۆیشتن ف ۱) لخت شدن؛ ۲) لنگیدن.

شه‌م: ۱) مۆم؛ ۲) به‌رسێبه‌ر؛ ۳) ناوه بۆ ژنان؛ ۴) ڕۆژی دوای هه‌ینی ف ۱) شمع؛ ۲) جای سایه؛ ۳) نام زنانه؛ ۴) شنبه.

شه‌ما: ۱)زۆنووس؛ ۲) پێش‌نووس؛ ۳) خه‌ت به‌سه‌ردا کشاو ف ۱) تُندنویس؛ ۲) پیش‌نویس؛ ۳)رویش خط کشیده شده.

شه‌ماتۆك: زه‌وینی خلیسکانێ ف زمین مخصوص سُرخوردن.

شه‌ماته: ۱) کۆمه‌ڵگا، خه‌ڵك‌و ئاوایی؛ ۲) چه‌قه‌وهه‌را، زه‌نازه‌نا، قیره‌قیر ف ۱) احتماع، مجتمع؛ ۲) جار وجنجال.

شه‌مار: ۱) خزۆك، هه‌ر جانه‌وه‌رێ که به سه‌ر عه‌رزدا ده‌خزێ؛ ۲) هه‌زارپێ، زیڵو ف ۱) خزنده؛ ۲) هزارپا.

شه‌ماره: خزین ف خزیدن.

شه‌مارۆنگ: بۆیاخی قۆنده‌ره، بۆیه‌ی که‌وشان ف واکسی.

شه‌ماق: زلله، شه‌قام، شه‌ق، شه‌پلاخ ف سیلی.

شه‌مال: ۱) مۆمی داگرساندن؛ ۲) تیشکی چراو مۆم ف ۱) شمع؛ ۲) روشنائی شمع و چراغ.

شه‌ماڵ: ۱) شه‌مال؛ ۲) بای باکوور ف ۱) شمع؛ ۲) باد شمال.

شه‌ماڵپا: به‌سنی ئه‌سپی خۆشڕۆیه ف اسب بادپا.

شه‌مالك: مۆمی داگیرساندن ف شمع.

شه‌ماڵك: شه‌مالك ف شمع.

شه‌ماله: گوێ‌گرتنی ژنان به شه‌و له قسه‌ی خه‌ڵك بۆ به‌خت تاقی‌کردنه‌وه ف فالگوش.

شه‌مالێ: شه‌ماله ف فالگوش.

شه‌مام: ۱) شمام، گندۆره‌ی پڕ به‌مشتی ڕێ‌ڕێ بۆ جوانی‌و بۆن‌کردن؛ ۲) ناوه بۆ ژنان ف ۱) دستنبو؛ ۲) نام زنانه.

شه‌مامۆك: شه‌مام ف نگا: شه‌مام.

شه‌مامۆکه: شه‌مام ف نگا: شه‌مام.

شه‌مامه: ۱) شه‌مام؛ ۲) گوندێکه له کوردستان به‌عسی وێرانی کرد ف ۱) نگا: شه‌مام؛ ۲) ازروستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

شه‌مامه‌ر: له‌و گوندانه‌ی کوردستانه که به‌عسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

شه‌مان: جێگه‌ی شه‌م‌تێنان ف شمعدان.

شه‌مانی: گوڵێکه به زۆرڕه‌نگ ف گل شمعدانی.

شه‌مبلیلك: گیایه‌که له ناو ده‌خڵا ده‌ڕوێ ف گیاهی است در کشتزار روید، شمبلیله.

شه‌مبو: شه‌م، ڕۆژی دوای هه‌ینی ف شنبه.

شه‌مبۆ: شه‌م، شه‌مبو ف شنبه.

شه‌مبۆز: چه‌مۆش، وڵاخی ڕام‌نه‌بوگ، جوته‌هاوێژو گازگر ف چموش.

شه‌مبه: شه‌مبو ف شنبه.

شه‌مبه‌لووت: شابه‌ڕو، به‌ڕوه‌خاسه، که‌ستانه ف شاه‌بلوط.

شه‌مبه‌لوولك: ۱) گیایه‌که؛ ۲) چلوره، شوشه‌سه‌هۆڵ ف ۱) گیاهی است؛ ۲) دنگاله.

شه‌مبه‌لیلك: چلۆزه، زه‌مبه‌لیلك ف دنگاله.

شه‌مبی: شه‌مبو ف شنبه.

شه‌مت: خلیسك، جێگای لووسولێژ ف لیزگاه.

شه‌متاندن: خلیسکاندن ف لیزدادن.

شه‌متر: کاری سه‌ربه‌خۆی نه‌زانانه ف کورکورانه، ناآگاهانه.

شه‌متۆك: ۱) که‌سێ که‌زۆرڕوازی له‌خلیسێنکه؛ ۲) زه‌وینی خلیسك ف ۱) اسکی‌باز؛ ۲) زمین اسکی.

شه‌متی: خلیسکاو ف لیزخورده.

شه‌متین: خلیسکان ف لیزخوردن.

شه‌مچك: گزیکار، حیله‌ساز، ته‌ڵه‌که‌باز ف مکّار، حیله‌باز.

شه‌مچه: شخاته، شخارته، شقارته ف کبریت.

شه‌مخالتك: جۆره‌چه‌سپێکه له جۆرێ گیا ده‌گیرێ ف نوعی چسب گیاهی.

شه‌مخین: ترش‌بوون له‌به‌ر گه‌رما ف ترشیدن از گرما.

شه‌مدان: شه‌مان، جێگه‌ی مۆم ف شمعدان.

شه‌مدانی: شه‌مانی ف گل شمعدانی.

شه‌مدو: شه‌مدان ف شمعدان.

شه‌مدین: سوکه‌له‌ناوی شمس‌الدّین، ناوه بۆ پیاوان ف مخفّف شمس‌الدّین، نام مردانه.

شه‌مدینان: ناوچه‌یه‌که له کوردستان ف منطقه‌ای در کردستان.

شه‌مڕ: تۆڕ، بنه‌مای هاویشتن ف پرت.

شه‌مڕاندن: تۆڕدان، دوورهاویشتن ف پرت کردن، دورانداختن.

شه‌مز: ژاکاوی، سیسی ف پژمردگی.

شه‌مزان: ۱) ژاکان؛ ۲) ره‌نگ‌په‌ڕین؛ ۳) په‌شۆکان ف ۱) پژمردن؛ ۲) رنگ باختن؛ ۳) آشفته‌شدن.

شه‌مزاندن: ژاکاندن ف پژمرده کردن.

شه‌مزاو: ۱) ژاکاو، سیس‌بوگ؛ ۲) ره‌نگ‌په‌ڕیو؛ ۳) په‌شۆکاو ف ۱) پژمرده؛ ۲) رنگ‌باخته؛ ۳) آشفته و حال بهم خورده.

شه‌مزه: تازه‌زاوی ئاژه‌ڵ، کارژیله‌و به‌رخۆله‌ی ساوا ف بره و بزغالهٔ نوزاد.

شه‌مزی: ژاکاو، سیس بوگ ف پژمرده.

شه‌مزین: ۱) شه‌مزان؛ ۲) ناوچه‌یه‌که له کوردستان، شه‌مدینان؛ ۳) شه‌مچه ف ۱) پژمردن؛ ۲) ناحیه‌ای در کردستان؛ ۳) کبریت.

شه‌مزینان: ناوچه‌ی شه‌مدینان ف نگا: شه‌مدینان.

شه‌مزیو: شه‌مزاو ف پژولیده، پژمرده.

شه‌مس: شه‌مز ف پژمردگی.

شه‌مساوا: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شه‌مسۆز: شه‌مدان ف شمعدان.

شەمسـە: سوکەڵەناوی شمس‌الدّین و شمس‌اللّه کە ناوی پیاوانن ف مخفّف نامهای شمس‌الدّین و شمس‌اللّه.

شەمـشـە: چەك‌چەكیلە، چەك‌چەكی، شەڤـرەڤیك، شەڤـرەڤین، شەڤشەڤۆك، شەڤكوێر ف شب‌پره، خفّاش.

شەمشەڵە: شەمشە ف شب‌پره.

شەمشەمۆتك: جۆرێ‌مارمێلکە ف نوعی مارمولك.

شەمشەمە: شەمشە ف شب‌پره.

شەمشەمەكوێرە: شەمشە ف شب‌پره.

شەمشێر: شیری تیخ، شوُر، شمشێر ف شمشیر.

شەمشێركرۆژ: برێتی لە پیاوی ئازا لە شەڕ ف کنایه از جنگجوی شجاع.

شەمع: مۆم، شەم ف شمع.

شەمعدان: شەمان، شەمدان ف شمعدان.

شەمعـوُنـاوە: لەو گونـدانـەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

شەمل: جاجم یان هەر کرێك کە دەخۆیەوە دەپێچن ف هرچه خود را در آن پیچند.

شەملك: ۱) دوگرد، بەرماڵ؛ ۲) شتێ کە خوار کەمبەر دادەپۆشێ، فۆتە ف ۱) سجّاده، جانماز؛ ۲) پیش‌بند، لُنگ.

شەممۆ: شەمبو ف شنبه.

شەممە: ۱) شەم، شەمبۆ؛ ۲) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) شنبه؛ ۲) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شەمۆ: شەم، شەمبۆ ف شنبه.

شەموُز: چەموُش ف چموش.

شەموُس: چەموُش ف چموش.

شەمۆڵە: شەماڵە ف فالگوش.

شەموُلە: چرافتیلە، قودیك ف چراغ موشی.

شەموُمە: شەمامە ف دستنبو.

شەمە: شەمبو ف شنبه.

شەمـەتـرێلکـە: هەنـگێکی باریکی رەشکـەڵـەیە شانـە لە ناو درکـانداهەڵدەبەستێ‌و هەنگوینی زۆر خۆش دروست دەکا ف نوعی زنبور وحشی که عسل بسیار لذیذدارد.

شەمەتلێنکە: شەمەترێلکە ف نگا: شەمەترێلکە.

شەمەد: پۆیەشمین ف شَمَد.

شەمەسرێلکە: شەمەترێلکە، کوریفۆك ف نگا: شەمەترێلکە.

شەمەلە: چەك‌چەكی ف شب‌پره.

شەمەلەكوێرە: چەك‌چەكی، شەمەلە ف شب‌پره.

شەمەند: زەق‌وقیتی جوان‌و لەبەرچاو: (مەمکی تورت‌و گردو **شەمەندن**) ف برجسته و زیبا و خوش‌نما.

شەمەندەفەر: قەتاری رێی ئاسن ف ترن، قطار راه‌آهن.

شەمـەنیخە: ۱) پێسیری یەکتر گرتن‌و دەگژیەك راچوُن؛ ۲) کێشانی شتی قورس بە نیخەنیخ ف ۱) دست به یقه شدن و گلاویزشدن؛ ۲) کشیدن جسم سنگین با هن‌هن.

شەمی: شەمبو ف شنبه.

شەمێ: ۱) شەم، مۆم؛ ۲) ناوی ژنانە ف ۱) شمع؛ ۲) نام زنانه.

شەمیت: ۱) شەمت، خلیسـك؛ ۲) کەڵـەکـە، بەسەریەکداکراو ف ۱) لیزگاه؛ ۲) برهم انباشته.

شەمیتۆك: جێگەی خلیسکان ف لیزگاه.

شەمیتێن: ۱) خلیسکـان، شەمتین؛ ۲) هاویشتنـەسـەریەك ف ۱) لیزخوردن؛ ۲) برهم انباشتن.

شەمیخ: ترشان، کەف‌کردن، خرابوُن، بۆن‌گرتن ف کف‌کردن، ترشیدن آش.

شەمیخین: ترشانی چێشت لەبەر گەرما ف فاسدشدن غذا از گرما.

شەمیران: ۱) پێك‌هاتن، جێ‌بەجێ، ئەنجام؛ ۲) ناوچەیەکە لە کوردستان ف ۱) انجام، درست شدن کار؛ ۲) منطقه‌ای در کردستان.

شەمیراندن: بەئەکام گەیاندنی کار، ئەنجام‌دان، پێك‌هێنان بە تەواوی ف تمام کردن کار، انجام دادن.

شەمیك: رێسمەی درگا ف پاشنهٔ در.

شەمێلە: ۱) دانەوێڵەیە کە گاجوُتی پێ قەڵەو دەبێ؛ ۲) شەمۆڵەی ژنان ف ۱) نوعی حبوب که به گاو می‌دهند؛ ۲) فالگوش ایستادن زنان.

شەن: ۱) داری چوارچـنـگـی خۆیان‌بەبـادان، شەنـە؛ ۲) خۆیان‌هەڵاویشتن؛ ۳) کاوکـوُتێ کە دەتـەنـدوری دەرێژن ف ۱) افشون، چنگك؛ ۲) خرمن باددادن؛ ۳) کاه و خاشاکی که در تنور ریزند.

شەناخ: شمراخ، شناخ ف نگا: شناخ.

شەند: دەنوُك، دندوُك ف منقار.

شەندە: ناوی نامەعلوم: (شەندە لە مەندە کەمتر نیە) ف نام مجهول.

شەندەلی: دندوك‌دار ف دارای منقار.

شەنکـەر: کەسێ کە خۆیان بە شەن دەکا: (خەرمانی خەمان ها وەدەم باوە/**شەنکەر** یەکێکە دوُ شەن وەلاوە) «مەولەوی» ف کسی که خرمن باد میدهد.

شەنگ: ۱) جوان‌و لەبار؛ ۲) شڕو شاتاڵی ناوماڵ؛ ۳) فیشەکی تفەنگ ف ۱) زیبا و رعنا؛ ۲) خرت و پرت اثاثیه؛ ۳) فشنگ.

شەنگاو: شەقاو ف گام فراخ.

شەنگڵ: ۱) شنگل، شڵنگ؛ ۲) پیکەوەنوسان ف ۱) تکان بخود دادن؛ ۲) بهم چسبیدن.

شەنگڵە: دودانە بەری داری پێکەوەنوساو ف دوثمر بهم چسبیده.

شەنگڵەبەرەکەت: شەنگڵە ف نگا: شەنگڵە.

شەنگڵەبەرەکەتە: شەنگڵە ف نگا: شەنگڵە.

شەنگـوڵ: ۱) شەنگڵە؛ ۲) زۆر لەسـەر کەیف‌و دڵخـۆش ف ۱) نگـا: شەنگڵە؛ ۲) بسیار شاد وسرحال، شنگول.

شەنگە: ۱) جوان‌و لەبار؛ ۲) بەهێزو تاقەت‌و توان ف ۱) زیبا و خوش اندام؛ ۲) توانا.

شەنگەبەرە: شەنگڵە ف نگا: شەنگڵە.

شەنگەبی: شۆڕەبی ف بید مجنون.

شەنگەبێری: بێری جوان و لەبەردڵان ف کدبانوی زیبا و رعنا.

شەنگەدار: داری جوان و لەبار ف درخت شاداب و جوان.

شەنگەسوورە: زەنگەسوورە ف زنبور قرمز.

شەنگەشڕ: بەرگی شڕوکۆنە ف رخت کهنه وپاره.

شەن وکەوکردن: ۱) خاوێن کردنەوەی دەخڵ؛ ۲) بڕیتی لە لێکۆڵینەوە ف ۱) بوجاری؛ ۲) کنایه از پژوهش.

شەنە: شەن ف افشون، چنگک.

شەنەدێر: کەسێ بە شەن خەرمان هەڵداوێ ف کسی که خرمن باد می‌دهد.

شەنی: کرێت، خوێنتاڵ، نێسک‌گران ف بدگل، ناهنجار.

شەو: شەف، شەڤ ف شب.

شەوات: سووتمان، ئاگربەربوونەوە ف حریق، آتش‌سوزی.

شەواتە: تەواو سووتاو ف کاملاً سوخته.

شەواتەك: سووتەمەنی، ئێزنگ و قەڵاشکەری ف سوخت، مواد سوختنی.

شەوادی: دوێ شەو ف دیشب.

شەوادیتر: دو شەو پێش، پێرێ شەو ف پریشب.

شەوار: تەنگی نوێژی شێوان ف شباهنگام، بعد از غروب.

شەوارە: شەقارە ف شکار پرنده در تاریکی بوسیلۀ چراغ.

شەوارەبوون: کەوتنەدوای شەوارەوە، بە شەوارە کەوتن ف از نور چراغ به دام افتادن.

شەوارە کەوتن: شەوارەبوون ف نگا: شەوارەبوون.

شەواژۆ: شەقین، چەراندنی مێگەل بە شەو ف چرانیدن گله در شب.

شەواشینك: بەری دارێکە وەك بادامی ورد دەیکوڵێنن و دەخورێ ف ثمری است بادام آسا جوشیده می‌خورند.

شەواك: بێ‌هۆش، گێلۆکە ف دبنگ، ساده‌لوح.

شەواڵ: ۱) شەلوار؛ ۲) مانگی شەشەکان ف ۱) شلوار؛ ۲) ماه شوّال.

شەواڵ بەکۆڵ: شەرواڵ‌بەکۆڵ، گیایەکە ف گیاهی است.

شەواڵەسوورە: شەرواڵ‌بەکۆڵ، گیایەك ف گیاهی است.

شەواڵەمۆڕ: شەرواڵ‌بەکۆڵ ف گیاهی است.

شەوان: سەردەمانی تاریکایی دنیا ف شبها.

شەوانە: بەشەو: (**شەوانە** خەریکی خوێندنەوەی کتێبم) ف شبانگاهان.

شەواو: ئاوێ کە بە شەو لە زرعات دەترێ: (گریانی بەیانانی منە باعیسی خەندەت/پشکووتنی گوڵ مایەیی لێنانی **شەواوە**) «ئەدەب» ف آبیاری شبانه.

شەوب: پەتا، نەخۆشی گیرۆ، ئاهۆ ف بیماری واگیر.

شەوبا: سروە لە شەودا ف نسیم شبانه.

شەوباش: وشەیەکە لە جێگەی سڵاو لە شەودا دەیڵێن ف شب خوش، درود شبانه، شب بخیر.

شەوبۆ: گوڵێکە رەنگ بنەوش لە پاش رۆژاوا بۆنی خۆش دەدا: (**شەوبۆیی** سەری سونبولی زولفت لە سەری دام/ئێستەش سەرەکەم مەستە لەبەر نەشئەیی شەوبۆ) «نالی» ف گل شب‌بو.

شەوبوو: هێشتا نەبوە رۆژ ف شب بود.

شەوبوێر: شەو تا شەو ف یکشب درمیان.

شەوبەك: تیرۆکی ئەنگوتك پان کردنەوە ف چوبك چونه پهن کردن.

شەوبەن: ۱) داری درگا لەپشتەوە داخستن؛ ۲) کۆستەکی خەنجەر ف ۱) چوب‌بستن در از داخل؛ ۳) تسمه‌ای که خنجر را در کمر می‌بندد.

شەوبەند: شەوبەن ف نگا: شەوبەن.

شەوبێدار: کەسێ لە شەوا ناخەوێ ف شب‌زنده‌دار.

شەوبێر: شەوبوێر ف شب اندرمیان.

شەوبێری: شەو پێکەوە بواردنی هەوالان، شەونشینی ف شب‌نشینی.

شەوبین: وشك بوونی چێندراو بەرلە کاتی خۆی ف خشك شدن کشتزار قبل از اوان.

شەوپاتە: چێشتێ کە شەو لێی دەنێن بۆ رۆژێ دادێ: (ترخێنەی **شەوپاتە** خۆشە) ف غذایی که شب برای فردا می‌پزند.

شەوت: نەخۆشیەکی ناو گوێی ئاژەڵە ف نوعی بیماری گوش دام.

شەوتا: تای شەوانە، نۆبەتێ لە شەودا ف تب شبانه.

شەوتان: سووتان، ئاگرتێ‌چوون ف سوختن.

شەوتاندن: سووتاندن ف سوزاندن.

شەوتاندۆخ: سووتێن ف سوزاننده.

شەوتی: سووتاو، سووزیاو ف سوخته.

شەوتێ: تای شەوانە ف تب شبانه.

شەوتین: سووتان ف سوختن.

شەوجمعانە: چێشت‌ونان بۆخێری مردو لەشەوی‌ئێنیدا ف خوراکی که شبهای جمعه به یاد مرده بخشند.

شەوچرا: ۱) چرای ڕاوی‌مەل لەتاریکاییدا، چرای شەوارە؛ ۲) جەواهێراتێ کەلەشەودا دەترووسکێ: (ئێژی گەوهەری **شەوچراس**) ف ۱) چراغ شکار پرنده در شب؛ ۲) گوهرشب چراغ.

شەوچەپکەن: کراسی ئاودامێنی ژنان کەبەتایبەتی شەو دەیپۆشن: (**شەوچەپکەنی** نیلوفەری و جیلوەیی رەقسی/شەرمەندە دەکەن زوهرەیی زەهرا لەسەمادا) «نالی» ف پیراهن دامن بلند زنانه که شب می‌پوشند.

شەوچەرە: خواردنێ کە لە شەوبێری دەخورێ ف شب‌چره.

شەوچەلە: شەوچەرە ف شب‌چره.

شەوخوون: شەبەیخوون، پەلاماری شەوانە ف شبیخون.

شەوخوونی: ۱) شەبەیخوون؛ ۲) شەوبێداری، شەو نەخەوتن ف ۱) شبیخون؛ ۲) شب‌بیداری.

شەوخەف: بەرگی خەوێ، جلکی ناو نوێن ف لباس خواب.

شەوخی: شەبەیخوون، پەلاماری شەوانە ف شبیخون.

شەوداوەت: هەڵپەڕینی شەوانە ف رقص دسته‌جمعی شبانه.

شەودەر: شەبدەر، گیایەکە ف شبدر.

شەودێر: شەواو لەزرعاتنان ف آبیاری شبانه.

شەودێری: بە شەو ئاودانی زرعات ف آبیاری شبانه.

شەودێز: ۱) تارمایی لە شەودا؛ ۲) یەکسمی رەش بە پنۆکی سپیەوە؛ ۳)

ناوی ئەسپی خوسرەوی مێردی شیرینی فەرهاد ف ١) شبح؛ ٢) ستور سیاەرنگ با خالهای سپید؛ ٣) اسب خسرو پرویز.

شەوڕۆ: کەسێ بە شەو بەڕێدا دەڕوا ف شبرو.

شەوڕەنگ: ١) بەردێکی ڕەشی بەنرخە، سەوە، شەڤە؛ ٢) زۆر ڕەش ف ١) شبە؛ ٢) بسیار سیاە.

شەوڕەو: ١) ڕاکردن لە دەست دوژمن لە شەودا؛ ٢) شەوڕۆ ف ١) فرار در شب؛ ٢) شبرو.

شەوڕەوی: ١) شەوڕۆیی؛ ٢) شەو ڕەوکردن ف ١) شبروی؛ ٢) فرارکردن در شب.

شەوزمسان: یەکەم شەوی زستان ف شب یلدا.

شەوزوسان: شەوزمسان ف شب یلدا.

شەوژەن: ١) شەوبەن، داری دەرگا لە ژوورەوە داخستن؛ ٢) کۆستەکی خەنجەر ف ١) چوب بستن در از داخل؛ ٢) کوهٔ دستهٔ خنجر.

شەوسان: شەبستان ف شبستان.

شەوسکڵ: خۆیانی وردی هێشتا تەواونەبووگ ف خرمن نیم کوبیدە.

شەوسو: سبەی ئەمشەو ف فردای امشب.

شەوسوتکە: کوانێکی بەژانە لە دەست و یا دێت ف دُملی است بر دست و یا درآید.

شەوسوتکە: جۆرێ پێشکە ف نوعی پشە.

شەوسوتەکە: شەوسوتکە ف نوعی پشە.

شەوشین: لارەولار ڕۆیشتن ف تلوتلوخوردن.

شەوش: پەرێشانی، بێ‌سەرەوبەرەیی ف پریشانی، درهم برهمی.

شەوشەمەکێ: شەمۆلە، شەمالە ف فالگوشی.

شەوشین: پەرێشان بوون، بێ‌سەرەوبەرەبوون ف پریشان و درهم برهم شدن.

شەوق: ١) ڕوشناکی؛ ٢) تاسە و ئارەزوو؛ ٣) کەیف‌خۆشی، شادی ف ١) روشنی، تابش؛ ٢) رغبت؛ ٣) شادی و ذوق.

شەوقدار: خاوەن‌شەوق ف دارای «شەوق».

شەوقدان: ترووسکان، درەوشین ف درخشش.

شەوقدانەوە: ترووسکانەوە، تیشک‌دانەوە ف انعکاس پرتو.

شەوقکردن: بە دڵخۆشی ڕابواردن، کەیف‌کردن ف بەشادی بسر بردن، کیف‌کردن.

شەوق لێ‌بوون: ئارەزوکردن ف رغبت‌داشتن.

شەوك: ١) دەرزیلە، زەنبەرێکە دە سەرو پێچ دەچەقێندرێ؛ ٢) قولاپی ماسی‌گرتن ف ١) زیوری کە بر دستار زنند؛ ٢) قلاب ماهیگیری.

شەوکار: کاری شەوانە ف شبکار.

شەوکراس: کراسی ناو نوێن ف پیراهن خواب.

شەوکڵاو: تەقیلەی سەر لە دەمی خەوتن‌دا ف شب‌کلاە.

شەوکوێر: کەسێ کە بە شەو نابینێ و بە ڕۆژ دەبینێ، بەرانبەری کەژ ف شبکور.

شەوکۆر: شەوکوێر ف شبکور.

شەوکۆرە: ١) شەوکوێر؛ ٢) چەکچەکی ف ١) شبکور؛ ٢) شب‌پرە.

شەوکۆری: نەخۆشی بەشەو نەدیتن ف بیماری شبکوری.

شەوکوك: کەسێ کە مەردم لە خەو بێدار ئەکا ف بیدارکنندهٔ مردم از خواب شبانە.

شەوکوێر: شەوکۆر ف شبکور.

شەوکوێری: شەوکۆری ف بیماری شبکوری.

شەوکە: شەوك ف نگا: شەوك.

شەوکەت: ١) جوان‌چاکی: (پیاوێ بە **شەوکەتە**)؛ ٢) گەورەیی و پایەبەرزی؛ ٣) ناوە بۆ ژن و پیاو ف ١) حسن و جمال؛ ٢) جاە و جلال؛ ٣) نام مردانە و زنانە.

شەوکێڵ: ١) کەسێ بە شەو جووت لێ دەخورێ؛ ٢) شوکراو بە شەو ف ١) کسی کە شبانە شخم می‌زند؛ ٢) زمین شخم‌زدە در شب.

شەوگ: شەڤە، بەردێکی ڕەشی بەنرخە. شەوڕەنگ ف شبە.

شەوگا: جێگەی پشودانی ئاژەڵ لە شەوا لە دەشت، شەڤین ف جای آسودن گلە شبانە در دشت.

شەوگار: سەرانسەری شەو، شەوانە ف شبانگاهان.

شەوگر: کەسێ شەو نوێژ دەکاو ناخەوێ ف کسی کە نماز شب می‌خواند.

شەوگڕ: چراخان، چراخانی ف چراغان.

شەوگرتی: شەوگر ف نگا: شەوگر.

شەوگور: کازیوە، بولێڵە، بەیان‌بەربوون، شەڤگور ف گرگ و میش اوّل بامداد.

شەوگەڕ: ١) کەسێ شەو ناخەوێ و بە ناو ئاواییدا خول دەخوا؛ ٢) ئاسیاوێ کە هەر بە شەو ئەگەڕێ؛ ٣) هەڵپەڕینی شەوی دوای زەماوەند ف ١) شبگرد؛ ٢) آسیابی کە شبانە کار می‌کند؛ ٣) مراسم شب بعداز عروسی.

شەوگەرد: ١) جۆرێ مارمێلکە دەڵێن پێوە دەدا؛ ٢) کەسێ بە شەو دەگەڕێ ف ١) نوعی مارمولك؛ ٢) شبگرد.

شەوگێر: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف دوروستا بە این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شدە است.

شەوگێڕ: شەوگەڕ، ئاسیاوێ کە هەر بە شەو کار دەکا ف آسیابی کە فقط شبانە کار می‌کند.

شەول: ١) دەشتایی نێوان چیا؛ ٢) تینی گەرما ف ١) جلگهٔ بین کوهستان؛ ٢) گرما.

شەولدان: قەدەم، تینی‌تاو کە لە تاوساندا مرۆ لەپێشەوە دەبینێ ف نورخورشید.

شەولە: ١) جێگەی پەین‌هەڵخستنی تونخانە؛ ٢) کەوای پڕپینەی دەروێش ف ١) شولهٔ گلخن؛ ٢) قبای مرقّع دراویش.

شەولەبان: ١) بریتی لە سەگی پاسەوانی ماڵ؛ ٢) وشەیەکە منالی پێ دەترسێنن: (بنو **شەولەبان هات**)؛ ٣) باگردان ف ١) سگ نگهبان خانە؛ ٢) کلمەای برای ترساندن کودك؛ ٣) بام غلتان.

شەولەوەڕ: چەڕینی ئاژەڵ لە شەودا ف شب‌چرای گلە.

شەومە: تاڤ‌هەیڤ، ترێفە ف مهتاب.

شەومەن: شەوی، بەیات [ف] شب‌مانده، بیات.
شەومەندە: شەومەن، شەوی [ف] شب‌مانده.
شەومەنە: شەومەن [ف] شب‌مانده.
شەونخوُن: شەوبێدار [ف] شب‌بیدار.
شەونخوُنی: شەوبێداری [ف] شب‌بیداری.
شەونشین: شەوبێدار، کەسێ بەشەو نەخەوێ [ف] شب‌بیدار.
شەونشینی: شەو لە دەوری یەك کۆ بوُنەوەی دوٚست‌و خێزان [ف] شب‌نشینی.
شەونم: شەڤنم، شەڤنەم، ئاونگ [ف] شبنم.
شەونوخوُنی: شەونخوُنی [ف] شب‌بیداری.
شەونوێژ: نمێژ لە شەوا پاش هێندێ خەوتن [ف] تهجّد، عبادت نیمه‌شب.
شەونەخوس: شەونخوُن [ف] شب‌بیدار.
شەونەخوسی: شەونخوُنی [ف] شب‌بیداری.
شەووروٚژ: هەمودەم بێ‌پسانەوە [ف] همیشه، شبانه‌روز.
شەووروٚژی: کاری هەمودەم بێ وچان [ف] کار شبانه‌روزی.
شەوُونی: شوانی [ف] چوپانی.
شەوە: ۱) بەردی رەشی بەنرخ؛ ۲) جنوٚکەی ساواخنکێن؛ ۳) موٚتە، موٚتەکە؛ ۴) روٚژنیە، لە شەو داین [ف] ۱) شبه؛ ۲) جن نوزادکش؛ ۳) کابوس، بختك؛ ۴) شب است.
شەوهاندن: ۱) تێکەڵ‌وپێکەڵ کردن؛ ۲) بیچم ناحەزکردن [ف] ۱) درهم برهم کردن؛ ۲) بدشکل کردن.
شەوەبردنەوە: مردنی ساوا لە دەس جنوٚکەی ساواخنکێن [ف] مرگ نوزاد توسط جنّ نوزادکش.
شەوەبینین: موٚتەکە لە خەوا دیتن [ف] کابوس درخواب دیدن.
شەوەخوار: گیای تەڕ کە بوٚ شەولەوەڕی دێننەوە [ف] علف تازه برای شب‌چرای دام.
شەوەدیتن: لە خەوا موٚتەکە دیتن [ف] کابوس در خواب دیدن.
شەوەر: شەبدەر، شەودەر [ف] شبدر.
شەوەڕ: شەبدەر [ف] شبدر.
شەوەزەنگ: شەوی زوٚر تاریك‌و ئەنگوستەچاو [ف] شب دیجور.
شەوەسارە: شەوپاتە، چێشتی شەو بوٚ سبەی [ف] غذای شب برای فردا.
شەوەکی: ۱) بەرەبەیان، شەبەقی؛ ۲) شەوانە [ف] ۱) بامداد پگاه؛ ۲)شب هنگام.
شەوی: ۱) کراس، گجی؛ ۲) دەخڵێ کە زوُ پێ بگا؛ ۳) شەومەنە؛ ۴) شەویلکە [ف] ۱) پیراهن؛ ۲) غلّهٔ زودرس؛ ۳) شب مانده؛ ۴) آرواره.
شەوێ: ۱) موٚتەکە، شەوە؛ ۲) یەك شەو [ف] ۱) کابوس؛ ۲) یك شب.
شەوێق: ۱) پەرێشان‌و بێ‌سەرەوبەرە؛ ۲) سست‌و ناقایم: (شل‌و شەوێق) [ف] ۱) پریشان حال؛ ۲) سست و نامحکم.
شەویلاك: ئەم‌لاولای چەنە [ف] آرواره.
شەویلاکە: شەویلاك [ف] آرواره.
شەویلکە: شەویلاك [ف] آرواره.
شەویلە: شەویلاك [ف] آرواره.

شەوین: ۱) شەوێن؛ ۲) ڕەش بە ڕەنگی شەو، شەوڕەنگ؛ ۳) چەمانەوە؛ ۴) چەمیو [ف] ۱) نگا: شەوێن؛ ۲) سیاه؛ ۳) خمیدن؛ ۴) خمیده.
شەوێن: ۱) چەڕانـدنی ئاژەڵ بە شەو، شەڤین؛ ۲) جێگـەی پشـوُدانی ئاژەڵ شەوانە لە دەشت [ف] ۱) شب چرا؛ ۲) شبغاز.
شەهـ: ۱) شە، شانـەی سەرو کوڵکە؛ ۲) بنـەمـای وشـەی شانـدن، بەڕێ کردن؛ ۳) شا، شاە، پادشا، پاڵشا؛ ۴) روباری گەورە، شەت؛ ۵) پوُپەی کەڵەباب [ف] ۱) شانهٔ سر، شانهٔ پشم صاف کن؛ ۲) ریشهٔ لغت «شاندن» یعنی روانه کردن؛ ۳) شاه؛ ۴) شط؛ ۵) تاجِ خروس.
شەهە: حیلەی ئەسپ، حینە [ف] شیههٔ اسب.
شەهادە: ۱) شایەتی، ئاگاداری لە ڕوداو؛ ۲) بڕوانامەی خوێندن [ف] ۱) گواهی؛ ۲) گواهینامهٔ تحصیلی.
شەهان: شاندن، ناردن، ڕەوانەکردن [ف] فرستادن.
شەهاندن: شەهان [ف] فرستادن.
شەهت: شپڵەلێ‌دراو، دەست‌وپێ شل‌و بێ‌هەست [ف] فَلَج.
شەهتین: لە تینێگی مردن [ف] مرگ از تشنگی.
شەهر: ۱) شار، باژێڕ؛ ۲) شەدەی سەری ژنان [ف] ۱) شهر؛ ۲) سر پیچ زنانه.
شەهرڤانی: باژێڕی، شارنشینی [ف] شهرنشینی.
شەهرواری: شەهرڤانی [ف] شهرنشینی.
شەهرەزا: شارەزا [ف] نگا: شارەزا.
شەهریە: هەرشتە [ف] رشتهٔ آش.
شەهەفی: جوٚرێ ترێ کە درەنگ پێ‌دەگا [ف] نوعی انگور دیر رس.
شەهـك: ۱) شانـەی چکـوٚلـەی سەرداهێنان؛ ۲) کوندەئاوی پچوك، مەشکـەی ئاوکێشـان کە زل نەبێ [ف] ۱) شانهٔ کوچك سر؛ ۲) مَشك کوچك آب.
شەهکردن: بەشانەکردنی سەر [ف] شانەزدن موی.
شەهلوُل: شالوُل، ریشوٚڵە، گاوانی ڕەش [ف] سارِ سیاه.
شەهلەوەند: ۱) لاوی شوٚخ‌و شەنگ؛ ۲) سوارچاك [ف] ۱) جوان زیبای خوش قیافه؛ ۲) یکه‌سوار.
شەهمار: هەزارپێ، زیڵو [ف] هزارپا.
شەهمێر: پیاوی پیاو، مەردو ڕەند [ف] رادمرد.
شەهن: شەهـ، شە، شانە [ف] شانهٔ سر.
شەهنك: خاڵی سەرگوٚنا [ف] خال واقع برگونه.
شەهو: ڕێگەی زوٚر دژواری بەرداوی [ف] راه سنگلاخِ صعب‌العبور.
شەهوان: بەردەلان [ف] سنگلاخ.
شەهەسنان: هوزێکی کوردە [ف] طایفه‌ای از کردها.
شەهی: ۱) خوٚشـەویستی لە شەڕداکـوژراو؛ ۲) گوندێکە لە کوردستان بەعـسی وێرانی کرد [ف] ۱) شهید؛ ۲) از روستـاهـای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
شەهێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستـایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
شەهید: شەهی [ف] شهید.

شەهین: ١) حیلاندن؛ ٢) تەرازو؛ ٣) شاهێنی تەرازوف ١) شیهه کشیدن اسب؛ ٢) ترازو؛ ٣) شاهین ترازو.

شەهێن: ١) شاهێن؛ ٢) ناوی دارێکه ف ١) شاهین؛ ٢) نام درختی است.

شەهینی: جۆرێ هەنگوری چەرمگ کە زۆ پێدەگا ف نوعی انگور سفید زودرس.

شەهی: نزگەرە ف سکسکە.

شەی: شەوی، کراس ف پیراهن.

شەیپور: زورنای لەشکر، بۆرێ ف شیپور.

شەیپورژەن: بۆرێژەن ف شیپورچی.

شەیتان: ١)مەلەك‌تاوس، بنەمای خرابە؛ ٢) برێتی لە شوفارو ئاژاوەچی؛ ٣) برێتی لە زرنگ ف ١) شیطان؛ ٢) کنایه از مفتن؛ ٣) کنایه از زرنگ.

شەیتانئاوس: ١) گیسکی دوبەهارە کە زگی پڕ بێ؛ ٢) مێوینەیێ کە زگی ئاوسابێ وا بزانن ئاوسەو ئاوسیش نەبێ ف ١) بزغالهٔ دوسالهٔ آبستن؛ ٢) شکم برآمدهٔ آبستن‌نما که آبستن نباشد.

شەیتانپەرس: یەزیدی، ئێزدی، داسنی ف یزیدی.

شەیتانپەرست: شەیتانپەرس ف یزیدی.

شەیتانپێکەنین: بالق‌بون ف بالغ‌شدن، احتلام.

شەیتانۆکە: ١) گیاندارێکی پچوکی نەرمو شلو ولە لە ناو قاپێلکێ سەدەفین‌دا بەهاران پاش باران دەژیتەوە؛ ٢) قاپیلکی ئەو گیاندارە ف ١) حلزون؛ ٢) صدف حلزون.

شەیتانلغاو: بەسەری هەوسار بەستنی لێوی خواروی یەکسم لەباتی لغاو ف بستن لب زیرین ستور بجای لگام.

شەیتانی: ١) بیرو کاری خراپ؛ ٢) گان لە خەودا؛ ٣) دوزمانی ف ١) فکر و کار زشت؛ ٢) خواب جنسی، احتلام؛ ٣) سخن‌چینی.

شەیتانیبون: ١) لە خەوا گان کردن؛ ٢) بالق‌بون ف ١) خواب جنسی دیدن؛ ٢) بالغ شدن.

شەیدا: ١) دینی ئەوین، دێوانەی عەشق؛ ٢) ناوی ژنانە ف ١) والهٔ عشق؛ ٢) نام زنانه.

شەیله: شلوێ، شێلو، ئاوی نەپاقژو زەلاڵ ف آب ناصاف.

شهین: ١) حیلەکردنی ئەسپ، حیلاندن؛ ٢) خوێندنی کەڵەباب؛ ٣) کۆخە، قۆزە، کۆکە ف ١) شیهه کشیدن اسب؛ ٢)صدای خروس؛ ٣) سرفه.

شی: ١) رۆیشت، چو؛ ٢) شو، مێردی ژن؛ ٣) لەبەریەك هەڵوەشانی لۆکەو کوڵکە؛ ٤) راڤە، شەرح لە شتی گران؛ ٥) جودایی ف ١) رفت، گذشت؛ ٢) شوهر؛ ٣) زدن پنبه و پشم؛ ٤) شرح و تفسیر؛ ٥) جدایی.

شێ: ١) یەکسمی زەردی ئامال سور؛ ٢) ئەسپی سپی بە پنۆکی سور؛ ٣) ئەسپی رەنگ سوری پنۆك‌سپی؛ ٤) رەنگی‌رەش؛ ٥) نم، تەڕایی؛ ٦) توانایی: (ئەز نەشێم، تە دەشێی)؛ ٧) یەك‌سمی سێ‌پەل سپی ف ١) اسب زرد مایل به سرخی؛ ٢) اسب سفید با خال قرمز؛ ٣) اسب سرخ با خالهای سفید؛ ٤) مشکی رنگ؛ ٥) نم؛ ٦) توان؛ ٧) اسب سەپاسفید.

شیا: ١) توانی، لە دەستی هات؛ ٢) رۆیشت؛ ٣) بو، رەوای ئەو بو: (کراسەکەم بە بەرم تەنگ بو بۆ کورەکەم شیا) ف ١) توانست؛ ٢) رفت؛ ٣) روابود.

شیات: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شیارۆك: خیگە، هیزە، پێستەی رسق‌تێ‌کردن ف خیگ.

شیارە: شارە ف نگا: شارە.

شیافیك: گیایەکە بۆ رەوان بون دەیخۆن ف گیاهی است مسهل.

شیاق: جۆرێ پارچەی کوتاڵ ف نوعی قماش.

شیاکە: ریخ، سنێر، سەرین، گوشلەی گاو مانگا ف سرگین‌تر.

شیان: ١) توانین، لەدەست‌هاتن؛ ٢) رۆیشتن، چون؛ ٣) لێ‌وەشانەوە، پێ‌رەوابون، لێهاتن ف ١) امکان، قدرت، توانستن؛ ٢) رفتن؛ ٣) سزاواری.

شیاندن: شاندن ف نگا: شاندن.

شیانست: شایان ف سزاوار.

شیاو: ١) لایق، هێژا؛ ٢) رۆیشتو؛ ٣) ناردراو ف ١)سزاوار؛ ٢) رفته؛ ٣) فرستاده.

شیای: ١) رۆیشتو؛ ٢) تۆپیو، کەوتی ف ١) رفته؛ ٢) سقط شده، حیوان مرده.

شیاین: تۆپین، کەوتین، سەکەت‌بون ف مردن حیوان، سقط شدن.

شیب: رزیوی لەکارکەوتو: (کراسەکەی ونجر ونجر بەجارێك ببوە شیب) ف پوسیده.

شیبا: ١) رۆناکی‌و بریقە؛ ٢) سوکەبای شەوانە ف ١) روشنی و رونق؛ ٢) نسیم شبانه.

شیبەڵەك: دورەنگی سورو سپی ف خلنگ سرخ و سفید.

شیپ: ١) گوپ، پێست‌و گۆشتی نێوان شەویلکەو سەر گۆنا؛ ٢) سیرمەی قامچی؛ ٣) رنو، شاپە؛ ٤) لافاوی بەتەوژم؛ ٥) جۆرێ پڵنگ ف ١) میان آرواره و گونه، لُپ؛ ٢) تسمهٔ تازیانه؛ ٣) بهمن؛ ٤) سیلاب؛ ٥) نوعی پلنگ.

شێپ: دەرەتەنگ، خڕو دۆڵی باریك لە چیا ف درهٔ تنگ در کوه.

شیپان: چوارچێوەی درگا ف درپواس، چهارچوب در.

شیپانە: شیپان ف نگا: شیپان.

شیپك: ١) پاژنەی درگا؛ ٢) شیپ، گوپ ف ١) پاشنهٔ در؛ ٢) زیرگونه، لُپ.

شیپۆر: تورەیی، قەڵسی ف خشم.

شیپۆران: گورەو هەرای بەتورەیی ف غُرّش خشم‌آلود.

شیپە: ١) تامرازێکە لە نیر و ئامۆردا؛ ٢) پانایی تیخ؛ ٣) لاشیپانەی درگا؛ ٤) حیلەی ئەسپ؛ ٥) سیرمەی شەلاخ؛ ٦) شەپۆل، پێل ف ١) ابزاری در خیش؛ ٢) پهنای تیغ؛ ٣) چوب بلند درپواس؛ ٤) شیههٔ اسب؛ ٥) تسمهٔ تازیانه؛ ٦) موج.

شیپەل: شەپۆل، پێل ف موج.

شیپەلـك: شەپۆلی پچوك. شەپۆلی ئاوی چەم کە وە بەرد دەکەوێ ف موج کوچك.

شیت: ١) دەنگی تیژ لە ناو لێو دەرچستن، فیتو؛ ٢) زرینگ، وریا ف ١) سوت؛ ٢) هُشیار.

شێت: دین ف دیوانه.

شیتاڵ: تیتاڵ، بزگوڕ ف کهنه‌پارهٔ لباس.

شیتان: زەوی نەرمو کەفەلۆك ف زمین نرم متخلخل.

شێتانە: وەك شێتان، کاری شێتان: (لە یاداشی قسەی سەردا هەمە ئاهو هەناسەی گەرم/کەسێ **شێتانە** بەردم تێ گرێ من بەرقی تێ دەگرم) «مەحوی» ف دیوانه‌وار.

شێتخانە: جێگەی شێتان ف تیمارستان.

شێتك: شۆتك، پشتێند ف کمر بند.

شێتکە: بەستەزمانۆکە، سادەو بێ‌فێڵو کەمزان ف خُل مانند، ساده‌لوح.

شێتگیر: پێچەقێن، سوور لەسەر مەبەست ف مُصِرّ، الحاح‌کننده، پافشار.

شێتوشەواك: دڵسادەی هیچ‌نەزان ف ساده‌لوح کم فهم.

شێتۆکە: شێتکە ف نگا: شێتکە.

شێتوویت: بێ‌نەگەیشتوی بێ‌ئاگا لە هەمو شت ف ساده‌لوح بی خبر از همه چیز.

شیتە: ١) زیقەو هەرا؛ ٢) فیتە؛ ٣) قسەی بن‌شڕو بێ‌تام ف ١) جیغ و داد؛ ٢) سوت؛ ٣) سخن یاوه.

شیتەك: فیت‌فیتە، ئامرازی فیتە ف ابزار سوت زدن.

شیتەویژ: ١) دەمهەڵەی قسەقۆڕ؛ ٢) وازوازی، سەرسەری ف ١) یاوه‌گو؛ ٢) دمدمی.

شێتی: نەخۆشی دین‌بوون ف دیوانگی.

شێخ: ١) پیری تەریقەت؛ ٢) سەید، لە نەتەوەی پێغەمبەر ف ١) پیر طریقت؛ ٢) سیّد، اولادالرّسول.

شیخاڵ: باریکەبەفری سەهۆڵ‌بەستوی پەنا ڕەشانگ کە درەنگ دەتوێتەوە ف باریکه‌ای از برف یخ‌زده که دیر آب می‌شود.

شێخامیری: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شێخان: ١) ناوی مەڵبەندێکە لە کوردستان؛ ٢) ناوی چەند گوندێکە تەواوی بەعسی وێرانی کردون؛ ٣) چەند شێخ ف ١) ناحیه‌ای در کردستان؛ ٢) نام چندروستا که همه را بعثیان ویران کردند؛ ٣) جمع «شیخ».

شێخانی: ١) جۆرێ داوەت‌و ڕەخس؛ ٢) ناوی هۆزێکی کوردە؛ ٣) سەر بە مەڵبەندی شێخان ف ١) نوعی رقص؛ ٢) عشیرتی در کردستان؛ ٣) اهل منطقهٔ «شیخان».

شێخاوەلان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شێخ‌بزێنی: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.

شێخ‌بزێن: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

شێخ‌بوزەینی: هۆزێکی کوردە ف عشیره‌ای کردزبان.

شێخ‌خدرا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

شێخ‌پاڵـەوان: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

شێخ‌جەگەر: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.

شێخ‌حەمید: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

شیخرە: دەمەتیخی زۆر تیژ ف تیغ تیز.

شێخ‌ڕەش: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شێخ‌زبرە: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

شێخ‌زەینەڵ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شێخ‌زیرە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شێخ‌شەروان: لەو گوندانەی کوردسانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

شێخ‌شیروان: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

شێخ‌عوبێد: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

شێخ‌فەیزوڵلا: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شێخ‌لەنگەر: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

شێخ‌مەسوریان: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

شێخ‌مەما: گوندێکە لەکوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

شێخ‌مەمودیان: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

شێخ‌مەند: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شێخۆمەر: گوندێکی کودستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثینان ویران شد.

شێخ‌وەسـان: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

شێخ وەیس: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شێخەدێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شێخەڵ: ۱) پەرتاوتن، داپاچینی لکی دار؛ ۲) شخەڵ، جێگەی بەدەوەن ف ۱) هرس درخت؛ ۲) بوتەزار، بیشه.

شێخەلاس: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.

شێخەڵماڕێن: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شێدار: شەدار، نمدار ف نمناك.

شێدانەوە: نم‌گەڕاندنەوە ف نم‌پس‌دادن.

شێدانی: تۆوی گیایەکی دەرمانە کە بەزری کەتانی پێ دەڵێن ف بذر کتان.

شێدوبێد: جەلال و شکۆ ف فرّ و شکوه.

شیر: ۱) شوور، شمشێر؛ ۲) سوت، ئەوەی لە گوان و مەمك دەدۆشرێ ف ۱) شمشیر؛ ۲) شیر خوراکی.

شیڕ: ۱) دەنگی دادڕانی پارچە؛ ۲) وشەی تیزپێ کردن؛ ۳) جرت، زڕت؛ ۴) نەڕە، گوڕە: (**شیڕەشیڕ**) ف ۱) صدای دریدن پارچـه؛ ۲) کلمۀ استهزا؛ ۳) شیشکی؛ ۴) جیغ و داد.

شێر: ۱) دڕندەی بەناوبانگ؛ ۲) شمشێر ف ۱) شیر درنده؛ ۲) شمشیر.

شیرا: گیانداری کە شیر دەدا ف شیرده.

شێرا: برێتی لە پیاوی ئازاو بەجەرگ ف کنایه از مرد دلاور.

شیرار: برای مێرد، شوبرا ف برادر شوهر.

شیراز: ۱) دارێکە لە داربەلاڵوك دەچێ؛ ۲) سیراج، شیرێژ ف ۱) درختی است شبیه درخت آلبالو؛ ۲) شیراز، دوغ چکیده.

شیرازە: ۱) بندروونی پەڕەکتێب پێکەوە؛ ۲) ڕیزەتەقەڵی پەراوێزی لیباس ف ۱) شیرازۀ کتاب؛ ۲) سجاف لباس.

شیرازەبەن: ۱) کتێبی بندرواو؛ ۲) بەرگی پەراوێزلێ‌نراو ف ۱) کتاب شیرازه‌شده؛ ۲) لباس سجاف شده.

شیرازەبەند: شیرازەبەن ف نگا: شیرازەبەن.

شیرازی: جۆرێ ترێ ف نوعی انگور.

شیرامە: گیایەکە لە ناو دەخڵ دەڕوێ و لە چۆدان دەچێ ف گیاهی است.

شێران: گەمەی شێر و خەت ف بازی شیر یا خط.

شیڕان: ۱) گوڕین، نەڕە؛ ۲) برێتی لە گوی شل هەڵڕژتن ف ۱) غرش؛ ۲) کنایه از ریدن اسهالی.

شیڕاندن: ۱) نەڕاندن؛ ۲) گوی شل هەڵـڕژاندن ف ۱) غریدن؛ ۲) اسهالی ریدن.

شێرانە: ۱) ئازانە، ئازایانە، وەك شێر؛ ۲) گوندێك لە کوردستان کە بەعسی بە بومبای شیمیایی خەڵکیان کوشتوە و پاشان کاولیان کردوە ف ۱) شیرآسا؛ ۲) روستایی در کردستان که مردمش توسط بعثیان با بمب شیمیایی قتل عام شده و سپس ویران گشته است.

شێرانەوە: شارانەوە، لە بەرچاو ون کردن ف پنهان کردن.

شیرانی: ۱) مزگێنی؛ ۲) شەکراوخواردنەوەی بوکماره کردن؛ ۳) تامی شیرین ف ۱) مژدگانی؛ ۲) شیرینی‌خوران مجلس عقد؛ ۳) مزۀ شیرین.

شێرانی: شێرانە ف شیرآسا.

شیراوشیر: زاینی ژن ساڵێ جارێ ف زایمان سالی یکبار.

شێراوە: شاراوە، گوم کراو لەبەر چاو ف نهفته، پنهان شده.

شێراوێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شیراوێژ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شیربا: پارەی کچ بەمێرددان کە لە زاوا دەسێنرێ ف شیربها.

شیربایی: شیربا ف شیربها.

شیربرا: برای شیری، کوڕێ کە لە مەمکی دایکی کچێ یان کوڕێ شیری خواردوە ف برادر شیری.

شیربرنج: چێشتی برنج و شیر ف شیر برنج.

شیربوودان: برێتی لە قازانج کردن لە کڕینی ئاژەڵێ ف کنایه از سودبردن از خرید دام.

شیربەشیر: زگ‌پڕ بوونی ژنێ کە منالی شیرخوری هەیە ف حامله شدن قبل از بچه از شیرگرفتن.

شیربەها: شیربا ف شیربها.

شیرپارزونگ: پاڵوێنەی شیر، ڕاوك ف پارچۀ شیرپالا.

شیرپارزینگ: شیرپارزونگ ف پارچۀ شیرپالا.

شیرپاك: برێتی لە مرۆی چاك و پاك و بێ گزی ف کنایه از آدم درستکار.

شیرپاکی: ڕاستی و دوروستی ف درستکاری.

شیرپاڵوك: ۱) شیر پارزونـگ؛ ۲) کونێ لە قەدی دۆڵاش بۆ خاوێن کردنەوە ف ۱) شیرپالا؛ ۲) سوراخی در ناو آسیا برای تمیز کردن.

شیر پاڵۆ: شیر پارزینگ ف پارچۀ شیر پالا.

شیر پاڵێو: شیر پارزینگ ف پارچۀ شیر پالا.

شیر پاڵێوك: شیر پارزینگ ف پارچۀ شیر پالا.

شێرپەنجە: نەخۆشی سەرەتان ف بیماری سرطان.

شیرتێن: شلەتێن ف ولرم.

شیرحوشتر: حوشترخۆرکە، دڕکێکە حوشتر حەزی لێ دەکا ف خار شتر.

شیرخارن: لەبەرمەمکان بوون، مەمك‌مژین ف شیرخوره‌بودن، پستان مکیدن.

شیرخشت: وردیلەیەکە لە ڕووشانی جۆرە گیایەك وەدەست دێت بۆ ڕەوانی باشە ف شیرخشت.

شیرخواردن: شیرخارن ف نگا: شیرخارن.

شیرخوارن: شیرخارن ف نگا: شیرخارن.

شیرخواردنەوە: فڕکردنی شیر، نۆشینی شیر ف شیرنوشیدن.

شیرخوژیلك: شیری گیای خوشیلکە بۆ ڕەوانی دەبێ ف شیرۀ گیاهی

است مسهل.

شیرخوشك: دو کچ یان کچ‌و کوڕێ پێکەوە شیری دایکێکیان خواردبێ ف همشیرهٔ رضاعی، خواهر شیری.

شیرخوشیلك: شیرخوژیلك ف نگا: شیرخوژیلك.

شیرخـەس: حەیوانێ کە بە ساوایی ئێختـە بکـرێ ف حیوانی کە در شیرخوارگی اخته شود.

شیرداان: شیر لە مەمك‌و گوان ڕژاندن ف شیر از پستان فرودادن.

شیردار: گیاندارو گیای بەشیر، شیرا ف دارای شیر، شیرده.

شیردان: ۱) جێگەی شیر لە ناوزگی گیاندار؛ ۲) شیر بە بێچو یان مرۆ دان ف ۱) شیردان حیوان؛ ۲) شیردادن.

شیرداین: شیر دە گوان‌دا بوُن‌و لێ‌دۆشین ف شیردادن.

شیردۆش: بێری‌ڤان، کەسێ کە دۆشینی پێ سپێراوە ف شیردوش.

شیردۆشین: شیرلەگوان‌هێنانەدەر ف شیر دوشیدن.

شیرەر: شیرا، مێوینەیە کە شیری تیایەو ئەدۆشرێ ف شیرده.

شێرزاد: ۱) بەچکەشێر؛ ۲) ناوی پیاوانە ف ۱) بچهٔ شیر؛ ۲) نام مردانه.

شیرسـوُتـو: منـاڵێ کە لەبەر بێ‌شیری گەورە نەبوُبێ ف کودکی کە از بی‌شیری رشد نکرده باشد.

شیرشیرۆکە: گیای خوشیلك ف گیاهی است شیردار.

شیرڤەخارن: شیرخواردنەوە ف شرنوشیدن، شیرخوردن.

شیرڤەکرن: مناڵ لەشیرگرتنەوە ف از شیر بازگرفتن بچه.

شیرك: شیلەی گیا ف شیرهٔ گیاه.

شیرکاخازکێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شێرکتك: مرۆی زۆر بەگوڕەو هەرا ف کنایه از آدم همیشه غرولندکن.

شێرکۆ: ۱) بێچوەشێر؛ ۲) ناوی پیاوانە ف ۱) شیر بچه؛ ۲) نام مردانه.

شیرکوت: دەخڵی فەریك هێنان بۆ خواردن ف غلهٔ نارسیده را کوبیدن.

شیرکوروژ: برێتی لە پیاوی ئازا لە شەڕ ف کنایه از آدم شجاع.

شیرکول: داری چوارسوُچی بن ستون ف چوب مربّع زیر ستون.

شێرکۆڵە: شێرکۆ، بێچوەشێر ف شیر بچه.

شیرکی: سپی بە رەنگی شیر ف رنگ شیری.

شیرگـورگـە: ئەستـونی ئامانەتی بۆ ڕاگرتنی کاریتەو... ف ستونهای موقّتی در بنا.

شیرگەر: وەستای شیر و خەنجەر ف شمشیر و خنجرساز.

شێرگیر: شێتگیر ف مُصِرّ، پافشار.

شیرمار: تاڵیشك، گیایەکە کەو حەزی لێ‌دەکا ف گیاهی است.

شێرمـایی: ئێسکی ئەستوُری جۆرەماسیەکە دەکرێتە دەسکەخەنجەر، دەسکەخەنجەری ماهی ف استخوان شیرماهی که دستهٔ خنجر کنند.

شیرمردە: بێچوی داڵگۆشت‌و لاواز لەبەر کەم‌شیری، شیرسوُتو ف بچهٔ لاغر از کم شیری.

شیرمژ: شیرخۆرە ف شیرمك، شیرخوار.

شیرمل: گیایەکی شیرەدارە ف گیاهی است شیردار.

شیرمەشك: خیگەی خۆشکراوی شیرتێ‌کردن ف مشك شیر.

شیرن: ۱) شیرین؛ ۲) ناوە بۆ ژنان ف ۱) شیرین مزه؛ ۲) نام زنانه.

شیرنچك: شیرنی لیچق ف لزج شیرین مزه.

شیرنکاری: دەست‌رەنگینی ف شیرینکاری.

شیرن گرۆێ: کەسێ دەم‌وچاوی کەمێك گرۆێ بێ ف کسی که رخسارش آثار آبله کم داشته باشد.

شیرنی: شیرانی ف نگا: شیرانی.

شیروا: شیربا ف شیر بها.

شیروایی: شیربا ف شیر بها.

شێرۆ: ناوی پیاوانە ف نام مردانه.

شێرۆخ: کاڵەی سەرچەرم ف چارق.

شیرۆمەر: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شیروەشێن: شەمشێر لێ‌دەر ف شمشیر زن.

شێروەند: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شیرە: ۱) تـراوێ کە لە دارو گیا دەتـکێ؛ ۲) ددانی کاتی منـاڵی؛ ۳) ڕۆن‌گەرچەك ف ۱) شیرابه، شیرهٔ درخت یا گیاه؛ ۲) دندان شیری؛ ۳) روغن کرچك.

شیڕە: نەڕە، دەنگی بەرزی بە توُڕەیی ف جیغ و داد، غریو.

شێرە: ۱) ئامرازی کردنەوەو گرتنەوەی لوُلەی ئاو؛ ۲) ناوە بۆ سەگ؛ ۳) گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی کاولی کرد ف ۱) شیرآب؛ ۲) نام سگانه؛ ۳) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شیرەبەڕو: لکی تازەی داربەڕو ف جوانهٔ درخت بلوط.

شێرەبەرە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شیرەپـە: ۱) ئامـرازێکە لە نیر و ئاموُردا؛ ۲) داروُکەیەکە لە عەڕەبانەی گیـاکێشان‌دا ف ۱) ابزاری در خیش؛ ۲) چوبکی در گاری گیاهکشی.

شیرەپەڕە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شیرەت: تەگبیر، ڕاوێژ ف مشورت.

شێرەت: ۱) توُش‌و شەڕانـی؛ ۲) ئەسپی هارو هاج‌و بەگوڕەگوڕ ف ۱) شرور و ستیزه‌جو؛ ۲) اسب سرکش و غرّان.

شیرەخۆرە: بێچوی بەرمەمکان ف شیرخواره.

شیرەدارینـە: ۱) شمشێر لە دار بۆ مەلای خودبـەخوێن؛ ۲) برێتی لە ترسەنۆکی خۆبەئازازان ف ۱) شمشیر چوبین؛ ۲) کنایه از ترسوی لاف‌زن.

شیرەدان: دەفری ڕۆن‌گەرچەك ف ظرف روغن کرچك.

شێرەدەرە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

شێرەژن: ژنی بەجەرگ‌و لەسەرخۆ ف زن شجاع و شکیبا، شیرزن.

شیرەشـوانـە: ۱) شیرێك کە بە دەست‌تێوەردانی گوان پەیا دەبێ؛ ۲)

بڕێتی له ڕوحمی‌پاش دوری‌و له‌بیرچوون ف ۱) شیری که دراثرمالش پستان حاصل آید؛ ۲) کنایه از محبت بعد از دوری و فراموشی.
شیره‌شیر: قیره‌قیر، دادو هاوار ف جیغ و داد.
شیره کولله: جۆری کلوی زلی شین ف نوعی ملخ درشت و سبزرنگ.
شیره‌مار: گیایه‌که شیره که‌ی زۆر ره‌وانه، ئالقه‌تیز ف گیاهی است با شیرهٔ مسهل.
شیره‌مال: بن خه‌رمان به ده‌ست کۆکردنه‌وه ف ته خرمن با دست جمع کردن.
شیره‌مه‌ر: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
شیره‌وا: شیر برنج ف شیر برنج.
شیره‌ی‌خوار وسه‌رو: دوگونـدی کوردستـان بەم ناوه به‌عسی کاولی کردوه ف دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.
شیری: ۱) به ره‌نگی شیر؛ ۲) ددانی منـاڵ؛ ۳) هاوشیر، براو خوشکی شیری ف ۱) به رنگ شیر؛ ۲) دندان شیری؛ ۳) همشیر.
شیری‌خواروو: گونـدێکـه له کوردستـــان به‌عسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
شیریز: سرێش، چرێش، ئه‌سریلك ف سریش.
شیری‌زنج: فرۆ ف آغوز.
شیرێژ: سیراج، ژاژی، شیراز ف شیراز، دوغ چکیده.
شیری‌سه‌رو: له‌و گونـدانـه‌ی کوردستـانه که به‌عسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
شیری‌میران: خۆراکی تایبه‌تی میری هه‌نگ که لوێك له سه‌ری هه‌نگی کارکه‌ر ده‌ی‌ده‌ڵێنێ ف شیرهٔ عسل ویژهٔ خوراك ملکهٔ زنبور عسل.
شیرین: شیرن ف نگا: شیرن.
شیرینچك: شیرنچك ف نگا: شیرنچك.
شیرینخوێ: چێشتی که‌م‌خوێ ف غذای کم نمك.
شیرینکار: کار جوان ف شیرینکار.
شیرینه: گه‌زۆ ف گزانگبین.
شیرینی: شیرانی ف نگاشیرانی.
شێز: مێشه‌سه‌گانه ف سگ مگس.
شێست: یه‌کێ زیاد له په‌نجاونۆ، سێ‌چه‌ل بیست ف شصت.
شێسته‌م: پاش په‌نجاونۆهه‌م ف شصتم.
شێسته‌مین: شێسته‌م ف شصتم.
شێستیر: شه‌ستیر ف آتشبار.
شیش: ۱) شاخ، تیشه‌شاخ؛ ۲) گه‌نمه کوتاو؛ ۳) پارچه ئاسنی درێژۆکه بۆ گۆشت‌برژانـدن؛ ۴) شش، شاردنـه‌وه به زمـانی منـاڵانه ف ۱) کوه سنگی سخت؛ ۲) گندم نیمکوب؛ ۳) سیخ؛ ۴) پنهان کردن در زبان بچه‌ها.
شێش: ۱) ژماره‌شه‌ش؛ ۲) وشه‌ی راگرتنی ئه‌سپ له ڕۆیشتن، هێش ف ۱) عدد شش؛ ۲) کلمهٔ متوقف کردن اسب.

شیشار: سی، جه‌رگی سپی، سیپه‌لاك ف ریه، شش.
فتكرن: ١) تماشاكردن؛ ٢) سەبيلە بە پف بەتاڵ كردن ف ١)نگاه كردن؛ ٢) چپق را با پف خالى كردن.

فتلاندن: پێچدان ف پيچ‌دادن.

فتلى: ١)پێچى خوارد؛ ٢) ئاوڕى‌داوە ف ١) پيچ خورد؛ ٢) برگشت.

فتلين: ١) پێچ‌دران؛ ٢) ئاوڕدانەوە ف ١) پيچ خوردن؛ ٢) برگشتن.

فتنه: ١) ئاژاوە؛ ٢) ئاژاوەچى ف ١) فتنه؛ ٢) فتنه‌انگيز.

فتوا: بەڕەوازانين ف فتوا.

فت‌وفراوان: ١) زۆرو زەبەند؛ ٢) گوشادو هەراو ف ١) زياد؛ ٢) گشاد.

فت‌وفره‌وان: فت‌وفراوان ف ١)زياد؛ ٢) گشاد.

فته: ١) چپە، سرتە؛ ٢) دەنگى بەتاڵ كردنى سەبيلە بە پف ف ١) پچ‌پچ، درگوشى؛ ٢) صداى خالى كردن چپق با پف.

فتـەفت: ١)چپـەچپ؛ ٢) پتەپتى گڕى چرا؛ ٣) بوُن بەعەرزەوە كردنى سەگ ف ١) پچ‌پچ؛ ٢) لرزش شعلهٔ چراغ؛ ٣) بوكشيدن سگ روى زمين.

فتيله: ١) پلێتە؛ ٢) قوديلەچرا ف ١)فتيله؛ ٢)چراغ موشى.

فتیڵە: فتیلە ف نگا: فتیلە.

فجوز: ڕۆیشتنی بێ گەڕانەوە، تەرە ف یکبارە رفتن بی برگشت.

فجوڕ: دەنگی فڕینی سوسكو كەوف صدای پریدن تیهو و كبك.

فجوق: دەنگی فڕینی كەوف صدای پریدن كبك.

فجوك: باڵندەی ئامادەی فڕین ف پرندۀ آمادۀ پرواز.

فچ: وشەی تیزپێ‌كردن واتا: نەت‌كرد، نایدەم، فت ف كلمۀ تمسخر.

فچك: ١) حینچكە، كوت؛ ٢) دەنگی دەزگای جوڵا لە كاركردندا ف ١) كلەزدن در هنگام جماع؛ ٢) صدای دستگاه بافندگی هنگام كار.

فچك‌فچك: فچكی بە شوێن یەكدا ف «فچك» پیاپی.

فچكە: تەرسەقول، قەرسەقول، سەركل ف مدفوع الاغ.

فچۆز: ١) فجوز،تەرە؛ ٢) دەنگی كەو لە دیتنی مارو ڕێوی، سیرە، چیرە ف ١) نگا: فجوز؛ ٢) صدای كبك از ترس.

فچۆزك: برێتی لە ژنی بێ‌شەرمی سەلیتە ف كنایە از زن سلیطە.

فچۆق: فجوق ف نگا: فجوق.

فچە: پچە، چپە، سرتە ف پچ‌پچ.

فچەفچ: ١) پچەپچ؛ ٢)فچك‌فچك ف ١) پچ‌پچ؛ ٢) نگا: فچك‌فچك.

فحێل: پاكانە، بێ‌تاوان بوون ف تبرئه.

فدا: گۆری، قوربان، خۆ دەپێناو ناو ف فدا.

فدایی: پێشمەرگە ف فدائی.

فڕ: ١)بـاڵ لێكـدانو بڵنـدبـوونی مەل؛ ٢) بوختانو درۆ؛ ٣) پەیوەندی، عیلاقـە؛ ٤) قوم لەتـراودان؛ ٥) هەڵقـوڕانـدن؛ ٦) جوێنی بەشێعـر؛ ٧)ناسكو تەنك ف ١) پر زدن، پرواز؛ ٢) دروغ؛ ٣) ارتباط؛ ٤) جرعە؛ ٥) سركشیدن مایع؛ ٦) هجو شعری؛ ٧) نازك.

فڕا: ١)ڕفێندرا؛ ٢) تیژباڵ، زۆر لە فڕین خێرا؛ ٣) باڵ‌گرەوە ف ١) ربودە شدە؛ ٢) تیزپرواز؛ ٣) پرندە، بال‌زن.

فڕاخ: ١) دەفرو ئامانی ماڵ؛ ٢) قاپی چێشت‌تێداخواردن، مەترەتی ف ١) ظروف خانە بە طور عام؛ ٢) ظرف گودغذاخوری.

فرار: ڕاكردن لەترسان، دەرچوون ف فرار.

فراز: ١) گوشاد؛ ٢) بڵند. دەگەڵ سەر دەگوترێ: (سەرفراز) ف ١) گشاد؛ ٢) بلند.

فرازە: پەرێز، جێگەی دەغڵی درەوكریاگ ف جای غلّۀ دروشدە.

فراژی: ١) هەراش، پێ‌گەیشتوی بەخۆداهاتو؛ ٢) بوژانەوە، لە سیسیو كزیەوە سازبوون ف ١)رسای شكوفا؛ ٢) سرحال آمدن بعد از زبونی.

فراغ: ١)سەحەنی نان‌خواردن؛ ٢) ئامان، قاپو قاچاغی ماڵ بەگشتی ف ١)ظرف گود غذاخوری؛ ٢) ظروف خانە بە طور عام.

فراڤین: نانی نیمەڕۆ ف ناهار.

فراق: قاپ و قاچاغ، دەفر بەگشتی ف ظرف عموماً.

فڕاكە: جوچكەمەلێ كە تازە فێرە فڕین دەبێ ف جوجۀ نوپرواز.

فران: كاورا، ئەوەكە، هین، ناوی نادیار ف فلان.

فڕان: ١) باڵ گرتنەوە؛ ٢) ڕفان ف ١) پریدن؛ ٢)ربودن.

فڕاندن: ١) باڵ پێ گرتنەوە؛ ٢) ڕفاندن ف ١) پرواز دادن؛ ٢) ربودن.

فڕان‌فڕان: ڕفاندنی هەركەسە بۆ خۆی ف مسابقە درربودن.

فرانكەس: فران ف فلان.

فڕانن: فڕاندن ف نگا: فڕاندن.

فران‌وفیستار: ئەم‌وئەوی نادیاری ف فلان بیستار.

فرانەكەس: فران ف فلان.

فرانی: فران ف فلانی.

فڕانی: ڕفاندی ف ربود.

فڕاو: ١) وەحەواكەوتو بە باڵان؛ ٢) ڕفێنراو ف ١) پرواز كردە؛ ٢) ربودە شدە.

فراوان: ١) گوشاد؛ ٢) زیاد ف ١) گشاد؛ ٢) زیاد.

فراوانی: ١)هـەراوی، گوشـادی؛ ٢)هـەرزانی رسق‌و ڕۆزی ف ١) گشادی؛ ٢) وفور مایحتاج.

فڕاوێژ: كەسێ كە بە شیعر جوێن بە خەڵك دەدا ف هجّاو، هجوكنندە بە شعر.

فراوین: فراڤین، جەمی نیوەڕۆ ف نهار.

فڕباز: فڕاوێژ ف هجوكنندە بە شعر.

فرت: ١) دەرچـوونو هاتنی بە پەلـە: (ئـەم جرت‌و **فرتەت** لە چیە)؛ ٢) گوشاد: (كراسێكی **فرت** و فراوانی دەبەردا)؛ ٣)وشەی تیزپێ‌كردن، فت؛ ٤) گزی‌و حیلە: (**فرت** و فێلان دەكا)؛ ٥) لێدانی رەگ، پت ف ١) آمـد و شد باشتـاب؛ ٢) گشـاد؛ ٣) كلمۀ تمسخر و استهزاء؛ ٤) حیلە؛ ٥) نبض.

فرتاندن: دەرپەڕاندن: (تا ئێستا چوار منالی دەر**فرتاندوە**) ف بیرون دادن.

فرتانن: دەرفرتاندن، دەرپەڕاندن ف بیرون دادن.

فرتـك: ١)كـونەكەپوو، قولی بێفل، كونەتفنك؛ ٢)دڵ بەیەكاهاتن ف ١) سوراخ بینی؛ ٢) تهوّع.

فرتۆڵ: جوێنی ژنانە، واتا: گوشاد ف دشنام زنانە.

فرتونە: فەرتەنە، شێوانو تێكەوەهاویشتنی دەریا ف طوفان دریایی.

فرتونەك: شێوانو تێكەوەهاویشتنی دەریا ف طوفان در دریا.

فرتوهۆڕ: بزوتنەوەو چوونو هاتنی بێ تۆقرە ف جنبش بدون آرامش.

فرتە: ١)قسەی بن‌لێو، پرتە؛ ٢) دەرپەڕینی شتێ بەتوندی: (مشك **فرتەی** كردو دەرچو)؛ ٣) بزوتنەوە: (هەر **فرتە** بكەی خوا هاوار)؛ ٤) ڕاتڵەكانی تونـد: (لینگـە**فـرتە** دەكا) ف ١)لندیدن؛ ٢) دررفتن بە سرعت؛ ٣) جنبش؛ ٤) بە حركت درآوردن شدید.

فرتەفرت: چوونو هاتنی بەپەلە ف جنبش بدون وقفە.

فرتەكردن: دەرپەڕین بە توندی‌و بەپەلە ف یكهو در رفتن.

فرتەنە: فرتونەك ف طوفان دریا.

فرتی: ١) بزركانی شیر، هەڵگەڕانی شیر؛ ٢) ورتكەنانی تێ‌كوشین ف ١) فاسد شدن شیر؛ ٢) ریزە نان ترید.

فرتێ: فرتۆڵ ف نگا: فرتۆڵ.

فرتیك: ورتكەنانی تێكوشین ف ریزەنان ترید.

فرتێنە: فرتونەك ف طوفان دریا.

فرچ: پانەوەبوو لە بن پێدا ف لە شدە زیر پا.

فرچك: ۱)ژەك؛ ۲) حینچکە؛ ۳) تیٚ‌هەڵکەوتنی بێچوُ لە گوانی دایك بوٚ مژین ف ۱) آغوز؛ ۲) کلەزدن؛ ۳) مك‌زدن با شتاب از پستان.

فرچە: ۱)توٚپەموٚی بەداردا کوتراو بوٚ رەنگ‌کردنی شت‌و خاوێن‌کردنەوەی جلك؛ ۲) سیواکی موٚیین ف ۱)بُرس؛ ۲) مسواك مو یین.

فرچیل: دانەوێڵەی نیوەکوڵاو ف دانهٔ نیم‌پخته.

فرداندن: لەناو دەستدا وردکردن ف با دست خُرد کردن.

فردقی: فەرحانی، خوٚشی پاش تەنگانە: (پاشی تەنگی‌یێ **فردقی‌یە**) «مەسەل» ف گشایش پس از سختی.

فردك: نان بوٚ تی‌وڵین ورد کردن ف ریزه‌کردن نان برای ترید.

فرز: ۱) زرنگ؛ ۲) خێرا لە رێ‌رۆیشتن؛ ۳) زوُ، بلەز؛ ۴) رێك‌وپێك‌و لەبەرچاو ف ۱) زرنگ؛ ۲) آدم چالاك و خوش‌رو؛ ۳) زود، عجله؛ ۴) شیك.

فرزەند: روڵە، عەولاد، بێچوی بنیادەم ف فرزند.

فرژ: پرمە، دەنگی بێفلی یەکسم ف صدای بینی ستور.

فرژین: پرمین، پرمەکردن ف «پرمه» کردن.

فرس: گیای چیمەن کە بڕاریکی زوٚر دژوارە ف فریز.

فرسادە: رەوانەکراو ف فرستاده.

فرستادە: فرسادە ف فرستاده.

فرسك: فرچك، ژەك ف آغوز.

فرسواربوُن: لەخوٚبایی بوُن ف مغرورشدن.

فرسەت: هەل، دەرفەت ف فرصت.

فرسەخ: مەودایەکی ریگایە بەرانبەر بە شەش‌هەزا میتر ف فرسخ.

فرسەق: فرسەخ ف فرسخ.

فرسەند: ۱)ئینساف، عەدالەت، بەزەیی؛ ۲) دەرفەت، کیس، هەل، فرسەت ف ۱) عدل، انصاف؛ ۲) فرصت.

فرشتە: ۱) بەندەی خوداکە لە عاسمانن؛ ۲)بریتی لە زوٚر خوٚشیك؛ ۳) ناوی ژنانە ف ۱) ملائکه، فرشته؛ ۲) کنایه از بسیار زیبا؛ ۳) نام زنانه.

فرش‌تەنگ: کەم‌جیگلدانە، بێ‌حەوسەلە، کەم‌پشوُ ف کم ظرفیّت، زودرنج.

فرشك: ۱) فرچك، ژەك؛ ۲) شیلاوك ف ۱) آغوز؛ ۲) پنیرمایه.

فرشە: فرچە ف نگا: فرچە.

فرغە: زیپك‌گوٚیی، ایرادگری: (فلانەکەس زوٚر بە **فرغە**) ف ایرادگیری، کنایەزنی.

فرفات: ۱) رزیو؛ ۲) سینەپوٚشی کارگەر لە جەنگەی کاردا ف ۱) پوسیده؛ ۲) روپوش کارگری.

فرفاتە: کوُتاڵی زوٚر ناسك ف پارچهٔ بسیارنازك، وال.

فڕفڕوٚك: ۱)کاغەز لە چەند لاوە دەنوشتێتەوەو گوێی بوٚ دێڵنەوە بە داروکەیەکیەوە دەکەن تا بە با بسوڕێتەوە؛ ۲) پەپوُلە ف ۱) بادفر، فرفره؛ ۲) پروانه.

فڕفڕوٚکە: فڕفڕوٚك، لەیستوٚکی لە قاقەز کە با دەیسوڕێنێ ف فرفره.

فڕفڕە: فڕفڕوٚکە ف فرفره.

فرفینگ: ئالامەت، هەلامەت، پەسیو ف زکام.

فرقات: کوڵی گریان کە لە قورگدا قەتیس ماوە ف بغض گلو از گریه.

فرك: ۱) بێچوُهێنان، تایبەتی بوٚ ماینی دەڵێن؛ ۲) ژانی زان؛ ۳) نەخوٚشیەکی سنگە؛ ۴) دەغڵی تەنك؛ ۵) تەنك چاندنی توٚو؛ ۶) مچوڕکی لەش ف ۱) بچه‌آوردن ویژهٔ مادیان؛ ۲) درد زایمان؛ ۳) نوعی سینه درد؛ ۴) کشتزار کم محصول؛ ۵) با فاصله کاشتن دانه؛ ۶) مورمور بدن.

فڕك: ۱)تەنیا قومێ، تەنیا فڕێ؛ ۲) بزاوتنی زوٚریەپەلە ف ۱) یك جرعه؛ ۲) حرکت بسیار سریع.

فڕکا: فڕك، زوٚر بەپەلە ف دویدن هرچه سریعتر.

فڕکافڕکا: ۱)بەپەلە ڕاکردنی بەکوٚمەڵ؛ ۲) فڕانفڕان ف ۱) دویدن گروهی باشتاب؛ ۲) مسابقهٔ ربودن.

فڕکان: ۱)فڕك، فڕکا؛ ۲) گلوٚفین ف ۱)نگا: فڕکا؛ ۲) دردست فشردگی.

فڕکاندن: گلوٚفین ف مچاله‌کردن و فشردن.

فڕکانفڕکان: فڕکافڕکا ف نگا: فڕکافڕکا.

فڕکردن: هەڵقوڕاندن، یەکجێ خواردنەوەی تراو ف سرکشیدن، نوشیدن.

فڕکرن: فڕکردن ف سرکشیدن، نوشیدن.

فڕکوهوٚڕ: ۱)بەپەلە ڕاکردن؛ ۲) دەنگی بەردو داری بەتەوژم هاویژراو ف ۱) با شتاب دویدن؛ ۲) صدای سنگ و چوب پرتاب شده.

فڕکە: ۱) دەرپەڕین‌و رۆیشتنی تونەدو تیژ؛ ۲) بازبردنی زوٚر بلند؛ ۳) سواپ؛ ۴)فەرمانی خواردنەوە ف ۱) دررفتن با شتاب تمام؛ ۲) پرش بلند؛ ۳) نگا: سواپ؛ ۴) فرمان نوشیدن، بنوش.

فڕگە: ۱) جێگەی باڵ گرتنەوەی مەل؛ ۲) تەیارەخانە ف ۱)پروازگاه پرندگان؛ ۲) فرودگاه.

فرمان: ۱)کار، شوُل، شوغل، شوخل، ئەرك؛ ۲) عەمر، ئەمر ف ۱) کار؛ ۲) فرمان.

فرمانبەر: ۱) کارکەری دەسەلاتدار، موُچەخوٚر؛ ۲) گوێ‌لەمست ف ۱) کارمند؛ ۲) فرمانبردار.

فرمانکەر: کارکەر ف کارگر.

فرمانگوزار: کارپێك هێنەری بەردەستی دەسەلاتدار ف کارگزار.

فرمانی: جلك‌و کەلپەلی کاری ف لباس کار.

فرمك: کونەلوُت، قولی بیقل، کونەتفنك ف سوراخ بینی.

فرمێسك: ئەسرین، ئەشك، روٚندك، ئەسر ف اشك.

فرمێسکبزە: گریانی شادی ف اشك شادی.

فڕن: تەندوُری بلند ف تنور برجسته.

فڕندە: هەرچی باڵی هەیەو بە حەوادا دەچێ، باڵدار، مەل ف پرنده.

فرنك: تفنك، بێقل، کەپوٚ، کەپ، لوُت ف بینی.

فڕننە: فڕندە ف پرنده.

فڕنەگولە: مەلێکی پچوٚکە لە چوٚلەکە پچوُکتر ف پرنده‌ایست از گنجشك کوچکتر.

فڕنی: خواردنێ لە شیرو ئاردە برنج دەکرێ ف فرنی.

فروٚ: فرشك، ژەك ف آغوز.

فرۆت: رابـردوی دانی شتی بە کەسێ لە بەرانبـەر شتێ‌دا: (ئەوە بە تۆم **فرۆت**) [ف] فروخت.

فرۆتن: دان لە داو ستەدا [ف] فروختن.

فرۆتوخ: فرۆشەر [ف] فروشندە.

فرۆتەنی: شتێ کە بۆ فرۆتن ئامادەیە [ف] فروختنی.

فرۆتی: ۱) دریاگ لە داو ستەدا؛ ۲) دای لە داو ستەدا [ف] ۱) فروختە؛ ۲) فروخت.

فڕۆج: جوجەڵەمریشکی خڕەکە کە بۆ خواردن ئەشێ [ف] جوجۀ مرغ.

فـڕۆجاو: شۆرباوفڕۆج [ف] سوپ جوجە.

فرۆخت: ڕمێن، ڕەواج [ف] رواج.

فرۆز: وەرەزی، جارزی [ف] دل‌زدگی.

فروزو: فرس [ف] فریز.

فرۆزی: ۱) فرس؛ ۲) زۆروردیلە؛ ۳) پیرۆزەرەنگ [ف] ۱) فریز؛ ۲) بسیار ریز؛ ۳) فیروزەرنگ.

فرۆش: ۱) ڕمێن، فرۆخت؛ ۲) فرۆتن [ف] ۱) رواج؛ ۲) فروختن.

فرۆشتن: فرۆتن [ف] فروختن.

فرۆشراو: دریاو لە داو ستەدا [ف] فروختە‌شدە.

فرۆشگە: موغازە، دوکان [ف] مغازە، فروشگاە.

فرۆشیار: کەسێ کە شت دەفرۆشێ [ف] فروشندە.

فرۆشیاگ: فرۆشراو [ف] فروختە شدە.

فرۆشیاو: فرۆشراو [ف] فروختە شدە.

فڕۆك: تیژبال، فڕا [ف] تیزپر.

فڕۆکە: تەیارە، بالافڕ [ف] هواپیما.

فڕۆکەئاژۆ: ئەو کەسەی فڕۆکە ئەباتە ڕێگا، خەلەبان [ف] خلبان.

فڕۆکەخانە: ۱) فڕگە؛ ۲) لانەی فڕۆکە [ف] ۱) فرودگاە؛ ۲) اشیانۀ هواپیما.

فڕۆکەوان: فڕۆکەئاژۆ [ف] خلبان.

فڕۆن: فڕن [ف] تنور برجستە، فر.

فڕۆنەك: بەرزەحەوایلە، بادەوە [ف] بادبادك.

فرە: زۆر، زاف، زەحف، گەلێك، زێدە، پڕ [ف] بسـیار.

فڕە: ۱) دەنگی باڵی مەل لە باڵ گرتن‌دا؛ ۲) بنەمای فڕەدان، هاویشتن [ف] ۱) صدای بال در پرواز؛ ۲) پرت.

فرەبەش: دارایی‌و داهاتێ کە زۆر کەسی تێدا شەریك بێ [ف] شرکت عمومی.

فرەبێژ: زۆربلێ، چەنەباز، چەقەسرۆ [ف] پرگو.

فرەخۆر: زۆرخۆر [ف] بسیارخوار، پرخور.

فڕەدان: هاویشتن [ف] دورانداختن.

فرەڕو: ڕوبین، دوڕو [ف] چندچهرە، منافق.

فرەز: پارچەیەکی جوانی تۆکنە دەکرێتە پشتەکەوای ژنان [ف] مخمل.

فرەزان: زۆرزان [ف] فرزانە.

فرەزانا: زۆرعالم، هۆزان [ف] فرزانە، دانشمند.

فڕەفـڕ: ۱) دەنگی باڵ‌لێکدانی مەل؛ ۲) برێتی لە پەلەی زۆر: (بە **فڕەفڕ** بردی) [ف] ۱) صدای پرپرزدن؛ ۲) کنایە از شتاب.

فرەقین: ۱) لەبەریەك‌چون، پەڕتین؛ ۲) رك‌ئەستور [ف] ۱) ازهم وارفتن، ترکیدن؛ ۲) بسیار خشمالود.

فڕەك: ۱) دەنگی باڵی مەل کە دێ بفـڕێ؛ ۲) قومێك [ف] ۱) صدای بال پرندە در اوان پرواز؛ ۲) یك جرعە.

فرەکردن: زۆرکردنی شت‌و کار [ف] زیاد کردن.

فڕەکردن: لەشەقەی‌باڵ‌دان [ف] پرواز کردن.

فرەگەڕ: کەسێ کەم لە ماڵە خۆیەتی [ف] کسی بسیار گردش کند.

فرەماگ: کۆن، دێرینە [ف] کهنە.

فرەوان: گوشاد [ف] گشاد.

فرەوانی: گوشادی، فرتی [ف] گشادی.

فرەوەڕ: ۱) زۆربلێ، چەنەباز؛ ۲) سەگێ کە زۆر ئەحەپێ [ف] ۱) پرگو؛ ۲) سگی کە بسیار واق واق می‌کند.

فرەهـ: گوشاد [ف] گشاد.

فرەهی: ۱) ئاسودەیی؛ ۲) هەرزانی؛ ۳) خۆش‌رابواردن [ف] ۱) آسایش؛ ۲) ارزانی؛ ۳) خوشگذرانی.

فرەیی: فراوانی [ف] فراوانی.

فڕێ: ۱) ڕەوانە: (توتنی بۆ مە **فڕێ** کە)؛ ۲) ڕابە، هەستە؛ ۳) قومێك [ف] ۱) گسیل؛ ۲) برخیز؛ ۳) یك جرعە.

فریا: ۱) ئاریکاری، هانا؛ ۲) هاوارو داد؛ ۳) گەیشتن لە کاتی خۆی دا [ف] ۱) کمك؛ ۲) داد و فریاد؛ ۳) بە موقع رسیدن.

فریاخستن: گەیاندن لە کاتی پێویست دا [ف] رسانیدن در وقت مناسب.

فریاڕەس: بەدادگەیشتو [ف] فریادرس.

فریاکەوتن: ۱) دەهاناهاتن؛ ۲) دە کاتی پێویست‌دا گەیشتن [ف] ۱) بە داد رسیدن؛ ۲) در وقت مناسب رسیدن.

فریاگەیشتن: فریاکەوتن [ف] نگا: فریاکەوتن.

فریب: خەڵەتان، خاپان [ف] فریب.

فریب‌خواردن: دەسخەڕۆبون [ف] فریب‌خوردن.

فریب‌خواردو: خەڵەتاو، خاپاندی [ف] فریب خوردە.

فریب‌دان: خاپاندن [ف] فریب‌دادن.

فریب‌دراو: فریب‌خواردو، خاپاندی [ف] فریب‌خوردە.

فریبۆك: خاپینۆك [ف] فریبندە.

فریبیاگ: خاپاندی [ف] فریفتە.

فریبیان: فریب‌خواردن، هەڵخەڵەتان [ف] فریب‌خوردن.

فرێت: پۆ، تێوەدان [ف] پود.

فرێز: ۱) فرس، فرۆزو، فرۆزی؛ ۲) پەرێز؛ ۳) گونـدێکـە لە کوردستـان بەعـســی وێرانی کرد [ف] ۱) فــریز؛ ۲) جای دروشــدۀ غلّە؛ ۳) از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.

فریزو: فرس [ف] فریز.

فرێزو: فرس، فرۆزو، فرۆزی [ف] فریز.

فرێزە: پەرێز [ف] جای دروشدۀ غلّە.

فریسك: گوڵێکە دەشتی لە بەهاردا دەڕوێ [ف] از گلهای صحرایی کە در

بهار روید.
فریش: ١) ئەسرین، فرمێسك، ڕۆندك؛ ٢) ژەك ف ١) اشك؛ ٢) آغوز.
فریشك: شیلاوك، ئامیانی پەنیر ف پنیرمایه.
فرێشك: ١)ئەسرین، فرێش؛ ٢) فرۆ، فرشك، ژەك؛ ٣) شیلاوك ف ١) اشك؛ ٢) آغوز؛ ٣) پنیرمایه.
فڕیفڕێ: بازیەكە بۆ منالآن ف نوعی بازی کودکانه.
فریقەت: خاترجەم ف مطمئن.
فریك: نیوەگەیشتو، فەریك ف نیم‌رس.
فڕین: ١) فڕان؛ ٢) پتـەدانی ڕەگ؛ ٣)پـەڕینی پەلكی چاو؛ ۴) پرمـەو لوشەی یەكسم لە برسان و لە ترسان ف ١)نگا: فڕان؛ ٢) زدن نبض؛ ٣) جهش پلك چشم؛ ۴) صدای بینی ستور از ترس یا گرسنگی.
فڕێن: ١) هەرچی باڵـدار وەحەوا دەخا؛ ٢) ڕفێن؛ ٣) خواردنەوە ف ١) پروازدهنده؛ ٢) بەسرعت برنده؛ ٣) نوشیدن.
فریو: فریب ف فریب.
فڕیو: باڵداری بەحەواداچو ف پرواز کرده، پریده.
فریوباز: خاپینۆك ف حقّه‌باز.
فریوخواردن: فریب‌خواردن ف فریب خوردن.
فریوخواردو: فریب دراو ف فریب خورده.
فریوخۆر: فریب دراو ف فریب خورده.
فریودان: فریب‌دان، خاپاندن ف فریفتن.
فریویان: فریبیان ف فریب‌خوردن.
فریە: زەحف، زاف، زۆر ف بسیار.
فز: ١) جوڵە، بزاو؛ ٢) هەناسە ف ١) حرکت؛ ٢) نفس.
فزدوك: عازەبی ف جوش صورت جوانان.
فزدەڵە: فزدوك ف نگا: فزدوك.
فزدی: باڵدارێكی چكۆڵەیە ف پرنده‌ایست.
فززە: ١) فز؛ ٢) جۆرێ نەخۆشی پەز؛ ٣) دەنگی بێقلی گرتی ف ١) نگا: فز؛ ٢) نوعی بیماری گوسفند؛ ٣) صدای بینی گرفته.
فزوڵ: خۆتێهەڵقوتێن، لاپرەسەن ف فضول.
فزوڵی: خۆتێهەڵقوتاندن، كاری فزوڵ ف فضولی.
فزە: ١)فـززە؛ ٢)نكـە، دەنگی بەحـاڵ، سرتـەی كەم ف ١)نگا: فز؛ ٢) کمترین حرکت یا صدا.
فزەلێبڕین: لەجوڵەخستن ف از حرکت انداختن.
فژو: ١) پیسایی بنیادەم؛ ٢) زۆرپیس و پۆخڵ ف ١) مدفوع انسان؛ ٢) بسیار کثیف و شلخته.
فس: ١)وشـەی پشیلەدەركـردن؛ ٢) تس؛ ٣)خـەوتنی مریشـك لە بن دیكل‌دا؛ ۴) وشەی گاڵتە پێ كردن ف ١) حرف راندن گربه؛ ٢) چُس؛ ٣) خوابیدن مرغ زیر خروس؛ ۴) کلمۀ استهزاء.
فسار: دەسكەرەشمە، پەتێ كە دەملی حەیوان دەخرێ و پێی رادە كێشرێ ف افسار، مهار.
فس‌بەردان: تس‌كەندن ف چس‌دادن.
فستاق: هەنگوورێ كە بە دارەوە وشك دەبێ ف انگوری که بر تاك بخشکد.
فستان: كراسی ڕۆژانەی ژنان ف پیراهن زنانه.
فستقان: لەبەر لوُسی لەدەست خزین، خزێكی وەك ماسی ف لیزخوردن دردست.
فستك: خلیسكان و كەوتن بە سەر سەردا ف لیزخوردن و بر سر افتادن.
فستوُقی: ١) چەورە، خوێڕی و بێكارە؛ ٢) ماڵانگەڕێ كە قەت ناچێتەوە ماڵی خۆی ف ١) ولگرد؛ ٢) ولگردی که هرگز به خانه‌اش برنمی‌گردد.
فستەك: ڕەت‌بردن و كەفتن بەسەر سەردا ف سكندری خوردن و با سر به زمین افتادن.
فس‌خواردن: ١)دانـەوینـی مریشـك بۆ كەڵـەشێر؛ ٢) برێتـی لە دەست‌نەكـردنەوە لە بەرانبەر كەسێ‌دا؛ ٣) ژێركەوتن لە زۆرانی‌دا ف ١) خوابیدن مرغ زیر خروس؛ ٢) کنایه از مقاومت نکردن؛ ٣) زمین خوردن در کُشتی.
فس‌دادان: فس‌خواردن ف نگا: فس‌خواردن.
فسدان: ١)تسین، تس‌كەندن؛ ٢) ژێرخستن لە زۆرانی‌دا؛ ٣) لێ بردنەوە لە قومـاردا؛ ۴) دانەوینی مریشك بۆ كەڵەشێر ف ١) چس‌دادن؛ ٢) برزمین زدن حریف در کشتی؛ ٣) بردن در قمار از کسی؛ ۴) خوابیدن مرغ زیر خروس.
فسدانەوە: ناچار بە پەشیمان‌كردنەوە ف قهراً از کاری بازداشتن.
فسسە: وشەی دەركردنی پشیلە ف كلمۀ راندن گربه.
فسفس پاڵەوان: خۆهەڵكێشی هیچ‌لەدەست‌نەهاتگ ف پهلوان پنبه.
فسقل: گزگل، بەرێكی دارمازوُ ف یکی از ثمرهای مازوج.
فسقە: خسكە، خلیسكە ف پیاز ریز کاشتنی.
فسك: خلیسك، شەمت ف لغزش.
فسكاگورێ: گیایەكەبۆنێكی ناخۆشی لێ دێ ف گیاهی است بدبو.
فسكـانـدن: سواربـوُنی مەلی نێر لە مێچكە، پێدافسین ف سوارشدن پرندۀ نر بر ماده.
فس كردن: تس‌بەردان ف چس‌دادن.
فسكـوڵ: ١) پرزەی وردی سەر گەنمەشامی؛ ٢) گوڵینگەی بەپرزەی كڵاو ف ١) پرز سر بلال؛ ٢) منگولۀ سرکلاه.
فسكە: خسكە، خلیسكە، فسقە ف پیاز ریز کاشتنی.
فسكـەن: ١) تسكـەن، كەسێ زۆر تس دەدا؛ ٢) برێتی لە خوێڕی و ترسەنۆك ف ١) چس‌دە؛ ٢) کنایه از بیکاره و ترسو.
فس كەندن: تس‌كەندن ف چس‌دادن.
فسكین: خلیسكان ف لیز خوردن.
فسن: تسكەن، تسن ف نگا: فسكەن.
فسنان: برێتی لە وەدەرنان بە سوُكایەتی ف كنایه از راندن توهین‌آمیز.
فسنۆك: زۆرتسكەن، برێتی لەزور ترسەنۆك ف كنایه از بسیار ترسو.
فسۆس: ١)جانەوەرێكی بەڵەك لە تیرەی سنجاو بۆگەنی پیسی لێ دێت؛ ٢) برێتی لە مرۆی خوێڕی و بێكـارە ف ١) حیوانی دورنـگ از تیرۀ سنجاب بسیار بدبو؛ ٢) کنایه از آدم بیکاره.
فسە: ١) چپە، پچە؛ ٢) تور، لاڵەپەتە، پسك ف ١) در گوشی؛ ٢) الكن.

فسه‌زمان: زمان‌پسك، تور ف الکن.

فسه‌فس: ١) ده‌نگی باڵێ‌ده‌رچوونی پف‌دراو؛ ٢) پچه‌پچ، چپه‌چپ ف ١) صدای خالی شدن باد؛ ٢) پچ‌پچ.

فسه‌ك: بریتی له بێ غیره‌ت و نه‌وێر ف کنایه از ترسو و بی غیرت.

فسه کردن: سرته کردن ف پچ‌پچ کردن.

فسه‌ی‌فسه: مۆرووی شیلان ف مهرهٔ قرمز زینتی.

فسین: تسین، فس که‌ندن ف چس دادن.

فش: ١) گوشاد، هه‌راو، فرت، فره‌وان؛ ٢) سست و نه‌رم و ناپته‌و؛ ٣) چڵم؛ ٤) ده‌رخستنی پفی ناو ده‌فری باتێکراو ف ١) گشاد؛ ٢) نرم و سست و متخلخل؛ ٣) آب بینی؛ ٤) خالی کردن باد از مشك باد شده.

فشار: قسه‌ی بێ‌جێ‌کردن ف هذیان گفتن.

فشافش: هه‌ناسه‌دانی به‌په‌له‌و له‌سه‌ریه‌ك ف هِن‌هِن کردن.

فشبوون: ١) فرت بوون؛ ٢) شل و سست بوون؛ ٣) باده‌رچوونی پف کراو؛ ٤) ته‌سلیم‌بوون ف ١) گشادشدن؛ ٢) سست و متخلخل شدن؛ ٣) باد دررفتن از دمیده؛ ٤) تسلیم شدن.

فشفشه: ١) بارۆتی له‌قاقه‌زپێچراو له نه‌ورۆزدا بۆ گه‌مه ده‌یته‌قێنن؛ ٢) پزدان ف ١) فشفشه؛ ٢) بادکنك.

فشقیات: ١) ئاخافتنی بێ‌تام؛ ٢) حه‌نه‌ك ف ١) یاوه؛ ٢) شوخی.

فشك: ١) سپڵ؛ ٢) پژمه ف ١) سپرز، طحال؛ ٢) عطسه.

فش کردن: ١) گوشادکردن، فره‌وان‌کردن؛ ٢) بریتی له خۆبه‌ده‌سته‌وه‌دان: (که به‌گ زانی ئه‌من ماتم کشی کرد/که من هه‌ستام ئه‌و مات بو **فشی کرد**) «شێخ‌ره‌زا» ف ١) گشاد کردن؛ ٢) کنایه از تسلیم شدن.

فشکین: ١) پنژین، پژمین، پشمین؛ ٢) فیشقاندنی بزنه‌کێوی، ده‌نگی بزنه‌کێوی کاتی ترسان و ڕاکردن ف ١) عطسه کردن؛ ٢) صدایی که از بز کوهی هنگام ترسیدن درمی‌آید.

فشنه: هه‌ڵوژه ره‌شه، ئاڵو بوخارا ف آلو بخارا.

فش‌وفوڵ: زیاد له پێویست گوشاد ف بیش از حدّ گشاد.

فشوڵ: خاکی سستی زه‌وی، زه‌مینی سست و شل ف زمین متخلخل و سست.

فشه: ١) حه‌نه‌ك؛ ٢) خۆهه‌ڵکێشان؛ ٣) ده‌نگی با که له که‌لێنه‌وه دێت؛ ٤) چوره، مه‌لێکی چکۆله‌ی بۆره‌لۆکه‌یه ف ١) شوخی؛ ٢) خودستایی؛ ٣) صدای باد که از شکاف و درز آید؛ ٤) پرنده‌ایست.

فشه‌فش: ١) خۆهه‌ڵکێشان؛ ٢) ده‌نگی با، فشه ف ١) خودستایی؛ ٢) صدای باد که از درز آید.

فشه‌ك: فیشه‌ك ف فشنگ.

فشه کردن: ١) حه‌نه‌ك‌کردن؛ ٢) خۆهه‌ڵکێشان ف ١) شوخی کردن؛ ٢) خود را ستودن.

فشه کلاَونه: چوره‌پۆپنه ف نگا: چوره‌پۆپنه.

فشه که‌ر: خۆهه‌ڵکێش ف خودستای دروغین.

فشه‌ك کێش: ئامرازێکه له تفه‌نگدا ف آلتی در تفنگ.

فشه گاڵته: قسه‌ی به‌قه‌ستی بۆ پێکه‌نین ف لطیفه، جُك.

فشه‌ڵ: سست و بێ‌ناو ف متخلخل.

فشه‌ڵۆك: سست و شل و خۆنه‌گرتوو ف متخلخل، سست.

فشه‌ڵه: فشه‌ڵۆك ف نگا: فشه‌ڵۆك.

فشین: هاشه‌ی مار، ده‌نگی ماری تووڕه که که‌مێك له فیتووده‌کا ف صدای مار.

فك: ١)گریانی بێ‌ده‌نگ؛ ٢) کردنه‌وه‌ی زام یا له‌جێ‌چوی هه‌ڵبه‌ستراو ف ١) گریهٔ بی صدا؛ ٢) بازکردن باندپیچی.

فکار: ترس و نیگه‌رانی ف نگرانی و دلواپسی.

فکر: بیر، هزر ف فکر.

فك کردن: ١) کردنه‌وه‌ی پێچراوی زامدار یا له‌جێ‌چووگ؛ ٢) زانینی پرسی دژوار ف ١) بازکردن باندپیچی؛ ٢) حل مسأله مشکل.

فکله: ١) توێڵ، ئه‌نی؛ ٢) مووی سه‌ر ئه‌نی؛ ٣) قوڵایی پشت مل ف ١) پیشانی؛ ٢) موی بر پیشانی؛ ٣) گودی پشت گردن.

فکه: فك ف نگا: فك.

فکین: به بێ ده‌نگ گریان ف گریستن بی‌صدا.

فل: ١) ته‌مه‌ڵ، له‌ش‌گران؛ ٢) بڵ؛ ٣) زۆر ماندوو، شه‌که‌ت؛ ٤) وێك‌هاتگی ف ١) تنبل؛ ٢) نرم شدهٔ میوهٔ جالیزی؛ ٣) تمام خسته؛ ٤) به هم‌آمدگی.

فلان: فران، کاورا ف فلان، یارو.

فلاَن: فلان ف فلان.

فلاَن‌بێمان: ١) ئه‌م و ئه‌وی نادیار؛ ٢) وشه‌یه‌که وه‌ك وانه‌ك، هین ف ١) فلان و بهمان؛ ٢) تکیه‌کلام بعضیها، چیز.

فلاَن‌فلاَن: جوێنێکه ف دشنامی است.

فلاَن‌فلاَن‌شوده: جوێنێکه ف دشنامی است.

فلاَنوفیسار: فران و فیستار ف فلان بیستار.

فلاَنوفیستار: فران و فیستار ف فلان بیستار.

فلاَنه که‌س: فرانه‌که‌س ف فلانی.

فلبوون: شه‌که‌ت بوون ف از خستگی درماندن.

فڵت: ١) قسه‌ی بێ‌تام؛ ٢) فه‌رمان به بێده‌نگ‌بوون: (ئا توخوا **فڵت**)؛ ٣) گوشاد، فرت ف ١)یاوه؛ ٢) امر به سکوت؛ ٣) گشاد.

فلت: شه‌که‌ت ف خسته.

فلتان: فلبوون، شه‌که‌ت‌بوون ف خسته شدن.

فڵتاندن: قسه‌ی بێ‌تام کردن ف یاوه گفتن.

فلتۆخ: له‌به‌ریه‌ك هه‌ڵوه‌شاوی پلیخاو ف متلاشی و له شده.

فڵته: قسه‌ی بێ‌تام، فڵت ف یاوه.

فڵته‌ده‌مه: ده‌م‌گوشادو قسه‌نه‌زان ف دهان گشاد یاوه‌گو.

فڵته‌فڵت: ١)قسه‌ی بێ‌تام، فڵت؛ ٢) فه‌رمانی بێده‌نگ‌بوون؛ ٣) قسه‌ی گران که تێگه‌یشتنی دژواره، فه‌لسه‌فه ف ١) یاوه؛ ٢) امر به سکوت؛ ٣)فلسفه‌بافی.

فلتێ: فرتۆڵ ف دشنام زنانه.

فلتیره‌م: سه‌نگێك بوه بۆ کێشانه له زه‌مانی عوسمانیدا ف وزنی در دوران عثمانی.

فلْتین: ڕزگاربوون لە بەلاّ ف نجات یافتن، رها شدن.

فلْج: ١) پلْیخاو؛ ٢) دەرەوەی زار: (دەمو **فلْچت** بسترە)؛ ٣) دەنگی قوڕو تەڕایی کە پای پیّدا ئەنیّن؛ ٤) کەپـوّپـان، لوتْپان؛ ٥) دەنگی دەم لەکاتی خواردندا ف ١) لهیدە؛ ٢) پیرامون دهان، لوچە؛ ٣) صدای گل و لای کە پابرآن نهند؛ ٤) شخص بینی پهن؛ ٥) صدای دهان وقت خوردن.

فلْچوهوّڕ: فلْچەی فریە ف صدای پیاپی خیس شدە زیر پا.

فلْچە: ١) دەنگی قوڕو شتی تەڕ کە پای پیّدا ئەنیّن: (کەوشەکەم تەڕ بوە هەر **فلْچەی** دیّت)؛ ٢)فرچە ف ١) صدای خیس شدە کە پابرآن نهند؛ ٢) فرچە.

فلْچەفلْچ: فلْچەی زوّر ف صدای پیاپی خیس شدە زیر پا.

فلس: پچوکترین پارەی ولاّتی عارەبان ف واحدی برای پول عربی.

فلفل: ١) ئیسوّت، بیبار؛ ٢) عەنتەر ف ١) فلفل؛ ٢) انتر.

فلْق: ١) دەنگی شتی تراو لە ناو بوّشایی دا کە دەبزویّ؛ ٢) شلو نەرم لە دەست؛ ٣) گوشاد، فرت، بوّ کونی چەرمی دەلیّن: (چەند سالْە هەولْ ئەدەیتو گەلـیّ روتْتری لە سلْق/کـیّرێکی سیسو دوگونی چرچو کونێکی **فلْق**) «شیّخ‌رەزا»؛ ٤) پارەیەك بوە لە روّژگاری بابانەکاندا ف ١) صدای بهم خوردن مایع؛ ٢) سست و شل؛ ٣) فراخ ویژهٔ سوراخ چرم؛ ٤) واحدی برای پول.

فلْقن: ١)میّوینەییّ کە دەنگ لە خەمشەیەوە بیّت؛ ٢) جویّنی ژنانە ف ١) مادینەای کە فرجش صدا کند؛ ٢) دسنام زنانە.

فلْقنە: فلْقن ف نگا: فلْقن.

فلْقە: فلْق، دەنگی تراو ف صدای بهم خوردن مایع.

فلْقەفلْق: فلْقەی زوّر ف صدای پیاپی بهم خوردن مایع.

فلْقیْ: جویّنی ژنانە ف دشنام زنانە.

فلوت: جوّریّ شەبابە ف فلوت.

فلوس: ١) فلس؛ ٢) بریتی لە دراو، پارە ف ١)نگـا: فلس؛ ٢) کنایە از پول عموماً.

فلوف: خولیا، ئارەزوی کاتیو زوّرابر ف هوس آنی.

فلوفا: کەسیّ کە خولیای کارو بیریّکە ف هوسمند.

فلوفاو: فلوفا ف نگا: فلوفا.

فلە: خاچ‌پەرست ف مسیحی.

فلْە: فلە ف مسیحی.

فلْەهـ: فلە ف مسیحی.

فلەهن: جوّریّ ماسی ف نوعی ماهی.

فلیتـە: ١) داویّن‌تەڕ، زینـاح‌کار؛ ٢) پلیتەچرا ف ١) زانی، تردامن؛ ٢) فتیلهٔ چراغ.

فلْیق: پلْیخاو، پلْیشاو: (بەحەشتیّ جلْیق **فلْیقی** نەویّ نام‌گەرە کە) ف لە شدە.

فلیقان: فلْیقان ف لە شدن.

فلْیقان: پلْیشانەوە، پلْیخانەوە ف لە شدن.

فلیقاندن: پلْیشاندنەوە ف لە کردن.

فلْیقاندن: پلْیشاندنەوە ف لە کردن.

فلیقاندنەوە: پلْیشاندنەوە ف لە کردن.

فلْیقاندنەوە: پلْیشاندنەوە ف لە کردن.

فلیقانن: فلْیقاندن ف لە کردن.

فلْیقانن: پلْیخاندن ف لە کردن.

فلیقاننەوە: فلْیقاندنەوە ف لە کردن.

فلْیقاننەوە: فلْیقاندنەوە ف لە کردن.

فلیقانەوە: فلْیقان ف لە شدن.

فلیقاو: فلْیق ف لە شدە.

فلیقاوە: فلْیق ف لە شدە.

فلْیقیاگ: فلْیق ف لە شدە.

فلْیقیان: فلیقانەوە ف لە شدن.

فلین: ڕیّك‌هاتن، هەلْقرجان ف انقباض، بهم آمدن.

فم: زوّر بوّ بیّفل هیّنان کە چلْم دەرکەویّ: (فم کە نەو چلْمەت نەمێنیّ) ف فین.

فن: فم ف فین.

فنار: هەلاّتن، راکردن‌لەترسان ف فرار.

فناز: کاری‌ناڕەواومایەی‌شەرمەساری ف تباهکاری.

فناس: فناز ف تباهکاری.

فنـج: دەنـگ لە بیّفل هاتن: (ئەم **فنجەفنجەت** لەچیە) ف صدای بینی هنگام حرف زدن.

فنجان: پیالْەی چینی ف فنجان.

فنجانیّن: بازیەکە بە فنجان دەکریّ ف نوعی بازی با فنجان.

فنجك: بازدان، خوّهەلْدان ف برش.

فنچك: ١) حینچکە؛ ٢) فرچك ویّ هەلْدانی بیّچو لە گوانی دایك ف ١) کلەزدن در جماع؛ ٢) بی‌صبرانە مك زدن بە پستان مادر.

فنـد: ١) موّمی هەلْکردن، شەم؛ ٢) حیلەو حەوالْە؛ ٣) شەمچە، شخاتە، شخارتە، شقارتە، شقالْتە ف ١) شمع افروختنی؛ ٢) نیرنگ؛ ٣)کبریت.

فنداك: موّمدان ف شمعدان.

فندانْك: جیّگەی شەم، موّمدان ف شمعدان.

فندق: میوەیەکی خڕی ڕەشی ئامالْ سورە لە تیرەی بادامو پستە ف فندق.

فندك: ١) شەم؛ ٢) شەمچە ف ١) شمع؛ ٢) کبریت.

فندلی: چکوّلْەی نازدار ف کوچولوی نازی.

فندەگولە: فڕنەگولە، مەلیّکە ف پرندەایست.

فنق: ١) فندق؛ ٢) چەقەنە، پل ف ١) فندق؛ ٢) بشکن.

فنچقە: خونچەی پشکوّژی دار ف شکوفهٔ تازە.

فنق‌شکانن: چەقەنەلیّدان، پل تەقاندن ف بشکن‌زدن.

فنك: ١) جاش‌ئیّستر؛ ٢) ناوی گوندیّکی کوردستانە لای بوّتان ف ١) کرّەقاطر؛ ٢)ازروستاهای کردستان.

فنكەفنك: ١)فنج، دەنگ‌لەلوت هاتن؛ ٢) گریانیّ کە بە نوزەو منگە بیّ

ف ١) صدای بینی؛ ٢) گریهٔ بواشکی.

فنگ: فن، دەنگی لوت بوچلم سرین ف صدای بینی.

فنگە: فنج، دەنگی بێفل ف صدای بینی.

فنگەفنگ: فنکەفنك ف نگا: فنکەفنك.

فنـەفن: ١) فنکـەفنـك؛ ٢) بوڵـەو پرتەی لە ژێر لێوانەوە؛ ٣) فتەفت، بۆن کردنی سەگ ف ١) نگا: فنکەفنك؛ ٢) لندیدن، غرغر؛ ٣) زمین بوکردن سگ.

فوو: پف، بە کونی ئێوان لێودا یا لە دەم وەدەرنان ف پف، فوت.

فوارە: بە تەوژم بەرەوبالاچوونی ئاو، کوفارە، فیچقە ف فوّاره.

فوت: ئەندازەی جێگەپایەك ف فوت، واحد طول.

فوتك: پارچەی رەشی سەری ژنان ف سر پیچ مشکی رنگ زنانه.

فوتو: نەزرو نیاز ف نذر.

فوتە: ١) بەرە لێێنەی حەمام؛ ٢) فوتك ف ١) لُنگ؛ ٢) سر پیچ سیاه زنانه.

فوتێ کردن: برێتی لە هەڵخراندن و بە قسە فریودان ف کنایه از تحریك کردن با چرب زبانی.

فودان: ١) پفدان، بە فوو پەنەمـانـدن؛ ٢) برێتی لەبەزاندن لە شەڕی منـالانەدا ف ١) باد دمیدن در چیزی؛ ٢) کنایه از شکست دادن در دعوای کودکانه.

فودراو: پەنەمانگ بە پف ف آماسیده از باد.

فودڵ: جوانکیلەی خونچیلانە، دلکێش ف زیبای کوچولو، دلکش.

فورت: خوهەڵدانی بە درو ف لاف و گزاف.

فورتان: ١) خوهەڵکێشی دروزن؛ ٢) فورت ف ١) خودستای دروغگو؛ ٢) خودستایی.

فورتوت: فەرتوت، پیری زورهان و لەکارکەوتو ف پیر فرتوت.

فورتەك: خوهەڵکێش ف خودستا.

فورهە: تاڤگەی پچوك ف آبشار کوچك.

فورین: دەنگی قوڵتەی ئاو ف صدای جوشیدن آب.

فوقل: تەڕبوش و رێك و پێك ف شیك و مرتب.

فوقەرا: نەداران، لە پاش وشەی **فەقیر** دەڵێن: (**فەقیرفوقەرا**) ف فُقرا، نداران.

فوقەرات: فوقەرا ف فُقرا.

فوکـردن: ١) پف لەشتـێ کردن؛ ٢) پف تێکـردن؛ ٣) برێتـی لە پێ هەڵگوتنی بە درو ف ١) پف کردن؛ ٢) دمیدن یا فوت؛ ٣) کنایه از مدح چاپلوسانه.

فوگرە: فووی توند لە ئاگر ف فوت شدیدبر آتش.

فول: ئامان، قاپ‌وقاچاغ، دەگەڵ فەرەدا ئێژنی: (**فەرەوفول**) ف ظرف.

فوڵ: فش، فرت، فت، گوشاد ف گشاد.

فولـویا: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

فولەدو نەکردن: برێتی لە بێ‌رامان کارێ کردن ف کنایه از ریسك کردن.

فولێ کردن: پف لێ کردن ف فوت کردن چیزی.

فون: گزی، گەڕ، فێڵ، حیلە ف حیله، مکر.

فونك: هەوای سازگار، نەگەرم نەسارد ف هوای معتدل.

فونکایی: نەگەرمی نەساردی ف معتدل.

فونکی: فونکایی ف معتدل.

فوير: ١) قولـت، جوشین؛ ٢) دەرچـوونـی ئاو بە نهێم ف ١) غَلَیان، جوشیدن؛ ٢) فوران.

فویرەك: فوارە ف فوّاره.

فویریان: ١) فیچقەکردن؛ ٢) هەڵاتنی هەویر؛ ٣) زگدانی زەمینی شل و سست؛ ٤) کولین لە سەر ئاگر ف ١) فوران کردن؛ ٢) برآمدن خمیر؛ ٣) برآمدن زمین سست؛ ٤) جوشیدن مایع روی آتش.

فە: ١) تـواشـا، لێڕوانین: (**فـەکرێ** جقاس دەلالە)؛ ٢) شیو لە زمانی منالاندا ف ١) نگاه کردن؛ ٢) آش به زبان بچّه‌گانه.

فەت: ١) لەش ساغی، ساقی؛ ٢) گون شوڕی، قوڕی، غوڕی؛ ٣) تواشا، لێ ڕوانین، فە: (**فەت** کرێ نیعمەتا خودێ) ف ١) تندرستی؛ ٢) فتق؛ ٣) تماشا.

فەتا: ئاهو، ئازار، پەتا، درم ف وبا، بیماری مسری.

فەتات: پاك و بێ خەوش ف خالص.

فەتاح: ناوە بو پیاوان ف نام مردانه.

فەتاحپاشایی: جورێ دیلان ف نوعی رقص گروهی.

فەتـاح‌هومـەر: لەو گونـدانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

فەتار: دڕیاو، دادڕاو ف چاك، پاره.

فەتارفەتار: شڕ و دڕ، پارەپارە ف چاك‌چاك.

فەتارەت: بەلا ف بلا.

فەتالی: ١) پارەیەکی کونی زەمانی فەتالیشا؛ ٢) سوکەڵەناوی فتحعلی ف ١) واحد پول فتحعلیشاهی؛ ٢) مخفف فتحعلی نام مردانه.

فەتان: ١) ڕزین و هەڵابون: (لەشت دا**فەتاوە**)؛ ٢) ئاوا بونەوەی زەمینی نەکێڵدراو ف ١) بوسیدگی و از هم پاشیدگی؛ ٢) احیاء زمین بایر.

فەتـانـدن: ئاوەدان کردنـەوەی زەوینی بێ خاوەن و نەکێڵدراو ف احیاء کردن زمین بایر.

فەتانە: ناوی ژنانە ف نام زنانه.

فەت‌بەن: گون بەندی پیاوی قوڕ ف فتق‌بند.

فەتق: قوڕی، گون یا موسڵدان ماسان ف فَتق.

فەتقو: مروی قوڕ ف بیمار فتقی.

فەتکان: هوزێکی کوردە لە کوردستانی بەردەستی ترکان ف دهی در کُردستان.

فەتلین: ١) وەرسوڕانەوە؛ ٢) ئاوڕدانەوە؛ ٣) پێچ‌خواردن ف ١) برگشتن؛ ٢) واپس نگریستن؛ ٣) پیچ خوردن.

فەتاندن: ١) کولین، فەکولین؛ ٢) توژینەوە ف ١) کندن؛ ٢) تحقیق.

فەتین: ١) پێش‌هەڵاتن؛ ٢) توپین ف ١) نفس قطع شدن از گرما؛ ٢) مردارشدن.

فەتـە: ١) سوکەناوی فەتاح؛ ٢) سوکەناوی فتح‌الله ف ١) مخفّف نام

فتّاح؛ ٢) مخفّف نام فتح‌الله.

فەتەڕات: فەتارەت، بەڵا: (ئەو چاوە کەژاڵە **فەتەڕاتی** سەرو ماڵە/ئەو نێرگسە کاڵە نە منی هێشت و نە کاڵا) «نالی» ف بلا، آسیب.

فەتێ: سوکەناوی فتح‌الله ف مخفف نام فتح‌الله.

فەتیر: ١)هەویری بێ هەویرترش؛ ٢) نان لە هەویری هەڵ‌نەهاتو ف ١) خمیر بی مایە؛ ٢) نان از خمیر برنیامده.

فەتیرە: ١) نانی فەتیر؛ ٢) جێژنێکی جولەکانە ف ١) نان از خمیر برنیامده؛ ٢) از اعیاد یهود.

فەحس: ١) تماشاو توێژینەوەی بژیشك؛ ٢) دەمی فرۆشتنی توتن بە دەوڵەت؛ ٣) نرخ‌دانانی توتن‌کڕی دەوڵەت لە سەر توتن ف ١) معاینهٔ پزشك؛ ٢) هنگام فروختن توتون به دولت؛ ٣) ارزیابی توتون توسط کارشناس دولت.

فەحل: ١) هەر حەیوانەنێریك کە دەخرێتە سەر مێوینە بۆ تۆم‌لێ گرتنەوە؛ ٢) برێتی لە پیاوی ئازاو بەکار ف ١) گشن؛ ٢) کنایە از آدم کاری و شجاع.

فەخ: خەفك، تەڵەی ئاسن ف تلهٔ آهنی.

فەخر: ١) شانازی؛ ٢) جێی شانازی ف ١) افتخار؛ ٢) مایهٔ افتخار.

فەخفوری: دەفری چینی ف ظروف چینی.

فەدۆك: شەرمێون، شەرمن ف آدم خجالتی.

فەدی: شەرم، خەجاڵەتی ف آزرم.

فەدی‌کار: شەرمەزار، خەجاڵەت ف شرمسار.

فەدیۆك: شەرمن، بەحەیا ف با شرم و حیا.

فەر: تاك، تاق، دژی‌جوت ف فرد، مخالف جُفت.

فەڕ: ١) ودم، پیرۆزی، مبارەکی؛ ٢) بەهرە، فایدە ف ١) یمن؛ ٢) بهره، هوده.

فەرا: دەفری بەردەستان بۆ دەکارهێنان ف ظرف مورد استفاده.

فەراجە: فەرەنجی ژنانە، پاڵتاوی لباد تایبەتی ژنان ف پالتو زنانه.

فەراخ‌شۆ: قاپ‌شۆر، دەسرەیەك کە دەفری پێ پاك‌دەکەنەوە ف پارچه‌ای که ظرف را با آن تمیز کنند.

فەراژو: فراژی ف نگا: فراژی.

فەراژی: فراژی ف نگا: فراژی.

فەراش: بەرداش، بەراش ف سنگ آسیاب.

فەڕاش: پیاوی خزمەتکار ف فرّاش.

فەراشتە: گوڵە، کلیل‌و گوڵە ف قفل چوبین در.

فەراشۆ: شیلاوك ف پنیر مایه.

فەراشە: فەراشتە ف قفل چوبین در.

فەڕاشین: ١)ناوی زۆزانێکی بەناوبانگە؛ ٢) بای فێنکی‌هاوینان ف ١) نام ییلاقی مشهور؛ ٢) باد خنك در تابستان.

فەراق: مەرگ: (لە داخان **فەراقی کرد**) ف مرگ.

فەراق‌لێ‌بڕین: برێتی لە کوشتن ف کنایە از کشتن.

فەراقە: پەت‌و دارێکە لە پای تاوانباری دەپێچن‌و دارکاری دەکەن ف فلك، آلت شکنجه.

فەرامۆش: لەبیرکراو، لەبیرنەماو: (شەوە دنیا وەکو خاڵت سیاپۆش/وەرە با دەردەدڵ بکرێن **فەرامۆش**) «هەژار» ف فراموش.

فەرامۆشکار: مرۆێ کە زوی شت لەبیر دەچێ ف فراموشکار.

فەرامۆشی: ١) شت لەبیرچون؛ ٢) سەبوری، دڵ ئارام‌بونەوە لە خەم‌خواردنا ف ١) فراموشی؛ ٢) تسکین دل از غمها، صبوری.

فەرامۆشی هاتن: لەبیرچونەوەی خەم‌و مەینەت ف صبوری آمدن. فراموش کردن غمها.

فەراهەم: ئامادە، تەیار ف فراهم.

فەرتوت: زورهان، پیری پەك‌کەوتە ف پیر فرتوت.

فەرتوس: فەرتوت ف فرتوت.

فەرتەنە: ١) فرتەنە، فرتونەك؛ ٢) برێتی لە ئاژاوەو پشێوی ف ١) طوفان دریا؛ ٢) کنایە از آشوب و بلوا.

فەرجینی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

فەرحانی: هەرزانی‌و شت‌زۆری ف فراوانی و ارزانی.

فەرخ: ١) بێچوی باڵندەو گەلێك لە جانەوەران؛ ٢) ناوی ئەویندارێکی خواپەرستی بەناوبانگە. شێخ‌فەرخ؛ ٣) واتا: پیرۆز، مبارەك؛ ٤) ناوە بۆ پیاوان ف ١) بچهٔ پرندگان و بسیاری از جانوران؛ ٢) نام یکی از عرفای معروف؛ ٣) مبارك؛ ٤) نام مردانه.

فەرخۆ: ناوە بۆ پیاوان ف نام مردانه.

فەرخە: ١) بێچوی مەل‌و جانەوەران: (میسالی **فەرخەیی** ژیشك کە پێی دەڵی داکی/نیلاهی قاقومە یا خۆ سمۆرە یا دیبا) «حاجی قادر»؛ ٢) جۆرێ‌ماسی ف ١) بچهٔ پرندگان و جانوران؛ ٢) نوعی ماهی.

فەرخەس: نیوەنێختە ف حیوان نیم اخته شده.

فەرخی: جۆرێ ترێ ف نوعی انگور.

فەرد: ١) دێرێکی شێعر، مالك؛ ٢) تاقانە، بێوێنە ف ١) تك بیت؛ ٢) بی‌همتا.

فەڕدار: ١) بەبەهرە، بەفایدە؛ ٢) پیرۆز، مبارەك، بەودم ف ١) بهره‌ده، مفید؛ ٢) فرّخ، مبارك.

فەردە: تابار ف لنگه‌بار.

فەردەش: کوت‌کوت کردنی سوری‌خەرمان ف خرمن را در چند قسمت مساوی توده کردن.

فەرز: ١) داشی لە گش داشان بەکارتر لە شەترنج‌دا، وەزیری شەترنج؛ ٢) رۆیشتن بەدزیەوە؛ ٣) فرز، رێك‌و لەبارو بەرچاو ف ١) وزیر در بازی شطرنج، فرزین؛ ٢) یواشکی جیم شدن؛ ٣) شیك.

فەڕز: ١) پێویست، ئەرکی خوایی: (سی‌رۆژەی رەمەزانێ **فەڕزە** لەسەر تۆمەتێ/سینگت قاقەزی مەرجان مەلا لێی دەدەن خەتێ/لە دنیایەم بۆ نەبوی چت لێ بکەم لە قیامەتێ) «فۆلکلۆر»؛ ٢) دانان بە گومان، وام دانا ف ١) واجب، فرض؛ ٢) فرضاً، گیرم.

فەرزین: ١) فەرز؛ ٢) دەرچون‌و خۆ خشکاندن ف ١) نگا: فەرز؛ ٢) دررفتن و خزیدن.

فەرژ: ١) دڕاو؛ ٢) دادڕان ف ١) پاره؛ ٢) پاره‌شدن.

فەرژاندن: ١) درین، دادرین؛ ٢) پرماندنی ئەسپ، دەنگ لەلوت‌هاتنی ئەسپ بۆ داوای ئالف ف ١) پارە کردن؛ ٢) صدای بینی اسب هنگام طلب علف.

فەرژین: ١) دڕان؛ ٢) پرماندن ف ١) پارە شدن؛ ٢) از بینی صدا درآوردن.

فەرسە: پنە، تەختەپانی نانکەر بۆ ئەنگوتك پان‌کردنەوە ف تختۀ زیر نورد در نانوایی.

فەرسەند: دەرفەت، کێس، هەل ف فرصت.

فەرش: ڕایەخ ف فرش.

فەرشك: جومگەی دەست ف مچ دست.

فەرش‌کردن: ١) ڕایەخ لەماڵداخستن؛ ٢) ڕێگە سەنگ‌فەرش‌کردن ف ١) فرش در خانه گستردن؛ ٢) سنگ‌فرش کردن راه.

فەرعانی: فەرحانی ف نگا: فەرحانی.

فەرقوت: ١) بەڕبوت، کۆنەی دڕاو؛ ٢) ڕزیو ف ١) کهنه و ازهم پاشیده؛ ٢) پوسیده.

فەرفوری: فەخفوری ف ظرف چینی.

فەرفەر: دەنگی باڵ لێکدانی مەل ف صدای برهم زدن بال پرنده.

فەرق: ١) جیاوازی؛ ٢) بێهۆشی ف ١) فرق، تفاوت؛ ٢) مدهوشی.

فەرقان: ١) بێهۆش‌بون، بورانەوە؛ ٢) قورگ‌گیران لە خەمان ف ١) ازهوش رفتن؛ ٢) گلوگرفتگی از غم.

فەرقین: دەرپەڕینی خیزو چەو ف دررفتن سنگ‌ریزه.

فەرك: ١) ڕونوس؛ ٢) زانستی شتی گران؛ ٣) فەرمان؛ ٤) هەنگی مێچکەی کارکەر ف ١) رونویس؛ ٢) حل کردن دشوار؛ ٣) فرمان؛ ٤) زنبور کارگر.

فەڕك: گوشین لە ناو دەستدا ف مچاله.

فەرکار: فەرمان‌ڕاگەیێن ف مبلّغ فرمان.

فەڕکان: پشاوتن ف مچاله کردن.

فەرکان: ١) ڕونوسی؛ ٢) فەرمان ف ١) رونویسی؛ ٢) فرمان.

فەرکاندن: ١) ڕونوسی‌کردن لەبەر نوسینەوە؛ ٢) فەرمان‌دان ف ١) رونویسی کردن؛ ٢) فرمان دادن.

فەڕکاندن: پشاوتن ف مچاله کردن، دردست فشردن.

فەرکۆشین: ١) سەرکەوتن؛ ٢) ڕاژان ف ١) موفقیّت؛ ٢) اهتزاز.

فەرکەم: نەخۆشی خوداری ف بیماری صرع.

فەرکەندی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

فەرما: گوتی.بۆ پیاوی گەورەی دەڵێن ف فرمود.

فەرمان: ١) عەمر.گفتی مرۆی گەورە بۆ ژێردەست کە ئەرکێك بەجێ بێنێ؛ ٢) کار، شوڵ ف ١) فرمان؛ ٢) کار، شغل.

فەرمانبەر: ١) کەسێ کە ئەرکی دەستەلات‌دار پێك دێنێ؛ ٢) مۆچەخۆری دەوڵەت ف ١) مطیع؛ ٢) کارمند دولت.

فەرمانبەردار: پێك‌هێنەری فەرمانی لەخۆگەورەتر ف فرمانبردار.

فەرماندار: کەسێ کە دەتوانێ فەرمان بە خەڵك بدا ف صاحب فرمان.

فەرمان‌دان: عەمردان بە کەسێ، ئەرك‌سپاردن بە کەسێ ف فرمان دادن.

فەرماندە: کەسێ کە فەرمان بە ژێردەستان دەدا ف فرمانده.

فەرماندەر: کەسێ کە عەمر دەکا، فەرماندە ف فرمانده.

فەرمانڕەوا: خاوەن‌دەسەڵات ف فرمانروا.

فەرمان‌کردن: ١) فەرمان‌دان؛ ٢) کارکردن ف ١) فرمان دادن؛ ٢) کارکردن.

فەرمان‌کرن: فەرمان‌کردن ف نگا: فەرمان‌کردن.

فەرمانگە: ١) کارگێڕی، جێگەی کاروباری دەوڵەتی، ئیدارە؛ ٢) جێگەی کار ف ١) اداره؛ ٢) جای کار.

فەرمانگێڕ: کارگێڕ، مدیر، کەسێ کە بە کاروباری ئیدارە ڕادەگا ف مدیر کار.

فەرمانە: جلیسقە، لیباسێکە وەك سوخمە دەبەر دەکرێ ف جلیقه.

فەرمایش: گوتن، ئاخافتن، بۆ مرۆی لەخۆ گەورەتر دەگوترێ ف فرمایش.

فەرمایشت: فەرمایش ف فرمایش.

فەرمو: ١) فەرما، گوتی؛ ٢) گوتە، ئاخافتن، پەیوین؛ ٣) تکا بۆ هاتن یان گوتن ف ١) فرمود؛ ٢) فرمایش؛ ٣) بفرما.

فەرمودە: فەرمایش ف فرمایش.

فەرمون: ١) گوتن؛ ٢) تکایە وەرن ف ١) فرمودن؛ ٢) بفرمائید.

فەڕمەسون: کەسێ کە ئوروپاییانە بیر دەکاتەوە ف تقلیدکنندۀ اروپائیان.

فەرمین: گوتن، فەرمون ف فرمودن.

فەروار: ١) حوکم؛ ٢) فەرمان، عەمر، ئەمر ف ١) حُکم؛ ٢) فرمان.

فەڕوج: فڕوج ف جوجۀ مرغ.

فەڕوچ: فڕوج ف جوجۀ مرغ.

فەڕوفیت: خێر و بەرەکەت ف یمن و سعادت.

فەروە: کەوڵی تیسکن، پاڵتۆی لە پێستەمەڕی بەخوریەوە ف پوستین.

فەرە: دەفر و ئامان، دەگەڵ فوڵ نێژنی: (فوڵ‌و فەرە) ف ظرف.

فەڕهـ: ترس ف ترس.

فەڕهاندن: بزداندن، ترساندن ف ترسانیدن.

فەرەج: ١) ڕزگاری لە تەنگانە، دەرەتان؛ ٢) ناوە بۆ پیاوان؛ ٣) حیلە ف ١) رهایی از غم و رنج؛ ٢) نام مردانه؛ ٣) نیرنگ.

فەرەج‌مەلاسولەیمان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

فەرەجی: پاڵتۆی بەرگن ف پالتوی نمدی.

فەرەز: شیرنیاتێکە ف نوعی شیرینی.

فەرەشخانە: بێلی پانی پەین‌ماڵین ف نوعی پاروی پهن.

فەرەك: دەستاڕ، لنگەدەستاڕ ف آسیای دستی.

فەرەنجی: فەرەجی ف پالتوی نمدی.

فەرەنگ: وشەدان، پەراوێ کە پەیوینی زمانێکی تێدا کۆ کراوەتەوە ف لغتنامه.

فەڕەنگ: ١) وڵاتی ئوروپا؛ ٢) خەڵکی ئوروپا ف ١) اروپا؛ ٢)

ئوروپایی.

فەڕەنگسان: وڵاتی ئوروپا ف اروپا.

فەڕەنگستان: فەڕەنگسان ف اروپا.

فەڕەنگی: ١) سەربە ئوروپا؛ ٢) جۆرێ سوزەنەکی زۆر پیس، ئاتەشەك ف ١) اروپایی؛ ٢) نوعی بیماری آمیزشی، آتشك.

فەرەهـ: پان، هەراو، گوشاد ف فراخ.

فەرهەم: بەرهەم، فەراهەم ف فراهم.

فەرهەنگ: ١) ئاوەز، ئەقڵ؛ ٢) فەرەنگ ف ١) شعور؛ ٢) لغتنامە.

فەرهەنگۆك: وشەدانی چکۆلە ف لغتنامۀ مختصر.

فەرهێت: بەردی بناغە ف سنگ اساس بنا.

فەریا: فریا ف نگا: فریا.

فەریاڕەس: فریاڕەس ف فریادرس.

فەریقەت: ڕەزامەندی، هاتنە ڕەدا ف بسندە کردن.

فەریك: تەواونەگەیشتو ف درمل، دلمل، نیم‌رس.

فەریکە: دانەوێڵەی فەریك ف غلّە و دانۀ درمل.

فەریکەبادام: چەقالەبادام ف چغالە بادام.

فەرین: گونـدێکـە لەکوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.

فەزیحەت: مایەی ئابڕوچوُن ف مایۀ رسوایی، ننگ.

فەزیعەت: فەزیحەت ف مایۀ رسوایی.

فەسات: ١) شەڕەهەڵایسێن، ئاژاوەچی: (پیاوێکی فیتنەو **فەساتە**)؛ ٢) گاینی ژنی بێگانە بەزۆر: (دەڵێن ژنان **فەسات** دەکەن) ف ١) فتنەانگیز؛ ٢) تصرّف زن نامحرم بە زور.

فەساد: فەسات ف نگا: فەسات.

فەساڵ: ١) تەرح و دیدار، بیچم؛ ٢) جێ‌بەجێ‌بوُن، ئەنجام؛ ٣) شێنەیی، هێدیکا؛ ٤) تەرزی درونی جلك لای خەیات ف ١) قیافە، ریخت؛ ٢) انجام؛ ٣) یواشکی؛ ٤) نوع بُرش و دوخت لباس توسط خیّاط.

فەساڵ‌دان: پێك‌هێنان، ئەنجام‌دان ف انجام دادن.

فەسڵ: ١) پاژێ لە چوار پاژی ساڵ، کژ؛ ٢) جەنگە، هەڕەت؛ ٣) باسێکی سەربەخۆ لە پەڕاودا ف ١) فصل سال؛ ٢) موسم؛ ٣) فصل کتاب.

فەعل: فەحل ف نگا: فەحل.

فەعلە: فاعلە، عەمەڵە ف کارگر.

فەغفوری: فەخفوری، فەرفوُری ف ظروف چینی.

فەغو: هاواری ئازار ف فغان.

فەق: فاق، جۆرێ داو بۆ مەلڕاوکردن ف نوعی دام برای شکار پرندگان.

فەقرەقا: گردێکە لە مەهاباد ئاسەواری لەمێژینەی تێدا ف تپه‌ای است نزدیك مهاباد با آثار باستانی.

فەقفەقە: نەخۆشینی بقە ف بیماری خطرناك.

فەقە: دەرس‌خوێن لە مزگەوت ف طلبە.

فەقەهـ: فەقە ف طلبە.

فەقی: فەقە ف طلبە.

فەقێ: فەقە ف طلبە.

فەقیانە: ئانگوچك، ئەنگوچك، لەوەندی ف آستین بلند.

فەقێتی: ڕۆژگاری تەڵەبەیی، ڕۆژگاری خوێندن لای مەلا ف دوران طلبگی.

فەقێ‌جنە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

فەقیر: ١) هەژار، بێ‌ماڵ؛ ٢) نازنـاوی مەلای یەزیدی؛ ٣) تیرەیەکی یەزیدی؛ ٤) بێ‌ئازار: (زۆر **فەقیرە** کاری بە کەس نیە)؛ ٥) زۆرلێکراو، زیان‌لێدراو: (**فەقیرە** زۆریان لێ دا) ف ١) فقیر؛ ٢) لقب روحانی یزیدی؛ ٣) طایفه‌ای از عشایر یزیدی؛ ٤) بی‌آزار، آرام؛ ٥) مظلوم، موردآزار.

فەقیرحاڵ: گێلۆکە ف ساده‌لوح.

فەقیرخانە: ماڵێ کە لە سەردەمی گرانی‌دا هەژاری لێ بەخێو دەکەن، هەژارخانە ف نوانخانە.

فەقیرۆکە: کەسێ کە بە داماوی لە سوُچێکەوە دانیشتوە ف کزکردە.

فەقیرە: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

فەقێ‌میرزا: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

فەقێیان: لەو گونـدانـەی کوردستـانـە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

فەقێیەتی: فەقێتی ف دوران طلبگی.

فەکار: بیری زۆرکردنەوەو ڕامان ف اندیشه کردن و واماندن.

فەکاندن: قەتاندن، پساندن، قوتانن ف پاره کردن، قطع کردن.

فەکلە: فکلە ف نگا: فکلە.

فەلا: ١) جوُت‌بەندە، وەرزێر؛ ٢) خاچ‌پەرست ف ١) کشاورز؛ ٢) مسیحی.

فەلات: ڕزگاری، ئازادی ف آزادی، رستگاری.

فەلاتی: خاچ‌پەرستی ف مسیحیّت.

فەلاحەت: کاری جوُت‌بەندە ف کشاورزی.

فەلاقە: فەراقە ف چوب فلك.

فەلاکەت: ١)زۆردژوار؛ ٢) تەواوبقە ف ١) بسیار سخت؛ ٢) خیلی خطرناك.

فەلانی: وەك خاچ‌پەرستان: (نمێژی **فەلانی** دکە) ف مسیحی‌سان.

فەلایی: جوُت‌بەندەیی، وەرزێری ف کشاورزی.

فەلتین: ١) هەڵاتن؛ ٢)لەدەست دەرچوُن ف ١) فرارکردن؛ ٢) ازدست رفتن.

فەلج: کەپۆپان، فلّج ف پهن بینی.

فەلشان: ڕمان، ڕوُخان، تێك‌تەپین ف خراب شدن.

فەلشاندن: ڕماندن، ڕوُخاندن ف خراب کردن.

فەلشی: ڕوُخاو، ڕماو ف خراب شده.

فەلشین: فەلشان ف خراب شدن.

فەلق: پاژ، لەت، پارچە ف تکه، قطعه، قسمت.

فەلە: ١) فلە، خاچ‌پەرست؛ ٢) فەعلە، پالە، عەمەلە ف ١) مسیحی؛ ٢) کارگر.

فەلەج: ئیفلیج، شەپلەلێدراو ف فالج، فلج شده.

فەلەخوێ: فەلا، جوتبەندە ف کشاورز.

فەلەرەشکە: فلەی بۆرەپیاگ ف مسیحی رعیّت.

فەلەقە: فەراقە، فەلاقە ف چوب فلك.

فەلـەك: ١) رەق‌بوونی ئەنـدام؛ ٢) زەمـانـە؛ ٣) عاسمان؛ ٤) ئامرازی وەحەواکەوتن، لە دوای چەرخ دێت: (چەرخ و **فەلەکی** پیرێژن) ف ١) سفت شدن انـدام؛ ٢) زمـانـه؛ ٣) آسمـان؛ ٤) ابزار پرواز آدمی در داستانهای کهنه.

فەڵەك: فەلەك ف نگا: فەلەك.

فەلەکناز: ناوی ژنانە ف نام زنانه.

فەلـەکێ: ئەی زەمانە. *لەسەربەندی گۆرانی‌دا دەگوترێ* ف ای زمانه، ای دنیا، ای روزگار.

فەلێ: سوکەلەی فەلەکناز، ناوی ژنانە ف مخفّف فلکناز، نام زنانه.

فەلیت: ژنی بلّح و بێ‌شەرم ف زن هرزه.

فەلیتە: فەلیت ف زن هرزه.

فەن: ١) حیلە؛ ٢) تەرز، جۆر: (لەی **فەنە** دروسی کە) ف ١) نیرنگ؛ ٢) نوع.

فەنا: ١) لەبەین‌چوگ؛ ٢) چون، ئاسا، وەك؛ ٣) پەنا؛ ٤) کونج، جێگەی خەڵوەت: (**فەنای بێ‌دەنگ**) ف ١)فانی؛ ٢) همانند؛ ٣) پناه؛ ٤) دنج.

فەتـابێدەنـگ: گەمـەیەکە ئەسێ بەکۆمەڵ دەم بگرن و قسە نەکەن ف نوعی بازی.

فەنای‌بێدەنگ: فەنابێدەنگ ف نگا: فەنابێدەنگ.

فەند: ١)حیلە، فەن؛ ٢) شەم ف ١) نیرنگ؛ ٢) شمع.

فەندۆ: باپیر بە زوانی زاروکان ف پدربزرگ در زبان بچگانه.

فەندوفێڵ: حیلەو حەواڵە ف نیرنگ.

فەندەك: چەخماخی ئاگرهەڵکردن ف فندك.

فەندەڵ: فێڵ و حیلە: (خەریکی **فەندەڵ** فێڵانە) ف حیله.

فەننا: وەکی، وەك، لەگوێن، چون ف مانند، همانند.

فەنوفۆن: فێڵ‌وتەڵەکە ف حیله.

فەنـــەر: ١) فانـوز، لەنتـەری، چرادەستی؛ ٢) کانـزای باریکی نەرم: (**فەنەری سەعات**) ف ١) فانوس؛ ٢) فنر.

فەنەك: ١) فێڵباز، حیلەباز؛ ٢) قسەی پێکەنین، حەنەك؛ ٣) قسەخۆش، حەنەکچی؛ ٤) فەندەك ف ١) نیرنگباز؛ ٢) طنز؛ ٣) لوده؛ ٤) فندك.

فەنەك‌باز: فێڵکار، حیلەساز ف حَیّال، مکّار.

فەوت: ١) نەمان: (**ماڵم فەوتا**)؛ ٢) مەرگ: (**بابم فەوتی کرد**) ف ١) از دست رفتن؛ ٢) مرگ.

فەوتان: نەمان، لەدەس‌چوون ف نماندن، از دست رفتن.

فەوتاندن: لەدەست‌دان، نەهێشتن ف از دست دادن، به باددادن.

فەوتێ‌فەر: کوژەر، وێرانکەر ف ویرانگر.

فەوج: ١) کۆمەڵێ زۆر لە مرۆ: (**فەوجێ ژن هات**)؛ ٢) بەشێ لەلەشکر کە لە هەزار کەس کەمتر نەبێ، هێز ف ١) گروهی از مردم؛ ٢) فوج سرباز.

فەورەن: دەس‌بەجێ، لەجێ، بێ وەدرەنگ‌خستن ف فوراً.

فەوری: فەورەن ف فوراً.

فەوکاندن: فەوتاندن ف بر باد دادن.

فەهم: فێم، فام ف فهم.

فەهم کۆر: نازیرەك، دەبەنگ ف بی‌ذکاوت.

فەهۆ: شەرمن، شەرمین ف با شرم و حیا.

فەهێت: فەدی ف شرم، آزرم.

فەهیتۆ: فەهۆ ف باشرم و حیا.

فەهیتۆك: زۆرشەرمێون ف بسیار باشرم و حیا.

فەهێد: فەهێت ف شرم، آزرم.

فەیدە: بەهرە، قازانج، سود ف فایده.

فەیزاواد: گونـدێکـە لەکـوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

فەیلی: چەند تیرەو تایەفەی کوردن لە لورستان دەژین ف چند قبیلهٔ کرد که در لرستان زندگی می کنند.

فێ: ١) خوداری؛ ٢) پێ،ئایسان؛ ٣) ناوی پیتێکی ئەلف‌وبێتکە ف ١) بیماری صرع؛ ٢) افروختن؛ ٣) حرف «ف»

فیالە: گیایەکە دەیکەنە ماستەوە بۆنی خۆشە ف گیاهی است معطر.

فیت: ١) پیت، بەرەکەت؛ ٢) سوچ، تاوان؛ ٣) دەنگ لە ناو دولێو، فیتو؛ ٤) فت لە سەبیلە ف ١) برکت؛ ٢) گناه؛ ٣) سوت؛ ٤) پف با پك به چپق.

فێت: دنە، هانە، هەڵخڕان ف تحریك.

فێت‌دان: دنەدان، هانەدان، هەڵخڕاندن ف تحریك کردن.

فیتفیتە: ١) پیپیك، ئامرازی فیتو پێ لێدان؛ ٢)ئیفتیفە ف ١) سوتك؛ ٢) دوبارەزدن مو.

فیتك: ئامرازی فیت‌لێدان، فیتفیتە، پیپیك ف سوتك.

فێتکار: دنەدەر، هانەدەر، هەڵخڕێن ف تحریك‌کننده.

فیتکە: فیتك ف سوتك.

فیتنە: فتنە ف نگا: فتنه.

فیتۆ: فیت، دەنگی تیژ لە ناو دو لێو دەرخستن ف سوت.

فیتە: ١) فیت؛ ٢) برێتی لە بەرهەڵدای خوێڕی ف ١) سوت؛ ٢) کنایه از ولگرد.

فیتەر: زەبەلاحی تەژە ف قوی هیکل.

فیتەفیت: فیتەی لەسەر یەك ف سوت‌زدن پیاپی.

فیتەك: فیتفیتە، ماسولە ف سوتك.

فیج: ١) کەسێ کە ددانی پێشەوەی کەوتون، کولوس؛ ٢) خوار، خێچ ف ١) کسی که دندان پیشین ندارد؛ ٢) کج.

فیچ: ١) پێچ؛ ٢) خێل ف ١) پیچ؛ ٢) لوچ.

فیچان: پێچان، باوخواردن ف پیچیدن، پیچ خوردگی.

فیچقـە: ١) دەرچـوُنی تراو بە تەوژم لە شتێکـەوە؛ ٢) فوارە؛ ٣) گیای مۆسك ف ١) فوران مایع با فشار از چیزی؛ ٢) فوّاره؛ ٣) گیاهی ساقەکاوك.

فیچقەبەستن: دەرپەڕینی تراو بە تەوژم ف بیرون آمدن مایع با فشار.

فیچقەکردن: فیچقەبەستن ف بیرون آمدن مایع با فشار.

فیٚخستن: هەڵکردن، بێ‌کردن، ئایساندن ف افروختن.

فیٚدار: خوُدار ف بیمار صرعی.

فیدایی: پێشمەرگە ف فدایی، پیشمرگ.

فیڕ: گوُی تراو ف مدفوع اسهالی.

فیٚڕ: ١) تالیمدراو، راهـاتـو؛ ٢) رام؛ ٣) راهـاتن ف ١) یادگرفتـە؛ ٢) خوگرفته؛ ٣) تعلیم.

فیٚڕا: دەگەڵ، پێڕا ف همراه، با.

فیڕان: فیڕ ف نگا: فیڕ.

فیڕاندن: گوُی‌شل‌کردن ف اسهالی گرفتن.

فیڕانن: فیڕاندن ف اسهالی گرفتن.

فیٚڕبو: ١) رام؛ ٢) راهاتگ ف ١) خوگرفته؛ ٢) یادگرفته.

فیٚڕبوُگ: فیٚڕبو ف نگا: فیٚڕبو.

فیٚڕبوُن: ١) رامبوُن؛ ٢) راهاتن ف ١) رام شدن؛ ٢) یادگرفتن.

فیٚڕز: ١) فرز؛ ٢) ئازا، رەشید ف ١) فرز؛ ٢) شجاع.

فیٚڕس: ئازا، قارەمان، رەشید، فیٚڕز، جامێر ف شجاع.

فیٚڕست: سیایی ناوەڕۆکی پەڕاو، پێڕست ف فهرست.

فیرعەون: برێتی لە ئاغاو دەسەڵاتداری زاڵم ف کنایه از مالك ظالم.

فیٚڕکـار: ١) راهێن، تالیمدەر؛ ٢) مامـۆسـای منـاڵان، دەرسبێژ ف ١) تعلیم‌دهنده؛ ٢) آموزگار.

فیڕکان: فیڕان ف اسهالی.

فیٚڕکردن: راهێنان ف تعلیم دادن، آموزش.

فیڕکە: گوُشلەی حەیوان ف اسهال حیوان.

فیڕکەر: حەیوانێ بەلەفیڕەی گرتبێ ف حیوانی که اسهال گرفته باشد.

فیٚڕگـە: ١) جێگـەی فیٚڕبـوُن، شوێنی راهـاتن؛ ٢) دەرسخـانـە ف ١) آموزشگاه؛ ٢) مدرسه.

فیٚڕمەند: مامۆستا، فیٚڕکار، سەیدا ف اُستاد.

فیڕن: حەیوانێ کە زگەشوّرەی هەیە ف حیوان اسهال گرفته.

فیڕنەگولە: فڕنەگولە ف پرنده‌ایست.

فیڕۆ: بەهیچێ‌چوُ، خوّڕایی لەدەس‌چوُ ف هدر.

فیڕە: ١) زگ‌چوُنی ئاژەڵ؛ ٢)دەنگی ڕیانی تراوی ئاژەڵ ف ١) اسهال حیوان؛ ٢) صدای ریدن اسهالی.

فیٚرە: پەند وەرگرتن ف پند شنیدن.

فیٚرەك: هوگر، خوُ بەشتێ گرتوُ ف مأنوس.

فیز: ١) بادی‌هەوایی، دەحیە، دەعیە؛ ٢) فیتە ف ١) تکبّر؛ ٢) سوت کشیدن.

فیٚز: ١) لای سەروو لە مەجلس؛ ٢) ئاغەلەئاژەڵ؛ ٣) مەیدان، گوّڕەپان؛ ٤) بادی‌هەوایی، فیز ف ١) صدر مجلس؛ ٢) نگـا: ئاغـەڵـەئـاژەڵ؛ ٣) میدان؛ ٤) فیس و افاده.

فیزار: هاوار لەخەڵك بۆ یاریدان ف طلب کمك از مردم.

فیزان: خواربوُن لە بێ‌رەمەقی ف خم شدن از فشار و بی رمقی.

فیزاو: خواربوُگ لە بێ‌رەمەقی ف خم گشته از شدّت فشار و بی‌رمقی.

فیزخان: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

فیزفیز: گژەبا ف تندباد.

فیزفیزۆك: فیتفیتە، ماسوُلە ف سوتك، آلت سوت‌زدن.

فیزماڵك: خۆدزینەوە:(**فیزماڵکی** دایەو دەرچو) ف جیم شدن، دررفتن مخفیانه.

فیزن: بادی‌هەوا، بەدەحیە ف متکبّر.

فیزۆك: فیتفیتە ف نگا: فیتفیتە.

فیزە: ١) دەنگی باریك لە بێقلەوە؛ ٢) دەنگی باریك لە درزی بابوێرەوە ف ١) صدای بینی؛ ٢) صدای نازك باد از منفذ تنگ.

فیزەفیز: فیزەی زۆر ف فیزەی بسیار و پیاپی.

فیزین: هاشەی‌مار، هاشاندنی‌مار ف صدای مار.

فیس: ١) فیز، بادی‌هەوایی؛ ٢) تەڕ، نمدار، شەدار؛ ٣) قوپان، ڕۆچوُن ف ١) تکبّر، فیس؛ ٢) خیس؛ ٣) فرورفتگی.

فێس: تەقیلەی درێژی سوُر لە بەرگنی ساویاو ف کلاه قرمز ترکان.

فیسـا: ١) بادی‌هەوا؛ ٢) شەی هەڵێنـا، خوُسـا؛ ٣) داکـەوت، بای لێ دەرچوُ ف ١) متکبّر؛ ٢) خیس شد؛ ٣) فرورفت، بادش خالی شد.

فیسار: فران، فلان ف فلان‌بیستار.

فیسارە: فیسار ف فلان.

فیسارە کەس: فلانەکەس ف فلانی.

فیسان: خوُسان ف خیس شدن.

فیساندن: خوُساندن ف خیس کردن.

فیسانن: فیساندن ف خیس کردن.

فیساو: خوُساو ف خیس شده.

فیستار: فیسار ف فلان.

فیسقە: ١) بەرگایلکە، کلك‌هەڵتەکێنە؛ ٢) خسکە؛ ٣) فیچقە ف ١) دم جنبانك؛ ٢) پیاز ریز کاشتنی؛ ٣) نگا: فیچقە.

فیسقەبەستن: فیچقەکردن ف نگا: فیچقەکردن.

فیسقەکردن: فیچقەکردن ف نگا: فیچقەکردن.

فیسقەگولە: فیڕنەگولە ف پرنده‌ایست.

فیسکانی: زۆر وردیلە ف بسیار ریز.

فیسکە: پەلەپیتکە، بەردوکە لەناو دوسەری پەنجەڕا هاویشتن ف سنگ انداختن با تلنگر.

فیسمـاڵك: خۆدزینەوە، ڕاکردن بێ‌خەبەر: (هەر هەستی بە خەتەر کرد **فیسماڵکی** دایەو بۆی دەرچوُ) ف جیم شدن، دررفتن.

فیسە: بادی‌هەوایی، فیز ف تکبّر.

فیسەڵ: بوّش، لە با بەتاڵەوەبوّگ ف توخالی شده از باد.

فیسەنە: خوُساندن ف خیس کردن.

فیسیان: خوُسان ف خیس شدن.

فیش: ١) زۆر، بێ، زیاد، زەحـف، زاف؛ ٢) فیرّە ف ١) بیش، زیاد؛ ٢) نگا: فیرّە.

فیشاردە: لەغەز، مەتەڵ، مەتەڵۆکە، تشتانۆك ف چیستان.

فیشاڵ: درۆ، خۆهەڵکێشانی بەدرۆ، فڕ، بافیش ف لاف و گزاف.

فیشاڵباز: درۆهەڵبەست، خۆهەڵکێش ف لاف‌زن.

فیشاڵچی: فیشاڵباز ف لاف‌زن.

فیشاڵکەر: فیشاڵباز ف لاف‌زن.

فیشاندن: ١) فیرّاندن؛ ٢) پژاندن ف ١) ریدن اسهالی؛ ٢) پاشیدن.

فیشانن: فیشاندن ف نگا: فیشاندن.

فیشتەر: زیاتر، پتر، بێتر ف بیشتر.

فیشخاپور: شاروکێکی کوردستانە بەعسی وێرانی کرد ف شهرکی در کردستان که بعثیها ویران کردند.

فیشقاندن: جۆرێ دەنگ‌لێ‌هاتنی حەیوان لە کاتی دەرپەڕینا ف نوعی صدا درآوردن حیوان هنگام دررفتن.

فیشقە: ١) دەنگی ئاو کە فیچقە دەکا؛ ٢) جۆرێ دەنگی جانەوەر کە دێ دەرپەڕێ ف ١) صدای فوران آب؛ ٢) نوعی صدا از حیوانی که درجهد.

فیشقی: کەسێ کە زوُتوُرە دەبێ، دڵناسك ف زودرنج.

فیشکان: ١) پیشکان، ئامرازی گیاهەڵکەندن؛ ٢) فیشقەکردنی حەیوان ف ١) بیلك گیاکندن؛ ٢) نوعی صدای حیوان هنگام دررفتن.

فیشکاندن: فیشقاندن ف نگا: فیشقاندن.

فیشکە: فیشقە، جۆرێ دەنگی جانەوەر ف نگا: فیشقە.

فیشکەفیشك: فیشقەی بەدوُیەکدا ف «فیشقە» پیاپی.

فیشە: دەنگی با کە لە جێگەی تەنگەوە دەرچێ ف صدای باد که از جای تنگ درآید.

فیشەك: بەرکی چەکی گەرم ف فشنگ.

فیشەکبەند: رەخت، رەختەفیشەك ف تیردان.

فیشەکدان: فیشەکبەند ف تیردان.

فیشەکفڕێدەر: ئامرازێکە لە تفەنگدا ف ابزاری در تفنگ، پوکه‌پران.

فیشەکگر: ئامرازێکە لە تفەنگدا ف ابزاری در تفنگ، فشنگ‌کش.

فیشەکلغ: فیشەکدان ف تیردان.

فیشەکلۆخ: فیشەکدان ف تیردان.

فیشـەکـەشێتە: فشفشە، بارۆتی دەقاقەزەوە پێچراو کە منداڵ بۆ گەمە دەی‌تەقێنن ف آفتاب مهتاب، ترقه.

فیشین: هاشاندنی مار ف صدای مار.

فیفیکە: فیتفیتە ف سوتك.

فیق: ١) دەنگی ناچـاری لە پاپیانـان و ڕێك‌گوشین، جیق؛ ٢) جیقنـە، ریقنە؛ ٣) فیتە ف ١) صدا از زیرفشار قرارگرفتن؛ ٢) پیخال، مدفوع پرنده؛ ٣) سوت.

فێق: زەردو باریك و ژار ف لاغر مردنی.

فیقاندن: ١) جیقنەکردن؛ ٢) ئیتوُلێدان ف ١) پیخال انداختن مرغ؛ ٢) سوت زدن.

فیقانن: فیقاندن ف نگا: فیقاندن.

فیق‌فیقە: فیتفیتە ف سوت، ابزار سوت‌زدن.

فێقن: زەردی لاواز ف لاغر مردنی.

فیقنە: ١) فێقن؛ ٢) ئامرازی فیتوپێ‌لێدان، فیتفیتە ف ١) لاغر مردنی؛ ٢) آلت سوت‌زدن.

فیقە: ١) جیقە؛ ٢) فیتە ف ١) نگا: جیقە؛ ٢) سوت.

فیقەفیق: فیتەفیت ف سوت پیاپی.

فیقـەنـە: ١) ئـامـرازی فیتەلێدان، فیتفیتە؛ ٢) پیکی زوُرنا ف ١) آلت سوت‌زنی؛ ٢) زبانهٔ سرنا.

فیقی: فێقی، میوە ف میوه.

فێقی: بەری دار کە بۆ خواردن دەست ئەدا، میوە ف میوه.

فیك: ١) فاك؛ ٢) سوُچ و تاوان؛ ٣) فیتوُ ف ١) حیله؛ ٢) گناه؛ ٣) سوت.

فیکاندن: فیتوُلێدان ف سوت زدن.

فیکانن: فیکاندن ف سوت زدن.

فیکە: فیتە ف سوت.

فیکەفیك: فیتەفیت ف سوت پیاپی.

فیکەکونێ: وشەیەکە لە هێندێ بازی منداڵاندا ف اصطلاحی در بازی کودکان.

فیکەکێشان: فیتوُلێدان ف سوت زدن.

فیکەواکونا: فیکەکونێ ف نگا: فیکەکونێ.

فیکەوەکونێ: فیکەکونێ ف نگا: فیکەکونێ.

فیکەی سمێڵ: برێتی لە زۆر کەیف‌سازی: (هەر **فیکەی سمێڵی** دێ) ف کنایه از بسیار خوشحال بودن.

فێکی: فێقی، میوە ف میوه.

فیکین: فیتوُلێدان، فیکەکردن ف سوُت زدن.

فێ گرتن: توُشی خوُداری بوُن ف صرعی شدن.

فیل: ١) جانەوەری هەرەزلی لێرەوار؛ ٢) داشێکی شەترنج ف ١) فیل؛ ٢) فیل شطرنج.

فێل: دەفری دەم‌فرەهـ ف ظرف دهانه گشاد.

فێڵ: ١) فیل؛ ٢) حیلە، سوُن، گزی ف ١) فیل؛ ٢) نیرنگ.

فیلار: قوُنـدەرەی ناڵچەی ئاسن لێدراو ف کفشی که به پاشنه‌اش میخ کفش زده باشند.

فیلال: قاپ‌قاپ، قوُندەرەی لەدار، سوُل ف کفش چوبی.

فێڵاوی: حیلەباز ف حقه‌باز.

فێڵباز: فێڵاوی ف حقه‌باز.

فێڵپا: بیماری لاق‌ئاوسان، قاچ‌پەنەمان ف واریس.

فێڵپایە: پشتیوانەی دیوار ف کمك دیوار.

فێڵزان: فێڵاوی ف نیرنگ‌باز.

فیلکە: حیلکە ف خنده با صدای بلند.

فیلکەفیلك: حیلکەحیلك، تریقەتریق ف صدای هرهرخنده.

فیلۆ: زەبەلاح، تەڕەی ئەستوور ف لندهور.
فیڵۆ: فیڵباز ف حقه‌باز.
فیڵوتەڵەکە: حیلەو حەواڵە ف حقه و نیرنگ.
فیڵوفەرەج: حیلەو حەواڵە ف حقه و نیرنگ.
فیل‌وفیلەتەن: حەوترینگە ف آشی است.
فیلەتەن: ١) بریتی لە مرۆی زەبەلاح؛ ٢) بریتی لە نازاو بەکار ف ١)کنایه از قوی هیکل؛ ٢) کنایه از شجاع و کاری.
فیڵەزان: حیلەباز ف مکّار.
فیلەگێجە: شوڕ، جۆرێ کەڵەکێوی ف نوعی گاومیش وحشی.
فیلەگێژە: فیلەگێجە ف نگا: فیلەگێجە.
فیلەنتەر: فیلەتەن ف نگا: فیلەتەن.
فیلەندەر: زەبەلاحی تەژە ف لندهور.
فێم: فام، تێگەیشتن ف فهم.
فین: ١) دامێن‌تەڕی، ژن‌بازی؛ ٢) دەنگی گریان لەبێقلەوە ف ١) تردامانی، زن‌بارگی؛ ٢) صدای گریه از بینی.
فیناز: ١)کاری عارو نارەوا؛ ٢) بڵند، دوای سەر دەیڵێن: (سەرفیناز بوم) ف ١) کار ناشایست؛ ٢) فراز.
فینك: فوُنك ف خنك.
فێنکاوی: فوُنکی ف خنکی.
فێنکایەتی: فوُنکی ف خنکی.
فێنکایی: فوُنکی ف خنکی.
فینکە: دەنگی گریان لە بێقلەوە، فین ف صدای گریه از بینی.
فێنکی: فێنکایی ف خنکی.
فینگە: فینکە ف نگا: فینکە.
فینگەفینگ: فینکەی زۆر ف صدای گریهٔ پیاپی از بینی.
فینـۆ: ١) ئەسپو ئێستری کورتو کەم‌باڵا؛ ٢) توڵەقەندی؛ ٣) فێسی سەری هێندێك عەرەب ف ١) اسب و استر قدکوتاه؛ ٢) نگا: تولەقەندی؛ ٣) کلاه سر بعضی از عَرَبها.
فینۆك: پیاوی داوێن‌تەڕ ف مرد زن‌باره.
فینە: فێس، فێست، کڵاوی لە لبادی سواوەوە کە عەرەب لەسەری دەنێن ف نوعی کلاه که عربها بر سر گذارند.
فیهرست: فێرست ف فهرست.

ڤ

ڤ: ١) دەگەڵ، وێڕا، پێڕا؛ ٢) پیتێ لە ئەلفوبێتکە ف ١)همراه، حرف همراهی؛ ٢) یکی از حروف الفباء کردی.

ڤا: ١) ئەم؛ ٢) ئەو؛ ٣) بای دەلەش‌وەستان؛ ٤) ئەمان؛ ٥) ئەوان؛ ٦) ئەوا: (**ڤا هات**)؛ ٧) شڵەژان، ڕاچەنین؛ ٨) باو، پێچ؛ ٩) قەرز، واو، قەرد، وا ف ١) این؛ ٢) آن؛ ٣)بادورم؛ ٤) اینها؛ ٥) آنها؛ ٦) اینك؛ ٧) یکّه، اضطراب؛ ٨) پیچ، تاب؛ ٩) وام.

ڤابرن: شڵەژان، ڕاچەنین ف یکّه‌خوردن.

ڤاجا: ١)وەرگەڕان، ئاوەژۆ؛ ٢) ئاسەڕ ف ١) برگرداندن؛ ٢) آستر.

ڤاجـــایی: ١)راستـەقینـە، لەڕاستی‌دا؛ ٢) بەراوەژویی ف ١) حقیقت، راستی؛ ٢) واژگونی.

قاقڕ: ١) زەوینێ که گیای لێ نارۆێ؛ ٢) بریتی له بنیادەمی رژد ف ١) زمینی که گیاه نرویاند، لم یزرع؛ ٢) کنایه از خسیس.

قاقرەش: جۆرێ کۆلەکە ف نوعی کدو.

قاقز: قاغز ف کاغذ.

قاقژ: قاژۆ ف زاغ پاقرمز.

قاقل: ١) تێکوڵی هێلکه؛ ٢) بنی گیایەکە دەیخۆن ف ١) پوستهٔ تخم پرنده؛ ٢) بیخ گیاهی است خوردنی.

قاقلۆك: کەللەسەر، قاف، قەحف ف جمجمه.

قاقلەجنۆکە: شەیتانۆکەی وشك ف پوستهٔ حلزون.

قاقلەسۆنە: دۆشەکۆڵەی سەری عەنبالان ف بالشتك سر حمّال.

قاقلەسوێنه: قاقلەسۆنه ف بالشتك سر حمّال.

قاقم: جانەوەرێکە له تیرەی سمۆرەو سنجاو دەگەڵ گیا رەنگ دەگۆڕێ ف قاقم.

قاقمه: داری هەردولاو داری پشتی تامان ف چوبهای عمودی دیوار چوبی.

قاقۆڵه: بەری گیایەکە بۆ دەرمان دەبێ ف ثمر گیاهی است که مصرف طبی دارد، قاقله.

قاقوم: قاقم ف قاقم.

قاقه: ١) براگەوره بە زمانی منالان؛ ٢) خواردنی شیرین بە شێوەی پچوکان؛ ٣) سورێچکە، قورقوراگه: (دەستی دە بینه قاقەی تابو دەیخنکاند) ف ١) برادربزرگ به زبان کودکانه؛ ٢) شیرینی در گویش بچگانه؛ ٣) بیخ گلو، سرخنای.

قاقەز: قاغز ف کاغذ.

قاقەزێن: کایه بە پەڕی پاسوڕ کردن ف بازی با ورق.

قاقی: داڵگۆشت و لاوازی کورتەبالا ف لاغر کوتاه‌قد.

قاقیشك: قاژۆ ف زاغچه.

قاقیلۆك: تەختەساف، دەزوی لەسەر مقەبیا هەڵکراو ف گلوله نخ.

قاقیله: قاقی ف لاغر کوتاه‌قد.

قاگەز: قاغز ف کاغذ.

قال: ١) دەمەجاوێك بنێشت؛ ٢) چەقەچەق؛ ٣) باس، دوان؛ ٤) تێخوڵ و پرزەی دار؛ ٥) دەنگ و باسی ناو خەڵك ف ١) مقدار سقز به اندازهٔ یك بار جویدن؛ ٢) جنجال، هیاهو؛ ٣) بحث، گفتار؛ ٤) قشر و الیاف درخت؛ ٥) شایعه.

قاڵ: ١) تاواوه؛ ٢) لەکاردەرهاتگ، راهاتو له کار؛ ٣) تەجرەبەدیتو له ژیاندا؛ ٤) چەقەچەق؛ ٥) پۆش، چیلکە: (قرش و **قاڵ**)؛ ٦) باس، بەحس ف ١) گداخته، تفته؛ ٢) کارامد؛ ٣) تجربه‌دیده در زندگی؛ ٤) جنجال؛ ٥) خاشاك؛ ٦) بحث.

قالا: گوندێکە له کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف ازروستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

قالاخ: ١) دەوەی وشکەوه بوگ، تەپاڵە؛ ٢) قەلەڕەشە ف ١) تاپالهٔ خشك؛ ٢) کلاغ سیاه.

قالاخدان: دەوەلان ف انبار تاپاله.

قالاخی: پارچەیەکی رەشە، مادام ف نوعی پارچهٔ مشکی.

قالاخی‌پۆش: رەشپۆش، بریتی له تازیەدار ف مشکی‌پوش، کنایه از عزادار.

قالاس: گۆزەڵە یان کوندەی پچوك بۆ ئاو ف ظرف کوچك مخصوص نگهداری آب.

قالاغ: تەپاڵه، قالاخ ف تاپالهٔ خشك.

قالاغدان: قالاخدان ف انبار تاپاله.

قالان: شیربایی ف شیربها.

قالاو: قەلەڕەشە ف کلاغ سیاه.

قالاوبازەڵه: قشقەڕە، قەلەباچکە، قشقەڵە ف زاغچه.

قالاوەبۆڵینه: قەلەسابونی ف کلاغ خاکستری رنگ.

قالایی: کانزایەکی نەرمی سپیە مسی پێ سپی دەکەنەوه، قەلایی ف قلع، ارزیز.

قالب: ١) شتێ کە کانزای تاویاوی تێ دەڕێژن؛ ٢) جەستە،لەش،بەدەن؛ ٣) ژمارە بۆ دارژاوی تونـدەوەبوگ: (قالبه سابون، قالبه بەفر)؛ ٤) قوتو، دەفر بۆ شت تێدافرۆشتن: (قالبەشەمچه) ف ١) قالب ریخته‌گری؛ ٢) تن، بدن؛ ٣) واحد شمارش اشیاء در قالب ریخته؛ ٤) قوطی، جعبهٔ بسته‌بندی.

قاڵب: ١) قالب؛ ٢) زەوینێ که بۆ چەڵتوك چاندن راست کراوه ف ١) نگا: قالب؛ ٢) زمین آماده برای شالی.

قاڵبون: ١) توانەوه له سەر ئاگر؛ ٢) کارامەبون؛ ٣) تەجرەبەدیتن له ژیاندا ف ١) ذوب شدن بر آتش؛ ٢) کارآمدشدن؛ ٣) تجربه‌دیدن در زندگی.

قاڵتاخ: ١) دارێ که له زیندا دەکارکراوه؛ ٢) بریتی له پیری لەکارکەفتگ ف ١) قلتاق، چوب داخل زین؛ ٢) کنایه از پیر فرتوت و از کار افتاده.

قاڵتاغ: قاڵتاخ ف نگا: قاڵتاخ.

قالچغ: داسوکەی گوڵی وشکی خەله ف پر ز خوشهٔ غلّهٔ خشك.

قالدرمه: قادرمه ف نگا: قادرمه.

قالس: ١) جارز، قارس؛ ٢) تۆڕه ف ١) پکر؛ ٢) خشمناك.

قالشت: ١) تێکولی‌دار؛ ٢) تەلاشەدار، تەراش ف ١) پوست درخت؛ ٢) تکهٔ شکسته از درخت.

قالك: ١) قاشل؛ ٢) قوتوی چکۆله؛ ٣) قاپۆره‌فیشەك؛ ٤) قالب ف ١) پوسته؛ ٢) قوطی کوچك؛ ٣) پوکه؛ ٤) نگا: قالب.

قالماسك: بەرەقانی، قۆچەقانی، کەهنیك ف فلاخن.

قالماسکه: قالماسك ف فلاخن.

قالمەقال: چەقەوهەرا ف جنجال و هیاهو.

قالمەقالم: قالمەقال ف جنجال و هیاهو.

قالنگ: داری سەرخوار بۆ میوەچنین ف چوب سرخمیده دراز برای میوه‌چینی.

قالنی: عەرەبانەی لەدار ف ارابهٔ چوبی.

قالو: ناوی چەند دێیەکه ف نام چند روستا.

قالـۆ: بەرد یان خشتی لەسـەر ئاگر دانراو لەباتی سێڵ بۆ نان‌پێژان ف خشت یا سنگ برآتش به جای ساج.

قالوج: جۆرێ داسی پچوك ف نوعی داس کوچك.

قالـۆچـه: جانـەوەرێکـه چکـۆلـەی رەش چەنـد جۆره باڵیشی هەیه تیرەیەکیان ریخ گزمۆله دەکاو پاڵی دەدا، کێزك ف سوسك.

قالـۆر: ١) ساقـەتەگیای وشکی ئەستۆری ناوبەتاڵ، قاقۆ؛ ٢) ئێسکی لولاك ف ١) ساقه گیاه خشك کاوك؛ ٢) استخوان ساق.

قالۆره: قالۆر، ساقەتەگیای ناوەرۆك‌خاڵی ف ساقهٔ گیاه کاوك.

قالۆز: دارۆکەیەکه لە تەڵەکەورێشکدا ف چوبکی در تلهٔ خرگوش.

قالۆس: ناوی هەوایەکی گۆرانیه ف نام آهنگی است.

قالون: سەبیلەی کلك‌درێژ ف چپق دسته‌دراز.

قالۆنچه: قالۆچه ف سوسك.

قالـه: ١)بـارەی بزن؛ ٢) سوکـەڵەناوی قادر ف ١) صدای بلندبز؛ ٢) مخفّف قادر.

قاڵه: چەقه، هەرا ف جنجال و هیاهو.

قاڵەقاڵ: چەقەو هەرای زۆر ف جنجال و غوغای زیاد.

قاڵەقنگ: باسکلاو، کلاوبن ف پیل گوشك، برگ ریواس.

قالەك: تاویاوەی زێڕ و زیو ف گداختهٔ زر و سیم.

قالەن: ستۆر، ئەستۆر، قەبه، بەگرتك ف ستبر.

قالی: ١) کارامەیی؛ ٢) مافۆره ف ١) مهارت؛ ٢) قالی، فرش.

قالی‌جۆ: دوگوندی کوردستان بەم ناوه بەعسی کاولی کردوه ف دوروستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.

قالیچه: مافۆری پچوك ف قالیچه.

قالیچه: قالیچه ف قالیچه.

قام: ١) گۆرانی؛ ٢) ئالی، لام؛ ٣) ناکار؛ ٤) بڵندایی باڵای بنیادەم؛ ٥) دەرفـەت؛ ٦) وزه، هێزو توانـا؛ ٧) لەبیچم و تەحـرا وەك یەك ف ١) ترانـه، آهنـگ؛ ٢) طرف؛ ٣) روش؛ ٤) بلنـدی قامت انسـان؛ ٥) فرصت؛ ٦) توان؛ ٧) شباهت.

قامبێژ: گۆرانی‌بێژ ف ترانه‌خوان.

قامچ: دەرفەتی وەدەست‌کەوتن ف فرصت دسترسی.

قامچۆر: سەرژمێری ماڵات بۆ ماڵیات ف سرشماری دام برای اخذ مالیات.

قامچۆرچی: پۆشانەوەرگر بۆ دەوڵەت ف مالیات بگیر.

قامچی: ١) تازیانه، شەلاخ؛ ٢) گۆرانی‌زان ف ١) تازیانه؛ ٢) ماهر در ترانه‌خوانی.

قامخـۆش: ١) کەسێ یان شتێ که به سانـایی دەس دەکـەوێ؛ ٢) رەوشت‌باش و پەسنـد ف ١) آسـان‌یاب، سهـل‌الوصول؛ ٢) دارای اخلاق نیکو.

قامر: ئەو نەیه زراقه که دەکرێته قەڵەم ف نوعی نی باریك که از آن قلم سازند.

قامك: ١) ئەنگوست، تبل، تلی؛ ٢) گەی تبل؛ ٣) چەندداری‌بەپەنجەره دەچەرخی گاریدا ف ١) انگشت؛ ٢) بند انگشت؛ ٣) پره‌های چرخ گاری.

قامکرن: پێوانی درێژایی‌و قوڵایی ف اندازه‌گیری طول و عمق.

قامکەوانه: ئەوچەرمەی که قامکی تێ دەکەن بۆ دروێنه یان کاری‌تر ف انگشتانهٔ چرمی.

قام‌نەخۆش: ناپەسند، رۆگرژ، نەگونجاو ف ناباب در دوستی.

قامۆس: فەرهەنگ، وشەدان ف لغتنامه.

قامۆش: چیتك ف نی.

قاموقلافەت: بەژن زراوی جوان‌چاك ف زیبای باریك اندام.

قامیش: ١) چیتك؛ ٢) گوندێکی کوردستانه بەعسی کاولی کرد ف ١) نی؛ ٢) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قامیشان: گوندێکی کوردستانه بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قامیش‌بەند: چیغی له قامیش ف چیغ ازنی.

قامیشلی: ناوچەو شارێکه له کوردستان ف منطقه وشهری در کردستان.

قامیشه: لەو گوندانەی کوردستانه که بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

قامیشەلان: شوێنێ که زۆری قامیش لێ ڕواوه ف نیزار.

قامیشەلێن: قامیشەلان ف نیزار.

قامیشی‌پاشا: گوندێکی کوردستانه بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قان: ١) دەرفـەت بۆ دوبـارەبـازی کردن: (قانم بده ئەم جارەش)؛ ٢) خوێن‌بایی؛ ٣) تۆری ناوپۆك؛ ٤) خاڵی رو، نیشان ف ١)مهلت بازی به بازنده؛ ٢) خونبها؛ ٣) ترب‌پوکیده؛ ٤) خال صورت.

قاناو: دێراوی باغ ف جوی آبیاری باغ.

قانتر: ئێستر، قاتر ف استر.

قانتـەره: گونـدێکی کوردستانه بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قانج: باش، بەدڵ ف خوب، پسند.
قانجاز: بەهرە، سوُد، قازانج ف سود.
قانچە: سوانە، سوانگە ف لبهٔ بام.
قانح: رازی ف قانع.
قاندن: کوڵین: (عەرزەکەی هەڵقاند) ف کندن.
قاندەلیك: دەفری ڕۆنوماستی بەردەستان ف ظرف وردست در آشپزخانە.
قانزاج: قازانج ف سود.
قانع: قانح ف قانع.
قانك: قەڵماسك، قوچەکانی، بەرەقانی ف فلاخن.
قانگ: ۱) دوُکەڵ، دوُ؛ ۲) ئەسپەندەر؛ ۳) قان، دەرفەت بوّ دوبارە بازی کردن؛ ۴) تربی ناوپوُك؛ ۵) دەنگی خوّندنی دوزنا ف ۱) دود؛ ۲) گیاه اسپند؛ ۳) مهلت به بازیگر بازنده؛ ۴) ترب پوکیده؛ ۵) صدای خواندن دُرنا.
قانگدان: ۱) بە دوُکەڵ دەرکردن؛ ۲) موّڵەتی دوبارەدان بە بازی کەر ف ۱) با دود بیرون کردن؛ ۲) مهلت دوباره به بازیگر.
قانگڵە: کوّمەڵەبەنێ کە لە نێوان قامکی گەورەو توّتەدا هەڵ دەکرێ ف کلاف نخ برهم پیچیده درمیان دو انگشت باز.
قانگڵەسوێنە: قاقڵەسوێنە ف نگا: قاقڵەسوێنە.
قانگە: ۱) خەنـدەکی بنـاغـەی خانـو؛ ۲) سەبیلەی کلكدرێژ ف ۱) شالوده، اساس؛ ۲) چپق دستەدراز.
قانگەلاش: بنەکەنگری وشکی بابردە ف بتە کنگرخشك بادبردە.
قانگەلاشك: قانگەلاش ف نگا: قانگەلاش.
قانگەڵە: قانگڵە ف نگا: قانگڵە.
قانوُن: ۱) ڕێو شوێنی ناو کوّمەڵ؛ ۲) ئامرازێکی موسیقا ف ۱) قانون؛ ۲) از آلات موسیقی.
قانە: ۱) دێراوەڕەز؛ ۲) توێ قوماش لە توّپەقوماش‌دا؛ ۳) گەزی پێوان ف ۱) جوب تاکستان؛ ۲) لایەهای پارچه در توپ پارچه؛ ۳) زرع قماش پیمایی.
قانەقدی: ختوُکە ف غلغلك.
قانەقدیکە: ختوُکە ف غلغلك.
قانەقدیلکە: ختوُکە ف غلغلك.
قانەمێو: دێراوەڕەز ف جوب تاکستان.
قانی: پەڵە، لەککە ف لکه.
قانیك: شتێ کە ئەیجاون، چەققە، جاچك ف جویدنی، *مانند آدامس و غیره*.
قاو: ۱) پوُشوُی دار؛ ۲) دەنگی بەرز؛ ۳) ئیشـاعـە، خەبەرێ کە دەناو حەشـامات‌دا بڵاو بوّتەوە؛ ۴) شەپ، شەق؛ ۵) دەفری شێوتێکردن، قاپ؛ ۶) پاژنەی تفەنگ، قوّنداخ؛ ۷) شەقاو ف ۱) پده؛ ۲) صدای بلند؛ ۳) شایعە؛ ۴) تیپا؛ ۵) ظرف غذاخوری؛ ۶) پاشنهٔ تفنگ؛ ۷) گام.
قاوت: ئاردی دەخڵی برژاو ف قاووت.

قاوتاندن: دەرکردن بە گوڕەو هەراوە ف بیرون راندن با صدا و جنجال.
قاوخ: ۱) قاقل؛ ۲) قاپوّڕ ف ۱) پوستهٔ تخم پرنده؛ ۲) پوکه.
قاوداخستن: ئیشاعەبڵاوکردنەوە ف شایعەپراکنی.
قاوداکەوتن: دەنگوّ،ئیشاعە بڵاوبوُنەوە ف شایعەپراکندەشدن.
قاودان: ۱) دەرکردن بە هەراهەرا؛ ۲) شەق‌تێ‌هەڵدان ف ۱) هوکردن؛ ۲) تیپازدن.
قاوڕ: قاپوّڕ ف پوکە.
قاورمە: گوّشتی سوُرەوەکراوی دەناودەفرخراوی هەڵگیراو ف قرمە.
قاورمەسەوزی: خوّرشتی گوشت و سەوزی ف قرمەسبزی.
قاوش: شوێنی نوستنی بەکوّمەڵ ف خوابگاه دستەجمعی.
قاوشان: ناوچەیەکە لە کوردستان ف ناحیه‌ای در کردستان.
قاوغ: قاپوّڕ ف پوکە.
قاوکردن: ۱) بانگ‌کردن؛ ۲) بە چەقەو هەرا وەدەرنان ف **۱) صدازدن؛** ۲) با سر وصداراندن، هوکردن.
قاوکوڵ: جوّرێ تفەنگی پاژنەکورت ف نوعی تفنگ.
قاوڵەمە: ۱) قابڵەمە؛ ۲) برێتی لە خوّراکێ کە دەیبەن لە دەشت دەیخوّن ف ۱) قابلمه؛ ۲) کنایەاز غذای پیك نیك.
قاون: ۱) قاوخ؛ ۲) گندوّرە، کاڵەك، قاربوز ف ۱) پوکه؛ ۲) خربزه.
قاوُت: توّشەی ڕێبوار، تیشەی سەفەر ف توشهٔ راه.
قاووقریشك: زەنازەنا ف همهمه و جنجال.
قاووقوُ: قاووقریشك ف همهمه و جنجال.
قاووقیژ: قاووقریشك ف همهمه و جنجال.
قاوە: بەری دارێکە لە دەنکە جوّ درشت‌تر بە ڕەنگی زەیتوُنی بوّی دەدەن و دەیهـاڕن و لە ئاودا دەیکـوڵێنن و دەیخـوّنـەوە دارەکـەی لە یەمـەن و حەبەشەو بەرازیل دەڕوێ ف قهوە.
قاوەبرێژ: دەفری قاوەتێدابرژاندن ف ظرف قهوەبودادن.
قاوەتوُن: ۱) تاشت؛ ۲) تاشتی ف ۱) چاشت؛ ۲) صبحانه.
قاوەتی: ۱) قاوەتوُن؛ ۲) فراوین ف ۱) صبحانه؛ ۲) ناهار.
قاوەجاغ: تفك، کوانو ف اجاق.
قاوەجوّش: دەڵلە، دەفری قاوەتێداکوڵاندن ف قهوەجوش.
قاوەچی: ۱) کەسێ کە پیشـەی قاوەسـازکـردنـە؛ ۲) چایچی ف ۱)قهوەچی؛ ۲) چای‌پز، چایچی.
قاوەخـانە: ۱) دوکانی قاوەی کوڵاو فروّشتن؛ ۲) دوکانی چای لێندراو فروّشتن ف ۱) قهوەخانه؛ ۲) چایخانه.
قاوەسینی: سینی پچوُك ف سینی کوچك.
قاوەقاو: زەنازەنا ف سر وصدا، همهمه.
قاوەلـتی: ۱) نێوانی بەیانی و نیمـەڕوّ؛ ۲) نانی بەیانی، تاشت ف ۱) چاشت‌هنگام؛ ۲) صبحانه.
قاوەلتی‌کردن: نانی بەیانی خواردن ف صبحانەخوردن.
قاوەیی: ڕەشی ئاماڵ‌سوُر ف رنگ قهوه‌ای.
قاویت: قاوت ف قاووت.
قاویچ: جاوینەوەی پەڵخوڕ ف نشخوار.

قاویر: کەمە، کەمەیی، کەللەبێژنگو هێلەك ف چنبر غربال و الك.
قاویش: ١) قاویچ؛ ٢) چەرمی دەباغدراوی رەنگکراو ف ١) نشخوار؛ ٢) نوعی چرم.
قاهیم: پەیت، خۆگر، قایم ف محکم.
قای: وشەی پرسیار،ئەی چۆن؟، کەوابو؟، کەوایە؟ ف پس چطور؟
قایخ: بەلەم، لۆتکە ف قایق.
قایخەوان: بەلەمئاژۆ ف قایقران.
قایغ: قایخ ف قایق.
قایغەوان: قایخەوان ف قایقران.
قایش: ١) چەرمی رەنـگکراو؛ ٢) تاڵقـەچـەرمێ کە هەوجاڕو نیرلێك دەبەستێ؛ ٣) کێشەو هەرای ناحەزانە ف ١) چرم ورنی زده؛ ٢) رابط میان خیش و یوغ؛ ٣) دادوقال.
قایل: رازی ف راضی.
قایل کردن: ١) هێنـانەرەدایە؛ ٢) تاوکردن ف ١)راضی کردن؛ ٢) آماده کردن برای ازدواج.
قایل کرن: قایل کردن ف نگا: قایل کردن.
قایم: ١) قاعیم، توند، پتەو؛ ٢) شاراوە: (ماڵەکەم لە شوێنێ قایم کرد) ف ١) محکم؛ ٢) پنهان شده.
قایمسنجە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
قایمکار: بەمشوور ف مدبّر.
قایمکاری: مشوورخواردن لە کەلوپەلو بژیو ف محکم کاری.
قایم کردن: ١) تونـدکردن، پتەوکردن؛ ٢) داخستن بۆ دەرکو پەنجەرەو قفـڵ؛ ٣) شاردنەوە ف ١) سفت و محکم کردن؛ ٢) بستن در و قفل و...؛ ٣) پنهان کردن.
قایمـە: ١) داربەستی دارەمێو؛ ٢) شێراوە بۆ رۆژی خۆی؛ ٣) نەدۆڕان‌و نەبـردنەوە لە دامەدا؛ ٤) پتەوە، توندە ف ١) داربست تاك؛ ٢) نهفته برای روز مبادا؛ ٣) نتیجهٔ مساوی در بازی داما؛ ٤) محکم است.
قایمە کاری: قایمکاری ف محکم کاری.
قایمی: توندی، پتەوی ف استواری، سفتی.
قاینجـە: گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
قایە: پەناگا، ئەنوا ف پناهگاه.
قایەخ: بەلەم، لۆتکە ف قایق.
قایەر: سووکەناوی قادر ف مخفف نام قادر.
قبراخ: ناوبژی، ئەوی دوکەس لە سەر مەبەستێ پێکدێنێ ف میانجی.
قبوڵ: پێرازی ف قبول.
قبـوڵـی: ١) شێوی برنـجـی نەپـاڵـێوراو، پلاوی بێپالاّفـتـن؛ ٢) بانگهێشتنی خەڵك ف ١) دمپخت؛ ٢) مهمانی.
قبـەقب: دەنگی خوێـندنی کەو، دەنگی بانـگ کردنی ژەرەژ ف صدای خواندن کبك.
قپ: بێدەنگی، دەگەڵ قڕ دێژن: (قڕو قپ) ف خاموشی، بی صدایی.

قت: ١) فت، دەراویشتن لە ڕیز؛ ٢) کەمـوسکە، تۆزقاڵ، پیچەك ف ١) حذف؛ ٢) بسیار اندك.
قتـاو: ١) پەڕاو، کتێب، کدێب؛ ٢) درزخـوێنی فێرگە ف ١) کتاب؛ ٢) شاگرد مدرسه.
قتاوخان: ١) عەماری پەڕاوان؛ ٢) فێرگە ف ١) کتابخانه؛ ٢) آموزشگاه.
قتاوخانە: قتاوخان ف نگا: قتاوخان.
قتاوی: زارۆکی فێرگە ف شاگرد دبستان.
قتك: ١) کورکور، قەتێ؛ ٢) جۆرێ خەیار ف ١) پرندهٔ سنگخواره؛ ٢) نوعی خیار.
قتـلاب: کەڤۆت، کەۆت، کەبۆت، دارێکی لێرەواری سەختە ف نوعی چوب محکم.
قتوت: ١) داگیر؛ ٢) داگیرکردن ف ١) غصب؛ ٢) غصب کردن.
قت‌وفت: جرت‌و فرت ف جنب وجوش دائمی.
قتی: ترۆزی، چەمیلە ف خیار چمبر.
قجی: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ، پێمریشکە ف گیاهی است دارویی.
قجیاوا: ناوی گوندێکە لە لای مەهاباد ف نام روستایی است.
قجیلك: قامکەتوتە ف انگشت کوچك.
قجیلە: ١) قجی؛ ٢) جۆرێ کلۆ ف ١) نگا: قجی؛ ٢) نوعی ملخ.
قچ: ١) فرزەندی مێوینە، دۆت؛ ٢) ئەژنۆ؛ ٣) پۆزو بەلەك؛ ٤) ددان‌گڕ، کەسێ کە لێوی کورتەو ددانی دیارە؛ ٥) لەسەرهەست ف ١) دختر؛ ٢) زانو؛ ٣) ساق پا؛ ٤) شخص دندان آشکار؛ ٥) حسّاس.
قچقچاندن: چۆقاندنی ڕۆن، هەڵگزاندنی دۆگ ف گداختن روغن یا دُنبه برآتش.
قچك: بچۆك، چکولۆکە، بیچکەلانە، بوچکەلە ف کوچولو.
قخ: وشەیەکە بە منالی دەڵێن واتا: پیس ف کلمهٔ تحذیر بچه بمعنی پلید، اخ.
قخخە: قخ ف نگا: قخ.
قخە: قخ ف نگا: قخ.
قد: دەنگی مریشك بۆ بانگ‌کردنی جوچکە ف صدای مرغ، قُدقُد.
قدقد: قدی لەسەر یەك ف قدقد مرغ.
قدقدانك: ختوکە ف غلغلك.
قدۆش: بەدۆدم، پێڕەش، شوم ف نحس، شوم.
قدۆشی: ناکارو کردەی قدۆش ف شومی، بدقدمی.
قدوم: هێزی ئەژنۆ: (لەترسا قدومم لێ شکا) ف ناى راه رفتن، قدرت حرکت.
قدیك: دڵتەنگ، خەمبار ف دلتنگ.
قدیکە: ختوکە ف غلغلك.
قدیلکانێ: ختوکە ف غلغلك.
قدیلکە: ختوکە ف غلغلك.
قدیلە: ختوکە ف غلغلك.
قڕ: ١) ئاسەوار بڕانەوە، مردنی هەموانی؛ ٢) خویس، خۆس؛ ٣) سەرما؛ ٤) بێدەنگی: (قڕو قپ)؛ ٥) دەنگی زلی باڵدار: (نەقڕ نەفڕ)؛ ٦) ناز،

دەگەڵ نیمقڕ دەگوترێ: (قڕو نیمقڕ دەکا) ف ١) مرگ همەگیر؛ ٢) پژ، سرماریزە؛ ٣) سرما؛ ٤) خاموش؛ ٥) صدای بم پرندە؛ ٦) ناز.

قراج: قاقڕ، زەوی ڕووتەن ف زمین لخت از گیاه، لم یزرع.

قراخ: قەراغ، کەنار ف کنار.

قڕاڕک: قالاو ف کلاغ.

قڕاش: ١) قاش لە میوە؛ ٢) لەت، پارچە ف ١) قاچ، برش از میوە؛ ٢) پارە.

قڕاشقڕاش: لەتلەت، پارچەپارچە ف پارەپارە.

قڕاف: خوسار، سیخوار ف سرماریزە، پژ.

قڕاقڕ: زەنازەنا ف سروصدا.

قڕاك: قالاو، قالاخ ف غراب، کلاغ.

قڕاکە: کاسەڵەشینکە، مەلێکی کەسکە ف پرندۀ سبزقبا.

قڕاڵ: پاتشا ف پادشاه.

قراڵی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

قڕاڵی: گوێزی گنخاوی تێکوڵ ترینجاو بەدارەوە ف گردوی فاسدشدۀ خشکیدە بر درخت.

قرام: گیایەکە پرزەی دەهۆننەوە ف گیاهی الیافی.

قڕان: ١) قڕکردن، مردنی بەکۆمەڵ؛ ٢) دەنگی قالاو؛ ٣) پارەیەکی ئێران بەرانبەری بیستشایی ف ١) مرگ ومیر؛ ٢) آواز کلاغ؛ ٣) واحدپول، قران.

قڕاندن: ١) خوێندنی قالاو؛ ٢) بریتی لە نوخشانەی خراپ لێدان؛ ٣) ناوکردنە سەهۆڵ ف ١) قارقارکردن کلاغ؛ ٢) فال بد زدن؛ ٣) منجمدکردن.

قڕانگە: جێگەی بقە، شوێنی خەتەر ف مهلکە.

قڕانن: قڕاندن ف نگا: قڕاندن.

قڕباق: بۆق، بەق ف قورباغە.

قڕبۆز: سەروڕیش تێکەڵاو لە موی سپی و ڕەش ف مو جوگندمی.

قڕبۆق: قڕباق، بۆق، بەق ف قورباغە.

قڕبوون: ١) تێکڕامردن؛ ٢) خنکان بەبۆی گەن یان دوکەڵ ف ١) مرگ همگانی؛ ٢) خفگی از بوی بد یا دود.

قربیجە: گیایەکی دەشتییە ف گیاهی است صحرایی.

قرپ: ١) دەنگێ کە لە تێری لە گەروو دێ؛ ٢) تاڵان؛ ٣) لە ناوچوون؛ ٤) بڕین بە یەك تەورلێدان؛ ٥) پەرتاوتن؛ ٦) دەسکەنە؛ ٧) بڕەدارێك؛ ٨) پڕپێداکردن: (قرپاندیو چو) ف ١) آروغ؛ ٢) تاراج؛ ٣) از بین رفتن؛ ٤) قطع با یك ضربە؛ ٥) هرس؛ ٦) دروبادست؛ ٧) دستەای هیزم؛ ٨) قاپیدن.

قرپاڵ: جلکی ڕزیوی هەلاهەلابوی خێرپێوەنەماگ، قەرپاڵ ف لباس مندرس.

قرپاندن: ١) پەرتاوتن، داپاچین؛ ٢) پڕپێداکردن ف ١) هرس کردن؛ ٢) قاپیدن.

قرپك: قرپۆك ف نگا: قرپۆك.

قرپنە: چکۆڵەی خڕەکە، خرپن ف کوچولوی چاق، تپل.

قرپۆ: خوێڕیو بێکارە ف بیکارۀ ولگرد.

قرپۆك: ١) قرپۆ؛ ٢) وشکەهەلاتوی مێوژ؛ ٣) بێنرخ، ئەیاغ ف ١) نگا: قرپۆ؛ ٢) مویز خشکیدە؛ ٣) بنجل.

قڕپۆك: ١) قڕباق؛ ٢) قرپۆك ف ١) قورباغە؛ ٢) نگا: قرپۆك.

قرپۆڵ: ١) ئەیاغ؛ ٢) مێوژی وشکەهەلاتو ف ١) بنجل؛ ٢) مویز خشکیدە.

قرپە: ١) دەنگ لەگەروهاتن لە تێری، قورقێنە؛ ٢) دەنگی شکانی ئێزنگ ف ١) آروغ؛ ٢) صدای شکستن هیزم.

قرپین: دەنگی شکانی ئێزنگ، قرپە ف صدای شکستن هیزم.

قڕپێوەربوون: قڕبوون ف بە مرگ عمومی مبتلا شدن.

قرت: ١) ئاخرپاژ لە شتێ: (هەموی خوارد قرتی لێ بڕی)؛ ٢) بنیادەمی جلف و بلح؛ ٣) دەنگی مریشك، قد؛ ٣) دەنگی بەددان لەتکردن: (بەنەکەم قرتاند، تۆمم قرتاند) ف ١) قسمت آخر، آخرین موجودی؛ ٢) هرزه، قرتی؛ ٣) صدای مرغ، قد؛ ٤) صدای شکستن و گسستن با دندان.

قرتاڵ: تریان ف سبد میوەچینی.

قرتاڵە: قرتاڵ ف سبد میوەچینی.

قرتان: ١) پسان بە ددان و تۆرتۆ؛ ٢) تروکان بە ددان ف ١) گسستەشدن با دندان و قیچی؛ ٢) شکستەشدن تخمە با دندان.

قرتاندن: ١) بە ددان یا تۆرتۆ لەتکردن؛ ٢) ترۆکاندن ف ١) با دندان یا قیچی قطع کردن؛ ٢) شکستن تخمە با دندان.

قرتانن: قرتاندن ف نگا: قرتاندن.

قرتك: ١) دڵتێکەڵهاتن؛ ٢) بۆنی ناخۆشی گران؛ ٣) دوامینپاژ ف ١) دل بهم آمدن؛ ٢) بوی تند گند؛ ٣) آخرین جزء از خوراك و...

قرت کردن: خشتکردن، ڕێكبڕین: (پەرچوکەی بە قەیچی **قرت کرد**) ف صاف و راست بریدن.

قرتکە: قرت، دوامین پاژ ف آخرین جزء.

قرتم: ١) بێفلی فیل؛ ٢) داسی درێژ، مەلەغان ف ١) خرطوم؛ ٢) داس بلند.

قرتماخە: ١) توێژ؛ ٢) پترۆك ف ١) پردۀ نازك روی شیر و ماست؛ ٢) خشك ریشۀ زخم.

قرتماغە: قرتماخە ف نگا: قرتماخە.

قرتن: بریتی لە ڕژد، چرۆك، چنۆك، چکوس، ڕەزیل ف کنایە از خسیس.

قرتە: ١) دەنگی مریشکی کورك؛ ٢) نیرەو مێوە لە جیاتی بشکۆژ؛ ٣) پچوکترینپاژ ف ١) صدای مرغ کرچ؛ ٢) منگنە؛ ٣) کمترین جزء.

قرتەقرت: دەنگی مریشکی کورك، قرتەی زۆر ف صدای پیاپی مرغ کرچ.

قرتی: قرت، جلف، بلح ف آدم هرزه، قرتی.

قرتیان: ١) بەددانپسان، قرتان؛ ٢) پسان ف ١) با دندان گسستەشدن؛ ٢) پارە شدن، بریدە شدن.

قرتێکەوتن: قڕپێوەربوون ف بەمرگ عمومی مبتلاشدن.

قرتیل: کای درشتی بەرماوی حەیوان ف کاه درشت پس‌ماندهٔ حیوان.

قرتین: قرتان ف نگا: قرتان.

قرتێن: جانەوەرێ کە بە ددان شت دە قرتێنێ: (مشك بەن قرتێنە) ف هر جانوری که از تیرهٔ جوندگان است.

قرتێنکە: ١) نێرەو مێوە لەباتی دوگمە؛ ٢) جێگەی بڕین لە سەربڕینی مەلدا ف ١) منگنه؛ ٢) جای بریدن در گلوی پرنده.

قرتێنــە: ١) نێرەو مێوە لەباتی دوگمە؛ ٢) شتێ کە نوکی قەڵەم قامیشی لەسەر دەقرتێنن ف ١) منگنه؛ ٢) جسم سختی که برای قطعه‌زدن قلم نی استفاده میشود.

قرچ: ١) دەنگی توانــەوەی رۆن لەسـەر ئاگر؛ ٢) توانەوەی رۆن لەسەر ئاگر؛ ٣) جرچ و ترنجاو لە سوتانەوە؛ ٤) وشەیەکە لە بازی کەلاییندا؛ ٥) گەرمای زۆر؛ ٦) دەنگی سوتانی چیلکەو نێزنگ ف ١) صدای داغ کردن روغـــن؛ ٢) داغ شدن روغـــن بر آتش؛ ٣) چروك شدن از سوختگی؛ ٤) اصـطلاحی درتیله‌بازی؛ ٥) گرمای شدید؛ ٦) صدای سوختن هیزم.

قرچان: توانەوەی رۆن لەسەر ئاگر ف گداختن روغن بر آتش.

قرچاندن: ١) تواندنەوەی رۆن لەسەر ئاگر؛ ٢) چرچ‌ولۆچ کردن ف ١) داغ کردن روغن؛ ٢) چروك کردن.

قرچانن: قرچاندن ف نگا: قرچاندن.

قرچاننـەوە: برژاندنەوە، دەرمان‌کردن بۆ خوێن‌وەستان ف دواگذاشتن برای قطع خونریزی.

قرچانەوە: برژانەوە، ژانی جێ‌برین ف سوزش و درد زخم.

قرچـاو: ١) رۆنی داغ‌کراو؛ ٢) چرچ‌هەڵگـەڕاو لە سوتـان ف ١) روغن گداخته؛ ٢) چین و چروك خورده از سوختگی.

قرچ‌قرچ: سیرە سیرێ لە ددانەوەهاتن ف صدای به هم سابیده شدن دندانها.

قرچك: قۆڵەکراس، ئانگوچك ف آستین.

قرچ‌وبرێژ: دەنگی برژانی گۆشت ف صدای بریان شدن گوشت.

قرچۆك: ١) رژد، رەزیل؛ ٢) داوێ کە زۆ دەپسێ، پسۆك ف ١) خسیس؛ ٢) نخ زودگسل.

قرچۆڵ: قرچاو، چرچو ترینجاو لە سوتان ف چین و چروك شده از سوختگی.

قرچۆڵە: قرچۆڵ ف نگا: قرچۆڵ.

قرچوهۆڕ: دەنگی سوتانی چەوری لەسەر ئاگر ف سروصدای چربی بر آتش.

قرچـە: ١) دەنگی رۆنی سەر ئاگر؛ ٢) دەنگی خوێ سوتـان؛ ٣) دەنگی پشکـوتن و تەقینی برێشکـە لەسـەر ساج؛ ٤) دەنگی شکـانی دارو نێسك؛ ٥) تەقەی پشت و قامك لە کێشان و کشاندا: (**قرچە** لە پشتمەوە هات، قامکم کێشـا **قرچـەی** هات)؛ ٦) تەوژمی گەرما: (بەم **قرچەی** هاوینـە)؛ ٧) دەنگی دەمی داس لە دروێنـەی خەلـەدا؛ ٨) کلۆش، لاسکی خەلە ف ١) صدای روغن گداخته؛ ٢) صدای سوختن نمك؛ ٣) صدای بریان شدن غلات؛ ٤) صدای شکستن چوب و استخوان؛ ٥) صدای کشش ستون فقرات، و بند انگشتان؛ ٦) شدّت گرما؛ ٧) صدای داس در حین درو؛ ٨) ساقهٔ غلّه.

قرچــەشکێن: تازە بەرپێ‌خستنی کلۆش کە دەشکێ و نەکوتـراوە ف نیمکوب ساقه‌های غلّه در خرمن کوبی.

قرچەقرچ: قرچەی زۆر ف «قرچه» بسیار.

قرچەلۆك: ژنی لاوازو رەقەڵە ف زن لاغر مردنی.

قرچ‌هەڵاتن: چرچ‌ولۆچ بوونی پێست لەسوتانەوە ف چین و چروك شدن پوست از سوختگی.

قرچیان: ١) قرچ‌هەڵاتن؛ ٢) داغ بوونی رۆن لەسەر ئاگر ف ١) نگا: قرچ هەڵاتن؛ ٢) گداختن روغن بر آتش.

قرچینۆك: یەکەم بەری هەنجیر کە دەوەرێ ف اوّلین محصول انجیر.

قرخ: ١) داڵگۆشت، لەڕ، لەجەر؛ ٢) ئاوی گەنیوی راوەستاو؛ ٣) دەفری سواڵــەتی کۆنی سواو؛ ٤) خوری و مۆی کورت کە درێژ نابێت؛ ٥) مۆی قرتاو؛ ٦) دەنگی گەروو لە نەخۆشینەوە ف ١) لاغر؛ ٢) آب راکد گندیده؛ ٣) سفـال کهنـه و ساییده؛ ٤) موی و پشم کوتاه که رشد نمی‌کند؛ ٥) موی کوتاه شده؛ ٦) صدای خرخر گلو در اثر بیماری.

قرخاندن: ١) تاشینی مۆی سەر؛ ٢) هەڵپەرتاوتن ف ١) تراشیدن موی سر؛ ٢) هرس کردن درخت.

قرخ کردن: ١) تاشینی مۆ لەبنڕا؛ ٢) هەڵپەرتاوتنی دار ف ١) زدن مو از بیخ؛ ٢) هرس کردن درخت.

قرخن: ١) کەسێ کە لە پیری یان نەخـــۆشی خرە لە گەرووی دێت؛ ٢) لاواز؛ ٣) خوری و مۆی خراپ کە بۆ رستن ناشێ ف ١) کسی که در اثر پیری یا بیماری خرخرکند؛ ٢) لاغرمردنی؛ ٣) پشم نامرغوب.

قرخنە: قرخن ف نگا: قرخن.

قرخۆ: نێری قرخن ف پیرمردی که گلویش خرخر کند.

قرخۆڵ: داڵگۆشتی سیس و پیس ف لاغر پژمرده.

قرخۆڵە: قرخۆڵی چکۆڵە ف لاغر پژولیدهٔ کوچك.

قرخە: خرخرێ گەروو لە نەخۆشی و پیری ف خرخر گلو از پیری و بیماری.

قرخەقرخ: قرخەی زۆر: (پیرە هەر **قرخەقرخیەتی**) ف خرخر پیاپی.

قرخەمەرەزێ: ١) خۆگرتن و نەسازان؛ ٢) قرخەمەرەسێ؛ ٣) کەم‌تۆك ف ١) ناهماهنگی و مخالفت؛ ٢) نگا: قرخەمەرەسێ؛ ٣) کم مو.

قرخـەمـەرەسێ: خۆ لەزەوی تونـدکـردن کە نەتوانن راستی کەنەوە، جۆرێ کایە ف نوعی بازی که در آن خود را به زمین می‌چسبانند که کسی نتواند بلند کند.

قرخێنە: قرقێنە، قورقێنە، قرپ ف آروغ.

قرد: ئەستێور ف سترون، نازا.

قردان: قنگ‌بادان ف قردادن.

قردك: کۆسە، کەسێ کە بۆ گاڵتەو نومایش شکڵی‌خۆی دەگۆڕێ ف دلقك.

قردێلە: پارچەی باریك بۆ سەروپرچ بەستن ف روبان گیسوبند.

قرّە: قرە ف نگا: قرە.

قرژ: ١) پەنجەی لێك بڵاوی سەرچەمیاو: (چنگی **قرژ** کردبوُ)؛ ٢) کوڵینی لەزەبر: (ئاوەکە **قرژ قرژ** دەکوڵێ)؛ ٣) لێك هاڵانی موُ ف ١) انگشتان چنگك مانند؛ ٢) جوشیدن شدید، غلیان؛ ٣) درهم پیچیدگی مو.

قرژاڵ: ١) قارژنگ؛ ٢) برجێکە لە عاسمان ف ١) خرچنگ؛ ٢) برج سرطان.

قرژاڵبـڕ: گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قرژاڵە: ١) نەخۆشی شێرپەنجە؛ ٢) قرژە، جۆرێ بەری دارمازو ف ١) بیماری سرطان؛ ٢) نوعی ثمر مازوج.

قرژانك: ژاڵە، لوُڕك ف خرزهره.

قرژانگ: قرژاڵ، قارژنگ ف خرچنگ.

قرژە: ١) نەخۆشی شێرپەنجە، قرژاڵە؛ ٢) جۆرێ بەری دارمازوُ ف ١) بیماری سرطان؛ ٢) نوعی ثمر مازوج.

قرس: خەمڵ، بەراورد ف براورد.

قرســـان: ١) بەراوردکـــردن، خەمـڵانـدن؛ ٢) بەزۆر تێئاخنین ف ١) براوردکردن؛ ٢) بافشار انباشتن.

قرساندن: قرسان ف نگا: قرسان.

قرساو: ١) خەملاو، بەراوردکراو؛ ٢) تێئاخندراو ف ١) ارزیابی شده؛ ٢) انباشته با فشار.

قرسیل: ١) لاسکـەدەخڵی سەوز؛ ٢) سەمـەل، بەرمـاوی لەوەڕ ف ١) ساقەهای سبز غلّه؛ ٢) پس‌ماندهٔ چرای دام.

قرش: چڵەکا، گیای بابردەڵە؛ ٢) پوُڵەکەماسی؛ ٣) لکی شکاوی وشك ف ١) پرکاه؛ ٢) فلس ماهی؛ ٣) شاخهٔ خشك شکسته.

قرشك: چیلکەو چاڵ، پڕوپوُش ف خس و خاشاك.

قرشماڵ: بێحەیا، بێشەرم ف بی‌شرم، دشنام زنانه.

قرش‌وقاڵ: پڕوپوُش ف خس و خاشاك.

قرشە: کلۆشی سەرخۆیان ف ساقەهای غلّه بر خرمن.

قرشی: بەڵمی هەرزن و چەڵتوك ف کاه ارزن و شالی.

قڕقڕاچکە: سورێنچکە ف خرخره.

قڕقڕاگە: سورێنچکە ف خرخره.

قڕقـڕتـوك: ١) سورێنچکـە؛ ٢) ئێسکی ناسك کە دایدەکرۆژن ف ١) خرخره؛ ٢) کرکرك، غضروف.

قڕقڕۆچکە: ستۆکورك، سورێنچکە، قڕقڕاگە ف خرخره.

قرقروُیچك: زەنگەلۆڕ، کرکراکە، کرۆچەنە ف غضروف، کرکرك.

قڕقڕە: غەڕغەڕەی دەزوُ لێپێچان ف قرقره.

قرقلتۆك: زەنگەلۆڕ ف غضروف، کرکرك.

قڕقینە: قرپ، دەنگی گەروُ لە تێری ف آروغ.

قڕك: ١) قالاو؛ ٢) خڕایی گەردن، گوێزەی ئەستۆ ف ١) کلاغ؛ ٢) سیب آدمی.

قڕکردن: لەبەین‌بردنی بەکۆمەڵ ف میراندن دستەجمعی، نابودکردن همگانی.

قڕکێش: نەخۆشیەکە لە گەرو دێت ف از بیماریهای گلو.

قڕگ: گەروُ، ستۆ لەناوەوە ف گلو.

قرگە: ١) بەرێکی‌دارمازو؛ ٢) گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف ١) نوعی ثمـر مازوج؛ ٢) از روستـاهـای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

قرم: ١) تێڕاخـوڕین؛ ٢) نیشتیا، ئارەزوُ: (قـرمی لێ خۆش کردوە)؛ ٣) تەقەی بەرکی چەك ف ١) نهیب؛ ٢) هوس، آرزو؛ ٣) صدای گلوله.

قرماندن: ١) تێڕاخوڕین؛ ٢) تەقە لە چەکەوە هاتن ف ١) نهیب‌زدن؛ ٢) صدای گلوله.

قرمچ: ١) قرچانی پێست، چرچ هەڵگەڕان؛ ٢) لە ناو دەستا چرچ بوُن ف ١) چین‌خوردگی پوست، چروك؛ ٢) مچاله.

قرمچی: ١) قرچاو، هەڵقرچاو؛ ٢) لە ناو دەستا چرچ و ژاکاوبوُگ ف ١) چین خورده، چروکیده؛ ٢) مچاله‌شده.

قرمچین: ١) ترنجـانی پێسـت: ٢) لە ناو دەستا چرچ و لۆچ بوُن ف ١) چروکیدن پوست؛ ٢) مچاله‌شدن.

قرمز: ڕەنگی سوُری ئاچخ ف قرمز.

قرمزی: ١) قرمز؛ ٢) سوُری ف ١) قرمز؛ ٢) سرخی.

قرمژن: دەنگی تەقەی زل: (تۆپ **قرمژنی** کرد، دارەکە شکا **قرمژنی** کرد) ف غرنبه، صدای مهیب.

قرمە: ١) دەنگی بەرکی چەك؛ ٢) دەنگی شکانی کۆتەرەدار؛ ٣) جۆرێ تفـەنگی ڕاو؛ ٤) جۆرێ درومـان ف ١) صدای گلولـه؛ ٢) صدای شکستن تنهٔ درخت؛ ٣) نوعی تفنگ؛ ٤) **نوعی دوخت**.

قرمەقرم: دەنگی تفەنگ‌هاویشتنی زۆر ف صدای رگبار گلوله.

قڕنابیت: گوڵی کەلەم ف گل کلم.

قرنـاقـەو: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قرنـج: ١) شکـاوی زۆر کەم، شکانی پوُك‌وپێست؛ ٢) درز بردنی کەم: (بـەردم پێدا کەوت سەرم **قرنجـاوە**. شوُشـەکـەمان **قرنجاوە**) ف ١) خراش سطحی؛ ٢) درزکم.

قرنجـان: ١) شکانی پوُك‌وپێست؛ ٢) درزبردن ف ١) خراش سطحی برداشتن؛ ٢) درز برداشتن.

قرنجـانـدن: ١) شکـانـدنی پوُك‌وپێست؛ ٢) درزپێ‌بردنی کەم ف ١) خراشیدن سطحی؛ ٢) شکافتن جزئی.

قرنجانن: قرنجاندن ف نگا: قرنجاندن.

قرنجیان: قرنجان ف نگا: قرنجان.

قرنگ: لەنگین، ڕۆیشتنی شەلانە ف لنگیدن.

قرنگە: دەنگی وێك‌کەوتنی کانزا ف صدای بهم خوردن فلزّات.

قڕنـو: جانـەوەرێکی پانکـەڵـەی سوُرە بە ئاژەڵـەوە دەنـوُسێ ف قراد، حشره‌ای کنه‌مانند.

قڕنە: قڕنو ف نگا: قڕنو.

قڕنەگۆمە: کایەو یەکترقوم‌کردن لە کاتی مەلەدا ف سر همدیگر را درآب فروکردن هنگام شنا.

قڕنی: قڕنە، قڕنو ف نگا: قڕنو.

قرنیچك: ته‌پۆ، پێشکه‌ی دندۆك‌درێژ ف نوعی پشهٔ درشت.

قرنیس: ۱) چیر، نه‌گونجاو، سه‌رسه‌خت له قسه‌ی خۆی‌دا؛ ۲) بریتی له رژد، چنۆك ف ۱) لجوج؛ ۲) کنایه از خسیس.

قڕواق: قرباق، بۆق، به‌ق ف قورباغه.

قڕۆپ: شه‌پله، ئیفلیجی ف بیماری فلج.

قڕۆت: قڕۆپ ف بیماری فلج.

قڕوچیڕه‌ك: هه‌راهه‌را، شه‌ڕه‌قسه ف مجادله.

قڕوش: ۱) ورده پوڵ؛ ۲) پوڵێکی ترکان ف ۱) پول خرد؛ ۲) واحد پول ترکی.

قرووس: جینگن، نوس‌و ناله‌بار ف نگا: جینگن.

قڕۆشکه: پیاڵه‌ی ده‌سکداری رۆکێش ف پیالهٔ لعابی دسته‌دار.

قڕوقپ: ته‌واو بێ‌ده‌نگ ف بی‌صدا، خاموش.

قڕوقه: بلاوه‌کردنی سواران به پڕتاو ف پراکنده شدن سواران با تاخت.

قڕوقه‌پ: قڕوقپ ف بی‌صدا.

قڕوقه‌پۆز: ده‌م‌و فلچ، لچ‌و لێو ف لب و لوچه.

قڕونێ: کتێبی عاسمانی بۆ ئیسلامان، قورحان، قورعان ف قرآن.

قڕونیمقڕ: ۱) نازو نووز؛ ۲) ناوی پارچه‌یه‌که ف ۱) نازوعشوه؛ ۲) نام پارچه‌ای.

قڕه: ۱) چه‌قه، زه‌نازه‌نا؛ ۲) ده‌نگی بۆق؛ ۳) ده‌نگی قالاو؛ ۴) دوامین که‌س له بازی‌دا: (به‌شی **قڕه** نان‌و گۆشته)؛ ۵) ده‌نگی ناوزك ف ۱) سروصدا؛ ۲) صدای قورباغه؛ ۳) صدای کلاغ؛ ۴) آخرین نفر دربازی؛ ۵) قرقر شکم.

قڕهـ: ناحه‌ز، ناشیرین، دزێو ف بدشکل.

قڕهاتن: ۱) به‌ته‌واوی مردنی هه‌موان؛ ۲) نازونووزکردن ف ۱) انقراض، مرگ عمومی؛ ۲) نازکردن، عشوه‌آمدن.

قڕه‌گۆمه: قڕنه‌گۆمه ف نگا: قڕنه‌گۆمه.

قری: قرپ ف آروغ.

قریان: هه‌دادان، نۆقره‌گرتن، هێدی‌بوون ف آرام گرفتن.

قریپ: هه‌راو هاوار ف غریو.

قریبك: سێ‌شه‌شی به‌هار ف هیجده‌روز اوّل بهار.

قرێژ: ۱) چلك‌وپیسی، گه‌مار؛ ۲) چلکن؛ ۳) کرێژی سه‌ر ف ۱) کثافت؛ ۲) کثیف؛ ۳) شورهٔ سر.

قرێژاهی: چلك‌و پیسی ف کثافت.

قرێژۆك: کون‌و دیوی ژووره‌وه‌ی گوێ ف گوش میانی.

قرێژه‌به‌رد: ورده‌شینایی پێکه‌وه‌چه‌سپاو که به‌سه‌ر به‌ردی‌ده‌شته‌وه ده‌بیندرێ ف گل سنگ.

قریسك: ئاورینگ ف شراره.

قریشکه: زیڕه ف جیغ.

قڕین: خوێندنی بۆق‌و قالاو ف صدای قورباغه و کلاغ.

قڕێن: چه‌قه‌کردن پێکه‌وه ف جدال و هیاهو.

قریو: قریپ ف غریو.

قریواندن: هه‌راو هاوارکردن ف غریو سردادن.

قریوانن: قریواندن ف غریو سردادن.

قریوه: هه‌راو هوریا له‌خۆشیان: (رۆژێ به‌کۆچه‌یه‌کدا ده‌ڕۆیی پاتشایه‌ك/له هه‌ر کۆڵان‌و بانێك بۆ به هه‌راو **قریوه**) «پروین اعتصامی» ف هورا و هلهله.

قریوه‌قریو: قریوه‌ی زۆر ف هلهلهٔ بسیار.

قز: ۱) دۆت؛ ۲) گۆی بازی ف ۱) دختر؛ ۲) گوی چوگان بازی.

قزبان: قه‌زوان، که‌سکان ف چاتلانقوش.

قزبلاخی‌ژێرو: گوندێکه له کوردستان به‌عسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

قزبلاخی‌سه‌رو: له‌و گوندانه‌ی کوردستانه که به‌عسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستا که بعثیان آن را ویران کردند.

قزره‌بات: شاروکه‌ی جێگه‌ی به‌خش هه‌موو به‌حوکمی به‌عسی دێهاتی ده‌وروبه‌ری ده‌رکراو عه‌ره‌بی لێ نیشته‌جێ کرا ف شهری بخش مانند که به حکم بعثیها تمام دهات اطرافش تخلیه و تعریب شد.

قززلقورت: ۱) جوێنێکه؛ ۲) کرمی گیابڕ ف ۱) دشنامی است، کوفت؛ ۲) کرمی است سمّی برای دام.

قزگه: ئه‌و شوێنه‌ی له‌وێ به گۆچان له گۆ ده‌ده‌ن ف جایی که از آن گوی را ضربه می‌زنند.

قزڵ: په‌زی ده‌م‌وچاوسوور ف گوسفند رخساره سرخ.

قزلان: تیره‌یه‌که له یه‌زیدیه‌کان له کوردستان ف تیره‌ای از یزیدیان در کردستان.

قزلباش: ۱) چه‌کداری له‌شکری سه‌فه‌ویانی ئێران؛ ۲) زوربه‌ی کوردانی ده‌رسیم له کوردستانی به‌رده‌ستی ترکان ف ۱) قزلباش؛ ۲) اکثریت اکراد ساکن درسیم در کردستان ترکیه.

قزلجه: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قزڵجه: ناوی گوندێکه له لای مه‌هاباد ف نام روستایی است.

قزڵجی: مامۆستایه‌کی ئاینی زاناو به‌ناوبانگی کورد بوه ف یکی از علمای دینی مشهور کرد.

قزڵقۆپی: ناوی گوندێکه له لای مه‌هاباد ف نام روستایی است.

قزڵقورت: قززڵقورت ف نگا: قززڵقورت.

قزڵ‌وه‌زان: قزڵ‌وه‌زه‌ن ف رود قزل اوزون.

قزڵ‌وه‌زه‌ن: چۆمێکه له کوردستان ف رود قزل اوزون.

قزله‌ر: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قزلیار: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قزه: ترسه‌نۆك ف بزدل.

قزه‌ڵقورت: قززڵقورت ف نگا: قززڵقورت.

قژ: ۱) تۆکه‌سه‌ری درێژ؛ ۲) توێژی سه‌رشتی ترشاو؛ ۳) ده‌نگی به‌چکه‌مه‌ل که دایکی دێته‌وه لای؛ ۴) ده‌نگی چێشکه له کاتی ترس‌دا ف ۱) موی بلند سر؛ ۲) کف ترشیده؛ ۳) صدای جوجه‌پرنده که مادر

را می‌بیند؛ ۴) صدای گنجشك در موقع ترس.

قژاك: ۱) قاژو؛ ۲) قالاو ف ۱) زَغن؛ ۲) کلاغ.

قژاکه: تاق‌تاقکەرە ف مرغ حق.

قژاڵ: قرژاڵ ف خرچنگ.

قژاڵکه: قژاکه ف مرغ حق.

قژانك: پۆکاوڵە، چەموڵە، چەمبوڵە ف ام کردن با دست، پنجه.

قژانگ: قژانك، پۆکاوڵە، چەموڵە ف ام کردن با دست.

قژاوکه: قژاکه ف مرغ حق.

قژبەسەر: بریتی لە ژن، مێوینەی بنیادەم ف کنایه از زن.

قژبـەسەرە: بریتی لە جنۆکە، وشەیەکە زاڕۆی پێ دەترسێنن: (مەگری قژبەسەرە هات) ف کنایه از جن.

قژقژ: داری زۆر بڕ لە لق و پۆپی تێکەڵاو ف درخت پر شاخ و برگ درهم.

قژقژاندن: چوقانی ڕۆن، قرچەی ڕۆن ف گداختن روغن.

قژقژاوی: قژقژ ف نگا: قژقژ.

قژقژوکه: قژقژ ف نگا: قژقژ.

قژقژه: جۆرێ بەری دارمازوو ف نوعی ثمر مازوج.

قژك: ۱) پەلکی سپی و تورتی بنەوەی کەلەم؛ ۲) باڵدارێکی ڕەش و سپیە، کلك‌درێژە، قشقەڵە، قەلەباچکە ف ۱) مغز کلم؛ ۲) زاغچە.

قژکردن: ۱) چنگ قرژکردن؛ ۲) توێژهێنانی ترشاو ف ۱) انگشتان را به شکل چنگك درآوردن؛ ۲) کف برآوردن ترشیده.

قژکه: قژقژ ف نگا: قژقژ.

قژگه: قژك، قشقەڵە، قەلەباچکە ف زاغچە.

قژگه: قژقژه ف نوعی ثمر مازوج.

قژڵ: چۆقین، تاوانەوەی ڕۆن لەسەر ئاگر ف گداز روغن بر آتش.

قژڵان: هەڵچۆقان ف گداختن.

قژڵاندن: چۆقاندن، قاڵ کردن ف گداختن روغن.

قژڵه: بنکەی چەکداری دەوڵەت لە ئاوایی‌دا، سەربازخانە ف سربازخانه.

قژمپال: گەمەیەکە لەناو کوردستان ف نوعی بازی.

قژمۆك: قەپۆشك، کاسەی گوڵ، ئەوچنگ ئاسایەی گوڵی لەسەر وێستاوە. ف کاسهٔ گل.

قژن: سەرهاتوی مووێك هالاو ف مو بلند ژولیده‌موی.

قژنـگ: چیگنـە، چنگنـە، جانـەوەرێکە سوور لە قوزنوو دەکا بەپێستەوە دەچەسپێ ف حشره ایست به پوست می‌چسبد.

قژنەسەرە: قژبەسەرە، جنۆکە ف کنایه از جنّ.

قژوڵه: قاژوو ف زاغ پاقرمز.

قژه: دەنگی ڕۆنی چۆقاو ف چزولز.

قژەسەر: مووی درێژی سەر ف موی بلند سر.

قژەسەرهاتنەوە: ڕژانی مووی سەر ف ریزش موی سر.

قژه کرد گ: ترشاوی توێژی ترشان لەسەر ف ترشیدهٔ کف برآورده.

قژه کردن: توێژگرتنی ترشاو ف کف براوردن ترشیده.

قژیاك: قالاخ، قالاو ف کلاغ.

قژین: زیڕەزیڕ، زەنازەنا ف جیغ و داد و هیاهو.

قسپ: ۱) بەلا، تەگەرە؛ ۲) داری نیوەئەستوری چوارپێنج بستی کە بۆ پەرژین دەیچەقێنن یان بەسەر دارەڕای ڕادەکەن ف ۱) آسیب؛ ۲) قطعه‌چوب یکمتری برای پرچین و پوشش بام.

قسـر: ۱) نەزۆك، ئەستێور؛ ۲) داری لەبەرکەوتو؛ ۳) ئاهەك ف ۱) سترون؛ ۲) درخت از ثمر افتاده؛ ۳) آهك.

قسقەپان: ناوی دێیەکە ف نام روستایی است.

قسقەلا: ناوی دێیەکە ف نام روستایی است.

قسکل: جۆرێ بەری مازوو، گزگل ف نوعی ثمر مازوج.

قسل: ئاهەك، قسر ف آهك.

قسلاو: دەئاوکراوی ئاهەك ف آب آهك.

قسم: جۆر، تەحر ف نوع.

قسمەت: چارەنوس، بەشێ کە خوا دەیدا ف سرنوشت، قسمت خدایی.

قسن: ۱) شەخس، زیارەتگا؛ ۲) دیواری بەجەغز لە بەرد ف ۱) مزار؛ ۲) دیوارهٔ سنگچین مدوّر.

قسناخ: پێوانەیەکی گەنم، قاسناخ ف نگا: قاسناخ.

قسناغ: قاسناخ ف نگا: قاسناخ.

قسنی: بۆن‌خۆشێکی ڕەشە لە شەمە دەکا ف موم مانندی سیاه خوشبو.

قسور: خەتا، تاوان، سوچ ف قصور، کوتاهی کردن در کار.

قسه: ئاخافتن، پەیف ف سخن.

قسەبردن: شوفاری کردن ف سخن‌چینی.

قسەبڕین: بڕ بە پەیڤینی کەسێ دان ف توی حرف آمدن، گفتار کسی را قطع کردن.

قسەبڕینەوە: پێك‌هاتن لەسەر کارێ ف بر سر موضوعی توافق کردن.

قسەبەر: شوفار، دوزمان ف سخن‌چین.

قسەپەڕاندن: ۱) ڕاواندن؛ ۲) درکاندنی نهێنی ف ۱) هذیان گفتن؛ ۲) دهن لقی.

قسەپەڕێن: تێدانەوەستاو، زارشڕ ف دهن لق.

قسەپێ گوتن: قسەپێوتن ف نگا: قسەپێوتن.

قسـەپێوتن: ۱) جوێن‌پێدان؛ ۲) سەرکۆنەکردن ف ۱) دشنام دادن به کسی؛ ۲) کسی را سرزنش کردن.

قسەت: پەیڤێ تە ف سخنت.

قسەتاڵ: مرۆی کە ئاخافتنی نەخۆش دبێژە ف تلخ زبان، آنکه سخنان ناخوشایند می‌گوید.

قسەتان: پەیڤێ ئێوە ف سخنتان.

قسەخواردنەوە: پەژیوان‌بونەوە لە ئاخافتنی خۆ ف پشیمانی از سخن خود.

قسەخۆش: زمان‌شیرن ف خوش گفتار.

قسەدابڕین: دەنگ گۆڕین لە گشت ف قهرکردن از گفتگو با کسی.

قسەدرست: خاوەن‌بەڵێن ف درست پیمان.

قسەدرکاندن: ئاشکراکردنی نهێنی ف فاش کردن راز.

قســەدوڕانـدن: ١) درکاندنی راز؛ ٢) بێ فایدەچوونی قسە [ف] ١) فاش کردن راز؛ ٢) بیهودەرفتن سخن.
قسەدەراوردن: ١) درۆکردن؛ ٢) پێ درکاندنی راز[ف] ١) دروغ بافی؛ ٢) بەاعتراف وادار کردن، حرف کشیدن.
قسەدەرکیشان: نهێنی پێ درکاندن [ف] حرف کشیدن.
قسەدەرهاوردن: قسەدەراوردن [ف] نگا: قسەدەراوردن.
قسەدەرهێنان: قسەدەراوردن [ف] نگا: قسەدەراوردن.
قسەراست: درۆنەکەر[ف] راستگو.
قسەڕاکێشان: پێ درکاندنی نهێنی [ف] از زیر زبان کشیدن.
قسەڕاواندن: راواندن [ف] هذیان گفتن.
قسەرەق: قسەتاڵ [ف] تلخ زبان، آنکه سخن ناخوشایند گوید.
قسەڕەوا: کەسێ کە بەقسەی دەکرێ [ف] کسی کە سخنش خریدار دارد.
قسەزان: زمان پاراو [ف] سخندان.
قسەزل: بەبافیش [ف] مبالغەگو.
قسەسارد: پەیڤ نەخۆش، بەرانبەر بە قسەخۆش [ف] سردگفتار.
قسەشکاندن: بەقسەنەکردن، تکانەگرتن [ف] خواهش نپذیرفتن.
قسەقوت: کەسێ کە قسەی سەیر دەکا [ف] نکتەسنج، بذلەگو.
قسەقوتدان: تەواو راست نەگوتن [ف] تمام حقیقت را نگفتن.
قسەقوتدانەوە: قسەخواردنەوە [ف] از گفتهٔ خود پشیمان شدن.
قسەکەر: نوێنەر بۆ قسەکردن [ف] سخنگو.
قسەگیڕەوە: تیانەوەستاو، زمانشڕ [ف] دهن لق.
قسەلەڕو: کەسێ ڕەپ وڕاست قسە دەکا [ف] رك گو، صریح در گفتار.
قســەلەسەرداکێشان: قسەدەرهاوردن، راستی پێ درکاندن [ف] وادار بە اعتراف کردن، زیر زبان کشیدن.
قسەلێ دەرکێشان: راستی پێ درکاندن [ف] زیر زبان کسی را کشیدن.
قسەلێ دەرهێنان: قسەلێ دەرکێشان [ف] زیر زبان کسی را کشیدن.
قســەلێ ڕاکێشــان: قسەلێ دەرکێشان [ف] زیر زبان کسی را کشیدن، حرف از کسی کشیدن.
قسەلێ کردن: باس کردنی شتێ [ف] دربارهٔ موضوع گفتگو کردن.
قســەمێچکـە: ١) مەرایی کەر، دوزوان؛ ٢) دەمخاوی حیزانـە [ف] ١) ریاکار؛ ٢) مردی کە زنانە سخن می گوید.
قسەناخۆش: قسەتاڵ [ف] تلخ زبان.
قسەنەبوون: ١) قاربون: (ئێمە بەیەکەوە قسەمان نیە)؛ ٢) رازی بوون : (باوابێ قسەمنیە) [ف] ١) قهر بودن؛ ٢) راضی بودن، رضایت دادن.
قسەنەستەق: کەسێ قسەی پڕکاکڵ و زانایانە دەکا [ف] نغزگوی اندرزگو.
قسەوباس: دەنگ وباس [ف] اخبار.
قسەوتن: جوێن دان [ف] دشنام دادن.
قسەوەرگرتن: گوێ دان و تێگەیشتن [ف] شنفتن و فهمیدن سخن.
قسەهەڵبەست: بوختان ویژ[ف] آنکە بُهتان می زند.
قسەهەڵبەستن: بوختان کردن [ف] بُهتان زدن.
قسەهەڵچنین: زمانشڕی، قسەبردن، دووزمانی [ف] سخن چینی.
قسەهێنان: قسەبردن [ف] سخن چینی.
قسەی پێشینان: پەندی پێشونان [ف] پند گذشتگان.
قسەی نەستەق: قسەی پڕ لە ئامۆژگاری [ف] سخن ارزندە و آموزندە.
قسیە: قسە، ئاخافتن [ف] سخن، حرف.
قش: گاشەبەردی زل لە چیادا [ف] صخرهٔ بزرگ در کوه.
قشپل: پشکەڵ [ف] پشکل.
قشت: ١) پەرچوکەی بان توێڵ؛ ٢) جوانکیلە، خونچیلانە [ف] ١) موی پیشانی؛ ٢) کوچولوی نازنازی.
قشتن: جۆرێ خوێندنی قاڵاو[ف] نوعی صدای بخصوص کلاغ.
قشتیلانە: خونچیلانە [ف] کوچولوی نازی.
قشتیلە: قشتیلانە [ف] کوچولوی نازی.
قشقونە: پاڵوی زین [ف] پاردم اسب.
قشقەڕە: ١) قژگ؛ ٢) زەنازەنا [ف] ١) زاغچە؛ ٢) جنجال.
قشقەڕەق: زەنازەنا [ف] هو و جنجال.
قشقەڵە: قژگ [ف] زاغچە.
قشکە: قژقژە، قژگە [ف] نوعی ثمر مازوج.
قشلاخ: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە [ف] دو روستا بە این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شدە است.
قشڵاخ: ١) زستانەوار؛ ٢) دێی دابڕاو لە دێی گەورە؛ ٣) شوێنێکە لە لای سنە کە بەندی لێ هەڵبەستراوە [ف] ١) قشلاق؛ ٢) دهکدهٔ جداشدە از دە بزرگ؛ ٣) محلی نزدیك سنندج کە سدّی درآن بناشدە.
قشلاخەروتە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد[ف] نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.
قشــڵاخی کۆن: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد[ف] روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
قشڵاغ: قشڵاخ [ف] نگا: قشڵاخ.
قشلان: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە [ف] دو روستا بە این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شدە است.
قشلك: گیایەکە وەك ئالقەتیژ دەچێ [ف] گیاهی است.
قشڵە: قژڵە [ف] سر بازخانە.
قغەقغ: دەنگی قاڵاو، قڕقڕی قەلەڕەشە [ف] صدای کلاغ.
قف: دەنگێ کە لە بێماری سی یەوە لە قڕقڕاگە دەردەچێ، کۆکە، کۆخە [ف] سرفە.
قفك: سەبەتەی لەپۆشی بەدەسك، زەنبیلەی زل [ف] زنبیل بزرگ دستەدار.
قفڵ: ئامرازێکی داخستنە بە ئاچەر دەکرێتەوە، گۆڵە [ف] قفل.
قفڵبەند: جۆرێ دانانی خشت و بەرد لەدیواردا [ف] قفلبند.
قفڵدان: داخستن بە قفڵ [ف] قفل زدن.
قفڵدران: داخران بە قفڵ [ف] بستە شدن با قفل.
قفڵدراو: داخراو بە قفڵ [ف] باقفل بستەشدە، قفل شدە.
قفڵ کردن: قفڵدان [ف] قفل کردن، قفل زدن.
قفڵ لێدان: قفڵدان [ف] قفل زدن.
قفڵ لێدران: بەقفڵ داخران، قفڵدران [ف] بستەشدن با قفل.

قفڵ لێدراو: بەقفڵ داخراو، قفڵ دراو ف بسته‌شده با قفل.

قفه: قف ف سرفه.

قفین: قفه‌کردن، کۆخین، کوکین ف سرفه کردن.

ققه: شیرنی لەزمانی زارۆکاندا، قاقه ف شیرینی در گویش بچه‌ها.

قل: ۱) چڵ، تەنیا لاسکێك؛ ۲) یەك‌دەنك؛ ۳) ناو لەپ: (بیخه قلمەوه) ف ۱) تنها یك ساقه؛ ۲) یك دانه؛ ۳) کف دست.

قلاپیك: بەدەن، قالب، لەش ف کالبد.

قلاخ: ۱) تەپاڵەی وشك، دەوە، قالاخ؛ ۲) جێگەی تەپاڵەتێ کردن ف ۱) تاپاله؛ ۲) تاپاله‌دان.

قلاخدان: شوێنێ کە تەپاڵەی تیا عەمار دەکەن ف تاپاله‌دان.

قلادە: ۱) ئاڵقەی ملی تاژی ڕاو؛ ۲) ئاڵقەی خشڵی ئەستۆ ف ۱) قلادهٔ سگ شکاری؛ ۲) گردنبند زینتی.

قلاش: لەت، شەق ف شق، دونیم.

قلاشتن: شەق کردن ف دونیمه کردن.

قلاشکەری: بڕەداری ئەستووری لێڕەوار بۆ سووتاندن ف کندهٔ جنگلی برای هیزم.

قلاق: قالاو ف کلاغ.

قلانقوزان: کاردو، کاردی ف گیاهی است آشی.

قلاوچ: بەسەریەکدا کردن تا بڵند دەبێ، قەلانقوچکە ف برهم انباشتن.

قلپ: ۱) دەنگی جۆشــانی ئاو؛ ۲) دەنگی ڕژانی ئاو لە دەفــری ملباریکدا؛ ۳) سەرنخوون؛ ۴) بریتی لە نەمان و لەبەین‌چوون ف ۱) صدای غلغل آب؛ ۲) صدای ریزش آب از ظرف دهانه تنگ؛ ۳) واژگون؛ ۴) کنایه از نابودشدن.

قلپاندن: ۱) وەجۆش‌هاوردنی ئاو لەسەر ئاگر؛ ۲) ڕژاندنی ئاو لە دەفری ملتەنگەوە ف ۱) جوشانیدن آب؛ ۲) ریختن آب از ظرف دهانه تنگ.

قلپاندنەوە: ۱) ڕژاندنی ئاو لە دەفری ملتەنگ؛ ۲) لەبەین بردنی ماڵ ف ۱) ریختن آب از ظرف دهانه‌تنگ؛ ۲) نابودکردن مال.

قلپ‌بوونەوە: ۱) سەرەوەنخوون بوون؛ ۲) بریتی لە لەبەین‌چوون، نەمان ف ۱) واژگون شدن؛ ۲) کنایه از نابودی.

قلپك: قرپ، قورقینه ف آروغ.

قلپکردنەوە: قلپاندنەوە ف نگا: قلپاندنه‌وه.

قلپ‌وقوپ: دەنگی ڕشانەوە و هێڵنجدان ف صدای قی کردن و تهوّع.

قلپە: دەنگی ڕژانی ئاو لە دەفری تەنگ ف صدای ریزش آب از ظرف دهانه تنگ.

قلپەقلپ: دەنگی زۆری ڕژانی ئاو لە دەفـری دەم‌تەنگـەوە ف صدای ریزش پیاپی آب از سبوی دهانه تنگ.

قل‌پەنجە: دەست لە ناو دەست ف پنجه‌درپنجه.

قلت: دەنگی جۆشینی ئاو ف صدای جوشیدن آب.

قلتیان: جۆشینی ئاو لەسەر ئاگر ف جوشیدن آب بر آتش.

قلچك: ۱) ئامرازی قنگر و بنەگیا دەرێنان، پیشگان؛ ۲) قۆڵی کەوا؛ ۳) قونچکی مێوژ و ترێ؛ ۴) داسو؛ ۵) چرنوکی پاساری و مەلی پچووك ف ۱) ابـزار کنگـر کندن؛ ۲) آستین قبا؛ ۳) دنبالچهٔ مویز و انگور؛ ۴) اخگل، سیخچه؛ ۵) چنگال گنجشك و دیگر پرندگان کوچك.

قلچك کردن: ۱) قونچك لێ کردنـەوە؛ ۲) تەقلە بەپاساری کردن لە جەنگەی زەماوندو دەهۆڵ و زوڕنالێداندا ف ۱) برداشتن دنبالچهٔ مویز و انگور؛ ۲) به‌هواپراندن گنجشك در بزم عروسی.

قلخ: ۱) برینـــگ، برنـگ؛ ۲) قرخ، مووی کورتێ کە درێژ نابێ ف ۱) دوکارد، قیچی پشم‌زنی؛ ۲) موی کوتاه بی‌رشد.

قلخان: دڕکێکـە بۆسـووتـەمەنی بەکار دێ ف خار است که به مصرف سوخت می‌رود.

قلخه: دەنگی خرخری گەروو لە پیری یا نەخۆشی ف صدای خرخر گلو از پیری یا بیماری.

قلخه‌قلخ: قلخەی لەدوی یەك ف «قلخه»ی پیاپی.

قلرخ: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.

قلغ: ۱) تەحرو دیدار، بیچم؛ ۲) بەرگ و شمەکی شڕ و دڕاو ف ۱) ریخت و قیافه؛ ۲) لباس ژنده.

قلف: ۱) ئاڵقە، قەف؛ ۲) دەسکی دەفر، ۳) قفڵ، گۆڵە ف ۱) حلقه؛ ۲) دستگیره؛ ۳) قفل.

قلقك: ۱) نێسکی نەرم کە دادە کرۆژرێ، قرقرتۆك؛ ۲) شمشێرەی درگا ف ۱) کرکره، غضروف؛ ۲) کلید کلون چوبی در.

قلقل: ۱) بەری گیایەکە لە نیسك دەکا؛ ۲) چڵ چڵ؛ ۳) دەنکەدەنکە ف ۱) ثمر گیاهی است عدس مانند؛ ۲) شاخه‌شاخه؛ ۳) دانه‌دانه.

قلك: ۱) جەوت، جفت؛ ۲) کڵاوی بەڕو ف ۱) جفت؛ ۲) کلاهك بلوط.

قلله: قلك ف نگا: قلك.

قلم: قلپ ف نگا: قلپ.

قلمویچ: ڕیپوق ف ژفك، قی چشم.

قلنج: ۱) شمشێر؛ ۲) بن‌هەنگڵ ف ۱) شمشیر؛ ۲) زیر بغل.

قلو: نوخشانەی خراپ، پێش‌گوتنی نەباش ف فال بدزدن.

قلوت: زەوی نەوی کە ئاوی تێدا دەوەستێ ف زمین پست.

قلوج: پشت چەماو، کووڕ ف خمیده، کوژپشت.

قلوچ: ۱) خێل؛ ۲) کەسێ چاوێکی لە چاوێکی پچوکترە؛ ۳) شاخی حەیوان ف ۱) لوچ؛ ۲) کسی که یکی از چشمانش کوچکتر است؛ ۳) شاخ حیوان.

قلور: ناوبەتاڵ ف کاوك میان تهی.

قلوز: ۱) نێری شاخ‌بڵنـدو ڕاست؛ ۲) بریتی لە بادی‌هەوا ف ۱) شاك شاخ بلند وراست؛ ۲) کنایه از خودبین متکبّر.

قلوزان: ۱) سەرمەقـولات؛ ۲) تەقلەلێدانی کەفۆك ف ۱) پشتك؛ ۲) پشتك زدن کبوتر هنگام پرواز.

قلوژ: کۆمەڵ‌بوون، بەسەریەکداکۆوە بوون ف برهم انباشته‌شدن.

قلومك: ۱) قەڵەمەی ئاژتن؛ ۲) وەرەز لەبەر باری بەقەوەت؛ ۳) ژانی دڵ ف ۱) قلمه؛ ۲) خسته از بارگران؛ ۳) دل درد.

قله: ۱) سکڵی تەواوسوور؛ ۲) سووربوونەوەی سکڵ بێ ڕەشایی ف ۱) اخگر تمام افروخته؛ ۲) افروختگی اخگر.

قلهـ: بیچم، تەحر، تەرح و دیدار ف سیما، قیافه.

قلەپۆپە: دوند، سەرلوتکەی بەرزی چیاو دار ف بالاترین نقطه، اوج، قلّه.

قلەقل: گرشەگرشی پۆلو ف درخشش افروختگی اخگر.

قلەکـاوە: گونـدێکه لەکوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.

قلی: قانەقدی، قدیلکه ف غلغلك.

قلیّ: ۱)دەنکێ؛ ۲) چلێ ف ۱)یکدانه؛ ۲) یکشاخه.

قلیان: ۱) نێرگەلە، قەنەی ئاوی؛ ۲) سەبیلەی کلكدرێژ ف ۱) قلیان؛ ۲) چپق دسته‌بلند.

قلیانئاوی: نێرگەلە ف قلیان.

قلیانقاوەڵتوُن: تاشت، خواردنی سەرلەبەیانی ف خوراك قبل از صبحانه.

قلیانقاوەڵتی: قلیانقاوەڵتوُن ف خوراك قبل از صبحانه.

قڵیاو: ۱) بوُلاوی سابوُن؛ ۲) زاخی رەش کە بوٚ دەرمان دەشێ ف ۱) خاکستراب صابون‌سازی؛ ۲) زاج سیاه.

قلیبلی: قسەی وا کە تێ‌نەگەن ف سخنان نامفهوم.

قلیّبلیّ: قلی بلی ف سخنان نامفهوم.

قلیج: ۱) ناوی گوندێکه؛ ۲) شمشێر ف ۱) نام دهی است؛ ۲) شمشیر.

قلیجـە: گونـدێکی کوردستـانه بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قلیچ: ۱) ریپوقی چاو؛ ۲) چاوێك پچوُك یەکزل؛ ۳) قامکی گچکه ف ۱) ژفك، قی چشم؛ ۲) چشمی از چشمی کوچکتر؛ ۳) انگشت کوچکه.

قلیچان: قامکەتوُته، تبلیابیچك ف انگشت کوچکه، خنصر.

قلیچك: داروه کازێکه سەری وەك خاچ وایه ف نوعی عصای دست.

قلێچکه: جەمسەری دو، کلێنچکه ف دنبالچه.

قلێچه: گیایەکه ف گیاهی است.

قلێر: گەمار، پیس، چلکن ف کثیف.

قلێزەنگی: چێشتێکه لە برنجو ئالوبخارا ف غذایی است از برنج و آلو بخارا.

قڵیش: ۱) درز؛ ۲) درزی گوشاد ف ۱) درز؛ ۲) شکاف گشاد.

قڵیشـــان: ۱) درزبـــردن؛ ۲) لەبـــەریەك‌چوُن ف ۱) درز بردن، ترك برداشتن؛ ۲) شکافته‌شدن.

قڵیشاندن: ۱) لەبەریەك‌بردن؛ ۲) دەرزبێدان ف ۱) شکافتن؛ ۲) ترکاندن.

قڵیشاندنەوە: قڵیشاندن ف نگا: قڵیشاندن.

قڵیشانن: قڵیشاندن ف نگا: قڵیشاندن.

قڵیشاننەوە: قڵیشاندن ف نگا: قڵیشاندن.

قڵیشانەوە: قڵیشان ف نگا: قڵیشان.

قڵیشاو: ۱) درزبردو؛ ۲) لەبەریەك‌چوُگ ف ۱) ترکیده؛ ۲) شکافته.

قڵیشاوە: قڵیشاو ف نگا: قڵیشاو.

قڵیشیاو: قڵیشاو ف نگا: قڵیشاو.

قڵێف: ۱) کالان؛ ۲) بەرگی شت ف ۱) غلاف؛ ۲) پوشش.

قڵێف‌شکوٚفه: قوٚزاخەی پەموٚ ف غوزۀ پنبه.

قلیك: شمشێرەی درگا ف کلید قفل چوبین در.

قلێك: ۱) توٚزقالێك، کەموسکەیەك؛ ۲) تاکەچلێك؛ ۳) دەنکێ، دانەیێك ف ۱) اندکی؛ ۲) يك شاخه؛ ۳) يك دانه.

قلێل: ۱) کونتێ‌بوُن؛ ۲) کوناودیو ف ۱) سوراخ شدن؛ ۲) سوراخ شده.

قلینج: ۱) قلیج، شمشێر؛ ۲) قامکەتوُته ف ۱) شمشیر؛ ۲) انگشت کوچکه.

قلینجك: قامکەتوُته ف انگشت کوچکه.

قلینچك: قامکەتوُته ف انگشت کوچکه.

قلێنچك: قلیچکه، کلێنچکه ف دنبالچه.

قلینچکەسلام: باپشکێو ف گل مژه.

قلیوبلی: قلیبلی ف نگا: قلی‌بلی.

قلیه: ۱) خوڵەکەوەی سابوُن؛ ۲) جوٚرێ چێشته ف ۱) خاکستر صابون سازی؛ ۲) آش قلیه.

قم: ۱) رەمڵ، رەڵم؛ ۲) بناوبوُن؛ ۳) فڕ، فرێ لە خواردنەوە ف ۱) ماسه؛ ۲)زیرآب شدن؛ ۳) جرعه.

قمار: ۱) بازی، کایه؛ ۲) گەپ‌و گاڵته؛ ۳) حیله ف ۱) بازی؛ ۲) شوخی؛ ۳) نیرنگ.

قمارباز: حیلەباز ف مکّار.

قمباو: ئاوداشتنێ کە زەرعات داپوٚشێ ف آبیاری که کشت را بپوشاند.

قمقوٚر: رەهوٚلی تەنگ‌و تاریك ف دهلیز تنگ و تاریك.

قمقـوٚك: ۱) خەمـەگرٚو؛ ۲) دەفری ئاوی سەفەر، مەتارە؛ ۳) تونکەی مل‌باریك ف ۱) نوعی چلپاسه، بزمجه؛ ۲) قمقمه؛ ۳) تُنگ گردن باریك.

قمقوٚکه: قمقوٚك ف نگا: قمقوٚك.

قمل: جانەوەرێکی بوٚری بچوُکه‌بوٚ دەخڵ زیانی هەس ، سن ف حشرۀ سن.

قملاخ: ۱) زەمینی روٚچوُگ؛ ۲) جلێتاو ف ۱) زمین فرورفته؛ ۲) گل و لای.

قمیش: ریگه بە بن زەویدا، نەغمه ف نقب، تونل.

قن: ۱) جێ‌سانەوەی باڵنـدەی خوٚماڵی لە شەودا، کولانەمریشك؛ ۲) کونی پشتی گیاندار کە پیسایی پێدا دێت؛ ۳) کاکڵی گوێزو بادام؛ ۴) بنـەمـای وشـەی رزین. *لەپاش «دا» دەڵێن* : (تەواو داقناوه) ف ۱) آشیانۀ ماکیان؛ ۲) کون؛ ۳) مغز بادام و گردو؛ ۵) پوسیدن.

قنار: چنگی دڕندەو باڵداری راوکەر ف چنگال درنده و پرندۀ شکارچی.

قنـان: رزان، لەکەڵك کەوتن. *پاش پێشگر «دا» دەڵێن* ف پوسیدن و از کار افتادن.

قنب: کوٚڵی دارین بوٚ دوٚشـاو تێداگوشین، گوشینگـەی ترێ لە دار بوٚ پلێخاندنەوەی ترێ ف معصرۀ چوبین در شیره‌سازی.

قنج: ١) راست، ره‌پ؛ ٢) زۆپ، زه‌ق ف ١) راست ایستاده؛ ٢) برجسته.
قنجك: پیچك، كه‌میّك، توّزیّك ف اندكی.
قنجكان: تروشكان ف چنباتمه نشستن.
قنج كردنه‌وه: راست كردن دوای چه‌مانه‌وه ف راست كردن بعد از خمیدگی.
قنجوقیت: راست و بیّ گری به‌سه‌رپاوه ف استوار و پابرجا.
قنجه‌زه‌رد: گیایه‌كی پته‌وی قایم و لوسه ف گیاهی است.
قنجه‌قنج: خوّرانان و جحیّلی كردن ف خودنمایی و جوانی كردن.
قنچك: ١) ده‌سكی باریكی ده‌نكه‌ تری و میّوژ؛ ٢) كه‌موّسكه‌یه‌ك؛ ٣) زیپكه ف ١) دنبالهٔ دانه انگور و مویز؛ ٢) اندكی از چیزی؛ ٣) جوش بر پوست.
قنچكان: چینچكان، تروشكان ف چمباتمه.
قنچكاو: جیّگه‌ی ریبوق له چاو، سوچی چاو ف گوشهٔ چشم.
قنچكه: زیپكه، زیرك ف جوش پوست.
قنچكه‌سلاو: باپشكیّو ف گل مژه.
قنچكه‌سلاوه: باپشكیّو ف گل مژه.
قنس: پاژ، پارچه ف قسط.
قنك: قن، كولانه‌مریشك ف آشیانهٔ ماكیان.
قنگ: قن. كونی پاشه‌وه‌ی گیاندار ف كون.
قنگ‌انیسك: ١) راكشان به ئانیشك‌هه‌لدانه‌وه؛ ٢) ئانیشك ف ١) دراز كشیدن و بر آرنج تكیه‌دادن؛ ٢) آرنج.
قنگاو: پاشاو، ئاویّ له زه‌وی ده‌رده‌چیّ ف پسابهٔ آبیاری.
قنگاله: گیای خوسیلك ف گیاهی است دارای شیرهٔ مسهل.
قنگ به‌گیّچه‌ل: ١) ئاژاوه‌چی؛ ٢) هه‌میشه خه‌ریك و پركار ف ١) فتنه‌انگیز؛ ٢) پركار.
قنگچاو: تیلچاو، سیله‌ی چاو ف گوشهٔ چشم.
قنگ‌خوران: بریتی له حیزبوون ف كنایه از كونی شدن.
قنگ‌خوراندن: بریتی له ئیشتیا له كردنی كاریّك نه‌بوون ف كنایه از اهمال كردن.
قنگ‌خوروكه: نه‌خوّشیه‌كی ئاژه‌له ف نوعی بیماری دام.
قنگدان: گاندانی نیّر ف كون دادن.
قنگدانه‌وه: بریتی له روّنیشتن: (ده‌وه‌ره **قنگی بده‌وه** با ئیسراحه‌ت كه‌ی) ف كنایه از نشستن.
قنگده: نیّری حیز ف كونده.
قنگده‌ر: قنگده ف كونده.
قنگر: گیایه‌كی دركاوی‌یه لاسكه‌كه‌ی ده‌خوریّ، كه‌نگر ف كنگر.
قنگرپاج: بنه‌كه‌نگر ف بوتهٔ كنگر.
قنگرتن: فیّره‌روّیشتن‌بوونی زاروّ ف نشستن یادگرفتن بچه.
قنگرواج: قنگرپاج ف بوتهٔ كنگر.
قنگره‌زا: چه‌وی كه‌نگر ف انگم كنگر.
قنگلاشك: قانگه‌لاشك ف نگا: قانگه‌لاشك.
قنگ لیّ كه‌وتو: بریتی له مروّی شل و شه‌ویق و ئاگاله‌خوّنا ف كنایه از آدم مهمل.
قنگه‌بان: گویّسوانه‌ی پشت بان، سوانه‌ی پشته‌وه‌ی بان ف لبهٔ عقبی بام.
قنگه‌جن: بریتی له شویّنی ته‌نگه‌به‌ر ف كنایه از جای تنگ.
قنگه‌جنوكه: قنگه‌جن ف كنایه از جای تنگ.
قنگه‌جوره: ئیسكی پاشقنگی مریشك ف استخوانبندی تخمدان مرغ.
قنگه‌جوله: بریتی له په‌له‌كردن بوّ روّیشتن ف كنایه از شتاب برای رفتن.
قنگه‌جولیّ: قنگه‌جوله ف نگا: قنگه‌جوله.
قنگه‌خشكیّ: له‌سه‌ر قنگ خزین ف بر باسن خزیدن.
قنگه‌خلیسكیّ: له‌سه‌ر سمت خوّخلیسكاندن ف بر باسن لیز خوردن.
قنگه‌خه‌و: ١) خه‌وتن به روّیشتنه‌وه؛ ٢) سه‌رخه‌و ف ١) نشسته خوابیدن؛ ٢) پینكی، خواب مختصر.
قنگه‌درك: دروی كه‌نگر ف خار كنگر.
قنگه‌زه: ره‌سه‌ن، ره‌چه‌لاك ف نسل.
قنگه‌سوته‌كه: ١) ئافاتیّكی مه‌ره‌زه‌یه؛ ٢) نه‌خوّشیه‌كی زاروّی ساوایه ف ١) یكی از آفات شالی؛ ٢) نوعی بیماری بچه‌ها.
قنگه‌شه‌ر: ورده‌جه‌نگ، په‌لامارو راكردن ف جنگ و گریز.
قنگه‌قنگ: بریتی له خوّدزینه‌وه له كار ف كنایه از اهمال كردن در كار.
قنگه‌گاز: برینی پشتی یه‌كسم له زین و كورتان ف زخم پشت ستور از پالان وزین.
قنگه‌گان: نیّربازی ف همجنس‌بازی مردان.
قنگه‌لاشك: قانگه‌لاشك ف ساقه كنگر بادبرده.
قنگه‌لتس: توته‌كانی سه‌گ و گورگ ف چمباتمهٔ سگ و گرگ.
قنگه‌لفس: قنگه‌لتس ف چمباتمهٔ سگ و گرگ.
قنگه‌نشین: زاروّی كه فیّری دانیشتن بوه ف كودكی كه نشستن یادگرفته.
قنگه‌نشینكه: قنگه‌نشین ف نگا: قنگه‌نشین.
قنگه‌نشینه: قنگه‌نشین ف نگا: قنگه‌نشین.
قنگه‌وتلور: له‌سه‌ر ده‌م دریّژبوگ ف دمر دراز كشیده.
قنگ هه‌لته‌كیّنه: به‌رگایلكه ف دم جنبانك.
قنه: روّیشتنی كوتر و كه‌و ف خرامیدن كبوتر و كبك.
قنه‌قن: قنه‌ی له‌دوی یه‌ك ف خرامیدن پیاپی.
قنیات: سه‌بوری ف شكیبایی.
قو: ١) قاو، بانگی به‌توند؛ ٢) بالنده‌یه‌كه له قاز سپی‌تر و زلتر ف ١) فریاد، بانگ؛ ٢) پرندهٔ قو.
قوار: خوّله‌كه‌وه‌ی پزیسكی ته‌نور ف خاكستر تنور.
قواش: ١) كوتال، مالّی گه‌زی؛ ٢) شت، جوّر ف ١) قماش، پارچه؛ ٢) نوع، طور.
قواقو: زه‌نازه‌نا ف غوغا، هیاهو.
قوب: ١) بانی به‌تاق دروسكراوی بلند، گومه‌ز؛ ٢) دوگمه؛ ٣) زوّپ، زه‌ق ف ١) گنبد؛ ٢) دكمه؛ ٣) برجسته.
قوبا: ماسی باش‌نه‌مه‌یوی شل و خراپ ف ماست خوب بند نیامدهٔ

شُل.

قوباله: دۆلاَبی دیواری ئۆده بۆ جێگەی نوێن ف کُمُد جای رختخواب.

قوبان: ١) زۆپ؛ ٢) ڕۆچوُن؛ ٣) وشەی حورمەت، قوربان: (ڕێی کانی قوبـان مونتـەزیری جلوەیی تازە) «گۆران» ف ١) برجسته؛ ٢) فرورفتن؛ ٣) کلمهٔ احترام، قربان.

قوباندن: ١) زۆپ کردن، زەق کردن؛ ٢) ڕۆچواندن ف ١) برجسته کردن؛ ٢) فروبردن.

قوببه: ١) قوب، گونبەز، گونبەت؛ ٢) دروشمی سەرشانی ئەفسەران؛ ٣) دوگمـەی جلك: (قوبیەی نوقەبا بێ لە قەبا بێ نەقوبابێ) «نالی» ف ١) گنبد؛ ٢) سردوشی افسران؛ ٣) دکمه.

قوبك: ١) زۆپ؛ ٢) گونبەز ف ١) برجسته؛ ٢) گنبد.

قوبکه: ١) قوبك؛ ٢) ترۆپکی چیا ف ١) نگا: قوبك؛ ٢) قلّهٔ کوه.

قوبلە: ڕوگە ف قبله.

قوبلّی: قبوڵی ف نگا: قبوڵی.

قوبوڵ: قبوڵ ف قبول.

قوبه: ١) قوببه؛ ٢) ناوی گوندێکە ف ١) نگا: قوببه؛ ٢) نام دهی است.

قوپ: ١) قرێ ئاو؛ ٢) ڕۆچوُن ف ١) جرعه؛ ٢) فرورفتگی.

قۆپ: ١) پشت چەماو؛ ٢) دەست و پێ سەقەت ف ١) کوژ، خمیده‌پشت؛ ٢) دست و پا فلج.

قوپان: ڕۆچوُن ف فرورفتن.

قۆپان: گیاجاڕی تایبەتی بۆ لەوەڕی ئاژەڵ ف چراگاه اختصاصی.

قوپاندن: ڕۆچواندن، قوباندن ف فروبردن.

قۆپاندن: داهێنانەوە، لارکردنەوە ف کج کردن.

قوپاو: ڕۆچوُگ ف فرورفته.

قۆپ بوُن: ١) خواروگێر بوُن؛ ٢) داهاتنەوە ف ١) کج و کوله‌بودن؛ ٢) خمیدن.

قۆپچـه: ١)دوگمە، بشکۆژ؛ ٢) جۆرێ بەری دارمازو ف ١) دگمه؛ ٢) نوعی ثمر مازوج.

قوپخـان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قۆپز: شات‌وشوتکەر ف لاف و گزاف کننده.

قۆپك: زۆپایی لە ناو تەختاییدا ف برجستگی میان هموارى.

قۆپکه: ١) سەری خڕی شتی باریك؛ ٢) ترۆپکی چیا ف ١) سر گرد جسم باریك؛ ٢) قلّهٔ کوه.

قۆپۆز: ١) بێقلی بەران؛ ٢) جێگەی قایش لە نیری جوتدا ف ١) پوزهٔ قوچ؛ ٢) وسط یوغ که خیش درآن بندند.

قۆپەن: پەڵەگیای بڵند لەناو مێرگ و گیاجاڕدا ف قطعه سبزه‌زار ساقه‌بلند در مرغزار.

قۆپی: ١) زەلکاوی قامیشەڵان؛ ٢) ڕوُنوُس ف ١) مرداب نیزار؛ ٢) رونویس.

قوپیان: قوپان ف فرورفتن.

قۆپی داس: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قۆپیه: ١) حیله، فێڵ؛ ٢) دزی لە ئەزموُنی فێرگەدا ف ١) حیله؛ ٢) تقلّب در امتحان.

قوت: ١) زۆپ؛ ٢) لەسەر هەست؛ ٣) بڕان؛ ٤) کورت؛ ٥) خەلاس؛ ٦) لێدان ف ١) برجسته؛ ٢) حسّاس؛ ٣) قطع؛ ٤) کوتاه؛ ٥) تمام شده؛ ٦) زدن.

قۆت: ڕوت: (بە سەری **قۆت** دەگەڕا) ف لخت.

قوُت: ١) پاروُ لە گەروُ چوُنـەخوار؛ ٢) ڕوُت، بێ پۆشاك؛ ٣) زەواد، بژیو: (لە ڕوُت و قوُتی وەك من ڕوُ مەپۆشە/ کە **قوُتی** ڕوُتە **قوُتی** عاشقی ڕوُت) «نالی» ف ١) بلع؛ ٢) لخت؛ ٣) مایهٔ زندگی.

قوتاب: قتاو ف نگا: قتاو.

قوتابخانه: فێرگەی زاروکان ف دبستان.

قوتابوُن: خەلاس بوُن، نەمانی کار یا خواردەمەنی ف تمام شدن.

قوتابی: زاروکی فێرگە ف دانش‌اموز دبستانی.

قوتـابیان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قوتاخ: منالێ کە بەردەستی وەرزێرە ف نوجوان پیشکار کشاورز.

قوتـار: ١)ڕزگار: (بە فڕکەفڕك لە دەستی **قوتار** بوُم)؛ ٢) خەلاس بوُن، بڕانەوە: (ئاردمان **قوتار** بوه) ف ١) رها؛ ٢) پایان.

قۆتاس: ناوە بۆ پیاوان ف نام مردانه.

قۆتاسه: زەنەیەری زێو ف زیور نقره.

قوتـان: ١) لێدان بە دارو مست؛ ٢) کوتـانی دەخـڵ و شتی تر؛ ٣) خۆ کوتـانـە ناو کار؛ ٤) ناوی هۆزێکی کوردە لە کوردستان ف ١) زدن، کتك کاری؛ ٢) کوبیدن؛ ٣) فضولی؛ ٤) نام عشیره‌ای کردزبان.

قۆتان: پێڕك، عەرزێل ف جای اثاثیه در چادر.

قوُتان: کەڵك، *مەلیکە زاوەماسی دەکاو قورتمی هەیە* ف مُرغ سقّا.

قوتان خەلیزه: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قوتان گەوره: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قوتاو: قتاو، قوتاب ف نگا: قتاو.

قوتاوخانه: قتاوخانە ف نگا: قتاوخانه.

قوتاوی: قتاوی ف شاگرد دبستان.

قوتایی: ١) دارکاری کراو؛ ٢) کوتراو، هاڕدراو؛ ٣) زۆپایی، زەقایی ف ١) کتك‌خورده؛ ٢) کوبیده؛ ٣) برجستگی میان هموار.

قوتب: پیری تەریقەتی زۆر جێ گەورە ف مرشداعلی.

قوتبڕاو: بەش‌خوراو، بێ‌بەش ف کسی که سهمش را خورده‌اند.

قوت بوُن: سڵ بوُن، هاتنەسەر هەست: (کاکە لەچی **قوت بوی؟**) ف با دقّت و حذر گوش دادن.

قوت بوُنەوه: ١) سەربەرزەوە کردن؛ ٢) زەقی لە نەوی پەیدابوُن ف ١) سر براوردن؛ ٢) برامدگی از هموار پیداشدن.

قوتته: جانو لە ساڵی دوهەمی تەمەنیدا ف کُرّه اسب دوساله.

قوُتچوُن: لەگەروُ چوُنەخوار ف بلعیده شدن.
قوتحه: شتی نایاب و پەسند ف ممتاز، تحفه.
قوُتدان: بە گەروُدا بەرێ کردن ف بلعیدن.
قوُتدران: قوُتچوُن ف بلعیده شدن.
قوُتدراو: دەگەروُ هاویژراو ف بلعیده شده.
قوّتر: ۱) بارگینی پیری پەك کەوته؛ ۲) ناوی چیایەکە لە موکوریان ف ۱) یابوی لکنته؛ ۲) نام کوهی است.
قوّترمه: بەلەك، پوّز ف ساق.
قوّتــره: ۱) نیوەغــاری نارێك، گورگەلـوّقـه؛ ۲) ئەسپ و ماینێ کە بە گورگەلوّقە دەڕوا ف ۱) هروله، یورغه؛ ۲) اسب یورتمه.
قوتف: سڕی، تەزی سەرما ف کرخ از سردی.
قوتفین: تەزین لەسەرمان، سڕبوُن ف کرخیدن از سرما.
قوتك: بالاپوّشی بەدوگمەی ناوتێخراوی تا بەر پشتێند، کورتەك، کەوا، مرادخانی ف قبای نیم‌تنه.
قوّتـك: ۱) جاش بالّتـه، بالّتـوّی تاسـەرزرانی؛ ۲) مەرگی مفـاجا؛ ۳) نەخوّشیەکی ئاژەلّە؛ ۴) کوّخەڕەشە ف ۱) پالتو کوتاه؛ ۲) سکته؛ ۳) نوعی بیماری دام؛ ۴) سیاه‌سرفه.
قوت کردن: ۱) بڕین؛ ۲) خەلاس کردن ف ۱) قطع کردن؛ ۲) به پایان رسانیدن.
قوُت کردن: ۱) قوُتدان؛ ۲) ڕوُت کردن؛ ۳) بن ئاوخستن ف ۱) بلعیدن؛ ۲) لخت کردن؛ ۳) زیرآب فروبردن.
قوت کردنەوه: ۱) زوّپ کردنەوه، بەزەقی شاندان؛ ۲) بلّند کردن، ڕاکردن ف ۱) برجسته نشان دادن؛ ۲) بلندکردن.
قوّتکه: ۱) دوندی چیا؛ ۲) لوُتکەی تەپوّلکە؛ ۳) زوّپی ف ۱) قلهٔ کوه؛ ۲) بالای تپه؛ ۳) برجستگی.
قوّتل: هاومالّ لە دێدا ف اهالی یك آبادی.
قوتم: ۱) بنەداری بڕاوی لەزەمینداماو؛ ۲) لێدەم، دارکاری بکەم: (ئەزی تە **قوتم**) ف ۱) تەدرخت بریدهٔ در زمین باقی مانده؛ ۲) بزنم.
قوتن: لێدەن، دارکاری کەن: (دێ تە **قوتن**) ف بزنند، کتك کاری کنند.
قوتنی: پارچەیەکی زێڕێیە بوّ بشتەکەوا دەبێ ف پارچه‌ای است راهراه.
قوّتوُ: قالك، دەفری چکوّلەی بەسەرپوّش بوّ وردەشت ف قوطی.
قوّتوّ: خەجالّەت، تەریق، فەدی‌کار ف شرمنده.
قوّتـوّل: ناوی چیایەکە لە کوردستان ف نام کوهی است.
قوتـوّلـه: ۱) قوتوی زوّر بچوُك، ۲) چرافتیله ف ۱) قوطی کوچك؛ ۲) چراغ موشی.
قوته: ۱) قوتابی؛ ۲) وریاو سلّ ف ۱) شاگردنوآموز؛ ۲) حسّاس و هوشیار.
قوُته: ۱) بن‌ئاوکەوتن؛ ۲) قفه؛ ۳) توانای قوُتدان؛ ۴) ڕوُتەلّه؛ ۵) قوُلّکه ف ۱) زیرآب شدن؛ ۲) سرفه؛ ۳) یارای بلعیدن؛ ۴) لخت و بی‌نمود؛ ۵) گودال.
قوّتــره: ۱) بارستی، ئەستوُرایی دار؛ ۲) کوّلکە بەئەندازەی ئەستوُرایی دار؛ ۳) بارسـایی دەورانـدەوری دوّلّاش ف ۱) قطر تنهٔ درخت؛ ۲) کنده از تنهٔ درخت؛ ۳) قطر محیط سوراخ ناو آسیاب.
قوتەقوت: سەرەتاتکێ ف به هرجا سرکشیدن، فضولی.
قوتەك: ۱) قوتك؛ ۲) سوخمەی بێ‌قوّلّ ف ۱) قبای نیم‌تنه؛ ۲) یلك.
قوّتەلّ: ۱) ناوی چیایەکە، قوّتوّل؛ ۲) ناوی چەند ئاواییەکە ف ۱) نام کوهی است؛ ۲) نام چندین آبادی.
قوُتەلّ: ڕوُتی تەواو ف لخت و برهنه.
قوُتەلّه: ڕوُتەلّه ف لختك بی نمود.
قوتی: ۱) سلّی، لەسەرهەست‌بوُن؛ ۲) قوتوُ ف ۱) حساسیّت، آمادگی رمیدن؛ ۲) قوطی.
قوّتی: ۱) ڕوُتی؛ ۲) قوتوُ ف ۱) برهنگی؛ ۲) قوطی.
قوُتی: ۱) ڕوُتی؛ ۲) قوتوُ ف ۱) برهنگی؛ ۲) قوطی.
قوتیله: ۱) قوتـوی بچوُك؛ ۲) چرای فتیله؛ ۳) ئاوێنەی گیرفان ف ۱) قوطی کوچك؛ ۲) چراغ موشی؛ ۳) آینهٔ جیبی.
قوّتین: ڕوُت بوّ سەر دەگوترێ: (پێخواس و سەرقوّتین بو) ف برهنه ویژهٔ سر.
قوّج: بەسەریەکاهاتنی پەلکی چاو یان قامکی دەست‌و... ف برهم آمدن پلك یا انگشتان و...
قوّجان: قوّج ف نگا: قوّج.
قوُجانن: ۱) بەسەریەکاهێنانی پەلك یا قامکانی دەست: (چاو **قوُجانن**، پەنجـە**قوُجانن**)؛ ۲) وێك‌هێنانی کونی قن: (قنگی **قوُجاندوه**) ف ۱) برهم آوردن پلك چشم یا انگشتان؛ ۲) بستن سوراخ مقعد.
قوج بلاخ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
قوّجه: ۱) زوّر لە مێژینه، کەونارا: (دەچمەوە شارەکەی **قوّجەموُسلّێ**)؛ ۲) شەویلکـەبزاوتن‌و دەم‌کردنەوە وەك بوّ بنێشت‌جاوین، قەوچە: (ماکەر **قوّجـه** بوّ نێرەکـەر دەکا) ف ۱) دیرینه، باستانی؛ ۲) آرواره حرکت دادن با دهن باز.
قوّجەلەر: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
قوُجیاگ: قوُجان بەسەرهاتوُ ف اعضاء بسته‌شده.
قوُجیان: قوُجان ف نگا: قوُجان.
قوّچ: ۱) بەران؛ ۲) شاخی حەیوان؛ ۳) گرێوە غاری سواران؛ ۴) جوّرێ تەلّە بوّ ڕاوی گورگ‌و ڕێوی ف ۱) گوسفند نر، قوچ؛ ۲) شاخ حیوان؛ ۳) مسابقهٔ اسب دوانی؛ ۴) نوعی تله برای شکار گرگ و روباه.
قوُچ: ۱) بلّند؛ ۲) شتێ کە لە خوارەوە پان‌و کەم‌کەم باریك بێتەوەو بەرز بێتـەوه، مەخـروُتی؛ ۳) نیشـانەی کەوشەن ف ۱) بلند؛ ۲) مخروطی شکل؛ ۳) علامت مرز.
قوّچاخ: ۱) چالاك، لەش‌سوُك؛ ۲) بەپێ لە ڕێگه ف ۱) چست، چالاك؛ ۲) بادپا در پیاده‌روی.
قوّچاغ: قوّچاخ ف نگا: قوّچاخ.
قوّچاغه: جوّرێ سەربەرەلّبێنە کە لاقیش دادەپوّشێ ف نوعی پیش‌بند

زنانە.

قۆچـان: ١) سەنـەد، قەبـاڵەی مڵك؛ ٢) بەشێکی گەورە لە کورد کە لە سنـوُری ئەفغـانستان دەژین؛ ٣) ناوی شارێکە کوردی قۆچانی لێ دەژین؛ ۴) باجێکە ساڵانە لە رەعیەت دەسێنرێ ف ١) سند مالکیّت؛ ٢) بخشی عمـده از کردهـا در خراسـان؛ ٣) شهـری که کردهـای خراسان درآن زندگی می کنند، قوچان؛ ۴) باجی سالیانه که ارباب از رعیت وصول می کند.

قۆچان: قۆجان ف نگا: قۆجان.

قوُچاندن: قوُجانن ف نگا: قوُجانن.

قوُچانن: قوُجانن ف نگا: قوُجانن.

قوُچاو: قوُجان بەسەرهاتوُ ف چشم بسته، پنجهٔ برهم آمده و... اعضاء بسته.

قۆچ‌بلاخ: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

قۆچ‌بلاغ: لەو گونـدانـەی کوردستـانـە کە بە عسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

قۆچ‌بەهدەر: گیایەکە بۆ رەوانی دەبێ ف گیاهی است مسهل.

قۆچ‌تێ‌هەڵدان: بە شاخ لێدان ف شاخ زدن.

قۆچدار: شاخدار ف شاخدار.

قۆچدان: قۆچ‌تێ‌هەڵدان ف شاخ‌زدن.

قۆچ‌قۆچانی: شەڕەشاخ ف شاخ به شاخ شدن.

قۆچك: ١) سەرپۆشێکە لە بەرچەنەوە دادەخرێ بۆ زارۆك و هێندێك ژنی عێلاتی‌یە؛ ٢) ئەنگـوچکـەسـۆرانی، لەوەنـدی ف ١) کلوتهٔ زنانه و بچگانه؛ ٢) آستین بلند.

قۆچکە: ١) کۆچکە، قۆچك؛ ٢) دەرپەڕیوەی سەری کڵاو ف ١) کلوتهٔ زنانه و بچگانه؛ ٢) برجستگی روی کلاه.

قۆچکەتاش: پێشەسەرتاشینی زارۆکان بۆ جوانی ف موی آهیانه ستردن برای زینت کودکان.

قۆچکەسۆرانی: ئەنگوچکەسۆرانی ف آستین بلند.

قۆچ‌لێدان: شاخ‌تێ هەڵدان ف شاخ‌زدن.

قۆچ‌وەشاندن: قۆچ‌لێدان ف شاخ زدن.

قۆچ‌وەشێن: حەیوانێ کە بە شاخ لە خەڵك دەدا ف شاخ‌زن.

قۆچ‌هاوێژ: قۆچ‌وەشێن ف شاخ‌زن.

قۆچ‌هاویشتن: قۆچ‌وەشاندن ف شاخ‌زدن.

قوُچـەبلبـاس: گونـدێکـە لە کوردستـان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

قوُچـەسپیلکـە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

قۆچەقانی: قاڵماسك، قاڵماسکە، بەرەقانی، کەهنیك ف فلاخن.

قوُچەك: قوُچی چکۆڵە ف مخروطی کوچك.

قوُچەکە: ئەنگوستیلەی دورمانان ف انگشتانه.

قوُچەلان: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

قوُچەلەر: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

قۆچەمل: گەردنی بڕاوی باڵدار لە چێشتا ف گردن بریدهٔ پرنده در غذا.

قۆچەملە: قۆچەمل ف نگا: قۆچەمل.

قۆچی‌تاش: قۆچکەتاش ف نگا: قۆچکەتاش.

قۆچی‌قوربان: ١) پەزێ کە لە جێژنی گەورەدا دەیکەنە خێر؛ ٢) برێتی لە فدایی ف ١) گوسفند قربانی؛ ٢) کنایه از جان فدا، فدایی.

قۆخ: ١) خۆخ، هەشتاڵو، هڵو؛ ٢) خانوی چکۆڵەی راوکەران لە دەشت؛ ٣) خانوی پچوکی بێ‌نرخی هەژاران؛ ۴) پشت‌چەماو، قۆپ؛ ۵) چەو؛ ۶) سەرتۆپە، تۆپەسەر: (سینی ساوار گۆشت لەسەر **قۆخی** بو) ف ١) هلو؛ ٢) کوخ شکارچی؛ ٣) خانهٔ محقّر؛ ۴) خمیده، کوژ؛ ۵) شن؛ ۶) بالاترین نقطه.

قۆخا: کاربەدەستی دێ لەپاش خاوەن مڵك ف کدخدای ده.

قۆختـــە: ١) قۆخی راوکـەر؛ ٢) ماڵی چکـۆڵـەی بێ‌نرخ ف ١) کوخ شکارچی؛ ٢) خانهٔ محقّر.

قۆخدان: چەمانەوە ف خمیده‌شدن.

قۆخل: قۆختە ف نگا: قۆختە.

قۆخ‌نادر: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قۆخە: قفە ف سرفه.

قۆخەقۆخ: ١) قفینی زۆر؛ ٢) ڕۆیشتن بە پشتی چەماو ف ١) سرفهٔ زیاد؛ ٢) راه‌رفتن با پشت خم.

قوُخـەڵ: مەلێکـە لە لەق‌لەق دەکاو گچکەترە. *لەدەم ناوان دەگەڕێ* ف پرنده‌ای است.

قودب: قوتب ف مرشداعلی.

قۆدك: ئاوینەی گیرفان، قوتیلە ف آیینهٔ جیبی.

قۆدی: ١) قوتوُ؛ ٢) قۆدك ف ١) قوطی؛ ٢) آیینهٔ جیبی.

قودیك: قۆدی ف نگا: قۆدی.

قودیلە: چرافنیلە ف چراغ موشی.

قوڕ: حەڕی، خۆڵی تەڕ ف گل.

قۆر: ١) داڵگوشت، لاواز، لەڕ، لەجەر؛ ٢) کۆزی هەڵپەڕکێ؛ ٣) پاشڵی ئاژەڵ؛ ۴) لوُلاکی پێ؛ ۵) نهۆم؛ ۶) تێ وروکان و بەوردی تماشاکردن ف ١) لاغـر؛ ٢) حلقـهٔ رقص؛ ٣) بخش انتهایی دام؛ ۴) استخوان ساق؛ ۵) اشکوبه؛ ۶) به دور چیزی جمع شدن و نگریستن.

قۆڕ: ١) گونداچـوڕاوی پەنـەمـاو؛ ٢) برێتی لە قسـەو کاری بێ‌تام؛ ٣) ئامرازی شەڕ: (**قۆڕخانە**)؛ ۴) دەنگی زگ، قرە: (**قوڕقوڕی** زگە لە برسا)؛ ۵) هەراو دەنگ، دەگەڵ زەنگ دەگوترێ: (زەنگ‌و **قۆڕ**) ف ١) فتقی؛ ٢) کنایه از سخن یاوه و کار هرزه؛ ٣) جنگ‌افزار؛ ۴) صدای شکم؛ ۵) جنجال و هیاهو.

قۆر: بەرانبەری پەل، قوڵ، کوڕ ف ژرف.

قوڕاب: خۆپەسندی بەدفەڕ ف خودخواه گردن‌کلفت.

قوڕابی: جۆرێ شیرنی که له ئاردەبرنج دەکرێ، غوڕابی ف نوعی شیرینی.

قۆڕات: بنکی ئەستوورو خڕی گیا ف ریشهٔ کلفت گیاهی، پیازه.

قوڕاچکه: سوورێچکه ف سرخنای، خرخره.

قوڕاد: بەربەسێڵ ف آش با گوشت و ماست.

قوڕاده: ١) گیایه که تیز بنی وەك تەرەپیازه، کوڕاده؛ ٢) ئاسنجاو، سەقەت ف ١) ترهٔ کوهی؛ ٢) قراضه.

قوڕافتن: دەرامەدی مەزراکۆکردنەوە ف برداشت محصول عموماً.

قوڕاڵه: گیای قوڕاده، کوڕاده ف ترهٔ کوهی.

قوڕان: فڕکردن ف سرکشیدن نوشیدنی.

قۆڕانـدن: ١)دەنگ‌دانی زگ؛ ٢)بۆڕاندنی رەشەوڵاخ ف ١) قرقرکردن شکم؛ ٢) صداسردادن گاو.

قوُڕاندن: گریانی سەگ له ئێش‌پێ‌گەیشتن ف گریهٔ سگ از آزاردیدن.

قۆڕانن: قۆڕاندن ف نگا: قۆڕاندن.

قوُڕانن: قوُڕاندن ف نگا: قوُڕاندن.

قورانه: رێسەی درگا ف قسمت ضخیم دَر.

قوڕاو: ١) زلیتاو، جلێتاو؛ ٢) بەربەسێڵ، قوڕاد؛ ٣) ئاوی لێڵ ف ١) لجن؛ ٢) آش ماست و گوشت؛ ٣) آب گل‌آلود.

قوڕاوی: حەڕی‌پێوەنوُساو ف گل‌آلود.

قوڕاویلکه: ئاوڕۆشن‌کەره، ئاوەڕۆنکه ف حشره‌ایست، دبیب.

قوڕاویله: باڵداریکه لنگو دندوك‌درێژ بەقەی سوێسکه ف پرنده‌ای است.

قوڕباج: قامچی، شەلاخ ف تازیانه.

قوڕباجه: خڕۆزەك ف سعال دیکی، خروسك.

قورباق: بۆق، قرباق، بەق ف قورباغه.

قوربـان: ١) وشـەی رێزگرتن، ئەزبەنی؛ ٢) دەسەرگەڕان، بەلاگێڕ؛ ٣) گۆشـتـی خێرێ له جەژنـی گەورەدا؛ ٤) حـەیوانـی خێرێ؛ ٥) دوامین‌مانگی ساڵی موسوڵمانان؛ ٦) جێژنی گەورەی ئیسلام ف ١) کلمهٔ احترام؛ ٢) فدا؛ ٣) گوشت قربانی؛ ٤) حیوان قربانی؛ ٥) ماه ذی حجّه؛ ٦) عید قربان.

قوربانی: ١) گۆشتی قوربان؛ ٢)حەیوانی قوربان؛ ٣) ناوه بۆ پیاوان ف ١) گوشت قربانی؛ ٢)حیوان قربانی؛ ٣) اسم مردانه.

قوڕبەست: پێ‌خوێ له قوڕ ف تودهٔ کاهگل.

قوڕبەسەر: خاکەسەر، بێچاره ف بیچاره، خاك بر سر.

قورپ: کورك، مەلی کڕکەوتوُ ف کرچ.

قورپاچ: قامچی، تازیانه، شەلاخ ف تازیانه.

قوڕپەست: قوڕبەست ف تودهٔ کاهگل.

قوڕپێوان: برێتی له قوڕوەسـەرکـردن له بەدبەختیان: (لەسەرخۆچوُنه، شەیدابـوُنـه، **قوڕپێوانه** سوُتـانـه/هەتا مردن مەحەببەت ئیشی زۆره ریزی لێ دەگرم) «مەحوی» ف کنایه از خاك بر سر ریختن از بیچارگی.

قوڕپێوەدان: ١) برێتی له بەدوامین دەرەجـەگەیشتن: (هێنـدی قارانج کرد **قوڕی پێوەدا**)؛ ٢) برێتی له بەیەکجاری وێران کردن ف ١) کنایه از به منتها درجه رسیدن ٢) کنایه از یکباره نابود کردن.

قورت: ١) قوُت، لەگەروُچوُنەخوار؛ ٢) باڵداریکه؛ ٣) قوم، تەپاو له شتی تراوو ئاودا ف ١) بلع، قورت؛ ٢) پرنده‌ایست؛ ٣) غوطه‌ور.

قۆرت: ١) بەرگر، لەمپـەر؛ ٢) بەلاو چۆرتم؛ ٣) بەنـدو گرێ له درێژدا: (دارەکـه سێ **قۆرتی** تێدایه)؛ ٤) چاڵایی زەوی؛ ٥) بەرزایی کەم له رێگـەی راسـتـدا؛ ٦) کڕین‌و فرۆشتنی بێ پێوان‌و کێشان، گۆتره؛ ٧) ملی باڵدار ف ١) گیروگرفت، مانع؛ ٢) بلاو آسیب؛ ٣) گره در چوب و نی و...؛ ٤) چالـه‌چـوله؛ ٥) بلندی در راه راست، دست‌انداز؛ ٦) خریدوفروش بدون توزین و حساب؛ ٧) گردن پرنده.

قورتاڵ: قوتار ف نگا: قوتار.

قورتاندن: قوت‌دان، قویت‌دان، لەگەرو ناردنەخوار ف بلعیدن.

قۆرتانن: لچ‌و لێو گرژکردن ف روی درهم کشیدن، اَخم کردن.

قۆرتاوی: ١) درێژی بەگرێ؛ ٢) رێگەی پڕ بڵندی‌و نزمی؛ ٣) رێگەی پڕ له قوُڵکەو کۆسپ ف ١) بلندگره‌دار؛ ٢) راه پرفراز و نشیب؛ ٣) راه پرچاله‌چوله.

قۆرت‌تێ‌خستن: لەمپەرو بەرگر خستنه بەرکارو بار، چەت تێ‌خستن ف چوب لای چرخ گذاشتن.

قۆرت‌تێ کەوتن: بەرگر هاتنـه پێش کاروبار، چەت تێ‌کەوتن ف مانع روی آوردن.

قۆرت‌قۆرتاوی: قۆرتاوی ف نگا: قۆرتاوی.

قورتم: ١) سوورێنچکـه؛ ٢) بێڤلی فیل؛ ٣) توُرەکەی ملی کەڵك ف ١) سرخنای؛ ٢) خرطوم؛ ٣) کیسهٔ گردن پلیکان.

قۆرتم: ١) بەسـەرهاتی ناخۆش، چۆرتم؛ ٢) قورتمی فیل؛ ٣) قورتمی کەڵك ف ١) پیشامد ناگوار؛ ٢) خرطوم؛ ٣) کیسهٔ گردن پلیکان.

قورتن: داریکی لێرەواره ف درختی است جنگلی.

قۆرته: قۆتره ف هروله.

قۆرتەلاس: گوندێکه له کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

قورتێدان: حەڕی پێداساوین ف گِل‌مالی.

قورتیك: قوُت‌دان ف بلعیدن.

قۆرج: ١) تێخوڵی شینی گوێز؛ ٢) کلۆربوُنی دران، کرموڵ‌بوُن دیان ف ١) پوستهٔ سبز گردو؛ ٢) کرم خوردگی دندان.

قورج: ١) سوُچ، قوژبن، گۆشه؛ ٢) فڕ ف ١) گوشه؛ ٢) جرعه.

قورچاندن: ١) قوُت‌دانی پاروُ؛ ٢) فڕکردن ف ١) بلعیدن؛ ٢) جرعه‌نوشیدن.

قورچی: نقورچك، قورینج، بەنینۆك ئازاردانی پێست ف نیشگون.

قورچیا: لەو گوندانەی کوردستانه که بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

قورچی کرن: نقورچك گرتن، قورینجاندن ف نیشگون گرفتن.

قورحان: قرۆنێ، پەراوی هەرەپیرۆزی ئیسلام ف قرآن.

قورحه: ١) پسوُڵەی خۆت‌وبەختت؛ ٢) برینی رۆخڵه ف ١) قرعه؛ ٢)

زخم معده.

قورخ: ئەستێرەکە، قورغ ف ستارۀ سحری.

قۆرخ: ١) دەخڵی پاوان، بێشـەی تایبـەتی؛ ٢) گەرمـاوی بۆ کەسێ پاوان‌کراو ف ١) مزرعه یا بیشۀ اختصاصی؛ ٢) حمّام قُرق.

قوڕدادان: درزو قەڵشت‌گرتنی دیوار بە حەڕی ف درزگرفتن دیوار با گل.

قوڕدان: قوڕدادان ف نگا: قوڕدادان.

قۆردون: زنجیری سەعات ف زنجیر ساعت، بند ساعت.

قۆڕە: ئاوقۆڕە، وشراوی بەرسیلە، هالاو ف آبغوره.

قۆرزی: قوژبن، سوێچ، گۆشە، سیلە، کونج ف گوشه.

قورس: ١) سەنگین، بەرانبـەری سفـك لە دەست؛ ٢) لەسـەرەخـۆو بەحورمەت؛ ٣) درەنگ‌بیستنی گوێ: (گوێم قورسە دەنگ بەرزکە)؛ ٤) حەبی دەرمـان ف ١) سنگین؛ ٢) باوقار؛ ٣) سنگینی گوش؛ ٤) قرص دارو.

قورساخ: سەنگینی و گرانی مرۆ: (پیاوێ بە قورساخە) ف وقار و متانت.

قورساغ: قورساخ ف وقار و متانت.

قورساق: مەلاشو ف سقف دهان.

قورسایی: بەرانبەر سفکی، بەکێش؛ ٢) سەنگینی مرۆ ف ١) سنگینی، وزن؛ ٢) وقار.

قورسك: زیقەی سەگ لە ژان‌پێ‌گەیشتن ف جیغ سگ از درد.

قورسکان: زیقاندنی سەگ لە ئێش‌پێ گەیشتن ف جیغ زدن سگ از درد.

قورسکە: قورسك ف جیغ سگ از درد.

قورسکەقورسك: زیقەزیقی سەگ ف جیغ پیاپی سگ.

قورس‌وقۆڵ: مرۆی سەنگین‌و گران ف باوقار.

قورس‌وقوڵ: قایم‌و توندو بەکێش ف محکم و سنگین.

قورس‌وقەمەر: قورس‌و قۆڵ ف باوقار.

قورسە: کلۆی ساف لە زێڕو زیو ف شمش.

قورسی: ١) قورسایی، سەنگینی؛ ٢) سەنگەڵی؛ ٣) داری لێکدراو بۆ لەدەوره‌نوستنی زستانە ف ١) سنگینی؛ ٢) صندلی؛ ٣) کُرسی.

قورسی کەمەر: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف گیاهی است دارویی.

قورسین: ١) قورینجاندن، نقورچك‌گرتن؛ ٢) قورسی، کورسی ف ١) نشگون گرفتن؛ ٢) کُرسی.

قورسی‌ناعنا: شتێکی تیژە دەیمژن دەم فێنك دەکاتەوە ف قرص نعناع.

قورش: ١) وردەی پوڵێکـە؛ ٢) قورسی خوا کە لای حەرشـەوەیە: (لە حەرش‌و قورش) ف ١) واحد پولی است؛ ٢) کرسی همراه عرش خداوندی.

قورش: حەرش ف عرش.

قوڕشێل: کەسێ کە حەڕی بە پا خۆش دەکا ف گِل سرشت.

قوڕشێلان: ١) بەرپێ‌دانی قوڕ بۆ خۆش‌بوُن؛ ٢) برێتی لەتوُشی بەلاو سەخـڵەت‌بوُن ف ١) گِل سرشتن؛ ٢) کنـایه از گرفتـار سختی و مصیبت شدن.

قورعان: قروئێ، قورحان ف قرآن.

قورعان‌خوێن: کەسێ کە قورعان دەزانێ ف قاری قرآن.

قورعە: قورحە ف نگا: قورحه.

قورغ: ئەستێرەی رۆژێ، ئەستێرەکە ف ستارۀ سحری.

قۆڕغ: ١) قۆڕخ؛ ٢) گۆلاوی پڕ لە زەمـەنـد؛ ٣) قەدەغـە ف ١) نگا: قۆڕخ؛ ٢) برکۀ طبیعی؛ ٣) ممنوع.

قۆڕغان: ناوی ئاواییەکە لە موکوریان ف نام روستایی است.

قورف: ١) قەف‌و گوڵی دەغڵ؛ ٢) کێشەوەی درواو بۆسەر خۆیان؛ ٣) گوڵ‌بژێر لە پەرێز؛ ٤) لەرزین، رەجفین؛ ٥) ترس؛ ٦) پاشەرۆکی مێوە ف ١) رسیدن غلّه؛ ٢) جمع کردن درویده در خرمن؛ ٣) خوشه‌چین؛ ٤) لرزیدن؛ ٥) ترس؛ ٦) پساچین میوه.

قورفاندن: ١) ترسانن؛ ٢) لەرزاندن؛ ٣) هەڵپساندنی گوڵی دەغڵ ف ١) ترسانیدن؛ ٢) لرزانیدن؛ ٣) بریدنِ خوشۀ غلّه.

قورفت: خەزێم، ئاڵقەی لوُت بۆ جوانی ف خزام، حلقۀ زینتی در بینی.

قۆرقچی: مەلێکی رەشـە کە ملی چەرمگەو بەقەی پەپوسلێمانەیەکە ف پرنده‌ای است.

قوڕقوڕاچکە: سورێنچکە ف سرخنای، خرخره.

قوڕقوڕاگە: سورێنچکە ف سرخنای.

قوڕقوڕبەگ: زاوت، گزیرو کاربەدەستی ئاغا ف کارگزار ارباب، مباشر.

قوڕقوڕۆچکە: قوڕقوڕاچکە ف سرخنای، خرخره.

قۆڕقـوڕە: ١) مەزرەقی ناوکـوڵـدراو کە لە سوڕانـدا بوڕەی دێ؛ ٢) زەردەقۆڕە ف ١) گردنای کاوك؛ ٢) نوعی سوسمار.

قوڕقوشم: کانزایەکی نەرمو سپیە ف فلز سرب.

قوڕقینە: قڕقینە، قرپ ف آروغ.

قورك: کڕ، کورك،مەلی لەسەرهێلکە خەفتگ ف کرچ.

قۆڕك: ١) پشت‌ئەستۆ؛ ٢) لاقنگ؛ ٣) خالیگە ف ١) قفا، پشت گردن؛ ٢) باسن؛ ٣) تُهیگاه.

قوُرك: پاش‌پانیە ف عقب پاشنه.

قوُرکـرن: راکشـان لەسەر سنگ بۆ ئاوخواردنەوە لە کانی ف درازکش کردن برای نوشیدن آب از چشمه.

قوڕکێش: ١) ئامرازێکە بۆ قوڕکێشان بە دوکەس دەکاردەهێنرێ، ناوە؛ ٢) پاڵەی قوڕکێشان ف ١) ناوۀ گِل‌کشی؛ ٢) عملۀ گِل‌کش.

قورگ: ژوُرەوەی ئەستۆ لە پێشەوە، گەروُ ف گلو.

قۆڕگ: قلێچکە، ئێسکی قنگ ف استخوان دنبالچه.

قورگ‌دڕاو: ١) برێتی لە زۆرخۆر؛ ٢) برێتی لە چەنەباز ف ١) کنایه از پرخور؛ ٢) کنایه از جنجالی و پرچانه.

قوڕگرتنەوە: حەڕی‌چێ‌کرن ف گِل سرشتن.

قورم: ١) بنی داری بڕدراو؛ ٢) بارستایی دار؛ ٣) سیان، رەشایی نیشتوی دوکـەڵ؛ ٤) بڕەدارێك؛ ٥) قرم، تەماح؛ ٦) قومی ئاو ف ١) تەدرخت بریده؛ ٢) قطر درخت؛ ٣) دوده؛ ٤) قطعه هیزم؛ ٥) طمع؛ ٦) جرعه.

قوڕماتیخ: ١) بنی‌ڕان؛ ٢) خالیگە ف ١) بیخ ران؛ ٢) تُهیگاه.

قورمخۆش کردن: تەمـاتێ کردن: (قـورمی خۆی لێ خۆش کردوە دەیەوێ بیبا) ف طمع کردن در چیزی.

قورمساخ: دەویت ف جاکش.

قورمساغ: دەویت ف جاکش.

قورمسان: ترنجیان، هەڵقرچان، قرمچین ف ترنجیدن.

قورمساندن: هەڵقرچاندن، ترنجانن ف ترنجانیدن.

قورمسین: قورمسان ف ترنجیدن.

قورمیش: ١) بادانی زەمبەلەکی سەعات بە کلیل؛ ٢) ناوی دێیەکە ف ١) کوك ساعت؛ ٢) نام دهی است.

قورمین: ١) کورك بوون، کڕکەوتن؛ ٢) هەدادان، داسەکنان ف ١) کرچ شدن؛ ٢) آرام گرفتن.

قوڕن: سوچ، خەتا، تاوان ف گناه.

قوڕنازك: بنی ئانیشك ف تە آرنج.

قوڕناویلکە: جۆرێ بۆقی چکۆلە ف نوعی قورباغهٔ کوچك.

قورنج: بە سەری دو نینۆك نازاردانی پێست ف نیشگون.

قورنجاندن: قورنج گرتن ف نیشگون گرفتن.

قورنچ: قورنج ف نیشگون.

قورنچك: قورنج ف نیشگون.

قورنگ: باڵدارێکە لە تیرەی قازی کێوی، دوڕنا ف درنا.

قورنـە: ١) سوچ، قوژبن، سیلە؛ ٢) لا، ئالی؛ ٣) پارچەبەژی گەورە لە دنیادا: (لــە هەرچـوار **قورنـەی** دنیادا نیە)؛ ٤) جۆرنـەی حەمـام، حەوزۆکەی بەربەلوعە لە حەمامدا ف ١) زاویه، گوشه، نبش دیوار؛ ٢) طرف؛ ٣) قارّه؛ ٤) حوضچه مانند در حمّام.

قورنەت: ١) سیلە، سوچ و قوژبن؛ ٢) ئاژەڵێ کە بەچکەی نامۆ شیردەدا ف ١) زاویه، گوشه؛ ٢) دامی که بچهٔ غیر خود را شیر می‌دهد.

قورنیسك: قورینجان، نقورچك ف نیشگون.

قورنیسك کرن: قورینجاندن، نقورچك گرتن ف نشگون گرفتن.

قورو: قڕ، ئالشت، زوقم، خوس، خوسار، خویس ف سرماریزه، یژ.

قوڕوو: قورگ ف گلو.

قوڕواق: بۆق، بەق ف قورباغه.

قورواق: قوڕواق ف قورباغه.

قوروان. توربان ف نگا: قوربان.

قوروانی: قوربانی ف نگا: قوربانی.

قوروچای: ناوی گوندێکە ف نام روستایی است.

قوروسك: قورسك ف جیغ سگ از شدت درد.

قوروسکە: قورسك ف نگا: قورسك.

قوروش: قروش ف واحد پول عثمانی.

قوروقە: قروقە، لێك بڵاوبونی سواران بە پرتاو لە کاتی جەنگدا ف نگا: قروقه.

قوڕوقەپ: قڕوقەپ ف بی صدا.

قوڕوقەپۆز: قڕو قەپۆز، لچ و لێو ف لب و لوچه.

قوڕوك: فێڵ، تەڵەکە ف نیرنگ.

قوڕوگ: قورگ، قڕگ ف گلو.

قوڕوڵ: قلوڕ ف میان‌تهی، کاواك.

قورومە: باسکی ئامور، ئێرەقە ف چوب بلند خیش.

قوروە: ناوی شارێکە لە کوردستان ف شهر قروه.

قوڕوەسەر: قوڕبەسەر ف نگا: قوڕبەسەر.

قوڕوەسـەرکردن: برێتی لە زۆربەدبەخت بوون ف از بیچارگی خاك بر سر ریختن.

قورە: بەدەعیە ف متکبّر.

قۆرە: بەرسیلە، پەسیلە ف غوره.

قوڕە: ١) قڕە، قوڕەی زگ؛ ٢) دەنگی بەرزی رەشـەوڵاخ؛ ٣) دەعیەو تەکەببور؛ ٤) تاعونی رەشەوڵاخ ف ١) قرقرشکم؛ ٢) صدای بلندگاو؛ ٣) تکبّر؛ ٤) طاعون ستور.

قوڕە: قوروسکەی سەگ، ف نگا: قوروسکه.

قوڕەبان: بانەناو ف گل اندود پشت بام.

قوڕەبەشە: چالە، چالو، چالەکە، چوالو ف حیوان گورکن.

قورەت: توان، تابشت ف قدرت، یارا.

قوڕەتـو: گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قوڕەچەورە: جۆرێ حەڕی کە وەك مۆم دەچێ بۆ سنعات دەکار دەکرێ ف نوعی گل که در صنعت بکار می‌رود.

قوڕەدەماخ: بادیهەوا، بەفیز ف مغرور، متکبّر.

قوڕەدەماغ: قوڕەدەماخ ف مغرور، متکبّر.

قوڕەڕەش: جۆرێ قوڕ کە بەنی پێ رەش دەکەن ف گل سیاەرنگرزی.

قوڕەڕەشە: قوڕەڕەش ف گل سیاه رنگرزی.

قوڕەسورە: قوڕ لە ئاخاسور کە لە جێ‌پێوەدانی زەردەواڵەی دەساون ف گل قرمز که بر نیشزدهٔ زنبور می‌مالند.

قوڕەقـوڕ: ١) دەنگ لەزگەوە، قڕە، قوڕەی زگ؛ ٢) گەلاوگەڵ‌ڕۆیشتن: (بە **قوڕەقوڕ** دەڕوا) ف ١) قرقرشکم؛ ٢) مانند فتقی‌ها راه رفتن.

قوڕەکاری: برێتی لە خانودروستکردن ف کنایه از خانه‌سازی، گلکاری.

قۆری: ١) گیای بە باقـە لەسـەریەك‌چنراو، گیشە، گرشە؛ ٢) چادان، چایدان؛ ٣) خەرمـانی شیشەتوتن؛ ٤) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) بستـه گیاه برهم چیده؛ ٢) قوری؛ ٣) سیخهـای توتـون برهم انباشته؛ ٤) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قۆڕی: ١) غوڕی، گونپەنەماوی، گونشوڕی؛ ٢) قوڕقوڕە، زەردەقوڕە ف ١) بیماری فتق؛ ٢) نوعی سوسمار.

قوری: چایدان ف قوری.

قۆڕیات: ١) فشقیات؛ ٢) جۆرێ هەوای گۆرانی ف ١) نگا: فشقیات؛ ٢) آهنگی است.

قۆڕیانە: قوڕقوڕە، قۆڕی، زەردەقوڕە ف نوعی سوسمار.

قۆڕیانەزەردە: قۆڕیانە ف نگا: قۆڕیانە.

قۆریتـان: ١)جوێنی ژنانەیە؛ ٢) لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد[ف] ١) دشنام زنانه؛ ٢)روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

قۆریجان: گیایەکە، قۆڵنجان[ف] گیاه خولنجان.

قوریژن: گرمەی هەور،دەنگی عەور[ف] تُندر.

قورین: دروست کراو لەقور، چێکری ژ حەری[ف] گلین.

قۆرین: قۆڕاندن[ف] نگا: قۆڕاندن.

قورینج: قورنج[ف] نیشگون.

قورینجاندن: قورنجاندن[ف] نیشگون گرفتن.

قورینچەك: قورینج[ف] نشگون.

قورینگ: قورنگ، دورنا[ف] درنا.

قۆرینگان: ئاڵفێکە زۆر بۆ ئاژەڵ خۆشە[ف] گیاهی علفی.

قۆریە: ١) قۆری، باقـەگیای لەسەریەك چناو؛ ٢) چادانی سەماوەر[ف] ١) تودۀ گیاه بسته؛ ٢) قوری.

قوز: زێ، خەمشە[ف] شرمگاه مادینه، فرج.

قۆز: ١) جوانو لەبار؛ ٢) داچەماو؛ ٣) قۆرەدەماخ؛ ٤) قفە[ف] ١) شیك و زیبا؛ ٢) کوژ؛ ٣) متکبّر؛ ٤) سرفه.

قۆُز: جانەوەرێکە لەتیرەی سمۆرە. *کەوڵی زۆر بەنرخە* [ف] خَز.

قۆزاخە: ١) پارچەیەك لە شتێکی چواربەش کراوی هێشتا جیاوەنەکراو: (هەنارەکەی چوار **قۆزاخە** لەت کرد)؛ ٢) شکۆفەی گەیشتوی پەمۆ؛ ٣) پەمۆی پێچراو بۆ ڕستن، کەلو[ف] ١) قسمتی از جسم **چهارقسمت** شده؛ ٢) غوزۀ پنبه؛ ٣) آغنده، پنبۀ آمادۀ ریس.

قۆزایی: زۆپایی[ف] برجستگی.

قوزبڕکە: جۆبڕ، جۆبڕکە، مڵە[ف] آبدزدك، حشره ایست.

قۆزبوُن: داهاتنەوە، خۆچەماندنەوە[ف] خمیدن.

قۆزتنەوە: لەحەواگرتنەوە: (تۆپەکەم هەڵدا لە حەوا **قۆزتیەوە**)[ف] درهوا قاپیدن.

قۆزراوە: لەحەواگیراوەوە[ف] در هوا قاپیده شده.

قوززەڵقورت: قزەڵقورت[ف] کوفت.

قۆزك: قۆچــەقــانــی جیر، بەرەقــانی لاستیق[ف] فلاخن لاستیکی، تیروکمان بچەها.

قوزکرمێ: جوێنی ژنانەیە[ف] دشنام زنانه.

قوزکەش: ١) برێتی لەپیاوی زمانلوسی مەرایی کەری دوڕو؛ ٢) گەوواد، دەویت[ف] ١) کنایه از مرد ریاکار و چرب‌زبان؛ ٢) قرمساق.

قوزگەزك: قوزبڕکە، جۆبڕکە، مڵە[ف] حشرۀ آبدزدك.

قۆزلاخ: قۆزاخەی پەمۆ[ف] غوزۀ پنبه.

قۆزلاخە: قۆزلاخ[ف] غوزۀ پنبه.

قۆزلوێ: ناوی گوندێکە[ف] نام دهی است.

قۆزلەمینە: چێشتێکە[ف] غذایی است.

قوزمیت: ژنانیلە، جوێنێکە[ف] زن‌آسا، دشنامی است.

قوزولقورت: قزەڵقورت[ف] کوفت.

قوزە: قزە، ترسەنۆك[ف] بزدل.

قۆزە: ١) قفــە؛ ٢) وردیلەگیایەکی پێکـەوەلکـاوە لەسـەر ئاو یان بەرد دەبینرێ[ف] ١) سرفه؛ ٢) خزه، جل وزغ.

قوُزە: دەنگی درێژی گورگو سەگ، لوُرە[ف] زوزه.

قوزەبزنە: خیز لەبن گڵ دەرکیشان بە زمان لە بازەڵێن‌دا[ف] شن از خاك با زبان درآوردن در بازی بچەها.

قۆزەبەرد: قرێژەبەرد[ف] گل سنگ.

قۆزەڕەشە: قفەڕەشە، خرۆزەك[ف] خروسك.

قوزەسـوُتـەکێ: جۆرێ نەخۆشی کچۆڵەی ساوایە[ف] نوعی بیماری نوزادان دختر.

قۆزەقرواق: قۆزە[ف] جل وزغ، خزه.

قوزەکەمتیار: برێتی لە هۆی فریودانو خەڵەتاندن[ف] کنایه از وسیله فریب.

قوزەڵقورت: ١) قزڵقۆرت؛ ٢) گیاندارێکی بچوکە چواربالی هەیە[ف] ١) نگا: قزڵقۆرت؛ ٢) حشره‌ای است.

قۆزی: ١) جوانــیو شەنــگو شۆخــی؛ ٢) سوُچو سیلە؛ ٣) پشت‌چەمــاوەیی؛ ٤) کۆکی[ف] ١) زیبـایی و شیکی؛ ٢) زاویه؛ ٣) کوژی؛ ٤) سرفه کرد.

قوُزی: چۆڵو بیاوان، سارای کەس‌لێ‌نا[ف] صحرا.

قۆزیان: ١) گوندێکە لەکوردستان بەعسی وێرانی کرد ٢) کۆخەکردن [ف] ١) ازروستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان؛ ٢) سُرفه‌کردن.

قۆزین: ١) قفین؛ ٢) چەمینەوەی پشت[ف] ١) سرفه‌کردن؛ ٢) خمیدن پشت.

قوُزین: کەوڵی لە پێستی‌خەز[ف] پوستین از خز.

قۆزێنی: جەنگەی جوانیو لاوێنی[ف] هنگام جوانی و زیبایی.

قۆزیەتی: قۆزی، جوانیو شەنگی[ف] زیبایی وشیکی.

قۆژباشی: پلەگۆشتی برژاو[ف] چنجه.

قوژبن: سوُچ، گۆشە[ف] گوشه، زاویه.

قوژێنە: قرقێنە، قرپ[ف] آروغ.

قوژمرین: چرچولۆچ پەیدابوُن لە روخسار[ف] پدیدآمدن چین و چروك در سیما.

قۆژیانە: خمخموك، خەمەگرو[ف] بزمجه.

قوس: ١) قوز؛ ٢) تاشینی مو؛ ٣) جۆرێ‌ستورك[ف] ١) شرمگاه مادینه؛ ٢) ستردن موی؛ ٣) نوعی گردەنان.

قوسامەدین: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد[ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قوسـان: ١) تاشین؛ ٢) بلۆق کردنی پا لەبەر فرە وەڕێکـەچوُن[ف] ١) تراشیدن؛ ٢) تاول‌زدن پا از راەرفتن بسیار.

قوســانـدن: ١) تاشین؛ ٢) بڕین بەتیغ؛ ٣) قاچ پەنـەمـانـدن[ف] ١) تراشیدن؛ ٢) بریدن؛ ٣) ورم آوردن پا از فرط خستگی.

قۆستنەوە: قۆزتنەوە[ف] درهوا قاپیدن.

قوسسان: تاشرانی مو[ف] سترده‌شدن مو.

قوسوُر: قسوُر ف کوتاهی کردن، تاوان.

قوسه: دەمنەسگار، مۆدنە، باسك، دارجگەرە ف چوب سیگاری.

قوسیای: ۱) هەڵچوُنی شیر؛ ۲) پای بلۆق کردو ف ۱) سررفتن شیر بر آتش؛ ۲) پای تاول‌زده.

قوسـین: ۱) شیر هەڵـچـوُن؛ ۲) پا پەنـەمـان و بلۆق کردن ف ۱) شیرسررفتن؛ ۲) ورم کردن و تاول زدن پا.

قوش: ۱) خۆیانی گێرەنەکراو، کلۆشی ئامادەی کوتان؛ ۲) پەڕندەی ڕاوکەر؛ ۳) قوشقونە ف ۱) خرمن نکوبیده؛ ۲) پرندهٔ شکاری؛ ۳) پاردم زین.

قۆشپاب: ۱) قاپی پەل، دەوری؛ ۲) ژێر پیاڵەی چایی ف ۱) بشقاب؛ ۲) نعلبکی.

قوشتەپە: شارۆکەیەك لە کوردستان لەلای هەولێر بەعسی وێرانی کرد ف قصبه‌ای ویران شده در کردستان توسط بعثیان.

قوشتەپەی‌پچوُك: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

قۆشچی: بازەوان ف نگهدار پرندهٔ شکاری.

قۆشقاب: قۆشپاب ف نگا: قۆشپاب.

قۆشقاپ: قۆشپاب ف نگا: قۆشپاب.

قوشقـایە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قوشقن: قشقونە ف پاردم زین اسب.

قوشقنە: قوشقن ف پاردم زین اسب.

قوشقونە: قوشقن ف پاردم زین اسب.

قۆشقی: ۱) سڵ، لەسەر دەرپەڕین، ڕەوەك؛ ۲) توُڕە، وەڕەز ف ۱) آمادهٔ رمیدن، رموك؛ ۲) عصبانی.

قوشـلاّن: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

قۆشمـــە: ۱) زاروی زرنـگ و قسـەخـۆش؛ ۲) بێ‌ئاکـار، بێ‌فەڕ؛ ۳) حەنەکچی ف ۱) کودك زرنگ؛ ۲) بداخلاق؛ ۳) لوده.

قۆشـە: ۱) وردەپـوُڵ: (هەمبو نەمبو چوار قۆشە/دام بە بزنێکی پۆشـە) «بـەردەشـانـی»؛ ۲) خاڵـی سپی لە توێڵی حەیوان؛ ۳) حەیوانی توێڵ‌سپی ف ۱) واحد پول خرد؛ ۲) خال سفید بر پیشانی دام؛ ۳) دام پیشانی سفید.

قۆشەن: سپا، نۆردو ف قشون، ارتش.

قۆشەنیان: غارغارێنی ئەسپ‌سواران، گرێوەغار ف مسابقهٔ اسب‌دوانی.

قۆغ: چەمیو، پشت‌چەمیو ف خمیده، کوژپشت.

قۆف: ۱) پشت چەمیاو؛ ۲) کوُڵ، بێ قامك ف ۱) خمیده‌پُشت؛ ۲) بی‌انگشت.

قۆفر: زەوی بەبەردی وا کە گاسن لێی گیر بکا: (عەردێ من **بقۆفرە**) ف کشتزار سنگلاخی.

قۆفك: قەرتاڵەی ترێ و میوەی تر ف سبد میوه.

قوفـل: ۱) قفل، گۆڵە؛ ۲) سڕی، تەزی سەرما ف ۱) قفل؛ ۲) سوزش شدید سرما.

قوفل: قوفل ف نگا: قوفل.

قوفلك: دەست‌بەندی ژنان بۆ جوانی ف دستبند زینتی.

قوفلین: سڕ بوُن لە سەرمان، تەزین لە سەرمان ف کرخیدن از سرما.

قوففە: جۆرەبەلەمێکی لادیواربڵندە ف کرجی.

قوفە: قوففە ف کرجی.

قوق: دەنگی دیکل ف صدای خروس.

قۆق: ۱) پشت‌دەرپەڕیو؛ ۲) چاو لەوەڕێن؛ ۳) سەر، دانەژماری ئاژەڵ؛ ۴) کەلـلەی ئاژەڵ بە لێنـدراوی ف ۱) کوژپشـت؛ ۲) نظربـاز، چشم‌چران؛ ۳) واحد شمارش دام، رأس؛ ۴) کلّهٔ پختهٔ دام.

قوقان: دەنگ‌بەرزکردنی دیقل ف بانگ خروس.

قوقاندن: قوقان ف بانگ خروس.

قوقانن: قوقان ف بانگ خروس.

قۆقز: ۱) زەق، زۆپ، دەرپەڕیو؛ ۲) کوم، کوُڕ ف ۱) برجسته؛ ۲) خمیده، دارای تحدُّب.

قۆقزایی: زۆپی، دەرپەڕیوی، زەقی ف برامدگی، برجستگی.

قۆقك: کالاّنەی چاو، قولکەی چاو ف حدقهٔ چشم.

قۆقمیش: گیایەکی بەهاریە لە دوکڵیوی دەکەن ف گیاهی است آشی.

قوقو: خوێندنی دیکل ف صدای خروس.

قۆقۆ: تەژەوزەبەلاح ف لندهور.

قۆقە: سەتڵی دارین ف دلو چوبین.

قۆقی: پشت‌دەرپەڕیوی، چەمیاوی ف خمیدگی، قوزی پشت.

قول: ۱) نێوان قامکی زل و قامکی شادە؛ ۲) ئەنـدازەی قامکی زل و قامکی شادە؛ ۳) لەپ و مشت: (بینێمە **قولتەوە**)؛ ۴) باریکایی بەلەك: (ئـاوەکـە تا **قولە**قاپەم هات)؛ ۵) پڕ بە نێوان قامکی گەورە و قامکی شادە لە گیاو...؛ ۶) قلێل، کون؛ ۷) وشەیەکە لە بازی هەلوُکێن‌دا؛ ۸) پێست‌ڕەش؛ ۹) کۆیلە، بەنی ف ۱) میان انگشت شست و سبابه؛ ۲) باز، کمتر از وجب؛ ۳) کف دست، مشت؛ ۴) میان ساق و قوزك پا؛ ۵) دستـه‌گل یا گیاه و... پر دو انگشت شست و سبابه؛ ۶) سوراخ؛ ۷) اصطلاحی در بازی الك دولك؛ ۸) کاکاسیاه؛ ۹) برده.

قولْ: ۱) کورت؛ ۲) حەیوانی کلك‌پەڕیو؛ ۳) جۆشێك لە ئاوی سەرئاگر؛ ۴) بنی هێلکـە ف ۱) کـوتاه؛ ۲) حیوان دم بریده؛ ۳) غلت آب؛ ۴) ته‌تخم پرنده.

قۆڵ: ۱) بێ‌دەرەتـان، قەتیس: (کـارەکـەی لێ دە **قۆڵێ** خستم)؛ ۲) بێ کلك ف ۱) بی‌مفرّی، بدون راه نجات؛ ۲) بی‌دم.

قۆڵ: ۱) لە ئانیشك بەرەژوُر تا شان؛ ۲) جومگەپۆش لە کراس و کەوا؛ ۳) ئالی، لا، تەرەف: (ئەوان لەو قۆڵە دەژین)؛ ۴) کۆمەڵێ لە خەڵك کە بۆ شەڕ یان بۆ کارێ دەنێردرێن: (لـەشکر **قۆڵ‌قۆڵ** هات)؛ ۵) لاداری عەڕابـەی وەرزێران؛ ۶) ئێشك؛ ۷) ئەستوُر؛ ۸) قوڵە، بێ‌کلك ف ۱) بازو؛ ۲) آستین؛ ۳) طرف؛ ۴) دستـه‌ای از مردم؛ ۵) بازوی گاری کشاورزی؛ ۶) نگهبانی؛ ۷) کلفت، ضخیم؛ ۸) دُم بریده.

قوُل: ۱) قوُڵ؛ ۲) هەدرا، هاوار ف ۱) نگا: قوُڵ؛ ۲) فریاد.

قوڵ: ١) بەرانبەری تەنك، كوڕ: (گۆم **قوڵە**، قابی **قوڵ** بێنە)؛ ٢) بریتی لە مروی لەسەرخۆ: (پیاوێكی **قوڵو** مەندە)؛ ٣) بریتی لە جێگەی بیرلێكردنەوە: (قسەیەكی **قوڵە**) ف ١) ژرف؛ ٢) كنایە از شكیبا و خوددار؛ ٣) كنایە از جای تفكّر.

قوڵا: ڕێك، شیاوی: (ئەم پینەیە ناقوڵایە، كابرایەكی ناقوڵایە) ف مناسب، خوش تراش.

قولا: هەرا، دەنگی بەرز درێژكردنەوە ف فریاد، بانگ.

قولاب: هەر درێژیكی سەرچەمێنراو ف قلّاب.

قولاپ: ١) قولاب؛ ٢) پشت گوێزینگو بەر بەلەك، جومگەپێ ف ١) قلّاب؛ ٢) مچ پا.

قولاپاندن: پەژیوان كردنەوە ف پشیمان كردن.

قولاپدۆزی: جۆرێ درونی جوانە بە قولاپ دەچندرێ ف قلّاب‌دوزی.

قولاپە: ١) درێژی سەرچەمیاو، قولاب؛ ٢) جومگەی پا ف ١) قلّاب؛ ٢) مچ پا.

قولاج: درێژایی نێوان قامكی زلو قامكی شادە بە ئاواڵەیی، گوێل ف باز.

قوڵاج: قولاج ف باز.

قوڵاچ: قولاج ف باز.

قولاچاق: گوندێكی كوردستانە بەعسی كاولی كرد ف نام روستایی در كردستان كە توسط بعثیان ویران شد.

قولاچە: قالۆچە، قالۆنچە ف سوسك.

قولاخ: ١) قۆزاخەپەمۆ؛ ٢) جێگەی ئاودابەش كردن لە مەرەزە؛ ٣) بەڵگەی حەیوانی گومبوُ كە دەبێ شوان نیشانی بدا؛ ٤) لەسەرهەست: (گوێ‌قولاخ بە) ف ١) غوزە؛ ٢) جای تقسیم آب شالیزار؛ ٣) مدرك دام گم شدە كە از چوپان می‌خواهند؛ ٤) حسّاس، برای گوش گویند.

قولاخە: ١) كۆبوونەوەی ماسی بە دەوری یەكەوە لە زستاندا؛ ٢) خزگەی ماسی؛ ٣) پینەی لێواری پێلاو ف ١) همایش ماهیها در زمستان؛ ٢) پناهگاه ماهیها در زمستان؛ ٣) پینهٔ كنارهٔ كفش.

قولاخەدان: ١) پەناگرتنی ماساوان لە خزگەدا؛ ٢) سەردەركەوتنی ڕێبوار لە ئاسۆوە ف ١) پناهگیری ماهیها درزمستان؛ ٢) پیداشدن سر مسافر از پشت كوە.

قولاغ: قولاخ ف نگا: قولاخ.

قولاغە: قولاخە ف نگا: قولاخە.

قولاغەدان: قولاخەدان ف نگا: قولاخەدان.

قوڵاقوڵ: هەراوهاوار ف دادوفریاد، جاروجنجال.

قولان: بە هەنگڵەشەلە ڕۆیشتن ف لی لی رفتن.

قولان: جۆش‌هاوردن، كوڵیان، كەلین، كولان ف جوشیدن.

قوڵان: گوڵینگەی جلك بۆ جوانی ف منگولەهای زینتی.

قوڵان: هاواركردن ف فریادزدن.

قولانج: قولاج ف نگا: قولاج.

قولانچە: قالۆچە ف سوسك.

قوڵانچە: قالۆچە ف سوسك.

قولانچەژارە: ئاڵی‌پڵنگ ف آلاقلنگ، ذراریح.

قولانچەنەخشینە: قولانچەژارە ف آلاقلنگ، ذراریح.

قوڵاندن: هەراكردن بە دەنگی بەرز ف فریادزدن با صدای بلند.

قولانن: كولانن، كەلاندن، كولاندن ف جوشاندن.

قوڵانن: قوڵاندن ف نگا: قوڵاندن.

قولانی: قولان ف لی لی رفتن.

قوڵایی: ئەستووری ف كلفتی، ستبری.

قوڵایی: بەرانبەری پەلی‌و تەنكاوی ف عمق، ژرفا.

قوڵب: ١) دەسكەگۆزەو شتی تر؛ ٢) ئاڵقە، قلف؛ ٣) وەرگەڕاو ف ١) دستگیزە، دستە؛ ٢) حلقە؛ ٣) زیرورو.

قوڵب‌بوُن: سەرنخوُن بوُن ف زیروروشدن، سرنگون شدن.

قول بوُن: كونابوُن ف سوراخ شدن.

قوڵ بوُن: دوُنەمان، بێ كلك بوُن، قوڵەبوُن ف دم بریدە شدن.

قوُڵ بوُن: چاڵ‌بوُن ف گود شدن.

قوڵبەست: دەست لە پشتەوە بەستراو ف كت بستە.

قوڵبەستە: قوڵبەست ف كت بستە.

قول بەگ: گوندێكی كوردستانە بەعسی كاولی كرد ف نام روستایی در كردستان كە توسط بعثیان ویران شد.

قوڵبەن: زەنبەری باسك، بازی‌بەند ف بازوبندزینتی.

قوڵبەند: قوڵبەن ف بازوبند زینتی.

قولپ: ١) قوڵب؛ ٢) گریانی لەپڕ: (لەقولپی گریانیدا)؛ ٣) دەنگی جۆشینی ئاو لە سەرچاوە؛ ٤) دەنگی ئاوی لەسەر ئاگر جۆش‌هاتوُ؛ ٥) دەسك‌و هەنگڵی دەفر؛ ٦) ئاوچەیەكەلای دیاربەكر ف ١) نگا: قوڵب؛ ٢) صدای گریهٔ ناگهانی؛ ٣) صدای جوشیدن آب از سرچشمە؛ ٤) صدای غلیان آب؛ ٥) دستهٔ ظرف؛ ٦) ناحیه‌ای در كردستان.

قولپاندن: ١) وەرگەڕاندن، قلپ‌كردنەوە؛ ٢) پەژیوان‌كردنەوە ف ١) واژگون كردن؛ ٢) پشیمان كردن.

قولپدان: ١) دەنگدانی ئاولەسەرئاگر جۆش‌هاتگ؛ ٢) دەنگدانی جۆشینی ئاو لەسەرچاوە ف ١) صدادادن غلیان آب؛ ٢) صدادادن جوشش آب از چشمە.

قولپك: قرپ، قورقێنە، دەنگ لە قورگ‌هاتن لە زۆرخۆری ف آروغ.

قوڵپن: كورتەباڵای قەڵەو ف كوتاەقدچاق.

قوڵپنە: قوڵپن ف كوتاەقد چاق.

قولپە: ١) دەنگی جۆشی ئاو لەسەر ئاگر؛ ٢) دەنگی جۆشینی ئاو لە سەرچاوە ف ١) صدای غلیان آب؛ ٢) صدای جوشیدن آب از چشمە.

قوڵپەژێر: تۆمی گوڵی هێرۆ ف دانهٔ گل ختمی.

قولپەقولپ: دەنگی لەشوێن‌یەكی جۆشینی ئاو ف غلغل.

قوڵپێچ: قوڵبەست ف كت بستە.

قولت: ١) جۆشی ئاو؛ ٢) بلقی چوُنەژێرئاو؛ ٣) قورسە ف ١) جوشش آب؛ ٢) غوطە؛ ٣) شمش.

قوڵت: ١) بەڵاو چۆرتم؛ ٢) چاڵایی لە زەمیندا، قۆرت ف ١) پیشامد ناگوار؛ ٢) چالە.

قوڵت: ١) قاپۆرەهێلکەی بێ ناوەرۆك؛ ٢) مێوەی هیچ تێدا نەماو ف ١) تخم‌مرغ خالی شده؛ ٢) میوهٔ مغزدرآمده.

قوڵتان: ١) چوونەژێرئاو؛ ٢) جۆش‌هاتن ف ١) غوطه‌خوردن؛ ٢) جوشیدن.

قوڵتاندن: ١) دەژێرئاوراکردن؛ ٢) جۆشاندنی ئاو ف ١) زیرآب فروکردن؛ ٢) جوشانیدن.

قوڵتانن: قوڵتاندن ف نگا: قوڵتاندن.

قوڵتخ: قۆڵتخ ف نگا: قۆڵتخ.

قۆڵتخ: ١) بن‌هەنگڵ؛ ٢) بن‌کەوش ف ١) زیر بغل؛ ٢) زیر کفش.

قوڵتە: ١) دەنگی جۆشی ئاو لەسەر ئاگر؛ ٢) باڵدارێکی پچووکە؛ ٣) بڵقی چوونەژێرئاو ف ١) صدای جوش آب؛ ٢) پرنده‌ایست، ٣) غوطه

قوڵتەخۆرە: بینەکێش، جانەوەرێ کە بە بن ئاودا بڕوا ف غوطه‌ور در آب.

قوڵتەش: بێ‌شەرم و ڕووقایم ف بی‌شرم، پررو.

قوڵتەشە: قوڵتەش ف بی‌شرم، پررو.

قوڵتەفسە: کونی قنگ ف سوراخ مقعد.

قوڵتەقوڵت: دەنگی بڵقەبڵقی ئاو ف صدای آب در قلیان یا هنگام جوشیدن.

قوڵتیان: ١) چوونەژێرئاو؛ ٢) بڵقەی چونەژێرئاو ف ١) غوطه‌ورشدن؛ ٢) صدای غوطه‌خوردن.

قولتیك: جۆرێ گندۆرەی زەرد، کاڵەکی زەرد ف نوعی خربزه.

قۆڵچاغە: جۆرێ بەرەڵبێنە کە لە سینگەوە تا داوێن دادەپۆشێ ف پیشبند بلند.

قولچماغ: قسەخۆش، حەنەکچی ف لوده، شوخ.

قۆڵچماغ: شەلاتی، خاوەنەستێن ف شارلاتان.

قۆڵچی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قوڵچی: پۆلیسی ناوشار، پیاوی داروغە ف مأمور داروغه، پلیس شهری.

قولـخ: ١) کاڵەدڕانەی پیاوی دەوڵەت؛ ٢) باجگرخانە، باجگە؛ ٣) کۆختە، کۆخ ف ١) پایمزد مأمور دولت؛ ٢) جای باجگیری؛ ٣) کوخ.

قۆڵخدان: پەیابوون لە نادیارەوە، قولاخەدان ف از دور پیداشدن.

قوڵ خوێندنەوە: بریتی لە زۆر بیرلێ کردنەوە ف کنایه از وارسی عمیق.

قوڵدر: ملهوڕ، شەلاتی ف قُلدُر.

قولزاندن: خۆچەماندن، داهاتنەوە، کڕنوش‌بردن ف خم شدن.

قولزین: قولزاندن ف خم شدن.

قولغ: رند، جوان و بەرچاو ف خوش ترکیب.

قۆڵغەتەپە: ناوی دێیەکە ف نام دهی است.

قولف: قڵف ف نگا: قڵف.

قولف: قڵف ف نگا: قڵف.

قولفدار: دەسك‌دار، بەدەسك، بەهەنگل ف دسته‌دار.

قوڵفدان: قفڵدان، داخستن بە قفڵ ف قفل کردن، بستن با قفل.

قوڵف‌لێدان: ١) قوڵفدان؛ ٢) ئاڵقەکردنی بەن و پەت ف ١) قفل‌زدن؛ ٢) حلقه‌کردن نخ و ریسمان.

قوڵف‌لێنان: ١) دەسك لە دەفری گڵین قایم‌کردن؛ ٢) بریتی لە تاریف‌کردنی زیاد لە پێویست ف ١) دسته بر ظرف سفالین نهادن ٢) کنایه از ستودن مبالغه‌آمیز.

قوڵفە: ١) ئاڵقە: (دەستم نەگەیشتە قوڵفەی کابە)؛ ٢) جۆرێ گرێی بەئاڵقە کە سەری داوەکە بکێشی دەکرێتەوە ف ١) حلقه؛ ٢) گره حلقه‌ای که با کشیدن یك طرف باز می‌شود.

قولفین: سڕبوون لە سەرمان ف از شدت سرما کرخیدن.

قول قول: دەنگی رویشتنی ئاو بەناو کەوڕاندا ف صدای جریان آب در میان سنگ، و شن.

قولقولامل: بەندی شان و مل، جەمسەری شان و قوڵ ف مفصل شانه و گردن.

قولقولان: جۆرێ بازی زارۆکان ف نوعی بازی کودکان.

قولقولانچکە: ئاڵقەی ئەستوور لە تێکوڵەدارو پەڕۆ بۆ بنەدێزەو سەری حەمبالان ف چمبر از کهنه و پوستهٔ درخت که حمّالان بر سر نهند.

قولقولانە: قولقولانچکە ف نگا: قولقولانچکه.

قوڵقولە: ١) سەرچاوەئاوێ کە لە چەند جێوە جۆش ئەدا؛ ٢) دەنگی قوڵتەقوڵتی ئاوی سەر ئاگر؛ ٣) ناوی چەند گوندێکە لە کوردستان؛ ۴) فیچقە، کوفارە؛ ٥) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) سرچشمه که از چندین جای می‌جوشد؛ ٢) غلغل آب جوشان؛ ٣) نام چند آبادی؛ ۴) فوّاره؛ ٥) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قوڵك: ١) زەوی چاڵبووگ؛ ٢) چاڵایی هەرشتێك ف ١) چاله در زمین؛ ٢) گودی.

قوڵکردن: چاڵ‌کردن ف گودکردن.

قوڵ کردنەوە: بریتی لە زۆر بیرلێ کردنەوە ف وارسی عمیق.

قوڵ کرن: کون کردن ف سوراخ کردن.

قوڵکە: چاڵایی زەمین ف چاله.

قۆڵگیر: نەخۆشیەکی شان و پیلی ولاخ ف نوعی بیماری دام.

قوللە: ١) خانوی خڕو بڵند بۆ سەنگەر، برج؛ ٢) چکۆ، کوللە؛ ٣) قولقولە، سەرچاوەی ئاو کە زۆری ئاو لێ هەڵدەقوڵێ؛ ۴) دەسك و هەنگڵی دەفر؛ ٥) ترۆپکی چیا؛ ٦) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) برج قلعه؛ ٢) ملخ؛ ٣) سرچشمهٔ بزرگ آب؛ ۴) دستهٔ ظرف؛ ٥) قُلّه‌کوه؛ ٦) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قوڵم: خۆبەزۆرزان ف مغرور.

قوڵ ماچ کردن: دەست‌ماچ کردن ف دستبوسی.

قولمە: سیسرکی رەش، مەشکەدڕە ف جیرجیرك سیاه.

قۆڵمە: ئێسکی بەلەك ف استخوان ساق.

قوڵ مەتکان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قوڵنج: ژانی پشت‌وشان ف درد شانه و پشت.

قوڵنج‌شکاندن: شێلانی توندی ناوشان‌وپشت ف چلانیدن پشت و شانه، ماساژدادن پشت و شانه.

قوڵنــج‌شکێن: کەسێ کەبــاش ناوشــان وپشتی ئێشــاوپشێلێ ف ماساژدهندهٔ شانه و پشت.

قوڵنج‌کردن: ئێشانی پشت وناشان ف دردگرفتن پشت و شانه.

قولند: ۱) کدو، کوڵەکە؛ ۲) گیایەکە بۆجوانی لەماڵاندا ڕای‌دەگرن ف ۱) کدو؛ ۲) گیاهی است آپارتمانی.

قوڵنگ:) زەنگن، پاچی‌دوسەر؛ ۲) قورنگ، قورینگ ف ۱) کلنگ؛ ۲) دُرنا.

قولنگــۆ: هەوایەکی بەنــاوبــانگە بۆ مردولاواندنەوەی دەیژن ف آهنگی است مرثیه‌ای.

قوڵنگە: زەنگن، پاچی دوسەر ف کلنگ.

قوڵنگە: قوڵنگە ف کلنگ.

قولوج: ۱) قولکەی چکۆڵە بۆ بازی کەلابێن، مات؛ ۲) قولکەی پچوُك ف ۱) گو برای تیله‌بازی؛ ۲) چالهٔ کوچك.

قولوجان: بازی کەلادەقولکەکردن، ماتێن ف بازی تیله‌به‌گو.

قولوجانێ: قولوجان ف نگا: قولوجان.

قولوچ: قولوج ف نگا: قولوج.

قولوچان: قولوجان ف نگا: قولوجان.

قولوچانی: قولوجان ف نگا: قولوجان.

قولوچ‌قولوچ: پڕ لە قولکەو چاڵ ف پرچاله‌چوله.

قولۆر: ۱) قلۆر، ناوبەتاڵ؛ ۲) ناوقوُڵی لێوهەڵگەڕاوە؛ ۳) نارێك، ناقوڵاَ ف ۱) کاوك؛ ۲) مقعّر؛ ۳) زمخت، ناهموار.

قولۆز: قەڵەمباز، بازدانی توند ف پرش بلند.

قولوُز: پشت کوُر، پشت‌چەمیاو ف کوژپشت.

قولۆق: قنچکی زوڕات، دوی گەنمەشامی ف دنبالچهٔ بلال.

قولولو: بازی چاوشارکێ ف بازی سردرگلیم، قایم موشك.

قولــە: ۱) قولــلە؛ ۲) ئەسـپـی ڕەش؛ ۳) ترۆپـکی چیا؛ ۴) بارگیری نارەسەن؛ ۵) بزنەموی رەنگ‌سپات ف ۱) برج؛ ۲) اسب سیاهرنگ؛ ۳) قلّهٔ کوه؛ ۴) یابو؛ ۵) تیره‌ای از بُز.

قولە: ۱) قول، کورت؛ ۲) حەیوانی بێ‌کلك؛ ۳) بنی هێلکە ف ۱) کوتاه؛ ۲) حیوان بی‌دم؛ ۳) ته تخم‌مرغ.

قوڵە: ۱) گوێل، گوێز، قولاج، قولانج؛ ۲) قالۆچە ف ۱) مسافت میان دو انگشت سبابه و شست، باز؛ ۲) سوسك.

قوڵە: قەرزی بلاو: (ماڵەکەم هەموی بوُ بە قەرزو **قوڵە**) ف وام پراکنده.

قوُڵە: ۱) قیڕەوهەرا؛ ۲) بە دەنگی بەرزدە جانەوەری دڕندە ڕاخوڕین ف ۱) فریاد غریو؛ ۲) نهیب بر حیوان درنده.

قولەبازەڵە: قشقەڵە، قڕگ، قشقەڕە ف زاغچه.

قولــەبــانــك: ئۆدەی سەربان بۆ ئەسپابی خەو لێ‌دانان، هەورەبان ف اتاقك پشت بام.

قولەبنە: کورتەباڵای ئەستوُر ف کوتاه‌قدِ کلفت.

قولەبسکێ: شلەشل‌ڕۆیشتن ف سلانه سلانه راه رفتن.

قولەپێ: قاپ، قول، گوێزنگ ف قوزك پا.

قولەپێچ: ۱) دەست‌بەستنی توند لەپشتەوە؛ ۲) بردنی کەسێ یا حەیوانێ بەپەلە ف ۱) دست از پشت محکم بستن؛ ۲) بردن کسی یا حیوانی با عجله.

قولەتێن: ناوێ کە قوُڵی و چوارگۆشەی تا ئانیشکە ف آب پاك شرعی، قلّتین.

قولەجاخ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قولەچوارشەمە: ئاخرچوارشەمەی ساڵ ف چهارشنبه‌سوری.

قولەچۆماغ: داری سەرئەستوری قوڵەو لەدستان‌خۆش ف چماق کوتاه.

قولەدار: داری کوتا، داردەستی قوڵە ف چو بدست کوتاه.

قوُڵەر: ناوی ئاواییەکە ف نام دهی است.

قولەڕەش: مرۆی‌چەرم‌ڕەش ف سیاه‌پوست.

قوُڵەرەش: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قولەڕەشە: قولەڕەش ف سیاه‌پوست.

قوڵەژاردارە: قوڵانچەژارە، ئاڵی‌پڵنگ ف آلاکلنگ، حشره‌ایست.

قوُڵەسوتاو: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

قوڵەسەن: ناوی گوندێکە ف نام روستایی است.

قولەشین: کەروێشك ف خرگوش.

قولەفیسکە: ۱) زەفیسکە، رەگی بن ئەژنۆ؛ ۲) قولەپێ ف ۱) رگ زیر زانو؛ ۲) قوزك پا.

قولــەفیتنە: ۱) برێتی لە بنیادەمی کورتەباڵای ناژاوەچی؛ ۲) برێتی لە منداڵی زرنگ ف ۱) کنایه از آدم کوتاه قد فتنه‌انگیز؛ ۲) کنایه از کودك زرنگ.

قولەقاچ: جومگەی پا، پشت قاپی پا ف مچ پا.

قوڵەقوڵ: قوڵتەقوڵتی ئاوی سەر ئاگر ف جوش و غلغل آب روی آتش.

قوڵەقوڵ: لەسەرەخۆ بەلەقەلەق ڕۆیشتن‌وهەنگاوی بەرزهاویشتن ف لنگان لنگان با گامهای بلند راه رفتن.

قوُڵــەقــوُڵ: هەراهــەرای زۆر، قوُڵــەی زۆر: (قــوُڵەقوُڵی لەپاش گورگ ئەمەیە/پەژیوانی دەمی مەرگ گەمەیە) «هەژار» ف همهمه و سر وصدا.

قولەقولە: ناوی‌سەگە ف نام انتخابی برای سگ.

قولەك: گیایەکە ف گیاهی است.

قوُڵەکردن: هەراهەراکردن ف غریو و بانگ راه‌انداختن.

قوُڵەگیسك: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قولەمست: ناوپەنجە، ناولەپ ف میان کف، مشت.

قولەمشتێ: بازیەکە، پشکیلان، کەڵەمستێ ف یکی از سرگرمیهای شب‌نشینی.

قوڵەنگ: قولنگ ف نگا: قولنگ.
قوڵەنگە: قولنگە ف نگا: قولنگە.
قوڵەنەخشینە: ئالی پلنگ ف آلاکلنگ، ذراریح.
قوڵەوانە: بازوبەند ف بازوبند.
قولهە: نێوان، تیغە، لەمپەری بەینی ژوریك ف تیغە.
قول هەڵکراو: ١) دەلنگ هەڵپێچراو؛ ٢) بریتی لە بنیادەمی زرنگ و ئامادەی کار ف ١) پاچە ورمالیدە؛ ٢) کنایە از آدم زرنگ و آمادۀ کار.
قۆڵ هەڵکردن: هەڵپێچانی قۆڵی کراس و کەوا، ئەنگوچك بەلاداکردن ف آستین بالازدن.
قول هەڵمالاو: قول هەڵکراو ف نگا: قول هەڵکراو.
قۆڵ هەڵمالاو: ١) ئەنگوچك بەلاداکردگ؛ ٢) بریتی لە ئامادەی کار ف ١) آستین بالا زدە؛ ٢) کنایە از آمادە برای کار.
قۆڵ هەڵمالراو: قۆڵ هەڵمالاو ف نگا: قۆڵ هەڵمالاو.
قۆڵ هەڵمالیاو: قۆڵ هەڵمالاو ف نگا: قۆڵ هەڵمالاو.
قۆڵ هەڵمالین: ١) قۆڵ هەڵکردن؛ ٢) بریتی لە خۆئامادەکردن بۆ کارێ ف ١) آستین بالازدن؛ ٢) کنایە از آمادۀ انجام کاری شدن.
قولەی کانی ماران: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
قولی: شان، مل ف شانۀ تن.
قولی: ناوی پیاوانە ف نام مردانە.
قولێ: ناوی ژنانە ف نام زنانە.
قولێ: بریتی لە مرۆی بالابەرز ف کنایە از آدم قدبلند.
قوڵی: ١) قوڵایی؛ ٢) قبولی، قو بلی ف ١) ژرفا؛ ٢) دمپخت.
قولیان: جۆش هاوردنی ئاو ف جوشیدن آب.
قولیت: ١) خانوی چکۆلە بۆ زاوکەر؛ ٢) خانوی بچکۆلانەی خراپ ف ١) خانۀ کمین شکارچی؛ ٢) کوخ محقر.
قولیچك: سەرشان، قەلادوشان ف بالای شانە.
قولێر: دەربیچە، کون دەژوردا بۆ روناکایی ف دریچە.
قولیز: داهاتنەوە، چەمینەوە، کرنوش ف خم شدن.
قولیك: زیندان، گرتوخانە، حەفس ف زندان.
قولی کرن: کون کردن ف سوراخ کردن.
قولیلك: کون، کونا، قول ف سوراخ.
قولی قولی: قولقولان ف نوعی بازی کودکان.
قولی مست: ناو لەپ ف توی کف دست.
قولین: ١) وەجۆش هاتن؛ ٢) هەلقولین ف ١) جوش آمدن؛ ٢) فوران.
قولینجێ: قورینج ف نیشگون.
قولینە: تریان، قرتالە، قەرتالە ف سبد میوەچینی.
قوم: ١) فرێ لە ئاو؛ ٢) داخ، گەرم؛ ٣) کوپەلە، دەفری سواڵەتی خڕکەلە بستوکە؛ ٤) کوپەی ئاو؛ ٥) سوینەی زل؛ ٦) جێگەئاودانی مالات لە دار یان لە قور، کوڵ؛ ٧) کەوتنەژێرئاو ف ١) جرعە؛ ٢) داغ؛ ٣) خُمچە؛ ٤) کوزۀ آب؛ ٥) تشت سفالین بزرگ؛ ٦) ناو آبشخور دامها؛ ٧) غوطە.
قۆم: ١) خزم، لەتایەفە؛ ٢) تیرەوڕەگەز: (قۆمی کورد) ف ١) خویشاوند؛ ٢) ملّت.
قوُم: رەلم، رەمل، زیخی زۆرورد ف ریگ، ماسە.
قوما: خراپ ڕویدا ف واقعۀ بد روی داد.
قومات: بابۆڵەی ساواتێوەپێچان ف قنداق بچە.
قوماتە: قومات ف قنداق بچە.
قوماچ: ١) سیلەدیوار؛ ٢) پێچی ریگە ف ١) نبش دیوار؛ ٢) پیچ و خم راە.
قومار: ١) بازی بۆ رابواردن: (مندالّ با بچینە قوماران)؛ ٢) بازی لەسەر پوڵ بردنەوە؛ ٣)قسەی بەگەمە ف ١) بازی کودکان؛ ٢) قمار؛ ٣) شوخی.
قومارباز: ١) کەسێ کە لە سەر پارە بازی دەکا؛ ٢) بریتی لە فێلباز؛ ٣) بریتی لە گەمەکەر ف ١) قمارباز؛ ٢) کنایە از حیلەباز؛ ٣) کنایە از شوخ‌طبع.
قومـاربازی: ١) بازی دۆڕاندن و بردنەوەی پارە؛ ٢) بریتی لە فێلبازی؛ ٣) گەمەکردن ف ١) کار قمارباز؛ ٢) کنایە از نیرنگ‌بازی؛ ٣) شوخ‌طبعی.
قوماری پێ کردن: گاڵتە بە کەسێ کردن ف مسخرە کردن کسی.
قومارچی: کەسێ پیشەی بازی بۆ بردنەوەو دۆڕاندنە، قومارباز ف قمارباز.
قومارخانە: جێگەی قوماری لەسەرپارە کردن ف قمارخانە.
قومارکردن: ١) بازی کردنی زاروکان؛ ٢) بازی کردن لەسەر بردنەوە؛ ٣) شۆخی و گاڵتـەکـردن ف ١) بازی کردن بچـەها؛ ٢) قمارکردن؛ ٣) شوخی کردن.
قومارکەر: قومارچی ف قمارباز.
قوماش: پارچەی گەزی، کوتاڵ ف قماش.
قومام: گیایەکە لە گەنم دەکا ف گیاهی است شبیە بوتۀ گندم.
قومـامـە: ١) تەقەڵ دروی لای سەروی دوتاجەواڵ پێکەوە؛ ٢) تەقەڵی درشت و قایم ف ١) بهم‌دوزی طرف بالای دولنگە بار؛ ٢) کوك درشت.
قۆمان: روداني کاری ناخۆش ف رویداد ناگوار.
قوماندار: ئەفسەر، زابت، سەرکردەی لەشکر ف افسر، فرماندۀ نظامی.
قوماندان: سەرکردەی لەشکر ف سرلشکر.
قوماندن: داخ کردن ف داغ گذاردن.
قۆماندن: ئاژاوەنانەوە، شێواندنی کۆمەڵ ف شورانیدن.
قۆمانن: قۆماندن ف شورانیدن.
قومبـولە: ١) بۆمبا؛ ٢) بەرکەتۆپ؛ ٣) نارنجۆك ف ١) بمب؛ ٢) گلولۀ توپ؛ ٣) نارنجك.
قوم بوُن: وەژێرئاوکەوتن ف غوطەورشدن.
قومبەرە: قومبولە ف نگا: قومبولە.
قومبەلە: قومبولە ف نگا: قومبولە.
قومپارە: بەرکەتۆپی بەکەوانە، گوللەی تۆپی هاوان ف خمپارە.

قومپاژنە: پاژنەپا ف پاشنۀ پا.
قومپانی: ١) قومپاژنە؛ ٢) دەزگای بازرگانی زۆربەش ف ١) پاشنۀ پا؛ ٢) شرکت، کمپانی.
قومپۆز: بادیهەوای بەفیشاڵ ف مغرور خودستا.
قۆمرغان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.
قۆمرغانە: کۆڕی پڕلە هەراوهوریا ف مجلس پرهیاهو.
قومری: ١) باڵدارێکە لە تیرەی کۆترەبارێکە، یاکەریم؛ ٢) داشکەلەم، جۆرێ کەلەمی بێ گەڵایە ف ١) پرندۀ قمری؛ ٢) کلم قمری.
قۆمژان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.
قومشەڵ: پێشەو قامیشەڵێنی چغور ف بیشەو نیزار انبوە.
قومقمۆر: قمقمۆر ف نگا: قمقمۆر.
قومقموك: قمقموك ف نگا: قمقموك.
قومقموکە: قمقموك ف نگا: قمقموك.
قومقومە: ١) تونگەی جێگەی تراو؛ ٢) مەتارەی سەفەر ف ١) تنگ آب؛ ٢) قمقمۀ سفری.
قۆمك: کەشکەژنۆ، پێشەی زرانی، کەشکەزرانی ف کاسۀ زانو.
قوم کردن: وەژێرئاوخستن ف غوطەورکردن.
قوملاخ: قملاخ ف نگا: قملاخ.
قوم لێدان: فرکردنی کەم کەم ف جرعەجرعەنوسیدن.
قوموش: قمیش، نەغمە ف راه زیرزمینی، تونل.
قوموش کەن: زەویهەڵکۆڵ ف مقنّی.
قوموش لێدان: ڕێگە بە بن زەویدا کۆڵین، نەغمەلێدان ف تونل‌زدن.
قۆمە: ڕوداوی ناخۆش ف پیشامد ناگوار، حادثە.
قومەزە: زۆڵ، بیژو، بیچ ف حرامزادە.
قومەش: قوموش ف تونل.
قومەشکەن: ڕەهەندلێدەر، کەنکەنەچی، قوموش کەن ف مقنّی.
قۆمەلان: جێگای ڕەڵمی زۆر ف ریگزار.
قۆمیان: ڕوداوی کاری ناخۆش ف وقوع حادثۀ ناگوار.
قومیای: ئامیری داغ کردن ف ابزار داغ‌گذاری.
قۆمین: قۆمیان ف نگا: قۆمیان.
قون: ڕۆیشتنی مەل بە کلك هەڵتەکاندن: (**قونەقونی** دەکرد)، قنە ف راه رفتن و دم جنباندن پرندە، ورجەورجە.
قۆن: شەقۆن ف شاخ‌زدن، کلەزدن حیوان.
قوون: ١) لای پشتەوەی هەرشتێك: (**قوونە**بان، **قوون**دەوەلان)؛ ٢) بنەوە، لای خوارو؛ ٣) کونی پشتەوەی گیاندار؛ ٤) وەك، نزیك بە: (**قوونە** شەڕ) ف ١) دنبال؛ ٢) تە؛ ٣) مقعد؛ ٤) مانندە، گونە.
قۆناخ: ١) یەك ڕۆژەڕێ؛ ٢) ماڵی زۆربەمیوان؛ ٣) داری خوارەوەی تفەنگ؛ ٤) بابۆڵەی ساواتێوەپێچان؛ ٥) ڕوداوی مێژو: (دناف **قۆناخێ** دیریکێدا) ف ١) مسیر یکروز راه؛ ٢) خانۀ مهمان‌پذیر؛ ٣) قنداق تفنگ؛ ٤) قنداق بچە؛ ٥) حوادث تاریخ.
قۆناخە: ١) بابۆڵەی ساواپێچ؛ ٢) **قۆناخی** تفەنگ ف ١) قنداق بچە؛ ٢) قنداق تفنگ.
قۆناخەپێچ: ١) زارۆی دەبابۆڵەپێچراو؛ ٢) بەنی بابۆڵەی ساواپێچ ف ١) بچۀ در قنداق پیچیدە؛ ٢) نخ قنداق پیچ.
قۆناخەکردن: بابۆڵەپێچ کردنی مناڵ ف قنداق کردن بچە.
قوونار: ١)لکەڕەزێ کە لە کۆتەرە دەرچوەو بەری نیەو زیانە بۆ بەری دار؛ ٢) جۆرێ دومەڵ کە لە ناوگەڵ و قنگ دێت؛ ٣) بڕێتی لە لاپرەسەن ف ١) جوانۀ انگل تاك؛ ٢) نوعی دمل کە اکثراً در باسن پیدا شود؛ ٣) کنایە از انگل.
قووناردەرکردن: ١) قوونارشین بوون لە داری ڕەز؛ ٢) دومەڵ لە جێگەی خراپ هاتن؛ ٣) دومەڵی قوونار بە نەشتەر دڕاندن ف ١) جوانۀ انگل از تاك روییدن؛ ٢) دمل از جای بد درآمدن؛ ٣) سر دمل را با نیشتر واکردن.
قوونارکردن: لکی لاپرەسەن لەدارەمیوکردنەوە ف هرس کردن جوانۀ انگل.
قۆناغ: قۆناخ ف نگا: قۆناخ.
قۆناغە: قۆناخ ف قنداق تفنگ.
قونان: قونەقون، بە هەڵبەزینەوە ڕۆیشتنی مەل ف حالت جهیدن‌های متوالی پرندە در راەرفتن.
قونبولە: قومبولە ف نگا: قومبولە.
قوون بە گێچەڵ: ١) قنگ بە گێچەڵ؛ ٢) کەسێ کاروباری زۆرو هەمەجۆرەی هەبێ ف ١) آشوبگر؛ ٢) همەکارە.
قونبەلە: قومبولە ف نگا: قومبولە.
قوونپان: ١) بڕێتی لە زەلامی تەمبەڵ؛ ٢) سمت و کەفەڵ پان ف ١) کنایە از قوی هیکل تنبل؛ ٢) شخص باسن بزرگ.
قۆنتاخ: داری لای خوارووی تفەنگ ف قنداق تفنگ.
قونتار: بنار، داوێنی چیا، پێ دەشت ف دامنۀ کوە.
قونتك: ئاپراخ، دۆڵمەی پەلکەمێو ف دلمۀ برگ مو.
قوونتلۆر: ڕاکشاوی دەمەورو ف دَمَر درازکشیدە.
قۆنتەرات: کردنی کارێك لەبڕ، مەختە، قەبەڵ ف کونترات.
قون‌تەندوور: ١) دەوروبەری تەندوور؛ ٢) بڕێتی لە بێکاری و بەتەمەڵی ڕابواردن: (جێگەی مێردان **قوون‌تەندوورە**) ف ١) اطراف تنور؛ ٢) کنایە از تنبلی و بیکارگی.
قونج: کونج، قوژبن، سیلە، سووچ ف گوشە.
قونجڕ: ١) چنجرۆك؛ ٢) ڕوشان؛ ٣) قورنج؛ ٤) پەیکوڵ، دڕکێکە ف ١) پنجۀ جانور شکاری؛ ٢) خراش؛ ٣) نیشگون؛ ٤) خار سەکوهە.
قونجڕك: چنجرۆك ف پنجۀ تیز جانور شکاری.
قونجڕکە: پەیکوڵ ف خار سە کوهە.
قونجڕیك: ١) ڕوشان بە چنجرۆك؛ ٢) قورنج ف ١) خراش با ناخن پنجە؛ ٢) نیشگون.
قونجك: قنجك ف نگا: قنجك.
قوونجڕ: گیایەکە بەعەرزەوە پان‌دەبێتەوە ف گیاهی است.

قونچڕك: ١) قورنج؛ ٢) سیخورمە ف ١) نیشگون؛ ٢) سقلمه.

قونچـك: ١) کلکەمێوژو ترێو...؛ ٢) ئاغزەجگەرە؛ ٣) باریکەی کلکی توُرو گێزەرو... ف ١) دمچـهٔ مویز و...؛ ٢) فیلتر سیگار؛ ٣) انتهای ریشهٔ هویج و تربچه و...

قونچکه: زیرك، زیپکه، چینچکه ف جوش پوست.

قونچکەزیڕ: ١) جگەرەی ئاغزەدار؛ ٢) برێتی لە ژنی کورتەباڵای جوان ف ١) سیگار فیلتردار؛ ٢) کنایه از زن ریزنقش زیبا.

قوُنخڕ: وشەیەکە ئەڵوات بۆ تاریفی هێندێ کیژی ئێژن ف کلمه‌ای که در تحسین بی‌ادبانهٔ دختران گویند.

قوُنخـڕکـردن: ١) لەسـەرەندان، قونـەکەوکردنی دەغڵ؛ ٢) برێتی لە قەڵەوبوُن لە تەمەڵیان ف ١) غلّه را با سَرَند بیختن؛ ٢) کنایه از چاق شدن از فرط تنبلی.

قوٚنداخ: ١) قوٚنداخی تفەنگ؛ ٢) باوۆڵەی ساوایێچ ف ١) قنداق تفنگ؛ ٢) قنداق بچه.

قوٚنداخه: قوٚنداخ ف نگا: قوٚنداخ.

قوٚنداغ: قوٚنداخ ف نگا: قوٚنداخ.

قوُنـدان: ١) سمتـەجـوُڵـەی باڵـدار؛ ٢) حیزایەتی نێر، قنگدان ف ١) تخمدان مرغ؛ ٢) کون‌دادن.

قوٚندره: کەوشی بەپاژنە ف کفش پاشنه‌دار.

قوندك: کوندر، کدو، کوُلەکە ف کدو.

قونده: ١) باڵداری کلك‌کورت؛ ٢) باڵدارێکە ف ١) پرندهٔ دم کوتاه؛ ٢) پرنده‌ایست.

قوُنده: قنگدەر ف کونی.

قوُندەر: قوُندە ف کونی.

قوٚنـدەرە: ١) قوٚنـدرە؛ ٢) هەڵبەزینەوەی ئاو لە نێرینەی چەمدا ف ١) کفش پاشنه‌دار؛ ٢) جست وخیز آب در وسط رودخانه.

قوٚندەرەکردن: ١) هەڵبەزینی ئاو لە ناو چەمی خوڕدا؛ ٢) قوڕی زۆر کە بە پێڵاوەوە دەلـکێ؛ ٣) دروست‌کردنی پێڵاو ف ١) ورجستن آب در رودخانه از فشار؛ ٢) گل زیاد که برکفش چسبد؛ ٣) کفّاشی.

قوُن‌دەهوڵ: برێتی لە مرۆی سمت‌زەلام ف کنایه از آدم باسن گنده.

قوندیلانه: خونچیلانە ف کوچولوی نازی.

قوندیله: قوندیلانە ف کوچولوی نازی.

قونسوُر: ١) گیایەکە لە دۆخەوای دەکەن؛ ٢) جۆرێ مەیموُنی لوتی؛ ٣) شابەندەر ف ١) گیاهی است آشی؛ ٢) انتر؛ ٣) کنسول.

قوُن‌فره: ١) برێتی لە ترسـەنـۆك؛ ٢) برێتی لە تەوەزەل ف ١) کنایه از ترسو؛ ٢) کنایه از تنبل.

قوُن‌کشك: کەسێ کە لەسەر قنگ دەخزێ ف شخصی که بر باسن می‌خزد.

قوُن‌کشکێ: گاوڵکه، گاگوڵەکردنی منداڵ ف لوکیدن بچه.

قوُن‌قەڵا: ناوی ئاوایییەکە لە موکوریان ف نام دهی است.

قونگ: قنگ، قن، قوُن، کونی پاشەوە ف کون.

قوُن‌گران: تەمەڵ، تەپ، تەپن ف تنبل.

قوٚنگره: ١) برجی سەر قەڵا؛ ٢) قوٚندرە ف ١) برج بالای قلعه؛ ٢) کفش.

قوُن‌لێ‌کەوتو: برێتی لە کەسێ کە پشتێن و دەرپێی هەر داخزێ ف کنایه از آدم شلخته در لباس پوشیدن.

قونه: قنه ف راه‌رفتن کبك و کبوتر.

قوُنـەبـان: ١) لای پشتـەوەی بانی خانـوُ؛ ٢) برێتی لە ئاشنـایەتی: (**قوُنەبانم** دەگەڵی نیە)؛ ٣) برێتی لە حەوسەڵەی کارکردن: (**قوُنەبانی** ئەوەندەی نیە جێگاکەی خوٚی هەڵگرێ) ف ١) لبهٔ قسمت عقبی بام خانه؛ ٢) کنایه از رابطه و شناسایی؛ ٣) کنایه از حوصله و عرضهٔ کارکردن.

قوُنـەجنـد: برێتی لە جێگای تەنگ و ترش، قنگەجن ف کنایه از جای تنگ و کم وسعت.

قوُنەخشکه: ڕۆیشتن بەماتەماتە ف یاورچین رفتن.

قوُنەخشکێ: لەسەرقنگ خزین ف بر باسن خزیدن.

قوُنـەزێ: کەرکـەمـەزێ کە هەمـوی بەروبوُی یەکتر بێ ف گله‌ای که گوسفندانش با هم خویشاوند باشند.

قونـەقـون: ڕۆیشتنی بەهـەڵبەزینەوەی باڵدار، قنه، قونه ف راه‌رفتن با جست و خیز پرنده، ورجه.

قوٚنـەقوٚن: لەشگرانی و تەمەڵی. (**قوٚنەقوٚن** لە کاردا دەکا) ف سستی و اهمال، تنبلی.

قونەك: پیاوی حیز، قوُندەر ف اُبنه.

قوُنەکەو: ١) دەغڵ بەسەرەدکردن بە ڕۆنیشتنەوە؛ ٢) برێتی لە ئەزموُنی زۆر دیتن: (دنیام **قوُنـەکەو** کردوە) ف ١) غربال کردن غلّه در حال نشستن؛ ٢) کنایه از تجربهٔ بسیار دیدن.

قوُنەگان: گانی نێر، نێربازی ف عمل لواط.

قوُنەنشینه: قنگەنشینە ف کودکی که نشستن یاد گرفته.

قوُنەوتلوُر: قوُنتلوُر ف دمر دراز کشیده.

قوٚنیاغ: جوٚرێ شەراوە ف کنیاك.

قوُنێر: قوُنار ف نگا: قوُنار.

قونیك: قول، قاپ، گوێزنگ ف قوزك پا.

قونین: قنەکردن ف راه‌رفتن کبك و کفتر.

قووەت: تاقەت، توان، هێز، وزە ف قوّت، نیرو.

قوێتەڵ: ناوی ئاوایییەکە ف نام دهی است.

قوُیچ: قوُچ ف بلند مخروطی.

قوُیچك: ١) قوُچ؛ ٢) قوُچەکە ف ١) مخروطی؛ ٢) انگشتانه.

قوێخا: قوٚخا ف کدخدای ده.

قوێره: ١) چك، چکه، دیوی قوُڵی میچ؛ ٢) ناوك‌پوُچ، بۆ گوێزی دەڵێن: (گوێزی **قوێره**) ف ١) طرف گودشتالنگ؛ ٢) توخالی، برای گردو گویند.

قوُیل: قوُڵ، چاڵ ف گود.

قوُیله: قوُڵە، هەراوهاوار ف بانگ و سروصدا.

قوُین: قن، قنگ، قوُن، قونگ ف کون.

قوین‌ده: قوندەر، قنگدەر [ف] کونی.
قویه: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد [ف] روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
قه: هیچ گا [ف] هرگز.
قه‌ب: عەریف [ف] هم‌چشم.
قه‌با: ئەستوور [ف] کلفت.
قەڵەم: ١) ئالا، بنوُس؛ ٢) ئاسنی نوُك‌تیژی وەك سنگ کە بەردو داری پێ دەکوڵن؛ ٣) ئەندازەی پارە: (قەڵەمێکم پارە داوەتێ)؛ ٤) ئێسکی درێژی بەلـەك و باسك؛ ٥) هێزی دەست و پێ: (بەو خەبەرە قەڵەمی دەست‌وپێم شکا)؛ ٦) داروکەی بێ‌ڕیشە بۆ چاندن، قەرەمە؛ ٧) بەڕین ف ١) قلم؛ ٢) قلم نجّاری و حکاکی؛ ٣) مبلغ؛ ٤) استخوان ساق وبازو؛ ٥) نای دست و پا، قدرت حرکت دست و پا؛ ٦) قلمۀ کاشتنی؛ ٧) پی شدن، قطع شدن.

قەڵەمان: قوتوی قەڵەم‌و مەرەکەف ف قلمدان.

قەڵەمانە: مزی دوعانوُس ف مزد دعانویس.

قەڵەماتێن: بازی بە قەڵەمان ف بازی با قلمدان.

قەڵەم‌ئوُچ: ئالای خۆکار، بنوسی بەمەرەکەفی وشکەوە ف قلم خودکار.

قەڵەمباز: بازی زل‌و هەراو ف پرش.

قەڵەمبازد: قەڵەمباز ف پرش.

قەڵەمبازدان: پەڕین بەهەنگاوی هەراو ف پریدن.

قەڵەمبڕ: چەقۆی چکۆڵە بۆ قەڵەمدادان ف قلمتراش.

قەڵەمپاشا: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

قەڵەمپاندان: خۆنوُس، پاندان ف قلم خودنویس.

قەڵەمتاش: قەڵەمبڕ ف قلمتراش.

قەڵـەمتـراش: ١) قەڵـەمبڕ؛ ٢) سمتراش، ناڵبەند: (ژمالێ دنێ‌ئاش، ژسـەنحـەتێ قەڵەمتـراش/ژمێران مێری‌کۆنـە، لیێش‌و نەلـەیـاش) «مەسەلی بۆتانی» ف ١) قلمتراش؛ ٢) نعلبند.

قەڵەمتەراش: قەڵەمبڕ ف قلمتراش.

قەڵەمچی: برێتی لە بازرگانی توُتن‌کڕ ف تاجر توتون.

قەڵەمدادان: نوُکەقەڵەم‌تاشین ف قلم تراشیدن.

قەڵەمدان: قەڵەمان ف قلمدان.

قەڵەمدارە: ١) سەرەتای شوێنی ڕاکردن لە بازی تۆپەڕاکردێندا؛ ٢) برێتی لە ژوانگە: (قەڵەمدارەمان فلان‌جێ بێ) ف ١) سر میدان دو در توپ‌بازی؛ ٢) کنایە از میعادگاە.

قەڵەمدارێ: قەڵەمدارە ف نگا: قەڵەمدارە.

قەڵـەمڕەسـاس: جۆرێ قەڵەم کە مەرەکەفی زوەای تێدایەو خۆنوُسە، میداد ف قلم مداد.

قەڵەمڕەو: ئەو زەمینانەی دەژێر دەسەلاتی کەسێ یان دەوڵەتێك دایە ف قلمرو.

قەڵەمزرێچ: میداد، قەڵەمڕەساس ف مداد.

قەڵەمقوُپیە: جۆرێ قەڵەمڕەساس کە شین دەنوُسێ ف مداد کپی.

قەڵەم‌کردن: ١) بەڕاندن بە تیخ؛ ٢) تاشینی ڕدێن لەم لاو لاوە ف ١) پی کردن، قطع کردن؛ ٢) نوعی اصلاح ریش.

قەڵەمگیر: سنگولکەئاسنێکە لە ئاساودا ف ابزاری در آسیاب.

قەڵـەملێدان: ١) قەڵەمەناژتن، داروکەی شینی بێ‌ڕەگ جەقاندن؛ ٢) نوسینی خودایی: (خـوا قەڵـەمی لێداوە دەبێ وابێ) ف ١) کاشتن شاخۀ جوان؛ ٢) تقدیر.

قەڵەمندار: قەڵەمدارە ف نگا: قەڵەمدارە.

قەڵەموُن: قەل، عەلەشیش، بۆقلە، بۆقلەموت ف بوقلمون.

قەڵەموُنە: قەڵەموُن ف بوقلمون.

قەڵەمە: ١) قەرەمە؛ ٢) توانای باسك‌و قاچ ف ١) قلمە؛ ٢) توان پای و

بازو.

قەڵــەمــی: ١) بریتــی لە باریكو جوان و رێك؛ ٢) بریتــی لە قســەی خوێندەوارانە کە هەموکەس تێ نەگا ف ١) قلمی، باریك؛ ٢) کنایه از سخن مغلق و دیرفهم، لفظ قلم.

قەڵــەمی ئاسن: ئاسنێکی کورتی سەرتیژە دارکــارو سنعاتگەر دەکاری دەکەن ف قطعه‌آهنی که از ابزار صنعتگران است.

قەڵەن: قالان، شیر بایی ف شیر بها.

قەڵەند: قەڵەن، شیر بایی ف شیر بها.

قەڵەندۆر: دۆریە، گندۆر، گیایەکە ف گیاهی است.

قەڵــەندەر: ١) فەقیر، بەڵەنگاز؛ ٢) عەبداڵ، دەروێش؛ ٣) بەستەزمانو بێ‌زیان ف ١) بی‌چیز؛ ٢) خانه‌بدوش؛ ٣) بیچاره و خجالتی.

قەڵەندەراوا: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قەڵەنگ: قەڵادەی تاژی ف قلاده سگ شکاری.

قەڵەنگوێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قەڵــەو: ١) گۆشــتــن، پڕگۆشــت؛ ٢) چێشــتــی چەور؛ ٢) بریتــی لە دەوڵەمەندی زل ف ١) چاق؛ ٢) غذای چرب؛ ٣) کنایه از ثروتمند کلان.

قەڵەوایی: چەورایی چێشت ف چربی غذا.

قەڵــەوبوُن: ١) گۆشت‌گرتن؛ ٢) بریتی لە دەوڵەمەندبوُن ف ١) چاق شدن؛ ٢) کنایه از ثروتمند شدن.

قەڵەوەز: قەڵبەزە ف موج رودخانه.

قەڵەوی: تێرگۆشتی ف چاقی.

قەڵــەهــەربــەت: گونــدێکی کوردستــانــە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قەڵهین: لەبەین‌چوُن، شوێنەوار نەمان ف ازبین رفتن.

قەڵی: ١) قاورمــە؛ ٢) گۆشتی سوُرەوەکــراو ف ١) قورمه؛ ٢) گوشت سرخ شده.

قەڵی‌پیڤــاز: گۆشتی سوُرەوەکــراو بەپیازو تەمــاتــەوە ف گوشت با گوجه‌فرنگی و پیاز سرخ شده.

قەڵیز: چڵکن، پیس، پەڵۆخ ف چرکین، کثیف.

قەڵیسیڵ: بەربەسێڵ، قوڕاو ف غذای ماست و گوشت.

قەڵین: ١) جۆشین لەسەر ئاگر؛ ٢) سەبیلە، قەڵوُن؛ ٣) توانەوە، حەلین ف ١) جوشیدن بر آتش؛ ٢) چپق؛ ٣) گداختن.

قەڵینۆك: برێشکە، دانەویلەی بۆدراو لەسەر ساج ف دانه‌های غلّهٔ بوداده.

قەڵینەك: تاوە ف تابه.

قەڵیە: ١) قەڵی؛ ٢) چێشتێکە ف ١) نگا: قەڵی؛ ٢) غذایی است.

قەم: ١) قەمتەرە، ئاوبارە؛ ٢) قانگ، توُری پوُك؛ ٣) داری وشك ف ١) قنطره؛ ٢) ترب پوك؛ ٣) چوب خشك.

قەمار: قومار ف نگا: قومار.

قەمارە: ١) ترومبێلی سواری؛ ٢) زۆری چەندکەسی لە شەمەندەفەردا ف ١) ماشین سواری؛ ٢) کوپهٔ قطار.

قەمامە: ١) قومامە؛ ٢) گیایەکە وەك گەنم دەچێ ف ١) نگا: قومامه؛ ٢) گیاهی است.

قەمان: وشك‌بوُنی داری تەڕ ف خشکیدن هیزم تر.

قەماندن: ١) وشك‌کردنەوەی داری تەڕ؛ ٢) جلك تێ‌وەشاندن؛ ٣) نان بەئاگر ڕاداشتن؛ ٤) پاراستن ف ١) خشکانیدن هیزم‌تر؛ ٢) لباس بر تنور تکاندن؛ ٣) نان بر آتش گذاشتن؛ ٤) حمایت کردن.

قەمبوُر: پشت‌چەماو ف کوژ، پشت خمیده.

قەمبەر: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

قەمبەرە: قونبولە ف بمب، گلوله توپ.

قەمت: ١) پێسیر؛ ٢) شەنگلەبــەرەکــەتــە ف ١) گریبان، یقه؛ ٢) میوهٔ دوقلوی بهم چسبیده.

قەمتار: جانەوەرێکە بۆر لە گورگ زلترو گۆشت‌خۆرە، کەمتیار ف کفتار.

قەمتاڵ: ڕەگ‌و بنی گەلاڕێواس، ڕەگی کلاوبن ف ریشهٔ نوعی ریواس.

قەمتاندن: بابۆڵەپێچ‌کردنی مناڵی ساوا ف قنداق پیچ کردن بچّه.

قەمتك: ١) دەسرۆکەی سەری ژنان؛ ٢) پشت‌مل ف ١) لچك؛ ٢) پس گردن.

قەمتەر: ١) دەمبێنی حەیوان؛ ٢) خەزێمی بێڤلی ورچ‌و وشتر کە بەنی تێ دەخــرێ؛ ٣) بریتی‌لەمــرۆی ڕژدوچکــوُس ف ١) پوزه‌بند؛ ٢) مهار، خطام شتر و...؛ ٣) کنایه از خسیس.

قەمتەرکراو: ١) دەم‌بەستراو؛ ٢) بریتی لە ڕژد، ڕەزیل، چکوُس ف ١) پوزه‌بسته؛ ٢) کنایه از خسیس.

قەمتەرکردن: ١) دەم‌بەستن بە زنجیر؛ ٢) بریتی لە بێدەنگ کردن ف ١) پوزه‌بستن؛ ٢) کنایه از ساکت کردن.

قەمتــەرە: ١) ئاوبارە؛ ٢) گوندێکە لە کوردستان ف ١) قنطره؛ ٢) نام دهی است.

قەمتەری: قەمتەرکراو ف نگا: قەمتەرکراو.

قەمتی: ١) گرێدراو، پەیوەندی؛ ٢) ئەوەندە گیایەك لەدەستاجێ دەبێتەوە ف ١) وابسته؛ ٢) پر یك دست گیاه دسته شده.

قەمچ: ١) نزیکی، تخوُن، قەرە؛ ٢) پڕی دەستێك، لاوێچ؛ ٣) باو، پێچ؛ ٤) چەوی لوُسی دەم چەم؛ ٥) موُ بەقــەیچی‌پاچین؛ ٦) دوڕە، تاژی دوُڕەگە؛ ٧) پەرتاوتنی دار؛ ٨) بریتی لە کلکی حەیوان ف ١) نزدیکی، دردســتــرس؛ ٢) پریك کف دســت؛ ٣) پیچ، تاب؛ ٤) شن صاف و ساییده؛ ٥) موی با قیچی چیده؛ ٦) سگ دورگه؛ ٧) هرس درخت؛ ٨) کنایه از دم حیوان.

قەمچان: بازەڵێن ف نوعی بازی با شن، یه‌قل‌دوقل.

قەمچاندن: پێچان، باوپێدان ف پیچانیدن.

قەمچك: ١) دوی بزن؛ ٢) قونچکی میوە؛ ٣) پشت‌مل ف ١) دم بز؛ ٢) دنبالچهٔ میوه؛ ٣) پس‌گردن.

قەمــچ کردن: نیشــان‌کردنی بزن‌و مەڕ بە هەڵپاچینی هێندێ کوڵکە ف

علامت گذاری دام یا قیچی برکردن پشم و موی.

قەمچـوغـە: لەو گونـدانـەی کوردستـانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

قەمچوك: قاپوچکەماست ف نگا: قاپوچکە.

قەمچی: ١) قامچی، شەلاخ؛ ٢) جۆرێ خشڵی ژنانە ف ١) تازیانە؛ ٢) نوعی زیورآلات.

قەمـرەددین: زەردالـوی پانـەوەکراوی وشك کراو کە وەك نان دەخوێ، نانەقەیسی ف لواشك.

قەمرین: بەستنی ئاو، بوُنەسەهۆڵ، بەستەلەك ف یخ بستن.

قەمزە: ١) ناز، عیشوە، عاشیرەت وەچەم؛ ٢) بەرگ، بەرگی نوشتە ف ١) غمزەوناز؛ ٢) پوشە.

قەمزەنوشتە: بەرگەنوشتە ف پوشش دعای نوشتە.

قەمس: ناڕاستی، فێڵ و گزی ف حیلە و نیرنگ.

قەمسەڵە: چاکەتی گەرمی زستانە کە لەسەرەوە دەپۆشرێ ف کاپشن.

قەمسی: ناڕاست، دەغەڵ ف دغل باز.

قەمك: دزی زەبر بەدەست و خێرا ف طرّار، دزد ماهر.

قەمکە: قەمك ف طرّار.

قەملاخ: راوەکەو بەبێ چەك ف گرفتن کبك در برف.

قەموُر: قەمبوُر ف کوژپشت.

قەموُش: ساڕێژ، توێخی باش پەڕینە سەر زام ف التیام.

قەموُشك گرتن: ١) ساڕێژ بوُن؛ ٢) کەشاو هاتنەوەی زەوی، بەگابوُن ف ١) التیام یافتن؛ ٢) نیم خشك شدن زمین آبیاری شدە.

قەمە: قەدارە ف قمە، غدارە.

قەمـەر: ١) ئەسپی سوُری ئاماڵ ڕەش، کوێتی داوێن تاریك؛ ٢) مرۆی گەنم ڕەنگ، ئەسمەر؛ ٣) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) کمیت؛ ٢) گندم گون؛ ٣) روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

قەمەردین: نانەقەیسی، زەردالوی پانەوەکراو ف لواشك.

قەمەرە: قەمارە ف نگا: قەمارە.

قەمەری: پارەی ورد، قۆشە، فلس، شایی، فەتالی ف پشیز.

قەمەریلی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

قەمـەزەن: ١) چەقـۆکێش، شەلاتی؛ ٢) کەسێ لە عاشـورادا بە قەمە خۆی بریندار دەکا ف ١) چاقوکش؛ ٢) قمەزن.

قەمی: ڕەنگە، وێدەچێ، ئەشێ، دەبێ ف شاید، گمان میرود.

قەمیش: ١) قامیش، چیت، چیتك؛ ٢) پەڕەسیغارێ کە ئاغزی تێدایەو توتنی تێ دەکەن ف ١) نی؛ ٢) نوعی کاغذ سیگار فیلتردار.

قەن: شەکری پێکەوەچەسپاوی درشت ف قند.

قەنا: بەلانی کەم، هیچ نەبێ ف حدّاقل، اقلاً.

قەنـاراوە: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.

قەنـارە: چنگـالـەئـاسنی گۆشت پێدالـەقـاندنی قەسابان؛ ٢) داری پێ خنکاندنی تاوانبار، سێدارە ف ١) چنگك دکان قصّابی؛ ٢) دار اعدام.

قەنـاری: چوێلەکـوڵەیەکی زەردی دەنگ خۆشە لە زەردەزیرە دەکا ف پرندۀ قناری.

قەنـاس: ١) زمینی خێچ وخـواری لایەك تەسك و لایەك پان؛ ٢) دەورو بەری ماڵ ف ١) زمین کج؛ ٢) برف انداز خانە.

قەناوێز: خامەك، پارچەیەکی ئاوریشمی بەڕەنگی بنەوش یان ئەرخەوانی ف قناویز، پارچەای ابریشمی.

قەنبەل: لای چەپ ف طرف خب، یسار.

قەنتار: قەتاری چارەوێ ف قطار ستور.

قەنتەر: قەمتەر ف نگا: قەمتەر.

قەنتەرە: ئاوپارە، قەمتەرە ف پُل آبرسان.

قەنج: ١) باش، خاس، پەسند؛ ٢) جوان، خوشیك ف ١) خوب؛ ٢) زیبا.

قەنجانی: پیاوەتی، جوانمێری، چاکە، مێرانی ف مردانگی، مردمی.

قەنج کرن: کاری چاك کردن، باش کردن ف کار نیکو کردن.

قەنجەیسك: گیایەکە بنەکەی دەخوُن. چەورەو *تامی گوێزهێندی دەدا* ف گیاهی است.

قەنجی: ١) چاکە، خاسی؛ ٢) جوانی، دەلالی ف ١) خوبی؛ ٢) زیبایی.

قەند: قەن ف قند.

قەنداخ: ئاوی کوڵاوی شەکرتێکراو ف شکراب جوشیدە.

قەنداغ: قەنداخ ف شکراب جوشیدە.

قەندان: جێگەی قەند ف قندان.

قەنداو: ١) ئاوی شیرن کراو بە شەکر؛ ٢) قەنداخ ف ١) شکراب؛ ٢) نگا: قەنداخ.

قەندرخە: گیایەکە لە گەنم دەچێ ف گیاهی است شبیە گندم.

قەندرغە: قەندرخە ف نگا: قەندرخە.

قەندشکێن: چاکوُچی قەندپێوردکردن ف قندشکن.

قەندن: کۆڵین، کەنن: (هەڵی **قەند**) ف کندن.

قەندو: قەندان ف قندان.

قەنـدول: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

قەندە: ١) باس قەننە، سەبیلەی کلك درێژ؛ ٢) نێرگەلە، قلیان ئاوی ف ١) چپق دستەبلند؛ ٢) قلیان.

قەنـــدەدار: نۆکـــەرێ کە لە دیوانـــی گەورەپـــیاودا کاری قلیان و سەبیلەتێکردنە ف نوکری کە کارش قلیان و چپق آمادە کردن است.

قەندەرێژ: توتنی ئامادەکراو بۆ سەبیلە ف توتون آمادە شدە برای چپق.

قەندەکێش: ئالوُدە بە توتن کێشان ف دودی، معتاد بە توتون کشیدن.

قەندەهاری: جۆرێ تۆمی گەنم ف نوعی گندم.

قەندی: غەڵدی، تولەی ڕاو ف تولەسگ شکاری.

قەندیل: ١) چرای بەبنەبانەوە دالەقاو؛ ٢) ناوی چیایەکی زۆر بەناوبانگە

لە کوردستان ف ١) لوستر؛ ٢) نام کوهی معروف در کردستان.

قەندیلە: ١) فتیلەچرا، قوتیلکەچرا؛ ٢) قوتکەی سەری کڵاو ف ١) چراغ موشی؛ ٢) نوك تیز کلاه.

قەنگاس: قەناس ف قەناس.

قەنگە: قەندە ف نگا: قەندە.

قەنگەدار: قەندەدار ف نگا: قەندەدار.

قەنگەڕێژ: قەندەڕێژ ف نگا: قەندەڕێژ.

قەنگەکێش: قەندەکێش ف نگا: قەندەکێش.

قەنگەلاشك: قانگەلاشك ف نگا: قانگەلاشك.

قەنگەڵاشك: قانگەلاشك ف نگا: قانگەلاشك.

قەنگەهاری: قەندەهاری ف نگا: قەندەهاری.

قەنە: قەندە، قەنگە ف نگا: قەندە، قەنگە.

قەنەدار: قەندەدار ف نگا: قەندەدار.

قەنەڕێژ: قەندەڕێژ ف نگا: قەندەڕێژ.

قەنەکێش: قەندەکێش ف نگا: قەندەکێش.

قەنۆس: ڕەشی زۆرڕەش ف سیاهِ غلیظ.

قەنۆسی: بەرەنگی زۆر ڕەش ف بەرنگ «قەنۆس».

قەنە: *وشەی پرسیارە* ـ نەوایە؟ مەکێنواتیە؟ ف مگرنه؟

قەنەپە: فورسی درێژۆکەی سێ‌چوارنەفەرە، بیوەتەختی لەسەرنوستن ف نیمکت، کانایە.

قەنەفڵ: گەڵاخونچەی وشکەوەکراوی گوڵی دارێکە زۆر بۆنخۆشەو بۆ دەرمان دەشێ، مێخەك ف میخك.

قەنەفڵێ: سەر تەنگەی پاڵان ف ریسمان بالای تنگ پالان.

قەنەفە: قەنەپە ف نیمکت.

قەنەك: غەرغەرە، هەرشتێ کە ڕێسی لەسەر هەڵدەکرێ ف قرقره.

قەنەواچە: ناوناخنی جلك ف آگنهٔ لباس، لایهٔ لباس.

قەنەوز: قەناوێز، خامەك ف قناویز.

قەنی: ١) بەچکەبزنێ کە دێر لە دایك بو بێت؛ ٢) تاژەڵی پوتەکەی داڵگۆشت ف ١) بزغالهٔ دیر زا؛ ٢) بز و گوسفند لاغر و کوچك.

قەنیلە: چرافتیلە، قوتیلکەچرا ف چراغ موشی.

قەو: ١) دەنگی بەرز، قاو: (بە قەو بانگی کە)؛ ٢) قەد ف ١) صدای بلند و قوی؛ ٢) نگا: قەد.

قەوات: نەریت، ئاکار، خۆ، خوو ف خوی و اخلاق.

قەواخ: ١) تێکوڵی بەتاڵی هێلکەو کوڵەکە؛ ٢) قاپۆڕ ف ١) پوستهٔ توخالی؛ ٢) پوکه.

قەواد: دەویت ف جاکش.

قەوار: ١) ناوەڕۆکی تێخوڵ، کاکڵ؛ ٢) قوار، خۆڵەکەوەی پزیسکی تەندوور ف ١) مغز میوه؛ ٢) خاکستر تنور.

قەوارتن: بەکوڵین ناوەڕۆك دەرهێنان ف با تیغ محتوای چیزی را بیرون آوردن.

قەواروك: کاکڵی فەریکەگوێز ف مغز گردوی دلمل.

قەواروك: سێلك، قەوان ف صفحهٔ گرامافون.

قەوارە: قەبارە، بارست ف حجم.

قەوارین: قەوارتن ف با تیغ محتوای چیزی را بیرون آوردن.

قەواش: کانزایەکی کونکونی کلکدارە بۆ کەفگرتنی چێشت بەکاردێ، کەوگیر ف کفگیر.

قەواغ: قەواخ ف نگا: قەواخ.

قەواق: مرۆی کاسەوگۆزەکەر، هەوڕکەر، ئیر بارکەر ف سفالگر.

قەوال: ١) پیاوی ئاینی یەزیدی لە پایەی هەرەبەرەژێردا؛ ٢) دەنگ‌خۆش؛ ٣) جۆرێ تفەنگی قەدیمی؛ ٤) شەبابە، جۆرێ بلوێر ف ١) روحانی یزیدی دون پایه؛ ٢) خوش‌آواز؛ ٣) نوعی تفنگ قدیمی؛ ٤) نوعی نی نواختنی.

قەواڵە: قەباڵە ف قباله.

قەوان: ١) قاپۆڕەفیشەك، قاوغ؛ ٢) سندوقی گۆرانی، گرامافۆن؛ ٣) سەفحەی گرامافۆن؛ ٤) جۆرێ گوڵەبابونە کە چاوەگای پێ‌ئێژن ف ١) پوکه؛ ٢) گرامافون؛ ٣) صفحهٔ گرامافون؛ ٤) بابونهٔ گاوچشمی.

قەوانچە: فڕێدراو، بۆ دوور ناوێژراو ف پرت شده.

قەوانچەدان: فڕێدان ف پرت کردن.

قەوتە: ئاپۆرە، حەشامات، کۆمەڵی زۆر لە مەردم ف تودهٔ مردم.

قەوچ: ١) دەمخوار؛ ٢) گێلۆکە، کەمفام، ناتێگەیشتو ف ١) دهن کج؛ ٢) ابله.

قەوچل: ١) بێکارە، هیچ‌لێ‌نەهاتو؛ ٢) لەکارنەزان؛ ٣) شەڕێو؛ شیرزە؛ ٤) چڵم‌و ئاوی لوتی منداڵ ف ١) بیکاره؛ ٢) ناشی؛ ٣) نامرتب؛ ٤) آب‌بینی بچه.

قەوچە: ١) شەویلاکە جوڵاندن بە دەمی ناوەڵەوە؛ ٢) سەرلێ‌شێواو، سەرگەردان ف ١) جنبانیدن فك با دهن باز؛ ٢) سرگردان.

قەوچەبوون: سەرگەردان‌بوون، دامان ف سرگردان شدن.

قەوچەقەوچ: برێتی لە قسەکردنی زۆرو بێ‌مانا: (وەسا بەسیە قەوچەقەوچ!) ف کنایه از ژاژخاییدن.

قەوچەکردن: ١) دەم‌جوڵاندنی ماکەر لە کاتی گاندانا؛ ٢) برێتی لە قسەی بێتام گوتن؛ ٣) برێتی لە سەرگەردان کردن ف ١) دهن جنبانیدن ماده‌الاغ در حال جماع؛ ٢) کنایه از یاوه گویی؛ ٣) کنایه از سرگردان کردن.

قەور: ١) قەبر، گۆڕ، گڵکۆ؛ ٢) دەرکراوی، وەدەرنراوی ف ١) قبر؛ ٢) دك.

قەوران: ١) سەرقەبران، قەبرستان؛ ٢) دەرکران ف ١) گورستان؛ ٢) رانده‌شدن.

قەوراندن: دەرکردن، قاودان ف راندن، دك کردن.

قەورپشکنەك: چاڵە، چاڵەکە، قوڕەبەشە، چوالو ف حیوان گورکن.

قەورخە: قەبرخە، خاڵیگە ف تهیگاه.

قەورسان: قەوران، گۆڕستان، قەبرستان ف گورستان.

قەورکەن: کەسێ کە قەبر بۆ مردگ دەکوڵێ ف آدم گورکن.

قەورکەنە: چاڵەکە، چوالو ف حیوان گورکن.

قەورە: بڕبەند ف سوهان.

قەوز: پسوڵەی حەساو، رەسید، قەبز ف رسید، قبض.

قەوزە: ١) قۆزە، جلەشینەی سەر ئاو؛ ٢) قرێژەبەرد ف ١) خزه؛ ٢) گل سنگ.

قەوس: ئاخرمانگی پایز ف آذرما.

قەوساو: ئاودانی باغ لە ئاخر پایزدا بۆ پەتای باغ قڕکردن ف آبیاری باغ در آذرماه برای دفع آفات.

قەوساوە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قەوسەل: مەتوڵۆکە ف چیستان.

قەوسەلە: ١) قسەی بەزیپك؛ ٢) قسەی بەهیما ف ١) سخن متلك‌آمیز؛ ٢) سخن رمز و اشاره.

قەوش: کلۆشی سەر خۆیان ف ساقه‌های جمع‌آوری شدهٔ سر خرمن.

قەوغا: ١) زۆر ئاوەدان؛ ٢) خێزانی زۆر لەماڵدا ف ١) آباد؛ ٢) خانوادهٔ پرجمعیّت.

قەول: بەڵێن، پەیمان، شەرت، مەرج ف پیمان، عهد.

قەوڵ: ١) قەول؛ ٢) قەبڵ ف ١) نگا: قەول؛ ٢) نگا: قەبڵ.

قەوڵان: قەبڵان ف نگا: قەبڵان.

قەوڵانن: قەبڵاندن ف ارزیابی کردن.

قەوڵك: تۆرەکەی پچوکی وردەشت ف توبرهٔ خرت و پرت.

قەولوبڕ: قەرارداد، شەرتو پەیمان ف توافق بر کاری.

قەولوبڕی: قەولو بڕ ف توافق.

قەولەق: ١) سورمەدان، کلتۆر؛ ٢) تورەکەی چکۆلە ف ١) سرمه‌دان؛ ٢) توبرهٔ کوچك.

قەولەك: قەولەق ف نگا: قەولەق.

قەوم: قۆم ف نگا: قۆم.

قەوما: رووی دا، پێش‌هات ف اتّفاق افتاد، پیش‌آمد.

قەومار: بەسەرهاتو رووداوی ناخۆش و دڵ‌تەزێن ف حادثهٔ دلخراش.

قەومان: ١) خزمان؛ ٢) روودان، بەسەرهات، قۆمان؛ ٣) پیروزورهان، پیری لەکارکەوتە ف ١) خویشان؛ ٢) پیشامد؛ ٣) پیر ازکار افتاده.

قەوماندن: ئاژاوەو پشێوی نانەوە ف حادثه‌آفریدن.

قەوماو: رووداوی ناخۆش ف رویداد ناگوار.

قەومك: کەدوسەراوی، کولەکەسەراوی ف نوعی کدو.

قەومی: ١)قەوما؛ ٢) رەچەڵەکی، گەلی ف ١) نگا: قەوما؛ ٢) ملّی.

قەومیان: قۆمیان، قەومان ف اتّفاق ناگوار افتادن.

قەومین: قۆمیان ف اتّفاق ناگوار افتادن.

قەووڕك: کاکڵەگوێزو بادامی فەریك ف مغز بادام و گردوی هنوز نرسیده.

قەوە: تابشت، توانا، تاقەت ف نیرو.

قەوەت: ١) قەوە؛ ٢) وشەیەکە وەك ئۆخەی: (قەوەت دە وەرە لام) ف ١) نیرو؛ ٢) کلمه‌ای است نشانهٔ دوستی، جانم.

قەوی: ١) ئەستوور: (مل قەوی)؛ ٢) بە تاقەت؛ ٣) دەسەڵاتدار؛ ٤) ساغ ودوست؛ ٥) خورت، بەهێز؛ ٦) فریە، فرە، گەلەك ف ١) ستبر؛ ٢) باتحمل؛ ٣) بانفوذ؛ ٤) صحیح و سالم؛ ٥) نیرومند؛ ٦) فراوان.

قەویت: ١) سەرپەرشتی خێزانی مردگ؛ ٢) راسپێر ف ١) قیّم؛ ٢) سفارش کننده.

قەویتی: ١) کاری قەویت؛ ٢) راسپێری ف ١) قیّمی؛ ٢) سفارش.

قەویل: قبوڵ: (**قەویلە قەویلت** نیە وەهیچ) ف قبول.

قەویلە: ١) خڕی قوڵەی قەڵەو؛ ٢) قەبیلە، بەرەباب؛ ٣) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) کوتاه‌قدچاق؛ ٢) قبیله؛ ٣) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قەوین: قەوی ف نگا: قەوی.

قەوینتی: راسپێری ف سفارش.

قەهبك: جندە، قەحبك، قاحبە ف فاحشه.

قەی: ١) قەد؛ ٢) بۆچی؛ ٣) کەوایە، کەوابوو؛ ٤) وشەیەکە بەواتا: مانع: (**قەی** ناکا، **قەی** چیە؟)؛ ٥) ئەدی؛ ٦) ڕشانەوە: (شیرەکەی **قەی** کردگەسەو) ف ١) نگا: قەد؛ ٢) چرا؛ ٣) پس، که اینطور؛ ٤) مانع، اشکال؛ ٥) آری؛ ٦) قی.

قەیا: ناوە بۆ پیاوان ف نام مردانه.

قەیاخ: ١) گیایەکە؛ ٢) بەلەمی پان و زل بۆ بارو پەڕینەوە ف ١) گیاهی است؛ ٢) قایق باربری.

قەیاخەوان: قەیاخ‌ئاژۆ ف قایقران.

قەیار: ١) نینۆکی درێژی یەکسم کە ئەیتاشن؛ ٢) پنجەگیا؛ ٣) سوکەناوی قادر؛ ٤) قەراغ، کەنار؛ ٥) پنجی درزی دیزەو گۆزە ف ١) ناخن تراشیدنی ستور؛ ٢) بوتە گیاه؛ ٣) مخفّف نام قادر؛ ٤)کنار، گوشه؛ ٥) چسب درز ظرف سفالین.

قەیارە: قەدارە ف غدارە.

قەیاسە: باربەندی پان لە چەرم ف باربند پهن چرمی.

قەیاسەدین: ناوی ئاواییەکە ف نام روستایی است.

قەیاغ: ١) بەلەمی بارپەڕاندنەوە، قەیاخ؛ ٢) گیایەکی باڵابەرزی قەفقەفە ف ١) قایق باربری؛ ٢) گیاهی است.

قەیبڕ: قەدبڕ ف راه میانبر.

قەیتان: شریت ف رشتهٔ بافتهٔ باریك.

قەیتوڵ: ناوی ناوچەیەکە لە کوردستان ف ناحیه‌ای در کردستان.

قەیتوڵی: ١) ناوە بۆ پیاوان؛ ٢) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) نام مردانه؛ ٢) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قەیتەران: ١) گیایەکی لاسکزەشە؛ ٢) ناوی پاڵەوانێکی چیرۆکە: (قارەمان و **قەیتەران**) ف ١) گیاهی است؛ ٢) نام گردی باستانی.

قەیچی: تۆرتۆ، مەقەس ف قیچی.

قەیچی‌بڕ: بەتۆرتۆبڕین ف قیچی‌بر.

قەیچی کردن: پەرتاوتن بە قەیچی: (لە کوڵمت هەرچی خارج بێ سەری ئەگریجە **قەیچی** کە/ بڵێن با سەربڕینی خارجی بۆ ڕەونەقی دین بو) «سالم» ف با قیچی بریدن.

قەی چیە: چەعەیبی هەیە؟، مانع چیە؟ ف چه مانعی دارد؟

قەید: ١) قەی، عەیب‌و مانع؛ ٢) ئاڵقەی ئاسن؛ ٣) ئاڵقەگوریسی تابار بە تابارەوەدان؛ ٤) جومگەی یەکسم؛ ٥) هەوای گۆرانی ف ١) مانع؛ ٢) حلقهٔ آهنی؛ ٣) ریسمان حلقه‌شده را به لنگه‌بار چسبانیدن؛ ٤) مچ ستور؛ ٥) آهنگ ترانه.

قەیدك: ١)جومگەی یەکسم، قەید؛ ٢) زنجیری پەل‌بەندی یەکسم؛ ٣) پەراوێز لە دەورو ژێر پەراو نوسین ف ١) مچ ستـــور؛ ٢) زنجیر پای ستور؛ ٣) حاشیهٔ نوشتار.

قەیدێ: ماوەیەك لەزەمـان: (قـەیدێ باوابێ بەڵام ڕۆژی ئەبێ منـداڵی کورد) «حەمدی» ف مُدّتی.

قەیر: ئەندازە، قەدەر ف اندازه.

قەیران: ١) بەڵێن بۆ کات‌دیاری‌کردن: (**قەیران**مان سەری مانگ بێ)؛ ٢) جەنگـــەی تونـــدو تیژی نەخـــۆشی: (ئـەم نەخـۆشیە چواررۆژ قەیرانیەتی)؛ ٣) لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف ١) میعـادزمـانی؛ ٢) بحـران بیماری؛ ٣) روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

قەیرە: ١)بـەتـەمەن‌تر لە جەنگەی جوانی‌و لاوەتی: (**قەیرەکچە، قەیرە پیاوە**)؛ ٢) لەکاردەرهاتگ: (ئەسپەکە **قەیرەیە**)؛ ٣) بەرانی پەنج‌ساڵە ف ١) مسن‌تر از عنفوان جوانی؛ ٢) کارکشته؛ ٣) قوچ پنج ساله.

قەیســك: ١) عاسا، دارەوکاژ؛ ٢) مشتوی خەنجەرو دەسکی شیر؛ ٣) باگردێن، بان‌گلێر ف ١) عصا؛ ٢) دستهٔ شمشیر و خنجر؛ ٣) بام غلتانك.

قەیسەر: ١) تەز، قوفل، قەفل، سڕی؛ ٢) پاڵشای زەلام ف ١) کرخ از سرما؛ ٢) پادشاه.

قەیسەربوُن: لەسەرمان سڕبوُن ف کرخیدن از سرما.

قەیسەرقو: چاوەنوارێ زیاد ف انتظار زیاد.

قەیسەری: راستەبازاڕ، گوزەر ف راسته‌بازار.

قەیسی: ١) زەرداڵو؛ ٢) دەنکەخۆشەی زەرداڵو ف ١) زردالو؛ ٢) هستهٔ شیرین زردالو.

قەیسیل: قەرسیل ف نگا: قەرسیل.

قەیش: قایش ف چرم ورنی.

قەیفە: قەدیفە ف نگا: قەدیفە.

قەیفەیی: ڕەنگی ئاڵ ف قرمز روشن.

قەیقەناخ: هێلکەوڕۆنی بەدۆشاو، خاوڕۆنی بەشۆك ف خاگینه با شیرهٔ انگور.

قەیك: بەلەم، قەیاغ ف قایق.

قەیل: ١) بڵند، بەرز؛ ٢) سەرعێل ف ١) بلند؛ ٢) سردار ایل.

قەیلۆك: داوەڵ، داهۆڵ ف مترسك.

قەیلە: گۆشتی وشکەوبوی لەهەمانەدا بۆزستان ف قورمه.

قەیم: ١) قەدیم، پێشونە، لەمێژینە؛ ٢) توندو قایم ف ١) قەدیم؛ ٢) محکم.

قەیمـــاخ: ١) توێژی سەر ماست‌و شیر؛ ٢) ناردو ڕۆنی سوُرەوەکـــراو، میوانی ف ١) سرشیر، چربی بالای ماست؛ ٢) کاچی.

قەیماغ: توێژی سەر شیر و ماست ف سرشیر، چربی روی ماست.

قەیمی: قەدیمی، کۆنە ف قدیمی.

قەیمین: ڕەق‌بوُنی ئەندامی لەش ف سفت وسخت شدن اندام.

قەینا: ئەدی نا، بۆچی وانیە؟ ف مگر نه اینطور؟.

قەینات: قنیات، سەبوُری، ڕازی‌بوُن بە بەشی‌خودا ف قناعت، شکیبایی.

قەیناخ: گیایەکە ف گیاهی است.

قەینـاغ: قامکـەدەسکێشی چەرمی دروێنەوانان، قامکەوانە ف انگشت پوش چرمی دروگر.

قەی‌ناکا: عەیبی نیە، نەتشتە ف مانعی ندارد، باشد.

قەینتر: قەنتەرە، قەمتەرە، پردی لە ئاو گوێزتنەوە ف قنطره.

قەی‌نە: مەگەرنە؟، مەگین‌وانیە؟ ف مگرنه؟

قەیوان: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.

قیا: سەڵا، پەسڵان، قیامەت، ژیانەوەی دوای مەرگ: (دەستی من دامەنی تۆ ڕۆژی **قیا**) «نالی» ف رستاخیز.

قیامەت: قیا ف رستاخیز.

قیبلە: ڕوگە، قوبلە ف قبله.

قیبلەنوما: ئامرازێکە لا دیاری دەکا ف قبله‌نما.

قیپ: ١) بەلەك‌ئەستوُر؛ ٢) لاسك‌ئەستوُر؛ ٣) بەلەکی پا؛ ٤) لەڕو لاواز ف ١) ساق کلفت؛ ٢) ساقهٔ کلفت؛ ٣) ساق پا؛ ٤) لاغر.

قیپ‌بوُن: لەڕبوُن، گۆشتی‌لەش کەم‌کردن ف لاغرشدن.

قیت: ١) قنج، بڵندوڕاست، ڕاست ڕاوەستاو؛ ٢) زۆپ، زەق؛ ٣) خێل؛ ٤) ڕۆنێ کە شوانکارە دەیدا بەخاوەن‌پەز؛ ٥) پاژێکی بچوُك لە بڕشتیدار بە تەور؛ ٦) لقی‌دار ف ١) راست و بلنـد؛ ٢) برجسته؛ ٣) لوچ؛ ٤) روغنی که شبـان به گلّه‌دار می‌دهـد؛ ٥) تراشـهٔ کوچـك چوب؛ ٦) شاخه‌ی درخت.

قیتك: ١) بەلوُکە؛ ٢) کەشکەزرانی؛ ٣) لقی بچوُکی دار، لقی ناسك ف ١) چوچوله؛ ٢) کاسهٔ زانو؛ ٣) شاخهٔ نازك درخت.

قیتکە: ١) قیتك؛ ٢) زۆپی پچوُك ف ١) چوچوله؛ ٢) برجستهٔ کوچك.

قیت‌وقوز: بەژن‌ڕاستی جوان ف بلندبالای زیبا و خوش تیپ.

قیتە: ١) کاورای قیت؛ ٢) هەردوشاخ ڕاست هەڵچو،بۆ بزنی دەڵێن ف ١) یاروی بلندبالا؛ ٢) دامی که شاخ‌های راست و عمودی دارد.

قیتەقیت: بریتی لە جحێڵایەتی، هاتوچۆ بۆ حەزلێ‌کردوُیی ف کنایه از رفت و آمد و حرکات عاشقانه.

قیتەڵ: چکۆڵەی زەق‌و زۆپ ف کوچولوی برجسته.

قیچ: ١) کەسێ چاوێکی لە چاوێکی پچوُکترە؛ ٢) بڵند، قوُچ؛ ٣) خوار، خێچ؛ ٤) سپی زۆرسپی؛ ٥) پیچ، کەمـوسکە ف ١) کسی که یکی از چشمانش کوچکتر است؛ ٢) بلندمخروطی؛ ٣) کج؛ ٤) بسیار سفید؛ ٥) اندك.

قیچ: جانەوەرێکی چکۆڵەی ڕەشی ئاماڵ‌سوُرە خوێنی زیندەوەر دەمژێ، کێچ ف کك.

قیچ‌قیچ: قرژقرژ، دەنگی کوڵینی ئاو بەنەهێم ف صدای غلغل زیاد آب.

قیچك: ۱) قیتکە، بەلۆکە؛ ۲) زەردی ئاچوخ ف ۱) چوچوله؛ ۲) زرد روشن.

قیچ کردنەوە: ۱) چاوێك قوچاندن‌و بە چاوێك ڕوانین؛ ۲) لە دوورەوە بڵند هاتنەبەرچاو ف ۱) با یك چشم نگاه کردن و چشمی را بستن؛ ۲) از دور بلند دیدن.

قیچمەز: ۱) ئابڕوتکاو، بێ‌شەرم؛ ۲) ئاکارخراپ ف ۱) بی‌آبرو؛ ۲) بدرفتار.

قێچی: قەیچی، دوێرد، تۆرتۆ، مقەست، مەقەس ف قیچی.

قێخا: قۆخا ف کدخدای ده.

قێد: ئاڵقەی ئاسن ف حلقهٔ آهنی.

قیدقید: قدقدی مامر ف قدقد مرغ.

قیدنینە: قەیدی‌نیە، قەی‌ناکا ف اشکالی ندارد.

قیر: کانزایەکی ڕەشە لە شوێنی چاڵەنەوتی کۆن‌دا دەس ئەکەوێ، قیل ف قیر.

قیڕ: ۱) پڕتـاو، چوارناڵە؛ ۲) لەنەکاو بێ دەنگ‌و سەدا: (قیڕ گرتم)؛ ۳) دەنگی مریشك لەترسان ف ۱) تاخت؛ ۲) ناگهان بدون سر وصدا؛ ۳) صدای مرغ از ترس.

قیڕ: قوڕ، گون‌شوڕ ف فتقی.

قیرا: بولێلە، بەرەبەیان ف اوّل بامداد.

قیرات: ۱) پاژێك لە سی‌و شەش پاژی مسقـاڵ؛ ۲) ئامرازێکە جیوەی تێدا دەگەڵ گەرما بەرز دەبێتەوەو دەگەڵ سەرما دادەکشێ، گەرماپێو ف ۱) قیراط؛ ۲) دماسنج.

قیراچ: ۱) پەراوێزی نوسراو؛ ۲) موی سەری پەرژوبڵاوی شانەنەکراو ف ۱) حاشیهٔ نوشته؛ ۲) موی ژولیده.

قیراخ: کەسێ کە دەلنگ یان قۆڵی هەڵماڵیوە ف پاچه‌ورمالیده.

قیڕان: زیقەی مریشك لەترسان ف جیغ مرغ از ترس.

قیڕاندن: زیقاندنی مریشك ف جیغ کشیدن مرغ.

قیڕانن: قیڕاندن ف نگا: قیڕاندن.

قیرپاچ: قورپاچ، قەمچی، قامچی، تازیانە، شەلاخ ف تازیانه.

قیرتاو: قیرتێدراو، بەقیر داپۆشراو ف قیراندود، اسفالته.

قیرتەبەق: جۆرێ نانەشانی لەتۆڵ‌نەتراوی قیلەتاوکراوە ف سبد قیراندود.

قیڕچان: سیڕەسیڕ لە ددان هاتن ف صدای برهم ساییده‌شدن دندانها.

قیڕچاندن: سیڕەسیڕ لە ددان هێنان ف صدا از دندانها درآوردن.

قیڕچین: قیڕچان ف نگا: قیڕچان.

قیڕسیچم: ۱) بێ‌چەقین، نەساز؛ ۲) ڕەزیل، ڕژد ف ۱) لجباز؛ ۲) خسیس.

قیڕسیچمە: قیڕسیچم ف نگا: قیڕسیچم.

قیرقاج: خوارەکەو پێچەکە ف اریب.

قیرقاچ: قیرقاج ف اریب.

قیڕقیڕ: هەراو زەنازەنا: (کوروٚ ئەو چ قیڕقیڕاتەیە) ف هەو و جنجال.

قیڕوسیا: چش، هەرچی ئەبێ با ببێ ف هرچه باداباد.

قیروقاج: قیرقاج ف اریب.

قیروقاچ: قیرقاج ف اریب.

قیڕە: ۱) قڕەی بۆق؛ ۲) زیقەی باڵدار؛ ۳) کەوتنی دەنگ لە زیقەدا ف ۱) صدای قورباغه؛ ۲) جیغ پرنده؛ ۳) گرفتگی صدا از جیغ زیاد.

قیڕە: قوڕ، گون‌پەنەماو ف فتقی.

قیڕەبوون: دەنگ‌کەوتن لەبەر زیقاندن ف خفه‌شدن صدا از جیغ زیاد.

قیرەتاو: قیرتاو ف قیراندود، اسفالته.

قیڕەقیڕ: زیقەو هەرای زۆر ف جیغ و فریاد زیاد.

قیڕە گون: کەسێ لە زیڕاندنی زۆرەوە قوڕ بو بێ ف کسی که از جیغ زیاد فتقی شده.

قیڕە گون: گون‌قوڕ ف فتقی.

قیری: ڕەش بە ڕەنگی قیر ف مشکی، سیاه همرنگ قیر.

قیرین: قیری ف سیاه به رنگ قیر.

قیڕین: ۱) زیقاندن؛ ۲) بەرەنگی‌قیر ف ۱) جیغ کشیدن؛ ۲) به رنگ قیر.

قیرینە: قیرتێ‌هەڵسواو ف قیراندود.

قیز: ۱) دۆت، قز؛ ۲) بێز ف ۱) دختر؛ ۲) حال از دیدن چیزی بهم خوردن.

قێز: ۱) بێز، دڵ‌تێکچـوون لە دیتنی شتێ؛ ۲) وشـەیەکـە لە بازی‌دا واتا: تەسلیم ف ۱) دل بهم آمدن از دیدن چیزی؛ ۲) اصطلاحی در بازی به معنی تسلیم.

قێزبوون: ۱) تەسلیم‌بوون لە بازی‌دا؛ ۲) ناشیرین‌بوون ف ۱) تسلیم شدن در مسابقه؛ ۲) زشت شدن بعد از زیبایی.

قێزبوونەوە: دڵ‌شێوان لە دیتنی شتێ ف دل بهم آمدن از دیدن چیزی.

قێزشێوان: قێزبوونەوە ف نگا: قێزبوونەوە.

قێزشێویان: قێزبوونەوە ف نگا: قێزبوونەوە.

قێزشێویانەوە: قێزبوونەوە ف نگا: قێزبوونەوە.

قیزك: دارێکی لێرەوارە ف درختی است جنگلی.

قێزکردن: قێزبوونەوە ف نگا: قێزبوونەوە.

قێزکردنەوە: قێزبوونەوە ف نگا: قێزبوونەوە.

قیزوبیز: قیزکردن ف دل بهم‌آمدن.

قیزۆك: پوکاوڵە، چەمۆڵە، چەمبۆڵە ف ام کردن، پنجه گذاشتن.

قێزە: ناشیرین ف زشت.

قیزەون: قێزەون ف نگا: قێزەون.

قێزەون: ۱) شتێ کە مرۆ بێزی لێ دەکـا؛ ۲) مرۆی بەبێز کە کەم شت دەخوا، دژخۆر ف ۱) چیزیکه حال آدم را بهم می‌زند؛ ۲) کسی که زود دلش بهم می‌خورد.

قیژ: ۱) دەنگی تیژ، زیڕە؛ ۲) قاژو ف ۱) جیغ؛ ۲) زَغَن.

قیژاندن: زیڕاندن ف جیغ کشیدن.

قیژانن: قیژاندن، زیڕاندن ف جیغ کشیدن.

قیژقیژۆك: زارۆکێ کە زۆر دەزیقێنێ ف بچهٔ جیغ جیغو.

قیژك: قه‌له‌ڕه‌شه ف کلاغ.

قیژلاندن: وه‌چۆقه‌چۆق خستنی ڕۆن ف گداختن روغن.

قیژۆك: باڵدارێکی که‌سکه له‌ ڕیشۆله‌ زلتره‌ ف پرندهٔ سبزقبا.

قیژوواژ: زه‌نازه‌نا ف داد و فریاد.

قیژ ووڕ: هه‌راهه‌را، زه‌نازه‌نا ف جیغ و داد وفریاد.

قیژوهوڕ: قیژووڕ ف جیغ و داد.

قیژه: قیژ، زیقه ف جیغ.

قیژه‌قیژ: ١) زیقه‌ی زۆر؛ ٢) فه‌رمان به‌ بێده‌نگ‌بوون: (توخوا **قیژه‌قیژ**) ف ١) جیغ زیاد؛ ٢) فرمان به خاموشی سروصدا.

قیژه کردن: زیره‌کردن ف جیغ کشیدن.

قیژین: قیژاندن ف جیغ کشیدن.

قیس: ده‌رفه‌ت، هه‌ل، فرسه‌ت: (له‌ قیسم چو، له‌ **قیسی** خۆم دا) ف فرصت بدست آمده.

قیسپ: دارێکه‌ بۆ پەرژین ده‌چه‌قێندرێ، قسپ ف چوب ثابت دیوارهٔ پرچین.

قیست: ١) گیایه‌که‌؛ ٢) قه‌رزدانه‌وه‌ی پاژپاژ ف ١) گیاهی است؛ ٢) قسط وام.

قیسك: چیکڵدانه ف ژاغر، چینه‌دان.

قیسکه: ١) قیسك؛ ٢) منداڵی چکۆڵه‌ی پوته‌که ف ١) ژاغر، چینه‌دان؛ ٢) کودك لاغر و فسقلی.

قیش: ١) بانو، بانه، بان، ده‌شتی بڵندتر له‌ ده‌وروبه‌ری خۆی؛ ٢) قوڕ، حه‌ڕی؛ ٣) قه‌ڵشی لێو ف ١) فلات؛ ٢) گِل؛ ٣) ترك لب.

قیشاف: ١) قوڕاو، لیته، چڵپاو؛ ٢) لێوی قه‌ڵشیو ف ١) لجن؛ ٢) لب ترك برده.

قیفار: درکێکی سپیه ف خاربنی است سفید.

قیفه‌ڕێ: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

قیڤار: قیفار ف نگا. قیفار.

قیق: ١) داڵگۆشت، زه‌عیف؛ ٢) مل باریك ف ١) لاغر؛ ٢) گردن باریك.

قیق لۆقی: ده‌نگی خوێندنی که‌ڵه‌باب ف بانگ خروس.

قیقی: ١) دارکوتکه؛ ٢) قوقوی که‌ڵه‌شێر؛ ٣) برێتی له‌ مریشك ف ١) دارکوب؛ ٢) صدای خروس؛ ٣) کنایه از ماکیان.

قیقی داوکه: باڵدارێکه ف پرنده‌ای است.

قیل: ١) قوڵ؛ ٢) که‌ڵبی دڕنده، ددانی پێشه‌وه‌ی دڕنده؛ ٣) قیر ف ١) ژرف؛ ٢) دندان ناب درنده؛ ٣) قیر.

قیڵ: گوانی تازه‌ڵی شیرده‌ر ف پستان دام شیرده.

قیلکه: ١) چیلکه؛ ٢) حیلکه‌ی پێکه‌نین ف ١) ساقه و چوب کوچك خلال مانند؛ ٢) هرهرخنده.

قیله: خزم، قه‌وم ف خویشاوند.

قیله‌تاو: قیرتاو ف اسفالته.

قیله‌وقاج: قیرقاج ف اُریب.

قیله‌وقانج: قیرقاج ف اریب.

قیم: ١) ڕازی بوون: (قیما من نایه)؛ ٢) به‌س و کیفایه‌ت ف ١) رضایت؛ ٢) بس، کافی.

قیم‌ئانین: ڕازی‌بوون ف راضی بودن.

قیم‌پێ‌ئانین: پێ‌ڕازی‌بوون، پێ قایل بوون ف روا دیدن.

قیمه: گۆشتی ئه‌نجندراو ف گوشت خردشده، قیمه.

قیم‌هاتن: ڕازی‌بوون ف راضی شدن.

قیمه‌ت: نرخ، بایی ف قیمت.

قیمه‌ت‌دار: ١) به‌جه‌وهه‌ر و هونه‌ر؛ ٢) گران ف ١) هنرمند؛ ٢) قیمتی.

قیمه کردن: ئه‌نجنینی گۆشت ف چرخ کردن گوشت.

قیمه کرن: قیمه‌کردن ف چرخ کردن گوشت.

قیمه‌کێش: ساتۆری چه‌ماوی گۆشتوردکردن: (روت وه‌کو ئاگر موژه‌ت وه‌ك شیش و ئه‌برۆت **قیمه‌کێش** /میرۆه‌حه‌ت زلف و که‌بابت جه‌رگی پاره‌ی ناری‌یه) «ناری» ف ساتو ر قیمه‌کش.

قیمیش: ڕه‌وادیتن ف روادیدن.

قین: ١) قن، قنگ؛ ٢) رق، تووڕه‌یی، قه‌ڵسی، رك، قار ف ١) کون؛ ٢) کینه.

قینات: قنیات، سه‌بووری ف شکیبایی.

قیناوی: رکوونی ف کینه‌ور.

قین‌ئه‌ستوور: که‌سێ که‌ دره‌نگ له‌ تووڕه‌یی خاوده‌بێته‌وه ف کسی که خشمش دیر فرونشیند.

قینبنه: گیایه‌کی به‌هاریه‌و ده‌یخۆن ف گیاهی است خوردنی.

قینجك: قونجك ف دنبالچهٔ میوه.

قین جواندن: رك هه‌ڵساندن ف خشم برانگیختن.

قین جوین: رك هه‌ڵسان ف سرکین آمدن.

قینچك: قونجك ف دنبالچهٔ میوه.

قین خواردنه‌وه: رك له‌بیرخۆبردنه‌وه، پیش خواردنه‌وه ف خشم فروخوردن، کین در دل نهفتن.

قین‌دار: به‌قین، دڵ‌بڕ رك ف خشمگین.

قین کێشان: رك هه‌ڵگرتن ف کینه‌توزی، کین به دل گرفتن.

قینگ: قن، قنگ: (زۆر به ته‌عریزو کینایه له بنی سینگت بەم/به‌گ ئه‌فه‌ندی به سه‌راحه‌ت له کونی **قینگت** به‌م) «شێخ‌ره‌زا» ف کون.

قین گرتن: که‌وتنه‌سه‌ررك، پێ‌چه‌قاندن ف پافشاری از سر لَج، لَج کردن.

قین له‌به‌ر: رکوونی، قین له‌دڵ ف کینه‌توز.

قین له‌دڵ: رکوونی ف کینه در دل، کینه‌ور.

قین له‌سك: قین له‌دڵ، رکوونی ف کینه دردل.

قین له‌قنه: کلك هه‌ڵته‌کێنه، دوهه‌ژینك ف دُم جُنبانك.

قین لێ بوون: خۆش نه‌ویستن، رك لێ بوونه‌وه ف دوست نداشتن.

قین لێ هه‌ستان: لێ تووڕه‌بوون ف از کسی به خشم آمدن.

قین لێ هه‌ڵستان: قین لێ هه‌ستان ف از کسی به خشم آمدن.

قین لێ هه‌ڵگرتن: تووڕه‌بوون و چاوه‌نۆڕی هه‌ل بۆ تۆڵه ف کینه از کسی در دل گرفتن.

قین‌ون: قیناوی ف کینه‌ور.
قینه‌به‌ری: ڕکه‌به‌ری ف هم‌چشمی.
قینه‌ون: قین‌ون، قیناوی ف کینه‌ور.
قین‌هه‌ستان: رك‌هه‌ستان ف خشمگین شدن.
قین‌هه‌ستاندن: رك‌هه‌ستاندن ف خشم برانگیختن.
قین‌هه‌ڵسان: رك‌هه‌ڵسان ف بخشم آمدن.
قین‌هه‌ڵستاندن: رك‌هه‌ستاندن ف خشم برانگیختن.
قین‌هه‌ڵگرتن: رك‌له‌دڵاهێشتنه‌وه ف کینه دردل گرفتن.

ک

ك: ١) لەپێش وشەدا بە مانای کە، بۆئەوە: (من واتم کنەچی)؛ لەپاش وشەدا ٢) تاك، تەنیا: (گاك بەمانای تاقەگایەك)؛ ٣) هێمابۆناسیاوێ کە ناتەوێ ناوی بەری: (مێرْك، ژنْك)؛ ٤) ئامرازبُون دەگەیەنێ: (کُبو تك، خێشك)؛ ٥) بۆپچوُك شاندانە: (کنْك، کوڕك)؛ ٦) بەمانای زۆرزۆر: (خە موك، گرینۆك) ف ١) بە عنوان پیشوند بە معنی برای اینکـه؛ بە عنوان پسوند ٢) یکی، یك دانە؛ ٣) اشارە بە مشارٌالیه شناختە شدە؛ ۴) پسوند ابزار؛ ۵) پسوند تصغیر؛ ۶) بە معنی بسیار زیاد.

کا: ١) کوا، لە کوە؟؛ ٢) پاژی پچوُکی لاسکە دەخلّ؛ ٣) پاشگری بەواتا: یەکدا: (لە پڕێکا، لە ڕۆژێکا)؛ ۴) وشەی ڕێزلێ نانی براگەورە: (**کا** حەسەن)؛ ۵) بکات: (خوا روحم کا)؛ ۶) دادەی، ئابزانم: (**کا** وەرە، **کا** ببینم)؛ ٧) بلاّ، با، بهێلّە: (**کا** بچێ بزانم چی دەکا؟) ف ١) کو؟، کجا است؟؛ ٢) کاە؛ ٣) پسوند بە معنی در یکی؛ ۴) اصطلاح احترام بە برادر بزرگتر، داداش؛ ۵) کناد، کند؛ ۶) ببینم، بدانم؛ ٧) باشد، بگذار.

کائین: قاویچ، قاویش ف نشخوار.

کاب: ١) قاپ، میچ، جگ، چوُ؛ ٢) قاپ، گوێزنگ ف ١) شتالنگ، قاب؛ ٢) قوزك پا.

کابا: جگ، میچ، دەق، قاپ، کاب ف قاپ.

کابان: ١) ژنی ئاگاداری ماڵ؛ ٢) ناوە بۆ ژنان ف ١) کدبانو ی خانە؛ ٢) نام زنانە.

کابانەتی: ماڵڕاگرتنی بەچاکی، بناوانی ف خانەداری کردن.

کاباتی: کابانەتی ف خانەداری کردن.

کابانێ: ١) جگێن، میچێن؛ ٢) ئەی کابان ف ١) قاپ‌بازی؛ ٢) ای کدبانو.

کابچك: جومگەی دەست ف مُچ دست.

کابـرا: ١) فلان، کەسێ کە ناوی نابەن: (**کابرا** تۆ کێی)؛ ٢) کەسێ کە نای ناسن: (**کابـرا** یەکـم دیت) ف ١) یارو، فلان؛ ٢) کسی کە ناشناس است.

کابرەش: ١) قاپڕەش، کوێتی داوین تاریك؛ ٢) شوُم جوت قۆشە ف ١) کمیت پا سیاە؛ ٢) نحس.

کابگر: ١) بریتی لە جنێوفرۆش؛ ٢) بریتی لە پاش‌ملەبێژ ف ١) کنایە از دُشنام‌دهندە؛ ٢) کنایە از غیبت‌گوی.

کابۆخ: بەشە چێندراوێ کە لە هاوساکانی تێراوتر و گەش ترە ف بخشی از محصول کە از بقیە پُربارتر باشد.

کابۆك: ١) باڵدارێکە کێوی. *حەمایەت دەبێ*، لە کەو پچوکترەو گۆشتی دەخورێ بە زۆر ڕەنگان هەیە، کۆتر، کەڤۆك؛ ٢) جێگەی سانەوەو خاتێکردنی باڵدار، لانە، هێلانە ف ١) کبوتر؛ ٢) آشیانە.

کابە: ١) خانەی خودا، روگەی ئیسلام؛ ٢) میچ، کاب؛ ٣) کەشکەژنۆ؛ ۴) جومگەی‌دەست و پا؛ ۵) قەسەڵ، کای‌درشتی بەرماو لە ئاخوردا ف ١) کعبـە؛ ٢) قاپ؛ ٣) کاسۀ زانو؛ ۴) مُچ دست و پا؛ ۵) کاە درشت ماندە در آخور.

کابەشاك: بەخت‌و ئیقباڵ ف بخت و اقبال، شانس.

کابـەك: ١) کەشکـەزرانی؛ ٢) جومگـەی دەست‌و پا؛ ٣) قەسـەڵ ف ١) کاسۀ زانو؛ ٢) مُچ دست و پا؛ ٣) کاە درشت ماندە در آخور.

کابهوُر: بریتی لە کورتەبالاّ، کنْك ف کنایە از قد کوتاە، کوتولە.

کابەی: میچێن، کاپێن، کابانێ، قاپێن ف قاپ بازی.

کاپ: قاپ، جگ، میچ، چوُ ف شتالنگ، قاب.

کاپـان: ١) ڕێگـەی تەسـك‌و تەنگەبەر؛ ٢) جگێن؛ ٣) کونی فرەوان لە میچی خانودا؛ ۴) نەغمەی بن‌دیوار کە پیاوی پێدا بچێ ف ١) راهرو تنگ؛ ٢) قاب‌بازی؛ ٣) سوراخ گشاد در سقف خانە؛ ۴) نقب کف اطاق.

کاپاتێ: کابانێ، جگێن ف قاب‌بازی.

کاپچك: جومگەی‌دەست ف مُچ دست.

کاپـك: ١) پەتـك، پەت، پارچەگوریس؛ ٢) جگی چکۆڵە ف ١) رسن پارە، ریسمان کوتاە؛ ٢) قاب کوچك.

کاپۆ: ١) خانوی باڵدار، هێلانە، هێلین، لانە؛ ٢) بێڤل ف ١) آشیانه؛ ٢) بینی.

کاپـۆخ: ١) پوش و گیای گێرەکراو، گیای نەنجناو؛ ٢) کەسێ گیا ورد دەکا ف ١) گیاه کوبیده؛ ٢) کسی که علوفه می‌کوبد.

کاپۆر: توتنی زۆر خراپ، رەشکەتوتن ف توتون بد سیاهرنگ.

کاپۆك: ١) کابۆك؛ ٢) پێوەندی ئەسپ لەزنجیر ف ١) نگا: کابۆك؛ ٢) پابند زنجیری است.

کاپـۆل: ١) قاپێلك؛ ٢) قاپێلکەسەر، ٣) گیای وردکراو، گزرە؛ ٤) قەسەڵ؛ ٥) کای‌رەگەڵ حەڕی بۆ بان‌سواخ‌دان ف ١) پوستهٔ توخالی؛ ٢) جمجمه؛ ٣) علوفهٔ کوبیده؛ ٤) کاه درشت مانده درآخور؛ ٥) کاهگل.

کاپۆڵ: ١) قاپێلکەسەر؛ ٢) بێڤل، پت ف ١) جمجمه؛ ٢) بینی.

کاپۆڵك: کاپۆڵ ف نگا: کاپۆڵ.

کاپۆلە: کاپۆلە ف پیمانهٔ کوچك آسیابان.

کاپۆلە: قەپۆلە، قەپۆیلە ف پیمانهٔ کوچك آسیابان.

کاپەك: کەپەك، سقی، کرپك ف کفك.

کاپێچ: نەخـۆشیەکی ڕەشەوڵاخە لە کای زۆرخواردنەوە توشی دێت ف نوعی بیماری دام.

کات: ١) دەم، سات، تاو؛ ٢) خێرۆك؛ ٣) زەمین، قاد: (شۆرەکات)؛ ٤) کەللەسەر؛ ٥) پشت‌مل ف ١) وقت؛ ٢) نگا: خێرۆك؛ ٣) زمین؛ ٤) کلّه، جمجمه؛ ٥) پس گردن.

کاتـا: ١) لەکوێ؟؛ ٢) لەکـام‌لا؟؛ ٣) جۆرێ کولێرە کە لەبن ژیلەمۆدا دەبرژێ ف ١) کجا؟؛ ٢) کدام طرف؟؛ ٣) نوعی گرده نان.

کاتات: ١) قەحف، کەللەسەر؛ ٢) پشت‌مل ف ١) کلّه، جمجمه؛ ٢) پس گردن.

کاتار: پۆپەی کەڵەشێر ف تاج خروس.

کاتب: ١) حیسـابگـەر؛ ٢) نوسـەر؛ ٣) سەرژمێر ف ١) حسابدار؛ ٢) نویسنده؛ ٣) سرشُمار.

کاتبەش: کارپێ‌سپێراوی سەرژمێری ف مسؤول سرشماری.

کات‌ژمێر: دەم‌ژمێر، سەحات ف ساعت.

کاتك: کەللەسەر، قەحف، کات ف جمجمه، کلّه.

کاتـۆر: ١) لەوەڕگای لەوەڕ لێ نەمـاو: (تـەواو **کاتۆر** بوە)؛ ٢) پۆپەی کەڵەشێر، کاتار ف ١) چراگاه لخت‌شده؛ ٢) تاج خروس.

کاتـە: ١) لکی تازە پاش سەرچن کردن، وەچ: (**کـاتـەی** توتن)؛ ٢) خێرۆك؛ ٣) برێتی لە گورگ؛ ٤) پێشە، ئێسقان، هەستی ف ١) جوانهٔ نو بعد از اخته کردن گیاه؛ ٢) نگا: خێرۆك؛ ٣) کنایه از گرگ؛ ٤) استخوان.

کاج: ١) دارێکی گەڵادەرزی جەنگەڵە؛ ٢) زۆرك ف ١) درخت کاج؛ ٢) تپهٔ ماسه‌ای.

کاجین: کامە؟، کێهە؟ ف کدامین؟.

کاجینە: زۆرکان، دەشتێ کە تەپۆڵکە تەپۆڵکەی پچوکی تێدا ف دشت ماهوری.

کاچ: ١) ئامـرازی سەرقـوڵی دەسـك داری پچوك بۆ شێو پێ‌خواردن، کەچی، کەفچی، کەوچك؛ ٢) قاچ، لنگ؛ ٣) شتی بێ‌نرخی ناومال؛ ٤) خزگەمـاسی ف ١) قاشق؛ ٢) پا؛ ٣) خرت و پرت بی‌ارزش؛ ٤) پناهگاه ماهی در زمستان.

کاچاخ: بەچکەگامێشی دوبەهار دیتو، قاچاخ ف گوسالهٔ دوساله.

کاچانی: دەفرو ئامان، قاپ‌و قاچاخ ف ظروف آشپزخانه.

کاچك: کاچ، ئامرازی شێو پێ‌خواردن ف قاشق.

کاچوکولۆز: خرت و پرتی بێ‌قیمەت ف خرت و پرت بی‌ارزش.

کاچوکولۆسك: کاچوکولۆز ف خرت و پرت بی‌ارزش.

کاخ: ١) قەسـر، کۆشـك؛ ٢) بژار؛ ٣) لۆدەکـای دەشت کە بۆ زستـان گڵەبان دەکرێ ف ١) کاخ؛ ٢) وجین؛ ٣) کاهی که برای زمستان در دشت نگهداری می‌شود.

کاخلی: قاخلی ف کاجیره.

کاخیل: ١) سەوزەی چیمەن؛ ٢) پوشی دەشت کە لەگیشە دەدرێ ف ١) سبزهٔ چمن؛ ٢) خس و خاشاك دشت و صحرا که جمع شده باشند.

کاد: ١) قاد، عەرد، زەمین، زەوی؛ ٢) مەیدان: (**کـادا** شەڕی) ف ١) زمین؛ ٢) میدان.

کادان: ١) عەماری کاتێکردن؛ ٢) ناوی دێ‌یەکە؛ ٣) فەرەنجی ف ١) کاهدان؛ ٢) نام دهی است؛ ٣) پالتو نمدی.

کادانە: رەسەنەئەسپێکە دەڵێن لەروسیاوە هاتگە ف نژادی از اسب است که گویا از روسیه آمده.

کادر: شەنەی ئاسن ف افشون آهنی.

کادز: سپیایی ناوەنـدی عاسمـان لەشـەودا، کاکێشـانی عاسمـان ف کهکشان، مجره.

کادك: بابۆڵە، تیکەی درێژ ف ساندویچ.

کادو: دوکەڵ، دوکێل، دو ف دود.

کادە: کولیچە ف کلوچه.

کادی: کادو، دوکەڵ ف دود.

کادین: کادان، عەماری کاتێکردن ف کاهدان.

کادێن: کادان، عەماری کا ف کاهدان.

کادێن‌مێشی: شوێنی خلێفـەمێشـان، جێگـەیەك کە پلورەهـەنگی لێ داندراون ف کندوی زنبور عسل.

کادینەمێش: خەلێف، پلورە ف زنبور عسل.

کار: ١) شوڵ، خەبـات؛ ٢) توانـا، تاقەت: (ئەز کارم تە نکاری)؛ ٣) بالـوکـە؛ ٤) بەچکەبزنی چکۆلەی تازەزاو؛ ٥) میوەی نەگەیشتو؛ ٦) نەکـولاو، خاو؛ ٧) کەسێ خـەریکی خەبـاتە: (**کرێکار**)؛ ٨) چاندن: (**دێمـەکـار، تەڕەکـاری**)؛ ٩) دەسکـرد: (**کـاری** ئەستەمولە)؛ ١٠) قازانجی سەودا؛ ١١) بەچکـەی ئاسك: (**کارمامز**)؛ ١٢) روداو؛ ١٣) رچە، کۆرەڕێ؛ ١٤) خوێڵێن، کانی‌خوێ ف ١) کار؛ ٢) توان، تاب؛ ٣) زگیل؛ ٤) کهره، بزغالهٔ نورسیده؛ ٥) کال، میوهٔ نارس؛ ٦) ناپخته؛ ٧) کنندهٔ کار؛ ٨) کشت؛ ٩) ساخته؛ ١٠) سودبازرگانی؛ ١١) بچهٔ آهو؛ ١٢) حادثه؛ ١٣) کوره‌راه؛ ١٤) چشمهٔ آب شور.

كارا: ١) زۆر شوڵكەر؛ ٢) كوچك، بەرد ف ١) كاری، فعّال؛ ٢) سنگ.

كاراد: كەوەر، كەوەرگ، لەسەوزیجات ف تره.

كاراژ: شوێنی راگردنی ترۆمبیل لە خانوُدا ف گاراژ.

كاراس: كاروش، گیایەكە ف گیاهی است.

كاراك: زەمینێ كە ئەسبابی پێویستیژیانی تێدایەو دەیدەنەوە، كان ف معدن.

كارامە: كارزان، چێ، راهاتوُ لە كار ف كارامد.

كارامەد: كارامە ف كارامد.

كارامەیی: زانایی لە كار، تەڕدەستی ف مَهارت.

كاران: چەندكار ف كارها.

كاڕان: دەنگی بەقەوی مەڕو بەرخ ف صدای بلند بره و میش.

كارانە: ١) مزی حەقدەست؛ ٢) شەرتەشوانی بەخێوكەری بەچكەبزن ف ١) مُزد؛ ٢) مُزد چوپان برای مراقبت از بُزغالەها.

كاربان: كاروان، قافلە ف كاروان.

كاربـــڕ: ١) حاكم، میر، كەیخـودا؛ ٢) بنیادەمی زۆر ئازا لە كار ف ١) حاكم؛ ٢) كارگر خوب، كاربر.

كاربرا: هاوبەشی لە كاردا، هاوكاری ف همكاری.

كاربوُران: ئاوردو، ئاردو، سوتەمەنی ف سوخت.

كاربەدەس: دەسەڵاتدار ف مصدر كار، در رأس كار.

كاربەدەست: كاربەدەس ف نگا: كار بەدەس.

كاربەردان: وازلەكارهێنان ف دست از كار كشیدن.

كاربەند: ١) پیشە، سنعات؛ ٢) دۆز، مەبەستو مەرام ف ١) پیشە، شغل؛ ٢) مقصود و مرام.

كاربین: پسپۆڕ، زانالەكار ف كاردان.

كاربینی: كارزانی، پسپۆڕی ف كاردانی.

كارپـوُچ: ١) خشتی سوُر؛ ٢) كەسێ كە كاری بێبەهـرە دەكا ف ١) آجر؛ ٢) بیهودەكار.

كارپیچ: كارپوُچ ف نگا: كارپوُچ.

كارپێچ: زۆر خەریكی كار ف بسیار سرگرم كار.

كارپێسپاردن: قەوینتی كردن بۆ كارێك ف سفارش كاری بە كسی.

كارت: ١) كاتە، كات، خێرۆك؛ ٢) چارەك، بەشێك لەچوارپاژ؛ ٣) پەتە، پسوُلە ف ١) نگا: كاتە، كات، خێرۆك؛ ٢) رُبع، یك چهارم؛ ٣) كارت.

كارتش: چاندن، تۆموەشاندن ف بذرافشانی.

كارتك: مرّمەند، بڕبەند ف سوهان.

كارتموك: چاوەگا ف گیاهی است.

كارتموڵ: گیایەكە گوڵێكی درشتی زەرد دەكا، بابوُنەی چاوەگا ف بابونە گاوچشم.

كارتوڵ: پەتاتە، سێفەزەمینە، سێفەزەمینی ف سیب‌زمینی.

كارتە: كاتە ف نگا: كاتە.

كارتەن: كارتش، تۆموەشاندن ف بذرافشانی.

كارتی: بڕبەندی پچوُكو نەرم ف سوهان كوچك و نازك.

كارتیخ: كارتی ف نگا: كارتی.

كارتیك: ١) كارتی؛ ٢) سەروەسیەت ف ١) نگا: كارتی؛ ٢) قیّم.

كارتێكردن: تاسیرلێكردن ف تأثیر كردن در چیزی.

كارتێكەر: تاسیر بەخش ف مؤثر.

كارتێ كەوتن: كار بەكەسێ بوُن ف باكسی كار داشتن.

كارتیمۆك: كارتموك ف بابونۀ گاوچشم.

كارتیموڵ: كارتیموڵ ف بابونۀ گاوچشم.

كارتێنك: جاڵجاڵوُكە، جوڵاتەنە، كاكڵەموُشان ف عنكبوت، تارتنك.

كارتێنە: ١) كارتێنك؛ ٢) پەتاتە، سێفەزەمینە ف ١) عنكبوت؛ ٢) سیب‌زمینی.

كارجف: دامودەزگای هاوبەشی لە بازرگانیدا ف شركت سهامی.

كارچك: هەرمێ، هەمرۆ ف گُلابی.

كارچو: چەقۆ ف چاقو، كارد.

كارچین: جۆرێ هەرمێ كە بەكاڵی لێدەكرێتەوە ف نوعی گلابی.

كارخانە: ١) جێگەی كاری پیشەسازان؛ ٢) برێتی لە جندەخانە ف ١) كارخانە؛ ٢) كنایە از فاحشەخانە.

كارخانەچی: برێتی لە دەویت ف كنایە از جاكش.

كارخستن: خستنەخەبات ف بە كار انداختن.

كارخونە: جێگەی پیشەسازی ف كارخانە.

كارخەزال: كارمامز، بەچكەئاسك، ئاسكۆڵە ف آهو بچّە.

كارد: چەقۆ، تیخی بەدەسكی پچوُك ف كارد.

كاردا: ئەوكاری كراوە، بەهرەی كار ف كاركرد.

كاردانك: زێدان، پزدان، مناڵدان ف رحم.

كاردانەوە: بەهرەوەرگرتن، لە كار ف حاصل كار.

كاردروس: كارامە ف كاردان، كارامد.

كاردروست: كاردروس، كارامە ف كاردان.

كاردش: ١) سازدان؛ ٢) كردن، كرن ف ١) مُهیّا كردن؛ ٢) انجام دادن.

كاردك: مرّمەندی بچوُك، بڕبەندی گچكە ف سوهانك.

كاردوُ: ١) گیایەكی، گەڵاپانە لەناو سماقاوا زەردی دەكەنو بە چێشتی لێدەنێن؛ ٢) تۆمی گیایەكە لە گەنم دەكاو رەنگی رەشە ف ١) گیاهی است؛ ٢) بذر گیاهی است شبیه گندم.

كاردو پـەنیر: برێتی لە دوژمنایەتی دایمیو بێبڕانەوە نێوانی دو دژ ف كنایە از دشمنی دائمی.

كاردۆخ: ١) ناوێكـــی كۆنـــی كوردە؛ ٢) چیایەكـی بەرزە ف ١) نام باستانی كرد؛ ٢) نام كوهی است.

كاردۆخی: هۆزێكە لەكوردستانێدا دەژین ف نام طایفەای از كُردها.

كاردۆژە: ١) داركـوڵـین بە تیخ؛ ٢) برێتی لە چڵێسو زۆرخـــۆر؛ ٣) كەمكۆڵ، گوێزی تەڕ ف ١) كندەكاری چوب؛ ٢) كنایە از پرخور؛ ٣) گردوی نارسیده.

كاردۆغـە: وشـەیەكـە بۆ پوُچ‌بوُنـەوەی شوُمی دەڵێن: (قـەڵ قڕاندی كاردۆغە) ف اصطلاحی است برای باطل كردن نحوست گفته می‌شود.

كاردۆك: ناوێكی كۆنی كوردە ف نام باستانی كرد.

کاردوەڕەشە: جۆرێ گیای کاردوُ ف نوعی «کاردوُ».

کاردوەکورانە: کاردوُی بەنێرتك ف نوعی «کاردوُ».

کاردوەمارانە: جۆرێ کاردوُی خراپ ف نوعی «کاردوُ»ی نامرغوب.

کاردەپەلە: ١) پەڕەسێلکە؛ ٢) نەخۆشی زیپکەدەرکردن بە سەرما ف ١) چلچله؛ ٢) نوعی بیماری جوش زدن پوست از سرما.

کاردەستی: سنعاتێ بە دەس کرابێ، دەسکار ف کاردستی.

کاردی: کاردوُ ف نگا: کاردوُ.

کاردیتو: راهاتوُ لە کار ف باتجر به در کار.

کاردیتی: کاردیتو ف باتجر به در کار.

کاردیدە: کاردیتو ف باتجر به در کار.

کاردی کەردش: ١) چەقۆسازدان؛ ٢) وەستای چەقۆیان ف ١) چاقو ساختن؛ ٢) استادکار چاقوساز.

کاردیە: کاردیتو ف باتجر به در کار.

کارڕاست: ١) کار دروست؛ ٢) کار پێك‌هاتوُ: (یاخوا **کارت راست‌بێ**) ف ١) دُرُستکار؛ ٢) کار بر مرام.

کارزان: فامیدە لە کار ف کاردان.

کارزۆر: ١) بێگار؛ ٢) کەسێ شوُلێ وی گەلەکە ف ١) کار اجباری؛ ٢) پرکار.

کارزۆرەکی: بێگار ف کار اجباری.

کارژ: توێژەمار ف پوسته‌ای که مار می‌اندازد.

کارژۆلە: بەچکەبزنی ...اوا ف کهره، بزغاله.

کارژەلە: کارژۆلە ف بزغاله.

کارژیلە: کارژۆلە ف بزغاله.

کارس: ١) زوڕات، هەرزنەگەورە؛ ٢) هەرزن ف ١) گاورس، دُرّت؛ ٢) ارزن.

کارســاز: ١) کەسێ کار بۆ کەسێ پێك دێنێ؛ ٢) ناوە بۆ خوا ف ١) چاره‌ساز؛ ٢) نامی برای خدا.

کارسازی: ١) پێك‌هێنانی کار؛ ٢) خۆ ئامادەکردن ف ١) فراهم کردن؛ ٢) خود را مهیّا ساختن.

کارڤانکوژ: ئەستێرەکە، کاروان‌کوژە ف ستارهٔ سحری.

کارك: ١) پێتـاوی چەرمی خاو؛ ٢) کارژۆلە؛ ٣) جێگەی دانەوێلە کە لە قوڕی دەکـەن، کەنـدوُ؛ ٤) نەگەیشتو، کار؛ ٥) باریکەڕێ بۆ چوُنەناو باغچەی پەرژین‌کریاو ف ١) چارق؛ ٢) بزغاله؛ ٣) کندوی غلّه، انبار گلی غلّه؛ ٤) کال؛ ٥) راه باریك برای عبور در باغچه.

کارك: قارچ ف قارچ.

کارکـردن: ١) خەبتین؛ ٢) بەهـرەدانی دەرمان؛ ٣) ڕەوانی زگ ف ١) کارکردن؛ ٢) اثر بخشیدن دارو؛ ٣) اسهال.

کارکردە: ١) کاردیدە؛ ٢) شتێ دەکارکراو ف ١) کارازموده؛ ٢) مستعمل.

کارکرن: ١) خۆسازو تەیار کردن؛ ٢) قازانج لە سەودا کردن ف ١) مُهیّا شدن؛ ٢) نفع بردن در معامله.

کارکری: ١) سازو ئامادە؛ ٢) قازانج کردو ف ١) مُهیّا و اماده؛ ٢) سود برده در معامله.

کارکو: ١) کارێ بەهرەدەر؛ ٢) کارا ف ١) مؤثر، اثر بخش؛ ٢) کارا، فعّال.

کارکەتن: کارتێ‌کەوتن، کارپێ‌بوُن ف کار آدم به دست کسی افتادن.

کارکوشتە: کارامە ف کارامد.

کارکون: دەرمانی ڕەوانی زگ ف داروی مسهل.

کارکەر: خەباتچی، شوُلکەر ف کارگر.

کارکەنار: هەڵپەسیراو لە کار، لەکار لادراو ف از کار برکنار شده.

کارکەناری: موُچەی‌هەڵپەسیراوی‌لەکار ف حقوق بازنشستگی.

کارکەو: راوەکەوی بەکۆمەڵ لەبەفردا ف شکار گروهی کبك.

کارگ: ١) قارچ؛ ٢) مریشك، مامر، کەڕگی ف ١) قارچ؛ ٢) مُرغ.

کارگا: جێگەی پیشەسازی ف کارگاه.

کارگوزار: سوُرباش ف کارگزار.

کارگە: کارگا ف کارگاه.

کارگە: مریشك، مامر ف مُرغ.

کارگەچی: پاڵەی کارخانە ف کارگر کارخانه.

کارگەر: کارکەر، پاڵە، خەباتکار ف کارگر.

کارگەگولانە: کارگی ژەهراوی کە ناخورێ ف قارچ سمّی.

کارگەگولە: کارگەگولانە ف قارچ سمّی.

کارگی: مریشك، مامر ف مُرغ.

کارگێڕ: کەسێ بەسەر کاروباری شوێنێ ڕادەگا، مدیر ف مدیر.

کارلەکارترازان: برێتی لە رودوایێك کە پاشگەزبوُنەوەی تیا نەبێ ف کار از کار گذشتن.

کارم: ١) کاری من، شوُلی من؛ ٢) دەتوانم: (ئەز **کارم** ڤێ شوُلێ بکەم)؛ ٣) کرم ف ١) کارمن: ٢) می‌توانم؛ ٣) کِرم.

کارماخ: سەرەند ف سرند، غربال درشت.

کارمامز: بەچکەتاسك ف بچه آهو.

کارمدەکەوتش: ١) کرمی تێ‌کەوتوە؛ ٢) برێتی لە تەمەڵی و بێکاری ف ١) کرموشده؛ ٢) کنایه از تنبلی و بیکارگی.

کارمژن: کرمێ، کرم‌تێ‌کەوتوُ ف کرمو.

کارمسەرا: جێگەی پشودانی قافڵە، کاروانسەرا ف کاروانسرا.

کارمسەرادار: خانچی ف کاروانسرادار.

کارن: ١) کاری ئێمە؛ ٢) دەتوانن ف ١) کار ما؛ ٢) می‌توانند.

کارناس: زانا لە کار، کارزان ف کارشناس.

کارنامە: پسوُلەی سیایی کارێ کە کراوە ف کارنامه.

کارنیار: داخوازی کار ف خواهان.

کاروا: جیوەی داریکە زەردو سوُك‌و زۆر بەقیمەت ف کهربا.

کاروان: قافڵە ف کاروان.

کاروانشی: پیازاوی هێلکەتێکراو ف اشکنه.

کاروانچی: کەسێ کە دەگەڵ قافڵەیە ف کاروانی.

کاروانسەرا: کارمسەرا ف کاروانسرا.

کاروانقڕان: ئەستێرەکە، ئەستێرەی ڕۆژێ ف ستارهٔ سحری.

کاروانکوژ: ۱) کاروانقڕان؛ ۲) هەوێردە، مەلێکە ف ۱) ستارە سحری؛ ۲) پرندەای است.

کاروانکوژە: کاروانقڕان ف ستارۀ سحری.

کاروانڤان: سەرقافلە، سەرۆکی کاروان ف ساربان.

کاروانە: ۱) باڵدارێکە بەقەد مریشکێك دەندوُکی درێژە؛ ۲) هاتوچوّ لە یەك جێگەدا؛ ۳) ژەنینی گان کردن؛ ۴) هەوایەکی گۆرانی یە ف ۱) پرندۀ کاروانك؛ ۲) آمدوشد در یك جای معیّن؛ ۳) کفل جنباندن هنگام جماع؛ ۴) آهنگی است.

کاروانەپێ کردن: ژەنین لە کاتی گان کردندا ف کلەزدن در جماع.

کاروانی: مرۆی ناو قافلە ف کاروانی.

کارۆبا: کاروا ف کهربا.

کاروبار: کار لە هەمو جۆرێك ف کاروبار.

کاروخا: ئامرازێکە لە دەزگای جۆلایی دا ف از ابزار بافندگی.

کاروس: گیایەکی بۆن خۆشە ڕەگەڵ پەنیر دەخرێ ف گیاهی است که با پنیر آمیخته می‌شود.

کاروُس: وتاری ئایینی، ئامۆژگاری دینی ف موعظه.

کارۆش: ۱) گیایەکە لە گیای هەرزن دەکا؛ ۲) پەلکی شینی پیازو سیر بێ سەلك ف ۱) گیاهی است شبیه ارزن؛ ۲) ساقۀ سبز پیاز و سیر.

کارۆك: ۱) کارگ، قارچ، قارچـك؛ ۲) پۆلا، ئاسـنی بی‌خەوش ف ۱) قارچ؛ ۲) پولاد.

کاروو: کاروان، قافلە، کارڤان ف کاروان.

کارە: ۱) کارت، کارتـە، خێرۆك؛ ۲) کاراك؛ ۳) کاربـەدەسـت: (هیچ کارەیە)؛ ۴) گـوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) نگـا: خێرۆك؛ ۲) معـدن؛ ۳) کارە، کار بە دست؛ ۴) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کارە: دەنگی بەرزی پەزو بەرخ ف صدای میش و بره، بع.

کارەب: کارە با، جیوەی دارێکە دەکرێتە تەسبیحو... ف کهرُبا.

کارەبا: ۱) کاروا، کاروبا؛ ۲) بەرق، بروسکە ف ۱) کهربا؛ ۲) نیروی برق.

کارەبایی: ۱) زەردی ئاچخ و ڕۆشن، بەڕەنگی کارەبا؛ ۲) ئەسپابی بەرقی ف ۱) کهربایی رنگ؛ ۲) ابزار برقی.

کارەڕەهات: شەڕو جوێنی زۆر ف کنایه از دعوا و دشنام زیاد.

کارەسات: قەومان، بەسەرهاتی ناخۆش ف رویداد ناگوار.

کارەك: گندۆرە، کاڵەك ف خربزه.

کارەکەر: قەرەواش، قەرواش، جێری ف کلفتِ خانه.

کارەکـەرە: کەسێ کە ئاتـاجی ماڵ پێك دێنێ و بۆی مانـدو دەبێ: (کـارەکـەرەم بمرێ مشوُر خۆرەم نەمرێ) ف کسی که برای خانه زحمت می‌کشد.

کارەگا: کارگا ف کارگاه.

کارەمو: تەنراو لە موی بزن ف تافته از موی بُز.

کارەنگ: زەردی ڕۆشن، بەڕەنگی کا ف زردِ کاهی.

کارەوا: کارەبا ف نگا: کارەبا.

کارەوان: شوانی کارژیلان ف بزغاله‌چران.

کاری: ۱) بەکـار، ئازا لە کار؛ ۲) کاردۆ؛ ۳) ئالاّت و زەردەچـێوە؛ ۴) چاندراو: (تەڕەکاری)؛ ۵) گیایەکە لەدەم ئاو دەڕوێ وشیرەکەی ژەهرە ف ۱) فعّال، کاری؛ ۲) نگا: کاردۆ؛ ۳) دیگ‌افزار؛ ۴) کاشته، کشت؛ ۵) گیاهی است سمّی.

کاریتان: ۱) پلورەمێش؛ ۲) عەمارەی دەخڵ؛ ۳) گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف ۱) کنـدوی عسل؛ ۲) انبار حبوبات؛ ۳) از روستاهای ویران‌شدۀ کردستان توسط بعثیان.

کاریتە: شاتیر، دیرەك ف بالار.

کاریتەپشت: مۆغەرەی پشت، مرۆخەی پشت ف ستون فقرات.

کاریج: ۱) شەنە، شەن؛ ۲) ناوچەیەکە لەکوردستان ف ۱) افشون؛ ۲) ناحیه‌ای در کردستان.

کاری‌خێر: ۱) شوُلی باش و خواپەسند؛ ۲) برێتی لە گانی حەلاڵ و ڕەوا؛ ۳) برێتی لە زەماوەن ف ۱) کارخیر؛ ۲) کنایه از جماع زن و شوی؛ ۳) کنایه از عروسی.

کارێز: ۱) ئاوێ کە لە بن زەویەوە دەرهێنراوەو داپۆشراوە؛ ۲) ناوچەیەکە لە کوردستـان؛ ۳) گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) کهریز، قنات؛ ۲) ناحیه‌ای در کردستان؛ ۳) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کارێزکەن: کەسێ کە کاری کارێزلێدان دەکا ف مُقَنّی.

کارێز لێدان: کارێز ئیجاد کردن ف کهریز زدن.

کارێزاو: ۱) ئاوێ کە لە کارێزەوە دێت؛ ۲) برێتی لە ئاوی فێنك و سوُك ف ۱) آب کهریز؛ ۲) کنایه از آب خنك و گوارا.

کارێزە: ۱) کـارێز؛ ۲) گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) کهریز؛ ۲) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کارێژ: ۱) قولی سەربـانی کادان کە لەوێوە کا دەڕێژنە ناو کادانەوە؛ ۲) کاڕاژ؛ ۳) جەمسـەری شەویلاکە؛ ۴) شەنە، شەن ف ۱) سوراخ بام کاهدان برای ریختن کاه؛ ۲) گاراژ؛ ۳) مفصل ارواره ها؛ ۴) افشون.

کاریس: کاروش، کاروس ف گیاهی است.

کاریگەر: کاری، بەتاسیر ف کاری، اثر بخش.

کاریلە: کارژۆڵە ف کهر، بزغاله.

کارین: توانین، تاقەت هێنان ف توانستن، تاب آوردن.

کارینای: دەکارکریاگ، کۆن‌بوُگ ف کارکرده، مُستعمل.

کارێ‌هەبێ: عەمباری دەغڵ ف سیلو.

کارێ‌هەنگان: پلوُرەی هەنگ ف کندو.

کاز: قۆختە ف کوخ، خانۀ محقّر.

کازتین: هەراو هاوار ف داد و فریاد.

کازکـاز: ۱) ناڵانـدن؛ ۲) دەردی‌دڵ کردن؛ ۳) لوُرە ف ۱) نالیدن؛ ۲) درددل کردن؛ ۳) زوزه.

کازکازە: هەوای گۆرانی و قام و لاوکی زۆرخۆش ف ترانۀ شاد.

کازوکوُز: بوُلێڵەی بەیان، کازیوە: (**کازوکوُزی بەیانی**) ف سپیده‌دم، فجر کاذب.

كازه: بازی‌و شۆخی ف سرگرمی و شوخی.
كازین: كازتین، هه‌راو هاوار ف داد و فریاد.
كازیوه: بۆلێڵه‌ی به‌یان ف فجر كاذب.
كازێوه: كازیوه ف فجر كاذب.
كاژ: ۱) تویژه‌مـار؛ ۲) توێ شیر و ماست؛ ۳) تێكوڵی پێست؛ ۴) داری كاج؛ ۵) قرقره‌ی ده‌زوو؛ ۶) چاوخێل؛ ۷) تیشه‌شاخ ف ۱) پوسته‌ای كه مار می‌اندازد؛ ۲) سرشیر، چربی روی ماست؛ ۳) قشر نازك پوست؛ ۴) درخت كاج؛ ۵) قرقره؛ ۶) دوبین، لوچ؛ ۷) كوه سنگی.
كاژاو: ۱) دارستانی كاج؛ ۲) ناوچه‌یه‌كه له كوردستان؛ ۳) چیایه‌كه له كوردستان؛ ۴) توێژی سوور له‌سه‌ر ئاو، زه‌لم؛ ۵) جۆرێ ترێ، نه‌وعێ هه‌نگور؛ ۶) گوندێكه له كوردستان به‌عسی وێرانی كرد ف ۱) بیشهٔ كاج؛ ۲) ناحیه‌ای در كردستان؛ ۳) كوهی در كردستان؛ ۴) لایهٔ قرمز بر آب؛ ۵) نوعی انگور؛ ۶) از روستاهای ویران‌شدهٔ كردستان توسط بعثیان.
كاژاوی: ۱) كـاژاو، دارستـانی كاژ؛ ۲) جۆرێ ترێ‌ڕه‌شكـه ف ۱) كاجستان؛ ۲) نوعی انگور سیاه.
كاژه: ۱) بنـه‌ی كاروان له ده‌شت؛ ۲) ره‌بـه‌ت، بۆسـه‌ی ڕواچی؛ ۳) ئێسكه‌سه‌ر ف ۱) جای اتراق كاروان؛ ۲) كمین شكارچی؛ ۳) جمجمه.
كاژه‌ڕه: ئێسكی سه‌ر، قه‌حف، قاف ف جمجمه.
كاژه‌لاك: قه‌حف ف جمجمه.
كاژه‌له: قه‌حف، كاژه‌لاك ف جمجمه.
كاژه‌نگ: بژار ف وجین.
كاژی: په‌رده‌ی نازكی ناو ده‌روون ف غشاء.
كاژێر: ۱) شه‌ویلاكـه، شه‌ویلكـه، شه‌ویله؛ ۲) سوچ‌و قوژبنی ئۆده؛ ۳) تاقـه له دیواردا؛ ۴) برێتی له ڕه‌حـه‌ت‌بوونی له گانـدا؛ ۵) ئۆده‌ی خه‌لوه‌ت له ته‌كیه‌دا ف ۱) آرواره؛ ۲) گوشه و زاویهٔ اتاق؛ ۳) تاقچه؛ ۴) كنایه از ارضاشده در جماع؛ ۵) زاویهٔ تكایا.
كاژێری: ره‌حه‌ت‌بوون، ئاوهاتنه‌وه ف ارضاشدن، انزال منی.
كاژیله: كارژۆڵه ف بزغاله.
كاژێله: كاخلی، قاخلی ف كاجیره.
كاس: ۱) سه‌رتـاساو، گێژ، وڕ؛ ۲) هیچ نه‌بیس، كه‌ڕ؛ ۳) هه‌رشتی قوڵ‌و ڕۆچووگ؛ ۴) زه‌رك، تاس، قاپ، جام؛ ۵) بناری كێو؛ ۶) هه‌ورازف ۱) گیج و منگ؛ ۲) ناشنوا؛ ۳) مقعر، گود؛ ۴) كاسه؛ ۵) دامنهٔ كوه؛ ۶) ارتفاعات.
كاسالاشینكه: قژاكه ف پرندهٔ سبزقبا.
كاسب: كه‌سێ له ڕێگه‌ی كڕین‌و فرۆشتنه‌وه ده‌ژی‌و به بازرگان دانانرێ ف كاسب.
كاسبكار: كاسب ف كاسب.
كاسبوون: تاسان ف گیج شدن.
كاسبی: كاری كاسب ف كسابت.
كاسبین: كاسبوون ف گیج شدن.

كاستین: ۱) لووراندن؛ ۲) قروسكاندنی سه‌گ ف ۱) زوزه؛ ۲) نالیدن سگ.
كاسك: سه‌وز ف سبزرنگ.
كاسـك: ۱) تاسی چكۆله، زه‌رك؛ ۲) كووپی باكێشی حه‌جامات ف ۱) كاسهٔ كوچك؛ ۲) بادكش حجامت.
كاسمه: نانێ كه هه‌ویره‌كه‌ی به ڕۆنه‌وه شێلدرابێ ف نوعی نان روغنی.
كاسنی: گیایه‌كه، چه‌قچه‌قه ف كاسنی.
كاسـۆ: ۱) قاشـۆ، داری سه‌رخـواری گۆ بازی؛ ۲) ژارو فه‌قیر ف ۱) چوگان گوی‌بازی؛ ۲) بینوا.
كاسۆتی: به‌تاسه، ئاره‌زوومه‌ن، ئاوات خواز ف آرزومند.
كاسـۆخ: داسی درێژ كه به دوده‌س ده‌كـار ده‌كرێ، مه‌ڵه‌غان ف داس بلندی كه دو دستی بشود با آن كار كرد.
كاسول: ۱) شه‌كه‌ت، مانگ؛ ۲) ته‌مه‌ڵی ده‌ست‌و پێ‌سپی ف ۱) خسته و كوفته؛ ۲) تنبل.
كاسۆی: كاسبی ف كسابت.
كاسه: قاپ، بادی، بادیه، گلێنه ف كاسه.
كاســه‌ئـارد: مزراق به‌ســه‌ر مزراقـا كوتـان له زاراوی منـالاندا ف اصطلاحی در گردنا بازی كودكان.
كاسه‌ئاوسا: شێو بۆ جیران بردن ف غذایی كه به همسایه بخشند.
كاسه‌ئاوسێ: كاسه‌ئاوسا ف نگاه: كاسه ئاوسا.
كاسه‌ئه‌ژنۆ: پێشه‌ی زرانی ف كاسهٔ زانو.
كاسه‌پشت: كیسه‌ڵ، كیسۆ ف لاك‌پشت.
كاسه‌جه‌ژن: چێشتی تایبه‌تی بۆ ڕۆژ جه‌ژن ف غذای مخصوص عید.
كاسه‌جه‌ژنان: كاسه‌جه‌ژن: (**كاسه‌جه‌ژنا**نمان له ماڵدا نه‌بوو) ف غذای مخصوص عید.
كاسه‌جێژنه: كاسه‌جه‌ژن ف غذای مخصوص عید.
كاسه‌چه‌ش: قاپێلكی چاو ف كاسهٔ چشم.
كاسه‌چێژنان: كاسه‌جێژنان ف غذای مخصوص عید.
كاسه‌زرانی: كاسه‌ئه‌ژنۆ ف كاسهٔ زانو.
كاسه‌سفره: خۆراكێ كه بۆ ئاوسای تازه‌هاتگ ده‌نێردرێ ف خوراكی كه برای همسایهٔ نو رسیده می‌فرستند.
كاسه‌سه‌ر: قاپێلكه‌سه‌ر، كاژه‌له ف جمجمه.
كاسه‌سم: پشتی سمی چاره‌وێ ف كاسهٔ سم ستور.
كاسه‌شۆر: گیایه‌كی گه‌لاپان‌و زبره ف گیاهی است.
كاسه‌شه‌ن: بێڵی دارینی خه‌رمان‌تێك‌وه‌ردان ف پاروی ویژهٔ خرمن.
كاسه‌كه‌ر: ئێر باركه‌ر ف سفالگر.
كاسه‌كه‌ران: ناوی دێ‌یه‌كه له كوردستان ف نام دهی است.
كاسه‌له: سوێسكه ف تیهو.
كاسه‌له‌شینكه: كاسالاشینكه، قژاكه ف پرندهٔ سبزقبا.
كاســه‌لێس: ۱) برێتی له بنیاده‌می چه‌وره‌وچڵێس؛ ۲) برێتی له مرۆی خۆفرۆش به بێگانه ف ۱) كنایه از سورچران؛ ۲) كنایه از خودفروخته.

کاسەمسا: کاسەئاوسا ف نگا: کاسەئاوسا.

کڕۆسێنەوە: جانەوەرێ کە دەکڕۆسێنێتەوە ف لخت کننده با دندان.

کروشتن: کرۆتن ف کلوجیدن، خردکردن با دندان.

کرۆشمە: خۆکزکردن و ماتدانیشتن ف کزکردن و در گوشه‌ای نشستن.

کروقە: بەفری بەباوە، کرێوە، کرێقە ف کولاك.

کروك: کارتێ کەر، وشەیەکی ڕێزمانە بۆشتێ کەکار دەکا ف فاعل جمله.

کروکس: هەرمێ کرۆسك ف گلابی خودرو.

کرۆنتش: کرانتش ف نگا: کرانتش.

کروێ: گرێی هەڵتوقیو لە دارا ف گرە تنهٔ درخت.

کرویت: کرمیت، شەمچە، شخاتە، شقارتە، کبریت ف کبریت.

کرە: ۱) دەنگی جیرەی بەقەوەت: (**کرەی** ددانی دێت)؛ ۲) دەستار؛ ۳) ئاسیاوی چەڵتــوك و پەڕش لێکــردن؛ ۴) دەنگی خاکی ڕەق لە کاتی کێڵانی زەوی تەڕدا: (گاسن **کرە** دەکــا)؛ ۵) برێتی لە سپــاس؛ ۶) خەریك بەکار؛ ۷) بزیشکی برینگەر ف ۱) صدای بهم ساییدن چوب یا استخــوان؛ ۲) دستــاس؛ ۳) آسیاب ویژهٔ شالی کوبی؛ ۴) صدای خاك سفت کە با گاواهن برخــورد می‌کنــد؛ ۵) کنایە از سپاس؛ ۶) سرگرم کار؛ ۷) جرّاح.

کرەك: نەجوڵ، بێ جوڵە، بەرانبەر بە زیندەوەر و ڕوەك ف جماد.

کرە کز: ۱) دەنگی داکرۆژتن؛ ۲) خرتەخرتی کروسینەوە ف ۱) صدای خاییدن؛ ۲) صدای استخوان گاززدن.

کرە کـردن: ۱) پەڕش و چەڵتــوك لە ئاسیاوی کرە هاڕین؛ ۲) برێتی لە منــەت کێشان، سپاس کردن ف ۱) شالی را به آسیاب ویژه بردن؛ ۲) کنایە از ممنون بودن.

کرەیدی: کورتەی بێژە، پوختەی وتار ف خلاصهٔ کلام.

کرێ: ۱) حەقی کار؛ ۲) کرا، ئیجــارە؛ ۳) ڕۆژی یەك شەمــە کە بازاڕی دیهاتی هەیە ف ۱) مزد؛ ۲) اجارە، کرایە؛ ۳) یکشنبه‌بازار.

کڕی: ۱) نارامی؛ ۲) بێدەنگی؛ ۳) کڕکەوتنی مریشك؛ ۴) سەندی ف ۱) آرامش؛ ۲) خاموشی؛ ۳) کرچی مرغ؛ ۴) خرید (سوم شخص مفرد).

کری: ۱) کردو؛ ۲) کرێ ف ۱) عمل شده؛ ۲) نگا: کرێ.

کریا: کرا، جێ بەجێ بو ف انجام شد.

کڕیا: سەنرا، کڕدرا ف خریده شد.

کریار: کردە، کردار، ڕەوشت، ئاکار، خدە ف اعمال و رفتار.

کڕیار: کەسێ شت ئەسەنێ ف خریدار.

کڕیاگ: کڕدراو، سەنراو ف خریداری شده.

کڕیان: ۱) سەنن؛ ۲) سەندیان ف ۱) خریدن؛ ۲) خریدند.

کریان: کران، کردن ف کردن.

کڕیانەوە: دوای فرۆش دیسان کڕینی فرۆشیاو ف بازخرید.

کریانــەوە: ۱) ئاواڵــەبــوُنی درگای داخراو؛ ۲) رایی بوُنی گرێ ف ۱) بازشدن دربسته؛ ۲) بازشدن گره.

کرێب: ۱) خەم و خەفـەت؛ ۲) زەوینێ کە دوساڵ جارێ دەکێڵدرێ؛ ۳) زەمینی یەك دەفعە گاسن لێدراو ف ۱) اندوه؛ ۲) زمینی که دوسال یکبار کشت شود؛ ۳) زمین یك بار شخم شده.

کرێبا: ۱) جیرانەزەوی؛ ۲) هاوماڵی دێ ف ۱) همسایە در کشاورزی؛ ۲) اهل ده نسبت به یکدیگر.

کرێبار: حەقی باربۆهەڵگرتن ف کرایهٔ حمل بار.

کریبار: کرێبار ف کرایهٔ حمل بار.

کرێت: ۱) بێ بەش لە جوانی؛ ۲) کاری پیس و خراپ؛ ۳) سندە گڵ ف ۱) بدگل؛ ۲) کار زشت؛ ۳) کلوخ.

کرێچ: ۱) سواڵەت، قوڕی سوُرەوەکراو ف سفال.

کرێچی: ۱) دەفری سواڵەت؛ ۲) کرایەنشین ف ۱) سفالین؛ ۲) کرایه‌نشین.

کرێدار: کەرانشین ف مُستأجر.

کرێداسی: هەقەباڵە ف مزد درویدن.

کریزە نــتێن: گوڵێکی دەشتی زۆر خوشیکــە. *بەزاراوەی دیاربــەکــر پێی‌دەڵێن پات* ف گُلی است.

کرێژ: ۱) شانەی وشکی هەنگوین؛ ۲) شتێ کە بە چنگ لێدان لە سەری چڵکن و کەچەڵ دادەوەرێ، قرێژ؛ ۳) قەوزەی بەرد؛ ۴) چڵك، پیسی ف ۱) شانـهٔ خشکیدهٔ عسل؛ ۲) سبوسهٔ سر، شورە؛ ۳) گل سنگ؛ ۴) چرك، کثافت.

کرێژاو: ۱) سەربەکرێژ؛ ۲) چڵکن ف ۱) دارای شورهٔ سر؛ ۲) چرکین.

کرێژاوی: کرێژاو ف نگا: کرێژاو.

کریژۆك: ژوُرەوەی کونی گوێچکە ف صُماخ گوش.

کرێژەبەرد: قەوزەی سەر بەرد ف گل سنگ.

کریژیۆك: کریژۆك ف صُماخ گوش.

کریس: ۱) وشــەی بانــگ لێ کردنی کارژۆڵە؛ ۲) پزیسکی ئاگر ف ۱) کلمه‌ای برای صداکردن بزغاله؛ ۲) شرارهٔ آتش.

کریسك: پزیسکی ئاگر ف شراره.

کریسکە: کریسك ف شراره.

کریسە: وتەی بانگ کردنی کارژۆڵە ف کلمه‌ای برای صدا کردن بزغاله.

کرێش: کرێژ ف نگا: کرێژ.

کرێشە: جۆرێ کاڵای گەزی ف نوعی پارچه.

کرێشــەیش: ۱) ڕاکێشان بە زەمیندا؛ ۲) دەرکێشان؛ ۳) گوێزانەوە؛ ۴) سەنگاندن ف ۱) بر زمین کشیدن؛ ۲) بیرون کشیدن؛ ۳) نقل مکان کردن؛ ۴) نگا: سەنگاندن.

کریفۆك: شەمەتریلکە ف زنبور عسل وحشی.

کریف: ۱) خزم؛ ۲) دۆست؛ ۳) کەسێ کە مناڵ لە باوەشیا خەتەنە کراوە ف ۱) خویش؛ ۲) آشنا؛ ۳) شخصی که کودك را در بغلش ختنه کرده‌اند.

کرێڤ: کریف ف نگا: کریف.

کرێقە: بەفری بەباوە ف کولاك.

کرێکار: کەسێ کە لە بەرانبەر کرادا کار دەکا ف کارگر روزمزد.

کرێکی: جاش و جانوی دوبرێ ف کُرّه اسب و کُرّه خر تازه دوبهار دیده.

کرێگـرتـه: ١) کرانشین؛ ٢) خانـوێ کە بە کراهـە دەدرێ ف ١) اجاره‌نشین؛ ٢) خانهٔ اجاره‌ای.

کرێل: ١) گوێ‌کپ؛ ٢) کرال، قاقڕ ف ١) کر، ناشنوا؛ ٢) زمین بی‌گیاه.

کڕین: سەنن ف خریدن.

کڕێن: ١) کرال؛ ٢) تم‌تمان ف ١) زمین بی‌گیاه؛ ٢) زمین سنگی.

کرینچـك: پەرچـۆکەی لەسەر هەنی قرتاو، قشت ف کاکل بر پیشانی قیچی شده.

کڕینۆخ: کڕیار، ئەوی شت دەکڕێ ف خریدار.

کڕێنەوە: جانەوەرێ کە شت دەکرۆسێنێتەوە ف نگا: کرۆسێنەوە.

کڕینەوە: ١) لەپاش فرۆش سەندنەوە؛ ٢) بریتی لە ڕزگارکردن لە چۆرتم ف ١) بازخرید؛ ٢) کنایه از نجات دادن.

کریو: کریڤ ف نگا: کریڤ.

کرێوکرێو: باڵداریکە ف پرنده‌ایست.

کرێوە: کرێڤە، بەفرو با پێکەوە ف کولاك.

کرێوەبردو: بریتی لە کەسێ کە زۆر بە سەرما قەڵسە ف کنایه از کسی که طاقت سرما ندارد.

کرێوەپێچ: گیانداریێ کە لە ترسی کرێوە پەنا بۆ هەمو ئەنوایەك دەبا ف جانوری که از ترس کولاك به هرجا پناه می‌برد.

کرێوە کردن: بەفرو با هاتن ف کولاك کردن.

کریە: ١) یەکشەمە کە رۆژی بازاڕە؛ ٢) کردویە ف ١) یکشنبه‌بازار؛ ٢) کرده است.

کڕی‌هەرێ: جاش، بەچکەکەر، هۆڵی کەر، دەحشك ف کُرّه‌خر.

کز: ١) ژاکاو؛ ٢) داڵگۆشت؛ ٣) گڕی کەمی چراو ئاگر؛ ٤) سقك؛ ٥) دەنـگی قرچـانی دۆگو بەز لەسـەر ئاگر؛ ٦) ژانی پێستو برین، چوزانـەوە؛ ٧) ناڕەواجی؛ ٨) باش نەدیتنی چاو؛ ٩) کونەمێرو؛ ١٠) شارەمێرو ف ١) افسـرده؛ ٢) لاغـر؛ ٣) شعلهٔ انـدك؛ ٤) سبك؛ ٥) صدای چز؛ ٦) سوزش پوسـت و زخم؛ ٧) کسـادی؛ ٨) کم‌سویی چشم؛ ٩) سوراخ مورچه؛ ١٠) شهر مورچگان.

کزاڤ: پاڕانەوە، لالانەوە ف تضرُع.

کزان: ١) چوزانەوە؛ ٢) چزان لەسەر ئاگر ف ١) سورش پوست؛ ٢) جزبرآتش.

کزاندنەوە: کزان ف نگا: کزان.

کزانن: ١) کزاندنەوە؛ ٢) دەڕۆندا قرچاندنی دۆگو بەز ف ١) نگا: کزان؛ ٢) سرخ کردن دُنبه.

کزانەوە: کزان ف نگا: کزان.

کزبوُن: ١) داڵگۆشت‌بوُن؛ ٢)کەم‌کردن ف ١) لاغرشدن؛ ٢) کم شدن، کاستن.

کزبەلۆك: کزبلۆك، چاڤ‌رەشۆك ف نگا: کزبلۆك.

کزخ: پەرتاوتنی دار ف هرس درخت.

کزخان: پەرتاوتنی دار ف هرس کردن.

کزخاندن: کزخان ف هرس کردن.

کزر: پندر، نیوەوشك ف نیم‌خشك.

کزران: ١) زەمینێ کە دەرەنگ ئاو دەمژێ، شۆنە؛ ٢) سوُتانی مو ف ١) زمینی که دیرآب در آن نفوذ کند؛ ٢) سوختن موی.

کزرانـدن: ١) سوُزاندنی مو؛ ٢) پروژاندنی گوڵەگەنمی فەریك ف ١) سوزانیدن موی؛ ٢) از هم بازکردن خوشه گندم کال.

کزربـوُن: ١) پنـر بـوُنـەوەی زەمینی قوڕ؛ ٢) بریتی لە پێگـەیشتن و بەخۆداهاتن ف ١) نیم‌خشك شدن زمین لجنی؛ ٢) کنایه از شکوفایی و رسایی.

کزربوُنەوە: نیوەوشك‌بوُن لە پاش تەڕی ف نیم‌خشك شدن بعد از خیسی.

کزری: ١) نیوەوشك‌بوُن، پنری؛ ٢) سوتاوی‌خوری؛ ٣) هەڵینجانی ئاو لە جێگـەی قوڵەوە ف ١) نیم خشکی؛ ٢) سوزاندن پشم؛ ٣) بیرون کشیدن آب از عمق.

کزك: جزیلك ف جزغاله.

کزکـردن: ١) بڵێسـە کەم‌کردن: (چـراکـە **کزکە**، ئاگرەکە **کزکە**)؛ ٢) بێدەنگ و فەقیروکە ڕۆنیشتن ف ١) پایین آوردن شعله؛ ٢) درگوشه‌ای کز کردن.

کزکردوُ: کەسێ کە بە فەقیروکەیی خۆی لە سوُچێ خزاندوە ف کز کرده.

کزکۆڵە: کزو مات دانیشتوُ لە سوُچێ ف کز کرده.

کزکە: ١) کزکۆڵە؛ ٢) نان لە بەڕو ف ١) کز کرده؛ ٢) نان از آرد بلوط.

کزگرین: لەرزین لەبەر تاو، نۆبەتێ ف تب و لرز.

کزمك: ١) سەرکوتەڵ، سەرکوێزر؛ ٢) بنڕیل، بن‌بێژنگی بێ‌کەڵك ف ١) درشتهٔ کوزر؛ ٢) تەنشین غربال.

کزن: ١) دانەوێڵەیەکە بژیوە دەی‌چێنن گای پێ قەڵەو دەبێ؛ ٢) باکێشی تەنـدوُر، گولـوێنە، گوڵ‌بێنە؛ ٣) گارس، هەرزنەگەورە ف ١) کرسنه، یکی از حبوبات؛ ٢) بادکش تنور؛ ٣) ارزن درشت.

کزوت: جلەبوُك ف لباس عروسی.

کزوُری: خوری سوتاو ف پشم سوخته.

کزولکە: فەقیروکە، کزکۆڵە ف کزکردهٔ بیچاره.

کزوُلە: کزولکە ف کزکرده.

کزونیر: ئەداو ئەتوار لە ژن ف غمزه و ناز.

کزە: ١) شنـــە، سروە، بای بسکـان: (کـزەبـایەکی هات)؛ ٢) دەنگی داغ‌کردن: (کزە لە جەرگمەوە هات)؛ ٣) دەنگی چزەچز ف ١) ایاز، نسیم؛ ٢) صدای داغ گذاشتن بر گوشت؛ ٣) صدای برشتن گوشت سرخ شده در تابه.

کزەبا: سروە، شنە ف نسیم.

کزەلۆك: کزولکە، کزکۆڵە ف کزکرده.

کزەنە: بۆنی موی پروزاو ف بوی موی سوخته.

کزەی‌با: دەنـگی ناسکی سروە: (چـڕین‌سەختم. چەڵ‌سەختی گوڵی من/کزەی دڵ وەك **کزەی‌با** دێتە بەرگوێت) «هەژار» ف صدای آرام نسیم.

کزەی جەرگ: بریتی لە زۆر خۆشەویست ف کنایه از بسیار محبوب.
کزەی جەرگان: ۱) کزەی جەرگ؛ ۲) بریتی لە دلبەر، گراوی، ماشقە ف ۱) کنایه از محبوب؛ ۲) کنایه از معشوق.
کزی: ۱) سەرکزی، کزکردویی؛ ۲) لاوازی، داڵگۆشتی ف ۱) افسردگی؛ ۲) لاغری.
کزیان: ۱) لەسەر ئاگر چزان؛ ۲) ژان و سوزیانەوەی پێست ف ۱) برآتش سرخ شدن؛ ۲) سوزش پوست.
کزیانەوە: سوزیانەوە، چوزانەوە ف سوزش پوست.
کزیر: ۱) بەردەستی پێشکار لە دێدا؛ ۲) دەلالی بازاڕو جاڕچی ف ۱) پاکار ارباب؛ ۲) جارچی و دلال.
کزین: جۆرێ تۆپی گەمە ف نوعی توپ بازی.
کزێنکە: شلکێنەی لەرۆندا سوورەوە کراو ف خمیر آبکی سرخ شده در روغن.
کزیە: ئێسکی سمتو کەفەڵ ف استخوان لگن.
کژ: ۱) خاوی بانەدراو؛ ۲) جەنگە؛ ۳) فەسڵی ساڵ؛ ۴) پشمە ف ۱) ریس تاب نخورده، خام؛ ۲) موسم؛ ۳) فصل سال؛ ۴) عطسه.
کژبلۆك: گیایەکە بنکەکەی دەخورێ ف گیاهی است با پیازهٔ خوردنی.
کژبیایش: بەشلی وسستی رۆیشتن ف سلانه سلانه.
کژژ: ۱) دەنگی گرمەو قرمە؛ ۲) دەنگی بای بەقەوەت ف ۱) صدای بلند و مهیب؛ ۲) صدای تند وزیدن باد.
کژك: ۱) تەنراوێکە بەپانایی سێ ئەنگوستی پاڵ پێکەوەدراو ئاڵقەی تێدایەو تەنگەی بارەبەری پێ دەدەن، کەژو؛ ۲) تەواو سوتاو؛ ۳) تەوژمی گران؛ ۴) بریتی لە دڵتەنگو پەرێشان حاڵ ف ۱) نوار پهن تنگ بند ستور؛ ۲) کاملاً سوخته؛ ۳) فشار زیاد؛ ۴) کنایه از دلتنگ و پریشان حال.
کژگ: کژك ف نگا: کژك.
کژنگ: چنگنە ف حشرهٔ چسبیده بر پوست.
کژورەك: ۱) خێزەرە؛ ۲) تەختەی ناسکی سەری دارەڕا کە بەپانەوە دادەنرێ ف ۱) زنجیره بستن حشرات؛ ۲) تختەهای نازك و پهنی که روی الوار سقف گذارند.
کژۆڵە: چرپی و ئالاش بۆ بن قورەبان ف انبیره.
کژەبا: سەردەمی باهاتنی زۆر ف موسم وزیدن باد.
کژەباران: سەردەمی باران بارینی زۆر ف موسم بارانها.
کژەبارانە: کژەباران ف موسم بارانها
کژیك: قالاو، قەلەڕەشە ف کلاغ.
کژین: پشمین ف عطسه کردن.
کس: ۱) وشەی دەنگ‌دانی مەڕ؛ ۲) وشەی دنەدانی سەگ؛ ۳) شەرمی مێوینە ف ۱) کلمەای برای راندن گوسفند؛ ۲) کلمەای برای تشجیع سگ؛ ۳) آلت تناسلی ماده.
کسا: چلۆن، چۆن؟ ف چطور؟.
کسان: کسا ف چەسان، چطور؟.
کسب: ۱) کاسبی؛ ۲) سنعات ف ۱) کسابت؛ ۲) صنعت.
کسپ: ۱) کاسبی: (ئەمساڵ کسپو کار باش نەبو)؛ ۲) سنعات ف ۱) کسابت؛ ۲) صنعت.
کسپوکۆ: هەستی قێزوڕك ف احساس خشم و نفرت.
کسپە: ۱) راچەنینی دڵ: (کسپە لە دڵمەوە هات)؛ ۲) دەنگی ئاو بەئاگردا کردن؛ ۳) ژانێ کەلە پڕ ئارام دەگرێ ف ۱) تکان ناگهانی قلب از خبر ناگوار؛ ۲) صدای آب بر آتش پاشیدن؛ ۳) دردی که ناگهان آرام می‌شود.
کسپە کسپ: کسپەی زۆر ف «کسپه»های پیاپی.
کست: تەنیشت، لا، ئالی ف نزد، پهلو.
کستەنە: کوشتن، گوژتن، مراندن ف کُشتن.
کسسا: شەرمی مێوینە، کس، کوز ف آلت تناسلی جنس ماده.
کسك: ۱) چزیلك؛ ۲) سەوزڕەنگ ف ۱) جزغاله؛ ۲) سبزرنگ.
کس کس: کسی زۆر ف «کس» پیاپی.
کسکۆڵە: کزکۆڵە ف نگا: کزکۆڵە.
کسکون: تیر، بەرانبەری شل و تراو، کەسکون ف غلیظ.
کسکە: ۱) رەنگی چاوی پشیلەو جانەوەری کێوی لە تاریکیدا: (کسکەی چاوی دەهات)؛ ۲) کزۆڵە ف ۱) برق چشم جانوران در تاریکی؛ ۲) کزکرده.
کسکە کسك: بریقەبریقی چاوی پشیلەو جانەوەری کێوی لە تاریکیدا ف برق چشم جانوران در تاریکی.
کسکیان: سوزیانەوەی پێست ف سوزش پوست.
کسکیانەوە: کسکیان ف سوزش پوست.
کسل: ۱) قسڵ، ئاهەك؛ ۲) جانەوەرێکە قاپێلکێکی رەقی بۆری خاڵ‌خاڵی هەیە زستانان لەبن خاکا دەخەوێ و لە بەژو وشکانیدا دەژی، کیسەڵ، کیسو ف ۱) آهك؛ ۲) لاك پشت.
کسم: ۱) پیشە، سنعات؛ ۲) کسب؛ ۳) تەرح، دیدار؛ ۴) جۆر ف ۱) صنعت؛ ۲) کسب؛ ۳) قیافه؛ ۴) نوع.
کسوك: ۱) سەگ؛ ۲) توتکەسەگ ف ۱) سگ؛ ۲) توله‌سگ.
کش: ۱) وشەی دەرکردنی باڵدار؛ ۲) وشەیەکە لە شەترنجدا دەڵێن؛ ۳) وشەی بنەمای سەنگاندن؛ ۴) وشەی بنەمای ڕەکێش بون؛ ۵) وشەی بنەمای تیژ تێ پەڕین؛ ۶) بێ‌هەست و خوست: (دنیایەکی مات و کشە/نە هەستە نە چرپەو خشە) «هەژار» ف ۱) کلمەای برای راندن پرنده؛ ۲) کیش شطرنج؛ ۳) وزن؛ ۴) کِش؛ ۵) گذشتن با سرعت؛ ۶) ساکت و بی‌صدا.
کشا: ۱) بەزەویدا ڕاکێشرا؛ ۲) بەپەلە خوشی: (ئەستێرەیەك کشا)؛ ۳) سەنگی زانرا: (لە تەرازودا کشا) ف ۱) بر زمین کشیده شد؛ ۲) به سرعت گذشت؛ ۳) توزین شد.
کشان: ۱) بەرەوژور خشین؛ ۲) سەنگان؛ ۳) تیژ تێ‌پەڕین؛ ۴) مێ وەژێر نێرکەوتن بۆ گان. *تایبەتی بۆ ماین و چێڵ دەیڵێن* ف ۱) رویه‌بالاخزیدن؛ ۲) توزین؛ ۳) گذر سریع؛ ۴) در زیر قرار گرفتن ماده هنگام جفتگیری.
کشاندن: ۱) رەکێش کردن بەزەویدا؛ ۲) راکێشانی گوریس و لاستیك؛

٣) سەنگـانـدن بە تەرازی؛ ٤) مێ لەنێر چاکـردن ف ١) بر زمین کشـیدن؛ ٢) کش دادن؛ ٣) وزن کردن؛ ٤) اسـب یا کبـك مادە را دراختیار نر آن گذاشتن.

کشاندنەوە: ١) بەرەوپاش بردن؛ ٢) دوبارە سەنگاندن ف ١) بە عقب کشیدن؛ ٢) باز وزن کردن.

کشـانکشـان: ١) ڕەکێش‌ڕەکێش، بەزەویدا ڕاکێشان لەسەریەك؛ ٢) هێدی‌هێدی بەڕێدا هاتن ف ١) بر زمین کشیدن پیاپی؛ ٢) سلانە آمدن.

کشانن: کشاندن ف نگا: کشاندن.

کشاننەوە: کشاندنەوە ف نگا: کشاندنەوە.

کشانەوە: ١) بەرەودوا چوُن؛ ٢) درێژتر بوُن بە ڕاکێشان: (وەك لاستیك لەبـەریەك **دەکشێتـەوە**) ف ١) واپس رفتن؛ ٢) کش آمـدن، ازدیاد طول در اثر کشیدن.

کشـاو: ١) بەتـەرازو بەراوردکـراو؛ ٢) دەرهاتو لە کالان؛ ٣) ڕاکێشراو بەسـەر زەویدا؛ ٤) توتنی مژلێدراو ف ١) وزن شدە؛ ٢) آختـە؛ ٣) بر زمین کشیدە شدە؛ ٤) سیگار پك زدە شدە.

کشت: چاندن، تۆم‌وەشاندن ف کشت.

کشتا: کوژراو، کوژراو، مرێندراو ف مقتول.

کشتاقیتس: تخێل بوُگ، ڕاست‌ڕاکشاو ف درازکشیدە.

کشتـاکـەوتش: ١) سلارەوەبـوُگ؛ ٢) تخێل کەوتـو؛ ٣) دانیشتـوی بەپاڵەوپشت ف ١) از پای درآمدە؛ ٢) درازکشیدە؛ ٣) پشت بە مُتّکی نشستە.

کشتش: کوژران ف کشتەشُدن.

کشتکانی: ١) دەم‌وڕۆ؛ ٢) لابەلا؛ ٣) لارەولار ف ١) دمرو؛ ٢) یك‌وَری؛ ٣) تلوتلو رفتن.

کشتۆخ: مێرکوژ، کوژەر ف قاتل.

کشتوکار: چاندن‌و کێڵان ف کشت‌وکار.

کشتوکاڵ: کشتوکار ف کشت وکار.

کشتوکنار: دەوروبەر ف پیرامون.

کشتـــە: ١) کوژیاو؛ ٢) خالیگــە؛ ٣) گورچــك؛ ٤) لا، نالی ف ١) کُشتەشدە؛ ٢) تُهیگاە؛ ٣) گُردە؛ ٤) طرف.

کشکشاندن: ڕەکێش‌کردن بە زەمیندا ف بر زمین کشیدن.

کشتەك: چەند داوەدەزوی پێکەوەبادراو ف رشتهٔ نخ.

کشتیار: فەلا، جوُت‌بەندە ف کشاورز.

کشتێل: ئەسکوُ، ئەسکوێ ف ملاقە.

کشك: کژك، کەژو ف نگا: کژك.

کش کش: ١) وشەی دەرکردنی مریشك؛ ٢) جۆرێ داوەت‌وڕەقس؛ ٣) وشـەی دنـەدانی تاژی بۆ ڕاو ف ١) کلمـەای برای راندن مُرغ؛ ٢) نوعی رقص؛ ٣) کلمەای برای برانگیختن سگ شکاری.

کشکشان: ڕەقسین لە داوەتی کشکشدا ف «کشکش» رقصیدن.

کشکە: ئادە، بژار ف ویجین.

کشل: کسل، قسل، ناهەك ف آهك.

کشمیش: ئیشکەوەکراوی ترێ. بێ‌دەنك ف کشمش.

کشمیشی: ترێی وردی بێ‌دەنك ف انگور بی‌دانە، کشمشی.

کشمیشی کاولیان: دەموکانە ف نگا: دەموکانە.

کشن: گوشاد ف گشاد.

کشنـە: ١) کزن؛ ٢) هەر دانـەوێڵەیەك کە بە ئاژەڵ دەدرێ ف ١) نگا: کزن؛ ٢) آنچە از غلات کە بە حیوان دادە می‌شود.

کشنیژ: سەوزیەکی چاندنیە ف گشنیز.

کشنیژە: جۆرێ موُرگی ئاڵتوُن‌و زێو بۆ زەنبەر ف نوعی مهرهٔ زینتی از طلا و نقرە.

کشۆل: شۆقل ف نگا: شۆقل.

کشـومـات: ١) وشەیەکە لە شەترنجا دەگوترێ واتا: شا بێکار ما؛ ٢) بێ‌دەنگ، ئارام: (**کشوماتە** جیهان لەو ژوانی لەنوێ) «هەژار» ف ١) اصطلاحی در شطرنج، کیش و مات؛ ٢) آرام و دنج.

کشە: ١) وشەی دەرکردنی باڵدار: (**کشە کشە** پۆپەڕەشە، میوان شەوێك دوان خوەشـە) «مـەسـەل»؛ ٢) پێ‌دزە، بەرەودواچـوُنی لەسـەرخـۆ: (خـەریکی پاشـە**کشـە**یە) ف ١) اصطلاحی برای راندن پرندە؛ ٢) عقب‌نشینی یواشکی.

کشی: بە لەز ڕابرد ف باسرعت گذشت.

کشیایا: کوژراو ف مقتول.

کشیایش: کوشتن، مێرکوژی ف کُشتن.

کشیایە: کوژراو، کشیایا ف مقتول.

کشین: بە پەلە ڕابردن ف با سرعت گذشتن.

کف: ١) دەنگی هەڵچوُن‌و سەرڕێژکردنی جۆش‌هاوردە لە دیزەو بەرۆشدا؛ ٢) دەنگی تراوی لە ئاو تیرتـــر کە بە تەوژم دەرپــەڕێ: (خـوێن لە جێ‌برینەکەی **کف** دەردەچو)؛ ٣) وەکری؛ ٤) باکردو ف ١) صدای بالاآمدن و جوشیدن مایع؛ ٢) صدای با فشار بیرون زدن مایع؛ ٣) باز؛ ٤) بادکردە.

کفت: ١) شەکـەت؛ ٢) بارەبەری بێ‌ناڵ: (ئێسترەشین **کفتە** دەبێ ناڵ کرێ)؛ ٣) تێ‌هەڵساوینی ڕەنگ: (**زێڕکفت، زێوکفت**)؛ ٤) نەخۆشی خۆرە؛ ٥) ڕەڵم، ڕەمـڵ؛ ٦) جۆش‌خواردنی بەتـەوژم: (**کفت و کوڵی** دانامرکێ)؛ ٧) شان‌وپیل ف ١) خستە؛ ٢) ستور بی‌نعل؛ ٣) اندودن؛ ٤) بیماری خورە؛ ٥) ماسە؛ ٦) بەشدّت جوش خوردن؛ ٧) سرشانە و کتف.

کفتـــك: ١) تۆپـەڵ‌کراوی ساوەرو برنـج‌و گۆشت بۆ ناو چێشت؛ ٢) شەمچە ف ١) کوفتهٔ خوراکی؛ ٢) کبریت.

کفتکاری: ڕەنگ تێ‌هەڵساوین ف رنگ‌آمیزی.

کفتوکۆ: جۆش‌و تەوژمی گەرما: (**کفتوکۆی** دڵم دامرد) ف جوش و حرارت.

کفتوکوڵ: جۆشینی بەتەوژم ف جوشش شدید.

کفتە: ١) کفتك؛ ٢) بێ‌ناڵی بارەبەر ف ١) کوفتهٔ خوراکی؛ ٢) بی‌نعلی ستور.

کفتەخۆر: برێتی لە تەمەڵی کارنەکەرو نەوسن ف کنایە از تنبل پُرخور و

بیکاره.

کفتی: شەکەتی ف خستگی.

کفر: ١) دارێکی دەوەنە زۆرتر لە دەمچەمان دەڕوێ؛ ٢) ڕەنگی ڕەش؛ ٣) قسەی بێدینانە؛ ٤) جگ، قاپ لە بازیەکی جگێن‌دا؛ ٥) سخێف، جوێن، دژمێن، جنێو ف ١) ذرختچه‌ایست؛ ٢) رنگ مشکی؛ ٣) گفتار ناروا، کُفر؛ ٤) شتالنگ در نوعی بازی؛ ٥) دشنام.

کفرکردن: قسەی بێدینانە گوتن ف سخن کفرآمیز گفتن.

کفری: شارێکە لە کوردستان ف نام شهری در کردستان.

کفریت: شەمچە، گۆگرد، شخاتە، شقارتە ف کبریت.

کفرێن: جۆرێ بازی جگ ف نوعی قاپ‌بازی.

کفش: ئاشکرا، خۆیا ف آشکار.

کففە: کف ف نگا: کف.

کفك: برش، کەڕو، ژەنگی سەر خواردەمەنی کۆن‌بوگ ف کَفَك.

کف کردن: باکردن، بەباپەنەمان ف بادکردن.

کفکێ: تیروێ، دارێکی دەوەنە بنی بادەدەن دەرمانی بالۆکەیە ف درختچه‌ایست.

کفگۆیان: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

کفگە: چڵك و کرێژی لەش ف چرك و شورهٔ تن.

کفن: کراسی مردگ، خامێ کە دەمردوُیەوە دەپێچن بۆ ناو قەبر ف کفن.

کفن‌دزێن: برێتی لە لە نەخۆشی زۆر گران رزگاربوُن ف کنایهٔ از از بیماری خطرناك بهبود یافتن.

کفن‌دز: ١) دزێ کە قەبر بداتەوە بۆ کفن‌دزین؛ ٢) سەرناوێکە بۆ کەمتار ف ١) کفن‌دزد؛ ٢) لقب کفتار.

کفە: کف ف نگا: کف.

کفەکف: کفی زۆر ف «کف» پیاپی.

کڤارگ: قارچ، کارگ ف قارچ.

کڤر: پشیلەگوربە ف گربهٔ نر.

کڤش: کفش، دیار، خویا ف پیدا، آشکار.

کڤلۆشك: قرمچی، هەڵقرچاو، سیس‌بوگ ف چروك شده.

کڤلیشك: بژانگ، مژوڵ، برژانگ ف مُژه، مُژگان.

کڤی: کوُپەڵەی دەم‌تەنگ ف کوزهٔ دهانه‌تنگ.

ککە: قاقە، ققە، قەقە ف شیرینی در گویش کودکان، قاقا.

ککەو: دارێکی جەنگەڵی زۆر سەختە، کەقۆت، کەوت ف درختی است جنگلی.

کل: ١) سورمە؛ ٢) خوار، لار؛ ٣) لادان: (لە ڕێگە **کل** بوە)؛ ٤) قوبیە، گونبەز؛ ٥) ڕەوانە: (بۆتۆم **کل** کرد)؛ ٦) درەوشانی هەسارە؛ ٧) هێما وەدەس بۆ خواحافیزی؛ ٨) زۆرچەرمگ؛ ٩) تینی ئاگر؛ ١٠) کولەکولی گەرما ف ١) سرمه؛ ٢) کج؛ ٣) انحراف؛ ٤) گنبد؛ ٥) روانه، گسیل؛ ٦) چشمك‌زدن ستاره؛ ٧) دست تکان دادن برای خداحافظی؛ ٨) بسیارسفید؛ ٩) حرارت آتش؛ ١٠) شدّت گرما.

کڵ: ١) سورمە، کل؛ ٢) جێگەی سواڵەت تێدا سوُرکردنەوە؛ ٣) پایەی پرد؛ ٤) بڵێسەی ئاگر ف ١) سرمه؛ ٢) داش، کورهٔ سفال‌پزی؛ ٣) پایهٔ پل؛ ٤) شعلهٔ آتش.

کلا: ١) لە شوێنی خۆ دەرچوُگ؛ ٢) بێ‌تەرەف، دوُرەپەرێز ف ١) منحرف؛ ٢) کناره‌گیر.

کلابوُن: ١) لەڕێ لادان؛ ٢) دوُرەپەرێز ونستان ف ١) انحراف از راه؛ ٢) کناره‌گیری.

کلاچ: بایی، بەدەعیە، بەفیز ف متکبّر.

کڵاژدم: دوپشك ف عقرب.

کلاس: پۆلی فێرگە ف کلاس درس.

کڵاش: ١) خارشت، خورو؛ ٢) پێڵاو لە پەڕۆی بەسەریەکداتە پێنراو ف ١) خارش؛ ٢) نوعی گیوه.

کڵاشتە: خوراندن، بە نینۆك کڕاندنی پێست ف خاراندن.

کڵاشچن: ئەو کەسەی سەری کڵاش بە بەن دەچنێ ف بافندهٔ رویهٔ «کلاش».

کڵاشدرو: کەسێ کڵاش چێ دەکا ف «کلاش» ساز.

کڵاشدم: دوپشك ف عقرب.

کڵاشکەر: کڵاشدرو ف «کلاش»ساز.

کڵاشە: ١) خورو، خارشت؛ ٢) لە ئەندازە بەدەر ف ١) خارش؛ ٢) خارج از اندازه.

کڵاشەکردن: زۆری قوڕ لە زەویدا ف وفور گِل در زمین.

کڵاشین: خوراندن، کڵاشتە ف خاراندن.

کڵاشینگە: قەڵماسك، قۆچەقانی، بەرەقانی، کەلاسینگ ف قلاسنگ.

کڵاف: لە یەکتر پێچانی دەزو بە جۆرێکی درێژۆکە ف کلاف نخ.

کڵافە: ١) خەڕەك؛ ٢) سەرلێ‌شێواو، پەشیواو؛ ٣) پەتێکی بەئاڵقەیە لە هەردوك جومگەدەستی ئەسپی پێ دەبەبەستن بۆ ڕاهێنانی ڕۆیشتنی خۆش؛ ٤) چوار چێوەی باریك؛ ٥) کرێوەو بادەوە ف ١) دوك نخ‌ریسی؛ ٢) سرگردان، آشفته، کلافه؛ ٣) ریسمانی که در تربیت اسب بکار می‌رود؛ ٤) چهارچوب نازك؛ ٥) کولاك.

کڵافەهەڵکەر: دارێکی بەچەنگە دەسوڕێ‌و دەزوی خەڕەك لە خۆی دەهاڵێنێ ف کلاف پیچ.

کلام: قام، گۆرانی، چڕە ف ترانه.

کلان: ژاندنی مەشکەوڕاتڵەکاندنی تراو ف تکان دادن مشك و مایعات.

کلانە: کەللارە ف کاسهٔ تاپاله‌ای.

کڵانە: موُروُ، موُرگ ف خرز، مهره.

کڵاو: ئارەخچن، پۆشاکی سەر ف کُلاه.

کڵاوئاڵتوُن: کڵاوێ کە لە سکەزێڕی پێکەوەلکاو دروس دەکرێ، خشڵێکی ژنانە ف کلاه ساخته‌شده از سکه‌های طلا که زیوری است زنانه.

کڵاوبن: جۆرێ ڕێواس ف نوعی ریواس.

کڵاوبۆرکە: کڵاوی لە بەرگن ف کلاهِ نمدی.

کڵاوبۆرە: کڵاوبۆرکە ف کلاه نمدی.

کڵاوچن: ئەو کەسەی کڵاو بە دەزوُ دەتەنێ ف بافندهٔ کلاه.

كڵاوخود: كڵاوی ئاسنینی شەڕكەر ف كُلاه‌خود.

كڵاودار: باڵداری سەربەپۆپەی لە پەڕ ف پرندهٔ شانه‌به‌سر.

كڵاودرو: كەسێ كە كڵاو بۆ فرۆشتن دەدروێ ف كُلاهدوز.

كڵاوڕۆژنە: ڕۆچنەی سەربان ف روزنهٔ بام.

كڵاوڕەش: ۱) نەخۆشیەكی تایبەتی بزنە؛ ۲) بریتی لە ئێرانی: (لە مابەینی **كڵاوسوورو كڵاوڕەش**) «حاجی قادر» ف ۱) بیماری ویژهٔ بز؛ ۲) كنایه از ایرانی.

كڵاوزرێ: كڵاوخود ف كُلاه‌خود.

كڵاوزەڕ: ۱) كڵاوئاڵتون؛ ۲) ناوە بۆ ژنان ف ۱) كلاه‌زرین؛ ۲) نام زنانه.

كڵاوزێڕ: كڵاوزەڕ ف نگا: كڵاوزەڕ.

كڵاوڕەشە: جێگەی سەری چەلاك لە ڕەشماڵدا ف جای سر ستون درسیاه‌چادر.

كڵاوسوور: ۱) گیایەكە بنك‌سوور بۆ ئاش دەبێ؛ ۲) بریتی لە تركی عوسمانی ف ۱) گیاهی است آشی؛ ۲) كنایه از تُرك عثمانی.

كڵاوفەڕەنگی: ۱ قوتكەیەكە بەسەر بۆریەسۆبەدا دەكرێ تا با دوكەڵ نەگەڕێنێتەوە؛ ۲) نەخشێكە لە فەرشدا ف ۱) كلاهك بالای لوله بخاری؛ ۲) نقشی در قالی.

كڵاوقازی: هەزارلایەی ناو ورگ ف هزارلای شكمبه.

كڵاوقوری: كڵاوی لە پوشی لێودار بۆ دروێنەوانان ف كلاه حصری لبه‌دار دروگران.

كڵاوقژ: پوڕی بەدەڵ، قژی ئامانەتی ف كُلاه‌گیس.

كڵاوكڵاوێن: بازیەكی شەونشینیە ف نوعی بازی در شب‌نشینی.

كڵاوكوڕ: ناوی چیایەكە ف نام كوهی در كردستان.

كڵاوكوڕە: چوڕەپۆپنەكی ف پرنده‌ایست شانه‌به‌سر.

كڵاوگەڕە: كڵاوی لێوداردار لە بەرگنی پەستواو ف كلاه‌لبه‌دار نمدی.

كڵاونە: چوڕەپۆپنەكی ف پرنده‌ای است.

كڵاوە: ۱) پۆپەی باڵدار لە پەڕ؛ ۲) ترۆپكی چیا؛ ۳) لاسكەگەنمەشامی كە دانی نەگرتبێ؛ ۴) قوڕێ لە دەوری دەمی دولاش بلندكراو؛ ۵) ئاڵقەی دارینی ملی گاجوت؛ ۶) هەرشتێ قوچ لە سەرەوە؛ ۷) سەلكی گیا؛ ۸) دەنكی درشتی بەفر ف ۱) شانهٔ سر پرنده؛ ۲) قلّهٔ كوه؛ ۳) بلال دانه‌نگرفته؛ ۴) دیوارك پیرامون دهانهٔ ناو آسیاب؛ ۵) چنبر گردن گاو؛ ۶) كلاهك؛ ۷) پیازه؛ ۸) دانهٔ درشت برف.

كڵاوەسوورە: گیایەكی بنك‌سوورە، كڵاوسوور ف گیاهی است با پیازهٔ قرمز.

كڵاوەكردن: بارینی بەفری دەنك‌درشت ف بارش برفِ درشت.

كڵاوێن: بازی كڵاوكڵاوێن ف نوعی بازی شبانه.

كلب: ۱) ددانی پێشەوەی سەگو دڕندە؛ ۲) گوڵمێخ، سنگی درێژو ئەستور ف ۱) ناب، دندان پیشین درنده؛ ۲) میخ طویله.

كلبازك: ۱) گوڵەنەورۆزە؛ ۲) گیای لەدەفرا شین كراو بۆ نەورۆز ف ۱) از گلهای بهاری است؛ ۲) سبزهٔ شب عید.

كلبوون: ۱) كلابوون؛ ۲) بەڕێكران؛ ۳) دەرەوشینەوەی ئەستێرە ف ۱) منحرف شدن؛ ۲) فرستاده شدن؛ ۳) چشمك زدن ستاره.

كلپاتە: فزە، كەمترین دەنگ ف كمترین صدا.

كڵپوهوڕ: دەنگی بڵێسەی بەتەوژم ف صدای اشتعال زیاد.

كڵپە: ۱) دەنگی بڵێسەی ئاگر؛ ۲) بڵێسەی ئاگر ف ۱) صدای آتش مشتعل؛ ۲) شعلهٔ آتش.

كڵپەكڵپ: دەنگی لەشوێن‌یەكی بڵێسە ف صدای پیاپی اشتعال.

كلپێچك: بابۆڵەی زاڕۆتێ‌پێچان، قۆنداخ، قومات ف قنداق نوزاد.

كلتۆر: سورمەدان ف سرمه‌دان.

كلتە: كلتۆر ف سرمه‌دان.

كلتەپە: گوندێكە لە كوردستان بەعسی وێرانی كرد ف از روستاهای ویران شدهٔ كُردستان توسط بعثیان.

كلج: ئەو چێوەڵە لوس‌و باریكەی كلی پێ دەچاو دەكێشن ف میل سرمه‌كشی.

كڵجە: سوخمەی قۆڵداری ژنانە ف یلك آستین‌دار.

كلچان: فانۆز، فانوس، چرادەستی، لەنتەری ف فانوس.

كلچك: كلچۆك، كلج ف میل سُرمه‌كشی.

كلچۆ: كلج ف میل سرمه‌كشی.

كلچۆڤ: كلج ف میل سرمه‌كشی.

كلچۆك: كلج ف میل سرمه‌كشی.

كلچیو: كلج ف میل سرمه‌كشی.

كلچێو: كلج ف میل سرمه‌كشی.

كلچێوك: كلج ف میل سرمه‌كشی.

كلچێوكەگوركانە: گیایەكەنێرتكێ سوری ئاماڵڕەش دەكا ف گیاهی است.

كلدان: كلتۆر ف سرمه‌دان.

كڵدان: كلتۆر ف سرمه‌دان.

كلدومان: هەڵم‌وبۆغ ف بُخار مُتراكم.

كلر: كونی درگا، جێ كلیل لە درگادا ف جاكلیدی در.

كلس: ۱) قسڵ، ئاهەك؛ ۲) ناوچەیەكە لە كوردستان ف ۱) آهك؛ ۲) ناحیه‌ای در كردستان.

كلسم: گیایەكی دەشتەكیە ف گیاهی است.

كلسین: گوش، گیای كەنەف كە تەلیسی لێ دەتەنن ف گیاه كَنَف.

كڵف: كلافەدەزو ف كلاف.

كڵفت: ۱) ئەستور؛ ۲) زۆر، زیاد: (بولێ **كڵفتی ها** بەلاوە) ف ۱) ستبر، كلفت؛ ۲) مبلغ زیاد.

كڵفەت: ۱) ئەستوری؛ ۲) خێزانی ماڵ؛ ۳) قەرەواش ف ۱) ستبری؛ ۲) عائله؛ ۳) كُلفت‌خانه.

كڵفەتبار: خێزاندار ف عیالوار.

كڵفەتدار: ۱) كڵفەتبار؛ ۲) ماڵێ قەرەواشیان هەبێ ف ۱) عیالوار؛ ۲) خانه‌ای كه كُلفت دارد.

كلك: ۱) قامك، تبل، تل، ئەنگوست؛ ۲) دو، جوچكە؛ ۳) قەڵەم؛ ۴) دەسك ف ۱) انگشت؛ ۲) دُم؛ ۳) قلم؛ ۴) دسته.

کلکاف: بەریکی دارمازوە ف نوعی ثمر مازوج.

کلك بادان: ۱) زمان لوسی و مەرایی؛ ۲) بریتی لە ناچارکردن بە کارێك ف ۱) چاپلوسی و تملّق؛ ۲) کنایه از ناچار کردن.

کلکان: بریتی لە پیای حۆل و کەم هۆش ف کنایه از آدم خل و منگ.

کلکانی: بێهۆشی، حۆلی ف کم هوشی.

کلك بەس: قامك بەند ف انگشت بند.

کلك بەسە: بە قامك بەستراوی ف انگشت بسته.

کلك پێوە کردن: ۱) جو زپێوە کردن؛ ۲) بریتی لە خەڵەتاندن ف ۱) انگلك زدن؛ ۲) کنایه از فریب دادن.

کلك پێ هەڵپەساردن: بریتی لە گوێ نەدان بە کار، خۆگێل کردن لە ئەنجامدان، خاوەخاو ف کنایه از اهمال.

کلك تەقنە: بەرگایلکە ف دم جنبانك.

کلك تەقێنە: بەرگایلکە ف دم جنبانك.

کلکدار: ۱) جانەوەری بەکلك؛ ۲) شتێ دەسکی هەبێ؛ ۳) دوایی دار ف ۱) دارای دم؛ ۲) دستەدار؛ ۳) دنبالەدار.

کلکردن: ۱) خوارکردنەوە؛ ۲) ناردن ف ۱) کج کردن؛ ۲) فرستادن.

کلکرن: چاوڕشتن بە سورمە ف سُرمه کشیدن چشم.

کلك گر: ئەسپێ کە کلکی لە غاردا ڕاست بڵند دەکا ف اسبی که در دویدن دم را بلند نگه می‌دارد.

کلك گرتن: ۱) کلك بڵندکردنی ئەسپ لە غاردا؛ ۲) بریتی لە خستنە ناچاریەوە ف ۱) دم بلند نگەداشتن اسب؛ ۲) کنایه از در تنگنا گذاشتن.

کلك گیر: قوشقونە ف پاردم زین اسب.

کلکلك: شمشێرەی درگا ف کلید کلون چوبی در.

کلکلە: فەزیعەت ف مایهٔ رسوایی.

کلکن: ۱) کلکدار؛ ۲) پەزی زۆر بەخوری؛ ۳) هەڵتۆقیو لە پێست ف ۱) نگا: کلکدار؛ ۲) گوسفند بسیار پشمالو؛ ۳) برآمده بر پوست.

کلك نیشان: شتێ زۆر سەیر یان زۆر باش ف انگشت شمار، کمیاب.

کلکە: ۱) دەنکێکە لە ناو گەنمدا؛ ۲) زارۆی سەربار؛ ۳) بڕانەوەی کێو؛ ۴) دوایی قسەو کار ف ۱) دانـه‌ای در میان گنـدم؛ ۲) بچهٔ انگل و سربار؛ ۳) دنبالهٔ کوه؛ ۴) دنبالهٔ سخن و کار.

کڵکە: پرد، پر ف پُل.

کلکە تۆتە: تۆتە ف انگشت کوچکه.

کلکە دۆمانە: باریکەیەك گەنم لە خەرماندا کە هێشتا نەبۆتە مالۆسکە ف دنبالهٔ خرمن.

کلکە ڕەقە: نەخشێکی قاڵی ف نقشی در قالی.

کلکە ڕێوی: ۱) بەری گیایەکە؛ ۲) جۆرێ ترێ ف ۱) ثمر گیاهی است؛ ۲) نوعی انگور.

کلکە سوتە: ۱) کلك ڕاتەکاندنی سەگ بۆ کەسێ کە خۆشی دەوێ؛ ۲) بریتی لە ڕیایی و زمان لوسی ف ۱) دم جنبـانـدن سگ برای اظهار وفاداری؛ ۲) کنایه از تملّق.

کلکە سوتەکێ: کلکەسوتە ف نگا: کلکەسوتە.

کلکەقنگێ: ۱) قامك بۆ بردن؛ ۲) بریتی لە دنەدان بۆ تۆڕە کردن ف ۱) انگلك کردن؛ ۲) کنایه از تحریك برای خشمگین کردن.

کلکە کنگێ: کلکەقنگێ ف نگا: کلکەقنگێ.

کلکە کەڵە: قامکی زل، قامکەگەورە ف انگشت شست.

کلکە گەورە: کلکەکەڵە ف انگشت شست.

کلکەلەقە: دژواری زۆر لە پێك هێنانی کارا ف سختی بسیار در انجام کار.

کلکەلەقێ: ۱) دژواری زۆر لە پێك هێنانی کارا: (بە **کلکەلەقێ** خەلاسم کرد)؛ ۲) کلکەسوتە ف ۱) دشواری بسار در انجام دادن؛ ۲) نگا: کلکەسوتە.

کلکەمار: زۆر تاڵ لە چێژەدا ف بسیار تلخ.

کلکەمار کردن: خواردنی بە ناڕەحەتیەوە، زەقنەموت کردن ف خوردن با دل پریشان.

کلکەنما: شتێ کە بۆ باشی و خراپی ئاشیرەتی بۆ بکرێ ف انگشت‌نما.

کلکەنەفتینە: کتکەنەفتینە ف فتنه‌انگیز.

کلکەوانە: ۱) ئەنگوستیلە؛ ۲) قوچەکەی دورمانان ف ۱) انگشتری؛ ۲) انگشتانه.

کلك هەڵتەکێنە: کلك تەقێنە، بەرگایلکە ف دم جنبانك.

کلك هەڵسوڕاندن: بریتی لە بەرەنگاری کردن و بەقسەنەکردن ف کنایه از مخالفت کردن.

کلل: ۱) ماین و ئەسپی سپی خاڵدار؛ ۲) ئەسپی سپیلك؛ ۳) ڕەنگ سپات ف ۱) اسب سفید خالدار؛ ۲) اسب ابلق؛ ۳) رنگ کِرم.

کللۆ: ۱) گای سپی و رەش؛ ۲) کولەی زرعات خۆر؛ ۳) جانەوەری سپی بەخاڵی ڕەشەوە ف ۱) گاوسفیدوسیاه؛ ۲) ملخ؛ ۳) جانـور سفید دارای خالهای سیاه.

کللی: ۱) سپات؛ ۲) سپی خاڵدار؛ ۳) گڕی ئاگر ف ۱) رنگ کِرم؛ ۲) سفید خالدار؛ ۳) زبانهٔ آتش.

کلم: کورت، قوت، کن، کۆتا ف کوتاه.

کلْم: چڵم ف خلم، آب بینی.

کلمش: ۱) ریپۆقی چاو؛ ۲) چڵکی ناوگوێ ف ۱) ژفك چشم؛ ۲) چرك گوش.

کڵمن: چڵمن ف خلمو، آب دماغ آویزان.

کلمۆ: کورتەبالا، بەژن کنك ف کوتاه‌قدّ.

کلموچ: چڵم ف خلم، آب بینی.

کلمەی: کورت کردن، قوت کردن ف کوتاه کردن.

کڵمیش: ۱) چڵم؛ ۲) ریپۆقی چاو ف ۱) خلم، آب بینی؛ ۲) ژفك.

کڵناشك: قانگەلاشك ف گیاه خشك بادبرده.

کلو: ۱) دەنکی بەفر؛ ۲) پێچراوی خوری و لۆکەی خاو؛ ۳) بەرگی زیزی دەنـك لە بەری گیادا ف ۱) دانـهٔ برف؛ ۲) آغنـد، تودهٔ پشم و پنبـهٔ نارشته؛ ۳) نیامك هستهٔ گیاه.

کلۆ: جانەوەرێکی پچوکی بەچنگ و باڵە دوژمنی شیناوەردە ف مَلَخ.

کڵۆ: هەر وردێکی یەکتر گرتو: (**کڵۆگڵ، کڵۆقەند**) ف ریز بهم چسبیده،

کلوخ.
کلوا: پەنگرێ‌سوور، پوڵوی بەگەشە، سکڵ ف أخگر.
کڵۆت: ١) ئێسکی سەر سمتی یەکسم؛ ٢) سمتی یەکسم ف ١) استخوان بالایی ران ستور؛ ٢) کَفَل.
کلۆج: تەرز: (بە هیچ **کلۆجێ** چارەی نایە) ف رویە، طریقه.
کلۆچ: ١) کولیچە؛ ٢) قۆچ، شاخی جانەوەر ف ١) کلوچه؛ ٢) شاخ جانور.
کلۆخ: ١) قەحفی سەر؛ ٢) وشەی ئاژەڵ بژاردن، سەر ف ١) کلّهٔ سر؛ ٢) واحد شمارش دام، رأس.
کلۆر: ١) ناوبەتاڵ؛ ٢) خڕەوەبوگ: (خۆی **کلۆر** کرد) ف ١) میان‌تهی؛ ٢) خود را جمع کردن.
کڵۆر: بەدبەخت ف بدبخت.
کلوز: گولەگەنمی هەڵبڕوزاو ف خوشه‌گندم نیم‌سوخته.
کلۆز: رستەتا، وشەیەکی ڕێزمانە ف شبه‌جمله.
کڵۆز: ١) کەسێ کە ددانی پێشوی کەوتوە؛ ٢) کڵاوبۆرە ف ١) کسی که دندان پیشین ندارد؛ ٢) کلاه نمدی.
کلوس: دەفری سواڵەتی هەراو، کوپە ف خُم.
کڵۆس: کڵۆز ف نگا: کڵۆز.
کلوسك: دەفری سەرئاواڵەی چکۆڵە، بستوگە ف خمچه، خُم کوچك.
کڵۆش: قرش، لاسکەدەغڵ ف ساقه‌های غلّه.
کڵۆشك: نیشان لەرێگەدا، کێلەکارێکێ ف نشان‌های راهنما در مسیرِ راه.
کڵۆشەبون: گەیشتنی دەخڵ بۆ درەو ف رسیدن خرمن برای درو.
کلۆف: بەچنگ گوشین ف مچاله.
کلۆفت: کڵفت، زۆر ئەستوور ف کلفت، ستبر.
کڵۆك: ١) دانەوێڵەیێ کە زوُ لە ئاوی جۆش‌دا پێ‌دەگا؛ ٢) کڵۆت ف ١) دانهٔ زودپز؛ ٢) کفل چهارپا.
کڵۆك: شکۆفەی دار ف شکوفهٔ درخت.
کلۆکێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کڵۆڵ: چارەڕەش، کڵۆر ف سیه‌روز.
کلۆلاش: گیایەکە دەکرێتە ددان‌ئاژن ف گیاه خلال دندان.
کڵۆم: قفڵی دارینی درگا ف قفل چوبی در.
کڵۆمت: کڵۆت، سمتی حەیوان ف کفل حیوان.
کڵۆنجە: سوخمەی بەقۆڵی ژنانە ف نوعی بالاپوش زنانه.
کله: ١) تین‌و هالاو؛ ٢) گڕی ئاگر؛ ٣) سوتەمەنی ف ١) آلاو؛ ٢) لهیب آتش؛ ٣) سوخت.
کڵە: ١) کل، سورمە؛ ٢) کڵی پرد ف ١) سرمه؛ ٢) پایهٔ پل.
کلهایش: کۆکین، قۆزین، کۆخین ف سرفه‌کردن.
کلەپێچ: کارپوچ، خشتی کاڵ ف خشت خام.
کڵەدان: کلدان ف سُرمه‌دان.
کلەر: ١) کولێن، جێگەی ئازوُقە؛ ٢) موبەق، مدبەق ف ١) جای آذوقه؛ ٢) نگا: موبەق.
کلەسوبحانی: چاکترین‌جۆری کل ف بهترین نوع سُرمه.
کڵەشێر: دیکل، دیقل ف خروس.
کڵەشێرە: خڕوُزەك، قفەڕەشە ف بیماری سعال دیکی، خروسك.
کڵەو: شەپۆلێ کە وەسەر پرد دەکەوێ ف موجی که روی پل سر ریز کند.
کڵێ: کایە، جارێك بازی کردن ف یك دور بازی، گیم.
کلێپ: ئامادەکردن‌و دابێژتنی خاك ف آماده کردن خاك برای تهیهٔ گِل.
کلیت: ١) کلیل، هاچەر؛ ٢) قفڵ، گۆڵە؛ ٣) ئاڵقەرێزی درگا کە قفڵی پێدا دەکرێ ف ١) کلید؛ ٢) قُفل؛ ٣) حلقهٔ در که قفل را در آن کنند.
کلیتە: قەڵاندۆش، نێوان شان‌و پیل ف کوله، شانه‌ودوش، قلمدوش.
کلێتە: سەرکڵاوەی بەن ف کلوته، نوعی کلاه پشمی.
کلێجە: قلێچکە ف دنبالچه.
کلیچ: کولیچە ف کلوچه.
کلیچك: قامکەتوُتە، تلیاگچکە، ئەنگوسە توُتەلە ف انگشت خنصر.
کلیچە: کولیچە ف کلوچه.
کلێچە: کولیچە ف کلوچه.
کلید: کلیل، کلیت ف کلید.
کلیدە: لە هەمولاوە دەورەدراو ف محصور.
کلیر: کلر، کونی جێ‌کلیل لە دەرگادا ف جاکلیدیِ در.
کلیزی: لیکاوی دەم ف لعاب دهن.
کلیژ: کلێنچکە ف دنبالچه.
کڵێس: تارومار، لەبەین‌چوگ ف نابود، تارومار.
کلیسا: پەرستگای خاچ‌پەرستان ف کلیسا.
کڵێس بوُن: بەتەواوی فەوتان ف ریشه‌کن شدن، نابودشدن.
کلێسمان: کلەسوبحانی ف بهترین نوع سُرمه.
کڵێسە: کلیسا ف کلیسا.
کڵێشە: ١) بەدەنی بێ‌گیان: (شەیتان چوُتە **کڵێشەیەوە**)؛ ٢) بۆدڕنی لەش لە تارەفەو چڵك ف ١) تن بیجان: ٢) بوی بدِ تن.
کلیل: ١) ئاچەر، شتێ کە قفڵ بکاتەوە؛ ٢) موی سەری لێك‌هاڵاو؛ ٣) قفڵ ف ١) کلید؛ ٢) موی فرفری؛ ٣) قفل.
کڵێڵ: کلیل ف کلید.
کلیل‌بەدەست: برێتی لە خاوەن‌دەسەڵات ف کنایه از همه‌کاره.
کلیل‌دان: قفڵ‌دان، داخستن بەقفڵ‌وکلیل ف قُفل کردن.
کلیلك: کلیلی دارینی کلیلەو گۆڵە ف کلید چوبین.
کلیلکامل: چۆڵەمە ف جناغ سینه.
کلیل‌وکۆم: قفڵی دارینی درگا ف قفل چوبین در.
کڵێڵ‌وکۆم: کلیل و کۆم ف قفل چوبین در.
کلیل‌وگۆڵ: کلیل وکۆم ف قفل چوبین در.
کلیل‌وگۆڵە: کلیل وکۆم ف قفل چوبین در.
کلیلە: رنو، رنی ف بهمن.
کڵێڵە: ١) کلیلە؛ ٢) رەق‌بوُنی دەم: (دەمی **کڵێڵە** بو قسەی بۆ نەکرا) ف ١) بهمن؛ ٢) قفل شدن دندانها.

کلیم: بەڕە، سیپاڵ، ڕایەخی تەنكو كەم‌بایی ف گلیم.
کلێنجە: قلێچە، کلێجە ف دنبالچە.
کلێنچك: قلێچە، کلێجە ف دنبالچە.
کلێنچکە: قلێچە ف دنبالچە.
کم: ١) بەرانبەری زیاد، پیچ، قیچ؛ ٢) بكەم ف ١) اندك؛ ٢) بكنم.
کماخ: کلۆت ف كَفَل.
کمان: پەرژین، چیل ف پرچین.
کم‌بەر: گوڵێکی بەهاریە ف ازگلهای بهاری است.
کمت: ترۆپك، دوند، بەرزترین‌شوین ف قُلّه، اوج.
کمکمە: پیچ‌پیچ ف اندك اندك، بەتدریج.
کمێ: دونبەلان، چمە ف دنبلان.
کن: ١) قنـگ؛ ٢) بەرانبـەری درێژ؛ ٣) لەلا، لەپـەنـا؛ ٤) وشـەی بانگ‌کردنی ژن بۆ خۆشەویستی ف ١) مقعد؛ ٢) کوتاه؛ ٣) نزد؛ ٤) حرف خواندن مهربانانهٔ زن.
کنا: ١) دۆت، قز، قیز، کچ؛ ٢) قول، دیواودەر ف ١) دختر، دوشیزه؛ ٢) سوراخ.
کناچە: ١) کچ؛ ٢) دەنگی پۆڕ ف ١) دختر؛ ٢) صدای درّاج.
کناچەیی: کچێنی ف نگا: کچێنی.
کناچێ: کچ ف دوشیزه.
کنار: داری نەبگ ف درختی است.
کناراو: ئاودەست، مەبال ف مستراح.
کناری: دڕکەزی ف خاربنی است.
کنـارێن: ١) سەرلێواری دەریا؛ ٢) دورەپـەرێز لە خەڵك ف ١) ساحل دریا؛ ٢) کناره‌گیر از اجتماع.
کنتـەنـە: ١) لەش‌خوران؛ ٢) لەش‌خورانـدن ف ١) خارش بدن؛ ٢) خاراندن بدن.
کنج: ١) جلكو كەل‌وپەل؛ ٢) پارچەجلكی لە پشتێن بەرەژوور، کەوا؛ ٣) کرچ، کاڵ؛ ٤) لای نێوان شت ف ١) ملابس، رخت و لبـاس؛ ٢) نیم‌تنه؛ ٣) کال؛ ٤) لایه.
کنجڕ: پەڕۆکۆن، بزگوڕ ف کهنه‌پاره.
کند: کن، بەرانبەری درێژ، قوڵە ف کوتاه.
کنـدر: ١) دەزوی قرقـرە؛ ٢) پەتی لە پرزەی گیا؛ ٣) قنگر ف ١) نخ قرقره؛ ٢) ریسمان الیافی؛ ٣) کنگر.
کندڕ: شوێنێ کە ئاو دای دڕیوە ف جای آب رُفته.
کندردڕك: دڕکێکە ف خاربنی است.
کندرە: کندر ف نگا: کندر.
کندێلە: کندر ف نگا: کندر.
کنر: کندر ف نگا: کندر.
کنسا: خۆ بەدیوار خوراندن ف خود را با دیوار خاراندن.
کنشت: ١) کاویژ، قاویش؛ ٢) پەرسگـای جوولەکە ف ١) نشخوار؛ ٢) معبد یهودیان، کنشت.
کنف: ١) مێشەی پڕی دەس‌نێژ؛ ٢) لوس‌و لێك‌و لەبار ف ١) بیشهٔ انبوه؛ ٢) شیك.
کنك: کن، قول، قوڵە ف کوتاه.
کنگ: قنگ، کن، قن ف مقعد.
کنگ‌دانەوە: ڕونیشتنی بە ئامانەتی ف موقّت نشستن.
کنگ‌دەر: قونـدەر ف کونی.
کنگر: قنگر ف کنگر.
کنگـەجنـۆکە: برێتی لە جێگای زۆر تەنگ‌و تەسك ف کنایه از جای بسیار تنگ و کوچك.
کنگەخشکێ: قونەخشکە ف باسن بر زمین کشیدن.
کنگەخەو: نوستن بە دانیشتنەوە ف نشسته خوابیدن.
کنگەگاز: برین لە پاشڵی ئەسپ‌و بارەبەر ف زخم باسن اسب و دیگر چهارپایان.
کنگەوتلور: لەسەردەم ڕاکشان ف هنگام دراز کشیدن.
کنۆڕك: ١) تێلەکەدڕك؛ ٢) داری دولق بۆ دڕك‌گوێزتنەوە ف ١) پشتهٔ خار؛ ٢) چوب دوشاخه ویژهٔ جابجایی خار.
کنۆڕە: داری دوفلیقانەی دڕك‌خڕکردنەوە ف چوب دوشاخهٔ خار جمع کنی.
کنۆژ: ڕژد، چکوس، چکود، دەس‌قوچاو ف خسیس.
کنۆس: ڕژد، کنۆژ ف خسیس.
کنۆشك: ڕەنگی پەمەیی، سووری کاڵ، چێرەیی ف صورتی.
کنۆشە: گزگ، گەسك، گێزگ ف جارو.
کنە: ١) کاری زۆرو بەدەوام؛ ٢) وشەی دواندنی کچ؛ ٣) دانەوەی‌زەوی؛ ٤) تۆژینـەوە ف ١) کار زیاد و پیوستـه؛ ٢) کلمـهٔ نوازش خطاب به دختر؛ ٣) زمین را کندن؛ ٤) کندوکاو.
کنەك: خێشکی کلۆش کێشان ف ابزار ساقه‌کشیدن سر خرمن.
کنه‌کردن: کوڵینەوە، تۆژینەوە ف کاوش، جستجو.
کنەوە: ١) پروشەکردن لە خواردن؛ ٢) کوڵینەوە؛ ٣) زۆر کۆششت کردن لە کاردا ف ١) بی‌اشتها و آهسته خوردن؛ ٢) کاوش؛ ٣) سعی بسیار در کار.
کنێر: ١) ناوی دو جۆر دارە. یەکی بەدڕك یەکی بێ‌دڕك؛ ٢) گیایەکـە گوڵی جوانی هەیە؛ ٣) قونێر، کوانێکە لەجێگەی خراب دێت ف ١) نام دو درخت خاردار و بی‌خار؛ ٢) گیاهی است با گلهـای زیبـا؛ ٣) دُملی که در ناحیهٔ مقعد باشد.
کنێروڵك: گیای کنێر ف گیاه «کنێر».
کنـێرە: ١) داری کنـێری بێ‌دڕك؛ ٢) گیای کنێر ف ١) درخت «کنێر» بی‌خار؛ ٢) گیاه «کنێر».
کنیواڵ: گیایەکی چیایە ئەخورێ، کوڕادە ف گیاهی است کوهی تره‌مانند.
کۆ: ١) زۆرشت پێکەوە؛ ٢) پیرو، پیرۆ؛ ٣) نەخۆشیەکی چاوی‌ئاژەڵ؛ ٤) تۆپـەڵی خرمـانی سوور؛ ٥) چیا؛ ٦) سڵی، ڕەوەکی: (ئـەم ئەسپە **کۆ** دەکـا)؛ ٧) ڕەنگی عابی ئاچـخ؛ ٨) ناوی شارێکە لە کوردستان؛ ٩) پاشگری پچوك‌شاندان: (حەسەنکۆ، لاوکۆ)؛ ١٠) کام جێ: (بۆ **کۆ**

بچم؟)؛ ۱۱) خەفەت. بە شوێن *کوڵ‌دادێت* : (کوڵو **کوٚم** زوٚرن)؛ ۱۲) کول، نەبڕ، دژی تیژ؛ ۱۳) جقات، لێك‌کوٚ بوُنەوە؛ ۱۴) بەڵکە، شایەتا ف ۱) جمع؛ ۲) ستارهٔ ثریّا؛ ۳) نوعی بیماری چشم بز و گوسفند؛ ۴) تودهٔ خرمن پاك کرده؛ ۵) کوه؛ ۶) رموکی؛ ۷) رنگ آبی روشن؛ ۸) نام شهـری در کردستان؛ ۹) پسوند تصغیر؛ ۱۰) کجا؛ ۱۱) اندوه؛ ۱۲) کُند، مخالف تیز؛ ۱۳) اجتماع؛ ۱۴) بلکه، شاید.

کوُ: ۱) چلوٚن، چوٚن، چاوان؛ ۲) کام‌جێ؛ ۳) کە: (**کـو** ئەڤها بت)؛ ۴) چیا، کێف، کێو؛ ۵) کوٚلەکە، کدو ف ۱) چطور؛ ۲) کجا؛ ۳) که؛ ۴) کوه؛ ۵) کدو.

کوا: ۱) لەکام جێ‌یە؟؛ ۲) کامەیە؟ ف ۱) کجا است؟؛ ۲) کدام است؟.

کواتر: کوٚتر، کەموتەر، کەڤوٚك ف کبوتر.

کواڕ: ۱) دەفـری گەورەی گڵینی دەخـڵو ئارد؛ ۲) پلوٚرەهـەنـگ، خەڵیفەمێش ف ۱) کندوی غلّه؛ ۲) کندوی زنبور عسل.

کوارگ: قارچ، کارگ، کڤارگ ف قارچ.

کوارە: ۱) کواڕ؛ ۲) باجی ئاغا لەسەر خەڵیفەمێشان ف ۱) کندوی غلّه؛ ۲) سهم ارباب از عسل رُعایا.

کواکو: زوٚر زیاد ف فراوان.

کوان: ۱) دومەڵ؛ ۲) قول، کنا؛ ۳) لە کام جێگەن؟؛ ۴) کامانەن؟ ف ۱) دُمَل؛ ۲) سوراخ؛ ۳) کجایند؟؛ ۴) کدامند؟.

کواناکەش: کوٚڵەوەژ ف نیم‌سوز تنور.

کوانك: تفك، ئاگردان ف اجاق.

کوانگ: کوانك ف اجاق.

کوانو: کوانك ف اجاق.

کوانێ: ۱) لە کام شوێنە؟؛ ۲) کامەیە؟ ف ۱) کجا است؟؛ ۲) کدام است؟.

کوانی‌خورما: دومەڵێکە لە دەمو چاو دێت تا ساڵێك چاك نابێتەوە ف سالك.

کواوا: گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کوای: ۱) لێدان؛ ۲) لە کام شوێنی؟ ف ۱) زدن؛ ۲) کجا هستی؟.

کوایش: ۱) دارکاری کردن؛ ۲) نەقیزەتێ‌وەژاندن ف ۱) چوبکاری؛ ۲) سیخونك زدن.

کوبار: ۱) مروٚی بەحورمەت، بەڕێز؛ ۲) سەرەتای‌هەرشتێ لە بەروبوٚی زەمین ف ۱) باوقار، محترم؛ ۲) سرآغاز بهره‌دادن زمین.

کوباری: کوبار، نوٚبەرە ف نوبر.

کوٚباژێڕ: بازاڕی بەشەریکی چەند کەسێك ف بازار مشترك.

کوٚبایی: نرخی بەجوملەفروٚشی ف نرخ عمده‌فروشی.

کوبڕا: ناوی ژنانە ف نام زنانه.

کوٚبوُن: لێك‌خڕ بوُنەوە ف جمع شدن.

کوٚبوُنەوە: لێك‌خڕ بوُنەوە ف جمع شدن.

کوٚبە: قەراغی دادرواو ف سجاف.

کوٚپ: ۱) دوندی چیا، تروٚپکی کەژ؛ ۲) بالاترین شوێن ف ۱) قلهٔ کوه؛ ۲) اوج.

کوُپ: ۱) فینـجـان؛ ۲) دەفـری دەم‌ئاواڵـە لە سواڵـەت؛ ۳) کپ، بێدەنگ‌ومات ف ۱) فنجان؛ ۲) خُم؛ ۳) بی‌سر وصدا.

کوٚپابەخت: ئەوپەڕی بەختەوەری ف نهایت خوشبختی.

کوٚپار: ۱) تێلای سەرنەستوُر؛ ۲) دوُگی وشتر ف ۱) چو بدست سرگنده، چماق؛ ۲) کوهان.

کوٚپارە: ۱) زوٚپایی ملی گا؛ ۲) ناوچیا؛ ۳) دوُگی وشتر ف ۱) برامدگی پشت گردن گاو؛ ۲) کوهساران؛ ۳) کوهان شتر.

کوٚپاڵ: ۱) کوٚپار، تێلای سەرنەستوُر؛ ۲) داردەستی سەرچەماو، گوٚچان ف ۱) چماق سرگنده؛ ۲) چوگان.

کوٚپان: پاڵان ف پالان.

کوٚپـانـە: ۱) زەقـایی ملی گا؛ ۲) جوٚرێ نەخـوٚشی وڵاخـەبەرزە؛ ۳) تیـسکەخوری سەرپشتی حەیوان کەنای‌بڕنەوە؛ ۴) دوُگەوشتر ف ۱) برجستگی پشت گردن گاو؛ ۲) نوعی بیماری ستور؛ ۳) پشمی که بر پشت گوسفند می‌ماند و چیده نمی‌شود؛ ۴) کوهان شتر.

کوٚپتـان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کوٚپێك: پیلوُی چاو ف پلك چشم.

کوٚپڵ: لاوازو داڵگوٚشت ف لاغر مردنی.

کوپ‌لخ: سێ‌پایەی کوُپەئاو لەسەردانان ف سه‌پایهٔ خم آب.

کوٚپنگـە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کوُپـە: ۱) کوُپ، دەفـری زەلامی سواڵـەتی؛ ۲) کوٚگیای لەسـەریەك دانـدراو؛ ۳) کەڵـەشـاخی حەجـامات؛ ۴) خاڵێکی سوُرە لە پەڕی قومارداف ۱) خُم؛ ۲) توده گیاه درویده؛ ۳) شاخ حجامت‌گیری؛ ۴) خالی در ورق‌بازی، دل.

کوٚپەڕ: پوشپەڕ، جەنگەی گیادروُن ف موسم دروگیاه.

کوٚپەڕە: ئەستوُرایی دەورەی شت ف قُطر.

کوُپەرە: کوُپەی پچوُگ، بستوگە ف خُم کوچك.

کوٚپـەك: ۱) بەری داربـەڕوُ؛ ۲) تروٚپکی چیا؛ ۳) قارەمـان ف ۱) ثمر بلوط؛ ۲) قلّهٔ کوه؛ ۳) قهرمان.

کوٚپەلان: پالان، کوٚپان ف پالان.

کوُپەلوٚکە: کوُپەی زوٚر پچوُك ف خُم بسیار کوچك.

کوُپەلە: ۱) کوُپەی پچوُك؛ ۲) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) خُم کوچـك؛ ۲) نام روستـایی در کردستـان که توسط بعثیان ویران شد.

کوٚپەلێن: پالان، کوٚپان ف پالان.

کوپیان: هێدی، ئارام ف آرام.

کوٚپیتە: پوٚپە ف تاج خروس و مرغ.

کوپین: ئارام‌گرتن، هەدادان ف آرام گرفتن.

کوت: ۱) پاژ، پارچە؛ ۲) لێدان، قوت، قوتان؛ ۳) وشەیەکە لە هەڵبژاردنی تاکێك بوٚ بازی:(شیرو **کوت**)؛ ۴) پاشگـری بەواتـا: کەسێ کە

دەقوتێ؛ ٥) حینچکە؛ ٦) کەسێ کە لەبەر ماندویی یان لێدان لە کار کەوتبێ: (هێندی لێداوە شەلو **کوتی** کردوە)؛ ٧) کوڵ لە لاق یان لە دەست [ف] ١) قطعـه؛ ٢) زدن؛ ٣) اصطلاحی در بازی؛ ٤) پسوند به معنی کوبنده؛ ٥) کلەزدن هنگام جماع؛ ٦) کسی کە دراثر خستگی یا زدن از کار افتاده باشد؛ ٧) قطع انگشت دست یا پا.

کۆت: ١) پاسەوان؛ ٢) داری ئەستۆری قاچی زیندانی؛ ٣) بن خرمان؛ ٤) پوشو کا: (کاو **کۆت**)؛ ٥) داری ئەستور بۆ ملی گاو کەڵی غلۆر؛ ٦) جلکی لەپشتێن بەرەژۆری ئوروپـــایی: (**کـــۆت**و شاڵـوار)؛ ٧) گۆرانیو لاوکی بەسۆزە؛ ٨) سەر بێ کڵاو، قوت؛ ٩) چەپەر، درگای لەشوڵ چنراو [ف] ١) پاسبان؛ ٢) کندهٔ پای زندانی؛ ٣) ته خرمن؛ ٤) خس و خاشـــاك؛ ٥) کنـــدهٔ آویزان به گردن حیوان یاغی؛ ٦) کت پوشیدنی؛ ٧) آواز؛ ٨) بی کلاه؛ ٩) پرچین.

کوُت: ١) پەینی زرعات؛ ٢) وشەی بانگ کردنی سەگ [ف] ١) کود؛ ٢) واژه‌ای برای صدازدن سگ.

کوتا: ١) کنك، کن، قوڵ؛ ٢) دوماهی [ف] ١) کوتاه؛ ٢) پایان.

کۆتا: ١) کوتا؛ ٢) بۆکوێ؟؛ ٣) کوێ؟، کوێندەرێ؟؛ ٤) وردکراو [ف] ١) نگا: کوتا؛ ٢) بەکجا؟؛ ٣) کجا؟؛ ٤) خُردشده.

کۆتابوُن: خەلاس بوُن [ف] پایان یافتن.

کوتار: کۆتەرە، بارستایی بەژنی دار [ف] قطر درخت.

کۆتاسی: دوماهی، ئاخری [ف] پایانی.

کۆتاك: پەچەمەڕ [ف] خوابگاه گله دردشت.

کوُتاڵ: کاڵا، شرەوبرەی بازرگانی [ف] کالا، قماش.

کوُتاڵفرۆش: بەزاز [ف] بزّاز.

کۆتاڵە: باوەعەمرە، چڵەنۆك [ف] کوتوله.

کوتان: ١) لێدان بە دار؛ ٢) وردکردن بە نهێم؛ ٣) پەڕینی نێر لە مێوینە، گان؛ ٤) دەرزی لێدانی ئاوڵە؛ ٥) دەرزی ئاژن بۆ خاڵ لەپێست کردن؛ ٦) جۆرێ گاسنی دەمپان [ف] ١) کتـك‌زدن؛ ٢) کو بیدن در هاون؛ ٣) جماع؛ ٤) مایەکوبی، واکسیناسیون؛ ٥) خال‌کوبی؛ ٦) نوعی گاوآهن.

کۆتـان: ١) زنـج؛ ٢) جێ پوُشو پاری پاوان؛ ٣) دارێکـە لە ملی گای غلۆری دەکـەن؛ ٤) زەمینی زۆر سەخت لە کێڵان؛ ٥) جوُت بە زۆر جوُتەگایان؛ ٦) پەچەمەڕ [ف] ١) دیوار ترکه‌ای برای نگهداری دام؛ ٢) مرتع خصوصی؛ ٣) کندهٔ گردن گاو؛ ٤) زمین سخت در شخم‌زدن؛ ٥) شخم با گاوهای متعدّد؛ ٦) شبغاز.

کوتـانـدن: ١) بە دار کوتان؛ ٢) کوتانی ئاوڵە؛ ٣) کوتانی خاڵ [ف] ١) کوبیدن؛ ٢) مایەکوبی؛ ٣) خالکوبی.

کوتاندنەوە: ١) توند داکوتانی پۆی کر؛ ٢) بە بێڵ کوتانی سەربانو... [ف] ١) باشانه کوبیدن پود قالی؛ ٢) با بیل کوبیدن.

کۆتانك: زنج [ف] جای نگهداری دام با دیوارهٔ چوبی.

کوتانن: کوتاندن [ف] نگا: کوتاندن.

کوتاننەوە: کوتاندنەوە [ف] نگا: کوتاندنەوە.

کوتانەچاو: بەچاودادانەوەی چاکە [ف] نیکی را به رخ کشیدن.

کوتانەماوش: خەرکەوان کێشان [ف] ابزارکمانهٔ غربال کشیدن.

کوتانەوە: ١) کوتاندنەوە؛ ٢) دوبارە کوتان [ف] ١) نگا: کوتاندنەوە؛ ٢) بازکوبیدن.

کۆتاهاتن: ١) کنك بوُن، پێ نەگەیشتن؛ ٢) قسوُرکردن؛ ٣) دانەواندن [ف] ١) کوتاه‌بودن، نرسیدن؛ ٢) کار را تمام نکردن؛ ٣) کوتاه‌آمدن.

کۆتاهی: ١) کنکی؛ ٢) قسوُر [ف] ١) کوتاهی؛ ٢) تقصیر.

کۆتایی: کۆتاهی [ف] نگا: کۆتاهی.

کوتپێوەدان: ژەنین، حینچکەلێدان [ف] کلەزدن دروقت جماع.

کوتتڵك: ١) کوتیلك، کفتـەی ساوارو قیمـە؛ ٢) توتکـەسەگ، گجوُك: (گورکو پیردبە، **کوتتڵك** حەنەکا پێدکن) «مەسەل» [ف] ١) کُتلت؛ ٢) تولەسگ.

کوتتە: کفتە، کوفتە [ف] کوفته.

کوتتین: خاڵ لەلەش کوتان [ف] خالکوبی.

کوتدان: کوتپێوەدان [ف] کلەزدن در جماع.

کوُتدان: پەین بەبن‌زرعاتەوەکردن [ف] کوددادن کشت.

کوتر: ١) چاوکز: (کوێر و **کوتر**)؛ ٢) کن، کنك، قوڵە [ف] ١) چشم کم‌سو؛ ٢) کوتاه.

کۆتر: کابۆك، کاڤۆك [ف] کبوتر.

کوتـران: ١) کفتی لەئـەندامدا؛ ٢) لێدران بە دار؛ ٣) وردکران بە شتی قورس [ف] ١) کوفتگی اعضاء؛ ٢) کتك‌خوردن؛ ٣) کوبیده‌شدن.

کۆترباز: خاون کۆتر، کەسێ کابۆکا خۆدی دکا [ف] کبوتر باز.

کۆترخان: شوێنێ کە کۆتری زۆری تێدایە [ف] جای نگهداری کبوتران.

کۆتـرمـە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کۆتـرە: ١) داری نێوان ئەستـوندەكو داری سەربان؛ ٢) دیرەك [ف] ١) چوب رابط ستون و دیرك بام؛ ٢) دیرك.

کۆترهاتن: کۆتاهاتن، کۆتابوُن [ف] پایان یافتن.

کۆترەباریکە: باڵدارێکە لە کۆتر بچوُکتر [ف] قمری، یاکریم.

کۆترەبەرجیلە: کۆترەباریکە [ف] قمری.

کۆترەشینە: جۆرێ کۆتری قەڵەو لە کوتری تر زلترەو لە جیا دەژی [ف] کبوترچاهی.

کۆترە کێویلە: کۆترەشینە [ف] کبوترچاهی.

کۆترە گایلکە: کۆترەشینە [ف] کبوترچاهی.

کۆترە گایە: کۆترەشینە [ف] کبوترچاهی.

کوتش: کوتان‌بەدار، دارکاری کردن، قوتان [ف] چوبکاری.

کۆتش: ١) کرتاندن وەك مشك؛ ٢) کەوت بەسەرزا؛ ٣) کەوتەناو، چوُەژوُر [ف] ١) خاییدن؛ ٢) بر زمین افتاد؛ ٣) داخل شد.

کوتك: ١) پتك؛ ٢) کۆپار؛ ٣) توتکەسەگ [ف] ١) پتك؛ ٢) چماق؛ ٣) تولەسگ.

کۆتـك: ١) کاسەی دارینی زل کە چوار کیلۆو نیو گەنم دەبا، ربە؛ ٢) پێشـــەی زرانی؛ ٣) پیاڵـە [ف] ١) کاسـهٔ بزرگ چوبی به گنجـایش چهارکیلو و نیم گندم؛ ٢) کاسهٔ زانو؛ ٣) پیاله.

كوتْك زاى: توتكەسەگ ف تولەسگ.

كوت كردن: پارچەكردن ف قطعەقطعەكردن.

كوُت كردن: ۱) پەین‌دان بە زرعـات؛ ۲) وشـەیەكـە لە كایەدا ف ۱) كوددادن؛ ۲) اصطلاحی در بازی.

كوّت كرن: بەسوّزە گوّرانی‌وتن ف آوازخواندن.

كوت كوت: پارچەپارچە ف قطعەقطعە.

كوُت كوُت: بانگ لەسەگ‌كردن ف سگ را صدازدن.

كوتكوتوّك: داركوتكە، دارتەقنە ف داركوب.

كوتكوتوّكیّ چینْك: جوّریّ داركوتكە ف نوعی داركوب.

كوتكوتوّكیّ كەسك: جوّریّ دارتەقنە ف نوعی داركوب.

كوت كوتە: پارچەپارچە ف قطعەقطعە.

كوّتكە: بادی زلو فرەوان ف كاسهٔ چو بین بزرگ و گشاد.

كوتكە: توتكەسەگ ف تولەسگ.

كوتل: كفتەی ساوار ف كوفتهٔ بلغور.

كوّتل: ئەسپیّ كەلە تازیەدا دەیگیّرن ف اسبی كـه در عزاداری می گردانند.

كوتلك: كوتل ف كوفتهٔ بلغور.

كوتلوك: ۱) تروّپكی دار، چلّوّك؛ ۲) بەچكەی‌لاور، بیّچوی جانەوەری درّندە ف ۱) بالاترین نقطهٔ درخت؛ ۲) بچّهٔ جانور درّنده.

كوت‌لیّ‌دان: كوت‌پیّوەدان ف كلەزدن در جماع.

كوّتمە: داری گەورە بوّ سوُتاندن ف كندهٔ هیزمی.

كوتن: ئاخافتن ف گفتن.

كوّتن: ۱) كرّوُساندن؛ ۲) كروّشتن ف ۱) زدودن گوشت از استخوان؛ ۲) كلوچیدن.

كوتوپرّ: لەپرّ، بیّ ئاگاداری پیّشو، كتوپرّ ف یكهو، ناگهانی.

كوتوكەش: هەراو زەنای كوّمەلّ، قەرەبالّغ ف همهمه، ولوله.

كوتومت: كتومت ف عیناً.

كوتومزرەقی: كتوپرّ ف یكهو.

كوتە: ۱) قول، كنا؛ ۲) قونچكی میوە؛ ۳) چلّكدانی توند: (دلّە كوتەمە)؛ ۴) دەنگی كوتان: (ئەوە كوتەی چی‌یە؟)؛ ۵) لیّدانی رەگ؛ ۶) قسەی خەلّك؛ ۷) بەفـری پستواو؛ ۸) شویّنی شویّنەونكەی كەرویّشك؛ ۹) گوّنجەی‌ئاو، نوّیّن ف ۱) سوراخ؛ ۲) دُمچهٔ میوه؛ ۳) تپش؛ ۴) صدای كوبیدن؛ ۵) نبض؛ ۶) شایعه؛ ۷) برف انباشته؛ ۸) محل ردگم كردن خرگوش؛ ۹) آبرَو.

كوُتـە: ۱)قـەزوان‌و توّمی پیّكـەوە كوتـراو؛ ۲) توتـەسـەگ؛ ۳) جوّریّ‌خەیاری‌دریّژ ف ۱) نانكش و تخمهٔ باهم كوبیده؛ ۲) تولەسگ؛ ۳) نوعی خیار.

كوّتـە: ۱) قەدی دار؛ ۲) كوّتی قاچی زیـندانی؛ ۳) داریّ كە قەسـاب گوّشتی لەسـەر ورد دەكـەن؛ ۴) دەزگای پینـەچی؛ ۵) گونـدیّكی كوردستانە بەعسی كاولی كرد ف ۱) تنهٔ درخت؛ ۲) كندهٔ پای زندانی؛ ۳) تختـەسـاطـور قصّاب؛ ۴) دستگاه كفشدوز؛ ۵) نام روستایی در كردستان كه توسط بعثیان ویران شد.

كوتەر: ۱) كن، كنْك، كوّتا؛ ۲) كەسیّ كە ئەكوتیّ؛ ۳) بزگور، شرّ، درّاو ف ۱) كوتاه؛ ۲) كو بنده؛ ۳) كهنەپاره.

كوّتەر: ۱) گەردن‌بەند، گەردانە، ملوانەی خشلّ؛ ۲) ئەستوُرایی دار؛ ۳) كوتـرەكیّویلە؛ ۴) كاكـوّلّ‌كورتەوەكراو؛ ۵) موی قرخی سەر ف ۱) گردنبند زینتی؛ ۲) قطر درخت؛ ۳) كبوترچاهی؛ ۴) كاكُل بریده؛ ۵) موی كم رشد سر.

كوّتەرگە: بریّتی لە گەردنی پرّخشلّ‌و خەملّ ف كنایه از گردن پر از زیورآلات.

كوّتـەرە: ۱) قەدی دار؛ ۲) بارستی ئەستـوُرایی دەورەی هەرشتیّ؛ ۳) بزوُت؛ ۴) بالّندەی بالّ‌قەیچی‌كریاگ ف ۱) تنهٔ درخت؛ ۲) قُطر؛ ۳) نیمسوز؛ ۴) پرندهٔ بال قیچی شده.

كوّتەری: جوّریّ گندوّرەی زوّرشیرین ف نوعی خر بزهٔ شیرین.

كوتەسیزە: قولی دەرزی، كنای دەرزی ف سوراخ سوزن.

كوّتـەشكیّن: ئەستیّولكیّ كە داری نیوەسوُتـاوی پیّ هەلّگیّروەرگیّر دەكەن ف آهن ویژهٔ نیمسوز تكان دادن.

كوتەك: تیّلا، كوّپار ف چماق، كدینه.

كوّتەك: زوّردار، كەسیّ كە بەملهوّری كاربەخەلّك دەكا ف گردن كُلُفت.

كوتەكوت: ۱) دەنگی كوتان لەسەریەك؛ ۲) كوت‌پیّوەدان؛ ۳) دەنگی پت‌دان؛ ۴) كوُت‌كوُت؛ ۵) پارچەپارچە قوماش ف ۱) صدای كو بیدن پیاپی؛ ۲) كلەزدن در جمـاع؛ ۳) صدای تپش رگ؛ ۴) صداكـردن سگ؛ ۵) پارەپارە قماش.

كوتەكەلّە: سوالّەتەلەت ف شكستەهای سفال.

كوتەكی: پرّو تەژە: (دوباری **كوتەكی** باركرد) ف پُر و آكنده.

كوّتەكی: بەزوّری، بەملهوّری ف با گردن كُلُفتی.

كوّتەلّ: ۱) ئەسپیّ كە لە تازیەدا دەیگیّرن، كوّتل؛ ۲) دوّلاّشی لەبەرد؛ ۳) سەركـویّرز؛ ۴) دوّلاّش بەگشتی؛ ۵) دارستانی چوغور؛ ۶) خرّكەلّەو جوانكیلە؛ ۷) كوّترەباریكە؛ ۸) پەیكەر بوّمردگی ئازیز؛ ۹) گوندیّكی كوردستانە بەعسی كاولی كرد ف ۱) اسبی كە در ماتم می گردانند؛ ۲) ناوسنگی آسیا؛ ۳) سركوزر؛ ۴) ناوآسیا عموماً؛ ۵) جنگل انبوه؛ ۶) كوچـولـوی تپـل و خوشگـل؛ ۷) قمری، یاكریم؛ ۸) كُتَل؛ ۹) نام روستایی در كردستان كه توسط بعثیان ویران شد.

كوُتەل: دوّلاّش ف ناوآسیا.

كوّتەلّ‌بوُن: قەلّەوبوُن‌و بەكەیف‌هاتنی زاروّك ف چاق و شاداب بودن كودك.

كوتەلّە: توُتەلّەسەگ ف تولەسگ.

كوتەن: كوتان، داركاری‌كردن ف چوبكاری.

كوتەنی: ۱) شیاوی كوتن؛ ۲) وەك كوتوُیە: (عارەب **كوتەنی**) ف ۱) سزاوارگفتن، گفتنی؛ ۲) چنانكه گفته.

كوتی: ئاخافت ف گفت.

كوّتـی: ۱)پـیس، چەپـەلّ؛ ۲) بیّ‌ئاكـار، بیّ‌ئاكـار، بیّ‌فەرّ؛ ۳) نەخوّشی‌بەلّەكی؛ ۴) گولی؛ ۵) بوّكویّ؟؛ ۶) لەكویّ؟ ف ۱) پلید؛ ۲) هرزه و بی‌ارزش؛ ۳) بَرَص؛ ۴) جُذام؛ ۵) بەكجا؟؛ ۶) از كجا؟.

کوُتی: ۱) بەڵەکی؛ ۲) گولی؛ ۳) سەگ ف ۱) بَرَص؛ ۲) جُذام؛ ۳) سگ.

کوتیاگ: ۱) بەکوتـك کوتراو؛ ۲) وردکراو: (لەهاونا **کوتیاگە**) ف ۱) کوبیده با پتك؛ ۲) کوبیده در هاون.

کوتیان: ۱) کوتان؛ ۲) ئاخافتن، پەیڤین ف ۱) کوبیدن؛ ۲) گفتند.

کوُتێك: بەروُڵەی تازە: (خەیارە **لکوُتێکێ** دیارە) ف خیار نو برآمده از بوته.

کوُتیکوْ: قسەی سوُك ف سخن رکیك.

کوتیل: کاسەی زرانی ف کاسهٔ زانو.

کوتیلك: کوتلك ف کوفتهٔ بلغور.

کوتیله: نازناوی زاروْی خوْشەویست ف لقب بچهٔ نازنازی.

کوْتیله: دەوەنێکە ف درختچه‌ایست.

کوْج: ۱) قفل، گوْڵە؛ ۲) ئاڵقەی قفڵ پێداکردن بوْداخستن ف ۱) قُفل؛ ۲) حلقه‌ای که قفل را در آن کنند.

کوْجا: لەکویێ؟، لەکوێندەرێ؟ ف از کجا؟

کوجامەرحەبا: چی بەسەر چییەوەیە؟، چوْن رێك دەکەوێ؟ ف چه ربطی دارد؟، چگونه امکان دارد؟

کوجُك: گوْشە، سوُچ ف کُنج، زاویه.

کوْجەڵـە: ۱) کاسـەی چکـوْڵـەی قوُڵ لە دار؛ ۲) قوُڵکەقورێ کە بە دارەبـەنیەوە دەنێن بوْ بنێشت تێ‌چوُن ف ۱) کاسـهٔ چوبی کوچك و ژرف؛ ۲) حوضچه‌ای گِلی که به درخت بنه می‌چسبانند.

کوُجی: رارەوی تەنگ لە ناو دو رێزەخانودا ف کوچه.

کوْجیله: کاسەیچکوْڵەی دار ف کاسهٔ کوچك چوبین.

کوجیله: ۱) دەرمـانێکـە جانـەوەری پێ دەرمـانداو دەکرێ؛ ۲) گیای باقەبێن ف ۱) دارویی است سمّی برای کشتن جانوران؛ ۲) گیاه بسته‌بند.

کوچ: ۱) خڕکەبەرد؛ ۲) شەپڵەلێدراو ف ۱) قلوه‌سنگ؛ ۲) فَلَج، لمس.

کوْچ: ۱) شەپڵەلێدراو؛ ۲) کوتن، ئاخـافتن؛ ۳) بارکردن لە ئاوایی؛ ۴) بڕشتێ لە داری ئەستوُر؛ ۵) نێریوبەرانی بێ‌شاخ ف ۱) لمس، فَلَج؛ ۲) گفتن؛ ۳) کوچ؛ ۴) برشی از کنده درخت؛ ۵) بز و گوسفند بی‌شاخ.

کوُچ: ۱) کەسێ ئەنگـوستی لە پێنج کەمترە؛ ۲) کەسێ کە ئەنگوستی پێکـەوە چەسپـاوە؛ ۳) کوْڵە، بێ‌شاخ ف ۱) آدم ناقص انگشت؛ ۲) آدمی که انگشتانش بهم چسبیده؛ ۳) حیوان بی‌شاخ.

کوچاك: ئالاش ف ترکه‌های سقف‌پوش، انبیره.

کوْچا: لە ئاوایی باری کرد ف کوچید.

کوْچاڵ: چالایی لە چیادا ف چاله در کوه.

کوْچان: ۱) بارکردن لە ئاوایی؛ ۲) خێلاتی کوْچەران کە هوْزێکی کوردە لەژێر دەستی ترکان ف ۱) کوچیدن؛ ۲) از طوایف کُردزبان.

کوْچاو: بارکراو لە ئاوایی ف وادار به کوچ شده.

کوْچاوکوْچ: رەوەندێ کە چەند جار جێ زوْزان دەگوْرێ ف چادرنشینی که از ییلاقی به ییلاقی دیگر می‌رود.

کوْچای کوْچ: کوْچاوکوْچ ف نگا: کوْچاوکوْچ.

کوچ‌قولێپ: لێقەوماو، بەدبەخت‌و ماڵوێران ف بیچاره و خانه‌خراب.

کوچـك: ۱) بەرد؛ ۲) تفـك، کوانـو، کوانگ؛ ۳) چکوْڵە؛ ۴) دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف ۱) سنگ؛ ۲) اجاق؛ ۳) کوچـك؛ ۴) دو روستـا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.

کوْچك: ۱) سەرپوْشێکە بوْ زاروْك‌و هێندێ ژنان؛ ۲) سەگ؛ ۳) کوْشك، قەسروسەرسەرا؛ ۴) کەفچی، کوچکانی، قەڵماسك ف ۱) سرپوشی برای کودکان و زنان؛ ۲) سگ؛ ۳) قصر؛ ۴) فلاخن.

کوچکاور: سێ بەردەی ئاگردان ف سنگ اجاقدان.

کوچکتاش: بەردتاش ف سنگتراش.

کوچـك‌چن: ۱) کەسێ کە لە نیشکـەبـەردانـان زانـایە؛ ۲) دیواری نیشکەبەرد ف ۱) استادکار سنگچین؛ ۲) سنگچین.

کوْچ کردن: کوْچان ف کوچ کردن.

کوچکڕەش: برێتی لە شوُم، بێ‌فەڕ، جوت‌قوْشە، جوت‌موْر ف کنایه از نحس، شوم.

کوچکڕێژە: بەردەشوُشە ف سنگ شیشه.

کوچـك‌نەخشینـە: گونـدێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

کوچکوچ: بانگ‌لەسەگ‌کردن ف صدازدن سگ.

کوچکوْك: بیچکەڵە، بوُچك، پچوُك ف کوچك.

کوچکوکوانگ: تفك، کوانگ ف اجاق.

کوچکوکەڵەك: قەڵاقوُچکەبوُنی بەرد لە سەرێەك ف سنگهای برهم انباشته.

کوچك‌وەتەمیش: ناویگوندێکە ف نام روستایی است.

کوچکـــە: ۱) بەردی کوانـــو؛ ۲) کوْلانێ کە دەرنـاچێ؛ ۳) نیشـانی ئەفسەری کەم‌پایە ف ۱) سنگ اجاق؛ ۲) کوچهٔ بُن‌بست؛ ۳) نشانِ افسر دون پایه.

کوْچکە: ۱) کوْچك، سەرپوْشی زاروْك‌و ژنان؛ ۲) لەتەری ناو سەرپوْش بوْ ڕاوی پاساری بە شەوارە؛ ۳) کەوچك، مێلاك ف ۱) سرپوشی برای کودکان و زنان؛ ۲) چراغ حباب‌دار ویژهٔ شکار شبانهٔ پرنده؛ ۳) قاشق.

کوچکەسان: بەردی تیخ‌تیژکردن ف فسان، سوهان.

کوچکەهەسان: بەردەسان ف سوهان.

کوْچڵە: شوێنی ئاوبەش کردن بوْ برنجەجاڕ ف جای تقسیم آب شالیزار.

کوْچڵەبـەست: دابەش‌کردنی ئاو بوْ سەر چەڵتوُك‌جاڕ ف تقسیم کردن آب در شالیزار.

کوْچ‌مێش: ۱) خەڵێف، پلوُرە؛ ۲) شڵخە، پوُرە ف ۱) کندوی عسل؛ ۲) نسل نوین زنبوران عسل.

کوچوْ: وتەی سەگ‌بانگ‌کردن ف لفظ خواندن سگ.

کوْچوبار: بارەبار ف کوچیدن و بارکردن.

کوچوشاغی: تیرەیەکە لە هوْزی شێخ‌حەسەن لە کوردستانی بەردەستی

ترکان ف از طوایف کُردزبان.

کۆچوماڵ: کۆچو بار ف کوچیدن و بار کردن.

کوچوله: ١) ژاره‌ماسی؛ ٢) گیاباقه‌بێن ف ١) گیاه زهرماهی؛ ٢) گیاه بسته‌بندی.

کوچوڵه: کوچوله ف نگا: کوچوله.

کۆچه: ١) جۆرێ هه‌نجیر؛ ٢) قوژبن، سوُچ، ٣) زۆران، زۆره‌واتی ف ١) نوعی انجیر؛ ٢) گوشه، زاویه؛ ٣) کُشتی.

کوُچه: کوُجی ف کوچه.

کوچه‌ر: ده‌ست یان پا سه‌قه‌ت ف از دست یا پا معلول.

کۆچه‌ر: ره‌وه‌ند، خێڵات ف کوچنده.

کۆچه‌راتی: سه‌ر به ڕه‌وه‌ند ف از ایل کوچنده.

کۆچه‌ران: ١) ره‌وه‌ندان؛ ٢) ئاگرخۆش که‌ری ناو گۆڕك ف ١) کوچ نشینان؛ ٢) آتشبان.

کۆچه‌ری: کۆچه‌راتی ف از ایل کوچنده.

کۆچه‌ك: ١) پله‌یه‌ك له پیاوی ئاینی یه‌زیدی؛ ٢) شه‌که‌رۆکه؛ ٣) تالاش، هه‌لاش ف ١) لقب روحانی یزیدی؛ ٢) بچهٔ رقّاص قهوه‌خانه؛ ٣) انبیره.

کوُچه‌ك: سه‌گ ف سگ.

کۆچه‌کاو: جۆرێ هه‌نجیر ف نوعی انجیر.

کۆچه‌که: کۆچکه ف نگا: کۆچکه.

کۆچه‌کی: ١) هه‌ڵپه‌ڕینی زۆر خێراو توند، سێ‌جرتێ؛ ٢) گۆرانی بۆ هه‌ڵپه‌ڕکێ زۆر توند ف ١) رقص بسیار پرجُنبش؛ ٢) ترانهٔ همراه با رقص پُر جُنبش.

کۆچه‌گر: زۆره‌وانی‌گر، ملانێ‌که‌ر ف کُشتی‌گیر.

کوچه‌لان: ئاگرخۆش که‌ری ناو گۆڕك ف آتشبان.

کۆچه‌ڵکۆچ: کۆچاوکۆچ ف نگا: کۆچاوکۆچ.

کۆچه‌ڵه: ١) بیر، چالاو؛ ٢) کۆجیله؛ ٣) کۆچڵه ف ١) چاه آب؛ ٢) نگا: کۆجیله؛ ٣) نگا: کۆچڵه.

کوچی: ئه‌ستوُر له زه‌بر ف آماس از ضربت.

کۆچی: مێژوی ئیسلامه‌تی ف تاریخ هجری.

کۆچی‌دوایی: بریتی له مردن ف کنایه از مرگ.

کوچێل: دارێ که له ترسی با له سه‌ر ڕه‌شماڵ داده‌نرێ ف چوبی که هنگام باد روی سیاه‌چادر می‌گذارند.

کوچیله: گیایه‌که بنه‌که‌ی ده‌که‌نه ده‌رمان ریُوی ف گیاهی است.

کوخ: قف ف سرفه.

کۆخ: ١) خوُخ؛ ٢) قوڵیت، خانوی چکۆڵه ف ١) هلو؛ ٢) کوخ محقّر.

کۆخا: قوْخا ف کداخدا.

کوخار: ١) سوُچ، قوژبن؛ ٢) ئامرازی شه‌ق‌وشڕ ف ١) کُنج، زاویه؛ ٢) ابزار مُستهلك.

کوخاین: قفین، کۆخین، کۆکین ف سُرفه‌کردن.

کوخت: کۆخی، قوْزی ف سُرفه کرد.

کۆخته: کۆخ، خانوی چکۆڵه‌ی خراپ ف کوخ.

کوخك: قف ف سرفه.

کۆخك: ١) قف؛ ٢) کۆخته؛ ٣) جۆرێ سه‌رپێچی ئاوریشم ف ١) سرفه؛ ٢) کوخ؛ ٣) نوعی سرپوش ابریشمی زنانه.

کۆخکاره‌ش: قوْزه‌ڕه‌شه، کۆخه‌ڕه‌شه ف سیاه‌سُرفه.

کۆخکی: بیمارێ که زۆر ئه‌قفێ ف کسی که بسیار سرفه می‌کند.

کۆخن: کۆخکی ف نگا: کۆخکی.

کۆخواردن: راچڵه‌کین، داچڵه‌کین ف یکه‌خوردن.

کۆخواردنه‌وه: کۆخواردن ف یکه‌خوردن.

کۆخه: ١) قف، قفه؛ ٢) قوێخا، قوْخا ف ١) سرفه؛ ٢) کدخدا.

کۆخه‌ڕه‌شه: خروُزه‌ك ف سیاه‌سرفه.

کوخین: کۆخین، قفین ف سرفه‌کردن.

کۆخین: قفین ف سرفه‌کردن.

کود: ١) شـپـڵه، نه‌خـۆشـی ئیفـلیجـی؛ ٢) کوژرانـی به‌خـوڕایی‌و بێ‌خوین‌بایی ف ١) بیماری فَلَج؛ ٢) به قتل رسیدن و قصاص نگرفتن.

کۆد: ١) کاسه‌ی دارینی شیردۆشین؛ ٢) پشت‌چه‌ماو؛ ٣) قفڵ؛ ۴) کوُڕ؛ ۵) پوُشـانه، سه‌رانه له ئاژه‌ڵ که زۆردار له ڕه‌نجبه‌ری ئه‌سێنێ ف ١) کاسهٔ چوبین که شیر در آن دوشند؛ ٢) کوژپشت؛ ٣) قفل؛ ۴) مُقعّر؛ ۵) حقّ المرتع.

کودا: بۆکوێ؟ ف به‌کجا؟.

کودان: ١) پێك‌هاتن، جێ‌به‌جێ‌بوُن؛ ٢) خایاندن، وه‌خت‌بردن ف ١) انجام گرفتن؛ ٢) وقت بُردن، صرف وقت کردن.

کودانـدن: ١) پێك‌هێنان؛ ٢) دنه‌دان؛ ٣) له‌سه‌رخۆبوُن؛ ۴) خایاندن، وه‌خت‌بردن ف ١) انجام دادن؛ ٢) تشجیع کردن؛ ٣) آرامش داشتن؛ ۴) وقت بُردن.

کۆدقه‌لین: به‌ودم، شوُم، پێوقه‌ده‌م‌شه‌ڕ ف شوم.

کودك: ١) ئه‌ژنۆ، زرانی؛ ٢) بێچوی لاور؛ ٣) کوتك؛ ۴) کوتلك ف ١) زانو؛ ٢) بچّهٔ حیوان وحشی؛ ٣) پُتك؛ ۴) کوفته.

کۆدك: ١) کۆتك، کاسه‌ی گه‌وره‌ی دارین؛ ٢) قفڵی چکۆڵه ف ١) کاسهٔ بزرگ چوبین؛ ٢) قفل کوچك.

کود کودۆ: وڕاج، چه‌قه‌مرۆ، زۆربڵێ، فره‌وێژ، چه‌نه‌باز ف وڕاج، ژاژخا.

کودو: کدو ف کدو.

کۆدۆ: ١) ناوی چیایه‌کـه له کوردستـان؛ ٢) چاونـه‌زێر، چاوچنـۆك، ته‌ماحکار ف ١) نام کوهی بلند در کردستان؛ ٢) طمعکار.

کۆدۆش: ده‌ویت، قورمساخ، جاکێش ف جاکِش.

کوده: بۆکوێ؟ ف به کجا؟.

کۆده: ١) زه‌وینی زۆر سه‌خت‌و جوت‌لێ‌نه‌کراو؛ ٢) پوُش‌و پاری پاوان؛ ٣) پوُشـانـه؛ ۴) به‌چکـه‌بـه‌راز؛ ۵) گیای چیاو قانگـه‌لاشـك که کۆی‌ده‌که‌نه‌وه‌و له گیشه‌ی ده‌ده‌ن ف ١) زمین بایر سخت؛ ٢) چراگاه اختصاصی؛ ٣) باج چراگاه؛ ۴) خوك بچه؛ ۵) گیاهان کوه و کوهپایه که جمع‌آوری کنند.

کوُده‌ری: جۆرێ پارچه‌ی له په‌مۆ ف پارچهٔ کودری.

کوُده‌ڵ: له‌و گوندانه‌ی کوردستانه که به‌عسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کوده‌له: به‌چکه‌به‌راز ف خوك بچه.

کوُده‌له: به‌چکه‌به‌راز ف خوك بچه.

کودی: ۱) به‌چکه‌سه‌گ‌و به‌راز؛ ۲) کدو ف ۱) بچهٔ سگ و خوك؛ ۲) کدو.

کودیله: ۱) ساوای سه‌گ‌و به‌راز؛ ۲) بریتی‌ له زاروّی ساوای جوانکیله ف ۱) نوزاد سگ و خوك؛ ۲) کنایه از نوزاد زیبا و دوست داشتنی.

کور: ۱) سیره‌ت، چوُك؛ ۲) کلاّو ف ۱) آلت تناسلی نر، کیر؛ ۲) کُلاه.

کوڕ: ۱) پس، روّڵه‌ی نێر، فرزه‌ندی نێرینه؛ ۲) پیاوی هێشتا بیٚ‌ژن؛ ۳) په‌زی گویٚ‌قوت؛ ۴) نازاو به‌جه‌وهه‌ر؛ ۵) بیٚ‌فه‌ڕ، شوُم؛ ۶) بڵندایی سه‌ر کێو؛ ۷) کێوی بڵند؛ ۸) قه‌یچی کراو: (پوٚڕیٚ ته‌یه **کوڕ** بن)؛ ۹) نه‌وسن، چڵێس؛ ۱۰) جاش‌و جانی؛ ۱۱) تاشین له‌بن‌ڕا ف ۱) پسر؛ ۲) مرد جوان مجرّد؛ ۳) گوسفند ریزگوش؛ ۴) شجاع و هنرمند؛ ۵) شوم؛ ۶) قلّهٔ کوه؛ ۷) کوه بلند؛ ۸) قیچی شده؛ ۹) شکم‌پرست؛ ۱۰) کُرّهٔ اسب و الاغ؛ ۱۱) ازته‌تراشیدن.

کوٚر: بیٚ‌چاو ف کور، نابینا.

کوُر: ۱) بزنی نێری دوبه‌هاردیتو؛ ۲) بیٚ‌چاو؛ ۳) بزنی سپی‌و ڕه‌ش یان دوره‌نگ: (بزنه **کوُر**)؛ ۴) قوڵ: (ئه‌و گوٚمه **کوُره**) ف ۱) بز نر دوساله؛ ۲) نابینا؛ ۳) بز ابلق؛ ۴) ژرف.

کوّڕ ۱) جێگـه‌ی کوٚبـوُنه‌وه؛ ۲) کوٚی چه‌ند که‌س له ده‌وری یه‌ك؛ ۳) چیای به‌رز؛ ۴) حیله‌ی ئه‌سپ؛ ۵) زنجی ئاژه‌ڵ تیٚکردن ف ۱) جای تجمّـع، مجلس؛ ۲) گردهم‌آیی؛ ۳) کوه‌بلنـد؛ ۴) شیهـهٔ اسب؛ ۵) محوطهٔ محصور مخصوص دام.

کوُڕ: ۱) قوڵ؛ ۲) پشـت‌چه‌مـاو؛ ۳) سه‌ربـه‌ره‌ژوٚری سه‌خـت؛ ۴) سه‌ربه‌ره‌ژێری دژوار ف ۱) ژرف؛ ۲) کوژپشت؛ ۳) سر بالایی سخت؛ ۴) سرازیری با شیب زیاد.

کورئاپ: ئاموّزا ف عموزاده.

کوُرا: به کام جیٚ‌دا؟ ف از کجا؟.

کوراتا: قسه‌ی خوٚش‌و پیٚکه‌نینوٚك ف لطیفه، جُك.

کوّراخ: موّزه‌ڕه‌شه.*له زه‌رگه‌ته زلتره‌و ره‌نگی ڕه‌شه* ف حشره‌ای است از زنبور بزرگتر به رنگ سیاه.

کوراد: قوراده ف ترهٔ کوهی.

کوراده: قوراده ف ترهٔ کوهی.

کوراس: کراس، گجی، گجك ف پیراهن.

کوّراڤ: ۱) ئاوی قوراوی؛ ۲) سه‌رچاوه‌ی که‌م‌ئاو ف ۱) آب گل آلود؛ ۲) چشمهٔ کم آب.

کوراگ: کارگ ف قارچ.

کوران: جوٚرنـه، حه‌وزوٚکـه‌ی به‌ر شێره‌ی‌ئاو له‌بـه‌رد یان سواڵـه‌ت ف خوضچهٔ کوچك از سنگ یا سُفال که جلو شیر آب سازند.

کوُران: ۱) داری قه‌ڵاّشکه‌ری؛ ۲) قوُڵایی؛ ۳) ناوی ئاواییه‌که ف ۱) هیزم جنگلی؛ ۲) ژرفا؛ ۳) نام روستایی است.

کوٚران: ۱) بیٚ‌چاوان؛ ۲) کاپان، کوُچی ف ۱) نابینایان؛ ۲) کوچه.

کوّڕان: ۱) ده‌نـگی با له ئه‌شکـه‌وتـه‌وه؛ ۲) حیلانـدنی ئه‌سپ؛ ۳) سه‌رزه‌نشت ف ۱) صدای کورانِ باد؛ ۲) شیهه‌کشیدن اسب؛ ۳) سر زنش.

کوّڕاندن: حیلاندنی ئه‌سپ ف شیهه‌کشیدن اسب.

کوُراندن: که‌ندن تا قوُڵ ده‌بیٚ، قوُڵ‌کردن ف گودکردن.

کوّڕاندنه‌وه: سه‌رزه‌نشت‌کردن ف سر زنش کردن.

کوّڕاننه‌وه: کوّڕاندنه‌وه ف سر زنش کردن.

کوڕانـــه: ۱) جلکیٚ که بوٚ کوڕان ده‌ست ئه‌دا؛ ۲) بریتی له ئازایانـــه، ره‌شیدانه ف ۱) پسرانه؛ ۲) کنایه از شجاعانه.

کوّرانه: وه‌ك بیٚ‌چاوان ف کورمانند.

کوڕانی: کچیٚ که ئه‌دای کوڕ ده‌ردێنیٚ ف دختری که ادای پسران را درآورد.

کوّراو: سه‌رچـاوه‌یێ که ته‌نیا به‌هاران ئاوی هه‌یه ف چشمه‌ای که فقط بهاران آب دارد.

کوراویٚ: گونـدیٚکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کوُراهی: قوُڵایی ف عُمق.

کوّرایی: بیٚ‌چاوی، نه‌دیتن ف نابینایی.

کوُرایی: کوُراهی، قوُڵایی ف عُمق.

کوّرایی‌داهاتن: ۱) چاوکوّربوُن؛ ۲) وشه‌یه‌که بوٚ خه‌می زوٚری ده‌ڵێن؛ ۳) وشه‌یه‌که بوٚ نێره‌به‌ری ده‌ڵێن ف ۱) کورشدن؛ ۲) کلمهٔ تأسّف؛ ۳) کلمه‌ای در جواب حسود.

کوّڕبه‌شك: کوڕه‌به‌شه، چاله‌که، چوالو، چالو ف گورکن.

کوُربه‌شك: مشکه‌کوێره‌ی ده‌شت، جرج ف موش کورصحرایی.

کوّربه‌لا: قالاّوی ته‌واو ڕه‌ش‌و بیٚ‌خاڵ ف کلاغ سیاه.

کورپ: تلّـه‌و به‌رماوی میوه‌ی ڕزیو که ده‌کرێته کوُتی زرعات ف میوهٔ مانده که کودش کنند.

کوّرپـــه: ۱) زاروّی ساوا؛ ۲) داری په‌رتبوراو؛ ۳) پز، پیٚزه، توّل ف ۱) نوزاد؛ ۲) درخت هرس شده؛ ۳) جنین.

کوّرپـه‌له: ۱) کوّرپه؛ ۲) زاروّی ساوای قه‌ڵه‌و ف ۱) نگا: کوّرپه؛ ۲) نوزاد چاق و شاداب.

کورت: ۱) کن، کنك، کوّتا؛ ۲) هه‌ڵوّ، ئه‌لوهـ ف ۱) کوتاه؛ ۲) عُقاب.

کوّرت: ۱) قوّرت، قولکه؛ ۲) جێگه‌و شوێنی کوانی خورما؛ ۳) چاڵی چه‌نه؛ ۴) که‌رتی سه‌وزی‌کاری؛ ۵) لای ژێروی پشت‌مل ف ۱) نگا: قوّرت؛ ۲) محل انبار خُرما؛ ۳) چاه زنخدان؛ ۴) بخش سبزیکاری زمین؛ ۵) پس گردن.

کوّرتاری: قوُڵی تاریك ف چالهٔ تاریك.

کوّرتازه‌نی: چاڵی‌چه‌نه ف چاه زنخدان.

کورتان: پالاّن ف پالان.

کورتان‌دروُ: ۱) خه‌یاتی که‌ران، کوّپان‌دور؛ ۲) له‌و گوندانه‌ی کوردستانه که به‌عسی کاولیان کرد ف ۱) پالاندوز؛ ۲) روستایی در کردستان که

بعثیان آن را ویران کردند.

کورتاندوُر: خەیاتی کەران، کۆپاندور ف پالاندوز.

کورتبڕی: کورت‌کردنەوەی قسە ف کوتاه کردن سخن.

کورتبوُن: کۆتابوُن ف کوتاه‌شدن.

کورتبوُنەوە: لە درێژیەوە کۆتابوُن ف کوتاه شدن.

کورتبین: ۱) کورتبوُن؛ ۲) بڕیتی لە بیرنـەکـەرەوەو هەڵەڕۆ ف ۱) کوتاهی؛ ۲) کنایه از سرسری بودن.

کورتپست: سرتە، چپە، پستەپست ف صدای در گوشی سخن گفتن.

کورتخەس: سەرچن‌کردنی توتن ف چیدن سرساقه‌های توتون.

کورتك: جۆرێ کەوای پیاوانە، کورتە ف نوعی قبای مردانه.

کۆرتك: قوُڵکە ف چاله.

کۆرتکاچاڤ: قوُڵکەی چەم ف کاسهٔ چشم.

کۆرتکـادزا: لەلێن‌و قوژبنی سەر، کە ڕشـك‌و سپێ خۆی *تێدا* مەلاس دەکەن ف عُمق پوست سر که شپش و تخمه‌اش در آن جا خوش می کنند.

کۆرتکاقەمچك: قوُڵکەی پشتەمل ف پس گردن.

کورت کردنەوە: کۆتاکردن ف کوتاه‌کردن.

کورت کورت: قیڕەوهەرا، چەقەسرۆیی ف داد و قال.

کورتم: کورتی ئەستوُر ف کوتاهِ کلفت.

کورتمە: کورتم ف کوتاه کلفت.

کورتوپست: پاش‌ملە خراوگوتن ف غیبت کردن.

کورتوکرمانجی: بێ‌ڕوبینی، ڕەپ‌وڕاست ف رُك و صریح.

کورتوکوێر: کورت‌و تەسك ف کوتاه و کم عرض.

کورتۆل: ورکەنان‌و خرت‌وپرتی سەرسفرە ف ماحضَر سرِ سُفره.

کورتوموختەسەر: کورتبڕی قسە ف مختصر و مفید.

کورتە: ۱) کەوای پیاوانەی تا نزیك ئەژنۆ؛ ۲) بارگیر؛ ۳) کۆتایی قسە ف ۱) نیم تنه؛ ۲) یابو؛ ۳) اختصار کلام.

کورتەباڵا: بەژن‌کورت ف کوتاه‌قد.

کورتەبنە: کورتەباڵای قەڵەو ف کوتاه‌قدِّ چاق.

کورتەپانك: جۆرێ ماسی ف نوعی ماهی.

کورتەك: ۱) کەوای پیاوانە، کورتە؛ ۲) ناوی چیایەکی زۆر کوێستانە ف ۱) نیم‌تنه؛ ۲) نام کوهی در کردستان.

کورتەکەلەکە: خاڵیگە ف تهیگاه.

کورتەڵە: بەژن کنْك ف کوتاه‌قد.

کورتەوکردن: کورت کردنەوە ف کوتاه کردن.

کورتەوە کردن: کورت‌کردنەوە ف کوتاه‌کردن.

کورتی: ۱) کنْکی، دژی درێژی؛ ۲) هیچ نەبێ، ئەقەلی کەم؛ ۳) کورتو موختـەسەر؛ ۴) قسور، کۆتایی ف ۱) کوتاهی در طول؛ ۲) اقلاً؛ ۳) مختصر و مفید؛ ۴) تقصیر.

کۆرتیخ: جوچکەسمت ف استخوان بالای ران، لگن.

کۆرتیخە: کۆرتیخ ف نگا: کۆرتیخ.

کورتێکەل: داڵاشێکە لە هەڵۆ دەکا ف لاشخوری شبیه عُقاب.

کورتێل: ورکەنان ف خُرده‌نان.

کورتێلۆ: خزمەتکاری سوُك‌و بێ‌بایەخ ف خدمتکار دون پایه.

کورتیلە: زۆر قەدکورت ف بسیار کوتاه‌قد، کوتوله.

کورتێکە: کەسێ کە نان دەکاتە ورتکە ف شخصی که نان را ریزه کند.

کۆرجك: باس‌قەننە، قەلوُن، سەبیلەی کلك‌درێژی لەکانزا ف نگا: قەلوُن.

کورچی: نقورچك، قورچی ف نیشگون.

کوڕحەلی: زڕکوڕ ف پسرخوانده.

کورختە: دەنگی جاوینی بنێشت ف صدای جویدن سقز.

کورد: گەلێکی قەدیمی‌یە لە ئاسیادا دەژی ف ملّت کرد.

کوُردانك: کرمێکە نە سەی خویادە کا نە کلکی ف نوعی کرم.

کوردانـە: ۱) کوردئاسایی؛ ۲) بڕیتی لە ئازایەتی ف ۱) کردمانند؛ ۲) کنایه از مردانگی.

کوردایەتی: کار بۆ قازانجی گەلی کورد کردن ف ملّیت کرد.

کوردپەروەر: کەسێ کە بۆ کوردایەتی دەخەبتێ ف ملّیت‌خواه کرد.

کوردحەز: کوردخوەشەویست، کەسێ کە حەز لە کوردایەتی دەکا ف کُرددوست.

کوردسان: سەرزەمینی کورد ف کردستان.

کوردسانی: سەر بە کوردسان ف کردستانی.

کوردستان: کوردسان ف کردستان.

کوردستان‌پەرست: خزمەتکاری گەل‌و زێدی کورد ف دوستدار کُرد و کردستان.

کوردستانی: کوردسانی ف کردستانی.

کورد کانی: وڵاتی کوردان، کوردەواری ف کُردستان.

کورد کوژە: ۱) جۆرێ خورمای خراپ، قەسپ؛ ۲) جۆرێ ترێ ف ۱) نوعی خرمای نامرغوب؛ ۲) نوعی انگور.

کۆردل: نەفام، دەبەنگ ف کودل.

کوردمانج: کورد، کرمانج، کرماج ف نگا: کرماج.

کوردنـۆ: وشـەی دوانـدنی کوردان، ئەی کوردینـە ف کلمهٔ خطاب به کردان، ای کردها.

کوردۆ: ۱) وشەی دواندنی کوردێك؛ ۲) ناوە بۆ پیاوان؛ ۳) قامێکە ف ۱) کلمهٔ خطاب به یك کرد؛ ۲) نام مردانه؛ ۳) آهنگی است.

کوردوندە: وەجاخ‌کوێر، بێ‌عەولاد ف بی فرزند، ابتر.

کوردە: ئاشیرەت بۆ کوردێ کە ناناسرێ ف فلان کُرده.

کۆردەرە: ۱) دۆڵ‌و دەرەی قوُڵ‌و بن‌بەس؛ ۲) جێ‌کارێزی بێ‌ئاو ف ۱) درهٔ تنگ بن‌بست؛ ۲) کهریز خشك شده.

کوردەواری: کوردسان ف کردستان.

کوردی: ۱) زوانی کورد؛ ۲) چێشتی هەرزنی وردکـراو بە ڕۆن ف ۱) زبان کردی؛ ۲) غذایی است.

کوردیتی: کوردایەتی ف ملّیت کُرد.

کوردینی: کوردایەتی ف ملّیت کرد.

کوڕڕە: ۱) قوت، سڵ؛ ۲) مـەرو بزنی گوێ‌چکـۆلـە؛ ۳) سوُر لەسـەر

مەبەستو دڵگەرم لە دۆزدا ف ١) برجستە و حسّاس؛ ٢) گوسفند و بز ریزگوش؛ ٣) مُصمّم.

کوڕڕەگوێ: گوێقوتو ئامادەی سڵەمینەوە ف گوش تیزکردە آمادۀ گریز.

کوڕری: ١) جاشەکەر؛ ٢) بانگ‌کردنی جاشو جانو ف ١) کُرّە خر؛ ٢) لفظ خواندن کُرّۀ اسب و اُلاغ.

کوڕزا: فرزەندی پس ف نوە، پسر زادە.

کۆڕژا: ١) کوژەکە. مورویکی شینی کون‌کونە *لە جۆرێ قاپیلکی جانەوەری دریایی دروست‌دەکرێو بۆ چاوزار بەمناڵیەوە دەدرۆن*؛ ٢) بیبیلەی چاو ف ١) خرمُهرە؛ ٢) مردمك چشم.

کورژان: ١) چرچ‌بوُن، قرمچین؛ ٢) ژاکان ف ١) چروك شدن؛ ٢) زیاد دستکاری شدن.

کورژاندن: ١) چرچ‌ولۆچ تێ خستن؛ ٢) ژاکاندن ف ١) چروك کردن؛ ٢) دستکاری بسیار کردن.

کۆڕژن: حیلەی توُڕەییانەی ئەسپ ف شیهە و غرش اسب.

کورژین: کورژان ف نگا: کورژان.

کورس: ١) بنەدرۆ؛ ٢) چەکەرەی تازە سەردەرهاوردگ ف ١) خاربُتە؛ ٢) سبزۀ تازە سردرآوردە.

کۆڕس: کری جوڵا ف بافتۀ جولا.

کورسان: ١) سوُکەڵەناوی کوردستان؛ ٢) ناوی شاری سنە لە زاراوەی سنەیی‌دا؛ ٣) هەڵقرچان، قرمچین ف ١) مخفّف کردستان؛ ٢) نام دیگری برای شهر سنندج؛ ٣) چروك شدن.

کورساندن: ١) هەڵقرچاندن؛ ٢) ژاکاندن ف ١) چروك کردن؛ ٢) زیاد دستکاری کردن.

کورسك: کرۆسك ف گلابی خودرو.

کۆڕسکەر: جوڵا ف بافندە، جولا.

کورسی: ١) سەنگەڵی؛ ٢) داری لێکدراو بۆ سەر تەنوُر؛ ٣) خلێنە، ددانی پشت‌پشتەوە ف ١) صندلی؛ ٢) کُرسی؛ ٣) دندان عقل.

کورسی‌قورعان: دو تەختەی تێك‌پەڕیوە قورعانی لەسەر پان دەکەنەوە بۆ خوێندن ف رحلۀ قرآن.

کورسی‌نەعنا: قورسی نەعنا ف قرص نعناع.

کورسین: رەگ‌داکوتانو قایم‌بوُنی چناو ف محکم شدن و ریشە دوانیدن.

کوڕش: ١) بانگ‌کردنی کەر بۆ جۆخواردن؛ ٢) بەفری بەستەڵەك ف ١) صداکردن الاغ بر علیق؛ ٢) برف یخ بستە.

کوڕشك: خەروێ ف خرگوش.

کورشمە: کروشمە ف کزکردگی.

کورشە: بەفرو بەستەڵەك ف برف و یخبندان.

کورش‌هەڵاتن: کزکردن، کروشمەکردن ف کزکردن، مات نشستن.

کورك: ١) وردەمــوی سەر پێستــی مەڕو بزن؛ ٢) مریشــکی کڕ؛ ٣) باڵاپــۆشی لە پێستــەبــەرخی بەتــوُکــەوە؛ ٤) بۆڵەو پرتە؛ ٥) گیرفان، بەریك؛ ٦) گۆروا، گۆرەوێ؛ ٧) کوێرو، بەڵایەکی گەنمە رەشی دەکا ف ١) کاموا، کرك؛ ٢) مرغ کرچ؛ ٣) پوستین؛ ٤) غرولند؛ ٥) جیب؛ ٦) جوراب؛ ٧) از آفات گندم.

کوڕك: ١) ئەو کوڕی چکۆلە؛ ٢) جاش، دەحشك ف ١) آن پسرك؛ ٢) کُرّەخر.

کوُڕك: ١) گیرفان، بەریك، جێو؛ ٢) موشەدەمەی مسگەران ف ١) جیب؛ ٢) یکی از ابزار مسگری.

کورکا: گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

کورکان: ١) دەنگەدەنگی لەسەرخۆی مریشکی کڕ؛ ٢) پرتەو بۆڵە ف ١) صدای مرغ کرچ؛ ٢) غرولند.

کورکاندن: ١) هدقدکردن؛ ٢) پرتەو بۆڵەکردن ف ١) قدقدکردن؛ ٢) لندیدن.

کورکانن: کورکاندن ف نگا: کورکاندن.

کوڕکـری: موی قەیچی‌کراو، پوڕی بە تۆرتۆ بڕدراو ف موی با قیچی بریدە شدە.

کوُڕکلاو: چوڕەپۆپنە ف پرندۀ شانە بە سر.

کوڕکوڕ: ١) قەتێ؛ ٢) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) مرغ سنگخـوارە، باقـرقرە؛ ٢) نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

کوڕکوڕۆچکە: قوڕقوڕاگە ف سرخنای.

کورکوروژە: کڕکرە ف غضروف.

کوڕکوڕە: قەتێ، کوڕکوڕ ف مرغ سنگخوارە، باقرقرە.

کوُرکوُرە: کۆلارە ف پرندۀ جوجەربا.

کوُڕکـوُڕە: ١) باڵـدارێکی ڕاوکـەرە قەستەسەری جوچكو مریشکاتە، کۆلارە؛ ٢) بەتــاڵایی جێگــەی تۆپو پەڕەی ئاسیاو ف ١) پرنـدۀ شکاری جوجەربا؛ ٢) جای پرەهای آسیا.

کورکە: ١) پرتەو بۆڵە؛ ٢) توُکی حەیوان؛ ٣) وردەدەنگی گریاناوی؛ ٤) تاسەو ئارەزوی دڵ ف ١) غرولند؛ ٢) موی حیوانات؛ ٣) نك و نال؛ ٤) هوس و اشتیاق دل.

کوڕکە: ١) بەلوُکە، قیتکە؛ ٢) هەرچی لەسەر پێست دەڕوێ، خوری‌ومو ف ١) چوچولە؛ ٢) پشم و موی و هرآنچە بر پوست روید.

کورکـەکـورك: پرتـەپرت: (لە سینەما دڵەکەم **کورکەکورکی** بوُ کە نەهاتی) «غالب» ف لندیدن.

کورکەنیسان: خاشخاشکە، چارەچەقیلە ف نوعی خشخاش بی‌غوزە.

کورکیان: پرتەکردن ف لندیدن.

کوڕگ: جوانوئەسپ، جانو ف کُرە اسب.

کۆڕگە: جێگەی کۆبوُنەوە ف مجلس.

کورگیســك: گونــدێکــە لە کوردستــان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.

کورم: کرم ف کِرم.

کورماتیخ: تەڕاد، بەتاڵایی زۆر زان ف کشالۀ ران.

کورمانج: کرمانج، کورد ف کُرد.

کورمانجی: کرمانجی، کوردی ف کُردی.
کورمژ: کرمێ، کرم تێ‌کەوتوُ ف کرمو.
کورمژین: کرمێ بوُن ف کرمو شدن.
کورمشکەستن: برێتی لە تۆڵەساندنەوەو کوڵی دڵ ڕژاندن ف کنایه از انتقام گرفتن و آسودن.
کورمك: ۱) وردە کرم؛ ۲) بەرۆلە، تازەخڕ بوُگی کاڵی میوەی بێستان ف ۱) کرم ریز؛ ۲) تودهٔ میوه‌های کال باغ.
کورم کێز: نەخۆشیەکی دەرونیە ف ازبیماریهای داخلی.
کورمکێ شەقێ: گوڵ‌ستێرك، گوڵ‌ئەستێرە ف کرم شبتاب.
کورمل: جانەوەری کرم‌ئاسایی ف حشرات کرم مانند.
کورموُری: ۱) مروّچە؛ ۲) ژەنگ ف ۱) مورچه؛ ۲) زنگ فلزات.
کوُرموشك: جرجەمشك ف موش کور صحرایی.
کورمەتك: کوڕی خوشکی باوك ف پسرعمّه.
کورمێ پەهن: کرمەپانە ف کرم کدو.
کورمیت: کوێر وی دەغڵ ف دانه‌های پوچ در غلّه.
کۆرمێخ: سنگی ئەستوُرو درێژ.کە *ڕەشماڵی پێ* دەبەستنەوە ف ستو ن بلند و قطور.
کورمێز: نەخۆشیەکی دەروُنیە ف ازبیماریهای داخلی.
کورن: ۱) بەردی قوُڵ کە ئاوی بارانی تێدا کۆدەبێتەوە؛ ۲) حەوزۆکەی ناو حەمامان کە هەر کەسێ بە تەنیا ئاوی لێ هەڵدێنجێ ف ۱) سنگ گود که آب باران در آن جمع شود؛ ۲) حوضچهٔ میان گرمابه.
کۆرنان: ڕژد، ڕەزیل ف خسیس.
کورنك: بێشکە، لانك ف گهواره.
کورنو: ۱) چەمانەوە بۆ ڕێزلێنانی کەسێ؛ ۲) قڕنو، قڕنی ف ۱) تعظیم؛ ۲) قراد.
کورنوبردن: چەمانەوە بۆ ڕێزگرتن ف تعظیم کردن.
کورنوپێوەنوُسان: قڕنو بەپێستەوەچەسپین ف بر پوست چسبیدن قراد.
کورنوُش: چەمانەوە بۆ ڕێزو حورمەت ف تعظیم.
کورنوُش‌بردن: کورنو بردن ف تعظیم کردن.
کورنیشك: نقورچك، قورنیچ ف نیشگون.
کورو: گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کورۆ: تێ‌ڕاخوڕینی کوڕ، ئەی کوڕ ف نهیب بر پسر زدن.
کورۆ: بانگ لە جاشەکەر کردن ف صداکردن کُره‌خر.
کۆرۆ: ۱) بانگ لە بێ‌چاو کردن؛ ۲) سەرناوی پیاوانە ف ۱) صدا کردن نابینا؛ ۲) لقب مردانه.
کۆروُ: نەخۆشی گەنم کە دەنکی ڕەش هەڵدەگەڕێ ف بیماری سیاهك گندم.
کوُروُ: موی نەرمی ژێرەوەی پەز، کورك ف کاموا.
کوروت: ۱) کلۆت، کەفەڵی یەکسم؛ ۲) رابردوی کاری کرۆشتن ف ۱) کفل ستور؛ ۲) فعل ماضی کلوچیدن.
کوروتن: کروتن، کرۆژتن، کرۆشتن ف کلوچیدن.

کوروچ: کرۆژ ف کلوچ.
کوروچان: کرۆژتن ف کلوچیدن.
کوروچانی: کوروچان، کرۆژتن ف کلوچیدن.
کۆروخ: ۱) زەردەواڵـە، زەرگەتـە؛ ۲) مۆزەکـەرانـە، خەرەنگەزە ف ۱) زنبور؛ ۲) خرمگس.
کوروز: کرۆز ف فرسودهٔ متخلخل.
کوروُزان: ۱) سوُتـانی ئێسـك؛ ۲) پرتـەو زەلیلی کردن ف ۱) سوختن استخوان؛ ۲) لندیدن از بیچارگی.
کوروُزانەوە: ۱) پرتەو بۆڵەکردن، کرۆزانەوە؛ ۲) کرۆزانەوەی برین ف ۱) لندیدن و لابه‌کردن؛ ۲) سوزش زخم.
کوروزمان: پەچەی پەز شەوانە ف آسایشگاه گله در شب.
کوروُزە: بە پرتەو گریانەوە پاڕانەوە ف لابه وزاری.
کوروُزە کوروُز: کرۆزانەوەی زۆر ف «کرۆزە» پیاپی.
کوروژ: پاشگری بەواتا: جانەوەرێ کە دادە‌کرۆژێ ف پسوند فاعلی کلوچیدن.
کوروژتن: کرۆتن ف کلوچیدن.
کوروژین: کرۆژتن ف کلوچیدن.
کوروسك: کرۆسك ف گلابی خودرو.
کوروش: ۱) کلۆش؛ ۲) کرۆژ ف ۱) ساقه‌های غلّه؛ ۲) کلوچ.
کوروشتن: کرۆتن ف کلوچیدن.
کوروشە: ۱) کلۆش؛ ۲) بەڵایەکی گەنمە ف ۱) ساقهٔ غلّه؛ ۲) یکی از آفات گندم.
کوروك: ۱) بنچینـە، بنـەمـا، ڕەگـوڕیشـە؛ ۲) کاکـڵ ف ۱) اساس، شالوده؛ ۲) مغز دانه.
کوروك: قیتی تۆپی گیا، نێرتك ف نرهٔ گیاه.
کوروکاڵ: جحێڵ و لاو ف جوان.
کوروڵ: ۱) کلۆڵ؛ ۲) کلۆر، ناوبەتاڵ ف ۱) سیەروز؛ ۲) توخالی.
کوروُلە: جاشولکە ف کره‌خر کوچولو.
کوروموری‌بالا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
کوروموری‌ژێرین: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
کۆروە: جۆرە بەردێکی سپیە.*لەدەم چەمان ژەنگی کانزای پێ‌دەماڵن* ف نوعی سنگ سفید.
کورە: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.
کورهـ: چوالە، چەقالەبادام ف چغاله بادام.
کوڕە: ۱) کورۆ؛ ۲) پەزی گوێ‌بچوُك؛ ۳) سڵ و ئامادەی ڕاکردن ف ۱) ای پسر؛ ۲) گوسفند گوش کوچك؛ ۳) رموك، آمادهٔ رمیدن.
کۆرە: ۱) بێ‌چاو، هیچ‌نەبـین؛ ۲) بەردی شینـی ناسـك کە بەدەسـت دەشکێ؛ ۳) گەنمـەشامی؛ ۴) کوێر و ف ۱) نابینا؛ ۲) سنگ پهن و نازك؛ ۳) ذرّت؛ ۴) از آفلت گندم.

کۆڕە: دەنگی خوڕینی ئەسپ ف صدای غرش اسب.

کوورە: ۱) سوپـە؛ ۲) کۆرەی گەنم؛ ۳) پلوورەهـەنگ لە چیا؛ ۴) کلّی خشتسوورکردنەوە؛ ۵) دەمەی ئاسنگەری، موشەدەمە ف ۱) بخاری؛ ۲) سیاهـك گندم؛ ۳) کندوی عسل در کوه؛ ۴) کورۀ آجرپزی؛ ۵) کورۀ آهنگری.

کۆڕەبازی: پەزی روخسار ئامال سوورو سپی ف گوسفند رُخسار قرمز و سفید.

کۆڕەباف: بریتی لە پیاوی ئازاو نەترس ف کنایه از مرد شجاع.

کۆرەبـزنگلە: جۆرێ مارە کە دەنگی زنگولەی لیّدیّ ف نوعی مار که صدای زنگوله از خود درمی‌آورد.

کۆڕەبەش: قوڕەبەشە، چالە، چالگ، چوالو ف حیوان گورکن.

کۆرەبەشك: جۆرێ مشکی زل لە بیابان ف نوعی موش صحرایی.

کۆڕەبەشە: چالگ ف حیوان گورکن.

کۆڕەبەشەك: کۆڕەبەش ف حیوان گورکن.

کۆڕەپا: ۱) بێچوی وردی کلۆ؛ ۲) پێچوەباڵندەی باڵنەگرتو ف ۱) نوزاد ملخ؛ ۲) جوجه پرندهٔ پروازنکرده.

کوورەپەزخانە: کلّی خشتسوورکردنەوە ف کورهٔ آجرپزی.

کوورەخانە: کوورەپەزخانە ف کورهٔ آجرپزی.

کۆڕەدار: داربەستی دارەمێو ف داربست تاك.

کۆرەدار: تێلەکەپۆشکە ف پشتهٔ هیزم.

کۆڕەدار: جەنگەڵی چوغر ف جنگل انبوه.

کوورەدان: شلّخەدانی هەنگ ف بیرون آمدن نسل نو زنبور عسل.

کورەداوی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کوورەدەم: کەسێ کوورەی ئاسنگەر دەدەمێنێ ف کورەدمان.

کۆرەدەرە: دۆڵو شیوێ کە تەنیا بەهاران ئاوی هەیە ف دره‌ای که فقط در بهار آب دارد.

کۆرەدێ: دێی چەپەكو پچوك ف کورەده.

کۆرەرێ: بزنەرێ، رچە ف کورەراه.

کوڕەزا: عەولادی کوڕ ف پسر زاده.

کوڕەزازا: عەولادی عەولادی کوڕ ف نوهٔ پسر، نتیجه.

کوڕەزاگ: کوڕەزا ف پسر زاده.

کوورەفەرەنگی: ۱) سۆپەی لە کانزا؛ ۲) سۆپای نەوتی ف ۱) بخاری فلزی؛ ۲) بخاری نفتی.

کۆرەك: ۱) هەرزن؛ ۲) چاوپروش، نیوەکوتر، کەمبین ف ۱) ارزن؛ ۲) چشم کم سو.

کوڕەك: ۱) ناوەڕۆك؛ ۲) ناوەڕاست؛ ۳) بزنەکێوی دوساڵەو سێساڵە؛ ۴) خۆشبـەز؛ ۵) زمـانـەی ئالقـەزۆنە؛ ۶) ناوی کێفێکی مەنشورە لای رەوانـدزی کوردستان ف ۱) محتوا؛ ۲) مرکز؛ ۳) بز کوهی دوساله و سه‌ساله؛ ۴) تیزتك؛ ۵) زبانهٔ سگك؛ ۶) نام کوهی در کردستان.

کوڕەکوڕە: لاوانی بەهێزو ئازا: (**کوڕەکوڕەی مامەشان هاتنە مەیدانی**) «فولکلور» ف جوانان برومند.

کوڕەکەچەڵ: قارەمانی کەونەچیرۆکان ف از قهرمانان افسانه‌ای.

کوڕەکەڵ: بزنەکێوی دوساڵەو سێساڵە، کوڕەك ف بز کوهی دوساله و سه‌ساله.

کۆرەگە: ۱) کۆرکۆرەی ئاسیاو؛ ۲) دۆلاش ف ۱) جای توپ پرهٔ آسیا؛ ۲) ناودانی آسیا.

کورەگەورە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کۆرەلاش: گیایەکە ف گیاهی است.

کوڕهلی: زڕکوڕ، کوڕی هەوێ ف ناپسری، فرزند هوو.

کۆرەمار: جۆرێ ماری بۆری سەرسێسۆچی ژەهردارە ف نوعی افعی خاکستری رنگ.

کۆرەمشك: جۆرێ مشك، جرج، جرجەمشك ف موش کور.

کۆرەمێو: گـوندێکی کوردستانە بەعـسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کۆرەوەبـوو: ۱) ئاگری دامـردو، تەمـری؛ ۲) بێناوونیشـانچووگ؛ ۳) دوابڕاو ف ۱) آتش خاموش شده؛ ۲) گم شدهٔ بی اثر؛ ۳) مقطوع‌النّسل.

کۆرەوەبوون: ۱) تەمرانی ئاگر؛ ۲) بێسەروشوێنچوون؛ ۳) دوابڕان ف ۱) خاموش شدن آتش؛ ۲) گم شدن؛ ۳) مُنقرض شدن.

کۆرەوەری: ئەرکو دەردی زۆر ف رنج و مشقّت.

کوری: دوڤ، کلك ف دُم.

کوڕی: ۱) کوڕو، بانگ کردنی بێچوی کەرومایین؛ ۲) پەزی گوێلوولی کورت؛ ۳) پەزی ڕووت لە خوری ف ۱)صـداکردن کُرّه؛ ۲) گوسفند گوش پیچیده و کوچك؛ ۳) گوسفند لخت از پشم.

کوڕێ: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.

کۆری: ۱) بێچاوی؛ ۲) زنجی ماڵاتتێکردن بەشەودا ف ۱) کوری؛ ۲) محوطهٔ محصور برای دام.

کووری: قوولایی، دژی تەنکاییو راستایی ف عمق.

کووریاچاڤ: قولکەی جێچاو ف کاسهٔ چشم.

کۆریانەوە: چوزانەوە، سوزیانەوە ف سوزش پوست.

کوڕیانەوە: بە زەویندا درێژبوونی سەوزە لە سەرمان ف پلاسیدن سبزه از سرما.

کوریت: ۱) جێگـەی مریشـك لە شەودا، قن؛ ۲) گیایەکە ف ۱) لانهٔ ماکیان؛ ۲) گیاهی است.

کوڕیڕۆژ: ۱)زۆر بەکـارو جێگـەی هومێدو هانـا؛ ۲) هەلپەرستو دەگەڵڕۆژ بیرگۆڕ ف ۱) مرد میدان؛ ۲) ابن الوقت، فرصت طلب.

کوڕیژگە: کوڕی پچوك ف پسرك.

کوڕیس: پەزی سووری گوێکوڕ ف گوسفند رخساره سرخ گوش پیچیده.

کوڕیش: بانگ لەکەرکردن بۆخواردن ف لفظ خواندن الاغ برای خوردن.

کوریشك: قرچان، ویك‌هاتن، گنج له له‌شدا ف چروك.

کورێشك: جانوی‌ساوا، به‌چکه‌مایینی تازه‌زاو ف نوزاد اسب.

کوریفوك: شمه‌تریلکه ف زنبور عسل وحشی.

کورێك: جۆرێ هه‌رزن ف نوعی ارزن.

کوری گه‌پله: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کورێل: به‌رخ و کاری گوێ‌لوول ف بره و گوسفندی که گوشش پیچیده باشد.

کورێله: ١) جاشولکه‌ی تازه‌زاو؛ ٢) بانگ‌کردنی جاشولکه؛ ٣) به‌رخی گوێ‌لوول ف ١) کره‌خر نوزاد؛ ٢) صداکردن کرهٔ نوزاد؛ ٣) برهٔ گوش پیچ خورده.

کوڕین: قوڕه‌قوڕ ف نگا: قوڕه‌قوڕ.

کورینگـان: ١) نقورچك؛ ٢) گیای قورینگان. *که بۆ مالات ئالفێکی* زۆر خۆشه ف ١) نیشگون؛ ٢) از گیاهان مناسب برای خوراك دام.

کورێنی: ١) جحێلی، لاوه‌تی؛ ٢) تۆلازی، حه‌زلێکردوویی ف ١) جوانی؛ ٢) نظربازی، عیاشی.

کوز: ١) زێ، خه‌مشه، قوز؛ ٢) گۆزه ف ١) شرمگاه مادینه؛ ٢) کوزه.

کۆز: ١) به‌ده‌وره ده‌ست‌گرتن له ڕه‌قس‌دا؛ ٢) تامـانی جێگه‌ی به‌رخ و کار؛ ٣) جێگـه‌ی ئالفی سه‌وز، جێ‌له‌وه‌ڕ؛ ٤) زۆزان؛ ٥) حه‌شـارگه‌ی که‌و؛ ٦) چه‌غـز؛ ٧) په‌نگر، سکل ف ١) رقص گروهی دایره‌وار؛ ٢) جای نوزاد گله؛ ٣) چراگاه؛ ٤) ییلاق؛ ٥) کمین کبك شکاری؛ ٦) دایره؛ ٧) اخگر.

کوُز: ١) قاش له میوه؛ ٢) ته‌خته‌ی باریك له شۆکردنی زه‌مین؛ ٣) زۆپی نێوان تیخی خه‌نجـه‌رو شمشێر، دوخ؛ ٤) حه‌شارگه‌ی که‌و، قه‌بو؛ ٥) گیایه‌کـی تیژه له ناو کانـیاو ده‌ڕوێ، کوزه‌لـه؛ ٦) چوزن، چوزانـه‌وه‌ی پێسـت؛ ٧) خه‌تـێ که ده‌کـیشـرێ؛ ٨) قه‌مبـوور، پشت‌چه‌میاگ؛ ٩) گۆزه ف ١) قاچ میوه؛ ٢) تختهٔ باریك شخم‌زده؛ ٣) برجستگی وسط تیغ خنجر و شمیر؛ ٤) کمین کبك شکاری؛ ٥) ترتیزك آبی؛ ٦) سوزش پوست؛ ٧) خط کشیدنی؛ ٨) کوژپشت؛ ٩) کوزه.

کۆزارك: گوژالك ف نگا: گوژالك.

کوُزاندنه‌وه: چوزاندنه‌وه ف سوزش دادن به پوست.

کۆزانـه: ١) جۆرێ‌ترێ؛ ٢) جۆرێ په‌زی ده‌م‌وچاوگرۆفه‌رو زل ف ١) نوعی انگور؛ ٢) نوعی گوسفند.

کوُزانه‌وه: چوزانه‌وه ف سوزش پوست.

کوزبرکه: جۆبر، جۆبرکه، قوزبرکه ف آبدزدك.

کوُزبوُن: داهاتنه‌وه ف خم شدن.

کوُزدان: ١) خه‌ت له زه‌وی کێشان به گاسن بۆ شێوکردنی دوایی؛ ٢) خه‌ت‌دان ف ١) با گاواهـن شیار کردن برای تختـه‌سـازی زمین شخمی؛ ٢) خط‌زدن.

کۆزر: ١) چه‌تی خه‌رمان، کۆته‌ڵ؛ ٢) پۆلو، په‌نگر، په‌ن، په‌ره‌نگ ف ١) کوزر، نخالهٔ کاه خرمن؛ ٢) اخگر.

کوُزر: ١) چوزینه‌وه، سوزانه‌وه؛ ٢) پڕوزانی موی پێست ف ١) سوزش پوست؛ ٢) سوختن موی بر پوست.

کۆزره: ١) کۆز، په‌ره‌نگ، سکل؛ ٢) کوێزری خه‌رمان ف ١) اخگر؛ ٢) کوزر.

کوُزریان: ١) چوزانه‌وه؛ ٢) پڕوزان ف ١) سوزش پوست؛ ٢) سوختن مو.

کوُزریك: هه‌ناسه‌هه‌ڵکێشانی به‌سۆز ف آه سوزناك.

کوُزرین: پڕوزانی موی پێست ف سوختن موی بر پوست.

کۆزك: ١) کۆزی بێچـوه‌ساوایان؛ ٢) کولانه‌ی مامر؛ ٣) خه‌نده‌ك؛ ٤) سیپه، ڕه‌به‌ت ف ١) جای نوزادان گله؛ ٢) لانهٔ مرغ؛ ٣) خندق؛ ٤) کمین شکارچی.

کوُژك: کوپی باکێشی حه‌جامه‌ت ف بادکش حجامت.

کوُزکردن: قاش‌کردن ف قاچ کردن.

کۆزکردن: له ده‌وری یه‌ك کۆبوون ف دور هم جمع شدن.

کوزکڤان: حه‌جامه‌ت‌کێش ف حجامت چی.

کوُزکـوُز: ١) قاش‌قاش؛ ٢) خه‌ت‌خه‌تـی زه‌وی بۆ شۆکـردن؛ ٣) ڕوشـاندنی به چه‌قۆ؛ ٤) قروسکه‌و لوره‌ی سه‌گ ف ١) قاچ‌قاچ؛ ٢) خط زدن زمین برای تخته‌بندی؛ ٣) شیارشیار؛ ٤) زوزهٔ سگ.

کوزکه‌ش: جاکێش، ده‌ویت ف فرمساق.

کۆزلاخ: قولێت، کوخ، کوخته ف کوخ.

کوُزلیدان: خه‌ت‌دانی زه‌وی به گاسن و ته‌خته‌تـه‌خته‌کردنی ف شیارکردن و تقسیم‌بندی زمین کشاورزی.

کوُزمال: جومال ف لای‌روبی.

کۆزمان: کۆڕی له زمان‌زانان که ده‌رباره‌ی زمانی گه‌ل بدوێن ف فرهنگستان.

کوُزوُ: ١) کوپـه‌لـه‌ی مل‌باریك؛ ٢) فیزمـالك‌دان، خۆ باریك‌کردنه‌وه‌و ده‌رچوون؛ ٣) له‌و گوندانه‌ی کوردستانه که به‌عسی کاولیان کرد ف ١) خمچهٔ گردن باریك، کوزه؛ ٢) جیم شدن؛ ٣) روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کوُزور: نه‌وگ، سوتیاك بۆ ده‌رمـان که‌چـه‌لی ف نمد سوخته که درمان کچلی است.

کوزوری: بیری‌په‌ل، چالاوی نه‌قوڵ ف چاله.

کوزورین: ئاو هه‌ڵێنجان له چالاوی په‌ل ف آب از چاله‌کشیدن.

کۆزه: کۆزی کارو به‌رخ ف جای نوزادان گله.

کوُزه: جانـه‌وه‌رێکـه پێستی به‌قیمه‌ته‌و قاتلی مریشکانه ف جانوری با پوست قیمتی.

کۆزه‌بوره: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کۆزه‌پانکه: ناوی دوگوندی کوردستانن که به‌عسی ویرانی کردن ف نام دو روستای کردستان که بعثیان ویران کردند.

کۆزه‌پـوُره: له‌و گونـدانـه‌ی کوردستـانـه که به‌عسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کۆزەر: ۱) کۆتـەرەدار؛ ۲) لکی ڕۆت و بێ گەڵا؛ ۳) چەت، کۆتـەڵی خەرمان؛ ۴) ناوی پیاوانە ف ۱) تنۀ درخت؛ ۲) شاخۀ لخت و بی برگ؛ ۳) کوزر، نخالۀ کاه؛ ۴) نام مردانه.
کۆزەرقوت: کوتکی دارینی چەت کوتان ف پتك چوبین کوزرکوب.
کۆزەرکوت: کۆزەرقوت ف پتك چوبین کوزرکوب.
کۆزەرە: ۱) چەتی خەرمان؛ ۲) ردێنی تۆپ ف ۱) کوزر؛ ۲) ریش توپی.
کۆزەزەقە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کوزەسوتەکێ: قوزەسوتەکێ ف نوعی بیماری دختر نوزاد.
کوزەکـەمـتـیـار: بریتـی لە کەرستـەی فریودان: (وەك **کوزە کەمتیاری** بێ بێ ساعەتەن لای دام لەرێ) «کوردی» ف کنایه از وسیلۀ فریب‌دادن.
کۆزەڵ: کۆزر، چەت، کۆتەڵ ف کوزر، نخالۀ کاه.
کوزەڵە: کوز، گیایەکە لە ئاوا دەژی و تامی تیژە ف ترتیزك آبی.
کۆزی: ۱) پۆلو، پەنگر؛ ۲) تەپاڵەی پێك هەڵپەسێراو تا باشتر ئاگر بەرێ ف ۱) اَخگر؛ ۲) تاپاله‌های به هم تکیه‌داده شده به منظور آتش‌زدن.
کۆزێ: گونـدێکـە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.
کوزی: ۱) کوپەڵەی مل باریك، کوزو، گۆزە؛ ۲) کوزەڵە ف ۱) کوزه؛ ۲) ترتیزك آبی.
کۆزیدان: دەوەڵان، قەڵاغدان، عەماری تەپاڵە ف انبار تاپاله.
کوزیرك: خەم و خەفەت ف غصّه، اندوه.
کوزیل: قژی چڵکن ف ژولیده‌موی کثیف.
کوزین: ڕاپەڕین بۆ شاڵاوبردن ف بَرجَستن به قصد حمله.
کۆزینـە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کوژ: پاشگری بەواتا: بکوژ: (پیاوکوژ) ف کشنده.
کۆژ: بنەمای کرۆژتن ف کلوچ.
کوژا: بەکوشت‌چو لە ڕابردودا ف کشته شد.
کوژاڵك: کاڵەکەمارانە ف هندوانۀ ابوجهل.
کوژان: ۱) بەکـوشت‌چوُن؛ ۲) تەمـرینی ئاگر ف ۱) کشتـه‌شدن؛ ۲) خاموش شدن آتش.
کوژاندن: بڵێسەنەهێشتنی ئاگر ف کشتن شعله.
کۆژاندن: ۱) مێشکی پێشەمژین؛ ۲) کرۆسینەوەی ئێسك ف ۱) مُك زدن به استخوان و مغز استخوان؛ ۲) لُخت کردن استخوان با دندان.
کوژاندنەڤە: تەمراندنی ئاور ف خاموش کردن آتش.
کوژانـدنـەوە: ۱) تـەمـرانـدنی ئاگر؛ ۲) خەت‌کێشانی نوسراو ف ۱) خاموش کردن آتش؛ ۲) خط کشیدن روی نوشتار.
کوژاننەوە: کوژاندنەوە ف خاموش کردن آتش.
کوژانەوە: تەمران، دامرکانی ئاگر ف خاموش شدن آتش.
کوژاو: بەکوشت‌چوگ ف کشته‌شده.
کوژاوە: ۱) تەمری، دامرکاو؛ ۲) خەتی لەبەین براو ف ۱) آتش خاموش شده؛ ۲) خط محو شده.
کوژبن: سوُچ، قوژبن ف گوشه، زاویه.
کوژتار: کوشتار ف کُشتار.
کوژتن: لەزیندویی بێ‌بەش کردن، مراندن ف کشتن.
کۆژتن: کرۆژتن ف کلوچیدن.
کوژران: کوژان ف کشته‌شدن.
کوژراو: کوژاو ف کشته‌شده.
کوژنە: بکوژ ف کشنده.
کۆژۆ: ۱) چکوس، ڕژد، ماڵ‌دۆست؛ ۲) نامەرد ف ۱) خسیس؛ ۲) نامرد.
کوژە: ۱) قەستـەسـەر: (ئـەم دەرمـانە **کوژەی** سنە)؛ ۲) دەڵەك ف ۱) کشنده؛ ۲) نگا: دەڵەك.
کۆژە: پێسیر، ئێخە، بەرۆ ف گریبان.
کوُژە: ۱) لوسـاوکی گەنم لە ئاسیاودا؛ ۲) دەڵـەك؛ ۳) ئامـرازێکی خوێن‌گرانە لە هەمانە ف ۱) گلوی آسیاب؛ ۲) نگا: دەڵەك؛ ۳) یکی از ابزار حجامت که از پوست حیوان ساخته می‌شود.
کوژەر: ۱) بکوژ؛ ۲) پیاوکوژ ف ۱) کشنده؛ ۲) آدمکش.
کوُژەرە: عەنزەرۆت ف انزروت.
کوژەك: کوژەر، بکوژ ف کشنده.
کوُژەکە: جۆرێ مورووی شینی قرنج‌قرنج کە بۆ چاوزار بەکار دێت ف خرمهرۀ سبزرنگ.
کوُژەکەکەرانە: کوُژەکە ف خرمهره.
کوژەیا: پشتێن، شاڵ، کەمەربەن ف کمربند، شال، هرچه که به پشت بندند.
کوژەی بچـوك: لەو گونـدانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
کوژەیش: کوژەیا ف کمربند، شال.
کوژەی گەورە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بە عسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
کوژەیە: شاڵ، کوژەیا ف کمربند، شال.
کوُژی: سوُچ، قوژبن، قورنە ف گوشه، زاویه.
کوژیاگ: کوژاو ف کشته.
کوژیان: کوژان ف کشته‌شدن.
کوژیانەوە: تەمران، دامرانی ئاگر ف خاموش شدن آتش.
کوژیرك: سوُچ، قوژبن، کاژێر ف گوشه.
کوژین: کوژتن ف کشتن.
کۆژین: کرۆتن ف کلوچیدن.
کوس: کوز، زێ، خەمشە ف شرمگاه مادینه.
کۆس: ۱) بەخت، تالح؛ ۲) زەقایی زەوی؛ ۳) دەفرەتاوی مەزن ف ۱) بخت؛ ۲) برجستگی کم زمین؛ ۳) ظرف بزرگ آب، بشکه.
کوسا: کسا، کسان، چلۆن؟ ف چگونه؟
کۆسار: چیای زۆر، ناوچیا ف کوهسار.
کۆساران: جێگەی زۆر چیایان ف کوهساران.

کوساگور: بریتی له‌ ره‌نج به‌خه‌سار ف کنایه از آدمی که نتیجهٔ تلاشش از بین رفته.

کۆسال: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کۆسـان: ۱) کۆساران؛ ۲) زۆزان؛ ۳) جێگه‌ی زۆر به‌فرگر ف ۱) کوهساران؛ ۲) ییلاق؛ ۲) جای بسیار سرد و برفگیر.

کوسان: کسان، چلۆن؟ ف چگونه؟.

کوساوا: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کۆسپ: ۱) زۆپـایی که‌می زه‌وی؛ ۲) به‌رگر له‌ ژیانـدا، به‌لا ف ۱) برامدگی زمین؛ ۲) مانع و دشواری در زندگی.

کۆسپایی: کۆسپ ف نگا: کۆسپ.

کۆسپه: کۆسپ ف نگا: کۆسپ.

کۆست: ۱) کۆسپ؛ ۲) یاریده؛ ۳) به‌خت‌وتاڵه ف ۱) نگا: کۆسپ؛ ۲) مدد، یاری؛ ۳) بخت، طالع.

کۆستان: کۆسان، کۆساران ف نگا: کۆسان.

کۆستك: ۱) شه‌که‌تی؛ ۲) به‌ندی خه‌نجه‌ر ف ۱) خستگی شدید؛ ۲) بند خنجر.

کۆست که‌وتن: به‌دبه‌خت بوون ف بدبخت شدن.

کۆست که‌وتوو: به‌دبه‌خت، لێ قه‌وماو ف بدبخت.

کۆست که‌وته: کۆست که‌وتوو ف بدبخت.

کۆستـه: ۱) بڵنـدایی وه‌ك سه‌کـۆ؛ ۲) پیاوی بێ‌مو؛ ۳) که‌سێ که له‌ بازی‌کردنـا ڕۆ ده‌گۆڕێ ف ۱) بلنـدی سکـومـاننـد؛ ۲) کوسه؛ ۳) هنر پیشهٔ ماسك‌زن.

کۆسته‌بابی: گاڵته‌جار، حه‌نه‌ك‌چی ف دلقك.

کۆستـه‌ك: ۱) به‌نـدی خه‌نجـه‌ر؛ ۲) به‌نـدی سه‌عـات؛ ۳) تووره‌که‌ی چه‌رمـین؛ ۴) پێوه‌نـدی ئه‌سـپ؛ ۵) دووڕو، ڕووبـین؛ ۶) ده‌لاڵـی ژن‌راست‌کردن بۆ پیاو ف ۱) بنـد خنجـر؛ ۲) بند سـاعـت؛ ۳) نوعی توبره؛ ۴) پابند اسب؛ ۵) دورو؛ ۶) دلال زنان.

کۆسته‌ کۆست: ۱) شات‌و شووت؛ ۲) بازی‌و کایه‌ی له‌سه‌ر سه‌کۆ که‌ خۆ ده‌گۆڕن ف ۱) شایعات دروغ؛ ۲) نمایش تئاتر با ماسك.

کۆسته‌وه‌یی: کایه‌ی شانۆ به‌ خۆگۆڕین ف نمایش با ماسك.

کوسر: ۱) شه‌که‌ت؛ ۲) شه‌که‌تی ف ۱) خسته؛ ۲) خستگی.

کۆسـره‌ت: له‌و گونـدانـه‌ی کوردستـانـه که‌ به‌عسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کوسك: ۱) جۆرێ کلۆی سووری ئاماڵ‌ڕه‌ش؛ ۲) ده‌ویت ف ۱) نوعی ملخ؛ ۲) قرمساق.

کوسکه‌ش: ده‌ویت ف قرمساق.

کۆس که‌فتن: به‌دبه‌خت بوون، کۆست که‌وتن ف به بدبختی گرفتارشدن.

کوسکه: کسکه ف برق چشم گربه در تاریکی.

کوسکه‌کوسك: کسکه‌ی زۆر ف «کسکه‌ی» پیاپی.

کوسکی: باری، نوێڵ، لۆسه ف اهرم.

کۆسنیگ: مشکه‌کوێره‌ی ده‌شت. جرجه‌مشك ف موش کور صحرایی.

کوسوك: کسوك ف سگ.

کۆسـه: ۱) پیاوی مولێ نه‌هـاتـگ؛ ۲) که‌سێ که‌ به‌ خۆگۆڕان کایه بۆ خه‌ڵـك ده‌کا؛ ۳) کوله‌که‌ی دۆلمه؛ ۴) به‌ندی خه‌نجه‌ر، کۆسته‌ك؛ ۵) جۆرێ ماسی بقـه؛ ۶) گه‌نمی بێ‌چقڵ‌و داسوو؛ ۷) تواناو هێز ف ۱) کوسه، بی‌ریش؛ ۲) هنر پیشه‌ای که ماسك بزند؛ ۳) کدوی دلمه؛ ۴) بندخنجر؛ ۵) کوسه‌ماهی؛ ۶) گندم پاك شده؛ ۷) توان، نیرو.

کوسه: ۱) کدوی دۆلمه؛ ۲) به‌ندی خه‌نجه‌ر؛ ۳) جۆرێ ماسی؛ ۴) گۆشه ف ۱) کدو؛ ۲) بندخنجر؛ ۳) نوعی ماهی؛ ۴) گوشه، زاویه.

کۆسه‌جی: ۱) شیر وه‌شێن؛ ۲) بریتی له‌ ئازا له‌ شه‌ڕدا ف ۱) شمشیر باز؛ ۲) کنایه از شجاع در جنگ.

کۆسه‌ر: ئه‌نده‌روون، ژووری ماڵه‌وه ف اندرونی.

کوسه‌را: بۆکوێ؟، بۆکام‌لا؟ ف به کجا؟.

کوسه‌ك: ۱) تسکه‌ن، که‌سێ که‌ زۆر ده‌فسێ؛ ۲) بریتی له‌ خوێڕی ف ۱) چسو؛ ۲) کنایه از بی‌عُرضه و ترسو.

کۆسه‌ك: کۆسته‌ك ف نگا: کۆسته‌ك.

کۆسه‌کار: پیاوێ که‌ ڕیشی ته‌نك بێ ف مردی که ریش کم پشت دارد.

کۆسه‌کاری: بازی که‌سانی خۆگۆڕ ف نمایش با ماسك.

کۆسه‌که‌رێز: ناوی دێیه‌که‌ له‌ موکوریان ف نام دهی است.

کوسه‌ل: کسل، جانه‌وه‌ری قاپیلك‌ڕه‌ق، ڕه‌قه‌ی دێمه‌کار ف لاك پشت.

کوسه‌له: کوسه‌ل ف لاك پشت.

کۆسه‌مسری: جۆرێ هه‌ڵوایه ف نوعی حلوا.

کوسی: کوسه‌ل، کسل، کیسه‌ڵ، کێسو ف لاك پشت.

کوش: ۱) زرنگی، چالاکی؛ ۲) نه‌دوور، نزیك؛ ۳) بزوتن؛ ۴) له‌ ناو چنگا پشاوتن؛ ۵) پاشگری به‌واتا: بکوژ؛ ۶) بێ‌هێز؛ ۷) شل‌و سست ف ۱) زرنگی؛ ۲) نزدیك؛ ۳) جنبش؛ ۴) فشردن؛ ۵) پسوند به معنی کشنده؛ ۶) ناتوان؛ ۷) شُل و ول.

کۆش: ۱) ته‌قـالا؛ ۲) ...مر هه‌ردوك ڕان؛ ۳) بریتی له‌ ژمـاره‌یه‌کی زۆر: (**کۆشێك منالی هه‌یه**)؛ ۴) بریتی له‌ شه‌رمی مێوینه ف ۱) کوشش؛ ۲) بر، آغوش؛ ۳) کنایه از تعداد زیاد؛ ۴) کنایه از عضو تناسلی زن.

کوش: ۱) له‌ کام جێ؟؛ ۲) کوانێ؟؛ ۳) هیچ له‌ وه‌رامدا؛ ۴) قسه‌ی پووچ‌و بێ‌مانا ف ۱) کجا؟؛ ۲) کو؟؛ ۳) هیچ در جواب؛ ۴) یاوه.

کۆشان: ته‌قالادان ف کوشیدن.

کوشبوون: ۱) نزیك‌بوون؛ ۲) بزوون، جووڵان ف ۱) نزدیك شدن؛ ۲) جنبیدن.

کوشت: ۱) کاری کوژانی ڕابـردو بۆ که‌سێك: (کابرایان **کوشت**)؛ ۲) کوژان، ده‌گه‌ڵ کوشتـار ده‌گوتـرێ: (**کوشت‌وکوشتاره**) ف ۱) ماضی کشتن، کُشت؛ ۲) کشتن، با کشتار آید.

کوشتار: کوژتنی ده‌سته‌جه‌معی، کوژتنی به‌کۆ ف کشتار دسته‌جمعی.

کوشتن: ۱) کوژتن؛ ۲) بریتی له‌ دارکاری کردنی خه‌ست ف ۱) کشتن؛ ۲) کنایه از کتك‌زدن جانانه.

کوشتنـه‌وه: ۱) سه‌رژێ‌کرن؛ ۲) کوشتن له‌ تۆڵـه‌ی کوژراودا ف ۱)

سر بریدن؛ ۲) کشتن قاتل، قصاص.

کوشتو: ۱) کوژراو؛ ۲) سەربڕاو ف ۱) کشته؛ ۲) سر بریده.

کوشتوخ: زۆربکوژ ف آدمکش حرفه‌ای.

کوشته: ۱) کوژاو؛ ۲) قسلی ئاوتێکراو بۆ سپی کاری ماڵ ف ۱) کشته؛ ۲) آهك مرده.

کوشته‌را: ڕەندەی دارتاشی ف رندهٔ نجّاری.

کوشته‌ره: کوشته‌را ف رندهٔ نجّاری.

کۆشش: تەقالا ف کوشش.

کۆششت: کۆش، کۆشش ف کوشش.

کۆشك: ۱) قەسر؛ ۲) شەربەی سواڵەت ف ۱) کاخ؛ ۲) لیوان سفالین.

کوشـك: ۱)دەڵەك؛ ۲) مەلێکی بچوکە لە شێوەی پەرەسێلکەکە لەسەر ڕەلم هێلانـە دەکـا ف ۱) نگا: دەڵەك. حیوانی با پوست قیمتی؛ ۲) پرنده‌ای است.

کۆشکار: پینەچی ف پینه‌دوز.

کۆشکه: ۱) قەلاخ، تەپاڵە، دەوە؛ ۲) جۆرێ هەرمێ؛ ۳) کروشمە ف ۱) تاپاله؛ ۲) نوعی گلابی؛ ۳) کزکردگی.

کۆشکه‌ره: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کۆشکه‌لاتن: کروشمەکردن ف کزکردن.

کۆشکه‌لاتو: کروشمەکردگ ف کزکرده.

کۆشکه‌لان: ۱) قەلاخدان، تەپاڵدان؛ ۲) سەرانگوڵك ف ۱) تاپالەدان؛ ۲) شوله.

کۆشکه‌لی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کۆشکێ: دوگوندی کوردستـان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.

کوشمـه: ۱) وشکـەمیوەی تێکـەڵکراوی کوتـراو بۆبـەرمیوانـان؛ ۲) قەزوانی فەریکی کوتـراو بو پێخـوری زستان هەڵگیراو ف ۱) و ۲) نگا: گوشمه.

کوشن: کزن، دانەویڵەیەکە. *گای پێ قەڵەو دەبێ* ف از غلات.

کوشنده: هەرچی جانەوەر بکوژێ ف کشنده.

کوشننه: کوشنده ف کشنده.

کوشنه: کوشن، کزن ف کرسنه، یکی از حبوبات.

کۆشه: ۱) کۆششت، تەقالا؛ ۲) تەپاڵە؛ ۳) گۆشە، سوچ، قوژبن ف ۱) کوشش؛ ۲) تاپاله؛ ۳) گوشه، زاویه.

کۆشه‌ش: خەبات، تەقالا ف کوشش.

کۆشه‌لان: کۆشکەلان ف نگا: کۆشکەلان.

کۆشه‌وه: کۆششت ف کوشش.

کۆشیار: ۱) بەکار؛ ۲) ڕەنجدەر، تاقالاکەر ف ۱) کارا؛ ۲) ساعی.

کوشین: لە ناو چنگدا پشاوتن ف فشردن.

کۆشین: کۆشان ف کوشیدن.

کوف: ۱) دەنگی شتی نەرم وەك هەویر کە دەخرێتە سەر پنە؛ ۲) دەنگی هەنـاسـەدانی بەقـەوەت؛ ۳) خۆهەڵکێشان و پف بەخۆداکردن ف ۱) صدای افتـادن شیء نرم و خمیری؛ ۲) صدای نفس عمیق؛ ۳) از خودگفتن و به خود مباهات کردن.

کوفار: کافران، خوانەناسان ف کُفّار.

کوفاره: فیچقە، فوارە، کفارە ف فوّاره.

کوفاری: سەر بە کوفار ف منسوب به کفّار.

کوفاندن: ۱) بەدوورێز دروون؛ ۲) پەراوێز دەکنج گرتن؛ ۳) وششەی مار ف ۱) با سوزن دوختن؛ ۲) حاشیه‌گرفتن؛ ۳) صدای مار.

کوفت: کفت، شەکەت ف کوفته. خسته.

کوفته: کفته ف کوفتهٔ خوراکی.

کوفتیك: کرمیت، گۆگرد، شەمچە ف کبریت.

کوفر: ۱) خوانەناسین؛ ۲) دژون، جوێن، دژمێن ف ۱) کفر؛ ۲) دشنام.

کۆفرۆش: بازرگانی بەرابەری وردەفرۆش ف عمده‌فروش.

کوفریت: شەمچە، شخارتە ف کبریت.

کوففك: گەنیو ف گندیده.

کوففك‌بوُن: گەنین ف گندیدن.

کوففین: وششاندنی مار ف صدا از خود درآوردن مار.

کوفك: ۱) ڕەحەتی، ڕاحەتی؛ ۲) کەمێڵە، چلمی وشکەوبوگ لە لوتا؛ ۳) برش، کەڕوُ؛ ۴) قرپ ف ۱) قیف؛ ۲) خلم خشکیده در بینی؛ ۳) کفك؛ ۴) آروغ.

کوفکارك: ۱) کارگی دەشت؛ ۲) دونبەلان ف ۱) قارچ دشتی؛ ۲) دُنبلان.

کوفکی: ۱) چلمی وشکەوەبوگ لە کەپوّدا؛ ۲) کەڕو لێدراو ف ۱) خلم خشکیده در بینی؛ ۲) کَفَك‌زده.

کوفـل: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کوفلەت: ماڵ و خێزان، ماڵ و مناڵ ف اهل و عیال.

کوفلی: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کوفلینـگ: گونـدێك لە کوردستـان کە بەعسی بە بومبـای شیمیایی خەڵکیان کوشتوەو پاشان کاولیان کردوە ف روستایی در کردستان که مردمش توسط بعثیان با بمب شیمیایی قتل عام شده و سپس ویران گشته است.

کوفه‌کوف: ۱) واقەی کەروێشك؛ ۲) دەنگی هەڵچوُنی تراو لەسەر ئاگر ف ۱) صدای خرگوش؛ ۲) صدای رفتن مایع بر آتش.

کوفه‌نی: ۱) بۆڵەبۆڵ؛ ۲) پرخەپرخ ف ۱) غرولند؛ ۲) خُروپُف.

کوفی: ۱) کوُپـە؛ ۲) بۆڵـەو پرتە؛ ۳) دەنگی پرخە ف ۱) خُم، سبوی بزرگ؛ ۲) غرولند؛ ۳) خُروپُف.

کۆفی: ۱) جۆرێ سەرپۆشی ژنانە؛ ۲) تاسکلاوی ژنان، کلاوزێڕ ف ۱) نوعی سرپوش زنانه؛ ۲) نوعی کلاه زنانه.

کۆفی کێل: کلاولار، شەدەلار ف کج کلاه.

کوفیری: کفر، دارێکی دەوەنە ف از درختان جنگلی.

کۆڤ: کۆم، قەمبوور، کووڕ ف کوژپشت.
کووڤ: کۆم، پشت چەمیاگ ف کوژپشت.
کۆڤار: ڕۆژنامەی حەوتوانە یان مانگانە ف مجلّه.
کۆڤان: ١) خەم، خەفەت، عەزرەت؛ ٢) کوان، دومەڵ؛ ٣) گلێنەی چاو ف ١) اندوه؛ ٢) دمل؛ ٣) مردُمك چشم.
کۆڤرك: جۆرە کارگێکە لەناوچیمەن دەڕوێ ف گیاهی است.
کۆڤك: ١) کوفك، رەحەتی؛ ٢) ئەنگوستیلەی درومان؛ ٣) کونای قنگ؛ ٤) هەرچی وەك رەحەتی بێ؛ ٥) چڕ وچاوی بەکەندوکڵۆ ف ١) قیف؛ ٢) انگشتانه؛ ٣) سوراخ مقعد؛ ٤) مخروطی شکل؛ ٥) ترشروی
کۆڤل: ١) کۆتەرەدار؛ ٢) پشت‌چەماو ف ١) کندهٔ درخت؛ ٢) کوژپشت.
کۆڤە: بۆ کام جێ؟ ف به کجا؟.
کۆڤی: حەیوانەکێوی ف بزکوهی.
کۆڤێتی: برێتی لە نەفامی ف توحّش.
کوك: ١) قەڵاندۆش؛ ٢) بەقیمەت، بایی‌دار ف ١) قلمدوش؛ ٢) ارزشمند.
کۆك: ١) تەقەڵی درشت، باقیە؛ ٢) پۆشتە، جلك‌تازە؛ ٣) قەڵەو؛ ٤) سازو دڵخۆش؛ ٥) دەرکەوان؛ ٦) قورمیشی سەحات؛ ٧) رەگ و ریشە؛ ٨) بیانوو، بەهانە، پەڵپ؛ ٩) بنیچەو ڕەسەن؛ ١٠) نێوانخۆش: (پێکەوە کۆکن)؛ ١١) پاشگری پچووك‌شاندان: (کچکۆك)؛ ١٢) رازاوە، خۆجوان‌کردو ف ١) کوك خیّاطی، بخیهٔ درشت، بخیه؛ ٢) خوش‌پوش؛ ٣) چاق؛ ٤) سرحال؛ ٥) دربان؛ ٦) کوك ساعت؛ ٧) ریشه و شالوده؛ ٨) بهانه؛ ٩) نژاد، اصل؛ ١٠) صمیمی؛ ١١) پسوند تصغیر؛ ١٢) آرایش کرده.
کووك: کەڵەشێر، کەڵەباب، دیقل ف خروس.
کۆکردن: ١) سڵەمینەوە؛ ٢) خڕکردنەوەی بڵاو؛ ٣) لەسەریەك‌دانان ف ١) رمیدن؛ ٢) جمع کردن پراکنده؛ ٣) برهم انباشتن.
کۆکردنەوە: خڕکردنەوەی پرژو بڵاو ف جمع کردن پراکنده.
کۆك کردن: ١) قورمیش‌کردنی سەحات؛ ٢) تەقەڵی درشت لێدان ف ١) کوك کردن ساعت؛ ٢) بخیهٔ درشت زدن.
کۆك گرتن: ١) پەڵپ‌بەستن؛ ٢) بە تەقەڵی درشت دروونەوە ف ١) بهانه‌گیری؛ ٢) بخیهٔ درشت‌زدن.
کۆکڵاش: گیایەکە ف گیاهی است.
کۆکلە: لێك‌پێچراوی دەزو، جۆرێ کڵاف ف گروهەنخ، نوعی کلاف.
کووکلە: بووکەڵەی زارۆکان، وەوی منداڵان ف عروسك.
کۆکم: ١) گێل و حۆل؛ ٢) بێ‌ئەنواو دەربەدەر ف ١) هالو؛ ٢) بی‌خانمان.
کۆکمە: پیرو زورهانی لەکەڵك‌کەوتوو ف پیر و از کار افتاده.
کۆکمەنی: پیری و زورهانی ف پیری و کُهنسالی.
کۆکنایش: ئاوازی خۆشی مەلان ف صدا و نوای خوش پرندگان.
کۆکندار: مەلێکە لەکەو زلترەو لەکەو ئەکاو رەنگی زەردە ف پرنده‌ای شبیه کبك.
کوکو: ١) کۆترەباریکە؛ ٢) هێلکەوڕۆنی بەپنگە؛ ٣) دەنگی کوندە بوو؛ ٤) خوێندنی کوترەباریکە ف ١) قمری؛ ٢) غذای کوکو؛ ٣) صدای بوم؛ ٤) اوای قمری.
کوکوختی: کۆترەباریکە ف قمری.
کوکورد: گۆگرد، کانزایەکی زەردەو زۆناگرنەبا ف عُنصر گوگرد.
کۆکۆس: نەرگیلە، نێرگەلە، قلیاناوی ف قلیان.
کوکە: ئاژاوەو پشێوی ف آشوب و بلوا.
کۆکە: ١) قف، کۆخە؛ ٢) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد؛ ٣) وشەی چووك‌شاندان: (ئەوەندکۆکە) ف ١) سرفه؛ ٢) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد؛ ٣) کلمهٔ تصغیر.
کووکە: ١) قووقووی دیکل؛ ٢) وشەی چووك‌شاندان: (ئەوەندکووکە) ف ١) صدای خروس؛ ٢) کلمهٔ تصغیر.
کۆکەڕەشە: قۆزەڕەشە ف سیاه‌سرفه.
کۆکەری: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کۆکەل: ١) پەپوسلێمانە؛ ٢) جۆرێ حەیوانەکێوی، کەڵەکێوی؛ ٣) برێتی لە ئازا؛ ٤) گردیقوچ، تەپەی بڵندی وەك کەلەقەند ف ١) هدهد؛ ٢) کل کوهی؛ ٣) کنایه از شجاع؛ ٤) تپّهٔ بلند کلّه‌قندی.
کۆکەن: ١) ئالیك‌بڕین لە یەکسم؛ ٢) چیاکەن؛ ٣) نازناوی فەرهادی شیرین ف ١) از علیق بازداشتن ستور؛ ٢) کوه کن؛ ٣) لقب فرهاد.
کۆکەنار: بەری گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف کوکنار.
کۆکی: ١) بنەڕەتی، عەسلی؛ ٢) پۆشتەیی؛ ٣) دەماخ‌چاخی؛ ٤) کاری ڕابردوی قفین؛ ٥) خەڵکی دێی کۆکە: (مەلامارفی **کۆکی** شاعیری چاك بو)؛ ٦) نێوانخۆشی، تفاق؛ ٧) مەلێکی‌پچووکە لەدەسەی چویلەکان ف ١) اساسی، شالوده‌ای؛ ٢) خوش‌پوشی؛ ٣) تردماغی؛ ٤) سرفه‌کرد؛ ٥) اهل روستای «کۆکه»؛ ٦) صمیمیّت؛ ٧) پرنده‌ای از تیرهٔ گنجشکان.
کووکی: کوکو، خاوڕۆنی بە پنگە ف خاگینه، کوکو.
کۆکی‌ئەمیران: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کۆکین: قفین، کۆخین ف سرفه‌کردن.
کۆگا: ١) بەسەریەکداکراو؛ ٢) دوکانی وردەواڵە ف ١) برهم انباشته؛ ٢) مغازه.
کۆگابازی: بازی خۆڵ بەسەریەکا کردن، کۆخاك دروس کردن ف خاکبازی کودکان.
کۆگادان: بەسەریەکادانان ف برهم انباشتن.
کۆگرد: گشت، تێکڕا، تێکڕایی ف روی هم، همگی.
کۆگە: ١) عەمار، عەنبار؛ ٢) کام جێ؟ ف ١) انبار؛ ٢) کجا؟.
کۆگەوان: عامار‌دار ف انباردار.
کول: ١) تیخێ کە نابڕێ؛ ٢) چاوی بەژان: (چاڤێ مْ **کول** بوییە)؛ ٣) خەم، خەفەت؛ ٤) بریندار؛ ٥) ئێش و ئازار؛ ٦) شەکەت، فل؛ ٧) ئاهۆ، درم؛ ٨) هەمووی تێکڕا؛ ٩) خواردنی بێ ئیجازە، ناخونەك؛ ١٠) تەڕاد، بەتالایی لای‌سەروی ڕان ف ١) تیغِ کُند؛ ٢) چشم بیمار؛ ٣) اندوه؛

٤) زخمی؛ ٥) درد و آزار؛ ٦) خستهٔ کوفته؛ ٧) وبا؛ ٨) همه، کُلّ؛ ٩) ناخنك به خوراکی؛ ١٠) کشالهٔ ران.

کولّ: ١) قولّ، قوله، کوّتا؛ ٢) بالآف؛ ٣) قولّتی ئاو؛ ٤) بیّ کلك، بیّ‌دو؛ ٥) خەفەت؛ ٦) بەدزیەوە گویّ لەقسەی خەڵك گرتن ف ١) کوتاه؛ ٢) نگا: بالآف؛ ٣) جوشش آب؛ ٤) بی‌دُم؛ ٥) اندوه؛ ٦) استراق سمع.

کوّل: ١) ئاوەخوّرەی ئاژەڵ لە دار یان لە بەردو قورّ؛ ٢) قەمتەرە، قەم؛ ٣) تەشتی دارینی زوّر زلی ئانەوا بوّ هەویر؛ ٤) پلوّسکی گەنم لە ئاسیاوا؛ ٥) خەلّیفـــەمیّش کە هەمـــوی کلوّرایی دار بیّ‌و برّابیّ؛ ٦) پیّوانـــەی دەخلّ لە دار کە شازدە کیلوّ دەبا؛ ٧) تیّلەکە؛ ٨) پاشگر بەواتا: کەسیّ زەوی دەداتەوە؛ ٩) بریقەی شالّو بوّزو؛ ١٠) رووت، بوّ سەر دەگوتریّ: (سـەرکـوّل)؛ ١١) خیّشك؛ ١٢) چین، تویّ ف ١) آبشخور دام از چوب یا سنـگ؛ ٢) پل ناودانی؛ ٣) ناوهٔ خمیر؛ ٤) گلوی آسیا؛ ٥) کندوی عسل از تنهٔ توخالی درخت؛ ٦) پیمانهٔ چوبی غلّه به ظرفیّت شانزده کیلو؛ ٧) کوله‌پشت؛ ٨) پسوندبه معنی کاونده؛ ٩) درخشش پشم؛ ١٠) برهنه ویژهٔ سر؛ ١١) نگا: خیّشك؛ ١٢) تا، شکن.

کوُل: ١) تەشتی نانکـەران؛ ٢) پیّلە؛ ٣) فیلی شەترنج؛ ٤) تەویلە؛ ٥) زاخە؛ ٦) ئەشکەوت ف ١) ناوهٔ خمیر؛ ٢) اُریب؛ ٣) فیل شطرنج؛ ٤) اصطبل؛ ٥) زاغه؛ ٦) غار.

کوّڵ: ١) تیّلەکە؛ ٢) سەرشان، قەلآندوّش؛ ٣) ئاژەلّی بیّ شاخ؛ ٤) قامك‌پەڕیو؛ ٥) بیّچوی درِّندەو ئاسك؛ ٦) دەرزی‌و سوّژنی نوّك‌پەڕیو؛ ٧) پاشگـر بەواتـا: کەسیّ کە زەوی دەداتـەوە؛ ٨) گیایەکی دەشتـە دەخـوریّ؛ ٩) خاو، پوخت‌نەبـوُگ؛ ١٠) کالّ، کرچ؛ ١١) بریّتی لە ناشـارەزا لە کار؛ ١٢) رەبـەت، سیپـە؛ ١٣) مستەکوّڵە، مشت؛ ١٤) بەریّك لەبەرە کانی دارمازو ف ١) کوله‌پشت؛ ٢) میان شانه، قلمدوش؛ ٣) حیوان بی‌شاخ؛ ٤) انگشت بریده؛ ٥) بچهٔ درنده و آهو؛ ٦) سوزن نُك شکستـه؛ ٧) پسوند به معنی کاونده؛ ٨) گیاهی است خوردنی؛ ٩) خام، ناپختـــه؛ ١٠) کال، نارس؛ ١١) کنـــایه از ناشی؛ ١٢) کمین شکارچی؛ ١٣) مُشت؛ ١٤) از محصولات مازو.

کوّلا: ١) برین وەژان‌کەوت؛ ٢) جوّشیا، قولّتی دا ف ١) زخم باز به درد آمد؛ ٢) جوشید.

کولاّ: جوّشی خوارد، قولّتی دا ف جوشید.

کوّلا: ژنی بەپارە کرّدراو ف کنیز زرخرید.

کوُلا: هەیوانی لە شوُلّو قامیش ف کپر.

کولاب: ١) قولاپ؛ ٢) چنگورّك ف ١) قلّاب؛ ٢) چنگال.

کولابـە: ١) دو داری سەر نیر کە دەچتـە ملی گاجـوُتەوە، کەلّەوە؛ ٢) رّیشەی ددان، رەگی‌ددان ف ١) چوب گردن بند گاو هنگام شخم زدن؛ ٢) ریشهٔ دندان.

کولات: ١) کلّوگلّ؛ ٢) توّپەلّەبەفر ف ١) کلوخ خاك؛ ٢) گلولهٔ برفی.

کولآتگ: جوّشیاو، تراویّ کە لەسەر ئاگر قولّتی داوە ف جوشیده بر آتش.

کولآتن: جوّشیان ف جوشیدن.

کوّلارە: ١) کوّرکـوّرە، بالّنـدەی جوچـك‌و مریشك‌رفیّن؛ ٢) بادەوەی لەکاغەز، تەیارەی کاغەزی؛ ٣) گوندیّکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) پرندهٔ جوجەرُبا؛ ٢) هواپیمای کاغذی؛ ٣) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کولاژدم: کلّاشدم، دوپشك ف عقرب.

کولاف: چرّنوّکی بالّدار ف پنجهٔ پرنده.

کولافك: قارچ، کارگ ف قارچ.

کولافە: ١) بیّ‌تاقەت‌و توان؛ ٢) کار لەدەست‌نەهاتگ ف ١) ناتوان؛ ٢) ناشی، بیکاره.

کولافی: چلّیس، زگ‌لەوەرّیّن ف آزمند در خوراك، شکم‌پرست.

کولاڤ: ١) رایەخ لە پەستاوتوی بەرگن؛ ٢) کلّاوی لە بەرگنی پەستواو؛ ٣) فەرەنجی ف ١) نمد زیرانداز؛ ٢) کلاه نمدی؛ ٣) نمدپوشیدنی.

کولاڤە: کەلّەوەی ملی گاجوُت ف یوغ گردن گاو شخم‌زنی.

کولان: کلّاوروّچنە، روّچنەی سەربان ف روزنهٔ پشت‌بام.

کولاّن: ١) جوّش‌هاتـنـی شتی ئاو؛ ٢) پوخـت‌بوُنی شتی خاو ف ١) جوش آمدن؛ ٢) پخته‌شدن خام.

کوّلاّن: ١) کوُچە؛ ٢) زەوی‌دانەوە؛ ٣) تیّلەکەی زوّر: (نوّکەری خەلّکی عەییبـە لەبـوّ مە/**کـوّلاّن** هەلّبگـرین بە کوّمەکوّمە) «سەیف» ف ١) کوچه؛ ٢) کاوش؛ ٣) کوله‌پشتها.

کولانـا: گونـدیّکـە لە کوردستان بەعسی ویّرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

کولانچکە: روّچنە ف روزنه.

کولاندن: وەژان‌هیّنانی برین‌و کوان ف به دردآوردن زخم و دمل.

کولاّندن: ١) جوّش پیّ‌هیّنانی تراو؛ ٢) پیّ گەیاندنی خاو لە جوّشیاودا ف ١) جوشانیدن؛ ٢) پخته‌کردن در آب جوش.

کولانـدنـەوە: دوای ئارامی‌و ژان‌نەکردن وەژان‌خستنەوەی برین ف به دردآوردن زخم بعد از تسکین.

کولاّنـدنـەوە: دوبارە جوّش‌پیّ‌هاوردن: (دوّ دە **کولّیّنمەوە** کەشکی لیّ دەگرم) ف بازجوشانیدن.

کوّلاّنکوت: بریّتی لە کەسیّ کە زوّر بە ناو ئاواییدا دەخولّیّتەوە ف کنایه از کسی که بسیار در کوچه‌ها می‌گردد، کوچه‌گرد.

کولانکە: روّچنە ف روزنه.

کولاّنگ: کولاّندن، جوّش‌پیّ‌هاوردن ف جوشانیدن.

کوّلاّنگەر: کوّلاّنکوت ف نگا: کوّلاّنکوت.

کولاّنن: کولاّندن ف جوشانیدن.

کولانەوە: کولاندنەوە ف نگا: کولاندنەوە.

کولاّنەوە: کولاّندنەوە ف بازجوشانیدن.

کولانە: ١) روّچنە؛ ٢) قن، کولّیتی مریشکان ف ١) روزنه؛ ٢) لانهٔ ماکیان.

کولانەوە: وەژان‌هاتنەوەی برین ف بازبه درد آمدن زخم.

کوّلانەوە: ١) زەوی‌دانەوە؛ ٢) توّژینەوە لە کارو بار ف ١) کاوش کردن؛ ٢) پژوهش.

کوّلاو: گەرمەشین، خەمی گەورە ف اندوه گران، غم بزرگ.

کولاو: تەرداس، تەوەرداس ف داس چوب بری.
کولاّو: ۱) جۆش هاتگ؛ ۲) پوختەبوگ لە ئاوی جۆشیەدا؛ ۳) کلاّو؛ ۴) برێتی لە دنیادیدە ف ۱) جوشیده؛ ۲) پختەشده؛ ۳) کلاه؛ ۴) کنایه از دنیا دیده.
کولاوکه: رۆچنەی سەربان ف روزنهٔ بام.
کولاّوڕۆچنه: کلاّوڕۆچنه ف روزنهٔ بام.
کولاّوڕۆژنه: کولانکه ف روزنه.
کولب: ۱) قاتی؛ ۲) نەوسن، چڵێس ف ۱) قحطی؛ ۲) شکم‌پرست.
کولبزك: گوڵەنەوروزە ف از گُلهای بهاری.
کولبوون: ۱) لەتیژی کەوتنی تیخ؛ ۲) وەژان‌هاتنی چاو؛ ۳) پەنەمان و ئێشانی ئەندام ف ۱) کندشدن تیغ؛ ۲) به دردآمدن چشم؛ ۳) آماسیدن و درد اندام.
کولبه: ۱) بێلۆکەی ئاسن. بێڵچە؛ ۲) کار لەباغچەداکردن بەپاچ و بێڵچە ف ۱) بیلچه؛ ۲) با بیلچه و کلنگ در باغچه کارکردن.
کوڵبەند: تێلەکە ف کولەپشتی.
کولبەوی: چڵێس، کولافی ف شکم‌پرست.
کولپ: ۱) قورسی، سەنگینی؛ ۲) بەلاّو نسیبەت؛ ۳) قاتی و قڕی؛ ۴) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) سنگینی؛ ۲) بلا و مصیبت؛ ۳) قحط و غلا؛ ۴) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کولپەك: هەنگلی کوپەو بەرۆش، دەسکی کوپەو مەنجەڵ ف دستهٔ کوزه و امثال آن.
کولپیچ: کارپوچ، خشت ف خشت.
کوڵ پێ دان: قوڵت بە تراوی سەرناگر دان ف بەجوش آوردن.
کۆڵ پێ دان: بەزاندن ف شکست دادن.
کولپین: دەنگ و شەقەی لێدانی مشت و کوتەك ف صدای کُتک کاری.
کولتەپە: ناوی گوندێکە لە کوردستان ف نام دهی در کردستان.
کولتەنە: ۱) رەبەت، سیپە، بۆسە؛ ۲) لە سیپەدا ڕۆنیشتن ف ۱) کمین؛ ۲) در کمین نشستن.
کوڵجە: جۆرێ سوخمەی بەقۆڵ ف یلك آستین‌دار.
کولچی: هێلانەی‌مەل کە لەناو داردا کۆڵدراوە ف لانهٔ مرغ که از درخت کنده شده باشد.
کولخان: تۆنی حەمام ف کلخن، خزینهٔ حمّام.
کوڵخواردن: کولاّتن ف جوشیدن، جوش آمدن.
کولدار: ۱) دڵ‌بەخەم؛ ۲) بریندار ف ۱) غمگین؛ ۲) زخمی.
کوڵدان: قوڵت‌دان ف غلغل کردن جوشان.
کۆڵدان: ۱) شەکەت بوون و دەست کێشانەوە لە کار؛ ۲) تەسلیم بوون ف ۱) خستەونومیدشدن؛ ۲) تسلیم شدن.
کولفا: زۆر برسی ف بسیار گرسنه.
کوڵفت: کلفت ف نگا: کلفت.
کوڵفەت: کلفەت ف نگا: کلفت.
کۆڵفەمە: هەوەڵ کوتانی چەڵتوك بە دنگ ف برای بار اول کوبیدن شالی با دنگ.
کولك: مۆی هەرەنەرمی ئاژەڵ کە دەکرێتە دەسکێش و گۆروا ف کُرك.
کولـك: ۱) زۆر بەژان؛ ۲) ئاهـۆ، پەتا، درم، ئازار؛ ۳) دومەڵ، کوان؛ ۴) چارداخ لە حەسیر و قامیش ف ۱) بسیار دردآور؛ ۲) وبـا، بیمـاری عمومی؛ ۳) دُمل؛ ۴) آلاچیق.
کوڵـك: ۱) هەرچی لەسەر پێست ئەڕوێ؛ ۲) خوری قرخ کە بەکاری ڕستـن نایە، قرخـن؛ ۳) موی نەرمی سەر پێست، کوُرو؛ ۴) توُش، دوچـار: (کـوڵکم بوە بە کوڵکیەوە)؛ ۵) زیپکە، زیرك ف ۱) پشم و موی؛ ۲) پشمی که به کار ریسیدن نمی‌آید؛ ۳) کرك؛ ۴) دچـار؛ ۵) جوش پوست.
کۆڵـك: ۱) پارچـەداری ئەستـوُر؛ ۲) پنـج و ڕەگ؛ ۳) کەپر؛ ۴) داری نیشانەو ئامانجی جلیت‌بازی؛ ۵) زیپکەلەپێست ف ۱) کُنده؛ ۲) بیخ و ریشه؛ ۳) کبر؛ ۴) کندهٔ آماج «جریت»بازی؛ ۵) جوش بر پوست.
کوُڵك: کولانەمریشك ف لانهٔ ماکیان.
کولکـا: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کوڵکانە: کلکەوانە، ئەنگوستیلە، هەنگوسیلك ف انگشتری.
کول کردن: ۱) تیژی تیخ و هەرچی تیژ نەهێشتن؛ ۲) پاڵدان، دەڵەکدان ف ۱) کندنمودن تیز؛ ۲) هول دادن.
کوڵ کردن: بالاّف کردن ف رخت شستن.
کۆڵ کردن: ۱) لەسـەرپشت دانـان؛ ۲) سەرنـوُکی تیژ پەڕانـدن؛ ۳) سەرپەنجە پەڕاندن ف ۱) کول کردن؛ ۲) نوكِ تیز چیزی را شکستن؛ ۳) انگشت بریدن.
کۆڵ کردنەوە: بەکۆتایی بڕینەوەی قسەو مەبەست ف کوتاه‌کردن سخن.
کوڵکن: ۱) زۆر بەموو؛ ۲) تیر، دژی شل و تراو: (ماستاوێ **کوڵکن** بکە) ف ۱) پشمالو، پرمو؛ ۲) غلیظ.
کولکنە: دوگوندی کوردسان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.
کوڵکنە: کوڵکن ف نگا: کوڵکن.
کولکولە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کوڵکوڵە: فیچقە، کوفارە، قولقولە ف فوّاره.
کوڵکـولی: ۱) رەنگی پەمـەیی، چێرەیی؛ ۲) باڵنـدەیەکە ف ۱) رنگ صورتی؛ ۲)پرنده‌ایست.
کول کولین: رەنج‌دان و شەکەت بوونی زۆر و بێ بەهرە ف زحمت فراوان و بی‌ثمر کشیدن.
کولکه: دۆدانە، مەشکۆڵەی دۆتێکردن ف مشك دوغ و ماست.
کوڵکه: کوڵك، خوری و مو ف پشم و مو.
کۆڵکه: ۱) کۆڵك، داری ئەستوُر؛ ۲) بنج و ڕیشە؛ ۳) ناتەواو، کۆڵکە؛ ۴) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) کُنده؛ ۲) ریشه‌وبن؛ ۳) ناتمام؛ ۴) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کۆڵکــــه: ناتـــەواو، وەپێش *ناوی کەســانێ دەکــەوێ کە وەك خۆیان شان‌دەدەن وا نین* : (**کــۆڵکــه** پیاو، **کۆڵکــه** شێخ، **کۆڵکــه** مەلا) ف ناقص، ناتمام.

کوڵکەر: کەسێ کە باڵاڤ دەکا ف رخت‌شوی.

کۆڵکــەر: ١) کوڵکــەر؛ ٢) کەسێ بە پشت شت دەگوێزێتــەوە ف ١) رخت‌شو؛ ٢) کسی کە کولە پشت می‌برد.

کوڵکــەڕن: موُ لەپێست‌کردنــەوە بە دەست، دەسکــەنەی موُ ف موی برکندن با دست.

کۆڵکـــەڕەش: گونـــدێکـــە لە کوردستـــان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

کولکــەڕەشــە: لەو گونـدانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

کۆڵکەڕەنگینە: ئەستوُنەزێڕینە، کەسکەسوُر، پەلکەڕەنگینە، کێرستوُن، پەلکەزێڕینە ف رنگین کمان.

کۆڵکەزێڕینە: کۆڵکەڕەنگینە ف رنگین کمان.

کولکی‌ئەحمــەد: گونـدێکی کوردستــانــە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

کولکی‌حەمــەســوُر: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

کولکی‌سمایل‌خدر: گــوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

کۆڵکێش: حەماڵ، کۆڵکەر ف آدم باربر.

کۆڵگە: ١) ڕەبەت، بۆسە، سیپە؛ ٢) جێ کۆبوُنەوەی ڕاوکەران لە دەوری یەك ف ١) کمین شکار؛ ٢) جای اتراق شکارچیان.

کۆڵگێڕ: چەرچی، کەسێ کەل‌و پەل بە کۆڵ دێنێ بۆ فرۆشتن ف پیلەور، فروشندهٔ دورەگرد.

کوللان: کلێنچکە، بەرنوکی دوگە ف دنبالهٔ دُنبە.

کوللۆ: کلۆ، کولە ف ملخ.

کوللۆر: کلۆر ف میان تهی.

کوللوُر: ١) پێنســەدهەزار؛ ٢) برێتی لە ئێجگار زۆر ف ١) نیم ملیون، کرور؛ ٢) کنایە از بسیار زیاد.

کوللە: ١) کلۆ؛ ٢) قومــاشی سپی تەنـك کە لە ترسی پێشکــە بە سەر تەختی نوستنی ڕادەنگێون ف ١) ملخ؛ ٢) پشەبند.

کوللەبـــەجـــەڕ: برێتی لە کزو داڵگـۆشتی شل‌و شەوێق ف کنـایە از لاغراندام سست.

کوللەحاجی: تاژیلە، بالوُك، حوشترخوا ف آخوندك.

کوللەزەردە: کلۆی زەرد ف ملخ زرد.

کوللەك: ١) تاژەڵێ کە لەبـەر گەجـەری‌و لاوازی ناچێتە ناو گەلە؛ ٢) شەل، شەلە، شلە ف ١) دامی کە بە دلیل لاغری و بیماری داخل گلّە نشود؛ ٢) شَل، لنگ.

کوللەکی: ١) لەحەری‌و لاوازی؛ ٢) شەلی، شەلیەتی ف ١) لاغری؛ ٢) لنگی.

کوللەمسکە: کلۆی دەخڵ‌خۆر ف ملخ غلّەخور.

کوللی: تەواوی: (بە **کوللی** نامان دوێنێ) ف تمامی.

کول لێدان: بێ‌ئیجازە لە شتێ خواردن ف ناخنك زدن.

کوللێرە: ستورك، ئەستورك ف گردەنان.

کولم: ١) پەنجەی قونجاو؛ ٢) پڕ بە یەك دەست؛ ٣) سیخورمە؛ ۴) خرمە ف ١) مشت گرەکردە؛ ٢) پُرکف دست؛ ٣) سقلمە؛ ۴) غرنبە.

کوڵم: ١) کولم؛ ٢) سەرگۆنە، ڕوُمەت ف ١) نگا: کولم؛ ٢) گونهٔ رخسار.

کول مال: ماڵوێران، لێ‌قەوماو ف خانەخراب.

کول مست: بەپانایی‌و بەهێز لەخۆدانی ژنان ف با شدّت خود را زدن زنان.

کول مشك: جرج، مشکەکوێرە ف موش کور.

کولمك: مشتی گرێ‌کراو، مشتی قونجاو بۆ لێدان ف مُشت گرەکردە.

کولموۆز: ١) کونەزەرگەتە؛ ٢) کونەژنگەسوُرە ف ١) سوراخ زنبور؛ ٢) سوراخ زنبور قرمز.

کولمول: وردەوپردە، شڕوشاتاڵ ف خِرت و پِرت.

کوڵمــە: ١) سەرگۆنـا؛ ٢) پارچــەگوشتی بێ‌هەستی ف ١) گونـە؛ ٢) قطعەگوشت لخم.

کولمەك: کولمك ف مُشت گِرەشدە.

کولمیروۆ: کونی مروۆچە ف سوراخ مورچە.

کولمێرو: نەخـۆشی‌و برینێ کە چاك نابێتــەوە ف بیماری یا زخمی کە بهبود نیابد.

کولن: وەژان‌هاتنەوە، کولانەوە ف دوبارە بە درد آمدن.

کۆڵنــج: ١) کرچ‌و کاڵ؛ ٢) با دەنـاوشان‌وەستان، قوڵنج؛ ٣) ناو هەردو شان ف ١) کال؛ ٢) بیماری قولنج؛ ٣) میانهٔ هردو کتف.

کۆڵنجان: خۆڵنجان، گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف خولنجان، گیاهی است.

کۆڵنج‌شێلان: ناوشان داماڵین ف مالیدن میان شانەها.

کۆڵنج کردن: با دەناوشان‌وەستان ف میان کتف بە دردآمدن از سرما.

کۆڵنجگە: نێوان هەردوك شان ف میان هردوشانە.

کوڵنجە: ١) دانی دەخڵی فەریك؛ ٢) برێتی لە کچی تازەپێ‌گەیشتو ف ١) دانهٔ غلّهٔ دلمل؛ ٢) کنایە از دختر نورسیدە.

کولنچی: هێلانــەمــەلی کوڵـدراو لە داردا ف لانهٔ حك شدە در درخت توسط پرندە.

کولنـد: ١) کدو، کودی؛ ٢) کورتــەبــاڵای ڕەزاشیرین ف ١) کدو؛ ٢) کوتاەقد تودل برو.

کولندر: کوُلەکە، کولند، کوندر ف کدو.

کولندە: کورتەباڵای خوێن‌شیرین ف کوتاەقد دوست داشتنی.

کولندەر: کدو، کودی، کولند ف کدو.

کولنــگ: ١) بەرێکی جەنگەڵی‌یە؛ ٢) نیمچەرفحەیەك لەدیواردا ف ١) میوەایست جنگلی؛ ٢) رف کوچك.

کوڵنگ: زەنگن ف کلنگ زمین کندن.

کولو: کلو ف نگا: کلو.

کولۆ: کلۆ، کوللە ف ملخ.

کولۆ: کلۆ ف کلوخ.

کۆلـۆ: ١) بنەتالۆ، بێخی تاڵە کە بۆ سوُتانی زستانە دەری دەهێنن؛ ٢) هەویری لە ناو تەندوُردا سوُتاو ف ١) ریشهٔ گیاهی است کە بە جای هیزم بە کار میرود؛ ٢) خمیر سوختە در تنور، فرزدق.

کۆڵوانە: چارەکە، چارۆکە ف نگا: چارەکە.

کولـۆت: ١) بزنی بێ‌شاخ؛ ٢) ئاژەڵی بێ‌ددان ف ١) بُز بی‌شاخ؛ ٢) حیوان بی‌دندان.

کولۆت: کلۆت ف نگا: کلۆت.

کولۆج: جۆر، تەرز، کلۆج ف نگا: کلۆج.

کولۆجە: کولجە ف یلك آستین‌دار زنانە.

کولوچە: جۆرێ خواردنی لە هەویری ناوبەکاکڵە ف کلوچە.

کولۆخ: قەحفی سەر ف جمجمە.

کولۆختە: بەسەریەکدا قەڵاقوچکەبوُگی بەردو چەوی داڕژاو لە بڵندەوە ف تودهٔ حاصل از ریزش کوە.

کولۆخە: کولۆختە ف نگا: کولۆختە.

کولـۆر: ١) کلۆر؛ ٢) جۆرێ کولێرەناسکە ف ١) میان تهی؛ ٢) نوعی نان گردە.

کولوُر: پێنسەدەهەزار، کوللوُر ف نیم‌میلیون.

کولوُرە: پلوُرە، شەڵخە، پوُرە ف نسل نوین زنبور عسل.

کولۆرە: کوللێرە ف گردهٔ نان.

کۆلۆز: ١) کلێتە، کلاوی لەبەن‌چندراو؛ ٢) کلۆز؛ ٣) رەق‌و تەق‌و کز ف ١) کلاه‌پشمی؛ ٢) کسی کە دندان پیشین ندارد؛ ٣) لاغر و بی‌نا.

کولوز: کروُزەو نوُزە ف لابەوزاری.

کولۆزبابە: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف گیاهی است دارویی.

کولوزیانەوە: کروُزانەوە ف نگا: کروُزانەوە.

کۆلۆس: ١) کلۆز؛ ٢) ناوە بۆ پیاوان ف ١) نگا: کلۆز؛ ٢) نام مردانە.

کولۆش: جۆرێ جلکی ژنانە ف نوعی لباس زنانە.

کولۆش: کلۆش ف ساقەهای غلّهٔ دروشده.

کولۆشە: کلۆش ف نگا: کلۆش.

کولۆف: لە ناو دەستا چرچاو ف مُچالە.

کۆلۆفت: کلفت ف کُلفت.

کولۆفتن: کولۆف کردن ف مُچالەکردن.

کولۆك: ١) کلۆت؛ ٢) کلۆك ف ١) استخوان کفل؛ ٢) دانهٔ زودپز.

کولۆك: کلۆك ف شکوفهٔ درخت.

کولـۆکـار: ١) دیواربە سندە؛ ٢) بەنای دیواری بەسندە؛ ٣) برێتی لە مرۆی رێك‌و بێك‌و تەکوز ف ١) دیوار کلوخی؛ ٢) بنّای کلوخکار؛ ٣) کنایە از آدم مرتّب.

کولۆکۆ: ١) قولت‌و کول؛ ٢) خەم‌و خەفەت ف ١) جوش و غلیان؛ ٢) غم و اندوە.

کولۆکۆدامردن: برێتی لە سوُتان‌و لەناوچوُن ف کنایە از بە کلّی سوختن.

کولۆکی: لەز، پەلە ف شتاب.

کولۆڵ: کلۆڵ، بەدبەخت ف بدبخت.

کولۆم: کلۆم ف قفل چوبی در.

کولۆمتە: لای سەروی دەرگا لەپشتەوە ف بالای در از داخل.

کولۆم‌کردن: کلۆم لەدرگادان ف بستن در با قفل چوبی.

کولومول: شڕوشاتاڵ، کەل‌پەل، شتومەك ف خِرت و پرت.

کولۆنجە: کولجە ف یلك آستین‌دار.

کولۆندە: ١) کلجە؛ ٢) کولندە، جوانی کورتەبالا ف ١) یلك آستین‌دار؛ ٢) زیبای کوتاەقد.

کولوە: ١) خانوچکەی زۆر پچوُك؛ ٢) ئەلحەد، گۆڕیچە ف ١) کلبە؛ ٢) لحد.

کۆلـوەس: زڕکـوڕێ کە ژن هێناویە دەگەڵ خۆیا ف ناپسری کە زن بە خانهٔ شوهر می‌آورد.

کولە: کلۆ، کوللۆ، کوللە ف ملخ.

کولـە: کۆخە، قۆزە، قفە ف سُرفە.

کولّە: ١) قولّە، کورت، کۆتا؛ ٢) بێ‌کلك؛ ٣) ژوژو؛ ٤) رەبەت، سیپە؛ ٥) کروشـمـە بۆ گوێ‌گرتن لە خەڵـك ف ١) کوتـاە؛ ٢) بی‌دم؛ ٣) جوجەتیغی؛ ٤) کمین شکارچی؛ ٥) کزکردن برای استراق سمع.

کۆڵە: عەبد، بەنی ف بردە.

کۆڵـە: ١) پەنجـەسەقەت؛ ٢) حەیوانی بێ‌شاخ؛ ٣) چکۆڵەی خڕ بۆ شوُتی دەڵێن: (شوُتیە **کۆڵە**)؛ ٤) بێچوی چەند حەیوانێك؛ ٥) کۆلۆ؛ ٦) لە کار ناشارەزا؛ ٧) وشەی چوُك‌شاندان: (ئەوەند **کۆڵەی** دامێ)؛ ٨) پنج‌و رەگ؛ ٩) قسـەی بێ‌تام؛ ١٠) خۆڵـەمێشی تەنـدوُر؛ ١١) دەخلێ کە درنـگ پێ‌دەگا؛ ١٢) منـاڵی باوك مردگ کە دایکی زوُ شوُنـەکـات‌و ئەیهێڵێ؛ ١٣) لانی سەگ ف ١) ناقص انگشت؛ ٢) حیوان بی‌شاخ؛ ٣) کوچولوی گرد؛ ٤) بچهٔ چند درندە و چرندە؛ ٥) نگا: کۆلۆ؛ ٦) ناوارد؛ ٧) کلمهٔ تصغیر؛ ٨) بیخ و بن گیاە؛ ٩) یاوە؛ ١٠) خاکستر تنور؛ ١١) کاشتهٔ دیررس؛ ١٢) یتیمی کە مادرش شوهرکردە و او را بی‌سرپرست گذاشتە؛ ١٣) لانهٔ سگ، سَگدانی.

کولهایۆخ: زۆربەکۆکە، کەسێ فرە بقۆزێ ف کسی کە زیاد سُرفە کند.

کولەبا: پەنەمانی زام ف آماس زخم.

کولەبار: دارێ کە بەر داری میوەی دەدەن ف چوبی کە تکیەگاه شاخهٔ پرمیوە کنند.

کۆڵەبار: تێلەکە ف کولەبار.

کۆڵەباڵ: فەرەنجی بێ‌قۆڵ‌و تا سەر پشتێند ف نیم‌تنهٔ نمدی بی‌آستین.

کۆڵەباڵە: کوڵەباڵ ف نگا: کوڵەباڵ.

کولەبرك: پلار بۆ میوەوەراندن ف چوبی کە بە درخت اندازند تا میوە بریزد.

کولەبنە: کنك، کورتەبالا ف کوتاەقد.

کۆڵەبەس: زاروی ژن لە شوێکی تر، کۆلوەس ف فرزند زن از شوهر سابق.

کۆڵەبەست: ١) کۆڵەبەس؛ ٢) رەپستە، ناوەنیا ف ١) نگا: کۆڵەبەس؛ ٢)

نگا: ڕەپستە.

کۆڵەبی: جۆرێ داربی ف نوعی بید.

کۆڵەپڕە: کورتەباڵای قەڵەو ف کوتاەقد چاق.

کۆڵەپنج: ڕەپستەی باش ڕواوی خۆقایم کردو: (ڕەپستەمان **کۆڵەپنج** بوە) ف کشت آبی پاییزهٔ خوب روییده.

کۆڵەپێچ: بەپەلە بەدەست گرتن: (**کۆڵەپێچم** کردو هێنام) ف با شتاب گرفتن.

کوڵـەت: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کۆڵەتی: عەبدایەتی، بەندەیی ف بردگی.

کوڵەجی: کلّجه، کلۆجه ف نگا: کلّجه.

کوڵەچوارشەمۆ: قوڵەچوارشەمۆ ف چهارشنبه‌سوری.

کوڵەحاجی: کوللەحاجی ف آخوندك.

کوُڵەخانە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کوڵەخرتە: کورتەباڵای ئەستوور ف کوتاه‌قد کُلُفت.

کوڵەدار: داردەستی کورت ف چوبدست کوتاه.

کۆڵەدار: خاوەن بەنی ف بردەدار.

کۆڵەدار: تێلەکەنیزنگ ف پشتهٔ هیزم.

کۆڵەر: ١) زەمین‌دەرەوە؛ ٢) تۆژەر، تۆژەرەوە ف ١) کاوشگر؛ ٢) پژوهشگر.

کۆڵـەرم: ١) ڕمبی کورت، نێزە؛ ٢) بەرچیغ ف ١) نیزهٔ کوتاه؛ ٢)چوب نگهدارندهٔ چیغ چادر.

کوڵەزرگ: چینەدانی باڵندە ف چینه‌دان.

کۆڵەزوانە: پوشو، قاو، پوشی ف هود، برهود.

کوڵەژان: کوانی زۆر بەئێش ف دُمل آزاردهنده.

کۆڵەس: مێورەی ڕەزی بەزەویدا ڕاکشاو ف تاك بر زمین خوابیده.

کولەسوُچ: قوژبن ف زاویهٔ اتاق.

کوڵەسە: ١) ناوچەیەکەلەکوردستان؛ ٢) لانی سەگ ف ١) ناحیه‌ای در کردستان؛ ٢) سگدانی.

کۆڵـەسی: ١) کۆڵکـەداری ئەستوور کە بۆ شڵخەمێش دەکۆڵدرێ؛ ٢) قەدی ئەستووری دار ف ١) کندهٔ ستبر که کندو کنند؛ ٢) تنهٔ ستبر درخت.

کوڵەش: ١) کلۆش؛ ٢) بێ‌شەرمو حەیا ف ١) ساقهٔ غلّه؛ ٢) پُررو، بی‌شرم.

کوڵەفڕ: هەوێردە، مەلێکە زۆرتر لەناو هەرزنجار هێلان دەکا ف پرنده‌ای است.

کولەك: ١) تاقە لە دیواردا؛ ٢) جێ‌ڕسق لە چادردا؛ ٣) ڕۆچنە لە دیوار؛ ٤) تیخی تایبەتی کەوچك‌تاشین؛ ٥) شەل، پاسەقەب ف ١) طاقچه؛ ٢) جای آذوقه در چادر؛ ٣) روزنه در دیوار؛ ٤) کارد مخصوص قاشق چوبی تراشیدن؛ ٥) شل، لنگ.

کوڵەك: کلۆك ف دانهٔ زودپز.

کۆڵەك: قولنگە، زەنگن، پاچی دوسەر ف کُلنگ.

کوڵـە کـان: دوگوندی کوردستان بوُن بەعسی وێرانی کردن ف نام دو روستای کردستان که توسط بعثیان ویران شدند.

کوڵەکردن: ١) کروشمەکردن لە سیپەدا؛ ٢) گوێ لە قسەی خەڵك گرتن لە پەناوە ف ١) نشستن در کمین؛ ٢) پنهان شدن برای استراق سمع.

کوڵەکوڵ: تەوژمی تین: (لە **کوڵەکوڵی** گەرمادا) ف شدّت و اوج.

کوڵەکوێرو: کۆرەمار ف نوعی مار سمّی.

کۆڵـــە کـــە: ١) ئەستوون، ستوون، ئەستوند؛ ٢) لێك‌هاڵانی گەنمی بەقەوەت: (گەنمەکەم **کۆڵەکەی** داوە) ف ١) ستون؛ ٢) بهم پیچیدن ساقه‌های گندم سبز و شاداب.

کوُلەکە: کوندر، کدو، کودی، کولند، کولندەر ف کدو.

کۆڵەکەجەڕە: داری دوحاچەی ڕاگری چەرخی ئاوهەڵکێشان ف ستون دوشاخهٔ نگهدارندهٔ چرخ چاه.

کۆڵەکەزێڕینە: کۆلکەزێڕینە، کێرستوُن، پەلکەزێڕینە ف رنگین کمان.

کۆڵەکەوا: ئەستوُنی بن کاریتە ف ستون زیر بالار.

کوُلـەکێن: ١) چێشتی کوُلـەکـە؛ ٢) بازی بە کدوی هێلکەیی ف ١) خوراك کدو؛ ٢) بازی با نوعی کدوی کوچك.

کۆڵەگە: کۆڵەکە، ستوُن ف ستون.

کوڵەمار: کولەوەی‌باب، کوڵەوەی‌وا، مارێکی‌ژەهرداره ف نوعی مار.

کۆڵەماڵە: ئامرازێکە لە نیر و ئاموُردا ف ابزاری در خیش.

کوڵەمانگ: برێتی لە مانگی شابان ف کنایه از ماه شعبان.

کۆڵەمست: مشتەکۆڵە، مستەکۆڵە ف مُشت گره شده.

کۆڵەمشت: مشتەکۆڵە ف مُشت گره‌شده.

کۆڵەمەرگی: ژیانی پڕ لە دەردی‌سەری ف زندگی پر مشقّت.

کۆڵەمەرگێ: کۆڵەمەرگی ف زندگی پرمشقت.

کۆڵەنانی: کەسێ کە زاوای بەستراو دەکاتەوە ف کسی که می‌تواند داماد بسته را باز کند.

کوڵەنجە: کلّجه ف بلك آستین‌دار زنانه.

کوڵەنجی: کولاژدم، دوپشك ف عقرب.

کولەند: کوُلەکە ف کدو.

کولەندەر: کولەند ف کدو.

کۆڵەوار: زۆر حاڵ‌خراپ ف بدحال.

کۆڵەوانە: کۆلوانە، چارۆکە، چارەکە ف شانه‌پوش زنانه.

کۆڵەوەز: زرکوڕ بۆ ژن ف ناپسری نسبت به زن.

کۆڵـەوەژ: دارێ کە خوڵی بن تەندوُری پێ تێك‌وەردەدەن ف آتش کاو تنور، نیمسوز.

کۆڵـەوەس: ١) ڕەپستە، ئاوەنیا؛ ٢) کۆڵبەست ف ١) نگا: ڕەپستە؛ ٢) نگا: کۆڵبەست.

کۆڵەوەیباب: مارێکی ژەهراوییە ف ماری است سمّی.

کۆڵەوەی‌وا: کوڵەوەیباب ف ماری است سمّی.

کۆڵەوەی‌واو: کوڵەوەیباب ف ماری است سمّی.

کۆڵەوێژ: چەنەوەری قسەبێتام ف تُرّهات‌گو، یاوه‌گو.

کوله‌ـ: ١) کلاو؛ ٢) کوله، کولله ف ١) کُلاه؛ ٢) مَلَخ.

کولـه‌یی: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کوله‌یی‌ڤه‌وری: ده‌نکه به‌فر که له ئاسمانه‌وه دێته خوار ف دانه‌های برف.

کولی: ١) کلۆ، کولله؛ ٢) کاکـوڵ؛ ٣) چاوئێشـه؛ ۴) ژانی برین؛ ۵) نه‌تیژی؛ ۶) کلوی به‌فـر ف ١) ملخ؛ ٢) کاکـل؛ ٣) چشم درد؛ ۴) دردزخم؛ ۵) کُندی؛ ۶) دانهٔ برف.

کوڵی: ١) کورتی؛ ٢) جۆش‌هات ف ١) کوتاهی؛ ٢) جوشید.

کۆلی: ١) کۆلـه، به‌نی؛ ٢) ئێژنگ، پُوشکه‌و چرپی بۆسوته‌مه‌نی ف ١) برده؛ ٢) هیزُم.

کۆڵی: ١) بیابانی، چۆلپه‌رست؛ ٢) ناشی، له‌کارنه‌زان ف ١) بیابانی؛ ٢) ناشی.

کۆڵی: ١) کۆڵ‌هه‌ڵگر، عه‌نباڵ، حه‌ماڵ؛ ٢) چۆڵپه‌ره‌ست ف ١) حمّال؛ ٢) کولی.

کولیا: ئه‌شه‌لی ف می‌لنگید.

کۆلیار: که‌سێ.که نوسراوان له‌سه‌ر به‌رد هه‌ڵ‌ئه‌که‌نێ ف حکّاك.

کوڵیاگ: کوڵاو ف ١) جوشیده؛ ٢) پخته.

کوڵیان: ١) کوڵان؛ ٢) جۆشان ف ١) پخته‌شدن؛ ٢) جوشیدن.

کولیانه‌وه: کولانه‌وه ف به دردآمدن زخم تسکین یافته.

کوڵیایی: ١) تیره‌یه‌کـه له کورد؛ ٢) مه‌ڵبـه‌نـدێکه له کوردستان ف ١) تیره‌ای از کرد؛ ٢) ناحیه‌ای در کردستان.

کوڵیت: ١) کۆخته؛ ٢) کولانه‌مریشك؛ ٣) داری کوڵدراو بۆ میوه‌گوشین ف ١) کوخ؛ ٢) لانهٔ ماکیان؛ ٣) کندهٔ مخصوص میوه‌فشردن.

کوُلی‌تاك: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کوُلی‌تویکان: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کوڵیته: کوڵیت ف نگا: کوڵیت.

کولیجه: ناوی دێ‌یه‌که له کوردستانی موکری ف نام دهی در کردستان.

کولێجه: کلَجه ف یلك آستین‌دار زنانه.

کولیچ: ١) کلوی به‌فر؛ ٢) ناوی دێ‌یه‌که له کوردستان ف ١) دانهٔ برف؛ ٢) نام دهی در کردستان.

کولیچك: که‌لوی په‌مۆ ف آغند.

کولیچه: کلوچه ف کلوچه.

کوڵی‌دار: کۆڵه‌دار ف برده‌دار.

کوڵی‌دڵ: خه‌م‌و خه‌فه‌ت ف درد و غم.

کوڵی‌ده‌رون: هه‌ستی‌هه‌ناو، جۆشی‌ده‌رونی ف احساسات.

کولێر: کون له دیواردا، ده‌ربیجه ف سوراخ در دیوار.

کولێره: کوللێره، ستورك، ئه‌ستورك ف گرده‌نان.

کولێره‌به‌چه‌ور: کوللێره‌ی رۆن‌تێ‌هه‌ڵسواو ف گردهٔ روغن مالیده.

کولێره‌چه‌وره: کولێره‌به‌چه‌ور ف گردهٔ روغن مالیده.

کولێره‌مه‌ژگه: کولێره‌ی کاکڵه‌گوێز تێ‌کراو ف گردهٔ مخلوط با مغز گردو.

کولی‌زه‌رك: کوللۆی زه‌رد ف ملخ زرد.

کۆلیسك: ئامرازی که‌وچك‌کۆڵین ف ابزار ساختن قاشق.

کولی کولی: هه‌نگڵه‌شه‌له ف لَی‌لَی رفتن.

کولیلێ‌به‌شك: کوللۆیه‌کی زلی ئاماڵ‌سپیه ف نوعی ملخ درشت.

کوڵی گری: گریان به‌هێز، قوڵپی گریان ف گریهٔ شدید.

کۆلیل: خه‌مبار ف غمگین.

کولیلك: ١) خونچه‌ی پشکوتوی گیاو گژ؛ ٢) شکۆفه‌ی دار ف ١) گل صحرایی؛ ٢) شکوفهٔ درخت.

کولیلکامل: چۆڵمه‌ی مل ف جناغ سینه.

کولیلکانیسانێ: ڕه‌به‌نۆك، گوڵه‌میلاقه ف آلاله.

کولیلك‌دان: گوڵ‌کردن. پشکوتنی گوڵی گیا ف شکوفه یا گُل درآوردن گیاه.

کولی‌مه‌ك: ئێسکی‌ران. له ئه‌ژنۆ به‌ره‌ژوُر تا سه‌ره‌تای زگ ف استخوان ران.

کولی‌میری‌بچوُك: گوندێکه له کوردستان به‌عسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

کولی‌میری گه‌وره: له‌و گوندانه‌ی کوردستانه که به‌عسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کولین: ١) بوغـاری ناو ماڵ؛ ٢) کولێن، جێگـه‌ی رسق‌وئازوُخه ف ١) اجاق درون دیوار، شومینه؛ ٢) جای آذوقه.

کولێن: ١)جێگــه‌ی ڕسق له چادردا، کولــه‌ك؛ ٢) قوژبن: (کـه‌لێن‌و کولێن)؛ ٣) کولانه‌وه، وه‌ژان‌هاتنه‌وه‌ی زام ف ١) جای آذوقه در چادر؛ ٢) گوشه، سوراخ سنبه؛ ٣) ریش شدن زخم.

کوڵین: وه‌جۆش‌هاتن ف جوشیدن.

کوڵێن: ده‌فری سواڵه‌ت تایبه‌تی شیر ف ظرف سفالین ویژهٔ شیر.

کۆڵین: ١) زه‌وی‌دانه‌وه؛ ٢) ناو له دارو به‌رد ده‌رهێنان ف ١) کندن زمین؛ ٢) حفر سنگ و چوب.

کولێنـان: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کولیندك: کوُله‌که، کدو ف کَدو.

کولێنك: کولاوروژنه، کولانکه‌بان ف روزنهٔ بام.

کوڵێنگ: زه‌نگن ف کلنگ زمین کندن.

کۆڵێنك: ئامرازی دارکۆڵین ف ابزار حفر چوب.

کولێنه: ١) کولانه‌مریشك؛ ٢) کولێن ف ١) لانهٔ ماکیان؛ ٢) جای آذوقه در چادر.

کۆلێنه‌وه: ١) تۆژینه‌وه؛ ٢) له زه‌وی گه‌ڕان بۆ شتێ ف ١) پژوهش؛ ٢) کاوش.

کوم: ١) پشت‌کوُر؛ ٢) قنگ؛ ٣) ئاڵقه‌ی دارینی درگاداخستن؛ ۴) کۆ، تۆپه‌ڵ، کۆگا ف ١) کوژپشت؛ ٢) مقعد؛ ٣) کلون، قفل چوبی در؛ ۴) توده.

کۆما: تۆپەڵ، کۆگا، کۆ ف توده.

کۆم: ۱) کڵاو؛ ۲) وشەی پرسیار واتا: چۆنم؟؛ ۳) قنگ؛ ۴) پۆپەی کەڵەباب؛ ۵) مەلێکی بچوکە ف ۱) کلاه؛ ۲) چطورم؟؛ ۳) مقعد؛ ۴) تاج خروس؛ ۵) پرنده‌ای است کوچك.

کۆماتەك: ۱) بابۆڵەی ساواتێ پێچان؛ ۲) دەسرازەی لانك ف ۱) قُنداق بچّه؛ ۲) دست پیچ قُنداق.

کۆماج: ۱) ئەستوندەکی چادر؛ ۲) پشت‌بان؛ ۳) جۆرێ نان؛ ۴) بوغاری؛ ۵) تەوەرەی ئاسیاو ف ۱) ستون چادر؛ ۲) پشت بام؛ ۳) نوعی نان؛ ۴) بخاری دیواری؛ ۵) ابزاری در آسیاب.

کۆماجە: کۆترە، داری نێوان ستوُن و میچی خانو ف چوب رابط ستون و سقف.

کوماخ: لاقوُن ف باسن.

کۆمار: ۱) عەشرەت، خێڵ، عێڵ؛ ۲) جەشامات، ئاپۆرە ف ۱) عشیرت، ایل؛ ۲) جمعیّت مردم.

کۆماری: دام و دەستوُری ژیانی مەردم بە هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە جیاتی پاڵشا ف رژیم جمهوری.

کۆمانج: ۱)ئەستوندەکی چادر؛ ۲) بانی پێڵەی ئاورانەگر ف ۱) ستون خیمه؛ ۲) بام که آب در آن نماند.

کۆماو: چەماو، پشت کوُڕ ف خمیده‌پشت.

کۆماوە: کۆماو ف خمیده‌پشت.

کومبر: شوێنەواری تاشراو لە شاخ و ماهدا ف صخرهٔ تراشیده.

کومبرەك: ۱) دوندی چیا؛ ۲) سەرلق، چڵەپۆپە ف ۱) قُلّهٔ کوه؛ ۲) شاخهٔ انتهایی.

کۆمبوُن: ۱) کۆبوُن لە دەوری یەك؛ ۲) پشت‌چەمانەوە، کوُڕبوُن ف ۱) جمع شدن؛ ۲) پشت خمیدن.

کۆمبوُنەوە: کۆمبوُن ف نگا: کۆمبوُن.

کومبە: هەڵوایەکە لە ئاردو دمس و کونجی دەکرێ ف نوعی حلوا.

کومبەت: ۱) هەرەبەرز؛ ۲) گومەز ف ۱) بسیار مُرتفع؛ ۲) گُنبد.

کوم‌بەتاڵ: بریتی لە بێوەژن، ژن‌بێ ف کنایه از بیوه‌زن.

کومبەلۆك: کوارگ، قارچ، کارگ ف قارچ.

کۆمبەها: نرخی شت سەرجەم و بەتێکڕایی ف بهای عمده‌فروشی.

کۆمبێژ: ۱) گۆرانی‌وتنی بەکۆمەڵ؛ ۲) گەڕەلاوژە ف ۱) ترانهٔ دسته‌جمعی؛ ۲) نوبتی آوازخواندن.

کۆمتان: ناوی دێیەکە لە کوردستان کەبەعسی وێرانی کرد ف نام روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کومتل: کڵۆی چکۆڵە ف کلوخك.

کوم‌تیژ: کڵاوی قوُچ، تانج ف تاج.

کۆم‌جا: کام‌جێ؟، کوێنە؟ ف کجا؟.

کومچا: دوگمە، قوپچە، پشکوژ ف دُکمه.

کۆمر: زوخاڵ، خەڵوُز، رەژی، رەژوُ ف زغال.

کۆمرە: ئاپوُرەی مرۆ ف اجتماع مردم.

کوُمرەش: ۱) بریتی لە عاجز، وەڕەز، جاڕز؛ ۲) بریتی لە ئێرانی؛ ۳) بریتی لە بەئێرەیی ف ۱) کنایه از ملول، پکر؛ ۲) کنایه از ایرانی؛ ۳) کنایه از حسود.

کوُم‌زر: کڵاوی بێ‌لێوارە ف کُلاه بی لبه.

کوُم‌زرخ: کڵاوی ئاسنین، خوُد ف کُلاه‌خوُد.

کۆریفۆك: کەریفۆك، شەمەترێلکە ف نگا: شەمەترێلکە.

کومسا: برینگاندنی باران، خۆش‌کردنەوەی باران ف بندآمدن باران.

کومسۆر: ۱) کڵاوسوُر، بریتی لە تورکی عوسمانی؛ ۲) بریتی لە قزڵباشی ئێران؛ ۳) بریتی لە عێلی بارزان ف ۱) کنایه از ترك عثمانی؛ ۲) کنایه از قزلباش ایرانی؛ ۳) کنایه از ایل کرد بارزانی.

کومسە: تاقەت، توان، تابشت ف یارا، توان.

کومشین: هەڵقرچان، قرمچین ف چروك شُدن.

کۆم‌فرۆش: بازرگانێ کە بەتێکڕایی شت دەفرۆشێ ف عمده‌فروش.

کۆمك: کۆمەڵە ئەستێرەی کۆ ف کهکشان.

کوُمك: ۱) کڵاو؛ ۲) پۆپەی کەڵەشێر ف ۱) کُلاه؛ ۲) تاج خروس.

کۆمکاسێویان: کۆمەڵە ئەستێرەی کۆ ف کهکشان.

کومکوموك: خمەگرو، خمخموکە، قومقوموك ف بُزمچه.

کومکومین: چەموڵەدادانی سەگ و شێر و دڕندەی‌تر ف چنگال انداختن حیوان درّنده.

کومکی‌شقان: گیایەکی دەشتی‌یە ف گیاهی است.

کۆمگە: عەمبار ف انبار.

کۆمۆ: پشت کوُڕ ف خمیده‌پشت.

کۆمە: ۱) کۆما، کۆ؛ ۲) سیپەی ڕاوکەر لە چیلکە و چاڵ ف ۱) توده؛ ۲) کمین شکارچی از ترکه و نی.

کۆمەك: یارمەتی، ئاریکاری ف کمك.

کۆمە کۆمە: ڕۆیشتن بە پشتی چەماو ف خمیده رفتن.

کۆمەکی: کۆمەك ف کمك.

کۆمەگ: کۆمەك ف کمك.

کۆمەگی: کۆمەك ف کمك.

کۆمەڵ: ۱) کۆ، تۆپەڵ؛ ۲) پڕایی مەردم ف ۱) توده؛ ۲) تودهٔ مردم.

کۆمەڵایەتی: کارو باری لەمەڕ مەردمەوە ف اجتماعی، کار مردمی.

کۆمەڵ‌بوُن: لە دەوری یەك کۆوەبوُن ف دور هم جمع شدن.

کۆمەڵتە: کۆمەڵ ف توده.

کۆمەڵگا: شوێن و جێگەی پڕایی خەڵك ف مجتمع، محل اجتماع.

کۆمەڵە: پڕایی مردم ف تودهٔ مردم.

کۆمەڵەبەستن: کۆمەڵ‌بوُن ف دور هم جمع شدن.

کومێ‌تللی: سەری قامك، گوفك ف سرانگشت.

کۆمی‌شەهیدان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کومین: زیرە ف زیره.

کون: ۱) هەرشتێ لە ناوەڕاستی بڕوانرێ ڕوناکی ئەو دیوی لێ دیاربێ، قول؛ ۲) خانوی جانەوەرانی وردیلەو خزۆك و کێوی: (**کونەمێرو**، **کونەمار**، **کونەگورگ**، **کونەڕێوی**، **کونەورچ**)؛ ۳) کول، نەبڕ ف ۱)

سوراخ؛ ۲) لانهٔ حشرات و خزندگان و جانوران وحشی؛ ۳) کُند.
کۆن: ۱) رەشماڵ؛ ۲) پارچەی ڕەشماڵ؛ ۳) شتی زۆر دەکارهێنراو؛ ۴) قەدیمی و لەمێژینە ف ۱) سیاه چادر ییلاق نشینان؛ ۲) پارچهٔ سیاه چادر؛ ۳) کارکرده، کهنه؛ ۴) باستانی.
کُون: ۱) قن، قنگ، کن، کونگ، کنگ، قوُن؛ ۲) چلۆنن؟ ف ۱) مقعد؛ ۲) چطورند؟.
کونا: ۱) قول، کون؛ ۲) ڕۆچنە ف ۱) سوراخ؛ ۲) روزنه.
کۆنا: ۱) زرینگ، وریا؛ ۲) فێڵباز، فریودەر ف ۱) زرنگ؛ ۲) حیّال، مکّار.
کونار: دارێکە بەرێ دەگرێ لە بلچی زەرد دەکا ف درخت کنار.
کونارشك: ئانیشك ف آرنج.
کوناموری: شارەمێروو ف سورخ مورچه.
کوناوچه: ڕۆچنە ف روزنه.
کوناودەر: قول لە هەردوك دیوانەوە ف از دو طرف سوراخ شده.
کوناوەجگە: ڕۆچنەی سەربان ف روزنهٔ بام.
کوناوەجە: کوناوەجگە ف روزنهٔ بام.
کوناوی: کون کراو، سماو ف سوراخ شده.
کونبڕ: دادرانی هەموو بابوێر لە خانوُدا ف همهٔ سوراخهای خانه را اندودن.
کون بوُن: قول بوُن ف سوراخ شدن.
کونبەتاڵ: برێتی لە بێوەژن، کومبەتاڵ ف کنایه از بیوه‌زن.
کونتار: بناری چیا، داوێنی کێو ف دامنهٔ کوه.
کۆنتۆ: بەچکەچێلی دوبەهاردیتو، پارگوێل، پارگوێر ف گوسالهٔ یکساله، پارینه.
کۆنتوله: کۆنتۆ ف گوسالهٔ یکساله.
کونـج: ۱) سوُچ، قوژبن؛ ۲) جنجیر؛ ۳) دەفری سوالەت بۆ گیاتێداچاندن؛ ۴) ئاولاوی، دەو چاو خروێلکاوی ف ۱) کنج؛ ۲) خالدارسیاه و سفید؛ ۳) گلدان سفالین؛ ۴) آبله‌رو.
کونجاندن: بەددان وردکردن، داکروژتن ف با دندان جویدن و خاییدن.
کونجڕ: ۱) زبری تیژ لە دەست لێدان؛ ۲) جنجیر ف ۱) زبر، خشن، ۲) حیوان خالدار.
کونجربن: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کونجڕك: قورینج، قورنج ف نیشگون.
کونجڕکە: کونجڕك، قورنج ف نیشگون.
کونجرە: پێکوڵ، گیایەکی دڕکاویە ف خارسه کوهه، گیاهی است خاردار.
کونجك: ۱) بالاپۆشی دەروێشان؛ ۲) کونی وردیلەی پێست؛ ۳) کونج، گۆشە ف ۱) خرقهٔ درویشان؛ ۲) مسامات؛ ۳) کُنج، زاویه.
کونجکاو: توژەرەوە، کۆڵەرەوە ف کنجکاو.
کونج کونجێن: جۆرێ بازی ف نوعی بازی.
کونجوڕ: قوژبنی تەنگ ف گوشهٔ تنگ.
کونجوڵ: کونجوڕ ف گوشهٔ تنگ.

کونجه: کونجی ف کُنجد.
کونجی: دانەوێڵەیەکی زۆر وردی زەردە ڕۆنی لێ دەگرن ف کُنجد.
کونجیت: کونجی ف کنجد.
کونجی کەرك: کونجی خۆڕسك، کونجیە کێویلە ف کُنجد کوهی.
کونجین: کونجاندن، داکروژین ف خاییدن.
کونچك: ۱) کونی وردیلەی پێست؛ ۲) سوُچ، قولینج، ۳) کونی زۆر ورد ف ۱) مسامات؛ ۲) گوشه، زاویه؛ ۳) سوراخ بسیار ریز.
کونـد: ۱) کلك قولـه؛ ۲) بوُم، باڵنـدەیەکـە بە شەو دەردەکەوێ بە شوُم بەناوبانگە، بو ف ۱) دم کوتاه؛ ۲) جُغد.
کوندر: کدو، کوُلەکە، کودی، کودو ف کدو.
کوندرێ: ناوی ئاواییەکە لە کوردستان ف نام دهی است.
کوندرێ میرانی: کدوبارزانی، شاقەپاغی ف کدوحلوایی.
کوندك: ۱) کوندر؛ ۲) دەفری چەرم بۆ ئاوکێشان ف ۱) کدو؛ ۲) مشك آبکشی.
کوندکێ ئاقی: کۆلەکەسەراوی ف کدوتنبل.
کوندکێ کۆسه: کدوی دۆڵمە ف کدوی دُلمه.
کوندڵقس: باوەعەمرە، چڵەنۆك ف کوتوله.
کۆندۆ: چێڵێ کە ئاوس نەبووە شیر دەدا ف گاوآبستن نشدهٔ شیرده.
کونـدوش: ۱) شتێکـە هێنـدێ پیاو لە جیاتی توتن کێشـان ئەیکـەنـە بێقلیانەوە؛ ۲) شوژن ف ۱) نوعی انفیه؛ ۲) جوالدوز.
کونده: دەفری زەلام لە چەرم بۆ ئاوکێشان، کوندك ف مشك آبکشی.
کوندەبو: بوُمی زل، کوندی زل ف بوف، جغد.
کوندەبەبو: کوندەبو ف بوف، جغد.
کوندەز: ئەسکوێ، ئوسکوُ، کەوچکی زل ف ملاقه.
کوندەفسك: کوندڵقس، باوعەمرە، باواقۆرەت، چڵەنۆك ف کوتوله.
کوندەلان: ژێر زەمینی جێگەی کوندەناو لێ دانان ف سردابهٔ جای مشك آب.
کوندی بۆر: جۆرێ کوندی زەلام ف نوعی جُغد دُرُشت.
کوندێ شەقێ: کوندێکی ڕەنگاوڕەنگە ف نوعی جُغد رنگارنگ.
کوندێ گۆڕا: جۆرە کوندێکە لە زەلکاوان و گۆڕستان دەژێ ف نوعی جغد.
کون زوان: تور، کەسێ کە قسەی بە ڕەوانی بۆ نایە ف الکن.
کون زەین: زەین کوێر ف کندذهن، دیرفهم.
کۆنسال: پیر و بەتەمەن ف سالخورده.
کۆنك: تۆکی باڵدار، پەڕوبۆ ف پَر پرنده.
کونکاچاف: گلێنەی چاو ف مردمك چشم.
کون کردن: ۱) قول کردن، کون تێ کردن؛ ۲) برێتی لە کچ کردنەژن ف ۱) سوراخ کردن؛ ۲) کنایه ازبرداشتن بکارت.
کۆنکریت: خانوی بە ئاسن و چیمەنتۆ ف بتون آرمه.
کۆنکۆل: دارێکی لێرەوارە بەرێکی وەك پەمۆ دەگرێ ف درختی است جنگلی.
کۆنکی پیرێ: جۆلاتەنەی جالجالۆکە ف تار عنکبوت.

کونگ: ۱) قنگ، قوُن، کونی پاشەوە؛ ۲) کاکڵی دارگوێز کە بۆ ڕەنگ بەکـار دێت؛ ۳) بێهۆش؛ ۴) سڕ و تەزیو [ف] ۱) مقعد؛ ۲) مغز درخت گردو؛ ۳) بیهوش؛ ۴) کرخت.

گۆنگ: کاکڵەی دارگوێز، کونگ [ف] مغزدرخت گردو.

کۆنگرە: ۱) برجی سەر قەڵا، قۆنگرە؛ ۲) کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەڵ [ف] ۱) برج قلعه؛ ۲) کُنگرهٔ حزبی.

کونگە: کوندە [ف] مشك آبکشی.

کۆنگەرە: کۆنگرە [ف] نگا: کۆنگرە.

کونگی: چارداخ، دیوارۆکـەی نەوی بۆ ماڵات‌تی‌کردن [ف] حصار گلی برای دام.

گونگیرە: کۆنگرە، قونگرەی قەڵا [ف] دندانهٔ قصر و قلعه.

کون‌میز: میزەچورتێ، گمێزەچۆرتکێ [ف] چکمیزك.

کوننە: کوندەی ئاو [ف] مشك آبکشی.

کوننەزرانی: کاسەی ئەژنۆ [ف] کاسهٔ زانو.

کوننەلان: ۱) کوندەلان؛ ۲) تەپۆڵکە [ف] ۱) نگا: کوندەلان؛ ۲) تپه.

کونۆ: ۱) سوُچ، قوژبن؛ ۲) برێتی لە ماڵی پچوُکی تەنیایی [ف] ۱) کُنج، زاویه؛ ۲) کنایه از کُنج عُزلت.

کونورز: جەوی دارقەزوان [ف] انگم درخت بنه.

کونۆش: ۱) کوندوش؛ ۲) ڕژدو ڕەزیل [ف] ۱) نگا: کوندوش؛ ۲) خسیس.

کونۆشە: جاڕو، گەسك، گێزك [ف] جارو.

کۆنـە: ۱) پەڕۆی دڕاو؛ ۲) لەمێژینـە، بەتـەمـەن؛ ۳) کوانـو، تفك؛ ۴) زرینگ، وریا؛ ۵) فێڵباز، فریودەر [ف] ۱) وصلهٔ کهنه؛ ۲) قدیمی؛ ۳) اجاق؛ ۴) زرنگ، هوشیار؛ ۵) مکّار، حیّال.

کوُنە: ۱) کوانو، ئاگردان، تفك؛ ۲) چلۆن؟ [ف] ۱) اجاق؛ ۲) چطورند؟.

کونـەبـا: ۱) دەمەئەشکەوتێ کە بای بەتەوژمی لێوە دێت؛ ۲) برێتی لە درۆزنی بەشات‌و شوُت [ف] ۱) غاری که از آن باد می‌آید؛ ۲) کنایه از دروغگوی لاف‌زن.

کۆنـەپـۆش: ۱) کەسێ کە جلکی کۆنی لەبەردایە؛ ۲) برێتی لە پیاوی تەرکەدنیای خواخواز [ف] ۱) ژندەپوش؛ ۲) کنایه از مرد زاهد.

کۆنەپۆشی: ناوی عاشیرەتێکی کوردە [ف] نام عشیرتی در کردستان.

کۆنەپەرست: کەسێ کە بە تازەداهاتوان ڕازی نیە [ف] مرتجع.

کۆنەپەرستی: بیر و بڕوای کۆنەپەرست [ف] ارتجاع.

کۆنـەسـوار: ۱) سوارچـاکی کارامـە؛ ۲) دومەکژەنی زۆرخانە [ف] ۱) سوارکار ماهر؛ ۲) تنبك نواز زورخانه.

کونەسە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد [ف] روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کۆنـەسە: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد [ف] از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

کونـەسیخـورە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد [ف] روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کۆنـەفروش: ۱) کەسێ کە شتی قەدیمی دەفرۆشێ؛ ۲) سمسار [ف] ۱) عتیقه‌فروش؛ ۲) سمسار.

کونـەفلوُسـە: لەو گونـدانـەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد [ف] روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کونەقەل: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کۆنەقەڵا: ناوی گوندێکە [ف] نام دهی است.

کونەکۆتر: ۱) ئەشکەوتێکی بەناوبانگە لە موکریان کەئاوی تێدایە؛ ۲) لەو گونـدانـەی کوردستـانـە کە بەعسی کاولیان کرد [ف] ۱) غاری معروف و پرآب در کردستان؛ ۲)روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کونـەگـورگ: گونـدێکـە لە کوردستـان بەعسی وێرانی کرد [ف] از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

کونـەلان: ۱) کونـدەلان؛ ۲) ئابـدارخـانـەی دیوەخـان [ف] ۱) نگـا: کوندەلان؛ ۲) آبدارخانه.

کونەلە: چەق، ناوەڕاست [ف] وسط.

کونـەمار: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کونەماسی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کونەمالان: ئەشکەوتێکی قوُڵ‌و بەناوبانگە لە موکوریان لای کونەکۆتر [ف] غاری عمیق در کردستان.

کۆنـەمـاوەران: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد [ف] روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کونەمشك: ناوی دێیەکە لە کوردستان [ف] نام دهی است.

کونی: کون دە ئامرازی کانزادا [ف] سوراخ فلزی.

کۆنی: زۆر بەتەمەنی [ف] کهنگی.

کوُنی: ۱) قوُندەر؛ ۲) چلۆن نیت؟: (کوی **کوُنی**؟) [ف] ۱) کوُنی؛ ۲) چگونه‌نیستی؟.

کونێر: قوُنێر، دومەڵی لای قنگ [ف] دُمَل مجاور مقعد.

کونێس: پاڵ، دەڵەکدان [ف] هول دادن.

کونێس کەردش: پاڵی پێوەنا [ف] هول داد او را.

کونیلە: ۱) کونی زۆرورد؛ ۲) کونی بنی مو لە لەشـدا [ف] ۱) سوراخ بسیار ریز؛ ۲) سوراخ رویش مو در بدن.

کۆنینە: زۆر قەدیمی [ف] باستانی.

کونیە: سەرناو، نازناو [ف] لقب.

کۆوە: ۱) بەران؛ ۲) بۆ کام جێ [ف] ۱) راك؛ ۲) بەکجا؟.

کوهـ: کول، نەتیژ [ف] کُند.

کۆه: کێو، چیا، کەژ [ف] کوه.

کوُهـ: پیرۆ، پێرو [ف] ستارهٔ ثریّا.

کوهـ رزکا: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کوهۆ: کەوەرەنگ، شینی عاسمانی، ئاوی [ف] آبی لاجوردی.

کوهۆن: کۆن، کەون، قەدیمی ف قدیمی.
کوێ: کام جێ؟ ف کجا؟.
کوُی: ۱) کونی بیورو تەشوێ؛ ۲) چۆنی؟ ف ۱) سوراخ تبر و تیشه؛ ۲) چطوری؟.
کویان گوڵـەجۆ: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
کُویایەن: بەزەمیندا کەفتگ ف زمین خورده.
کُویایەنە: بەعەرزدا کەوتو ف زمین خورده.
کوێت: ۱) ئەسپی سوُری ئامـاڵ‌ڕەش؛ ۲) کام جێگـەت؟ ف ۱) اسب سرخ مایل به سیاهی، کَهَر؛ ۲) کجایت؟.
کُویت: نەخۆشی قوڕی، گون‌پەنەمان ف فتق.
کۆی‌توژکی: چیایەکی زۆر بەرزە لای دەرسیم لە کوردستانی بەردەستی ترکان ف کوهی بُلند در کردستان.
کوێخا: قوْخا، کۆخا ف کدخدا.
کوێخاحەمەدی: جۆرێ ترێ ف نوعی انگور.
کوێخایانە: ۱) پێتاکی کوێخا؛ ۲) کاری پیاوانە ف ۱) باج کدخدا؛ ۲) کدخدامنشی.
کوێر: ۱) کۆر، کۆرە، بێ‌چاو؛ ۲) پوُك: (**گوێزی کوێر**) ف ۱) کور؛ ۲) پوك.
کُوێر: قوُڵ ف ژرف.
کوێڕا: چزوُ، چماوە بلەز ف چەزود.
کوێرانە: بە بێ دیتن کارکردن، وەك کوێر ف کورانە.
کوێراو: کانی کەم‌ئاو ف چشمۀ کم آب.
کوێرایەتی: کۆری ف کوری.
کوێرایی: ژیان بە کوێری ف کوری، نابینائی.
کوێرایی‌داهاتن: کۆرایی‌داهاتن ف نگا: کۆرایی‌داهاتن.
کوێربوُن: چاو لە دیتن بێ‌بەش‌بوُن ف کورشدن.
کوێربـوُنـەوە: ۱) کۆرەوەبـوُن؛ ۲) ساڕێژبـوُنی برین ف ۱) نگـا: کۆرەوەبوُن؛ ۲) التیام زخم.
کوێردڵ: کەم‌فام، ناتێگەیشتو ف کوردل.
کوێرك: ۱) کۆروُ، بەڵای ڕەشی گەنم؛ ۲) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) سیاهـك گنـدم؛ ۲) نام روستـایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کوێرکوێرانە: کوێرانە ف کورکورانە.
کوێرنان: ڕژد، ڕەزیل، چکوس ف خسیس.
کوێروُ: کوێرك ف سیاهك گندم.
کوێرە: ۱) کابـرای کوێر؛ ۲) دەنکی بێ‌کاکـڵ؛ ۳) لەئامانج‌نەدان؛ ۴) نەتـەقینی فیشەك ف ۱) فلان کور؛ ۲) دانۀ بی مغز؛ ۳) تیر به خطا رفتن؛ ۴) عمل نکردن فشنگ.
کوێرەدەرە: کۆرەدەرە ف نگا: کۆرەدەرە.
کوێرەدێ: کۆرەدێ ف کورەدە.
کوێرەڕێ: کۆرەڕێ، رچە، بزنەڕێ ف کورەراە.
کوێرەك: ۱) کوێروی گەنم؛ ۲) کوێرەی دەنك ف ۱) سیاهك؛ ۲) دانۀ بی‌مغز.
کوێرە کـانی: ۱) کانی‌یەك کە هەر بەهـاران ئاوی هەیە؛ ۲) گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) چشمەای که فقط در بهار آب دارد؛ ۲) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کوێرە کردن: ۱) نەتەقینی فیشەك؛ ۲) لەئامانج‌نەدان ف ۱) منفجرنشدن فشنگ؛ ۲) به هدف نزدن.
کویرەمار: کۆرەمار ف نوعی مار خاکستری رنگ.
کوێرەموُشە: چاوپروُش ف چشم کم سو.
کوێرەوەبوُن: کۆرەوەبوُن ف نگا: کۆرەوەبوُن.
کوێرەوەری: کۆرەوەری ف نگا: کۆرەوەری.
کوێری: کۆری ف کوری.
کُوێری: ۱) قوُڵی؛ ۲) لە دیتنی چاو حاسیە ف ۱) ژرفی؛ ۲) خارج از دید.
کوێرێتی: کوێرایەتی ف کوری.
کوێریشك: خەروێ ف خرگوش.
کوێریەتی: کوێرایەتی ف کوری.
کُوێز: کوُز، کوُزەڵە ف ترتیزك آبی.
کویزروك: گیای گۆزروان ف گیاهی است.
کویزەل: چیایەکی زۆربـەرزە لە کوردستـانی بەردەستی ترکـان ف از کوههای بلند کردستان.
کُوێژرك: کاژێر، قوژبن، سوُچ، قولینچك ف گوشه، زاویه.
کوێسان: ۱) سەردەسێر، زۆزان؛ ۲) کۆسار ف ۱) سردسیر؛ ۲) کوهسار.
کوێستان: کوێسان ف نگا: کوێسان.
کۆی‌سنجەق: شارێکە لە کوردستان ف شهری در کردستان.
کوێشتیر: توێشتیر، چێشتیر، جوێشتیر ف بز دو ساله.
کُویشـك: ۱) شەی پۆکـوتان، هەپە، کەرکیت؛ ۲) دەڵەك ف ۱) شانۀ پودکوبی در بافندگی؛ ۲) نگا: دەڵەك.
کوێشکە: چۆلەکە، چوێلەکە، پاساری، چێشکە ف گنجشك.
کویشـە: لکی بن‌گڵ‌خراو بە بێ بڕین ف شاخۀ زیر خاك خوابیدۀ درخت.
کوێك: گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کُویك: دارکوتکە ف دارکوب.
کوێکان: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
کوێلە: کۆلە، کۆلی، بەنی، بەندە، عەبد ف بردە.
کوێلەتی: کۆلەتی ف بردگی.
کوێلەدار: کۆلەدار ف بردەدار.
کُوین: قوُن، قنگ ف مقعد.
کوێن: ۱) پارچەی ڕەشماڵ؛ ۲) کام جێ؟ ف ۱) پارچۀ سیاه‌چادر؛ ۲) کجا؟.

کوێندەر: کام جێ؟ ف کجا؟.

کوێندەرێ: کام جێ؟ ف کجا؟.

کوێندەری: خەڵکی کام جێی؟ ف کجایی هستی؟.

کوێنك: کوێنی چادر ف پارچهٔ سیاه چادر.

کوێنە: کام جێ؟ ف کجا؟.

کوێو: تاوێر، بەردی گلارەوبوگ ف سنگ غلتان از کوه.

کۆیوسان: ١) کۆساران؛ ٢) کوێستان ف ١) کوهساران؛ ٢) سردسیر.

کوێوە: بۆ کام جێ؟ ف به‌کجا؟.

کوُیی: ١) کێوی؛ ٢) برێتی لە هیچ‌نەزان ف ١) کوهی؛ ٢) کنایه از وحشی.

کە: ١) ئەگەر؛ ٢) هەر دەمێ: (**کـــە** تۆ هاتی من دێم)؛ ٣) پاشگـــری دیاری‌کردن: (کـورە **کـە**، ئەوە **کە**)؛ ۴) دی، تر: (ئەوی **کە**، پیاوێکی **کە**) ف ١) اگر؛ ٢) هرگاه؛ ٣) پسوند علامت مَعرفه؛ ۴) دیگر.

کهار: ١) کاریلە؛ ٢) بزنی دوبەهار دیتوُ، کوُر ف ١) نوزادبُز؛ ٢) بُز دوساله.

کهانەی: کۆن، کۆنە، کەون ف کهنه.

کەباب: گۆشتی براژتی ف کباب.

کەبابچی: گۆشت‌برژێن ف کبابچی.

کەبابخانە: دوکانی کەباب‌فرۆشی ف کبابخانه.

کەبابە: ١) بەری دارێکە بەقەی دەنکە‌ئیسوُت بۆ دەرمان دەبێ؛ ٢) وارۆك ف ١) کبابهٔ دارویی؛ ٢) جوجه‌مرغ رشید.

کەبابەچینی: کەبابەی دەرمان ف کبابه‌چینی.

کەبـابی: ١) بەڕەنگی کەبـاب. بۆ ترێ دەڵێن: (تـرێ **کەبـابی**)؛ ٢) گوشتێ کە دەیکەنە کەباب؛ ٣) کەباب‌فرۆشی ف ١) بەرنگ کباب؛ ٢) گوشت کبابی؛ ٣) کبابخانه.

کەبات: بەری دارێکە لە جسنی نارنج شینی ئامالْ‌زەردی قونجرقونجرە بۆ چێشت دەبێ ف نوعی نارنج.

کەبادە: دارێکی بەزنجیرەوە کە لە زۆرخانەدا بەکاری دێنن ف کباده.

کەبار: ١) نۆبەرە؛ ٢) سەرەتای هەرشتێ؛ ٣) سەڵای مەلا لە بەیاندا ف ١) نو بر؛ ٢) آغاز؛ ٣) مناجات سحری.

کەبان: کابان ف کدبانو.

کەبانو: کابان ف کدبانو.

کەبانی: کابان ف کدبانو.

کەبانیتی: کەیوانویی، ژنی زۆر بەماڵداری ف بسیار خانه‌داری، کدبانویی.

کەبر: کەبەر، دارێکی دڕکاویە. بەرەکەی *لە خەردەل دەکا* ف درختی است.

کەبس: ١) ژێرخـــاك‌کردنی لکێ بۆ ڕەگ‌داکــوتـان؛ ٢) ڕەنـج‌دان‌و شەکەت‌بوُن ف ١) نهال کاشتن؛ ٢) مَشقّت کشیدن.

کەبلەمە: دەرمانی هاڕدراو کە دەکرێتە دەمەوە ف داروی گردخوراکی.

کەبۆت: دارێکی سەختی جەنگەڵیە ف درختی است جنگلی.

کەبۆتەر: کابۆك، کاڤۆك، کۆتر ف کبوتر.

کەبۆتەرڤان: کۆتر باز ف کبوتر باز.

کەبەر: ١) دەوەنێکی دڕکاویە؛ ٢) مارچێوە ف ١) درختچه‌ایست خاردار؛ ٢) مارچوبه.

کەبەروك: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کەبـەنـد: ١) پەتی درێژی سەربـەئاڵقە بۆ گرتنی حەیوانی ڕەوەك؛ ٢) پشتێن ف ١) کمند؛ ٢) کمر بند.

کەبەندکێشان: بازی تەناف‌کێشان ف بازی طناب‌کشی.

کەپ: ١) بێقل، دم؛ ٢) بەری دەست؛ ٣) پڕی یەك دەست؛ ۴) پوکاوڵە، چەمبـوڵە؛ ۵) فیز، دەعیە؛ ۶) بێ‌ددان؛ ٧) دوندو ترۆپکی چیا ف ١) بینی؛ ٢) کف دست؛ ٣) پر یك کف دست؛ ۴) ام‌کردن؛ ۵) تکبّر؛ ۶) بی‌دندان؛ ٧) قُلّهٔ کوه.

کەپتار: بناری چیای پڕلەدار ف دامنهٔ کوهٔ پُردرخت.

کەپچە: ئەسکوێ، کەفچی‌گەورە، کەوچێز ف ملاغه.

کەپر: خانوُچکەی لەشوُڵ‌و قامیش ف کپر، کازه.

کەپرۆك: ١) کەپری‌پچوُك؛ ٢) برێتی لەدنیا ف ١) کپر کوچك؛ ٢) کنایه از دنیا.

کەپـــروکـــە: ١) کەپـــرۆك؛ ٢) دارەڕای کەپـــر بـــێ‌پڕکـــردنـــە؛ ٣) توێژاڵکی شتی ترشـاو؛ ۴) پتـرۆکی سەربـرین ف ١) کپر کوچك؛ ٢) داربست؛ ٣) کَفَك؛ ۴) خشك ریشه.

کەپـــروکـــەبـــەستن: ١) توێژاڵکـــە پەیدابـوُن لەسـەرتـرشـاو؛ ٢) پترۆبەستنی برین ف ١) کفك زدن؛ ٢) خشك ریشه بستن زخم.

کەپـــرە: ١) پتـــروکـــەی سەربـرین؛ ٢) ریخی بەرپێ‌دراوی تونـدی وشك‌وڕەق؛ ٣) تەختایی سەرکێو ف ١) خشك ریشه؛ ٢) سرگین پامال شدهٔ سفت؛ ٣) زمین مسطحِ بالای کوه.

کەپرەسەوزە: جێژنێکی جوُلەکە ف از اعیاد یهود.

کەپرەشینە: کەپرەسەوزە ف نگا: کەپرەسەوزە.

کەپسۆك: سیخوڕ ف سیخول، تشی.

کەپسوُل: دەرمانی وردی دەبەرگ‌گیراو ف کپسول دارو.

کەپسوُن: چەشنی، تەرەقە ف ترقه.

کەپك: دەرپەڕیوی چیانەبوگەوە لە هەر شتێ ف دماغه.

کەپکان: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کەپکە: کەپك ف دماغه.

کەپلەمە: ١) کەبلەمە؛ ٢) برێتی لە مشتە ف ١) نگا: کەبلەمە؛ ٢) کنایه از جَلق.

کەپلەمـــەکێش: کەسێ کە بە دەست خۆ ڕەحـەت‌دەکـا، کەسێ کە دەسپەڕ دەکا ف جلق‌زن.

کەپلەمەکێشان: دەسپەڕکردن ف جلق‌زدن.

کەپ‌لێ‌گرتن: چەمبوڵەلێ‌نان، پوکاوڵەلێ‌نان ف ام کردن، پنجه‌گذاشتن.

کەپن: ١) بێ‌ددان، دەم‌بەتـاڵ؛ ٢) دەنگی ئاخافتنی بێ‌ددان ف ١) بی

دندان؛ ٢) صدای سخن گفتن آدم بی دندان.

کەپۆ: کەپ، کەپوُ، بێقل، دم ف بینی.

کەپـوُ: ١) قەحف، قاف، قاپێلکەسەر؛ ٢) بێقل، دم، کەپ؛ ٣) پوُکاوڵە، چەمبـوڵـە؛ ٤) ددانی پێشین؛ ٥) پیری بێ‌ددان ف ١) جمجمه؛ ٢) بینی؛ ٣) ام، پنجه‌گذاشتن؛ ٤) دندان پیشین؛ ٥) پیر بی‌دندان.

کەپۆبەرانی: پوُزبەران، قەپۆزبەران ف نگا: قەپۆزبەران.

کەپۆرە: ١) تاپۆرە، حەشامات؛ ٢) دەنگەدەنگ‌وزەنازەنا ف ١) شلوغی جمعیت؛ ٢) همهمه و جنجال.

کەپۆکەرە: باڵندەیەکە وادەزانن کە دەخوێنێ دەڵێ کپوُ ف پرنده‌ایست.

کەپۆگە: کەپۆ، لوُت، بیقل، دفن ف بینی.

کەپۆل: بێقل، کەپ، کەپۆ، دم ف بینی.

کەپۆڵ: ناوشان، قەڵاندۆش، قوڵنج ف میان کتف، قلمدوش.

کەپۆڵك: ١) کەپۆ؛ ٢) کەپۆڵ ف ١) بینی؛ ٢) میانهٔ کتف.

کەپـوُلـە: ١) قەپـوُلـە، قەپوُیلە؛ ٢) قاپێلکەسەر ف ١) پیمانهٔ کوچك آسیابان؛ ٢) جمجمه.

کەپۆن: دمەلاسکە ف ادادرآوردن به تمسخر.

کەپـوُنی: کەسێ کە دمـەلاسکـەی خەڵك دەکاتەوە ف کسی که ادای دیگران را درمی‌آورد.

کەپوُی: کەپۆ، بێقل، دم ف بینی.

کەپوُیلە: کەپوُلەی ئاردبێوان، قەپوُلە ف پیمانهٔ کوچك آسیابان.

کەپە: دەنگی ئاخافتنی بێ‌ددان ف صدای تکلّم آدم بی‌دندان.

کەپەر: ١) کلۆز، کولۆس، کەسێ کە ددانی پێشوی نیە؛ ٢) کەپر ف ١) کسی که دندان پیشین ندارد؛ ٢) کپر، کازه.

کەپـەز: هەرچیایەك تەختایی لەسەرەوەی هەبێ ف کوهی که بلندترین قسمت آن مسطح باشد.

کەپەزە: مرۆی رەزاگران‌و خوێنتاڵ ف آدم بدترکیب و گرانجان.

کەپـەك: ١) تێکـوڵی دانـەوێڵەی لەدەستـاڕکـراو؛ ٢) درشتەی ئاردی دابێژراو، کرپك ف ١) پوستهٔ دانهٔ آشی؛ ٢) نخاله.

کەپەکەپ: دەنگەدەنگی دەمی بێ‌ددان ف صدای دهان بی‌دندان.

کەپـەلـەك: کرمێکە بەگیاوە دەنیشێ پەز دەیخوا پێ دەمرێ، گیابڕ ف کرمی است کشندهٔ گوسفندان.

کەپەلەکی: پەزێ کە گیابڕی خواردوە ف دام مبتلا به سمّ «کەپەلەك».

کەپەن: ١) کفن، کەفەن؛ ٢) باڵاپۆش لە بەرگنی پەستاوتە، فەرەنجی ف ١) کفن؛ ٢) بالاپوش نمدی.

کەپەنك: فەرەنجی ف بالاپوش نمدی.

کەپەنکە: گەنم یا جۆ کە تازە دێ گوڵ بکا: (دە **کەپەنکە** دایە) ف گندم یا جو در شرف خوشه‌زدن.

کەپـەنـە: ١) فەرەنجی؛ ٢) کەبلەمـە ف ١) بالاپـوش نمدی؛ ٢) گرد داروی خوردنی.

کەپـەنـەڕەش: گونـدێکـە لە کوردستـان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

کەپەنەك: فەرەنجی: (لە نقوُشی غەزەلم چین‌و خەتا داماوە/کێ دەڵێ ئەمتیعەیی کوردە کەڵاش‌و **کەپەنەك**) «حاجی قادر» ف بالاپوش نمدی.

کەپەنەکداڵ: سیسارگ ف کرکس.

کەپی: بێقل، دم، کەپۆ، کەپ ف بینی.

کەپی‌پان: ١) بێقل‌فەتسی، کەپۆپان؛ ٢) جۆرێ هەنار ف ١) بینی پهن؛ ٢) نوعی انار.

کەت: ١) تەختی دارینی لەسـەرنـوستن؛ ٢) دەفـری قوُڵ‌و دەواڵا بۆ جێگـەی ئاردی نانـەوا؛ ٣) گیایەکی سێ‌پەڕەی بەپنجە. خۆشترین *ئالفە بۆ حەیوانی گیاخۆر*، وێنجە؛ ٤) چارۆکە؛ ٥) لای سەروی قوڵ؛ ٦) دەفری لێوارەشکاو؛ ٧) مرۆی لێوناتەواو؛ ٨) پارچە، پاژ؛ ٩) تاك، تەنیا؛ ١٠) بەزەمینـدابـەرەوەبو، کەوت؛ ١١) چاودێری؛ ١٢) زەلام؛ ١٣) بەسـەرهـاتی ناخـۆش؛ ١٤) باڵندەیەکی گۆشت‌خۆشە ف ١) تختخواب چوبین؛ ٢) ظرف آرد نانوا؛ ٣) یونجه؛ ٤) شانه‌پوش زنانه؛ ٥) قسمت بالایی بازو؛ ٦) ظرف لبه‌شکسته؛ ٧) آدم لب شکری؛ ٨) قطعـه؛ ٩) تك؛ ١٠) افتـاد؛ ١١) مراقبت؛ ١٢) گُنـده؛ ١٣) رویداد ناگوار؛ ١٤) پرنده‌ای حلال گوشت.

کەتابنی: بەرداشی ژێر و ف سنگ زیرین آسیا.

کەتاسەری: بەرداشی سەرەوە ف سنگ زبرین آسیا.

کەتـان: ١) گیایەکـە زۆر بەرز دەبێتـەوە پرزەی‌وەك دەزوی دەبێ؛ ٢) قوماشێکی سپی تەنکە، ٣) پسان، قەتان ف ١) گیاه کتان؛ ٢) پارچهٔ کتانی؛ ٣) قطع شدن.

کەتاندن: پساندن، قەتاندن ف قطع کردن.

کەتان‌کەتانە: قامێکی گۆرانی‌یە ف آهنگی است.

کەتـان‌وکەوان: کوللە، قوماشی سپی دەوری تەختی نوستن لە ترسی پێشکە ف پشه‌بند.

کەتانە: ١) هەوای کەتان‌کەتانە؛ ٢) ناوە بۆ ژنان ف ١) آهنگی است؛ ٢) نام زنانه.

کەتـانی: ١) جلکی کەتـان؛ ٢) هەر قومـاشێکی ناسـك؛ ٣) بادامی کاغەزی ف ١) لباس از کتان؛ ٢) پارچهٔ نازك؛ ٣) بادام کاغذی.

کەت‌بەسە: قوڵ‌بەستە ف کت بسته.

کەترە: ١) لەکارکەوتو؛ ٢) سست‌و گوێ‌نەدەر بە کار؛ ٣) عەیب‌و عار؛ ٤) فڕ ف ١) از کارافتاده؛ ٢) لاقید؛ ٣) عیب؛ ٤) هجو.

کەترەخانە: تەمەڵ‌خانە، جێگەی بەخێوکردنی مرۆی لەکارکەوتو ف نوانخانه.

کەترەخەم: گوێ‌نەدەر، کارپشت‌گوێ‌خەر ف لاقید.

کەتـرەیی: ١) کاری کەتـرە، گوێ پەکـارنـەدان؛ ٢) قسەی بێ‌مانای بێ‌ئامانج ف ١) لاقیدی؛ ٢) سخن بیهوده، حرف بیخودی.

کەتری: کتری، کتلی ف کتری.

کەتك: ١) هەژیری ناومەشکەڕەقە؛ ٢) پشیلە، کتك، ختك ف ١) انجیر خشك در خیك؛ ٢) گُربه.

کەت‌کەتە: ١) یەکەیەکە؛ ٢) پارچەپارچە ف ١) یکی یکی؛ ٢) قطعه‌قطعه.

کەتلە: زەمبیلەی لە پوُش ف زنبیل حصیری.

کەتلی: کەتری، کتری ف کتری.

کەتن: ۱) بەزەمینـدا بەربـوُنەوە؛ ۲) سوُکایەتی؛ ۳) کاری خراپ؛ ۴) ئاژاوە؛ ۵) فریو؛ ۶) سواربــوُنی نێر لە مێ، پەڕین؛ ۷) پەنـابـردن، وەدەغیل بوُن ف ۱) افتادن؛ ۲) اهانت؛ ۳) کار زشت؛ ۴) آشوب؛ ۵) فریب؛ ۶) پریدن نر بر ماده؛ ۷) پناه بُردن.

کەتن پێکـردن: ۱) فریودان؛ ۲) سوُکایەتی بەسەرهێنان ف ۱) فریب دادن؛ ۲) اهانت به کسی کردن.

کەتن کردن: کاری زۆر خراپ کردن ف کار زشت کردن.

کەتن گێڕ: ئاژاوەچی ف فتنه انگیز.

کەتن گێڕان: ئاژاوە نانەوە ف آشو بگری.

کەتن هەڤ: پێك هەلپڕژان ف گلاویز شدن.

کەتـو: ۱) کردوُ، بێلێ کە بە دو کەس دەیکێشن لە تەختـەتەختەکردنی زەوی؛ ۲) تەختـەزەمین بۆ چاندن ف ۱) بیل دونفرهٔ کردسازی؛ ۲) کردکشاورزی، تختەزمین.

کەتۆ: ۱) بێ هاوتا، تاقانە؛ ۲) ناوی پیاوانە ف ۱) بی همتا؛ ۲) نام مردانه.

کەتوُ: قەمتەرە، ئاوبارە، ئاوگەردان ف آبگردان.

کەتوان: چاوێر، چاوەدێر ف مراقب.

کەتوانە: چاوەدێری ف مراقبت.

کەتوانی: چاوەدێری کردن ف مراقبت، مواظبت.

کەت وجوُت: تاك و جفت ف فرد و زوج.

کەت وجوُتانێ: تاقمانە جوُت ف بازی تك یا جفت.

کەتوکلّفت: زەبەلاح، تەژە ف لندهور.

کەتوُن: کەبەند ف کمند.

کەتوەر: تەمەڵ و بێکارە ف شل و تنبل، بیکاره.

کەتوەری: تەمەڵی، بێکارەیی، خوێریەتی ف سُستی، شلی، تنبلی، بیکارگی.

کەتـە: ۱) لێوکـەت؛ ۲) دەفـری لاکەت؛ ۳) حەیوانی شاخ شکاو؛ ۴) زەبــەلاح؛ ۵) دەفــری ئاردی نانــەوا؛ ۶) قوبـڵی برنــج؛ ۷) بۆ جاری دوُهــەم چنینـی پەلکی توتن ف ۱) لب شکـــری؛ ۲) ظرف لبەشکسته؛ ۳) حیوان شاخ شکسته؛ ۴) لندهور؛ ۵) ظرف آرد نانوا؛ ۶) دمپخت، کته؛ ۷) چیدن دوبارهٔ برگ توتون.

کەتەپلاو: قوبلی، قبوُلی ف دمپخت، کته.

کەتـەن: ۱) کەتـان؛ ۲) دەست بەستـراوی بێ دەسەلات ف ۱) نگا: کەتان؛ ۲) دست بستهٔ درمانده.

کەتەو: ققەی ولاخی بەرز ف سرفهٔ چهارپایان.

کەتـی: ۱) پەڕاوی لێوارە؛ ۲) نێوان تێ کەوتـنی لێو؛ ۳) تاقـانـەیی، بێ وێنـەیی؛ ۴) بەزەمینا بەرەوەبوُگ؛ ۵) لەکارکەوتو؛ ۶) نابوُت بوُگ؛ ۷) قەتێ، کوڕکـوڕ ف ۱) شکستگی لبـه؛ ۲) لب شکری بودن؛ ۳) بی همتایی؛ ۴) افتاده؛ ۵) از کار افتاده؛ ۶) ورشکست شده؛ ۷) مرغ سنگخواره، باقرقره.

کەتێ: ۱) قەتێ، کوڕکــوڕ؛ ۲) ناوە بۆ ژنـان ف ۱) مرغ سنگخـواره، باقرقره؛ ۲) نام زنانه.

کەتیبە: ۱) سەردەرانەی بە خشتی سوُر؛ ۲) نوسراوی زۆر قەدیم لە بەرد؛ ۳) دەستەیەك لە لەشکر ف ۱) سردرآجری؛ ۲) کتیبه؛ ۳) گروهی از سپاه.

کەتیر: داری بن شەغرە کە دەکەوێتە سەر پشتی بارەبەر ف چوب زیر بار گیاه.

کەتیرە: شیرەی وشکەوەبوی گوێنی جەباری ف کتیرا.

کەتیفە: پاسارە، گوێ سوانە، سوانە ف لبهٔ بام.

کەتیکانێ: قەمچان. گەمەیەکە بەپێنج بەرد دەکرێ ف بازی یەقُل دوقُل.

کەج: ۱) خوار، چەوت، خێچ؛ ۲) دۆت، کچ، قز، قیز ف ۱) کج؛ ۲) دختر.

کەجان: ۱) وشەی دواندنی کچ بە خۆشەویستی؛ ۲) ناوی ژنانە ف ۱) خطاب دوستانه به دختر، دخترجان؛ ۲) نام زنانه.

کەجە: بیانی، بێگانە، ناس نەکری ف ناشناس، بیگانه.

کەجەر: قەرەچ ف کولی.

کەچ: ۱) چەفت، حوار؛ ۲) دۆت، کچ؛ ۳) لێوکەت؛ ۴) لێوارەکەت ف ۱) کج؛ ۲) دختر؛ ۳) لب شکری؛ ۴) لبەشکسته.

کەچاچاڤ: گلێنەی چاو، بیبیلەی چاو ف مردمُك چشم.

کەچانی: ۱) کچانی؛ ۲) کچانە ف ۱) پسر مقلّد دختران؛ ۲) شایستهٔ دختران، دخترانه.

کەچـایی: ۱) چەفتی؛ ۲) ناڕێکی: (ئەم قالّی‌یە **کەچایی** هەیە) ف ۱) کجی؛ ۲) ناهمواری.

کەچ حەلی: زڕکچ بۆ زڕباب ف دخترخوانده.

کەچ خولق: ۱) روُناخۆش؛ ۲) ئاکارخراپ ف ۱) اخمو؛ ۲) بداخلاق.

کەچ خولّك: کەچ خولق ف نگا: کەچ خولق.

کەچك: داری بەکلکی سەرقوُڵ کراو بۆ تراوژاگوێزتن ف قاشق.

کەچکانی: کەنیشکی، کچێنی، کون نەکراوی کچ ف دختر باکِره.

کەچکانی برن: کچێنی نەهێشتن ف برداشتن بکارت.

کەچکە: یەکێ لە ئامرازی بەننایانە ف یکی از ابزار بنایی.

کەچکـەقـوڵـە: بەچکەبۆقی هێشتا لە پێستی ساوایی دەرنەهاتگ ف کفچلیزك، نوزاد قورباغه.

کەچۆ: وشەی دواندنی دۆت، ئەی کچ ف ای دختر.

کەچولە: ژارماسی ف گیاه زهر ماهی.

کەچوُنە: بەردی ئاگردان، کوچکاور ف سنگ اجاق.

کەچە: ۱) تەحت، رایەخ لە بەرگنی پەستواو؛ ۲) فەرەنجی بێ قوڵ؛ ۳) پێشگــر بەواتــا: کۆنـەو بێ بایەخ: (**کـەچـە** کـەوش، **کەچـە** بەڕە، **کەچـە** کـلاو، **کەچـە**دەوری)؛ ۴) حەیوانی شاخ شکـاو ف ۱) نمد زیرانـداز؛ ۲) کپنك، بالاپوش نمدی بی‌آستین؛ ۳) پیشوند به معنی فرسوده و بی ارزش؛ ۴) حیوان شاخ شکسته.

کەچەتڕێن: روُشکاو، بەشەرماخراو: (جوابێکم دایەوە **کەچەتڕێنم** کرد) ف ازرو رفته، شرمنده شده.

کەچەچی: کەسێ کە بەرگن دەپەستێوێ و دەیکاتە تەحت و فەرەنجی ف نمدمال.

کەچەر: ١) سەربرین؛ ٢) تۆك لەسەرەوەریو ف ١) کَل؛ ٢) سرطاس.

کەچەری: ١) نەخۆشی سەربرینداری؛ ٢) سەربێ تۆکی ف ١) کَلی؛ ٢) طاسی.

کەچەشاخ: شاخدارێ کە شاخێکی شکابێ ف دام یك شاخ شكسته.

کەچەڵ: کەجەر ف نگا: کەجەر.

کەچـەڵان: هۆزێکی کوردە لە کوردستـانی بەردەستی ترکـان ف از طوایف بزرگ کُرد در ترکیه.

کەچەڵۆك: ١) چێشتێکە لە ساوارو نیسك چێ دەبێ؛ ٢) سیسارگە کەچەڵە ف ١) آشی است که از بلغور و عدس می‌سازند؛ ٢) کرکس.

کەچەڵوگوڕی: کەچەڵی تەواو کەچەڵ و بەکرێژ ف کاملاً کَچل.

کەچەڵە: ئافرەتی کەچەڵ ف زن کچل.

کەچـەڵـە: جوچکەبالندەیێ کە تۆکەمردارەی وەراندوەو تازە تۆکی لێ دێتەوە ف جوجهٔ کرك ریختهٔ تازه پر درآورده.

کەچـەڵـەك: ١) کەمێك کەچـەڵ بوگ؛ ٢) کورە کـەچـەڵەی قارەمانی چیروکـان؛ ٣) باڵـدارێکی لاشـەخۆرە لەخەرتەل دەکا ف ١) اندکی کَچل شده؛ ٢) پسرك کَچل افسانه‌های کودکان؛ ٣) از انواع لاشخور.

کەچەڵەی: کەچەڵی، تۆشی نەخۆشی کەچەڵی هاتن ف کَچلی.

کەچەڵی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کەچەڵی: کەجەری ف نگا: کەجەری.

کەچـەڵی خواشـوکور: ئەوکەچەڵەی هەر تەوقەسەری کەچەڵەو موی لاجانگ و کاکۆڵی هەیە ف کسی که فقط وسط سرش کچل باشد.

کەچـەڵی گشتـەکی: ئەوکـەسـەی خەتێك موی ماوە لەبن کلاوە دەری دەخا ف آن که فقط دورسرش مو دارد.

کەچەڵی گەڕگەڕی: کەچەڵوگوڕی ف کاملاً کچل.

کەچی: ١) خواری، چەوتی؛ ٢) دە گەل ئەوەشا (من چاکم کرد **کەچی** ئەو خراپـەی دەربـارە کردم)؛ ٣) مەبەست چیە؟: (ئەم قسەت کرد **کەچی**؟)؛ ٤) خوارەوە بو، چەفتـەو بو: (بـە سەروۆم وت کە ڕاست و سەرکـەش و بەرزی، **کەچی** لەرزی/کـە فەرقیشم بگـاتـە ئاسمـان بەندەی قەدی یارم) «نالی»؛ ٥) کەچەك، قاشوغ؛ ٦) تۆ خواری ف ١) کجی؛ ٢) با اینهمـه، درنتیجه؛ ٣) منظور چیست؟، کەچی؟؛ ٤) کج شد، خم شد؛ ٥) قاشق؛ ٦) تو کج هستی.

کەچیچ: ١) جێگـە چینـەکـردنی باڵـنـدەی ماڵی؛ ٢) چینـە، دانهەڵگرتنەوەی مەل ف ١) جای چینه‌کردن مرغ؛ ٢) چینه‌کردن مُرغ.

کەچیلۆك: کچۆڵە، کیژی بیچکەلانە ف دختر کوچولو.

کەچین: هێشتا هەر کچ ف هنوز باکره.

کەچینی: کچێنی، خوێنی نیشانەی کون نەکراوی ف خون بکارت.

کەحلان: ئەسپی حدوُد ف اسب نجیب.

کەحێل: کەحلان ف اسب نجیب.

کەخس: کخس، خزکە، خسکە ف پیاز ریز کاشتنی.

کەد: ١) پارچەدارێك؛ ٢) بەهرەی زەمین؛ ٣) زەحمەت کێشان ف ١) یك تکه چوب؛ ٢) بهرهٔ زمین؛ ٣) رنج و زحمت.

کەدوُ: ١) کادێن؛ ٢) کدو ف ١) کاهدان؛ ٢) کدو.

کەدون: جەرەی ئاو ف سبوی کوچك.

کەدوێنك: کەدون ف سبوی کوچك.

کەدە: ١) نەناسیاو، بێگانە، غەوارە؛ ٢) کوڕی چکۆڵە ف ١) ناشناس؛ ٢) پسربچه.

کەدەر: کەسەر، مەینەت، خەم ف غم، اندوه.

کەدەو: نەخۆشیەکی ماڵاتە کە لە سەرمان تۆشی دێت ف از بیماریهای دامی.

کەدی: حەمایەت، رام، فێربوی ماڵ، کدی ف اهلی، رام شده.

کەدینك: ١) کەدون؛ ٢) کوُپەڵە ف ١) سبوی کوچك؛ ٢) خمچه.

کەدێنە: شەربەی سواڵەت ف لیوان سفالین.

کەر: ١) نیوەی جیا، لەت؛ ٢) پارچە، پاژ؛ ٣) پاشگری بەواتا: پێك‌هێنەر: (کـارکـەر)؛ ٤) کۆمـەڵی دابڕاو لە گەلە؛ ٥) قەر، قەرد، وام، واو؛ ٦) بارەبەری بە زەڕەزەڕ، گوێدرێژ؛ ٧) بریتی لە دەبەنگ و نەفام؛ ٨) شوی گامێش؛ ٩) جۆرێ حەیوانی چیا؛ ١٠) هیچ نەبیس، گوێ کپ؛ ١١) زەلام، قەبـە: (کـەرمێش، **کەرمـوز**)؛ ١٢) دیوی تەفی جگ؛ ١٣) چەمـاو، خوارەوەبـوگ؛ ١٤) هەدا، ئۆقرە ف ١) شقه، نیمه؛ ٢) پاره، تکه؛ ٣) پسوند فاعلی، کننده؛ ٤) جمع جداشده از گله؛ ٥) وام؛ ٦) خر؛ ٧) کنایه از نفهم؛ ٨) گاومیش نر؛ ٩) کل شکار؛ ١٠) ناشنوا؛ ١١) گنده، بزرگ؛ ١٢) یکی از جهات قاپ؛ ١٣) خمیده؛ ١٤) آرام و قرار.

کەڕ: ١) گوێ کپ؛ ٢) تیر، خەست ف ١) ناشنوا؛ ٢) غلیظ.

کەرا: ١) رشك؛ ٢) بەرد، کوچك، تەوەن ف ١) رشك؛ ٢) سنگ.

کەڕا: گاشەبەرد، تەلەسەنگ، بەردی زل ف سنگ بزرگ.

کەراخ: ١) قەراغ، رەخ؛ ٢) کەسێ کە بەسـەر بەشکـردنی ئاوڕادەگا، میراو ف ١) کنار؛ ٢) میراب.

کەراس: کراس، گجی، کرواس ف پیراهن.

کەڕافی: تینگی زۆر کە پیاو بخاتە گیانەڵاوە ف تشنگی کشنده.

کەراقی: کەڵك ف مرغ سقّا، پلیکان.

کەراك: هەوێردە، باڵنـدەیەکـە لە چێشکە گەورەترە ف پرنده‌ای است بزرگتر از گنجشك.

کەراکە: کەراك ف نگا: کەراك.

کەڕاکی: ساغ و پتـەو، دور لە نەخـۆشی واتـا: وەك گاشـەبەرد وایە ف صحیح و سالم.

کەرامات: کاری عاجباتی پیاوانی خوا: (کەشف و **کەراماتی هەیە**) ف کرامات اولیا.

کەرامـەت: ١) کەرامـات؛ ٢) بوُژانـەوەی گیاو گوڵ و شینکـە ف ١)

کرامات؛ ٢) دوباره جان گرفتن گُل و گیاه.

کەڕان: ١) کوتکی زلی بەردشکاندن؛ ٢) قرتان ف ١) پُتك بزرگ سنگ شکن؛ ٢) گُسستن.

کەرانباگاو: جوێنێکه ف دشنامی است.

کەرانبەر: وشکەکەنگری بابردەڵه. قانگەلاشك ف کنگر خُشك بادبُرده.

کەرانـدش: ١) ڕاکێشـان بە زەویدا؛ ٢) کێشـان بە تەرازو ف ١) دراز کشیدن؛ ٢) وزن کردن.

کەڕاندن: قرتاندن، کرباندن ف گُسستن، پاره کردن.

کەرانـە: ١) پارەیێ کە پەشیمـان لە سەودا بە فرۆشیاری ئەدا تا لێی وەرگرێتـەوه؛ ٢) خاوه؛ ٣) باجـێ کە بەرانبـەر بە هەر بارە بەرێ دەستێنـدرێ؛ ٤) وەك کەر ف ١) پول پشیمـانی از معـامله؛ ٢) باج سبیل؛ ٣) باج سرانهٔ باربران؛ ٤) خرمانند.

کەڕانـە: ١) ئەنگـڕاو، دەوڵەمەن؛ ٢) لۆسه، مەلغه، باری، نوێڵ ف ١) ثروتمند؛ ٢) اهرُم.

کەراو: باره، فایده ف بهره، فایده.

کەراوی: کەڵك، کەراڤی، مەلێکی ئاوی زله ف مرغ سقّا، پلیکان.

کەرایەتی: کاری ئەحمەقانه ف روش احمقانه.

کەرب: ١) دەردو خەم؛ ٢) بێزو، مەگیرانی ف ١) غم و غصّه؛ ٢) ویار.

کەربا: بێزگ، مەگیرانی، بێزو ف ویار.

کەرباف: دژوێنێکه واتا: کوڕکەر ف فحش به معنی کُرّه خر.

کەرباندن: بێزوکردن ف ویارکردن.

کەربایەی: بێزگ، مەگیرانی ف ویار.

کەربایی: کەربایەی، بێزو ف ویار.

کەربلێ: گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کەربۆکی: هەمیشه دژو خەمبار ف همواره اندوهگین.

کەربـوون: ١) پێداگرتن لەسـەر کارو قسـەی بێ‌بایەخ؛ ٢) تۆڕەبوونی بێ‌ئاقلانه ف ١) خرشدن؛ ٢) لجاجت کردن.

کەڕبـوون: ١) کپ‌بوونـی گوێ؛ ٢) سوڕانی زۆر بەلـەزی مزراح: (وا دەسوڕێ کەڕدەبێ) ف ١) کرشدن؛ ٢) چرخش با شتاب گردنا.

کەربونەکی: هەمیشه دژو خەمباربوون ف همواره اندوهگین بودن.

کەربەتین: گازی بزمارکێشانەوه ف اَنبُر میخ بیرون کشیدن.

کەربەش: دڕکێکه کەر حەزی لێ‌دەکا ف خاربنی است.

کەربـەلا: ئەو جێگەی ئیمام‌حوسێنی لێ کوژرا، شارێکه لە عێراق ف کربلای حسینی.

کەرپال: شڕوشڕۆڵ، قەرپال، جلك‌قەتیای ف ژنده‌پوش.

کەرپت: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کەرپوج: خشت ف خشت.

کەرپە: بەربەندی‌ناو، بەندی‌ناو ف سدّ.

کەرپەزە: جۆرێ مارمیلکەی درێژه کە ڕەنگ‌دەگۆڕێ ف نوعی مارمولك.

کەرپەسە: خەمەگرۆ، قمقمۆکه، سەرمازەڵه ف چلپاسه.

کەرپیچ: کەرپوچ، خشت ف خشت.

کەرت: ١) دوپارچه؛ ٢) پارچه؛ ٣) بڕێ لە پەز؛ ٤) تیخی دەم‌لێ‌پەڕیو؛ ٥) چارەگ، لەچوارپاژ پاژێك ف ١) دونیم؛ ٢) پاره، قطعه؛ ٣) قسمتی از گله؛ ٤) تیغ لب پریده؛ ٥) یك چهارم، چارك.

کەرتال: گیایەکی بەدڕکەو لە کەنگر دەکا ف گیاهی است شبیه کنگر.

کەرتژ: چەنەبازی قسەبێ‌تام ف وراّج.

کەرتـڕێنـە: ١) بڕێتـی لە سەربـەرەوژوورەی زۆر ڕژد؛ ٢) بڕێتـی لە دوامین کایەی جۆراوبازی ف ١) کنایه از سر بالایی سخت؛ ٢) کنایه از آخرین دور جوراب بازی.

کەرتك: کەرت ف نگا: کەرت.

کەرتکین: پەڕینی لێوارەی تیخ ف لب پرشدن تیغ.

کەرتل: کەرت، کەرتك ف نگا: کەرت.

کەرتلاندن: پارچەپارچەکردن ف قطعه‌قطعه‌کردن.

کەرتو: کردو، ورچ‌و لۆتی ف گرازکشاورزی.

کەرتۆپە: کەرتۆفل، سێفەزەمینه، پەتاته ف سیب‌زمینی.

کەرتۆل: پەتاته، سێفەزەمینه، کەرتۆپە ف سیب‌زمینی.

کەرتە: دەستەپەزێك پێکەوه، کەرتکەمەڕ ف گلهٔ کم عدد.

کەرتەڕ: بەری گیایەکە لە خەیار دەچێ‌و زۆر تاڵه ف نوعی خیارکوهی تلخ.

کەرتەشی: گیایەکی بەدڕکی سەرخڕه ف گیاهی است خاردار و سرگرد.

کەرتەك: ١) پارچەیەك؛ ٢) زۆر، گەلێك ف ١) یك قطعه؛ ٢) بسیاری.

کەرتەل: بەشێکی زۆر لە هەرشتێ ف قسمت اَعظم از هرچیز.

کەرتەلەڕ: یەکسمی کزو بێ‌هێز ف ستور لاغر مردنی.

کەرتەوڵ: گیایەکی بەرزه بالایه لە گۆگەم ئەکا ف گیاهی است.

کەرتێنە: داوی جاڵجاڵۆکە ف تار عنکبوت.

کەرجـە: کەنـه، جانـەوەرێکه بەمالاتەوە دەنوسێ‌و بۆره ف از حشرات دامی، کنه.

کەرچل: تێکەلاو، تێکدراو ف بهم‌زده، آمیخته.

کەرچلان: کەرچل ف نگا: کەرچل.

کەرچلاندن: تێکەڵدان، تێکدان، لێکدان ف بهم‌زدن، بهم آمیختن.

کەرچلی: تێکدراو، تێکەلاوکراو ف بهم زده، آمیخته.

کەرچلین: کەرچلان ف بهم زده، آمیخته.

کەرچۆڤە: شەڕانی، نەگونجاو ف ستیزه‌جو، ناهنجار.

کەرچەك: پێلاوی خوارو خێچ‌و دڕاو ف کفش زوار دررفته.

کەرچیچەك: جۆرێ داری جەنگەڵیه ف از درختان جنگلی.

کەرخ: ١) دەنـگ‌نوسـان، دەنـگ‌کەتن؛ ٢) سنـوور، کەوشـەن؛ ٣) جێ‌دروێنەی پاڵه لە ڕۆژێك‌دا؛ ٤) دەفری سواڵەتی قەوزەلێ‌نیشتو؛ ٥) تەزیو، سڕ؛ ٦) شوێن، شوێ؛ ٧) لەبەرچاوکەوتن، بێزاری؛ ٨) ئالی، لا ف ١) صداگرفتگی؛ ٢) مرز؛ ٣) درویدهٔ یك دروگر در روز؛ ٤) ظرف سفـالین کهنهٔ خزه‌گرفته؛ ٥) سر، کرخ؛ ٦) رد، اثر؛ ٧) بیزاری؛ ٨)

طرف، نزد.
كەرخانە: ١) كانی بەرد لیّ‌هەلّكەندن؛ ٢) چالّەبەفر؛ ٣) جوننەخانە ف ١) معدن سنگ؛ ٢) برف انبار؛ ٣) فاحشەخانە.
كەرخانەچی: دەویت، گەواد، قورمساخ ف دَیّوس.
كەرخ‌بوُن: ١) تەزین، سرّبـوُن؛ ٢) دەنـگ كەتن؛ ٣) جارّزبـوُن، بیّزاربوُن ف ١) كرخیدن، كرخ شدن؛ ٢) صداگرفتن؛ ٣) بیزارشدن.
كەرخنكیّنە: گیابەكە ف گیاهی است.
كەرخو: قەرغو، جۆرەقامیشیّكە بلوری لیّ چێ دەكەن ف نوعی نی كلفت.
كەرخۆر: چلّەك، نەوسن، چلّیس ف شكمو.
كەرخول: شیّلاقە، جۆریّ مزرەقی بیّ‌تمتمەیە بەقامچی‌لیّدان دەسوُریّ ف گردنای بی نوك آهن كه با تازیانەزدن می‌چرخد.
كەرخەپ: رزیو لەبەر كۆنی ف پوسیده از كهنگی.
كەرخەس: كاری هیچ‌و پوُچ‌و بیّ‌فایدە: (ئەوەی تۆ ئەی‌كەی **كەرخەسە** كار نیە) ف كار بیهوده.
كەرخەسپال: لەكاركەوتە، بكیّرنەهاتی ف از كارافتاده.
كەرخـەسیّن: بریّتی لە كەسیّ كە كاری هیچ‌و پوُچ دەكـا ف كنایه از كسی كه كارهای بیهوده می‌كند.
كەرخەك: بەسەریەكدا كۆماكراو ف برهم انبارشده.
كەرخین: كەرخ‌بوُن ف نگا: كەرخ بوُن.
كەرد: ١) تەختەزەوی بۆ چاندن؛ ٢) كاری رّابردوی كردن، كردی ف ١) كردكشاورزی؛ ٢) انجام داد.
كەردار: چارویّدار، خەربەندە ف چاروادار.
كەردرّ: كەرخنكیّنە ف گیاهی است.
كەردز: ١) سیرمــەخــۆر، دزی خویّرّیلە: (تــۆ شیّخی حیلەسـازی قوماربازی **كەردزی**) «مەسوُل»؛ ٢) گوندیّكە لە كوردستان بەعەسی ویّرانی كرد ف ١) دَلـەدزد؛ ٢) از روستـاهـای ویران شدهٔ كردستان توسط بعثیان.
كەردو: ١) كەرد، تەختەزەوی؛ ٢) كردوی دیّراوهەلّدان؛ ٣) گیای كاردو ف ١) كردكشاورزی؛ ٢) گراز كشاورزی؛ ٣) گیاه «كاردو».
كەردوكیّش: كردوكیّش ف كسی كه گراز كشاورزی می‌كشد.
كەردە: كردە، كردن‌بەهەموماناكانیەوە ف كردن.
كەرّە: زەوینی پرّلەبەرد، بەردەلاّن ف زمین سنگلاخ.
كەرزك: ١) گەنـە، كەرجە؛ ٢) بریّتی لەمرۆیزۆردرۆزن ف ١) كَنه؛ ٢) كنایه از آدم بسیار دروغگو.
كەرزوُر: لەو گوندانەی كوردستانە كە بەعسی كاولیان كرد ف روستایی دركردستان كه بعثیان آن را ویران كردند.
كەرزین: ١) قەرسین، لەسـەرمان‌نارەحەت‌بوُن؛ ٢) بەستەلّەك ف ١) لرزیدن از سرما؛ ٢) یخبندان.
كەرژال: كاری زۆرگران ف كار بسیار دشوار.
كەرژنگ: قرژانگ، قرژالّ ف خرچنگ.
كەرژە: كەرجە، گەنە ف كَنه.

كەرساڤا: گوندیّكە لە كوردستان بەعسی ویّرانی كرد ف از روستاهای ویران شدهٔ كردستان توسط بعثیان.
كەرستــە: ١) ئەسپـابـاتیّ كە شتیّكی لیّ دروست بیّ؛ ٢) ئامـرازی شت‌دروست‌كردن ف ١) موادّ اوّلیّه؛ ٢) ابزار.
كەرسل: تەرسەقول، قەرسەقول ف مدفوع الاغ.
كەرسمە: رەگیّكە لە كەپوّی كەردا دەیبرّن ف رگی در بینی الاغ كه آن را قطع می‌كنند.
كەرسوّنە: تەپالّەكیّویلە ف تاپالهٔ دشتی.
كەرْسە: كەرستە ف نگا: كەرستە.
كەرسەپ: سەوزیەكە دەچیّندریّ، كەرەوز ف كرفس.
كەرسەرّ: ١) مزراح؛ ٢) جۆریّ مراوی ف ١) گردنا؛ ٢) نوعی مرغابی.
كەرسـەرّە: ١) جۆریّ مراوی؛ ٢) قۆرّقۆرّە، مزراحی ناوكوّلّدراو ف ١) نوعی مرغابی؛ ٢) گردنای توخالی شده.
كەرسەك: سندە، كلّوّخاكی زل ف كلوخ بزرگ.
كەرسەگ: ١) كەرسەك؛ ٢) بریّتی لە بەدیمەن‌گیّلی بەدلّ لەسەرهۆش ف ١) كلوخ بزرگ؛ ٢) كنایه از به ظاهركودن تودار.
كەرسین: وشك‌بوُنەوە، مەیین ف خُشك شُدن.
كەرش: كرش، عوُر ف شكمبه.
كەرشین: ١) زگ‌زل؛ ٢) بریّتی لە سەیدی بەدرۆ ف ١) شكم گنده؛ ٢) كنایه از سیّد دروغین.
كەرفتن: بیزهەستان لە خواردنیّك ف دل به هم آمدن از خوراكی.
كەرك: ١) لەت، پارچـە؛ ٢) كەرتەپەز؛ ٣) عابای بیّ‌قۆلّ ف ١) قطعە، پاره؛ ٢) قسمتی از گله؛ ٣) عبای بی‌آستین.
كەرّك: ١) خرچـە، قەرەخـرچــە؛ ٢) كۆتـەلّــی كەر لەدار بۆ بازبـەسەرداهاویشتن؛ ٣) هەنجیری كالّ؛ ٤) برینگ ف ١) خربزهٔ كال؛ ٢) خَرَك؛ ٣) انجیر كال؛ ٤) دوكارد.
كەركردن: ١) لەت‌كردن؛ ٢) فریودان، خەلّەتاندن ف ١) پاره‌كردن؛ ٢) فریب دادن.
كەرّكـردن: ١) گویّ‌كپ‌كردن؛ ٢) خەست كردنەوەی تراو: (بەفراوی **كەرّبگرەوە**)؛ ٣) داكوتانی گیزگیزە جـۆریّ كە دەنگی ببـرّیّ ف ١)ناشنوا كردن؛ ٢) غلیظ كردن آبكی؛ ٣) چرخاندن سریع گردنای توخالی طوری كه صدای آن بخوابد.
كەركــرن: ١) كەركـردن؛ ٢) قەرزكــردن، وام‌وەرگرتن ف ١) نگـا: كەركردن؛ ٢) وام گرفتن.
كەركنج: قرژانگ، قرژال ف خرچنگ.
كەركۆت: گۆگرد كانزایەكی زەردە و زوُ ئاگر دەبا ف عُنصر گوگرد.
كەركۆتی: شیّویّكە لە گەنمەكوتاو دروُست دەبیّ ف آشی است.
كەركوژ: زالّە، روُل، روُلك ف خرزهره.
كەركوژە: كەرخنكیّنە، كەردرّ ف گیاهی است.
كەركـوُش: جۆریّ تریّی نەبـاش: (ئـەز قوربانۆ پەشوشوّ/رەزك دانی ژكـەركـوشوّ/تولیّ نەبو بدەموُشوّ) «شیّعریكی نەناسراو» ف نوعی انگور نامرغوب.

کەرکوڤی: کەرەکێوی، گۆرەکەر ف گورخر.
کەرکوك: شارێکە لە کوردستان ف شهری درکردستان.
کەرکوڵ: ۱) جاش، جاشك، دەحشك؛ ۲) گیایەکی سەرخڕی بەدڕکە؛ ۳) گیایەکـە لە تیرەی کەمـاو هەڵـز ف ۱) کُرەخر؛ ۲) گیاهی است خاردار؛ ۳) گیاهی است از تیرۀ انجدان.
کەرکوڵ وبارسوك: برێتی لە فەقیری ئاسودە ف کنایه از ندار آسودەدل.
کەرکە: جزیرەئاسایی ف شبەجزیرە.
کەرکەریك: کرکروکە ف غضروف.
کەرکی: کەرەکی، کەرانە ف ابلهانه.
کەڕکی: مێوینەی کەڵەشێر، مامر، مریشك ف مرغ خانگی، ماکیان.
کەرکیت: شەی پۆکوت، هەپە ف دفته، شانۀ پودکوبی.
کەرکێ فاتمێ: ئاژیلۆکە ف آحوندك.
کەرگ: کەڕکی، مامر ف مرغ خانگی.
کەڕگاسیای: مریشکی ڕەش کە دەڵێن ودمی باش نیە ف مُرغ خانگی سیاه که گویند شوم است.
کەرگاکۆرە: برێتی لە کەموسکە، زۆر کەم ف کنایه از بسیار اندك.
کەڕگامیسری: بەقلەموت، عەلەشیش، بۆقلە، قەلەمونە ف بوقلمون.
کەرگان: ۱) دەفری ترێ تێداگوشین؛ ۲) گوشکە بۆدوشاوکردن ف ۱) ظرف جای آبگیری انگور؛ ۲) عصّاری.
کەرگراف: زەوینێ سێ لای ئاو بێ و لایەکی وشکانی ف شبەجزیرە.
کەرگو: خەروێ، کەروێشك ف خرگوش.
کەرگۆهـ: کەروێشك ف خرگوش.
کەرگە: ۱) دەسك؛ ۲) گوشینگەی هەنگوُر؛ ۳) مامر ف ۱) دسته؛ ۲) عصّاری؛ ۳) مُرغ خانگی.
کەرگەداس: دەسکەداس، کلکەداس ف دستۀ داس.
کەرگـەدەن: جانەوەرێکی زۆر زلە شاخی لەسەر کەپۆی هەیە پێستیان دەکردە سپەر بۆ شەڕەشێر ف کرگدن.
کەرگەدەنگ: کەرگەدەن ف کرگدن.
کەرگەز: سیسارگ، سیسارگەکەچەڵە ف کرکس.
کەرگەلارێ: باڵدارێکە ف پرندەایست.
کەرگی: کەرکی، مامر ف مرغ خانگی.
کەرگێ: کەسێ کە ئیلاقەی کەر دەکا ف کسی که با خر جماع کند.
کەرلـــەوەڕێن: ۱) شوانـی کەران؛ ۲) برێتـی لە کەسێ کاری سوك و بێبایی دەکا ف ۱) الاغچران؛ ۲) کنایه از کسی که کار بی‌ارزش کند.
کەرم: کرم، کورم ف کِرم.
کەرمات: ۱) زۆرزیاد، زەحف؛ ۲) بوژانەوەی شینایی، گەشەکردن؛ ۳) وشیارکردنەوەی مەردم ف ۱) بسیار زیاد؛ ۲) دوبارە جان گرفتن گُل و گیاه؛ ۳) بیدارکردن ملّت.
کەرمخ: گیایەکی گەڵادەرزی‌یە ف گیاهی برگ سوزنی است.
کەرمجین: کرمێ بوُن ف کرمو.
کەرمجینی: ۱) کرمەرێژی؛ ۲) برێتی لە زۆرچەپەڵی و گەماری ف ۱) کرم ریختن؛ ۲) کنایه از آلودگی بسیار.
کەرمژین: کەرمجین ف کرمو.
کەرمشین: قرمچین ف نگا: قرمچین.
کەرمك: کرمێ. کرم‌لێ‌دراو ف کرمو.
کەرمنـــدار: ۱) بەخشینی خاوەن دەسـەڵات؛ ۲) ناوی گونـدێکـە لە کوردستان ف ۱) بخشش صاحب قدرت؛ ۲) نام روستایی در کردستان.
کەرموتان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کەرموز: مێشێکی چزوداری درشتە بە ماڵاتەوە دەدا، شینەموزە ف نوعی مگس درشت نیشدار.
کەرمـە: ریخی بەرپێ دراوی ڕەق‌هەڵاتـگ، کەمرە، کەپرە ف سرگین پامال شدۀ خشك و سفت.
کەرمەژین: کرمژین ف نگا: قرمچین.
کەرمەلیس: مێخۆش، ترش‌وشیرین ف تُرش و شیرین.
کەرمێش: ۱) مێشی درشت؛ ۲) نێری مێشەنگوین ف ۱) خرمگس؛ ۲) زنبورعسل نر.
کەرنگ: قورینگ، باڵدارێکە ف پرندەای است.
کەرۆ: ۱) کول، نەتێژ، نەبـڕ؛ ۲) بکـا؛ ۳) برێتی لە پیاوی بێ‌ناوەژ؛ ۴) سوُکـەڵـەنـاوی کەریم ف ۱) کُند؛ ۲) بکند؛ ۳) کنایه از احمق؛ ۴) مخفّف کریم، نام مردانە.
کەروُ: ۱) جاڵجاڵوُکە؛ ۲) داوی جاڵجاڵوُکە ف ۱) عنکبوت؛ ۲) تار عنکبوت.
کەڕو: گوندێك لە کوردستان کە بەعسی بە بومبای شیمیایی خەڵکیان کوشتوەو پاشان کاولیان کردوە ف روستایی در کردستان که مردمش توسط بعثیان با بمب شیمیایی قتل عام شده وسپس ویران گشته است.
کەڕوُ: ۱) برش، توێژاڵکێ شین کە لە نانی کۆن دەنیشێ؛ ۲) توێژاڵکی ترشاو ف ۱) کفك نان، کپك نان؛ ۲) کَفَك.
کەروا: کەربا، بێزو، مەگیرانی، کەرب ف ویار.
کەڕواوی: برش‌هەڵێناو ف کفك‌زده.
کەروایی: مەگیرانی، بێزو، بێزگ ف ویار.
کەرۆز: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کەروشك: خەروێ، کەروێ ف خرگوش.
کەڕوڤە: کڕێوە، بەفری ورد بەباوە ف کولاك.
کەروکە: حۆل و گێلۆکە ف هالو.
کەڕولاڵ: کەسێ کە نە دەتوانێ ببیسێ نە دەتوانێ قسە بکا ف کرولال.
کەروڵە: کەڕەواڵە، هەوێردە ف بلدرچین.
کەرۆن: ئاڵودار ف نگا: ئاڵودار.
کەروەستەك: کەرترێنە، هەورازی دژوار ف سر بالایی سخت.

کەڕۆهەڵێنان: برش هەڵێنان، کەڕواوی بوون ف کپك زدن.
کەڕۆهێنان: کەڕۆهەڵێنان ف کپك زدن، کفك برآوردن.
کەرویێ: خەرویێ، کەروشك ف خرگوش.
کەرویشك: کەرویێ، خەرویێ ف خرگوش.
کەرویشکە: بزوتنەوەی سەوزەی بەهار بە دەم باوە ف خرام سبزه از باد.
کەرویشکەخەو: سەرخەو، سوکەخەو ف خواب سبك.
کەرویشکە کردن: بزوتنی سەوزە بە دەم باوە ف خرامیدن سبزه از باد.
کەرە: ١) پاشگری بەواتا: ئەنجامدەر: (کارە **کەرەم** بمرێ مشورخۆرەم نەمرێ) «مەسەل»؛ ٢) رۆنی قاڵ نەکراو؛ ٣) کاورای بێ ناوەز: (میوانی بوم و نان و کەرەی نایە بەر دەمم/ئێستەش بە بێ موداهەنە مەمنونی ئەو **کەرەم**) «شێخ ڕەزا»؛ ٤) بەردەلان ف ١) پسوند فاعلی؛ ٢) کرهٔ خوراکی؛ ٣) یارو خره؛ ٤) سنگلاخ.
کەڕە: ١) کەڕۆ، برش؛ ٢) ئاژەڵی گوێ کورت و لوڵ؛ ٣) فرۆیەك کە لە قەفەقامیش دا گەرم دەکرێ، قەلەبڕ، قەلەفڕ؛ ٤) کلوە بەفری وردی تەنکەڵە؛ ٥) کاورای گوێ نەبیس؛ ٦) ناوچەیەکە لە کوردستان؛ ٧) هەنجیرێ کە ناگاو دەوەرێ ف ١) کفك؛ ٢) بز و گوسفند گوش کوتاه برجسته؛ ٣) نوعی آغوز؛ ٤) دانه برف نازك و ریز؛ ٥) یاروکره؛ ٦) ناحیه‌ای درکردستان؛ ٧) انجیری که نارسیده می‌ریزد.
کەرهاتن: ١) کەربوون؛ ٢) چەقینی جگ، تەف هاتن ف ١) نگا: کەربون؛ ٢) ایستادن قاپ.
کەرەب: جیوەی داریکەو بەقیمەتە ف کهربا.
کەرەباب: دیقل، دیکل ف خروس.
کەرەبە: کەرەب، کارەبا ف کهربا.
کەڕەپو: ١) روەکێکە لە قامیش دەکا بەرێکی هەیە وەك وردە پەمو؛ ٢) داری کۆنی ڕزیو ف ١) نوعی نی که ثمرش به ریزه پنبه می‌ماند؛ ٢) کندهٔ کهنه و پوسیده.
کەڕەپو: کەڕەپو ف نگا: کەڕەپو.
کەڕەپوسەر: بریتی لە بیری سەرسپی کەم فام ف کنایه از پیر نفهم.
کەرەپوڵ: دارایی لەمردگ جێماو، میرات، کەلەپور ف ارث.
کەڕەپوە: کەڕەپو ف نگا: کەڕەپو.
کەرەپیاو: ١) پیاوی زۆر ئازاو نەترس؛ ٢) پیاوی بێ ناوەزو کەم فام ف ١) شجاع و متهور؛ ٢) احمق.
کەرەت: جار، دەحفە، چەل ف دفعه.
کەرەتاو: کەرەی تاویاوە کە باش قاڵ نەکرابێ ف کرهٔ ذوب شده.
کەرەتو: کردو، کەردو، کەرتو ف گراز کشاورزی.
کەرەتە: پانیەکێش، پاژنەهەڵکێش ف پاشنه کش.
کەرەجی: جۆرێ بەلەمی سەرناو ف قایق کرجی.
کەرەخنە: مەقاش، پۆلگر، ماشەی ئاگر ف آتش کاو.
کەرەدان: کوپەڵەی کەرەتێکردن ف ظرف کره.
کەرەز: گیایەکە دەیکرۆژن ئاویکی شیرنی هەیە ف گیاهی است.
کەرەزەڕی: زۆرەکی ف زورکی.
کەرەسب: کەرسەپ ف کرفس.

کەرەسپ: کەرسەپ ف کرفس.
کەرەستە: کەرستە ف نگا: کەرستە.
کەرەسە: کەرستە ف نگا: کەرستە.
کەڕەسیسە: کلوە بەفری تەنکی ورد، کەڕە ف دانه برف ریز سبك.
کەرەشان: هەنگوینی ڕەش هەڵگەڕاو ف عسل سیاهرنگ.
کەرەشێر: دیقل، دیکل، کەرەباب ف خروس.
کەرەشێل: کەرەشێر، دیکل ف خروس.
کەرەفتو: ئەشکەوتێکە لە کوردستان ئاسەواری مێژویی تێدا ف غاری در کردستان با آثار تاریخی.
کەڕەفو: جۆرێ هەنجیر ف نوعی انجیر.
کەڕەك: ١) جۆرێ پێشکەی ورد؛ ٢) فەرەنجی بێ قوڵ ف ١) نوعی پشهٔ ریز؛ ٢) پالتوی نمدی بی‌آستین.
کەرەکولان: کەرەکێوی ف گورخر.
کەڕەکونتێ: گوێ بەتەواوی کپ، زۆرکەڕ ف بەکلی ناشنوا.
کەڕەکەڕە: بێ هەست و چرپە: (کەڕەکەڕە هاتن) ف بی سر وصدا.
کەرەکی: کەرانە، وەك کەر ف خرکی، خرصفتانه.
کەڕەکیفە: ١) کەڕو، برش، کەڕە؛ ٢) دوکەی گیا ف ١) کفك؛ ٢) سپیدك گیاه.
کەرەکێفی: خەرگوڕ، خەرگوڵك ف گورخر.
کەرەکێوی: کەرەکێفی ف گورخر.
کەرەگا: ١) جوانەگایەك کە سواری چێڵ دەبێ؛ ٢) بریتی لە زۆرداری زاڵم ف ١) **گاوگشن**؛ ٢) کنایه از زورگو.
کەرەگایی: زۆری کردن لە زەبون ف زورگویی.
کەڕەگۆشە: نەخۆشی گولی ف بیماری جذام.
کەرەلیاس: جاڕچی ف جارچی، منادی.
کەرەم: ١) بەخشین، دانی بێ قەرەبو؛ ٢) فایدە، بەهرە: (جلەکانم لە کەرەم کەوتون) ف ١) بخشش؛ ٢) فایده.
کەڕەمار: ڕەقەمار، کۆرەمار ف نوعی مار سمّی.
کەرەمدار: جوامێر ف سخاوتمند.
کەرەمکار: جوامێر ف سخاوتمند.
کەرەمکە: فەرمودانیشە ف بفرمابنشین.
کەڕەنا: ١) جۆرێ شەیپوری زل؛ ٢) دوکەڵکێشی سەماوەر، بوڕی ف ١) کرنا؛ ٢) دودکش سماور.
کەرەنتو: ١) جۆرێ داسی دەمپان؛ ٢) ناوی دێیەکە ف ١) نوعی داس لبه‌پهن؛ ٢) نام دهی است.
کەرەنزەر: جوانی سەوزەرەنگ ف گندمگون.
کەڕەنسو: کەڕەکونتێ ف ناشنوای کلّی.
کەرەنگ: ١) نێری مێشەنگوین، کەرمێش؛ ٢) کەنگر ف ١) زنبورعسل نر؛ ٢) کنگر.
کەرەواڵە: ١) باڵدارێکە لە مراوی دەکا تۆزێ دندوکی خوارە لە دماوان دەژی؛ ٢) بریتی لە حوڵ و کەم ئاوەز؛ ٣) هەوێردە ف ١) کاروانك؛ ٢) کنایه از ساده‌لوح؛ ٣) بلدرچین.

کەرەوان: ١) کەرلەوەڕێن؛ ٢) کەرەواڵە ف ١) نگا: کەرلەوەڕێن؛ ٢) بلدرچین.

کەرەوانکە: کەرەواڵە ف نگا: کەرەواڵە.

کەرەوانە: باڵندەی کەرەواڵە ف بلدرچین.

کەرەوز: هەوری، ئیسفەنج ف اسفنج.

کەرەوز: کەرسەپ ف کرفس.

کەرەوس: کەرسەپ ف کرفس.

کەڕەوڵ: کەڕو، برش، کەڕە ف کَفَك.

کەرەوە: ١) چەمەرەی دەوری ئەستۆی گاو جێڵ؛ ٢) کەسێ کە داخـــراوێ باز دەکـــا: (دەرگا **کەرەوە**) ف ١) چنبـر گردن گاو؛ ٢) بازکننده، گشاینده.

کەرەوەت: پێشخانە، کەوشکەن ف راهرو.

کەرەوێتە: ئەستۆپێچی فەرەنگی، کراوات، قەرەوێتە ف کراوات.

کەرەهـ: چڵکن، گەمار، پیس‌وپەلۆخ ف چرکین.

کەرهەنگ: کەرەنگ، کەرمێش ف زنبور عسل نر.

کەڕەهۆ: بای زۆر گەرمی بەتەوژم ف باد گرم و شدید.

کەڕەهۆر: کەڕەهۆ ف بادگرم و شدید.

کەڕەهەنجیر: هەنجیرێ کە ناگاو دەوەرێ، کەڕە ف انجیری کە نارسیده می‌ریزد.

کەرهێ: جۆرێ گیای شنگ ف نوعی گیاه شنگ.

کەری: ١) برێ لە مێگەل، کەرکەپەز؛ ٢) لەت، پاژ؛ ٣) بێ‌ئاوەزی ف ١) قسمتی از گلهٔ گوسفندان؛ ٢) پاره، قطعه؛ ٣) حماقت.

کەڕی: نەخۆشی کپ‌بوونی گوێ ف بیماری کری.

کەرێتی: کاری بێ‌ئاقڵانە ف کار احمقانه.

کەرێز: ڕێگەئاوی بەژێر زەویدا کێشراو ف کاریز، قنات.

کەرێزە: ١) کەرێز؛ ٢) ناوی چەنـد ئاوایی لە کوردستـان ف ١) قنات، کاریز؛ ٢) نام چند روستا در کردستان.

کەریفۆك: شەمەتریلکە ف نگا: شەمەتریلکە.

کەڕیل: ئاژەڵی کەڕە ف دام گوش کوچك وبرجسته.

کەڕیلە: کەڕیل ف نگا: کەڕیل.

کەریم: ناوی پیاوانە ف کریم، نام مردانه.

کەریەتی: کەرێتی ف نگا: کەرێتی.

کەز: ١) قەوزە؛ ٢) کەژ ف ١) خزه؛ ٢) بسیارسفیدپوست.

کەزاخ: لق‌و پۆپی داپاچاو ف هرس درخت.

کەزاختن: پەرتاوتن ف هرس کردن.

کەزاخە: لقێ کە شیاوی هەڵپەرتاوتنە ف شاخه‌ای کە باید هرس شود.

کەزاخەکردن: هەڵپەرتاوتن، رەزبڕین، باغ‌بڕین ف هرس کردن درخت ورز.

کەزان: قەزوان، کەسکان ف ناتکش.

کەزباندن: درۆکردن ف دروغ گفتن.

کەزخاندن: کەزاخەکرن، پەرتاوتن، داپاچین ف نگا: داپاچین.

کەزلاتەی: کەسەر، مەینەت ف رنج و محنت.

کەزنەزان: دەوەنێکە ف درختچه‌ایست.

کەزوان: قەزوان ف ناتکش.

کەزەب: ١) جەرگ، جگەر؛ ٢) زەنگەتە ف ١) جگر؛ ٢) تلسك.

کەزەلۆق: گیایەکی بەپنجە ف گیاهی است.

کەزەلۆك: کەزەلۆق ف گیاهی است.

کەزی: ١) پرچ، زلف؛ ٢) قەوزە؛ ٣) جەگەن، گیاحەسیر؛ ٤) بناری‌چیا ف ١) گیسو؛ ٢) خزه، جل‌وزغ؛ ٣) گیاهی است؛ ٤) کمر کوه.

کەزیك: گیایەکی دەشتەکیە ف گیاهی است.

کەزیگە: ١) ڕەگی ئەستوور، شادەمار؛ ٢) جۆی هەڵبەستراو بۆ ئاش ف ١) شاهرگ؛ ٢) جوی آب پیوسته به ناو آسیا.

کەزین: نۆین، جۆگەی داپۆشراو ف جوی سرپوشیده.

کەژ: ١) کژك، کژگ؛ ٢) زۆر سپـی، فریە چەرمـگ؛ ٣) بنیادەمێ کە زگمـاك موی سپیەو چاوی لەبـەر تاو هەڵنـایە؛ ٤) بزنی موسپی ئامـاڵ‌شین؛ ٥) چیا، کۆ؛ ٦)ئـاوریشمی خاو؛ ٧) بزنی مل‌سووری گوێ‌ڕەش؛ ٨) پیاوی مووزەرد؛ ٩) ناوەبۆکچان؛ ١٠) موی‌بزنەمەرەزە ف ١) نوار پهن تنگ بند ستور؛ ٢) بسیار سفید؛ ٣) آدم سپید موی مادرزاد، آدم زالی؛ ٤) بز رنـگ سفید مایل به کبـودی؛ ٥) کوه؛ ٦) ابریشم خام، قز؛ ٧) بز گردن سرخ سیاه‌گوش؛ ٨) مردبوُر؛ ٩) نامی زنانه؛ ١٠) موی مرغوب نوعی بُز.

کەژاڵ: ١) ئاسـك؛ ٢) بزنـەکـێوی؛ ٣) ناوە بۆ ژنـان؛ ٤) بزنـی گوێچکەسپی‌وڕەش؛ ٥) چاوکاڵ ف ١) آهو؛ ٢) بزکوهی؛ ٣) نام زنانه؛ ٤) بز گوش سیاه‌وسفید؛ ٥) چشم آبی.

کەژاو: ١) کەز، قەوزە؛ ٢) توێژاڵکی سووری سەر ئاو، کاژاو ف ١) خزه؛ ٢) لایهٔ قرمز بر آب.

کەژاوە: ١) سندووقی زل کە لەسەر پشتی بارەبەر دادەنراو بنیادەمی تیا سوار دەبـو؛ ٢) دارێ کە لەبن دیوارەوە وەبـەر کاریتـە دەدرێ ف ١) کجاوه؛ ٢) ستون زیر بالار مماس بر دیوار.

کەژك: کژك، کژگ، کەژ ف نوار پهن تنگه بند ستور.

کەژگ: کەژك ف نگا: کەژك.

کەژۆ: ١) ناوی پیاوانە؛ ٢) سپی‌پێست؛ ٣) بزنەمەرەزی زەرد ف ١) نام مردانه؛ ٢) پوست سفید؛ ٣) بُز کُرك زرد.

کەژوو: کەژك ف نگا: کەژك.

کەژۆك: ١) ئاوریشمی خاو، کەژ؛ ٢) جۆرێ نەخـۆشی دەمارتوندبوونە؛ ٣) بەری گیایەکـە لە لۆکـە دەکـا؛ ٤) ڕەنگی زۆر سپی، قیچ ف ١) ابـریشم خام؛ ٢) نوعی بیمـاری عروق؛ ٣) ثمر گیاهی است شبیه پنبه؛ ٤) رنگ بسیار سفید.

کەژە: ١) فەسـڵی ساڵ، کژ؛ ٢) جۆرێ چەکـوچ کە فیلیان پێ لێ‌دەخورێ ف ١) فصل سال؛ ٢) چکش ویژهٔ فیل‌رانی.

کەژەسەر: گیایەکە ف گیاهی است.

کەژەك: ١) موی زەردی بزنەمەرەزە؛ ٢) جانەوەری سپی ئاماڵ‌زەرد ف ١) کُرك زردرنگ بُز؛ ٢) جانور سفید مایل به زرد.

کەژەڵ: ١) پەزی سپی گوێ‌قاوەیی؛ ٢) بزنی کەوەی تاریك؛ ٣) ئاژەڵی

ڕەش و سپی ف ۱) گوسفند سفید گوش قهوه‌ای؛ ۲) بز طوسی پررنگ؛ ۳) بز و گوسفند سفیدو سیاه.
کەژەوان: ڕازەوان ف کوه نورد.
کەژی: کەژك، کەژۆ ف نگا: کەژك.
کەژێ: ۱) ناوی ژنانە، سوکەڵەناوی کەژاڵ؛ ۲) دواندنی کیژی جوان واتا: دەلالامن ف ۱) نام زنانه؛ ۲) عزیزم، کلمهٔ نوازش خانمها.
کەژین: تەنراو لە ئاوریشم ف بافته شده از ابریشم.
کەس: ۱) تاکێ لە بنیادەم؛ ۲) خزم، خویش؛ ۳) سەرپەرشت ف ۱) کس، شخص؛ ۲) خویش، قوم؛ ۳) سرپرست.
کەسا: ۱) کیسەڵ، کێسو، کۆسی؛ ۲) بریتی لە کورتەبنەی قەڵەو ف ۱) لاك پشت؛ ۲) کنایه از توپولی.
کەساپ: کۆسپ، زەمەندو دارستانی چوغور ف راه دشوار و جنگلی.
کەسات: بێ برەو، بێ ڕەواج ف کساد، بی‌رونق.
کەساخ: ۱) کەزاخ، پەرتاوتن؛ ۲) جاش پاڵتە، عەبای قوڵەکەدەگاتەسەر زرانی ف ۱) هرس درخت؛ ۲) عبای کوتاه.
کەساخە: جاش باڵتە ف عبای کوتاه.
کساخ: کەزاخ ف هرس درخت.
کەساس: ۱) کەسات؛ ۲) حاڵ پەرێشان، بێ سەرەوبەرە ف ۱) کساد؛ ۲) پریشان حال.
کەسافەت: پیسی، چڵکنی ف پلیدی.
کەسان: ۱) خەڵکان؛ ۲) خزمان؛ ۳) کسان، چلۆن؟ ف ۱) مردم؛ ۲) خویشان؛ ۳) چگونه؟.
کەساندن: ۱) سەرپەرشتی کردن، مشوورلێ خواردن؛ ۲) خاترجەم کردن؛ ۳) گۆشت وشك کردنەوەو دەمەشکە کردن بۆ زستان ف ۱) سرپرستی کردن؛ ۲) اطمینان دادن؛ ۳) گوشت را برای زمستان خشك و در مشك کردن.
کەسایەتی: خزمایەتی ف خویشاوندی.
کەسب: کسب، کاسبی ف کسب.
کەسپ: ۱) کسب؛ ۲) کۆسپ؛ ۳) سەربان تەپاندنەوە ف ۱) کسب؛ ۲) مانع سر راه؛ ۳) کوبیدن پشت بام با لگد.
کەسپك: شەیتانۆکە ف حلزون.
کەسپۆ: دەنکەخورما ف هستهٔ خرما.
کەسپەر: ۱) چاوشین؛ ۲) چاوکاڵ ف ۱) چشم سبز، ۲) چشم زرد.
کەسپەرە: جۆرێ ساچمەتفەنگی درشت ف نوعی ساچمهٔ درشت برای تفنگ ساچمه‌ای.
کەست: ۱) ناشیرین، نەجوان؛ ۲) کاری خراپ ف ۱) بدگل؛ ۲) کار زشت.
کەستانە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کەستك: سندە ف کلوخ.
کەستور: جۆرێ کوتاڵە ف نوعی قماش.
کەستەك: ۱) سندە؛ ۲) قورسە، دەقاڵب کراوی توندەوەبوگ لەکانزا ف ۱) کلوخ؛ ۲) شمش.
کەسخ: ۱) کخس، خیسکە، خسکە؛ ۲) کەزاخ ف ۱) پیاز کاشتنی؛ ۲) هرس درخت.
کەسخاندن: کەزاختن ف هرس کردن.
کەسداندن: هەڵگرتنی گۆشت لە پێستەدا بۆ زستان ف نگهداری گوشت در چرم دبّاغی شده برای زمستان.
کەسرەوان: شەدەو هەوری لێك‌هاڵاوی سەری خانمان ف روسری بافتهٔ خانمها.
کەسك: سەوز، بەڕەنگی گیا ف سبزرنگ.
کەسکاتی: سەوزایی دەشت و دەر ف نمای سبز دشت.
کەسکان: قەزوان ف نانکش.
کەسکان کرۆژ: مەلێکی بچوکە، *ئەویندار شلکەقەزوانە* ف پرنده‌ای است کوچك.
کەسکاو: چێشتی سڵق ف آش «سلق».
کەسکوسۆر: ۱) کۆلکەزێڕینە، پەلکەزێڕینە، پەلکەڕەنگینە؛ ۲) سەوزو سووری تێکەڵاو ف ۱) رنگین کمان؛ ۲) سبز و سرخ با هم.
کەسکوسوور: کەسکوسۆر ف نگا: کەسکوسۆر.
کەسکۆن: ۱) تیر، خەست: (ماستاوێ **کەسکۆن**مان خوارد، چایەکی **کەسکۆن** تێکە)؛ ۲) چێژەتوند: (سرکەیەکی **کەسکۆنە**)؛ ۳) بریتی لە تەڕدەماخ ف ۱) غلیظ، نقطه مقابل آبکی؛ ۲) تندمزه؛ ۳) کنایه از دلخوش.
کەسکۆیی: ڕەنگی ئاماڵ سەوز ف سبزفام، مایل به سبزی.
کەسکە: ۱) شینکەی بەهاران؛ ۲) بریتی لە ژنی زمان درێژ ف ۱) سبزهٔ بهاران؛ ۲) کنایه از زن زبان‌دراز.
کەسکەتاری: کەسکی تۆخ ف سبز تیره.
کەسکەزەلال: کەسکی ئاجوخ ف سبز روشن.
کەس کەس: پشێوی و هەرکەسە بۆ خۆی: (شەممە بە **کەس کەس**) ف هرکی هرکی، آشفته‌بازار.
کەس کەسانێ: ۱) کەس کەس؛ ۲) تکاو کارێك هێنان بۆ خزم و ئاشنا ف ۱) هرکی هرکی؛ ۲) پارتی‌بازی.
کەسکەسۆر: کۆلکەزێڕینە، پەلکەزێڕینە ف رنگین کمان.
کەسکی: سەوزایی ڕەنگ ف سبزرنگی.
کەسکین: ۱) کەسکۆن؛ ۲) بریتی لە پیاوی توندەمیزاج ف ۱) نگا: کەسکۆن؛ ۲) کنایه از تندمزاج.
کەسکێن: ڕەنگ سەوز ف سبزرنگ.
کەسم: ۱) تەحر، سەروسیما، بیچم، شکڵ؛ ۲) خزمی من ف ۱) ریخت، قیافه؛ ۲) خویشاوند من.
کەسموك: مرۆی هەمیشە تەنگەنەفەس و پشوسوار ف شخص مبتلا به تنگی نفس، نفس تنگ.
کەسمە: ۱) جۆرێ نانی بەڕۆنی؛ ۲) خزمی منە؛ ۳) نەخۆشیەکی کەپۆی یەکسم؛ ۴) هەڵوای بەدۆشاو ف ۱) نوعی نان روغنی؛ ۲) خویشاوند من است؛ ۳) نوعی بیماری بینی ستور؛ ۴) حلوای ساخته‌شده از

شیرهٔ انگور.

كەسناو: سەرناو، نازناو ف لقب، كنیه.

كەس نەبینە: گۆڕینەوەی شت بە بێ‌دیتن ف نادیده معاوضه كردن.

كەس نەدار: شتێ كە خەڵكی تر تەیبێ ف نادر.

كەس نەزان: ١) نامەعلوُم؛ ٢) ناوی دێ‌یەكە؛ ٣) گوندێكی كوردستانە بەعسی كاولی كرد ف ١) مبهم؛ ٢) نام دهی است؛ ٣) نام روستایی در كردستان كه توسط بعثیان ویران شد.

كەس نەناس: ناناشنا، غەریبە ف ناشناس.

كەس نەویست: خوێنتاڵ لای هەموكەس ف كس نخواه.

كەسوكار: خزم‌و قوم ف قوم و خویش.

كەسە: كەسا، كیسەڵ ف لاك‌پُشت.

كەسها: پرزەی بنی سەلكە پیاز ف ته پیاز.

كەسەپشت: كسل، كیسەڵ، كێسوُ ف لاك‌پشت.

كەســەخ: جۆرێ پاڵتـاوی لەخـوری‌دەسكری خێزانی ماڵ ف نوعی پالتو پشمینه.

كەسەر: خەم، خەفەت ف اندوه.

كەسەرقەدان: ئاخ‌هەڵكێشان ف آه حسرت سردادن.

كەســەك: ١) كەستەك؛ ٢) قفڵ، گوڵە؛ ٣) ئاڵقەرێزی‌درگا ف ١) نگا: كەستەك؛ ٢) قفل؛ ٣) جاقفلی دَر.

كەسەل: كیسەڵ، كەسا ف لاك‌پشت.

كەسی: تایبەتی بە بنیادەمێ: (**كەسی** یە هەموانی نیە) ف شخصی، ویژهٔ شخص.

كەسێ: بنیادەمێك ف كسی.

كەسێتی: بوُن وەك بنیادەمی‌ماقوُڵ، شەخسیەت ف شخصیّت.

كەسیرە: تەزیو لەسەرمان ف كرخیده از سرما.

كەسیف: پیس، چڵكن ف كثیف.

كەسین: ١) كسان؟، كوسان؟؛ ٢) خۆیی، شەخسی ف ١) چگونه؟؛ ٢) شخصی، خصوصی.

كەش: ١) تەرایی زەوی كە دەخلی پێ برۆێ، شەی عەرز: (زەویەكــە **كەشی** هەیە دەڕوێنێ)؛ ٢) پەڵـەهەوری بەبارشت: (**كەشە**هەورێكی هێنــاو باری)؛ ٣) چیا، كەژ؛ ٤) بن‌باخەڵ؛ ٥) ئەستێرەیەكی گەرۆكە زۆر بەتیشكە؛ ٦) باوەش، ئامێز، سەرزان، كۆش؛ ٧) تێكشانی تیر لە ئامانج؛ ٨) ڕاكێشان؛ ٩) چلۆنایەتی هەوا: (**كەش** گەرمە)؛ ١٠) كەس، بنیادەم؛ ١١) ئەوپارچەزیادەی جلدور دیداتەوە؛ ١٢) وڵسات‌و ئاژەڵی نێر كە بۆ تۆم‌لێ‌گرتنەوە رادەگیرێ ف ١) نم زمین كه غلّه بر ویاند؛ ٢) قطعه ابر بارنده؛ ٣) كوه؛ ٤) زیر بغل؛ ٥) ستاره‌ایست درخشان؛ ٦) آغوش؛ ٧) انحراف تیر از هدف؛ ٨) كش از كشیدن، جاذبه؛ ٩) وضع هوا؛ ١٠) كس، شخص؛ ١١) اضافه پارچه‌ای كه خیاط پس می‌دهد؛ ١٢) حیوان نر كه برای تخم‌كشی نگهداری می‌شود.

كەشاكەش: نێوان‌ناخۆشی‌و زەناو چەقە ف كشاكش.

كەشان كەشان: ڕاكێشان بە زەویدا ف كشان كشان.

كەشانی: گوندێكی كوردستانە بەعسی كاولی كرد ف نام روستایی در كردستان كه توسط بعثیان ویران شد.

كەشاو: ئاو لەزەوی‌نان بۆ ئاوەنیا ف آبیاری قبل از شخم و بذرافشانی.

كەشتەنگ: وەڕەز ف عصبانی.

كەشتی: خانــوێكی ئاسنین‌یادارینی زۆر فرەوان بەســەر دەریاوە بۆ سەفەرو بار، گەمی، گەمیە، پاپۆڕ ف كشتی.

كەشتی ڤان: كەسێ كەشتی دەئاژوێ، پاپۆڕەوان ف ناخدا.

كەشتی گەل: ١) كاروانـە كـەشتی؛ ٢) هێزی دەریایی ف ١) كاروان كشتی‌ها؛ ٢) نیروی دریایی.

كەشتیلە: ئەسكوێ ف ملاقه.

كەشتێڵەســەرە: ١) كەچكـەقوڵە؛ ٢) سەرمارەڵە ف ١) بچه‌قورباغهٔ توی پوسته؛ ٢) چلپاسه.

كەشتی‌وان: كەشتی‌ڤان ف ناخدا.

كەشتیەوان: كەشتی‌ڤان ف ناخدا.

كەشخە: ڕێك‌و جوان لەبەرچاو ف خوش نمود، شیك.

كەشخـەیی: ١) ڕێكی‌و لەبـەرچـاوی؛ ٢) بریتی لە فیزو دەعیە ف ١) شیكی؛ ٢) كنایه از متكبّر.

كەشف: ١) كەراماتی شێخان؛ ٢) ئاشكرا، خۆیا، كفش ف ١) كرامت اولیا؛ ٢) آشكار، پیدا.

كەشــك: ١) شیرێژی بەتـەڕی‌گوشـراوی وشكەوەكراو؛ ٢) سپی؛ ٣) كاســەی زرانی؛ ٤) جومگەی دەست‌وپا ف ١) كشك؛ ٢) سفید؛ ٣) كاسهٔ زانو؛ ٤) مُچ دست و پا.

كەشكـــان: لەو گونـدانـەی كوردستـانـە كە بەعسی كاولیان كرد ف روستایی در كردستان كه بعثیان آن را ویران كردند.

كەشكانا: خۆزیا، بریا، كاشكا ف ای كاش.

كەشكاو: دۆكەشك ف دوغ كشك.

كەشكاوە: گوندێكە لە كوردستان بەعسی وێرانی كرد ف از روستاهای ویران شدهٔ كردستان توسط بعثیان.

كەشك‌پا: كاسەی زرانی ف كاسهٔ زانو.

كەشكوسوُر: كەسكوسوُر ف سبز و قرمز.

كەشكـوُل: ١) فینجانی فەخفوری؛ ٢) قاپێلكی میوەیەكە دەروێشان دەسگـرەی زنجیری تێ‌دەخـەن‌و سواڵی پێوە دەكەن؛ ٣) بەرموُری زارۆكـان؛ ٤)دەفتەری بیرەوەری‌و شێعران؛ ٥) نەخشێكە لە جاجم‌و بەرمـاڵدا ف ١) فنجـان چینی؛ ٢) كشكـول درویش؛ ٣) گردنبنـد كودكان؛ ٤) دفتر شعر و خاطرات؛ ٥) نقشی در جاجیم و جانماز.

كەشكوڵ: كەشكوُل ف نگا: كەشكوُل.

كەشكە: ١) پوكاوڵە، چەمبوڵە؛ ٢) چڵم؛ ٣) دۆخوای دۆكەشك ف ١) ام؛ ٢) آب بینی؛ ٣) نوعی آش.

كەشكەخۆرە: مەلێكی سپی‌و ڕەشە. *خواردنی هەر ئێسقانە* ف پرنده‌ای است سفید و سیاه كه از استخوان تغذیه می‌كند.

كەشكەزرانی: كەشك‌پا، كاسەی ئەژنۆ ف كاسهٔ زانو.

كەشكەزەنگوڵ: كەشكەزرانی ف كاسهٔ زانو.

كەشكەژنۆ: كەشكەزرانی ف كاسهٔ زانو.

کەشکەسەرە: ١) سەرمازەڵە؛ ٢) کەچکەقوڵە ف ١) چلپاسە؛ ٢) کفچلیزك.

کەشکەشان: کادز، کاکەشان، کاکێشان ف کهکشان.

کەشکەك: ١) چێشتی گەنمەکوتاو، هەریسە؛ ٢) کاسەزرانی ف ١) آش حلیم؛ ٢) کاسۀ زانو.

کەشکەڵان: کەشکەشان ف کهکشان.

کەشکین: ١) دۆکـەشك؛ ٢) چێشتی کەشکان ف ١) دوغ کشك؛ ٢) آش کشك.

کەشگە: کلاژدم، دوپشك ف عقرب.

کەشگەك: کاسەزرانی، کەشکەژنۆ ف کاسۀ زانو.

کەشم: جوانیو نازو عیشوە، دەگەڵ ئەشم دەگوترێ: (چەند بە **کەشمو** ئەشمە) ف زیبایی و ناز و عشوە.

کەشماکەش: کەشاکەش ف کشاکش.

کەشمان: تەناف کێشان لە دولاوە ف مسابقۀ طناب کشی.

کەشمانهاتن: درێژ بوونەوە بە هۆی کێشان ف کش آمدن دراثر کشیدن.

کەشموون: هێشوە هەنگوری لەدار وەریو بەرلە گەیشتن ف غورۀ از مو ریختە.

کەشمونەشم: نازو قەمزە ف ناز و غمزە.

کەشمەکەش: کەشاکەش ف کشمکش.

کەش‌وتۆش: قیلەو قانج ف اریب‌بری.

کەشوشکە: خەزایی، عایلەمەن، عەینەمەل ف سار ملخ‌خوار.

کەش‌وفش: فیزو ئیفادە ف کش وفش، فیس و افادە.

کەشوقنگ: کەشوفش ف کش و فش.

کەشۆل: گاگۆز، پۆلکە، شۆقل ف نخود فرنگی.

کەشۆیلە: خەزایی، عایلەمەن ف سار مَلَخ‌خوار.

کەشە: ١) ئاخونی خاچ‌پەرستان؛ ٢) تێلای لەدەستان‌خۆش‌و بێ‌گرێ؛ ٣) برێتی لە کێر؛ ٤) جار، چەل؛ ٥) قاشەماسی؛ ٦) نیشانەی «ـ» ف ١) کشیش؛ ٢) چوبدست هموار؛ ٣) کنایە از آلت تناسلی نرینە؛ ٤) بار، دفعە؛ ٥) نوعی ماهی؛ ٦) علامت مدّ (ـ).

کەشها: کشا، رەکێش بو ف کشیدە شد.

کەش‌هاتن: ١) پنـدربـوونـەوەی زەوی پاش ئاوداشتن؛ ٢) درێژبوونەوە بەهۆی کشاندن ف ١) آمادەشدن زمین آبیاری شدە برای شخم؛ ٢) کش آمدن دراثر کشیدن.

کەش‌هاتنـەوە: پندربوونەوەی زەوی ئاودراو ف آمادەشدن زمین پس از آبیاری برای شخم.

کەشەدەرە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

کەشەف: سینی درێژۆکە بۆ پیاڵەو ئیستیکان ف سینی کوچك.

کەشەگەڕە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

کەشەنگ: شەکەت ف خستە و کوفتە.

کەشەهەور: پەڵەهەور ف لکە ابر.

کەشیدە: ١) بزاوی بڵندکردنی دەنگ لەسەر پیت، بەرانبەری داکشاو؛ ٢) پێچی زەردی حاجی؛ ٣) زللە، شەقام ف ١) علامت مدّ بر حروف؛ ٢) عمّامۀ زرد حاجیان؛ ٣) سیلی.

کەشیش: ١) کەشەی خاچ‌پەرستان؛ ٢) دەویت ف ١) کشیش؛ ٢) قرمساق.

کەشینە: جۆرێ ماسی کە لە ئاوی شیریندا دەژی ف نوعی ماهی.

کەعن: کۆن، کەون ف قدیمی.

کەف: ١) شتێکی سپیو لیچقە لە سابوون یان ئەسپوون کە دەئاودەخرێن پەیدا دەبێ؛ ٢) سپیایی بلقدار کە لە کوڵانی چەوراو دێتە سەر؛ ٣) سپیەکە تەوژمی شەپۆلی چەم دەیپرژێنێ؛ ٤) تفێکی سپیە پیاوی زۆر توڕە یان شێت‌و فێدار دێتە سەر لێو یان؛ ٥) پەراوێز، کەنارە؛ ٦) لەپی دەست ف ١) کف صابون؛ ٢) کف غذای جوشیدە؛ ٣) کف موج آب؛ ٤) کف دهان انسان؛ ٥) کنارە، حاشیە؛ ٦) کف دست.

کەفارەت: ١) تۆڵەی تاوان؛ ٢) جوت‌قۆشەیی، شوومی ف ١) کفارە؛ ٢) بدیمنی.

کەفارەتدار: بنیادەمی بێ‌فەڕو شووم ف آدم بدیمن.

کەفارەتی: کەفارەتدار، شووم ف نحس.

کەفاك: تەپڵەسەر، تۆقەسەر ف تارك سر.

کەفـاندن: ١) درونەوەی دەوری جلك؛ ٢) پەراوێزگرتن ف ١) سجاف دوختن؛ ٢) حاشیۀ لباس را دوختن.

کەفاو: کەفی سابوون یان ئەسپوون دەگەڵ ئاو ف کفابە.

کەف‌پڕژاندن: ١) کەف لەلێو دەرپەڕین؛ ٢) کەف لە شەپۆل جیابوونەوە ف ١) کف بر لب آوردن؛ ٢) کف‌اندازی موج.

کەف‌پڕژێن: شەپۆلاوێ کە کەف بلاودەکاتەوە ف موجی کە کف‌پراکند.

کەفتار: قەمتار ف کفتار.

کەفتارۆ: کەفتار، قەمتار ف کفتار.

کەفتانی: جۆرێ سەبیلەی کلك‌درێژ ف نوعی چپق دستەدار.

کەفتگ: بەرەوەبوگ بۆ سەر زەمین ف افتادە.

کەفتن: ١) بەربوونەوە بەزەویدا؛ ٢) برێتی لە بێ‌حورمەت‌بوون؛ ٣) برێتی لە نابـووت‌بوون ف ١) افتـادن؛ ٢) کنایە از بی قدرشدن؛ ٣) کنایە از ورشکست شدن.

کەفتو: کەفتگ ف افتادە.

کەفتولەفت: ١) دەمەقاڵە، شەڕەقسە؛ ٢) تەقالاو کۆششت ف ١) جَدَل؛ ٢) کوشش، تلاش.

کەفتە: ١) کەفتگ؛ ٢) قەڵشاو ف ١) افتادە؛ ٢) شکافتە.

کەفتەدان: رەنج‌دانو چەوسانەوە ف زحمت کشیدن و آزار دیدن.

کەفتەر: کەفۆك، کۆتر ف کبوتر.

کەفتەکار: لەکارکەوتو ف ازکار افتادە.

کەفتەلەفت: ١) حەول‌و تەقالای زۆر؛ ٢) خەباتی سەخت‌ودژوار ف ١) تلاش بسیار؛ ٢) مبارزۀ سخت و دشوار.

کەفتەیی: نەخۆشی گرانەتا ف بیماری تیفوس.

کەفتی: کەفتو، کەفتگ ف افتادە.

کەفتیار: قەمتار، کەفتار ف کفتار.

کەفچ: دەمخوار ف دهن کج.

کەفچاندن: کەف پڕژاندن ف نگا: کەف پڕژاندن.

کەفچڕ: کەف پڕژێن ف کف انداز.

کەفچڕێن: کەفچڕ ف کف انداز.

کەفچك: کەچك، قاشوخ ف قاشق.

کەفچە: دەمخوار ف دهن کج.

کەفچەڕ: کەف پڕژێن، کەفچڕ ف کف انداز.

کەف چەڕاندن: کف پراکندن.

کەف چەڕێن: کەف چڕ، کەف چڕێن ف کف انداز.

کەفچی: کەچك، قاشوخ ف قاشق.

کەفخوێ: کوێخادێ، قۆخای گوند ف کدخُدا.

کەفخوێ: کەفخوێ ف نگا: کەفخوێ.

کەف دەڤ: ١) ئاو لە کەپوو هاتن؛ ٢) لیکاوی دەم ف ١) آب ریزش بینی؛ ٢) لعاب دهان.

کەفر: بەردی زەلام، گاشەبەرد ف صخره.

کەفرتاش: بەردتاش ف سنگتراش.

کەفرتەراش: کەفرتاش ف سنگتراش.

کەفرێژ: پڕاوپڕ ف لبریز.

کەفز: کەن، قەوزە ف خزه.

کەفزە: کەفز، قەوزە ف خزه.

کەفزەر: ١) قەوزە؛ ٢) جلەی داربی ف ١) خزه؛ ٢) جُل وزغ.

کەفش: ١) پەیدا، خوّیا، کفش؛ ٢) پێڵاو، قۆندرە؛ ٣) کەش، بن یاخەڵ ف ١) کشف؛ ٢) کفش؛ ٣) زیر بغل.

کەفشۆ: شەمێلەو کزنی کولاّو کە ئەدرێ بە گا ف حبوب آب‌پز برای گاو.

کەفشە: قژن ف ژولیده مو ی.

کەفشیف: سوێنەی کەشك تێداسوونەوە ف ظرف مخصوص کشك مالی.

کەفشێل: ئاوێ کە لە سوچی دەم دێ لە نەخۆشی یان لە ئیشتیای شتێك ف لعاب دهن.

کەفشیو: کەفشیف ف نگا: کە فشیف.

کەڤك: جۆرێ قوُچەکەی جلدرو کە دەناو لەپی دەگرن ف از وسایل خیّاطی.

کەفکانی: قۆچەقانی، قەڵماس، قەڵماسك، بەرەقانی ف فلاخن.

کەفکەفوك: ئەسپوّن، سپوّن ف چوبك، اشنان.

کەفگیر: ئامرازێکی کانزای کون‌کونی کلکداره بوّ پالاّوتنی کەف لەسەر چێشت ف کفگیر.

کەفلەسنێ: لەو گونـدانـەی کوردستـانـە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

کەفلەمە: کەپلەمە ف نگا: کەپلەمە.

کەف لێدان: خواردنی بێ ئیجازەی خاوەن ف ناخنك زدن.

کەفماڵ: بە دەست داماڵین ف ماساژ.

کەفوکوڵ: ١) کەفی سەر چێشت لە کاتی جۆشیندا؛ ٢) بڕێتی لە کینەو ڕق ف ١) کف مایع در حال جوشیدن؛ ٢) کنایه از قهر و غضب.

کەفە: ئاسنێکە پالاّندرو دەیکاتە دەستی بوّ پاڵپێوەنانی شوژن ف آهن کف دست پالاندوز.

کەفەرێژ: کەفرێژ ف لبریز.

کەفەژیلکە: گۆشتی چەقاڵتە ف گوشت سست‌وپر رگ.

کەفەڵ: سمتی یەکسم ف کفل.

کەفەلوُك: شتی شل‌و سستی ئاپتەو ف متخلخل.

کەفەلۆك: کەفەلوُك ف متخلخل.

کەفەلۆکە: کەفەلوُك ف متخلخل.

کەفەلولکە: چەرمەچەقاڵتە، چەقاڵتە ف گوشت سست و پر رگ.

کەفەن: ١) جلکی‌مردگ؛ ٢) بڕێتی لەشتی‌زۆرچەرمگ ف ١) کَفَن؛ ٢) کنایه از شیء بسیار سفید.

کەفی: دەسەسڕ ف دستمال.

کەفی دەریا: ١) دەرمـانێکـە؛ ٢) شتێکی شل‌و کون‌کونـە لە دەریاوە دەهێنرێ سابوونی لێدەدەن‌و دەم‌و چاوی پێ دەشۆن ف ١) کف دریا، دارویی است؛ ٢) ابرمرده، اسفنج.

کەفیك: دەسەسڕ ف دستمال.

کەفیل: دەستەبەر، زامن ف ضامن.

کەفێل: کەفیل ف ضامن.

کەفیوّك: دەسەسڕی بچووك ف دستمال کوچك.

کەفیە: کەفی، دەسەسڕ ف دستمال.

کەڤ: ١) باڵـدارێکی ڕەنگین‌و جوانـە لە کۆتـر زلتـرە دەنگی خۆشەو گۆشتیشی خۆشە، ژەرەژ؛ ٢) کەللەبێژنگ‌و دەف‌و... ف ١) کبك؛ ٢) چنبرهٔ غربال و دف و...

کەڤـا: ورتکـەنانی تەنك کە بوّ چینەی باڵندەی دەرێژن ف ریزنانی که برای پرندگان می‌ریزند.

کەڤارك: کارگ، کوارگ، قارچ، قارچك ف قارچ.

کەڤاشتن: کەتاندن، وردوردقرتاندن ف قطعه‌قطعه‌کردن.

کەڤال: دەستەیەکی پچووك لە پەز ف بخشی اندك از گله.

کەڤـان: ١) دارێکی چەماوە ژێی پێوەیە تیری پێ داوێژن؛ ٢) ئامرازی کوڵکەشی کردنەوە ف ١) کمان تیراندازی؛ ٢) کمان پنبه‌زن.

کەڤانژەن: کەسێ کە کولکە بە کەڤان شی دەکاتەوە، هەلاج ف پنبه‌زن.

کەڤانوك: تاقی سەر دەروازە ف طاق سردر.

کەڤـانـە: ١) خوار وەك کەڤان؛ ٢) بڕێتی لە تاقی پردو شتی‌تر ف ١) کمانه؛ ٢) کنایه از طاق پُل و امثال آن.

کەڤانی: کەبانو، کابان ف کدبانو.

کەڤتـار: ١) کەمتیار؛ ٢) زۆر پیرو لەکـارکـەوتـە؛ ٣) کەسێ کە لەبـەر پرگۆشتی بەسـەبـروّکە دەڕوا ف ١) کفتار؛ ٢) پیر از کار افتاده؛ ٣) کسی که از فرط چاقی آرام قدم بردارد.

کەڤتـــك: ١) کفی، کەفیە، دەســەســڕ، دەســرە؛ ٢) کوفیە، جۆرێ سەرپۆشی ژنان ف ١) دستمال؛ ٢) نوعی لچك زنانه.

کەڤجیرك: پۆڕ، باڵندەیەکە لە کەو زلترەو خاڵ‌خاڵە ف پرنده‌ای است.

كەڤچ: ١) خوار، چەفت؛ ٢) كەچك فا ١) كج؛ ٢) قاشق.

كەڤچی: ١) كەچك؛ ٢) چەوتی فا ١) قاشق؛ ٢) كجی.

كەڤر: ١) بەرد؛ ٢) بەردی زل فا ١) سنگ؛ ٢) صخره.

كەڤرا: بێزو، مەگیرانی، كەربا، كەرب، بێزگ فا ویار.

كەڤران: بەردگەل فا سنگها.

كەڤراندن: بەردەباران كردن، سەنگەساركردن فا سنگساركردن.

كەڤرتاش: بەردتراش فا سنگتراش.

كەڤركانی: قوچەقانی، بەرەقانی، قەڵماسك، كەفكانی فا فلاخن.

كەڤرۆشك: كەروێشك، خەروێ، كەوریشك فا خرگوش.

كەڤرۆك: بەردەلان فا سنگلاخ.

كەڤرە: كەڤرۆك، بەردەلان فا سنگلاخ.

كەڤری: كەڤرە فا سنگلاخ.

كەڤــز: ١) قەوزە؛ ٢) سەوزرەنــگ؛ ٣) بۆگەن فا ١) جُل وزغ؛ ٢) سبزرنگ؛ ٣) بوگند.

كەڤزین: بۆگەن‌بوونی ئاوی ڕاوەستاو فا گندیدن آب راكد.

كەڤژال: ١) قرژانگ، قرژاڵ؛ ٢) چەخماخی تفەنگ فا ١) خرچنگ؛ ٢) چخماق تفنگ.

كەڤشك: قرێژی سەر، كرێژی سەر فا شورهٔ سر.

كەڤك: ١) بۆسۆ؛ ٢) كەچك فا ١) بوی پنبهٔ سوخته؛ ٢) قاشق.

كەڤگیر: كەفگیر فا كفگیر.

كەڤـل: ١) پێستی لەحەیوان داڕندراو؛ ٢) عابای تیسكن لە پێستەپەزو بەرخ؛ ٣) كەتایی دەمی تیغ فا ١) پوست؛ ٢) پوستین؛ ٣) شكستگی لبهٔ تیغ.

كەڤل كرن: پێستداڕنینی حەیوان فا پوست كندن.

كەڤلۆ: تیخی كەت فا تیغ لبەشكسته.

كەڤن: كۆن فا كهنه.

كەڤنار: زۆر كۆن، دێرینە فا باستانی.

كەڤنارا: كەڤنار فا باستانی.

كەڤنارك: عەتیقە، شتی زۆر لە مێژینەو بەقیمەت فا عتیقه.

كەڤنسال: بەتەمەن‌داچو، پیر فا كهنسال، پیر.

كەڤنك: ١) چارەكەی تەنكی سەری ژنان؛ ٢) جلكی شڕو كۆن فا ١) سرپوش نازك زنانه؛ ٢) لباس مندرس.

كەڤنكێ پیرێ: جۆلاتەنەی جاڵجاڵۆكە فا تار عنكبوت.

كەڤنـەژن: ١) ژنی زۆر عومـركـردو؛ ٢) ژنی پێشـوی مێرد فا ١) زن كهنسال؛ ٢) زن قبلی مرد.

كەڤنەشوێ: ١) شوێنی پێی پێشینە؛ ٢) برێتی لە سەرگوروشتەو چیرۆك فا ١) رد پای گذشتگان؛ ٢) كنایه از قصه.

كەڤنەمژی: گوندێكی كوردستانە بەعسی كاولی كرد فا نام روستایی در كردستان كه توسط بعثیان ویران شد.

كەڤنی: جاڵجاڵۆكە، پس‌پسەكوڵە فا عنكبوت، تارتنك.

كەڤنین: شوێنەواری كەون فا آثار باستانی.

كەڤوت: دارێكە زۆر سەخت فا درختی است جنگلی.

كەڤۆك: كابۆك، كۆتر، كافۆك فا كبوتر.

كەڤۆكرك: قومری، جۆرێ كۆترەباریكە فا قمری، یاكریم.

كەڤەر: ١) بەندەن، قەدی كێو؛ ٢) سپی‌واش؛ ٣) بزنی بەڵەك؛ ٤) بزنێ كە گوێچكەی پنۆك‌پنۆكە؛ ٥) سەوزی‌یەكی خواردنە فا ١) كمركوه؛ ٢) سپیده‌فام؛ ٣) بزدورنگ؛ ٤) بزی كه گوشش لكه‌های سفید و سیاه دارد؛ ٥) تره.

كەڤەز: بەڵەكو پنۆك‌پنۆك، چیل‌چیل فا خالدار.

كەڤـەژ: ١) توێخی پێست؛ ٢) سوتانی پێست فا ١) روی پوست؛ ٢) سوختن پوست.

كەڤەل: عەیارە، كەڤل فا پوست دام.

كەڤەندەكۆ: برێتی لە عاسمان فا كنایه از آسمان.

كەڤی: ١) ڕنـو، كلێڵە، شاپـە، شەپە، ڕنی؛ ٢) چەمەرەی دەوری دەف‌و بێژنـگ‌و...؛ ٣) گیایەكە؛ ٤) كەدی، حەمایەت؛ ٥) لێواری دەفر؛ ٦) قەراغ‌ئاو، كەناراو؛ ٧) تەختی لەسەردانیشتن فا ١) بهمن؛ ٢) دایرهٔ چوبین دف و غربـال و...؛ ٣) گیاهی است؛ ٤) اهلی،رام؛ ٥) لبهٔ ظرف؛ ٦) ساحل، كنار آب؛ ٧) تخت و كُرسی مخصوص نشستن.

كەڤی‌ڕەش: بەفرێكە تا هاوین بەچیاوە مابێ فا برفی كه تا تابستان آب نشده باشد.

كەڤیز: پێوانەیەكی دەخڵە فا قفیز.

كەڤیژ: كەڤیز فا قفیز.

كەڤیشتن: زیخەلان، جێ‌ڕەلم فا ریگزار.

كەڤیلۆك: كەڤی، لێوارەی دەفر و ئامان فا لبهٔ ظرف.

كەڤیلە: كەویەبەفر، ڕنو، ڕنی، شاپە، كلێڵە فا كولاك.

كەڤینك: پێچی سەری پیاوان، شاشك فا دستار مردانه.

كەك: ١) كاك، براگەورە؛ ٢) وشـەی حورمەت بۆ پیاو؛ ٣) قیچ فا ١) برادر بزرگ؛ ٢) كلمه‌ای به جای آقا؛ ٣) كك.

كەكا: شیرینی بە زاراوەی زارۆكان فا شیرینی به لهجهٔ كودكانه.

كەكرە: گیایەكی زۆرتاڵە فا گیاهی است سمبل تلخی.

كەكلێ: كەڤ، ژەرەژ فا كبك.

كەكـو: ١) وشـەی دوانـدنی براگەورە؛ ٢) ناوە بۆ پیاوان فا ١) كلمـهٔ خطاب به برادر بزرگ؛ ٢) اسم مردانه.

كەكۆ: كەكو فا نگا: كەكو.

كەكە: قەقە فا نگا: قەقە.

كەكەو: كەڤوت فا درختی جنگلی.

كەكێ: كاكی كەسێ: (مستۆ **كەكێ** منە) فا برادر بزرگ كسی.

كەگل: قوڕی سواغ‌دان فا كاهگل.

كەل: ١) چیا، كەژ، كۆ؛ ٢) بستۆ، زینۆ؛ ٣) قەڵشت، قەڵش؛ ٤) بڕەدار؛ ٥) جێگـەددانی كەوتـو: (كابرایەكی ددان **كەل** هاتبو)؛ ٦) كار؛ ٧) بەهرە، فایدە؛ ٨) داغ، بەتین؛ ٩) پەزی شاخدار؛ ١٠) حەیوانی كەتە شاخێك‌شكاو؛ ١١) پەچەی پەز لە دەشت؛ ١٢) جۆشین: (**ئاف كەل** هاتیە)؛ ١٣) گایەك كە سواری چێڵ دەكرێ؛ ١٤) نێری گامێش؛ ١٥) كول، نەبڕ؛ ١٦) جۆرێ حەیوانەكێوی؛ ١٧) ئەسپاب: (**كەل و پەل**)؛

۱۸) تویژەمـار، کاژەمـار؛ ۱۹) بریقـە، درەوشین؛ ۲۰) کەچەڵ؛ ۲۱) شەپـۆلی چەم، پێلی روبار؛ ۲۲) شکستی ئەندام؛ ۲۳) شکستەبەند؛ ۲۴) نێری، تەگە ف ۱) کوە؛ ۲) گردنە؛ ۳) شکاف؛ ۴) قطعە هیزم؛ ۵) شکستگی در دندانها؛ ۶) کار؛ ۷) بهرە؛ ۸) داغ؛ ۹) گوسفند شاخدار؛ ۱۰) حیوان یکشاخ شکستـە؛ ۱۱) آسـایشگاه گلە در دشت؛ ۱۲) جوش؛ ۱۳) گاوگشن؛ ۱۴) گاومیش نر؛ ۱۵) کُند؛ ۱۶) کل کوهی؛ ۱۷) وسایل؛ ۱۸) پوست افتادهٔ مار؛ ۱۹) درخشش؛ ۲۰) کَچَل؛ ۲۱) موج رودخانە؛ ۲۲) شکستگی اندام؛ ۲۳) شکستەبند؛ ۲۴) قوچ.

کەڵ: ۱) برەدار؛ ۲) نێری گامێش؛ ۳) گای فەحـڵ؛ ۴) حەیوانێکی کێوی یە، کەل؛ ۵) درشت؛ ۶) بریتی لە ئازاو بەکار؛ ۷) جۆشی ئاو؛ ۸) فایدە، بەهـرە؛ ۹) زلو زەلام ف ۱) قطعـە هیزم؛ ۲) گاومیش نر؛ ۳) گاوگشن؛ ۴) کل کوهی؛ ۵) درشت؛ ۶) کنـایە از شجاع و کارا؛ ۷) جوش آب بر آتش؛ ۸) بهرە، هودە؛ ۹) بزرگ.

کەلا: ۱) تیل، تیلە، مەڕمەڕ، هەڵمات؛ ۲) جگی درشت کە دە بازی دابە دەس کایەکەرەوە دەمێنێ و نادۆڕێنرێ؛ ۳) کلا، دۆرەپەرێز؛ ۴) بریتی لە هەمـەکـارە: (کاورا خۆی لێ کردوین بە **کەلا**) ف ۱) تیلە؛ ۲) قاب درشت کە دردست بازیگر می‌ماند؛ ۳) کنارەگیر؛ ۴) کنایە از همەکارە.

کەلائەنگوچك: ئەنگوچك، ئەنگوچکەسۆرانی ف آستین بلند پیراهن.

کەلاپە: ساواری نیوەکوڵاو ف بلغور نیم پختە.

کەلات: قەڵات ف کلات.

کەڵاتەرزان: ناوچەیەکە لە کوردستان ف منطقەای در کردستان.

کەلاتی: کەلات، قەڵات ف کلات.

کەلاج: درۆزن و فێڵباز ف دروغگوی حقەباز.

کەلاجۆیە: فریو باز، درۆهەڵبەست ف فریبکار.

کەلاخ: ۱) کزو زەعیف، داڵگۆشت؛ ۲) لاشەی مردگ؛ ۳) جۆرێ قاڵاو ف ۱) لاغر؛ ۲) جَسَد، جنازە؛ ۳) نوعی کلاغ.

کەلاخاری: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

کەلار: ۱) لەسەریەك داندراوی بڵندەوەبوگ؛ ۲) خاپوڕ؛ ۳) ناوچەیەکە لە کوردستان ف ۱) برهم انباشتە؛ ۲) ویران؛ ۳) ناحیەای درکردستان.

کەلارە: دەفـری لەڕیخی وشکەوەکراو بۆ پشکەڵ‌تێکردن ف ظرفی از سرگین خشکیدە.

کەلارێ: خاپوڕ ف ویران.

کەلاز: بەفـاڵ، بەکـەڵ، ماکـەرو ماینو چێڵی گان‌خواز ف مادە خر و مادیان و کبك گشن.

کەلاسونگ: قۆچەقانی، بەرەقانی ف نگا: قۆچەقانی.

کەلاسینگ: کەلاسونگ ف نگا: قۆچەقانی.

کەلاش: ۱) جەندەکی حەیوانی مردارەوەبو؛ ۲) قەڵش، قەڵاش ف ۱) لاشهٔ مردار؛ ۲) شکاف.

کەڵاش: ۱) کەلاش؛ ۲)کڵاش، پێڵاوی لەپەڕۆ ف ۱) نگا: کەلاش؛ ۲) گیوە.

کەلاشتن: قەڵاشتن ف شکافتن.

کەڵاشتن: قەڵاشتن ف شکافتن.

کەلاشتی: قەڵاشتو، قەڵشاو ف شکافتە.

کەڵاشتی: کەلاشتی ف شکافتە.

کەڵاشچن: کڵاشچن ف گیوەدوز.

کەلاش‌خۆر: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

کەڵاشە: کڵاش ف گیوە.

کەڵاشەکردن: کڵاشەکردن ف نگا: کڵاشەکردن.

کەڵاف: کڵاف ف کلاف.

کەڵافە: کڵاف ف کلاف.

کەڵافەت: قەڵافەت ف نگا: قەڵافەت.

کەلاك: جەندەکی مردارەوەبوگ، کەلاش ف لاشە.

کەلاکەل: ۱) کوڵەکوڵی گەرمای هاوین؛ ۲) زۆرکوڵینی ئاو لەسەر ئاگر ف ۱) گرمای شدید تابستان؛ ۲) جوشیدن بسیار آب بر آتش.

کەلال: ۱) دەردو زەحمەت، کوێرەوەری؛ ۲) گیاگەرچەك ف ۱) رنج و مشقّت؛ ۲) گیاه کرچك.

کەلام: ۱) فەرموُدە، ئاخافتنی کەسی بەحورمەت: (**کەلامت** وە شەکر ئەورَم)؛ ۲) قام، چڕین، کلام؛ ۳) بەسـەریەکـداکراوی گیاو کلۆشی وردکراو ف ۱) فرمایش؛ ۲) ترانە؛ ۳) تودهٔ گیاه و ساقەهای غلّهٔ کوبیدە.

کەلامێ‌قەدیم: قورعان، فەرمودەی خودا ف قرآن.

کەلامێ‌هۆمای: فەماریشی حودێ ف کلام خدا.

کەلامێ هۆمای: فەرمودەی خودا ف کلام خدا.

کەلان: ۱) جوانـی تەواو، خوشیك‌و دەلال؛ ۲) کوڵین ف ۱) زیبـای بی‌نقص؛ ۲) جوشیدن.

کەڵان: ۱) زەبەلاح؛ ۲) کوڵان، وەجۆش‌هاتن ف ۱) لندهور؛ ۲) جوش آمدن.

کەڵانتەر: سەرداروغە ف داروغەباشی.

کەڵانتەری: پۆستی داروغە ف کلانتری.

کەلاندر: مەڵەغان، کەلەندی، داسی درێژ کە بەدەست دەکاردەکرێ ف داس بلند.

کەلاندن: کوڵاندن ف جوشاندن.

کەڵاندن: کوڵاندن ف جوشاندن.

کەلانگوچك: ئەنگوچکەسۆرانی ف آستین بلند.

کەلانە: جۆرەنانێکی بەرۆنە ناوەکەی سیر و پیازو... تێ دەکەن ف نوعی نان روغنی کە سبزی‌های مُعطّر درآن ریزند.

کەڵانە: ۱) قوبە، دوگمەی زل، قۆپچەی درشت؛ ۲) ئازایانە ف ۱) دکمهٔ درشت؛ ۲) شجاعانە.

کەلاو: ۱) کەلانگـوچـك؛ ۲) شێلەگە، برگە لە جۆگە؛ ۳) رژانی ئاو لە گۆل لەبەر پڕی ف ۱) آستین بلند؛ ۲) بریدگی جوی برای آبیاری؛ ۳) لبریزشدن آب استخر.

کەلاوە: ١) کاول، خاپـوور؛ ٢) چواردیواری دانەپۆشراو ف ١) ویرانە، ویران؛ ٢) چهاردیوار بی‌سقف.

کەلایانێ: تیلەبازی، هەڵماتێن، مەڕمەڕێن ف تیله‌بازی.

کەلایی: ١)خوارایی، خواری؛ ٢) نێوان‌تێ‌کەوتنی دیوار یا ددان ف ١) کجی؛ ٢) شکاف افتادگی در دیوار یا صف دندان.

کەلاییێن: کەلایانێ ف تیله‌بازی.

کەڵب: ١) کلب؛ ٢) کلۆی زۆر پچوك: (**کەڵبە** قەندێکم دەیە چای پێ وەخۆم) ف ١) دندان پیشین جانور؛ ٢) کلوخك.

کەلبـــایە: ١) بێ‌فەڕی؛ ٢) بێ‌شەرمی؛ ٣) تەنبـەڵی‌و تەوەزەلی ف ١) بداخلاقی؛ ٢) بی‌شرمی؛ ٣) تنبلی.

کەلبوت: کەلبایە ف نگا: کەلبایه.

کەلبوڕێ: ڕژانی تراو لەدەفر بەهۆی کوڵانی بەتەوژم ف سر رفتن مایع روی آتش.

کەڵبـــە: ١) کلب؛ ٢) کەڵپـەبـەرد؛ ٣) هەنجیری کاڵ ف ١) دندانهای پیشین؛ ٢) سنگ برجسته؛ ٣) انجیر نارس.

کەلبـەتـان: ١) ماشـەی پەنگـرگر؛ ٢) گازی مێخ‌کێشـانـەوە ف ١) آتش‌چین؛ ٢) گازانبر میخ‌کشی.

کەڵپ: ١) کەڵبـە، کلۆی پچـوك؛ ٢) ددانی پێشینی سەگ‌و دڕندە؛ ٣) گمـاڵ، کسـوك ف ١) نگـا: کەڵبـە، کلوخك؛ ٢) دندانهای پیشین جانوران درنده؛ ٣) سگ.

کەلپاچا: فرەخۆر، تێرنەخۆر ف پرخور.

کەلپاچە: ١) کەللەپاچە؛ ٢) زۆرخۆر ف ١) کلّه‌پاچه؛ ٢) پرخور.

کەلپزا: بێ‌ئابڕو، شەرم‌تکاو ف بی‌شرم.

کەلپزە: کەلپزا ف بی‌شرم.

کەڵپك: ١) تێکوڵی دەنکی کڕەکراو؛ ٢) کرپك، کەپەك؛ ٣) قرتماخەی برین ف ١) پوست دانه‌های آشی؛ ٢) نخاله؛ ٣) خشك ریشه.

کەڵپـوس: ١) پێستـەی بەتیسکەوە کە لەسەری دادەنیشن؛ ٢) عەبای تیسکن لە پێستەپەز ف ١) پوستین گستردنی؛ ٢) پوستین پوشیدنی.

کەڵپـــە: ١) کەڵپ؛ ٢) بڵنـــدایی بەردین لە کێودا، دەمـــاغـــە: (لـەو کەڵپەشاخە دیتمەوە) ف ١) نگا: کەڵپ؛ ٢) برآمدگی سنگی درکوه، دماغه.

کەڵپەتڕە: قسەی هیچ‌و پوچ ف یاوه.

کەلپەزی: خمخموك، خەمەگڕو ف بزمچه.

کەلپەل: ١) جلك؛ ٢) شڕەو بڕەی ناو ماڵ، خرت‌و پرت ف ١) لباس؛ ٢) خرت و پرت.

کەلپەی: سەگایەتی، کاری سەگانە ف شیطنت.

کەلپی: دێڵەسگ، سەگی‌مێچکە ف ماده‌سگ.

کەلتە: کلتە، کلتور ف سرمه‌دان.

کەڵتــە: ١) نوێ‌کردنەوە بە چاکردنەوە: (خۆم **کەڵتە** کردەوە)؛ ٢) ژنی سەڵیتەو زمان‌درێژ ف ١) نوسازی و تعمیر؛ ٢) سلیطه.

کەلتەگە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کەلج: کلچێوك، کلج ف میل سرمه‌کشی.

کەلخانە: دوکانی شیرگەرو تفەنگ‌ساز ف مغازهٔ اسلحه‌فروشی.

کەلخۆت: کۆلوس، ددان‌کەوتو ف بی‌دندان.

کەلدان: ١) شکستەبەندی؛ ٢) پەڕینی گا لە چێڵ ف ١) شکسته‌بندی استخوان؛ ٢) بریدن گاونر بر مادهٔ گشن‌خواه.

کەڵدان: چێڵ لەکەڵ کێشان ف گشن دادن گاو.

کەلدایا: کوڵەکوڵ، کەلاکەل ف عنفوان، گرماگرم.

کەلدایێ: کەلدایا ف عنفوان.

کەڵدڕ: گیایەکە ف علفی است.

کەلدۆش: جۆرێ کولێرە کە لەبن ژیلەمۆ دەبرژێ ف نوعی نان گرده.

کەلدومان: هەڵم، بۆق ف بُخار.

کەلدوەش: کەلدۆش ف نوعی نان گرده.

کەلژ: قەدەم، تینێ کە لە گەرمای زۆر دێتەبەرچاو ف الو از گرمای شدید.

کەڵژە: سابرێن، نێری، کەلیژە، تەگە ف بُز نر تکه.

کەلژین: قەدەم‌کردن، دیاری‌دانی‌قەدەم ف الو کردن گرما.

کەلستن: کوڵین، کەلین، جۆش‌هاوردن ف جوشیدن.

کەلش: قەڵش ف شکاف.

کەلشت: قەڵشت ف شکاف.

کەلشتۆك: ١) هەنارو هەنجیری بەدارەوەقەڵشاو؛ ٢) دانەوێڵەی نەکوڵاو ف ١) انار و انجیر شکافته بردرخت؛ ٢) دانهٔ نیم‌پز.

کەلشین: قەڵشین ف شکافته‌شدن.

کەلفس: کۆلۆس ف کسی که دندان پیشین ندارد.

کەلفیچ: کەلفس، کۆلۆس ف نگا: کۆلۆس.

کەلك: ١) فایدە، بەهرە: (**کەلکی** نەماوە، بێ **کەلکە**)؛ ٢) نانی بەڕۆ ف ١) بهره؛ ٢) نان بلوط.

کەڵــك: ١) بارە، فایدە؛ ٢) سوانـە، پاسـارە؛ ٣) باڵـدارێکی زەلامی ماسـی‌خۆرە. *قورتمێکی لە خوار دنــدوکی هەیە ماسی‌و ئاوی تێدا عەنبار دەکا*؛ ٤) سەربان؛ ٥) باڵدارێکی سپیە بەقەد کۆتر؛ ٦) ئاتاجی ف ١) بهره؛ ٢) برامدگی لب بام؛ ٣) مرغ سقّا، پلیکان؛ ٤) پشت‌بام؛ ٥) پرنده‌ای سپیدرنگ کبوترسان؛ ٦) احتیاج.

کەڵك‌تێ کەوتن: ئاتاج‌بەکەسێ بوُن ف محتاج به کسی شدن.

کەلك‌دان: بەهرەدان ف بهره‌دادن.

کەڵك‌دان: بەهرەدان ف بهره‌دادن.

کەلـك‌دانەوە: بەهرەگەیاندنی کڕدراو: (ماڵەکە **کەلکی نەدایەوە**) ف بهره‌وری مال خریداری شده.

کەڵك‌دانەوە: کەلك‌دانەوە ف بهره‌وری مال خریداری شده.

کەل کردن: ١) لالێ کردنەوە، هێندێ لە شتێ بڕین؛ ٢) نێوان‌تێ‌خستنی دیوارو ددان‌و... ف ١) بریدن از چیزی؛ ٢) شکاف انداختن در لبهٔ چیزی.

کەلکەل: ١) کوڵەکوڵ؛ ٢) خولیا، ئارەزوی زۆر بە خەیاڵ ف ١) شدّت گرما؛ ٢) هوس و آرزو.

کەلکەلە: خولیا، خەیاڵ ف آرزو.

کەڵکیت: کەرکیت ف دفته، شانهٔ پودکوبی.
کەڵ گامێش: نێرەی جسنی گامێش ف گاومیش نر.
کەڵگرتن: ناوس بوُنی چێڵ لە کەڵەگا ف آبستن شدن گاو از گشن.
کەڵگری: بەکوڵ گریان ف باشدت گریستن.
کەڵگە: شێلەگەی جۆگە ف جای بریدگی جوی آبیاری.
کەللا: ١) کەلاجگ؛ ٢) تیلە، مەڕمەڕ ف ١) قاپ درشت؛ ٢) تیله.
کەللارە: کەلارە، دەفری ڕیخ بۆ پشکەڵ گوێزانەوە ف نگا: کەلارە.
کەللە: ١) لەشـەستـوُ بەرەژوُر؛ ٢) داری چەمێنراو بۆ دەوری شت؛ ٣) دەورەی ئارەخچن؛ ٤) وردی بەتوندی پێکەوەنراو، توُلا ف ١) کلّهٔ سر؛ ٢) چنبرهٔ چوبین؛ ٣) قسمت جانبی عرقچین؛ ٤) ریز به هم چسبیدهٔ کلوخ شده.
کەللەئاهەك: قسلی یەك گرتوی بەکلۆ ف آهك کلوخ شده.
کەللەبا: ١) بنیادەمی سەرسەخت؛ ٢) بنیادەمی بەفیز ف ١) آدم لجوج؛ ٢) آدم خودنما.
کەللەبۆش: بێ ئاوەز ف تهی مغز.
کەللەبێژنگ: داری دەوری بێژنگ ف چنبرهٔ غربال.
کەللەپـا: ١) شەکەتی لەتاقەت کەوتو؛ ٢) لەت و کوت ف ١) خستهٔ از کارافتاده؛ ٢) لت وپار.
کەللەپاچە: چێشتی سەروپێ ف کلّەپاچه.
کەللەتـەزێن: برێتی لە خواردن و خواردنـەوەی زۆر سارد ف کنـایه از خوردنی و آشامیدنی بسیار سرد.
کەللەچاخ: سەرزل ف کلّەگنده.
کەللەدۆش: چێشتی لە برنج و گوێز و چۆنەر و کشمیش ف آشی است.
کەللەڕەق: سەرسەخت ف لجباز.
کەللەزاور: ترسەنۆك ف بزدل.
کەللەشەق: کەللەڕەق ف لجباز.
کەللەشەکر: شیلەشەکری دەقالب کراوی وشکەوەبوُگی قوُچ دەرهاتگ ف کلّەقند.
کەللەقەند: کەللەشەکر ف کلّەقند.
کەللەکۆن: کۆنەپەرست ف مرتجع.
کەللەگەرم: برێتی لەمرۆی توُڕەو توُسن ف کنایه از آدم عصبانی.
کەلـلەیی: ١) بنیادەمی کەم هۆش و گوێ نەدەر بەهیچ؛ ٢) شێت و وێت؛ ٣) ژوُری ڕوُبەهەیوان؛ ٤) دەنگی زۆرتیژ و بڵندی خۆش ف ١) لاقید؛ ٢) خُل؛ ٣) اتاق روبەتراس؛ ٤) صدای بلند و رسا.
کەڵ لێ کەوتن: کەڵك تێ کەوتن ف محتاج به کسی شدن.
کەلم: ١) کەلپ، ددانی پێشـەوەی دڕندە؛ ٢) کرم ف ١) دندان پیشین دڕنده؛ ٢) کرم.
کەلما: کونی ورچ و پڵنگ ف کنام خرس و پلنگ.
کەلمتە: گڵمەت، کەستەك، سندەگڵ ف کلوخ.
کەلمە: کەڵەوە، چەنبەرەی ملی گاجوُت ف یوغ گردن گاو شخم‌زنی.
کەلمەل: کەل‌پەل ف خِرت و پرت.
کەلمیز: مێزەل، کەسێ کە مێزی بۆ ڕاناگیرێ ف شاشو.

کەلمێش: پێشکەی دندوك‌درێژ، تەپۆ ف پشهٔ مالاریا.
کەلناس: ١) قەلاّیی، کانزای سپی کردنەوەی پاقر؛ ٢) جیقنەمەل ف ١) قلع؛ ٢) چینه‌دان.
کەلنایا: ١) کوڵەکوڵ؛ ٢) لەگەرمان سوُر هەڵگەڕاو ف ١) شدت و اوج، عنفوان؛ ٢) سرخ شده از گرما.
کەلـو: ١) کلوی کوڵکـەو پەموّ؛ ٢) بەری گیا کە چەند دەنکی بەرێزی تێدایە: (**کەلوی ماش، کەلوی نۆك**)؛ ٣) پۆلکە؛ ٤) برجی عاسمان؛ ٥) ئالقەی چنینی لە بەن: (جۆرابەکەت **کەلوچنە**)؛ ٦) بڕوار، قەدی چیا؛ ٧) ریش سپی و بەرێز لە ئاوایی‌دا ف ١) باغند؛ ٢) نیامك‌گیاه؛ ٣) دانه‌ایست شبیه نخودفرنگی؛ ٤) برج آسمان؛ ٥) حلقهٔ بافتنی نخی؛ ٦) کمرکوه؛ ٧) ریش سپید محترم در آبادی.
کەڵو: ناوی چەمێکە لە کوردستان ف نام رودی در کردستان.
کەلواز: سەرمای سەخت ف سرمای شدید.
کەلواڵ: گیایەکە بنەکەی دەخورێ ف گیاهی است با پیازهٔ خوردنی.
کەلواڵك: کەڵواڵ ف نگا: کەڵواڵ.
کەڵوان: بەرێکی دارمازوە بۆ دەباغ دەبێ ف ثمری از درخت مازوج.
کەلوبنار: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کەلوپا: سەروپێ ف کلّەپاچه.
کەلوپاچکە: کەلوپا ف کلّەپاچه.
کەلوپوُڕ: ١) شڕەو بڕە، خرت و پرت؛ ٢) جێ‌ماو لە مردگ ف ١) خرت و پرت؛ ٢) ارث، ماتَرَك.
کەل و پەل: ١) ئەسپاباتی‌ماڵ؛ ٢) جلك؛ ٣) شڕەوبڕە ف ١) اثاثیه؛ ٢) لباس؛ ٣) خرت وپرت.
کەلۆت: کرۆژ ف کلوچ.
کەلۆت: کلۆت ف کفل ستور.
کەلۆتن: کرۆتن، کرۆژتن ف کلوچیدن.
کەلۆتە: کەلپك ف نگا: کەلپك.
کەلوچا: جۆرێ ماسی ڕەنگاورەنگ ف نوعی ماهی رنگارنگ.
کەڵ وُڕ: ١) بەشێ لە چواربەشی کورد؛ ٢) دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف ١) تیره‌ای انبوه از کرد، کَلْهُر؛ ٢) دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.
کەڵ وُڕی: قامێکی بەناوبانگە ف آهنگی است مشهور.
کەلـوز: ١) بەرێکی گزمـوُڵـەیە ڕەنگی تێکـوڵی سوُری ئامـاڵ‌ڕەشـەو کاکڵەکەی دەخورێ، فنق؛ ٢) بەری داری سنەوبەر ف ١) فندق؛ ٢) میوهٔ درخت صنوبر.
کەلۆژتن: کرۆشتن ف کلوچیدن.
کەلۆس: کوڵۆس ف نگا: کوڵۆس.
کەڵۆس: کوڵۆس ف نگا: کوڵۆس.
کەلـوش: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
کەلـوشە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در

کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کەلـۆك: ١) کلۆك؛ ٢) نێریەکێوی دوساڵە ف ١) دانهٔ زودپز؛ ٢) شاك کوهی دوساله.

کەلوك: ١) نیو چارەگەخشت؛ ٢) جۆرێ ماسی ف ١) یك هشتم آجر؛ ٢) ماهی سلمون.

کەلوکۆم: خێچو خوار، چەفتو چەوێڵ ف کج و کوله.

کەلۆکە: پارچە خشت یا ئاجوری چکۆڵە بۆ ناوئاخن ف قطعهٔ کوچكِ خشت یا آجر در کار بنّایی.

کەلۆکێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کەلۆل: ئاژەلی توێڵ‌سپی، قەش، قەشان ف دام پیشانی سفید.

کەلۆم: پەیف، قسە ف کلام.

کەلۆم‌هۆمای: فەرمایشی خودا ف کلام خدا.

کەلۆم‌هۆمای: گفتی خوا ف کلام خدا.

کەلومەل: کەل‌پەل، کەلو پەل ف خرت و پرت.

کەڵوە: ١) کەڵبە، ددانی پێشین؛ ٢) قەڵپوزی زین؛ ٣) کلۆی چکۆڵە ف ١) دندان پیشین؛ ٢) قربوس؛ ٣) کلوخك.

کەڵوەران: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کەلوەسمە: کرمی نۆکی سەوز ف کرم نخود.

کەلـوێش: ١) گۆشتی چەقـاڵتـە؛ ٢) گۆشتی لەڕی خراپ ف ١) گوشت‌رگ‌آلود؛ ٢) گوشتِ حیوان لاغر.

کەلە: ١) داری داهێنراو بۆ دەوری بێژنگو...، کەللە؛ ٢) فرۆی ناو قامیش؛ ٣) داری دەوری پەڕەی خەرەك؛ ٤) قەڵا؛ ٥) پاشگری بە مانا ئاماڵ: (مناڵێکی سورکەلەیە) ف ١) چنبرهٔ چوبین؛ ٢) آغوزی که در کاوك نی به عمل آید؛ ٣) پرهٔ چرخ دوك‌ریسی؛ ٤) قلعه؛ ٥) پسوند به معنی مانند.

کەڵە: ١) زەلام؛ ٢) درشت؛ ٣) جۆرێ برنج؛ ٤) بەلاّیەکە لە رەگی توتنو بێستان دێتە دەروشکی دەکات؛ ٥) لەسەریەك‌دانراوی بەرزەوەبوگ؛ ٦) خۆگرتن لە قسـەی خەلـك، کوڵە؛ ٧) وشەی دنەدانی گا بۆ سەر چێڵ؛ ٨) برێتی لە پیاوی ئازاو بە حورمەت ف ١) بزرگ؛ ٢) درشت؛ ٣) نوعی برنـج؛ ٤) انگل گیاه توتون و پالیز؛ ٥) برهم انباشته؛ ٦) پنهان شدن برای استراق سمع؛ ٧) کلمه‌ای برای تحریك گاو گشن؛ ٨) کنایه از آدم شجاع و مُحترم.

کەڵهـ: کەم‌وێنە، بێ‌وێنە ف بی نظیر.

کەڵهاتن: ١) بەکارهاتن، فایدەدان؛ ٢) جۆش‌هاتن ف ١) به کارآمدن؛ ٢) جوش آمدن.

کەڵهاتن: نێرخواستنی چێڵ ف گشن خواهی گاو ماده.

کەڵەئەموست: قامکەگەورە ف انگشت شست.

کەڵەئەنگوست: کەڵەئەموست ف انگشت شست.

کەلەباب: کەڵەشێر، دیقل ف خروس.

کەڵەباب: کەرەباب، کەرەشێر، دیکل، دیقل ف خروس.

کەلـەبابە: ١) وێنەی دیقل لە کانزا یان لە بەن‌و هەرچی بۆ جوانی؛ ٢) ئێسکی زەقی قورقـوڕوچکـەی پیاوان ف ١) مجسّمـهٔ کوچك زینتی خروس؛ ٢) سیبك حنجرهٔ مردان.

کەلەباش: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

کەلەبدون: نەقش لە دیوارو چوارچێوە بۆ جوانی ف دکور.

کەلەبڕ: پارچەزەوی تایبەتی بە کەسێ بەخشرابێ ف قطعه‌زمین تیول.

کەلـەبـەدری: گونـدێکـە لە کوردستـان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

کەلەبەر: ١) قەڵش لە دیواردا؛ ٢) قەڵش لە شاخی بەردیندا؛ ٣) برێتی لە دەرەتـانی تەنگ ف ١) شکاف دیوار؛ ٢) شکاف کوه سنگی؛ ٣) کنایه از راه نجات دشوار.

کەلەبێژنگ: کەللەبێژنگ ف چنبرهٔ چوبین غربال.

کەلەپاچە: ١) سەرو پێ؛ ٢) لەت‌و کوت ف ١) کلّه‌پاچه؛ ٢) لت و پار.

کەلەپاچەکردن: لەت‌وکوت‌کردنی مرۆ: (بەخەنجەر **کەلەپاچەی کرد**) لت وپارکردن.

کەلەپچە: دەستبەندی ئاسنی تاوانباران ف دستبند زندانی.

کەڵەپشکۆ: پەنگری زل، سکڵی درشت ف اخگر درشت.

کەڵەپوور: ١) جێ‌ماگ لە مردگ؛ ٢) کەل‌و پەلی ناو ماڵ؛ ٣) پیتاك؛ ٤) شابـاشی زەماوەند ف ١) ارث؛ ٢) خرت و پرت اثاثیه؛ ٣) باج؛ ٤) پولی که درعروسی به مُطرب می‌دهند.

کەڵەپیاو: پیاوی ئازاو بەڕێزو جوامێر ف بزرگمرد.

کەڵەپیتاك: باجی بە زۆرو ناهەقی ف باج زورکی.

کەلەتۆر: کرێژی سەر ف شورهٔ سر.

کەلەخ: ١) لەشی بنیادەم؛ ٢) کەلاك ف ١) کالبد آدمی؛ ٢) لاشهٔ مردار.

کەڵەدار: بڕەدار ف قطعه هیزم.

کەلـەرم: گیایەکی چاندنی گەڵاپانە بەتۆپ دەردەچێ‌و پەلکی دەکرێتە دۆڵمە پەلکی زۆر سپی‌و تورتە، کەلەم ف کلم.

کەڵەرە: پێل‌شکێن، شەپۆل‌ڕەوێن ف موج شکن.

کەلەڕەش: قالاو، قەلەڕەشە ف کلاغ.

کەڵەز: جەنگەی تێ‌بەربونی بەران‌و نێریەکێوی ف موسم جفت‌گیری بز و گوسفند کوهی.

کەلەزرك: چینەدانی‌مەل، جیقڵدان ف چینه‌دان.

کەلەزە: سابرێن، تەگە، نێری ف قوچ.

کەڵەزۆری: کاری بەزۆرو ناچاری ف کار زورکی.

کەڵەژ: قایمەمێو، داربەستی داری رەز ف چوب‌بست تاك.

کەڵەژن: کەیوانوی زۆر بەڕێزو زێهاتی ف کدبانوی بسیار محترم.

کەلـەس: ١) پەتی درێژ کە بەسـەر چەما ڕاکێشراوە پێی دەپەڕنەوە؛ ٢) چەپەرێ کە خراوەتە سەر کوندەی فوکراو بۆ پەڕینەوە، کەڵەك ف ١) ریسمان عبور از رودخانه؛ ٢) کلك عبور از آب.

کەلەستون: کۆڵکەزێڕینە ف رنگین کمان.

کەلـەستە: ١) کەرەستە، ئامراز؛ ٢) قەوارەی لەشی مرۆ، کەلەخ ف ١)

ابزار؛ ٢) کالبد آدمی.
کەلەسمە: کرمی بەلای نۆك ف کرم آفت نخود.
کەڵــەسـو: چێڵێ کە لەبەر زۆرلێ‌پەڕینی جوانەگایان جاڕز بوە ف مادەگاوی کە از جفت‌گیری زیاد بە ستوه آمده.
کەلەسونگ: قەڵماسك، کەهنیك ف فلاخن.
کەڵــەش: ١) کەڵــەخ؛ ٢) جوان‌و نازدار؛ ٣) کەچـەڵ؛ ٤) شەلاتی، قەلاش؛ ٥) چابك، مەزبوت ف ١) نگا: کەلەخ؛ ٢) زیباوشنگ؛ ٣) کچل؛ ٤) نگا: شەلاتی؛ ٥) چالاك.
کەڵەش: قەلاش، شەلاتی ف شارلاتان، هرزهٔ ولگرد.
کەڵــەشـاخ: باکێشی خوێن‌گرتن لە لەش، ئامـرازی حەجـامـات ف بادکش حجامت.
کەڵــەشخـان: لەو گوندانـەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
کەڵەشقان: شوانی زۆر کارامە ف چوپان کارآمد و ماهر.
کەلەشە: ڕێگر، چەتەی‌ناڵانکەر ف راهزن.
کەلەشەکر: کەللەشەکر ف کلەقند.
کەلەشەی: ڕێگر، چەتە ف راهزن.
کەڵەشێر: دیکل، کەڵەباب ف خروس.
کەڵەشێرە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.
کەڵەشێرە: کەڵەبابە، وێنەی کەڵەباب ف مجسّمهٔ زینتی خروس.
کەڵەشینکە: بەرێکی دارمازو ف از محصولات درخت مازو.
کەلەف: کەلاف ف کلاف.
کەلەفیچ: ددان کەل ف دندان شکسته.
کەلەقەند: کەللەقەند ف کلەقند.
کەڵەك: ١) قوڵاخە، پینەی لێواری قۆندرە؛ ٢) کوڵەك؛ ٣) ڕۆچنە ف ١) پینه بر حاشیهٔ کفش؛ ٢) دانهٔ زودپز؛ ٣) روزنه.
کەڵــەك: ١) کۆمـابـەردی بەسەریەکادراو؛ ٢) دیواری ئیشکەبەرد؛ ٣) کەلـەس، چەپـەری سەر کونـدە بۆ پەڕینـەوە؛ ٤) تەڵەکە، حیلە؛ ٥) سوانە، پاسارە؛ ٦) لەسەریەك دانراو ف ١) توده سنگ؛ ٢) سنگچین؛ ٣) کلك عبور از آب؛ ٤) نیرنگ؛ ٥) لبهٔ بام؛ ٦) برهم انباشته.
کەڵەکان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.
کەڵەکاوێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.
کەڵەکباز: حیلەباز، فێڵاوی ف حقەباز.
کەڵەکبوون: لەسەریەك جێگیر بوونی زۆر شت ف برهم انباشته شدن.
کەڵەکچی: کەڵەکی سەرئاو ئاژۆ ف کلك‌ران.
کەڵــەکـردن: ١) لەسـەریەك دانانی زۆر شت؛ ٢) خۆگرتن بۆ قسـەی خەڵك ف ١) برهم انباشتن؛ ٢) استراق سمع کردن.
کەڵـەك کردن: ١) لەسـەریەك دانـان؛ ٢) کۆبوونەوەی چەند کەسێ لە دەوری یەك؛ ٣) حیلەکـردن؛ ٤) گیرکردنی پوکە لە لوولەی تفەنگ یا دەمـانچـەدا ف ١) برهم انباشتن؛ ٢) گردهم آمدن؛ ٣) نیرنگ بەکاربردن؛ ٤) گیرکردن پوکە در لولهٔ تفنگ یا تپانچه.
کەڵەکلێدان: فێڵ کردن ف حقەزدن.
کەڵەکن: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
کەڵەکوتك: کاسەی دارینی کەچوکروچ ف کاسهٔ چوبین لبەشکسته.
کەڵەکۆتك: کاسەی دارینی زەلام، سوێنەی دارین ف تشتك چوبین.
کەڵەکوچ: شەپیلك، ئێسکی پانی شان ف استخوان پهن شانه.
کەڵەکوك: کەڵەشێر، دیکل، کەڵەباب ف خروس.
کەڵەکوکە: ناوی دێیەکە لە کوردستان ف نام دهی درکردستان.
کەڵەکە: ١) خاڵیگە، برك؛ ٢) کاسەی کەل، کاسەی دارینی لێوخوراو؛ ٣) دەفری سواڵەتی گوڵ‌وڕێحان تێداچاندن ف ١) تهیگاه؛ ٢) کاسهٔ چوبین وارفته؛ ٣) گلدان سفالی.
کەڵــەکە: ١) کۆبوونەوەی خەڵك لەسەر شتێك: (**کەڵەکە مەکەن**)؛ ٢) فێڵ‌و تەڵەکە ف ١) گردهم‌آیی شلوغ، تراکم جمعیّت؛ ٢) حیله.
کەڵەکەبڕێن: خۆ بەسەریەکدا دان‌و پاڵ‌پێوەنان ف تراکم و فشار جمعیّت.
کەڵــەکـەترە: ١) برێتی لە لەسەریەك کەڵەکەکراوی لەڕمان‌نزیك؛ ٢) برێتی لە کارێ کە ناشێ سەر بگـرێ ف ١) کنایه از برهم انباشتهٔ سست بنیان؛ ٢) کنایه از کاری کە کردنی نیست.
کەڵەکەترێ: خۆ بەسەریەکدادانی مرۆڤان بۆ یازی‌و شۆخی ف خود را بر همدیگر انداختن بە قصد شوخی.
کەلەکەل: کوڵەکوڵی گەرماو ناوی سەرناگر ف جوشیدن.
کەڵــەکــەڵــە: ١) پیاوانی گەورە؛ ٢) وتـەی دنەدانی جوانەگا بۆ سەر مانگابەکەڵ ف ١) بزرگ مردان؛ ٢) کلمهٔ تحریك گشن بر ماده گاو.
کەڵەکەوان: کەڵەکچی ف کلك‌ران.
کەڵەکین: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.
کەڵــەکێوی: ١) جۆرێ حەیوانــەکێوی؛ ٢) نێرەکێوی ف ١) کل کوهی؛ ٢) شاك کوهی.
کەڵەگا: ١) گایەك کە سواری چێڵ دەبێ بۆ ئاوس کردنی؛ ٢) برێتی لە مرۆی زۆری کەر ف ١) گاوگشن؛ ٢) کنایه از زورگو.
کەڵەگایی: زۆری، ناهەقی ف زورگویی.
کەڵەگری: گریانی بەکوڵ ف باشدّت گریستن.
کەڵەگەت: قەدبڵند ف بلندبالا.
کەلەگەرم: ١) جەنگەی گەرمای زۆر؛ ٢) برێتی لە چلەی هاوین ف ١) عنفوان گرما؛ ٢) کنایه از چلّهٔ تابستان.
کەلەگەور: کۆڵلارە، باڵدارێکی ڕاوکەرە ف از پرندگان شکارچی.
کەلەگی: ئۆدەی ڕۆ بە بەربێلایی، کەللەیی ف اتاق روبه تراس.
کەلەلا: ١) شەکەت؛ ٢) نەخۆشی زۆر نەخۆش؛ ٣) پەرێشان‌حاڵ؛ ٤) ڕەق‌و کز ف ١) خسته؛ ٢) بیمار بدحال؛ ٣) پریشان حال؛ ٤) لاغر مردنی.

کەڵەلان: تەوڵە، تەویلە، یشتێر ف اصطبل.

کەڵەم: ۱) کەڵەرم؛ ۲) دڕك، چقڵ؛ ۳) داری نوكدادراو؛ ۴) تیشەشاخی باریك ف ۱) کلم؛ ۲) خار؛ ۳) جوب نوك تراشیده؛ ۴) کوه سنگی نوك تیز.

کەڵەم: ئاڵقەداری ملی گا ف چنبرگردن گاو.

کەڵەمان: قارەمان، پیاوی هەرەئازا ف قهرمان.

کەڵەمایش: زوان کرانەوە بۆ قسیەکوتن ف به سخن آغاز کردن.

کەڵەمباز: قەڵەمباز، بازی بڵندو هەراو ف پرش بُلند.

کەڵەمیان: هەمبانەی گەورە ف انبان بزرگ.

کەڵەمپەر: چێشتی کەنگری وشکەوەکریاك ف آش کنگر خشك شده.

کەڵەمچە: کەلەپچەی دەستی تاوانبار ف دستبند زندانی.

کەڵەمڕ: تۆکەبەر، بەر، موی بەرگەدە ف موی زهار.

کەڵەمو: ۱) نەخۆشیو ژانێکە لە ئەنگوست پەیدا دەبێ نێرتکی لە موی ئەستوور دەکا؛ ۲) موی درشت؛ ۳) خڕکـردنـەوەی خوریو موی دەنـاوئـاغەڵ ڕژاو: (**کەڵەمو دەکا**) ف ۱) کژدمه، نوعی بیماری؛ ۲) موی درشت؛ ۳) گردآوری پشم و موی ریخته در آغل.

کەڵەموست: قامکەزلە ف انگشت شست.

کەڵەموك: جۆرێ کەلەمی وەك تۆر، داش کەلەم ف کَلَم قمری.

کەڵەمە: ۱) کەڵەم؛ ۲) قەڵەمەی چاندن؛ ۳) تەنگوچەڵەمە ف ۱) چنبر گردن گاو؛ ۲) قلمه؛ ۳) مُصیبت.

کەڵەمەك: ۱) زۆروزوڵم؛ ۲) کەڵەوەی ملی گا ف ۱) ظلم و زور؛ ۲) یوغ گردن گاو.

کەڵەمە کردن: رامکردنیڕەوەك ف رام کردن رموك.

کەڵەمی: گیایەکە گەڵاکەی بەوشکی لە توتن ئەکا ف گیاهی است.

کەڵەمێر: کەڵەپیاو ف شجاع، رادمرد.

کەڵەمێرو: مێروی سووری درشت، مێرولەعەجەمانە ف مورچهٔ درشت.

کەڵەمێش: کەڵمێش ف پشهٔ مالاریا.

کەڵەن: ۱) قەلەن، شیر بایی؛ ۲) قەلادەی ملی تاژی ف ۱) شیر بها؛ ۲) قلادهٔ سگ شکاری.

کەڵەن: کەڵەم ف چنبرهٔ گردن گاو.

کەڵەنج: جۆرێ بەری دارمازو ف نوعی ثمر مازوج.

کەڵەندر: کەلاندر، مەڵەغان ف داس دستهبُلند.

کەڵەندی: داسی درێژی دەسکدار، مەڵەغان ف داس بلند دستهدار.

گرێقەمــرۆك: گونــدێکـه له کوردستـان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

گریك: تابشت، توان، تاقەت ف تاب، توان.

گرێك: گرێ ف گره.

گرێکوتك: گرێ‌کوێره، گرێکوێره ف گره کور.

گرێکوێره: ۱) گرێ‌پۆچکە؛ ۲) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) گره‌کور؛ ۲) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گرێکۆره: گرێ‌پۆچکە ف گره‌کور.

گرێکوێره: گرێ‌پۆچکە ف گره کور.

گرێل: باگردان ف بام غلتك.

گرێل: جۆرێ بەری مازو ف نوعی ثمر مازوج.

گرێلە: گرێی بچوکی دوای دەزوێ دورمان: (تەڕ بەتەڕی سەر به **گرێلە**) ف گره کوچك دنبالهٔ نخ دوختنی.

گریم: ۱) وام دانا، فەرزم کرد؛ ۲) گریانی من ف ۱) گیرم؛ ۲) گریه‌ام.

گریمان: ۱) وامان دانا؛ ۲) گریانمان ف ۱) فرض کردیم؛ ۲) گریهٔ ما.

گریمانە: گرێی زۆر له بەن و دەزوودا: (ئەم دەزوه تێکڕا **گریمانەیە**) ف گره خورده.

گرێمی: جۆرێ خەنجەری پچوك ف نوعی خنجر کوچك.

گرین: گریان، گری ف گریه.

گریناي: کولان، کولین،بێ گەیشتن لەسەر ئاگر، پوختەبوون ف پختن.

گرینگ: گرنگ، بایەخدار، موهیم ف با اهمیّت.

گرینۆك: کەسێ که زۆر دەگری، گرۆك ف بسیار گریان، همیشه‌گریان.

گرێنی: گرێمی، جۆرێ خەنجەری گچکه ف نوعی خنجر کوچك.

گرێو: ۱) شەرت‌بەستن؛ ۲) بارمتە ف ۱) شرط‌بندی؛ ۲) گروگان.

گریوان: ژێرکــراس، ئەو پارچــەجلەی لەسـەر گۆشت و لەبن کراس دەبەردەکرێ، گریڤان ف زیر پیراهن.

گرێوگــۆڵ: ۱) ئاڵــۆزی و گرێی زۆر دەبـەندا؛ ۲) برێتی له کارێ که سەرەوەدەری لێ دەرناکرێ: (وات کرده **گرێوگۆڵ** هەر سەر دەر ناکەم) ف ۱) درهمی و گره‌زیاد؛ ۲) کنایه از سردرگمی.

گریوە: گری، گریان ف گریه.

گرێوەغار: کێ‌بەرکێ لەڕاکردندا ف مسابقهٔ دو.

گریە: گری، گریان، گریوه ف گریه.

گرێهتــك: ۱) کێڵگـه لەنـاو دۆڵ و شیودا؛ ۲) نەخۆشی گەرۆڵی ف ۱) مزرعهٔ واقع در درّه؛ ۲) بیماری گَری.

گریەورۆ: شەپۆڕ، شیوەن ف شیون.

گریەورۆرۆ: گریەوڕۆ، شیوەن ف شیون.

گریەوگۆ: گریان و دەردەدڵ کردن ف گریه وزاری.

گز: ۱) ئالۆدە، خۆگرتو: (ئەم کابرایە **گز** ئارەق و قومارە)؛ ۲) حیله، فێڵ:

(گـز مەکـە)؛ ۳) بز، چاوزەقی: (**گـزگـز** تواشای کردم ترسیام)؛ ۴) بەعـەزرەت و ئاوات: (گـز ئەوڕۆژەم تۆ بوینم)؛ ۵) وشـەیەکـە لە کاشـۆ بازی‌دا واتا: وشیار بە لەسەر ڕێ و شوێن کایە بکە؛ ۶) دەنگی کیسەڵی نێر بۆ تاوکردنی مێوینەکەی؛ ۷) دارێکی دەوەنە لە بەستی ڕوبـاران دەڕوێ؛ ۸) لەپڕ و نەکاو: (**گزو گومەت**) ف ۱) خوگرفتگی؛ ۲) حیله؛ ۳) نگاه خیره؛ ۴) مشتاق؛ ۵) اصطلاحی در چوگان‌بازی؛ ۶) صدای لاك‌پشت نر هنگام جفتگیری؛ ۷) درختچهٔ گز؛ ۸) ناگهانی.

گزجاڕ: پێشەی دەوەنی گز ف گزستان.

گزچار: داری گز ف درختچهٔ گز.

گزر: گیایەکە لە تیرەی توڕو چۆنەر سەلکی درێژۆکەو بەڕەنگی زەرد یان سوور، گزەر ف هویج.

گزرانۆك: پرچی وەهۆندراو ف زُلف تابداده.

گزرە: ۱) گیای وردکراو بۆ لەوەڕی ئاژەڵ؛ ۲) داری پارچەپارچە کراو بۆ سوتانی زستانە؛ ۳) پوش‌وپار ف ۱) گیاه کوبیده برای علوفهٔ دام؛ ۲) هیزم قطعه‌قطعه شده؛ ۳) خس وخاشاك.

گزڤانۆك: گزرانۆك ف زُلف تابداده.

گزك: جاڕو ف جارو.

گزكدان: جاڕوکردن ف جارو زدن.

گزكدەر: کەسێ کە جاڕو دەکا ف جاروزن.

گزكنـە: ۱) کەزی پڕپست، پرچی زۆرپڕ؛ ۲) داری پڕلق وتۆپ ف ۱) موی پُرپشت؛ ۲) درخت پُرشاخ و برگ.

گزگ: گزك، جاڕو ف جارو.

گزگز: ۱) قانون‌و ڕێوشوێنی بازی؛ ۲) دەنگی کیسەڵی نێر بۆ تاوکردنی مێوینە، گز؛ ۳) لەرزینێکی کەم؛ ۴) چزەچزی گۆشت لەسەر ئاگر ف ۱) اصـول وآداب بازی؛ ۲) صدای لاك‌پشت نر در جفتگیری؛ ۳) مورمورشدن بدن؛ ۴) صدای گوشت بر آتش.

گزگزاندن: کەمێك لەرزاندنەوە ف اندکی لرزاندن.

گزگزە: ۱) گیایەکە پەلکە کەی وردە دڕکێکی هەیە وە ئەندامی ڕووت کەوێ ئەیچـوزێنێتـەوە؛ ۲) گیایەکی گەڵابـارێکی بۆن‌خۆشـە بنـەکەی بۆ سوتاندن دەبێ؛ ۳) شوشە ف ۱) گیاه گزنه؛ ۲) گیاهی است که بیخ آن برای سوخت به کار می‌رود؛ ۳) شیشه.

گزگزین: سوکە لەرزین ف مورمورشدن.

گزگل: ۱) قەل، قەلەموونە، عەلوعەلو، عەلەشیش؛ ۲) بەرێکی دارمازوە؛ ۳) باوەعـەمـرە، باوەقـوڕەت، چلەنۆك ف ۱) بوقلمون؛ ۲) یکی از ثمرهای مازوج؛ ۳) کوتوله.

گزگلاگە: پێشەی پشتی گوێ ف استخوان پشت گوش.

گزگی: ئاوێنە، عەینك،قودیك ف آیینه.

گزم: ۱) دەوەنی گزچار؛ ۲) زبر ف ۱) درختچهٔ گز؛ ۲) خشن، زبر.

گزمك: دەمبێنی حەیوان ف پوزەبند.

گزمـولە: ۱) خڕی چکۆڵە لە قوڕ؛ ۲) کەلای حەڕی ف ۱) گلولهٔ ریز گلی؛ ۲) تیلهٔ گلین.

گزمی: زبری ف خشونت، زبری.

گزن: ۱) فێڵباز؛ ۲) تەشقەڵەباز ف ۱) نیرنگباز؛ ۲) شلتاق باز.

گزنگ: سەرەتای تاوی بەیانی ف اوّلین تابش آفتاب.

گزنگ‌دان: تازە دەرکەوتنی تیشکی خۆر ف دمیدن آفتاب پگاه.

گزنەك: بیرۆی تەڕ ف اگزما.

گزنی: ۱) درۆی دروسکـراو، بوختان؛ ۲) پیاوی گزن ف ۱) بهتان؛ ۲) نگا: گزن.

گزۆری: تەکوز، ڕێك‌وپێك، بێ کەم و کوڕی ف بی کم و کاست.

گزوفت: ۱) تاسەی زۆر بۆ خواردنی شتێ: (**گزوفتمە** بۆ گۆشتی برژاو)؛ ۲) عەزرەت پێدان: (دەم‌خواردو **گزوفتی** ئەوم دەدا) ف ۱) اشتیاق زیاد برای خوردن چیزی؛ ۲) حسرت دادن به کسی.

گزوگوم: لەپڕ و نەکاو ف ناگهانی، یکهو.

گزوگومەت: لەپڕ و نەکاو، گزوگوم ف ناگهانی، یکهو.

گزە: ۱) فێڵ، حیلە؛ ۲) گاز بە ددان لە زمـانی زاڕۆکـانـدا ف ۱) حیله، نیرنگ؛ ۲) گاز با دندان درزبان کودکانه.

گزەر: گزر ف هویج.

گزەگز: ۱) کزۆزانەوەی بەگریانەوە؛ ۲) خەیاڵ کردنەوە لە کارێ ف ۱) ناله و گریهٔ بچه؛ ۲) فکر کردن در مورد کاری.

گزەون: فێڵەباز ف حیله‌باز.

گزی: فێڵ، حیلە ف حیله، نارو.

گزیچار: گزچار ف درختچهٔ گز.

گزیر: بەردەستی کوێخا لە دێدا ف پادو کدخدای ده.

گزیرانە: پێتاکێ کە ڕەعیەت دەیدا بە گزیر ف مزد پادو کدخدا که رعیّت می‌دهد.

گزیرك: ۱) بریسکەدانی چاو لە دارکاری کردندا؛ ۲) بریتی لە ئێشی زۆر ف ۱) برق زدن چشم هنگام چوبکاری شدن؛ ۲) کنایه از درد شدید.

گزیکار: فێڵباز، حیلەساز ف ناروزن، نیرنگباز.

گزیکەر: گزیکار ف ناروزن.

گزینگ: ۱) گزنگی خۆر؛ ۲) ڕەشکێنەی چاو، بی‌بیلە ف ۱) اوّلین تابش آفتاب؛ ۲) مردمك چشم.

گژ: ۱) تێك‌هاڵان بۆ کێشەو شەڕ: (دە **گژم** ڕاچو، بە **گژم** داهات)؛ ۲) قەدی دار: (دارمێو لە **گژ** داربـەڕو ئالاوە)؛ ۳) ڕاست بونەوەی موی لەش، گرژبـوون؛ ۴) توڕەیی؛ ۵) وشەی دنەدانی جوانەگا بۆ سەر چێڵ؛ ۶) شل و سست؛ ۷) موی تێك‌هاڵاوی شانەنەکراو؛ ۸) تێکڕا، هەمو، گ؛ ۹) ڕووەك: (**گـژو** گیای زۆرە، گیاو **گژی** زۆرە)؛ ۱۰) لووربـوون، بەرەوخوار بونەوە، لەژوورەوە بەنهێم بەرەوخوارهاتن؛ ۱۱) ڕەق، سەخت ف ۱) گلاویزشـدن؛ ۲) تنهٔ درخت؛ ۳) سیخ شدن مو؛ ۴) خشم؛ ۵) کلمهٔ برانگیختن گاو گُشن؛ ۶) سست؛ ۷) موی ژولیده؛ ۸) همه؛ ۹) رستنی، گیاه؛ ۱۰) به تندی پایین آمدن از سراشیبی؛ ۱۱) سخت، سفت.

گژار: چینەدانی باڵندە، جیکڵدانە ف ژاغر، چینەدان.

گژاژ: گژار ف چینەدان.

گژانـدن: ١) تێکـەڵ پێکەڵ کردن؛ ٢) برێتی لە ئاژاوەنانەوە ف ١) درهم آمیختن؛ ٢) کنایه از آشوب بپاکردن.

گژڤاموك: پرچی هۆندراو ف موی بافته.

گژك: ١) کوژەکە؛ ٢) تەرزەی ورد؛ ٣) پرچی پەرژو بڵاو ف ١) خرمُهره؛ ٢) تگرگ ریز؛ ٣) موی پریشان.

گژکردن: ١) کزکردن، خۆلێك هالاّندن؛ ٢) راست بوونەوەی موو ف ١) توی هم رفتن؛ ٢) راست شدن مو.

گژکن: ١) کەزی پڕ و زۆر؛ ٢) داری پڕلك وپۆپ ف ١) موی پرپُشت و بسیار؛ ٢) درخت پُرشاخ و برگ.

گژکە: پوُکاوڵە، چەموّڵە، چەمبوّڵە ف ام کردن، پنجه‌گذاشتن.

گژگـژ: ١) وشەی دنەدانی جوانەگا بۆ سەر چێڵی بەکەڵ، گژ، کەڵە؛ ٢) وشـك، زوا، زڕ، زوهـا؛ ٣) تێکـەوە هاویشتنی ئاپـۆره ف ١) کلمهٔ برانگیختن گاوگشن؛ ٢) خُشك؛ ٣) شلوغی و ازدحام مردم.

گژگژاندن: هانەدان بۆ شەڕ، دنەدان بۆ جەنگ ف تحریك کردن برای شروع جنگ.

گژگژه: پۆش و پەلاّشی بابردەڵە ف گیاه خشك بادآورده.

گژگژەك: بەفرخۆرکە، جۆرێ تەرزەی زۆرورد ف نوعی برف بسیار ریز.

گژگژین: راست بوونەوەی مو لە ترسان ف سیخ شدن موی بدن از شدّت ترس.

گژل: تەرزە، تەزرە، تەیرۆك ف تگرگ.

گژلوك: تەزرۆکە، تەرزەی ورد ف تگرگ ریز.

گژم: ١) خەم، خەفەت؛ ٢) خەمبار؛ ٣) نەخۆشی تەنگەنەفەسی ف ١) اندوه؛ ٢) دژم؛ ٣) نفس تنگی.

گژن: موی تێك هالاّو ف ژولیده.

گژنەسەره: سەرقژن ف ژولیده موی، پیچیده موی.

گژنیز: کشنیژ ف گشنیز.

گژنیژ: گژنیز ف گشنیز.

گژنیژه: ١) گژلـوك، تەرزەی ورد؛ ٢) زبـــری پێست لە سەرمـان؛ ٣) کشنیژه؛ ٤) کشنیژ ف ١) تگرگ ریز؛ ٢) خشن شدن پوست از سرما؛ ٣) نوعی زیور؛ ٤) گشنیز.

گژۆرەك: وردە چرپی بۆ ئالاّشی بان داپۆشین ف انبیره.

گژوژ: چلکن و قژن ف چرکین و ژولیده موی.

گژوگیا: پوُش و پار، روەك ف نباتات علفی.

گژۆل: جۆرێ داری جەنگەڵ ف از درختان جنگلی.

گژۆلە: پەرژو بلاّو ف پراکنده وآشفته.

گژۆلەك: گێژەلۆکە ف گردباد.

گژولی: گژۆرەك ف انبیره.

گژۆمژۆ: تێکەڵ پێکەڵ، ناتەکوُز ف درهم برهم وبی‌نظم.

گژه: ١) دەنگی بای بەتـەوژم؛ ٢) گیایەکـە بۆ دەرمان دەشێ؛ ٣) دنەی جوانـەگا بۆ سەر مانگابەکەڵ ف ١) صدای وزش تندباد؛ ٢) گیاهی است دارویی؛ ٣) کلمهٔ تحریك گشن بر ماده گاو.

گژەبا: بای توندی پایزی ف باد تند خزانی.

گژه گژ: گژەی با ف صدای تندباد.

گژیان: قرژبوونی موو، شێوانی موو ف آشفتن و ژولیدن موی.

گژی بیێ: گوندێکە لە کوردستان بە عسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

گس: وشەی لێخوڕینی پەز، کس ف کلمهٔ راندن گوسفند.

گست: گوست، تیل،تلی، قامك، ئەنگوست، ئەنگوُس ف انگشت.

گسك: جاڕو، گزك، گزگ ف جارو.

گسکدان: گزکدان ف جاروکردن.

گسکدەر: کەسێ کە بە گسك کار دەکا ف جاروزن.

گسکە: کسکە، بریقەی چاوی پشیلە لە تاریکیدا ف برق چشم گربه در تاریکی.

گش: گ، گژ، تێکڕا، هەموو ف همه.

گشت: ١) بادراو، باوخواردو؛ ٢) گش، تێکڕا؛ ٣) قامك، ئەنگوس ف ١) نخ تابیده؛ ٢) همه، همگی؛ ٣) انگشت.

گشتائۆرتی: قامکی ناوەڕاست ف انگشت وسطی.

گشتاپلل: تبلامەزن، قامکەگەوره ف انگشت شست.

گشتاقلانج: قامکەتوُتە ف انگشت کوچکه.

گشتامیانین: گشتائۆرتی، زەڕنەقوُتە ف انگشت وسطی.

گشتانـه: ١) ئەنگـوستیلە؛ ٢) قوُچـەکـەی دورمـان؛ ٣) قولی درەو، ئەوەنـدەی لە دەستێکـا جێ دەبێتـەوە ف ١) انگُشتـر؛ ٢) انگشتانهٔ خیاطی؛ ٣) میزانی معادل یك کف دست.

گشتر: کلکەوانە، گشتانە ف انگشتر.

گشتك: ئەنگوتك ف چونه.

گشتۆنە: قوُچەکەی دورمان ف انگشتانهٔ خیاطی.

گشتەك: بەنی گشت ف نخ تابیده.

گشتی: تێکڕایی، هەموانی ف همگانی، عمومی.

گشـك: ١) تێکـڕا، گژ، گ، گشت؛ ٢) پوُکـاوڵە، چەموّڵە؛ ٣) پەنجەی ئاواڵەکراو؛ ٤) گژك، تەرزەی ورد ف ١) همگی؛ ٢) ام کردن؛ ٣) پنجهٔ باز؛ ٤) تگرگ ریز.

گشکه: پوُکاوڵە، چەمبوّڵە، گشك ف ام کردن.

گغ: دەنگێ کە لە منالّی ساوا دەردەچێ ف صدای بچهٔ نوزاد.

گغکی: منالّی گغ‌ویژ ف کودك چند ماهه، نوزاد.

گغنی: شلّتاغ، تەشقەڵە، تەڵەکە ف شلتاق.

گغه: ١) گغ: (زارۆکەمان **گغەو** بقە دەکا)؛ ٢) بقه، وشەی ترساندنی ساوا ف ١) نگا: گغ؛ ٢) کلمهٔ تحذیر از خطر برای کودك.

گف: ترساندن بەقسە: (هەڕو **گفم** لێ دەکا) ف تهدید.

گفت: پەیمان، بەڵێن ف قول و پیمان.

گفتار: قسە بۆخەڵك کردن ف سخنرانی، گفتار.

گفت دان: بەڵێن‌دان، پەیمان‌دان ف قول‌دادن.

گفتوگۆ: ئاخافتنی پێکەوە ف گفتگو.

گفته: گفت، بەڵێن ف قول.

گفشك: ١) قورینج، قورینج گرتن؛ ٢) پوُکاوڵە، گشك، چەمبوّڵە ف ١)

نیشگون؛ ٢) ام کردن.

گف: ١) گشتەك، بادراو؛ ٢) گف، ترساندن بەقسە؛ ٣) دەنگی بەردی هاویژراو بە قۆچەقانی: (هەر **گفەگفی** دێت) ف ١) نخ تابیده؛ ٢) تهدید؛ ٣) صدای سنگ پرتاب شده با فلاخن.

گفاشتن: کوشین ف فشردن.

گفاشگە: جێگەی گوشینی ترێو...، گوشینگە ف جای فشردن میوه.

گفالە: کۆمەڵی چەکدار ف گروه تفنگداران.

گفاند: ١) هێڵ، خەتی جوت؛ ٢) خوارو خێچ ف ١) شیار شخم زمین؛ ٢) کج و کوله.

گفاندە: ١) سەرلێوی کەندالْ و شاخ؛ ٢) کەوشەنی زەمینی کێڵگە ف ١) لبهٔ پرتگاه؛ ٢) مرز کشتگاه.

گفر: پشیلەی نێر ف گربهٔ نر.

گفرت: کێم و هەوا، جلکی برین ف چرك و ریم زخم.

گفردی: لەرزین لەترسان، راچەنین ف لرزه از ترس، یکه‌خوردن.

گفرك: هەراش، ساوای بەکەیف و تەیار ف نوکرده، نوزاد شاداب.

گفزۆنەك: گیایەکی دەشتەکیە ف از گیاهان صحرایی.

گفشك: ١) ئەنگوتکەهەویر؛ ٢) قورینج ف ١) چونهٔ خمیر؛ ٢) نیشگون.

گفقە: ١) گف، دەنگی بەردی بەرەقانی؛ ٢) دەنگی سوڕانی خول‌خولەو مزراق ف ١) صدای سنگ فلاخن؛ ٢) صدای چرخش شدید گردنا.

گفکف: گڕەگڕ ف صدای تُندباد.

گفگفــە: دارێکی جەغــزی‌یە دو کونی تێکــراوە بەنی تێ‌دەخـەن و بای‌دەدەن گفەگفی لێ دێت ف نوعی فرفرهٔ چوبی.

گفن: موی تێك‌هالاوی گرژ ف موی ژولیده.

گفۆردی: گفردی ف چندش، یکه‌خوردن.

گفـە: ١) گفقـە؛ ٢) دەنگی بای بەقـەوەت، گڕە ف ١) نگا: گفقە؛ ٢) صدای تند باد.

گفەگف: دەنگی گفەی لەسەریەك ف صدای پیاپی «گفه».

گفی: دەڵەمەی پەنیر ف دَلَمهٔ پنیر.

گفێری: ژان و برك ف دلپیچه.

گفێرین: عەزم کردن، هەڵتاواندن ف هضم خوراك.

گفیشــك: ١) بلچ، گێوژ، گوێژ؛ ٢) کوشـراو، کوشـراوی میوە ف ١) زالزالك؛ ٢) عُصاره.

گفین: مەیین، بونەماست‌یان‌پەنیر ف بندآمدن شیر.

گل: ١) ژانی چاو؛ ٢) جوڵە، بزاو؛ ٣) خلۆر؛ ٤) خاکێ کە ژنان سەریانی پێ دەشۆن؛ ٥) جار، کەرەت؛ ٦) راگرتن. (گلم داوەتەوە)؛ ٧) ترۆپکی چیا، دوندی کێو، نوك کێف؛ ٨) سەرلق، لکی هەرەبڵندی دار؛ ٩) زیپکە ف ١) چشم درد؛ ٢) حرکت؛ ٣) غلت؛ ٤) گِل سرشـوی؛ ٥) بار، دفعـه؛ ٦) نزد خود نگهـداشتن؛ ٧) قُلّهٔ کوه؛ ٨) بلنـدتـرین شاخـهٔ درخت؛ ٩) جوش پوست.

گڵ: ١) خاك، خۆڵ؛ ٢) گڕ، بڵێسە: (**گڵبێنەی** تەندور) ف ١) خاك؛ ٢) شعله، لهیب.

گلا: ١) پەڕی، پەرت بو؛ ٢) گش‌لا، هەمـولایەك؛ ٣) خلۆرەوەبـو؛ ٤) پرچی وەهــۆنــدراو؛ ٥) جارێك‌تر، هەڵێکی کە ف ١) پرت شد؛ ٢) همگی، همه جانب؛ ٣) غلتید؛ ٤) زلف تابیده؛ ٥) باردگر.

گلابۆچ: پرچی کورتی وەهۆنراو ف زُلف کوتاه آرایش شده.

گڵادە: ١) قەڵادە، ئالقـەی دەوری ئەستـۆ؛ ٢) خشڵی ئەستـۆ ف ١) قلّاده؛ ٢) گردنبند.

گلار: ١) چەمی بچـوك؛ ٢) خلۆر: (لــەو سەرەوە **گلار** بومـەوە)؛ ٣) زڕین؛ ٤) دەنکەترێ، لبەترێ؛ ٥) شۆڕبۆوە: (**گلاری** بن‌چەنێ، واتا: بەرخەبەبە) ف ١) رود کوچك؛ ٢) غلتان؛ ٣) برگرد، برگشت؛ ٤) دانه انگور، حبّه انگور؛ ٥) آویزان.

گلاراو: ١) ئۆقرەنەگرتن، بێ‌قەراری؛ ٢) نەخۆشی ئەسپەك ف ١) آرام نگرفتن؛ ٢) بیماری مالیخولیا.

گلاراوێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گلارکۆ: ١) گازر، قەسار؛ ٢) تێڵای جلك‌و گەڵاکوتان ف ١) گازر؛ ٢) کدینه.

گلارە: ١) بڕەداری لەسەریەك دانراو؛ ٢) دنکەترێ: (**گلارە**ترێ وەدەمتا ناچێ)؛ ٣) گلێنە، بی‌بیلەی چاو ف ١) قطعات هیزم برهم انباشته؛ ٢) حبّه‌انگور؛ ٣) مردمك چشم.

گڵاز: ١) عەلوکەسورەی پایزی، ئاڵو بخارا؛ ٢) ناوچەیەکە لە کوردستان ف ١) آلوی قرمز؛ ٢) ناحیه‌ای در کردستان.

گڵاس: شەربەی شوشە بۆ ئاوپێ‌خواردنەوە، پەرداغ ف لیوان شیشه‌ای.

گڵاسی: چەرمی نەرمی ڕەنگ‌کراو ف چرم ورنی.

گلاف: پیس، چەپەڵ ف کثیف.

گلالە: ئاڵۆ ف لوزتین.

گڵاڵــە: ١) نیوەدروس‌بوگ: (کـارەکـە **گڵاڵـە** بوە)؛ ٢) کەلابـەردی لەچەرخ‌نەدراو ف ١) نیم ساخته؛ ٢) تیلهٔ سنگی صاف نشده.

گڵاڵـە کـردن: ١) نزیك بە تەواوبـوون کردن؛ ٢) بیرکردنەوە لە کارێ و ڕێگەی دروست‌بونی دیتنەوە ف ١) نیم ساخته‌کردن؛ ٢) زمینه‌چینی، طرّاحی.

گلان: ١) بەسەرڕودا کەوتن: (ئەسپەکەم **گلا**)؛ ٢) پەرت‌بوون: (لە ئەسپ **گلام**)؛ ٣) جوڵان لە جێگە؛ ٤) خلۆربونەوە ف ١) سکندری خوردن؛ ٢) پرت شدن؛ ٣) تکان خوردن؛ ٤) غلتیدن.

گلانا: دیسـان، ئەم‌جارەش ف دوباره، باردگر.

گلاندن: ١) خلۆرکردنەوە؛ ٢) جوڵاندن؛ ٣) فرێ‌دان؛ ٤) کۆکردنەوەی خواردنی لە مالان ف ١) غلتانیدن؛ ٢) تکان دادن؛ ٣) پرت کردن؛ ٤) جمع کردن خوراك از منازل.

گلانگ: جار، چەل، دەحفە، دەحە ف دفعه، بار.

گلانگا: جاروبارە ف گاهگاه.

گلانگی: جارێك، کەرەتێ، دەمێ‌وەدەحفەیێ ف یك‌بار.

گلانگینا: جارێکی‌دیکە، دەحفەی‌تر ف باردگر.

گلانن: گلاندن ف نگا: گلاندن.

گلاو: ۱) خلۆرەوەبوُگ؛ ۲) بەڕیو لە بەرزی‌یەوە؛ ۳) بەسەر ڕۆدا کەفتك؛ ۴) گلاف ف ۱) غلتیده؛ ۲) پرت شده؛ ۳) سکندری خورده؛ ۴) کثیف.

گڵاو: ۱) قوڕاوی گڵەسوُر؛ ۲) جیّ‌دەمی سەگ‌و بەراز؛ ۳) زۆر پیس؛ ۴) بریتی لە بنیادەمی بەدفەڕو بیّ‌ئاکار ف ۱) آب گل آلود؛ ۲) دهان زدهٔ سگ و خوك؛ ۳) پلید؛ ۴) کنایه از آدم بی‌اخلاق.

گڵاوبوُن: چەپەڵ‌بوُن بە دەم‌لێداتی سەگ‌و بەراز ف پلیدشدن با دهان سگ و خوك.

گڵاوکردن: شوتنی جیّ‌دەمی سەگ‌و بەراز بەقوڕاو جارێك‌و بەئاو شەش‌جار ف شستن دهان‌زدهٔ سگ و خوك با آب گل‌آلود و آب صاف.

گلاوگل: تلاوتل، ڕەت‌بردن ف تلوتلو.

گڵاوی: ۱) پیسی لە دەمی سەگ‌و بەرازەوە؛ ۲) بریتی لە بەدفەڕی‌و بیّ‌ئاکاری ف ۱) پلیدی از سگ و خوك؛ ۲) کنایه از بداخلاقی.

گڵاوی کردن: گڵاوکردن ف نگا: کلاوکردن.

گلاهە: ۱) تالاّن، بوُڕ؛ ۲) تالاّنکراو ف ۱) غارت، چپاول؛ ۲) غارت شده.

گڵاهەك: ۱) گزموُڵەی ڕەق لە قوڕی دیزەو گۆزە کە بە جۆرەکەوانێك دەهاویژرا بۆ ڕاوەباڵندە؛ ۲) خوڵ‌و قسڵی تێکەڵاو بۆ سواغ‌دان ف ۱) مهرهٔ کمان گروهه؛ ۲) مخلوط خاك و آهك برای اندودن

گلب: گەروُ، قورگ ف گلو.

گل‌بوُنەوە: گلاربوُنەوە، خلۆربوُنەوە ف غلتیدن.

گڵبینە: ۱) گڕبەندی تەندوُر؛ ۲) باکێشی تەندوُر ف ۱) بادکش بند تنور؛ ۲) بادکش تنور.

گلپ: ۱) هەڵمەت، هێرش؛ ۲) پڕ پێداکردن‌و ڕفاندن ف ۱) یورش، هجوم؛ ۲) قاپیدن.

گلپۆچ: کەزی وەهۆنراو ف زُلف تابداده.

گڵپە: ۱) کڵپە، گڕی لەپڕ؛ ۲) دەنگی گڕگرتنی ئاگر ف ۱) شعلهٔ یکهو پدیدآمده؛ ۲) صدای لهیب آتش.

گڵپەگڵپ: دەنگی لەسەریەکی گڕی ئاگر ف صدای پیاپی شعلهٔ آتش.

گلتە: ۱) کێشەو هەرا، شەڕەقسە بەدەنگی بەرز؛ ۲) ڕاوەی نەخۆش ف ۱) جدال لفظی؛ ۲) هذیان مریض.

گلچزە: تاقانەی دایکیّ، تاکەمنداڵ لە دایکێك ف یکی یکدانه.

گلخواردن: ۱) خلۆربوُنەوە؛ ۲) بەدەوورەدا گەڕان؛ ۳) مانەوە لەشوێنێك ف ۱) غلتیدن؛ ۲) پیرامون گشتن؛ ۳) واماندن در جایی.

گڵخواردن: فێری خاك‌خواردن‌بوُنی زاروُك ف خاك خوردن بچه.

گلخواردنەوە: مانەوە لەشوێنێك ف ماندن، از رفتن صرفنظر کردن.

گڵخۆر: زاروُی فێری خاك‌خواردن ف بچهٔ خاك خور.

گڵخۆرکە: کرمەسوُرە، کرمی گڵ ف کرم خاکی.

گلدان: ۱) جوُڵاندن، تەکان‌پیّ‌دان؛ ۲) جۆریّ تریّ سپیلکەی دەندك‌زل کە زوُتر پیّ‌دەگا ف ۱) تکان دادن؛ ۲) نوعی انگور زودرس.

گلدانەوە: لای خۆ هێشتنەوە ف نزد خود نگهداشتن.

گلدە: ۱) بیزوێنە، تەکان‌بدە؛ ۲) پریسکە؛ ۳) گلتە ف ۱) تکان بده؛ ۲) پیرزه؛ ۳) نگا: گلته.

گلدی: خلۆرەوەبوُگ بەسەر زەمیندا، تلاوتل‌بوُن ف غلت خوردن.

گلدی کرن: خلۆرکردنەوە، تلاوتل‌پێدان ف غلت دادن.

گلزە: باقە، باغە، دەسکێکی زل لە گیاو دەخل ف توده‌ای دسته شده از گیاه.

گلسە: بەزەمینداکەوتن ف بر زمین افتادن.

گلفچ: پشاوتن، لەناودەستا کوشران ف مچاله.

گلفچاندن: لەناودەستا کوشین ف مچاله‌کردن.

گلفچین: قرمچین، هەڵقرچان ف در اثر حرارت جمع شدن.

گلفەرك: ۱) گروُڵ؛ ۲) نێفەك ف ۱) خشتك زیر بغل؛ ۲) خشتك تنبان.

گلك: ۱) لاسکەگەنمەشامی بیّ‌دەنك؛ ۲) گیایەکی بنك‌دارە؛ ۳) میتکە، بەلوُکە ف ۱) ساقهٔ بی‌دانهٔ بلال؛ ۲) گیاهی است؛ ۳) چوچوله.

گڵکار: بەنا، کەسیّ کاری قوڕدەکا ف بنّا.

گڵکاری: قوڕەکاری ف گلکاری.

گلکردن: وەڕان‌کەوتنی چاو، چاوێشان ف به دردآمدن چشم.

گڵکۆ: ۱) گڵی بەسەریەکداکراو، کۆمای خاك؛ ۲) قەبر ف ۱) تودهٔ خاك؛ ۲) قبر.

گلکەردش: پەرتاوتن، کەزاخە، لکی زیادی داپاچین ف هَرَس درخت.

گڵکەن: کانی گڵەدیزەو ئیربار ف کان خاك رس.

گڵکەند: گڵکەن ف کان خاك رس.

گلگل: ۱) تەتەڵەی دانەوێڵەو دەخڵ؛ ۲) هەرزنەگەورە؛ ۳) گیاگەسك ف ۱) بوجاری؛ ۲) گارس؛ ۳) گیاهِ جارو.

گلگلاندن: تەتەڵەکردن ف بوجاری کردن.

گڵگیر: کەو، سەرەند، سەرەد ف سرند.

گلارە: گلارە، بوُڵوەتریّ ف دانه انگور، حبّه انگور.

گللك: ۱) زێدان، مناڵدان؛ ۲) کوز، قوز ف ۱) زهدان؛ ۲) آلت تناسلی زن.

گللی: ڕەشکێنەی چاو، بیبیلەی چەم ف مردُمك چشم.

گللێرە: تەرزەی ورد ف تگرگ ریز.

گللی کۆر: کوێر ف نابینا.

گلم: لق، لك ف شاخهٔ درخت.

گڵمت: کەستەك، کڵۆگڵ ف کلوخ.

گڵمتك: گڵمت ف کلوخ.

گڵنجان: گڵکەن ف کان خاك رس.

گلو: ۱) بوُڵ، بوُڵەتریّ، گلارە؛ ۲) خڕی زۆر چکۆڵە لە ماست‌و شیری خراوبوُدا: (شیرەکە خراو بوە **گلوگلو** بوە)؛ ۳) دانـاردانـاربـوُنی سەمەنی‌و...: (**گلوگلو** وەستاوە) ف ۱) دانه انگور، حبّه؛ ۲) اجزاء از هم گسستهٔ ریزی که در ماست یا شیر فاسد شده دیده می‌شود؛ ۳) دانه‌دانه‌شدن سمنو و...

گلۆ: ۱) گش قەدێك، گشت چینێ؛ ۲) بوّچی، چما؟ ف ۱) همهٔ لایه‌ها؛ ۲) چرا؟.

گلواته: ۱) قرپۆکی میوەی وشك وەك مێوژو هەنجیرو...؛ ۲) تلپەی مێوژ ف ۱) مویز یا انجیر پوك و خشكیده؛ ۲) تفالهٔ مویز.

گلواز: ۱) رستەهەنجیری ئاڵقەکراو؛ ۲) ئاڵقەی بەخلەخل بە داری بێشکەوە ف ۱) انجیر خشك به رشته كشیدهٔ حلقه شده؛ ۲) اسباب‌بازی آویزان به گهواره.

گڵواز: جۆرێ بەری دارمازو ف نوعی ثمر مازوج.

گڵوان: بەرێکی دارمازوە بۆ دەباغ دەبێ ف نوعی ثمر مازوج.

گڵۆت: کەستەك، سندەگڵ ف کلوخ.

گلوچاندن: قرمچاندن، گڵۆفین، ژاکاندن لە ناو دەستا ف مچاله‌کردن، فشردن در دست.

گلوخول: چەرخو خول، بزوتنو سوڕانەوە ف جنب وجوش.

گڵوخوڵ: تۆزو غومار ف گردوغبار.

گڵۆخه: بەچکەمەلی خڕەکەو تازەپێ گەیشتوُ ف جوجه‌پرندهٔ تازه پـر درآورده.

گلودوڕ: بەدەورەدا هەڵخولان ف پیرامون گشتن.

گلۆر: ۱) بازنە، بازن، خشڵی جومگەو باسك؛ ۲) گرۆڤەر؛ ۳) خلۆر؛ ۴) بەری هەرداریك کە وەك قۆزاخەبێ؛ ۵) جارێ لە جاران ف ۱) النگو؛ ۲) مدوّر، كروی یا دایره‌ای؛ ۳) غلتیده؛ ۴) هر ثمر غوزه‌مانند؛ ۵) وقتی از اوقات.

گلۆربوُنەوە: خلۆربوُنەوە ف غلتیدن.

گڵۆف: بە دەست پشاوتن ف مچاله.

گڵۆفین: لە ناو دەستدا پشاوتن ف مچاله‌کردن.

گلۆڤەر: گرۆڤەر، خڕ وەك هەنار یان وەك جەغز ف نگا: گرۆڤەر.

گلۆك: ۱) ئەسپێ کە زۆر ڕەت دەبـاو بەسـەردا دەکـەوێ؛ ۲) بەسـەر یەکاپێچراوی بەن ف ۱) اسبی که زیاد سكندری می‌خورد؛ ۲) گلولهٔ نخ.

گلوگلو: ۱) دانارادانار؛ ۲) دەنکەدەنکە ترێ ف ۱) دانه‌دانه؛ ۲) دانهٔ انگور.

گل‌وگوێز: ۱) ڕۆیشتنو هەستانی زۆر؛ ۲) خول‌خواردنو ئۆقرەنەگرتن ف ۱) جست وخیز؛ ۲) بی‌قراری، ناآرامی.

گلۆل: ۱) گرۆر؛ ۲) خلۆر ف ۱) دانه‌ای انگل در گندمزار؛ ۲) غَلت.

گلۆلان: ناوی دێیەکە ف نام روستایی است.

گلۆل بوُنەوە: خلۆربوُنەوە ف غلت خوردن.

گڵۆڵە: ۱) بەنی لێکهاڵاوی خڕهەڵدراو؛ ۲) هەرشتێ خڕی لێکهاڵاو: (لەسەرمان خۆی **گڵۆڵە** کردبو) ف ۱) گلوله نخ؛ ۲) به هم پیچیده و درهم خزیده.

گلولی: دۆکەشك ف دوغ کشك.

گڵۆلی: گرۆڤەری وەك کەلا ف گرد کروی.

گلۆنگ: دەحفە، جار، کەڕەت ف دفعه، بار.

گلوەڕ: گرۆڵی‌چۆغە ف خشتك زیر بغل.

گڵوی: قوڕگ، ئەستۆڵەناوەوە ف گلو.

گلوێز: تف، ئاوی‌دەم ف آب دهان، خدو.

گڵوێنه: گلبێنە ف نگا: گلبێنە.

گله: ۱) دەنکـەترێ لە هێشـو داڕنـاو؛ ۲) گازن، گازنـدە؛ ۳) پرچی وەهۆنـدراو ف ۱) دانه‌های انگور از خوشه ریخته؛ ۲) گله، گلایه؛ ۳) زُلف تابیده.

گڵەئەرمەنی: خاکێکی دەرمانە ف نوعی خاكِ دارویی، طین ارمنی.

گڵەبان: ئاخەبان، بانەناو ف خاك‌ریزی بام.

گڵەبـەرانـه: جۆرێ خاك بۆ ڕەنگ‌کردنی دەفری سواڵەتی ف نوعی خاك رنگی لعابی.

گڵەجان: ۱) کانی گڵی ئیرباز؛ ۲) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) معـدن خاك رس؛ ۲) نام روستایی در کردستان كه توسط بعثیان ویران شد.

گڵەجانی: گڵەجان ف معدن خاك رس.

گڵەحەرام: خاکی قسلّ ف خاك آهك.

گڵەخۆرکه: کرمی گڵی، کرمەسوُرکە ف کرم خاکی.

گڵەدۆشاو: گڵێکی سپیە لە دۆشاوکردندا بەکاری دەهێنن ف خاکی که در شیره‌سازی به‌کار آید.

گڵەڕەش: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گڵەزەرده: لەو گونـدانـەی کوردستـانـە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گڵەسپی: خاکێکی چەرمگە سواغی ناوەوەی پێ‌دەکەن ف خاکی که به جای گچ برای اندودن دیوار به کار آید.

گڵەسەر: قوڕێکی زەردە ژنان سەری پێ‌دەشۆن ف گل سرشویه.

گله گله: دانەدانە، دەنکەدەنکە ف دانه‌دانه.

گڵەماره: جۆرێ خاکی بۆری کەفەڵۆك ف نوعی خاك خاکستری رنگِ سُست.

گلەمەن: بەگازندە، گازن‌کار ف گله‌مند.

گلەمەند: گلەمەن ف گله‌مند.

گڵەنجان: گڵەجان ف کان خاك رُس.

گلەودان: لای خۆ ڕاگرتن ف پیش خود نگاه داشتن.

گڵەوەز: کرێژی بەرد ف گل سنگ.

گڵەهەرمەنی: گڵەئەرمەنی ف نگا: گڵەئەرمەنی.

گلەیی: گلە، گازن، گازندە ف گلایه.

گلی: ۱) گلەیی، گازنـدە؛ ۲) شکـایەت؛ ۳) قسە ف ۱) گلایه؛ ۲) شکایت؛ ۳) سخن.

گلێ: ۱) بازی لەسەر یەك‌پا ڕۆیشتنو پایەك بەرزکردن؛ ۲) یەك‌دەنك؛ ۳) گلەتـرێ، گلوی ترێ ف ۱) بازی لی‌لی؛ ۲) یك دانـه؛ ۳) دانه‌انگور، حبّهٔ انگور.

گڵی: خاکی، لەخاك ف خاکی.

گلیا: ۱) بزوُت، تەکانی خوارد؛ ۲) بەسەر ڕودا کەوت؛ ۳) پەرت بو ف ۱) تکان خورد؛ ۲) سکندری خورد؛ ۳) پرت شد.

گلیار: شکۆفەی دارهەنار ف گل انار.

گلیاز: ١) گێلاس؛ ٢) بەلاڵوکەکێویلە ف ١) گیلاس؛ ٢) آلبالو کوهی.

گلیاس: گلیاز ف نگا: گلیاز.

گلیان: ١) بزوتن؛ ٢) تل بردن؛ ٣) خلۆر بوونەوە ف ١) تکان خوردن؛ ٢) سکندری خوردن؛ ٣) غلتیدن.

گلێجە: قولکەی بەرسنگ، قولایی نێوان زگ و سنگ ف گودی میان سینه و شکم.

گلێخە: ١) گیایەکی بن‌زەردی سەرکەسکە بەجێشتی لێ‌دەنێن، گێلاخە؛ ٢) گەپلە ف ١) گیاهی است آشی؛ ٢) گیاهی است خوردنی.

گلێر: ١) لەدەوری یەك کۆبوونەوە؛ ٢) خلۆر، گلار؛ ٣) تەرزە، گللێرە ف ١) دورهم جمع شدن؛ ٢) غلتان؛ ٣) تگرگ ریز.

گلێران: دەڵەکدان بۆ بزواندن و گلارکردنەوە ف هول دادن برای غلتاندن چیز سنگین.

گلێر بوونەوە: خلۆر بوونەوە ف غلتیدن.

گلێرکردنەوە: خلۆرکردنەوە ف غلتانیدن.

گلێرە: گللێرە، تەرزەی ورد ف تگرگ ریز.

گلێرەوبوون: گلێر بوونەوە ف غلتیدن.

گلیز: ئاوی دەم، لیك، لیکاو ف لعاب دهن.

گلیزۆ: کەسێ کە ئاوی دەمی بە ڕەخی دەمی‌دا دێتەخوار، لیکن ف کسی که همیشه لعاب دهانش سرازیر است.

گلیزە: چلوورە، شووشەسەهۆڵ ف دنگاله.

گلیژ: لیکاو، ئاوی‌دەم، گلیز ف لعاب دهن.

گلیژگین: گلیزۆ، لیکن ف کسی که لعاب از دهنش جاری باشد.

گلیژن: گلیزۆ ف کسی که لعاب از دهنش جاری باشد.

گلیش: ١) شەقڵی خەرمان؛ ٢) پووش‌وپەلاش ف ١) مُهر گذاری بر خرمن؛ ٢) خس و خاشاك.

گلیل: درێژۆکەی گرۆفەر وەك داردۆژەنگ ف استوانه‌ای.

گلیله: چلوورە، گلیزە ف دنگاله.

گلیم: پەلاس، بەڕەی ساکار ف گلیم.

گلێم: گلیم ف گلیم.

گڵێم: گلیم ف گلیم.

گلێن: ١) خلۆرکەرەوە؛ ٢) دەڵەکدەر، پاڵ‌پێوەنەر ف ١) غلتاننده؛ ٢) تکان دهنده.

گڵین: لەگڵ چێکری، سواڵەت ف سفالی، گلی.

گڵێنان: ناوی گوندێکە ف نام دهی است.

گڵێنجان: گڵەجان ف کان خاك رُس.

گلێنە: ١) ڕەشکێنەی چاو؛ ٢) سپیایی‌و ڕەشایی چاو بەگشتی؛ ٣) کزن؛ ٤) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) مردمك چشم؛ ٢) کرهٔ چشم؛ ٣) گاودانه؛ ٤) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گڵێنە: دەفری لەسواڵەت ف ظرف سفالی.

گڵییی: گلەیی ف گلایه.

گم: ١) نادیار؛ ٢) دەنگی کۆتر ف ١) گُم؛ ٢) صدای کبوتر.

گماندن: خوێندنی کۆتر ف آواز سردادن کبوتر.

گمانن: گماندن ف نگا: گماندن.

گمایش: ١) دەنگی گڕەو بڵێسەی ئاگر؛ ٢) بەدەم‌قوچاوی بۆڵەبۆڵ‌کردن ف ١) صدای لهیب آتش؛ ٢) غرولند.

گمبوون: نادیاربوون ف گم شدن.

گمرە: گوُمشك ف مدفوع موش.

گمش: ملانێ، زۆران، گولاش، زۆرەبانێ ف کُشتی.

گمکردن: نادیارکردن ف گم کردن.

گم‌گم: دەنگی گڕو گڵەی ئاگر ف صدای لهب آتش.

گمگمۆك: ١) تونگە، دەفری ئەستۆزراو بۆ تراو؛ ٢) خمخمۆك ف ١) تُنگ، سبوچهٔ گردن باریك؛ ٢) بُزمَچه.

گمگمە: ١) گمگمۆك؛ ٢) مەتارەی سەفەر بۆ ئاو؛ ٣) فینجانی قاوەخواردنەوە ف ١) تُنگ؛ ٢) قمقمهٔ آب؛ ٣) فنجان.

گمە: ١) دەنگی کۆتر؛ ٢) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) آواز کبوتر؛ ٢) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گمەگم: دەنگی خوێندنی کۆتر ف آواز پیاپی کبوتر.

گمی: ١) ناخویایی، دیارنەبوون؛ ٢) دەنگ‌دانەوەی چیا ف ١) گمی، گم بودن؛ ٢) انعکاس صوت در کوهستان.

گمێز: پێشاو، ئاوێ کە لە دەروونی زیندووەوە دەڕژێتە دەرەوە ف شاش، ادرار.

گمێزدان: جێگەی گمێز لە ناوزگدا ف مثانه، آبدان.

گمێزگیریان: پێشاو قەتیس‌بوون ف شاش‌بند.

گمێزن: کەسێ کە چرتکەمیزەی هەیە ف کسی که چکمیزك دارد.

گمیزەچورتکێ: چرتەمیزە ف چکمیزك.

گمیزەچۆرتکێ: چرتەمیزە ف چکمیزك.

گمین: ١) خوێندنی کۆتر؛ ٢) گرمەهاتن ف ١) آوای کبوتر؛ ٢) به گوش رسیدن صدای بم.

گن: ١) کەسێ کە لە قسەکردنا دەنگ لە کەپوی دێ، کەسێ قسە لە ناوی کەپوودا دەکا؛ ٢) نیوەتەزین‌و زۆرانەوەی پا، مێرولەکردن؛ ٣) پارچە، پاژ ف ١) کسی که غنّه در بینی دارد، کسی که تودماغی حرف می‌زند؛ ٢) مورمورکردن پا؛ ٣) قطعه، پارچه.

گنا: ١) گلۆڵە؛ ٢) شۆردن، بالاف ف ١) گلوله نخ؛ ٢) شستشو.

گنار: ١) ئەسپێ؛ ٢) زیندەوەری لەش؛ ٣) چڵکن‌و پیس، بۆ ئەندام دەگوترێ ف ١) شپش؛ ٢) جانور تن آدمی؛ ٣) چرکین و کثیف.

گناس: بێ‌ئاکار، پەست ف پست فطرت.

گنایش‌وارۆ: کەفتن بە زەمینا ف بر زمین افتادن.

گنایەنە: وێك‌کەوتن ف به‌هم خوردن.

گنایەنەوارۆ: کەفت بە زەمینا ف بر زمین افتاد.

گنتەڵ: کورتی قەڵەو ف کوتاه‌قدّ چاق.

گنج: ١) چرچ: (گنج کەفتوسە توێڵی)؛ ٢) بەرگ‌و جلك؛ ٣) کنج ف ١) کیس، چین وچروك؛ ٢) لباس؛ ٣) نیم‌تنه.

گنجڕ: ونجڕ، شڕوشڕۆڵ، بەتیتۆڵ‌و بزگور ف پارەپارە و وصله‌زد

گنجی: ۱) شتی چرچ و چینـدار؛ ۲) کەمێلی پەزاف ۱) چین وچـروك خورده؛ ۲) پوستگاله.

گنچك: کەمێل، گنجی ف پوستگاله.

گنخ: بۆنێ کە لە تەڕشوحەوە توشی خواردەمەنی دەبێ ف بوی گندازنم.

گنخاو: بۆن گرتو ف بوگرفته.

گندا: گنا ف نگا: گنا.

گندر: خلۆر، گلۆر ف غلت.

گندڕ: ۱) باگردێن؛ ۲) ڕوخان ف ۱) بام غلتك؛ ۲) فروریختن دیوار.

گندراندن: تلارکردنەوە، خلۆرکردنەوە ف غلتانیدن.

گندرایش: خلۆربونەوە ف غلتیدن.

گندڕین: داڕوخان ف فروریختن دیوار و کوه.

گندز: چاوەنۆڕی دەرفەت، خەفتان ف منتظر فرصت.

گندك: ۱) ئەنگوتك؛ ۲) تەپۆڵکەی پچوك ف ۱) چونه؛ ۲) تپهٔ کوچك.

گنـــدۆر: ۱) کاڵـەك، قاربـوز؛ ۲) دۆریە، گیایەکی باڵابـەرزە لاسکی شیرینە، قەلەندۆر ف ۱) خربزه؛ ۲) گیاهی ساقه شیرین است.

گندۆڕ: گندۆر ف نگا: گندۆر.

گندۆره: گندۆر ف نگا: گندۆر.

گندۆڕه: گندۆر ف نگا: گندۆر.

گندۆش: سوژن، شوژن، کوندوش ف جوالدوز.

گندۆلەك: خڕوەك گۆ، وەك تۆپی بازی ف گِرد، کروی.

گنگنك: گنگنۆك ف نگا: گنگنۆك.

گنگن: پاژپاژ، پارچەپارچە ف قطعه‌قطعه.

گنگنۆك: بنیادەمی گن ف کسی که غنّه در بینی دارد.

گنۆڕ: دۆریە، قەلەندۆر، گندۆر ف گیاهی است، نگا: گندۆر.

گنۆیی: زگ‌لەوەڕێن، چەوره، چلێس ف شکمو.

گنـه: ۱) قسـەکردن لە کەپۆدا؛ ۲) کاورای گن ف ۱) تودماغی سخن گفتن؛ ۲) یاروی «گن».

گنهۆر: بنەگیایەکە وەك شێلم دەیخۆن ف گیاهی است شلغم مانند.

گنی: ۱) حاڵی گن، قسە دەناو کەپۆدا گوتن؛ ۲) مۆی گرژ؛ ۳) پێویستە، ئەشێ بوێ ف ۱) تودمـاغی سخن گفتن؛ ۲) ژولیدگی مو؛ ۳) لازم است، ضرورت دارد.

گنیخه: کۆتەرەی ئەستۆ، ئەستۆرایی ئەستۆ ف قطر گردن.

گنێخه: بنیادەمی ئەستۆئەستوور ف آدم گردن کلفت.

گنین: ۱) گن قسـەکردن؛ ۲) کەوتن بە زەویدا ف ۱) تودماغی سخن گفتن؛ ۲) افتادن.

گۆ: ۱) ئەنـدامی بیستن؛ ۲) ئاخـافتن: (گفت و گۆ)؛ ۳) تۆپی دارینی کاشـۆبـازی؛ ۴) دوگمە، پشکۆژ؛ ۵) هەرشتی گردیلەی چکۆڵە؛ ۶) هەست و پێزانینی ئەندام: (دەستم گۆ ناکا لەسەرمان، زمانم گۆ ناکا)؛ ۷) چیچکی گوان و مەمـك: (گۆی مەمك)؛ ۸) سەرەعاسای خڕ؛ ۹) سەری کێر ئەوەنـدی گۆشتی دیارە؛ ۱۰) گاو چێڵ؛ ۱۱) کۆ، پڕایی خەڵـك: (گۆبەند، گۆڤەند)؛ ۱۲) شەنەی سێ‌ددانە ف ۱) گوش؛ ۲) گفتـار؛ ۳) گوی بازی؛ ۴) دکمـه؛ ۵) هرچیز کوچـك گرد؛ ۶) تاب حرکت، حس؛ ۷) نوك پستان؛ ۸) گوی سرعصا؛ ۹) سرِ ذکر؛ ۱۰) گاو؛ ۱۱) اجتماع مردم؛ ۱۲) افشون سه‌شاخه.

گۆ: ۱) تڵتەی خۆراك کە لە قنگەوە دەردەچێ؛ ۲) ئەندامی بیستن: (تە گۆ لێ‌یە ئەز چدبێژم) ف ۱) مدفوع؛ ۲) گوش.

گوار: بارەکەو، بەچکەکەو ف جوجه کبك.

گوارا: ڕەوان، بێ‌گیرکردن ف ضدگیرا، گوارا.

گواران: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گوارده: جۆرێ خواردنی لە شیر ف یکی از مشتقّات شیر.

گواره: ۱) خشڵێ کە دەگۆ دەکرێ؛ ۲) هەر شتێ لە گوێوە شۆڕ بوبێتەوە: (بزنی بەگواره) ف ۱) گوشواره؛ ۲) هرچیز آویزان از گوش.

گواز: ڕاگوێز، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێ بران ف انتقال.

گوازتن: ڕاگوێزتن، لە شوێنێ بۆ شوێنێ‌تر بردن ف نقل کردن، انتقال دادن.

گوازتنەوه: گوازتن ف انتقال دادن.

گواستن: گوازتن ف انتقال دادن.

گواستنەوه: گوازتن ف انتقال دادن.

گواسن: خڵتەو تڵتەی وشکەوەبوی ئاسن ف چرك کتله شدهٔ آهن.

گواشتن: گڤاشتن، کوشین ف فشردن.

گواڵه: جەواڵ ف جوال.

گوان: ۱) جێگـــەی شیری ئاژەڵی شیردەر؛ ۲) نەرم‌بون بە کوشین بە دەست: (گواندم) ف ۱) پستان حیوان؛ ۲) نرم شدن در اثر فشردن با دست.

گواندن: شل و نەرم‌کردن بە کوشین ف نرم کردن با فشردن.

گوانـدێل: کەسێ مەمکی زل و داچـۆڕاو بێ ف کسی که دارای پستان بزرگ و آویزان باشد.

گواندێن: دوڕ ڕان، جێگەی گوان، گەڵی حەیوانی بەگوان ف میان ران پستاندار.

گوان‌کردن: زل‌بونـی بنـی گوانـی ئاژەڵـی ئاوس ف بزرگ شدن بیخ پستان حیوان آبستن.

گواو: ۱) شل و نەرم‌بوگ لە کوشین: (مەمکیان هێند کوشیوە گواوە، ئەم بەهێ‌یە بە دەست بگوێنە)؛ ۲) ئاوی تێکەڵ بە پیسایی ف ۱) نرم شده از فشردن؛ ۲) فاضلاب.

گونەستێره: ئەستێرۆك، کرمێ کە بە شەو دەترووسکێ ف کرم شبتاب.

گوایا: ۱) دەڵێن، وام‌بیستوە؛ ۲) ئەدی، چما: (گوایابۆکوێ‌دەچی؟) ف ۱) گویا؛ ۲) مگر.

گوایه: گوایا ف نگا: گوایا.

گوب: بۆشایی نێوان کاکیلە ف لپ.

گۆباره: گاگەل، ڕەوەی گاوگامێش ف گلهٔ گاو و گاومیش.

گۆبـاز: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گۆبازی: گاڵتەو کایەی کاشۆبازی ف چوگان بازی.

گوبجڕ: بۆشایی زار پڕلەپف‌کردن‌و بەمست لێدان ف لپ پراز باد کردن و با مشت زدن.

گۆبـردن: ١) سەری سیرەت خستنـەنـاوزێوە؛ ٢) گۆ لە کاشۆبازیدا ڕفاندن ف ١) سر ذکر در فرج بردن؛ ٢) گوی از میدان در بردن.

گۆبردنەوە: ١) سەرکەوتن لە کاشۆبازیدا؛ ٢) بریتی لە پێش‌کەوتن لە هەوالان ف ١) گوی از میدان به دربُردن؛ ٢) کنایه از سرامد بودن.

گۆبۆق: قەوزەی وردی سەر ئاو ف خزهٔ نرم.

گۆبەخۆداکردن: ١) بەخۆداڕیان؛ ٢) بریتی لە کار بەخرابی کردن ف ١) برخود ریدن؛ ٢) کنایه از بی‌هنری در انجام کار.

گۆبەرۆك: ریزەدوگمەی زێڕو زیو کەلە پێسیر دەدرێ ف گوی زینتی بر گریبان.

گۆبەل: ١) گوێ‌قیت، گوێ‌قوت؛ ٢) بریتی لە مرۆی لەسەرهەست ف ١) برجسته گوش؛ ٢) کنایه از حسّاس و تیزگوش درشنیدن.

گۆبەل کردن: بریتی لە کوڵەکردن ف کنایه از تجسّس و استراق سمع.

گۆبەلە: بەلەباقە ف یکی از بیماریهای بُز.

گۆبـەن: ١) رستـەی گۆی خشـڵ؛ ٢) کۆبـوونەوە بۆ بەزم‌و شادی؛ ٣) کێشـەو ئاژاوە ف ١) گوی‌بنـد گریبـان؛ ٢) همایش برای سرور و شادی؛ ٣) آشوب.

گۆبەند: گۆبەن ف نگا: گۆبەن.

گۆبەندگێڕ: ١) قامبێژی داوەت‌و بەزم؛ ٢) ئاژاوەچی ف ١) خُنیاگر؛ ٢) آشوبگر.

گۆبەندگێڕان: کاری گۆبەندگێڕ ف ١) خُنیاگری؛ ٢) آشوبگری.

گوپ: ١) لە بەرزیەوە بازدان؛ ٢) جێگـەی پەنەماو لە دارکاریدا ف ١) شیرجه بردن؛ ٢) جای ورم کرده در اثر چوبکاری.

گوُپ: ١) گوُپ، بۆشایی لاشەویلاکە؛ ٢) ئاوساندنی گوُپ بەپف ف ١) لپ؛ ٢) باد در دهان کردن.

گۆپار: کۆپار ف ١) چوگان؛ ٢) عصا.

گۆپارە: کۆپار، گۆپار ف نگا: گۆپار.

گۆپـاڵ: ١) داردەستی ئەستوُر؛ ٢) داردەستی سەرچەماو ف ١) چماق سرگنده؛ ٢) چوگان.

گۆپاڵ باران: بارانی زۆر بەتەوژم‌و دەنك‌زل ف رگبار شدید باران.

گۆپـاڵـە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گوپتەپە: ناوی دوگوندی کوردستانە کە بەعسی وێرانی کردن ف نام دو روستای کردستان که بعثیان ویران کردند.

گوپچڕ: ١) گوبجڕ؛ ٢) بەپرتکەپرتکە ڕیان؛ ٣) زەحمەت‌و دژواری ف ١) برلُپ پر بادزدن؛ ٢) کم کم ریدن؛ ٣) دشواری، زحمت.

گوپچـڕگوپچڕ: زۆر دژوار: (**بە گوپچڕگوپچڕ** گیرم کەوت) ف زحمت و دشواری بسیار.

گۆپچـە: گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گۆپك: ١) سەرچڵۆی دار؛ ٢) ترۆپکی چیا؛ ٣) خونچەی شکۆفەدار؛ ٤) سەری هەر شتێ درێژ کە خڕبێ ف ١) بالاترین نقطهٔ درخت؛ ٢) قلّهٔ کوه؛ ٣) تژهٔ درخت؛ ٤) سر هر چیز بلند که گرد باشد.

گۆپکە: گۆپك ف نگا: گۆپك.

گوُپ گوشاد: بریتی لە زارزل ف کنایه از دهن فراخ.

گوُپن: بنیادەمی گوُپ‌زوپ ف آدم لُپ برجسته.

گوُپنە: گوُپن ف نگا: گوُپن.

گۆپۆ: زەلامی زەبەلاح‌و ناقوڵا ف لندهور.

گوُپەڕنێ: ڕوُرنینەوە ف رخسار با ناخن خراشیدن.

گوُپی: بریتی لە بەڵێنی بێ‌کردار ف کنایه از قول بی‌عمل.

گۆپیتـە: ١) تازەدەرهاتوی لك‌و گیاو سەوزە؛ ٢) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) شاخه و گیاه تازه دمیده؛ ٢) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گوُپێ‌خوران: بریتی لە پەشیمـانی لە کارێ کە ئاکامی باش نەبوە ف کنایه از پشیمانی از کار بدفرجام.

گوُپێ‌خوراو: بریتی لە کەسێ کە لە کاری خراپی خۆی پەشیمان بێ ف کنایه از آدم پشیمان از کار بدخود.

گوُپێ‌خوراوبوُن: گوُپێ‌خوران ف نگا: گوُپێ‌خوران.

گۆپیلانك: گۆپیتە ف نگا: گۆپیتە.

گوت: ١) لەپێ‌کەوتن لەبەر ماندویی: (**گوت** بوُم ئەوەندە ڕۆیشتم)؛ ٢) کوت، حینچکە؛ ٣) بزوُتن‌و جوُڵانەوە؛ ٤) رابردوی گوتن، گوتی ف ١) بی حرکت از خستگی؛ ٢) کله‌زدن در جماع؛ ٣) تکان و جنبش؛ ٤) گفت، ماضی گفتن.

گۆتار: ١) وتار؛ ٢) شەرمی سەربەمۆری ژن ف ١) سخنرانی؛ ٢) آلت تناسلی بکر دوشیزه.

گۆتاڵ: ١) شڵتاخ، دەبە؛ ٢) ئاژاوەو پشێوی؛ ٣) شوُم‌و جوت‌قوُشە؛ ٤) پاتاڵ‌و مالات: (گاو **گۆتاڵ** خوُمان هەس) ف ١) شلتاق؛ ٢) آشوب؛ ٣) نحس؛ ٤) دام غیر از گوسفند و بز.

گۆتاوەرۆ: کێشەو ئاژاوە، پشێوی ف آشوب و هنگامه.

گۆتبوُن: لەپێ‌کەوتن لە ڕێ‌ڕۆیشتنی زۆر ف از پا افتادن از فرط خستگی.

گوت‌دان: بزواندن، دەڵەکدان ف تکان دادن.

گۆتر: کۆتر، کەموتەر، کەفۆك ف کبوتر.

گۆتـرگـە: گیایـەکی لاسـك‌ئـەستـوُری سـەرپڕلـەدڕکـە ف گیاهـی اسـت خاردار.

گۆترمە: بێ کێشانەو پێوانە خەملاندن ف تخمین بدون اندازه‌گیری.

گۆترە: گۆترمە ف نگا: گۆترمە.

گوترە کاری: بریتی لە کاری بیرلێ‌نەکراو ف کنایه از کار نسنجیده.

گۆترە کان: دەم‌کردنەوەی خونچەی دار ف سر باز کردن شکوفه.

گۆترە کین: گۆترە کان ف نگا: گۆترە کان.

گوتك: ئەنگوتکەهەویر، گونکەهەویر ف چونهٔ خمیر.

گوُتك: گیایەکە مرۆ دەیخوا ف گیاهی است خوردنی.

گوتل: تۆڵا، شتی زۆروردی پێکەوە لکاو ف ذرّات ریز به هم چسبیده.

گوتله: گوتل ف ذرّات ریز به هم چسبیده.
گوت‌لێدان: کوت‌پێوەدان ف کله‌زدن در جماع.
گوتن: ۱) قسه‌کردن، بێژتن؛ ۲) برێتی له ئاوازخوێندن ف ۱) گفتن؛ ۲) کنایه از آواز خواندن.
گۆتن: گوتن ف نگا: گوتن.
گوتۆ: ئیشاعه، قسه‌ی ناوخه‌ڵك بێ ئه‌وه ڕاست بێ ف شایعه.
گوتۆخ: بێژەر، کەسێ که قسه بۆ خه‌ڵك ده‌کا ف سُخنران.
گوته: ۱) قسه، بێژه، بێژراو؛ ۲) ئیشاعه، شایه‌عه ف ۱) گفته؛ ۲) شایعه.
گۆتـه: ۱) گوتـه، ئیشاعه؛ ۲) گاڵته‌ی حه‌مزه‌ل ف ۱) شایعه؛ ۲) بازی پرش بر پشت همدیگر.
گۆته‌که: کایه‌ی حه‌مزه‌ل ف بازی پرش بر پشت خمیدهٔ همدیگر.
گۆته‌گۆت: ئیشاعه، گوته‌ی خه‌ڵك ف شایعه.
گوتـه‌نی: ۱) شیاوی گوتن؛ ۲) وه‌ك ده‌ڵێ. (کـورده **گوتـه‌نی**) ف ۱) گفتنی، سزاوار گفتن؛ ۲) چنانکه گوید.
گۆته‌نی: گوته‌نی ف نگا: گوته‌نی.
گوتی: وتی، ئاخافت ف گُفت.
گۆتی: ۱) بێژه، قسیه؛ ۲) وتی، قسه‌ی کرد ف ۱) گفتار؛ ۲) گفت.
گۆتێ کردن: برێتی له کارتێك‌دان و خه‌راپ‌کردن ف کنایه از به هم زدن و خراب کردن کار.
گۆج: ده‌ست و پای چه‌فت و چه‌وێڵ ف دست و پای ناقص.
گۆج: زۆری، زوڵم: (ئه‌م باجه ئیتر **گۆجه** به‌سه‌رمان داسه‌پاوه) ف ناروا، ظلم.
گۆجاگ: بشکۆك، قۆبچه، دوگمه ف دُکمه.
گۆجك: جاش‌باڵته، پاڵتۆی تایشت ئه‌ژنۆ ف پالتو کوتاه.
گوجو: پێسیری کراس ف یقهٔ پیراهن.
گوجوك: گجوك ف توله‌سگ.
گۆجه: به‌ندی به‌رۆك ف بند یقه.
گوجه‌دڵ: برێتی له عه‌ولاد ف کنایه از اولاد.
گوجه‌ر: کزو داڵگۆشت و بێ‌هێز ف لاغر.
گوجی: ۱) گوجو؛ ۲) گجوك ف ۱) یقهٔ پیراهن؛ ۲) توله‌سگ.
گۆجی: ۱) گوچ، یه‌کـه‌م‌شیر؛ ۲) ده‌ست‌وپـا چه‌وێڵی ف ۱) آغوز؛ ۲) نقصان دست و پا.
گوجیله: بێچوی ساوای سه‌گ ف نوزاد سگ.
گوچ: ۱) ژه‌ك، فرچك، یه‌که‌م‌شیر؛ ۲) په‌نه‌مان له‌زه‌بر ف ۱) آغوز؛ ۲) آماسیدن از ضر به‌خوردن.
گۆچ: به‌ده‌ن به چه‌وری یان هه‌ر شتێ دامـاڵین ف چربی یا دیگر مواد به‌تن مالیدن.
گوُچ: قوژبن، سوُچ، گۆشه ف گوشه، زاویه.
گۆچـان: ۱) دارده‌ستی سه‌رچـه‌ماو؛ ۲) گۆپاڵ، کۆپاڵ ف ۱) چوگان، عصا؛ ۲) چماق سرگنده.
گوچك: ۱) گۆچك؛ ۲) پجوُك ف ۱) گوش؛ ۲) کوچك.
گۆچك: گۆ، گوُ، ئه‌ندامی بیستن ف گوش.

گۆچکردن: فرچك‌دان، ژه‌ك‌دان به ساوا ف آغوز به نوزاددادن.
گوچکـردن: ئه‌ندامی زاروٚ به ڕۆن چه‌ورکردن و داماڵین ف تن نوزاد به روغن اندودن و ماساژدادن.
گۆچوُن: ته‌زین و له‌کارکه‌وتنی ئه‌ندام: (ده‌ستم **گۆچوه**، زمانم **گۆچوه**) ف کرخ و بی حس شدن اعضاء.
گۆچه‌ری: کۆچه‌ری، خێڵاتی، ڕه‌وه‌ند ف کوچ کننده به ییلاق.
گۆچه‌ل: گۆپاڵ، گۆچان ف عصا.
گۆچه‌وه‌ن: شوُژن، سوُژن ف جوالدوز.
گوچیلك: گورچیله ف کلیه، گرده.
گوُخارن: برێتی له په‌شیمانی، گوُپێ‌خوران ف کنایه از پشیمانی.
گۆخڵ: زانا له چه‌ڵتوُك‌چاندندا ف خبره در شالیکاری.
گۆخلانه: کـرێی زانـاو پسپۆری برنجـه‌جاڕ ف مـزد آدم خبـره در شالیکاری.
گوُخلێنه: قالۆنچه‌ی ڕیخ‌گلێن ف سرگین غلتان، جُعَل.
گوُخواردن: گوُخارن، گوُپێ خوران ف کنایه از پشیمانی.
گوُخوارن: گوُخواردن ف کنایه از پشیمانی.
گود: ۱) خڕ، گرۆڤـه‌ر؛ ۲) ئه‌نگوتکی هه‌ویر؛ ۳) کوتکی گران و زل؛ ۴) تۆپی گه‌مه ف ۱) کروی؛ ۲) چونه؛ ۳) چماق؛ ۴) توپ بازی.
گۆد: پاسست‌بوُن له سواری زۆر ف سست شدن پا از سواری بسیار.
گوداقه‌وری: تۆپی به‌فر، تۆپه‌ڵه ف گلوله‌برف.
گودامیری: ئه‌نگوتکی‌هه‌ویر ف چونهٔ خمیر.
گودروُن: ۱) پارچـه‌یه‌کی قومـاشه؛ ۲) ناوه بۆ پیاوان ف ۱) پارچه‌ای است؛ ۲) نام مردانه.
گودوُك: تازه‌لاو، نوجوان، لاوك، لاوکۆ ف بُرنا.
گوده: که‌لوُی په‌موُ ف پاغند، وش.
گۆده: له‌شی مرۆ ف جسم آدمی.
گۆده‌ك: پیزه، تۆل، پز، پس ف جنین.
گۆده‌گۆد: سه‌رڕاژاندنی منال ف سر تکان دادن کودك.
گۆده‌ڵـه: گۆبه‌رۆك، خشڵێ که به که‌ناره‌ی کوله‌جه‌وه ده‌دروێ ف زیور کنارهٔ یلك.
گۆده‌ڵه‌که: گۆده‌ڵه ف نگا: گۆده‌ڵه.
گوڕ: ۱) توان و تاقـه‌ت؛ ۲) خوڕین و گرمه: (مه‌**گوڕێنه** سه‌بر قسه‌بکه)؛ ۳) گڕی ئاگر، بڵێسه؛ ۴) ترساندن به‌قسه؛ ۵) هاتنه‌خواری به‌ته‌وژم: (**گـوڕگوڕ** فرمێسکی ده‌هاته‌خوارێ)، خوڕ؛ ۶) داوه‌به‌نێ که ده‌خرێته پای مه‌ل؛ ۷) به‌خڕی ڕۆیشتن ف ۱) قوّت، نیرو؛ ۲) غرش؛ ۳) زبانهٔ آتش؛ ۴) تهدید؛ ۵) با شتاب سرازیر شدن؛ ۶) ریسمانی که به پای پرنده بندند؛ ۷) همه باهم رفتن.
گور: ۱) دڕنـده‌ی به‌نـاوبـانگ که دوژمنی فه‌سته‌سه‌ری په‌زه، گورگ، شینـۆ؛ ۲) قه‌راغی که‌وش؛ ۳) کۆبـوُنه‌وه؛ ۴) له‌پێست ده‌رهێنان؛ ۵) سه‌ربـڕین ف ۱) گرگ؛ ۲) لبهٔ کفش؛ ۳) گردهمایی؛ ۴) از پوست درآوردن؛ ۵) سر بریدن.
گۆڕ: وه‌ك، چه‌شن، له‌وێنه، جۆر ف مانند، طور.

گۆڕ: ١) خەرگۆڕ، کەرەکێوی؛ ٢) تەختوڕاست؛ ٣) سزا، جزیا: (**گۆڕی** گیانت بێ)؛ ٤) قەبر، گڵکۆ؛ ٥) بەردەم، ناو کۆڕ: (قسەکەم خستە **گۆڕ**، سێوەکانی لەو **گۆڕە** ڕۆکرد)؛ ٦) شت لە جێگەی شتێ: (ئاڵوگۆڕ)[ف] ١) گورخر؛ ٢) هموار؛ ٣) جزا؛ ٤) قبر؛ ٥) صحنۀ مجلس؛ ٦) عوض.

گوُر: بێچوی چێڵ [ف] گوساله.

گۆڕابــۆزا: لەو گونـدانـەی کوردستـانـە کە بەعسی کاولیان کرد[ف] روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گوُراسن: ١) گواسن؛ ٢) خوڵەکەوەی پێکەوەلکاوی ڕەق لە تەندوُردا [ف] ١) نگا: گواسن؛ ٢) خاکستر به هم چسبیدۀ سفت.

گوراش: گولاش، زۆران، ملانێ، عەفرە، زۆرەوانێ [ف] کُشتی.

گوران: ١) لەپێست دەرهاتن؛ ٢) سەربڕان؛ ٣) چەند شینو، چەند گور؛ ٤) کامڵ بوُن، پێگەیشتن[ف] ١) غلفتی، از پوست خارج شدن؛ ٢) سر بریده شدن؛ ٣) گرگها؛ ٤) تکامل یافتن.

گوڕان: به دەنگی قەو گوتن [ف] غریدن.

گۆران: ١) تیرەیەکی زۆر گەورە لە کورد؛ ٢) دێهاتی، رەعیەت؛ ٣) ڕێگر، چەتە؛ ٤) سەربە تیرەی گۆران؛ ٥) لەوەڕگە؛ ٦) نازناوی هەستیارێکی هاوچەرخە؛ ٧) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد[ف] ١) بخشی عظیم از کُردها؛ ٢) دهاتی؛ ٣) راهزن؛ ٤) از عشایر گوران؛ ٥) مرتع؛ ٦) تخلّص شاعری معاصر؛ ٧) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گۆڕان: لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر چوُن، بارەوباربوُن[ف] تغییر یافتن، متغیّرشدن.

گوُران: ١) ڕسکـــان، ڕەگداکـــوتـــانو ڕوان؛ ٢) ڕوح‌هاتنـــەبـــەرو دروست‌بوُنی پیزە: (ریشەکە **گوُراوە**و شین بوە، زارۆ لە زگیا **گوُراوە**)؛ ٣) لەپێست دەرهاتن [ف] ١) رستن؛ ٢) تکوین یافتنِ جنین در رحم؛ ٣) غلفتی از پوست خارج شدن.

گوراندن: ١) لەپێست دەرهێنان؛ ٢) سەربڕین [ف] ١) غلفتی از پوست خارج کردن؛ ٢) سر بریدن.

گوڕاندن: بەدەنگی قەو زیقاندن [ف] غریدن، نعرەزدن.

گورانگە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد[ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گۆرانگە: ١) پاوانی داری دارستان بۆ کەسێك؛ ٢) ناوی کوێستانێکە؛ ٣) جێگەی ڕێگران [ف] ١) درختان قرق شدۀ جنگل؛ ٢) نام ییلاقی است؛ ٣) مقرّ راهزنان.

گورانن: لەپێست دەرهێنان [ف] غلفتی پوست کندن.

گۆڕاننەوە: شتێ لەبەرانبەر شتێکا دان [ف] معاوضه کردن.

گۆڕانەوە: درانی شتێ لەبەرانبەر شتێکا [ف] معاوضه.

گوراتی: چەندی، چەندایەتی [ف] کمیّت.

گۆرانی: ١) شێوەزمـانی تیرەی گۆران؛ ٢) قامو بەستـە[ف] ١) لهجـۀ «گۆران»؛ ٢) ترانه.

گۆرانی‌بێژ: قامبێژ، دنگبێژ[ف] خواننده، ترانه‌خوان.

گۆرانی‌چڕ: گۆرانی‌بێژ[ف] ترانه‌خوان، خواننده.

گۆرانی‌چڕین: قامبێژی [ف] ترانه‌خوانی.

گۆرانی‌خوێن: قامبێژی [ف] ترانه‌خوانی.

گۆرانی‌زان: گۆرانی بێژ[ف] ترانه‌خوان.

گۆرانی کوتن: قامبێژی [ف] ترانه‌خوانی.

گۆرانی گوتن: قامبێژی، گۆرانی کوتن [ف] ترانه‌خوانی.

گۆرانی‌وتن: قامبێژی، گۆرانی کوتن [ف] ترانه‌خوانی.

گوُراو: ١) ڕسکـاو؛ ٢) لەپێست دەرهـاتگ [ف] ١) تکوین یافته؛ ٢) از پوست درآمده.

گۆڕاو: لەبارێکەوە بۆ بارێکی‌تر چوُگ[ف] تغییر یافته.

گوڕاو: تانەی سەرچاو[ف] لکۀ چشم.

گوربز: چالاك، زرنگ [ف] چابك و بانشاط.

گوربزە: بەکەیفو تەیار[ف] سرحال و چاق.

گوربك: خەڵیف، پلوُرەهەنگ [ف] کندو.

گوربە: ١) پلوُرەهەنگ؛ ٢) نێرەپشیلە، کتکەنێر [ف] ١) کندو؛ ٢) گُربۀ نر.

گۆڕبەستن: بەلەز ڕاکردن [ف] باشتاب دویدن.

گۆڕبەستنەوە: بوژانەوە [ف] سرحال آمدن بعد از زبوُنی.

گۆڕبەگۆڕ: جنێوە بۆ مردو[ف] گوربه‌گور.

گورپ: ١) کروشمەکردگ؛ ٢) بەفری پەستواوی بێ سەهۆڵ بەستن [ف] ١) کزکرده و مات؛ ٢) برف سفت شده بدون یخ بستن.

گۆڕپشکنەك: چالەکە، چوالو، کورەبەشە [ف] حیوان گورکن.

گورپە: ١) تەپەی دڵ، خورپە؛ ٢) پشیلەی نێر، گڤر؛ ٣) گرتك‌ئەستوُر [ف] ١) تپش قلب؛ ٢) گربۀ نر؛ ٣) درشت اندام.

گورپەگورپ: توندلێدانی دڵ، خورپەی توند[ف] تپش زیادقلب.

گۆرت: ١) لێــژ، بەرەوژێــرە، سەرەولـێــژایی؛ ٢) بنــاری چیــا[ف] ١) سراشیبی؛ ٢) دامنۀ کوه.

گورتل: ئاپۆرە، حەشامات [ف] تودۀ مردم.

گورج: ١) زوُ، بلەز؛ ٢) چاپك‌و بەکار؛ ٣) کورت: (داوێنت **گورجە**)؛ ٤) ژنی زۆر جوان [ف] ١) بی درنگ؛ ٢) چابك و کاری؛ ٣) کوتاه؛ ٤) زن بسیار زیبا.

گورج‌بوُنەوە: ١) خۆئامادەکردن؛ ٢) دەبەرکردنەوەی جلی داکەندراو؛ ٣) کورت‌بونەوەی قوماش لەبەر شوتن [ف] ١) خود را آماده کردن؛ ٢) پوشیدن لباس بعد از کندن آن؛ ٣) آب رفتن پارچه.

گورج کردنەوە: ١) پۆشاك‌کڕین بۆ بێ‌جل؛ ٢) ئامادەکردنەوە [ف] ١) لباس نو به بی‌لباس دادن؛ ٢) آماده نمودن دوباره.

گورجوگۆڵ: بەکارو چالاك [ف] چست و چابك.

گورجەوبوُن: گورج‌بوُنەوە [ف] نگا: گورج‌بوُنەوە.

گورجی: ١) چالاکی؛ ٢) بێ‌درەنگی؛ ٣) ناوی ژنانە؛ ٤) ناوی هۆزێکە لە کوردستـان [ف] ١) چابکی؛ ٢) بی درنگی؛ ٣) نام زنـانـه؛ ٤) نام عشیره‌ای در کردستان.

گورجێ: دەس‌بەجێ، بێ درەنگ‌کردن [ف] فوراً.

گورچــك: ١) گرچك، گرچو؛ ٢) مایچەی بەلەك؛ ٣) بن باخەڵ[ف] ١)

کلیه؛ ۲) ماهیچهٔ ساق؛ ۳) زیر بغل.
گورچلنگ: ماپچەی بەلەك ف ماهیچهٔ ساق.
گورچو: گرچك، گرچو ف ۱) کُلیه؛ ۲) تهیگاه.
گورچوبڕ: گرچوبڕ ف نگا: گرچوبڕ.
گوڕچەنگ: گۆچان ف چوگان.
گورچەویله: گرچو ف کلیه.
گورچەوێڵە: گرچو ف کلیه.
گورچیلك: گرچو ف کلیه.
گورچیله: گرچو ف کلیه.
گورخ: ۱) دڕوشەڕانی؛ ۲) قایم‌ویتەو ف ۱) ماجراجو؛ ۲) محکم.
گوڕخانە: ۱) قەبر؛ ۲) قەبرستان ف ۱) گور؛ ۲) گورستان.
گورد: ۱) داریّ کە دەخرێتە ناو ڕایەڵی تەون؛ ۲) چابك‌و بەکار؛ ۳) دەرفەت، کیس: (**گوردی خۆی لێ گرت**)؛ ۴) پاڵەوان؛ ۵) تاقەت، قەوەت: (**گوردی گرتەوە**) ف ۱) چوب وسط تار در بافندگی؛ ۲) چابك و زرنگ؛ ۳) فرصت؛ ۴) قهرمان، پهلوان؛ ۵) توان، نیرو.
گۆرد: ۱) شور، شمشێر؛ ۲) شیر و خەنجەری ژەنگاوی‌و کول ف ۱) شمشیر؛ ۲) شمشیر و خنجر کُند و زنگ زده.
گوردالە: گرچك، گرچو ف کلیه.
گورد گرتن: دەرفەت‌هێنان، کێس‌ئانین ف فرصت به دست آوردن.
گوردە: زاروّی ژن لە مێردی پێشو ف بچهٔ زن از شوهر پیشین.
گوردەم: حەشامات، ئاپۆرە ف شلوغی و انبوه مردم.
گوردم گوردی: کۆمەڵ‌کۆمەڵ ف گروه‌گروه.
گوردی: نێوان هەردوك شان ف میان دو کتف، گرده.
گوڕران: گوڕاندن ف غریدن.
گورز: ۱) پەت‌و پەڕۆی بادراوی ڕەق بۆ کایەکردن؛ ۲) باقەبێنی لێك‌بادراو؛ ۳) ئامرازێکی سەرئەستوری دەسکدارە بۆ شەڕ ف ۱) گرز پارچه‌ای یا ریسمانی برای بازی؛ ۲) بسته‌بند پیچیدهٔ گیاهی؛ ۳) گرز پهلوانان.
گوڕز: گیایەکی دەشتەکیە، ڕەوکێکە بیاوانی ف از گیاهان صحرایی.
گورزان: بازی بە گورز ف بازی با گرز پارچه‌ای.
گورزانێ: گورزان ف نگا: گورزان.
گۆڕزرینگاندنەوە: جوێنە بە مردگ: (**گۆڕی زرینگاندەوە**) ف دشنام به مرده.
گورزك: گورزی چکۆڵە ف گرز کوچك.
گورزە: ۱) باقەی گەورە لە باقەبین؛ ۲) ناوە بۆ سەگ؛ ۳) جرجەمشکی دەشت؛ ۴) دەستەوارەیەك لە گیا؛ ۵) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) بستهٔ بزرگ از بسته‌بندگیاهی؛ ۲) نامی برای سگ؛ ۳) موش بزرگ صحرایی؛ ۴) پریك آغوش گیاه؛ ۵) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گورزە کوێرە: جۆرێ گورزانێ ف نوعی بازی.
گورزەهۆن: هۆندنەوەی گوریس بە سێ لۆیە ف نوعی طناب‌بافی.
گورزەهەن: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گورزی‌بن‌مێخ: جۆرێ گورزانێ ف نوعی بازی.
گورزیژێربەڕە: جۆرێ گورزانێ ف نوعی بازی.
گورزێن: گورزان، گورزانێ ف بازی با گرز.
گوڕژ: گرمەی هەور ف غرّش ابر، رعد.
گۆڕژال: بەن‌ساموّرتە ف فتراك.
گورژان: کەوڵ‌کران، پێست‌لێ‌داڕنین ف پوست کندن.
گوڕژان: گرمەهاتن ف صدای مهیب آمدن.
گوڕژاندن: هەورگرماندن ف غرّیدن ابر.
گۆڕسان: قەبرستان ف قبرستان.
گۆڕستان: گۆڕسان ف قبرستان.
گورشتە: ڕوداوی پێشو: (سەرگورشتەی خۆی گێڕاوە) ف رویداد گذشته.
گۆڕغەریب: مردو لە ئاوارەیی‌دا ف در غربت مرده.
گۆڕك: ۱) تەختایی مەجلیس؛ ۲) ئاگردانی کوڕ ف ۱) صحن مجلس؛ ۲) آتشدان مجلس.
گۆڕکۆڵ: قەبرکەن ف آدم گورکن.
گۆڕکە: گۆڕك ف نگا: گۆڕك.
گۆڕکەنکە: قەمتار، کەمتیار ف کفتار.
گورگ: گور، شینۆ ف گرگ.
گورگانخواردو: ۱) برێتی لە تۆشی بەلا بونی بێ‌فریاڕەس؛ ۲) ریخۆڵەیەکە ف ۱) کنایه از بی یاورگرفتار شدن؛ ۲) بخشی از روده.
گورگانەشەوێ: گۆرانیەکە بۆ دەخەوکردنی زاروّی دەڵێن ف آهنگی برای لالایی بچه.
گورگاو: دەنکێکی تاڵە لە گەنم‌دا ف تلخك گندمزار.
گورگاور: ئاوڕدانەوەیەکی بەپەلەو لە غاردان‌دا ف جواب عجولانه.
گورگ کوژە: گیایەکی ژەهراوی‌یە دڕندە دەکوژێ ف گیاهی است سمّی.
گوڕگرتنەوە: گوڕبەستنەوە، بوژانەوە ف بازیافتن نشاط.
گورگوارنێ: ئاریکاری‌کردنی خزمان بۆ یەکتر ف همکاری خویشاوندان با هم.
گورگ نەخۆرە: ۱) برێتی لە کیژو ژنی ناحەز؛ ۲) سپڵ ف ۱) کنایه از زن بدگل؛ ۲) طحال.
گورگوتاو: ڕفان‌ڕفان، فڕان‌فڕان ف هرکی‌هرکی، بچاپ بچاپ.
گوڕگوڕ: ۱) خوڕخوڕ: (فرمێسکی **گوڕگوڕ** دەوەراند)؛ ۲) زوڕزوڕ، گریانی بەدەنگی بەرز؛ ۳) هەراو زیقەزیق ف ۱) شُرشُر؛ ۲) شیون و زاری؛ ۳) جیغ و داد.
گوڕگوڕێ: ۱) کەسێ کە زۆر زیقەو هەرا دەکا؛ ۲) هەوری زۆر بەگرمەگرم ف ۱) جیغ جیغو؛ ۲) ابر پرغرش.
گوڕگوم‌بوّن: وشەیەکە بۆ مردوی وای دەڵێن کە حەزیان لە مردنی کردبێ ف یاد مرده‌ای که دوستش نداشتند.
گورگومێش: بولێڵە، شەوەکی ف سپیده‌دم، گرگ و میش.

گورگـه: ١) کەڵەی توتن‌و بیستان؛ ٢) گورگاو؛ ٣) سەربانی پاسارەی بان؛ ٤) سڵ، قوت؛ ٥) سڵی، ڕەوەکی: (گــورگــه دەکـا لیم نزیك نابێتەوە)؛ ٦) دەسبڕ و فێڵباز؛ ٧) لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف ١) گیاهِ انگلِ پالیزو توتون؛ ٢) تلخك گندمزار؛ ٣) روی لبهٔ بام؛ ٤) رموك؛ ٥) رموکی؛ ٦) شیّاد؛ ٧) روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گورگەبوُن: سڵ‌بوُن، ڕەوینەوە ف رم کردن.

گورگەپشت: زەق، زوپ، هەڵتۆقیو ف برآمده.

گورگەچاڵ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گورگـەچـاوسـوُر: گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گورگەچیا: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گورگـەخـەو: کەروێشکـەخەو، سوُکەڵەخەو: (لازمە بۆ شێخ سبەینان گورگـەخـەو/ تا بڵێن شێخ عابیدەو نانـویێ بەشەو) «شێخ‌ڕەزا» ف خواب سبك.

گورگەدەر: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

گورگەزێ: باران‌و خۆرەتاو پێکەوە ف باران و آفتاب با هم.

گورگەشامار: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گورگەشەوێ: گورگانەشەوێ ف آهنگی برای لالایی بچه.

گورگـەکـاکـەولا: گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گورگەلوُر: دمەلاسکەی گورگ لە لوُراندا ف ادای زوزهٔ گرگ درآوردن.

گورگەلورە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گورگەلۆق: قۆترە، قەترە، قوتە ف هر وله.

گورگەلۆقە: گورگەلۆق، قوُرتە ف هر وله.

گورگەمزە: گیایەکە ف گیاهی است.

گورگەسێش: ١) بێچوی دوڕەگ لە سەگ‌و گورگ؛ ٢) سەگی زیانی خرۆ کە پەزدەخوا؛ ٣) بریتی لە زمان‌لوُسی بێ‌ئاکار ف ١) بچهٔ دورگهٔ سگ و گرگ؛ ٢) سگی که گوسفند می‌دَرَد؛ ٣) کنایه از منافق و چاپلوس.

گورگەیی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گورگی: ڕەنگی‌شینکی ف رنگ خاکستری.

گورگی‌باران‌دیدە: بریتی لە پیاوی بەتەجرەبەو ئەزموُن ف کنایه از باتجربه.

گورگی‌داودیدە: گورگی باران دیدە ف کنایه از باتجربه، گرگ باران دیده.

گورگیلە: کەندوی پچوُك بۆ دەخڵ‌و ئارد ف کندوی کوچك غلّه و آرد.

گورگین: ١) ناوە بۆ پیاوان؛ ٢) بزنەمەرەزی سوُری مەیلەوبۆر ف ١) نام مردانه؛ ٢) بز قهوه‌ای کم‌رنگ.

گورگی‌هار: بریتی لە پیاوی بەئازارو بەدکار ف کنایه از مردم آزار.

گورم: گرمە ف غرنب.

گۆرم: ١) ژن خوشـــك، خۆشکی ژن؛ ٢) خۆشکی مێرد، دوش ف ١) خواهر زن؛ ٢) خواهرشوهر.

گۆرمار: کۆرەمار ف مارسام.

گورماندن: گرماندن ف غرنبیدن.

گورمتە: پەلامار، شالاو، حەملە ف یورش، حمله.

گوڕمچە: مست، مشت ف مشت.

گورمز: بزە، زەردەخەنە ف لبخند.

گۆرمز: گۆرمزە، خەردەلەکێویلە ف گیاهی است.

گۆرمـزە: گیایەکـە وەك ئەسپـەنـاخ کە دەخورێ، خەردەلی کێوی ف گیاهی است خوردنی شبیه اسفناج، خردل کوهی.

گورمزین: بزە هاتنەسەرلێوان ف لبخند، برلب آمدن.

گورمژ: ١) شالاو، هێرش، پەلامار؛ ٢) نەعرەتە ف ١) یورش، هجوم؛ ٢) عَربده، غُرّش.

گورمژین: ١) شالاوبردن، هێرش‌کردن، پەلاماردان؛ ٢) نەعرەتەی شێر ف ١) یورش بردن؛ ٢) غُرّیدن شیر.

گورمست: چنگوڕك ف نگا: چنگورك.

گوڕمشت: مستەکوڵە، مشتی قوُچاو ف مشت گره شده.

گورمـك: ١) پێشـەی شان؛ ٢) گرۆڤەر؛ ٣) زوپ، زەق؛ ٤) کلۆ ف ١) استخوان شانه؛ ٢) مُدوّر؛ ٣) برجسته؛ ٤) کلوخ.

گوڕموچ: مست ف مشت.

گوڕمۆرە: تێکەوەدانی ئاپۆرە ف شلوغی و ازدحام.

گورمە: گرمە ف غرنبه.

گورمەچك: جومگەی دەست ف مُچ دست.

گورمەگورم: گرمەی زۆرو لەسەریەك ف غرنبهٔ پیاپی.

گورمی: ١) جۆراو؛ ٢) گوڕاندی، گوڕڕاندی ف ١) جوراب؛ ٢) غُرید.

گوڕمیچ: مستەکوڵە، پەنجەی لێك‌نراو ف مشت گره شده.

گورمین: ١) گرماندن؛ ٢) گۆرەوی، جۆراو ف ١) غُریدن؛ ٢) جوراب.

گورن: هیلکەگون ف بیضه.

گۆڕن: قەبر، گۆڕ ف گور، قبر.

گوڕنوُك: دەوەنێکی دڕکاویە ف درختچه‌ای است خاردار.

گوڕنەباش: ١) کەمتیار؛ ٢) چالەکە ف ١) کفتار؛ ٢) حیوان گورکن.

گوڕنەتەڵە: ناوێکی بێ‌ناوەڕۆکە ف موجودی خیالی.

گــوڕنی: ١)دەوەنێکە؛ ٢) گیـای تازەڕواو، شینکـە؛ ٣) جێگـەی گوڵ پـەروەردەکردن؛ ٤) قـوتەکـەی پوتـەکەی خـریلە ف ١) درختچـه‌ای است؛ ٢) گیاه تـازه سردرآورده؛ ٣) گُلخـانه؛ ٤) کوچولوی مدوّر بی‌نمود.

گوڕنیك: بەن‌ساموٚرتە ف فتراك.
گورو: ١) نوٚگر، خوٚپێ‌گرتو؛ ٢) گریٚو؛ ٣) بەگلو داوەستان، دانار ف ١) اُنس گرفته؛ ٢) نگا: گریٚو؛ ٣) دانەدانەشدن روغن و...
گورو: ١) گڕوێ؛ ٢) گڕوی زاروٚك ف ١) آبله‌گون؛ ٢) بهانهٔ بچه.
گوڕوا: گورمی، جوٚراب، جوٚراو ف جوراب.
گوڕواباف: ١) کەسێ کە گوڕوا دەچنێ؛ ٢) باڵداریٚکی زوٚر پچوٚکە ف ١) جوراب‌باف؛ ٢) پرنده‌ای بسیار کوچك.
گوڕواچن: گوڕواباف ف نگا: گوڕواباف.
گورواسە: پشیلەکێوی ف گربهٔ وحشی.
گوروتا: گرەوتا ف نگا: گرەوتا.
گوروتش: گرەوتش ف نگا: گرەوتش.
گوروتە: گرەوتا ف نگا: گرەوتا.
گوروٚز: زاروی گڕوگرو گرینوٚك ف بچهٔ بهانه‌گیر و گریان.
گوڕوٚز: توٚمار، نوسراوی لوٚل‌دراو ف طومار.
گوروٚزی: پەڵپو گڕوگرتن ف گریه و بهانه‌گیری.
گوروشتە: گورشتە ف نگا: گورشتە.
گوروگورو: داناردانار ف دان دان.
گوروڵ: گروڵ ف خشتك.
گوروڵە: گروڵ ف خشتك.
گورۆن: گرۆن ف غلفتی.
گورۆنـی: ١) گرۆنی، جوٚرێ پارچـــە؛ ٢) ناوە بوٚ پیاوان ف ١) نوعی پارچه؛ ٢) نام مردانه.
گوروە: کار، خەبات، ئیش ف کار.
گورویس: پەتی دریٚژ ف رسن، طناب.
گورە: گوروە، کار ف کار.
گوڕە: ١) دەنگی زوٚر زلو بەقەو؛ ٢) ترساندن بە قسە؛ ٣) دەنگی عەور ف ١) غرش؛ ٢) نهیب، تهدید لفظی؛ ٣) صدای رعد.
گوڕە: ١) بەرانبەر، بەپێی: (لە گوڕەی قسەی توٚ)؛ ٢) گوڕوا، جوٚراب؛ ٣) گوٚر، بێچوی چێڵ؛ ٤) لەکارزان؛ ٥) ئەندازە، ڕادە ف ١) برطبق، برابر با؛ ٢) جوراب؛ ٣) گوساله؛ ٤) کاردان، کارشناس؛ ٥) اندازه.
گوٚرە: ١) گوڕوا، جوٚراو؛ ٢) گوٚر، گوٚرە، بێچوی چێڵ ف ١) جوراب؛ ٢) گوساله.
گوڕەبا: ١) لەوێنە، وەك، لەچەشن؛ ٢) ئەندازە ف ١) مثل، مانند؛ ٢) اندازه.
گوڕەبوتا: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
گوڕەپان: تەختایی زەوی ف زمین هموار.
گورەتە: وەرگرتن، ساندن، ئەستاندن ف دریافت داشتن.
گوڕەد: کەوەرگ، کەوەر، *لە سەوزیجاتە* ف تره، گندنا.
گوڕەدێیە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گوٚرەسا: پەتێ کە گوٚروپانیری پێ دەبەستنەوە ف رسن گردن گوساله.

گوڕەشە: ترساندن بە قسە ف تهدید.
گوڕەشەلە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گوڕەشیر: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردستان که بعثیان آنرا ویران کردند.
گوڕەڤان: زێدەوان، زێوەوان ف نگهبان گورستان.
گوٚرەکڵە: گوٚری چکوٚڵە، بێچوەچێڵی تازەزاو ف گوسالهٔ کوچولو.
گوڕەکە: گوٚر، گوٚرە، بەچکەچێڵ ف گوساله.
گوڕەگنوٚرە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گوڕەگوڕ: ١) زەنا زەنا؛ ٢) گرمەگرمی هەور ف ١) سروصدای زیاد؛ ٢) غرش ابر.
گوڕەنیش: سەربەرەوخوارە، لێژی، سەرەژێرە ف سراشیبی.
گوڕەوا: گوڕوا، جوٚراو ف جوراب.
گوڕەوان: گوڕەڤان ف نگهبان گورستان.
گوڕەوشار: شکنجەو ئازاری ناو قەبر بوٚ مردگ ف شکنجهٔ مرده در گور.
گوڕەوکەنە: چـالەکە، چوالـو، کورەبەشە، گوڕپشکنـەك ف حیـوان گورکن.
گوڕەوی: گوڕەوا: گوڕەوا ف جوراب.
گوڕەویچنە: باڵندەی گوڕواچن ف پرنده‌ایست بسیار کوچك.
گوڕەویلە: گوڕەویچنە ف نگا: گوڕەویچنە.
گوڕهەڵاخنین: گوڕزڕینگاندنەوە ف دشنام به مرده.
گوڕهـەڵبـەستن: سەری قەبـر بە خشتو قسڵ دابەستن ف سنگ و خشت بر گورگذاشتن.
گوڕهـەڵتـەکێنـە: وشەیەکە لە دوی مردوێکی دەڵێن کە میراتی زوٚرەو کوڕی نیە ف اصطلاحی است دربارهٔ مردهٔ ثروتمند فاقد وارث پسر گویند.
گوڕهەڵکەن: پیاوێ کە پیشەی قەبرکوٚڵینە ف آدم گورکن.
گوڕهەڵکەنە: چوالو، کوڕەبەشە ف حیوان گورکن.
گورەیش: ١) کارکردن؛ ٢) خزمەتکاری، نوٚکەری ف ١) کارکردن؛ ٢) نوکری.
گورێ: وشەیەکە بوٚ لێك‌جیاکردنەوەی پەز ف کلمه‌ای برای جداکردن گوسفندان از همدیگر.
گوڕی: ١) گوڕانـــدی؛ ٢) گڕوێ؛ ٣) بڵێسـە، گڕی ئاگر؛ ٤) خوڕی، تەوژمی ڕوبـــار؛ ٥) زوٚر کەچـــەڵ؛ ٦) جێگـــەی دەخڵێ کە سەرمـا هەڵی‌تەکانـدوە ف ١) غُرید؛ ٢) نگـا: گڕوێ؛ ٣) زبـانهٔ آتش؛ ٤) جریان شدید رودخانه؛ ٥) بسیار کچل؛ ٦) کشتزاری که سرما آن را خراب کرده باشد.
گوڕی: ١) قوربان، سەدەقە؛ ٢) گوڕەوی ف ١) قربان، فدا؛ ٢) جوراب.
گوٚڕی: لە بارێکەوە بردیە بارێکی تر ف تغییر داد.
گوٚڕیا: گوٚڕا ف تغییر یافت.

گۆڕیاگ: گۆڕاو ف تغییر یافته
گۆڕیان: گۆڕان ف متغیّر شدن.
گۆڕیایش: ١) کارکردن؛ ٢) نوکەری ف ١) کارکردن؛ ٢) نوکری.
گۆری بوُن: بەقوربان بوُن، دەسەرگەڕان ف قربان و صدقه رفتن.
گۆڕی بوُن: گڕویٚ بوُن، نەخۆشی گڕویٚ یی گرتن ف گر شدن.
گۆڕیٚچە: ئەلحەد، جیٚگەی لیٚ ڕاکیٚشانی مردو لە قەبردا ف لحد.
گوریٚخ: ١) لەخــۆبــایی، بەفیز؛ ٢) دڕو شەڕانی ف ١) از خودراضی، متکبّر شده؛ ٢) جسور و ماجراجو.
گوریٚختە: چەورایی و بەزی ناوزگ ف چربی و پیه توی شکم حیوان.
گوریز: زڕەپنگ، پونگی ناعەسڵ ف پونهٔ نامرغوب.
گوریٚز: دوُرەپەریٚزی، کەنارەگیری ف دوری جستن.
گوریٚزانن: ئاوارەکردن، تەرەکردن ف متواری کردن.
گوریٚزدان: خۆپــارازتن لە کاریٚ: (چــەنــدە پیٚی ئیٚژم ئەمە بکە ئەو هەر **گوریٚز ئەدا**) ف دوری جستن.
گوریٚس: گورویٚس، پەتی دریٚژ ف رسن، طناب.
گوریس: گوریٚس ف رسن، طناب.
گوریس کیٚشکیٚ: کیٚبەرکیٚ لە گوریس ڕاکیٚشاندا ف مسابقهٔ طناب کشی.
گوریس کیٚشەکیٚ: گوریس کیٚشکیٚ ف مسابقهٔ طناب کشی.
گوریس کیٚشی: گوریس کیٚشکیٚ ف مساقهٔ طناب کشی.
گوریشتە: گورشتە ف نگا: گورشته.
گۆری کرن: بەقوربان کردن ف قربان کردن، فداکردن.
گوریٚل: گلوان، جۆریٚ بەری مازو ف نوعی ثمر مازوج.
گوریمــە: گوندیٚکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گورین: سەربڕین، سەر ژیٚ کرن ف سر بریدن.
گوریٚن: ١) سەربڕی حەیوان؛ ٢) کەوڵکەری حەیوان ف ١) سلّاخ؛ ٢) پوست کن.
گۆرین: ئەوشتەکە، کاوراکە ف یارو، فلان چیز.
گۆڕین: ١) شتیٚ لە جیٚگەی شتیٚ ساندن؛ ٢) جلك داکەندن بۆ شتن ف ١) عوض کردن، مُبادله؛ ٢) لباس برای شستشو عوض کردن.
گوُرین: ١) پیٚستدەرهیٚنــان؛ ٢) ڕسکان، گوُران ف ١) غلفتی پوست کندن؛ ٢) تکوین یافتن.
گۆڕینەوە: ١) شت بەشتدان؛ ٢) پوڵ وردکردنەوە ف ١) معاوضه؛ ٢) پول خردکردن.
گۆریە: گۆرەوی ف جوراب.
گوز: لەپڕ، گوزو گومبەت ف یکهو، ناگهانی.
گۆز: ١) گوُز؛ ٢) لە شویٚنیٚکەوە بۆ شویٚنیٚ تر چوُن یان بردن: (**ئاڵوگۆز**)؛ ٣) گۆزە ف ١) گردو؛ ٢) تغییرمکان، از جایی به جایی رفتن یا بردن؛ ٣) سبو.
گوُز: گرتەکان، قۆز ف گردو.
گۆزاچخ: ١) چاوکراوە؛ ٢) فیٚلباز ف ١) بصیر؛ ٢) حَیّال، مکّار.

گوزار: ١) ڕیگــەڕۆیشتن: (گایێ **گوزارت** کەفتــە ئەم تەرەفــە)؛ ٢) کارپیٚكهیٚن: (کار**گوزاری**خانە) ف ١) گذر، گذشتن؛ ٢) انجام ده، عامل، گزارنده.
گوزارشت: ڕاپۆرت، خەبەردان ف گزارش.
گوزارە: واتا، مانا، نیاز لە قسەیەك ڕوُن کردنەوە ف معنی.
گۆزان: ١) پــڕاوپڕ، دارماڵ، تژە؛ ٢) گوُزان؛ ٣) سەرڕاوەشاندنی زارۆك؛ ٤) ئاگاداری ف ١) لبالب، پر؛ ٢) استره؛ ٣) سرجنباندن کودك؛ ٤) نگهداری.
گوُزان: چەقۆی سەرو ڕیش تاشین ف استره.
گۆزان گۆزان: سەرڕاوەشاندنی زارۆك: (بەچکەکەمان **گۆزان گۆزان** دەکا) ف سرجنباندن بچه از شادی.
گۆزانن: ١) پڕکردن، تژەکردن؛ ٢) گوازتنەوە؛ ٣) ئاگاداری کردن؛ ٤) بەتەوژم لیٚدان ف ١) پرکردن؛ ٢) انتقال دادن؛ ٣) نگهداری کردن؛ ٤) ضربت زدن.
گۆزاننەوە: گوازتنەوە ف انتقال دادن.
گۆزانەوە: لە شویٚنیٚکەوە بۆ شویٚنیٚ چوُن ف تغییرمکان دادن.
گۆزاو: لە شویٚنیٚ بۆ شویٚنیٚ تر براو ف انتقال داده شده.
گۆزاوڵە: پۆرگی سەر پیٚست ف تاول.
گۆزتن: گۆزان، گۆزانەوە ف انتقال.
گۆزتنەوە: گۆزانەوە ف انتقال.
گۆزروان: گیایەکە بۆ دەرمان دەشیٚ ف گیاهی است دارویی.
گوزرە: گورزە لە گیا ف پر زیر بغل از گیاه.
گوزڤان: قوُچەکە، ئەنگوستیلەی دورمان ف انگشتانهٔ خیاطی.
گۆزك: ١) دەفــری چکــۆڵە لە سواڵەت بۆ ئاو؛ ٢) قۆزاخەی پەمۆ؛ ٣) قاپی پا ف ١) سبوی کوچك سفالین؛ ٢) غوزه؛ ٣) قوزك پا.
گۆزکە: کوُپەڵە ف بستو، کوزهٔ کوچك.
گوزگی: ئاویٚنە، عەینك، ئەینوُك ف آیینه.
گۆزلك: چاویلکە، عەینەك ف عینك.
گوزلی: قاحبەی بەدزیەوە ف فاحشهٔ پنهانی.
گوزم: خوڕڕەم، بارانی بەهیٚز ف رگبار شدید.
گوزمیچك: مزراح، خولخولە ف فرفره.
گوزمیرچك: گوزمیچك ف فرفره.
گوزوُر: چارە، عیلاج: (لــە ناگــوزوُری خۆم چوُمــە لای، فەقــیرم **ناگوزوُریم** زۆرە) ف چاره.
گوزوگومبەت: لەپڕو نەکاو ف ناگهانی، یکهو.
گۆزە: دەفری ئاو لە سواڵەت ف سبو، کوزه.
گۆزەبــانە: ١) شیرانی دان بۆ زارۆ کە خودا لە بیستن و گوتن بیٚبەشی نەکــا، گویٚزەوانە؛ ٢) بازیەکی زارۆکانە ف ١) سور تو نوزاد به نیّت برخورداری او از نعمت گوش و زبان؛ ٢) نوعی بازی کودکانه.
گوُزەبــەز: ١) گوشمــەی گویٚزو هەنگــوین؛ ٢) گوشمــەی کونجی و هەنگوین ف ١) مخلوط عسل و گردو؛ ٢) مخلوط کُنجد و عسل.
گوزەر: ١) ڕاستــەبــازاڕی سەرداپــۆشــراو؛ ٢) ڕابــردن، بوُرین ف ١)

راسته‌بازار سر پوشیده؛ ۲) گُذر.
گوزه‌ران: ۱) ژیـان به‌ڕێـوه‌چـوُن، بـه‌ڕێچوُن؛ ۲) مـایه‌ی ژیـان: (**گوزه‌رانی** ئه‌مساڵمان هه‌یه) ف ۱) امرار زندگی؛ ۲) مایهٔ زندگی.
گوزه‌راندن: رابواردن ف گذرانیدن.
گوزه‌ران کردن: ژیان‌ڕابواردن ف زندگی را گذراندن.
گوزه‌ردان: ۱) ره‌وانه‌کردن؛ ۲) بواردانی چه‌م: (چه‌م زۆره **گوزه‌ر نادا**) ف ۱) راه‌رهایی دادن؛ ۲) گُداردادن آب.
گوزه‌رکردن: رابردن ف گذشتن.
گوزه‌رگا: بواری ڕوبار ف گُدار رودخانه.
گۆزه‌ڕه‌بك: گیایه‌که مرۆ ده‌یخوا ف گیاهی است خوردنی.
گوزه‌شت: چاوپۆشی، لێبوُردن ف چشم‌پوشی.
گوزه‌شت کردن: به‌خشین، بوُرین ف عفو کردن.
گوزه‌شته: رابردو، رۆژگاری بوُری ف گذشته.
گۆزه‌ك: قاپی‌پا ف قوزك.
گوُزه‌ك: ۱) قاپی‌پا؛ ۲) بیباری‌ڕه‌ش، ئیسۆت ف ۱) قوزك؛ ۲) فلفل سیاه.
گۆزه‌که: ۱) قاپی‌پا؛ ۲) جگ، میچ ف ۱) قوزك؛ ۲) شتالنگ.
گۆزه‌که‌ر: ئیرباركه‌ر ف سُفالگر.
گۆزه‌گه‌ر: گۆزه‌که‌ر ف سُفالگر.
گۆزه‌گیران: ناوی چه‌ند گونده ف نام چند روستا.
گۆزه‌ڵ: ۱) جوان، خوشیك، خۆشكۆك؛ ۲) ناوه بۆ ژنان‌و پیاوان ف ۱) زیبا؛ ۲) نام زنانه و مردانه.
گۆزه‌ڵه: گۆزك، گۆزه‌ی پچكۆڵه ف بستو، سبوی کوچك.
گوُزه‌ڵه: ۱) وشترگه‌لۆ؛ ۲) دۆزه‌له، چوُزه‌له ف ۱) شترگلو؛ ۲) نی لبك.
گوُزی: تام‌تیژ، تون ف تُندمزه.
گۆزیان: گۆزان ف انتقال.
گۆزیانه‌وه: گوازتنه‌وه ف انتقال.
گوزیدان: یه‌ك‌بوُن، یه‌کیه‌تی کردن ف اتحاد.
گۆزێر: داره‌گویز ف درخت گردو.
گۆزیلکه: ۱) گۆزك؛ ۲) هه‌ناری تازه‌خڕ بوُگ ف ۱) بستو؛ ۲) انارتازه گردشده.
گۆزین: ۱) ناوهه‌ڵكێشان له بیر؛ ۲) گوازتنه‌وه ف ۱) آب برکشیدن از چاه؛ ۲) انتقال.
گۆزینگ: گوُزه‌ك، قاپی‌پا ف قوزك.
گۆزینه‌وه: گۆزانه‌وه ف مُنتقل شدن.
گوژ: کوژ، پاشگری به‌واتا: کوژه‌ر: (ئه‌و کابرایه **پیاوگوژه**) ف پسوند به معنی کشنده.
گوژا: کوژا، کوژرا ف کشته شد.
گوژاڵك: كاڵه‌كه‌مارانه ف هندوانهٔ ابوجهل.
گوژان: کوژان، کوژران ف کشته شدن.
گوژاننه‌وه: ته‌مراندنی ئاگر ف خاموش کردن آتش.
گوژانـــه‌وه: ۱) ته‌مـرانی ئاگر، دامـردنی ئاگر؛ ۲) سه‌ربـڕین ف ۱) خاموش شدن آتش؛ ۲) سر بریدن.
گوژاو: کوژراو ف کشته شده.
گوژاوێ: جووه‌ی دارو گیا ف اَنگُم درخت و گیاه.
گوژراو: گوژاو، کوژراو ف کشته شده.
گوژژ: ۱) ده‌نگی دڵۆپه‌ی بان؛ ۲) ده‌نگی که‌وتن له هه‌ڵخلیسکاندا ف ۱) صدای چکهٔ بام؛ ۲) صدای افتادن حین اسکی.
گۆژگیره: باڵگه‌هی بچوُك، ناز باڵنج ف نازبالش.
گوژم: ۱) ته‌کانی به‌ته‌وژم؛ ۲) ره‌ق، سه‌خت؛ ۳) زبر؛ ۴) هێزو توان؛ ۵) هێرش، په‌لامار ف ۱) جهش؛ ۲) سفت و سخت؛ ۳) زبر؛ ۴) تاب و توان؛ ۵) یورش، هجوم.
گوژمـه: ۱) میوه‌ی کوتـراوی هه‌ڵگیراو بۆ پێخـۆر؛ ۲) ئه‌نـدازه‌یه‌کی گرینـگ له پاره‌و هه‌رچی؛ ۳) گردو ته‌پـۆڵکـه ف ۱) میوهٔ خشکیدهٔ کوبیده برای نانخورش؛ ۲) مقداری چشمگیر؛ ۳) تپه.
گوژنو: ۱) زارناخنی گۆزه‌و دیزه: (ده‌ره **گوژنو**)؛ ۲) ده‌رخۆنه؛ ۳) ده‌سکی ده‌رخۆنه ف ۱) دهانه‌بند دیزی و سبو؛ ۲) نهنبان؛ ۳) دستهٔ نهنبان.
گوژنه: گوژنو ف نگا: گوژنو.
گوژنه‌و: باڵگه، سه‌رین، سه‌نیر ف بالش.
گۆژنه‌و: گوژنو ف نگا: گوژنو.
گۆژنه‌وه: گلێنه‌ی ئاوخواردنه‌وه، شه‌ربه‌ی سواڵه‌ت ف آبخوری سفالی، لیوان سفالی.
گوژه: عه‌نزه‌روُت ف اَنزروت.
گوژه کـــوژ: هاژه‌ی ئاو، ده‌نگی ڕۆیشتنی ئاوی جه‌می خوڕ ف صدای جریان سریع آب.
گوژیله: چرپی بۆ داره‌ڕا ف انبیره.
گوژین: ۱) لوُربون، به‌ته‌وژم له‌سه‌رڕا هاتنه‌خوار؛ ۲) ده‌نگی‌بای‌به‌هێز ف ۱) شیرجه؛ ۲) تُندباد.
گۆس: په‌نگر، پۆلوگر، ماشه، مقاش ف انبر زغال‌گیر، ماشه.
گوساخ: شه‌رم‌نه‌که‌ر، روقایم ف گُستاخ.
گۆسـارتمـه: ۱) بێ‌شه‌رم‌و ئابـڕو؛ ۲) گاڵته‌جاڕی به‌سوکایه‌تی ف ۱) بی‌شرم؛ ۲) دلقك مسخره.
گۆساره: ئه‌ستێرۆك، گوئه‌ستێره ف کرم شبتاب.
گوساڵ: گۆره‌که ف گوساله.
گوساڵ گامێش: پالاخ، به‌چکه‌گامێش ف بچهٔ گاومیش.
گۆساله: گۆره‌که، گوُر، گوُره، گوساڵ ف گوساله.
گۆسان: ۱) قالۆنچه‌ی سه‌وزی باڵدار؛ ۲) گیایه‌کی‌ده‌شتیه ف ۱) جُعَل سبز پرنده؛ ۲) گیاهی است صحرایی.
گۆسپه: زه‌ده، عه‌یب‌دار ف معیوب.
گوست: ئه‌نگوست، تبل، تلی، تل، قامك، کلك، په‌نجه ف انگشت.
گۆست: گۆشت ف گوشت.
گوستاخ: گوساخ ف گُستاخ.
گۆستن: گوازتن ف انتقال.
گۆستنه‌وه: گوازتنه‌وه ف انتقال دادن.

گۆستێر: ئەستێروك، گوڵەستێرە ف کرم شبتاب.
گۆستێرك: گوڵەستێرە ف کرم شبتاب.
گوستیل: ١) ئەنگولیسك، ئەنگوستیلە، کلکەوانە؛ ٢) قوچەکە دورمان ف ١) انگشتری؛ ٢) انگشتانە.
گوستیلانێ: کاڵەمستێن، پشکیلان ف نوعی بازی شب‌نشینی.
گوستیلك: کلکەوانە، ئەنگوستیلە ف انگشتری.
گوستیلکانێ: پشکیلان، کاڵەمستێن ف نگا: گوستیلانێ.
گوستیلە: ١) ئەنگوستیلە، کلکەوانە؛ ٢) قوچەکە ف ١) انگشتری؛ ٢) انگشتانە.
گوسك: گۆزك، گۆزەی پچوك، کوپەڵە ف خمچە، بستو.
گۆسك: ١) گوسك؛ ٢) گلێنەی ئاوخواردنەوە ف ١) بستو؛ ٢) لیوان سفالین.
گوسك: ١) سەعات، کاژمێر؛ ٢) قیبلەنوماو هەرئامرازێ کە وەك سەعات کاربکات ف ١) ساعت؛ ٢) هر وسیله‌ای که عقربه داشته باشد.
گوسك: پارچەی باریکی ناژك بۆ برینپێچان، باند ف باند زخم.
گۆسکەر: هەورگەر، پیروت، کاسەکەر، ئیر بارکەر ف سفالگر، کوزەگر.
گوسنج: ١) سنجو، سرینجك؛ ٢) دارسنجو ف ١) سنجد؛ ٢) درخت سنجد.
گۆسوانە: پاسارە، سوانە، سوانکەی سەربان ف لبهٔ بام.
گوسە: ئێسکەماسی ف استخوان ماهی.
گوش: ١) گوچ، ژەك، فرچك؛ ٢) پارچەی لەپرزەی ڕوەك، پارچەی تەلیس: ٣) پاشگری بەواتا: شتێ یان کەسێ کە ڕێك‌دەکوشێ: (**فیشەك‌گوش، ترێ‌گوش**) ف ١) اوّلین شیر، آغوز؛ ٢) پارچهٔ گونی؛ ٣) افشرنده، فشار دهنده.
گۆش: ١) ئەنـدامی بیستن؛ ٢) برێتی لە ئاوەز، فام: (پیاوێ بێ‌هۆش و گۆشە) ف ١) گوش؛ ٢) کنایه از عقل و فهم.
گۆش: گو، ئەندامی بیستن ف گوش.
گوشـا: ١) ئاواڵـە؛ ٢) رایی‌کەر: (مـوشکـول **گوشـا**)؛ ٣) خۆشکەرە: (**دڵگـوشـا**)؛ ۴) رابـردوی گوشین: (تـرێ **گوشـا**) ف ١) باز؛ ٢) بازکننده؛ ٣) شادی‌بخش؛ ۴) فشرده شد.
گوشاب: خۆشاو ف آبمیوه.
گوشاد: ١) فرەوان، فرەهـ؛ ٢) ئاواڵە ف ١) گشاد؛ ٢) باز.
گوشادی: ١) هەرزانیو بژیوزۆری؛ ٢) رزگاربوون لە بەلا ف ١) ارزانی؛ ٢) رهایی از بلا.
گوشـان: ١) کوشین؛ ٢) نان دەنـاو شۆربا کردن، تلیت؛ ٣) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) فشردن؛ ٢) ترید کردن؛ ٣) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گوشانن: گوشان ف نگا: گوشان.
گوشاو: کوشراو ف افشرده.
گۆشاوگۆش: گش ئەستۆ: (**گۆشاوگۆش** سەری برێ) ف گوش تا گوش.
گۆشبڕ: برێتی لە دەسبڕ، خاپینۆك ف کنایه از کُلاهبردار.

گۆشباق: قۆشقاب ف نگا: قۆشقاب.
گوشپان: قوچەکەی دورمان، ئەنگوسەوانە ف انگشتانە.
گوشپل: پشکەڵ، قشپل ف پشك گوسفند و...
گۆشت: ١) ئەو بنەما نەرمەی نیوان پێشەو ڕەگ و پێستی پڕ کردۆتەوە؛ ٢) هەرچی لە ناو تێکـوڵو تۆمی میوە دایە ف ١) گوشت جانـدار؛ ٢) گوشت میوه.
گوشت: گۆشت ف نگا: گۆشت.
گۆش‌تاگۆش: گۆشاوگۆش ف گوش تاگوش.
گۆشتاو: شۆرباوگۆشت ف آبگوشت.
گۆشت‌براژتن: گۆشت‌بریان کردن ف گوشت بریان کردن.
گۆشت‌برژاندن: گۆشت براژتن ف گوشت بریان کردن.
گۆشت‌برژە: چەنـد شیشی لەیەکتـر جۆشـدراو بۆ کەواو ف سیخهای متّصل به هم برای بریان کردن گوشت.
گۆشت‌برژێن: کەواوکەر، کەبابچی ف کبابچی.
گۆشت‌برێژ: گۆشت‌برژێن ف کبابچی.
گۆشت‌بژارتن: گۆشت‌براژتن ف گوشت بریان کردن.
گۆشت‌بژێر: گۆشت‌برژێن ف بریان کُننده.
گۆشت‌بەرخۆك: گیایەکە، گوێ‌بەرخۆڵە ف گیاهی است خوردنی.
گۆشت‌پارە: ١) پارچـەگۆشت؛ ٢) پاژی گۆشتی زیادی بەلـەشـەوە: (گـۆشتپارەی خستۆتێ)؛ ٣) برێتی لە زاروێ ڕوح‌تێ‌نەگەڕاو ف ١) گوشتپاره؛ ٢) زیاده گوشت بر اندام؛ ٣) کنایه از جنین جان نگرفته.
گۆشت‌پەرە: تۆلی ڕوح‌تێ‌نەگەڕاو، گۆشت‌پارە ف جنین جان نگرفته.
گۆشت‌پیس: کەسێ کە برینی درەنگ چادەبێتەوە ف کسی که زخمش دیرالتیام است.
گۆشت‌تاڵ: ڕەزاقورس، زەڕەتاڵ، ئێسك‌قورس، خوێنتاڵ ف گرانجان.
گۆشتخۆر: هەر جانەوەرێ کە بە گۆشت‌خواردن فێرە ف گوشتخوار.
گۆشتخـۆش: ١) جانـەوەرێ کە گۆشتی بەتـام و لەزەتە؛ ٢) کەسێ کە برینی زوو خۆش ئەبێتەوە ف ١) خوش گوشت؛ ٢) کسی که زخمش زود التیام پذیرد.
گۆشت‌قوت: لەو گونـدانـەی کوردستـانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
گۆشتکوت: کوتکی گۆشت‌کوتان ف گوشتکوب.
گۆشتگا: ١) گۆشتی ڕەشەوڵاغ؛ ٢) جۆرێ ترێ ف ١) گوشت گاو؛ ٢) نوعی انگور.
گۆشت‌گران: ١) قەڵەوی زەبەلاح؛ ٢) برێتی لە خوێنتاڵ ف ١) گُنده‌بَك؛ ٢) کنایه از گرانجان.
گۆشت‌گرتن: قەڵەوبوون ف چاق شدن.
گۆشتن: پڕگۆشت، قەڵەو ف چاق، فربه.
گۆشتەزوون: گۆشتی ساغ کە لە برینی نزیك بەچاببونەوە پەیدا دەبێ ف گوشت التیام یافتن زخم.
گۆشتەزوونە: گۆشتەزوون ف نگا: گۆشتەزوون.
گۆشتەزەوی: زەمینی نەرمان و بێ‌بەرد ف زمین نرم و بی‌سنگ.

گۆشتەزەوین: گۆشتەزەوی فا نگا: گۆشتەزەوی.

گۆشتەگیرە: زیپکەی پێستکە دەڵێن عەلامەتی قەڵەوبوونە فا نوعی جوش پوست کە نشانۀ چاق شدن است.

گۆشتەندووری: جۆرێ دیزەی چێشت کەنەخرێتە تەندوورەوە فا نوعی دیزی.

گۆشتەنووری: گۆش تەندووری فا نوعی دیزی.

گۆشتەوزوون: گۆشتەزوون فا نگا: گۆشتەزوون.

گۆشتی: ١) گۆشتێ کە خوێ دەکرێ و لە ناو شەکیلەدا ڕادەگیرێ بۆ زستان؛ ٢) حەیوانێ کە بۆ قەسابی دەبێ: (ماڵی **گۆشتیم** ڕاگرتوە) فا ١) گوشت نمکسود خشکیده برای زمستان؛ ٢) حیوان قصّابی.

گۆشتیسەرچەپەر: برێتی لە هەرزان قیمەت فا کنایه از ارزان قیمت.

گۆشتیقەڵەو: ١) گۆشتێ کە بەزو دووگی زۆرە؛ ٢) گاڵتەیەکی زارۆکانە فا ١) گوشت پرچربی؛ ٢) یکی از بازیهای کودکان.

گۆشتێن: گۆشتن فا چاق، فربه.

گوشران: کوشران فا فشرده‌شدن.

گوشراو: کوشراو فا فشرده.

گۆشقاب: گۆشپاق، قۆشقاب، قۆشپاب فا ١) بشقاب؛ ٢) تعلبکی.

گۆشکار: کەوش‌درو، پێڵاوکەر فا کفّاش.

گوش کردن: فرچك‌دان بە زارۆ، ژەك‌دان فا آغوز دادن به بچه.

گۆش کردن: گوش کردن، گوچ کردن فا آغوز به بچه دادن.

گۆشگرە: دەزگرە فا دستگیرۀ آشپزخانه.

گوشگوش: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد فا نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گوشگەنە: شی کردنەوەی کوڵکە فا از هم جداکردن پشم و پنبه.

گوشگیرە: سەنیری چکۆڵە فا نازبالش.

گۆشلە: دارك و قونچکی هێشوەترێ فا قسمت‌های غیرخوراکی خوشۀ انگور.

گوشلە: زگچوون فا اسهال.

گوشلێ: گۆشتەندووری فا نوعی دیزی.

گوش ماساو: سەدەفێکە لە دەم بەست و ڕوباران دەبیندرێ فا گوش ماهی.

گوشمە: ١) میوەی تێکەڵ‌کراوی کوتراو؛ ٢) قەزوانی لەجوندا هاردراوی سەلك‌کراو کە بۆ پێخۆری زستان هەڵدەگیرێ فا ١) میوۀ کوبیده شده؛ ٢) پستە کوهی خشك و خُردشده که برای مصرف زمستان نگهداری می‌کنند.

گۆشوارە: گوارە فا گوشواره.

گوشوەن: بەندی پێشە، چەمسەری ئێسکان فا بند استخوان.

گۆشە: ١) سوچ، قوژبن؛ ٢) کاژێری ماڵ؛ ٣) قسەی بەتێکەوڵ؛ ٤) ئامرازێکی دارتاش و بەنا؛ ٥) گوشگیرە؛ ٦) گوشتەندووری فا ١) گوشه؛ ٢) بیغوله؛ ٣) سخن کنایه‌آمیز؛ ٤) از ابزار بنّایی و نجّاری؛ ٥) نازبالش؛ ٦) نوعی دیزی کوچك.

گۆشە: ١) هێشو؛ ٢) سوچ و قوژبن؛ ٣) ئامرازێکی بەنناییە فا ١) خوشه؛ ٢) گوشه و زاویه؛ ٣) از وسایل بنّایی است.

گۆشەدار: هەرچی تیلەو سوچی هەبێ: (چاوت کە **گۆشەدارە** وەکو ڕۆژی نیشتمان/ پەیدا دەکا هەرایەکی لەم کوردەواری‌یە) «هەژار» فا دارای گوشه.

گۆشەر: زەنبیلە، قەرتاڵەی دەسکداری لەپوش چنراو فا زنبیل.

گۆشەقانی: گۆبازی، گۆ و گۆچان بازی فا گوی و چوگان بازی.

گۆشەك: ئاڵو، بادامەی قورگ فا لوزتین.

گۆشەگەرو: ئاڵو، بادامە فا لوزتین.

گۆشەگیر: ١) دوورەخەڵك، دوورەپەرێز لە عالەم؛ ٢) ئامرازی ژێ لەکەوان قایم‌کردن فا ١) گوشه‌گیر؛ ٢) ابزاری در زه کمان.

گۆشەگیری: ١) دوورەپەرێزی؛ ٢) برێتی لە سۆفیەتی و تەرکەدنیایی فا ١) گوشه‌گیری؛ ٢) کنایه از زُهد.

گۆشەنشین: دوورەپەرێز، خانەنشین فا گوشه‌نشین.

گۆشەنشینی: کاری گۆشەنشین فا گوشه‌نشینی.

گۆشەوارە: ١) گوارە، گۆشوارە؛ ٢) ئامرازێکی ئەندازیاری فا ١) گوشواره؛ ٢) گونیا.

گوشی: کوشی، رێکی کوشی، گفاشت فا فشرد.

گۆشی: ئەو پارچە لە تەلەفون کە قسەی لێوە ئەبیسرێ فا گوشی تلفن.

گۆشێ: گۆشتەندووری فا نوعی دیزی کوچك.

گوشیاگ: کوشراو، گفاشتی فا فشرده.

گوشیان: کوشین فا فشردن.

گوشیاو: گوشیاگ فا فشرده.

گوشێلان: برێتی لە کەوتنەدەردی‌سەر لەسەر کەسێ: (ئەوە **گوێ تۆیە دەیشێلم**) فا کنایه از به دردسر افتادن به خاطر کسی.

گوشین: گوشیان فا فشردن.

گۆشین: گوشیان فا فشردن.

گوشینگە: جێگەی ترێ‌گوشین فا معصره، جای فشردن میوه.

گوشیو: ١) گوشراو؛ ٢) نانی وردکراوی دەشۆرباخراو: (تێم **گوشیوە**) فا ١) فشرده؛ ٢) نان ریز شده درترید.

گوفك: سەرانگوێلك، سەرگوێلك فا شوله، سرگینگاه.

گۆفك: گوفك فا نگا: گوفك.

گوفك: گولێنگە فا منگوله.

گوفکا: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە فا دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.

گۆفەك: گوفك فا نگا: گوفك.

گوف: گففە، گیزە فا نگا: گففه.

گۆڤ: ئاغەڵ، هۆڵەمەڕ فا آغل.

گوف: کونی جانەوەری کێوی فا کنام جانور وحشی.

گوڤا: هێدیکا، بەلەسەرخویی، بەسەبرۆکە فا به آرامی.

گۆڤا: شایەت، ئاگادار لە ڕوداو فا گواه.

گۆڤار: نوسراوی چەندپەڕی کە حەوتوانە یان مانگانە بڵاوبێتەوە فا مجلّه.

گوڤاش: گوشین ف فشردن.

گوڤاشت: گوشی، کوشی ف فشرد.

گوڤاشتن: کوشین، گوشین، گۆشین ف فشردن.

گوڤاشتەك: کوشینگە ف جای فشردن میوە.

گوڤاشتی: گوشراو، کوشراو ف فشردە.

گوڤاشگە: گوشینگە ف معصرە، فشردنگاه میوە.

گۆڤان: ١) گۆڕەپانی بازی کردن؛ ٢) شایەت، گۆڤا ف ١) میدان بازی؛ ٢) شاهد.

گوڤاگوڤا: وردەوردە، کەمکەمە ف بەتدریج.

گۆڤاننامە: بەڵگەی نوسراوی کارکراو ف کارنامە.

گۆڤانی: شایەتی، ئاگایی‌دان لە کارێك ف گواهی.

گۆڤاهـ: شایەت ف گواه، شاهد.

گوڤتاندن: ژیوار، کار بەڕێوەبردن، پێداویستی ژیان پێكهێنان ف کار را به انجام رساندن.

گۆڤدە: لەش، قەوارە ف جسم، بُنیە.

گۆڤدەرە: ناوچەیەکە لە کوردستانی بەردەستی ترکان ف ناحیەای در کردستان.

گۆڤشاندن: گوشین، کوشین ف فشردن.

گوڤشك: هەرشتێ کە دەبێ بگوشرێ ف فشردنی.

گوڤڤی: قسەی بەمینگەو سرتەوە ف مِن و مِن کردن.

گۆڤك: گوفك ف شولە، سرگینگاە.

گوڤ گوڤ: گڕەگڕ، دەنگی بای بەقەوەت ف صدای تُندباد.

گۆڤمال: کەسێ ئاغەڵی پەز پاڕو دەکا ف آغل روب.

گوڤهاندن: مەیاندن، ئامیان کردنەشیر بۆ ماست یا پەنیر ف ماست‌بندی کردن.

گۆڤەند: ١) بەزمو زەماوەند؛ ٢) دیلان، داوەت: (ئەو **گۆڤەندێ** میر تێدا ئەڤ گرارا سیر تێدا مینـا قوزێ کیر تێدا) «مەسەل» ف ١) شادی و سور؛ ٢) رقص گروهی.

گۆڤەندافەقێیان: جۆرێ هەلپەرکێ کە بیریتەشی پێ دەڵێن ف نوعی رقص گروهی.

گۆڤەندەك: جغز، کۆز ف دایرە.

گوڤیشك: ١) بلـچ، بلت، گڤیشـك؛ ٢) گوشـراو ف ١) زالزالـك؛ ٢) افشرە.

گوڤین: مەیین، توندبونی شیر، بوُنەماست یان پەنیر ف بستن شیر.

گۆك: ١) سەرەتـای شڵخەدانی مێش‌هەنگوین؛ ٢) غونچەی شکۆفەی دار؛ ٣) خڕی ورد؛ ۴) گوێلك، گویرەکـە ف ١) شروع بیرون آمدن نسل نوین زنبور عسل از کندو؛ ٢) غنچهٔ شکوفە؛ ٣) جسم مدوّر ریز؛ ۴) گوسالە.

گوکاری: کاری خراپ کردن ف کار زشت کردن.

گۆکاری: بزوُتن‌و کارکردنی زمان‌و دەست ف حرکت و جنبش زبان و دست.

گۆکردن: گۆکاری ف حرکت و جنبش زبان و دست.

گوُکردن: ریان ف ریدن.

گوُکردنە کار: گوُتێ کردن ف کار خراب کردن.

گوُکولاندنەوە: بریتی لە رژدی زۆر، دەس‌قوُچاوی ف کنایە از خسیس بودن.

گوُکولێنەوە: بریتی لە ڕژدو چکوُس ف کنایە از خسیس.

گوُکەر: کەسێ کە دەڕی ف کسی کە می‌ریند.

گۆگ: تۆپی پچوُکی بازی کردن ف توپ کوچك بازی.

گۆگاپێ: تۆپانێ‌بەپا، تۆپی‌پێ ف فوتبال.

گۆگ باخان: گوڵەبەڕۆژە ف آفتابگردان.

گۆگجە: ئاڵو زەر، حەلوکەزەر، ئاڵوچەزەردە ف آلو زرد.

گۆگـرد: ١) کانـزایەکی زەردە زوُ ئاگر دەگرێ؛ ٢) شخـاتـە، شەمچە، کرمیت ف ١) گوگرد؛ ٢) کبریت.

گوُگـرە: ١) ریخ گرەی گاگێرە؛ ٢) بریتی لە سمێڵی تازەدەرهـاتـگ: (سـمـێڵی **گوُگـرە** بوە). بۆ *گاڵتـە* دەیڵێن ف ١) سرگین گیر در خرمنکوبی؛ ٢) کنایە از سبیل تازە درآمدە کە بە طعنە گویند.

گوگوختی: کۆترەباریکە ف قمری.

گۆگە: تۆپی پچوُکی یاری، **گۆك** ف توپ کوچك بازی.

گۆگەرجین: کۆتر، کەموُتەر، کەڤۆك ف کبوتر.

گۆگەڕین: قالۆنچەی گوُگلێن ف جُعَل.

گۆگەم: گیایەکی باڵابەرزە زۆر گوڵی زەرد دەر دەکا بۆ هەنگ خراپە ف جوجم، گیاهی است.

گول: ١) خونچـەی پشکـوتـو، گوڵ، چیچـەك؛ ٢) نەخـۆشی پیسی، خۆرەوێ‌کەوتـو؛ ٣) پوُتـەکـەو بێ‌نمـوُد؛ ۴) تام ناخۆش؛ ۵) گەڵای وەسەریەك‌نراو بۆ لەوەڕی زستانەی ئاژەڵ، دێو، گەڵ ف ١) گُل؛ ٢) جذامی؛ ٣) حقیر و بی‌نمود؛ ۴) بدطعم؛ ۵) برگهای انبارشدە برای خوراك زمستانی دام.

گوڵ: ١) خونچەی پشکوتو؛ ٢) پۆلو، سکڵ، پەنگر، پەرەنگ؛ ٣) گڕی ئاگر: (**گوڵبێنە**)؛ ۴) گوڵی گوڵاو؛ ۵) درشت‌و ئەستوُر: (**گوڵمیخ**)؛ ۶) هرڵبـژاردنی گۆڕەوی لە گۆڕەوی‌بازی‌دا: (گـوڵم لیدا، دەو **گوڵەی** من‌دا بو)؛ ٧) نەخشی پارچەو فەڕش‌و هەرچی دەچندرێ: (ئەو مافوُرە **گوڵ**وردە) ف ١) گُل؛ ٢) اخگر؛ ٣) زبانهٔ آتش؛ ۴) گل محمّدی؛ ۵) درشت و ستبر؛ ۶) اصطلاحی در جوراب بازی؛ ٧) گل پارچە و قالی و دیگر بافتنیها.

گۆل: ١) گۆرەکـە، بەچکـەچێڵ؛ ٢) ئەستێر، ئەستێلك؛ ٣) زریبـار، دەریاچە؛ ۴) نەفام، بێ‌ناوەز، حۆل؛ ۵) کەردی چەڵتوُك جاڕ: (بەحرم وتـوە نەك وەکـو **گۆلی** مەرەزانـە) «نـالی»؛ ۶) ناوی چەند دێیە لە کوردستـان؛ ٧) نەخشی قومـاش‌و جاجم؛ ٨) گەمـەی قەمچان؛ ٩) وەرگەڕان، گلاربوُن؛ ١٠) کرمی ناوزگ؛ ١١) سن، بەڵای گەنم ف ١) گوسالە؛ ٢) استخر؛ ٣) دریاچە؛ ۴) کم فهم، خل؛ ۵) کردشالیزار؛ ۶) نام چند روستا در کردستان؛ ٧) نقش پارچە و جاجیم؛ ٨) بازی یەقِل دوقُل؛ ٩) وارونەشدن، چپ شدن؛ ١٠) انگل شکم؛ ١١) آفت گندم.

گۆڵ: ١) ئالـۆزی‌و لێك‌هالاوی: (گرێ‌و **گۆڵ**)؛ ٢) چالاك، بەگوڕ:

(گورجـو **گۆڵ**)؛ ۳) نیری سەگ‌و کەر: (**گۆڵەسەگ، گۆڵەکەر**)؛ ۴) بابـوی نارەسـەن‌و ناقۆلا: (**گۆڵەبارگین**)؛ ۵) تۆپ خستنەدەروازەی تۆپی پێ؛ ۶) فریو ف ۱) درهم و گره خورده؛ ۲) چُست و چالاك؛ ۳) نرینهٔ سگ و الاغ؛ ۴) بابوی نانجیب و بدریخت؛ ۵) گل فوتبال؛ ۶) فریب، گول.

گولاباتون: پارچەیەکی باریکە لە داوەئاوریشمی زێڕین‌و زیوین چنراوە بۆ پەراوێزی جلك دەبێ ف گلابتون.

گولابەتون: گولاباتون ف پارچهٔ گلابتون.

گولابەربەرۆژکێ: گوڵەبەرۆژە ف آفتابگردان.

گولاپاییزێ: گوڵەپاییزە، گوڵێکە لە پایزدا دەپشکوێ ف گُل حسرت.

گولاپێخەمبەر: گوڵی‌شلێرە ف گُل سرنگون.

گولاچاوێشە: بابوونەی پەلك‌درشتی زەرد ف بابونهٔ گاو چشم.

گولازەر: گوڵەزەردە. کە بۆنی گوڵی گولاو دەدا ف نوعی گل گلاب زردرنگ.

گولاسۆر: گوڵەباغ، گوڵی‌گولاو ف گل محمدی.

گولاش: ملانی، زۆران، عەفرە، گوراش ف کُشتی.

گولاشێستپەر: گوڵەئەستەمبوڵی. *گوڵێکی پڕپەلکە بە زۆر رەنگان* ف گُل کوکب.

گولاف: بەرکم. ئاوی لەگوڵ‌گیراو ف گلاب.

گولاڤدون: گولاباتون ف پارچهٔ گلابتون.

گۆلاگـۆجگێ: ناوچـەیەکـە لە کوردستانی بەردەستی ترکان جێگەی هۆزی ئەلازگ. *کانیەکی لێیە دەڵێن نەخـۆش‌و چاوێشـەدار لێی بخواتەوە عەڵەمی تێدا نامێنێ* ف ناحیه‌ای در کردستان.

گولال: ۱) مۆزەشینە کە گاو گۆڵ ڕاودەنێ؛ ۲) جانەوەرێکی رەشە وەك سن دەچێ ف ۱) خرمگس؛ ۲) جانوری است شبیه به سن.

گۆلال: کرمی‌زگ ف انگل شکم.

گولالازەڕێن: مێشێکی کەسکە لە جەنگەی گەرمادا لە داران زیان دەدا ف نوعی مگس سبز که در فصل گرما آفت درختان میوه است.

گولالاگی: کرمی زگ ف انگل شکم.

گولالە: گلاڵە ف نگا: گلاڵە.

گولاڵە: ۱) رەبەنۆك، مێلاقە؛ ۲) ناوی ژنانە ف ۱) آلالە؛ ۲) نام زنانە.

گولاڵەسوورکە: گولاڵە، مێلاقە ف آلالهٔ قرمز.

گولاڵەسوورە: گولاڵە، گولاڵەسوورکە ف آلالهٔ قرمز.

گولالێ: توتە، قامکە چکۆڵە ف خنصر، انگشت کوچکە.

گولان: ۱) دوهـەم‌مانگی بەهـار، بانـەمـەڕ؛ ۲) کۆمـەڵی گوڵ ف ۱) اردیبهشت ماه؛ ۲) گلها.

گولان: ۱) گولان؛ ۲) چوار گوند لە کوردستان بەم ناوە بەعسی وێرانی کردن ف ۱) نگا: گولان؛ ۲) نام چهار روستا در کردستان که بعثیها ویران کردند.

گولانگ: کەزی‌وەهۆنراو ف زُلف تابدادە.

گولانە: ۱) کارگی خراپ؛ ۲) پوتەکەو بێ‌نمود ف ۱) قارچ سمّی؛ ۲) کوچولوی بدریخت.

گولاو: ۱) گولاف؛ ۲) گلاو، پیس ف ۱) گلاب؛ ۲) دهن زدهٔ سگ و خوك.

گۆلاو: ئەستێر، گۆل، ئەستێڵ ف استخر.

گولاواتون: گولاباتون ف گلابتون.

گولاوپاش: دەفری ئەستۆباریکی گولاوتێکردن کە لێیەوە دە پڕژێنن ف گلاب پاش.

گولاوپڕژێن: ۱) گولاوپاش؛ ۲) گولاوپرژاندن ف ۱) گلاب پاش؛ ۲) گُلاب پاشی.

گولاوپژێن: گولاوپاش ف گلاب‌پاش.

گولاودان: دەفری گولاو ف گلابدان.

گولاوگرتن: گوڵ‌و ئاو لەسەر ئاگر کوڵاندن‌و هەڵمەکەی بە تنۆکە ڕژانەوە ف گلاب گیری.

گولاوە: کفتەی برنج ف کوفته‌برنجی.

گولاوەتون: گولابەتون ف گلابتون.

گولاوی: ۱) جۆرێ هەرمێ؛ ۲) ناوی پیاوانە ف ۱) نوعی گلابی؛ ۲) نام مردانە.

گوڵباجی: خوشکی شوو ف خواهرشوهر.

گولبـاخـە: لەکـایەی داروکـە چەقـاندن‌و هەڵگرتنەوەدا بەڕیز وێستانی هەردولا ف صف بستن دوگروه مقابل در یك نوع بازی.

گوڵباران: گوڵ‌هەلاویشتن بەسەر کەسێکی عەزیزدا ف گلباران.

گولباف: ۱) سووری ئاڵ بەرەنگی گوڵ؛ ۲) خونچە ف ۱) گلفام؛ ۲) غنچە.

گوڵبانو: جۆرێ مێش کە چزوی هەیە ف نوعی مگس نیشدار.

گوڵبڕ: دروێنەی سەرچڵی خەلە ف درو خوشەهای غلّە.

گۆلبڕ: کەسێ کە کەردوی چەڵتوك‌جاڕ ساز دەکا ف کردساز شالیزار.

گۆلبڕین: کەردوسازی لە چەڵتوك‌جاڕدا ف کردسازی شالیزار.

گولبزا: گوڵەنەورۆزە ف گلی است زردرنگ که اوّل بهار می‌شکفد.

گولبزك: گولبزا ف نگا: گولبزا.

گوڵ بزن: گوڵێکە وەك گوڵی گولاو دەچێ‌و بێ‌دڕکە ف گلی است شبیه گل محمّدی.

گوڵ بژێر: ۱) کەسێ کە گوڵ لە دروێنەی خەلەدا دەچنێتەوە؛ ۲) کەسێ تێ‌دەکەوێ شتی هەرەباش جیا دەکاتەوە ف ۱) خوشه‌چین؛ ۲) گلچین.

گولبۆری: گوڵی شەپوری ف گل اطلسی.

گوڵ بهار: گوڵێکی سەوزی پڕپەلکە ف گل ماهوتی.

گوڵ بەدەم: خەیارو هەناری ساوا ف خیار و انار نورسیده.

گوڵ بەژن: قەدباریك، بەژن‌زراف. *بۆ پەسنی ژنی جوان‌و پێ‌کەوتو ئێژن* ف کمر باریك.

گوڵبەند: چەلینگ ف نگا: چەلینگ.

گوڵ بەهار: ۱) چیچەکی دەشت؛ ۲) ناوی ژنانە ف ۱) گل صحرایی؛ ۲) نام زنانە.

گوڵبێن‌ئاخن: تۆپەپەڕۆی کە دەخرێتە گوڵبێنەتەندوورەوە بۆ گڕدامرکان

ف گلو بندتنور، کُهنه‌ای که با آن آتش تنور را خاموش می‌کنند.

گولْبێنـه: کونێکـه له بنـه‌وه‌ی ته‌نـوُردا بابـویْری ده‌رخـراوه‌ته ده‌ر بۆ گڕخۆش بوُنی ته‌ندوُر ف گلوه‌تنور.

گولْپ: گونـدێکی کوردستـانـه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گولْپ: قوم، قم، فڕ ف جُرعه.

گولْپه: کلْپه، گڕی له‌پڕی ئاگر ف اشتعال ناگهانی آتش.

گولْپه‌ڕ: وه‌ختی درویْنه‌هاتنی ده‌خلْ ف موسم درو غلّه.

گولْپه‌ری: ناوی ژنانه ف نام زنانه.

گوْلْتك: گۆلی که‌م‌ئاو، ئه‌ستێری پچوُك ف استخر کوچك.

گولْته: چه‌لاك، کوْله‌که ف ستون.

گولْته: په‌له‌وه‌ری بچوُك ف پرندهٔ کوچك.

گولْجاڕ: شوێنێ که گولْی زۆری لێ ڕواوه ف گُلزار.

گولْچـان: پیشکـان، داری سه‌ردادراو بۆ که‌نگـرکه‌ندن ف چوبدستی مخصوص کنگرکنی.

گول چمك: ته‌واو نه‌شێلدراوی هه‌ویر و قوڕ ف نیم سرشته.

گولْچن: ١) گولْبژێر؛ ٢) شکلْی گولْدروُ ف ١) گُلچین؛ ٢) گُلدوز.

گولْچیت: گولْێکی ده‌شته‌کیه ف از گلهای صحرایی است.

گول چیچـه‌ك: هه‌مـوُگولْی کورته‌بالای ده‌شتی به‌تێکڕایی ف گلهای صحرایی به طور عام.

گولْچیسك: گورچیله ف کلیه.

گولْچیله: گورچیله ف کلیه.

گولْچین: ١) گولْبژێر؛ ٢) ناوی ژنانه؛ ٣) گولْچن ف ١) گلچین؛ ٢) نام زنانه؛ ٣) گلدوز.

گولْخاتر: ناوی ژنانه ف نام زنانه.

گولْخار: په‌مبه‌یی، چێره‌یی ف رنگ صورتی.

گولْخاس: ناوی پیاوانه‌و ژنانه ف نام مردانه و زنانه.

گولْخانه: جێگه‌ی شه‌تلْه‌گولْ ف گلخانه.

گولْ خواردن: فریوان، فریوخواردن ف گول خوردن.

گولْ خونچه: خونچه‌ی نیوه‌پشکوتو ف غنچهٔ نیم شکفته.

گولْخه‌نده‌ران: ١) خه‌نه‌شیرین، که‌ن‌جوان‌و خۆش؛ ٢) جۆرێ گولْ ف ١) شیرین خنده؛ ٢) نوعی گل.

گولْخـه‌نی: ١) پیرخـه‌نی، شله‌ی ورده برۆش؛ ٢) گیایه‌کـه بۆ ده‌رمان ده‌شێ ف ١) آش بلغور ریز؛ ٢) گیاه بسم.

گولْخیڤ: ده‌می پشکوتنی گولاْن ف موسم دمیدن غنچه‌ها.

گولْدار: پارچه‌ی شکلْی گولْ لێکراو ف پارچهٔ گلدار.

گولْـدان: ١) ده‌فـری گولْ‌تێ‌خستن؛ ٢) ده‌فـری میزتێ‌کردن ف ١) گُلدان؛ ٢) ظرفی که در آن ادرار کنند، لگن.

گولْدانك: گولْدان ف نگا: گولْدان.

گولْده‌ره: دوگوندی کوردستان به‌م ناوه به‌عسی کاولی کردوه ف دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.

گولْڕو: ناوه بۆ ژنان ف نام زنانه.

گولْڕوُت: جۆرێ توُمی گه‌نم ف نوعی گندم.

گولْڕه‌نگ: به‌ڕه‌نگی گولْ. بۆ په‌سنی سه‌رکوُلمه‌ی ئێژن ف گُلی رنگ.

گولْزار: ١) گولْجاڕ؛ ٢) ناوه بۆ ژنان ف ١) گُلزار؛ ٢) نام زنانه.

گولْژار: گولزار ف نگا: گولزار.

گولْسان: گولْجاڕ ف گُلزار.

گولْستان: گولْسان ف گُلزار، گلستان.

گولْشه‌ن: ١) گولْجـاڕ؛ ٢) ناوی ژنانه ف ١) گُلشن؛ ٢) نام زنانه.

گولْشه‌ن: گولْجاڕ ف گلزار، گُلشن.

گولْشه‌یتان: قورسی که‌مه‌ر ف گیاه بلادر.

گولْشێن: گولْشه‌ن ف گُلشن.

گولْشێنی: ١) قامێکی کوردی‌یه؛ ٢) ناوی ژنانه ف ١) ترانه‌ای است؛ ٢) نام زنانه.

گوْلْقند: توْپی له‌په‌ڕۆ چندراو بۆ کایه‌و توْپ‌بازی ف توپ ساخته شده از پارچه برای بازی.

گوْلـك: ١) گوْره، گوْره، گوْل، به‌چـکـه‌ی چێلْ؛ ٢) بچـوُکـی شه‌نگلْه‌به‌ره‌که‌ته؛ ٣) بریتی له ئاوسان‌و باکردنی زگ ف ١) گوساله؛ ٢) میوهٔ دوقلوی کوچك؛ ٣) کنایه‌از ورم کردن و بالاآمدن شکم.

گوُلـك: ١) گیاچرێش، گیانه‌سرێلك؛ ٢) گێلگێله‌ی سه‌ربه‌گولْێنگه؛ ٣) گولْ‌چیچه‌ك ف ١) گیاه سریش؛ ٢) نوعی سرپوش زینتی؛ ٣) گل صحرایی.

گولکاحه‌لی: گوێلکی زو زاوی هه‌راش ف گوسالهٔ زود به دنیا آمده.

گولْکار: که‌سێ که گولْ ده‌ڕوێنێ ف گُلکار.

گولْکـردن: ١) گولْپشکـوُتن له دارو گیا؛ ٢) جێگـه‌ی دان له شینی دانه‌وێلْه په‌یدابوُن؛ ٣) دلْخۆشی‌و که‌یف: (ئه‌مڕۆ دلْی زۆر خۆشه **گولْی کردوه**)؛ ٤) ئاشکـرابـوُن ف ١) گل شکفتن درخت و گیاه؛ ٢) خوشه‌کردن غلّه؛ ٣) سرکیف آمدن؛ ٤) آشکار شدن.

گوْلکردن: ١) دروس کردنی ئه‌ستێلْ؛ ٢) که‌ردولێدانی چه‌لْتوُك‌جاڕ ف ١) ساختن استخر؛ ٢) کردزدن شالیزار.

گوْلْکڤان: شوانی گوْلکان ف گوساله‌چران.

گولْ کوچك: کڕێژه‌به‌رد، قه‌وزه که‌ڤر ف گُل سنگ.

گولکوشی: به‌خۆهه‌لْگوتن له زۆرخانه‌دا ف رجزخوانی در زورخانه.

گولکه: جۆرێ ترێ ف نوعی انگور.

گولْکه: فتنه، ئاژاوه‌چی ف آشوبگر، فتنه‌انگیز.

گول که‌ڤروْك: کڕێژه‌به‌رد ف گل سنگ.

گوْلْگ: ئه‌سپی سواری ف اسب سواری.

گولْ گاوزوان: زوانه‌گا، گیایه‌که بۆ ده‌رمان ده‌شێ ف گل گاوزبان.

گولْ گرتن: ١) سه‌ری فتیله‌چـراو شمع قرتـانـدن؛ ٢) گولْپشکوُتن له داره گولْ؛ ٣) ده‌ژێرگلْ‌خستنی خرچه بۆ ئه‌وه ببێته کالْه‌ك ف ١) چیدن فتیله چراغ و شمع با قیچی؛ ٢) گل شکفتن از گُلبُن؛ ٣) در زیر خاك نهادن خربزهٔ نارس برای شیرین شدن آن.

گولْ گزی: سوُری ئامالْ‌ڕه‌ش ف سرخ سیه‌فام.

گولْگولْ: هه‌رشتێ که په‌لْه‌په‌لْه‌ی جوانی تێدابێ ف دارای لکه‌های زیبا.

گۆل گۆل: ۱) زەوی کەردولێدراو؛ ۲) زۆر قولکەئاوی بەشوێن‌یەکا؛ ۳) قومــاشی لەکــۆل‌دراوی بەپێل: (جــاجمو بۆزۆی زاخــۆ هەمــو **گۆل گۆلە**)؛ ۴) دەغلی شینی بلندی لێك‌هالاو ف ۱) زمین کردزده؛ ۲) گودالهای آب پشت سرهم؛ ۳) پارچهٔ موج‌دار؛ ۴) ساقه‌های سبز و بلند به هم پیچیدهٔ غلّه.

گولگــولی: ۱) گولْ‌گولْ: (نانی **گولْ گولی‌یە**)؛ ۲) دەشتی پڕ لە هەمو جۆرە گولێك: (دنیاکە **گولْ گولی** بوە قوربان ئەتۆش وەرە / سەیریکی گولْ کە قەیدی‌چی‌یە گولْ گولی بویّ) «نـالی»؛ ۳) سوری ئاچــخ، سوری کالْ ف ۱) نگا: گولْ‌گولْ؛ ۲) دشت پراز گل؛ ۳) قرمز روشن.

گۆلگە: یەکسمی سواری بەگشتی ف ستور.

گولگەز: گولگزی ف نگا: گولگزی.

گولگەزی: گولگزی ف نگا: گولگزی.

گولگەشت: ۱) باخچە؛ ۲) هەوایەکی گورانی‌و قامێکی کەونارایە ف ۱) باغچه؛ ۲) آهنگی است باستانی.

گولْ گەنم: جێگەی دەنك‌ودان لە چلەگەنمدا ف گُل گندم.

گوللان: کایەی هەلماتێن، وازی بەکەللا ف تیله‌بازی.

گوللە: بەرك ف گلولهٔ اسلحه.

گوللەباران: تیرەباران ف تیر باران.

گوللەبەن: دوعای خۆپارازتن لە گوللە ف دعای ضد گلوله.

گوللەبەند: گوللەبەن ف دعای ضد گلوله.

گوللەی‌وێل: گوللــەیەك کە بــێ ئامانــج گرتــن تەقیوە ف گلولــهٔ بدون هدف‌گیری.

گوللی: ۱) بیبیلەی چەم؛ ۲) دەنکــەترێ، بوڵ ف ۱) مردمك چشم؛ ۲) دانهٔ انگور.

گولم: ۱) پەنجەی قوچاو؛ ۲) ئاوی ڕاوەستاوی قوڵ، گۆم ف ۱) مشت گره کرده؛ ۲) آب راکد ژرف.

گولْم: ۱) نەرمایی سەر سمت؛ ۲) پڕی دەستێك؛ ۳) پەنجەی قوچاو؛ ۴) گولی من، بریتی لە گراوی؛ ۵) پارچــەگۆشتی بێ‌پێشــە ف ۱) نرمی باسن؛ ۲) پُریك دست؛ ۳) مشت؛ ۴) کنـایه از معشـوقـه؛ ۵) قطعه گوشت بی استخوان.

گولم کەوە: لەو گونــدانــەی کوردستــانــە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گولم‌لیزی: شەڕەمشت ف بوکس بازی.

گولْ مشتك: گلۆلەبەن ف گروهه‌نخ، گلولهٔ نخ.

گولْمە: ۱) نەرمایی ڕان؛ ۲) پارچەگۆشتی بێ‌ئێسك ف ۱) نرمی ران؛ ۲) قطعه گوشت لُخم.

گۆلْمە: پڕ بە دەستێ لە گیا ف پریك کف دست گیاه.

گول مەخمور: پۆپەکەلەشێرە، گیایەکە ف گل تاج خروس.

گولْمەڕان: نەرمایی ڕان ف نرمی ران.

گۆلْمــەز: ۱) گالتــەو حەنــەك؛ ۲) زەنــازەنــا ف ۱) شوخی و هزل؛ ۲) سروصدای زیاد.

گول مەشك: گیای پێ‌قەلە ف گیاه رجل الغراب.

گولْمی: گۆلکەساوا فێرە گوان‌مژین کردن ف گوسالهٔ نوزاد را به مکیدن پستان مادر تعلیم دادن.

گولْمیخ: بزماری زل لە داریان لە ئاسن، سکە ف اخیه.

گولْمێخ: گولْمیخ ف اخیه.

گولْمێخەك: گولێکی بۆن‌خۆشەو بە زۆر ڕەنگ هەیە ف گُل میخك.

گولْمێو: گیایەکە مرۆ دەیخوا ف از گیاهان خوراکی.

گولْنار: چاوەهەنار کە بۆ دەرمان دەشێ ف گلنار که مصرف دارویی دارد.

گولْناز: ۱) ناوی ژنانە؛ ۲) گولی‌نازناز ف ۱) نام زنانه؛ ۲) نام گُلی است.

گولْندام: ناوی ژنانە ف نام زنانه.

گولْنك: بەلۆکە، مینکە، قیتکەی زێ ف چچوله.

گولْنــگ: ۱) پرزەی لێك‌هالاوی بەستــڕاوی سەرقرتاو بۆ جوانی؛ ۲) قیتکەی ناو زێی ماین کە دەیبڕن ف ۱) منگوله؛ ۲) برجستگی درون فرج مادیان که می‌برند.

گولْنگ‌بڕین: قیتکەبڕینی زێی ماین ف بریدن چوچولهٔ مادیان.

گولْنگە: گولْنگ ف نگا: گولْنك.

گولْنم: ئاوپرژێن ف آب پاشی.

گولْنام: گولْندام ف گل اندام، نام زنانه.

گول نەخــوین: گونــدێکی لە کوردستــان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

گولو: ۱) دەنکەترێ؛ ۲) دانار؛ ۳) زۆروردی خڕ: (ماستاوەکە **گولوگولو** بوە) ف ۱) دانه انگور؛ ۲) دان دان روغن و...؛ ۳) مدوّر ریز، گرد کوچك.

گولۆ: ۱) گولبێنەی تەندور؛ ۲) کونەبا لە شاخدا ف ۱) دمنه، گلوه؛ ۲) منفذ باد در کوه.

گولْواخن: گولبێنەئاخن ف دمنه‌بند.

گولْواز: گلواز، رستەهەنجیری بەئالقە ف حلقهٔ انجیر به رشته کشیده.

گولْۆپ: چرای کارەبا ف لامپ برق.

گولْۆپە: گڕپە، کلپە ف زبانهٔ آتش.

گولۆر: خلار، گلار، گلۆر ف غلتان.

گولْوس: ئاخەلێوە ف سرآغاز بهار.

گولْۆف: ۱) کوشران؛ ۲) ڕێك کوشراو ف ۱) فشردگی؛ ۲) مُچاله.

گولْۆفتن: کوشین، ڕێك‌گوشین ف فشردن با دست، مُچاله‌کردن.

گولْۆفین: گولْۆفتن ف مچاله‌کردن.

گولۆڤەر: گرۆڤەر ف مدوّر، مُستدیر.

گولۆك: گزمۆلە، خڕی زۆرپچوك ف مدوّر کوچك.

گولْۆك: شکۆفە، گولی درەخت ف شکوفهٔ درخت.

گولْۆکەفەقیانە: ڕێحانەکێویلە ف ریحان کوهی.

گولْۆلْك: گلۆلە ف گروهه نخ.

گولْۆلە: گلۆلە ف گروهه نخ.

گولۆلە: بەرك، گوللە ف گلوله.

گولْۆلی: بەرك ف گلوله.

گوڵۆنه: گوڵبێنه ف گلوه، دمنه.
گولوەن: ١) خشڵی ئەستۆ؛ ٢) ئەستۆپێچی قوماش ف ١) گردنبند؛ ٢) شال گردن پارچەای.
گولوەنی: چارۆکه ف کتف پوش زنانه.
گوڵوێنك: ئالقەبەتی ملی ڕەشەوڵاخ ف رسن گردنبند گاو.
گوڵوێنه: گوڵبێنه ف گلوه.
گوڵـه: ١) پوتەکەی پیسەکە؛ ٢) پارچەی پچوك له زەوی؛ ٣) بریتی له کەسێ ژنی جوانی هەیەو ئیرەیی پێدەبەن: (گـوڵەی مێردان)؛ ٤) بەرکی چەك، گولله؛ ٥) پرچی وەهـوَنـدراو ف ١) بدنمود حقیر؛ ٢) قطعـه زمین کوچك؛ ٣) کنایه از شوهر زن خوشگل که به وی رشك برند؛ ٤) گلوله؛ ٥) زُلف تابداده.
گوڵـه: ١) وشەی بانگ‌کردنی گوێلك؛ ٢) کەلای کایەکردن له بەرد؛ ٣) گاڵەودەنگی بەرز؛ ٤) نەخۆشی گوێلك؛ ٥) پێشەنگی ئاژەڵ و پاتاڵ ف ١) کلمـهٔ صداکـردن گوسـاله؛ ٢) تیله؛ ٣) صدای بلند؛ ٤) بیماری گوساله؛ ٥) جلودار گلّه.
گوڵـه: ١) قفـڵ؛ ٢) زلی ناقـوڵا؛ ٣) ناڕەسـەن؛ ٤) گرمەی هەور؛ ٥) نەخۆشیەکی.زاره، لۆغە. (گوڵه لەزمانی داوه) ف ١) قفل؛ ٢)تنومند بدقواره؛ ٣) نااصیل؛ ٤) تُندر؛ ٥) نوعی بیماری دهان.
گوڵەبابونه: گوڵی گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف گل بابونه.
گوڵەباخ: ئەو گوڵە لاسك‌بەدڕکەی که گوڵاوی لێ دەگیرێ ف گل محمّدی.
گوڵەبارگین: ئەسپی ناعەسڵی باربردن ف یابو.
گوڵەباغ: گوڵەباخ ف گل محمّدی.
گوڵەبەبەشه: گوڵێکه دەشتەکی ف گلی است صحرایی.
گوڵـەبەڕۆژه: ڕوەکێکه لاسکی بەرزو گەڵاپانەو تا تۆمی نەکردوه گوڵـەکـەی دەگەڵ خۆر دەچـەرخێ تۆمـەکـەی چەورو بەتامە دەی ترۆکێنن و ڕۆنی لێ دەگرن ف آفتابگردان.
گوڵـەبـەڕۆنـه: گوڵێکی زەردی دەشتـە بۆنی خۆشـە بەمـەشکـەیەوە دادەلەقێنن بۆ ڕۆن‌زۆربوُن ف گلی است زرد صحرایی.
گوڵەبەیبوُن: گوڵێکی زۆر بۆن‌خۆشه ف گلی است خوشبو.
گوڵەبەیبوُنه: گوڵەبەیبوُن ف گلی است خوشبو.
گوڵەپڕۆُزه: قەرەخەرمان ف گندم درخوشه بودادە.
گوڵەپژمین: گیایەکه بۆنی تونده ف گیاهی است.
گوڵەپێغەمبەره: زوڕات، شامـی، گەنمەشامـی، سـەرداری ف بـلال، ذرّت.
گوڵەجۆ: جێ‌دەنك له جۆی دانەوێڵەدا ف خوشهٔ جو.
گوڵـەجوتیاره: گوڵێکه سەرەتای پایز پەیدا دەبێ ف گلی صحرایی در اوایل پاییز می‌شکُفد.
گوڵەچاوێشه: گوڵەبابوُنه ف گل بابونه.
گوڵەخانه: گوندێکی کوردستانه بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گوڵەخەنه: گیایەکه ف گیاهی است.

گوڵەداس: جۆرێ نەخۆشیە له زمانی ڕەشەوڵاغ دێ ف نوعی بیماری زبان گاو.
گوڵەدۆمه: گـوڵێکـی زەردی درشتـی دەشتـە ف گلـی زرد و درشت صحرایی.
گوڵ هرچ: گوڵێکی وەنەوشی گەڵاپانه خاڵی سپی دەناودا ف گلی بنفش رنگ.
گوڵەڕۆته: گوڵڕۆت ف نوعی گندم.
گوڵەڕۆنینه: گوڵەبەڕۆنه ف نگا: گوڵەبەڕۆنه.
گوڵـەزەرده: ١) گوڵێکی زەرده له جسنی گوڵەباخ هەڵواو مەرەبای لێ چێ دەکەن؛ ٢) دڕوەزەرده ف ١) گلی است زرد که حلوا و مربّا از آن درست کنند؛ ٢) تیغ کوهی، خاری است.
گوڵەژەن: ئەو شتەی گلۆڵەی خەرەکی لەسەر هەڵدەکرێ ف ابزاری در بافندگی که نخ برآن پیچند.
گوڵەسار. گوُرەسا ف افسار گوساله.
گوڵەستێره: ئەستێرۆك، گوێستێره ف کرم شبچراغ
گوڵەسەگانه: گوڵێکه، شیلان ف گلی است.
گوڵەسێو: سێوەبن عەرزیله ف سیب زمینی اسنانبولی.
گوڵەش: زۆران‌بازی ف کُشتی.
گوڵەشللێره: شلێره ف لالهٔ سرنگون.
گوڵەفەقێ: گوڵێکی دەشته ف گلی است صحرایی.
گوڵـەك: گیایەکـە ئاژەڵ بیخوا بای پێدەکا ف گیاهی است که موجب بادکردن حیوان میشود.
گوڵەك: چیمەنی پڕگوڵ، گوڵجاڕ، گوڵزار ف گُلزار.
گوڵەکابه: گوڵەپێغەمبەره، گەنمەشامی، سەرداری ف ذرّت، بلال.
گوڵەکه: گوُرەکه ف گوساله.
گوڵەکی: نێرەکی، بۆ ئێستر دەگوترێ که نێر بێ ف به ستور نر گفته می‌شود.
گوڵەگرێ: ئاردەتو ف آرد توت.
گوڵەگورگه: گوڵێکی سوُره له پاییزدا دەبێ، گوڵەفەقێ ف گُلی است پائیزی به رنگ قرمز.
گوڵـەگـوڵ: سەبـرسەبر ڕۆیشتن، ساڵانەساڵانە، قوڵەقوڵ ف یواش یواش، سلانەسلانه.
گوڵەگوڵ: زەنازەنا به دەنگی بەرزو تێکەڵاو ف نعرەهای درهم آمیخته.
گوڵەگوڵه: بانگ کردنی گوێلك ف صداکردن گوساله.
گوڵـەگەنم: ١) جێگەی دان لەسەر لاسکی گەنم؛ ٢) گوڵەکابه ف ١) خوشهٔ گندم؛ ٢) ذرّت، بلال.
گوڵەماساوه: گوڵێکی زەردی بۆن‌گرانه ف گلی است زرد و بدبو.
گوڵەمه: مست، مشت، گوڵم ف مُشت گره کرده، بوکس.
گوڵەمەباز: مشت‌وەشێن ف بوکس باز.
گوڵەمەبازی: شەڕەمشت ف بوکس بازی.
گوڵەمێش: گیای دەرمانی کرم ف گیاهی است داروی ضدکرم.
گوڵەنار: گیایەکی دەشتەکیه گوڵی لەگوڵی سوُری هەنار دەکا ف گلنار.

گوڵەندام: گوڵندام ف نام زنانه.

گوڵەنگ: گوڵنگ ف نگا: گوڵنگ.

گوڵەنگە: گوڵنگە ف نگا: گوڵنگە.

گوڵەنیسان: چارەچەقیلە ف نوعی خشخاش.

گوڵەواژ: گیایەکە لە دارو بەرزی دەهاڵێ ف نوعی پیچك.

گوڵەوەچینی: گوڵەدەخڵ چنینەوە ف خوشەچینی.

گوڵ هەسێل: بێڤیران ف گُلی است.

گوڵەهێرۆ: گوڵێکی درشتی جوانە بە زۆر ڕەنگان دەبێ و بۆ دەرمان دەشێ ف گُل ختمی.

گولی: ۱) نەخۆشی خۆرە؛ ۲) گوڵی خەلە؛ ۳) لکی دار؛ ۴) پرچێ کە دەهۆنرێتەوە، کەزی؛ ۵) کلوی بەفر؛ ۶) گولینگەی شەدەو پێچی سەر؛ ۷) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) بیماری جذام؛ ۲) خوشـهٔ غلّه؛ ۳) شاخهٔ درخت؛ ۴) گیسوی بافته؛ ۵) دانهٔ برف؛ ۶) منگولهٔ روسری؛ ۷) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گوڵی: بەمبەیی، چێرەیی ف صورتی رنگ.

گوڵێ: ۱) یەك گوڵ؛ ۲) ناوە بۆ ژنان ف ۱) گلی؛ ۲) نام زنانه.

گوڵێ: گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گولیچ: کلوی بەفر ف دانهٔ برف.

گولێر: جۆرێ بەری مازوو ف نوعی ثمر مازوج.

گولیزار: گوڵزار، ناوی ژنانە ف نام زنانه.

گولیستان: ۱) باغچەی گوڵان؛ ۲) ناوی ژنانە ف ۱) گُلستان؛ ۲) نامی برای خانمها.

گوڵی سەرتۆپ: جوانتر لەناو شتی دەوروبەردا ف گُل سرسبد.

گولیفك: گوڵێکی زۆر جوانە ف از گلهای بسیار زیبا.

گولیڤك: گوڵینگەی شەدەو پێچی سەر ف منگولهٔ روسری.

گولیك: ۱) سەرتەنك، کەمموو؛ ۲) کفتەساواری سوورەوەکراو، کوتیلك ف ۱) موی سر کم پشت؛ ۲) کوفته بلغور سرخ کرده.

گولیك: شکۆفەو گوڵ ف گل و شکوفه عموماً.

گوڵی کەوە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گوڵی مەجلیس: برێتی لە مرۆی قسەخۆش و کۆڕازێنەوە ف مجلس‌آرا.

گوڵینگ: گوڵنگ ف نگا: گوڵنگ.

گوڵێنە: گوڵبێنە ف گلوه.

گوم: ۱) گاف، گاو، هەنگاو؛ ۲) نادیار؛ ۳) دەنگی کۆتر، گمە ف ۱) گام؛ ۲) گُم؛ ۳) صدای کبوتر.

گۆم: ۱) ناوی ڕاوەستاوی قووڵ؛ ۲) قسەو مەسەلەیێ کە پیاو تێ نەگا؛ ۳) زنـج، جێگـەی شەوانـەی مەڕ لە نزیك گونـد؛ ۴) شوێنی‌وێستـانی پاسـەوان؛ ۵) ماڵی هاوینە؛ ۶) خانوی دەربەستە؛ ۷) دەم، کات؛ ۸) هەنگاو ف ۱) ژرفاب راکد؛ ۲) گُنگ، نامفهوم؛ ۳) استراحتگاه شبانهٔ گله بیرون آبـادی؛ ۴) مکـان توقف نگهبان؛ ۵) خانهٔ تابستانی؛ ۶) ویلا، خانهٔ دربستی؛ ۷) زمان، وقت؛ ۸) گام، قدم.

گومار: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گۆماسی: گوشماساو ف گوش ماهی.

گومان: دوودڵی، دڕدۆنگی، شك، سۆ ف گمان.

گۆمان: ۱) گومان؛ ۲) شوێنانی قووڵ لە ڕووباردا؛ ۳) ناوی چەند ئاواییەکە ف ۱) گمان؛ ۲) ژرفابها؛ ۳) نام چندین آبادی.

گومانبار: جێگەی گومان ف مُتّهم.

گومان‌بردن: ۱) شك کردن؛ ۲) لەکن بوون: (هیچ شتێ **گومان نابەم**) ف ۱) شك کردن؛ ۲) داشتن چیزی.

گومان‌ڕەش: بیرخراو، بێ‌فەڕو دڵپیس ف بدگمان، بداندیش.

گومانن: گمەگم کردنی کۆتر ف خواندن کبوتر.

گومانە: ۱) ئاخرین‌چاڵاو لە کاریزدا؛ ۲) چاڵاولێدان بۆ تاقی کردنەوەی ئاو ف ۱) آخرین چاه کهریز؛ ۲) حفر چاه آزمایشی.

گۆماو: قووڵایی لە چەمدا ف ژرفاب.

گومـایش: ۱) گرمـەی‌زەحف؛ ۲) زرینگـانـەوەی‌گوێ ف ۱) صدای مهیب؛ ۲) وزوزکردن گوش.

گومبوون: نادیاربوون ف گُم شدن.

گومبە: فەرمان بە دەرکردنی کەسێ ف گُم شو.

گومبەت: گونبەت، قوببە ف گُنبد.

گومبەز: گومبەت، قوببە ف گُنبد.

گومپ: گۆپن ف گونه و لپ برجسته.

گومتل: کلۆی چکۆڵە: (**گومتلێ** قەندم بەرێ) ف کلوخك.

گومتیل: ۱) پەنەمانی لەشی مرۆ؛ ۲) لووزەقایی و رەقایی لە پێست ف ۱) آماسیدن جسم؛ ۲) غدّه.

گومڕا: ۱) ڕێ‌لێ‌ون‌بووگ؛ ۲) برێتی لە کەسێ لە داموودەستووری ئاسایی لای‌دابێ ف ۱) گُمراه؛ ۲) کنایه از کسی که از راه و رسم معمول منحرف شده باشد.

گۆمرگ: باج لەسەر کاڵای ئاوردە ف گمرك.

گومرۆ: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گومڕە: ۱) گومڕا؛ ۲) برێتی لە کەسێ لەبەر دەوڵەمەندی بایی بووبێ؛ ۳) زۆر سەخت و بەزەحمەت ف ۱) گُمراه؛ ۲) کنایه از کسی که از ثروت زیاد مغرور شده باشد؛ ۳) شدید.

گومریك: گۆمرگ ف گمرگ.

گومز: گومەز، گومبەت، گومبەز ف گُنبد.

گومساندن: شێلانی قوڕو هەویر ف چلانیدن گل و خمیر.

گومش: ۱) لاوێچ؛ ۲) مشتی وەکرێ؛ ۳) بلچ، گوێژ ف ۱) پُر یك کف دست؛ ۲) مُشتِ بازشده؛ ۳) زالزالك.

گومك: بەندی سەروی قامك ف بندانتهایی انگشت.

گۆمك: دەمێکی کەم، تاوێك، تۆزێ لە وەخت ف اندك زمانی.

گۆمك: گومك ف بند انتهایی انگشت.

گۆمکە: بەردی کونی گۆنگەی ئەستێر ف سنگ سوراخ تخلیه استخر.

گومگموك: خەمەگرۆ، قمقموك ف چلپاسه.

گومگموکە: ١) تونگەی بچوك؛ ٢) مەتارەی سەفەر ف ١) تُنگ کوچك؛ ٢) قمقمهٔ سفری.

گومگوم: ١) قمقموکەی ئاو؛ ٢) دەنگی رۆیشتنی ئاو؛ ٣) وزەی زۆری مێش و مەگەس ف ١) قُمقُمهٔ آب؛ ٢) صدای جریان آب؛ ٣) وِزوِز زیاد مگس.

گومگومك: خەمەگرو، فاتفاتك ف چلپاسه، مارمولك.

گومگوموك: خەمەگرۆ ف چلپاسه.

گومگومە: ١) تونگە؛ ٢) مەتارە؛ ٣) فنجانی قاوە ف ١) تُنگ؛ ٢) قمقمه؛ ٣) فنجان قهوەخوری.

گومگومین: ١) گرماندنی هەور؛ ٢) نەڕاندن، گوڕەکردن ف ١) غرّش رعد؛ ٢) غرّیدن آدمی.

گومگە: جێگەی گوم‌بوُن ف ناپدیدگاه.

گۆمگە: کونی ناوەڕۆ ف سوراخ آبراه.

گوملك: گجی، کراس ف پیراهن.

گومنی: دەنگدانەوە ف انعکاس صوت.

گومـە: ١) گومبەت؛ ٢) گمەی کۆتر؛ ٣) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) گنبد؛ ٢) آواز کبوتر؛ ٣) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گۆمـە: پەچـە، جێ سانەوەی ئاژەڵ شەوانە لە دەشت ف استراحتگاه شبانهٔ دام درصحرا.

گومـەت: گوندێکی کوردسانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گومەتە: ١) قنە، قونە؛ ٢) بازبردنی کەروێشك و تاسك و بزنەکێوی؛ ٣) گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف ١) خرام کبك و کبوتر؛ ٢) جهش حیوان وحشی؛ ٣) از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

گومەتەگەج: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گومەد: گومبەت، گومەت ف گنبد.

گۆمەرە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گومەز: گومبەز، گومەت ف گنبد.

گومـەزە: ١) گومـەتـە؛ ٢) بڵقی سەرئـاو؛ ٣) هەر شتی پشت‌زەق وەك گومبەز ف ١) جهش حیوان؛ ٢) حباب آب؛ ٣) گُنبدی شکل.

گۆمـەزەرد: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گۆمەزەردە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گۆمەزەل: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گومەسار: بێ‌سەرو شوێن ف مفقودالاثر.

گۆمەشین: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گومەگوم: گمەگمی کۆتر ف آواز کبوتر.

گۆمەڵ: گوڵمەز، زەنازەنا ف همهمه و جنجال.

گومەڵ: پڕی مست، گوڵم ف پُریك مُشت.

گۆمەلارە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گومەڵتە: کۆگاکراو، کۆما ف انباشته.

گومەڵەك: بازبرنی حەیوان، گومەتە ف جهش و پرش حیوان.

گۆمەڵیان: ناوی گوندێکە ف نام دهی است.

گۆمەلیقە: دەموکانەی نەجاری ف غرهٔ نجّاری.

گومی: ١) ونی، وندابویی، نادیاری؛ ٢) زرینگانەوەی گوێ ف ١) گُمی، ناپیدایی؛ ٢) وزوز گوش.

گۆمێش: گامێش ف گاومیش.

گومین: ١) گرمـانـدن، گرمین؛ ٢) خوێندنی کۆتر ف ١) غُرّیدن؛ ٢) صدای کبوتر.

گون: ١) باتو؛ ٢) کیر؛ ٣) دێ ف ١) خایه؛ ٢) کیر؛ ٣) ده، دهکده.

گۆن: ١) گۆنـا، کوڵمە؛ ٢) ئاژەڵی مێچکە. (چاخا **گۆنێ** پەزێ نێری و بەران بەرددن ناف)؛ ٣) گیان، ڕح؛ ٤) خوێن، هوُن ف ١) گونه، لپ؛ ٢) گوسفند یا بُز ماده؛ ٣) جان؛ ٤) خون.

گوُن: ١) گوان: (نێنگوُن)؛ ٢) ڕەنگی چرۆ چاو ف ١) پستان حیوان؛ ٢) رنگ چشم و ابرو.

گونا: ١) تاوان؛ ٢) بێچارە، بەستەزمان: (**گونایە** دڵم پێ دەسوُزێ) ف ١) گناه؛ ٢) بیچاره.

گۆنا: کوڵمە ف گونه، رُخسار.

گونابار: تاوانبار ف گناهکار.

گوناتە: شوم، بەدفەڕ، جوُت‌قوّشە ف نحس، شوم.

گوناح: تاوان، گونا ف گُناه.

گوناحبار: گونابار ف گناهکار.

گوناحکار: گونابار ف گناهکار.

گۆنادبار: گونابار ف گناهکار

گۆنار: وتەیەکە بۆ باوەڕپێ کردن دەیڵێن. وەك *بڵێی بەگیانی تۆ* ف لفظی که هنگام سوگند یاد کردن گویند.

گوناسا: گونا، گوناح ف گناه.

گوناسە: گونا ف گناه.

گوناع: گونا ف گناه.

گوناعبار: گونابار ف گناهکار.

گوناعکار: گونابار ف گناهکار.

گوناکار: گونابار ف گناهکار.

گۆناگۆن: ڕەنگاوڕەنگ، جۆراوجۆر ف گوناگون.

گۆناندن: ڕەنگاندن، ڕەنگ کردن ف رنگ کردن.

گوناهـ: ۱) گونا، گوناح؛ ۲) ژارو بێچاره ف ۱) گناه؛ ۲) بینوا و بیچاره.
گوناهبار: گوناکار ف گناهکار.
گوناهکار: گوناکار ف گناهکار.
گونایش: وێك کەوتن، لەش وەلەش کەوتن ف برخورد بدنی دونفر به هم.
گونبەت: گومبەز ف گنبد.
گونپسیك: گیایەکە بەرەکەی لەگونی پشیلە دەکا ف گیاهی است.
گونتك: ئەنگوتك ف چونه.
گونتوله: جۆرێ ترێ ف نوعی انگور.
گونج: ۱) بەردی کون کە دەجێگەی ئاوبەردانی ئەستێرك دەگیرێ؛ ۲) حوشترگەلو، جێگەی جۆگەئاو لە سواڵەت؛ ۳) تەنبوورەی ئاسیاو، زەنبوورە؛ ۴) مێشەنگوین و زەرگەتەو ژەنگەسوورە؛ ۵) جێ بوونەوە ف ۱) سنگ سوراخ شده در مجرای استخر؛ ۲) تنبوشهٔ سفالین، شتر گلو؛ ۳) مخرج آب از ناوآسیا؛ ۴) انواع زنبور؛ ۵) گنجایش.
گۆنج: حوشترگەلو ف تنبوشه، شترگلو.
گۆنجال: قوڵکە، چاڵ ف چاه.
گونجـان: ۱) جێگـەبـوونـەوە؛ ۲) ئۆقـرەو داسـەکنـان: (به هیچ بارێ ناگونجێ)؛ ۳) سازان پێکەوە: (پێکەوە **گونجاون**) ف ۱) گنجایش؛ ۲) آرام گرفتن؛ ۳) کنار آمدن، سازش.
گونجـاندن: ۱) جێ بۆکردنەوە؛ ۲) سازدانی کار ف ۱) گنجانیدن؛ ۲) سازش دادن.
گونجانن: گونجاندن ف نگا: گونجاندن.
گونجایشت: ۱) بەسەربردنی ژیان؛ ۲) جێگەبوونەوە ف ۱) امرار زندگی؛ ۲) گنجایش.
گونجر: جینگن، تۆش ف شرور.
گونجگیر: کاسەڵەشینکە ف پرندهٔ سبز قبا.
گونجۆقر: باوەعەمرە، چڵەنۆك، باوەقوورەت ف کوتوله.
گۆنجـه: ۱) گونجی ئەستێل؛ ۲) تەنبـوورەی ئاش ف ۱) مخـرج آب استخر؛ ۲) سوراخ پایین ناوآسیا.
گونجەزەردە: زەردەواڵە، زەرگەتە ف زنبور زرد.
گونجەسورخە: ژەنگەسوورە ف زنبور درشت قرمز.
گونجەلو: کونی زەردەواڵە ف سوراخ زنبور.
گونجەنە: دۆخین ف بندتنبان.
گونجین: گونجان ف نگا: گونجان.
گونچر: ۱) کەمێ لە هەویر کە لە ئەنگوتك دەکرێتەوە؛ ۲) کەمێ ف ۱) تکهٔ کوچکی که از چونه می برند؛ ۲) اندکی.
گوند: دێ، ئاوایی جگە لە شار ف ده، روستا.
گوندراندن: خلۆرکردنەوە ف غلتانیدن.
گوندزەردە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گونـدك: ۱) ئەنگوتك؛ ۲) دێی بچوك؛ ۳) گیایەکە ماڵاتی وردەی پێ دەمرێ؛ ۴) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) چونه؛ ۲) دهکدهٔ کوچك؛ ۳) گیاهی است سمّ دام؛ ۴) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گوندكنەبی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گوندكۆسە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گوندۆر: کوندر، کوولەکە ف کدو.
گوندۆڕ: ۱) کاڵەك؛ ۲) دۆریە، قەلەندۆر ف ۱) خربزه؛ ۲) گیاهی است.
گوندوور: قەلەندوور، دۆریە ف گیاه «گوندۆڕ».
گوندۆرە: کاڵەك ف خربزه.
گوندوش: کندوش، شوژن، سووژن ف جوالدوز.
گوندە: ۱) جەوی گوێنی؛ ۲) خەتی جوان و رێك و پێك نوسراو؛ ۳) قەڵەو ف ۱) انگم گیاه گَوَن؛ ۲) خط زیبا و مرتّب؛ ۳) چاق.
گوندەراتو: خەساو، خەسیو ف اخته.
گوندەرهاتگ: گوندەراتو، خەساو ف اخته.
گوندەڵ: گاڵتەجار ف شوخی و مزاح.
گوندەڵبەست: چـاکردنەوە، دروسـت کردنەوەی خراوبـووگ ف مرمّت کردن.
گوندەڵە: ۱) کفته؛ ۲) پشتاوی چەرمینی ڕاوکەر ف ۱) کوفته؛ ۲) توبرهٔ شکارچی.
گوندەوێڵە: ناوی دێیەکە ف نام دهی است.
گوندی: دێ نشین ف ده نشین، روستایی.
گوندیرەمی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گوندێن: شوێنێ لە ئەندام کە گونی تێدان ف کیسهٔ بیضه.
گوندێنە: تلێتی خوساوی لێك هاڵاو ف تریدخمیر شده.
گۆنر: قونێر، دومەڵ، کونێر ف دُمَل.
گونرو: دڵناسك و دایم تووڕە ف زودرنج.
گونسەگاوی: گونی سەگلاو کە بۆ دەرمان دەشێ ف جند بیدستر.
گونشەیتان: بەردێکی خەیاڵییە دەیانگوت مس دەکا بە زێڕ ف اکسیر اعظم، سنگ فیلسوفان.
گونشێر: ژەنگەسوورە ف زنبور درشت.
گونك: ۱) گون، خایە؛ ۲) قوڕ؛ ۳) ئەنگوتك ف ۱) خایه؛ ۲) فتقی؛ ۳) چونهٔ خمیر.
گونكژمێر: ئەنگوتكژمێر، رەزیل، رژد، چكووس ف خسیس.
گونـك گرتن: ۱) ئەنگـوتـك گرتن، ئەنگـوتـك خڕدان؛ ۲) برێتی لە هیچ بۆنەکران: (**گونکـ** [illegible]ـن بگره) ف ۱) چونه گرفتن؛ ۲) کنایه از کاری نتوان کردن.
گونكە: ۱) خەساس؛ ۲) جۆرێ ترێی گلوگەورە ف ۱) اخته کننده؛ ۲) نوعی انگور درشت.
گونكەنە: ۱) خەساندن؛ ۲) خەساس ف ۱) اخته کردن؛ ۲) اخته کننده.
گونگ: گیای بژار، گیای بەزیان لە کێڵگەدا ف گیاه هرز.
گۆنگ: ۱) گۆنجەی ئاو؛ ۲) مانا نەزانراو؛ ۳) دەنگی وەشاندنی کوتکی

ئاسن ف ۱) تنبوشه؛ ۲) نامفهوم، گُنگ؛ ۳) صدای زدن پُتك.

گون گرتـن: گونــك‌گرتن، برێتی له هیچ بوێنــه‌کــران: (نــاتــوانێ **گونیشی‌بگرێ**) ف کنایه از کاری نتوان کردن.

گۆن گرۆ: تەمەڵ، تەوەزەل، تەپ، لەش گران ف تنبل.

گۆنگل: گاڵتەو بازی ف شوخی و بازی.

گونگلۆك: ڕەبەنۆك، گوڵەمیلاقە ف شقایق نُعمانی.

گونگولی: پرچی پڕمو، موی سەری پڕپشت ف موی سر پُرپُشت.

گونگونۆك: گیای زەرەند ف گیاه زرند.

گونگونەسە گانە: گیایەکی بن‌خڕی بۆگەنە بۆ ڕەنگی بەن بەکار دێت ف پیاز موشی.

گۆنگە: گۆنجە ف تنبوشه.

گۆنگەر: ۱) گۆنگل؛ ۲) زەنازەنا ف ۱) شوخی و بازی؛ ۲) همهمه و جنجال.

گۆنگەشە: چەقەوەرا، زەنازەنا ف دادوقال.

گۆنگەڵ: گۆنگەر ف نگا: گۆنگەر.

گۆنگیر: فریشتەی گیان کێشان ف عِزرائیل.

گۆنگیل: موی لوول‌و لێك‌هاڵاو ف موی فرفری.

گۆنگیلۆك: ڕەبەنۆك، گوڵەمیلاقە ف شقایق نُعمانی.

گونگێنە: گوندێنە، تلێتی زۆر نەرم‌و لێك هاڵاو ف ترید خمیرشده.

گۆنڵ: هــەڕەتی‌لاوەتـی، تاقی‌جوانی، جەنگــەی لەوەنـدی ف عنفـوان جوانی.

گونلە: کنك، کورتەباڵا ف کوتاه‌قد.

گونۆ: خەسیاگ، گون‌دەرهاتگ ف اخته‌شده.

گونۆڕ: قەلەندۆر، دۆریە ف گیاهی است.

گونۆژ: شوژن، سوژن، گونۆش ف جوالدوز.

گونۆش: سوژن ف جوالدوز.

گونۆش: گونۆش، سوژن ف جوالدوز.

گونۆڵە: گلۆڵەبەن ف گروهه‌نخ.

گونۆیی: قۆڕی، گون‌پەنەمان ف بیماری فتق.

گونە: کورتەباڵای خڕکەڵە ف کوتاه‌قدچاق.

گۆنە: ۱) کوڵمە؛ ۲) جۆر؛ ف ۱) گونه، رخسار؛ ۲) نوع.

گونەتوڵە: عەلوکی زەرد ف آلو زرد.

گونەسوورە: باجانا سوور، تەماتە ف گوجه‌فرنگی.

گونەسە گانە: گونگونەسەگانە ف نگا: گونگونەسەگانە.

گونەك: ۱) قۆڕ، گون‌ماسیو؛ ۲) بێچارە، کلۆڵ ف ۱) بیمار مبتلا به فتق؛ ۲) بیچاره، درمانده.

گونەکار: ۱) تاوانبار؛ ۲) درۆزن؛ ۳) ئەوی کاری خەساندنە، خەساس ف ۱) مُقصِّر؛ ۲) دروغگو؛ ۳) اخته‌کننده.

گونەکرن: خەساندن، گون‌دەرهێنان ف اخته‌کردن.

گونەکەڵەبابە: گیایەکە بەرێکی خڕی چکۆڵە دەگرێ ف گیاهی است.

گونەکەڵەشێرە: گونەکەڵەبابە ف گیاهی است.

گونەکی: قۆڕی، نەخۆشی گون‌ئاوسان ف بیماری فتق.

گونەگیسك: برێتی لە کورتەباڵا ف کنایه از کوتاه‌قد.

گونەگێسك: گونەگیسك ف کنایه از کوتاه قد.

گونەل: تاف جوانی، هەڕەتی گەنجی ف عنفوان جوانی.

گونەڵ: ۱) گلۆڵەبەن؛ ۲) کفتە؛ ۳) کورتەباڵا؛ ۴) خڕی پڕ بە چنگ ف ۱) گروهه نخ؛ ۲) کوفته؛ ۳) کوتاه‌قد؛ ۴) گردِ پُرِ یك مشت.

گونەڵان: دومبەڵان، چمە ف دنبلان.

گونەڵانی: شەڕەتۆپی بەفر ف برف بازی.

گونەڵبەست: چاکردنەوەی ڕۆخاو، گوندەڵبەسە ف مرمّت.

گونــەڵـە: ۱) خڕ و گرۆڤـەر وەك تۆپی دەست؛ ۲) کفتە ف ۱) کروی کوچك؛ ۲) کوفته.

گونەڵەلوتە: کەسێ سەری لوتی گەورەو خڕە ف کسی که نوك دماغش بزرگ و گرد باشد.

گونەوێڵە: گون‌و جێگەی گون پێوە هەڵاوەسراو ف خایه و خایه‌آویز.

گونەهـ: ۱) گوناح؛ ۲) ژارو بێچارە ف ۱) گناه؛ ۲) بینوا و بیچاره.

گونەهبار: خەتاکار، هەڵەکار ف خطاکار، گناهکار.

گونەهکار: گونەهبار ف خطاکار، گناهکار.

گۆنـی: ۱) تەلـیس؛ ۲) گوێنی؛ ۳) ڕەنگێنــراو؛ ۴) گوانی ئاژەڵ؛ ۵) گەرەکـە، ئەشێ؛ ۶) گیانـدار، زیندو؛ ۷) خوێن؛ ۸) شەڕی خوێنین، شەڕی سەخت ف ۱) گونی؛ ۲) گَوَن؛ ۳) رنگامیزی شده؛ ۴) پستان حیوانات اهلی؛ ۵) لازم است، باید؛ ۶) جاندار؛ ۷) خون؛ ۸) جنگ سخت.

گونیا: ئامرازێکی ئەندازیاری ف گونیا.

گۆنین: خوێناوی، خڵتانی خوێن ف خونالود.

گۆنێن: خوێناوی، گۆنین ف خونالود.

گوێنە: شێوی کەشك‌و ساوار ف آش کشك و بلغور.

گۆوەر: گوێلك ف گوساله.

گۆوەشت: هەوایـەکی کەونارای گۆرانیە ف از آهنگهای باستانی.

گۆوەند: گۆبەن، گۆڤەند ف اجتماع شادی.

گوە: ئەندامی بیستن ف گوش.

گۆە: ۱) گو، ئەندامی بیستن؛ ۲) گۆ، خڕایی هەر شتێ قیت ف ۱) گوش؛ ۲) گودی سر برجسته.

گوهار: ۱) گوارە، گۆشوارە؛ ۲) گۆڕان ف ۱) گوشواره؛ ۲) تغییر.

گوهارتن: گۆڕین ف ییر دادن.

گوهارتو: لەجیات، لەبەی، بەجێـی ف بەجای.

گوهارتۆ: وەکو، لەچەشنی، وەك ف مانند.

گوهارك: گوهار، گوارە، گۆشوارە ف گوشواره.

گوهارۆك: ۱) هەرشتی چکۆڵەی جەغزی بێ؛ ۲) ئاڵقەی دەرگا کوتان ف ۱) حلقەدار؛ ۲) حلقهٔ در.

گوهـارون: داری نێوان دەنـدەو ئێرەقە ف چوب میان چوب خیش و جای گاواهن.

گوهازتن: گوازتن، ڕاگوێزان ف انتقال دادن.

گوهاستن: گوهازتن ف انتقال دادن.

گوهاستۆ: دوبارەنوسینەوە، لاساکردنەوە لە نوسیندا ف نسخەبرداری، کپی کردن.

گوهان: گوان، جێگەی شیر لە حەیواندا ف پستان حیوان.

گوهاندار: بەگوان، ئاژەڵو جانەوەری بەمەمك ف پستاندار.

گوهبزن: گیایەکی دەشتەکیە ف از گیاهان علفی.

گوهبەران: گیای گوێ‌بەرخۆڵە ف از گیاهان خوراکی.

گۆهبەل: گۆبەل ف نگا: گۆبەل.

گۆهبەلە: بەلەباقە ف نوعی بیماری بُز.

گۆهبەلی: برێتی لە جاسوسی ف کنایە از جاسوسی.

گۆهپان: ١) برێتی لە تەنبەڵ؛ ٢) برێتی لە بێ‌ئاوەز ف ١) کنایە از تنبل؛ ٢) کنایە از نفهم.

گۆەپسیك: کارگەگولانە ف گیاهی است.

گۆهـپێل: ١) گوێ‌داـــەپـــاو؛ ٢) برێتی لە تەسلیم‌بوُگ ف ١) گوش فروهشته؛ ٢) کنایە از تسلیم شدە.

گوهتێل: سەرو بەندی تێ‌بەربوُنی حەیوانە کێوی ف موسم جفتگیری حیوان کوهی.

گوهچك: گوێ گچکەی دڵ ف بخشی از قلب کە شبیه گوش است.

گۆهدار: ١) بیسەر؛ ٢) سەرپەرست ف ١) شنوندە؛ ٢) سرپرست.

گۆهداری: کاری گۆهدار ف ١) شنیدن، گوش دادن؛ ٢) سرپرستی.

گۆهدان: ١) گۆە بۆقسەگرتن؛ ٢) خەمخۆری‌کردن ف ١) شنیدن؛ ٢) غمخواری کردن.

گۆهدرێژ: کەر، خەر ف خر، الاغ.

گوهدەر: سەرپەرشتی‌دڵسۆز ف سرپرست.

گوهـــدەرز: ١) گوێ‌کەت؛ ٢) پیاوی دور لە گاڵتـە؛ ٣) وریاو لەسـەر هەســت ف ١) شخصی کە بخشی از گوشش بریدە باشـــد؛ ٢) آدم جدّی؛ ٣) حسّاس و باهوش.

گۆهدێر: گوهدار ف نگا: گوهدار.

گۆهدێری: ١) گوهدان؛ ٢) سەرپەرشتی ف ١) گوش بە حرف دادن؛ ٢) سرپرستی.

گوهڕەپ: ١) گوێ‌زل؛ ٢) برێتی لە نەزان‌و نەحمەق ف ١) بزرگ گوش؛ ٢) کنایە از نادان.

گوهری: گۆری، قوربان ف قربان.

گوهسارە: ئەستێرۆك، گوڵەستێرە ف کرم شبچراغ.

گۆهسفورە: پەلکەداری تازەدەرهاتگ ف برگ نو دمیدۀ درخت.

گوەسم: هەزارپێ ف هزارپا.

گوهش: ١) بورنەوە، دڵ‌بوُرانەوە؛ ٢) پاژنەی کەوش ف ١) غش کردن؛ ٢) پاشنۀ کفش.

گوەش: گوێچکە، گوێ، ئەندامی بیستن ف گوش.

گوهشك: رەفیسکە ف رگ درشت زیرزانو.

گۆهشـۆڕ: ١) گوێ داتـەپـاو؛ ٢) برێتی لە خەجاڵەت، چاوشۆڕ ف ١) گوش فروهشته؛ ٢) کنایە از شرمسار.

گوهشی: دڵ‌لەخۆچوُگ، بێهۆش کەوتو ف غش کردە.

گوەفرە: گوێ‌نەدەر، گەللایی ف لاأُبالی.

گۆهکتك: گیایەکی تاڵە دەرمانی کرمان ف گیاهی تلخ داروی ضدّ کرم.

گوهکون: گوێ‌قولاغ ف گوش بە زنگ.

گوهکەرك: گیایەکە دەرمانی مایەسیریە ف گیاهی است دارویی.

گوهکەرۆك: گوهکەرك ف گیاهی است دارویی.

گوهگران: گوێ‌گران، کەسێ دێر دەبیسێ ف گران‌گوش.

گوەل: ١) ئەستێلك، هەسێڵ، گۆل؛ ٢) هەرشتی جغز؛ ٣) کون لەدیوار بۆ روانگە ف ١) استخر؛ ٢) هرچیز مدوّر؛ ٣) سوراخ محل دید در دیوار.

گوهماکەر: بێ‌ئاوەز، بێ‌عەقڵ، کەرو ئەحمەق ف ابلە، نفهم.

گوهماسی: گوێ‌ماسیلکە ف گوش ماهی.

گوهمشك: گوێ‌مشکە، گیایەکی دەشتەکیە ف از گیاهان علفی.

گوەمە: پەچەی پەز بۆ شەوێن ف چراگاە گوسفندان در شب.

گوهن: ١) تافی جوانی، هەڕەتی لاوی؛ ٢) پیو، چەورایی ئاوزگ ف ١) عنفوان جوانی؛ ٢) پیە.

گۆهن: وەباهاتنی بزن‌و مەڕ، گۆن ف جفت خواهی گوسفند و بُز.

گوەند: پەتی قوڵەی ئەستوری موُیین ف طناب کوتاە و کُلفت پشمی.

گۆهنەسمتی: ١) گوێ‌کون‌نەکـراو؛ ٢) برێتی لە گوێ‌نەبیس ف ١) گوش ناسُفتە؛ ٢) کنایە از حرف نشنو.

گوەنـــێر: ١) جەنـــگـــەی بەران‌تێ‌بەردان؛ ٢) هەڕەتـــی جوُت‌بوُنـی حەیوانـەکێوی ف ١) موسم جفتگیری در گلّە؛ ٢) موسم جفتگیری حیوانات وحشی.

گوەنیرك: گوەنێر ف نگا: گوەنێر.

گوهۆڕ: زەوی تەخت، گۆڕ ف زمین هموار.

گوهوُر: ١) پەین؛ ٢) زبڵ و زاڵ؛ ٣) شتی زێدەو بێکارە ف ١) پهن؛ ٢) آشغال؛ ٣) آت و اشغال.

گوهوُشك: بـەری داریکی لێرەوار کە سورو ترشە ف زالزالك.

گوُهوك: نەرمەی گوێ، شلکەی گوێ، بەڵگەی گوێچکە ف نرمۀ گوش.

گوهـەر: ١) تەویلە، پشتێر؛ ٢) زنج‌بۆئاژەڵ ف ١) اصطبل؛ ٢) محوطۀ محصور از نی برای نگهداری دام.

گوهەڕ: ١) شت بە شت؛ ٢) گۆڕایی لەنێوان دوتەپك‌و بڵندایی‌دا ف ١) معاوضە؛ ٢) درّۀ فراخ.

گوهەڕاندن: گۆڕینەوەی شت بە شت ف معاوضە کردن.

گوهەرزێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

گوهەڕین: ١) گوهەڕاندن؛ ٢) گۆڕین ف ١) معاوضە؛ ٢) عوض کردن.

گۆهشك: قسەنەبیس ف حرف نشنو.

گوهێر: دەمی تێ‌بەربوُنی کێویان ف موسم جفتگیری حیوانات کوهی.

گوهێڕ: دراوگۆڕەوە ف صرّاف.

گوهێڕبار: شیاوی گۆڕان ف قابل تغییر.

گوهێڕك: جێگەی پارەگۆڕینەوە ف صرّافی.

گوهێڕەك: وەگۆڕانی شت بەشت ف معاوضە.

گوهێز: راگوێز: (ماڵ گوهێز) ف منتقل کننده.

گوهیژ: بلچ، بلت، گفیش ف زالزالك.

گوهیش: حەیزەران، داری حەیزەران ف خیزران.

گوهیشك: ١) گوهیژ؛ ٢) زەفیسکە، ڕەگی ئەستووری بەر زرانی ف ١) زالزالك؛ ٢) شاهرگ وریدی پا.

گوهێ شەیتانك: گوژاڵك، کاڵەکەمارانە ف هندوانۀ ابوجهل.

گوهێ شەیتێن: عەنزەرۆوت ف از شیرەهای گیاهی که مصرف دارویی دارد.

گوێ: گۆ، گوە، گوش، ئەندامی بیستن ف گوش.

گۆی: تۆپی خڕی دارین بۆ کاشۆ بازی ف گوی چوگان بازی.

گۆیا: ١) گوایە؛ ٢) هۆزێکی کوردە لە نزیك چیای جودی کە لە قورعاندا باسی هاتوە ف ١) نگا: گوایە؛ ٢) طایفەای کُردزبان نزدیك کوه جودی.

گۆیار: ئێشك گری قەڵا ف دیدبان قلعه.

گۆیاری: برجی ئێشك گری قەڵا ف برج دیدبانی.

گۆیان: ١) هۆزێکی کوردە لە کوردستان؛ ٢) لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف ١) طایفەای در کردستان؛ ٢) روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گوێ بڕ: دەسبڕ، گوشبڕ ف کلاهبردار.

گوێ بڕکە: نەخۆشیەکی زارۆکانە ف بیماری گوش کودکان.

گوێبڕە: پەینی زەرعات ف کود.

گوێ بەرخۆڵە: گیایەکە دەخورێ، گۆشت بەرخۆك ف گیاهی است خوردنی.

گوێ بەرخە: گوێ بەرخۆڵە ف نگا: گوێ بەرخۆڵە.

گوێ بە گوێ: پێکەوەجوت، برێتی لە دۆستایەتی زۆر توند ف دوشادوش.

گوێ بەل: ١) گوێ بەل؛ ٢) برێتی لە جاسوس ف ١) گوش برجسته و پیچیده؛ ٢) کنایه از جاسوس.

گوێ بیس: ١) کەسێ کە بەقسەی لە خۆگەورەتر دەکا؛ ٢) خەبەر بیستو: (وا **گوێ بیس** بووم کە باران باریوە)؛ ٣) برێتی لە کوڵەکەر ف ١) حرف شنو از بزرگتران؛ ٢) خبردار؛ ٣) کنایه از خبرچین، جاسوس.

گوێ بیست: گوێ بیس ف نگا: گوێ بیس.

گوێ پچڕ: ١) کێ بەرکێ لە ڕفاندندا؛ ٢) کێ بەرکێ لە هەڵگرتنەوەی شت لە عەرز ف ١) مسابقه دررُبودن؛ ٢) مسابقه در برچیدن از روی زمین.

گوێ پچڕکێ: گوێ پچڕ ف نگا: گوێ پچڕ.

گوێ پچڕ گوێ پچڕ: ١) بە دژواری و زەحمەتی زۆر: (گرتبوویانم بە **گوێ پچڕ گوێ پچڕ** ڕزگاریم هات)؛ ٢) بە پەلە پەل ف ١) با هزار زحمت؛ ٢) با شتاب زیاد.

گوێ پروچکێن: گوێی یەکتر کێشان لە سەرشت ف گوش همدیگر را بر سر چیزی کشیدن.

گوێت: ١) گوێی تۆ، گوها تە؛ ٢) خاڵێکی سووری لە بیچمی دڵە لە پەڕی قوماردا، کوپە ف ١) گوش تو؛ ٢) خالی قرمز درورق بازی، دل.

گوێ تەقێ: گوێ قوت کردن بۆ قسەی خەڵك ف گوش به سخن مردم فراداشتن.

گوێ تیر: ئەو ئامرازەی ژێی کەوانی پێ توندو شل کراوە ف ابزار تنظیم زه کمان.

گویج: ڕەنگی قاوەیی ئاماڵ سپی ف قهوه‌ای مایل به سپیدی.

گوێج: گفیشك، بلچ ف زالزالك.

گوێ جمجمەکێ: جۆرێ هەنگورە ف نوعی انگور.

گوێچ: ١) پارەو جگێ کە لە کایە دادەکرێ؛ ٢) بەش، بارە، پارە: (**گوێچی** من بدە) ف ١) پول یا شتالنگی که بر زمین گذارند و با تیله می‌زنند؛ ٢) قسمت، سهمیه.

گوێچك: ١) گوێ، گوش؛ ٢) سوچ، قوژبن؛ ٣) قیتەوەبو لە شتێ: (**گوێچکی** جەواڵەکە بگرە) ف ١) گوش؛ ٢) گوشه؛ ٣) برآمده از چیزی، برآمدگی.

گوێچکە: گوێچك ف نگا: گوێچك.

گوێچکەپچڕکێ: ١) گوێ پچڕ؛ ٢) گوێی یەکتر کێشان ف ١) نگا: گوێ پچڕ؛ ٢) گوش همدیگر را به شوخی کشیدن.

گوێچکەپروچکێ: گوێ پچڕ گوێ پچڕ ف نگا: گوێ پچڕ گوێ پچڕ.

گوێچکەپروسقێ: ١) گوێ کێشانی یەکتری، گوێ پروچکێن؛ ٢) قوتکە پەڕاندن، جۆرێ کێ بەرکێی بەردهاویشتنە ئامانجە ف ١) گوش همدیگر را کشیدن؛ ٢) گوشه‌زدن در پرتاب سنگ به هدف.

گوێچکەتەقێ: گوێ تەقێ ف نگا: گوێ تەقێ.

گوێچکەتەکاندن: گوێ دان بە قسە ف گوش به حرف دادن.

گوێچکەتەکانن: گوێچکەتەکاندن ف گوش به حرف دادن.

گوێچکەدان: گوێچکەتەکاندن ف گوش به حرف دادن.

گوێچکەزرنگیان: دەنگ لە ناوگوێ هاتن ف صدا دادن گوش، صدا حس کردن در گوش.

گوێچکەشلکردن: گوێ دان بە قسە ف گوش فراداشتن.

گوێچکەگرتن: ١) گوێ دان بە قسە؛ ٢) خۆ لە قسەی خەڵك مات کردن ف ١) حرف شنیدن؛ ٢) استراق سمع.

گوێچکەماسی: گوش ماساو ف گوش ماهی.

گوێچکەمڵە: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف مرزنگوش.

گوێچکەنەلەقیان: ١) گوێ نەدان بە قسەی کەس؛ ٢) گرنگ نەگرتن ف ١) گوش ندادن به حرف هیچکس؛ ٢) اهمّیّت ندادن.

گوێچەنە: بنەتەشی، چەرمێکی کونەدە کلکەتەشی دەخرێ ف حلقه‌ای چرمی در تیردوك.

گوێ خەفاندن: تەمەڵی کردن، خستنە پشت گوێ ف اهمال کردن.

گوێدار: گوهدار ف نگا: گوهدار.

گوێداری: گوهداری ف نگا: گوهداری.

گوێ دان: گوهدان ف نگا: گوهدان.

گوێدرێژ: کەر، خەر ف الاغ.

گوێدەر: بیسەر، گوهدار، گوێ دێر ف شنونده.

گوێدێر: گوێدەر، بیسەر ف شنونده.

گوێ دینج: لا، بێ لایەنگری ف **بیطرف.**

گوێر: ١) گۆلکی لەشیرخواردن دەرچوُگ؛ ٢) قولانج؛ ٣) کونی بەرداش ف ١) گوسالهٔ از شیر بریده؛ ٢) باز؛ ٣) سوراخ سنگ آسیا.
گوێڕ: ناوی شارۆکێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف نام شهرکی در کردستان که بعثیان ویران کردند.
گویرانش: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گوێڕایەڵ: ١) کەسێ کە قسەی پەندو قسەی گەورەتران بەجێ دێنێ؛ ٢) فەرمانبەر ف ١) پند شنو، پندپذیر؛ ٢) فرمانبر.
گوێڕایەڵی: بەرفەرمانی ف فرمانبرداری
گُویرز: گورز ف گُرز.
گوێڕك: بەردی خڕو گردی ژێر بەرداش ف محور زیر سنگ آسیاب.
گوێرمـە: کەم‌کەم گوان بەگوێلك مژاندن بۆ شیردانی چێڵ ف بەتدریج گوساله را به مُك زدن پستان مادر وادارکردن برای شیردوشیدن از گاو.
گوێرو: ١) گوێر، کونی بەرداش، گوێل؛ ٢) قولانج ف ١) سوراخ سنگ آسیاب؛ ٢) میان شست و ابهام، باز.
گوێرە: گۆرە، بەرانبەربە: (بە گوێرەی قسەی تۆ دەبێ هاتبێ) ف برطبق.
گوێ ڕەپە: نەخۆشی بنانگوێ ئەستوُربوُن ف نکاف، بیماری اوریون.
گوێ ڕەش: جۆرێ پشیلەکێوی‌یە ف سیاه گوش.
گویرەکە: گۆلك ف گوساله.
گویرەکەسوُرە: خاڵخاڵۆکە ف حشرهٔ کفشدوزك.
گوێرەما: گوێرمە ف نگا: گوێرمە.
گویرەوسار: گوُرەسا ف افسار گوساله.
گوێرێژ: گوێدرێژ ف خر، الاغ.
گوێز: ١) قوێز، گوُز، گرتـەکـان؛ ٢) گواز، لە شوێنێ بۆ شوێنێ‌تر: (ئالو گوێزیانە) ف ١) گردو؛ ٢) نقل و انتقال.
گُویز: گوێز، قوێز، گوُز ف گردو.
گوێزان: ١) گوُزان، چەقۆی موُتاشین، تیخی موُتاش؛ ٢) گوازتنەوە؛ ٣) کایەبەگـوێزکردن ف ١) استـره، تیغ موتـراشی؛ ٢) انتقـال؛ ٣) گردوبازی.
گُویزان: گوێزان ف نگا: گوێزان.
گوێزانـەوە: لە شوێنێ بۆ شوێنێ بردن یان چوُن، گوازتنـەوە ف مُنتقل شدن یا مُنتقل کردن.
گوێزبەلە: گیایەکە ئەخورێ ف گیاهی است خوردنی.
گوێزر: کوێزر، کوُزر ف کوزر.
گوێ زرینـگـان: ١) دەنگـەدەنـگ لە ناوگوێ هاتن؛ ٢) برێتی لە هۆش‌هاتنەبەرو بەئاگابوُن ف ١) صدادادن گوش؛ ٢) کنایه از شست بیدارشدن، هشیارشدن.
گوێ زرینگـانـەوە: دەنـگ لەگوێ‌هاتن: (کـە گوێم زرینگـایەوە وا دەنگی زەنگی وشتـری لەیلە/ ئەوا لەولایشـەوە مەجنـوُنـە دەگری شیوەنە ئەمشەو) «پیرەمێرد» ف صدادادن گوش.
گوێزك: قاپی پا ف قوزك پا.
گُویزك: گوێزك ف قوزك پا.

گوێزلك: گوُزلك، چاویلکە، عەینەك ف عینك.
گوێزنکی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گوێزنگ: گوێزك ف قوزك پا.
گوێزو: ئەو ئامرازەخڕەی کە شوُشەچرا ڕادەگرێ ف حباب چراغ.
گوێزە: ١) گوێزو؛ ٢) برێتی لە کورتـەبـاڵای تەنگەستوُر ف ١) حباب چراغ؛ ٢) کنایه از کوتاه قد شکم گنده.
گوێزەبانە: گوُزەبانە ف نگا: گوُزەبانە.
گوێزەڕەش: ١) داری پەڵـك؛ ٢) گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) درخت تَرنگـوت؛ ٢) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گوێزەکوێرە: ١) گوێزی پوُچ؛ ٢) ناوی دێ‌یەکە ف ١) گردوی پوك؛ ٢) نام دهی است.
گوێزەگوێز: گوازتنەوەی زۆرو لەدوی‌یەك ف انتقالات پشت سر هم.
گوێزەڵان: باغی دارگوێزان ف باغ درخت گردکان.
گوێزەوان: گوُزەبانە، گوێزەبانە ف نگا: گوُزەبانە.
گوێزەوانە: گوێزەبانە، گوُزەبانە ف نگا: گوُزەبانە.
گوێزهینـــد: میوەیەکی خڕی زەلامــە دەورەی بە پرزە گیراوەو شیری لەناودایە ف نارگیل.
گوێزی: ڕەنگی ڕەشی ئامالْ‌سوُر ف رنگ سیاه سرخ فام.
گوێزی ئازا: برێتی لەمرۆی ساغ‌و چالاك ف کنایه از آدم سالم و چابك.
گوێزیلێ: ناوی گوندێکە ف نام دهی است.
گوێزێن: گاڵتە بەگوێزکردن، بازی گوێزان ف گردوبازی.
گوێزی ناوبێژنگ: برێتی لە بزۆزی نۆقرەنەگر ف کنایه از آدم بی‌آرام.
گوێزی ناوداخڵە: ١) گوێزی پچوُك کە دەناو داخڵەی دوکانی دەخەن؛ ٢) برێتی لە کورتـەبـاڵای زرنـگ ف ١) گردوی قُلك؛ ٢) کنایه از کوتاه‌قد چُست و زرنگ.
گوێزی ناودەغیلە: گوێزی ناوداخڵە ف نگا: گوێزی ناوداخڵە.
گوێزینگ: قاپی پا ف قوزك پا.
گوێژ: بلچ، گڤیشك، گوهیژ ف زالزالك.
گُویسکی: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
گوێسوانە: پاسارە، سوانە ف لبهٔ بام.
گوێ سوُك: کەسێ کە زو دەنگ دەبیسێ، بەرانبەری گوێ گران ف گوش سبك.
گوێسەبانە: گوێسوانە، پاسارە ف لبهٔ بام.
گوێ شل کردن: گوێ بۆ قسە ڕاگرتن ف گوش فرادادن.
گوێ شۆڕ: گوهشوڕ ف نگا: گوهشوڕ.
گوێ قولاخ: لەسەرەهەست ف گوش به زنگ.
گوێ قولاغ: گوێ قولاخ ف گوش به زنگ.
گوێ کار: گوێ بەرخوڵە، گیایەکە ف گیاهی است.
گوێ کەت: کەسێ کە هێندێك لە گوێی پەڕیبێ ف ناقص گوش.

گوێگر: بیسەری قسەی قسەکەر ف شنونده.

گوێ گران: ١) بیسەران؛ ٢) کەسێ کە درەنگ دەبیسێ، بەرانبەری گوسوك ف ١) شنوندگان؛ ٢) گران گوش، سنگین گوش.

گوێ گرتن: گوێدان بە قسە ف گوش فرادادن.

گوێل: ١) پڕ دەستی بە قوڵکراوی؛ ٢) قولانج؛ ٣) کونی بەرداش؛ ٤) گوڵك ف ١) پُریك کفِ دست؛ ٢) میان انگشت سبابه و ابهام، باز؛ ٣) سوراخ سنگ آسیا؛ ٤) گوساله.

گوێلاندن: بە دەست مێژاندنی گوڵك لە کاتی دۆشینی چێڵدا، گوێرمە ف نگا: گوێرمە.

گوێلم: پڕی دەستێ، گوێل ف پُریك کفِ دست.

گوێلە: ١) کونی بەرداش؛ ٢) پڕی یەك دەست ف ١) سوراخ سنگ آسیا؛ ٢) پریك کفِ دست.

گوێلەق: ١) گوێ‌سۆڕ، گوهشۆڕ؛ ٢) بڕێتی لە بنیادەمی کەرو نەفام ف ١) نگا: گوهشۆڕ؛ ٢) کنایه از احمق.

گوێ لەمست: گوێ ڕایەڵ ف نگا: گوێ ڕایەڵ.

گوێ لەمشت: گوێ لەمست، گوێ ڕایەڵ ف نگا: گوێ ڕایەڵ.

گوێلەمە: مژاندنی کەم‌کەمەی گوێلك بەر لە دۆشینی مانگا، گوێرمە ف نگا: گوێرمە.

گوێلەوسار: گوڕەسا ف افسار گوساله.

گوێ لێ ئاخنین: گوێ خەفاندن ف اهمال کردن.

گوێ لێ بوُن: شنەوتن ف شنیدن.

گوێ لێ خەفاندن: گوێ خەفاندن ف اهمال کردن.

گویلیکا: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گوێ ماسیلکە: گوێ ماساو ف گوش ماهی.

گوێ ماسیلە: گوێ ماسیلکە ف گوش ماهی.

گوێ مشکە: ١) گیایەکە؛ ٢) پەلکی تازەدەرکەوتو ف ١) گیاهی است؛ ٢) برگ تازه‌دمیده.

گوێ مڵە: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف مرزنگوش.

گوین: گوان: (نێنگوین) ف پسان حیوان.

گوێن: لەڕەنگ، لەجۆر، وەك ف همانند، مانا.

گۆین: باڵدارێکی شەوبێدارە ف پرنده‌ای شب بیدار.

گۆیندە: قسەکەر ف گوینده.

گۆیننە: گۆیندە ف گوینده.

گوێنو: ١) پنجەگیایەکە دڕکاوی کەتیرەو گوندەی دەبێ و بۆ سوُتاندن بەکارە؛ ٢) گوُنی ف ١) گیاه گَوَن؛ ٢) گونی.

گوێ نەدان: گوێ پێ نەدان، خۆلێ بواردن ف اهمال.

گوێنی: گوێنو ف نگا: گوێنو.

گوێنی جەباری: جۆرێ گوێنی زەردە کەتیرەی لێ دەگرن ف گَوَن کتیرا.

گوێنیەڕەشە: جۆرێ دڕکەگوێنو ی زۆر بڵندە جەوی لێ دەگرن ف گَوَن سیاه که انگمش گنده است.

گوێنیەزەردە: گوێنی جەباری ف گَوَن کتیرا.

گویە: گوێ ف گوش.

گویەند: پەتی ئەستوُری قوڵە لە موُ ف رَسَن کوتاه و ستبر از موی بُز.

گۆیین: ١) گۆرین؛ ٢) گۆین، باڵدارێکی شەوبێدارە ف ١) فلان، یارو؛ ٢) پرنده‌ایست شب بیدار.

گۆیێن: بازی کاشۆ، کاشۆبازی ف گوی و چوگان بازی.

گە: ١) یەنـدی پێشە: (پام لە **گە** چوە)؛ ٢) مان‌گرتن لە ڕۆیشتن: (ئەم ئەسپە **گە** دەگرێ)؛ ٣) پاشگر بەواتا: جێ؛ ٤) ئەگەر؛ ٥) باریکایی سەرپشتی چارەوێ ف ١) مَفْصَل استخوان؛ ٢) اعتصاب حیوان؛ ٣) پسوند به معنی جا؛ ٤) اگر؛ ٥) باریکهٔ روی پشت اسب.

گها: ١) گیا؛ ٢) گەیشت؛ ٣) ماندگ، شەکەت ف ١) گیاه؛ ٢) رسید؛ ٣) خسته.

گهار: ١) زنج بۆ پەز؛ ٢) گوارە؛ ٣) بواری چەم ف ١) محوطهٔ محصور برای دام؛ ٢) گوشواره؛ ٣) گُدار رودخانه.

گهاشتن: ١) گەیانـدنی راسپێری؛ ٢) گەیاندنی مێوە ف ١) رساندن سفارش؛ ٢) رسانیدن میوه.

گهان: ١) کۆبوُنەوە؛ ٢) ڕۆژی پەسڵان، عەشر؛ ٣) گەیشتن ف ١) اجتماع؛ ٢) روز حَشر؛ ٣) رسیدن.

گهاندن: گەیاندن، گهاشتن ف رسانیدن.

گهاندەك: پیتی بادانەوەسەر مەبەست ف حرف عطف.

گهان هەڤ: لێکتر کۆبوُنەوە ف اجتماع کردن.

گەبر: گاور ف گبر.

گەبرگە: ١) کورتەباڵای زگ‌زل؛ ٢) جۆرێ کایەی زۆرخانە؛ ٣) دەهۆڵی گەورە ف ١) کوتاه قد شکم گنده؛ ٢) نوعی ورزش زورخانه؛ ٣) دُهول بزرگ.

گەبرە: دەستکێشی لباد بۆشاڵ‌وقاشاغ ف دستکش نمدی برای نظافت ستور.

گەبۆل: ١) نواڵە لە ئاردو ورتکەساوار بۆ گوڵکی ساوا؛ ٢) کاڵ‌هەیران ف ١) نواله از آرد و بلغور برای گوسالهٔ نوزاد؛ ٢) نوعی آش.

گەبە: گابنێرك، گوێڕەپەی گا ف نکاف گاو.

گەبەر: بەرەڵداو بێکار ف ویلان و بیکار.

گەبەزە: ١) زلحوزت، زەبەلاح؛ ٢) بڕێتی لە بەفیز، لەخۆبایی، بادی‌هەوا ف ١) تنومند؛ ٢) کنایه از متکبّر.

گەبەك: مافوُرەی تیسك‌درێژ، قاڵی خرسەك ف قالی خرسَك.

گەبەڵ: ١) تالاو، زەلکاو؛ ٢) قەبەڵ، پێ‌سپاردن ف ١) مرداب، نیزار؛ ٢) سپردن.

گەبەڵە: دارستانی چوغور ف جنگل انبوه.

گەپ: ١) گاڵتە، شۆخی؛ ٢) قەپ، گاز بە ددان؛ ٣) حەپ، قوُت: (گەپی کە)؛ ٤) زەلام، درشت؛ ٥) بنیادەمی جێ بەرز؛ ٦) حەپەی بێ‌ددان ف ١) شوخی و هزل؛ ٢) گاز با دندان؛ ٣) بلع؛ ٤) درشت، گنده؛ ٥) بلندپایه؛ ٦) واق سگ بی دندان.

گەپتر: زلتر ف بزرگتر.

گەپجاڕ: گاڵتەجاڕ [ف] مسخره، دلقك.

گەپچاندن: ١) ڕوُخاندن، ڕماندن؛ ٢) ویك‌كەوتن [ف] ١) خراب کردن؛ ٢) برخورد.

گەپروگ: جیقڵدان، جیکڵدانە [ف] چینەدان.

گەپگوڕ: زەنازەنا، چەقەچەق [ف] همهمه و غوغا.

گەپل: بەرهەڵست، پێش‌لێ‌گر [ف] مانع سر راه.

گەپلە: ١) چمـە، دونبـەلان؛ ٢) گیایەکەدەخورێ، پیازەخوٚگانە [ف] ١) دُنبلان؛ ٢) گیاهی است که پیاز آن خوردنی است.

گەپلەسەن: ناوی دێ یەکە [ف] نام روستایی است.

گەپو: پیری لەکارکەوتو [ف] پیر لکنته.

گەپوڵ: شەپلەلێدراو [ف] فلج، لمس.

گەپولی: شەپلە، تایبەتی‌بوٚدەستی شەپلە لێدراوی دەڵێن [ف] بیماری فلج.

گەپـە: ١) حەپـەی پیرەسەگ؛ ٢) قوم، فڕ؛ ٣) بوٚشایی زار [ف] ١) واق سگ بی‌دندان؛ ٢) جُرعه؛ ٣) فضای دهان.

گەپەگەپ: حەپەحەپی بێ‌ددان [ف] واق واق سگ بی‌دندان.

گەپین: حەپین، ڕەوین، وەڕین [ف] پارس کردن.

گەجە: غەوارە، غەریبە [ف] بیگانه، ناشناس.

گەجەر: کز، داڵگوٚشت [ف] لاغر.

گەجـەرگوجەر: ١) ئاژەڵەکزەکان؛ ٢) برێتی لە خوٚڕی‌و توٚڕی [ف] ١) دامهای لاغر؛ ٢) کنایه از رجّاله و لاتها.

گەچ: کانـزایەکی سپیە لە کلّدا کەمێك سوٚردە کـرێتەوەو لە بەننایی دا بەکار دەبرێ [ف] گچ.

گەچاو: ١) ئاوەگەچی تراو؛ ٢) نەخوٚشیەکە بوٚ چاو [ف] ١) آب گچ رقیق؛ ٢) یکی از بیماریهای چشم.

گەچکاری: ١) بەگەچ کارکردنی بەننا؛ ٢) خەت‌و گوڵ بڕینی بە گەچ لە خانو بوٚ جوانی [ف] ١) گچکاری؛ ٢) گچ‌بُری خانه‌ها.

گەچڵ: سیس، ژاکاو [ف] پژمرده، پژولیده.

گەچلان: سیس‌و چرچ‌بوُن، ژاکان [ف] پژولیده‌شدن.

گەچلاندن: ژاکاندن [ف] پژمرده‌کردن.

گەچە: گەجە، غەریبە [ف] ناشناس، بیگانه.

گەچینە: ١) کانی گەچ؛ ٢) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] ١) معدن گچ؛ ٢) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گەد: ١) گە، مان، بێ‌چەقاندن‌و نەڕوٚیشتنی حەیوان؛ ٢) زگ‌و کرش؛ ٣) زەوی پڕ لە کەنـدو لەند؛ ٤) ئاکار، ڕەوشت [ف] ١) اعتصاب از رفتن حیوان؛ ٢) شکم و شکمبه؛ ٣) زمین ناهموار؛ ٤) اخلاق، منش.

گەدا: ١) پارسەك، سواڵکەر، خوازەڵوٚك؛ ٢) کچ، کەنیشك [ف] ١) گدا؛ ٢) دختر.

گەداقـوٚز: پارسەکی بەفیز کە خوٚی بە خاوەن‌پارە شان دەدا [ف] گدای لافزن که ادّعای ثروتمندی کند.

گەداندن: پارسەکی کردن، سواڵکردن [ف] گدایی.

گەدایی: کاری پارسەك [ف] گدایی.

گەدك: بالاتر لە ڕان تا بەر سنگ، زگ‌و عوُر [ف] شکم و شکمبه.

گەدگ: گەدك [ف] شکم و شکمبه.

گەدگـر: ئەسپێ کە لە ڕوٚیشتن سەرپێچی دەکـا [ف] اسبی که از رفتن سر باز زند.

گەدگن: زگ‌زل [ف] شکم گنده.

گەدگیر: ١) گەدگر؛ ٢) برێتی لە سەرسـەخت‌و پەلێگـر [ف] ١) نگـا: گەدگر؛ ٢) کنایه از لجاجت پیشه.

گەدگین: چێشتی پارچەعوُر [ف] غذای سیرابی.

گەدوُك: ڕێباز بەقەدی کێودا، ڕێ بە گەوەدا [ف] راه از کمر کوه.

گەدوگیپاڵ: بیچمی زگ‌و سمت پێکەوە [ف] نمای شکم و باسن باهم.

گەدە: ١) جێگەی ڕێخوٚلان، عوُر؛ ٢) لە ناوك بەرەژێر تا سەر ڕان؛ ٣) وشـەیەکـە بەواتا: فلان کە بوٚ خوٚشەویستی دەڵێن؛ ٤) کوێستانێکی بەناوبانگە؛ ٥) کوڕ [ف] ١) شکمبه؛ ٢) از زیر ناف تاران؛ ٣) فلان؛ ٤) ییلاقی مشهور درکردستان؛ ٥) پسر.

گەدەبەل: سەرسەخت‌و نەساز [ف] لجاجت‌پیشه.

گەدەبەلی: سەرڕەقی‌و نەسازان [ف] لجاجت.

گەدەفشە: جوٚرێ ماسی [ف] نوعی ماهی.

گەدەق: ورگ، گەد، عوُر [ف] شکمبه.

گەدەك: پالاغـی سێ‌سالـە، بەچـکـە گامێشی سێ‌بەهـاردیتـە [ف] بچه‌گامیش سه‌ساله.

گەدەول: قوٚڕ، گون شوٚڕەوبوٚگ [ف] فتقی.

گەدەولی: قوٚڕی [ف] بیماری فتق.

گەدەیەی: ڕوٚژگاری منداڵی، زاروٚکێتی [ف] دوران کودکی.

گەدەیی: گەدەیەی [ف] دوران کودکی.

گەر: ١) جومـگـەی یەکـسـم؛ ٢) ئەگەر؛ ٣) بوٚست، بست؛ ٤) چك، قوێرەی جگ؛ ٥) کونی دەستـاڕ؛ ٦) پاشگـری بەواتـا: دروسکـەر: (زێڕ ینگەر، ئاسنگەر)؛ ٧) دەگەڵ، ڕەگەڵ [ف] ١) مُچ ستور؛ ٢) اگر؛ ٣) وجب؛ ٤) گودی شتـالنگ؛ ٥) سوراخ دست آس؛ ٦) پسوند به معنی استادصنعت؛ ٧) همراه.

گەڕ: ١) سوُڕانەوە: (ئاش دە **گەڕێ**)؛ ٢) ڕوٚیشتن: (کابرا دنیا **گەڕە**)؛ ٣) ڕوائین بوٚ سوٚسـەکـردن: (شتێکم گوم‌کردوە لێی دە **گـەڕێم**)؛ ٤) وازلێ‌هێنـان: (لێم **گەڕێ** با بچم، بوٚی مە**گـەڕێ**، لێی **گەڕێ**)؛ ٥) فێڵ‌و گزی: (**گـەڕ**بازە ڕاست نیە)؛ ٦) تەشقەلە، شلتاغ: (**گەڕی** تێ هالانـدوم)؛ ٧) ڕەواج، برەو: (بـازاڕی هێلکـە لە **گەڕ** دایە)؛ ٨) تەپـوٚلکـەی بەردین؛ ٩) سەرسـەختی‌و لاسـاری؛ ١٠) گڕوێ، نەخـوٚشیەکـە: (**گەڕ** بوە)؛ ١١) گوٚڕایی، تەختایی زەوی؛ ١٢) نوٚرە، نوٚگـە؛ ١٣) گێـژاوی گوٚم؛ ١٤) سەرچـاوەی ئاوی گـەرم‌و سوێر: (**گـەڕاو**)؛ ١٥) پێچ، پێچ‌دراو: (شـاڵی سەرت بە**گـەڕگـەڕە**)؛ ١٦) مزراح؛ ١٧) خولخوله؛ ١٨) خولێکی زەمانە، چەرخ [ف] ١) چرخیدن؛ ٢) رفـتن، گردش؛ ٣) پیجـو یی؛ ٤) دست برداشتن؛ ٥) حیله؛ ٦) شلتـاق؛ ٧) رواج؛ ٨) تپـهٔ سنگی؛ ٩) لجاجت؛ ١٠) بیماری‌گری؛

۱۱) زمین هموار؛ ۱۲) نوبت؛ ۱۳) گرداب؛ ۱۴) چشمه آب معدنی؛ ۱۵) تاب داده شده؛ ۱۶) گردنا؛ ۱۷) فرفره؛ ۱۸) قرن.

گەرا: ۱) تۆمی وردی هێشتانەگۆڕاوی بێ‌بزاوی جانەوەران؛ ۲) بەرزو ئەستوور. بۆ زگی پەتەماوی ئێژن؛ ۳) راوکەی مریشك ف ۱) تخم حشرات و ماهیها که هنوز جان نگرفته؛ ۲) ستبر و ورم کرده. *برای* شکم گویند؛ ۳) تخمی که زیرمرغ گذارند.

گەڕا: کەسێ کە زۆرتر لە ڕۆیشتن دایەو کەمتر ئارام دەگرێ ف بسیار گردش کننده، سیّار.

گەراج: گاراج، تەویلەی ترومبیلان ف گاراژ.

گەراخستن: تۆم‌داخستنی جانەوەران ف تخمگذاری حشرات.

گەرادان: ۱) جێگەی گەراتێکردن؛ ۲) جێگەی خا لە زکی کەرگی‌دا ف ۱) جای تخمگذاری؛ ۲) تخمدان مرغ.

گەرادانان: گەراخستن ف تخمگذاری حشرات.

گەرادەراغی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گەراس: عەلوکەزەردی پایزی ف آلو زرد.

گەڕاڤ: گۆمی قووڵ کە ئاوەکەی بەتەندوورەیەو خول دەخوا ف گردابهٔ ژرف آب.

گەڕاڤی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گەراگەرا: پەنەماو: (زگی **گەراگەرا** وێستاوە لەوانەیە زوو بزێ) ف آماسیدگی.

گەڕاڵ: گەڕیدەی بێ‌مەبەست ف هرزه‌گرد بی‌هدف.

گەڕان: ۱) ڕۆیشتن، هاتوچۆکردن؛ ۲) بۆ دینەوەی گوم‌بو تەقالادان؛ ۳) لەجێ‌چوون، گۆڕان لە بارێکەوە بۆ بارێك: (ڕەنگی سوور بو وەسەر زەرد گەڕا) ف ۱) گردش؛ ۲) جستجوی گم شده؛ ۳) تغییر یافتن.

گەرانـــان: ۱) گەراداخستن؛ ۲) راوکە ژێر کەرگی دانـان ف ۱) تخمگذاری حشرات و ماهیها؛ ۲) تخم زیرمرغ گذاشتن.

گەڕانـدن: ۱) دەگەڵ‌خۆبردن بۆ سوڕانەوەو گەڕان؛ ۲) وەکارخستن: (ماشێن گەڕانـدن، ئاش گەڕانـدن)؛ ۳) گێڕانی بان بە بانگوێر بۆ دلۆپەنەکردن؛ ۴) دابەش‌کردن: (ئاوی بەسەر خەڵکا دە گەڕاند)؛ ۵) بەسەرهێنان: (وی بەلاکێ لەسەرمن گەڕاند)؛ ۶) بەقوربان‌کردن: (دەسەر گەڕانـدن)؛ ۷) پاش پێشگری «هەڵ» بەمانای خراکردن: (شیر هەڵگەڕاندن)؛ ۸) پاش «دا» بەمانای بەرەوخوار ڕەتاندن: (داگەڕانـدن) ف ۱) به گردش بردن؛ ۲) به‌کار انداختن؛ ۳) با بام غلطان بام را محکم کردن؛ ۴) تقسیم کردن؛ ۵) برسر آوردن؛ ۶) فداکردن؛ ۷) با پیشوند «هەڵ» به معنی خراب کردن؛ ۸) با پیشوند «دا» به معنی به طرف پایین هُل دادن.

گەرانگە: جارێك، دەحفەیی، هەڵێك، چەلێك ف یکبار.

گەڕانن: گەڕاندن ف نگا: گەڕاندن.

گەڕانەوە: ۱) هاتنەوە؛ ۲) پیربوون: (پیاوێکە گەڕاوەتەوە)؛ ۳) جۆرێ هەڵپەرکێ ف ۱) بازآمدن، بازگشتن؛ ۲) پیرشدن، پیری؛ ۳) نوعی رقص گروهی.

گەڕانی: ۱) ستدان و قوزەڵقورت؛ ۲) جۆرێ ڕەقس و سەماو دیلان ف ۱) کوفت و زهرمار، ضدّ نوش جان؛ ۲) نوعی رقص گروهی.

گەڕاو: ۱) گڕاو، چاوەی ئاوی گەرم و سوێر؛ ۲) لەجێ‌چوگ، لە بەنـد ترازاو ف ۱) چشمهٔ آب گرم معدنی؛ ۲) از جادررفته.

گەڕاوە: ۱) سرکەیەك کە بۆتـە شەراب؛ ۲) بنیادەمی تازەپیر: (ژنێکی گەڕاوەیە) ف ۱) سرکهٔ شراب شده؛ ۲) نوپیر.

گەرت: تۆزو خۆڵ، غومار ف گردوغبار.

گەرچـە: گیایەکی بەرزەباڵایە بەرێکی پنۆك‌پنۆك دەگرێ ڕۆنەکەی زۆر ڕەوانە ف کَرچَك.

گەرچەك: ۱) گەرچە؛ ۲) نیوەجوُراو، تەواو وردنەکراو ف ۱) کَرچَك؛ ۲) نیم جویده، نیم کوبیده.

گەرچی: دەگەڵ ئەوەشدا ف گرچه. باوجود.

گەرد: ۱) قوربان، گۆری: (وە**گەرد** باڵات بام)؛ ۲) گەڕ، چوون و هاتن؛ ۳) غومار، تۆز؛ ۴) کەموسکە ف ۱) قربان؛ ۲) گشت و گزار؛ ۳) غبار؛ ۴) اندك.

گەردا: ئەگەر: (**گەردا** نەئەز بوما) ف اگر.

گەرداڤ: گەڕاڤ ف گرداب.

گەرداڵ: بەفـری کەم یان تۆزو خۆڵی نیشتو ف برف کم یا گردوخاك اندك برروی زمین.

گەردان: ۱) سەبەبی گەڕاندنەوە: (بەڵا**گەردانی** باڵات بم)؛ ۲) ڕەواج، برەو؛ ۳) تۆزکـردن؛ ۴) تۆزکـەر؛ ۵) گوێزەرەوە: (ئاو**گەردان**) ف ۱) برگردان؛ ۲) رواج؛ ۳) غبارانگیختن؛ ۴) غبارانگیز؛ ۵) منتقل کننده.

گەردانە: ۱) خشڵی ئەستۆ، قەڵەدەی زەنبەر؛ ۲) گەردا ف ۱) گردنبند؛ ۲) اگر.

گەرداو: ۱) گەڕاڤ، گەرداڤ؛ ۲) برێتـی لە بەڵاو تووش‌هاتـن ف ۱) گرداب؛ ۲) کنایه از ورطه.

گەردبین: چاوی زۆر بەحوکم ف چشم بسیار ریزبین.

گەردش: ۱) گەڕان؛ ۲) چەرخ‌دان؛ ۳) ئاژاوەو پشێوی ف ۱) گردش؛ ۲) چرخش؛ ۳) آشوب و بلوا.

گەردش‌نانەوە: ئاژاوەنانەوە ف فتنه‌انگیختن.

گەردن: ۱) بەرتەستۆ، ئەستۆ لە لای سنگەوە؛ ۲) ئەستۆی باریکی هەر شتێك: (تـونگـەی **گەردن**باریك) ف ۱) گردن جانـدار؛ ۲) مدخل باریك ظروف.

گەردن‌ئازادی: لە ڕابوردوی کەسێك خۆشبوون ف حلال کردن.

گەردن‌ئازاکردن: بەخشین لە کاری ڕابوردوو ف حلال کردن.

گەردن‌ئازایی: گەردن ئازادی ف حلال کردن.

گەردن‌بەن: گەردانە ف گردنبند.

گەردن‌بەند: گەردانە ف گردنبند.

گەردن‌کەچ: ۱) گوێ‌بەفەرمـان؛ ۲) خەمگین و کز ف ۱) گوش به فرمان؛ ۲) افسرده و غمگین.

گەردنگر: کێشەو بەڵای بەسەرهاتگ ف مُصیبتِ گریبانگیر.

گەردنگیر: گەردنگر ف مصیبت گریبانگیر.
گەردنلغ: گەردانە ف گردنبند.
گەردنە: بستوی کێو، زینو ف گردنە.
گەردوان: گەردانە ف گردنبند.
گەردوخول: گەڕان و سوڕانەوە ف پیرامون گشتن.
گەردوخوڵ: تۆزو غومار ف گردوغبار.
گەردوگوڵ: دەمی سەرەتا: (**گەردوگوڵی** بەیان لە خەو هەستام) ف سرآغاز.
گەردولوول: گەردەبا، باهۆز ف گردباد.
گەردون: ١) زەمانـە؛ ٢) چەرخـی ئاو لەچـەم هەڵـێنـجـان؛ ٣) تەگەرەعەڕابەی زل ف ١) زمانە؛ ٢) ناعور، چرخ چاە؛ ٣) چرخ ارّادۀ بزرگ.
گەردە: ١) ریزەگوڵێنگەی ڕەشی ئاوریشمی کە لەسەریانی دەپێچن؛ ٢) گەردن؛ ٣) خاکەڕەژی؛ ٤) کورتەبالای قەڵەو؛ ٥) ناوە بۆ پیاوان ف ١) زنجیرە منگولـۀ ابـریشمی مشکی؛ ٢) گردن؛ ٣) خاکـەزغـال؛ ٤) کوتاەقد چاق؛ ٥) نام مردانە.
گەردەبا: گەردو لوول ف گردباد.
گەردەبل: ١) گەردولوول، گێژەلۆکە؛ ٢) لوولەی خوار وەك لوتەفیل ف ١) گردباد؛ ٢) لولۀ خرطومی.
گەردەش: ئاژاوەو پشێوی، گەردش ف آشوب و بلوا.
گەردەش گێڕان: ئاژاوەنانەوە ف فتنە بەپاکردن.
گەردەلوول: گەردو لوول ف گردباد.
گەردەمل: پێشەی گەردن ف استخوان گردن.
گەردەن: گەردن ف گردن.
گەردەنئازادی: گەردنئازایی ف حلال کردن.
گەردەنسوور: باڵندەیەکی مل سوورە ف پرندەای است با گردن قرمز.
گەردەنگۆ: جۆرێ خشڵی گەردن ف نوعی زیور گردن.
گەردەنە: گەردنە، بستو، زینو ف گردنۀ کوە.
گەردەنی: گەردانە ف گردنبند.
گەردەنیش: پشوولەسەرخۆیی، سەبرو حەوسەلە ف متانت.
گەردی: عاشیرەتێکە لە کوردستان ف نام عشیرەای است.
گەردیلە: ١) کەلوپەل نەکاندنی ماڵ؛ ٢) زۆر چکۆڵە ف ١) خانەتکانی؛ ٢) ریز.
گەردین: ١) گـش، هەمـو، تێکڕا؛ ٢) گـەڕان ف ١) همـە، همگـان؛ ٢) گردش.
گەرزك: ١) ئـاڵقە، خەلـەك؛ ٢) کۆزکـردن ف ١) حلقـە؛ ٢) حلقەزدن مردم.
گەرسائا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
گەرس و گێڵ: پووش و پەڵاش، گەرش و گێڵ ف خس و خاشاك.
گەرش: پووش، وردەلاسکی گیا ف خاشاك.
گەرش و گێڵ: پووش و پەڵاش ف خس و خاشاك.

گەڕڤیری: تێکەڵ پێکەڵ، ناتەکۆزا ف درهم برهم.
گەرك: شووڵی داری گەز ف ترکۀ چوب گز.
گەڕك: کزو کەنەفت ف لاغر مردنی.
گەڕك: تۆمی بارهاوردنی میوە کە بە جانەوەرەوە دەتوسێ ف گردۀ گل.
گەڕکە: گەڕك ف لاغر مردنی.
گەرگو: گورچیلەوگورچك ف کُلیە.
گەرگوش: لانك، بێشکە، دەرگوش ف گهوارە.
گەرگونك: تۆقی مل، قەلادە ف قلادە، طوق گردن.
گەڕگە: دامو دەزگای سەربەمیری ف ادارۀ دولتی.
گەرگەر: ١) بەردەلان؛ ٢)ناوچەیەکە لە کوردستانی بەردەستی ترکان؛ ٣) گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی کاولی کرد ف ١) سنگلاخ؛ ٢) ناحیەای در کردستان؛ ٣) نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.
گەڕگەڕ: پێچ‌پێچ، پێچ‌دراو ف پیچ خوردە.
گەڕگەڕە: ١) غەرغەرە، قرقرە؛ ٢) کەمەی بێژنگ‌و... ف ١) قرقرە؛ ٢) چنبرۀ غربال و امثال آن.
گەڕگـەڕی: ١) کولێرەی چکـۆلـەی بەشیر و شەکر کە زارۆکـان دەیفرۆشن؛ ٢) کەچەڵێ کە کڕێژی سەری دیارە ف ١) نان شیرینیی کە کودکان می‌فروشن؛ ٢) کچل.
گەرگـەسـان: ١) وردوخاش بوون؛ ٢) وەبەر هەرەس کەوتن ف ١) خُرد وخاش شدن؛ ٢) درمسیر بهمن اُفتادن.
گەرگەساندن: ١) وردوخاش کردن؛ ٢) پسانی زنو ف ١) خُرد و خاش کردن؛ ٢) ریزش بهمن.
گەڕل: ١) گەڕك؛ ٢) گڕوێ ف ١) لاغر مردنی؛ ٢) گُرشدە.
گەرم: ١)تـەوژمـی تینـی خۆرو ئاگر، دژی سارد؛ ٢) برێتـی لە تازە: (**گەرمە**برین)؛ ٣) برێتی لە پەلەوزوو: (**گەرماو گەرم** گەیشتە سەری)؛ ٤) بەکار: (تاژیەکی دەم **گەرمە**) ف ١) گرم؛ ٢) کنایە از نو؛ ٣) کنایە از عجلە و زود؛ ٤) کنایە از کاری و مؤثر.
گەرما: تینی خۆرو ئاگر ف گرما.
گەرمابردن: تاوبردن ف آفتابزدگی.
گەرمابردو: تاوبردو ف آفتاب‌زدە.
گەرمابردە: گەرمابردو ف آفتاب‌زدە.
گەرماپێدا: برێتی‌لەمانگی پوشپەڕ ف کنایە از خردادماە.
گەرماپێو: قیرات، ئامرازی شاندانی پلەی گەرماو سەرما ف دماسنج، میزان‌الحرارە.
گەرماتی: گەرما، تین ف گرمی.
گەرماخ: ١) چڵك‌و چەپەڵی، گەمار؛ ٢) ئارەقەی بن‌هەنگڵ‌و قاچ ف ١) چرك و کثافت؛ ٢) عرق زیربغل و کشالۀ ران.
گەرماخژن: چڵکنی، چەپەڵی ف چرکین، کثیف.
گەرماخن: پیس‌و پۆخڵ ف کثیف و زشت.
گەرماژۆ: گەرمابردە ف آفتاب‌زدە.
گەرماف: ١) حەمـام؛ ٢) چاوەی ئاوی گەرم، گڕاو؛ ٣) گونـدێکـە لە

کوردستان بەعسی وێرانی کرد[ف] ۱) گرمابە؛ ۲) چشمۂ آب گرم؛ ۳) از روستاهای ویران شدۂ کردستان توسط بعثیان.
گەرماڤاحاجیاغا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد[ف] روستایی درکردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
گەرماڤۆك: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد[ف] نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.
گەرماگە: حەمام، گەرماڤ [ف] گرمابە.
گەرماندن: گەرمکردن [ف] گرم کردن.
گەرمانی: وڵاتی گەرم، بەرانبەر بە کوێستان [ف] گرمسیر.
گەرماو: گەرماڤ [ف] نگا: گەرماڤ.
گەرماوا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد[ف] روستایی درکردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
گەرماوگەرم: ۱) دەس بەجێ، بێ درەنگ کردن؛ ۲) جەنگەو ناوەند: (لە **گەرماوگەرمی** شەڕدا پەیدا بو) [ف] ۱) فوری، بی‌درنگ؛ ۲) گرماگرم.
گەرماوە: حەمام، حومام [ف] گرمابە.
گەرماوی: چێشتی شلەی وردە ساوار [ف] آش بلغور.
گەرماهی: تین، تەوژمی گەرما [ف] شدّت گرما.
گەرمایی: تین، تەوژمی گەرما [ف] گرمی.
گەرمبوُن: ۱) تین تێ گەڕان؛ ۲) بەتوندی وەکارکەوتن [ف] ۱) گرم شدن؛ ۲) سرگرم کار شدن.
گەرمبوُنەوە: پاش سەرمابوُن تینی گەرما تێ گەڕان [ف] گرم شدن بعد ازسرما.
گەرمتان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.
گەرمچەك: جومگەدەست [ف] مُچ دست.
گەرمْخـان: ۱) لەگەرمـان وەڕەزبـوُن، داهێزان؛ ۲) وشکەوەبوُن لەبەر گەرما [ف] ۱) گرمازدە شدن؛ ۲) خشك شدن از شدّت گرما.
گەرمخاندن: ۱) تەوژم هێنانی گەرما، کوڵەکوڵ؛ ۲) وشکەوە کردن لەبەر تینی گەرما [ف] ۱) شدت گرفتن گرما؛ ۲) جلو گرما خشك کردن.
گەرمخواز: زۆر لەسەرهەست [ف] بسیار حسّاس.
گەرمْخین: ۱) گەرمْخـان؛ ۲) بوّن گرتن لەبەر گەرمای زۆر [ف] ۱) نگا: گەرمْخان؛ ۲) گندیدن از گرما.
گەرمخین: لە گەرماوە بوّن گرتن [ف] گندیدن از گرما.
گەرمداهاتن: گەرمبوُن [ف] نگا: گەرمبوُن.
گەرمڕاهاتن: گەرمبوُن [ف] نگا: گەرمبوُن.
گەرمژ: گرمژە، زیپکە لەتاوبردنەوە [ف] جوش از آفتابزدگی.
گەرمژاندن: لەبەر گەرما توُشی تاوتوێ هاتن [ف] تب کردن از گرما.
گەرمژمێر: گەرماپێو [ف] گرماسنج.
گەرمژۆك: زیپکە لە تاوانگازیەوە [ف] جوش زدن از تابش آفتاب.
گەرمژە: گەرمژ [ف] گەرمژ.
گەرمژین: گەرمژاندن [ف] تب کردن از گرما.
گەرمش: تەوژم [ف] فشار.
گەرمشاندن: تەوژمدان، زۆربۆهێنان [ف] فشار آوردن.
گەرمشتە: برێشکە [ف] دانۂ بودادە.
گەرمشك: تێمیسك [ف] تبخال.
گەرمـك: ۱) جوٚرێ برنـج؛ ۲) گرکـە؛ ۳) ژانی بەنـدی ڕان؛ ۴) سەرچـاوەیەك کە بە هاوین ساردەو بە زستـان گەرم؛ ۵) نیوەنمـەکی گەرم؛ ۶) دوگونـدی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە [ف] ۱) نوعی برنج؛ ۲) طالبی، گرمَك؛ ۳) درد مَفْصَل ران؛ ۴) چشمەای کە آبش در زمستـان گرم است؛ ۵) خمیرگرم کە بر دُمَل گذارند؛ ۶) دو روستا بە این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شدە است.
گەرمکـان: لەو گونـدانـەی کوردستـانـە کە بەعسی کاولیان کرد[ف] روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
گەرمکاو: گڕاو [ف] معدن آب گرم.
گەرم کردن: ۱) تینی خوٚرو ئاگر لە ساردداندو گوڕانـدنی؛ ۲) خوٚش کردنی کوٚڕ لە لایەن قسـەخوٚشەوە: (مەجلیسی **گەرم کردوە**) [ف] ۱) گرم کردن؛ ۲) آراستن مجلس.
گەرْمکە: ۱) ئاوی گەرمی کانیاو؛ ۲) گەرماوی کانی بێ گەرم کردنی مروٚ [ف] ۱) چشمۂ آب گرم؛ ۲) گرمابۂ طبیعی.
گەرملەین: چێشتی گەنمەکوتاو، کەشکەك [ف] ۱) آش گندم نیمکوب.
گەرمن: ۱) گەرما؛ ۲) کەسێ کە زوٚری گەرمایە [ف] ۱) گرما؛ ۲) آدم گرمایی.
گەرموٚ: گەرماو، جێ خوٚششتن لە ئاوی گەرمی کاندا [ف] آب گرم معدنی.
گەرموٚك: ۱) گەرمانی؛ ۲) گەرمای پێویستو بەئەندازە [ف] ۱) گرمسیر؛ ۲) گرمای مُناسب.
گەرموُك: سەرچاوەی ئاوی بەزستان گەرم، گەرمك [ف] چشمۂ آب گرم.
گەرموگوڕ: زوٚر گەرم [ف] داغ داغ.
گەرمـە: ۱) جەنگـە؛ ۲) چەڵتوُکێ کە زوُتر پێ دەگا؛ ۳) شوٚربا [ف] ۱) عنفوان؛ ۲) شالی زودرس؛ ۳) شوربا.
گەرمەبرین: تازەبرین، برینێ کەهێشتا سارد نەبوٚتەوەو خوێنی لێ تێ [ف] زخم تازە.
گەرمەبوٚق: بوٚخی گەرم [ف] بخار گرم.
گەرمـەتەندوُر: نانی تەندوُرێ کە تەواو گڕی دانەمرکاوە [ف] نان تنور تمام خاموش نشدە.
گەرمەخول: سوُڕانی بەرداش بە پەلەپەل [ف] چرخش آسیاب با شتاب.
گەرمەژنە: ۱) گرمژنە، گەرمژە؛ ۲) تاوبردن [ف] ۱) جوش آفتابزدگی؛ ۲) آفتابزدگی.
گەرمەسوت: جوٚرێ پارچەی تەنْك [ف] نوعی پارچۂ نازك.
گەرمەشامی: گەنمەشامی [ف] ذرت.
گەرمەشین: شەپوٚڕی زوٚر بەتەوژمو کوڵ [ف] شیون شدید.
گەرمـەك: دەم ئاوێ کە بە زستـان نایبـەستێ: (مراوی لە **گەرمەکان** دەلەوەڕێن) [ف] کنار آبهای گرم کە یخ نمی‌بندد.

گەرمەگڵ: دەمڵیکدانی بێ‌ڕاوەستان و بێدەنگ بوون ف حرف زدن بدون وقفه.

گەرمەگۆر: چێشت بەخشین بۆ تازەمردگ ف غذابخشیدن به مناسبت فوت کسی.

گەرمەلۆك: دەشتی گەرم و بێ‌ئاو، بیرون ف صحرای گرم بی‌آب.

گەرمەڵە: کانی گەرماو ف چشمهٔ آب گرم.

گەرمەوزە: تین و قەوەتی گەرما ف نیروی گرما.

گەرمەوەر: شۆرباهەڵقوڕێن، شۆرباقرکەر ف آش آشام.

گەرمەوەزە: گەرمەوزە ف شدّت گرما.

گەرمی: ١) گەرمایی؛ ٢) توندو تیژی لە کار ف ١) گرمی؛ ٢) سرگرمی زیاد.

گەرمیان: گەرمانی ف گرمسیر.

گەرمیاندن: بۆژاندنەوە، باش وەسەرکارخستن ف سرگرم کردن به کار.

گەرمیانی: سەربە گەرمانی ف گرمسیری.

گەرمێن: گەرمیان ف گرمسیر.

گەرمێنی: گەرمیانی ف گرمسیری.

گەڕن: مرۆی گەڕۆڵ ف بیمار گَر شده.

گەڕناس: ئازار لە شەڕ، بوێر ف شجاع.

گەڕناڵ: زەنگوڵەی زل ف ناقوس.

گەڕندە: ١) کەسێ کە زۆر دەگەڕێ؛ ٢) شتێ کە زۆر خول دەخوا ف ١) سیّار؛ ٢) چرخنده.

گەرنگ: گیایەکە ف گیاهی است.

گەڕنۆس: ١) گەڕناس؛ ٢) ناوە بۆ پیاوان ف ١) شجاع؛ ٢) نام مردانه.

گەرۆ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گەروو: ١) دیوی ژوورەوەی ئەستۆ؛ ٢) بستو، زینوی چیا؛ ٣) هەرچی وەك گەرو شتی پێدا بڕوا: (**گەرووی ئاسیاو**) ف ١) گلو؛ ٢) گردنه؛ ٣) هرچیزگلومانند.

گەروانکە: گروانکە ف نگا: گروانکه.

گەروتـە: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

گەرودێ: لەو گونـدانـەی کوردستـانـە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گەرۆر: گوندێکە لە کوردستان ف نام دهی است.

گەرۆز: زبر، گرس، زوور ف زبر، خَشن.

گەرووشە: رکهەستاوی ف عصبانیّت.

گەڕۆك: ١) زۆر لە ڕۆیشتن‌دا، دایم بەڕێوە؛ ٢) ترومبێل؛ ٣) کۆچـەر، خێڵەکـی ف ١) بسـیار رونـده، سیّار؛ ٢) ماشـین، اتـومـبیل؛ ٣) کوچ‌نشین، کوچنده.

گەڕوگوڕ: فێڵ و تەڵەکە ف حیله‌ونیرنگ.

گەڕوگێچەڵ: پەڵپ و تەشقەڵە ف شلتاق و نارو.

گەروگـیران: ١) شت دەگەرووا قەتیس بوون؛ ٢) دەنـگ کەوتن ف ١) گلوگرفتگی؛ ٢) صداگرفتگی.

گەڕۆڵ: ١) گرۆێ، گرو؛ ٢) گەڕۆك ف ١) گر، بیمار جرب؛ ٢) سیّار.

گەڕۆلی: ١) نەخۆشی گرۆێ‌یی؛ ٢) زۆرگەڕان ف ١) گری، جرب؛ ٢) گشتن زیاد.

گەڕنگە: جارێك لە جاران، گەرانگە ف یکبار.

گەرووهاتن: ئاڵوهاتن ف بیماری لوزتین.

گەرووهێنانەوە: چارەی ئاڵو کردن ف لوزتین را معالجه کردن.

گەروێ: گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گەڕە: ١) خەرمان‌کوتان بە گاو گۆل؛ ٢) شکایەت ف ١) خرمن کوبی؛ ٢) شکایت.

گەرە: ١) گەرووی بەرداش، کونی بەرداشی سەرەوە؛ ٢) ئەبێ، پێویستە ف ١) گلوی سنگ آسیاب؛ ٢) باید، لازم است.

گەڕەپێچ: گەردەلوول ف گردباد.

گەڕەپێچە: گەڕەپێچ ف گردباد.

گەرەدێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گەڕەسـور: لەو گونـدانـەی کوردستـانـە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گەرەك: پێویستە، ئەبێ، ئەشێ ف لازم است.

گەڕەك: ١) تاخ؛ ٢) زەلـکـاو؛ ٣) گێژاو؛ ٤) مزراق ف ١) محلّه؛ ٢) باتلاق؛ ٣) گرداب؛ ٤) گردنا.

گەرەك‌بوون: ویستن، خواستن ف خواستن.

گەرەك‌ناگەرەك: خوایی نەخوایی، بتەوێ نەتەوێ، جاری ناچار ف خواه‌ناخواه.

گەڕەکوێر: شەوکوێر ف شب کور.

گەرەکـە: ١) گەرەك، پێویستە؛ ٢) دەیەوێ، دەمەوێ: (چیت **گەرەکە**، تۆم **گەرەکە**) ف ١) لازم است؛ ٢) خواهد، خواهم.

گەرەگۆرە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گەرەگوش: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گەڕەڵ: گەڕۆڵ، گرۆێ ف گر.

گەڕەلاژە: گەڕەلاوژە ف نگا: گەڕەلاوژە.

گەڕەلاوژە: گۆرانی کوتنی خەڵکی ناو کۆڕ بە نۆرە ف آوازخوانی نوبتی اهل مجلس.

گەڕەلاوژێ: گەڕەلاوژە ف نگا: گەڕەلاوژە.

گەڕەلاویژێ: گەڕەلاوژە ف نگا: گەڕەلاوژە.

گەرمۆل: تێکەوەهاویشی حەشامات ف شلوغی و ازدحام مردم.

گەرەنگ: ١) دارێکی دوپەلە تا پەلکی تفاقی لەسەر دادەمەزرێنن؛ ٢) گرینگ؛ ٣) جارێك، دەحفەیەك، دەحەی ف ١) چو بی دوسر که تودهٔ برگ علفی را برآن نهند؛ ٢) مهم؛ ٣) یکبار.

گەرەو: بارمتە: (با لەگەرەوێ تەدابە تا دەینی خۆ ددم تە) ف رهن.

گەرەوانی‌خوارو: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گەرەوانی‌سەرو: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

گەرەوتش: کڕین، سەنن ف خرید.

گەرەویلك: وشەگ، گوێژەش. *جانەوەرێکە لەتیرەی ڕێوی و کەوڵی بەنرخە* ف وشق.

گەری: پاشگری بەواتا: پیشە: (**زێرینگەری، ئاسنگەری**) ف پسوند به معنی پیشه، شغل.

گەڕی: گەڕۆڵی، نەخۆشی گڕۆیی‌یی ف بیماری جرب، گری.

گەڕیان: ١) گەڕان، گەردش کردن؛ ٢) بوون، چوونەسەر حاڵەتێ؛ ٣) پشکنین ف ١) گردش کردن؛ ٢) گردیدن، شدن؛ ٣) تفتیش.

گەڕیانەوە: گەڕانەوە، دوای چوون هاتنەوە ف بازگشتن.

گەڕیانۆخ: ١) زۆرگەڕیدە؛ ٢) شوێن‌گیر؛ ٣) ماڵانگەڕ ف ١) بسیار سیّار؛ ٢) پیگیر؛ ٣) ولگرد.

گەڕیدە: ١) گەڕۆك، کەسێ زۆر ئەڕوا؛ ٢) برێتی لە دنیادیدە ف ١) بسیار رونده، سیّار؛ ٢) کنایه از جهان دیده.

گەڕیز: گۆ، هێزی دەست‌و دەم ف نیروی دست و دهان.

گەڕین: پشکنین، گەڕیان ف تفتیش.

گەڕێن: پشکن ف مُفتّش.

گەڕێنەك: گێژاوی گۆمی کوڕ ف گراب مُهلك.

گەز: ١) قەپ، گاز بە ددان؛ ٢) داری گزیچار؛ ٣) ئاونگی شیرین کە لە دار دەنیشێ. *ئەوی لە مازو دەنیشێ خۆشترینە*، گەزۆ؛ ٤) ئامرازێکی پێوانە؛ ٥) چز؛ ٦) خەز، پارچەیەکی ئاوریشمیە؛ ٧) گەسك؛ ٨) شۆکەی دارو درەخت ف ١) گاز دندان؛ ٢) درخت گز؛ ٣) گزانگبین؛ ٤) زرع؛ ٥) نیش؛ ٦) خز، نوعی پارچهٔ ابریسمی؛ ٧) جارو؛ ٨) شتهٔ نباتات.

گەزارە: زمانی درێژ: (**گەزارەی لێ کێشاوم هەرچی خراپە پێی گوتم**) ف زبان دراز.

گەزارەدەرکێشان: زمان درێژی کردن ف زبان درازی کردن.

گەزارەکێشان: زمان درێژی کردن ف زبان درازی کردن.

گەزاف: قسەی بێ‌تام و ناخۆش ف یاوه.

گەزتن: قەپ‌گرتن ف گازگرفتن.

گەزخ: پارچەی لەشتێ‌بڕیاو ف قطعهٔ بریده شده از چیزی.

گەزخان: پارچەبوون ف پاره‌شدن.

گەزخاندن: پارچەپارچەکردن ف قطعه‌قطعه‌کردن.

گەزخی: پارچەکراو ف پاره شده.

گەزك: گسك، جارو، گزك ف جارو.

گەزکردن: پێوان بە گەز ف زرع پیمایی.

گەزکەردش: گەسك‌لێدان، گیزك کردن، ماشتن ف جاروکردن.

گەزگرتن: قەپ‌گرتن ف گازگرفتن.

گەزگولە: گەزۆی دارمازو ف گزانگبین مازوج.

گەزگەزبالاکردن: ١) زۆر زل‌بوون؛ ٢) برێتی لە زۆر پێ خۆشبوون ف ١) به سرعت رشدکردن؛ ٢) کنایه از بسیار خوش آمدن.

گەزگەزك: گزگزە، گیایەکە وە پێست کەوێ ژانی لێ بەیدا دەکا ف گیاه گزنه.

گەزگەزکە: گەزگەزك ف گیاه گزنه.

گەزگەزۆك: گەزگەزك ف گیاه گزنه.

گەزگەسك: ١) گەزگەزك؛ ٢) ناوی گوندێکە ف ١) گزنه؛ ٢) نام دهی است.

گەزلك: کێرد، چەقۆیێ کە ئانوسێنەوە ف کارد.

گەزمازو: بەری داری گەز ف ثمر درخت گز.

گەزمە: ١) تیر، تیرێ کە بە کەوان داویژرێ؛ ٢) کێشکچی شەوانە لە بازاڕو کۆڵان ف ١) خدنگ؛ ٢) عسس، گزمه.

گەزندە: ١) جانەوەرێ کە گاز دەگرێ؛ ٢) جانەوەرێ کە پێوە دەدا؛ ٣) برێتی لە پیاوی بەدفەڕ؛ ٤) تامی زمان‌سوێنین، تیژ؛ ٥) تامی تفت ف ١) گزنده؛ ٢) جانور نیش‌زن؛ ٣) کنایه از آدم موذی؛ ٤) مزهٔ زبان‌سوز؛ ٥) مزهٔ گس.

گەزنك: ١) گیاگەسك؛ ٢) گەزگەزك ف ١) گیاه جارو؛ ٢) گیاه گزنه.

گەزنە: گەزندە ف نگا: گەزندە.

گەزنە: ١) سوورێژە؛ ٢) خەڵوەتی دیوی ئازوقە؛ ٣) ناوچەیەکە لە کوردستان؛ ٤) گەزگەزك؛ ٥) بیرۆی‌تەڕ ف ١) سرخك؛ ٢) پستو؛ ٣) ناحیه‌ای درکردستان؛ ٤) گزنه؛ ٥) اکزما.

گەزنەك: کەسێ کە بیرۆی تەڕی هەس ف مُبتلا به اکزما.

گەزنەیی: جۆرێ ترێ ف نوعی انگور.

گەزۆ: ئاونگی شیرینی دار، گەز ف گزانگبین.

گەزوُ: گەزۆ ف گزانگبین.

گەزۆبرێشکە: گەنمی برژاوی دەگەڵ گەزۆ تێکەڵ‌کراوی خڕهەڵدراو ف گندم بودادهٔ با گز مخلوط شده.

گەزۆز: ١) زەمبەلیلك، چلورە، شوشەسەهۆڵ؛ ٢) مۆرانە ف ١) دنگاله؛ ٢) موریانه.

گەزۆشان: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گەزۆك: ١) گەزگەسك؛ ٢) هەرچێ دەگەزێ؛ ٣) گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف ١) گیاه گزنە؛ ٢) گزندە؛ ٣) از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

گەزۆکی: ١) دۆکەی پەلکی بێستان؛ ٢) نەخۆشیەکی پێستە ف ١) شتهٔ پالیزی؛ ٢) یکی از بیماریهای پوست.

گەزولە: گەزۆ، گەز ف گزانگبین.

گەزوە: گەزۆ ف گزانگبین.

گەزە: ١) جانەوەری گازگر؛ ٢) شفرەی چەرم‌بڕین ف ١) گزنده؛ ٢) شفرهٔ کفّاشان.

گەزەر: ١) گیایەکە لاسکی دەمژن شیرینە؛ ٢) گزەر ف ١) گیاهی است

با ساقهٔ شیرین که مکیده می‌شود؛ ۲) هویج.

گەزەك: ۱) پەڵپ، بەهـانە، بیانو؛ ۲) شارەرای ڕێگە، بەڵەد؛ ۳) چێژەی تیژ؛ ۴) تفت؛ ۵) گازگر [ف] ۱) بهانه؛ ۲) بلد، راهنما؛ ۳) تندمزه؛ ۴) گس مزه؛ ۵) گزنده.

گەزەگـەزە: وشـەیەکـە بۆ زاروکی دەڵێن‌و قامـك دنێنـە دەمیەوە [ف] اصطلاحی برای بچه که انگشت را گاز گیرد.

گەزەن: ۱) زیان، زەرەر؛ ۲) بەڵا، بەسـەرهاتی خراپ [ف] ۱) زیان؛ ۲) آسیب، گزند.

گەزەنە: گیایەکە بە شلکی دەخورێ [ف] گیاهی است خوردنی.

گەزەنەك: بیروی تەڕ [ف] اگزما.

گەزی: ۱) گازی لێ گرت؛ ۲) قوماش: (مـاڵی **گەزی**)؛ ۳) هەر گەزێکی: (**گەزی** بە چەند) [ف] ۱) گزید؛ ۲) پارچه، کالای زرعی؛ ۳)هرمترش.

گەزیت: سەرانە لە ناموسوڵمانان [ف] جزیه.

گەزیچار: داری گەز، گزیچار [ف] درختچهٔ گز.

گەزیزە: بلازیز [ف] گلی است اوّل بهار می‌شکفد.

گەزین: گەزتن [ف] گاز گرفتن.

گەزینك: گەزگەزك [ف] گیاه گزنه.

گەژ: قەپ، گاز بە ددان [ف] گازدندان.

گەژار: جیقڵدانە [ف] ژاغر.

گەژاژ: جیکڵدانە [ف] ژاغر.

گەژکرن: قەپ‌گرتن [ف] گازگرفتن.

گەژگەڕینك: گێژەلۆکە، باهۆز [ف] گردباد.

گەژم: داری بوز، دارتۆفانە [ف] درخت پشه.

گەژمراندن: هاڕین، زۆر وردکردن [ف] آسیاب کردن.

گەژمری: هاڕدراو [ف] آسیاب شده.

گەژمرین: گەژمراندن [ف] آسیاب کردن.

گەژین: گەزین، گەزتن [ف] گازگرفتن.

گەست: ناشیرین، ناحەز، دزێو [ف] زشت، بدگل.

گەستن: گەزین، گەژین [ف] گازگرفتن.

گەستە: پێوەدراو: (ماران **گەستە**) [ف] نیش خورده.

گەسك: گزك، گەزك، جاڕو [ف] جارو.

گەسكدان: ۱) گزکدان؛ ۲) بریتی لە بردنی هەمو شتێ لە ماڵدا [ف] ۱) جاروکردن؛ ۲) کنایه از بردن همه چیز.

گەسکدەر: گزکدەر [ف] جاروزن.

گەسك‌لێدان: گەسکدان [ف] نگا: گەسکدان.

گەسکـەسپیکـە: گیایەکی بۆن‌خۆشـە وشکەکەی دەکەنە گەسك [ف] گیاهی است خوشبو.

گەسکەشاری: گیاگەسك کە لە ماڵاندا دەیچێنن [ف] نوعی گیاه جارو.

گەسەی: پێوەدان [ف] نیش زدن.

گەش: ۱) ئاگری بڵێسەدار؛ ۲) سکڵی بێ‌ڕەشایی؛ ۳) شەق‌و تورت؛ ۴) روی بێ گنج: (بە ڕوی **گەشەوە** دواندمی)؛ ۵) سوری بە ڕەنگی پۆلو؛ ۶) سوری خوێنی [ف] ۱) آتش مشتعل؛ ۲) اخگر مشتعل؛ ۳) شاداب و ترد؛ ۴) روی گشاده؛ ۵) سرخ به رنگ اخگر؛ ۶) سرخ خونی.

گەشاندنەوە: ۱) کڵپەدارکردنەوەی ئاگری دامرکاو؛ ۲) ڕەژی باوەشێن کردن تا دەبێتـە سکڵ؛ ۳) کەیف خۆش‌کردن؛ ۴) بە فو خونچەگوڵ پشکـواندن [ف] ۱) مشتعل کردن آتش بعد از فرونشستن؛ ۲) بادزدن زغال برای افروختن؛ ۳) شادکردن؛ ۴) با پف شکوفانیدن غنچه.

گەشـانـەوە: ۱) پشکوتنی گوڵ؛ ۲) تێراوبون‌و شەق‌و تورت‌بون؛ ۳) سوربـونـەوەی ڕەژی‌و بونـەسکـڵ؛ ۴) شادبون [ف] ۱) شکفتن؛ ۲) شکوفاشدن؛ ۳) افروخته‌شدن زغال؛ ۴) شادشدن.

گەش‌بونەوە: گەشانەوە [ف] نگا: گەشانەوە.

گەشت: ۱) سەیران، گەڕان بە کەیف؛ ۲) گەدایی، ماڵەوماڵ‌کردن [ف] ۱) سیاحت؛ ۲) گدایی.

گەشتاندن: ۱) تـێ‌گەیانـدن؛ ۲) پێ‌گەیانـدن [ف] ۱) فهماندن؛ ۲) رسانیدن.

گەشتن: ۱) ڕەسیدەبـون؛ ۲) فامین: (تێ‌گەشتی، تێ‌گەشتم) [ف] ۱) رسیدن؛ ۲) فهمیدن.

گەشتی: ۱) پێ‌گەیشتو، ڕەسیدەبـوگ؛ ۲) داروغـەی ناوشـار [ف] ۱) رسیده؛ ۲) پلیس شهری.

گەشتنامە: بیرەوەری نوسراوی گەڕیدە [ف] سیاحتنامه.

گەشتۆك: زۆرگەڕیدە [ف] سیّاح.

گەشتیار: سەیاح، دنیاگەڕ، گەڕیدەی شاران [ف] سیّاح.

گەشك: پوکاوڵە، چەمبوڵە [ف] ام کردن.

گەشکردنەوە: گەشاندنەوە [ف] نگا: گەشاندنەوە.

گەشکـە: ۱) فێ، خوێ؛ ۲) لەخـۆچـون لە خۆشیان؛ ۳) گەشك [ف] ۱) صرع؛ ۲) از شادی بیهوش شدن؛ ۳) ام.

گەشکـەبـون: ۱) فێ‌لێ‌هاتن؛ ۲) لەخـۆشیان لەسەرخۆچون [ف] ۱) دچارصرع شدن؛ ۲) از شادی غش کردن.

گەشکەدار: فێدار، خوێدار [ف] صرعی.

گەشکەگرتن: فێ‌لێ‌هاتن [ف] دچار صرع شدن.

گەشگە: سەیرانگا، جێگەی گەشت‌و سەیران [ف] سیاحتگاه.

گەشـە: ۱) خۆشـی‌و شادی؛ ۲) تێراوی‌و تورتـی‌و شەقـی؛ ۳) بزە، زەردەخەنە؛ ۴) لقی تازەی ڕەز؛ ۵) باڵابڵندبون‌و بەخۆداهاتن [ف] ۱) شادی؛ ۲) شادابی؛ ۳) تبسّم؛ ۴) جوانهٔ تاك؛ ۵) نشو ونما.

گەشـەکـردن: ۱) شادبـون؛ ۲) دەبـاڵاکـردن‌و بەخـۆداهـاتن [ف] ۱) شادشدن؛ ۲) نشوونماکردن، بالیدن.

گەشەگرتن: بزە هاتنەسەردەم، زەردەخەنەکردن [ف] تبسّم کردن.

گەشەوبون: گەشبونەوە [ف] نگا: گەشبونەوە.

گەشی: ۱) شەق‌و تێراوی، دژی ژاکاوی؛ ۲) ڕوخۆشی؛ ۳) دڵخۆشی [ف] ۱) تردی و شادابی؛ ۲) خوشرویی؛ ۳)دلخوشی.

گەشیان: گەشانەوە [ف] نگا: گەشانەوە.

گەشیانەوە: گەشانەوە [ف] نگا: گەشانەوە.

گەشینەوە: گەشانەوە [ف] گەشانەوە.

گەعتیل: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گەف: ۱) ترساندن بە قسە، گف، گڤ؛ ۲) مجوڕکی لەش، تەزو؛ ۳) خۆهەڵکێشان، پەسنی خۆدان؛ ۴) حەپەی سەگ؛ ۵) کاری خوێریانە؛ ۶) فیڵ و گزی؛ ۷) گاڵتە، گەپ؛ ۸) قسەی بێ‌تام ف ۱) تهدید؛ ۲) تیرکشیدن اندام؛ ۳) لاف؛ ۴) پارس، واق؛ ۵) هرزگی؛ ۶) حیله؛ ۷) شوخی؛ ۸) یاوه.

گەفاندن: هەڕەشە کردن ف تهدید.

گەف خواردن: ترساندن بە قسە ف تهدیدکردن.

گەف کردن: ۱) ترساندن بە قسە؛ ۲) گاڵتەکردن ف ۱) تهدیدکردن؛ ۲) شوخی کردن.

گەفۆك: چەنەبازی بێتام‌بێژ ف یاوه‌گو.

گەف و گوڕ: گەف کردن ف تهدید.

گەفـە: ۱) گەپـە، حەپـەی پیرەسەگ؛ ۲) گاڵتە، جەفەنگ ف ۱) واق پیرسگ؛ ۲) شوخی.

گەفین: ۱) حەپین، ڕەوین؛ ۲) گوڕەشەکردن ف ۱) پارس کردن سگ؛ ۲) تهدید.

گەڤ: گەف، گف، گڤ ف تهدید.

گەڤا: شایەت، ئاگادار لە ڕوداو ف شاهد، گواه.

گەڤار: پیس، گەمار ف چرکین، کثیف.

گەڤالە: پەڵەهەوری ڕەشی بەباران ف لکه ابرسیاه.

گەڤر: ۱) سپی ئامالْ‌زەرد؛ ۲) کەوە، بۆر ف ۱) سپید مایل به زردی؛ ۲) توسی رنگ.

گەڤـرك: ۱) بۆزی مێوینە، جوتی ئاقەل؛ ۲) چێرگ، میشەسی ف ۱) درّاج مادینه؛ ۲) هوبره.

گەڤری: بستو، زینو، ملەی چیا ف یال کوه.

گەڤریلە: سوێسکە، سوسك ف تیهو.

گەڤـز: ۱) ئەوەنـدەی لە دروێنـەدا دێتـە ناو داسەوە؛ ۲) لەسەر تەنشت تل‌خواردن ف ۱) مقداری از درو که یکبار در داس آید؛ ۲) بر پهلو غلتیدن.

گەڤزان: گەڤزدان، تل خواردن لەسەر تەنشت ف غلتیدن به پهلو.

گەڤزاندن: تل پێدان لەسەر تەنشت ف غلتانیدن بر پهلو.

گەڤزدان: گەڤزان ف غلتیدن بر پهلو.

گەڤزك: جێگەی گەڤزان ف جای غلتیدن بر پهلو.

گەڤزو: ئەوی کە دگەڤزە ف بر پهلو غلتان.

گەڤزۆك: بنیادەم یان حەیوانێ کە زۆر گەڤز دکە. گەڤزو ف بر پهلو غلتان.

گەڤزین: گەڤزان ف غلتیدن بر پهلو.

گەڤل: ۱) شەوەکی، بەرەبەیانی زو، بوڵێڵە؛ ۲) شەپۆلی زل ف ۱) گرگ و میش، سپیدهٔ اولی؛ ۲) موج بزرگ.

گەڤلین: ۱) بەرەبەیان‌بون، بوڵێڵە پەیدابون؛ ۲) شەپۆلی زل‌دان ف ۱) سپیده‌دمیدن؛ ۲) موج بزرگ دادن.

گەڤۆزە: مۆ ماش و برنجی ف ـو جوگندمی.

گەڤۆك: هەڕەشەکەر ف تهدیدکننده.

گەڤوگوڕ: گەفوهەڕەشە، هەڕەشەوگوڕەشە ف تهدید و ارعاب.

گەڤە: گێلۆکە، زار، بەسەزمان ف هالو، فقیر حال.

گەڤەر: ۱) پەراوێز؛ ۲) سوچ، قوژبن ف ۱) حاشیه؛ ۲) گوشه.

گەڤەز: ۱) گیایەکە بەنی پێ سورەدەکەن؛ ۲) ڕەنگی سوری کەش ف ۱) گیاهی است که رنگ قرمز از آن گیرند؛ ۲) رنگ قرمز آتشین.

گەڤەزە: خۆپەسند، خۆبەزل‌زان ف خودپسند، خودبین.

گەڤەگژ: سەرقژن و تێکەلاو ف ژولیده‌موی.

گەڤەل: گەڤالە ف لکه‌ابرسیاه.

گەڤەندە: شەلاتی، سەرسەری، بێ‌شەرم ف بی‌آزرم و حیا.

گەگانە: جاروبارە، گابەگایی ف گاهگاه.

گەگر: یەکسمێ کە لە ڕۆیشتن سەرپێچی دەکا و مان دەگرێ ف ستوری که از رفتن امتناع می کند.

گەگرتن: پێ‌چەقاندن و نەڕۆیشتن ف از رفتن امتناع ورزیدن.

گەگە: بەندبەند ف بندبند.

گەل: ۱) کۆمەڵ؛ ۲) زۆر، زێدە؛ ۳) کۆمەڵە بنیادەمی هاو نەژادو خاوەنی زمان و خدەو خوی تایبەتی بەخۆیان؛ ۴) پاشگری کۆ ف ۱) گروه؛ ۲) بسیار؛ ۳) ملّت؛ ۴) پسوند جمع.

گەڵ: ۱) پێڕا؛ ۲) پەلکی دار کە بۆ خۆراکی حەیوانات هەڵدەگیرێ؛ ۳) دارستـانێ کە هەر دەوەنـە و داری بەرزی نیە؛ ۴) نێوان دوڕان ف ۱) همـراه؛ ۲) برگ علوفـهٔ حیوانات؛ ۳) جنگل درختچه بدون درخت بزرگ؛ ۴) میان هردوران.

گەلا: ئێرەقە، باسکەناموڕ ف خیش.

گەڵا: پەلك، پەلکی دارو گیا ف برگ درخت و گیاه.

گەلاج: ۱) شەلاتی؛ ۲) دەسبڕ ف ۱) لات؛ ۲) کلاهبردار.

گەلاچ: گەلاج ف نگا: گەلاج.

گەلاحە: گەردنبەندی گا، قەڵەدەی ئەستوی گاوچێڵ ف قەلادهٔ گاو.

گەلاخان: سەردەمی گەڵاڕێزان ف موسم برگ‌ریزان.

گەڵاخەزان: بەرگ‌ڕێزانی پایز ف برگ ریزان.

گەڵادار: ۱) پەلکی دار؛ ۲) داری بەپەلك ف ۱) برگ درخت؛ ۲) درخت پُر برگ.

گەڵادە: گلادە ف نگا: گلادە.

گەڵادەرکردن: پەلك لێ‌ڕوانی ڕوەك ف جوانه‌زدن برگ.

گەڵاڕن: پەلك لە ڕوەك داکەندن، پەلك لێ‌کردنەوە ف از برگ لُخت کردن.

گەڵاڕێزان: ۱) جەنگەی پەلکی دارەوەرین؛ ۲) مانگی خەزەڵوەر ف ۱) موسم برگ‌ریزان؛ ۲) مهرماه.

گەڵاڕێژان: گەڵاڕێزان ف نگا: گەڵاڕێزان.

گەڵاز: ۱) گلاز؛ ۲) گەڵاس ف ۱) نگا: گلاز؛ ۲) نگا: گەڵاس.

گەلازەل: گەڵاو پوش و چیلکەی ئالاش ف انبیره.

گەڵاس: ۱) ئالوچەسورە؛ ۲) ئالوچەزەردە؛ ۳) میوەیەکە وەك بەلالوك

دەچێ بەڵام تۆزێ درشتترەو شیرینە ف ١) آلوسرخ؛ ٢) آلو زرد؛ ٣) گیلاس.
گەلاش: نان‌دێن ف جای نان.
گەلاشـان: ١) وردەی پەڕیوی لۆکـەو مۆ لە هەلاجی‌و شەکردندا؛ ٢) خشت و خاڵی ناوجۆگەکەبەری ئاو دەگرێ ف ١) تکه‌های پنبه و امثال آن در هلاجی و...؛ ٢) خس و خاشاك داخل جوی که جلو آب را می‌گیرند.
گەڵاکـردن: ١) پەلـك‌لێ‌ڕوان؛ ٢) پەلکەمێو لە دار چنین ف ١) برگ دادن؛ ٢) برگ مو چیدن.
گەڵاکوت: تێڵای گەڵاوردکردن ف کدینه، برگ کوب.
گەڵاکوتك: گەڵاکوتك ف برگ کوب.
گەلاکەردو: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گەڵاکەوتن: جەنگەی پەلك‌وەرینی داران ف موسم برگ‌ریزان.
گەلال: وردەبەردی لوسی ناوچەم ف ماسهٔ رودخانه.
گەلالوچ: زمانەچکۆڵە، ئەلنگە ف زبان کوچکه.
گەلالوچك: ئاڵوی گەرو ف لوزتین.
گەلالوچك: ئاڵوی گەرو ف لوزتین.
گەلالە: ١) ئاڵو، خڕایی گەرو، گەلالوچك؛ ٢) نموونە؛ ٣) پێش‌نووس؛ ٤) شارێك‌و گونـدێکی کوردستانن بەعسی وێرانی کردن ف ١) لوزتین؛ ٢) طرح؛ ٣) پیش‌نویس؛ ٤) نام شهـر و روستـایی در کردستان که بعثیها ویران کردند.
گەڵاڵـە: ١) گڵاڵـە؛ ٢) ناوی شارۆکێکـە؛ ٣) ناوی ناوچـەیەکـە لە کوردستان ف ١) نگا: گلاله؛ ٢) نام شهرکی است؛ ٣) نام ناحیه‌ای در کردستان.
گەڵاڵی: ناوی عەشیرەتێکی کوردە: (سەرکەشی عێلی **گەڵاڵی** شۆخی بابانی عێراق) «کوردی» ف نام عشیره‌ای است.
گەلالیشك: سوچ‌و گۆشەی زار ف گوشهٔ لبان.
گەلالیەکان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گەڵامێو: پەلکی رەز ف برگ مو.
گەلانکە: جار، دەحفە، چەل، کەڕەت ف دفعه.
گەلاو: قومارێکە بە مۆرەی نەرد دەکرێ ف نوعی بازی است که با مهرهٔ نرد کنند.
گەڵاو: گڵاو، پیس ف پلید.
گەڵاوگەڵ: رێگەچوون بە پای لێکەوەدوور ف راه یافتن با پاهای از هم باز.
گەڵاوی: گڵاوی ف پلیدی.
گەلاوێژ: ١) ئەستێرەیەکی زۆر گەشـە لە نیوەی هاوینرا دەبیندرێ؛ ٢) مانگی پێنجەمی ساڵ، نیوەڕاستمانگی هاوین؛ ٣) ناوە بۆ ژنان؛ ٤) گیشەگەنمی درواو ف ١) ستارهٔ شعرا؛ ٢) ماه مرداد؛ ٣) نام زنانه؛ ٤) تودهٔ درویدهٔ غلّه.

گەلاوێژئەنگوتن: سەرەتای دیاری‌دانی ئەستێرەی گەلاوێژ ف طلوع ستارهٔ شعرا.
گەلاوێژی: ١) ڕیزکـردنی باقـەدەخـڵ کە گوڵەکان بچنە سەریەك؛ ٢) برکـەخـەیاری کە دوای گەلاوێژئـەنگـوتن بەر بدا ف ١) رده کردن بسته‌های غلّه درویده به ترتیبی که خوشه‌ها برهم آیند؛ ٢) بوته‌خیاری که بعد از طلوع ستارهٔ شعرا ثمر دهد.
گەلبازە: کۆمەڵی باڵداران پێکەوە لەحەواوە ف دستهٔ پرندگان در حال پرواز.
گەلبون: کۆبوونەوەی حەشامات ف اجتماع مردم.
گەل بەستن: کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر ف همایش.
گەلپ: بەباڵایی لاشەویلاکە، گۆپ ف لُپ.
گەلپەرستی: زێدخۆشویستن، گەل‌حەز ف ملت‌خواهی، مردم‌دوستی.
گەلتە: گاڵتە ف شوخی.
گەلج: کێشەو دەم‌بەدەمە ف جدال.
گەلحۆ: زەلامی دەبەنگ‌و ناتێگەیشتو ف تنومند احمق.
گەلحەز: میللەت‌خۆشەویست ف ملّت دوست.
گەلخۆر: برێتی لە خاوەن‌دەسەڵاتی بێ‌بەزەیی دەگەڵ ژێردەستاندا ف کنایه از حاکم ستمگر.
گەڵخۆر: ئاژەڵێ کە بە پەلکەدار دەژی ف دامی که از برگ می‌چرد.
گەلدار: داری زل ف درخت تناور.
گەلش: کێشەو دەمەقاڵە ف نزاع و کشاکش.
گەلگەی: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
گەللات: مفتەخۆر، چەوەرەی‌ماڵانگەر ف مُفت‌خور.
گەللاس: ئاژاوە، پشێوی ف آشوب و فتنه.
گەللاو: گەلاو، قومارێکە ف نگا: گەلاو.
گەللایی: گوێ‌نەدەر بە هیچ شت ف بی‌مبالات.
گەللەك: یەکجارزۆر ف بسیار زیاد.
گەلنازکێ: گـوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
گەلۆ: ١) تۆ بێژی: (**گەلۆ** دەبێ وابێ)؛ ٢) کاورا، ئەی کەسێ کە قسەی دەگەڵ دەکەم؛ ٣) ئەی خەڵکینە ف ١) تو گویی؛ ٢) ای فلان؛ ٣) ای مردم.
گەلۆ: گەروو ف نگا: گەروو.
گەڵۆ: گەروو ف نگا: گەروو.
گەڵواخی: نـاوی ناوچەوعەشیـرەتێکـە ف نام منطقـه و عشیره‌ای در کردستان.
گەلواز: سەرماو بەستەڵەکی لەنکاو ف سرمای ناگهانی.
گەڵواز: ١) گڵواز؛ ٢) گۆرانی تایبەتی بۆ خۆشی چرۆدەرکردنی دار لە بەهـاردا؛ ٣) زنجیرەبـوون بەشـوێن یەکا ف ١) نگا: گلواز؛ ٢) ترانه مخصوص جشن جوانه‌زدن درختان؛ ٣) به دنبال هم ردیف شدن.
گەڵـوازە: ١) گۆرانی چرۆدەرکـردنی دار: (هەوران گازەگازە دەخوێنن

گەڵوازە): ٢) رستەموروی سوورو شین کەبە بێشکەوە هەڵداوەسرێ؛ ٣) گوێزو هەنجیری بەبەنەوە کراو؛ ٤) فڕینی باڵداران بەکۆمەڵ پێکەوە لە حەوا ف ١) ترانهٔ مخصوص جشن جوانه‌زدن درختان؛ ٢) رشته مهره‌های رنگین که به گهواره آویزند؛ ٣) انجیر و گردوی بانخ رشته شده؛ ٤) دستهٔ پرندگان در حال پرواز.

گەڵواگەڵوا: گەڵاوگەڵ ف نگا: گەڵاوگەڵ.

گەڵواڵك: گیایەکە بنەکەی دەخورێ ف گیاهی است با پیازهٔ خوردنی.

گەڵۆر: زلحۆرت ف لندهور.

گەڵۆرە: گەڵۆر ف لندهور.

گەڵۆری: مۆرانە خواردوی ریزاڵ ریزاڵ ف موریانه خوردهٔ پوسیده.

گەڵــۆز: ناوگەڵ، بەتـاڵایی نێوان دور ڕان. *تایبـەتی بۆ سەگ‌دەیڵێن*: (کلکی دە **گەڵۆزی** گرت) ف میان رانها. *برای سگ گویند*.

گەڵـوس: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گەڵۆس: گەڵۆز ف نگا: گەڵۆز.

گەڵۆگر: گەروگر ف گلوگیر.

گەڵـوەزە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گەلویز: لیکاوی دەم ف لعاب دهن.

گەلـە: ١) کەرتکـە، کۆمەڵێ پێکەوە؛ ٢) زۆر، زاف؛ ٣) گەڵای ڕزیوی وەریو ف ١) قطیع، گروه؛ ٢) زیاد، بسیار؛ ٣) برگ خزان.

گەڵە: عوُر، کرش ف شکمبه.

گەلەجوت: زبارەی ئاوایی بۆ پێکەوە کێڵانی زەوی ف تعاونی شخم‌زنی.

گەلەخان: ئاغەڵ ف آغُل.

گەلەخەن: جوابی بێ‌مەبەست‌و بەخۆڕایی ف جواب بی‌هدف و سرسری.

گەلەدرەو: زبارەی دروێنە ف دروکردن تعاونی.

گەلەڕاوێژە: تەگبیرکردنی بەکۆمەڵ ف کنکاش دسته‌جمعی.

گەلەڕاوێژی: گەلەڕاوێژە ف کنکاش دسته‌جمعی.

گەلەك: زەحف، زۆر ف بسیار.

گەلەکۆمە: هاوکاری کردنی بەکۆمەڵ ف تعاون گروهی.

گەلەکۆمەك: گەلەکۆمە ف تعاون گروهی.

گەلەکۆمەکە: گەلەکۆمە ف تعاون گروهی.

گەلەکۆمەکی: گەلەکۆمە ف تعاون گروهی.

گەلەکۆمەگێ: گەلەکۆمە ف تعاون گروهی.

گەلەکۆیی: خۆشاندان، پێکەوەڕۆیشتن بە کۆمەڵ ف تظاهرات.

گەلەکی: گەلەك، زاف، فرە، فریە، زۆر ف زیاد، بسیار.

گەلـەمـپـەری: ١) بەگشتی؛ ٢) زۆربە؛ ٣) ڕێوشوێنی کۆمەڵگا ف ١) همگی؛ ٢) بیشتر، غالب؛ ٣) عُرف.

گەلەندار: داری زۆر ئەستوور ف درخت بسیار تنومند.

گەلهۆ: گەلحۆ ف تنومند احمق.

گەلەوان: شوانی پەزو گاڕان ف چوپان.

گەلەوان: ئاگاداری دەوەن‌و بنچکان ف نگهبان درختچه‌های جنگل.

گەلەور: پواو، رزیو ف پوسیده.

گەلهە: نفوُس: (**گەلهەیێ** کوردستانێ سی‌میلیۆنە) ف جمعیت.

گەلی: ١) سەربە کۆمەڵ؛ ٢) گەڵی، بوهل ف ١) ملّی؛ ٢) دَرّه.

گەلێ: ١) زۆر، فرە، زاف؛ ٢) کۆمەڵەخەڵکێکی هاوڕەچەك ف ١) بسیار؛ ٢) ملّتی.

گەڵی: دۆڵ، دەرە، شیو، بوهل ف دَرّه.

گەلیار: عەشیرەتێ زل لە کوردستان ف عشیره‌ای بزرگ در کردستان.

گەڵیاوا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

گەڵی بابۆلیا: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گەڵی پساغا: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گەڵی دێرا: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

گەلێر: ١) زۆر، فرە؛ ٢) سەربە گەل ف ١) بسیار؛ ٢) ملّی.

لوسکار: کەسێ کە شتی زبر ساف دەکا ف صافکار.

لوسکاری: کاری لوسکار ف صافکاری.

لوسکردن: ساف کردن ف صاف کردن.

لوسکە: ١) فەرمان بە لوسکردن؛ ٢) لاوی دەمڕووت؛ ٣) بریتی لە لاوی حیز ف ١) صاف کُن!، امر به صاف کردن؛ ٢) جوان بی‌مو؛ ٣) کنایه از بچه‌کونی.

لوسکەباز: بەچەباز ف بچه‌باز.

لوسکەبازی: بەچەبازی ف بچه‌بازی.

لوس‌لوسك: جۆرێ مارمێلکەی درێژ، شین‌شینك، زەردەقوڕە ف آفتاب‌پرست.

لوس‌وپوس: تەواولوس، بێ هیچ زبری ف کاملاً صاف بدون زبری.

لۆسۆرە: گەنەلۆ، گیایەکە لەتیرەی گەڵادەرزی ئاژەڵ کوێر دەکا ف گیاهی است برگ سوزنی و سمّی.

لۆسە: باری، لۆس ف آهرم.

لۆسەکە: گیایەکە بنکی دەخورێ ف گیاهی است با پیازۀ خوردنی.

لۆسی: ١) ساویاگی؛ ٢) ماندویەتی زۆر ف ١) ساییدگی؛ ٢) خستگی زیاد.

لوسی: ١) دژی زبری، سافی؛ ٢) تەڕزوانی ف ١) صافی؛ ٢) چرب زبانی.

لۆش: ١) گیایەکی بۆن‌خۆشە؛ ٢) نانی فەتیر ف ١) گیاهی است خوشبو، ٢) نان فطیر.

لوش: ١) هەڵمژین و قووتدان: (هەژدیها هەڵی **لوشی**)؛ ٢) دەنگی لوتی چڵمن: (چڵمی ناسترێ هەر **لوشەلوشیەتی**)؛ ٣) دەنگی دەمو لوتی یەکسم لە تاسەی جۆ ف ١) برکشیدن و بلعیدن؛ ٢) صدای بینی خلمی؛ ٣) صدای بینی چارپا درآرزوی علیق.

لوشان: قووتدرانی بە خڕی ف دُرُسته بلع شدن.

لوشاندن: ١) قووتدانی بە خڕی؛ ٢) پڕمەو بۆڵەی یەکسم بۆ ئالیك ف ١) دُرُسته‌بلعیدن؛ ٢) لندیدن چارپا برای علیق.

لوشاو: لافاو، لەهی ف سیلاب.

لۆشك: جۆرێ کولێرەی چکۆڵە ف نوعی گرده نان کوچك.

لوشك: جفتە، جووتە، جۆحتك ف لگدپرانی چارپا.

لۆشکە: لۆچکە ف لباشن.

لوشکە: ١) لوشك، جووتە؛ ٢) پڕمەو بۆڵەی یەکسم بۆ ئالیك ف ١) لگدپرانی؛ ٢) لندیدن چارپا برای علیق.

لوشمە: ١) ناڵەو دەنگی نزم بە گریانەوە؛ ٢) لوشەی چڵمن؛ ٣) دەنگو هەنیسکدانی کەرو ئێستر لە دیتنی شتێ کە پێی خۆشە ف ١) ناله وصدای خفیف همراه گریه؛ ٢) برکشیدن آب بینی؛ ٣) صدای اظهار تشکّر چارپا.

لۆشمه: گیایه‌که ف گیاهی است.

لۆشه: کولێره‌ی گه‌وره ف گرده نان بزرگ.

لۆشـه: ۱) قوت‌دانی به‌ساغی؛ ۲) گیایه‌کی ده‌ناو دۆکلیوی ده‌که‌ن؛ ۳) جۆرێ نه‌خۆشی یه‌کسم‌و ڕه‌شه‌ولاغ ف ۱) درسته بلعیدن؛ ۲) گیاهی است آشی؛ ۳) یکی از بیماریهای ستور و چارپایان.

لۆشه‌لۆش: لۆشه‌کردنی زۆری یه‌کسم ف لندیدن پیاپی ستور.

لۆشی: هێشو ف خوشه.

لۆشین: ۱) قوت‌دان به ساغی؛ ۲) لۆشـه‌کـردنی یه‌کـسم ف ۱) درسته‌بلعیدن؛ ۲) لندیدن ستور.

لوعاب: لینجاو: (بامیه لوعابی هه‌یه) ف لعاب، لزجاب.

لۆغ: ۱) لۆچ، توێ؛ ۲) بانگلێر، بانگوش ف ۱) لایه، چین؛ ۲) بام غلتان.

لۆغان: به‌زم‌و ئاهه‌نگ ف بزم و سرور.

لۆغانه: به‌خشش به هۆی خه‌رمان‌سوور بوون ف انعام به شادی خرمن آماده‌شدن.

لوغم: ۱) ڕیگه به‌بن عه‌رزدا؛ ۲) ته‌قه‌مه‌نی که ده‌بن گڵ ده‌خرێ ف ۱) نقب؛ ۲) مین.

لۆغـه: ۱) نه‌خـۆشی زمـان‌ئه‌ستوور بوون؛ ۲) لۆغانه ف ۱) بیماری ورم زبان؛ ۲) نگا: لۆغانه.

لۆغـه‌ت: شات‌و شوتی له ڕاستی به‌دوور، شایعـه: (بـاوه‌ڕ مه‌کـه هه‌مـو **لۆغه‌ته**) ف شایعه.

لۆغه‌لۆغه: لۆغه ف بیماری ورم زبان.

لوف: دۆی کولاو بۆ که‌شک‌و ژاژی ف دوغ جوشیده، کشک.

لۆق: ۱) لاق، لنـگ: (ئـه‌م کابرا **لۆق**درێژه کێ بو؟)؛ ۲) گاف؛ ۳) له ئه‌ژنۆ به‌ره‌ژێر؛ ۴) هێلکه‌ی گه‌نیو؛ ۵) قۆرته، قه‌تره؛ ۶) قنه‌ی باڵدار؛ ۷) ناقـایم: (کـورسیه‌کـه‌م له‌ق‌و **لۆقه**)؛ ۸) به ده‌گمـه‌ن، ده‌گه‌ڵ تاق ده‌گوتـرێ: (تـاق‌و **لۆق**)؛ ۹) نائـاسـایی؛ ۱۰) تۆلا، قورسـه؛ ۱۱) کولێره؛ ۱۲) له‌قه به پا ف ۱) لنگ؛ ۲) گام؛ ۳) از زانو به پایین؛ ۴) تخم‌مرغ گندیده؛ ۵) هَروَله؛ ۶) راه‌رفتن پرنده؛ ۷) سُست، نامحکم؛ ۸) کم و به‌ندرت؛ ۹) غیرعادّی؛ ۱۰) قرص؛ ۱۱) نان گرده؛ ۱۲) لگد.

لۆقاندن: به قۆرته ڕۆیشتن ف هَروَله کردن.

لۆقانن: لۆقاندن ف هَروَله‌کردن.

لۆقاو: گاف ف گام.

لۆقژی: له‌پڕ ده‌رپه‌ڕی، خۆی هاویشت ف ناگهان بیرون جهید.

لۆقژین: ده‌رپه‌ڕینی له‌پڕ ف بیرون جهیدن ناگهانی.

لۆقلۆق: ۱) بێ‌ئاوه‌زو نازیره‌ك؛ ۲) ته‌پ.بۆ یه‌کسمی ئیژن ف ۱) کودَن؛ ۲) حیوان باربر تنبل.

لۆقلۆقی: ۱) لنگ‌درێژ؛ ۲) گاف گوشاد ف ۱) لنگ دراز؛ ۲) گام فراخ.

لوقمان: بژیشکی زۆر زانا: (ده‌ردی من به حه‌کیم‌و **لوقمانان** چاری نایه) ف طبیب دانشمند.

لوقمـــه: ۱) پارو؛ ۲) ده‌م‌به‌ست؛ ۳) نه‌خـــۆشی گرفت؛ ۴) قایشێ که ئاوزه‌نگی تێدایه ف ۱) لقمه؛ ۲) پوزه‌بند؛ ۳) بیماری امتلا؛ ۴) نواری که رکاب در آن است.

لوقمه‌ڕفێن: چاوچنۆکی چڵێس ف آزمند خوراك و بی‌شرم.

لوقمه‌فڕێن: لوقمه‌ڕفێن ف نگا: لوقمه‌ڕفێن.

لوقمه‌قازی: جۆرێ شیرنی‌یه ف نوعی شیرینی.

لوقمه‌کراو: ده‌م‌به‌ستراو ف پوزه بسته.

لوقمه‌کردن: تووشی نه‌خۆشی گرفت بوون ف به بیماری امتلا دچارشدن.

لوقمه‌گرتن: پاروی زل له‌ده‌م‌نان ف لقمهٔ بزرگ بلعیدن.

لۆقن: لنگ‌درێژ ف لنگ دراز.

لۆقـه: ۱) قۆرتـه، قۆتـره، قه‌تره، گورگه‌لۆقه؛ ۲) جارو بار، به‌ده‌گمه‌ن: (تاق‌و **لۆقه**) ف ۱) هَروَله؛ ۲) به‌ندرت.

لۆقه‌کردن: به‌قۆرته‌ڕۆیشتن ف هَروَله کردن.

لۆقه‌لۆق: به‌قۆرته‌ڕۆیشتن ف هَروَله رفتن، نیم دورفتن.

لۆق‌هاویشتن: گاڤی درێژ ڕۆیشتن، بازدان، شه‌قـــاوهـاویشتن ف گام فراخ برداشتن.

لۆق‌هه‌ڵێنان: شه‌قاونان ف گام برداشتن.

لۆق‌هه‌ڵێنانه‌وه: شه‌قاوهاویشتن ف گام برداشتن.

لۆقین: به‌په‌له‌ڕۆیشتن ف باشتاب رفتن.

لوك: لوُ، لك، گرێ‌گۆشت ف غدّه.

لۆك: ۱)جسنێکی حوشتر؛ ۲) حوشتری نێر؛ ۳) بریتی له ئازاو نه‌ترس؛ ۴) ڕێك‌گوشین‌و گلۆفین؛ ۵) داخران‌و مۆرکران؛ ۶) تۆلا، قورسه؛ ۷) قه‌تره، تکه؛ ۸) په‌مبی، په‌مۆ ف ۱) نژادی از شتر؛ ۲) شتر نر؛ ۳) کنایه از شجاع؛ ۴) فشردن در آغوش؛ ۵) لاك و مهر؛ ۶) شمش؛ ۷) قطره؛ ۸) پنبه.

لۆك: پاشگرێکه بۆ زیادگوتن: (سست‌و که‌فه‌**لۆکه**) ف پسوند مبالغه.

لۆك: لۆك ف پسوند مبالغه.

لۆکاندن: ۱) گه‌مه‌کردن‌و یه‌کترتلاندنه‌وه؛ ۲) بریتی له لاقه‌کردن ف ۱) دستبازی و یکدیگر را غلتانیدن؛ ۲) کنایه از همخوابه‌شدن.

لۆکچه: وشتری نێری سێ‌به‌هاردیته ف بچّه شتر نر سه‌ساله.

لوکژین: ۱) له‌وه‌ڕی ئاخه‌لێوه؛ ۲) پروشه‌ی ئاژڵ دوای نه‌خۆشی ف ۱) چرا از گیاه تازه برآمده؛ ۲) اندك اندك چریدن حیوان تازه‌شفا یافته.

لۆك‌کردن: داخستن‌و مۆرکردن ف لاك و مهرکردن.

لۆکه: ۱) په‌مۆ، په‌مبی؛ ۲) پاشگری چوُك‌شاندان ف ۱) پنبه؛ ۲) پسوند تصغیر.

لۆکه: لۆکه ف پسوند تصغیر.

لۆکه: پاشگری چوُك‌شاندان: (سێوه‌**لۆکه**، دیوه‌**لۆکه**) ف پسوند تصغیر.

لۆکی: ڕه‌نگی سووری گه‌ش له قالیدا ف رنگ قرمز در قالی، لاکی.

لۆکێ: بۆ کام‌که‌س؟ ف برای چه‌کسی؟.

لۆگه‌نه: لۆسووره ف نگا: لۆسووره.

لۆگی: به‌رهه‌ڵدای بێکاره ف ولگرد.

لۆل: ۱) بادراو، لوُر؛ ۲) لوُربوونی باڵدار؛ ۳) سه‌رخۆش؛ ۴) په‌یوه‌ند له دار ف ۱) تاب داده؛ ۲) شیرجهٔ پرنده؛ ۳) مست؛ ۴) پیوند درختی.

لولا: هەرشتی درێژی ناوبەتاڵ ف لوله.
لوُلاق: پێشەی بەلەك، گاللۆر ف استخوان ساق.
لوُلاك: لوُلاق، گاللۆر ف استخوان ساق.
لۆلان: گوندێکه له کوردستان ف نام دهی است.
لوُلان: ١) پیچ خواردن؛ ٢) پێچدان ف ١) پیچ خوردن؛ ٢) پیچ دادن، پیچاندن.
لوُلدان: ١) پێچدان، پێچانەوە؛ ٢) بریتی له بەپەلە خواردن ف ١) نَوردیدن؛ ٢) کنایه از با شتاب خوردن.
لولسه: شێتوکه ف خُل.
لوُلك: ١) بلوێر؛ ٢) ئامرازێکی جۆلایی؛ ٣) دەمی درێژی مسینه؛ ٤) قرقرە، غەرغەرە؛ ٥) ژاڵه، لوُرك ف ١) نی لبك؛ ٢) ابزاری در دستگاه بافندگی؛ ٣) لوله آفتابه؛ ٤) قرقره؛ ٥) خرزهره.
لوُلكژەن: بلوێرژەن ف نوازندهٔ نی.
لوُلكه: لوُلكی جۆلایی ف «لوُلك» بافندگی.
لۆلكه: ١) لوُلكه؛ ٢) **وشكەلوا** كه بۆ سەفەر لێ دەنرێ ف ١) نگا: لوُلكه؛ ٢) از غذاهای توشه‌ای.
لۆلكەسپی: وشكەهەلوای له ئاردو شەكر ف نوعی حلوا از آرد و شکر.
لۆلكەسوور: وشكەهەلوای له ئاردو دوشاو ف نوعی حلوا از آرد و شیرهٔ انگور.
لولو: ١) گەوهەرێكه له ناو سەدەف له دەریا دەس دەكەوێ، مرواری؛ ٢) گوڵێكه؛ ٣) لۆلكەی جۆلا ف ١) مروارید؛ ٢) گُلی است؛ ٣) نگا: لوُلكه.
لوُلوْ: ١) سەرەتای لاوکه واتا: ئەی لاو ئەی جوان؛ ٢) چین لەسەرچین، توێ لەسەرتوێ؛ ٣) گیایەكی بۆن خۆشه، هەلاڵه ف ١) سرآغاز بعضی ترانه‌ها؛ ٢) چین برچین؛ ٣) گیاهی است خوشبو.
لۆله: رۆڵەبەزمانی زارۆكان ف فرزند در گویش کودکان.
لوُله: ١) هەموودرێژێکی گرۆڤەری ناوخاڵی؛ ٢) بلوێر؛ ٣) بێچوی ورچ و بەراز؛ ٤) پێچراو، بادراو؛ ٥) خشڵێكه بۆدوعاتێخستن؛ ٦) نەخۆشیەكی گوانی ئاژەڵ ف ١) لوله؛ ٢) نی لبك؛ ٣) بچهٔ خرس و خوك؛ ٤) نَوردیده؛ ٥) زیوری است؛ ٦) نوعی بیماری پستان دام.
لوُلەبەند: خشڵی لوُلەكەدوعای تێ دەخەن ف زیوری است.
لۆلەپ: لۆرەلەپ ف نگا: لۆرەلەپ.
لۆلەپه: ١) لۆرەلەپ؛ ٢) چەرخی ئاوكێشان ف ١) نگا: لۆرەلەپ؛ ٢) چرخ آبکشی.
لوُلەدار: ١) هەر دەفرێ لوُلەی هەبێ؛ ٢) حەیوانێ كه نەخۆشی لوُلەی گرتوه ف ١) آنچه لوله‌دارد؛ ٢) دامی که بیماری پستان دارد.
لوُلەژەن: لوُلكژەن، بلوێرژەن ف نوازندهٔ نی.
لوُلەكردن: ١) دروست كردنی لوُله؛ ٢) پێچانەوە ف ١) ساختن لوله؛ ٢) نَوردیدن.
لوُلەكی: له تەرحی لوُله ف لوله‌مانند.
لوُلەوزنجیر: خشڵێکی سینەیه ف زیوری است.
لوُلەینه: ئافتاوەی سواڵەت ف آفتابهٔ سفالی، لوله‌هنگ.

لولێ: لوُلەینه ف نگا: لوُلەینه.
لوُلی: پێچ و لوُلی موُی سەر ف موی فرفری، پیچ و تاب مو.
لوُلیان: لوُلیوُن، پێچدران ف نَورد.
لوُلێنه: لوُلەینه ف لوله‌هنگ.
لۆم: ١) سەرکۆنه، سەرزەنشت؛ ٢) بۆ من ف ١) سرزنش؛ ٢) برای من.
لومانا: گوندێکه له کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
لۆمان: ١) سەرزەنشتان؛ ٢) بۆ ئێمه ف ١) سرزنشها؛ ٢) برای ما.
لۆمه: ١) لۆم؛ ٢) لۆمان ف ١) سرزنش؛ ٢) نگا: لۆمان.
لۆمەی: سەرکۆنه، لۆمه ف سرزنش.
لوُمەی: لۆمەی ف سرزنش.
لۆن: ١) جۆر، تەرح: (**چلۆن**، بەو **لۆنەی** تۆ دەتەوێ)؛ ٢) بۆ ئێمه؛ ٣) ناوی گوندێکه له کوردستان ف ١) طور؛ ٢) برای ما؛ ٣) از روستاهای کردستان.
لونایش: هەڵبەزین لەشوێنی خۆ ف ورجهیدن.
لوُنایش: لونایش ف ورجهیدن.
لۆنگ: ١) فوته؛ ٢) كەوڵی ڕایەخ ف ١) لُنگ حمّام؛ ٢) پوستین زیرانداز.
لوُنه: لانەی باڵدار ف لانه.
لۆنه: تا، تاڵ، داو: (به دو **لۆنه** بیدرو) ف تار، نخ.
لۆنەواز: لانەواز ف نگا: لانەواز.
لووك: لۆپك ف لوبیا.
لووەجن: ١) دوُكەڵ كێش؛ ٢) بوغاری ف ١) دودکش؛ ٢) بُخاری.
لووەل: ١) هەویری لەبن ژیلەمۆ برژاو؛ ٢) کەلانه، جۆرێ کولێره ف ١) خمیر در خاکستر پُخته؛ ٢) نوعی غذا.
لووی: ڕێوی، ڕواس ف روباه.
لوُوی: لووی ف روباه.
لوهین: ڕێگا لەژێر زەمینەوە ف نقب، راه زیر زمینی.
لوی: ڕێوی، رواس ف روباه.
لۆی: ١) داوی، تاڵی؛ ٢) بۆ ئەو ف ١) تار نخ یا...؛ ٢) برای او.
لوێ: لەئەوجێگەی دوُر، لەوێ ف در آنجا.
لوێچ: لاوێچ ف نگا: لاوێچ.
لوێخەرۆ: ریخۆڵه ف روده.
لوێدەری: لەوێ، لەوجێگادوره ف در آنجا.
لوێره: لەوێ، لەوێندەرێ ف درآنجا.
لوێشك: کولێره ف گرده‌نان.
لوُیشك: گیای لوُشه ف گیاهی است.
لوینه: ئاشەوان ف آسیابان.
لۆیه: ١) توێ، توێژ؛ ٢) لەبەر ئەوە: (**لۆیه** هاتم بت‌بینم)؛ ٣) جوابی پرسیار، بۆیه: (لۆ وات کرد؟ **لۆیه**) ف ١) لایه؛ ٢) به این دلیل، برای این؛ ٣) جواب سؤال، همینطوری.
لوُیه: ڕێوی، ڕواس، چەتیر ف روباه.

له: ۱) دەناو: (**له** گیرفانتدا)؛ ۲) به سەبەبی: (**له** ماندوییو **له** خەمان نازانم چی بکـەم)؛ ۳) بۆ دەسپێکـردن: (**لە**منەوە بۆ تۆ)؛ ۴) دەفری دەمو کات: (**له** ساڵو زەمانان)؛ ۵) بۆ خاتری: (**له** چاوی تۆ ئەو پێکە دەخۆمەوە)؛ ۶) پاشگری پچوك شاندان: (بیچکە**له**، کاکە**له**، برا**له**)؛ ۷) دوورخستنـەوە: (دەرپێ **له** پێکـە، پاتۆڵ **لە**پێکە، ماری رەش **لە**ناو مەکـە) «مەسەل»؛ ۸) نزیك کردنەوە: (کەوای **لە**بەردایە)؛ ۹) پاژێ له گشتێ: (ئـەوەش **لە**خـۆمـانـە)؛ ۱۰) وێنە، رەنگ، جۆر: (کورەکەت **لە**خـۆت دەچێ)؛ ۱۱) پەلە، لەز؛ ۱۲) وشەی بانگ کردن ف ۱) در، توی؛ ۲) بەعلّت؛ ۳) برای شروع، از؛ ۴) ظرف زمان؛ ۵) بەخاطر؛ ۶) پسوند تصغیر؛ ۷) دورکردن؛ ۸) نزدیکی؛ ۹) جزئی از کلّ؛ ۱۰) شبیه؛ ۱۱) عجله؛ ۱۲) حرف ندا.

لە: پاشگری پچوك شاندان: (**تۆ بەڵە، کۆ پەڵە**) ف پسوند تصغیر.

لەئاودان: وەناو رووبار کەوتن ف به آب زدن.

لهازە: باری، لۆسە ف اَهرُم.

لەب: ۱) دەزگای دوودەری زار، کەنـارەی زار؛ ۲) کەنـارەی هەرشتێ؛ ۳) بەری دەست، لەپ ف ۱) لب؛ ۲) کنارە؛ ۳) کف دست.

لەبا: ۱) جەم، لنك؛ ۲) بەبا، سەگی نێرخواز ف ۱) درنزد؛ ۲) مادەسگ جفت‌خواه.

لەبابەت: دەربارەی ف دربارهٔ.

لەبـات: ۱) لەجیات؛ ۲) ئەندامێك: (**لەباتا** خوێندانی برینداربو)؛ ۳) جوڵان، بزوتن ف ۱) بەجای؛ ۲) اندامی، عضوی؛ ۳) جُنبیدن.

لەباتی: لەبات، لەجیات ف بەجای.

لەباتیان: لەبات، لەجیات ف بەجای.

لەباچونەوە: دێڵەسەگی واز لە گانخوازی هێناو ف مادەسگ لقاح گرفته.

لەبادە: کوڵەباڵ ف نیم‌تنهٔ نمدی.

لەبار: رێك و پێك ف مناسب و شایان.

لەبارابون: ۱) لەناقەبدابون؛ ۲) رەوای کاری ف ۱) در توان بودن؛ ۲) شایستگی.

لەباربونەوە: برێتی لە بێچوبون، زان ف زاییدن.

لەبارچون: بێچو بەمردویی هاویشتن ف بچەانداختن.

لەبارچونەوە: نەزۆك بون دوای زگ‌کردن ف نازا شدن.

لەبارە: دەربارە ف دربارە.

لەبالەب: تژژە، پڕاوپڕ، دارماڵ ف پُر و لبالب.

لەبـان: ۱) بـالاتر، بەرەژورتر؛ ۲) گیای حەسیرلێ‌چێ‌کردن؛ ۳) گزی، فێڵ، حیلە ف ۱) بالای، بَر؛ ۲) گیاه حصیر؛ ۳) حیلە، مَکر.

لەبـاو: ۱) بەرەواج، برەودار؛ ۲) ئامـادەو گورج و گۆڵ ف ۱) رایج؛ ۲) آمادە و چالاك.

لەباوەت: لەبابەت ف دربارهٔ.

لەبت: جوڵە، بزوتن ف حرکت.

لەبتاندن: جوڵاندن، تەکان پێدان ف حرکت دادن.

لەبتۆك: زۆر بەجوڵەو بزوتن ف بسیار متحرّك.

لەبتی: ۱) بەجـوڵـە، بەبزوتن؛ ۲) بزوێنراو، جوڵەپێکراو ف ۱) حرکت کننده؛ ۲) تکان دادەشدە.

لەبتین: بزوتن ف حرکت کردن.

لەبڕ: ۱) بەقەبەڵ؛ ۲) گۆترە ف ۱) کنتراتی؛ ۲) نگا: گوتره.

لەبڕبونەوە: بێ‌تاقەت بون، لەقەووەت‌کەوتن ف بی‌تاب و توان شدن، از نیر واقتادن.

لەبڕەبونەوە: لەبڕبونەوە ف بی‌تاب و توان شدن.

لەبری: لەباتی، لەجیاتی ف بەعوض، بەجای.

لەبڕی: کاری بەقەبەڵ ف کنتراتی.

لەبریتی: لەبری، لەباتی ف بەجای.

لەبز: ۱) فەرمایشت، قسەی پیاوماقوڵ: (بابەغەڵیفە بە **لەبزی** ممبارەکی خۆی فەرمـوی)؛ ۲) لێو، لەب: (ئاخر تۆ بۆ **لەبزت** ناگەرێ) ف ۱) فرمایش؛ ۲) کنایه از لب.

لەبزەرینە: نیسکێنەی توند کە رۆنی قاڵکراوی بەسەردا دەکەن ف آش عدس غلیظ که روغن برآن ریزند.

لەبزی: به قسەی رۆبەرۆ ف شفاهی.

لەبزینە: جۆرێ شیرنیاتە ف لوزینە، نوعی شیرینی.

لەبك: سەرلێ‌شێوان، هۆش بڵاوبون ف هَول شدن.

لەبکاندن: سەرلێ‌شێواندن ف هول کردنِ دیگری.

لەبکۆك: کەم هۆش، بیر بڵاو ف حواس پرت.

لەبلەب: جۆرێ کۆتر ف نوعی کبوتر.

لەبلەبان: دەمەراش و قسەزان ف فصیح و سخنور.

لەبلەبی: لو بلو بە ف لبلبی، نخودچی.

لەبن: ۱) گش، گشت، تێکـرا؛ ۲) لەرەگەوە، لە ریشـە؛ ۳) قەت: (هەر **لەبن** نەم‌دیوە)؛ ۴) لەژێرەوە ف ۱) همه؛ ۲) از بیخ؛ ۳) هرگز؛ ۴) از زیر.

لەبن‌هاتو: ۱) قڕان‌تێکەوتو؛ ۲) بەریشەوە دەرهاتگ ف ۱) دودمان بر باد رفته؛ ۲) ریشەکن شدە.

لەبنەوە: ۱) لەخوارەوە، بەرانبەری لەسەرەوە؛ ۲) بە نهێنی، بەدزیەوە ف ۱) از زیر؛ ۲) پنهانی، دزدکی.

لەبنەهاتو: ۱) لەبن‌هاتو؛ ۲) تەواوبوگ: (کارت **لەبنەنایە**) ف ۱) ازبین رفته، ریشەکن شدە؛ ۲) تمام شدە.

لەبو: لباد، تەحت، کولاف ف نَمد.

لەبۆ: ۱) لبۆ، بۆ خاتری؛ ۲) بۆ چی؟، چما؟، لبۆ؟ ف ۱) برای؛ ۲) کلمهٔ پرسش، چرا؟.

لەبوچی: کولاف‌کەر، نمەدماڵ ف نَمدمال.

لەبە: گۆشتی زۆرچەور ف گوشت بسیار چرب.

لەبەر: ۱) داری بەمیوە؛ ۲) بۆ خاتری، بە سەبەبی؛ ۳) بێ کتێب زانین: (قورعانی **لەبەرە**) ف ۱) درخت ثمردار؛ ۲) از برای؛ ۳) ازبر، از حفظ.

لەبەربێزان: قێز لێ هاتنەوە ف از چشم افتادن، حال از چیزی بهم خوردن.

لەبەربیزران: لەبەربیزان ف نگا: لەبەربیزان.

لەبەرچاو: ١) دیار، خویا، ئاشکرا؛ ٢) لەبیرنەکراو: (چاکەی تۆم لەبەرچاوە) ف ١) آشکار؛ ٢) فراموش نشده.

لەبەرچاوکەوتن: قیزلێ هاتنەوە، لەبەربیزان ف از چشم افتادن.

لەبەرچاوگرتن: چاونوڕی لێ کردن، چاوێری ف زیرنظر گرفتن.

لەبەرچو: ١) بێچوی بەمردوویی زاو؛ ٢) چیتر نازێ؛ ٣) چیتر بەرناهێنێ ف ١) بچهٔ مرده به دنیاآمده؛ ٢) نازا شد؛ ٣) از ثمر افتاد.

لەبەرچوگ: بێچوی بەمردوویی زاو ف افگانه، بچهٔ مرده بەدنیا آمده.

لەبەرچوون: ١) بێچوی مردوو هێنان؛ ٢) چیتر بەرنەدانی دار؛ ٣) تەواوبوونی کار ف ١) بچەانداختن؛ ٢) ازثمرافتادن درخت؛ ٣) تمام شدن کار.

لەبەرچوونەوە: ناهومێدبوونی مێوینە لە زان ف یائسەشدن.

لەبەرچی: ١) چما؟، ئەرا؟؛ ٢) تۆکی ژنە لە ژن، واتا: زاروٚت نەبێ ف ١) چرا؟، برای چه؟؛ ٢) نفرین زنانه، نازاشوی.

لەبەرددان: بڕێتی لە فەوتاندنی ماڵ ف کنایه از نابودکردن سرمایه.

لەبەرڕۆیشتن: ١) لەبەرچوونی کار؛ ٢) تراو لە شتێکەوە دەرچوون: (ئاوی **لەبەردەڕوا**، خوێنی **لەبەرڕۆیشت**) ف ١) بەنهایت رسیدن کار؛ ٢) مایع از چیزی جاری شدن.

لەبەرڕۆین: لەبەرڕۆیشتن ف نگا: لەبەرڕۆیشتن.

لەبەرکردن: ١) دەبەرکردن، پۆشین؛ ٢) داکەندن، فڕێدانی جلك؛ ٣) گرتنەدڵ و لەبیرنەکردن، فێربوونی بێ نوسراو ف ١) پوشیدن؛ ٢) کندن لباس؛ ٣) ازبرکردن.

لەبەرەوە: ١) لەڕۆژگاری پێشترەوە؛ ٢) لەپێشەوە، دژی لەدواوە ف ١) ازپیش، از قبل؛ ٢) از جلو.

لەبەزچوون: تەزینی لاق لە ماندوویی ف از حرکت افتادن پا از خستگی.

لەبەن: قامیش، چیت، چیتك ف نی.

لەبەیش: پاڕانەوە، لالانەوە ف لابەکردن.

لەبێ: بەڵێ: (گەزێ **لەبێ** لەکوێ بوی لەچۆمان) ف بلی.

لەبیایش: لەبەیش ف لابەکردن.

لەبیخە: شەڵتەی سەربرین ف ضماد.

لەبیر: دژی فەرامۆش کراو ف دریاد.

لەبیربوون: فەرامۆش نەبوون ف بەیاد بودن.

لەبیرچوون: فەرامۆش بوون ف فراموش شدن.

لەبیرچوونەوە: زاندراو فەرامۆش کردن ف فراموش کردن.

لەبیرکردن: ژبیرکردن، فەرامۆش کردن ف فراموش کردن.

لەبیرەوچوون: لەبیرچوونەوە ف فراموش کردن.

لەپ: ١) بەری دەست؛ ٢) لیچی ئەستوور؛ ٣) پەلە، لەز ف ١) کف دست؛ ٢) لب کلفت؛ ٣) عجله.

لەپ: ڕاژان بەحەواوە ف نوسان افقی.

لەپا: بەعۆدە، لەسەر: (ئەم کارە **لەپای** من) ف برعهده.

لەپاچە: شتی بەخۆدادان بۆ خەوتن، سەررایەخ، بێخەف ف روانداز رختخواب.

لەپارە: ١) پارچەو لەتی بەقەد لەپی دەست؛ ٢) گوشمەی گوێزو تووف ١) قطعه به اندازهٔ کف دست؛ ٢) توت و گردوی باهم کوبیده.

لەپاش: دوای ف پس از.

لەپاشا: لەدوای ف سپس.

لەپاشان: لەپاشا ف سپس.

لەپاشانا: لەپاشا ف سپس.

لەپاکەفتن: قەوەت دەلاقدانەمان لە نەخۆشی و لە ڕێ ڕۆیشتن ف ازپا افتادن.

لەپاکەوتن: لەپاکەفتن ف ازپا افتادن.

لەپان: پانیەی پێ ف پاشنهٔ پا.

لەپان: قووت چوون ف بلع.

لەپاندن: قووت دان ف بلعیدن.

لەپت: ١) لەبت، جوولە، بزوتن؛ ٢) بەعەرزدا کەوتن ف ١) حرکت؛ ٢) بر زمین افتادن.

لەپتاندن: ١) تەکان پێ دان، جوولاندن؛ ٢) بەزەوی‌دادان ف ١) حرکت دادن؛ ٢) بر زمین زدن.

لەپتر: شێوێکە لە وردەساوارو گۆشت ف آشی است.

لەپتین: ١) بلندبوون و نرم‌بوون لە جوولەکردندا؛ ٢) بزوتن، بزوتنەوە ف ١) جست وخیز؛ ٢) حرکت.

لەپڕ: گوزو گومەت ف یکهو، ناگهان.

لەپڕا: لەپڕ ف یکهو، ناگهان.

لەپڕایەکی: لەپڕ ف یکهو، ناگهان.

لەپڕڕا: لەپڕ ف یکهو، ناگهان.

لەپڕێ: لەپڕ ف ناگهان، یکهو.

لەپژ: ١) بێهۆشی، بوورانەوە، دڵ بووردنەوە؛ ٢) لەپڕ بەربوونەوە ف ١) اغما، بیهوشی؛ ٢) ناگهانی افتادن.

لەپژین: ١) دڵ بوورانەوە، بێهۆش بوون؛ ٢) لەپڕ کەوتن ف ١) بیهوش شدن؛ ٢) افتادن ناگهانی.

لەپك: ١) دەسکێش کە لەبەر سەرما لە دەستی دەکەن؛ ٢) وێنەی پەنجە لە بەڕەدا ف ١) دستکش؛ ٢) نقش پنجه درگلیم.

لەپك: دەسکێش ف دستکش.

لەپکە: ١) زاخی شین، موروی شین کە دەرمانی برینانە؛ ٢) گوێماسیلە ف ١) زاج کبود، کات کبود؛ ٢) گوشماهی.

لەپ‌لەپ: دەنگی وێك‌کەوتنی تیخ ف چکاچك.

لەپماڵ: دەست پێداهێنان و شێلان ف ماساژ.

لەپۆ: ئامیانی هەویرگەیاندن، هەویرترش ف خمیرمایه.

لەپۆرت: نانی هەنجیر ف لواشك انجیر.

لەپۆل: شەپلەلێدراو ف فلج، لمس.

لەپولەوس: دەم و فلچ، دەم و لەوس ف لب و لوچه.

لەپە: ١) نخۆشەر، لەتکەنۆك؛ ٢) چێشتی دەسخۆر؛ ٣) سواغدان بە دەست؛ ٤) پەلە، لەز؛ ٥) پڕاوپڕ، تژە؛ ٦) بڕێتی لە دوپشکی زەلام ف ١) لپهٔ نخود؛ ٢) نگا: دەسخۆر؛ ٣) اندودن با دست؛ ٤) شتاب؛ ٥)

پرلبالب؛ ٦) کنایه از کژدم بزرگ.

لەپە: لەپ، ڕاژان بەحەواوە ف نَوسانِ افقی.

لەپەتیر: دەسخۆر ف نگا: دەسخۆر.

لەپەر: زیپکەی زۆر بەژان ف جوش سوزناك.

لەپەکوتێ: دەسکوتانی کوێرانە، دەستەکوتێ ف دست گرداندن کورکورانه.

لەپەلەپ: یەلەیەل ف باشتاب.

لەپـەلـەپ: ١) ڕاژانی بەحەواوە؛ ٢) دەنگی توندو زۆر لەلووتەوە، فنگەفنگ ف ١) نَوسان افقی؛ ٢) صدای فین فین بینی.

لەپەوڕۆ: دەمەوڕۆ ف دَمَر افتادن.

لەپێخە: شەڵتەو نیوەنمەك ف ضماد.

لەپێستچوونەدەر: بریتی لە توڕەبوونی زۆر ف کنایه از بسیار خشمناك شدن.

لەپێستچوونەدەرەوە: لەپێستچوونەدەر ف کنایه از بسیار خشمناك شدن.

لەپێستدەرچوون: لەپێست چوونەدەر ف کنایه از بسیار خشمناك شدن.

لەپێش: ١) بەرلە؛ ٢) بەڕێزو قەدر ف ١) قبل از؛ ٢) محترم.

لەپیك: لەپك، دەسکێش. *کە لەبەر سەرما دەدەستی دەکەن* ف دستکش.

لەپێك: لەپیك، دەسکێش ف دستکش.

لەپێکردن: ١) پۆشین؛ ٢) داکەندن ف ١) پوشیدن؛ ٢) کندن لباس، از یادرآوردن.

لەپێ کەوتن: لەپاکەفتن: (**لەپێ کەوتووم** و نەفسم بۆ هەوا دەشنێ وەکو منداڵ/ لەبەر پیری سەرم خۆی ناگرێ من تازە پێ دەگرم) «مەحوی» ف ازپا افتادن.

لەپین: ١) بەلاداهاتن؛ ٢) پەلـەکردن؛ ٣) گورگەلۆقەکردن ف ١) کج شدن؛ ٢) عجله کردن؛ ٣) هرولەرفتن.

لەت: ١) پارچـە، پاژ؛ ٢) کەڵەکەبەردی ناو زەوی؛ ٣) گوێچی داکراولە گەمەدا؛ ٤) جمك، ئاواڵدوانە ف ١) پاره، قطعه؛ ٢) تودۀ قلوه سنگ در زمین؛ ٣) شتالنگ ریخته در زمین؛ ٤) دوقلو.

لەتار: شەقار، لەتلەت ف پاره پاره.

لەتامدەرچوون: لە ئەندازە بەدەر خراپی کار ف بدی بیش از اندازۀ کار.

لەتامدەرکردن: کاری نارەوای زیاد لە ئەندازە کردن ف کار بدبیش از حدّ کردن.

لەتـان: ١) خوستلێبڕان، تەواو بێدەنگبوون؛ ٢) نۆقرەگرتن ف ١) بی صداشدن؛ ٢) آرام گرفتن.

لەتـانـدن: ١) وست کردن؛ ٢) نارام کردن ف ١) بی سروصـدا کردن، ساکت کردن؛ ٢) آرام کردن.

لەتـاو: ١) لەتاسەوئارەزوو: (**لەتاو** تۆ حەجمینم نەبو)؛ ٢) لەبەرئێشوژان: (**لـەتاو** دەردم خەوم نیە)؛ ٣) لەناچاری و زۆربۆهاتن: (**لەتاو** گەرما پاڵم بەئاگرەوەدا) ف ١) از شوق؛ ٢) از درد؛ ٣) از ناچاری.

لەتاوا: لەتاو ف نگا: لەتاو.

لەتاوان: لەتاو ف نگا: لەتاو.

لەتاوانا: لەتاو ف نگا: لەتاو.

لەتبوون: شکان، پارچەبوون ف شکستن، قطعه شدن.

لەتر: ڕەت، تلدانی بەپێوە ف تلوخوردن.

لەتربردن: ڕەتبردن ف تلوخوردن.

لەتردان: ڕەتبردن، لەتربردن ف تلوخوردن.

لەتك: لەت ف نیمه، قطعه.

لەتکردن: شکاندن، پاژپاژکردن ف شکستن، قطعه‌قطعه کردن.

لەتکـە: میوەی قاشکـراوی لەبـەر تاو ئیشکـەوەکـراو بۆ زستـان: (**لەتکەقەیسی، لەتکەهەرمێ**) ف برگۀ میوه.

لەتکەچوون: دەنگنەمان لە ماندوویی بۆ زاروێ دەڵێن کە زۆر دەگری و توانی گریانی نامێنێ ف ازپا افتادن بچه به سبب گریه بسیار.

لەتکەنۆك: لەپە، نخۆشەر ف لپۀ نخود.

لەتلەت: پارچەپارچە، پاژپاژ ف قطعه‌قطعه.

لەتم: زۆرکاری، ستەم، زوڵم، ناهەقی ف ظلم، جور.

لەتوپەت: شکاوی زۆر پارچەپارچە ف خردوخاك.

لەتوکوت: پارچەپارچە ف قطعه‌قطعه.

لەتە: ١) لەت، پارچە، پاژێ لە شتێ؛ ٢) لە تۆ ف ١) پاره، قطعه؛ ٢) از تو.

لەتەجەرگ: ١) کوتێ لە کەزەب؛ ٢) بریتی لە خوێنی مەیو؛ ٣) بریتی لە فرزەند، ڕۆڵە ف ١) پارۀ جگر؛ ٢) کنایه از خون منعقد؛ ٣) کنایه از فرزند.

لەتەچن: پارسەکی نانچنەوە لە ماڵان ف گدای ریزه‌نان خواه.

لەتەچنی: پارسەکی، گەدایی ف گدایی.

لەتەر: پۆز، بەلەك: (بڕوانە ئەو لنگو **لەتەرە**) ف ساق.

لەتەرە: ١) لەتەر، پۆز؛ ٢) تەشی ف ١) ساق؛ ٢) دوك نخ‌ریسی.

لەتەرەبۆق: زگ‌زلی قاچ‌باریك ف شکم گندۀ ساق باریك.

لەتەك: دەگەڵ ف همراه.

لەتەلەتە: پارچەپارچە ف قطعه‌قطعه.

لەج: ١) ناوی گوندێکە لە موکوریان؛ ٢) لاسار؛ ٣) کێشەوگێرە ف ١) نام روستایی است؛ ٢) خیره‌سر؛ ٣) جاروجنجال.

لەجـوتچوون: لەپـڕ وێستـانی ئاسیاو لە عەیبێکەوە ف ناگهان از کار بازایستادن آسیاب.

لەجوڵەکەوتن: بێحەرەکەتبوون ف از حرکت بازماندن.

لەجە: ١) لاساری؛ ٢) دەردیدڵ، گلەیی لە بەخت ف ١) خیره‌سری؛ ٢) درددل.

لەجەر: لاواز، کز، داڵگۆشت، زەعیف ف لاغر.

لەجەری: نەخۆشی بناوبوێری وردەماڵە کە گەرووی دەپەنمێ ف نوعی بیماری دام.

لەجێ: ١) بەجێ، ڕەوا؛ ٢) بێ درەنگکردن، فەوورەن؛ ٣) ناوی گوندێکە لە کوردستان، لەج ف ١) بجا، روا؛ ٢) فوراً؛ ٣) نام دهی است.

لەجیات: لەبات ف بەجای، عوض.

لەجیاتی: لەباتی ف بەجای.

لەجێ چوُن: ترازان، بەندی ئەندام لەجێگەی خۆی لاچوُن، وەرگەڕان ف ازجا در رفتن بند اندام.

لەجێگەچوُن: لەجێ چوُن ف دررفتگی مفصل.

لەجێگەدەرچوُن: لەجێ چوُن ف دررفتگی مفصل.

لەچ: دەسماڵی سەری ژنان، سەرپۆشی ژنانە، لەچك ف لَچك.

لەچاو: لە بەرانبەر: (**لەچاو تۆ پاڵەوانم**) ف در مقابل.

لەچاوچوُن: لە ئیرەیی چاوپیسان توُشی بەلا بوُن ف چشم بدخوردن.

لەچاوگیران: بریتی لە پێ نەزانیو سپڵەیی ف کنایه از حق ناشناسی.

لەچك: ١) سەرپۆشی ژنانە؛ ٢) گۆشەی دەسماڵو بوخچە و...، لك ف ١) لچك؛ ٢) گوشهٔ دستمال و بقچه و....

لەچك بەسەر: بریتی لە ئافرەت ف کنایه از زن.

لەچك بەسەرە: لەچك بەسەر ف کنایه از زن.

لەچكدار: بریتی لە پیاوی بەناموسو غیرەت ف کنایه از مرد غیرتمند.

لەچوُچوُن: لاق وەرگەڕانی ولاخەبەرزە ف دررفتگی پای دام.

لەچە: ١) بۆ چی؟؛ ٢) دەربارەی چی؟ ف ١) برای چه؟؛ ٢) دربارهٔ چه؟.

لەچەر: ١) رژد، رەزیل، چکوُس؛ ٢) گیرو پەڵپ گر ف ١) خسیس؛ ٢) لجباز، بهانه گیر.

لەچەك: لەچك ف لچك.

لەچەك کردن: ١) دەمو لوُت بە دەسماڵ بەستن؛ ٢) چەك لێ ئەستاندن ف ١) نقاب به چهره زدن؛ ٢) خلع سلاح کردن.

لەچیك: لەچك ف لچك.

لەحاست: لە بەرانبەر، لەڕوی: (**لەحاست تۆ چاوم هەڵنایە**) ف دربرابر، در مقابل.

لەحاند: لەحاست ف در برابر.

لەحد: یەك شەممە ف یکشنبه.

لەحزە: تاوێکی کەم ف آن، لحظه.

لەحەیف: ١) لێفە؛ ٢) لەداخ ف ١) لحاف؛ ٢) از حسرت.

لەحیم: بەسەریەکالکانی کانزا بە قەڵایی و ئاگر، جۆش ف لحیم، جوش.

لەحیم چی: کەسێ کە کانزا جۆش دەکاتەوە ف جوشکار.

لەحیم کار: لەحیم چی ف جوشکار.

لەحێوەت: لەسامو ترسەوە ف از ترس.

لەحێوەتا: لەحیوەت ف ازترس.

لەخاف: لەغاو، لغاو ف لگام.

لەخاڤ: لغاو ف لگام.

لەخت: ١) بەدەن، ئەندامانی لەش بە تێکڕایی، قالب؛ ٢) دانی باڵدار ف ١) تن، کالبد؛ ٢) دانهٔ پرنده.

لەخت ولار: شل وملِ ف نرم اندام رعنا.

لەخرتك چوُن: لەجێ چوُنی جومگە ف ازجا در رفتن مچ.

لەخرتکەچوُن: لەخرتك چوُن ف ازجا دررفتن مچ.

لەخرێن: تاشت، هیچ نەخواردو لەپاش لەخەوهەستان ف ناشتا، صبحانه نخورده.

لەخرێنی: لەخرێن ف ناشتا.

لەخش: خشکە، لەسەر قنگ خزین ف جنبیدن، خزیدن بر زمین.

لەخشان: خشکە کردن بە زەویندا ف جنبیدن، بر زمین جابجا شدن.

لەخشتەبراو: فریودراو ف فریب خورده.

لەخشتەبردن: خەڵەتاندن، خاپاندن ف فریب دادن.

لەخشە: لەخش ف نگا: لەخش.

لەخشین: لەخشان ف نگا: لەخشان.

لەخم: تەقەمەنیێ کە دەخرێتە ژێر عەردەوە ف مین.

لەخۆبوردن: دەست لە ژیان بەردان بۆ مەبەستێ ف از خودگذشتن.

لەخۆبوردو: دەست لە ژیان هەڵگرتو ف ازخودگذشته.

لەخۆبوردویی: خۆ لەبیرچوُنەوە بۆ کارێ ف ازخود گذشتگی.

لەخۆبوُنەوە: ١) کار پێك هێنان بە تەواوی؛ ٢) لەهۆش چوُن، بوُرانەوە؛ ٣) شەرم کردن ف ١) ازکار فراغت یافتن؛ ٢) از هوش رفتن؛ ٣) شرمنده شدن.

لەخۆچوُن: لەهۆش چوُن، بوُرانەوە ف غش کردن، مدهوش شدن.

لەخۆخەفتن: ئاگاداری خۆکردن ف ازخود مواظبت کردن.

لەخۆدەرچوُن: بایی بوُن، بادی هەوابوُن ف مغرور شدن.

لەخۆڕا: ١) بەبێ هیچ، بێ هیچ سەبەب: (**لەخۆڕا بەگژمدا هات**)؛ ٢) هەڵبەستو درۆ: (**لەخۆڕا ئەم قسەیەی کرد**) ف ١) بدون سبب؛ ٢) به دروغ، از خوددرآوردن.

لەخۆڕاپەرمون: خۆ بە شیاوی کارێ زانین ف شایستگی درخود دیدن.

لەخۆڕادیتن: لەخۆڕاپەرمون ف شایستگی درخود دیدن.

لەخۆڕادین: لەخۆڕاپەرمون ف شایستگی در خود دیدن.

لەخۆڕیان: ١) گوُ بەخۆداکردن؛ ٢) بریتی لە سەرنەکەوتن لە کارێ کە خەریك بوە ف ١) برخود ریدن؛ ٢) کنایه از موفق نشدن در کار.

لەخۆڕیاو: خوێڕی، خۆری ف بیکاره و هرزه.

لەخورێن: لەخرێن ف ناشتا.

لەخۆڕین: لەخۆڕیان ف نگا: لەخۆڕیان.

لەخورێنی: لەخرێنی ف ناشتا

لەخۆکردن: ١) دڵ ئێشاندن و ڕەنجاندن؛ ٢) جل پۆشین؛ ٣) جل داکەندن ف ١) دل آزردن کسی؛ ٢) لباس پوشیدن؛ ٣) لباس کندن.

لەخۆگرتن: ١) لەسەر خۆ پێویست کردن؛ ٢) بڕیاردان بە خێرکردن ف ١) برخود لازم دانستن؛ ٢) نذر.

لەخۆگۆڕان: غلوُربوُن، بادی هەوابوُن، لەخۆدەرچوُن ف مغرور شدن.

لەخۆگۆڕاو: غلور، بادی هەوا، لەخۆدەرچوُگ ف مغرور.

لەخۆگۆڕین: شتێ زانین و خۆ بە نەزان نواندن ف خود را به کوچهٔ علی چپ زدن، تظاهر به بیخبری کردن.

لەخۆمان: پاژێك لە ئێمە: (فلانکەسیش **لەخۆمان بو**) ف جزئی از ما، خودمانی.

لەخۆمانە: پاژێکە لە ئێمە ف جزئی از ماست، از ماست.

لەخۆن: لەخۆمان ف نگا: لەخۆمان.

لەخۆنە: لەخۆمانە ف ازماست.

لەخۆوە: لەخۆڕا ف نگا: لەخۆڕا.

لەخەمڕستن: لەخەمڕەخسان ف بالیدن، از مراقبت بی نیاز شدن.

لەخەمڕستو: لەخەمڕەخساو ف رشدکرده، از مراقبت بی نیاز شده.

لەخـەمڕەخسان: لە بەلاّ دوورکەوتنەوە، پێ گەیشتن: (کوڕەکەت **لەخەم ڕەخساوە**، شینـاییەکەم **لەخەم ڕەخساوە**) ف بالیدن، نموکردن، از مراقبت بی نیاز شدن.

لەخـەمڕەخساو: لە خەملێخواردن ڕزگاربووگ ف بالیده، نمو کرده، از مراقبت بی نیاز شده.

لەخەمڕەخسین: لەخەمڕەخسان ف نگا: لەخەمڕەخسان.

لەخەمڕەخسیو: لەخەمڕەخساو ف نگا: لەخەمڕەخساو.

لەخـەوکـردن: ١) خەوانـدن؛ ٢) خەو لێ ڕزاندن ف ١) خواباندن؛ ٢) بی خواب کردن.

لەدوای: لەپاش ف بعداز.

لەدوودان: ١) شل کردنـی بەن و گوریس بۆ کێشـان؛ ٢) بریتـی لە ئازادی دان بە ژێردەست کە کار بە ئارەزوی خۆی بکا ف ١) سست کردن برای کشیدن دنبالـه؛ ٢) کنایه از آزاد گذاشتن زیردست که خودسرانه کارکند.

لەدوڕ: لەناوەڕاست ف دروسط.

لەدە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

لەدەستچوون: نەمانی شتێ کە بنیادەم بۆیەتی ف از دست رفتن.

لەدەستدان: لەدەستچوون و خەتالە خاوەن بوون ف از دست دادن.

لەدەستدەرچوون: لەدەستچوون ف ازدست دررفتن.

لەدەستکەفتن: ١) نابـوت بوون لە دارایی؛ ٢) لەنـاوچـوونی یەکێ لە دەستی شتی ناومـاڵ ف ١) ورشکست شدن؛ ٢) ازدست افتـادن، ناقص شدن دستی از وسایل منزل.

لەدەستکەوتن: لەدەستکەفتن ف نگا: لەدەستکەفتن.

لەدەستهاتن: بۆ پێك‌هاتن توانا بەسەر کارێکا بوون ف ازدست برآمدن.

لەدەف: خوێڕی و بێکارە ف هرزه ولگرد.

لەدەفی: خوێڕیەتی ف هرزگی.

لەدەڤ: لەجەم، لای ف نزد، پیش.

لەدەم: ١) نزیك بە؛ ٢) کەناری؛ ٣) لەجێ ف ١) نزدیك به؛ ٢) درلبه؛ ٣) فوراً.

لەدەما: ١) دەمێکی، ئەو کاتە؛ ٢) لەجێ ف ١) در زمانی؛ ٢) فوراً.

لەدەماخدان: جاڕزکردن، قەڵس کردن ف پکر کردن.

لەدەماغدان: لەدەماخدان ف پکرکردن.

لەدەمترازان: لەدەمدەرچوون ف ازدهن دررفتن، بەاشتباه گفتن.

لەدەمدا: لەدەما ف نگا: لەدەما.

لەدەمدان: ١) بریتی لە ڕوشکاندن؛ ٢) قسە لێ قبوڵ نەکردن ف ١) کنایه از ازرو بردن، خجل کردن؛ ٢) سخن مخاطب را ردکردن.

لەدەمدەرپەڕین: قسە بەسەهوکردن ف اشتباه حرف زدن.

لەدەمدەرچوون: لەدەم دەرپەڕین ف اشتباه حرف زدن، از دهن دررفتن.

لەدەمەودان: پاش ملە گوتن ف غیبت گفتن.

لەدەو: لای، جەم، کن، نك ف نزد.

لەدەودان: لەدەمدان ف نگا: لەدەمدان.

لەدەورگـەڕان: ١) لە دەورو بەر گەڕان؛ ٢) بەقـوربـان بوون ف ١) پیرامون گشتن؛ ٢) قربان و صدقه‌رفتن.

لەڕ: لاواز، داڵگۆشت، زەعیف، کز، لەجەر ف لاغر.

لەر: پاشگری کۆ: (میر و بەگلەر) ف پسوند جمع.

لەران: جوولان بە ڕاست و چۆپەدا ف حرکت جانبی.

لەراندن: جوولاندنی بە ڕاست و چۆپەدا ف حرکت دادن جانبی.

لەراندنەوە: لەراندن ف حرکت دادن جانبی.

لەراننەوە: لەراندنەوە ف حرکت دادن جانبی.

لەرانەوە: لەران ف نگا: لەران.

لەرخێنی: لەخورێنی ف ناشتا.

لەردێ: گونـدێکـە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

لەرز: ١) بزوتنی ڕاستەخۆ؛ ٢) لەڕ، لاواز؛ ٣) تا، سەرمای تا ف ١) لرزه؛ ٢) لاغر؛ ٣) تب لرزه.

لەرزان: ١) بوومەلەرزە؛ ٢) هەمولا بزوتنی بێ ئیختیار ف ١) زلزله؛ ٢) لرزیدن.

لەرزاندن: وەلەرزەخستن ف لرزانیدن.

لەرزاندنەوە: لەرزاندن ف لرزانیدن.

لەرزاننەوە: لەرزاندن ف لرزانیدن.

لەرزانە: ١) خشڵێکی ژنانە؛ ٢) ناوی قامێکی کوردی‌یە ف ١) زیوری است؛ ٢) نام آهنگی است.

لەرزانەوە: لەرزان ف لرزیدن.

لەرزبـڕین: دوعـا لەمـوخوێندن بۆ لەرزو تا چاك‌بوونەوە ف دُعا بر مو خواندن برای شفای تب.

لەرزبۆبڕین: بریتی لە ترساندنی زۆر ف کنایه از ترسانیدن.

لەرزك: ١) شتێ کە دەلەرزێ؛ ٢) زەمینی زۆنگ؛ ٣) نەخۆشیەکی پەزە ف ١) لرزان؛ ٢) زمین آبزا؛ ٣) نوعی بیماری گوسفند.

لەرزکامرنێ: پەلەقاژەی سەربڕاو، لنگەفرنە ف دست و پازدن دم مرگ.

لەرزگرتن: تووشی تاو لەرز بوون ف تب و لرز کردن.

لەرزلێ‌هاتن: ١) تاگرتن؛ ٢) لەرز لە ترسان و لە سەرمان ف ١) لرز و تب گرفتن؛ ٢) لرزش از سرما و ترس.

لەرزوتا: تاو لەرز، یاو ف تب و لرز.

لەرزۆك: ١) شتێ کە دایم دەلـەرزێ: (کـابـرا**لـەرزۆك**بوە)؛ ٢) نەخـۆشیەکی حەیوان کە دەلـەرزێ و کتـوپـڕ دەمرێ ف ١) همیشه لرزان؛ ٢) نوعی بیماری دام.

لەرزە: لەرز ف لرزش.

لەرزەتا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

لەرزەك: ١) لەرزۆك؛ ٢) بوومـەلـەرزە؛ ٣) زەمینی ناپتـەوی شل ف ١) همیشه‌لرزان؛ ٢) زلزله؛ ٣) زمین سُست و متخلخل.

لەرزی: ١) لەڕی، کزی؛ ٢) رابوردوی لەرزین ف ١) لاغری؛ ٢) لرزید.

لەڕق: ١) رکونی، رق‌لەزگ؛ ٢) بە ڕقەبەری، بە کینەی ف ١) کینه‌توز؛ ٢) به‌کینه.

لەڕك: ١) لەڕق؛ ٢) لەڕ و لاوازی چکۆڵە ف ١) نگا: لەڕق؛ ٢) لاغرك.

لەڕو: ١) جوانی دڵپەسند؛ ٢) لەپێش، بەقەدر؛ ٣) رووبەڕوو؛ ٤) قسەی ڕەپ و ڕاست ف ١) زیبا؛ ٢) محترم؛ ٣) روبەرو؛ ٤) رُك و صَریح.

لەڕودامان: شەرمکردن لە بەرانبەر یەکێ ف شرم حضور، رودربایستی.

لەروك: لەرزۆك ف لرزان.

لەڕوك: چکۆڵەی لاواز ف لاغرك.

لەرە. ١) لەر، جوڵانی بەولاولادا؛ ٢) لەرزە ف ١) جنبش و تکان؛ ٢) لرزه.

لەرە: لێرە، لەم‌شوێنە ف اینجا.

لەڕەبا: ئاوسانی پەزو بزن لە نەخۆشی ف باد ورم بز و گوسفند.

لەرەلەر: لەرەی زۆر ف «لەره»های پیاپی.

لەرەنە: لەراندن ف جنباندن.

لەری: جوڵایەوە بەولاولادا ف جنبید.

لەڕی: لاوازی، بێ‌گۆشتی ف لاغری.

لەریانەوە: لەرانەوە ف نگا: لەرانەوە.

لەڕێ‌دەرچوُن: گومڕابوُن ف منحرف شدن، گمراه شدن.

لەڕێ‌لادان: لەڕێ‌دەرچوُن ف منحرف شدن، گمراه شدن.

لەرین: لەرانەوە ف نگا: لەرانەوە.

لەرینەوە: لەرانەوە ف نگا: لەرانەوە.

لەز: پەلە، زوُ ف شتاب.

لەزارترازان: لەدەم‌ترازان ف ازدهن دررفتن.

لەزاگ: تابوت، داربەست ف تابوت.

لەزالەز: پەلەپەل، هەرئێستە، دەس بەجێ ف باعجله، عجولانه.

لەزاندن: پەلەکردن ف شتابیدن.

لەزاهی: پەلەیی، هەلپە، پەلەسەیی ف شتاب، عجله.

لەزبلەز: زۆربەپەلە ف بسیار باعجله.

لەزخۆر: کەسێ کە بە هەڵپەو پەلە دەخوا ف کسی که با عجله غذا می‌خورد.

لەزك: ١) بەخەیاڵ لێ‌بڕان: (**لەزك** بوُم بچم)؛ ٢) خەریك: (گورگ **لەزك** بوُ دەیخوارد) ف ١) تصمیم فکری؛ ٢) سروقت و مشغول.

لەزکانی: بەپەلە، بلەز ف باعجله.

لەزکرن: پەلەکردن ف شتابیدن.

لەزكوزاوەستان: لەبەرچوُنەوەی مێوینە ف یائسه‌شدن.

لەزكەوەستان: لەبەرچوُنەوەی مێوینە ف یائسه‌شدن.

لەزكەوەستانەوە: لەزكەوەستان ف یائسه‌شدن.

لەزكوێستان: لەزكەوەستان ف یائسه‌شدن.

لەزكوێستانەوە: لەزكەوەستان ف یائسه‌شدن.

لەزكەوچوُن: لەزكەوەستان ف یائسه‌شدن.

لەزکی: دەست‌بەجێ ف فوراً.

لەزگ: لەزك ف نگا: لەزك.

لەزگە: چەسپی بەپێستەوەلکاندن بۆ دەرمان، مشەمما ف پلاستر، مشمّع طبی.

لەزگین: ١) روخـۆش؛ ٢) چالاك و بەکار؛ ٣) ناوە بۆ پیاوان ف ١) خوشرو؛ ٢) چُست و چالاك وکاری؛ ٣) نام مردانه.

لەزلەز: پەلەپەل ف عجله.

لەزم: ١) شە، تەڕایی؛ ٢) قوڕو چڵپاو؛ ٣) پەلەم هەیە: (**ئەز لەزم دچم**) ف ١) نم، رطوبت؛ ٢) لای و لجن؛ ٣) شتاب دارم.

لەزمە: تەوژمی باران ف شدّت رگبار.

لەزوبەز: زۆر بەپەلە ف بسیارباعجله.

لەزوُڕا: هەر لەمێژەوە ف از قدیم، ازقبل.

لەزۆوە: لەزوُڕا ف نگا: لەزوُڕا.

لەزووەوە: لەزوُڕا ف ازدیرباز.

لەزە: هەراو کێشە ف جار وجنجال.

لەزەت: خۆشی ف لذّت.

لەزەی: بەپەلە، بلەز ف باعجله.

لەزیز: ١) خۆشەویست، عەزیز؛ ٢) بەتام و دڵپەسند؛ ٣) زرنگ ف ١) گرامی؛ ٢) لذّت‌بخش؛ ٣) باهوش.

لەزین: پەلەکردن ف شتابیدن.

لەژ: لەز، پەلە ف عجله.

لەژان: بەئازار، بەژان: (برینەکەم زۆر **لەژانە**) ف آزاردهنده، دردناك.

لەژگ: پەل، لق ف شاخه.

لەژم: قوڕو چڵپاو، لەزم ف لای ولجن.

لەژماربەدەر: زێدە لە بژاردن، یەکجارزۆر ف بیشمار.

لەژمارەبەدەر: لە ژمار بەدەر ف بیشمار.

لەس: هەموو ئەندام بەگشتی ف بدن.

لەسار: لاسار، گوێ‌نەبیس لە قسەی خەڵك ف خیره‌سر.

لەس‌پێت: بیچم و تەرز، هەیئەت ف قیافه، شکل.

لەسم: ئیفلیج ف فلج.

لەسەر: ١) بالاتر؛ ٢) لەبەر: (**لەسەرتۆ** وام بەسەرهات)؛ ٣) ئەوی لە ڕکەو کێ‌بەرکێ‌دا دەباتەوە: (لە گاڵتەدا ئێمە **لەسەرین**)؛ ٤) باقی، زێدەماڵێك کە لە گۆڕینەوەدا دەدرێ بە خاوەنی ماڵەباشترەکە: (چەندم **لەسەر** دەدەیەوە؟)؛ ٥) برێتی لە قەرز: (دیناریکم **لەسەرە**)؛ ٦) عۆدە، لەپا: (ئەم کارە **لەسەر** من)؛ ٧) پێویست: (**لەسەرمە** دەبێ بچم)؛ ٨) لایەن‌گر و پشتیوان: (مەترسە من **لەسەرتۆم**)؛ ٩) لاسار ف ١) بالاتر؛ ٢) ازبرای؛ ٣) پیروز؛ ٤) اضافه‌پولی که در مبادلهٔ کالا بەیکی از طرفین داده می‌شود؛ ٥) کنایه از وام؛ ٦) عهده؛ ٧) واجب و لازم؛ ٨) هوادار و پشتیبان؛ ٩) خیره‌سر.

لەسەرچوُن: ١) دەس‌بەرنەدان لە کارێ کە دەکرێ؛ ٢) لە ڕێگەی کارێ‌دا مردن؛ ٣) سەهوکردن؛ ٤) لەبیرچوُن ف ١) ادامه دادن کار؛ ٢) درانجام کاری مردن؛ ٣) اشتباه؛ ٤) فراموش کردن.

لەسەرچە: لەبەر چی؟، بۆ چی؟ ف برای چە؟.

لەسـەرچی: ١) لەسـەرچـە؟؛ ٢) ئەندازە چەند بێ؟: (شەرت ببەستین لەسەرچی؟)؛ ٣) لەبیرت بچێ ف ١) برای چە؟؛ ٢) برچە؟، سرچە؟؛ ٣) فراموش كنی.

لەسـەرخـۆ: ١) ئارام، هێدی، بەپشـو؛ ٢) سەبـر، نە بلەز؛ ٣) بەهۆش، ئاگادار ف ١) آرام؛ ٢) يواش؛ ٣) هُشيار.

لەسەرخۆچوُن: بێهۆش بوُن ف بيهوش شدن.

لەسەرخۆیی: ئارامی، پشودرێژی ف آرامی، شكيبايی.

لەسەردا: ١) لە لای ژوُرەوە؛ ٢) دوبارە، ژنوُ: (لەسەردا تێ‌هەڵچینەوە) ف ١) ازبالا؛ ٢) از نو.

لەسەردان: ١) باقیدانەوە لە گوُڕینەوەدا؛ ٢) بە شمشێر ئەستو پەڕاندن ف ١) باقی‌دادن درمبادله؛ ٢) گردن‌زدن.

لەسەردەستان: ١) زگ‌پڕ لە سەروبەندی زاندا؛ ٢) برێتی لە بڕەودار، رەواج ف ١) آبستن نزديك زاييدن؛ ٢) كنايه از رايج.

لەسـەرڕا: ١) ژنـوُ، لەسـەردا؛ ٢) لـە سەرەوە بۆ خوارەوە: (لەسەرڕاكەوتم) ف ١) از نو؛ ٢) ازبالا به پايين.

لەسـەرڕۆیشتن: ١) دەس بەرنەدان‌و دوایی كارگرتن، لەسەرچوُن؛ ٢) پێ‌چەقاندن، سوُربوُن ف ١) دنبال كردن و ادامه دادن؛ ٢) اصرار.

لەسەرڕۆین: لەسەرڕۆیشتن ف نگا: لەسەرڕۆیشتن.

لەسەرقەراخ: بەرداشی لاسواو ف سنگ آسياب كنارە‌ساييده.

لەسەرقەراغ: لەسەرقەراخ ف نگا: لەسەرقەراخ.

لەسەركردن: قبوڵ‌كردن لە دەستەدا ف پذيرفتن در گروه.

لەسەركردنەوە: ئاریكاری كردنی كەسێ لە بەرانبەر دوژمنانی ف دفاع از كسی كردن.

لەسەرگرێ: بەرداشی ناوەڕاست‌زەق ف سنگ آسياب وسط برجسته.

لەسەرگرێو: گرۆكردن، گرێوكردن ف شرط‌بندی.

لەسەرمن: لەپای من ف بەعهدهٔ من.

لەسەرەوكردن: لەسەركردنەوە ف دفاع از كسی كردن.

لەسەریەك: بێ‌پسانەوە ف بدون وقفه، پياپی.

لەش: ١) بەدن، تەن، كەلـەخ، قالـب؛ ٢) برێتـی لە شەرمـی ژن؛ ٣) كێشەوهەرا ف ١) تن؛ ٢) كنايه از شرمگاه زن؛ ٣) جاروجنجال.

لەش‌بەبار: دەردەدار، بێمار ف بيمار.

لەش‌بەدۆشاو: وشەی گاڵتەكردن بە كەسێ كە خۆی بە ناسك‌و نازدار دەژمێرێ ف كلمهٔ تمسخر، كنايه از نازك نارنجی.

لەش‌پیس: كەسێ كە عوسڵی لەسەرە ف جنابت‌دار، جُنُب.

لەش‌خۆر: داڵاش، لاشخۆر ف لاشخور.

لەش‌ساغ: دژی نەخۆش ف سالم و تندرست.

لەش‌ساغی: دوُر لە نەخۆشی، سەلامەت ف سلامت، تندرستی.

لەش‌سڤك: ئازا لە كار، دژی تەپ‌و تەمەڵ ف چُست و چابك.

لەش‌سوُك: لەش‌سڤك ف چابك.

لەش‌قورس: تەمەڵ ف تنبل. گران‌خيز.

لەشكر: سپا، كۆمەڵێ زۆر لە چەكداران ف لشكر.

لەشكـربـەز: ئۆردوبەز، جێگەی سانەوەی لەشكر لە شوێنێ ف جای اُتراق لشكر.

لەشكربەزكردن: دابەزین‌و سانەوەی لەشكر لە شوێنێ ف اُتراق كردن لشكر.

لەشكـربەزێن: برێتی لە ژنی سەڵیتەی زمان‌درێژ ف كنايه از زن زبان دراز بی‌حيا.

لەشكرشكێن: شەڕكەری زۆر ئازا ف لشكرشكن.

لەشكرگا: جێگەی لەشكر، بنكەی سپا ف لشكرگاه.

لەشكـری: ١) چەكـدارێ كە دەگەڵ لەشكـرە؛ ٢) قامێك‌و بەیتێكی بەناوبانگە ف ١) سپاهی؛ ٢) آهنگ و حماسه‌ای است كردی.

لەشگران: لەش‌قورس، تەمەڵ ف تنبل.

لەشگرس: مرۆی زەلام‌و ئەستوُر ف تنومند.

لەشۆردەرچوُن: لەتام دەرچوُن ف نگا: لەتام‌دەرچوُن.

لەشۆردەركردن: لەتام دەركردن ف نگا: لەتام‌دەركردن.

لەش‌ولار: لەخت‌و لار، جوانی شل‌و مل ف زيبای رعنا.

لەشە: تەوەزەل، قوُن‌گران، تەپ، لەشگران ف تنبل.

لەشیربڕینەوە: بێچو لە شیری دایك گرتنەوە ف بچه را از شيرگرفتن.

لەعارددان: بەسەر زەویدا خستن ف بر زمين زدن.

لەعاردیدان: لەعارددان ف بر زمين زدن.

لەعاست: لەحاست ف دربرابر.

لەعاستی: لەحاست ف دربرابر.

لەعان: لەحاند ف دربرابر.

لەعاند: لەحاند ف دربرابر.

لەعل: لاڵ، بەردێكی بەقیمەتە ف لَعل.

لەعلە: لالە، جێ‌شەمی بەشوُشە ف لالە، مردنگی.

لەعنەت: بێ‌بەشی لە بەزەیی، جوێنێكە، نەحلەت ف لعنت.

لەعوزرپابوُنەوە: خوێن‌ڕاوەستانی حەیز ف از حيض پاك شدن.

لەعوزرپاك‌بوُنەوە: لەعوزر پابوُنەوە ف ازحيض پاك شدن.

لەعوزرچوُنەوە: لەزگ‌وەستان ف آيس شدن، يائسەشدن.

لەعوزروەستان: لەعوزرچوُنەوە ف يائسەشدن.

لەعوزروەستانەوە: لەعوزرچوُنەوە ف يائسەشدن.

لەعەردان: لەعارددان ف بر زمين زدن.

لەعەردیدان: لەعارددان ف بر زمين زدن.

لەعەرزدان: لەعارددان ف بر زمين زدن.

لەعەرزیدان: لەعارددان ف بر زمين زدن.

لەعەیبەتان: لەحێوەت ف ازترس.

لەعین: ١) برێتی لە زاڵم؛ ٢) سەرناوە بۆ شەیتان ف ١) كنايه از ستمگر؛ ٢) ملعون، لقب شيطان.

لەغاو: لغاو ف لگام.

لەغاوە: سوُچی دەم، لغاوە ف گوشهٔ دهان.

لەغاوەبڕكە: لغاوەبڕكە ف زخم گوشهٔ دهان.

لەغاوەبڕكێ: لغاوەبڕكە ف زخم گوشهٔ دهان.

لەغاوەبڕێ: لغاوەبڕکە ف زخم گوشهٔ دهان.

لەغم: لوغم ف نگا: لوغم.

لەغمە: لوغم، ڕێگە بەبن عەرزا ف نقب.

لەغەر: لەجەر، لاواز، کز، داڵگۆشت ف لاغر.

لەغەم: لەغمە ف نقب، تونل.

لەغەملێدان: ڕێ کوڵین بەبن عەرزا ف تونل زدن.

لەف: ١) قووت، قووتچوون؛ ٢) پێچ، لەدەورەهاڵان؛ ٣) پێل، شەپۆل ف ١) بلع؛ ٢) پیچ؛ ٣) موج.

لەفافە: پەڕۆیێ کە دەشتیەوە دەپێچن ف لفافە.

لەفدان: قووتدان بە یەکجار ف بلعیدن یکبارە.

لەفە: بابۆڵە ف ساندویچ.

لەڤین: شۆڕبوونەوە ف فروهشتە‌شدن.

لەڤ: ١) لڤ، جووڵە، بزاو؛ ٢) پێك، لێك ف ١) حرکت؛ ٢) باهم.

لەڤ ئانین: ئاشتەوەکردن، پێك‌هێنان ف آشتی دادن.

لەڤا: بەش، پار، پشك ف سهم، حصە.

لەڤادان: بەش‌بەش بوون ف تقسیم شدن.

لەڤاکرن: بەش‌بەش کردن ف تقسیم کردن.

لەڤخستن: ١) لەیەکتردان؛ ٢) وێك‌کەوتن ف ١) همدیگر را زدن؛ ٢) زدوخورد، بە هم اصابت کردن.

لەڤهاتن: پێك‌هاتن، سازان ف تفاهم کردن، باهم کنارآمدن.

لەڤەن: جۆرێ قامیشی باریك ف نوعی نی باریك.

لەڤەند: خۆرتی شۆخ‌و جوان، لاوی جوان چاك‌و بڵندبالا ف جوان شیك و زیباروی.

لەڤەندی: ئەنگوچکەسۆرانی ف آستین بلند.

لەڤین: لڤین، بزوتن، جووڵان ف حرکت کردن، جنبیدن.

لەق: ١) بن سست، ناقایم؛ ٢) لق، لك؛ ٣) قەپ، گاز؛ ٤) هێلکەی گەنیو، لۆق؛ ٥) لۆمە، سەرکۆنە؛ ٦) حەنەك، گاڵتە ف ١) لق؛ ٢) شاخە؛ ٣) گاز دندان؛ ٤) تخم‌مرغ فاسد؛ ٥) سرزنش؛ ٦) شوخی، مزاح.

لەقان: شل‌بوون‌و لەرزین لە بن‌سستی ف لق شدن.

لەقاندن: ١) شل‌و سست‌کردن‌و لەراندن؛ ٢) شۆڕکردنەوە؛ ٣) هەڵاوەسین ف ١) تکان دادن و سست کردن؛ ٢) فروهشتن؛ ٣) آویختن.

لەقانن: لەقاندن ف نگا: لەقاندن.

لەقاو: ١) لە جێگە لەرێندراو؛ ٢) لغاو؛ ٣) شۆڕەوەکراو، داهێڵراو ف ١) از جای تکان دادە شدە؛ ٢) لگام؛ ٣) فروهشتە.

لەق کردن: شل‌کردن‌و لە جێگەی خۆی بزواندن ف لق کردن و ازجا تکان دادن.

لەقلۆق: ١) گورگەلۆقە؛ ٢) قەترە، قۆرتە ف ١) هَروَلە؛ ٢) اسب یورتمە.

لەقلەق: باڵداریکی سپی‌و ڕەشی زۆر لنگ‌و دندوك درێژە لە ناو ناوایی لانە دەکاو گۆشتی ناخورێ گەرمێن‌و کوێستان دەکا ف لك‌لك.

لەق‌لەقە: جۆرێ ڕێواس ف نوعی ریواس.

لەقلەقی: ١) جۆرێ ترێ؛ ٢) بنیادەمی باریکی لنگ‌درێژی بەنبەڵ ف ١) نوعی انگور؛ ٢) آدم لنگ دراز تنبل.

لەقم: بن‌کوڵی‌و گڵ وەسەرلاسکدانی شینایی هاوینە، شکاندنەوەی شینایی ف پیرامون بوتەهای پالیزی را کندن و خاك بر ساقەها ریختن.

لەقماڵ: گاسنێ کە لەناو دەندەی شل دایەو دەلەقێ ف گاوآهنی کە در خیش محکم نیست.

لەقم کردن: کاری لەقم پێك‌هێنان ف کار «لەقم» انجام دادن.

لەق‌ولۆق: شل‌و شەویق، ناقایم ف نامحکم و ازهم دررفتە.

لەق‌ولەوار: لەق‌و لۆق ف نامحکم و ازهم دررفتە

لەقە: ١) توندئاویتنی پا، ڕاوەشاندنی پێ؛ ٢) لەجێ بزوتن: (توند بوە لەقە ناکا)؛ ٣) سەرناو، لەقەب ف ١) لگد؛ ٢) ازجا جنبیدن؛ ٣) لقب.

لەقەب: جێ‌ناو، سەرناو، ناوێ کە لەجیاتی ناوی بنچینەیی بۆ شتێ داندرابێ ف لقب.

لەقەبەڵ: ١) مەختەنە، قەبەڵ، گرتن‌و سپاردنی کارێك بە مەرجی تەواوبوون‌و یەکجێ کرێدانی؛ ٢) سپاردن بە دەستی کەسێ ف ١) کنتراتی؛ ٢) سپردن.

لەقەدەر: بە ئەندازەی ف بە اندازە.

لەقەست: ١) بە ئاگاداری، ژدل؛ ٢) بۆ گاڵتەو گەمە، نە بەڕاستی‌و ژدل ف ١) عمداً؛ ٢) بەشوخی.

لەقەستی: بەدرۆ بۆ حەنەك ف نەبەراستی، برای شوخی.

لەقەشێل: بەتەوژم بەرپێدان ف لگدکوب.

لەقەفرتێ: لاقەفرە، لنگەفرتێ ف دست و پا کردن سر بریدە.

لەقەفرە: لەقەفرتێ ف دست وپاکردن سر بریدە.

لەقەل: قامیش، چیتك، چیت ف نی.

لەقەلەق: ١) بزوتن بەولاولادا؛ ٢) برێتی لە دژوارو زەحمەت: (بە لەقەلەق دەرچووم) ف ١) جنبیدن بە اطراف؛ ٢) کنایە از دشواری.

لەقەم: ١) شکاندنەوەی بێستان‌و شیناوەرد، لەقم؛ ٢) سەرناو، لەقەب؛ ٣) سەرکۆنە: (چوەختی لۆمەو لەقەمە)؛ ٤) تەوس، تانە ف ١) نگا: لەقم؛ ٢) لقب؛ ٣) سرزنش؛ ٤) طعنە.

لەقەم کردن: لەقم کردن ف کار «لەقم» انجام دادن.

لەقەم گرتن: تانەدینەوە، ئیرادگرتن ف ایرادگرفتن.

لەقەوەشاندن: لەقەهاویشتن، لاق بە توندی ڕاوەشاندن ف لگدپراندن.

لەقەوەشانن: لەقەوەشاندن ف لگدپراندن.

لەقەوەشێن: جووتەوەشێن ف لگدپران.

لەقەهاوێژ: لەقەوەشێن ف لگدپران.

لەقەهاویشتن: لەقەوەشاندن ف لگدپراندن.

لەقیس چوو: لەدەس‌دەرچووگی دەرفەت‌ڕەخساو ف از دست دررفتە.

لەقیس چوون: لەدەس دەرچوونی دەرفەت ف از دست رفتن فرصت.

لەقین: ١) لەقان؛ ٢) لە ڕکی ف ١) جنبیدن سُست پایە؛ ٢) برخند.

لەقێن: بزوێن ف جنبانندە.

لەك: ١) بەشێك لە نەژادی كورد؛ ٢) برێتی لە سەدهـەزار؛ ٣) پەڵە؛ ٤) پاشگری پچوُك‌شاندان ف ١) بخشی از كُردها؛ ٢) كنایه از صدهزار؛ ٣) لكه؛ ٤) پسوند تصغیر.

لەكاته: گوڵ‌چنی، گوڵەدەغڵی لەداس‌پەڕیو كۆكردنەوە ف خوشه‌چینی.

لەكار: ١) بنیادەمی كاربەدەست‌و لەبرەو؛ ٢) شتێ كە زۆر بەكار دێ ف ١) آدم دست اندركار؛ ٢) چیزی كه به كار آید.

لەكارته: لەكاركەوته، پەك‌كەوته ف لكنته، ازكارافتاده.

لەكارخستن: بێ‌بەهرە كردن ف ازكار انداختن.

لەكاردەرهاتگ: كارامە ف ماهر.

لەكاردەرهاتو: كارامە ف ماهر.

لەكاركەفتگ: لەكارته ف از كار افتاده.

لەكاركەوتو: لەكارته ف ازكارافتاده.

لەكاركەوته: لەكارته ف ازكار افتاده.

لەككاته: برێتی لە ژنی ماڵانگەڕ ف زن ولگرد.

لەككگر: ئاژەڵی ڕەشی مل‌سپی ف بز و گوسفند سیاه گردن سفید.

لەكم: ١) خاڵ، پەڵە؛ ٢) بە بیری‌من: (**لەكم وایە نەچێت**) ف ١) خال، لكّه؛ ٢) به تصوّر من.

لەكمات: زلله، شەقام، شەقەزلە ف سیلی.

لەكماتك: سەرناو، لەقەب ف لقب.

لەكو: لە كام جێگە؟ ف از كجا؟، كجا؟.

لەكۆخستن: بێ‌بزاوكردن ف ازحركت بازداشتن.

لەكوُڕا: لە كام شوێنەوە؟ ف از كجا؟.

لەكورتی: بێ درێژەدان بە قسە ف بەطور مختصر.

لەكۆڵ بوُنەوە: دەست‌لێ‌بەردان ف دست از سر برداشتن.

لەكۆڵ خستنەوە: بەڵایەك لەسەر كەسێ لابردن ف رهایی دادن از.

لەكۆڵ كردن: لەسەر پشت دانان ف بر پشت گذاشتن، كول كردن.

لەكۆڵ كردنەوە: نەهێشتنی بەڵا لەسەر یەكێ، لەكۆڵ‌خستنەوە ف نجات دادن از مزاحم، رهایی دادن از.

لەكۆڵ كەوتن: نەمانی شتێ كە خۆشەویست نیە ف دك شدن مزاحم.

لەكۆلەڕۆ: توك‌و نزای خراپ ف نفرین.

لەكوێ: لەكوُ؟ ف كجا؟، از كجا؟.

لەكوێڕا: لەكوُڕا؟ ف ازكجا؟.

لەكە: پەڵە ف لكه.

لەكەدار: پەڵاوی، بەپەڵە ف لكّه‌دار.

لەكەرەم‌بوُ: لەكاركەوته ف ازكارافتاده، بەكارنیامدنی.

لەكەرەم كەفتگ: لەكەرەم‌بوُ ف نگا: لەكەرەم‌بوُ.

لەكەرەم كەوتوُ: لەكەرەم‌بوُ ف نگا: لەكەرەم‌بوُ.

لەكەین: لەكەدار، پەڵاوی ف لكّه‌دار.

لەكیس چوُ: لەقیس‌چوُ ف ازدست رفته.

لەكیس چوُگ: لەقیس‌چوُ ف ازدست رفته.

لەكیس چوُن: لەقیس‌چوُن ف از دست رفتن.

لەگام: چەورە، زگ‌لەوەڕێن ف سورچران.

لەگان: قاپی گەورەی مس كە ملی هەڵگەڕابێتەوە ف لَگَن.

لەگاو: قومارێكە بە مۆرەی نەرد دەكرێ ف نوعی قمار با مهره‌های نرد.

لەگرسە: جەڵتەخوێن، خوێنی مەیگ ف خون منعقدشده، لخته.

لەگرنە: ١) لە ئەم جێگەوە؛ ٢) لێرە، لە ئەم جێگە ف ١) از اینجا؛ ٢) دراینجا.

لەگرە: لە ئەم جێگە ف دراینجا.

لەگرەودوا: دوای ئێستا ف از این بەبعد.

لەگرەولا: لەگرەودوا ف از این بەبعد.

لەگرەوە: لە ئەم شوێنەوە ف از اینجا.

لەگز: ناوی دێیەكە لە كوردستان ف نام دهی در كردستان.

لەگژ: ١) خەریك؛ ٢) دەگژ ف ١) مشغول و سرگرم به؛ ٢) گلاویز.

لەگل كەوتن: تاقەت پێ نەمان‌و لەجوُڵەكەوتن: (لەگلەگ **لەگل كەوت** نەمـاتەق‌تەقی / سێر و لە سیرەو فیتەو چەق‌چەقی) «سەیف» ف تاب نماندن و از حركت افتادن.

لەگلەگ: لەقلەق ف لك‌لك.

لەگوپدان: برێتی لە ناهومێدكردن ف كنایه از نومیدكردن.

لەگۆچو: ئەندامی لەجوُڵەكەوتوُ ف زبان و اندام بی‌حس و حركت شده.

لەگۆچوُگ: لەگۆچو ف نگا: لەگۆچو.

لەگـۆچوُن: لەجوُڵەكەوتنی زمان‌و ئەندام، گۆنەكردن ف بی‌حس شدن زبان و اندام.

لەگــۆڕهـــاتن: لەعــۆدەهـــاتن، توانـای پێك‌هێنـان لەخـۆدا دیتن، دەخۆڕاپەرمون ف ازعهده برآمدن.

لەگۆكەوتن: لەگۆچوُن ف نگا: لەگۆچوُن.

لەگۆكەوتوُ: لەگۆچو ف نگا: لەگۆچو.

لەگە: لنگ‌درێژ، تەژە ف لنگ‌دراز.

لەگـەچوُن: ترازانی بەندی ئەندام: (لاقم **لەگەچوە**) ف از جا دررفتن بند اندام.

لەگەر: دەگەڵ ف همراه.

لەگەز: ئەوە چیە، دەنا چیە، مەتەڵ، لیچار ف چیستان، لُغَز.

لەگەزدان: ١) پێوان بە گەز؛ ٢) راست ڕاكشان: (تەڕی خۆ **لەگەزداوە**) ف ١) با زرع پیمودن؛ ٢) صاف درازكشیدن.

لەگەڵ: دەگەڵ ف همراه.

لەگەن: لەگان ف لَگَن.

لەگیرچوُن: لەگۆچوُن ف نگا: لەگۆچوُن.

لەگینـە: وێ دەچێ، ڕەنگـە: (**لـەگینە** ئەو بزنە هی فلانكەس بێ) ف چنین پیداست، تصوّر می‌رود، مثل اینكه.

لەل: ١) كەمتـرین دەنـگ؛ ٢) بۆ چی؟، ئەڕا؟؛ ٣) باڵـدارێكی ڕاوكەرە بەقەد باشو ف ١) كمترین صدا؛ ٢) چرا؟، برای چه؟؛ ٣) پرنده‌ای است شكاری.

لەلا: جەم، نك، كن ف درنزد، پیش.

لەلو: دەرگوُش، جوُلانەی زارۆ تێداخەواندن ف ننو.

لەلۆ: لەلو ف ننو.

لەلوك: لەلو ف ننو.

لەلوە: لەلو ف ننو.

لەلە: ۱) قوڵکراوە بە چەقۆ لە دار؛ ۲) نیوانی ساقەتەو سەر لە کێردا؛ ۳) نۆکەری زارۆك بەخێوکەر ف ۱) شیار با کارد روی چوب، چوب خط؛ ۲) میان حشفه و بقیهٔ ذکر؛ ۳) لەلە.

لەلەکردن: شوێن‌شوێن‌کردنی دار بە تیخ ف شیارکردن چوب با کارد، چوب خط‌زدن.

لەلـەگـرتن: خزمـەتکار بەکرێ‌گرتن بۆ بەخێوکردنی زارۆکان ف لەلە استخدام کردن.

لەلەیی: کاری خزمەتکاری زارۆکان ف لەلگی.

لەم: ۱) لە شتـەکـەی نزیك؛ ۲) زگ، سك؛ ۳) بڕەك، شفـرە بەراز؛ ۴) بڕکـەی میوەی بێستـان؛ ۵) پڕ، تژە؛ ۶) گوانی‌ئاژەڵ؛ ۷) پنچك؛ ۸) لەپ ف ۱) ازاین؛ ۲) شکم؛ ۳) دندان گراز؛ ۴) بوتهٔ پالیزی؛ ۵) پُر؛ ۶) پستان حیوان شیرده؛ ۷) بوته؛ ۸) کف دست.

لەما: بۆئەمە، لەبەرئەمە ف برای اینکه.

لەمــاکـۆدان: یاکـۆدان، بەسـەریەکـادانی درواو بێ بەستن ف برهم انباشتن درویده بدون بسته‌بندی.

لەمالەم: بڕاوبڕ، دارماڵ ف لبالب، پر.

لەمان: ۱) لە شتەکانی نزیك؛ ۲) لە مردن دوُر: (**لەمان** یان لە نەمانە) ف ۱) از اینها؛ ۲) احتمال زندگی داشتن.

لەمانە: لە ئەم شتەنزیکانە ف از اینها.

لەمبوُز: لمبۆز، پۆز ف پوزە.

لەمپا: لامپا ف چراغ نفتی شیشه‌ای.

لەمپە: لەمپا ف لامپا.

لەمپەر: بەرگر، کۆسپ ف مانع سرراه، حاجز.

لەمپەڕ: لە ئەم لایەوە ف ازاین سوی.

لەمپەرپەڕاندن: بەرگر نەهێشتن، کۆسپ لەسەرڕێگە لابردن ف مانع از سرراه برداشتن.

لەمپەرە: لارەوەبوُگ بەلایەکدا ف بەطرفی کج شده.

لەمت کەوی: آفەرین، باریکەللا ف آفرین، حرف تشجیع.

لەمدای: دیوارێ کە زگی داوە ف وسط دیوار برآمده.

لەمس: ۱) شەپلەلێدراو؛ ۲) گلۆفین بۆ گەرم‌کردنەوەی ئەندام ف ۱) فلج شده، لمس؛ ۲) فشردن دست از سرما تا گرم شود.

لەمســانـدن: گلۆفینی دەست لە سەرمـا، دەست دەبن‌هەنگـڵ‌نان لە سەرمان ف فشردن دست برای گرم کردن.

لەم‌سەبارەتە: کە وابێ، جا کەوایە ف در این صورت.

لەمل: ۱) دە ئەستۆدا؛ ۲) لە سەر، لە پای، لە عۆدەی ف ۱) درگردن؛ ۲) به‌عهدهٔ.

لەملا: لە ئەم ئالیە نزیکەوە ف از این طرف.

لەملانە: مایچە، ماهیچە ف عضله.

لەم‌لاوە: لەملا ف ازاین طرف.

لەملمین: خۆ کروشمەکردن لە سەرمان ف خود را مچاله کردن از سرما.

لەم‌لەوەڕن: لەگام، چەورە ف طفیلی، سورچران.

لەمن: ۱) ژمن: (**لەمن** ببیە)؛ ۲) لمن، بۆ من: (وای **لەمن**)؛ ۳) زگ‌زل ف ۱) ازمن؛ ۲) برمن؛ ۳) شکم گنده.

لەمنایە: ۱) پێم‌وابو؛ ۲) پێم‌وایە ف ۱) چنین می‌پنداشتم؛ ۲) چنین می‌پندارم.

لەمنت کەوی: لەمت کەوی، ئافەرین ف آفرین، کلمهٔ تشجیع.

لەمنت‌نەکەوی: وشەی سەرکۆنەکردن ف کلمهٔ سرزنش.

لەمو: زگ‌زل ف شکم گنده.

لەمۆز: لمبۆز، قەپۆز ف پوُزە.

لەموز: لەمۆز ف پوزە.

لەمە: ۱) لە ئێمە، ژمە؛ ۲) لە ئەم‌شتە؛ ۳) کاورای زگ‌زل؛ ۴) زگ ف ۱) ازما؛ ۲) ازاین؛ ۳) یاروی شکم گنده؛ ۴) شکم.

لەمەبە: تە بمەڕابە، خۆت لە ئێمە بە جیا مەزانە ف ازما باش.

لەمەبەر: بەر ژنوُکە، بەر لە ئێستا، پێش ئێستا ف قبل از این.

لەمەبەولا: لە دوایی‌دا، لە ئیسە بەولاوە ف بعد از این.

لەمەبەولاوە: لەمە بەولا ف بعد از این.

لەمەت: ۱) هۆباڵ بەمل؛ ۲) گلەیی لە بەخت؛ ۳) پاشەملە گوتن ف ۱) مدیون؛ ۲) شکوه؛ ۳) غیبت گفتن.

لەمەدوا: لەمە بەولا ف بعدازاین.

لەمەڕ: دەربارەی، سەبارەت ف دربارهٔ.

لەمــەزەڕینە: سەربەزێرە، نیسکێنەی توند کە ڕۆنی بەسەردا دەکەن ف آش عدس غلیظ.

لەمەلەم: راسپاردن بە خوایشتەوە ف سفارش با تأکید.

لەمەوبەر: لەمەبەر ف قبلاً.

لەمەوپاش: لەمەبەولا ف از این پس، بعداً.

لەمەوپێش: لەمەبەر ف قبل از این، قبلاً.

لەمەودوا: لەمەوپاش ف نگا: لەمەوپاش.

لەمەولا: لەمەوپاش ف نگا: لەمەوپاش.

لەمەولاوە: لەمەولا ف نگا: لەمەولا.

لەمەیی: نەخۆشیەکی منالانە ف نوعی بیماری کودکان.

لەمێ: ۱) لە ئەم شتە؛ ۲) لە ئەم جێگە ف ۱) ازاین؛ ۲) ازاینجا.

لەمیانە: ۱) لە ئەم شتە لە چاو ئەوانی تر؛ ۲) لە ئەم جێگە ف ۱) از این یکی؛ ۲) از اینجا.

لەمیچ: لەمیش، لە ئەمەش ف ازاین هم.

لەمیچە: لە ئەم‌شتەش ف از این هم.

لەمێژ: زۆر لەوەبەر ف ازدیر باز.

لەمێژینە: کەونار ف بسیار قدیم، باستانی.

لەمیش: لەمیچ ف از این هم.

لەن: دورگەی پچوُکی ناو چەم ف جزیره‌مانند ماسه‌ای در رودخانه.

لەناو: دەژوُردا، لەدوڕ ف در میان.

لەناوبردن: نەهێشتن، توناکردن ف از بین بردن.

لەناوچو: لەبەین‌براو، تەفر و توناکراو ف نابود شده.

لەناوچوُن: نەمان ف نابودشدن.

لەناودان: لەناوبردن ف نابودکردن.

لەنتەر: فانوس ف فانوس.

لەنتەری: فانوس، لەنتەر ف فانوس.

لەنج: ۱) رق‌لەزگی، رك‌لەدڵی؛ ۲) هاتوچوی بەناز: (عیشوەو گریشوەو قەمزەو لارو **لەنج** / پیمان کەرەم کە وەجاریٚ هەر پەنج) «فولکلور» ف ۱) کینەتوزی؛ ۲) خرام و ناز.

لەنجاوە: گوندیکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

لەنجباز: کینەلەدڵی لاسار ف کینەتوز، لجباز.

لەنجو: لەنجباز ف نگا: لەنجباز.

لەنجە: رۆیشتنی بەناز ف خرام.

لەند: ۱) بەرزایی زەوی کە دەوری ئاو گرتویە؛ ۲) بڵند؛ ۳) کویٚستانیکی بەناوبانگە ف ۱) زمینی کە آب اطرافش را گرفتە؛ ۲) بُلند؛ ۳) ییلاقی مشهوردر کردستان.

لەندەهوٚر: تەژەی زەبەلاح ف لندهور.

لەنگ: ۱) پای سەقەت؛ ۲) کەسیٚ کە پای سەقەتە؛ ۳) خوار، لار: (ئەم بارە **لەنگە**)؛ ۴) راوەستانیکی کەم بوٚ پشودان؛ ۵) شیٚعری لەکیٚش‌ترازاو؛ ۶) کاری ڕاوەستاو لەبەر کەم‌و کوڕی ف ۱) پای لنگ: ۲) لنگ پا؛ ۳) کج؛ ۴) ایستادن اندك برای آسودن؛ ۵) شعر ناموزون؛ ۶) کار تعطیل شدە بە علّت نقص ابزار.

لەنگاندن: لەرزاندن، جوڵاندن ف لرزانیدن.

لەنگر: شەل ف لنگ.

لەنگرۆ: لەسەر یەکپا رۆیشتن، هەنگڵەشەلە ف لی لی رفتن.

لەنگوٚ: لە ئیوە ف از شما.

لەنگوچ: ئەنگوچك، **لەوەندی** ف آستین بلند.

لەنگوچك: ئەنگوچك، لەنگوچ ف آستین بلند.

لەنگوٚرە: سەرەتا، دەس‌پیکی دەمیك: (بەهاری خوٚش سەر **لەنگوٚرە** دیارە) ف اوایل موسم.

لەنگوٚریٚ: لەنگوٚرە ف اوایل موسم.

لەنگە: ۱) لەرە لە بەرزی‌یەوە: (ئەم کاریتە توٚزیٚ **لەنگە** دەکا)؛ ۲) راوێستانیٚ کەم: (هەر وا **لەنگە**یەك بکە تا دەت‌گەمیٚ)؛ ۳) تا، وەك: (**لەنگەی** لە دنیادا نیە) ف ۱) لرزش از بلندی؛ ۲) توقف کوتاە؛ ۳) همتا.

لەنگەدیٚ: گوندیکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

لەنگەر: ۱) ئاسنی سەربەقولاپی بەزنجیرەوە بوٚ وێستانی گەمیە دەخریٚتە دەریاوە؛ ۲) خوٚگرتن‌و ڕاوێستان لەسەر شوێنی باریك‌و بەرز: (چوٚنە لەم سەردیوارە باریکە **لەنگەری** گرتوە)؛ ۳) لەکارکەوتە؛ ۴) لە فڕین ڕاوەستانی باڵندە لە حەوا ف ۱) لنگر کشتی؛ ۲) حفظ تعادل در بلندی؛ ۳) ازکار افتادە؛ ۴) ایستادن پرندە در حال پرواز.

لەنگەرئاویتن: راوێستانی گەمی لە قەراخ دەریا ف لنگرانداختن.

لەنگەرخانە: فەقیرخانە، ماڵیٚ کە پیر و پاتاڵ‌و فەقیری لیٚ بەخیٚودەکەن ف نوانخانە.

لەنگەرخستن: ۱) راوەستانی کەشتی لە پەنا ئیشکانی؛ ۲) دامەزران لە شوێنیٚ: (ئەوا لەم گوندە **لەنگەرمان‌خستوە**) ف ۱) لنگرانداختن؛ ۲) ماندگارشدن در جایی.

لەنگەرفڕیٚدان: لەنگەرخستنی گەمیە ف لنگرانداختن.

لەنگەرگا: قەراغ بەحر کە گەمیەی لیٚ ڕادەوەستن ف لنگرگاه، بندر.

لەنگەرگرتن: ۱) راوەستانی گەمی لە شوێنیٚ؛ ۲) خوٚڕاگرتن لەسەر بەرزایی؛ ۳) توٚزیٚ پشودان؛ ۴) باڵ‌لەراندن‌و ڕاوەستانی باڵندە بەحەواوە ف ۱) لنگر انداختن؛ ۲) تعادل حفظ کردن در بلندی؛ ۳) کمی ایستادن، توقّف کوتاه؛ ۴) ایستادن پرندە درحال پرواز.

لەنگەرگە: لەنگەرگا ف بندر.

لەنگەرە: ۱) ئەوشتەی لە سەعاتی گەورەدا شوٚڕ بوٚتەوەو جوڵە دەکا، پاندوٚڵ؛ ۲) شەلی بەهەردولادا شەل ف ۱) پاندول ساعت؛ ۲) کسی کە از هر دو پا لنگ است.

لەنگەرهاویتن: لەنگەرئاویتن ف لنگرانداختن.

لەنگەرهاویشتن: لەنگەرئاویتن ف لنگرانداختن.

لەنگەری: ۱) قاپی گەورەو پەلی چیٚشت‌خواردن؛ ۲) سینی‌پچوٚك؛ ۳) سینی گەورە؛ ۴) هەرشتی خڕ وگروٚڤەر؛ ۵) شەپکەی بەدەورە ف ۱) دیس؛ ۲) سینی کوچك؛ ۳) سینی بزرگ؛ ۴) مدوّر؛ ۵) شاپو.

لەنگەکردن: ۱) لەرزینی کەم لەبەرزی‌یەوە؛ ۲) شەلینی کەم ف ۱) لرزش اندك در بلندی؛ ۲) اندك لنگیدن.

لەنگی: دەردی شەل‌بوُن ف لنگی.

لەنگیٚز: قوڕو چڵپاو ف گل و لای.

لەنگیٚزە: لەنگیٚز ف گل و لای.

لەنگین: ۱) شەلین؛ ۲) لەرزین بە سەبر ف ۱) لنگیدن؛ ۲) لرزیدن اندك.

لەنەمان: نزیك بە مردن ف مشرف بە موت، مُردنی.

لەنیٚوبردن: لەناوبردن ف ازمیان بردن.

لەنیٚوچو: لەناوچو ف ازمیان رفتە.

لەنیٚوچوُن: لەناوچون ف ازبین رفتن.

لەو: ۱) لیٚو؛ ۲) ژ وی؛ ۳) بوٚیە، لەبەر ئەوە؛ ۴) بزوتن ف ۱) لب؛ ۲) از او؛ ۳) از این رو؛ ۴) حرکت.

لەوا: ۱) لەبەر ئەوە، بوٚیە؛ ۲) بزوت، جوڵا ف ۱) برای اینکە، از این رو؛ ۲) جُنبید.

لەوار: لەق، لوٚق: (لەق‌و **لەوار** بوە) ف لَق.

لەوازە: ۱) پازەناو؛ ۲) لوٚسە، باری ف ۱) چوبهای ترازکردن سنگ آسیا؛ ۲) اَهْرُم.

لەواسە: ۱) بەری دەست؛ ۲) بەری پیٚ ف ۱) کف دست؛ ۲) کف پا.

لەواش: ۱) خرمچون، چوارپەل؛ ۲) لوٚچکە؛ ۳) جوٚریٚ کولیٚرەی پان ف ۱) چهاردست و پا؛ ۲) لباشن؛ ۳) نوعی گردهٔ نان.

لەواشە: ۱) لوٚچکە؛ ۲) کولیٚرەی لەواش ف ۱) لباشن؛ ۲) نان لواش.

لەوان: ١) بزوتن؛ ٢) لە ئەوان؛ ٣) بڵنـدایی؛ ٤) جەگەن ف ١) حرکت کردن؛ ٢) از آنان؛ ٣) سر بالایی؛ ٤) نگا: جەگەن.

لەوانە: ١) ئەویش پاژێکە لە شتەکانی تر؛ ٢) لە ئەو شتانە یەکێ ف ١) جزئی از آنهاست؛ ٢) از اینها.

لەوانەیە: رەنگە، بیری بۆ دەچێ، دورنیە ف احتمال دارد.

لەوپادایش: ماچ کردن، راموُسان ف بوسیدن.

لەوت: گەمار، قرێژ، پیس ف پلید.

لەوتان: پیس‌بوُن ف پلیدشدن.

لەوتاندن: پیس کردن ف کثیف کردن.

لەوتش: مژینی گوانی دایك لەلایەن بێچوڕا ف مُك زدن بچه به پستان مادر.

لەوتك: زاربێنی بێچو کە دایکی نەمژێ ف پوزه‌بند نوزاد برای نخوردن شیر مادر.

لەوت‌لەوت: ١) چەقەسروێی، چەڵتەچەڵت؛ ٢) حەپەحەپ ف ١) وڕاجی؛ ٢) عوعوسگ.

لەوتوت: ١) لێو ئەستوری سوُرەوەبوُگ؛ ٢) لیچ داژەناو ف ١) لب قرمز و کُلُفت؛ ٢) لب فروهشته.

لەوتەنە: بزوُتن، جوُڵان ف حرکت کردن.

لەوتی: پیس‌کراو ف کثیف شده، آلوده.

لەوتین: لەوتان ف پلیدشدن.

لەوج: ١) گەوج، دەبەنگ، گێل؛ ٢) قسەی بێتام ف ١) هالو؛ ٢) یاوه، ور.

لەوجڕ: چەنەبازی زۆروەڕ ف وڕاج.

لەوچ: دەم‌و فلچ ف لوچه، لب و لوچه.

لەوچۆڕ: لێوشۆڕ، کەسێ کە لێوی ژێری داچۆڕاوە ف لب فروهشته.

لەوچە: ١) قەوچە؛ ٢) قسەناڕەوان‌و دەم‌خوار: (هەر **لەوچەلەوچیەتی**) ف ١) نگا: قەوچە؛ ٢) کچه، نافصیح.

لەوح: دەپ، تەختە ف لوح، تخته.

لەوحانە: لەوکاتەدا ف درآندم.

لەوحە: لەوح ف لوح.

لەوحەلە: لەو جارەوە ف از آن دفعه.

لەودوا: پاش ئەو ف بعد از او.

لەودە: ١) لۆدە؛ ٢) گەوج، لەوج؛ ٣) حەنەکچی، گاڵتەباز، قسەخۆش ف ١) علف برهم انباشته؛ ٢) هالو؛ ٣) لوده.

لەور: لاور، جانەوەری کێوی ف نگا: لاور.

لەوڕا: چونکە، لەبەرئەوە ف زیرا.

لەورکەچوُن: وەرگەڕانی لاقی ولاخ ف دررفتن پای دام.

لەورە: لەوێ ف درآنجا.

لەوزە: ناڵو، بادامەی بن گەردن ف لوزه، لوزتین.

لەوزینە: لەبزینە ف نوعی شیرینی.

لەوس: لەوچ، دەم‌و فلچ، لێوی ئەستوُری داکەوتو ف لوچه، لب کلفت فروهشته.

لەوسا: لە جارەکەوە ف از آن دفعه.

لەوساوە: لەو سا ف از آن دفعه به‌بعد.

لەوسن: لچ‌و لەو شۆڕ ف لب و لوچه فروهشته.

لەوشەقاتا: لێوکەت ف لب شکری.

لەوقەرادایە: لیچی‌داژەنیو ف لب فروهشته.

لەولا: لقێ ئالیەوە ف از آن طرف.

لەولاو: لاولاو ف لبلاب، پیچك.

لەولاوە: ١) لقـێ ئالی زە؛ ٢) لاولاوەی دەرك‌و پەنجـەرە ف ١) از آن طرف؛ ٢) لولای در و پنجره.

لەولقاندن: لەخاوەدرخستنی ئەسپ‌و لینگدانی ف گرم کردن اسب.

لەولەو: لوُرەلوُر ف زوزه.

لەوم: سەرکۆنە ف طعنه، سرزنش.

لەوما: لەبەر ئەوە، بۆیە ف از این جهت.

لەوماکو: ١) چونکی، چونکو؛ ٢) ئەگەرچی ف ١) زیرا؛ ٢) اگرچه.

لەون: جۆر، تەجر، تەرز ف نوع.

لەونایش: ماچ، ڕاموُسان ف بوسه.

لەوە: ١) لە ئەم‌شتە؛ ٢) چڵپاو، قوڕاوی‌شل؛ ٣) ماچێك، راموسانێك؛ ٤) تەپڵەسەر ف ١) ازاین؛ ٢) لجن و لای؛ ٣) بوسه‌ای؛ ٤) تارك سر.

لەوەبەر: پێش لەم‌شتە ف قبل از این.

لەوەپاش: دوای ئەم‌شتە ف بعد ازاین.

لەوەپێش: لەوەبەر ف قبل از این.

لەوەتا: لە سەردەمەکەوە، لە کاتێکەوە ف از آن زمان.

لەوەتی: لەوەتا ف از آن زمان.

لەوەجە: پێویست، پێداویست، لازم ف لازم.

لەوەدوا: لەوەپاش ف بعد از این.

لەوەڕ: گیای خواردنی ئاژەڵ ف چرا، علف.

لەوەڕا: ١) ئاڵفی خوارد؛ ٢) لە سەبەبەکەوە ف ١) چرید؛ ٢) از آن سبب.

لەوەڕان: ئاڵف‌خواردنی ئاژەڵ، چەڕین ف چریدن.

لەوەڕاندن: چەڕاندنی ئاژەڵ ف چرانیدن.

لەوەڕانن: لەوەڕاندن ف چرانیدن.

لەوەڕگا: جێ‌لەوەڕ ف چراگاه.

لەوەڕگە: لەوەڕگا ف چراگاه.

لەوەڕی: لەوەڕا ف چرید.

لەوەڕیان: لەوەڕان ف چریدن.

لەوەڕین: لەوەڕان ف چریدن.

لەوەڕێن: کەسێ کە حەیوان دەباتە لەوەڕ: (گا **لەوەڕێن**، کەر **لەوەڕێن**) ف چراننده، چران.

لەوەن: ١) قامیش؛ ٢) قامیشی باریك ف ١) نی؛ ٢) نی نازك.

لەوەند: لەڤەند، لاوی جوان‌چاك ف جوان شوخ و زیبا.

لەوەنـدە: ١) لە ئەم‌چەنـدە؛ ٢) گیایەکی زۆر بۆن‌خۆشە ف ١) از این اندازه؛ ٢) گیاهی خوشبو است.

لەوەندی: لەڤەندی، ئەنگوچکەسوڕانی ف آستین بلند.

لەوهەندە: لەوەندە ف از این مقدار.

لەوی: ۱) بزوت، جوڵا؛ ۲) لە ئەو ف ۱) جُنبید؛ ۲) از او.

لەوێ: لەمێ، لە جێگەکە ف در آنجا.

لەویانە: ۱) لە ئەمەیان؛ ۲) لەوێ ف ۱) از این یکی؛ ۲) درآنجا.

لەوێچ: لاوێچ ف پُرکفِ یك دست.

لەویچە: لەویش، لە ئەمیش ف از این هم.

لەوێرا: لە جێگەدوورەکەوە ف از آنجا.

لەوێن: ۱) جوڵێنەر، بزوێن؛ ۲) لە جێگەکەن ف ۱) جنبان؛ ۲) درآنجا هستند.

لەوێندەر: لە شوێنەکە ف درآنجا.

لەوێندەرێ: لەوێندەر ف درآنجا.

لەوێنـە: ۱) لەوێن، لە شوێنـەکەن؛ ۲) لەوێ، لەو جێگە؛ ۳) لە تەرزی، وەکی ف ۱) درآنجا هستند؛ ۲) در آنجا؛ ۳) همنوع، همرنگ.

لەهـ: پاژ، لەت، پارچە ف قطعه، تکّه.

لەها: پێڵاو، پاڵا ف پای افزار.

لەهان: لاکان ف پای افزار ترکه‌ای به جای اسکی.

لەهانە: کەلەم، کەلەرم ف کلم.

لهەڤ: رێكوپێكو لەبار ف شیك.

لهەڤ پێچین: لێكهالان، ئالۆزان، شێویان ف قاطی و درهم شدن.

لهەڤ تەواندن: داهێنانەوە، نەوی کردن ف خم کردن.

لهەڤ خستن: لێكدان، لەیەکتری‌دان ف کتك کاری، یکدیگر را زدن.

لهەڤ کەتن: ۱) دەمەقاڵە؛ ۲) بەگژیەکتراچوون؛ ۳) وێككەوتن ف ۱) جدل؛ ۲) جدال؛ ۳) برخورد.

لهـەڤ گژزین: ۱) شەڕەدندوکەکردن؛ ۲) خۆ لەیەکتر بەزل‌زانین؛ ۳) لێکترڕاسان ف ۱) جدال؛ ۲) خود را بر دیگری فضل دادن؛ ۳) تهدید با حرکت دست.

لهەڤ وەرن: سازان، پێكهاتن ف باهم ساختن.

لەهلاك: مارمێلکە ف مارمولك.

لەهن: لانەی دڕندەو کەروێشك ف کنام، لانهٔ خرگوش.

لەهـۆش چوون: ۱) بـوورانـەوە؛ ۲) لەبیرچوون ف ۱) مدهوش شدن؛ ۲) فراموش شدن.

لەهۆش خۆچوون: بوورانەوە ف مدهوش شدن.

لەهەرددان: لەعەردی‌دان ف بر زمین زدن.

لەهەردی‌دان: لەعەردی‌دان، لەهەرددان ف بر زمین زدن.

لەهەز: مۆخڵ، هێڵەگ ف الك.

لەهەڤدان: ۱) تێکەڵ کردن؛ ۲) لەڤدان، لەیەکتردان ف ۱) آمیختن؛ ۲) زدوخورد.

لەهەڤدودان: لەهەڤدان ف نگا: لەهەڤدان.

لەهەڤ هاتن: لەڤهاتن، پێكهاتن ف توافق و آشتی کردن.

لەهەك: گۆڕیچە، ئەلحەد ف لحد.

لەهەن: کەلەم، لەهانە ف کلم.

لەهی: لایاو، لافاو، سێڵاو ف سیل، سیلاب.

لەهێبان: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

لەهێرت: بەقەوەت، بەتاقەت ف زورمند.

لەهیستن: ۱) هەڵپەرکێ کردن؛ ۲) گەمەکردن ف ۱) رقص؛ ۲) بازی کردن.

لەهیستـۆك: ۱) کەسێ کە لە هەڵپـەرکیا زۆر شارەزایە؛ ۲) گەمەکەری کارامە؛ ۳) بوکەڵەی مناڵ ف ۱) رقّاص ماهر؛ ۲) بازیکن زبردست؛ ۳) اسباب بازی بچّه.

لهێڤی: ۱) بەئاوات؛ ۲) چاوەنۆڕ ف ۱) آرزومند؛ ۲) چشم بەراه.

لەهێك: لەپڕ، نەخافڵ ف ناگهان.

لەهێکڕا: لەپڕڕا، لەنەکاو ف ناگهان.

لەی: ۱) بەڕە، پەڵاس؛ ۲) لەهی، سێڵاو؛ ۳) ئەستوون، کۆڵەکە؛ ۴) داری ئاوکێشانی دوکەسە کە دەسەتڵی دەخەن ف ۱) گلیم؛ ۲) سیلاب؛ ۳) ستون، پایه؛ ۴) وسیلهٔ حملِ آبِ دونفره.

لەیاق: شیاو، هێژا ف لایق.

لەیر: ۱) زارۆی ساوا؛ ۲) شینکەی تازە سەردەرهاوردە؛ ۳) جوچکەمەلی تازە لەهیلکە درهاتگ ف ۱) نوزاد؛ ۲) گیاه تازه‌سردرآورده؛ ۳) جوجهٔ تازه از تخم درآمده.

لەیرك: ۱) بێچوی ئاژەڵ؛ ۲) منداڵی ساوای کۆرپە ف ۱) نوزاد دام؛ ۲) طفل نوزاد.

لەیرۆ: منداڵی نێر، کوڕ ف پسر بچّه.

لەیرۆلوری: کوڕێژگەی ئازاو نەترس ف پسر بچهٔ شجاع.

لەیرە: لەمجێگەدا ف ایجا.

لەیرەك: لەیرك ف نگا: لەیرك.

لەیرێ: منداڵی مێوینە، کۆرپەساوای کیژ ف دختر بچّه.

لەیز: ۱) سەما، رەقس؛ ۲) گاڵتەو لاری؛ ۳) نۆبەی کایە لە گەمەدا ف ۱) رقص؛ ۲) بازی و سرگرمی؛ ۳) نوبت بازی.

لەیزتن: ۱) سەماکردن؛ ۲) کایەکردن ف ۱) رقصیدن؛ ۲) بازی کردن.

لەیزتۆك: ئامرازی گەمە ف اسباب‌بازی.

لەیزۆك: ۱) لەیزتـۆك؛ ۲) کەسێ کە زۆری کەیف لە بازی کردنـە؛ ۳) کەسێ کە باش سەما دەکا؛ ۴) بوکەڵەی‌منداڵ ف ۱) اسباب بازی؛ ۲) کسی که بسیار به بازی علاقه دارد؛ ۳) ماهر در رقصیدن؛ ۴) اسباب بازی کودك.

لەیزین: لەیزتن ف نگا: لەیزتن.

لەیس: لەیز ف نگا: لەیز.

لەیستن: لەیزتن ف نگا: لەیزتن.

لەیستۆك: لەیزتۆك ف نگا: لەیزتۆك.

لەیشۆ: قوڕاو ف آب گلالود، آب کِدِر.

لەیل: گراوی، ماشقە، دڵبەر ف معشوق.

لەیلاج: قوماربازی زۆر لێزان ف قمارباز ماهر، لیلاج.

لەیلاخ: هاوینەهەوار، کوێستان، زۆزان ف ییلاق.

لەیلاغ: لەیلاخ فا ییلاق.

لەیلاق: دەوەنێکە فا درختچەای است.

لەیلان: ١) بیابـان، چۆڵو دەشت، سارای بەرپـان؛ ٢) تراویلکـە؛ ٣) بریقە فا ١) دشت و بیابان، هامون؛ ٢) سراب؛ ٣) درخشش.

لەیلانك: گوڵیزەمەق، زەمبەق فا زنبق.

لەیلانۆك: گوڵێکی ڕەنگ پەمبەیی تۆخە فا گلی است به رنگ صورتی تیره.

لەیلوپەڕ: لولوپەڕ فا نیلوفر.

لەیلوك: لەلو، دەرگوش فا ننو.

لەیلومەجروم: دو ئەستێرەن ساڵێ جارێك بەرانبەر بە یەك دەبن فا نام دو ستاره در مجموعهٔ جوزا.

لەیلەدۆنێ: ژنی ماڵانگەڕ، لەککاتە فا زن ولگرد و بیکاره.

لەیلێ: ١) گراوی مەجنونی بەناوبانگ؛ ٢) ئەی دۆست، ئەی دڵبەر؛ ٣) ناوە بۆ ژنان فا ١) لیلیِ معشوقهٔ مجنون؛ ٢) ای یار؛ ٣) نام زنانه.

لەیم: چڵك، گەماری، قرێژ، چەپەڵی فا چرك، کثافت.

لهێم: لەحیم، جۆش خواردنی کانزا بەسەر یەکا فا لَحیم.

لەیمن: چڵكن، چەپەڵ، گەمار، پیس وپۆخڵ فا چرکین.

لەیمنەت: چڵكنی پۆتەکەو پیسەکە فا چرکین بدنمود.

لەیمولێشە: ١) گەمار؛ ٢) ژەنگاوی فا ١) چرك، کثافت؛ ٢) زنگ‌زده.

لەیمولێشەك: لەیمو لێشە فا نگا: لەیم و لێشە.

لەینە: ١) لەوێ، لڤی جێ؛ ٢) لێرە فا ١) درآنجا؛ ٢) دراینجا.

لەیەك بۆن: ١) لـە ڕەنـگو بیچما وەك یەکی؛ ٢) لێك جیابۆنەوە فا ١) مشابهت؛ ٢) ازهم جداشدن.

لەیەك بەربۆن: ١) تێك بەربۆن؛ ٢) لێك جیابۆنەوە فا ١) درهم آمیختن، درهم آویختن؛ ٢) از هم جداشدن.

لەیەك بەردان: ١) تێك بەردان، دەگژیەك ڕاکردن؛ ٢) لێك جیاکردنەوە فا ١) وادار به گلاویزشدن کردن، وادارکردن به درگیرشدن؛ ٢) ازهم جداکردن.

لەیەك چۆن: وەك یەك چۆن فا شباهت، همانندبودن.

لەیەکدان: ١) تێکەڵاوکـردن؛ ٢) لەیەکتـردان فا ١) آمیختـن؛ ٢) زدوخورد.

لەیی: لافاو، لەهی، لی، لێمشت، سێڵاو فا سیل.

لەییر: لەیر فا نگا: لەیر.

لەیی شۆ: ١) ئاوی لێڵ، قوڕاو؛ ٢) بەپەلە، بلەز فا ١) آب گل‌آلود؛ ٢) باشتاب.

لەیێکە: ڕۆژەجوتێك لە زەوی فا زمین به اندازهٔ یك روز شخم زدن.

لی: لافاو، لاپاو فا سیل.

لێ: ١) لاپاو، لافاو، سێڵاو؛ ٢) بەڵام، بەڵان؛ ٣) لە، بۆ دەست پێکردن؛ ٤) لەنـاو؛ ٥) ژ. بۆ دۆوربـوونـەوە؛ ٦) رزیو، پڵیخـاو؛ ٧) پاشگـری پچۆك‌شاندان؛ ٨) بانگ کردنی کچ، کچێ؛ ٩) لەئەو؛ ١٠) بەڵام؛ ١١) بێ هەڵچـۆن: (لێ داری بکـە توان بوەرێنە)؛ ١٢) وتن: (دەلێ، بلێ، دەلێم) فا ١) سیل؛ ٢) امّا، لیکن؛ ٣) از، برای آغاز؛ ٤) در، داخل؛ ٥) از. *برای دورشدن*؛ ٦) لهیده؛ ٧) پسوند تصغیر؛ ٨) لفظ خواندن دختر؛ ٩) از آن؛ ١٠) امّا؛ ١١) از چیزی بالارفتن؛ ١٢) گفتن.

ڵێ: گوتن. به *تەنیا نایەژن*: (**بڵێ، مەڵێ، دەڵێ، ئەڵێم**) فا گفتن.

لێ ئانین: ١) لێ جوانی بەرگ؛ ٢) لەشتێك هێنان؛ ٣) بۆ هەڵکەوتن؛ ٤) لەنـزیکی، لەنـك فا ١) برازندگی؛ ٢) از چیزی آوردن؛ ٣) فرصت یافتن؛ ٤) نزد.

لیا: هۆی، هێی، ییتی بانگ کردن فا حرف ندا.

لیاقەت: شیاوی فا شایستگی.

لیان: ١) لاکان؛ ٢) ڕاژان فا ١) اسکی محلّی؛ ٢) نوسان افقی داشتن.

لیانی: لانەی باڵندە، لۆنە فا آشیان.

لیاو: لینجاو، لوعاب فا آهار، لزج آب، لعاب.

لێب: ١) گزی، گەڕ؛ ٢) حەنەك، قسەی سەیر فا ١) نارو؛ ٢) شوخی، طنز.

لیباس: پۆشەنی، پۆشاك فا لباس.

لێ بڕان: ١) کەم‌هێنـان، کورت‌هێنـان؛ ٢) بڕیاردان، قەراردان فا ١) کوتاه‌آوردن؛ ٢) تصمیم گرفتن.

لێ بردن: ١) لە شتێ ڕفاندن؛ ٢) دەناونان، دەناوڕاکردن فا ١) ربودن از؛ ٢) سپوختن، فروکردن در.

لێ بڕیان: لێ بڕان فا نگا: لێ بڕان.

لێ بوردن: بەخشینی کەسێ لە هەڵەو خەتا، عافوکردن فا عفوکردن.

لێ بوردو: گوناەبەخش فا عفوکننده.

لێ بوردە: گوناەبەخش فا عفوکننده.

لێبۆك: ١) حەنەکچی؛ ٢) فێڵباز فا ١) طنزگو؛ ٢) ناروزن.

لێبۆکی: قسەخۆش، حەنەکچی فا هزلی، لوده.

لێ بۆن: ١) پەیدابـوون لە شتێ: (**لە کچی مامم بوە**)؛ ٢) وەك یەك چۆن: (**ئەمەش لەوەیە**)؛ ٣) ڕاچڵەکین، داچڵەکین فا ١) متولّدشدن از؛ ٢) همانندی؛ ٣) یکّه‌خوردن.

لێ بۆنەوە: ١) لە کار خەلاس بۆن؛ ٢) پاژ جیابۆنەوە فا ١) فارغ شدن از کار؛ ٢) برکنده‌شدن.

لێبەك: ١) گزی، گەڕ، فێڵ؛ ٢) لێبۆك فا ١) حیله، مَکر؛ ٢) نگا: لێبۆك.

لێ بەلێ: دەئیتر، دەباشە. بۆ باوەڕنەکردن دەیڵێن: (**لێ بەلێ بلاوەبە**) فا خُب دیگه، حرف تعجب و ناباوری.

لیپ: ١) تژە، پڕ؛ ٢) حیلە، گزی؛ ٣) پاروی زل؛ ٤) پێل، شەپۆل فا ١) پُر؛ ٢) حیله؛ ٣) لقمهٔ بزرگ؛ ٤) موج.

لێپ: فێڵ، حیلە، گزی فا حیله.

لیپان: پڕ، دارماڵ فا پُر، لبالب.

لیپان لیپ: پڕاوپڕ، دارماڵ فا لبالب، پُر.

لیپاو: شەپۆلی چەم فا خیزاب، موج.

لیپاولیپ: پڕو دارماڵ، سەرڕێژ فا مالامال، لبریز.

لێ پڕبـوون: تۆڕەبـوون لە کەسێ: (**لێت پڕم مەمـدوێنـە**) فا از کسی خشمگین بودن.

لێ پرسراو: بەرپرس فا مسئول.

لێ‌پرساوی: بەرپرسی ف مسئولیّت.
لێ‌پرسین: ١) پرسیار لە کەسێ کردن؛ ٢) بەسەرکردنەوە ف ١) سؤال از کسی کردن؛ ٢) تفقّد.
لێ‌پرسینەوە: ١) لێ‌کۆڵینەوە لە تاوان؛ ٢) بەسەرکردنەوەی کەسێ ف ١) بازجویی؛ ٢) تفقّد.
لێپ‌لێدان: پاروی زل لە خواردن کردن ف لقمهٔ بزرگ برداشتن.
لێپۆك: ١) گاڵتەباز؛ ٢) ئیشکەڕن ف ١) لوده؛ ٢) دلقك.
لیپە: ١) پڕاوپڕ؛ ٢) زۆر قەڵەو ف ١) مالامال؛ ٢) بسیار چاق.
لێ‌پێچان: پێچدان بە دەوری شتێکا ف پیچیدن بر.
لێ‌پێچانەوە: لێ‌پرسینەوە ف نگا: لێ‌پرسینەوە.
لێ‌پیس کردن: خراپتر بوُنی نەخۆشی ف بدترشدن بیماری.
لیت: ١) تاغەڵ؛ ٢) فێڵ، حیلە؛ ٣) لوُت، کەپۆ ف ١) آغل؛ ٢) حیله؛ ٣) بینی.
لێت: لە تۆ ف ازتو.
لیتاو: چڵپاو، قوڕاوی شل ف لای، لجن.
لیتك: پەڕین، بازدانی بەتەوژم ف پرش، جهش.
لیتور: ١) لیتەی ناو جۆگە؛ ٢) بڵخی سەر بەردی ناو چەم ف ١) لای و لجن جویبار؛ ٢) مادّه‌ای لزج که بر سنگهای رودخانه می‌نشیند.
لێ‌تۆژینەوە: کۆڵینەوە لە کارێك ف پژوهش.
لیتۆکە: چڵکن و دژوین ف چرکین و کثیف.
لیتـە: ١) مێوژی کوتـراو بۆ شەربەت؛ ٢) تڵتە؛ ٣) چڵپاو ف ١) مویز کوبیده؛ ٢) تفاله؛ ٣) لجن، لای.
لیتەزاوە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
لیتەك: بێچارەو فەقیر ف بینوا.
لێ‌تێکچـوُن: ١) کار لێ‌خرابـوُن؛ ٢) سەر لێ‌شێوان ف ١) کار بهم خوردن؛ ٢) آشفتن.
لیجە: چڵپاو، لیتە، لیتاو ف لای، لجن.
لیچ: ١) لیو، لو، لەو؛ ٢) گوڵاو؛ ٣) قەراغ، کەنار؛ ٤) مێوژی کوتراو؛ ٥) لچق، لنج؛ ٦) ئەستێرك، گوڵاو ف ١) لوچە، لب؛ ٢) گلاب؛ ٣) کنار؛ ٤) مویز کوبیده؛ ٥) لزج؛ ٦) استخر.
لێچ: ١) گوڵاو؛ ٢) لاڕێ ف ١) استخر؛ ٢) گمراه.
لیچار: لەگەڕ، دەناچیە، مەتەڵ ف چیستان.
لێ‌چاکردن: ماین و ماکەر بە ئەسپ و نێرەکەر بەگان‌دان ف گشن دادن مادیان و ماچەخر.
لیچاڵ: ریچاڵ ف نگا: ریچاڵ.
لێچ‌بوُن: گومڕابون، لاڕێ‌بوُن ف گمراه شدن.
لیچق: لچق، لنج، لیچ ف لزج.
لیچقایی: شتی لوعابی ف لزوجه، لزجی.
لێچو: بە شکڵ چون یەك، شب ف شبیه.
لێ‌چوُن: ١) شباندن؛ ٢) جێگەبوُنەوە لە شتێ‌دا، چوُنەناو: (هێند تەنگە لێی ناچێ)؛ ٣) پەڕینی نێر لە مێ؛ ٤) دادانی تەڕایی لە دەفـر: (ئەم دیزە لێـی دەچێ) ف ١) شبـاهت؛ ٢) جای شدن، فرورفتن در؛ ٣) سوارشدن گشن بر ماده؛ ٤) چکه‌کردن ظرف.
لێ‌چوُنـەوە: ١) لە هێلکـە کـردن دەست‌هەڵگـرتنی کەڕکی؛ ٢) تەرکی کارێکی خوی‌ێ گرتو کردن ف ١) از تخمگذاری باز ایستادن؛ ٢) ترك عادت کردن.
لێچوُیی: هاوونەیی ف شباهت.
لێچەك: جۆرێ پارچەی زۆر ناسك ف پارچهٔ بسیار نازك، وال.
لێ‌خراو: ١) لەسەر کار دەرکراو، بەرکەنارکراو؛ ٢) پێداساویاو ف ١) از کار برکنارشده؛ ٢) ساییده شده بر.
لێ‌خستن: ١) لەسەر کار دەرکردن؛ ٢) پیاماڵین، پیاساوین؛ ٣) لێدان، دارکاری کردن ف ١) برکنار کردن؛ ٢) ساییدن بر؛ ٣) زدن، کتك‌کاری کردن.
لێ‌خشان: بەسوُکی پیاساوان، وێکەوتنی سەبرۆکە ف آهسته مالیده شدن بر.
لێ‌خشـاندن: سەبرێ پێداهێنان: (دەستێکم **لێ‌خشاند**) ف بەآهستگی مالیدن بر.
لیخن: لیڵ، شلوێ ف کدر، آب آلوده.
لیخناو: لیخن ف کدر، آب گل‌آلود.
لێ‌خواردن: بەهرە لە شتێ دەس کەوتن ف بهره‌یافتن از.
لێخوڕ: ئاژۆ ف راننده.
لێخوڕین: ١) ئاژۆتن؛ ٢) تێ‌ڕاخوڕین ف ١) راندن؛ ٢) نهیب زدن بر.
لێ‌خۆش بوُن: عافوکردن، بەخشینی گوناحبار ف عفوکردن.
لێخە: ١) ساوینی کێر بە لەشی مێوینەدا، ریخە؛ ٢) فەرمانی لێدان، لێدە ف ١) مالیدن آلت تناسُلی بر پوستِ جنس مخالف؛ ٢) فرمان زدن، بزن.
لێ‌خەفتان: چاو لەدەرفەت بوُن ف منتظر فرصت بودن.
لێ‌خەفتن: ١) لێ‌خەفتان؛ ٢) بەخاترجەمی و ئیسراحەت نوستن ف ١) منتظر فرصت بودن؛ ٢) با خیال آسوده خُفتن.
لێخەك: لێدانێك، زەبر ف ضربت.
لێدان: ١) قوتان، ئازاردان بە دار یان بە مست یا بە هەرچی؛ ٢) کوتانی دەرگا؛ ٣) لە ئاو دان: (لە چۆم دا)؛ ٤) چڵك‌دانی ڕەگ، پڵ‌دان؛ (دڵم **لێ‌دەدا**)؛ ٥) برێتی لە بە ناڕەوا خواردن: (قەرزی لەسەربوُ **لێی‌دا**)؛ ٦) دەنـگ‌دەرهێنـان لە ئامـرازی مۆسیقـا: (زوڕنـاکـەی زۆر خۆش **لێ‌دەدا**)؛ ٧) دەقاڵب کردن، چێ‌کرن: (سکە **لێدان**، خشت **لێدان**) ف ١) زدن؛ ٢) دق‌الباب کردن؛ ٣) به آب زدن؛ ٤) تپش رگ و قلب؛ ٥) کنایه از ناروابردن و خوردن؛ ٦) نواختن موسیقی؛ ٧) قالب زدن.
لێدراو: ١) دراوی سکەدیتـو؛ ٢) لێدان‌خـواردو ف ١) سکه؛ ٢) کتك‌خورده.
لێ‌دزین: دزی کردن لە شتێ ف دزدیدن از.
لێ‌دزینەوە: کەم‌کردنەوەی بە سەبرەسەبرە ف بەتدریج کم کردن از.
لێ‌دوان: ئاخافتن دەربارەی ف گفتگو دربارهٔ چیزی.
لێدە: ١) بقوتە، لێخە؛ ٢) لۆدەی کاو گیا ف ١) بزن؛ ٢) تودهٔ علف.

لێدەر: ١) قوتێن، کەسێ کە لێ‌دەدا؛ ٢) شتێ کە لە سەودادا لە کالا دەردە کرێ ف ١) زننده، ضارب؛ ٢) اُفت معامله.

لێ‌دەرکردن: فرێ‌دان لە کۆدا ف اُفت کردن، منهاکردن.

لیر: ١) ئۆدەی چکۆلە لە ماڵدا؛ ٢) زیپکەی پانکە لەسەر پێست ف ١) اتاق کوچك؛ ٢) ایر، کهیر.

لێر: ئاوی دەم کە بە لغاوەدا دێتەخوار، لیکاو، لیك ف لعاب دهن.

لێڕ: دارستان، جەنگەڵ ف جنگل.

لیرا: گیای شاتەرە ف گیاه شاتره.

لێرا: لە ئەم شوێنە ف دراینجا.

لێرانە: لێرا ف در اینجا.

لێراو: ئاوی دەم، لیکاو ف لعاب دهن.

لیرد: تلپ، تلیە، تلتە ف تەنشین مایع، دُرد، تفاله.

لیرك: ١) لولەی باریك کە ئاوی لێ هەڵدەڕژێ؛ ٢) زیپکەی پان، لیر ف ١) لولۀ باریك به جای ناودان؛ ٢) جوش پهن، کهیر، ایر.

لێرکۆکە: لە ئەم جێگە زۆر نزیکە ف درهمینجا.

لیرگ: ١) زیپکـەی پان، لیر؛ ٢) گڕەبای بەڵای بێستان ف ١) جوش پهن، کهیر؛ ٢) بادگرم آفت پالیز.

لێ‌ڕوانین: تماشاکردن ف نگاه انداختن بر.

لیره: ١) لوُرە، لوُرەی سەگ و گورگ و چەقەڵ؛ ٢) دراوی سکە لە زێڕ؛ ٣) بالوُرە ف ١) زوزه؛ ٢) سکۀ طلا؛ ٣) نگا: بالوُره.

لێره: لەگرە ف دراینجا.

لێرەبەدواوە: لەمەوپاش، لەمەودوا ف از این به‌بعد.

لێرەبەم‌لاوە: لە ئەم جێگەیە نزیك‌تر ف ازاینجا نزدیك‌تر.

لێرەبەولاوە: لە ئەم جێگەیە دوُرتر ف از اینجا دورتر.

لێڕەوار: دارستان، لێڕ، جەنگەڵ ف جنگل.

لێرەوە: لە ئەم شوێنەوە ف از اینجا.

لێرین: ١) بالوُرە؛ ٢) تێکوڵ لێ کردنەوە ف ١) لرزاندن صدا هنگام آواز خواندن؛ ٢) پوست کندن.

لیز: ١) پەناگا، پەسیو؛ ٢) هەڵپەڕکێ ف ١) پناهگاه؛ ٢) رقص.

لێز: ١) خزم؛ ٢) کویلە، کۆلە، بەنی؛ ٣) خوڵامی لاوی کەم‌تەمەن ف ١) خویشاوند؛ ٢) برده، بنده؛ ٣) نوکر نوجوان.

لێزان: پسپۆڕ، زانا لە شتێ ف کاردان، خبره.

لێزانی: پسپۆڕی ف کاردانی، خُبرگی.

لێ‌زانین: لێزانی ف کاردانی، واردبودن.

لیزتن: ١) لەیستن، کایەکـردن، گەمـە کردن؛ ٢) هەڵپەڕین ف ١) بازی کردن؛ ٢) رقصیدن.

لێزك: دەڵانی تەڕایی لە لەش ف ترشح عرق از پوست بدن.

لێزکن: کەسێ کە خوەدان دەدا ف شخصی که زیاد عرق کند.

لیزگ: جێ هێلانەی بەکۆمەڵ بۆ باڵندان ف جایگاه لانۀ دسته‌جمعی پرندگان.

لێزگ: ١) تیرۆژ، تیشکی خوَر؛ ٢) داوی بادراو، گشتـەك ف ١) شعاع نور؛ ٢) نخ تابیده.

لیزگـە: ١) مت و موُری بەداوەوە کـراو؛ ٢) پەنـاگا، پەسیو، لیز ف ١) مهره‌های به رشته‌کشیده؛ ٢) پناهگاه، ملجاء.

لێزگە: مت و موُری بەداوەوە کراو ف مهره‌های به‌رشته کشیده.

لێزم: ١) خزمی نزیك؛ ٢) ڕێژنەباران ف ١) خویشاوند نزدیك؛ ٢) رگبار.

لێزماو: لافاوی دوای ڕێژنەباران ف سیل بعد از رگبار.

لێزماهی: تەڕایی زۆر ف رطوبت زیاد.

لیزمایی: لێزماهی ف رطوبت زیاد.

لیزمە: ڕێژنە، ڕەهێڵە ف رگبار.

لیزۆك: ١) لەیستـۆك؛ ٢) زۆر گەمـەکـەر؛ ٣) پانـدۆڵی سەعات ف ١) اسباب‌بازی؛ ٢) لوده؛ ٣) پاندول ساعت.

لێزۆك: لیزۆك ف نگا: لیزۆك.

لیزۆکـە: گونـدێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف ازروستاهای ویران شدۀ کردسان توسط بعثیان.

لیزۆکی: پیـاوی وازوازی و هەردەمە لەسـەر هزرێك ف آدم دم‌دمی، متلون‌المزاج.

لیزەڤـان: ١) کەسێ کە باش لە هەڵپـەڕین دەزانێ؛ ٢) لەیاری کردنـدا زەبر بەدەست ف ١) رقّاص ماهر؛ ٢) ورزشکار.

لیزین: هەڵپەڕین ف رقصیدن.

لێژ: سەربەرەژێر، بەرەژێرە ف سرازیری.

لێژایی: لێژ ف سرازیری.

لیژگ: هەودا لە بەن، لۆ لە گوریس ف تارنخ.

لیژنە: ١) لەسەریەك داندراوی داری سوُتەنی؛ ٢) دەستەیەك لە خەڵك کە پێکـەوە کارێ ئەنجـام‌دەن ف ١) هیزم برهم انباشتـه؛ ٢) گروه مسئول انجام کاری.

لێژی: لێژایی ف سرازیری.

لیس: ١) تێلا؛ ٢) داری درێژی لە بڵنـد ڕاهـەنگێوراو کە مریشـك و قەلەموُنە شەوانە لە سەری دەنیشن؛ ٣) تلیس تەواو تەڕبوُگ؛ ٤) لوُس، حولی؛ ٥) جانـەوەرێکی بچـوُکـە مێملی دار سێوە ف ١) چو بدست کلفت، چماق؛ ٢) چوب بر بلندی کشیده که ماکیان بر آن نشینند؛ ٣) خیس؛ ٤) صاف و هموار؛ ٥) جانوری است آفت سیب.

لێس: زمان بەشتێکا ساوین ف زبان مالیدن بر چیزی، لیس.

لێسانەوە: لستنەوە ف لیسیدن.

لێسانەوە: لستنەوە ف لیسیدن.

لیسپ: ١) پەلکەی هۆندراو لە کەزی؛ ٢) دەسکی بەرەقانی؛ ٣) تیسك ف ١) لایۀ گیسوی بافته؛ ٢) دستۀ بافتۀ فلاخن؛ ٣) دسته‌ای از مو.

لیسپا: کوچکاور ف سه‌پایۀ اجاق.

لیست: سیایی ف لیست.

لیستن: کایەکردن ف بازی کردن.

لیستۆك: بوُکەڵە، لەیستۆك ف اسباب‌بازی.

لیستەك: گەمە، گاڵتە ف بازی، سرگرمی.

لیس تێکـوتان: بڕێتی لە زۆر هاتنەوەماڵ و کەم لەماڵ‌دەرچوُن ف کنایه ازبیش از حد درخانه‌بودن.

لیس تێ هاویشتن: لیس تێکوتان ف نگا: لیس تێکوتان.

لێستن: لستن ف لیسیدن.

لیستنەوە: لیسانەوە ف لیسیدن.

لیسك: ١) کۆڵەکەی تیسکی خۆر کە لە کولانەوە دێتەژوور؛ ٢) قەفەزەی دوکـانی مریشـك‌فرۆش ف ١) ستـونی از شعـاع نور خورشید که ازروزنه به درون خانه تابد؛ ٢) قفسهٔ مرغ فروشی.

لێسك: تیخی دەم‌کەوجی کەوجك‌تاشین ف کارد قاشق‌تراشی.

لیسکـه: ١) ئامـرازی زبرلوس کردن؛ ٢) زمان‌لووس و خوڕێك‌خەر؛ ٣) لوسکـه، دەمـڕوت ف ١)ابزار صاف کردن؛ ٢) چرب‌زبان؛ ٣) اَمرَد، نوجوان بی‌مو.

لێسکه: ئامرازی دارپێ کۆڵین ف ابزارکندن چوب.

لیسۆکه: سواپ، بەردی تەنك و لووسی گوێ‌چەم ف نگا: سواپ.

لیسه: چاوپۆشی لە هەڵە ف چشم‌پوشی از خطا.

لێسـه: ١) ماڵەی بەردین بۆ سواغ؛ ٢) خێشك؛ ٣) مڵ‌ومۆی ئاژەڵ بۆ شتی سوێر ف ١) مالـهٔ سنگی، اندواه؛ ٢) مالهٔ شخم صاف‌کن؛ ٣) پوزه‌گرداندن حیوان برای نمك.

لیسەخەرت: لیسك، لیزگ ف نگا: لیزگ.

لێسـەر: لافاو، سێڵاو ف سیلاب.

لێستن: لستنەوە ف لیسیدن.

لێش: ١) کۆمـەڵێ لە گیا کە بە بارێك هەڵـدەگیرێ، گالێش؛ ٢) تەوژم، لێشاو؛ ٣) چلك؛ ٤) ژەنگ ف ١) یك بار ستور از علف؛ ٢) فشار؛ ٣) چرك؛ ٤) زنگ.

لیشامه: هەلاش، ئالاش، پوش‌و چرپی سەرخانو ف انبیره.

لێشـــاو: ١) ئاوی زۆر بەتـــەوژم؛ ٢) بریتی لە زەحف، فره: (نـان‌و ئاو لێشاوە) ف آب زیاد با جریان شدید؛ ٢) کنایه از فراوانی.

لیشتۆك: تەماح‌کاری بێ‌ویجدان‌و نەخلاق ف آزمند بی‌وجدان.

لێشرێ: قازیاخە، گیادۆکلیویکە ف گیاهی است آشی، قازیاغی.

لێشك: لەیم‌ولیشە ف نگا: لەیم‌ولیشە.

لێشکن: چڵکن، پیس‌و پۆخڵ، گەمار ف چرکین.

لێ شێوان: لێ تێکچوون ف نگا: لێ تێکچوون.

لیغاب: لغاو ف لگام.

لیغیز: لیچق، لچق ف لَزج.

لیف: ١) کیســەی زبـری گەوچنی سابـوون تێ‌خستن بۆ خۆشتن؛ ٢) خواستنی شت لە خەڵك ف ١) لیف حمّام؛ ٢) خواستن از مردم.

لێف: لاف، پێخەفی ناوتێخراو ف لحاف.

لیفـانـدن: بەرزبـوونـەوە، بڵنـدبـوون، بەخـۆداهاتن. بۆ گیای نێژن ف رشدکردن، بالنده‌شدن. درمورد گیاهان گفته می‌شود.

لیفك: لیف ف نگا: لیف.

لێفك: لاف، لێف ف لحاف.

لیفکه: لفکەی حەمام ف لیف حمّام.

لیفـۆ: گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی کاولی کرد ف نام روستـایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

لیفۆك: خوازەلۆك، کەسێ زۆر شت لە خەڵك دەخوازێ ف گدامنش.

لێفۆکه: لافی پچکۆڵەو تەنك ف لحاف کوچك و نازك.

لیفه: ١) لفکـەی حەمام؛ ٢) کەرکیـت ف ١) لیـف حمّام؛ ٢) شانهٔ پودکوبی.

لێفه: لاف، لێفه ف لحاف.

لێفەدرو: ١) کەسێ کە کاری لێف‌دروونە؛ ٢) تەبەنە، دەرزی درشت ف ١) لحافدوز؛ ٢) سوزن درشت.

لێفەدوور: لێفەدرو ف نگا: لێفەدرو.

لیڤ: ١) لەو، لێو، لو، لەب؛ ٢) کەناره، قەراغ؛ ٣) دەرفەت، کێس؛ ٤) پڕ، تژی ف ١) لب؛ ٢) کناره، لبه؛ ٣) فرصت؛ ٤) پُر.

لێڤ: ١) لەو، لەب، لو، لیڤ؛ ٢) قەراغ ف ١) لب؛ ٢) لبه.

لیڤا: بەرخی تازەزاو ف برهٔ نوزاد.

لێڤ‌ڕێز: پڕاوپڕ، گەلەکی تژی ف لبریز.

لێڤ‌شۆڕ: بریتی لە ڕوگرژ ف کنایه از اخمو.

لێڤك: کەنار، قەراغ، لێوار ف کناره، کرانه.

لێڤکی: راسپێری بەبێ‌نوسین ف پیام شفاهی.

لیڤ‌لیڤك: سەرلیوارە، قەراخی زۆر نزیك ف لبهٔ نزدیك.

لیڤ‌ولیڤ: دارماڵ، زۆرپڕ، لیپاولیپ ف مالامال.

لیقه: ١) گێژو حوڵ؛ ٢) شێت، دین ف ١) گیج و هالو؛ ٢) دیوانه.

لێ قەدان: دەلان، دەلاندن ف ترشح مایع از ظرف.

لێ قەخارن: خواردنەوە ف نوشیدن.

لێ قەخوارن: خواردنەوە ف نوشیدن.

لێ قەکرن: لێ‌کردنەوە، چنینی بەر لە دار ف چیدن میوه از درخت.

لێ قەگرتن: دەخۆوەپێچان ف دور خود پیچیدن.

لێ قەگەڕیان: جوابەجەنگی، وەرامدانەوەی هەڕەشە ف پاسخ تهدید.

لیقەن: قامیشی باریك ف نی باریك.

لێ قەنێڕین: بۆگەڕان، تمـاشـاکـرون بۆ دۆزینەوەی گوم‌بووگ ف ازپی چیزی گشتن.

لیق: ١) لاق، لۆق، لنگ؛ ٢) ئاوی دەم ف ١) پا، لنگ؛ ٢) آب دهن.

لێق: ١) ماستی ئامیان‌نەگرتو وشل؛ ٢) گۆشتی لیچق‌و لەڕ؛ ٣) لاق ف ١) ماست‌بند نیامدهٔ آبکی؛ ٢) گوشت لَزِج حیوان لاغر؛ ٣) پا، لنگ.

لیقاو: ئاوی دەم ف آب دهن.

لیقن: ١) لچق، لیچق؛ ٢) ترێی پڵیخـــاوە؛ ٣) بنیادەمی لیق‌زۆر ف ١) لزج؛ ٢) انگور لهیده؛ ٣) کسی که آب دهنش زیاد است.

لیقۆ: کەسێ کە ئاو لە لالێوی سەرەوژێر دەبێ ف کسی که آب دهنش از لوچه سرازیر است.

لێ قۆمیان: تۆسی بەلا بوون ف بدبیاری.

لێ قۆمین: لێ قۆمیان ف بدبیاری.

لیقه: ١) پرزەو پەڕۆی ناو دەوات؛ ٢) تریقەی پێکەنین ف ١)لیقهٔ دوات؛ ٢) صدای خنده.

لێقه: لیقەی دەوات ف لیقه.

لیقەلیق: تریقەتریق [ف] هِرهِر خنده.
لیّ قەومان: لیّ قوّمیان [ف] بدآوردن.
لیّ قەوماو: توشی بەلاّ هاتگ [ف] بدآورده.
لیّ قەومین: لیّ قەومان [ف] بدآوردن.
لیك: ۱) لیق، ئاوی دەم؛ ۲) قاشی میوە [ف] ۱) گلیز، لعاب دهن؛ ۲) قاچ میوهٔ پالیزی.
لیّك: ۱) ڕیّك؛ ۲) لە یەكتر؛ ۳) تەواو [ف] ۱) هموار؛ ۲) از یكدیگر؛ ۳) تمام.
لیّك ئانین: ڕیّك خستن، لەڤ ئانین [ف] آشتی دادن دوضد.
لیكاو: لیقاو [ف] گلیز، لعاب دهن.
لیّك بوورین: یەكتر عافوكردن [ف] همدیگر را بخشودن.
لیّك بوون: ۱) شبی یەكتر بوون؛ ۲) لە ئیّك و دو جیابوون [ف] ۱) شبیه هم بودن؛ ۲) از هم جداشدن.
لیّكبوونەوە: ۱) شەق بردن، لەت بوون؛ ۲) دەست لیّك بەردان لە شەڕدا [ف] ۱) شقه‌شدن، پاره‌شدن؛ ۲) جنگ را خاتمه‌دادن.
لیّك ترازان: لە یەك و دو بەربوونی پیّكەوەلكاو [ف] ازهم جداشدن دوپیوسته.
لیّك خوڕین: گەف لە یەكتر كردن [ف] همدیگر را تهدیدكردن.
لیّك خەفتان: بوّ دەرفەت گەڕان لە دژی یەكتر [ف] برضد همدیگر پی فرصت بودن.
لیّكدالیّكدا: لەسەریەك و بیّ پسانەوە [ف] پیوسته و مداوم، مُسلسل.
لیّكدان: ۱) تیّكەڵ كردن؛ ۲) لە ئیّكتر پەیوەندكردن؛ ۳) قوتانی یەك و دو؛ ۴) گوّڕینەوەی سەربەسەر [ف] ۱) آمیختن و به هم زدن؛ ۲) به هم پیوندزدن؛ ۳) همدیگر را زدن؛ ۴) سر به‌سر عوض كردن.
لیّكدانەوە: بەراوردكردن [ف] براوردكردن.
لیّكدراو: ۱) تیّكەڵ كراو؛ ۲) لە ئیّكو دو پەیوەندكراو [ف] ۱) آمیخته؛ ۲) به‌همدیگر پیوندزده.
لیّكران: هاڕان، وردبوونی دەخڵ لە ئاش [ف] آردشدن غلّه.
لیّكردن: ۱) جیاكردنەوە؛ ۲) بار لەسەر پشت دانان؛ ۳) سووربوون لەسەر بەربەرەكانی كردن، بە نەترسیەوە شەڕكردن؛ ۴) وردكردن لە ئاش [ف] ۱) جداكردن؛ ۲) بارگذاشتن بر پشت؛ ۳) راغب به مبارزه بودن، با شجاعت جنگیدن؛ ۴) آسیاب كردن غلّه.
لیّكردنەوە: ۱) جیاكردنەوە؛ ۲) چنینی میوە لە دار و بیستان [ف] ۱) جداكردن، كندن؛ ۲) چیدن میوهٔ درختی و پالیزی.
لیّكرن: دەغڵ لە ئاسیاو یان بە دەستاڕ هاڕین [ف] آرد كردن غلّه.
لیّك ڕەوینەوە: ۱) سڵ لە یەكتر كردن؛ ۲) گوشادبوونەوە [ف] ۱) از همدیگر رم كردن؛ ۲) گشادترشدن.
لیّك ڤەبوون: لیّك جیابوونەوە [ف] ازهم جداشدن.
لیّك ڤەگیّڕان: ۱) بانگی یەكتر كردن بوّ میوانی؛ ۲) قسە كردنە یەك [ف] ۱) ازهم دعوت كردن؛ ۲) توافق بر موضوعی كردن.
لیّك كردن: ۱) دووری خستنەنیّوان دوكەسەوە؛ ۲) نیّوان ناخوّش كردنی دو كەس؛ ۳) وەك یەك چوون؛ ۴) بە ئیشتیاوە پیّكەوە شەڕكردن [ف] ۱) دوری انداختن میان دونفر؛ ۲) از هم رنجانیدن دونفر؛ ۳) تشابه؛ ۴) رغبت به مبارزه باهم داشتن.
لیّك كردنەوە: ۱) دەست پیّ لە شەڕ بەردان؛ ۲) كردنەوە: (كتیّب لیّك بكەوە) [ف] ۱) وادار كردن به دست از جنگ كشیدن؛ ۲) بازكردن.
لیّك كەفتن: لەش لەیەكتردان [ف] تنه به‌هم زدن.
لیّك كەوتن: لیّك كەفتن [ف] تنه‌به‌هم زدن.
لیكن: لیقوّ، لیقن [ف] كسی كه آب دهنش سرازیر است.
لیّكنان: بەسەر یەكداهیّنانی دو لوّ: (چاولیّكنان، كتیّب لیّكنان) [ف] برهم آوردن دولایه از چیزی.
لیّكو پیّك بوون: تیّك چوون و تیّكەڵ پیّكەڵ بوون [ف] درهم برهم شدن.
لیّكولیّك: تەواو بەرانبەر [ف] مساوی.
لیّكوّڵینەوە: توّژینەوە [ف] كنكاش.
لیّك وەرهاتن: لە دەوری یەكتر كوّبوون [ف] دور هم جمع شدن.
لیكە: شینكەی نورت و تیّراو [ف] سبزهٔ شاداب.
لیّ كەتن: ۱) ویّ كەوتن؛ ۲) لیّ هاتن، پەڕینی نیّرلەمیّ [ف] ۱) برخوردكردن؛ ۲) پریدن نر برماده.
لیّك هاتن: ۱) بوّ نزیكی یەكتر شیان: (مەخمەرو كوّنەدەوار لیّك نەدەهات) «هەژار»؛ ۲) پیّك هاتن؛ ۳) سواری یەكتر بوونی دوحەیوانی نیّر [ف] ۱) مناسب بودن دوچیز یا دورنگ باهم، بەهم‌آمدن؛ ۲) سازش كردن؛ ۳) برهمدیگر پریدن دونر.
لیّكەر: ۱) ئاشیّر، دەستاڕگیّڕ؛ ۲) بریّتی لە كاری هەر بەگوتە [ف] ۱) دستاس‌گردان؛ ۲) كنایه از گفتهٔ بی‌عمل.
لیّكەفتگ: ۱) لە كار بەركەناركراو؛ ۲) پەك كەوتە؛ ۳) دەوڵەمەندی نابوت بووگ [ف] ۱) معزول؛ ۲) از كارافتاده و زمینگیر؛ ۳) ورشكست شده.
لیّ كەفتن: ۱) لە كار بەركەناربوون؛ ۲) لە شتیّ كەوتن؛ ۳) نابوت بوون [ف] ۱) معزول شدن؛ ۲) بەچیزی خوردن؛ ۳) ورشكست شدن.
لیّكەفتە: لیّكەفتگ [ف] نگا: لیّكەفتگ.
لیّ كەوتن: لیّ كەفتن [ف] نگا: لیّ كەفتن.
لیّكەوتو: لیّكەفتگ [ف] نگا: لیّكەفتگ.
لیّ گر: ئیرادگر، عەیب‌دوّزەرەوە [ف] ایرادگیر، عیبجو.
لیّ گرتن: ۱) عەیب لە كەسیّ گرتن، ئیراد: (نابیّ لیّم بگری نەمزانی، لیّم مەگرە)؛ ۲) هەڵبژاردن [ف] ۱) ایراد؛ ۲) گلچین كردن.
لیّ گرتنەوە: ۱) كەم‌كردنەوە لە: (خەرجت زوّرە **لیی بگرەوە**)؛ ۲) لە نموونەوە دروس كردن: (بەردی تەرازو **دە گرمەوە**، ئەو گەزە بەرە **لیی بگرەوە**)؛ ۳) نەخوّشی لە كەسیّكەوە پیّوەنووسان [ف] ۱) كم كردن از؛ ۲) از روی نمونه‌ساختن؛ ۳) سرایت بیماری از كسی به دیگری.
لیّ گریّدان: ۱) پەیوەندكردن؛ ۲) تیّ گرتن، ئاراستەكردن [ف] ۱) پیونددادن؛ ۲) توجیه كردن.
لیّ گوّڕان: ۱) بە سەهو شتیّ بە شتیّكی تر زانین؛ ۲) بریّتی لە بەدبەخت بوون و ڕیّون كردن: (خوا **لیی گوّڕیوە**) [ف] ۱) عوضی

گرفتن؛ ۲) کنایه از بدبخت شدن.

لێ گوڕان: ڕەخسان لە شتێ: (ئەم ئەمامە **لەم دارە گوڕاوە**) ف تکوین یافتن از.

لێ گەڕان: ۱) دواکەوتن بۆ دۆزینەوە؛ ۲) دەست لێ هەڵگرتن ف ۱) دنبال گشتن و جستجو؛ ۲) دست برداشتن از.

لێ گەڕیان: لێ گەڕان ف نگا: لێ گەڕان.

لێ گەڕین: لێ گەڕان ف نگا: لێ گەڕان.

لێ گێڕانەوە: ۱) لێ گرتنەوە؛ ۲) بانگهێشتن کردن؛ ۳) ڕاگوێزتنی قسە لە یەکێکەوە ف ۱) کم کردن از؛ ۲) دعوت به مهمانی؛ ۳) روایت کردن از کسی.

لیل: لوول، لور، پێچدراو ف نوردیده، تاب داده شده.

لێل: ۱) قوڕاوی؛ ۲) تێکەڵپێکەڵ ف ۱) گل آلود؛ ۲) درهم و برهم.

لێڵ: شلوێ ف کدر.

لێلات: دەشتی پان وکاکی بەکاکی ف جلگهٔ وسیع.

لێلافك: لاولاو ف لبلاب، پیچك.

لێلاف: شڵێوە، بارینی بەفر و باران پێکەوە، دودانگ بارین ف بارش برف و باران باهم.

لیلان: ۱) لێلان؛ ۲) دەنگی باکوت، هاشەو هارەی با بە بەفرەوە؛ ۳) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) لرزاندن صدا در آوازخوانی؛ ۲) صدای کولاك؛ ۳) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

لێلان: بالۆرە، لێرین، لەرزانەوەی دەنگ لە خوێندنی قامدا ف لرزاندن صدا هنگام خواندن.

لێلاو: ۱) ئاوی شلوێ؛ ۲) برێتی لە کوێر بوون: (**لێلاوم دایە بۆ ئەو پیاوە گەورە**) ف ۱) آب کدر؛ ۲) کنایه از کورشدن.

لێلاوی: تاریك بوونی چاو ف بی سویی چشم.

لێلاوی داهاتن: کوێر بوون ف کورشدن.

لێلایی: ۱)ناسافی؛ ۲) تەمی بەرچاو ف ۱) کدر؛ ۲) بی نوری چشم.

لێلایی داهاتن: کوێر بوون ف کورشدن.

لیلق: ۱) گۆشتی لواوی و ڕەگاوی؛ ۲) لیچق ف ۱) گوشت پرغده و رگ؛ ۲) لزج.

لیلك: ۱) کوڕبەساوای شل و ول؛ ۲) جۆرێ قامیش کە بۆ قەڵەم دەبێ؛ ۳) خم، هەش ف ۱) نوزادسست و بی نیرو؛ ۲) نوعی نی مخصوص قلم؛ ۳) نگا: خم.

لێل کردن: ۱) شلوێ کردنی ئاو؛ ۲) پاکردنی تێکوڵە گوێزی سەوز ف ۱) گلالودکردن؛ ۲) کندن پوست سبز گردو.

لیلو: لولو، مرواری ف مروارید.

لیلوپەڕ: لولوپەڕ ف نیلوفر.

لیلوفەڕ: لولوپەڕ ف نیلوفر.

لیلە: ۱) لوولە؛ ۲) لەلەی زاروکان ف ۱) لوله؛ ۲) لله.

لێلە: ۱) شەوەکی، بوولێلە؛ ۲) زبڵ و زاڵی ناو پلوورە؛ ۳) قوڕاوێ کە بەسەر سەوزی دادەکرێ بۆ بەقەوەت بوونی ف ۱) فجر کاذب؛ ۲) آشغال کندوی عسل؛ ۳) آب گلالودی که بر سبزی پاشند.

لیلەکین: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

لیلەنگ: خم، هەش، چویت ف نیل.

لیلی: لوولە ف لوله.

لێ لێ: خەریك، پاپا ف مشغول.

لێلی: ناڕۆشنی، ناسافیەتی ف کدری.

لیلیانــدن: ۱) زۆر کەیف پێ هاتن؛ ۲) خۆش ویستن ف ۱) از چیزی خوشحال شدن؛ ۲) دوست داشتن.

لیلی لی: هەلهەلە، دەنگ و هەرای زۆر ف ولوله.

لیم: ۱) ڕەمڵ، ڕەڵم؛ ۲) کێم، چڵکی برین؛ ۳) چڵك، قرێژ ف ۱) ماسه؛ ۲) چرك زخم؛ ۳) چرك و کثافت.

لێم: ۱) لیتە، قوڕی زۆر شل؛ ۲) لە من ف ۱) لجن؛ ۲) ازمن.

لیمـــان: خەستێکی زەردە کە دەگەڵ پیسایی دادەنرێ ف مایع غلیظ زردرنگی که با مدفوع آید.

لێمان: لەئێمە ف ازما.

لیمتۆر: دەم و لەوس ف لب و لوچه.

لێمشت: لافاو ف سیلاب.

لێمن: چڵکن، گەمار ف چرکین.

لیمۆ: میوەیەکی زەردە لە تیرەی، نارنج و پرتەقاڵ، ترش و شیرنی هەیە ف لیمو.

لیمۆیی: بە ڕەنگی لیمۆ ف رنگ لیمویی.

لیمە: پاژ، پارچە، لەتك. زۆرتر بۆ گۆشت ئێژن ف پاره، جزء، قطعه.

لین: کوپەی گەورە ف خُم بزرگ.

لێن: لێمان، لە ئێمە ف ازما.

ڵێن: پاشگری بەواتا: جێگە: (**خوێ ڵێن، قامیشەڵێن**) ف پسوند مکانی.

لیناڤا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

لێنــــان: ۱) بارکردن؛ ۲) دروست کردنی چێشت؛ ۳) پێوە قایم کردن: (دەسکی **لێ ناوە**)؛ ۴) لەسەردانان: (مەلحەمی **لێ نێ**) ف ۱) بارکردن باربر؛ ۲) پختن غذا؛ ۳) پیوندزدن؛ ۴) بر سرگذاشتن.

لینج: لچق، لیچق ف لَزج.

لینجاو: لیچقاو، زنچکاو ف مایع لزج.

لینجی: لیچقی ف لَزجی.

لینچق: لینج ف لزج.

لینچقاو: لینجاو ف مایع لزج.

لینچك: لینج ف لزج.

لینجکاو: لینجاو ف مایع لزج.

لیندو: ۱) هەویرترش؛ ۲) ئەنگوتك؛ ۳) گرێ و قوڕت. بۆشیرئێژن ف ۱) خمیرمایه؛ ۲) چونهٔ خمیر؛ ۳) گره و لخته. در مورد شیر فاسد شده گویند.

لینژ: هێشوی دەنك لێ داڕندراو ف خوشهٔ لخت شده از دانه.

لینسان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
لینك: کوپەی گەورە، لین ف خمرهٔ بزرگ.
لێ نوارێن: لێ ڕوانین ف نگاه انداختن.
لێ نۆڕین: لێ ڕوانین ف نگاه انداختن.
لێ نوسین: ۱) بە کاغەز دەگەڵ یەکێ دوان؛ ۲) خەت بەسەرداهێنان: (قاقەزی هێنا **لێم نوسی**) ف ۱) نامه به کسی نوشتن؛ ۲) روی چیزی نوشتن.
لینە: لینك، لین، کوپەی زل ف خُمره.
لێنەر: پاشگری بەواتا: کەسێ کە لێنان کاریەتی ف پسوند فاعلی «لێنان».
لێ نەڕین: لێ ڕوانین ف نگاه انداختن.
لێ نهێڕین: لێ ڕوانین ف نگاه انداختن.
لینی: کەوی، حەمایەت، کەدی ف رام شده.
لێ نێ: فەرمان بە لێنان ف فرمان به «لێنان».
لێ نێرین: لێ ڕوانین ف نگاه انداختن.
لێ نیشتن: ۱) دەست بەکارێ کردن بەپەلەو چالاکی، تێ شیشان؛ ۲) قنگەخزێ لە خلیسك؛ ۲) لە جوڵانەدا هاتوچۆکردن ف ۱) چابکانه و با شتاب سرگرم کاری شدن؛ ۲) نشسته سُرخوردن بر لیزگاه؛ ۳) تاب خوردن بر تاب.
لیو: لم، لیم، ڕەمڵ ف ماسه.
لێو: ۱) لەب، لەو، لو؛ ۲) کەنارە ف ۱) لب؛ ۲) لبه.
لێوار: کەنار، کەنارە ف لبه، کناره.
لێوارە: لێوار ف لبه.
لیوان: ۱) شەربەی شوشە بۆ ئاوخواردنەوە؛ ۲) لغاو، لخاف ف ۱) لیوان؛ ۲) لگام.
لێوان: پڕ، سەررێژ ف مملوّ.
لێوانلێو: لیپاولیپ ف مالامال.
لێوانە: لێوان ف مملوّ.
لێواولێو: لێوانلێو ف مالامال.
لێو بەبار: خەمبار ف غمگین.
لێودار: بەلێوارە ف لبه‌دار.
لێودان: دەفرێ کە بەسانایی ئاوی لێ ڕۆکرێ: (ئەم قاپە **لێونادا**) ف ظرفی که آسان آب از آن سرازیر شود.
لێ وردبونەوە: ۱) تواشاکردنی تەواو؛ ۲) بیرلێ کردنەوە ف ۱) با دقّت نگاه کردن؛ ۲) تأمّل و تفکّرکردن دربارهٔ چیزی.
لێوژە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
لێوکرۆژتن: لێوکورۆشتن ف نگا: لێوکورۆشتن.
لێوکورۆشتن: برێتی لە تورەبونی زۆر یان عەزرەت و ئاوات ف کنایه از خشم یا حسرت زیاد.
لێوگەزتن: لێوکورۆشتن ف نگا: لێوکورۆشتن.
لیولی: لولی، بلوێر، بلوێر ف نی‌لَبَك.
لیوە: شێت ف دیوانه.
لێوە: ۱) لیوە، دین، شێت؛ ۲) فێدار؛ ۳) فرۆ؛ ۴) ڕاچڵەکانی دڵ، دڵ شڵەژان؛ ۵) شینکەی تازەڕواو کە بەر لیچی ماڵات دەکەوێ ف ۱) دیوانه؛ ۲) صرعی؛ ۳) آغوزوشیر؛ ۴) یکه‌خوردن؛ ۵) سبزهٔ تازه‌دمیده.
لیوەبون: شێت بون ف دیوانه‌شدن.
لێ وەبون: لێ بونەوە ف نگا: لێ بونەوە.
لێ وەخواردن: خواردنەوە ف نوشیدن.
لێ وەرگرتن: ۱) سەنن لە کەسێ کە شتێ ئەدا؛ ۲) برێتی لە پەندقبوڵ کردن: (**لێم وەرگرە** پێت ئەڵێم)؛ ۳) تێوەپێچان ف ۱) گرفتن چیزی از کسی؛ ۲) کنایه از اندرزگرفتن؛ ۳) چیزی را به‌دور چیز دیگر پیچیدن.
لێ وەرگەڕاندن: برێتی لە وەرامدانەوە ف کنایه از پاسخ گفتن.
لێ وەرهاتن: کۆبونەوە لە دەوری کەسێ یا چتێ ف احاطه‌کردن.
لێ وەستان: ۱) بەرانبەر ڕاوەستان؛ ۲) پشودان بۆ بیرکردنەوە ف ۱) در مقابل ایستادن؛ ۲) وقفه برای تأمل کردن.
لێ وەستانەوە: بەرانبەر ڕاوەستان ف توقّف در مقابل.
لێ وەشارتن: تاقەت کردنی چتێ کە کەسێك نەیبینێ ف پنهان کردن.
لێ وەشاردن: لی وەشارتن ف قایم کردن.
لێ وەشانەوە: شیانی کارێك یا جلکێك بۆ کەسێ: (ئەم کارە **لە تۆ ناوەشێتەوە**، ئەم جلکەی **لێ دەوەشێتەوە**) ف شایانی.
لێ وەشاوە: شایسە، شیاو ف شایسته، لایق.
لێوەشۆ: دەم کەندالێ کە ئاو لێی کەمدەکاتەوە ف کناره‌ای که آب آن را به تدریج بشوید.
لێ وەگەڕاندن: لێ وەرگەڕاندن ف کنایه از پاسخ گفتن.
لێوەلەرزە: لەرزینی زۆر لە سەرمان و لە ترسان ف لرزش شدید از سرما و ترس.
لێوەلەرە: لێوەلەرزە ف نگا: لێوەلەرزە.
لێوەلەرێ: لێوەلەرزە ف نگا: لێوەلەرزە.
لێوەنگ: مۆریانە ف موریانه.
لێویان: ۱) فێ گرتن؛ ۲) دڵ ڕاچەنین ف ۱) غش کردن از صرع؛ ۲) یکه‌خوردن.
لێ هاتن: ۱) سواربونی فەحل لە مێوینە؛ ۲) تۆشی نەخۆشی سندان هاتنی حەیوان؛ ۳) شیاوی یەکتر بون: (ئەم کەوایەت جوان **لێ دێ**)، لێك هاتن ف ۱) ایغری، سوارشدن نر بر ماده؛ ۲) نوعی بیماری کشندهٔ چارپا؛ ۳) مناسب و شایان بودن.
لێهاتگ: ژێهاتی، لایق، لێهاتو ف شایسته.
لێهاتو: ژێهاتی ف شایسته.
لێهاتی: ژێهاتی ف شایسته.
لێهاز: لەوازە ف اهرم.
لیهازە: لەوازە ف اهرم.

لێ‌هالان: بەدەورەداپێچان ف پیچیدن به دور چیزی.

لێ‌هالاندن: بەدەورەداپێچاندن ف پیچانیدن به دور چیزی.

لیهان: لاکان، لیان ف اسکی محلّی از ترکه.

لێ‌هاندن: ١) رەتاندن؛ ٢) هەڕەشەلێ‌کردن ف ١) خسته‌کردن؛ ٢) تهدیدکردن.

لێ‌هلدان: راستی‌لێ‌گوتن، نهێنی‌لەکەسێ‌ئاشکراکردن ف افشاکردن.

لێ‌هەلاتن: ١) لەدەست‌ڕاکردن؛ ٢) سواربوونی نێرلەمێو ف ١) ازدست کسی یا چیزی فرارکردن؛ ٢) پریدن نر برمادینه.

لێ‌هەڵسان: لەدەست‌هاتن: (ئەم‌کارە **لەو هەڵناسێ**) ف ازدست برآمدن.

لێ‌هەڵستان: لێ‌هەڵسان ف ازدست برآمدن.

لێی: ١) لباد، کولاو؛ ٢) لەئەو ف ١) نمد؛ ٢) از او.

لێ‌یش: لیش، چڵك ف چرك.

لێی‌شن: چڵکن، گەمار ف چرکین.

لێ‌یە: لەهی، لافاو، لاپاو، سێلاو، لێ ف سیلاب.

م

م: ۱) راناوی تەنیا بۆخۆ: (نەم خوارد، کردم)؛ ۲) راناوی پلەو پایە: (چارم، حەوتم)؛ ۳) من: (م گۆتە تە،ژ م ڕا) ف ۱) ضمیر متّصل اوّل شخص مفرد؛ ۲) پسوند ترتیب؛ ۳) من.

ما: ۱) نەڕۆیشت، لانەچو؛ ۲) نەمرد، ژیا؛ ۳) گشت لە گشت نەبو پاشەڕۆکی هەبو:۴) ڕەنگە، ڕەنگ‌هەیە: (**ما** ڕۆژەکی چێ بە)؛ ۵) ئاخۆ؟، مەگەر؟: (**ما** تە وە نەکرد؟)؛ ۶) تۆ بێژی؟، تۆ بڵێی؟: (**ما** وە دبێن)؛ ۷) بۆچی؟، لەبەر چی؟: (**ما** وەیە؟، **ما** ئەز بچم؟)؛ ۸)مێوینە: (**ماکەو، ماکەر**)؛ ۹)ڕەگەز، بنچینە: (بنە**مای** باش نیە)؛ ۱۰) زەرد، شاخی لوس؛ ۱۱) شکێر، قەڵشەبەردی زل؛ ۱۲) خۆگرتن‌و نزیك بە پێگەیشتن: (دۆکلیوەکە **مای** هێناوە)؛ ۱۳) سەبەب، هۆ؛ ۱۴)پرسی بەسەیرمانەوە ف ۱)ماندگار شد؛ ۲) زیست؛ ۳) بقیه‌ماند؛ ۴) امکان دارد؛ ۵)مگر؟؛ ۶) آیا می‌شود؟؛ ۷)چرا؟ برای چه؟؛۸) **مادینه**؛ ۹) اصل، اساس؛ ۱۰)کوه سنگی؛ ۱۱) شکاف بزرگ در کوه؛ ۱۲) قوام آمدن؛ ۱۳) انگیزه؛ ۱۴) لفظ پرسش با تعجّب.

مابوس: بەندی، گراو، لەزیندان کراو ف زندانی.

مابەین: ۱)دوڕ، نێوان؛ ۲) ئاشنایەتی:(**مابەینمان خۆشە**)ف ۱) میان؛ ۲) میانە.

مابین: مابەین ف نگاه: مابەین.

مابێن: مابەین ف نگا: مابەین.

ماپوس: مابوس، بەندی ف زندانی.

ماپوسخانە: گرتوخانە، بەندیخانە، زیندان ف زندان.

ماپوك: چەپوك، بە لەپ لەسەردان ف توسری.

مات: ۱) کز، کروشمە کردو؛ ۲) خەمگین؛ ۳) کوڵەکردو، دەرفەت‌خواز لە کارێ؛ ۴) کەلا بەردی زلتر لە کەلای ئاسایی کە بۆ جۆرێ کەلایێن دەست ئەدا؛ ۵) قوڵکەی پچوك بۆ کایەی کەلابازی؛ ۶) سەرگەردان، سەرسوڕماو؛ ۷) وشەیەکە بۆ لەکارکەوتنی شای شەترنجی دەڵێن؛ ۸) دۆڕاو لە کایەی شەترنج‌دا؛ ۹) ڕەنگی بێ بریقە؛ ۱۰) نەوی‌تر لە ڕیزی خۆی: (ئەو بەردانەی دە ڕێگەت گرتوە یەکیان **ماتە**)؛ ۱۱) بێ دەنگ: (لە گریانەکەی **مات** بوە)؛۱۲) مانگ ف ۱) کِز کردە؛ ۲) غمناك؛ ۳) منتظر فرصت؛ ۴) تیلۀ بزرگ؛ ۵) چالۀ کوچك تیله‌بازی؛ ۶) متحیّر؛ ۷) اصطلاح مات در شطرنج؛ ۸) بازندە در شطرنج؛ ۹) رنگ مات، نقطه مقابل برّاق؛ ۱۰) کم ارتفاع‌تر در یك ردیف؛ ۱۱) ساکت؛ ۱۲)ماه.

ماتاب: تاف‌هەیف ف مهتاب.

ماتابان: ۱)مانگی لەعاسمان‌دیار؛ ۲) ناوە بۆ ژنان ف ۱) ماه تابان؛ ۲) نام زنانه.

ماتاف: بەرانبەری خوڕ، ئاوێ کە بە مەندی‌و لەسەرخۆ دەڕوا ف آب سُست جریان.

ماتان: کایەی کەلا دەقوڵکەهاویشتن، چالان ف بازی تیله‌به‌گو.

ماتانێ: ماتان ف بازی تیله به گو.

ماتاو: ۱) تاف‌هەیف؛ ۲) فیشەکەشێتە ف ۱) مهتاب؛ ۲) آفتاب مهتاب آتشبازی، فشفشه‌بازی.

ماتاوان: ماتابان، ناوی ژنانە ف نام زنانه.

مات‌بون: ۱) کز کردن؛ ۲) سەرگەردان‌بون ۳)بێدەنگ‌بون؛ ۴دۆڕاندن لە شەترنجا؛ ۵)جێگیر بون ف ۱) کزکردن؛ ۲) خاموش شدن؛ ۳)باختن در شطرنج؛ ۵)جایگیر شدن.

مات‌بە: ۱) را مەبە، خۆ وەشێرە؛ ۲) بێدەنگ‌بە ف ۱) خود را نشان مده،برنخیز؛ ۲) بی‌صدا باش.

ماتك: ۱)خۆشکی باوك، میمك؛ ۲) بێشکە، دەرگۆش ف ۱) عمّه؛ ۲) گهواره.

مات کردن: ۱) بێدەنگ کردن؛ ۲) زەقایی نەوی کردنەوە؛ ۳) برێتی لە کوشتن؛ ۴)برنەوەی شەترنج ف ۱) ساکت کردن؛ ۲)برجستگی را صاف کردن؛ ۳) کنایه از کشتن؛ ۴)بردن شطرنج.

ماتڵ: بێکار داماو، شتێ یا کەسێ کە هیچ کاری نەبێ ف معطّل.

ماتڵ‌بون: بێکارمانەوە ف معطّل شدن.

ماتڵ کردن: لە کار وەدواخستن ف معطّل کردن

ماتلی: جۆرێ تفەنگ ف نوعی تفنگ.

ماتڵی: ماتڵ بوُن، بێکاری ف معطّلی.

ماتۆر: ۱) ئامرازی وەکارخستنی مەکینە؛ ۲) پایسکلێ کە بە بەنزین دەڕوا، دوچەرخەی بێنزینی ف ۱) موتور؛ ۲) موتوسیکلت.

ماتوڕا: تەمەڵ، تەوەزەل، کارنەکەر ف تنبل.

ماتوڕە: ماتوڕا ف تنبل.

ماتە: ۱) خۆکزکردن، کروشمە؛ ۲) ئاوتێگەڕان و ئاڵ و بوڵ بوُنی میوەی بێستان؛ ۳) تەمی بەرچاو؛ ۴) کوُزەکەی چاوزار؛ ۵) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) کزکردگی؛ ۲) علائم رسیدن در میوهٔ پالیزی؛ ۳) سیاهی پیش چشم؛ ۴) مهرهٔ ضدّ چشم‌زخم؛ ۵) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

ماتەدان: خۆ بەزەویەوەلکاندن: (کەروێشک **ماتەی داوە**)؛ ۲) ئاڵ و بوڵ بوُنی میوەی بێستان: (بێستانەکە **ماتەی داوە** بەم زوانە پێ دەگا) ف ۱) به‌زمین چسبیدن و منتظر فرصت بودن؛ ۲) ظهور علائم رسیدن میوهٔ پالیزی.

ماتەم: تازیەمانە، تازیەباری ف ماتم.

ماتەمات: سەبرەسەبرە ڕۆیشتن ف رفتن پاورچین پاورچین.

ماتەماتە: ماتەمات ف نگا: ماتەمات.

ماتەمی: تازیەبار ف ماتمین.

ماتەمین: ماتەمی ف ماتمین.

ماتی: ۱) سەرسوڕمان؛ ۲) بێدەنگی؛ ۳) خەمباری؛ ۴) ڕەنگی بێ بریقە ف ۱) تحیّر؛ ۲) خاموشی؛ ۳) غمگینی؛ ۴) رنگ مات.

ماج: ۱) ماژ، خزم و پەیڕەوی زەردەشت؛ ۲) ناوی کۆنی کورد ف ۱) ماژ، پیر و زردشت؛ ۲) نام باستانی قوم کُرد.

ماجر: کۆچەر ف کوچ کننده، مُهاجر.

ماجو: کرێ، پاداشت لە بەرانبەری کاردا ف مزد.

ماجوج: باجوج ف مأجوج.

ماجوم: ۱) تێکەڵاوکراوی چەند دەرمانێك بۆ مەلحەم؛ ۲) جۆرێ شیرنیات ف ۱) معجون دارویی؛ ۲) نوعی شیرینی.

ماجوُن: ماجوُم ف نگا: ماجوُم.

ماجوە: شوێنێ کە ئاوی پێدا هاتوەو دیارە ف اثر جاری شدن آب بر زمین.

ماجیت: گوندێکە لەکوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

ماجیداوا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

ماچ: ۱) رامۆس، رامۆسان، پاچ؛ ۲) جگ، میچ، قاپ ف ۱) بوسه؛ ۲) شتالنگ، قاب.

ماچا: ناو پەڕێك لە پەڕەکانی پاسوُر ف از برگهای پاسور.

ماچان: ۱) چەند ڕامۆسانێ؛ ۲) ئێژن، دبێژن، دەڵێن؛ ۳) جگێن، قاپێن ف ۱) بوسەها؛ ۲) گویند؛ ۳) قاب‌بازی.

ماچانێ: جگێن ف بازی با شتالنگ، قاب‌بازی.

ماچك: سوُکەڵەماچ ف ماچ و بوسهٔ کوچك.

ماچ کردن: ڕامۆسان، پاچ کردن ف بوسیدن.

ماچلەك: بەندی ئەندام، گەی لەش ف مفاصل اندام.

ماچماچان: ئێك و دو ڕامۆسان ف همدیگر را بوسیدن.

ماچماچانی: ماچماچان ف همدیگر را بوسیدن.

ماچماچۆك: ماچماچان ف همدیگر را بوسیدن.

ماچمێ: دبێژین، ئەوشین، دەڵێین ف می گوییم.

ماچو: ئێژێ، دبێژە، دەڵێ ف می گوید.

ماچوموُچ: ماچماچان ف همدیگر را بوسیدن.

ماچە: مێوینە، ما. بۆئێستر و جاشەکەری دەڵێن ف ماچه، ماده. ویژهٔ استر و کرّه‌خر.

ماچی: ۱) دەڵێم؛ ۲) تۆئێژی، هەر دەڵێی؛ ۳) ئەدی چوُن؟؛ ۴) ڕامۆسانی ئەو ف ۱) گویم؛ ۲) توگویی؛ ۳) پس چگونه؟؛ ۴) بوسهٔ او.

ماچیك: ۱) ماچ، ڕامۆسان؛ ۲) دانێ ماچ ف ۱) بوسه؛ ۲) بوسه‌ای.

ماچێن: ماچانێ ف قاب‌بازی.

ماحبەین: مابەین ف نگا: مابەین.

ماخ: ۱) کاریتەی سەربان؛ ۲) ڕیزە ئاڵودار؛ ۳) نزمی نێوان دو بەرزایی؛ ۴) نهۆم ف ۱) بالار؛ ۲) الوارهای سقف؛ ۳) پستی مابین دوبلندی؛ ۴) طبقه، اشکوبه.

ماخۆ: خاوەن، خودان، خێو، ساحێب، ساحێو ف صاحب.

ماخۆبزنان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

ماخولان: ۱) خولخولە؛ ۲) نەخۆشی سەرلەرزین ف ۱) گردنا؛ ۲) بیماری لرزش سر.

ماخولیا: ۱) گێژو حوڵ؛ ۲) نەخۆشیەکە، ئەسپەك ف ۱) گیج و هالو؛ ۲) بیماری مالیخولیا.

ماد: ۱) ناوێکی کەونارای کورد؛ ۲) دەوڵەتی کورد لەهەمەدانی پێشو ف ۱) قوم ماد؛ ۲) دولت ماد.

ماداك: گامێش ف گاومیش.

مادام: ۱) خامی ڕەشی بریقەدار؛ ۲) تا وایە، هەتا وایە ف ۱) متقال سیاه برّاق؛ ۲) مادام که.

مادك: با بوڵەی زارۆ تێوەپێچان ف قُنداق بچّه.

مادوکی: سەردەمی ڕێك کەوتنی نێر و مێی کۆتر پێکەوە ف دوران نامزدی کبوتران.

مادە: ۱) جۆرێ نان؛ ۲) رفێدەی نان پێوەدان؛ ۳) کرش، عور؛ ۴) دومەڵە، کوان؛ ۵) لوُ، لك، گرێی گۆشت؛ ۶) دایك؛ ۷) هەوێن، ئامیان ف ۱) نوعی نان؛ ۲) بالشتك نانوایی؛ ۳) معده؛ ۴) دُمَل ۵) غدّه؛ ۶) مادر؛ ۷) خمیرمایه.

مادەر: دایك ف مادر.

مادەربەچە: تەقەڵی وردو درشت پێکەوە بۆ جوانی ف کوك ریز و درشت باهم.

مادەرزا: وەك لە دایك بوە، کە لە دایك بوە: (**مادەرزا کوُرە**) ف مادرزاد.

مادەرزاد: مادەرزا ف مادرزاد.

مادەرمەردە: میوەی بێستانی سیس هەڵگەڕاوی پلیخاو ف میوۀ پالیزی پژمردۀ لهیده.

مادەك: ماداك، گامێش ف گاومیش

مادەم: ١)جاکەوایە؛ ٢)تاوایە ف ١)اگر چنین است؛ ٢)مادامی که، تا چنین باشد.

مادەن: کان، کانگە ف معدن

مار: ١)جـانەوەرێکی خزۆکی درێژۆکەی بەدرێشۆکەیە ژاری هەیەو پێوە دەدا؛ ٢)خانو، جێگەی لێ‌ژیانی حێزان ف ١)مار؛ ٢)خانه.

ماراقی: جۆرێ ماسی کە لە ماردە کا ف مارماهی.

مارانگاز: مارپێوەداو ف مارگزیده.

مارانگەز: مارپێوەداو ف مارگزیده.

مارانگەستە: مارانگاز ف مارگزیده.

ماراو: هات، بەخت، ئیغباڵ، تالح ف شگون، شانس.

ماڕای: شکان ف شکستن.

ماربڕین: مارەبڕان، لێك حەلاڵ کردنی ژنو پیاو ف عقدکُنان.

مارپێچ: لولەی درێژی قلیان ئاوی ف مارپیچ قلیان.

مارت: ئادار، سێهەمین‌مانگی ساڵی خاچ‌پەرستان ف ماه‌مارس.

مارتـــاك: ئالاش، پوش‌و چرۆی سەرمیچی خانـــو ف ترکـــه و گیاه سقف‌پوش، انبیره.

مارتلی: ماتلی ف نوعی تفنگ.

مارتـوڵـە: ١)تۆڵەمار، بەچکەمار؛ ٢)ماری باریك؛ ٣)کرمی درێژی ناو سك؛ ٤)مارمێلکە ف ١)بچەمار؛ ٢)مارباریك؛ ٣)کرم دراز معده؛ ٤)سوسمار.

مارتین: مارتلی ف نوعی تفنگ.

مارجو: نیسك ف عدس.

مارجەفری: جۆرێ مار ف نوعی مار.

مارچێو: داری سەردوفلیقانە بۆ مارگرتن ف چوب دوشاخۀ مارگیران.

مارچێوە: ١)مـــارچێو؛ ٢)گیایەکـە ف ١)چـوب دوشـاخـۀ مارگیری؛ ٢)گیاهی است.

ماردا: مردو، مردگ ف مُرده.

ماردش: ١)مـردن، مەرگ؛ ٢)دوایی‌هاتن، تەواوبـوُن ف ١) مُردن؛ ٢) تمام شُدن.

ماردن: شکاندن ف شکستن.

ماردە: ماردا، مردگ ف مُرده.

ماردەم: جۆرێ تفەنگ ف نوعی تفنگ.

ماردین: شارێکە لە کوردستان ف نام شهری در کردستان.

مارِز: ١) زاڵم؛ ٢)لاسارو سەرسەخت ف ١) ستمگر؛ ٢) لجباز.

مارزا: گوی ئاژەڵی ساوای شیرەخۆر کە زەردو شلە ف مدفوع نوزاد دام.

مارزەیە: مارانگاز ف مارگزیده.

مارزیای: بەجێ هێڵراو، تەرك‌کراو ف متروك، مهجور.

مارژۆك: بۆکمار، جۆرێ مارمێلکە ف نوعی مارمولك.

مارژی: نیسك، مارجو ف عدس.

مارس: مارت ف ماه مارس.

مارِس: مارِز ف نگا: مارِز.

مارسیس: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مارْك: پیـرۆز ف مبارك، خجسته.

مارکرن: ماربڕین ف عقد کردن.

مارکۆنە: دەسخۆشانەی شاگرد، شاگردانە ف انعام شاگرد.

مارکـە: ١) راوکـە مریشـك؛ ٢)ئـەو هێلکەی کە لە کولێن دای‌دەنێن بۆئەوەی مریشك هەرلەوێ هێلکی تر بکا ف ١) رامك؛ ٢)تخم مرغی که در لانه تخمگذار می‌نهند تاتخمش را همانجا بگذارد.

مارگر کەسێ کە مار حەمایەت دەکا،کەسێکە مار دەگرێ‌پێوەی نادا ف مارگیر.

مارگرۆس: نێرەکەوێ کە ماکەو خۆی لێ بواردوە ف کبك نری که ماده‌اش را نمی‌یابد.

مارگرە: مارچێوە ف نگا: مارچێوە.

مارگەستی: مارانگاز ف مارگزیده.

مارگیر: ١) گیایەکی دڕکاوی‌یە؛ ٢) مارگر ف ١) گیاهی است خاردار؛ ٢) مارگیر.

مارگیس: جۆرێ مارمێلکە ف نوعی سوسمار.

مارگیسك: ١)مارگیس؛ ٢)ماری ژەهردار؛ ٣) برێتی لە مرۆی بێ‌فەڕو خراو ف ١) سوسمار؛ ٢) مار سمّی؛ ٣) کنایه از شخص بدجنس و کج رفتار.

مارگیسە: بۆقلە، بەقلەمۆت، عەلەشیش، عەلۆعەلۆ ف بوقلمون.

مارمار: ماڵ‌ماڵ، قارەمانێکی بەیتی کەونارایە:(ئاسر و **مارمار**)ف) از شخصیت‌های افسانه‌ای فولکلور.

مارمارك: کرمی درێژی ناو سك ف کرم دراز معده.

مارماڕۆشك: ١)مارمێلکە؛ ٢)گیایەکە شیرەکەی ژەهرە ف ١) مارمولك؛ ٢) گیاهی است که شیره‌اش سمّی است.

مارمارۆك: ١) مارمێلکە؛ ٢) هەرشتی درێژو بەپێچ کە لە مار بکار ف ١) مارمولك؛ ٢) هر چیز مارمانند.

مارمارۆکە: بازنەی لەهەویری برژاو ف نان النگو مانند.

مارماسە: مارماسی، ماراقی ف مارماهی.

مارماسی: جۆرێ ماسی‌یە وەك مار دەچێ پێوەناداو گۆشتی دەخورێ ف مارماهی.

مارمالۆك: مارمێلکە ف سوسمار.

مارمزوك: ١)بێچوەمار؛ ٢)مارمێلکە ف ١) بچەمار؛ ٢) مارمولك.

مارمـــژ: دەم بە جێگـەی مارانگـەستـەوە نانو لۆشینی ژار بۆ چارەی مارانگاز ف مکیدن جای نیش مار به قصد معالجه.

مارملیك: مارمێلکە ف مارمولك.

مارمەزوکە: مارمێلکە ف مارمولك.

مارمێزولکه: مارمێلکه ف مارمولك.

مارمێژ: مارمژ ف نگا: مارمژ.

مارمێلك: جانەوەرێکی پچووکی بۆرەڵۆکەیە لە کورتەمار دەکاو دەست‌و پای هەیە لە سەر مێش‌و جانەوەری پچووك دەژی‌و پێوەنادا ف مارمولك.

مارمێلکه: مارمێلك ف مارمولك.

مارمیلۆك: مارمێلکه ف مارمولك.

مارنەگەز: بەلەك‌پێچی لباد ف ساق‌پیچ نمدی.

مارنەینك: جۆرێ مارە ف مار عینکی.

مارۆ: ١) قـەشـان، حەیوانی ڕەشی ناوچـاوسپی؛ ٢) ئـەسپێ کە خاڵی چەرمـگ لە پای دایە ف ١) دام سیاه پیشـانی سفید؛ ٢) اسبی که خالهای سفید دردست وپادارد.

مارۆپیر: جوێنێکە واتا: شەرمی دایکت ف دُشنامی است.

مارۆت: فریشتەی هەواڵی *ناروت* کە خوایان تووڕە کردوە ف نام فرشته‌ای که مغضوب خدااست.

ماروته: قوڵاخە، خزگەی ماسی لە زستان‌دا ف پناهگاه ماهیان در زمستان.

مارۆخە: پارچەزەوی بچووك ف قطعه زمین کوچك.

مارودو: قیلەوقاچ، فیچەلفاچ ف مورّب.

ماروژه: گیایەکە دەخورێ ف گیاهی است خوردنی.

مارۆسیا: ١) مـاری ڕەش؛ ٢) بریتـی لە مرۆی دژی دڵ‌بەکین ف ١) مارسیاه؛ ٢) کنایه از دشمن کینه‌توز.

مارول: خاس، کاهو ف کاهو.

مارومۆر: خزۆك، هەرجانەوەرێ بەزەویدا خشکە دەکا ف خزنده.

مارومێرو: بریتی لە هەمـوشتێکی خرت‌و پرت: (سەری **مارو مێروی** هەیە) ف کنایه از انواع خرت و پرت.

مارە: ژن بەپیاودان بە ڕێ‌و شوێنی ئاینی ف عقد ازدواج.

مارە: مارکە، ڕاوکە ف رامك.

مارەبڕ: کچێ کە بە زارۆکی بە شوو دراوە ف دختر عقد شدهٔ نابالغ.

مارەبڕانه: پارەیەك کە ژنی لەسەر مارە دەکرێ ف صداق، مهریه.

مارەبڕی: ١) بە ڕێو شوێنی ئاینی ژن دان بە شوو؛ ٢) مارە بڕانە ف ١) عقد کردن؛ ٢) صداق.

مارەبڕیاگ: ژنێ کە بە شوو دراوەو هێشتا نەچوّتە ماڵ شوو ف عقد شده.

مارەبڕین: ژن کردنەحەڵاڵی پیاو بە ڕێو شوێنی ئاینی ف عقد کردن.

مارەڕەش: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مارەزا: شلەگوی ساوای ئاژەل ف مدفوع نوزاد حیوانات.

مارەزیو: زێلو، هەزارپێ ف هزارپا.

مارەك: مارك، پیرۆز ف خجسته.

مارەکراو: مارە بڕیاگ ف عقد شده.

مارە کردن: مارەبڕین ف عقد کردن.

مارەکول: دومارەکول، دوپشك ف عقرب.

مارەگویز: تیرەی درێژی ئاو بۆ سەر گۆلەمەرەزە ف جوب طویل آبرسانی به کرد شالیزار.

مارەگیره: مارچێوە ف نگا: مارچێوە.

مارەیی: مارەبڕانە ف صداق.

ماری: ماکەو ف کبك ماده.

مارێ: چوخم، چوخمە ف ١) اتاق بالای راهرو؛ ٢) کوچهٔ تنگ.

ماری‌پشت: موغەرەی پشت ف ستون فقرات.

ماریژۆك: گیایەکە، مارووژە ف گیاهی است.

ماریژه: مارووژە ف گیاه «مارووژه».

ماریس: مارز، زاڵم، لاسار، سەرڕەق ف دیکتاتور.

ماریستان: شوێنێ کە زۆر ماری هەس ف جایی که مار بسیار دارد.

ماریشۆك: مارمێلکەی زەلام ف مارمولك بزرگ.

ماریفەت: ڕوخۆشی‌و ناکارپەسندی ف خوش اخلاقی.

ماریله: مارمێلك ف مارمولك.

مارین: گیایەکە ف گیاهی است.

مارێن: شکاندن ف خُردکردن، شکستن.

مارینە: شوینـەواریکی کەونـارایە لە کوردستانی بەردەستی ترکان ف ازآثار باستانی در کردستان.

ماز: ماج ف خویشاوند و پیرو زردشت، ماژ.

مازان: ١) کەڵو گامێشی ناوچاوان‌و کلك‌سپی؛ ٢) گەپ، زەلام، گەورە ف ١) گاومیش پیشانی و دُم سفید؛ ٢) بزرگ.

مازبەر: نەخۆشیەکە لە سمی ئاژەڵ پەیا دەبێ ف از بیماریهای دام.

مازتر: گەپتر، زلتر، مەزنتر، گەورەتر ف بزرگتر.

مازگ: بەری دارێکی لێرەوارە ف مازوج.

مازگا: پێشەی کلێنچکە ف استخوان دنبالچه.

مازگه: بڕبڕەی پشت ف ستون فقرات.

مازگیرت: ناوچەیەکە لە کوردستانی ژێردەستی ترکان ف ناحیه‌ای در کردستان.

مازلوخ: دوگرد، بەرماڵی نوێژ ف سجّاده، جانماز.

مازماز: بەرانی قەحل، بەرانێ کە دە پەزی بەردەدەن ف راك گُشن.

مازن: ١) گـەورە، گەپ، زل؛ ٢) سەرۆکی عاشیـرەت ف ١) بزرگ؛ ٢) سردارایل.

مازوو: مازگ ف مازوج.

مازووبـەرەڵا: وشـەیەکە بۆ مازوولێکردنەوە بەئازادی دەگوترێ ف بانگ مازوج چینی آزاد.

مازووچن: کەسێ کە مازوو لە دار دەتەکێنێ‌و کۆدەکاتەوە ف مازوج چین.

مازوودار: دارمازوو ف درخت مازوج

مازور: بێکار ف بیکار.

مازوڤان: خانەخوێ، خاوەن‌ماڵی میوان حاوێنەوە ف میزبان مهمان‌نواز.

مازوڵ: کاربەدەستی دەرکراو ف معزول.

مازوڵی: دەرکراوی لە سەرکار ف معزولی.

مازوڵی کێش: دۆستی بەئەمەگی کۆنەکاربەدەست ف دوست وفادار در

زمان معزولی.

مازه: ۱) ناوەڕاستی پشت، مۆغـەرە، بڕبـڕەی پشت؛ ۲)شـان، پیل؛ ۳)دارێ کەچـەرخی عارەبەی پێوەیەو دەگەڕێ[ف] ۱) ستون‌فقرات؛ ۲)کتف؛ ۳)چوب محور چرخهای گاری و...

مازی: ۱)مازوو؛ ۲)بڕبڕەی پشت[ف] ۱)مازوج؛ ۲)ستون‌فقرات.

مازێ: ناوی چیایەکە لە کوردستان[ف] نام کوهی در کردستان.

مازیچن: مازوچن[ف] مازوج چین.

مازیر: سمەشلە، نەخۆشی سمی ئاژەڵ[ف] بیماری سُم دام.

مازێر: داربەڕوی ئەستوور[ف] درخت بلوط بزرگ.

مازیێ: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی کاولی کرد[ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

ماژ: ماز، ماچ، خزمو پەیڕەوی زەردەشت[ف] ماژ.

ماس: ۱)شیری گەرم‌کراوی ئامیان‌تێکـراوی تونـدەوەبو؛ ۲)پەنەم[ف] ۱)ماست؛ ۲)آماس.

ماسا: ماسی[ف] ماهی.

ماسان: ئەستووربوونی ئەندام[ف] آماسیدن.

ماسـاو: ۱)ئـەستـوربـوگ، پەنەماو؛ ۲)جانەوەرێکە هەر لە ئاودا دەژی گۆشتی خۆشەو یەکجار زۆرە؛ ۳)ماستاو[ف] ۱)آماسیده؛ ۲)ماهی؛ ۳)آبدوغ.

ماساوە: گیایەکی تام‌تیژە[ف] گیاهی است تندمزه.

ماسایا: ماسان، پەنەمان، ئەستووربوون[ف] آماسیدن.

ماسایش: ماسایا[ف] آماسیدن.

ماسایە: ماسایا[ف] آماسیدن.

ماست: ماس، شیری ئامیان تێدراوی توندەوەبوگ[ف] ماست.

ماستاڤ: ماستاو[ف] نگا: ماستاو.

ماستاو: ماستی لە ئاودا لێك‌دراوی بە مەشکە نەژێنراو[ف] ماست و آب بەهم زده، دوغ مشك ندیده، آبدوغ.

ماستاوسارد کردنەوە: بریتی لە ڕوبینی و کلکەسوتە[ف] کنایه از تملّق و چاپلوسی.

ماستـاوکـردن: ۱)مـاستـاو ساز کردن؛ ۲)ماستاوساردکردنەوە[ف] ۱) ماست و آب بەهم زدن؛ ۲) تملّق کردن.

ماستاوی: شتێ کە ماستی پێوە بێ: (کەواکەم **ماستاوی بو**)[ف] ماست آلوده، آغشته بەماست.

ماستبا: دوخەوا، دۆکلێو[ف] دوغبا.

ماستبز: سمەشلە، نەخۆشیەکی ئاژەڵە[ف] از بیماریهای دام.

ماستر: زلتر، گەورەتر، مەزنتر[ف] بزرگتر.

ماسترۆن: توێژ لەسەر توێژی ڕۆن‌و ماست کە بۆزستان هەڵدەگیرێ[ف] ذخیرهٔ ماست و کره.

ماست‌ومـوبژاردن: بریتی لە بە وردی توژینەوە لە کارێ[ف] کنایه از با دقّت تحقیق کردن.

ماستەرگ: کوڤك، ڕەحاتی[ف] قیف.

ماستــەڕۆن: توێژ توێژی ماست‌و ڕۆن لە سەریەك کە بۆ زستـانی هەڵدەگرن[ف] لایەلایهٔ ماست و کره برهم که ذخیره می‌کنند.

ماستێر: ڕەحاتی، کوڤك، ماستەرگ[ف] قیف.

ماسریشم: سرێشێ کە لە ماسی دەگیرێ[ف] چسبی که از ماهی گیرند.

ماسرێشمە: گیاچرێش[ف] گیاه سریش.

ماسك: شکلێ کە بە ڕوێەوە دەگرن تا نەناسرێن[ف] ماسك.

ماسکە: ماسك[ف] ماسك.

ماسکەش: دەویت[ف] جاکش.

ماسمـاڵی: ۱) پۆشینی تاوان بەناڕەوا؛ ۲)ماست بە سەر ژنی خراپ‌دا کردن‌و بە دێ‌دا گەڕاندن[ف] ۱)ماستمالی؛ ۲) ماست بر سر زن بدکاره ریختن و در ده گرداندن.

ماسو: دێ‌یەکە لە کوردستان[ف] نام دهی است.

ماسوو: ماساو، جانەوەرێ کە بە بێ ئاو نازی[ف] ماهی.

ماسـور: ۱)بـەری دارێکی دڕکـاویە لە عەنـاب دەکـا؛ ۲)ماسولکەی جۆلایی[ف] ۱) ثمر درختی است شبیه عنّاب؛ ۲) ماسولهٔ نساجی.

ماسـورا: ۱)باکردن‌و هەڵمسان؛ ۲)نەخۆشی بای‌سوور[ف] ۱)آماسیدن؛ ۲)بیماری بادسرخ.

ماسول: ۱) ماسوو، ماساو؛ ۲) پلیتەچرا؛ ۳) داهاتی زەوی[ف] ۱)ماهی؛ ۲)فتیله؛ ۳)محصول زمین.

ماسـولکە: ۱) ماسوی بچوك؛ ۲) سارەی چاڵ؛ ۳) باریکەی سووری خەرمان کە هێشتا نەبوتە کو؛ ۴) لەتەقامیشێکی کورتە جۆلا داوی لێ دەپێچـن بۆ تەنـین؛ ۵)گۆشـتـی پـتـەوی ناوەڕاست ئەستـووری ئەولاولا بـاریك[ف] ۱)ماهی کوچك؛ ۲)کاه کنار چالهٔ غلّه؛ ۳)باریکهٔ خرمن توده نشده؛ ۴)ماسورهٔ بافندگی؛ ۵)ماهیچه.

ماسـولـە: ۱) ماسولکەی جۆلایی؛ ۲) ماسولکەی گۆشت؛ ۳) جۆرێ ساج؛ ۴) گلۆلەی فرێت[ف] ۱) ماسوره؛ ۲) ماهیچه؛ ۳) نوعی ساج؛ ۴) گلوله نخ پود قالیبافی.

ماسە: ڕەمڵ، مڵ، کفت، لم[ف] ماسه.

ماسەنە: پەنەماندن[ف] متورّم کردن، آماسانیدن.

ماسەوا: دۆکلێوی بەماست[ف] آش ماست.

ماسی: ۱)ماسوو؛ ۲)پەنەما؛ ۳)ماست‌فرۆش؛ ۴)ماستاوی[ف] ۱)ماهی؛ ۲)آماس کرد؛ ۳)لبنیات فروش؛ ۴)ماست آلوده.

ماسیان: ماسان، پەنەمان[ف] آماسیدن.

ماسی‌بڕەك: ماسیەك ددانی وەك هەڕەیەو درێژە[ف] ارّه‌ماهی.

ماسی‌پانك: جۆرێ ماسی[ف] ماهی سوف.

ماسی‌بەرك: جۆرێ ماسی[ف] ماهی کفال.

ماسی‌خاتونەك: جۆرێ ماسی[ف] نوعی ماهی قزل‌آلا.

ماسی‌خرك: وردیلە ماسی[ف] ماهی بسیار ریز.

ماسی‌خۆرە: باڵدارێکی سپیە ڕاوەماسی دەکا[ف] قاق، مرغ‌ماهیخوار.

ماسی‌ستێرك: جانەوەرێکی دەریاییە[ف] ازجانوران آبزی.

ماسی‌سوڵ: ماسی خوێ‌کراوی وشکەوەکراو[ف] ماهی نمك سود، ماهی شور.

ماسی‌سوڵ وخوا: ماسی‌سوڵ[ف] ماهی شور.

ماسی فرۆش: کەسێ کاری ماسی فرۆشتنە ف ماهی فروش.
ماسی فرۆك: جۆرێ ماسی کە مرۆ لای وایە ئەفرێ ف نوعی ماهی.
ماسی فرەك: ماسی فرۆك ف نوعی ماهی.
ماسیڤان: کەسێ کاری هەر ڕاوەماسیە ف صیّاد ماهی.
ماسی کارتۆخك: سفرەماسی ف سفرەماهی.
ماسی کەران: بێچوەبۆق ف بچهٔ غوك.
ماسی گر: کەسێ ڕاوەماسی دەکا ف ماهیگیر.
ماسی گرە: ماسی خۆرە ف مرغ ماهیخوار.
ماسی گرەك: ماسی گرە ف مرغ ماهیخوار.
ماسی گیرە: ماسی گرە، ماسی خۆرە ف مرغ ماهیخوار
ماسیلکە: ماسولکەی لەشی زیندەوەر ف ماهیچه.
ماسی لولـو: جۆرێ وردەمـاسی لە ڕوبـاردا کە دەیکـەنـە چێشتـەی ماسی گرتن ف نوعی ماهی ریز کە آن را طعمه می کنند.
ماسیلە: مارمێلکەی ناوخانوان کە لە جێگەی شەدار دەژی ف مارمولکی کە در خانەها و درجای مرطوب زندگی می کند.
ماسین: ١) پەنەمین، پەنەمان؛ ٢) توێژی مەیوی ڕۆن و چەوری بە سەر شتێکەوە ف ١) آماسیدن؛ ٢) لایهٔ چربی بر چیزی بستەشدن.
ماسی نێزەدار: جۆرێ ماسی قورتم درێژ ف نیزەماهی.
ماسیەپانکە: جۆرێ ماسی ف نوعی ماهی.
ماسیەخاتونە: جۆرێ ماسی پنوك پنوك ف نوعی ماهی خالدار.
ماسیەزەردە: زەردەماسی، جۆرێ ماسی ف زردماهی.
ماسیەوان: بنیادەمێ کە ڕاوەماسی دەکا ف ماهیگیر.
ماسیەوچنە: ماسی گرە ف مرغ ماهیخوار.
ماسی هۆرك: جۆرێ ماسی کە لە ناو قوتو دەکرێ ف ماهی تُن.
ماش: ١) ئامانێکە دە سەری دۆڵاشی دەگرن تا پوش و چیلکە بگرێتەوەو نەگاتـە زەنبـورە؛ ٢) ئاوی ڕاوەستاو؛ ٣) ئەوەی بەر گەسك دێت؛ ٤) دانـەوێڵەیەکی شین باوە بە چێشت لێدەنرێ و دەنکی خڕی وردە ف ١) آبکشی کە در دهانهٔ ناوآسیا نهند؛ ٢) آب راکد؛ ٣) روبیدنی؛ ٤) دانهٔ آشی ماش.
ماشانن: ١) گزك دان، گەسك لێدان، جارۆکردن؛ ٢) دەست گێڕان ف ١) جاروکردن؛ ٢) دست گرداندن.
ماشاو: ئاومرواری، نەخۆشیەکی چاوە ف آب مروارید، از بیماریهای چشم.
ماشتن: گەسك دان ف جاروکردن.
ماشقە: گراوی، دۆستی مێوینە، زۆرتر بۆ ماری دەڵێن: (ئاشقەو ماشقە) ف معشوقە.
ماشك: جۆرێ لوبیا ف لوبیا چشم بلبلی.
ماشکان: ناوی دێیەکە ف نام دهی است.
ماش کردن: زۆری هێنانی ئاوی ڕاوەستاو بۆ ڕژان ف فشار آوردن آب راکد.
ماشکە: ماشقە ف معشوقە.
ماشگە: ناوی چەند دێیەکە لە کوردستان ف نام چند آبادی.

ماشڵێن: چێشتی ماش ف آش ماش.
ماشوبرنج: برێتی لە موی سپی و ڕەنی تێکەڵ ف موی جوگندمی.
ماشـوت: ١) کلافـەئـاوریشـمی خۆرست و دەستلێنەدراو؛ ٢) گیاندارێکی پچوکە ملۆزمی نوك و باقلەی سەوزە ف ١) پیلهٔ ابریشم؛ ٢) حشرهٔ آفت نخود و باقلی.
ماشە: ١) سەبەتەیەکی دەمتەنگی بن فرەوانە ڕاوەماسی پێ دەکەن؛ ٢) پۆلوگر، پەنگر؛ ٣) پەلەپیتکەی چەکی گەرم ف ١) سبد تلەماهی؛ ٢) انبر؛ ٣) ماشهٔ سلاح.
ماشەر: کلافەبەنێکە لە نێوان دو ئەژنۆدا هەڵدەکرێ ف گروهەریسی کە میان دو زانو پیچند.
ماشەرز: گازی بزمارکێشانەوە ف گازانبر، کلبتین.
ماشەرك: فرێت، تۆپەڵەبەنێ کە دە تەونەوە دەدرێ ف پودی کە با دست لای تار گذارند.
ماشەرە: ١) ماشەر؛ ٢) ماشەرك؛ ٣) ناورە، ئاگرە، جۆرێ کوانە لە دەم و چاو ف ١) نگا: ماشەر؛ ٢) نگا: ماشەرك؛ ٣) آتش پارسی، نوعی دُمَل.
ماشەڕش: دانەوێڵەی ماش ف دانهٔ آش ماش.
ماشـەسپی: دانەوێڵەیەکە پانکەڵەو سپی و تام خۆش لە کەلۆدا دەبێ ف لوبیا سفید.
ماشەسپیلکە: ماشەسپی ف لوبیا سفید.
ماشەك: ماشە، پەلەپیتکەی چەکی گەرم ف ماشهٔ اسلحه.
ماشەڵ: چەپەر لەبەر ڕوبار بۆ ماسی گرتن ف نوعی دام ماهیگیری.
ماشەڵان: سروەبای خۆراوا ف نسیم غروب.
ماشەڵڵا: وشەی سەیرمان ف ماشاءاللّه، کلمهٔ تعجّب.
ماشین: ١) گسـك دان و خاوێن کردنـەوە؛ ٢) ترومبیل ف ١) روبیدن و تمیزکردن؛ ٢) اتومبیل.
ماشێن: ١) چێشتی ماش، ماشڵێن؛ ٢) هەر ئامرازێ بە ماتۆڕ کار دەکا؛ ٣) ترومبیل ف ١) آش ماش؛ ٢) ماشین، ابزار ماشینی؛ ٣) اتومبیل.
ماشێنە: ١) ماشڵێن، ماشێن، شێوی ماش؛ ٢) ئامرازی جلدرون ف ١) آش ماش؛ ٢) چرخ خیّاطی.
ماشێنەچی: جلدرو، خەیات ف خیّاط.
ماشینەوە: برێتی لە خواردنی یەکجار زۆر: (هەمو خواردنەکەی یەکجێ ماشیەوە) ف کنایه از زیادخوردن.
ماشێوە: ڕاوك، پاڵوێنە ف پالونه.
ماع: باع، هاواری مەڕو بزن ف بع، صدای بز و گوسفند.
ماعبەین: مابەین ف نگا: مابەین.
ماعبێن: مابەین ف نگا: مابەین.
ماعتاج: ئاتاج، هەژار ف محتاج.
ماعتاژ: ماعتاج ف مُحتاج.
ماعـد: ١) ڕەنـگ وڕو؛ ٢) واز، ئیشتیا؛ ٣) برێتی لە هەنـاسـەو هەنـاو: (مـاعـدی خۆتـەنگ کەردش) ف ١) سیما؛ ٢) اشتها؛ ٣) کنایه از حالات درونی.
ماعدە: ١) ورگ، ماعور؛ ٢) ئیشتیا، واز ف ١) معده؛ ٢) اشتها.

ماعدەن: ۱) کان، کانگا؛ ۲) مەڵبەندێکە لە کوردستان ف ۱) معدن؛ ۲) ناحیەای در کردستان.

ماعزمە: ئامرازی کار، ئامیر ف ابزارکار.

ماعزەمە: ماعزمە ف ابزارکار.

ماعشلێر: شەقەمێو، بنەڕەزی ئەستوور ف تنهٔ تاك.

ماعشێل: ماعشلێر ف تنهٔ تاك.

ماعکوم: بەندی، حوکم کراو بەپێی قانون ف زندانی محکوم.

ماعملە: مامڵە، ساردوسەودا، مامەڵە ف معامله.

ماعمەلە: مامەڵە، داوسته ف معامله.

ماعنا: واتا ف معنی.

ماف: بەش، هەق: (**ماف**ت بە سەر ئەوماڵەوە نیە، منیش **ماف**م پێوەیە) ف سهم، حصّه.

مافندی: بەش بڕاو، دەم لەپۆش ف بی نصیب، مُفلس، ورشکست.

مافنگی: مافندی: (تەواو لە ماڵەکەی **مافنگی** کراوە، چی نەماوە **مافنگی** بوە) ف نگا: مافندی.

مافوور: رایەخی بە تەون تەنراوی پر زەدار، **قاڵی** ف قالی، فرش.

مافوورە: مافوور ف فرش، قالی.

مافوێر: مافوور ف قالی.

مافە: دارێ کە بە دەرگاوە دەندرێ بۆ داخستن ف چوبی که در را بدان بندند.

مافەتا: ۱) پەتا، درم، ئازار، دەردی گیرۆ؛ ۲) گیابڕ، ئەو کرمەی کە مالّات بە گیاوە دەیخواو دەردی تێ‌دەکەوێ؛ ۳) بڕێتی لە بنیادەمی بەزەرەرو خراپ ف ۱) بیماری واگیر؛ ۲) کرم کشندهٔ دام که بر علف نشیند؛ ۳) کنایه از آدم موذی.

مافەتە: مافەتا ف نگا: مافەتا.

ماڤاژی: قسەی من، گفتی من ف گفتهٔ من.

ماڤاژیمە: من نێژم کە ف من می گویم که.

ماق: چاوزەق ف چشم برآمده، خیره.

ماقوڕ: بەردی قووڵ کە ئاوی تێدا ڕادەوەستێ ف سنگ گود که آب باران درآن جمع شود.

ماقوور: ۱) بەڕێز، بەحورمەت؛ ۲) قسەی دڵپەسند ف ۱) محترم؛ ۲) حرف قابل قبول، سخن مقبول.

ماقووڵ: ماقوور ف نگا: ماقوور.

ماك: ۱) هەر ڕەگەزو بنچینەیێ کە شتی لێ پێك‌هاتوە، هۆی دروس بوون؛ ۲) دایك: (زاو **ماك** تێکەڵن)؛ ۳) ئاسۆ، ئاسۆگ؛ ۴) شاهەنگ؛ ۵) کون و لانەی دڕندەو کێوی؛ ۶) ئەستوور بوونی جێگەی ئاوڵەکوتان؛ ۷) زیپکەی ناو چاو بەهۆی ئاوڵەوە؛ ۸) زەوی بەبڕشت؛ ۹) قۆبچە، بشکوژ، دوگمە؛ ۱۰) جۆرێ مووروی بریقەدار ف ۱) مادّه؛ ۲) مادر؛ ۳) افق؛ ۴) زنبور عسل مادر؛ ۵) لانه و کنام درنده و کوهی؛ ۶) وَرَم جای آبله کوبی؛ ۷) جوش آبله در چشم؛ ۸) زمین حاصلخیز؛ ۹) دکمه؛ ۱۰) نوعی مهرهٔ زینتی برّاق.

ماکاف: ۱) جۆگەی گەورە کە جۆی تری لێ‌دەبنەوە لە ئاوداشتنا؛ ۲) چەند دەستەکە دێراو پێکەوە ف ۱) جوی اصلی در آبیاری؛ ۲) چند دسته جوی کوچك در کشتزار.

ماکاو: ماکاف ف نگا: ماکاف.

ماکبڕ: لە شیر گرتنەوەی بەرخ و کار ف ازشیر بازگرفتن برّه و بُزغاله.

ماکۆ: پاکۆ، بەسەریەکادراوی گیای دوراو ف دروشدهٔ انباشته.

ماکۆ: جێگەی ماسولکە لە ئامرازی جۆلایی‌دا ف مکوك جولایی.

ماکووز: گیایەکە لە ئاوا دەڕوێ ئامال تاڵەو لە کووزەڵە دەکا ف گیاهی است آبزی.

ماکە: ماك ف نگا: ماك.

ماکەجۆ: شێلەگە ف جای بریدن از جوی اصلی.

ماکەر: دێلەکەر ف ماده‌خر.

ماکەلە: مارەیی ف صداق.

ماکەو: کەوی مێ ف کبك ماده.

ماکی: ئەدی کێ؟ ف پس چه کسی؟.

ماکینە: ئامرازی دەسکرد بۆکارهاسان کردن، ماشێن ف ماشین.

ماکینەچی: ۱) کەسێ کار بە ماکینە دەکا؛ ۲) خەیات، جلدرو بە چەرخ ف ۱) تکنیسین؛ ۲) خیّاط.

ماگ: ۱) ماو، نەمردو؛ ۲) لەبەین نەچووگ ف ۱) باقی، زنده؛ ۲) ازبین نرفته.

ماگرت: مراری، مرواری، گەوهەرێکە لەناو سەدەفدا ف مروارید.

ماگرتە: ۱) پەڵەی ڕەشی ڕوی مانگ؛ ۲) مانگ گیران ف ۱) لکه‌های روی ماه؛ ۲) خسوف.

ماگە: ۱) باقیماو؛ ۲) لەجێ‌ماو ف ۱) باقیمانده؛ ۲) مانده.

ماگیرسە: مانگ گیران ف خسوف.

مال: ماڵ ف نگا: ماڵ.

ماڵ: ۱) شتی تایبەتی کەسێ؛ ۲) دەوڵەت و دارایی؛ ۳) کەل‌پەلی بازرگانی: (بازرگانێك هاتوە **ماڵی** هێناوە)؛ ۴) زێ، زێی حەیوانی مێچکە؛ ۵) خانو، جێ‌ژیانی خێزان؛ ۶) مابەینی هەردوك سەری کەوان؛ ۷) مابەینی دەندەو ئاموور؛ ۸) پاشگری بەواتا: پێداهێن: (دەس**ماڵ**)؛ ۹) پاشگری بەواتا: خاوێن کەرەوە؛ ۱۰) ئامرازی خاوێن کردنەوە: (بەفر**ماڵ**)؛ ۱۱) دروسکەر: (نمەد**ماڵ**، خشت**ماڵ**) ف ۱) جزو دارایی؛ ۲) ثروت؛ ۳) کالای بازرگانی؛ ۴) شرمگاه حیوان مادینه؛ ۵) خانه، مسکن؛ ۶) فاصلهٔ دوسر کمان؛ ۷) فاصلهٔ میان گاواهن و خیش؛ ۸) پسوند به معنی مالنده؛ ۹) پسوند به معنی پاك کننده؛ ۱۰) ابزار روبیدن و پاك کردن؛ ۱۱) سازنده.

ماڵات: ئاژڵ، وڵسات، حەیواناتی ڕاگرتن ف دام.

مالاخمە: کلۆشی گێرەکراوی خەرمان، خۆیان ف خرمن کوبیدهٔ بادنداده.

مالار: سێ‌پایەی مەشکە ف سه‌پایهٔ مشك.

مالاڤا: ۱) سوپاس؛ ۲) خواحافیز؛ ۳) مرۆی زەنگین و ماڵ‌خۆش؛ ۴) وتەیەکە بۆ سەرکۆنەی بەخۆشەویستیەوە دەیڵێن ف ۱) سپاس؛ ۲) خداحافظ؛ ۳) متموّل، دارا؛ ۴) لفظ شماتت محبت‌آمیز.

مالاڤایی: خاترخوازی، خواحافیزی ف خداحافظی.
مالاکا: زەق‌تواشا، چاوەدرپەڕیاگ، مولەقی‌چاو ف چشم برجسته.
مالاکامەندش: بەچاوی زەق ڕوانین ف خیره نگر بستن.
مالامال: دارماڵ، تژە ف مالامال.
مالامن: وشەیەکە لە جیاتی گیانەکەم ف جانا.
مالامیر: ۱) ناوچەیەکە لە کوردستان؛ ۲) کۆشکی خان ف ۱) ناحیه‌ای در کردستان؛ ۲) قصر ارباب.
ماڵان: ۱) دانیشتوانی ئاوایی؛ ۲) جلك یان تێکوڵ فڕێدان. *لەگەڵ دا نێژن* : (**داماڵان**) ف ۱) ساکنان آبادی؛ ۲) پوشش یا پوست انداختن.
ماڵانگەڕ: ژنێ کە هەمیشە سەر لە هەمو ماڵان دەدا ف زن ولگرد.
ماڵانە: باجی خانوان ف باج مستغلّات.
ماڵاو: ۱) پاڕوکراو، گەسك‌لێدراو؛ ۲) مشت و ماڵ‌کراو ف ۱) روبیده؛ ۲) مالیده.
ماڵاوا: وشەیەکە لە جیاتی خوداحافیز، خاترێ وە ف بدرود، خداحافظ.
ماڵاوایی: خواحافیزی، خاترخواستن ف خداحافظی.
مالاهالی: جا ئەوە حاڵە!؟، ئەمەش بو بە ژیان؟! ف لفظ شکایت از روزگار.
مالبا: خەمەگرۆ، سەرمازەڵە، خومخموك ف سوسمار درشت.
ماڵبات: خاو، خێزان، خانەوادە ف اهل بیت، خانواده.
ماڵبڕ: ۱) ئامرازی دەستی دزی ماڵان، دیواربڕ؛ ۲) دزێ کە دیوار کون دەکا ف ۱) ابزار دیوار سوراخ کردن دزد؛ ۲) دُزد.
ماڵبڕی: دزی لە ماڵان ف دزدی خانه‌ها.
ماڵبڕین: ماڵبڕی ف دزدی خانه‌ها.
ماڵ بشکن: ۱) گەڕان لە ماڵان بۆ شتێ؛ ۲) کەسێ کە ماڵان دەگەڕێ بۆ دۆزینەوەی شتێ ف ۱) تفتیش خانه‌ها؛ ۲) مفتّش خانه‌ها.
ماڵ بشکێن: ماڵ‌بشکن ف نگا: ماڵ‌بشکن.
ماڵ بەماڵ: ۱) گۆڕینەوەی کاڵا بە کاڵا؛ ۲) بریتی لە گشت خانوی ئاوایی: (**ماڵ بەماڵ** گەرام) ف ۱) تهاتر، معاملهٔ پایاپای؛ ۲) خانه‌به‌خانه.
ماڵبەند: نیشتمان، جێ‌ماڵ‌و ژیان، بنکەی ماڵ ف مقرّ، موطن.
ماڵپارێز: ۱) ڕژد، چکوس، سەقیل، قرنیس؛ ۲) بریتی لە دەوڵەمەندی ترسەنۆك ف ۱) خسیس؛ ۲) کنایه از ثروتمندِ ترسو.
ماڵپارێزی: کار ماڵپارێز ف عمل «ماڵپارێز».
ماڵ پشکن: ماڵ‌بشکن ف نگا: ماڵ‌بشکن.
ماڵ بشکێن: ماڵ‌بشکن ف نگا: ماڵ‌بشکن.
مال تڤری: ئامرازێ کە تەوەرەو بەرداشی سەرەوەی گرتوە لە ئاسیاودا ف ابزاری در آسیاب.
ماڵتە: ۱) هی تۆیە؛ ۲) وشەیەکی سەرکۆنەکردنە: (**ماڵتە تۆ بۆ هێندە بۆڕەی؟**) ف ۱) مال تو است؛ ۲) کلمهٔ سر زنش.
مالجۆ: شەقەجۆ، جۆگەی سەرەکی ف جویبار.
مالچرا: گڕداپۆشی چرا، شیشەچرا ف شیشهٔ چراغ.
مال خراب: ۱) ماڵ‌وێران؛ ۲) بۆ لۆمە ئێژنی ف ۱) خانه‌خراب؛ ۲) لفظ شماتت.
ماڵخو: ۱) خاوەن، خێو؛ ۲) خاوەن‌ماڵ، خانەخوێ؛ ۳) خۆماڵی دژی بێگانە ف ۱) صاحب؛ ۲) خانه‌خدا؛ ۳) خودی، مقابل اَجنبی.
ماڵخوێ: ۱) خاوەن‌ماڵ؛ ۲) بریکار لە خەرج‌و مەزخاندندا ف ۱) صاحب خانه؛ ۲) وکیل خرج.
ماڵخێ: مالخوێ ف نگا: مالخوێ
ماڵخەراب: مال‌خراب ف نگا: مال‌خراب.
ماڵدار: ۱) دەوڵەمەند؛ ۲) ئاژەڵدار ف ۱) ثروتمند؛ ۲) دامدار.
ماڵداری: ۱) گردەوەکۆیی؛ ۲) کەیوانویی، ئاگاداری لە ماڵ؛ ۳) ئاژڵداری ف ۱) صرفه‌جویی؛ ۲) خانه‌داری؛ ۳) دامداری.
ماڵراو: ۱) خاوێنەوەکراو؛ ۲) پێداساویاو ف ۱) روبیده و تمیز شده؛ ۲) ساییده‌شده بر.
ماڵزەمە: ئامیر، ئامرازی کار ف ابزارکار.
ماڵسواری: یەکسم ف مال‌سواری.
ماڵشت: ۱) دەس بەلەشا هێنان بە تەوژم، داماڵین؛ ۲) خاوێن‌کردنەوەی وڵات؛ ۳) مشت و ماڵ ف ۱) ماساژ؛ ۲) نظافت؛ ۳) صیقل.
ماڵشتن: کاری ماڵشت کردن ف کار «ماڵشت» کردن.
ماڵشتە: کەسێ کە ماڵشت دەکا ف «ماڵشت» کُن.
ماڵشەوتی: وشەیەکی سەرکۆنەیە ف از الفاظ شماتت.
ماڵك: ۱) ماڵی کەوان؛ ۲) خاوەن‌زەوی؛ ۳) کەردی پچوك بۆ سەوزی‌چاندن؛ ۴) کۆخ، کولێت، کۆختە؛ ۵) کونی شەش گۆشەی ناو شانەهەنگوین ف ۱) فاصلهٔ کمان؛ ۲) ارباب، صاحب زمین؛ ۳) بیل کوچك باغبانی؛ ۴) کوخ، کلبه؛ ۵) هریك از شش‌ضلعی‌های کندوی عسل.
ماڵك: ۱) خانەخانەی چوارگۆشە؛ ۲) بەیتی شعر ف ۱) جدولِ مربّعات؛ ۲) بیت شعر.
مال کامباخ: چارەڕەش، بێچارە، بەدبەخت ف بیچاره.
ماڵ کاول: وشەیەکە بۆ لۆمەو سەرکۆنەکردن ف کلمهٔ سر زنش.
ماڵ کردن: ۱) کەمێك بەلادا خوارکردنەوە؛ ۲) خانوو دروست‌کردن؛ ۳) بریتی لە ژن‌هێنان‌و خێزان‌دامەزراندن؛ ۴) جوێ‌بونەوە لە خێزان‌و ماڵ: (**ماڵەخۆی کردوە**) ف ۱) متمایل کردن؛ ۲) خانه‌ساختن؛ ۳) کنایه از متأهل شدن؛ ۴) جداشدن از خانواده و مستقل شدن.
ماڵکۆ: دەسکی دۆڵ، دەسکی دینگی چەڵتوك‌کوتان ف دستهٔ دنگ شالی‌کوبی.
مالکەتن: نابوت‌بون، لەماڵ‌و دارایی بەش‌بڕان ف ورشکست شدن.
مالکەتی: نابوت ف ورشکست.
ماڵگر: ۱) کەسێ شتێ دەشارێتەوە بۆ گران‌بون؛ ۲) کرانشین ف ۱) مُحتکر؛ ۲) اجاره‌نشین.
ماڵگە: خانوی کۆچەر لە ئاوایی کە تەنیا زستان تیا دەژی ف خانهٔ ایلاتی در آبادی که فقط زمستان در آن زندگی کنند.
ماڵ لەیەك: ئێکماڵ، شەریك، برابەش ف شریك در ثروت.
مالم: پێش‌نوێژی جولەکان ف روحانی کلیمیان.

ماڵم: ۱) جێگەی ژنم؛ ۲) ئەو شتەی هی منە ف ۱) مسکنم؛ ۲) مال من.

مالماشت: ۱) کەوش کەن، پێشخانە؛ ۲) گێسك لێدەری ماڵ ف ۱) جای کفش در منزل؛ ۲) جاروکش خانه.

ماڵماڵ: ۱) تاقەتاقەی ماڵان؛ ۲) هەمو خانوی ئاوایی؛ ۳) کەسێ کە گەسك لە ژوری ماڵ ئەدا؛ ۴) ناوی قارەمانێکی چیرۆکە ف ۱) تك‌تك خانه‌ها؛ ۲) همهٔ خانه‌های آبادی؛ ۳) جاروزن خانه؛ ۴) نام قهرمانی داستانی.

ماڵماڵانێ: خانوچکەدروست کردنی زارۆکان ف نوعی بازی کودکان.

مالمالك: مارمێلکە ف سوسمار.

مالمالۆك: مارمێلکە ف سوسمار.

ماڵ ماڵە: تاك‌تاکەی ماڵان ف تك و توك از خانه‌ها.

ماڵماڵەسوڕە: خاڵ‌خاڵۆکە ف حشرهٔ کفشدوزك.

ماڵمهەقە: بەڕاستی شایەتی دەدەم ف شهادت می‌دهم.

ماڵمیرات: وشەی سەرکۆنە، ماڵ‌کاول ف کلمهٔ سر زنش.

مالمیزك: گمێزدان ف مثانه، آیدان.

ماڵن: ماڵی ئێمە ف ۱) مال ما؛ ۲) خانهٔ ما.

ماڵنج: ئامرازی لوس‌کردنی سواغ ف مالهٔ بنّایی.

ماڵ نەکەتۆ: نزایەکی باشەواتا: ماڵت نەڕمێ ف دعای خیری است به معنی خانه‌ات آباد باد.

مالنیش: خانەنشین، گردەنشین، هەڵپەسێراو ف خانه‌نشین.

ماڵۆ: خێشك ف مالهٔ شخم صاف‌کن

مالوان: ۱) ناوچەیەکە لە کوردستان؛ ۲) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) ناحیه‌ای در کردستان؛ ۲) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

ماڵوبڕ: لە هەر ماڵێکی ئاوایی قەڵتەدارێ بۆ سوتاندن کۆ کردنەوە: (با ماڵوبڕ بکەین بۆ مزگەوت) ف عَمَلِ از هر خانه یك قطعه هیزم برای سوخت جمع کردن.

ماڵوپەز: مەڕومالات، وڵسات ف احشام و اغنام.

ماڵوپیاو: لە هەرماڵەی پیاوێ بۆ زبارە ف از هر خانه مردی برای همکاری.

ماڵۆچ: گیایەکە لە ڕوەکی نزیك خۆی پێچ دەخوا لەوەڕێکی خۆشەو بە چێشتیش لێ‌دەنرێ ف از گیاهان پیچك، ملوکیه.

ماڵۆچکە: ماسوڵکەی خەرمان ف «ماسوُلکه»ی خرمن.

ماڵۆچکە: خانوی چکۆڵە ف خانهٔ کوچك.

ماڵۆچە: مالۆچ ف گیاه ملوکیه.

ماڵۆچە: ماڵۆچکە ف خانهٔ کوچك.

ماڵوحاڵ: ۱) برێتی‌لە جۆرێ گوزەران؛ ۲) برێتی‌لە ئەسباباتی ماڵ ف ۱) کنایه از نوعی زندگی؛ ۲) کنایه از اثاث خانه.

ماڵۆس: بەرازی مێ ف خوك ماده.

مالوسکە: ۱) ماسولکەی گۆشت؛ ۲) ماسوُلکەی خەرمان ف ۱) ماهیچه؛ ۲) «ماسوُلکه»ی خرمن.

ماڵۆسکە: مالوسکە ف نگا: مالوسکه.

ماڵۆکەن: ماڵبڕی دزان ف پشنگ.

ماڵۆکێش: داری نێوان خێشك‌و نیر ف چوب میان ماله و یوغ.

ماڵوگا: هەرگیاندارێ سەری زلتر لە ئاسایی‌بێ ف جانداری که سرش از حدّ طبیعی بزرگتر باشد.

مالولك: جانەوەرێکی خزۆکە ف از خزندگان است.

مالولکی: شیوێکە لە هەویر و برۆش چێ‌دەبی ف آشی است.

مالوم: ۱) مالم؛ ۲) زاندراو، خویا ف ۱) روحانی یهود؛ ۲) معلوم، مشخّص.

ماڵومناڵ: خاوخێزان، خێزانی ماڵ ف افرادخانواده.

ماڵ و منداڵ: ماڵومناڵ ف افراد خانواده.

مالومە: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

ماڵ وێران: ۱) لێقەوماو، زۆر زیان لێ کەوتو؛ ۲) وشەی سەرکۆنە، ماڵ‌کاول ف ۱) خانه‌خراب؛ ۲) کلمهٔ سر زنش.

مالوێنچە: مالۆچ ف گیاه ملوکیه.

ماڵە: ۱) ئامرازی قوڕلوس‌کردن؛ ۲) خێشك؛ ۳) پەڵەپەڵەی دەموچاوی ژنی ئاوس؛ ۴) فڵچەی زبری جوڵا کە چرێشی پێ لە بۆزۆ دەدا ف ۱) مالهٔ بنّایی؛ ۲) شخم صاف کن؛ ۳) لکه‌های صورت زن آبستن، ماهه؛ ۴) فرچهٔ بافنده.

مالهالو: خاڵ‌خاڵۆکە ف کفشدوزك.

ماڵەباقی: ئەی خۆزگە، خوا بیکردایە ف خداکند، ای کاش.

ماڵەپیتان: گەمەیەکی زارۆکانە بە چەو دەیکەن ف نوعی شن‌بازی کودکان.

ماڵەپیتکان: ماڵەپیتان ف نگا: ماڵه‌پیتان.

ماڵەپیتێن: ماڵەپیتان ف نگا: ماڵه‌پیتان.

ماڵەکاری: قوڕ بە ماڵە سواغدان ف کار بنّا با ماله.

ماڵەکردن: لوس‌کردنی قوڕ بە ماڵە ف ماله‌کشی.

ماڵەکێشان: ماڵەکردن ف ماله‌کشی.

ماڵەفە: ۱) بە دەست خاوێن‌کردنەوە؛ ۲) مشت‌وماڵ‌دان ف ۱) زدودن؛ ۲) صیقل دادن.

ماڵەڤین: ۱) نابوت‌بون، هیچ‌بونەمان؛ ۲) کەساسی، بێ‌برەوی ف ۱) ورشکستگی؛ ۲) کسادی، بی‌رواجی.

ماڵەقازیان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

ماڵەکانی‌شاسوار: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

ماڵەنیا: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

ماڵەوکەن: دیواربڕی دزان ف ابزار دیواربُری دزد، پشنگ.

ماڵەوماڵ: لە خانو بۆ خانو: (کڕێوەیەکە کەس **ماڵەوماڵ** ناکات) ف ازخانه‌به‌خانه.

ماڵـەوماڵ کردن: لە خانوێکەوە بۆ خانوێ ڕۆیشتن: (بەس **ماڵەوماڵ** بکە) [ف] ازخانەای بە خانەای رفتن.

ماڵـەوە: ١) ماڵ، جێگەی ژیانی خێزان؛ ٢) بریتی لە کەیوانو: (**ماڵەوە** دەیگوت) [ف] ١) مسکن؛ ٢) کنایە از همسر.

ماڵەوێچە: مالۆچ، مالۆچە [ف] گیاه ملوکیە.

ماڵەوێنچە: مالۆچ، ماڵەوێچە [ف] گیاه ملوکیە.

ماڵەهەنگ: شانەهەنگوین [ف] شانەعسل.

ماڵی: ١) کەوی، کەدی، حەمایەت: (عاشقی چاوناسکێکم **ماڵی**یە/ دڵ بە بێ فکر و خەیاڵی خاڵی‌یە) «زیوەر»؛ ٢) شتێ کە لە ماڵدا دروست دەکرێ: (نان **ماڵی**)؛ ٣) کەسگی دا؛ ٤) ماڵ ئەو [ف] ١) رام، اهلی؛ ٢) خانگی؛ ٣) جارورد؛ ٤) «ماڵ» او.

ماڵیات: ١)باجی دەوڵەت؛ ٢) ماڵات [ف] ١) مالیات؛ ٢) دام.

ماڵیاو: ماڵراو [ف] نگا: ماڵراو.

ماڵیاوا: ١) لەو گونـدانـەی کوردستـانـە کە بەعسی کاولیان کرد؛ ٢) خانەی ئاوا [ف] ١) روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند؛ ٢) خانەاش آباد.

ماڵێب: شەنەی خەرمانبادان [ف] افشون.

مالیتە: جێگەی خۆڵێ‌پەنادان، پەناگا [ف] پناهگاه.

ماڵی‌دنیا: ١) دارایی؛ ٢) بریتی لە هونەرو زێهاتویی [ف] ١) دارایی؛ ٢) کنایە از هنرمندی.

مالێز: هەویری زۆر شل، ڕێتکە، شلکێنە [ف] خمیر بسیار آبکی.

مالیفەت: ڕاهێنان، حاواندنەوە، بەخودی‌کردن [ف] تر بیت.

ماڵێڤ: شەنە، شەن [ف] افشون.

ماڵێلە: لۆسە، باری [ف] اَهرُم.

ماڵین: ١) لێدان: (کوتەکێکی پیا**ماڵی**)؛ ٢) ساوین: (ڕۆنی پیا **بماڵە**)؛ ٣) بەرپێدانی بەرگن بۆ لبـاد؛ ٤) گزگ‌و پارۆ لێدان [ف] ١) زدن؛ ٢) ساییدن؛ ٣) لگدمال کردن نمد؛ ٤) روبیدن.

ماڵینوس: دەرمانەسوورەی چاو [ف] دوای قرمز چشم درد.

ماڵینەوە: ١) بردنی هەمو شتێك؛ ٢) دوپاتەکردنەوەی خاوێن‌کردنەوە بە گزك‌و بێڵ؛ ٣) سڕینـەوەی شت [ف] ١) همـە چیز را بُردن؛ ٢) تکرار نظافت؛ ٣) زدودن و صیقل دادن.

ماڵێوراو: ماڵراو [ف] نگا: ماڵراو.

مالیەز: مالێز، ڕێتکە [ف] خمیر بسیار آبکی.

مام: ١) نەچـوم؛ ٢) نەمـردم؛ ٣) ئاپ؛ ٤) وشەی ڕێز لە دواندنی پیاوی پیردا [ف] ١) مانـدم، نرفتم؛ ٢) زندە ماندم، نمردم؛ ٣) عمو؛ ٤) کلمهٔ احترام بە سالخوردهٔ مرد.

ماما: ١) دایکی دایك‌و باب؛ ٢) ژنێ کە لە زاندا ئاریکاری دایك دەکا، تایەن [ف] ١) مادربزرگ؛ ٢) ماما.

ماماران: جۆرێ خەمەگرۆ کە دوور لە ئاو لە چیا هەیەو زۆر زلە [ف] نوعی سوسمار درشت.

مامازیان: شنگڵەبەرەکەتەی مازو [ف] مازوج دوقلو.

ماماڵەگێجێ: باوەخولێ [ف] بازی چرخش بە دور خود.

مامان: تایەن، ئاریکاری دایك لە زاندا [ف] پازاج، ماما.

مامانەگێجێ: ماماڵەگێجێ [ف] نگا: ماماڵەگێجێ.

مامانی: ١) کاری مامان؛ ٢) کرێی مامان [ف] ١) مامایی؛ ٢) مزد مامایی.

مام‌برایمە: جۆرێ ترێ [ف] نوعی انگور.

مامبز: ئاسك، کەژاڵ [ف] آهو.

مامجـەژنە: گیایەکە [ف] گیاهی است.

مامر: کەرکی [ف] مرغ خانگی.

مامرك: باروکە [ف] جوجەمرغ مادە.

مام‌ڕەش: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

مامرەشامی: قەلەمونە، عەلەشیش، قەل [ف] بوقلمون.

مامرەکێویلە: مەلێکە لە کەڵەشێر دەکا [ف] پرندەای است شبیـە خروس.

مامـرێواس: گیایەکی بڵندی گەڵادرێژە ترشەو دەرمانی کرمە [ف] گیاهی است دارویی.

مام‌ڕێوی: رواس، چتری لە چیرۆکاندا [ف] روباه در داستانها.

مامز: ١) ئاسك، کەژاڵ، مامبز؛ ٢) ماسیەك کە گەرا دادەنێ؛ ٣) مامزە [ف] ١) آهو؛ ٢) ماهی مادر؛ ٣) مهمیز.

مامـزاوا: گونـدیکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

مامزە: ئاسنێکە لە پاش‌پانیەی چەکمە قایم دەکرێ نوکی تیژی هەیە لە تەڕادی ئەسپ دەدرێ بۆ لێخوڕین، مامز [ف] مهمیز.

مام‌سارمە: جۆرێ هەمروۆ [ف] نوعی گلابی.

مامش: بێ‌دەنگ، کڕ، مات [ف] خاموش و بی‌صدا.

مامشاخانە: ئاودەست [ف] مُستراح.

مام‌قلیج: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد [ف] روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

مامك: مەتەڵۆکە، موعەمما، دەناچیە [ف] چیستان.

مامڵە: ١) سەودا، ئاڵـوێر، کڕین‌و فرۆشتن؛ ٢) پرسین لە نرخ [ف] ١) معاملە؛ ٢) پُرسش از قیمت.

مامڵەپـەشیمـانی: کەرانە، تاوانێ کە لەسەوداپێژیوان دەیدا [ف] تاوان پشیمان از معاملە.

مامڵەقوچە: کڵاوی سەرقوچی شەوانە [ف] شب کلاە بلند.

مام‌لیسە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

مام‌ناونجی: بەینی زل‌و پچوك، بەینی زۆرو کەم [ف] حدّ وسط، میانگین.

مام‌ناوندی: مام‌ناونجی [ف] حدّ وسط.

مام‌ناوەندی: مام‌ناونجی [ف] حدّ وسط.

مامو: تایەن، مامان [ف] ماما.

مامۆ: ئاپۆ، ئاپ [ف] عمو.

مامۆتك: زۆر عاقڵ‌و زانا [ف] بسیار دانا.

مامۆتە: ١) خوشیلك؛ ٢) شیری خوشیلك [ف] ١) گیاهی است؛ ٢) شیرهٔ

گیاهی است.

مامور: گاڵتەجاڕ، دڵخۆشکەرەی ئاپۆرە ف دلقك.

مامۆر: کاربەدەستی میری ف مأمور دولتی.

مامۆزا: پس‌مام، دۆت‌مام، ئامۆزا، فرزەندی ئاپ ف عموزاده.

مامۆژن: ئامۆژن ف زن‌عمو.

ماموسا: فێرکار، ئوستاد، سەیدا ف استاد، معلّم.

مامۆسا: ماموسا ف استاد، معلّم.

مامۆستا: ماموسا ف استاد، معلّم.

مامۆن: مامان ف ماما.

مامۆنی: مامانی ف ۱) مامایی؛ ۲) مزد مامایی.

مامۆنیه: شێوی بۆدراو ف آش آرد بوداده با روغن.

مامه: ۱) ماوم، نەچوم؛ ۲) نەمردوم؛ ۳) وشەی دواندنی ئاپ؛ ۴) تێ‌ماوم، سەرسوڕماوم. سەرگەردانم: (ئەز مامەد حیکمەتا خودێ‌دا/ کورمانج د دەولەتا دنێ‌دا) «خانی»؛ ۵) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) مانده‌ام، نرفته‌ام؛ ۲) زنده‌مانده‌ام؛ ۳) کلمهٔ خطاب به عمو؛ ۴) درمانده‌ام، مُتحیّرم؛ ۵) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مامەجلکە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

مامەحوجی: بریتی لە پاروی زل ف کنایه از لقمهٔ بزرگ.

مامەخۆڵینە: پورایشۆکە ف حشرهٔ خرخاکی.

مامەخەلان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مامەخەمە: خەمان، کەسێ کە خەمخۆری هەمو جانەوەرێکە ف غمخوار همهٔ جانداران.

مامەدخان: هۆزێکی گەورەی کوردە لە ئاگری‌داغ لە بەردەستی ترکان ف طایفه‌ای بزرگ درکردستان.

مامەدی: تیرەیەك لە هۆزی شکاك ف طایفه‌ای درکردستان.

مامەسوڕە: باوەخولێ ف بازی چرخش به دور خود.

مامەش: تیرەیەکە لە کورد ف عشیره‌ای است.

مامەشە: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

مامەشەڕەشکە: عاشیرەتێکە ف عشیره‌ای است.

مامەڵە: مامڵە ف معامله.

مامەلینچك: براتوتە ف انگشت بنصر.

مامەند: ناوە بۆ پیاوان ف نام مردانه.

مامەندە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مامیران: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف گیاه مامیران.

مامێز: مامزە ف مهمیز.

مامیسا: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

مامیلان: گیایەکە ف گیاهی است.

مان: ۱) ئەو شتەزەردەی کە لە ئاسۆی عاسمان وەك دەمەداس دەردەکەوێ و هەرڕۆژە زیاد ئەکاو تیشك ئەدا لە پازدەڕۆژە وردەوردە کەم دەکاو بەشەو تیشك ئەدا، ما، مانگ، هەیف؛ ۲) نەمردن، لەژیانابون؛ ۳) نەچون؛ ۴) لەبەین‌نەچون؛ ۵) پاشگری بەواتا: ئێمە: (**بۆمان** بنێرە، **لێمان** گەڕێ)؛ ۶) نیشانەی چاوگەیی: (دور**مان**، درو**مان**)؛ ۷) گە، گەگرتن؛ ۸) ئەسپاباتی ماڵ: (خان و **مانی** داگە بەسەریەکا)؛ ۹) جوانی بەڕێز: (ژنێکی زۆر خان و **مانە**)؛ ۱۰) مێویتە، مێچکە: (**مانگا**، واتا: گای مێوینە) ف ۱) ماه؛ ۲) زیستن، باقیماندن در حیات؛ ۳) ماندن، نرفتن؛ ۴) ازبین نرفتن؛ ۵) پسوند به معنی ما؛ ۶) علامت مصدری؛ ۷) اعتصاب؛ ۸) اثاثیه؛ ۹) زیبای گرامی؛ ۱۰) جنس ماده.

مانا: گوزارە، نیاز لە قسە یان لە نوسراو، واتا ف معنی.

مانایش: وێك‌چون ف شباهت.

مانح: لەمپەر، بەرگر ف مانع.

ماندك: شەکەت، خەستە لە کار ف خسته.

ماندگ: ماندك، شەکەت ف خسته.

ماندو: ماندك، شەکەت ف خسته.

ماندوبون: شەکەت‌بون ف خسته‌شدن.

ماندوکردن: شەکەتی‌پێدان ف خسته‌کردن.

ماندونەبن: قسەیەکە ڕێبوار بە کۆمەڵی کرێکارو ماندوی ڕێگەی دەڵێ ف خسته‌نباشید.

ماندونەبونی: قسەی تۆش‌بونی ڕێبوارو میوان: (**ماندونەبونیم** لێ کرد، **ماندونەبونی** لێ نەکردم) ف خوش آمد به مهمان و مسافر.

ماندونەبی: قسەی ڕو بە ڕێبوارو میوان و شەکەتی کار ف خسته‌نباشی.

ماندوەتی: شەکەتی ف خستگی.

ماندویتی: ماندوەتی، شەکەتی ف خستگی.

ماندویی: ماندوەتی، شەکەتی ف خستگی.

ماندەل: ئینکێری، بەژێریادان، حاشا ف انکار، حاشا.

ماندەنە: ۱) شتێ کە نافەوتێ؛ ۲) نیشتەجێ ف ۱) ماندنی؛ ۲) مُقیم.

ماندی: ماندو، شەکەت ف خسته.

مانع: مانح، بەرگر ف مانع.

مانعا: مانا، واتا، گوزارە ف معنی، مفهوم.

مانقال: ئاگردانی کانزا ف مَنقل.

مانقڕ: قۆشەیەکی پێشینە وەك شایی و فەتالی ف از اجزاءِ پول قدیمی.

مانقول: ماقوڵ ف نگا: ماقوڵ.

مانقێر: هەژارو دەس‌تەنگ، ڕوت و نەدار ف بینوا و مُستمند.

مان‌کردن: گەگرتن، پێ‌چەقاندن و نەڕۆیشتن ف از رفتن خودداری کردن.

مانگ: ۱) مان کە لە عاسمانەوە بەشەو تیشك دەدا؛ ۲) بەشێ لە دوازدەبەشی ساڵ؛ ۳) گامێش، ماداك ف ۱) ماهِ آسمان؛ ۲) ماه، يك دوازدهم سال؛ ۳) گاومیش.

مانگ: ماندگ ف خسته.

مانگا: چێڵ، دایکی گۆلك ف گاوماده.
مانگار: ماو ف ماندگار.
مانگاشەو: تاڤ‌هەیڤ، ترێفە، ماتاو ف ماهتاب.
مانگامژ: بەرخێ کە لە گوانی چێڵ شیر دەخوا ف بره‌ای که پستان گاو می‌مکد.
مانگامژە: مانگامژ ف نگا: مانگامژ.
مانگان: چەند بەش لە دوازدەبەشی ساڵ ف ماهها.
مانگـانە: ١) نرخی شتێ کە هەر سی‌ڕۆژ جارێ بدرێ؛ ٢) گۆڤارێ کە مانگێ جارێك دەرچێ؛ ٣) عوزرشـوتنی ژن ف ١) مزد ماهیانـه؛ ٢) مجلهٔ ماهانه؛ ٣) عادت ماهانهٔ زنان.
مانگاوس: گاوس، مەشکە لە پێستی چێڵ ف مشك از پوست گاو.
مانگاوەس: مانگاوس ف مشك از پوست گاو.
مانگ‌تازە: سەرەتای هاتنی مانگ ف ماه نو.
مانگ‌چواردە: چاردەهەمین‌ڕۆژی پەیدابوونەوەی مانگ لە عاسمان ف بدر.
مانگر: ١) گەگر؛ ٢) پەڵپ‌گر ف ١) خودداری کننده از رفتن؛ ٢) بهانه‌گیر.
مان‌گرتـن: ١) گەگرتن؛ ٢) پەڵپ‌گرتن، گڕوگرتن ف ١) خودداری از رفتن؛ ٢) بهانه‌گیری.
مانگری: خوی مانگر ف عادت «مانگر».
مانگ‌گیران: ڕەش‌هەڵگەڕانی بەشێ یا گشت ڕوی مانگ لە کاتێ‌دا کە لە عاسمان دیارە ف خسوف.
مانگ‌گیریان: مانگ‌گیران ف خسوف.
مانگ‌نوێ: مانگ تازە ف ماه نو.
مانگۆڕ: قەیرەکچی شوونەکردو ف دختر ترشیده.
مانگـوری: بژیوی‌و بود، ڕسق‌و ڕۆژی تێر و تەسـەل ف دارایی کافی برای گذران.
مانگە: مانگا، چێڵ ف گاو ماده.
مانگەسەوە: بەردێکی سپی بریقەدارە دەیکەنە خشڵ ف سنگی است برّاق.
مانگەشەو: مانگاشەو، تاڤ‌هەیڤ، ترێفە، ماتاو ف مهتاب.
مانگەشەوە: بەردێکە لەبەر خۆر چەند ڕەنگ دەدا ف سنگی است زینتی.
مانگەو: چێڵ، مانگا ف گاو ماده.
مانگەومانگ: هەر بە سی ڕۆژ جارێك ف ماه به‌ماه.
مانگی: ماندویی، شەکەتی ف خستگی.
مانگی‌خۆ: ئەو مانگەی ئاوسی تێدا دەزێ: (لە **مانگی خۆ** دایە) ف پابه‌ماه.
مانگیر: مانگر ف نگا: مانگر.
مانگێر: شەیەکی دەم‌بەرەوخوارە بۆ پوش کۆکردنەوە، درمغ ف شن کش.
مان‌گیران: مانگ‌گیران ف خسوف.
مانگێرکرن: مانگێر دەکارهێنان ف با شن‌کش کارکردن.

مان‌گیریان: مانگ‌گیران ف خسوف.
مانگیشکێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
مانگیلە: ١) مانگ تازە؛ ٢) شکڵی مانگ‌تازە لە ئاڵادا ف ١) هلال؛ ٢) نقش هلال در پرچم.
مانگی‌نوێ: مانگ‌تازە، مانگ‌نوێ، مانگیلە ف هلال.
مانگ‌یەکشەوە: مانگ‌نوێ ف هلال.
مانگی‌یەکشەوە: مانگ‌یەکشەوە، مانگ‌نوێ ف هلال.
مانن: شەکەت‌کردن، ماندوکردن ف خسته‌کردن.
مانو: شەکەت، ماندو، ماندگ، مانگ ف خسته.
مانـە: ١) هەمبـانە؛ ٢) مانا، واتا؛ ٣) بەهانە، پەڵپ، مان، گە؛ ٤) تیغە، نێوان ف ١) انبان؛ ٢) معنی؛ ٣) اعتصاب؛ ٤) تیغه.
مانەك: ئەسپی‌ڕەسەن، جسن ف اسب از نژاد اصیل.
مانەگی: ١) زینی‌ئەسپ؛ ٢) مانەك ف ١) زین اسب؛ ٢) اسب اصیل.
مانەن: تا، وەك ف مانند.
مانەند: مانەن ف مانند.
مانەوە: نەڕۆیشتن‌و جێ‌گیر بون لە شوێنێ ف ماندگارشدن.
مانەی: پەڵپ، بیانو، بەهانە ف بهانه.
مانی: ١) مانە، هەمانە؛ ٢) شوفار، قسەبەر ف ١) انبان؛ ٢) خبرچین.
مانیاق: شێت، لێوە، دین ف دیوانه، مجنون.
مانیاگ: شەکەت، مانو ف خسته.
مانیاگی: شەکەتی ف خستگی.
مانیان: شەکەت‌بون ف خسته‌شدن.
مانیلا: لۆسە، باری، مەڵغە ف اهرُم.
مانیلوس: مالینوس ف نگا: مالینوس.
ماو: ماگ ف نگا: ماگ.
ماوا: شوێن، جێگە ف جای، مکان.
ماوت: پارچەیەکی کوڵکنە دەکرێتە کەواو پاتۆڵ ف ماهوت.
ماوزەر: ١) جۆرێ تفەنگ؛ ٢) ناوی ژنانە ف ١) نوعی تفنگ؛ ٢) نام زنانه.
ماوزێ: ١) زاو ماك، ئاژاڵ‌و بێچوی تێکەڵ‌کراو بۆ لەوەڕ؛ ٢) گوندێکە ف ١) نگا: زاو ماك؛ ٢) نام دهی است.
ماوش: ١) گیرەی پیشەسازان؛ ٢) گیرەی کتێب‌گوشینی ئەوانەی کتێب بەرگ دەکـەن؛ ٣) کونـەبـا، کونێ کە بای لێوە دێت ف ١) گیرهٔ صنعتگران؛ ٢) منگنهٔ صحافی؛ ٣) سوراخ منفذ باد.
ماوڵ: قانە، دەرفەت‌دان بۆ تاوێ ف مُهلت.
ماونـان: گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
ماوە: ١) ماوڵ؛ ٢) ئەنـدازە لە زەمـان: (**مـاوەی** دوساڵە نەم‌دیوی، لەم **ماوەیەدا** چت کرد؟)؛ ٣) ئەنـدازەی جێ: (**ماوەی** نێرە تا ئەوێ سەد گەز دەبێ)؛ ٤) باقیماو لە شتێ: (**ماوەکەی** دوایە دەلێم)؛ ٥) گوندێکی کوردستـانە بەعسی کاولی کرد ف ١) مهلت؛ ٢) مدّت؛ ٣) مسافت؛

۴) بقیّه؛ ۵) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

ماوەت: شارێکی کوردستانە بەعسی بە بۆمبای شیمیایی وێرانی کرد ف شهری در کردستان که بعثیها با بمبهای شیمیایی ویران کردند.

ماوەتان: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف نام دهی است در کردستان که بعثیها ویران کردند.

ماوەدان: ماوڵدان ف مهلت دادن.

ماوەرانی پچـوک: گوندێکـە لە کوردستـان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

ماوەرانی گەورە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

ماوەرد: گوڵی گوڵاو ف گل مُحمدی.

ماوەوە: ماو لە مێژینەوە ف ازدیرمانده.

ماوی: ۱) مالوس؛ ۲) عابی، کەوە؛ ۳) هەر هەی؟ ف ۱) خوک ماده؛ ۲) رنگ آبی؛ ۳) مانده‌ای؟.

ماویژ: وشکەوەکراوی ترێ ف مویز.

ماویلیان: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

ماه: ۱) ما، مان، مانگ؛ ۲) زەرد، تیشەشاخی زۆر بڵندی لوس ف ۱) ماه؛ ۲) کوه سنگی بلند و صاف.

ماهـاتنـەوە: کەوتنەسەر باری ئاسایی و توندبوونەوەی تراو: (دوکلیوەکە مای هێنایەوە) ف قوام گرفتن مایع.

ماهاوردنەوە: ماهاتنەوە ف قوام گرفتن مایع.

ماهیچە: مانگیلە ف نگا: مانگیله.

ماهرە: مارە، لێکجوت‌کردنی ئاینی ف عقد، نکاح.

ماهف: لەناوچوگ، شوێنەوار نەماگ ف محو، نابود.

ماهفز: پارێزگاری ف مُحافظت.

ماهفور: قالی، مافورە ف قالی.

ماهکومە: ۱) مەحکوم، بەتاوانبار ناسراو؛ ۲) ئەشقی، قاچاغ لە پولیس ف ۱) محکوم؛ ۲) فراری.

ماهنە: گە، گزنە، گەی ف اعتصاب.

ماهو: مالوس ف خوک ماده.

ماهوت: ماوت ف ماهوت.

ماهـور: ۱) ئاهـەنگێکی گورانی‌یە؛ ۲) شاخی هەڵەموت ف ۱) آهنگ ماهور، دستگاه ماهور؛ ۲) ستیغ کوه.

ماهوزەرد: زەردو ماه ف کوه سنگی صاف و بلند.

ماهەر: ماکەر، دێڵەکەر ف ماچه‌الاغ.

ماهـەک: پەنەمانی پێست لەپاش دەرزی‌تێ‌ژەکردن و کوتان لە ئاوڵە ف ورم پوست بعد از مایه‌کوبی.

ماهی: ۱) ئێسکەماسیەکی زەردواشە دەکرێتە دەسکەخەنجەر؛ ۲) ماسی ف ۱) نوعی استخوان کلفتِ ماهی که دستهٔ خنجر کنند؛ ۲) ماهی.

ماهیدەشت: مەڵبەندێکە لە کوردستان ف ناحیه‌ای در کردستان.

ماهیر: کارامە ف ماهر.

ماهی‌زەرد: ماهوزەرد، زەردو ماه ف کوه‌سنگی بلند و صاف.

ماهین: ۱) نێر و مێی ئەسپ؛ ۲) ئەسپی مێ ف ۱) اسب و مادیان؛ ۲) مادیان.

ماهینانێ: رکەی ئەسپ‌غاردان، گرێوەغار ف مسابقهٔ اسب‌دوانی.

ماهینە: ماین ف مادیان.

مای: ۱) نەچوی؟؛ ۲) نەمردی؟؛ ۳) گوندێکە لە کوردستان؛ ۴) مانگی پێنجـەمی ساڵی خاچ‌پەرستـان؛ ۵) دایک، داڵـک ف ۱) نرفتی؟، ماندی؟؛ ۲) زنده‌ماندی؟؛ ۳) نام دهی درکردستان؛ ۴) ماه مه؛ ۵) مادر.

مایچـە: ۱) ماسولکە، ماهیچە؛ ۲) پاژنەی باڵدار؛ ۳) سواغی گۆشەی حەوز ف ۱) ماهیچه؛ ۲) پاشنهٔ طیور؛ ۳) اندودهٔ گوشهٔ حوض.

مایدە: گومگومە، مەتارەی سەفەر ف قُمقُمه.

مایس: مانگی مای ف ماه مه.

مایک: ۱) مێوینـە، مێچکـە، بەرانبـەری نێر؛ ۲) مێوایەتی، بەرانبـەری نێرایەتی ف ۱) ماده، مخالف نر؛ ۲) مادگی.

مایکە: مێوینە، مایک ف ماده.

مایکەی: مێوایەتی ف مادّگی.

مایکی: مێوینەیی ف مادّه‌بودن.

مایلە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

مای‌مارون: ماماران ف نگا: ماماران.

ماین: ۱) ئەسپی مێ، ژنی ئەسپ، دایکی جوانو، ماهین؛ ۲) ماون ف ۱) مادیان؛ ۲) مانده‌اند.

ماین‌بلاغ: ناوی کوێستانێکە ف نام کوهستانی است.

ماین‌بەراز: ئەسپی فەحل کە ماینی لێ چادەکەن ف اسب گُشَن.

ماین‌بەز: کەرێ کە لە ماینان دەپەرێ بۆ ئێستر پەیدابوون ف خری که بر مادیان سوار شود.

ماینچە: پاژنەی باڵدار ف پاشنهٔ پرنده.

ماینچـەقـەڵ: چەرخ و فەڵەک کە زاروک سواری دەبن و دەخولێتەوە ف چرخ و فلک بچه‌ها.

ماینـدوڵ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

ماین‌وەراز: ماین‌بەراز ف اسب گُشن.

ماینە: ۱) بەرانبەری نێرەوەز، مێ؛ ۲) نەفەوتاون، ماون: (خۆشی لە خۆت باوک و داکت **ماینە**) ف ۱) مادینه؛ ۲) مانده‌اند.

مایە: ۱) سەبەب؛ ۲) ماک؛ ۳) دەسمایە، سەرمیان؛ ۴) ئامیان؛ ۵) تیری؛ ۶) پتەوی؛ ۷) نەفەوتاوە، ماوە؛ ۸) دایک: (تتیلو بیبیل دەدایە/ دەرکێ وەکەن لە **مایە**) «چیروکی کۆن» ف ۱) سبب؛ ۲) مادّه؛ ۳) سرمایه؛ ۴) ماهٔ خمیر و پنیر؛ ۵) غلظت؛ ۶) محکمی؛ ۷) مانده‌است؛ ۸) مادر.

مایەبـاش: نە قازانـج نە زیان: (لـەم سەودایە **مایەباش** هاتمەدەر) ف سرمایه بدون نفع و زیان، سر به‌سر.

مایەبـوش: ۱) کەسێ کە دەسمـایەی زۆرە؛ ۲) کەسێ کە دەسمـایەی لەدەس‌داوە ف ۱) سرمایه‌دار بزرگ؛ ۲) ورشکست.

مایەپوُت: مافنگی لە سەودادا، نابوُت فا ورشکست و نابود شده.
مایەپوُچ: مایەپوُت فا نگا: مایەپوُت.
مایەدار: ١) تیر، دژی شلو تراو؛ ٢) زوّر بەدەوامو قایم؛ ٣) دەسمایەدار فا ١) غلیظ، پرمایه؛ ٢) بادوام و محکم؛ ٣) سرمایەدار.
مایەفیتنە: ئاژاوەچی فا مفتّن.
مایەمیّو: جوّریّ تریّ فا نوعی انگور.
مایەسیر: نەخوّشیەکە لە ژوُرەوەی قنگ دیّت فا بواسیر.
مایەسیری: مایەسیر فا بواسیر.
مایەن: میّوینە، بەرانبەری نیّرینە فا مادّه، مقابل نر.
مایەوا: گوندیّکی کوردستانـە بەعسی کاولی کرد فا نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
مایەوەر: ١) بـەجەوهەر، بەهونەر؛ ٢) دەولّەمەنـد فا ١) هنرمنـد؛ ٢) ثروتمند.
مایی: ١) ئیّسکەماهی کە دەکریّتە خەنجەر؛ ٢) خەلّکی گوندی مای؛ ٣) ماسی فا ١) استخـوان ماهی که دستـهٔ خنجـر می‌شود؛ ٢) اهـل روستای «مای»؛ ٣) ماهی.
مایی چنەك: ماسیگرە فا مرغ ماهیخوار.
ماییچە: ماسوُلکە، ماهیچە، مایچە فا ماهیچه.
مایی دەشت: ناوچەیەکە لە کوردستان فا ناحیه‌ای درکردستان.
مایین: ماهین، ئەسپی میّ فا مادیان.
ماینە: میّ، ما، بەرانبەری نیّر فا مادینه.
مبارەك: پیروّز فا مبارك.
مبارەك بادی: پیروّزبایی فا تبریك.
مبارەك بایی: مبارەك بادی فا تبریك.
مباشیر: ئاریکاری خاوەنملّك لە سەر ملّکان فا مباشر ارباب.
مبال: ئاودەست فا مُستراح.
مبالات: گویّدان بە کارو بار، پەگرینگ گرتن، گرنگی‌دان بە کاریّ فا مبالات.
مت: ١) گویّچ؛ ٢) ماتو بیّدەنـگ؛ ٣) موُروی بەرمـوُرو خشـلّ؛ ٤) رشتن؛ ٥) بەرزایی لە زەمین، زوُرك، تەپکـە، تەپە؛ ٦) خوّوەشارتوی چاوەنـوّڕی کیّس لە دوژمن ئانین؛ ٧) سیپـە، زەبەت، خەلەك فا ١) چیزی که در بازی بر زمین گذارنـد، سرمایهٔ هر بازیکن بر زمین در تیله‌بازی؛ ٢) مات و خاموش؛ ٣) مهرهٔ زینتی؛ ٤) ریختن؛ ٥) بلندی زمین؛ ٦) درکمین؛ ٧) کمین شکارچی.
متارە: زبارە، هەرەوەز، گەلەکوّمە فا تعاونی.
متالاّ: ١) خویّندنەوەی بە چاو نە بە دەنگ؛ ٢) بیرکردنەوە لە کاریّ فا ١) مطالعه؛ ٢) تفکّر.
متـاندن: ١) لەزەوی توندکردن؛ ٢) بەنهیّم بەهەردا دان فا ١) به زمین چسبانیدن؛ ٢) بر زمین کوفتن.
متبوُن: بیّدەنگ‌بوُن فا ساکت شدن.
مترالیوّز: ئاگربار، شیّستیر، رەشاش فا آتشبار.
متـرب: ١) قەرەچی، کاولّی؛ ٢) تیرەیەك لە کوردستانی سوریا فا ١) کولی؛ ٢) طایفه‌ای در کردستان.
متربە: پەیوەندی درەخت فا پیوند درخت.
متفەڕك: پیروّز، مبارەك: (نانی شیّخان **متفەڕکە**) فا متبرّك.
متك: گرد، تەپوّلکە فا تپه.
متکرن: ١) خوّماتدان؛ ٢) بیّدەنگ‌کردن فا ١) بی‌حرکت و خاموش پی فرصت نشستن؛ ٢) خاموش کردن.
متمانە: بڕوایی، خاترجەمی: (من **متمانەت** بیّ‌دەکەم) فا اطمینان.
متوُ: هوّگر فا نگا: هوّگر.
متورفە: زوّر جوانو بیّ‌هاوتا فا بسیار زیبا و بی‌مانند.
متوموُر: زەنگیانەو موُروی تیّکەلاّو فا مهره‌های مختلط.
متوموُرك: متوموُر فا مهره‌های مختلط.
متوموُرگ: متوموُر فا مهره‌های مختلط.
متوموُرو: متوموُر فا مهره‌های مختلط.
متوموُرە: متوموُر فا مهره‌های مختلط.
متون: هوّگر، خوّپیّ‌گرتو فا مأنوس.
متە: ١) مت، گویّچ، شتیّ کە لە کەلاییّن‌دا لە سەر زەوی دادەنریّ؛ ٢) بەدەلّ، نە بەڕاستی، زڕ، زڕە فا ١) چیزی که در تیله‌بازی بر زمین نهند؛ ٢) بَدَلی.
متەحەیر: سەرگەردان، سەرسوڕماو فا مُتحیَر، بُهت‌زده.
متەحەییر: متەحەیر فا متحیّر.
متەشا: ١) داردەستی گریّدارو ئەستوُری دەستی دەرویّشان؛ ٢) بریّتی لە کیّری زل فا ١) منتشا؛ ٢) کنایه از ذکر کلفت.
متەشیّخ: شیّخی نەبەڕاستی، زڕەشیّخ فا شیخ بَدَلی.
متەکەبییر: بەدەعیە، بادی‌هەوا، لوُت‌بەرز فا متکبّر.
متەلا: زیّڕکفت کراو فا زراندود.
متەللا: متەلا فا زراندود.
متەنجەنە: حەوترینگە، چیّشتیّکە فا آش متنجان.
متەوەللی: کەسیّ کە بەسەر دوکانو زەمینی سەر بە مزگەوت ڕادەگا فا متولّی اوقاف.
متەهەم: جیّ‌گومان لە تاواندا فا مُتّهم.
متەی: رشتن، ریتن، ریهتن فا ریختن.
متیّل: ١) ناوئـاخن؛ ٢) گشتـەکی لیّفـەدرون؛ ٣) دوّشـەك؛ ٤) نویّن بەگشتی، پیّخەف فا ١) آگنه؛ ٢) ریسمان لحافدوزی؛ ٣) تُشك؛ ٤) رختخواب.
مجادەلە: شەڕەچەقە، دەم‌بەدەمە فا جدال.
مجبی: کەسیّ کە پیتـاکی خویّنبایی کوّدەکاتەوە فا کسی که خونبها را جمع می‌کند.
مجد: دوُرلە گالّتەو گەپ فا جدّی، دور از شوخی.
مجـروّ: ١) کویّر، کوّرە؛ ٢) شەکـەت: (مـاندوُ مجروّ) فا ١) نابینا؛ ٢) بسیار خسته.
مجروّیی: کویّری فا نابینایی.
مجروّیی داهاتن: لیّلاّیی‌داهاتن، کویّربوُن فا نابیناشدن.

مجری: سندوقی چکۆڵە ف صندوقچە، مِجری.

مجك: چابوك، زۆر بەکار ف چُست و چالاك.

مجلەور: مرۆچە، مێرو، مێروله ف مورچه.

مجن: مجك ف چُست و چالاك.

مجنك: مجن ف چُست و چالاك.

مجەلا: گۆڤار، بەلاڤۆکی مانگانەو حەفتانە ف مجلّه.

مجەلله: مجەلا ف مجلّه.

مجەو: مژۆڵ، بژانگ ف مُژه.

مجەور: خزمەتکاری مزگەوت ف خادم مسجد.

مجیای: متەی، رژاندن ف ریختن.

مجێز: واز، ئیشتیا ف اشتها.

مجێڤی: جۆرێ هەنجیر ف نوعی انجیر.

مجێور: مجەور ف خادم مسجد.

مجێوری: پیتاکی هەژاران بۆ دەس و پێوەندی ئاغادێ ف مالیاتی که ارباب از رعیّت می‌گیرد.

مچ: ۱) چکۆس، رژد، رەزیل، دەس‌قوچاو؛ ۲) کزن؛ ۳) شە، تەڕی؛ ۴) لیچق؛ ۵) چەسپ و توند بۆ قوڕ دەڵێن؛ ۶) پێکەوەنان: (دەسی مچ کردوە)؛ ۷) روگرژ: (پیاوێ مچ و مۆڕە)؛ ۸) چنگنە؛ ۹) راست‌وقیت؛ ۱۰) گەنە ف ۱) خسیس؛ ۲) گاودانە؛ ۳) نم؛ ۴) لزج؛ ۵) چسبناك؛ ۶) برهم گره کردن؛ ۷) اخمو؛ ۸) حشره‌ای چسبنده؛ ۹) راست و خبردار ایستاده؛ ۱۰) کَنه.

مچاندن: گلۆفین لەدەستا، گوشین ف مُچاله کردن.

مچڕاندن: دەست لەناو دەست‌نان، تۆقەکردن، دەس‌وموشتاق ف مُصافحه.

مچڕك: تەزوی لەش ف فراشا.

مچڕین: مچڕاندن ف مُصافحه.

مچقاندن: ئاو لە سەرچاوە وشك‌کردن ف خشك شدن آب از سرچشمه.

مچقاسه: نوسەکە، نوسەنەکە، دڕکێکە بە خوری و جلکەوە دەنوسێ ف خاری است بر پشم می‌چسبد.

مچقین: وشکاوهاتن: (کانیامن **مچقی**) ف خشك شدن آب از سرچشمه.

مچك: ۱) مچ، چنگنە؛ ۲) مەرج، گرێو ف ۱) حشره ایست چسبنده؛ ۲) شرط بندی.

مچکاندن: گرێوکردن، مەرج‌دانان ف شرط بستن.

مچکرن: ۱) گوێ قوت‌کردنی ئەسپ؛ ۲) بەپێ شێلان؛ ۳) پێکەوە نوسانی وەك گەزۆ ف ۱) گوش تیزکردن اسب؛ ۲) پامال کردن؛ ۳) بەهم چسبیدن اجزاءِ ریز.

مچکولی: پەلکی چاو، پیلوی چاو ف پلك چشم.

مچکە: ۱) چکۆس، چکوُد، رژد، سەقیل؛ ۲) جۆرێ زورەبانی ف ۱) خسیس؛ ۲) نوعی کُشتی.

مچلگە: باس و وت‌وویژ ف بحث و گفتگو.

مچورك: مچڕك ف قنجا، فراشا.

مچۆل: سوکەناوی مستەفا ف مخفّف مصطفی، نام مردانه.

مچوڵە: لە دەستا گلۆفیاو ف مُچاله.

مچۆڵە: مچوڵە ف مچاله.

مچومۆڕ: روگرژ، روترش ف اخمو.

مچون: پەل، پاو دەست حەیوان: (خرمچون بەستم، خرمچون ناڵم کرد) ف دست و پای حیوان.

مچە: ۱) جیرە؛ ۲) سوکەلەناوی مستەفا؛ ۳) قرنو ف ۱) جیره، مستمرّی؛ ۲) مخفف مصطفی، نام مردانه؛ ۳) نگا: قرنو.

مچەشەل: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

مچەکوێر: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مچەو: نم، شە، تەڕایی، تەرەشوع ف رطوبت.

مچەور: مجەور، مجێور ف خادم مسجد.

مچیان: بەسەریەکا توندبوُن: (مشتی **مچیایە**) ف برهم آمدن با فشار.

مچینك: ئامرازێ کە موی پێ لە رو دەردێنن، موکێش ف موچین.

محاکەمە: لێ‌پرسینەوە لە لای حاکم ف مُحاکمه.

محاڵ: ۱) شتێ کە ناشێ روبدا، لە دەسەڵاتی بنیادەم بەدەر؛ ۲) کۆمەڵە ئاواییەك لە سەرزەمینێکدا کە سەربەیەکترین، ناوچە: (**محاڵی** مەنگوڕان، **محاڵی** یەختەچی)؛ ۳) ناوی ناوچەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی مەهاباد ف ۱) مَحال؛ ۲) منطقه؛ ۳) ناحیه‌ای در کردستان.

محالەجە: ۱) چارەکردنی نەخۆشی؛ ۲) بریتی لە چارەکردنی تەنگ و چەڵمە ف ۱) معالجه؛ ۲) کنایه از چاره کردن.

محامەلە: مامڵە ف معامله.

محانج: ناویتنی پلارو بەردو... بە بێ ئامانج‌دەبەرچاوگرتن: (**محانج** هەرچیەکی گرت) ف انداختن بدون هدف‌گیری.

محکە: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.

محۆ: سوکەناوی محەممەدو مەحمود ف مخفف محمّد و محمود، نام مردانه.

محە: سوکەناوی محەممەد ف مخفّف محمّد، نام مردانه.

محەبەت: خۆشەویستی ف محبّت.

محەتتە: ئێزگا ف ایستگاه.

محەتە: محەتتە ف ایستگاه.

محەججەرە: دیوارەی بە داری نێوان‌بلاو بۆ پێش هەیوان ف نرده.

محەججەری: محەججەرە ف نرده.

محەجەرە: محەججەرە ف نرده.

محەجەری: محەججەرە ف نرده.

محەڕەم: نێکەمانگی ساڵی ئیسلامی ف ماه محرّم.

محەرەم: محەڕەم ف ماه محرّم.

محەس: قاشاو، ڕنەك ف قشو.

محەك: بەردێکی ڕەشە عەیاری زێڕ و زیوی پێ بەراورد دەکەن ف سنگ

محك.

محــەل: ۱) دەم، کات: (پارە کە ئەم **محەلە**، لەم **محەلانەدا** دێت)؛ ۲) جار، کەڕەت ف ۱) زمان، هنگام؛ ۲) بار، دفعه.

محەللە: تاخ، گەڕەك ف محلّه.

محەللەبی: فڕنی ف فرنی.

محــەللەق: ۱) راوەستـانی بێجوڵـەو بزوتن؛ ۲) خۆ بەسـەر سـەردا ئاوەژوکردنەوە، تەقڵە ف ۱) ایستادن بدون حرکت؛ ۲) پُشتك.

محــەلمی: عەشایرێکە بە زۆرتیرەوە لە کوردستان زاراوێکی تایبەتی‌یان هەیە ف عشایری کُرد دارای لهجه‌ای ویژه.

محــەمــەدخان: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

محەمەدفاتە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

محەنجەر: محەجەری ف نرده.

محەننەك: رەسەن، نەجیب، بۆ ئەسپ دەڵێن: (بە سواری **محەننەکان** هاتن) ف اسب نجیب.

محەنەك: محەننەك ف اسب نجیب.

محەیەن: وا دیارە، وا دەردەکەوێ، بە مەزەننە ف چنین پیداست.

محێ: سوکەناوی محیەدین ف مخفّف محی الدّین، نام مردانه.

محیببەت: محەببەت ف محبّت.

محیبەت: محەببەت ف محبّت.

محیت: زەریای گەورە ف بحر محیط، اقیانوس.

مخ: دەنگی لوُت، مشەمش ف صدای بینی.

مخابن: حەیف، بەداخەوە ف دریغ، دریغا.

مخارە: ئەشکەوتی کوُڕ ف غار عمیق.

مخالف: دژ ف مخالف.

مخانە: تیرەیەکی هۆزی بڵباس لە کوردستان ف طایفه‌ای در کردستان.

مخڕك: ۱) نەتەوی، دڕمن؛ ۲) گەلەکۆمەگی دژی کەسێ ف ۱) دشمن؛ ۲) گروهِ دشمنان یك نفر.

مخس: سەرناوی حاجی مەسیحی ف لقب حجاج مسیحی.

مخل: ئاردبێژ، بێژنگی زۆر کون تەنگ کە ئاردی پێ دادەبێژن، هێڵەگ ف الك.

مخۆر: دەموُکانە ف ذبق.

مخورکە: مۆریانە ف موریانه.

مخۆل: سوُکەناوی محمود ف مخفّف محمود.

مخەت: ۱) دارێ کە چەرمی پێ لوُس دەکەن؛ ۲) نیاز، مەبەست، قەست: (**مخەتم** ئەوەیە بچمە شار) ف ۱) چوب چرم صاف کن؛ ۲) قصد، منظور.

مخەل: مخل، هێڵەگ ف الك.

مخەمخ: دەنگ لەلوُت‌هاتن: (کاوراپیرە نان دەخوا **مخەمخی** لوُتیەتی) ف صدای بینی.

مخــەننـەت: ۱) ترسـەنـۆك، ترسـۆنـەك؛ ۲) خوێڕی و بێکـارە؛ ۳) بێ‌ناموس، بێ‌غیرەت ف ۱) ترسو؛ ۲) هرزه و بیکاره؛ ۳) بی‌شرف.

مخەنەت: مخەننەت ف نگا: مخەننەت.

مدارا: ۱) سەبـر و حەوسەلە: (ئەمساڵیش **مدارا** بکە وەك کردوتە)؛ ۲) دڵڕاگرتنی ئاواڵ: (تۆزێ **مدارای** بکە) ف مُدارا.

مداس: سۆل، سەرپایی، پێڵاوی سوُکی بێ‌پاژنە ف دمپایی.

مدبرە: کەژاڵ، ئاسك، خەزاڵ، مامز، مامبز ف آهو.

مدبەق: ئاشپەزخانە، شوێنێ کە چێشت و نانی لێ چێ‌دەکەن ف مطبخ.

مددە: ماوە لە زەمان ف مدّت.

مددەت: مددە ف مدّت.

مدەك: دەمێك، سەروەختێ، دەمەك ف مُدّتی.

مددەعی: دوژمن ف دشمن.

مدرا: ۱) راوەستا؛ ۲) داسەکنا ف ۱) ایستاد؛ ۲) آرمید.

مدران: ۱) راوەستان؛ ۲) ئۆقرە گرتن ف ۱) ایستادن؛ ۲) آرمیدن.

مدرای: ۱) مدران؛ ۲) گوژانەوەی ئاگر، تەمرین ف ۱) نگا: مدران؛ ۲) خاموش شدن آتش.

مدور: کارگێڕ، سەرپەرستی کاروبار ف مدیر.

مدە: مددە ف مدّت.

مدەت: مددە ف مدّت.

مدیر: مدور ف مدیر.

مر: ۱) کەرگی، مامر؛ ۲) باڵندە ف ۱) مرغ خانگی؛ ۲) پرنده.

مڕ: ۱) زۆر تێر: (ئەوەندەی خواردوە مڕ بوە، هێشتا مڕ نەبوم)؛ ۲) روگرژ: (مـڕو مۆچ)؛ ۳) مات بوُن و دەست‌ڕاکێشان بۆ ئامبازبوُن؛ ۴) بوڵەی سەگ لە ڕکـان؛ ۵) تۆز، زۆر ورد: (خوڵەمڕ)؛ ۶) بز، زەقایی، زل؛ ۷) گەڕان و بۆن کردن بۆ خواردن. *دەگەڵ* موش دەگوتـرێ: (ڕێوی مڕو موش دەکا)؛ ۸) مڕاندن، گەف کردن. *دەگەڵ* مشت ئێژن: (مشت و مڕ) ف ۱) بسیار سیر؛ ۲) اخمـو؛ ۳) بەزمین چسبیدن و به فکـر جهش بودن؛ ۴) لنـدیدن سگ از خشم؛ ۵) گرد، آردمانند؛ ۶) خیره، چشم برامده؛ ۷) جستجو و بوکشیدن حیوان؛ ۸) تهدید لفظی.

مرا: کوژرا، گیانی لێ‌سێندرا ف کشته شد.

مڕا: سەگ بەتوُڕەیی بوڵەی کرد ف سگ تهدید کرد.

مراتە: لکی یەکساڵە، لقی تازەدەرچوُگ ف جوانهٔ یکساله.

مڕاحات: ئاگالێ بوُن، مدارا ف مراعات.

مراد: ۱) ئارەزوی دڵ؛ ۲) ناوە بۆ پیاوان ف ۱) مراد؛ ۲) نام مردانه.

مرادخانی: کورتەك، جۆرێ کەوای پیاوانە ف نوعی نیم‌تنهٔ مردانه.

مرادڕەسو: ناوی پیاوانە ف نام مردانه.

مرادڕەسوڵ: مرادڕەسو ف نام مردانه.

مرار: حەیوانی بێ‌سەربڕین مردو، تۆپیو، لاشەی فڕێ‌دراوی حەیوان ف مُردار، لاشهٔ مُردار.

مرارخۆر: لاشخۆر ف مردارخوار.

مراری: ۱) لولو، دوڕ؛ ۲) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ۱) مروارید؛ ۲) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مراز: نیازی دڵ، مراد ف مراد.

مڕاعات: مڕاحات ف مراعات.

مڕافەحە: ۱) مجادەلە؛ ۲) محاکەمە ف ۱) جدال، نزاع؛ ۲) محاکمە.

مڕافەعە: مڕافەحە ف نگا: مڕافەحە.

مراق: تیرەیەك لە باڵداری پێ‌بەپەردەی مەلەوانە کەوی و کێوی هەیە و لە قاز بچوکترە، نۆردەك ف مرغابی.

مراقی: مراق ف مرغابی.

مران: ۱) بەکوشت‌چوُن؛ ۲) خەبەردان لە بەکوشت‌چوُنی بەکۆمەڵ: (لە شەڕدا **مران**) ف ۱) کشتە شدن؛ ۲) کشتە شدند.

مڕان: بۆڵانـدنـی بەتـوڕەیی سەگ، گەف کردنـی سەگ ف غریدن تهدیدآمیز سگ.

مراندن: کوشتن، گوژتن ف میراندن.

مڕاندن: مڕان ف نگا: مڕان.

مرانن: مراندن ف میراندن.

مڕانن: مڕاندن، مڕان ف نگا: مڕان.

مراو: ۱) مراق؛ ۲) باڵندەی پێ‌بەپەردەی مەلەوان لە هەمو جۆرێك ف ۱) مرغابی؛ ۲) پرندۀ آبزی.

مراوکە: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف علفی است.

مراوی: مراقی، نۆردەك ف مُرغابی.

مڕبردنەوە: چاوبزکردن، چاوزەق کردنەوە ف خیرە نگاە کردن.

مڕبوُن: تەواو تێر بوُن ف کاملاً سیر شدن.

مرت: مت، موُرگی بچوُك ف خرزە.

مرتك: بناوکەوتو ف غوطەوردر آب.

مرتۆخە: چێشتی ئاردو ڕۆن و شەکر ف غذایی از آرد و روغن و شکر.

مرتوموُر: مت و موُر ف نگا: مت‌وموُر.

مرتیل: دۆشەگ ف تُشك.

مرتین: شلی، سستی، خاویلکەیی ف سُستی.

مرج: جۆرێ گەنم ف نوعی گندم.

مرجان: موُروێکی سوُرە بۆ خشڵ دەکاردێ ف از مُهرەهای زینتی.

مرچ: ۱) دەنگی زار لە خواردنـدا؛ ۲) دەنگی ڕاموُسان؛ ۳) دەنگی ئاو بەزمان‌دەرهێنان خواردنەوە. وەك *ئاوخواردنەوەی سەگ* ف ۱) صدای دهن هنگام خوردن؛ ۲) صدای بوسە؛ ۳) صدای برکشیدن مایع با زبان.

مرچقاندن: لەناو پەنجەدا کوشین ف مُچالەکردن.

مرچقین: هەڵقرچان، قرچ‌بوُن ف ترنجیدن، چروك شدن.

مرچك: چۆلەکە، مەلیچك، چێشکە ف گُنجشك.

مرچکە: مەلیچکی مێچکە، مێوەپاساری ف گُنجشك مادە.

مرچۆڵە: باڵدارێکی بچوُکی ڕەشە ف پرندەایست کوچك و سیاە.

مرچە: مرچ ف نگا: مرچ.

مرچەمرچ: مرچی زۆر و لەشوێن‌یەك ف صدای پیاپی «مرچ».

مرچیلە: مرچۆڵە ف نگا: مرچۆڵە.

مرخ: ۱) خەیاڵی تەماحکارانە، قرم: (**مرخی لێ خۆش کردوە**)؛ ۲) پرخە؛ ۳) دەنگ لە سنگەوە لە تەنگەنەفەسیەوە ف ۱) هوسِ آزمندانە؛ ۲) خُرناسە؛ ۳) صدای سینە از تنگی نفس.

مرخاندن: پرخاندن، پرخەکردن ف خُرناسەکشیدن.

مرخ‌خۆش کردن: تەماح کردن، قرم‌خۆش کردن ف هوس کردن.

مرخك: بەنێکە لە تەوندا ف نخی است در قالی‌بافی.

مرخ‌لێ‌پەڕین: تەماح تێ کردن ف طمع کردن در.

مرخ‌لێ‌چوُن: مرخ‌لێ‌پەڕین ف طمع کردن در.

مرخ‌لێ‌خۆش کردن: مرخ‌لێ‌پەڕین ف طمع کردن در.

مرخن: ۱) پرخەکەر؛ ۲) کەسێ کە تەنگەنەفەسە و دەنگ لە سنگیەوە دێت ف ۱) خُرنـاسـەکش، خُرخُرو؛ ۲) کسی کە سینەاش از تنگی نفس خُرخُر کند.

مرخنە: مرخن ف نگا: مرخن.

مرخە: ۱) پرخەی خەو؛ ۲) دەنگی سنگی تەنگەنەفەس ف ۱) خُرناسە؛ ۲) خُرخُر از سینە.

مرخەك: ۱) ماکو، جێگەی ماسوُڵەی جوڵایی؛ ۲) گلۆڵەی فرێت ف ۱) مکوك بافندە؛ ۲) گلولۀ پود.

مرخەمرخ: مرخەی زۆر ف «مرخە»ی پیاپی.

مرخێس: ۱) جێگەی لێ گەوزینی یەکسم؛ ۲) حەقلەمەقۆ، یێك‌هەڵدان و هەراو چەقە ف ۱) غلتگاە چارپایان؛ ۲) غوغا و هرزەبازی.

مرخێسـانێ: گەمـەی یەکتـر دەخۆڵ‌گەوزاندن و هەراو هوریاکردن ف همدیگر را در خاك غلتانیدن و شلوغ کردن.

مرخێش: ۱) هەنـاسـەسـواربـوُن بەکێشـانی شتی زۆر قورسەوە؛ ۲) مل‌دەبەرملی‌یەك‌نان ف ۱) بە هِن‌هِن افتادن از حمل شئ سنگین؛ ۲) گلاویز شدن.

مرخێش مرخێش: هەنـاسـەسـواربوُن بە شتێکی قورس و سەنگینەوە: (**مرخێش مرخێش** دەیکێشا، کورە ئەوە چ **مرخێش مرخێشیکتانە**؟) ف خستەشدن و بە هِن‌هِن افتادن از کشیدن چیز سنگین.

مرد: ۱) گیانی دەرچـو؛ ۲) مڕ، تێر، تەسـەل ف ۱) جان داد؛ ۲) سیر، مُقابل گُرسنە.

مرداخۆ: خواردن تا تەواو تێر بوُن، مڕبوُن ف خوردن تا کاملاً سیر شدن.

مردار: ۱) مرار، لاشـەی فڕێ‌دراو؛ ۲) پیس، گڵاو؛ ۳) توُکـەبەر ف ۱) مُردار؛ ۲) پلید؛ ۳) موی عانە.

مرداربوُن: بێ سەربڕین گیان‌دەرچوُنی حەیوان ف مُردارشدن.

مرداربـوُنـەوە: ۱) مرداربوُن؛ ۲) بریتی لە خرپ خەولێ‌کەوتن ف ۱) مُردارشدن؛ ۲) کنایە از بەخواب رفتن.

مردارخـۆر: ۱) لاشخۆر؛ ۲) بریتی لە گەندەخۆر ف ۱) لاشخور؛ ۲) کنایە از خسیس.

مردارسـەنگ: بەردێکی ناسك و تورتە بۆ دەرمانی خوروُ بەکار دێ ف مردەسنگ دارویی.

مرداق: دەپ و چرپی بان ئاڵوداران ف انبیرە، تختەها و شاخەهای نازك روی الوار سقف.

مردالْ: ۱) بەسەزمان؛ ۲) لەجەر و بێ‌هێز؛ ۳) لاشەی توپیو، مردار ف ۱) فقیرحال؛ ۲) لاغر مردنی؛ ۲) لاشۀ مُردار.

مردانه: مرێ، تەسەلی، تێروپڕی ف نهایت سیری.
مردارکردن: سەربڕینی بەغەڵەت، مراندنی حەیوان بێ سەربڕین ف مُردارکردن.
مردارکردنەوە: مردارکردن ف مُردارکردن.
مردارەمانگ: ناوەڕاستمانگی تاوسان ف مُردادماه.
مردارەوبوگ: بێ‌گیان‌بوگ بە بێ سەربڕین ف مُردارشده.
مردارەوەبوٚ: مردارەوبوگ ف مُردارشده.
مردارەوەبوگ: مردارەوبوگ ف مُردارشده.
مردارەوەبوٚن: مرداربونەوە ف مُردارشدن.
مرداری: ۱) لاشەی مردار؛ ۲) گلاوی؛ ۳) برێتی لە پیسایی بنیادەم ف ۱) لاشهٔ مُردار؛ ۲) پلیدی؛ ۳) کنایه از مدفوع آدمی.
مرداسەنگ: مردارسەنگ ف مردەسنگ.
مرداو: تالاو، قوڕی ف مُرداب.
مردگ: گیان‌تیانەماو ف مُرده.
مردم: گیانم دەرچو ف جان دادم.
مردن: ۱) گیان لە لەشدا نەماو؛ ۲) گیانیان دەرچو ف ۱) مُردن؛ ۲) مُردند.
مردن‌وسوتان: برێتی لە کۆشش‌کردن و تەقالای زۆر دان: (**مردم و سوتام** دەگەڵم نەهات) ف کنایه از کوشش و تمنّای بسیار.
مردو: ۱) مردگ؛ ۲) هەر شتێ لە تین و تاو کەوتبێ: (قسڵی مردو، گێچی مردو، ئاگری دا**مردو**) ف ۱) مُرده؛ ۲) هرچیزی که حرارت از دست داده.
مردواو: مرداو ف مرداب.
مردوت‌مرێ: قسەی سەرکۆنەکردن ف کلمهٔ سرزنش.
مردوٚخ: لەڕ و لاوازی بێ‌تین و تاو ف لاغر مردنی.
مردوٚخە: مردوٚخ: (یا مناڵێکی سیس و **مردوٚخە**/ بوٚتە پیاوێکی گورج و گوڵ و پتەو) «جەنابی مەلا» ف لاغرمُردنی.
مردوشوٚر: کەسێ کە لە سەر تاتەشوٚر ئاو بە لەشی مردودا دەکا ف مُردەشور.
مردوٚلە: لاوازی چکوٚلە ف لاغر کوچك اندام.
مردومراو: ۱) تازیەبار؛ ۲) قسەیەکی لوٚمەو تانەیە: (ئەم **مردومراوە** بوٚ کاری چاك ناکا؟) ف ۱) ماتمین؛ ۲) کلمهٔ طعنه و سرزنش.
مردە: شتی ماڵ جگە لە ئاژەڵ و زیندەوەر ف اموال غیرمنقول.
مردەئارەق: خوٚدانی دەمی مردن ف عرقِ دمِ مرگ.
مردەشوٚر: مردوشوٚر ف مُردەشور.
مردەلوٚخە: مردوٚلە ف لاغر کوچك اندام.
مردەلە: کزو کەنەفت، مردوٚلە ف لاغر بی‌نمود.
مردەماڵ: ۱) ئەسپاباتی ناوماڵ کە هاسان باردەکرێ؛ ۲) مردە، ماڵی بێ‌گیان ف ۱) اثاثیهٔ سبك؛ ۲) اموال غیرمنقول.
مردەمو: تازیە، ماتەم ف ماتم.
مردەمودار: تازیەدار ف ماتمین.
مردەوزیندە: حەشارگەی بە پوٚش و پەلاش داپوٚشراو ف کمین پوشیده با شاخه و گیاه.
مردی: ۱) مردگ، مردو؛ ۲) وشەی پرسیار، ئاخوٚ گیانت دەرچو؟؛ ۳) توٚ گیانت لە لەشدا نەما: (چەند نەخوٚش بوی! **مردی** و زیندو بوٚیەوە) ف ۱) مرده؛ ۲) آیا مُردی؟؛ ۳) مُرده‌شدی.
مردیاق: مرداق ف انبیره.
مردێخە: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.
مرژان: مرجان ف مرجان.
مرژاندن: مڕاندنی سەگ ف غرولند سگ.
مرژنگ: برژانگ، بزوڵ، بژانگ ف مژه.
مرسید: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.
مرشوٚد: پیری تەریقەت ف مُرشد، پیر طریقت.
مرشید: مرشوٚد ف پیر طریقت.
مرغ: باڵدار ف پرنده.
مرق: ۱) جوٚرێ دەنگ لە گەروٚڕا وەك دەنگی تەگە لە وەختی تێ‌بەردان‌دا؛ ۲) بە تاسەو لەز مژینی مەمکی دایك. بوٚ بەرخ دەڵێن ف ۱) نوعی صدا از گلو؛ ۲) مکیدن پستان با شعف و شور زیاد.
مرقان: مرق‌کردن، دەنگ لەگەروٚهێنان بە بێ‌دەم‌کردنەوە ف با دهان بسته صدا از گلو درآوردن.
مرقاندن: مرقان ف نگا: مرقان.
مرقانن: مرقان ف نگا: مرقان.
مرقلێدان: مەمك‌مژینی بە هەڵپەو تاسە ف پستان مکیدن با شتاب و شور و ذوق.
مرقن: کەسێ کە مرقە زوٚر دەکا ف «مرق»کننده.
مرقە: دەنگی گەرو بە دەمی قوچاو ف صدایی که از گلو با دهن بسته می‌آید.
مرقەکردن: مرقان، مرقاندن ف «مرقه» کردن، نگا: مرقان.
مرك: ۱) ئانیشك؛ ۲) مرق؛ ۳) ئارامی: (دامرکێ، بوٚچی **دانامرکی**؟)؛ ۴) کەپەك، سقی؛ ۵) کزێزی‌سەر ف ۱) آرنج؛ ۲) نگا: مرق؛ ۳) آرامش؛ ۴) کَفك؛ ۵) شورهٔ سر.
مڕك: پەتا، هەڵامەت. پەسیو ف زُکام.
مرکاندن: ۱) مرقانن، مرقاندن؛ ۲) بێ‌دەنگ‌کردن؛ ۳) ئارام‌کردن: (کلوکوٚی **دامرکا**، ئاگری **دامرکاوە**) ف ۱) نگا: مرقاندن؛ ۲) ساکت کردن؛ ۳) آرام کردن.
مرکانن: مرکاندن ف نگا: مرکاندن.
مرکانە: مەڕکانە، شاکاسی، کویەڵەی گوشاد ف سبوی گشاد.
مرکە: مرقە ف نگا: مرقه.
مڕکی: پەسیف‌داری، هەڵامەت‌گرتو ف زُکام گرفته.
مرمرك: جوٚرێ پێشکە ف نوعی پشه.
مڕمڕك: جوٚرێ ترێ ف نوعی انگور.
مرمروٚك: مردوٚلە، شل و کزو کەنەفت ف سُست و بی‌نا.

مرمرین: بە پەلەپەل قسەکردن کە پیاو تێ‌ناگا ف بسیار با عجلە سخن گفتن.

مرمەکی: دەرمانێکە ف مرمکی، دارویی است.

مڕمەند: بڕبەند ف سوهان.

مڕمیاو: دەنگی زلی گوربە ف صدای بم گربهٔ نر.

مرن: مردن ف مردن.

مڕناو: مڕمیاو ف نگا: مڕمیاو.

مڕنیاو: مڕمیاو، مڕناو ف نگا: مڕمیاو.

مرو: هەمرۆ، هەرمێ ف گُلابی.

مرۆ: ١) بنیادەم، عیسان، حیسان، عینسان؛ ٢) پیاو، کەسێ کاری پیاوانە دەکا: (کوڕۆ تەف نەمرۆیە) ف ١) بشر؛ ٢) مرد.

مڕو: دەردێکە لە مێوژ ئەدا وشکی دەکا ئافاتیشە بۆ شانەهەنگوین ف آفتی برای مویز و شانهٔ عسل.

مروا: جاڵجاڵوکە ف تار تنك، عنکبوت.

مروار: ١) ئاومرواری کە دەردی چاوە؛ ٢) جۆرێ داربی کە بۆ نەجاران باشە ف ١) آب مروارید؛ ٢) نوعی چوب بید.

مرواری: مراری، لولو ف مروارید.

مروانش: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

مروَت: ١) ئینسـاف، کاری ڕەواکردن‌و لە ناڕەوا پارێزکردن؛ ٢) ناوە بۆ ژنان ف ١) انصاف؛ ٢) نام زنانە.

مروج: ١) کزو خەمبار؛ ٢) کەم‌بەخت، چارەڕەش ف ١) اندوهگین؛ ٢) بدشانس.

مرۆچانە: تەزو خورووی پێست ف مورمور تن، خارخار.

مرۆچانەکردن: خوران‌و تەزینی پێست ف مورمورشدن پوست.

مروچلە: مێرووی ڕەشی وردیلە ف مورچهٔ سیاه ریز.

مرۆچە: ١) جانەوەرێکی بچوکە بە کۆمەڵ پێکەوە دەژین زۆر بەکارن بە چەند ڕەنگ هەیە کونیان لە ژێرزەمینەو دەغڵ‌و خواردەمەنی زستانە دەکێشنە کونەوە؛ ٢) کوڵی وردی ئاو؛ ٣) خوران‌و تەزینی پێست ف ١) مورچە؛ ٢) جوش آهستهٔ آب؛ ٣) مورمور تن، خارخار.

مرۆچە: مرۆچە ف نگا: مرۆچە.

مرۆچەکردن: ١) تەزین‌و خورانی پێست؛ ٢) تازە قوڵتدانی ئاو ف ١) مورموركردن؛ ٢) نرم جوشیدن آب.

مرۆچەکردن: مرۆچەکردن ف نگا: مرۆچەکردن.

مرۆخە: ١) مازەپشت، بڕبڕە؛ ٢) مێشکی ناو ئێسکی لەش ف ١) ستون فقرات؛ ٢) نُخاع.

مرود: پەیڕەوی‌پیری تەریقەت ف مُرید.

مرور: دەنکێکی تاڵە لە ناو گەنمدا ف تلخك گندمزار.

مروز: ١) بەدبەخت؛ ٢) خەمبار؛ ٣) گنجی دەم‌و چاو؛ ۴) گرژکردنی ڕۆ ف ١) بدشانس؛ ٢) غمگین؛ ٣) چین وچروك صورت؛ ۴) اخم کردن.

مروزن: ١) بەقـرەو هەرا؛ ٢) ڕۆگرژ، ناوچاوترش؛ ٣) بەبۆڵەبۆڵ ف ١) جیقو؛ ٢) اخمو؛ ٣) غرولند کُن.

مروس: لوُشین، هەڵمژین ف برمکیدن.

مروسی: شتێ کە دەبێ هەڵلوُشرێ ف برمکیدنی.

مروش: گوڕە ف خروش.

مروشی: جۆرێ گەنم ف نوعی گندم.

مرۆشیان: گوڕاندن ف خروشیدن.

مروغە: مرۆخە ف نگا: مرۆخە.

مروڤ: ١) مرۆ، بنیادەم؛ ٢) خزم؛ ٣) خزمەتکار، پیاو ف ١) بشر؛ ٢) خویشاوند؛ ٣) زیردست.

مروڤاتی: پیاوەتی، عینسانەتی ف انسانیّت.

مروڤـانی: ١) چاکـە دەگەڵ خەڵـك، پیاوەتی؛ ٢) خزمـایەتی ف ١) نیکوکاری؛ ٢) خویشاوندی.

مروڤایەتی: مروڤانی ف انسانیّت.

مروڤ‌دۆستی: مروڤایەتی ف نوعدوستی.

مرۆك: کوشننە، کوژە: (نەخۆشیەکی **مرۆکە** گرتویە) ف کشندە.

مروگی: پیاوەتی، مەردایەتی ف مردمی، انسانیّت.

مرومشت: مجادەلە، دەم‌بەدەمە ف جدال.

مڕومۆچ: ڕۆگرژ ف اخمو.

مڕوموُچ: مڕومۆچ ف اخمو.

مڕومـوُش: بۆن بەزەمینـەوەکـردن بۆ دۆزینـەوەی خواردەمـەنی ف بوکشیدن و جستجوکردن خوراك.

مڕومۆن: مڕومۆچ ف اَخمو.

مروەت: مروَت ف نگا: مروَت.

مروێ: ئەمرۆ، هەرمێ ف گلابی.

مروێ: هەمرۆ، هەرمێ، مروێ ف گلابی.

مروُیژ: مرۆچە ف مورچە.

مڕە: گەفینی سەگ‌و پشیلە ف غریدن سگ و گربە.

مرەبا: میوەی لە شەکراودا کوڵاوی تونددەوەبوُگ، ف مُربّا.

مرەباخی: مرەلارە، جۆرێ مریشکەکێوی ف نوعی مرغ وحشی.

مرەببا: مرەبا ف مُربّا.

مرەڕەشتی: چین‌و ماچین، جۆرێ مریشکی سەرکـەچـەڵی کونجی دەنگ‌ناخۆش ف نوعی ماکیان.

مرەڕەشە: قەلمراوی ف مرغابی سیاە.

مرەکێفی: باڵـدارێکە لە مامر پچوکترە حەمایەت نابێ ف پرندەایست وحشی از مرغ خانگی کوچك‌تر.

مرەلارە: مرەباخی ف نگا: مرەباخی.

مڕەمڕ: مڕەی لەدوی‌یەك ف «مڕە»های پیاپی.

مری: ١) مـردو، مردگ؛ ٢) باڵدارێکـی کێویە ف ١) مـردە؛ ٢) پرندەایست.

مریێ: گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی کاولی کرد ف نام روستـایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.

مڕی: تێری‌و پڕی ف پری و سیری.

مڕیبا: ١) خزم، خوێش؛ ٢) ڕەنجبەری ساڵ بەکرێ؛ ٣) سێ‌یەك بەر؛ ٤) چاندن و پێ‌گەیاندن بەنیوەیی [ف] ١) خویشاوند؛ ٢) مزدور کشاورزی؛ ٣) کارگر کشاورزی با مزد یك سوم محصول؛ ٤) کشت و برداشت نصف بەنصف به نسبت کار و سرمایه.

مریچك: چێشکەی مێوە، چوڵەکەی مێوینە [ف] گنجشك مادە.

مریچکە: مریچك [ف] گنجشك مادە.

مریچڵە: چوڵەکە، پاساری [ف] گنجشك.

مریچۆك: مرمرۆك [ف] سُست و بی‌رمق.

مریچە: مروچە [ف] مورچە.

مریچەڕەشە: مرچوڵە [ف] سارسیاە.

مرید: تۆبەکاری سەر دەستی شێخ [ف] پیر و پیر طریقت، مُرید.

مریس: ١) مروس؛ ٢) تەکوز، ڕێك‌وپێك [ف] ١) مکیدن؛ ٢) مُرتب و منظم.

مریس مریسۆك: گیایەکی کێویە بۆنی ڕیحانە دەدا [ف] ریحان کوهی.

مریسۆك: گیای مژمژە [ف] گیاهی است.

مریسی: مروسی [ف] برمکیدنی.

مریشك: مامر، کەڕگی [ف] مرغ خانگی.

مریشکاوی: جۆرێ باڵداری مەلەوانە [ف] نوعی مرغابی.

مریشك بەشك: مریشکەکێوی [ف] مُرغ وحشی.

مریشکە: برێشکە، دانەوێڵەی لەسەر سێڵ بۆدراو [ف] دانهٔ بوداده.

مریشکەتارانی: چین و ماچین، مرەڕەشتی [ف] نوعی ماکیان.

مریشکەراوەرە: مەلێکی کێویە [ف] پرنده‌ای است کوهی.

مریشکـەڕەشە: ١) مامری سیا؛ ٢) باڵدارێکی کێوی‌یە؛ ٣) برێتی لە سورەتێکی گچکـەی قورعـان: (کـورەکـەم تا **مریشکـەڕەشـەی** خوێندوە) [ف] ١) مرغ سیاه‌رنگ؛ ٢) پرنده‌ایست وحشی؛ ٣) کنایه از سورهٔ نصر در قرآن.

مریشکەشامی: ١) مریشکەڕەشتی، مریشکەتارانی، چین و ماچین؛ ٢) مریشکی نەستوڕدرێژی بێ‌تۆك [ف] ١) نگا: مرەڕەشتی؛ ٢) مرغ لاری.

مریشکەکێوی: مەلێکە لە مریشك دەکا و کەوی نابێ [ف] پرنده‌ای شبیه مُرغ که اهلی نمی‌شود.

مریشکێ ئاقی: مریشکاوی [ف] نوعی مُرغابی.

مریشکێ شامی: ١) مریشکەشامی؛ ٢) بۆقلە، عەلەشیش [ف] ١) نگا: مریشکەشامی؛ ٢) بوقلمون.

مریشکێ قۆقۆ: مریشکەشامی [ف] ١) مُرغ لاری؛ ٢) بوقلمون.

مریشکێ کۆڤی: مریشکەکێوی [ف] پرنده‌ای شبیه مُرغ که اهلی نمی‌شود.

مریشکێ کەدی: مریشکی ماڵی [ف] مُرغ خانگی.

مریشۆ: مردوشۆر [ف] مرده‌شور.

مریشۆر: مریشۆ، مردوشۆر [ف] مرده‌شور.

مریشی: جۆرێ گەنمی نەباش، مروشی [ف] نوعی گندم نامرغوب.

مریك: مردو، مردگ [ف] مُرده.

مرێك: مریشکاوی [ف] نوعی مُرغابی.

مریکانە: پەتای مریشك [ف] طاعون مرغ.

مریلە: مردوڵە [ف] نگا: مردوڵە.

مریەم: ناوە بۆ ژنان [ف] مریم.

مز: ١) کرێ، هەقدەست؛ ٢) ترش و شیرن؛ ٣) قەڵایی؛ ٤) بەچکەناسك؛ ٥) ڕێك‌کوشین [ف] ١) مُزد؛ ٢) ترش و شیرین؛ ٣) ارزیز، قلع؛ ٤) بچه آهو؛ ٥) فشردن.

مزاش: بەشێ لە گەنم کە دەدرێ بە ئاسیاوان [ف] مزد آسیابان.

مزاندن: لکاندن، چەسپاندن، پێوەنوساندن [ف] چسباندن.

مزاور: فێڵباز، گزیکەر، دەسبڕ [ف] حیله‌گر.

مزبەر: کرێ‌گرتە [ف] مزدور.

مژج: بزە، زەردەخەنە [ف] تبسّم.

مژچین: بزەکردن، زەردەخەنەکردن [ف] تبسّم کردن.

مزد: کرێ، مز [ف] مزد.

مزدار: جگـی کۆڵدراوی قـەڵایی‌تێکراو بۆ کەلایێـن [ف] شتالنگ ارزیزریخته.

مزدان: ڕێك‌کوشین [ف] درآغوش فشردن.

مزدە: کەسێ کە مز ئەدا بە مزبەر [ف] مزددهنده.

مزدەر: مزدە [ف] مزددهنده.

مزر: ١) ترش؛ ٢) ترش و شیرین [ف] ١) ترش؛ ٢) ملّس.

مزراح: ١) خولخولەیێ کە بەنی تێ‌دەهاڵێنن و دەیهاوین و دەسوڕێن؛ ٢) جۆرێ مراوی، کەرسەڕ [ف] ١) گردنا؛ ٢) نوعی مرغابی.

مزراحێن: بازی بە مزراح [ف] بازی گردنا.

مزراق: مزراح [ف] مازالاق، گردنا.

مزراقێن: مزراحێن [ف] بازی مازالاق.

مزراویکە: جل‌برۆکـە، چێشتی سمـاق و هێلکـە [ف] آش سماق و تخم‌مرغ.

مزراویلکە: مزراویکە، جل‌برۆکە [ف] نگا: مزراویکە.

مزرۆکە: مزراویکە [ف] نگا: مزراویکە.

مزرە: ئاوجۆ، بیرە [ف] آبجو.

مزرەسێو: سێوی ترش [ف] سیب ترش.

مزرەق: مزراح [ف] گردنا.

مزرەقی: لەسـەریەك و بێ ماوەدان. *دوای وشـەی کوت دێت* : (کـوت‌و **مزرەقی**) [ف] کنایه از ناآگاهانه و بدون مهلت.

مزرەقێن: مزراحێن، مزراقێن [ف] بازی گردنا.

مزرەکە: مزراویکە، مزراویلکە [ف] آش سماق و تخم‌مرغ.

مزرەمەنی: پرتەقاڵ و لیمۆ و نارنج و... [ف] مرکّبات.

مزرێح: مزراح [ف] گردنا.

مزگ: جێگەی نوێژلێ‌کردنی بەکۆمەڵ [ف] معبد، مسجد.

مزگال: خڕکەبەرد [ف] قلوه‌سنگ.

مزگان: مزگ [ف] معبد.

مزگـانی: ١) شیرینی ڕوداوی دڵخۆشکەر؛ ٢) خەبەری خۆش [ف] ١) مژدگانی؛ ٢) مژده.

مزگت: مزگ ف مسجد، معبد.

مزگەت: مزگ ف مسجد، معبد.

مزگەر: ١) ئوستای قاپ‌و قاچاغ سپی کردنەوە؛ ٢) ئوستای بەرۆش‌و قاپ‌دروسکەر لە پاقر ف ١) سفیدگر؛ ٢) مسگر.

مزگەفت: مزگەت، مزگ ف مسجد.

مزگەوت: مزگەت، مزگ ف مسجد.

مزگەوتە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مزگی: مزگەت، مزگ ف مسجد.

مزگین: مزگانی ف نگا: مزگانی.

مزگێنی: مزگانی ف نگا: مزگانی.

مزڵ: ١) نۆدەی فەرشکراو بۆ ئیجاردان؛ ٢) ڕۆژەڕێیەکی کاروان؛ ٣) جێگەی سانەوەی کاروان ف ١) اتاق مفروش کرایه‌ای؛ ٢) یکروزه راه کاروان؛ ٣) جای اتراق کاروان.

مزڵگە: جێگەی شەولێ‌مانەوەی کاروان ف جای اتراق کاروان.

مزمزاندن: وەبزەهێنان ف به تبسم واداشتن.

مزمزین: زەردەخەنەکردن ف تبسم کردن.

مزمەعیل: مافنگی، دەم‌لەپۆش ف محروم از همه چیز.

مزوّدك: سەربار، زێدەبار ف اضافه‌بار.

مزور: ١) بەتاقەت‌و قەوەت؛ ٢) خزمەتکار ف ١) نیرومند؛ ٢) نوکر.

مزوری: عاشیرەتێکی کوردە ف عشیره‌ای است.

مزوك: مارمێلکە ف مارمولك.

مزوکلە: جانەوەرێکە لە ئاودا دەژی وەك سەرمازەڵە دەچێ ف جانوری آبزی شبیه چلپاسه.

مزە: ١) کرێ؛ ٢) مزئاش: (بۆ گەڕانی ئاشی دڵ فرمێسکی چاو ئاق‌دینگـزە/ غەیری هیجـران‌و ئەسەف چیدی بە من نادا مزە) «کوردی»؛ ٣) جوێنەوەو دوپاتەکردنەوەی قسە ف ١) مُزد؛ ٢) مزد آسیابان از غلّه؛ ٣) تکرارکردن بی‌مورد سخن.

مزەحەمەد: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

مزەڕەت: بەڵا، چۆرتم، بەسەرهاتی ناخۆش ف آسیب.

مزەگرتن: مزەساندنی ئاشەوان لە ئاشێر ف مزد آسیاب گرفتن از مشتری.

مزەلق: چەسپاو، لکاو، لکیاگ ف چسبیده.

مزەمز: جوێنەوەی قسەو درەنگ دەربڕینی، منجەمنج ف ژاژخاییدن.

مزەمزکەر: کەسێ کە قسەی زو بۆنایەو دەیلێتەوە ف ژاژخا.

مزەور: ١) فێڵباز؛ ٢) قوماربازێ کە قوماری سێ‌پەڕ دەکا ف ١) مُزوّر؛ ٢) قماربازی که با سه کارت بازی کند.

مزەورە: مزراویلکە ف آش سماق و تخم‌مرغ.

مزی: کرێ‌گرتە ف مزدور.

مزیار: مزی ف مزدور.

مزێر: زیان‌دەر ف موذی، آسیب‌رسان.

مژ: ١) تەم، دومان؛ ٢) مرێس؛ ٣) مزە؛ ٤) جۆرێ جانەوەری وردیلە؛ ٥) پاشگـری بەواتـا: مژین: (مـەمك مژ)؛ ٦) نەخۆشیەکی چاوە کە تەم دەگرێ ف ١) مه؛ ٢) مُك؛ ٣) مُزد؛ ٤) نوعی حشرهٔ ریز؛ ٥) پسوند فاعلی به معنی مکنده‌فاعلی به معنی مکنده؛ ٦)نوعی بیماری چشم.

مژا: ١) مژۆڵ، برژانگ؛ ٢) مژی لێ‌درا ف ١) مُژگان؛ ٢) مکیده شد.

مژاد: درگە، مەبەست بۆ لێ‌دوان‌و لەسەرنۆسین ف سوژه.

مژان: ١) دارێ لە ئامۆردا؛ ٢) بژۆڵ، بژانگ، برژانگ؛ ٣) مریستن ف ١) چوبی در خیش؛ ٢) مژه؛ ٣) مکیدن.

مژانـدن: دەمی بێچـو بۆ گوانی دایك بردن تا شیر بخـوا: (ئەم گۆلکە بمژێنە) ف بچه را شیر مکانیدن.

مژانگ: بژانگ ف مژه.

مژانە: مژان، دارێکە لە ئامۆردا ف چوبی در خیش.

مژتن: مژان ف مکیدن.

مژتوك: باسك، دەمنە، دارجگەرە ف چوب سیگاری.

مژدانە: شیرنی خەبەری خۆش، مزگێنی ف مژدگانی.

مژدانی: مژدانە ف مُژدگانی.

مژدە: مزگێنی ف ١) مژده؛ ٢) مژدگانی.

مژدیان: مژدانە ف مژدگانی.

مژدینـان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مژگ: ئەوشتەی کەللەی سەر دایگرتوە، مێشك ف مغز.

مژلۆر: مرۆچە، مێرولە ف مورچه.

مژلۆك: مژلۆر ف مورچه.

مژلەور: مژلۆر ف مورچه.

مژمژ: ١) مژی زۆر؛ ٢) ترۆکەچاو ف ١) مکیدن پیاپی؛ ٢) برهم آمدن و بازشدن پلك.

مژمژاندن: چاوترووکاندنی نائاسایی ف پلك زدن غیرعادی.

مژمـژۆك: ١) شانەی هێشتا هەنگوین‌تێ‌نەکراو؛ ٢) گیایەکە گوڵەکەی دەمژن ف ١) شانهٔ بی‌عسل زنبور؛ ٢) گیاهی است.

مژمژە: ١) قەیسی، شەڵانی، زەردەلو؛ ٢) گۆزروان؛ ٣) جۆرێ پەپولە ف ١) زردآلو؛ ٢) گیاهی است دارویی؛ ٣) نوعی پروانه.

مژمژین: ترۆکەترۆکی چاو ف پریدن و برهم زدن پلك.

مژمور: چاوی نیوەئاواڵە، چاوی نیوەخەوالو ف چشم نیمه‌باز.

مژن: ١) مژلێدەر، ئەوی دەمژێ؛ ٢) بێزو ف ١) مکنده؛ ٢) ویار.

مژۆ: ١) مزەمزکەر؛ ٢) نانی کۆنی برشاوی ف ١) نگا: مزەمزکەر؛ ٢) نان کپك زده.

مژۆك: ١) بێچوێ کە زۆر ئالودەی مەمکی دایکە؛ ٢) مەرەکەف‌مژ ف ١) بسیار مکنده؛ ٢) کاغذ خشك‌کُن.

مژول: خەریك، سەرگەرمی کار ف مشغول به‌کار.

مژۆڵ: بژانگ ف مژه.

مژولانك: بژانگ، برژانگ ف مُژه، مُژگان.

مژولاهی: سەرگەرمی، خەریکی ف سرگرمی، مشغلت.

مژولیایش: وتاردان، قسه بۆ خەڵك كردن ف سخنرانی.

مژومۆر: تەمومژ، تەپ‌ومژ ف مه و غُبار.

مژۆڵك: بژانگ ف مژه.

مژُویلی: گیایەكە ف گیاهی است.

مژه: ١) مژلێدەر، مژن: (مناڵەكە مەمك مژەیە)؛ ٢) برژانگ ف ١) مكنده؛ ٢) مُژه.

مژەك: قاقەز یان پەڕۆیەك كە لەسەر لەكەی تەڕی دادەنێن بۆ مریستنی ف خشك‌كن.

مژەنە: مژەك، مژۆك ف كاغذ خشك‌كُن.

مژەو: بژانگ، برژانگ، مژۆڵ ف مُژه.

مژی: ١) تەوەی دە كاسەی سەردایە؛ ٢) رابوردو بۆ مریستن: (مەمكی مژی)؛ ٣) ئەمنیش: (**مژی** بوەڕامە) ف ١) مغز سر؛ ٢) مكید؛ ٣) منهم.

مژێ: گوندێكی كوردستانـه بەعسی كاولی كرد ف نام روستـایی در كردستان كه توسط بعثیان ویران شد.

مژین: ١) مژتن، مریستن؛ ٢) قوُت‌دانی تەڕایی: (زەوی ئاوەكەی **مژیوە**) ف ١) مكیدن؛ ٢) بركشیدن.

مژێن: كەسێ كە بێچو بەرگوانی دایك دەخا بۆ شیرخواردن ف كسی كه بچه را وادار به مكیدن می‌كند.

مژیوەر: گیایەكە ف گیاهی است.

مس: ١) كانزایەكی سوُرە دەفرو زۆر نامرازی لێ دروست دەكەن، پاقر؛ ٢) دەگوێ‌گرتن، فامین؛ ٣) بزنی گوێ‌بەخـاڵو پەڵـەپەڵە ف ١) فلز مس؛ ٢) تحویل گرفتن سخن؛ ٣) بُزی كه خالهای بسیار برگوش دارد.

مساب: قاڵبەكەوش لە ئاسن ف قالب فلزی كفش.

مسابەقە: كێ‌بەركێ، ركە، گرێو لە غاردانو... ف مسابقه.

مساخ: ئارداوێژی بەرداش ف بخشی از آسیاب.

مساخە: مساخ ف بخشی از آسیاب.

مساس: مساسك ف چوبدست شخم‌زن.

مساسك: داردەستی جوتیار كە سەرێكی كلكەبزمارو سەرێكی پیشكانی تێدایە ف چوبدست شخم‌زن.

مساسە: مساسك ف نگا: مساسك.

مساعەدە: ئاریكاری، كۆمەگ ف مساعدت، كمك.

مسافر: رێبوار، كەسێ كە بەسەفەر دەچێ ف مسافر.

مسافیر: مسافر ف مسافر.

مسافەرەت: بەسەفەرچوُن ف مسافرت.

مساورە: ڕاوێژ، تەگبیر، شێوْر ف مشاوره و تدبیر.

مسای: فامان، فێربوُن ف یادگرفتن، آموختن.

مسایش: ١) تێگەیشتن؛ ٢) فێربوُن ف ١) درك كردن؛ ٢) یادگرفتن.

مسایە: مسایش ف نگا: مسایش.

مسایەنە: بوُنەشاگرد بۆ فێربوُن ف به شاگردی رفتن برای آموزش.

مست: ١) پەنجـەی پێكـەوە چەسپێنـراو؛ ٢) ئەنـدازەی دو لاوێچی قوُڵكراو لە شتێ: (دو **مست** مێوژی دامێ)؛ ٣) لەپ، بەری‌دەست ف ١) مشت گره‌كرده؛ ٢) پُرمُشت؛ ٣) كف دست.

مستـاخ: جێگـەی هەڵخستنی میوە بۆ وشـك‌بوُن ف جای در آفتـاب گذاشتن میوه.

مستانی: شەڕەمشت ف بوكس‌بازی.

مستبا: شورەی دەوری باخ ف دیوار پیرامون باغ.

مست‌قوُچاو: برێتی لە ڕژدو ڕەزیل، دەست‌قوُچاو ف كنایه از خسیس.

مست گرتنـەوە: دەست‌ڕاگرتن بۆ تێكـردنی شتێ ف دست پهن كردن برای گرفتن چیزی.

مست‌لێ‌داگـرتن: پڕ بە چنـگ لە شتێ هەڵگـرتن ف پُریك مشت از چیزی بردن.

مستنایش: ١) شارەزایی كردن؛ ٢) فێركردن ف ١) راهنمایی كردن؛ ٢) یاددادن.

مست‌لێدان: بە چنگی قوُچاو لە شتێ دان ف مُشت زدن.

مستۆ: سۆكەڵەناوی مستەفا ف مخفّف مصطفی.

مستە: جۆرێ كولێرەی، پەنجەكێش ف نوعی نان گرده.

مستـەحـەق: ١) شیاوی خێرپێ‌كردن؛ ٢) شیاوی جزیادان ف ١) مستحق احسان؛ ٢) مُستحق پاداش.

مستەفا: ناوە بۆ پیاوان ف مصطفی، نام مردانه.

مستەقا: چێشتی ئەسپەناخ بە گۆشت ف غذای اسفناج و گوشت.

مستەكوڵە: ١) سیخورمە؛ ٢) پەنجەی قوُچاو ف ١) سقلمبه؛ ٢) مشت گره كرده.

مسحەف: ١) قورعان؛ ٢) كتێبی چكۆڵە ف ١) قرآن؛ ٢) كتابچه.

مسحەفێ رەش: كتێبی هەرەپیرۆزی یەزیدی ف كتاب مقدس یزیدیان.

مسدان: توند دەست‌پێداهێنان ف با فشار دست مالیدن.

مسرانی: داری درێژی بەكونو ئاڵقە بۆ بەستنەوەی دەواران ف كندهٔ با سوراخ و حلقه برای بستن افسار.

مسری: لاوازو ڕەقەڵەی بالابەرز، بۆ ژنانی دەڵێن ف لاغر قدبلند.

مسعەف: قورعان ف قرآن.

مسقـاڵ: ١) كێشـانـەیەكـە بەرانبەر بە چوارگرام‌و نیو؛ ٢) كەمۆسكە، تۆزقاڵ ف ١) مثقال؛ ٢) كمترین وزن.

مسقاڵەزەڕە: تۆزقاڵ، پێچەكە گەلەك كێم ف یك ذرّه، بسیار كم.

مسقـاڵی: ١) جۆرێ خامی سپی؛ ٢) جۆرێ پارچـەی زەڕی ف ١) متقال؛ ٢) نوعی پارچهٔ زری.

مسقاڵی‌زەڕە: تۆزقاڵ ف بسیار اندك.

مسك: بوُن‌خۆشێكە لە جۆرەئاسكێك بەرهەم دێت ف مُشك.

مسكە: جۆرێ كلۆ ف نوعی ملخ.

مسكی: ١) لیموّی ترش؛ ٢) جۆرێ ترێ ف ١) لیموترش؛ ٢) نوعی انگور.

مسكێ: گونـدێكی كوردستانە بەعسی كاولی كرد ف نام روستایی در كردستان كه توسط بعثیان ویران شد.

مسكێن: رایەت، رەعیەت، بەرحوكمی ئاغا ف رعیّت.

مسگەر: مزگەر ف مسگر.

مسڵمان: پسوڵمان، بسوڵمان ف مُسلمان.

مسمار: مێخەکە ف میخچهٔ پا.

مسمتاندن: داخستن، بەستن ف مسدودکردن، بستن.

مسمـد: ١) بەرلێ گرتن، داخستن؛ ٢) شێوێکـە لە گۆشتو تەرەپیازو کاهو ف ١) بستن؛ ٢) غذایی است.

مسنایش: ١) شاندان؛ ٢) فێرکردن، راهێنان ف ١) راهنمایی کردن؛ ٢) یاددادن.

مسنایه: مسنایش ف نگا: مسنایش.

مسـوار: کانـزایەکـە لە مسو شتی تر سەماوەری لێ دەکرا ف مسوار، آلیاژی است.

مسوڵدان: گمێزدان ف مثانه، آبدان.

مسەڵەت: بڵندتر: (کێوەکە بەسەر دێدا **مسەڵەتە**) ف مُشرف.

مسەلەکان: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مسەور: راوێژ، تەگبیر ف مشاوره.

مســەیت: دەنکەترێی وشك لەناو هێشوی هێشتا نەچناو ف دانه انگور خشك شده در خوشهٔ درختی.

مسی: لە مس دروستکراو ف مسین.

مسیبـەت: ١) بەڵاو بەسەرهاتی خراپ؛ ٢) برێتی لە بنیادەمی بێعارو بزۆز ف ١) مصیبت؛ ٢) کنایه از آدم ناآرام و خطرناك.

مسین: لەپاقرچی بوگ، لەمس دروس کرباگ ف مسین.

مسینه: ئافتاوە، لولێنەی لە مس ف آفتابهٔ مسین.

مسیوەتی: ١) زەحمەتکێش؛ ٢) دەردو رەنج؛ ٣) تازیەبار، ئازیەتدار ف ١) زحمتکش؛ ٢) درد و رنج؛ ٣) سوگوار.

مش: دەنگی لوت، مخ ف صدای بینی.

مشا: زەوی دابەش نەکراو لە ناو شەریکاندا ف زمین مُشاع.

مشار: ئامرازی ددانەداری داربڕینەوە، هەرە ف ارهٔ درودگری.

مشاره: ١) هەر شتی ددانەدار؛ ٢) پێوانەیەك لە زەمینی کێڵان؛ ٣) جۆرێ ماسی کە ددانێکی درێژی برگەبــڕگەی هەیە ف ١) دنـدانـەدار؛ ٢) مساحتی از زمین زیرکشت؛ ٣) ارّه ماهی.

مشــاگ: رەنجبـەری رۆژبـەرۆژ، کرێکاری رۆژانە لە مەزرادا ف کارگر روزمُزد در مزرعه.

مشاندن: دەنگی هەناسە لە لوتەوە دەرچون ف هن‌هن از بینی.

مشانن: مشاندن ف هن‌هن از بینی.

مشانه: مژانە، ئامرازێکە لە نیر و ئامۆردا ف ابزاری در خیش.

مشایخ: کۆمەڵەشێخ ف مشایخ.

مشایەخ: مشایخ ف مشایخ.

مشــت: ١) پەنجــەی لێك نراو؛ ٢) پڕی هەردو لاوێچ؛ ٣) لێواولێو؛ ٤) محــانــج؛ ٥) کێشــەو مجــادەلە: (**مشتو مڕیانە**) ف ١) مشت؛ ٢) پرمشت؛ ٣) لبالب؛ ٤) پرتاب بدون هدف گیری؛ ٥) نزاع و جدال.

مشتا: مستاخ ف نگا: مستاخ.

مشتاخ: مستاخ ف نگا: مستاخ.

مشتاخان: مانگی شەشەمی ساڵ، مانگی خەرمانان ف شهریورماه.

مشتــاخنانــەوە: ترێ لەبـەرتاو هەڵخستن بۆ وشك بونەوە ف انگور در آفتاب پهن کردن برای تبدیل به مویز.

مشتاخه: مشتاخ، مستاخ ف نگا: مستاخ.

مشتاق: بەتاسە، ئارەزومەن ف مُشتاق.

مشتاك: دەپی ئاردماڵین لە دەوری بەرداش ف تختهٔ آرد روبی پیرامون سنگ آسیا.

مشتکردن: پڕکردن ف پر و مملوّ کردن.

مشت گرتن: دەستڕاگرتن بۆ تێکردن، مست گرتنەوە ف نگا: مست گرتنەوە.

مشت گرتنەوە: مشت گرتن ف نگا: مشت گرتن.

مشتلێ داگرتن: مست لێ داگرتن ف نگا: مست لێ داگرتن.

مشتلێدان: مست لێدان ف مشت زدن.

مشتلێ گرتن: ئامانج بەدی کردن ف نشانه گرفتن.

مشتن: ١) مژین؛ ٢) ماڵین، راماڵین ف ١) مکیدن؛ ٢) روبیدن.

مشتو: دەسکی خەنجەرو کێرد ف دستهٔ خنجر و کارد.

مشتودرەوش: برێتی لە شەڕی نێوان بەهێزو بێهێز ف کنایه از نبرد نابرابر.

مشتوماڵ: خاوێن بونەوەی تیغو کانزا ف صیقل.

مشتومڕ: کێشەو دەمبەدەمە ف جدال و نزاع.

مشتــە: ١) ئامـرازی چەرمکوتـانی پینەچی؛ ٢) کوتکی هەلاجی؛ ٣) مشتو؛ ٤) دەسپەڕ ف ١) مشتهٔ کفّاشی؛ ٢) چك پنبەزن؛ ٣) دستهٔ کارد و خنجر؛ ٤) استمنا، جَلق.

مشتەری: کڕیار ف خریدار.

مشتەکوڵ: مستەکوڵە ف نگا: مستەکوڵە.

مشتەکوڵە: مستەکوڵە ف نگا: مستەکوڵە.

مشتەگان: جلق، دەسپەڕ ف جَلق.

مشتەلە: ١) نەمام، ریشەی ناژتن؛ ٢) دوکانی شەتڵان ف ١) نهال؛ ٢) فروشگاه نشا.

مشتی: ١) مژی؛ ٢) مستی ئەو ف ١) مکید؛ ٢) مشت او.

مشتیله: دەستەندو ف دستگیرهٔ خیش.

مشخۆر: قەسەڵی ناو ئاخوڕ ف پس ماندهٔ علف در آخور.

مشراق: ناوەندی زەڕەبین کە بەرتاوی ئەدەن ئاگری لێ پەیدادەکەن ف عدسی.

مشقەمشق: هەژانو هەڵچون لە حەیفان ف حسرت خوردن.

مشــك: ١) جانەوەرێکی چکۆڵەی گوێقوتە لە ماڵانو لە مەزرادا کون دروس دەکا زۆر زیان بە ڕزقی خەڵك دەگەیەنێو ڕەنگی ڕەشبۆزە؛ ٢) مسك، بۆنخۆشێکە لە جۆرێ ئاسك پەیدا دەبێ ف ١) موش؛ ٢) مشك.

مشکانه: برێتی لە فێڵبازو دەسبڕی بەنهێنی ف کنایه از ناروزن دزدکی.

مشك تەرامشیح: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف گیاه کاکوتی.

مش کردن: مشت کردن، پڕکردن ف پرکردن.

مشــك کەروێشــك: جانــەوەرێکــە لە تیرەی سمــۆرە لاقدرێژو دەستکورت گوێی درێژە ف موش خرگوش، یربوع، جانوری است بزرگتر از موش.

مشك گرە: باڵدارێکی چکۆڵەی ڕاوکەرە ف پرنده‌ای کوچك شکارچی.

مشکۆ: ناوە بۆ پیاوان ف نام مردانه.

مشکول: دژوار، زەحمەت ف دشوار.

مشکولۆزمە: ئۆباڵ بەگەردن ف مدیون اخلاقی و آیینی، مشغول الذّمه.

مشکولی: پەلکی چاو، پیلو ف پلك چشم.

مشکوڵی: دژواری ف اشکال و دشواری.

مشکە: برێتی لە کورتەبالای زیت و چالاك ف کنایه از کوتاه‌قدّ زبر و زرنگ.

مشکەخۆرە: جانەوەرێکە لە تیرەی سمۆرە مشك دەخوا، مشکی خورما ف راسو.

مشکەخەزاڵ: مشك کەروێشك ف نگا: مشك کەروێشك.

مشکە کۆرە: جۆرێ مشکە لە سارادا دەژی، جرج ف موش کور.

مشکە کوێرە: مشکەکۆرە ف موش کور.

مشکی: ١) خۆڵەکەوە، خۆڵەمێش، بۆڵ؛ ٢) جۆرێ پارچەی ئاوریشم کە دەکرێتە پێچی سەر، شەدە؛ ٣) ڕەنگی ڕەش ف ١) خاکستر؛ ٢) نوعی پارچهٔ ابریشمی، رشتی؛ ٣) سیاه.

مشـلاق: هەمبـەر، تەواو بەرانبەر: (مالاوە **مشلاقی** مالا حەسۆیە) ف روبرو، مُقابل.

مشمش: خورەی ئاوی کەم ف صدای جریان آب باریکه.

مش مشە: جۆرێ نەخۆشی یەکسم ف نوعی بیماری ستور.

مش مشیر: دارشیلانە، دارەقەیسی، دارشیلانی ف درخت زردآلو.

مش مشێری: دارەقەیسی، دارشەلانی ف درخت زردآلو.

مشن: کەسێ کە زۆر دەنگی هەناسەی لە لوتەوە دێت ف کسی که بسیار از بینی هن‌هن کند.

مشـوت: ١) کاوێژ، قاوێچ؛ ٢) خواردەمـەنی بەرماو ف ١) نشخوار؛ ٢) پس‌ماندهٔ خوراك.

مشوور: ١) سەلیقەی کارپێك‌هێنان: (پیاوێکی **بەمشوورە**)؛ ٢) تەگبیر وڕا: (دەبێ **مشووری** لێ بخورێ) ف ١) سلیقه، ذکاوت؛ ٢) تدبیر.

مشوورخۆر: سەرپەرشت، ئاگاداری کار ف سرپرست.

مشوورخۆرە: مشوورخۆر: (کارەکەرەم بمرێ **مشوورخۆرەم** نەمرێ) ف سرپرست.

مشـوورخۆری: بە تەگبیر خۆماندوکردن بە کەسێ یان بە کارێکەوە ف سرپرستی و اداره‌کردن.

مشـە: ١) دەنگی هەنـاسە لە کەپۆڕا؛ ٢) زۆر، زەحف، بۆش: (خواردن **مشە** بو)؛ ٣) مش‌مشە؛ ٤) مفت، خۆڕایی ف ١) صدای نفس از بینی؛ ٢) بسیار؛ ٣) نوعی بیماری ستور؛ ٤) مفت.

مشەخت: ئاوارە، دەربەدەر ف آواره، مهاجر.

مشەخۆر: چەوەرە، زگ‌لەوەڕێن ف طفیلی، سورچران.

مشەڕەت: ناردراو بۆ جەهەندەم، موشەڕەت ف فرستاده به دوزخ.

مشەفل: زنار، هەڵەموت، هەزاربەهەزار ف پرتگاه.

مشەققەت: ئەرکی گران، زەحمەتی زۆر ف رنج و مشقّت.

مشەقە: پینەدۆزی کەوشان، پینەچی ف پینه‌دوز.

مشــەقــەت: زەحمــەت، دژواری: (بــە هەزار **مشــەقــەت** لە هەوراز سەرکەوتم) ف مَشقّت.

مشەما: شەم‌پێداساویاو ف مُشمّع، مومینه.

مشـــەمـــر: ١) فڕێدراوی بێ‌خاوەن؛ ٢) زەوی بەش‌نەکـراو لەنـاو هاوبەشاندا ف ١) پرت شدهٔ بی‌صاحب؛ ٢) زمین مُشاع.

مشەمش: دەنگی هەناسەی زۆر ف صدای هن‌هن بسیار از بینی.

مشەمما: مشەما ف مُشمّع.

مشەممەر: مشە، زۆر، فرە ف بسیار.

مشەورە: ڕاوێژ، تەگبیر، شیرەت ف مشورت و تدبیر.

مشەوش: نیسکی لەدەستارکراوی بێ‌تێکول ف عدس پوست کنده.

مشەوشی: چێشت لە نیسکی دەستارکراو ف آش عدس پوست کنده.

مشەوەش: شێویاو ف آشفته.

مشەهت: ١) بێکەس و بێ‌ناریکار؛ ٢) ناهومێ لە ژیان ف ١) بی یار و مددکار؛ ٢) نومید از زندگی.

مشیۆ: دەبێ، گەرەك، پێویستە ف باید.

معالەجە: ١) دەرمان‌کردن؛ ٢) چارە ف ١) تداوی؛ ٢) چاره.

معجێلە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

معەللیم: دەرس‌بێژ، فێرکار، مامۆستا، سەیدا ف معلّم.

معەیەن: وابزانم، وادیارە ف حدس می‌زنم.

معین: ماین، ژنی ئەسپ، حەسپی‌مێ ف مادیان.

مغار: ١) ئەشکەوتی قووڵ؛ ٢) تیخی نەجاران ف ١) غار عمیق؛ ٢) اسکنه.

مغارە: مغار ف غار عمیق.

مغازە: دوکان ف مغازه.

مف: فن، دەنگی لووت لە چڵم‌سڕیندا ف فین.

مفا: چابوون لە نەخۆشی، شفا ف شفا.

مفـاجـات: دڵ لەپـڕ و نەکاو وێستان، سەکتە: (حوکمی حاکم و دەردی **مفاجات**) ف سکته.

مفت: بەلاش، خۆڕایی، بێ‌نرخ ف مفت، رایگان.

مفتا: کلیل، ئاچەر ف کلید.

مفتخۆر: کەسێ کە بێ‌ماندووبوون و بێ‌نرخدان دەیەوێ بژی ف مفتخور.

مفتە: ١) مفت؛ ٢) مفتا، کلیل ف ١) رایگان؛ ٢) کلید.

مفتەخۆر: مفتخۆر ف مفتخور.

مفتەکی: مفت، خۆڕایی ف رایگان.

مفتەگی: مفتەکی، خۆڕایی ف رایگان.

مفتی: ١) سەرناوە بۆ ئەو زانایەی شەرعی خەڵکی دەکا؛ ٢) مفتە، مفت ف ١) مُفتی شرع؛ ٢) رایگان.

مفتیٚ: مفت، خۆرایی [ف] مُفت.

مفردی: گەنجی چەکدار [ف] جوان سلحشور.

مفرز: ژنێ کە دەلاّلی بۆ پیاوان دەکا [ف] زن دیّوس.

مفسیت: ئاژاوەچی [ف] آشو بگر.

مفسید: مفسیت [ف] آشو بگر.

مفەتیش: مالّپشکن، پشکن [ف] مفتّش.

مفەتین: ئاژاوەچی [ف] فتنه‌انگیز.

مڤرۆ: سەقەت، نوقسان [ف] معلول، ناقص العضو.

مڤرەزە: دەستەیەك لە چەکدار کە بۆکارێ تایبەتی دەچن [ف] دستهٔ پیش‌قراول.

مق: ۱) مخ، دەنگی لوُت؛ ۲) گیف، ئامادەی کار: (خۆی **مق** کردوە) [ف] ۱) صدای بادبینی؛ ۲) آمادهٔ کار.

مقابیل: بەرانبەر [ف] برابر.

مقات: ئاگالەخۆ [ف] مواظب.

مقاتە: لەخۆ ئاگادار [ف] مواظب.

مقار: ئامرازێکی دارکوّلین [ف] وسیله‌ای درکنده‌کاری روی چوب.

مقاش: پەنگر، ماشەی پوّل‌گرتن [ف] انبُر.

مقام: ۱) قام، جۆرێ گۆرانی؛ ۲) گۆرانی [ف] ۱) آهنگ؛ ۲) ترانه.

مقامبێژ: گۆرانی‌بێژ، قامبێژ، دەنگبێژ [ف] ترانه‌خوان.

مقاندن: مرقاندن [ف] نگا: مرقاندن.

مقانن: مرقاندن، مقاندن [ف] نگا: مرقاندن.

مقاو: نەخۆشیەکی یەکسمە لە سەرماوە تووشی دێ [ف] نوعی بیماری ستور.

مقاوەلە: کاری بەقەبەلّ [ف] کنترات.

مقایی: مقاو [ف] نگا: مقاو.

مقر: سەرسەخت‌و گیر [ف] لجباز.

مق کردن: خۆگیّف‌کردن لە کار یان شەڕ [ف] خود را آماده‌کردن.

مقل: تاوە، دەفری پەلی شت‌تێداسوُر کردنەوە [ف] تابه.

مقلێ: مقل، تاوە [ف] تابه.

مقناتیس: ئاسن‌ڕفێن [ف] مغناطیس.

مقوّر: مقار، ئامرازێکی دارکوّلین [ف] از ابزار کنده‌کاری روی چوب.

مقۆمقۆ: دم‌لەدم‌نان‌و چەقەو گوڕە [ف] اشتلم، مشاجره و داد وبیداد.

مقە: مرقە [ف] نگا: مرقه.

مقەبا: قاقەزی زۆر ئەستوور [ف] کاوتن، مقوّا.

مقەبیا: مقەبا [ف] مقوّا.

مقەپەت: داخراو بەبێ بابویز: (دەرگاکە **مقەپەت** کە، ئەم قوتوە سەری **مقەپەتە**) [ف] بسته شده.

مقەدەر: روداو لەخواوە: (**مقەدە**ریکیان بۆ هاتوە) [ف] قضا و قدر، کنایه از رویداد ناگوار.

مقەرس: دژایەتی، بەکێشەو نەسازاو [ف] ستیزه‌جو.

مقەس: قەیچی، تۆرتۆ [ف] قیچی.

مقەست: مقەس [ف] قیچی.

مقەستە: لنگدانی ئەسپ بە تەرزی قیلەوقاچ [ف] دویدن اسب به طور مارپیچ.

مقەلك: تاوە [ف] تابه.

مقەنەزمە: چەخماخی تفەنگ [ف] گلنگدن تفنگ.

مقەوا: مقەبا [ف] کارتن، مقوّا.

مقەور: کدوبارزانی، شاقەباغی [ف] کدوحلوایی.

مقەووا: مقەبا [ف] کارتن، مقوّا.

مقەیەت: ئاگالەخۆ: (**مقەیەت** بە دەقوڕ نەکەوی) [ف] مواظب.

مقیڕ: ۱) مکوڕ، کەسێ کە پێ لە گوناحی خۆی دەنێ؛ ۲) پێداگر [ف] ۱) اقرارکننده، معترف؛ ۲) مُصرّ.

مکارە: ئامرازی دارکوّلین [ف] ابزار کنده‌کاری چوب.

مکایل: ۱) ناوە بۆ فرشتەی ڕۆزیدابەشکەر؛ ۲) ناوە بۆ پیاوان؛ ۳) لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد [ف] ۱) میکائیل فرشتهٔ روزی؛ ۲) نام مردانه؛ ۳) روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

مکوڕ: ۱) مقیڕ؛ ۲) یاغی، سەرسەخت [ف] ۱) معترف؛ ۲) یاغی.

مکوریان: ناوی مەلبەندێکی پان‌و بەرینە لە کوردستان [ف] منطقهٔ مُکری.

مکوریانی: ۱) سەر بە مکوریان؛ ۲) خەلّکی مکوریان [ف] ۱) منسوب به «مکوریان»؛ ۲) اهل منطقهٔ مکری.

مگێز: ئارەزو، واز [ف] آرزو.

مل: ۱) ئەستو، گەردن؛ ۲) شان، شەپیلك، قوّل؛ ۳) هوزێکی کوردە لە کوردستانی ژێرچنگی ترك‌و سوریە [ف] ۱) گردن؛ ۲) کتف، بازو؛ ۳) از طوایف کُرد در کردستان.

ملّ: ۱) رەلّم، رەمەلّ، لیم، لم؛ ۲) مشك؛ ۳) جوّبرك؛ ۴) شتی زوّر وردو نەرم کە دەبیّتە توّلّا؛ ۵) حەول‌و بوّن‌کردن بوّ خواردن. دەگەلّ موّ دەگوترێ: (**ملّ**‌و موّ دەکا)؛ ۶) بلّ، نەرمی خراپ [ف] ۱) ریگ؛ ۲) موش؛ ۳) آبدزدك؛ ۴) هرچیز بسیار نرم و ریز که به هم می‌چسبد؛ ۵) جستجو و بوکشیدن به دنبال خوراك؛ ۶) لهیده.

ملا: ۱) سەران، بلّندایی کێوان؛ ۲) جوّرێ داوەت؛ ۳) عاشیرەتێکی کوردە [ف] ۱) بلندیها؛ ۲) نوعی رقص گروهی؛ ۳) نام عشیره‌ای است.

ملاچەپەرا: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد [ف] از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

ملاحەزە: ۱) ئاگاداری؛ ۲) مدارا [ف] ۱) مواظبت؛ ۲) مُدارا.

ملاز: خوّ بەزەمینەوە چەسپاندن‌و چاوەنوّڕی دەرفەت بوُن: (خوّی لێ **ملاز**داوە) [ف] بر زمین چسبیدن منتظر فرصت بودن.

ملاشك: بن میچی زار [ف] سقف دهان، سِق.

ملاقات: توّشی یەکتر بوُن، یەکتر دیتن [ف] مُلاقات.

ملاك: ۱) کەچەك، کەوچەك، کەفچی؛ ۲) چەژە، چێشکە: (**ملاکی** ناکەی) [ف] ۱) قاشق؛ ۲) چشیدن.

ملاك: جەرگ، کەزەب، جگەر [ف] جگر.

ملاکەت: فریشته، بەندەباڵدارەکانی خوا لە عاسمانان فـ فرشته.

ملان: ١) جۆرێ رەقس، ملا؛ ٢) سەر هەردوك شان؛ ٣) سەران فـ ١) رقص «ملا»؛ ٢) بالای هردوکتف؛ ٣) بلندیها.

ملانە: ١) زۆرەوانی؛ ٢) بەربەرەکانی فـ ١) کشتی؛ ٢) مقابله.

ملانێ: ملانە فـ نگا: ملانە.

ملایم: مامناونجی لە بەینی توندو سەبردا، لە بەینی گەرمو سارددا، سازگار فـ ملایم.

ملاییژە: ملاشك فـ سقف دهان.

ملپادان: بەزۆر ناچارکردن: (**ملی بادا لێی ساند**) فـ مجبورکردن.

ملبرکێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد فـ نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مل بەمله: ١) دەگژیەكڕاچوُن؛ ٢) رکەبەری؛ ٣) کێ بەرکێ فـ ١) باهم درافتادن؛ ٢) همچشمی؛ ٣) مسابقه.

مل بەملێ: مل بەمله فـ نگا: مل بەمله.

مل بیایش: ١) گوناحو تاوان خستنەسەر؛ ٢) سەرنانەسەر بۆ گاڵتەپێکردن فـ ١) تاوان رابه گردن دیگری انداختن؛ ٢) سر بەسر گذاشتن.

ملپان: برێتی لە تەمەڵی قەڵەو فـ کنایه از چاق تنبل.

ملپێچ: پارچەیێ کە لە ئەستۆی دەهاڵێنن فـ شال گردن.

مل پێوەنان: ١) برێتی لە کردنی کارێك و گوێ بە ئاکامی نەدان؛ ٢) دەس بەکاربوُن فـ ١) کنایه از ریسك کردن؛ ٢) دست به کار شدن.

ملت: تڵتە، خڵتە فـ تفاله، تەنشین.

ملتاف: دەردی گران فـ بیماری صعب‌العلاج.

ملتە: ملت فـ تفاله، تەنشین.

ملتیان: جاش باڵتە، پاڵتۆی کورتی تاسەر ئەژنۆ فـ پالتو کوتاه.

ملچ: مرچ فـ نگا: مرچ.

ملچاندن: مرچ کردن، دەنگ لەدەمهاتن لە کاتی خواردن و خواردنەوەدا فـ صدادادن دهان بەهنگام خوردن و آشامیدن.

ملچانن: ملچاندن فـ نگا: ملچاندن.

ملچۆك: کلچۆك فـ میل سرمەدان.

ملچەملچ: مرچەمرچ فـ صدای دهن هنگام خوردن.

ملچەوت: ١) گەردن کەچ؛ ٢) برێتی لە فەرمانبەر؛ ٣) برێتی لە گزیکار فـ ١) گردن کج؛ ٢) کنایه از مطیع؛ ٣) کنایه از حیله‌گر.

ملچی: ١) دەنگی ماچی توند؛ ٢) ملچەی دەم لە خواردندا فـ ١) صدای بوسه؛ ٢) صدای دهن هنگام خوردن غذا.

ملچێوك: کلچۆك، ملچۆك فـ میل سرمەدان.

مل خوار: مل چەوت فـ گردن کج.

ملخەت: کەنارەی هێڵی جوت کەبەکاسن بەرزەوەبوە فـ کنارهٔ بلندتر شیار شخم.

ملدان: ١) تەسلیم بوُن؛ ٢) بەقسەکردن، گوێ شل کردن فـ ١) تسلیم شدن؛ ٢) فرمانبرداری کردن.

مل دە بەرمل نان: ١) تێکەوەگلان؛ ٢) بە دڵگەرمی خەریکی کارێ بوُن فـ ١) گلاویزشدن؛ ٢) جدّاً مشغول بەکاری شدن.

مل دە بەرنان: بە دڵگەرمی خەریك بوُن فـ با جدّیت مشغول شدن.

ملدێ کەردش: ١) ملی بەخشڵ خەملاند؛ ٢) گوناحی خرایە ئەستۆ فـ ١) گردنبند بە گردن آویخت؛ ٢) محکوم شد.

ملدێ کەوتش: ١) تاوانی خرایە سەر؛ ٢) گوناحی لەملدا ما فـ ١) محکوم شد؛ ٢) گناه بە گردنش ماند.

ملڕاکێشان: ١) ملدان؛ ٢) قانع بوُن فـ ١) اطاعت کردن؛ ٢) راضی شدن.

مل ڕەچەقۆخستن: برێتی لە کاری خەتەر کردن فـ کنایه از ریسك کردن.

ملشکاندن: ١) برێتی لە زۆر زیان پێ گەیاندن؛ ٢) برێتی لە ڕۆیشتنی خوێنتاڵ: (با بڕوا **ملی خۆی بشکێنێ**) فـ ١) کنایه از آسیب رسانیدن؛ ٢) کنایه از رفتن مزاحم.

ملشۆ: پێسیر، ئێخە فـ گریبان.

ملشۆڕ: ١) شەرمەزار؛ ٢) تەسلیم فـ ١) شرمنده؛ ٢) تسلیم.

ملشۆڕی: شەرمەزاری فـ شرمندگی.

ملغە: باری، لۆسە فـ اهرم.

ملڤان: ١) گەردن بەند؛ ٢) قەڵادە فـ ١) گردنبند زینتی؛ ٢) قلّاده.

ملڤانك: ملڤان فـ نگا: ملڤان.

ملق: ١) بڵقی کوڵینی ئاو؛ ٢) جوێن، دژمان فـ ١) حباب آب در حال جوشیدن؛ ٢) دُشنام.

ملّق: فیز، دەعیە فـ تکبّر.

ملقە: دەنگی ئاوی فڕکراو لە گەروڕا فـ صدای گلو هنگام سرکشیدن مایع.

ملك: ١) کۆپار، دوگەوشتر؛ ٢) خوری نەقرتاو بەملی پەزەوە؛ ٣) کۆپاری گاو چێڵ فـ ١) کوهان شتر؛ ٢) پشم مانده برگردن گوسفند؛ ٣) برجستگی روی پشت گاو.

مڵك: زەمینی تایبەتی فـ مُلك.

مڵکانە: داهاتی خاوەن زەمین لە ڕەعیەتان فـ بهرهٔ مالکانه.

ملکڕ: مل کورت فـ گردن کوتاه.

ملکرن: لەسەر قەڵاندوش دانان فـ کول گرفتن.

مڵکنای: مژین فـ مکیدن.

ملکەچ: گەردن کەچ، ژێرفەرمان فـ فرمانبردار.

مل کەردش: ملدێ کەردش فـ نگا: ملدێ کەردش.

ملکەو: برێتی لە جوان و خوشیك فـ کنایه از دلبر زیبا.

مل کەوتش: ملدێ کەوتش فـ نگا: ملدێ کەوتش.

ملگێڕ: مروی ئەستۆخوارو خێچ فـ گردن کج.

مللا: دەرسی دین خوێندو فـ مُلّا، آخوند.

مللە: مللا فـ مُلّا، آخوند.

مل لەچەقۆخستن: برێتی لە کاری بقەکردن فـ ریسك کردن.

مل لەچەقۆساوین: برێتی لە کاری خەتەر کردن فـ کنایه از ریسك کردن.

مل لەچەقۆهەڵسوُن: مل لەچەقۆساوین ف کنایه از ریسك کردن.
مل‌لەمـوُباریکتر: بریتی لە ئامادە بۆ گشت‌فەرمانێ ف کنایه از آماده برای فرمانبرداری.
مل‌لێنان: مل‌پێوەنان ف نگا: مل‌پێوەنان.
ململانە: ١) رکەبەری؛ ٢) زۆرانی ف ١) همچشمی، رودررو ایستادن؛ ٢) کُشتی
ململانێ: ململانە ف نگا: ململانە.
ململین: بەخشکەوەبزوتن، جینگڵ‌دان ف خزیدن.
ملناسر: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
ملنان: دەس‌بەکاربوُن، مل‌پێوەنان ف دست به‌کار شدن.
ملنایەنە: بۆڵەبۆڵ ف غرولند.
مل‌نەدان: رازی‌نەبوُن، قبوڵ‌نەکردن ف قبول نکردن.
ملنیان: ١) ملدان؛ ٢) ملنان ف ١) تسلیم شدن؛ ٢) دست به‌کار شدن.
ملۆ: کوله، کولله، کلۆ ف ملخ.
ملوان: ملشۆ، بێسیر ف یقه.
ملوانکە: گەردن‌بەند، گەردانە ف گردنبند.
ملوانە: ملوانکە ف گردنبند.
ملۆچکە: مرۆچە، میرولە ف مورچه.
مڵۆچە: تەزین‌و خورانی پێست، مرۆچە ف مورمور.
مڵۆچە: گڵۆفین، لە ناو مشتا گوشین ف مچاله.
مل‌وُر: شەلاتی، زۆردار ف گردن کلفت، شارلاتان.
ملۆرە: مرۆچە ف مورچه.
مڵۆزم: جنۆکەی پیاوترسێن ف جنّ ترسناك.
مڵۆسنایش: ١) مژین؛ ٢) کێشان بەرەوخۆ ف ١) مکیدن؛ ٢) جذب کردن.
ملول: دڵشکاو، ڕەنجاو ف رنجیده.
ملولەی: دڵشکاوی، رەنجاوی ف رنجش.
مڵومۆ: گەڕان‌و بوُن‌کردنی زەمین بۆ پەیداکردن: (ڕێوی **مڵومۆ**دەکا) ف بوکشیدن و گشتن برای خوراك.
مڵوموُج: مڕومۆچ ف اخمو.
مڵوموش: مڵومۆ ف نگا: مڵومۆ.
مڵۆمە: داری دوُ بەردی دەستاڕ ف چوب وسط دستاس زیرین.
ملوەن: گەردن‌بەند، گەردانە ف گردنبند.
ملوێن: دوکلوُر، هەزارجار هەزار ف میلیون.
ملوێنك: ملوەن ف گردنبند.
ملوێنکە: ملوەن ف گردنبند.
ملوێنە: ملوەن ف گردنبند.
ملوێنەر: دەوڵەمەندی قەبە، لۆرت ف ثروتمند بزرگ، میلیونر.
ملوێنێر: ملوێنەر ف میلیونر.
ملە: ١) رکە، کێ‌بەرکێ؛ ٢) بستو، زینو ف ١) مسابقه؛ ٢) گردنهٔ کوه.
مڵە: ١) جۆبڕك؛ ٢) مشك ف ١) آبدزدك؛ ٢) موش.

ملەبـالا: گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
ملەبرکێ: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
ملەت: ١) پەیڕەو؛ ٢) کۆمەڵی لە ڕەگەزێك ف ١) پیرو، تابع؛ ٢) ملّت.
ملەپێچی: سەربزێوی ف تمرّد.
ملەتاتکێ: سەرهەڵێنان‌و نزم‌بوُنەوە بۆ دیتنی شتێ ف گردن کشیدن برای تماشای چیزی.
ملەچۆچە: قۆچەمل ف گردن بریدهٔ مرغ.
ملەخڕە: دەردێکە ئەستوی پێ دەماسێ ف بیماری آماس گردن.
ملەخڕێ: ملەخڕە ف بیماری آماس گردن.
ملەزەن: ریگر، گوڕان، چەتە ف دزد گردنه، راهزن.
ملەقوتە: ملەتاتکێ ف سرك کشیدن.
ملەقوتێ: ملەقوتە، ملەتاتکێ ف سرك کشیدن.
ملەقۆجە: ملەچۆچە، قۆچەملە ف نگا: ملەچۆچە.
ملەقۆچە: ملەچۆچە، قۆچەملە ف نگا: ملەچۆچە.
ملەقۆرتە: ملەچۆچە، قۆچەملە ف نگا: ملەچۆچە.
ملەك: بارێ کە دەخرێتە سەرشان ف باری که بر دوش گذارند.
ملەگا: ١) رێژاو؛ ٢) ملەی کێو، بستو، زینو ف ١) مصب؛ ٢) گردنهٔ کوه.
ملەگۆ: بەرموُر لە گۆی زێڕ ف گردنبند از گویچه‌های طلا.
ملەگەوێ: مالۆچ، مالۆچە ف گیاه ملوکیه.
ملەما: دەست‌لەملان ف دست به گردن.
مڵەما: ١) قەڵشی بابوێر؛ ٢) پەڕۆی بە زەردێنەهێلکە سواغ‌دراو بۆ سەر برین ف ١) سوراخ منفذ باد؛ ٢) پلاستر از زردهٔ تخم‌مرغ.
ملەماسێ: ملەخڕە ف آماسیدن گردن.
مل‌همبانی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
ملەملە: ١) رك‌بەرکێ؛ ٢) بەربەرەکانی؛ ٣) رکە، ملە، کێ‌بەرکێ ف ١) همچشمی؛ ٢) مبارزه با همدیگر؛ ٣) مسابقه.
ملەنیر: لیادێ کە لە بن نیرەوە دەچێتە سەر ملی گا ف تمد زیر یوغ بر گردن گاو.
ملەوانە: ١) ملوانکە؛ ٢) ملشۆ ف ١) گردنبند؛ ٢) یقهٔ پیراهن.
ملهور: مل‌وُر، شەلاتی ف شارلاتان، گردن کلفت.
ملەوێچە: مالۆچە ف ملوکیه.
ملهێب: شەن، شەنە ف افشون.
ملی: سەر بەهۆزی «ملا» کە لە کوردستانی ژێردەس سوریە دەبن ف از طایفهٔ «ملا» در کردستان.
ملێ: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستـایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
ملیاکەت: فریشتەی خوا ف ملائکه.
ملیان: بزوتن، چەکەرەدان ف جوانه‌زدن.
ملیای: ڕۆیشتن ف رفتن.

ملێب: شەنە، شەن، ملهێب ف افشون.
ملێبۆك: چەتاڵی هەواڵی کەوچك ف چنگال غذاخوری.
ملیجك: مەلیچك، چوڵەکە، چێشکە ف گنجشك.
ملیس: ئاریکاری هێزی چەکداری دەوڵەتی ف نیروهای مردمی.
ملێ‌ملێ: ملەملە ف نگا: ملەملە.
ملیوان: ملتوێ ف یقە.
ملیوانە: گەردانە ف گردنبند.
ملیەزە: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان کە توسط بعثیان ویران شد.
ممبارەك: پیرۆز، مبارەك ف مبارك.
ممبارەکبادی: پیرۆزبایی: (چا سوارت دەبم بە شادی شادی/ جارجار لێت دەکەم **ممبارەکبادی**) «بەیت و باو» ف تهنیت و تبریك.
ممکون: شیاوی بوٗن ف ممکن.
ممکین: ممکون، شیاوی بوٗن ف ممکن.
ممێ‌جێلە: لەو گونـدانـەی کوردستـانـە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
من: ١) راناوی تاکەکەسی قسەوێژ؛ ٢) کێشێکە ف ١) من، ضمیر متکلّم تنها؛ ٢) من، سەکیلوگرم.
منـاجـات: کەبار، بەدەنگ خوێندنی شێعر و دوعای ئاینی لە پارشێوی ڕەمەزاندا ف مُناجات.
منارە: ١) دروسکراوی زۆر قوٗچ لە مزگەوت بوٚ بانگدەر؛ ٢) گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف ١) منارە؛ ٢) از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.
مناسب: شیاو، ملایم ف مناسب.
منافق: دوٗڕوو ف منافق.
مناڵ: ١) فرزەند، ڕوٚڵە؛ ٢) زاروٚك ف ١) فرزند؛ ٢) کودك.
مناڵانە: ١) کاری وەك زاروٚکان؛ ٢) شتێ کە بوٚ زاروٚکان دەشێ ف ١) کار کودکانە؛ ٢) مناسب کودکان.
مناڵباز: بەچەباز ف بچەباز.
مناڵبازی: بەچەبازی ف بچەبازی.
مناڵ بوٗن: ١) زاروٚکی، ڕوٚژانی پچوٗکی؛ ٢) زان، بێچوهێنانی ژن ف ١) کودکی؛ ٢) زادن، بچەآوردن.
مناڵدار: خودانزاروٚ ف بچەدار.
مناڵدان: جێگەی پیزە لە زگدا ف زهدان.
مناڵوٚچکە: زاروٚی بچوٗك ف بچە کوچولو.
مناڵ وکاڵ: برێتی لە ڕوت و ڕەجاڵە ف رجّالە.
مناڵ ومەزن: مناڵ وکاڵ ف رجّالە.
مناڵەبەر: ژنێ کە زاروٚی شیرەخوٚرەی هەیە ف زنی کە بچۀ شیرخوارە دارد.
مناڵەورتکە: بچوٗك و زاروٚی کوٚڵان ف بچەهای قد و نیمقد.
مناڵەورکە: مناڵەورتکە ف بچەهای قد و نیمقد.
مناڵی: ڕوٚژگاری زاروٚکی ف بچگی.

منامنا: دیار و ئاشکرا، خویا ف نمایان.
منبارەك: ممبارەك، مبارەك، پیروٚز ف مبارك.
منتك: تەڕایی، لیچوٗن: (گوٚزە **منتك** دەدا) ف تراوش.
منج: ١) توٚم؛ ٢) پنج ف ١) بذر؛ ٢) بوتە، ریشە.
منجل: پەڵەپەڵەی باقر بوٗنی مس ف لکەهای روی ظروف مسین.
منجە: دەنگی لوٗتی گن ف صدای سخن در بینی.
منجەڵە: پەڵەی باقری، منجل ف نگا: منجل.
منجەمنج: گنەگن ف صدای پیاپی حرف زدن در بینی.
مندار: ١) مناڵ؛ ٢) مردار ف ١) بچە؛ ٢) مُردار.
مندارانە: مناڵانە ف بچگانە.
مندارباز: بەچەباز، لوسکەباز ف بچەباز.
مندارباز‌ڕ: کار و باری زاروٚکانە ف کار بچگانە.
مندارباز‌ی: ١) لوسکەبازی؛ ٢) کاری مناڵانە ف ١) بچەبازی؛ ٢) کار بچگانە.
مندار بوٗنەوە: مردنی حەیوان بەبێ‌سەربڕین ف مردار شدن.
منداردان: مناڵدان ف زهدان.
مندارکردنەوە: خراپ‌سەربڕینی حەیوان کە گوٚشتی نەخورێ ف ذبح حرام.
مندارومەزن: مناڵومەزن ف رجّالە.
مندارەورتکە: مناڵەورتکە ف بچەهای قد و نیمقد.
مندارەوەبو: مردارەوبوٗگ ف مُردار شدە.
منـداری: ١) منـاڵی؛ ٢) مردارەوەبـوٗن؛ ٣) گلاوی ف ١) بچگی؛ ٢) مُردارشدن؛ ٣) پلیدی.
منداڵ: مناڵ ف نگا: مناڵ.
منداڵانە: مناڵانە ف بچگانە.
منداڵباز: مناڵباز ف بچەباز.
منداڵ بازاڕ: مناڵ بازاڕ ف نگا: مناڵ بازاڕ.
منداڵ بازی: مناڵ بازی ف بچەبازی.
منداڵدار: مناڵدار ف بچەدار.
منداڵدان: مناڵدان ف زهدان.
منداڵوٚچکە: مناڵوٚچکە ف بچە کوچولو.
منداڵوٚك: مناڵوٚچکە ف بچە کوچولو.
منداڵوٚکە: مناڵوٚچکە ف بچە کوچولو.
منداڵەبەر: منداڵ‌لەبەر، ژنێ کە منداڵی چکوٚڵەی هەیە ف زنی کە بچۀ شیرخوارە دارد.
منداڵەورتکە: مناڵەورتکە ف بچەهای قدونیمقد.
منداڵەورکە: مناڵەورتکە ف بچەهای قد و نیمقد.
منداڵی: مناڵی ف بچگی.
مندێر: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
منژی: مژی، ئەمنیش ف من هم.
منفەحەت: قازانج، بەهرە ف سود.

منفه‌عه‌ت: منفه‌حه‌ت، به‌هره ف سود.
منکیر: دژی شێخی ته‌ریقه‌ت ف مخالف پیر طریقت.
منگ: منجه، قسه‌کردن له که‌پۆدا ف تودماغی.
منگاندن: گن قسه‌کردن ف تودماغی حرف زدن.
منگن: گن ف کسی که تودماغی حرف می‌زند.
منگه: منگ ف حرف تودماغی.
منگه‌منگ: منگه‌ی له‌دوی یه‌ك ف «منگه»، پیاپی.
منم: خۆمم ف من هستم، منم.
من‌من: قسه‌ی خۆبه‌زل‌زان: (هه‌ر **من‌من**‌یه‌تی) ف منم منم، سخن خودستای.
منمنك: ١) په‌پوله؛ ٢) جۆرێ په‌پوله‌ی خالدار ف ١) پروانه به طور عام؛ ٢) نوعی پروانهٔ خالدار.
منمنۆك: ١) جۆرێ په‌پوله‌ی خالدار؛ ٢) خۆپه‌سند ف ١) نوعی پروانهٔ خالدار؛ ٢) خودستای.
منمنه: زه‌نگیانه ف منجوق.
منوتۆ: خۆم‌و خۆت ف من وتو.
من‌وتۆیی: لێك‌جیایی، فه‌رق‌و جیاوازی ف جدایی، ضدّ یگانگی.
منۆل: پارچه‌یه‌کی ئه‌ستوور و قایمه ف پارچه‌ای محکم.
منه: ١) چۆنه‌ژێر باری چاکه‌ی که‌سێ؛ ٢) په‌له‌و له‌ز به‌ره‌و کارێك، پاپاکردن: (بانگی که‌م هه‌ر **منه** ده‌کا)؛ ٣) مۆرو به زمانی زارۆکان ف ١) منّت؛ ٢) شتاب در راه تحصیل چیزی؛ ٣) مهرهٔ زینتی در لهجهٔ کودکانه.
منه‌ت: سپاس، منه ف منّت.
منه‌تبار: سوپاس گوزار ف سپاسگزار.
منه‌تباری: سوپاس له چاودا ف سپاسگزاری.
منه‌تخوارن: منه‌تباری ف سپاسگزاری.
منه‌تدار: منه‌تبار ف سپاسگزار.
منه‌تکار: منه‌تبار ف سپاسگزار.
منه‌ت‌هه‌لگرتن: چۆنه‌ژێر باری چاکه ف منّت کشیدن.
منه‌قا: جۆرێ ترێ ف نوعی انگور.
منه‌من: ١) من‌من؛ ٢) بۆله‌و پرته ف ١) خودخواهی، منم‌منم؛ ٢) غرولند.
منه‌منه: بۆله‌و پرته ف غرولند زیرلبی.
منهۆ: مه‌تن، نوسراوی ناو کتێب ف متن کتاب.
منه‌وشه: وه‌نه‌وشه ف گل بنفشه.
منه‌یی: په‌له‌کردن له رێگای شتێکا ف شتاب در راه تحصیل چیزی.
منێ: ١) خۆیا، به‌رچاو؛ ٢) تۆژینه‌وه، لێ‌کۆلینه‌وه؛ ٣) دوگونده‌ی کوردستان به‌م ناوه به‌عسی کاولی کردوه ف ١) آشکار، نمایان؛ ٢) پژوهش، کندوکاو؛ ٣) دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.
منیانش: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

منیش: مژی، خۆشم ف من هم.
منێ‌کار: تۆژه‌ره‌وه، شی‌که‌ره‌وه ف پژوهشگر.
منێ‌کرن: منێ‌کاری ف تحقیق کردن، پژوهش کردن.
منێ‌منێ: زه‌نگیانه ف خرزه‌های بسیار ریز، منجوق.
منینێ: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
مو: ١) تووك، ئه‌و تالانه‌ی له پێست ده‌ڕوێن؛ ٢) نه‌خۆشیه‌که له قامك دێت زور به‌ئێشه؛ ٣) جۆرێ کولکه‌ی زبری بزن؛ ٤) ئێمه، خۆمان؛ ٥) نوکی ده‌رزی؛ ٦) سه‌ر لێوی تیژی تیخ؛ ٧) کول‌و خه‌م؛ ٨) من، ئه‌من ف ١) مو؛ ٢) کژدمه؛ ٣) پشم نوعی بز؛ ٤) ما؛ ٥) نوك سوزن؛ ٦) لبهٔ تیز تیغ؛ ٧) غم و اندوه؛ ٨) من.
مۆ: ١) گزیر، کاربه‌ده‌ستی ئاغاو خان؛ ٢) پشتی ته‌شوێ‌و ته‌ور؛ ٣) له‌دوای مل واتا: حه‌ول‌دان‌و بۆن‌کردن له‌شوێن خواردن: (**مل‌و مۆ** کردن) ف ١) مُباشر ارباب؛ ٢) عقب تیشه و تبر؛ ٣) به‌دنبال «مل» به معنی بوکشیدن و جستجو برای خوراك است.
مواجب: جیره، مانگانه ف حقوق و مُستمرّی.
مواره‌ك: پیرۆز، ممباره‌ك ف مبارك.
مواره‌کبادی: ممباره‌کبادی، پیرۆزبایی ف تبریك.
موافیق: رازی، قایل ف موافق.
موانه: به‌ره‌مێو، به‌ره ف نگا: به‌ره‌مێو.
موانی حه‌مه که‌ریم: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
موانی میرزا: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
موباشیر: مۆ، مباشیر، گزیر ف مباشر ارباب.
موبڕ: زۆر کیپ، توند به‌سه‌ریه‌کادریاو: (په‌نجه‌ره‌که **موبڕه**) ف کیپ، بدون منفذ.
موبڕه: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
مۆبه‌ت: محه‌به‌ت، خۆشه‌ویستی ف محبّت.
مۆبه‌ق: مدبه‌ق، جێگه‌ی چێشت‌لێنان ف آشپزخانه.
مۆبه‌مو: برێتی له پشکنینی زۆر به‌چاکی ف کنایه از تفتیش دقیق.
مۆت: دۆشاو، دمس، شۆك، دفس ف شیرهٔ انگور.
مۆتاب: که‌سێ که خه‌شه‌و خه‌رار دروس ئه‌کا ف موتابجی.
مۆتاز: ئاتاج، هه‌ژار، چاوله‌ده‌س ف مُحتاج.
موتالا: متالا، خوێندنه‌وه‌ی بێ‌ده‌نگ‌و هه‌ر به‌چاو ف مطالعه.
مۆتاو: ١) مۆتاب؛ ٢) تاله‌مو، تاله‌به‌نی مو ف ١) موتابچی؛ ٢) تار مو.
مۆتك: زاوکه، مارکه ف نگا: مارکه.
مۆتك: مۆرد، مۆرتك ف درختچهٔ آس.
موتکا: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
موتلجه: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد ف نام روستایی در

کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مۆتۆڕ: ماتۆڕ ف موتور.

موتوربە: متوربە، پەیوەندی دار ف پیوند درخت.

موتورفە: ١) متورفە، زۆر جوان و بێ‌هاوتا؛ ٢) موتوربە ف ١) بسیار زیبا و ظریف؛ ٢) پیوند درختی.

مۆتە: ١) شەوە، جۆرێ خەونی بەترس کە هەناسەی پیاو سواردەکا؛ ٢) پوکاوڵە ف ١) کابوس؛ ٢) ام.

موُتە: مەلێکی پۆپەداری زۆر دەنگ‌خۆشە ف پرنده‌ای است کاکلی و خوش‌آواز.

موُتەبەر: بەنیحتوبار، جێگەی متمانە ف مُعتبر، مطمئن.

مۆتەکە: مۆتە، شەوە ف کابوس.

موتەموت: مڵ‌ومۆ ف نگا: مڵ‌ومۆ.

موتەهەم: متەهەم ف متّهم.

مۆتی: دۆشاو، موت، دفس، دمس، ئاقیت ف شیرهٔ انگور.

موُتی: مۆتی ف شیرهٔ انگور.

مۆجزات: ١) کارێ کە لەدەس بنیادەمی ئاسایی نەیەت؛ ٢) بلیمەت و زۆر زیرەك ف ١) مُعجزه؛ ٢) نابغه.

مۆجزە: مۆجزات ف نگا: مۆجزات.

مۆجگاری: ئامۆژگاری ف اندرز.

مۆجلا: مرۆچە، مێرو، مێروُلە ف مورچه.

مۆجلە: مۆجلا، مرۆچە ف مورچه.

مۆجیاری: مۆجگاری، ئامۆژگاری ف اندرز.

مۆچ: ١) روگرژ؛ ٢) ماچ؛ ٣) ئامۆژگاری؛ ٤) ڕەگی بەرزی پشتی دەست؛ ٥) گوێ‌شۆڕکردنی یەکسم: (ئەم ئێسترە مۆچی کردوە)؛ ٦) قیت، قوت ف ١) اخمو؛ ٢) بوسه؛ ٣) اندرز؛ ٤) رگهای نمایان پشت دست؛ ٥) گوش فروهشتن ستور؛ ٦) برجسته.

موُچ: ١) جومگە؛ ٢) ڕوناخۆش: (مڕ و موُچ)؛ ٣) ماچ، راموس: (ماچ و موُچ)؛ ٤) لار، چەمین، چەڤین؛ ٥) قوت. بۆ گوێ دەڵێن: (گوە موُچ کرن) ف ١) مچ؛ ٢) اخمو؛ ٣) بوسه؛ ٤) خم؛ ٥) تیزشدن گوش.

موچاچ: پرچی دەسکار ف کُلاه‌گیس.

موچاخ: پرچی بەدەڵ، موچاچ ف کُلاه‌گیس.

موُچاندن: داهێنانەوە، لارکردنەوە ف خم کردن.

مۆچانن: ئامۆژگاری‌کردن ف اندرز دادن.

موُچانن: موُچاندن ف خم کردن.

موُچانەوە: لارکردنەوە، خوارکردنەوە، چەماندنەوە ف خم کردن.

موُچانە: ١) جیرە؛ ٢) باجی خاوەن‌مڵك لە ڕەعیەتی جوُت‌بەندە ف ١) جیره، مستمرّی؛ ٢) سهم ارباب از محصول، بهرهٔ مالکانه.

موُچرك: ١) مچورك، تەزوی لەش؛ ٢) مشەمای دەرمان کە بە پێستەوە دەلکێنرێ ف ١) تیرکشیدن اندام؛ ٢) پلاستر.

مۆچرکە: مچورك ف تیرکشیدن اندام.

مۆچك: کەپوُلە، پێوانەی چکۆڵەی دارین ف پیمانهٔ کوچك چوبین.

موُچك: توُکەبەر ف موی زهار.

مۆچ کردن: ١) گوێ‌شۆڕکردنی یەکسم؛ ٢) ماچ کردن، راموُسان ف ١) گوش فروهشتن ستور؛ ٢) بوسیدن.

مۆچکە: ئامۆژگار، مۆجیار ف اندرزگو.

مۆچە: لەوەڕێکە لە ئەسپەناخ دەکا ف علفی است شبیه اسفناج.

موُچە: ١) بەش؛ ٢) جیرە؛ ٣) کێڵگەی بەشی ماڵێکی جوُت‌بەندە؛ ٤) جومگە؛ ٥) دوعای نوسراو، نوشتە ف ١) بخش؛ ٢) مستمرّی؛ ٣) مزرعهٔ یك خانوادهٔ کشاورز؛ ٤) مُچ؛ ٥) دعای نوشته شده.

موُچەخۆر: جیرەخۆر: (کاکم **موُچەخۆری** دەوڵەتە، کاکت **موُچەخۆری** خانە) ف حقوق بگیر، مستمرّی بگیر.

موُچەموُچە: بەشەبەشە ف بخش بخش.

موچەوانە: دەسبەندی خشڵ ف دستبند زینتی.

موُچەوانە: موچەوانە ف دستبند زینتی.

موچیا: جومگەی پا ف مچ پا.

مۆچیار: ئامۆژگار، نسحەتکەر ف اندرزگو.

مۆچیاری: ئامۆژگاری ف اندرزگویی.

موُچیانەوە: داهاتنەوە، چەمانەوە ف خم شدن.

موچین: جومگەپێچ ف مچ پیچ.

موُچینك: ئامرازی موُ لەپێست‌هەڵکێشان کە ماشەیەکی پچوُکی سەرتیژە ف موچین.

موحبەت: موُیەت، ئەڤین، دڵداری ف عشق، محبّت.

موحتەبەر: بەڕێز و قەدر ف معتبر.

موحتەرەم: موحتەبەر ف معتبر، محترم.

موحەللەق: محەللەق ف نگا: محەللەق.

موحەننەك: محەننەك ف اسب نجیب.

موخ: ١) مژی، ئەوی دەکاسەی‌سەردایە؛ ٢) مژی ناو ئێسکی ئەندام ف ١) مغز؛ ٢) نخاع.

موخابن: مخابن، حەیف، بەداخەوە ف دریغا.

موختەسەر: کورتە، قسەی دریژی کورتەوەکراو ف مختصر.

موُخرکە: نەخۆشیەکی سەری مناڵانە، خرکانە ف نوعی بیماری سر کودکان که سبب ریزش مو می‌شود.

مۆخ کێشان: برێتی لە ئەرك‌پێدان و جاڕزکردن ف کنایه از زحمت دادن و پکر کردن.

مۆخڵ: مخل، ئامرازی ئاردداپێژتن ف الك.

مۆخل: ١) هێڵەگ؛ ٢) پاڵوێنە ف ١) آلك؛ ٢) پالونه.

موُخل: ١) هێڵەگ؛ ٢) پاڵوێنە؛ ٣) کەوگیر ف ١) آلك؛ ٢) پالونه؛ ٣) کفگیر.

موخلیس: خزمەتکاری بەئەمەگ ف مُخلص.

موخور: دەموُکانە، دەنوکە ف دبق، مویزك.

موُخۆر: دەرمان‌حەمام، داڕو ف واجبی.

موخورب: کاتی ڕۆژئاوابوُن ف تنگ غروب.

موخۆرکە: موُخرکە، خرکانە ف نگا: موُخرکە.

مۆد: داب، ڕێوشوێنی تازەبابەت ف مُد.

مۆد: ١) شەڕەقسە؛ ٢) ئیرەیی؛ ٣) دژایەتی ف ١) جَدَل؛ ٢) حسادت؛ ٣) مُخالفت.

مودار: چاوێ کە نەخۆشی موی گرتبێ ف چشم بیمار از نوعی درد.

مۆدانلو: هۆزێکی کوردە لە مازندەران ف عشیرەای است کُردزبان.

مۆدنە: دەمنە، باسك، دارجگەرە: (سەهم و نەسیب ئەسڵێیە باسی گیاو گڵ نیە/ تۆتنـە خەرجی سۆتنـە مۆدنە ماچی لەب دەکا) «نالی» ف چوب سیگاری.

مودور: کارگێڕ ف مُدیر.

مۆدە: ١) ژنێ کە بەرگی فەرەنگی دەبەرکات؛ ٢) شاکاشی ف ١) زن آلامد؛ ٢) کاسهٔ بزرگ سفالی.

مۆدە: ژێهاتی، هەڵکەوتە، لێهاتو ف سرامد و شایسته.

مودیر: مودور ف مُدیر.

مۆڕ: تاڵی شاری، ئەزوا ف صبر، الوا.

مۆر: ١) ڕەنگی بنـەوش؛ ٢) دەس لێ نەدراو، کارپێ نەکـراو؛ ٣) ناوی لەکانزاکەندراو بۆ لەسەرکاغەزدانان؛ ٤) جانەوەرێ پچوکە دار دەخوا، مۆرانە؛ ٥) مرۆچە؛ ٦) خۆڵەکەوە، بوڵ؛ ٧) مار؛ ٨) تەرح و دیدار ف ١) بنفش رنـگ؛ ٢) بکر و دست نخورده؛ ٣) مهر امضاء؛ ٤) موریانه، حشرەای است؛ ٥) مورچه؛ ٦) خاکستر؛ ٧) مار؛ ٨) شکل و شمایل.

مۆڕ: ١) روگرژ، مۆچ؛ ٢) بە چاوی زەق ڕوانین: (لێم مۆڕەبوُن) ف ١) اخمو؛ ٢) نگاه خیره.

موُر: ١) سوُچ، گۆشە؛ ٢) باڵدار، مر؛ ٣) شیوەن؛ ٤) بریتی لە ڕۆژو؛ ٥) مرۆچـە؛ ٦) شتی چکۆڵەی سماو بۆ جوانی و خشڵ: (بەرموُر، مت و موُر)؛ ٧) چڕ و چاو: (موُرێ خۆ تاڵ کرد)؛ ٨) بڕەدار ف ١) گوشه؛ ٢) مرغ؛ ٣) مویه؛ ٤) کنایه از روزه؛ ٥) مورچه؛ ٦) خرزه؛ ٧) رخسار؛ ٨) قطعه هیزم.

مورا: کوُژەکـەی شین کە بۆ چاوزار لەشـانی مناڵی دەدەن ف خرزی است کبود برای دفع چشم زخم.

موُراست بوُنەوە: بریتی لە توُرەبونی زۆر یان ترسانی زۆر ف سیخ شدن مو از خشم یا ترس.

مۆران: ١) تەمومژ؛ ٢) دوُکەڵ، کادو؛ ٣) مۆریانە ف ١) مه؛ ٢) دود؛ ٣) موریانه.

مۆرانە: جانەوەری دارخۆر ف موریانه.

مۆڕبوُنەوە: بە زۆیی چاو تماشاکردن ف خیره‌خیره نگاه کردن.

مورت: ١) توُکەبەر، موی بەرگەدە؛ ٢) وردەمو کە لە پێستەی دەژنن ف ١) موی زهار؛ ٢) ریزه مو که از پوست حیوان برکنند.

مورتخە: مازەپشت، بڕبڕە ف ستون فقرات.

مۆرتك: ١) دەوەنێکی بوُن خۆشە؛ ٢) پیاوعاقڵی ئاوایی ف ١) درختچهٔ مورد؛ ٢) پیر دانا.

مۆرتکـە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مۆرجلا: مێروُڵە، مرۆچە ف مورچه.

مۆرجەلا: مۆرجلا ف مورچه.

مۆرخانە: قاشەئەنگوستیلە ف نگین.

مۆرد: ١) مۆرتك؛ ٢) جانەوەرێکە پەشم دەخوا ف ١) درختچهٔ آس؛ ٢) حشرهٔ بید.

موردار: مردار، لاشەی تۆپیو ف مُردار.

مۆردار: جێ متمانەی پاشاو خان ف مُهردار پادشاه و خان.

مۆردانە: جێگەی مۆرد ف رویشگاه درختچهٔ آس.

مۆردخوارده: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە ف دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.

مۆردەم: ١) مرۆڤ؛ ٢) پیاو، نێری بنادەم ف ١) مردم؛ ٢) مَرد.

مۆردەمەنی: ١) خزمایەتی، خوێشی؛ ٢) مرۆڤایەتی، جوانمێری ف ١) خویشاوندی؛ ٢) جوانمردی.

مۆردەن: مردن ف مرگ.

مۆردەنە: ١) مـردن؛ ٢) هەژماردن، حەسـاوکردن ف ١) مـرگ؛ ٢) برشمردن.

موردین: گونـدێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مۆرزەلا: مێروُڵە، مرۆچە ف مورچه.

مورسیکا: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مورشید: مرشود ف مرشد.

مۆرك: جۆرێ ترێ ف نوعی انگور.

موُرك: ١) موُری خشڵ؛ ٢) پێشکەی زۆر وردیلە ف ١) خرزه؛ ٢) پشهٔ ریز.

مۆرکردن: ئیمزاکردن بە مۆر ف مُهرگذاشتن.

مۆرکـری: شوُشەو ئەسپابی سەربەمۆرو دەس لێ نەدراو ف لاك و مهر شده و دست نخورده.

موُرك لەخۆنان: بریتی لە خۆبەزل‌شاندان و تاریفی خۆکردن ف کنایه از لاف بی‌معنی زدن.

موُرك و مایە: ڕێزو حورمەت ف وقار و سنگینی.

مۆرکە: مۆرانەی خوری خۆر ف حشرهٔ بید.

موُرگ: ١) موُر، موُرك؛ ٢) مرۆچە ف ١) خرزه؛ ٢) مورچه.

موُرگـەبـا: جۆرێ موُرکی سپی کە بە پیرۆز دەزانرێ ف نوعی خرزهٔ سفید شگون‌دار.

موُرگەکەوڵە: کوُژەکە ف خرمُهره.

موُرگەکەوەڵە: موُرگەکەوڵە، کوُژەکە ف خرمُهره.

مۆرمان: ژیلەمۆ، زیلەمۆ ف خاکستر داغ.

موُڕن: بەری دەموکانە ف ثمر مویزك.

مۆرنان: شەقڵ‌کردن، دیاری کردن ف علامت گذاشتن.

موُڕنین: بریتی لە دەربڕینی خەم یان توُڕەیی زۆر ف کنایه از اظهار اندوه یا خشم بسیار.

موُروُ: ١) موُرك، موُر، موُرگ؛ ٢) هەمرێ، هەرمێ ف ١) خرزه؛ ٢) گُلابی.

موروان: باڵداران ف مرغان.

مورۆز: ١) کزیو ماتی؛ ٢) بەدبەختی، کلۆلی ف ١) اندوه؛ ٢) بدبختی.

مۆرولە: ١) مۆروەئاش؛ ٢) دارۆکێکە لە نێوان مژانەو ئێرەقە؛ ٣) بەرکوڵە ف ١) مهرهٔ قطب آسیا؛ ٢) ابزاری درخیش؛ ٣) نگا: بەرکوڵە.

مۆروەئاش: بەردێ خڕە لەبن تەوەرەی ئاسیاودا ف مهرهٔ قطب آسیا.

مۆروەبا: مۆرگەبا ف نگا: مۆرگەبا.

موروەتا: مورویکی شینە ف مهره‌ای زینتی آبی رنگ.

موروەسەراو: جۆرێ موروە ف نوعی مهرهٔ زینتی.

مۆروەشین: کانزایەکە بە ڕەنگی شینی توخ بۆ دەرمان دەشێ ف زاج کبود.

مۆروەشینە: مۆروەشین ف زاج کبود.

مۆروەکەرانە: مۆرگەکەولە، کۆژەکە ف خرمهره.

موروە لەرزە: جۆرێ موروە ف نوعی مهرهٔ زینتی.

مۆرویئاش: مۆروەئاش ف مهرهٔ قطب آسیا.

مۆرویشین: مۆروەشین ف زاج کبود.

مۆرە: ١) چینەی دیواری قوڕ؛ ٢) لەتی بەمشاربڕاو لە کۆلکەدار؛ ٣) زاری تەختەنەرد؛ ٤) مۆرتخە؛ ٥) لۆرە، گۆرانی بەسۆزە؛ ٦) باو، ڕەمێن ف ١) چین دیوار گلی؛ ٢) قطعهٔ کُندهٔ بریده با ارّه؛ ٣) مهرهٔ نرد؛ ٤) مهرهٔ فقرات؛ ٥) زمزمه؛ ٦) رواج، مُد.

مۆڕە: ڕوانین بە چاوی زەق و بە تووڕەیی ف خیره و خشمناك نگاه کردن.

مۆرە: ١) پارچەی بەمشاربڕاو لە کۆلکەدار؛ ٢) پەلەپیتکە، بەردوکەی کە بە دو پتە دەهاویژێ؛ ٣) چەکوچ؛ ٤) مۆرتخە ف ١) قطعهٔ با ارّه بریده شده از کُنده؛ ٢) زاغوك؛ ٣) چکش؛ ٢) مهرهٔ فقرات.

مۆرەبەسەرچوٗن: لەبرەکەوتن ف از رواج افتادن.

مۆرەتتەب: ڕێکوپێک، تەکوز ف مرتّب.

مۆرەد: بڕبەند، مڕمەند ف سوهان.

مورەسەنگ: مۆرۆلەی ئاش ف مهرهٔ قطب آسیا.

مۆرەغە: مازە، مۆرتخە، بڕبڕە ف مهرهٔ فقرات.

مۆرەغە: مۆرەغە ف مهرهٔ فقرات.

مۆرەڤا: مرێبا ف نگا: مرێبا.

مۆرەقاوشان: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

مۆرەقە: مۆرانەی لاسکی دەخڵ و دارخۆر ف موریانهٔ ساقه و درخت.

مۆرەکە: ١) مۆرەقە؛ ٢) مورا ف ١) نگا: مۆرەقە؛ ٢) خرمهره.

مورەکی: جۆرێ مێوژ ف نوعی مویز.

مورەگە: مۆرەغە ف مهرهٔ فقرات.

مۆرەمۆر: لۆرەلۆر ف زمزمه، ترنّم.

مۆرهەڵکەن: کەسێ کە ناو لە کانزا دەکەنێ ف حکّاك.

مۆری: ١) مسقاڵێ لە زەنگیانە؛ ٢) مرۆچە؛ ٣) مۆرو؛ ٤) خامی زۆر سپی کە دەکرێتە کراسی پیاوانە ف ١) یك مثقال منجوق؛ ٢) مورچه؛ ٣) خرزه، مهرهٔ زینتی؛ ٤) چلوار.

مۆڕی: ١) مۆچی، ڕوگرژی؛ ٢) زەق، بەزەقەوە تماشاکردن ف ١) اخم؛ ٢) چشم آغل، خیره نگاه کردن.

مۆری: مرۆچە ف مورچه.

مۆڕێ: مۆرتخە، مازەپشت، بڕبڕە ف ستون فقرات.

مۆریژان: گیایەکە مار توخنی ناکەوێ ف گیاهی است که مار از آن می گریزد.

مۆریژانك: مۆریژان ف نگا: مۆریژان.

مورێژە: دەردی توك لێ وەرین ف بیماری ریزش مو.

مورێس: تەشیڕێس لە موی بزن ف ریسندهٔ مو.

مۆریسان: شارەمێرو، کونمرۆچە ف لانهٔ مورچگان.

مورێش: گەنمەبەهارە ف گندم بهاره.

مورێشی: مورێش ف گندم بهاره.

مۆریلە: مرۆچە ف مورچه.

مورێن: قوڕەو بۆڕەی گاگەل ف صدای گاوان.

موریە: هەمرێ، هەرمێ ف گلابی.

مۆز: ١) جانەوەریکە لە تیرەی ژەنگەسوٗرەو درشت‌تر بەڕەنگی زەردو سەوز هەیە؛ ٢) میوەیەکە لە وڵاتی گەرمەسێرەوە دێت؛ ٣) گوڵێکی باڵابڵندی ڕەنگ ئاڵە گەڵای زۆر پانە؛ ٤) باڵدارێکی بچوکە پێشکە دەخوا؛ ٥) دەورەدانی ژن: (هەر **مۆزمۆزیەتی** لە دەوری ئەو ژنە) ف ١) مزمز، کونکاون؛ ٢) میوهٔ موز؛ ٣) گل اختر؛ ٤) پرنده‌ای کوچك پشه‌خوار؛ ٥) لاس زدن.

مۆز: ١) جلیت، جریت؛ ٢) جلیت‌بازی ف ١) نگا: جلیت؛ ٢) نگا: جلیت‌بازی.

مۆزات: موٗجزات ف معجزات.

مۆزبەرە: جلیت ف نگا: جلیت.

مۆزر: چاوچنۆك، چاونەزێر ف طمعکار.

مۆزریك: ئاورینگ، پریشکی ئاگر ف جرقه.

مۆزك: مۆزەشینە کە گاوگۆڵ ڕاودەنێ ف خرمگس.

مۆزك: کەوش، پێڵاو ف پای‌افزار.

مۆزکردن: ڕاکردنی گاو گۆڵ لە ترسی پێوەدانی مۆز ف رم کردن گاو از مزمز.

مۆزکرن: مۆزکردن ف نگا: مۆزکردن.

مۆزگرتن: مۆزکردن ف نگا: مۆزکردن.

مۆزە: عەنتیکەخانە ف موزه.

مۆزەبەش: جۆرێ قالۆنچەی سوٗرە ف نوعی ساس.

مۆزەخانە: مۆزە ف موزه.

مۆزەر: ١) مەلیپۆڕ؛ ٢) لەش سپیو موبۆر ف ١) دُرّاج؛ ٢) شخص پوست سفید مو بور.

مۆزەشینە: موزك: (**مۆزەشینە** بە چوٗزەلە/ گوێلکی خستونە هەلوەلە) «هەژار» ف خرمگس.

مۆزەلان: مۆڵگە، جێحەسانەوەی گاران لە چۆڵ ف استراحتگاه گلهٔ گاو در دشت.

مۆزەمۆز: بە دەورا هاتن بەتەمایەك ف به دور چیزی گشتن به منظور

خاصی.
مۆزی: کونی کێر، شوێنی هاتنەدەری گمێز ف مجرای خروج ادرار مردان، سوراخ ذَکَر.
مۆزیقا: شەیپور، بۆڕیە ف شیپور.
مۆزیقە: مۆزیقا ف شیپور.
مۆزیقەچی: بۆڕیژەن ف شیپورنواز.
مۆزیقەلێدان: بۆڕیژەنی ف شیپورنوازی.
مۆزیك: ١) پارگوێل، پارێن؛ ٢) زاروی ژن لە مێردی‌تر؛ ٣) کونی کێر ف ١) گوسالهٔ دوساله؛ ٢) بچهٔ زن از شوهردیگر؛ ٣) سوراخ ذَکَر.
موٌزیك: موٌسیقا ف موٌزیك.
موژ: مژ، هەوری نەوی ف مه.
مۆژ: ١) لوٌت‌پان؛ ٢) گۆلاوی پچوٌك ف ١) بینی پهن؛ ٢) استخر کوچك.
مۆژدە: مزگێنی، خەبەری خۆش ف نوید.
مۆژگاری: ئامۆژگاری ف اندرزگویی.
مۆژلا: مرۆچە، میرولە ف مورچە.
مۆژلە: مۆژلا ف مورچە.
مۆژلەی کوتکان: مێروی درشت، میروەعەجەمانە ف مورچهٔ درشت.
مۆژنایش: نیشان‌دان، لەبەرچاوڕانان ف نمودن، نشان دادن.
مۆژە: خەم، خەفەت ف اندوه.
موژەلانك: برۆ ف ابرو.
مۆژیار: ئامۆژگار ف اندرزگو.
موژین: بژۆڵ، بژانگ، برژانگ ف مژگان.
موٌس: ١) ماچ، رامـوس، رامـوٌسـان؛ ٢) گوٌزان، گوێزان؛ ٣) چەورە، گەڕیدە بۆ خواردن ف ١) بوسه؛ ٢) استره؛ ٣) طفیلی.
موٌسا: ناوە بۆ پیاوان ف نام مردانه، موسیٰ.
موسایا: فێرکراو، تالیم‌دراو، هەڤۆتی ف آموزش یافته.
موسایش: فێربوٌن، هەڤۆتن، ڕاهاتن ف یادگرفتن.
موساینە: فێرکردن، درزدادان، ڕاهێنان ف یاددادن.
موٌسایی: جوٌ، جوٌلەکە ف یهودی.
مۆست: ماست، ماس، شیری هەوێن کراو ف ماست.
مۆسترە: سۆسرەت، سەمەرە، سەیر ف عجیب.
مۆستك: مەمکەمژ، مەمکەی دەسکردی زارۆخەڵەتێن ف پستانك بچّه.
موستەحەق: مستەحەق ف مستحق.
موستەهەق: مستەحەق ف مستحق.
مۆسقۆف: ١) ڕوٌس نەژاد، عروس؛ ٢) پێتەختی عروس، مەسکەو ف ١) نژاد روس؛ ٢) مسکو.
مۆسـك: گیایەکی بالآبـەرزی قەفقەفە منالّ فیچقەی لێ‌سازدەکەن ف گیاهی است.
موٌسڵ: شارێکە لە کوردستان ف شهری در کردستان، موصل.
مۆسلا: باسکێش، درێژترین‌دار لە هەوجاڕدا ف بلندترین چوب در خیش.

موٌسڵدان: گمێزدان، مسوڵدان ف مثانه.
موسلوخ: شێری‌ئاو، بەلوٌعە ف شیرآب.
موٌسڵی: ١) گیایەکـە بنێکی وەك پیوازی بۆگەنی هەیە خۆش دەکرێ‌و دەخرێتە ترشیاتەوە؛ ٢) خەڵکی شاری موٌسڵ ف ١) گیاه موسیر؛ ٢) اهل موصل.
موٌسم: سەرنوکی سمی ئاژەڵ‌و یەکسم ف نُك سُم حیوان.
موسموس: ١) کلکەسوٌتەو قروسکەی سەگ بە خۆشەویستی؛ ٢) برێتی لە خۆڕێك‌خستن‌و زمـان‌لوٌسی ف ١) دم جنبـاندن و تملّق سگ؛ ٢) کنایه از تملّق و چاپلوسی.
موسنایا: فێربوٌن، ڕاهاتن، هەڤۆتن ف یادگرفتن.
موسنایش: موسنایا ف یادگرفتن.
مۆسە: ماسی ف ماهی.
موٌسـەك: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسطِ بعثیان ویران شد.
موٌسەکە: نوٌسەکە ف خاری است بر پشم می‌چسبد.
موٌسەل: زگ‌لەوەڕێن، چەورە، چڵێس ف طفیلی، سورچران.
موسەلسەل: ڕەشاش، شەستیر ف آتشبار.
موٌسەنەك: ١) نوٌسەکە؛ ٢) ڕژد، چروٌك، چکوٌس ف ١) نگا: نوٌسەکە؛ ٢) خسیس.
موسێ: ناوی دوگوندی کوردستان یەکیان بەعسی وێرانی کرد ف نام دو روستای کردستان که یکی را بعثیان ویران کردند.
موسیقا: ئاوازی خۆش لە ئامرازی دەسکرد دەرهاوردن ف موزیك.
مۆش: بێ‌نرخ، بێ‌بایەخ ف بی‌ارزش.
موٌش: ١) قڕو قپ لە ترس؛ ٢) گوێج، مت، متـە؛ ٣) شارێکـە لە کوردستان؛ ٤) زەمینی قەت‌نەکێڵدراو ف ١) ساکت از ترس؛ ٢) پول تیله‌بازی؛ ٣) شهری در کردستان؛ ٤) زمین بایر.
موٌشامبە: مشەما، مشەمما ف پلاستر، مُشمّع.
موشان: جەنجەڕ، جەڕجەڕ ف ابزار خرمنکوبی.
موشاندن: مشاندن ف لوشیدن.
موشانە: موشان ف خرمنکوب.
موٌشانە: گەمە بە کەللا، کەلاییێن ف تیله‌بازی.
موٌشانێ: موٌشانە ف تیله‌بازی.
موشتاخ: مشتاخ ف جای پهن کردن میوه در آفتاب.
موشتاغ: مشتاخ ف نگا: موشتاخ.
موشتاق: بەتاسە بۆ دیدار ف آرزومند دیدار.
موشتولق: مزگێنی، شاباشی موژدەی خۆش ف مژدگانی.
موش خورما: بۆگەنکە، فسۆس ف نگا: فسۆس.
موٌش کردن: بێدەنگ‌کردن بە گەف ف وادار به سکوت کردن.
موٌشن: چاوکز ف کم‌بین.
موٌشوکۆر: مشکەکوێرە، جرجەمشك ف موش کور.
موٌشـە: ١) چاوی کەم‌حوکم؛ ٢) موٌشن: (کابرایەکی کوێرە**موٌشە** بو)؛ ٣) مڵومۆ ف ١) چشم کم‌سو؛ ٢) آدم کم‌بین؛ ٣) بوکشیدن کنجکاوانه

براى خوراك.

مۆشەدەمە: دەمەی ئاسنگەر [ف] دم آهنگری.

موشەڕەت: حەواڵە، ناردراو تایبەتی بۆ جەهەندەم: (بە جەحەندەمی موشەڕەت کرد)، مشەرّەت [ف] فرستاده به جهنم.

مۆشەك: ١) مۆشەکەر، زگ‌لەوەزێن؛ ٢) فیشەکەشێتە [ف] ١) شکم‌چران؛ ٢) فشفشهٔ آتشبازی.

مۆشەن: جەنجەڕ [ف] خرمنکوب.

مۆشێن: مۆشانێ [ف] تیلەبازی.

موعالەجە: محالەجە، معالەجە [ف] ١) معالجە؛ ٢) چارە.

موعەللەق: محەللەق [ف] نگا: محەللەق.

موعەلليم: معەلليم، سەیدا، فێرکار [ف] معلّم.

موغارە: مغارە [ف] غار عمیق.

موغاری: بوغاری [ف] بخاری در دیوار.

موغاغ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردسان که توسط بعثیان ویران شد.

موغان: گای بوغەی ئازا لە کار [ف] گاو سرحال و کاری و مغرور.

موغبەرە: گۆڕستان، قەبرستان [ف] گورستان.

موغروب: دەمی خۆرنشین [ف] هنگام غروب.

موغریز: دژ، ناحەز، نارێك [ف] بدخواه.

موغناتیز: کانزایەکە ئاسن بەرەوخۆی دەکێشێ [ف] مغناطیس، آهن‌ربا.

موغە: بوغە، گای قەڵەوی غللور [ف] گاو چاق مغرور.

مۆغەرە: مازە، بڕبڕە، مۆرتخە، مۆرەپشت [ف] ستون فقرات.

موغەیری: موغاری، بوغاری [ف] بخاری دیواری.

موغێری: موغاری [ف] بخاری دیواری.

موفا: مفا، شفا، چابوونەوە لە نەخۆشی [ف] شفا.

موفاجات: مفاجات [ف] سکته.

موفت: مفت، بەلاش، خۆڕایی [ف] رایگان.

موفتخۆر: مفتەخۆر [ف] مفتخوار.

موفتە: مفت [ف] مُفت.

موفتەخۆر: مفتەخۆر، موفتخۆر [ف] مفتخوار.

موفتەلا: تووش‌هاتگ [ف] مبتلا.

موفتی: مفتی [ف] نگا: مفتی.

مۆفرك: ١) وردەپێشەی کلۆری لەش؛ ٢) گرێڵەی هەودا؛ ٣) سەروژێر و بۆر لە نوسیندا [ف] ١) سُلامی، سُلامیات؛ ٢) گره کوچك در نخ؛ ٣) اعراب.

مۆفکە: چڵم [ف] آب بینی.

موفلیس: ١) نابووت؛ ٢) نەدار: (ریشی تەماحکار بە قنگی موفلیس) [ف] ١) ورشکست؛ ٢) بینوا.

مۆفەرك: متفەرك، پیرۆز [ف] متبرّك.

مۆقك: ١) ئێسکەوردەی ناولەش؛ ٢) بەندوگەی پێشە؛ ٣) گرێی ناو ساقەتەی ڕوەك؛ ٤) داروکەی پشکی مەشکە، موقك [ف] ١) استخوانهای ریز بدن؛ ٢) بند استخوان؛ ٣) بند نباتات؛ ٤) چوبك سوراخگیر مشك.

موڤکاپشت: مۆروی پشت، مرۆخەی پشت [ف] ستون فقرات.

موڤکامل: بەندوگەی شان و پیل [ف] بند استخوان شانه.

مۆڤەت: ئەوین، ئەڤین، خۆشەویستی [ف] محبّت.

موقرایی: کوێرایی، لێڵایی چاو [ف] کم‌سویی، نابینایی.

موقرایی‌داهاتن: لێڵایی‌داهاتن، کوێرەبوون [ف] نابیناشدن.

موقرایی‌ڕۆرژان: موقرایی‌داهاتن [ف] نابینا شدن.

موقری: کوێری زکماك [ف] کور مادرزاد.

مۆقك: پشکی پینەی مەشکە [ف] چوبك سوراخ بند مشك.

موك: ساق و تەواو، بێ‌کەمایەسی [ف] درست و صحیح.

مۆکار: پەسنی تیخی زۆر تیژە [ف] وصف، تیغ بسیار تیز.

مۆکردن: ١) زۆر تیژبوون؛ ٢) پەژیوانی لە نەسەندنی شتێ کە پێی بەخشراوە [ف] ١) بسیار تیزبودن؛ ٢) پشیمانی از نپذیرفتن چیزی.

موکری: مکوری [ف] نگا: مکوری.

موکلی: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

موکور: نەترس، ئازا [ف] بی‌پروا، بی‌باك.

موکوڕ: مکوڕ [ف] مُعترف.

موکوری: ١) نەترسی، وێرایی؛ ٢) مکوریان؛ ٣) مکوریاتی [ف] ١) تهوّر، گستاخی؛ ٢) منطقهٔ «مکوریان»؛ ٣) اهل منطقهٔ مکری.

موکوریان: مکوریان [ف] نگا: مکوریان.

موکوریانی: مکوریانی [ف] منسوب به «مکوریان».

مۆکە: گوندێکە لە موکوریان [ف] نام دهی است.

مۆکەبە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مۆکەش: ١) مۆچینك؛ ٢) دەویت، بێ‌ناموس [ف] ١) موچین؛ ٢) جاکش.

مۆکێش: مۆچینك [ف] موچین.

مۆل: دورە، باوك تاژی دایك سەگ [ف] سگ دورگه.

مۆڵ: ١) جێگەی پشودانی گاران لە چێشتەنگاودا؛ ٢) لێك‌کۆبوونەوەی گاو گۆل لە شوێنێك؛ ٣) زۆر، زەحف [ف] ١) استراحتگاه گلهٔ گاوان؛ ٢) گردهم آمدن گاوان؛ ٣) زیاد.

مولاقات: ملاقات [ف] ملاقات.

مۆلاقە: ئەسپابێکی جۆلایە [ف] از ابزار بافندگی.

مۆڵ‌بوون: لە شوێنێ نوستنی گاو گۆل لە نزیك یەکتر [ف] گردهمایی و آسودن گاوان در جایی.

مۆڵ‌خواردن: مۆڵ‌بوون [ف] نگا: مۆڵ‌بوون.

مۆڵدان: نواندن و پشودان بە گاو گۆل [ف] استراحت دادن به گاوان در یك جا.

مۆڵك: کرمی هەرەدرێژی ناوزگ [ف] کرم کدو.

مۆڵگە: جێگەی مۆڵ‌خواردن، مۆڵ [ف] جای آسایش گاوان بعد از چرا.

مۆڵلا: دەرسی دین خوێندو، مەلا [ف] مُلّا، آخوند.

موڵلەیەی: مەلایەتی [ف] آخوندی.

موڵە: سنگی دارین، گوڵمیخی لەدار [ف] میخ کلفت چوبین.

موڵە: قوڕی ئامادە بۆ سواغ [ف] گل آمادهٔ اندودن.

موڵە: حەڕی، هەڕ، قوڕ، لەوە [ف] گل.

موڵەت: قان، قانە، ماوە [ف] مهلت.

موڵەق: دەرپەڕیوی زەق بێ‌جوڵە: (چاوی بە**موڵەق** وەستا) [ف] چشم برآمدهٔ بی‌حرکت.

موڵەقبوون: بێ‌بزوتن ویستان [ف] ایستادن بدون تحرّك.

موڵەقە: موڵاقە، ئەسپابێکی جوڵایی [ف] نگا: موڵاقە.

موڵەکردن: سواقدان [ف] اندودن با گل.

موڵەکە: جێگەی ترس و مردن [ف] مهلکه.

مۆم: شەم، شەمێ [ف] شمع.

مۆم: موم [ف] شمع.

مومار: ١) موی بەڕان کە لە قامكدێ؛ ٢) کرمی درێژی ناوزگ [ف] ١) کژدمه؛ ٢) کرم کدو.

مۆمانە: ئەو مێوەی دیواری خەڵێفی پێ سواغ دەدری [ف] موم روی جدار کندو.

مۆمدان: شەمدان [ف] شمعدان.

مۆمك: شەمی پچوك [ف] شمعك.

مۆمکەر: شەمچێ‌کەر [ف] شمع‌ساز.

مۆمن: ناوە بۆ پیاوان [ف] نام مردانه.

مۆمناو: مشەما [ف] مُشمّع.

مۆمنایی: مشەمما، پارچەی مۆم تێهەڵسواو [ف] مشمّع.

مۆمیا: دەرمانی لەشی مردوو ڕاگرتن [ف] مومیا.

مۆمیایی: لەشی مۆمیاپێداساویاو [ف] مومیایی شده.

مۆمینە: مشەمما [ف] مشمّع.

مۆن: ١) مڕومۆچ، ڕوگرژ؛ ٢) مێوینە، مێ: (**مۆنگا** واتا: گای مێ) [ف] ١) اَخمو؛ ٢) ماده، مادینه.

مۆن: هۆنە، هۆندراو [ف] ریسیده، تاب داده شده.

مۆناندن: هونینەوە [ف] ریسیدن، تاب دادن.

مۆنتەنە: ١) هوندنەوە؛ ٢) وەهۆنراو [ف] ١) تاب داده؛ ٢) تاب داده شده.

مونتەها: ١) بەلام، بلان؛ ٢) لەناکامدا [ف] ١) ولی، لیکن؛ ٢) درنتیجه.

مۆنج: ١) بریقەی پەڵەپەڵە لە کردا؛ ٢) گەڕانەوەی بەتەوژمی ئاوی ڕاوەستاو: (هێندە پڕە هەر **مۆنج** ئەداتەوە) [ف] ١) امواج درخشنده دربافت؛ ٢) برگشتن آب راکد با فشار.

مونداحەزرەتی‌فاتمە: کەسکەسوور، کۆلکەزێرینە [ف] رنگین کمان.

موندای‌ئاشمە: کەسکەسوور، ئەستوونەزێرینە [ف] رنگین کمان.

موندای‌لاور: شاڵی‌لاهوور، شاڵی‌کشمیر [ف] شال کشمیری.

موندی: ١) پشتێند، پشتێن؛ ٢) پارچەی شاڵ [ف] ١) کمربند؛ ٢) شال.

مونزر: ١) بەهێزوتاقەت؛ ٢) خزمەتکاری بەکرێ، مزوور [ف] ١) توانا؛ ٢) خدمتکار روزمزد.

مونزوور: ١) مونزر؛ ٢) ناوی چیایەکە لەکوردستانی بەردەستی ترکان [ف] ١) نگا: مونزر؛ ٢) نام کوهی درکردستان.

مونك: بەندی قامك [ف] بند انگشت.

مۆنگا: مانگا، چێڵ [ف] ماده‌گاو.

مۆنەی: بەهانە، پەڵپ [ف] بهانه.

مۆنە: ١) ئاکار، ڕەوشت؛ ٢) واز لێ‌نەبوون، بەقەڵسی ڕوانین: (**مۆنەی** لێ‌دەکا)؛ ٣) ناوەڕاست، ناوەند، چەق [ف] ١) روش؛ ٢) با نفرت نگریستن؛ ٣) مرکز.

مۆنی: روگرژی، مڕومۆچی [ف] بداخمی.

مۆنی: مۆنین، هوندنەوە [ف] تابیدن، ریسیدن.

مۆو: ڕەز، داری ترێ [ف] مو، تاك.

مۆوژ: مێوژ [ف] مویز.

مۆوەرین: نەخۆشی تووك لەلەش وەرین [ف] داءالثعلب.

مۆوین: جێکر لەمو، لەمو دروس‌کریاگ [ف] ازمو ساخته شده.

موە: ١) مۆ، پشتی تەوروتەشوێ؛ ٢) موی دەرد کە لە پەنجە دێت [ف] ١) پشت تبر و تیشه؛ ٢) کژدمه.

موەخڕ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

موهر: مۆر، ئەوی لەجیاتی ئیمزا بەقاقەزیەوە دەنێن [ف] مُهر.

موەڕزە: نەخۆشی تووکی‌سەروەرین [ف] بیماری ریزش موی سر.

موەففەق: سەرکەوتو، بەئارەزوگەیشتو [ف] موفق، پیروز.

موەفەق: ١) موەففەق؛ ٢) ناوە بۆ پیاوان [ف] ١) پیروز؛ ٢) نام مردانه.

موهیم: گرینگ [ف] مهم.

موێش: مشك [ف] موش.

موێش: مشك، موێش [ف] موش.

موینە: گیایەکە لە ناو هەرزن‌جاڕدا زۆرە [ف] گیاهی است.

موینە: کوڵکن [ف] پشمالو.

موینەکە: پنجەهەرزن [ف] بوتهٔ ارزن.

مۆیوەر: تۆکەبەر [ف] موی زهار.

مۆیە: مۆ، کوڵك [ف] مو.

مۆیین: دروس‌کراو لە مۆ [ف] ساخته از مو، مویین.

مە: ١) خۆمان، ئێمە: (**بۆمە بێنە**)؛ ٢) پێشگری بەرگر لە کارێ: (**مەچۆ، مەخۆ**)؛ ٣) پێشگری بەواتا: جێگە: (**مەکۆی دزان**)؛ ٤) نیشانەی کاری ئایندە، دە، ئە: (واران **مەوارۆ**) [ف] ١) ما؛ ٢) از ادات نهی؛ ٣) پیشوند بەمعنی جای؛ ٤) ضمیر حال و آینده، می.

مەـ: مەڕ، پەز، مێ [ف] گوسفند.

مەئافە: کەژاوە [ف] کجاوه، هودج.

مەئەرس: گەواد، دەویت [ف] جاکش.

مهائاقی: جانەوەرێکە وەك سمۆرە دەچێ و لەئاودایە [ف] سمور آبی.

مهاباد: شارێکە لە کوردستان بەرێ ناوی سابلاغ بوو [ف] شهری در کردستان، مهاباد.

مهابات: مهاباد [ف] مهاباد.

مهاجیر: ئاوارە، مشەخت [ف] مهاجر.

مهار: ئاڵقەو پەتێ کە دەخرێتە لوتی حوشترەوە ف مهار شتر.

مهاردی: رفێدە ف بالشتك نانوايى.

مهاقەر: مەڕی رەش ف گوسفند سياه.

مهاکن: پەزی گوێ کورت، کوڕڕە ف گوسفند کوتاه گوش.

مهان: ماین ف مادیان.

مهاندن: عەزم کردن، هەڵتاواندن، گڤیراندن ف هضم کردن.

مهانە: بەهانە، پەڵپ ف بهانە.

مەبادا: ١) نەکەی، دەغیلە؛ ٢) وشەی دودڵی: (**مەبادا** هاتبێ و لەماڵ نەبوبم)؛ ٣) بریتی لە کاتی تەنگانە: (بۆ ڕۆژی **مەبادا** ڕام گرتوە) ف ١) زنهار؛ ٢) نکند؛ ٣) کنایە از هنگام ضرورت.

مەبال: ئاودەست ف مُستراح.

مەبت کۆ: ڕەنگە، شایەتا، شایەد ف شاید، ممکن است.

مەبرانی: بێزو، مەگیرانی، کەرب ف ویار.

مەبلەغ: ئەندازەیەك لە دراو ف مبلغ.

مەبلەق: مەبلەغ ف مبلغ.

مەبۆ: دەبێ، ڕێی تێ دەچێ ف شاید.

مەبە: ١) لە بردن خۆ دورخەوە: (پارەکە **مەبە**)؛ ٢) لە بون تەریك بە: (**مەبە** بە پیاوخراپ) ف ١) مَبَر؛ ٢) مَباش.

مەبەس: نیاز لە قسەو کار ف منظور.

مەبەست: مەبەس ف منظور.

مەبەستە: قایم مەکە ف مَبَند.

مەبەهـ: گوشاد، هەراو، فرەهـ ف فراخ.

مەت: خوشکی باوك، پلە، پلك ف عمّە.

مەتا: کاڵا، کەل‌پەلی بازرگانی ف کالا.

مەتاح: مەتا ف کالا.

مەتار: دایك، داڵك ف مادر.

مەتارە: قمقمۆکەی سەفەری ف قمقمە.

مەتارەك: مناڵ لە نەورۆزا بە دوای هەتارەکا ئەڵێن ف اصطلاحی کە بچەها در جشن نوروز بەکار می‌برند.

مەتاع: مەتا ف کالا.

مەتال: قەڵغان ف سپر.

مەتالیك: پارەی هەرەبچکۆڵەی دەورانی عوسمانی ف واحدی از پول خرد دورهٔ عثمانی.

مەتح: تاریف، پێداهەڵگوتن ف ستایش.

مەتر: گەزی پێوانە ف متر.

مەترادی کاکەیی: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

مەتڕان: ١) زانای ئایینی فەلە پلەبالاتر لە ئەسقەف؛ ٢) نێزەی درێژ بۆ ڕاوەماسی لە چەم ف ١) لقب روحانی مسیحی مُعادل کاردینال؛ ٢) نیزهٔ بلند مخصوص شکار ماهی.

مەترسی: ١) سام، عەیبەت؛ ٢) جێگەی بەترس ف ١) ترس؛ ٢) سهمناك.

مەترکە: ئەسپەرە ف جای پا در بیل آهنی.

مەترە: مەتر ف متر.

مەترەبار: چەرچی ف پیلەور.

مەترەتی: دەفری کاشی بۆ تلیت تێداخواردن ف ظرف سرامیك ویژهٔ ترید.

مەترەس: سەنگەر، مەتەرێس، خەڵ، بۆسە، مەتەرێز ف سنگر.

مەترەق: کوتکی ئاسن ف پُتك آهنی.

مەترەلۆز: ڕەشاش، شێستیر ف آتشبار.

مەترەلوێز: مەترەلۆز ف آتشبار.

مەتك: مەت، پلك ف عمّە.

مەتکەب: ١) فێرگەی مناڵان؛ ٢) ئامرازی دارکون کردن ف ١) دبستان؛ ٢) متهٔ چوب سوراخ کردن.

مەتکەو: مەتکەب ف نگا: مەتکەب.

مەتلخە: مەترکە، ئەسپەرە ف جای پا در بیل.

مهتن: مژین، مژلێدان ف مُك زدن.

مهتۆك: ١) بێچوێ کە زۆر دایکی دەمژێ؛ ٢) شیاوی مژین ف ١) بچەای کە زیاد مادرش را بمکد؛ ٢) شایستهٔ مکیدن.

مەتە: ١) ئامرازی دارسمین؛ ٢) مەت، پلك؛ ٣) تماشا ف ١) متە؛ ٢) عمّە؛ ٣) نگاه.

مهتەر: مەیتەر، خزمەتکارو ئاگاداری ئەسپ ف مِهتر اسب.

مەتەر: دایك ف مادر.

مەتەرێ: دایکێ، ئەی دایك: (هەتەرێ و **مەتەرێ**) ف ای مادر.

مەتەرێز: سەنگەر ف سنگر.

مەتەرێس: سەنگەر، خەڵ، مەتەرێز ف سنگر.

مەتەشا: متەشا ف نگا: متەشا.

مەتەکە: بڕوانە، فت کرێ، لێ بمەیزی ف نگاه کن.

مەتەڵ: لیچار، لەگەز ف لغز، چیستان.

مەتەڵ داهێنان: لیچارپرسین ف چیستان پرسیدن.

مەتەلوس: پڕاوپڕ ف لبریز.

مەتەڵۆك: ١) مەتەڵ؛ ٢) پەندی پێشونان ف ١) چیستان؛ ٢) امثال و حکم.

مەتەڵۆکە: مەتەڵۆك، لەگەز ف چیستان.

مەتەڵە: مەتەڵ، لیچار ف چیستان.

مەتەڵ هەڵێنان: زانینی لەگەز ف حل کردن چیستان.

مەتهەلۆك: پەندی پێشینان ف حکم و امثال.

مەتی: مەت ف عمّە.

مەتێ: ١) مەت، پلك؛ ٢) درێشەی پینەچی ف ١) عمّە؛ ٢) درفش پینەدوز.

مەتێزا: پورزا، مناڵی مەت ف عمّەزادە.

مەتیە: پلك، مەت ف عمّە.

مەجاز: تەبیات، خدە، خوو: (پیاوێکی بێ **مەجازە**) ف عادات خوب و بد.

مەجال: دەرفەت، کێس ف فرصت.

مەجبوُر: ناچار، ناعیلاج ف ناگزیر.

مەجـــروم: ١) ناوی عاشقێکی کەونـــارای بەنـــاوبـــانگە؛ ٢) ناوی ئەستێرەیەکە لە عاسمان ف ١) مجنون لیلی؛ ٢) نام ستاره‌ای است.

مەجرەف: کۆلکەی زل کە دەکرێتە تەختە ف کندهٔ بزرگ که از آن تخته سازند.

مەجــل مەختێ: گونـــدێکی کوردستـــانـە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مەجلیس: کۆڕ، مەکۆ ف مجلس.

مەجمە: سینی ف سینی.

مەجنون: مەجروم ف مجنون لیلی.

مەجوُس: ئاگرپەرست ف آتش‌پرست.

مەجوحمە: مەجمە ف سینی.

مەجومعە: مەجمە ف سینی.

مەجە: سوُکەڵەناوی مەجید ف مخفّف مجید.

مەجی: مەجە ف مخفّف مجید.

مەجید: ناوی پیاوانە ف نام مردانه، مجید.

مەجید سالار: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مەجید قادراغـــا: گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مەجیدی: ١) جۆرێ هەنجیر؛ ٢) پوُڵێکی زەمـــانی عوسمـــانی ف ١) نوعی انجیر؛ ٢) واحد پول دولت عثمانی.

مەچت: مزگەوت، مزگەفت، مزگی ف مسجد.

مەچچت: مەچت، مزگەوت ف مسجد.

مەچك: زەند، نێوان جومگەو ئانیشك ف زند، ساعد.

مەچن: لە ڕۆیشتن دەس بەردەن ف مَرَوید.

مەچنـە: ١) لە چنین گەڕێ: (ئەمرۆ کڵاو مەچنە، میوە مەچنە)؛ ٢) لە ڕۆیشتن وازبێنن: (مـەچنـە سەفـەر) ف ١) از چیدن یا بافتن دست بردار؛ ٢) نروید.

مەچو: لە ڕۆیشتن دەست‌بەردە ف مرو، نهی از رفتن.

مەچۆ: مەچو ف مرو.

مەچە: مەچو ف مرو.

مەچەك: زەند، قۆڵ ف زند، ساعد.

مەچەکە: ئامرازێکی ئاسیاوە لە دۆڵاشدا ف ابزاری در آسیاب.

مەچەل: گەپجاڕ، گاڵتەجاڕ ف مسخره.

مەچیت: مزگەفت ف مسجد.

مەچێتر: بریتی لە جنۆکە ف ازمابهتران.

مەچیر: داوەبەن، تاڵ ف نخ، تار.

مەحاش: مانگانەی موُچەخۆر ف حقوق ماهیانه.

مەحاف: ١) ڕەوا، دروس؛ ٢) بەخشراو لە کارێ کە ئەرکی سەرشانیەتی ف ١) روا؛ ٢) مُعاف.

مەحانج: محانج، ئاویتن بێ سێرەگرتن ف نگا: محانج.

مەحبوُب: ١) خۆشەویست؛ ٢) گراوی، ماشقە ف ١) محبوب؛ ٢) معشوقه.

مەحبوُبە: ١) ناوە بۆ ژنان؛ ٢) ماشقە ف ١) نام زنانه؛ ٢) معشوقه.

مەحت: مەتح، تاریف: (دوێشەو مەحتی تۆیان کرد) ف مدح.

مەحتەڵ: ماتڵ ف معطّل.

مەحجوُب: بەشەرم و حەیا ف آدم باوقار و خجالتی.

مەحچە: گیای خڕنوك ف گیاهی است.

مەحـرەم: ١) ژن و پیاوێ کە دەسنـوێژیان لە یەکتـر ناشکێ؛ ٢) ژن لە بەرانبەر شوُدا ف ١) مَحرم؛ ٢) همسر.

مەحز: بۆخاتری: (مەحزی ڕەزای خودا وەرەلامان) ف برای، به‌خاطر.

مەحزەر: دەفتەری مارەو تەڵاقان ف محضر.

مەحزەرەت: داوای لێبوُردن ف مَعذرت.

مەحشـەر: ١) ڕۆژی قیامەت، سەڵا؛ ٢) چەقەو گوڕەو تێکەوەهاویشتن ف ١) محشر؛ ٢) هنگامه و جاروجنجال.

مەحف: لەبەین‌چوُگ ف نابود.

مەحفور: مافوُر، ماقوُرە ف قالی.

مەحفوُیر: مافوُر ف قالی.

مەحفوُیرك: قاڵیچە ف قالیچه.

مەحفەرە: سندوُق ف صندوق.

مەحفیر: مافوُرە ف قالی.

مەحفیرك: قاڵیچە ف قالیچه.

مەحکوم: بە تاوانبار ناسراو لای حاکم ف محکوم.

مەحکەم: قایم، پتەو، توندو گوڕج ف محکم.

مەحکـــەمــە: ١) دیوەخـــانی قازی، دیوانی بەشکـــاتڕاگەیشتن؛ ٢) جێگەیێ کە بژیشك نەخۆشی لێ دەبینێ ف ١) محکمه؛ ٢) مطبّ.

مەحـل مەختێ: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

مەحلێ: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مەحمو: سوُکەناوی مەحمود ف مخفّف محمود.

مەحمود: ناوە بۆ پیاوان ف محمود، نام مردانه.

مەحمودخانە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مەحمــود قەجـەر: گونـدێکی کوردستـانـە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مەحمـــودی: ١) سکـەیەکی زێڕی عوسمـانی؛ ٢) پەسنی فیلی ئازاو بەقەوەت ف ١) سکّهٔ طلای عثمانی؛ ٢) صفت فیل زورمند.

مەحمودیە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مەحمەڵ: ناوی پاڵەوانێکی چیرۆکە: (بەیتی مەحمەڵ و برایم خۆشە) ف نام یکی از قهرمانهای داستانی.

مەحمی: سوُکەڵەناوی مەحمود ف مخفّف محمود.

مەحنا: مانا، واتا، نیازلەوشە فا معنی.

مەحەك: محەك فا محك.

مەحەللە: گەڕەك، تاخ فا محلّە.

مەحـەللەکانی: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد فا روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

مەخابن: مخابن، حەیف، بەداخەوە فا دریغ، دریغا.

مەخت: مژ، بە دەم مر یستن فا مك.

مەختە: ١) قەبەڵ، گرتنی کاریٚ سەرلەبەر، قۆنتەرات؛ ٢) مژراو، مریسی فا ١) کنترات؛ ٢) مکیدە.

مەختەر: بەخێوکەری ئەسپ فا مهتر اسب.

مەخڕك: دوژمن، دژ، نەیار فا دشمن.

مەخرەب: تەنگی ئێوارە فا تنگ غروب.

مەخز: عەسڵ، بنەچەك، رەگ و ڕیشە فا اصل، ریشە.

مەخسود: ١) مراد، کاو: (**مەخسودت حاسڵ بێ**)؛ ٢) مەبەس، نیاز فا ١) آرزو؛ ٢) مقصود.

مەخسەد: نیاز، مەبەست فا مقصود.

مەخسەرە: کاڵتەجاڕ، کەپجار فا مسخرە.

مەخش: خوڕاهێنان، راهێنان فا مشق، تمرین.

مەخشـەڵ: ١) گڕی بەرزی ئاگر؛ ٢) داری سەربـەگڕی ئاگر فا ١) زبانۀ بلند آتش؛ ٢) مشعل.

مەخشەڵان: روناکایی زۆر لەبەر گڕی ئاگر فا روشنایی زیاد لهیب آتش.

مەخل: هەڕەتی چنینی ڕەز لەپاییزدا فا موسم چیدن انگور در پاییز.

مەخلوتە: شێوێکە لەگەنمو نیسكو دانەوێڵەی تر فا آش شُلەقلمکار.

مەخلوق: ١) مەردم، کۆمـەڵی بنیادەم؛ ٢) دەسکـاری خوا؛ ٣) ناوە بۆ پیاوان فا ١) مردم؛ ٢) آفریدۀ خدا؛ ٣) نام مردانە.

مەخلوقات: مەردم وەگشتی فا مردم بە طور عام.

مەخلەس: پوختەی وتار، خولاسەی کەلام، موختەسەر فا خلاصۀ کلام.

مەخلەمە: قیمەو هێلکەی پێکەوە سوورەوەکراو فا قیمە و تخم‌مرغ باهم سرخ شدە.

مەخمخین: هەلاهـەلابوون لەبەر کوڵانی زۆر فا از هم پاشیدن بە دلیل بسیار پختەشدن.

مەخمور: ١) پارچەیەکی جوانی کوڵکنە دەکرێتە پشتەکەوا؛ ٢) شارێکە لە کوردستـــان بەعسی وێرانی کرد فا ١) مَخمـــل؛ ٢) شهـری در کردستان کە بعثیان ویران کردند.

مەخمەر: پارچەی مەخمور فا مخمل.

مەخمەسە: قەرقەش، گێرەو کێشە، دەردو ئەرك فا گرفتاری.

مەخمەڵ: مەخمەر فا مخمل.

مەخمەلەك: دەسرۆکەی ناسك لە تەنزیل فا دستمال از پارچۀ بسیار نازك.

مەخۆ: دووربە لە خواردن فا مخور.

مەخۆل: سووکەناوی مەحمود، ناوە بۆ پیاوان فا مخفّف محمود.

مەخەر: ١) لە کەواندنی بگەڕێ؛ ٢) لە ئاویتنی گەڕێ فا ١) مینداز؛ ٢) پرتاب مکن.

مەخەر: ١) زەوی نەرمان و ڕاست؛ ٢) دەموکانە فا ١) زمین نرم و هموار؛ ٢) نگا: دەموکانە.

مەخەرا: مغارە، ئەشکەوتی قووڵ فا غار عمیق.

مەخەل: جێگەی کۆبوونەوەو نوستنی حەیوانات، مۆڵگە فا جای آسایش حیوانات.

مەخــەڵ: ١) پەرداخ، مشـــت‌ومـــاڵدراو؛ ٢) لەوەڕو مێرگی پاوان فا جلادادەشدە؛ ٢) مرتع اختصاصی.

مەخین: ناوێکە بۆ ئاشوری فا آشوری.

مەدادە: درێژبووگ لەزەوی فا دراز کشیدە بر زمین.

مەدار: ١) کێڵگە؛ ٢) ئاشی کرە فا ١) مزرعە؛ ٢) نوعی آسیاب.

مەدرەب: ١) دارستـــانی‌پاوان؛ ٢) زەمینی‌ئاوی، بەراو فا ١) جنگـل قرق؛ ٢) زمین آبی.

مەدرەسە: فێرگە، جێگەی‌هەفۆتن فا مدرسە.

مەدفین: گۆشتی‌ناوپلاو فا تەچین.

مەدلمە: شل و شەوێق، سست و تەمەڵ فا سُست و تنبل.

مەدۆ: ئەدا فا می‌دهد.

مەدوونە: خاکەنازی مشکی فڕێدان فا خاك‌انداز.

مەدە: ١) عوور، کرش؛ ٢) ئیشتیای خواردن: (**مەدەم نابا**) فا ١) معدە؛ ٢) اشتهای خوراك.

مەدەت: فریاکەوە، داوای یاریدەکردن لە پیاوچاکان فا طلب کمك از مشایخ.

مەدەد: مەدەت فا طلب کمك.

مەدەدکار: ئاریکار، فریاڕەس فا مددکار.

مەدەر: ١) کەستەك، کلۆگڵ؛ ٢) تکا، ئەرجو، شفات فا ١) کلوخ؛ ٢) شفاعت.

مەدەك: ١) ماداك، گامێش؛ ٢) سەردەمێ، وەختێ فا ١) گاومیش؛ ٢) یك وقت، زمانی.

مەدەنۆس: جافری، سەوزییێکە لە کەرەوز ئەکا فا سبزی جعفری.

مەدەهـ: مەحت، مەتح فا ستایش.

مەر: ١) چلۆنەکایی بێ؛ ٢) بێلی‌ئاسن، پێمەڕە؛ ٣) گۆزە، جەرە فا ١) مگراینکە؛ ٢) بیل آهنی؛ ٣) کوزە.

مەڕ: ١) پێمەڕە، بێڵی ئاسن؛ ٢) زاخە، کوول؛ ٣) ئەشکەوت، غار؛ ٤) بەز فا ١) بیل آهنی؛ ٢) زاغە؛ ٣) غار؛ ٤) گوسفند.

مەراخان: کەلەندی، داسی درێژ کە بە دودەس بەکاردێ فا نوعی داس بلند.

مەرازە: ئالو فا لوزتین.

مەراس: ڕاودابـەشین بۆ نچیرپەیدا کردن فا تقسیم شکارگاه بە قصد یافتن شکار بین شکارچیان.

مەراش: بێ‌ڕەواج، بێ‌برەو، بێ‌ڕەمین فا کم‌ارزش.

مەراشتن: لەبرەوخستن، بێ‌ڕەمین‌کردن فا از رواج انداختن.

مەراغە: شارێکە لەپێشودا کوردنشین بوە ف نام شهری است، مراغه.

مەراقی: مراوی، نۆردەك، وەردەك، سۆنە ف مُرغابی.

مەراق: ١) تاسەو ئارەزو؛ ٢) خەمو کوڵ ف ١) آرزو؛ ٢) غم اندوه.

مەراڵ: ناسك، کەژاڵ، مامز، مامبز، خەزاڵ ف آهو.

مەڕام: دۆز، مەبەستی دڵ ف مرام.

مەران: بنەیاسەمەن. لکی دەکەنە دارجگەرە ف درخت یاسمن.

مەڕان: پنچکێکە لە لێڕەوار گەڵای لە گەڵاتو دەکاو بەرێکی وردی ڕەش دەگرێ ف درختچه‌ایست در جنگل.

مەڕانە: ١) پۆشانە، سەرانەی ئاژەڵ؛ ٢) جۆرێ داس ف ١) سرانهٔ گله؛ ٢) نوعی داس.

مەرایی: دۆڕویی، زمانلۆسی، ریایی ف ریابازی.

مەڕبەند: سنگو زنجیر بۆ بەستنەوەی یەکسم ف میخ و زنجیر پای‌بند ستور.

مەڕبێر: ١) دەمی هێنانەوەی گەلە بۆ دۆشین؛ ٢) پێمەڕەی گەورە ف ١) هنگام دوشیدن گله؛ ٢) بیل آهنی بزرگ.

مەڕبێرە: بێرەمەڕ، دەمی دۆشینی پەز ف هنگام دوشیدن گله.

مەڕت: ١) بەڕە، پەلاس؛ ٢) ڕوش، شوێن لە نینۆك یان لە تیخ ف ١) گلیم؛ ٢) خراش.

مەرتاڵ: مەتاڵ، قەڵغان ف سپر.

مەڕتان: ڕوشان، داڕوشان ف خراش برداشتن.

مەڕتاندن: ١) ڕوشاندن؛ ٢) کەوڵ کردن، پێست لێ داماڵین ف ١) خراشیدن؛ ٢) پوست کندن حیوان.

مەرتەبا: ١) ڕاستو بێ خێچیو خواری؛ ٢) پلەو پایەو ڕێز ف ١) راست و مستقیم؛ ٢) درجه و پایه.

مەرتەبە: ١) جار، کەڕەت، دەحفە؛ ٢) نهۆم؛ ٣) پلەو پایە ف ١) بار، دفعه؛ ٢) اشکوبه، طبقه؛ ٣) درجه و پایه.

مەرج: ١) بەڵێن، گفت، قەوڵ، پەیمان؛ ٢) گرێوکردن ف ١) پیمان؛ ٢) شرط‌بندی.

مەرجان: ١) جۆرێ مۆرویی سورە بۆ خشڵ؛ ٢) ناوە بۆ ژنان ف ١) مرجان؛ ٢) نام زنانه.

مەرجانۆك: گیایەکە گوڵی سوری ورد دەکا ف گیاهی است.

مەرجانەی جادو: ١) ناوی ژنێ سیحر بازە لە چیرۆکاندا؛ ٢) برێتی لە پیرێژنی زۆر بەمەکر ف ١) نام جادوگری افسانه‌ای؛ ٢) کنایه از پیرزن مکّاره.

مەرجو: نیسك ف عدس.

مەرجی: مەرجو. نیسك ف عدس.

مەڕچ: پلێخاو، دەبەر پێ‌دا پلێشاو ف خرد و له.

مەڕچاندن: پلێخاندنەوە ف له کردن.

مەرچقاندن: بە سەری پەنجە گوشینی کوانو دومەڵ بۆ کێم‌دەردان ف فشردن دُمَل با انگشت برای بیرون کشیدن چِرك.

مەڕچی: پلێخاو، پلێشاو ف له‌شده.

مەڕچین: پلێخانەوە ف له‌شدن.

مەڕحوم: وشەیەکە بۆ مردوی بەڕێزی دەڵێن ف مرحوم.

مەرحەبا: وشەیەکە لە تۆشی‌یەکتر بوُنا دەیڵێن، واتا: جێ گوشادە، بە هاتنت سەغڵەت نیم ف مرحبا.

مەرحەمە: خاولی، پشتەماڵ ف حوله.

مەرحەمەت: بەزەیی، ئاوڕ وەسەردانەوە ف مرحمت.

مەرحەوا: مەرحەبا ف مرحبا.

مەرخ: ١) جێگەی بەچاڵو چۆڵ؛ ٢) سەوڵی کێوی، دارێکی لێڕەوارە زۆر عومر دەکا؛ ٣) تەختی‌چەم ف ١) چالەچوله؛ ٢) سروکوهی؛ درختی است جنگلی؛ ٣) مسیر رودخانه.

مەرخان: ١) مەراخان، کێڵەندی؛ ٢) ئیخ‌خواردن ف ١) نوعی داس؛ ٢) خوابیدن حیوان.

مەرخاندن: ئیخ‌دان، خەواندنی پاتاڵو یەکسم ف خوابانیدن حیوان.

مەرخوتا: ١) شێوی تێکەڵاو لە چەند دانەوێڵە؛ ٢) شۆربای نیسکی هاڕاو ف ١) آشی است مخلوط از حبوبات؛ ٢) شوربای عدس پوست کنده.

مەرخوز: ١) پیاوی ئازا، بەجەرگ، ڕەشید؛ ٢) ناوی دێیەك لە کوردستان ف ١) شجاع مرد؛ ٢) نام روستایی است.

مەرخوزار: چیمەن، گیاجار ف چمن.

مەرخەز: مەرەز، مۆی نەرمی بزن ف موی نوعی بز.

مەرد: ١) ئازا لە شەڕ؛ ٢) خاوەن‌پیاوەتی ف ١) شجاع؛ ٢) نیکوکار.

مەردا: ١) مردو، مردگ؛ ٢) برێتی لە نەخۆشی لەمردن ف ١) مُرده؛ ٢) کنایه از بیمار مُشرف به مرگ.

مەرداب: کەسێ کە بەسەر ناودابەشکردنی ئاوایی ڕادەگا ف میراب.

مەڕدار: ١) کەسێ کە ئاژەڵی وردەی زۆرە؛ ٢) کرێکاری قوڕەکاری کە پێمەڕە دەکاردێنێ ف ١) گله‌دار؛ ٢) کارگر بیل‌زن.

مەردازایی: پیاوەتی ف مردانگی، مردی.

مەرداسەنگ: مردەسەنگ ف مردار سنگ.

مەردان: ١) ناوی پیاوانە؛ ٢) مرۆیانی ئازاو دلاوا؛ ٣) چەکوچ؛ ٤) پێمەڕەکاری؛ ٥) بەپێمەڕە کێڵان ف ١) نامی است مردانه؛ ٢) رادمردان؛ ٣) چکش؛ ٤) بیلکاری؛ ٥) با بیل کاشتن.

مەردانە: ١) وەك ئازایان؛ ٢) وەك پیاوی باش ف ١) شجاعانه؛ ٢) رادمردانه، جوانمردانه.

مەردایەتی: ١) ئازایی؛ ٢) پیاوەتی ف ١) شجاعت؛ ٢) رادمردی.

مەردش: ١) مردگ، مردو؛ ٢) لەناوانەماو ف ١) مُرده؛ ٢) از بین رفته.

مەردم: خەڵك، کۆمەڵانی بنیادەم ف مردم.

مەردمازاری: عەزیەت‌دانی خەڵك ف مردم‌آزاری.

مەردمەی: ١) مرۆڤایەتی، پیاوەتی؛ ٢) خزمایەتی، قەومی ف ١) مردانگی؛ ٢) خویشاوندی.

مەردوخ: ١) نەخۆشی لەمردن؛ ٢) سەرناوی بەرەیەکە لەکوردستان کە زۆر زانایان لێ‌هەڵکەوتون ف ١) بیمار مُشرف به مرگ؛ ٢) نام طایفه‌ای درکردستان.

مەردوڕند: زۆر بەپیاوەتی‌و ئازایەتی ف مردورند، رادمرد.

مەردوڕەند: مەردوڕند ف مردورند.

مەردوشوُ: تاتەشوار، ئەوجێگەی مردوی لەسەر دەشۆن ف سکوی غُسل میّت.

مەردوم: ۱) مەردم؛ ۲) تاقەکەسێك؛ ۳) خزم، خوێش ف ۱) مردم؛ ۲) یك نفر؛ ۳) خویشاوند.

مەردومەردانە: چالاکانە، بەپیاوانە ف مردانە، رادمردانە.

مەردومی: ۱) پیاوەتی، مرۆڤایەتی؛ ۲) خزمایەتی ف ۱) مردانگی؛ ۲) خویشاوندی.

مەردە: مردو، مردگ ف نگا: مردگ.

مەردەزیندە: حەشارگەی بەپوُش‌داپۆشراو، مردەوزیندە ف کمینگاه با گیاه پوشیدەشدە.

مەردەزیننە: مردەوزیندە، مەردەزیندە ف کمینگاه با گیاه پوشیدەشدە.

مەردەك: کەللا، هەڵمات، مەڕمەڕ ف تیله.

مەردەکی: ۱) وەك‌مردو؛ ۲) نەخۆشی لەمردن ف ۱) مُردەسان؛ ۲) بیمار مُشرف بەمرگ.

مەردەلاّ: میرات، کەلەپوڕ ف ارث.

مەردەماڵ: مردەماڵ ف نگا: مردەماڵ.

مەردەمێر: جوامێر، پیاگی ئازاو دلاّوا ف جوانمرد.

مەردەن: مردن ف مردن.

مەردەنگی: ۱) شەمـدانی بەشوُشە، لالە؛ ۲) کوُپەڵەی شوُشە ف ۱) لاله مردنگی؛ ۲) خُم کوچك شیشه‌ای.

مەردەنە: مردن، مەرگ ف مرگ.

مەردەوزیندە: زیندەومردە، مەردەزیندە ف کمینگاه با گیاه پوشیده شده.

مەردەی: مردگ، مردو، مردی ف مُرده.

مەردی: مەردایەتی ف نگا: مەردایەتی.

مەردیاق: ۱) کاریتەو ئاڵودار؛ ۲) چرپی سەر ئاڵودار ف ۱) دیرك سقف؛ ۲) انبیره.

مەردیشان: پەیژە، پەینجە، سلەم ف نردبام.

مەرز: ۱) سنـوُر؛ ۲) لێوارە؛ ۳) زەمـینی داگیرکـراو؛ ۴) پوُڵی مفت دەسکەوتن ف ۱) مرز؛ ۲) لبه، کناره؛ ۳) زمین غصبی؛ ۴) پول مُفت بەدست آوردن.

مەرزانی‌پچوك: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

مەرزانی‌گەورە: گونـدێکـە لە کوردستـان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.

مەرزنجوُش: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف مرزنگوش.

مەرزوبوّ: وڵات، سەرزەمینی جێگەی ژیان ف مرزوبوم.

مەرزە: ۱) گیایەکی گەلاّوردی تیژی بۆن‌خۆشە؛ ۲) ناوە بۆ ژنان ف ۱) مرزۀ کوهی؛ ۲) نام زنانه.

مەرزەڵ: گۆڕخانەی پیرۆز ف مزار.

مەرزەوان: کەسێ کەکێشکی سنوُر دەکێشێ ف مرزبان.

مەرزینگ: عاشیرەتێکی کوردە ف عشیره‌ای است.

مەڕژ: گوڕ، نەعرەتە ف غُرّش.

مەرژوەڵ: مرۆچە، مێروله ف مورچه.

مەرژی: مەرجو، نیسك ف عدس.

مەرژێر: ئاوارە، دەربەدەر، ڕەبەن ف آواره.

مەڕژین: نەڕاندن، گوڕاندن ف غُرّیدن.

مەرس: ۱) گای بنـە لە گێرەدا؛ ۲) جاڕز، عێدز؛ ۳) پشـاوتن ف ۱) گاوبنه؛ ۲) یَکر، افسرده؛ ۳) مُچاله‌کردن.

مەرست: گوم‌بوُگ، بێ‌سەروشوێن ف گم و بی‌اثر.

مەرس کردن: جاڕزکردن ف یکرکردن.

مەرسە: گومان، خەیاڵ ف حدس، انگار.

مەرسەف: ۱) قاوەسینی، سینی پچوُك بۆ فینجانی قاوەوچای ف سینی کوچك، کشف.

مەرسەلا: ۱) سەرگوروشتە، نەزیلە، چیرچیرۆك؛ ۲) روداو، قەوماو؛ ۳) لەگوێن، وەك‌ئەوە ف ۱) قصّه، داستان؛ ۲) رویداد؛ ۳) همانند.

مەرسین: پشاوتن ف مُچاله‌کردن.

مەرسیە: لاوندنەوەی مردو بە بەندوباو ف مرثیه.

مەرش: ۱) رەشکـەی کا؛ ۲) پەلاّس، بەڕەی دەزو؛ ۳) تەمـەڵ ف ۱) تورکاهکشی؛ ۲) گلیم نخی؛ ۳) تنبل.

مەرشـاق: جانەوەرێکی ئاویە وەك پشیلەی قەڵەووکەوڵی بەقیمەتە ف پستانداری آبزی است.

مەرشك: جلەگا، پەلاّسێ کە بەسەر پشتی گایدا ئەدەن ف جل گاو.

مەرشۆ: تەنبەڵ، تەوەزەل، قونگران، تەپ ف تنبل.

مەرغ: گۆڕستان ف گورستان.

مەرغوب: پەسند، بەزمێن ف مرغوب.

مەرغوزار: مەرخوزار، چیمەن ف مرغزار.

مەرڤ: ۱) مرۆ، بنـیادەم؛ ۲) خزم؛ ۳) خزمـەتـکـار ف ۱) آدمی؛ ۲) خویشاوند؛ ۳) خدمتکار.

مەرڤات: قەوم‌وقیله، خزمان ف اقوام و خویشان.

مەرقـان: پیس‌بوُن‌و لەکەڵك‌کەوتن. بۆ شیروهێلکەی دەڵێن ف فاسد شدن شیر و تخم‌مُرغ.

مەرقاندن: پیس‌کردنی هێلك‌و هەڵگەڕاندنی شیر ف فاسد کردن شیر و تخم‌مُرغ.

مەڕك: مەڕ، پێمەڕ، بیلاّسن ف بیل.

مەرکان: مەرقان ف نگا: مەرقان.

مەرکاندن: مەرقاندن ف نگا: مەرقاندن.

مەڕکـانە: ۱) شاکاشی؛ ۲) کوُپەڵەی دەم‌گوشاد ف ۱) شهکاسه؛ ۲) خمچۀ دهن‌گشاد.

مەڕکەردش: پێمەڕەکاری ف کار با بیل.

مەرکەنی: جۆرێ گۆزەی گڵ ف نوعی کوزۀ گِلی.

مەرگ: مردن ف مرگ.

مەرگ‌بڕین: ۱) کوشتن، مراندن؛ ۲) بڕێتی لە باش‌پێك‌هێنانی کار ف

١) میراندن، کشتن؛ ٢) کنایه از خوب انجام دادن کار.

مەرگـوجێ: ١) لەمـان‌ونـەماندا؛ ٢) بێ‌سەروشوێن ف ١) حالت بین مرگ و زندگی؛ ٢) مفقودالاثر.

مەرگـوژی: ١) لە بەینی مان‌و نەماندا؛ ٢) ناوی کانیەکە ئاوی وشکەو لەپڕ ئاو دەدا ف ١) میان مرگ و زندگی؛ ٢) نام چشمه‌ایست مشهور در کردستان.

مەرگۆنەك: بانگوش، بانگلێر، باگردان، لوْغ ف بام غلتانك.

مەرگـە: ١) ناوچـەیەکە لە کوردستان؛ ٢) گەورەدینداری یەزیدی؛ ٣) جێ‌لەوەڕ؛ ٤) گونـــدێکـە لە کوردستـان بەعسی وێرانی کرد ف ١) ناحیه‌ای در کردستان؛ ٢) روحانی بزرگ یزیدیان؛ ٣) مرتع، چراگاه؛ ٤) از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

مەڕگە: خۆرشت، شلە دەگەڵ گرار ف خورشت.

مەرگەماسی: ژارماسی ف گیاه‌زهرماهی.

مەرگەموش: دەرمانێکە مشکی پێ دەکوژن ف مرگ موش.

مەرگەوەڕ: ناوچەیەکە لە کوردستان ف ناحیه‌ای درکردستان.

مەرگـەهـە: شوێنێکی پیرۆزە لەگەڵی لالـەش‌و قوبلەی یەزیدیەکـانە کەئێستابەناوی مەرگەهەئیختیاری دەناسرێ ف قبله‌گاه یزیدیان.

مەرگیرائاڤەر: زۆر بەپەلە، گەلەکی بلەز ف باعجله وشتاب.

مەڕمـەڕ: ١) جۆرێ بەردی سەختی باشە؛ ٢) کەلا، تیلە ف ١) سنگ مرمر؛ ٢) تیله.

مەڕمەڕشا: خامی هەرەسپی کە دەکرێتە کراسی پیاوانە ف ململ.

مەڕمەڕۆکێ: کەلایێن ف تیله‌بازی.

مەرمەریشۆك: مارمێلکە ف مارمولك.

مەڕمەڕێن: کەلایێن ف تیله‌بازی.

مەرمەند: گیایەکە بۆدەرمان دەشێ ف گیاهی است طبّی.

مەرمی: ١) مزا، قورقوشم؛ ٢) گوللە ف ١) سُرب؛ ٢) گلولهٔ اسلحه.

مەڕنـەکـەنـە: ١) مەڕدار، کەسێ کاری هەر مەڕداریە؛ ٢) تیرەیەکە لە مەنگوڕان ف ١) کسی که شغلش گوسفندداری است؛ ٢) بخشی از ایل منگور.

مەڕنـەمـوکە: ١) پرسیاری فریشە لە تازەمردو، واتا: *خودات کیە* ؟؛ ٢) برێتی لە لاوازی بێ هێزو توان ف ١) سؤال فرشتـه از تازه‌مُـرده که خدایت کیست؟؛ ٢) کنایه از آدم لاغرمُردنی.

مەرو: گۆزە ف سبو.

مەرۆ: بێ‌برەو، کەساد، نارەواج ف کِساد.

مەرۆ: مرۆ ف آدم، انسان.

مەرواڵە: نوسەکە، نوسەتەکە ف نگا: نوسەکە.

مەرۆز: کزو لاواز ف لاغر مُردنی.

مەرۆش: لە برەوی دەخا ف کساد می کند.

مەرۆڤ: مرۆ، بنیادەم ف انسان، آدم.

مەروە: هەمرۆ، هەرمێ ف گلابی.

مەروێ: ١) مەروە؛ ٢) گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف ١) گُلابی؛ ٢) نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مەرە: ١) حاڵ، چلۆنـایەتی؛ ٢) دەردی سەری و گرفتـاری ف ١) حال، وضع؛ ٢) گرفتاری.

مەڕە: ١) شکێر، قەڵشەبەردی گەورە لە چیای بەردین؛ ٢) مێشەنگوینی هێشتـا هەنگـوین‌سازنـەکـردو؛ ٣) پیمەڕە؛ ٤) مشك ف ١) شکاف کوه‌سنگی؛ ٢) زنبور هنوز عسل ننهاده؛ ٣) بیل آهنی؛ ٤) موش.

مەرەتەست: جۆرێ ماسی ف نوعی ماهی.

مەرەخان: مەرخان، کێلەندی، قرم ف نوعی داس بُلند.

مەرەخەس: ئیجازەدراو، ڕێگەدراو بۆ کارێ دەیکا ف مُرخص.

مەرەخەست: مەرەخەس ف مُرخص.

مەرەخەستی: ئیجازە ف اجازه.

مەرەخەسی: مەرەخەستی، ئیجازە ف اجازه.

مەرەد: حاڵ، بار، مەرە: (بە **مەرەدی** کابرات دەبەم) ف حال، وضع، چگونگی.

مەرەز: ١) موی نەرمی بەمـوێنجی جۆرێ بزن کە دەکـرێ بە بۆزو؛ ٢) نەخۆشی‌و کزی؛ ٣) مەرەس ف ١) مرعز، پشم نرم و فِردار نوعی بز؛ ٢) بیماری؛ ٣) نگا: مەرەس.

مەرەزار: کز، لەجەر، لاواز، داڵگۆشت ف لاغر.

مەرەزاری: لەجەری، لاوازی ف لاغری.

مەرەزن: نەخۆشین ف بیماری.

مەرەزە: چەڵتوك‌جاڕ، برنجەجاڕ ف شالیزار.

مەرەزەوان: ئاگاداری چەڵتوك‌جاڕ ف نگهبان شالیزار.

مەرەس: ڕستەی تاژی ف رشتهٔ گردن سگ شکاری.

مەڕەسوور: جۆرێ حەیوانەکێوی‌یە، پەزی کۆڤی ف گوسفند کوهی.

مەرەشە: مێشوڵە، تۆفانە، پەخشە ف پشه.

مەرەڤ: خزم، قەوم ف خویشاوند.

مەرەق: مەراق ف اشتیاق.

مەرەقـەنـەی: ١) جێ‌گۆڕکێ، گۆڕزانـەوە؛ ٢) تۆپـەڵ‌کردنی خۆڵ بەسەریەکا ف ١) نقل مکان؛ ٢) برهم انباشتن خاك.

مەرەك: لەوەڕدان، تفاقدان، جێگەی کاو گزرە ف کاهدان، علفدان.

مەرەکەب: ڕەشێ تراو کە قەڵەمی تێدا ڕەنگ دەکەن‌و بەسەر قاقەزی دادێنن، جەوهەری ڕەش ف مرکّب، حبر.

مەرەکەف: مەرەکەب ف مرکّب.

مەرەکەو: مەرەکەب ف مرکّب.

مەڕەکێوی: مەڕەسوور، پەزی کۆڤی ف گوسفند کوهی.

مەڕەگ: عەنباری بازرگانی گەورە ف انبار بزرگِ کالای تجاری.

مەرەم: ١) مەحرەم؛ ٢) مەبەست، دۆز، مەرام ف ١) مَحرم؛ ٢) مرام.

مەرەندی: جۆرێ گندۆرە ف نوعی خربزه.

مەرەنگۆز: دارتاش، نەجاڕ ف نجّار، درودگر.

مەرەنگۆزەی: دارتاشی، نەجاڕی ف نجّاری.

مەرەنی: مەرەندی ف خربزهٔ «مەرەندی».

مەرهەم: هەتوان، دەرمانی تێ‌هەڵسوان ف مرهم.

مەری: مرۆ، بنیادەم ف انسان، آدمی.

مەڕی: ۱) مەڕەسوور؛ ۲) جۆرێ ڕەوتی ئەسپ؛ ۳) کاڵی چاو، ڕەنگی زەردی ئاماڵشین بۆ چاو ف ۱) گوسفند قرمز؛ ۲) حالتی شبیه یورتمه در راه‌رفتن اسب؛ ۳) چشم زاغی.

مەڕیای: شکان ف شکستن.

مەڕیتۆیانە: مەڕ یا کاوڕێ کە ڕۆژی گواستنەوەی بووك بۆ ماڵی زاوای ئەنێرن ف گوسفند هدیهٔ عروسی.

مەریژ: مرۆچە ف مورچە.

مەریژلو: شارەمێرو ف لانه مورچه.

مەریس: ۱) بریقە؛ ۲) جوانی و خۆشیکی؛ ۳) ڕەنگ‌وڕۆ ف ۱) درخشش؛ ۲) زیبایی؛ ۳) رنگ‌ورو.

مەریسۆك: گیای مزمزە ف گیاه «مزمزه».

مەرینا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

مەریوان: شارێکی کوردستانە ف مریوان، شهری در اُستان کردستان.

مەزا: نەزۆك، مایێ کە زگ ناکا ف نازا.

مەزات: فرۆشتنی بە جاڕدان کە هەر کەس زیاتری بدا بۆ ئەو بێ، حەڕاج ف حراج.

مەزاتخانە: حەڕاجەبازار ف بازار حراج.

مەزاخ: خەرج، بەخت، سەرف ف خرج.

مەزاختن: خەرج‌کردن، بەخت‌کردن ف خرج کردن.

مەزار: مەرزەڵ، زیارەتان ف مزار متبرّکه.

مەزاق: ۱) حەنەك، گاڵتە، شۆخی؛ ۲) ئیشتیا، چێژە؛ ۳) تیتاڵ، تیز ف ۱) شوخی، طنز؛ ۲) ذوق؛ ۳) مسخرگی.

مەزاقپێ‌کردن: گاڵتەپێ‌کردن ف مسخره‌کردن.

مەزال: دەرفەت، هەل، کێس، کەیس ف فرصت.

مەزان: مەمنا، تمەز، تۆمەز ف تونگو.

مەزبوت: چوست، چالاك ف چالاك.

مەزخ: ۱) خەرج؛ ۲) بەتلانی ماڵ ف ۱) خرج؛ ۲) ازبین رفتن مال.

مەزخاندن: ۱) خەرج‌کردن؛ ۲) بەتلاندنی ماڵ ف ۱) خرج کردن؛ ۲) هدردادن مال.

مەزد: کولانکە، کولاوڕۆژنە ف روزنهٔ بام.

مەزرا: کێڵگە، مۆچە، جێگەی شت‌لێ‌چاندن ف مزرعه.

مەزران: دامەزران، لەجێگەیەك‌مانەوە ف سُکنیٰ گزیدن.

مەزرکە: ۱) رفێدە؛ ۲) قۆڵمێچی نانکەر ف ۱) بالشتك نانوا؛ ۲) بازوبیچ نانوا.

مەزروکە: ۱) رفێدە؛ ۲) داری نوك تیژ کە نانی لەتەندور پێ دەردێنن ف ۱) بالشتك نانوا؛ ۲) چوبی که با آن نان را از تنور درآورند.

مەزرە: مەزرا ف مزرعه.

مەزرەق: مزراق، مزراح ف گردنا.

مەزرەقە: ۱) ئامرازێکە لە ئاسیاودا؛ ۲) رفێدە ف ۱) ابزاری در آسیاب؛ ۲) بالشتك نانوا.

مەزرەکە: ۱) چاپخانە، جێگەی چاپکردنی نووسراو؛ ۲) مەزروکە ف ۱) چاپخانه؛ ۲) نگا: مەزروکە.

مەزرێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مەزرێح: مەزراح، مەزرەق ف گردنا.

مەزرینگە: دام‌ودەزگای کارگێڕی ف اداره.

مەزکەرە: مەزرەکە ف نگا: مەزرەکە.

مەزگ: مژی، مژگ ف مغز.

مەزگدار: ۱) خاوەن‌مزگ؛ ۲) برێتی لە پیاوی زانا ف ۱) دارای مغز؛ ۲) کنایه از هوشمند.

مەزگت: مزگ، مزگت، مزگەفت ف مسجد.

مەزلاق: گیایەکە بنەکەی بە چێشت لێ‌دەنێن ف گیاهی است.

مەزلوم: ناهەقی‌لێکراو ف مظلوم.

مەزن: ۱) زەلام، گەورە؛ ۲) سەرۆك، رەئیس ف ۱) گنده، بزرگ؛ ۲) رئیس، سردار.

مەزنانمەزنتر: خودا، خودێ، خوا ف نامی برای خُدا.

مەزناهی: گەورەیی، سەرۆکی ف ریاست، بزرگی.

مەزنایەتی: مەزناهی ف ریاست، بزرگی.

مەزند: مازن، مەزن ف نگا: مەزن.

مەزندە: ۱) قیمەت، بایی؛ ۲) گومان: (بە **مەزندە** کاری تۆیە) ف ۱) نرخ، قیمت؛ ۲) حدس، گمان.

مەزنە: مەزندە ف نگا: مەزندە.

مەزنی: مەزنایەتی ف بزرگی، سرداری.

مەزوکە: مارمێلکە ف مارمولك.

مەزە: ۱) تام، چێژە؛ ۲) خواردنێ کە دەگەڵ شەراب‌خواردنەوە دەخورێ؛ ۳) ئیشتیا؛ ۴) کرمێکی سپیە لەناو ماڵان دەبیندرێ ف ۱) مزه، طعم؛ ۲) مزهٔ شرابخواران؛ ۳) اشتها؛ ۴) کرمی است سپیدرنگ.

مەزەب: ئاین، ڕێو شوێنی ئاینی ف مذهب.

مەزەبزوتن: ئیشتیاکردن، ئارەزوکردن ف آرزوکردن.

مەزەپێدان: خوێ لەچێشت کردن یان ترش کردن ف مزه‌دادن به غذا.

مەزەدار: ۱) خۆش چێژە؛ ۲) برێتی لە جوانی زۆرجوان؛ ۳) برێتی لە قسەی خۆش ف ۱) خوشمزه؛ ۲) کنایه از بسیار زیبا؛ ۳) کنایه از سخن شیرین.

مەزەدان: مەزەپێدان ف مزه دادن به غذا.

مەزەڵ: ۱) مەرزەڵ، گۆڕخانەی بیاوچاکان، زیارەتگا؛ ۲) نهۆم، قات ف ۱) مقبرهٔ اولیا؛ ۲) طبقه، اشکوبه.

مەزەندە: مەزندە ف نگا: مەزندە.

مەزەنە: مەزەندە: (کاری خێرم بە **مەزەنە** گوزەری کرد لە هەزار «شێخ‌ڕەزا») ف نگا: مەزەندە.

مەزێخ: مەزخ ف نگا: مەزخ.

مەژبور: مەجبور، ناعەلاج ف ناچار، مجبور.

مەژدە: مەجیدی، پارەیەکی عوسمانی. بیستی *لیرەیەکی تەلا* بو ف از پولهای دولت عثمانی.

مەژرفه: پاڕو، بێلیدارین [ف] پارو.
مەژك: مەزگ، مژی، مژگ [ف] مغز.
مەژگ: مەژك، مەزگ [ف] مغز.
مەژگلە: گیایەکە دەخورێ [ف] گیاهی است خوردنی.
مەژگە: کاکڵ، کاکڵی گوێزو... [ف] مغز گردو و...
مەژنون: مەجنون، ئەویندارەکەی لەیلێ [ف] عاشق لیلی، مجنون.
مەژو: مێشك [ف] مغز.
مەژۆ: مەژو، مێشك [ف] مغز.
مەژوچەڵقیان: مێشك‌شڵەقیان، برێتی لە عەقڵ‌نەمان [ف] کنایه از خُل شدن.
مەژودار: بەناوز، زیر [ف] هوشمند.
مەژولانك: برژانگ، مژوڵ، برژانگ [ف] مُژه.
مەژی: ۱) مەژگ؛ ۲) تێمەش؛ ۳) ژیانت نەوێ [ف] ۱) مغز؛ ۲) ماهم؛ ۳) مَزی، زندگی نکن.
مەژیچك: پێشەیەك کە مێشکی تیایەو نەیمژن [ف] استخوان حاوی مغز.
مەژیدە: مەژدە [ف] نگا: مەژدە.
مەژیر: کۆچەر، ڕەبەن [ف] مُهاجر.
مەس: ۱) مەزن؛ ۲) قەڵەو، گۆشتن؛ ۳) سەرخۆش؛ ۴) پاتر، مس [ف] ۱) بزرگ، سردار؛ ۲) چاق؛ ۳) مَست؛ ۴) فلز مس.
مەساحە: شتێکە وەك لاستیق نوسراوی قەڵەم‌ڕەساسی پێ دەسڕنەوە [ف] مداد پاك‌کن.
مەساسە: مساسك، مساسە [ف] نگا: مساسە.
مەسانە: ۱) کاری مەستانە؛ ۲) گمێزدان [ف] ۱) مستانه؛ ۲) مثانه.
مەساهـ: ۱) صندوق، یەغان؛ ۲) هۆڕ، جەواڵی مەزن [ف] ۱) صندوق؛ ۲) جوال بزرگ.
مەست: ۱) سەرخۆش؛ ۲) برێتی لە غللورو لەخۆبایی؛ ۳) تێر، مڕ؛ ۴) ڕاست‌و بێ‌گرێ؛ ۵) مشت‌ومـاڵ درياگ؛ ۶) تەوەزەل؛ ۷) تەزیو؛ ۸) پالاّی لەهەمانـە کە نوێژی پێوە ئەکـەن؛ ۹) سۆزی؛ ۱۰) مانـگ، شەکەت، ماندو [ف] ۱) مست؛ ۲) کنایه از مغرور؛ ۳) سیر از خوراك؛ ۴) راست و مستقیم؛ ۵) صیقل زده؛ ۶) تنبل؛ ۷) بی‌حس؛ ۸) نوعی پاپوش؛ ۹) فردا؛ ۱۰) خسته.
مەستان: ناوە بۆ ژنان [ف] نام زنانه.
مەستانە: مەسانە، وەك‌سەرخۆشان [ف] مستانه.
مەست‌کردن: خۆ سەرخۆش کردن [ف] مست‌کردن.
مەس‌کردن: مەست‌کردن [ف] مست کردن.
مەستوور: ۱) مەحجوب، بەشەرم‌و حەیا؛ ۲) مەست [ف] ۱) دارای شرم و آبرو؛ ۲) مَست.
مەستورە: نازناوی هەستیارێکی بەناوبانگی کوردە [ف] تخلّص شاعرهٔ نامدار کُرد ماه‌شرف اردلان.
مەستە: سۆزی، سبەینێ [ف] فردا.
مەستەبیرۆ: دوسبەی، دوسۆ [ف] پس‌فردا.
مەستەبێرۆ: مەستەبیرۆ [ف] پس‌فردا.

مەستەر: خزمەتکاری بەردەست، نۆکەری بەردەستان [ف] نوکر، مستر.
مەستەرە: خەتکێش. *ڕاستەبۆ خەت لە کاغەزکێشان* [ف] خط‌کش.
مەستەکی: ۱) دەوەنێکـە شیرەی لێ دەگرن وەك جاچکە ئەی‌جاون بۆنی خۆشـە؛ ۲) جیوەو شیرەی داری‌کاژ [ف] ۱) مصطکی، بوته‌ای است؛ ۲) نوعی انگم.
مەستی: ۱) سەرخـۆشی؛ ۲) ناوە بۆ پیاوان: (دەستێکی هەیە **مەستی** ئەفەندی لە کەرمەدا) «شێخ‌ڕەزا» [ف] ۱) مستی؛ ۲) نام مردانه.
مەسحەف: مسحەف، قورحان [ف] قرآن.
مەسخ: شکڵ‌گۆڕان، بیچم ناشیرین‌بوُن [ف] تبدیل قیافه به‌شکل بدتر.
مەسخەرە: گاڵتەجاڕ [ف] مسخره.
مەسرەف: خەرج، مزەخت [ف] مخارج.
مەسقەرا: مەسخەرە [ف] مسخره.
مەسقـەڵ: ئامـرازی خۆجـوان‌کردن‌و تاس‌ولـوس‌دان: (ڕوخسارەش وەختێ **مەسقـەڵ** مەدوَ لێش/ وەشنـوێی پاریز خەیاڵ مەبـۆ ڕێش) «مەولەوی» [ف] ابزار بزك کردن.
مهسك: پالاّی‌لەهەمانە، مەست [ف] نوعی پای‌افزار.
مەسکرن: سەرخۆش‌بوُن [ف] مَست شدن.
مەسکە: خیگە، هیزە [ف] خیگ.
مەسکـەت: شیرانی‌یەکە لە ئاردو کاکڵەگوێزو شەکر دەکرێ [ف] نوعی شیرینی که از آرد و مغزگردو و شکر سازند.
مەسکەر: مسگەر، مزگەر [ف] مسگر، صفار.
مەسکی: مەستەکی [ف] مصطکی.
مەسڵەت: ئاشت‌بوُنـەوەی دوژمنی خوێنی‌و ناموُسی [ف] آشتی میان دو دشمن خونی و ناموسی.
مەسڵەحە: بنکەی دروێنەوانان [ف] بنگاه دروگران.
مەسڵەحەت: ڕێوشوێنی دروست‌و باش [ف] مصلحت، راه درست.
مەسـو: گونـدێکی کوردستـانە بەعسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
مەسوُر: سوُکەڵەناوی مەنسوُر [ف] مخفّف منصور، نام مردانه.
مەسوُل: بەرپرسیار،بەرعوّدە [ف] مسئول.
مەسـە: ۱) پۆڵای چەقـۆتیژکـردنی قەسـابان؛ ۲) مەدونە، خاکەنازی مشکی‌دەردان [ف] ۱) سوهان آهنی قصّاب؛ ۲) خاك‌انداز بخاری.
مەسەب: ۱) مەزەب؛ ۲) حەشارگەی کەو [ف] ۱) مذهب؛ ۲) کمین کبك شکاری.
مەسـەکـان: دوگوندی کوردستان بەم ناوە بەعسی کاولی کردوە [ف] دو روستا به این اسم در کردستان توسط بعثیان ویران شده است.
مەسەکی: مەستەکی [ف] مصطکی.
مەسەل: پەندی پێشونان [ف] امثال و حکم.
مەسەلا: مەرسەلا [ف] مثلاً.
مەسـەلـە: ۱) مەسەل؛ ۲) ڕوداو: (**مەسەلە چیە؟**)؛ ۳) پرسیار [ف] ۱) امثال؛ ۲) قضیّه؛ ۳) سئوال.
مەسەلەن: بۆنمونە، وەکو ئەوە [ف] مثلاً.

مەسی: سەرخۆشی ف مستی.

مەسێ: ١) بستەی سەر تەنـدوُر؛ ٢) وشەی گاڵتەپێ‌کردن ف ١) آهن بالای تنور؛ ٢) حرف مسخره کردن مخاطب.

مەسیر: مربای کدو ف مر بای کدو.

مەسین: ئافتاوەی لە مس ف. آفتابهٔ مسین.

مەسینە: مەسین ف آفتابهٔ مسین.

مەش: ١) رۆیشتن، رەوت؛ ٢) جانـەوەرێکی رەشی بچـوُکی باڵدارە لە هەمو ماڵانداهەیە لە شیرنی دەنیشێ و زۆر پیس و پۆخڵە ف ١) رفتار، رفتن؛ ٢) مگس.

مەشاك: دار عاسای دەروێشان ف عصای دراویش.

مەشالەڤ: پاڵا، پێتاو ف پای افزار.

مەشاندن: پێك‌هێنانی کار، جێ‌بەجێ‌کردن ف انجام دادن.

مەشت: سبحەی، سۆزێ، مەستە ف فردا.

مەشتە: ١) جۆگەیەك کە قەدەدێراوێ ئاو دەدا؛ ٢) سو، سۆزی ف ١) جو بی کە یك ردیف جوب کوچك‌تر را آبیاری می‌کند؛ ٢) فردا.

مەشتەبێرۆ: دوسبەی، دوسۆ، دوبەیانی ف پس‌فردا.

مەشتی: سبەی، سۆزی ف فردا.

مەشخ: راهاتن لە کاردا، خۆراهێنان، مەخش ف مشق، تمرین.

مەشخوُڵ: مژوڵ، خەریك ف مشغول، سرگرم کار.

مەشخەڵ: مەخشەڵ ف نگا: مەخشەڵ.

مەشخەلان: مەخشەلان ف نگا: مەخشەلان.

مەشخەلە: خەریك‌بوُن بەشتێکەوە ف مشغلت.

مەشرەف: راوێژو رۆ ف مشرب، خلق.

مەشرەف‌خۆش: راوێژورۆخۆش ف خوش‌مشرب.

مەشغوُڵ: مەشخوُڵ، مژوڵ، خەریك ف مشغول.

مەشفەن: تاتەشۆر، بەردێ کە مردوی لەسەر دەشۆن ف تختەسنگ مردەشویی.

مەشق: مەشخ، مەخش ف مشق، تمرین.

مەشـك: ١) پێستـەحەیوانی گوُراو کە ماستی تێدا دەژێنن؛ ٢) خیگە، هیزە؛ ٣) ورگ، عوُر ف ١) مشك؛ ٢) خیك؛ ٣) اشکمبە.

مەشکاڵە: دەفری چەرمین بۆ میوەو گەزۆ تێداهەڵگرتن ف ظرفی چرمی برای میوهٔ خشك و شیرینی.

مەشکن: ١) ورگن، زگ‌زل؛ ٢) زگ‌باکردو ف ١) شکم گُندە؛ ٢) شکم بادکردە.

مەشکۆ: مەشکن ف نگا: مەشکن.

مەشکوُر: مەشکەرۆقە ف چرم خشکیدە و بی‌مصرف.

مەشکۆڵە: مەشکی گچکە ف مشك کوچك.

مەشکوێ: ژنی ورگ‌زل ف زن شکم گندە.

مەشکە: ١) مەشك؛ ٢) خیگە، مەسکە؛ ٣) مژی، مێشك ف ١) مُشك؛ ٢) خیك؛ ٣) مغز.

مەشکەبڕە: جۆرێ سیسرەی رەشە هەمیشە زیڕەی دێ. واتا: *مێشك‌دەبا* ف جیرجیرك.

مەشکەدڕە: مەشکەبڕە ف نگا: مەشکەبڕە.

مەشکەرەقە: شەکیلە ف چرم خشکیدە و بی‌مصرف.

مەشکەژەن: کەسێ مەشکە ڕادەتلەکێنێ بۆ ماست‌کردنەدۆ ف مشك بەهم‌زن.

مەشکەژەندن: ژاندنی مەشکە ف مشك بەهم‌زدن.

مەشکەژەنن: مەشکەژەندن ف مشك بەهم‌زدن.

مەشکەژەنە: گەمەیەکە ف نوعی بازی.

مەشکەژەنی: مەشکەژەنە ف بازی «مەشکەژەنە».

مەشکەکیژ: مەشکەژێن ف مشك بەهم‌زن.

مەشکەومەلان: مەشکەو سێ‌پا ف مشك و سەپایهٔ آن.

مەشکەی گاوس: مەشکە لە پێستی چێڵ ف مشك از پوست گاو.

مەشوُر: بەناوبانگ ف مشهور.

مەشوُل: تێخوڵی سەرەوەی گوێزوباقی ف پوستهٔ محکم گردو و بادام.

مەشوُن: مەشفەن، تاتەشوار ف سکوی غُسل مَیّت.

مەشە: ١) جانەوەری پچوُکی باڵداری پیس کە لە هەمو شوێنان هەیە، مەش؛ ٢) گازی بزمارکێشانەوە ف ١) مگس؛ ٢) گازانبُر.

مەشەك: فیشەکەشێتە ف فشفشە.

مەشهەلە: مەسەلە ف نگا: مەسەلە.

مەشهوُر: بەناوبانگ، بەدەنگ‌و ناو ف مشهور.

مەشی: ١) رۆیشت؛ ٢) مەشە ف ١) رفت؛ ٢) مگس.

مەشـیا: ١) شیاو، لایق؛ ٢) دەبـوایە؛ ٣) رۆیشـت ف ١) شایان؛ ٢) بایستی؛ ٣) رفت.

مەشین: رۆیشتن ف رفتن.

مەعاف: ١) رەوا، دروست؛ ٢) بەخشراو لە ئەرکی سەرشان، مەحاف ف ١) حلال؛ ٢) معاف.

مەعجوٚمە: مەجومعە ف سینی.

مەعد: رەنگی رۆ، تەبیات: (ئیرۆ مەعدێ تە نەخۆشە) ف رنگ سیما.

مەعدەن: کان، کانگا ف کان، معدن.

مەعدەنوُس: جۆرێ کەرەوز ف نوعی کرفس.

مەعر: مار، خزۆکی درێژی بەژەهر ف مار.

مەعرەکە: ١) چەقەچەق، گورەگور؛ ٢) پاڵانەقەجەری، جۆرێ کورتان؛ ٣) ئارەقگیری بن زین ف ١) سر وصدا و جنجال؛ ٢) نوعی پالان؛ ٣) نمد زین.

مەعز: مەحز، بۆ خاتری ف از برای.

مەعزوم: بانگ‌هێشتن‌کراو بۆ نان‌خواردن ف دعوت شدە برای خوردن.

مەعزەرەت: مەحزەرەت ف معذرت.

مەعلان: پسپۆر، لێ‌زان ف خبرە.

مەعلوُم: زاندراو، ئاشکرا ف معلوم.

مەعموُر: کاربەدەستی بەرەژێری دەوڵەت ف مأمور.

مەعنا: مانا، واتا، نیاز لە قسە ف معنی.

مەعەشوێ: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در

کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مەعەن: محەیەن، وا دەردەکەوێ ف چنین پیداست.

مەعین: ماهین، ماین ف مادیان.

مەغارە: مغارە، ئەشکەوتی گوشاد ف نگا: مغارە.

مەغیەرە: گۆڕستان، موغبەرە ف گورستان.

مەغدور: ناهەقی لێ کراو، بەشخوراو ف مظلوم.

مەغریب: موغروب، دەمی خۆرنشین ف هنگام غروب.

مەغز: ١) کاکڵ؛ ٢) مژی ف ١) مغز هرچیز؛ ٢) مغز جاندار.

مەغلوب: ژێرکەوتو لە بازیو شەڕدا ف مغلوب.

مەغلوبە: تێکجرژانی دوژمنان لە شەڕدا ف جنگ مغلوبە.

مەغمون: زیان دیتە لە سەودا ف زیان خوردە در معاملە، مغبون.

مەغەل: پەچە، حەوشەمەڕ ف خوابگاه گلە در دشت.

مەفا: ١) بەهرە، قازانج، قانزاج؛ ٢) مفا، شفا، چابوونەوە لە نەخۆشین ف ١) سود، بهرە؛ ٢) شفا.

مەفتوڵ: تەرزی داری رەز ف نخ مانندی در تاك.

مەفح: مەحف ف نابود، محو.

مەفرەشبار: دو تاباری پڕ لە کا کە لە بارەبەر دەندرێو نەخۆشی تێدا ڕادەکێشن بۆ گوێزانەوە: (نەیدەتوانی سواربێ بە **مەفرەشبار** بردیان) ف بار چارپا از کاه برای نقل بیمار.

مەفرەق: کانزایەکە مسو قەڵایی تێکەڵاو حەوجوشی لێ دروست دەکەن ف مفرغ.

مەفسك: کەوگیر ف کفگیر.

مەفع: مەحف، مەفح ف نابود، محو.

مەفعەت: بەهرە، قازانج، فایدە، فێدە ف فایدە، بهرە.

مەفەرە: جۆرێ ترێ ف نوعی انگور.

مەڤیژ: ترێی لەبەرتاو ئیشکەوە کراو ف مویز.

مەقاش: ماشە، مقاش، پەنگر ف انبر.

مەقالە: وتاری نوسراو ف مقالە.

مەقام: قام، ستران، گۆرانی، مقام، لاوژە ف ترانە.

مەقاو: مقاو ف نوعی بیماری ستور.

مەقبەرە: موغبەرە، گۆڕستان ف گورستان.

مەقسوك: پەرەسیلکەی باڵدرێژی پاکورت ف پرستو.

مەقلوب: چیایەکی کوردستانە. *بەسەرهاتی سەیدەوان لەوێ رویداوەو کراوەتە بەیت* ف کوهی است درکردستان.

مەقلوم: ئاوەژوکراو، وەرگێڕاو ف وارونە.

مەقەرنە: هەرشتەی لاوەکی ف ماکارونی.

مەقەس: مقەست، تۆرتۆ، قەیچی ف قیچی.

مەقەست: مقەست ف قیچی.

مەقەستە: مقەستە ف نگا: مقدستە.

مەقەسەك: جۆرێ کللۆی درشت ف نوعی ملخ دُرُشت.

مەقەشەر: نخۆشەر، لەپە، لەتکەنۆك ف لپە.

مەقەڵە: جۆرێ گەمەی منالان ف نوعی بازی کودکان.

مەقەڵی: دەفری سکڵ تێ کردن کە لە کانزا کرابێ ف منقل آتش.

مەك: ١) خوێ، خوا؛ ٢) دەگەڵ شتا واتا: کەل‌پەل‌و ئەسباب: (شتومەك) ف ١) نمك؛ ٢) بەهمراه «شت» بەمعنی خرت‌وپرت و اثاثیە.

مەکات: پۆشانە، سەرانەی ئاژەڵ ف سرانە دام.

مەکارە: ١) ئامرازی دارکولینی دارتاش؛ ٢) قرقرەی جلدرو؛ ٣) عەرەبانەی ئازوخەکێشانەوە؛ ٤) یەکسمی چاروێدار کە بە کرێ دەدرێ ف ١) ابزار چوب کندن؛ ٢) قرقرهٔ خیّاط؛ ٣) ارّابهٔ حمل ارزاق؛ ٤) الاغ کرایەای.

مەکارەچی: چاروێدار، کەسێ کە یەکسم بە کرێ دەدا ف چاروادار.

مەکتەب: فێرگە، مەدرەسە ف مدرسە.

مەکتەڤ: فێرگە ف مدرسە.

مەکتەو: مەکتەب ف مدرسە.

مەکر: ١) ناز، پەڵپی ناردارانە؛ ٢) فێڵ، گزی ف ١) ناز و نیمناز؛ ٢) حیلە.

مەکرباز: ١) نازونوزکەر؛ ٢) فێڵباز ف ١) نازکنندە؛ ٢) حیلەگر.

مەکرۆ: مەکرباز ف نگا: مەکرباز.

مەکروف: ١) ناڕەوا، کاری نابەجێ؛ ٢) ناشیرین، گرانجان ف ١) ناروا؛ ٢) زشت.

مەکس: قسەی سەرزارەکی بەبێ کردەوە ف تعارف بی‌عمل.

مەککە: شارێ کەکەعبەی موسوڵمانانی تێدایە ف مکّە.

مەکۆ: ١) جێگەی کۆبونەوەی خەڵك؛ ٢) جێگەی بەسەریەکاکراوی شت، کۆ، کۆگا؛ ٣) ماکۆ، مەکۆ ف ١) انجمن؛ ٢) جای انباشتەشدهٔ چیزی؛ ٣) مکوك.

مەکۆ: ماکۆ ف مکوك بافندگی.

مەکوب: ساقۆڕ، سەبەتەی زۆر زل ف سبد بزرگ.

مەکۆك: ١) ماکۆ، مەکۆ، مەکۆ؛ ٢) بەلەك، گیایەکە ف ١) مکوك؛ ٢) گیاه شیرین بیان.

مەکۆکە: ماکۆ، مەکۆ، مەکۆك ف مکوك بافندگی.

مهکەك: پەزی بچوك ف گوسفند ریز.

مەکی: خوێ، خوا، مەك ف نمك.

مەکیك: مەکۆك ف نگا: مەکۆك.

مەکین: جوانی دڵکێش ف زیبای نمکین.

مەکینە: ١) ماشێن؛ ٢) ماشێنەی جلدرون ف ١) ماشین؛ ٢) چرخ خیّاطی.

مەکینەچی: ١) کەسێ کە لە ماشێن شارەزایە؛ ٢) خەیاتێ کە بە ماشێنە شت ئەدورێ ف ١) تکنیسین؛ ٢) خیّاطی کە با چرخ کار می‌کند.

مەگاو: چێڵ، مانگا ف مادەگاو.

مەگرتی: وامان‌دانا، گرتمان، دامان نا ف فرض کردیم.

مەگروم: پارچەیەکی جوان‌و بەقیمەتە دەکرێتە کراس ف نوعی پارچهٔ قیمتی.

مەگری: گریان‌مەکە ف گریە نکن.

مەگریجەنی: مقەست، قەیچی، تۆرتۆ ف قیچی.

مه‌گس: شڵخه‌مێشی له ده‌شت [ف] زنبورعسل به‌کندونرفته.
مه‌گـلانا: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
مه‌گه‌ر: ۱) وشه‌ی ده‌راویشتن: (**مه‌گه‌ر** بمرم ده‌نا ده‌یکه‌م)؛ ۲) وشه‌ی پرسیار: (**مـه‌گـه‌ر** نه‌مگـوت؟)؛ ۳) وشـه‌ی ئاره‌زوکردن؛ ۴) مه‌گین: (یاره‌ك وه هه‌بت **مه‌گـه‌ر** وه‌بیتن/ گه‌ر دێ وه ئه‌بت **مه‌گه‌ر** نه‌بیتن) «خانی» [ف] مگر.
مه‌گــه‌ز: ۱) جانــه‌وه‌ری پچــوُکی باڵـدار که گاز له پێست ده‌گرێ: (جێگــه‌یه‌کی به‌مێش‌و **مه‌گــه‌زه**)؛ ۲) مه‌ش، مه‌شـه، مێش [ف] ۱) حشرات گزندهٔ پرنده؛ ۲) مگس.
مه‌گه‌زه: چاوێشه‌یه‌ك که له مه‌گه‌زه‌وه په‌یدا ده‌بێ [ف] نوعی چشم درد.
مه‌گه‌س: ۱) مه‌شه، مه‌شی؛ ۲) مه‌گه‌ز [ف] ۱) مگس؛ ۲) نگا: مه‌گه‌ز.
مه‌گه‌ن: ۱) موغناتیز؛ ۲) مه‌گه‌ر [ف] ۱) آهن با؛ ۲) مگر.
مه‌گیرانی: بێزو، ئیشتیای ژنی زگ‌پڕ بۆ خواردنێك [ف] ویار.
مه‌گێز: ئیشتیا، وازی خواردن [ف] اشتها.
مه‌گین: مه‌گه‌ر [ف] مگر.
مه‌ل: ۱) جانه‌وه‌ری پچکۆڵه: (**مه‌ل** و موُر)؛ ۲) په‌ڕنده، باڵدار، ته‌یر [ف] ۱) جانور ریز؛ ۲) پرنده.
مه‌لا: ۱) زانای ئایینی؛ ۲) سه‌روُکی گه‌مه [ف] ۱) آخوند؛ ۲) رئیس‌بازی.
مه‌ڵا: مه‌لا [ف] نگا: مه‌لا.
مه‌لابانگدان: شه‌وه‌کی، سه‌ره‌تای ڕۆژبوُنه‌وه [ف] فجر.
مه‌لابانگان: مه‌لابانگدان [ف] فجر.
مه‌لابه‌زێن: قسه‌زانی له‌زه‌بر [ف] بسیار سخندان.
مه‌لات: قوڕی نێوان خشت‌و به‌رد له به‌نناییدا [ف] گل مَلات در بنایی.
مه‌لاته‌ق‌ته‌قێن: گه‌مه‌یه‌کی شه‌وانه‌یه [ف] نوعی بازی.
مه‌لاته‌ق‌ته‌قێنه: مه‌لاته‌ق‌ته‌قێن [ف] نوعی بازی.
مه‌لاتی: کاری مه‌لا [ف] آخوندگری.
مه‌لاتیا: ناوچه‌یه‌که له کوردستان [ف] ناحیه‌ای درکردستان.
مه‌لاح: به‌ده‌س‌وبرد، لێزان، کارامه، ماهیر [ف] ماهر.
مه‌لاخوَر: که‌م‌قیمه‌ت [ف] ارزان.
مه‌لاخوَره: مه‌لاخوَر [ف] ارزان.
مه‌لاداود: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
مه‌ڵاز: مڵاز [ف] نگا: مڵاز.
مه‌لازاده: ۱) به‌چکـه‌مـه‌لا؛ ۲) تایه‌فـه‌یه‌ك له کورد که تفیان ده‌رمانی مارانگـه‌سته‌و خوێنیان ده‌رمانی نه‌خۆشی هاری‌یه [ف] ۱) آخوندزاده؛ ۲) تیره‌ای از کرد که آب دهنشان شفای مارگزیده و خونشان داروی هاری است.
مه‌لازگر: ناوچه‌یه‌که له کوردستان [ف] ناحیه‌ای درکردستان.
مه‌لاژ: مه‌ڵاشو، مه‌ڵاشك، بان دەم له ژوُره‌وه [ف] سقف دهان.
مه‌لاژگ: سه‌ری هێشتـا نه‌گرساوی منالّی ساوا [ف] بخشی از جمجمهٔ سر کودك که هنوز محکم نشده است.
مه‌لاژن: ژنی مه‌لا [ف] همسر آخوند.
مه‌لاژه: ئالوُ، بادامه‌ی قورگ [ف] لوزتین.
مه‌لاس: ۱) مڵاز؛ ۲) شل‌و شه‌وێق‌و کارله‌ده‌س‌نه‌هاتو [ف] ۱) نگا: مڵاز؛ ۲) سُست و بیکاره.
مه‌لاســه‌فی: له‌و گونـدانـه‌ی کوردستـانه که به‌عسی کاولیان کرد [ف] روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
مه‌ڵاشك: مڵاشك [ف] سقف دهان.
مه‌ڵاشوُ: مڵاشك [ف] سقف دهان.
مه‌ڵاشـوُکه‌وتن: شل‌بوُنی مه‌ڵاشك که منالّی چکۆڵه ده‌یگرن [ف] سَق افتادن بچه.
مه‌ڵاشوُهه‌ڵدانه‌وه: جێ‌هێنانه‌وه‌ی مه‌ڵاشوُ [ف] جاآوردن سق.
مه‌ڵاشوُهێنانه‌وه: مه‌ڵاشوُهه‌ڵدانه‌وه [ف] جاآوردن سق.
مه‌لاعــومــه‌ر: گونـدێکـه له کوردستـان به‌عسی وێرانی کرد [ف] از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
مه‌لاعه‌لیك: ته‌یرێکی پچکۆڵه‌یه [ف] پرنده‌ایست کوچك.
مه‌لافه: چه‌رچه‌ف، به‌رگه‌دۆشه‌ك‌و باڵگه [ف] ملافه.
مه‌لاقی: جۆرێ ئه‌مرۆ [ف] نوعی گلابی.
مه‌لاق: ۱) روخۆشی ته‌فره‌ده‌ر؛ ۲) روبینی؛ ۳) ترێی هه‌ڵگیراو بۆ زستان [ف] ۱) فریبکار؛ ۲) تملّق؛ ۳) انگور نگهداری شده برای زمستان، آونگ.
مه‌لاقه: ئه‌سکوێ، ئه‌سکو [ف] ملاغه.
مه‌لاقــه‌ره: له‌و گونـدانـه‌ی کوردستـانـه که به‌عسی کاولیان کرد [ف] روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
مه‌لاقی: مه‌لاق [ف] نگا: مه‌لاق.
مه‌لاك: ۱) جه‌رگ؛ ۲) جه‌رگ‌وناو [ف] ۱) جگر؛ ۲) دل و جگر و قلوه.
مه‌ڵاك: ۱) که‌وچــك، که‌فچی؛ ۲) جه‌رگ‌و ناو [ف] ۱) قاشق؛ ۲) دل و جگر و قلوه.
مه‌لاکاخه: گوندێکه له کوردستان به‌عسی وێرانی کرد [ف] از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
مه‌لاکاغا: گوندێکی کوردستانه به‌عسی کاولی کرد [ف] نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.
مه‌ڵاك‌کردن: چێژتن، چێژه‌کردن [ف] چشیدن.
مه‌ڵان: سێ‌پای مه‌شکه [ف] سه‌پایهٔ مشك.
مه‌ڵامه‌ت: ۱) هوَ؛ ۲) سوڕ، نهێنی [ف] ۱) علّت؛ ۲) راز.
مه‌ڵاو: شلکێنه، ریتکه [ف] خمیر آبکی.
مه‌لاهیم: ۱) خاوه‌ن به‌زه‌یی؛ ۲) نه‌رم‌ونیان؛ ۳) ناســك‌وشلك [ف] ۱) با تَرحّم؛ ۲) نرم؛ ۳) نازك و لطیف.
مه‌لایکه‌ت: ملیاکه‌ت، فرشته‌ی خوا [ف] ملائکه.
مه‌لایه‌تی: کاری مه‌لا [ف] آخوندگری.
مه‌ڵبــه‌ن: ۱) سه‌رزه‌مینی جێگـه‌ژیان؛ ۲) کان، جان، مه‌عـده‌ن [ف] ۱) سرزمین زیستگاه؛ ۲) معدن، کان.
مه‌ڵبه‌ند: مه‌ڵبه‌ن [ف] نگا: مه‌ڵبه‌ن.

مەلتیك: سێوەترشەی پایزی ف سیب ترش پاییزرس.

مەڵحـە: گونـدێکـە لە کوردستـان بەعسی وێرانی کرد ف نام دهی در کردستان که بعثیها ویران کردند.

مەڵحەم: دەرمانی دەبرینساوین ف مرهم.

مەلختـە: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

مەلس: بەزەویەوە چەسپان ف بر زمین چسبیدن.

مەلساندن: بەزەویەوە نوساندن ف بر زمین چسبانیدن.

مەلسین: مەلساندن ف بر زمین چسبانیدن.

مەلشە: مێش زلو درشت، کەلمێش ف مگس دُرشت.

مەڵغە: باری، لۆسە ف اهرم.

مەلقاندن: ١) گەیاندنی میوە بە گوشینو دەتەرەخستن؛ ٢) فلیقاندنەوە ف ١) رسانیدن مصنوعی میوه؛ ٢) لەکردن چیز آبکی.

مەلقە: جۆرێ خواردەمەنی ف نوعی خوراکی.

مەلقەپ: ئامرازێکی دارکۆڵین ف وسیلەای برای حکّاکی چوب.

مەڵقەرەنی: گوندێکە لە کوردستان ف نام دهی است.

مەڵقین: ڕزینی میوە بەدارەوە ف پوك شدن میوه بر درخت.

مەلکە: ١) زاروێ خڕەکەو بەکەیف؛ ٢) سەرپاڵەی دروێنە؛ ٣) فرشتە، ملیاکەت ف ١) کودك تُپل و خوب رشد کرده؛ ٢) سردستهٔ دروگران؛ ٣) ملائکه.

مەلکەب: سەبەتەی بچوُك، قەرتاڵە، تریان ف سبد کوچك.

مەلکـەڕێ: تیرەیەکـە لە هۆزی سویسنی لە کوردستان ف طایفەای کُردزبان در کردستان.

ن: ١) پاشگری کۆمەڵ بۆ ئەوانەی دەدوێندرێن: (**بخۆن، بچن**)؛ ٢) پاشگری بەواتا: ئێمە. (**بۆن** بێنە، **لێن** گەڕێ)؛ ٣) پاشگری پەسنی ناحەز: (**چڵکن، چڵمن، کوڵکن**)؛ ۴) پاشگری ماك و کەرستە: (**زێڕن**)؛ ۵) پاشگری خەبەر لەکۆمەڵدان: (**هاتن، دەچن، دەڕۆن**)؛ ۶) پاشگری پاڵدان: (**پاشن**)؛ ۷) پاشگری چاوگە: (**کرن، برن**)؛ ٨) نە، نا: (**ئەز نزانم**) ف ١) پسوند جمع مخاطب؛ ٢) پسوند متكلّم مع الغیر؛ ٣) پسوند توصیف؛ ۴) پسوند نسبت؛ ۵) خبر از سوم شخص جمع؛ ۶) پسوند اتّكا؛ ۷) پسوند مصدری، علامت مصدر؛ ٨) نه، حرف نفی.

نا: ١) بێ: (**ناهومێد**)؛ ٢) دوورەپەرێزی: (**ناچم، ناخۆم**)؛ ٣) دوولاش: (سەر **نای** ئاسیاو)؛ ۴) وشەی پرسیار: (تۆ چوی بە شار **نا**؟)؛ ۵) ئان، یان: (**نا** تۆ بچو **نا** من دەچم)؛ ۶) وشەی حاشا: (تۆ خواردت؟ **نا**) ف ١) بدون؛ ٢) نە؛ ٣) ناوآسیاب؛ ۴) كلمهٔ پرسش؛ ۵) یا؛ ۶) كلمهٔ حاشا، انكار.

نائاسایی: بەدەر لە داموو دەستوور ف غیرعادی.

نائومێد: بەئاوات نەگەیشتو ف نومید.

نائەمین: ١) غاین، خەیان، دەستپیس؛ ٢) بقە، خەتەر ف ١) غیرقابل اعتماد، نامطمئن، نادرست؛ ٢) خطرناك.

نابا: ١) شتێ کە کەم دەس دەکەوێ؛ ٢) تیا جێگەی نابێتەوە: (ئەم جەواڵە ئەم گەنمە **نابا**)؛ ٣) توانای نیە: (ئەم کەرە بارەکەی **نابا**)؛ ۴) نایوات، نایبا ف ١) نایاب؛ ٢) نمی‌گنجد؛ ٣) توانایی ندارد؛ ۴) نمی‌برد.

ناباب: ناباو ف ناباب.

نابالغ: مناڵی هێشتا گەورە نەبوگ ف نابالغ.

نابالق: نابالغ، نەگەیوەتە بلوق ف نابالغ.

ناباو: ١) بێ‌برەو، بێ‌ڕەمێن؛ ٢) دوور لە داب و دەستووری کۆمەڵ ف ١) بی‌رواج؛ ٢) ناباب و غیرعادی.

نابایس: لە پێویست بە دوور ف نابایسته.

نابوو: لە دارایی کەفتگ ف ورشکست.

نابووت: ١) نابوو؛ ٢) پووتە، پووتەکە ف ١) ورشکست؛ ٢) کوتاه قدّبدقواره.

نابووت‌بوون: لەدارایی کەوتن ف ورشکست شدن.

نابووتە: پووتەکە، پیسەکە، قرخنە ف کوتاه‌قدّ لاغر بدقواره.

نابووتی: ١) لەدارایی کەوتن؛ ٢) پووتەکەیی ف ١) ورشکستگی؛ ٢) بدریختی و کوچك اندامی.

نابوود: نابووت ف نگا: نابووت.

نابووینك: تیرۆکی ئەستووری ئەنگوتك‌پان‌کردنەوە، وەردێنە ف نورد نانوایی.

نابوویی: نابووتی، لەدارایی کەفتن ف ورشکستگی.

نابە: ڕەوانیە، نابێ، ناشێ: (**ولۆ نابە**) ف سزاوار نیست.

نابەجا: پێچەوانەی ڕێوشوێنی ئاسایی ف نامعقول.

نابەجێ: نابەجا: (بەجێ‌ماوم لە یاران **نابەجێ** ماوم ئەجەل زووبە/ بە مردن لەم قسووری ژینە ئیستیعفا نەکەم چبکەم؟) «مەحوی» ف نامعقول، نابجا.

نابەحەق: پێچەوانەی حەق و ڕاستی ف ناروا.

نابەدڵ: پێچەوانەی دڵخواز، شتێ کە پەسند نەکرێ و بەردڵ نەکەوێ ف برخلاف میل.

نابەکار: بەدکار، زاڵم ف بدکار.

نابەکام: بەمراد نەگەیشتگ ف ناکام.

نابەلەد: پێچەوانەی شارەزا ف ناوارد.

نابەلەگ: نابەلەد ف ناوارد.

نابەلەڵ: نابەلەد ف ناوارد.

نابەوەخت: بێ‌وەخت ف نابهنگام.

نابەین: دوور، مابەین ف میان، وسط.

نابێ: ناشێ ف نمی‌شود.

نابینك: نابووینك ف وردنهٔ نانوایی.

ناپارازی: خۆنزیك‌کردن لە شتێ کە ئەبێ لێی دوور بی ف بی‌احتیاطی.

ناپارێزی: ناپارازی، لە خەتەر دووری نەکردن ف ناپرهیزی، بی‌احتیاطی.

ناپاك: ١) پیس، گەمار، چڵکن؛ ٢) بەدفەڕ، خاین ف ١) ناپاك؛ ٢) خائن.

ناپوخت: ١) پیس و پۆخڵ؛ ٢) کاربەلاو: (کاری هەر **ناپوختە**) ف ١)

کثیف؛ ٢) ناپخته، نامنظّم.

ناپەسن: شتێ کە لە بەردڵ‌کەوتن دوُرە ف ناپسند.

ناپەسند: ناپەسن ف ناپسند.

ناپەسەن: ناپەسن ف ناپسند.

ناپەسەند: ناپەسن ف ناپسند.

ناپیاو: کەسێ کە لە مەردایەتی بێ‌بەشە ف نامرد.

ناپیاوەتی: پێچەوانەی مەردایەتی ف نامردی.

ناپیاوی: ناپیاوەتی ف نامردی.

نات: لەم‌لاوە ف از این طرف.

ناتا: نات، لەیرەوە ف از این طرف.

ناتانم: لە توانام بەدەرە ف نتوانم.

ناتانین: ١) بێ‌تاقەت‌بوُن لە ئەنجامی کارێکا؛ ٢) ئێمە بوّمان ناکرێ ف ١) نتوانستن؛ ٢) نمی‌توانیم.

ناتاو: کەمو کوُڕ، هێشتا بوّ پوخت‌بوُن دەیەوێ ف نادرست، ناپخت، ناتمام.

ناتاوان: بێ‌گوناە، بێ‌تاوان ف بی‌گناه.

ناتاوی: کەمو کوُڕی، بەدوُر لە پوختی‌و دروستی ف نقص، کاستی.

ناتدوّت: ئێرو‌ئەوێ ف اینجا و آنجا.

ناتر: دەللاك، کیسەکێشی حەمام ف دلّاك حمّام.

ناترا: لێرەوە ف از این طرف.

ناترە: شادە، شارە، عەلامەتی نێوان کاو گەنم لە خەرمان ف چوبکهای فاصل کاه و گندم در خرمن.

ناتف: گشتەکی بر ین‌دروُن ف نخ بخیهٔ جرّاحی، رشتهٔ زخم‌دوزی.

ناتوا: پێچەوانەی دەخوازێ ف نمی‌خواهد.

نات‌واتا: لێرەولەوێ ف اینجا و آنجا.

ناتوام: پێچەوانەی دەمەوێ ف نمی‌خواهم.

ناتـــواو: ١) پەرێشـــان‌حاڵ، پەشـــێو؛ ٢) پێچـــەوانـــەی تەواو ف ١) پریشان‌حال؛ ٢) ناتمام.

ناتوای: پێچەوانەی دەتەوێ ف نمی‌خواهی.

ناتوّر: باغەوان ف باغبان.

ناتوّرە: لەقەمی ناپەسند ف لقب زشت.

ناتەبا: پێچەوانەی ئاشت‌و مابەین‌خوّش ف ناسازگار.

ناتەبایی: مابەین تێکچوُیی ف ناسازگاری.

ناتەمیز: پیس، چڵگن، گەمار ف کثیف.

ناتەمیس: ناتەمیز ف کثیف.

ناتەوان: بێ‌تاقەت، بێ‌تین‌و تابشت ف ناتوان.

ناتەواو: ناتواو ف ناتمام.

ناجایز: نابەحەق ف ناروا.

ناجسن: ١) بەدفـەڕ، ناپـەسنـد؛ ٢) رەگەزچروُك، بنیچەخوێر ی ف ١) بدادا، بدجنس؛ ٢) نانجیب.

ناجوّر: ١) ناباو؛ ٢) دژی ڕێك‌وپێك ف ١) ناباب؛ ٢) نامرتّب.

ناجوُر: ناباو ف نگا: ناباو.

ناجەستە: پوُتەکە، نابوُت ف بی‌نمود، کوتاه‌قدّ بدریخت.

ناجەسە: ناجەستە ف نگا: ناجەستە.

ناجیح: سەرکەوتو لە کاری خوّی‌دا ف موفّق در کار.

ناچاخ: بێ‌کەیف ف بی‌حال، نزار.

ناچار: مەجبوُر، کەسێ کە دەسەڵاتی کاری بەخوّی نەبێ ف ناگزیر.

ناچم: ١) ڕوّیشتن ناکەم، بەرانبەری دەچم؛ ٢) بەرانبەری دەشبێم ف ١) نمی‌روم؛ ٢) شباهت ندارم.

ناچن: ١) پێچەوانەی دەچن؛ ٢) پێچەوانەی دەشبێن ف ١) نمی‌روند؛ ٢) شباهت ندارند.

ناچە: کوُژە، گەروُلەی ئاش ف گلوی آسیا که گندم از آن ریزد.

ناچەخ: تەوری دەستی شەڕکەران لە پێشودا ف تبردست جنگاوران قدیم.

ناچێ: ١) پێچـەوانەی دەڕوا؛ ٢) پێچەوانەی دەشبێ، لەگوێنی ئەو نیە: (کاکت وەك توّ **ناچێ**)؛ ٣) بەخت ناکرێ، برەوی نیە: (ئەم پارەقەڵبە **ناچێ**) ف ١) نمی‌رود؛ ٢) شباهت ندارد؛ ٣) رواج ندارد، رایج نیست.

ناچیز: خوێڕی، ناجسن ف بی‌همه‌چیز.

ناچیزە: ژنێ کە لە فەرمانی شوُ سەرپێچی دەکا ف زن ناشزه.

ناچین: ١) پێچـەوانەی دەچین؛ ٢) بێ‌شباندن بە یەکترین: (ئێمە وەك یەك **ناچین**) ف ١) نمی‌رویم؛ ٢) بی‌شباهتیم.

ناحاواو: ١) بزوّز، بێ‌ئارام؛ ٢) کەسێ کە لە سازان‌و تەبایی دڕدوّنگە ف ١) عجول، ناآرام؛ ٢) ناسازگار.

ناحەز: ١) بێ‌بەش لە جوانی‌و خوشیکی؛ ٢) دوژمن ف ١)نازیبا؛ ٢) دشمن.

ناحەزی: ١) بێ‌بەشی لە جوانی؛ ٢) دوژمنایەتی ف ١) بدگلی؛ ٢) دشمنی.

ناحەساو: ١) سەرجەوت؛ ٢) قسەی نابەجێ ف ١) بدحساب؛ ٢) سخن نامقبول.

ناحـەسـاوی: ١) سەرچەوتی؛ ٢) قسەی بێ‌جێ ف ١) بدحـسابی؛ ٢) سخن لاطایل.

ناحەسڵ: رەسەن‌خراو، ناجسن ف بدگهر.

ناحەسێ: بە ئاگا نایە ف احساس نمی‌کند.

ناحەسێبی: ناحەساوی ف نگا: ناحەساوی.

ناحەسێتەوە: لە ئاسوُدەیی بێ‌بەشە ف نیاساید.

ناحەسێوی: ناحەساوی ف نگا: ناحەساوی.

ناحەق: پێچەوانەی حەق‌و ڕەوا، زوڵم ف ناروا.

ناحەقی: زوڵم ف ستم.

ناحەونێ: بە هیچی دانانێ ف بە هیچ نمی‌شمارد.

ناحیە: مەڵبەند، بەشێ لە سەرزەمینی چەند ئاوایی ف ناحیه، منطقه.

ناخ: ١) ژوُرەوەی هەرشتێ، ناوەڕوّك: (بـە **ناخی** عەرزا چو)؛ ٢) جێگە، لان؛ ٣) دەریای زل ف ١) ناف، عُمق، درون؛ ٢) جای؛ ٣) دریای مُحیط

ناخا: بەزەویدا نادا، پێچەوانەی فڕێ دەدا: (بارەکە **ناخا**) ف نمی‌اندازد.

ناخار: ١) زبرو بەکەندو کلۆ؛ ٢) بەدفەڕ، شەڕهەڵایسێن؛ ٣) تیخی زۆر باش، ناغار ف ١) ناتراشیده، ناهموار؛ ٢) شرور؛ ٣) تیغ بسیار خوب.

ناخازم: ناتوام ف نمی‌خواهم.

ناخافڵ: بێئاگاداری، لەپڕ، کتوپڕ ف ناگهان.

ناخر: ١) ڕەوەی شەو بەکێو؛ ٢) گاگەل، گاران؛ ٣) شوانی گاوان ف ١) رمه‌ای که شب در صحرا می‌ماند؛ ٢) گلهٔ گاوان؛ ٣) چوپان گاوان.

ناخرقـەوان: دەڕۆژەی ئاخری سەرماوەز کە ڕەوە دەکرێتەژوورەوە ف ده روزهٔ آخر آذرماه.

ناخلاف: کتوپڕ، لەپڕ ف غفلتاً، ناگهان.

ناخو: ماکێکی سەخت‌و بریقەدارە بە پشتی قامکەوە، چنجرۆکی بنیادەم ف ناخن.

ناخۆ: ١) هەتاوابێ؛ ٢) کەوایە؛ ٣) ئەی‌چۆن؟ ف ١) تا چنین است؛ ٢) که اینطور؛ ٣) چطورمگر؟.

ناخوا: ١) گەمیەوان؛ ٢) لە خواردن بەپارێزە ف ١) ناخدا؛ ٢) نمی‌خورد.

ناخودا: ١) گەمیەوان؛ ٢) گوناحبارو بێ‌ترس لە خودا ف ١) ناخدا؛ ٢) خدانشناس.

ناخۆرا: کەم‌خۆر ف کم‌خوراک.

ناخۆرە: زەمینی قوپاو، عەرزی ڕۆچوگ ف زمین فرورفته.

ناخوری: ١) نۆبەرەی فرزەند؛ ٢) نۆبەرەی میوە ف ١) فرزند نوباوه؛ ٢) نوبر میوه.

ناخـۆش: ١) لەش‌بەبار؛ ٢) چێژەناپەسند؛ ٣) هەوای تۆش؛ ۴) ناتەبا: (مابەین **ناخۆش**) ف ١) بیمار؛ ٢) بدطعم؛ ٣) هوای بد؛ ۴) میانهٔ بد، شکراب.

ناخـۆشی: ١) تەڕو تۆشی کەش؛ ٢) لەش‌بەباری؛ ٣) ناتەبایی ف ١) موسم سرما و بارش؛ ٢) **بیماری؛ ٣) ناسازگاری.**

ناخۆشین: بیماری، لەش‌بەباری ف بیماری.

ناخون: ناخو ف ناخن.

ناخوندە: نەخوێندەوار ف بیسواد.

ناخون‌شەیتان: شەیتانۆکە ف حلزون.

ناخـونـە: ١) لەکەی باریك‌و سوور کە لە چاو بەیدا دەبێ، نەخۆشیەکی چاوە؛ ٢) پرزەی دەوری تەون کە پۆی تێوەنادرێ ف ١) از بیماریهای چشم؛ ٢) تار بی‌پود در کنارهٔ بافت.

ناخونەك: ١) خواردن لە شتێ بە بێ ئیجازەی خاوەنی؛ ٢) ناخونەی چاو ف ١) خوردن از چیزی بدون اجازه، ناخنك؛ ٢) از بیماریهای چشم، نگا: ناخونه.

ناخویا: بەرپیوار، لەبەرچاوگوم ف ناپیدا.

ناخوێنە: لەکەی سووری چاو، ناخونە ف لکهٔ قرمز چشم، نوعی بیماری.

ناخەفم: دەخەوڕاناچم ف نمی‌خوابم.

ناخەلەف: منالی خراپ ف فرزند ناخلف.

ناخەوم: ناخەفم ف نمی‌خوابم.

ناخێر: ١) نا، پێچـەوانـەی ئارێ؛ ٢) هیچ‌و پوچ‌و بێ‌بەهـرە: (بە گیانی ناخێرت نەچوی) ف ١) نه؛ ٢) بی‌بهره‌و هرزه.

نادا: پێچەوانەی دەدا، نابەخشێ ف نمی‌دهد.

نادان: ١) ڕژد، دەس‌قوچاو، چرۆك؛ ٢) پەژیوانی ف ١) خسیس؛ ٢) پشیمانی.

نادر: ١) کەم‌تا، کەم‌وێنە؛ ٢) ناوە بۆ پیاوان ف ١) کم‌نظیر؛ ٢) نام مردانه.

نادروس: ١) پیاوی چەوت‌و خوار؛ ٢) نابەجێ ف ١) آدم نادرست؛ ٢) ناروا.

نادروست: نادروس ف نگا: نادروس.

نادم: نابەخشم ف نمی‌دهم.

نادۆ: سوکەلەناوی نادر، ناوی پیاوانە ف مخفّف نادر.

نادۆك: داری سێ‌پای مەشکە ف چوب سه‌پایهٔ مشك.

نادۆڵ: کوژە، گەرولەی ئاش ف گلوی آسیاب که گندم از آن ریزد.

نادوێ: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

نادە: ١) میوەیێ کە زوو پێ‌بگا؛ ٢) کارێ کە هاسان‌و زوو پێك‌بێت ف ١) زودرس؛ ٢) کاری که انجام دادنش زیاد وقت نمی‌خواهد.

نادەت: نادا ف نمی‌دهد.

نادەتن: نادا ف نمی‌دهد.

نادەم: پێچەوانەی دەبەخشم ف نمی‌دهم.

نادی: ١) نادەی؛ ٢) جێگـەی پشـودان‌و ئیسـراحـەتی دۆستان ف ١) نمی‌دهی؛ ٢) باشگاه.

نادیار: بەرپیوار، ناخویا ف ناپیدا.

نادیاری: نادیار ف ناپیدا.

نادەیەنە: ڕوانین، نواڕین، تواشاکردن ف نگاه کردن.

نادینێ: نابینێ، لەدیتنێ‌بێ‌بەشە ف نمی‌بیند.

نادێنێ: دەڕوانێ، تواشادەکا ف نگاه می‌کند.

نار: میوەیەکـە پاییزی قاپێلك‌خڕ زۆری دەنـك تێدایە ترش‌و شیرن‌و مێخۆشی هەیە، هەنار: (ڕوبەنار) ف انار.

نارا: ١) ئێستە، ئایسە؛ ٢) هەر ئەم‌جارە ف ١) اکنون؛ ٢) فقط این دفعه.

نارڕاس: چەوت، خوار ف ناراست.

نارڕاست: نارڕاس ف ناراست.

نارڕاستی: چەفتی، لاری ف ناراستی، نادرستی.

نارڕاسی: نارڕاستی ف نادرستی.

ناراو: ١) ژەهراو؛ ٢) بەڵاو بەدبەختی؛ ٣) ڕەوانەکراو، بەڕێ‌کراو ف ١) زهرابه؛ ٢) مصیبت و بدبختی؛ ٣) فرستاده.

نارای: نارا ف نگا: نارا.

ناربە: پشکوتنی گەڵاو لکی ڕوەك ف شکفتن و جوانه‌زدن گیاه.

ناربەند: دارەبی ئێختەکراو ف درخت بید اخته‌شده.

نارجـەلانجـوخ: گونـدێکـە لە کوردستـان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

نارجیل: جۆرە دەنکەتەزبیحێکە ف نوعی دانهٔ تسبیح.

نارداني: پەیژە، سلەم، نەردیوان، ناردیوان ف نردبام.

ناردت: ١) ڕەوانەت کرد؛ ٢) ڕات سپارد ف ١) فرستادی؛ ٢) سفارش کردی.

ناردراو: ڕەوانەکراو، ناراو ف فرستاده.

ناردم: ١) ڕەوانەم کرد؛ ٢) ڕام سپارد ف ١) فرستادم؛ ٢) سفارش کردم.

ناردن: ١) ڕەوانەکردن؛ ٢) ڕاسپاردن ف ١) فرستادن؛ ٢) سفارش کردن.

ناردی: ١) ڕەوانەی کرد؛ ٢) ڕای سپارد ف ١) فرستاد؛ ٢) سفارش کرد.

ناردین: جەگەن، گیاحەسیر ف گیاه حصیر بافی.

ناردیوان: پەیژە، سلەم ف نردبام.

نارگیله: قلیان ناوی ف قلیان.

نارِن: ناچن، پێچەوانەی دەڕۆن ف نمی روند.

نارناروکه: قامێکە ف ترانەایست.

نارناروکێ: نارناروکە ف ترانەایست.

نارنج: میوەیەکە لە تیرەی پرتەقاڵ و لالەنگی و کەبات ف نارنج.

نارنجوك: بۆمبای چکۆڵەی دەستی ف نارنجك.

نارنجەك: نارنجۆك ف نارنجك.

نارنجەلـه: لەو گونـدانـەی کوردستـانـە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

نارنجی: بەڕەنگی نارنج ف نارنجی رنگ.

نارنگی: لالەنگی ف نارنگی.

ناروجـه: گونـدێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

نارۆژ: ئەمڕۆ، ئیمڕۆ ف امروز.

ناروك: جۆرێ میوەی ناری ناپەسندو پچوك ف نوعی انار کوچك و نامرغوب.

ناروکه: قامێکە ف ترانەایست.

ناروەند: دارەڕەش، دارێکی بێ بەرە قەدی ڕەشەو لك و پۆپی جوانی هەیە ف نارون.

ناره: گوڕە، نەعرەتە، گوڕین بەدەنگی بەرز ف نعره، غُرّش.

نارەت: ناچێ ف نمی رود.

نارەته: گوڕە، گوڕین بە دەنگی بەرز ف نعره.

نارەحەت: ١) لە ئاسودەیی بێ بەش؛ ٢) جاڕز، قەڵس؛ ٣) ڕق هەستاو، توڕە؛ ٤) زۆر نەخـۆش ف ١) ناراحت؛ ٢) بکـر؛ ٣) خشمگین؛ ٤) بسیار بیمار.

نارەزا: کەسێ کە شتێ قبوڵ نەکا ف ناراضی.

نارەزایی: توڕەیی و قەڵسی ف ناخشنودی.

نارەسەن: ناجسن، ناحەسڵ ف بدگهر.

نارەنار: گۆرانی لەسەرخۆو لەبەرخۆوە، لۆرەلۆر ف زمزمه، ترنّم.

نارەوا: ١) ناحەق، نابەجێ؛ ٢) سکەی قەڵب ف ١) ناروا؛ ٢) سکّهٔ تقلّبی.

نارەوان: ١) لەبەرنەکراوی دەرس؛ ٢) خوێندنەوەی بە گرێ و گۆڵ؛ ٣) زمـانێ کە لە قسـەدا ڕەت دەبـا ف ١) ازبـر نشده؛ ٢) روخوانی با اشکال؛ ٣) زبان لکنت‌دار.

نارەوایی: نابەجێ بوون ف ناروایی.

نارەوەن: ناروەند ف درخت نارون.

ناری: ١) پێچەوانەی باری، نەهێنی؛ ٢) نازناوی شاعیرێکی ئەم چەرخە ف ١) نیاوری؛ ٢) تخلّص شاعری کردزبان و معاصر.

نارێ: ١) ناوی ژنانە؛ ٢) قامێکە ف ١) نام زنانه؛ ٢) ترانەایست.

نارياگ: ١) ناردراو؛ ٢) ناراو، ڕاسپێراو ف ١) فرستاده؛ ٢) سفارش شده.

ناریعەلی: زۆر بەدژواری: (بە هەزار **ناریعەلی** قەرزەکەم لێ ساند) ف کنایه از زحمت زیاد.

نارێك: ١) ناجۆر؛ ٢) دژی تەکوز؛ ٣) دژی تەخت و ساف ف ١) ناجور؛ ٢) نامرتّب؛ ٣) ناهموار.

نارین: ١) گۆرانی خەمبـارانـە؛ ٢) ناوی ژنـانـە؛ ٣) ژنی شەرمن؛ ٤) ناسك، تەنك ف ١) آهنگ حزین؛ ٢) نام زنانه؛ ٣) زن خجالتی؛ ٤) نازك و تُنُك.

ناز: ١) عیشوە، گریشمە؛ ٢) داری سنۆبەر؛ ٣) خۆشەویستی، دلۆڤانی ف ١) ناز؛ ٢) درخت صنوبر؛ ٣) محبت، مهربانی.

نازار: خۆشەویست، زۆر خۆشەویست ف نازنین.

نازاڤ: تێراو، تورت وشەق ف شاداب.

نازاو: ١) نازاڤ؛ ٢) لەبـەر زۆر ئاودان زەردبـوگ ف ١) شاداب؛ ٢) از کثرت آب دادن زرد شده.

نازبالنج: بالگەهی سفك و بچوك ف نازبالش.

نازپەروەر: بە خۆشەویستی گەورە کراو ف نازپرورده.

نازپێوەکردن: شانازیپێ کردن ف افتخار به کسی کردن.

نازدار: ١) نازار؛ ٢) ناوی ژنانە ف ١) محبوب، نازنین؛ ٢) نام زنانه.

نازداری: خاوەن نازی ف نازنینی.

نازرینگ: حۆڵ و گێل، کەمفام ف کَودَن.

نازشێوان: لەسەر خۆشیانەوە تۆشی خەم و مەینەت بوون ف از خوشی به ناخوشی افتادن.

نازفرۆشتن: عیشوەو قەمزە کردن ف نازکردن.

نازك: ١) پێچەوانەی سەخت، نەرم؛ ٢) وردو باریك؛ ٣) تورت ف ١) نرم؛ ٢) ظریف، نازك؛ ٣) تُرد.

نازكردن: نازفرۆشتن ف نازکردن.

نازككار: ١) بەنـایێ کە گوڵبڕی بە گەچ لە خانوان دەکا؛ ٢) دارتاشی کاری وردەکاری ف ١) گچ‌بر؛ ٢) نازك‌کار چوب.

نازككاری: کاری نازك‌کار ف ١) گچ‌بری؛ ٢) نازك‌کاری بر چوب.

نازكەر: نازفرۆش ف عشوه‌گر.

نازكەش: خەمخۆرو نازقبوڵکەر لە خاوەن ناز ف نازکش.

نازكەك: لەش نازك ف نازك اندام.

نازكەی: نازکی ف نگا: نازکی.

نازكی: ١) نەرمی؛ ٢) تورتی؛ ٣) باریکی ف ١) نرمی؛ ٢) تردی؛ ٣) نازکی.

نازكێش: دڵسـۆز، خەمخـۆر، دڵپڕ لە بەزەیی بۆ ژێردەستی خۆی ف

سر پرست غمخواره.

نازکێشان: خەمخۆریو دڵسۆزی دەگەڵ ژێردەستە [ف] سرپرستی و غمخوارگی.

نازگ: نازك [ف] نگا: نازك.

نازلی: ١) نازدار؛ ٢) قامێکە؛ ٣) ناوی ژنانە [ف] ١) نازنین؛ ٢) ترانه‌ایست؛ ٣) نام زنانه.

نازم: ١) سەرپەرستی مەکتەب؛ ٢) ناوی پیاوانە [ف] ١) ناظم مدرسه؛ ٢) نام مردانه.

نازمیا: ناوچەیەکە لە کوردستانی بەردەستی ترکان [ف] منطقه‌ای در کردستان.

نازناز: گوڵێکە بەزۆر ڕەنگان [ف] گل نازناز.

نازناو: لەقەمی باشی هەڵبژێراو [ف] لقب برگزیده.

نازونوُز: نازکردن بە مینگەو فنگە [ف] عشوه و ناز.

نازونیاز: نازکردنو دڵدانەوە [ف] نازکردن و دلداری دادن.

نازونیمناز: نازونوُز [ف] نازونیمناز.

نازونیوناز: نازونوُز [ف] نازونیمناز.

نازە: گۆشتی بن ناخون [ف] گوشت زیر ناخن.

نازەریف: ١) ناپەسند؛ ٢) ناحەز [ف] ١) ناپسند؛ ٢) بدگل.

نازەناخوُن: نازەیناخوُن، بن‌نینۆك [ف] بخشی از ناخن که زیرپوست قرار دارد.

نازەنگوشت: قوُچەکە [ف] انگشتانه.

نازەنین: ١) بەناز، نازدار؛ ٢) ناوی ژنانە؛ ٣) گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد [ف] ١) نازنین؛ ٢) نام زنانه؛ ٣) از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

نازەیناخوُن: بن‌نینۆك [ف] بخشی از ناخن که زیر پوست قرار دارد.

نازێ: ١) نازەنین؛ ٢) لە منداڵبوُن بێ‌بەشە؛ ٣) ناویژنانە [ف] ١) نازنین؛ ٢) نمی‌زاید؛ ٣) نام زنانه.

نازیرەك: نازرینگ [ف] کودن.

نازین: ١) شانازی‌کردن؛ ٢) پارێزگار شك‌بردن [ف] ١) فخر و مباهات کردن؛ ٢) دلگرم بودن و محافظ گمان بردن.

ناژ: داری سنۆبەر، ناژو [ف] درخت صنوبر.

ناژو: ناژ [ف] درخت صنوبر.

ناژین: ١) ناژ؛ ٢) ئێمە ئەمرین؛ ٣) ئەمرن [ف] ١) درخت صنوبر؛ ٢) می‌میریم؛ ٣) می‌میرند.

ناس: ١) ئاشنا، پێچەوانەی بیانی؛ ٢) جۆرێ توتنو قسڵو زەرنیخە دەیمژن؛ ٣) پاشگری بەمانا ئاگادار لە کەسێ یا شتێ [ف] ١) شناس؛ ٢) نوعی توتون مکیدنی مخلوط با آهك و دیگر مواد، ناس؛ ٣) پسوند به معنی شناس.

ناساخ: ١) لەش‌بەبار، بێمار؛ ٢) عەیب‌دار [ف] ١) بیمار؛ ٢) معیوب.

ناساخی: لەش‌بەباری [ف] بیماری.

ناساز: ١) لەش‌بەبار؛ ٢) کەمدەست، ناتەواو [ف] ١) بیمار؛ ٢) کم‌درآمد.

ناسازگار: لە لەش ناخۆش [ف] ناسازگار.

ناساغ: ناساخ [ف] نگا: ناساخ.

ناساغی: ناساخی [ف] بیماری.

ناساق: ناساخ [ف] نگا: ناساخ.

ناساقی: ناساخی [ف] بیماری.

ناسان: لێ‌شارەزابوُن، بەحاڵوباڵزانین [ف] شناخت.

ناساندن: پێ‌ناسین، کردنەشناس [ف] مُعرفی کردن.

ناسر: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد [ف] از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

ناسران: شناس‌بوُن [ف] شناخته‌شدن.

ناسراو: ١) ناس، ئاشنا؛ ٢) خەڵك زانیویە چیە یان کێ‌یە؛ ٣) برێتی لە خاوەن دەنگوناو [ف] ١) آشنا؛ ٢) شناخته‌شده؛ ٣) کنایه از مشهور.

ناسرکوژراو: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد [ف] روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

ناسرە: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد [ف] از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

ناسزا: پێچەوانەی شیاو، نالایق [ف] ناشایسته.

ناسك: نازك [ف] نگا: نازك.

ناس کرن: ١) بە دیتن شارەزابوُن لە چلۆنەتی کەسێ یا شوێنێ، ناسین؛ ٢) ناسینەوە [ف] ١) شناختن؛ ٢) بازشناختن.

ناسك‌نارنجی: بە کەسێ دەڵێن کە زۆر ناز دەکاو خۆی لە خەڵك بە زیاتر دەزانێ [ف] نازنازیِ متکبّر.

ناسکۆڵە: ناسکی بچکۆڵە [ف] نازك کوچولو، نازك مامانی.

ناسکە: ١) باریکایەك لە شت؛ ٢) ناسك، نازك؛ ٣) ناوە بۆ ژنان؛ ٤) جۆرێ کوللێرە: (کولێرە **ناسکە**)؛ ٥) قروسکەی تاژی [ف] ١) نوار باریك از چیزی؛ ٢) نگا: نازك؛ ٣) نام زنانه؛ ٤) نوعی گردهٔ نان با شیر و روغن؛ ٥) نالهٔ سگ شکاری.

ناسکەرمێ: جۆرێ هەرمێ [ف] نوعی گلابی.

ناسکەناسك: ناڵەو قروسکەی تاژی [ف] ناله و صدای آهستهٔ سگ شکاری.

ناسکەنام: لەش‌ناسك [ف] نازك اندام.

ناسکەنان: کوللێرەناسکە [ف] گرده نان با شیر و روغن.

ناسکەهەرمێ: ناسکەرمێ [ف] نوعی گلابی.

ناسنامە: پێناس [ف] شناسنامه.

ناسۆر: ١) برینی تەشەناکردو؛ ٢) دومەڵی قونێر [ف] ١) زخم دیر التیام؛ ٢) دُمَل.

ناسویر: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد [ف] از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

ناسیار: ئاشنا، شناس، ناس [ف] آشنا.

ناسیاری: ئاشنایی [ف] آشنایی.

ناسیاگ: ناسراو [ف] شناخته‌شده.

ناسیاو: ناسیار [ف] آشنا.

ناسین: ناس کرن [ف] شناختن.

ناسینه‌وه: دوای دوُری ناس کردن ف بازشناختن.

ناشاد: غه‌مگین ف اندوه‌گین، غمگین.

ناشاره‌زا: نابه‌له‌د ف ناوارد.

ناشایس: ناسزا ف ناشایسته.

ناشایست: ناشایس ف ناشایسته.

ناشایسته: ناشایس ف ناشایسته.

ناشت: به‌ره‌و ئه‌یره، به‌م‌لایه‌وه، بوَئێره ف به این طرف.

ناشتا: ١) خـوریَن؛ ٢) به‌رچایـی، تاشـت ف ١) ناشتا؛ ٢) صبحانه، چاشت.

ناشتاکردن: تاشت‌خارن، به‌رچایی کردن ف صبحانه‌خوردن.

ناشتایاشتا: ئێره‌وئه‌وێ ف اینجا و آنجا.

ناشت‌داشت: ئێره‌وئه‌وێ ف اینجا و آنجا.

ناشت‌داشتا: ئێره‌وئه‌وێ ف اینجا و آنجا.

ناشتن: ١) چه‌قـانـدنی ڕیشه‌ی دار؛ ٢) مردو ته‌مراندن ف ١) کاشتن نهال؛ ٢) مرده دفن کردن.

ناشتو: نێژراو، بن‌گڵ‌خراو ف دفن شده.

ناشتوناشت: لێرو له‌وێ ف اینجا و آنجا.

ناشتی: ١) ناشتو؛ ٢) نیای، ژێرخاکی کرد، کردیه ژێرخاکه‌و ف ١) دفن شده؛ ٢) آن را دفن کرد.

ناشـرین: ١) ناحه‌ز، بێ‌به‌ش له جوانی؛ ٢) کارو قسه‌ی خراپ ف ١) بدگل؛ ٢) گفتار و رفتار زشت.

ناشکور: بێ‌ئه‌مه‌گ، بێ‌نه‌زان، سپڵه ف ناسپاس.

ناشکوری: سپڵه‌یی، بێ‌نه‌زانی ف نمک‌نشناسی، ناسپاسی.

ناشکیر: ناشکور ف ناسپاس.

ناشو: محاڵ، شتێ که جێ‌به‌جێ‌بوُنی فر یه دژواره ف ناممکن.

ناشوَر: به‌رگ‌و که‌ل‌په‌لێ که به‌خاوێنی ڕاده‌گیرێ بوَ ڕوَژی لازم ف لباس پاکیزه برای مواقع لزوم.

ناشه‌ر: نازه‌وا ف ناروا.

ناشی: که‌سێ که له کاردا ناشاره‌زایه ف ناشی، ناوارد.

ناشێ: نابێ، نازه‌وایه ف شایسته‌نیست، نمی‌شود.

ناشیرن: ناشرین ف نگا: ناشرین.

ناشیرنی: ناحه‌زی، بێ‌به‌هره‌یی له جوانی ف نازیبایی.

ناشیرین: ناشرین ف نگا: ناشرین.

ناشیرینیه‌تی: ناحه‌زی ف نازیبایی.

ناشیزه: ناچیزه ف زن نافرمان شوهر.

ناعار: بێ‌عار، لاسار ف حرف نشنو، لجباز.

ناعال: بنیاده‌می بێکاره‌و بێ‌قه‌در ف آدم بی ارزش.

ناعس: ١) ته‌مه‌ڵ؛ ٢) بێ‌کاره‌و بێ‌که‌ڵک ف ١) تنبل؛ ٢) بیکاره.

ناعف: قازانج، نه‌حف، به‌هره، فێده ف سود.

ناعفه‌ت: قازانج ف سود.

ناعله‌ت: نه‌حله‌ت ف لعنت.

ناعله‌تی: نه‌حله‌تی، شتی زوَر خراپ‌و به‌لاَ ف لعنتی.

ناعنـــه: گیایه‌کی گه‌لاَوردی تام‌تیژی بوَن‌خوَشـه ئیشـك ده‌کـرێ‌و ده‌چێشتی ده‌که‌ن ف مرزه.

ناعوایش: میاومیاوکردن کتك ف صدای گربه.

ناعوُر: چه‌رخێ که ده‌ناو بیرداو به حه‌یوان ئاوی پێ ده‌خه‌نه‌ده‌ر ف چرخ آبکشی از چاه که به وسیلهٔ حیوان کار می کند.

ناعوُره: ناعوُر ف نگا: ناعوُر.

ناعه‌ز: ناحه‌ز ف نازیبا، زشت.

ناعه‌سڵ: ناحه‌سڵ، نازه‌سه‌ن، ناجسن ف بداصل.

ناعیلاج: ناچار، مه‌جبوُر ف ناچار.

ناغار: تیغی ده‌بانی زوَر چاك، ناخار ف تیغ بسیار خوب.

نافام: تێ‌نه‌گه‌یشتو، گێلوَکه ف نفهم، نادان.

نافامی: ده‌به‌نگی، ساویلکه‌یی ف نادانی، ساده‌لوحی.

نافك: ١) قوُلاَییه‌کی بچوُکی لێوارزه‌قه له ناوه‌ڕاستی زگ‌دا، ناوك، نێوك؛ ٢) کاکڵ ف ١) ناف؛ ٢) مغز بادام و گردو و...

نافه‌رمان: سه‌رشه‌ق، سه‌ربزێو ف نافرمان.

نافه‌رمانی: سه‌ربزێوی ف سرکشی.

نافه‌ك: ١) پارچه‌ی سێ‌سوُچی ناوه‌ڕاستی ده‌رپێ؛ ٢) پزوی ده‌رپێ ف ١) خشتك شلوار؛ ٢) نیفه، جای بند تنبان.

ناڤ: ١) وشـه‌ی پێ‌ناسین بوَ هه‌ر شتێ؛ ٢) دوڕ، ده‌رونی هه‌ر شتێ؛ ٣) نافکی زگ ف ١) نام؛ ٢) وسط؛ ٣) ناف.

ناڤ‌ئانین: درکاندنی ناوی شتێ ف نام بر زبان آوردن.

ناڤاندن: ناولێ‌نان ف نام بر چیزی یا کسی گذاشتن.

ناڤ‌ئێش: زگ‌ئیشه ف شکم درد.

ناڤبار: ١) قه‌رتاڵه‌ی میوه، تریان؛ ٢) سه‌ربار ف ١) سبد میوه؛ ٢) اضافه‌بار.

ناڤبارك: ١) ناڤباری پچوُك، قه‌رتاڵوَکه؛ ٢) سه‌ربار ف ١) سبد کوچك؛ ٢) اضافه‌بار.

ناڤبڕ: ١) تیغه، له‌مپه‌ر؛ ٢) نزیکترین‌ڕێ بوَ گه‌یشتن ف ١) تیغه؛ ٢) راه میانبر.

ناڤبڕك: به‌رزه‌ك، به‌رزایی نێوان دوشت ف میانه.

ناڤ‌برن: باس‌کردن ف نام بردن.

ناڤبروُ: ١) ناوچاوان، توێڵ؛ ٢) به‌ین دوُبروُ، دوڕ هه‌ردوبروُ ف ١) پیشانی؛ ٢) میان دو ابرو.

ناڤبری: ناڤ‌گوتراو، باسکراو ف نامبرده.

ناڤبریك: چیل، په‌رژین ف پرچین.

ناڤبژی: کـه‌وتنه‌به‌ینی دو دژه‌وه بـوَئاشت‌کردنه‌وه‌و پێك‌هێنـان ف میانجیگری.

ناڤبژی‌که‌ر: که‌سێ که ناڤبژی ده‌کا ف میانجی.

ناڤبه‌ر: ١) نێوان، مابه‌ین؛ ٢) سه‌رپشك ف ١) میانه، فاصله، مابین؛ ٢) صاحب امتیاز.

ناڤبه‌ند: ناوه‌ڕاست، ناوه‌ند ف وسط.

ناڤبیژ: ١) پارێزه‌ر له دادگا، وه‌کیل؛ ٢) تکاکار؛ ٣) ده‌لاَلی شت‌فروش ف

١) وكيل مُدافع؛ ٢) شفيع؛ ٣) سمسار.

ناڤبەین: مابەین ف میانە، مابین.

ناڤتەنگ: تەنگە، کەمەربەندی زین و کورتان ف تنگ ستور.

ناف تێ دان: دنەدان ف تحريك كردن، تشجيع كردن.

ناف جەژنان: مانگی نێوان شەشەکان و قوربان ف ماه ذی القعده.

ناڤچاڤ: ناوچاوان، توێڵ، ئەنی ف پیشانی.

ناڤچاڤ ترش: ڕۆکرژ، مڕومۆچ ف اخمو.

ناڤچال: دیوی ناوەڕۆی قوڕقز ف مُقعّر.

ناڤچوُن: ڕەوانبوُن، بەلەفیرەدار ف اسهال بودن.

ناڤچە: مەڵبەند، محال، ناوچە ف ناحیه، منطقه.

ناڤچەق: ١) ناوەڕاست، دوڕ، ناوەند؛ ٢) ناوگەڵ ف ١) نقطهٔ وسط؛ ٢) بين دو ران.

ناڤچەنگ: بن‌هەنگڵ، بنەنگڵ، کەوش ف زیر بغل.

ناڤچی: ناوچی‌کەر، ناوبژی ف میانجی.

ناڤچیت: ١) ناڤچی؛ ٢) دەڵاڵی شت فرۆشتن ف ١) میانجی؛ ٢) سمسار.

ناڤخۆ: خۆیایەتی، بەرانبەر بە بێگانە ف خودی، مقابل بیگانه.

ناڤدار: ١) مەنشوُر، بەدەنگ و ناو؛ ٢) پێچەوانەی بەتاڵ و پوُچ ف ١) نامدار؛ ٢) پر، مقابل تهی.

ناڤدارا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

ناڤدان: ناف تێ دان ف تشجیع.

ناف دانین: ناف بۆ کەسێ یان شتێ دیتنەوەو پەسندکردن ف نام نهادن.

ناڤدایەك: ١) بینەکێش، چوُنەژێرئاو؛ ٢) جوێن فرۆش ف ١) غوطه‌ورشدن؛ ٢) بددهن.

ناڤدایی: ناودێر، ناوراگەیەنراو ف کاندیدا.

ناڤدۆ: نادۆك، دارمەشكە ف نگا: نادۆك.

ناڤدەر: بەردەرانە ف ضلع پایین چهارچوب در.

ناڤدەرگ: مۆغەرەی پشت، بڕبڕەی پشت ف ستون فقرات.

ناڤدەست: لەپ، بەری دەست ف کف دست.

ناڤدەشت: دەشتایی لەناو کێواندا ف دشت محصور به کوهستان.

ناڤدەنگ: ناوبانگ ف شُهرت.

ناڤدێر: ١) ناف بۆدانراو؛ ٢) خودان دەنگ و ناف؛ ٣) ناف گوتن بۆ سپاردنی کارێ ف ١) نام نهاده، موسوم؛ ٢) نامدار؛ ٣) نامزد، کاندیدا.

ناڤران: ناوگەڵ، دوڕ هەردو لینگان ف میان دوران.

ناڤروُ: جزیرەی نێوان روبار ف جزیرهٔ واقع در رودخانه.

ناڤرۆجە: نیوەرۆ ف نیمروز.

ناڤروُنك: ناڤروُ ف جزیرهٔ واقع در رودخانه.

ناڤرە: جزیرە، ناد، دورگە ف جزیره.

ناڤزك: ١) هەناو؛ ٢) سی و جەرگ و دڵ ف ١) احشاء؛ ٢) دل و جگر و ریه.

ناڤساڵ: تازەپیر، نێوان ساڵ ف میانسال.

ناڤسەر: ترۆپك، دوند ف بلندترین نقطه در کوه یا درخت.

ناڤسەرك: ١) کڵاوزێڕ؛ ٢) تانج ف ١) زرّین کُلاه؛ ٢) تاج.

ناڤشان: قەڵاندۆش، ناوملان، ناف قوڵنج ف دوش، شانه.

ناڤشکێ: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

ناف قوڵنج: ناڤشان ف شانه، دوش.

ناڤقەد: ١) مەیانی بەژنی مرۆ؛ ٢) قەدی چیاو دار ف ١) کمر آدمی؛ ٢) کمر کوه و درخت.

ناڤك: ١) نافکی زگ؛ ٢) کاکڵ ف ١) ناف؛ ٢) مغز بادام و گردو و...

ناف کرن: مەنشوُربوُن ف نامدارشدن، مشهورشدن.

ناڤکەل: دوڕ هەردوڕان، گەڵ ف میان رانها.

ناڤکەندالا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردسان که بعثیان آن را ویران کردند.

ناڤگە: ڕەزاو، ڕێژاو، شوێنێ کە دوچەم دەگەنەوە یەك ف محل بەهم پیوستن دو رودخانه.

ناڤگین: نێونجی، بەین ف وسط.

ناف لخۆدان: خۆهەڵکێشان ف لاف‌زدن.

ناف لێ کرن: ناڤدانین ف نام نهادن.

ناڤمال: کەل‌پەلی ماڵ، مردەماڵ ف اثاثیه.

ناڤمالی: کارەکەر، کلفەت، جێری، خدامە، قەرەواش ف کُلفَت، خدمتکار زن.

ناڤنج: مام‌ناونجی، دەستە ف میانه، متوسّط.

ناڤنۆ: ١) خزمی دوُر؛ ٢) بەدرۆ خۆ بە هەژارو نەدار شاندان؛ ٣) ناوزڕاو، بەدناو ف ١) فامیل دور؛ ٢) خود را به فقیری زدن؛ ٣) بدنام.

ناڤنۆبوُن: بەدناوی، ناوزڕان ف بدنامی.

ناڤنۆکرن: بەدناو کرن ف بدنام کردن.

ناڤنەتەوەیی: تێکەڵاوی گەلانی دنیا، ناڤنەژادی ف بین المللی.

ناڤنەژادی: ناڤنەتەوەیی ف بین المللی.

ناڤەر: ١) دالان؛ ٢) نێرە ف ١) راهرو؛ ٢) اینجا.

ناڤەرۆك: ناوئاخنی پەراوەو نوسراو ف محتوای مطلب.

ناڤەند: ناوەڕاست، دوڕ ف وسط.

ناڤودەنگ: دەنگ و ناف ف شهرت.

ناڤی: دوڕ، مەیان ف وسط، میان.

ناڤین: ناڤنج، مام‌ناونجی، دەستە ف میانه، میانگین.

ناق: گەرو، قورگ ف گلو.

ناقابیل: ١) کارلەدەست‌نەهاتو، بنیادەمی بێ قیمەت؛ ٢) شتی کەم‌قەدر: (دیاریەکی ناقابیلە) ف ١) آدم بیکاره؛ ٢) بی ارزش.

ناقایل: نارازی ف ناخشنود.

ناقر: ١) گەردن، دەرەوەی گەروُ ٢) کاری نیوەچڵ ف ١) گردن؛ ٢) کارناتمام.

ناقز: ناتەواو ف ناقص.

ناقۆ: نەقە، باقۆ، جۆرێ ماسیە ف نوعی ماهی است.

ناقورج: سیخورمه ف سقلمبه.

ناقوّلاّ: ١) نارێك، خوارو خێچ و چەفت و لار؛ ٢) قسەزان و قسەخۆش ف ١) ناهموار، ناهنجار؛ ٢) سخندان و شیرین سخن.

ناقولّج: ناقورج ف سقلمبه.

ناقیز: بە کەموکوڕی، ناتەواو، ناقز ف ناقص.

ناقیس: ناقیز، ناقز ف ناقص.

ناك: ١) پاشگری بەمانا خاوەن: (نەمناك، سامناك)؛ ٢) فەقیر، بێچارە؛ ٣) ناوك، نێوك ف ١) پسوند دارا بودن؛ ٢) بینوا؛ ٣) ناف.

ناکا: ١) تۆ بێژی، تۆ بڵێی؟: (ناکا خوا بارانێك بیارێنێ)؛ ٢) لەوانەیە، بەم‌نزیکانە: (تۆ بڕۆ **ناکا** منیش هاتم)؛ ٣) بەجێ ناهێنێ: (چەندی دەڵێم وابکە **ناکا**)؛ ٤) نوکە، هەنوکە ف ١) توقع دارم، آیا می‌شود؟؛ ٢) بەزودی؛ ٣) نمی‌کند؛ ٤) همین الآن.

ناکام: بێ‌مراد ف ناکام.

ناکاو: کتوپڕ ف ناگهان، یکهو.

ناکشت: ئەم‌لایە ف این طرف.

ناکلّۆك: دانەوێڵەیێ کە لە کوڵیندا چیڕە ف دیرپز.

ناکلّۆکار: ناقوّلاّ ف ناهنجار.

ناکۆ: نەگەرنە، دەنا ف وگرنه.

ناکۆك: بێ‌کەیف، ناساز ف پریشان‌حال.

ناکۆکی: ١) بێ‌کەیفی؛ ٢) مابەین ناخۆشی ف ١) بدحالی؛ ٢) میانه خوب نبودن، کدورت.

ناکوڵۆکار: زبرو خوارو خێچ ف ناهموار، ناهنجار.

ناکەت: ناکا، خۆ تێ‌ناگەیەنێ ف نمی‌کند.

ناکەتن: ناکەت ف نمی‌کند.

ناکەس: ناجسن، خوێڕی ف ناکس.

ناکەسی: ناپیاوی ف نامردی.

ناگا: ١) کتوپڕ، ناکاو؛ ٢) لە بڵندی‌و درێژی‌دا بەرانبەر نایەت؛ ٣) لەدەستی نایە، رانـاگا؛ ٤) وازۆ دەمی خواردنی نایە؛ ٥) لە گەیشتن بەجێ‌دەمێنێ: (بە دوسەحات لەوێوە **ناگا**) ف ١) ناگاه؛ ٢) نمی‌رسد، کوتاه‌است؛ ٣) از دستش برنمی‌آید؛ ٤) میوه نمی‌رسد؛ ٥) سر وقت نمی‌رسد.

ناگوزۆری: دەس‌تەنگی، فەقیری ف بینوایی، تنگدستی.

ناگوناح: بێ‌تاوان، بێ‌سوچ ف بی‌گناه.

ناگەوار: ناخۆش، بۆ خەبەری ناخۆش دەڵێن: (خەبەرێکی **ناگەوار**و دڵ‌تەزێنە) ف ناخوشایند.

ناگەهان: کتوپڕ، گزوگومەت، لەپڕ ف ناگاه، ناگهان.

نال: ١) پێڵاوی یەکسم لە ئاسن؛ ٢) پرزەی باریکی دوو قەڵەمی قامیش ف ١) نعل ستور؛ ٢) رشتهٔ نازك قلم نی.

ناڵ: ١) پێڵاوی یەکسم؛ ٢) پارچەئاسنی ژێر پاژنەکەوش ف ١) نعل ستور؛ ٢) نعل کفش.

نالان: کەسێ کە لەتاوی خەم‌و دەرد دەکڕوزێتەوە ف نالان.

نالاندن: کڕۆزانەوە لە دەردو داخ ف نالیدن.

نالاّنن: نالاّندن ف نالیدن.

نالاّی: نالاّندن ف نالیدن.

نالاّیش: نالّین ف نالیدن.

نالاّیەنە: نالاّندن، نالّین ف نالیدن.

ناڵبەکی: ژێرئیستکان، ژێرپیاڵە ف نعلبکی.

ناڵبەن: کەسێ کە ناڵ بۆ یەکسم دەکا ف نعلبند.

ناڵبەند: ١) ناڵبەن؛ ٢) نازناوی شاعیرێکی کوردی هاوچەرخە ف ١) نعلبند؛ ٢) تخلّص شاعری معاصر کردزبان.

ناڵبەنیش: ١) لەسەرلا خەفتگ؛ ٢) نەخش‌کردن لە قوماش ف ١) بر پهلو خوابیده؛ ٢) نقش درآوردن روی پارچه.

نالبێز: دارهەنار ف درخت انار، نارُبن.

ناڵپاریز: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

ناڵجاخ: ١) پێمەڕۆکە، بێڵچە؛ ٢) زەنگن، قوڵێنگی زەوی‌کوڵین ف ١) بیلچه؛ ٢) کُلنگ.

ناڵجخ: تەور، بیوّر ف تبر.

ناڵچە: ناڵی کەوش ف نعلچهٔ کفش.

ناڵدار: یەکسمی سواری: (**ناڵدار** هاتوە ناڵی پەڕاندوە باڵدار هاتوە باڵی وەراندوە) «مەسەل» ف مال‌سواری.

ناڵك: ١) قاپقاپ، سوّل؛ ٢) کەوشی سوك‌و بێ‌پاژنە ف ١) دمپایی؛ ٢) نعلین.

ناڵ کردن: ١) ناڵ بۆ یەکسم کردن؛ ٢) ناڵ لەکەوش‌دان؛ ٣) تاشینی لایەکی دار بۆ جوت‌بوون؛ ٤) برێتی لە فریودان‌و دەس‌بڕین ف ١) نعل به پای ستورزدن؛ ٢) نعلچه به‌کفش زدن؛ ٣) تراشیدن چوب برای جفت شدن با چوب دیگر؛ ٤) کنایه از فریب و کلاهبرداری.

ناڵمکی: سینی پچوك، قاوەسینی ف سینی کوچك.

ناڵن: برێتی لە فریودان ف کنایه از فریب‌دادن.

نالنی: نالاّندن ف نالیدن.

ناڵه: ١) سوکەناوی نادر، ناوە بۆ پیاوان؛ ٢) ناڵ ف ١) مخفف نادر، نام مردانه؛ ٢) نعل.

نالّه: کڕۆزانەوە لە دەردو خەم ف ناله.

نالّەبار: ١) نارێك؛ ٢) ناباب ف ١) ناهموار؛ ٢) ناباب.

نالەت: لەعنەت ف لعنت.

نالّەشکێنە: ناوی دوکێوە لە کوردستان ف نام دو کوه در کردستان.

نالّەکردن: نالاّندن ف نالیدن.

ناڵەکی: پاژنەی ژێر کەوش ف پاشنهٔ زیرین کفش.

نالّەناڵ: نالّەی زۆر ف نالهٔ بسیار.

نالەنە: نالاّندن ف نالیدن.

نالی: ١) دۆشەك؛ ٢) نازناوی شاعیری بەناوبانگی کورد. *بەمانا زراو لەگوێن پرزەی ناو قەڵەمی قامیش* ف ١) تشك؛ ٢) تخلّص یکی از شعرای مشهور کرد.

نالّیّ: ١) نابێژێ، قسیە ناکا؛ ٢) تەنیا تێك‌ناڵ ف ١) نمی‌گوید؛ ٢)

تك‌نعل.

نالّیچه: دۆشەکۆڵە ف تشکچه.

نالیقـه: گونـدێکـه له کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

نالیك: دۆشەکی لەسەرخەوتن، رایەخی ناوتێخراو ف تُشك.

نالین: ناڵەکردن، ناڵاندن ف نالیدن.

ناڵین: ١) نایێژن؛ ٢) سۆلی لەتەختە، قاپقاپ ف ١) نمی‌گویند؛ ٢) نعلین.

ناڵین: نالاندن ف نالیدن.

ناڵێن: قسەناکەن، ناخێون ف نمی‌گویند.

نام: ١) ناف، وشـەی درۆشمی ناسین؛ ٢) یان، نا: (**نام** تۆ بچو **نام** من دەچم)؛ ٣) دام‌نا، خستمەبان: (بەردەکەت لەسەر دانا؟ بەڵێ **نام**) ف ١) نام؛ ٢) یا؛ ٣) نهادم.

ناما: ١) دەغیلە؛ ٢) دەی ف ١) زینهار؛ ٢) حرف تشجیع.

نامارك: پێچەوانەی ممبارەك، شوم، نەحس ف نامیمون.

نامارەك: نامارك ف نامیمون.

ناماقوڵ: ١) قسەی بێ‌تام؛ ٢) بنیادەمی بێ‌قەدر ف ١) سخن ناپسند؛ ٢) آدم بی‌ارج.

نامان: خستمانەسەر ف نهادیم.

نامانگوری: ناگوزوری، فەقیری ف نداری، تنگدستی.

نامانگی: ١) ماندو نەبی؛ ٢) ماندو نیت؟ ف ١) خستەنباشی؛ ٢) خستەنیستی؟.

نامدار: بەدەنگ‌و ناو، مەنشور ف مشهور.

نامراد: ناکام ف ناکام.

نامرادی: ناکامی ف ناکامی.

نامروڤ: ناپیاو، کەسێ کە لە مەردایەتی دورە ف نامرد.

نامزات: ناڤدێر، ناڤدایی ف کاندیدا.

نامزەد: نامزات ف کاندیدا.

نامڤەت: بەدناو، ناوزریاگ ف بدنام، رسوا.

نامل: ناوشان، کۆڵ، نێوان‌هەردوپیل ف شانه، کول.

نامۆ: بیانی، بێگانە، غەریبە، غەوارە ف بیگانه.

نامۆارەك: نامارەك، شوم ف نامیمون.

نامۆس: شەرەف، ئابرو ف ناموس.

نامۆیی: بێگانەیی ف بیگانگی.

نامە: ١) ناما، دەغیلە؛ ٢) دەی، وشەی دنەدان: (**نامە**ڕاکەن بگەنێ)؛ ٣) قاقـەزی نوسراو بۆ بەرێکردن؛ ٤) دەنگ‌و باسی نوسراو لەکتێبدا: (رۆستەم**نامـە**)، ٥) ئێمـە دامـان‌نا: (سـەرنـامەیی نامە **نامە** ئەڵلا) «خانی»؛ ٦) ناو، نام ف ١) زنهار؛ ٢) کلمهٔ تشجیع؛ ٣) نامه؛ ٤) اخبار حوادث گرداوری شده در کتاب؛ ٥) قرارداد کردیم؛ ٦) نام، اسم.

نامەبەر: پۆستەچی ف نامەرسان.

نامەت: نەگبەت ف نکبت.

نامەتش: ١) لوڵدان، پێچان؛ ٢) هۆنەنەوە ف ١) پیچاندن؛ ٢) تاب دادن.

نامەحرەم: پێچەوانەی مەحرەم ف نامحرم.

نامەخانە: کتێبخانە ف کتابخانه.

نامـەخـوا: ١) وشـەی سەیرمـان: (**نـامەخوا** سەیرە)؛ ٢) وشەیەکە بۆ خۆشـەویستی دەڵێن کە لەچـاو نەچێ: (**نـامەخوا** گەورەبوە) ف ١) کلمهٔ تعجّب؛ ٢) کلمه‌ای برای محفوظ ماندن از بلا، ماشاءاللّه.

نامەد: بەدبەختی، خراپ‌بوهاتن ف بدبیاری.

نامەدار: نامدار، بەناوبانگ ف نامدار.

نامەڕبوت: قسەی قوڕو لابەلا ف سخن نامربوط.

نامەرد: ناپیاو، نامروڤ ف نامرد.

نامەردی: ناپیاوی، نائینسانەتی ف نامردی.

نامەرەم: نامەحرەم ف نامحرم.

نامی: ١) بەدەنگ‌و ناو، مەنشور؛ ٢) نازناوی شاعیرێکی هاوچەرخە؛ ٣) چوڵەچرا ف ١) نامور، نامی؛ ٢) تخلّص شاعری معاصر؛ ٣) نیمسوز.

نامیلکە: سیپارە، کتێبۆکە ف رساله.

نامیە: ١)ئـەو منی خستە دور؛ ٢) من تۆم خستە دور: (لەبیرتە **نامیە** ناو سندوقەوە) ف ١) او مرا به میان برد؛ ٢) من ترا به اندرون بردم.

نامی‌یە: ناڤدار ف نامدار.

نان: ١) ئاردی بەئاوشێلدراوی پانەوەکراوی بەئاگر برژاو؛ ٢) چەقاندن: (بـاغم **ناوە**)؛ ٣) دانان، شتێ خستنەسەر شتێ؛ ٤) تێ‌ڕۆکردن: (نان دەتەبەك**نان** چیە؟)؛ ٥) جارێك بە دار لەتۆپ‌دان لە تۆپەڕاکردندا ف ١) نان؛ ٢) غرس کردن؛ ٣) برنهادن؛ ٤) تونهادن؛ ٥) توپ را با چوب زدن در نوعی توپ‌بازی.

نانا: ١) پیادە؛ ٢) پیادەڕێ ف ١) پیاده؛ ٢) راه پیاده‌رو.

نانتیرە: نانی‌تیری، نانی تەنك کە بەتیرۆك گەراوە ف نان لواش.

ناناڤەیقەك: نان‌و خوانی زەماوەند ف غذای جشن عروسی.

ناناڤەیقی: ناناڤەیقەك ف غذای عروسی.

ناناڤەیەك: ناناڤەیقی ف غذای عروسی.

ناناڤێك: ناناڤەیەك ف غذای عروسی.

نان‌بدە: دەهندە، بەخشندە ف سخی، بخشنده.

نان‌بدەیی: سەغاوەت، بەخشندەیی، دڵاوایی ف بخشندگی.

نان‌براژتن: ئەنگوتك بەتەنورەوەدان‌و برژاندنی ف نان پختن.

نان‌برێژ: کەسێ کە ئەنگوتك بەتەنورەوە ئەدا ف نانوا.

نان‌برێشـك: داروکـەیەکی لە تیرۆك باریك‌تر کە نانی سەرسـاجی پێ ئەودیوئەم‌دیو دەکەن ف چوبکی کە نان بدان روی ساج برگردانند.

نان‌بڕین: بڕێتی لە بێ‌بەش‌کردن لە بژیو ف کنایه از باعث قطع درآمدشان.

نان‌بژێر: ١) نان‌برێژ؛ ٢) بڕێتی لە پیاوی ڕەزیلی ئەنگـوتـك‌بژێر ف ١) نانوا، شاطر؛ ٢) کنایه از خسیس در منزل.

نان‌بەیات: نانی کۆن کە شەوی بەسەردا هاتبێتەوە ف نان بیات.

نان‌پات: نان‌برێژ ف نانوا، نان‌پز.

نان‌پاتن: نان‌برازتن [ف] نان پختن.
نان‌پرسه: چێشت و نانێ که لەسەرەخۆشی‌دا دەدرێ به خەڵك [ف] غذایی که در مجلس عزا توزیع می‌شود.
نان‌پیزه: کرێکاری بێ کرێ و هەر بەخواردن، نانەزگ [ف] کارگری که فقط غذایش بدهند.
نان‌پێژ: نان‌برێژ [ف] نان‌پز، نانوا.
نان‌پێژان: نان‌برازتن، نان‌پاتن [ف] نان پختن.
نان‌پێوەدان: ئەنگوتك بەتەنوورەوە لکاندن [ف] نان بر تنور چسباندن.
نان‌پێوەدەر: کەسێ که ئەنگوتك بەتەنوورەوە ئەلکێنێ [ف] نان به تنور چسبان.
نان‌تاڵ: بریەتی له پیاوی چروك و ڕژد [ف] کنایه از خسیس.
نان‌تیری: نانی تەنك که به تیروك پان‌دەکرێتەوە [ف] نان لواش.
نان‌جەژن: چێشتێ که لەجەژن‌دا لێ‌دەنرێ [ف] غذای عید.
نان‌چایی: جۆرێ نانی شیرین بۆ بەیانان [ف] نان شیرینی صبحانه.
نان‌چله: خۆراکێ که لەبیرەوەری چل‌ڕۆژەی مردوودا دەدرێ [ف] طعام چهلم متوفی.
نان‌حەفتـە: خۆراك و مەیمـانی‌دان پاش گواستنەوەی بووك بەحەوڕۆژ [ف] سور هفتهٔ بعد از عروسی.
نان‌خاڵی: نان بەبێ پێخۆر [ف] نان بدون خورش.
نان‌خۆر: بریەتی له خێزان و منداڵ: (**نانخۆر**مان زۆرن) [ف] کنایه از فرزندان و افراد خانواده.
نان‌خۆرشت: پێخۆر [ف] نانخورش.
نان‌خەتەنە: خەتەنەسووران [ف] ختنه‌سوران.
نان‌دان: ١) خۆراك بەفـەقیران بەخشین؛ ٢) تەبـەکی‌نان [ف] ١) طعام بخشیدن؛ ٢) ظرف نان.
ناندرو: دروێنەوان، درەوکەری دەخڵ [ف] دروگر.
ناندۆز: ماندو بۆ نان‌پەیداکردن [ف] زحمتکش.
نان‌دە: نان‌بدە [ف] سخاوتمند.
نان‌دەر: نان بده [ف] بخشنده.
ناندێن: تەبەکی نان [ف] ظرف نان.
نان‌ساجی: نانێ که لەسەر سێڵ دەبرژێ [ف] نان ساجی.
نان‌سەنگەك: نانێ که لەسەر چەوی سوورەوەبووگ دەبرژێ [ف] نان سنگك.
نان‌سێر: ١) نان‌ساجی؛ ٢) مەنجەڵی سەرقەپاخدار [ف] ١) نان ساجی؛ ٢) دیگ سرپوشدار.
نانك: ١) پلوورەهەنگ، شلخەمێش؛ ٢) کەلانە [ف] ١) نسل نوین زنبور عسل؛ ٢) نگا: کلانه.
نانکا: ئیسه، نهۆ، نوکه، ئەلحان [ف] الآن، هم‌اکنون.
نان‌کردن: نان‌پێژان [ف] نان پختن.
نانکۆر: کوێرنان، ڕژد [ف] خسیس.
نانکوێر: کوێرنان [ف] خسیس.
نانکەر: نان‌پێژ [ف] نان‌پز.
نانکـەرەوە: کەسێ که ئەنگـوتك بەتیروك پان‌دەکاتەوە [ف] کسی که با چوب چونه را پهن می‌کند.
نانکێ‌چوچکا: تۆڵەکە، نانەحاجیلە [ف] پنیرك.
نانکێ‌چویکا: نانکێ‌چوچکا [ف] پنیرك.
نانکێ‌مەویژا: کولیرەیێ کشمیشی تێ‌کرابێ [ف] گرده‌نانی که آگنه‌اش کشمش باشد.
نانکێ‌هەژیرا: نانەهەنجیر [ف] لواشك انجیر.
نانگر: زەوی بەرێزەوار [ف] زمین پرحاصل.
نان‌گەنمی: کولێرەچەورە [ف] نان روغنی.
نانگیر: نانگر [ف] زمین حاصلخیز.
نانگێن: ناندێن [ف] ظرف نان.
نان‌ماڵ: بریتی له مرۆیەك که ئاتاجی کەس‌نیە [ف] کنایه از آدم خودکفا.
نان‌مکی: نالمکی، سینی پچوك [ف] سینی کوچك.
نانۆ: نانخۆری بێکاره [ف] نان‌خور بیکاره.
نانوئاو: بریتی له بژیو، مایەی ژیان [ف] کنایه از مایهٔ زندگی.
نانۆباتیره: نانی هەڵنەهاتو [ف] نان فطیر.
نانوچا: بریتی له چاشت، خواردنی بەیانی [ف] صبحانه.
نانوحەلوا: بریتی له کاری زۆر هاسان: (ئەم کاره بۆ من **نانوحەلوایه**) [ف] کنایه از کار بسیار آسان.
نانوخ: ناخو، ناخون [ف] ناخن.
نانوزگ: کرێکاری هەربەخۆراك [ف] کارگر مزدور فقط با خوراك.
نانوسوڵ: نان‌وخوێ، بریتی له بژیو [ف] کنایه از مایهٔ زندگی.
نان‌وشکی: نان‌خاڵی [ف] نان‌تهی.
نان‌ونمەك: بریتی له چاکەپێ‌زانین [ف] کنایه از حق‌شناسی.
نانۆوشك: نان‌وشکی، نان‌خاڵی [ف] نان تُهی.
نان‌وەوی: چێشت و نانێ که سێ‌ڕۆژ له ماڵـەبابی بووکەوە بۆ ماڵ زاوای دەنێرن [ف] غذایی که سه‌روز از خانهٔ پدر عروس به خانهٔ داماد فرستند.
نانه: ١) نان؛ ٢) تاقەنانێك [ف] ١) نان؛ ٢) یك نان.
نانەبان: لەسەردانان [ف] برنهادن.
نانەبەره: دەفری نانی زێبوار و شوان و دەشتەکی [ف] توشه‌دان مسافر و چوپان و...
نانەپاڵ: تۆمەت‌پاڵدان [ف] متّهم کردن.
نانـەجیب: ١) نارەسـەن؛ ٢) ناکەس‌بەچە، بێ‌ئاکار [ف] ١) بدگهر؛ ٢) بداخلاق، بی‌تربیت.
نانەحاجیله: تۆڵەکه، تۆرەکه [ف] گیاه پنیرك.
نانەحاجی‌لەگ‌لەگ: نانەحاجیله [ف] گیاه پنیرك.
نانەڕەق: لەت و پەتی ئیشك و سەختی نان [ف] خرده‌نان خشك.
نانـەڕەقـە: ١) نانـەڕەق؛ ٢) چێشتی پارچەنانی ڕەق و ڕۆن و ئاو [ف] ١) خرده‌نان؛ ٢) آشی است.
نانەزگ: نانوزگ [ف] مزدور با خوراك.
نانەزگێ: نانەزگ [ف] نگا: نانەزگ.

نانەسك: نانوزگ، نانەزگ ف نگا: نانوزگ.

نانەسكێ: نانوزگ، نانەسك ف نانوزگ.

نانەشان: سەبەتەی پانی وەك سینی، سەلە ف سبد طبقی.

نانـەشوێن: ١) شوێن‌كەوتن بۆ پەیداكردن‌و گرتن؛ ٢) ئیشاعە وەدوی كەسێ خستن ف ١) پی‌جوبی، دنبال كردن؛ ٢) شایعە بە دنبال كسی راه انداختن.

نانـەقەیسی: قەمەردین، شەلاّنی پانەوەكراوی ئیشكەوەكراو لەبەر تاو، خەروا ف لواشك زردالو.

نانەكوڵ: بەكوڵ‌دادان ف بردوش نهادن.

نانەلەم: نانەزگ ف كارگر مزدبگیر با غذا.

نانەمریچلە: كوللێرە بەڕۆن ف گردهٔ روغن‌مال.

نانەمل: ناچاركردن ف بەزور وادار كردن.

نانەوا: نانكەر ف نانوا.

نانەواخانە: دوكانی نان‌پێژ ف نانواخانە.

نانەوایی: نانەواخانە ف نانواخانە.

نانەوشكە: نانەڕەقە ف نگا: نانەڕەقە.

نانەوە: ١) بەرپاكردن: (ئاژاوە **نانەوە**)؛ ٢) دانان بەدزیەوە: (تەڵەنانەوە)؛ ٣) هێلكە لەبن مریشكەكورك دانان: (مریشك**نانەوە** كاری منە)؛ ٤) دەبەرچاوگرتن بۆ مەبەستێ: (دزێك بو لەماڵ**نانەوەدا** وریابو) ف ١) برپاكردن؛ ٢) چیزی را دزدكی در جایی نهادن مانندتلە؛ ٣) تخم زیر مرغ كرچ گذاشتن؛ ٤) زیرنظرگرفتن، در نظر گرفتن برای منظوری.

نانـــەوەوی: نان‌وخـوان بۆ ماڵی بوك ف غذایی كە بە خانـهٔ عروس فرستادە می‌شود.

نانـەهەنجیر: هەنجیری پانەوەكراوی وشكەوەكراو وەك نانەقەیسی ف لواشك انجیر.

نانەیەك: ١) پێكـەوەنان؛ ٢) تێـك‌نـان ف ١) برهـم نهادن: ٢)در هم فروبردن.

نانی: ١) نەی‌هاورد؛ ٢) برادەرێ كە بۆ نان‌خواردن هەیەو ڕاست نیە ف ١) نیاورد؛ ٢) دوست نانی نە جانی.

نانی‌ئیشك: نان خاڵی ف نان تهی.

نانی‌ئیشكی: نان خاڵی ف نان تهی.

نانی‌بتەرسی: نان خاڵی ف نان تهی.

نانی‌بەوشكی: نان خاڵی ف نان تهی.

نانێ‌پاتی: نانی بەوشكی، نانی بێ‌پێخۆر ف نان تهی.

نانێ‌پەتی: نانێ پاتی ف نان تهی.

نانێ‌تەرسی: نانێ پاتی ف نان تهی.

نانێ‌تەندورێ: نانێ كە بەتەندوور برژابێ ف نان تنوری.

نانێ‌تیرە: نانی تیری ف نان لواش.

نانی‌تیری: نانی تەنك كە بەتیرۆك پان‌دەكرێتەوە ف لواش.

نانێ‌چوچك: توڵەكە، تورەكە، نانەحاجیلە ف پنیرك.

نانێ‌چوك: نانێ‌چوچك ف پنیرك.

نانێ‌دەزی: نانی كۆنی برشاوی ف نان كهنە و كپك‌زدە.

نانێ‌ساجی: نانێ كە بەسێڵی دەكەن ف نان ساجی.

نانێ‌سێلێ: نانێ‌ساجی ف نان ساجی.

نانێ‌شڤانی: دەموكانە ف مویزك عسلی.

نانێ‌شكەڤا: ناسكەنان ف نان ترد و نازك.

نانێ‌قەتش: برێتی لە ژیان بە فەقیری ف كنایە از امرار معاش.

نانێ‌شوانی: دەموكانە ف مویزك عسلی.

نانێ‌لەواشە: نانێ گروڤەر، كولێرەی تەنك ف نان تافتونی.

نانێ‌مێچكا: نانەحاجیلە، تورەكە ف پنیرك.

نانێ‌مێزنی: نانی ئەستوری هەویرهەڵاتو ف نان كلفت.

نانێ‌مێشا: شانەهەنگوین ف شانهٔ عسل.

نانی‌نانی: برادەری نانی ف دوست نانی.

نانێ‌هلاتی: نانێ كە هەویرەكەی هەڵاتوە ف نان خمیر برآمده.

نانێ‌هەلتێ: كولیچەی پڕلە گوێزكراو ف كلوچهٔ آگنه از مغز گردو.

نانێ‌هەنگڤی: شانەی هەنگوین ف شانهٔ عسل.

ناو: ١) ناڤ، نام، دروشمی ناسینی هەرشتێ؛ ٢) دوڕ، مەیان؛ ٣) نا، وشەی قبـوڵ‌نەكردن‌و حاشا: (چویەشار؟ **ناو**)؛ ٤) دەنك، كاكڵ: (ئەم گوێزە **ناوی** تیانەبو، شەلاّنی خۆی خۆشەو **ناوە**كەشی خۆشە)؛ ٥) هەرچی لەژێر تێكوڵەوەیە؛ ٦) وشەی دنە، هانە: (**ناوتێدان**)؛ ٧) دوڵاش، نای ئاسیاو؛ ٨) مەڵبـەند: (خەڵكی ئەم **ناوەیە**)؛ ٩) ئاخندراوی دوڕشتێ: (كـەواكـەت **ناوی** تیانـیە)؛ ١٠) ماوە، مەودا: (**نـاو** ئێرەو شار دو سەحاتەڕێ‌یە)؛ ١١) كات، دەم، جار: (**ناو بە ناو** دێت)؛ ١٢) تەقین، تاربـون ف ١) نام؛ ٢) وسط، میان؛ ٣) نە؛ ٤) مغز و هستهٔ میوە؛ ٥) هرچـیزی كە زیر پوستـــە و پوست قرار دارد؛ ٦) حرف تشجیع؛ ٧) ناوآسیا؛ ٨) منطقە، ناحیە؛ ٩) آگنە؛ ١٠) مسافت؛ ١١) گاه؛ ١٢) تارومارشدن.

ناوا: نابا ف نمی‌برد، گنجایش ندارد.

ناوابردن: لەبەین‌بردن، فەوتاندن ف از میان بردن.

ناوئاخن: ناواخن ف آگنە.

ناواخن: شتێ كە ئەخرێتە دوڕ شتێكی‌ترەوە: (**ناواخنی** سەرین تۆكە) ف آگنە.

ناواری: نەوەد، نۆدانەدە ف عدد نود.

ناوازە: ١) بژاردە؛ ٢) بەتایبەتی ف ١) برگزیدە؛ ٢) بەویژە.

ناوان: مەڵبەند ف منطقە.

ناوبار: سەربار، ناڤبارك ف اضافەبار.

ناوبازێڕ: ناوشار ف داخل شهر.

ناوبانگ: دەنگ‌وناو ف شهرت.

ناوبجی: ناوبژی، ناڤبژی ف میانجی.

ناوبڕ: ناڤبڕ ف نگا: ناڤبڕ.

ناوبراو: ناڤبری ف نامبردە.

ناوبڕاو: لەبیركراو ف آدم فراموش شدە.

ناوبـردن: ١) ناڤ‌برن، باس‌كردن؛ ٢) برێتی لە خراپەگوتنی پاش‌ملە، غەیبەت‌كردن؛ ٣) ناودیاری‌كردن بۆ كارێ ف ١) نام بردن؛ ٢) غیبت

کسی را کردن؛ ٣) نامزدکردن برای کاری.

ناوبرۆ: دوڕ هەردوبرۆ ف میان ابروان.

ناوبڕە: تیغە، لەمپەر ف تیغە، حاجز.

ناوبریاگ: ناڤبری ف نامبردە.

ناوبڕیاگ: ١) ناوبڕاو؛ ٢) ناودێر بۆ کاریێ ف ١) شخص فراموش شدە؛ ٢) نامزد برای کاری.

ناوبریشك: نان بریشك ف نگا: نان بریشك.

ناوبژە: شیلە، ددانی شیری حەیوان ف دندان شیری دام.

ناوبژە کردن: کەوتنی ددانی شیلە ف افتادن دندان شیری دام.

ناوبژی: ناڤبژی ف میانجیگری.

ناوبژیکەر: ناڤبژیکەر ف میانجی.

ناوبگێر: ناڤبرن، ناوبردن ف نام بردن.

ناوبوێر: لەبیرچوُن یان لەبیرخۆبردنی ناوی کەسێ یا کەسانێ کە بەناو بانگدەکرێن: (ناوی هەمـوانی گوت قەت **ناوبوێری** نەکرد) ف فراموش کردن یا از قلم انداختن نام کسی یا کسانی کە آنها را صدا می‌کنند.

ناوبەناو: جارجارێ، دەمەدەمێ، گاگایێ ف گاه‌گاهی.

ناوبەین: مابەین، ماعبەین ف مابین.

ناوپا: دوڕ هەردوڕان، **ناف گەڵ** ف میان دوپا.

ناوپارە: بڕایی دوڕئاوایی: (ماڵیان **ناوپارەیە**) ف وسط جمعیت و شلوغی آبادی.

ناوپڕ: ١) ناوئاخنی دیوار؛ ٢) پێچەوانەی بەتاڵ و پوُچ ف ١) آکنهٔ دیوار؛ ٢) توپر، مقابل توخالی.

ناوپشتە: رەچەڵەك، رەگەز، رەسەن ف اصل، نسب.

ناوپەل: ١) دوڕ دولکەدار؛ ٢) ماوەی ناو دودەستی یەکسم ف ١) وسط دو شاخە؛ ٢) فاصلهٔ میان دو دست ستور.

ناوپەلان: ناوپەلی زۆڕ ف میان شاخەها.

ناوپەنچك: پەردەی ناسکی دەوری ناوزگ ف غشاء، مشیمە.

ناوت: ١) نابێ، ناشێ؛ ٢) ناڤێ تە ف ١) نمی‌شود؛ ٢) نام تو.

ناوتا: ناڤبار، سەربار ف اضافەبار.

ناوتـاف: گونـدێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

ناوتـاق: ١) قەمـامـەیێ کە ئەخـرێتە قلفی جەواڵەوە بۆ بارکردنی دوتا جەواڵ؛ ٢) سەرتاقەی دیوار ف ١) بند حلقهٔ کنارهٔ جوال؛ ٢) میان تاقچە.

ناوتـــان: ١) تیغـــەی لەشـــوُڵ تەنـــراو بۆ زۆری ماڵ؛ ٢) ناڤێ ڤە؛ ٣) مابەین ئێوە ف ١) تیغهٔ ترکەیی؛ ٢) نام شما؛ ٣) میان شما.

ناوتش: شاندان، خستنەبەرچاو، ڕانان ف بەنمایش گذاشتن، نشان دادن.

ناوتۆ: ١) ناو قەدکراو: (تەزبیحەکە دە**ناوتۆی** لێفەکەدا بو)؛ ٢) ناڤێ تە ف ١) توی لایە؛ ٢) اسم تو.

ناوتوێ: ناوتۆی قەدکراو ف در لایە.

ناوتوێڵ: ١) توێڵ، ئەنی؛ ٢) خاڵکوتان لە توێڵی مناڵ ف ١) پیشانی؛ ٢) خالکوبی پیشانی بچە.

ناوتێلانە: جیازی بوُك ف جهیزیهٔ عروس.

ناوجەرگە: مەیان، دوڕ ف وسط.

ناوجەژنان: مانگی پێش قوربان و دوای شەشەڵان ف ماه ذیقعدە.

ناوجەغز: دوڕی کۆز ف وسط دایرە.

ناوجی: ناوبژی ف میانجیگری.

ناوجێژنان: ناوجەژنان ف ماه ذیقعدە.

ناوجیکەر: ناوبژیکەر ف میانجی.

ناوچاو: ١) توێڵ، ئەنی، ناوتوێڵ؛ ٢) دوڕچاو: (پوُشێ کەوتوُتە **ناوچاوم**) ف ١) پیشانی؛ ٢) داخل چشم.

ناوچاوان: توێڵ، ئەنی، ناوچاو ف پیشانی.

ناوچاوان‌پاك: بڕێتی لە پیاوچاکی لەخواترس ف کنایە از شخص نورانی.

ناوچاوان‌ترش: ڕوُگرژ ف ترشروی.

ناوچاوپاك: ناوچاوان‌پاك ف شخص نورانی.

ناوچاوترش: ناوچاوان‌ترش ف ترشروی.

ناوچاوترشانن: ڕوُگرژکردن ف ابرو درهم کشیدن، اخم کردن.

ناوچاوترشاو: ڕوُگرژ ف ترشروی.

ناوچاوترشیاگ: ناوچاوترشاو ف ترشروی.

ناوچاوچەرمگ: مارو ف پیشانی سفید.

ناوچاودێز: ڕوُگرژ ف اخمو، ترشروی.

ناوچاوڕۆشن: ناوچاوپاك ف شخص نورانی.

ناوچاوگرژ: ڕوُگرژ ف اخمو.

ناوچە: ١) مەڵبەند، ناو، ناوان؛ ٢) گەروُڵەی ئاش ف ١) ناحیە، منطقە؛ ٢) گلوی آسیا کە گندم از آن ریزد.

ناوچەوان: ناوچاوان، توێڵ، ئەنی ف پیشانی.

ناوچەوان‌بەیەکادان: ڕوُگرژکردن ف اخم کردن.

ناوچەوان‌پاك: ناوچاوان‌پاك ف شخص نورانی.

ناوچەوان‌ترش: ڕوُگرژ ف اخمو.

ناوچەوان‌دێز: ڕوُگرژ ف اخمو، ترشروی.

ناوچەوان‌ڕوُن: ناوچەوان‌پاك ف شخص نورانی.

ناوچـــەوان‌قوُقـز: ١) ئەنی‌زەق؛ ٢) بڕێتی لە کلۆڵ و چارەڕەش ف ١) پیشانی برامدە؛ ٢) کنایە از بدبخت.

ناوچەوان‌قەشقە: بڕێتی لە بدبەخت و چارەڕەش ف کنایە از بدبخت.

ناوچەوان‌گرژ: ڕوُگرژ ف اخمو.

ناوچیا: ١) ناوچـــەیێ کە لە مابەینی کێواندا بێ؛ ٢) ناوچـەیەکـە لە کوردستان ف ١) کوهسار؛ ٢) منطقەای در کردستان.

ناوچـــین: ١) قوڕو خشتـــی ئاخنـــدراوی چینـــی دیوار؛ ٢) گەڵای قەدکردنەوەی توتن ف ١) آکنهٔ دیوار؛ ٢) چیدن برگهای وسطی توتون.

ناوخاڵی: بەتاڵ، والا، پوُچ ف میان تهی.

ناوخۆ: پێچەوانەی دەرەوە: (شەڕی ناوخۆیە، وەزیری ناوخۆ) ف داخل، داخلی.
ناوخوا: نامە خوا ف نگا: نامەخوا
ناوخوان: قوڵایی زین، خوانی زین ف گودی زین.
ناوخوین: دۆخین، بەنەدۆخین ف بند تنبان.
ناودار: ١) پێچەوانەی خاڵی، پڕ؛ ٢) ناو لك و پۆپی دار؛ ٣) خاوەن ناو، بەناوبانگ؛ ٤) ناولێ نراو، بێ‌ناو نیە ف ١) پر، مقابل تهی؛ ٢) میان درخت؛ ٣) مشهور؛ ٤) نام نهاده شده.
ناوداروك: لەو گوندانەی كوردستانە كە بەعسی كاولیان كرد ف روستایی در كردستان كه بعثیان آن را ویران كردند.
ناودان: ١) ناوی خەڵك و خۆ گوتن: (دەكەین ناكەین ناونادا كەكێ ئەمەی كردوە)؛ ٢) دنەدان ف ١) نام كسی را ذكر كردن؛ ٢) تحریك، تشجیع.
ناودوك: داری ناو هەردو لوولەپ كە بەسەر مەشكەدا دێت ف چوب وسطی كه بر مشك آید.
ناودەس: ١) ماوەی بەینی دودەستی ئەسپ؛ ٢) بەری دەست، لەپ ف ١) فاصلهٔ بین دودست اسب؛ ٢) كف دست.
ناودەست: ناودەس ف نگا: ناودەس.
ناودەشت: ١) ناقدەشت؛ ٢) ناوچەیەكی بیست گوندی لە كوردستان كە بەعسی وێرانی كرد ف ١) دشت محصور به كوهستان؛ ٢) منطقه‌ای شامل بیست روستا در كردستان كه بعثیان ویرانش كردند.
ناودێر: ١) ناوبراو؛ ٢) بەناوبانگ ف ١) نام نهاده‌شده، دارای نام؛ ٢) شهرت یافته.
ناوڕاس: دوڕ، مەیان ف وسط.
ناوران: لاڵە، پاڕانەوە ف لابه.
ناوڕان: ١) گەڵ، دوڕ هەردوڕان؛ ٢) لە ناو كەركەبەزدا ف ١) میان هردو ران؛ ٢) در میان گله.
ناورانەوە: ناوران ف لابه كردن.
ناورتە: تێكەڵ پێكەڵ، ناڕێك ف نامرتّب.
ناوڕوان: ١) مابەینی دوچۆمان؛ ٢) ناوە بۆ چەند ئاوایی ف ١) بین دو رودخانه؛ ٢) نام چند آبادی.
ناوزڕان: سوك بوون، روسیابوون ف رسواشدن.
ناوزڕاو: ئابڕونەماو، روسیا ف رسوا.
ناوزگ: ١) هەرچی لە دوڕ سكدایە؛ ٢) بەزو چەورایی ناو سك ف ١) احشاء؛ ٢) چربی و پیه توی شكم.
ناوساجی: زرۆبی ف نوعی گردهٔ در روغن سرخ شده.
ناوسار: سەر نیای ئاسیاو ف جوی سر ناو آسیاب.
ناوسك: ناوزگ ف نگا: ناوزگ.
ناوسێڵ: ١) ناوساجی، زرۆبی؛ ٢) بەربەسێڵ، قوڕاو ف ١) نگا: ناوساجی؛ ٢) خورشت گوشت و ماست.
ناوسێڵی: ناوسێڵ ف نگا: ناوسێڵ.
ناوشاخ: ١) ناوچیا، مەڵبەندێ لەناو كێواندا؛ ٢) مابەینی دوشاخی حەیوان؛ ٣) مێشكی ناو شاخی حەیوان ف ١) كوهسار؛ ٢) میان دو شاخ حیوان؛ ٣) مغز شاخ حیوان.
ناوشار: ناوەندی باژێڕ، ناوباژێڕ ف داخل شهر، مركز شهر.
ناوشان: مابەینی دوشانی بنیادەم ف میان كتف.
ناوفلێقان: ناو پەلی دار ف میان شاخه‌ها.
ناوفەرش: ١) مافوورێ كە لەناوڕاس ڕادەخرێ؛ ٢) پارچەچەرمێ كە دەخرێتە ناو كەوش ف ١) فرش وسط اتاق؛ ٢) چرمی كه توی كفش پهن كنند.
ناوقەد: ١) ناوڕاسی بەژن، كەمبەر؛ ٢) ناوڕاسی كێو؛ ٣) ناوڕاسی قەدی دار ف ١) كمر؛ ٢) كمركوه؛ ٣) وسط تنهٔ درخت.
ناوك: ١) نافك؛ ٢) دەنكی ناو میوە؛ ٣) ناو ف ١) ناف؛ ٢) هسته؛ ٣) محتوی.
ناوكار: ١) ناو چینی دیوار؛ ٢) تەریب، تەقەڵی درشتی بەزنجیرە ف ١) آگنهٔ دیوار؛ ٢) بخیه‌های درشت و زنجیره‌یی در لحاف.
ناوكبڕ: كەسێ كە ناوكی زاڕۆ دەبڕێ ف ناف‌بر.
ناوكبڕین: بڕێتی لە تەواوكردنی كار ف كنایه از تمام كردن كار.
ناوكردن: ١) مەشوور بوون؛ ٢) مابەین دوورخستنەوە ف ١) شهرت یافتن؛ ٢) فاصله را بیشتر كردن، فاصله گرفتن.
ناوك كەوتن: نەخۆشیەكە دەڵێن ناوك داكەوتوە ف نوعی بیماری شكم كه به ناف افتادگی معروف است.
ناوك گرتنەوە: ١) چارەی ناوك كەوتن؛ ٢) بڕێتی لەئازاردانی زۆر ف ١) معالجهٔ ناف افتادن؛ ٢) كنایه از بسیار آزار رساندن.
ناوكۆ: ١) دوڕ خەرمانی سوور؛ ٢) بەش نەكراو؛ ٣) ئاقبار، سەربار؛ ٤) دوڕ خەڵك و جەماوەر ف ١) وسط تودهٔ خرمن؛ ٢) مُشاع؛ ٣) اضافه‌بار؛ ٤) وسط تودهٔ مردم.
ناوكوێرەوەبوون: ١) لەبیرخەڵك چوونەوە؛ ٢) بێ‌عەولاد مردن ف ١) فراموش شده؛ ٢) بی وارث مردن.
ناوكوێربوونەوە: ناوكوێرەوەبوون ف نگا: ناوكوێرەوەبوون.
ناوكۆیی: ناوبەشی، شەریكی ف شركت.
ناوكە: ١) بەردێكە گیای لێ‌دەئاڵێنن گەنمی خەرمانی بەسەردا دەبێژن بۆ بەرەكەت؛ ٢) دەنكی ڕەقی میوە؛ ٣) دەنكی گوڵەبەڕۆژەو كدو؛ ٤) ناوك، نافك ف ١) سنگ زیر خرمن كه به نیّت تبرّك با گیاه پیچند؛ ٢) هسته؛ ٣) تخمه؛ ٤) ناف.
ناوكەبڕ: كچێ كە ڕۆژی لەدایك‌بوونی بۆ كوڕێك دیاری كراوە ف دختر نوزادی كه او را نامزد پسری كرده‌اند.
ناوكەبڕە: ناوكەبڕ ف نگا: ناوكەبڕ.
ناوكەخۆشە: دەنكەقەیسی شیرن ف هستهٔ شیرین زردالو.
ناوكەڕەشە: ١) نەخۆشیەكی یەكسم؛ ٢) ئافاتێكی تووڕە ف ١) نوعی بیماری ستور؛ ٢) آفت ترب.
ناوكەڕێژ: ناوكەڕەشەی یەكسم ف نوعی بیماری ستور.
ناوكەڕێش: ناوكەڕێژ ف نوعی بیماری ستور.
ناوكهاتنەوە: چاری ناوك كەوتن ف جای آمدن ناف افتاده.

ناوك هێنانەوە: ناوك گرتنەوە [ف] جای آوردن ناف افتاده.

ناوكێش: جۆگەی سەرەكی مەرەزە، شەقـەجـۆی مەرەزە [ف] جوی سرتاسری شالیزار.

ناوگ: ناونجی [ف] میانه.

ناوگردان: گوندێكە لە كوردستان بەعسی وێرانی كرد [ف] از روستاهای ویران شدهٔ كردستان توسط بعثیان.

ناوگڵ: ناڤكەل، ناوپا، گەڵ [ف] وسط رانها.

ناوگـۆڕك: ١) ئاگردانی ناو دیوەخـان و مزگەوت؛ ٢) تەختـایی كۆڕو مەجلیس [ف] ١) آتشدان مجلس؛ ٢) قسمت هموار مجلس

ناوگـەڕ: ١) مابـەینی دو زەمینی شێوەردبـڕاو؛ ٢) چزیركەی چكۆڵەی ناوەڕاستی چۆم؛ ٣) دەشتـایی لەنێوان چیایاندا [ف] ١) مرز میان دو شخم؛ ٢) جزیرهٔ ماسەای كوچك در میان رودخانه؛ ٣) دشت محصور به كوهستان.

ناوگەڕە: ١) ناوگەڕ؛ ٢) كاكڵ [ف] ١) مرز میان دوشخم؛ ٢) مغز بادام و...

ناوگەڵ: ناوگڵ، گەڵ [ف] میان هردو ران.

ناوگیر: ناوباسكراو [ف] نام ذكرشده.

ناوگین: ١) مامناونجی، دەستە؛ ٢) ناوڕاس [ف] ١) میانگین؛ ٢) وسط.

ناولقان: دوڕ پەلی دار [ف] میان شاخەها.

ناولكان: ناولقان [ف] میان شاخەها.

ناولنگ: ناوگەڵ [ف] میان پاها.

ناولنگان: ١) ناوگەڵ؛ ٢) ناوە [ف] ١) میان رانها؛ ٢) تابە.

ناولەپ: دوڕدەست [ف] توی كف دست.

ناولەپان: لەناو هەردو دەستاندا [ف] میان دستها.

ناولەسەر: دیاركراو بۆ كارێكی باش [ف] كاندیدا، نامزد.

ناولێنان: ناڤدانین [ف] نام نهادن.

ناوم: ١) ناوی من؛ ٢) نابم: (ناوم بە سەربار بەسەرتانۆ) [ف] ١) نام من؛ ٢) نمی‌شوم.

ناومـاچـەك: لەو گونـدانـەی كوردستـانە كە بەعسی كاولیان كرد [ف] روستایی در كردستان كه بعثیان آن را ویران كردند.

ناوماڵ: ١) كەلپەلی ماڵ؛ ٢) دوڕ زێی مێوینە؛ ٣) ژوری گەورەی خێزان [ف] ١) اثاثیه؛ ٢) درون شرمگاه مادینه؛ ٣) اتاق بزرگ در خانه.

ناومان: ١) ناوی ئێمە، ناڤێ مە؛ ٢) ناو لەبیرنەچونەوە؛ ٣) بەینی ئێمە، لای ئێمـە: (ئـەمڕۆ مەڕۆ **لەناومان** بە) [ف] ١) نام ما؛ ٢) نام فراموش نشدن؛ ٣) میان ما.

ناون: ناومان [ف] نام ما.

ناونان: ناڤدانین، ناولێنان [ف] نام نهادن، نامگذاری.

ناوناو: ناوبەناو [ف] گاه‌گاهی.

ناوناوە: ناوبەناو [ف] گاه‌گاهی.

ناونجی: مامناونجی [ف] میانگین.

ناونوس: كەسێ كە سیایی ناوی خەڵك دەگرێ [ف] نامنویس، آمارگر.

ناونوسی: ناو خستنەدەفتەرەوە [ف] آمارگیری.

ناونیان: ناونان، ناڤدانین، ناولێنان، ناودێركردن [ف] نامگذاری.

ناونێرك: ناودۆك [ف] نگا: ناودۆك.

ناونێروك: ١) ناونێرك، ناودۆك؛ ٢) ئاوخۆرەوەی دار [ف] ١) نگا: ناودۆك؛ ٢) آبخورهٔ درخت.

ناونیرە: دو قوتەكەی دارە لە ناوەڕاستی نیردا بۆ قایش ڕاگرتن [ف] دو قطعه چوب در وسط یوغ.

ناونیشان: ١) شوێن و ناوێ كە پێی بناسرێنەوە؛ ٢) برێتی لە قەدرو ڕێز لەناوخەڵكا [ف] ١) نشانی؛ ٢) كنایه از احترام در میان مردم.

ناونیشانە: ناونیشان [ف] نگا: ناونیشان.

ناوو: ١) نوێ، نۆ، تازە؛ ٢) هەرئەمەسە [ف] ١) نو، تازه؛ ٢) همین است.

ناووناتۆرە: سەرناوی پیس و ناپەسند [ف] لقب زشت.

ناوونیشان: ناونیشان [ف] نشانی.

ناوونیشانە: ناونیشان [ف] نشانی.

ناووردە: دورمانی زۆر ورد [ف] دوخت بخیه ریز.

ناوە: ١) دەفری قوركێشان؛ ٢) جۆرێ برنج؛ ٣) چرچی لیباس [ف] ١) ناوهٔ گل‌كشی؛ ٢) نوعی برنج؛ ٣) چین و چروك لباس.

ناوهانین: ناوبردن [ف] نام بردن.

ناوهاوردن: ناوهانین [ف] نام بردن.

ناوەبەرە: ١) ئامرازێكە لە ئەسپابی جوتدا؛ ٢) دەستەكی تامان [ف] ١) ابزاری در خیش؛ ٢) چوب تكیه‌گاه دیوار تركه‌ای.

ناوەجاخ: نارەسەن [ف] نانجیب.

ناوەجاغ: ناوەجاخ [ف] نانجیب.

ناوەخت: بێ‌وەخت [ف] نابهنگام.

ناوەڕاس: ناوڕاس [ف] وسط.

ناوەڕاست: ناوەڕاس [ف] وسط.

ناوەڕژن: پێخۆر [ف] نانخورش.

ناوەرۆك: هەرچی دەناو شتێ‌تردایە [ف] محتوا.

ناوەرۆكە: ناوەرۆك [ف] محتوا.

ناوەسار: سەرناوی ئاش [ف] جوی بالای ناوآسیا.

ناوەسەر: لفكەی دەسماڵی ژنان [ف] دنبالهٔ سرپوش زنانه.

ناوەسەرە: ناوەسەر [ف] نگا: ناوەسەر.

ناوەشكێنە: ئوتو، هەرچی چرچی لیباسی پێ ساف بكرێ [ف] اطو.

ناوەكرتە: نەخۆشیەكی ئاژەڵە [ف] نوعی بیماری گله.

ناوەكێش: كەسێ حەڕی بە ناوە دەكێشێ [ف] ناوه‌كش.

ناوەڵ: كەویژەی ئاش [ف] ناوهٔ آسیا.

ناوەن: ڕفێدەی نانكەر [ف] بالشتك نانوا.

ناوەنجی: بەینابەینی، نەزیادنەكەم [ف] مُتعادل.

ناوەند: ناوەڕاستی هەرشتێ [ف] مركز، وسط.

نەهیو: گەف، گوڕەشە ف تهدید.

نەی: ۱) داو، تاڵ؛ ۲) بلوێر، بلوُر؛ ۳) قامیش، چیتك، لەم؛ ۴) ئەمە؛ ۵) نا، نەخێر ف ۱) تار از نخ و...؛ ۲) نی‌لبك؛ ۳) نی؛ ۴) این؛ ۵) نه، خیر.

نەیار: دوژمن ف دشمن.

نەیاری: دوژمنی ف دشمنی.

نەیانێ: مەگین نەوایە؟ ف مگر نه چنین است؟.

نەیایش: نیان، دانان، دانران ف نهادن.

نهیت: تاتەبەرد، کەڤری لوس و پان و درێژ ف سنگ صاف و پهن برای نماز.

نهیتەك: زڕتەزەلام، گەلحۆ ف لندهور.

نەیجـور: جۆرێ قامیشی باریك کە چیغی لێ دروستدەکەن ف نوعی نی باریك.

نەیجە: نەیجور ف نگا: نەیجور.

نەیجەلە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

نەیچك: نەیجە ف نی باریك و کوتاه.

نەیچــە: ۱) نەیجـە، ۲) کورتـەچیتکێ ف ۱) نی باریك و کوتـاه؛ ۲) قطعه‌ای نی.

نەیچی: بلوێرژەن ف نی‌نواز.

نهێڕ: نهوڕ، پاشگری تواشـا: (چاف‌نهێڕم) ف پسونـد بەمعنی تماشاکننده.

نهێڕت: نواڕی، روانی، تواشای کرد، لێ‌مەیزاند ف نگاه کرد.

نهێڕتن: ڕوانین، تواشاکردن، چاولێ‌کردن ف نگاه کردن.

نهێڕتوخ: تماشاکەر ف بیننده.

نهێڕتوك: چاوێر، چاوەدێر ف مراقب.

نهێرد: زەوی بەرداوی، زەمینی بەردەلان ف زمین سنگلاخ.

نهێڕین: روانین، نواڕین ف نگاه‌کردن.

نەیرم: شك‌نابەم ف ندارم.

نەیرن: شك‌نابەن، نیانە ف ندارند.

نەیری: شك‌نابەی، نیتە ف نداری.

نەیرێ: نیەتی، شك‌نابا ف ندارد.

نەیڕی: ڕوانی، نواڕی، تواشای کرد ف نگاه کرد.

نەیریم: نیمانە، شك‌نابەین ف نداریم.

نەیڕین: ڕوانین، تواشاکردن، لێ‌مەیزاندن ف نگاه کردن.

نەیزە: رمبی کورت ف نیزه.

نەیژە: نەیجور، نەیجە، چیتکا زراف ف نی باریك.

نەیژەن: بلوُرژەن ف نی نواز.

نەیسە: سا، ئیتر، هەرچۆنێ بێت ف هر اینه، بەهرصورت.

نەیشەکر: قامیشی شەکر ف نیشکر.

نەیشەکەر: قامیشی شەکر ف نیشکر.

نەیڤان: نەیچی، نەیژەن، بلوێرژەن ف نی نواز.
نهیك: ١) نوکەتەشی؛ ٢) نوکی هەرشتێ ف ١) نُك دوك؛ ٢) نُك هرچیز.
نەیل: گوێلپاری مێچکە، مانگای دوبەهارە ف گوسالهٔ مادهٔ دوساله.
نهێم: تەوژم، قەوەت، زۆر ف نیرو، فشار.
نهێن: نادیار ف ناپیدا.
نهێنبڕ: نەهێنبڕ ف نگا: نەهێنبڕ.
نهێندڕ: نەهێندڕ ف نگا: نەهێندڕ.
نەینك: ئاوێنە، عەینك، گوزگی، نوێنك،نەینوُك ف آیینه.
نهێنگر: نەهێنگر ف نگا: نەهێنگر.
نەینوُك: ١) نەینك؛ ٢) ناخون؛ ٣) نەخۆشی تەنگەنەفەسی ولاّخەبەرزە ف ١) آیینه؛ ٢) ناخن؛ ٣) بیماری نفس تنگی چارپایان.
نەینوُك: ١) نەینك؛ ٢) ناخو، ناخون ف ١) آیینه؛ ٢) ناخن.
نهێنی: نەهێنی، پەنامەکی ف نهانی.
نهێو: پەلامار، شالاو ف هجوم، یورش.
نەیوُتەپیا: لەمەپتر، زیاترلەمە ف بیش از این.
نەیوی: نەدیبدی ف ندیدبدید.
نەیە: ١) نەکابێت؛ ٢) با ئەو پەیدانەبێ؛ ٣) نەئەمە ف ١) نکند بیاید؛ ٢) نیاید؛ ٣) نەاین.
نەیی: ١) هیچکام؛ ٢) نەبوُن ف ١) هیچکدام؛ ٢) نبودن.
نەییش: نیان، دانان، ڕۆنان ف نهادن.
نەییل: نەیل، گویلپاری مێو، پارینی مێچکە ف گوسالهٔ مادهٔ دوساله.
نەیین: ١) دژایەتی، دوژمنایەتی؛ ٢) نەبوُن ف ١) مخالفت؛ ٢) نبودن.
نەیینی: نەبوُنی، هەژاری، هیچ شك نەبردن ف بینوایی.
نەییە: نەدیتە، بێ تواشاکردن ف ندیده، ندیدمعامله کردن.
نی: ١) نوێ، نویێ، تازە، نەو؛ ٢) حاشا لە بوُنی کەسێکی ئەیدوێنی؛ ٣) لەم، لەئەم: (نیجا واتا: لێرە) ف ١) نو؛ ٢) تو نیستی؛ ٣) دراین.
نێ: ١) نا، نە، ناء؛ ٢) ناوی ئاساو، دۆلاش؛ ٣) شە، شێ، نم؛ ٤) ناوی گونـدێك و گەلّی یەکـە؛ ٥) تمـاشـا: (لێ بنێ)؛ ٦) بەهۆی؛ ٧) مێ، بەرانبەر بە نێر؛ ٨) ئەم، ئەمە؛ ٩) لەمە، لەوە؛ ١٠) ئەمانە، ئەم کەسانە، ئەم شتـانـە؛ ١١) دەنـا؟، مەگین نە؟؛ ١٢) پێشگری بەمانا بێ: (نێ شەرمـایە) ف ١) نە؛ ٢) ناوآسیاب؛ ٣) نم؛ ٤) نام دهی و درّه‌ای؛ ٥) نگاه؛ ٦) بەسبب؛ ٧) ماده، مقابل نر؛ ٨) این؛ ٩) ازاین؛ ١٠) اینها؛ ١١) مگرنه؟؛ ١٢) پسوند بەمعنی بدون.
نیا: ١) ڕوان، شین بوُن: (ئاوەنیا واتا: بەئاوڕواو)؛ ٢) لەسەردانان، دانان: (سـەرنیای کاسن)؛ ٣) لەسەرداتراو: (پۆلاّنیا)؛ ٤) تماشا: (نیاکە)؛ ٥) داینا؛ ٦) بەم جۆرە؛ ٧) ئەمە، ئەوهە؛ ٨) یان، ئان ف ١) روییدن، رستن؛ ٢) نهادن؛ ٣) نهاده؛ ٤) نگاه؛ ٥) بنهاد، نهاد؛ ٦) این طور؛ ٧) این؛ ٨) یاخود، یا.
نیاتە: نوُتە، پەزمەندە ف پس انداز.
نیاتەکار: پەزمەنەکەر، نوُتەکەر ف پس اندازکننده.
نیاتەکردن: نوُتەکردن، پەزمەندەکردن ف پس اندازکردن.
نیاتەکەر: نیاتەکار ف پس اندازکننده.

نیادایەنـە: ١)تـواشـاکـردن؛ ٢) دەبەرچاوگرتن ف ١) نگاه کردن؛ ٢) زیرنظر گرفتن.
نیار: ١) شانـۆ، سەکـۆی گەمـەکەران؛ ٢) کۆسە، کەسێ لەسەر شانۆ گەمەدەکا ف ١) صحنهٔ بازی؛ ٢) هنرپیشه.
نیاراتەپیا: ١) لەمەئاوها؛ ٢) لەمەولا ف ١) از این نوع؛ ٢) از این به بعد.
نیارڤان: کۆسەکار، شانۆگەر ف هنرپیشه، آرتیست.
نیاری: کۆسەکاری، شانۆگەری ف هنرپیشگی.
نیاز: ١) ئاتاجی؛ ٢) مانا، مەبەست: (نیازت لەم قسە چی بو)؛ ٣) ئاوات، ئارەزو؛ ٤) نەزر، نزر، نەدر: (نیازم لەخۆم گرتوە)؛ ٥) خەیالّ لە کردنی کارێك: (نیازم وایە خانـــو دروس کەم) ف ١) احتیاج؛ ٢) معنی؛ ٣) آرزو؛ ٤) نذر؛ ٥) قصد، آهنگ.
نیازانی: دڵپاکی، بێ فێڵی ف راستی، پاکی.
نیاژێ: ئامۆژن، ژن ئاپ ف زن عمو.
نیاك: نەهاتن ف نیامدن.
نیان: ١) دانان: (نیانەبان)؛ ٢) داشتن: (ئاتاجی ئاولێ نیانە)؛ ٣) ساف و نەرم: (نـەرم و نیان)؛ ٤) ڕوانین؛ ٥) چەقـاندن؛ ٦) ناشتن؛ ٧) گان، کوتان؛ ٨) ئەمانە؛ ٩) یان ف ١) نهادن؛ ٢) انجام دادن آبیاری؛ ٣) نرم و صاف؛ ٤) نگاه کردن؛ ٥) غرس کردن؛ ٦) دفن کردن؛ ٧) جماع؛ ٨) اینها؛ ٩) یا.
نیاندن: گایین ف جماع کردن.
نیانەبان: لەسەردانان ف گذاشتن بر.
نیانەسەر: نیانەبان ف گذاشتن بر.
نیانەسەرەو: دەفری پڕتراو فڕکردن ف لاجرعه سرکشیدن.
نیانەشوێن: نانەشوێن ف نگا: نانەشوێن.
نیانەکۆڵ: نانەکۆڵ ف نگا: نانەکۆڵ.
نیانەمل: نانەمل ف نگا: نانەمل.
نیانەوە: نانەوە ف نگا: نانەوە.
نیانەیەك: نانەیەك ف نگا: نانەیەك.
نیانێ: ١) ئابەم جۆرە؛ ٢) ئەدی وانیە؟ ف ١) این طور؛ ٢) مگرنه چنین است؟.
نیانیا: بڕوانە چەند سەیرە ف نگاه کن چقدر جالب است.
نیاوەزیان: لەکارنەزانین، ناشیگەریەتی ف ناشیگری.
نیایش: دانانە سەرزەمین ف بر زمین نهادن.
نیایش پا: ١) پێوەنوسان؛ ٢) توند لەسەر دانان ف ١) چسباندن؛ ٢) برنهادن.
نیبڕ: بوُرە کێلاّن ف زمین بایر شخم زدن.
نێبکوُنێبوُڕوُ: جنێوێکە یانێ نە کوڕت هەبێ نە پاتاڵ ف دشنامی است.
نێبو: ١) خوانەکا؛ ٢) ئەمەڕوُنەدا ف ١) خدای ناکرده؛ ٢) نشود.
نێبوُنێبو: خوانەکا، دەغیلە ف خدای ناکرده.
نێ بیایا: ناهێنێ، بەکەڵك نایە ف نمی ارزد.
نێ پاوتا: پارازتن، حاواندنەوە ف محافظت کردن.

نیٚ‌پەوتا: نیٚ‌پاوتا ف محافظت کردن.
نیت: نی، حاشا لە بوٗنی کەسیٚ کە دەیدوێنی ف تونیستی.
نیٚت: ١) بڕیاردان لە دڵدا، نیەت؛ ٢) نەگەیشتەجیٚ، نەهات ف ١) نیّت کردن؛ ٢) نرسید.
نیٚتار: بیٚ‌لایەنگیری، دورەپەریٚز لە کیٚشە ف بی‌طرف.
نیٚت‌ئاردش: لەدڵدا بڕیاریدا ف در دل نیّت کرد.
نیٚتاری: دوٗرەپەریٚزی، بیٚ‌لایەنی ف بی‌طرفی.
نیتانە: نەیرن ف ندارید.
نیتك: لەقەمی سوٗکایەتی ف لقب زشت.
نیتکە: نیتك ف لقب زشت.
نیتم: نەیرم ف ندارم.
نیجا: لە ئەم‌جیٚگە ف در این جا.
نیٚچار: بیٚچارە، هەژارو داماو ف بیچارە.
نیچك: ١) پارچەیەکی کورت لە چیتك؛ ٢) بەلوٚکە؛ ٣) سەرنوچك، دوند ف ١) قطعهٔ کوچك نی؛ ٢) چوچولە؛ ٣) نُك.
نیٚچیر: ١) نچیر، ئەوی بە ڕاو دەگیریٚ؛ ٢) ڕاوشکار ف ١) نخجیر؛ ٢) شکار.
نیٚچیرڤان: ڕاوکەر، نچیرڤان ف شکارچی.
نیٚچیرکردن: ١) ڕاوکردن؛ ٢) گرتن لە ڕاو ف ١) شکارکردن؛ ٢) نخجیرگرفتن، گرفتن از طریق شکار.
نیٚچیرگا: ڕاوگە ف شکارگاه.
نیٚچیرەوان: ڕاوکەر ف شکارچی.
نیحمەت: بەشی خواداو ف نعمت.
نیخ: بنی گەروٗ، بنی قورگ ف بیخ گلو.
نیخچك: میٚخەکە، بزمارە ف میخچە.
نیخە: حیلەی ئەسپ، حینە ف شیههٔ اسب.
نیٚخە: ١) دەنگی بەمرخەمرخ لەقورگەوە؛ ٢) نیخە ف ١) صدای گلو از تنگی نفس و خفگی؛ ٢) شیههٔ اسب.
نیٚد: نوخشانە، خەوەر لە ئاکامی باش ف مُژده.
نیر: ١) نوٗر؛ ٢) دەم، کات؛ ٣) داریٚ کە دەخریٚتە سەرملی گاجوٗتان لەکاتی زەوی‌کیٚڵاندا ف ١) نور؛ ٢) هنگام؛ ٣) یوغ.
نیڕ: قیژەی پشیلە: (**نیڕەنیڕی** پشیلانە شەڕدەکەن) ف جیغ گربە.
نیٚر: ١) ئەوجسنەی توٚمیٚ ژیان ئەکاتە میٚیینەوە، پیٚچەوانەی میٚ؛ ٢) باسکلاوی بەڕیٚواس: (ئەمسال ڕیٚواس **نیٚرە**)؛ ٣) بریتی لە ئازاو بەکار: (پیاوێکی **نیٚر** بو)؛ ٤) بنەمای ناردن: (**دەنیٚرم، بنیٚرە**)؛ ٥) پاشگری بەمانا کەسیٚ کە دەنیٚریٚ: (**پەیام‌نیٚر، وڵام‌نیٚر**) ف ١) نر؛ ٢) ریواس ساقەدار؛ ٣) کنایه از شجاع و کارامد؛ ٤) ریشهٔ کلمهٔ «ناردن» بەمعنی فرستادن؛ ٥) پسوند فاعلی، فرستندە.
نیٚڕ: نوٚڕ، ڕوان، تماشا: (**چاوەنیٚڕم**) ف نگاه.
نیٚرامیٚ: نەڕمادە، قرتیٚنە ف نروماده، سگك.
نیٚڕان: تماشاکردن، نوٚڕین ف نگاه کردن.
نیٚرانە: ئازایانە، مەردنە ف شجاعانە.

نیرانی: بەهەردا دریٚژکریاو، دریٚژەوکریاگ ف درازکشیده.
نیٚرباز: بەچەباز ف بچەباز.
نیٚربازی: بەچەبازی ف بچەبازی.
نیٚربلوٚکیٚ: ژنیٚ کە لاسای پیاوان دەکاتەوە ف زنی که ادای مردان را درآورد.
نیٚربوٗنەوە: ١) پندربوٗنەوەی زەوی کە بەکاری کیٚڵان بیٚت؛ ٢) پیربوٗن‌و ناوك‌دەرکردنی تیرەی چوٚنەروتوٗر ف ١) سفت شدن زمین تر و قابل کشت شدن آن؛ ٢) پیرشدن چغندر و ترب و امثال آنها.
نیٚربە: هوٚزیٚکی کوردە لەلای دیاربەکر ف طایفه‌ای است کردزبان.
نیٚرتك: ١) لاسکی سەرەکی‌و توندی ناوەڕاستی گیا؛ ٢) ڕەقایی زەقی ناوکوان ف ١) ساقهٔ اصلی نباتات؛ ٢) مغز سفت دُمَل.
نیرتکە: سەرناوی ناخوٚش: (سەدناوو نیرتکەی لیٚ‌ناوم) ف لقب زشت.
نیٚڕتن: نواڕین، ڕوانین، نهیٚڕین ف نگاه کردن، نگریستن.
نیٚردراو: ڕەوانەکراو ف فرستادە.
نیٚردیوان: ناردیوان، پەیجە، سلەم، پەیژە ف نردبام.
نیرز: ١) جوٚریٚ تیخی خەنجەر؛ ٢) ئاژەلی زوٚر باش ف ١) نوعی تیغ خنجر؛ ٢) حیوان بسیار خوب.
نیٚرس: گوندیٚکە لە کوردستان بەعسی ویٚرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
نیٚرسایا: پیٚ‌گەیشتوٗ، پی‌گەییگ ف رسیده و بەبار آمده.
نیرڤانا: ڕوٚژی عەشریٚ، ڕوٚژی پەسڵانیٚ ف روز حَشر.
نیٚرك: نیٚرتك ف نگا: نیٚرتك.
نیرگوتك: میٚکوتە. *نەخوٚشیەکی زاروٚکانە* زیپکە دردەکەن ف مخملك.
نیٚرکە: ١) دەرهاتگ لە دومەڵ؛ ٢) چوزەی گیا ف ١) مغز بیرون آمده از دُمل؛ ٢) نُك تازه بردمیدهٔ گیاه.
نیٚرکەبڕە: جانەوەریٚکی پچوٗکە ئافاتی لاسکی دەغڵە ف حشره‌ای ساقه‌خوار.
نیرگ: خورت، بەتاقەت، هیٚزوقەوەت‌دار ف توانمند.
نیٚرگز: نەرگز ف نرگس.
نیٚرگزجاڕ: نەرگزجاڕ ف نرگس زار.
نیٚرگزەبان: تیخی دەبانی جەوهەردار ف نوعی تیغ خنجر و شمشیر بافرند.
نیٚرگزە: نەرگزە ف نگا: نەرگزە.
نیٚرگزەجاڕ: نەرگزجاڕ ف نرگس زار.
نیٚرگزی: نەرگزی ف بە رنگ یا بوی نرگس.
نیٚرگس: نەرگز ف نرگس.
نیٚرگسەجاڕ: نەرگزجاڕ ف نرگس‌زار.
نیٚرگسی: نەرگزی ف نگا: نەرگزی.
نیرگە: دیرەگ، کاریتە ف بالار، شاه‌تیر.
نیٚرگە: گڕی بڵندی ئاگر ف شعلهٔ بلند آتش.
نیرگەل: ریزی ئالوٗدار، ئەوانەی لەسەر نیرگەوە دریٚژکراون ف **ردیف الوار سقف.**

نێرگەلە: قلیانئاوی، نەرگیلە ف قلیان.
نێرگەلەچی: قلیاندار ف نگا: قلیاندار.
نێرمۆ: نیرەموك، نەنێرنەمێ ف خنثی.
نێرمۆك: نێرمۆ ف خنثی.
نێرمۆك: نێرەمۆك ف خنثی.
نێرمەندۆك: نەنێرنەمێ، نێرەموك ف نەنرنەمادە، مخنّث.
نێرۆ: نیوەڕۆ، نیمەڕۆ ف ظهر.
نێرۆ: ١) نێرۆ، کەڵەکێوی، حەیوانەکێوی نێر؛ ٢) شاخی حەیوانەکێوی ف ١) پازن؛ ٢) شاخ کل کوهی.
نێرۆ: ١) حەیوانەکێوی نێر؛ ٢) شاخی حەیوانەکێوی: (دەسکی خەنجەرم نێروە)؛ ٣) کۆستەکی خەنجەر ف ١) بز نرکوهی؛ ٢) شاخ کل کوهی؛ ٣) نوار خنجر بند.
نیروانا: نیرڤانا، ڕۆژی عەشرێ، ڕۆژ مەحشەر ف روز حَشر.
نێرۆك: ئاوخۆڕەی ڕوەك، ناوەڕاستی نێرتك ف وسط ساقه و تنه، آبخورهٔ نباتات.
نێرومێ: قرتە، بشکوژێ کە دەچنە ناویەك ف سَگَك.
نێروە: دوگوندی کوردستانن بەعسی بە بومبای شیمیایی خەڵکی کوشتن ف نام دو روستای کردستان که توسط بعثیان بمباران شیمیایی شد.
نیروەسێتو: گوندێکە لە کوردستان بەعسی بە بومبای شیمیایی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان با بمب شیمیایی.
نێروەیی: نێرۆیی ف نام طایفه‌ای است کردزبان.
نێرۆی: ئاگادارو چاوەدێری کۆمەڵ ف سر پرست مجتمع.
نێرۆیی: عاشیرەتێکە ف عشیره‌ای است.
نیرە: ١) نیری سەرملی گاجوت؛ ٢) نەورە، داڕو، دەرمانحەمام؛ ٣) ئالاش؛ ٤) جۆگەی ناو ف ١) یوغ؛ ٢) واجبی؛ ٣) سقف‌پوش از ترکه و برگ؛ ٤) جوی آب.
نیرە: زیقەی پشیلە، نیڕ ف جیغ گربه.
نێرە: ١) شوی مێ‌یە بۆ غەیری بنیادەم: (ئەم دوکۆترە نێرەو مێوەن)؛ ٢) ناوەڕاستو خوڕایی تاو؛ ٣) شەقەجۆگەی ناو زەوی؛ ٤) مەشکەی لەدار؛ ٥) هەرزەقێ بچێتە ناو ئالقەوە: (نێرەو مێ‌یە گرێی بدە)؛ ٦) برێتی لە بنیادەمی ئازاو بەکار ف ١) همسر ماده برای غیرآدمی؛ ٢) وسط رودخانه؛ ٣) جو یبار وسط زمین کشت؛ ٤) مشك چو بین؛ ٥) هر ابزار برآمده‌ای که در حلقه رود؛ ٦) کنایه از آدم شجاع و کارا.
نێرەپیاو: پیاگی زۆر بەدەسەڵاتو بەزاکوون ف مرد قدرتمند و با اراده.
نێرەحەیتە: زەبەلاحو تەڕەی ناقۆڵا ف لندهور.
نێرەزەلام: نێرەحەیتە ف لندهور.
نێرەژن: ١) ژنی زۆر ئازاو زانا؛ ٢) دۆژەنگ ف ١) زن شجاع و دانا؛ ٢) نگا: دۆژەنگ.
نێرەڤان: پاسەوانێ کە لە ڕوانگەوە دەڕوانێتە دەوروبەر ف دیده‌بان.
نێرەك: ناوەند، چەق، دوڕ، ناوەڕاست ف وسط.
نێرەکـکەر: ١) کەری نێر؛ ٢) برێتی لە پیاوی ئازای بێ‌ئاوەز ف ١) نرەخر؛ ٢) کنایه از آدم متهوّر و احمق.
نێرەکور: کوڕی بژاردەو بەکار ف جوان شایسته و کارا.
نێرەکورکە: نێرتك، نێرك ف نگا: نێرتك.
نێرەکورکە: ژنێ کە لاسای پیاوان دەکاتەوە ف زنی که ادای مردان درمی‌آورد.
نێرەکوللە: شێرەکوللە ف نگا: شێرەکوللە.
نێرەکەر: نێرەککەر ف نگا: نێرەککەر.
نێرەکەو: شوی ماکەو، کەوی‌نێر ف کبك نر.
نێرەکی: ئێسترێ کە کێرو گونی هەیە، پێچەوانەی ماچەئێستر ف استرنر.
نێرەگە: ڕوانگەی نێرەڤان ف جای دیده‌بان.
نێرەگیسك: گیسکی نێر ف بُزغالهٔ نر.
نێرەگین: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
نێرەموك: ١) نێرەموك، نێرمەندوك؛ ٢) گامێشی نەزۆك ف ١) نەنرنەمادە؛ ٢) گاومیش نازا.
نێرەمۆك: ١) تێك‌هەڵکێشی‌دار کە نەجار دەیکەن؛ ٢) کونوکلیلی گۆڵە؛ ٣) تۆپە پەڕۆی کونئاخنی ئەستێر؛ ٤) نێرەموك، نەنێرنەمێ ف ١) سگك نجاری؛ ٢) قفل و کلید چو بین؛ ٣) آبگیر مجرای آب؛ ٤) خنثی.
نێرەنگ: ١) جادو؛ ٢) جادوگەر ف ١) جادو، سِحر؛ ٢) جادوگر.
نێرەنیز: قیژەقیژی پشیلە ف جیغ و داد گربه در جنگ.
نێرەو: شەقەجۆگەی ناو زەوی ف جوی اصلی در کشتزار.
نێرەومێ‌یە: ١) نەرمــا، نەرمــادە؛ ٢) جوتـەیـالـداری ژنو شو ف ١) نر وماده، سگك؛ ٢) جفت پرنده.
نێرەوەز: نێرخوڵقاو ف نرینه.
نێری: ١) حەیوانەکێوی شاخداری نێر؛ ٢) مەڵبەندێکە لە کوردستان، نەهری؛ ٣) بزنی نێری خۆماڵی؛ ٤) قوڵترو بەتەوژمتر شوێن لە چەم؛ ٥) نێرتك ف ١) پازن؛ ٢) ناحیهٔ «نـەهـری» در کردستان؛ ٣) تکه، شاك؛ ٤) جای عمیق‌تر رودخانه؛ ٥) نرهٔ گیاه.
نێڕی: نواڕی، ڕوانی، تماشای کرد ف نگاه کرد.
نێڕایش: ڕاتڵەکاندنو تێك‌وەردانی تراو ف بەهم زدن مایع.
نێڕین: نواڕین، ڕوانین، تواشاکردن ف نگاه کردن.
نێڕین‌ڤان: تواشاکەر لە ڕوانگەوە ف دیده‌بان.
نێرینە: ١) ناوەڕاستی ڕوبار، قوڵترجێگە لەناو ڕوباردا؛ ٢) عەولادی نێر ف ١) وسط رودخانه؛ ٢) فرزند ذکور.
نێرەکێوی: کەڵەکێوی، نێرەبزنی چیا ف بُز نر کوهی.
نێز: ١) برسی، برچی؛ ٢) نزیك؛ ٣) ناوی گونـدێکـە؛ ٤) برسیەتی، برسیایەتی ف ١) گرسنه؛ ٢) نزدیك؛ ٣) نام دهی است؛ ٤) گرسنگی.
نێزاتی: برسیاتی ف گرسنگی.
نیزام: ١) شەڕکەری دەوڵەت؛ ٢) ناوە بۆ پیاوان ف ١) سر باز؛ ٢) نام

مردانه.

نیزام‌وه‌زیفـه: لاوێ که به‌خـۆشی خۆی ئه‌چـوته عه‌سکه‌ری ف نظام وظیفه، سر بازوظیفه.

نیزامی: ۱) نیزام، عه‌سکه‌ر، سه‌رباز، چه‌کداری له‌شکر؛ ۲) عه‌سکه‌ری ف ۱) سرباز؛ ۲) سربازی.

نیزك: نزیك ف نزدیك.

نیژك: نزیك ف نزدیك.

نیزگ: نزیك ف نزدیك.

نیزنگ: نزیك ف نزدیك.

نیزه‌ز: نۆزه‌نۆز ف ناله‌های ضعیف.

نیزه: نۆزه ف ناله ضعیف.

نێزه: نه‌یزه، کورته‌رم ف نیزه.

نێزی: ۱) نێزاتی، برچێتی، برسیایه‌تی؛ ۲) یان، یاخۆ ف ۱) گرسنگی؛ ۲) یا.

نیزیك: نزیك ف نزدیك.

نێزیك: نزیك ف نزدیك.

نێزیکاهی: به‌م‌زوانه ف به‌زودی.

نێزیك‌بوون: ۱) دژی دووربـوون؛ ۲) برێتی له ئیلاقـه‌کردن ف ۱) نزدیك بودن؛ ۲) کنایه از عمل جماع.

نێزیکی: ۱) نه‌دووری؛ ۲) برێتی له ئیلاقه ف ۱) نزدیکی؛ ۲) کنایه از جماع.

نێزینگ: نزیك ف نزدیك.

نێژ: ۱) بناغه‌دارژتنی خانو؛ ۲) نمێژ، نوێژ؛ ۳) پاشگری به‌مانا چه‌قێن: (دارنێژ، شه‌تـڵ نێژ، ده‌س‌نێژ)؛ ۴) پاشگـــری به‌واتـا: بن‌ئاخ‌کـه‌ر: (مردونێژ) ف ۱) پی‌ریزی بنا؛ ۲) نماز؛ ۳) پسوند به‌معنی کارندهٔ نشا؛ ۴) پسوند به معنی دفن‌کننده در خاك.

نێژا: بناغه‌دارژاو ف پی‌ریزی شده.

نێژتن: ۱) ناشتن، بن گڵ‌خستن؛ ۲) چه‌قاندنی شه‌تڵ ف ۱) زیرخاك کردن؛ ۲) کاشتن نشا.

نێژدی: نزیك، نێزیك، نه‌دوور ف نزدیك.

نێژران: ۱) بن‌گڵ‌خران؛ ۲) چه‌قان ف ۱) دفن شدن؛ ۲) کاشته شدن نشا.

نێژراو: ۱) بن‌گڵ‌خراو؛ ۲) چه‌قێنراو ف ۱) دفن شده؛ ۲) نشاء کاشته شده.

نێژکاری: کاری بناغه‌ی خانو دارژتن ف کار پی‌ریزی بنا.

نیس: ۱) بزنی مووتێکـه‌ڵاو له چه‌نـد ره‌نـگ؛ ۲) نه‌بوون ف ۱) بزی که دارای موی چندرنگ است؛ ۲) نیست، وجودنداشتن.

نیسان: ۱) مانگی رۆمی، ده‌رۆژ له ره‌شه‌مه‌و بیست‌و یه‌ك رۆژله خاکه‌لێوه؛ ۲) گوڵـه‌مێلاقـه، ره‌بـه‌نـۆك؛ ۳) نیشـان ف ۱) ماه رومی نیسان؛ ۲) شقایق؛ ۳) آلاله.

نیســانـۆك: گوڵێکی سووره له مانگی نیساندا ده‌پشکوێ ف گلی است سرخ رنگ.

نیست: نه‌بوون، نیس ف نیست، وجودنداشتن.

نیسك: ۱) نژی، مێژوی؛ ۲) برێتی له که‌مووسکه؛ ۳) ناسکه‌ی تاژی ف ۱) عدس؛ ۲) کنایه از کم و ناچیز؛ ۳) صدای تملّق و شادی سگ شکاری.

نێسك: ۱) سه‌مای ئه‌سپ؛ ۲) نژی ف ۱) رقص و خرام اسب؛ ۲) عدس.

نێسکان: سه‌ماو گه‌مه‌کردنی ئه‌سپ ف رقص و خرامیدن اسب.

نیسکاو: شۆرباونیسك ف شوربای عدس.

نیسکاوا: گوندێکه له موکوریانی کوردستان ف نام دهی است.

نیسکه: نووزه‌ی سه‌بری تاژی له‌خۆشیان: (تاژی نیسکه‌نیسکیانه) ف صدای آهستهٔ سگ شکاری از شادی.

نێسکه: سه‌مای ئه‌سپ ف رقص اسب.

نیسکـه‌جـۆ: له‌و گونـدانـه‌ی کوردستـانه که به‌عسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

نیسکین: چێشتی نژی ف آش عدس.

نیسکێن: نیسکین ف آش عدس.

نیسکێنه: نیسکێن ف آش عدس.

نیسه: نوسراو ف نوشته.

نیسه‌ته: نووسین ف نوشتن.

نیسێ: سا، سایه، سێبه‌ر، سێهـ، نسێ، نسار، سه‌هه‌ند ف سایه.

نیسیێ: له‌و گوندانه‌ی کوردستانه که به‌عسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

نێش: ژان، ئازار، ده‌گه‌ڵ نێش ده‌گوترێ: (ئێش و نێش) ف آزار، درد.

نیشـا: ۱) نیشـان؛ ۲) خاڵی سه‌رگونـا؛ ۳) نیشانه‌ی زاوا بۆ بووك؛ ۴) ئامانج، نیشانه ف ۱) نشان؛ ۲) خال روی گونه؛ ۳) هدیهٔ داماد نزد عروس؛ ۴) هدف، آماج.

نیشـادان: ۱) شاندان؛ ۲) فێرکردن ف ۱) نشان دادن، به معرض دید گذاشتن؛ ۲) یاددادن.

نیشاسته: نشاسته ف نشاسته.

نیشاسه: نشاسته ف نشاسته.

نیشان: ۱) دروشم، عه‌لامه‌ت؛ ۲) ئامانج، کێلك؛ ۳) خاڵ له‌سه‌ر پێست؛ ۴) میداڵ؛ ۵) ناونیشـان؛ ۶) پۆپـه‌ی که‌ڵه‌شێر؛ ۷) جوققه‌ی سه‌ری دســه‌ڵاتداران؛ ۸) پێشکـه‌شی زاوا بۆ بووك پاش ماره‌بـڕان ف ۱) علامت فارقـه؛ ۲) آمـاج ۳) خال بر پوست؛ ۴) مدال، نشـان؛ ۵) نشـانی؛ ۶) تاج خروس؛ ۷) جقّـهٔ کلاه بزرگان؛ ۸) هدیهٔ دامـاد به عروس پس از عقدکنان.

نیشانچی: ده‌س‌ڕاست له‌ئاویتندا ف هدف زن، ماهر در تیراندازی.

نیشاندان: ۱) شاندان؛ ۲) فێرکردن ف ۱) نشان دادن؛ ۲) یاددادن.

نیشانك: ۱) تێبینی؛ ۲) هێما، ئاشیره‌ت ف ۱) مُلاحظه؛ ۲) اشاره.

نیشـــانـکــرد: ۱) دروشم‌لێدراو؛ ۲) کیژی خوازبێـنی‌کراو ف ۱) علامت‌گذاری شده؛ ۲) دختر خواستگاری شده، نامزد شده.

نیشان کردن: ۱) دروشم بۆدانان؛ ۲) خوازبێنی کردن و پێشه‌کی زه‌نبه‌رێك

به‌کیژدان ف ۱) علامت گذاشتن؛ ۲) هدیه به دختر خواستگاری شده‌دادن.

نیشان گرتن: سێره گرتن ف نشانه‌گرفتن.

نیشـانگـه: ۱) جێگـه‌ی ڕانـانی شت لەبـه‌رچاو؛ ۲) سێره‌ی تفه‌نگ‌و ده‌مانچه ف ۱) نمایشگاه؛ ۲) مگسك اسلحه.

نیشان‌لێ گرتن: نیشانه‌گرتن ف نشانه‌گرفتن.

نیشان‌وناو: ناونیشان ف نگا: ناونیشان.

نیشانه: نیشان به‌هه‌موو باریه‌وه ف نگا: نیشان.

نیشانه‌ك: به‌ردی داكراو بۆ ئامانج ف سنگ نصب شده برای نشانه‌گیری.

نیشـانی: ۱) چلۆنـایه‌تی شت؛ ۲) نازناوی مه‌لای جزیری شاعیری به‌ناوبانگی كورد ف ۱) مشخصات؛ ۲) تخلّص شیخ احمد جزیری شاعر کرد.

نیشت: ۱) دانیشت، ڕۆنیشت؛ ۲) باڵنده له‌حه‌واوه هاته سه‌رزه‌وی؛ ۳) تڵته كه‌وته بنه‌وه؛ ۴) ئاو كه‌می كرد؛ ۵) خۆر ئاوابو ف ۱) نشست؛ ۲) پرنده نشست؛ ۳) ته‌نشین شد؛ ۴) آب فرونشست؛ ۵) غروب کرد.

نیشتاو: كشانه‌وه‌ی ئاوی ده‌ریا ف جزر دریا.

نیشتـگ: ۱) دانیشتـو؛ ۲) باڵـداری له‌فـڕین به‌س كردو؛ ۳) تڵتـه‌ی بن‌كه‌وتو ف ۱) نشسته؛ ۲) پرندهٔ پس از پرواز نشسته؛ ۳) رسوب کرده.

نیشتم: دانیشتم، ڕۆنیشتم ف نشستم.

نیشتمـان: ۱) دیمـه‌ن: (ئه‌م سه‌رگرده نیشتمانی خۆشه)؛ ۲) جێگه‌ی دانیشتن؛ ۳) ژێگه، زێد، مه‌وته‌ن ف ۱) منظره؛ ۲) جای نشستن؛ ۳) میهن.

نیشتمان‌په‌رست: عاشقی زێد ف وطن‌پرست.

نیشتمان‌په‌روه‌ر: خزمه‌تكاری زێد ف میهن‌دوست.

نیشتمه‌ن: له‌بار بۆ لێ‌ژیان ف شایان سكونت.

نیشتن: ۱) دانیشتن؛ ۲) تڵته بن‌كه‌وتن؛ ۳) كه‌م‌بوونه‌وه‌ی ئاوی زۆر؛ ۴) له‌فڕین به‌س كردنی باڵنده؛ ۵) ئاوابوونی خۆر؛ ۶) بریتی له ڕیان ف ۱) نشستن آدم؛ ۲) رسوب کردن؛ ۳) فروکش کردن آب؛ ۴) نشستن پرنده؛ ۵) غروب کردن آفتاب؛ ۶) کنایه از ریدن.

نیشتنگا: بریتی له ئاوده‌ست ف کنایه از مستراح.

نیشتنه‌ئاو: خۆ به‌ئاودادان بۆ مه‌له یان په‌ڕینه‌وه ف به آب زدن.

نیشتنـه‌بـاڵ یه‌ك: جووت بوونی دوو شت كه تێك‌ڕاده‌كرێن: (جووته‌داره‌كه به‌هاسانی **نیشتنه‌باڵ یه‌ك**) ف جفت شدن دو چیز که در هم فرو روند.

نیشتنه‌بان: چوونه‌سه‌ر: (بار **نیشتۆته‌بان** لێوی، كاورا لێم **نیشتۆته‌بان**) ف دربالا قرارگرفتن.

نیشتنه‌بان‌یه‌ك: به‌سه‌ریه‌كا جووت بوون ف برهم آمدن و جفت شدن.

نیشتنه‌باڵ یه‌ك: نیشتنه‌باڵ‌یه‌ك ف نگا: نیشتنه‌باڵ‌یه‌ك.

نیشتنه‌جۆلانه: سوارجۆلانه‌بوون ف در تاب نشستن.

نیشتنه‌جێ: جێگیر بوون ف جایگیرشدن، ثابت شدن.

نیشتنـه‌خوار: ۱) دانیشتن؛ ۲) تڵته بن‌ده‌فركه‌وتن ف ۱) نشستن؛ ۲) رسوب کردن.

نیشتنه‌دڵ: په‌سندكردن، خۆش لێ‌هاتن ف بردل نشستن، از چیزی خشنودشدن.

نیشتنه‌ڕێ: سه‌رڕێ‌كه‌وتن بۆ ڕۆیشتن ف راه افتادن.

نیشتنـه‌سـه‌ر: ۱) نیشتنـه‌بـان؛ ۲) سه‌رده‌دوونـان: (تـاژی **نیشته‌سه‌ر** كه‌روێشك) ف ۱) نگا: نیشتنه‌بان؛ ۲) باشتاب دنبال کردن.

نیشتنه‌سه‌ر یه‌ك: به‌سه‌ریه‌كدا كه‌ڵه‌كه‌بوون ف برهم انباشته‌شدن.

نیشتنه‌مل: ده‌سه‌ویه‌خه‌بوون، مل‌ده‌به‌رمل‌نان ف گلاویز شدن.

نتیشتنـه‌مل‌یه‌ك: ۱) نیشتنه‌سه‌ریه‌ك؛ ۲) مل‌ده‌به‌رمل‌نان ف ۱) برهم انباشته‌شدن؛ ۲) باهم گلاویز شدن.

نیشتنه‌وه: ۱) له‌فڕین‌وه‌ستان‌و هاتنه‌خواری باڵنده: (بازه‌كه به‌سه‌ریه‌وه **نیشتـه‌وه**)؛ ۲) نزم‌بوونی په‌نـه‌مـانی ئه‌ندام؛ ۳) كه‌م‌بوونه‌وه‌ی بارستی شتی تراو؛ ۴) نه‌مانی توڕه‌یی: (رقی **نیشته‌وه**) ف ۱) نشستن پرنده؛ ۲) فرونشستن آمـاس انـدام؛ ۳) فروکش کردن مایع؛ ۴) فروکش کردن خشم.

نیشتـو: ۱) نیشتگ؛ ۲) نوشتو، دوعای نوساو ف ۱) نگا: نیشتگ؛ ۲) دعای نوشته.

نیشته‌جه‌: نیشته‌جێ ف مُقیم.

نیشته‌جێ: به‌یه‌كجاره‌كی دامه‌زراو له شوێنێ ف مقیم.

نیشته‌مه‌نی: شوێنێ كه بۆ لێ‌ژیان له‌باره ف شایان ماندگارشدن.

نیشته‌نی: كه‌سێ كه بیه‌وێ نه‌ڕواو بمێنێته‌وه ف نشستنی، مقابل رفتنی.

نیشته‌ی: دانیشتن ف نشستن.

نیشخۆ: نه‌ژخۆ ف نگا: نه‌ژخۆ.

نیشدار: نشدار، برینگه‌ر، نژدار ف جرّاح.

نیشگـه: ۱) لێژی لووس؛ ۲) جێ‌نیشتنه‌وه‌ی باڵداران ف ۱) سراشیبی صاف؛ ۲) جای فرود پرندگان.

نیشه: ۱) یادداشت، بیره‌وه‌ری نوسیاگ؛ ۲) نمره بۆشاگرد؛ ۳) چه‌شن، له‌وێنه؛ ۴) كه‌یف، نه‌شه ف ۱) یادداشت؛ ۲) نمرهٔ مُحصّل؛ ۳) مانند، شابه؛ ۴) شادی.

نیشه‌رمایه: حه‌یاناكا، شه‌رم‌و شوره‌ی لانیه ف شرم نمی‌کند.

نیشه گرتن: ۱) نمره‌وه‌رگرتن؛ ۲) كه‌یف‌هاتن؛ ۳) یاداشت نووسین ف ۱) نمره گرفتن؛ ۲) خوشحال شدن؛ ۳) یادداشت نوشتن.

نیعاو: ده‌نگی زیڵی پشیله، میاوی زبر ف صدای زیر گربه.

نیعمه: ناوی پیاوانه، سوكه‌ڵه‌ی نیعمه‌توللا ف نام مردانه، مخفّف نعمت‌الله.

نیعمه‌ت: ۱) خه‌ڵاتی خوا؛ ۲) خۆشی له‌ژیاندا؛ ۳) ناوی پیاوانه ف ۱) نعمت؛ ۲) کامرانی؛ ۳) نام مردانه.

نێفۆك: پارچه‌ی سێ‌سووچی ناوه‌ڕاستی ده‌رپێ ف خشتك تنبان.

نیفه‌ك: نێفۆك ف خشتك تنبان.

نێفه‌ك: نێفۆك ف خشتك تنبان.

نیڤ: ۱) له‌دوبه‌ش به‌شێك؛ ۲) ناوه‌ند، ناوه‌ڕاست ف ۱) نیم؛ ۲) وسط، میانه

نیڤار: ۱) نوداهاتگ، نوژەن؛ ۲) باوی دەم‌و زەمان ف ۱) نوظهور؛ ۲) مُدروز.

نیڤاشەوێ: ناوەڕاستی شەو ف نیمه‌شب.

نیڤ‌براشتی: تەواو نەبرژاو ف نیم برشته.

نیڤ‌بژیا: نیمەکوڵاو، هێشتاکاڵ ف نیم‌پخته.

نیڤ‌تەنگ: خاڵیگە، کەلەکە، برک ف تُهیگاه.

نیڤچە: ناتەواو، نیمچە ف ناتمام.

نیڤدین: شێتوکە، نیوەشێت ف خُل.

نیڤرۆ: ناوەڕاستی ڕۆژی بەرانبەری شەو ف نیمه‌روز، ظهر.

نیڤشك: نقیشك ف کره.

نیڤك: ناوك، ڕیگەی هەناسەو خواردنی پیزە ف ناف.

نێڤکۆ: داڵانی نێوان ژووران لە ماڵا ف راهرو.

نیڤکەو: پوڕ، مەلێکی لەکەو زلترە ف دُرّاج.

نیڤ گۆڤەند: نیوەجەغز ف نیمدایره.

نیڤگۆن: دامنەچەقان، بەرکەڵ، نوهگوان ف مادەگاو سه‌ساله.

نیڤنجی: ۱) نەکورت نە درێژ؛ ۲) نەپیر نە جوان؛ ۳) فرزەندی ناوەڕاست ف ۱) میانه در طول؛ ۲) میانسال؛ ۳) فرزند میانه.

نیڤ‌نیڤ: نیمەنیمە، لە دوبەش بەشێك، لەسەتا پەنجا ف نصف به‌نصف.

نیڤەبراشتی: نیڤ‌براشتی ف نیم برشته.

نیڤەچڵ: ناتەواو ف ناتمام.

نیڤەشەو: نیڤاشەوێ ف نیمه‌شب.

نیڤەك: ۱) لەناوەڕاستدا؛ ۲) لەتێ لە دولەت ف ۱) دروسط؛ ۲) نیمی.

نیڤەکا: نیڤەك ف نگا: نیڤەك.

نیڤەکار: ڕەنجبەرێ کە بە تۆم‌و جوتی یەکێ‌تر کاردەکاو بەشێ لە دوبەشی بەهرەی بەردەکەوێ ف کشاورزی که نیمی از محصول را می‌برد.

نیڤەکرن: بەش کردن بە دوبەشەوە ف نیمه‌کردن، نصف کردن.

نیڤەمێر: برێتی لە لاوێ کە هێشتا ژنی نەهێناوە ف کنایه از جوان مجرّد.

نیڤی: ۱) بەشێ لە دوبەش؛ ۲) ناوەڕاست؛ ۳) دەستە، ناونجی، مام‌ناونجی ف ۱) نصفه؛ ۲) وسط؛ ۳) متوسّط، میانه.

نیقاب: ڕوپۆش ف نقاب.

نیك: ۱) دارێ کە بەرداشی پێ بەرزو نزم دەکرێ؛ ۲) نوکە؛ ۳) سەری تیژی هەرشتێ، نوك ف ۱) اهرمی که سنگ آسیا را بالا و پایین برد؛ ۲) گریهٔ آهسته، نك؛ ۳) نوك.

نێك: ۱) پێشەی ڕان؛ ۲) جوچکەسمت؛ ۳) نوك، سەری تیژی‌هەرشتێ؛ ۴) یان، ئان، یاخو ف ۱) استخوان ران؛ ۲) استخوان دنبالچه؛ ۳) نوك هرچیز؛ ۴) یا.

نی کرن: نوێ‌کردن، تازەکردنەوە ف نوکردن.

نیکل: ۱) دندوك؛ ۲) کانزایەکە ف ۱) منقار؛ ۲) فلزّنیکل.

نیکمسمار: نوکەتەشی ف نگا: نوکەتەنی.

نیك‌نەك: نوکەنوك ف نکانك.

نیکەنیك: نوکەنوك ف نکانك.

نیکە: مارەبڕان، مارەکردن ف عقدکُنان.

نێکە: یان، ئان، یاخو ف یا.

نێکەردنێوەرد: نەکردو نەخوارد، برێتی لە بێ‌لایەن ف کنایه از بی‌طرف.

نیگا: تواشا ف نگاه.

نیگادار: ئاگادار، پارێزەر: (خوا **نیگادار**ت بێ) ف نگهدار.

نیگار: ۱) شکڵی بەدەست‌کێشراو؛ ۲) ناوی ژنانە ف ۱) صورت، نقش رسم شده، نگار؛ ۲) نام زنانه.

نیگارخانە: جێگەی ڕانانی شکڵان ف نمایشگاه نقّاشی، نگارخانه.

نیگارە: شکڵی بەقەڵەم کێشراو ف تصویر نقاشی شده.

نیگڵی: ناوی گوندێکە ف نام دهی است.

نیگەران: دڵ‌پەرێشان، نارەحەت: (زۆر **نیگەران**م) ف پریشان دل.

نیل: ۱) نیری سەرملی گا لەجوتدا؛ ۲) خم، دەرمانێکی شینی تاریکە لە گیایەك دەگیرێ بۆ ڕەنگ، چویت ف ۱) یوغ؛ ۲) نیل.

نێل: ۱) جیگەی تەڕەزن‌و بەشینایی لە قەدی کێودا؛ ۲) نوال ف ۱) جای نمدار و سبز در کمر کوه؛ ۲) درهٔ کوچك در کمر کوه.

نێڵ: گڕی ئاگری زۆر بەتەوژم ف شعله‌های شدید و پرتوان آتش.

نێڵدان: گڕی زۆر بەتەوژم سازدان: (کورەی **نێڵ‌داوە**) ف برافروختن آتش بسیار شعله‌ور.

نێڵدراو: ئاگری هەڵکراوی زۆر بەتەوژم‌و بەتین ف افروختهٔ بسیار مشتعل و شدید، سعیر.

نیلوپەڕ: لیلوپەڕ ف نیلوفر.

نیلوفەڕ: لیلوپەڕ، نیلوپەڕ ف نیلوفر.

نیلە: نیری‌جوت ف یوغ.

نێڵە: ۱) نێڵ؛ ۲) نیری ملی گاجوت ف ۱) نگا: نێڵ؛ ۲) یوغ.

نیلی: خمی، بەڕەنگی خم، چویتی ف نیلی رنگ.

نیم: ۱) نیڤ، بەشێ لە دوبەش؛ ۲) لەبون بێ‌بەشم ف ۱) نصف؛ ۲) نیستم.

نێم: کێم، زوخ، چڵکی برین ف ریم و چرك زخم.

نیمانە: شك‌نابەین، نەیریم ف نداریم.

نیمبرژ: نیڤەبراشتی ف نیم برشته.

نیمبرێژ: نیمبرژ ف نیم برشته.

نیم‌پوخت: مام‌ناونجی لەکوڵاندا ف نیم‌پز، نیم‌پخته.

نیمپەز: نیم‌پوخت ف نیم‌پز.

نیم‌تەنە: کەوای کورت، مرادخانی، چاکەت ف نیم‌تنه.

نیم‌جەت: ۱) شڕی پینەکراو؛ ۲) سەقەت ف ۱) پینه‌شده؛ ۲) ناقص العضو.

نیمچە: ناتەواو، نیڤە ف نیمچه، ناتمام.

نیمچەدورگە: زەمینێ کە سێ‌لای ئاوبێ‌و لایەکی بە بەژەوە نوسابێ ف شبه‌جزیره.

نێم‌خەیرو: چەوگە؟، چخێرە؟ ف چه‌شده؟.

نیمداشت: لە کۆن‌و تازەیی‌دا ناونجی ف نیمدار، مستعمل

نیمر: نزم، نەوی، نڤی ف پست.
نیمرار: نیوەی رێگە ف نیمەراه.
نیمڕایر: نیمرار ف نیمەراه.
نیمڕو: خاورۆن، هێلکەی دەڕۆن کراوی تێکەڵ نەدراو ف نیمرو.
نیمڕۆ: ناوەندی ڕۆژی بەرانبەری شەو ف نیمروز.
نیمڕوژ: نیوڕۆ ف ظهر.
نیمسۆز: چوڵە، دارو چیلکەی سەربەئاگر ف نیمسوز.
نیمسەرا: نیوساڵ، شەش مانگ ف نیم‌سال، شش ماه.
نیمسەرە: نیمسەرا، نیوساڵ ف نیم‌سال.
نیمقڕ: ١) نوکە، نوزە، دەگەڵ قڕ دەگوترێ: (ئەم قڕو **نیمقڕەت** لەچیە)؛ ٢) جۆرێ قوماش ف ١) نِك و نال؛ ٢) نوعی پارچه.
نیم گەز: پێوانەیەکی کوتاڵو شاڵە ف نیم زرعی.
نێملا: چارەگ، لەچوارپاژ پاژێك ف یك چهارم.
نێملەت: نێملا ف یك چهارم.
نێملەتە: ١) چارەگ؛ ٢) برێتی لە پارچەیەك نان ف ١) یك چهارم؛ ٢) کنایه از قطعه‌ای نان.
نیمـە: ١) نیم، نیڤ، بەشێ لە دوبەش؛ ٢) لەتەخشتێ لەناوەڕاستا؛ ٣) شك نابەم، نەیرم، نیتم؛ ٤) نوێژ، نما، نوژ ف ١) نصف؛ ٢) نیمهٔ آجر؛ ٣) ندارم؛ ٤) نماز.
نێمە: ١) نیوەیی، هاوبەشی؛ ٢) نیوە ف ١) شراکت نصف به‌نصف؛ ٢) نصف.
نێمەت: نیحمەت، خەڵاتی خوا ف نعمت.
نێمەردەن: هەرماو، نەمر ف جاوید.
نیمەردەنی: هەرمان، نەمری، تاهەتایی ف جاودانگی.
نیمەرۆ: نیمڕۆ، ناوەندی ڕۆژ، نیڤرۆ ف نیمروز، ظهر.
نیمەڕۆ: ١) لایەکی ڕوخسار؛ ٢) نیڤرۆ ف ١) نیمرخ؛ ٢) ظهر.
نیمەڕی: نیمەڕۆ ف نیمرخ.
نیمەڕێ: بەشێك لە دوبەشی ڕێگە ف نیمەراه.
نیمەشەو: نیڤاشەوێ، درەنگانی شەو ف نیم‌شب.
نیمە گیان: لەسەرمردن ف نیمه‌جان، در حالت مرگ.
نێمەندش: نەما، فەوتا ف نماند.
نێمەیش: نێمەندش ف نماند.
نیمەی شەو: نیوەشەو، نیمەشەو ف نصف شب.
نیمێ شەوە: نیمەی شەو ف نصف شب.
نین: ١) عەیب و کەمایەسی، نون؛ ٢) لەبون بێ بەش؛ ٣) دوای پێشگری «دا» مانـای نانـەزەوی؛ ٤) پاش وشەی «ڕۆ» مانای نیشتن: (**ڕۆنین** واتا: دانیشتن) ف ١) نقص، عیب؛ ٢) نیستند؛ ٣) بعد از کلمهٔ «**دا**» به معنی نهادن؛ ٤) بعد از کلمهٔ «**ڕۆ**» به معنی نشستن.
نێن: ١) پێخەف، نڤین؛ ٢) نمـا، نوێن: (ئـاوێنـەی **باڵانێن**)؛ ٣) تازە، نوێ: (**نێنگون** مانای تازەگوان) ف ١) رختخواب؛ ٢) نمایانگر؛ ٣) نو.
نینا: ئەمانە، ئەوانە، یانە ف اینها.

نین بون: نەبون ف نبودن.
نێنگون: دامنەچەقان، نوهگوان، بەرکەڵ، نێگن ف ماده گاوسه‌ساله.
نێنگوین: نێگن ف ماده‌گاو سه‌ساله.
نێنگین: نێگن ف ماده گاوسه‌ساله.
نینۆ: ١) نەوگ، نەوو، نەبو، چنا؛ ٢) ننە؛ ٣) نینا. ئەمانە ف ١) نیستی؛ ٢) موجود نیست؛ ٣) اینها.
نینۆڕ: گندۆڕ، دۆریە، قەلەندۆر ف گیاهی است با ساقهٔ خوردنی.
نینۆك: ناخون ف ناخن.
نینۆك شکێن: بەستەڵەکی ئاخر پایز لە زاراوەی ڕاوکەراندا ف یخبندان اواخر پاییز در اصطلاح شکارچیان.
نینۆکی خانم: جۆرێ ترێی سوری دەنك باریکی درێژوکە، ریش بابا ف انگور ریش بابایی.
نینە: ١) لە بون بێ بەشە؛ ٢) نیمانە، نەیریم: (هەرچی دەبێ بلا ببێ حەق هەر حەقــە حەســەن/ **نینــە** لەڕێی وەتــەن غەمی دەرکـردن و جنێو) «ســەیف»؛ ٣) وشەی داکردنی مریشك، بچۆ بنیشە: (**نینە نینە** خانە ژورە) ف ١) نیست؛ ٢) نداریم؛ ٣) کلمهٔ مرغ به لانه راندن، جاجا.
نینی: ١) وشەی مریشك داکردن، نینە؛ ٢) داپیرە، نەنك؛ ٣) تازە تازە، زور تازە ف ١) کلمـهٔ مرغ به لانه‌راندن، جاجا؛ ٢) مادربزرگ؛ ٣) نونو، تازهٔ تازه.
نێ نێ: نەنە، نانا، نەخێر ف خیر، نه‌نه.
نیو: نیم، نیڤ، بەشێ لە دوبەش ف نصف.
نێو: ١) نام، ناڤ، ناو؛ ٢) ژورەوە، ناو؛ ٣) لا، توێ، ناو؛ ٤) مەڵبـەنـد، ناوچە: (قەدەرێ ماڵمان لەو **نێوە** بو) ف ١) نام؛ ٢) تو، داخل؛ ٣) لایه؛ ٤) ناحیه، منطقه.
نیۆ: ئەمانە، نیا، نێن ف اینها.
نێوئاخن: ناوپڕ، شتێ کە ئەخرێتە ناو شتێ ترەوە ف آگنه.
نێواخن: نێوئاخن، ناوپڕ ف آگنه.
نێوان: ١) مابەین؛ ٢) ناوەڕاست؛ ٣) چەندناڤ: (**نێوان** بنوسە) ف ١) میانه؛ ٢) میان؛ ٣) نامها.
نێوبار: سەربار ف اضافه‌بار.
نێوبانگ: ناوبانگ، ناوودەنگ، دەنگ‌وناو ف شهرت.
نێوبـڕ: ١) ناڤبـڕ، بێ‌ڕێگـەچون بۆ ڕوگەیشتن؛ ٢) تیغە، لەمپەر ف ١) راه‌میان‌بر؛ ٢) تیغه، حاجز.
نێوبراو: ناڤبری ف نامبرده.
نێوبردن: ناف برن ف نام بردن، ذکر کسی کردن.
نیوبرژ: نیمبرژ ف نیم برشته.
نیوبرژاو: نیو برژ ف نیم برشته.
نێوبرێشك: ناوبرێشك، نان برێشك ف نگا: نان برێشك.
نێوبژە: ناوبژی ف میانجیگری.
نێوبژە کەر: ناوبژیکەر ف میانجی.
نێوبژی: نێو بژە ف میانجیگری.
نێوبژیکەر: ناوبژیکەر ف میانجی.

نێوبەنێو: ناوبەناو: (سەرجوُنی تەختی ڕۆینی سەرداری پێ‌دەوێ/ خۆشیمە لەو شەهادەتی شێخانە **نێوبەنێو**) «سەیف» [ف] گاه‌به‌گاهی.

نێۆت: ناڤێ تە [ف] اسم تو.

نێوتا: ناڤبار [ف] میان بار.

نێوتان: ۱) تیغە. نێوان؛ ۲) ناڤێ ڤە [ف] ۱) تیغه؛ ۲) نام شما.

نێوجەرگە: ناوجەرگە [ف] وسط، جرگه.

نیوجەغز: لەتێ لە کۆز [ف] نیمدایره.

نێوجەغز: ناوجەغز [ف] وسط دایره.

نێوجێژنان: مانگی دوای شەشەڵان‌و بەرلە قوربان، ناوجەژنان [ف] ماه ذیقعده.

نێوچاو: ۱) بەینی دوبرۆ؛ ۲) دوڕچاو [ف] ۱) وسط دو ابرو؛ ۲) وسط چشم.

نێوچاوان: توێڵ، ناوچاوان، ناوچەوان، ئەنی [ف] پیشانی.

نێوچاوان‌پاك: نوُرو ناوچەوان‌پاك [ف] شخص نورانی.

نێوچاوان‌پیس: شوم، نەحس [ف] نحس، شوم.

نێوچاوان گرژ: ڕوُترش [ف] اخمو.

نێوخۆ: ناوخۆ [ف] نگا: ناوخۆ.

نێودار: بەناوبانگ [ف] نامدار.

نیوداشت: نیمداشت [ف] نیمدار، نیمداشت.

نێودەست: بەتالایی مابەینی هەردو پەلی پێشەوەی یەکسم، ناودەست [ف] میانهٔ هردو دست ستور.

نێودەشت: لەو گونـدانـەی کوردستـانـە کە بەعسی کاولیان کرد [ف] روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

نیوڕان: نیمەڕۆ [ف] نیمروز، ظهر.

نێوڕان: ناوگەڵ [ف] میان رانها.

نیوڕانێ: لە دەمی نیمەڕۆدا [ف] در هنگام ظهر.

نیوڕۆ: نیمەڕۆ [ف] ظهر.

نیوڕوُ: ۱) نیمرو، خاوروُن؛ ۲) نیمەڕۆ [ف] ۱) نیمرو؛ ۲) نیمرخ.

نێوڕوان: ۱) ناوڕوان، ناوچـۆمـان؛ ۲) ناوی چەند ئاوایی [ف] ۱) وسط رودخانه؛ ۲) نام چند آبادی.

نێورین: بەنەرمە گۆرانی گوتن [ف] ترنّم کردن.

نێوك: ۱) نافك، ناوکی زگ؛ ۲) دەنکی میوە [ف] ۱) ناف؛ ۲) هسته.

نیوکاسە: دەفری بچوُك لە چینی [ف] نیم کاسه.

نێوگۆڕك: ناوگۆڕك [ف] ۱) آتشدان وسط خانه؛ ۲) صحن مجلس.

نیوگەز: نیم‌گەز [ف] ۱) نیم زرع؛ ۲) نیم زرعی.

نێوگەڵ: ناوگەڵ [ف] میان رانها.

نێوماڵ: ناوماڵ [ف] نگا: ناوماڵ.

نێون: ناوی ئێمە [ف] نام ما.

نێونان: ناڤ‌دانین، ناونان [ف] نام نهادن.

نێونجی: ۱) ناونجی، دەستـە؛ ۲) فرزەنـدی نێوان گەورەو گچکە؛ ۳) ناوبژیکەر [ف] ۱) میانه، متوسّط؛ ۲) فرزند بین بزرگ و کوچك؛ ۳) میانجی.

نێونیرە: دو داروکەی قیت لەناوەڕاستی نیری ملی گاجوُتدا [ف] دوچوب کوچك وسط یوغ.

نێوُو: ناوتان، نێوتان [ف] نام شما.

نیوە: نیم، نیڤ، نیڤی [ف] نصف.

نێوە: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد [ف] از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

نیوەچڵ: کـاری ناتەواو: (بە **نیـوەچڵ** مایەوە تەواوت نـەکرد) [ف] ناتمام، نیمه‌تمام.

نیوەر: نوێنەر،بریکار [ف] وکیل.

نێوەڕاس: تەواو لەناوەندا، ناوەڕاس [ف] وسط.

نێوەڕاست: نێوەڕاس، ناوەڕاس [ف] وسط

نیوەڕۆ: نیڤرۆ، نیڤران [ف] ظهر.

نیوەڕوُ: نیمەڕوُ، لایەکی ڕوخسار [ف] نیمرخ.

نیوەڕۆژە: فراوین، نانی نیوەڕۆ، نەهار [ف] ناهار.

نیوەڕۆیێ: نیوڕانێ، لەکاتی نیوەڕۆدا [ف] در هنگام ظهر.

نیوەڕێ: نیڤی‌ڕێکێ [ف] نیمه راه.

نێوەس: ۱) نەخۆش، نەساغ؛ ۲) ناخۆش، بێتام [ف] ۱) بیمار؛ ۲) بدمزه.

نێوەسانی: نەخۆشی، لەش بەباری [ف] بیماری.

نێوەش: ۱) نەخۆش، نەساغ؛ ۲) تام‌ناخۆش [ف] ۱) بیمار؛ ۲) بدمزه.

نێوەشاگەدی: ژنی زگ‌پڕ [ف] زن حامله.

نێوەشانی: نەخۆشین، لەش بەباری [ف] بیماری.

نیوەشەی عەیەلەی: زگ‌پڕی ژن [ف] حاملگی زن.

نیوەشۆ: سوێنکەسابوُن [ف] تەماندهٔ صابون.

نیوشـۆر: ۱) نیوەشـۆ؛ ۲) باش نەشـۆراو، خاس نەشـۆریاگ [ف] ۱) تەماندهٔ صابون؛ ۲) خوب ناشسته.

نیوەشـەڕ: شەڕەجوێن‌و چنگەپرچە: (شەڕو نیوەشەڕ هەر یەکێکە) [ف] نزاع لفظی و دست به یقه‌شدن.

نێوەشەن: نەخۆشین، لەش بەباری [ف] بیماری.

نیوەشەو: نیڤاشەوێ [ف] نیمه‌شب.

نیوەشەوی: قامێکی کۆنە لەچەشنی حەیران‌و لاوك [ف] آهنگی است قدیمی.

نیوەشەوێ: لە دەمی نیوەشەودا [ف] در نیمه‌شب.

نێوەشەی: ۱) نەخۆشین، لەش بەباری؛ ۲) ناپەسەند؛ ۳) زگ‌پڕی [ف] ۱) بیماری؛ ۲) ناپسند؛ ۳) حاملگی.

نێوەشی: ۱) نەخۆشین؛ ۲) تام‌ناخۆشی [ف] ۱) بیماری؛ ۲) بدمزگی.

نێوەشینە: نەخۆشین [ف] بیماری.

نێوەشی‌یە: نەخۆشی، لەش بەباری، نەخوەشی [ف] بیماری.

نیوەك: نیڤەك [ف] نگا: نیڤەك.

نێوەك: چاکی، چاکە [ف] نیکی، کار نیك.

نیوە کا: نیڤەکا [ف] نگا: نیڤەکا.

نیوە کار: نیڤەکار [ف] نگا: نیڤەکار.

نیوە کارە: ناتەواو [ف] نیمه‌کاره، ناقص.

نیوە کاری: کاری نیڤەکار [ف] کار نیم بر کشاورزی.

نیوه گا: تاکه‌گایه‌ك له دوُگای جوُت: (به **نیوه گایه‌ك** ناکێلدرێ) ف کنایه از یك گاو شخم‌زن.

نیوه گیان: نیمه‌گیان ف نیمه‌جان.

نیوه‌مردوُ: نیوه‌گیان ف نیمه‌جان.

نیوه‌ند: ناوه‌ند، ناوه‌ڕاست، چه‌ق ف وسط.

نێوه‌ند: موٚڕانه ف نگا: موٚڕانه.

نێوه‌ندا: نه‌خوێنده، فێره‌سیوات نه‌بوُگ، بێ‌سیوات ف بی‌سواد.

نێوه‌نده: نێوه‌ندا ف بی‌سواد.

نیوه‌نمه‌ك: ئاردی به‌ئاوشێلدراوی گه‌رم که له‌سه‌ر برین‌و دومه‌ڵ داده‌ندرێ ف خمیر روغن مال داغ که بر دُمَل و زخم نهند.

نیوه‌یی: شه‌ریکی ف شراکت نصفه.

نیه: بێ‌به‌شه له بوُن ف نیست، وجود ندارد.

نیهاد: ۱) دڵ‌و ده‌روُن؛ ۲) ناوه بوٚ پیاوان ف ۱) نهاد، احساس درونی؛ ۲) نام مردانه.

نیهال: لقی‌دار، لکی‌دره‌خت ف شاخهٔ درخت.

نیهان: گان، کوتان ف جماع.

نیهانی: ناشی، تازه‌کار، ڕانه‌هاتو له‌کار ف ناشی.

نیهایه‌ت: ۱) دوماهی، ئاخری؛ ۲) ناوی ژنانه ف ۱) سرانجام؛ ۲) نام زنانه.

نیه‌ت: ۱) ڕوٚژی سه‌ره‌تای ڕه‌مه‌زان: (که‌نگێ **نیه‌ته**؟)؛ ۲) نیاز، قه‌ست ف ۱) روز اوّل ماه رمضان؛ ۲) قصد.

نیه‌تمه: نیازم وایه، قه‌ستم وایه، وشه‌ی ده‌ست‌پێکردنی نوێژو ڕوٚژو ف قصد دارم، نیّت کردم، کلمهٔ آغاز فرائض دینی.

نیه‌ت‌هاوردن: بڕیاردان بوٚ نوێژکردن یا ڕوٚژوگرتن یان ده‌سنوێژشوتن ف نیّت کردن برای انجام فریضه.

نیه‌ت‌هێنان: بڕیاردان به‌زمان بوٚ به‌جێ‌هێنانی نوێژو ده‌سنوێژو گرتنی ڕوٚژو، نیه‌ت‌هاوردن ف نیّت کردن برای انجام فریضه.

نیه‌تی: ۱) شك‌نابا، لای نیه: (نالی **نیه‌تی** سیحری به‌یان حیکمه‌تی شێعره / ئه‌مما هه‌یه‌تی قووه‌تی دڵ قودره‌تی ئینشا) «نالی»؛ ۲) نیازی، مه‌به‌ستی ف ۱) ندارد؛ ۲) قصدش، منظورش.

نیه‌ر: مینبه‌ر، جێگه‌ی‌به‌رز تایبه‌تی‌به‌قسه‌که‌ر ف منبر.

نیه‌سراوه: له‌و گوندانه‌ی کوردستانه که به‌عسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

نێ‌هه‌رێ: نه‌خه‌یر، نا، نه‌به‌ڵێ ف خیر، نه.

نی‌یی: ۱) ئه‌مه؛ ۲) ئه‌مانه ف ۱) این؛ ۲) اینها.

و

و: ۱) پیتی بادانــەوە: (چــوُمــەشــارو چوُمەوە گوند)؛ ۲) پیتی پێوەندی: (قـەڵتویـرێ، بابو کورێ، دارو دەوەن)؛ ۳) سەیرمان دەگەیەنێ: (سەگ و مزگەوت؟!، تۆو قومـار؟!)؛ ۴) نیشانەی بەرکاری: (پێ‌کراو، لێدراو)؛ ۵) نیشـانــەی پەسن و چۆنیەتی: (نـوستو، مردو)؛ ۶) نیشانی کۆ بۆ ئەوانــەی دەدوێنـرێن: (چوُکـرد؟، چوُنــەکـرد؟، گوتم ئەم‌کارە بکـەن کردوُ؟)؛ ۷) لا، ئالی: (خـــواروُ، ژوُروُ، ژێروُ)؛ ۸) دوبـارە: (هـاتـەو، گەڕاوەسەو، گەڕانمەو)؛ ۹) مانای «بە» دەگەیەنێ: (ولا، وسان)؛ ۱۰) بەمانا ئەم، ئەو: (وتۆ، واتا: ئەوجۆرە، ئەم‌جۆرە)؛ ۱۱) نیشانی نێرینە. دەکەوێتە پێش قسە : (وگوت، واتا: پیاوەکە گوتی، وهات، واتا: پیاوەکە هات)؛ ۱۲) بزاوی بۆر، بەرکە *لەشوێن* پیت دێ : (کوڵ، کورد)؛ ۱۳) دەگەڵ، رەگەڵ: (ماڵو منالەو هاتگن) ف ۱) حرف عطف؛ ۲) حرف اتّصال؛ ۳) حرف تعجّب؛ ۴) علامت مفعولی؛ ۵) از ادات توصیفی؛ ۶) علامت جمـع مخاطب؛ ۷) سو، طرف؛ ۸) باز، دوبارە؛ ۹) با، به؛ ۱۰) این طور؛ ۱۱) ضمیر مذکّر که بیش *از کلمه آید* ؛ ۱۲) علامت ضمّه که بعد *از حرف آید* ؛ ۱۳) حرف همراهی، با.

وْ: ۱) لەپاش ناو نیشانەی نێربوُنی خاوەن‌ناوە: (حەمۆ، رەشۆ، مستۆ)؛ ۲) پاشگــرێکـــە زۆرو زێدەیی دەگەیەنێ: (مـەکـرۆ، زیانی‌خورۆ)؛ ۳) خەبـەردان: (مـەیۆ بەمانا دێت، مەوارۆ واتا: دەبارێ)؛ ۴) پاشگری پاڵدان: (وارۆمانای بەهاری یا جوجگەی بەهارە) ف ۱) پسوند ضمیر مذکّر؛ ۲) پسوند مبالغه؛ ۳) پسوند خبری، می؛ ۴) پسوند نسبت.

وا: ۱) ئاوها، بەم‌جۆرە؛ ۲) کە، بۆ دیاری کردنی باسکراو: (کاوراکەی **وا** هاتـەلات)؛ ۳) ئەوا، هەر ئیســە: (خـۆت بگرە **وا** هاتم)؛ ۴) ئەوەتا، ئەوەیە: (**وا** لەمـالاَ، **وا** لەجێبمـا)؛ ۵) بەمـانـا نزیکی: (**وا** وەرە)؛ ۶) دوُری: (**وا** زۆیی نازانم کوێوە چو)؛ ۷) کردنەوەی بەندکراو: (گرێکە واکـە، درگام واکـرد)؛ ۸) شلی و تراوی چێشت ئەگەیەنێ: (دۆخەوا، شۆروا)؛ ۹) دەم، کات: (لـە وای بەیانـدا هاتم نەبـوی)؛ ۱۰) کەر، کارکـەر: (نـانـەوا)؛ ۱۱) با، بێ: (وای شەماڵ تێت)؛ ۱۲) خوشك، خوەهـ، خویشك؛ ۱۳) ئا، ها؛ ۱۴) خۆزی، کاشکی، کاشکا، شەلا ف ۱) این طور؛ ۲) که، حرف تعریف؛ ۳) اینك؛ ۴) این است، موجود است؛ ۵) نزدیك‌تر؛ ۶) دورتر؛ ۷) بازکردن، گشودن؛ ۸) آش آبکی، با؛ ۹) هنگـام؛ ۱۰) پسوند فاعلی؛ ۱۱) باد وزیدنی؛ ۱۲) خواهر؛ ۱۳) هان؛ ۱۴) کاشکی، ای کاش.

وائیرێن: سەرپەرستی ماڵ و خێزان، گەورەی ماڵ ف سر پرست خانواده.

وابا: ئەم‌جۆرە بوایە ف اگر چنین می‌بود.

وابزا: ئەم‌جۆرە بەخەیاڵتا بێت، بڕوات وابێ ف انگار، چنین پندار.

وابزانە: وابزا ف انگار.

وابو: ۱) ئاوها ژوی‌دا؛ ۲) کرایەوە ف ۱) چنین بود؛ ۲) بازشد.

وابوٚ: باشە، باوابێ ف اشکالی ندارد.

وابوُن: ۱) بەم‌جۆرەبوُن؛ ۲) کرانەوە ف ۱) چنین بودن؛ ۲) بازشدن.

وابە: ۱) ئەم‌جۆرە بە؛ ۲) دە بکرێوە ف ۱) چنین باش؛ ۲) بازشو.

واپۆك: رەمۆك، قوشقی و سڵ ف رموك، گریزپا.

وات: ۱) بەجــۆرێکت: (**وات** لێ‌دەکـەم، **وات** بۆدەکـەم)؛ ۲) گوتی، قسەی کرد؛ ۳) دەگەڵت: (**وات** قسیە نەکەم)؛ ۴) پاشگری نیشانەی کۆ: (سـەوزەوات) ف ۱) چنینت، چنـانت؛ ۲) گفت؛ ۳) باتـو؛ ۴) علامت جمع.

واتا: بەمانا، نیاز لە: (ئێژم بچوٚ **واتا** بڕۆ دە تێ‌بگە!) ف به معنی ِ، یعنی، چنین استنباط می‌شود.

واتانێ: واتا، وا دەگەیەنێ ف یعنی، چنین می‌رساند.

واتر: ۱) بەم‌جۆرەو پتر؛ ۲) دوُرتر: (واتر بچوٚ)؛ ۳) نزیك‌تر: (**واتروەرە**) ف ۱) چنین و چنان‌تر؛ ۲) دورتر؛ ۳) نزدیك‌تر.

واتش: ۱) وتی، گوتی؛ ۲) ئاخافتن، قسیەکردن ف ۱) گفت؛ ۲) سخن گفتن.

واتن: گوتیان ف گفتند.

واتۆ: شایعە، قسەی سەرزاری خەڵك ف شایعه.

واتووِرێ: واتۆ ف شایعات.

واتە: ۱) واتا؛ ۲) قسە؛ ۳) کەوابێ؛ ۴) بەڵێ بەم‌جۆرەیە؛ ۵) دەنگۆ ف ۱)

یعنی؛ ٢) سخن؛ ٣) اگر چنین باشد؛ ٤) چنین است؛ ٥) نگا: دەنگۆ.

واتەنی: ١) شیاوی گوتن؛ ٢) وەك دەڵێ: (كوردە **واتەنی**) ف ١) سزاوار گفتن، گفتنی؛ ٢) چنانكه گوید، یاروگفتنی.

واتەواتە: واتۆ، قسەو باسی ناوخەڵك ف حرف بر سر زبانها، شایعات.

واتەویرە: ١) بیر و خەیاڵ؛ ٢) شەڕەقسە ف ١) فكر و خیال؛ ٢) جدال لفظی.

واتەی: گفتوگۆ ف گفتگو.

واتی: گوتی، ئاخافت ف گفت.

واتیار: قسەكەر ف گوینده.

واج: گێژ، تاس، تاساو: (هاج‌وواج بوم) ف سراسیمه، گیج.

واجا: لانە، لۆنە ف آشیانه.

واجب: زۆر پێویست ف واجب.

واجبی: داڕو، دەرمان‌حەمام، نۆرە ف واجبی.

واجۆ: واجب ف واجب.

واجە: كولانكە لەدیواردا، دەلاقەی كوناودیو ف روزنه در دیوار.

واجەر: شكانی شتی ناسك. بۆ هێلكەی دەڵێن: (خاكە **واجە**رسە بویە) ف شكستن تخم در تخمدان.

واجەرسە: شكاوی هێلكە لە هێلكەدانی مریشكا ف تخم شكسته در تخمدان مرغ.

واچە: ١) بێژە، بڵێ؛ ٢) كەلیمە، دەنكێ وشە ف ١) بگو؛ ٢) كلمه، واژه.

واخ: ١) ئاخ، هاوار لە ئێش: (ئاخ‌وواخ چی بكەم)؛ ٢) پەك، بۆ سەیر؛ ٣) ناوی گوێز لەگەمەی گوێزێن‌دا ف ١) كلمهٔ واكنش درد. آخ؛ ٢) وه. كلمهٔ تعجّب؛ ٣) نام گردو در گردوبازی.

واخت: كات، وەخت، دەم ف وقت، هنگام.

واخوا: داواكاری سەرلەنوێ‌كردنەوەی قسە یا كار ف مستأنف، خواهان تكرار سخن یا كار.

واخوێن: كەسانێ كە گۆرانی بۆ قامبێژ دەگێڕنەوە ف همخوان آواز.

واخێن: جۆرێ گەمەیە بەگوێز دەكرێ ف نوعی گردوبازی.

واد: بەڵێن، سۆز، قەوڵ، گفت ف قول، وعده.

وادار: ١) ناچار؛ ٢) لێزان، پسپۆڕ، ئاگادار لەكارێ ف ١) وادار؛ ٢) وارد، آگاه.

وادارتەنە: ١) هەڵگرتن، بەرزەوەكردن؛ ٢) لابردن ف ١) بلندكردن از زمین؛ ٢) برداشتن.

وادارکران: ١) ناچاركران، بەزۆر پێ‌كران؛ ٢) ئاگاداركران ف ١) وادار شدن؛ ٢) باخبرشدن.

واداركردن: ١) ناچاركردن؛ ٢) خەبەرپێدان ف ١) وادار كردن؛ ٢) آگاه كردن.

واداركردنەوە: ١) بەئاگاهێنان؛ ٢) وەخەبەرهێنان ف ١) یادآوری كردن؛ ٢) آگاه كردن.

واداشت: وادار ف نگا: وادار.

وادای: بادان، بادانی بەن‌و... ف تابیدن، تاب دادن.

وادە: ١) بەڵێن، گفت، پەیمان؛ ٢) بانگ كردن، خواستن؛ ٣) جەنگە، وەختی شتێ؛ ٤) موڵەت، ماوە، قانە؛ ٥) ژوانگە: (**وادە**مان سەری كۆلانەكە بێ) ف ١) پیمان؛ ٢) خواستن، احضار؛ ٣) موسم؛ ٤) مهلت؛ ٥) میعاد.

وادەدان: بەڵێن‌دان، قەول‌دان ف وعده‌دادن، قول دادن.

وادەدانان: ١) ژوانگە دیاری كردن؛ ٢) ماوە دیاری كردن ف ١) قرارگذاشتن؛ ٢) مدّت معلوم كردن.

وادەدانیان: وادەدانان ف نگا: وادەدانان.

وادەسەنن: بەڵێن لەكەسێ ساندن بۆ مەبەستێ ف قول گرفتن.

وادێ: لەكاتێكا، ئەودەم‌وچاخە ف زمانی، هنگامی.

وادی غراب: لەو گوندانەی كوردستانە كە بەعسی كاولیان كرد ف روستایی در كردستان كه بعثیان آن را ویران كردند.

وار: ١) جێ‌ژیانی تاوسانی لە ئێلاخ؛ ٢) جێگەو شوێن: (لێڕەوار)؛ ٣) خوار، خێچ؛ ٤) خوارو، ژێرو؛ ٥) باری سەرپشتی بارەبەر؛ ٦) پاشگری بەمانا خاوەن: (خوێندەوار)؛ ٧) پارەدان لەجیاتی خەڵك لە چێشتخانەو چاخانە؛ ٨) بەخشش بۆ خاوەن‌قومارخانە؛ ٩) دارایی‌و ماڵ: (وارو وێخم چو)؛ ١٠) پاشگری بەمانا كەسێ كە دەخوا؛ ١١) مستەحەق، شیاو: (سزاوار، واتا: شیاوی سزادان)؛ ١٢) ئەنوا، پەناگا ف ١) ییلاق؛ ٢) جای، محلّ؛ ٣) كج؛ ٤) پایین؛ ٥) بار؛ ٦) پسوند دارابودن؛ ٧) پول خوراك دوستان را پرداخت كردن در رستوران؛ ٨) انعام به صاحب قمارخانه؛ ٩) دارایی؛ ١٠) پسوند فاعلی به معنی خورنده؛ ١١) شایسته؛ ١٢) پناهگاه.

وارئامەیش: داخۆزین، هاتنەخوار لە ژۆرەوە ف پیاده شدن.

وارئاقە: پەڕەقاقەز ف ورق كاغذ.

واران: باران، ئاوێ كە لەعاسمانەوە بەتنۆكە دێتەخوار ف باران.

وارانن: باراندن ف بارانیدن.

وارای: بارین ف باریدن.

وارای: گۆڕان ف تغییر.

واربای: پاپەتی، پێخواس، پێخاوس ف پابرهنه.

واربیایش: ١) لە بڵندەوە داگەڕان، هاتنەخوار لە ژۆرەوە؛ ٢) بەعەرزا كەوتن ف ١) پیاده‌شدن؛ ٢) بر زمین افتادن.

وارتو: مەڵبەندێكە لە كوردستانی بەردەستی تركان ف ناحیه‌ای در كردستان تركیه.

وارخان: خانوی چەندنهۆمی بێ‌حەوشەوحەسار ف خانهٔ آپارتمانی.

وارد: ١) باروكەی وەهێلكەهاتگ؛ ٢) ئامرا، رەفیقی رێگە؛ ٣) خواردی؛ ٤) گەیشتو لەسەفەرەوە: (باوكم ئەمرۆ **وارد** بو)؛ ٥) بردنەوە لە قوماردا ف ١) جوجه‌مرغی كه تازه تخم می گذارد؛ ٢) همراه؛ ٣) خورد، تناول كرد؛ ٤) رسیده، واردشده؛ ٥) برنده‌شدن در بازی.

واردش: ١) خواردی؛ ٢) خواردەمەنی؛ ٣) ئەخوارن، خوارنەوە ف ١) خورد؛ ٢) خوردنی؛ ٣) نوشیدنی.

واردن: خواردن ف خوردن.

واردۆخ: خۆرا، زۆرخۆر، زگ‌تێڕ ف پرخور.

واردە: ١) خوراو، خوریاگ؛ ٢) خواردەمەنی، خۆراك ف ١)

خوردەشدە؛ ٢) خوراك.

واردەی: خواردن ف خوردن.

وارڕاکرن: برێتی لە زاروزێچی زۆر خستنەوە ف کنایە از بسیار زاد و ولدکردن.

واردەس: ١) رەبەن، سەڵت؛ ٢) گۆشەگیر ف ١) بینوا؛ ٢) گوشەگیر.

وارز: جارز ف پکر.

وارڒ: درومان، دورمان ف دوخت.

وارڒدن: درون، دوورین ف دوختن.

وارس: میراتگر، کەلەپوورگر ف وارث.

وارش: شوورە، سوور، دیوار بەدەوری ماڵ و باغ و بیستاندا ف سور، بارو، دیوار پیرامون باغ و خانە.

وارشت: بارش، بارین، بارینی بەفر و باران ف بارش، آمدن باران.

وارشتش: بەجێمان، لەجێمانەوە ف بەجای ماندند.

وارشە: وارش، سوور ف دیوار پیرامون خانە و باغ، سور، بارو.

وارکۆر: برێتی لە بێعەولاد، وەجاخکۆر ف کنایە از اجاق کور.

وارکۆز: زۆم، جێگەلەوەڕی تایبەتی هۆبەی هەوارچیان ف چراگاه ویژهٔ ییلاقیان.

وارکەردش: داهێنانەوە و خوارکردنەوە ف بەپایین کشیدن و خم کردن.

وارکەینا: کچی خویشك، خوشکەزای مێوینە ف دخترخواهر.

وارگە: ١) جێگەی ژیانی تاوسانی؛ ٢) بارگەی سەفەر ف ١) زیستگاه ییلاقی؛ ٢) رخت وبارسفر.

وارم: فەرمایشت، قسەی پیاوی ماقووڵ ف فرمایش.

وارما: فەرمووی ف فرمود.

وارماوا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

وارماوێ: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

وارمای: فەرموون، قسەکردنی پیاوی گەورە ف فرمودن.

وارن: ١) خوری و کوڵکەی بەچنگڕناو؛ ٢) بارن، بەفرێ کە با لەجێی خۆی بزاوتوە ف ١) پشم دستچین؛ ٢) برف بادآوردە.

وارنایش: ١) هاتنەخوار؛ ٢) هێنانەخوار ف ١) فرودآمدن؛ ٢) فرودآوردن.

وارنشین: ١) نهۆمی ژێرین لە خانو؛ ٢) کەسێ کە لە کوێستان دەژی ف ١) زیرزمین؛ ٢) کسی کە درکوه زندگی می کند.

وارو: ئاوەژۆ ف وارونە.

وارۆ: ١) بارۆکە؛ ٢) دەبارێ: (واران مەوارۆ) ف ١) جوجهٔ بهاری؛ ٢) می بارد.

واروای: واربای، پایەتی، پێخواس، پێخاوس ف پابرهنە.

وارۆزونادو رۆزا: بەسرپێرەکە، پترپێری، بەسرپێر، سێ رۆژبەرێ ف پس پریروز.

وارۆك: بارۆکە ف جوجهٔ بهارە.

واروندا: بێعەولاد، وەجاخکوێر ف اجاق کور.

وارووواینە: فڕێدان، تۆڕهەڵدان ف پرت کردن.

وارووەندا: واروندا، بێعەولاد ف اجاق کور.

وارە: ١) بارە، دربارە؛ ٢) باری بچووك: (دەستەوارە، مانای باری دوودەست، دەستەوارەیەك نانی هێنا)؛ ٣) خوشك؛ ٤) جار، چەل؛ ٥) قەرزبەقەرز، دەستەواو؛ ٦) پاژ، بەشێ لە چەندبەش: (لە قەرزەکەم دو وارەم لاماوە)؛ ٧) بەهرەی زەمین ف ١) بارە، زمینە؛ ٢) بارکوچك کە *با* دست *حمل* شود؛ ٣) خواهر؛ ٤) دفعە، بار؛ ٥) وام جنس بە جنس؛ ٦) جزء؛ ٧) بهرهٔ زمین.

وارەڕەش: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

وارەزا: خوشکەزا، خوارزا ف خواهرزادە.

وارەسە: خەبەرپێدان ف آگاهی دادن.

وارەمانە: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

وارەمسە: رەووینەوە، رەوکردن ف وارمیدن.

وارەمەنە: رەواندنەوە ف رمانیدن، رم دادن.

وارەوارە: کەمکەمە ف بەتدریج، کم کم.

واری: ١) جێگەو شوێن: (کوردەواری)؛ ٢) باری: (واران **واری**، وەور **واری**)؛ ٣) پاشگری بەمانا وەکو، لەگوێن، چون: (**بێگانەواری** ئەکات) ف ١) زیستگاه؛ ٢) بارید؛ ٣) پسوند بە معنی همانند.

وارێ: ١) بارێ، هەرچۆنێ بێت؛ ٢) جارێك ف ١) باری بە هرحال؛ ٢) یك بار.

واریپال: گوڵێلە، وەنەوشەی دەشتەکی ف بنفشهٔ کوهی.

واریزە: باوەڕێن ف میوهٔ بادر بختە.

واریس: وارس، میراتگر، کەلەپوورگر ف وارث.

واریل: دەفری هەراولەکانزا بۆتراو تێکردن ف بشکە.

وارین: بارین ف باریدن.

وارێن: بارێن، باراندەکەر: (هەورەکە **وارێنە**) ف بارندە.

واز: ١) ئیشتیا و ئارەزو: (**وازم لەنیسکێنەیە، وازم لەوکیژەیە بی‌خوازم**)؛ ٢) خۆتێ نەگەیاندن. (**واز بێنە، واز ناهێنم**)؛ ٣) کەیف و خۆشحالی: (ئەمڕۆ لەسەر **وازە**، دوێنێ **بێ‌واز** بو)؛ ٤) باز، لەبازدانەوە؛ ٥) ئاواڵە: (درگا **وازە**، ئەم گرێیە **وازکە**)؛ ٦) کار، خوو: (**قوماروواز، مەکرواز**)؛ ٧) خواز، داواکەر: (**جیایی‌واز، جیاواز**)؛ ٨) ئامراز، دەگەڵ: (**واز تۆ تێمەشار**)؛ ٩) چزیرگەی پچووك لەناو ڕوباردا؛ ١٠) کەمێکی جیا: (تاق و **واز** پەیدابوون)؛ ١١) تێراوی و لەشوقی. بۆ *شینایی دەڵێن*: (دەخڵەکەت زۆر بەوازە)؛ ١٢) وێران، تێکدراو. *دوای لانە دەڵێن*: (لانەواز)؛ ١٣) ئامۆژگاری ئاینی: (**مەلا واز ئەخوێنێ**)؛ ١٤) گەمەدەگەڵ کەر: (**کۆترواز، سەرواز**)؛ ١٥) سەرڕێژ: (**وازاو**)؛ ١٦) دیسان، باز ف ١) اشتها، میل؛ ٢) عدم مداخلە در کار؛ ٣) حالت مزاجی؛ ٤) پرش؛ ٥) واز، باز؛ ٦) کار و عادت؛ ٧) خواهان؛ ٨) همراه؛ ٩) جزیرهٔ ماسەای در وسط رودخانە؛ ١٠) اندکی جدا شدە از مجموع؛ ١١) شادابی و شکوفایی نباتات؛ ١٢) کنایە از ویران. کە *با*

کلمهٔ «لانه» گویند؛ ۱۳) وعظ؛ ۱۴) بازی کننده با چیزی یا حیوانی؛ ۱۵) لبریز؛ ۱۶) دوباره، باز.

وازئانین: دەس‌هەڵگرتن، تەرخ‌کردن ف ول کردن، دست برداشتن.

وازار: بازاڕ، بەمانا جێگەی گوشادو فرەهـ ف بازار.

وازاری: ۱) بازاڕی، برێتی لە کەم‌نرخ؛ ۲) سەوداگەر لەبازاڕا ف ۱) کم بها، بازاری؛ ۲) کسبهٔ بازار.

وازانی: پێت‌وایە، وا بیردەبەی ف پنداری.

وازانین: ئاوا بیر بردن ف پنداشتن.

وازاو: پاشـاو، ئاوێ کە بەخوڕایی لەبەر ئاوداشتن یان لەحەوز دەڕوا ف پساب آبیاری یا لبریز از حوض.

وازئینان: وازئانین ف دست برداشتن، ترك کردن.

وازبێنە: دەس‌هەڵگرە ف دست بردار.

وازبێنی: ۱) خوازگێنی؛ ۲) دەس‌هەڵگری: (لەم‌کارە **وازبێنی** باشە) ف ۱) خواستگاری؛ ۲) اگر دست برداری.

وازت: ۱) کەیفت؛ ۲) ئارەزوت ف ۱) مزاجت؛ ۲) آرزویت.

وازتن: خواستن ف نگا: خواستن.

وازح: ئاشکرا ف آشکار.

وازدادان: ئامۆژگاری‌گوتنی ئاینی ف وعظ گفتن.

وازدان: وازدادان ف وعظ گفتن.

وازر: ۱) بازرە، تەرە؛ ۲) گوێ‌قولاخ، لەسـەرهـەست ف ۱) ترسیده، فرارکرده؛ ۲) گوش به زنگ.

واز رە: وازر، بازرە، تەرە ف ترسیده، فرارکرده.

وازکەر: کەسێ کە بەستراو دەکاتەوە ف بازکننده، گشاینده.

وازگۆ: گێڕانەوەی قسە، دوپاتەکردنەوە ف بازگو، دوباره گفتن.

وازلێ‌هاوردن: دەست‌لێ‌هەڵگـرتن، خۆتێ‌نەگەیانـدن ف ول کردن، دست برداشتن از.

وازلێ‌هێنان: وازلێ‌هاوردن ف دست برداشتن از.

وازن: ۱) تازەخـونچە؛ ۲) دەخوازن؛ ۳) ئاواڵەن؛ ۴) کەیف‌و ئارەزوی ئێمە: (**وازن** لە خزمایەتێ‌یە، **وازن** لە شەڕ نیە) ف ۱) غنچهٔ نودمیده؛ ۲) می‌خواهند؛ ۳) بازهستند؛ ۴) اشتها و آرزوی ما.

وازو: ۱) بەم‌نزیکـانە؛ ۲) کەیف‌و ئارەزوی ئێوە: (**وازو** لەشەڕێ‌یە) ف ۱) به این زودی؛ ۲) میل و آرزوی شما.

وازوازی: ۱) کەسێ کە هەرکـاتـە لەسـەر خەیاڵێکـە، سەرسەری؛ ۲) هەوەڵ‌گریانی‌زاڕۆك ف ۱) دمدمی مزاج؛ ۲) نخستین گریهٔ نوزاد.

وازۆڵ: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

وازە: ۱) بـازە، بازگ، حەیوانی بەلـەك؛ ۲) زیبکـەی ڕۆی زاڕۆ ف ۱) خلنگ؛ ۲) جوش چهرهٔ کودک.

وازهانین: دەس‌هەڵگرتن، وازئانین ف دست برداشتن، ول کردن.

وازهاوردن: وازئانین، وازهانین ف دست برداشتن.

وازهێنان: وازئانین، وازهاوردن ف دست برداشتن.

وازی: ۱) خوازی، پاشگـرە لە خواستن: (ژن‌و ژن‌وازی)؛ ۲) گەمـەو گاڵتە؛ ۳) وازو ف ۱) خواستن؛ ۲) سرگرمی، بازی؛ ۳) به‌این زودی.

وازیح: وازح، ئاشکرا، خویا ف آشکار.

وازیع: وازح ف آشکار.

وازیلین: بەرهەمێکی نەوتە بۆ قەڵشی پێست دەرمانە ف وازلین.

وازی‌وازی: وازوازی ف وسواس در افکار خویش، دمدمی مزاج.

واژ: ۱) وارو، ئاوەژو، پێچـەوانـە؛ ۲) وەبـەران‌هاتـنـی مەڕ؛ ۳) گێژو سەرشێواو: (هاژو واژ بوم) ف ۱) وارونه؛ ۲) جفت‌خواهی میش؛ ۳) گیج، سراسیمه.

واژاو: ۱) پاشـاو، وازاو؛ ۲) ئاودانی شێـاوەرد پاش هەوەڵ‌ئاو ف ۱) پساب، نگا: وازاو؛ ۲) آبیاری مزرعه پس از نخستین آبیاری.

واژو: ۱) ناو بەقەباڵەوەنان، مۆر، ئیمزا؛ ۲) پێویست، لازم، واجب ف ۱) مهر یا امضاء؛ ۲) واجب.

واژوی: داڕو، دەرمان‌حەمام، نوڕە ف واجبی.

واژە: ۱) گوتە، قسە، کەلیمە، لەبز، کوتە؛ ۲) دەنگی لك‌و گەڵا لەبەر با؛ ۳) گوندێکە لە کوردستان بەعسی کاولیان کرد ف ۱) واژه؛ ۲) صدای شاخ و برگ از وزش باد؛ ۳) نام دهی است درکـردستـان که بعثیان ویران کردند.

واژی: ۱) ئاوەژو؛ ۲) ئەوانیش ف ۱) وارونه؛ ۲) آنهاهم.

واس: ۱) خەبـەر، باس: (هـەواسـە لەدیوانـان **چواسـە**؟)؛ ۲) خواز، پاشگری بەمانا داواکەر، واز ف ۱) بحث، خبر؛ ۲) پسوند به معنی خواهان.

واسار: بەهار، وەهار، یەکەم‌کژی‌ساڵ ف فصل بهار.

واستش: واز، ئارەزولێ‌بوون ف آرزو یا اشتهای چیزی را داشتن.

واستن: خواستن، وازتن ف خواستن.

واستە: ۱) خواستن؛ ۲) خوازراو؛ ۳) دۆستی کارپێکهێنەر لای خەڵك ف ۱) خواستن؛ ۲) خواسته؛ ۳) پارتی.

واستەن: دڵخواز، وازلێ‌بون ف دلخواه.

واستەنە: دڵخوا، خواستەمەنی ف دلخواه.

واسڵ: گەیشتوی قەرزو دیاری ف واصل شده.

واسواس: گەللایی، هەردەمە لەسەر وازێك ف دمدمی.

واسـە: ۱) کەوابێ؛ ۲) بەڵێ وایە؛ ۳) پاس، ئێشـك؛ ۴) ئێژێ، وتی: (ئـەمیش **واسـە** گەرەکمـە) ف ۱) اگر چنین باشـد؛ ۲) آری چنین است؛ ۳) پاس، نگهبانی؛ ۴) می‌گوید.

واسەر: ئەسپەك، نەخۆشیەکە ف بیماری سرسام.

واسەگرتن: ئێشك‌گرتن ف پاسداری.

واسیتە: ۱) سەبەب؛ ۲) واستە ف ۱) انگیزه؛ ۲) پارتی.

واش: ۱) بەم‌جۆرەیش؛ ۲) ئامـاڵ: (ئـەم‌بۆزوە سپی‌واشە)؛ ۳) خوار، نالـەبار، دوای وشەی شاش دێ: (ئەم کورسیە شاش‌و **واشە**)؛ ۴) پەرت‌و بڵاو: (بیرت شاش‌و **واشە**)؛ ۵) بەراز؛ ۶) خوەش، ساغ، وەش ف ۱) همینطور هم؛ ۲) فام، رنگِ مایل به؛ ۳) کج وناهموار؛ ۴) پرت و اشتباه کار؛ ۵) خوك؛ ۶) سالم و سرحال.

واشتا: گراوی، ماشقە، دۆستی مێوینە، دڵبەر ف معشوقە.

واشتش: دڵخواز، واز، ئیشتیا ف اشتها.
واشته: دەزگیرانی مێوینه ف نامزد مؤنث.
واشتەنە: وازلێبوون، ئارەزوکردن ف آرزوکردن.
واشـۆر: جلکی ئاڵـوگۆڕ، جلکێ که بەخـاوێنی هەڵدەگیرێ ف جامـهٔ احتیاطی، لباس زاپاس.
واشه: ١) باشو، باشوك؛ ٢) ئاوهاشه؛ ٣) چاکه، باشه؛ ۴) تفاقی ئاژەڵ ف ١) باشه، پرندای شکاری؛ ٢) چنین هم هست؛ ٣) خوب است؛ ۴) علوفهٔ حیوانات.
واشەر: ئاڵقەیەکی تەنکە دەخرێتە بن پێچەوە بۆ توندبوونی ف واشر.
واشی: ١) ساقی، لەش ساغی؛ ٢) تۆ چاکی؛ ٣) بەم‌جۆرەیشی ف ١) بهبودی؛ ٢) خوب هستی؛ ٣) اینطور هم هستی.
واشێره: بەری گیایەکە لەهەرزن دەکا، تۆمی گیای کارۆش ف ثمر گیاهی است ارزن مانند.
واعیز: ئامۆژگاریدەر ف واعظ.
واغ: ناوی گوێز کە بەمت دادەنرێ لەگەمەی گوێزێن‌دا، واخ ف نام گردو در گردوبازی.
واغێن: گوێزێن ف گردوبازی.
واف: بولبول، بڵبڵ ف بلبل.
وافۆر: ١) تریاك، تلیاك، شیلەی خاشخاش؛ ٢) ئامرازی تلیاك کێشان، حۆقە ف ١) تریاك؛ ٢) وافور.
واق: ١) بیردان، جێگەی خەیاڵ: (**واقم وڕما**، یانێ لەبیرکردنەوە کەوتم)؛ ٢) زیقەی کەروێشك و ڕێوی لەبەر ئازار؛ ٣) بریتی لە زیقەی مناڵ؛ ٣) خاڵی ف ١) اندیشه‌گاه، قوهٔ تفکر؛ ٢) نالهٔ خرگوش و روباه؛ ٣) کنایه از صدای خنده یا گریهٔ طفل؛ ۴) خالی.
واقاندن: ناڵینی ڕێوی یان کەروێشك ف نالەوجیغ روباه و خرگوش از درد.
واقانن: واقاندن ف نگا: واقاندن.
واقایش: زیقاندن، قیژاندن، قیڕانن ف جیغ کشیدن.
واق‌پەڕین: بێهۆش‌بوون لەترسان ف از ترس بیهوش شدن.
واقۆ: نەقەماسی، باقۆ ف نوعی ماهی.
واق‌واق: ١) ناڵەناڵی ڕێوی و کەروێشك؛ ٢) ماسیگرەی سپی؛ ٣) ناوی جزیرەیەکـە لەچیرۆکـاندا کە شتی عاجباتی لێ بوە. *قەدیم بەژاپۆن گوتراوە* ف ١) صدای نالهٔ پیاپی روباه و خرگوش؛ ٢) مرغ ماهیخوار سپیدرنگ؛ ٣) نام جزیره‌ای در داستانها، واق واق، کنایه از ژاپن.
واق‌وڕ: مات و گێژ ف مات و مبهوت.
واق‌وڕبوون: گێژ و مەنگ‌بوون ف گیج و مُتحیّرشدن.
واق‌وڕمان: واق‌وڕبوون ف متحیّرماندن.
واق‌وڕماو: گێژ و مات داماو ف سراسیمه.
واق‌وڕی: گێژی و سەرگەردانی ف تحیّر، بُهت‌زدگی.
واقوویق: زاق و زیق، چەقەو هەرای زارۆکان ف جیغ و فریاد بچه‌ها.
واقه: دەنگی ناڵاندنی ڕێوی و کەروێشك ف صدای نالهٔ روباه و خرگوش.

واقەکەر: بریتی لە ماڵاتی ماڵی: (**واقەکەر** لەماڵما نیه) ف کنایه از احشام.
وەرام‌ناردن: وڵام‌ناردن، قسەڕاسپاردن ف پیغام فرستادن.

وەرامین: ١) نانی لە گەنم‌و جۆی تێکەڵاو؛ ٢) ناوی شارێکە لە ئێران ف ١) نان از گندم و جو باهم؛ ٢) شهری در ایران.

وەران: ١) داڕژان لە سەرەوە بۆ خوار؛ ٢) بەران، نێرەپـەز؛ ٣) ئامـان، هاتن؛ ٤) پێچان، لێ‌هاڵان ف ١) ریزش؛ ٢) قوچ؛ ٣) آمدن؛ ٤) پیچ خوردن.

وەرانتا: ١) درێژبوون؛ ٢) دەرکێشراو، دەرهێنراو ف ١) دراز شدن؛ ٢) بیرون کشیده‌شده.

وەرانتش: ١) دەرهاویشتن؛ ٢) بەڕیشەوەدەرکێشان ف ١) درآوردن؛ ٢) از ریشه بیرون کشیدن.

وەرانـدن: ١) داوەراندن، رژاندن لە سەر بۆ خوار؛ ٢) ئانین، ئینان؛ ٣) لێ‌هاڵاندن ف ١) فروریزاندن؛ ٢) آوردن؛ ٣) در چیزی پیچیدن.

وەرانن: داوەراندن ف فروریزاندن.

وەرانین: پێچان بەدەورەدا: (لحێف دەخۆ وەرانی) ف به دور چیزی پیچیدن.

وەراو: ١) بـەرئاو، پێچـەوانەی دێمی؛ ٢) هێنـراو؛ ٣) تێ‌هـاڵاو، لێ‌هاڵاو ف ١) آبی، مقابل دیمی؛ ٢) آورده شده؛ ٣) در چیزی پیچیده شده.

وەرای: شیاو، هێژا، لایق ف شایسته، سزاوار.

وەرای‌نامەیش: پێکهاتن، ئاشتەوەبوون ف به توافق رسیدن.

وەرب: بەفر، بەرف، وەر ف برف.

وەربادان: ١) پێچان؛ ٢) پێچانەوە ف ١) پیچ‌دادن؛ ٢) پیچیدن.

وەربوق: قرپ، قرقێنە ف آروغ.

وەربوون: بەکۆمەڵ خەریکی کارێ بوون: (منداڵ‌گەل دەباغ‌وەربوون چیان نەهێشت) ف دسته‌جمعی به کاری مشغول شدن.

وەربەردە: تاوەنگاز ف آفتاب‌زده.

وەربەن: بەرلێبنە ف پیش‌بند.

وەربین: وەربوون ف نگا: وەربوون.

وەرباڵ: بەرباڵ، بنار ف دامنهٔ کوه.

وەرپۆش: چارەکە، کۆڵوانە ف شانه‌پوش زنانه.

وەرپێچان: وەربادان ف پیچیدن.

وەرپێچانەوە: وەرپێچان ف پیچیدن.

وەرت: ١) بریکار، نایب؛ ٢) ناوەڕاست ف ١) نائب، وکیل؛ ٢) وسط.

وەرتاخ: نیوەکار، نیمەکارەی ئاتەواو ف نیمه‌کاره.

وەرتاخەی: نیوەکارە، کاری مەزرا بە نیوەیی ف کار برروی مزرعه به صورت نیمه‌نیمه.

وەرتاسگە: جێگەی تۆکەبەر ف عانه، زهار.

وەرتاق: وەرتاخ، نیوەکار ف نیمه‌کاره.

وەرتـە: ١) ناوەڕاست؛ ٢) مافـووری زل؛ ٣) وتـەی گەڕاندنەوەی گا لە خەتی جووت‌دا ف ١) وسط؛ ٢) قالی بزرگ؛ ٣) کلمهٔ بازگرداندن گاو

در شخم.

وەرتەگەنە: قەڵشتن ف شکافتن.

وەرتێ: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی بە بومبای شیمیایی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را با بمب شیمیایی ویران کردند.

وەرج: وەج ف نگا؛ وەج.

وەرجا: لەمەوبەر ف قبل از.

وەرجس: وەرزشت ف ورزش.

وەرجسە: بزوتنەوە، جوڵانەوە ف جنبیدن، حرکت.

وەرجە: بەرلە ف قبل از.

وەرچسە: راپەڕین لەنکاو ف یکەخوردن.

وەرچەپین: لادان، کلابوُن ف انحراف.

وەرچەرخان: زڤڕان، سوڕانەوە، بەرەودوا ڕوکردن ف ورچرخیدن.

وەرچەرخاندن: زڤڕاندن، رو بەرەودواکردنەوە ف چرخاندن.

وەرچەرخین: وەرچەرخان ف ورچرخیدن.

وەرچەم: پێش‌چاو ف پیش چشم.

وەرخ: بەرخ، وەر ف برّە.

وەرد: ١) لەجاریَ پترکێڵان؛ ٢) کێڵدراو، شوکراو: (لە ڕێگە لامان‌دا بەناو **وەردا** هاتین)؛ ٣) ژێروڕوکردنی خوێانی بەرێبی گاگێرە؛ ۴) برێتی لە دوپاتەکردنەوە: (جارێکت خوێندوُتەوە **وەردی**دەوە) ف ١) شخم بعد از شخم نخستین؛ ٢) شخم‌زده‌شده؛ ٣) زیر ورو کردن سباری در حال کوبیدن؛ ۴) کنایه از تکرارکردن.

وەردان: ١) بەردان، بەرەڵاکردن؛ ٢) لێ‌زیادکردن، خستنەسەر ف ١) رهاکردن، ول کردن؛ ٢) اضافه‌کردن.

وەردانە: تیروکی ئەستوُری ئەنگوتک‌پان‌کرنەوە ف نوردهٔ نانوایی، وردانه.

وەردای: بەردان ف رهاکردن.

وەردایش: ١) خواردن؛ ٢) دەخوارددان؛ ٣) برێتی لە بەرتیل‌خواردن ف ١) خوردن؛ ٢) خوراندن؛ ٣) کنایه از رشوه‌خوردن.

وەردبڕین: کێڵانی زەوی ف شخم زدن زمین.

وەرددانەوە: لەجاریَ پتر کێڵان‌و گاسن‌لێدان ف شخم شده را شخم دوباره‌زدن.

وەردش: ١) خواردن؛ ٢) خواردنەوە ف ١) خوردن؛ ٢) نوشیدن.

وەردکەک: چکۆڵەیی، وردیلانەیی ف کوچولویی.

وەردڵ: قاوەڵتی، ناشت ف خوراك ناشتا.

وەردۆخ: خۆرا، زۆرخۆر، واردۆخ، فرەخوەر ف پُرخور.

وەردە: بەردە، بەرەڵاکە ف رهاکن، ول کن.

وەردەك: ١) مراوی؛ ٢) جیازی بوُك؛ ٣) چەورەی ماڵانگەڕ ف ١) اُردك؛ ٢) جهیزیّهٔ عروس؛ ٣) سورچران، طفیلی.

وەردە کە: وەردەك، مراوی، سوُنە ف مُرغابی، اُردك.

وەردەن: خواردن ف خوردن.

وەردەنە: وەردێنەی نان‌پێژان ف چوب پهن کردن خمیر نان.

وەردی: بچوك، بیچکەڵانە ف کوچولو.

وەردیان: زیندانەوان ف زندانبان.

وەردی‌مردی: خرت‌وپرت، شڕوشاتاڵ ف خرت و پرت.

وەردێنك: ناوەند، کروك ف مرکز.

وەردێنە: ١) وەردانە؛ ٢) جۆریَ نەخۆشی چاوی زارۆکان؛ ٣) گیایەکە بۆ دەرمان دەشیَ ف ١) نوردهٔ نانوایی؛ ٢) نوعی بیماری چشم کودکان؛ ٣) گیاهی است دارویی.

وەرز: ١) بەرز، بڵند؛ ٢) دەم‌و کاتی چاندن‌و بەهرەهەڵگرتن؛ ٣) برێتی لە ساڵ؛ ۴) بێستانەدێم؛ ۵) وەرجا، بەرلە ف ١) بلند؛ ٢) موسم کشت و برداشت محصول؛ ٣) کنایه از سال؛ ۴) بالیزدیمی؛ ۵) قبل از.

وەڕز: جاڕز، بیَ‌مەعد، عاجز، قەڵس ف پکر.

وەرزا: گای جوُت‌کەر ف گاو شخم‌زن.

وەرزاخ: زەردوەاە. شاخی زۆر سەخت‌و حاسێ ف کوه سنگی بسیار سخت.

وەرزشت: راهێنانی ئەندامەکانی لەش بە کارکردن بۆ ساغی‌و بەقەوەت‌بوُن، وەرجس ف ورزش.

وەرزڤان: بێستانچی، فێرکاری وەرزشت ف ورزشکار.

وەرزقوریَف: جەنگەی رنینی تەڕەکاری ف موسم چیدن تره‌بار.

وەرزە: ١) گای جوُت‌کەر، وەرزا؛ ٢) بڵندایی ف ١) گاو شخم‌زن؛ ٢) بلندی.

وەرزەبا: بای شیاوی وەرزی ساڵ ف باد مناسب فصل.

وەرزەباران: بارانی شیاوی وەرزی ساڵ ف باران موسمی.

وەرزەك: ١) بەرزەك، بڵندایی کەم لەناو ڕاستاییدا: (بەرزەخی عەرەبی ئەم **بەرزەکەیە**)؛ ٢) زانا لە ژمارەکەری‌و لێکدانەوە ف ١) بلندای کم میان هموار؛ ٢) حسابدان.

وەرزەنایش: ١) بەرزکردنەوە، هەڵێنان؛ ٢) راست چەقاندن؛ ٣) لەخەوڕاکردن ف ١) بلند کردن؛ ٢) نصب کردن؛ ٣) از خواب بیدارکردن.

وەرزی: بەرزی، بڵندی ف بلندی.

وەرزیار: جوتێر، جوت‌بەندە ف برزگر.

وەرزێر: وەرزیار ف برزگر.

وەرزین: ١) نمەدزین، ئارەقگیر؛ ٢) بەرەی زین، قایش‌و قروُشی سنگی ئەسب؛ ٣) جوڵانەوەو خۆماندوُکردن، وەرجس کردن؛ ۴) لێکدانەوە، راوە؛ ۵) لێکدانەوەی خەون ف ١) نمد زین؛ ٢) سینەبند زین؛ ٣) ورزش کردن؛ ۴) شرح و تفسیر؛ ۵) تعبیر خواب.

وەرژو: شێلان‌و دەس‌پیامالین ف ماساژ.

وەڕس: وەڕز، جاڕز ف پکر.

وەرسان: پسان ف گُسستگی.

وەرساندن: پچڕاندن، پساندن ف گُسستن.

وەرسایی: پچڕاو، پساو ف گُسسته.

وەڕست: وەڕس ف پکر.

وەرسوڕان: وەرچەرخان ف ورچرخیدن.

وەرسوڕاندن: وەرچەرخاندن، زڤڕاندن ف چرخاندن.

وەرسە: مایچەی لەش ف عضله.

وەرسەل: پێشەبەندی لەش ف استخوان.

وەرسەلە: وەرسە، مایچە ف عضله.

وەڕشا: ڕشاوە، ڕشایەوە ف قی کرد.

وەڕشان: ڕشانەوە ف قی کردن.

وەڕشاندن: ڕشاندنەوە ف وادار به قی کردن.

وەرشاو: کانزایەکی سپیە سەماوەرو ئامرازی تری ناومالی لێ چێدەکەن ف آلیاژی است، ورشو.

وەڕشاو: ڕشاوەوە ف قی کرده.

وەرشکست: نابوُد، نابوُت، سەرمایە لەدەس چوُگ ف ورشکست.

وەرشکستە: وەرشکست ف ورشکست.

وەرشەق: وەرشەك، وشەگ ف یوزپلنگ.

وەرشـەك: ١) ورشـەك، وشەك، وشەگ؛ ٢) تولەپلنگ ف ١) جانوری گربەسان که پوستش قیمتی است؛ ٢) یوزپلنگ.

وەرشەو: وەرشاو ف آلیاژ ورشو.

وەڕشیان: ڕشانەوە ف قی کردن.

وەڕشین: وەڕشیان ف قی کردن.

وەرفتن: ١) ئاو لێ چوڕان؛ ٢) دلۆپەکردن؛ ٣) برێتی لە نابوُت بوُن ف ١) آب از چیزی رفتن؛ ٢) چکّه کردن؛ ٣) کنایه از نابودشدن.

وەرڤـانـدن: ١) پالاوتـن؛ ٢) دلـۆپ لێ ڕژان؛ ٣) برێتـی لە دارایی بەهەدەردان ف ١) تصفیه کردن؛ ٢) چکه کردن؛ ٣) کنایه از هدردادن ثروت.

وەرڤین: ١) تنۆك لێ دەلّین؛ ٢) برێتی لە نابوُت بوُن ف ١) نشت داشتن؛ ٢) کنایه از نابودشدن.

وەرقاس: ١) ئائەندازەیەك؛ ٢) ئەم ئەندازە ف ١) تااندازه‌ای؛ ٢) این اندازه.

وەرقـلاندن: ١) ڕاست‌چەقاندن؛ ٢) ڕاگرتن بەپاوە ف ١) عمود نصب کردن چیزی؛ ٢) سرپانگهداشتن.

وەرقیل: ئالقەی دارین لە ڕەشکەی کلّۆش گوازتنەوەدا ف حلقهٔ چوبین انتهای طناب بارکشی.

وەرك: بەرخ، وەرخ، وەر ف برّه.

وەرکڕن: تۆزهەلّدان، فڕێدان بەنهێم ف پرتاب کردن.

وەرکۆ: بەرکوت ف کوبیدهٔ غلّه پیش از خرمن.

وەرکۆرپە: بەرخەساوا ف برهٔ نوزاد.

وەرکەتن: ١) ڕاکشان، ڕازان؛ ٢) ئارام بوُن، داکەوتن ف ١) درازکشیدن برای خواب؛ ٢) آرام شدن.

وەرکەردە: ١) دەبەرکراو؛ ٢) جلی دەکارکراو ف ١) پوشیده شده؛ ٢) لباس کارکرده.

وەرکەفتن: وەرکەتن ف نگا: وەرکەتن.

وەرکەفتەی: ئاوهەلاّت، خۆرەتاوکەوتن ف طلوع آفتاب.

وەرکەوتن: وەرکەتن ف نگا: وەرکەتن.

وەرکەوەر: ئەو بەردەی کە لەکاتی بارینا بنیادەم ئەچێتە پەنای ف سنگ پناهگاه هنگام باران.

وەرگ: ١) گەلا؛ ٢) گور، گورگ، شینۆ ف ١) برگ نباتات؛ ٢) گرگ.

وەڕگ: فـرۆ، ژەكو شیـری پێکەوەکولاّو ف مخلـوط آغوز و شیر جوشیده.

وەرگا: ئێوار، ئێوارە ف عصر هنگام.

وەرگان: گەلەگورگ ف رمه گرگ.

وەرگر: ١) بەرگر، لەمپەر؛ ٢) کەسێ کە ئەسێنێ؛ ٣) قایم‌و خۆڕاگر ف ١) مانع؛ ٢) گیرنده؛ ٣) بادوام.

وەرگـرتن: ١) سەنن؛ ٢) گوێڕاگرتن بۆ قسـەو قبولّ‌کردنی قسە؛ ٣) بەرگرتن، بەرگەگرتن ف ١) گرفتن؛ ٢) گوش دادن و پذیرفتن سخن؛ ٣) تحمّل کردن، دوام آوردن.

وەرگرتنەوە: ساندنەوەی وام یان ئامانەتی ف بازپس گرفتن وام یا امانت.

وەرگە: ١) بەرگە، خۆڕاگری، تاقەت؛ ٢) ئاوەها، ئابەم‌جۆرە؛ ٣) ئوهایە بەم‌جۆرەیە ف ١) تاب تحمّل؛ ٢) این طور؛ ٣) این طور است.

وەرگـەڕ: دیلمـاج، پاچڤـەکـار، کەسێ لەزمـانێکـەوە بۆ زمـانێکی‌تر وەردەگێڕێ ف مُترجم.

وەرگـەڕان: ١) وەرچـەرخـان؛ ٢) لەجێ‌چوُنی بەندی ئەندام: (قاچت وەرگـەڕاوە)؛ ٣) لەدین‌دەرچـوُن؛ ٤) پاچڤـە، کاری وەرگەڕ ف ١) چرخ خوردن؛ ٢) ازجا دررفتن بند اندام؛ ٣) کافرشدن؛ ٤) ترجمه.

وەرگەڕاندن: چەرخاندن، ژێروڕوکردن ف چرخاندن، زیرورو کردن.

وەرگەڕانەوە: لەبەرانبەر گەورەتردا ڕاوەستان ف مقابله با از خود بزرگ‌تر.

وەرگەڕاو: ١) ژێروڕوکراو، چەرخ‌پێدراو؛ ٢) کافربوُگ؛ ٣) پاچڤەکراو ف ١) زیروروشده، برگشته؛ ٢) کافرشده؛ ٣) ترجمه‌شده.

وەرگەشەوێ: گورگانەشەوێ، وتەیەکە بۆ ترساندن‌و خەواندنی منالاّن دەیلّێن ف نگا: گورگانەشەوێ.

وەرگێڕ: ١) کەسێ کە زەوی یا هەرشتێ ژێروڕو دەکا؛ ٢) پاچڤەکەر؛ ٣) تل‌و خول: (هـەلّگێڕوەرگێڕ) ف ١) برگرداننده، زیروروکننده؛ ٢) مترجم؛ ٣) غلت بر پهلو.

وەرگیران: ١) وەرگرتن؛ ٢) ڕاگرتن بۆ دوایی؛ ٣) بەرزکـردنەوە ف ١) گرفتن؛ ٢) نگهداشتن برای آتیه؛ ٣) برگرفتن.

وەرگێڕان: ١) ئاوەژوکـردنـەوە، ژێروڕوکـردن؛ ٢) پاچڤـەکردن ف ١) برگرداندن؛ ٢) ترجمه‌کردن.

وەرگێڕانەوە: وەرگێڕان ف نگا: وەرگێڕان.

وەرگێڕك: ئامـرازی ئاگر پێ سەروژێرکـردن‌و هەلّگـەڕاندنەوە ف ابزار زیرورو کردن آتش و ذغال.

وەرگێڕکە: ١) منالّی فێرەڕۆیشتن؛ ٢) منالّی بەکەیف‌و قسەشیرین؛ ٣) منـالّی کە کاری پێ‌بکرێ ف ١) کودك پاگرفته؛ ٢) کودك رشدکرده وسرحال؛ ٣) کودکی که قادر به کارکردن باشد.

وەرگێڵ: وەرگێڕ ف برگرداننده.

وەرگێڵان: وەرگێڕان ف برگرداندن.
وەرم: ١) خەو، نقس، خەف؛ ٢) بێم ف ١) خواب؛ ٢) بیایم.
وەرمان: ١) دامان، سەرگەردان بوون؛ ٢) دواکەوتن، لەدواوەهاتن؛ ٣) ئەستوور بوون ف ١) واماندن؛ ٢) عقب ماندن؛ ٣) کُلفت شدن.
وەرماوی: خەوالو ف خواب آلود.
وەرمەڕ: بەرئەشکەوت ف جلو غار.
وەرمیلێ: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
وەڕن: بێن بۆ ئەگرە ف بیایید.
وەرنا: دەنا، ئەگەرنە ف وگرنه.
وەڕنا: ئاویتی ف پرت کرد.
وەڕنان: ئاویتن، فڕێدان بەقەو ف پرت کردن.
وەرنەوسانە: پروشەکردن لە خواردن بەرلە شیوئانین ف پیش خوراك، مقبلات.
وەرنێ: بگەنەسەر: (تاشتی حازره **وەرنێ**) ف برسید به.
وەرنیسك: نزگەرەی گریان ف سکسکهٔ گریه.
وەرنیشتەی: خۆراوابوون ف غروب آفتاب.
وەرو: دەخوا ف می‌خورد.
وەروو: دەخۆم ف می‌خورم.
وەرواردش: ١) خۆراك خواردن؛ ٢) بەرتیل خواردن ف ١) غذاخوردن؛ ٢) رشوه گرفتن.
وەرواو: بەفراو ف آب یخ.
وەروورێك: وەرگێڕکە ف نگا: وەرگێڕکە.
وەروە: ١) بەفر، بەرف، وەر، وەرب؛ ٢) رووبەشوێنێ، بەربە ف ١) برف؛ ٢) روبه‌جایی.
وەڕووەڕ: دەمانچەی شاکوژ ف نوعی کلت ششلول.
وەرووەرە: شاپالۆخ، شاپالۆغ ف داموز.
وەڕووەڕە: ڕەوڕەوە، چەرخی پاگرتنی منال ف چرخ پا گرفتن کودك، روروك.
وەرووەماڵ: پارۆی پانی بەفرماڵین، شاپالۆخ، وەرووەرە ف داموز.
وەرووە: بەرێخە، پێسیر ف گریبان.
وەروێڕك: وەرگێڕکە ف نگا: وەرگێڕکە.
وەروێڕکە: وەرگێڕکە ف نگا: وەرگێڕکە.
وەرە: ١) بێ؛ ٢) بەرەی زین؛ ٣) بەرخ ف ١) بیا؛ ٢) سینه‌بند زین؛ ٣) برّه.
وەڕە: ١) حەپە، گەفەی سەگ؛ ٢) گەڵای ڕووەك: (سێ وەڕە لە ئەژنۆیانە) ف ١) پارس سگ، واق؛ ٢) برگ نباتات.
وەرهان: بەران، وەران، نێرەبەز ف گوسفند نر، قوچ.
وەرەتاو: خۆرەتاو ف تابش خورشید، آفتاب.
وەرەتێ: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
وەرەخەل: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
وەرەز: جاڕز، وەرس ف پکر.
وەرەزن: ١) تمرە، داپۆشینی توتن و شتی تر بۆ ئەوە بگات؛ ٢) مشتاغ، جێ هەڵخستنی میوە ف ١) پوشانیدن برگ توتون و دیگر گیاهان برای رسیدن آنان؛ ٢) جای خشك کردن میوه.
وەرەستا: ١) ماڵی مەوقووفە، مەوقووفە؛ ٢) کۆمەگی فەقێ لە ماڵی مەوقووفە ف ١) اموال وقف؛ ٢) کمك هزینهٔ طلبه از اموال موقوفه.
وەرەق: ١) بەچکەی دوورەگەی سەگی نێر و تاژی مێوینە؛ ٢) پەڕەی کاغەز؛ ٣) خوس، خوسار؛ ٤) پەڕی قومار؛ ٥) دڕکی دەشت؛ ٦) تەڵش، کانزای وەك کاغەز پانەوەکراو ف ١) تولهٔ دورگه متولّد از سگ نر و تازی ماده؛ ٢) ورق کاغذ؛ ٣) پژ، سرماریزه؛ ٤) کارت گنجفه، ورق‌بازی؛ ٥) خاربیابان؛ ٦) ورق فلزی.
وەرەقە: ١) پەڕە کاغەز؛ ٢) دارو پەردوی ڕوخاو ف ١) ورق کاغذ؛ ٢) آوار.
وەرەك: پنجەدڕکی دەشت ف خاربن بیابان.
وەڕەك: خۆزی، خۆزگەم بە ف خوشا.
وەڕەکنا: ئای چەندخۆشە، خۆزی بە ف خوشا.
وەڕەکینا: وەڕەکنا ف خوشا.
وەرەگورگان: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
وەرەم: پەنەم، ئاوسان، ستوور بوون، ماسان ف ورم، آماس.
وەرەمان: پەنەمان، ئاوسان، ماسان ف ورم کردن.
وەرەبیایش: ١) نەخۆش بە نێشی سپڵ؛ ٢) کزو کەنەفت ف ١) بیمار نارسایی طحال؛ ٢) زرد و ضعیف.
وەرەمدا: نەخۆشی سیل و دیق، ژانازراف کەتی ف بیماری سِل.
وەرەمن: توش وەرەمهاتگ ف ورم کرده.
وەرەمی: ١) ئاوساو، پەنەماو؛ ٢) سیلدار، ژانازراف کەتی ف ١) ورم کرده؛ ٢) مسلول.
وەرەمین: ١) ئاوسان، وەرەمان؛ ٢) دوچاری سیل بوون ف ١) ورم کردن، آماسیدن؛ ٢) مسلول شدن.
وەڕەنگ: بەوجۆرە، هاکا، ئاوها ف این چنین.
وەرەوە: بگەڕێوە ف بازگرد.
وەڕەوەڕ: ١) حەپەحەپ، وەڕەی لەدوی یەك؛ ٢) فەرمان بە بێدەنگ بوون: (دە وەڕەوەڕ) ف ١) واق واق سگ؛ ٢) فرمان به خاموشی با حالت بی‌ادبانه که معمولاً به سگ گویند، خفه‌شو.
وەرەوەرە: ١) کەمەکەمە، بەرەبەرە؛ ٢) وەرە، بێ ف ١) به‌تدریج، اندك اندك؛ ٢) بیا، تأکید در دعوت.
وەرەویانی خوارو: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
وەرەویانی سەرو: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
وەرهەم: ١) وەرەم، پەنەمین؛ ٢) نەخۆشی بەرهەنگ؛ ٣) بەرهەم، بەهرەی

زەوی و سەودا ف ١) ورم، آماس؛ ٢) نوعی بیماری کشندە؛ ٣) محصول، تولید.

وەرهین: داوەرین، وەرین ف فروریختن.

وەرەی‌ئامایش: ١) تێگەیشتن، هاتنەسەررێ؛ ٢) ئاشتی کردن؛ ٣) سازدان، پێك‌هێنان ف ١) فهمیدن، سرعقل آمدن؛ ٢) آشتی کردن؛ ٣) فراهم اوردن.

وەرەگەیرایش: ١) بیر بڵاوی؛ ٢) دڵتەنگی و ماتی ف ١) پریشانی افکار؛ ٢) دلتنگی.

وەری: ١) داوەری؛ ٢) بێ گوناح، بێ‌تاوان؛ ٣) لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف ١) ریزش کرد؛ ٢) بری، بی گناه؛ ٣) روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

وەرێ: ١) بێنە؛ ٢) بۆی وەرە؛ ٣) پێشو، بەرێ ف ١) بیاور؛ ٢) بیانزدش؛ ٣) پیشین

وەریا: بەمجۆرە، ئابەم‌تەحرە ف بەاین نحو، بە این ترتیب.

وەریان: داوەرین، رژان لەسەرەوە: (میوە **وەری**، گەڵا **وەری**، خوڵ **وەری**) ف ریزش کردن.

وەریای: داوەریو ف ریزش کردە.

وەڕێ‌ڕێ: ڕوبەڕو ف روبرو.

وەریس: گوریس ف ریسمان.

وەرێس: گوریس ف ریسمان.

وەریسك: وەریس، گوریس ف ریسمان.

وەرین: ١) بێنە، بێرانە؛ ٢) پێشو؛ ٣) داوەرین؛ ٤) بوەرێنە، داڕژێنە؛ ٥) بێین؛ ٦) دێین ف ١) بیار؛ ٢) پیشین؛ ٣) ریزش کردن؛ ٤) فروریزان، امر بەریختن؛ ٥) بیاییم؛ ٦) می‌آییم.

وەرێن: ١) کەسێ کە دادەوەرێنێ؛ ٢) بێنە، بارە ف ١) فروریزانندە؛ ٢) بیار.

وەڕین: حەپەحەپ کردن ف پارس کردن.

وەرینان: رابوردوان، پێشینان ف گذشتگان، پیشینیان.

وەرینە: ١) بێنە، بارە؛ ٢) بارەی، بێنیە، بێرانی؛ ٣) پێشینە؛ ٤) داوەرێنە ف ١) بیاور؛ ٢) بیارش؛ ٣) پیشین؛ ٤) فروریز.

وەرێنە: ١) بێنە، بارە؛ ٢) بارەی، بێرانی؛ ٣) داوەرێنە؛ ٤) وەردێنەی نەخۆشی چاو ف ١) بیاور؛ ٢) بیارش؛ ٣) فروبریزان؛ ٤) نوعی بیماری چشم کودکان.

وەریو: ١) داوەریو؛ ٢) هاتو، هاتگ: (وەرە **وەریوم**) ف ١) فروریختە؛ ٢) آمدە.

وەڕیو: حەپەحەپ کردو، گەفیو ف پارس کردە.

وەز: ١) لای خوارەوە: (داوەزە، داوەزی)؛ ٢) بەز، چەوری ناوزگ؛ ٣) گوێز؛ ٤) منیش: (**وەز** دبێژم، **وەز** دبێم)؛ ٥) غار، راکردن: (خۆش ئەوەزێ)؛ ٦) پەڕین بە باز: (**هەڵوەزە**)؛ ٧) ئامان، هاتن: (سەرماوەز)؛ ٨) دوڕاندن لەکێ بەرکێ دا: (ئاگات‌وێ نەت‌**وەزێنێ**) ف ١) پائین؛ ٢) پیە؛ ٣) گردو؛ ٤) من هم؛ ٥) دویدن، دو؛ ٦) پرش، جهش؛ ٧) آمد؛ ٨) باخت در مسابقە.

وەزا: ١) بائاما؛ ٢) لاواز، داڵگۆشت؛ ٣) بێچارە، بەستەزمان ف ١) وزید؛ ٢) لاغر؛ ٣) بیچارە.

وەزار: بەدەم ف شفاهی.

وەزارەت: پلەو پایەی بەرلە سەروکی مەملەکەت ف وزارت.

وەزن: ١) کێش و ڕەوتی شێعر؛ ٢) کێشانە؛ ٣) پشتاو، دەفری باڕوتی ڕاوکەر؛ ٤) ئێش و ئازار ف ١) وزن شعر؛ ٢) وزن، سنگینی؛ ٣) ظرف باروت شکارچی؛ ٤) درد و آزار.

وەزنایرە: داوەزاندن ف پیادە کردن از سواری.

وەزند: دەفری باڕوتی ڕاوکەر ف ظرف باروت شکارچی.

وەزندار: ١) سەنگین، بەکێش؛ ٢) برێتی لە مرۆی ماقوڵ و بەوەج ف ١) سنگین؛ ٢) کنایە از شخص محترم.

وەزنە: ١) کێش، بەکێشانە؛ ٢) کێشانەیەکە بەرانبەر بە سەدکیلۆ؛ ٣) گوندێکە لە کوردستان ف ١) سنجە، وزنە؛ ٢) وزنی برابر صدکیلوگرم؛ ٣) نام دهی در کردستان.

وەزنی: وەزند، دفری باڕوتی ڕاوکەر ف ظرف باروت شکارچی.

وەزو: وازو، ئاوا بەپەلە ف بەاین زودی.

وەزە: ١) پێوەدان، چزو تێ‌ڕۆکردن؛ ٢) نەخۆشیەکی زاری زارۆکانە؛ ٣) وزە، تابشت ف ١) نیش‌زدن؛ ٢) نوعی بیماری دهان کودك؛ ٣) تاب، یارا.

وەزەرا: داوەزی، داخۆزی، لەسواری هاتەخوار، دابەزی ف از سواری پیادە شد.

وەزەرای: دابەزین، داخۆزین ف پیادەشدن از مرکب.

وەزەقالانی: کایەی بەگوێزان، گوێزێن ف گردوبازی.

وەزەمەژگلێ: گیایەکە ئەخورێ ف گیاهی است خوردنی.

وەزەن: ئازار، عەزیەت ف آزار.

وەزەند: وەزند ف ظرف باروت شکارچی.

وەزەنگ: ئازار، عەزیەت، زیان ف گزند.

وەزەنی: ئازاردان، عەزیەت‌دان: (هاوسا **وەزەنی** خاس نیە) ف آزردن، آزار دادن.

وەزەوان: گوێزەوان، زانا لە سەرکەوتن و پێ‌هەڵچوونی دارگوێزاندا ف ماهر دربالارفتن از درخت گردو.

وەزەوای: جۆرێ کولێرە کە گوێزی وردی تێکەڵاوە ف نوعی گردە نان با مغز گردو.

وەزی: ١) گوێز، گوێز، قوز، گیز؛ ٢) باهات ف ١) گردو؛ ٢) وزید.

وەزێ: منیش دەبێ: (**وەزێ** بچم) ف من هم باید.

وەزێت: چلۆنایەتی حاڵ و حەواڵ ف وضعیت.

وەزیر: ١) پیاوماقوڵی پایەبەرزی بەردەستی سەروکی وڵات؛ ٢) فەرز؛ ٣) ناوە بۆ پیاوان ف ١) وزیر؛ ٢) فرزین؛ ٣) نام مردانە.

وەزیری: ١) کارو پلەی وەزیر؛ ٢) جۆرێ هەنجیر ف ١) وزارت؛ ٢) نوعی انجیر.

وەزیفە: ١) ئەرکی سەرشان؛ ٢) جیرەنانی ڕۆژانە، موچە: (ئەرێ نەی کۆنەکاری پیری مەکرو/ **وەزیفەم** جیرەنانێ بۆ بەبێ دۆ) «شەهید» ف

١) وظیفه؛ ٢) جیرهٔ روزانه.

وەزین: ١) هاتنی با؛ ٢) بەرەوخـوارهاتن: (داوەزین)؛ ٣) ژێرکەوتن لە شەڕو ملەدا؛ ٤) غاردان، راکـردن؛ ٥) بەرەوژوور لەزەوی جیابـوونەوە: (هـەڵوەزین)؛ ٦) کەوتنی تاو ف ١) وزیدن؛ ٢) پایین آمـدن؛ ٣) شکست خوردن؛ ٤) دویدن؛ ٥) جستن رو به بالا؛ ٦) برآمدن آفتاب.

وەژار: جیابوونەوەی نارێك لە رێك: (ماڵەکەم **هەڵوەژارت**) ف جداشدن ناباب از خوب، پاکسازی.

وەژارتن: نارێك و ناپەسند لەناو رێك و باش دەراویتن ف جداکرن ناباب از پسندیده، پاکسازی کردن.

وەژاردن: وەژارتن ف پاکسازی کردن.

وەژارە: ١) پەژارە، خەم، کوڵ؛ ٢) خەیاڵات، بیر و هزرکـردنەوە ف ١) غم، اندوه؛ ٢) خیالات.

وەژەب: بست، بن‌گوست، بۆست ف وجب.

وەژینگ: چوڕت ف چُرت‌خواب.

وەژینگ‌دان: چوڕت‌دان ف چُرت زدن.

وەس: ١) چیترنا؛ ٢) پاشگری بەستن ف ١) کافی؛ ٢) پسوند بستن.

وەسا: ١) وسا، ئاوها؛ ٢) لەکارکەوت؛ ٣) ئوسا، زانا لە کار؛ ٤) ماندووبو ف ١) این طور؛ ٢) ازکارافتاد؛ ٣) استاد؛ ٤) خسته شد.

وەسار: ١) بەهار؛ ٢) هەوسار، وسار ف ١) بهار؛ ٢) افسار.

وەساری: شینکەی بەهار، روەکی تایبەتی بە بەهار ف سبزهٔ بهاری.

وەسـان: ١) ئاوهـا؛ ٢) لەکارکەوتن؛ ٣) ماندووبوون ف ١) این طور؛ ٢) ازکارافتادن؛ ٣) خسته‌شدن.

وەسایە: ١) ئاوهایە؛ ٢) لەکارزانە ف ١) چنین است؛ ٢) استاد است.

وەسپ: پەسن، تاریف ف وصف.

وەست: ١) پاشگری بەمانا بوێسە، مەڕۆ: (**راوەست** تا دێم)؛ ٢) بەست لە بەستن ف ١) پسوند به معنی ایست؛ ٢) بند از بستن.

وەستا: ١) ئوسا، لەکارزان؛ ٢) ماندووبوو؛ ٣) دەرەقەتی هات، تاقەتی هێنا: (کـەس دەرەوەستی نەدەهـات من پێی‌**وەستـام**)؛ ٤) راوەستـا ف ١) اُستاد؛ ٢) خسته‌شد؛ ٣) تحمّل کرد، تابِ مقاومت آورد؛ ٤) ایستاد.

وەستاخاڵە: ئاسنگەر ف آهنگر.

وەستـان: ١) نەبـزوتن؛ ٢) لەسـەرپـابـوون؛ ٣) مانـدووبوون لە کار؛ ٤) ناوچـەیەکـە لە کوردستان ف ١) بی حرکت بودن؛ ٢) ایستادن؛ ٣) خسته‌شدن؛ ٤) ناحیه‌ای در کردستان.

وەستاندن: ١) راگرتن، لەبزوتن‌خستن؛ ٢) ماندووکردن؛ ٣) ئەستاندنەوە، سانەوە: (دەبێ ئەوقەرزەی لێ‌**وەستێنم**) ف ١) از حرکت بازداشتن؛ ٢) خسته‌کردن؛ ٣) بازپس گرفتن.

وەستانەوە: ١) بەرانبەری کردن: (لێی‌**وەستامەوە** شەقێکم تێ‌هەڵدا)؛ ٢) وشك‌بوونی باران و دڵۆپە ف ١) مقابله کردن؛ ٢) بندآمدن باران و چکه.

وەستـاو: ١) لەبـزاوکـەوتـو: (ئاشەکەمان وەستاوە)؛ ٢) ماندوو، مانگ: (**وەستاوم** لە کار) ف ١) از حرکت بازمانده؛ ٢) خسته.

وەستای: ١) وەستاو؛ ٢) تۆ کارزانی؛ ٣) ماندووبوی ف ١) نگا: وەستاو؛ ٢) تواُستادی؛ ٣) خسته‌شدی.

وەستایە: ١) نابزوێ؛ ٢) بەپاوەیە؛ ٣) لەکارزانە ف ١) حرکت نمی‌کند؛ ٢) ایستاده است؛ ٣) استاد است.

وەستـایی: ١) ئوسایی، زانایی لە کار؛ ٢) بەڕاوەستانەوە، بەپێوە ف ١) اُستادی؛ ٢) سرپایی.

وەستی: بەستی ف بست، بندآورد.

وەستیان: ماندووبوون، خەسەبوون ف خسته‌شدن.

وەستیتی: وێستان بەپێوە، هەڵوێستان ف سرپا ایستادن.

وەستین: ١) بەپێوەراوەستان؛ ٢) ماندوبوون ف ١) سرپا ایستادن؛ ٢) خسته‌شدن.

وەسسان: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

وەسسەلام: بەسە، چیتر نایەژم ف والسّلام.

وەسف: وەسپ، پەسن، تاریف ف وصف.

وسفین: پەسنددان، تاریف کردن ف توصیف کردن.

وەسمان: سوکەڵەناوی عوسمان ف مخفّف عثمان، نام مردانه.

وەسمـە: ١) رەنگێ کە ژنان لە برۆی دەدەن، وسمە؛ ٢) بەسمە، چیترم ناوێ ف ١) وسمه؛ ٢) مرا بس است، برای من کافی است.

وەسنی: هەوێ، دوژنی شوێك بۆ یەکتری ف هوو، همشوی.

وەسـو: بسـاوە: (ئـەورۆ کەشکـان وەسو با دۆکەشکن بیێ) ف بساب، بسای، امر به‌ساییدن.

وەسـواس: ١) حەنبـەڵی، دڕدۆنگ لە پاك‌بوونەوە؛ ٢) وازوازی، هەردەم لەسەر خەیاڵێ ف ١) وسواس در نظافت؛ ٢) دمدمی.

وەسە: ١) چون، شبی، لەگوێن؛ ٢) خواستە، داوا؛ ٣) ئاوهایە، واسە؛ ٤) ببـەستـە: (ئـەم‌بارە **بوەسـە**)؛ ٥) چیتـرنـا، بەسە ف ١) همانند؛ ٢) خواسته؛ ٣) چنین است؛ ٤) ببند؛ ٥) بس است.

وەسەر: ١) بە لای ژووروودا: (**وەسەردا** وەرە)؛ ٢) سوێند بە سەر: (**وەسەر** باوکت) ف ١) از بالا؛ ٢) قسم به سر.

وەسەفیایش: نۆرەگرتن، نۆبەگرتن ف نوبت گرفتن.

وەسەم: ئامرازی رەنگ‌وروگۆڕین ف وسایل گریم.

وەسەتی: وەشەنی، لەش‌ساقی، سڵامەت ف سلامت.

وەسی: ١) بەستی؛ ٢) ئامۆژگاری، نسحەت؛ ٣) وەسیەت، قەوینتی ف ١) بندآورد؛ ٢) نصیحت؛ ٣) وصیّت.

وەسێ: ١) زۆر، گەلێ؛ ٢) پاشگـری بەستن، ببـەستێ؛ ف ١) بسی، بسیار؛ ٢) ببندد.

وەسێت: راسپێری، وەسیەت ف وصیّت.

وەسین: وچان، وێستان ف تأمل، توقف.

وەسێن: ئەستێنەوە: (**تۆڵەوەسێن** بە!) ف بازستاننده.

وەسێنایس: وەلام‌ناردن، ئاگادارکردن ف پیغام فرستادن.

وەسیەت: قەوینتی، راسپێری ف سفارش، وصیّت.

وەسیەتنامە: راسپێری و قەوینتی بەنوسراوی ف وصیتنامه.

وەش: ١) خۆش، دڵ‌بەسند؛ ٢) وتەی ڕاگرتنی کەر؛ ٣) وتەی لێخوڕینی

کەر؛ ۴) بنەمای ئاویتن: (تۆم ئەوەشنی)؛ ۵) بنەمای وەشاندن واتا: ڕاتەکاندن: (شیروەشێن، دەستوەشێن، باوەشێن)؛ ۶) ئەوەش: (بەوەش قایلم)؛ ۷) بنەمای وتەی بەمانا تێکدان: (**هەڵوەشاندن**)؛ ۸) بەش، پاژ؛ ۹) وەش، بەش، ئاماڵ ف ۱) خوش؛ ۲) حرف بازداشتن الاغ از حرکت؛ ۳) حرف رانـدن الاغ؛ ۴) ریشـۀ کلمه به معنی پاشیدن؛ ۵) ریشۀ کلمه به معنی تکان دادن شدید؛ ۶) آن هم؛ ۷) ریشۀ کلمه به معنی ازهم پاشیدگی؛ ۸) سهم، قسمت؛ ۹) رنگ متمایل به فام.

وەشاردن: شاردنەوە ف نگا: شاردنەوە.

وەشارنایش: داڕوتاندن. بۆ *لکەدار و کەللەباچە* دەیڵێن ف سطح چیزی را کاملاً پاك کردن.

وەشان: ۱) بڵاوبوونەوە؛ ۲) ڕاتڵەکان؛ ۳) بەپیل و شان ف ۱) افشان؛ ۲) تکان شدید؛ ۳) باشانە، وسیلۀ کتف.

وەشانایش: ۱) خەت بەئاو کوژاندنەوە؛ ۲) هەڵواسین؛ ۳) بڕپێداکردن و ڕفاندن ف ۱) نوشته را با آب پاك کردن؛ ۲) آویزان شدن؛ ۳) ربودن.

وەشـــانـدن: ۱) بڵاوکـردنـەوە: (**تـۆموەشـانـدن**)؛ ۲) ڕاتڵەکـانـدن: (**دەستوەشـانـدن، جوتـەوەشـاندن**)؛ ۳) لێدان: (**مستوەشاندن، کوتەكوەشاندن**) ف ۱) پاشیدن؛ ۲) بەشدّت حرکت دادن؛ ۳) زدن، ضربەزدن.

وەشانن: وەشاندن ف نگا: وەشاندن.

وەشانەوە: ۱) شیان، ڕێك و ڕەوا: (ئەم کارە لەتۆ **ناوەشێتەوە**، ئەم جلە لەتۆ **دەوەشێتـــەوە**)؛ ۲) بەشیـــەوە، دابـەش کردن ف ۱) شایان بودن، شایسته و مناسب بودن؛ ۲) توزیع کردن.

وەشـاو: ۱) خۆشـاو، ئاوی میوەی خوساو؛ ۲) ئاوێژراوی بڵاوکراو؛ ۳) پێ شان؛ ۴) دوای پێشگری «دا» واتا: ڕاتڵەکاو: (جلەکەت داوە**شا**)؛ ۵) بەنەخۆشی لەناوچوون: (لەشی داوە**شاوە**)؛ ۶) پاش پێشگری «ڕا» واتـا: ڕاتڵەکـاو: (ئـەمداره ڕاوە**شــاوە**) ف ۱) خوشاب، کمپوت؛ ۲) پاشیده؛ ۳) شایان؛ ۴) بەدنبال پیشوند «دا» به معنی تکان داده شده؛ ۵) از بین رفتن در اثر بیماری؛ ۶) بەدنبال پیشوند «ڕا» بەمعنی تکان داده شده.

وەشایش: ڕمان، ڕوخان، تێك‌تەپین ف خراب شدن.

وەش بەش: چاك‌وخۆشی، چاق‌سڵامەتی ف خوش وبش.

وەشت: ۱) بای باشووری ڕۆژهەڵاتی؛ ۲) نەرمەبارانی بەکزەباوە ف ۱) باد جنوب شرقی؛ ۲) نم نم باران با باد آهسته.

وەشتر: ۱) خۆشتر؛ ۲) وشتر، دەڤەهـ، حوشتر ف ۱) خوشتر؛ ۲) شُتُر.

وەشتە: جوانی دڵکێش کە مرۆ ئارەزوی دەکا ف زیبای دلکش ومُشتها.

وەشتەن: سەماو ڕەخس، بۆ سەمای دەروێشانی دەڵێن ف رقص ویژۀ دراویش.

وەشتەی: بارین ف باریدن.

وەشتی: ئیشتیا، تاسە ف اشتها، آرزو.

وەششە: وتەی ئاژوتنی کەر ف کلمۀ راندن الاغ.

وەش کەردش: ۱) زیندوکردنەوە؛ ۲) چاکردنەوە لە نەخۆشی؛ ۳) خۆش ڕابـواردن؛ ۴) گەپ‌و گاڵتــەگوتن؛ ۵) زیادلــەرادە پەسن‌دان؛ ۶) هەڵواسین؛ ۷) لێدان ف ۱) دوباره زنده کردن؛ ۲) شفادادن؛ ۳) خوش گذشتن؛ ۴) مزاح کردن؛ ۵) بیش از حد تعـــریف کردن؛ ۶) آویزان شدن؛ ۶) زدن.

وەشڵە: ۱) خۆزیا؛ ۲) خۆزگەم بە، خۆشی لە؛ ۳) جوانکــەڵـە ف ۱) کاشکی؛ ۲) خوشابەحال؛ ۳) زیبای کوچولو.

وەشمە: خۆشیمە، کەیف‌سازم ف شادم.

وەشۆ: ۱) بشۆرەوە، پیس‌بە ئاو خاوێن بکەوە؛ ۲) دانەوڵەبە ئاو بشۆ ف ۱) دوباره بشوی؛ ۲) حبوبات را بشوی.

وەشۆرە: وەشۆ ف نگا: وەشۆ.

وەشۆن: ۱) لەدو: (دڵ وەشۆنی تۆ، من وەشۆنی دڵ)؛ ۲) دوبارە بشۆن؛ ۳) دانەوڵە دەناوکەن با بشۆرێتەوە: (برنجی **وەشۆن** میوانن دێن) ف ۱) به دنبال، درپی؛ ۲) بازبشویید؛ ۳) حبوبات را بشویید.

وەشووار: زۆر ساغ و بەدەماخ ف سالم و سرحال.

وەشین: ۱) بڵاوکردنەوە؛ ۲) وەراندن ف ۱) پخش کردن؛ ۲) فرو ریختن.

وەش‌وین: خۆشبین ف خوشبین، دور از یأس.

وەشوێن: لەدو، وەشۆن ف بەدنبال، درپی.

وەشـە: ۱) خۆشـە، دڵ‌پەسنـدە؛ ۲) خۆشـە، ناوکی شیرینی میوە؛ ۳) دەنگدانی کەر بۆ ڕۆیشتن ف ۱) خوش است؛ ۲) مغز هستۀ شیرین؛ ۳) کلمۀ راندن الاغ.

وەشەت: شیوەن، شەپۆڕ، شین ف شیون.

وەشەك: ۱) وشەگ، جانەوەرێکە لە تیرەی دەڵەك و ڕێوی؛ ۲) ڕاژان، لەرزینی توندوبەهێز؛ ۳) دڵخوشی، کەیف‌سازی؛ ۴) بەرچاو، جوان، خوشیك؛ ۵) جوانی بەنـــاز؛ ۶) جێ توتن ف ۱) گربـەسـانی است وحشی؛ ۲) بەشدّت لرزیدن؛ ۳) دلخوشی؛ ۴) خوش‌تیپ؛ ۵) جوان طنّاز؛ ۶) جای توتون.

وەشەگ: جانەوەرێکە لە تیرەی دەڵەك و ڕێوی ف گربەسانی است وحشی.

وەشەن: ۱) خۆشە: (هەرساتێ سەدجار وەوتیر وەوتەرکەش / زیندەگی و مەردەن ئامـان **وەشــەن** وەش) «مـەولەوی»؛ ۲) شڵێوە ف ۱) خوش است؛ ۲) برف و باران باهم.

وەشەنی: کەیفت باشە؟: (وەشی؟ **وەشەنی**؟) ف آیا خوش و خرّمی؟.

وەشەی: ۱) وەشی، خۆشی؛ ۲) جوان چاکی؛ ۳) تام‌خۆش؛ ۴) هێشو ف ۱) خوشی؛ ۲) خوش‌تیپی؛ ۳) خوشە.

وەشی: ۱) خۆشی، کەیف‌سازبـوون؛ ۲) ئاخـو بەکەیفی؟؛ ۳) هێشوی ترێ و خورماو... ف ۱) خوشی و شادی؛ ۲) آیا خوش و خوبی؟؛ ۳) خوشۀ انگور و خرما و....

وەشیار: بڵاوکەرەوە، کەسێ شتێ پەرژوبڵاو دەکاتەوە ف پخش کنندە.

وەشیاگ: چێندراو، تۆم‌پێوەکراو ف شخم بذرپاشیده.

وەشیان: ۱) کەوتنەناو؛ ۲) بڵاوکرانەوە بەزەویدا ف ۱) توافتادن؛ ۲) پاشیدەشدن.

وەشیانەوە: وەشانەوە ف سزاواری، شایستگی.

وەشیاو: ١) وەشیاگ؛ ٢) بەزەویا بلاوکراو ف ١) زمین تخم پاشیده؛ ٢) پاشیده.

وەشیر: ١) حەیوانێ کە شیری زۆربێ، بەشیر؛ ٢) بەشمشیر ف ١) بسیار شیرده؛ ٢) باشمشیر.

وەشێر: ١) کەسێ کە شت دەشارێتەوە: (مردووەشێر، پارەوەشێر)؛ ٢) بەشێر: (شێخ بارەداری وەشێر ئەهاورد) ف ١) پنهان کننده؛ ٢) باشیر درنده.

وەشێرا: ١) تەمرا، کەوتە ژێرخاکەوە؛ ٢) لەبەرچاو گوم کرا ف ١) دفن شد؛ ٢) پنهان گردید.

وەشێران: ١) ژێرخاك کران؛ ٢) شارانەوە ف ١) زیرخاك شدن؛ ٢) پنهان شدن.

وەشێراو: ١) ژێرخاك کراو؛ ٢) شاردراوە، قەشارتی ف ١) زیر خاك شده؛ ٢) پنهان گردیده.

وەشێرە: ١) بشارەوە!، ژێرخاك کە!؛ ٢) ونی کە لەبەرچاوان! ف ١) دفن کن!؛ ٢) ازدید پنهان کن!.

وەشین: ١) بلاوکردنەوە؛ ٢) بلاوکەرەوە؛ ٣) ئامرازی بلاوکردنەوە؛ ٤) داوەرین ف ١) پخش کردن؛ ٢) پخش کننده؛ ٣) وسیلهٔ پخش کردن؛ ٤) فروریختن.

وەشینەك: هۆی بلاوکردنەوە، دەزگای بلاوکردنەوە ف وسایل ارتباط جمعی.

وەشینەی: مەلبەندێکی کوردستانە لە دەوروپالو. *لەکوردستانی بەردەستی ترکان* ف ناحیه‌ای در کردستان.

وەعدە: وادە ف نگا: وادە.

وەفا: ١) ئەمەگ، بەینەت؛ ٢) ناوی پیاوانە ف ١) وفا؛ ٢) نام مردانه.

وەفات: مردن بۆ بنیادەمی بەڕێز: (باوەغەلیفە وەفاتی کرد) ف وفات.

وەفادار: بەئەمەگ، چاکەلەچاو، بەینەتدار ف وفادار، باوفا.

وەفاکار: وەفادار، بەئەمەگو بەین و بەقا ف وفادار.

وەفر: بەرف، وەور، وەر، بەفر ف برف.

وەفرنایش: ١) هەلمساو، پفدراو؛ ٢) بەفوهەلمساندن ف ١) بادکرده؛ ٢) باد درچیزی کردن و پُف دادن.

وەفرە: کەتیرەی سپی ف کتیرای سفید.

وەفەرنایش: وەفرنایش ف نگا: وەفرنایش.

وەقەر: هۆوەندە، ئەوشوێنەدورە ف آن دوردست.

وەق: ١) بۆق، بەق، قرواق؛ ٢) دەنگی مراوی، دەنگی بەق ف ١) غوك، قورباغه؛ ٢) صدای مُرغابی.

وەقا: کێشانەیەکە بەرانبەر بە هەزارو سەتو هەشتاوسێ گرەم ف وزنی معادل یکصدوهشتادوسه گرم.

وەقت: وەخت، کات، دەم، زەمان ف وقت، زمان.

وەقتا: وەختێکی، لەکاتێکا، ئەوسا ف زمانی.

وەقتو: وەقتا ف زمانی.

وەقرە: ئۆقرە، ئارام، داسەکنان ف آرام.

وەقف: مەوقوفە ف مال وقف.

وەققا: وەقا ف نگا: وەقا.

وەقواق: واقواق، قەدیم بە ژاپۆن گوتراوە: (جزیرەی واقواق یا وەقواق) ف نام قدیم ژاپن، نگا: واق واق.

وەقوەق: دەنگی بۆق‌و مراوی ف صدای قورباغه و مرغابی.

وەقە: کێشانەیەکە، حۆقە ف وزنی است.

وەقی: وەقە ف نگا: وەقە.

وەك: ١) چون، لەجۆر، لەتەرح، ئاسایی؛ ٢) بەجۆرێ کە: (وەك دەلێی، وەك زانیومە) ف ١) چون، همانند؛ ٢) چنانکه.

وەکا: ١) وەك؛ ٢) بکاتەوە، وازبکا ف ١) مانند؛ ٢) بازکند.

وەکات: رەپوراست، قسەی بێروبینی ف سخن رُك و صریح

وەکات‌کردن: درکاندنی راستی ف بروز دادن حقیقت.

وەکار: ١) ئارار؛ ٢) زۆر کارکەر؛ ٣) کاوێژ، قاویش ف ١) شجاع؛ ٢) باپشتکار، کاری؛ ٣) نشخوار.

وەکاریان: کاوێژکردن ف نشخوارکردن.

وەکاز: دارعاسا، عاسا ف عصای دست.

وەکاشە: ١) دوعایەکە بۆ چارەی شێتانی دەنووسن؛ ٢) گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف ١) دُعایی که برای شفای دیوانه می‌نویسند؛ ٢) از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

وەکدەزانی: چۆنی خۆت ئاگات لێیە ف چنانکه دانی.

وەکشان: کشانەوە ف بەعقب برگشتن.

وەکشانەوە: وەکشان ف بەعقب برگشتن.

وەکشە: فەرمان بەکشانەوە ف بەعقب برگرد!.

وەکشێ: وەکشە! ف بەعقب برگرد!.

وەکشین: وەکشان ف بەعقب برگشتن.

وەکشێن: بکشێنەوە، بۆدواوە بچن! ف بەعقب برگردید!.

وەکو: وەك ف نگا: وەك.

وەکۆ: ١) کۆ، کومەل: (ئەمانە وەکۆکەرەوە)؛ ٢) هەرگا، هەرکات، ٣) وەکو، لەچەشن، لەوێنە ف ١) توده؛ ٢) هرگاه؛ ٣) مانند.

وەکۆبوون: کۆبوون، کۆبوونەوە ف جمع شدن.

وەکۆك: وەك، وەکی، وەکو، مینا، هاوتالەرەنگوتەرحا ف همانند، مشابه.

وەکۆکردن: کۆکردنەوە ف جمع کردن.

وەکویەك: بەرانبەر ف برابر، مساوی.

وەکە: ١) وەك؛ ٢) وازکە، بکەوە، بکەرەوە ف ١) مانند، چنانکه؛ ٢) بازکن.

وەکەردش: ١) قەلاشتن، تلیشاندن؛ ٢) کردنەوەی گرێ‌و داخراو؛ ٣) دەرکێشان؛ ٤) بەدادرون تۆپەل‌کردن؛ ٥) پێکردنی ئاگر؛ ٦) راوەشاندن؛ ٧) پاك کردنی کەلەپاچە ف ١) شکافتن؛ ٢) بازکردن؛ ٣) بیرون کشیدن؛ ٤) گلوله‌ای کردن؛ ٥) برافروختن آتش؛ ٦) بەشدت تکان دادن؛ ٧) پاك کردن کله‌پاچه.

وەکەردەنە: ١) لێك‌جیاکردنەوە؛ ٢) داگیرساندن؛ ٣) کێلان؛ ٤) کردنەوەی درگا ف ١) جداکردن از هم؛ ٢) مشتعل کردن؛ ٣)

كاشتن؛ ۴) بازكردن دَر.

وه‌كه‌هه‌و: وه‌كو يه‌ك ف برابر.

وه‌كى: ۱) وه‌ك؛ ۲) هه‌ركـات؛ ۳) ئه‌گه‌ر، هه‌گه‌ر ف ۱) نگـا: وه‌ك؛ ۲) هرگاه؛ ۳) اگر.

وه‌كىّ: وه‌ك، وه‌كو ف مانند.

وه‌كيل: بريكار، نايب ف وكيل.

وه‌كيلّ: وه‌كيل ف وكيل.

وه‌كيله‌لـلا: خواوه‌كيله. بۆ باوه‌ڕپێكـردن ئێژن ف خداوكيل. در مقـام سوگند گويند.

وه‌كيله‌ى: بريكارى، وكيلى كردن ف وكالت.

وه‌ك‌يه‌ك: وه‌كو يه‌ك، وه‌كه‌هه‌و ف برابر.

وه‌ك‌يه‌كى: به‌رانبه‌رى، هامتايى ف مشابهت.

وه‌گ: ۱) وه‌ك؛ ۲) چاخ، هه‌رَه‌ت، جه‌نگه‌، تاف ف ۱) نگا: وه‌ك؛ ۲) موسم.

وه‌گر: ۱) كه‌سىّ كه‌ له‌حه‌وا شت ئه‌قۆزێته‌وه‌: (خشت‌وه‌گر، تۆپ‌وه‌گر)؛ ۲) له‌خه‌رج گێڕه‌وه‌: (له‌مالّدا هه‌مو ده‌س بلّاون هه‌ر من **وه‌گـرم**)؛ ۳) دامه‌زرێنه‌رو به‌رپاكه‌رى چادرو چيغو په‌رده‌؛ ۴) نه‌خۆشى گيرۆ ف ۱) كسى كه‌ در هوا مى‌قاپد؛ ۲) صرفه‌جو؛ ۳) برپاكنندهٔ خيمه و پرده؛ ۴) بيمارى واگيردار.

وه‌گرتن: كارى وه‌گر ف عمل «وه‌گر».

وه‌گرگريايه‌نه: نزگه‌ره ف سكسكه.

وه‌گرۆتش: له‌سه‌رشان‌دانان، له‌كۆل‌كردن ف بردوش نهادن، كول كردن.

وه‌گره‌وتش: وگرۆتش ف بردوش نهادن، كول كردن.

وه‌گلۆر: گلۆر، خلۆر، گلار ف غلتيدن از بالا به پايين.

وه‌گۆ: واى وٚت ف چنين گفت.

وه‌گوٚ: وه‌گۆ ف چنين گفت.

وه‌گوت: وه‌گۆ ف چنين گفت.

وه‌گۆت: وه‌گۆ ف چنين گفت.

وه‌گۆڕ: شت به‌شت گۆڕانه ف مبادله.

وه‌گۆڕين: گۆڕينه‌وه ف مبادله‌كردن.

وه‌گه: بگه‌وه، خۆت بگه‌يه‌نه‌وه: (**وه‌گه** تا به‌شت نه‌خوراوه) ف خود را برسان.

وه‌گه‌ر: ئه‌گه‌ريش بێتو ف درصورتى كه.

وه‌گه‌ڕ: ۱) له‌سوٚڕاندا: (تاشه‌كه **وه‌گه‌ڕ** كه‌وت)؛ ۲) فێلّباز، به‌حيله ف ۱) چرخان؛ ۲) مكّار، حيله‌باز.

وه‌گه‌ڕا: گه‌ڕايه‌وه، به‌ره‌ودوا ئاما ف بازگشت، ماضى بازگشتن.

وه‌گه‌ڕان: ۱) گـه‌ڕانه‌وه؛ ۲) گێڕانـه‌وه‌ى قسه ف ۱) بازگشتن؛ ۲) بازگوكردن.

وه‌گه‌ڕاندن: ۱) گێڕانه‌وه؛ ۲) گه‌ڕاندنه‌وه ف ۱) بازگو كردن؛ ۲) نگا: گه‌ڕاندنه‌وه.

وه‌گه‌ڕاندنه‌وه: وه‌گه‌ڕاندن ف نگا: وه‌گه‌ڕاندن.

وه‌گه‌ڕانه‌وه: وه‌گه‌ڕان ف نگا: وه‌گه‌ڕان.

وه‌گه‌ڕيانه‌وه: وه‌گه‌ڕان ف نگا: وه‌گه‌ڕان.

وه‌گيريايش: ۱) له‌كـۆل‌كردن؛ ۲) تل‌دان، وره‌تاندن؛ ۳) له‌به‌ر تۆره‌يى ميجـازو ره‌نـگ گۆڕان ف ۱) كول كردن؛ ۲) غلتيدن؛ ۳) از شدّت غضب رنگ عوض كردن.

وه‌ل: ۱) ده‌گه‌لّ: (**وه‌ل** من بێ بچيمه‌ن)؛ ۲) به‌ره‌لّدا: (**وه‌لى** كه‌ با بچىّ) ف ۱) با، همراه؛ ۲) ول، رها.

وه‌لا: ۱) ڤالا، به‌تـالّ، خالّى؛ ۲) سوێنـد به‌خوا ف ۱) خالى، تهى؛ ۲) سوگند به خدا.

وه‌لات: ۱) ولّات؛ ۲) به‌لات‌دا ف ۱) نگا: ولّات؛ ۲) از كنارت.

وه‌لّات: ولّات ف نگا: ولّات.

وه‌لّات‌پارێز: نيشتمان‌په‌رست ف ميهن‌پرست.

وه‌لّاتۆ: ناوى پياوانه ف نام مردانه.

وه‌لّاته: له‌و گوندانه‌ى كوردستانه كه به‌عسى كاوليان كرد ف روستايى در كردستان كه بعثيان آن را ويران كردند.

وه‌لّاتى: خۆولّاتى، هاوزێدى ف هم‌ولايتى.

وه‌لّاتينى: هاونيشتمانيه‌تى ف هم‌ميهنى.

وه‌لاخه‌رىّ: ڕێگه‌ى سواران ف راه مال‌رو.

وه‌لاد: كۆخته‌ى ناوباخ ف كلبهٔ كوچك درون باغ.

وه‌لاده‌ك: كۆخته‌ى بچۆك له باخدا ف كلبهٔ كوچك درون باغ.

وه‌لاف: له‌وه‌ڕ، گياى وشكه‌وه‌بوى ئالّف ف خشك گياه علوفه.

وه‌لاق: دواندنى كچ به تۆلّازى ف مَتَلك.

وه‌لاكه‌وتن: لاچۆن، دۆركه‌وتنه‌وه ف كناررفتن.

وه‌لاليك: به‌لاّلۆك ف آلبالو.

وه‌لام: ۱) لاى من؛ ۲) به‌بيرى من ف ۱) نزد من؛ ۲) به رأى من.

وه‌لّام: ولام، وه‌رام ف ۱) سفارش شفاهى؛ ۲) پاسخ.

وه‌لاما: به‌لاى مندا ف از كنار من.

وه‌لّام‌دانه‌وه: جواب دانه‌وه ف پاسخ گفتن.

وه‌لّام‌ناردن: قسه‌ڕاسپاردن ف پيام فرستادن.

وه‌لّامه: راوه، شه‌رح ف تفسير، شرح.

وه‌لّاو: بلّاو ف پراكنده.

وه‌لايش: باوێشك ف خميازه.

وه‌ل بتۆرۆ: داخ‌وكه‌سه‌ر بۆتۆ ف حسرتت باد.

وه‌ل بۆن: به‌ره‌لّابۆن ف ول شدن.

وه‌ل به: وته‌ى ده‌ركردن به سۆكايه‌تى ف گم شو.

وه‌لجاخ: قه‌زاوبه‌لّا، نه‌هاتى له خواوه ف قضا و قدر.

وه‌لچه‌ك: پێوانه‌ى ده‌خلّ كه چل‌كيلو ده‌گرىّ ف عدل چهل كيلويى.

وه‌لچه‌گ: وه‌لچه‌ك ف عدل چهل كيلويى.

وه‌لّدين: ۱) منالّ‌هێنان، زان، زايين؛ ۲) له‌دايك‌بۆن ف ۱) زاييدن؛ ۲) متولّدشدن.

وه‌لـزىّ: گونـدێكـه له كوردستان به‌عسى وێرانى كرد ف از روستاهاى ويران شدهٔ كردستان توسط بعثيان.

وه‌لف: دۆستى خۆشه‌ويست ف دوست نزديك.

وەلفەت: ئوگری، خویێوەگرتن [ف] عادت به نزدیکی کسی یا کاری، الفت.

وەڵکرد: حاوانەوە، ژیانڕابواردن [ف] گذراندن.

وەڵگ: بەڵگ، گەڵا [ف] برگ درخت و گیاه.

وەلل: تۆزو غوماری نەرم، نەرمەتۆز [ف] گرد وغبار.

وەڵلا: سوێند بەخوا [ف] سوگند بەخدا، والله.

وەللك: ١) كڕیوە؛ ٢) كەڕەسیسە [ف] ١) كولاك؛ ٢) نگا: كەڕەسیسە.

وەللەروە: هەتوان لە مشكیو ڕۆن [ف] نوعی مرهم.

وەلن: خوڵاوی، تۆزاوی [ف] غبارآلود.

وەلنـە: وەلن [ف] غبارآلود.

وەلـوەر: گونـدێكە لە كوردستان بەعسی وێرانی كرد [ف] ار روستاهای ویران شدۀ كردستان توسط بعثیان.

وەلوەلە: دەنگو هەراو هوریا [ف] جنجال و غوغا، ولوله.

وەلە: ١) وتەی ئاژۆتنی گوڵك؛ ٢) وتەی بانگ كردنی گوێلك [ف] ١) حرف راندن گوساله؛ ٢) حرف خواندن گوساله.

وەلەج: شێلاقە، باڵدارێكە بەقەد گاوانی بەڵام لنگدرێژ [ف] پرندۀ سلوا.

وەلەجاخ: بەڵاو نەهاتی لە خواوە [ف] قضا و قدر.

وەلەد: ڕوڵە، فرزەند [ف] فرزند.

وەڵەد: ١) وەلەد؛ ٢) بەڵەد، شارەزا [ف] ١) فرزند؛ ٢) رەشناس، رهنما.

وەلەدیایش: زارۆیدیوە، بێچوی بوە، زاییگە [ف] زاییده است.

وەلـەسمت: لەو گونـدانـەی كوردستـانـە كە بەعسی كاولیان كرد [ف] روستایی در كردستان كه بعثیان آن را ویران كردند.

وەلـەك: ١) داردەستی سەردوحـاچـە؛ ٢) گێژەڵوكە؛ ٣) بەفری بەباوە، كڕیوە [ف] ١) چوبدست دوشاخه؛ ٢) گردباد؛ ٣) كولاك.

وەڵەك: بەڵەك [ف] خلنگ.

وەلەند: وەلەد، ڕوڵە [ف] فرزند.

وەلەو: جا باوابێ [ف] هرچند چنین باشد.

وەلی: ١) پیاوی خوا؛ ٢) دەگەڵ ئەو [ف] ١) مرد خدا؛ ٢) با او.

وەلێ: ١) واسە، ئاوا...؛ ٢) بڵام، بەڵان [ف] این طور؛ ٢) لیكن.

وەلیعات: جێنشینی دەسەڵاتدار دوای مەرگی [ف] ولیعهد.

وەلیعاد: وەلیعات [ف] ولیعهد.

وەڵیفـەت: ١) مفتـە، خۆڕایی، بەلاش، مفت؛ ٢) سەرقـەڵـەمـانـەی نوشتەنوس [ف] ١) مُفت؛ ٢) مُزد دعانویس.

وەڵیفەتانە: سەرقەڵەمانە [ف] مزد دعانویس.

وەڵین: پێشو [ف] قبل، گذشته.

وەڵێنە: لەبەرا [ف] ابتدا، قبلاً.

وەڵیەفەتی: پەیوەندی مێردو ژن بەیەكترەوە [ف] همسری.

وەم: ئاوهام: (وەمزانی) [ف] من این طور.

وەمـــا: ١) بەجـێما: (یارێ كودی ئەم گەدا دەست بدەستێ مەدا/ ئەم بسەمایێ برین ڕەقسو سەما ژێ وەما) «جزیری»؛ ٢) وەك خۆی ما، نەگۆڕا [ف] ١) بەجای ماند؛ ٢) بەحال خویش ماند.

وەماشتن: ماڵینەوە، ماشتنەوە، ڕادانی هەموشتێ [ف] روبیدن و بردن هرچیز.

وەماڵین: وەماشتن [ف] نگا: وەماشتن.

وەمام: ١) بەجێ مام؛ ٢) وەكەخۆ مامەوە [ف] ١) جاماندم؛ ٢) همین طور ماندم.

وەمـــان: ١) ئاوهـا مان؛ ٢) بەجێمانو دواكـەوتن لەكـارێ؛ ٣) ئەوان بەجێمان [ف] ١) ما این طوری؛ ٢) جاماندن؛ ٣) جاماندند.

وەماو: ١) جێماگ؛ ٢) وەك یەرێ، چۆن بو هەروا ماوە [ف] ١) جامانده؛ ٢) همان طور مانده.

وەمای: وەماو [ف] نگا: وەماو.

وەمدی: ١) ئەوتەرزە چاوم پێ كەوت؛ ٢) دۆزیمەوە [ف] ١) چنین دیدم؛ ٢) گم شده را یافتم.

وەمزانی: بەوجۆرە بیرم برد [ف] چنان دانستم.

وەمكە: بمكەوە، ئازادم كە [ف] بندم را بگشای.

وەن: ١) بەن، دەزو، داوی بادراوی خوری؛ ٢) لێبەستراو: (بازیوە**ن**)؛ ٣) جێگە، شوێن: (ئەلوە**ن**)؛ ٤) وتەی وەپاڵدان، لەمەڕ، لۆ. *ناوی زۆر عەشیرەت بە وەن دوایی دێت* : (كاكاوە**ن**، حاجیوە**ن**، هەمەوە**ن**)؛ ٥) كۆوەبـوگ: (زەماوە**ن** واتا: كۆبونەوە بۆ سەماكردن)؛ ٦) وامان، ئێمە بەمجۆرە: (وە**ن**زانی، وە**ن**بیستوە)؛ ٧) دارەبەن؛ ٨) داوی لێكهاڵاوی تێكڕاكـراو، هۆندراو: (گورزەوە**ن**)؛ ٩) بەنداو [ف] ١) نخ پشمی؛ ٢) بند، بستەشدە بر. *مانند بازوبند*؛ ٣) جای، مكان؛ ٤) پسوند نسبت؛ ٥) اجتماع، جمع شدە؛ ٦) ما این طوری؛ ٧) درخت بنه؛ ٨) بافت؛ ٩) سدّ.

وەنا: ١) ئەدی وانیە؟، دەنا نا؟؛ ٢) دەخوا، نەخوا [ف] ١) مگرنه این طور؟؛ ٢) می‌خورد.

وەنـاق: دوشـاخـە، نەخـۆشیەكە لەقورگ دێتو نەخۆش دەخنكێ [ف] بیماری خناق.

وەنای: وانای، خوێندن، فێرە خوێندن بوُن [ف] درس خواندن، تحصیل.

وەنایا: بارەبەرێ كە سواریشی دەبن [ف] باربری كه سواری هم بدهد.

وەنایش: ١) باركردن، كۆچلێنان؛ ٢) سواری بارەبەربوُن [ف] ١) كوچ كردن؛ ٢) سواربارِبر شدن.

وەنجەنە: دۆخین، دێخوُن [ف] بندتُنبان.

وەنـد: ١) ئێش، ئازار؛ ٢) لاوچـاك: (لـەوەنـد)؛ ٣) ئەنـدازە لە شتێ: (ئەوەندم بو لەوەندیشیان كردم)؛ ٤) بەند: (بازیوە**ند**، كەمەروە**ند**)؛ ٥) جێگـە، وەن: (ئـەلوە**نـد**)؛ ٦) لەمـەڕ، وتـەی پاڵدان: (كاكاوە**ند**، سەكوە**ند**)؛ ٧) كۆوەبوُن: (زەماوە**ند**، گۆوە**ند**)؛ ٨) پارچە لە گۆرانی؛ ٩) ئاوبەند، لەمپەر، سەد، بەند؛ ١٠) جمگە، جەمسەر، بەندی ئێسقان؛ ١١) ئازا، نەترس، بوێر [ف] ١) آزار؛ ٢) شوخ و زیبا؛ ٣) اند، اندازه؛ ٤) پسوندبستن مانند گردنبند؛ ٥) جای؛ ٦) پسوند نسبت؛ ٧) جمع شدن؛ ٨) قطعـەای از ترانه؛ ٩) سدّ، مانع؛ ١٠) بند استخوان؛ ١١) شجاع، دلیر.

وەندا: ١) گوم، وندا؛ ٢) ژنو كچی خوێندەوار [ف] ١) ناپیدا، گُم؛ ٢) زن و دختر باسواد.

وەندانە: ئازایانە، بوێرانە ف شجاعانە.

وەنـدایەنە: ١) وەخوێندن؛ ٢) خاوەن سیوات بوُن ف ١) خواندن؛ ٢) باسواد بودن.

وەندس: خوێندنەوە، وەخوێندن ف مطالعه کردن.

وەندش: وەندس ف مطالعه کردن.

وەندش‌دایش: دەبەرخوێندن نرا ف درمعرض مطالعه قرار گرفت.

وەنـدن: ١) داوی زۆری بادراو تێك کێشان: (گوریس‌وەندن)؛ ٢) مورُوُ دەداوکێشان: (تەزبیح‌وەندن) ف ١) بافتن ریسمان؛ ٢) بەرشته کشیدن مهرەها.

وەندنەوە: وەندن ف نگا: وەندن.

وەندۆخ: ١) خوێندەوار؛ ٢) گۆرانی‌خوێن ف ١) باسواد؛ ٢) خواننده.

وەنـدە: ١) زبارە، هەرەوەز؛ ٢) خاوەن: (جوُت‌وەندە)؛ ٣) ئاگادار، وان: (خـەروەنـدە)؛ ٤) جمگـەئێسـك، بەند: (سێ‌وەندەی پشتم) ف ١) همکاری کشاورزی؛ ٢) صاحب؛ ٣) نگهبان؛ ۴) بند استخوان.

وەندەن: ١) بەرزایی، قەدی چیا؛ ٢) پردی لەچەپەر ف ١) کمرکوه؛ ٢) پُل ترکه‌یی.

وەنــدەنــە: ١) خوێنـدن، دەرس فێر بـوُن؛ ٢) خوێنـدنی مەل‌و مرۆی دەنگ‌خـۆش ف ١) درس خـواندن؛ ٢) آوازخوانـدن مُرغ و آدم خوش‌نوا.

وەندەی: دەرس‌خوێندن ف درس خواندن

وەنسە: هۆگری، خوُ پێ‌گرتن ف اُنس گرفتن.

وەنشتا: سواربوُن ف سوار شدن.

وەنشتش: سواربوُن ف سوار شدن.

وەنگ: بەندو جەمسەری ئێسقان ف بند استخوان.

وەنگە: جێگەبەنداو ف جای سدّ.

وەنگـەرینـە: لەو گونـدانـەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

وەنن: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

وەنۆڵە: گیایەکە ف گیاهی است.

وەنـە: ١) بەنە، بەندە، خولام، عەبد؛ ٢) بۆلای، بۆ: (وەنەم کیانو)؛ ٣) وەندراو ف ١) بنده، بردە؛ ٢) برای، بەسوی؛ ٣) بافته.

وەنەت: لێت ف ازتو.

وەنەتەق: ١) قەزوان؛٢) جۆرە دارەقەزوانێکە بەرەکەی وردە، بنەوشیلە ف ١) نانکش؛ ٢) نوعی درخت بنه که ثمر ریز دارد، چاتلانقوش.

وەنەم: لێم ف از من.

وەنەمشك: وەنەتەق، بنەوشیلە ف نوعی درخت بنه.

وەنەنە: لەرەلەر، جوُڵەجوُڵ ف لرزش، تکان.

وەنەوز: چۆرت، خەوبردنەوە ف پینکی.

وەنەوزبردنەوە: چۆرت‌دان ف پینکی زدن.

وەنەوزدان: چۆرت‌دان ف پینکی زدن.

وەنەوزە: وەنەوز ف پینکی، چُرت.

وەنەوزەکوتێ: جۆرت‌دان ف پینکی زدن.

وەنەوش: ١) بنەوشە؛ ٢) رەنگی‌بنەوش؛ ٣) ناوی ژنان ف ١) بنفشه؛ ٢) رنگ بنفش؛ ٣) نام زنانه.

وەنەوشە: بنەوشە ف بنفشه.

وەنەوشی: مۆر، رەنگی وەنەوشە ف بنفش رنگ.

وەنی: ١) قەزوان؛ ٢) وەنە، بەنی، خولام؛ ٣) داوی دەپاڵ‌ڕاکردو چنی ف ١) نانکش؛ ٢) بنده، برده؛ ٣) بافتنی رابافت.

وەنین: وەندن، وەندنەوە ف نگا: وەندن.

وەو: ١) بەنـەو؛ ٢) ئا، بەڵێ: (هـۆ مام‌پیرۆت! ـ وەو)؛ ٣) بەم، لەجـۆر: (وەونزمیە) ف ١) بەاو؛ ٢) حرف پاسخ، بلی؛ ٣) این طوری.

وەوتۆ: وا، بەم‌جۆرە ف چنین.

وەوڵە: بوُکەڵەی منالان ف عروسك.

وەوڵەبارانێ: بوُکەبارانە ف افچه‌بارانی.

وەوە: ١) بەبە، بەبەکە، منالی ساوا؛ ٢) ئێخە، جێگەی مل لە کراس ف ١) نوزاد، نی‌نی؛ ٢) یقه، گریبان.

وەوی: ١) تازەبوُك؛ ٢) ژنی کور، بوُك؛ ٣) بوُکەڵە ف ١) تازەعروس؛ ٢) همسر پسر، عروس؛ ٣) عروسك.

وەویلە: بوُکەڵەی منالان ف عروسك.

وەویلەبارانێ: وەوڵەبارانێ ف افچه‌بارانی.

وەهـ: ١) وتـەی سەیرمان، پەح، تەح، تەحا؛ ٢) وتەی زۆر پەسندکردن‌و خۆشی ف ١) حرف تعجّب، وا؛ ٢) حرف تحسین و پسند، بە.

وەهـا: ١) ئاوهـا، بەم‌جۆرە؛ ٢) بەجـۆرێ، بەئەندازەیێ: (وەها مەستی تەمـاشـای چاوْتە «نالی» کە نازانێ/ بەبێداری دەبینێ یا لەنەشئەی مەستی‌و خەودا) «نالی»؛ ٣) نرخ، قیمەت، بەها؛ ۴) شینایی‌وناو لەناو بیاباندا ف ١) این طور؛ ٢) باندازەیی، چنان؛ ٣) بها، قیمت؛ ۴) آب و دارودرخت در بیابان.

وەهـات: وات، بەجـۆریکـت: (وەهـات لێ‌بکـەم خۆت بزانـی، وەهات‌گوت) ف چنینت، توچنین.

وەهار: ١) بەهار، بوهار؛ ٢) خاوەن، خودان، داژدار ف ١) بهار؛ ٢) صاحب.

وەهاسە: ١) کەوابێ؛ ٢) بەڵێ وایە ف ١) در این صورت؛ ٢) آری چنین است.

وەهام: ئاوام، ئاوەهام ف چنینم، این چنینم.

وەهاو: وەهاب ف نام مردانه.

وەهای: ١) تۆ بەم‌جۆرەی؛ ٢) ئەوی بەوجۆرە: (وەهای تەنبێ دەکەم) ف ١) تو این طوری؛ ٢) بەطوری او را.

وەهوەهـ: بەهـ‌بەهـ، وتەی سەیرمان لەخۆشیان ف بەبە.

وەهە: بەوجۆرە، بقێ ئاوایێ ف این چنین.

وەهەر: خاوەن، خودان، داژدار ف صاحب، مالك.

وەهـەنگـاوتن: ١) پێوان‌و ئەندازەگرتن؛ ٢) راهەنگاوتن، بەسەرشتێکا ڕاکێشان ف ١) اندازه‌گرفتن؛ ٢) به درازا برنهادن بر روی چیزی.

وەهی: وەوی، بوُك ف عروس.

وەهید: باربو، یارمەتی، تەوجی ف یاری.

وەهێر: ١) بەهار؛ ٢) ئازاد، سەربەست ف ١) بهار؛ ٢) آزاد.

وەهیە: کاری پوچ و بێ‌تام ف کار بی ارزش.

وەی: ١) بوك؛ ٢) ئازار: (پیاگێ بێ **وەی‌وئارامە**)؛ ٣) وتەی دەردو ژان: (**وەی** دێشێ)؛ ٤) ئەم‌جۆرە: (**وەی** تەور)؛ ٥) وتەی سەیرمان: (**وەی** چەند سەیرە!)؛ ٦) وتەی بانگ کردن بۆ یاریدەدان ف ١) عروس؛ ٢) آزار، آسیب؛ ٣) حرف اظهـــار درد؛ ٤) چنین؛ ٥) حرف تعجّب؛ ٦) حرف ندا برای کمك خواستن.

وەیایش: پێکەنین، کەنین، خەنە ف خنده.

وەیباب: ماری شینی گائەنگێو: (**کوڵەوەیباب**) ف نوعی مار.

وەی‌بابە: ئەی‌باوکە ف ای پدر! کمك.

وەیتا: ١) ئێرە؛ ٢) لێرە، لەیرە ف ١) اینجا؛ ٢) دراینجا.

وەیتاڵ: بەیتاڵ، حەکیمی حەیوانات ف دامپزشك.

وەیجا: لەوجێگەیە، لەوشوێنە ف در آنجا.

وەیخر: شەڕفرۆش ف ستیزه‌جو.

وەیخۆ: بیخۆرەوە، بی‌نۆشە ف بنوشش.

وەی‌خودا: پاڕانەوە لەخوا ف ای خدا.

وەیر: خاوەن، خودان، سەرپەرست ف صاحب.

وەی‌ڕا: ئەوجارە ف آندفعه.

وەی‌ڕۆ: ١) ئەی داخ، ئەی مخابن، بەداخـەوە؛ ٢) وتەی سەیرمان کە تایبەتی ژنانە: (**وەی‌ڕۆ** ئەم‌پیاوە چەند سەیرە!)؛ ٣) ئەوڕۆژە ف ١) کلمهٔ تأسّف، دریغا؛ ٢) کلمهٔ تعجّب خانمانه؛ ٣) آن روز.

وەیس: شێخێك بوە گۆڕی لە مایی‌دەشتە ف ویس قَرَنی.

وەیسە: ناوە بۆ پیاوان ف نام مردانه.

وەیسی: ناوە بۆ پیاوان ف نام مردانه.

وەیش: وتەی ژان‌و دەرد، ئاخ، ئۆف ف حرف درد.

وەیشۆ: ١) بی‌شۆرەوە: (ئەوی شت بوت **وەیشۆ**)؛ ٢) ئەم‌دانەوێڵە بشۆ ف ١) بازشوی؛ ٢) دانه را بشوی.

وەیشۆرە: وەیشۆ ف نگا: وەیشۆ.

وەیشـۆم: ١) دەیشـۆرمـەوە: (پیس‌بۆتەوە ناچارم **وەیشۆم**)؛ ٢) بۆچی بیشۆرمەوە؟ ف ١) بازمی‌شویم؛ ٢) بازشویم؟.

وەیشوم: ١) بەڵا، نسیبـەت؛ ٢) مایەفتنـە ف ١) بـلا، مصیبت؛ ٢) فتنه‌انگیز.

وەیشومە: ١) وەیشوم؛ ٢) برێتی لە سەرمای سەخت‌و تەڕوتۆشی زستان ف ١) نگا: وەیشوم؛ ٢) کنایه از سرما و کولاك سخت زمستان.

وەیکـە: بیکـەوە!، بازی کە!: (درگاکـە داخـراوە **وەیکە**، گرێ‌کوێرەیە **وەیکە!**) ف بازش کن!.

وەیکەم: وازی‌کەم، بیکەمەوە ف بازش کنم.

وەیکەن: بێکەنەوە ف بازش کنید.

وەیگـدی: وشـەیەکە بۆ خۆشەویستی‌و بەزەیپێداهاتنەوە ئێژنی ف کلمهٔ نوازش و ترحم.

وەیگرە: بیگرەوە: (کراسەکەم ناوبردی **وەیگرە**، تۆپت بۆداوێم **وەیگرە**) ف بازگیرش.

وەیگرەوە: وەیگرە ف بازگیرش.

وەی‌گۆ: ئاوای‌گوت ف چنین گفت.

وەی‌گوت: وەی‌گۆ ف چنین گفت.

وەی‌لا: ئەوتەرەف ف آن سو.

وەیلان: سەرگەردان، ئاوارەو بێ‌دەرەتان ف ویلان، سرگردان.

وەیلۆ: ١) وتەیەکە بۆ خۆشەویستی بەمناڵی دەڵێن: (**وەیلۆ** چەند قشتە)؛ ٢) بانگ کردنی دۆستی نێرینە لەدوورەوە ف ١) کلمهٔ محبّت‌آمیز نسبت به کودك؛ ٢) کلمهٔ ندا برای دوست مذکّر.

وەیلۆلـۆ: وتـەی سەرەتـای لاوك بەمـانـا ئەی دۆستـەنێرە دوورەکـە ف پیش‌درآمد بعضی از ترانه‌ها به‌معنی ای دوست مرد من.

وەیلێ: ١) وەیرۆ، مخابن؛ ٢) بانگ‌کردنی دۆستی مێوینە لەدوورەوە ف ١) دریغا؛ ٢) حرف ندابرای دوست مؤنّث از راه دور.

وەیلێ‌لێ: سەربـەنـدی لاوکـە واتـا: ئەی یارەمێو ینـە دووردەستەکە ف پیش‌درآمد بعضی از ترانه‌ها به معنی ای معشوق دوردست.

وەین: مەکر، گزی‌و فێڵ: (جوودی ژوەینێ ژنان خاربوویە) «مەسەل» ف مَکر، نیرنگ.

وەینەك: کۆسەی سەرشانۆ، نوێن‌باز ف بازیگر.

وەینێ: ژنێکی قارەمـانی کوردە کە بەیتی هەیە ف از زنـان قهـرمـان اسطوره‌ای کُرد.

وەینیایش: تواشاکردن، تێ‌ڕوانین ف نگاه کردن.

وەیو: بوك، وەوی ف عروس.

وەیوڵە: ١) بوکەڵـە، بـوکی مناڵان؛ ٢) گێـژەڵوکە ف ١) عروسك؛ ٢) گردباد.

وەیولەجنانێ: گێژەڵوکە ف گردباد.

وەیوڵێ: بوکەڵەی مناڵان ف عروسك.

وەیوە: تازەبوك ف تازه‌عروس.

وەی‌وەگەڕێن: ١) بەڵاگـەردان؛ ٢) بەڵاگێـڕەوە ف ١) بلاگردان؛ ٢) صدقه.

وەی‌وەی: ١) وتـەی داد لەدەس ژان‌و ئێش؛ ٢) وتـەی سەیرمـان: (**وەی‌وەی** لەم‌کـارەت)؛ ٣) بەهـەبـەهـ، وەهـوەهـ: (**وەی‌وەی** چمـەجلیسێ بۆ دوێنێ لە دیدەوو دڵ/ دڵبـەر شەرابی گێڕا «سـاڵم» کەبابی هێنا) «سالم» ف ١) کلمهٔ اظهار درد، وای؛ ٢) حرف تعجّب، وا؛ ٣) بهبه.

وەیە: ئەوهایە، ئاوایە ف چنین است.

وەیەنە: تریان، قەرتاڵە ف سبد میوه‌چینی.

وی: ١) ئەو: (بـۆ **وی** هاتـوە)؛ ٢) دارەبی؛ ٣) وتـەی سەیرمـان: (**وی** چعـەجـبیـە!)؛ ٤) وەی، پیتـی داد لەدەسـت ژان؛ ٥) مۆرانـەی خوری‌خۆر ف ١) او؛ ٢) بید؛ ٣) حرف تعجّب؛ ٤) حرف اظهار درد؛ ٥) موریانهٔ پشم خوار.

وێ: ١) پیتی ئیشارەت بۆ مێوینە: (**وێ** گوت واتا: ژنەکە گوتی)؛ ٢) خۆ: (**وێم** واتـا: خۆم)؛ ٣) بە، پێ: (پـارەت **وێ**‌یە؟، **وێمـە**)؛ ٤) ئەوێ،

ئەوجێگە: (بۆ **وێ** دەچم)؛ ٥) دەسوتاندا، پێ: (ئاگرە کە **وێ** کە، ئاگر وێ یە)؛ ٦) تەقالا، کۆشش: (**وێ** کەوتوم، **وێ** کەوە بزانە لەکوێ یە)؛ ٧) ویستن، واستە: (دەمەوێ، نایەوێ)؛ ٨) وەك، شبە: (**وێ** جوون)؛ ٩) تۆڵە: (**وێکردنەوە** واتا: تۆڵەکردنەوە) ف ١) ضمیر مؤنث؛ ٢) خود؛ ٣) داشتن؛ ٤) آنجا؛ ٥) افروخته؛ ٦) کوشش؛ ٧) خواستن؛ ٨) شباهت؛ ٩) انتقام.

ویارده: رابردو، بوردو ف گذشته.

ویانه: بەهانە ف بهانه.

وێ بو: ١) ئایسا، داگرسیا؛ ٢) بوی: (پارەی **وێ بو**) ف ١) افروخته شد؛ ٢) داشت.

وێ بوون: ١) ئایسان؛ ٢) پێ بوون، لەلا بوون ف ١) افروخته شدن؛ ٢) داشتن.

ویت: ١) وتراو؛ ٢) سەرگەردان، وێڵ ف ١) گفته شده؛ ٢) سرگردان، ول.

وێت: ١) بۆخۆت، خۆت؛ ٢) گەلالایی: (کاورا شێت و **وێتە**) ف ١) خودت؛ ٢) لاقید.

ویتان: مەلێکە بە گێژوحۆلی بۆتە نموونە ف پرنده‌ایست مشهور به کم‌هوشی.

وێتان: خۆتان ف خودتان.

ویتوو: فیتوو، فیتە ف سوت.

ویت‌ویتك: بەرتوکێکی بیرۆزی یەزیدیەکانە ف ازکتابهای مقدس یزیدیان.

ویتە: ١) جوکەی جوجەڵەمەل؛ ٢) گۆرانی لەبن لێوانەوە ف ١) صدای جوجهٔ پرنده؛ ٢) زمزمه.

ویتەویت: ویتەی زۆر ف «ویتهٔ» پیاپی.

ویتیار: قسەبێژ ف گوینده.

ویجا: ١) ئیتر چی؟؛ ٢) ئەوسا ف ١) دیگرچه؟؛ ٢) آنگاه.

وێجا: ویجا ف نگا: ویجا.

وێجارێ: ئەوساکە، ئەوێ دەمێ ف آن دفعه.

ویچ: ١) بێژ، دابێژان؛ ٢) پڕی دەست لە شتێ: (لاویچ واتا: نیوەمشت) ف ١) عمل بیختن؛ ٢) پریك مُشت.

ویچالەك: زۆر بیچکەلانە بەزاراوەی زارۆکان ف کوچك به زبان کودکانه.

وێچن: بێژنگ ف غربال، بیزن.

وێچنە: وێچن ف غربال.

وێچوو: پەسند، شایستە: (زۆر پیاوێکی **وێچوو** بو) ف موردپسند، شایستهٔ احترام.

وێچوون: لێ کردن: (بایز لە پیرۆت **ئەچێ**، کورەکەی لە خۆی **ئەچێ**) ف شباهت.

ویچە: بۆ ئێرە ف به اینجا.

وێخ: نست، نیست، نەبوون: (وارو **وێخم چو**) ف نبود، نیستی، مقابل بود.

وێخستن: پێوەناوێزان کردن: (زنجیری **وێخستوە**) ف آویزان کردن به.

وێخە: فەرمان بە وێخستن ف امر به آویزان کردن.

وێدا: بەوشوێنەدا، بۆ دوور دەڵێن: (وردا **وێدا** واتا: لێرو لەوێ) ف از آنجا.

وێدان: دانەدەست ف تسلیم کردن.

وێدانەوە: بۆگەڕاندنەوە: (قەرزەکەی **وێدامەوە**) ف بازپس دادن، اداکردن.

وێدن: ئەوەکەی دیکە ف آن دیگری.

وی دەری: ئەوێ، وێ دەرێ ف آنجا.

وێ دەرێ: ئەوێ، پێچەوانەی ئێرە ف آنجا.

وێدی: وێدن ف آن دیگری.

ویر: ١) بیر، هزر، فکر؛ ٢) بۆ لای، بۆ ئالی؛ ٣) چالاو، بیر؛ ٤) گۆرانی لەبن لێوان: (ویرەویرتە بۆ دەنگ بەرز ناکەی؟) ف ١) فکر، یاد؛ ٢) بەسوی؛ ٣) چاه آب؛ ٤) زمزمه.

ویڕ: ١) زوڕە، دەنگی زبری گریانی بەقەو: (ئەم **ویڕەویڕەت** لەچیە؟)؛ ٢) خێل، چاوخێل ف ١) گریه با صدای بلند و زبر؛ ٢) لوچ.

وێر: ١) ئازایەتی؛ ٢) ئازا؛ ٣) پووڵ لەباتی خەڵك دان لە قاوەخانەو چێشتخانە؛ ٤) بوار، دەراو، جێگەی پەڕینەوە لە چەم؛ ٥) برێتی لەفرۆشتن (ئالوویردەکا) ف ١) شجاعت؛ ٢) شجاع؛ ٣) حساب دوستان را پرداختن در رستوران وقهوه‌خانه؛ ٤) گُدار؛ ٥) کنایه از فروختن.

وێڕ: ١) خوارو نالەبار: (ئەم‌بزنە گێڕ و **وێڕە**)؛ ٢) مانا، نیاز لە قسەو نوسراو؛ ٣) بوڕ، گیایەکی گەلادەرزی کوێستانە ف ١) کج و کوله؛ ٢) معنی، گزاره؛ ٣) علفی است.

ویرا: بەبیر، بیرتیژ ف دارای حافظهٔ قوی، تیزهوش.

وێرا: مامۆستا، فێرکار ف استاد.

وێرا: ئازا، نەترس ف شجاع.

وێڕا: دەگەڵ، پێڕا، وەل ف همراه با.

وێران: ١) نەترسان؛ ٢) کاول؛ ٣) برێتی لە حاڵ پەرێشانی: (**وێرانە** هەر باسی مەکەن) ف ١) جرأت کردن، نترسیدن؛ ٢) ویران؛ ٣) کنایه از پریشان‌حالی.

وێرانبوون: کاول‌بوون، روخان، خاپووربوون ف ویران شدن.

وێرانشەهر: شارێکی کوردەلای ماردینی کوردستانی بەردەستی ترکان ف نام شهری در کردستان.

وێران‌کردن: کاول کردن، بەسەریەکا ڕماندن، خاپوورکردن ف ویران کردن.

وێرانن: نەترسین، وێران ف جرأت کردن.

وێرانە: کاول‌بووگ، خاپوور ف ویرانه.

وێرانی: خاپووربووگی، کاول‌بوویی ف ویرانی.

ویراهە: لە جێگەدوورەکە ف ازآنجای دور.

وێرت: ١) جێ لەوەڕ، چایەر، لەوەڕگە؛ ٢) گزیری خان و ئاغا ف ١) چراگاه؛ ٢) مباشر ارباب.

ویرد: نزای لەبن لێوانەوە، دوعای بەپرتەپرت ف دُعای زیرلبی، ورد.

وێرد: کێرد، کێر، چەقو کە دەسکی نانوشتێتەوە ف کارد.

ویردار: بیرەوەر، بەبیر وهۆش، خودان‌هزر ف متفکّر.

ویردن: عافووکردن، بوردن: (بوویر جە تەقسیر جە پڕنینسافی / من

زۆزەردی ویم کافیەن کافی) «مەولەوی» ف بخشایش، عفو.
ویردن: رابردن، بوُرین ف گذشتن.
ویردە: رابردو، بوُراو ف گذشته.
ویرز: رابە، بلندبە، وەرەسەرپا، بەرزەوەبە ف برخیز، بلندشو.
ویٚرزان: تۆرەکردن بەقسەو دەستبازی: (ویمدەرزیٚ دەستم لیٚ بەرنادا) ف سر بەسرگذاشتن.
ویرغال: شاهۆ، شینەشاهۆ ف پرندۀ بوتیمار.
ویرغە: جۆریٚ رەوتی ولاخی سواری یە ف یورغە.
ویرق: قرەی بۆق ف صدای قورباغە.
ویرکوُکانیٚ: ئیروُکانیٚ، ئائیرە ف همین جا.
ویرکوُکە: ویرکوکانیٚ ف همین جا.
ویرنج: سەری پیٚچی کۆلان، ئانیشکە ف نبش.
ویرۆك: ئازا، نەترس، ویرا ف شجاع، دلیر.
ویروُکانیٚ: ویرکوُکانیٚ ف همین جا.
ویروُکە: ویرکۆکانیٚ ف همین جا.
ویرون: ۱) وشکارۆ، بیرون؛ ۲) نۆدەی دەرەوە، بیرون ف ۱) خشکسار؛ ۲) اتاق بیرونی.
ویرونە: ویرانە ف ویرانە.
ویرە: ۱) بیرهاتنەوە، کەوتنەیاد؛ ۲) گۆرانی لەبن لیٚوانەوە: (ویرەویر)؛ ۳) کانزای سەخت ف ۱) یادآوری؛ ۲) زمزمە؛ ۳) فلز.
ویرە: قرە، دەنگی بەردەبەرەقانی ف صدای سنگ پرتاب شده از فلاخن.
ویرە: ۱) ئیوارە؛ ۲) شیکردنەوەی مانا ف ۱) غروب؛ ۲) تفسیر، تعبیر.
ویرەگا: درەنگان، ئیوارەی درەنگ ف غروب هنگام، سرشب.
ویرەگە: ویرەگا ف نگا: ویرەگا.
ویرەویر: گۆرانی لەسەرخۆ، سۆزە، نیورین ف زمزمە.
ویرەویز: زۆرەزۆری گریان ف صدای ناهنجار شیون.
ویریٚ: ویٚدەریٚ، ئەویٚ ف آنجا.
ویرین: نەترسان، ویران ف نترسیدن، جرأت.
ویرینگە: گیایەکی گەلادەرزی شیرەدارە بۆ حەیوان خۆشە شیرەکەی بۆ دەرمان دەشیٚ ف گیاه گاوشیر.
ویز: وز، دەنگی جانەوەری ژیلە وەك میٚش و مەگەز و میٚشوٚلە و زەرگەتە، وزە ف وزوز.
ویز: دلٚ تیٚکچوُن لە شتیٚ، بیٚز، قیٚز: (قیٚزو ویٚز) ف نفرت داشتن و دل برآمدن از چیزی.
ویزان: وزوزکردن، وزەوزکردن ف وزوزکردن.
ویزو: بیٚزو، مەگیرانی ف ویار.
ویزویز: جۆریٚ قالۆنچەی کەسکی بالدار کە ئەفریٚ ف نوعی سوسك سبز پرنده.
ویزویزە: جۆریٚ مارمیٚلکەی درشت ف نوعی مارمولك درشت.
ویزە: ۱) گیزە، دەنگی بەرێوەچوُنی گوللە؛ ۲) پەنامەکی پەلاماربردن بۆ کەسیٚ: (بەدارەوە هاتەویزەم شل‌شل کوتامی) ف ۱) صدای گلوله در راه هدف؛ ۲) یواشکی و مخفیانه بر کسی حمله بردن.
ویٚزە: پەلاماری پەنامەکی بۆبردن ف یواشکی و مخفیانه سر رسیدن.
ویٚزەنگی: زەنگو، ئاوزەنگی، رکیٚف ف رکاب زین.
ویزین: وزاندن، وزەکردن ف وزوزکردن.
ویژ: ۱) پاشگری بەمانا جاوین، جوُن: (کاویژ)؛ ۲) پاشگری بەواتا: دابیٚژ: (ئاردویٚژ)؛ ۳) پاشگری بەمانا قسەکەر: (وتەویٚژ)؛ ۴) قسەکردن: (وتو ویٚژ)؛ ۵) خۆی، بۆخۆی، ویٚش؛ ۶) حۆل و گیٚل: (گیٚژو ویٚژ) ف ۱) پسوند به معنی جونده؛ ۲) پسوند به معنی بیزنده؛ ۳) پسوند بەمعنی گوینده؛ ۴) گفتن؛ ۵) خودش؛ ۶) گیج و هالو.
ویٚژا: ۱) زۆر قسەزان و زمان‌پاراو؛ ۲) کەسیٚ کە لەدابیٚژتن‌دا زۆر خیٚرایە ف ۱) سخن دادن فصیح؛ ۲) بیزندۀ ماهر.
هولیسك: زمان لوس، کلکەسوتەکەر ف متملّق، چرب زبان.

هولیسکی: زمان لوسی، کلکە سوتە ف تملّق.

هۆلی کرن: گێرەکردن ف خرمن کوبیدن.

هۆلی کری: گێرەکراو ف خرمن کوبیده.

هولیلك: ۱) سەقر، باڵدارێکی ڕاوکەرە؛ ۲) خەرتەل، ورخال ف ۱) صقر، پرنده‌ای شکاری؛ ۲) لاشخور.

هۆلین: قوڵەکردن ف غریو راه انداختن.

هۆلێن: شەقێن، گۆیێن ف بازی گوی و چوگان.

هوم: شوم، بێ‌فەڕی: (فلانکەس بە**هومە** یانی شومی هەیە) ف شوم.

هۆم: خۆم، وژم ف خودم.

هوما: پیرۆزە ف هما.

هۆما: خودا، خوا، هومای ف خدا.

هوما: هۆما، خودا، خوا ف خدا.

هومار: تەخت‌و ساف ف هموار.

هۆمارتش: ژماردن ف شمردن.

هومارتش: ژماردن، هۆمارتش ف شمردن.

هومارتۆخ: ژماریار ف محاسب، آمارگر.

هومال: هاوچاو، بەربەرەکانی‌کەر ف هم‌چشم، رقیب.

هۆمام: دەسەڵات‌دار، پیاوی مەزن ف شخص مُقتدر.

هۆمان: ۱) خۆمان؛ ۲) خودا بە شێوەی کوردی زازا ف ۱) خودمان؛ ۲) خدا.

هۆمای: خودا، هۆما ف خدا.

هومای: هۆما ف خدا.

هومای بکو: خوا حەزکا، خوا بیکا ف خداکند، انشاءاله.

هومای‌زانو: خوا ئەیزانێ ف خدا می‌داند.

هومای‌سینەنی: بەشقی خودا، بیکە لە ڕاهی خوادا ف به‌خاطر خدا.

هومـای کەردك: ۱) سوپـاسـی خودا؛ ۲) بەرەکـەتی خودا ف ۱) شکرخدا؛ ۲) برکت خدا.

هومای کەنی: بەشقی خودا ف به‌خاطر خدا.

هومای گرۆتا: خوا لەکوڵی کاتەوە، خوا گیانی بسێنێ ف خدا او را

یکشد.
هومای گرەوتا: هومای گروتا ف خدا او را بکشد، خدا جانش بستاند.
هومـایل: مەزمەرشا، پارچەی سپی سادە، خامەلاوی زۆر باش کە دەکرێتە کراس ف چلوار.
هومای نێکۆ: خوا نەکا ف خدانکند.
هومای واژۆ: بە ئیزنی خوا ف بە امید خدا، بەخواست خدا.
هومایون: ١) قامێکـی کۆنە؛ ٢) ممبـارەك ف ١) آهنگی است؛ ٢) فرخندە.
هومایونی: جۆرێ خەت ف نوعی خط.
هومایی: هومایل ف چلوار.
هۆمایی: تایبەتی، خۆماڵی ف مخصوص، خصوصی.
هومبان: هەنبانە، هەوان، هەوانە، هەمانە ف انبان.
هومبانی: جانەوەری قاپورکدار ف جانوری کە لاك دارد.
هومبەر: هەمبەر، بەرانبەر ف برابر.
هومبی: دو ژنی دو برا بۆ ئێکتر، دو هێوەرژن ف نسبت دو زن دوبرادر باهم، جاری.
هومجـــەهـانی: گونـدێکـە لە کوردستـان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
هۆمدەم: هاودەم ف همدم.
هۆملکێ: دەگژراچونەوە، بەربەرەکانی کردن ف مقابله، رودررویی.
هومە: کوپە ف خُم.
هۆمە: هومە، کوپە ف خُم.
هومەراخ: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
هومــەرامـان: لەو گونـدانـەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
هۆمەرقوم: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
هۆمــەرمــەلا: لەو گونـدانـەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
هۆمــەرمــەنـدان: گونـدێکـە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
هومــەرەسینـا: لەو گونـدانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
هۆمەلغەزا: چەقەو گورەو زەنازەنای بەکۆمەڵ ف همهمه و جنجال وشلوغی.
هۆمەلێرە: دیزەی گۆشتاو تێداڵێنان ف دیزی آبگوشت.
هۆمەیش: لە کۆکردنەوەی تفاق بونەوە ف فراغت از جمع آوری علوفه.
هۆمەیی: پەزی بۆری تاریك ف گوسفند توسی رنگ تیره.
هومێ: نومێد، همێ ف امید.
هومێد: هومێ ف امید.
هومێدەوار: بەئاوات ف امیدوار.

هۆن: ١) پاشگر بەمانا کەسێ کە ئەوەنێ؛ ٢) وەندراو؛ ٣) دەنگی گریانی سەبـر و بەمینگـە: (**هۆنەهۆن** مەکە)؛ ٤) ئەم جۆرەن؛ ٥)هوُن، ئێوە، ئەنگۆ، هنگ؛ ٦) خەت لەزەویدان بۆ ئاو پێداهێنان؛ ٧) خەوخەون ف ١) پسوند بە معنی بافندهٔ گیسو یا ریسمان؛ ٢) بافته؛ ٣) صدای گریهٔ آهسته؛ ٤) این طورند؛ ٥) شما؛ ٦) شیار آبیاری در زمین؛ ٧) رؤیا، خواب.
هوُن: ١) ئەنگۆ، هنگ، هنگۆ، نێوە؛ ٢) خوُن، خین، خوێن، خوێن؛ ٣) دارژانی بێ پسانەوە: (**هوُن هوُن** فرمێسکی لە چاودەرژا) ف ١) شما؛ ٢) خون؛ ٣) ریزش بدون انقطاع.
هۆنا: هێشتا، هێمان ف هنوز.
هۆناس: سەرپاڵەی دروێنە ف سردستهٔ دروگران.
هوُنالو: خوێناوی ف خون آلود.
هۆنان: ١) تەنین، چنین؛ ٢) برێتی لە بنیات نانی دامودەزگای میری یان بازرگانی ف ١) بافتن؛ ٢) کنایه از تشکیل سازمان.
هۆناندن: ژێدەری هۆنان ف نگا: هۆنان.
هوُناو: خوێناو، ئاوی خوێناوی ف خونابه.
هۆنـدراو: ١) داوی بەیەکەوە بادراوی تێك هەڵکشاو؛ ٢) دەنکەموُروی بەبەنەوەکراو ف ١) بهم بافته؛ ٢) بەرشته کشیده.
هۆندراوە: ١) هۆندراو؛ ٢) برێتی لە بە شێعر گوتراو ف ١) نگا: هۆندراو؛ ٢) کنایه از کلام منظوم.
هۆندك: هندك، کەم ف کم.
هۆندن: وەندن ف نگا: وەندن.
هۆندنەوە: هۆندن، وەندن ف نگا: وەندن.
هوندور: ئەندەروُن، ژوُرەوە ف اندرون، تو.
هوندورین: ژوُرەوە، هەناو، دەروُن ف درون، تو.
هۆندە: ١) هێندە، ئەوەندە؛ ٢) پتر ف ١) این قدر؛ ٢) بیشتر.
هۆندەکە: هندك، کێم، کەم ف کم.
هۆنراو: هۆندراو ف نگا: هۆندراو.
هۆنراوە: هۆندراوە ف نگا: هۆندراوە.
هوُنڕێژ: خوێنڕێژ ف خونریز.
هونژەك: وەنەوز ف چُرت خواب.
هونژی: وەنەوزی هاتێ ف چُرت زد.
هونـژین: ١) وەنـەوزدان؛ ٢) راکشـانو درێژبـوُن بۆ سوُکـەخـەو؛ ٣) خەوبردنەوە، پۆنزین ف ١) چُرت زدن؛ ٢) دراز کشیدن برای خواب کوتاه؛ ٣) کسی را خواب بردن.
هۆنقەراس: هانقاس، ئەوهەندە، ئەمئەندازەیە ف این اندازه.
هۆنك: فێنك ف خنك.
هوُنك: فێنك ف خنك.
هوُنکایی: فێنکایەتی ف خنکی.
هۆنك‌با: بایەکە لە باکوُری خۆرهەڵاتەوە دێ ف باد شمال شرقی.
هوُنگ: هوُن، ئەنگۆ، هنگ، ئێوە، هەوە ف شما.
هۆنگۆ: هنگ، ئێوە، ئەنگۆ، وە ف شما.

هونگوست: قامك، تلی، پلی، تلهی ف انگشت.
هونگوستر: ئەنگوستیلەی دورمان ف انگشتانه.
هونگوستەك: هونگوستر ف انگشتانه.
هونگوستیل: ئەنگوستیلە ف انگشتری.
هونگوستیلك: ئەنگوستیلە ف انگشتری.
هونگولیر: ئەنگوستیلە ف انگشتری.
هونگولیسك: ئەنگوستیلە ف انگشتری.
هونگولیسکێ: کاڵەمستێن، پشکیلان ف نگا: کاڵەمستێن.
هۆننەوە: هۆندنەوە ف نگا: هۆندنەوە، وەندن.
هونە: خەنە، هەنە، گەڵای گیایەکە دەیهاڕن بۆ جوانیو دەرمان دەشێو ڕەنگی سوورە ف حنا.
هۆنــە: ١) هۆنـدراو، پرچی هۆنـدراو؛ ٢) مووڕوی هۆنـدراو؛ ٣) نیشانە، نیشانەی باشی، ئاکار: (**هۆنەی میرانەیە**)؛ ٤) بەشوێن یەکا داوەرینی فرمێسـك: (**هـۆنەهۆنە فرمێسکی هاتەخوار**)؛ ٥) ئەوجۆرەن: (**بەڵێ گش کەس هۆنـــە بێوەفـــانـــە**)؛ ٦) دەنگی گریانی سەبـر: (**ئـەم هۆنـــەهـۆنـەت لەچیە؟**)؛ ٧) لوورەی گێژاو؛ ٨) هەڵبـەست، شێعـر، بەرانبـەری پەخشـان؛ ٩) نەسیم، شنـە ف ١) بهم بافته؛ ٢) بەرشته کشیده؛ ٣) نشانهٔ خوبی؛ ٤) ریزش اشك پیاپی؛ ٥) چنین هستند؛ ٦) صدای گریهٔ آهسته؛ ٧) صدای گرداب؛ ٨) شعر، نظم؛ ٩) نسیم.
هۆنە: ماڵ، خانوی جێگەی ژیان ف خانه.
هۆنەپا: نۆکەری ناوماڵ ف نوکر پادوخانه.
هۆنەدار: بناوانی ماڵ ف خانەدار.
هونەر: دەس ڕەنگینی، حونەر ف هنر.
هۆنەر: ١) کەسێ کە دەهۆنێتەوە؛ ٢) برێتی لە شاعیر ف ١) بافنده یا به رشته کشنده؛ ٢) کنایه از ناظم شعر، شاعر.
هونەراوی: شتێ کە حونەری تێدا دەکارکراوە ف هنری.
هونەرمەن: حونەرمەند، دەس ڕەنگین، بەحونەر ف هنرمند.
هونەرمەند: هونەرمەن ف هنرمند.
هونەرەوەر: هونەرمەن ف هنرور، هنرمند.
هونەری: حونەری، هونەرمەندانە ف هنرمندانه.
هۆنهۆن: ١) گریانی سەبـری بێبڕانـەوە؛ ٢) فرمێسـك داوەرینی بەشوێن یەکدا؛ ٣) دەنگی گێژاو ف ١) گریهٔ آهستهٔ بدون انقطاع؛ ٢) اشك‌ریزی بدون انقطاع؛ ٣) صدای گرداب.
هۆنەك: پرچی وەهۆنراو ف زلف تابیده.
هۆنەهۆنە: هۆنهۆن ف نگا: هۆنهۆن.
هۆنەیی: ئاوەها، بەم تەرزە ف اینطور.
هونی: ئاوها، بەمجۆرە ف اینطور، چنین.
هۆنی: برێتی لە دوژمنی خوێنی ف کنایه از دشمن خونی.
هونین: هۆندنەوە ف نگا: وەندن، هۆندنەوە.
هۆنین: هۆندنەوە، موونین، مووناندن ف نگا: مووناندن.
هۆنینەوە: هۆندنەوە، وەندن ف نگا: وەندن.
هۆو: ١) بەڵێ، ها؛ ٢) ئەو شتەی دوور ف ١) کلمهٔ جواب، بلی؛ ٢) آن، اشاره به دور.
هۆوا: هۆ ئەوجێیە، هیمایە بۆ دوور ف آنجا، اشاره به جای دور.
هوواتش: پێکەنین، خەنە، کەنین ف خنده.
هوواتە: ١) پێکەنین؛ ٢) پێدەکەنێ ف ١) خندیدن؛ ٢) خندید.
هووایش: پێکەنین ف خندیدن.
هۆوت: هۆت، هەوت، حەوت، حەفت ف هفت.
هۆوتای: حەفتا، حەفتێ، هەوتای ف هفتاد.
هۆوز: ١) سەوز، کەسك؛ ٢) حەوز، بڕکە، هەوز ف ١) سبز؛ ٢) حوض.
هۆوسار: هەوسار ف افسار.
هۆوق: تاق، تاقی گومبەز، هەوق ف سقف گنبد.
هۆول: ١) هەول، باش؛ ٢) نەترس ف ١) خوب؛ ٢) نترس.
هۆون: خەو، خەون ف خواب، رؤیا.
هۆونەیش: تواشاکردن، لێمەیزاندن ف نگاه کردن.
هووە: پاڕو، سەوڵ، بێڵی دارین ف پارو.
هۆوە: ئەو شتەی لەبەرچاوەو دوور ف آنچیز.
هۆوها: هۆوە ف آنچیز.
هۆوهانێ: ئەوەتا لەوێیە ف اینك آنجا است.
هۆوەت: ئەو شتەت ف آن چیزت.
هۆوەتا: ئەوا لەوێیە ف اینك آنجا است.
هۆوەتانێ: هۆوەتا ف اینك آنجا است.
هۆوەرە: مێشەسی، چرگ، جێرگ ف هوبره.
هۆوەهە: ئەو ستە لەبەرچاوە دوورەکە ف آن چیز که نمایان است.
هۆوەها: ئەوەتانێ لەوێ ف اینك در آنجا است.
هۆوە: پاڕو، بێڵی دارین، سەوڵ ف پارو.
هوها: وتەی گاڵتەپێکردن ف کلمهٔ تمسخر.
هۆهۆ: ١) وتەی جوتیار لە جووتلێخوڕیندا؛ ٢) بانگ کردنی مێگەل؛ ٣) بانـگ کردنی کەسێ لەدوورەوە: (هـۆهـۆ مامحەسەن)؛ ٤) وتەی سەیرمانو باوەڕ نەکردن: (**هۆهۆ ئەوە تۆ دەڵێی چی؟**) ف ١) تکیه‌کلام کشـاورز در شخم زدن؛ ٢) خوانـدن گله؛ ٣) حرف ندای دور؛ ٤) علامت تعجّب و ناباوری.
هوهـو: ١) دەنگی گریان؛ ٢) خوێنـدنی کوند ف ١) صدای گریه؛ ٢) صدای جغد.
هوهوکەرە: جۆرێ کوند ف نوعی جغد.
هۆی: ١) وتەی بانگ کردنی دوور؛ ٢) گرێو، مەرج ف ١) حرف ندای دور؛ ٢) شرط.
هۆیاندن: گـرێوکردن، مـەرجدانـان، مەرج بەستن، گرۆکردن ف شرط بستن.
هۆیچ: نەتشت ف هیچ.
هوێر: ورد، هوور ف خرد، ریز.
هوێرك: ١) هوێر؛ ٢) گاتـو، شاتـو؛ ٣) گوێزنگ، قاپ ف ١) خرد؛ ٢) شاه‌توت؛ ٣) قوزك پا.
هوێزی: ١) خشت، جۆرێ نیزە بۆ شەڕ پێشو کورد دەکاریان دێنا، زەرگی

شەڕ؛ ٢) گورز؛ ٣) باقەی بەستراو لە گیا؛ ٤) دەسکەگوڵ [ف] ١) نوعی نیزهٔ جنگی؛ ٢) گرز؛ ٣) بستهٔ گیاه؛ ٤) دسته‌گل.
هۆیسیر: کەندوی لەشوڵ‌تەنراو [ف] کندوی بافته از ترکه.
هۆیسیل: هۆیسیر [ف] کندوی غلّه بافته از ترکه.
هۆیش: چۆش، هۆش، پیتی ڕاوەستاندنی کەر [ف] کلمهٔ ترمز الاغ.
هۆیشك: وشك، ئیشك [ف] خشك.
هویکێ: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد [ف] روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
هویل: ئارا، ئاگار: (من لە **هویلا** نەبوم ئەمشەڕە کریا) [ف] آگاه، با اطلاع.
هۆیل: ١) هوڵ؛ ٢) حوڵ، گێژ؛ ٣) پیاوی مۆخورمایی؛ ٤) والاّ، بەتاڵ، خاڵی [ف] ١) نگـا: هوڵ؛ ٢) سراسیمه، گیج؛ ٣) آدم موخرمایی؛ ٤) خالی، تهی.
هۆین: ١) ئێوە، وە، هنگ، ئەنگۆ، هوُن: ٢) فێر لە فێر بوُن [ف] ١) شما: ٢) یاد از یادگرفتن.
هۆینبوُن: فێر بوُن [ف] یادگرفتن.
هۆینك: فێنك، ساردی سازگار [ف] خنك.
هۆین کرن: فێرکردن [ف] یاددادن.
هۆیە: پاڕو، سەوڵ، بێلی دارین [ف] پارو.
هۆیها: وتەی سەیرمان‌و باوەڕنەکردن [ف] کلمهٔ تعجّب و ناباوری.
هویی: هووە، پاڕو [ف] پارو
هۆییە: نێر، داری سەرملی گاجوُتان لە کاتی جوُت‌کردندا [ف] یوغ.
هە: ١) خاوەنی بوُن؛ ٢) وشەی دنەدان: (**هە** برام، **هە** کوڕم، **هە** لە منتان کەوێ)؛ ٣) وەرگرە، ها؛ ٤) پیتی فەرمان: (**هەڕو، هەرو**)؛ ٥) ئەی، هۆ: (**هـە** یاران)؛ ٦) هەر: (**هە** بێژە، واتا: هەر باخێوە) [ف] ١) موجود؛ ٢) کلمهٔ تشجیع؛ ٣) بگیر؛ ٤) حرف فرمان و دستور؛ ٥) ای، حرف ندا؛ ٦) همواره.
هەء: نە، نا، هئا [ف] نه.
هەئا: هئا، نە، نا [ف] نه.
هەب: ١) دانە، دەنك؛ ٢) تۆزێ، کەموکەیەك؛ ٣) دەغڵ؛ ٤) گزموُڵەی دەرمان [ف] ١) دانه؛ ٢) کمی؛ ٣) غلّه؛ ٤) قرص.
هەبا: بوُبا، خاوەنی بوُن بوایە [ف] اگر می‌بود.
هەباس: سوُکەڵەناوی عەبباس [ف] مخفّف عبّاس، نام مردانه.
هەباس‌چەمەك: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد [ف] روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
هەبان: ١) ببونایە، ببوایەن؛ ٢) هەمبان، هەوان [ف] ١) اگر موجود بودند؛ ٢) انبان.
هەباندن: حەزلێ‌کردن، خۆشویستن [ف] دوست داشتن.
هەبانـە: ١) کوُپـەڵەو جەڕەی بێ‌دەسك؛ ٢) هەمبان [ف] ١) خم و تنگ بی‌دسته؛ ٢) انبان.
هەباهەب: تاکەتاکە [ف] یکی یکی، دانه‌دانه.
هەبت: بێ: (**هەبت** نەبت چونینە) [ف] موجود باشد.
هەبـرمـان: دانـەوێڵەو سەوزی وشکی هەڵگیراو بۆ زستـان [ف] بنشن و سبزی خشك ذخیره شده.
هەبڕەش: سیاوڵە، ڕەشکەی کولێرە [ف] سیاه‌دانه.
هەبڕەشك: سیاوڵە، ڕەشکەی کولێرە [ف] سیاه‌دانه.
هەبرینك: برینگی بەزبڕینەوە [ف] دوکارد پشم‌چینی.
هەبرینگ: هەبرینك، دوێردی خوری بڕینەوە [ف] دوکارد.
هەبس: حەفس، گرتوخانە [ف] زندان، حبس.
هەبشاندن: بە لرفەو پەلە فرەخواردن [ف] پرخوری شتاب‌آمیز.
هەبکی: دانوُ، دانوُڵە، گەنمی لەئاودا کوڵاو [ف] گندم آب‌پز.
هەبل: ١) پڕ، تژە؛ ٢) نەخۆشی گرْفت [ف] ١) پُر؛ ٢) بیماری امتلا.
هەبڵەق: ئەبڵەق، بازو، بازك [ف] خلنگ، اَبْلَق.
هەبلین: ١) پڕبـوُن؛ ٢) نەخـۆشی گرْفت؛ ٣) تۆشی ئەخۆشی گرْفت بوُن؛ ٤) تالۆزبوُن، سەرلێ‌شێوان [ف] ١) پرشدن؛ ٢) بیماری امتلا؛ ٣) مبتلاشدن به امتلا؛ ٤) سردرگم.
هەبن: بەندی سنگی ڕەشماڵ [ف] بند دیرك سیاه‌چادر.
هەبـو: ١) بوُ؛ ٢) دارا: (پیاوێ **هەبوە** فەقیر نیە)؛ ٣) ئەوی هەیە [ف] ١) بود؛ ٢) دارا؛ ٣) موجودی.
هەبۆسان: ڕازیانە، گیایەکی بۆن‌خۆشە [ف] رازیانه.
هەبـوُن: ١) دارایی؛ ٢) دژی نەبوُن: (**هەیەتی**)؛ ٣) ئەوان بوُن [ف] ١) دارایی؛ ٢) موجودیّت؛ ٣) بودند.
هەبـوُنی: ١) دژی نەبـوُنی، دەوڵـەمـەنـدی؛ ٢) ژیو ساغی [ف] ١) ثروتمندی؛ ٢) سلامت.
هەبە: خاوەن بوُن بە: (تۆ نابێ بچی هەر **هەبە**) [ف] موجودباش.
هەبەت: هەڵبەتە، هەڵبەت، بێ‌گومان [ف] البتّه.
هەبەش: هەراش، بەکەیف: (کارگ **هەبەشە**) [ف] بالیده، رشدکرده.
هەبەشیك: جۆرێ مقەلی لە قوڕ، گڵێنەی وەك مەنقەڵی [ف] نوعی منقل گلین.
هەبەك: ١) لەپی دەست، بەری دەست؛ ٢) بیچەك، کەموسکەیێ [ف] ١) کف دست؛ ٢) اندکی.
هەبەکۆ: وێدەچێ کە [ف] مثل اینکه.
هەبهەب: وشەی دنەو هانەدانە لە شەڕدا [ف] کلمهٔ تشجیع در جنگ.
هەبی: ١) خاوەن‌بوُن بی؛ ٢) هەبـو؛ ٣) جۆرێ کەندر؛ ٤) لۆکە [ف] ١) باشی؛ ٢) بود؛ ٣) نوعی کنف، ریسمان؛ ٤) پنبه.
هەبیس: مرۆی تەرکەدنیاو پیاوی خوا [ف] زاهد، مرد خدا.
هەبین: بوُن [ف] بودن، وجود.
هەبینا: تۆزێکی تر، کەمێکی دیکە [ف] اندکی دیگر.
هەپ: ١) بۆخی زەمینی تەڕ لەبەر گەرمای ڕۆژ؛ ٢) حەپ، عەف، حەپەی سەگ؛ ٣) خواردن لە زاراوی زاڕۆکـانـدا [ف] ١) بخار زمین؛ ٢) واق سگ؛ ٣) خوراکی درگویش کودکانه.
هەپـروُن: وردو خاش، لەت‌و کوت: (لـەو شاخـەوە کەفـتـەژێر هەپروُن‌بەهەپروُن بو) [ف] خرد و خاش، لت وپار.
هەپـروُن‌بەهـەپـروُن: ١) هەپـروُنی زۆر؛ ٢) شاخی زۆر بەرزو دژوار: (چیایەکی **هەپروُن‌بەهەپروُنە**) [ف] ١) خردوخاش و درهم شکسته؛ ٢)

پرتگاه بسیار سخت و بلند در کوه.

هه‌پس: حه‌فس، گرتوخانه [ف] زندان.

هه‌پش: ١) ئه‌سپێ، سپێ؛ ٢) پژمه؛ ٣) پڕکردنی ده‌فر به پاڵه‌په‌ستۆ: (جه‌واڵ هه‌پشاندن) [ف] ١) شپش؛ ٢) عطسه؛ ٣) آکندن ظرف با فشار.

هه‌پشاندن: داگرتنی جه‌واڵ و ده‌فر پڕاوپڕ و به پاڵه‌په‌ستۆ [ف] پرکردن ظرف با فشار.

هه‌پش کرن: پژمین، پشمین، په‌نژین، سه‌برهێنان [ف] عطسه‌کردن.

هه‌پك: ١) که‌رکیت؛ ٢) تێلا؛ ٣) به‌ڕه‌ی ئه‌ستوور؛ ٤) خواردنی منداڵ به زمانی منداڵان، هه‌پێ: (هه‌پكێ بده به‌بكێ) [ف] ١) شانهٔ پودکوبی؛ ٢) چوب برگ‌کوبی؛ ٣) پلاس و گلیم ستبر؛ ٤) خوردنی در زبان کودکان.

هه‌پلۆك: ئاڵه‌کۆك [ف] گیاهی از تیرهٔ شنگ.

هه‌پله: ١) کورته‌باڵای قه‌ڵه‌و، خه‌پله؛ ٢) وڕاوه، ڕاواندن، وڕێنه [ف] ١) کوتاه‌قد چاق؛ ٢) هذیان.

هه‌پو: ١) ته‌واوبو به‌زمانی زارۆکان، نه‌ما، خه‌لاس‌بو؛ ٢) په‌پوسلێمانکه [ف] ١) تمام شد به زبان کودکانه؛ ٢) شانه‌بسر، هُدهُد.

هه‌پۆ: ١) جۆرێ پێشکه‌ی ورد؛ ٢) هه‌په، که‌رکیت [ف] ١) نوعی پشهٔ ریز؛ ٢) شانهٔ پودکوبی.

هه‌پۆك: په‌پو سلێمانه [ف] هُدهُد، شانه‌بسر.

هه‌پۆله: حه‌پۆل، زڕته‌زه‌لامی نه‌زان [ف] لندهور نفهم.

هه‌په: ١) که‌رکیت، هه‌پك؛ ٢) سه‌رمژانه؛ ٣) فریو، خه‌ڵه‌تان؛ ٤) حه‌په، عه‌ف، حه‌پ؛ ٥) ئه‌و شوێنه‌ی جلکی پێداده‌که‌ن [ف] ١) شانهٔ پودکوبی؛ ٢) ابزاری در خیش؛ ٣) فریب؛ ٤) واق سگ؛ ٥) رخت‌آویز.

هه‌په‌نان: خاپاندن، فریودان [ف] فریب دادن.

هه‌پی: هه‌پ، خواردن له زمانی مناڵاندا [ف] خوردنی در لهجهٔ کودکان.

هه‌پێ: وته‌ی بانگ‌کردنی زارۆك بۆ خواردن، بخۆ [ف] بخور به زبان کودکانه.

هه‌پیلۆك: بێ‌فه‌ڕ، خوێڕی [ف] بی‌عرضه.

هه‌ت: ١) وته‌ی دنه‌دانی سه‌گ؛ ٢) ئازادکردنی بێچو له مژینی دایك؛ ٣) نك، جه‌م، کن [ف] ١) کلمهٔ برانگیختن سگ؛ ٢) آزادی بچهٔ دام برای شیرمکیدن؛ ٣) نزد، پیش.

هه‌تا: ١) ئه‌و سه‌ری ماوه‌و نێوان: (لێره **هه‌تا** ئه‌وێ دو بسته)؛ ٢) وته‌ی مه‌رج‌دانان: (**هه‌تا** نه‌یه‌ی نایه‌م)؛ ٣) بۆ ئه‌وه‌ی: (کارم کرد **هه‌تا** نه‌یژی کارناکا)؛ ٤) بێ‌بڕانه‌وه: (**هه‌تا هه‌تایه** قسه‌ت ده‌گه‌ڵ ناکه‌م)؛ ٥) تا وه‌ختێ: (**هه‌تا** تۆم ئاشنا بوی ئاشنا بون/ ئه‌وێستا مۆ به‌مۆ ئه‌غیاره بێ تۆ) «کـوردی» [ف] ١) حتّی، تا؛ ٢) حرف شرط؛ ٣) تااینکه، برای اینکه؛ ٤) ابد، همیشه؛ ٥) تا وقتی.

هه‌تار: ١) کوتکی گه‌وره؛ ٢) تاوێر، به‌ردی زلی گلاره‌وه‌بوگ له کێف [ف] ١) پُتك گچ‌کوبی؛ ٢) صخرهٔ غلتان از کوه.

هه‌تاره‌ك: له نه‌وروزدا زارۆك ئیژنی، واتا: ئاگرۆکه [ف] اصطلاحی که در جشن نوروز گفته می‌شود.

هه‌تاسه‌ر: هه‌میشه: (دنیا **هه‌تاسه‌ر** هه‌ر وا نابێ) [ف] همیشه.

هه‌تاڤ: تیشکی خۆر، تاو [ف] تابش خورشید، آفتاب.

هه‌تاکو: ١) لێره تا ئه‌وێ، هه‌تا؛ ٢) تا ئه‌مه‌ی: (**هه‌تاکو** نه‌یه‌ی نایه‌م)؛ ٣) تا ئه‌وده‌مه‌ی: (**هه‌تاکو** پار هه‌ر ده‌هات) [ف] ١) تا آنجا؛ ٢) شرط این است؛ ٣) تا آن هنگام.

هه‌تاکونێ: هه‌تاکو [ف] نگا: هه‌تاکو.

هه‌تاکوێ: تاکام‌جێ؟ [ف] تاکجا؟

هه‌تاکینێ: هه‌تاکو [ف] نگا: هه‌تاکو.

هه‌تان: ١) تامان، چه‌په‌ر، ته‌یمان؛ ٢) تاوه‌کو، هه‌تاکو؛ ٣) تا ئه‌م ئه‌ندازه؛ ٤) هێشتا بێته سه‌ری [ف] ١) در یا دیوار از ترکه بافته شده؛ ٢) تااینکه؛ ٣) تا این اندازه؛ ٤) هنوز بیشتر، بازهم افزونتر.

هه‌تانا: ١) تا ئه‌م ئه‌ندازه؛ ٢) هێشتا بێته سه‌ری؛ ٣) تاکو [ف] ١) تا این اندازه؛ ٢) بازهم بیشتر؛ ٣) تا اینکه.

هه‌تانك: ئه‌م ئه‌ندازه که‌مه [ف] این مقدار کم.

هه‌تانوها: تائێسته [ف] تاکنون.

هه‌تانهۆ: هه‌تانوها [ف] تاکنون.

هه‌تانه: لاتان هه‌یه، شك‌ده‌به‌ن، ئێوه دێرن [ف] دارید.

هه‌تانێ: هه‌تاکو [ف] نگا: هه‌تاکو.

هه‌تاو: ١) تیشکی خۆر، خۆره‌تاو؛ ٢) په‌له، له‌ز: (به **هه‌تاوهات** و تێ‌په‌ڕی) [ف] ١) تابش خورشید، آفتاب؛ ٢) شتاب.

هه‌تاوبردن: تاوانگازبون، تاوبردن [ف] آفتابزدگی.

هه‌تاوبردو: تاوانگاز [ف] آفتابزده.

هه‌تاوبرده: تاوانگاز [ف] آفتابزده.

هه‌تاوکه‌فتن: خۆرهاتن، زه‌رده‌ی به‌یان [ف] آفتاب برآمدن.

هه‌تاوکه‌وتن: هه‌تاوکه‌فتن [ف] آفتاب برآمدن.

هه‌تاوگاز: تاوانگاز، هه‌تاوبرده [ف] آفتابزده.

هه‌تاوه‌ك: ١) تا به‌وێنه‌ی؛ ٢) که‌مێ له زه‌مان، تاوێك [ف] ١) تابه‌گونهٔ؛ ٢) مدّت کوتاهی.

هه‌تاوه‌کو: هه‌تاکو [ف] تااینکه.

هه‌تاوه‌کونێ: هه‌تاوه‌کو، هه‌تاکو [ف] تااینکه.

هه‌تاوه‌کی: هه‌تاوه‌ك [ف] نگا: هه‌تاوه‌ك.

هه‌تاوه‌کینێ: وته‌ی مه‌رج، تا [ف] تااینکه.

هه‌تاوی کورد: گۆڤارێکی تورکی و کوردی بو ساڵی ١٩١٠ و ١٩١١ له ئه‌سته‌مووڵ ده‌رده‌چو [ف] نام مجلّه‌ای.

هه‌تاهه‌تا: بێ‌بڕانه‌وه‌ی ده‌م‌و کات [ف] اَبَد، تاابد.

هه‌تاهه‌تایه: هه‌تاهه‌تا [ف] تاابد.

هه‌تاهه‌تایی: تا سه‌ر، بێ بڕانه‌وه‌ی کات [ف] ابدی، تابی‌نهایت زمان.

هه‌تبا: بت‌بوایه [ف] اگر داشتی.

هه‌تبان: ئی ئێوه بونا [ف] اگر آنها را داشتی.

هه‌تته: وته‌ی که‌رتاژۆتن [ف] کلمهٔ راندن الاغ.

هه‌ت‌دان: ١) دنـه‌دانی سه‌گ، کس‌کس؛ ٢) به‌ره‌لاکـردنی بێچـو بۆ

مژینی دایك: (بێچوەكان **هەت‌دە** با بمژن) ف ۱) برانگیختن سگ؛ ۲) آزاد کردن بچهٔ دام برای شیرخوردن.

هەترش: گوندێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف نام روستایی در کردستان که توسط بعثیان ویران شد.

هەترە: ۱) بازرە، تەرە؛ ۲) سەرو بەر کردنی گوللەو تیر: (**هەترەی** کرد لێی نەدا)؛ ۳) ورە، ورار ف ۱) رفتن بی برگشت؛ ۲) انحراف تیر از هدف؛ ۳) قوّت قلب، شجاعت.

هەترەش: ورە، نەترە، هەترە ف قوّت قلب، زهره، شجاعت.

هەترەك: هەتار، کوتکی بەردشکاندن ف پُتك بزرگ.

هەترەگ: پیری لەکارکەوتە ف پیرلکنته.

هەتك: ۱) نامووس، ئابڕو: (**هەتکی** بردم)؛ ۲) سووکایەتی بەسەرهێنان: (**هەتکی** کردم)؛ ۳) ئابڕوچوون ف ۱) آبرو؛ ۲) آبـروبردن، بی‌آبروکردن؛ ۳) آبرورفتن.

هەتکاندن: ئابڕوبردن ف آبروبردن.

هەتك کردن: هەتکاندن ف آبروبردن.

هەتکی: ئابڕوڕژاو ف آبرورفته، بی‌آبرو.

هەتکیایش: ئابڕونەماو، ئابڕوبراو ف آبرورفته.

هەتڵە: ۱) ڕەویو، هەڵوەدا؛ ۲) ڕێ‌لێ‌گۆڕاو ف ۱) رمیده؛ ۲) گمراه، منحرف از راه.

هەتمچە: نانەجیبی خوێڕی‌و بێ‌ئابڕو ف ناکس بچه، پست.

هەتمچەرەك: هەتمچە ف ناکس بچه.

هەتمچەرەکی: نانەجیبی، خوێڕیایەتی ف دنائت.

هەتوان: مەڵحەم، دەرمانێ که دەبرینی دەساون ف مرهم.

هەتۆتە: هەتۆتە ف نگا: هەتۆتە.

هەتۆتە: مێخەکبەندو شتی بۆن‌خۆش که بە جلکیەوە دەدروون ف چیز خوشبو که بر لباس دوزند.

هەتۆڵ: وتەی سەرەتای کایەی حللورپلوورە ف اصطلاحی در بازی کودکانهٔ اَتَل مَتَل.

هەتۆڵ مەتۆڵ: حللوورپللوور، کایەی منالانە لاق دەخەنە ناو لاقی یەکترو دریژی دەکەن هەرکامێك نۆرەی هات‌و دەست لە لاقی درا دەبێ لاقی بکێشێتەوە دواوە ف نوعی بازی کودکانه، اَتل مَتل.

هەتە: ۱) تۆ خاوەنی ئەوشتەی: (پوڵە؟ **هەتە**، ماڵە؟ **هەتە**، ئەگەر **هەتە** بم‌دەیە)؛ ۲) هەتتە؛ ۳) نك، جەم، کن ف ۱) داری؛ ۲) کلمهٔ راندن الاغ؛ ۳) نزد.

هەتەر: ۱) مەودای حوکمی چاو: (چاوم **هەتەری** لێ ناکا، تا چاو **هەتەر** دەکا دەشتە)؛ ۲) سەرو بەر کردنی تیر، وەئامانج نەکەوتن: (تیرم **هەتەر** ناکا، گولله **هەتەری** کرد)؛ ۳) سوور لەسەر مەبەست؛ ۴) ئاگر؛ ۵) مەودای تیرگەیشتنێ ف ۱) بُرد دید؛ ۲) خطارفتن تیر؛ ۳) پافشار مُصِرّ؛ ۴) آتش؛ ۵) تیررس.

هەتەرێ: وشەیەکە لە نەورۆزانە دەگوترێ بەمانا ئەی ئاگر، ئاگرانە ف ای آتش.

هەتەق: وتەیەکە بۆ گاڵتە بەدرۆکردن، درۆیە: (**هەتەق** لەو قسەڕاستە!!) ف اصطلاحی برای مسخره کردن سخن دروغ.

هەتەك: ۱) ئاتەگ، داوێنی کەوا؛ ۲) نیفۆکی دەرپێ؛ ۳) هاواڵ، هاوڕێ؛ ۴) تەك، نزیك، لا ف ۱) دامن قبا؛ ۲) خِشتك شلوار؛ ۳) رفیق، همراه؛ ۴) نزد.

هەتەهەتۆك: هەتۆتە ف نگا: هەتۆتە.

هەتی: ۱) سووکەڵەی هەتیو، وتەیەکە بۆ گەف: (**هەتی** دەتکوژم)؛ ۲) لە دۆستایەتی‌دا دەڵێن: (**هەتی** بڕوانە، ئای **هەتی** مامە لەو شێرەی) ف ۱) کلمه‌ای تهدیدآمیز؛ ۲) خطابی دوستانه.

هەتیتە: پارچەپوڵایەکی کون‌کونە زێڕینگەران تاڵەزێڕی پێ دەگوشن‌و ڕاست دەکەنەوە ف شفشاهنج، از ابزار زرگری.

هەتیم: ۱) سێوی، بێ‌باب‌وداك؛ ۲) هەتی ف ۱) یتیم؛ ۲) نگا: هەتی.

تیمچە: ۱) هەتمچە؛ ۲) چێشتێکە بە سێب‌زەمینی‌و پیوازو تەماتەو باینجان ساز دەکرێ ف ۱) ناکس‌بچه؛ ۲) غذایی است مرکّب از سیب‌زمینی و پیاز و گوجه‌فرنگی و بادمجان.

هەتیو: ۱) سێوی؛ ۲) هەتی ف ۱) یتیم؛ ۲) نگا: هەتی.

هەتیوبار: بێوەژنی خاوەن منالی ورد ف بیوهٔ بچه‌دار، مادر یتیمان.

هەتیوباری: ۱) حاڵی هەتیوبار؛ ۲) بڕیتی لە نەداری‌و فەقیری ژنی بێ‌مێرد ف ۱) حالت بیوهٔ مادریتیمان؛ ۲) کنایه از بینوایی بیوه.

هەتیوباز: منالباز، بەچەباز ف بچه‌باز.

هەتیوبوون: باب‌و داك مردن ف یتیم شدن.

هەتیوچە: هەتمچە ف ناکس بچه.

هەتیوخانە: جێگەی بەخێوکردنی سێویان ف پرورشگاه ایتام.

هەتیوکەوتن: هەتیوبوون ف یتیم شدن.

هەتیومچ: هەتمچە ف ناکس بچه.

هەتیومەتیو: ڕووتەو پووتە، ڕووت‌و ڕەجاڵ ف اوباش.

هەتیوە: ۱) وتەی گەف بە سووکایەتیەوە، هەتی: (**هەتیوە** دەتکوژم)؛ ۲) بە گاڵتەوە دواندنی هاواڵ، هەتی: (**هەتیوە** بزانە چەند خۆشە)؛ ۳) چەلاکی باریکی چادر کە بەر دیرەگی دەدەن؛ ۴) نیسکێنەی توندی بێ‌ڕۆن؛ ۵) تەختەکوێنی کەنارەی ڕەشماڵ کە شۆڕدەبێتەوە ف ۱) کلمهٔ تهدید تحقیرآمیز؛ ۲) خطاب میان دودوست صمیمی بدون قید وقیود؛ ۳) ستونك پشتیبانهٔ دیرك چادر؛ ۴) آش عدس غلیظ و بی‌روغن؛ ۵) قطعهٔ آویزان از کنار سیاه چادر.

هەتیوی: ژیانی بەبێ باب‌و داك ف یتیم بودن.

هەجاس: ناوبژیکەر ف میانجی.

هەجاسی: ناوبژی کردن ف میانجیگری.

هەجان: ۱) هۆزێکی کوردە لە بادینانی کوردستان؛ ۲) کووپ کە بۆ لەش ڕەق‌بوون دەکاری دێنن ف ۱) نام ایلی در کردستان؛ ۲) بادکش.

هەجانکەر: کەسێ کە کووپ لە لەش دەگرێ ف بادکش‌گیر.

هەجب: فڕ، فڕپێ‌دادان، خراوگوتن ف بدگویی، هجو.

هەجناندن: داهێزان، هەجنین ف احساس سستی در اندام.

هەجنین: داهێزان، لەش گران‌بوون ف احساس سُستی در اندام.

هەجو: هەجب، فڕ ف بدگویی، هجو.

هەجوُج: ئاجوُج، عاجوُج، هاجوُج، هاواڵی یاجوُج [ف] یأجوج.
هەجوُجك: تۆوی هارمێ [ف] تخم گلابی.
هەجەت: ۱) حاجەت، ئەسباب، ئامێر، ئامراز؛ ۲) برێتی لە کێر [ف] ۱) ابزار، وسیله؛ ۲) کنایه از آلت تناسلی نرینه.
هەجەجك: هاجی‌ڕەشك، پەڕەسێلکەی ڕەش کە لەماڵاندا هێلین چێ‌دکە [ف] چلچله.
هەجەر: گۆڕستان [ف] مقبره.
هەجـەل: ۱) دەمی دیاری‌کراو: (ئـەم قەرزەت بە **هەجـەلی** دومـانـگ دەدەمێ)؛ ۲) ئاکامی مەرگ [ف] ۱) وقت معیّن؛ ۲) اجل.
هەجەمات: حەجامات، کەڵەشاخ‌گرتن [ف] حجامت.
هەج‌هەجك: پەڕەسێلکەی ناوماڵان، حاجی‌ڕەشك [ف] چلچله.
هەجی: حاجی [ف] حاجّ.
هەچ: نیشارە بۆ گشتی ناونەبر: (بە **هەچ** لایەکا بڕوا، **هەچ** کەس بێ) [ف] هرچه یا هرکس.
هەچا: ۱) پێڕا؛ ۲) پێکەوە [ف] ۱) بەوسیلهٔ؛ ۲) باهم.
هەچچە: هەتتە [ف] کلمهٔ راندن الاغ.
هەچك: ئاڵقەی سەری گوریسی باربەند [ف] حلقهٔ سر رسن باربند، وهنگ.
هەچکۆ: هەر ئێژی، وەك ئەوە وایە [ف] مثل اینکه، تو گویی.
هەچکوچ: مێوژ [ف] مویز.
هەچکوچی: مەویژ، مێوژ، مێویژ [ف] مویز.
هەچە: ۱) کەری سواری: (مامەگیان سواری **هەچەم** ناکەی؟)؛ ۲) وتەی ئاژۆتنی کەر [ف] ۱) الاغ سواری؛ ۲) کلمهٔ راندن الاغ.
هەچەڵ: ۱) هەچك؛ ۲) چەتوُن، کاری دژوار [ف] ۱) وهنگ؛ ۲) مشکل.
هەچەهەچ: ۱) دوپاتە لەدوی یەك گوتنی هەچە؛ ۲) برێتی لە قسەی زۆر بێ‌تام [ف] ۱) کلمهٔ راندن الاغ؛ ۲) کنایه از یاوه‌گویی.
هەچی: ۱) کێ بێ، چی بێ؛ ۲) هەرچەندی. (**هەچی** بمدەنی دەمەوێ)؛ ۳) هەچك [ف] ۱) هرکس یا هرچه؛ ۲) هرچند، هرچقدر؛ ۳) وهنگ.
هەچێکم: گشت شتێ سەر بە من: (**هەچێکم** بو دامێ) [ف] هرچیز که من.
هەچیم: هەچێکم [ف] هرچیز که من.
هەد: ۱) حەد: (**هەدێ** وی چیە ببە زاڤایێ من)؛ ۲) سنوُر؛ ۳) ئەندازە: (لە **هەد** دەرچوە) [ف] ۱) حدّ لیاقت، شایستگی؛ ۲) مرز؛ ۳) اندازه.
هەدا: ۱) ئۆقرە، ئارام، سەکنین؛ ۲) پێکەوە، هەچا [ف] ۱) آرام؛ ۲) باهم.
هەدادان: داسەکنین، ئارام‌گرتن [ف] آرام گرفتن.
هەدار: ۱) هەدا، ئۆقـرە؛ ۲) کەسێ بە پارە کۆمـەك بە خەڵك دەکا؛ ۳) دارایی؛ ۴) بەخت؛ ۵) زرینگ، وشیار: (کوُچکێ مە زەهف **هەدارە**) [ف] ۱) آرام؛ ۲) نیکوکار، کمك‌کنندهٔ مالی؛ ۳) دارایی؛ ۴) بخت؛ ۵) زرنگ، هوشیار.
هەداری: ۱) دەسـگـیرۆیی، کۆمــەگی پارە؛ ۲) خاتــرجــەمی؛ ۳) سەبوُری‌هاتن [ف] ۱) کمك مالی؛ ۲) آسودگی خاطر؛ ۳) تسکین خاطر.
هەدان: ۱) ئۆقرە، داسەکنان؛ ۲) نیشانەی پرسیار،؟؛ ۳) گومان [ف] ۱) آرام، قرار؛ ۲) علامت سؤال؛ ۳) شكّ، گمان.
هەدد: بەردی قەبر [ف] سنگ قبر.
هەدراندن: هەداپێ‌دان، داسەکناندن [ف] آرام کردن.
هەدراندی: ئۆقرەگرتو [ف] آرام گرفته.
هەدرە: ۱) لە ئاڕەحەتیان مردن؛ ۲) ئامادەی کار، چاپك، چالاك [ف] ۱) از شدت ناراحتی مردن؛ ۲) چابك.
هەدرین: دامرکان، داسەکنین، ئۆقرەگرتن [ف] آرام گرفتن.
هەدناندن: خاترجەم‌کردن [ف] اطمینان خاطر بخشیدن.
هەدەر: فیڕۆ [ف] ضایع، هدر.
هەدەف: ۱) تەپۆڵکە؛ ۲) ئامانج؛ ۳) دۆزو مەبەست [ف] ۱) تپهٔ کوچك؛ ۲) هدف؛ ۳) مرام، مقصود.
هەدی: کەی وایە؟ [ف] کی چنین است؟.
هەدیایش: هەدادان، ئۆقرەگرتن، ئارام‌بوُن [ف] آرام گرفتن.
هەدیداندن: هەڕەشەکردن، گەف‌کردن [ف] تهدیدکردن.
هەدیە: دیاری، سەوقات [ف] ارمغان.
هەر: ۱) تەنیا: (**هـەر** خۆت وەرە)؛ ۲) بەشـوێن یەکا: (**هەر** هات‌و **هەر** دێت)؛ ۳) دایم: (**هەر** هەبی، **هەر** خۆش‌بی)؛ ۴) بێ‌گومان: (مەترسە **هەر** دێم بۆ ماڵتـان)؛ ۵) چۆنـەکـایی بێت: (**هـەر** بمـدەیە جا بزانە چی‌دەکـەم)؛ ۶) ئەگەر: (**هـەر** بیخۆی دەزانی چیە)؛ ۷) بێ‌درەنگ: (**هەر** هات ملی نا لە جوێن‌دان)؛ ۸) هەچ، هەمو: (**هەر**گا، **هەر**کەس، **هەر**چی)؛ ۹) کەر، گوێرێژ؛ ۱۰) هەقمەق؛ ۱۱) بەفیز؛ ۱۲) خاك [ف] ۱) فقط؛ ۲) نشانهٔ توالی واستمرار؛ ۳) همیشه؛ ۴) حتماً؛ ۵) درهرحال؛ ۶) اگر؛ ۷) فوراً؛ ۸) همـــه را شامـل شود، هر؛ ۹) خر، الاغ؛ ۱۰) احمق؛ ۱۱) متکبّر؛ ۱۲) خاك.
هەڕ: ۱) حەڕی، قوڕ؛ ۲) زیقە، گریانی منداڵ؛ ۳) زەڕەی کەر، گوڕە؛ ۴) خاك، خوڵ [ف] ۱) گِل؛ ۲) صدای گریهٔ بچه؛ ۳) عرعر الاغ؛ ۴) خاك.
هەرا: ۱) گێرەو کێشە، پشێوی؛ ۲) بانگ، قاو؛ ۳) هەراو، پان، گوشاد؛ ۴) دوُر، دژی نزیك [ف] ۱) آشـوب و هنگـامـه؛ ۲) ندا، صدای بلند؛ ۳) فراخ، گشاد؛ ۴) دور.
هەڕا: غار، ڕا، قاچان [ف] دو، گریز.
هەڕاج: حەراج [ف] حراج.
هەڕاج‌کردن: شت‌فرۆشتن لەناو خەڵکا کێ نرخی پتری پێ‌بدا بۆ ئەو بێ [ف] حراج کردن.
هەڕاجەبازار: حەراجەبازار [ف] بازار حراج.
هەرادیای: تەواوبوُن، تەمامیای [ف] تمام شدن.
هەڕاز: هاتوچۆ لە جۆلانەدا [ف] نوسان، آمدورفت در تاب.
هەڕازگە: جۆلانە [ف] تاب.
هەراژ: ۱) ڕشانەوە، وەڕشین؛ ۲) قرپی ڕشانەوە [ف] ۱) قی؛ ۲) تهوّع.
هەڕاژ: هەڕاج [ف] حراج.
هەراس: ۱) نیسـراحەت‌و ئارامی: (**هەراسی** پێ‌هەڵگرتوُم)؛ ۲) جاڕز، وەڕەز؛ ۳) ترس [ف] ۱) آرامش و قرار؛ ۲) پکر؛ ۳) ترس.

هەراسان: جاڕز، وەڕەز ف پکر.

هەراسە: ١) ترس، خۆف؛ ٢) داوەڵ، داهۆڵ ف ١) بیم، هراس؛ ٢) مترسك.

هەراش: ١) لەگەشە، بەگەشە؛ ٢) هەراز؛ ٣) گەڵاو چڵوی کە بەسەر دارەڕای دادەن، ئاڵاش؛ ۴) لەبەریەك هەڵوەشاو، ریزاڵ: (گۆشتەکە **هەراش هەراش** بو) ف ١) بالندە، نمۆکردە؛ ٢) تهوّع و قی؛ ٣) انبیره، پوشال روی سقف؛ ۴) ازهم گسیخته، ازهم پاشیده.

هەراش ئاوس: ئاوسی نزیك بە زان ف آبستن نزدیك به زایمان.

هەراش بوٗن: ١) گەشەکردن: (بەرخەکە **هەراشە**، شیناوەرد **هەراش** بوە)؛ ٢) لێك بڵاوبوٗن ف ١) شکوفاشدن، بالندەشدن؛ ٢) ازهم پاشیدن.

هەراش هەراش: لەبەریەك بڵاوبوٗگ: (گۆشتەکە ئەوەندە کوڵیوە **هەراش هەراش** بوە) ف ازهم پاشیده.

هەراشە: نەخۆشیەکی دەخڵە کە زۆرواوەو بارانی نەبوە ف از بیماریهای غلات از بی آبی.

هەڕافتن: ١) ڕوٗخان، تێكڕوٗخان، رمان؛ ٢) ڕوٗخاندن ف ١) فروریختن دیوار و...؛ ٢) فروریزاندن.

هەڕاقستش: دوٗرکەوتنەوە ف دورافتادن.

هەراکردن: ١) قاوکردن، دەنگ بەرزکردنەوە؛ ٢) کێشەو گێرەکردن ف ١) صدا بلند کردن، بانگ برآوردن؛ ٢) مجادلەکردن.

هەڕاکردن: غاردان، راکردن ف دویدن، گریختن.

هەڕاڵە: ١) شکۆفە، کلۆك، کوڵوك، پشکۆژ؛ ٢) جاڕ، بانگاواز ف ١) شکوفهٔ درخت؛ ٢) ندا در دادن، جار.

هەرام: حەرام، ناڕەوا ف ناروا.

هەرامزا: حەرامزادە، بیژی، بیژو، پیچ ف حرامزاده.

هەرامزادە: هەرامزا، بیژو ف حرامزاده.

هەراموەر: حەرامخۆر ف حرامخوار.

هەرامە: ١) وانێك، واك، وانەك، ئەوتشت، هین؛ ٢) کامە، کێهە؟ ف ١) آن چیز؛ ٢) کدام، کدامین؟.

هەران: کۆمەڵەکەر ف خران.

هەرانانەوە: کێشەسازکردن، ئاژاوەنانەوە ف آشوب بەپا کردن.

هەڕانن: زەڕاندن ف عرعرکشیدن.

هەرانە: بەفیز، کەرانە، لەخۆبایی ف متکبّر، مغرور.

هەراو: گوشاد، فرەهـ ف گشاده، گشاد.

هەراوزەنا: چەقەو گوڕە، زەنازەنا ف جنجال و هیاهو.

هەراوهوریا: هەراوزەنا ف جنجال و هیاهو.

هەراهەرا: قاوەقاو، قیڕەقیڕ ف سروصدا.

هەرایەر: دوٗرتر و دوٗرتر، هەر دوٗرتر ف دور و دورتر.

هەرایەی: هەراوی، پانو بەرینی ف فراخی، گشادی.

هەرایی: پانایی، بەرینایی ف عرض، پهنا، گشادی.

هەربزە: گندۆرە ف خربزه.

هەربل: ١) هەبل؛ ٢) ئاڵۆزیو تێك هاڵاوی ف ١) نگا: هەبل؛ ٢) درهم برهمی.

هەربـلانـدن: ١) ئاڵۆزکردنی ڕیس؛ ٢) برێتی لە ئاڵۆزکردنی کار؛ ٣) خاپاندن ف ١) سردرگم کردن رشته؛ ٢) کنایه از بهم ریختن کار؛ ٣) فریب دادن.

هەربلین: ١) هەبلین؛ ٢) فریوخواردن ف ١) نگا: هەبلین؛ ٢) فریب خوردن.

هەربو: بێ پێشینە، هەمیشە خاوەنی بوٗد ف ازلی، پایندهٔ بی آغاز.

هەربوٗگ: هەر بو ف نگا: هەربو.

هەربوٗگە: دایم بوە، نەبوٗنی نەدیوە ف همیشه بوده.

هەربوٗنی: نەمری، بێ پێشوٗنە ف جاودانی، پایندگی.

هەربەنە: کەردار، چاروێدار، خەربەندە ف چاروادار.

هەربی: بەئاشکرا، ڕەپ و ڕاست ف بی پرده، رك.

هەربینا: هەبینا، بەوزوانە، لەناکاو ف به همین زودی.

هەرپلە: وڕاوە، ڕاوە، قسەپەڕاندن ف هذیان.

هەرت: ١) وتەی گەڕاندنەوەی گاجوٗت لە خەتی جوٗتا؛ ٢) ناوی دەشتێکە لە کوردستان ف ١) کلمەای برای بازگرداندن گاو در شیار شخم؛ ٢) نام دشتی در کردستان.

هەرتا: ١) تەنیا بۆ ئەمەی؛ ٢) گش داوێ ف ١) فقط برای اینکه؛ ٢) هر نخی.

هەرتاك: گش ئێکیان ف هردانه، هرفرد.

هەرتاکو: تەنیا بۆ ئەمەی، هەرتا ف فقط برای اینکه.

هەرتاوەکو: هەرتاکو ف فقط برای اینکه.

هەرتاوەکوٗنێ: هەرتاکو ف فقط برای اینکه.

هەرتدانەوە: زڤڕاندنی گا لە خەتی جوٗتدا ف بازگرداندن گاو در شخم.

هەرتْشت: ئەوی شتە بەگشتی: (**هەرتْشت** بزراڤی مروٚڤ بستوری دێتە شکاندن) ف هرچیز.

هەرتْك: دوەکان ف هردو.

هەرتکان: هەرتکی ئەوان ف هردوی آنها.

هەرتکو: ئێوە دوان ف هردوی شما.

هەرتکیان: دوانەکان پێکەوە: (**هەرتکیان** بابێن **هەرتکیانم** دەوێ) ف هردوی آنها با هم.

هەرتم: هەردەم، هەرگا، هەرگاف ف هرگاه.

هەرتۆ: تەنیا تۆ ف فقط تو.

هەرتوٗش: وڵاتێکە لە کوردستان ف منطقەای در کردستان.

هەرتوٗشی: عەشیرەتێکە لە کوردستان ف عشیرەای در کردستان.

هەرتـە: ١) وتەی زڤڕاندنی گا لە جوٗتـا، هەرت؛ ٢) هەرتـۆ؛ ٣) لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف ١) کلمهٔ برگرداندن گاو در شیار شخم؛ ٢) تنها تو؛ ٣) روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

هەرتـەڵ: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

هەرتین: ئاخ‌هەڵکێشان لە عەزرەتان ف آه حسرت کشیدن.

هەرجا: لە جێگەی خۆی، قەیدی نیە: (فەرمایشتەکەت بە **هەرجا** بەلام من ئیژم) ف بەجای خودش.

هەرجار: گش دەحفەیێ ف هر بار.

هەرجارەکی: ١) هەرجار؛ ٢) هەر تەنیا جارێك ف ١) هر بار؛ ٢) فقط یکبار.

هەرجایی: ١) گەڕیدەو ماڵانگەڕ؛ ٢) گوڵێکە لە وەنەوشە دەکا ف ١) ولگرد؛ ٢) گلی است شبیه بنفشه.

هەرجن: بادامەتاڵە ف بادام تلخ کوهی.

هەرجو: تکا، ئەرجو، خوایشت، مەهدەر ف خواهش.

هەرجۆر: چۆناوچۆن بێت ف هرطور.

هەرجۆر: هەرجۆر ف هرطور.

هەرجێ: کام شوێن بێت ف هرکجا.

هەرچاخ: هەردەم ف هرگاه.

هەرچاوا: هەرچلۆنێك ف هرطور.

هەرچشت: هەرتشت ف هرچیز.

هەرچقاس: هەرچەند ف هرچند.

هەرچقاش: هەرچەند ف هرچند.

هەرچلە: ١) چەرخ و دارو بارێ کە بەرداشی پێ دەگوێزنەوە؛ ٢) گش‌یەك لە لقەکان: (ریحانەم هەیە **هەرچلەی** کورێ ئەژی) ف ١) چرخ و چو بهای وسیلهٔ انتقال سنگ آسیا؛ ٢) هرشاخه‌ای.

هەرچم: هەچیم ف هرچه من.

هەرچۆن: بە کام باردا، هەرجۆر ف هرطور.

هەرچەن: ١) ئەوەندەی، ئەو ئەندازەی؛ ٢) ئەگەرچی ف ١) هراندازه، هرچقدر؛ ٢) اگرچه.

هەرچەند: هەرچەن ف نگا: هەرچەن.

هەرچەندژی: ئەگەریش، دەگەڵ ئەوەشا ف بااینکه.

هەرچەندە: هەرچەن ف نگا: هەرچەن.

هەرچی: ١) هەرتشت؛ ٢) هەرچەند؛ ٣) خوێڕی و بێ‌نرخ: (**هەرچی و پەرچی**) ف ١) هرچیز؛ ٢) هراندازه؛ ٣) ناچیز، بی‌ارزش.

هەرچی‌چۆنێ: لە هەربارێکدا: (**هەرچی چۆنێ** بێ زامان بواردوە) ف بەهرجهت، درهرحال.

هەرچیکۆ: هەرچەن ف نگا: هەرچەن.

هەرچیم: هەچیم ف هرچه‌من، هرچه مرا.

هەرچی‌پەرچی: بنیادەمی خوێڕیو بەرەڵدا ف اوباش.

هەرچی‌وپەرچی: هەرچی‌پەرچی ف اوباش.

هەرچێوە: ١) هەرتشتێ؛ ٢) هەرچەند ف ١) هرچیز؛ ٢) هراندازه.

هەرحاڵ: هەرهاڵ، هەرچۆنێ بێت ف درهرحال، هرطور که باشد.

هەرخستن: ١) وەبەرتاودان بۆ وشك‌بوونەوە؛ ٢) گوێ‌ڕاگرتن بۆ بیستن ف ١) پهن کردن در آفتاب؛ ٢) گوش فرادادن برای شنیدن.

هەرخۆت: ١) تەنیا تۆ؛ ٢) ئەرخۆت، لوولەپی مەشکە ف ١) تنها خودت؛ ٢) چوب دستگیرهٔ مشك.

هەرد: ١) عەرد، زەمین؛ ٢) شاخی سەخت‌و پڕ بەرد؛ ٣) هەرتك ف ١) زمین؛ ٢) کوه سنگی و سخت؛ ٣) هردو.

هەڕد: ١) ئارد؛ ٢) هاڕاو ف ١) آرد؛ ٢) خردشده، گردشده.

هەرداندن: تۆڕەکردن، سڵ‌کردن، خەیداندن ف خشمگین کردن.

هەردك: هەرتك ف هردو.

هەردن: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

هەردو: هەرتك ف هردو.

هەردوك: هەرتك ف هردو.

هەردوکان: هەرتکان ف هردوی آنها.

هەردونە: ناوی دوگوندی کوردستان کە بەعسی وێرانی کردن ف نام دو روستای کردستان که بعثیان ویران کردند.

هەردە: ١) خوارن، خۆراك؛ ٢) ساراو چۆڵ، بیاوان؛ ٣) زورکان، دەشتی بەگردولکە؛ ٤) تەرەو چۆڵگەرد؛ ٥) وەك، لە چەشنی: (**هەردە جاران**) ف ١) خوردن، خوراك؛ ٢) بیابان؛ ٣) دشت پرتپه ماهور؛ ٤) خُل بیابانگرد؛ ٥) مانند، مثل.

هەردەبانان: کۆساران ف کوهساران.

هەردەبیر: وازوازی ف متردّد، دمدمی.

هەردەجاران: ڕۆژگارانی پێشین ف درزمانهای گذشته.

هەردەر: هەرکوێ، هەرجێیە ف هرکجا.

هەردەگێڵ: چۆڵگەرد ف ویلان و آوارهٔ بیابان.

هەردەم: ١) گش وەخت؛ ٢) لە کام وەختا ف ١) هردم، همیشه؛ ٢) هرگاه.

هەردەمی: وازوازی، هەردەبیر ف متردّد، دمدمی.

هەردەن: خواردن، خاڕن ف خوردن.

هەردەنی: خواردەمەنی، شیاوی خواردن ف خوردنی.

هەردی: خەڵکی کێوپارە ف کوهستانی.

هەردیسە: ئەڕدێن، ردێن، ریش، موی بان چەنەو چڕو چاو ف ریش.

هەردین: قەڵس‌بوون، سڵ، خەیدین ف خشمگین شدن.

هەڕدین: لەبەریەك بڵاوبوون لەبەر کوڵین: (گۆشت **هەڕدیە**) ف از هم پاشیدن در اثر پختن.

هەردینان: هەردوکیان ف هردوی آنها.

هەررك: وشەیەکە بۆ سەیرمان‌و واق‌وڕمان ف کلمهٔ تعجب.

هەرڕۆ: گش ڕۆژێ ف هر روز.

هەرڕۆژ: هەرڕۆ ف هر روز.

هەرڕۆژی: ڕۆژانە، هەموڕۆژێك ف روزانه، همه‌روزه.

هەرڕۆیی: هەرڕۆژی ف همه‌روزه.

هەرز: ١) فیڕۆ، بەهیچێ‌چوگ، خەسار؛ ٢) فریزو، فریز؛ ٣) بژار، گیای بێ‌بەهرە ف ١) ضایع، هدر؛ ٢) فریز؛ ٣) گیاه هرزه.

هەرزا: ١) ناوچەیەکە لە کوردستان؛ ٢) ناوی عەشیرەتێکە ف ١) ناحیه‌ای درکردستان؛ ٢) نام عشیره‌ای است.

هەرزاڵ: ١) پێڕك؛ ٢) کەپری ناوڕەزو بێستان کە لەسەر ویوە چاویان ا

هەمووی پێ ف ١) سکوماتێدی ١) جوب برای اثاثیهٔ جادر؛ ٢) کلبهٔ باغ.

هەرزالك: هەرزاڵ ف نگا: هەرزاڵ.

هەرزاڵـه: ١) هەرزاڵ، پێرك؛ ٢) ڕیزەڵە ف ١) سکوی اثاثیهٔ چادر؛ ٢) نگا: ریزەڵە.

هەرزان: ١) کەم‌نرخ؛ ٢) بێ‌بەزەیی ف ١) ارزان؛ ٢) بی‌لطف.

هەرزانبایی: کەم‌نرخ ف ارزان قیمت.

هەرزانفرۆش: ١) شت‌فرۆشتن بە نرخی کەم؛ ٢) کەسێ کە شت بە نرخی کەم دەفرۆشێ ف ١) جنس ارزان فروختن؛ ٢) کسی که ارزان می‌فروشد.

هەرزانکڕ: ١) بریتی لە فەقیر و نەدار؛ ٢) بریتی لە چرۆك و ڕژد ف ١) کنایه از بینوا؛ ٢) کنایه از خسیس.

هەرزانی: ساڵی خۆش و پڕبەرەکەت ف سال نیکوی پرحاصل.

هەرزبوون: بەفیڕۆچوون، زایەبوون ف به‌هدررفتن.

هەرزل: ئەنگوتکەهەویری پچووك ف چونهٔ کوچك خمیر.

هەرزڵ: پواوی لەبەریەك‌چووگ، ڕزیوی هیچ بەسەر هیچەوە نەماو ف پوسیدهٔ ازهم دررفته.

هەرزەلە: دو گوندی کوردستانن بەعسی وێرانی کردن ف دو روستای کردستان که بعثیان ویران کردند.

هەرزڵ‌هەرزڵ: تەواو پواو ف تمام پوسیده و از کار افتاده.

هەرزن: دانـەوێڵەیەکی سووری زۆر وردە بژیوە دەکرێتـە نان. زۆرتـر *خواردنی مامر و مەلە*، باچیك ف ارزن.

هەرزنـە: ١) خونچـەی گوڵی ڕەز؛ ٢) گیایەکی بژارە لە توتن‌دا ف ١) غنچهٔ شکوفهٔ تاك؛ ٢) گیاهی هرزه در کشتزار توتون.

هەرزنەتاڵە: جۆرێ هەرزن کە تامی تاڵە، گاڵ ف ارزن تلخ، گال.

هەرزنەکێویلە: گیایەکە بەریکی وەك هەرزن دەگرێ ف ارزن کوهی.

هەرزنـەگـەورە: گارس، هەرزنـەسپیلکـە کە بە هێشو دەبێ و دەنکی درشتە، زوڕات ف گاورس.

هەرزنەگێلۆش: جۆرێ هەرزن کە شکڵی لە گەنمەشامی دەکا ف نوعی ارزن با دانه‌های مانند بلال.

هەرزە: ١) گیای بژار؛ ٢) بلح و جلف؛ ٣) سەرسـەخت و لاسـار ف ١) گیاه هرزه؛ ٢) سبکسر؛ ٣) خیره‌سر.

هەرزەبێژ: چەنەباز، چەنەدرێژ، چەڵتەباز ف وراج.

هەرزەچن: بژارکەر ف وجین کننده.

هەرزەچەنە: هەرزەبێژ ف وراج.

هەرزەکار: تازەلاوی موڵێ نەهاتو ف نوجوان.

هەرزەکاری: ڕۆژانی لاوی ف دوران نوجوانی.

هەرزەگۆیی: قسەی بێتام گوتن ف ژاژخایی.

هەرزەڵ: ١) هەرزاڵ، پێرك؛ ٢) کەپرەشینەی جۆلەکان ف ١) سکوی چوبی در چادر، نگا: هەرزاڵ؛ ٢) جشن میوه‌بندان کلیمیان.

هەرزەیی: کاری سووك و بێ‌ئابڕویانە ف کار جلف و سبکسرانه.

هەرزیل: هەرزاڵ ف نگا: هەرزاڵ.

هەرزین: هەرزن ف ارزن.

هەرژانـدن: ١) پلیخـانـدنـەوە؛ ٢) لەنـاوبـردن، نەهێشتن؛ ٣) هەلا بـەهەلاکردن؛ ۴) بێهوودە خەرج کردن، دەست‌بڵاوی نە لەجێی خۆی‌دا ف ١) لەکـردن؛ ٢) ازبین بردن؛ ٣) ازهم پاشیدن دراثـر جوشانیدن زیاد؛ ۴) اسراف، خرج بی‌معنی کردن.

هەرژین: هەلاهەلابوون ف لەولورده شدن در اثر جوشیدن زیاد.

هەرس: ١) ورچ، حەش؛ ٢) فرمێسـك، ڕۆنـدك، ئەسـر، ئەسرین؛ ٣) عەزرەت، تاسـە؛ ۴) نزگەرە؛ ۵) هەڵکێشـانی ئاخ ف ١) خرس؛ ٢) اشك؛ ٣) آرزو؛ ۴) سکسکه؛ ۵) آه کشیدن.

هەرستاندن: ١) تێك‌شکاندن؛ ٢) وردوخاش کردن؛ ٣) پێ‌ڕێخستن؛ ۴) لە خەو بێدارکـردنـەوە؛ ۵) بڵنـدکـردن و ڕاوەستـانـدن ف ١) درهم شکستن؛ ٢) خرد و خمیرکردن؛ ٣) زیر پا له کردن؛ ۴) از خواب بیدار کردن؛ ۵) بلند کردن و بر پا نگهداشتن.

هەرستن: پاڵ‌وێکدان، لێك‌جووت‌بوون بە توندی، پێکەوەلکانی بێ نێوان ف محکم به هم چسبیدن.

هەرستین: ١) شکـانـدن؛ ٢) وردوخاش کردن؛ ٣) پێ‌ڕێخستن ف ١) شکستن؛ ٢) خردوخمیرکردن؛ ٣) زیر پا له کردن.

هەرسەك: هەڵتاوین، تاوانەوەی خۆراك لە ورگ‌دا ف هضم، گوارش.

هەرسی: ئەسرین، ڕۆندك ف اشك.

هەرسێ: ١) نێك دەگەڵ دوان پێکەوە؛ ٢) ورچێك ف ١) هرسه باهم؛ ٢) یك خرس.

هەرسیڕشنایش: فرمێسك‌ڕژاندن ف اشك ریختن.

هەرسیك: جرجەمشك ف موش کور.

هەرسێك: هەرسێ ف نگا: هەرسێ.

هەرسێکان: ئەو نێك دەگەڵ دوەکە ف هرسه‌شان.

هەرسێکیان: ١) هەرسێکان؛ ٢) ورچێکیان ف ١) هرسه‌شان؛ ٢) یکی از خرسها.

هەرسیل: بەردی گۆشەی بناغەی دیوار ف سنگ شالودهٔ نبش دیوار.

هەرسین: ١) مەڵبەندێکە لە کوردستان؛ ٢) فرمێسکاوی ف ١) ناحیه‌ای در کردستان؛ ٢) اشك‌آلود.

هەرش: ئەسرین، ڕۆندك، فرمێسك ف اشك.

هەڕش: ١) فیڕۆ، خۆڕایی؛ ٢) مەزەختی بەفیڕۆ ف ١) هدر؛ ٢) اسراف.

هەڕشان: ١) لەبەریەك بڵاوبوون لەبەر کوڵان؛ ٢) پلیخانەوە ف ١) ازهم پاشیدگی؛ ٢) لەشدن.

هەڕشـاندن: ١) لەبەریەك بڵاوکردن؛ ٢) پلیخاندنەوە؛ ٣) هەرژاندن ف ١) ازهم پاشیدن؛ ٢) لەکردن؛ ٣) ازبین بردن.

هەرشت: هەرچتێ ف هرچیز.

هەڕشتن: هەڕشاندن ف نگا: هەڕشاندن.

هەرشتە: هەرشت ف هرچیزی.

هەڕشتە: ئاردەبەهاروی بە ئاوشێلدراوی داوداوکراوی وشکەوە کراو ف رشتهٔ آشی.

هەرشتێ: هەرشت ف هرچیزی.

هەڕشتی: ١) ریزاڵ بوگ؛ ٢) پلیخاو ف ١) ازهم پاشیده؛ ٢) لەشده.
هەرشەم: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
هەرشەو: گش شەوێ ف هرشب.
هەڕشین: هەڕشتن، هەڕشاندن ف نگا: هەڕشاندن.
هەڕفاندن: تێکڕوخاندن، ڕماندن ف خراب کردن، فروریزاندن.
هەڕفتاندن: تێك ڕوخاندن ف فروریزاندن.
هەڕفتن: تێکڕوخان ف ریزش کردن دیوار و کوه.
هەڕفتی: تێکڕوخاو ف درهم ریخته، ریزش کرده.
هەڕفتین: هەڕفتن ف ریزش کردن دیوار و کوه.
هەڕفی: رما، روخا، داتەپی ف ریزش کرد.
هەڕفین: روخان، هەڕفتن ف نگا: هەڕفتن.
هەرڤ: جەنگ، شەڕ ف جنگ.
هەرڤە: چالاك، چابك ف چابُك.
هەرق: خەندەك، کەندەك، رەهەند ف خندق.
هەرك: ١) تۆمی دانەوێڵە؛ ٢) ئەو دەغڵەی کە بۆ تۆو جیا دەکرێتەوە، درە ف ١) تخم کاشتنی‌ها؛ ٢) مقدار غلّه‌ای که به بذر اختصاص می‌یابد.
هەڕك: ١) بزاو، بزوتن: (**فێ بهەڕکینە**)؛ ٢) وتەی سەیرمان، حەك؛ ٣) قوڕ، حەڕی ف ١) حرکت؛ ٢) حرف تعجّب؛ ٣) گِل.
هەرکات: هەردەم، چساتێ ف هرگاه، هردم.
هەرکاتێ: هەردەمێ ف هر وقتی.
هەرکام: هەریەك ف هر یك، هرکدام.
هەرکان: ١) نەزۆك، گیانداریٚ کە منالٚ و بێچوی نابێ؛ ٢) هەرتکان ف ١) نازا، عقیم؛ ٢) هردوی آنها.
هەرکاندن: نەزۆك کردن ف عقیم کردن.
هەڕکـانـدن: ١) بزوانـدن، بزاوتن؛ ٢) وەڕێ‌خستن: (ئـاف **هەڕکاند**، لەشکر **هەڕکاند**) ف ١) حرکت دادن، جنبانیدن؛ ٢) راه انداختن.
هەرکۆ: هەرجێ ف هرکجا.
هەرکـوُ: ١) هەرچـوٚن؛ ٢) دەست‌بەجێ: (**هـەرکوُ** دیتم لێم‌دا) ف ١) هرطور؛ ٢) همینکه.
هەرکۆدە: ١) بۆ هەرکوێ؛ ٢) لە هەرکوێ ف ١) بەهرکجا؛ ٢) در هر کجا.
هەرکۆر: کەسێ زەوی دەکوڵێ ف زمین‌کن.
هەرکۆگە: هەرکۆ ف هرکجا.
هەرکولۆج: هەرچۆن، بە هەرئاوایەك ف هرطور.
هەرکـونـدی: لەو گونـدانـەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
هەرکوێ: هەرکۆ ف هرکجا.
هەرکوێنە: هەرکوێ، هەرکۆ ف هرکجا.
هەرکە: ١) چتۆ بنیادەم؛ ٢) بێ‌درەنگ؛ ٣) لێی‌پێچە، بیکە گلۆڵە ف ١) هرکس؛ ٢) همینکه؛ ٣) بپیچ، گلوله‌کن.
هەرکەبو: هەر بنیادەمێ بو بێت ف هرکه بود.

هەرکـەبۆخۆی: ١) رفان‌رفان؛ ٢) دنیای بێ‌قانونی زۆردارو بێ‌زۆر ف ١) مسابقه درربودن؛ ٢) دنیای هرکس هرکس، قانون جنگل.
هەرکەس: هەر بنیادەمێ ف هرکس.
هەرکەس‌هەرکەس: هەرکە بۆخۆی ف هرکی هرکی.
هەرکەهەرکە: هەرکە بۆخۆی ف هرکی هرکی.
هەرکی: ١) عاشیرەتێکـە لە کوردستـان؛ ٢) هەرکـەس ف ١) نام عشیره‌ای در کردستان؛ ٢)هرکس.
هەرکێ: هەرکەس ف هرکس.
هەڕکی: ١) بزوُت؛ ٢) ڕوێشت ف ١) جنبید؛ ٢) رفت.
هەرکی‌بیداو: لەو گونـدانـەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
هەرکیتە: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
هەرکیژان: هەرکامیان. *تایبەتی مرۆیە* ف هرکدامشان. *ویژهٔ انسان*.
هەرکیژك: هەرکامیان. *تایبەتی جگە لە مرۆیە* ف هرکدامشان. *ویژهٔ غیرانسان*.
هەڕکێڵ: کەسێ کە تۆی بە زەمینی تەڕەوە کردوەو جوُتی‌دەکا ف کسی کە بر زمین مرطوب بذر پاشیده و شخم زند.
هەرکین: ١) نەزۆك بوُن؛ ٢) بزوتن، جوُڵان ف ١) نازاشدن؛ ٢) جُنبیدن.
هەڕکین: ١) بزوُتن؛ ٢) وەڕێ‌کەوتن ف ١) حرکت کردن؛ ٢) بەراه افتادن.
هەرکینە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.
هەرگ: هەریەك، هەرکام ف هر یك.
هەڕگ: ١) قوڕ، حەڕی، هەڕ؛ ٢) هەڕك ف ١) گِل؛ ٢) نگا: هەڕك.
هەرگا: هەرکات ف هرگاه.
هەرگاف: هەرگا ف هرگاه.
هەرگاو: هەرگا ف هرگاه.
هەڕگاو: قوڕاو ف لجن.
هەرگل: هەرجار ف هردفعه.
هەرگوُ: هەرگ، هەریەك ف هر یك.
هەرگـوُجای‌ڕۆشیایش: هەرکەسە بەلایەکدا بڵاوەکردن ف هرکس به سویی متفرّق شدن.
هەرگوُچی: هەرشتێك ف هرچیزی.
هەرگوُیەو: هەریەکەی ف هریکی.
هەرگیز: قەت، بەهیچ کلۆجێ ف هرگز.
هەرگیس: هەرگیز ف هرگز.
هەڕگین: دروسکراو لە قوڕ ف گِلین.
هەڕگینە: سواڵەت، لە حەڕی چێ‌کری ف سفال.
هەرلا: ١) گش ئالیەك؛ ٢) هەمیشە لاسار ف ١) هرطرف؛ ٢) همواره لجباز.
هەرلە: داپیرۆشك، پیرێژنۆکە، پیرایشۆکە ف خر خاکی.

هەرمـان: ١) هەرگیز نەفـەوتـان؛ ٢) کار، شوُل، خەبات، فرمان ف ١) جاودانگی؛ ٢) کار.

هەڕمان: رمان، رمیان، روُخان، هەڕفتن ف فروریختن دیوار وکوه.

هەڕماندن: ١) بێ بەش کردن لە ماف؛ ٢) پیس کردن: (چێڵەکا فیژۆکەر گاڕانەکی **دەهەڕمینە**)؛ ٣) بەخەسارادان: (تەبەرەی خوَ **هەڕماند**) ف ١) محروم کردن؛ ٢) آلوده کردن، کثیف کردن؛ ٣) ضایع کردن، بەهدردادن.

هەڕمتی: روُخاو، رمیاو، هەڕفتی ف فروریخته.

هەرمك: نێرەموك ف نەنر نه ماده.

هەرمگ: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

هەرمن: گونـدێکـە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

هەرموُسك: مشکەکوێرە، جرجەمشك ف موش کور.

هەرمـوُش: هێشـوەترێی بەدارەو وشکەوەبوُگ ف خوشه انگور خشك شدهٔ آویزان از درخت.

هەرموُشك: هەرموُسك ف موش کور.

هەرمە: شان، پیل، مل ف کتف.

هەرمەت: توُکێکە واتا: بتوَپێ، کوێربی، هەرمەند ف دعای شرّ، نوعی نفرین.

هەرمەل: ئەسپەندەر ف اسپند.

هەرمەلە: هەراو چەقەچەق، گیرّەو نیرّە ف سروصدای جنجال.

هەرمەڵە: ١) بنەگوڵێکی بڵندە ڕەنگی گەڵای ئامالّ خوَڵەکەوەیە گوڵی بە زوَرزەنگان دەگرێ؛ ٢) لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف ١) گل ختمی؛ ٢) روستایی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

هەرمەن: وڵاتی هەرمەنی، زێدی هەرمنی ف ارمنستان.

هەرمەند: هەرمەت ف نگا: هەرمەت.

هەرمەنی: گەلێکی کەونارایە لە ڕوَژگاری کەوناراادا دەوڵەت بوەو جیرانی کوردان بوُن ف قوم ارمنی.

هەرمی: هرمی، هارمێ ف گلابی.

هەرمێ: هەرمی ف گلابی.

هەڕمی: روُخاو، رماو، هەڕفتی ف فروریخته.

هەرمێ پشکوان: خاکەلێوە ف فروردین ماه.

هەرمێشك: نانی دەناورۆن گوشراو ف چنگالی نان در روغن ترید شده.

هەرمێ کرۆزی: جوَرێ هەرمێ کە لە ترشیاتی دەکەن ف نوعی گلابی.

هەرمێ کێویلە: کروَسك ف گلابی جنگلی.

هەرمێ گولاوی: جوَرێ هەرمێ ف نوعی گلابی.

هەرمێ لاسوُرە: جوَرێ هەرمێ ف نوعی گلابی.

هەرمێلە: ناوی دو گوندە لە کوردستان کە یەکیان بەعسی وێرانی کرد ف نام دو روستا که یکی از آنها توسط رژیم بعث عراق ویران گردید.

هەرمێ مام سارمە: جوَرێ هەرمێ ف نوعی گلابی.

هەڕمـین: ١) مان گرتن، گەگرتن، جەنـەگرتن؛ ٢) بەفیڕوَچـوُن؛ ٣) روُخان، رمان ف ١) اعتصاب کردن؛ ٢) بەهدررفتن؛ ٣) فروریختن.

هەڕمێن: رمێن، برەو ف رواج.

هەرن: ناوی گوندێك و چیایەکە لە کوردستان ف نام روستایی و کوهی در کردستان.

هەڕن: ١) ژێدەری ڕوَیشتنە؛ ٢) خوَڵاوی؛ ٣) بڕوَن، بچن ف ١) مصدر رفتن؛ ٢) خاك آلود؛ ٣) بروید.

هەرنێ: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

هەرند: ١) هەرد؛ ٢) شوێن گێڕ ف ١) زمین؛ ٢) ردیاب.

هەرندی کەردش: شوێن دوَزینەوە ف ردیابی کردن.

هەڕنی: مانی گرت ف اعتصاب کرد.

هەڕنێ: بوَی بچن، بوَی بڕوَن ف بروید به.

هەڕنـین: ١) هەڕمین، مان گرتن؛ ٢) مانیان گرت لە ڕوَیشتن، غەزرین، پێیان چەقاند ف ١) اعتصاب کردن؛ ٢) اعتصاب کردند.

هەرو: ١) باڵدارێکی ڕەشی زوَر بەتەوژمی ڕاوکەرە؛ ٢) کەرو، کاورای کەر ف ١) عقاب؛ ٢) خره، ای الاغ.

هەروُ: ١) هوَگر؛ ٢) بچوَ، بڕوَ ف ١) انس گرفته، خو گرفته؛ ٢) برو.

هەڕو: بچوَ، بمەش، بچە، بڕوَ ف برو.

هەڕوَ: ١) هەڕو؛ ٢) هەرڕوَژ، هەرڕوَ ف ١) برو؛ ٢) هەرروز.

هەروا: ١) چێشتی ناردو ڕوَن و دوَشـاو، حەلـوا؛ ٢) بەخـوَڕایی؛ ٣) ئابەم جوَرە ف ١) حلوا؛ ٢) رایگان؛ ٣) همین طور.

هەروبار: ١) کەرو بار؛ ٢) بریتی لە دارمێوی لە داری تر هالاو ف ١) خروبار؛ ٢) کنایه از تاك پیچیده بر درخت دیگر.

هەڕویف: ١) دەنگی پشیلە لە بەیەکاچوُنا؛ ٢) بریتی لە توُڕەبوُنێ کە زوُ خەلاس دەبێ: (گوێ مەدەیە توُڕەیی ئەو **هەڕویفێکە** دەبڕێتەوە) ف ١) نعرهٔ گربه هنگام جنگ؛ ٢) کنایه از خشم زودگذر.

هەروتـە: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.

هەروتـە کـوَنە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

هەروتیان: گەلی و دوَڵێکە زوَر گوندی تێدان بەعسی هەموی وێران کرد ف درّه‌ای با روستاهای بسیار که توسّط رژیم بعث عراق ویران شدند.

هەروَژ: هەرڕوَژ ف هر روز.

هەروسا: هەر ئاوا، هەر بەم جوَرە ف همچنین، همین طور.

هەروش: کڕە، لە دەستاڕکراو ف کوبیده با دستاس.

هەروُشك: هەرمێشك ف چنگالی خوراکی، نگا: هەرمێشك.

هەڕوگیف: گەف، گوڕەشە ف تهدید.

هەروَم: چەموُش، بوَ ئێستر و بارگینی توَڕو بەدفەڕ تێژن ف چموش.

هەرون: ١) شوێن پا؛ ٢) جێگە ف ١) ردپا؛ ٢) جای.

هەروند: هەرون ف نگا: هەرون.

هەرونە: هەرون، هەروند ف نگا: هەرون.

هەڕووەل: تۆزو خۆڵ ف گردوخاك.

هەروە: هەروا، ئا بەمجۆرە ف همین طور.

هەروۆها: هەروا، هەروە ف همین طور.

هەروەتر: پتر لەوە کە بیردەبەی ف بس بیشتر.

هەروەك: تەواو لەگوێن، لەوێنە، لەچەشنی ف همانند.

هەروەکو: هەروەك ف همانند.

هەروەکی: هەروەك ف همانند.

هەروەکیەك: بەرانبـەر، بێ زیادو کەمێ لە نێواندا ف کامـلاً مانند یکدیگر، برابر.

هەروەها: هەروا، هەروۆها ف همینطور.

هەروهەر: دایمو دەرهەم، بێ بڕانەوە ف همیشه.

هەڕو هەراو: زۆر پانو بەرین ف بسیار فراخ و وسیع.

هەروێ: خەروێ، کەروێشك، کێروێشك ف خرگوش.

هەروێشك: هەرمێشك ف چنگالی، نگا: هەرمێشك.

هەرە: ١) وتـەیەکـە بۆ تەوپـەڕ نیشـانـدان، ترین: (هـەڵگورت لە چیا هەرەبەرزەکانی کوردستانە)؛ ٢) ریزەئالوداریێ کە بەسەر پردڵەی ژێر بەرداشـدا ڕایەڵ کراون؛ ٣) ریزەخـشـتی لەسـەر لا دانـدراو بۆ ئیشك بوونەوە؛ ٤) هەڕ، قوڕ؛ ٥) ماکەر ف ١) نشانهٔ صفت عالی، ترین؛ ٢) ردیفـی تیر چوبـی در سقف زیر سنـگ آسیا؛ ٣) ردیف خشتِ بر پهلو چیده‌شده برای خشك شدن؛ ٤) گِل؛ ٥) ماچه‌الاغ.

هەڕە: ١) هەڕو، هەڕۆ، بڕۆ، بچۆ، بچە، بمەش؛ ٢) مشار، تیخی ددانەدار بۆ داربڕینەوە؛ ٣) تیغە، دیواری ناسکی نێواندودیو؛ ٤) زەڕەی کەر؛ ٥) قوڕ، حەڕێ؛ ٦) ون‌بە، گوم‌بە لەبەر چاو ف ١) برو؛ ٢) اره؛ ٣) تیغه، دیوار نازك؛ ٤) عرعر الاغ؛ ٥) گِل؛ ٦) گم‌شو.

هەرەئـاسێ: شاخی لە شاخـان سەخت‌تر ف کوهِ صعب‌العبـورتر از کوههای دیگر.

هەرهال: هەرچۆن بێت ف به‌هرحال.

هەرەباش: چاکتر لە گش ف بهترازهمه، بهترین.

هەرەبـەرز: لە گش بڵنـدتـر. *دەورانی کەونـارادا ناوی کێوی ئەلبورز هەرەبەرز بوە* ف بلندترین.

هەڕەپـۆپـە: کەڵـەشێرێ کە پۆپەی قیت‌و ددانەدار بێ، پۆپەمشار ف خروس تاج اره‌ای.

هەڕەت: ١) دەرفەت، کێس؛ ٢) جەنگە، کاتی زۆربوونی شتێ: (**هەڕەتی** جوانیم بو، هاوین **هەڕەتی** میوەیە) ف ١) فرصت؛ ٢) عنفوان، موسم.

هەرەز: ناوچەیەکە لە کوردستان ف ناحیه‌ای در کردستان.

هەرەزاڵ: لە گش دەسەڵاتدارتر ف مقتدرترین.

هەڕەزاڵە: گیایەکە، ریزەڵە ف گیاهی است، نگا: ریزەڵە.

هەرزەل: ١) زەلام‌تر لە زەلامان؛ ٢) گەورەی گەوران ف ١) گنده‌تر از همه؛ ٢) بلندپایه‌ترین.

هەرەزوو: ١) زووتـر لە گش؛ ٢) لەمێژینـەتـر لە ڕۆژگاری ڕابـردو ف ١) زودترین؛ ٢) ماقبل تاریخ.

هەرەزۆر: زۆرتر لە زۆر ف بیشترین.

هەرەزوێ: هەرەزوو ف زودترین.

هەرەزینگ: ئامرازی داغ‌کردن لە ئاسن، مۆری داغ‌کردن ف مُهر داغ‌گذاری.

هەرەژنە: ئانیشك ف آرنج.

هەرەس: ١) پسـانو داڕوخانی پارچەبەردوخاك لە چیا: (کێو **هەرەسی** هێنـا)؛ ٢) رنوو، رنی، کڵێڵە، شاپە، کەوی، کەویەبەفر: (قەڵاتی زێوی ڕوخاوە **هەرەس** بە تۆپی نەسیم/ سوپاهی لالەو گوڵ چادری لە جێ هەڵـدا) «حاجی قادر»؛ ٣) ڕوندك، فرمێسك ف ١) گسستن و ریزش قطعه‌ای از کوه؛ ٢) بهمن؛ ٣) اشك.

هەرەس‌بردن: پسانی کێو یان ڕنوو ف گسستن و ریزش کردن کوه یا بهمن.

هەرەس‌هێنان: هەرەس‌بردن ف نگا: هەرەس‌بردن.

هەڕەشە: گەف، گوڕەشە، هەڕوگیف ف تهدید.

هەڕەشەوگوڕەشە: هەڕوگیف ف تهدید.

هەرەك: ١) هەریەك لەوان؛ ٢) بزاو؛ ٣) کەری چکـۆڵـە؛ ٤) کاری بەڕاستی، بێ‌گەمە؛ ٥) ئەستێرە هەرە گەشەکەی نزیك بە هیف ف ١) هریك از آنهـا؛ ٢) حرکت؛ ٣) خر کوچـك؛ ٤) کار جدّی؛ ٥) نام ستاره‌ای درخشان.

هەرەکـانو مەرەکـان: قامێکی منـاڵانەیە لە جۆرێ گاڵتەدا دەیڵێن. *ڕەنگە بەواتا: بزوتنەوەو پشودانو هەددان بێ* ف ترانه‌ای کودکانه.

هەرەکـردن: ریزکردنی خشتان لەسەر لابۆ وشك‌بوونەوە ف ردیف کردن خشتها بر پهلو به منظور خشك شدن.

هەڕەکردن: بە مشار بڕینەوە ف اره کردن.

هەرەکە: کەرەکە، خەرەکە ف آن الاغ.

هەڕەکـە: ١) بزاو، بزوتن؛ ٢) مشـارەکە، ئامرازی داربڕینەوەکە ف ١) حرکت؛ ٢) آن اره.

هەرەکەت: هەڕەکە، تەڤگەر، بزاو، جوڵانەوە ف حرکت.

هەڕەکەت: هەرەکەت ف حرکت.

هەرهلی: میوەی بڵو زۆر گەیشتو ف میوهٔ زیاد رسیدهٔ نرم شده.

هەرەم: ١) ژووری ئەندەرون؛ ٢) بریتی لە ژنی مێرد ف ١) حرم، اندرون خانواده؛ ٢) کنایه از همسر، عیال.

هەڕەماسی: جۆرێ ماسی‌یە تێسکێکی وەك مشاری لە دەم هاتوتەدەر ف اره‌ماهی.

هەڕەمە: ١) جەنگە، هەڕەت؛ ٢) برەو، پەرە؛ ٣) پڕایی خەڵكو کۆمەڵ؛ ٤) گەنمو دانـەوێڵەی تێکـەڵاوکـراو؛ ٥) لەز، پەلـە؛ ٦) گوترە ف ١) موسم، عنفوان؛ ٢) رواج؛ ٣) انبوهی مردم؛ ٤) حبوبات مخلوط؛ ٥) عجله و شتاب؛ ٦) درهم، بدون محاسبه.

هەرهۆ: هەر ئاوها ف همین طور.

هەرەوەڕ: زۆربلێ، چەنەباز ف وراج.

هەرەوەز: زبارە: (**هەرەوەزە** نانو بەزە)، مەهبەرە ف کار تعاونی.

هەرهە: لە فەوتان بێ‌بەش ف جاوید.

هەرهەس: قەت نافەوتێ ف همیشه هست.

هەڕەهەڕ: گوڕەگوڕ، چەقەچەقی شەڕاوی ف جاروجنجال خشم‌آلود.

هەرهەیە: هەرهەس ف همیشه هست.

هەرەی: ١) فیز، دەعیە؛ ٢) درەنگ، دێر وەخت ف ١) تکبّر؛ ٢) دیر وقت.

هەرەی کوتنە: وەدرەنگی کەوتن ف دیرشدن، به دیر وقت افتادن.

هەری: ١) خوری، هری؛ ٢) کوڕوێ؛ ٣) هەرە، ترینی پێشگـر: (**هەری** مەزن واتا: زلترین) ف ١) پشم؛ ٢) کُرک، پشم زیرین؛ ٣) ترین.

هەرێ: ١) ئارێ، بەڵێ؛ ٢) ئاخـوا، ئەرێ؟؛ ٣) ئێوارەوەخت؛ ٤) بانگ کردن لەژن؛ ٥) بریتی لە کاورای بێ‌ئاگا؛ ٦) بریتی لە وانیە، کەی وایە؟ ف ١) آری؛ ٢) آیا؛ ٣) عصرهنگام؛ ٤) ندا برای مؤنّث؛ ٥) کنایه از آدم بی‌خبر؛ ٦) کنایه از نفی، چنین نیست.

هەڕێ: حەڕێ، قوڕ، هەڕ ف گِل.

هەریاس: دو گوندی کوردستان بەم‌ناوە بەعسی وێرانی کردن ف نام دو روستای کردستان که بعثیان ویران کردند.

هەڕێ بسەر: قوڕبەسەر، خاکەسەر، بریتی لە بێچارە ف کنایه از بیچاره.

هەریر: ١) جۆرێك هەڵـوا کە لە دۆشاوی وشکەوەکراو سازدەکرێ؛ ٢) ناوچــەیەك و شاروکێکــە لە کوردستــــان بەعسی وێرانی کردن؛ ٣) پارچەی ئاورێشمی، حەریر ف ١) نوعی حلوا که از شیرهٔ خشکیدهٔ انگور سازند؛ ٢) نام منطقه‌ای و شهرکی درکردستان که بعثیان آن را ویران کردند؛ ٣) پارچهٔ ابریشمی، حریر.

هەرێز: فریزو ف فریز.

هەریسە: کەشکەك، چێشتی گەنمەکوتاو بەگۆشتەوە ف آش حلیم.

هەرێ‌شامی: جسنێکی سپی‌ڕەنگ لە گوێرێژ ف نوعی الاغ سفیدرنگ.

هەڕێکار: کەسێ کە کاری قوڕ دەکا ف گِلکار.

هەڕێکاری: قوڕەکاری ف گِلکاری.

هەڕێکەر: کەسێ قوڕ دەگرێتەوەو دەیشێلێ ف گِل سرشت.

هەڕێ کێڵ: هەڕکێڵ ف نگا: هەڕکێڵ.

هەرێم: ١) دەوروبەری ئاوایی کە ناکێڵدرێ و ماڵی هەموانە؛ ٢) ناوچە، مەڵبەند ف ١) حریم عمومی آبادی؛ ٢) منطقه، ناحیه.

هەرێ‌مسری: جۆرێ گوێرێژی ئاماڵ‌سپی ف نوعی الاغ سپیدفام.

هەری‌مەندش: زۆرپیر، زورهان، فریە وەتەمەن ف بسیار پیر و فرتوت.

هەڕێن: خوڵاوی ف خاك‌آلود.

هەری‌نایش: کڕین، سانن ف خریدن.

هەریەك: ١) هەرەك، هەرکام؛ ٢) تەنیا یەکێ ف ١) هر یك؛ ٢) فقط یکی.

هەریەکــە: ١) هەریەك لەوان، هەرکــامێك؛ ٢) تەنیا یەکێکــە ف ١) هر یکی؛ ٢) فقط یکی است.

هەرێ‌هەرۆ: وشەی گەف کردن لە پیاو ف کلمهٔ تهدید مرد.

هەرێ‌هەرێ: ١) بەڵێ بەڵێ، ئاخۆ وابو؟؛ ٢) هەڕەشە لە ژن واتا: دەزانم چت‌کردوە ف ١) آیا چنین بود؟؛ ٢) کلمهٔ تهدید زن.

هەز: ١) حەز، ئارەزو؛ ٢) ئەوین؛ ٣) ئیشتیا ف ١) آرزو؛ ٢) عشق؛ ٣) هوس.

هەزار: دەجار سەت، بیست‌چەل پەنجا، پەنجاجار بیست ف هزار.

هەزارا: چەندجار هەزار: (ب**هەزارا** لەشکر دریکێدان) ف هزاران.

هەزاران: زۆرجار هەزار، هەزارا ف هزاران.

هەزاران‌هەزار: چەند میلیۆن، دەجار سەدهەزار سەدهەزار ف میلیونها.

هەزاربەهزار: شاخی زۆر بەرزو ئاسێ ف کوه سنگی بسیار بلند و دارای پرتگاه.

هەزارپا: زێلو ف هزارپا.

هەزارپرتی: کلاوقازی، شتێکی توێ‌لەسەرتوێ‌یە لە ناوزگی حەیواندا، هەزارلۆغانە ف هزارلای سیرابی.

هەزارپۆپ: کەڵەشێری پۆپەپان ف خروس تاج‌پهن.

هەزارپۆپنە: هەزارپۆپ ف خروس تاج‌پهن.

هەزارپۆپە: هەزارپۆپ ف خروس تاج پهن.

هەزارپێ: هەزارپا ف هزارپا.

هەزارپیشە: ١) حوانچەیەکی دارینە چاوەچاوە کراوە بۆ ئەوە زۆر شتی جیا جیای تێخـەن؛ ٢) بریتی لە کەسێ سەری لە زۆرکاران دەرچێ: (پێت وابـو هەژا **هەزارپیشە**/ مەی سوڕە ڕژا لە زارەشیشە) «مەم‌و زین» ف ١) صندوقچهٔ طبقه‌بندی شده؛ ٢) کنایه از آدم همه‌فن حریف.

هەزارتوێ: ١) هەزارپرتی؛ ٢) بریتی لە بنیادەمی دەبنەوەبڕ و ناڕاست ف ١) هزارلای سیرابی؛ ٢) کنایه از آدم تودار و نادرست.

هەزارتوێخ: هەزارتوێ ف نگا: هەزارتوێ.

هەزارڕەگ: بریتی لە زوڵ‌و حەرامزادە، بیژ، پیچ ف کنایه از حرامزاده.

هەزارگەز: گیایەکە ف گیاه هزارگوشان.

هەزارلۆ: هەزارتوێ ف نگا: هەزارتوێ.

هەزارلۆخانە: هەزارپرتی ف هزارلای سیرابی.

هەزارلۆغانە: هەزارپرتی ف هزارلای سیرابی.

هەزارلوێ: هەزارپرپی ف هزارلای سیرابی.

هەزارمێرد: لەو گونــدانــەی کوردستــانــە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

هەزارویەك‌لایە: هاتـوچۆی کەروێشك لەسەر بەفر بۆ شوێنەونکە ف رفت و برگشت خرگوش روی برف برای ردگم کردن.

هەزارویەك‌لایی: هەزارویەك‌لایە ف نگا: هەزارویەك‌لایە.

هەزارە: ١) هەزارویەك‌لایی کەروێشك؛ ٢) بەردی قیتی لێواری حەوز؛ ٣) لێواری تاقــەی ناو دیوار؛ ٤) خەوزڕان و خەیالات‌کردنــی ناو جێگــە؛ ٥) بیرەوەری هەزارســاڵــەی لەدایك‌بوون یان مردنی پیاوی گەورە؛ ٦) ناوە بۆ ژنان ف ١) نگا: هەزارویەك‌لایە؛ ٢) سنگ برجستهٔ لبهٔ حوض؛ ٣) لبهٔ طاقچه؛ ٤) خواب از سر پریدن به فکر فرورفتن در رختخواب؛ ٥) یادبود هزارمین سال تولّد یا مرگ بزرگان؛ ٦) نام زنانه.

هەزارەزیلە: کۆمەڵێ زۆر لە منالەورتکە ف جمعیت زیادی از کودکان.

هەزارەك: لە هەزارپاژ پاژێك ف یك هزارم.

هەزارەکــردن: ١) خەیالات‌کردنی خەوزڕاو؛ ٢) شوێنــەونکــەکــردنی کەروێشك لەسەر بەفر ف ١) به فکر و خیال فرورفتن آدم بدخواب؛ ٢) ردگم کردن خرگوش روی برف.

هەزاریەك: هەزارەك ف يك هزارم.

هەزاز: ١) هەرەس هێنـانی چیاو کەنـدالّ؛ ٢) ڕوُخـانی کێو؛ ٣) جۆرێ نەخـۆشی وەك‌گولی ف ١) گسستگی کوه و گودال؛ ٢) فروريختن کوه، ريزش کوه؛ ٣) نوعی بيماری جذام مانند.

هەزانـدن: ڕاوەشـانـدن، وە لەرەلـەرخـستن، هەژانـدن ف تکان دادن، بەلرزش انداختن.

هەزاوا: ئەزوا، تاڵی شاری ف آلوا، نگا: ئەزوا.

هەزبۆ: مەرزەکێفیلە ف مرزهٔ کوهی.

هەزبێ: گیادانو ف گیاهی است.

هەزبیە: ١) گیای بۆنخۆشی وشکەوەکراو بۆ ناو چێشت؛ ٢) ناعنە ف ١) گياه خوشبوی خشك كرده برای خورش؛ ٢) مرزه.

هەزبیە کێویلە: نەعناکێویلە ف مرزهٔ کوهی.

هەززۆ: شارێکـە لە کوردستـانی بەردەستی ترکـان لە نێوان ساسۆن‌و کۆزلوك بنگەی فەرمانداری‌یە ف شهری در کردستان.

هەززێ کرن: ١) دڵ‌پێدان؛ ٢) بەدڵ ئارەزوُکـردنی ف ١) دل به دلـدار دادن؛ ٢) قلباً چيزی را آرزو کردن.

هەزکرن: دڵداری ف عاشق شدن.

هەزکـــەر: ١) ئەوینـــدار؛ ٢) ئارەزوُکـەر ف ١) عاشق؛ ٢) آرزومنـد، خواستار، دوستدار.

هەزم: تاوانەوەی خواردن لە ورگدا، عەزم، هەڵتاوین ف هضم.

هەزن: خەم، ناهومێدی ف غم.

هەزۆ: ناوچـەیەکە لە کوردستانی بەردەسـی ترکان ف ناحیه‌ای درکردستان.

هەزوا: هەزاوا، عەزوا، ئەزوا، تاڵی شاری ف الوا، صبر.

هەزۆر: ١) شارێك‌و ناوچەیەکە سەر بە دیاربەکر لە کوردستان؛ ٢) ناوی تاخێکە لە شاری بتلیس لە کوردستان ف ١) نام منطقه‌ای و شهری در کردستان؛ ٢) محلّه‌ای در شهر بتليس.

هەزوە: مەرزەی کێفی ف مرزهٔ کوهی.

هەزوێلە: وشکەگیاو شتی بـۆن‌و تامخۆشکـەری چێشت ف ادويه، بهارات.

هەزەخ: ١) ممبـارەك، پیرۆز؛ ٢) بەرێژەو، بەحاسڵ؛ ٢) ناوی گوندێك‌و ناوچـەیەکـە لە کوردستـان ف ١) مبارك؛ ٢) پُردرآمد؛ ٣) نام دهی و ناحيه‌ای در کردستان.

هەزەهەز: فڕەفڕی باڵی بێچوەکۆتر کاتێ لەناو هێلانەدایە ف صدای بال زدن جوجهٔ کبوتر در لانه.

هەزەهەزایش: هەڵوەرین لەبەر ڕزیوی ف فروريختن از پوسيدگی.

هەزەی: وەکو، لەگوێن ف مانند، مثل.

هەزیا: زەها، حەزیا ف اژدها.

هەزیر: بەراورد، قرسان، خەمڵ ف تخمين.

هەزیران: ١) مانگێکی ساڵە؛ ٢) حەیزەران ف ١) يکی از ماههای سال ميلادی؛ ٢) چوب خيزران.

هەزیرانی: جۆرێ هەرمێ ف نوعی گلابی.

هەزیرکرن: قرساندن، خەمڵ‌کردن، بەراوەردکردن ف تخمين زدن.

هەزێلك: هەرزاڵ، پێڕك، ئەستێرك ف نگا: هەرزاڵ.

هەزین: هژان، بەرزو نەویبوُنی سنگ لە نەفەس‌تەنگی ف نگا: هژان.

هەزینگ: ڕاپەڕ، شنگڵ: (**هەزینگ داخۆ**) ف نگا: شنگڵ.

هەژ: ١) حەن، هەز؛ ٢) وشـــك؛ ٣) لکـەداری‌وشـك: (**هـەژگەڵ**)؛ ٤) دەشتی‌وشکارۆ ف ١) نگا: هەز؛ ٢) خشك؛ ٣) شاخهٔ خشك درخت؛ ٤) صحرای خشك.

هەژا: ڕاتلەکـا، لەرزی بەولاولادا: (مەشکەهەژا) ف لرزيد، به اطراف نوسان كرد.

هەژار: ١) ژار، بێچـارە؛ ٢) نەدار؛ ٣) نازنـاوی شاعیرێکی هاوچەرخی کوردە ف ١) زار، بيچاره؛ ٢) فقير؛ ٣) لقب يكی از شعرای معاصر کرد.

هەژارخانە: فەقیرخانە، ماڵێ کە بێ‌نانی لێ بەخێودەکەن ف نوانخانه.

هەژارکەوتن: ١) بێچارەبوُن؛ ٢) نەداربوُن ف ١) بيچاره و بينواشدن؛ ٢) فقيرشدن.

هەژارەتی: کۆششی فەقیرانە ف کسب بينوايانه.

هەژاری: ١) نەداری، ژاری؛ ٢) تەقالای فەقیرانە ف ١) بيچارگی؛ ٢) کسابت بينوايانه.

هەژاڵ: لکەدار بەگەڵاو پڕژەوە ف شاخه با برگ و جوانه.

هەژالە: گیای بێ‌کەڵك کە دەبێ بژار بکرێ ف گياه هرزه كه بايد وجين شود.

هەژان: ١) ڕاتەکان؛ ٢) شەکانەوە ف ١) جنبش به هرطرف؛ ٢) اهتزاز.

هەژانـدن: ١) ڕاژانـدن؛ ٢) ژانـدنی مەشکـە؛ ٣) ڕاوەشـاندن ف ١) جنباندن؛ ٢) بهم زدن مشك؛ ٣) شديد تكان دادن.

هەژدە: دوان کەم لە بیست، پازدەو سێ ف هيجده.

هەژدەر: قسەی بەپەلە: (**هەژدەر هەژدەر** قسەی لەدەم دەردەچێ) ف عجله در گفتن، گفتار شتاب‌آميز.

هەژدەمین: ئەو شتەی ژمارەهەژدەی بەردەکەوێ ف هيجدهم.

هەژدەهەم: هەژدەمین ف هيجدهم.

هەژدەهەمین: هەژدەمین ف هيجدهم.

هەژڤاندن: ترساندن ف ترساندن.

هەژڤین: ترسان ف ترسيدن.

هەژقـانـدن: وە دڵەتەپێ خستن، شێواندنی کەسێ ف مضطرب کردن، بەاضطراب انداختن.

هەژقین: شێویان‌و کەتنە دڵەخورپێ ف اضطراب.

هەژکاندن: هەژاندن ف نگا: هەژاندن.

هەژك‌وبژاڵ: پوش‌وپاڵ ف آت و آشغال.

هەژك‌وبەژك: چرپی‌وچاڵ ف شاخه‌های خشکيدهٔ درختان.

هەژك‌وپەژك: چرپی وچاڵ ف شاخه‌های خشکيدهٔ درختان.

هەژگ: ١) بەلـــەك؛ ٢) باسـك‌و زەنـد؛ ٣) ڕەشکـەی کاکێشـان؛ ٤) لکەداری وشك؛ ٥) ئالاش؛ ٦) تێخولێ سەوزەو میوە ف ١) ساق؛ ٢) زند؛ ٣) تورکاهکشی؛ ٤) شاخهٔ خشك درخت؛ ٥) انبيره؛ ٦) پوست

میوه.

هەژگوبژاڵ: چڕو چیلکەی ئاوردو ف چوب خشك هیمه.

هەژگەڵ: ١) لکەداری وشکەوەبوگ؛ ٢) چڕو چیلکەی ئاوردو ف ١) شاخهٔ خشك شده؛ ٢) چوب هیمه.

هەژگی: پرزەی دار یان گیا ف پوشال چوب یا گیاه.

هەژمار: ١) ژمارە؛ ٢) ژمار ف ١) شماره؛ ٢) شمار.

هەژمارتن: ژماردن ف شمردن.

هەژماردن: هەژمارتن، ژماردن ف شمردن.

هەژماردە: ١) بژیراو؛ ٢) نەقێنراو ف ١) شمرده؛ ٢) برگزیده.

هەژماردی: ژمێراو، هەژماردە ف شمرده.

هەژمارە: ژمارە ف شماره.

هەژمراندن: ١) ژمارەکردن؛ ٢) ژمارتن، حەساوکردن ف ١) شمردن؛ ٢) حساب کردن.

هەژمەت: مەینەت، خەمو خەفەت ف غم و اندوه.

هەژهار: زێدەددان ف دندان اضافی.

هەژهان: لەرزین ف لرزیدن.

هەژەت: هەجەت ف نگا: هەجەت.

هەژەك: شەکان، لەرزە ف اهتزاز.

هەژەند: سەرسوڕێن ف عجیب و غریب.

هەژهەژاڵ: چیلکەوچاڵ ف هیمه، شاخ و برگ خشك.

هەژهەژوك: زۆر بەلەرزە ف بسیار لرزان.

هەژهەژۆکی: لەرزینەوەی دایمی ف لرزش همیشگی.

هەژهەژیك: هاجهاجك ف چلچله.

هەژی: ١) بەرکـەتی، شایسـە، پەسند لەبـەر دڵو چاو؛ ٢) بەنـرخ، قیمەتدار ف ١) شایسته، شایان؛ ٢) ارزشمند.

هەژیاتی: لێهاتوویی، ژێهاتوویی ف شایستگی.

هەژیار: هەژهار ف دندان زیادی.

هەژیان: ١) هەژان، هەژهان؛ ٢) رەوای نرخەکەی ف ١) جنبش جانبی؛ ٢) ارزیدن، شایان ارزش.

هەژیای: راژاو، شەکاوە ف دراهتزاز.

هەژیر: هژیر، هەنجیر. میوەیەکـە چەنـد جۆری هەیە بەم‌ناوانە، درهی، هەرکەڤانی، هێکناتی، رژیك، شنگالی، تەفارە، زەرك ف انجیر.

هەژیرە: هەنجیرەکێویلکە ف انجیرکوهی.

هەژی کرن: حەزلێ کردن، ئەڤاندن، هەززیٚ کرن ف عاشق بودن، دلدادهٔ کسی بودن.

هەژین: ١) راژان، هەژان؛ ٢) بەرانبەری دەگەڵ قیمەت؛ ٣) بزوتن ف ١) تکان خوردن، نوسان؛ ٢) ارزش؛ ٣) حرکت.

هەژێن: راتلەکێن، شەکێنەوە ف جنباننده.

هەس: ١) خاون‌بونـە، پێچـەوانەی نیە؛ ٢) حەس، ئاگا: (**هەس** دەکەم سەرمـامـە)؛ ٣) خەست، دژی تراو؛ ٤) وتـەی گا لەسـەر خەت گەڕاتـدنەوە، هەرتە، هەرت؛ ٥) وزە، توانا؛ ٦) دارایی: (**هەس** و نیسم دا)؛ ٧) حەسحـەس، چەرخـەچی ف ١) هست؛ ٢) احسـاس؛ ٣) غلیظ؛ ٤) کلمهٔ برگرداندن گاو در شخم؛ ٥) نیرو؛ ٦) دارایی؛ ٧) نگهبان شب.

هەسار: ١) گۆل، ئەستێر، ئەستێرك، ئەستێڵ؛ ٢) حەوش، حەوشـە، حەسار؛ ٤) قەلا ف ١) استخر؛ ٢) حیاط؛ ٣) قلعه.

هەسارگەلە: پەچە، حەوشەمەڕ ف شبغازه.

هەسارە: ١) حەوشەمەڕ، پەچە؛ ٢) ئەستێرە، ستارە، ستێری عاسمان ف ١) شبغازه؛ ٢) ستاره.

هەسارەجوچکەدار: ئەستێرەی کلکەدار ستارهٔ دنباله‌دار.

هەسارەزەڕینە: کۆلکەزێڕینە، پەلکەزەنگینە، کەسکوسۆر ف رنگین کمان.

هەسارەشناس: نجوم‌گەر ف ستاره‌شناس.

هەسارەگەڕێن: هەسارەشناس ف ستاره‌شناس.

هەسارەناس: هەسارەشناس ف ستاره‌شناس.

هەساری: ١) ئەستێڵ، گۆلاو؛ ٢) قەلانشین ف ١) استخر؛ ٢) قلعه‌نشین.

هەساس: نۆبەداری ئاوایی و بازاڕ بەشەو ف نگهبان شب، عسس.

هەسان: ١) سان، بەردەسان؛ ٢) سانەوە، ئیسراحەت؛ ٣) هەرچی خاوەن بونن؛ ٤) هاسان ف ١) فسان؛ ٢) آسودن؛ ٣) موجودات؛ ٤) آسان.

هەساندان: تیژکردن و ساوین بە هەساندا ف تیزکردن تیغ بافسان.

هەساندن: هەستکردن ف حسّ کردن.

هەساندی: تیژکراو بە هەسان ف تیزشده با فسان.

هەسان کرن: هەساندان: (من داساخوە **هەسان کر**) ف تیزکردن با فسان.

هەسانەڤە: سانەوە ف آسودن.

هەسانەوە: سانەوە ف آسودن.

هەساو: ١) ساو، عاسمانی بێ‌هەور؛ ٢) ماڵین، پیاماڵین؛ ٣) تیژکراو بە سان؛ ٤) حەسـاب، حەسێب ف ١) آسمـان صاف؛ ٢) مالش؛ ٣) تیزشده با فسان؛ ٤) حساب.

هەساوین: پیاماڵین، ساوین ف مالیدن، ساییدن.

هەسبـانـدن: گومـان‌بردن، وا تێگەیشتن: (ئەو من زارۆ **دهەسبینە**) ف ارزیابی کردن.

هەسپ: ئەسپ ف اسب.

هەسپا: ئەسپا، لەسەرخۆ، سەبر ف آهسته.

هەسپاو: ئەسباب، نامراز، نامێر ف ابزار، اسباب.

هەسپایی: ئەسپایی، بە لەسەرخۆیی ف آهستگی.

هەسپزە: گیایەکە لە وێنجە دەکا ف گیاهی است شبیه یونجه.

هەسپێست: ١) گونـدێکـە لە وڵاتی بوتـانی کوردستـان کە ژێردەستی ترکانە؛ ٢) وێنجـەکێویلە ف ١) روستـایی درکردستـان؛ ٢) یونجهٔ خودرو.

هەسپێك: وێنجەکێویلە، هەسپێست ف یونجهٔ خودرو.

هەسپێ: ئەسپێ، سپێ ف شپش.

هەسپێ ئێختە: ئەسپی گونـدەرهاتی ف اسب اخته‌شده.

هەسپی بەزا: ئەسپی گرێوەغار ف اسب مسابقه.
هەسپێ حەشا: ئەسپی ئێختەکراو ف اسب اخته.
هەسپێ دارین: پایسکڵ، دوچەرخە ف دوچرخه.
هەسپێ فەحل: ئەسپی تۆوی بۆ پەڕینەسەر ماین ف اسب جفتگیری.
هەسپێ قولە: ئەسپی شێ ف نژادی از اسب.
هەسپێ کەحێل: ئەسپی ڕەسەن ف اسب اصیل.
هەسپێ گونۆ: هەسپێ ئێختە ف اسب اخته شده.
هەسپێ مێ: ماین ف مادیان.
هەسپێ نێر: ئەسب ف اسب.
هەسپێ ئەیی: تاژیلۆکە، حوشترخوا، تاژی ئەحمەدڕاوکەرە، بالۆك، ئەسپی حەسەن حوسێنان ف حشرهٔ آخوندك.
هەست: ١) دارایی، بوُ؛ ٢) ئاگا، حەس؛ ٣) ئێسقان، پێشە، ئێسك؛ ٤) توند، هەس؛ ٥) هەشت، حەفت و یەك ف ١) موجودی؛ ٢) احساس؛ ٣) استخوان؛ ٤) غلیظ؛ ٥) هشت.
هەسْت: هەتە ف داری.
هەستار: ڕۆندك، فرمێسك ف اشك.
هەستان: ١) رابوُن، هاتنەسەرپا؛ ٢) بێداربوُنەوە لە خەو؛ ٣) زەق و ڕەپ بوُن؛ ٤) هەتانە ف ١) برخاستن؛ ٢) بیدارشدن از خواب؛ ٣) راست شدن؛ ٤) دارید.
هەستاندن: ١) راکردن، بڵندکردن بەقیتەوە؛ ٢) لە خەو ڕاپەڕاندن؛ ٣) ڕەپ و ڕاست ڕاگرتن؛ ٤) ئەستاندن، ساندن ف ١) بلندکردن؛ ٢) بیدارکردن؛ ٣) راست و مستقیم نگهداشتن؛ ٤) گرفتن.
هەستاندنەوە: هەستاننەوە ف نگا: هەستانەوە.
هەستاننەوە: ١) دوای کەوتن بڵندکردنەوە؛ ٢) ئەستاندنەوە ف ١) پس از افتادن بازبلند کردن؛ ٢) بازگرفتن.
هەستانەوە: ١) دوای کەوتن ڕابوُن؛ ٢) لە نەخۆشی ڕزگاربوُن؛ ٣) زیندوبوُنەوە دوای مردن؛ ٤) وەخەبەرهاتن بۆ پارشێو ف ١) بعد از افتادن بلند شدن؛ ٢) شفایافتن؛ ٣) قیامت؛ ٤) بیدارشدن برای سحری.
هەستای: هەشتا، چوارچەل بیست ف هشتاد.
هەستْك: هێجك، ئاڵقەی گوریسی بارەوباران، هەچی ف حلقهٔ رسن باربند.
هەستکار: ئەندامی کە هۆی هەست کردنن ف اندامهای حسّ کننده، حواسّ.
هەست کردن: حەس کردن، پێ زانین، ئاگاکردن ف احساس کردن.
هەستو: ١) پێشە، ئێسقان، هەست؛ ٢) دەنکی ڕەقی میوە، ناوکەمیوە ف ١) استخوان؛ ٢) هسته.
هەستۆ: مل، ئەستۆ ف گردن.
هەستوخوست: دەنگ و بزوُتن ف حرکت و صدا.
هەستۆك: هەستکار ف نگا: هەستکار.
هەستونْست: بوُن و نەبوُن ف هست و نیست، موجودی.
هەستونیست: هەستونْست ف هست و نیست.
هەستە: ١) ئەستێ بۆ پوُشوُ؛ ٢) راستەوەبە؛ ٣) ئەسپایی، لەسەرخۆ؛ ٤) هەتە؛ ٥) پێشە، ئێسقان ف ١) آهن آتش‌زنه؛ ٢) بلندشو؛ ٣) آهسته؛ ٤) داری؛ ٥) استخوان.
هەستەر: ئێستر، قاتر ف استر.
هەستەرە: موس، گوێزان، گیزان، تیخی موُتاش ف استره.
هەستەکا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
هەستەم: ١) دژوار: (کەژێ **هەستەمە**)؛ ٢) ئەسپایی، سپایی، ئاستەم ف ١) سخت و دشوار؛ ٢) آهسته.
هەستەی: توندو شلی تێکەڵاو، تیر تێکەڵ بە تراو ف غلیظ و رقیق مخلوط.
هەستی: ١) ئێسك، پێشە؛ ٢) بوُن؛ ٣) راستەوەبی ف ١) استخوان؛ ٢) هستی، وجود؛ ٣) بلندشوی.
هەستێ: ١) ئەستێ، بەردەستێ، هەستە؛ ٢) راستەوەبێ ف ١) آهن آتش‌زنه؛ ٢) بلند شود.
هەستیار: ١) هەستۆك، هەستکار؛ ٢) شاعیر، وێژەوان ف ١) احساس کننده؛ ٢) شاعر و ادیب.
هەستێس: هەژدە ف هیجده.
هەستی سْقك: خوێن شیرین، ڕەزاسوُك، ئێسك سوُك ف دوست داشتنی، تودل برو، محبوب‌القلوب.
هەستیف: ١) ئەستێوْڵك، ئاسنێ کە بەسەر تەنوُرا ڕای دەنگێون؛ ٢) ئاسنێ کە نانی پێ لە تەندوُر دەکەنەوە ف ١) آهنی که بر بالای تنور می‌گذارند؛ ٢) آهنی که بدان نان از تنور بیرون کشند.
هەستیڤ: هەستیف ف نگا: هەستیف.
هەستیك: هێجك، هەستْك ف نگا: هەستْك.
هەستی کۆڕ: ١) کڕکڕۆکە؛ ٢) دەوری لێس، برێتی لە زۆرخۆر ف ١) غضروف؛ ٢) کنایه از پرخور.
هەستی کۆلی: ئێسك شکاو، ئێسك ڕزاو ف شکسته استخوان، پوسیده استخوان.
هەستی گران: خوێنتاڵ، ڕەزاقورس، ئێسك گران، ڕەزاگران ف دوست نداشتنی، گرانجان.
هەستی گرتن: شکستەبەندی ف شکسته بندی.
هەستی گرەك: هۆستای شکستەبەند ف شکسته‌بند.
هەستی گەشتْك: پەل قەوی، پێشەئەستوُر ف استخوان درشت.
هەستێن: ١) ئەستێن، وەگر؛ ٢) لە خەو بێدارکەر؛ ٣) بڵندکەر ف ١) گیرنده؛ ٢) بیدارکننده؛ ٣) بلندکننده.
هەستێنەوە: ئەستێنەوە: (تۆڵەهەستێنەوە، تالان‌هەستێنەوە) ف بازگیرنده.
هەستێوك: وردەئێسك ف ریزه استخوان.
هەس دان: گەڕاندنەوەی گا لەسەر خەت ف برگرداندن گاو شخم‌زنی از مرز شیار.
هەس دانەوە: ١) هەس دان؛ ٢) برێتی لە ڕوشکاندن و تەمێ کردن؛

(زۆری وت ئاخری **هەسمدایەوە**) ف ١) نگا: هەس‌دان؛ ٢) کنایه از جواب دندان شکن دادن.
هەسـر: ١) ئەسرین، رۆندك، ئەشك، فرمێسك؛ ٢) عەزرەت، تاسە؛ ٣) نزگەرە؛ ٤) هەڵکێشـانی ئاخ ف ١) اشـك؛ ٢) آرزو، حسـرت؛ ٣) سکسکه؛ ٤) آه کشیدن.
هەسرئانتش: ئاخ‌هەڵکێشان ف آه کشیدن.
هەسربیایش: دەرکردن، لە خۆ دوورخستنەوە ف راندن، از خود دور کردن.
هەسروێ: خەزوور ف پدرزن و پدرشوهر.
هەسری کەردش: فرمێسك دەچاوی تزا ف اشك درچشمانش غلطید.
هەسك: ١) شەن، شەنە؛ ٢) پشافتە، هەڵپشاوتە؛ ٣) ئەسکوێ: (دیزکێ گوت زکێ من سپی‌یە **هەسکێ** گوت ئەزهێ ژێ دەرکەتم) «مەسەل» ف ١) افشون؛ ٢) مچاله‌شده؛ ٣) چمچه، ملاغه.
هەسکاندن: پشافتن، هەڵپشاوتن ف مچاله‌کردن، با دست فشردن.
هەسکۆ: ئەسکوو، ئەسکوێ ف ملاغه.
هەسکوێ: هەسکۆ، ئەسکوو ف ملاغه.
هەسکـە: ١) ئانیسـك، دەنگێ لە قورگ لەخـۆشیان یان پاش گریان، هەنیسك؛ ٢) ئەسکوێ، هەسکۆ ف ١) خنجه، سکسکهٔ بعد از گریه؛ ٢) ملاغه.
هەسکەهەسك: هەسکەی‌زۆر ف خنجهٔ متوالی، سکسکهٔ پیاپی پس از گریه.
هەسکێ: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
هەسکیان: ئانیسك‌دان ف خنجیدن، سکسکه‌کردن بعد از گریه.
هەسکیف: ناوی کۆنـەقـەڵایەکی دەسکـردی پادشـایانی ئەیووبیە لە شاری ماردین لە دەم چەمی دجلە کە هەر ماوە ف نام قلعه‌ای مربوط به سلاطین ایّوبی در کردستان.
هەسن: ئاسن ف آهن.
هەسنا: هۆزێکی کوردە لای جزیری بۆتـانی کوردسـتـانی بەردەستی ترکان ف نام عشیره‌ای در کردستان.
هەسن‌بەکـرا: لەو گونـدانـەی کوردستـانـە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.
هەسن‌بیرکـا: گونـدێکـە لە کوردستـان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدهٔ کردستان توسط بعثیان.
هەسن‌جاو: ئاسنجاو، ئامرازی ماڵ لە ئاسن و مس و کانزای‌تر ف ابزار فلزی.
هەسن‌درك: تێلێکی بەچقڵ کە دەکرێتە پەرژین ف سیم خاردار.
هەسن‌فرێن: ئاسن کێش ف آهن ربا.
هەسنکەر: ئاسنگەر ف اهنگر.
هەسْنگ: هەسن، ئاسن ف آهن.
هەسنگەر: ئاسنگەر ف آهنگر.
هەسنی: ١) ئاسنین، چێ‌بوی ژ ئاسن؛ ٢) عاشیرەتێکی کوردە ف ١) آهنی؛ ٢) نام عشیره‌ای است.
هەسو: ١) کەناری عاسمان، ئاسۆ، ئاسۆگ، ئاسوْ؛ ٢) لۆکەی ناوئاخنی جلك ف ١) افق؛ ٢) پنبهٔ میان رویه و آستر لباس.
هەسوُد: ئێرەیی‌بەر، چاوەنزێر ف حسود.
هەسوُدی: ئێرەیی، چاوەنزێری ف حسودی.
هەسوُرە: خەزوور ف پدرزن و پدرشوهر.
هەسوُك: گیایەکی کێویە ف گیاهی است.
هەسوُن: ١) ساوین، پیامالین؛ ٢) ئەستون، کۆڵەکە، ئەستوندەك ف ١) مالیدن، ساییدن؛ ٢) ستون.
هەس‌ونْس: هەست‌ونْست ف هست و نیست.
هەس‌ونیس: هەس‌ونْس، هەست‌ونْست ف هست و نیست.
هەس‌ونیە: هەست‌ونْست ف هست و نیست.
هەس‌وهۆل: خەست‌وخۆڵ ف غلیظ، ضدّ آبکی.
هەسویی: کێڕی، راست‌و لەدرێژەوە ف افقی.
هەســە: ١) خاوەن‌بوُنـە، هەس؛ ٢) هەسـتـە، بڵـنـدبـە؛ ٣) خەستـە، خەستەوەبوُگ ف ١) هست؛ ٢) برخیز؛ ٣) غلیظ شده، آب چکیده.
هەسەر: ١) ئێستر، قاتر، بەچکەی نێرەکەر لە ماین؛ ٢) بیر و خەیاڵات ف ١) استر؛ ٢) فکر و خیال.
هەسەم: هەرەس ف ١) بهمن؛ ٢) ریزش بهمن.
هەسەڵ: هنگْف، هنگفین ف عسل.
هەسەلە: مەلێکی بچوُکە، تیتر واسك ف پرنده‌ایست کوچك.
هەسەن: ناوە بۆ پیاوان، حەسەن ف حسن، نام مردانه.
هەســان: چەنـد تیرەو هۆزەکـورد بەوناوە هەن لە نێوان وان‌و چیای ئاگری‌و دێرسیم‌و سقـەزەکێ کە دوتیرە لەوانـە زازان ف نام چنـدین عشیرهٔ کورد.
هەسەن‌بەگی: گیاناداەمە ف مهرگیاه.
هەسەنی: جۆرێ هەنگوُر ف نوعی انگور.
هەسهەس: هەس، ئێشکگری شەو ف عسس.
هەسهەسوُك: برێتی لە شاخی بزنەکێوی‌و کەڵەکێوی ف کنایه از شاخ بزکوهی.
هەسـی: ١) بوُن؛ ٢) لایەتی، شك‌دەبـا، دێرت، دێرێ ف ١) هستی، وجود؛ ٢) دارد.
هەسیا: هەستی‌پێ‌کرد، ئاگادارەوەبو، پەلیا ف احساس کرد.
هەسیان: ١) ئاگاکردن، حەسیان؛ ٢) حەسانەوە، سانەوە ف ١) احساس کردن؛ ٢) آسودن.
هەسیانەڤە: حەسانەوە، سانەوە ف آسودن.
هەسێب: حسێب، حیساب ف حساب.
هەسێب‌گەر: ژماریار ف آمارگر، حسابگر.
هەسێب گێڕ: حەسێب‌گەر، ژماریار ف حسابگر، آمارگر.
هەسیدە: هەڵوای لە ئاردو دۆشاو ف حلوای آرد و شیره.
هەسیر: ١) حەسیر، رایەخی لە جەگەن‌و قامیش؛ ٢) یەخسیر، دیل ف ١) حصیر، بوریا؛ ٢) اسیر.

هەسێر: ئەستێر، گۆلاو، ئەستێڵ ف استخر.

هەسیرۆ: خەزوور، خەزوورە ف پدرزن و پدرشوهر.

هەسیرە: ئەستێرە، ستارە، هەسارە ف ستارە.

هەسێرە: هەسیرە، ئەستێرە، هەسارە، ستارە ف ستارە.

هەسێرەزێڕینە: پەلکەزێڕینە، کێڕستون، کەسکەسۆر ف رنگین کمان.

هەسێڵ: ئەستێر، گۆلاو، ئەستێڵ ف استخر.

هەسین: هەستکردن ف حس کردن.

هەسێنە: خەستە، خەستەوەبووگ ف غلیظ شده، آب چکیده.

هەش: ١) خم، گیایەکە بۆ ڕەنگی شین دەکار دەکرێ، خوم؛ ٢) هۆش، هش؛ ٣) حەش، ورچ، هەرس، هرس، حورچ؛ ٤) وتەی دنەدانی سەگ؛ ٥) فەرمان بە بێدەنگبوون ف ١) نیل؛ ٢) هوش؛ ٣) خرس؛ ٤) کلمۀ برانگیختن سگ؛ ٥) هیس، فرمان خاموشی.

هەشا: هاشا، حاشا ف حاشا.

هەشار: ١) حەشار؛ ٢) وشیار؛ ٣) خۆونکردن: (خۆی **حەشار** داوە) ف ١) کمین کبك شکاری؛ ٢) هشیار؛ ٣) پنهان شدن.

هەشاردان: شاردنەوە، وەشارتن ف پنهان کردن.

هەشارگە: حەشارگە ف کمینگاه.

هەشارە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

هەشاشین: بەڵاو چۆرتم ف بلا و مصیبت.

هەشافتن: ١) قڕکردن، لەناوبردن؛ ٢) بنقورتدان ف ١) نابودکردن، کشتار دستەجمعی؛ ٢) زیرگل بردن.

هەشامات: ئاپۆرە، حەشامات ف انبوهی مردم، جمعیّت متراکم.

هەشان: ئاخنین، خستنەناو بەزۆر ف آگنە.

هەشاندن: ١) تێئاخنین؛ ٢) پڕکردنەوە ف ١) آگندن با فشار؛ ٢) بازپرکردن.

هەشبەسەر: ١) برێتی لە بەدبەخت؛ ٢) برێتی لە تازیەبار ف ١) کنایە از سیەروز؛ ٢) کنایە از ماتمزدە.

هەشپا: جلە، جانەوەرێکە لە دەریادا لە هەرلایەی چوار پەلی هەیە ف اختاپوس، هشتپا.

هەشپاڵو: دەگۆشەی دوگۆشە کەم ف هشت گوشە.

هەشپش: هەسپێ، سپێ ف شپش.

هەشپشی: ئەسپێ، سپێ، هەشپش ف شپش.

هەشت: دوان و شەش، دوجار چوار ف عدد هشت.

هەشتا: دەجار هەشت، حەفتاو دە ف هشتاد.

هەشتاڵو: خۆخ، کۆخ، قۆخ ف هلو.

هەشتاڵوکوت: لەتکەخۆخ ف برگۀ هلو.

هەشتامین: پاش حەفتاو نۆهەمین ف هشتادمین.

هەشتاو: لەز، پەلە ف شتاب.

هەشتاوی: بەلەز، بەپەلە ف شتابزدە.

هەشتای: هەشتا، هەشتێ ف هشتاد.

هەشتاێن: هەش[illegible]ەم، هەشتامین ف هشتادمین.

هەشتایەم: هەشتامین ف هشتادمین.

هەشتپەڕ: گەولەجۆ، جۆێکە کە شەشڕیز دەگرێ و بە دێم نابێ ف نوعی جو کە خوشۀ آن شش ردیف دانە دارد.

هەشتر: حوشتر، وشتر، دەڤە ف شتر.

هەشترمە: وشترمر ف شترمرغ.

هەشتتیر: جۆرێ دەمانچە کە هەشت فیشەك دەخوا ف نوعی کلت.

هەشتدان: هەشتپەڕ ف نگا: هەشتپەڕ.

هەشتقات: هەشتنهۆم، هەشتچین ف هشت طبقە.

هەشتقۆزی: هەشتپاڵو ف هشت گوشە.

هەشتگۆشە: هەشتپاڵو، هەشتقۆزی ف هشت گوشە.

هەشتلا: هەشتتوێ ف هشت لایە.

هەشتم: دێرمیش: (**هەشتم**و ناتدەمێ)؛ ٢) ئەوی لە نورەژمارەدا دەبێتە هەشت ف ١) آن را دارم؛ ٢) هشتم.

هەشتن: هەشتەم، ئەوی لە ژماردا دەبێتە هەشت ف هشتم.

هەشتنە: هەشتن، هەشتم ف هشتم.

هەشتە: ١) هەشتڕۆژ دوای ڕوداوێ یان بۆ وەختدانان: (حەوتڕۆژ لەماڵم **هەشتە** لەکنتۆم)؛ ٢) شکیش دەبەی: (**هەشتەو** ئامدەیەی) ف ١) هشتم روز؛ ٢) آن را نیز داری.

هەشتەك: لە هەشت یەکێك، هەشتێك ف یك هشتم.

هەشتەم: ئەوی لە ژماردا دەبێتە هەشت ف هشتم.

هەشتەمین: هەشتەم ف هشتمی.

هەشتی: ١) زل و گوشاد. *بۆ زۆری گوشادو سەماوەری گەورەی دەڵێن*؛ ٢) هەشتگۆشە؛ ٣) دێریتش، لاشی هەیە؛ ٤) هەشتا ف ١) خانە یا سماور بزرگ؛ ٢) هشت گوشە؛ ٣) نیز دارد؛ ٤) هشتاد.

هەشتێ: هەشتا، هەشتچەل دە، چوارچەل بیست ف هشتاد.

هەشتیر: هەشتتیر، جۆرێ دەمانچە ف نوعی کلت.

هەشتێس: هەژدە ف هیجدە.

هەشتێسن: هەژدەهەم ف هیجدهم.

هەشتێسنە: هەژدەهەم ف هیجدهم.

هەشتێك: لە هەشت پاژ پاژێك ف یك هشتم.

هەشتینەك: هەچیەك لە هەشتپاژی وەك یەك پێكهاتبێ ف متشکّل از هشت بخش متساوی.

هەشتیەك: هەشتێك ف یك هشتم.

هەشدە: هەشتا، هەشتێ، هەستای ف هشتاد.

هەشر: ڕۆژی هەستانەوە، حەشر. *زۆرتر دەگەڵ مەشەری ئێژن کە مەبەست مەحشەرە* : (**هەشرو مەشەر**) ف روز رستاخیز.

هەشف: ١) سڕین، ماڵینەوە؛ ٢) کوژاندنەوەی نوسراو؛ ٣) نەمان و لەناوچوون ف ١) زدودگی؛ ٢) پاك کردن نوشتە؛ ٣) نابودی.

هەشفاندن: ١) سڕینەوە، سڕینەوەی خەت یان چڵك و ژەنگ؛ ٢) قڕانتێخستن، لەناوبردن؛ ٣) تێئاخنین، ئاخنین ف ١) زدودن؛ ٢) نابودکردن؛ ٣) آکندن.

هەشفی: سڕاو ف زدودە.

هەشفین: هەشفاندن ف نگا: هەشفاندن، زدودن.

هەشفێن: ئەوی شتێ دەسڕێتەوە ف زداینده.

هەشڤاندن: هەشفاندن ف نگا: هەشفاندن.

هەشك: ١) چیلکەوچاڵ، هەژگەڵ؛ ٢) چەرمی قاچ و دەست لە پێستەدا ف ١) شاخەهای خشك شده؛ ٢) چرم دست و پای خیك.

هەشمەت: خولام، گۆری: (هەشمەت کاریّ بەژنێ تەمە) ف نوکر.

هەشە: لەبوُنیش‌دایە ف هم هست.

هەشەری: حەشەری، ژنی زۆر حەکەدار ف زن شهوت‌پرست.

هەشەکە: هەڕەشە، گەف، گوڕەشە ف تهدید.

هەشی: شین، کەوە، بەڕەنگی هەش ف کبود.

هەشیر: حەسیر لە جەگەن یان لە چیتك ف حصیر، بوریا.

هەشیمی: تڕخێنە: (هەشیمی گەلاپانی قەدیمی خوّت لێ هاویشتۆمە سەرتەختی سیمی) «فۆلکلۆر» ف آش شلغم، ترخوانە.

هەشین: ١) هەشی؛ ٢) سەوز، کەسك: (گیا هەشین بویە) ف ١) کبود؛ ٢) سبز.

هەشیناتی: سەوزەوات ف سبزیجات.

هەشینایی: کەوەیی، شینی، رەنگی عابی تۆخ ف کبودرنگی.

هەشین‌بوُن: روان، شین‌بوُنی ڕوەك ف رستن نباتات.

هەشینۆك: جۆرێ ماسی، تەحرێ ماساو ف نوعی ماهی.

هەف: ١) عەف، حەپ، حەبە، گەفە؛ ٢) خەو ف ١) واق، سگ؛ ٢) خواب.

هەفار: ١) بۆخ، مژی گەرما، بۆخی ئاوی گەرم؛ ٢) بۆنی گرانی تەڕیّ و ڕزاو لەبەر تەڕی ف ١) بخار؛ ٢) بوی گند از رطوبت.

هەفان: جانەوەری چنگ بەبەردان سواو ف جانور ساییده چنگال.

هەفت: ١) حەوت، حەو؛ ٢) خەوت، نوست، نقست ف ١) هفت؛ ٢) خوابید.

هەفتا: حەفتا ف هفتاد.

هەفتاچەشمە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی درکردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

هەفتاف: حەوتاو، هەفتاو ف هفت بار شستن نجس.

هەفتانە: بە حەورۆژ جاریّ ف هفتگی.

هەفتانی: هەفتانە ف هفتگی.

هەفتاو: گلاوکردن، بە حەوت ئاو شوتن، هەفتاف ف هفت بار شستن نجس.

هەفت‌برا: حەوبرالە ف بنات‌النّعش.

هەفتجوّش: حەوجوّش ف مفرغ.

هەفتڕو: حەوت‌ڕو، بریتی لە مەرایی‌کەر، ڕوُبین ف هفت رخسار، کنایە از متملق و ریاکار.

هەفتك: پاشەروکی میوە ف تەماندۀ میوە.

هەفتلۆ: ١) حەوچین لەسەر ئێکتر؛ ٢) حەوت‌لۆ، پەڕی قوماری حەوت‌خاڵ ف ١) هفت لایە برهم؛ ٢) ورق هفت خال گنجفە.

هەفتو: ١) حەوتو؛ ٢) حەوت‌لۆیە؛ ٣) خەوتو ف ١) هفتە؛ ٢) هفت لایە برهم؛ ٣) خوابیده، خفته.

هەفتوُش: ١) هانەدان بۆ جاڕزو توُڕەکردن؛ ٢) توُش بەتوُشەوەبوُن ف ١) برانگیختن؛ ٢) برخورد، گرفتار و درگیرشدن.

هەفتوّك: ١) هەفتانە؛ ٢) سەعاتێ کە بە حەورۆژ جاریّ قورمیش دەکریّ؛ ٣) گەمەیەکی زاروکانە ف ١) هفتگی؛ ٢) ساعت هفتە کوك؛ ٣) نوعی بازی کودکانە.

هەفتوێ: حەوت توێ، حەوت چین لەسەر یەك ف هفت پردۀ نازك روی هم، هفت لایە.

هەفتوێخ: ١) هەفتوێ؛ ٢) ناوی برینێکی زۆر پیسە ف ١) هفت لایە؛ ٢) نوعی زخم بد و کثیف.

هەفتوێش: هەفتوُش ف نگا: هەفتوُش.

هەفتە: ١) حەوتو، حەوتە؛ ٢) خەوتو، نوستو ف ١) هفتە؛ ٢) خوابیده، خفتە.

هەفتەخار: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدۀ کردستان کە بعثیان آن را ویران کردند.

هەفتەغار: شاروّکێکی کوردستانە بەعسی کاولی کرد ف شهرکی در کردستان کە بە دست بعثیها ویران شد.

هەفتەکوّك: هەفتوّك، سەعاتێ کە بە حەورۆژ جاریّ قورمیش دەکریّ ف ساعت هفتەکوك.

هەفتەکێش: لەدەسل‌کێشانی ماین‌و ماکەر لەو حەوتەدا کە بێچوی بوە ف گشن‌دادن مادیان و ماچەخر در هفتەای کە زاییدە است.

هەفتەن: خەوتن، نوستن ف خفتن، خوابیدن.

هەفتەنیش: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.

هەفتەیی: هەفتانە ف هفتگی.

هەفتێ: هەفتا، حەفتا، حەفتێ ف هفتاد.

هەفتیار: ١) کەمتیار؛ ٢) بریتی لە ژنێ کە دەگەڵ زوران حەزلێکردوُیی دەکا ف ١) کفتار؛ ٢) کنایە از زنی کە عشّاق بسیار دارد.

هەفتیر: جوّرێ دەمانچە کە حەوفیشەك دەخوا ف کلت هفت‌تیر.

هەفتیك: گەمەیەکی زاروکانە بە قاشولکە دەیکەن ف از بازیهای کودکان.

هەفدین: ١) داپۆشینی دەفر، قەپاغ لەسەردانان؛ ٢) پیوەدانی دەرك ف ١) درپوش روی ظرف گذاشتن؛ ٢) بستن در.

هەفری: جوّرێ ماساو، تەحرێ ماسی ف نوعی ماهی.

هەفرید: عیفریت، دێو، زەبەلاحی ناو کوّنەچیروکان ف عفریت، دیو.

هەفس: ١) گرتوخانە؛ ٢) گراو ف ١) زندان؛ ٢) زندانی.

هەفسار: ئەوسار، پەتی بەستن‌و ڕاکێشانی ماڵات ف افسار.

هەفسخانە: زیندان ف زندان.

هەفسی: بەندی، گراو ف زندانی.

هەفشی: حەوشە، پەچە، هەسارگەلە ف شبغاز.

هەفقاس: هەڤقاس، ئەوقاس، ئەوەند، ئەمەنگە ف اینقدر.

هەفك: ١) ئەوك، قورگ؛ ٢) مل، گەردن ف ١) بیخ گلو؛ ٢) گردن.

هەفك ئەستوُر: مل قەوی ف گردن کلفت.

هەفکویك: ئاردیّ کە ئەنگوتکی تێوەردەدن ف آردی کە چونە بدان آلایند.

هەفکین: هەفکویك ف نگا: هەفکویك.

هەفل: قرتاك و دارکی هێشوی تریّ و خورما ف چوب خوشۀ انگور و خرما.

هەفن: بۆگەنیو ف بوی بد.

هەفنی: بۆگەنیو بوُگ، گەنیو ف گندیده.

هەفوُری: ١) تەگە، خەرت، نێری فەحل؛ ٢) فیلەگێژە، شوُراف ١) تکه، نرەبز فحل؛ ٢) نگا: فیلەگێژە.

هەفهەف: حەپەحەپ ف واق واق سگ.

هەفهەفی: تەماحکار ف آزمند.

هەفهەفیاتی: چڵێسی، چەورەیی ف شکم‌پرستی.

هەفی: گەورەمار، ئەژدەها ف مار بزرگ.

هەفیك: ستۆکورك ف نای، خرخره.

هەڤ: ١) ئاو، هاو، وتەی شەریکی و وێچوُن؛ ٢) وتەی دەگەڵی، پێکەوە؛ ٣) هەب، دەنك، دانە ف ١) هم، مانند، کلمۀ اشتراك؛ ٢) با هم؛ ٣) دانه، حبّه.

هەڤ ئاواز: هەوای گۆرانی بەکۆمەڵ و رێك‌وپێك ف آواز دسته‌جمعی و منظّم.

هەڤار: ١) هاوار؛ ٢) زۆزان، هاوینەوار ف ١) فغان؛ ٢) ییلاق.

هەڤاری: کۆمەگ، یاریدە: (خودێ بەکو **دهەڤاریا** من هات نەخۆ ئەز شەرپەزە بوم) ف یاری، کمك.

هەڤاڤ: کەسێ کە ماڵی لە کەنار دەریا یان لە قەراخ چەمە ف ساکن کنار دریا یا رودخانه.

هەڤال: ئاواڵ، هاڤال ف رفیق، یار.

هەڤاڵ: هەڤال ف رفیق، یار.

هەڤالا: بەزمی بوُك گوێزانەوە ف جشن عروسی.

هەڤال بچوُك: ١) مندالّدان؛ ٢) ئاواڵ‌مندالّ؛ ٣) سەراوی تازەزاو ف ١) بچەدان، رحم؛ ٢) جفت جنین؛ ٣) کیسۀ آب زائو.

هەڤال بەند: دۆستی سوێندخۆرو پەیماندەری ئاشنایەتی ف دوست قسم خورده.

هەڤال پشت: ئاواڵ‌دوانەیەك کە ماوەیێ دوای ئەمی ریان لەدایك بوە ف یکی از دوقلوها کە مدّتی پس از دیگری به دنیا آمده باشد.

هەڤال جەو: ئاواڵ‌دوانە، جمك ف دوقلو.

هەڤال جێو: هەڤال‌جەو ف دوقلو.

هەڤالداری: لەسەر هەواڵ‌کردنەوە ف هواداری و پشتیبانی از رفیق.

هەڤالزا: جمك، دوانە، ئاواڵ‌دوانە، هەڤال جەو ف دوقلو.

هەڤال زاڤا: هـەڤ‌لُنگ، ئـاواڵ‌زاوا، مێردی خوشـکی ژنی مروڤ ف باجناق.

هەڤال کراس: ئاواڵ‌کراس ف شلوار زنانه.

هەڤالۆ: ئەی ئاواڵ ف ای رفیق.

هەڤالۆك: ١) سەراو، پەردەی مندالّدان؛ ٢) هەواڵ‌مندالّ کە لەدوای زان دەبێ دەرکەوێ ف ١) کیسۀ آب زائو؛ ٢) جفت نوزاد.

هەڤالۆشك: ئاواڵی خۆشەویست ف دوست صمیمی و بسیار نزدیك.

هەڤالە: گۆرانی بۆ بەرێ‌کردنی وەوی ف ترانۀ ویژۀ راهی کردن عروس.

هەڤالەتی: ئاواڵەتی، دۆستایەتی ف دوستی، رفاقت.

هەڤـال هەڤـالانی: دەستە دەستە بوُن، لایەنگیری لە یەکتر کردن ف دسته‌بندی، دفاع از یکدیگر کردن.

هەڤالی: ١) دۆستایەتی؛ ٢) هەڤالە، هەوایەکی گۆرانی بوُك بەرێ‌کردنە ف ١) رفاقت؛ ٢) نگا: هەڤالە.

هەڤالینی: هەڤالەتی ف رفاقت.

هەڤـان: ١) هەمبان؛ ٢) حاوان؛ ٣) ئاونگ، دەسکاونگ، ئامرازی شت تێداکوتـان؛ ۴) مایەفیتنـەو شۆفـار، عەوان ف ١) انبان؛ ٢) درپناه آرمیدن؛ ٣) هاونگ؛ ۴) فتنه‌انگیز.

هەڤاندن: حاواندنەوە ف پناه دادن، سرپرستی کردن.

هەڤانە: هەمبان، هەمبانە ف انبان.

هەڤانی: بەدفەڕی، شەیتانی کردن ف شیطنت.

هەڤبەحر: هاوبشك، هاوبەش ف شریك.

هەڤبەر: بەرانبەر ف برابر.

هەڤبەرکی: بەرانبەر پێ کردن، لەبەریەك دانان ف درمقابل هم قراردادن.

هەڤبەز: ١) هاوڕۆژگار؛ ٢) هاوغار ف ١) هم عصر، معاصر؛ ٢) شریك هم در دویدن.

هەڤبەزم: ئامپیالە ف هم پیاله.

هەڤبەش: هاوپاژ، هاوبشك ف شریك.

هەڤبەشی: شریکە ف شرکت.

هەڤبەند: ١) هەواڵی زۆر نزیك؛ ٢) هاوکار؛ ٣) هاوزیندانی ف ١) دوست صمیمی؛ ٢) همکار؛ ٣) هم‌بند در زندان.

هەڤبەهر: هەڤبەحر، هاوبەش ف شریك.

هەڤپا: ئامپا ف نگا: ئامپا.

هەڤپار: هەڤبەهر، هاوبەش، هاوبشك ف شریك.

هەڤ پشت: پشتیوان، ئاریکاری باش ف پشتیبان.

هەڤ پشك: هەڤبەحر، هاوبشك ف شریك.

هەڤ پشکی: شەریکی، هاوبەشی ف شراکت.

هەڤ پەیالە: هاودەم، هاواڵ و بەشدار لە خواردنەوەدا ف هم پیاله.

هەڤ پیالە: هەڤ پەیالە ف هم پیاله.

هەڤ پیشە: هاوسنعات ف هم پیشه، هم‌صنف.

هەڤتا: هاوتا، هاوشان ف همتا.

هەڤتایی: هاوتایی، هاوشانی ف همتایی.

هەڤتۆنە: ئاوا، ئاوەها ف اینچنین.

هەڤتیرە: هاوهۆز، لە یەك تیرەو بنەچەکە، هاوعاشیرەت ف هم‌طایفه.

هەڤجار: نیروئاموُر ف خیش.

هەڤ جڤات: هاوکار لە کۆڕی کۆبوُنەوەدا ف همکار در انجمن و گردهمایی.

هەڤجڤـانـدن: کۆکـردنەوەی کۆمەڵی مەردم لە شوێنێك ف گردآوردن جمعیت در یك نقطه، تشکیل گردهمایی.

هەڤجووت: ١) هاوجووت؛ ٢) هاوشانی، هاونرخی ف ١) نگا: هاوجووت؛ ٢) همتایی، هم ارزی.

هەڤجۆرە: تەواو لە چەشن ف کاملاً مشابە.

هەڤجی: هاوولاتی ف همشهری.

هەڤجیتی: هاونیشتمانیەتی ف همشهریگری.

هەڤچاخ: هاوچەرخ، هاوزەمان ف معاصر.

هەڤچاڤ: چاڤێر ف مراقب.

هەڤچاڤی: چاڤێری ف مراقبت.

هەڤخستن: لێکدان ف همدیگر را زدن.

هەڤخوو: ئاکارو خدە وەکو یەکتر ف همخو.

هەڤخەو: مێردو ژن بۆ یەکتر ف همسر.

هەڤداخستن: یەکتر لەعەردیدان لە زۆرانیدا ف همدیگر را درکشتی بر زمین زدن.

هەڤدار: هاوبەش ف شریك.

هەڤدان: لێك کۆکردنەوە ف بەدور هم جمع کردن.

هەڤدل: هاوئاوات ف همدل.

هەڤدو: ئێکتر ف همدیگر.

هەڤدو برن: کێ‌بەرکێ، ملە ف مسابقە، رقابت.

هەڤدودان: لەدوی‌یەك هاتن، یەك لەپاش یەك هاتن ف بەدنبال هم آمدن.

هەڤدودانین: لێکدانی چەند شتێ ف ترکیب.

هەڤدودیتن: چاو بە یەکتر کەوتن ف همدیگر را دیدن.

هەڤدوور: لێك هەڵبڕاو ف دور از هم، ازهم جدا شده.

هەڤدووری: لێك هەڵبڕان ف هجران.

هەڤـدوگـرتن: ١) یەکترگرتن؛ ٢) یەکترگرتنەوە ف ١) متّحدشدن؛ ٢) بازبهم رسیدن.

هەڤدە: ١) حەڤدە؛ ٢) هەودا، ریس ف ١) هفده؛ ٢) رشته.

هەڤدەرد: هاودەرد، خەمبار بە خەمی تۆوە ف همدرد.

هەڤدەردی: هاودەردی ف همدردی.

هەڤدەست: یاریدەر، ئاریکار ف کمك کننده، یاور.

هەڤدەڤ: همدەم، هەواڵی هاونشین ف همدم.

هەڤدەسازی: پارتایەتی ف سازمان.

هەڤـدەل: ١) ئاردو ئاوی پێکـەوە کولاو، شۆربـاوئـارد؛ ٢) برێتی لە تێکەڵ‌بێکەڵی و چی بەسەرچێەوە ف ١) آرد و آب مخلوط و جوشیده؛ ٢) کنایه از درهم برهمی وبی‌نظمی.

هەڤدەم: ١) هاودەم، هەواڵی هەمیشەیی؛ ٢) هاوچاخ ف ١) همدم؛ ٢) معاصر.

هەڤدەن: رەوتی هەڵبەست ف وزن شعر.

هەڤدەنگ: ١) ئاودەنگی، خەمڕەوێن؛ ٢) لە بیرو باوەڕدا وەك یەك؛ ٣) چەند واتـایەکی لێك‌جیا لە یەك وشەدا ف ١) همدم و غمگسار؛ ٢) همفکر؛ ٣) کلمه‌ای با معانی مختلف.

هەڤدەهی: حەڤدەهەم، دوای شازدەهەم ف هفدهم.

هەڤدی: هەڤدو ف همدیگر.

هەڤدین: هاوئاین ف همدین.

هەڤر: عەور ف ابر.

هەڤڕ: ئیربار، قاپو قاچاغی گڵین ف ظروف سفالی.

هەڤڕا: پێکەوە ف باهم.

هەڤراز: ١) عەوراز، سەربەرەژوورە؛ ٢) هەل ف ١) سربالایی؛ ٢) فرصت.

هەڤران: سپیندار، سپیدار ف سپیدار، درخت تبریزی.

هەڤڕان: باراش ف بار غلّە ویژهٔ آسیاب.

هەڤڕایی: هاوبەشی، شەریکەی بازرگانی ف شرکت تجارتی.

هەڤڕس: دارێکی کێوی گەڵادەرزی‌یە لە سنۆبەر دەکا ف درختی است شبیه صنوبر.

هەڤڕست: ١) هەڤڕس؛ ٢) هۆندراو، هۆنە ف ١) نگا: هەڤڕس؛ ٢) بافته.

هەڤڕك: ١) بەربەرەکانی کەر، ملەکەر؛ ٢) کێ‌بەرکێ کار ف ١) هم‌چشم؛ ٢) شرکت کننده در مسابقه.

هەڤڕکی: بەربەرەکانی، رکەبەری ف هم‌چشمی.

هەڤرگ: جەرگ‌وناو ف دل و روده.

هەڤرنگ: برینگ، هەبرینگ ف دوکارد پشم‌چینی.

هەڤڕوو: بەرەوڕوو ف روبرو.

هەڤروشی: ئاوڕیش‌بوون، شەڕ تێ‌هاڵاندن ف درگیرشدن، ستیز ایجاد کردن.

هەڤڕوکرن: بەروڕوکردنەوە ف روبروکردن.

هەڤرونگ: کژ، فەسڵ، سەردەم، جەنگە ف فصل سال، موسم.

هەڤڕە: پێکڕا، تێکڕا، تەڤ ف باهم.

هەڤرەمیش: ئاوریشم ف ابریشم.

هەڤڕەنگ: هاوڕەنگ، دوکەس یا دوشت کە ڕەنگیان وەك یەکە ف همرنگ.

هەڤڕەنگی: برێتی لە دۆستایەتی گەرم ف کنایه از دوستی گرم، صمیمیّت.

هەڤری: ١) وەك، وێچوون؛ ٢) بەرماو، ئەوشتەی کە لە خواردنا بە یوکەوە دەمێنێتەوە ف ١) مانند؛ ٢) پس‌ماندهٔ خوراك روی دندان ولثه.

هەڤڕێ: هاوڕێ ف همراه.

هەڤڕێ: ١) هاوڕێ، هەڤالی سەفەر؛ ٢) دۆست ف ١) همراه؛ ٢) دوست.

هەڤـڕیز: بەشـوێن یەکتـردا هاتنی وشـە لە نووسیندا کە ڕێك‌و لەبـار یەکتر بگرنەوە ف بەردیف کنار هم قرارگرفتن کلمات در نوشتن.

هەڤریسك: هەوریس، داری عەرعەر ف درخت عرعر.

هەڤڕیش: ئاوڕیش، هاوڕیش ف نگا: هاوڕیش.

هەڤریشك: هەرمێشك، ولێنی نانی گەرم دەڕۆندا ف نگا: هەرمێشك.

هەڤریشم: ئاوریشم ف ابریشم.

هەڤڕێك: هاوڕێ، هاوسەفەر ف همراه.

هەڤرینگ: برینگ، دوێردی خوری بڕینەوە ف دوکارد پشم‌چینی.

هەڤزا: هاوزا، هاوتەمەن [ف] هم‌سنّ و سال.

هەڤزار: خاوەنی یەك شێوە ئاخافتن [ف] همزبان.

هەڤزاڤا: هەولنگ، هاوزاوا [ف] باجناق.

هەڤزك: جمك، دوانە، جێڤی [ف] دوقلو.

هەڤزمان: هەڤزار [ف] همزبان.

هەڤژاڵە: هەوایەکی گۆرانیی و لاوکە [ف] آهنگی است.

هەڤژین: ١) سەرگەرم بوُن بەکارەوە، خەریك بوُن؛ ٢) هاوبەش لەژیاندا [ف] ١) سرگرم کار شدن؛ ٢) شریك در زندگی.

هەڤسار: ئەوسار [ف] افسار.

هەڤسال: هاوبەرە، ئەوانەی کە لە تەمەندا نزیکی یەکن و لە زەمانێکا ئەژین [ف] هم‌عصر.

هەڤسرین: رەق بوُن لەسەرمان [ف] از سرما یخ زدن.

هەڤسۆز: خەمخۆر، دڵسۆز، یاری خۆشیی و ناخۆشی [ف] دلسوز، غمخوار.

هەڤسۆزی: کاری هەڤسۆز، دڵسۆزی [ف] دلسوزی، غمخواری.

هەڤسوێند: هاوسوێند، هاوپەیمان [ف] هم‌پیمان.

هەڤسەر: ١) هاوجوُت، هەمسەر، هاوسەر؛ ٢) بەرانبەر [ف] ١) همسر؛ ٢) برابر.

هەڤسی: جیرانی دەرك بەدەرکەوە [ف] همسایهٔ دیوار به‌دیوار.

هەڤسیایی: هاوسایەتی، جیرانەتی [ف] همسایگی.

هەڤسینوُر: هاوکەوشەن، هاوحدوُد [ف] هم‌مرز.

هەڤش: حەوشەمەڕ [ف] شبغاز.

هەڤشاری: هاوشاری [ف] همشهری.

هەڤشی: پەچەمەڕ، هەڤش [ف] شبغاز.

هەڤشیر: خوشك و برای شیری [ف] خواهر و برادر رضاعی، همشیر.

هەڤشین: ئیشکە، نەخۆشی شیروشك بوُن [ف] بیماری شیرخشکیدن دام.

هەڤ قاس: ١) ئەوەندە؛ ٢) هەرچەندە [ف] ١) اینقدر؛ ٢) هرچند، هرچقدر.

هەڤ قوٚزی: هەمو گوشە بەرانبەر [ف] متساوی الزّوایا.

هەڤك: تەڵە، خەفك [ف] تله.

هەڤکار: هاوکار [ف] همکار.

هەڤ کونجی: هەڤ قوٚزی [ف] متساوی الزّوایا.

هەڤکێش: ١) لە تەرازودا کێش وەك یەك؛ ٢) برێتیی لە وێك چوُنی تاکاری دوکەس یا چەندکەس [ف] ١) هم‌وزن؛ ٢) کنایه از تشابه اخلاقی دو یا چندنفر.

هەڤکینك: هەفکین، پەینکە [ف] آردی که بر چونه پاشند.

هەڤگر: ١) یەکترگرتو؛ ٢) هەواڵەتی [ف] ١) متّحد؛ ٢) رفاقت.

هەڤ گرتن: ١) یەك‌ودو گرتن؛ ٢) یەکترگرتنەوە [ف] ١) متّحد شدن؛ ٢) باز بهم رسیدن.

هەڤ گرێدان: لێك جوُت کردن، لێك نزیك کردنەوە [ف] بهم نزدیك کردن.

هەڤگوڕ: ئاریکاری دایمی [ف] همکار دائمی.

هەڤ گوهارتن: پێك گۆڕینەوە [ف] معاوضه.

هەڤ گوهاستن: جێگە پێك گۆڕینەوە [ف] معاوضهٔ جا.

هەڤگهان: ١) پێك‌هاتن؛ ٢) گەیشتن بە یەکتر [ف] ١) توافق؛ ٢) بهم رسیدن.

هەڤ گهاندن: ١) گەیاندنەیەکتر؛ ٢) گەیاندنەوە بە یەکتر [ف] ١) بهم رسانیدن؛ ٢) بازبهم رسانیدن.

هەڤگەل: باتی، لەجیات، شتێ کە بە شتێکیتر دەگۆڕدرێتەوە [ف] درعوض.

هەڤگەلی: پێك گۆڕینەوە [ف] معاوضه.

هەڤلنگ: ئاواڵزاوا [ف] باجناق.

هەڤلیز: هاوبازی، هاوگەمە [ف] همبازی.

هەڤماڵ: ١) هاوسا؛ ٢) برابەش لە ماڵدا [ف] ١) همسایه؛ ٢) شریك دراموال خانواده.

هەڤ مانا: چەند وشە کە یەك مانا دەدەن [ف] کلمات هم‌معنی.

هەڤ ناسین: پێکەوە بوُنەئاشنا [ف] باهم آشنا شدن.

هەڤناڤ: چەند کەسێ کە لە ناودا وەك یەکن، هاوناو [ف] همنام.

هەڤندکا: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد [ف] روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

هەڤ نشین: هاودەم، نزیك لە یەکتر [ف] همدم.

هەڤ نقیس: دۆسیە، کۆمەڵەقاقەزی نوسراو لای میری لەبارەی کەسێ یا کارێکەوە [ف] پرونده.

هەڤو: پوٚ، فرێت [ف] پود، رشته.

هەڤوٚت: بنەمای فێربوُن [ف] تعلیم.

هەڤوٚتکار: ١) فێرکەر، فێرکار، ماموٚستا، سەیدا؛ ٢) راهێنەر لە کار [ف] ١) معلّم؛ ٢) مربّی.

هەڤوٚتن: ١) فێرکردن؛ ٢) فێربوُن: (ئوستادی عیشقێ دل **هەڤوٚت**) «جزیری» [ف] ١) تعلیم دادن؛ ٢) یاد گرفتن.

هەڤوٚتی: راهێنراو، فێرکراو: (ئەڤ گایێ من نە **هەڤوٚتی**‌یە جوتی) [ف] تعلیم دیده.

هەڤودن: دەگەڵ یەکتر [ف] باهم، به اتّفاق.

هەڤودو: ئێمەی دو پێکەوە [ف] مادونفر با هم.

هەڤوٚر: کوُر، بزنی دوساڵەوەختە [ف] بزدوساله.

هەڤوٚری: هەڤوٚر [ف] بز دوساله.

هەڤوٚك: ١) رستە، چەندوتەیەك کە پیاوی لێ تێ‌دەگا؛ ٢) پارچەشێعرێ [ف] ١) جمله؛ ٢) قطعه‌سعر.

هەڤوٚکا بسەرخوٚ: رستەوشەی تەواو [ف] جملهٔ مستقل، جملهٔ کامل.

هەڤوٚکا رێزکری: زنجیرەرستە [ف] جملات به دنبال هم.

هەڤوٚکا فەرمانی: رستەیێ کە فەرمان بەکارێ دەدا [ف] جملهٔ امریّه.

هەڤوٚکا ناکی: ناوەرستە [ف] جملهٔ اسمیّه.

هەڤوٚکا هوٚکەری: رستەیێ کە دەڤەر دەگەیێنێ [ف] جملهٔ ظرفیّه.

هەڤوٚکا هەکەنی: رستەی مەرج و شەرت [ف] جملهٔ شرطیّه.

هەڤوٚل: هاودین، هاومەزەب [ف] همدین.

هەڤۆلی: هاودینی، هاومەزەبی ف همدینی.
هەڤە: ئەنگۆ، ئێوە ف شما.
هەڤ هاتن: یەکترگرتن، یەکیەتی ف اتّفاق، اتّحاد.
هەڤەر: بزنی رەش و سپی، بەڵەك، بازگ ف بزخلنگ.
هەڤەناف: ناوی گشتی، دژی ناوی تایبەتی ف اسم عام.
هەڤەهەسو: بەرانبەر، هەمبەر ف برابر، مقابل.
هەڤی: دوژنی مێردێك بۆ یەکتر ف هوو.
هەڤیاز: لەسەر، بەلای ئەودا هاتگ ف ممتاز.
هەڤیازی: لەسەری، بەلایەکدا داهاتن ف امتیاز.
هەڤیان: ١) ئۆقرە گرتن، هەدادان، داسەکنین، هێوربوُنەوە؛ ٢) هەوێن، ئامیان ف ١) آرامش؛ ٢) خمیرمایە، مایە.
هەڤیان بوُن: ١) هێدی بوُنـەوە، ئۆقرە گرتن؛ ٢) هەڤێن بوُنی شیر ف ١) آرام گرفتن؛ ٢) بندآمدن شیر.
هەڤیان کرْن: مەیاندن، هەوێن کردن ف بندآوردن شیر، شیر را به ماست یا پنیر تبدیل کردن.
هەڤێدان: تیرەیەك لە هۆزی زرکـان لە کوردی بەردەستی ترکـان ف طایفه‌ای از ایل «زرکان» در کردستان.
هەڤـیر: خەمـیر، هەویر، ئاردی تەڕکـراوی شێلدراو: (ڤی **هەڤیری** رێ گەلەك ئاف هلتینە) «مەسەلی بوتانی» ف خمیر.
هەڤیربڕی: شێوێکە لە نیسك و گزمۆلەهەویر ف آش عدس و خمیر.
هەڤیرترش: ئامیانی هەویر ف مایهٔ خمیر.
هەڤێرکان: هۆزێکی مەزنە لەکوردستانی بەردەستی سوُریاو ترکیادا ف ایلی بزرگ در کردستان.
هەڤێرکە: ١) ئالی، دەوروبەر؛ ٢) گەو، کەمە ف ١) اطراف و حوالی؛ ٢) حلقه.
هەڤیرکەر: هەڤیرشێل ف خمیرچلان، خمیرگیر.
هەڤێرکی: سەربە هۆزی هەڤێرکان ف منسوب به ایل «هەڤێرکان».
هەڤیرۆ: هەڤیری هەڵنەهاتگ ف خمیر برنیامده.
هەڤیرۆك: هەڤیرۆ ف خمیر برنیامده.
هەڤێز: پەچە، هەفشی، هەڤشی، حەوشەمەڕ ف شبغاز.
هەڤێشك: چیلکەو هەژگەڵ ف شاخهٔ خشك درختان.
هەڤین: ١) ئامیان؛ ٢) ئەڤین، دڵـداری ف ١) مایهٔ ماست و پنیر؛ ٢) عشق، دلدادگی.
هەڤیندار: ئەڤیندار، ئەویندار، بەندەوار ف عاشق، دلداده.
هەڤینداری: دڵداری، عەزلێکردوُیی، ئەوینداری ف عاشقی، دلدادگی.
هەڤین گەرم: شێت و هار لەدڵداریدا ف واله.
هەڤینی: چۆنیەتی ژن دەگەڵ ژنە هاومێردەکەی، ژیانی دو هەڤی پێکەوە ف زندگی دوهوو با هم.
هەڤیەك: بەرانبەر، لە یەك پلەدا ف مساوی.
هەق: ١) رەوا؛ ٢) کرێ، مز: (بە **هەق** کاردەکەم، دەس **هەق** چەندە)؛ ٣) بەش؛ ٤) راست و دوروست: (گۆتنا وان **هەق** بو، قسەی **هەق** ڕەقە)؛ ٥) کۆڵین و دانەوە؛ ٦) خودا، خوا ف ١) روا؛ ٢) مزد؛ ٣) بهره، سهم؛ ٤) راست و درست؛ ٥) حفر، کندن؛ ٦) خدا.
هەقاندن: دانەوە، کۆڵین، هەڵکەندن: (لکۆرتێ **دهەقینە**) ف کندن، حفر کردن.
هەقانەت: راستی و ڕەوایی ف راستی و دادگری، حقّانیّت.
هەقانی: عادڵ، سەرڕاست ف حقّانی.
هەقانیەت: هەقانەت، راستی و ڕەوایی ف حقّانیّت، راستی و عدالت.
هەقایەت: چیرۆك، حیکایەت ف داستان.
هەقبە: هەگبە ف خورجین.
هەقتـە: ١) بۆتڕەوایە؛ ٢) راستدەکەی ف ١) برتو رواست؛ ٢) حق داری، راست می گویی.
هەق کەنا: بەشقی خودا ف بەخاطر خدا.
هەقلەمانی: کەڵەمستێن، پشکیلان ف نوعی بازی.
هەقلیمەقۆ: ١) کەڵەمستێن؛ ٢) هەراهەرا، زەنازەنا؛ ٣) حیندرحۆ ف ١) نوعی بازی؛ ٢) هنگامه و جنجال؛ ٣) آلاکُلنگ.
هەقمە: ١) بۆمن ڕەوایە؛ ٢) راستدەکەم ف ١) برمن رواست؛ ٢) حق دارم، درست می گویم.
هەقمەق: نەزان، نەفام، بێ ئاوەز، ئەحمەق ف احمق.
هەقۆ: خوایە، لەدوعادا ئێژن ف خدایا.
هەقـوُ: ١) کرێتـان، مزتـان؛ ٢) بەشتـان؛ ٣) بەئێوەڕەوا: (**هـەقوُهەیە، هەقوُنیە**) ف ١) مزدتان؛ ٢) بهره‌تان؛ ٣) حق شما.
هەقوە: بۆتان ڕەوایە: (**هەقوەباسی بکەن**) ف حق دارید.
هەقوەستێن: ١) کاری باش و ڕاست: (کاری تۆ **هەقوەستێن** بو)؛ ٢) تۆڵەسێن ف ١) کار درست و روا؛ ٢) انتقام‌گیر.
هەقە: ١) راستە، رەوایە؛ ٢) کاکەیی؛ ٣) مریدانی شێخی شەدەڵە؛ ٤) فێڵ، گزی ف ١) حقّ اسـت؛ ٢) اهـل حق؛ ٣) مریدان شیخـی درکردستان؛ ٤) دوز و کلك، حقّه.
هەقەباز: فێڵباز، دەسبڕ ف حقّه‌باز.
هەقیف: هەگبـە، خورجی چکـۆڵـە کە لە پشت سوارەوە لەسەر پشتی یەکسم داندراوە ف خورجین ترك سوار.
هەقیقـە: کاوڕ یان شەکێ کە بەهـۆی حەوتمی هاتنەدنیای زاروٚ سەری دەبڕن ف حیوانی که در هفتمین روز تولّد نوزاد قربانی شود، عقیقه.
هەقیقەت: راستی، پێچەوانەی درۆ: (**هەقیقەتەکەی دەڵێم**) ف حقیقت.
هەقێ قەڤـدی: خەڵاتی سەرباڵە لە بەرانبەر کارێ کە کردویە ف انعام سردستهٔ دروگران.
هەك: ١) وشەی سەیرمان، حەك، پەك؛ ٢) وتەی سەرکۆنە، دەك؛ ٣) وتەی نفـرە؛ ٤) ئەگەر؛ ٥) بڵقی سەرئـاو ف ١) کلمهٔ تعجّب؛ ٢) پیشـوند سرزنش؛ ٣) پیشوند نفرین؛ ٤) اگر؛ ٥) حباب روی آب.
هەکـاری: مەڵبەندێکی بەرفرەوانە لە کوردستانی-بەردەستی ترکان کە زۆر پیاوی گەورەی لێ هەڵکەوتوُن وەك **عیساهەکاری** کە زانایەکی بەنـاوبـانگ و هەمەکارەی **سوڵتانسەلاحەدین** بوە یان **شەرەفەدین هەکـاری** و زۆری‌تریش ف منـطقه‌ای وسیع در کردستان که بزرگان بسیار از آن برخاسته‌اند.

هه‌كانی: وشه‌ی مه‌رج و شه‌رت ف صیغهٔ شرطی.

هه‌ككو: په‌ككو ف كلمهٔ تعجّب.

هه‌كو: ۱) په‌كو؛ ۲) ئه‌گه‌ر، هاتو ف ۱) حرف تعجّب؛ ۲) اگر.

هه‌كۆكه: كویّره‌كانی كه پاش به‌هار وشك ده‌كا ف چشمهٔ آب فصلی.

هه‌كه: ۱) ئه‌گه‌ر؛ ۲) ئالّۆش، خوروی له‌ش له‌تاوی گان؛ ۳) نیّره‌كه‌و؛ ۴) باڵنده‌ی ماڵی، باڵداری كه‌وی ف ۱) اگر؛ ۲) خارش تن از شدّت شهوت؛ ۳) كبك نر؛ ۴) ماكیان.

هه‌كه‌دار: حه‌كه‌دار، به‌ئاڵۆش ف زن جلف.

هه‌كینی: هه‌كانی ف صیغهٔ شرطی.

هه‌كینیّ: ئه‌گه‌ركوّ ف اگركه.

هه‌گ: هه‌ك ف نگا: هه‌ك.

هه‌گبه: خورجیّنی دوتایی چكۆله كه له‌پشت سواره‌وه له‌زین قایم ده‌كریّ، هه‌قبه ف خورجین پشت زین.

هه‌گه‌ر: ئه‌گه‌ر ف اگر.

هه‌ل: ۱) ده‌رفه‌ت؛ ۲) جار، چه‌ل؛ ۳) نۆره: (لاچوّ هه‌لی منه)؛ ۴) هل، وته‌یه‌كه بلّندی ده‌گه‌یه‌نیّ؛ ۵) فریشته‌ی ئاگاداری لیّره‌وار، خیّوی جه‌نگه‌ڵ و دارستان؛ ۶) زانینی وشه‌و مه‌سه‌له‌ی دژوار، هه‌لّینانی پرسی گران؛ ۷) ره‌نگ‌بوّڵ؛ ۸) ده‌م، كات؛ ۹) ده‌می نیمه‌رۆ ف ۱) فرصت؛ ۲) بار، دفعه؛ ۳) نوبت؛ ۴) علامت بلندی؛ ۵) فرشتهٔ نگهبان جنگل؛ ۶) حلّ معمّا؛ ۷) توسی رنگ؛ ۸) دم، وقت؛ ۹) هنگام نیمروز.

هه‌ڵ: ۱) پیّشگریّكه زوربه‌ی زۆربلّندی و لای سه‌روو ده‌گه‌یه‌نیّ؛ ۲) پیّشگری به‌واتا: به‌توندی، به‌قه‌وه‌ت: (هه‌ڵی دڕی، هه‌ڵدڕه، هه‌ڵی پیّچا)؛ ۳) ئاغه‌ڵ، هوّڵه‌مه‌ڕ؛ ۴) پیّ‌بوّن، داگیرسانی ئاگر: (ئاگر هه‌ڵ بوّ)؛ ۵) پیّچانی داو له شتیّ: (ئه‌م به‌نه‌م بوّ هه‌ڵكه)؛ ۶) جیابوونه‌وه‌ی پارچه له شتیّ: (ته‌ڵه‌زمیّك، له‌به‌رد هه‌ڵ بو)؛ ۷) گوزه‌ران، رابواردن: (ده‌گه‌ڵی هه‌ڵكه، هه‌ڵ ناكه‌م) ف ۱) پیشوند به معنی بلندی، بالا، بر؛ ۲) پیشوند به معنی شدّت و تندی؛ ۳) آغل؛ ۴) اشتعال، افروختن؛ ۵) پیچیدن نخ به دور چیزی؛ ۶) جداشدن قطعه‌ای از چیزی؛ ۷) گذران، زندگی، سر كردن.

هه‌لا: ۱) هه‌را، ده‌نگی به‌قه‌و؛ ۲) رزیو، پلّیخاو: (هه‌لاهه‌لا بوه)؛ ۳) لا، كه‌نار؛ ۴) وه‌ره، بانگ كردن بوّ هاتن ف ۱) داد، صدای بلند؛ ۲) پوسیده؛ ۳) كنار؛ ۴) بیا.

هه‌ڵا: ۱) هه‌راو چه‌قه، زه‌نازه‌نا؛ ۲) كیّشه‌و شه‌ڕ؛ ۳) دنیای بیّ‌خوّر: (هه‌ورو هه‌ڵایه)؛ ۴) ناموّر، هه‌وجار ف ۱) همهمه و جنجال؛ ۲) نزاع و جنگ؛ ۳) هوای تاریك و بدون آفتاب؛ ۴) خیش.

هه‌ڵ ئاخنین: تا سه‌ر ئاخنینه‌وه ف تالبه آكندن.

هه‌ڵ ئاوه‌سین: به‌ره‌وژوور داله‌قاندن ف به‌بالا آویزان كردن.

هه‌لاب: هلاب، مانگی پڕ، مانگی شه‌وی چارده ف بدر.

هه‌لاباجی: گه‌مه‌یه‌كی زاروكانه تلی شاده‌ی ده‌ستی ڕاست له‌ناو له‌پی ده‌ستی چه‌پا ئه‌سوورێنن ره‌سمی شتیّك به‌خه‌یاڵ ده‌كه‌ن كه ئه‌یانه‌ویّ ف نوعی بازی كودكان شبیه لی‌لی حوضك.

هه‌ڵابردن: هیّرش بردنه‌سه‌ر ف هجوم بردن.

هه‌لات: ۱) دروّی زل: (ئه‌م‌قسه هه‌ر دروّنیه هه‌لاته)؛ ۲) خوّهه‌ڵكیّشان؛ ۳) رای كرد ف ۱) دروغ شاخدار؛ ۲) لاف، خودستایی؛ ۳) فراركرد.

هه‌ڵات: ۱) رای كرد؛ ۲) له‌تاسوّ دیاری‌دا، هاته به‌رچاو، بوّ مانگ‌ و خوّرو ئه‌ستیّره‌ی ده‌ڵیّن؛ ۳) نیّر له میّو سواربوو، په‌ڕی: (ئه‌سپه‌كه دوجارله‌ماینه‌كه هه‌ڵات)؛ ۴) كاتی هه‌ڵاتنی مانگ‌ و خوّر: (مانگ هه‌ڵات‌هاتم، تاو هه‌ڵات گه‌یمه به‌ریّ)؛ ۵) هه‌ڤیر پیّ‌گه‌یشت؛ ۶) ته‌واوبو، بڕایه‌وه: (هه‌رگا عیدده‌ت هه‌ڵات ده‌توانی میّردبكه‌ی) ف ۱) فرار كرد؛ ۲) طلوع كرد؛ ۳) گشن بر مادینه سوار شد؛ ۴) دم طلوع؛ ۵) خمیر برآمد؛ ۶) مدّت سرآمد.

هه‌ڵاتگ: وشه‌ی به‌ركاری بوّ هه‌ڵات ف صیغهٔ مفعولی «هه‌ڵات».

هه‌ڵاتن: **چاوگه‌ی وشه‌ی هه‌ڵات** ۱) راكردن؛ ۲) له ئاسوّ وه‌ده‌ركه‌وتنی مانگ‌ و خوّرو ئه‌ستیّره؛ ۳) په‌ڕینی نیّر له میّوینه؛ ۴) پیّ‌گه‌یشتنی هه‌ویر؛ ۵) ته‌واوبوون، به‌سه‌رچوون، بڕانه‌وه؛ ۶) خوّ له ناو ئاودا قوم كردن و هاتنه‌وه‌ده‌ر: (به‌یانی زوّ ده‌حه‌وزیّ هه‌ڵاتم) ف **مصدر كلمهٔ «هه‌ڵات»** ۱) فراركردن؛ ۲) طلوع كردن؛ ۳) سوارشدن گشن بر مادینه؛ ۴) برآمدن خمیر؛ ۵) سرآمدن مدّت؛ ۶) درآب غوطه‌ورشدن.

هه‌ڵاتو: هه‌ڵاتگ ف نگا: هه‌ڵاتگ.

هه‌ڵاته: هه‌ڤیری هه‌ڵاتگ ف خمیر برآمده.

هه‌ڵات‌هه‌ڵات: راكردن به‌گشتی، هه‌ڵاتنی هه‌موكه‌س له كاتی مه‌ترسی‌دا ف فرار عمومی هنگام خطر.

هه‌لاج: ۱) كه‌سیّ كه به كوتك و كه‌وان كولّكه‌و خوری شی ده‌كاته‌وه؛ ۲) راژان به‌حه‌واوه، هاتوچوّ به داله‌قاوی ف ۱) پنبه‌زن؛ ۲) جنبش در هوا، نوسان.

هه‌لاجان: راژان به‌حه‌واوه ف نَوَسان.

هه‌لاجاندن: راژاندن به‌حه‌واوه ف نوسان دادن، لرزاندن در هوا.

هه‌لاجی: كاری كولّكه‌شی كردنه‌وه ف پنبه‌زنی، ندّافی.

هه‌لاجین: هه‌لاجان ف نَوَسان.

هه‌ڵاچوون: له بلّندی چوونه‌سه‌ر ف صعود.

هه‌ڵاخن: هه‌ڵ‌ئاخن، تا سه‌ر به‌توندی ئاخنینه‌وه ف آكندن تا لبه با فشار.

هه‌ڵاخناو: ئاخندراو تا لیّوان به پته‌وی ف آكنده با فشار تا لبه.

هه‌ڵاخندراو: هه‌ڵاخناو ف آكنده با فشار تا لبه.

هه‌ڵاخنراو: هه‌ڵاخناو ف نگا: هه‌ڵاخناو.

هه‌ڵاخنیاگ: هه‌ڵاخناو ف نگا: هه‌ڵاخناو.

هه‌ڵاخنین: ئاخنینه‌وه تا لیّوان به‌توندی، هه‌ڵ‌ئاخنین ف آكندن تا لبه با فشار.

هه‌لار: ۱) هه‌لا، له‌به‌ریه‌كچوی ڕزاو؛ ۲) تینی ئاگر، هالاو ف ۱) پوسیده؛ ۲) گرمای آتش.

هه‌ڵازران: خویّن تیّ‌ترازان ف خون مُردگی.

هه‌ڵازناو: ۱) هه‌ڵاخناو؛ ۲) گش لای پیّست وه‌به‌رهاتو: (پیّستی له‌زیبكه هه‌ڵازناوه) ف ۱) نگا: هه‌ڵاخناو؛ ۲) فراگرفتگی تمام پوست از عارضه‌ای.

هه‌ڵازندراو: هه‌ڵازناو ف نگا: هه‌ڵازناو.

هەڵازنین: ١) هەڵاخنین؛ ٢) گش لای پێست وەبەرهاتن؛ ٣) خەونوچکە بردنەوە [ف] ١) نگا: هەلاخنین؛ ٢) همهٔ پوست را جوش یا کهیر فراگرفتن؛ ٣) چرت زدن.

هەڵاژیان: خۆدرێژکردن لەسەر لا بۆ خەوتن، راکشان [ف] بر پهلو دراز کشیدن.

هەڵاژیاو: راکشاو [ف] دراز کشیده.

هەڵاژین: هەڵاژیان [ف] درازکشیدن.

هەڵاژیو: هەڵاژیاو [ف] دراز کشیده.

هەڵاش: ئالاش، هالاش، هەراش [ف] انبیره.

هەلاشانی: پاش نیمەڕۆ [ف] بعدازظهر.

هەڵافە: چەکەرەی گیا [ف] نیش گیاه.

هەڵاقی: گیایەکە بۆ ماڵات ژەهرە [ف] گیاهی است برای دام سمّی است.

هەڵاقیت: بەرەوباڵای ئاویشت [ف] برانداخت، بەبالا انداخت.

هەڵاقیتن: بەرەوژوور ئاویتن [ف] برانداختن، روبه بالا انداختن.

هەڵاقیتی: بەرەوژوور ئاویژراو [ف] بەبالا انداخته شده.

هەلاک: ١) ماندوو؛ ٢) نەخۆشی زۆر حاڵ‌خراب، لە بێهۆشیو ئاویلکەداندا؛ ٣) مردن، مەرگ [ف] ١) خسته؛ ٢) بیمار محتضر؛ ٣) مرگ.

هەلاکان: خنەخن، پشوسوار بوون لەبەر ماندوویی [ف] به هِن‌هِن افتادن.

هەلاکەوتن: وەلاکەوتن، چوونەکەنار [ف] کنار رفتن.

هەلال: ١) گوڵی سمڵ؛ ٢) پیفۆك، کیفۆك [ف] ١) نوعی گل، نام گلی است؛ ٢) نگا: کیفۆك.

هەڵاڵ: ١) ڕەوا، حەڵاڵ؛ ٢) دەرمانی چەرمخۆش کردن؛ ٣) گوڵێکی زەردی بەهۆشی زۆر بۆنخۆشە: (لەکن وەنەوشەو خاوو **هەڵاڵ** و بەیبوونی / **هەڵاڵی** پێستەیی خاوە عەبیرو مێشکی خەتا) «حاجی قادر»؛ ٤) بریتی لە ژنی ڕەواو شەرعی: (**هەڵاڵ** خۆمە) [ف] ١) روا، حلال؛ ٢) داروی دبّاغی؛ ٣) گلی است خوشه‌ای زردرنگ و بسیار خوشبو؛ ٤) کنایه از همسر.

هەڵاڵ بۆ: ئافەرم، حەڵاڵتە [ف] آفرین، حلالت باد.

هەڵاڵخانە: دەباغ‌خانە، ئەوشوێنەی چەرمی لێ خۆش‌دەکەن [ف] دبّاغ خانه.

هەڵاڵدان: خۆش‌کردنی چەرم بە دەرمان [ف] دبّاغی کردن.

هەلال‌زادە: ١) کوڕی نەبیژوو؛ ٢) بریتی لە مرۆی زۆر بەپیاوەتیو دەمارو ڕاستگۆ [ف] ١) حلال‌زاده؛ ٢) کنایه از آدم جوانمرد و درستکار.

هەلالك: بەڵاڵوکەکێویلکە [ف] آلبالوی کوهی.

هەلالوك: بەڵاڵوکە کێویلکە [ف] آلبالوی کوهی.

هەڵاڵە: ١) گوڵی زەردی بۆنخۆشی بەناوبانگ، هەڵاڵ؛ ٢) دەرمانی پێستەخۆش‌کردن؛ ٣) ماکی مۆم کە مێشەنگوین لە گوڵانی دەگرێ؛ ٤) تۆزی ڕەوەکی نیر بۆ ئاوس بوونی ڕەوەکی مێوینە؛ ٥) جاڕ، بەقەو هەراکردن؛ ٦) مێلاقە، ڕەبەنۆك؛ ٧) ناوی ژنانە [ف] ١) گلی است زرد و خوشبوی، نگا: هەلاڵ؛ ٢) داروی دبّاغی؛ ٣) مادهٔ موم که زنبور از گلها می‌گیرد؛ ٤) مادهٔ لقاح نباتات، گردهٔ گلها؛ ٥) آواز در دادن، جار؛ ٦) آلاله؛ ٧) نام زنانه.

هەڵاڵەبرمە: گوڵێکی سووری زلە، شلێرە [ف] لالهٔ واژگون.

هەڵاڵەکشکش: جۆرێ سەماو ڕەخس، چۆپی [ف] نوعی رقص.

هەلالەی‌سەرۆ: حەڵاڵی شەرعی [ف] حلال شرعی.

هەلالەی‌واشتش: حەڵاڵ‌کردن [ف] حلال کردن.

هەلالی‌یە: حەڵاڵ‌کردن [ف] حلال کردن.

هەڵامات: ١) نیشانە، عەلامەت؛ ٢) ئاڵامەت، پەسیو [ف] ١) علامت؛ ٢) زکام.

هەڵاماسین: فرە ئەستوور بوون [ف] زیاد آماسیدن.

هەڵامساو: فرە ئەستووربووگ، زۆر پەنەماگ [ف] زیاد آماسیده.

هەڵامسین: هەڵاماسین [ف] زیاد آماسیدن.

هەڵامسیو: هەڵامساو [ف] زیاد آماسیده.

هەلامە: گیادۆکڵیوێکە لە چێشتانی دەکەن [ف] گیاهی است آشی.

هەڵامەت: هەڵامات، ئارسم، پەسیف [ف] زکام.

هەڵامەتدار: ١) نیشانەلێدراو؛ ٢) کەسێ کە پەسیوی بێت [ف] ١) نشان شده، آرم زده؛ ٢) زکامی، مبتلا به زکام.

هەلان: ١) گوڕە، نەعرەتە؛ ٢) بەردی لوس و زێك كە لەجیاتی موزاییك لە تەختی وەتاغ فەرش دەکرا، پختۆك، خام [ف] ١) نعره؛ ٢) سنگ صاف ویژهٔ سنگفرش.

هەلاندن: ١) تواندنەوە؛ ٢) بلندکردن، هلاندن [ف] ١) گداختن؛ ٢) بلندکردن.

هەلاندی: تاواوە [ف] گداخته.

هەلانین: ١) هەڵگرتن؛ ٢) شاردنەوە؛ ٣) بردن: (دژمن هەموو مادەنێ مە **هەلانین** و برن)؛ ٤) بلندکردن؛ ٥) لابردن [ف] ١) برداشتن؛ ٢) پنهان کردن؛ ٣) بُردن؛ ٤) بلندکردن؛ ٥) بەکنار بردن، جابجا کردن.

هەلاو: ١) شیرنی، شیرنایی، شیرانی؛ ٢) ناوی ژنان؛ ٣) پەرسڤی تەلەیفۆن؛ ٤) گیایەکی دەشتی‌یە؛ ٥) تینی گەرما بە بۆخەوە، هالاو؛ ٦) هەڵوا؛ ٧) دۆشاو [ف] ١) شیرینی؛ ٢) نام زنانه؛ ٣) جواب تلفن، الو؛ ٤) گیاهی است صحرایی؛ ٥) گرمای همراه با بخار؛ ٦) حلوا؛ ٧) شیرهٔ انگور.

هەڵاو: هالاو، بۆخ لە گەرماو ئاوی گەرمەوە [ف] بخار و گرما.

هەڵاواربی: ١) هەڵوای ئاردو دۆشاو؛ ٢) هەڵوای ئاردو شەکراو [ف] ١) حلوای آرد و شیره؛ ٢) حلوای آرد وشکر.

هەڵاواردن: لێك جیاکردنەوە، هاوێر [ف] ازهم جداکردن.

هەڵاواستن: داڵەقاندن [ف] آویختن.

هەڵاواسین: هەڵاواستن [ف] آویختن.

هەلاواوشك: وشکەلوا [ف] حلوای خشك.

هەڵاوردن: ١) هاوردنەوەی خۆراك، ڕشانەوە؛ ٢) خا کردنەجوجکە: (مامرەکە جوجکەی **هەڵاورد**)؛ ٣) زانینی مەتەڵۆکە؛ ٤) سندان لێهاتنی ماڵات [ف] ١) بالاآوردن طعام، قی؛ ٢) تخم را جوجه‌کردن؛ ٣) حلّ کردن معمّا؛ ٤) نوعی بیماری کشندهٔ دام.

هەلاوردە: سندانی نەخۆشی ماڵات ف نوعی بیماری کشندۀ دام.

هەلاوسان: ١) فرەئاوسان؛ ٢) دالەقان ف ١) زیاد آماسیدن؛ ٢) آویزان شدن.

هەلاوساو: فرپەپەنەماگ ف بسیار آماسیده.

هەلاون: شیرن وەك هەڵوا ف شیرین مانند حلوا.

هەلاوە: گیایەکە دەخورێ ف گیاهی است خوراکی.

هەلاوە: جاو، جانگ ف کرباس.

هەلاوەستن: هەلاواسین ف آویزان کردن.

هەلاوەسراو: دالەقای ف آویخته.

هەلاوەسین: هەلاواسین، هەلاوەستن ف آویزان کردن.

هەلاوەگێڕ: ژێرورۆکراو ف برگردانده، زیر و رو شده.

هەلاوەمەلاوە: وتەی منالان لەسەر کولانەی ماڵان ئێوارەی نەورۆز بۆ جێژنانە: (**هەلاوەمەلاوە** خودا کوڕەکەتان بکا بەزاوا) ف اصطلاحی است که کودکان شب عید نوروز بر روی بامها برای دریافت عیدی به کار می برند.

هەلاوی: هەڵوای ئاردو دۆشاو ف حلوای آرد وشیره.

هەلاوێ: بەرەوژوور فڕێدە ف به بالا پرت کن.

هەلاویتن: فڕێدان بەرەوژوور ف به بالا پرت کردن.

هەلاوێر: لێك جیاکەرەوە ف ازهم سوا کننده.

هەلاوێران: هەلاواردن ف ازهم جداکردن.

هەلاوێز: هەلاوەسراو ف آویخته.

هەلاوێژ: بەرەوژوور فڕێدەر ف به بالا پرت کننده.

هەلاوێژتن: هەلاویتن ف به بالا پرت کردن.

هەلاوێژە: لەو گوندانەی کوردستانە کە بەعسی کاولیان کرد ف روستایی در کردستان که بعثیان آن را ویران کردند.

هەلاویستن: هەلاوەسین ف برآویختن.

هەلاویشتن: هەلاویتن ف به بالا پرت کردن.

هەلاهەل: شیلەی گیایەکە زۆر کوشندە ف هلاهل.

هەلاهەلا: ١) شەقارشەقار؛ ٢) هەراو هوریا، هەللاهەللا؛ ٣) تۆ بڕوانە، ئای چەندسەیرە! ف ١) لە و از هم پاشیده؛ ٢) سر وصدا و جنجال؛ ٣) علامت تعجّب.

هەلاهیل: هەلاهەل ف هلاهل.

هەلای: سەما، ڕەخس ف رقص.

هەلایسان: ١) ئاگرگرتن، گڕتێ بەربوون، پێ بوون؛ ٢) برێتی لە شەڕو هەرا قەومان ف ١) برافروخته شدن؛ ٢) کنایه از آشوب بپاشدن.

هەلایساندن: ١) گڕ بەرزکردنی ئاگر؛ ٢) برێتی لە کێشەنانەوە ف ١) برافروختن؛ ٢) کنایه از آشوب بپاشدن.

هەلایسێن: ١) ئاگرپێکەر؛ ٢) برێتی لە هۆی کێشەو هەرا ف ١) افروزنده؛ ٢) کنایه از مایۀ شرّ و فتنه.

هەلایل: هەلاهیل ف هلاهل.

هەلایەری: پاش نیوەڕۆ ف بعدازظهر.

هەلبا: هەڵوا ف حلوا.

هەڵباسك: ئاوقا، بەرەنگار ف گلاویز.

هەڵبچڕین: لەسەر فڕێدان: (ئەم سەرەقوتوە **هەڵبچڕە**، مشەما لە برین **هەڵبچڕە**) ف برکندن.

هەڵبڕ: ١) بڕدراو بەتیغ؛ ٢) کەسێ کە شتێ بڵندەکا: (ئەو بەردە **هەڵبڕە** بزانە چی لەژێردایە)؛ ٣) دواکەوتن بەغار ف ١) لت و بارشده با تیغ؛ ٢) بلند کننده؛ ٣) تعقیب در حال دو.

هەڵبڕان: ١) بڕان بە تیغ؛ ٢) جوێ بوونەوە: (کاکم لە ئێمە **هەڵبڕا**)؛ ٣) بڵندکران ف ١) بریده شدن با تیغ؛ ٢) جداشدن؛ ٣) بلندشدن به وسیلۀ دیگری.

هەڵبڕاندن: ١) بڵندکردن؛ ٢) بڕین بە تیغ؛ ٣) کەتنەشوێن بەغار ف ١) بلند کردن؛ ٢) بریدن با تیغ؛ ٣) در تعقیب دویدن.

هەڵبڕانن: هەڵبڕاندن ف نگا: هەڵبڕاندن.

هەڵبڕاو: ١) بڕدراو بە تیغ؛ ٢) راکردو لەترسان؛ ٣) جیاوەبووگ؛ ٤) بڵندکراو: (چرا **هەڵبڕە** سەی دز دیارە) ف ١) بریده شده با تیغ؛ ٢) فراری شده از ترس؛ ٣) جداشده؛ ٤) بلندشده.

هەڵ بڕزکان: ١) ڕەنگ بزرکان؛ ٢) خەراوبوونی شیر ف ١) رنگ باختن؛ ٢) فاسدشدن شیر.

هەڵ برزکین: هەڵ بڕزکان ف نگا: هەڵ بڕزکان.

هەڵ برژان: ١) پیش هەڵاتن لەگەرمان؛ ٢) برژانەوەو سوزانەوەی برین؛ ٣) هەتوان لەسەردانان و برژاندنەوەی برین ف ١) از گرما به ستوه آمدن؛ ٢) سوزش در پوست احساس کردن؛ ٣) خون بندآوردن و مرهم بر زخم گذاشتن.

هەڵ برژیان: هەڵ برژان ف نگا: هەڵ برژان.

هەڵ بڕسقان: رفان، فڕان ف ربایش، ربوده شدن.

هەڵ بڕسقانن: رفاندن، فڕاندن ف ربودن.

هەڵ بڕسکان: هەڵ بڕزکان ف نگا: هەڵ بڕزکان.

هەڵ برنگان: وەستانی باران ف بندآمدن باران.

هەڵ برنگاندن: هەڵ برنگان ف بند امدن باران.

هەڵ برنگانن: هەڵ برنگان ف بندآمدن باران.

هەڵبڕهەڵبڕ: ١) لەت لەت کران بە تیغ؛ ٢) پارچەپارچەکردنی کۆمەڵی زیندو: (گورگ وەناو مەڕ کەوت **هەڵبڕهەڵبڕی** تێ خستن) ف ١) با تیغ پاره پاره شده؛ ٢) جداجدا از هم.

هەڵبڕیان: هەڵبڕان ف نگا: هەڵبڕان.

هەڵبڕین: ١) بڵندکردن؛ ٢) کەوتنەشوین یەکێ بەغار: (**هەڵمبڕی** تا دەماڵێم کردەوە)؛ ٣) بە تیخ لەت کردنی گوریس و ڕیس؛ ٤) گۆڕینی ڕێگەی ئاو: (ئاوەکەی **هەڵبڕی** بۆ نێو جۆیەکەی خۆی) ف ١) بلندکردن؛ ٢) تعقیب در حال دویدن؛ ٣) بریدن با تیغ؛ ٤) تغییردادن مسیر آب.

هەڵ برینگان: هەڵ برنگان ف نگا: هەڵ برنگان، بندآمدن باران.

هەڵ برینگاندن: هەڵ برنگان ف بندآمدن باران.

هەڵ برینگانن: هەڵ برنگان ف بندآمدن باران.

هەڵ بزرکان: هەڵ بڕزکان ف نگا: هەڵ بڕزکان.

هەڵ بزرکاو: ١) رەنگ‌بزرکاو؛ ٢) شیری خراوبوگ ف ١) رنگ باخته؛ ٢) شیر فاسدشده.

هەڵ بزرکین: هەڵبزرکان ف نگا: هەڵ بزرکان.

هەڵ بزوق: بەرزەوەبوون و داکەوتن بەپەلەپەل و نزیك بە زەوی: (ماسی لەسەر وشکانی **هەڵ دەبزوقێ**) ف جست و خیز سریع و پی‌درپی.

هەڵ بزوقین: بەرزەوەبوون و داکەوتنی لەدوای یەك و بەپەلە، هەل بزوق ف جست و خیز کردن سریع و متوالی.

هەڵ بزوقینەوە: هەڵ بزوقین ف نگا: هەڵ بزوقین.

هەڵ بژارتن: تەقاندن ف انتخاب کردن، برگزیدن.

هەڵ بژارتو: تەقاندی ف برگزیده.

هەڵ بژارتە: هەڵ بژارتو ف برگزیده.

هەڵ بژارتی: هەڵ بژارتو ف برگزیده.

هەڵ بژاردن: هەڵ بژارتن ف برگزیدن.

هەڵ بژاردو: هەڵ بژارتو ف برگزیده.

هەڵ بژاردە: هەڵ بژارتو ف برگزیده.

هەڵ بژانن: هەڵ بژارتن ف برگزیدن.

هەڵ بژراو: هەڵ بژارتو ف برگزیده.

هەڵ بژنیاگ: هەڵ بژارتو ف برگزیده.

هەڵ بژنین: هەڵ بژارتن ف برگزیدن.

هەڵ بژیاگ: هەڵ بژاردە، هەڵ بژارتە ف برگزیده.

هەڵ بژێر: کەسێ کە هەڵ دەبژێرێ ف انتخاب کننده.

هەڵ بژێراو: هەڵ بژارتو ف برگزیده.

هەڵ بژێرداو: هەڵ بژارتو ف برگزیده.

هەڵ بژین: هەڵ بژارتن ف برگزیدن.

هەڵ بژێن: هەڵ بژێر ف برگزیننده، انتخاب کننده.

هەڵبسم: ئەڵبسم، ئاوربشم، هەورەمش ف ابریشم.

هەڵ بشکورین: گەش و رووخۆش بوون ف شاد و سرحال بودن.

هەڵ بگاردن: ١) بوداردن، خۆ لێ لادان؛ ٢) داو دەنێوراکردن ف ١) گذشتن از، مورد توجّه قرار ندادن؛ ٢) تار و نخ از چیزی گذراندن.

هەڵ بگێراندن: هەڵ بگاردن ف نگا: هەڵ بگاردن.

هەڵ بگێرانن: هەڵ بگاردن ف نگا: هەڵ بگاردن.

هەڵ بلوق: هەڵ بزوق ف نگا: هەڵ بزوق.

هەڵ بلوقان: هەڵ بزوقین ف نگا: هەڵ بزوقین.

هەڵ بلوقاو: کەوتۆسە هەڵ بزوقین ف بەجست و خیز و تپش افتاده.

هەڵ بلوقین: هەڵ بزوقین ف نگا: هەڵ بزوقین.

هەڵ بلوقینەوە: هەڵ بزوقین ف نگا: هەڵ بزوقین.

هەلبلە: بنەگیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ف ریشه‌ای دارویی.

هەڵ بواردن: هەڵ بگاردن ف نگا: هەڵ بگاردن.

هەڵ بورونگان: هەڵ برنگان ف بندآمدن باران.

هەڵ بوون: ١) لە بەرەژوور بوون؛ ٢) پێ بوونی ئاگر؛ ٣) جیابوونەوەی تەڵەزم لە شتێ: (بە کوتك لەوبەردەمدا کەمێکی لێ **هەڵ بو**، دلۆ لە دەستم **هەڵ بو**) ف ١) در بالا قرارگرفتن؛ ٢) روشن شدن آتش، افروختن؛ ٣) جداشدن قطعه‌ای از چیزی.

هەڵبوێ: بۆنی پەڕوی سووتاو، بۆسۆ ف بوی پنبه یا پارچهٔ سوخته.

هەڵبە: پێ‌بە، مەکوژێوە: (**هەڵبە** ئاگری، **هەڵبە** ئاگری) ف برافروز.

هەڵبەت: ١) بێ‌گومان، بێ‌سۆ؛ ٢) وێدەچێ، رەنگە: (**هەڵبەت** لە ماڵی ئێمەیە) ف ١) البتّه؛ ٢) انگار، لابد.

هەڵبەتە: هەڵبەت ف نگا: هەڵبەت.

هەڵبەز: خۆ حەوادان بەرەوژوور ف خیزبردن.

هەڵبەزان: هەڵبەز ف خیزبردن، پریدن.

هەڵ بەزاندن: بەرەوژوور جوولاندنەوە ف جهانیدن.

هەڵ بەزاندنەوە: هەڵ بەزاندن ف جهانیدن.

هەڵ بەزاننەوە: هەڵ بەزاندن ف جهانیدن.

هەڵبەزدابەز: بەرەژوور خۆ حەوادان و هاتنەخوار ف جستن و پایین آمدن، جست وخیز.

هەڵبەزە: بەرەژوور خۆ حەوادە ف جهش کن.

هەڵ بەزین: هەڵ بەزان ف برجستن، جهیدن.

هەڵ بەزینەوە: وەزەوی کەوتن و بڵندبوونەوە: (بەردە کە **هەڵبەزیەوە** وەمن کەوت) ف بر زمین افتادن و باز برجستن.

هەڵبەس: ١) کەسێ شکستە دەبەسێتەوە، شکستەبەند؛ ٢) کەسێ ڕیشو بادەدا؛ ٣) قسەی سەربەخۆی بێ‌ڕاستی؛ ٤) بوێژ، شاعیر ف ١) شکسته‌بند؛ ٢) تاب دهندهٔ پرزهای لباس؛ ٣) سخن ساختگی؛ ٤) شاعر، ناظم شعر.

هەڵبەست: هەڵبەس ف نگا: هەڵبەس.

هەڵ بەستراو: ١) توندو قایم‌کراو؛ ٢) شکستی پێکەوەنوسێنراو؛ ٣) بادراوی ڕیشو؛ ٤) قسەی سەربەخۆ؛ ٥) بەندی داندراو لە پێش ئاوی جۆگەو چەم ف ١) محکم شده؛ ٢) شکسته‌بندی شده؛ ٣) پرز تاب داده بر پارچه؛ ٤) سخن بی‌اساس و ساختگی؛ ٥) سدّ ایجاد شده بر نهر و رودخانه.

هەڵ بەستن: ١) دابەستن، قایم کردن؛ ٢) بادانی ڕیشو؛ ٣) شێعر دروست کردن؛ ٤) قسەسازکردن؛ ٥) بەند دروست کردن لەبەر ئاو ف ١) محکم و استوار کردن؛ ٢) تاب دادن پرز پارچه؛ ٣) به نظم درآوردن کلام؛ ٤) حرف درآوردن؛ ٥) سدّ بستن جلو آب.

هەڵ بەستنەوە: شکستەبەندی شکاو کردن ف شکسته‌بندی کردن.

هەڵبەستە: ١) بوختان؛ ٢) بەشێعر گوتراو ف ١) بهتان؛ ٢) منظومهٔ شعر.

هەڵبەسە: هەڵبەستە ف نگا: هەڵبەستە.

هەڵ بەسیاگ: هەڵ بەستراو ف نگا: هەڵ بەستراو.

هەڵپ: ١) تەماح؛ ٢) پەلەو لەز ف ١) طمع؛ ٢) شتاب.

هەڵپاچ: بڕین بە مقەست ف چیدن با قیچی.

هەڵ پاچان: ١) هەڵپاچ؛ ٢) گیایەکە بۆ دەرمانی کەچەڵی دەبێ ف ١) با قیچی بریدن؛ ٢) گیاهی است دارویی.

هەڵ پاچراو: قەیچی کراو ف بریده با قیچی.

هەڵ پاچین: هەڵپاچ ف با قیچی بریدن.

هەڵ پچڕ: ١) لەسەر لادراو بەتەوژم: (قوتو سەری **هەڵ پچڕاوە**)؛ ٢) لەبەریەك چوُنی تەقەڵ ف ١) سرپوش برداشتن با فشار؛ ٢) بر دريده شدن بخيه.

هەڵ پچڕان: هەڵپچڕ ف نگا: هەڵپچڕ.

هەڵ پچڕاندن: ١) لەسەر لاگرتنی پێوەنوُساو؛ ٢) دادڕینی تەقەڵ لێدراو ف ١) برکندن درپوش؛ ٢) بردريدن بخيه.

هەڵ پچڕاو: ١) سەرلەسەر لاگیراو؛ ٢) دادڕاوی تەقەڵ لێدراو ف ١) سرپوش برداشته شده؛ ٢) بخيەزدە دريده شده.

هەڵ پچڕاوە: جێگەی دڕاو لەجێ تەقەڵان ف جای بردريده.

هەڵ پچڕاوی: هەڵپچڕاوە ف جای بردريده.

هەڵ پچڕکان: پسانی گەڵاو ڵك لە روەك ف گسستن برگ و شاخه از گياه.

هەڵ پچڕکاندن: پساندنی گەڵاو ڵك ف گسلانيدن شاخه و برگ.

هەڵ پچڕین: ١) سەرلەسەر لابردن بەزۆر؛ ٢) دادڕینی تەقەڵ لێدراو ف ١) سرپوش برداشتن با فشار؛ ٢) بخيەزده را بردريدن.

هەڵ پچکڕان: هەڵپچڕان ف نگا: هەڵپچڕان.

هەڵ پچکڕاندن: هەڵپچڕاندن ف نگا: هەڵپچڕاندن.

هەڵ پچکڕاو: هەڵپچڕاو ف نگا: هەڵپچڕاو.

هەڵ پچکڕین: هەڵپچڕین ف نگا: هەڵپچڕین.

هەڵ پچورکان: هەڵپچڕکان ف نگا: هەڵپچڕکان.

هەڵ پچورکاندن: هەڵپچڕکاندن ف نگا: هەڵپچڕکاندن.

هەڵ پرتاندن: دەرکردن بە سوُکایەتی ف دك کردن با اهانت.

هەڵ پرچان: ڕفان لەنکاو ف ربودن يا ربودەشدن ناگهانی.

هەڵ پرچانن: ڕفاندنی لەنەکاو ف ربودن ناگهانی.

هەڵ پڕژان: ١) بڵندبوُنی تنوکەناو لە عەرزەوە؛ ٢) بریتی لە خۆ دەگژڕاکردن ف ١) جهش قطرات آب؛ ٢) کنايه از گلاويز شدن برای جنگ.

هەڵ پڕژاندن: ناو بەرەوبالا پڕژاندن ف آب رابه بالا پرتاب کردن.

هەڵ پڕژانن: ناو بەرەوبالا پڕژاندن، هەڵپڕژاندن ف نگا: هەڵپڕژاندن.

هەڵ پروان: بەوردی ڕژانەخوار، پریوان ف ريزەريزە ريختن از بالا.

هەڵ پرواندن: بەوردی ڕژاندنەخوار، پريواندن ف ريز ريز از بالا ريزش دادن.

هەڵ پروانن: هەڵپرواندن ف نگا: هەڵپرواندن.

هەڵ پڕوُز: ١) سوُتانی موُ بە ئاگر؛ ٢) بریتی لە پەلەو لەز ف ١) سوختن مو با آتش؛ ٢) کنايه از عجله و شتاب.

هەڵ پڕوُزان: سوُتانی موُ ف سوختن مو.

هەڵ پڕوُزاندن: سوُتاندنی موُ ف سوزاندن مو.

هەڵ پڕوُزانن: سوُتاندنی موُ ف سوزاندن مو.

هەڵ پڕوُزاو: موُی بەئاگر سوُتاو ف موی سوخته.

هەڵ پڕوزقان: ١) ڕفان لە دەستی کەسێ لەنکاو؛ ٢) ڕەنگ پەڕین لەترسان و لە شتی نەکاو ف ١) ناگهانی از دست کسی ربوده؛ ٢) رنگ باختن از ترس و رويداد ناگهانی.

هەڵ پڕوزقانن: ١) ڕفاندن لە دەست لەنکاو؛ ٢) بوُنەهوی ڕەنگ پەڕینی کەسێ ف ١) ربودن ناگهانی؛ ٢) سبب رنگ باختن کسی شدن.

هەڵ پڕوزکان: هەڵپڕوزقان ف نگا: هەڵپڕوزقان.

هەڵ پڕوزکاندن: هەڵپڕوزقانن ف نگا: هەڵپڕوزقانن.

هەڵ پڕوزکانن: هەڵپڕوزقانن ف نگا: هەڵپڕوزقانن.

هەڵ پڕوزکین: هەڵپڕوزقان ف نگا: هەڵپڕوزقان.

هەڵ پڕوزیاگ: موُی سوُزیاو ف موی سوخته.

هەڵ پڕوسقان: هەڵپڕوزقان ف نگا: هەڵپڕوزقان.

هەڵ پڕوسقاندن: هەڵپڕوزقانن ف نگا: هەڵپڕوزقانن.

هەڵ پڕوسقانن: هەڵپڕوزقانن ف نگا: هەڵپڕوزقانن.

هەڵ پڕوسقیان: هەڵپڕوسقان ف نگا: هەڵپڕوزقان.

هەڵ پڕوُکان: ١) نیوەسوُتانی پێست و شتی تر؛ ٢) هەڵپڕوُزانی موُ ف ١) نيمسوزشدن؛ ٢) سوختن مو.

هەڵ پڕوُکاندن: ١) سوُتاندن کەمتاکورتێك؛ ٢) سوُتاندنی موُ ف ١) سوزاندن سطحی؛ ٢) سوزاندن مو.

هەڵ پڕوُکانن: هەڵپڕوُکاندن ف نگا: هەڵپڕوُکاندن.

هەڵ پڕوُکین: ١) کەمێ سوُتان؛ ٢) هەڵپڕوُزان ف ١) نيمسوزشدن؛ ٢) سوختن مو.

هەڵ پریوان: هەڵپروان ف نگا: هەڵپروان.

هەڵ پریواندن: هەڵپرواندن: (نانەکە **هەڵ پریوێنە**، گەنمەشامیم **هەڵ پریواند**) ف نگا: هەڵپرواندن.

هەڵ پزگڕان: هەڵبڕزکان، هەڵبزڕکان ف نگا: هەڵبڕزکان.

هەڵ پسان: پسان بەهوی کێشران بوّ سەرەوە ف گسستن به سبب کشيده شدن.

هەڵ پساندن: کێشان بوّ سەرەوەو پساندن: (سەری چوّلەکەی **هەڵ پساند**) ف برکشيدن و گسلانيدن.

هەڵ پساو: قرتاو بەهوی کێشران بوّ سەرەوە ف گسسته دراثر کشيدن.

هەڵ پسێن: کەسێ کە شتێ دەکێشێتەسەرو دەیپسێنێ ف برکشندۀ گسلاننده.

هەڵ پسێندراو: هەڵپساو ف نگا: هەڵپساو.

هەڵ پسێنراو: هەڵپساو ف نگا: هەڵپساو.

هەڵ پشافتن: پشاوتن، لە ناودەستا گوشین ف فشردن و مچاله کردن.

هەڵ پشافتی: پشاوتو ف مچاله شده.

هەڵ پشاوتن: هەڵپشافتن ف فشردن و مچاله کردن.

هەڵ پشاوتە: گوشراو لە دەستا ف مچاله شده.

هەڵ پشکوُتن: ١) لەپڕ پەیدابوُن؛ ٢) گڕ بەرزەوەبوُنی ئاگر؛ ٣) پەیدابوُنی زیپکەی زوّر لە پێست ف ١) ناگهان پديدارشدن؛ ٢) زبانەکشيدن ناگهانی آتش؛ ٣) دميدن جوشهای بسيار بر پوست.

هەڵ پشێو: کەسێ کە شتێ لە ناودەستا دەگوشێ و دەشێلێ ف مچاله کننده و چلاننده.

هەڵ پشێوراو: هەڵپشاوتە ف مچاله شده.

هەڵ پشێوە: فەرمان بە هەڵپشاوتن ف امر به مچاله کردن.

هەڵپفان: ١) هەڵمسان، ماسین؛ ٢) بریتی لە تۆرەبوون و باکردن لەرکان؛ ٣) هەڵاتن و بەرزبوونەوەی هەویر ف ١) بادکردن، آماسیدن؛ ٢) کنایه از بسیار خشمگین شدن؛ ٣) برآمدن خمیر.

هەڵپفاندن: ١) ئاوساندن؛ ٢) تۆرەکردن؛ ٣) هەڵهێنانی هەویر ف ١) نفخ دادن، متورّم کردن؛ ٢) خشمگین کردن؛ ٣) برآوردن خمیر.

هەڵپفاو: باکردو ف بادکرده.

هەڵپفیان: هەڵپفان ف نگا: هەڵپفان.

هەڵپفیاو: هەڵپفاو ف بادکرده.

هەڵپفیای: هەڵپفاو ف بادکرده.

هەڵپفین: هەڵپفان ف نگا: هەڵپفان.

هەڵپلو: کاری لابەلاو بێ فایدە ف کار بیهوده.

هەڵپلۆخان: داپلۆخان ف از هم دررفتن در اثر حرارت زیاد، لەشدن از گرما.

هەڵپلۆخـانـدن: بوونـەهـۆی داپلۆخـان: (ئـاوی کوڵاوی پێداکـرد **هەڵی پلۆخاند**) ف لەکردن بەوسیلهٔ حرارت.

هەڵپلۆخاو: لەبەریەک چوگ لە تینی ئاگر: (گۆشتەکە **هەڵپلۆخاوە**) ف از هم دررفته و لەشده دراثر حرارت زیاد.

هەڵپلۆخین: هەڵپلۆخان، داپلۆخان ف نگا: داپلۆخان.

هەڵپلۆسکان: گیان‌دان، لە ژیان بێ‌بەش بوون ف مردن، جان دادن.

هەڵپلۆسکانن: مراندن ف میراندن.

هەڵپلۆسکیاگ: مرێندراو ف کشته شده.

هەڵپلۆسکیان: گیان‌دان ف جان دادن.

هەڵپۆقین: هەڵتۆقین، هەڵتۆقان ف نگا: هەڵتۆقان.

هەڵپـە: ١) پەلـە؛ ٢) تەمـاح؛ ٣) هەنـاسەدانی سەگ لەگەرمان ف ١) شتاب؛ ٢) آز، شره؛ ٣) لەلەزدن سگ از گرما.

هەڵپـەڕ: ١) بزوتن بە تەکـان: (**هـەڵپـەڕ** داپـەڕت نیە)؛ ٢) بەرەوژوور هەڵبەزین ف ١) جنبش و تکان؛ ٢) جست و خیز.

هەڵپەڕا: بەرەوژوور خۆی حەوادا ف جهید.

هەڵپەڕان: خۆحەوادان بەتوندی ف جهیدن، جهش.

هەڵپەڕاندن: رەقساندن ف رقصانیدن.

هەڵپەرتـاوتـن: ١) پەرتـاوتـن، لکـەدار پەڕانـدن؛ ٢) بریتـی لە رێک‌وپێک کردنی شتی نارێک: (ئـاوماڵەکە **هەڵپەرتێوە**) ف ١) هرس کردن؛ ٢) پیرایه، تنظیم.

هەڵپەڕداپەڕ: ١) هاتوچۆی بە پەلەپەل؛ ٢) بریتی لە کۆشش و تەقالای زیرەکانە ف ١) جست‌وخیز؛ ٢) کنایه از نشاط در کار.

هەڵپەرست: کەسێ کە بۆ قازانجی خۆی گوێ ناداتە پەیمان و بەڵێن ف فرصت طلب.

هەڵپەرکێ: رەقس و سەما ف رقص.

هەڵپەڕودابەڕ: هەڵپەڕداپەڕ ف نگا: هەڵپەڕداپەڕ.

هەڵپەڕین: سەماکردن، رەخسین ف رقصیدن.

هەڵپەڕێن: رەقس‌پێ‌کەر ف رقصاننده.

هەڵپەز: مناڵدان، تۆڵدان ف بچەدان، رحم.

هەڵپەسـارتن: ١) شتێ بە شتێکـەوە پاڵـدان: (ئـەوگەسکـە بە دیوار **هەڵپەسێرە**)؛ ٢) بریتی لە لەکـارخستن و چاوەنـووڕاگرتن ف ١) تکیه‌دان چیزی به چیزی دیگر؛ ٢) کنایه از معلّق کردن از کار.

هەڵپەسارتو: ١) پاڵ بەشتێکەوە دراو؛ ٢) بێکارکراوی بەئامانەتی ف ١) تکیه بر چیزی داده؛ ٢) معلّق شده از کار.

هەڵپەسارتە: هەڵپەسارتو ف نگا: هەڵپەسارتو.

هەڵپەساردن: هەڵپەسارتن ف نگا: هەڵپەسارتن.

هەڵپەساردو: هەڵپەسارتو ف نگا: هەڵپەسارتو.

هەڵپەساردە: هەڵپەسارتو ف نگا: هەڵپەسارتو.

هەڵپەسێران: ١) بەشتێکـەوە پاڵدران؛ ٢) بریتی لە بیکـارکـران و چاوەنۆڕکران ف ١) تکیه به چیزی داده شدن؛ ٢) کنایه از معلّق شدن از کار.

هەڵپەسێراو: هەڵپەسارتو ف نگا: هەڵپەسارتو.

هەڵپەقژین: مچورک پێداهاتن و لەرزین ف چندش و تیرکشیدن اندام.

هەڵپەل: داری هەڵپەرتاوتو ف هرس شده.

هەڵپەلە: ١) کاری لابەلاو بێ‌فایدە؛ ٢) وڕاوە ف ١) کار بیهوده؛ ٢) هذیان.

هەڵپەنمان: ١) هەڵامسان، هەڵپفان؛ ٢) راپەڕین لە خەو لەنکاو ف ١) بادکرده، آماسیده؛ ٢) ناگهان از خواب پریدن.

هەڵپەنمانن: ١) هەڵامساندن، هەڵپفاندن؛ ٢) لەپڕ لەخەو ڕاپەڕاندن ف ١) آماسانیدن؛ ٢) یکهو از خواب بیدارکردن.

هەڵپەنمین: ١) هەڵپەنمان؛ ٢) راچڵەکین ف ١) نگا: هەڵپەنمان؛ ٢) یکه‌خوردن.

هەڵپەهەڵپ: هەناسەدانی زۆری سەگ لەگەرمان ف لەلەزدن پیاپی سگ از شدّت گرما.

هەڵپیت: پەرتاوتن، هەڵپەرتاوتن ف هرس و پیرایهٔ درخت.

هەڵپیتـانـدن: لک‌پەرتاندن و جوان‌کردنی دار، هەڵپەرتاوتن ف هرس کردن و پیرایش درخت.

هەڵپێچ: ١) لە خوارە بۆ سەرەوە بەسـەریەکـا پێچـان؛ ٢) جۆرێ ئاواڵ‌کراسی ژنانە: (دەرپێی **هەڵپێچی** دەبەردایە) ف ١) ورمالیدن؛ ٢) نوعی شلوار زنانه.

هەڵپێچان: ١) هەڵپێچ، بەسەریەکا پێچان بۆ سەرەوە؛ ٢) زۆر بۆهێنان و گەرتێ هالاندن: (**هەڵی پێچاوم** جلکی دەوێ)؛ ٣) پێچانەوەی دۆڵمەی ئاپراغ؛ ٤) بادانی ڕیشو ف ١) ورمالیدن؛ ٢) با اصرار وادار کردن؛ ٣) پیچیدن دلمهٔ برگ مو؛ ٤) تاب دادن پرز کنارهٔ لباس.

هەڵپێچـاو: ١) لە خوار بۆ سەر پێچ‌دراو؛ ٢) زۆربـۆهـاتـو لە لایەن کەسێکەوە؛ ٣) نوشتاوەی ئاپراغ؛ ٤) ریشوی بادراو ف ١) ورمالیده؛ ٢) زیرفشار قرار گرفته؛ ٣) دلمهٔ پیچیده؛ ٤) پرز تاب‌خورده.

هەڵپێچراو: هەڵپێچاو ف نگا: هەڵپێچاو.

هەڵپێچرای: هەڵپێچاو ف نگا: هەڵپێچاو.

هەڵپێچیاگ: هەڵپێچاو ف نگا: هەڵپێچاو.

هەڵپێچیان: هەڵپێچان ف نگا: هەڵپێچان.

هەڵ پێك: داخـران، بەسـەریەکـاهـاتنی دولای درگاو پەنجەرەو... [ف] بستەشدن، برهم آمدن و جفت شدن در و پنجره و....

هەڵ پێکان: داخستن، بەسەریەکا جوت کردن: (درگاکە **هەڵ پێکە**) [ف] بستن، برهم آوردن، جفت کردن.

هەڵ پێکانن: هەڵ پێکان [ف] نگا: هەڵ پێکان.

هەڵ پێکران: هەڵ پێك [ف] نگا: هەڵ پێك.

هەڵ پێکراو: داخراو، پێوەدراو [ف] بسته، برهم آمده، جفت شده.

هەڵ پێکیاگ: هەڵ پێکراو [ف] نگا: هەڵ پێکراو.

هەڵپین: هەناسەسواری سەگ لەگەرمان [ف] تنگی نفس سگ از شدت گرما.

هەڵتاش: تاشین بەرەوژوور [ف] تراشیدن از پایین به بالا.

هەڵ تاشان: هەڵتاش [ف] نگا: هەڵتاش.

هەڵ تاشین: هەڵتاش [ف] نگا: هەڵتاش.

هەڵ تاواندن: عەزم کردن، هەزم کردن [ف] هضم کردن.

هەڵ تاوین: هەزم، عەزم [ف] هضم.

هەڵ تاوێن: هـەزم کەر: (ورگی من بەردیش **هەڵ ئەتـاوێنێ**) [ف] هضم کننده.

هەڵ تڕاندن: دەرکردن بە سوکایەتی [ف] راندن با اهانت.

هەڵ تڕانن: هەڵ تڕاندن [ف] راندن با اهانت.

هەڵ ترنگانن: سڵ بوون و خو زیزکردن [ف] رمیدن و ترسیدن.

هەڵ تروشکان: قـونەڵتس‌دان، لەسـەر چینچـك ڕوونیشتـن [ف] چمباتمه‌نشستن.

هەڵ تروشکاندن: لەسەر چینچك دانیشاندن [ف] چمباتمه‌نشانیدن.

هەڵ تروشکانن: هەڵ تروشکاندن [ف] چمباتمه‌نشانیدن.

هەڵ تروشکاو: لەسەر چینچك نیشتو [ف] چمباتمه نشسته.

هەڵ تروشکین: هەڵ تروشکان [ف] چمباتمه نشستن.

هەڵ تروشەکان: هەڵ تروشکان [ف] چمباتمه نشستن.

هەڵترە: لاچو لەبەر چاوم، وەدەرکەوە [ف] گم‌شو.

هەڵ ترەکـان: ١) ترەکـانن، تەقـاندن؛ ٢) دەرزپێ بردن [ف] ١) منفجر کردن؛ ٢) شکافتن.

هەڵ ترەکیان: هەڵ ترەکان [ف] نگا: هەڵ ترەکان.

هەڵ تلوپان: توپین، کەوتین [ف] مردن نجس، سَقط شدن.

هەڵ تلوپین: هەڵ تلوپان [ف] مردن نجس.

هەڵ تلیشان: لەبەریەك چوون، لە سەر بو خوار دادڕان [ف] از بالا به پایین دریده شدن.

هەڵ تلیشاندن: لەبەریەك بردن، دادڕین [ف] ورشکافتن، وردریدن.

هەڵ تلیشانن: هەڵ تلیشاندن [ف] ورشکافتن، وردریدن.

هەڵ تلیشاو: لە سەر تا خوار دادڕاو [ف] وردریده، ورشکافته.

هەڵ توتـان: هەڵ تروشکـان، قوونـەڵتس‌دان: (کـوچـك **هەڵ توتـا**) [ف] چمباتمه نشستن.

هەڵ توترین: هەڵ توتان [ف] چمباتمه نشستن.

هەڵ توتەکان: هەڵ توتان [ف] چمباتمه نشستن.

هەڵ توتەکاو: هەڵ تروشکاو [ف] چمباتمه نشسته.

هەڵ توتەکیو: هەڵ تروشکاو [ف] چمباتمه نشسته.

هەڵ توتێ: لەسەر چینچك دانیشە [ف] چمباتمه بنشین.

هەڵ توڕان: ١) بەلەفیرە، زگەشورە؛ ٢) جوتەهاویشتن [ف] ١) اسهال؛ ٢) جفتك‌پرانی.

هەڵ توڕانـدن: ١) جوتـەهـاویشتن و قنـگ بەرزکردنەوە؛ ٢) فیڕاندن، زگ‌چوون [ف] ١) رمیدن و جفتك پراندن؛ ٢) اسهال شدن.

هەڵ توڕانن: هەڵ توڕاندن [ف] نگا: هەڵ توڕاندن.

هەڵ تورشکان: هەڵ تروشکان [ف] چمباتمه نشستن.

هەڵ تورشکین: هەڵ تروشکان [ف] چمباتمه نشستن.

هەڵتوز: جوتەهاویشتن و قوشقی بوون [ف] جفتك‌پرانی و رمیدن.

هەڵتوز: هەڵتوز [ف] نگا: هەڵتوز.

هەڵ توزاندن: هەڵتوزکردن [ف] جفتك پراندن و رمیدن.

هەڵ توزاندن: هەڵ توزاندن [ف] نگا: هەڵ توزاندن.

هەڵ توقـان: ١) قیتـەوەبـوون: (کـارگ **هەڵ توقی**، بەرد لە سەرم درا **هەڵ توقیوە**)؛ ٢) لە بەرزیەوە تەقـانـدن: (دەمـانچـەی بەسـەردا **هەڵ توقاند**) [ف] ١) بیرون زدن؛ ٢) از بالا ترکانیدن.

هەڵ توقـانـدن: ١) قیتـەوەکـردن؛ ٢) تەقـاندن [ف] ١) برجسته‌کردن، برآوردن؛ ٢) ترکاندن.

هەڵ توقانن: هەڵ توقاندن [ف] نگا: هەڵ توقاندن.

هەڵ توقاو: بەرزو قیتەوەبوگ [ف] برآمده از سطح، بیرون زده.

هەڵ توقیاگ: هەڵ توقاو [ف] نگا: هەڵ توقاو.

هەڵ توقیان: هەڵ توقان [ف] نگا: هەڵ توقان.

هەڵ توقین: هەڵ توقان [ف] نگا: هەڵ توقان.

هەڵ توقیو: هەڵ توقاو [ف] نگا: هەڵ توقاو.

هەڵ تەزینەوە: ڕاپەڕین، شوڕش کردن [ف] قیام، نهضت.

هەڵ تەقـان: ١) لەبـەریەك چوون: (خانوەکە **هەڵ تەقاوە**)؛ ٢) دادڕانی درواو؛ ٣) توشـی یەك هاتـن [ف] ١) ازهم گسستن؛ ٢) جرخـوردن بخیەزدە؛ ٣) برخورد.

هەڵ تەقیان: هەڵ تەقان [ف] نگا: هەڵ تەقان.

هەڵ تەقین: هەڵ تەقان [ف] نگا: هەڵ تەقان.

هەڵتەك: هەڵ تەکان [ف] نگا: هەڵ تەکان.

هەڵ تەکـان: ١) لە خوار بو سەر تێك‌چوون؛ ٢) بەرەژوورچوونی ئەندامی لەش: (چـاوی لێ **هەڵ تەکـانـد**، بروی **هەڵ تەکـانـد**، شان **هەڵ تەکێنە**)؛ ٣) داتەقاندنی دەغڵ و توتن: (توتنەکە **هەڵ تەکێنە**) [ف] ١) از پایین به بالا دررفتن و متـلاشی شدن؛ ٢) بەبـالا جستنِ اعضاءِ بدن؛ ٣) باددادن غلّه و....

هەڵ تەکاندن: ١) تێك و پێك‌دان: (بە بومبا خانوەکەی **هەڵ تەکاند**)؛ ٢) بڵنـدکردن و بەرەژوور بردنی ئەندامی لەش: (بروی **هەڵ تەکاند**، شان **هەڵ تەکێنــە**)؛ ٣) تەکـانـدنی شت: (بـەڕەکـە **هەڵ تەکێنـە**)؛ ٤) داتەقاندنی دەغڵ و... [ف] ١) متلاشی کردن؛ ٢) بالا انداختن اعضاءِ بدن؛ ٣) تکانیدن؛ ٤) باددادن غلّه و....

هەڵتەکانن: هەڵتەکاندن ف نگا: هەڵتەکاندن.

هەڵتـەك وپەڵتەك: بە لۆقاوی درێژو بەپەلە رۆیشتن، قەترەکردن ف با گامهای بلند و با شتاب رفتن.

هەڵتەك ودەڵتەك: هەڵتەك وپەڵتەك ف با گامهای بلند و با شتاب رفتن.

هەڵتەك هەڵتەك: بە پشوولەسەرخۆیی هاتن ف سلانەسلانە راه‌رفتن.

هەڵتەکیان: هەڵتەکان ف نگا: هەڵتەکان.

هەڵتەکین: هەڵتەکان ف نگا: هەڵتەکان.

هەڵتەکێن: ١) لەبـەریەك بەر؛ ٢) بڵندکەری ئەندام؛ ٣) تەکێنی بەرەو لێفەو... ف اسم فاعل «هەڵتەکاندن».

هەڵتەکێنـــە: ١) فەرمـــان بە هەڵتەکـــانـدن؛ ٢) هەڵتەکێن: (کلك **هەڵتەکێنە**) ف ١) امر به «هەڵتەکاندن»؛ ٢) بالابرنده، جنباننده.

هەڵتیز: هەڵتۆز ف نگا: هەڵتۆز.

هەڵتیزان: هەڵتۆزان ف جفتك پرانی و رمیدن.

هەڵتیزاندن: هەڵتۆزاندن ف جفتك پراندن و رمیدن.

هەڵتیقان: هەڵبەزین بۆ بازی کردن ف بازی کردن و جست وخیز.

هەلجاندن: پەرەکردن بە هەلاج ف زدن پنبه و پشم.

هەڵجۆزان: هەڵتۆزان ف جفتك پرانی و رمیدن.

هەڵجۆزانن: هەڵتۆزاندن ف جفتك پراندن و رمیدن.

هەڵجۆزین: هەڵتۆزان ف جفتك پرانی و رمیدن.

هەڵجۆزێن: حەیوانی جۆتەهاوێژو سڵ ف حیوان جفتك پران و رموك.

هەڵجەر: خێل، چاوخوار ف لوچ، احول.

هەڵجیپاندن: ئامادەکردن بە نیواونیوی، گەلاڵەکردن ف کم و بیش آماده کردن.

هەڵچ: کارگ، کوارگ ف قارچ.

هەڵچڕان: ١) هـەڵپچڕان؛ ٢) دڕان ف ١) نگا: هـەڵپچڕان؛ ٢) دریده شدن.

هەڵچڕاندن: هەڵپچڕاندن ف نگا: هەڵپچڕاندن.

هەڵچڕاو: هەڵپچڕاو ف نگا: هەڵپچڕاو.

هەڵچرچــان: ١) چرچ و لۆچ تێکەوتــن؛ ٢) سیس بوون ف ١) چین برآوردن؛ ٢) پژمرده شدن.

هەڵچرچاو: ١) چـرچ بووگ؛ ٢) سیس بووگ ف ١) پـرچین شده؛ ٢) پژمرده شده.

هەڵچرچیاگ: هەڵچرچاو ف نگا: هەڵچرچاو.

هەڵچڕین: هەڵپچڕین ف نگا: هەڵپچڕین.

هەڵـچـن: ١) کەسێ کە شت لەســەریەك دادەنێ؛ ٢) زەمینێ کە ئاو هەڵدەمژێ ف ١) برهم چین؛ ٢) زمینی که آب را زود می‌مکد.

هەڵچناو: لەسەریەك کەڵەکەکراو ف برهم نهاده شده، انباشته شده.

هەڵچنراو: هەڵچناو ف انباشته.

هەڵچنك: قاقەزی مەرەکەف هەڵچن ف کاغذ خشك کن.

هەڵچنیاگ: هەڵچناو ف برهم نهاده شده، انباشته شده.

هەڵچنین: ١) لەسەریەك بە بڵندی کەڵەکەکردن؛ ٢) مژینی ئاو بۆ زەوی ف ١) برهم انباشتن؛ ٢) مکیدن زمین آبرا.

هەڵچـو: ١) بە دار یان بە شاخـا سەرکـەوتو؛ ٢) کوڵاوی سەرڕێژکردو: (شیرەکە **هەڵچوە**)؛ ٣) هەراش، زوو گەورەبووگ: (منالێکی **هەڵچوە**)؛ ٤) بێ فکر لە کاردا، سەرەڕۆ؛ ٥) بڵندبوونەوە: (دار تا عاسمان **هەڵچوە**) ف ١) بالارفتـه، صعـودکـرده؛ ٢) جوشیدهٔ سر رفتـه؛ ٣) بالنده؛ ٤) خودسر درکارها؛ ٥) مرتفع شده، بالارفته.

هەڵچـۆ: ١) کەسێ کاری سەربەخۆ دەکا؛ ٢) فەرمان بە ئامادەبوون بۆ شەق تێ هەڵـدان؛ ٣) فەرمـانـە بە سەرکەوتن لە دارو بەرزایی ف ١) خودسـر درکـار؛ ٢) امـر به آماده‌شدن برای تیپاخوردن؛ ٣) امر به بالارفتن از بلندی.

هەڵچۆڕان: تاخرتنۆك ڕژان ف تا آخرین قطره چکیدن.

هەڵچۆڕاندن: دوامین تنۆك ڕژاندن ف ریختن آخرین قطره.

هەڵچۆڕاو: هیچ تیانەماو لە تراو ف تهی شده از آب و مایع.

هەڵچۆڕیان: هەڵچۆڕان ف نگا: هەڵچۆڕان.

هەڵچۆڕین: هەڵچۆڕان ف ریزش آخرین قطره.

هەڵچۆڕیو: هەڵچۆڕاو ف تهی شده از مایع.

هەڵچۆقان: ١) چۆقان لەسەر ئاگر؛ ٢) لەرزین لەسەرمان؛ ٣) لەرزین لەبـەر نۆبـەتێ ف ١) صدای روغن تفیده؛ ٢) لرزش از سرمـا؛ ٣) لرزش از تب و لرز.

هەڵچۆقاو: قاڵکراو ف تفیده، روغن تفیده.

هەڵچۆقین: هەڵچۆقان ف نگا: هەڵچۆقان.

هەڵچۆقیو: هەڵچۆقاو ف روغن تفیده.

هەڵچوون: ١) دەبــالاکــردن؛ ٢) لە بڵـنـد سەرکـەوتن؛ ٣) ئامـادەی تێ هەڵـدان بوون؛ ٤) سەرڕێژکـردنی کوڵاو لەسەر ئاگر؛ ٥) دابوون بۆ بەسەر پشتا بازدان؛ ٦) بریتی لە تووڕەبوون ف ١) سریع رشدکردن؛ ٢) از بلنـدی بالا رفتن؛ ٣) آمـادهٔ تیپـاخوردن شدن؛ ٤) سررفتن مایع جوشان؛ ٥) خم شدن برای پرش همبازی؛ ٦) کنایه از خشمگین شدن.

هەڵچە: ١) عەلوکە، ئالوچە؛ ٢) دابە لە کایە؛ ٣) حازربە بۆ تێ هەڵدان؛ ٤) لە بڵنـدی سەرکەوە: (بەوداره **هەڵچە**) ف ١) آلوچه؛ ٢) خم شو برای پرش؛ ٣) آمادهٔ تیپاخوردن باش؛ ٤) از بلندی بالارو.

هەڵچەرخ: وەرسووڕ، زڤڕ ف چرخش.

هەڵچەرخان: وەرسووڕان، زڤڕین ف ورچرخیدن.

هەڵچەرخاندن: وەرسووڕاندن ف ورچرخاندن.

هەڵچەرخیان: هەڵچەرخان ف ورچرخیدن.

هەڵچەرخین: هەڵچەرخان ف ورچرخیدن.

هەڵچەقـــان: ١) تێ ڕۆچـــوون؛ ٢) دەنـاو قوڕ ڕاکـران ف ١) خلیدن، فرورفتن؛ ٢) درگل فروشدن.

هەڵچەقـانـدن: ١) تێ ڕۆکردنی دەرزی و درۆ؛ ٢) دەقوڕڕاکردن ف ١) خلانیدن؛ ٢) در زمین فروکردن.

هەڵچەقاو: ١) ڕۆچوونی شتی سەرتیژ؛ ٢) دەزەوی ڕاکراو ف ١) خلیده؛ ٢) فروشده در زمین.

هەڵچەقین: هەڵچەقان ف نگا: هەڵچەقان.

هەڵچەقیو: هەڵچەقاو ف نگا: هەڵچەقاو.

هەڵخران: وەبەر تاو دران بۆ وشك بوونەوە ف پهن کردن در آفتاب برای خشك شدن.

هەڵخڕان: بزوان، هەڵتەکانی دەفرێ کە شتی زۆری وردی تێدایە: (جەوالی گوێز **هەڵخڕێنە**) ف تکان خوردن ظرف، یا جعبه با محتویات ریز.

هەڵخڕاندن: ۱) تەکان پێدان و بزواندنی دەفری پڕ لە شتی ورد؛ ۲) بریتی لە هانەدان و فریودان؛ ۳) لەناو دەستا خڕ هەڵدان ف ۱) تکان دادن ظرف یا جعبه با محتویات ریز؛ ۲) کنایه از تحریك و فریب دادن؛ ۳) دردست گرد کردن.

هەڵخڕانن: هەڵخڕاندن ف نگا: **هەڵخڕاندن**.

هەڵخراو: بەرتاودراو بۆ وشك بوون ف پهن شده در آفتاب برای خشك شدن.

هەڵخڕاو: ۱) دەفری پڕ لە وردەشت تەکان پێدراو؛ ۲) فریودراو؛ ۳) دنەدراو ف ۱) ظرف یا جعبهٔ محتوی خردەریز تکان خوردە؛ ۲) فریب خوردە؛ ۳) تحریك شده.

هەڵخریاگ: هەڵخراو ف نگا: هەڵخراو.

هەڵخڕیاگ: هەڵخڕاو ف نگا: هەڵخڕاو.

هەڵخریان: هەڵخران ف نگا: هەڵخران.

هەڵخڕیان: هەڵخڕان ف نگا: هەڵخڕان.

هەڵخز: بە خشکە بەرەوژوورچوون ف به بالا خزیدن.

هەڵخزان: هەڵخز ف به بالا خزیدن.

هەڵخزیان: هەڵخزان ف نگا: هەڵخزان.

هەڵخزین: هەڵخزان ف نگا: هەڵخزان.

هەڵخستن: ۱) بۆ سەرەوە فڕێدان: (خشت **هەڵخستن** بۆ بەنا)؛ ۲) بەرتاودان بۆ وشك بوون؛ ۳) چۆنیەتی بیچمی دروست کراو: (خانووەکەی باش **هەڵخستوە**)؛ ۴) دەرهاویشتنی دەغڵ لە شەختە؛ ۵) جووتەهاویشتن: (لەقە **هەڵدەخاتەوە**)؛ ۶) گوێ ڕاگرتن بۆ بیستن ف ۱) به‌بالا پرتاب کردن؛ ۲) پهن کردن در آفتاب؛ ۳) طرح‌ریزی؛ ۴) براندازی غلّه از سرما؛ ۵) جفتك پراندن؛ ۶) گوش فرادادن.

هەڵخستنەوە: ۱) جووتەهاویشتن؛ ۲) سەماو خۆ حەوادان لە خۆشیان ف ۱) جفتك پراندن؛ ۲) پایکوبی و جست و خیز از شادی.

هەڵخشان: هەڵخزان ف به‌بالا خزیدن.

هەڵخشیان: هەڵخزان ف به‌بالا خزیدن.

هەڵخشین: هەڵخزان ف به‌بالا خزیدن.

هەڵخلان: هەڵخڕان ف نگا: هەڵخڕان.

هەڵخلاندن: هەڵخڕاندنی دەفری پڕ لە شتی ورد ف تکان دادن ظرف محتوی خردەریز.

هەڵخلانن: هەڵخلاندن ف نگا: هەڵخلاندن.

هەڵخڵەتان: فریوخواردن ف فریب خوردن.

هەڵخڵەتاندن: خاپاندن ف فریب دادن.

هەڵخڵەتاو: خاپاندی، فریودراو ف فریب خوردە.

هەڵخڵەتێن: خاپینۆك ف فریبکار.

هەڵخڵەتێنە: هەڵخڵەتێن: (شوان **هەڵخڵەتێنە**) ف فریبکار.

هەڵخلیسك: جێگەی لووسی سەهۆڵاوی ف لیزگاه.

هەڵخلیسکان: شەمتین ف لغزیدن.

هەڵخلیسکاندن: ۱) هەڵخلیسکان؛ ۲) بوونەهۆ بۆ شەمتینی یەکێ ف ۱) لغزیدن؛ ۲) لغزاندن.

هەڵخلیسکاو: شەمتی ف لغزیده.

هەڵخلیسکین: خلیسکان، شەمتین ف لغزیدن، لیزخوردن.

هەڵخلیسکێن: ۱) بازی شەمتین؛ ۲) جێگەی خلیسك ف ۱) سرسره بازی؛ ۲) جای لیزخوردن.

هەڵخلیسکێنە: هەڵخلیسکێن ف نگا: هەڵخلیسکێن.

هەڵخواز: هەلپەرست ف فرصت‌طلب.

هەڵخوراندن: خوراندن لەخوارەوە بۆ سەرەوە: (لاقت **هەڵمەخورێنە**) ف خاراندن از پایین به بالا.

هەڵخورانن: هەڵخوراندن ف نگا: هەڵخوراندن.

هەڵخۆزان: هەڵچوون بەرەوبالا ف بالارفتن از.

هەڵخۆزانن: بۆ بالا کێشان ف به‌بالاکشیدن.

هەڵخۆزتن: هەڵخۆزان ف بالارفتن از.

هەڵخۆزین: هەڵخۆزان ف بالارفتن از.

هەڵخۆستن: هەڵخۆزان ف بالارفتن از.

هەڵخووشان: ۱) تێکچوونی کار: (کارە کەمان لێ **هەڵخووشا**)؛ ۲) بەدەمدا چوونەوە ف ۱) بهم خوردن کار، خراب شدن کار؛ ۲) رد کردن گفتار کسی.

هەڵخول: گەڕان و سووڕانی زۆر ف چرخش و گردش زیاد.

هەڵخولان: هەڵخول ف چرخش و گردش زیاد.

هەڵخولاندن: گەڕاندن و سووڕاندن ف چرخانیدن و گردانیدن.

هەڵخوێنن: ۱) بەگوێدا خوێندن، زۆر نسحەت کردن؛ ۲) پێدا کاڵان ف ۱) اندرز بسیار گفتن، درگوش کسی زیاد خواندن؛ ۲) با عتاب سرزنش کردن.

هەڵخوێندن: هەڵخوێنن ف نگا: هەڵخوێنن.

هەڵخە: ۱) بدە بەرتاو بۆ وشك بوون؛ ۲) ڕاگرە بۆ بیستن: (گوێ **هەڵخە**)؛ ۳) ئامادەی سزای دووڕاندن بە: (خۆت **هەڵخە** با سواری پشتت بم)؛ ۴) بۆ بالا باوێژە: (تۆ خشت بۆ وەستا **هەڵخە**) ف صیغهٔ امر از «هەڵخستن».

هەڵخەڵەتان: هەڵخڵەتان ف فریب خوردن.

هەڵخەڵەتاندن: هەڵخڵەتاندن، خاپاندن ف فریب دادن.

هەڵخەڵەتاو: فریودراو، خاپاندی ف فریب خوردە.

هەڵخەڵەتێن: خاپینۆك ف فریبکار.

هەڵخەڵەتێنە: خاپینۆك ف فریبکار.

هەڵداشتن: لە بەرزەوە فڕێدان: (میزی **هەڵداشت**، خشتی **هەڵداشت**) ف از بالا انداختن، ازبلندی پرت کردن.

هەڵدان: ۱) بەرەوبالا فڕێدان؛ ۲) لێدان بە شاخ و شەق:

(شـەقـۆن تێ **هەڵـدان**)؛ ۳) بڵنـدکـردن و دامـەزرانـدنی چادر؛ ۴) مەحت کردن؛ ۵) قسە دەست پێ کردن: (لەجوابا **هەڵی دایە**)؛ ۶) دەفر لە ئاوێ ڕاکـردن: (دەئـاوی **هەڵـدە**)؛ ۷) تێ وەردانی ئاو لە دەفر؛ ۸) گوتـنـی ناو: (نـاوان **هەڵــدە** بزانـین کێ بو)؛ ۹) گەشـەکـردن: (شیناوەردەکەت **هەڵی داوە**)؛ ۱۰) پایەبەرزبوون: (کاورا **هەڵی داوە**)؛ ۱۱) بار خستنـەسـەر بارەبـەر؛ ۱۲) زانینی ئەوەچیە: (مـەتـەڵـۆکـە **هەڵـدان**)؛ ۱۳) خۆنیشـاندان: (کارگ سەری **هەڵدا**، کاکم لە ئاسۆ سەری **هەڵدا**)؛ ۱۴) باکردنەناو، فوودان: (گوێت **هەڵدە**) ف ۱) بەبالا پرت کردن؛ ۲) زدن با شاخ یا تیپا؛ ۳) برپا کردن چادر؛ ۴) ستایش؛ ۵) سخن آغازکردن؛ ۶) با کاسە آب از چشمە یا منبع برکشیدن؛ ۷) آب در ظرف گرداندن؛ ۸) نام گفتن؛ ۹) شکوفا شدن؛ ۱۰) ترقّی کردن؛ ۱۱) بار بر پشت باربر انداختن؛ ۱۲) چیستان و معمّا را حلّ کردن؛ ۱۳) سر برآوردن، درديد قرار گرفتن؛ ۱۴) بادکردن، دمیدن.

هەڵدانــەوە: ۱) بەرەوژوور بـردن: (پـەنجـەرەکـە **هەڵـدەوە**، پەردەی **هەڵـداوە**)؛ ۲) شین بوونەوە دوای بڕین؛ ۳) گەڕانەوەی نەخۆشی؛ ۴) پەشیمـان بوونـەوە بۆ شتێ: (سـەرلـەنـوێ **هەڵی داوەتەوە** و ماڵەکەی دەوێتەوە) ف ۱) بالازدن، بالا بردن؛ ۲) پس از قطع شدن سر برآوردن، رویش دوباره؛ ۳) عودکردن بیماری؛ ۴) برای چیزی پشیمان شدن.

هەڵدران: ۱) چەقێنـران: (کە سێدارە **هەڵدران** زانیم شتێ هەیە)؛ ۲) بەرپاکران: (چادر **هەڵدران**) ف ۱) نصب شدن بر زمین؛ ۲) برپاشدن چادر و....

هەڵدڕان: تەواو دڕان ف جرخوردن، کاملاً پارە شدن.

هەڵدراو: ۱) چەقێنراو؛ ۲) بەرپاکراو ف ۱) نصب شده؛ ۲) برپا شده.

هەڵدڕاو: جڕ بردو، دڕاو ف جرخوردە، پارەشدە.

هەڵدراوە: کۆگای بەسەریەکاکراو ف تودۀ برهم ریختە.

هەڵدڕاوە: جێگەی دادڕاو ف جای پارە شدە.

هەڵدرو: تەقەڵدانی قەراغ ف بخیەزدن کنارەها.

هەڵدروان: تەقەڵدرانی قەراغ ف دوختەشدن کنارەها.

هەڵدرواندن: هەڵدروون ف نگا: هەڵدروون.

هەڵدرواو: تەقەڵدراو لە کەنارەوە ف پارچۀ دوختەشدە از کنارەها.

هەڵدروون: هەڵدرو، دروونی چوارکەناری شتێ ف دوختن کنارەهای پارچە.

هەڵدڕەهەڵدڕ: زۆر دادڕاو: (سێڵاو زەویەکەی **هەڵدڕەهەڵدڕ** کرد) ف بسیار دریدە شدە.

هەڵدریاگ: بەرپاکراو ف برپاشدە.

هەڵدڕیاگ: هەڵدڕاو ف پارەشدە.

هەڵدڕین: تەواو دڕین ف پارەکردن، بردریدن.

هەڵدڕێن: هەرشتێ دەدڕێنێ ف بردرندە.

هەڵدوور: هەڵدرو ف نگا: هەڵدرو.

هەڵدووران: هەڵدروان ف نگا: هەڵدروان.

هەڵدوورانن: هەڵدروون ف نگا: هەڵدروون.

هەڵدووراو: هەڵدرواو ف نگا: هەڵدرواو.

هەڵدووریاگ: هەڵدرواو ف نگا: هەڵدرواو.

هەڵدووریان: هەڵدروان ف نگا: هەڵدروان.

هەڵدووریانن: هەڵدروان ف نگا: هەڵدروان.

هەڵدوورین: هەڵدروون ف نگا: هەڵدروون.

هەڵدە: فەرمان بە هەڵدان ف صیغۀ امر از «هەڵدان».

هەڵـدەرە: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف از روستاهای ویران شدۀ کردستان توسط بعثیان.

هەڵدێ: ۱) رادەکا، غاردەدا؛ ۲) مانگ و خۆر و ئەستێرە دێتە بەرچاو؛ ۳) هەڤـیر دەگاتێ؛ ۴) مدە تەواودەبێ: (وادەی قەرزەکـەم دوورۆژی تر **هەڵـدێ**، ئەوژنـە عددەی **هەڵـدێ**)؛ ۵) دەزانـدرێ: (مەتەڵەکەتم بۆ **هەڵدێ**) ف ۱) می‌دود؛ ۲) طلوع می‌کند؛ ۳) خمیر برمی‌آید؛ ۴) مدّت سرمی‌آید؛ ۵) معمّا حلّ می‌شود.

هەڵدێر: ۱) تافگە؛ ۲) جێگەی زۆر بەرز و قیت لە شاخ و کێودا؛ ۳) کەسێ ئاو لە سەرەوە بەرەوخـوار دەڕژێنێ ف ۱) آبشـار؛ ۲) پرتگاه؛ ۳) آب ریزندە از بالا.

هەڵدێران: لە بەرزیەوە فڕێدران بۆ خوار ف پرت شدن از بالا.

هەڵدێراو: کەوتو لە بالاوە ف پرت شدە از بالا.

هەڵدێرکە: جێگەی زۆر سەخت کە پیاوی لێ دەکەوێ ف پرتگاە.

هەڵدێرگە: هەڵدێرکە ف پرتگاە.

هەڵدێریاگ: هەڵدێراو ف پرت شدە از بالا.

هەڵدێریان: هەڵدێران ف ازبالا پرت شدن.

هەڵڕژان: ڕژان بەرەوخوار: (گەنمەکە **هەڵڕژا**) ف ریزش روبەپایین.

هەڵڕژاندن: ڕژاندن بەرەوژێر ف فروریختن، ریزش دادن بە پایین.

هەڵڕژانن: هەڵڕژاندن ف نگا: هەڵڕژاندن.

هەڵڕژاو: ڕژاو بەرەوخوار ف فروریختە، بەپایین ریختە.

هەڵڕژتن: هەڵڕژاندن ف نگا: هەڵڕژاندن.

هەڵڕژیاگ: هەڵڕژاو ف نگا: هەڵڕژاو.

هەڵڕژیان: هەڵڕژان ف نگا: هەڵڕژان.

هەڵڕشتن: هەڵڕژتن ف هەڵڕژاندن.

هەڵڕوانین: لە خوارەوە بۆ سەرەوە تماشاکردن ف ازپایین بەبالا نگاه کردن.

هەڵڕووشـان: ۱) ڕووشـان، ڕوش بردن؛ ۲) تێکچوون، هەڵخووشان ف ۱) خراش برداشتن؛ ۲) بهم خوردن کار.

هەڵڕووشاندن: ۱) ڕووشاندن؛ ۲) تێکدانی کار ف ۱) خراشیدن؛ ۲) بهم زدن کار.

هەڵڕووشانن: هەڵڕووشاندن ف نگا: هەڵڕووشاندن.

هەڵڕووشاو: ۱) ڕووشان؛ ۲) تێکدراو ف ۱) خراشیدە؛ ۲) بهم خوردە.

هەڵڕووشیاگ: هەڵڕووشاو ف نگا: هەڵڕووشاو.

هەڵڕووشیان: هەڵڕووشان ف نگا: هەڵڕووشان.

هەڵڕەخسان: دەرفەت دەسکەوتن ف فرصت یافتن.

هەڵڕەخسین: هەڵڕەخسان ف فرصت یافتن.

هەڵڕیان: گۆکردنی زۆر و بەپەلە ف ریدن بسیار و با عجلە.

هەڵـز: ١) گیایەکی بەنـاوبـانگی گەڵادەرزی‌یە لە تیرەی کەمـاو لۆیە بۆدەرمان دەشێ بەچێشت خۆشەو لەوەڕی چاکە؛ ٢) قەت، وێنجە ف ١) گیاهی است برگ سوزنی که مصرف دارویی و خوراکی دارد؛ ٢) یونجه.

هەڵزبڕ: وەختی دروێنەی وێنجە ف موسم درو یونجه.

هەڵزبەهین: سیس‌هەڵگەڕان‌و زەردبوونی وێنجە ف زرد و پژمرده شدن یونجه.

هەڵ زڕان: ١) پڕبوونی پێست لە زیپکە؛ ٢) دادڕان ف ١) پرجوش شدن پوست؛ ٢) بردریده شدن، پاره‌شدن.

هەڵ زڕاندن: دڕاندن ف بردریدن، پاره‌کردن.

هەڵ زڕانن: هەڵزڕاندن ف پاره‌کردن.

هەڵ زڕاو: دڕاو ف دریده، پاره‌شد.

هەڵ زرنگان: ١) هانە، دنە؛ ٢) شڵەژان، شێوان‌و سەر لێ تێکچوون ف ١) تحریك؛ ٢) شوریدن.

هەڵ زرنگاندن: هانەدان، دنەدان ف تحریك کردن.

هەڵ زرنگانن: هەڵزرنگاندن ف تحریك کردن.

هەڵ زرنگیان: هەڵزرنگان ف نگا: هەڵزرنگان.

هەڵ زرەپان: هەڵ‌تۆقین ف نگا: هەڵ‌تۆقین، هەڵ‌تۆقان.

هەڵ زڕیاگ: پێستی پڕ لەزیپکە بووگ ف پوست پرجوش شده.

هەڵ زڕیان: زیپکەی زۆر لە پێست هاتن ف جوش زیاد بر پوست زدن.

هەڵ زڕیاو: پێستی زۆر زیپکە لێ‌هاتگ ف پوست پرجوش شده.

هەڵ زڵەپان: پۆرگ دەرکردنی پێست ف جوش زدن پوست.

هەڵ زڵەپین: هەڵ‌زڵەپان ف نگا: هەڵ‌زڵەپان.

هەڵ زنین: هەڵچوون بەرەو باڵا ف بالارفتن از بلندی.

هەڵ زووران: سووتـانی توێی سەرەوەی گـۆشت ف سـوختن سطحی گوشت.

هەڵ زەقینەوە: هەڵبەزینەوە لەترس‌و لەنکاو ف جستن ناگهانی از ترس.

هەڵ زیپان: هەڵ‌تۆقان، هەڵ‌تۆقین ف نگا: هەڵ‌تۆقان.

هەڵ ژلـێویان: ١) پشێوینی ڕوودان؛ ٢) دڵ تێکچـوون‌و شڵەژان ف ١) آشوب برپا شدن؛ ٢) دل بهم آمدن و پیچ و تاب خوردن.

هەڵ ژمار: سەرژمێری، ژماردن ف احصائیّه، آمار، سرشماری.

هەڵ ژمـاردن: ١) هەڵبژاردن؛ ٢) سەرژمـارکردن ف ١) برگزیدن؛ ٢) سرشماری کردن.

هەڵ ژماردو: ١) هەڵبژێراو؛ ٢) ژمێردراو ف ١) برگزیده؛ ٢) برشمرده.

هەڵ ژمارده: هەڵ‌ژماردو ف نگا: هەڵ‌ژماردو.

هەڵ ژمێر: ١) هەڵبژێر؛ ٢) کەسێ کە دانـەدانـە شتێ دەبژێرێ ف ١) برگزیننده؛ ٢) برشمرنده.

هەڵ ژمێراو: هەڵ‌ژماردو ف نگا: هەڵ‌ژماردو.

هەڵژیویان: فلیقانەوە ف لەشدن.

هەڵس: ڕاستەوەبە ف برخیز.

هەڵسان: ١) ڕاستەوەبوون؛ ٢) لە لان دەرچوونی نێچیر؛ ٣) بەرزبوونەوەی زادەی ئاو؛ ٤) لە خەو بێداربـوونەوە ف ١) برخاستن؛ ٢) از مخفیگاه دررفتن نخجیر؛ ٣) بالاآمدن سطح آب؛ ٤) از خواب بیدار شدن.

هەڵسـانـدن: ١) ڕاستـەوەکـردن؛ ٢) لە لان دەرخستن؛ ٣) لە خەو بێدارکـردن ف ١) برخیزانـدن؛ ٢) ازلانه خارج کردن شکار؛ ٣) از خواب بیدار کردن.

هەڵساندن: ١) شل‌و سست کردن؛ ٢) وردکردن وەك کوتانی گەنم؛ ٣) لاوازکردن؛ ٤) کەم‌کردن؛ ٥) ڕزاندن؛ ٦) خراپ کردن، لەکارخستن ف ١) سست کردن؛ ٢) خردکـردن، کوبیدن؛ ٣) لاغرکردن؛ ٤) کم کردن؛ ٥) پوساندن؛ ٦) ازکارانداختن.

هەڵسانن: هەڵساندن ف نگا: هەڵساندن.

هەڵسانەوە: ١) دوای کەوتن ڕاست‌بوونەوە؛ ٢) لەنەخۆشی چاببوونەوە ف ١) پس از افتادن باز برخاستن؛ ٢) از بیماری بهبودیافتن.

هەڵساو: بەرکاری هەڵسان ف صیغهٔ مفعولی «هەڵسان».

هەڵ ساوین: پیاماڵین، ساوین ف اندودن، مالیدن.

هەڵ سپاردن: هەڵ‌پەسارتن ف نگا: هەڵ‌پەسارتن.

هەڵ سپێران: هەڵ‌پەسێران ف نگا: هەڵ‌پەسێران.

هەڵ سپێراو: هەڵ‌پەسێراو ف نگا: هەڵ‌پەسێراو.

هەڵ سپێریاگ: هەڵ‌پەسێراو ف نگا: هەڵ‌پەسێراو.

هەڵ سپێریان: هەڵ‌پەسارتن ف نگا: هەڵ‌پەسارتن.

هەڵست: ڕابوون، هەستان ف برخاستن.

هەڵستان: هەڵسان ف نگا: هەڵسان.

هەڵستاندن: هەڵساندن ف نگا: هەڵساندن.

هەڵستانەوە: هەستانەوە ف نگا: هەستانەوە.

هەڵستاو: هەڵساو ف نگا: هەڵساو.

هەڵستە: ڕابە، ڕاست‌بەوە، هەستە ف برخیز.

هەڵ سڕین: چڵم هەڵ‌لووشینەوە لە کەپوودا ف آب بینی را بالا کشیدن.

هەڵ سکانن: بەرجوێن‌دان‌و خراوگوتن ف دشنام دادن و بدگفتن.

هەڵسـو: ١) فەرمـان بە تێ‌ساوین؛ ٢) ڕابردووی پیاساوین: (مەڵحەمی تێ‌هەڵسوم، قوڕم تێ‌هەڵسو) ف ١) امر به اندودن؛ ٢) ماضی اندودن.

هەڵسوان: پیاساوین ف اندودن، اندایش.

هەڵسوڕ: ١) خول‌خواردن؛ ٢) بزووتن: (خەریکی هەڵسوڕ داسووڕە) ف ١) چرخش؛ ٢) تحرّك.

هەڵ سووڕان: ١) سـووڕان، خـولانەوە؛ ٢) بـزووتن ف ١) چرخیدن؛ ٢) تحرّك.

هەڵ سووڕاندن: خولدان: (تاولەمەی **هەڵ سووڕاند**) ف چرخانیدن.

هەڵ سووڕاو: ١) خول‌دراو؛ ٢) برێتی لە مرۆی بەکـارو تێکـۆشـەر: (پیاوێکی **هەڵ سووڕاوە**) ف ١) چرخیده؛ ٢) کنایه از آدم پرتحرّك.

هەڵ سووڕیان: هەڵ‌سووڕان ف نگا: هەڵ‌سووڕان.

هەڵ سووڕین: هەڵ‌سووڕان ف نگا: هەڵ سووڕان.

هەڵ سووڕێن: ١) کەسـێ کە خول بە شتـێ دەدا؛ ٢) برێتـی لە کار پێك‌هێنـەر: (مـام‌حەسـەن کاروبـاری ئاغا **هەڵ دەسووڕێنێ**) ف ١) چرخاننده؛ ٢) کنایه از گردانندهٔ کار.

هەڵسوُن: پیاساوین ف اندودن، مالیدن.

هەڵسە: هەڵستە ف برخیز.

هەڵ سەنگــان: ١) بەراوردکـرنی کێش؛ ٢) برێتی لە ئەزمـوُن‌و نرخ بوّدانان ف ١) توزین؛ ٢) سنجش، ارزیابی.

هەڵ سەنگـانـدن: ١) کێشـان بە تەرازوُ؛ ٢) بەراوردکـردن، نرخ بوّدیاری کردن ف ١) وزن کردن؛ ٢) ارزیابی کردن، سنجیدن.

هەڵ سەنگانن: هەڵ سەنگاندن ف نگا: هەڵ سەنگاندن.

هەڵ شاخان: بەسەردا نەڕاندن: (نازانی چوّن بەسەرمندا **هەڵی شاخاند**) ف بانگ بر سر زدن، برسر کسی فریاد کشیدن.

هەڵ شاخین: هەڵ شاخان ف نگا: هەڵ شاخان.

هەڵ شاندن: ١) رماندن، روخاندن؛ ٢) هەڵوەشاندن؛ ٣) پاشگەزی؛ ۴) تێکدان ف ١) ویران کردن، تخریب کردن؛ ٢) ازهم بازکردن؛ ٣) نگا: پاشگەزی؛ ۵) برهم زدن.

هەڵشتن: ١) هشتن، راگرتن؛ ٢) بەجێ‌هێشتن ف ١) نگهداشتن؛ ٢) بجاگذاشتن.

هەڵ شڵنگاندن: خوّهەڵکێشانی بەدروّ ف لاف و گزاف گفتن.

هەڵ شڵەپاندن: هەڵ پشاوتن ف مچالەکردن، دردست فشردن.

هەڵ شڵەپین: لەئاودا هەڵ بەزینەوە ف جست وخیز درآب.

هەڵ شڵپان: شڵپەڵێ‌هێنان لەئاودا ف با شیرجە در آب انداختن.

هەڵ شڵینگاندن: هەڵ شڵنگاندن ف لاف و گزاف گفتن.

هەڵ شماردن: دانەدانە باس کردن ف برشمردن.

هەڵ شنگاندن: هەڵ شڵنگاندن ف لاف و گزاف گفتن.

هەڵشوّ: گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد ف نام دهی است در کردستان کە بعثیان ویران کردند.

هەڵ شوُلان: زگچوُن ف اسهال.

هەڵ شوُلاندن: گوی شل کردن، زگەشوّرە ف اسهالی ریدن.

هەڵ شێل: پشاوتن‌و شێلان ف بهم زدن و جلاندن.

هەڵ شێلان: هەڵ شێل ف نگا: هەڵ شێل.

هەڵ شێوان: ١) تێکـەڵدران‌و لێکدران؛ ٢) دڵ‌تێکـچـوُن ف ١) بهم خوردن و آشفتەشدن؛ ٢) دل بهم آمدن.

هەڵ شێواندن: ١) تێکەڵدان‌و لێکدان؛ ٢) بوُنەهوّی دڵ‌تێکچوُن ف ١) بهم زدن؛ ٢) دل بهم زدن.

هەڵ شێوانن: هەڵ شێواندن ف نگا: هەڵ شێواندن.

هەڵ شێواو: ١) تێکەڵدراو؛ ٢) دڵ‌تێکچو ف ١) بهم‌زدە، آشفتە؛ ٢) دل بهم آمدە.

هەڵ شێویاگ: هەڵ شێواو ف نگا: هەڵ شێواو.

هەڵ شێویان: هەڵ شێوان ف نگا: هەڵ شێوان.

هەلفـانـەك: ١) بەهەڵکەوت، توُش بوُنی بێ‌چاوەنوّڕی؛ ٢) پەل کوتانی ناچاری ف ١) برحسب اتّفاق، بەندرت؛ ٢) دست و پازدن از روی ناچاری.

هەڵفڕ: فڕین، باڵ گرتنەوە ف پرواز.

هەڵفڕان: هەڵفڕ ف پرواز.

هەڵفڕاندن: بوُنەهوّی باڵ گرتنەوە ف پر وازدادن.

هەڵفڕانن: هەڵفڕاندن ف پر وازدادن.

هەڵ فرتان: قوشقی بوُن‌و ڕاکردن ف رمیدن و گریختن.

هەڵ فرتاندن: وەدەرنان، دەرکردن ف دك کردن، بیرون راندن.

هەڵ فرتانن: هەڵ فرتاندن ف دك کردن.

هەڵ فرتیان: هەڵ فرتان ف رمیدن و گریختن.

هەڵفڕین: هەڵ فڕان ف پرواز.

هەڵفڕێن: شتێ کە باڵدار وەفڕین دەخا ف پر وازدهندە.

هەڵ فریوان: هەڵ خەڵەتان ف فریب خوردن.

هەڵ فریواندن: خاپاندن ف فریب دادن.

هەڵ فریوانن: هەڵ فریواندن ف فریب دادن.

هەڵ فلیقان: پلیخانەوە ف لە و درهم شدن.

هەڵ فڵیقان: هەڵ فلیقان، پڵیخانەوە ف لە و درهم شدن.

هەڵ فلیقاندن: پڵیخاندنەوە ف لەکردن.

هەڵ فڵێقانن: پڵیخاندنەوە ف لەکردن.

هەڵ فڵیقاو: فلیقاوە، پڵیخاوە ف لە و درهم شدە.

هەڵ فلیقاوە: هەڵ فلیقاو ف لە و درهم شدە.

هەڵ فڵیقیاگ: هەڵ فڵیقاو ف لە و درهم شدە.

هەڵ فڵیقیان: هەڵ فلیقان ف لە و درهم شدن.

هەلفوّ: ١) گەلحوّ، تەڵەوی تەمەڵ؛ ٢) هەمەکارەی بێکارە ف ١) لندهور، چاق تنبل؛ ٢) همە کارهٔ هیچکارە.

هەلفوّنە: سەیران‌و خواردن لە دەشت ف پیك نیك، گردش تفریحی.

هەڵ فیڕان: بەلەفیڕە گرتن ف اسهال شدن.

هەڵ فیڕاندن: ریانی گوی شل ف اسهالی ریدن.

هەڵقا: ١) ئاڵقە، گەو؛ ٢) تێ‌گیرا ف ١) حلقە؛ ٢) گیرکرد.

هەڵقابەستش: بە جەغز دانیشتن، کوڕبەستن ف دایرەوار نشستن.

هەڵ قاچان: بە قەیچی بڕان، هەڵ پاچان ف برش با قیچی.

هەڵ قاچین: هەڵ پاچین ف بریدن با قیچی.

هەڵقان: تێگیران، گیرکردن: (داوێنم دەوبزمارەی **هەڵقا**) ف بە چیزی گیرکردن.

هەڵ قاندن: کوّڵین، کەندن ف برکندن.

هەڵقاو: تێگیراو، گیرخواردو ف درچیزی گیر کردە.

هەڵ قرتـان: ١) سەری دار یا گیا یا هەرچی بە مقـەس قرتـان؛ ٢) لێو وەرگێڕان ف ١) قیچـی برشـدن قسـمـت بالایی گیاە و...؛ ٢) لب برگرداندن از ناخشنودی.

هەڵ قرتاندن: ١) سەر بە مقەس قرتاندن؛ ٢) لچ وەرگێڕان ف ١) بالای هر چیزی را با قیچی بریدن؛ ٢) لب برگرداندن از ناخشنودی.

هەڵ قرتاو: سەر بە قەیچی بڕاو ف سرقیچی شدە، با قیچی بریدە شدە.

هەڵ قرچان: ١) لەسەر ئاگر چوّقین؛ ٢) گنج‌و چرچ تێ‌کەوتن لە تینی ئاگر ف ١) برآتش تفیدن؛ ٢) ترنجیدگی، از شدّت گرما چروك برداشتن.

هەڵ قرچـانـدن: ١) لەسـەر ئاگر چوّقاندنی ڕوّن؛ ٢) گنجدارکردن، بە

چرچ و لۆچ کردن ف ١) برآتش تفانیدن، ذوب کردن روغن؛ ٢) چین و چروك دادن.

هەڵ قرچاو: ١) چۆڤاوی رۆن؛ ٢) چرچ و لۆچ بوگ ف ١) روغن تفیده؛ ٢) ترنجیده، چروکیده.

هەڵ قرچیاگ: هەڵ قرچاو ف نگا: هەڵ قرچاو.

هەڵ قرچیان: هەڵ قرچان ف نگا: هەڵ قرچان.

هەڵ قڵیشان: لە سەر تا خوار قەڵشین ف برشکافته‌شدن.

هەڵ قڵیشاندن: لە سەر تا خوار قەڵشاندن ف برشکافتن.

هەڵ قڵیشاو: ئەم‌سەر ئەوسەر قەڵەشاو ف شکافته شده.

هەڵقوت: سەرکێشان بۆ دیتن: (تۆ ئەم **هەڵقوت هەڵقوتەت** لەچیە؟) ف سرکشیدن برای دیدزدن دزدکی.

هەڵ قوتان: ١) هەڵقوت؛ ٢) خۆ هێنانەناو کارێ کە کاری بەسەریەوە نیە ف ١) سرك کشیدن؛ ٢) فضولی.

هەڵ قوتـانـدن: ١) سەرەتاتکێ کردن؛ ٢) دەم‌تێوەردان بە ناڕەوا ف ١) سرك کشیدن؛ ٢) فضولی کردن.

هەڵ قوتێن: ١) سەرەتـاتکێ کەر؛ ٢) دەم‌تێوەدەری ناڕەوا: (کابرایەکی خۆ تێ**هەڵ قوتێنە**) ف ١) سرك کش؛ ٢) فضول.

هەڵ قوران: کاری بەفڕ خواردنەوە ف نوشیدن.

هەڵ قوڕان: هەڵ قوران ف نوشیدن.

هەڵ قوراندن: خواردنەوەی یەك‌سەرە، فڕکردن ف سرکشیدن مایع.

هەڵ قورانن: هەڵ قوراندن ف سرکشیدن مایع.

هەڵ قوڕانن: هەڵ قوراندن ف سرکشیدن مایع.

هەڵ قوراو: فڕکراو ف سرکشیده، مایع یکباره نوشیده شده.

هەڵ قورت: ١) هەڵقوت؛ ٢) لێوەرگێڕان ف ١) سرك کشیدن؛ ٢) لب برگرداندن.

هەڵ قورتـــان: ١) هەڵ قوتـــان؛ ٢) وەرگەڕانـــەوەی لێو ف ١) نگـــا: هەڵ قوتان؛ ٢) برگشتن لب از ناخشنودی.

هەڵ قورتـاندن: ١) هەڵ قوتاندن؛ ٢) وەرگەڕاندنەوەی لیچ ف ١) نگا: هەڵ قوتاندن؛ ٢) برگرداندن لب از ناخشنودی، لب ورچیدن.

هەڵ قورتیان: هەڵ قوتان ف نگا: هەڵ قوتان.

هەڵ قورتێن: هەڵ قوتێن ف نگا: هەڵ قوتێن.

هەڵ قوڕیاگ: هەڵ قوراو ف نگا: هەڵ قوراو.

هەڵ قورین: هەڵ قوران ف سرکشیدن مایع.

هەڵ قورێن: فڕکەر ف نوشنده.

هەڵ قورینجان: نقورچك ف نیشگون.

هەڵ قورینجاندن: ڕەبادان، نقورچك‌گرتن ف نیشگون گرفتن.

هەڵ قورینجانن: هەڵ قورینجاندن ف نیشگون گرفتن.

هەڵ قورینجاو: جێگای نقورچك لێ گیراو ف جای نیشگون.

هەڵ قورینجێن: نقورچك‌گر ف نیشگون گیرنده.

هەڵ قورینجێنراو: هەڵ قورینجاو ف جای نیشگون.

هەڵ قولان: ١) بەتـەوژم دەرچـوونی تراو بەرەوبالا: (**هەڵ قولانی** ئاوی کانی)؛ ٢) لەنکاو پەیدابوون ف ١) جوشیدن آب از چشمه یا فوران هر مایعی؛ ٢) ناگهان پدیدارشدن.

هەڵ قولاندن: بوونەهۆی هەڵ قولان ف باعث فوران شدن.

هەڵ قولاو: ١) تراوی بەتەوژم بۆ سەرەوە دەرچوگ؛ ٢) لەنکاو پەیدابوگ ف ١) مایع فوران کرده، جوشیده؛ ٢) ناگهان پدیدار شده.

هەڵ قوڵتان: ١) هەڵ قولان؛ ٢) لێو کۆکردنەوە وەك خونچە؛ ٣) لەنکاو پەیدابوون؛ ٤) کوڵینی تراو لەسەر ئاگر ف ١) جوشیدن، فوران کردن؛ ٢) لب غنچه کردن؛ ٣) ناگهان پدیدارشدن؛ ٤) جوشیدن مایع برآتش.

هەڵ قوڵتیان: هەڵ قوڵتان ف نگا: هەڵ قوڵتان.

هەڵ قولیان: هەڵ قولان ف نگا: هەڵ قولان.

هەڵ قولین: هەڵ قولان، هەڵ قوڵتیان ف نگا: هەڵ قولان.

هەڵ قولیو: هەڵ قولاو ف نگا: هەڵ قولاو.

هەڵقون: قنەکردن، ڕۆیشتنی هێندێك باڵدار ف ورجە.

هەڵقون‌هەڵقون: قنەکردن، بە قنە ڕۆیشتن ف ورجه‌ورجه.

هەڵ قونیان: لەپڕ بەرچاوهاتن ف یکهو پدیدار شدن.

هەڵ قونین: هەڵ قونیان ف یکهو پدیدارشدن.

هەڵقە: ١) ئاڵقە، گەو؛ ٢) فێڵ، گزی ف ١) حلقه؛ ٢) حیله، نارو.

هەڵقەباز: ١) جادوگەر؛ ٢) فێڵباز ف ١) جادوگر؛ ٢) حقه‌باز.

هەڵقەبەگوێ: نۆکەری ئەمەگدار ف نوکرحلقه به‌گوش.

هەڵقەبەگوێ: هەڵقەبەگوێ ف غلام حلقه‌به‌گوش، نوکر مخلص.

هەڵقەتڕان: لێك کۆبوونەوەی هەتیومەتیو ف گرد هم‌آیی اوباش.

هەڵقەتڕانێ: هەڵقەتڕان ف تجمّع اوباش.

هەڵقەتیز: ئاڵقەتیز ف گیاهی است دارای شیرهٔ مُسهل.

هەڵقەتیزان: کۆمەڵی جەفەنگ‌بازان ف مجلس بذله‌گویان.

هەڵقەتیزانێ: قسەی گەپ و گاڵتە پێکەوە کردن ف شوخی و هزل با هم گفتن.

هەلقەلك: هانکەهانکی سەگ، هەلکەلك ف هِن هِن سگ.

هەڵ قەمچان: هەڵ قرچان، ترنجان ف از شدّت گرما چروك برداشتن.

هەڵقەن: کەن، زیندەوەرێ کە ئەکوڵێ ف کاونده.

هەڵقەناو: کەندراو ف کنده‌شده.

هەڵ قەندار: جۆرێ تفەنگی ڕەشۆکی کە قەدیم هەبو ف نوعی تفنگ قدیمی.

هەڵ قەندراو: کەندراو ف کنده‌شده.

هەڵ قەندن: کەندن، کۆڵین ف کندن، برکندن.

هەڵ قەندنەوە: ١) دیسان هەڵ قەندن؛ ٢) بەبنەوە دەرهێنانی گیا و ڕوەك لە زەوی: (ئـەورۆ هەرەوەزی چەوەنـدەرهـە**ڵ قەنـدنـەوەیە**) ف ١) بازبرکندن؛ ٢) از ریشه‌کندن گیاه و محصولات کشاورزی.

هەڵ قەنەوە: هەڵ قەندنەوە ف نگا: هەڵ قەندنەوە.

هەلك: تیزکردن بە کەسێ ف مسخره، تمسخر.

هەڵ کالان: بە تێرەیی باس یا تماشاکردن ف حسودانه گفتن یا نگاه کردن.

هەڵ کاڵیان: هەڵ کالان ف نگا: هەڵ کالان.

هەڵ کاڵین: هەڵ کاڵان [ف] نگا: هەڵ کاڵان.

هەڵ کران: ١) پێ بوونی ئاگر؛ ٢) هاڵاندنی داو لە شتێ: (گلۆڵەکە **هەڵکرا**)؛ ٣) رابواردنی ژیان: (**هەڵ کران** دەگەڵ تۆ گرانە)؛ ۴) بەرەژوور برانی داوێن و قۆڵ: (خۆت **هەڵکە**) [ف] ١) افروخته شدن؛ ٢) پیچیده شدن نخ بر چیزی؛ ٣) گذران زندگی؛ ۴) ورمالیده شدن.

هەڵ کڕان: ١) بە چنك و نینۆك کڕاندن؛ ٢) خوراندن: (خۆ **هەڵ مەکڕێنە**) [ف] ١) حك کردن با ناخن و تیغ؛ ٢) خاراندن.

هەڵ کڕاندن: ١) بە نینۆك و بە شتی تیژ شتێ لە شتێ جیاکردنەوە؛ ٢) خۆخوراندنی بەتەوژم [ف] ١) حك کردن؛ ٢) خاراندن شدید.

هەڵ کڕانن: هەڵ کڕاندن [ف] نگا: هەڵ کڕاندن.

هەڵ کراو: ١) داو لە شتێ پێچراو؛ ٢) داوێن و قۆڵی بەرەژوور براو: (دەلینگی **هەڵ کراوە**) [ف] ١) پیچیده؛ ٢) ورمالیده.

هەڵ کڕاو: ١) بە نینۆك کڕاو؛ ٢) خورێندراو، خوراو [ف] ١) حك شده؛ ٢) خارانده.

هەڵ کرچان: چرچ و لۆچ بوون [ف] ترنجیدگی، چین و چروك برداشتن.

هەڵ کرچاندن: چرچ و لۆچ کردن [ف] ترنجیدن، چین و چروك کردن.

هەڵ کرچاو: چرچ و لۆچ [ف] چین خورده.

هەڵ کرچیان: هەڵ کرچان [ف] نگا: هەڵ کرچان.

هەڵ کرچین: هەڵ کرچان [ف] نگا: هەڵ کرچان.

هەڵکرد: گوزەران و ڕابواردن [ف] گذران زندگی.

هەڵ کردن: ١) گوزەران کردن؛ ٢) دەلینگ و داوێن و قۆڵ بەرەژوور بردن؛ ٣) ئاگر پێ کردن [ف] ١) زندگی را گذراندن؛ ٢) ورمالیدن؛ ٣) افروختن.

هەڵ کردنەسەر: هێرش بۆ بردن [ف] حملەور شدن.

هەڵ کرن: ١) هەڵ کردن، گوزەران کردن؛ ٢) تواندنەوە؛ ٣) هانەدان، هەڵخڕاندن [ف] ١) زندگی را گذراندن؛ ٢) ذوب کردن؛ ٣) برانگیختن.

هەڵ کڕووزان: تۆزێ بە ئاگر سووتان [ف] سوختن سطحی.

هەڵ کڕووزاندن: کەمێ بە ئاگر سووتاندنی پێست و گۆشت [ف] سوزانیدن سطحی.

هەڵ کڕووزاو: کەمێ سووتاو بە ئاگر [ف] سوختهٔ سطحی.

هەڵ کری: ١) پێکراو، داگرساو؛ ٢) دنەدراو؛ ٣) تاواوە [ف] ١) افروخته؛ ٢) برانگیخته؛ ٣) ذوب شده.

هەڵ کریاگ: پێچیاوی داو لە شتێ، گلۆڵەکراو [ف] نخ گلولەشده.

هەڵ کریان: گلۆڵەکردن [ف] گلولەکردن نخ.

هەڵ کز: سوورەوەبوونی گۆشت لەسەر ئاگر [ف] سرخ شدن گوشت بر آتش.

هەڵ کزان: هەڵ کز [ف] نگا: هەڵ کز.

هەڵ کزاندن: سوورەوەکردنی گۆشت لەسەر ئاگر [ف] سرخ کردن گوشت در تابە.

هەڵ کزانن: هەڵ کزاندن [ف] نگا: هەڵ کزاندن.

هەڵ کزاو: سوورەوەکراوی ڕەقەوەبووگ [ف] سرخ شدهٔ سفت شده.

هەڵ کزیان: هەڵ کز، هەڵ کزان [ف] سرخ شدن گوشت بر آتش.

هەڵ کزین: هەڵ کز، هەڵ کزان [ف] سرخ شدن گوشت بر آتش.

هەڵکش: ١) بەرەژوورچوون: (بۆ کێو **هەڵ کشان**)؛ ٢) دەرکێشانی خەنجەر و شیر؛ ٣) هاتنەپێشی ئاوی دەریا [ف] ١) روبەبالا رفتن؛ ٢) آختگی تیغ؛ ٣) مدّ آب دریا.

هەڵ کشان: هەڵکش [ف] نگا: هەڵکش.

هەڵ کشاندن: ١) بەرەوسەرکێشان؛ ٢) دەرکێشانی خەنجەر و شیر؛ ٣) دەرهاوردن [ف] ١) بە بالا کشیدن؛ ٢) برکشیدن، آختن؛ ٣) بیرون آوردن.

هەڵ کشانن: هەڵ کشاندن [ف] نگا: هەڵ کشاندن.

هەڵ کشاو: ١) بەرەوبالا ڕۆیشتو؛ ٢) بۆ سەرەوە کێشراو؛ ٣) دەرکێشراو؛ ۴) نیشانەی دەنگ درێژکردن لەسەر پیتی نوسراو، مەددە [ف] ١) روبەبالا رفته؛ ٢) بەبالا کشیده شده؛ ٣) برکشیده، آخته؛ ۴) علامت مدّ برحروف.

هەڵ کشاوە: نیشانەی دەنگ درێژکردنەوە لەسەر پیت، مەددە [ف] علامت مدّ بر حروف.

هەڵ کشاوی: هەڵ کشاوە [ف] علامت مدّ بر حروف.

هەڵکشە: ١) هاتنەپێشەوەی ئاوی کەناراو؛ ٢) بەرەوژوورکشانەوە؛ ٣) بەرەوژوورچوون: (بۆکامە **هەڵکشە** و داکشە دەزانێ) [ف] ١) مدّ آب دریا؛ ٢) برگشت روبە بالا؛ ٣) روبە بالارفتن.

هەڵ کشی: بەرەژوور چو [ف] روبە بالا رفت.

هەڵ کشێ: بەرەژوور بچۆ [ف] روبەبالا برو.

هەڵ کشیان: هەڵ کشان [ف] نگا: هەڵ کشان.

هەڵ کشین: هەڵ کشان [ف] نگا: هەڵ کشان.

هەڵ کشیو: ١) بەرەوژوور ڕۆیشتو؛ ٢) بەرەوژوور ڕاکێشراو [ف] ١) روبەبالا رفته؛ ٢) برکشیده.

هەڵ کفان: ١) هەڵچوون لەسەر ئاگر و کەف لێ ڕژان؛ ٢) هەڵاژنانی پێست لە زیپکە؛ ٣) ئەستوور بوون لە باکردن؛ ۴) ترشانی هەفیر؛ ۵) هەڵمسان و نزیك تەقینەوەی باروت [ف] ١) لبریز شدن کف از دیگ بر آتش؛ ٢) پرجوش شدن پوست؛ ٣) پف کردن و آماسیدن؛ ۴) ترشیدن خمیر؛ ۵) برآمدن و نزدیك به انفجار بودن باروت.

هەڵ کفاندن: بە ئەسکوێ تێکەڵدانی چێشتێ کە هەڵدەچێ [ف] با ملاقه بهم زدن آش در حال جوش.

هەڵ کفیان: هەڵ کفان [ف] نگا: هەڵ کفان.

هەڵ کفین: هەڵ کفان [ف] نگا: هەڵ کفان.

هەڵ کلاش: بە نینۆك کڕان [ف] خاراندن و حك کردن با ناخن.

هەڵ کلاشیان: هەڵ کلاش [ف] نگا: هەڵ کلاش.

هەڵ کلاشین: هەڵ کلاش [ف] نگا: هەڵ کلاش.

هەڵ کنیاگ: هەڵقەناو [ف] برکندە.

هەڵکوت: بەپەلەو بەغار [ف] با شتاب و دو.

هەڵ کوتان: پەلامار [ف] یورش.

هەڵ کوتاندن: ١) پەلاماردان؛ ٢) دەرکێشانی بزمارو... [ف] ١) یورش

کردن؛ ۲) برکندن میخ و....

هەڵ کوتانەسەر: پەلاماربۆبردن، هەڵکردنەسەر ف یورش بردن بر کسی.

هەڵ کوتن: پەسندندان، پێداهەڵدان ف ستودن.

هەڵ کوتـــۆك: جۆرێ داوەت و هەڵپـــەڕکێی کوردانـە لە کوردستـانی بەردەستی ترکان ف نوعی رقص دستەجمعی.

هەڵکوت‌هەڵکوت: بەغارو پەلەپەل ف بادویدن و شتاب.

هەڵ کوتیان: هەڵ کوتان ف یورش.

هەڵ کورسان: ۱) کزکردن‌وخۆمات کردنی باڵدار؛ ۲) برێتی لەکز کردن لە لاپەڕو بن دیواران ف ۱) کزکردن پرنده؛ ۲) کنایه‌از انزوا و کزکردن در گوشەو کنار.

هەڵ کورمـاو: ۱) باڵـداری کزکـردو؛ ۲) برێتی لە مروی گۆشەگرتو و لاپەڕ ف ۱) پرندهٔ کز کرده؛ ۲) کنایه از آدم گوشه‌گیر و منزوی.

هەڵ کورۆژان: هەڵ کرۆژان ف سوختن سطحی.

هەڵ کورۆژاندن: هەڵ کرۆژاندن ف سوزاندن سطحی.

هەڵ کورۆژانن: هەڵ کرۆژاندن ف سوزاندن سطحی.

هەڵ کورۆژاو: هەڵ کرۆژاو ف سوختهٔ سطحی.

هەڵ کوروشمان: هەڵ کورمان ف نگا: هەڵ کورمان.

هەڵ کوروشماو: هەڵ کورماو ف نگا: هەڵ کورماو.

هەڵ کوشان: کوشین بەتوندی ف فشردن شدید.

هەڵ کوشین: هەڵ کوشان ف فشردن شدید.

هەڵ کولۆش: هەڵقەن ف کاونده، کننده.

هەڵ کولۆشان: هەڵ قەندن ف برکندن، کندن.

هەڵ کولۆشانن: هەڵ کولۆشان ف برکندن، کندن.

هەڵ کولۆشیان: هەڵ کولۆشان ف برکندن.

هەڵ کولۆشین: هەڵ کولۆشان ف برکندن.

هەڵ کوڵـــین: ۱) دانـــەوەی زەمـــین؛ ۲) ناوەڕێنـــانـــی هەرشتــێ: (دارهـــەڵ کوڵین، ددان‌هەڵ کوڵین) ف ۱) کنـدن زمین؛ ۲) خالی کردن درون اشیاء.

هەڵ کوڵین: هەڵ کوڵین ف نگا: هەڵ کوڵین.

هەلکە: دۆلچە، سەتڵی چەرم ف دلو چرمین.

هەڵکـە: ۱) گوزەران بکـە؛ ۲) بەن بکـە بە گلۆلـە؛ ۳) داگرسێنە؛ ۴) بەرەژوربەرە: (قوڵت هەڵکە) ف صیغهٔ امر «هەڵ کردن».

هەل کەتن: ۱) مانەوە لە شوێن خۆ؛ ۲) بەرزبوونەوەو بەرەژورچوون ف ۱) درجای خود ماندن؛ ۲) بەبالا رفتن.

هەڵـکـــەر: ۱) داگیرسێن؛ ۲) گوزەران کەر؛ ۳) بەرەژوربـــەری قوڵ و دەلینگ و داوێن؛ ۴) بەن بەگلۆلەکەر ف اسم فاعل «هەڵ کردن».

هەڵ کەفت: پێش‌هاتی بەدەگمەن ف اتّفاق، پیشامد نادر.

هەڵ کەفتگ: ۱) بەرکەتی، بلیمەت؛ ۲) پێش‌هاتوی بێ ئاگاداری ف ۱) نابغه؛ ۲) اتّفاق غیرمنتظره.

هەڵ کەفـتن: ۱) پێش‌هاتی بەدەگمـــەن؛ ۲) ناو لەقـــورگ گیران؛ ۳) سەرەنگری بردن؛ ۴) رەت بردن؛ ۵) لەبەرچاوکەوتن؛ ۶) کەم وێنەبوون ف ۱) رویداد اتّفاقی؛ ۲) آب درگلو گیرکردن؛ ۳) سکندری خوردن؛ ۴) تلوخوردن؛ ۵) از چشم افتادن، منفورشدن؛ ۶) نبوغ.

هەڵ کەفتە: بێ وێنەو بەرکەتی ف نابغه.

هەڵ کەفتی: هەڵ کەفتە ف نابغه.

هەلکەڵك: ۱) هەناسەبڕکێ لە ماندوێتی و لە نەخۆشی؛ ۲) هانکە هانکی سەگی مانـدوو ف ۱) تنگی نفس از خستگی یا بیماری؛ ۲) هِن‌هِن سگ خسته.

هەڵکەن: هەلقەن ف کاونده.

هەڵ کەندراو: هەڵ قەناو ف کنده‌شده.

هەڵ کەنراو: هەڵ قەناو ف کنده‌شده.

هەڵ کەندن: هەڵ قەندن ف کندن

هەڵ کەنن: هەڵ کەندن ف کندن.

هەڵ کەنیاگ: هەڵ قەناو ف کنده‌شده.

هەڵکەوت: ۱) هەڵکەفت؛ ۲) دەرفەت: (هەر بۆم **هەڵ کەوت** و دیم) ف ۱) پیشامد نادر؛ ۲) فرصت.

هەڵ کەوتـــن: ۱) هەڵ کەفـتـن؛ ۲) مانـــەوە؛ ۳) بەرەژورچـــوون؛ ۴) تەرەقی کردن؛ ۵) دەرفـەت ف ۱) نگا: هەڵ کەفتن؛ ۲) بازماندن؛ ۳) بەبالارفتن؛ ۴) ترقّی کردن؛ ۵) فرصت.

هەڵ کەوتوو: هەڵ کەفتە ف نابغه.

هەڵ کەوتە: هەڵ کەفتە ف نابغه.

هەلکەهەلك: پشوسواری و مرخەمرخ ف هِن‌هِن نفس تنگی.

